

فرهنگ فارسی ـ کردی

دانشگاه کردستان

(سه جلدی)

جلد دوم

ج ـ ظ

چاوەڕوانی گش نووسەرێك پەسندانی خوێنەرانە؛
بەڵام فەرهەنگنووسی هەژار هەر ئەوندەی لە خوا ئەوێ
بەر تەوس و تانە نەکەوێ.
کەچی تاك و تووکێك نەبێ، ئەم خەڵاتەیان پێ دەبڕێ!

د. سامۆئیل جاکسۆن

فرهنگ دانشگاه کردستان

فارسی-کردی (سه جلدی، جلد دوم)

به سرپرستی ماجد مردوخ روحانی

ویراستاران

ماجد مردوخ روحانی (سرویراستار)

مهدی سنندجی * محمد ژیان امینی * یدالله پشابادی * محی‌الدین کریمیان

دستیار ویراستاران

بهرام بهرامیان * وریا دیوانی * ایرج مرادی

نمونه‌خوانی

افشین بهاری‌زر

حروفچینان

وریا دیوانی * محی‌الدین کریمیان * فخرالدین آمیدیان

پشتیبانی نرم‌افزاری

هیوا رستمی‌زاده

دیگر همکاران و مراحل همکاری، به شرح جلد اوّل

استفاده از کتاب خطی «**زەردەی سەر کەل**»، گردآوری و تدوین، خلیل محمدی

برای ترمیم و تکمیل برخی ضرب‌المثل‌ها

سرشناسه: مردوخ روحانی، محمدماجد، ۱۳۳۷
عنوان و نام پدیدآور:
فرهنگ فارسی ـ کردی/ ماجد مردوخ روحانی.
مشخصات نشر: سنندج: دانشگاه کردستان، ۱۳۸۵
مشخصات ظاهری: ۳ ج.
شابک: ج. ۱: ۹۶۴-۹۶۲۳۹۷۳
یادداشت: پشت جلد به انگلیسی:
Majed M. R. Persian Kurdish dictionary

یادداشت: ج. ۲(چاپ اول: ۱۳۸۶) (فیپا).
مندرجات: ج. ۱، ث، ـ ـ ج. ۳. ج ـ ظ
موضوع: فارسی ـ ـ واژه‌نامه‌ها ـ ـ کردی.
شناسه افزوده: دانشگاه کردستان.
رده بندی کنگره: ۴۴م۲۳/۱۲۳ PIR ۳۲۵۶
رده بندی دیویی: ۳/ک ۹فا۴
شماره کتابشناسی ملی: ۳۱۲۳۴-۸۵م



دانشگاه کردستان

فرهنگ فارسی ـ کردی دانشگاه کردستان

به سرپرستی ماجد مردوخ روحانی

جلد دوم ج ـ ظ

چاپ اوّل: پاییز ۱۳۸۶
طراحی روی جلد: حمیدرضا زرّی
لیتوگرافی: تندیس

این کتاب در ۳۰۰۰ نسخه در چاپخانه‌ی تندیس نقره‌ای چاپ و در صحافی علی صحافی شد.

بها ۱۰۰۰۰ تومان

www.uok.ac.ir/dictionary

مرکزپخش: سنندج، کتاب مهرگان، تلفن: ۳۲۸۸۸۹۷ ۸۷۱ ۹۸+

۱. واکه (مصوت)ها

واکه	نشانه‌ی آوایی	مثال	آوانگاری
ـــَــ(فتحه)	a	دَست	dast
ـِــ (کسره)	e	دِل	del
ـــُــ(ضمّه)	o	گُل	gol
ا، ــا، ی	ā	رام	rām
		بار	bār
		کُبری	kobrā
ــیــ، ــی	î	شیر	šîr
		باری (باربر)	bārî
ــیــ (کوتاه)	i	بلیت	bilît
ی (کشیده)	i:	باری (به‌هرحال)	bāri:
ــو	û	نور	nûr
ــو (کوتاه)	u	فروش	furûš
ُ (ضمه‌ی کشیده)	o:	پُلو	polo:
اَو	ow	پُلَو	polow

۲. همخوان‌ها(حروف بی‌صدا)

همخوان	نشانه‌ی آوایی	نمونه	آوانگاری
ب	b	بار	bār
پ	p	پا	pā
ت ، ط	t	تار	tār
		طبل	tabl
ث ، س، ص	s	ثبت	sabt
		سال	sāl
		صدا	sedā
ج	c	جوان	cavān
چ	č	چمن	čaman
ح ، ه	h	حرف	harf
		هما	homā
خ	x	خوب	xûb
د	d	درس	dars
ذ ، ز ، ض ، ظ	z	ذهن	zehn
		زیبا	zibā

همخوان	نشانه‌ی آوایی	نمونه	آوانگاری
		ضَرب	zarb
		ظُلم	zolm
ر	r	راه	rāh
ژ	j	ژاله	Jāle
ش	š	شیر	šîr
غ ، ق	q	غار	qār
		قند	qand
ف	f	فردا	fardā
ک	k	کاخ	kāx
گ	g	گُرگ	gorg
ل	l	لاک	lāk
م	m	ماه	māh
ن	n	نان	nān
و	v	وزن	vazn
ی	y	یاد	yād

۳. حروف همخوان /ء/ و /ع/


همـزه و عـین در زبـان فارسـی تلفـظ یکـسان دارنـد و در ایـن کتـاب بـا نشانه‌ی /'/ آوانگـاری شـده‌انـد؛ ماننـد: اَلَـم (درد و رنـج) و عَلَـم (پـرچم)؛ کـه هر دو «'alam» خوانده می‌شوند.

حرف	نشانه‌ی آوایی	نمونه	آوانگاری
ء	'	شیء	Šey'
أ		أرز	'arz
ـأ		مأنوس	ma'nûs
ؤ		رؤیا	ro'yā
ئـ		رئوف	ra'ûf
ع		عَکس	'aks
		علم	'elm
		عُرف	'orf
		عود	'ûd
		سعید	sa'îd
		فعّال	fa''āl
		وسیع	vasî'

باید توجه داشت که هجا هیچگاه با واکه (مصوت) شروع نمـی‌شـود. بـه عبـارت دیگر سَرِ هجا باید حرف همخوان (صامت) باشد. از این روست که صداها اگـر در ابتدای واژه قرار گیرند، با همزه (کوتاهترین همخـوان از نظـر کـشـشی) خوانـده مـی‌شـوند. ماننـد: آسـان ('āsān)، اَبـر('abr)، ایـن ('în)، اِسـم('esm) ، او('û)، و اُنس('ons).

نشانه‌های به کار رفته در این فرهنگ

نشانه	کاربرد
. (نقطه)	پایان سرواژه، پس از جایگاه دستوری
؛ (نقطه‌بند)	بین کلمات و گاهی عبارات مترادف
، (ویرگول)	توقف کوتاه
: (دو نقطه)	قبل از ریشه‌ی واژه و برای توصیف
[ ] (کروشه)	ریشه‌ی لغت
[ ] (کروشه خوابیده)	حوزه‌ی معنایی
( ) (کمان)	توضیح بیشتر
☜	ارجاع یک واژه به واژه‌ی دیگر
‹ ›	شاهد یا مثال به کار رفته در تعریف‌ها
// //	صرف مصدر
/ /	جدا کردن تلفظ و نشانه‌ی جمع
/	یا
❋	مترادف بودن یک واژه با همه‌ی تعریف‌ها
▣	زیر مدخل فعلی
◙	زیر مدخل اسمی
□	جدا کردن تعریف مصدرهای لازم و متعدی
!	تعجب، خطاب، تأکید
؟	پرسش
■	صفت فاعلی، صفت مفعولی و مصدر منفی، در پایان مصدرها
– –	جمله‌ی معترضه
–	بین اجزای برخی ترکیب‌ها



ج / c/: *حرف.* ج؛ نیشانەی پیتی شەشەمی ئەلفوبێتکەی زمانی فارسی.

ج / ce/: *اسم.* ١. جێ؛ جیم؛ ناوی شەشەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی ٢. *[مخفف]* و؛ ولام؛ وەرام؛ پەرسڤ ٣. *[مخفف]* بەرگ؛ جلد (یەکەی بژاردنی کتێب و دەفتەر).

ج ١: *اسم. [مخفف]* جەمادیولئەوەڵ؛ مانگی پێنجەمی ساڵی کۆچی ـ مانگی.

ج ٢: *اسم. [مخفف]* جەمادیوسانی؛ مانگی شەشەمی ساڵی کۆچی ـ مانگی.

جا[1] **/ cā/**: *اسم.* جێ؛ جێگە؛ جێگا: ١. /ـها/ شوێن؛ شۆن؛ شۆنی؛ بەشێکی تایبەت لە ئاقارێک ‹کدام جا؟ آنجا: کام جێ؟ ئەو جێگە› ٢. /ـها/ جی؛ جهێ؛ حاس؛ شوێن؛ گوڵە؛ یاگێ؛ یاگە؛ جاگە؛ جهـ ؛ جیک؛ خونج؛ ڕووبەر یان بۆشاییەک بۆ شتێ ‹جای ایستادن: جێگەی ڕاوەستان› ٣. هەل؛ کات؛ وەخت؛ دەرفەت یان بار و دۆخی بەجێ ‹حالا جای این بحثها نیست: ئێستا جێی ئەم قسە و باسانە نیە› ٤. شوێن؛ شۆپ؛ شوێنەوار؛ نیشانە؛ لێز؛ شۆنەمەی؛ شۆنەما؛ نیشانێ ‹جای پا؛ جای چرخ: جێ پێ؛ شوێنی چەرخ› ٥. یاگێ؛ یاگە؛ چۆناوچۆنی دێران؛ گونجیان؛ گونجان؛ دارەی ‹جا گرفتن؛ جا نداشتن: جێ گرتن؛ جێ نەبوونەوە› ٦. /ـها/ *[گفتاری]* جێ خەون؛ جێوبان؛ یاگەوبان؛ یاگێ ‹جا انداختم، گرفت خوابید: جێگەم داخست و بۆی نووست› ٧. جیاتی؛ بری؛ باتی؛ زانەویر؛ یاگە ‹به جای پول پارچه داد: به جیی پاره پارچەی دا› ٨. پلە؛ پایە؛ یاگێ؛ یاگە ‹جای ارباب را گرفته بود و امر و نهی می‌کرد: جێی خانی گرتبوو، میری ئەکرد› ٩. کولێن؛ کولانە؛ کولینی؛ شوێنی باڵندەی دەستەمۆ ‹مرغها جا رفتند: مریشکەکان چوونە کولانەوە›.

▣ **جای دنج**: کونج؛ دنج؛ کپەنە؛ چۆڵگە؛ جێی مەند؛ جێی چۆڵ و بێدەنگ.

▣ **جا آمدن** ☜ حال کسی جا آمدن، **حال**

جا افتادن: ١. داکەوتن؛ داکەفتن؛ لە بیر چوونی وشە، ڕستە یان بەشێ لە نووسراوەیەک لە کاتی نووسیندا ‹در اینجا چند جمله جا افتاده است: لێرەدا چەن ڕسته داکەوتووە› ٢. جێکەوتن؛ جاکەفتن؛ چوونە جێ؛ نیشتن؛ جێی خۆگرتنەوە ‹اوّل باید پیچ سرجایش جا بیفتد: دەبێ لە پێشدا پێچەکە بنیشێتە سەر جێگای خۆی›: **جا رفتن** ٣. ڕاهاتن؛ پێی داکەوتن؛ جێگیربوون لە شوێنێکی تازەدا و ئیتر دامەزران ‹او در این کار جا افتاد و ماندگار شد: ئەو لەگەڵ ئەم کارەیدا ڕاهات و مایەوە› ٤. ڕینگ بەردان؛ تام دانەوە؛ ڕینگ پێکەی ‹شعله را کم

کن تا آرام بجوشد و خوب جا بیفتد: گرەکەی کەم کەوە با لە سەر خۆی بوکڵێ و ڕینگ بەردا›.

جا انداختن: ١. جێ هێشتن؛ داخستن؛ پەڕاندن؛ پڕنەی؛ ئاسەی جگا؛ وسەیرە؛ فەرامۆش‌کردنی وشە، ڕستە یان بەشێ لە نووسراوەیەک لە کاتی خوێندن یان نووسیندا ‹یک کلمه را جا انداخت: وشەیەکی جێ هێشت› ٢. جێ خستن؛ خستنە جێ؛ گرتنەوە؛ بەردەیوە/ وسەیوە یاگێ؛ شتێ بردنەوە سەر جێگەی خۆی ‹انگشتم دررفته بود، دکتر جا انداخت: قامکم لە جێ چووبوو، دوکتۆر خستیەوە جێ› ٣. جێگە داخستن؛ جێگە ڕاخستن؛ یاگێ وستەیرە؛ یاگەرە وسەی ‹جایش را بینداز بخوابد: جێگەکەی بۆ داخە با بخەوێ›.

جا باز کردن: جێ‌کردنەوە: ١. جێ باز کردن؛ جێگای پێویست بۆ خۆ وەگیر خستن ‹قدری که بپوشی جا باز می‌کند: نەختێ لە بەری کەی جێ ئەکاتەوە› ٢. *[کنایی]* جێی خۆکردنەوە؛ وەرگیردران یان پەسند کران لە لایەن کەسێ یان تاقمێکەوە ‹به زودی در کارخانه برای خودش جا باز کرد: زۆر زوو لە کارخانەدا جێی خۆی کردەوە› ٣. جێ‌کردنەوە؛ دڕن دان ‹برایش جا باز کردیم نشست: جێمان بۆی کردەوە دانیشت›.

جا تر بودن و بچه نبودن: *[کنایی]* مەڕ نەبوون لە پەرێزێ، پشکەڵ دیتن لە هەوێزێ؛ جێ بێ جێدار مان؛ جێ وە جێ مان؛ نەبوونی کەس یان شتی ڕەچاوکراو ‹وقتی برگشتم، دیدم جا تر است و بچه نیست، ماشین را در غیاب من برده بودند: کاتێک هاتمەوە، مەڕ نەبوو لە پەرێزێ، پشکەڵم دی لە هەوێزێ، لە نەبوونمدا ماشینەکەیان بردبوو›.

جا تنگ کردن: جێ داگرتن؛ جێ گرتن؛ جێگا تەنگ‌کردنەوە؛ جێگە داگیر کردن ‹این تلویزیون کار نمی‌کند و فقط جا تنگ کرده است: ئەم تەلەڤیزیونە کار ناکا و هەر جێی داگرتووە›.

جا خوردن: *[مجازی]* سەر سوورمان؛ واق‌وڕمان؛ جەنقین؛ مات بوون؛ ئەرەمەنەی؛ زۆر پێ سەیر بوون ‹مرا که دید خیلی جا خورد: که چاوی بە من کەوت، سەری سوورما›.

جا خوش کردن: *[گفتاری]* بنە بۆ خستن؛ پەسا داخستن؛ پاڵ دانەوە؛ داکوتان؛ جێ خۆش کردن؛ کوایرە؛ شوێنێک پەسندکردن و تێیدا مانەوە ‹خوب تو پاریس جا خوش کرده است: باش لە پاریسدا پەسای داخستووە›.

جا دادن: جێ‌کردنەوە: ١. گونجاندن؛ خونجاندن؛ یاگەوەکەردەی ‹این را هم توی کیفت جا بده: ئەمەش لە نێو کیفەکەتدا جێ بکەرەوە› ٢. وەرگرتن؛ جێ بۆ کردنەوە؛ ڕێدان؛ ڕا دەی؛ لە شوێنێ وەرگرتن ‹مرا هم در جمعتان جا بدهید: منیش لە ناو خۆتاندا جێ بکەنەوە›.

جا داشتن: جێ هەبوون: ١. جێگا بوون ‹ماشین برای تو هم جا دارد: ماشینەکە بۆ تۆیش جێی هەیە› ٢. *[مجازی]* جێگەی خۆ بوون؛ شیاو بوون ‹جا دارد از او تشکر کنیم: جێگەی خۆیەتی سپاسی لێ بکەین› ٣. دێران؛ دارەی؛ جێ بوون؛ گرتن ‹این کیسه دیگر بیش از این جا ندارد: ئەم دەوانە لەمە زۆرتر نادێرێ›.

جا رفتن ☜ **جا افتادن-٢**

جا زدن: ١. *[مجازی]* لە قەڵەم دان؛ کردن؛ شتێ بە جێی شتێکی‌تر ناساندن ‹او خودش را پلیس جا زد و رفت توی سالن: ئەو خۆی پۆلیس لە قەڵەم دا و چووە نێو هۆڵەکەوە› ٢. فسانەوە؛ فسیانەوە؛ فس خواردن؛ فس دادان؛ کێشانە دواوە؛ چۆک دادان؛ پاشگەز بوونەوە؛ کشانەوە؛ جێ خاڵی کردن ‹او زیاد هارت و پورت می‌کرد، اما زود جا زد: زۆر کشەوفشەی دەکرد بەڵام زوو کێشایە دواوە›.

جا شدن ☜ **جا گرفتن-١**

جا کردن: ١. جێ/ جێگەکردنەوە؛ گونجانـدن ‹این را هم در جیبت جا کن: ئەمیشە لـە گیرفانتـدا جێ بکەوە› ٢. جێی خۆکردنەوە؛ تێرۆ چـوون ‹خودش را در آن جمع جا کرد: لـەو کـۆڕەدا جێـی خۆی کردەوە›.

جا گذاشتن: جێ هێشتنەوە: ١. مەودا دانـان؛ ناوبڕ دانان؛ بەین خستن؛ چەرت دانـان ‹بین یادداشتها دو سطر جا بگذار: لە نێو نووسراوەکان دوو دێڕ جێگـا بهێـڵەوە› ٢. لـە بـیر چـوون؛ هـەل بۆرین؛ ئاسەی جگا؛ لە شتێ گەڕان و ڕۆیـین (بە ئاسایی و بە بۆنەی لە بیرچوونەوە) ‹کیفم را در خانەی شما جا گذاشتم: کیفەکەم لە ماڵی ئێـوە بـە جێ هێـشت› ٣. *[گفتاری]* بـە جـێ هێـشتن؛ خستنە بەر؛ دانە بـەر شـتێکدا؛ ئاسـەی جگـا ‹تـوی اتوبـان همـەی ماشـینها را جـا گذاشـت: لـە شاڕێگەکەدا هەموو ماشێنەکانی بە جێ هێشت›.

جا گرفتن: ١. جێ بوونەوە؛ گونجیان ‹در اینجا بیست نفر جا می‌گیرد: لێـرە بیـست کـەس جێیـان دەبێتەوە›: **جا شدن** ٢. جێ‌گرتن؛ جێ دابـین کردن ‹از دە روز پیش در مسافرخانە جا گرفتە بـودم: لـە دە ڕۆژ پێـشەوە لـە مـسافرخانەکـەدا جـێم گرتبوو› ٣. جـێگیر بـوون؛ جـێ بوونـەوە ‹اول بگذار من جا بگیرم بعد تو بیا: جـارێ ڕاوەسـتە مـن جێگیر ببم ئەوجار تۆ بێ›.

جا گرم کـردن: *[مجازی]* جـێخـۆش کـردن؛ پاڵدانەوە؛ جێگیر بوون ‹تازە جـایم را گـرم کـردە بودم کە گفتند: پاشـو راە بیفـت: تـازە جـێم خـۆش کردبوو گوتیان: هەستە ڕێکەوە›. هەروەها: **جا گرم شدن**

جا ماندن: بەجێ مان: ١. جێ‌مان؛ جێ مەنن؛ مانەوە؛ ڤەمان؛ مەنەی جگا؛ بەجێ مـان و لـە بیر چوون ‹عینکم روی میز جا ماند: چاویلکەکـەم لـە سـەر مێزەکـە بـە جـێ مـا› ٢. جـێ‌مـان؛ نەگەیشتن بە کەرەستەی ڕاگوێزان ‹قطار رفت و من جا ماندم: قەتارەکە ڕۆیی و من بە جـێ‌مـام›

٣. دواکەوتن؛ کەوتەی دماوە؛ لە دیتـری یـان دیتران دواکـەوتن ‹نوازنـدەی فلـوت چنـد بـار از ارکـستر جـا مانـد: فلـووتژەنەکـە چەنـد جـار لـە ئۆرکێستەکە بەجێ ما›.

جای چیزی نبودن: جێی شتێ نـەبوون ‹دیـدم دیگر جای حرف زدن نیست؛ اتـاق کـە جـای فوتبـال بازی کردن نیست: زانیم کە ئیتر جێـی قـسەکردن نیە؛ هۆدە خۆ جێی فووتباڵ کردن نیە›.

جای خود داشتن: جێی خۆ بـوون؛ بـۆ ڕووداو یان کارێکی ڕەچاوکراو لەبار و لەباوتر بوون.

جای سوزن انداختن نبودن: *[کنایی]* ڕێـی بـە ڕێدار نـەبوون؛ دەرزی داخـستن و نەکەوتنـە زەوی؛ شاندار شـانی سـوان؛ زۆر تەنگـەترێزە بوون بە هۆی زۆری ئاپۆڕەوە ‹توی سـینما جـای سوزن انداختن نبود: لـە سـینەمادا ڕێـی بـە ڕێـدار نەبوو›.

جای شکر باقی بودن: جێـی شـوکرانە مانـەوە ‹خانەمان آتش گرفت و سـوخت، اما جـای شـکرش بـاقی اسـت کـە بـە کـسی آسـیب چنـدانی نرسـید: ماڵەکەمان ئـاگری گـرت و سـووتا، بـەڵام جێـی شوکرانەی ماوەتەوە کەسێک وەزەنگێکی وای پێ نەگەیشت›.

جای کسی بودن: لە جێی کەسـێ بـوون؛ بـە جێگەی کەسێک بوون؛ یاگۆ یۆینە بیەی ‹اگر جای تو بودم قبول مـی‌کـردم؛ کـاش جـای او بـودم: ئەگەر لە جێی تۆ بام قەبووڵم دەکرد؛ بریا لە جێی ئەو ببوایەم›: **بە جای کسی بودن**

جای کسی را تنگ کـردن: *[کنایی]* جـێ لـە کەسـێ تـەنگ کـردن؛ بـەر دەسـت و پێـی کەسێک‌گرتن؛ تـەنگ لـە کەسـێ هەڵـچنین ‹چکارش داری؟ مگر جای تو را تنگ کردە؟: چتە بە سەریەوە؟ مەگەر جێ لە تۆ تەنگ کردووە؟›.

جای کـسی را خـالی کـردن: *[مجازی]* یـادی کەسـێک لـە جێگایەکـدا کـردن؛ جێگـەی کەسێک سەوز کردن؛ بیرکردن لـە کەسـێک

که دەوێدا نیە و ئەگەر ببایـە خۆشـتر دەبـوو ‹دیروز رفتیم کوه، جای تو را خـالی کـردیم: دوێنـێ چووین بۆ کێو، یادتمان کرد›.

جای کسی را گـرفتن: جێـی کەسـێ گـرتن: ۱. جێ لێ داگیرکردن ‹کیفت جای من را گرفته نمی توانم بنشینم: جانتاکـەت جێگاکـەمی گرتـووە ناتوانم دانیشم› ۲. جێی کەسێ گرتنەوە؛ بوونە جێگری کەسێتر ‹یک نفر دیگر جای او را گرفت: یەکێکیتر جێی ئەوی گرتەوە›.

جای کسی نبـودن: جێگـای کەسـێ نـەبوون؛ شیاوی کەسـێ نـەبوون؛ بـۆ کەسـێ نـەبوون ‹برویم، اینجا جای ما نیست: با برۆین، ئێرە جێگـای ئێمە نیە›.

جایی را روی سر گذاشـتن/ گـرفتن: *[مجـازی]* جێگەیـــەک نانـــە ســـەر ســـەر؛ کردنـــە حەمــەرەمزێ؛ شـلۆقوپلـۆق کـردن؛ هـار و هاجیکردن؛ جێگایـەک نیانـە بـان سـەرەوە؛ یاگێوە ئاردەیوە سـەروو دەنگـا؛ لـە شـوێنێک زەنا ـ زەنا و هەرا و هوریا سازدان ‹بچەها خانـه را گذاشته بودند روی سرشان: منداڵەکان لە ماڵـەکە کردبوویانە حەمەرەمزێ›.

جایی رفتن که عرب نی انداخت: *[کنـایی]* لـە حەوت کێوان ئـاوا بـوون؛ بـێ سـەر و شـوێن چوون؛ تووناوتوون کەوتن؛ چوونە جێگایـەکی پڕ مەترسی و بێگەڕانەوە.

از جـا پریـدن: ۱. ڕاچـڵەکان؛ داچـڵەکان؛ داچەڵـــەکیان؛ ڕاچـــەنین؛ هەڵـــبەزیان؛ چـڵەکیایرە؛ داخورپیـان لـە ڕووداوێ (وەکـوو ترس، توورەیی یان سەرسووڕمان) ‹با صدای زنگ از جـا پریـدم: بـە زڕەی زەنگەکـە ڕاچـڵەکام› ۲. گورج هەستان؛ خێـرا هەڵـسان؛ ڕاپـەڕین؛ وزاقدان؛ پڕتافیەی ‹از جا پرید و گوشی تلفن را برداشت: گورج هەستا و تەلەفۆنەکەی هەڵگرت›.

از جا دررفتن: ۱. *[گفتاری]* ئاگرگرتن؛ ئاگر تـێ بـەربوون؛ گـڕ لـێ بـەربوون؛ هەڵـچوون؛ هەڵپفان؛ زۆر قەڵس بوون ‹وقتـی ایـن حـرف را زدم، از جا در رفت و داد و فریـاد کـرد: کاتێـک ئـەم قسەیەم کرد، ئاگری تێبەربوو، قیرانـدی› ۲. لـە جێ دەرچوون؛ لـە جێگـە چـوون؛ بـە هـۆی گوشار یان کوتانەوە لە جێی خۆ تـرازان ‹سـر چکش از جایش در رفت، خورد بـه انگـشتم: سـەری چەکوچەکە لە جێگـە دەرچـوو، دای لـە قـامکم› ۳. لە جێ چوون؛ لە جێگە چوون؛ لە وردەڵـە چوون؛ لـە گرێژنـە چـوون؛ لـە جێـی خـۆی ترازانی ئێسکی لەش ‹افتادم کتفم از جـا دررفـت: کەوتم شانم لە جێ چوو›.

از جا شدن: *[ادبی]* توورە بوون؛ قەڵـس بـوون؛ دە ڕکەوە چوون؛ ڕق هەستان؛ ڕکـین بـوون؛ خەیدین؛ خەزرین؛ خەنزرین.

از جا کندن: هەڵکێشان؛ هەڵکەندن؛ لە جـێ دەرهێنان ‹باد چند درخت را از جا کنـد: بـا چەنـد داری هەڵکێشا›.

از جـایی آب خـوردن: *[کنـایی]* لـە جێکـەوە سەرچاوکەگرتن ‹می‌دانیم این حرف و حدیث‌ها از کجا آب می‌خورد: دەزانین ئـەم قـسە و باسـانە لـە کوێوە سەرچاوکە دەگرن›.

بـە جـا آوردن: *[گفتـاری]* ناسـینەوە؛ بـەجێ هێنان؛ ئژناسەی؛ وێناکەردەی ‹حالش خیلی بـد بود و کسی را به جا نمی‌آورد: حالی زۆر خـراپ بـوو، کەسی نەدەناسیەوە›.

بـە جـا گذاشـتن: بـە جـێ هێـشتن؛ دانیـان؛ ئاسەی جگا ‹از خودش ثروت زیادی به جا گذاشت: ماڵ و داراییەکی زۆری لە خۆ بە جێ هێشت›.

به جای کسی بودن ☜ **جای کسی بودن**

جاـ[۲]: *پیشواژە.* جـێـ ؛جێگەـ ؛یاگەـ ؛جەـ ؛ کەرەسەیەک بۆ دانانی شت لـە سـەر یـان لـە نێویدا ‹جازغالی: جایخی: جێخەڵووز؛ جێسەهۆڵ›.

جاافتـادگی / cā'oftādegî /: *اسم.* ۱. دۆخ یـان چۆنیەتی کەوتنەوە جـێ؛ چوونـەوە سـەر جـێ؛ ڕۆینەوە سەر جێ؛ گیریانـەوە ‹جاافتـادگی مفصل:

چوونەوە جێی جمگە› ٢. /ـها/ لێ داکەوتوویی؛ ئەو بەشەی نووسراوە کە لە کاتی نووسیندا لە بیر کراوە ‹این مقاله در دو جا یک کلمه و در جای دیگر یک جمله جاافتادگی دارد: ئەم وتارە لە دوو جێگەوە وشەیەک و لە جێگەیەکی دیکەوە ڕستەیەکی لێ داکەوتووە›.

جاافتاده / cā'oftāde/: *صفت.* ١. /ـ ها/ داکەوتوو؛ لە بیرچووگ؛ فەرامۆش‌کراو لە کاتی نووسین یان وتنەوەدا ‹جملەی جاافتاده: ڕستەی داکەوتوو› ٢. *[گفتاری]* جێ‌کەوتوو؛ پوختە ‹مرد جاافتاده: پیاوی جێ‌کەوتوو› ٣. باش کولاو؛ جاکەفتی؛ ڕینگ‌بەرداو ‹خوراک جاافتاده: خواردەمەنی ڕینگ‌بەرداو›.

جابجا[1] / cābecā/: *صفت.* جاوەجا؛ جابەجا؛ جێوەجێ؛ یاگەبەیاگە؛ یاگەوار؛ تووش جێ‌گۆڕکێ بووگ.

⊡ **جابجا شدن**: جێوەجێ بوون؛ جێگە بە جێگە بوون؛ جاوەجا بین؛ جا وەز بین؛ یاگەوار بیەی؛ لەجێی خۆ ترازان؛ گۆڕانی جێگەی سەرەتایی شتێک ‹کتابها جابجا شده بود: کتێبەکان جێوەجێ ببوون›.

جابجا کردن: جێگە بە جێگەکردن؛ جاوەجا کردن؛ یاگەوارکەردەی؛ هەلانین؛ هلاندن؛ جێی شتێ گۆڕان ‹میز را جابجا کرده بود: مێزەکەی جێگە بە جێگە کردبوو›.

جابجا[2]: *قید.* ١. لەملاولاوە؛ لەم لا و لەو لاوە؛ ئەملا و ئەولا؛ ناوە‌ـناوە ‹لباسش جابجا پاره بود: جلەکانی لەملاولاوە دڕابوو› ٢. دەم و دەس؛ دەسبەجێ؛ جێبەجێ؛ جاوەجا؛ جاوەرجا؛ لە جێوە؛ لەپڕا؛ لەپڕتا؛ لەنکاو؛ لەناکاو؛ کوت‌وپڕ ‹جابجا افتاد و مرد: جیبەجێ کەوت و مرد›: **جادرجا**

جابجائی / cābecā'î/ ☜ **جابجایی**

جابجایی / cābecāyî، ـها/: *اسم.* ١. جێبەجێیی؛ جاوەجایی؛ دۆخ یان باری گۆڕانی جێی شتێ ‹جابجایی مهرەها: جاوەجایی مۆرەگەل› ٢. جێ‌گۆڕکێ؛ یاگەواری؛ کار یان ڕەوتی گۆڕانی جێ یان ئاستی شتێ ‹جابجایی مقامها: جێ‌گۆڕکێی لێپرسراوان› ❋ **جابجائی**

جابر / cāber، ـها، ـان/: [عربی] *صفت.* چەوسێنەر؛ ناحەقیکار؛ زاڵم؛ ستەمکار؛ گووجکار؛ زۆرویژ.

جابرانه[1] / cāberāne/: [عربی/ فارسی] *صفت.* چەوسێنەرانە؛ ستەمکارانە؛ زاڵمانە؛ بێ‌بەزەییانە؛ گووجکارانە ‹رفتار جابرانه؛ قانون جابرانه: ئاکاری چەوسێنەرانە؛ قانوونی ستەمکارانە›.

جابرانه[2]: *قید.* ستەمکارانە؛ بە زۆرداریەوە ‹با مردم جابرانه رفتار می‌کردند: لەگەڵ خەڵکیدا ستەمکارانە دەجووڵانەوە›.

جاپا / cāpā، ـها/: *اسم. [گفتاری]* جای پا ☜ **جا**[1]ـ۴

ـجات / cāt/: [از عربی] پسوند. ـگەل؛ ـ وات؛ ـیەل؛ ـئەمەنی؛ نیشانەی کۆی دەستە یان پێل، لە وشەگەلی بە پیتی دەنگدار براوەدا ‹روزنامەجات؛ سبزیجات؛ ادویەجات؛ عملەجات: ڕۆژنامەگەل؛ سەوزەوات؛ مزرەمەنی؛ کرێکاریەل›.

جاتکمه / cātokme، ـها/: [فارسی/ ترکی] *اسم.* جێ‌دوگمە؛ جادگمە؛ جادکمە؛ کونێک یان گەزرکێ کە دوگمە لە کاتی بەستنەوەدا ئەچێتە نێویەوە: **جادکمه؛ جادگمه**

جاجو / cācû/: *اسم. [گفتاری]* جێ وشوێن؛ ڕێ‌وشوێن؛ شۆن‌وبەر؛ جێگە؛ ڕێ‌وجێ؛ یاگە؛ یاگێ؛ شوێن، بەتایبەت شوێنی نیشتەجێ یان هێورین لە جێگایەک بۆ تێدا ژیان ‹جاجوی درستی نداشت؛ بگرد، جاجویش را پیدا کن: جێ و شوێنێکی باشی نەبوو؛ بگەڕە، ڕێ‌وشوێنی بدۆزەوە›.

جاجیم / cācîm، ـها/: [فارسی/ ترکی] *اسم.* ١. بەرماڵک؛ جاجم؛ جاجرم؛ جاجمە؛ وەپێچی؛ دوگردی؛ تەنراوێکە لە بەنی ڕێسراو و ڕەنگ‌کراو ٢. مەوج؛ مەوجە؛ جۆرێ جاجمی گەورە بۆ

جل‌وبان تێوە پێچان.

جاخالی / cāxālî/: *اسم. [گفتاری]* جێ‌خاڵی؛ چۆڵایی؛ شوێنێ کە شتێ یان کەسێکی تێدا نیە.

◘ **جاخالی دادن:** خۆ لادان؛ لە بەرانبەر هەڵمەت و پەلامارەوە خۆ کشانەوە ‹جا خالی دادم، مشتش خورد به دیوار: خۆم لادا، مستی دای لە دیوارەکە›.

جاخالی رفتن: *[مجازی]* جێ‌خاڵیانە چوون؛ دوای چوونە سەفەری کەسێ، بۆ دیتنی بنەماڵەی چوون.

جاخالی کردن: *[مجازی]* خۆکێشانەوە؛ لە بەرانبەر نەیارەوە هەڵاتن ‹من فکر نمی‌کردم به این زودی جا خالی کنی: پێم وا نەبوو بەم زووانە خۆ بکێشیەوە›.

جادار / cādār/: *صفت.* جێگەدار؛ جێ‌دار؛ یاگەدار ‹اتاق جادار؛ کیف جادار: ژووری جێ‌دار؛ کیفی جێگەدار›.

جادرجا / cādarcā/: [فارسی/ ترکی] ☜ **جابجا[۲]ـ۲**

جادکمه / cādokme/: [فارسی/ ترکی] ☜ **جاتُکمه**

جادگمه / cādogme/ ☜ **جاتُکمه**

جادو / cādû ، ـها؛ جادوان cādovān/: *اسم.* ۱. جادوو؛ نیرەنگ؛ خرس؛ چاچۆڵ؛ کردوکاش بۆ زاڵ بوون بە سەرشت و رووداواندا بە ئاکار و ئایینی تایبەتەوە۲. خرس؛ جادوو؛ سیحر؛ چاچۆڵ؛ ئەفسوون؛ نیرەنگ؛ ورتە و پرتەی ژێر لێوان و ئایینگەلی بەڕێوەچوو لە جادوودا ۳. *[ادبی]* جادووگەر؛ نیرەنگ‌باز؛ سیحرباز؛ بازبەژن؛ چاچۆڵوان؛ جادووەوان.

◘ **جادو شدن:** تەلیسم بوون؛ جادووکران.

هەروەها: **جادو کردن**

جادوئی / cādû'î/ ☜ **جادویی**

جادوجنبل / cādûcambal, -canbal ، ـها/: *اسم.* *[تعریض]* جادوو؛ سیحر؛ نیرەنگ ‹می‌گفتند داماد را جادوجنبل کرده‌اند: دەیانگوت زاواکەیان جادوو کردووە›.

جادوگر / cādûgar ، ـها؛ ـان/: *اسم.* ئەفسوونکار؛ نیرەنگ‌باز: ۱. سیحرباز؛ جادووگەر؛ جادووکەر؛ جادووباز؛ چاچۆڵوان؛ جادوەوان؛ جادووبەند؛ دووایە؛ دوواباز ۲. *[مجازی]* کەسێ کە بە جوانی، ئاکار یان وتاری خۆی، کاریگەریەکی زۆر لە سەر کەسانی‌تر دادەنێ و سەرنجیان رادەکێشێ.

جادوگری / cādûgarî ، ـها/: *اسم.* ئەفسوونکاری؛ جادووبەندی؛ جادووگەری؛ سیحربازی؛ کار و کردەوەی چاچۆڵباز.

جادویی[۱] / cādûyî/: *اسم. [ادبی]* نیرەنگی؛ جادووگەری؛ سیحربازی؛ چاچۆڵبازی؛ جادوویی: **جادوئی**

جادویی[۲]: *صفت.* سیحراوی: ۱. نیرەنگی؛ پێوەندیدار یان سەر بە جادووەوە ‹چشمانی جادویی داشت: چاوێکی سیحراوی هەبوو› ۲. تایبەتمەندی هەر شتێک کە کارێکی زۆر بکاتە سەر مێشکی مرۆڤەوە ‹منظرەی جادویی: دیمەنی سیحراوی› ❋ **جادوئی**

جاده / cādde ، ـها/: [عربی]*اسم.* ڕێگا؛ ڕێگە؛ ڕێیە؛ ڕیە؛ جادە؛ جاگە؛ کاروانەڕێ؛ ڕەوازێکی رووبازی گشتی کە بۆ بگاردنی مرۆڤ، گیانەوەران و کەرەسەگەلی ڕاگوێزان، لە دەرەوەی شار یان دێ، چێ کراوە.

◘ **جادەی آسفالتە:** ڕێگەی قیرتاو؛ جادەی ئاسفالت.

جادەی ترانزیتی: جادەی ترانزیتی؛ ڕێگای تایبەت بۆ هێنان و بردنی کالا و شتومەک لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی‌تر.

جادەی خاکی: ڕێگەی خاکی؛ جادەی خاکی.

جادەی شوسە: شۆستە؛ شۆسە؛ خیزرێژ؛ ڕێگەی زیخن و چەورێژکراو بۆ هاتوچووی

ماشین.

جادەی ماڵ‌ڕُو: کوێرەڕێ؛ وڵاخەڕێ؛ قاچاخەڕێ؛ بزنەڕێ؛ کوڕەڕا؛ توولەڕێ؛ توولەڕا؛ ڕێگای باریک و بە کەند و لەند لە چیا و چۆڵ.

جادەسازی / cāddesāzî ، ـھا/: [عربی/ فارسی] *اسم.* کار و ڕەوتی خۆش‌کردنی ڕێ و بان؛ دروست کردنی ڕێگا.

جادەصاف‌کن / cāddesāfkon ، ـھا/: [عربی/ از عربی/ فارسی] *اسم.* ڕێ‌خۆشکەر: ١. *[گفتاری]* باگۆڕدانی ڕێ؛ ماشینێ بە یەک یان چەند غەڵتەکی قورسەوە بۆ پان و ڕێک و لووس کردنی جادە، شەقام یان دەڤەرێک ٢. *[مجازی]* کەسێ کە ببێتە هۆی پێشکەوتن یا سەرکەوتنی کەسێکی‌تر ‹اینها جادە صاف‌کن آمریکا هستند: ئەمانە ڕێ‌خۆشکەری ئەمەریکان›.

جاذب / cāzeb/: [عربی] *صفت.* *[نامتداول]* ڕاکێشەر؛ کێشنە؛ کێشەر؛ بە تایبەتمەندی یان لێهاتوویی ڕاکێشان ‹جاذب رطوبت: نم ڕاکێشەر›.

جاذبە / cāzebe ، ـھا/: [عربی] *اسم.* ڕاکێشی؛ ڕاکەشی: ١. کێشەری؛ ڕاکێشەری؛ تایبەتمەندیەک لە بڕێ تەندا کە تەنگەڵی تر بەرەوخۆ ڕادەکێشێ ‹جاذبەی مغناطیسی: ڕاکێشی مەگنەتیکی› ٢. چاوگری؛ تایبەتمەندی یان بار و دۆخێک لە شتێ یان کەسێکدا کە سەرنج یا هۆگرەتی بەرەو خۆ دەبا ‹جاذبەی جنسی: ڕاکێشی جینسی› ٣. سەرنج‌ڕاکێشی؛ سەرنج‌بەری؛ ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ‹جاذبەهای توریستی: ڕاکەشیگەلی گەشتیاری› ٤. *[فیزیک]* ئەو هێزە کە لە پاژگەلی تەنێکدایە و دەبێتە هۆی ڕاکێشان لە نێوانیاندا و ناهێڵێ لێک بنەوە ٥. هێزی ڕاکێشی؛ تایبەتمەندی بەرەو خۆ ڕاکێشانی زەوی.

◘ **جاذبەی جنسی:** ڕاکێشی جنسی؛ چۆنیەتیەک لە بڕێ ژن یان پیاودا کە ئەبێتە هۆی ڕاکێشانی لفیان.

جاذبەی زمین: ڕاکێشی زەوی؛ هێزێکی ناو دڵی زەوی کە هەموو شتێک بەرەو خۆی ڕادەکێشێ.

جاذبەی مغناطیسی: ڕاکەشی مەگنەتیکی؛ هێزی تەنگەڵی میغناتیسی کە بڕێ کانزا (بەتایبەت ئاسن) بەرەو خۆ ڕادەکێشن.

جار / cār ، ـھا/: *اسم.* ١. [هندی] /ـھا/ *[قدیمی]* چل‌چرا؛ چرای گەورە و هەڵواسراو بە سەرمیچی ماڵانەوە ٢. [ترکی] چێر؛ هەڕاڵە؛ هەلالە؛ بانگەواز؛ بانگاواز؛ جاڕ؛ هەواڵێ کە بە دەنگی بەرز ڕادەگەیندرێ.

◘ **جار زدن:** قاڵ داخستن؛ قوو داخستن؛ قاڵ دەرخستن؛ نهێنی دەرخستن؛ بانگەوازکردن؛ دەنگدان؛ دانەدەوڵ؛ جاڕدان ‹رفت و همە جا جار زد کە فلانی ورشکست شدە: ڕۆیشت و قالی داخست کە فلانی کەساس بووە›: **جار کشیدن**

جار کشیدن: ١. بانگەوازکردن؛ جاڕ کێشان؛ قاڵ داخستن؛ دەنگدان ‹جارچی در کوچەها جار می‌کشید: چێرڤان لە کۆڵانەکاندا بانگەوازی دەکرد› ٢. ☜ **جار زدن**

جارچی / cārčî ، ـھا؛ ـان/: [ترکی] *اسم.* *[قدیمی]* چێرڤان؛ جارچی؛ ڕاگەیێنەر؛ ئاگەکەر؛ قاڵکەر؛ کەرئەلیاس؛ کەسێ کە بە دەنگی بەرز، لە ڕێ و باناندا هەواڵێکی دەگوتەوە کە هەموان بیبیسن.

جارختی / cāraxtî ، ـھا/: *اسم.* ١. جێگەی جل‌وبەرگ ٢. جلاوێز؛ چێو لیباسی ‹کت را بە جارختی آویزان کن!: کۆتەکەت بە جلاوێزەکەوە هەڵواسە!›.

جارو / cārû ، ـھا/: *اسم.* گسک؛ گەسک؛ گەز؛ گەزک؛ گزک؛ گزگ؛ گزی؛ گزێ؛ گێزگ؛ گێسک؛ گیزی؛ کیزی؛ کنۆشە؛ کونۆشە؛ هاڤلیک؛ هیڤالەک؛ جاڕوو؛ گیاریفک؛ شفیک؛ سفیک؛ جەڕیفک؛ کەرەسەیەک کە خاک و خۆڵ و شەخەڵی پێ ڕادەماڵن: *الف)* چەپکێک

لاسکی وشکی بڕێ گیا (وەک ڕاواوە و گیاگزگ) کە بۆ ئەو مەبەستە پێکەوە بەسراون ب) دەستەیەک ڕیشاڵی نایلۆنی پێکەوە بەسراو بۆ کارێکی وا.

⊡ **جارو کردن:** گەسک لێدان؛ گەسکدان؛ گسک لێدان: ١. گزی‌دان؛ گزگ‌داین؛ گزی‌دەی/ دای؛ گزێ داین؛ ماشتنەوە؛ ماشینەوە؛ جاڕووکردن؛ گەزکەردش ‹اتاق را جارو کرد: هۆدەکەی گەسک دا› ٢. *[کنایی]* تەواو ڕامالین و هیچ نەهێشتنەوە ‹دزدها خانه را جارو کرده بودند: دزەکان ماڵەکەیان گەسک لێدابوو›.

هەروەها: **جارو شدن**

جاروبرقی / cārûbarqî ، ـها: [فارسی/ عربی]/*اسم.* گەسکیبەرقی؛ گزگ بەلاچی؛ ئامرازێک کە بە هێزی کارەبا و بە هەڵمژینەوە، زبڵ و زاڵ کۆ دەکاتەوە.

جارو-پارو / cārûpārû/: *اسم. [گفتاری]* گسک و ماڵ ‹دیروز از صبح مشغول جارو-پارو بودیم: دوێنێ هەر لە بەیانیەوە خەریکی گسک و ماڵ بووین›.

جاروجنجال / cār-o-cancāl ، ـها/: [ترکی/ فارسی]/*اسم.* هەراوهوریا؛ هەراوهاوار؛ گوڕەوهەرا؛ هەیتەهەیت؛ چەقەوهەرا؛ هەلەبەل؛ قوولاقوول؛ شەڕهۆمللێ؛ شەماتە؛ دەنگ‌ودۆر؛ هەرەومەزات؛ زلەزل؛ زەنا ـ زەنا؛ گالەگاڵ؛ هەللا ـ هەللا؛ چەقەچەق؛ چەقەوهەرا؛ گوڕەوچەقە؛ گرم‌وقاڵ؛ قڕەومشە؛ قرم‌وقاڵ؛ قێڕەقێڕ؛ هەرا و قێرین؛ هەرا و هۆسەیەک کە بە هۆی کێشەوە پێک‌دێت ‹ببین چه جاروجنجالی راه انداختەاند: بزانە چ هەرا و هوریایەکیان ناوەتەوە›.

جاروکش / cārûkeš ، ـها؛ ـان/: *اسم.* ١. گەسکدەر؛ گزگدەر؛ گزیدەر؛ کەسێ کاری گەسک لێدانە ٢. پاکەوان؛ زبڵ ڕێژ؛ کەناس؛ کووچەماڵ؛ سپوور؛ کرێکاری شارەداری بۆ خاوێن کردنەوەی شار ٣. *[تعریض]* بێ‌سەر و پا؛ هیچ نەفام؛ دوور لە زانست و شارستانیەت ‹هر جا می‌روی جاروکشی همه‌کاره است: هەر کوێ دەچێ بێ‌سەر و پایەک بەرپرسە›.

جاری[1] / cārî ، ـها/: *اسم.* هێوەرژن؛ هێوەرژەنی؛ هاوگیان؛ هەوگیان؛ هۆمبی؛ جاری؛ براژنی مێرد؛ ژنی برای شوو.

جاری[2]: [عربی] *صفت.* ١. ڕەوان؛ بەخوڕ؛ وەگەڕ؛ جول ‹آب جاری: ئاوی ڕەوان› ٢. ئەم؛ ئیسە؛ کاتێ کە تێداین؛ پێوەندیدار بە ئێستەوە ‹ماه جاری؛ سال جاری: ئەم مانگە؛ ساڵێ کە تێداین›.

⊡ **جاری شدن:** ڕەوان بوون؛ کەوتنە جوولە؛ وەڕێ کەوتنی تراو. هەروەها: **جاری بودن**

جاری کردن: وەڕێ خستن؛ هەڕکاندن.

جاز / cāz/: [انگلیسی]/*اسم.* جاز؛ جۆرێ مووسیقای گۆرانی کە هەوەڵ جار لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە نێو ڕەشپێستەکانی ئەمریکادا بەدی هات و ئێستاکەش مووسیقایەکی جەهانیە.

جازیست / cāzîst ، ـها/: [انگلیسی]/*اسم.* جازژەن؛ جازیست؛ گۆرانیبێژ یان ژەنیاری جاز.

جاسازی / cāsāzî ، ـها/: *اسم.* جێ‌خۆشکەری؛ سەختکاری؛ کار یان ڕەوتی شاردنەوەی شتێک لە شوێنێ نادیار (بەتایبەت لە ناو شتێکی‌تردا).

جاست / cāst ، ـها/: [؟]/*اسم.* ئیسر؛ گووشینە؛ گووشینگە؛ جێی گووشین و ئاوگرتنی ترێ.

جاسنگین / cāsangîn/: *صفت. [گفتاری]* ١. جێ‌کەوتوو ‹یک آقای محترم و جاسنگین آنجا بود: پیاوێکی بەڕێز و جێ‌کەوتوو لەوێ بوو› ٢. *[مجازی]* لووت‌بەرز؛ قاپان؛ دەماراوی؛ ڕۆحزل ٣. بایەخدار؛ گران و بەوەج ‹این خانه چه فرش و اثاثیەی جاسنگینی دارد!: ئەم ماڵە چەند مافوورە و کەلوپەلی بایەخداری تێدایە!› ٤. دێرئاخێز؛ دێرخێز؛ لەش‌گران ‹وزیر بسیار جاسنگین بود و بە ندرت کاری را سرکشی می‌کرد: وەزیر زۆر دێرئاخێز بوو، بە دەگمەن سەری لە کارێک بدایە›.

جاسوس / cāsûs ، ـها؛ ـان؛ جَواسیس *[نامتداول]*/:

[عربی]/اسم. شـووفار؛ شـۆفار؛ شۆڤـار؛ سـیخوڕ؛ جاسـووس؛ پـاپی؛ زیـرەوان؛ زیـرەوا؛ زیـران؛ زوانگیر؛ خەبەربەزێن؛ هەواڵدز؛ تێچێن؛ گزمە.

◘ **جاسـوس دوجانبـه:** شـۆفاری دوولایەنـە؛ سیخوڕی دولایەنە؛ شووفارێ کە بۆ هـەر دوو لای دوژمنی یەک شۆڤاری دەکا.

جاسوسی / cāsûsî ، ـها/: [عربی]/اسم. شـووفاری؛ شـۆفاری؛ شۆڤـاری؛ دەسکیـسی؛ جاسووسـی؛ زیـرانی؛ گوهبـەلی؛ گوێبـەلی؛ گۆبـەلی؛ گوێبیسی؛ کار و ڕەوتی کۆ کردنەوەی خەبەر و زانیاریگەلی پێویست بە شێوەی نهێنی ‹معلوم شد برای دشمن جاسوسی می‌کند: دەرکەوت بۆ دوژمن شۆفاری دەکا›.

جاسـویچی / cāsuvîčî ، ـها/: [فارسی/ انگلیسی] /اسم. جێ‌کلیلی؛ جێ‌کلیلی.

جاسیگاری / cāsîgārî ، ـها/: [فارسی/ فرانسه]/اسم. ۱. جێ‌سیگاری؛ قوتووی سگار؛ قوتووی جگـەرە ۲. ژێرسیگاری؛ ژێرسگاری؛ چێرجگەرە.

جاشو / cāšû ، ـها؛ ـان/:/اسم. جاشـوو؛ کرێکـاری کەشتی؛ کاریگەری گەمیە.

جاشیر / cāšîr/:/اسم. لۆ؛ هەلز؛ هەلـس؛ هەلـەز؛ هەلیز.

جاعل / cā'el ، ـها؛ ـان/: [عربی]/اسم. سـاختەچی؛ دەغەلکار؛ بەلگەسـاز؛ کەسـێ کـە بەلـگەی لـە قەستی ساز دەکا.

جاکتابی / cāketābî ، ـها/: [فارسی/ عربی]/اسم. ۱. قەفـەزەی کتێـب؛ ڕکـەی پـەرتووک؛ جێ‌کتێبی؛ هـۆدەکی کتێبـان ۲. جـێ‌کتێـب؛ جێ‌کتێوی؛ ڕەفەیەک لە ژێر مێزەوە بـۆ دانـانی کتێب و دەفتەر.

جاکش / cākeš ، ـها/:/اسم. [مستهجن] گـەواد؛ قـەواد؛ قەلـتە؛ قەلـتەبان؛ دەویـت؛ دویـت؛ سـیغەچی؛ قوڕمـساخ؛ قوڕمـساق؛ ماسـکەش؛ مەئـەرس؛ کەسـێ کـە ژنـانی داوێـن‌پـیس بـۆ پیاوانی ناپاک ساز دەکا.

جاکـشی / cākešî/:/اسم. [مستهجن] گـەوادی؛ قەوادی؛ قوڕمـساخی؛ دەویـتی؛ کـار و پیـشەی گەواد.

جاکلیـدی / cākilîdî, -kelîdî ، ـها/: [فارسی/ یونانی]/اسم. جێ‌کلیلی؛ جێ‌کلیل: ۱. جاسـویچی ۲. کلر؛ کلیر؛ کونی دەرگا ‹از جاکلیدی نگاه کـردم ببینم کی پشت در است: لـە جـێ‌کلیلیەکـەوە ڕوانـیم بزانم کێ لە پشتی درگاوەیە›.

جـاکن / cākan/: صفت. جێکـەن؛ جێگەکـەن؛ لەبنەوە دەرهاتوو؛ هەلکنراو زۆرتر بـە تـەواوەتی یان بۆ هەمیشە ‹دستم را گرفتم به حلقه، جاکن شد و ماند توی دستم: دەستم گیردایە ئالقەکە، جێکەن بوو و هاتە دەسمەوە›.

جاکوزی / cākûzî/: [انگلیسی] ☜ **جکوزی**

جـاگیر / cāgîr/: صـفت. جێگـر؛ جـێگیر: ۱. جێگەگر؛ جاگرتێ؛ جیـەوەگر؛ یاگـەگیر؛ بـە بارستایی زۆرەوە ‹این مبلها خیلی جاگیر هستند: ئـەم موبلانـە زۆر جێگـرن› ۲. سـەقامگیر؛ دامـەزراو؛ مەرزیا؛ ئاکنجی ‹بزودی در آن خانه جاگیر شدند: زۆر زوو لەو مالەدا جێگر بوون› ❋ **جایگیر**

◘ **جاگیر بودن:** جێگر بـوون؛ جێـی زۆر گرتنـە بەر.

جـاگیر شـدن: سـەقامگیر بـوون؛ نیـشتەجێ بـوون؛ جێگـر بـوون؛ گونجیـان؛ گونجیـای؛ دامەزران؛ دامەرزیان؛ مەرزیایرە؛ لە شوێنێکی لەبار یان دلخواز دامەزران ‹رفتند و در کردستان حسابی جاگیر شدند: ڕۆیشتن و لە کوردستاندا تەواو سەقامگیر بوون›.

جال / cāl ، ـها/:/اسم. جـال؛ داو؛ دامـی؛ داوی تایبەت بۆ ڕاوی پەلەوەران.

جالاب / cālāb/: [؟] ☜ **زالاب**

جالب / cāleb/: [عربی] صفت. سـەرنجڕاکـێش: ۱. ڕاکێشەر؛ دایلان؛ سەیر؛ سـەمەرە؛ بـە بـار و دۆخێکی وەها کە ببێتە هۆی سـەرنج دان یـان هۆگری خەلک ‹طرز نگـاهش جالـب بـود: شـێوەی

روانینی سەرنجڕاکێش بوو› ٢. بەرچاو؛ چاوگر؛ بایەخدار؛ بەنرخ؛ وەرەچەم؛ خاوەن تایبەتمەندی پڕبایەخ یان شیاوی سەرنج پێدان ‹کار جالبی نیست؛ چیز جالبی نداشت: کارێکی چاوگر نیە؛ شتێکی بەرچاوی نەبوو›.

جالباسی / cālebāsî ، ـها/: [فارسی/ عربی]/اسم. گەنجە؛ جادلنگی؛ جێی جلوبەرگ؛ دۆلاوی گنج؛ هەودەی هەڵگرتنی پۆشەن ‹لباسهایت را اتو کردم، گذاشتم توی جالباسی: جلەکانتم ئوتوو کرد و ناومە نێو گەنجەکەوە›.

جالیز / cālîz ، ـها/:اسم. بێسان؛ بێستان؛ کیار؛ جاڕ؛ کێڵگەی تەڕەکاڵ (وەک خەیار، تەماتە، شووتی و...): **پالیز**

جالیزبان / cālîzbān ، ـها؛ ـان/:اسم. بێستانەوان؛ بێسانوان؛ خاوەن یان پارێزەری بێسان: **پالیزبان**

جالیزکاری / cālîzkārî ، ـها/:اسم. تەڕکاڵی؛ تەرەکاڵی؛ تەڕەکاری: ١. بێستانکاری؛ کار یان ڕەوتی کێلانی تەڕەکار ‹قطعه زمینی هم داشت که در آن جالیزکاری می‌کرد: پارچە زەوینێکیشی بوو تەڕکاڵی تێدا دەکرد› ٢. زەوینی بێستان ‹یک وقتی سراسر تهران جالیزکاری بود: سەردەمێک سەر لە بەری تاران تەڕکاڵی بوو›.

جام / cām ، ـها/:اسم. ١جام: *[قدیمی]* کاسە؛ قاپ و قاچاق؛ بایە؛ بادیە؛ بادی؛ بایە؛ دەفرێکی قووڵی زار هەراو کە تراو و تەڕەچێشتی تێدەکەن ٢. *[ادبی]* پەرداخ؛ پیاڵە؛ کاسەیەک کە شەرابی پێدەخۆنەوە ‹جام می: جامی مەی› ٣. شووشە؛ شیشە؛ جۆم؛ گاپەڕەیەک لە شووشە بۆ داپۆشانی دەرگا و باڵێن ٤. *[گیاه‌شناسی]* پەڕە؛ پەلکەی گوڵ بەتێکڕایی کە یان پێکەوە لکاون یا جیان ‹جام گل: پەڕەی گوڵ› ٥. کاپ؛ دەفرێکی پیاڵەئاسا بە نەخش و نیگار و پایە و دەستەوە کە بە خەلات دەیدەن بە سەرکەوتووانی کێبەرکێگەلی وەرزشی: **جام پیروزی** ‹جام جهانی؛ جام یوفا: جامی جەهانی؛ جامی یووفا›.

☐ **جام پیروزی** ☜ **جام ـ ٥**

جامد / cāmed ، ـها؛ ـات/: [عربی] صفت. خۆگر؛ خۆگرک؛ بەستوو؛ تەندار؛ وشک ‹جسم جامد: ماکی خۆگر›.

جامدات / cāmedāt/: [عربی]/اسم. ئەو ماکانەی لە بار و دۆخی ئاساییدا بیچمیان نەگۆڕە (پێچەوانەی گاز و تراو).

جامدادی / cāmedādî/: [فارسی/ عربی]/اسم. ١. قەڵەمدان؛ دەفرێک یان قوتوویەک کە قەڵەمی تێ دەنێن ٢. جێ‌قەڵەم؛ درزێ لە کەرەسەیەکی وەک دەفتەر یان کیفدا بۆ دانانی قەڵەم.

جامع / cāme'/: [عربی] صفت. ١. کۆ؛ کۆمەڵ؛ کۆمەڵتە؛ خاوەن تایبەتمەندی یان چۆنیەتی کۆوە کردن ‹جامع شرایط: کۆی هەلومەرجان› ٢. کۆبەند؛ کۆگر؛ بەبێ کەموکووڕی ‹فرهنگ جامع؛ طرح جامع: فەرهەنگی کۆبەند؛ گەلالەی کۆگر›.

جامع الاطراف / cāme'ol'atrāf/: [عربی] صفت. هەمەلایەنە؛ لە خۆگری هەموو لایەنەکانی چەمکی ڕەچاوکراو ‹بحث جامع‌الاطراف: باسی هەمەلایەنە›.

جامع الشرایط / cāme'oššarāyet/: [عربی] صفت. خاوەنی هەموو مەرجی پێویست.

جامع‌العلوم / cāme'ol'ulûm, -'olûm/: [عربی] صفت. پیتۆڵ؛ خاوەن یان لە خۆگری زانستی زۆر و جۆراوجۆر.

جامع ومانع / cāme'-o-māne'/: [عربی] صفت. پڕوپەرداخت؛ خاوەن هەموو پاژ و لایەنی تایبەتی خۆ بێ ئەوەی لەگەڵ شتێکی تردا تێکەڵاو بێ یان بە هەڵەدا بڕوات ‹تعریف باید جامع‌ومانع باشد: پێناسە دەبێ پڕوپەرداخت بێ›.

جامعە / cāme'e ، ـها؛ جوامع/: [عربی]/اسم. ١. کۆمەڵگا؛ کۆمەڵگە؛ کۆمەڵ؛ جەماوەر؛ گهان؛ بەراقی؛ جوات؛ جڤات؛ جڤینگە؛ ئاپۆرە؛ گوردەم؛

گورتـل؛ دەسـتەیەک لـە تاکـە کەسـان بـە بەرژەوەندی، بنکەگەل و فەرهەنگی هاوبەشـەوە ‹جامعـەی ارمنیـان: کۆمەڵـگای ئەرمـەنیان› ٢. کۆمەڵـە؛ بنکەیـەک کـە بـە هـۆی ئاوەهـا کەسانێکەوە پێک دێ ‹جامعەی شبانی: کۆمەڵـەی شوانی› ٣. کۆمەڵە؛ ڕێکخراوەیەک کە بەدەستی دەسـتەیەک بـۆ گەیـشتن بـە ئامانجگـەلی دیاریکراو پێک دیت ‹جامعـەی معلمـان: کۆمەڵـەی مامۆستایان›.

▣ **جامعەی ارادی**: کۆمەڵگایەک کـە ئەنـدامانی بە حەز و خوازیاری خۆیان تێدان.

جامعـەی اشـتراکی: کۆمـۆنیزم؛ کۆمەڵـەی هاوبەشی.

جامعەی بـاز: لیبرالیـسم؛ کۆمەڵـگای ئـاوەڵا/ کراوە.

جامعـــەی بــــستە: کۆمەڵـــگای بەســـراو؛ کۆمەڵگایەک کە دەگەڵ کۆمەڵگایانی دەور و بەریدا پێوەندی نیە.

جامعـەی بـیطبقـە: کۆمەڵـگای بـێچـین؛ کۆمەڵگایەک کە بەهۆی هەمووانی بوونـەوەی کەرەسە و سەرچاوە سروشـتیەکانی، هـەژار و دارای تێدا نەمێنێ.

جامعــەی ســنتی: جــەماوەری ســوننەتی؛ کۆمەڵــگای ڕەسـتی؛ ئاپۆرەیــەک کــە داب و نەریتی کەونارای خۆی پاراستووە.

جامعــەی صــنعتی: کۆمەڵــگای پیــشەیی؛ کۆمەڵگەیەک کە بە پێی پیشەکاری ماشێنی، لە باری ئابووریەوە پێشکەوتووە.

جامعــەی مــدنی:کۆمەڵــگای شارسـتانیەت؛ کۆمەڵــگەیەک کــە قــانوونی هەڵــبژاردەی خەڵک، بـە سـەر هەمووانـدا ـ وەک یـەک ـ زاڵە.

جامعەستیز / câme'esetîz ، ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت. [روان‌شناسی]* دژکۆمەڵ؛ بە ئاکاری پێچەوانە یان دژ بەکۆمەڵگا. هەروەها: **جامعەستیزی**

جامعەشناختی / câme'ešenāxtî/: [عربی/ فارسی] *صفت.* کۆمەڵناسیەوەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە کۆمەڵناسیەوە.

جامعەشـناس / câme'ešenās ، ـها؛ ـان/: [عربـی/ فارسی] *اسم.* کۆمەڵناس؛ کەسێ کە کاری ناسینی تایبەتمەندیگەلی کۆمەڵگایە.

جامعە شناسی / câme'ešenāsî/: [عربـی/ فارسـی] *اسم.* کۆمەڵناسی؛ زانستێ کـە دەپەرژێتـە سـەر لێکدانەوەی تایبەتمەندیگەلی کۆمەڵگای مرۆڤ.

جامعە گـسلی / câme'egosalî/: [عربـی/ فارسـی] *اسم. [روان‌شناسـی]* لـەکۆمـەڵ پـساوی؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی پچـڕانی پێوەنـدی تـاک لەگـەڵ کۆمەڵگادا، پتر لـە بـەر شـێواوی و ئاڵـۆزی لـە مێشک یان ئاکاردا. هەروەها: **جامعەگسل**

جامعیـــت / câme'îyyat/: [عربـی]*اسـم.* پـڕ و پەرداختی؛ دۆخ یان چۆنیەتی هەمەلایەنە بوون.

جامـە / câme ، ـهـا؛ ـگـان/:*اسـم. [ادبـی]* گـنج؛ جل‌وبەرگ؛ پۆشتەنی؛ کووتاڵ؛ سیپاڵ؛ پۆشـەن؛ وەلنگە؛ ئەوەی مرۆ لە بەری دەکا.

▣ **جامەی خواب**: ١. جلی خەو؛ جلی نووسـتن ٢. جێوبان؛ جێگەوبان؛ جل و جێوان.

جامەدار / câmedār ، ـهـا؛ ـان/:*اسم.* حـەمامچی؛ حومـامچی؛ حمـامچی؛ کاریگـەرێک کـە لـە گەرماوە گشتیەکاندا جل‌وبـەرگی گەرماوکـەران هەڵدەگرێ.

جامـەدان / câmedān ، ـهـا/:*اسـم.* ١. بـاوڵ؛ سـندۆق؛ چەمـەدان؛ جانتـا؛ جامتـا ٢. یـەغان؛ یغان؛ یەغدان.

جامیزی / câmîzî ، ـها/:*اسم.* جێکتێبی.

جان[1] / cān/:*اسم.* گیان: ١. ـها/ گیـون؛ جـان؛ ژیان؛ هێزی ژیان و جوولانی گیانەوەر ٢. ـهـا/ ژیـان؛ ئـەو بەشـە لـە هـەبوونی مـرۆڤ کـە تێ‌گەیین، ناسین، ئاگـایی و هـەموو هەسـتێک دەگرێتـە بـەر ٣. *[مجـازی]* پوختـە؛ کاکـڵە؛ ناوەرۆک ‹جان کلام: پوختەی مەبەست› ٤. ژیان؛

گۆن ‹جان دادن: گیـان دان› ٥. [ادبی] رۆح؛ ڕەح؛ ڕح؛ چاو؛ دیدە؛ دیە ‹جـان بـرادر: گیـان کاکـەی› ٦. لـەـا/[گفتاری] لـەش؛ ئـەنام؛ تـەن؛ کەلـەخ ‹همەی جـانم درد مـی‌کنـد: هـەموو گیانــم دێـشێ› ٧. تەواوی هەبوونی کەسێ یان شتێک ‹جـارو را برداشت و افتاد به جان خانە: گەسـکەکەی هەلـگرت و کەوتە گیان ماڵەکەوە›.

▣ **جان در قالب** ☜ **دوجان در یک قالب**

جان کسی: [گفتاری] تۆ گیان؛ گیانی کەسـێک؛ گیـان؛ سـەر؛ وشـەی سـوێند خـواردن یـان سوێند دان بە گیـانی کەسـێک ‹جـان مـادرت راستش را بگو: تۆ گیانی دایکت ڕاستی بڵێ›.

جـان کـلام: [مجـازی] کاکـڵەی مەبەسـت؛ پوختەی قسە؛ مەبەست و ئامانجی سـەرەکی وێژەر.

جان و دل ☜ **جان‌ودل**

دو جان در یک قالب: [کنـایی] گیانێـک و دوو لەش؛ گیانێک لە دوو جەستەدا؛ دوو دۆسـتی گیــانی‌گیــانی؛ دوو دۆســتی زۆر نزیــک و هەمیشە پێکەوە: **جان در قالب**

▣ **جان باختن:** [ادبی] گیان بەخت‌کـردن؛ گیـان فیـداکردن؛ گیــان لــە دەس‌دان ‹آنـان در راه میهنشان جان باختند: ئەوان لـە ڕێـی وڵاتەکەیانـدا گیانیان بەخت کرد›.

جان بخشیدن: ١. بووژاندنـەوە؛ گەشـاندنەوە؛ ژووژاندنەوە؛ ژیاندنەوە؛ ژیان پێدان؛ ژووژنایەوە؛ بوونــە هــۆی گەشــە و نەشــە و چــالاکی ٢. [مجــازی] گیــان تێخــستن؛ ڕۆح پێــدان ‹پیکرتـراش بـە سـنگ و آهـن جـان مـی‌بخـشد: پەیکەرتاش گیان دەخاتە نێو بەرد و ئاسنەوە›.

جان برکف نهـادن: [مجـازی] گیـان لـە سـەر دەس دانان؛ گیان نانە مست؛ بەرهەڤی گۆڕی بوون ‹جوانان جان برکف نهادند و از سرزمین خود دفاع کردند: لاوەکان گیانیان لە سـەر دەس دانـا و بەرەنگاریان لە زێدی خۆیان کرد›.

جان به جان آفرین تسلیم کردن: [ادبی] گیـان بە دەستەوە دان؛ مردن؛ گیان دان ‹اندکی بعد جان به جان افرین تسلیم کرد: کەمێ دواتـر گیـانی بە دەستەوە دا›.

جان بـە جـان کـسی کـردن: [مجـازی] گیـان کردنە گیان کەسێکەوە؛ بۆ کەسێ خزمـەت و کردوکۆشی زۆرکردن ‹ئەم نیوڕستەیە هەمیـشە بە نیوڕستەیەک تەواو دەبێ کە بێ‌کەلـک بـوونی کارەکە نیشان دەدا› ‹جان به جانش هم بکنـی بـاز دنبال دزدی و الواتی است: گیـان بکەیتـە گیانیـەوە هەر بە دوای دزی و خوێڕیەتیەوەیە›.

جان بـە دربـردن: گیـان دەرکـردن؛ خـۆ لـە مەرگ دەربازکردن ‹بسختی توانستم از آن مهلکه جان به در ببرم: ئەستەم توانیم لەو فەرتەنـە گیـان دەرکەم›.

جان بـە سـر شـدن ☜ **جـان بـە سـر شـدن، جان‌بەسر**

جان به عزرائیل ندادن: [کنـایی] ئـاو لـە دەس نـەتکان؛ تـۆز لـێ هەڵنەسـتان؛ هـەرزن لـە دەست هەڵنەوەرین؛ گوو وشک‌کردن؛ تـۆکڵ تس‌گرتنەوە؛ زۆر ڕژد و دەس‌وشک بـوون ‹او جان به عزرائیل نمی‌دهد، حالا تو می‌خواهی از او پول بگیری: ئـەو ئـاو لـە دەسـتی ناتکـی، ئێـستێ تـۆ دەتەوێ پارەی لێ بستێنی›.

جان به لب رسیدن: [مجازی] گیانەسەر بـوون؛ گیان هاتنە نـووک لـووت؛ بـە هـۆی ڕەنـج و ئازاری زۆر، لە ژیان بێزار بـوون ‹از دست زنم جانم به لب رسید؛ دیگر جان به لبش رسیده بـود: لـە دەسـتی ژنەکـەم گیانەسـەر بـووم؛ ئیتـر گیـانی هاتبووە نووک لووتی›.

جان تازه بخشیدن: گەشـاندنەوە: ١. [مجـازی] گیانی تازە خـستنە نێـو لەشـەوە؛ دڵـی تـازە پێ‌بەخشین ‹آمدن تـو بـە همـەی مـا جـان تـازە بخـشید: هاتنــت گیــانیکی تــازەی خــستە نێــو لەشــــمانەوە› ٢. بووژاندنــەوە؛ ژووژاندنــەوە؛

ژیاندنەوە؛ ڕزگارکردن لە مەرگ یا لە فەوتان.
جان خود را کف دست گرفتن: *[مجازی]* گیان لە سەر دەس نان؛ سەر لە پێناو نان؛ ئامادە بوون بۆ مردن و خۆ بەخت کردن.
جان دادن: گیان‌دان؛ گیان داین؛ هەڵپەلۆسکان؛ هەڵپەلۆسکیان؛ گان‌دایش؛ مردن ‹بچەی بیچارە در بیمارستان جان داد: مندالی بەستەزمان نەخۆشخانەدا گیانی دا›.
جان داشتن: گیان تێدا بوون؛ زیندوو بوون؛ زینگ بوون؛ گیان چنە بیەی ‹وقتی رسیدیم هنوز جان داشت: کاتێ گەیشتین هێشتا گیانی تیدا بوو›.
جان سپردن: گیان دانە دەستەوە ‹کمی بعد جان سپرد: پاش هێندێک گیانی دا دەستەوە›.
جان سگ داشتن: *[تعریض]* گیان سەخت بوون؛ سەگمەرگ بوون ‹این سوسکها جان سگ دارند و هیچ سمی بهشان کارگر نیست: ئەم قۆلانچانە گیان سەختن و هیچ دەوایەک کاریان لێ ناکا›.
جان فدا کردن: گیان بەخت کردن؛ گیان فیدا کردن؛ بە بۆنەی کەسێ یان شتێکەوە لە ژیانی خۆ بووران ‹جانشان را در راه میهن و ملت فدا کردند: لە پێناوی خاک و خەڵکدا گیانیان بەخت کرد›.
جان کسی برای کسی در رفتن: *[مجازی]* گیان کەسێک بۆ کەسێ دەرچوون؛ کەسێ زۆر خۆش ویستن و ئامادە بوون بۆ خۆ فیدا کردنی ‹جانش برای پسرش در می‌رفت: گیانی بۆ کورەکەی دەردەچوو›.
جان کسی درآمدن: *[مجازی]* گیانی کەسێک دەرچوون؛ مردن ‹دماغش را بگیری جانش در می‌آید: لووتی بگری گیانی دەردەچێ›.
جان کسی را به لب رساندن: *[مجازی]* کەسێک گیانەسەرکردن؛ گیانی کەسێک هێنانە نووک لووتی؛ ژیان لە کەسێ ناخۆش کردن ‹تا خانە را خالی کرد جانم را به لب رساند: تا ماڵەکەی چۆڵ کرد گیانەسەرمی کرد›.
جان کسی را خریدن: *[مجازی]* گیانی کەسێ کڕینەوە/ سەندنەوە؛ کەسێ لە مەرگ و لە ناو چوون ڕزگارکردن ‹آن روز با این کارش جان ما را خرید وگرنه همه تو دره بودیم: ئەو ڕۆژە بەو کارەی گیانی هەموومانی کڕییەوە ئەگینا گشت کەوتبووینە نێو دۆڵەکەوە›.
جان کسی را گرفتن: گیانی کەسێ کێشان/ گرتن؛ گیانوو یۆی کێشتەی؛ کەسێ کوشتن ‹گفت: آمدەام جانت را بگیرم: گوتی: هاتووم گیانت بکێشم›.
جان کندن: ۱. لە گیانەلادا بوون؛ گیان‌کەنشت کردن؛ گیان کەندن ‹وقتی رسیدیم داشت جان می‌کند: کە گەیشتین لە گیانەلادا بوو› ۲. *[مجازی]* گیان‌کێشان؛ گیان‌کەنین؛ لە زەحمەت و سەختی و ڕەنجدا بوون ‹این کە زندگی نیست، جان کندن است: ئەمە خۆ ژیان نیە، گیان کێشانە›.
جان گذاشتن: *[مجازی]* گیان دانان؛ ژیان بۆ کارێ تەرخان‌کردن ‹ما سر این خانە جان گذاشتیم تا درست شد: ئێمە لە سەر ئەم خانووە گیانمان داناوە تا دروست بووە›.
جان گرفتن: *[مجازی]* گیان تێ‌هاتنەوە؛ گیان گرتنەوە؛ گیان تێ‌کەفتنەوە؛ بووژانەوە؛ ژووژانەوە؛ ژووژ بیەیوە؛ ئامایوە وێرە؛ چاک بوونەوە و هێز گرتنەوە ‹غذایی خورد و استراحتی کرد تا جان گرفت و توانست بلند شود: شتێکی خوارد و وچانێکی‌دا تا گیانی تێ‌هاتەوە و توانی هەستێ›.
جان مفت دربردن: لە کلک گەڕانەوە؛ کفن دڕاندن؛ بە هەڵکەوت لە مەرگ دەرباز بوون ‹آزاد در آن حادثە جان مفت دربرد: ئازاد لەو کارەساتەدا لە کلکی گەڕاوە›.
از جان خود مایه گذاشتن: *[گفتاری]* بە سەر و ماڵەوە تێوە چوون/ گلان؛ لە خۆ مایە دانان؛

به گیان و دڵ کارکردن؛ بە واز و هـازی خـۆ کـاریٚ کـردن ‹بـرای کارخانـه از جـان خـود مایـه گذاشت: بۆ کارخانـەکـە بـە سـەر و ماڵـەوە تێـوە چوو›.

از جان سیر شدن ☜ **به جان آمدن**

از جان گذشتن: *[مجازی]* ۱. گیانبازی کـردن؛ دەس لـە گیـان شـۆردن ‹جوانـان دلیـر از جـان گذشـتند: لاوانی ئـازا گیانبازیـان کـرد› ۲. گیـان بەخت‌کردن؛ جه ویٚ ویەردەی؛ بۆ ئامانجێـک ئامادەی مردن بوون.

با جان خود بازی کردن: *[مجازی]* ڕۆحـی خـۆ لە قەرەچیان کڕین؛ گیان لە سـەگان دزیـن؛ کـاری بـڤەکردن؛ گیـانی خـۆ خـستنە مەترسیەوە.

به جان آمدن: *[مجازی]* لە گیـان بێـزار بـوون؛ گیانەسەر بوون: **از جان سیر شدن**

به جان کسی افتادن: *[مجـازی]* سـەر کردنـە کەوڵ/ کاوڵ کەسێکەوە؛ سـەخت ئـازاردانی کەسێک ‹همه افتادند به جان من که چرا گذاشتی برود: گشتیان سەریان کردە کەوڵمەوە کە بـۆچی هێـشتت بـڕوات›. هـەروەها: **بـە جـان کـسی انداختن**

به جان کسی بسته بـودن: کوولەکـەی ڕۆحـی کەسـێک بـوون؛ گیـان و ڕۆحـی کەسـیٚ بـە شتێکەوە بەسران؛ یەکجار لە لا خۆشەویـست بوون ‹پول به جانش بسته است: گیان و ڕۆحی بە پارەوە بەسراوە›.

جان[۲]: *صوت.* گیان: ۱. هـا گیـان؛ بەڵـیٚ گیـان؛ وشەی وڵام دانەوە بـە نیـشانەی خۆشەویـستی دەربـڕین لـە ئاسـت کەسـیٚ هاوتەمـەن یـان چکۆلەتر لە خـۆوە ‹گفـتم: آزاد!، گفـت: جـان!: وتم: ئـازاد!، وتی: گیـان!› ۲. نیـشانەی شـادی و ڕەزامەندی ‹جان! چه هوایی: گیان! چ هەوایەک›.

ـجان[۳]: پیواژە. ـگیـان؛ ئـازیز؛ خۆشەویـست؛ وەشـەویس؛ دەلال ‹پـدرجان!؛ خواهرجـان!:

باوکەگیان!؛ خوشکەگیان!›.

جان‌آفرین / cānāfarîn, -'āfarîn/: *صفت. [ادبی]* گیانبەخش؛ ئافرێنەری ژینەوەران.

جانان / cānān/: *صفت. [ادبی]* ۱. گیـانی گیـان؛ لەبەردلان؛ واشتا؛ خۆشەویـست؛ خوەشـەویس؛ وەشـەویس؛ وەشەسـیاو؛ ئـازیز وەکـوو گیـان ۲. *[تصوف]* بینایی چاوان؛ خودا.

جانانه / cānāne/: *صفت.* ۱. ڕێـک‌وپێـک؛ لەبـەر دڵان؛ لەبار و لەباو؛ بـیٚ کـەم و کـووڕی ‹رقـص جانانـه: هەڵـپەڕکێی ڕێـک‌وپێـک› ۲. *[مجـازی]* حیسابی؛ بەهێز؛ جانانـە؛ تونـد؛ بـەگوڕ؛ بـەتین ‹سیلی جانانه: زللەی حیسابی›.

جاناً ومالاً / cānan-o-mālan/: (!)[فارسی/ عربی] *قید.* بە سەر و ماڵەوە؛ بە گیان و ماڵەوە؛ بە دڵ و گیان؛ بە گیان و دڵ ‹همه جاناً و مـالاً بـه ایـن کـار کمک می‌کنند: هەموو بە سەر و ماڵەوە ئاریکاری ئـەم کارە دەکەن›.

جانـب / cāneb ، ـهـا؛ جوانـب/: [عربی]/*اسم.* لا؛ لایەن؛ ڕەخ؛ ئالی؛ سۆ؛ تەنـشت؛ پـاڵ؛ نکـال ‹در جانـب راسـت تـصویر قـرار دارد: لـە لای ڕاسـتی وێنەکەدایە›.

⊡ **جانب کـسی را گـرفتن:** *[کنایی]* لای کەسـیٚ گرتن؛ لایەنگری کەسێک‌کردن؛ پشتگیری لە کەسێک‌کردن ‹مادرم همیشه جانب او را می‌گرفت: دایکم هەمیشە لای ئەوی دەگرت›.

جانبـاز / cānbāz ، ـهـا؛ ـان/: *اسم.* گیانبـاز؛ گیانبەخش؛ گیان‌بەختکەر؛ کەسیٚ کە لە ڕێگای سەربەرزی وڵاتەکەیدا کەمئەنـدام بـووە ‹دوسـتم جانباز است و از ویلچـر اسـتفاده مـی‌کنـد: دۆستەکەم گیانبازە و بە چەرخ دەڕوا›.

جانبـازی / cānbāzî ، ـهـا/: *اسم.* گیانبـازی؛ گیانبەخشی؛ فیداکاری؛ گۆڕی‌کـاری؛ کـار یـان ڕەوتی ژیـانی خـۆ خـستنە مەترسـیەوە، بـە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێک ‹جانبـازی در راه میهن: گیانبازی لە ڕێگەی وڵاتدا›.

جانبخش / cānbaxš/: *صفت. [ادبی]* ۱. ژینەر؛ بژێن؛ گیانپرژێن؛ هۆی وەدیهاتن یان گەڕیانی ژیان ‹خورشید جانبخش: ڕۆژیاری ژینەر› ۲. *[کنایی]* دڵبزوێن؛ زۆر خۆش ‹نسیم جانبخش: شنەی دڵبزوێن› * **جانپرور**

جانبدارانه[1] / cānebdārāne/: [عربی/ فارسی] صفت. لایەنگرانە؛ بە دۆخ یان چۆنیەتی سەرچاوەگرتوو لە لایەنگریەوە ‹داوری جانبدارانە: دادوەری لایەنگرانە›.

جانبدارانه[2]: *قید.* لایەنگرانە؛ بە لایەنگریەوە؛ بە پشتگیری و لایەنگری لە لایەنێکەوە ‹جانبدارانە قضاوت نکن: لایەنگرانە داوەری مەکە›.

جانبداری / cānebdārî ، ـها: [عربی/ فارسی] *اسم.* لایەنگری؛ لاکۆشکی؛ پشتیوانی؛ پشتگیری ‹داور از تیم حریف جانبداری کرد: داوەر لە تیمی بەرانبەر پشتیوانی کرد›: **جانب‌گیری**

جان‌بر کف / cānbarkaf ، ـان/: [فارسی/ عربی] *صفت. [مجازی]* گیان لەمست؛ گیان‌فیدا؛ ئامادە بۆ مەرگ یان گیان‌فیدایی ‹پیشمرگان جان‌بر کف: پێشمەرگەگەلی گیان لە مست›.

جانب گیری / cānebgîrî/: [عربی/ فارسی] ☜ **جانبداری**

جان‌بەسر / cānbesar/: *صفت. [مجازی]* پەشێو؛ پەرێشان؛ نیگەران.

⊡ **جان‌بەسر شدن:** *[مجازی]* گیانەسەر بوون؛ پەشێوان؛ دڵپەرێشان بوون ‹تا برگشتی جان‌بەسر شدم: تا گەڕایتەوە گیانەسەر بووم›.

هەروەها: **جان‌بەسر کردن**

جانبی / cānebî/: [عربی] *صفت.* ۱. تەنیشتی؛ لایی؛ پالی؛ پالین ‹در جانبی؛ پلکان جانبی: درگای تەنیشتی؛ پلیکانی پالی› ۲. لاتەکی؛ لەقی ‹فعالیتهای جانبی: چالاکی لاتەکی›.

جان‌پاس / cānpās ، ـها؛ ـان/: *اسم.* گیان پارێز؛ بادی‌گارد.

جان‌پرور / cānparvar/ ☜ **جان‌بخش**

جان‌پناه / cānpanāh ، ـها/: *اسم.* ۱. پەناگا؛ پەناهگەه ؛ قوتکە یان دیوارئاسایەک بۆ خۆ حەشاردان ۲. پەرچین؛ پەرژین؛ نەردە؛ دیوار یان نەردەیەک کە بەر کەوتنە خوارەوە دەگرێ.

جانجانی / cāncānî/: *صفت. [گفتاری]* گیانی‌گیانی؛ جووتەی سەران؛ زۆر خۆشەویست ‹دوست جانجانی: دۆستی گیانی-گیانی›.

جاندار / cāndār/: *صفت.* ۱. /ـها؛ ـان/ گیاندار؛ گیانەوەر؛ گیانلەبەر؛ ژینەوەر؛ زیندەوەر؛ جاندبەر؛ جوودار؛ خاوەن‌ژی؛ جووقەوار؛ گۆنی؛ بە تایبەتمەندی زایین، خواردن، گەشە و زاوزێ‌کردن و مردن. بەرانبەر: **بی‌جان** ۲. *[گفتاری]* زەلام؛ پرزوو؛ کەڵەگەت؛ بلەرمان.

جان‌سخت / cānsaxt ، ـها/: *صفت. [مجازی]* گیان‌سەخت: ۱. بە هێز و وزەی خۆڕاگری لە بەرامبەر دژواری و ڕووداوی جێ مەترسیەوە ‹مثل سگ جان‌سخت است: وەکوو سەگ گیان‌سەختە›: **سخت‌جان** ۲. سەگ‌مەرگ؛ پتەو؛ ئەستەم؛ بە تاوشتی زۆرەوە ‹این ماشین خیلی جان‌سخت است: ئەم ماشینە زۆر سەگ‌مەرگە›.

جان‌سختی / cānsaxtî ، ـها/: *اسم. [مجازی]* گیان‌سەختی؛ دۆخ یان چۆنیەتی گیان سەخت بوون: **سخت‌جانی**

جانسوز / cānsûz/: *صفت. [مجازی]* گیان تەزێن؛ ڕۆح‌تەزێن؛ هۆی ئازاری هزری و داخ و پەژارەی بە تەوژم ‹درد جانسوز: ئێشی گیان‌تەزێن›.

جانشین / cānešîn ، ـها/: *اسم.* جێگر؛ یاگەگیر: ۱. ئەوەی بتوانێ جێگەی دیتری لە کارێکی تایبەتدا بگرێتەوە ‹از آن روز بخاری گازی جانشین کرسی شد: لەو ڕۆژەوە کوورەی گازی بوو بە جێگری قورسی› ۲. /ـان/ یاگەدار؛ جێگەدار؛ جادار؛ جێنشین؛ جێگەنشین؛ جێگار؛ کەسێ کە دوای کەسێکی تر یان لە نەبوونی ئەودا جێگای بگرێتەوە و بەرپرسی کارەکان بێ ‹جانشین

فرمانـده: جێگـری سـەرپەل› ٣. [دستور] ☜ **همنشین ـ٣**

▣ **جانشین شدن:** جێگر بوون؛ جێ‌نشینی کەسێ بوون و کار و باری جێبەجێ کردن. هەروەها: **جانشین کردن**

جانشینی / cānešînî/: اسم. جێگری؛ جێ‌نشینی: ١. دۆخ یان چۆنیەتی جێ‌نشین بوون ٢. کار یان ڕەوتی جێی کەسێ یان شتێ گرتنەوە.

جانفرسا / cānfarsā/: صفت. [ادبی] دڵ پـەرتێن؛ دڵ تەمرێن؛ هۆی ئازاری هزری و داخ و پەژارەی بەتەوژم ‹کار جانفرسا: کاری گیان‌تەزێن›: **جانکاه**

جـانفزا / cānfazā/: صـفت. [ادبـی] دڵ گەشـێن؛ ڕۆح‌بەخش؛ شادی‌هـێن؛ هـۆی شـادی و کـۆک بوون ‹بهار جانفزا آمد: بەهاری دڵ گەشێن هات›.

جان‌فشانی / cānfešānî ، ـها/: اسم. گیانبازی؛ لە خۆ بوێری؛ پەل‌وپۆی چڕ و پڕ وێڕای فیـداکاری؛ کـار و ڕەوتی گیـان‌بـەخت‌کـردن ‹مـردم در راه سربلندی میهن جان‌فشانی کردند: خەڵکی لـە ڕێگـەی سەربەرزی وڵاتەکەیاندا گیانیان بەخت کرد›.

جانکاه / cānkāh/ ☜ **جانفَرسا**

جانگداز / cāngodāz/: صفت. [ادبی] دڵـتەزێن؛ زۆر ئازاردەر و هۆی ڕەنج و خەم و پـەژارە ‹خبـر جانگداز؛ حادثەی جانگداز: هەواڵی دڵتەزێن؛ کارەساتی دڵتەزێن›: **جانگزا**

جانگرایی / cāngerāyî/: اسم. بـڕوا بـەوەی کـە دیاردەکـانی سروشـتی و هـەموو شـتێکی ئـەم جیهانە گیانی هەیە و بە دەر لە لەش و قاپۆڕەوە دەتوانێ ببێ.

جانگزا / cāngazā/ ☜ **جانگُداز**

جانماز / cānamāz ، ـها/: اسم. بـەرماڵ؛ مازڵـۆخ؛ دوگـرد؛ دوگـور؛ دوگـوردی؛ جانمـاز؛ جارمـاز؛ شەڤل؛ مافوورە؛ پارچەیەک کە نوێژی لـە سـەر دەکرێ.

▣ **جانماز آب کشیدن:** [کنایی] جانمـاز کێـشانە ئاوا؛ مەرایی‌کردن ‹نمی‌دانم واقعاً آدم درستی است یا پیش ما جانماز آب مـی‌کـشد: نـازانم بەڕاسـتی مرۆڤـێکی باشـە یـان بـە لای ئێمـەوە جانمـاز ئەکێشێتە ئاوا›.

جـانمی / cānamî/: صـوت. [گفتـاری] هـەی گیانەکەمی؛ گیانمی؛ گیان؛ ئافەرەم؛ بارەقەڵـڵا؛ بارەکـەڵا؛ وشـەیەک بـۆ هـان دان و بزوانـدنی بیسەر ‹جانمی، بدوا: هەی گیانەکەمی، دەرچۆ!›.

جـانمی‌جـان / cānamîcān/: صـوت. [گفتـاری] ئەی گیان؛ وشەیەک بۆ دەربڕینی ڕەزامەنـدی و خۆشی سەبارەت بە ڕووداوێک ‹جانمی‌جان، دو روز تعطیل است: ئەی گیان، دوو ڕۆژ پشوودانە›.

جان‌نثار / cān.nesār ، ـان/: [فارسی/ عربی] ضمیر. [ادبی] ئەزبـەنی؛ مـنی گیـان‌فیـدای ئێـوە (بـۆ دەربڕینی ڕێز لە کەسێ خاوەن پلەوپایە) ‹جان‌نثار آمادەی خدمتگزاری است: ئەزبەنی ئامـادەی خزمـەت کردنم›.

جان‌نثاری / cān.nešānî/: [فارسی/ عربی] اسم. گیانبازی؛ لە خۆ بـوێری؛ پـەل‌وپۆی چـڕ و پـڕ وێـڕای فیـداکاری؛ کـار و ڕەوتی گیـان بـەخت کردن.

جـــان‌ودل / cān-o-del/: اســـم. [مجـــازی] گیان‌ودڵ؛ دڵ‌وگیان؛ زێڵ‌وولک؛ ژیان و بەنـدی دڵ: **دل‌وجان**

▣ **از جان و دل:** بە دڵ و گیان؛ بە گیـان و دڵ؛ بـە دڵ و بـە گیـان؛ پـڕ بـە دڵ؛ پـەڕەدڵ ‹از جان‌ودل کار می‌کند: بە دڵ و گیان کار دەکا›.

با جان و دل: پڕ بە دڵ؛ پەڕەدڵ؛ بە دڵ و بـە گیـان؛ بـە سـەر و ڕۆح؛ بـە گیـان و دڵ؛ بـە زۆرترین دڵخوازی و فیداکاریەوە ‹باجان‌ودل به او خدمت کردم: پڕ بە دڵ خزمەتم کرد›.

جـانور / cānevar, cānavar ، ـها؛ ـان/: اسم. جانـەوەر؛ جانەڤـەر: ١. زینـدەوەر؛ گیانلەبـەر؛ گیانەوەر؛ هەر کام لە گیانلەبەران ‹جانور خانگی: جانور وحشی: زینـدەوەری دەسـتەمۆ؛ زینـدەوەری کێوی› ٢. [کنایی] چوارپـێ؛ چوارپا ٣. [مجازی]

قۆشمـه؛ جـووتقۆشـه؛ هووهـات؛ نامـەت؛ نەهامـەت؛ مـرۆی نـەگونجاو یـان سـتەمکار و زۆربێژ ٤. *[مجازی]* کرمی ناو سـک ‹دکتر برایش دوای جـانور نوشت: بژیشـک دەوای جانـەوەری بـۆ نووسـی› ٥. *[گفتـاری]* مێـروو؛ جـڕ و جانـەوەر؛ بەتایبەت مێرووی ئازاردەر (وەکـوو سـپێ، گەنـە، سـوورکە و دووپـشک) ‹محوطـەی زنـدان را جـانور برداشته: ناو زیندانەکە لە جانەوەر جمەی دێ›.

▣ **جانور آزمایشگاهی**: زیندەوەری تاقیگە؛ هـەر یەکـە لـەو گیانلەبەرانـەی کـە ئازمایـشتی زانـستیان لـە سـەر دەکـرێ (وەکـوو خـووی هێندی و مشک و...).

جانور اهلی: جانـەوەری کـەوی؛ گیانلەبـەری ماڵی؛ جانـەوەری لـینی؛ جانەڤـەری لینـگ؛ جانەڤـەری دەسـی؛ هـەر یـەک لـەو زیندەوەرانـەی کـە بـە ژیـانی لای مرۆڤـەوە خوویان گرتووە. بەرانبەر: **جانور وحشی**

جـانور دسـت‌آمـوز: جانـەوەری دەسـتەمۆ؛ گیانلەبەری دەسەمۆ؛ زیندەوەرێ کە مرۆڤ بۆ جێبەجێکردنی کارگەلێ دیاریکراو ڕایهێناوە.

جانور وحشی: دڕندە؛ ڕاوڕ؛ جانەوەری کێـوی؛ هـەر کـام لـەو زیندەوەرانـەی کـە دوور لـە ژینگەی مرۆڤەوە دەژین و کەوی نەبوونەتەوە. بەرانبەر: **جانور اهلی**

جـانوران / cānevarān, cānavarān/: *اسـم.* گیانلەبەران؛ یەکێ لە سێ زنجـیرەی سـەرەکی بوونەوەران.

جانورخو / cānevarxû, cānavar-، ـیان/: *صفت.* *[کنایی،ادبی]* دڕندەخوو؛ تووش؛ تیژۆ.

جانورشناس/ cānevaršenās,cānavar-، ـها،ـان/: *اسم.* جانەوەرناس؛ زیندەوەرناس؛ گیانـەوەرناس؛ پسپۆڕی زیندەوەر ناسی

جانورشناسی/ cānevaršenāsî, cānavar-/: *اسم.* گیانەوەرناسـی؛ زانـستێ کـە لەمـەڕ ژیـانی گیانەوەران دەکۆڵێتەوە.

جانی / cānî/: *صفت.* ١. گیانی؛ پێوەندیدار یـان سەر بە گیانەوە ‹آسیب جانی: خەسـاری گیـانی› ٢. گیـانی؛ زۆر خۆشەویـست ‹یـار جـانی: یـاری گیـانی› ٣. /ـهـا؛ ـان/ پیـاوکوژ؛ جەنایـەتکار؛ تاوانباری گەورە ‹انسان جانی: مرۆڤی پیاوکوژ›.

جاودان / cāv(e)dān/ ☜ **جاویدان**

جـاودانگی / cāv(e)dānegî/: *اسـم. [ادبـی]* تاهەتایی؛ هەتاهـەتایی؛ هـەرمانی؛ هەرمەنـەی؛ هەمیـشەیی؛ نـەمری؛ نەمـەردەنی؛ دۆخ یـان چۆنیەتی هەرمان بـوون ‹جـاودانگی جـز خـدای را نشاید: تاهەتایی هەر بۆ خودا دەشێ و بەس›.

جاودانـه[1] / cāv(e)dāne ، ـهـا/: *صفت. [ادبی]* تاهـەتایی؛ هەتاهـەتایی؛ هەمیـشەیی؛ هـەرماو؛ هەرهە؛ بێبڕانەوە؛ بۆ هەمیشە یـان بـە شـێوەی هەمیشەیی ‹افتخار جاودانه: شانازی تاهەتایی›.

جاودانـه[2]: *قیـد. [ادبـی]* تاهـەتا؛ هەمیـشە؛ هەمیشەودەرە ‹جهان جاودانه نمانـد بـه کـس: دنیـا تاهەتا بۆ کەس نامێنێ›.

جاودانی / cāv(e)dānî/: *صفت. [ادبی]* تاهەتایی؛ هەتاهەتایی؛ هەمیشەودەرە؛ هەمیشەیی؛ نەمری ‹که زندگانی کس نیز جاودانی نیست: تاهەتایی ژیان بە کەس نابێ›.

جاویـد[1] / cāvîd/: *صـفت. [ادبـی]* تاهـەتایی؛ هەتاهـەتایی؛ هـەتایی؛ هەمیـشەیی؛ هەرهـە؛ هەرماو؛ هەربووگ؛ نەمر؛ خاوەن تەمەن هەڵکرد یان مانەوە ‹سرزمین جاوید؛ نـام جاویـد: نیـشتمانی هەمیشەیی؛ ناوی نەمر›. هەروەها: **جاویـد بـودن؛ جاوید شدن**

جاوید[2]: *قید. [ادبـی]* (بـۆ) تاهـەتا؛ هەتاهـەتا؛ بـۆ هەمیشە ‹آنچه جاویـد بمانـد نـام اسـت: ئـەوەی کـە تاهەتا دەمێنێ ناوە›.

جاویدان[1] / cāvîdān/: *صفت. [ادبـی]* تاهـەتایی؛ هەتاهـەتایی؛ هەرهـە؛ هەمیـشەیی؛ هـەرماو؛ بێبڕانەوە؛ بێوێنە و نەهوو ‹نام تو زندەی جاویـدان است: ناوی تۆ زیندووی تاهەتاییە›: **جاودان**

جاویدان[2]: *قید.* هەتاهەتایی؛ هەمیشەیی؛ بۆ هەمیشە ‹نام و یادشان جاویدان باد: ناو و یادیان هەتاهەتایی بێ›: **جاودان**

جاه / cāh/: [معرب از فارسی باستان]/*اسم.* شکۆ؛ گەورەیی؛ پایەبەرزی؛ شان؛ مەزناهی؛ ئەوەی دەبێتە هۆی سەربەرزی و شانازی.

جاه‌طلب / cāhtalab ، ـها؛ ـان/: [معرب/ عربی] *صفت.* سەرخواز؛ خوازیاری گەیشتن بەپلەوپایە و ناوبانگ. هەروەها: **جاه‌طلبی**

جاهک / cāhak/: *اسم.* چەڵەمە؛ چۆڵەمە؛ ئێسکی سەر سنگ.

جاهل[1] / cāhel ، ـها/: [عربی]/*اسم.* لات؛ لاوی نەخوێندەوار یان ڕەشخوێنی بنەماڵەی هەژاری شار کە کارێکی وای نیە و بە بۆنەی زۆرداری و نەترسی و ئاکاری نەشیاوەوە بەرچاوە ‹جاهل محله: لاتی گەڕەک›.

جاهل[2] /ـان؛ جُهّال/: [عربی] *صفت.* ١. *[ادبی]* نەزان؛ تێنەگەیشتوو؛ دوورەزانست ‹مرد جاهل: پیاوی نەزان› ٢. *[مجازی]* جاهێل؛ جەحێل؛ جێل؛ هەرزەکار؛ لاو؛ گەنج؛ جوان ‹جوان است، جاهل است، برود کار کند: جوان و جاهێلە، بچێ کار بکا›.

جاهلانه[1] / cāhelāne/: [عربی/ فارسی] *صفت.* نەزانانە؛ گەوجانە؛ وەکوو خەڵکی تێنەگەیشتوو ‹فکر جاهلانه: بیری نەزانانە›.

جاهلانه[2]: *قید.* نەزانانە؛ بەنەزانی؛ گەوجانە؛ تێنەگەیشتوانە ‹این طور جاهلانه رفتار نکن: ئاوا نەزانانە مەجووڵەوە›.

جاهلیت / cāhelîyyat/: [عربی]/*اسم.* نەزانی؛ نەفامی؛ دواکەوتوویی؛ گەوجی ‹تعصب نشانەی جاهلیت است: ڕکە نیشانەی نەزانیە›.

جای / cāy ، ـها/: *اسم. [ادبی]* جێ؛ جێگە؛ جا؛ جاگە؛ جهـ ؛ گولە؛ یاگە؛ حان؛ حەن؛ کەی؛ سەرا؛ هەروون؛ هەروونە؛ هەروند؛ ئاقار؛ شوێن؛ یاتاخ؛ سۆر؛ ناخ؛ گەهـ.

جایز / cāyez/: [عربی] *صفت.* شیاو؛ درووس؛ هلێو؛ ڕەوا؛ دەرخۆر.

▣ **جایز شمردن/ دانستن:** بە ڕەوا زانین؛ بە درووس زانین ‹خوردن روزه را برای شخص بیمار جایز شمرده‌اند: ڕۆژوو شکاندنیان بۆ نەخۆش بە ڕەوا زانیوە›.

جایزالخطا / cāyezolxatā/: [عربی] *صفت. [ادبی]* جێ خەتا؛ خەتاگەر؛ بە ئەگەری هەڵەکردن.

جایزه / cāyeze ، ـها؛ جوایز/: [عربی]/*اسم.* خەڵات: ١. دەستخۆشانە؛ دەس‌خوەشانە؛ پاداشێ کە بە سەرکەوتووی کێبەرکێیەک دەدرێت ‹جایزەی اسب‌دوانی: خەڵاتی شەڕانخێوی› ٢. پاداشێ کە بە بۆنەی ئەنجامدانی کارێکی شیاوەوە بە کەسێ دەدرێت ‹جایزەی خوش‌حسابی: خەڵاتی خۆش‌حیسابی› ٣. ئەوەی لە پشک خستندا وەبەر کەسێ دەکەوێ ‹جایزەی بخت‌آزمایی: خەڵاتی بەخت ئەزموونی›.

▣ **جایزه بردن:** خەڵات بردنەوە؛ بە دەس هێنانی پاداشت. هەروەها: **جایزه دادن؛ جایزه گرفتن**

جایزه‌بگیر / cāyzebegîr ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* ئەوی کاری گرتن و دانە دەسەوەی کەسانێکە کە بۆ گرتنیان خەڵاتیان داناوە.

جایگاه / cāygāh ، ـها/: *اسم.* جێگا؛ جێگە؛ جێیە؛ جیە؛ جاگە؛ یاگێ؛ یاگە: ١. جێی دیاریکراو بۆ کەسێ یان شتێک ‹جایگاه تماشاچیان؛ جایگاه فروش بنزین: جێگەی تواشاچیان؛ جێگای فرۆتنی بەنزین› ٢. پێگە؛ پلە و پایە ‹لازم است جایگاه هر یک از کارکنان انجمن مشخص شود: پێویستە جێگای هەر کام لە کاربەدەستانی ئەنجوومەن دیاری بکرێت›.

جایگزین / cāygozîn ، ـها/: *اسم.* جێگرەوە؛ لەجێ؛ جێگەگر؛ یاگەوەگیر؛ ئەوەی لە جێگەی کەسێ یان شتێکیتر بێ و لە باری کارامەیی و چۆنیەتیەوە ـ کەم تا زۆرـ وەکوو یەک بن ‹بعد از مرگ ناصر، در مصر اسلحەی آمریکایی جایگزین

اسلحه‌ی روسی شد: پاش مەرگی ناسر، لە میسردا چەکی ئەمەریکایی بوو بە جێگرەوەی چەکی رووسی›.

▣ **جایگزین شدن:** لە جێ دانران؛ جێگرەوە بوون؛ بە جێی دیتران دانران یان کار کردن. **جایگزین کردن:** لە جێ دانان؛ بە جێی شتێ یان کەسێتر دانان یان بە کار بردن ‹موتورهای گازسوز را جایگزین موتورهای گازوئیلی کردیم: موتۆری گازیمان لە جێی موتۆری گازوئیلی دانا›.

جایگزینی / cāygozînî/: اسم. جێگرتوویی؛ جێگرەوەیی؛ یاگەوەگیری؛ جێگری: ١. بار و دۆخ یان چۆنیەتی جێگرتوو بوون ‹جایگزینی گاز به جای نفت: جێگرتوویی گاز لە جێی نەوت› ٢. کار یان ڕەوتی لە جێ دانان ‹جایگزینی ماشینهای داخلی: جێگرەوەیی ماشینگەلی ناوخۆیی›.

جایگیر / cāygîr/ ☜ **جاگیر**

جایگیری / cāygîrî/: اسم. ١. جێگیری؛ جێگری؛ جاگری؛ سەقامگیری؛ کار یان ڕەوتی نیشتەجێ بوون یان دامەزران لە شوێنێکدا ٢. *[گیاه‌شناسی]* ڕەوتی ڕسکان؛ ڕوان؛ شین بوون و هەڵدانی ڕوەک لە شوێنێکدا.

جاین / cāyn/: [؟] اسم. جاین؛ دینێکی هێندی کە (لە سەدەی ٦ی پێش زایین) لە لایەن مەهاویراوە هاتە گۆڕێ و لە سەر بنەمای ئازار نەدانی گیانەوەران و پالاوتنی ڕۆح دامەزراوە.

جایی / cāyî/: اسم. *[گفتاری]* دەس‌ئاو؛ دەس بە ئاو؛ کناراو؛ مەستەراو؛ مستەراو؛ سەرحەوز.

جبار[1] / cabbār/: [عربی] ☜ **شکارچی-٢**

جبار[2] / ـان/: [عربی] صفت. ملهوڕ؛ زۆروێژ؛ ستەمکار؛ زاڵم؛ بێڕوحم؛ سەرکێش ‹حکومت جبار: حکوومەتی ملهوڕ›.

جبال / cebāl/: [عربی] جمعِ ☜ **جَبَل**

جبان / cabān/: [عربی] صفت. *[ادبی]* ترسەنۆک؛ ترسەتووک؛ تەرسەزاڵ؛ ترسەزاوەر؛ کەمزات؛ کەلەزات؛ بێزات؛ کەمدڵ: **جبون**

جبر / cabr/: [عربی] اسم. ١. لقێکی گەورەی زانستی بیرکاری ٢. زەبر؛ زۆر؛ گوڕ و زۆر بۆ ناچارکردنی کەسێ بە کارێک ‹جبر روزگار: زەبری ڕۆژگار› ٣. خورتی؛ جەبر؛ ئامۆژەیی کە شوێنکەوتوانی، مرۆڤ بە ناچار لەو کارانەی کە دەیکا دەزانن و کارەکانی سەرچاوەگرتوو لە خواستی خوا دەبینن. بەرانبەر: **تفویض**

جبراً / cabran/: [عربی] قید. ١. زۆراتی؛ بە زۆرەملێ؛ بەزەبری زۆر؛ بە زۆر(ی)؛ بە خۆرتی؛ بەجەبری ٢. ناچار؛ بە ناچار؛ ناعیلاج ‹جبراً به آن کار تن دادم: ناچار ملم بەو کارە دا›.

جبران / cobrān/: [عربی] اسم. قەرەبوو؛ بارە؛ باربوو؛ ئفت؛ کار یان ڕەوتی کردنەوەجێ؛ بەرگری‌کردن لە ڕووداوی زیانبار یان جووڵانەوە بە مەبەستی لە نێو بردن یا کەم کردنەوەی زیانی ڕووداو ‹جبران عقب‌ماندگی درسی: قەرەبووی دواکەوتوویی وانەیی›. هەروەها: **جبران شدن؛ جبران کردن**

جبرانی / cobrānî/: [عربی] صفت. قەرەبوویی؛ بە دۆخ یان چۆنیەتی باربووکردنەوە ‹خسارت جبرانی: زیانی قەرەبوویی›.

جبرگرایی / cabrgerāyî/: [عربی/ فارسی] اسم. خۆرتیوازی؛ بیرۆکە یان ئامۆژەیێ کە هەموو جۆرە کردەوەیەکی ویستی، ڕووداوی سروشتی، دیاردەی کۆمەڵایەتی یان ڕەوانی، سەرچاوکە گرتوو لە ڕووداوگەلی پێشوو یان قانوونگەلی سروشتی دەزانێ و بەو پێیە هەڵیاندەسەنگێنێ: **اصل ضرورت علّی؛ اصل موجبیّت**. هەروەها: **جبرگرا**

جبروت / cabarût/: [عربی] اسم. *[ادبی]* شکۆ؛ گەورەیی؛ هێز و چیری هاوڕێ لەگەڵ سەربەرزی ‹جلال و جبروت: گەورەیی و شکۆ›.

جبرومقابله / cabr-o-moqābele/: [عربی] اسم. جەبر؛ ناوی کۆنی زانستی جەبر.

جبـری / cabrî/: [عربـی] *صـفت*. ١. جـەبری؛ پێوەندیدار بە زانستی جەبرەوە ٢. بڕوامەنـد بـە جەبر ☜ **جبر-٣** ٣. بەزۆری؛ زۆرەکی؛ زۆرەملێ؛ ناچاری ‹اطاعت جبری: ملدانی بەزۆری›.

جبل / cabal ، جبال/: [عربـی] *اسـم. [ادبـی]* کێـو؛ کەژ؛ کێف؛ کۆ؛ کەش؛ چیا؛ شاخ؛ کوویـە ‹جبـل طارق: کێوی تارق›.

جبلی / cebellî/: [عربی] *صفت. [ادبی]* سروشـتـی؛ خۆڕسـکـی؛ زگـمـاکی؛ زاتی؛ پێوەندیـدار بـە سروشت یان خۆ و خدەوە ‹دروغگویی عادت جبلی او بود: درۆ کردن خووی سروشتی ئەو بوو›.

جبن / cobn/: [عربـی] *اسـم. [ادبـی]* ترسـەنۆکی؛ ترسنۆکی؛ ترسەزاوەری؛ تەرسەزاڵـی؛ نـەویری؛ کەمزاتی؛ کەلەزاتی؛ کەمدڵی.

جبون / cabûn/: [از عربی] ☜ **جَبان**

جبه / cobbe/: [عربی] *اسم*. ١. *لـها/ [قدیمی]* جبە؛ جببە؛ خەرقە؛ باڵاپۆش؛ کـەوا؛ جلێکـی درێـژ و قۆڵدار و بێ ملیوان کە پیـاوان بـە سـەر جـل و بەرگی تردا لەبـەریان دەکـرد ٢. *[زمین‌شناسـی]* پـاژی ژێـر توێکـڵی زەوی (تـا قـووڵایی ٢٩٠٠ کیلۆمیتر).

جبهات / cabahāt/: [عربی] جمعِ ☜ **جبهه**

جبه‌خانـه / cabbexāne ، ـها/: [ترکـی؟/ فارسـی] *اسم. [نظـامی]* قۆرخانـە؛ جبەخانـە؛ جەبەڵـخانە؛ کارخانەی دروست کردنی چـەک و کەرسـتەی شەڕ بە گشتی.

جبهه / cebhe, cabhe ، ـها؛ جَبَهات/: [عربـی] *اسـم*. ١. شەڕگە؛ بەرگا؛ بەرەی شەڕ؛ گۆڕەپانی شـەڕ؛ شوێنێ کـە تێیـدا دوو گـرۆی دژ بـە یـەک لـە شەڕدان ‹اعزام شدن به جبهه: ناردران بـۆ شـەڕگە› ٢. جێی پێکدادانی دوو کۆمەڵە هەوای سـارد و گـەرم ٣. بـەری سـاختومان؛ نمـای مـاڵ ٤. *[مجـازی]* بـەرە؛ تاقمێـک کـە ئەنـدامانی بـۆ ئامـانجێکی گـشتی چالاکیـان هەیـە ‹جبهـەی دوست؛ جبهەی مخالف: بەرەی دۆست؛ بەرەی نەیار› ٥. *[سیاسـت]* بـەرە؛ یـەکگرتوویی ڕێخـراوە، دامـەزراوە و دەسـتەگەلی بـە بـیر و دۆزی جیـاوازەوە کـە بـۆ گەیـشتن بـە ئامـانجێکی هاوبەش یان بەرهەڵستی دژمنێکـی هـەمووانی، یەک دەگرنەوە، بێ ئەوەی لە مـەرامی سیاسـی یان دینی خۆیان دەس هەڵگرن ‹جبهەی میهنـی؛ جبهەی ضد فاشیست: بەرەی نەتەوەیی؛ بەرەی دژ بە فاشیـست› ٦. *[قـدیمی]* ئـەنی؛ هـەنی؛ هەنیـە؛ تەوێڵ؛ ناوچاوان.

▣ **جبهه عوض کردن:** پـشت لـە خـۆیی‌کـردن؛ پـشت‌کردنـەوە لـە بـەرەی خـۆ و پـاڵ بـە گرۆی‌ترەوە دان ‹او تاکنون چند بار جبهـه عـوض کرده است: تا ئێستا چەن جـار پـشتی لـە خـۆیی کردووە›.

جبهـه گـرفتن: *[مجـازی]* بەرهەڵـستی‌کـردن؛ هەڵوێـست‌گـرتن؛ و نـەیاری‌کـردن ‹برخـی از دوسـتان در برابـر مـن جبهـه گرفتنـد: هێنـدێ لـە هەڤاڵان بەرهەڵستی منیان کرد›.

از جبهـه برگـشتن: ١. لـە شـەڕگە هاتنـەوە ٢. *[کنـایی]* پرتووکاو و ڕزیاو بوون؛ شڕ و وڕ یـا ورد و خاش بوون.

به جبهه رفتن: بۆ شەڕگە چوون.

در چند جبهه جنگیدن: لە چەنـد لاوە خـەبات کردن؛ لە بەرامبەر دوژمـن یـان دژواریگـەلی زۆرەوە ململانێ‌کردن ‹دولت مجبور بـود در چنـد جبهه بجنگد: دەوڵـەت ناچـار بـوو لـە چەنـد لاوە خـەبات بکا›.

جبیر / cebîr ، ـها؛ ـان/: [؟] *اسم*. جیـبیر؛ جـۆرێ ئاسکی کێویە، بە دوو شاخی باریکەوە.

جبین / cabîn ، ـها/: [عربی] *اسم. [ادبـی]* تـوێڵ؛ تێول؛ تەوێڵ؛ تەڤێڵ؛ ئەنی؛ هەنی؛ هەنیە؛ هانیە؛ جەمین؛ ناوچاوان.

جـت / cet ، ـهـا/: [انگلیـسی] *اسـم*. جیـت؛ کەرەسەیەک کە بە فیشەکردنی گاز لـە بنیـەوە کار دەکا.

جثه / cosse ، ـها/: [عربی]/اسم. هەیکەل؛ گـۆدە؛ گۆڤدە؛ کەلەخ؛ کەلەستە؛ پەیکەر؛ جەندەک؛ مەند؛ لەشی مرۆ ‹جثەی بزرگی داشت: هەیکەلێکی گەورەی هەبوو›.

جخت[1] / caxt/: اسم. *[فرهنگ‌مردم]* جەخت؛ دووهەمین پژمە. بەرانبەر: **صبر**: **جخد** *[گفتاری]*

جخت[2]: *قید*. *[گفتاری]* ڕێک؛ پڕ بە پڕ؛ بە تەواوی؛ تەواو ‹جخت خودش است؛ جخت یک بشکه را پر می‌کند: ڕێک خۆیە؛ پڕبەپڕ بۆشکەیەک پڕ دەکا›: **جخد** *[گفتاری]*

جخد / caxd/ ☜ **جخت**

جد / cad(d) ، اجداد/: [عربی]/اسم. ۱. باوا؛ باپیر؛ باپیرە؛ کاڵ؛ پشت ۲. باپیرە گەورە؛ بابی باوەگەورە؛ بابی دایە گەورە.

▣ **جد امجد**: باوەگەورە؛ باواگەورە؛ باپیرە گەورە؛ کاڵی بە شان و شکۆ.

جد اندر جد: پشتاو پشت؛ باوک پشت باوک.

جد پدری: باپیرەی باب؛ باوەگەورەی باوک؛ باپیرە لە بابەوە. هەروەها: **جد مادری**

جد / ced(d)/: [عربی]/اسم. ۱. پەل؛ پێداگری؛ چڕی؛ چڕوپڕی ‹جدوجهد: پەل‌وپۆ› ۲. ڕاسی؛ بە ڕاست؛ ڕاستی؛ بێ‌گاڵتە.

▣ **جد کردن**: *[گفتاری]* پێداگرتن؛ پێ داچەقاندن؛ پێداگری و داکۆکی‌کردن.

جدا[1] / codā/: *صفت*. جوێ؛ جودا؛ جیا؛ کەل؛ پەسا: ۱. بێ پێوەندی لەگەڵ شتێکی‌تر ‹برگهایش از هم جدا بود: گەڵاکانی لێک جوێ بوون› ۲. بەجیا؛ جیاواز؛ دوور لە یەک و بە مەودایەک لە نێوانیاندا ‹آن را جدا گذاشته بودم: ئەوم بەجیا دانابوو› ۳. جیاواز؛ هەڵبژێراو یان وەلانراو ‹این سیبها از آنها جداست: ئەم سێوانە لەوانی‌تر جیاوازە›.

▣ **جدا شدن**: جیاوە بوون؛ جیا/ جودا بوونەوە؛ جوێ بوونەوە: ۱. هەڵوەژێران؛ قەقەتان؛ ڤقەتیان؛ قەقەتین؛ لێک پچڕان؛ ڕاپسان؛ گەمرین؛ لە نێو چوونی پێوەندی چەن شت یان چەند بەش لە شتێک ‹جدا شدن میوە از درخت: جیا بوونەوەی مێوە لە دارەکەی› ۲. دوایی پێدان بە پێوەندی ژن و شوویی ‹جدا شدن زن و شوهر: جیا بوونەوەی ژن و شوو› ۳. هەڵبڕان؛ لێک هەڵبڕان؛ دوورکەوتنەوە؛ هل بوورین؛ لە یەکتر جودا بوونەوە و لە لای یەکتر ڕۆیشتن ‹پس از پایان جلسه از یکدیگر جدا شدیم: پاش دوایی هاتنی کۆڕەکە لە یەکتر جیا بووینەوە›.

جدا کردن: جیاکردنەوە؛ جوێ‌کردنەوە؛ جوداکردنەوە: ۱. لێک جیاوەکردن؛ بڕدان؛ تاکاننەوە؛ لێگرتنەوە؛ گەمراندن؛ لە نێو بردنی پێوەندی شتێ یان شتگەلێ لە شوێن یان جێگەی پێشووی ۲. *[گفتاری]* *الف)* هەڵبژاردن؛ هەڵوەژاردن؛ هەلشاندن؛ ژێ‌کرن ‹میوەهای خوب را جدا کرد و خورد: مێوە باشەکانی جیاکردەوە و خواردنی› ب) ڕیزبەندی‌کردن ‹نامەهای بچەها را جدا کرد و داد بە دست خودشان: نامەی منداڵەکانی جیاکردەوە و دایە دەستی خۆیانەوە›. هەروەها: **جدا بودن**؛ **جدا ماندن**

جدا[2] / codā/: *حرف*. جگە؛ بێجگە؛ جگا ‹جدا از این، باز هم هست؟: جگە لەمە، دیسان هەیە؟›.

جدّاً / ceddan/: [عربی] *قید*. بە پێداگری؛ پێداگرانە؛ بە مجد؛ بە چڕی ‹ما جداً از دولت می‌خواهیم مسئلەی بیکاری را حل کند: ئێمە بە پێداگریەوە لە دەولەت داوا دەکەین گیر و گرفتی بێکاری چارەسەر بکا›.

جدائی / codā'î/ ☜ **جدایی**

جدا-جدا / codācodā/: *قید*. *[گفتاری]* جیا-جیا؛ جوێ-جوێ ‹قرصها را جدا-جدا بخور، یکی پیش از غذا، یکی بعد از غذا: حوبەکان جیا-جیا بخۆ، یەکیان بەر لە نان، یەکیشیان دوای نان›.

جدار / cedār ، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. دیوارە ‹جدار بشکە: دیوارەی بەرمیل› ۲. *[گیاه‌شناسی]* پەڕەیەکی ناسک کە دەبێتە هۆی دابەشینی تۆمدان بە

چەن خانۆکەیەکی دیاریکراوەوە ❋ **جداره**

⊡ **جدار چاه:** دیوارەی چا.

جدار خارجی: دیوارەی دەرەکی.

جدار داخلی: دیوارەی ناوەکی.

جداره / cedāre/: [عربی/ فارسی] ☜ **جدار**

جداری / cedārî/: [عربی] *صفت.* لێوارەیی؛ دیوارەیی؛ پێوەندیدار و سەر بە لێوار یان دیوارەوە.

جداسازی / codāsāzî، ـها/: *اسم.* جوێکاری؛ جوداکاری؛ جیاوەکەری؛ کار یان ڕەوتی جیاکردنەوە؛ جوێ کردنەوە؛ لێک کردنەوە؛ لە یەکتر جیا کردنەوە ‹جداسازی نیرو؛ جداسازی زمینهای کشاورزی: جوێکاری هێزەکان؛ جیا کردنەوەی زەوی کشتوکاڵ›.

جداگانه[1] / codāgāne/: *صفت.* جیاواز؛ جیاکار؛ جیا لە یەکتر ‹هر یک اتاق جداگانه داشتند: هەر کام ژووری جیاوازیان هەبوو›.

جداگانه[2]: *قید.* جیا-جیا؛ جیاواز؛ جیاکار؛ بەجیا؛ بە جیاواز؛ بە شێوازی جیا لە یەکتر ‹زن و شوهر هر کدام جداگانه بە سفر می‌رفتند: ژن و شووەکە جیا-جیا بۆ سەفەر دەڕۆیشتن›.

جدال / cedāl، ـها/: [عربی] *اسم.* [ادبی] کێشە؛ ڕۆشت؛ مشتومڕ؛ خڕ و جز؛ هەرا؛ شەڕەچەقە؛ بەربەرەکانێ؛ گێرە و کێشە؛ گەلج؛ پێکەوە هەڵچوون ‹جدال بر سر مقام، مانع از اتحادشان شد: کێشە لە سەر پلە و پایە، ڕێ بە یەکگرتنیانی بەست›.

⊡ **جدال لفظی:** شەڕەقسە؛ کێشە؛ دم بە دمە؛ دەمەدەمێ ‹راه اثبات موضوع، جدال لفظی نیست بلکە استدلال منطقی است: ڕێگەی سەلماندنی مەبەست، شەڕەقسە نیە بەڵکوو هێنانەوەی بەڵگەی ژیرانەیە›.

جداول / cadāvel/: [عربی] جمعِ ☜ **جدول**

جدایی / codāyî، ـها/: *اسم.* ١. جیایی؛ جودایی؛ جدایی؛ لێک جیایی؛ دۆخ یان چۆنیەتی جیا بوون ‹جدایی دین از سیاست: جیایی دین لە سیاسەت› ٢. تەڵاق؛ پچڕانی پێوەندی ژن و شوویی ‹اختلاف سن موجب جدایی زن و شوهر شد: جیاوازی تەمەن بوو بە هۆی جیابوونەوەی ژن و شووەکە› ٣. [ادبی] جیایی؛ جودایی؛ جیاوەبوون؛ لێک هەڵبڕان؛ دۆخ یان چۆنیەتی لێک دوورەوە بوون ‹خواننده از درد جدایی می‌نالید: گۆرانیبێژەکە لە دەردی جودایی دەیناڵاند› ❋ **جدائی**

جدایی‌خواهی / codāyîxāhî، ـها/: *اسم.* جیایی‌خوازی؛ جودایی‌خوازی؛ ویست یان چالاکیەک بۆ جیاکردنەوەی بەشێ لە بەردەستایی وڵاتێک و دەرهێنانی بە شێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ: **تجزیه طلبی**. هەروەها: **جدایی‌خواه**

جدایی‌ناپذیر / codāyînāpazîr/: *صفت.* لێکنەبڕ؛ جیاونەبووگ؛ بە بار و دۆخ و چۆنیەتیەک کە جودا بوونی بۆ نەبێت ‹دوستان جدایی ناپذیر: هەوالانی لێکنەبڕ›. هەروەها: **جدانشدنی**

جدل / cadal/: [عربی] *اسم.* ١. [ـها] کێشە؛ مود؛ گلتە؛ بنار؛ جراجڕ؛ شەڕە قسە؛ دەمەقاڵە؛ وتوویێژی بە ڕک و قینەوە بۆ سەلماندنی قسەی خۆ ‹این همه بحث و جدل برای چیست؟: ئەم هەموو باس و کێشەیە بۆ چیە؟› ٢. [منطق] وتوویژ؛ هەڤپەیڤین؛ دوان؛ دیالکتیک.

جدوآبا / cadd-o-'ābā/: [عربی] *اسم.* باب‌وکاڵ؛ باب و باپیران؛ ئابا و ئەژدا؛ باوک و باوا.

جدوآباد / cadd-o-'ābād/: [عربی] *اسم.* [گفتاری] باب و باپیران ‹همه‌ی جدوآباد بالارودیها شکارچی بودند: هەموو باب و باپیرانی سەرچۆمیەکان ڕاوچی بوون›.

جدوجهد / cedd-o-cahd/: [عربی] *اسم.* پەل وپۆ؛ کردوکۆش؛ تەپشت؛ هەوڵ و تەقالا؛ کۆشش؛ کۆششت ‹او خیلی جد و جهد کرد تا بلکه بە سنندج منتقل شود: زۆری پەل‌وپۆ کرد بەڵکوو بگوێزرێتەوە بۆ

سنه›.

جـدول / cadval ، هـا؛ جـداول/: [عربـی]/اسـم. ١. مالک؛ خشته؛ هێڵگەلی ئەستوونی و ئاسۆیی بە شێوەی ماڵ ـ ماڵی چوار گۆشە ٢. جۆلە؛ جۆگەلـە؛ قـەناو؛ دیـوارەی کـورتی بـەردین یـا سیمانی لای شەقام.

▣ **جـدول تـناوبی/ دوره‌ای**: [شیمی] خـشتەی مەندەلیف؛ ڕیزکـردنی توخمگـەلی کیمیـایی بەپێی کێشی ئەتومی کـە دەبێتـە هـۆی لای یەک گرتنی (ئەستوونی و ئاسۆیی) توخمگەلی بە تایبەتمەندی لێک نزیکەوە: **جدول مندلیف**

جـدول ضـرب: [ریاضـی] خـشتەی لێکـدان؛ خشتەیێ کە ئـەنجامی لێکـدرانی ژمارەکـان پیشان دەدا (وەک ٢٨=٤×٧ یان ٤٠=٥×٨).

جـدول فیثـاغورس: [ریاضـی] خـشتەی فیساغوورس.

جدول کلمات متقاطع: خـشتە؛ مـاڵ ـ ماڵـی چوارگۆشـە کـە لـە نێـو ماڵـەکانیدا دەبـێ پیتگەلێکی تایبەت بنووسرێت تا وشەیەک کە ویستراوە دەرکەوێ.

جدول مندلیف ☜ **جدول‌تناوبی/ دور**

جـدول‌بنـدی / cadvalbandî ، هـا/: [عربـی/ فارسـی]/اسـم. خـشتەڕێژی: ١. کـار یـان ڕەوتی خانەـخانە کردن؛ دابەش‌کردنی لاپەڕەیـەک بـە شێوازی خانەـخانە ٢. کار و ڕەوتی سـەقا دان و تـەکووز کـردنی زلانیـاری بـە شـێوەی خـشتە ٣. خشتەسازی ٤. کێشانی خشتە.

جدول‌سازی / cadvalsāzî ، ها/: [عربی/ فارسـی] /اسم. خـشتەسازی؛ دیراوسـازی؛ جۆگەلەسـازی؛ قەناوسـازی؛ کـار یـان ڕەوتی دروسـتکـردنی دیوارۆکە لە بەرد و سیمان بـۆ لێـواری شـەقام، پرد یان ئاوەڕێ.

جدول‌کشی / cadvalkešî ، ها/: [عربی/ فارسـی] /اسم. ١. خشتەکێشی؛ ڕەسمی خـشتە لـە سـەر پـەڕەی قاقـەز ٢. جۆگەبـڕی؛ کـار یـان ڕەوتی دروستکردنی جۆگەلە.

جده / cadde ، هـا؛ جَدّا[نامتـداول]/: [عربـی]/اسـم. داپیر؛ دایەپیرە؛ دایەگەورە؛ دایەخانم؛ نەنە؛ ماما؛ ئامـە: ١. دایکـی دایـک یـان دایکـی بـاوک ٢. دایکی دایەگەورە یان دایکی باوەگەورە.

جدی / cady/: [عربی] /اسم. ١. ☜ **بزغالـه ـ١** ٢. [تقویم] دەهەمین برج لە دوازدە برجی سـاڵ، بەرانبەری بەفرانبار.

جـدی / ceddî/: [عربـی] صـفت. ١. ڕاسـت؛ ڕاستەقینە؛ بێ‌شۆخی؛ جد؛ مجد؛ دوور لە گاڵتە و گـەپ؛ بـە دۆخ یـان چۆنیـەتی ڕاسـتەقینە، گرنگ، ئامانجدار و پێویستی ورد بوونـەوە و بـە دوادا چوون. بەرانبەر: **شوخی** ‹بحث جـدی است؛ جدی مـی‌گفـت: باسـەکە ڕاسـتەقینەیە؛ بـە ڕاسـتی دەگـوت› ٢. کۆشەر؛ تێکۆشەر؛ تۆکمـە؛ چروپڕ؛ کۆشا و بە دواچوو؛ یەکبێژ؛ جـەردی؛ سـوور لـە سـەرکاری خـۆ ‹کـارگر جدّی؛ دانـش‌آموز جدّی: کارگەری کۆشـەر؛ قوتـابی تێکۆشـەر› ٣. [مجـازی] خەتـەر؛ بـڤ؛ بـڤە؛ مەترسـیدار؛ جـێ‌مەترسـی؛ شۆخی‌هەڵنەگر ‹اوضـاع خیلـی جـدی اسـت: بـار و دۆخەکـە زۆر خەتـەرە› ٤. [مجـازی] فـەرمی؛ پەیڕەوی داب و نەریت ‹آدم جدی: مرۆی فەرمی›.

جدیت / ceddîyyat/: [عربی]/اسـم. ١. [نامتـداول] پـێداگـری؛ تۆکمـەیی؛ چڕوپـڕی؛ دۆخ یـان چۆناوچۆنی سوور بـوون لـە سـەر کـار ٢. /ـها/ پەل‌وپۆ؛ تێکۆشان ‹برای موفقیت خیلی جـدیت کـرد: بۆ سەرکەوتن زۆری پەل‌وپۆ کرد›.

جدید / cadîd، ـها/: [عربی] صفت. تازە؛ نوێ؛ نـۆ؛ نەوە ‹همسایەی جدید: دراوسێی تازە›: **تازه**

جدیـداً / cadîdan/: [عربـی] قیـد. بـە تـازەیی؛ وەتازەیی؛ وەتازەگی؛ تازەیی.

جدیدالاحداث / cadîdol'ehdās/: [عربی] صفت. تازەساز؛ نوێ‌ساز؛ نەوساز؛ تازەچێ‌کـراو ‹خانەی جدیدالاحداث: خانووی تازەساز›.

جدیدالاسلام / cadîdol'eslām/: [عربـی] صفت.

تازەموسوڵمان؛ نەوموسوڵمان؛ نۆبسڵمان.

جدیدالتأسیس / cadîdotta'sîs/: [عربی] *صفت.* تازە دروستکراو؛ تازەدامەزراو؛ تازەدانراو ‹مدرسەی جدیدالتاسیس: قوتابخانەی تازەدامەزراو›.

جذاب / cazzāb/: [عربی] *صفت.* دڵڕفێن؛ دڵڕاکێش؛ دلکەش؛ خوشیک؛ خوشینک؛ دلگر؛ زۆر جوان و لە بەردڵان ‹قیافەی جذاب: سیمای دڵڕفێن›.

جذابیت / cazzābîyyat ، ـها/: [عربی]/*اسم.* دڵڕفێنی؛ دڵڕاکێشی؛ دڵڕاکێشەری ‹جذابیت آن مرد بیشتر در حرف زدنش بود: دڵڕفێنی ئەو پیاوە زۆرتر لە قسەکردنیدا بوو›.

جذام / cozām/: [عربی]/*اسم.* گولی؛ ڕیژە؛ ڕیژ؛ پیسی؛ کووتی؛ کەڕەگۆشە؛ ئالکە؛ نەخۆشیەکی پێستی گیرۆیە زۆرتر لە گەرمیان سەر هەڵدەدا و پتر لووت و لیو و قامکان تووش دەکا و دایاندەوەرێنێ.

جذامخانه / cozāmxāne ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* گولخانە؛ جێی ڕاگرتن و تیمارکردنی گولان.

جذامی / cozāmî ، ـها؛ ـان/: [عربی] *صفت.* گول؛ خۆرەتێکەوتوو.

جذب / cazb/: [عربی]/*اسم.* ڕاکێشی؛ کار و ڕەوتی ڕاکێشان؛ کشش: *الف)* چۆناوچۆنی ڕاکێشانی شتێک بۆ لا یان ناوی شتێکی تر ‹جذب مغناطیسی: ڕاکێشانی میغناتیسی› ب) ڕەوتی گرتنی هەموو یان بەشێک لە شەپۆلی ناردراو لە تەنێکەوە ‹جذب نور: ڕاکێشانی تیشک› ج) ڕەوتی گۆڕان و تێکەڵ بە شتێک بوون یان وەک بەشێکی هاوچەشن لەو شتە دەرهاتن ‹جذب در بدن: ڕاکێشی دە لەشدا›. هەروەها: **جذب شدن؛ جذب کردن**

جذبات / cazabāt/: [عربی] جمعِ ☜ **جذبه**

جذبه / cazabe/: [عربی]/*اسم.* هێزی دەروونی و ئاکارێک کە ئەبێتە هۆی کارتێکەری بە سەر کەسانی ترەوە.

جذبـه / cazbe ، جذبات/: [عربی]/*اسم.* جەزەبە؛ جەزمە؛ حاڵ؛ هەڵەکا؛ سەمای دەرویشان؛ لە هۆش تەکینەوەی دەرویش لە زیکردا؛ هێزی ڕاکێشەری دەروونی کە دەبێتە هۆی هۆگرەتی و گەرەک بوونی زۆری خوا، پیاوچاکان یان شێخان کە زۆرتر لە ناو سۆفیاندا باوە.

جذر / cazr ، ـها/: [عربی]/*اسم. [ریاضی]* ریشە؛ ریشەی دووهەمی ژمارەیێ، واتا ئەگەر لە خۆی لێدرێتەوە، ئەو ژمارەیە بە دەست بێ (وەکوو ۳ کە ریشەی ۹یە و ٤ کە ریشەی ١٦یە).

▣ **جذر گرفتن:** ڕیشەگرتن؛ بەدەس هێنانی ریشەی دووهەمی ژمارەیەک.

جـر / car(r)/: [عربی]/*اسم.* ۱. *[ادبی]* ژێرە؛ نیشانەی ژێرە ۲. *[ادبی]* کار و ڕەوتی کێشان؛ ڕاکێشان ‹جرثقیل: گرانکێش› ۳. *[گفتاری]* چەقە؛ کێشە ‹جر و بحث: کێشە و هەرا›.

جر / cer/: *اسم. [گفتاری]* ۱. گەڕ؛ گەڕە؛ گز؛ گزە؛ گێچەڵ؛ گەژ؛ گڕنی؛ گغنی؛ گەڕنی؛ لادان لە بنەمای یاری و گۆڕانی بە قازانجی خۆ ‹او همیشه در بازی جر می‌زند: هەمیشە لە کایەدا گەر دەکا› ۲. شڕی؛ چڕی؛ دڕاوی؛ دڕیایی؛ دڕیاگی؛ چڕوای.

▣ **جر خوردن:** هەڵدڕان؛ دڕیان؛ دڕیەی.

جر دادن: دڕاندن؛ دادڕین؛ چڕکردن؛ چڕاندن؛ لەتکردن ‹کتاب را گرفت و از وسط جر داد: کتێبەکەی گرت و لە ناوەڕاستەوە دڕاندی›.

جر زدن: گەڕکردن؛ گز لێدان؛ گزە لێدان؛ گزەکردن؛ گەژکەردەی؛ فێڵ کردن؛ لادان لە گفت و پەیمان (بەتایبەت لە گەمەدا) ‹تو همیشه تو بازی جر می‌زنی: تۆ هەمیشە لە کایەدا گزە دەکەی›.

جرائد / carā'ed/: [عربی] ☜ **جراید**

جرائم / carā'em/: [عربی] ☜ **جرایم**

جرأت / cor'at/: [عربی] ☜ **جُرئَت**

جراثقال / carresqāl, carre'asqāl/: [عربی] ☜ **جَرثقیل**

جراح / carrāh ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. برینکار؛ برینگەر؛ نەشتەرکار؛ نەشتەرگەر؛ نیشدار؛ نشدار؛ نژدار؛ کرە؛ جەراح؛ بژیشکی پسپۆڕی برینکاری ‹جراح قلب: برینکاری دڵ›.

جراحات / cerāhāt/: [عربی] جمعِ ☜ **جراحت**

جراحت / cerāhat, carāhat ، ـها؛ جراحات/: [عربی]/سم. ۱. زام؛ برین؛ زامێک کە بە هۆی لێدان و بریانەوە بەدی دێت ‹چند نفر دچار جراحت شدند: چەن کەس زامدار بوون› ۲. *[قدیمی]* چڵک؛ ڕیم؛ هەو؛ زوخ ‹زخم هنوز جراحت دارد: زامەکە هێشتا چڵکی هەیە›.

جراحی / carrāhî ، ـها/: [عربی]/سم. برینکاری؛ برینگەری؛ نەشتەرکاری؛ نژداری: ۱. لقێ لە زانستی بژیشکی کە دەپەرژێتە سەر دەرمانی نەخۆشی و خۆشکردنەوەی زامان و لابردنی لک و ... بە دەست و ئامێرگەلی تایبەتی ئەو کارە ۲. کار یان ڕەوتی نەشتەرکاری ‹اتاق جراحی: هۆدەی نەشتەرکاری›.

◘ **جراحی پلاستیک/ ترمیمی:** برینکاری پێست؛ هەڵگرتنی بەشێکی ساغ لە پێست و لە جێ پێستی نەخۆش یان ناحەز دانان.

جراحی دندان: برینکاری ددان؛ لقێ لە زانستی ددانبژیشکی کە ئەپەرژێتە سەر دەرمانی نەخۆشی و چاکردنەوەی کەمایەسی ددان و هاروو.

جراحی صغیر: برینکاری سووک؛ برینگەری چووک؛ بەشێک لە برینگەری کە پێویستی بە نەخۆشخانە و بێهۆش‌کردن نیە.

جراحی عمومی: برینکاری گشتی؛ ئەو بەشە لە برینگەری کە تایبەتی نیە.

جراحی کبیر: برینکاری گەورە؛ ئەو بەشە لە برینگەری کە کاری گەورە و پرمەترسی دەکا.

جرار / carrār/: [عربی] صفت. زۆر؛ زەبەند؛ فرە؛ فریە؛ فراوان؛ پر؛ پەر؛ چر و پر ‹لشکر جرار: لەشکەری زۆر›.

جراره / carrāre/: [عربی] ☜ عقرب جرارە، **عقرب**

جراید / carāyed/: [عربی] جمعِ ☜ **جریده**: **جرائد**

جرایم / carāyem/: [عربی] ۱. جمعِ ☜ **جریمه** ۲. جمعِ ☜ **جُرم** * **جرائم**

جرئت / cor'at/: [عربی]/سم. ورە؛ هەیهێز؛ زاورە؛ زاقر: ۱. هێز ‹جرئت بلند شدن از جایم را نداشتم: ورەم نەبوو لە جێگەکەم هەستم› ۲. بوێری؛ ئازایی؛ ئازایەتی؛ زات؛ وێر؛ فزە؛ دلێری ‹جرئت کردم و گفتم: تو حق نداری مرا بزور ببری: هەیهێزم کرد وگوتم: تۆ ناتوانی من بە زۆر بەری› *جرأت

◘ **جرئت دادن:** دڵدان؛ ورەدان؛ دڵگەرمی‌دان؛ زاوەر دەی؛ هان‌دان و هەڵنان ‹به خود جرئت دادم و رفتم بیرون: دڵم دا بە خۆم و ڕۆیشتمە دەرەوە›.

جرئت داشتن: زاقر بوون؛ زات بوون؛ ورەبوون؛ بوێر بوون؛ زاوەرە بیەی ‹جرئت نداشت حرفی بزند: زاقری نەبوو قسەیێک بکات›.

جرئت کردن: وێران؛ یارەی؛ نەترسان؛ زات‌کردن؛ ئازایەتی پێویست بۆ کارێ بە دەست هێنان.

جرب / carab/: [عربی]/سم. گەڕۆڵی؛ گاڵ؛ گرگە؛ گروێ؛ گروەتی؛ گوڕیاتی؛ نەخۆشیەکی گیرۆی پێستە، زیپکە و خورووی زۆر (بەتایبەت لە دوو دەست) دێنێ.

جربزه / corboze ، ـها/: [معرب از فارسی]/سم. لێهاتوویی؛ توانایی؛ هێژایی و بوێری بۆ جێبەجێ‌کردنی کار ‹او جربزهٔ مدیریت نداشت: ئەو لێهاتوویی بەڕێوەبەری نەبوو›.

جرثقیل / carresaqîl ، ـها/: [عربی]/سم. گرانکێش؛ سلینگ؛ جەڕی‌سەقیل؛ لەگلەگە؛ قۆلینگ؛ کەرەسەیەک بۆ جێبەجێ‌کردنی باری

گران: **جرّاثقال**

جرثومه / corsûme ، ـها/: [عربی]/اسم. *[قدیمی]* میکرۆب؛ خۆره.

▣ **جرثومـه‌ی فـساد**: ۱. میکـرۆبی گه‌نده‌ڵـی ۲. *[مجازی]* هۆی نابوودی و تێکچوون.

جرجر / carcar ، ـها/: [؟]/اسم. چـان؛ جه‌نجـه‌ڕ؛ جـه‌وه‌ن؛ که‌ره‌سـه‌یه‌ک بـۆ گێـره کـردن کـه ده‌یبه‌ستن به که‌ر یان گاوه.

جرح / carh/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* ۱. کار و ڕه‌وتی وه‌لانـان یـان لابـردن ۲. کـار یـان ڕه‌وتی زامارکردن.

جرح‌وتعدیل / carh-o-ta'dîl ، ـها/: [عربی]/اسم. کـار و ڕه‌وتی کـه‌م و زیـادکردن یـان لابـردن و خستنه سه‌ر (به تایبـه‌ت بـۆ نووسـراوه) ‹نوشـته‌ی خـوبی اسـت، امـا بایـد کمـی جـرح و تعـدیل شـود: نووسـراوه‌یه‌کی چاکـه بـه‌لام ئـه‌بێ کـه‌م و زیـاد بکرێت›.

جرز / cerz ، ـها/:اسم. ۱. ئه‌سـتوون؛ کۆڵـه‌که‌ی به‌ردین یـا ئـاجۆرینی چوارگۆشـه ۲. بنـه‌ڕه‌ت؛ بناغه ‹جرز آن دیوار کج است: بنه‌ڕه‌تـی ئـه‌و دیـواره لاره›.

جرزن / cerzan ، ـهـا/: صفت. گـه‌ڕباز؛ گـزده‌ر؛ گزه‌ده‌ر؛ گزه‌ون؛ گزیکار؛ گـه‌ڕنی‌بـاز؛ گـڕنی‌بـاز ‹هیچکس دوست ندارد با آدم جرزن رفیق باشد: کـه‌س نایه‌وێ هه‌والی گه‌ڕباز بێ›.

جرزنی / cerzanî/:اسم. گه‌ڕبازی: ۱. گزده‌ری؛ گزه‌ده‌ری؛ گزه‌ونی؛ کـار یـان ڕه‌وتی گـه‌ڕکردن ‹جرزنی خوب نیست، باختی باید بدهی: گه‌ڕبازی بـاش نیـه، داتنـا ده‌بـێ بیـده‌ی› ۲. گێچه‌ڵـی؛ کـاری گه‌ڕباز ‹تو هردفعه مـی‌بـازی و جرزنـی مـی‌کنـی: تـۆ هه‌موو جارێ دایده‌نێی و گه‌ڕبازی ئه‌که‌ی›.

جرس / caras ، ـها/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* زه‌نگۆڵـه؛ زه‌نگ؛ زه‌نگه؛ زه‌نگۆڵ؛ زه‌نگل؛ زیل ‹بانگ جرس: زره‌ی زه‌نگۆڵه›.

جرعه / cor'e ، ـها/: [عربی]/اسم. قوم؛ قـوپ؛ قـم؛ قورچ؛ گه‌پـه؛ فـڕ؛ وت؛ قـژ؛ فـڕ؛ گـۆب؛ گولـپ؛ گولـمیته؛ ورم؛ ئـه‌و ئه‌نـدازه لـه تـراو کـه زار ده‌یگرێ ‹کسی نبود جرعه‌ای آب به او بدهـد: کـه‌س نه‌بوو قومێ ئاوی پێ‌بدا›.

جرقه / caraqqe, ceraqqe ، ـهـا/: [عربـی]/اسم. پروسکه؛ پرۆسکه؛ پرێسک؛ چریسک؛ ئاورینـگ؛ پزووسکه؛ پزۆزگ؛ بزووسـک؛ چـه‌ق؛ مۆزریـک؛ پرشه‌ی ئاورین ‹جرقه‌ی آتش: پرۆسکه‌ی ئاگر›.

▣ **جرقـه زدن**: پرۆسـکه لێـدان؛ چه‌خماخـه وه‌شاندن؛ پریسکه‌دان؛ ته‌یسینی له‌پڕ و تێپه‌ڕ (وه‌ک به‌ردی چه‌خماخ).

جرگه / carge/:اسم. جه‌رگـه؛ گـه‌رزک؛ ڕیـز و ئه‌ڵقه‌یه‌ک له مرۆ یان گیانله‌به‌ر.

▣ **جرگـه کـردن**: گـه‌رزک دان: ۱. چه‌مـه‌ره به‌سـتن؛ په‌یکـه‌دان؛ بازنـه به‌سـتن بـه ده‌ور شـتێکدا ۲. گـه‌مارۆدان؛ په‌ڕانپـه‌ری شـتێ داگرتن.

جرم / cerm ، ـها؛ أجرام/: [عربـی]/اسم. ۱. تـه‌ن؛ جرم؛ ئه‌نـدازه‌ی مـاکی کـۆوه بـوو لـه شـتێکدا ۲. بار؛ خڵت؛ قاڵ؛ به‌ڵخ؛ شتێک که ورده- ورده به سه‌ر شـتێکی‌تـره‌وه ده‌نیـشێ و دایده‌پۆشـێ (وه‌ک بنی ده‌فر و دیواره‌ی کتری و سه‌ماوه‌ر).

▣ **جرم اتمـی**: *[شـیمی]* کێـشی ئـه‌تومی؛ ڕاده‌ی ماکی هه‌ر ئه‌تومێک لـه حانـد ۱/۶۰ی مـاکی که‌ربونی ۱۲ (^{12}C).

جـرم آسـمانی: هـه‌ر تـه‌نێکی ئاسمـانی کـه ببینرێت (وه‌کوو خۆر، مانگ و ئه‌ستێره‌کان).

جرم حجمی: *[شیمی]* تۆکمه‌یی؛ تۆڵایی؛ چڕی؛ چڕوپـڕی؛ کێـشی هـه‌ر ماکێـک لـه سانتی‌میتریکی چوارپاڵوودا.

جرم ملکولی: *[شیمی]* کێشی مولکوول؛ کێـشی سـه‌رجه‌می ئه‌تومگـه‌لی پێکهێنـه‌ری مولکوولێک.

▣ **جـرم گـرفتن**: بـێخ‌گـرتن؛ به‌ڵـخ‌گـرتن؛ جرم‌گرتن؛ نیـشتنی ماکێـک لـه سـه‌ر شـتێ

‹سماور جرم گرفته بود: سەماوەرەکە بنخی گرتبوو›.

جرم / corm ، ـها؛ جرایم/: [عربی]/اسم. تاوان؛ کەتن؛ گوناه ؛ کارێ کە قانوون بە نارەوای زانیوە ‹وقتی کسی مرتکب جرمی می‌شود باید منتظر مجازات باشد: کاتێ کەسێ تووشی تاوانێ دەبێ، ئەبێ چاوەڕوانی سزا بێ›.

▣ **جرم سیاسی**: تاوانی ڕامیاری؛ کەتنی سیاسی؛ تاوانێ کە دژی دووزەنەی سیاسی ولاتە.

جرم مطبوعاتی: تاوانی ڕۆژنامەوانی؛ تاوانێ کە بە هۆی نووسین و بلاو کردنەوەی وتارێک ڕووی داوە.

جرم نظامی: کەتنی/ تاوانی چەکداری؛ تاوانێ کە بە هۆی سەرپێچی لە قانوون یان فەرمانی چەکداریەوە ڕوویداوە.

جرمانه / cormāne ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. تاوان؛ جەریمە.

جرم‌شناختی / cormšenāxtî/: [عربی/ فارسی] صفت. تاوان‌ناسینی؛ پێوەندیدار یان سەر بە تاوان ناسیەوە.

جرم‌شناسی / cormšenāsî/: [عربی/ فارسی]/اسم. تاوان‌ناسی؛ زانستی ورد بوونەوە لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی تاوان و کاری تاوانبار، شێوازگەلی دۆزینەوەی تاوان و بەرگری لە دووپاتە و بلاو بوونەوەی. هەروەها: **جرم‌شناس**

جرمگیر / cermgîr ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. بەڵخگر؛ ماکێکی کیمیاوی یان ئامێرێ کە بۆ لێکردنەوەی بەڵخی ناو سەماوەر و کتری و... بە کار دەڕوا.

جرمگیری / cermgîrî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. بەڵخگری؛ کار یان ڕەوتی سڕینەوەی ماکی لاوەکی بن‌گرتوو بە ڕووی شتێکەوە. هەروەها: **جرمگیری شدن؛ جرمگیری کردن**

جرواجر / cervācer/: صفت. [گفتاری] شڕ و وڕ؛ شڕوشیتاڵ؛ شیوشیتاڵ؛ لەت‌وپار؛ لەت‌وپەت؛ لەت‌وکوت؛ کوت‌ولەت ‹روزنامه را از دستم گرفت و جرواجر کرد: ڕۆژنامەکەی لە دەستم سەند و شڕ و وڕی کرد›: **جرُوواجر**

جروبحث / carr-o-bahs ، ـها/: [عربی]/اسم. کێشە و هەرا؛ چەقە و هەرا؛ دەم لە دەمانێ؛ چەقەچەق ‹بنشینید و به آرامی حرفتان را بزنید! چرا این‌قدر جروبحث می‌کنید؟: دانیشن و بە هێمنی قسەکانتان بکەن! بۆ ئەوندە کێشەوهەرا دەکەن؟›.

جرُوواجر / cer-o-vācer/ ☜ **جرواجِر**

جره / carre ، ـها/:/اسم. تۆنگە؛ جارە؛ جەرە؛ گۆزەی ئاوی سواڵەت کە دەم و بنەکەی گچکەیە.

جره / corre ، ـها/:/اسم. شاباز؛ بازی سپی.

جری / carî/: [عربی] صفت. ڕووداڕ؛ ڕوو هەڵماڵاو؛ بێ‌پەروا؛ بێ‌شەرم ‹این پسر خیلی جری شده و حرف کسی را گوش نمی‌کند: ئەم کوڕە زۆر ڕوودار بووە، گوێ بە قسەی کەس نادا›.

جریان / car(a)yān ، ـها/: [عربی]/اسم. ڕەوتانە: ۱. چۆنیەتی گەڕان؛ گەڕیان؛ بزووتنی تراو ‹جریان آب: گەڕانی ئاو› ۲. دەسگەڕ؛ کار یان ڕەوتی دەساودەس بوونی شتێک ‹جریان پول: ڕەوتانەی پارە› ۳. /ــات/ زنجیرەیەک لە کار یان ڕووداوگەلی لە شوێن یەک بۆ گەیشتن بە ئەنجامێک ‹جریان دادگاه: ڕەوتی دادگا› ٤. چۆنیەتی ڕووداو یان زنجیرەیەک لە ڕووداوان ‹جریان کار از این قرار بود: ڕەوتانەی کارەکە ئاوا بوو›.

▣ **جریان الکتریسیته**: ڕەوتی کارەبایی؛ گەڕانی بەرق: **جریان برق**

جریان برق ☜ **جریان الکتریسیته**

▣ **جریان داشتن**: ۱. ڕەوان بوون؛ وەگەڕ بوون؛ بە خوڕ بوون ‹آب در لوله‌ها جریان داشت: ئاو لە لوولەکاندا لەگەڕ بوو› ۲. لەگەڕ بوون؛ لەگەڕان بوون؛ لەگەڕدا بوون؛ لەگەڕاندا بوون؛ لە هات‌وچۆدا بوون ‹در داخل این اتاق هوا جریان

ندارد: له نێو ئەم هۆدەیەدا هەوا ناگەڕێ›: **در جریان بودن** ۳. بەردەوام بوون ‹زندگی جریان دارد: ژیان بەردەوامە›. هەروەها: **جریان یافتن**
به جریان افتادن: وەگەڕ کەوتن؛ دەسپێکردنی ڕەوت؛ هاتنە ئاراوە ‹پرونده به جریان افتاد: دۆسیەکە وەگەڕ کەوت›. هەروەها: **به جریان انداختن**
در جریان بودن: ۱. له گەڕ بوون؛ له گەڕاندا بوون ۲. باو بوون؛ بەبرەو بوون ‹پول نقره تا سال ۱۳۳۱ در جریان بود: پارەی زێوین هەتا ساڵی ۱۳۳۱باو بوو› ۳. ئاگادار بوون؛ هایدار بوون ‹پدرش هم در جریان است و همه چیز را می‌داند: باوکیشی ئاگادارە و هەموو شتێک دەزانێ›.
هەروەها: **در جریان گذاشتن**
جریب / carîb/: [معرب از فارسی] *اسم. [قدیمی]* دەدونم؛ یەکەی ڕووبەر بۆ زەوی کە بە پێی ناوچە، لە ۸۰۰ تا ٤۰۰۰ میتری چوار گۆشە دەگۆڕا، تا بە گوێرەی قانوون بەرانبەری یەک هیکتار (۱۰۰۰۰ میتری چوارگۆشە) دەسنیشان کرا.
جریحه / carîhe/: [از عربی] *اسم. [نامتداول]* زام؛ برین؛ زەخم؛ زامێ کە بە هۆی شتێکی تیژەوە (وەکوو چەقۆ) بەدی دێ.
جریحه دار / carîhedār/: [از عربی/ فارسی] *صفت. [ادبی]* ڕیش؛ زامدار؛ زامار؛ بریندار ‹احساسات جریحه‌دار: دەروونی ڕیش›. هەروەها: **جریحەدار کردن**
جریده / carîde ، ـها؛ جراید/: [عربی] *اسم. [قدیمی]* ڕۆژنامە.
◘ **جریدەی اعمال:** تۆماری کردەوە؛ یە لەدووی یەک نووسراوی هەر کارێک کە کراوە.
جریمە / carîme ، ـها؛ جرایم/: [عربی] *اسم.* جەریمە؛ تاوان؛ سزا: ۱. تاوان؛ پارەیەک کە لە تاوانبار یان هەڵەکار لە سزای کردەوەی نالەبارێ کە کردوویە دەسێنرێت ۲. کارێ کە هەڵەکار دەبێ وەک سزا ئەنجامی بدا ‹دیر آمده‌ای جریمه‌ات این است که ظرفها را بشویی: دێر هاتوویی لە تاوانیدا دەبێ قاپ و قاچاغەکە بشۆی›.
◘ **جریمەی نقدی:** تاوان؛ تاوانی نەختی؛ پارەیێک کە بە ناوی تاوان لە تاوانی دەسێنرێ.
◘ **جریمە دادن:** جەریمەدان؛ تاوان دان ‹به خاطر کاری که کردم جریمه دادم: لە بەر کارێ کە کردم جەریمەم دا›.
جریمه کردن: جەریمەکردن ‹به خاطر رعایت نکردن قانون، پلیس او را جریمه کرد: لە بەر ڕەچاو نەکردنی قانوون، پولیس جەریمەی کرد›.
جریمە نوشتن: جەریمە نووسین؛ تاوان نووسین.
جرینگ / girîng, gerîng/ ☜ **جیرینگ**
جرینگی / girîngî, gerîngî/ ☜ **جیرینگی**
جز / cez(z)/: *صوت.* ۱. چز؛ چزە؛ قرچە؛ دەنگی وێک کەوتنی تراو و ئاور ۲. *[مجازی]* کزە؛ سووتانەوە ‹جز جگر: کزەی جەرگ›.
جز / coz/: *حرف.* جگە؛ بێجگە؛ بێژگە؛ بەجگە؛ بێج؛ چز؛ ژبلی؛ بژلی؛ بەدەر؛ بژ؛ بێژی؛ ئیللا؛ خەیر؛ بل ‹در آنجا جز من کسی نمانده بود: لەوێدا جگە لە من کەس نەمابوو›: **بجز**
جزا / cazā/: [عربی] *اسم.* ۱. گۆڕ؛ سزا؛ جزیا؛ جەریمە؛ تاوانی کاری خراپ ۲. پاداش؛ پاداشت.
◘ **جزای خیر:** پاداشی خێر؛ جەزای خێر؛ پاداشی چاکە.
◘ **جزا دیدن:** ۱. سزاکێشان ۲. پاداش گرتن.
بە جزای عمل رسیدن: هەرچی خواردن ڕینەوە؛ سزا دیتنەوە؛ سزای ئاکار دیتن؛ بە سزای خۆ گەیشتن.
جزائر / cazā'er/: [عربی] ☜ **جزایر**
جزائی / cazā'î/: [عربی] ☜ **جزایی**
جزایر / cazāyer/: [عربی] جمع ☜ **جزیره:**

جزائر

جزایی / cazāyî ، اجزا/: [عربی] *صفت.* سزایی؛ سەر بە سزا: **جزائی**

جزء[1] / coz' ، اجزا/: [عربی]/*اسم.* بەش؛ پارچە؛ پاژ؛ پارە؛ پار؛ بڕ؛ پەرچە؛ لەت؛ لەتک؛ ڕیز؛ وارە؛ دۆگە؛ بەشێ لە چەند بەش ‹دو جزء از ده جزء: دوو بەش لە دە بەش›.

▣ **جزء بە جزء**: یەکبەیەک؛ پاژبەپاژ؛ وردبەورد؛ ورد-ورد؛ دۆگەبەدۆگە ‹همه چیز را جزء به جزء یادداشت کردم: هەموو شتێکم یەکبەیەک نووسی›.

جزء **لاینفک**: بەشی لێنەکراو؛ پاژی لێ نەبڕاو.

جزء[2]: *صفت.* خواردەست؛ بە کار یان پلەی کارگێڕی نزمەوە ‹کارمند جزء: مووچەخۆری خواردەست›.

جزئی[1] / coz'î/: [عربی] *صفت.* بەشەکی؛ پاژەکی؛ کەم. بەرانبەر: **کلّی** ‹زیان جزئی: زیانی بەشەکی›.

جزئی[2]: *قید.* تۆزێ؛ تۆزێک؛ تۆزقالێک؛ کەمێک؛ کوچێو ‹دستش جزئی خراش برداشت: دەستی تۆزێ رووکا›.

جزئیات / coz'îyyāt/: [عربی]/*اسم.* وردەکاری؛ بابەت یان شتگەلی گچکەی لە پەراوێز ‹من از جزئیات خبر ندارم: من لە وردەکاریەکان بێخەبەرم›.

جزر / cazr ، ـها/: [عربی]/*اسم.* داکشە: ۱. دیاردەی چوونە خواری ئاوی دەریاکان بە هۆی هێزی ڕاکێشەری خۆر یان مانگەوە ۲. نزمترین ڕادەی کۆمای ئاو لە ڕۆژدا.

جزر و مد / cazr-o-madd ، ـها/: [عربی]/*اسم.* هەڵکشە و داکشە؛ ڕەوتی هەڵکشان و داکشان؛ هاتنە بان و چوونە خواری گەرایگەڕی ڕۆژانەی ئاوی ئوقیانووس، زەریا و گۆلانی گەورە.

جزع / caza'/: [عربی]/*اسم.* *[ادبی]* خۆنەگری؛ بێقەراری؛ بێنتمی؛ بێهەدایی.

جزع / caz'/: [عربی]/*اسم.* بۆق؛ پۆق؛ زەق؛ بلۆق؛ چاوی دەرپەڕیو.

جزع‌وفزع / caza'-o-faza' ، ـها/: [عربی]/*اسم.* *[ادبی]* شین و شەپۆڕ؛ هاوار و داد؛ هاوار و گریان بۆ یارمەتی خواستن ‹جزع‌وفزع مادرش دل آنها را به دست آورد: شین و شەپۆری دایکی دڵیانی نەرم کرد›. هەروەها: **جزع و فزع کردن**

جزغالە / cezqāle/: *صفت.* *[گفتاری]* چزلێک؛ چزیلک؛ چزێلک؛ جزیلک؛ ژزلیک؛ چڵەوەزی؛ کزک؛ کسک؛ بەورەو؛ سووتک؛ تەواو سووتاوی هەڵقرچاو ‹تا خودم را رساندم، گوشت جزغاله شده بود: تا خۆمم گەیاند؛ گۆشتەکە ببووە چزلێک›.
هەروەها: **جزغاله شدن؛ جزغاله کردن**

جزگیر / cozgîr ، ـها/: *اسم.* جوزەگر؛ کەرەسەیەک بۆ باز هێشتنەوەی کتێب یان پەڕاوە.

جزل / cazl/: [عربی] *صفت.* *[ادبی]* سوار؛ پاراو؛ خاوەن پتەوی لە باری وتە و واتاوە.

جزم / cazm/: [عربی] *صفت.* *[ادبی]* ۱. قایم؛ پتەو ۲. نەگۆڕ؛ گرساو.

جزم‌اندیش / cazmandîš ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* بیرگرساو: ۱. خاوەن هۆگرەتی بە ئەندێشەی نەگۆڕ ۲. خۆگرتوو بە پێداگری لە سەر بیر و باوەڕی کۆن و لاسار لە بەرانبەر ئەو بەڵگانەوە کە نادروستی باوەڕەکەی دەسەلمێنن.

جزم اندیشی / cazmandîšî/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* بیرگرساوی: ۱. پێچەقێنی لە سەر بڕوایەک، بەتایبەت کاتێ کە نارەوا و نەسەلماو بێت ۲. ڕوانگە یان بنەمای هزری دامەزراو لە سەر بڕوای نەسەلماو.

جزمی / cazmî/: [عربی] *صفت.* نەگۆڕ؛ خۆگرتوو ‹فکر جزمی: بیری نەگۆڕ›.

جزو / cozve/: [از عربی] *حرف.* لە؛ جە؛ ژ؛ نە ‹او جزو تروریستان است: ئەو لە ڕەش‌کوژانە›.

جزوات / cozavāt/: [از عربی] جمعِ ☜ **جُزوه**

جزوه / cozve ، ـها؛ جُزَوات/: [از عربی]/*اسم.*

نامیلکە: ١. کتێبێکی چکۆلە کە لە ٤٨ لاپەڕە کەمتر بێت ٢. وانە؛ دەرسێک کە مامۆستا دەیڵێ و خوێندکاران دەینووسن ‹استاد دیروز به ما جزوه گفت: مامۆستا دوێکە وانەی پێ وتین› ٣. بەشێ لە کتێبێک.

▣ **جزوه گفتن**: وانەگوتن؛ وتنەوەی وانە بۆ خوێندکار. هەروەها: **جزوه نوشتن**

جزووەدان / cozvedān ، ـها/: [از عربی/ فارسی] *اسم.* پسوولەدان؛ نامیلکەدان؛ فایل؛ کەرەسەیەک بۆ دانانی چەند پووشە تێدا.

جزوه‌کش / cozvekeš ، ـها/: [از عربی/ فارسی] *اسم.* کەسێ کە جزمەکانی قورعان بۆ خوێندنەوە لە نێوان ئامادەبواندا بڵاو دەکاتەوە و دوایی کۆیان دەکاتەوە.

جزیرگان / cazîregān/: [عربی/ فارسی]/اسم. *[جغرافیا]* دورگەیان؛ گراڤان؛ کۆمەڵە گراف؛ کۆمەڵی دورگەی لە پەنای یەک.

جزیره / cazîre، ـها؛ جزایر/: [عربی]/اسم. ١. دورگە؛ دڕگە؛ دوڕە؛ دوڕاجە؛ گراف؛ گراوە؛ ئار؛ ئاد؛ گزیرتە؛ ناڤرە؛ چزیر؛ چزیرە؛ جەزیرە؛ جزیرە؛ چزیرگە؛ جێزوک؛ بەشێ لە وشکانی کە دەوراندەوری ئاوە و گچکەتر لە قاڕەیە ٢. گراڤە؛ *[مجازی]* شوێنێ دوورەدەس یان لەندێ کە لە دورگە دەکا.

▣ **جزیرەی آتشفشانی**: دورگەی گڕکانی؛ ئارێ کە بە هۆی سەر هەڵدانی گڕکانەوە پێکهاتووە.

جزیرەی آرامش: *[مجازی]* هۆبەی هەدان؛ شوێنێ (وەک ولاتێک) کە ئارام و بێدەنگ و دوورەقڕەیە.

جزیرەی مرجانی: دورگەی مەرجانی؛ دورگەی بەدیهاتوو لە لاشەی مەرجان.

جزیل / cazîl/: [عربی] *صفت.[ادبی]* ١. سوار؛ پتەو (بەتایبەت لەمەڕ وتەوە) ٢. زۆر؛ زەوەند؛ زەمەن؛ زەبەن؛ فرە؛ فراوان؛ فریە؛ گەلەک ‹آجر جزیل: پاداشی زور›.

جزیه / caz(i)ye, cezye ، ـها/: [معرب از آرامی] *اسم.[قدیمی]* سەرانە؛ پیتاکی تایبەت کە ناموسوڵمانان دەبوا بە فەرمانڕەوای موسوڵمانانیان بدایە.

جسارت / cesārat, casārat ، ـها/: [عربی]/اسم. ١. دلێری؛ ئازایەتی؛ بوێری؛ بێباکی ‹وطن، محتاج شهامت و جسارت است: نیشتمان، پێویستی بە گەڕناسی و دلێرییە› ٢. گوساخی؛ گوستاخی؛ ڕووداری ‹ببخشید، قصد جسارت نداشتم: ببوورن، گەرەکم نەبوو ڕووداری بکەم›.

جست / cast, cest/:*اسم.* باز؛ واز؛ وەز؛ بازد؛ پەڕشت؛ قەڵباز؛ قەڵبەز؛ قەفاز؛ قەڤز؛ وزاق؛ باز-باز؛ گومەتە؛ گوژم؛ دەقەلۆز؛ فنجک؛ لیتک؛ چلاپە؛ چرتک؛ کار و ڕەوتی بە هوژمەوە خۆ بەرەو پێش هاویشتن.

▣ **جست زدن**: پەڕین؛ وزاقدان؛ پڕەی؛ باز بردن؛ باز دان؛ ڤەرسان؛ لنگە ئەستەنە؛ قەفازتن؛ هلجنقین.

جستار / costār ، ـها/:*اسم.* وتار؛ وتاری پەیدۆزانە لە بارەی بابەتێکەوە.

جستجو / costecû, costocû ، ـها/:*اسم.* کڕکاش؛ کڕوکاش؛ سەنگوسۆژن؛ گردیسەر؛ ملومۆ؛ بنجۆری؛ متملوو؛ کار و ڕەوتی دانە پەی؛ دۆزین؛ لێگەڕیان؛ بۆگەڕان؛ وەشکیان؛ گێرایش؛ گەڕان بۆ دۆزینەوەی شتێ.

جستن / castan, cestan/: مصدر. لازم. // **جستی**: بازتدا؛ **می جهی**: بازدەدەی؛ **بجه (جست بزن)**: بازدە// ١. بازدان؛ هەڵبەزین؛ وزاقدان؛ ڕاپەڕین ‹از بام جستن: لە بانەوە بازدان› ٢. ڕزگار بوون؛ خەڵسان؛ ڤەرەستن؛ ڤەرسین؛ ڕاورانەدن؛ ڕەستەی؛ ڕەها بییەی ‹از دست کسی جستن: لە دەستی کەسێکەوە ڕزگار بوون›. هەروەها: **جستنی**

■ صفت فاعلی: **جهنده** (بازدەر)/ صفت مفعولی:

جَسته(ـ)/ مصدر منفي: نَجَستن (باز نەدان)

جـــستن / costan/: مـصدر متعـدی. // جـــستی: پشکنیت؛ **می‌جویی**: دەپـشکنی؛ **بجو(ی)**: بپـشکنە// ١. پشکنین؛ هلکەوشاندن؛ بۆ گـەڕان؛ گـەڕیان؛ دانـە پـەی؛ سـەنگ‌وسـۆژن کـردن؛ وشـکنەی؛ گێلای؛ گێرایش ‹گفتند، یافت می‌نشود جستەایم مـا: گوتیان کە دەست ناکـەوێ، ئێمـە پـشکنیومانە› ٢. *[گفتاری]* دۆزینەوە؛ پەیدا کردن؛ یۆسـتەیوە ‹کـار جستن: کار دۆزینەوە›. هەروەها: **جستنی**

■ صفت فاعلي: **جوینده** (پشکێنەر)/ صفت مفعولي: **جسته** (پشکێنراو)/ مصدر منفي: **نَجُستن** (نەپشکان)

جـــست‌وخیـــز / cast-o-xîz ، ـهـا/: اسـم. هەڵبەز-دابەز؛ هەڵپەڕ- داپەڕ؛ هەڵتەک- داتەک؛ کار یان ڕەوتی بەمڵا و بەولادا پەڕان؛ هەڵبزۆقان ‹بچەها توی اتاق جست و خیز می‌کردند: منداڵەکان لە دیوەکەدا هەڵبەز-دابەزیان دەکرد›.

جسته‌ـ‌گریخته / castegorîxte/: قید. جاروبـارە؛ جاروبار؛ پرش‌وبلاو؛ گاگاییەوە؛ بە شێوەی تاو- تاو ‹جسته‌ـگریخته کارهایی می‌کرد: جاروبارە کارگـەلێکی دەکرد›: **جسته‌وگریخته**

جـــسته‌وگریختـــه / caste-vo-gorîxte/ ☜ **جسته‌ـگریخته**

جسد / casad ، ـها؛ اجساد/: [عربی]/اسم. کـەلاک؛ کەلاخ؛ لاشە؛ لاک؛ تەرم؛ جەندەک؛ لاوەلـەش؛ زەمـەز؛ کەلەسـتەی گیانـەوەران، بەتایبـەت کەلاکی گیانداری مـردوو ‹جسد انسان: کـەلاکی مرۆڤ›.

جسر / cesr ، ـها/: [عربی] اسم. *[نامتداول، قدیمی]* پرد؛ پردە؛ پردی؛ پر؛ پێڵ؛ ڕێبازی دروست‌کـراو بە سەر ئاودا.

جسم / cesm ، ـها؛ اجسام/: [عربی]/اسم. تـەن: ١. ماک؛ ئەوەی کـە خـاوەن بارسـایی و کـێش بێت و جێگایەک بگرێتـەوە ‹جسم جامد: تەنـی نـەگۆڕ› ٢. لـەش؛ لـەخت؛ گۆڤـدە؛ گـۆدە؛ کەلەستە؛ پەیکەر؛ لار؛ قەوارە؛ بـەدەن؛ کـەلاخ؛ قالـب؛ کەلەسـتەی مـاکی ژینـەوەر، بەتایبـەت مرۆڤ یان گیاندار ‹جسم و جان: تەن و گیان›.

▣ **جسم جامد**: ماکی خۆگر؛ ئەوەی خاوەن بیچم و بارسایی ڕوون و نەگۆڕە.

جسم ساده: توخم؛ هێمان؛ ماکێک کە تەنیا لە یەک جۆر ئەتوم پێکهاتووە.

جسم سیاه: تـەنی ڕەش؛ تـەنێک کـە بتوانـێ هـەموو تیـشکێک وەرگرێـت و هـیچ تیشکدانەوەیەکی نەبێ: **سیەجسم**

جسم صلب: *[مکانیک]* تەنی ڕەق/ پتەو؛ تەنێک کـە شـکڵ و قەوارەیـەکی سـفت و نـەگۆڕی هەیە.

جسم مرکب: تەنی لێکدراو؛ تەنی تێکەڵاو لـە چەند توخمی کیمیایی بـە ڕێـژەی قورسـایی دیاریکراو لە هەر کام.

جسماً / cesman/: [عربی] قید. بە جەستە/ لـەش؛ لە لەشدا؛ بە تەن؛ لە لایەنی جەستەوە ‹او جسماً سالم بود: ئەو بە لەش ساغ بوو›.

جـــسمانی / cesmânî/: [عربـی] صـفت. لەشـی؛ جەستەیی؛ سەر بە لەش. بەرانبەر: **روحانی** ‹درد جسمانی: ئێشی لەشی›.

جـــسمی / cesmî/: [عربـــی] صـــفت. تـــەنی؛ کەلەستەیی؛ جەستەیی؛ لەشی؛ پێوەندیـدار بـە لەشەوە ‹ناراحتی جسمی: ئازاری تەنی›.

جسور / casûr ، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. ١. بـوێر؛ دلێر؛ ئازا؛ گەڕناس؛ بـێ‌بـاک؛ نـەترس؛ گـورێخ؛ چاونەترس ‹مرد جسوری بـود: پیـاوێکی بـوێر بـوو› ٢. ڕوودار؛ گوساخ؛ گوستاخ؛ بێ‌پـەروا؛ دەڵ؛ دڕ؛ بێ‌حەیا.

جـــسورانه[1] / casûrâne/: [عربـی/ فارسـی] صفت. ١. ئازایانە؛ بوێرانە؛ دلێرانە؛ بێ‌باکانـە؛ گورێخانـە ‹حرکـت جسورانە: تـەکانی ئازایانـە› ٢. ڕوودارانـە؛ گوساخانە؛ بـێ‌پەروایانـە ‹رفتـار جـسورانە: ئاکـاری ڕوودارانە›.

جسورانه[2]: قید. ١. ئازایانە؛ بوێرانە؛ بـە گـورێخی

‹جسورانه سخن گفت: ئازایانه قسه‌ی کرد›. ۲. ڕووداڕانه؛ گوساخانه؛ به ڕووداریه‌وه؛ ڕێلاسانه؛ گۆرساقانه ‹جسورانه آمد داخل: به ڕووداریه‌وه هاته ژوور›.

جشن / cašn ، ـها/: *اسم.* جێژن؛ جه‌ژن؛ جه‌ژنه؛ یه‌زن؛ جێژنه؛ گێژن؛ ئایینێک بۆ ڕێزلێنانی ڕووداوێکی ڕاسته‌قینه یان دێرۆکی.

▣ **جشن تولد:** جه‌ژنی له دایک بوون.

جشن سالگرد: جێژنی ساڵه‌هات؛ جه‌ژنێک به بۆنه‌ی ساڵه‌هاتی ڕووداوێکی گرنگ، بۆ بنه‌ماڵه، کۆمه‌ڵ یان وڵاتێک.

جشن سال‌نو: جه‌ژنی سه‌ری ساڵ.

جشن عروسی: زه‌ماوه‌ند؛ زه‌ماوه‌ن؛ زه‌ماوه‌نگ؛ گۆوه‌ند؛ گۆبه‌ند؛ گۆڤه‌ند؛ هه‌ڤالا؛ شایی؛ شاهینه‌ت؛ داوه‌تی بووک هێنان؛ به‌زمی بووک گوێزانه‌وه.

جشن مذهبی: جه‌ژنی ئایینی؛ جێژنێ که شوێنکه‌وتووانی ڕێبازێکی ئایینی، به داب و نه‌ریتی خۆیان به‌ڕێوه‌ی ده‌به‌ن.

جشن ملی: جێژنی نه‌ته‌وایه‌تی؛ جه‌ژنێ که نه‌ته‌وه‌یه‌ک به بۆنه‌ی ڕووداوێکی مێژوویی یان فۆلکلۆریه‌وه به‌ڕێوه‌ی ده‌به‌ن.

جشن یادبود: جێژنی بیره‌وه‌ری؛ جه‌ژنێ بۆ به سه‌رکردنه‌وه‌ی ڕووداوێک.

▣ **جشن گرفتن:** جه‌ژن‌گرتن؛ به‌ڕێوه‌بردنی جه‌ژن.

جشنواره / cašnvāre ، ـها/: *اسم.* مێهره‌گان؛ مێهره‌جان؛ جه‌ژنێ فه‌رهه‌نگی که له ماوه‌یه‌کی دیاریکراودا به‌ڕێوه ده‌چێ.

جعاله / ce'āle /: [عربی] *اسم.* [حقوق] کارانه؛ کارمز؛ حه‌قده‌ست؛ حه‌قده‌س؛ ڕۆژانه.

جعبه / ca'be ، ـها/: [عربی] *اسم.* جابه؛ سندوق: ۱. ده‌فری چوارپاڵوویی سه‌ر به‌سراو بۆ ڕاگرتن یان هه‌ڵگرتنی شتێ ۲. قوتوو؛ قوتوه.

▣ **جعبه‌ی اعلانات:** قاپ/ تابلۆی ئاگاداری؛ جابه‌ی ئاوالا یان به ده‌رکی شووشه‌ییه‌وه که له شوێنێ داده‌مه‌زرێ و زانیاری و ئاگاداری و خه‌به‌ری تایبه‌ت به خوێنه‌رانی تێ ده‌خرێت.

جعبه‌ی سیاه: قوتووه ڕه‌ش؛ ئامرازێکی تۆمارگه‌ر له فڕۆکه‌دا که هه‌موو کار و ڕووداوێکی تێدا تۆمار ده‌بێ، بۆ زانینی هۆی داکه‌وتنی فڕۆکه که‌ڵکی لێ ده‌گرن.

جعبه‌ابزار / ca'be'abzār ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* جێ‌ئامێر؛ جابه‌ی ئامێر؛ سندوقی جێ هه‌موو جۆره هاچه‌ر و گاز و چه‌کوچ و...

جعبه‌ای[1] / ca'be'î /: [عربی] *صفت.* جابه‌یی؛ خاوه‌ن جابه ‹خرمای جعبه‌ای: خورمای جابه‌یی›.

جعبه‌ای[2]: *قید.* ۱. به سندوق؛ به جابه؛ به شێوه‌ی به‌سته‌یی ‹پرتقال را جعبه‌ای می‌فروختند: پرته‌قاڵیان به سندوق ده‌فرۆشت› ۲. جابه‌یێ؛ قووتیله‌یه‌ک؛ هه‌ر جابه ‹خرما جعبه‌ای هزار تومان کمتر نیست: خورما جابه‌یێ که‌متر له هه‌زار تمه‌ن نیه›.

جعبه‌آیینه / ca'be'āy(î)ne ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* ۱. [قدیمی] قاپ ئاوێنه؛ جابه‌یه‌ک که به ملیه‌وه هه‌ڵده‌واسن و شتومه‌کی فرۆشی تێدایه و به کڕیاری نیشان ده‌ده‌ن ۲. جامخانه؛ ویترین.

جعبه‌تقسیم / ca'betaqsîm ، ـها/: [عربی] *اسم.* جابه دابه‌ش/ په‌رش؛ جابه‌ی دابه‌شینی کاره‌با؛ جه‌عبه‌یێکی سه‌ردار بۆ هاتنه‌وه سه‌ر یه‌ک یا جیا بوونه‌وه‌ی سیمی به‌رق له شوێنگه‌لێکدا که ده‌بێ فاز و نوول په‌رده‌ژ بێ.

جعبه‌دنده / ca'bedande ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* جابه‌ی دنده؛ گیربۆکس.

جعبه‌فرمان / ca'befarmān ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* جابه‌ی فه‌رمان؛ جابه ده‌نده‌یه‌ک له ئاخری میله‌ی فه‌رمانی ماشیندا که سووڕی فه‌رمان ده‌گۆزێته‌وه بو چه‌رخه‌کان.

جعد / ca'd ، ـها/: [عربی]/اسم. [ادبی] لوولی؛ گرژی؛ کرژی ‹جعد گیسو: لوولی ئەگریجە›.

جعز / ce'ez/: [؟] ☜ **گئز**

جعفری / ca'farî/: [عربی]/اسم. ۱. ـها/ جافری؛ جەعفەری؛مەعدەنووس؛ مەدەنووس؛مەیدنۆز؛ زورک؛گێژنۆک؛ مەیلنۆز؛بەقدەنووس؛ شانۆکەباخی؛شانۆکی؛گیایەکی دووسالانی گەلا پەل- پەلی گوڵ پچووکی سەوزکارە کە تام و بۆنێکی خۆشی هەیە و سەوزی خواردنێکی زۆر ناسراوە ۲. ☜ شیعەی جعفری، **شیعه** ۳. ☜ مار جعفری، **مار**

جعل / ca'l/: [عربی]/اسم. کار یان ڕەوتی هەڵبەستن؛ دروستکردنی شتی درۆیین، بەتایبەت کاری لێدروستکردنی بەڵگەگەلی ڕەسمی بایەخدار.

▣ **جعل اسناد:** دروستکردنی بەڵگەی درۆینە.

جعل اکاذیب: درۆ هەڵبەستن.

جعل امضا: دروستکردنی واژۆی درۆینە.

▣ **جعل کردن:** هەڵبەستن؛ دروستکردنی شتی درۆ.

جعل / co'al/: [عربی] ☜ **سرگین‌غلتان**

جعلنق / co'alnaq ، ـها/: صفت. پەست؛ خوێڕی؛ خۆڕی؛ سووکوچرووک (جنێویکە).

جعلی / ca'lî/: [عربی] صفت. هەڵبەستراو؛ هەڵبەسیاگ؛ قەڵب؛ چرووک ‹سند جعلی: بەڵگەی هەڵبەسراو›.

جعلیات / ca'lîyyāt/: [عربی]/اسم. فڕوفیشاڵ؛ شتانی هەڵبەستراو.

جغجغه / ceqceqe ، ـها/:/اسم. ۱. چقچقە؛ شەقشەقە؛ قوتووی لەیستۆک کە خڕەی دێت ۲. زرزرە؛ خڕخاشە؛ خەرخەشە؛ لەیزتۆکێک بە شێوازی گۆ یان قوتووی چکۆلەی دەسکدار کە ساچمەی تێدایە، دەیلەرێننەوە، زڕەی دێ ۳. هاچەرجغجغە؛ جۆرێک هاچەری وەک ئاچەر فەڕانسە.

جغد / coqd ، ـها؛ ـان/:/اسم. بوو؛ بووە؛ بۆ؛ بووم؛ کوند؛ کوندەبوو؛ کوندەبوومە؛ کوندەبەبوو؛ پەپووکەرە؛ کەڵکەڵەوانی؛ خاڵەکوکومە؛ کوندەبەبەبی؛ بووەکوێرە؛ باوەقوش؛ بایەقوش؛ بادەقوش؛ باینە؛ توت؛ تژی؛ باڵندەیەکە بە شەو دەردەکەوێ بە شووم بەناوبانگە.

▣ **جغد انبار:** کوندەزیڕە؛ جۆرێک کوندەبوو.

جغد جنگلی: کوندەقوتە؛ کوندی دارسان.

جغد ماهی‌خوار: کوندەڕۆماڵ؛ کوندی ماسی‌خۆرە.

جغد میمون‌رخ ☜ **میمون‌رخ-۲**

جغدمیمون / coqdmeymûn/: [فارسی/ عربی] ☜ میمون شب، **میمون**

جغرافی / coqrāfî/: [معرب از یونانی] ☜ **جغرافیا**

جغرافیا / coqrāfiyā/: [معرب از یونانی/ فرانسوی] /اسم. جوگرافیا: ۱. زانستی لێکۆڵینەوەی زەوین و ژیانی سەر زەوی و ناساندنی زەریا و کێو، چۆم و دەشت، کەش و هەوا و پەرژ و بلاوی گیا و گیانەوەران و هەروەها مرۆڤ و کردوکۆشی لە بواری ئابووری و داهێنانەوە ۲. شکڵی جوگرافیایی ناوچەیەک ۳. کتێبێک کە باسی جوگرافیا دەکات ✽ **جغرافی**

▣ **جغرافیای اقتصادی:** جوگرافیای ئابووری؛ جوغرافیای سەبارەت بە درووستکردن و بەشینەوە و بەکارهێنانی داهات.

جغرافیای انسانی: جوگرافیای مرۆڤی؛ جوگرافیای پێوەندیدار بە پرژ و بلاوی کۆمەڵگای ئینسانی، دوزەنەی ڕامیاری و چالاکی ئابووری مرۆڤەوە.

جغرافیای ریاضی: جوگرافیای بیرکاری؛ بەشێ لە جۆگرافیا کە لە بیچمی گۆی زەوین، تایبەتمەندیەکانی و شێوەی کێشانی نەخشە دەکۆڵێتەوە.

جغرافیای زیستی: جوگرافیای ژینەوەری/

ژیان؛ جوگرافیای سەربە پێوەندی مرۆڤ و گیانەوەر و گیا، لەگەڵ ژینگەدا.
جغرافیای طبیعی: جوگرافیای خۆرسکی؛ جوگرافیای سروشتی؛ جوگرافیای پێوەندیدار بە تەشک و توێکڵی زەوی و دیمەنە سروشتیەکانی (وەک زەریا، گۆل، چۆم و کێو).
جغرافیائی / coqrāfiyā'î/: [معرب] ☜ **جغرافیای**
جغرافیایی / coqrāfiyāyî/: [معرب] *صفت.* جوگرافیایی؛ پێوەندیدار یان سەر بە جوگرافیاوە ‹مرز جغرافیایی آسیا و اروپا: سنووری جوگرافیایی ئاسیا و ئورووپا›: **جغرافیائی**
جغرافیدان / coqrāfîdān ، ـها؛ ـان/: [معرب/ فارسی]/*اسم.* جوگرافیزان؛ کەسێ کە لە زانستی جوگرافیادا شارەزایە و پێوەی خەریکە.
جغله / ceqele/: *صفت.* *[تعریض]* تیسقل؛ تسقل؛ منداڵکار؛ زارۆکە ‹بچەی جغله: منداڵی تیسقل›.
جغوربغور / caqûrbaqûr/: *اسم.* قاورمەی دڵ و جەرگ و گورچیلەی وردکراوی پەز یا گا کە بە دووگ سووری دەکەنەوە: **حسرت‌الملوک**
جفا / cafā ، ـها/: [عربی]/*اسم.* ۱. *[ادبی]* ئازار؛ ستەم؛ گووج؛ بێداد؛ سزا ۲. *[قدیمی]* ناسزا؛ سەرکۆنە؛ جنێو.
⊡ **جفا دیدن**: سزا دیتن؛ زۆر ستەم چەشتن. هەروەها: **جفا شدن؛ جفا کردن**
جفاپیشه / cafāpîše ، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* *[ادبی]* ستەمکار؛ دڵڕەق؛ هۆگری ئازاردانی خەڵک: **جفاجو؛ جفاکار**
جفاجو / cafācû/: [عربی/ فارسی] ☜ **جفاپیشه**
جفاکار / cafākār/: [عربی/ فارسی] ☜ **جفاپیشه**
جفاکش / cafākeš/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ئازارچەش؛ سزادیتوو؛ بەر زۆر و ناحەقی کەوتوو.
جفت[1] / coft ، ـها/: *اسم.* جووت؛ جفت؛ جۆت: ۱. هیتێ؛ یەکەی هەژماردنی ئەوەی بە شێوەی دووبەدوو بەکاردەچێ. بەرانبەر: **لنگه** ‹یک جفت کفش: جووتێ کەوش› ۲. *[کشاورزی]* هیتە؛ دوو سەرگا کە بە دار و گاوەسنەوە دەبەسرێنەوە ۳. *[کنایی]* لف: *الف)* هاوسەر *ب)* نێر یان مێوینەی گیانەوەر ٤. جەخت؛ سەرکلاوی بەڕوو کە بۆ ڕەنگکاری بەکاردەچێ ٥. *[زیست‌شناسی]* یاوەرە؛ ئاواڵ منداڵ؛ هەڤاڵۆک؛ هەژی، جفت؛ کۆمەڵە ڕەگی هاوڕێی تۆل لە زگی دایکدا.
جفت[2]: *صفت.* جووت؛ جفت؛ جۆت: ۱. بەرامبەری تاک؛ دووانە ‹عدد جفت: ژمارەی جووت› ۲. لف؛ هاوتا؛ هاولف؛ هاوچەشن؛ هاوسان؛ هاوسەنگ ‹این گلدان جفت آن یکی است که پارسال خریدم: ئەم گوڵدانە لفی ئەوەیە پار ساندم›.
⊡ **جفت کردن**: جووت/ جفت‌کردن؛ هەرکام لە دوو لفی هاوبەش لە لای یەک دانان ‹کفش‌ها را جفت کرد: کەوشەکانی جووت کرد›.
جفت‌ـجفت / coftcoft/: *قید.* جووت‌ـجووت؛ جۆت‌ـجۆت؛ دوان‌ـ دوان؛ بە شێوەی دوانی ‹صندلیها را جفت‌ـجفت کنار هم بچین: سەندەڵیەکان جووت‌ـجووت بچنە پاڵ یەک›.
جفت‌سم / coftsom ، ـان/: *اسم.* جووت‌سم؛ جۆت‌سمە؛ خاوەن سمی دوانی یا چواری ‹جانور جفت‌سم: گیانەوەری جووت‌سم›.
جفتک / coftak/: *اسم.* جووتە؛ جفتە: ۱. لووشک؛ لووشکە؛ جۆتلێ؛ جفتک؛ جوتکە؛ لێدانی بە جووتە پێ ‹چرا مثل خر جفتک می‌پرانی؟: بۆچی وەکوو کەر جووتە دەوەشێنی؟› ۲. باز؛ پەڕشت بە دوو پێیان ‹جفتک زدم و پریدم روی دیوار: بە جووتە پەڕیمە سەر دیوارەکە›.
⊡ **جفتک پراندن/ انداختن**: جووتە وەشاندن؛ جفتە خستن؛ لووشک پەڕاندن؛ جۆتک هاویشتن؛ هەڵگووزان؛ هەڵتووزان؛ هەڵگووزانن؛ هەڵتۆزاندن؛ جۆتلێ شانەی: ۱. برکدانی هەر دوو پێیانی چارەوا بەرەو کەسێ یان شتێ ۲. *[تعریض، گفتاری]* لەقە

وەشاندن؛ بە شێوەیەکی نەگونجاو بەرهەڵست بوون.

جفتک زدن: ١. ☜ **جفتک پراندن/ انداختن** ٢. هەڵخستنەوە؛ جفتەک داین؛ هۆروسەیوە؛ هەر دوو پێ بەیەکەوە کوتانە زەویندا بۆ باز بردن.

جفتک‌پرانی / coftakparānî ، ـها/:اسم. جووتەوەشێنی؛ لەقەهاوێژی.

جفتک‌چارکش / coftakčārkoš:/اسم. کەوشەک؛ سێباز؛ یارییەکی بە کۆمەڵە لە شوێنێکی بەربلاودا بەڕێوەدەچێ، کەسێ دادێتەوە و دەس بە ئەژنۆیەوە دەگرێ و دیتران بە سەریدا باز دەدەن: **پشتک‌چارکش**

جفتگیری / coftgîrî ، ـها/:اسم. خەرز؛ جووتگری؛ لفگری؛ جووتبوونی گیانەوەری نێر لەگەڵ مێدا.

جفت و جزم / coft-o-cazm:/ [فارسی/ عربی] صفت. [گفتاری] سفت‌وسۆڵ؛ تۆلا؛ توندوتۆڵ؛ چەسپاو بە یەکەوە؛ پتەو و پێکەوە لکاو. هەروەها: **جفت‌وجزم شدن؛ جفت‌وجزم کردن**

جفت و جلا / coft-o-calā:/ [فارسی/ عربی] ☜ **جفت‌وجور**

جفت‌وجور / coft-o-cûr:/ صفت. [گفتاری] جفت‌وجۆر؛ هاولف و تەبا لەگەڵ یەکتر: **جفت‌وجلا**

جفتی[1] / coftî:/ صفت. [گفتاری] جووتی؛ جۆتیێ؛ بە جووت؛ دوانی ‹گره جفتی: گرێی جووتی›.

جفتی[2]:قید. ١. بەجووت؛ جووتە؛ جووتی؛ جۆت؛ دوانی ‹زن و شوهر، جفتی وارد شدند: ژن و شووەکە بەجووت هاتنە ژوورەوە› ٢. جووتێ؛ جفتێ؛ جووتێک؛ هیتێو؛ هەر جووت ‹جفتی ١٠٠٠ تومان: جووتێ ١٠٠٠ تمەن›.

جفت‌یابی / coftyābî ، ـها/:اسم. [زیست‌شناسی] لفگری؛ جووتگری؛ کار یان ڕەوتی کردوکۆش، دانە پەی و ڕاکێشانی لف بۆ جووتبوون.

جفنگ / cafang:/ صفت. [گفتاری] قۆڕ؛ بێ‌هۆ؛ بێهوودە؛ چوونە؛ پووچ؛ پویچ؛ جەفەنگ؛ گەزاف؛ سووک و بێ‌بایەخ ‹حرف جفنگ: قسەی قۆڕ›.

▣ **جفنگ گفتن**: گەزاف گوتن؛ وڕاوەکردن/ وتن؛ وڕینەکردن؛ قسەی قۆڕکردن؛ قسەی هیچ و پووچ کردن.

جفنگیات / cafangîyyāt:/ (!) [فارسی/ عربی] اسم. [گفتاری] قۆڕیات؛ فلتەفلت؛ قسەی مفت؛ قسەی بێ‌پایە؛ قسەی قۆڕ؛ لاف‌وگەزاف.

جقه / ceqqe ، ـها/: [ترکی]/اسم. خشڵێ لە شێوەی گوڵ، خۆر یان مانگ بۆ ڕازاندنەوەی بەرەوەی کڵاو و کولیلک.

جک / cak ، ـها/: [انگلیسی]/اسم. جەک؛ هەڵێن؛ ئامرازێکە بۆ بەرزکردنەوەی شتگەلی قورس تا بەرزاییێکی کەم ‹توی آن سرما مجبور شدیم جک زیر ماشین بزنیم و زنجیر ببندیم: لەو سەرما و سۆڵەدا ناچار بووین جەک بدەینە ژێر ماشین و زنجیر ببەستین›.

جک‌وجانور / cak-o-cānevar, -cānavar:/ اسم. [گفتاری] جڕ و جانەوەر؛ گیانەوەرەی جۆربەجۆر، بەتایبەت زیندەواری گەزندە.

جکوزی / cakûzî:/ [انگلیسی]/اسم. جەکووزی؛ ناوی بازرگانی جۆرە وانێکی حەمامە کە بە پژاندنی بە تەوژمی ئاو و با، گێژاو پێک‌دێنێ ماسوولکەی لەش ئەشێلێ: **جاکوزی**

جگر / cegar:/اسم. جگەر؛ جەرگ؛ جەگەر؛ جیەر؛ جەری: ١. یەهەر؛ یەهر؛ مەلاک؛ کەزەب؛ قەزەب؛ ئەندامێ لە لەشی گیانەوەرانی مۆرەداردا کە زەرداو دەردەدا و لە گۆڕینی پێکهاتەگەلی خوێندا، دەورێکی گرینگی هەیە ٢. خۆراکی لە جگەر ‹جگر مرغ: جەرگی مریشک› ٣. [گفتاری] دڵ‌وجەرگ؛ جەرگ‌ودڵ؛ گیانی‌گیان؛ کەسی زۆر خۆشەویست ٤. [مجازی] زات؛ بوێری ‹جگر این کار را نداری: جەرگی ئەم کارەت بکەی›.

▣ **جگر زلیخا:** *[مجازی]* پەڕۆی دۆم؛ لەت ـ لەت؛ ئەنجن ـ ئەنجن؛ شڕ و وڕ ‹پیراهنم شده بود عین جگر زلیخا: کراسەکەم ببووە پەڕۆی دۆمەوە›.

جگر سفید: سیَ؛ سیپەلاک؛ شۆشی؛ ئەندامی هەناسە دانی زیندەوەرانی وشکی.

جگر سیاه: جەرگ؛ جگەر؛ یەهەر؛ میَلاک.

▣ **جگر برای چیزی لک زدن:** *[مجازی]* بۆ شتێک فەرقان کردن/ دڵ دەرهاتن/ پەڕ دەرکردن/ سوێی هاتنەوە؛ کلکە پەی چێوێوی کرۆتەی؛ گەلەک خوازیاری شتێک بوون ‹جگرم برای یک لیوان آب خنک لک زده: دڵم بۆ لیوانیَ ئاوی سارد دەرهات›.

جگر را جلا دادن: *[مجازی]* گیان تیَ خستنەوە؛ تینوویەتی لابردن و بوونە هۆی بووژانەوە ‹این شربت جگرم را جلا داد: ئەم شەربەتە گیانی تیَ‌خستمەوە›.

جگر شیر داشتن: *[مجازی]* چنگی پڵنگ شکاندن؛ بوێر و ئازا بوون ‹راستی که جگر شیر داری: بە ڕاستی چنگی پلنگ دەشکێنی›.

جگر کاری را داشتن: *[مجازی]* زاڤری کاریَک هەبوون؛ بۆ ئەنجامدانی کاریَ بەزات بوون ‹تو جگر در افتادن با او را نداری: تۆ زاڤرت نیە بەگژیدا بچی›.

جگر کسی آتش گرفتن: *[مجازی]* کزە لە دڵی کەسێکەوە هەستان؛ خەمی زۆر خواردن؛ یەکجار جخارین بوون ‹از این حادثه جگرم آتش گرفت: لەم ڕووداوە کزەم لە دڵەوە هات›.

جگر کسی را خون کردن: *[مجازی]* جەرگی کەسیَ دانە تەنوورەوە؛ کەسێک گیانەسەر کردن؛ ڕەنج و خەفەتی زۆر بە کەسیَ دان ‹با این کارهایت جگر مادرت را خون کردەای: بەم کارانەت جەرگی دایکت داوە بە تەنوورەوە›. هەروەها: **جگر کسی خون شدن**

جگر کسی را سرمه کردن: *[مجازی]* ئاور نانە جەرگ کەسێکەوە؛ کەسیَ جەرگاوس کردن؛ کەسیَ زۆر خەفەتبارکردن ‹این کودک نابینا جگرم را سرمه کرد: ئەم منداڵە کوێرە ئاوری نایە جەرگمەوە›.

جگر کسی کباب شدن: *[مجازی]* جەرگی کەسیَ لەت ـ لەت/ کەباب بوون/ برژان؛ جگەر کەسی سزیان؛ خەمی زۆر بە سەردا هاتن ‹جگرم برایش کباب شد: جەرگم بۆی لەت ـ لەت بوو›. هەروەها: **جگر کسی را کباب کردن**

جگربند / cegarband/: *اسم.* سی و جەرگ؛ دڵ و جەرگ و سی پێکەوە.

جگرپاره / cegarpāre/ ☜ **جگرگوشە**

جگرخراش / cegarxarāš/: *صفت. [مجازی]* جەرگبڕ؛ دڵتەزێن؛ جەرگ‌خۆرە؛ زۆر ناخۆش و خەمهێن ‹واقعەی جگرخراشی بود: کارەساتێکی جەرگبڕ بوو›: **جگرسوز**

جگرخوار / cegarxār/: *صفت. [کنایی]* دڕندە؛ بیَ‌ڕەحم؛ دڵڕەق.

جگرخون / cegarxûn/: *صفت. [مجازی]* دڵبریندار؛ دڵخوێن؛ جەرگ‌لەت؛ دڵپڕ لە ژان؛ زۆر خەفەتبار ‹از دست قوم و خویشها جگرخون است: لە دەس خزم و کەس دڵبریندارە›: **خونجگر**

جگردار / cegardār/: *صفت. [کنایی]* بەجەرگ؛ جەرگ قایم؛ نەترس؛ بوێر؛ بیَ‌باک؛ دلێر.

جگرسوز / cegarsûz/ ☜ **جگرخراش**

جگرک / cegarak/: *اسم. [گفتاری]* کەواوی جەرگی ئاژەڵ.

جگرکی / cegarakî ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* جگەری؛ جگەرچی؛ فرۆشەری کەواوی جەرگ و دڵ.

جگرگوشە / cegargûše ، ـها؛ ـگان/: *اسم. [مجازی]* بەنەن‌دڵ؛ بەنی دڵ؛ بەندی جەرگ؛ بەن‌جگەر؛ گوجەدڵ؛ کەسی زۆر خۆشەویست بەتایبەت زارۆک: **جگرپارە**

جگری[1] / cegarî/: *اسم.* ۱. جگەری؛ ڕەنگی سووری نێزیک بە قاوەیی خەست ۲. ـها/

جگەری؛ جگەرچی؛ فرۆشیاری جگەر (و دڵ و سی و گورچیلە)ی ئاژەڵان.

جگری[2]: صفت. جگەری: ۱. پێوەندیدار بە جگەرەوە ۲. بەڕەنگی جگەر.

جگن / cagan ، ـها/: اسم. جەگەن؛ ناردین؛ لەبان؛ سێسووە؛ سێسۆ؛ گیایەکی لاسک سێ سووچ و گەڵا چەتری کە لە زەلکاوان دەڕوێ.

جگوار / cagvār ، ـها؛ ـان/: [انگلیسی از پرتغالی] اسم. جاگوار؛ گیانەوەرێکی گوهانداری گۆشتخۆرە لە تیرەی پڵەنگ، سەر بە دەڤەری گەرمیانی ئامریکا، لە پلنگ گەورەتر و ڕەنگی پێستی قاوەیی کاڵە.

جل / col ، ـها/: [عربی] اسم. ۱. جل؛ پۆشەنی سەر پشتی چارپێیان ‹جل اسب: جلی ئەسپ› ۲. *[کنایی]* شڕە؛ شەنگەشڕە؛ جلەشڕە؛ بەرگی چەرمسی ‹نمی‌خواهی این جل را از تنت در بیاوری: ناتەوێ ئەم شڕەیەت لە بەر داکەنی›.

⊡ **جل خود را از آب بیرون کشیدن**: *[کنایی]* بەڕ خۆ لە ئاوگرتنەوە؛ تا ڕادەیەک کاری خۆ بردنە پێشەوە.

جلا / calā/: [عربی] اسم. ۱. ـها/ بریقە؛ بریکە؛ وریچە؛ ورشە؛ گرشە؛ ورچە ‹جلای فلزی: بریقەی کانزایی› ۲. هەڵوەدایی؛ ئاوارەیی؛ پەرتەوازەیی؛ بەرەزەیی ‹جلای وطن: هەڵوەدایی نیشتمان›.

⊡ **جلای وطن**: هەڵوەدایی نیشتمان؛ ئاوارەیی لە زێد و نیشتمانی خۆ؛ تەرکی زێد و نیشتمان.

⊡ **جلا دادن**: بریقە لێهێنان/ لێخستن.

جلاب / collāb/: [معرب از فارسی] اسم. *[قدیمی]* شەربەت گوڵاو؛ خواردنەوەیەک بریتی لە ئاو، گوڵاو، زەعفەران و شەکر.

جلاد[1] / callād ، ـها؛ ـان/: [عربی] اسم. *[قدیمی]* دژخێم؛ جەلاد؛ جەللاد؛ میرخەزەب؛ میرغەزەب؛ سەربڕ؛ سەرکەن؛ کەسێ کە فەرمانی ئەشکەنجەکردن، کوشتن و لە سێدارەدانی تاوانبارانی بەڕێوە دەبرد.

جلاد[2]: صفت. *[کنایی]* ستەمکار؛ دڵڕەق.

جلادت / calādat/: [عربی] اسم. *[ادبی]* ۱. تۆڵی؛ زبتی؛ فرزی؛ چەلەنگی؛ چابکی ۲. *[کنایی]* پاڵەوانی؛ زۆرداری.

جلال / calāl/: [عربی] اسم. ۱. شکۆ؛ شکۆمەندی؛ تەنتەنە؛ بزەم ـ بزەم؛ سەنسەنە؛ ژاژ و فەڕ ۲. مەزناهی؛ گەورەیی.

جلالت / calālat/: [عربی] اسم. شکۆ؛ پایەبەرزی؛ فەڕ؛ مەزناهی.

جلالتمآب / calālatma'āb/: [عربی] صفت. *[قدیمی]* شکۆمەند؛ گەورە؛ مازن.

جل الخالق / callalxāleq/: [عربی] دعا. سوبحانەڵڵا؛ لە سەرسوورمان و حەپەساندا دەیڵێن (یانێ: خودا چەند گەورەیە).

جلب[1] / calab/: [عربی] ☜ **ژالاب**

جلب[2] / ـها/: صفت. ۱. حیز؛ حیزە؛ جندە؛ جنێ؛ گوزلی؛ ژنی خراپ ۲. فێڵباز؛ گزیکار؛ جەڵەب؛ چاچۆڵباز؛ گەڕباز.

جلب / calb/: [عربی] اسم. ۱. ڕاکێش؛ ڕاکێشانی سەرنج یان هۆگرەتی بە شتێ یان کەسێ ‹چیزی در پای دیوار توجهش را جلب کرد: شتێ لە بن دیوارەکە سەرنجی ڕاکێشا› ۲. قۆڵبەست؛ باڵبەس ‹پلیس دزد را جلب کرد: پولیس دزەکەی قۆڵبەست کرد› ۳. *[گفتاری]* ڕاکێش؛ کار یان ڕەوتی ڕاکێشان و وەخۆ گرتن ‹آهنربا آهن را به طرف خود جلب می‌کند: هەسنفرێن، ئاسن بەرەو لای خۆ ڕادەکێشێ›. هەروەها: **جلب شدن؛ جلب کردن**

⊡ **جلب توجه**: سەرنجڕاکێشی؛ کار یان ڕەوتی سەرنج ڕاکێشان ‹موی سرش جلب توجه می‌کند: قژی سەرنج ڕادەکێشێ›.

جلبک / colbak/: [عربی/ فارسی] اسم. جلشین؛ کەفزە؛ کەفزەر؛ کەفز؛ کەڤز؛ کەز؛ کەژەوە؛ کەژاو؛ قەوزە؛ قەبزە؛ قەوزەقوڕواق؛ قۆزەقوڕواق؛ گیوقوڕواق؛ جلەشڕە؛ لمر؛ لیمقورماق؛

جل‌قورواق؛ کەزی؛ گاوەک؛ خوری پەچنە؛ کەوگی؛ جەلاوی؛ گاوک: ۱. تیرەیەک لە ڕوەکگەلی سادەی ئاوژی ۲. /ـها/ هەموو جۆرێکی ئەم ڕوەکە، کە خۆڵەمێشی بڕێکیان سەرچاوەی یۆد و پوتاسیۆمە.

جلبک‌شناسی / colbakšenāsî/: [عربی/ فارسی] *اسم.* کەفزەناسی؛ لقێ لە زانستی گیاناسی کە دەپەرژێتە سەر ناسین، لێکۆڵینەوە و ڕیزبەندی قەوزەگەل. هەروەها: **جلبک‌شناس**

جلت[1] / collat، ـها/: *اسم.* مادە؛ مادێ؛ ڕفێدە؛ دۆشەکلەی نان بە تەندوورەوە دان: **نان‌بند**

جلت[2]: *صفت. [گفتاری]* زرک و زینگ؛ تۆڵ؛ سەگ؛ قولاوباز؛ فێڵزان.

جلد / cald/: [عربی] *صفت.* چالاک؛ چابک؛ چاپک؛ چوست؛ چەلەنگ؛ زرنگ؛ فرز؛ زرک و زیت؛ گورج و گۆڵ؛ کەلەش؛ تاشک.

جلد / celd، ـها/: [عربی]*اسم.* ۱. بەرگ؛ قولاخ؛ ڕووکێشی کتێو، گۆڤار، پەڕاو و وەک ئەوانە کە ئەستوور و پتەوە و پەڕەگەلی ناوەوە دادەپۆشێ ۲. بەرگ؛ یەکەی هەژماردنی کتێب و گۆڤار ‹ده جلد کتاب: دە بەرگ کتێب› ۳. بەرگ؛ پۆششی نەرمۆکەی بڕێ شت ‹جلد دوربین: بەرگی دووربین› ٤. بنکلێش؛ پێست؛ پۆس ‹شیطان توی جلدش رفته بود: شەیتان چبووە بنکلێشیەوە› ٥. *[زیست‌شناسی]* ژێر پێست.

⊡ **جلد چرمی**: بەرگی چەرمی؛ بەرگی چەرمینی کتێو. هەروەها: **جلد سلوفان**

جلد زرکوب: بەرگی زێڕنووس؛ بەرگێک کە نووساوەکانی بە کانزایەکی بریقەدار (وەک زێڕ، زیو یان ئەکلیل) نەخش‌کراوە: **جلد ضربی؛ جلد طلاکوب**

جلد سخت: بەرگی سەخت/ ڕەق/ سفت؛ گالینگۆر. بەرانبەر: **جلد نرم**

جلد سفید: بەرگی سپی؛ بەرگێ کە هیچ نەخش و نیگارێکی لە سەر نەبێ.

جلد شمیز ☜ **جلد مقوایی**

جلد ضربی ☜ **جلد زرکوب**

جلد طلاکوب ☜ **جلد زرکوب**

جلد گالینگور: بەرگی سەخت؛ گالینگۆر.

جلد معرق: جۆرە بەرگێکی جوانکاریە کە لە پێکەوە لکاندنی لەتە چەرم و ڕەنگ و نەخشی جوان دروست دەکرێ.

جلد مقوایی: بەرگی مقەبایی: **جلد شُمیز**

جلد نرم: بەرگی نەرم؛ بەرگی لە جنسی مقەوای نەرم. بەرانبەر: **جلد سخت**

پشت جلد ☜ **پشت**[1]

توی جلد ☜ **تو**[1]

روی جلد ☜ **رو**[1]

⊡ **جلد ساختن**: بەرگ دروست‌کردن: ۱. بڕینی چەرم و مقەبا و دالکاندن و لە کتێب گرتنیان ۲. دابین‌کردنی نووسراوە و جارـجار نەخش و نیگاری سەر بەرگ.

جلد کردن: لە بەرگ‌گرتن؛ جلدگرتن.

توی/ در جلد کسی رفتن: *[مجازی]* ۱. چوونە پێستی کەسێکەوە؛ خۆ بە شێوە و بیچمی کەسێ دەرهێنان ۲. چوونە بنکلێش/ بنکلێشەی کەسێکەوە؛ کەسێ گرتنە دەسەوە؛ کەسێک بە ئارەزووی خۆ لێ‌کردن؛ هزر و بیر و هەستی کەسێک گرتنە دەستەوە.

جلدی[1] / caldî/: [عربی]*اسم.* ئازایی؛ زرنگی؛ چالاکی؛ فرزی؛ کرژی؛ گورجی؛ خێرایی؛ چاپکی؛ چەلەنگی.

جلدی[2]: *قید. [گفتاری]* ئازا؛ خێرا؛ کرژ؛ گورج؛ گورج‌وگۆڵ؛ فرزێ؛ زووبەزوو؛ بە توند و تیژی ‹جلدی برو این دوا را بگیر و برگرد!: ئازا بڕۆ ئەم دەرمانە وەرگرە و بێرەوە!›.

جلدی[1] / celdî/: [عربی] *صفت. [پزشکی]* پێستی؛ پۆسی ‹بیماری جلدی: نەخۆشینی پێستی›.

جلدی[2]: *قید.* بەرگێ؛ هەر بەرگ ‹کتابها جلدی

۲۰۰ تومان سود دارد: کتێبەکان بەرگێ ۲۰۰ تمەن قازانجیان هەیە›.

جلــز و ولــز / celez(z)-o-velez/: صــوت. ۱. قرچــەقرچ؛ چــز و بــز؛ چزەچــز؛ جزەجــز؛ جیزجاز؛ کزەکـز؛ دەنگـی سـوورەوە بـوون یـان برژانی شتێ (بە تایبەت گۆشت) بە سەر ئـاگرەوە ۲. [مجازی] هاوار و نالە؛ نالەنال.

جلـسات / calasāt, calesāt/: [عربـی] جمـعِ ☜ **جلسه**

جلـسه / calase, cal(e)se، ـها؛ جلسات/: [عربـی] اسم. کـۆڕ؛ دانیـشتن: ۱. کۆڕگـە؛ شـوێنێ کـە دەستەیەک بۆ وتوویژ لەمەڕ بابەتێکـەوە تێیـدا کۆ دەبنەوە (و زۆرتر دادەنیشن) ۲. کـۆ بوونـەوە؛ بەراقی؛ جوات؛ جڤات؛ گور؛ گهان؛ کۆمبوونەوە و دانیشتن بۆ ئاوەها مەبەستێ.

▣ **جلــسەی خــصوصی:** دانیــشتنی نــاوخۆیی؛ دانیشتنێک کە بڕیارەکانی ڕاناگەیەندرێت.

جلسەی سرّی: دانیشتنی نهێنی؛ دانیشتنێ کە بە شێوەی نهێنی و بێ ئاگای خەڵکە.

جلسەی علنی: دانیشتنی ڕاشـکاو/ ئاشـکرایی؛ دانیشتنێ کە هەموان بتوانن لـە پێکهێنـان و قسە و باسی خەبەریان هەبێ.

▣ **جلسە داشـتن:** دانیـشتن/ کـۆڕ هـەبوون؛ لـە کۆڕدا بەشـدار بـوون ‹آقـای رئیس جلسە دارد: ئاغەی ڕەئیس دانیشتنی هەیە›.

جلـسە کـردن: کـۆ بوونـەوە؛ دانیـشتن؛ کـۆڕ پێکهێنان ‹رفقا جلـسە کردنـد و تـصمیم گرفتنـد اعلامیـە را منتـشر کننـد: هەڤـالان کۆبوونـەوە و بڕیاریان دا ئاگاداریەکە بلاو بکەنەوە›.

جلف / celf/: [عربی] صفت. جلف؛ سووک؛ قرت؛ سووک و چرووک؛ قڕ؛ قروفڕ: ۱. بەربەفش؛ بلح؛ هـەرزەکارێ کـە وازی لـە دەسـبازی و خـۆ دە خەڵـک هەڵـسوونە ‹آدم جلـف: مرۆڤـی سـووک› ۲. دزێو؛ ناشـیرین و نالـەبار ‹لبـاس جلـف: جلـی جلف›.

جلفی / celfī/: [عربی] اسـم. جـلفی؛ جـلفیەتی؛ سووکی؛ سۆکی ‹ایـن کـار جلفـی اسـت: ئـەم کـارە جلفیە›.

جلق / calq/: [عربی] اسم. جلق؛ مـشتە؛ مـشتاو؛ دەسـپەڕ؛ دەسـتپەڕ؛ دەسـتمێز؛ دەسـتمیز؛ کەپلەمە؛ دەستگان؛ بزواندنی ئەندامی جینـسی لە لایەن خودی کەسەوە بۆ گەیشتن بە خۆشی جینسی، بە بێ جووتبوون.

▣ **جلق زدن:** جلق لێدان؛ مشتەکـردن؛ مـشتاو کردن؛ دەسپەڕکردن؛ کەپلەمە کێشان.

جلقاب / colqāb/: [عربی/ ترکی] اسـم. [گفتـاری] قاپ دەسماڵ؛ جێ دەسرە.

جلقو / colqû، ـها/: [؟] اسم. پین؛ پیم؛ بزمار یان میلەیەک کە لە تەوەرەی چەرخی دەکەن، لێک جوێ نەبنەوە.

جلگـه / colge، ـهـا/: اسم. دەشـت؛ دەشـتایی؛ قەلاچ؛ قەراج؛ کرک؛ گەڕ؛ سفتیک؛ دەشتی نزم و تەخت.

▣ **جلگەی آبرفتی:** دەشتی تمتمـان؛ سـفتیکی گیرهەیی؛ تەختانێک کە بـە هـۆی ئاوەماڵـی ڕۆبارانەوە پێکهاتووە.

جلگەی سیلابی: دەشتی لاخێزە؛ دەشتی بـەر لافاو؛ گۆڕەپانێک کە بە هۆی هاتنە سەرەوەی ئاوی چۆمان و هەستانی لافاو، لە لێوارەکانیدا پێکهاتبێ: **جلگەی کنارەای**

جلگەی کنارەای ☜ **جلگەی سیلابی**

جلگــەای / colge'ī/: اسـم. دەشـتی؛ قـەلاچی؛ قەراجی؛ سفتیکی: ۱. پێوەندیدار یان سـەر بـە دەشـتەوە ‹آب و هـوای جلگـەای: کـەش و هـەوای دەشـتی› ۲. بە دۆخ یـان چۆنیـەتی قەلاچیـەوە ‹زمینهای جلگەای: زەوینگەلی سفتیکی›.

جلنبـر / colombor، ـهـا/: صـفت. شـڕەبار؛ شــڕپۆش؛ سیپالــپۆش؛ شــڕ و شــەپرێو؛ شڕەوپڕەپۆش.

جلـو[1] / celow, colow, celo:, colo:، ـها/:

[ترکی]*اسم. [گفتاری]* ١. بەردەم؛ وەردەم؛ بەر؛ وەر؛ پێش؛ نوا؛ سینگە. بەرانبەر: **عقب** ‹جلوت را نگاه کن!: چاوت لە بەردەمت بێ!› ٢. بەر؛ وەر؛ پێش؛ نوا؛ سینگە؛ بەشێ کە نزیکتر لە بەشێکی ترە و لە پێشیدایە ‹جلو در: بەر دەرکە› ٣. هەوسار؛ لەغاو؛ لغاف؛ جڵەو.

⊡ **جلو چشم کسی را خون گرفتن** ☜ **خون** جلو چشم کسی را گرفتن، **خون**

جلو خود را گرفتن: بەر خۆگرتن؛ خۆ پاراستن ‹خواستم بزنم توی گوشش، ولی جلوی خودم را گرفتم: گەرەکم بوو بسرەوێنمە بن گوێیدا، بەڵام بەر خۆمم گرت›. هەروەها: **جلو خود را نگهداشتن**

جلو کسی را گرفتن: بەر کەسێ گرتن؛ کەسێ لەو کارەی کە دەیکا، یان دەیەوێ بیکا، پریگاندنەوە؛ بەر پێ گرتن ‹جلو پسرت را بگیر! دارد خانه را آتش می‌زند: بەر کوڕەکەت بگرە! خەریکە ماڵەکە ئاگر بدات›.

جلو کسی را ول کردن: چاو لە کەسێ داخستن؛ بەر بۆ کەسێ بەردان؛ پێش کەسێ نەگرتن؛ چاوەدێری کەسێ نەکردن.

از جلو کسی درآمدن: چوونە ڕووی کەسێکدا؛ بەرهەڵستی ئاکاری ناڕەوای کەسێک بوون.

جلو[2]: *صفت.* ١. بەروو؛ پێشوو؛ نوا؛ نوها؛ پێشەوە ‹درِ جلو: دەرگای بەروو› ٢. *[مجازی]* پێش؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی سەرتر بوون لە دیتران.

⊡ **جلو بودن:** لە پێشەوە بوون؛ لە بەرەوە بوون.

جلو[3]: *قید.* بەر؛ وەر ‹جلو در: بەر دەرگا›.

⊡ **جلو قاضی و معلق‌بازی:** مزگەوت و جرت؛ ئاکاری نەشیاو و نەگونجاو.

⊡ **جلو آمدن:** ١. هاتنە بەرەوە؛ بەرەو پێش هاتن؛ بەرەو پێشەوە هاتن؛ ئامەی وەڵێوە ‹دو قدم جلو بیا: دوو هەنگاو بێرە بەرەوە› ٢. هاتنە پێشەوە؛ هاتنە بەرەوە ‹ساختمان نیم متر توی پیادەرو جلو آمده بود: خانووەکە نیو میتر لە پیادەڕەوەکە هاتبووە پێشەوە› ٣. کەوتنە بەرەوە؛ پێشڕەوت کردن ‹مدتی با هم کار کردیم درسش جلو آمد: ماوەیەک پێکەوە کارمان کرد دەرسەکەی کەوتە بەرەوە›.

جلو افتادن: کەوتنە پێشەوە؛ پێشکەوتن: ١. کەوتنە بەر؛ لە چاو کەسێ یان شتێکی تر لە پێشەوە بوون ‹آزاد خیلی زود از همه‌ی ما جلو افتاد: ئازاد زۆر زوو کەوتە پێش هەموومانەوە›: **جلو زدن** ٢. وەپێش کەوتن؛ کەوتنە بەر؛ کەوتەی وەڵێ ‹پدرم جلو افتاد و ماهم دنبالش: باوکم کەوتە بەر و ئێمەش بە دوویدا› ٣. *[مجازی]* دەس دانەبەر؛ وە پێش کەوتن.

جلو انداختن: خستنە بەرەوە: ١. دانەبەر؛ خستنە پێشەوە؛ وەبەر خستن ‹گوسفند را جلو انداخت و با خود برد: مەڕەکەی دایە بەر و لەگەڵ خۆیدا بردی› ٢. *[مجازی]* خستنە پێشەوە؛ بوونە هۆی خێرایی یان پێشکەوتن ‹فروش رفتن خانه کارمان را جلو انداخت: فرۆشرانی ماڵەکە کارمانی خستە بەرەوە› ٣. کورت کردنەوەی ماوەی کارێک ‹کار مرا جلو بینداز: کارەکەی من بخە بەرەوە›.

جلو توپچی ترقه درکردن: *[کنایی]* درۆ بە لای هاوشاریەوکردن؛ کاری گۆترە و بێهۆ کردن: **جلو لوطی پشتک زدن**

جلو رفتن: چوونە پێشەوە؛ چوونە بەرەوە؛ لوای وەرەوە؛ ئەونوا چوون؛ وەرەوە لوەی.

جلو زدن ☜ **جلو افتادن ـ ١**

جلو کسی/ چیزی ایستادن: ١. لە بەر کەسێک/ شتێکەوە ڕاوەستان؛ لە بەرانبەر کەسێکەوە وەستان ‹ایستاد جلوی پنجره: لە بەر دەلاقەکە ڕاوەستا› ٢. لە بەرانبەر کەسێ/ شتێکەوە وەستان/ ویسیانەوە/ باشاری کردن ‹جلو دشمن ایستاد: لە بەرانبەر دوژمنەوە وەستا›.

جلو کسی درآمدن: ١. بەر بە کەسێ گرتن؛ لە بەرانبەریەوە دەرکەوتن ‹از پسکوچه‌ها رفتم و سر

چهارراه جلوش درآمدم: بە کۆلانە تەنگەکانا چووم و لە سەر چوارڕێیانەوە بەرەم پێ گرت› ٢. [مجازی] لە بەرانبەر کەسێکەوە وێستانەوە؛ ڕاسبوونەوە.

جلو کسی دکان باز کردن: [کنایی] لەگەڵ کەسێکدا دژبەرایەتی کردن.

جلو لوطی پشتک زدن ☜ **جلو توپچی ترقە درکردن**

جلو نوبەای/ تبدار خربزە خوردن: [کنایی] کەسێک خستنە سەر هەتەر؛ لای کەسێک کاریَ کردن کە بیخاتە فەرتەنەوە.

جلوئی / celo'î, colo'î/: [ترکی] ☜ **جلویی**

جلوباز / celowbāz, colow-, celo:-/: [ترکی/ فارسی] صفت. بەرباز؛ بەرتاک؛ وەرواز: ١. دەمتاک؛ لە پێشەوە ئاواڵە ‹کفش جلوباز: کەوشی بەرباز› ٢. جلکێ کە لە پێشەوە بکرێتەوە. بەرانبەر: **جلوبستە** ‹پیراهن جلوباز: کراسی بەرتاک›.

جلوبستە / celowbaste, colow-, celo:-/: [ترکی/ فارسی] صفت. بەربەسراو؛ بەربەسیاگ: ١. بە بێ ئاواڵەیی لە پێشەوە ‹کفش جلوبستە: کەوشی بەربەسراو› ٢. بە بێ دوگمە یان زیپی بەرەوە. بەرانبەر: **جلوباز** ‹پیراهن جلوبستە: کراسی بەربەسراو›.

جلوبند / celowband, colow-, celo:-/ ، ـها/: [ترکی/ فارسی] اسم. جلەوبەندساز؛ وەستاکاریَ کە جلەوبەندی ماشێن دروست دەکاتەوە.

جلوبندی / celowbandî, colow-, celo:-/: [ترکی/ فارسی] اسم. جلەوبەندی؛ بەشێ لە ماشێن بریتی لە جابەفەرمان و سەگدەس و ئەکسێل.

جل و پلاس / col-o-palās/: [عربی/ فارسی] اسم. [تعریض] کەلوپەل؛ کەلپەل؛ شڕ و شاتاڵی نێو ماڵ، بەتایبەت ژێرخەر و جلوجێوان.

▣ **جل و پلاس خود را پهن کردن:** [کنایی] کەلپۆسی خۆ بە عەرزێدا دان؛ بەرە شڕەی خۆ ڕاخستن؛ (خۆ) داکوتان؛ جێ لێ خۆش کردن؛ نیشتەجێ بوون؛ دامەزران ‹آمد و جل و پلاس خودش را در خانەی ما پهن کرد: هات و کەلپۆسەکەی لە ماڵی ئێمەدا بە ئەرزدا دا›.

جل و پلاس خود را جمع کردن: [کنایی] بارگە و بنە پێکەوەنان؛ بەرە شڕەی خۆ کۆ کردنەوە؛ شەنگەشڕە جەمکردنەوە؛ بار و بنە پێچانەوە؛ بە مەبەستی جێهێشتنی جێگایەک، کەلوپەلی خۆ کۆکردنەوە ‹دیروز جل و پلاسش را جمع کرد و رفت: دوێنێ بارگە و بنەی پێکەوەنا و چوو›.

جل و پلاس کسی را بیرون ریختن: [کنایی] شڕ و بڕەی کەسێ خستنە دەرەوە ‹اگر تا آخر این هفتە اجارە را ندهی جل و پلاست را می‌ریزم بیرون: ئەگەر تا ئاخر ئەم حەوتەیە کرێکەت نەدەی شڕ و بڕەکەت دەخەمە دەرەوە›.

جلوت / calvat/: [عربی] اسم. [ادبی] ڕاشکاوی؛ ئاشکرایی؛ ئاشکاری؛ دیاری. بەرانبەر: **خلوت**

جلوجلو / celowcelow, colowcolow, celo:celo:/: [ترکی] قید. [گفتاری] پێشاوپێش؛ پێشووتر؛ زووتر؛ لە پێشەوە؛ لە پێشدا؛ وەڵێنە؛ لە بەرەوە ‹جلوجلو همسایەها خبر شدە بودند: پێشاوپێش دراوسێکان ئاگادار ببوون›.

جلوخان / celowxān, colow-, celo:-/ ، ـها/: [ترکی/ فارسی] اسم. پێشدرگا؛ ژێردالان؛ پێشخانە؛ بەر دەرگای چوونە ژوور کە هێندێک چووبێتە پێشەوە یان سەری داپۆشرابێت.

جلودار / celowdār, colow-, celo:-/ ، ـها؛ ـان/: [ترکی/ فارسی] اسم. جلەودار: ١. [نظامی] دەستەیەک کە لە پێش هێزی چەکدارانەوە دەڕۆن ٢. [قدیمی] هەوسارگر/ کێش؛ نوداکێش؛ جلەوکێش؛ جلەووار؛ جلەودار؛ بەرگر؛ کەسێ کە لە پێشەوەی سوارەوە دەچوو و هەوساری ئەسپەکەی دەگرت و ڕێنوێنی دەکرد ٣. پێشگر؛ بەرگر؛ بەرهەڵست؛ گەپل؛ ئەوەی لە کاری کەسێ بەرگری دەکا.

▣ **جلـودار كـسى نـشدن:** *[گفتـارى]* دەرەقـەت كەسێ نەهاتن؛ دەرۆستى كەسـێک نـەهاتن؛ دەروەن كەسێ نەهاتن؛ چار كەسێ نـەكردن؛ بەرى كەسێ پێنەگيران.

جل‌وزغ / colvazaq ، ـها/: [عربى/ فارسى]*اسم.* *[گفتـارى]* كـەز؛ كـەزى؛ قـەوزە؛ قـۆزە؛ كـەفزە؛ جلشين؛ جـەلاوى؛ گـاوک؛ قـەوزەى سـەراوان؛ ورديلە گيايەكى پێكەوە لكاوە كـە لـە سـەر ئـاو يان بەردەوە دەبينرێ.

جلوس / culûs, colûs/: [عربى]*اسم.* *[ادبى]* كـار يان ڕەوتى لە بان شـتێكەوە دانيـشتن؛ ڕوونـان؛ ڕۆنيـشتن؛ نيـشتن؛ ئەرەنيـشتەى؛ نيـشتەيرە. هەروەها: **جلوس كردن**

جلوگيرى / -:celowgîrî,colow-,celo/: [تركى/ فارسى]*اسم.* بەرگرى؛ كار يا ڕەوتى بـەرگرتن لـە ئەنجامدانى كارێ يا قۆميانى ڕووداوێ ‹جلوگيرى از دعوا: بەرگرى لـە شـەڕ›. هـەروەها: **جلـوگيرى كردن**

جلوه / celve/: [عربى]*اسم.* دياردى: ١. كار يان ڕەوتى دەركەوتن و سەرنج بەرەو خـۆ ڕاكێـشان ‹ماه از گوشەى افـق جلـوه كـرد: مانـگ لـە سـووچى ئاسۆوە دياردى‌دا› ٢. /ـها/ ئـەوەى دەبێتـە هـۆى هـۆگرەتى و سـەرنج‌ڕاكێـشى ‹عكـس مـاه در آب جلـوەى خاصـى داشـت: وێنـەى مانـگ لـە ئاوەكـەدا دياردیەكى تايبەتى هەبوو›.

▣ **جلـوه دادن:** نوانـدن؛ نيـشاندان؛ نمانـاى؛ ئرمانەى.

جلوه داشتن: بەرچاو بـوون/ گـرتن؛ بـەنموون بوون؛ چاو ڕفێن بوون؛ خـاوەن تايبەتمەنـدى سەرنج بەرەو لاى خۆ ڕاكێشان.

جلـوه فـروختن: خـۆ نوانـدن؛ وێ ئرمانـەى؛ دەعيە و دەمار فرۆشتن.

جلوه كردن: ١. دياردى/ ديارى دان؛ كەوتنـە دەرەوە؛ ئاشـكرا بـوون ٢. سـەرنج ڕاكێـشان؛ كەوتنە بەرچاو.

جلـوه‌گـر / celvegar/: [عربـى/ فارسـى] *صـفت.* ئاشكرا؛ ديارـدە؛ پـەيا ‹سـرانجام مهتـاب از پـشت درختان جلـوه‌گـر شـد: ئـاخرى مانگەشـەو لـە پـشت دارەكانەوە ئاشكرا بوو›.

جلوه گـرى / celvegarî/: [عربـى/ فارسـى]*اسـم.* دياريدەرى: ١. دۆخ يان چۆنيـەتى دەركـەوتن؛ دياريدەر بوون ٢. كار و ڕەوتى خۆ نوانـدن؛ خـۆ نيشاندان؛ سەرنجى بينەر بۆ لاى خۆ كێشان.

جلوى[1] / celovî, colovî/: [تركى]*صفت.* بـەروو؛ بەرەوە؛ بەرگين؛ بەرين؛ پێشوو؛ وەڵين؛ ئەوى لە پێشەوەيە ‹چرخ جلوى پنچر شـد: تەگـەرەى بـەروو پەنچەر بوو›: **جلويى**

جلوى[2] / ـها/: *ضمير.* بـەروو؛ بـەرگين؛ بـەرين؛ پێشەوە؛ پێشوو؛ وەڵـين؛ ئـەوەى لـە بەرەوەيـە ‹جلوى پنچر شد: بەروو پەنچەر بوو›: **جلويى**

جلويى / celoyî, coloyî/: [تركـى] ☜ **جلـوى: جلوئى**

جلى / calî/: [عربـى] *صفت.* *[ادبى]* ئاشـكرا؛ ديـار؛ دياريدەر؛ پەيا؛ بەرچاو؛ ڕوون.

جليتقه / celîtqe/: [تركى] ☜ **جليقه**

جليس / calîs/: [عربـى]*اسـم.* *[ادبـى]* هاونـشين؛ هاودەم.

جليقـه / celîqe ، ـهـا/: [تركـى]*اسـم.* جليـسقە؛ جليقە؛ جليتقە: ١. چـۆخ؛ پەسـتەک؛ فەرمانـە؛ كنجى بێ‌قۆڵى بەرباز ٢. وەها پۆشەنێک كە بـۆ خـۆ پاراسـتن دەيپۆشـن ‹جليقـەى ضـدگلوله: جليسقەى گوللەنەبڕ› * **جليتقه**

▣ **جليقــەى ضــدگلوله:** جليقــەى گوللەنەبــڕ؛ جليقەيەک كـە لـە ژێـر جلـەوە دەيپۆشـن و گوللە كارى لێ‌ناكا.

جليقـــەى نجـــات: جليـــسقەى نـــەجات؛ جليسقەيەک كـە بـاى تێدەچێ و لـە كـاتى پێويستدا بۆ پاراستن لە خنكان يـان كـوتران دەيبەستن.

جليل / calîl/: [عربى] *صفت.* *[ادبى]* ١. مـەزن؛

مــازن؛ گــەورە؛ بــەڕێز؛ ڕێــزدار ۲. شــکۆدار؛ خاوەن‌شکۆ.

جليل القدر / calîlolqadr/: [عربی] *صفت. [ادبی]* ۱. پایەبەرز؛ بلندپایە؛ پلە بەرز ۲. بەڕێز؛ هێژا.

جم / com/: *اسم. [گفتاری]* جوولـە؛ جـم؛ جـوو؛ فزە؛ فز؛ فززە؛ تەکان؛ جمس؛ جمسک.

◘ **جـم خـوردن:** جوولیانــەوە؛ جوولــیانەوە؛ جوولیایوە؛ تەکان خواردن؛ جم خواردن؛ فـزە کردن؛ بزووتن؛ جمین؛ جوین؛ جمەی.

جمـاد / camād ، ـات/: [عربـی] *اسـم.* کـرەک؛ نــەجوول؛ بــێ‌جوولــە؛ تــەنێ کــە لــە تایبەتمەندیەکانی ژینـەوەران ـ نـەخوازا ژیـان، گەشە و زا و زێیی ـ بێ بەشە.

جمادات / camādāt/: [عربی] *اسم.* نـەجوولان؛ یەکێ لە سێ زنجیرەی سەرەکی بوونەوەران کە بریتیە لە هەموو تەنە بێ‌گیانەکان.

جمادي‌الاول / -camādîyalavval, camādel/: [از عربی] ☜ **جمادی‌اوّل**

جمادي‌الثـاني / -camādîyassanî, camādis/: [از عربی] ☜ **جَمادی‌ثانی**

جمـادی‌اول / camādî'avval/: از عربـی] *اسم.* جەمادی‌ئەوەڵ؛ مانگی پێنجەم لەساڵی کـۆچی مانگی: **جمادي‌الاوّل؛ ج۱**

جمـادی ثـانی / camādîsānî/: از عربـی] *اسـم.* جەمادی‌سانی؛ مانگی شەشەم لە ساڵی کـۆچی مانگی: **جمادي‌الثاني؛ ج۲**

جمازه / cammāze ، ـها/: [عربـی] *اسـم.* وشـتری بەلەپا.

جماع / cemā'/: [عربی] *اسم.* سـەرجێیی؛ کـاری ڕازان؛ جــووت بــوونی ژن و پیــاو بــە نیــازی جینسی.

جماعات / camā'āt/: [عربی] ☜ **جماعت**

جماعت / camā'at ، ـها؛ جماعات/: [عربـی] *اسـم.* ئاپۆرە: ۱. مەردم؛ خەڵک؛ خەڵـکی ۲. کۆمــەڵ؛ دەستە؛ گرۆ؛ پەل؛ گەل؛ کۆما.

جمـال / camāl/: [عربـی] *اسـم. [ادبـی]* جـوانی: ۱. ڕازاوەیی ‹در حکمت و علم است جمال تـن مـردم: لـە تێگەیـشتوویی و زانـستایە جـوانی بـۆ لەشـی خەڵـکی› ۲. خوجــوانی؛ زەریفــی؛ ســپەهی؛ جوانخاسی؛ خۆشیکی؛ خۆشـکۆکی؛ خـشکۆکی؛ شەنگی؛ قۆزی ‹بدین کمال نباشد جمال انسانی: بـەو پلە و پایە ناگا هـەرگیز جوانــی مـرۆ› ۳. *[مجـازی]* ڕوومەتی جوان؛ زەریف؛ خوجوان.

جماهیر / camāhîr/: [عربی] *اسـم.* ۱. جمـعِ ☜ **جمهور** ۲. جمعِ ☜ **جمهوری**

جماهیری / camāhîrî/: [عربی] *صفت.* کۆمـاری؛ خەڵکی؛ کۆمەڵی؛ جڤاتی؛ مەردمی.

◘ **اتحاد جماهیری** ☜ **اتّحاد**

جمبــوری / cambûrî ، ـهـا/: [انگلیـسی] *اسـم.* گهـانی؛ جـڤاتی نێونەتــەوەیی؛ کـۆ بوونــەوەی گەورەی نێونەتەوەیی.

جمجمه / comcome/: [عربی] *اسم.* ئێـسکەسەر؛ کەللەسەر؛ قاف؛ قاپیلکەسەر؛ قـاقلۆک؛ قـەحف؛ کاپۆل؛ کاپۆڵ؛ کەپۆلە؛ کـەپوو؛ کاپۆلـک؛ کـات؛ کاتات؛ کاتک؛ کاژە؛ کاژەڕە؛ کاژەڵـە؛ کـاژەلاک؛ کافا؛ کـاکۆت؛ کۆلـۆخ؛ کـاجیر؛ کاجیـڕ؛ پیـت؛ قەحفی سەر؛ کاسـەی سـەر کـە لـە مـرۆدا لـە هەشت ئێسک پێکهاتووە.

جمجمـه‌شناسـی / comcomešenāsî/: [عربـی/ فارسی] *اسم.* کاپۆلناسی؛ زانستێ کە لە جیـاوازی ئەنـدازە، بـیچم و ڕێـژەی کاپۆڵـی ڕەگەزگـەلی جۆراوجۆری مرۆ دەکۆڵێتەوە.

جمع [1] / cam' ، ـها/: [عربی] *اسم.* کۆ؛ کـۆم؛ گـرد: ۱. کۆڕ؛ کۆمەڵەیەک بریەتی لە چەن کەس یان چەن شت ‹جمع دوستان: کۆڕی دۆستان› ۲. جەم؛ جەمع؛ یەکێ لە چوار کاری سـەرەکی حیـساب ۳. سەرجەم؛ سەرکۆ؛ گردپـەڕ؛ کۆمـە ٤. کـاری کـۆ کردنــەوە؛ گلێرکردنــەوە ‹جمـع ثـروت: کـۆ کردنەوەی دارایی›.

◘ **جمع اضداد:** کۆی دژان؛ کۆ بوونەوەی شتانی

دژ به یەک لە جێیەکدا.

جمعِ کل: گرد؛ کۆی گشت؛ کۆی چەن کۆ.

جمع مکسّر: کۆی شکاو؛ جۆرێک شێوەی کۆکردنەوە لە زمانی عەرەبیدایە کە دەبێتە هۆی گۆڕانی بیچمی وشەکە (وەک: کۆی «عامل» کە دەبێتە «عَمَلە»، یان کۆی «ذخیره» دەبێتە «ذخایر»).

جمع[2]: *صفت.* کۆ؛ جەم؛ جەمەوکراو؛ کۆوەبوو لە جێیەکدا.

▣ **جمع آمدن** ☜ **جمع شدن ـ۱**

جمع آوردن ☜ **جمع کردن ـ۱**

جمع بستن: ۱. *[دستور]* کۆدان؛ کۆوەدان؛ بە شێوەی ناوی کۆ بە کارهێنان ‹برای جمع بستن جانداران «ان» به کار می‌برند: بۆ کۆدانی گیانداران «ان» دادەنێن› ۲. *[حساب]* کۆ کردنەوە؛ کۆوەکردن؛ ئەنجامدانی کاری کۆ.

جمع بودن: جەم بوون: ۱. کۆ بوون لە جێیەکدا ‹همه توی خانه‌ی ما جمع بودند: هەموو لە ماڵی ئێمەدا جەم ببوون› ۲. لە جێ خۆ بوون؛ لە سەر جێ بوون ‹حواست جمع باشد: بیرت لە جێ خۆی بێ›.

جمع زدن: کۆکردنەوە؛ لێک کۆکردنەوە؛ ئەنجامدانی کاری کۆ؛ بە دەسهێنانی ئەنجامی کۆکردنەوەی چەن هەند ‹این ستون را جمع بزن!: ئەم ئەستوونە لێک کۆکەوە!›.

جمع شدن: ۱. کۆ بوونەوە؛ کۆوە بوون؛ گرد بین؛ ڤەجەمین؛ ڤەجەمیان؛ جڤات کرن؛ گلێر بیەیوە؛ لە جێیەک و لە لای یەکدا مانەوە ‹توی خانه‌ی آزاد جمع شدیم: لە ماڵ ئازاددا کۆ بووینەوە›: **جمع آمدن** ۲. کۆ بوونەوە؛ ڤەجەمین؛ ڤەجەمیان؛ پەنگ خواردنەوە؛ گرد بیین؛ بە شێوەی کۆما بە سەر یەکدا کەوتن ‹توی چاله آب جمع شده بود: لە چاڵەکەدا ئاو کۆ ببووەوە› ۳. چوونە یەک؛ کەم بوونەوەی بارستایی یان ڕووی شتێ (وەک بە هۆی سەرما یان گوشارەوە) ‹از سرما جمع شده بود: لە بەر سەرما چووبووەیەک›.

جمع کردن: کۆکردنەوە: ۱. ڤەجەماندن؛ ڤەهەواندن؛ ڕەبساندن؛ گردکردن؛ گۆجیان؛ گلێرەوەکەردەی؛ لە پاڵ یەکتردا دانان ‹مردم را دور خودش جمع کرد: خەڵکی بە دەور خۆدا کۆکردەوە›: **جمع آوردن** ۲. کۆما کردن؛ قەلاچین کەردەی؛ قەلاتەکردن؛ لە سەر یەک دانان ۳. هەڵگرتن؛ جەمەوکردن؛ ماشتنەوە؛ ماشتەیوە ‹پولها را از روی زمین جمع کردم: پارەکانم لە سەر زەوی کۆکردەوە› ٤. کۆ لێکدان؛ کۆ بەستنەوە؛ ڤەجەماندن.

جمع‌آوری / cam'āvarî, ca:māvarî /: [عربی/ فارسی]*اسم.* کار یان ڕەوتی کۆکردنەوە و بەرگری لە بڵاو بوونەوە یان پەرەگرتن ‹قرار است گدایان را از سطح شهر جمع‌آوری کنند: بڕیارە سواڵکەر لە نێو شاردا کۆکەنەوە›.

جمعاً / cam'an /: [عربی]*قید.* پێکەوە؛ بە یەکەوە؛ سەرهەم؛ سەرجەم؛ یەوە؛ تێکڕا؛ پێکڕا؛ وێکڕا ‹جمعاً چهار نفر بودیم: پێکەوە چوار کەس بووین›.

جمع‌بندی / cam'bandî, ca:m- ، ـها /: [عربی/ فارسی]*اسم.* گردوکۆ؛ کورت‌وکۆ؛ کار یان ڕەوتی کورت کردنەوە و بە ئەنجامگەیشتن لە سەرجەمی باس و بەڵگەکان ‹جمع‌بندی صحبت‌ها با شما: گردوکۆی قسەکان لە ئەستۆی ئێوە بێ›.

جمع‌پذیر / cam'pazîr, ca:m- /: [عربی/ فارسی] *صفت.* کۆوەگر؛ بە تایبەتمەندی یان توانای کۆوە بوون لە جێیەکدا یان پێکەوە. هەروەها: **جمع‌پذیری**

جمعداری / cam'dārî /: [عربی/ فارسی]*اسم.* ۱. کار یان ڕەوتی چاوەدێری لە ماڵ یان دارایی دامەزراوەیەک ۲. پلە و پایەی خاوەن کۆ. هەروەها: **جمعداری اموال**

جمع‌کننده / cam'konande ، ـها؛ ـگان /: [عربی/ فارسی]*اسم.* کۆکەرەوە؛ کۆوەکەر.

جمع‌ گرایی / cam'gerāyî/: [عربی/ فارسی] ☜ **کثرت‌گرایی**

جمع‌وجور / cam'-o-cûr/: [عربی/ فارسی] صفت. *[گفتاری]* ۱. جەم‌وجۆر؛ گرد(و)پڕ؛ کن‌کوو؛ قنج؛ پۆڕ ‹اتاق را جمع‌وجور کردیم: دیوەکەمان جەم‌وجۆر کرد› ۲. تەکووز؛ گیف؛ ئامادە؛ بەرهەڤ ‹همه چیز جمع‌وجور است: هەموو شتێ تەکووزە› ۳. ڕێک‌وپێک ‹خانەی جمع‌وجوری داشت: خانوویەکی ڕێک‌وپێکی هەبوو›.

▣ **جمع و جور کردن**: ڕێک‌وپێک کردن؛ هەڵپەرتاوتن؛ هەڵوەژارتن؛ پەسینەی؛ پەسارنایوە ‹فردا مهمان داریم، باید خانه را جمع‌وجور کنیم: سبەینێ میوانمان هەیە، ئەبێ خانووەکە ڕێک‌وپێک کەین›.

جمعه / com'e، ـها/: [عربی]/اسم. هەینی؛ ئەینی؛ هەینۆ؛ هەنی؛ هەینوو؛ ئین؛ یەنە؛ جومعە؛ ناوی ڕۆژی حەوتەم (و دوایین ڕۆژ)ی حەوتەی ئێرانی: **آدینه**

جمعه‌بازار / com'ebāzār، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. جومعەبازاڕ؛ بازاڕێ کە لە ڕۆژی هەینیدا دادەمەزرێ.

جمعه‌شب / com'ešab، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. شەوی دوای ڕۆژی هەینی؛ شەوی شەممە.

جمعی [1] / cam'î/: [عربی] صفت. کۆمەڵی؛ کۆمەڵەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە کۆمەڵێک ‹وظایف جمعی: ئەرکی کۆمەڵی›.

جمعی [2]: قید. بەگشتی؛ پێکەوە؛ پێکڕا؛ تێکڕا؛ سەرجەم؛ بەگەل؛ یۆوە؛ بە شێوەی کۆمرەیی ‹جمعی بلند شدیم و رفتیم پیش رییس: بەگشتی هەستاین و ڕۆیشتین بۆ لای بەرپرس›.

جمعی / cam'î:/: [عربی] ضمیر. کۆمەڵێک؛ تاقمێک؛ چینێ؛ پەلێ؛ پۆلێ؛ دەستەیەک؛ بەشێکی ناڕوون لەوەی کە ئاماژەی پێ‌دەکرێ ‹جمعی بلند شدند و رفتند: کۆمەڵێک هەستان و ڕۆیشتن›.

جمعیت / cam'îyyat/: [عربی]/اسم. ۱. ئاپۆرە؛ کۆمار؛ جەماوەر؛ حەشیمەت؛ جەمجاخ؛ هەموو خەڵک یان دانیشتوانی وڵات یان دەڤەرێک ‹جمعیت دنیا: ئاپۆرەی دنیا› ۲. ئاپۆرە؛ کۆمرە؛ کۆمای کەسانێ کە ناوچەیەکیان داگرتووە یان کۆمەڵەیەکیان پێکهێناوە ‹جمعیت زیر بیست سال: ئاپۆرەی ژێر بیست ساڵ› ۳. /ـها/ کۆڕ؛ ئەنجومەن ‹جمعیت پزشکان بدون مرز: کۆڕی بژیشکانی بێ‌سنوور› ٤. بار و دۆخ و چۆناوچۆنی کۆ بوون؛ جەم بوون ‹جمعیت خاطر: خاترجەمی›.

جمعیت‌شناسی / cam'îyyatšenāsî/: [عربی/ فارسی]/اسم. جەماوەرناسی؛ ئاپۆرەناسی؛ زانستی لێ‌ڕوانین و خۆندنەوەی جەماوەری مرۆڤ،پێکهاتە، گەشە و گۆڕانیان.

جمل / comal، ـها/: [عربی]*[نامتداول]* جمعِ ☜ **جمله**

جملات / comalāt/: [عربی] جمعِ ☜ **جمله**

جملگی [1] / comlegî/: [عربی/ فارسی] صفت. هەموان؛ گشتی؛ گردی؛ هەموو؛ جەمین؛ بە گشتیەوە ‹جملگی حاضران خندیدند: هەموو ئامادەبووان پێکەنین›.

جملگی [2]: قید. بەگشتی؛ هەموانی؛ گرد؛ هەموو؛ بە گشتیەوە؛ هەرهەموو؛ بە شێوەی گشتی ‹این حرف را جملگی پذیرفتند: بەگشتی ئەم قسەیان قەبووڵ کرد›.

جملگی [3]: ضمیر. هەموو؛ گشت؛ بەگشتی؛ تێکڕا؛ گرد؛ ویکڕا؛ پێکەوە ‹جملگی بلند شدیم و رفتیم: هەموو هەستاین و ڕۆیشتین›.

جمله [1] / comle، ـها؛ جملات؛ جُمَل *[نامتداول]*/: [عربی]/اسم. *[دستور]* ڕستە؛ هەڤۆک؛ یەکەی وتار کە لە باری واتاوە سەر بە خۆیە و لە وشە یان چەند وشەی پێوەندیداری ڕێزمانی پێکهاتووە.

▣ **جمله‌ی اخباری**: ڕستەی هەواڵی؛ ڕستەیەک کە هەواڵ لە شتێک دەدا: **جمله‌ی خبری**

جمله‌ی استفهامی ☜ **جمله‌ی پرسشی**

جمله‌ی اصلی ☜ **جمله‌ی پایه**

جمله‌ی التزامی: ڕسته‌ی ناسه‌ربه‌خۆ؛ ڕسته‌یه‌ک که کاری ئه‌گه‌ری تێدابێ (وه‌ک: اگر خورشید برآید: ئه‌گه‌ر خۆر ده‌رکه‌وێ).

جمله‌ی پایه: ڕسته‌ی بنه‌ما؛ ڕسته‌ی سه‌ره‌کی؛ ڕسته‌یێک که به ڕسته‌یه‌کی‌تر پڕ و پۆڕ ده‌بێته‌وه: **جمله‌ی اصلی**

جمله‌ی پرسشی: ڕسته‌ی پرسیاری؛ ڕسته‌ی پرسه‌کی؛ ڕسته‌یه‌ک که پرسیاری تێدایه (وه‌ک: آرام کجا بودی؟: ئارام له کوێ بووی؟): **جمله‌ی استفهامی**. هه‌روه‌ها: **جمله‌ی امری؛ جمله‌ی تمنایی؛ جمله‌ی خواهشی؛ جمله‌ی دعایی**.

جمله‌ی پیرو: ڕسته‌یه‌ک که بۆ ته‌واو کردنی ڕسته‌ی بنه‌ما ده‌گوترێ: **جمله‌ی تبعی**

جمله‌ی پیوسته: ڕسته‌ی لکاو؛ ڕسته‌یه‌ک که له‌گه‌ڵ ڕسته‌یه‌کی‌تردا، له باری وته یان ماناوه پێوه‌ندی هه‌بێ.

جمله‌ی تبعی ☜ **جمله‌ی پیرو**

جمله‌ی خبری ☜ **جمله‌ی اخباری**

جمله‌ی عاطفی: ڕسته‌ی هه‌ستی؛ ڕسته‌یه‌ک که هه‌ستێکی وه‌ک خۆشی، په‌سن، سه‌رسووڕمان، ئێش و... نیشان بدا.

جمله‌ی کامل: ڕسته‌ی ته‌واو؛ هه‌ڤۆکا سه‌رخۆ؛ ڕسته‌ی پڕ و پۆڕ. به‌رانبه‌ر: **جمله‌ی ناقص**

جمله‌ی معترضه: ڕسته‌ی ڕاژه‌یی؛ ڕسته‌یه‌ک که به شێوه‌ی ڕاژه له نێو وته‌دا ده‌گوترێ، به بێ ئه‌وه‌ی له باری ڕێزمانیه‌وه، له‌گه‌ڵ بابه‌ته‌که‌دا په‌یوه‌ندی هه‌بێ.

جمله‌ی ناقص: ڕسته‌ی ناته‌واو؛ ڕسته‌یه‌ک که به ته‌نیایی مانایه‌کی ڕوونی نه‌بێ و به ڕسته‌یێ‌تر واتاکه‌ی ته‌واو ببێ. به‌رانبه‌ر: **جمله‌ی کامل**

جمله[2]: *صفت. [ادبی]* گشت؛ گش؛ هه‌موو؛ گرد؛ سه‌رجه‌م؛ ته‌واو ‹جمله مردم: هه‌موو خه‌ڵک›.

جمله‌بندی / comlebandî ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* ڕسته‌به‌ندی: ۱. پێکهاته‌ی ڕسته ‹جمله‌بندی شما غلط است: ڕسته‌به‌ندی ئێوه هه‌ڵه‌یه› ۲. ڕسته‌سازی ‹بلد نیستم جمله‌بندی کنم: نازانم ڕسته‌به‌ندی بکه‌م›.

جمله‌پردازی / comlepardāzî ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* ڕسته‌ڕێسی؛ وتنی ڕسته‌ی ئاراسته و بێ‌ناوه‌رۆک.

جمله‌سازی / comlesāzî ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* ڕسته‌سازی؛ ڕه‌وتی درووس‌کردنی ڕسته.

جمنده / comande ، ـها؛ ـگان/: *اسم.* مێروو؛ جڕ؛ حه‌شه‌ره.

جمود / cumûd, comûd/: [عربی] *اسم.* ۱. ڕه‌قی؛ سفتی؛ سه‌ختی؛ وشکی ۲. کڕه‌کی؛ نه‌جووڵی؛ بێ‌جووڵه‌یی.

▣ **جمود فکری:** بیر وشکی؛ مێشک وشکی.

جمهور / comhûr ، جماهیر/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ۱. کۆمار؛ کۆمره؛ کۆمه‌ڵه ۲. خه‌ڵک؛ خه‌ڵکی؛ مه‌ردم؛ ئاپۆره؛ جه‌ماوه‌ر.

جمهوری / comhûrî ، ـها؛ جماهیر/: [عربی] *اسم. [ادبی]* کۆماری؛ جڤاتی؛ کۆمه‌ڵی؛ حکوومه‌تێ که سه‌رۆکی له لایه‌ن خه‌ڵکه‌وه هه‌ڵده‌بژێردرێ.

▣ **جمهوری اسلامی:** کۆماری ئیسلامی؛ حکوومه‌تێ که قانوونه‌کانی وه‌رگیراو له ئایینی ئیسلامه‌وه ده‌زانێ.

جمهوری توده‌ای/ خلق: کۆماری کۆمایی؛ کۆمارێ که ڕێبه‌رایه‌تی له ئه‌ستۆی کۆمه‌ڵ یان ڕێکخراوه‌یه‌کدایه.

جمهوری دمکراتیک: کۆماری دیمۆکراتیک؛ ده‌وڵه‌تی کۆماری به شێوه‌ی هه‌ڵبژاردنی ڕاسته‌وخۆ و کۆڕی قانووندانه‌ریانه‌وه.

جمهوری سوسیالیستی: کۆماری سوسیالیستی؛ کۆماری خاوه‌ن ڕێوشوێنی سه‌ر به سوسیالیزم.

جمهوری فدرال/ فدراتیو: کۆماری فدراڵی؛

کۆمـارێ کـه لـه چەنـد ئەیالـەتی سـەربەخۆ پێکهاتووە.

جمهوریت / comhûrîyyat/: [عربی]/اسم. کۆمار؛ کۆماری؛ جڤاتی؛ دوزەنەی جڤاتی؛ کۆمارەتی.

جمهوریخواه / comhûrîxāh، ـها؛ ـان/: [عربـی/ فارسی] صفت. کۆمـاریخواز؛ کۆمـاریواز؛ سـەر بـە ڕێخراوەی کۆماریخواز.

جمیـع / camî'/: [عربـی] صـفت. گـشت؛ گـش؛ هەموو؛ گرد؛ پاک؛ سەرپاک ‹جمیـع مـردم: گـشت خەڵکی›.

جمیعاً / camî'an/: [عربی] قید. بەگشتی؛ هـەمی؛ سەر لە بەر؛ تێکڕا.

جمیل / camîl/: [عربی] صفت. [ادبی] ۱. شـەنگ؛ شـەپال؛ جـوان؛ زەریـف؛ ڕوومـەت جـوان؛ خۆشیک؛ خوشکۆک؛ جوانخاس؛ کەلـەش؛ قـۆز ۲. باش؛ چاک؛ خاس؛ عال.

جن / cen(n)، ـها؛ اجنّه/: [عربـی]/اسم. جنۆکـە؛ جندۆکـە؛ جندووکـە؛ جنـد؛ ژنۆکـە؛ ئەجنـە؛ جوانەزما؛ جن؛ سەرکڕنیک؛ بوونەوەرێکی نەدیار کـە وا دیـارە هەڵـس‌ونـشتی وەک مرۆیـە و هێزێکی بە دەر لە سروشتی هەیە.

▣ **جن بوداده**: [مجازی] جنۆکە؛ چزلیک؛ مرۆی کورتەبالای بەونژمی زیتەڵ.

جن و بسم‌الله: [مجازی] مشک و پشیلە؛ کتـک و مشک؛ پشی و سەگ؛ کتـە و مـلە؛ کـارد و پەنێر؛ دوو کەس یان دوو شتی نەیار و دژ بـە یەک.

▣ **جـن تـوی جلـد کـسی رفـتن**: جـن کەسـێ پێکان؛ جنۆکە دەس لە کەسێ وەشاندن.

جنائی / cenā'î/: [عربی] ☜ **جنایی**

جناب / cenāb, canāb، ـان/: [عربی]/اسم. کاکـە؛ بەڕێز؛ گەورە؛ هێژا؛ جەناب؛ وشەی ڕێز گرتن لە گەورەکان.

▣ **جناب اشرف**: میرمەزن؛ وشەی ڕێزگـرتن بـۆ گـەورەپیاوانی حکوومـەتی و دەوڵـەمەندان: **حضرت اشرف**

جناب عالی ☜ **جنابعالی**

جنابـت / canābet/: [عربـی]/اسـم. [فقـه] لەش‌پیسی؛ کازێری؛ بێ غوسڵی.

جنابعالی / cenābālî, cenābe'ālî/: [عربی] ضمیر. بەڕێزتان؛ وشەی ڕێزلێنان و ڕەسمی بۆ بیسەری تاک ‹خدمت جنابعالی عرض می‌شود کـه...: خزمـەتی بەڕێزتان ڕادەگەیێندرێت کە ...›: **جناب عالی**

جنات / cannāt/: [عربی] جمعِ ☜ **جنّت**

جناح / cenāh، ـها/: [عربـی]/اسـم. ۱. لا؛ لایـەن؛ هەرکام لە دوو لایەنی چەپ یا ڕاستی مەیـدان، حەوش یا ماڵێک ‹از جناح راست حمله کرد: لـە لای ڕاستەوە پەلاماری دا› ۲. باڵ؛ هەرکام لە دوو باڵی چـەپ یـان ڕاسـتی گرووپێکـی ئەرتەشـی یـا وەرزشی ‹بازیکن جناح چپ: کایەکەری باڵی چەپ› ۳. باڵ؛ لایەن؛ هەرکام لە دوو لـەقی جۆراوجـۆر لە دەستە یان دامەزراوەیەکدا ‹جناح محافظـه‌کـار: باڵی پاوانخواز›.

جناح‌بندی / cenāhbandî، ـها/: [عربـی/ فارسـی] /اسم. لایەنکاری؛ دەستەبەشی لە نێوان گـرۆ یـان دامەزراوەییکدا.

جناحین / cenāheyn/: [عربی]/اسم. هـە ر دوولا؛ هەر دووباڵ.

جنازه / cenāze، ـها/: [عربی]/اسم. تەرم؛ مـەیت؛ جەنازە؛ کەلاخ؛ جەندەک؛ لاشەی مردوو.

جناس / cenās، ـها/: [عربی]/اسم. [بدیع] دوو یـا چەند وشە کە لە بـواری پیـت یـان خوێندنـەوە وەک یەک بن و لە مانادا جیاواز: **تجنیس**

▣ **جناس تام**: ئـەوەی لـە پیـت و خوێندنـەوەدا بەتەواوی وەک یەک بن، بـەڵام بـە دوو مانـا (وەک شێر «دڕندە» و شیر «بۆ ئاو»).

جناس خط: ئەوەی لە نووسیندا یەکسان و لـە خاڵدا جیاوازن (وەک ناز و باز).

جناس زایـد: جیناسـێ کـە تێیـدا وشـەیەک پیتێکی لە وشەکەی‌تر زیاتر بێ (وەک: سـەگ

و سەنگ).

جناس لفظ: ئەوەی لە نووسیندا جیاواز و لە خوێندنەوە وەک یەک بن (کە لە ڕێنووسی کوردیدا نەماوە، وەک: حیات و حیاط).

جناس مرکب: جیناسی لێکدراو؛ جیناسێ کە یەکێ لە دوو وشەکە سادە و ئەویتر لێکدراوە (وەک ڕێ بوار و ڕێبوار).

جناس ناقص: جیناسێ کە لە پیتەکاندا وەکوو یەک بن و لە خوێندنەوەدا جیاواز (کە ڕێنووسی کوردی نەیهێشتووە، وەک: گُل و گِل).

جناغ / cenāq ، ـها:/ *اسم.* چەڵەمە؛ چۆڵەمە؛ چەمەڵە؛ چۆڵەمێ؛ قەفەل؛ قەڵەمە: ١. ئێسکی چۆڵەمە. ٢. *[گفتاری]* چەڵەمەی مریشک.

▣ **جناغ شکستن:** ١. چەڵەمەشکانێ؛ چەڵەمەشکێنە؛ چلەمەشکانێ؛ چلەمەشکانە؛ چەڵەمە مارەی؛ جۆرە گرێویکی بە چەڵەمەی مریشکە کە ئەگەر یەکێ لە دوو لا شتێ بداتە دەستی ئەوی دیکەوە و ئەویش نەیژی «لەبیرمە»، بردوویەتەوە ٢. *[کنایی]* مەرج کردن؛ گرێو کردن.

جناغی / cenāqî:/ *اسم.* چەڵەمەیی؛ جۆرێ نەخشی وەکوو حەوت و هەشتی لە پەنای یەک: **جناقی**

جناقی / cenāqî ☜ **جناغی**

جنان / cenān:/ [عربی] جمعِ ☜ **جَنّت**

جنایات / cenāyāt:/ [عربی] جمعِ ☜ **جنایت**

جنایت / cenāyat ، ـها؛ جنایات:/ [عربی]/ *اسم.* جەنایەت؛ هۆقەبەر: ١. *[حقوق]* هەر کارێکی ناڕەوا وەکوو مرۆڤکوژی، دەسدرێژی و دزی کە شیاوی سزادانە ٢. *[مجازی]* مرۆکوژی ٣. *[مجازی]* کاری زۆر دزێو و ناڕەوا.

جنایت‌آمیز / cenāyatāmîz:/ [عربی/ فارسی] *صفت.* جەنایەتاوی؛ تێکەڵاو بە جەنایەتەوە.

جنایت‌پیشه / cenāyatpîše ، ـها؛ ـگان:/ [عربی/ فارسی] *صفت.* خووگرتوو بە جەنایەت کردنی جۆربەجۆر.

جنایتکار / cenāyatkār ، ـها؛ ـان:/ [عربی/ فارسی] *صفت.* جەنایەتکار؛ گاناوەر؛ بە کردەوەی جەنایەتکارانە (جنایتکار درحین فرار کشته شد: جەنایەتکارەکە لە کاتی هەڵاتندا کوژرا).

جنایتکارانه / cenāyatkārāne:/ [عربی/ فارسی] *صفت.* جەنایەتکارانە؛ بە کار و کردەوەی تێکەڵ بە جەنایەتەوە (رفتار جنایتکارانه: کردەوەی جەنایەتکارانە).

جنایی / cenāyî:/ [عربی] *صفت.* جینایی؛ پێوەندیدار بە جەنایەتەوە: **جنائی**

جنب / canb:/ *اسم. [کالبدشناسی]* پەردەسی؛ پەردەیەک کە سی دادەپۆشێ: **پردەی جنب**

جنب / cambe, canbe:/ [عربی] *حرف.* لای؛ پاڵی؛ بنچغی؛ تەنشتی؛ تەنیشتی؛ بنپاڵی؛ بندەسی؛ بندەستی؛ پەنای؛ ئالی؛ تەشکی؛ جمی؛ دەقی؛ کەناری؛ کنی؛ نکی؛ ڕەخی؛ جەمی؛ لاوی؛ قەراغی (دکان جنب سینما: دووکانی لای سینەما).

جنب / conob:/ [عربی] *صفت. [فقه]* لەش پیس؛ لەشچەپەڵ؛ غوسڵ لە سەر.

ـجنب / comb, conb:/ *پیوازە.* ـ ئاخێز؛ ـخێز؛ ـجووڵ؛ ـ جم؛ ـ بزۆ؛ ـ لەڤ؛ ـ لەوێن؛ جووڵەر (زودجنب؛ دیرجنب: زووئاخێز؛ دێرئاخێز).

جنبان[1] / combān, conbān:/ *صفت.* لەوێن؛ جووڵان؛ جووڵێن؛ لەقێن؛ بزوێن؛ جوێن؛ لەبت؛ بە جم و جووڵ.

ـجنبان[2]: *پیوازە.* ـ بزوێن؛ ـ جووڵێن؛ ـ جوێن؛ ـ لەقێن؛ ـ لەوێن؛ ـ نرڤێن؛ لەبتێن؛ جووڵێنەر؛ جمنەر (سلسله‌جنبان: زنجیرەبزوێن).

جنباندن / combāndan, conbāndan:/ *مصدر. متعدی.* // **جنباندی:** جووڵاندت؛ **می‌جنبانی:** دەجووڵێنی؛ **بجنبان:** بجووڵێنە// جووڵاندن؛ جووڵانن؛ جمەنە؛ هەژاندن؛ ڕاژاندن؛ هێژاندن؛ جووڵاندنەوە؛ هەژکاندن؛ هەرکاندن؛ بزاوتن؛

تەکان پێدان؛ لەراندن؛ ژەندن؛ ڕاتلەکان؛ ڕاتلەکاندن؛ تەکاندن؛ جوانن؛ شانین؛ فەهەژاندن؛ مەراندن؛ جماندن؛ جڤاندن؛ ڤرڤراندن؛ ڤەخوماندن؛ جەمقاندن؛ چەلکاندن؛ لەبتاندن؛ زیوانن؛ جوولنەی؛ ئەوەجوولنەی؛ جوولنایوە؛ لەقاندن؛ لڤاندن: ١. بە ڕاست و چەپ، بەر و دوا، یان سەروخواردا تەکان‌دان ‹دم جنباندن: کلک جوولاندن› ٢. بزواندن؛ جمنەی؛ جمنایرە؛ خستنە بزووتنەوە ‹او را از جایش جنباند: لە جێکەیدا بزواندی› ❋ **جنبانیدن**. هەروەها: **جنباندنی**

■ صفت فاعلی: **جنباننده** (جوولێنەر)/ صفت مفعولی: **جنبانده** (جوولێنراو)/ مصدر منفی: **نجنباندن** (نەجوولاندن)

جنبانیدن / combānîdan, conbānîdan/ ☜ **جنباندن**

جنبش / combeš, conbeš ، ـها/: اسم. کار یان ڕەوتی جوولانەوە؛ بزووتنەوە: ١. جوولە؛ بزاڤ؛ بزاو؛ لەبت؛ لەرە؛ ژیل؛ تەکان؛ جمشت؛ کار یان ڕەوتی گۆڕانی دۆخ یان شوێن؛ جمان؛ لڤین؛ نڕڤان ٢. کرد و خەباتێکی بە بەرنامە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان فەرهەنگی ‹جنبش ملی شدن نفت: بزووتنەوەی خۆماڵی بوونی نەوت›.

جنبشی / combešî, conbešî/: صفت. بزاوی؛ بزاڤی؛ جوولەیی؛ نڕڤانی ‹نیروی جنبشی: هێزی بزاوی›.

جنبنده / cambande, conbande ، ـها؛ ـگان/: اسم. [مجازی] جووقەوار؛ مشەکەر؛ زیندەوەر؛ گیاندار؛ گیانەوەر؛ گیانلەبەر؛ جوولەکەر؛ جانەوەر ‹در خیابان جنبنده‌ای دیده نمی‌شد: لە شەقامدا جووقەوارێک نەدەبینرا›.

جنب‌وجوش / comb-o-cûš, conb- ، ـها/: اسم. [مجازی] جم و جوول؛ گل‌وخول؛ چەرخ و خول؛ هەڵسووڕـداسووڕ؛ جوولانەوەی زۆر.

جنبه / cambe, canbe/: [عربی] اسم. بار: ١. ـها/ لایەن؛ تایبەتمەندییەک لە چۆناوچۆنی شتێکدا ‹جنبەی هنری: باری هونەری› ٢. ـها/ لایەن؛ جێگای ڕوانین لە شتێ ‹جنبه‌های مختلف این کار را بررسی کنید: بارە جۆراوجۆرەکانی ئەم کارە لێکدەنەوە› ٣. [گفتاری] خۆی هەڵگرتن؛ ژێهاتی بۆ هەبوونی شتێ ‹با کسی‌که جنبه ندارد شوخی نکن: لەگەڵ کەسێ کە هەڵناگرێ گەمە مەکە›.

جنبی / cambî, canbî/: [عربی] صفت. تەنشتی؛ کەناری: ١. بوون لە پاڵ یان کنی شتێکەوە ‹مغازه‌ی جنبی: دووکانی کەناری› ٢. [مجازی] لاتەکی؛ ناسەرەکی؛ پەراوێزی.

جنبیدن / combîdan, conbîdan/: مصدر. لازم. // **جنبیدی**: جوولایەوە؛ **می‌جنبی**: دەجوولێیەوە؛ **بجنب**: بجوولەوە// جوولانەوە؛ جوولان؛ جوولیان؛ جڤان؛ جمەی؛ جمای؛ لەڤین؛ لڤین؛ لڤیان؛ لەقین؛ لپان؛ لەخشان؛ چەلکین؛ ڤرڤرین؛ وەرزین؛ وەرزان: ١. جمیاین؛ لە جێگەی خۆدا تەکان خواردن ‹شاخه‌ها می‌جنبیدند: لقەکان دەجوولانەوە› ٢. بزووتن؛ نڕڤان؛ لەبتین ‹یک وجب هم از جایش نجنبیده: بستێکیش لە جێگاکەی نەجوولاوەتەوە› ٣. [مجازی] کوشبوون؛ کار یان تێکۆشان ‹تا فرصت هست باید بجنبی: تا دەرفەت هەیە دەبێ بجوولێیەوە› ٤. [مجازی] پەلەکردن؛ جمایوە؛ جمایرە ‹بجنب که دیر شد: بجوولەوە دیرە›.

■ صفت فاعلی: **جنبنده** (ـــ)/ صفت مفعولی: **جنبیده** (جووڵاو)/ مصدر منفی: **نجنبیدن** (نەجوولان)

جنت / cannat ، جنّات؛ جنان/: [عربی] اسم. [ادبی] بەهەشت؛ بەهشت؛ باغاتی خودا لەو دونیادا.

جنتلمن / centelman ، ـها/: [انگلیسی] صفت. پیاوماقووڵ؛ ڕێزدار؛ ئاغا؛ پیاوی بەڕێز.

جنت‌مکان / cannatmakān/: [عربی] صفت. بەهەشتی؛ ماڵ لە بەهەشت.

جنجال / cancāl ، ـها/:اسم. زلە؛ زەنازەنا؛ قاڵ؛ سمڕ؛ حەمەرەمزێ؛ مەعرەکە؛ گۆمەڵ؛ حولەسێ؛ خروجز؛ گۆنگەر؛ حەلەلا؛ هەڵلا؛ هەراوهۆریا؛ هەراهەرا؛ هەراوهوولا؛ هەرەومەزات؛ هەلاـ هەلا؛ هەڵلاـ هەڵلا؛ گورە و هەرا؛ چەقە و گورە؛ چەقەوهەرا؛ چەقەچەق؛ هەلمەلە؛ گێرە ونێرە؛ جەنجاڵ؛ سنگەسنگ؛ سرمەسرم؛ هرۆگالە؛ قیرەقیر؛ مورپەمورپ؛ گورەگور؛ قالمەقاڵ؛ قاوقوو؛ قاوقرشیک؛ شەڕ و ئاژاوە وێرای دەنگ و دۆر و بشێوە ‹جنجال این زن و شوهر تمامی ندارد: هەرا و هۆریای ئەم ژن و شووە نابڕێتەوە›.

⊡ **جنجال بە پا کردن:** هەراهەرا کردن؛ هەراوهوریا سازکردن؛ قالەمەقاڵ کردن؛ جەنجاڵ وەشکەردەی؛ ئاژاوەگێران؛ ئاژاوە نانەوە.

جنجال آفرینی / cancālāfarînî ، ـها/:اسم. هەڵلاخۆشکەری؛ زلەنیوەیی؛ کار یان ڕەوتی هەرا و هوریا پێکنان. هەروەها: **جنجال آفرین**

جنجالی / cancālî/: صفت. هەڵلایی؛ گۆنگەری؛ سرمەیی؛ زلەیی: ۱. هۆی وەدیهاتنی ئاژاوە ‹خبرهای جنجالی: هەواڵی هەڵلایی› ۲. ئاژاوەچی؛ ئاژاوەگێڕ؛ جەنجاڵی؛ خوازیاری جەنجاڵ خۆشکردن ‹آدم جنجالی: مرۆی ئاژاوەچی›.

جنجر / cancar/: [؟] ☜ **جَرجَر**

جنحه / conhe ، ـها/: [عربی]/اسم. سووکەتاوان؛ کاری نارەوای سووکتر لە مرۆکوژی؛ ئاز و بەزی چکۆلە.

جند / cond ، جنود/: [معرب از فارسی]/اسم. [ادبی] ۱. لەشکر؛ سپا ۲. لەشکری؛ کەسێ کە لە نێو لەشکردایە.

جندبیدستر / condebîdastar/: [معرب از کردی/ فارسی] ☜ **بیدَستر**

جنده / cende ، ـها/:اسم. [گفتاری، مستهجن] جنێ؛ جندە؛ جنـنە؛ جوننە؛ قەحبە؛ سۆزانی؛ ژنی خراپکار.

جندەبازی / cendebāzî/:اسم. [گفتاری، مستهجن] جوننە/ جوندە/ جندەبازی؛ تێکەڵی لەگەڵ ژنانی خراپکاردا. هەروەها: **جندەباز**

جندەخانه / cendexāne ، ـها/:اسم. [گفتاری، مستهجن] جوننەخانە؛ جندەخانە؛ ماڵەجندە.

جن‌دیده / cendîde ، ـها/: [عربی/ فارسی] صفت. [مجازی] تۆقیو؛ زالەترەکیو؛ زاورچووگ؛ زەندەقچوو؛ زەنەقچووگ؛ زەنەقتۆقیو؛ زۆر ترساو.

جنرال / cen(e)rāl/: [فرانسوی] ☜ **ژنرال**

جن‌زده / cenzade ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. [فرهنگ‌مردم] جن‌پێکاو؛ جنۆکە لێداو؛ هەجننەپێکا؛ دەس لێوەشاو؛ دەس لێوەشیاگ؛ کەسێ کە وا دەزانرێ بە هۆی دەس پێگەیاندنی جنۆکەوە تووشی نەخۆشین هاتووە.

جنس / cens ، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. جنس؛ چییەتی یان چۆنیەتی بنەمایی ‹جنس این طلاست: جنسی ئەمە زێڕە› ۲. بابەت؛ چین؛ جۆر؛ وێنە؛ چین و توێژ؛ گرۆیەک کە خاوەن تایبەتمەندی هاوبەشن ‹از این جنس نمی‌خواهم: لەم بابەتەم ناوێ› ۳. جنس؛ هەر یەکە لە دوو دەستەی ژینەوەرانی نێرینە یان مێوینە ‹جنس نر؛ جنس مادە: جنسی نێر؛ جنسی مێ› ٤. [زیست‌شناسی] ڕەگەز؛ بەشێ لە پۆلبەندی گیانداران و گیانەوەران ۵. /آجناس/[گفتاری] کالا؛ پیتەوا؛ کەلوپەل؛ شتومەک؛ ماڵ ‹جنس اعلی: کالای هەرەباش›.

⊡ **جنس اعلا:** کالای هەرەباش؛ پیتەوای ڕەسەن.

جنس جور: کالای هەمە بابەت؛ پیتەوای هەمەجۆرە.

جنس دو پا: [تعریض] دەعبای دووپا؛ مرۆ؛ مرۆڤ؛ بەشەر ‹از جنس دوپا هر کاری برمی‌آید:

لــەم دەعبــای دووپایــە هــەموو کارێــک دەوەشێتەوە›.

جنس لطیف: *[کنایی]* ژن؛ ژەنی؛ زە؛ بنیـادەمی مێوینە.

▣ **جنس کسی خراب بودن:** لە بنـەوە لار بـوون؛ بەدفەڕ بوون؛ بـەوجنس/ بـەدجنس/ نـاجنس بوون: **جنس کسی خرده شیشه داشتن**

جنس کسی خردەشیشه داشتن ☜ **جنس کسی خراب بودن**

جنـــسی / censî/: [عربـی] *صـفت.* ١. جنـسـی؛ پێوەندیدار بە جنسەوە ٢. کالایی؛ شتومـەکی؛ پیتــەوایی ‹کمـک جنـسی: یارمــەتی کـالایی› ٣. زایەنـدی؛ سـەر بـە پێوەنـدی ژن و شـوویی ‹رابطەی جنسی: پێوەندی زایەندی›.

جنـسیت / censîyyat/: [عربـی] *اسـم.* چۆنیــەتی جنس بەتایبەت لە باری نێر یا مێ بوونەوە.

جنغولـکبـازی / canqûlakbāzî ، ـهـا/: *اسـم.* *[گفتاری]* جانقولیبـازی؛ قـەرەچیبـازی؛ ئاکـاری تێکەڵ بە فڕ و فێڵ و هەرا و هۆریاوە.

جنگ / cang ، ـها/: *اسم.* شەڕ: ١. جەنگ؛ هیجا؛ قــی؛ هــەلا؛ هــەرف؛ تەقــە و ڕەقــە؛ چۆنیــەتی پێکدادان؛ لێکدانی دوو ولات یان دوو هۆزی دژ بــە یــەک ‹جنـگ جهـانی: شــەڕی جیهــانی› ٢. مشتومڕ و گێرە وکێشەی نێوان دژبەران بـۆ دەس خستنی ئامانجێـک ‹جنـگ قـدرت: شـەڕی دەسـەلات› ٣. *[مجـازی]* کێـشە و هـەرا؛ شـەڕ و شۆڕ؛ شەڕ و هەرا؛ کێشە؛ داوا؛ سواژ؛ خـڕ و جـز ‹جنگ برسر ارثیه: شەڕ لە سەر میرات›.

▣ **جنـگ اتمـی:** شـەڕی ئـەتومی؛ شـەڕێ کـە چەکی کۆکوژی ئەتومی تێدا بە کـار ببرێـت: **جنگ هستەای**

جنـگ اعـصاب: هـەراـ هـەرا؛ گـرم و قـاڵ؛ قێرەقێر؛ زەناـ زەنا؛ ئاژاولـێ؛ کێـشمەکێش و هەراوهوریا و پێکدادانێ کە ببێتە هۆی ئازاری دەماری.

جنگ اعـلام نـشده: شـەڕی ناخـافڵ/ کتوپـڕ؛ شەڕێ کە بێ ڕاگەیاندن دەس پێکا.

جنـگ اقتـصادی: شـەڕی ئـابووری؛ کـەلێن خـستنە نێـو بـار و دۆخـی ئـابووری ولاتی دوژمنەوە.

جنگ بین‌الملل ☜ **جنگ جهانی**

جنگ بیولژیکی ☜ **جنگ میکروبی**

جنگ پارتیزانی ☜ **جنگ چریکی**

جنگ تن‌به‌تن: شەڕی دەسـتەویەخە؛ شـەڕێ کە شەڕکەران بەرەورووی یەک دەبنەوە.

جنـگ جهـانگیر شـەڕی دنیـاگر/ جـەهانگر؛ جەنگێ کە پەڕانپەڕی جیهان دادەگرێ.

جنـگ جهـانی: شــەڕی جیهــانی؛ شــەڕی نێونەتەوەیی؛ جەنگێ کە زۆربەی ولاتان پێـوە دەگلێن: **جنگ بین‌المللی**

جنـگ چریکـی: شـەڕی پـارتیزانی؛ لێـدە و دەرچۆ: **جنگ پارتیزانی**

جنــگ خــانگی: ١. ☜ **جنــگ داخلــی** ٢. ئــاژاوەی نــاوخۆیی؛ کێــشمەکێش و بەربەرەکانێی نێـوان ئەنـدامانی بنەماڵـە یـان تاقمێک.

جنگ خـروس: کەڵەشـێر بـازی؛ کەڵەشـێرە جەنگێ/ جەنگانی؛ شەڕە کەڵـەباب؛ لێکـدانی کەڵەباب.

جنگ داخلی: شەڕی ناوخۆیی؛ شەڕێ نێـوان خەڵکی ولات یان شارێک: **جنگ خانگی-١**

جنگ روانی: شەڕی ڕەوانی؛ کرد و کـۆش بـۆ ورەبردنی دوژمن و گۆڕینی بیر و بۆچوونی.

جنگ زرگری: *[کنایی]* شەڕە درۆینـە؛ شـەڕی درۆیی بۆ فریودانی کەسانیتر.

جنگ سرد: *[مجـازی]* شەڕی سارد؛ شـەڕی بـە بـێچـەک؛ دژمنایـەتیکـردن بـە هـەموو دەسەلاتەوە، بێجگە لە چەک.

جنگ شیمیایی: شەڕی کیمیایی؛ شـەڕێ کـە تێیدا لە چەکی کیمیایی کەڵک وەردەگرن.

جنگ فرسایشی: شەڕ بۆ تەزاندنی هێزی دوژمن و بەزاندنیان لە ماوەیەکی درێژخایەندا.

جنگ قدرت: شەڕی دەسەلات؛ شەڕ بۆ دەسکەوتنی هێز و دەسەلات.

جنگ مرزی: شەڕی سەر سنوور؛ شەڕەبڕە؛ شەڕێ کە لە سەر سنووردا دەقەومێ. هەروەها: **جنگ منطقه‌ای؛ جنگ محلی**

جنگ مغلوبه: *[کنایی]* شەڕی قورس؛ شەڕی توند و تیژ.

جنگ مکانیزه: شەڕی میکانیزە؛ شەڕ بە تۆپ، دەبابە و چەکی ماشینی هەمە جۆرەوە.

جنگ میکروبی: شەڕی میکرۆبی؛ شەڕی بایەلۆژی؛ شەڕ بە بلاوکردنەوەی نەخۆشین لە ناو دوژمندا: **جنگ بیولژیکی**

جنگ میهنی: شەڕی نیشتمانی؛ شەڕێ کە بۆ پاراستنی ولات و وەدەرنانی دوژمن ئەنجام دەدرێ.

جنگ هسته‌ای ☜ **جنگ اتمی**

از جنگ برگشته: *[کنایی]* دارزاو؛ کەلەلا؛ ورد و وێران.

جنگ / cong ، ـها/: *اسم.* جۆنگ: ١. کتێبی هەمە جۆرە ٢. بەرنامەی هەمە ڕەنگە (بەرنامەی ڕادیۆ، تەلەفیزیۆن و ڕۆژنامە).

جنگ‌آزموده / cangāz(e)mûde ، ـها؛ ـگان/: *صفت.* شەڕدیتوو؛ بەئەزموونی جەنگی ‹لشکر جنگ‌آزموده: لەشکری شەڕدیتوو›.

جنگ‌افروز / cangafrûz ، ـها؛ ـان/: *صفت.* شەڕاییسێن؛ ئاگرەگەشێ؛ شەڕخۆشکەر؛ شەڕهەلگرسێن؛ شەڕئاخێز؛ ئاژاوەچی؛ جنگن؛ ئاگرەونەر؛ بە توانایی یان وازی شەڕ هەلایساندن: هەروەها: **جنگ‌افروزی**

جنگ‌افزار / cangafzār ، ـها/: *اسم.* چەکەمەنی؛ جەنگامێر؛ ئامێری شەڕ؛ هەر چەشنە کەرەسەیەک بۆ شەڕ و پێکدادان.

▣ **جنگ‌افزار اجتماعی** ☜ اسلحه‌ی اجتماعی، **اسلحه**

جنگ‌افزار سبک ☜ اسلحه‌ی سبک، **اسلحه**

جنگال / cangāl/: [؟] *اسم. [مخفف]* چەکی ئێلێکترۆنیکی.

جنگاور / cangāvar ، ـها؛ ـان/: *صفت.* شەڕڤان؛ شەڕکار؛ شەڕکەر؛ جەنگاوەر؛ جەنگەران؛ جەنگەری؛ چەکداری بەشدار لە شەڕدا.

جنگجو[1] / cangcû ، ـها؛ ـیان/: *اسم.* شەڕکەر؛ جەنگی؛ کەسێ کە شەڕ دەکا ‹سه جنگجو آمدند: سێ شەڕکەر هاتن›.

جنگجو[2]: *صفت.* شەڕواز؛ جەنگی؛ جەنگەری؛ شەڕکەر؛ بە توانا بۆ شەڕ کردن ‹مردم جنگجو: خەلکی شەڕواز›.

جنگدیده / cangdîde ، ـها؛ ـگان/: *صفت.* شەڕدیتوو؛ کارامە لە شەڕدا ‹افسران جنگدیده: ئەفسەرانی شەڕدیتوو›.

جنگزده / cangzade ، ـها؛ ـگان/: *صفت.* شەڕاژۆ؛ شەڕ لێکەوتوو؛ زیان لێکەوتوو لە شەڕ ‹مردم جنگزده در شهرهای دیگر آواره شدند: خەلکی شەڕاژۆ ئاوارەی شارەکانی‌تر بوون›.

جنگل / cangal ، ـها/: [سنسکریت] *اسم.* ١. جەنگەل؛ لێڕ؛ لێڕەوار؛ ڕێل؛ گەبەلە؛ دارستان؛ دارسان؛ چوغور؛ چغر؛ چوغورد؛ هورمان؛ نزار؛ کێو و دەشتی داپۆشراو لە دار و دەوەن ٢. *[مجازی]* مال خەرات؛ هەلشێواو؛ شپرز؛ ئەوەی لە چڕی یان بێ‌دوزەنەییدا هەر وەک جەنگەل وایە.

▣ **جنگل مولا:** *[مجازی]* مال‌خەرات؛ شپرز؛ شلۆق پلۆق؛ هەلشێواو.

جنگلبان / cangalbān ، ـها؛ ـان/: [سنسکریت/ فارسی] *اسم.* مێشەڤان؛ مێشەوان؛ لێڕەوان؛ ڕێلڤان؛ جەنگەلوان؛ نزارەوان؛ ئاگاداری مێشە؛ کەسێ کە ئاگای لە لێڕەوارە: هەروەها: **جنگلبانی**

جنگلـداری / cangaldārî ، ـهـا/: [سنـسکریت/ فارسی]/اسم. مێـشەڤانی؛ دارسـتان‌وانی؛ زانـستی دانـان، وەبـەرهێنان، پاراسـتن و کەڵـگری لـە لێڕەوار.

جنگـل‌کـاری / cangalkārî ، ـهـا/: [سنـسکریت/ فارسی]/اسم. جەنگەڵـکاری؛ لێـڕەوارکاری؛ کـار، ڕەوت یان زانـستی کـێلانی داری جەنگەڵـی و بەرهەمهێنانی دارستان.

جنگلـی / cangalî ، ـهـا/: [سنـسکریت] صفت. ۱. جەنگەڵـی؛ لێـڕەواری؛ سـەر بـە دارسـتان ۲. [کنـایی] وەحـشی؛ کێفیلـە؛ کێـوی؛ دوور لـە شارستانیەت.

جنگنده / cangande ، ـها؛ ـگـان/: صفت. شەڕانی: ۱. خـاوەن هێـزی شـەڕکردن ‹ماشـین جنگنـده: ماشێنی شەڕانی› ۲. خاوەن لێ‌هاتوویی بۆ شـەڕ ‹هواپیمای جنگی: فڕۆکەی شەڕانی›.

جنگ‌وگریز / cang-o-gorîz ، ـها/:اسم. لێـدە و دەرچۆ؛ قنگەشەڕ؛ پەلاماردان و ڕاکردن.

جنگـی[1] / cangî/: صفت. جـەنگی: ۱. شـەڕانە؛ پێوەندیدار بە شەڕەوە ‹اوضاع جنگی: بار و دۆخـی جەنگی› ۲. بەکار هاتوو لە شەڕدا ‹سـلاح جنگـی: چەکی جـەنگی› ۳. شـەڕانی؛ جـنگن؛ توانـا لـە شەڕکردندا ‹مرد جنگی: پیاوی شەڕانی›.

جنگی[2]: قید. خێرا؛ گورج؛ ئازا؛ کرژ؛ جەنگی؛ زوو؛ بە تێزە؛ فرزێ؛ بە تونێکەو؛ بە پەلە ‹جنگـی بـرو و برگرد: خیرا برۆ و بگەڕەوە›.

جنگیدن / cangîdan/: مـصدر. لازم. //**جنگیـدی**: شەڕت‌کرد؛ **می‌جنگی**: شەڕ دەکـەی؛ **بجنـگ**: شـەڕ بکـە// ۱. شـەڕکـردن؛ بـە شـەڕ هـاتن؛ لێـک‌هەڵـپڕژان؛ بەلـشین؛ بەرزانـدن؛ گژیـەی؛ گژیای؛ لە شەڕ یـان پێکـدادانا بەشـداری‌کـردن ‹جنگیدن به خاطر میهن: شـەڕکردن بـۆ نیـشتمان› ۲. خەبات‌کردن؛ ململانێ‌کردن؛ بۆ گەیشتن بـە ئامانجێک لەگەڵ خەڵـکی‌تـردا بـە شـەڕ هـاتن ‹سالها برای گرفتن حقم جنگیدم: چەنای‌چەن ساڵ بـۆ گرتنی مافم خەباتم‌کرد›.

■ صفت فاعلی: **جنگنده** (شەڕکەر)/ صفت مفعولی: **جنگیده** (شەڕکردوو)/ مصدر منفی: **نجنگیدن** (شەڕ نەکردن)

جن‌گیر / cengîr ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسـی]/اسم. جن‌گر؛ جنەگر؛ کەسێ کە دەڵێ بە سـەر جنـدا دەسەڵاتی هەیە و فەرمانیان پێ‌دەدا. هەروەها: **جن‌گیری**

جنم / canam/:اسم. [گفتاری] وزە؛ هـاز؛ هـازی؛ توانایی؛ لێهـاتوویی ‹جـنم ایـن کـار را نـدارد: وزەی ئەم‌کارەی نیە›.

جنوب / cunûb, conûb, canûb/: [عربـی]/اسـم. ۱. باشـوور؛ ژێـروو؛ یـەکێ لـە چـوار لایـەنی سەرەکی؛ لایەک کە لە گاڤی نیوەڕۆژدا ڕۆژیاری لێ دەبینـدرێت؛ بەرامبـەری بـاکوور ۲. [کنـایی] ولاتە فەقیرەکان.

◘ **جنوب باختری** ☜ **جنوب غربی**

جنوب خاوری ☜ **جنوب شرقی**

جنوب شـرقی: باشـووری ڕۆژهـەلاتی؛ نێـوان باشوور و ڕۆژهەلات: **جنوب خاوری**

جنوب غربی: باشووری ڕۆژاوایی؛ نێوان باشوور و ڕۆژئاوا: **جنوب باختری**

جنوباً / cunûban, conûban, canûban/: [عربـی] قید. لە باشوورەوە؛ لە لای باشوورەوە ‹جنوباً محدود است به...: لە باشوورەوە بەسراوە بە...›.

جنوبگان / cunûbgān, conûbgān, canûbgān/: [عربـی/ فارسـی]/اسـم. ولاتی ڕچـاوی باشـووری؛ مەڵبەندانێ کە کەتوونەتە لای ژوورووی خولگـە (مەدار)ی ٦٥°ی باشووریەوە.

جنـــوبی / cunûbî, conûbî, canûbî/: [عربـــی] صفت. ۱. باشـووری؛ پێوەندیـدار یـان سـەر بـە باشـوورەوە ‹غـذای جنـوبی: چێـشتی باشـووری› ۲. هەڵکەوتوو لە لای باشووری شـوێنێکەوە ‹در جنوبی دانشگاه: دەرگای باشووری زانستگا›.

جنود / cunûd, conûd/: [عربی] جمعِ ☜ **جُند**

جنـون / cunûn, conûn/: [عربی]/اسم. شـێتی؛ لێوەیی؛ دیلی؛ دینی؛ دێوانەیی.

جنون ادواری: هەر یەکـە لـە نەخۆشـیگەلی ڕەوانی جۆراوجۆر کە لـە مەوداگـەلی کاتیـدا پەیتا‌ـپەیتا خۆیان دەردەخەن.

جنون جوانی ☜ **اسکیزوفرنی**

جنی / cennî ،ــ ها/: [عربی] صفت. ۱. خبـازۆ؛ جن‌پێکاو؛ دەس لێ‌وەشراو؛ دەس لـێ‌وەشـیاگ ۲. [مجازی] قەلْس؛ ڕکین؛ قیناوی؛ زۆر تووڕە.

جنین / canîn ،ـ ها/: [عربی]/اسم. [زیست‌شناسی] تۆل؛ پز؛ گۆدەک؛ پیزە؛ پێزی؛ پس؛ بەبلە؛ زایـە؛ بەر؛ بێزە؛ بار؛ لەمە؛ ساوای ناو سک؛ بوونـەوەری برپڕەدار کە هێشتا بۆ ژیان لە دەرەوەی پزدانـدا گەشەی نەکردووە.

جنـین‌شناسـی / canînšenāsî/: [عربـی/ فارسـی] ☜ **رویان‌شناسی**

جنینی / canînî/: [عربی] صفت. تۆلی؛ پزی؛ سەر بە دەورانی پێش لەدایک‌بوون.

جو / cav(v)/: [عربی]/اسم. ۱. تەوشـک؛ کـەش؛ حەوا؛ پۆشەنێکی گـازی دەورانـدەوری تـەنێکی ئاسمانی ۲. بەرگە هەوا؛ زەپۆش؛ بەرگـەبا؛ کـژ؛ کەش؛ تەوشک؛ کۆمای هەوایەک کە پەڕانپەڕی زەوینی داگرتووە؛ ئەتموسفیر ۳. [مجازی] کەش؛ بـار و دۆخ؛ هەسـت و هـەوای سـەپاو بـە سـەر شوێنێکدا ‹خواستم حرف بزنم دیـدم جـو اصلاً بـرای حرف زدن مساعد نیست: ویستم قسە بکەم دیتم بار و دۆخ بۆ قسە کردن باش نیە›.

جو / cow, co: ، ـها/: اسم. جۆ؛ جە؛ جەو؛ جوویە؛ جەهـ ؛ جـاو؛ جیـو؛ یـەوە؛ یـەو؛ یـەوی؛ ئیـو: ۱. ئالفێکی لە تیرەی گەنمە، بە لقێکی درێـژ و باریکی هلۆل و برکە‌ـبڕکەوە، گولـەکەی هۆشـە دەکا و دەنکەکانی دڕکاویە ۲. دانەی ئەو گیایە.

جـو برهنـه: جـۆ ڕووتـە؛ یـەوە ڕووتـە؛ بنـە گیایەکی یەک‌ساڵەی گەنم‌ئاسا کـە بـۆ دان و کا بەرهەمی دێنن.

جو دوسر: کاڕام؛ کاڕان؛ گیا لەرزانە؛ جۆشاهی؛ یەوە ڕۆمی؛ یەوە دێوی؛ جۆی هوورچ.

به یک جو نیرزیدن: [کنایی] هـیچ نـەهێنان؛ چڵە کایەک نەژیان؛ بێ‌نرخ بوون.

جو[1] / cû ، ـها/: اسم. جۆ؛ جۆگەلە؛ جوەلە؛ جۆک؛ جـۆگ؛ جـۆگی؛ جۆلـە؛ جـوی؛ جۆگـە؛ جۆگـا؛ بوارێکی باریک بۆ ئاو.

ـ جـو[2]: پیواژه. ــ خـواز؛ــ واز؛ گـەڕ ‹جنگجو: شەڕخواز›.

جواب / cavāb ، ـها/: [عربی]/اسم. وەلام؛ ولام؛ وەرام؛ پەرسف؛ جواو؛ جواب؛ جاب؛ جوال؛ پاگۆ.

جواب دندان‌شکن: [مجازی] دەم‌کوت؛ نقەبڕ؛ وەرامـی بەقـەوەت لـە بەرانبـەر پەلـپ یـان هەڵمەتەوە.

جواب دوپهلو: [مجازی] وەلامـی دوو پاڵـوو؛ وەرامی نەرێسات؛ وەلامی لێڵ؛ وەلامی وا کـە شتێکی ئاشکرای لێ دەرنەکەوێ.

جواب سربالا: [مجازی] جوابی چەوت؛ وەرامـێ کـــە نیـــشانەی وەرنـــەگرتنی ویـــستی پرسیارکەرە.

جواب دادن: وەرام دانەوە؛ پەرسـف دانـەوە؛ جواب دانەوە.

جــواب شــنیدن: وەلام گــرتن؛ بــە تایبــەت بیستنی وەلامی نە لە لایەن کەسێکەوە.

جـــواب کـــردن: جـــواوکردن: ۱. دەرکـــردن ‹کارگرشان را جـواب کردنـد: کرێکارەکـەیان جـواو کرد› ۲. وەلامـی نـا دانـەوە ‹دکترهـا پـدرش را جواب کردند: بژیشکەکان باوکیان جواوکرد›.

جواب گرفتن: وەلام‌گرتنەوە؛ پەرسف گـرتن؛ جواوگرتنەوە، بە تایبەت وەلامی ئەرێ.

جواب گفتن: جواوەجێ‌کردن؛ جـواو دانـەوە؛ بەرەنگاری‌کردن لە خـۆ لـە بەرانبـەر قـسە و تووڕەیی کەسێکەوە.

جواباً / cavāban/: [عربی] قید. (!) لە وەلامدا.

جوابـــده / cavābdeh/: [عربـــی/ فارســـی]/اســـم.

وەلامدەر ‹هرجا می‌روم کسی جوابده نیست: هەرکوێ دەڕۆم کەس وەلامدەر نیە›.

جوابگـــو / cavābgû/: [عربـی/ فارسـی]/اسـم. وەلامدەر؛ جواوگۆ ‹اگر چیزی گم شـد بایـد جوابگـو باشی: ئەگەر شتێک بزر بـوو دەبـێ وەلامـدەر بی›.

هەروەها: **جوابگویی**

جوابیـــه / cavābîyye، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. وەلام‌نامە؛ جواونامە؛ ئەوەی لە وەرامی پرسـیار، داخوازی یان ڕەخنەیەکدا دەنووسرێتەوە.

جـــوار / cavār/: [عربـی]/اسـم. ۱. جیرانیـەتی؛ جیرانـەتی؛ هاوسـایەتی؛ هامـسایی؛ هاوسـایی؛ هاوسـێیەتی؛ هاوسـێتی؛ هاوسـێیی؛ ئاوسـایی ۲. جڤار؛ نزیکی؛ نێزیکی.

▣ **در جوار**: ۱. لە هاوسایەتی ‹در جوار شما بودیم: لە هاوسایەتی ئێوەدا بووین› ۲. لە پەنا؛ لە پـاڵ؛ پاڵوو؛ لە لا؛ لە نزیک ‹در جوار خانەی خدا: لە پەنا ماڵی خوادا›.

جـــوارح / cavāreh/: [عربـــی]/اسـم. ئـــەنام؛ ئەندامگەل ‹تمام اعضاء و جوارحم درد می‌کرد: ئـازای ئەنامم ژانی ئەکرد›.

جـواز / cavāz، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. ۱. بروانامـە؛ ئیجازەنامە؛ پەروانە ۲. بەرایی؛ ئیجازە.

جواسیس / cavāsîs/: [عربی]/[نامتداول] جمعِ ☜ **جاسوس**

جوال / cavāl، ـهـا/:/اسم. ۱. خـەراو؛ خەشـە؛ خەرتا؛ خوراک؛ گاڵە؛ گواڵـە؛ گەواڵـە؛ جەواڵـە؛ جەواڵ؛ جواڵ؛ جوهاڵ؛ چاڵ؛ هۆڕ؛ تێـری یـەک لایـی؛ کیـسەی گـەورەی لـە خـوری چنـدراو ۲. گۆنی؛ گۆنیە؛ تەلیسی گەورە.

▣ **با خرس به/ توی جوال رفتن**: [تعریض] ☜ **خرس**

با کسی توی جـوال رفـتن: [تعـریض] لەگـەڵ سـەگدا چوونـە چاڵـەوە؛ لەگـەڵ کەسـێکی نەگونجاودا هەڵکردن.

جوالدوز / cavāldûz، ـها/:/اسم. شۆژن؛ شووژن؛ سووژن؛ سووزن؛ بـژوون؛ کونـدوش؛ گونـدوش؛ کندوش؛ گونووش؛ گونـۆش؛ گنـدۆش؛ گونـووژ؛ گۆچەوەن؛ گونۆژ؛ جوالدۆز؛ دەرزی زەلامی کون گەورەی بۆ دروان بە بەنی ئەستوور.

جوالـــدوزک / cavāldûzak، ـهـــا/:/اســـم. داردرەوش؛ داردرەوشـــە؛ کاتاڵـــپا؛ دارێکـــی گەلاپانی گوڵ سپیە بەرێکی درێژۆکەی هەیە.

جوامع / cavāme'/: جمعِ ☜ **جامعه**

جوان[1] / cavān، ـها؛ ـان/:/اسم. لاو؛ لاڤ؛ گـەنج؛ خورت؛ جاڵ؛ جوان؛ جەوان؛ جحێـل؛ جـەحێڵ؛ جەهاڵ؛ جێڵ ‹جوانی آمده بـود، تـو را مـی‌خواسـت: لاوێک هاتبوو، تۆی دەویست›.

▣ **جوان اعرابی**: [ادبی] لاو؛ لاڤ؛ کوڕی گەنجێ کە پێگەیشتووە.

جوان[2]: صفت. ۱. گـەنج؛ جحـێڵ؛ لاو؛ خـاوەنی گـــەنجی ‹زن جـــوان: ژنی گـــەنج› ۲. [کنـــایی] گەشـەدار؛ پـەژ؛ بـە گەشـە ‹فکـر جـوان: هـزری گەشەدار› ۳. [کنـایی] کاڵ؛ جحێڵ؛ کەم‌ئەزموون؛ هەرزەکار؛ جهاڵ؛ نووچە ‹هنوز جوان است و سـرش باد دارد: هێشتا کاڵە و کەللەی تەمی هەیە›.

▣ **جوان شدن**: جـوان بوونـەوە؛ بـە تـین و تـاو بوونەوە؛ بە خۆدا هاتنەوە.

جوان مانـدن: گـەنج مانـەوە؛ بـە تـین و تـاو مانەوە.

جوانانه[1] / cavānāne/: صفت. جحێلانـە؛ لاوانـە؛ گەنجانە؛ جوانانە؛ وەکوو جوانـان ‹لبـاس جوانانـە: جل و بەرگی جحێلانە›.

جوانانه[2]: قید. لاوانـە؛ گەنجانـە؛ جوانانـە؛ وەک جحێلان؛ بە شێواز و کردەوەی جوانان ‹با قامت خمیدە جوانانە زیستن: بە پشتی چەماوە لاوانە ژیان›.

جوانب / cavāneb/: [عربی]/اسم. ۱. جمـعِ ☜ **جانب** ۲. بار؛ لایەن؛ دەوروبەر.

جوانبخـــت / cavānbaxt/: صـفت. بەختـــەوەر؛ بەختیار؛ خۆشبەخت ‹جوانبختِ جهانم گرچـە پیـرم: بەختەوەری جەهانم گەرچی پیرم›.

جوانک / cavānak ، ـها:/اسم. ١. کوڕیژە؛ کوڕیژگە؛ لاوکۆ؛ کوڕلە ٢. *[کنایی]* مرۆی هێشتا پێنەگەیشتووی خۆ بە شتزان.

جوانمرد / cavānmard ، ـها؛ ـان/: *صفت.* جوامێر؛ جامێر؛ جۆمەرد؛ شەجۆ؛ دلاوا؛ شامبۆز؛ مەردەمێر؛ پیاوخاس؛ مێرخاس؛ مەرد و ڕەند (بە هێما)؛ بە ئاکار و گەدی چاکەوە (وەک بەخشین، دەستگری لە هەژاران، ئازایی و لێبوردوویی).

جوانمرگ / cavānmarg/: *صفت.* جوانەمەرگ؛ چەلەپەر؛ دۆخی کەسێ کە بە جوانی مردبێ.

جوانە / cavāne ، ـها:/*اسم. [گیاەشناسی]* چرۆ؛ چووز؛ چووزە؛ چووزەلە؛ چووزەرە؛ چەکەرە؛ چەکەری؛ چەقەرە؛ چقیرە؛ جیک؛ جیق؛ وەچ؛ خاوە؛ خەلف؛ تووڵ؛ تووز؛ ڕوز؛ شینە؛ سنوورچە؛ پل؛ پاپل؛ گۆپیتە؛ لک؛ لق؛ لزگ؛ لکی ناسکی دار و گیا کە تازە لە بن لقەوە سەر هەڵدا.

▣ **جوانەی چشایی:** *[کالبدشناسی]* پرزی زمان؛ ئەو بەشە لە زمان کە تامی پێ دەناسرێ.

▣ **جوانە زدن:** ١. دندووکە دان؛ چەکەرە دان؛ چەکەرە دەرکردن؛ چکرە داین؛ جیک داین؛ چقیرە بەساین؛ جیق ئەلاوردن؛ چرۆ دان؛ چرۆ دەرکردن؛ خامێ بەرکەردەی ٢. *[مجازی]* سەر هەڵدان؛ سەوز بوون؛ سەر دەرهێنان.

جوانی / cavānî ، ـ ها:/*اسم.* لاوەتی؛ گەنجیەتی: ١. قۆناغێک لە گەشەکردن و گوورانی ژینەوەر، پاش لە دایک بوون و نژمگری، بەتایبەت قۆناغی دوای تازەلاوی و پێش لە پێگەیشتن ٢. قۆناغی دوای منداڵی و پێش لە مامناوەندی ٣. *[جامعەشناسی]* سالانی نێوان ١٨ تا ٢٥ی تەمەن ٤. *[مجازی]* منداڵی؛ کرچ و کاڵی؛ ئاکاری بە بێ ورد بوونەوە ‹جوانی نکن! دست از این کارها بردار: منداڵی مەکە! لەم کارانە دەست هەڵگرە› ٥. چۆنیەتی لاو بوون ‹جوانی است و هزار آرزو: لاوەتیە و ئاواتی زۆر›.

جواهر / cavāher ، ـ ها؛ ـات/: [عربی]/*اسم.* جواهێر؛ جوایر؛ جەواهێرات؛ بلەخش؛ گەوهەران؛ هەر یەکە لەو بەردەگرانانە کە بۆ جوانکاری دەکار دەچن.

جواهرساز / cavāhersāz ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* گەوهەرکار؛ جەواهێرساز. هەروەها: **جواهرفروش**

جواهرسازی / cavāhersāzî/: [عربی/ فارسی] *اسم.* گەوهەرکاری؛ جەواهێرسازی: ١. گەوهەرسازی؛ پیشەی جەواهێرساز ٢. ـها/ کاری دروست کردنی جەواهێرات. هەروەها: **جواهرفروشی**

جواهرنشان / cavāhernešān/: [عربی/ فارسی] *صفت.* گەوهەرنیشان؛ بە بەردی گران بە سەرەوە داندراو ‹شمشیر گوهرنشان: شیری گەوهەرنیشان›.

جواهری / cavāherî ، ـها/: [عربی]/*اسم.* ١. گەوهەرساز ٢. گەوهەرفرۆش.

جوایز / cavāyez/: [عربی] جمعِ ☜ **جایزه**

ـجوئی / cû'î/ ☜ **ـجویی**

جوب / cûb/:*اسم. [گفتاری]* جۆگە؛ جۆلە؛ جوو؛ جۆی؛ جۆکلێ؛ دێراو؛ شوێنی باریکەئاو پێدا ڕۆیشتن.

جوجو / cûcû ، ـها:/*اسم. [کودکانە]* ١. ججوو؛ چۆلەکە یان پەلەوەری بچکۆلانە ٢. جووچک؛ جووجەلە؛ جوجیلە؛ چیلی ٣. مێروو؛ گەناوەر؛ گەناور؛ جر و جانەوەر؛ دەعبا؛ زەندی؛ جانەوەری وردیلە؛ حەشەرە.

جوجە / cûce ، ـها؛ ـگان/:*اسم.* جووجەلە؛ جووجەلێ؛ جووجیلە؛ جووچکە؛ جووچک؛ جیچک؛ جووجک؛ چیچک؛ چووچک؛ چیچەلۆک؛ جیجە؛ جیجک؛ چیچ؛ چیچە؛ چیل؛ چیلی؛ چیک؛ جۆلک؛ سیخپەر؛ سێزواڵ؛ سوورەساقە؛ سوورەسەقەتە؛ زقان؛ بەچکەی پەلەوەران، بەتایبەت بێچووی مریشکی لینی.

▣ **جوجەی ماشینی:** جووجەلەی ماشینی.

جوجەتیغی / cûcetîqî ، ـها:/*اسم.* ژیشک؛

ژووشـــک؛ ژووزک؛ ژویـــژوی؛ ژڤـــژی؛ ژووژوو؛ ژووژی؛ ژژوو؛ ژیرکـــە؛ کولـــە؛ چولـــە؛ چوولـــە؛ جانەوەرێکی چکۆلە بە پێستێکی دڕکاویەوە.

جوجەخروس / cûcexurûs, -xorûs ، ـها/:اسم. ١. جووجەڵـەی نێرینـەی مریـشک (کەڵەشـێرە وارۆک) ٢. *[تعریض]* جوڕە؛ لاوی کەم تەمەن.

جوجە فکلی / cûcefokolî ، ـ‌ها/:اسم. *[تعـریض]* فرووج؛ لاوی تازە پێگەیشتووی خۆ جوانکەر.

جوجەکـشی / cûcekešî ، ـهـا/:اسـم. کـار یـان ڕەوتی هێلکە هەڵێنان بە ئامرازی ماشینی.

جوخە / cûxe ، ـها/: [ترکی]/اسم. جووخە؛ جووقە؛ چووکترین یەکەی چەکداری، بریتی لە ٨ کەس.

◙ **جوخەی آتش**: جووخـەی دەسـت کردنـەوە؛ جووخەیەک کە بەڕێوەبەری تـیر هاویـشتنە.

هەروەها: **جوخەی اعدام**

جوخـــەی مـــرگ: ١. جووخـــەی مـــەرگ؛ جووخەیـــەک کـــە بەڕێوەبـــەری کوشـــتنی نـــەیارانی سیاســـیە ٢. جووخـــەی کـــاری پـــڕ مەترسی.

جود / cûd/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* چاکـە؛ خاسـی؛ بەخشش.

جودانە / cowdāne, co:- ، ـها/:اسم. ١. بیرکۆڵ؛ میتۆر؛ جۆرێک دارەبی کـە چێوەکـەی ئەکەنـە دەستەی پێمەڕە و قولنگ ٢. جـۆرە چنینێکـی کامواییە.

جـودو / cûdo, codo/: [انگلیسی از ژاپنـی]/اسـم. جودۆ؛ جۆرێک زۆرەبانێ بۆ خۆ پاراستنە کـە لـە ڕۆژهەلاتی دوورەوە هاتووە.

جودوکـــار / cûdokār, codo- ، ـــهـا؛ ـان/: [انگلیسی/ فارسی]/اسم. جودۆکـار؛ کەسـێ کـە لـە وەرزەشی جودۆدا کارامەیە.

جور / cowr, co:r/: [عربی]/اسم. *[ادبـی]* سـتەم؛ گووج؛ لەتم؛ زۆرکاری؛ زوڵم؛ ناهەقی؛ ئەغز.

◙ **جور کسی/ چیزی را کشیدن**: کـردەی مـن و بردەی با بوون؛ بـاری کەسـێ یـان شـتێ بـە ئەستۆگرتن؛ کـاری کەسـێ جێبـەجێ کـردن ‹آزاد کە پول نداشت، جور او را هم کشیدم: ئازاد خـۆ پارەی نەبوو، کردەی من و بردە ی با›.

جـور[1] / cûr ، ـهـا/:اسـم. ١. *[گفتـاری]* چەشـن؛ شێوە؛ جۆر؛ وێنـە؛ گـۆر؛ گۆنـە؛ شـێوە؛ شـێواز؛ ڕەوشت ‹باید این جور گره بزنی: ئـەبێ بـەم چەشـنە گرێی بدەی› ٢. *[گفتاری]* جۆر؛ چەشن؛ چینێ لە شتانی وەک یەک ‹ما از این جور چیزها نمی‌خـوریم: ئێمە لەم جۆرە شتانە نـاخۆین› ٣. *[زیـستشناسـی]* یەکەیەکی ڕیزبەندی ڕوەک و گیانەوەر.

جـور[2]: صـفت. *[گفتـاری]* جـۆر؛ سـاز: ١. بـاش؛ ڕێکوپێک؛ تەکووز؛ بە مرێسەوە ‹اوضاع جور است: بار و دۆخەکە جورە› ٢. تەبا؛ جووت ‹آزاد و آرام بـا هم جورند: ئازاد و ئارام پێکەوە جۆرن›.

◙ **جور بودن**: جۆر بـوون؛ تـەبا بـوون؛ سـازگار بوون.

جور درآمدن: ڕێککەوتن؛ ڕێک دەرهاتن.

جـور شـدن: جـۆر بـوون: ١. ڕێـک هـاتن؛ ڕێـک کـەوتن؛ تـەکووز بـوون؛ مـرێس بـوون ‹برنامەی کارم جور شد: بەرنامـەی کارەکـەم جـۆر بوو› ٢. ڕەخسان؛ دابین بوون؛ بەرهەڤ بوون؛ گیڤ بوون ‹وسیلەی مسافرت جور شد: کەرستەی سەفەر جۆر بوو›. هەروەها: **جور کردن**

جوراب / cûrāb ، ـهـا/:اسم. گۆرەوێ؛ گـۆرەوی؛ گـۆروا؛ گـۆرە؛ گـۆراو؛ گۆریـە؛ گـوورە؛ گوریـا؛ گـورمی؛ جـۆراو؛ جـووراو؛ جـۆراب؛ کـورک؛ پۆشەنێکی چندراوە کە دە پا دەکرێ و لانی‌کەم لە پەنجەوە هەتا ژوور قاپوولە دادەپۆشێ.

جوراب شـلواری / cûrābšalvārî ، ـ ـها/:اسم. گۆرەوێ شواڵی؛ گۆروایەک کە لەگەڵ شواڵێکی هەر لەو جنسە چنراون و پێکەوە لکاون.

جورواجـــور / cûrvācûr/: صــفت. *[گفتــاری]* جۆراوجـۆر؛ جۆرواجـۆر؛ جۆربـەجۆر ‹آدمهـای جورواجـور بـە آنجـا رفـت و آمـد مـی‌کردنـد: کەسـانی جۆراوجۆر ئامشۆی ئەوێیان دەکرد›.

جوری / cûrî/: اسم. /گفتاری/ جۆری؛ ڕێکی؛ سازی؛ دۆخ یان چۆنیەتی جۆر بوون ‹برای جوری جنس این را هم خریدم: بۆ جۆری کەلپەل، ئەمەشم سەند›.

جوریدن / cûrîdan/: مصدر. /گفتاری/ دۆزین؛ پشکنین ‹مادرم شیشهای سرش را می‌جورید: دایکم سپێکانی سەری ئەدۆزی›.

جوز / cowz, co:z ، ـها/: [معرب از کردی]/اسم. گەوز؛ گیز؛ گۆیزۆکە؛ هەر میوەیەک کە دوای پێ‌گەیشتن کاکڵەکەی لە نێو توێکڵێکی ئەستوور و سەختدایە (وەک گوێز، فنۆق، نارگیل).

▣ **جوز بویا:** دەنکی بۆنخۆشی داری سەوزی جۆزا کە لە بژیشیکیدا بە کار دەڕوا.

جوز جادو: بنچک یان دەوەنی خەزەڵکەری ناوچەی ئامریکا.

جوز قند: قەیسی یان هەشتاڵووکوتی لە کاکڵە و خاکە قەند و شتانی‌تر ئاخنراو.

جوز هندی: جۆرە دارێکە بەرەکەی وەک بەهارات کەڵکی لێ‌وەردەگرن.

جوزا / cowzā, co:zā/: [عربی]/اسم. ۱. ☜ **دوپیکر** ۲. /قدیمی/ سێیەمین برج لە دوازدە برجی ساڵ، بەرانبەر بە جۆزەردان ۳. /ـها/ دارێکە بەرەکەی لە دەواسازیدا بەکار دەڕوا.

جوزی[1] / cowzî, co:zî/: [معرب]/اسم. کەمکۆڵی؛ ڕەنگی کەمکۆڵ؛ بەنەوشی ئاماڵ سپی؛ بەنەوشی کاڵ.

جوزی[2] /ـ ـها/: صفت. کەمکۆڵی؛ بە ڕەنگی بەنەوشی کاڵ.

جوسازی / cavsāzî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. کار یان ڕەوتی بەدیهێنانی بار و دۆخێکی شیاو بۆ کارتێکردن بە سەر خەڵکی کۆمەڵگایەکدا و گەیشتن بە ئامانجێکی (زۆرتر) ناڕەوا.

جوش[1] / cûš/: اسم. جۆش: ۱. /ـ ها/ جوانەزوە؛ عازەوی؛ زیپکە؛ پیزۆکە؛ چینچک؛ ژەرەک؛ پرسک؛ دەشپووک؛ وردیلە هەڵتۆقاوی ڕووی پێست ‹جوش صورت: جۆشی ڕوومەت› ۲. /ـها/ تۆقلە؛ بلۆق؛ بۆشاییەک کە بە هۆی بڵقی هەواوە لە تراوێکدا بەدی دێ ۳. ماکێک کە لە کاتی توانەوەدا، گازی لێ دەردەچێ ‹جوش شیرین: جۆشی شیرین› ٤. کوڵ؛ کەڵ؛ هوف؛ هووف؛ ڕەوتی جۆشان ‹سماور جوش آمد: سەماوەرەکە هاتە کوڵ› ٥. /گفتاری/ کار و ڕەوتی هەڵچۆقین؛ هەڵچوون ‹چرا این قدر جوش می‌زنی: بۆ ئەندە هەڵدەچۆقی؟› ٦. /ـها/ پەیوەند؛ پێوەند؛ ڕەوتی لکان ۷. جۆشکاری.

▣ **جوش شیرین:** جۆشی شیرین؛ گەردێکی سپیە، لە ئاودا دەتوێتەوە و دژی ئەسیدە و کەڵکی دارووییی زۆری هەیە.

جوش صورت: جۆش؛ زیپکە؛ زیپک؛ زپک؛ زپرکە؛ پرسک؛ زفتک؛ زەک؛ جوانک؛ زیپکەی عازەوی کە لە ڕووی تازەلاواندا پەیدا دەبێ: **جوش غرور**

جوش غرور ☜ **جوش صورت**

▣ **جوش خوردن:** ۱. /پزشکی/ لکانەوە؛ گۆشتەوزوون هێنانەوە (بۆ زام)؛ خووز هێنانەوە (بۆ ئێسکی شکاو) ۲. /مکانیک/ لکان؛ دالکان؛ چەسپان و پێکەوە نووسانی دوو پارچە لە ئامرازێک ۳. /گفتاری/ سەرگرتن؛ جێبەجێ بوون؛ بەڕێوە چوونی کارێک ‹تا معامله جوش خورد پدرمان درآمد!: تا مامەڵەکە سەری گرت قیر سپی بوو!› ٤. /گفتاری/ هەڵچۆقان؛ لە بەر تووڕەیی، پیش خواردنەوە و سوور هەڵگەڕان ‹کم جوش بخور! قاطی می‌کنی: کەم هەڵچۆقێ! لێوە دەبێ›.

جوش خوردن معامله: /مجازی/ ڕێک هاتن؛ وێک‌هاتن؛ سەرگرتنی سەودا؛ جۆر بوونی مامەڵە ‹آخرش معامله‌شان جوش خورد: ئاخری سەوداکەیان سەری گرت›.

جوش دادن: ۱. ئاویە دان؛ جۆش دان؛ لەحیم‌کردن ۲. /کنایی/ یەک خستن؛ نێوان

خـۆش کـردن ‹عاقبت میانـه‌شـان را جـوش داد: ئاخری تیکی خستنه‌وه›.

جوش زدن: ۱. *[مجازی]* هەڵهاتن؛ هەڵـچوون؛ هاتنه کەف و کـوڵ؛ هۆرئامـه‌ی ‹خیلـی جـوش مـی‌زد: زۆر هەڵــدەهات› ۲. زیپکــه دەردان؛ زیپکــه‌دان؛ زەکــێ زنیــه‌ی؛ جــۆش‌کــردن ‹تخم‌مرغ بخورم تنم جوش مـی‌زنـد: هێلکـه بخـۆم زیپکه دەردینم›.

جوش[۲]: *صفت. [گفتاری]* لـه کـوڵ؛ بـه کـوڵ؛ لـه حاڵی کوڵاندا.

◻ **جــوش آمــدن**: هاتنــه‌کوڵ؛ وەکــوڵ هــاتن؛ کــوڵان؛ کوڵــیان؛ کوڵــین؛ کــه‌لان؛ کــه‌لین؛ قوڵین؛ کەلهاتن؛ جۆشـان؛ جۆشـیان؛ جـۆش هاتن؛ ئامه‌یوه قوڵیێ؛ پەیدا بـوونی بـلقی گـاز یان هەڵم لـه ڕووی تـراودا، بـه هـۆی تـینی زۆرەوه ‹آب جوش امد: ئاوەکه هاته کوڵ›.

جوش آوردن: ۱. هێنانه‌کوڵ؛ وەکوڵ هێنـان؛ ئاردەیوه قوڵیێ؛ کوڵاندن؛ کەلانـدن؛ گرینـه‌ی ‹آب را جــوش آورد: ئاوەکــه‌ی هێنایــه کــوڵ› ۲. *[مجـازی]* هەڵــچوون؛ هەڵــپفان؛ ئامــه‌یوه مەلیێ؛ تووڕە بوون ‹وقتی این حـرف را زدم، یکهـو جوش آورد و دادش بلند شد: کاتێ ئەم قسه‌یەم‌کرد، لەناکاو هەڵچوو و هاواری بەرزەوە بوو›.

جوش بودن: کوڵ بوون؛ له کوڵدا بوون؛ قوڵیێ دەی؛ قوڵــیێ شــانه‌ی ‹آب جـوش اسـت: ئاوەکـه کوله›.

-جوش[۳]: *پیـواژە.* ۱. ــ جــۆش؛ ـ کــوڵ؛ ـ کــه‌ل ‹دیرجـــوش؛ زود جـــوش: دێرکـــوڵ؛ زووکـــوڵ› ۲. ـکوڵێن؛ کوڵێنەر ‹قهوەجوش: قاوەکوڵین›.

جوشان / cûšān/: *صفت.* له کوڵ؛ بـه کـوڵ؛ لـه جــۆش؛ جۆشــان؛ هەڵــقوڵ ‹چــشمه‌ی جوشـان: چاوکەی له کوڵ›.

◻ **قرص جوشان**: حەبی جۆشان.

جوشــــاندن / cûšāndan/: *مــصدر. متعــدی.* //**جوشاندی**: کوڵانـدت؛ **مـی جوشـانی**: دەکوڵـێنی؛ **بجوشــان**: بکوڵــێنه// ۱. کوڵانــدن؛ کەلانــدن؛ جوشانن؛ گرینه‌ی؛ گرینـای ۲. شـتێ ده ئـاوی کوڵدا دانان (وەک بـۆ پاکـەو بـوون یـان کـوژرانی میکرۆب). هەروەها: **جوشاندنی**

■ صـفت فـاعلی: **جوشــاننده** (کوڵــێنەر)/ صـفت مفعــولی: **جوشــانده** (کوڵــێنراو)/ مــصدر منفــی: **نَجوشاندن** (نەکوڵاندن)

جوشـــانده / cûšānde/: *اســم.* کوڵــێندراو و پاڵێوراوی گیای دەرمانی که دەیخۆن.

جوشـــسنگ / cûššāng ، ـهـا/: *اسـم.* بـه‌ردی پێکهاتوو له زۆرێک کوڵوسه بەرد که به قورێکی وشکەوە بوو پێکەوە نووساون: **کُنگِلُومِرا**

جوشش / cûšeš/: *اسم.* ۱. *[ادبی]* کـوڵ؛ جـۆش؛ کار یـان ڕەوتی کوڵـیان ۲. *[کنـایی]* هـاودەنگی؛ هۆگرەتی؛ کار یان ڕەوتی تێکەڵ بوون و شێلیان لەگەڵ خەڵکدا ‹با کسی جوشش نـدارد: هـاودەنگی کەس ناکات›.

جوشـکار / cûškār ، ـها؛ ـان/: *اسم.* جۆشـکار؛ کەسێ که کاری جۆشکاریه.

جوشــــکاری / cûškārî/: *اســم.* جۆشــــکاری: ۱. کاری پێکەوە لکاندنی دوو پارچـه‌ی کـانزایی بــه داخ کردنیــان تــا ڕادەیــه‌ک کــه بتاونــه‌وه و پێکەوە بنووسن ۲. کارگەی جۆشکاری.

جوشــگاه / cûšgāh ، ـهـا/: *اسـم.* ۱. ڕەقێــڵه؛ ڕەقێنه؛ وشکه؛ بەشـێ لـه پێـست کـه لـه بـه‌ر بریندار بوون، تاوەنگازی یان هـه‌ر هـۆیێکی‌تـر، نـه‌رمی و ڕەنگـی سروشـتی نـه‌ماوە و وشـک و سفت بۆتەوە و قەڵشاوە ۲. جۆشگه؛ فتروونه (لـه داردا)؛ شوێن و خاڵی جۆشدانی دوو یـان چـه‌ن شت پێکەوە.

جوشـن / cowšan, co:šan ، ـهـا/: [عربـی] *اسم.* ۱. زرە؛ زریێ؛ زری و کومزری ۲. ئارمیچر.

جوش‌وجلا / cûš-o-calā/: [فارسی/ عربـی] *اسم.* *[گفتـاری]* پـه‌ل‌وپـۆ؛ کردوکــۆش؛ تێکۆشــان و تەپشتی بـه نیگەرانیـه‌وه ‹بـرای قبولی پسرش او

بیشتر جوش و جلا می‌زد: بۆ قەبووڵ بوونی کوڕەکەی ئەو زۆرتر پەلوپۆی دەکرد›.

جوش‌وخروش / cûš-o-xurûš, -xorûš/: *اسم. [ادبی]* خڕ و جز؛ هەرا و هوریا؛ خرۆش؛ کێشە و هەرای لە سەر پێچکاری و بەرهەڵستی ‹جوش و خروش مردم هر لحظه بیشتر می‌شد: خڕ و جزی خەڵک تاوبەتاو تەشەنەی دەکرد›.

جوشی / cûšî/: *صفت. [گفتاری]* تووڕە؛ ڕکین ‹او زود جوشی می‌شود: ئەو زوو تووڕە دەبێ›.

هەروەها: **جوشی شدن**

جوشیدن / cûšîdan/: *مصدر. لازم.* // **جوشیدی:** کولای؛ **می جوشی:** دەکولی؛ **بجوش:** بکولە// کولان؛ کولین؛ کەلین؛ گریەی؛ گریای: ۱. گەیشتن بە خاڵی کولان ‹جوشیدن آب: کولانی ئاو› ۲. هاتنەکوڵ؛ پەیدا بوونی بلقی گاز یان هەڵم بە ڕووی تراوێکدا ۳. هەڵقولان؛ هەڵقولین؛ جۆشیان؛ جۆشین؛ زانەوە؛ قەمزتن؛ هۆرتەقەی؛ دەرکەوتن لە قووڵایی شتێکەوە ‹جوشیدن چشمه: هەڵقولانی چاوکە› ٤. *[مجازی]* جۆشان؛ شێلیان؛ کولان؛ تێکەڵ بوون؛ دۆستی و هاونشینی کردن ‹با مردم جوشیدن: لەگەڵ خەڵکیدا جۆشان›.

هەروەها: **جوشیدنی**

■ صفت فاعلی: **جوشنده** (ـــ)/ صفت مفعولی: **جوشیده** (کولاو)/ مصدر منفی: **نَجوشیدن** (نەکولان)

جوع / cû'/: [عربی] *اسم. [ادبی]* برسیەتی؛ برچێتی؛ ئاوراییێ.

جوف / cowfe, co:fe/: [عربی] *حرف. [ادبی]* ناو؛ نێو؛ دلێو؛ تۆ؛ توێ؛ لە ناخ یان بنیاڵدا.

▣ **در جوف پاکت:** دە نێو پاکەت.

در جوف لباس: لە ناو جل و بەرگ.

جوقه / cûqe ، ـها/: [ترکی] *اسم. [گفتاری]* ۱. جووخە ۲. جۆق؛ پۆل؛ پەل؛ گەل؛ کۆمەڵ؛ دەستە؛ دەسە؛ تاقم؛ چین (بەتایبەت لە خەڵک).

جوک / cok ، ـها/: [انگلیسی] *اسم.* جەفەنگ؛ حەنەک؛ نوکتە؛ لەتیفە؛ جوک.

جوکی / cûkî ، ـها؛ ـان/: [سنسکریت] *اسم.* مورتاز؛ برێ لە پیاوانی تەرکەدنیای هیندوو.

جوگندمی / cowgandomî, co:-/: *صفت.* ڕەش‌ئەسمەر؛ ڕەش و سپی؛ ڕەش و چەرموو؛ برنجی؛ ماش و برنجی؛ چیل-چیل؛ پۆش؛ سیا و چەرمەیی تێکەڵ (بەتایبەت بۆ مووی سەر).

جولا / cûlā ، ـها؛ ـیان/: *اسم. [قدیمی]* جۆلا؛ جۆلایی؛ خانووت؛ حێک؛ بوزوتەن؛ کۆرسکەر؛ شاڵباف: **جولاه**

جولان / cowlān, co:lān/: [عربی] *اسم.* ۱. کار و ڕەوتی تەراتێن؛ لینگاردن؛ غاردان ۲. خۆنوێنی؛ جەولان؛ کار یان ڕەوتی چوونە ئەملا و ئەولاوە بۆ خۆ نواندن ‹سرش را ژل زده بود و در خیابان جولان می‌داد: قژی فڕ دابوو، لە نێو شەقامدا خۆی دەنواند›. هەروەها: **جولان دادن**

جولانگاه / cowlāngāh, co:lān- ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* لنگارگە؛ غارگە؛ شوێنێ کە تێیدا تەراتێن دەکرێت ‹کوچەی ما شده بود جولانگاه آدمهای ناجور: کۆڵانەکەی ئێمە ببوە لنگارگەی برێ لۆتی-پۆتی›.

جولاه / cûlāh/ ☜ **جولا**

جولای / cûlāy/: [انگلیسی] ☜ **ژوئیه**

جون / cûn/: [؟] ☜ **ژوئن**

جونده / canande ، ـها؛ ـگان/: *صفت.* خورۆک؛ کرتێن؛ کرینک؛ کرێنەر؛ داکرۆژەر: ۱. بە تایبەتمەندی یان توانایی کرتاندن و جاوینەوە ۲. سەر بە دەستەیەک لە گیانەوەرانی وەک: مشک و کەروێشک.

جوهر / cowhar, co:har/: [معرب از فارسی] *اسم.* جەوهەر: ۱. دانستەی تایبەت و پێداویستی شتێ کە دەبێتە هۆی ناسین و ناسینەوەی ئەو شتە ۲. سەرەکی‌ترین و بنەمایی‌ترین توخمی پێکهێنەری شتێک ۳. ئاوی خەستەوە کراوی هەر شتێک ٤. هەر ماکێکی ڕەنگی پیشەکاری کە لە ڕەنگرێژی یان خواردەمەنیدا بە کار دەڕوا

۵. *[گفتاری]* لێهاتوویی؛ ژێهاتی.

▣ **جوهر آبی:** جەوهەری ئاوی؛ تراوێکە بۆ نووسین بە ڕەنگی کەوە. هەروەها: **جوهر بنفش؛ جوهر قرمز؛ جوهر مشکی** ...

جوهر آفتاب‌گردان ☜ **تُورنُسل**

جوهر سرکه: ترشی سرکە؛ ئەسیدی بەدیهاتوو لە ترش بوونی ترێ.

جوهر سقز ☜ **تِربانتین**

جوهر شراب ☜ **اِتانُل**

جوهر شوره: ئەسید نیتریک؛ ترشێکی بێ‌ڕەنگ و توندە کە لەگەڵ ئاو تێکەڵ دەبێ و زۆربەی کانزاکان دەتوێنێتەوە.

جوهرگوگرد: ئەسید سوولفووریک؛ تراوێکی بێ‌ڕەنگی هێندێک خەست و یەکجار بەقەوەتە بۆ تواندنەوەی کانزا و زۆر ماکی‌تر، کە لە پیشەسازیدا زۆر بەکار دەچێ.

جوهر لیمو: ئەسید سیتریک؛ ماکێکی بلووری بێ‌ڕەنگ یان سپی کە لە لیمۆی ترش و بڕێ میوەی ترشی‌تردا هەیە.

جوهر مازو ☜ **تانَن**

جوهر مورچه: ئەسید فورمیک؛ ترشێکی بێ‌ڕەنگە کە لە لەشی مێروولەدایە و بۆنێکی توندی هەیە.

جوهر نُشادر ☜ **آمونیاک**

جوهر نمک: ئەسیدکولۆریدریک؛ تراوێکی بێ ڕەنگی زۆر بەقەوەت بۆ تاواندنەوەی کانزا و زۆر ماکی‌ترە کە لە گەدەی مرۆشدا هەیە.

▣ **جوهر کاری را داشتن:** گوردی کاری هەبوون؛ خاوەن هێز یان لێهاتوویی پێویست بۆ کارێ.

جوهرگین / -cowhargîn, co:har/: [معرب/ فارسی] *اسم.* باسمە؛ جێ جەوهەری مۆر.

جوهری / cowharî, co:harî/: [عربی] *صفت.* جەوهەری: ۱. جەوهەراوی؛ بە جەوهەرەوە تلاو ‹دستم جوهری شد: دەستم جەوهەری بوو› ۲. بە جەوهەر ‹رنگهای جوهری: ڕەنگەلی جەوهەری›.

جوی / cavvî/: [عربی] *صفت.* کەشی؛ هەوایی؛ پێوەندیدار بە تەوشکەوە ‹باریدن برف و باران از رویدادهای جوی است: بارینی بەفر و باران لە ڕووداوگەلی کەشیە›.

جوی / cûy ، ـها/: *اسم. [ادبی]* جۆ؛ جۆگەلە؛ جۆگە؛ جۆبار؛ جۆی؛ جۆلە؛ جوو؛ جۆکلێ؛ جۆف؛ جەمۆک؛ جان؛ باریکە هێڵی بوارگەی ئاو.

جویا / cûyā/: *صفت.* پرسا؛ پرسێن؛ جۆیا ‹جویای حال شدم: پرسای حالی ئێوە بووم›.

جویان / cûyān/: *صفت. [ادبی]* پرسان؛ جوویان؛ خەریکی پرس و جۆ بوون ‹باز چون گمگشته‌ام جویان دوست: دیسان وەک مەجنوون پرسانی یارم›.

جویبار / cûybār ، ـها؛ ـان/: *اسم.* جۆبار؛ ماڵجۆ؛ شەقەجۆ؛ شەقەجۆگەلە؛ جۆگەلەی گەورە کە ئاوی لە یەکگرتنەوەی دوو یان چەند جۆگەلەوە پێک دێت.

جویدن / cavîdan/: *مصدر. متعدی.* // **جویدی:** جاویت؛ **می‌جوی:** دەجاوی؛ **بجو:** بجاوە // ۱. جاوین؛ جایین؛ جوون؛ جووین؛ جویتن؛ جوین؛ جووتن؛ نئورین؛ لووچکاندن؛ جاکاندن؛ ژاوەی؛ ژاوای؛ شتێ لە ژێر دداندا وردکردن ‹غذا را جویدن: چێشت جاوین› ۲. کرماندن؛ کرتاندن؛ خرماندن؛ کرۆتن؛ کرۆتەی؛ کرۆژتن؛ داکرۆتن؛ ددان بەیەکدا ساوین بۆ وردکردنی شتێ ۳. *[مجازی]* جاوینەوە؛ قسە جووینەوە؛ قسە جاوین؛ قسەکردن بە شێوەیەک کە بیسەر باشی تێنەگا. هەروەها: **جویدنی**

■ صفت فاعلی: **جونده** (جاوێنەر)/ صفت مفعولی: **جویده** (جاویاگ)/ مصدر منفی: **نجویدن** (نەجاوین)

جویده / cavîde/: *صفت. [مجازی]* ناتەواو؛ ناتواو؛ کەل‌کراو؛ لاکەل؛ لاگەز؛ کرچوکاڵ.

▣ **جویده/ جویده ـــ جویده حرف زدن:** *[کنایی]* ئارد لە دەمدا بوون؛ برکە ــ برکە

قسەکردن؛ پرتەپرت‌کردن.

جوین / covîn/: *صفت.* جۆیین؛ جەوین؛ یەوین؛ یەوینە؛ درووسکراو لە جۆ ‹نان جوین: نانی جۆیین›.

ـجویی / cûyî/: *پیوازه.* ـ جۆیی؛ ـ خوازی ‹دانشجویی: زانست‌خوازی›: **جوئی**

جهات / cahāt/: [عربی] جمعِ ☜ **جَهَت**

جهاد / cahād ، ـها/: [عربی]/*اسم.* پەیکار: ١. شەڕ؛ جەنگ؛ سواژ ٢. *[اسلام]* خەبات؛ جەنگ لە ڕای خودا.

جهادگر / cahādgar ،ـ ها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* خەباتکار؛ خەبات‌گێڕ؛ شۆڕشگێڕ؛ پەیکارڤان.

جهاز / cahāz ، ـها/: [عربی]/*اسم.* ١. دەزگا؛ کۆندام؛ کەرەسە؛ کەرەستە ٢. *[گفتاری]* باوانی؛ ڕەهال؛ ڕەهەل؛ پێتک؛ پێتەک؛ جیازی بووک ٣. *[قدیمی]* کەشتی؛ پاپۆڕ؛ واپۆڕ؛ گەمیە ٤. سازوبەرگ.

▣ **جهاز هاضمه:** کۆ ئەندامی هەرس؛ دەزگای گەوارشت.

جهال / cohhāl/: [عربی] جمعِ ☜ **جاهل**[٢]

جهالت / cahālat ، ـها/: [عربی]/*اسم.* گەوجی؛ نەزانی؛ نەفامی ‹جهالت بود، آن کار را قبول نکرد: گەوجی بوو، ئەو کارەی قەبووڵ نەکرد›.

جهان / cahān/:/*اسم.* دنیا: ١. جەهان؛ جیهان؛ عالەم؛ دنێ؛ گۆی زەوین و ئەوەی کە تێیدایە ‹مردم جهان: خەڵکی دنیا› ٢. جیهان؛ ئەو بەشە لە زەوی کە لە چاو بەشەکانی‌تر تایبەتیێکی جیاوازی هەیە ‹جهان سوم: دنیای سێهەم› ٣. *ـها/* بەردەست؛ قەڵەمڕەو ‹جهان حیوانات: دنیای گیانەوەران› ٤. *ـها/* ئەوی کە لە ئاسماندا هەبێ و دەستی ئێمەی پێ‌نەگا ‹جهان دوردست: دنیای دوورەدەست› ٥. جەهان؛ جیهان؛ بەشێک یان بەرەیەک لە دانیشتوانی زەوی کە لە کات یان شوێنێکی دیاریکراودا دەژین ‹جهان باستان؛ جهان غرب: دنیای کەڤنارا؛ دنیای ڕۆژاوا› ٦. جیهان؛ هەند یان مەودای یەکجار زۆر و زەوەند ‹یک جهان کار: دنیایەک کار›.

▣ **جهان آزاد:** جەهان/ دنیای ئازاد؛ ناوێ کە وڵاتانی پێشکەوتوو لە خۆیانیان ناوە.

جهان دیگر: *[مجازی]* ئەو دنیا؛ جێ مرۆڤ (یان ڕۆحی) دوای مردن.

جهان سوم: جەهان/ دنیای سێهەم؛ ناوێکی هەمووانی بۆ وڵاتانی دواکەوتوو.

جهان‌آرا / cahānārā ، ـیان/: *صفت.* *[ادبی]* ڕازێنەری جیهان؛ دنیاڕازێن؛ جەهان‌نەژر.

جهان‌آفرین / cahānāfarîn, cahān'āfarîn/: *اسم.* خودا؛ بەدیهێنەری دنیا؛ خولقێنەری جیهان؛ کەسێ کە کەس شەریکی نیە.

جهان‌بین / cahānbîn/: *صفت.* چاوباز؛ توانا لە تێگەیشتن لە دۆخی جیهان.

جهان‌بینی / cahānbînî ، ـها/:*اسم.* ١. ڕوانگە؛ دیمانەی گشتی لە بۆچوونی گشتی و یەکپارچە لەمەڕ دیاردەگەل و ڕووداوەکانی جیهانەوە ‹او جهان‌بینی مشخصی ندارد: ئەو ڕوانگەیەکی دیاریکراوی نیە› ٢. تێڕوانین؛ بڕوا و بۆچوونی ڕێبازێکی دینی یان فەلسەفی یان ڕامیاری سەبارەت بە جیهان و هەرچی تێدایە ‹جهان‌بینی توحیدی: تێڕوانینی تاکەپەرستی›.

جهان‌پناه / cahānpanāh/: *صفت.* *[نامتداول]* پاڵپشتی جەهان؛ پشتیوانی جیهان ‹شاه جهان‌پناه: پادشای پاڵپشتی جەهان›.

جهان‌پهلوان / cahānpahlavān/: *صفت.* پاڵەوانی جیهانی؛ پاڵەوانی هەموو جیهان.

جهانتاب / cahāntāb/: *صفت.* *[ادبی]* جیهان‌گەشێن؛ جیهان‌ڕەوشێن؛ ڕۆشن‌کەرەوەی دنیا؛ بە تروسکانەوە لە جیهاندا و هۆی ڕووناکی دنیا.

جهانخوار / cahānxār ، ـها؛ ـان/: *صفت.* *[مجازی]* دنیاخۆر؛ بە واز و کردوکۆش بۆ گرتنی

سەرچاوکە ئابووریەکانی جیهان ‹امپریالیزم جهانخوار: ئەمپریالیزمی دنیاخۆر›.

جهاندن / cahāndan/: *مصدر. متعدی.* // **جهاندی:** هەڵتبەزاند؛ **می جهانی:** هەڵدەبەزێنی؛ **بجهان:** هەڵبەزێنە// هەڵبەزاندن: ١. دەرپەڕاندن؛ هەڵبەزاندنەوە؛ پەژچاندن؛ بەلقاندن؛ پڕتافتەی ٢. باز پێدان؛ پەڕاندن * **جهانیدن**

■ صفت فاعلی: **جهاننده** (هەڵبەزێنەر)/ صفت مفعولی: **جهانده** (هەڵبەزێنراو)/ مصدر منفی: **نجهاندن** (هەڵنەبەزاندن)

جهاندیده / cahāndîde ، ـها؛ ـگان/: *صفت. [ادبی]* بەئەزموون؛ دنیادیدە؛ دنیادیتوو؛ دنیاگەڕیدە؛ بە ئاگاداری لە کاری جیهان، بە بۆنەی تێپەڕینی تەمەن و تاڵ و سوێر چێشتنی زۆرەوە.

جهانشمول / cahānšomûl/: [فارسی/ عربی] *صفت.* جەهانپۆش؛ دنیا داگر؛ دەبەرگری سەرانسەری جیهان ‹قانون جهانشمول: قانوونی جەهانپۆش›.

جهانشناسی / cahānšenāsî/ ☜ **کیهانشناسی**

جهانگرد / cahāngard ، ـها؛ ـان/: *اسم.* گەشتیار؛ دنیاگەڕ؛ جیهانگەڕ؛ دنیاگێڵ؛ سەیرانکار؛ شارانگەڕ؛ شارانگەشت؛ گەڕیدەی ولاتانی جۆراوجۆر.

جهانگردی / cahāngardî/: *اسم.* گەشتیاری؛ دنیاگەڕی؛ سەیرانکاری؛ شارانگەڕی؛ گەڕیدەیی: ١. سەفەر بۆ شاران و ولاتانی جیهان بۆ تەمەشا و ناسین و فێربوون ٢. دامەزراوەیەک بۆ دابین کردن و بەڕێوەبردنی پێداویستی و بەرهەڤیەکانی گەشتیاران * **گردشگری**

جهانگشا / cahāngošā ، ـها؛ ـیان/: *صفت.* دنیاگر؛ جەهان گر؛ جیهانداگیرکەر؛ بە تایبەتمەندی یان توانای داگیرکردنی جیهانەوە ‹تیمور جهانگشا: تەیمووری جیهان گر›.

جهانگشایی / cahāngošāyî ، ـها/: *اسم.* دنیاگری؛ جیهان گری؛ کارەڕەهاتی داگیرکردنی ولاتانی دنیا.

جهانگیر / cahāngîr/: *صفت.* دنیاگر؛ جەهان گر؛ دنیا داگر: ١. بە برەو و بەربلاوی لە سەرانسەری جیهاندا ‹جنگ جهانگیر: شەڕی جیهانگر› ٢. جیهانداگیرکەر * **عالمگیر**

جهان‌مطاع / cahānmotā'/: [فارسی/ عربی] *صفت.* تایبەتمەندی کەسێ کە تەواوی دنیا گوێڕایەڵیەتی.

جهان‌نما / cahān.nemā/: *صفت.* جیهان نوێن؛ دنیانوێن؛ نیشاندەری هەموو جیهان ‹نقشەی جهان‌نما: نەخشەی جیهان‌نوێن›.

جهان‌وطنی / cahānvatanî/: [فارسی/ عربی]*اسم.* جیهان‌نیشتمانی؛ جیهان‌زێدی؛ ڕوانگەیەکی فەلسەفی و سیاسی کە جیایی سنووران، ولاتان، داب و نەریتی فەرهەنگی و هەروەها هەستی نیشتمان پەروەری بە نارەوا دەزانێ و بانگی تاکانەیی مرۆڤ دەدا. هەروەها: **جهان‌وطن**

جهانی / cahānî/: *صفت.* جیهانی؛ دنیایی: ١. پێوەندیدار یان سەر بە جیهان ‹رویداد جهانی: ڕووداوی جیهانی› ٢. پێوەندیدار یان سەر بە نەتەوەکان، دەوڵەتان یان ولاتانی جیهان ‹کنفرانس جهانی:کۆبوونەوەی جیهانی›.

جهانیان / cahāniyān/: *اسم.* جیهانیان؛ هەموو خەڵکی دنیا.

جهانیدن / cahānîdan/ ☜ **جهاندن**

جهت / cahat ، ـها؛ جهات/: [عربی]*اسم.* ١. لا؛ تەنشت؛ بەر؛ سۆ؛ بەرەوگە ‹شش جهت: شەش لا› ٢. هۆ؛ سۆ؛ سۆنگە؛ بۆنە ‹به چه جهت این حرف را می‌زنی؟: بە چ هۆیەک ئەم قسە دەکەی؟›.

▣ **از هر جهت:** لە هەر لاوە؛ لە هەر لایەکەوە؛ لە هەموو بارێکەوە.

به جهت: ١. بە بۆنەی؛ بە هۆی؛ بە خاتر؛ لە بەر؛ وەروو ‹به جهت سهل‌انگاری جریمه شد: بە بۆنەی کەمتەرخەمیەوە سزیا درا› ٢. ☜ **جهت**

به هر جهت: هەر چۆنێک بێ؛ هەر چۆنێکە؛

هەر جۆرێک بێت ‹به هر جهت، من دیگر نمی‌توانم همکاری کنم: هەر چۆنێک بێ، من چیتر ناتوانم هاوکاری بکەم›.

▣ **جهت دادن:** خستنه لا؛ خستنه سەر هێڵ؛ بەرەو ئامانجی پێویست هاندان.

جهت / cahate/: [از عربی] حرف. بۆ؛ بە بۆنەی؛ پەی؛ ئەڕای؛ ڕای ‹جهت خرید خانه پول لازم داشتم: بۆ سەندنی خانوو پارەم پێویست بوو›.

جهتگیری / cahatgîrî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. ڕووتێکەری: ۱. کار و ڕەوتی گرتن بەرەو شوێنێکی دیاریکراو ۲. هەڵوێستگری.

جهت‌نما / cahatnemā ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. ڕوونما؛ لانوێن؛ لانما؛ ئەوەی لا یان ڕووی شتێک نیشان دەدا.

جهت‌یابی / cahatyābî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. لادۆزی؛ لایەن‌دۆزی؛ کار یان ڕەوتی دیاری کردنی بەرەوگەی ویستراو؛ نیشاندانی باکوور، باشوور ... ‹جهت‌یابی در جنگل دشوار است: شوێن‌دۆزی لە لێرەواردا حەستەمە›.

جهد / cahd ، ـها/: [عربی]/سم. کۆشش؛ کۆششت؛ پەل‌وپۆ؛ خەبات؛ کار؛ کردوکۆش؛ تەپشت؛ جەرد؛ کار یان ڕەوتی تێکۆشین؛ دڵدانه سەر و گوێ پێدان.

▣ **جهد بلیغ** ☜ سعی بلیغ، **سعی**

▣ **جهد کردن:** خەبات‌کردن؛ خەبتین؛ تێکۆشان؛ پەل‌وپۆکردن؛ تەپشت‌کردن؛ کۆششت کردن.

جهر / cahr/: [عربی]/سم. ڕک؛ ورک؛ پێداگری و سوور بوون لە سەر قسەی خۆ و وەرنەگرتنی قسەی ڕاستی کەسانی‌تر. هەروەها: **جهر کردن**

جهش / caheš ، ـها/: /سم. هەڵبەز: ۱. دەرپەڕینی بە تەوژم؛ جووڵەی لەپڕ و بە تەوژم بەرەو بان ‹جهش آب از فواره: هەڵبەزینی ئاو لە فوارەوە› ۲. قەفاز؛ وزاق؛ بازباز؛ لۆتک؛ کاری پەڕین؛ بازدان؛ خۆهەڵدان؛ پڕەی؛ قەگەمزین؛ بازدان بە سەر شتێکدا ‹جهش از دیوار: هەڵبەز بە سەر دیواردا› ۳. /زیست‌شناسی/ مووتاسیۆن؛ باز؛ گۆڕانی کوت‌وپڕی لە تایبەتیەکانی پێکهاتەی ژینەوەرێکدا، کە دەبێتە هۆی پەیدا بوونی گۆنەیەکی تازە.

جهل / cahl/: [عربی]/سم. ۱. نەزانی ‹علم نور است و جهل تاریکی: زانست وەکوو ڕۆژە و نەزانی شەوە› ۲. /گفتاری/ ڕک؛ ورک؛ پێداگری لە سەر نارەوا.

▣ **جهل مرکب:** تەواو نەزانی و بێ‌خەبەری؛ دۆخی کەسێ کە نەزانە و خۆی نازانێ.

جهنده / cahande ، ـگان/: صفت. بەهەڵبەز؛ پەڕشتی؛ خاوەنی تایبەتمەندی هەڵبەزین ‹موش جهنده: مشکی بەهەڵبەز›.

جهنم / cahannam/: [معرب از عبری]/سم. جەهەننەم؛ جەهەنم؛ جەهەندەم؛ جەحەندەم؛ جەحانم: ۱. دۆزەخ؛ دۆژەهە؛ دۆژە؛ دۆزەق؛ توون؛ هاتوون؛ شوێنی گوناباران لە دنیای دوای مەرگدا ‹جایش وسط جهنم است: جێگای ناوەڕاستی دۆزەخە› ۲. /مجازی/ جێگای زۆر گەرم و ناخۆش ‹تابستانها جهنم می‌شود: هاوینان دەبێتە جەهەندەم› ۳. /گفتاری/ بە توون؛ بە دەرەک ‹جهنم که نمی‌آیی: بە توون کە نایی›.

▣ **به جهنم:** بە توون؛ بە جەحانم؛ بە دەرەک؛ وشەی نیشانەی بێزاری ‹به جهنم که نمی‌آیی: نایی بە توون›.

جهنم دره / cahannamdarre/: [معرب/ فارسی] اسم. /تعریض/ کەلاوە؛ کەلاوەکۆن؛ کاولەو بووگ؛ شوێنی زۆر ناخۆش و نالەبار و بەئازار.

جهنمی / cahannamî/: [معرب] صفت. دۆزەخی؛ دۆژەهی: ۱. بێ‌ئاکار؛ خراوکار و لایەق بە دۆزەخ ‹می‌دانم این مرد جهنمی است: دەزانم ئەم پیاوە دۆزەخیە› ۲. زۆر ناخۆش؛ زۆر خراپ وەکوو جەهەندەم ‹شهر جهنمی: شاری دۆزەخی›.

جهود / cuhûd, cohûd ، ـها؛ ـان/: [آرامی]/سم.

جووله‌که؛ جوو؛ جووهی؛ مووسایی.

جهیدن / cahîdan/: *مصدر. لازم.* // **جهیدی:** هەڵبەزیت؛ **می‌جهی:** هەڵدەبەزی؛ **بجه:** هەڵبەزە// هەڵبەزین؛ هەڵوەزین؛ خۆ هەڵدان؛ باز بردن؛ وزاق بەستن؛ ڤەگەمزین؛ هلقەواستن؛ بەهین؛ چرین؛ لۆدکین؛ لۆقژین؛ لە ناکاو بۆ سەرەوە بزوان یا جێ گۆڕین ‹از جا جهیدن: لە جێوە هەڵبەزین›.

■ صفت فاعلی: **جهنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **جهیده** (هەڵبەزیو)/ مصدر منفی: **نجهیدن** (هەڵنەبەزین)

جهیز / cahîz/: [از عربی] ☜ **جهیزیّه**

جهیزیـه / cahîzîyye/: [از عربی]/*اسم.* باوانی؛ پێتەک؛ پێتک؛ ڕەسەت؛ ڕیسە؛ ڕەهەل؛ ڕەهال؛ جیازی؛ جیاز؛ وەردەک؛ ناوتێلانە؛ شەکێرت؛ کەلوپەل و شتومەکێ کە لەگەڵ بووکدا بۆ ماڵەزاوای دەنێرن: **جهیز**

جیب / ceyb، ـها؛ جیوب *[نامتداول]*/: [عربی]/*اسم.* *[ادبی]* پستۆک؛ پستۆ؛ پێسیر؛ بەرۆک؛ بەرۆکە؛ یەخە؛ یاخە؛ ئێخە؛ یەخێ؛ ملیوان ‹جیب پیراهن: یەخەی کراس›.

جیب / cîb، ـها/: [عربی]/*اسم.* گیرفان؛ گیفان؛ کێمانی؛ کورک؛ بەری؛ جیڤ: ۱. کیسەیەکی چکۆلە کە بە سەر ئاسەڕەوە دەدووروێ و لە سەر و لە لاوە دەکرێ، شتی تێ بنرێ ‹جیب شلوار: گیرفانی پانتۆڵ› ۲. قەڵشتی وەک گیرفان لە کیف، چەمەدان یان شتانی‌تردا ۳. *[کنایی]* جێی پارە ‹با جیب خالی رفته بازار: بە گیرفانی خاڵیەوە چۆتە بازاڕ›.

▣ **جیب خالی:** *[کنایی]* گیرفان خاڵی؛ بێ‌پوول.

جیب خالی پـز عالی: *[کنایی]* بێ‌پارە و تەڕپۆش؛ فەقیانە چەرمگ، سەڵتە با بردوو؛ نانی جۆ و تری سۆڵ.

⊡ **جیب دوختن برای چیزی:** *[کنایی]* کیسە دووراندن بۆ شتێ؛ هیوای بە دەست هێنانی ئەو شتە هەبوون (زیاتر بە ناڕەوا) ‹اکبر برای پولهای پدرزنش جیب دوخته بود: ئەکبەر بۆ پارەکانی خەزوورەی کیسەی دووریبوو›: **کیسه دوختن برای چیزی**

جیب کسی را بید خوردن ☜ **جیب کسی را کارتنک/ تارعنکبوت بستن**

جیب کسی را خالی کردن: گیرفان کەسێ داتەکاندن؛ کەسێک ڕووت‌کردنەوە.

جیب کسی را زدن: گیرفان کەسێ بڕین؛ دزینی شت لە گیرفانی کەسێک.

جیب کسی سوراخ بودن: *[کنایی]* هەڵەخەرج بوون؛ دەس با بوون؛ بلەخەرج بوون.

جیب کسی را کارتنک/ تار عنکبوت بستن: *[کنایی]* سپێ لە گیرفان کەسێکدا هەڵتیقان‌کردن؛ سپێ لە گیرفان کەسێکا سەوزەڵەخان خوێندن؛ ڕشکی نەبیەی؛ زۆر دەستەنگ و بێ‌پووڵ بوون: **جیب کسی را بید خوردن**

جیب(آنان) یکی بودن: *[کنایی]* ماڵ لە یەک بوون؛ نان لە هەوانەیەکدا بوون؛ لە ماڵی خۆ یەکتری بە هاوبەش زانین.

از این جیب به آن جیب ریختن: *[کنایی]* دنیا لە کۆڵ نان؛ گوریسی زۆر بە دنیاوە هەڵگرتن؛ دنیا بە تەنگاوتیلکەوە هەڵگرتن؛ خستنە سەر یەک؛ تەپەڵ‌کردن؛ لەم لا و لەو لا تێخستن؛ پارە کۆکردنەوە و خستنە سەر یەک.

از جیب خوردن: *[مجازی]* دەم لە کۆپانی خۆ نان؛ وەک وشتر لە باری خۆ خواردن؛ لە پاشەکەوت خواردن؛ بێ‌دەرامەت بوون: **از کیسه خوردن**

از جیب رفتن: لە دەس دان؛ لە کیس چوون؛ بە دەس نەهاتن؛ گیر نەهاتن: **از کیسه رفتن**

به جیب زدن: *[کنایی]* دزین؛ قاپاندن؛ کردنە گیرفاندا؛ ئڕفانەی.

دست به جیب بودن ☜ **دست**

دست به جیب نرفتن ☜ دست کسی به/ توی

جیبش نرفتن، **دست**

جیب‌بر / cîb.bor ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. گیرفان‌بڕ؛ بەرک‌بڕ؛ کیسەبڕ؛ جێوبڕ؛ کەسێ کە دەست بە گیرفانی خەڵکدا دەکا و پارەیان لێ دەدزێ.

جیب‌بری / cîb.borî/: [عربی/ فارسی]/اسم. گیرفان‌بڕی؛ کاری دزینی پارەی ناو گیرفانی کەسان.

جیب پالتویی / cîbpāltoyî/: [عربی/ فرانسوی] ☜ قطع جیب پالتویی، **قطع**

جیبرلین / cîberlîn/: [؟] ☜ **ژیبرلین**

جیب کن / cîbkan ، ـها/: [عربی/ فارسی] *صفت.* تەڵەکەباز؛ بە خوو یان وازی بەرتیل‌خۆری.

جیب کنی / cîbkanî/: [عربی/ فارسی]/اسم. تەڵەکەبازی؛ کار یان ڕەوتی تەڵەکەکردن و پارە وەرگرتن لە کەسان.

جیبی / cîbî/: [عربی]/اسم. *صفت.* ۱. /ـها/ باخەڵی؛ گیرفانی؛ لەباو بۆ ناو گیرفان ‹ساعت جیبی: سەعاتی باخەڵی› ۲. ☜ قطع جیبی، **قطع**

جیپ / cîp/: [انگلیسی]/اسم. جیپ؛ جیب؛ ناوی جۆرێ ماشینی سواری لەبار بۆ کەژ و کێو.

جیپ‌استیشن / cîpesteyšen ، ـها/: [انگلیسی] *اسم.* جیپ‌ستەیشن؛ جۆرە جیپێک بە زۆرتر لە دوو ڕیز سەندەڵیەوە.

جیر / cîr/: [ترکی]/اسم. گلاسی؛ گێلاسی؛ جۆرێ چەرمی نەرم و کولکن.

جیر-جیر / cîrcîr/: *صوت.* ۱. جیرە؛ جیرە-جیر؛ ئەو دەنگە باریک و ناسکەی کە لە دەرگای کۆنەوە دەردێ ۲. جریوە؛ دەنگی هەندێ لە پەلەوەران یان مێروویان (وەک بەرزەچڕ).

▣ **جیر-جیر کردن:** جیراندن؛ جیرەجیر کردن؛ دەنگی جیرەجیر خۆش‌کردن.

جیرجیرک / cîrcîrak ، ـها؛ ـان/:/اسم. بەرزەچڕ؛ شیرشیرە؛ زیرزیرە؛ جرجرە؛ زیرزیرەک؛ جانەوەرێکی پچووکی وەک کوللە کە جیرەجیر دەکا.

جیرو / cîrû/: [انگلیسی از ایتالیایی]/اسم. *[بازار]* واژۆ: ۱. ئیمزا ۲. مۆر بە قەباڵەوە نان؛ پشت نووسینی بەڵگە.

جیره / cîre ، ـها/: [از عربی]/اسم. مووچانە؛ جیرە؛ دەستنەوە؛ دەستنە؛ بەشێکی نەگۆڕ لە خواردەمەنی و کالای پێداویستی کە لە ڕۆژ، حەفتە یان مانگدا بە کەسێکی دەدەن.

▣ **جیره‌ی خشک:** جیرەی وشک؛ ئازۆخە؛ ئەوی هێشتا بۆ خواردن نابێ (وەک ئارد، گەنم، نیسک و نۆک و...).

جیره‌ی نقدی: مووچە؛ جیرە؛ پارەیەک کە بە جێی مووچانە دەدرێ.

جیره‌بندی / cîrebandî ، ـها/: [از عربی/ فارسی] *اسم.* جیرەبەندی؛ کار یان ڕەوتی بەش‌کردنی خواردەمەنی یان هەر شتێکی‌تر کە کەم بێ و دەبێ دەستی پێوە بگیرێ کە بە هەمووان بگا.

جیره‌خوار / cîrexār ، ـها؛ ـان/: [از عربی/ فارسی] *اسم.* ۱. مووچەخۆر؛ جیرەهەر؛ کەسێ کە لە کەسێ یان شوێنێ مووچە دەگرێ ۲. *[کنایی]* نۆکەر؛ بەردەست؛ گزیر.

جیره مواجب / cîremavāceb/: [از عربی]/اسم. *[گفتاری]* مووچە ☜ **حقوق-۲**

جیرینگ / cirîng/: *صوت.* زرینگە؛ زرنگە؛ جرینگە؛ دەنگی تیژ کە لە لێکەوتنی کانزا (بەتایبەت سکە)، شووشە یان چینیەوە دەردێ: **جرینگ**

جیرینگی / cirîngî/: *قید.* ۱. بەزرینگەوە ۲. *[مجازی]* نەخت ‹صد هزار تومان جیرینگی شمرد و گذاشت و رفت: سەد هەزار تمەنی نەخت ژمارد و داینا و لێدا ڕۆی› * **جرینگی**

جیز / cîz/:/اسم. *[کودکانه]* ۱. ئاگر؛ ئاور؛ ئایر ۲. بقە؛ هەر شتێ کە داخە و نابێ تخوونی بکەوی ۳. *[مجازی]* چرا.

▣ **جیز کردن:** ۱. سووتاندن؛ سووزاندن دەکا.

٢. زەخمارکردن؛ زامدارکردن؛ بریندار کردن.

جیش / ceyš/: [عربی] *اسم. [ادبی]* سپا؛ لەشکر؛ لەشکەر.

جیش / cîš/: *اسم. [کودکانه]* مێز؛ میز؛ گمێز؛ گمیز.

▣ **جیش داشتن:** مێز هاتن؛ میز هاتن؛ گمیز هاتن؛ گمێز ئامەی.

جیش کردن: مێزکردن؛ میزکردن؛ گمیز کردن؛ گمێزکەردەی.

جیغ / cîq ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* زیرە؛ قیژە؛ زیقە؛ چێقە؛ قیچە؛ زریک؛ زریکە؛ زریکان؛ قیژوور؛ قیژوهۆر؛ واقی؛ شیق؛ هاواری تیژ و باریک (وەک هاواری منالان و ژنان).

▣ **جیغ زدن/ کشیدن:** زیقاندن؛ زریکاندن؛ قیژاندن؛ شیقین؛ چێقنەی ‹چرا جیغ می‌زنی؟ یواش حرف بزن!: بۆچی دەزیقنی؟ هێواش قسە بکە!›.

جیغ‌ــجیغو / cîqcîqû ، ـها/: *صفت. [گفتاری]* ١. جیقن؛ جیقنێ؛ زیقن؛ قارقارۆ؛ بە دەنگێکی ناسک و تیژی ناحەزەوە ‹با آن صدای جیغ‌ــجیغو گوشم را برد: بەو دەنگە جیقنەوە گوێمی کەڕکرد› ٢. زیقاوڵ؛ زیقاوڵە؛ دەنگ‌دەرهاتوو؛ بە وازی قیژە و هەراکردنەوە ‹دو تا بچەی جیغ‌ـجیغو داشت کە بیچارەمان کردند: دوو زارۆی زیقاوڵی هەبوون هەر کوشتمانیان›.

جیغ‌وداد / cîq-o-dād ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* قیژە و هەرا؛ هوریا؛ زیقە؛ چەقەچەق؛ زەود؛ قیژەقیژ؛ هەرا و زیقە؛ زەنا‌ـزەنا؛ گوڕـگوڕ؛ چویرە؛ هاوار؛ زیقە و هاوار؛ چیت؛ هەرا و مەزات؛ دەنگ و دۆڕ؛ هەرا و هوریا ‹با جیغ و داد کە کار درست نمی‌شود: خۆ بە قیژەوهەرا کار پێک نایە›.

جیغ‌وویغ / cîq-o-vîq ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* دەنگەدەنگ؛ هەرا و هۆریا؛ قیژەقیژ؛ دەنگ و دۆڕی بەرز و یەک لە دوای یەک.

جیفه / cîfe/: [عربی] *اسم. [ادبی، نامتداول]* کەلاک؛ کەلاش؛ لاشەی بۆگەنیو.

▣ **جیفەی دنیا:** *[کنایی]* بەرەشرە؛ ماڵی دنیا، کە بۆ ئیماندار وەک کەلاک بێ‌بایەخە.

جیک / cîk/: *اسم.* جیکە؛ دەنگی زۆر ناسک (وەک دەنگی چۆلەکە یان جووجەڵە).

▣ **جیک کسی درنیامدن:** *[کنایی]* متەق لێوە دەرنەهاتن؛ قروقپ کردن؛ قفڵ لە دەمی کەسێک دران؛ بێ‌دەنگ بوون؛ فزە نەکردن؛ فزە لێوە نەهاتن؛ هیچ نەوتن: **جیک نزدن**

جیک نزدن ☜ **جیک کسی درنیامدن**

جیک‌ُوبُکشان یکی بودن: *[کنایی]* بە کاسەیەک کردن و بە کەوچکێک خواردن؛ پێکەوە یەکجار زۆر دۆست و هەڤاڵ بوون.

جیک‌ـجیک / cîkcîk/: *صوت.* جووکە؛ جریوە و جووکە؛ جووکان؛ شقشق؛ جیقە؛ جیکەجیک؛ دەنگی پەلەوەرانی گچکە.


جیم / cîm/: *اسم.* جیم؛ نێوی عەرەبی پێنجەمین پیتی ئەلفوبێتکەی زمانی فارسی.

▣ **جیم شدن:** *[گفتاری]* ١. باریکەو بوون؛ خۆ دزینەوە؛ فیزمالک دانەوە؛ پێچ‌کردنەوە؛ خۆ باریک‌کردنەوە؛ باچاندن؛ کووزوو بوون ٢. خۆ شاردنەوە ❊ **حَبّ جیم خوردن**

جین / cîn/: [از فرانسوی] *اسم.* ١. جین؛ یەکەیێکی بژاردنە، بەرامبەر بە شەش یان دوازدە دانە ‹یک جین مداد بدە!: جینێک میداد بدە!› ٢. پارچەی بەنینی ئەستوور کە زۆرتر بۆ پانتۆڵ و کەوا بەکار دەچێ ٣. جۆرە شەرابێکە لە دانەوێڵە و سەڵوی کێوی دەگیردرێ.

جیوب / cuyûb ، ـها/: [عربی] *[نامتداول]* جمعِ ☜ **جَیب**

جیوه / cîve/: *اسم.* جیوە؛ زاوق؛ ژووڤە؛ توخمی کیمیاوی کانزایی، بە ژمارەی ئەتومی ٨٠ و کێشی ئەتومی ٢٠٠,٥٩، کە لە دەمای ئاساییدا تراوە و ڕەنگی لە زیو دەکا.



چ / č/: حـرف. چ؛ نیـشانەی حەوتـەمین پـیتی ئەلفوبێتکەی فارسی.

چ / če/: اسم. ١. چـێ؛ نـاوی پـیتی حەوتـەمی ئەلفوبـێ زمـانی فارسـی ٢. [مخفف] چ؛ چـاپ (وەک: چ ۵: یانێ چاپی پێنجەم).

چائی / čā'î/: [چینی] ☜ **چایی**

چائیدن / čā'îdan/ ☜ **چاییدن**

چابک / čābok/: صفت. [ادبی] چـالاک؛ چابـک؛ چاپک؛ چابوک؛ چەلەنگ؛ تیژ؛ چوسـت؛ گـوربز؛ تۆڵ؛ لەش‌سووک؛ هەرفە؛ هـەدرە؛ بـەدەو؛ ئـازا؛ جەڵـت؛ جەڵـد؛ خۆشـبەز؛ بـەپێ؛ گـورد؛ کـرژ؛ قۆچاخ؛ بزێو؛ فرز؛ مەزبووت؛ لۆبت؛ لۆپت؛ لۆتەر؛ زرنگ؛ زرت و زیندوو؛ لەش‌سڤک؛ گورج؛ پەیت؛ بەدەست و برد ‹جـوان چابـک؛ اسـب چابـک: لاوی چالاک؛ ئەسپی خۆشبەز›.

چابکدسـت / čābokdast ، ـان/: صـفت. [ادبـی] تەردەسـت؛ دەس‌فـرز؛ بـەدەس؛ بەدەسـت؛ دەستهەل؛ مەزبووت؛ خـاوەنی دەسـتی خێـرا و کارامــە ‹در گلـدوزی خیلـی چابکدسـت اسـت: لــە گولدووریدا زۆر تەردەستە›. هەروەها: **چابکدستی**

چابکسوار / čāboksavār ، ـان/: صفت. شۆڕەسوار؛ سوارچاک؛ سووکەڵەسوار؛ چاپک‌سـوار؛ خـاوەن لێهاتوویی لە ئەسپ‌سواری و لنگاردانی ئەسپدا.

چـابکی / čābokî/: اسـم. گـورجی؛ چـالاکی؛ چاپکی؛ کرژی؛ ئازایی؛ جلـداکی؛ جەڵـتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی گـورج بـوون ‹چـابکی در پاسخ بـه سوالها باعث موفقیت او شد: گورجی لە وەڵامدانـەوەی پرسیارەکان بوو بە هۆی سەرکەوتنی›.

چـاپ / čāp ، ـهـا/: [سنـسکریت] اسـم. چـاپ: ١. پیشە و زانینی لێگرتنەوەی پەرتووک و وێنە و ... لە هەژماری زۆردا بە ئامراز و کەرەسـتەی دروستکراو بۆ ئـەو کـارە ‹صـنعت چـاپ: پیـشەی چاپ› ٢. کـار و ڕەوتی لێگرتنـەوەی نووسـراوە یان وێنە بە پیتی چاپی یان پەڕەی هەستۆک و گواستنەوەیان بۆ سەر کاغەز، مەقەوا، پلاستـیک و... بە دەزگای چـاپ ‹چـاپ کتـاب؛ چـاپ پارچـه: چاپی کتێـب؛ چـاپی پارچـە› ٣. کـار یـان ڕەوتی گواستنەوەی وێنەی فـیلم بـۆ سـەر کاغـەز بـە لێدانی تیشک، بۆ دەرهێنانی وێنە ‹چاپ عکس: چاپی وێنە› ٤. سەرجەمی نوسخەگەلی کتێبێک لە یەک‌جاری چاپیدا ‹چاپ اول: چاپی یەکەم›.

▣ **چاپ افست** ☜ **أفست**

چاپ الوان ☜ **چاپ رنگی**

چـاپ اول: چـاپی یەکـەم؛ یەکـەمجاری لـە چاپ‌دانی کتێب یـان بلاڤـۆکێک. هـەروەها: **چاپ دوم؛ چاپ سوم** و...

چاپ باتیک ☜ **باتیک**

چاپ برجسته: چەشنێ چاپی ڕازێنـەیی، کـە

دەقــی چاپکراوەکــە بــە شــێوەی زۆپ و هەڵهاتوو دەردەکەوێ.

چاپ رنگی: چـاپی ڕەنگـی؛ چـاپی ڕەنگامـە؛ چاپ بە چەند ڕەنگ: **چاپ الوان**

چاپ سربی ☜ **چاپ مسطح**

چاپ سنگی: چاپە بەردینە؛ جۆرێـک شـێوەی کۆنی چاپی ئۆفسێت کە بـە جێگـەی زینـک (پلەیت)، لە قالبی بەردی کەڵک وەردەگیرا.

چاپ سیلک: چاپی سیلک؛ جۆرێـک شـێوەی چاپ لە سەر مقەوا، چەرم، کووتاڵ و...

چاپ عکس: چاپی وێنە؛ شێوەیەکی چـاپ لـە ڕووی فیلم (نیگاتیڤ)ەکەیەوە.

چاپ عکسی: چاپی وێنەیی؛ چاپی دەقێک لـە ڕووی وێنەی نوسخە سەرەکیەکەیەوە.

چاپ کنتاکت ☜ **کنتاکت-۴**

چاپ مسطح: چاپی تەخت؛ چاپی دەقێـک بـە پێی پیتی چاپی: **چاپ سربی**

⊡ **چاپ چیزی تمام شدن:** ١. چـاپی شـتێک تەواو بوون ‹چاپ کتاب تمام شده، رفته به صحافی: چاپی کتێبەکـە تـەواو بـووە، چـووە بـۆ جزوبەنـدی› ٢. چـاپی شـتێ تـەواو بـوون؛ فرۆشیان؛ بە فرۆش چوون ‹چاپ اولش در چهار ماه تمام شد و به چاپ دوم رسید: چاپی یەکەمی لـە چوار مانگدا تەواو بوو، چوو بۆ چاپی دووهەم›.

چاپ زدن: *[گفتاری]* چاپلێدان؛ فـشە کـردن؛ باپیڤان؛ گڤە کردن؛ دۆدی ـ بۆدی‌کردن؛ درۆ هەڵبەسـتن؛ درۆ وەش‌کـەردەی؛ بـافیش و درۆکردن؛ شات و شووت‌کردن ‹یـک حرفهـایی چاپ می‌زند که تعجـب مـی‌کنـی: چـاپی وا لیـدەدا سەرت سوور دەمێنێ›.

چـاپ کـردن: چـاپ‌کـردن؛ لـە چاپـدانی نووسراوە، بە ئامرازی چاپ.

از چاپ درآمدن: لە چاپ دەرهـاتن؛ چاپەنـە بەرئامەی؛ کاری چاپی شتێ (بە گـشتی) تەواو بوون ‹دیروز از چاپ درآمد: دوێنی لـە چـاپ هاتـە دەری›.

به چاپ رسیدن: چـاپ بـوون؛ لـە چـاپ دران ‹مقالەای در آن روزنامه به چاپ رسیده است: وتارێک لەو ڕۆژنامەیەدا چاپ بووە›.

زیــر چــاپ رفــتن: چوونــە ژێــر چــاپ؛ دەسپێکردنی چاپی شتێ ‹کتاب زیر چاپ رفتـە است: کتێبەکە چۆتە ژێر چاپ›.

چاپار / čāpār ، ـها: [ترکی]*اسم. [قدیمی]* پـەیک؛ چەپەر؛ نامەبەر؛ تەتەر؛ پۆستەبەر؛ کەسـێک کـە نامە و پەیامی لە شارێکەوە بۆ شارێکی‌تر دەبرد.

چاپارخانـە / čāpārxāne ، ـ هـا: [ترکـی/ فارسـی] *اسـم. [قـدیمی]* ١. پەیکخانــە؛ حەســانگەی نامەبەران؛ شوێنێ دەناو ڕێی شاراندا بـۆ وچـانی چاپـاران ٢. پۆسـتەخانە؛ پۆسـتخانە؛ پۆسـتە؛ شوێنی کۆکردنـەوە و نـاردن و هـەروەها بـەش کردنەوە و گەیاندنی نامە و بەستەی خەڵک لـە شاراندا.

چاپـاری[1] / čāpārî: [ترکـی] *اسـم.* چەپـەری؛ نامەبەری؛ تەتەری؛ کار و پیشەی پەیک.

چاپاری[2]: *صفت.* نامەبەر؛ چەپـەر؛ تەتـەر ‹اسب چاپاری: ئەسپی نامەبەر›.

چاپچی / čāpčî ، ـها؛ ـان: [سنسکریت/ ترکی] *اسم.* چاپچی؛ ئەوەی لە چاپخانەدا کار دەکات: *الف)* کرێکــاری دەزگــای چــاپ *ب)* مەزرەکــەدار؛ چاپخانەدار؛ بەڕێوەبەر یان خاوەنی مەزرەکە.

چاپخانـە / čāpxāne ، ـهـا: [سنـسکریت/ فارسـی] *اسم.* چاپخانە؛ مەزرەکە؛ شوێنێ کـە کەرەسـە و ئامێری چاپی تێدایە و کتێب و پەرتووکانی پـێ چاپ دەکەن.

چاپخانـەچـی / čāpxānečî ، ـهـا: [سنـسکریت/ فارســی/ ترکــی] *اســم. [گفتــاری]* مەزرەکــەدار؛ چاپخانەدار؛ بەڕێوەبەری مەزرەکە.

چاپخانـــــەدار / čāpxānedār ، ـهــا؛ ـان: [سنسکریت/ فارسی] *اسم.* مەزرەکەدار؛ چاپخانەدار؛ خاوەن چاپخانە؛ خاوەن مەزرەکە.

چاپگر / čāpgar ، ـها/: [سنسکریت/ فارسی]/اسم. چاپکەر؛ پێچاپکەر: ١. کەرەستەیەکی ئێلکترۆنیکیە بۆ چاپی خۆمەشی کامپیۆتەری ٢. دەزگای چاپی وێنە * **پرینتر**

▣ **چاپگر سوزنی:** چاپکەری سۆژنی؛ چەشنە چاپکەرێکە بە هۆی شوێنی سۆژن لە سەر نەواری چاپیەوە کار دەکات: **چاپگر نقطەای؛ دات‌پرینتر**

چاپگر لیزری: چاپکەری لەیزری؛ چەشنە چاپکەرێکە بە هۆی تیشکی لەیزرەوە کار دەکا: **چاپگر نوری؛ لیزر پرینتر**

چاپگر نقطەای ☜ **چاپگر سوزنی**

چاپگر نوری ☜ **چاپگر لیزری**

چاپلوس / čāplûs ، ـها؛ ـان/: صفت. ماستاوکەر؛ مەرایی‌کەر؛ جامەلووس؛ جاملووس؛ زمان‌لووس؛ زوان‌لووس؛ لاعبی؛ دەم‌تەڕ؛ خوڵتەکەر؛ دوەلەقی‌کەر؛ مەترەباز؛ چاپباز؛ پیازپاک‌کەر؛ خاپینۆک؛ خاڵەباز؛ دوفل؛ ملمووس؛ چڵماس؛ خاوەن خوو یان ئۆگرەتی بە ماستاوکاری ‹چند آدم چاپلوس دور او را گرفته بودند و بە‌بە و چە‌چە می‌گفتند: چەند کەسێکی ماستاوکەر دەوریان لێدابوو پێیاندا هەڵدەگوت›.

چاپلوسانە[1] / čāplûsāne/: صفت. زمان لووسانە؛ ماستاوکەرانە؛ دەم‌تەڕانە؛ جاملووسانە؛ خوڵتەکەرانە؛ هاوڕێ لەگەڵ خوڵتەدا ‹رفتار چاپلوسانەای داشت: ئاکارێکی زمان‌لووسانەی هەبوو›.

چاپلوسانە[2]: قید. خوڵتەکەرانە؛ ماستاوکەرانە؛ بە زمان‌لووسیەوە؛ بە خۆڵتەکەریەوە؛ بە ڕیاکاریەوە؛ بە شێوەی خوڵتەکەر ‹چاپلوسانە رفتار می‌کرد: خوڵتەکەرانە دەجوولایەوە›.

چاپلوسی / čāplûsî ، ـها/: اسم. شەلاخی؛ مەرایی؛ حولیاتی؛ ماستاوکەری؛ ڕووبینی؛ خوڵتەکەری؛ دەم‌تەڕی؛ جووچکەلەقێ؛ چڵماسی؛ ملمووسی؛ خاڵەبازی؛ مەترەبازی؛ کار یان ڕەوتی کلکەفلێ و کلکەسووتەکردن بۆ فریوی خەڵک و بە ئامانج گەیشتن.

چاپی / čāpî/: [سنسکریت] صفت. چاپی: ١. پێوەندیدار بە چاپەوە ‹غلط چاپی: هەڵەی چاپی› ٢. چاپکراو ‹کتاب چاپی: کتێبی چاپی›.

چاپیدن / čāpîdan/: [ترکی/ فارسی] مصدر. متعدی. [گفتاری] // **چاپیدی:** تالانت‌کرد؛ **می‌چاپی:** تالان دەکەی؛ **بچاپ:** تالانکە// تالان کردن؛ چرپانن؛ چەپاوکردن؛ غارەت‌کردن؛ چرپ‌وچاپ کردن؛ بە ئاشکرا و زۆری، دزینی ماڵ و دارایی خەڵک. هەروەها: **چاپیدنی**

■ صفت فاعلی: **چاپندە** (تالانکەر)/ صفت مفعولی: **چاپیدە** (تالانکراو)/ مصدر منفی: **نچاپیدن** (تالان نەکردن)

چاتلانقوش / čātlānqûš ، ـها/: [ترکی]/اسم. قەزوان؛ قەسخوان؛ قەزخوان؛ قەسقان؛ قەسقەوان؛ قەسقوان؛ قەزقەوان؛ قەزقان؛ قەسکان؛ قەسکوان؛ کەزوان؛ کزوان؛ کەزان؛ کەسکان؛: ١. وەن؛ وەنی؛ داری قەزوان؛ داری وەنەتەق؛ داری وەن ٢. وەنۆشک؛ وەنەتەق؛ وەنەتەقی؛ وەنی؛ میوەی داری قەزوان کە هێشوویەکی بۆنخۆشە و دەیکەنە ناو ترشی و چێشت و دۆ، هەروەها تەزبێحیشی لێ دروست دەکەن.

چاتمە / čātme/: [ترکی]/اسم. ١. چاتمە؛ پێک هەڵپەساردنی تفەنگان لە کاتی وچاندا ٢. کار یان ڕەوتی پاڵ دانەوەی سەری چەند شتی کەم تا کورت ڕاست (وەکوو چەک) بە یەکترەوە.

▣ **چاتمە زدن:** ١. پێک‌هەڵپەساردن؛ بە یەکەوە پاڵدانی چەن شت بە شێوەی چاتمە ٢. [مجازی] پەپکەدان؛ سەر بە یەکدا گرتن؛ کۆزگرتن؛ قۆنگەرە بەستن؛ کۆ بوونەوەی چەن کەس بە دەوری یەکتردا ٣. بوونە یەک؛ یەک‌گرتن؛ یەکتری گرتنەوە؛ یەکگرتنەوە.

چاچول / čâčûl/: اسم. [گفتاری] فێڵ؛ فروفێڵ؛ دەلەسە؛ گۆڕە؛ چاچۆڵ؛ نێرەنگ؛ گەڕ؛ گەزی؛

گزی؛ گزە؛ تەڵەکە؛ هەنگ؛ حەوقە.

چاچول‌باز / čâčûlbāz ، ـها؛ ـان/: *صفت.[گفتاری]* فێـڵباز؛ چاچۆڵـباز؛ جامبـاز؛ جانقولیبـاز؛ ساختەچی؛ گزیکار؛ تەڵەکەکار؛ هەنگباز؛ گەڕباز؛ حەوقەباز ‹از آن آدمهای چاچول‌باز است: لەو بنیادەمە فیلبازانەیە›: هەروەها: **چاچول‌بازی**

چاخان[1] / čāxān ، ـها/: [ترکی] *اسم.[گفتاری]* بافڕۆ؛ دەلەسە؛ قسەی هەڵبەستە؛ هووشە؛ فشە؛ چاخان؛ درۆی زل.

▣ **چاخان کردن:** هووشە/ فشە کردن؛ چاخان کردن؛ درۆ و دەلەسە کردن ‹تند و تند داشت چاخان می‌کرد: لەپەستا هووشەی دەکرد›.

چاخان[2]: *صفت.[گفتاری]* ١. درۆزن؛ باپیڤ؛ فشەکەر؛ چاپباز؛ هووشەباز؛ خۆهەڵکێش؛ شاتوشووتکەر ‹آدم چاخان: مرۆی درۆزن› ٢. فشە؛ درۆ؛ ناڕاست ‹حرف چاخان: قسەی درۆ›.

چادر / čādor ، ـها/: [سنسکریت]*اسم.* چادر: ١. چارشێو؛ چارشۆ؛ چارشەو؛ چارشەوە؛ چوارشەو؛ چایر؛ هیزار؛ هیراو؛ جۆرێ پۆشەنی ژنانی موسڵمان کە تەواوی لەش دادەپۆشێ ‹چادر مادرت را بیاور سرش کند: چارشێوەکەی دایکت بێنە بیداتە سەریدا› ٢. خێوەت؛ چادرە؛ چایر؛ کۆن؛ تاوڵ؛ تئووک؛ دەوار؛ هۆبە؛ هەواری؛ چاتۆڵە؛ چاکڵە؛ کوین؛ گوین؛ عەسەلە؛ کەرەستەیەکی دەس‌هەڵگر و دەق‌خۆر لە پارچەی نم نەدەر، لاسیک یان پێست یان پێست کە بە گوریس و قولاب و ئەستوندکێک هەڵیدەدەن و قایمی دەکەن بۆ مانەوە یان حەسانەوە، لە کەژ یان دەشت بەکاردێ ‹کنار رودخانه چادر زدیم و شب را توی چادر ماندیم: لە پەنای چۆمەکەوە چادرمان هەڵدا و شەو لە نێو خێوەتەکە ماینەوە› ٣. سەیوان؛ سابات؛ کەرەسەیەک لە برێزێنت یان پارچەی ئەستوور بۆ بەرگری لە تیشکی هەتاو کە لە سەر دەرکی دووکاناندا هەڵیدەواسن ٤. چادری ماشین؛ پۆشەنێک بۆ بەرگری لە تیشکی هەتاو، تۆز و خۆڵ و بەفر و باران، کە بە سەر ماشینیدا دەدەن ‹وانت چادر نداشت، همه‌ی اثاث خیس شد: وانێتەکە چادری نەبوو، هەموو شتەکان خووسان› ٥. هەر شتێکی وەکوو چادر بێ یان کارێکی ئاوەها بکا ‹چادر اکسیژن: چادری ئۆکسیژن›.

▣ **چادر اکسیژن:** چادری ئۆکسیژن؛ جۆرێک چادری پڕ لە ئوکسیژن، تایبەت بە نەخۆشانی سینگ.

چادر کمری: *[قدیمی]* دۆلاخ؛ فۆتەی ڕەشی سەرپۆشی ژنان کە تا سەر ئەژنۆ دەهات و بە کەمەریانەوە دەبەست.

▣ **چادر را یک شاخ انداختن:** *[کنایی]* (سەبارەت بە ژنان) داوێنی لێ بەلادا کردن؛ خۆی لێ هەڵماڵین؛ بەرهەڵستی کەسێک بوون.

چادر زدن: چادر هەڵخستن؛ خێوەت/ چادر هەڵدان؛ چادرە هۆردەی؛ هەڵکردنی ڕەشماڵ بۆ تێدا هێورین.

چادرچاقچوری / čādorčāqčûrî ، ـها/: [سنسکریت/ فارسی] *صفت.* ١. چارشێودۆلاخی؛ خاوەن هەر دوو پۆشەنی چارشێو و دۆلاخ ‹تا پیش از سلطنت پهلوی زنان ایرانی چادرچاقچوری بودند: تا بەر لە پاشایەتی پەهلەوی ژنانی ئێرانی چارشێودۆلاخی بوون› ٢. *[کنایی]* شەرمکەر؛ شەرمەکەر؛ پێداگر لە سەر داپۆشاندنی سەر و رووی خۆ ‹یک خانم چادرچاقچوری بالای مجلس نشسته بود: خاتوونێکی شەرمکەر لە سەرووی کۆڕەکەوە دانیشتبوو›.

چادردرانی / čādordarānî/: [سنسکریت/ فارسی] *اسم.[مجازی، گفتاری]* خولک و پێداگری زۆری میواندار لە سەر ڕاگرتنی میوان (تێبینی: زۆرتر سەبارەت بە ژنان دەگوترێ).

چادرشب / čādoršab ، ـها/: [سنسکریت/ فارسی] *اسم.* مەوج؛ قوماشێ چوارگۆشە و گەورە کە

نوێنی تێوە دەپێچرێ.

چادرنشین / čādornešîn ، ـ ها؛ ـ ان/: [سنسکریت/ فارسی] *صفت*. ڕەوەن؛ ڕەوەنــد؛ زەوەنــد؛ چادرنـشین؛ کـۆنـنشین؛ چایرنـشین؛ کۆچـەر؛ گەرمێن و کوێستان‌کەر؛ خێلەکی؛ چۆڵپەرست؛ چۆڵنشین؛ هەواری؛ هەواریێ؛ هۆبەیی؛ هۆبەییێ؛ هۆبەنـشین؛ ڕەشمـاڵنـشین؛ خـاوەن ژیـانی کۆچەرایەتی.

چادرنشینی / čādornešînî/: [سنسکریت/ فارسی] *اسم*. کۆچەرایـەتی؛ چادرنـشینی؛ کۆچـەری: ١. کار یان ڕەوتی نیشتەجێ بوون لـە خێوەتـدا وەک شوێنی ژیان و حەسانەوە ٢. قۆناغێک لـە ژیانی کۆمەلایەتی کـە خەڵـک (بۆ دۆزینـەوەی لەوەڕگە یان ڕاو) گەرمێن و کوێستانیان دەکـەن و لە هۆبەدا دەژین.

چادرنمــاز / čādornamāz ، ـهـا/: [سنـسکریت/ فارسی] *اسم*. چـادری نـوێژ؛ چارشـێوی نـوێژ؛ چارشێو نوێژ؛ پۆشەنی ژنانە کە پتر لـە پارچـەی گوڵگوڵی و سووکە بۆ ناو ماڵ دەبێ.

چادری / čādorî/: [سنسکریت] *صفت*. چارشێوی: ١. شیاو بۆ دووریـنی چارشـێو ‹پارچـەی چـادری: کوتاڵی چارشێوی› ٢. /ـها/ چارشێوپۆش؛ چارشێو بە سەر ‹زن چادری: ژنی چارشێوی›.

چادرینه / čādorîne/: [سنـسکریت/ فارسی] *اسم*. *[کالبدشناسی]* چارەوەز؛ بەشێک لە ناوپەنجک کـە ڕێـلەخۆ و ورگ و هـەموو ئەنـدامانی نـاو زگ رادەگرێ.

چار / čār/: *اسم*. *[مخفف]* چوار ‹چـار پا؛ چار پایـە: چوار پێ؛ چوار پایە›.

چارباغ / čārbāq ، ـها/: *اسم*. چوارباخ؛ بلوار.

چـارت / čārt ، ـهـا/: [انگلیسی از فرانسوی] *اسم*. نوانـە؛ چـارت؛ گەلالـەیەک کـە پێکهاتـەی دامەزراوەیەک پیشان دەدا ‹چارت سازمانی: نوانەی مەزرینگەیی›.

چارجینگ / čārcîng/: [؟] *اسم*. گەشانە؛ نرخـی سەرجەمی خزمەتگەلی شاری، وەک ئاو، بـەرق، تەلەفوون و... بە شێوەی مانگانە: **شارژ**

چارـچار / čārčār/: *اسم*. ١. چوار ڕۆژی ئـاخری چلە گەورە و چوار ڕۆژی ئەوەڵی چلـە بچـووک (٧ تا ١٤ی ڕێبەنـدان) کـە ساردترین ڕۆژگـەلی زسـتانن ٢. *[گفتـاری]* چنگـەپرچێ؛ کێبـەرکێ هاورێ لەگەڵ چنگ‌ئاوش بوون و تووڕەییدا.

چارچنگولی[1] / čārčangûlî/: *اسم*. *[گفتـاری]* دۆخ یـان چۆنیـەتی پەنجـە هەڵـپێکان؛ شـێوازی قامکەکانی دەست کاتێ کە چووبێتنە نێو یـەک و جوولەیان لێ بڕابێ.

چارچنگولی[2]: *قید*. چـوار دەسـت و پـێ؛ چـوار پـەل؛ چار لـەبک؛ چـوار چنگۆڵـە؛ بـە جـووت دەست و قورس و قایم ‹چهارچنگولی چسبیده بود به میلـه و ول نمـی‌کـرد: چـوار دەسـت و پـێ لکـابووە میلەکەوە و بەری نەدەدا›.

چارچوب / čārčûb/ ☜ **چهارچوب**

چارغ / čāroq/: [ترکی] ☜ **چارق**

چـارق / čāroq ، ـهـا/: [ترکـی] *اسم*. شـەقال؛ شەکال؛ شێرۆخ؛ کالک؛ کاڵک؛ کالە؛ کاڵە؛ کـالا؛ کالەک؛ کازک؛ پاتاوە؛ پاپێچ؛ پێتاو؛ خاو؛ پێتاوی لە چەرم؛ جۆرێک پێلاوی بـە مـوو چنـراوە کـە ژێرەکەی بە بەنێک دەبەسرێتە لاقەوە: **چارغ**

چارقـد / čārqad ، ـهـا/: [فارسـی/ ترکـی؟] *اسم*. شەلکش؛ سەرپۆش؛ لەچک؛ لەچەکە؛ لەچـەک؛ چارقەی؛ پارچەیەکی گەورەی چوارگۆشـەیە بـۆ پۆشەنی سەری ژنان، کە سووچ بە سووچ دەقـی دەکەن و سێ‌گۆشە بە سەریدا دەدەن و لە ژێـر ملەوە دەیبەستن.

چـارک / čārak/: *اسم*. چـارەک: ١. کـەرت؛ چارەگ؛ چاریگ؛ چواریەک؛ لەچوار پـاژ پاژێـک ٢. *[قدیمی]* یەکەی کێشانە، بەرانبەر بە ١٠ سـیر (٧٥٠ گرەم).

چارکه / čārake ، ـهـا/: *اسم*. چـارەک؛ نیـوەی نیوە؛ پاژێک لە چوار پاژی ئاجۆرێک.

چـارمیخ / čārmîx/: *اسـم.* ۱. *[گفتـاری]* خـاچ؛ خـاج؛ چـوارمێخ؛ چـوارنیخ: **چهـارمیخ** ۲. ☜ **چارمیخه**

▣ **بـه چـار مـیخ کـشیدن:** ۱. لـه خـاچ دان؛ چوارمێخەکێشان؛ چوارنیخەکێشان ۲. *[مجازی]* ڕۆح دەرهێنــــان؛ چــاو چەرمگـــەوکردن؛ چۆلەپێچە دەی؛ زۆر ئازار دان.

چارمیخه / čārmîxe/: *قید. [گفتاری]* چوارمێخـە؛ چوارنیخە؛ سفتوسۆڵ؛ شـەتەکدراو: **چـارمیخ**. هەروەها: **چارمیخه کردن**

چـارواردار / čārvādār ، ـهـا؛ ـان/: *اسم. [قـدیمی]* ۱. ئۆلاغـدار؛ ولاخـدار؛ مـەکارەچی؛ چاروێـدار؛ چارەوێـدار؛ چـەروەدار؛ چـاروەدار؛ هەربەنـە؛ خەربەندە؛ کەردار؛ قاترچی؛ خەرەکچی؛ کەسێ کە بە یەکـسم بـار و مـسافری ڕادەگواسـتەوە و کرێی وەردەگرت.

چـارواداركش / čārvādārkoš ، ـهـا/: *صـفت. [مجازی]* گـەنیو؛ گەنـدەڵ؛ زۆر بۆگـەن و پـیس (بەتایبەت سەبارەت بە خواردەمەنی).

چـارواداری[1] / čārvādārî/: *اسـم.* چاروێـداری؛ چـــــارواداری؛ ئولاغـــــداری؛ ولاخـــــداری؛ مەکارەچیـەتی؛ چاروێـداری؛ کـاری چاروێـدار ‹سالها در مسیر سقز و بوکـان مـشغول چـارواداری بـود: چەنایچەن ساڵ لە ڕێگەی سەقز و بۆکاندا خەریکی چاروێداری بوو›.

چـارواداری[2]: *صـفت.* چـارواداری؛ ولاخـداری؛ پێوەندیدار بە چاروێداریەوە.

چاره / čāre ، ـها/: *اسم.* چـارە؛ چـار: ۱. بـەرەج؛ هاوڵ؛ هاویل؛ گوزوور؛ ئێنای؛ دەوەرە؛ ڕێ چارە بـۆ ڕزگـار بـوون لـە ڕووداوێکـی نـاخۆش یـان دۆخێکی نالەبار ‹آمده بود برای مشکلش چارەای پیدا کند: هاتبوو بـۆ گرفتەکـەی چارەیـەک بدۆزێتـەوە› ۲. هەتوان؛ دەرمان؛ تیمارکاری ‹چارەی دردش را من می‌دانم: چارەی دەردەکەی من دەزانم›.

▣ **چاره اندیشیدن:** چارەسـەر دۆزینـەوە؛ چـارە دۆزینەوە؛ دەبزاندن؛ ڕێ چارە پەیداکردن.

چاره کردن: چارەسەرکردن؛ چـارەکردن؛ لـە نێـــو بـــردنی دۆخێکـــی نـــاخۆش یـــان کاردانەوەکانی.

چارەاندیشی / čāre'andîšî ، ـهـا/: *اسم.* تـەگبیر؛ چارەســـەردۆزی؛ دەبــر؛ کـــار یـــان ڕەوتی پێشبینیکـردن یـان دۆزینـەوەی چارە؛ ڕێگـە دۆزینەوە ‹باید برای مدرسـەی بچـەهـا چـارەاندیـشی کنـیم: دەبـێ بـۆ قوتابخانـەی منداڵـەکان تـەگبیر بکەین›. هەروەها: **چارەاندیش**

چـارەجـو / čārecû ، ـیـان/: *صـفت.* چـارەدۆز؛ خوازیاری دۆزینەوەی ڕێ چارە.

چارەجویی / čārecûyî ، ـهـا/: *اسم.* چـارەدۆزی؛ کار یان ڕەوتی دۆزینەوەی چارە ‹برای چارەجـویی در مـورد مـشکلات ساختمان جمـع شـده بـودیم: بـۆ چارەدوزی سەبارەت بە گـیر و گـرفتی ماڵـەکە کـۆ ببووینەوە›.

چارەساز / čāresāz ، ـهـا؛ ـان/: *صـفت.* چارەسـاز؛ چارەسەرکەر؛ کارساز؛ بە توانایی یـان ئەگـەری چارەسەرکردن ‹این تلاشها چارەساز نیست، باید فکـر دیگری کرد: ئەم کردوکاشـانە چارەسـاز نـین، دەبـێ بیرێکیتر بکرێتەوە›.

چـــارەســـازی / čāresāzî ، ـهـــا/: *اســـم.* ۱. چارەســـەرکری؛ کـــار یـــان ڕەوتی چارەســـەر کـــردن ۲. چارەســـازی؛ دۆخ یـــان چۆنیـــەتی چارەساز بوون.

چارەناپذیر / čārenāpazîr/: *صفت.* بێچارەسەر؛ بـێچـارە؛ بـە بـێ چارەسـەری یـان ئەگـەری دۆزینەوەی چارە.

چاشـــت / čāšt ، ـهـــا/: *اســـم.* ۱. ڕچـــایی؛ ناشـتایی؛ تێـشت؛ بـەرقلیان؛ چێـشا؛ خـواردنی بـــەیانی ۲. تاشـــتی؛ چاشـــتە؛ چاشـــتی؛ چاشـــتانە؛ سەرتێـــشت؛ تاشـــت؛ قـــاوەتوون؛ قاوەلـتوون؛ خـواردنی نێـوان بـەیانی و نیـوەڕۆ ۳. چاشـت؛ چێـشتە؛ چێـشتەنگا؛ چاشـتێنگە؛

چاشـتینگا؛ چێـشتەنگاو؛ کـاتی ناوەڕاسـتی بەیانی و نیوەڕۆ.

چاشنی / čāšnî ، ـها/:/اسم. ۱. چێژەمـەنی؛ چاشنی؛ تام؛ چێژ؛ چاشتین؛ چێژە لـە چێـشتدا ‹چاشنی آش: چێـژەمـەنی ئـاش› ۲. چەشـنی؛ تەرەقە ‹چاشنی گلوله: چاشنی گولله› ۳. /مجازی/ تام؛ چێژە ‹چاشنی کلام: تامی قسە›.

▣ **چاشنی کلام**: تام/ چێژە/ چاشنی قسە؛ ئەوی بۆ ڕازاندنەوەی وتە ئێژنی (وەک شـیعر، نـەقل، مەتەڵۆک و...).

چاغاله / čāqāle/ ☜ **چَغاله**

چاق / čāq ، ـها/: [ترکی] صفت. ۱. چـاخ؛ چـاغ؛ قەڵـەو؛ قەڵـەو؛ قـەرەو؛ گۆشـتن؛ گووشـتن؛ پڕگۆشـت؛ گانوگۆشـت؛ تێـرگۆشـت؛ ئەسـتوور؛ مەس؛ پیپـڕ؛ گونـدە؛ تفقـی؛ تـۆخ؛ چـل‌وچـاخ؛ هل‌هرچ؛ خرچە؛ چاخ‌وچل؛ گرەڵی قەڵەو؛ بەخۆ ‹مرغ چاق: مریشکی چاخ› ۲. /گفتاری/ بـەدەماخ؛ ساق؛ بەخۆوە؛ تەندروست ۳. کۆک؛ ساز؛ تـەیار؛ گیف؛ بەرهەڤ؛ ئامادەی کار ‹قلیان چاق: قلیـانی کۆک›.

▣ **چاق بودن**: ۱. چاخ/ قەڵەو بوون ۲. /گفتاری/ بەخۆوە بوون؛ تەندروست بوون؛ سـاق بـوون؛ سەرحاڵ بوون. هەروەها: **چاق شدن**

چاق کـردن: ۱. قەڵـەوکردن؛ چـاخ‌کردنـەوە ۲. /گفتاری/ کـۆک‌کـردن؛ تەندروسـت کـردن ۳. چاخ‌کردن؛ سازکردن؛ تەیارکردن؛ بەرهەڤ کردن ‹چاق کـردن ارّه: چاق کـردن قلیـان: ساز کردنـی هەڕە؛ چاخ‌کردنـی قلیان›.

چاقـالو / čāqālû ، ـها/: [ترکـی/ فارسـی] صفت. /گفتاری/ چاخەکەلە؛ چاخ‌کەلە؛ خەپـە؛ خەپەلـە؛ خەپلە؛ گردەڵە؛ چاخەکۆڵـە؛ چاخلـە؛ گۆشـتنی گتە.

چـاقچور / čāqčûr ، ـها/:/اسم./قـدیمی/ دۆلاخ؛ جۆرێ دەرپێی دەڵپی ژنانە، کە بـە گورەویـەوە دەدوورا.

چاق‌سلامتی / čāqsalāmatî/: [ترکی/ عربی]/اسم. /گفتـاری/ چـاک‌وچـۆنی؛ خۆشـی‌ودشـی؛ خوەشـی‌ودوشـی؛ وەشـی‌وتـشی؛ هەواڵپرسـی ‹مدتی با مهمانها چاق‌سلامتی کـردیم: دەمـێ لەگـەڵ میوانەکان چاک‌وچۆنیمان کرد›.

چاقو / čāqû ، ـها/:/اسم. ۱. چاقۆ؛ چەقۆ؛ چەقوو؛ کـارچوو؛ چـەخوو؛ قـەچۆ؛ ئامێرێکـە بـۆ بـڕین، بریتی لە لێوارەیەکی تیژی کـانزایی و دەسـکێ کە بـە سـەریدا دەشـکێتەوە ۲. کـارد؛ کـاردی؛ کێرد؛ کێرگ؛ چێر.

▣ **چـاقو دسـته کـردن**: /مجـازی/ تەقـەی ددان هاتن؛ لە سەر چـۆک لـەرزین؛ قرچـەو ددانـا ئامەی؛ لە بەر سەرماوە هەڵلەرزان ‹تـا صبح از سرما چاقو دسته کردیم: تا بەیانی لە سەرما تەقـەی ددانمان هات›.

چاقو زدن: چـەقۆ دان/ لێـدان؛ کەسـێک بـە چەقۆ بریندارکردن ‹دیروز یـک نفـر را چـاقو زده بودند: دوێنێ چەقویان دابوو لە کەسێک›.

چاقو کشیدن: چەقۆکێشان؛ نەماینـە کـاردی؛ چەقۆ (بـۆ هەڕەشـە یـان لێـدانی کەسـێک) بـە دەستەوەگـرتن و هەڕەشـە پێکـردنی ‹بـرای بـرادرزنش چـاقو کـشید: چـەقوی کێـشا بـۆ ژنبراکەی›.

چاقوی بی‌دسته ساختن: /کنـایی/ سـەری بـێ دەلاک تاشین؛ کاری بـێ سـەروبەرە کـردن؛ کـاری ناتـەواو و بـێ‌بایـەخ کـردن؛ کـار بـە نیمەچـڵی بـەجێ‌هێـشتن ‹او از ایـن چاقوهـای بی‌دسته زیاد می‌سازد: ئـەو بـەم شـێوە سـەری بـێ دەلاک زۆر دەتاشی›.

چـــاقوتیز کن / čāqûtîzkon ، ـهـا/:/اسـم. چەقۆتیژکەر؛ کاردتیژکەر: ۱. کەرەسـەیەک بـۆ تیژکردنی دەمەچـەقۆ و دوێـرد ۲. کەسـێ کـە کاری تیژکردنی پێبـڕی وەک کـارد و چـەقۆ و دوێردە.

چاق‌وچله / čāq-o-čelle ، ـها/: [ترکـی/ فارسـی]

صفت. [گفتاری] قەڵەو و بەخۆ؛ گۆشتن؛ چاخەکەلە؛ قەڵەو؛ پتەوی تێرگۆشت ‹دو تا مرغ چاق‌وچله جلو در دانه می‌چیدند: دوو مریشکی گۆشتن لە بەر دەرکەکە چینەیان دەکرد›.

چاقوکش / čāqûkeš ، ـها؛ ـان/: اسم. چەقۆکێش؛ شەلاتی: ۱. کەسێ کە بە چەقۆ لە خەڵکی هەڕەشە دەکا یان لێیان دەدا ۲. کەسێ کە خەرجی خۆی لە ڕێگەی لێدان و هەڕەشە بە چەقۆوە دابین دەکا. هەروەها: **چاقوکشی**

چاقی / čāqî/: [ترکی] اسم. قەڵەوی؛ تێرگۆشتی؛ پیپڕی؛ چاخەسێوەری؛ قەروی؛ گۆشتنی؛ چاخی ‹آدم به این چاقی ندیده‌ام: مرۆڤی بەم قەڵەویەم نەدیوە›.

چاک / čāk ، ـها/: اسم. چاک؛ چاکە؛ شاقڵ؛ شاقەڵ؛ قڵش؛ قڵیش؛ قەڵیش؛ قەڵەش؛ قەڵەشت؛ شەقار؛ تیتک؛ تیک؛ تلیش قەڵیشی ورد و بچووک لە سەر شتێک ‹چاک پیراهن؛ چاک دهان: چاکی کراس؛ شەقاری دەم›.

▣ **چاک خوردن**: تلیشان؛ تلیشیان؛ هەڵتلیشان؛ شاقەڵ تێهاتن؛ تلیش بردن؛ هۆڕتلیشیەی ‹پیراهنش از چند جا چاک خورده بود: کراسەکەی لە چەند لاوە تلیشابوو›.

چاک دادن: شەقاردان؛ شاقەڵ دان؛ چاک لێدان؛ قلیش لێدان ‹گلویش را از چند جا چاک دادند و لوله گذاشتند: گەروویان لە چەند جێوە شەقار دا و لوولەیان تێخست›.

چاک دهن باز شدن: [مجازی] دەم لێ بەر بوون؛ دەم دان ‹نگذار چاک دهنش باز بشود: کارێ مەکە دەمی لیت بەر بێ›. هەروەها: **چاک دهن را باز کردن**

به چاک زدن: [گفتاری] وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون؛ تێتەقاندن؛ هەڵهاتن؛ خۆ دەرکردن؛ ڕاکردن؛ بەرشیەی ‹تا پاسبانها آمدند، زد به چاک: تا پاسەوانەکان هاتن، وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو›.

چاک‌ـچاک / čākčāk/: صفت. شەقار ـ شەقار؛ فەتار ـ فەتار؛ پارە ـ پارە؛ قەڵیش ـ قەڵیش؛ ترەک ـ ترەک؛ شڕ و دڕ؛ بە قەڵشتی زۆرەوە ‹زمین از بی‌آبی چاک‌ـچاک شده بود: زەویەکە لەبەر بێئاوی شەقار ـ شەقار ببوو›.

چاکر / čāker, čākar ، ـها؛ ـان/: اسم. چۆکار: ۱. خزمەتکار؛ ژێرماڵە؛ چابر ۲. [قدیمی] نۆکەر؛ خولام؛ کەمەربەست؛ هەروەنە.

چاکری / čākerî, čākarî/: اسم. نۆکەری؛ چۆکاری؛ خزمەتکاری؛ پیشە یان کاری خزمەتکار.

چاکنای / čāknāy/: اسم. [کالبدشناسی] باریکی نێوان تارە ژێدارەکان و پێکهاتەی دەور و بەری لە نێو گەرووادا: **مزمار**

چال / čāl ، ـها/: اسم. [گفتاری] چاڵ؛ چاڵی؛ چاڵەقووتە؛ قووڵگە؛ گووڵ؛ قۆرت؛ چاوانە؛ کەند؛ کەن.

▣ **چال چانه**: دۆشەویلە؛ چاڵی چەنە؛ چاڵی چناکە؛ کووری ئەرزینگ. هەروەها: **چال گونه**

▣ **چال افتادن**: قووڵ بوون؛ قووڵ کەوتن؛ قووڵ داکەفتن؛ ئەنە قووڵایی لوەی ‹چشمهایش چال افتاده بود: چاوەکانی قووڵ کەوتبوون›.

چال کردن: کردنە چاڵ؛ چاڵ کردن؛ نیان؛ ناشتن؛ ڤەشارین؛ سەخت کەردەی؛ ژێر خاک کردنی شتێک ‹پولها را توی باغچه چال کرد: دراوەکانی لە نێو باخچەکەدا کردە چاڵ›.

چال کندن: چاڵ کەندن؛ کەندکەندن؛ چاڵ هەڵکەندن؛ کەن هۆردایوە ‹پای دیوار چال کند و رویش را پوشاند: لە بنی دیوارەکەوە چاڵێکی کەند و سەرەکەی داپۆشی›.

چالاک / čālāk ، ـها/: صفت. [ادبی] ئازا؛ دەست هەل؛ چالاک؛ توند و تۆڵ؛ تاشک؛ گورج؛ چابک؛ فرز؛ مەزبووت؛ تیژاو؛ لەش سووک؛ چست؛ چوست؛ گورج‌وگۆڵ؛ چوختی؛ پەیت؛ زرک؛ زرک‌وزینگ؛ زرت‌وزینگ؛ کەلەش؛ چابک؛

چەلەنگ؛ زرینگ؛ بزێو؛ قەشقە؛ خێرا لە کاردا ‹در کار کردن چالاک بود اما در خوردن چالاک‌تر!: لە کار کردندا ئازا بوو بەلام لە خواردندا ئازاتر!›.

چالاکی / čālākî/: /اسم. گورج‌وگۆلی؛ چالاکی؛ بەدەستوبردی؛ چاپکی؛ خێرایی؛ فرزی؛ توندی؛ توند و تۆلی؛ بزێوی؛ دۆخ و چۆنیەتی چەلەنگ بوون ‹دستهای به این چالاکی ندیده بودم: دەستی وا گورج‌وگۆلم نەدیتبوو›.

چالش / čāleš ، ـها/: [ترکی]/اسم. کێشەوبەرە؛ دەمرگە؛ ملە؛ کردوکاشی چڕ و پێداگر، بە تایبەت بۆ سەلماندن یان وەلانانی بابەتێک ‹انتخابات، همەی گروههای سیاسی را بە چالش می‌طلبد: هەڵبژاردن هەموو کۆڕ و کۆمەڵە رامیاریەکان بۆ کێشەوبەرە بانگێشتن دەکا›.

چالگاه / čālgāh/: /اسم. [زمین شناسی] بەفرەچاڵ؛ کۆچاڵ؛ پیرەچاڵ؛ وەروەجالێ؛ قوڵگەی بەدیهاتوو لە بەفرەچاڵی کوێستان.

چاله / čāle ، ـها/: /اسم. چاڵ؛ کۆرتک؛ قووڵکە؛ قوڵت؛ کوزوری؛ کەند؛ قووڵگەی نەک زۆر قووڵ.

▣ **از چاله به چاه افتادن**: [کنایی] لە باران ڕاکردن و تووشی تەرزە هاتن؛ چوون بۆ ڕیش و سمێڵ دانان؛ لە خراپەوە تووشی خراپتر بوون.

چاله‌ــچوله / čālečûle ، ـها/: /اسم. [گفتاری] ۱. کەندولەند؛ مەرخ؛ درتاڵ؛ چاڵوچووڵ؛ چاڵوچۆل؛ چام-چام؛ چاڵ و چۆلێگەلی زۆر و جۆراوجۆر ‹جادەها بر اثر بمباران پر از چاله-چوله بود: ڕێگەکان بە هۆی بومبارانەوە پڕ ببوو لە کەندولەند› ۲. [مجازی] کەلەبەر؛ کەلێن؛ کون و کەلەبەر؛ پێداویستی؛ ڕهۆڵ؛ کەم و کووڕی ‹مقداری پول لازم دارم تا این چاله-چوله‌ها را پر کنم: هێندێک پارەم پێویستە ئەم کون و کەلەبەرانە بگرم›.

چاله‌حوض / čālehowz, -ho:z ، ـها/: [فارسی/عربی]/اسم. [قدیمی] خەزێنەی حەمام؛ خەزێنەی ئاوی سارد؛ ئەستێری سەرداپۆشراو لە حەمامە گشتیەکاندا.

چامه / čāme/ ☜ **چَکامه**

چانچو / čānčû ، ـها/: /اسم. ئەو دارە لە سەر شانی دەنێن و بە دوو سەریەوە سەبەتە و سەتڵ و ... هەڵدەواسن.

چانه / čāne ، ـها/: /اسم. ۱. چەنە؛ لەچەنە؛ چەنەگە؛ چەناگە؛ چناکە؛ چناگە؛ چناوکە؛ چناکێ؛ چەناکێ؛ چناوە؛ چنەوە؛ چن؛ ئارزینگ؛ ئارزەن؛ ئارچەن؛ ئەرزینگ؛ ئەرزنگ؛ هەنەک؛ ژوون؛ زەنج؛ زەنی؛ زینج؛ زنج؛ ئاگرگوشک؛ بەشی خوارینی دەموچاو کە بە شێوەی گردۆلکەیێک لە بەر هارووی ژێرەوەیە ۲. گونک؛ گونکێ؛ کونگی هەویر؛ ئەوەندە لە هەویر کە بۆ نانێک جیا دەکرێتەوە.

▣ **چانه انداختن**: [تعریض] لار بوونەوە؛ پا داکێشان؛ قاچ جووت کردن؛ دەم لێکنان؛ دەمەکوتێ بوون؛ مردن ‹دیشب پدرش چانه انداخت: دوێشەو باوکی لاربووەوە›.

چانه زدن: [مجازی] ۱. چەقەکردن؛ چەقەچەق کردن؛ بۆ ڕازی و دڵنیا کردنی کەسێ لە سەر قبووڵ کردنی کارێک زۆر قسە و باس کردن ‹سر قیمت کلی با فروشنده چانه زدم، ولی یک شاهی هم تخفیف نداد: لە سەر نرخەکە زۆرێک لەگەڵ فرۆشیارەکە چەقەم کرد، بەلام شاییێکیشی لێ نەشکاند› ۲. چەنەدان؛ چناکە دان؛ چەنە لێدان؛ چەناکە دەی؛ وراجی کردن؛ زۆربێژی کردن؛ چەنەبێژی کردن؛ شات‌وشووت کردن؛ دەمدرێژی کردن؛ دەم لێدان؛ دەم هەڵەیی کردن؛ زۆر و بێ‌بایەخ گوتن.

چانەی کسی گرم شدن: [مجازی] دەم گرتن؛ دەم پرژان؛ گەرم داهاتن؛ چناکە شل بوون؛ درێژە دان بە قسە ‹چانه‌مان گرم شد و یک وقت دیدیم ساعت ۱۲ شد: دەممان گرت و لامان کردەوە سەعات ببووە ۱۲›.

چانه گرفتن: گونک‌گرتن؛ گونکی هەویر گرتن بۆ نان یا شیرینی.

چاودار / čāvdār ، ـها/:اسم. چەوان: ۱. چاودار؛ چاویار؛ چێودان؛ چەودەر؛ چەودار؛ چەودەن؛ جۆ فەرەنگی؛ گیایەک لە ڕەگەزی گەنم کە گـەڵای پـانی هەیـە و سـەلکەکەی بـەلادا دەکـەوێ و دانەکانیشی دەخورێ ۲. دەنکە؛ چۆدان؛ دانـەی ئەو گیایە کە خۆراکی ئاژەڵە.

چــاوش / čāvoš ، ـهـا؛ ـان/: [ترکـی]/اسـم. بـەرکاروان؛ چـاوەش؛ چـووش؛ ئـەو کەسـە پێـشەنگی کـاروانی زیارەتچیانـە و بـۆ پەسـنی گۆڕی پێشەوایان و هاندانی خەڵک بـۆ زیـارەت گۆرانی دەچڕێت.

چــاووش / čāvûš ، ـهـا؛ ـان/: [ترکـی]/اسـم. ۱. ☜ **چــــاوش** ۲. *[قــدیمی]* جــاڕکێش و بانگــــدەری پادشـــایان و دەســـەڵاتداران ۳. *[قدیمی]* کەسێ کە پێـشتر بـە دەنگـی بـەرز خەڵــکی لــە هــاتنی لەشــکر یــان پیــاوی دەسەڵاتدار ئاگادار دەکرد.

چاه / čāh ، ـها/:اسم. بیر؛ بیرە؛ چا؛ چاڵ؛ چاڵی: ۱. چە؛ قومش؛ کەنـدێکی گرۆڤـەری قـووڵ لـە زەویدا ‹چاه آب؛ چاه نفت: بیری ئاو؛ چاڵـی نـەوت›. ۲. *[مجازی]* گۆیخاڵ؛ قووڵکە؛ گاودی؛ قووڵی ‹راه و چاه: چاڵ و ڕێ›.

▣ **چاه آب:** چاڵاو؛ چاڵاوی؛ ویر؛ بیر؛ بیرە؛ بیراو؛ کۆچەڵـە؛ چـاڵاڤ؛ کەنـداو؛ چایـەک کـە بـۆ گەیشتن بە ئـاو هەڵـدەکەندرێت. هـەروەها: **چاه نفت**

چاه آرتزین: چـاڵاوێکی سروشـتی کـە (وەک فوارە) ئاوی لێ هەڵدەبەزێ: **چاه جهنده**

چاه آسانسور: چاڵی ئاسانبەر؛ بۆشاییەکی درێژ و تەنگ لە نێو وارخاندا، کە هۆدەی ئاسانبەر و سەنگی تەراز بوونەکـەی لەوێـدا بـان و خـوار دەکا.

چاه پله: بۆشایی ناو پلەی مالانی چەند نهـۆم کە پلیکانەکانی پێچ دروستکراوە.

چاه پیشکار: سەرکارێز؛ ژوورترین چای کارێز.

چاه جهنده ☜ **چاه آرتزین**

چـاه خـشک: چاڵـی وشـک؛ بـیری وشـک؛ چایەک کە ئاوی نەبێ.

چاه زنخدان: *[مجـازی]* کـۆرت؛ چاڵـی چەنـە؛ کۆرتا زەنی.

چاه فاضلاب: چای ئاوەڕۆ؛ چاڵـێ کـە بـۆ تـێ ڕژانی ئاوی پیس و زێدە، هەڵدەکەنرێت.

چاه وِیل: *[کنایی]* چای بێبن؛ چـای بـێپـەی؛ چاڵی زۆر قووڵ ‹شکمش چاه ویل است، هر چه در آن بریزد پر نمی‌شود: سکی چای بـێبنـە، هـەرچی تێکا پڕ نابێ›.

▣ **چاه زدن:** *[گفتـاری]* بـیر لێـدان؛ چـا لێـدان؛ بیرکەندن ‹هر چه چاه زدند به آب نرسید: هەر چی بیریان لێدا نەگەیشتە ئاو›.

چاه کنـدن: بیرکەنـدن؛ چاکەنـدن؛ کەنـدنی زەوی بۆ ئاو ‹داشتند توی باغشان چـاه مـی‌کندنـد: خەریک بوون لە باخەکەیاندا بیریان دەکەند›.

چـــاهخو / čāhxû ، ـهـا/:اسـم. قومەشـکەن؛ کەڵکەڵەچی؛ چاکەن؛ کەسێ کـە کـار و بـاری، پاقژکردن و دروست کردنەوەی بیر و کارێزە.

چاهک / čāhak ، ـهـا/:اسم. قووڵـکە؛ قووڵـگە؛ چاڵۆکە؛ چاڵە؛ قووڵایی دەسکرد.

چاه‌گرفتگی / čāhgereftegî/ ☜ **گرفتگی**[۲]

چای / čāy ، ـها/: [چینی]/اسم. چا؛ چای؛ چـایی؛ چایە؛ چەی؛ چـوی؛ تۆچـا: ۱. ڕوەکـی چـایی؛ گیایەک لە ڕەگەزی چایی کە گەڵاکانی قـنج و پڕ و بێ‌کولک و سەوزی تۆخە و بـۆ خواردنـەوە بەرهەمی دێنن ۲. گەڵای چایی؛ گەڵای وشـک کراوی چایی ‹یک بسته چای بخر: بەستەیەک چایی بکڕە› ۳. چای دەمکراو؛ دەمکراوی گەڵای چایی لە ئاوی کوڵ‌هاتوودا کە بە گـەرمی دەیخۆنـەوە ‹یک استکان چای بریز!: پیاڵەیەک چایی داکە!›.

▣ **چای باروتی:** چـای بـارووتی؛ چـای کـوتراو؛

چایی زۆر نەرم؛ گەڵاچایی وشک‌کراوی باش وردکراو.

چای پر درشت: چای گەڵاپان؛ جۆرێک چاییە کە بە پێچەوانەی چایی بارووتی گەڵاگەڵێکی پانی هەیە: **چای قلمی**

چای تازەدم: چایی تازەدەم؛ چاییەک تازە دەم‌کرابێ.

چای دیشلمه: چایی دیشلەمە؛ چاییەک کە بە قەن یان شەکر شیرین نەکرابێ: **چای قندپهلو**

چای زرین: چایی زەرد؛ جۆرێ چایی کە گەڵاکانی گەورە و زەرد ڕەنگە.

چای سبز: چایی سەوز؛ جۆرێ چایی کە دوای چنینەوەی، خێرا وشکی دەکەنەوە.

چای سیاه: چایی ڕەش؛ جۆرێ چایی کە گەڵاکانی شەو و ڕۆژێ بەر لە وشک کردنەوە دەیترشێنن تا ڕەش هەڵدەگەڕێ.

چای شیرین: چایی شیرین؛ چایێ کە بەر لە خواردنەوە، بە قەن یان شەکر شیرین کراوە.

چای قلمی ☜ **چای پر درشت**

چای قندپهلو ☜ **چای دیشلمه**

چای کیسه‌ای: چای کیسە؛ ئاردەچای دەنێو کیسە کراو بۆ خێرا ئامادە بوونی چایی،کە لە نێو پیاڵە یان قۆری ئاوەکوڵی دەخەن، ڕەنگ دەداتەوە: **چای لیپتن**

چای لیپتن ☜ **چای‌کیسه‌ای**

چایخانه / čāyxāne ، ـها/: [چینی/ فارسی]/اسم. چایخانە؛ چاخانە؛ قاوەخانە؛ شوێنی گشتی بۆ چای خواردنەوە.

چای‌خشک‌کنی / čāyxošk.konî/: [چینی/ فارسی]/اسم. چا وشک‌کەری: ١. کاری وشکەوەکردنی گەڵای چایی ٢. /ـها/ شوێنی وشک کردنەوەی چایی؛ کارگای تایبەت بۆ وشک کردنەوەی چایی.

چایخور / čāyxor/: [چینی/ فارسی] صفت. چایخۆر؛ چاخۆر؛ بە خوو و وازی چا خواردن ‹من چایخور نیستم: من چایخۆر نیم›.

چایخوری[1] / čāyxorî ، ـها/: [چینی/ فارسی]/اسم. کار یان ڕەوتی چاخواردنەوە؛ چای خواردن؛ چەی واردەی.

چایخوری[2]: *صفت.* چاخۆری؛ چایخۆری؛ پێوەندیدار بە کاری چایی خواردنەوە ‹قاشق چایخوری: کەوچکی چاخوری›.

چای‌صاف‌کن / čāysāfkon ، ـها/: [چینی/ از عربی/ فارسی]/اسم. چاییپاڵێو؛ چاپاڵێو؛ چەی پاڵوو؛ چاییپارێز؛ چای پەرز؛ چای پارزن؛ پارزوونی چایی؛ سافیەکی گچکە بۆ پاڵاوتنی چایی و بەرگری لە چوونی تڵتە بۆ نێو پیاڵەوە.

چایکار / čāykār ، ـها؛ ـان/: [چینی/ فارسی]/اسم. چای‌کێڵ؛ چایکار؛ وەرزێرێ کە چایی دەچێنێ.

چایکاری / čāykārî/: [چینی/ فارسی]/اسم. چایکاری: ١. /ـها/ مەزرای چا ٢. کاری وەشاندن و چاندنی چایی.

چایمان / čāymān ، ـها/:/اسم. *[گفتاری]* چایمانی؛ چیامانی، هەڵامەت؛ باپەڕ؛ واپەڕ.

⊡ **چایمان کردن:** چایمانی‌کردن؛ سەرما خواردن؛ چیامانی‌کەردەی ‹لخت نگرد! چایمان می‌کنی: ڕووت مەگەڕە! چایمانی ئەکەی›.

چایی / čāyî/: [چینی] اسم. *[گفتاری]* چایی؛ چا؛ چای؛ چایە؛ چەی: **چائی**

چاییدن / čāyîdan/: مصدر. لازم. *[گفتاری]* // **چاییدی:** ڕچایت؛ **می‌چایی:** دەڕچی؛ - // ڕچیان؛ ڕچان؛ چایین؛ چیەیەوەنەی؛ سەرما بوون؛ سەرما خواردن: **چائیدن**

■ **صفت مفعولی: چاییده** (ڕچاو)/ **مصدر منفی: نچاییدن** (نەڕچان)

چپ[1] / čap/:/اسم. چەپ: ١. قەنبەل؛ چۆپە؛ چەپە؛ چۆپ؛ چەپەن؛ چەپیل؛ چەپال؛ چەپان؛ لای بەرانبەری ڕاست؛ ئەو لایە کە ئەگەر ڕوو لە باشوور ڕاوەستین، لە ڕۆژهەڵاتە ‹بپیچ بە چپ:

لاده بۆ چەپ› ٢. لای چەپ؛ ئەو نیوەیە لە لەش کە دڵ دەوێدایە ‹دست چپ: دەستی چەپ›
*بەرانبەر: **راست**

چپ[2]: *صفت.* ١. *[مجازی]* پێچەوانە؛ چۆپەوانە ‹چپ افتادن: پێچەوانە کەوتن› ٢. شاش؛ خێل؛ خوول؛ خوێل؛ لار ‹چپ چشم: چاو خێل› ٣. چەپ؛ چۆپ؛ خاوەن جێگە لە لای چەپەوە ‹دست چپ، کوچەی دوم: دەستی چەپ، کۆلانی دووهەم› ٤. ـها/ *[سیاست]* چەپ؛ چەپەوگر؛ چەپخواز؛ چەپی ‹جناح چپ: باڵی چەپ› ٥. *[مجازی]* پێچەوانە؛ چەپیوانە؛ چۆپەوانە؛ بەراوەژوو؛ هەڵەوگەڕیاگ ‹خواب زن چپ است: خەوی ژن پێچەوانەیە›.

▣ **بە چپ-چپ:** بەچەپ-چەپ؛ بەرەو چەپ؛ فەرمانی وەرگەڕان بەرەو لای چەپ.

نظر بە چپ ☜ **نظر**

▣ **چپ افتادن:** *[مجازی]* کەوتنە قینەوە؛ نەیار بوون ‹رئیس با من چپ افتاده: ڕەییس لێم کەوتوتە قینەوە›.

چپ-چپ نگاه کردن: *[مجازی]* بە لاتیر/ لاچاوەوە ڕوانین؛ تیر لێبردنەوە؛ لاچیر لێکردن؛ بە ڕق یان دوژمنیەوە بۆ کەس یان شتێک ڕوانین ‹داشت بە من چپ-چپ نگاه می‌کرد: خەریک بوو بە لاتیرەوە تەیروانی بۆم›.

چپ شدن: چپه شدن ☜ **چپه**

چپ کردن: چپه کردن ☜ **چپه**

چپار / čapār/: *صفت.* بازەڵە؛ بەڵەک؛ بازە؛ بازبازەڵە؛ خاڵماو؛ بازوو؛ بازگ؛ خاوەن پێستی خاڵ-خاڵ (ڕەشی خاڵ سپی یان بە پێچەوانەوە).

چپاندرقیچی / čapandarqeyčî/: [فارسی/ ترکی] *قید.* *[گفتاری]* لار و لوێر؛ لار و لەوێر؛ لار و وێر؛ لار و گێر؛ قیچەڵفاچ؛ خوار و خێچ؛ گێر و وێر ‹چرا این‌قدر چپاندرقیچی دوختی؟: بۆچی ئەوندە لار و لوێر دووریوتە؟›.

چپاندن / čapāndan/: *مصدر متعدی.* // **چپاندی:** ئاخنیت؛ **می چپانی:** دەئاخنی؛ **بچپان:** بئاخنە// ئاخنین؛ پەستاندن؛ پەستاوتن؛ پەستن؛ ڕاپۆڕاندن؛ تێپەستاوتن؛ تێپەستان؛ تێپەستاندن؛ پەستواندن؛ تێئاخنین؛ چرپاندن؛ ئاخەنای؛ ئاخەنەی؛ تەپنەی؛ تێبڕین؛ تێترنجاندن؛ تێتەپانن؛ تەپاندن؛ شتێک بە زۆر و گوشار لە بەین شتێتردا جێ‌کردنەوە ‹خودش را چپاند توی جمعیت: خۆی ئاخنیە نێو ئاپۆرەکەوە›:

تپاندن؛ طپاندن. هەروەها: **چپاندنی**

■ صفت مفعولی: **چپانده** (ئاخنراو)/ مصدر منفی: **نچپاندن** (نەئاخنین)

چپاول / čapāvol، ـها/: [ترکی] *اسم.* تالان؛ بڕۆ؛ پوێر؛ پوور؛ پوویر؛ پوڕ؛ پوور؛ پەلسە؛ گلاهە؛ چەپاو؛ چەپۆ؛ چەپلاو؛ پەلیسە؛ فەرهوود؛ کەلات؛ تالان و مالان؛ تالان و تاژان؛ تالان و بڕۆ ‹بچه‌ها ریختند توی جالیز و هندوانه‌ها را چپاول کردند: منداڵەکان ڕژانە نێو بێستانەکەوە و شووتیەکانیان تالان کرد›.

▣ **چپاول شدن:** چەپاو بوون؛ تالان بوون؛ تالان کران.

چپاول کردن: چەپاوکردن؛ تالان‌کردن؛ تالان‌ومالان‌کەردەی.

چپاولگر / čapāvolgar، ـها؛ ـان/: [ترکی/ فارسی] *اسم.* تالانکەر؛ خوداگیر؛ نەژدڤان؛ نژدە؛ تالانچی؛ پوورکەر؛ دەست درێژکەر بۆ مافی بێدەسەلات.

چپاولگری / čapāvolgarî، ـها/: [ترکی/ فارسی] *اسم.* تالانکاری؛ پوورکەری؛ نەژدڤانی؛ تالانچیگەری.

چپ‌برتری / čapbartarî/: *اسم.* چەپزالی؛ چەپچیری؛ نژدەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بەهێزتر بوونی ئەندامی لای چەپی لەش.
بەرانبەر: **راست‌برتری**

چپ‌چشم / čapčešm/: *صفت.* خێل؛ خوێل؛ خوول؛ خەیلە؛ چاوچەفت؛ چاوخێل؛ چاولار؛ چاوگێڕ؛ چاڤخوار.

چپ‌چشمی / čapčašmî/:/اسم. شاشی؛ خێلی؛ خوێلی؛ خوولی؛ چاوچەفتی؛ چاوخێلی؛ چاولاری.

چپدست / čapdast ، ـها؛ ـان/: صفت. چەپلەر؛ چەپدەس؛ چەپێل؛ چەپێڵ؛ چۆپە؛ فێرەکار بە دەستی چەپ. بەرانبەر: **راستدست**

چپدستی / čapdastî/:/اسم. چەپلەری؛ چەپدەستی؛ چەپدەسی؛ چەپێڵی؛ چەپی: ١. دۆخ یان چۆنیەتی چەپلەر بوون ٢. هەبوونی خوو یان تایبەتمەندی کەڵک وەرگرتنی زۆرتر یان هاسانتر لە دەست (و پای) چەپ ❊ بەرانبەر: **راستدستی**

چپر / čapar ، ـها/: [ترکی]/اسم. پەرژین؛ پەرچین؛ پەڕچین؛ چیلە؛ پەرجان؛ چەپەر؛ تانۆک؛ تان؛ تامان؛ تەیمان؛ تەیمانە؛ پەچیە؛ دەرمەنجێڵە؛ دەر و دیواریٚ کە تووڵ و شووڵ و ساقەتەی قامیش دروستی دەکەن.

چپ‌رو / čaprow ، ـها؛ چپروان čaprovān/:/اسم. [سیاست] چەپ‌لا؛ لایەنگری لاسار لە ئەندێشەی چەپدا.

چپ‌روی / čapravî ، ـها/:/اسم. [سیاست] چەپ‌لایی؛ کار یان ڕەوتی لایەنگری لاسارانە لە بیر و بۆچوونی چەپ.

چپش / čapeš ، ـها/:/اسم. گیسک؛ گێسک؛ چەپیش؛ چەپۆش؛ بەچکە بزنی لە شیر بڕدراو، لە پێنج مانگەوە تا یەک ساڵ.

چپق / čopoq ، ـها/: [ترکی]/اسم. سەویلە؛ سەبیل؛ سبیل؛ سەبیلە؛ چووخ؛ چپوغ؛ چواک؛ قەندە؛ قەلن؛ قەلنە؛ ئامرازی تووتن کێشان، بە لوولەیێکی چێوی یان کانزایی و سەرێکی وەک فنجانی چکۆلە کە تووتنەکەی تێدەکەن ‹یک چپق چاق کن با هم بکشیم: سەویلەیەک ساز کە پێکەوە بیکێشین›.

⊡ **چپق کسی را کشیدن**: [کنایی، گفتاری] کەسێک کێشانە چوارمێخەوە؛ چۆڵە چزیٚ کەسێک دان؛ خوێن کەسێک کردنە کاسەوە؛ ئەشکنجەکردن یان بە سەختی ئازاردانی کەسیٚ ‹وقتی بردند چپقش را کشیدند، آن‌وقت معنی حرف مرا می‌فهمی: کاتیٚ بردتیان کێشاتیانە چوارمێخەوە، ئەو کاتە مانای قسەکانی من دەزانی›.

چپق‌ساز / čopoqsāz ، ـها/: [ترکی/ فارسی]/اسم. سەبیلچی؛ سەبیل‌ساز؛ کەسیٚ کە سەبیلی تووتن دروست دەکا.

چپکی / čapakî/: قید. [گفتاری] لار: ١. لارەلار ‹چپکی رفت: لارەلار ڕۆیشت› ٢. چەوێڵ؛ لەوێر؛ چەوت؛ چەفت؛ خوار ‹کاسه را چپکی گرفت: کاسەکەی لار گرت›.

چپگرا / čapgerā ، ـها؛ ـیان/: صفت. [سیاست] چەپخواز؛ چەپەوگر؛ چەپواز؛ دەستەچەپی؛ لایەنگری گۆڕانکاری لە پێز و بنەمادا بۆ دابین‌کردنی ماف و قازانجی کۆمای خەڵک ‹روزنامەی چپگرا: ڕۆژنامەی چەپخواز›.

چپگرایی / čaparāyî/:/اسم. چەپخوازی؛ چەپوازی؛ چەپەوگری؛ دۆخ یان چۆنیەتی چەپخواز بوون.

چپگرد / čapgard/ ☜ **چپگردان**

چپگردان / čapgardān/: صفت. چەپگەڕ؛ چەپگەرد؛ خاوەن جوولەی دەورەیی بەرەو لای چەپ: **چپگرد**

چپ‌نمایی / čapnemāyî/:/اسم. چەپ‌نوێنی؛ کار یان ڕەوتی خۆ وەک هەوادار یان پەیرەوی ئەندێشە یان هێزگەلی سیاسی چەپخواز نیشاندان. هەروەها: **چپ‌نما**

چپو / čapow, čapo:/: [ترکی]/اسم. [گفتاری] تالان؛ برۆ؛ پوور؛ پوێر؛ چەپۆ؛ چەپاو؛ چەپلاو. هەروەها: **چپو شدن؛ چپوکردن**

چپه / čape, čappe/: صفت. گلار؛ چەپ؛ کەوتوو؛ وەرگەڕاو؛ هەڵدریاگ؛ سەرنخون؛ هۆرویٚلیا؛ هۆرداریا؛ لارەوە بووگ ‹ماشین چپه شد

و افتاد توی جوب: ماشینەکە گلار بۆوە و کەوتە نێو جۆگەوە›.

◘ **چپه کردن:** وەرگەڕاندنەوە؛ هەڵەوگەڕاندن؛ قولەوژوورکردن؛ هۆروێڵنەی؛ گلارەوەکردن.

هەروەها: **چپه شدن**

چپی / čapî ، ـها/: *صفت.* چەپی: ۱. پێوەندیدار یان سەر بە چەپەوە ۲. شوێنکەوتوو یان لایەنگری چەپ؛ چەپخواز ‹روزنامەی چپی: رۆژنامەی چەپی› ۳. *[گفتاری]* هەڵدێراو؛ هەڵەودێریاگ؛ هەڵگەڕاوە؛ وەرگەڕاو ‹ماشین چپی: ماشینی هەڵدێراو›.

چپیدن / čapîdan/: *مصدر. لازم.* // **چپید:** ترنجایت؛ **می‌چپی:** دەترنجی؛ **بچپ:** بترنجە// ترنجان؛ ترنجیان؛ ترنجیەی؛ تەپین؛ ڕاپۆڕین؛ بە زۆر چوونە نێو شتێکەوە؛ بە دژواری جێ بوونەوە ‹چپیدن توی ماشین: ترنجانە نێو ماشێنەوە›.

هەروەها: **چپیدنی**

■ صفت مفعولی: **چپیده** (ترنجاو)/ مصدر منفی: **نچپیدن** (نەترنجان)

چتائی / čatā'î/: [؟] ☜ **چتایی**

چتایی / čatāyî/: [؟]*اسم.* گوش؛ هەودا و ڕیشاڵەی ساقەتەی جۆرێ کەنەف کە دە ئاو و هەوای شۆداری گەرمیاندا دەڕوێ، کەمکۆڵیە و زۆرتر بۆ چنینی گۆنی بە کار دێ: **چتائی**

چتر / čatr ، ـها/: [سنسکریت]*اسم.* چەتر؛ چەترە: ۱. کەرەسەیەک لە جنسی پارچەی ئاو نەدەڵێن، کە بە چەند میلەیەکی یەکناوەندەوە لکاوە، لە کاتی باراندا هەڵیدەدەن وەک نیوەگۆیێکی لێ دێ، بەرگری لە تەڕ بوون دەکا ۲. سەیوانە؛ جۆرێ لە هەمان کەرەسە بە ڕەنگی ڕۆشن کە بۆ بەر هەتاو و سێبەر خۆش کردن بە کار دەروا: **چتر آفتابی** ۳. جۆرێ گەپتر و پتەوتر لەوە، لە جنسی پارچەی قایم و سووک کە بۆ داپەڕین لە فڕۆکە یان لە جێگای بەرزەوە کەڵکی لێ وەردەگرن: **چتر نجات** ٤. چەپکەی مووی یان پەڕ کە بە شێوەی چەتر هەڵدراوەتەوە ‹چتر تاووس: چەتری تاووس› ٥. *[مجازی]* سەیوان؛ سێبەر؛ پارازوو؛ ئەوەی کەسێ یان شتێ دەپارێزێ ٦. *[گیاه‌شناسی]* کلاوە؛ سەری کارگ؛ کلاوەی قارچک.

◘ **چتر آفتابی** ☜ **چتر-۲**

چتر نجات ☜ **چتر-۳**

◘ **چتر زدن:** چەترکردن؛ چەتر هەڵدان ‹پرهای زیبای تاووس چتر زده بود: پەڕە جوانەکانی تاووس چەتریان کردبوو›.

زیر چتر خود گرفتن: *[مجازی]* دەست بە سەرەوە گرتن؛ خستنە ژێر پەڕ و باڵی خۆ؛ ژێر پەڕ و باڵ گرتن؛ پشتیوانی لێ‌کردن.

چترباز / čatrbāz ، ـها؛ ـان/: [سنسکریت/ فارسی] *اسم.* ۱. چەترباز؛ پەڕاشۆتـڤان؛ پەرەشووت؛ ئەوەی بە چەتر لە فڕۆکەوە دادەپەڕێ ۲. چەترباز؛ جەنگاوەرێک کە بۆ هێرش بردن لە پشتەوەی سوپای دوژمن بە چەترەوە دادەبەزێ ۳. *[کنایی]* کەسێ کە لە ناکاو و بێ‌بانگهێشتن لە جەژن و میوانی پەیدا دەبێ.

چتری / čatrî/: [سنسکریت] *صفت.* چەتری: ۱. پێوەندیدار بە چەترەوە ۲. وەکوو چەتر؛ چەترئاسا.

چتکه / čotke, čotge ، ـها/: [روسی]*اسم.* ۱. چۆرتکە؛ چۆرت؛ ئامرازێ بۆ ژماردن، بە چوارچێوە و میلەگەلێکەوە کە یەکێ ۱۰ مۆرەیان پێوەکراوە و بە جێبەجێ کردنی ئەو مۆرەگەلە دەکرێ هەر چوار کاری سەرەکی ژماردن (بەتایبەت لێ‌زیاد کردن و کەم کردنەوە) ئەنجام بدرێ: **چرتکه** ۲. *[گفتاری، قدیمی]* برەو؛ برەو؛ بڕۆس ‹چتکەی کفش: برەوی کەوش›.

◘ **چتکه انداختن:** ۱. چۆرتکە داخستن؛ چۆرتکە لێدان؛ بە چۆرتکە حەسێب کردن ‹هر چە چتکە انداختم دیدم با حساب من جور در نمی‌آید: هەر

چی چۆرتکەم داخست دیتم لەگەڵ حیسابی مندا یەک ناگرێتەوە› ٢. [کنایی] سەنگ و سووک کردن؛ بیرکردنەوە لەمەڕ قازانج و زیانی کارێکەوە.

چتول / čatval/: [روسی] /اسم. [قدیمی]/ چەتوەل: ١. یەکەی کێشانە بەرانبەر بە ١٢٥ گرەم ٢. یەکەی تراوان (بەتایبەت خواردنەوەی ئەلکولی) بەرانبەر بە ١٢٥ میلی‌لیتر.

چچن / čečen/: /اسم. چیچان؛ چاچان؛ چچن: ١. هۆزی سپی پێستی باکووری قەفقاز (کۆماری چچن) ٢. /ها/ هەر یەک لە کەسانی ئەو هۆزە.

چخ / čex/: صوت. چخە؛ چغە؛ وتەیەک بۆ ڕاو نان و دوور کردنەوەی سەگ: **چخە**

▣ **چخ کردن:** چخەکردن؛ چغەکردن؛ دەر کردنی سەگ.

چخماق / čaxmāq/: [ترکی]/اسم. ١. بەردە ئەستێ؛ بەردی ئاگرپژێن؛ بەردەچەخماخ؛ کوچکچەخماخە؛ تەوەن چەخماخ؛ ستاوبەر ٢. بەرتفک؛ مقەنەزمە؛ گەڤژال؛ چەخماخی تفەنگ؛ چەکوچ ئاسایەک لە تفەنگدا کە پاڵ بە دەرزیەوە دەنێ، بدا لە چەخماخە.

چخماقی / čaxmāqî/: [ترکی] ☜ سبیل چخماقی، **سبیل**

چخه / čexe/ ☜ **چخ**

چدن / čodan/: [روسی]/اسم. چودەن؛ ئالیاژی کانزای ئاسن و ٢٪ تا ٤٪ کەربون.

چرا / čarā, čerā/: /اسم. لەوەڕ؛ چێری؛ کار یان ڕەوتی چەرین؛ ئالف دۆزینەوە و لەوەڕانی ئاژەڵ.

▣ **چرا کردن:** لەوەڕان؛ لەوەڕین؛ لەوەڕیان؛ لەوەڕیەی؛ چەرین ‹گوسفندان در پای کوه چرا می‌کردند: مەڕەکان لە بناری کێودا دەلەوەڕان›.

به چرا بردن: بردن بۆ لەوەڕگە؛ ڕامەی؛ بردنی ئاژەڵ بۆ لەوەڕگە بۆ لەوەڕاندن ‹هر روز صبح گله را به چرا می‌برد: هەموو ڕۆژێ ڕانەکەی بۆ لەوەڕگە ئەبرد›.

چرا[1] / čerā/: /اسم. چۆناوچۆنی؛ چۆنیەتی؛ چەنیەتی؛ چەینی؛ چەیناوچەینی؛ هۆ؛ سۆنگە ‹چرایش را نپرس!: چۆنیەتیەکەی مەپرسە!›.

چرا[2]: قید. ١. بۆ؛ بوو؛ بۆچی؛ بۆچە؛ بووچە؛ بۆچ؛ چی؛ لە بەرچی؛ گلۆ؛ چما؛ ژچ؛ بۆ؛ ژچە؛ ژچی، یەی؛ ڕا؛ ڕاچ؛ ڕای؛ ئەڕای؛ ئەڕا؛ ئەڕای چە؛ سی‌چە؛ قەی؛ هما؛ ما؛ ئادی؛ لۆچ؛ لۆ؛ لۆچە؛ لەبۆ؛ لبۆ؛ لەبان‌چە؛ لەل؛ چرا؛ ساچی؛ وەرچە؛ پەی‌چێش؛ پەی چێ؛ وشەی پرسیار لە هۆ، سۆنگە یان هاندەری کارێک ‹چرا رفت؟: بۆچی ڕۆیشت؟› ٢. [گفتاری] با؛ بۆچەنە؛ بۆچی نە؛ وڵامی ئەرێنی لە بەرانبەر پرسیاری نەرێنیدا ‹پرسید: آزاد نیامد؟ گفتم: چرا همین الان آمد: پرسی: ئازاد نەهات؟ گوتم: با هەر ئێستا هات›.

چرائی / čerā'î/ ☜ **چرایی**

چراخور / čarāxor, čerāxor/: ـها/: اسم. لەوەڕگا؛ لەوەڕگە؛ جێ‌لەوەڕ؛ چەڕاگە؛ باسەڕە؛ دەشتی گیاجاڕ و جێ‌لەوەڕی باش بۆ ئاژەڵ.

چراغ / čerāq/، ـها/: اسم. چرا؛ چراو؛ چراوی؛ چراخ؛ لامپا؛ لالە: ١. کەرەسەیەک کە بە سووتانی ماکێکی سووتمانی ڕووناکی بەدی دێنی ‹چراغ توری: چرا تۆڕی› ٢. چرای کارەبا؛ دەزگایەک کە بە هۆی هێزی کارەباوە ڕووناکی بەدی دێنێ ‹چراغ برق: چرای بەرق› ٣. گڵۆپ؛ لامپ ٤. قوتیلە؛ قوتیلکە؛ چرامووشی؛ تەژگا (ئوجاق)ی چێشت لێنان.

▣ **چراغ اطمینان:** چرای هەداری؛ جۆرێ چرا تۆڕی تایبەتە بۆ بەرگری لە تەقینەوەی گاز لە کانگەدا بەکار دێ و بە گازی میتانی شوێنەکە دەگرێ.

چراغ الکلی: چرای ئەلکولی؛ چرایەک کە بە ئەلکول کار دەکا و زۆرتر وەک تەژگا بە کاری دەبەن.

چراغ بادی: فانۆس؛ چرا ئینگلیسی؛

چرانیسی؛ شەمووله؛ کلچان؛ چرای دەستی.
چراغ برق: چرای کارەبا؛ چرا بەرق؛ چرایەک کە بە کارەبا (بەرق) ڕۆشنایی دەدا.
چراغ پیەسوز: سبێوس؛ دوبە؛ پیڤسوچ؛ چرای پیسۆز؛ چرایەک کە بە پیو کاری دەکرد.
چراغ توری ☜ **چراغ زنبوری**
چراغ جادو: *[مجازی]* چرای جادوو؛ شتێ کە هەموو گیروگرفتێک چارەسەر دەکا.
چراغ چشمک‌زن: ترووسکە چرا؛ چرایێک کە بێ وچان ڕۆشن دەبێ و دەکوژێتەوە.
چراغ خطر: چرای سوور؛ چرایەک کە ڕووناکیەکەی سوورە و بۆ ڕاگەیاندنی مەترسی بە کار دەڕوا.
چراغ خواب: شەوخەف؛ چرا خەو؛ چرایێکی کز کە لە کاتی نووستندا هەڵیدەکەن.
چراغ خوراکپزی: چرای چێشت لێنان.
چراغ راهنما: چرای ڕێنوێن؛ چرایێک بە گڵۆپلی سوور و زەرد و سەوزەوە بۆ نیشاندانی نۆرەی ڕێکەوتنی پیادە و سوارە لە بوارگەکاندا.
چراغ زنبوری: چرا تۆڕی؛ چرا پەمی؛ چرا پەمپی: **چراغ توری**
چراغ سبز: چرای سەوز؛ چراسەوز؛ چرایەک کە نیشانەی ئازادی هاتوچووە.
چراغ قرمز: چرای سوور؛ چراسوور؛ چرایەک کە نیشانەی مەترسی یان بەسیانی ڕێگەیە.
چراغ قوه: چرا قووە؛ لایت؛ جۆرێ چرای دەستی کە بە باتری کاردەکا.
چراغ کاسه‌ای: چرا لامپا.
چراغ گاز: **چراگاز**؛ تەژگا؛ چرایێ کە بە گاز کاردەکا.
چراغ گردسوز: چرای گلسۆز؛ چرایەکی نەفتی بە فتێڵەی خڕەوە.
چراغ مطالعه: چرای موتالا؛ چرای خوێندنەوە؛ چرایەک بۆ سەرمێزی خوێندن و نووسین کە تیشکەکەی دەکەوێتە سەر کتێب و دەفتەر.
چراغ موشی: ۱. قودیلە؛ قوتوولە؛ قوتیلە؛ قوتیللە؛ قەندیلە؛ قەنیلە؛ قوتیلە چرا؛ چرا مووشی؛ چرا مووشینە؛ چرا فتیلە؛ فتیلە چرا؛ قوتیلکە چرا؛ شەمووله؛ قودیک؛ جۆرێ چرای سادە و بچووک و بێ‌شیشە کە دووکەڵی زۆرە و ڕۆشنایی کەم ۲. *[کنایی]* چرای کز؛ چرای کەمڕۆشنایی.
چراغ مهتابی: چرای ماتابی؛ لامپێکی لوولەیی کە دیوی ناوەوەی بە ماکێکی سپی درۆشن (فلورسنس) سواخدراوە و برێ هەڵمی جیوەی تێدایە، کە ڕۆشن دەکرێ نوورێکی سپی و مات دەداتەوە.
چراغ نئون: لامپ نئون ☜ **لامپ**
چراغ نفتی: چرا نەوتی؛ چرا نەوتیە؛ چرایەک کە سووتەمەنیەکەی نەوتە.
▣ **چراغ چشم و دل کسی روشن بودن:** *[مجازی]* چاو و دڵی کەسێک ڕوون بوونەوە؛ چاو و دڵ کەسێ ڕۆشن بوونەوە؛ شاد و بەختەوەر بوون ‹گفتم: چراغ چشم و دلتان روشن کە پسرتان آمد: گوتم: چاو و دلتان ڕوون کوڕەکەتان هاتەوە›.
چراغ زدن: ۱. چرا لێدان؛ بە هەڵکردن و کوژاندنەوەی چرا، نیشانەدان ‹ماشین عقبی مرتب چراغ می‌زد: ماشێنە دواییەکە لە سەر یەک چرای لێدەدا› ۲. *[کنایی]* چاو قرتاندن؛ چاو قرتانن؛ چاو لێداگرتن؛ چاوەقرتێ‌کردن ‹برای دختر چراغ می‌زد: چاوی لە کچەکە دەقرتاند›.
چراغ سبز نشان دادن: *[کنایی]* چرای سەوز لێدان/ نیشان دان؛ نەرم بوون؛ سازان؛ بە شێوەیێ ناڕاستەوخۆ ڕەزامەندی دەربڕین.
چراغ عمر کسی خاموش شدن: *[مجازی]* چرای تەمەنی کەسێ کوژانەوە؛ فتیلەی تەمەنی کەسێک لە پتان کەوتن؛ چرا لە سووتان

کەوتن؛ مردن.
چراغ کسی به پت‌ـپت افتادن: *[کنایی]* سەری کەسێک لە لێو قەبرەوە لەرزین؛ فتیلەی تەمەنی کەسێ بەرەو کزی چوون؛ لە ئاسانەی مەرگدا بوون.
به چراغ قرمز برخوردن: *[کنایی]* تووشی گێرە هاتن؛ قۆڵ لە قەڵبەگیران ‹درست در وسط راه به چراغ قرمز برخوردیم و پولمان تمام شد: ڕاست لە چەقی ڕێگەدا تووشی گێرە هاتین، پارەمان تەواو بوو›.
چراغان / čerāqān/: *صفت.* ۱. چراخان؛ شەوگڕ؛ بە چراگەلی ڕۆشنی زۆرەوە ۲. *[کنایی]* گەشاوە؛ شادمان؛ ڕوون ‹با آمدنت دلم چراغان شد: بە هاتنت دلم گەشاوە›.
چراغانی / čerāqānî ، ـها/: *اسم.* چراخانی؛ بار و دۆخی چراخان بوون.
▣ **چراغانی شدن:** چراخان‌کران؛ بە هۆی چرای زۆرەوە ڕووناک بوون ‹سراسر کوچه چراغانی شده بود: سەرانسەری کۆڵانەکە چراخان کرابوو›.
چراغانی کردن: چراخانی‌کردن؛ چراخان کردن؛ چرای زۆر ڕۆشن‌کردن ‹به مناسبت سال نو شهر را چراغانی کرده بودند: بە بۆنەی ساڵی تازەوە شاریان چراخانی کردبوو›. هەروەها: **چراغانی شدن**
چراغپا / čerāqpā/: *اسم.* جامبازە؛ جانبازە؛ چراخپا؛ چەپۆکانە؛ دۆخ یان چۆنیەتی شاخ کردن؛ هەڵبڕینی دوودەست و ڕاوەستانی گیانەوەر بە سەر هەر دوو پێیەوە.
چراغ‌ساز / čerāqsāz ، ـها؛ ـان/: *اسم.* چراساز؛ چراوساز؛ کەسێ کە پیشەی چێ‌کرن یان دروست‌کردنەوەی چرایە.
چراغ‌سازی / čerāqsāzî/: *اسم.* چراسازی؛ چراوسازی: ۱. کاری چراساز ۲. *[ـها]* کارگەی چراساز ۳. *[ـها]* کارخانەی دروست‌کردنی چرا.
چراغک / čerāqak ، ـها/: *اسم.* چراویلکەی ئاگردان کە گەرمایەکی کەمی هەیە و زۆرتر بۆ گەرم ڕاگرتنی چێشت هەڵدەکرێ.
چراکه / čerāke/: *حرف. [ادبی]* چونکە؛ چوونکە؛ چوونکوی؛ چونکەی؛ چونکوو؛ چونکا؛ چۆنکاتێ؛ چۆنکە؛ بۆیکان؛ بۆیەکان؛ بۆیەکانێ؛ لەوڕا ‹او نیامد، چراکه می‌دانست گرفتار خواهد شد: نەهات، چونکە دەیزانی تووش دەبێ›.
چراگاه / čarāgāh ,čerāgāh ، ـها/: *اسم.* لەوەڕگە؛ لەوەڕگا؛ لەڤەڕنگە؛ چەڕاگە؛ چەڕوگا؛ چێرەگە؛ چایەر؛ چێری؛ باسەڕە؛ یورت؛ وێرت؛ جێ‌لەوەڕ؛ کۆز؛ گادۆڵ؛ مێرگ و بژوێن و گیاجاڕی لەبار بۆ لەوەڕی گیانەوەران ‹باغها ویران شده و به صورت چراگاه دامهای ده درآمده بودند: باخەکان کاول ببوون و کرابوونە لەوەڕگەی مەڕ و مالاتی دێ›.
چراگشت / čarāgašt, čerāgašt/: *اسم.* کار یان ڕەوتی گۆڕینی وەرزی لەوەڕگەی ئاژەڵان و بردنیان بۆ لەوەڕگای دیکە.
ـ چران / čarān, čerān/: *پیوازە.* ـ لەوەڕێن؛ ـچەرێن؛ ـ چەران؛ ـ چران؛ ـ چڕان؛ ـ چەڕان؛ لەوەڕێنەر ‹گاوچران: گالەوەڕین›.
چراندن / čarāndan, čerāndan/: *مصدر. متعدی.* // **چراندی:** لەوەڕاندت؛ **می چرانی:** دەلەوەڕێنی؛ **بچران:** بلەوەڕێنە// لەوەڕاندن؛ چەراندن؛ چراندن؛ چڕاندن؛ چەلاندن؛ چرەنن؛ چەڕانن؛ لەوەڕنەی؛ لەوەڕنای؛ گیانەوەر بردنە لەوەڕ، یان لە کاتی لەوەڕیاندا چاودێری لێ کردن ‹گوسفند چراندن: مەڕ لەوەڕاندن› ✲ **چرانیدن.** هەروەها: **چرانیدنی**
■ صفت فاعلی: **چراننده** (لەوەڕێنەر)/ صفت مفعولی: **چرانده** (لەوەڕێنراو)/ مصدر منفی: **نچراندن** (نەلەوەڕاندن)
ـ چرانی / čarānî, čerānî/: *پیوازە.* ـچەرێنی؛ ـچەرانی؛ ـ چرانی؛ ـ چڕانی؛ ـ چەڕانی:
۱. ـ چەرێنی ‹سورچرانی: سوورچەرێنی›
۲. ـ لەوەڕێنی ‹شکم‌چرانی: زگ‌لەوەڕێنی›.

چرانیدن / čarānîdan, čerānîdan/ ☜ **چراندن**

چرایی / čerāyî/: اسم. [ادبی] چیەتی؛ هۆ؛ سۆنگە: **چرائی**

چرب / čarb/: صفت. چەور؛ چەروو؛ چەرڤ؛ چەرب؛ چەڤر: ١. خاوەن چەوری ‹گوشت چرب: گۆشتی چەور› ٢. چەورچلیک؛ دوین؛ زومدار؛ شۆل؛ دهون؛ چەرم؛ ئاوێتەی چەوری ‹دست چرب: دەستی چەور› ٣. [مجازی، گفتاری] فرە؛ مایەدار؛ زۆر یا زۆرتر لە باری چەندیتیەوە ‹گفتم اوستا، زندگی من نمی‌چرخد، کمی مزدم را چرب‌تر کن!: گوتم ئوسا، ژیانم بەڕێوە ناچێ، کەمی مزەکەم چەورتر کەوە!›. هەروەها: **چرب بودن؛ چرب شدن؛ چرب کردن**

چرب‌آخور / čarb'āxor/: اسم. ئاخورچەوڕ: ١. ئاخوڕی پڕ لە هەموو جۆرە خۆراکی ئاژەڵ ٢. [کنایی] پەناگای جێ خۆش ڕابواردن.

چربدست / čarbdast/: صفت. [کنایی] بەدەستوبرد؛ دەستسووک؛ دەستسۆک؛ چالاک ٢. [قدیمی] فێڵباز؛ ساختەچی.

چرب‌زبان / čarbzabān/: صفت. [مجازی] زمان‌تەڕ؛ دەم‌تەڕ؛ زارنەرم: ١. بە وتەی خۆش؛ قسەخۆش ٢. زمان‌لووس؛ جۆشن؛ هولیسک؛ لیسکە؛ چاپباز؛ جاملووس؛ چەورزمان؛ زمان‌چەور؛ تەڕزوانی خۆ ڕێکخەر. هەروەها: **چرب‌زبانی**

چرب‌وچیلی / čarb-o-čîlî/: صفت. [گفتاری] چەوروچلیک؛ چەوروچلکن؛ پیس‌وپەلۆس؛ تێکەڵ بە ڕۆن و چەوری ‹دست چرب و چیلی‌ات را به در و دیوار نمال: دەستی چەوروچلیکت مەساوە بە دیوارەکەدا›.

چرب و نرم / čarb-o-narm/: صفت. ١. بەتام و لەزەت؛ چەور و چێژەدار ‹غذای چرب و نرم: چێشتی بەتام و لەزەت› ٢. [مجازی] چەور و نەرم؛ خۆش و دڵنشین؛ دڵگر ‹زبان چرب و نرم: زمانی چەور و نەرم›.

چربه / čarbe/: اسم. ١. قاقەز پێستی؛ کاغەز مۆمی ٢. تۆژ؛ تۆشک؛ توژی؛ تۆژگ؛ تویێ؛ توە؛ تۆ؛ چەورایی سەر شیر یان تراوانی‌تر.

چربی / čarbî، ـها/: اسم. چەوری؛ چەرڤی؛ چەڤری؛ چەربی: ١. زوهۆم؛ زفر؛ مرت؛ چەرمی؛ زۆن؛ تەواش؛ زەرنووقایی؛ ماکێکی ڕۆنی کە لە تینی ئاساییدا گیرساوە ٢. غەز؛ وەز؛ دۆن؛ بەز؛ چەورایی؛ پی؛ ڕۆنی لەشی گیانەوەران و تۆمی بڕێ گیا (وەک زەیتوون و گەنمەشامی و...) ٣. [گفتاری] چێشتی چەور ‹دکتر گفته چربی نخور: بژیشک گوتوویە چەوری مەخۆ›.

چربیدن / čarbîdan/: مصدر. لازم. [گفتاری] بە ملدا چوون؛ زۆرتر/ فرەتر/ بانتر/ زیاتر بوون؛ لە سەر بوون؛ بە هەڤیاز بوون؛ چیر بوون ‹زور آزاد به آرام می‌چربد: زۆری ئازاد بە مل ئارامدا ئەچێ›.

چرت / čert/: اسم. [خیاطی] درزێکی چکۆلە کە لە کاتی دوورینی کەوانیدا بە لێواری پارچەوە دەیدەن. هەروەها: **چرت‌دادن**

چرت / čert, čart/: صفت. بێ‌خۆ: ١. قۆڕ؛ گەزاف ‹حرف چرت: قسەی قۆڕ› ٢. بێ‌هۆ؛ گۆترە ‹کار چرت: کاری بێ‌خۆ›.

چرت / čort/: اسم. خەوەنووچکە؛ خەونووچکە؛ خەونوچکە؛ خەونیچکە؛ نوقرشک؛ نوقورشک؛ نوقرسک؛ قنگەخەو؛ چۆرت؛ چۆرتم؛ وەنەوز؛ وەنەوزە؛ هونژەک؛ وەژینگ؛ ویژینگ؛ ویژنگ؛ ویژنە؛ ورینگە؛ ورینی؛ بارینە؛ دلوف؛ خەوەکوتکێ؛ هنیشک؛ خەو بردنەوەی زۆر کورت.

◻ **چرت بردن**: خەونووچکە بردنەوە ‹سر کلاس چرتش برده بود: لە ناو پۆلەکەدا خەونووچکە بردبوویەوە›.

چرت زدن: ١. سەرخەو شکاندن؛ وەژینگ دان؛ چۆرت دان؛ هێزین؛ وەنەوزدان؛ چاو گەرم‌کردن؛ هەڵازنین؛ دلوف داین؛ هونژین؛ سەرەخەوکردن؛ وەنەوزکەردەی ‹تا چای حاضر

شود چرتی بزن: تا چایی ساز دەبێ سەرخەوێ بشکێنە› ٢. وەنەوز بردنەوە؛ خەونووچکە بردنەوە؛ خەوەنیچکە بردن ‹راننده همەاش چرت می‌زد: ڕانەندەکە هەر وەنەوزی ئەدا›.

چرت کسی پاره شدن: [مجازی] خەوی کەسێ ڕەوین/ زڕان؛ خەو لە چاو/ سەری کەسێ پەڕین؛ خەو کەسێ شکیانە چاوی؛ بە هۆی هەرا و هوریا یان ڕووداوێکەوە لە وەنەوز داچڵەکان ‹با صدای زنگ تلفن چرتم پاره شد: بە زەنگی تەلەفونەکە خەوم زڕا›.

چرتکه /čortke/: [روسی] ☜ **چتکه ـ ١**

چرت‌وپرت /čert-o-pert, čart-o-part/: *اسم. [گفتاری]* هەڵیت و پەڵیت؛ هەلەق ـ مەلەق؛ هیچ و پووچ؛ قسەی بێ‌مانا ‹چرت و پرت می‌گوید: هەڵیت‌وپەڵیت ئێژێ›.

چرتی /čortî/: *صفت.* خەونووچکەیی؛ خەوانی؛ چورتی؛ چۆرتی؛ خاوەن خوو یان وازی وەنەوزدانی زۆر.

چرـچر /čarčar/: *اسم. [تعریض، گفتاری]* لەوەڕ؛ خۆش‌ونۆش.

▣ **چرـچر کردن:** لەوەڕین؛ خۆش‌ونۆش کردن.

چرـچر کسی به راه بودن: لەوەڕی کەسێک دابین بوون؛ خۆش و نۆشی کەسێ ساز بوون.

چرخ /čarx/: *اسم.* چەرخ: ١. [ـها] پێچک؛ تەگەرە؛ لڕ؛ خڕ؛ بازنەئاسایەک کە بە دەوری خولگەیەکەوە دەسووڕێتەوە ‹چرخ ماشین: چەرخی ماشێن› ٢. [ـها] کەرەستەیەکی بازنەیی کە بە دەوری ناوەندێکدا سووڕدەخوا ‹چرخ خیاطی: چەرخی خەیاتی› ٣. [ـها] *[گفتاری]* ئامێری چەرخدار الف) دووچەرخە ‹سوار چرخ بود و می‌رفت: سواری چەرخ ببوو دەڕۆیشت› ب) عەرەبانە ‹چرخ لبوفروشی: چەرخی چۆنەرفرۆشی› ٤. *[ادبی]* گەردوون؛ ئاسمان و هەرچی تێدایە ‹چرخ‌وفلک: چەرخ‌وفەلەک› ٥. *[گفتاری]* چەرخ و خول؛ قەمچ؛ پێچ؛ سووڕ؛ زڤر؛ جوولەی سووڕیانی ‹چرخ دادن: چەرخ و خول دان›.

▣ **چرخ اصطکاک:** چەرخێ کە بە نووسان بە چەرخێکی ترەوە، ئەویش دەگەڵ خۆی دێنێتە خول.

چرخ پایی: چەرخی پایی؛ ئامێرێکی چەرخدار کە بە پێیان کار دەکا، بەتایبەت چەرخی دروومان.

چرخ تسمه: چەرخ سیرم/ سیرمەیی؛ چەرخێ کە کاتی خولانەوەی، تەسمەیەک دەکێشێت و دەبێتە هۆی خولاندنەوەی چەرخێکی‌تر.

چرخ چاه: گەردوون؛ چەرخی بیر؛ جەڕجەڕە؛ چەرخی ئاو لە بیر یان چەم دەرهێنان.

چرخ خیاطی: چەرخی دروومان؛ ماکێنەی جل دروون کە دەستی، پایی و بەرقیشی هەیە.

چرخ دستی: خڕخڕەک؛ چەرخی دەستی؛ چەرخی دەسی؛ کەرەسەیەکی چەرخدار کە بە دەست کار دەکا.

چرخ دنده: چەرخ دەندە؛ چەرخی لێوارە ددانەدار کە لە کاتی خولانەوەدا، ددانەکانی لە ددانەی چەرخێکی‌تر دەگیرێ و ئەویش دەخولێنێتەوە.

چرخ ریسندگی: دووکە دووخە؛ گڵ‌هۆرکەر؛ کەرەسەیەک بۆ ڕێستنی خوری یان پەموو.

چرخ زاپاس: چەرخی سپێر؛ چەرخی زاپاس؛ تەگەرەی پێتەکی ماشین.

چرخ زنجیر: چەرخ زنجیر؛ چەرخی زنجیر؛ جۆرێک چەرخی دەندەیە کە ئاڵقەگەلی زنجیر لە ددانەکانی دەگیرێ و ئەگەر یەکێکیان کەوتە خول، ئەویکەش دەخولێنێتەوە.

چرخ غلتکی: بولبرینگ؛ چەرخێکی چکۆلە لە ژێر کەلپەلی ماڵ و بڕێ کەرستە بۆ بە هاسانی گواستنەوەیان.

چرخ کوزه‌گری: چەرخی گۆزەکەری؛

پەڕەیەکی خرکەڵەیە کە لە نێوە ڕاستیەوە میلەیێک دالکاوە، کە دەیخولێننەوە قورەکەش سووڕ دەدا.

چرخ گوشت: چەرخ گۆشت؛ کەرەسەیەکی دەستی یان کارەباییە بۆ ورد و ئەنجن کردنی گۆشت.

⊡ **چرخ دادن:** هەڵسووڕاندن؛ هەڵسووڕانن؛ سووڕدان؛ چەرخاندن؛ زڤراندن؛ خولدان؛ خولاندن؛ چەرخنەی؛ خولنەی؛ هۆرخولنەی ‹چوب را دور سرش چرخ می‌داد: چێوەکەی بە دەوری سەریدا هەڵدەسووڕاند›.

چرخ زدن: سووڕانەوە؛ هەڵسووڕان؛ خولانەوە؛ چەرخان؛ هۆرخلیەی ‹مثل فرفره چرخ می‌زد: وەکوو فرفرە دەسووراوە›.

چرخ کردن: ۱. دوورین؛ وراسەی؛ بە چەرخ دووراندن ‹این پیراهن را زود چرخ کن بده اتو کنم: ئەم کراسە زوو بدوورێنە و بیدەوە ئوتووی بکەم› ۲. لە چەرخ دان؛ کردنە چەرخدا؛ چەرخ کردن؛ وردکردن؛ دای چەرخەرە ‹گوشت را چرخ کردم: گۆشتەکەم لە چەرخ دا›.

چرخ کسی را چنبر کردن: *[مجازی]* چەرخ لە چەمەر کەسێک کێشان؛ پشوو/ تەنگ لە کەسێ هەڵچنین؛ کەسێک خستنە تەنگانەوە ‹جنگ شد و چرخ ما را چنبر کرد: بوو بە شەڕ و چەرخی لە چەمەرمان کێشا›.

چرخاب / čarxāb ، ـها/: *اسم.* ئەو باگرە کە هەوری بارانی پێیە و لە سەر زەریاوە بەرەو بەستێن دەچێ و لە وشکانیدا دایدەبارێنێ.

چرخان[1] / čarxān/: *صفت.* چەرخان؛ چەرخمان؛ خاوەن تایبەتمەندی یان توانی سووڕانەوە ‹صندلی چرخان: سەندەڵی چەرخان›.

چرخان[2]: *قید.* چەرخمان؛ بە سووڕانەوە ‹گردباد همه چیز را چرخان در هوا می‌برد: گێژەڵووکە هەموو شتێکی چەرخمان لە هەوادا دەبرد›.

چرخاندن / čarxāndan/: *مصدر. متعدی.* // **چرخاندی:** هەڵت‌سووڕاند؛ **می‌چرخانی:** هەڵدەسووڕێنی؛ **بچرخان:** هەڵسووڕێنە// هەڵسووڕاندن؛ سووڕاندن؛ سووڕانن؛ چەرخاندن؛ چەرخنەی؛ چەرخنای؛ گێژ داین؛ خولەو داین؛ لەرن؛ لۆڕین؛ لروونن؛ لردیە: ۱. وەرچەرخاندن؛ زڤراندن؛ وەرگەڕاندن؛ خولاندنەوە؛ خول پێدان؛ هۆرخولنەی؛ خولنایوە؛ شتێ بە دەور خولگەیەکەوە بزواندن ‹چرخ را چرخاندن: چەرخ هەڵسووڕاندن› ۲. *[کنایی]* بەڕێوەبردن؛ گەڕاندنی شتێ ‹کار را چرخاندن: کار هەڵسووڕاندن› ❋ **چرخانیدن.** هەروەها: **چرخاندنی**

■ صفت فاعلی: **چرخاننده** (هەڵسووڕێنەر)/ *صفت مفعولی:* **چرخانده** (هەڵسووڕێنراو)/ *مصدر منفی:* **نچرخاندن** (هەڵنەسووڕاندن)

چرخانیدن / čarxānîdan/ ☜ **چرخاندن**

چرخبال / čarxbāl ، ـها/: *اسم. [نامتداول]* باڵفڕ؛ کۆپتەر؛ هەلیکۆپتر.

چرخدار / čarxdār ، ـها/: *صفت.* چەرخدار؛ بەچەرخ ‹صندلی چرخدار: سەندەڵی چەرخدار›.

چرخدوزی / čarxdûzî/: *اسم.* ۱. چەرخدووری؛ دروومان بە چەرخی خەیاتی ۲. /ـها/ چەرخکاری؛ جۆرە درووماننێکی جوانکاریە.

چرخ‌ریسک / čarxrîsak ، ـها/: *اسم.* جرجرە؛ شەلوورە؛ گۆرەویچنە؛ گۆڕێچنە؛ دووکەڕیسە؛ دووکەڕێسما؛ باڵندەیێکی وردیلەی جوان و دوو ڕەنگی دارژیە، پەڕێکی نەرم و تووک‌ئاسای هەیە: **چلەریسک**

چرخ زنان / čarxzanān/: *قید.* بە سووڕانەوە ‹بچەها چرخ‌زنان آمدند: منداڵان بە سووڕانەوە هاتن›.

چرخش / čarxeš ، ـها/: *اسم.* چەرخان: ۱. لرسە؛ کار یان ڕەوتی خولانەوە؛ زڤرین؛ زڤرین؛ سووڕانەوە بە دەور تەوەرەیەکدا ‹چرخش چرخ: چەرخانی چەرخ› ۲. *[مجازی]* کار یان ڕەوتی وەرچەرخان و گۆڕانی خواست و گەڕ ‹در سیاست خارجی چرخش

آشکاری دیده می‌شود: له سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌یی‌دا چه‌رخانێکی ئاشکرا ده‌بیندرێت›.

چرخشت / čarxošt ، ـها/:اسم. پێگووش؛ هه‌ر یه‌که له که‌ره‌سه‌گه‌لی ده‌ستی جۆراوجۆر که بۆ گرتنی ئاوی میوه دروست کراون.

چرخشنما/ čarxešnemā/:اسم. ژیرۆسکۆپ؛ که‌ره‌سه‌یه‌کی چه‌رخئاسایه که وا دروست کراوه ته‌خت له سه‌ر زه‌وی بنیشێ و به‌ده‌وری خۆیدا سووڕ بخوا و ئامرازێک وا له سه‌ریه‌وه دانراوه، به هه‌ر لایه‌کدا پێویست بێ، بگه‌ڕێ و بخونجێ.

چرخشی / čarxešî/: صفت. چه‌رخانی؛ هه‌ڵسووڕانی: ۱. پێوه‌ندیدار یان سه‌ر به هه‌ڵسووڕانه‌وه ۲. سووڕێنه‌ره‌وه؛ هه‌ڵسووڕێن.

چرخ‌فلک / čarxefalak, čarx-o-falak ، ـها/: [فارسی/ عربی]/اسم. چه‌رخ‌وفه‌له‌ک؛ گه‌ردوونه؛ مایندچه‌قه‌ڵ؛ که‌ره‌سه‌یێ بۆ ڕابواردن به برێ سه‌نده‌ڵیه‌وه که خه‌ڵک له سه‌ری داده‌نیشت و به ده‌وری خولگه‌یێکی ئاسۆیی یان کۆڵه‌که‌ییدا ده‌خولێته‌وه ‹بچه‌ها چرخ‌فلک سوار شدند: منداڵه‌کان چه‌رخ و فه‌له‌ک سوار بوون›.

چرخک / čarxak ، ـها/:اسم. چه‌رخ؛ ویلچر؛ سه‌نده‌ڵی چه‌رخدار.

چرخکار / čarxkār ، ـها/:اسم. چه‌رخکار؛ که‌سێ که به چه‌رخی دروومان کار ده‌کا.

چرخکاری / čarxkārî/:اسم. چه‌رخکاری: ۱. کار و ڕه‌وتی کارکردن به چه‌رخ به‌تایبه‌ت مه‌کینه‌ی دروومان ۲. کاری دووراندنه‌وه به مه‌کینه‌ی دروومان به تایبه‌ت ڕازاندنه‌وه‌ی جل و به‌رگ ‹لبه‌ی آستین را چرخکاری کن!: لێواره‌ی قۆڵه‌که چه‌رخکاری بکه!›.

چرخ کرده / čarxkarde/: صفت. قیمه (بۆ گۆشت)؛ چه‌رخکراو؛ ئه‌نجنراو به چه‌رخ ‹گوشت چرخ‌کرده: گۆشتی قیمه›.

چرخنده / čarxande ، ـها؛ ـگان/: صفت. گه‌ڕۆک؛ به هه‌ڵسووڕانه‌وه ‹یک میله چرخنده دارد که دوک را می‌چرخاند: میله‌یه‌کی گه‌ڕۆکی هه‌یه که ته‌شیه‌که خول ده‌دا›.

چرخه[1] / čarxe ، ـها/:اسم. سووڕ؛ چه‌رخه: ۱. سووره؛ خول؛ چه‌رخ؛ قه‌دوه‌شت؛ ماوه‌ی کاتییه‌ک که زنجیره‌ی ڕووداوان یان دیارده‌گه‌لێکی تێدا پەیتا۔ پەیتا ده‌گوورن (وه‌ک سووڕی ژیان که بریتییه له: له دایک بوون، گه‌شکه‌یی، پێگه‌یشتن، پیری و مه‌رگ) ۲. دوا به دوای یه‌ک زنجیره ڕووداو یان ڕووداوی دووپاته‌وه بوو، له خاڵێکه‌وه تا دێته‌وه‌سه‌ر هه‌مان خاڵ (وه‌ک سووڕی ئاو که له گه‌رمادا ده‌بێته هه‌ڵم و هه‌ور و جارێکی‌تر له به‌ر سه‌رما ده‌بارێته‌وه سه‌ر زه‌وی).

▣ **چرخه‌ی سلولی**:/زیست‌شناسی/ خولی خان؛ خولی داگه‌ڕانێ که له ماوه‌ی ژیانی خانکێکی زیندوودا ڕوو ده‌دا.

-چرخه[2]: پیواژه. -چه‌رخه؛ ئامرازی خاوه‌ن چه‌رخ ‹دوچرخه: دووچه‌رخه›.

چرخه‌ای / čarxe'î/ ☜ **چرخه‌وار**

چرخه‌وار / čarxevār/: صفت. چه‌رخه‌سا؛ چه‌رخه‌ئاسا؛ چه‌رخه‌مان؛ له بیچم یان چۆنیه‌تی چه‌رخ: **چرخه‌ای**

چرخی[1] / čarxî ، ـها/:اسم. چه‌رخی: ۱. که‌سێ که سواری دووچه‌رخه‌یه ۲. که‌سێ که به چه‌رخی ده‌ستی کار ده‌کا.

چرخی[2]: صفت. ۱. گرد؛ گرۆڤه‌ر؛ خر؛ خرت ‹پایین دامن را چرخی ببر!: خوارووی داوێنه‌که گرد ببره!› ۲. چه‌رخی؛ چه‌رخکراو؛ به‌چه‌رخ؛ دووراو ‹دوخت چرخی: ته‌قه‌ڵی چه‌رخی›.

چرخیدن / čarxîdan/: مصدر. لازم. // **چرخیدی:** سووڕاییه‌وه؛ **می‌چرخی:** ده‌سووڕییه‌وه؛ **بچرخ:** بسووڕه‌وه// سووڕانه‌وه؛ خولانه‌وه؛ هه‌ڵسووڕان؛ هه‌ڵسووڕیان؛ هه‌ڵسووڕین: ۱. سووڕان؛ چه‌رخان؛ خولیانه‌وه؛ سووڕدان؛ خول‌خواردن؛

گردان؛ زڤران؛ چەرخین؛ چەرخیان؛ چەرخیای؛ پلانن؛ چەرخ دان؛ چەرخخواردن؛ خرخواردن؛ لرخواردن؛ لرهواردن؛ هۆرگێلای؛ وەرسووران؛ وەرچەرخان؛ جوولانەوە بە دەور خولگەیەکدا ‹چرخیدن چرخ: هەلسوورانەوەی چەرخ› ۲. پێچ دان؛ خرخواردن؛ وەرسووران؛ بە دەور شتێکدا گەران ‹دور اتاق چرخیدن: هەلسوورانەوە بە دەوری هۆدەدا› ۳. گەران؛ گێلای؛ بەرێوەچوون و گەریانی کار یان کارگەلی بنکەیەک ‹بی من کار این مغازه نمی‌چرخد: بەبێ من کاری ئەم دووکانە هەلناسووریت› ٤. *[کنایی]* بە بێ ئامانج بەم لا و بەو لادا هاتن و چوون ‹این قدر بی‌خود نچرخ: ئەوندە بێخۆ هەلمەسوورەوە›. هەروەها: **چرخیدنی**
■ صفت فاعلی: **چرخنده** (هەلسووڕین)/ صفت مفعولی: **چرخیده** (هەلسووڕاو)/ مصدر منفی: **نچرخیدن** (هەلنەسووران)

چرد / čard ، ـها/: *اسم. [معماری]* دەرگانە؛ جێی دانانی چوارچێوەی درگا.

-چرده / čarde, čorde/: *پیوازه.* ـکار؛ ـچار؛ هوول؛ هوولە؛ ڕەنگ؛ ڕەنگی پێست ‹سیاه‌چرده: ڕەش‌کار›.

چرس / čars/: *اسم.* چەرس؛ گراس؛ ماکی سرکەری وەبەرهاتوو لە شادانە.

چرغ / čarq ، ـها؛ ـان/: *اسم.* بالەوان؛ بالەبان؛ باشە؛ باشووک؛ باشووکە؛ واشە؛ باشوو؛ نورمتە؛ لاچین؛ سەقر؛ چەرخ؛ مەلێکی ڕاوکەری بچووکە چۆلەکە دەگرێ.

چرغول / čarqûl/ ☜ **بارهنگ-۱**

چرک[1] / čerk ، ـها/: *اسم.* چلک: ۱. کێم؛ زووخ؛ خوور؛ گەمەر؛ چرک؛ هەوکێم؛ لەیم؛ کێخ؛ ئاشۆ؛ زیچک؛ زنچک؛ لەیم و لیشە؛ تەوشێکی زۆرتر زەرد و برێ جار خوێناوی کە لە برێ برینەوە دەردێ ‹انگشتم چرک کرده: قامکم چلکی کردووە› ۲. گەمار؛ قریژ؛ چەپەلی؛ لێش؛ لێشک؛ کرێژ؛ تۆز و خۆلی تێکەل بە چەوری کە لە شتی‌تر دەئالێ ‹چرک و کثافت خانه را برداشته: چلک و پیسی مالەکەی داگرتوو›.

▣ **چرک زخم:** چرک؛ زنچک؛ زیچکاو؛ زینکاو؛ زامەت؛ زامت؛ زیچک؛ لیم؛ نێم؛ کێم؛ زووخ.

چرک گوش: کلمش؛ چلکی ناو گوێ.

چرک[2]: *صفت.* چلکن؛ پیس؛ چەپەل؛ چەپەل و چەپلاخ؛ کۆتی ‹یقەی پیراهنت چرک است: ملیوانی کراسەکەت چلکنە›.

▣ **چرک بودن:** چەور و چلکن بوون.

چرک شدن: پیس بوون؛ چەپەل بوون؛ هەرمین؛ لەوتین.

چرک کردن: ۱. کێم‌کردن؛ هەوکیم کەردەی؛ چلک‌کردن بە هۆی هورووژمی باکتریەوە ۲. پیس‌کردن؛ چەپەل‌کردن؛ چلکن‌کردن؛ سەنماندن؛ لەوتاندن.

چرکاب / čerkāb/: *اسم.* ۱. چلکاو؛ زیرگاو؛ سیانکە؛ ئاوێ کە شتێکی چلکنیان تێدا شۆردبێتەوە ۲. زووخاو؛ زینچک؛ زنچک؛ زینچکاو؛ زنچکاو؛ شر؛ کێماو؛ هەوکێم؛ کێم و زووخ؛ ئاوێ کە لە زامی کێم کردوو دەدەلێ.

چرکالود / čerkālûd/: *صفت. [ادبی]* پیس؛ چەپەل؛ گەمار؛ پیس و چلکن؛ پلۆخ.

چرکتاب / čerktāb ، ـها/: *صفت.* چلکتاو؛ چلک‌هەلگر؛ بە ڕەنگی ڕەش و شین و بۆر کە چلکیان پێوە دیار نەبێ (زیاتر بۆ جلک و قوماش دەگوترێ) ‹لباس کار بهتر است چرکتاب باشد: جل‌وبەرگی کار باشترە چلکتاو بێ›.

چرکزا / čerkzā/: *صفت.* چلکەزێ؛ چلکێنەر؛ بە توانایی وەبەرهێنانی چلک.

چرکس / čarkas/: *اسم.* چەرکەس: ۱. هۆزی سپی پێستی قەراخی زەریای ڕەش و باکووری قەفقاز ۲. /ـها؛ ـان/ هەر یەکە لە کەسانی سەر بەو هۆزە.

چرکمرده / čerkmorde/: *صفت.* چلکەسوو؛

چلکەسۆ؛ چلکشۆر؛ چلکمردوو؛ چلکمردە؛ چلکمریا؛ بە ڕەگ و تەشکی چلکن بە هۆی باش نەشۆردنەوە ‹این پیراهن چرکمرده شده، قابل استفاده نیست: ئەم کراسە چلکەسوو بووە، بە کار نایە›.

چرکنویس / čerknevîs ، ـها/:اسم. پێشنووس؛ ڕەشنووس؛ چلکنووس؛ ڕەشەک؛ پیسنووس؛ پێشنووسێ کە پێویستی بە چاوپێدا خشاندن، هەڵەگری و پاکنووس کردن بێ ‹چرکنویس مقاله را برده همانطور چاپ کرده است!: پێشنووسی وتارەکەی بردووە هەر بەو جۆرە چاپی کردووە!›.

چرکی[1] / čerkî/:اسم. چلکنی؛ پیسی؛ گەماری؛ پۆخڵی؛ چەپەڵی؛ دۆخ یان چۆنیەتی چلکن بوون ‹پیراهن به این چرکی را می پوشی؟!: کراسی بەم چڵکنیە لە بەر دەکەی؟!›.

چرکی[2]: صفت. کێمدار؛ هەوادار؛ چلکن ‹زخم چرکی: برینی کێمدار›.

چرکین / čerkîn/: صفت. [ادبی] ١. چلکن؛ گەمار؛ پیس؛ پۆخڵ؛ کوتی؛ چلووک؛ چرکن؛ چەپەڵ؛ پەچەڵ؛ پلک؛ پلشت؛ چڵیک؛ لیشکن؛ ئاشوو؛ پەلەشت؛ لیتۆکە؛ لیمن؛ پەلۆخ؛ کرێژاو ‹جامەی چرکین: جلی چلکن› ٢. چلک کردوو؛ زووخدار؛ بە زووخ و هێم ‹زخم چرکین: برینی چلک کردوو›.

چرم / čarm/:اسم. چەرم؛ ئاڤار؛ خام؛ خار؛ گووێن؛ پێستی گیانەوەری چوارپێ یان خزۆک کە بۆ نەرم و پتەوتر بوونەوە خۆشە دەکرێ.

◙ **چرم ساغری**: کەوڵ؛ کەڤل؛ چەرمێ کە لە پێستی کولۆکی کەر یان ئەسپ ساز دەبێ: **ساغری**

چرم مصنوعی: چەرمی دەستکرد؛ هەر کام لە دەیان جۆر بەرهەمی پیشەسازی کە لە ماکی نەوتی دروست دەکرێ و لە چەرمی سروشتی دەکا.

چرمسازی / čarmsāzî/:اسم. چەرمسازی: ١. کار یان ڕەوتی دروستکردنی چەرم ٢. /ـها/ کارگای دروست کردنی چەرم.

چرمه / čarme/:اسم. چەرمی؛ چەرمە؛ بارەبەری سپی (وەک هەسپ، قاتر، کەر) ‹اسب چرمە: ئەسپی چەرمی›.

چرمی / čarmî/: صفت. چەرمی: ١. چەرمینە؛ چەرمین؛ دروستکراو لە چەرم ‹کفش چرمی: کەوشی چەرمی› ٢. وەکوو چەرم ‹برگ چرمی: بەرگی چەرمی›.

چرمین / čarmîn/: صفت. [ادبی] چەرمینە؛ چەرمین.

چرند / čarand/: صفت. جرنا؛ بێمانا؛ بێتام و بنشڕ؛ هەڵیتە؛ قسەی قۆڕ؛ قسەی مفت ‹حرف چرند: قسەی جرنا›.

چرند و پرند / čarand-o-parand ، ـها/:اسم. هەڵیتوپەڵیت؛ هاتەران پاتەران؛ پەرتوپەلا؛ توڕڕەهات؛ جەفەنگ؛ قسەی بێناوەڕۆک یان بێ بەر و دوا ‹خیلی چرندوپرند می‌گفت: زۆر هەڵیتوپەلیتی دەڕست›.

چرنده / čarande ، ـها؛ ـگان/: صفت. گیاخۆر؛ ئالفخوەر؛ چەرنتە؛ بە خوو یان تایبەتمەندی لەوەڕینەوە.

چرنده و پرنده / čarande-vo-parande/:اسم. جووقەوار؛ جڕ و جانەوەر؛ هەموو گیانلەبەران.

چرندیات / čarandîy(y)āt/: (!) [فارسی/ عربی] اسم. توڕڕەهات؛ فلتەفلت؛ قسەگەلی بێتام؛ وتەگەلی بێمانا، گۆترە یان بێکەلک ‹کسی بە این چرندیات گوش نمی‌دهد: کەس بەم توڕڕەهاتە گوێ نادا›.

چروک / čurûk, čorûk ، ـها/:اسم. لۆچ؛ چرچ؛ چرچولۆچ؛ کوریشک؛ گنج؛ قرچ؛ کورژ؛ کورس؛ خوورناچین؛ قەرمچ؛ پووکاو؛ لووچ؛ شوێنەوارێک کە بە هۆی نارێکی یان چین خواردنی ماکێکی

نەرم، بە سەریەوە دەمێنێ ‹روی زمین ننشین لباست چروک می‌شود: لە سەر زەوی دامەنیشە جل‌وبەرگەکەت لۆچ دەبێ›.

▣ **چروک برداشتن/ خوردن/ شدن:** لۆچ بوون/ تێکەوتن؛ چرچ بوون/ تێکەوتن؛ لۆچ خواردن؛ لووچ کەفتن؛ ناساف بوون. هەروەها: **چروک کردن**

چروکیدن / čurûkîdan, čorûkîdan/: *مصدر. لازم.* چرچیان؛ چرچان؛ هەڵچرچان؛ چرچ بوون؛ هەڵقرچان؛ ژاکان؛ چرچ هەڵاتن؛ گرنژین؛ چرچ و لۆچ بوون؛ قەرمچین؛ قرچ هەڵاتن؛ چرچ و لۆچ تێ کەوتن؛ چەرمقین؛ لۆچان؛ چوونە یەک ‹چروکیدن پوست: چرچیانی پێست›.

■ **صفت مفعولی: چروکیده** (چرچاو)/ **مصدر منفی: نچروکیدن** (نەچرچان)

چروکیده / čurûkîde, čorûkîde/: *صفت.* چرچ؛ لۆچ؛ چرچاو؛ هەڵچرچاو؛ کرژ؛ چرچ و لۆچ؛ قرمچی؛ قەرمچی؛ چرچیاگ؛ چەرمقی؛ چرچ هەڵگەڕاو ‹پوست چروکیده: پێستی چرچ›.

چریدن / čarîdan, čerîdan/: *مصدر. متعدی.* // **چریدی:** لەوەڕیت؛ **می چری:** دەلەوەڕی؛ **بچر:** بلەوەڕە// لەوەڕان؛ لەوەڕین؛ لەوەڕیان؛ چەرین؛ چەڕین؛ چێرین؛ چەڕان؛ چەران؛ چریاین؛ چنێرین؛ لەوەڕیەی: ۱. دەمدان؛ گیا و ئالف خواردنی ئاژەڵ لە لەوەڕگادا ۲. *[مجازی]* زگ لەوەڕان؛ سک بەردان. هەروەها: **چریدنی**

■ **صفت فاعلی: چرنده** (ـ)/ **صفت مفعولی: چریده** (لەوەڕاو)/ **مصدر منفی: نچریدن** (نەلەوەڕین)

چریک / čerîk، ـها؛ ـان/: [ترکی]/*اسم.* چریک؛ پارتیزان؛ شەڕکەری داوخواز کە بە شێوەی تاکەکەسی یان لە دەستەگەلی گچکەدا پەلامار دەبەن و دەپەرژێنە سەر کار و ڕەهاتی وێرانکاری و شەڕ.

چزاندن / čezāndan/: *مصدر. متعدی. [گفتاری]* // **چزاندی:** چزاندت؛ **می چزانی:** دەچزنی؛ **بچزان:** بچزنە// چزاندن؛ چزنەی؛ وەزەنەی؛ ئازاردان؛ ئاراندن؛ داغ پێوەنان ‹از چزاندن مادرشوهرش لذت می‌برد: حەزی لە چزاندنی خەسووی بوو›.

■ **صفت مفعولی: چزانده** (چزێنراو)/ **مصدر منفی: نچزاندن** (نەچزاندن)

چس / čos/: *اسم. [مستهجن]* ۱. تس؛ فس؛ سیک؛ واولەی؛ بایەکی بۆگەن کە بێدەنگ لە ڕیخۆڵەوە فت دەبێ ۲. *[تعریض]* حیزە؛ فشە؛ حیزهەڵمەت؛ بێبایەخ؛ چڵەکا؛ چڵەپۆش؛ شتی چرووک و بێنرخ (بەتایبەت بە شێوەی پێشوشە) ‹چس غصه: حیزە خەم›.

چسان‌فسان / čosānfesān/: *اسم. [تعریض]* لاولووسکە؛ لاولووسە؛ ئاڕایشتی تۆخ (بەتایبەت لە ژناندا).

▣ **چسان‌فسان کردن:** لاولووسکەکردن؛ لاولووسەکردن ‹خواهرهای داماد خیلی چسان‌فسان کرده بودند: خۆشکەکانی زاوا زۆر لاولووسکەیان کردبوو›.

چسب / časb، ـها/: *اسم.* زامق؛ چەوس؛ زانق؛ زانقی؛ نووسەکی؛ چەسپ؛ چەسب؛ لک؛ ماکێ کە دوو شت پێکەوە دەلکێنێ.

▣ **چسب اسکاچ:** چەسپی نەواری.

چسب اُوهُو: چەسپی ئۆهۆ؛ ناوی بازرگانی جۆرە چەسپێکی تەڕە لە بەر هەوادا وشک و پتەو دەبێتەوە.

چسب دوقلو: چەسپی دوانە؛ چەسپ دووقلوو؛ جۆرێک چەسپی بە شێوەی دوو بەستەی جیاوازە کە لە کاتی کەڵک لێوەرگرتندا دەبێ تێکەڵ بکرێن.

چسب زخم: چەسپی زام؛ چەسپی برین.

چسب ماتیکی: چەسپی ماتیکی؛ ماکێکی چەسپدارە لە نێو لوولەیەکدا، وەک ماتیک دەیساون بەو شوێنەدا کە پێویستە چەسپ بکرێ.

چسبان / časbān/: *صفت.* ۱. دۆچن؛ لۆچن؛

چەسپن؛ نووس ٢. چەسپ؛ زۆر تەنگ یان کپ.

چسباندن / časbāndan/: *مصدر. متعدی.* // **چسباندی:** چەسپاندت؛ **می‌چسبانی:** دەچەسپێنی؛ **بچسبان:** بچەسپێنە// چەسپاندن؛ چەسپانن؛ چەسپنەی؛ لکاندن؛ لکانن؛ لکنەی: ١. نووساندن؛ دانی ڕوویەک لە شتێ بە ڕووی شتێکی تردا وا کە نێوانیان نەکەوێ ‹صورتش را چسباند به دیوار: دەم و چاوی چەسپاندە دیوارەکەوە› ٢. پێوە نووساندن؛ زەلیقاندن؛ لکاندنی دوو شت بە هۆی ماکی چەسپدارەوە ‹تکه‌های کاغذ را به هم چسباند: لەتە کاغەزەکانی پێکەوە چەسپاند› ٣. پێوە لکاندن؛ پێوەنان؛ پوەوە نیەی؛ تۆمەت یان بۆختان‌کردن بۆ کەسێک ‹جرم سیاسی را به او چسباندند و گرفتارش کردند: تاوانی سیاسیان پێوەلکاند و تووشیان کرد› ٤. بۆ ئامانجێکی (زۆرتر ناڕەوا) لەگەڵ کەسێک یان شوێنێک هاتوچۆ دامەزراندن ‹خودش را به ما چسباند آمد توی گروه: خۆی پێمانەوە لکاند و هاتە نێو کۆڕەکەوە› * **چسبانیدن**. هەروەها: **چسپاندنی**

■ صفت مفعولی: **چسبانده** (چەسپێنراو)/ مصدر منفی: **نچسباندن** (نەچەسپاندن)

چسبانیدن / časbānîdan/ ☜ **چسباندن**

چسبدار / časbdar/: *صفت.* چەسپدار؛ خاوەن ماکێ کە بلکێت ‹سر پاکت چسبدار است: سەری پاکەتەکە چەسپدارە›.

چسبزا / časbzā/: *اسم.* سریش؛ ستووک؛ ماکێکی چەسپدارە لە ئێسکدا کە بە کوڵاندنی زۆری لە ئاودا، ڕینگ و ڕیواڵ بەر دەدا و دەبێتە چەسپێکی سروشتی.

چسبناک / časbnāk/: *صفت.* ١. نووسەک؛ چەسپناک؛ زامقی؛ کلێن؛ لچ؛ نووس؛ نیس؛ بە تایبەتمەندی یان توانایی چەسپاندن ‹ماده‌ی چسبناک: ماکی نووسەک› ٢. دۆچن؛ لۆچن؛ چەسپاوی؛ نووچ؛ ئاڵاو بە ماکێکی نووسەکەوە ‹دستم چسبناک است: دەستم دۆچنە›.

چسبندگی / časbandegî، ـها/: *اسم.* ١. نیسی؛ دیسی؛ چۆنیەتی نووسەک بوون ٢. خەستی؛ خەسی؛ هەسی.

چسبنده / časbande/: *صفت.* دەبیش؛ نووسەک؛ نویسەک؛ چەسپناک؛ کلێن؛ دۆچن؛ لۆچن.

چسبی / časbî/: *صفت.* دۆچن؛ چەسپاوی؛ نووچ ‹دستم چسبی است: دەستم دۆچنە›.

چسبیدن / časbîdan/: *مصدر. لازم. متعدی.* // **چسبیدی:** چەسپایت؛ **می‌چسبی:** دەچەسپی؛ **بچسب:** بچەسپە// چەسپان؛ چەسپیەی: □ *لازم.* ١. لکان؛ لکیان؛ لکەی؛ لکای؛ نووسان؛ لەگەڵ شتێکدا بە تەواوی پێکەوە تەقین ‹به دیوار چسبیدن: بە دیوارەوە چەسپان› ٢. لکان؛ لکەی؛ بە هۆی ماکێکی چەسپناکەوە بە شتێکەوە نووسان ‹به دست چسبیدن: بە دەستەوە لکان› ٣. نووسان؛ چلکیان؛ خۆش یان لەباو بوون ‹ناهار به من چسبید: فراوینەکە بە دڵمەوە نووسا› ٤. *[کنایی]* لکان؛ بەردەوام بوون؛ پێداگرتن و لە سەر شتێک ڕۆیشتن ‹او به عقاید قدیمی خودش چسبیده است: ئەو لکاوە بە بڕوا کۆنەکانیەوە› ٥. بە پشوودرێژی شوێن کارێ کەوتن و دەست لێ بەرنەدان ‹به درس و مشق چسبیدن: چەسپان بە دەرس و مەشقەوە› □ *متعدی.* ٦. *[گفتاری]* چەسپان؛ چەسپیان؛ بە دەست سفت‌گرتن ‹محکم میله را چسبیده بود: توند بە میلەکەوە چەسپابوو› ٧. *[مجازی]* لکان؛ نووسان؛ دوڤەلانک بوون؛ دوڤدوڤک بوون؛ هەمیشە لەگەڵ کەسێکدا بوون و لێی نەبڕان ‹این بچه به من چسبیده و نمی‌گذارد به کارم برسم: ئەم منداڵە لکاوە پێمەوە و ناهێڵێ کارەکانم بکەم›. هەروەها: **چسبیدنی**

■ صفت فاعلی: **چسبنده** (چەسپێن)/ صفت مفعولی: **چسبیده** (چەسپاو)/ مصدر منفی: **نچسبیدن** (نەچەسپان)

چست / čost/: *صفت. [ادبی]* چوست؛ چست؛

گورج؛ فرز؛ چەلەنگ؛ سرت؛ تاشک؛ مەزبووت؛ خێرا؛ بەکار؛ توند؛ چابک؛ چالاک؛ چوختی؛ جەلد؛ قەشقە؛ قۆچاخ؛ قۆچاغ؛ لەش‌سووک؛ میجک؛ تون‌وتۆڵ.

چستی / čostî/: *اسم. [ادبی]* چالاکی؛ فرزی؛ چەلەنگی؛ جەختی؛ مەزبووتی؛ خێرایی؛ چوستی؛ گورج و گۆلی؛ توندوتۆڵی.

چسخور / čosxor ، ـها/: *صفت. [مستهجن]* گوو وشکەوکەر؛ ڕژد؛ دەستقووجاو؛ دەس‌قووچیاگ؛ چرووک؛ وشکە هەوەڕ.

چسخوری / čosxorî ، ـها/: *اسم. [مستهجن]* گوو وشکەوکەری؛ ڕژدی؛ چرووکی؛ دەس‌قووچیاگی؛ دەست قووجاوی؛ وشکە هەوەری؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕژد بوون.

چس‌فیل / čos(e)fîl ، ـها/: *اسم. [مستهجن، گفتاری]* سەرداری؛ برێشکەی گەنمەشامی؛ نوقلەکوردی.

چس‌نفس / čosnafas/: [فارسی/ عربی] *صفت. [مستهجن]* قسەفرەکەر؛ فرەوێژ؛ درێژدادڕ؛ زۆربلێ؛ چەنەباز؛ وڕاج؛ چەناکەدەر.

چس‌نفسی / čosnafasî ، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم. [مستهجن]* درێژدادڕی؛ زۆربلێیی؛ فرەبێژی؛ چەنەبازی؛ وڕاجی؛ چەناکەدەری؛ قسە فرەکەری.

چسو / čosû ، ـها/: *صفت. [مستهجن، گفتاری]* ۱. تسن؛ تسنە؛ تسکەن؛ تسکەنە؛ فسۆک؛ خۆگرتوو بە تس بەردان ۲. کەلەزات؛ ترسەنۆک؛ ترسەزاڵ؛ ترسەزاور ۳. ڕێخن؛ مەڕمووکە؛ کز و نزار؛ لاواز؛ لە دەس و پا کەوتوو.

چسی / čosî/: *اسم. [مستهجن، گفتاری]* ۱. فشە؛ بافشە ۲. باگورەشە؛ هەڕەشەی بن شڕ.

⊡ **چسی آمدن**: ۱. فشەکردن ‹برای ما چسی می‌آمد: فشەی بۆ دەکردین› ۲. باگورەشە کردن ‹بیخود چسی نیا! کسی از تو نمی‌ترسد: بێخۆ باگورەشە مەکە! کەس لێت ناترسێ›.

چسیدن / čosîdan/: *مصدر. لازم. [مستهجن]* // **چسیدی**: تسیت؛ **می‌چسی**: دەتسی؛ **بچس**: بتسە// تسین؛ تسان؛ تسەی؛ تسای؛ تس بەردان؛ فسین؛ فسیان؛ فس‌کردن؛ تس‌کەندن؛ تس‌دان؛ تس کەنتەی.

■ مصدر منفی: **نچسیدن** (نەتسین)

چش / čoš/ ☜ **هُش**

چشائی / češā'î, čašā'î/ ☜ **چشایی**

چشاندن / češāndan, čašāndan/: *مصدر. متعدی.* // **چشاندی**: چێژاندت؛ **می چشانی**: دەچێژێنی؛ **بچشان**: بچێژێنە// چێژاندن: ۱. پێ‌مێلاک‌کردن؛ هەڵپێچانی کەسێک بۆ تام‌کردنی شتێک ۲. پێ‌چەشتن؛ کەسێک لە بەرانبەر ئەزموونێکەوە دانان ‹شیرین برای اولین بار مزه‌ی عشق را به او چشاند: شیرین بۆ یەکەم جار تامی ئەوینی پێ‌چێژاند› ***چشانیدن**. هەروەها: **چشاندنی**

■ صفت مفعولی: **چشانده** (چێژێنراو)/ مصدر منفی: **نَچشاندن** (نەچێژاندن)

چشانیدن / češānîdan, čašānîdan/ ☜ **چشاندن**

چشایی / češāyî, čašāyî/: *اسم.* چێژایی؛ چەشتنی؛ یەک لە پێنج هەستی سەرەکی کە تامی پێ هەست دەکرێ (وەک سوێری، شیرینی، تاڵی، توندی ...) و لە سەر زمان پێ دەزاندرێ: **چشائی**

چشته / čašte, češte/: *اسم.* چێژە؛ چەشتە؛ چەشلە؛ چێشتە: ۱. بەشێکی زۆر کەم لە چێشت، لە ئەندازەی چەشتن ۲. خۆراکێ کە بە گیانەوەری دەستەمۆی دەدەن.

چشته‌خور / čaštexor, češtexor/: *صفت. [مجازی]* چەشتە؛ چەشت؛ چەشتەخۆر؛ چەشتەخۆر؛ چێشتەخۆر؛ چەشتەخۆرە، خووگرتوو بە وەرگرتنی شتێکی کەم لە دیتران ‹نگذار چشته‌خور بشود، دیگر ولت نمی‌کند: مەهێڵە

چەشــتە بێـت، ئیتــر لێـت نابێتــەوە›. هــەروەها: **چشتەخورکردن**

چشم / čašm/: *قید. [گفتاری]* ســەرچاو؛ بـان‌چـاو؛ بەسەرچاو؛ بەچاوان؛ وەبانی دیدە؛ ســەرووچەما؛ وشەیەک کە نیـشانەی پـەزیرانی فـەرمان یـان تکایە ‹گفتم: «چشم» و فـوری بـه راه افتـادم: گـوتم: «سەرچاو» و دەسبەجێ کەوتمە ڕێ›.

چشم / češm ، ـها؛ ـان/: *اسم.* چـاو؛ چـاڤ؛ چـەو؛ چەم؛ چیم؛ چەعڤ؛ چەش: ۱. دیدە؛ دیە؛ تیـە؛ ئەندامی بینایی لە گیانداران ۲. *[مجازی]* هێـزی تێگەیــشتن و زانـــین ‹چـشم دل: چــاوی دڵ› ۳. ڕوانین؛ نوا ‹بـه یـک چـشم دیـدن: بـه چاوێـک دیــتن› ٤. *[گیـاەشناسـی]* چاوکــە؛ قولــکەیەکی چکۆلەی ســەر ڕیــشە و لاسـکی بـڕێ گیـا کـە چەکــەرە دەکــا و دەبێتــە ئەنــدامێکی تــازە ٥. *[کنایی]* چاوەڕوانی؛ هیوا ‹چشم داشتن از کسی: چاوەڕوانی کـردن لـە کەسـێک› ٦. ئـەوەی وەک چـاوە ‹چـشم گـرداب: چـاوی گێـژاو› ۷. کـون؛ بۆشایی؛ شوێنی خاڵی؛ خاڵیایی ‹هـای دو چـشم: هێی دوو چاو›.

▣ **چشم امید**: *[مجازی]* چـاوی هیـوا؛ ڕوانـینی هومێدوارانە ‹چشم امیدشان به او بود که آنهـا را از فقر نجات دهـد: چـاوی هیوایـان بـە ئـەو بـوو لـە هەژاری ڕزگاریان کا›.

چشم باباغوری ☜ **باباغوری**

چشم بادامی: چاوی بادامی؛ چـاوی کێـشراو و باریک ‹وەک چاوی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی دوور›.

چـشم بـاطن: *[مجـازی]* چـاوی دڵ؛ هێــزی هــەڵاوردن و ناسـینی زەیـنی ‹بـرای دیـدن ایـن چیزهـا بایـد چـشم بـاطن داشـته باشـی: بـۆ دیتنی ئـەم شـتانە ئـەبێ چـاوی دڵـت هـەبێ›: **چشم درون/ دل**

چشم بد: *[مجازی]* چاوی خراپ؛ چاوی خـراو؛ چاوی پیس؛ ڕوانینی بەدخوازانە.

چشم بصیرت: *[مجازی]* چاوی بینا؛ چـاوێ کـە بتوانێ خاس و خراپ لێک هەڵاوێرێ ‹با چشم بصیرت نگاه کن!: به چاوی بینا بڕوانە!›.

چشم بیمار: *[ادبی]* چاوی خومار؛ چاوی مەست؛ چاوی نیوەبەستراو.

چـشم تابتـا: چــاوی خــێڵ؛ چــاوی خوێــل؛ چــاوی چــەپــڕاس؛ چـاوی چــەوێل؛ چــاوی چێل؛ چـاوی خـوار و خـێچ؛ چـاوی چـەپ و چــێڵ؛ چـــاوی شـــاش؛ دوچـــاوی وا کـــە پێکەوە جووت نەبن.

چشم تر: *[کنـایی]* چـاوی فرمێـسکاوی؛ چـاوی تەڕ؛ چاوی بە گریان؛ چاوی پڕ بە فرمێـسک؛ چـاوی ئـاو تێـزاو؛ چـەمی هەرسـین؛ چـاوی گریان.

چشم خمـار: چـاوی خومـار؛ چـاوی مەسـت؛ چاوی نیوەخەوتوو.

چشم درون/ دل ☜ **چشم باطن**

چشم زاغ: چاوی شـین؛ چـاوی کـەوو؛ چـەو کەوو؛ چاوێک کە گلێنەی بە ڕەنگـی شـینە: **چشم کبود**

چـشم سـوزن: سـۆ؛ کونـەدەرزی؛ ولـۆچەنی؛ کونی دەرزی کە دەزووی تێوە دەکەن.

چشم سیاه: چاوی ڕەش؛ چەمێ سیا؛ سـیاوێ؛ چەوسێ؛ چاوێک کە ڕەنگی گلێنـەی ڕەشـە. هەروەها: **چشم آبی؛ چشم سبز؛ چشم عـسلی؛ چشم میشی**

چشم شور: *[مجازی]* چاوی خراو؛ چاوی سۆتک؛ چاوێ کە بڕێ کەس وا دەزانن زیانی هەیە.

چشم شهلا: چاوی کەژاڵ؛ چـاوی بـاز؛ چـاوی گەورە و گەش.

چشم کبود ☜ **چشم زاغ**

چشم لوچ ☜ **لوچ**

▣ **چشم آب نخوردن**: تـێ ڕانـەدیتن؛ چـاو لـێ نەبـڕین؛ چـاوەنۆڕی لـێ نـەبوون؛ چـاوەڕوان نــەبوون؛ هیــوادار نــەبوون ‹چـشم مـن از او آب نمی‌خورد: من تێی ڕانابینم›.

چشم از جهان (فرو) بستن: *[ادبی]* **چاو لێکنان؛ مالاوایی له دنیا کردن؛ چاو له دنیا نووقاندن؛ کۆچی دوایی کردن** ‹**این دانشمند سال ۱۳۶۹** چشم از جهان فرو بست: **ئه‌م زانایه سالی ۱۳۶۹** چاوی لیک نا›.

چشم آلبالو گیلاس چیدن: *[مجازی]* **چاو ڕیچکه و پیچکه‌کردن؛ چاو ڕمڵ کردن؛ ورد نه‌دیتن به هۆی ماندوویه‌تی و خه‌والوویی یان گریانه‌وه** ‹**این آلو نیست، گوجه است مثل این که** چشمت آلبالو‌ـگیلاس می‌چیند: **ئه‌مه هه‌ڵووژه نیه ته‌ماته‌یه وه‌دیاره** چاوت ڕیچکه و پیچکه ده‌کا›.

چشم بازار را کور کردن/ درآوردن: *[مجازی]* **بازاڕ ئاوه‌دان کردنه‌وه؛ کالای خراپ یان گران کڕین** ‹**تو هم با این خریدت** چشم بازار را کور کردی: **تۆش به‌م شت کڕینه‌ت** بازاڕت ئاوه‌دان کرده‌وه›.

چشم باز کردن: چاوکردنه‌وه؛ چه‌مێ هۆربڕنه‌ی: ۱. *[کنایی]* **چاو هه‌ڵێنان؛ سه‌ره‌تای چاو پێ‌که‌وتن؛ چاو له ڕووی دنیا هه‌ڵێنان** ‹**از وقتی** چشم باز کردم، **آنها در همین کوچه می‌نشستند: له‌وه‌تی** چاوم کردووه‌ته‌وه، **ئه‌وان له‌م کۆلانه‌دا بوون**› ۲. *[کنایی]* **ورد بوونه‌وه و سه‌رنجدان** ‹**باید** چشمت را باز کنی **ببینی کجا هستی: ده‌بێ** چاو بکه‌یته‌وه **بزانی له کوێی**›.

چشم برگرداندن: لاکردنه‌وه؛ چاو لێ‌هه‌ڵگرتن؛ چاو بۆ لایه‌کی دیکه خستن ‹**تا** چشم برگرداندم **کیفم را دزدیدند: تا** لام کرده‌وه **کیفه‌که‌میان دزی**›.

چشم برنداشتن: ۱. **چاو لێ‌هه‌ڵنه‌گرتن؛ چاو لێ‌نه‌بڕین؛ چه‌م چنه نه‌ویاره‌ی؛ چاودێر بوون؛ له‌سه‌ریه‌ک ڕوانین** ‹**از بچه** چشم برنمی‌داشت: چاوی **له منداڵه‌که‌ی** هه‌ڵنه‌ده‌گرت› ۲. *[کنایی]* **چاو هه‌ڵنه‌هاتن؛ چاو لێ‌هه‌ڵنه‌هاتن؛ چه‌م نه‌وینه‌ی؛ چاو له حاندی شتێ یان که‌سێ هه‌ڵنه‌هاتن** ‹چشمش برنمی‌داشت **بچه‌ی هوو را ببیند:** چاوی هه‌ڵنه‌ده‌هات **منداڵی هه‌وه‌که‌ی ببینێ**›.

چشم بر هم زدن ☜ **چشم به هم زدن**

چشم بر هم نهادن: *[ادبی]* **چاو لێکنان؛ چاو قونجاندن؛ چاو قووجاندن؛ چه‌م قووجنه‌ی؛ چاو قووچاندن؛ چاو چووقاندن؛ چاو نقاندن؛ چاو نووقاندن؛ پێڵووی چاو به سه‌ر یه‌کا نان.**

چشم به جهان گشودن: *[ادبی]* **له دایک بوون؛ به دنیا هاتن؛ په‌یدا بیه‌ی؛ چاو له ڕووی دونیا هه‌ڵێنان** ‹**او در سال ۱۳۳۰** چشم به جهان گشود: **له سالی ۱۳۳۰دا** له دایک بوو›.

چشم به چشم کسی افتادن: چاوکه‌وتنه نێو چاوی که‌سێکه‌وه؛ تووشی که‌سێ هاتن؛ چاو چه‌قینه چاو که‌سێکا؛ له‌گه‌ڵ که‌سێکدا ڕووبه‌ڕوو بوون ‹**فردا آدم** چشمش به چشمشان می‌افتد: **شه‌وسۆ بنیادەم** چاوی ئه‌که‌وێته نێو چاویان›.

چشم به چیزی انداختن: چاوێک بۆ شتێ خستن؛ تماشای شتێ‌کردن؛ چه‌م وسه‌ی په‌ی چێوێوی (چێویه) ‹**یک** چشم بینداز **کوچه ببن چه خبر شده:** چاوێک بخه **به کۆلاندا بزانه چباسه**›.

چشم به در بودن: *[کنایی]* **چاوه‌ڕێ بوون؛ چه‌مه‌ڕا بیه‌ی؛ چه‌وقه‌ڕێ بوون؛ چاوه‌ڕێی هاتنی که‌سێک بوون** ‹**تا صبح** چشمش به در بود، **ولی پسرش نیامد: تا به‌یانی** چاوه‌ڕێ بوو، **به‌لام کوڕه‌که‌ی نه‌هاته‌وه**›.

چشم به در ماندن: *[کنایی]* **چاو له ده‌رگاوه بوون؛ چاوه‌نواڕ بوون؛ چاڤنێرمان له هاتنی که‌سێک** ‹**مدتها** چشم به در مانده **بودم تا بلکه از تو خبری بشود: زۆر ده‌مێ بوو** چاوم له ده‌رگاوه بوو **به‌لکوو خه‌به‌رێکت لێ بگا**›.

چشم به دست کسی داشتن: *[کنایی]* **چاو له**

دەستی کەسێ بوون؛ دەم بۆ پارووی خەڵک داچەقاندن؛ بە هیوای کەسێ بوون ‹دوست ندارم چشمش به دست این و آن باشد: پێم ناخۆشە چاوی لە دەستی ئەم و ئەو بێت›.

چشم به دنبال کسی/ چیزی بودن: چاو لە دووی شتێ/ کەسێکەوە بوون ‹پنجاه سال از عمرش می‌گذشت و هنوز چشمش به دنبال دخترها بود: پەنجا ساڵ لە تەمەنی تێپەڕیبوو هێشتا چاوی لە دووی کچان بوو›.

چشم به دو افتادن: چاوەسپیلکە تووش بوون؛ چاو ڕەشکە و پێشکە کردن؛ چاو ڕمووڵ کردن؛ چاو ڕمێڵەکردن؛ لەرزینی گلێنەی چاو (بەتایبەت لە بەر لاوازی و کزی).

چشم به دهان کسی دوختن: *[مجازی]* چاو لە دەمی کەسێ بوون؛گوێ ڕایەڵی کەسێک بوون؛ گوێ بۆ قسەی کەسێ شل‌کردن ‹همه چشم به دهان مدیر دوخته بودند: هەموو چاو لە دەمی بەرپرس بوون›.

چشم به مال کسی دوختن: *[مجازی]* چاو بڕینە ماڵی کەسێ؛ چاو لە ماڵی کەسێ بوون؛ بە تەمای داگیرکردن یان دزینی ماڵی کەسێک بوون ‹ما چشم به مال کسی ندوختەایم: ئێمە چاومان نەبڕیوەتە ماڵی کەس›.

چشم به هم زدن: ۱. چاو ترووکاندن؛ چاو ترووکان؛ چەم ترووکنەی؛ چاو پرتووکاندن؛ چاو نقاندن؛ قووجاندن و کردنەوەی چاو ۲. *[کنایی]* چاو لێک نان؛ (لە مەودای چاو نانە یەکێکدا، ماوەیەکی زۆر کورت) ‹تا چشم به هم بزنی برمی‌گردم: تا چاو لێک بنی دەگەڕێمەوە› ❋ **چشم بر هم زدن**

چشم پوشیدن: *[مجازی]* چاوپۆشی کردن؛ چاو لێپۆشان؛ لێبووردن؛ لێ نەگرتن؛ گوێ نەدان؛ بە گرنگ نەزانین ‹این دفعه چشم می‌پوشم ولی تکرار نشود: ئەمجارە چاوپۆشی دەکەم بەڵام دووپاتە نەبێتەوە›.

چشم پیه گرفتن: *[کنایی]* ئاخوڕ بەرز بوون؛ زل بوونەوە؛ دەوڵەمەند بوونەوە ‹حالا دیگر چشمش پیه گرفته است: ئێستە ئیتر ئاخوڕی بەرز بووە›.

چشم ترسیدن: *[مجازی]*. چاو ترسێن بوون؛ چاوترسیان؛ ترسین؛ ترسان؛ ترسیان؛ تەرسەی ‹دیگر چشمم ترسیده بود و از خانه بیرون نمی‌آمدم: ئیتر چاوترسین ببووم و لە ماڵ دەرنەکەوتم›.

چشم ـ چشم را ندیدن: *[کنایی]* چاوـ چاو نەدیتن؛ ئەنگوستە چاو بوون؛ زۆر تاریک بوون ‹برق رفته بود و چشم‌ـچشم را نمی‌دید: بەرق چووبوو، چاوـچاوی نەدەدیت›.

چشم خواباندن: *[کنایی]* مرخ لێ خۆش کردن؛ چاو داگرتن؛ دەسک وهێشوو کردن؛ خۆ ماتە دان؛ وێ گێرتەیرە؛ مەلازگرتن؛ مەلاس گێرتەی ‹برای دختر همسایه چشم خوابانده بود: مرخی لە کچە دراوسێکەیان خۆش کردووە›.

چشم خود را به روی چیزی بستن: *[کنایی]* چاوپۆشی کردن لە شتێ؛ چاو لە شتێ قووچاندن؛ چاو نووقاندن لە شتێ؛ بایەخ بە شتێک نەدان؛ لێبووردن؛ گوێ پێنەدان: **چشم روی هم گذاشتن**

چشم خوردن: *[فرهنگ‌مردم]* لە چاو چوون؛ کەوتنە بەر چاو؛ کەفتنە بەر چاوچڵە؛ بوونە چاوەوە؛ لە ئێرەیی چاوپیسان تووشی بەلا هاتن.

چشم خیره شدن: ۱. شەوارە بوون؛ بە شەوارەکەوتن؛ بە هۆی هۆکارێکەوە (وەک تیشکی هەتاو) بۆ ماوەیەکی کورت بینایی ئاڵۆز بوون ۲. *[مجازی]* ماق مان/ بوونەوە؛ چاو داچەقیان؛ مات بوون؛ هێدمان؛ لە دیتنی شتێکی سەیر، سەر سووڕمان ‹از آن همه زیبایی چشم‌هایمان خیره

شده بود: لەو هەموو جوانیه ماق ببوینەوە›.

چشم داشتن: */مجازی/* چاوەڕوان بوون؛ چاو لێبوون؛ چاوەنۆڕ بوون ‹ما ز یاران چشم یاری داشتیم: چاوەڕوانی یاریدانی یاران بووین›.

چشم دراندن: */مجازی/* مۆڕ بردنەوە؛ تیڕ کردنەوە؛ چاو زەق کردن؛ چاو دەرپەڕاندن؛ بە قینەوە بۆ کەسێ ڕوانین.

چشم درآوردن: چاو دەرهێنان/ هەڵکۆڵشان: ۱. دەرهێنانی گلێنەی چاو ۲. */کنایی/* چاو دەرهاوردن؛ بە ئاکار یان بە قسە و تیتاڵی ئازاردانی دیتران.

چشم دوختن: */مجازی/* چاو تێبڕین؛ ماق بوون؛ چەو خستن؛ ڕوانین بە وردی ‹چشم دوخته بود به تلویزیون: چاوی بڕیبووە تەلەڤیزیۆنەوە›.

چشم دیدن کسی/ چیزی را نداشتن: */مجازی/* چاو لە کەسێ/ شتێ هەڵنەهاتن؛ لا لە کەسێ/ شتێ نەکردنەوە؛ ڕوو لە کەسێ وەرگەڕاندن؛ زۆر بێزار بوون ‹چشم دیدن مادر شوهرش را نداشت: چاوی لە خەسووی هەڵنەدەهات›.

چشم را بستن: چاو بەستن: ۱. بان چاو داپۆشین ‹چشم‌هایش را با چشم‌بند بسته بودند: چاویان بە چاوبەند بەستبوو› ۲. چاو لێک‌نان؛ چاو قووچاندن؛ چاو نووقاندن؛ چاو بە یەکا نان ‹چشمش را بست تا بلکه بخوابد: چاوی لێک‌نا بەڵکوو بنوێ›.

چشم را خیره کردن: ۱. چاو خستنە شەوارەوە؛ لە بەر تاوی توند، بینایی تووشی گرفت کردن ۲. ماق‌کردنەوە؛ چاو مۆڵەق کردن.

چشم را درویش کردن: */مجازی/* چاو لێ داخستن؛ چاو پاراستن؛ چاو لە کەسێک (بە تەماییکەوە) نەبڕین ‹داداش این خانم شوهر دارد، چشمت را درویش کن! ئابرا ئەم ژنە مێردی هەیە، چاوتی لێ داخە!›.

چشم را زدن: دانە ناو چاودا؛ بوونە هۆی شەوارە داهاتنی چاو ‹آفتاب چشمم را می‌زند: هەتاو دەداتە ناو چاومدا›.

چشم را مالیدن: چاو پرواندن؛ چاو ولین؛ چاوگلۆفین؛ چەم پروونەی؛ پێلوی چاو بە ئارامی ماڵین ‹از خواب پریدم و چشمم را مالیدم، دیدم ساعت هشت است: لە خەو داچلەکام و چاوم پرواند، دیتم کاتژمێر هەشتە›.

چشم روی هم گذاشتن: ۱. ☜ **چشم خود را به روی چیزی بستن** ۲. ☜ **چشم هم گذاشتن**

چشم زدن: */فرهنگ مردم/* کردنە چاوەوە؛ بە چاوەوەکردن؛ چاو لێدان؛ چەم دەی؛ بە ڕوانینێک کە بە گومانی هەندێک زیانبارە، لە کەسێک ڕوانین و بوونە هۆی زیان پێ‌گەیشتنی ‹به گمانم بچه را چشم زده‌اند: بە گومانم منداڵەکەیان کردووەتە چاوەوە›.

چشم سفید شدن: کوێرایی داهاتن؛ کوێر بوون؛ بینایی لە دەس‌دان.

چشم سیاهی رفتن: بەر چاو تاریک/ ڕەش بوون؛ وەروو چەما سیاو بیەی؛ کز بوون یان لە ناوچوونێکی کاتی بینایی بە هۆی ماندوویی یان هۆکارگەلی‌ترەوە ‹از دیشب چیزی نخوردەام، چشمم دارد سیاهی می‌رود: لە دوێشەوەوە هیچم نەخواردووە، خەریکە بەر چاوم تاریک ئەبێ›.

چشم کسی چهار تا شدن: چاوی کەسێک پەڕینە تەوقی سەری؛ زۆر گەورە بوونەوەی گلێنەی چاو بە هۆی ترس یان سەر سووڕمانەوە ‹از دیدن آن همه پول چشمش چهار تا شده بود: لە دیتنی ئەو هەموو پووڵە چاوی پەڕیبووە تەوقی سەری›.

چشم کسی چیزی/ کسی را گرفتن: */مجازی/* چاوگرتن؛ چەقینە دڵەوە؛ شتێ یان کەسێک وەبەردڵی کەسێک کەوتن ‹چشمش آن خانه را گرفته بود: ئەو ماڵە چاوی گرتبوو›.

چشم کسی را دور دیدن: کەسێک دیار

نەبوون؛ کەڵک وەرگرتن لە نەبوونی کەسێک بۆ کردنی کارێ کە زۆرتر بە پێچەوانەی ویستی ئەو یان بەزیانی بێ. ‹چشم بابا را دور دیدی داری سیگار می‌کشی؟: بابت دیار نیە خەریکی جگەرە دەکێشی؟›.

چشم کسی روز بد ندیدن: دوور لەم دەر و بانە بوون؛ دوور بوون لە گیانی کەسێک (ئەم دەستەواژە بە شێوەی «چشمت/ چشمتان روز بد نبیند» بە کار دەچێ، ئەویش لە کاتێکدا کە کەسێ بیهەوێ ڕووداوێکی ناخۆش بگێڕێتەوە) ‹چشمتان روز بد نبیند، چنان سرمایی خوردم که کارم به بیمارستان کشید: دوور لەم دەر و بانە، وا سەرمایەکم خوارد کارم کەوتە بیمارستان›.

چشم کسی روشن بودن: *[مجازی]* چاوی کەسێ ڕوون بوون: ۱. چاو و دڵی کەسێ ڕۆشن بوون؛ چاو کەسێ ڕۆشن بوونەوە؛ شاد بوون ‹چشمتان روشن پسرتان آمد: چاوتان ڕوون کوڕەکەتان هاتەوە› ۲. *[تعریض]* کاتێ بەکار دەچێ کە کەسێ بیەوێ نارەزایی و بەرهەڵستی خۆی لە دۆخێکی نالەبار یان چاوەڕوان نەکراو دەربڕێ ‹چشممان روشن، پس اینجا هم باز همان آش است و همان کاسه: چاومان ڕوون کەواتە ئێرەش هەر هەمان پیک و هەمان زوڕنایە›.

چشم گرداندن: ۱. چاوگەڕاندن؛ چاو گێڕان؛ بەرەو هەموو لا ڕوانین ‹به همه جا چشم گرداندم، ولی او را ندیدم: بە هەموو لایەکدا چاوم گەڕاند، بەڵام نەمدیت› ۲. هەڵگەڕانەوە؛ لا کردنەوە.

چشم گرم شدن: *[مجازی]* چاو گەرم داهاتن؛ خەو لێ کەوتن ‹تازه چشمم گرم شده بود که در زدند: تازە چاوم گەرم داهاتبوو، درگایان کوتا›.

چشم و ابرو آمدن: *[مجازی]* چاو هەڵتەکاندن؛ برۆ هەڵتەکانن؛ بە چاو و برۆ بۆ کەسێ هێماکردن ‹داشت برای پسر همسایه چشم و ابرو می آمد: خەریک چاوی لە کوڕە دراوسێکەیان هەڵدەتەکاند›.

چشم و دل دویدن: *[مجازی]* دڵ بۆ کەسێ/ شتێ کورکاندن؛ زۆر تامەزرۆی شتێ بوون ‹هنوز چشم و دلش دنبال زنها می‌دوید: هێشتا دڵی بۆ ئافرەتان ئەیکورکاند›.

چشم و دل کسی پاک بودن: *[مجازی]* دەست و چاوی کەسێک پاک بوون؛ دەست و داوێنی کەسێک پاک بوون ‹خیلی چشم و دل پاک است: زۆر دەست وچاو پاکە›.

چشم و دل کسی روشن شدن: *[مجازی]* چاو و دڵی کەسێ ڕۆشن بوونەوە؛ زۆر شاد و دڵخۆش بوونی کەسێک. هەروەها: **چشم و دل کسی را روشن‌کردن**

چشم و گوش کسی را باز کردن: *[مجازی]* کەسێک تێگەیاندن؛ وریا کردنەوەی کەسێ؛ زانیاری و ئاگاداری پێویست بە کەسێک دان.

چشم هم گذاشتن: *[گفتاری]* ۱. چاو لێکنان؛ چاو نانە یەک؛ چەم نیە پێوەنەی ‹دیشب چشم هم نگذاشتم: دوێشەو چاوم لێک‌نەنا› ۲. *[مجازی]* گوێ نەدان؛ چاو لێداپۆشین؛ بەر چاو نەگرتن ‹عیب ندارد، چشمت را هم بگذار!: قەی ناکا، گوێ مەدەیە!› ❋ **چشم روی هم گذاشتن**

از چشم افتادن: *[مجازی]* لە بەر چاو کەوتن؛ هۆرکەوتەی؛ لە بەر بێزان ‹بعد از آن دیگر از چشم همه افتاد: دوای ئەوە ئیتر لە بەر چاو هەموان کەوت›.

از چشم کسی دیدن: *[مجازی]* لە کەسێک زانین؛ کەسێک بە هۆکار زانین ‹همه گرفتاری آزاد را از چشم او می‌دیدند: هەموو گیر و گرفتی ئازادیان لەو / لە ئەو دەزانی›.

از زیر چشم نگاه کردن: *[مجازی]* لە ژێر چاوەوە ڕوانین؛ بە دزیەوە ڕوانین؛ چێروو چەمانە دیەی ‹از زیر چشم نگاه کردم و دیدم خود اوست: لە ژێر چاوەوە ڕوانیم و دیتم خۆیەسی›.

بالای چشم کسی ابرو بودن: *[مجازی]* لە گوڵ

کالتر پیّ وتن؛ ڕخنه گرتن (کاتیّ ده‌گوتریّ که نه‌کریّ هیچ قسه‌ی ڕاستیّکیش له‌باره‌ی که‌سیّکه‌وه بکریّ) ‹به او دیگر نمی‌شد گفت بالای چشمت ابروست: ئیدی نه‌ده‌کرا له گوڵ کالتری پیّ بیّژی›.

به چشم آمدن: *[مجازی]* ۱. به‌ر چاوگرتن؛ سه‌رنج به‌ره‌و لای خۆ بردن ‹این پولها به چشم او نمی‌آمد و برایش ارزشی نداشت: پاره‌ی وا به‌رچاوی نه‌ده‌گرت و بۆی بایه‌خیّکی نه‌بوو› ۲. هاتنه به‌ر چاو؛ که‌وتنه به‌رچاو؛ بینران؛ به بیرگه‌یشتن ‹تنها چیزی که در آن به چشم نمی‌آمد، تملق بود: هیچ زمان‌لووسی تیّیدا نه‌ده‌هاته به‌ر چاو›.

به چشم چیزی نگاه کردن: *[مجازی]* به چاوی که‌سیّکه‌وه له/ بۆ که‌سیّ/ شتیّ ڕوانین؛ به چاوی شتیّکه‌وه تماشای که‌سیّ کردن ‹به چشم خواهری نگاه می‌کرد: به چاوی خوشکه‌وه لیّی ده‌ڕوانی›. هه‌روه‌ها: **به چشم چیزی آن را دیدن**

به چشم خریدار نگاه کردن: *[مجازی]* به چاوی مشته‌ری لیّ‌ڕوانین: ۱. خوازیاری که‌سیّ یان شتیّک بوون ‹خیلی به چشم خریدار به دختره نگاه می‌کرد: زۆر به چاوی مشتریه‌وه له‌و کچه‌ی ده‌ڕوانی› ۲. به حه‌ز و وردبینیه‌وه تماشا کردن.

به چشم خوردن: *[کنایی]* هاتنه به‌ر چاو؛ دیار بوون؛ ده‌رکه‌وتن؛ به‌دی کران؛ پیویه‌ی ‹در دوردست نوری به چشمم خورد: له دووره‌وه ڕۆشناییه‌ک هاته به‌رچاوم›.

به چشم دیدن: به چاو خۆ دیتن؛ به هه‌ر دوو چاو دیتن؛ به چه‌م دیه‌ی ‹این را دیگر به چشم دیدم: ئه‌مه‌م ئیتر به چاوی خۆم دی›.

به یک چشم برهم زدن ☜ **یک**[۲]

به یک چشم نگاه کردن ☜ **یک**[۲]

پشت چشم نازک کردن: *[مجازی]* نازونووز کردن؛ فیز/ فیس کردن؛ گریشمه هاتن ‹آن دختر داشت برایمان پشت چشم نازک می‌کرد: ئه‌و کچه خه‌ریک‌بوو نازونووزی ئه‌کرد بۆمان›.

تا چشم کار کردن: *[کنایی]* تا چاو/ هه‌ته‌ر/ کار/ حوکم/ بڕ کردن؛ تا چه‌م هانا ده‌ی؛ تا شویّنیّک که چاو ده‌توانیّ ببینیّ ‹تا چشم کار می‌کرد باغ و بستان بود: تا چاو کاری ده‌کرد باخ و بیّسان بوو›.

تا یک چشم به هم زدن: *[مجازی]* له چاو ترووکانیّکدا؛ له چاو پرووکانیّکدا؛ زۆر خیّرا و زوو ‹تا یک چشم به هم زدن می‌روم و برمی‌گردم: له چاو ترووکاندیّکدا ده‌ڕۆم و دیّمه‌وه›.

روی چشم کسی جا داشتن: *[مجازی]* له سه‌ر چاوانی که‌سیّک بوون؛ زۆر له لای که‌سیّک خۆشه‌ویست بوون ‹شما روی چشم بنده جا دارید: ئیّوه له سه‌رچاوی منن›.

چشم‌انتظار / češmentezār/: [فارسی/ عربی] *صفت. [مجازی]* چاوه‌ڕوان؛ چاوه‌ڕیّ؛ چه‌وه‌ڕی؛ چاوه‌نۆڕ؛ چه‌هه‌ڤنیّر؛ چه‌مه‌ڕا؛ چاو له دوا؛ چاوله‌دوو؛ چه‌مه‌و دما؛ به تاسه و ته‌ما بۆ ... ‹از صبح چشم‌انتظار شما بودم: له به‌یانیه‌وه چاوه‌ڕوانی ئیّوه بووم›.

چشم‌انتظاری / češmentezārî/: [فارسی/ عربی] *اسم. [گفتاری]* چاوه‌ڕوانی؛ چاوه‌ڕییی؛ چاوه‌نواڕی؛ چه‌مه‌ڕایی؛ چه‌مه‌و دمایی؛ چاوله‌دوویی؛ چه‌هه‌ڤنیّری ‹چشم‌انتظاری خیلی سخت است: چاوه‌ڕوانی زۆر دژواره›.

چشم‌انداز / češmandāz ، ـها/: *اسم. [مجازی]* به‌رجه‌وه‌ن؛ به‌رژه‌وه‌ند؛ دیمه‌ن؛ دیامان؛ به‌رچاوگه؛ به‌رچاو: ۱. خویانه‌ک؛ چاوه‌ناز؛ به‌رچاڤک؛ وه‌ره‌چه‌م؛ ئه‌وی که له پیّش چاوانديه ‹پنجره‌های اتاق خواب مُشرف به باغی بود و چشم‌انداز قشنگی داشت: ده‌لاقه‌کانی ژووری خه‌و ده‌یانڕوانیه سه‌ر باخیّکدا و به‌رجه‌وه‌نیّکی جوانی هه‌بوو› ۲. *[مجازی]* چاوه‌نواڕی؛ هیوای به ئاکام

گەیشتن یان پێشڕەوت‌کردن لە کارێکدا ‹چشم‌انداز این کار خیلی خوب است: بەرچاوگەی ئەم کارە زۆر باشە›.

چشم‌براه / češmberāh/: *صفت. [کنایی]* چاوەڕێ؛ چەوەڕێ؛ چاونهێر؛ چاوەنۆڕ؛ چاوڕێگە؛ چاوەنواڕ؛ چەمەڕا؛ چاڤ‌نهێر؛ لهێڤ ‹مدت زیادی چشم‌براه بودم تا بیایی: ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ بووم تا بیتەوە›.

چشم‌براهی / češmberāhî/: *اسم. [گفتاری]* چاوەڕوانی؛ چاوەڕێیی؛ چاوەنواڕی؛ چاوەنۆڕی؛ چەمەڕایی؛ چاونهێری؛ دۆخ یا حاڵەتی چاوەڕێ بوونی شتێ یان کەسێک ‹پس از دو سال چشم‌براهی توانست پسرش را ببیند: لە دوای دوو ساڵ چاوەڕوانی توانی کوڕەکەی ببینێ›.

چشم‌بسته / češmbaste/: *قید.* چاوبەسراو؛ بە چاوی بەسراو؛ بە چاو قووجیاگ؛ چاڤ‌گرێدای؛ بە بێ ڕوانین ‹من این راه را چشم‌بسته می‌روم: من ئەم ڕێگەیە چاوبەسراو دەڕۆم›.

◘ **چشم‌بسته غیب گفتن:** *[تعریض]* وتنەوەی شتێکی ڕوون و ئاشکرا.

چشم‌بند / češmband ، ـها/: *اسم.* چاوبەن؛ چاوبەند؛ چاوبەست؛ کەرەستەیەک بۆ بەستنی چاو و بەرگری لە دیتن ‹او را سوار ماشین کردند و چشم‌بند به چشمش زدند: سواری ماشینیان کرد و چاوبەنیان کردە چاوی›.

چشم‌بندی / češmbandî ، ـها/: *اسم.* چاووڕاو؛ چاوبەستی؛ چاوبەندی؛ هەر یەکە لەو کارە سەیر و سەمەرانە کە بە تەڕدەستی و کەڵک وەرگرتن لە هەڵەی چاو و خەڵەتاندنی هەستی بینەر دەکرێن.

چشم‌پرکن / češmporkon/: *صفت. [مجازی، گفتاری]* بەرچاو؛ بەرچاوگر ‹یک چیز چشم‌پرکن می‌خریدی، که بشود به کسی داد: شتێکی بەرچاوت دەکڕی، کە بکرایە بە کەسێکمان بدایەت›.

چشم‌پزشک / češmpezešk, -pezešg ، ـها؛ ـان/: *اسم.* چاوپزیشک؛ پزیشکی چاو؛ دوکتوری چاڤ.

چشم‌پزشکی / češmpezeškî, -pezešgî/: *اسم.* چاوپزیشکی؛ لقێ لە زانستی پزیشکی پێوەندیدار بە خوێندنەوەی پێکهاتە، کار، نەخۆشیگەل و دەرمانی چاو.

چشمپوشی / češmpûšî/: *اسم. [مجازی]* چاوپۆشی؛ گوزەشت؛ چاوپۆشین؛ چاڤ‌گری؛ کار یان ڕەوتی بووردن و کەڵک وەرنەگرتن لە مافی خۆ بۆ تۆڵەکردنەوە ‹این دفعه از تنبیهت چشمپوشی می‌کنم، ولی دیگر تکرار نشود: ئەم جارە لە تەمێ‌کردنت چاوپۆشی دەکەم، بەڵام ئیدی دووپات نەبێتەوە›.

چشم‌تنگ / češmtang/ ☜ **تنگ‌چشم**

چشم‌تنگی / češmtangî/ ☜ **تنگ‌چشمی**

چشم‌چپ / češmčap ، ـها/: *صفت.* خێل؛ خوێل؛ فیچ؛ خوول؛ خێڵ؛ خل؛ چاڤ‌ویڕ؛ چاوگێڕ؛ چاولار؛ چاوچەپە؛ چاوخوێل؛ چاوچەوێل؛ چاو چەپراس؛ چاوچێل؛ چاوشاش؛ چەم‌لار.

چشم‌چران / češmčarān ، ـها/: *صفت. [مجازی]* چاولەوەڕێن؛ چاوچڵێس؛ چاوحیز؛ چاوباشقاڵ؛ چاوباز؛ چاوچرێن؛ چاڤ‌لدەر؛ تۆلاز؛ نەزەرباز؛ قۆق؛ خاوەن واز یان خووی چاوچرێنی.

چشم‌چرانی / češmčarānî ، ـها/: *اسم. [مجازی]* چاولەوەڕێنی؛ نەزەربازی؛ چاوچرێنی؛ چاوچەرێنی؛ چاوحیزی؛ تۆلازی: ١. مەیل یا خووی تەماشا کردنی لەش، بەتایبەت ئەندامگەلی جنسی لفی خۆ ٢. ڕوانین لە لفی خۆ بۆ چێژەی جنسی.

چشمخانه / češmxāne ، ـها/: *اسم.* قووڵکەی چاو؛ قوولایی چاو؛ چاوگا.

چشمداشت / češmdāšt/: *اسم. [مجازی]* چاوەنواڕی؛ چاوەنۆڕی؛ چاولەدوویی؛ چاولەدوایی؛ هیواداری؛ هیوای بە جێ‌هێنانی کارێک لە لایەن کەسێک یان بە دەست هێنانی بەهرەیەک لە شتێ، لە

داهـاتوودا ‹مـن از شـما چـشمداشتی نـدارم: مـن چاوەنوارییەکم لە ئێوە نیە›.

چشم‌درد / češmdard/ ☜ **ـ درد**[۲]

چـــشم‌دریـــدگی / češmdarîdegî/: *اســم.* *[مجــازی، گفتــاری]* بـێ‌شـەرمی؛ بـێ‌حـەیایی؛ بـێ‌چـاوەڕۆیی؛ بـێ‌چـاوری؛ چاوقـایمی؛ ڕووداری؛ گەڤـەندەیی؛ قرشماڵـی؛ شـەرمتکـاوی؛ ڕوودامـالاوی؛ ڕووهەڵـمالاوی؛ دەلوقـەلی؛ بـێ‌ئـاورِوویی؛ گۆسـارتمەیی؛ گوسـارغمەیی؛ چەقەسـۆیی؛ چەقاوەسـۆیی؛ چارداوەڕوویی؛ چەتاوەڕوویی.

چشم‌دریده / češmdarîde ، ـها/: *صفت.* *[مجازی، گفتاری]* چاوقایم؛ بێ‌شـەرم؛ بێ‌چـاوڕۆ؛ بـەڕوو؛ گەڤـەندە؛ ڕووقـایم؛ ڕووهەڵـمالاو ‹خیلـی پـررو و چشم‌دریده شده بود: زۆر ڕوودار و بێ‌شەرم ببوو›.

چـشمرس / češmras/: *اسـم.* *[مجـازی]* هەتـەر؛ چاوبڕ؛ چاودی؛ مەودایەک کە چاو هانای بکا.

چشم‌روشـنی / češmrowšanî, -ro:šanî ، ـها/: *اسم.* *[کنایی]* چاوڕۆشنی؛ چاورِوونی؛ دیاریـێ کـە دۆسـتان یـان نزیکـان، بـە نیـشانەی شـادی دەربڕین لە ڕووداوێک بۆ کەسێکی دێنن.

چـــشم‌زخـــم / češmzaxm/: *اسـم.* چـاوەزار؛ چاوێنی؛ چەمەزەخمـە؛ چاوچڵە؛ زیانێـک کـە وا دەزانـن بـەهۆی چـاودانی دیترانـەوە پـێش هاتووە.

▣ **چشم‌زخم دیدن**: بە چـاوەوە بـوون؛ بـەرچاو/ چاوچڵە کەفتن؛ چاوێنی بوون؛ چاو خـواردن؛ کریانە چاوەوە. هەروەها: **چشم‌زخم رسـیدن؛ چشم‌زخم وارد شدن**

چشم‌سـفید / češmsefîd, -sifîd ، ـها/: *صفت* *[مجازی. گفتاری]* بێ‌حـەیا؛ بـێ‌شـەرم؛ چاوقـایم؛ ڕووقـایم؛ ڕوودامالـیاگ؛ قـەرەچناخ؛ قـەرەچی؛ ڕیلاس؛ بێ‌چاو ڕوو؛ دوقدۆقە.

چـــشم‌سـفیدی / češmsefîdî, -sifîdî/: *اسـم.* *[گفتـاری]* ڕووداری؛ بـێ‌حـەیایی؛ بـێ‌شـەرمی؛ چاوقایمی؛ ڕووقـایمی؛ ڕوودامالـیاگی؛ ڕیلاسـی؛ دوقدۆقەیی.

چشم‌شور / češmšûr/ ☜ **چشم‌شوی**

چـشم‌شـوی / češmšûy ، ـها/: *اسم.* چاوشـۆر: ١. شووشەی تایبەتی چاو شوتن ٢. تراوێک کـە چاوی پێ‌دەشۆرن ❋ **چشم‌شور** *[گفتاری]*

چـشم‌غـره / češmqorre ، ـها/: *اسم.* *[مجازی، گفتاری]* مۆڕ؛ چاوبزی؛ چاوپێلی؛ چەوپێڵە؛ تیری؛ تێری؛ ڕوانینی بە تووڕەییەوە، بۆ هەڕەشـە یـان هۆشدانەوە.

▣ **چشم غره رفتن**: *[مجازی، گفتاری]* مۆڕ بردنـەوە؛ چـاو دەرپەڕانـدن؛ تێـری کـەردەیوە؛ چـەو پێڵەکردن؛ بە هەڕەشە و تووڕەییـەوە ڕوانـین ‹تا چشم غره رفت، بچه ساکت شد: هـەر مـۆڕی بردەوە منداڵەکە بێدەنگ بوو›.

چشمک / češmak ، ـها/: *اسم.* ١. چـاوداگری؛ چاوقرتکـێ؛ چاوەقرتـێ؛ چاوبـرکێ؛ قومچـەو؛ چۆنیەتی کردنەوە و دانەیەکی چاو بـە گـورجی ‹سـرش را برگردانـد و بـە شـوهرش چـشمک زد: لای کـردەوە و چـاوی لـە شـووەکەی داگـرت› ٢. ترووسکە؛ ترووکە؛ زریوە؛ چۆنیەتی هەڵبوون و دایـسانی شـتێکی ڕوونـاک لـە سـەر یـەک ‹چـشمک سـتارەهـا در آسمان شـب: ترووسـکەی ئەستێرەکان بە ئاسمانەوە›.

چـــشمک‌زن / češmakzan/: *صـفت.* بـە ترووکـەترووک: ١. قومچەوخـەر؛ بـە تایبەتمەنـدی چـاو قرتانـدنی پەیتا پـەیتا ٢. ترووکـەدەر؛ ترووسـکەدەر؛ بـە سـەرچاوکەیەکی ڕوونـاکی کـە پـەیتا ــ پـەیتا هەڵـبێ و دایـسێ یـان دەرکـەوێ و ون بێتەوە ‹چراغ چشمک‌زن: چرای ترووکەدەر›.

چـشمگیر / češmgîr/: *صفت.* *[مجازی]* گـرنووز؛ بەرچاو؛ بەرچاوگر؛ گرنگ و بە بایـەخ (لـە بـاری چەندیەتی و چۆنیەتیەوە).

چشم و چار / češm-o-čār/: *اسم.* *[گفتاری]* چـڕ و

چاو؛ چرچەو؛ ئەندامی دیتن ‹می‌زنی چشم‌وچارش را کور می‌کنی: لێی دەدەی چرووچاوی کوێر دەکەی›.

چشم و چراغ / češm-o-čerāq/: *اسم. [مجازی]* دلخۆشی؛ چاو روون‌کەرەوە؛ هۆی گەرمی و رووناکی ‹او چشم و چراغ خانواده بود: ئەو دلخۆشی بنەماڵە بوو›.

چشم و دل‌پاک / češm-o-delpāk/: *صفت. [مجازی، گفتاری]* دەست و چاو پاک؛ دەس و دڵ پاک؛ ئاز.

چشم و دل‌سیر / češm-o-delsîr/: *صفت. [مجازی، گفتاری]* بەرچاو پڕ؛ بەرچاو تێر؛ تێر؛ دوور لە چاوچنۆکی ‹آدم چشم و دل‌سیر برای پول سر خم نمی‌کند: مرۆی بەرچاوتێر بۆ پارە سەردانانەوێنێ›.

چشم و گوش بسته / češm-o-gûšbaste/: *صفت. [کنایی]* چاونەکراوە؛ فەقیر؛ بەستەزمان؛ نائاگا و بێ‌ئەزموون ‹دختر چشم و گوش‌بسته را می‌فرستی به یک شهر غریب؟: کچی چاو نەکراوە دەنێریتە شارێکی غەریب؟›.

چشم و همچشمی / češm-o-hamčešmî، ـها/: *اسم. [مجازی، گفتاری]* چاولێکەری؛ چاولێگەری؛ چاولیەری؛ هاڤرک.

چشمه / češme، ـها/: *اسم.* ١. کانی؛ کانیاو؛ کێنی؛ کیەنی؛ کەهنی؛ کەونی؛ هینی؛ هەنی؛ هانە؛ هێن؛ خانی؛ خنی؛ چاوک؛ چەشمە؛ تیەنگ؛ چاوکەی ئاوی سروشتی لە سەرزەوین کە بە هۆی دەردانی ئاوگەلی ژێر زەوینەوە بە دی دێت ‹رفته بود از چشمه آب بیاورد: رۆیشتبوو لە کانی ئاو بێنێ› ٢. *[مجازی]* سەرچاوە؛ هانەچەمە؛ شوێنی سەرهەڵدان، رەوان بوون یان بڵاو بوونەوەی شتێ ‹چشمه‌ی دانش: سەرچاوەی زانست› ٣. چاوە؛ دەرگانەی پرد ‹یکی از چشمه‌های پل را آت‌وآشغال گرفته بود: یەک لە چاوەکانی پردەکە زبڵ‌وزاڵ گرتبووی› ٤. وێنە؛ نموونە؛ زانیاری لە یاری نومایشی، بەتایبەت لە تەردەستیدا ‹چند چشمه از کارهایش را نمایش داد: چەند وێنە لە کارەکانی نیشاندا› ٥. چاوە؛ چاو؛ هەر یەکە لە کونگەلی تۆڕ یان کەرەستەی کون‌ـکون.

◘ **چشمه‌ی آب‌گرم:** گرماڤ؛ گراو؛ گەرمکاو؛ گەرمکە؛ گەرمووک؛ گەرمک؛ گەرمەڵە؛ چاوکەی ئاوی گەرم؛ کانیەک کە ئاوی گەرم بە تینی زۆرتر لە $20^{\circ}C$ (و جارجارەش ئاوە کوڵ)ی لێ دێتە دەرەوە. هەروەها: **چشمه‌ی آب معدنی**

چشمه‌ـچشمه: چاوکەـچاوکە؛ چاوەـچاوە؛ کوناـکونا؛ کون‌ـکون؛ وڵەـ وڵە؛ بە کون یان بۆشایی زۆرەوە.

چشمه‌سار / češmesār، ـها؛ ـان/: *اسم.* ١. زۆنج؛ چاوکەسار؛ شوێنێ کە کانی زۆری تێدایە ٢. سەرچاوکە؛ سەرچاوە؛ سەرچەمە؛ هانەچەمە؛ شوێنی دەرکەوتنی ئاوی کانی لە زەوی.

چشمی[1] / češmî، ـها/: *اسم.* چاونە: ١. نیسکۆکێکی چکۆلە لە دەرگادا بۆ لێروانین ‹از چشمی نگاه کرد، کودکی پشت در بود: لە چاونەوە روانی، منداڵێک لەو دیوی دەرکەوە بوو› ٢. جێ چاو دانان و روانین لە هەر ئامرازێکی وەک: میکروسکۆپ، تیلسکۆپ و...

چشمی[2]: *صفت.* چاوی؛ پێوەندیدار بە چاوەوە ‹قطره‌ی چشمی: قەترەی چاوی›.

چشیدن / češîdan,čašîdan/: *مصدر. متعدی.* // **چشیدی:** چەشتت؛ **می‌چشی:** دەچێژی؛ **بچش:** بچێژە// چەشتن؛ چێژتن؛ چەشتەی: ١. تام‌کردن؛ چێژەکردن؛ مێلاک‌کردن؛ شتێ بۆ ناسینی تامی نانە دەم ‹بچش ببین نمکش کافی است: بیچێژە بزانە خوێی بەسە› ٢. چەشکەکردن؛ چەشەکردن؛ بە تامێک زانین ‹چشیدم شور بود: چەشتم سوێر بوو› ٣. *[مجازی]* هێچاندن؛ ئازمان؛ ئەزموون؛ تاقی‌کردنەوە ‹مزه‌ی زندگی را چشیدن: چێژەی

ژیان چەشتن›. هەروەها: **چشیدنی**

■ صفت فاعلی: **چشنده** (چێژەر)/ صفت مفعولی: **چشیده** (چێژراو)/ مصدر منفی: **نچشیدن** (نەچێژان)

چطور[1] / četowr, četo:r/: [فارسی/ عربی] *صفت.* چۆن؛ چوون؛ چوو؛ چلۆن؛ چەین ‹کارش چطور بود؟: کاری چۆن بوو؟›.

چطور[2]: *قید. [گفتاری]* چۆن؛ چەنی: ١. چەین؛ چاوان؛ چلۆن؛ چوو؛ چاوا؛ کوو؛ چۆناوچۆن؛ ئیکوو؛ ئیکوویی؛ چاڤا؛ کسا؛ کسان؛ کتۆ؛ شتۆ؛ شتەو ‹چگونه کار می‌کند؟: چۆن کار دەکا؟› ٢. بۆچی؛ بۆ؛ بۆچە؛ چۆن‌بوو؛ ئەڕا؛ چی؛ پەی چێشی؛ پەی چێ؛ پەرێ چێش؛ بە چ هۆیەک ‹چگونه امروز سر کار نرفتی؟: بۆچی ئەمڕۆ نەچوویتە سەر کار؟›.

چغاله / čaqāle، ـها/: *اسم.* چواله؛ چەقالە؛ تەقالە؛ بەری نەگەییوی شێلانە و بادەم و... : **چاغاله**

◙ **چغاله بادام:** بایەو؛ بایەف؛ حاجی بایف؛ حاجی بایف؛ حاجی بایەف؛ چۆلە بادام؛ فەریکە بادام؛ چەقالە بادام؛ بادامچە؛ بەری کاڵ و نەگەییوی بادام.

چغر / čeqer, čaqar/ ☜ **چغرمه**

چغرمگی / čeqermegî/: *اسم.* ١. جیری؛ جێری؛ چێری؛ چەقی؛ دۆخ یان چۆنیەتی چیر بوون ٢. وزری؛ ئاژی؛ قەتماغەی زبر و زوور کە بە هۆی کاری زۆر لە سەر پێست بەدی دێ.

چغرمه / čeqerme/: *صفت.* جیر؛ جێر؛ چێر؛ سفت و پتەو لە بەرانبەر کێشان و پچڕانەوە: **چغر**

چغلی / čoqolî، ـها/: *اسم. [گفتاری]* فتنەیی؛ دۆقلمەری؛ هەواڵ بردنی کاری خراپی چکۆلەتر یان ژێردەست بۆ لای کەسی گەورەتر یان پلە سەرتر ‹بچه‌ها از آزاد پیش پدرش چغلی کردند و گفتند او شیشه را شکسته: منداڵەکان فتنەیی ئازادیان لای بابیەوە کرد و گوتیان ئەو شیشەکەی شکاندووە›.

◙ **چغلی کردن:** فتنەیی‌کردن؛ لەمەڕ کاری هەڵەی کەسێکی چکۆلەترەوە بە گەورەیەک خەبەردان.

چغندر / čoqondar، ـها/: *اسم.* چەوەندەر؛ چۆنەر؛ چۆنەری؛ چەوەنەر؛ چەنەوەر؛ سلک؛ سلکێ سۆر؛ شەواندەر: ١. پنچکەگیای گەڵاپانی ساقەتە ڕاستی بن‌ئەستوورە کە چەن جۆری هەیە ٢. بنی ئەو گیایە کە گۆشتنە و دەخورێ.

◙ **چغندر قند:** چەوەندەری قەن؛ چۆنەر قەن؛ جۆرێک چەوەندەر کە زۆر شیرینە و شەکری لێ دەگرن.

چغندر وحشی: چەوەندەری کێوی؛ چۆنەری کێوی؛ جۆرێک چەوەندەر کە بۆ دەرمان ئەشێ.

چفت[1] / čeft، ـها/: *اسم.* چەفتەڕێز؛ چەفت؛ سورگی؛ کولۆم؛ شەوژەن؛ ڕادان؛ شەوبەن؛ ئاڵقەڕێزی دەرگا؛ زنجیرۆکەی دەرکە یان دەلاقە داخستن.

◙ **چفت چیزی را انداختن:** چەفتەڕێزی شتێ بەستن؛ ئاڵقەڕێزی شتێ داخستن؛ ڕادانی شتێ داخستن؛ قەلقوولەکردن؛ شەوژەن‌کردن (زۆرتر بۆ دەرک و دەروازە دەگوترێ).

چفت کردن: چەفتەڕێزکردن؛ بە ئاڵقەڕێز بەستن؛ چەفت کردن. هەروەها: **چفت شدن**

چفت[2]: *صفت.* کپ؛ مووبڕ؛ توند و بە بێ‌بەین لەگەڵ شتێکی‌تردا ‹در را خوب چفت کن!: دەرکەکە جوان کپ بکە!›.

چفت‌وبست / čeft-o-bast، ـها/: *اسم.* قولف و قەڕازە؛ چەفت و بەس؛ ئامرازی بەستنەوە وەک چەفت و قلف و...

◙ **چفت‌وبست نداشتن:** ئاڵقەوگالە نەبوون؛ بێ ئاڵقە و گالە بوون ‹درها چفت‌وبست درستی ندارند، با یک هل دادن باز می‌شوند: دەرگاکان ئاڵقەوگالەیەکی باشیان نیە، پاڵێکیان پێوە نەی، دەکرێنەوە›.

چفتـه / čefte, čafte ، ـهـا/:/ *اسم.* ١. کەڵـەژ؛ چەڵەمە؛ کۆڵـەکە؛ قایمـە؛ داری دوولـەپان کـە دەیدەن بە پاڵی شتێکەوە ‹چفتـەی مـو: کەڵـەژی مێو› ٢. قووڵگەی پشت ئانیشک و پشت ئەژنۆ.

چفتـەبنـدی / čeftebandî, čafte- ، ـهـا/:/ *اسم.* کەڵـەژبەندی؛ کـار و ڕەوتی دانـانی گیاگـەلی هەڵپێچەر بە سەر کەڵەژدا.

چقدر[1] / čeqadr/: [فارسی/ عربی] *صفت.* چەنـد؛ چەندە؛ چەنێ؛ چەندێک؛ چەنێک؛ چننە؛ چندە؛ چن؛ چقاس؛ چەن؛ چقـا؛ بـە چ هەنـدێ ‹چقـدر بدهی داری؟: چەندت قەرز هەیە؟›.

چقدر[2]: *قید.* چەند؛ چەنـدە؛ چـەنێ؛ چـن؛ فـرە؛ زۆر؛ هێجگار؛ یەکجار؛ چکاس؛ چەنیگ؛ گەلەک ‹چقدر خوب می‌خواند!؛ چقـدر خوابیـدم!: چەنـدە بـاش دەخوێنێ!؛ چەند خەوتم!›.

چـک / čak ، ـهـا/:/ *اسم. [گفتـاری]* زیلـە؛ زللە؛ زللەه ؛ کەشیە؛ شەقەزیلە؛ شەقەزلە؛ شـەپلاخە؛ چەپلاخە. هەروەها: **چک خوردن؛ چک زدن**

چـک /ček/: [انگلیـسی] *اسـم.* ١. /ـهـا/ چـەک؛ پـسوولە؛ پەڕەیـەکی چـاپی کـە بـە خـاوەن حیـسابی بـانکی دەدرێ تـا بتوانـێ بـۆ خـۆی یـان کەسـێکیتـر لـە بانـک پـارە دەربێنـێ ٢. کـار یـان ڕەوتی چـاو خـشاندن و پێـدا هاتنـەوە بـۆ دڵـنیایی ‹همـه را چـک کـردم: بـە گـشتیدا هاتنـەوە› ٣. /ـهـا/ چێـک؛ هـەر یەکـە لـە خەڵـکانی سـەر بـە وڵاتی چێـک یـان زارۆکانیـان ٤. چێکـی؛ چێـک؛ لـە زمانگـەلی ئیـسلاوی ڕۆژئـاوایی بـاو لـە وڵاتی چێکـدا: **چکی**

▣ **چک بانکی:** چەکی بانکی؛ چەکی چوانگەیی.

چک بی‌محل: چـەکی لـەگۆترە؛ چـەکێ کـە خاوەنەکەی ئەوەندە لێ نووسراوە پـارەی لـە بانکدا نەبێ.

چک تضمین شده: چەکی دەستەبەر؛ چـەکێ کە لە لایەن بانکێکەوە بلاو بووەتەوە و کردنـە پـارەی لـە هـەموو لقـەکانی ئـەو بانکـەدا دەستەبەر بووە.

چک سفید مهر / سفید امضا: چـەکی سـپی؛ چەکی واژۆ یان مۆرکراوی تێدا نەنووسراو، کە وەرگری چەک دەتوانێ پارەی دڵخوازی تێدا بنووسێ.

چک مسافرتی: ڕێبوار چەک؛ چـەکێ کـە لـە لایەن بانکەوە بە ڕێبواران دەفرۆشـرێت و لـە هەموو لقەکانی ئەو بانکەدا بڕی هەیە: **تـراول چک؛ تراولر چک**

▣ **چک کردن:** پێدا هاتنەوە.

چک کشیدن: چەک کێشان؛ نووسینی چەک بۆ وەرگرتنی پارە لە بانکدا ‹چک کشیدم رفتم از بانک پول گرفتم: چەکم کێشا و چوومە بانک پارەم وەرگرت›.

چکاپ / čekāp/: [انگلیسی] *اسم.* ڕوانینـەوە؛ کـار یـان ڕەوتی لـێڕوانـین، سـەرنج دان یـان تاقیکردنەوەی شـتێ (وەک موتـوری فڕۆکـە یـان ئەندامگەلی لەشی کەسێ) بۆ زانـینی ئـەوەی کـە ئایا ساغە و دروست کار دەکا یان نە.

چکاچـک / čakāčak، čekāček/: *صـوت.* تسکەتسک؛ شرنگە؛ لەپـ لەپ؛ شـریخ و هـۆڕ؛ دەنگی وێککەوتنی شیر، کارد و وەکوو ئەوانە.

چکـاد / čakād/: *اسم. [ادبی]* ١. دون؛ دونـد؛ ترۆپک؛ لووتکە؛ گل؛ دهار؛ پۆپە؛ چـڵ؛ دوچـک؛ سـەری چیـا ٢. تـەوق؛ تـەپڵ؛ بـەچک؛ بۆڵـی؛ سەرسەر؛ بانی سەر.

چکـار / čekār/: *قیـد. [گفتـاری]* چـی؛ چـە؛ چ؛ چێش؛ وشەیەک بۆ پرسـینەوە لـە چۆنـاوچۆنی شتێک ‹چکار کنم؟: چی بکەم؟›.

چکاره / čekāre/: *قید.* چکارە؛ وشەیێک کـە بـۆ پرسینی کاری کەسـێ دەگـوترێ ‹داماد چکـاره است؟: زاوا چکارەیە؟›.

چکامه / čakāme, čekāme ، ـهـا/:/ *اسم. [ادبی]* چامە: ١. قەسیدە؛ چەکامـە؛ هـۆزان ٢. شـیعر؛

هەڵبەست؛ هۆنراوە ❊ چامە

چکامـەسـرا / čakāmesarā, čekāme- /:اسـم. /ادبی/ شاعیر؛ هۆزان؛ هۆزانوان؛ هۆزانڤان؛ هۆنەر؛ هەڵبەستەوان.

ـ چکـان / čekān, čakān /: پیـوازه. ـ تکـێن؛ ـچکێن؛ ـچەقان؛ تکێنەر؛ چکێنەر ‹قطرەچکان: تنۆکەتکێن›.

چکانـــدن / čekāndan, čakāndan /: مـصدر. متعدی. // **چکاندی**: تکاندت؛ **می‌چکـانی**: دەتکـێنی؛ **بچکـــان**: بتکێنـــە// ١. تکانـــدن؛ داتکانـــدن؛ داچۆڕانـدن؛ نقووتانـدن؛ وەرڤـاندن؛ چکانـدن؛ چکـانن؛ چکنـای؛ تکنـەی؛ تکـانن؛ تـراویێ بـە تنۆک-تنۆک ڕژاندن ‹هر شب دو قطره بچکان به چشمت: هەموو شەویێ دوو تنۆکە بتکێنە ناو چاوت› ٢. چرکاندن؛ چرتانـدن؛ چورتانـدن؛ چرکنـەی؛ پەلەپیتکـەی کەرەسـتەیەک ترازانـدن ‹ماشـە را چکاند: پەلەپیتکەی چرکاند›: **چکانیدن**. هەروەها: **چکاندنی**

■ صفت فاعلی: **چکاننده** (تکێنەر)/ صـفت مفعـولی: **چکانـــده** (تکێنـــراو)/ مـصدر منفـی: **نچکانـــدن** (نەتکاندن)

چکاننده / čekānande, čakānande /: ـها:/اسـم. پەلەپیتکە؛ ماشە؛ جـێ قامکەشـادەی تفـەنگ و هەر ئامرازێکی تفەنگئاسا.

چکانیدن / čekānîdan, čakānîdan / ☜ **چکاندن**

چکـاوک / čakāvak ، ـهـا؛ ـان/:اسـم. سـریلە؛ سوریلی؛ زریلە؛ پیزپیزاک؛ سریوە؛ جورە؛ چـورە؛ جـرە؛ جککـە؛ کلاونـە؛ قـازەلاخ؛ قـازلاخ؛ وەیوەیکـەرە؛ چـەکاوەک؛ مـەلێکی بچـووکی بۆری ئاماڵ زەردە.

▣ **چکـاوک شـاخدار**: کلاونـە؛ کلاوکـوورە؛ سۆفیەقیتە؛ فشەکلاونە؛ جۆرێک سـریلەیە لـە سـەر سـەری دوو پـەڕی وەک شـاخ بـەرز بۆتەوە.

چـک ـ چـک / čekček /: صـوت. تـک ـ تـک؛ تکە-تکە؛ تنۆکە-تنۆکە؛ چکە-چکـە؛ تکەـتـک؛ دەنگی لێککەوتـنی تنۆکەگـەلی تـراو لەگـەڵ شتێکدا ‹چک-چک باران: تکە-تکی باران›.

چکـرز / čekerz /:اسـم. چکـرز؛ جـۆریێ یـاری فیکریە، وەک دامە، بە سەر پەڕەی شەترەنجەوە لە بەین دووکەسدا کە هەر یەکە دوازدە مۆرەی یەک ڕەنگ و یەک جۆریان هەیە.

چکسه / čakse ، ـها/:اسم. [قدیمی] لوولە؛ کاغەزی وەک کەلەقەند پێچراو کە جاران دووکانـداران و بەتایبەت دەرمانفرۆشان شتیان تێوە دەپێچانـد و بە کریارانیان دەدا.

چکش / čak(k)oš ، ـها/:اسم. چەکوچ؛ چەکوش؛ چـەکویچ؛ چـاکوچ؛ کـاکوچ؛ بـارکوور؛ مـوورە؛ ئاسـنکـوت؛ ئـامێرێکی دەسـتی سـەر پـۆلایی قورس و قایم و دەستە زیاتر لە چێو بۆ کوتانەوە.

▣ **چکش چوبی**: توخماخ؛ هەڵەکوت؛ چەکوچی چێوینە. هەروەها: **چکش فولادی**

چکشخوار / čak(k)ošxār /: صفت. چـەکوچخۆر؛ بـە تایبەتمەنـدی چـەکوچخۆری: **چکـشخور** [گفتاری]

چکـــــشخواری / čak(k)ošxārî /:اســـم. چەکوچخۆری؛ تایبەتمەندیەک لـە کـانزادا کـە ئەگـــەر بـــەر چـــەکوش کـــەون، ناشـــێکن و وردە-وردە، بە شکڵی دڵخواز دەردێن.

چکـــشخور / čak(k)ošxor /: صـفت. [گفتـاری] چەکوچخۆر؛ چەکوشخۆر.

چکـش کـاری / čak(k)oškārî ، ـهـا/:اسم. چـەکوچکاری؛ چەکوشـکاری؛ کـار یـان ڕەوتی کـارکردن بـە چـەکوچ؛ کوتانـەوەی شـتێ، بەتایبەت کانزا بە چەکوش.

چکشماهی / čak(k)ošmāhî ، ـها؛ ـان/:اسم. چەکوش ماسی؛ جۆرێـک کۆسـەیە کـە سـەر و چـاوی ـ وەک چـەکوش ـ لـە هـەر دوو لای لەشیەوە دەرپەڕیوە.

چکـــشی[1] / čak(k)ošî /: صـــفت. چـــەکوچی؛

چەکوشـی؛ وەکـوو چـەکوچ؛ چـەکوشئاسـا ‹استخوان چکشی: ئێسکی چەکوچی›.

چکـشی [2]: *قید. [مجازی]* بـە پەلـە؛ پەلـە پـەل؛ تون‌ـتـون؛ بـە تالـووکە؛ بەلـەز؛ بـە گـوڕ و تـاو ‹چکشی حرف می‌زد: بە پەلە قسەی دەکرد›.

چکمـه / čakme ، ـها/: [ترکـی] /اسـم. چەکمـە؛ چەکمێ؛ مانەگەزێ؛ جەزمـە؛ جزمـە؛ ساپۆک؛ پۆستاڵ؛ پووت؛ کەوشی لاسک درێـژی تـا ژێـر ئەژنۆ (زیاتر پلاستیکی).

چکمیـــزک / čekmîzak/: اسـم. میزەچرکـــە؛ چرتکـــەمیزە؛ میزەچورتکـــێ؛ مێزەچرکـــێ؛ مێزەچـڕکێ؛ میزەچوڕکـێ؛ چرکـەمیزە؛ چرتـە میزە؛ گمێزە چۆرتکێ؛ گمێزە چرکە؛ چرتە مێز؛ گمیـز چورتکـێ؛ کـون میـز؛ نەخۆشـی میـز ڕانەگرتن.

چکنـــده / čekande, čakande ، ـهـا/: اسـم. *[زمین‌شناسی]* ئیـستالاکتیت؛ قەنـدیلی ئاهـەکی ئاوێزان لە سەرمیچی ئەشکەوتەوە.

چک و چانه / čak-o-čāne/: اسم. *[گفتاری]* دەم و لەوس؛ دەم و لچ؛ لـەر و لـەوس؛ دەم و فـلچ؛ دەم و فلق؛ بەشی خـوارووی دەم ‹آب از چـک و چانه‌اش راه افتاد: لیک لە دەم و لەوسیەوە داچۆڕا›.

▣ **چک و چانه زدن:** چەقەکردن؛ چەقەــچـەق کردن؛ چەقـە و هـەرا کـردن؛ چەقـە و هـەرا کردن؛ چەند و چوون‌کردن؛ قسەو پێچەقێنی زۆر بۆ سەلماندنی ویستی خـۆ (بەتایبـەت لـە سەودادا) ‹سر مهریه خیلی چک و چانه می‌زدند: لـە سەر مارەیی زۆر چەقەیان دەکرد›.

چکه [1] / čekke ، ـها/: اسم. *[گفتاری]* دڵۆپ؛ دڵۆپە؛ دلوپ؛ تنۆک؛ تنۆکە؛ تک؛ تکە؛ دکە؛ چۆڕ؛ چوڕ؛ زیپـک؛ سـافان؛ چکـە؛ جـڕە؛ نقـووت؛ چپـک؛ پەشک؛ شۆرت؛ هوڕە؛ درووپە ‹یک چکـه آب پیـدا نمی‌شد: دڵۆپێک ئاو دەست نەدەکەوت›.

▣ **چکه کردن:** دڵـۆپەکردن؛ تکـەکردن؛ تنۆکـە کردن؛ دڵۆپە دادان؛ چکان؛ وەرفتن؛ تک‌ـتک داچـۆڕانی تـراو لـە شـوێنێکەوە ‹سـقف چکـه می‌کرد: **میچەکە** دڵۆپەی دەکرد›.

چکه [2]: *صفت. [گفتاری]* ۱. ڕەند؛ ڕند ۲. چەلەنگ؛ تۆڵ؛ تاشـک؛ کەلـەش؛ زرک و زینـدوو؛ زرپ و زینوو ۳. ورد؛ وردبین.

چکی [1] / čekî/ ☜ **چک ــ۴**

چکی [2]: *قید.* یـەکجێ؛ بـە یـەکجاری ‹مـن ایـن آهـن‌آلات را چکـی خریـدم: مـن ئـەم ئاسـنەوالانەم یەکجێ کڕیوە›.

چکیـــدن / čekîdan, čakîdan/: مـصدر. لازم. // **چکیدی:** تکیای؛ **می‌چکی:** دەتکـی؛ **بچک:** بتکـێ // تکین؛ تکان؛ چۆڕان؛ چکە/ تکە کردن؛ چکان؛ داچـۆڕان؛ داچۆڕیـان؛ ڤـەچۆڕان؛ ئەرەچکـەی؛ چکـایرە؛ داچکـان؛ نقووتـان؛ چرکـان؛ وەرڤـان؛ تکە‌ـ تکە دارژان ‹از سر تا پایش آب می‌چکید: سـەر تـا پەنجـەی پـای ئـاوی لـێ دەتکـا›. هـەروەهـا: **چکیدنی**

■ صفت فاعلی: **چکنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **چکیده** (تکاو)/ مصدر منفی: **نچکیدن** (نەتکان)

چکیده / čekîde, čakîde/: اسم. ۱. /ـها/ پوختە؛ کورتەی وتار یان نووسراوەیێک کـە مەبەسـت و نـــاوەرۆکی نووســـراوەکەی دەربـــڕیوە ☜ **چکیده‌نویسی** ‹چکیده‌ی حرفش این بود که بایـد کـار بکنیم: پوختەی قسەکانی ئەمە بـوو کـە دەبـێ کـار بکەین› ۲. ماست چکیده ☜ **ماست** ۳. /ـهـا/ *[زمین‌شناسی]* ئیستالاگمیت؛ قەندیلـەی ئاهـەکی کە لە بنی ئەشکەوتەوە هەڵتۆقیوە.

چکیده‌نامه / čekîdenāme, čakîde-/ ، ـها/: اسم. پوختەنامە؛ نووسراوەیەک کە پوختەی یەک یان چەند وتاری تێدایە.

چکیده‌نویسی / čekîdenevîsî, čakîde-/: اسم. کورتەنووسی؛ کورتەنڤیـسی؛ پوختەنووسـی ☜ **چکیده‌ـ۱**

چگال / čagāl, čegāl/: صفت. ۱. تۆکمـە؛ چـڕ؛ پڕ؛ تۆلا؛ خاوەن بەشگەلی پێکەوە نووساو و چـڕ

۲. قورس؛ تێک ترنجاو.

چگالش / čagāleš, čegāleš/: *اسم.* ۱. *[فیزیک]* ڕەوتێ کە تێیدا تراوێک لە هەڵم جوێ دەبێتەوە ۲. کار یان ڕەوتی تۆکمەکردن.

چگالنده / čagālande, čegālande ، ـها/: *اسم.* *[فیزیک]* کەرەستەیەک کە هەڵم یان گاز ئەکا بە تراو (زۆرتر لە ڕێی سارد کردنەوەیەوە).

چگالی / čagālî, čegālî/: *اسم.* تۆکمەیی؛ تـۆلایی؛ پـڕی؛ خەستی؛ یەکـەی نیـشاندەری ڕادەی ماکی هەر شـتێک لـە سـانتیمیترێکـی چوارپاڵوودا.

▣ **چگالی جمعیت:** پـڕی کۆمـەڵ؛ ژمـارەی ناونجی خەڵـک لـە یەکـەی ڕووبـەردا (وەک دەڵێن پڕی کۆمەڵ لە ئێراندا ۳۷ کەسـە بـۆ هـەر کیلۆمیترێکی چوارگۆشە).

چگالی‌سنج / čagālîsanc, čegālî- ، ـها/: *اسم.* پڕیپێو؛ کەرەسـەی پێـوانی پـڕی یـان کێـشی تایبەتی تەنێک.

چگور / čogûr, čegûr, čagûr ، ـها/: [ترکی] *اسم.* چەگوور؛ سازێکی ژێداری وەک دووتارە کـە لـە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێـران و ئاسـیای ناوەندیـدا باوە.

چگـونگی / čegûnegî ، ـها/: *اسم.* چۆنیـەتی؛ چلۆنایەتی؛ چۆنایەتی؛ چۆناوچۆنی؛ چۆنەها؛ هاو؛ هاوا؛ مەرەد؛ حاڵ؛ بـار؛ مـەرە؛ دارەت؛ حاڵـەت، دۆخ یان تایبەتمەندی شتێک یا کەسێک (وەک باشی، خراپی، گـەرمی، ساردی، سـەختی، نـەرمی، بەرزی، نزمی، کۆتایی و...) ‹چگونگی کار دستگاه را برای حاضران توضیح داد: چۆنیەتی کاری دەزگاکـەی بۆ ئامادەبوان شرۆڤە کرد›.

چگونه[1] / čegûne/: *صفت.* *[ادبی]* چـۆن؛ چـەین؛ چلۆن؛ چاوان؛ چتۆڤ؛ چتۆ؛ چ‌جۆر؛ چەوا؛ چـاوا؛ چاڤا؛ شتۆ؛ شتەو؛ چوین؛ چوون؛ کلۆن؛ خـاوەن چ دۆخ، بار یـان لۆرێـک ‹هـوایش چگونـه اسـت؟؛ چگونـه جـایی اسـت؟: هەواکـەی چۆنـە؟؛ چـۆن شوێنێکە؟›.

چگونه[2]: *قید.* چۆن؛ چەنی؛ چلۆن؛ کوو؛ کووسـا؛ کووسان؛ کسان؛ کسا؛ کەسین؛ چاوان؛ چتـۆڤ؛ چتۆ؛ چ‌جۆری؛ چەوا؛ چاوا؛ چاڤـا؛ شـتۆ؛ شـتەو؛ چـوین؛ چـوون؛ کلـۆن؛ بـە چ شـێوە، دۆخ یـان بارێک ‹چگونه کار می‌کند؟؛ چگونه رفت؟: چـۆن کـار دەکات؟؛ چۆن چوو؟›.

چل[1] / čel/: *اسم.* *[مخفف]* چل.

چل[2]: *صفت.* *[گفتاری]* لاژگ؛ گێـل؛ لاژ؛ گـەمژە؛ گەوج؛ خاوەنی ئاکاری نەگونجاو.

▣ **چل زدن:** پا لە پـەیین دان؛ قـاز لەوەڕانـدن؛ بێ‌ئامانج گەڕان.

چلاس / čelās/: *صفت.* *[گفتاری]* نەوسن؛ چلێس؛ نوشـگل؛ سـکەڕۆ؛ زکـن؛ گـرگن؛ زگـلـەوەڕین؛ ترخن.

چلاق / čolāq ، ـها/: [ترکی] *صفت.* کـووچ؛ کـوچ؛ گۆج؛ کۆڵ.

▣ **چلاق شدن:** گێـڕ بـوون؛ کـوچ بـوون؛ گـۆج بـوون؛ کـۆڵ بـوون؛ گێـڕ و گـەواڵ بـوون؛ زیـان دیـتن یـان لـە کـار کـەوتنی دەسـت یان پێ.

چلاق کردن: گێڕ و گەواڵ‌کردن؛ کوچ کـردن؛ گێڕ و گۆج‌کردن؛ لە کار خستنی دەست یـان پای کەسێک.

چلاقی / čolāqî/: [ترکی] *اسم.* گێـڕی؛ کۆلـی؛ کوچی؛ کێمـایی؛ لێنـەهاتوویی یـان ئاسـیو لـە دەست و پا کە دەبێتە هۆی لە کار کەوتنیان.

چلاندن / čelāndan/: *مصدر متعدی.* // **چلانـدی:** گوشیت؛ **می چلانی:** دەگووشـی؛ **بچـلان:** بگووشـە// گوشـین؛ گووشـین؛ گەوشـاندن؛ گوهاشـتن؛ چلانن؛ گوشاین؛ جەڕداین؛ گوشاندن؛ شـوارەی؛ شوارتەی؛ شتێ بۆ گـرتنی ئـاو یـان شـیرەکەی گوشار دان ‹لباسـها را شـست و چلانـد و روی طناب پهـن کـرد: جـلوبەرگـەکانی شـت و گووشـای و هەڵیخست›. هەروەها: **چلاندنی**

■ صفت مفعولی: **چلانده** (گوشراو)/ مصدر منفی: **نچلاندن** (نەگوشین)

چلپاسه / čalpāse/: اسم. ۱. /ـها/ مارمێلک؛ مارمەزووک؛ مارمزووک؛ مارمەزووکی؛ مارگیسە ۲. [نجوم] کەلوویەکی چکۆلەیە لە ئاسمانی باکووریدا.

چل تکه / čeltekke/ ☜ **چهل تکّه**

چلتوک / čaltûk/ ☜ **شلتوک**

چلچراغ / čelčerāq ، ـها/: اسم. چلچرا؛ ئاوێزە؛ چرای چەند لق کە لە مزگەوت و ماڵە گەورانـدا هەڵدەکرێ.

چلچله / čelčele ، ـها؛ ـگان/: اسم. پەرەسێلکە؛ پەرەسێرکە؛ هەجهەجک؛ حاجیڕەش؛ حاجیڕەشک؛ هاجڕەشک؛ حاجیڕەنگ؛ هەجەجک؛ هەژهەژیک؛ هاجهاجک؛ دومقەسک؛ مەقسوک؛ تەرنەبابیلە؛ پاڵوانە؛ کاردەپەلە؛ پلیزرگ؛ پریزگرد؛ پلووسگ؛ جۆرێ پەرەسێلکەی گوێسوانان ڕەشی باڵدرێژ و قاچ کورتە.

چلزیدن / čolozîdan/ ☜ **چُلوزیدن**

چلغوز / čalqûz/: اسم. ۱. جیقنە؛ ریقنە؛ ڕێقنە؛ دەرق؛ زرچ؛ چێرت؛ جیقنەی مەل؛ گووی باڵدار ۲. /ـها/ [تعریض] پووتەکە؛ پووت؛ پووتەک؛ گونەڵ؛ بێنمووت و کورت و کز.

چلغوزه / čelqûze ، ـها/: اسم. بوندق؛ فستق؛ بەری داری سنەوبەر، لە پستەشامی دەچێ و لە چەرەسدا بە کاری دەبەن.

چلفتی / čoloftî/ ☜ **دست‌وپاچلفتی**

چل گیس / čelgîs/: اسم. پەلکە‌ـپەلکە؛ پەلکێ؛ جۆرێ ئاڕایشتی قژە.

چلمن / čolman/: صفت. [گفتاری] ۱. نەگۆمە؛ بێدەست و پا؛ لێنەهاتوو ‹آخر مرد هم این‌قدر چلمن می‌شود؟!: ئاخر پیاو و هێندە نەگۆمە ؟!› ۲. لاژگ؛ گەوج؛ گێل؛ بێئاوەز؛ لاژی ‹این پسره خیلی چلمن است: ئەم هەتیوە زۆر لاژگە›.

چلمنی / čolmanî/: اسم. ۱. نەگۆمەیی؛ لێنەهاتوویی؛ دۆخ یان چۆنیەتی لێنەهاتوو بوون ‹باور نمی‌کردم آزاد بـه آن چلمنی از این کارها بکند: باوەڕم نەدەکرد ئازادی بەو نەگومەییە کاری وا بکا› ۲. لاژگی؛ گەوجی؛ بێئاوەزی.

چلنگر / čelengar, čalangar ، ـها؛ ـان/: اسم. ۱. ئاسنگەر؛ ئاسن‌کار؛ وەستاخاڵە؛ وەستای ئامرازی ئاسن ۲. حەڵەبی‌ساز؛ ئەوەی وا بە حەڵەبی شت دروست دەکا.

چلنگری / čelengarî, čalangarî/: اسم. ئاسنگەری؛ ئاسنکاری: ۱. کار یان پیشەی ئاسنکار ۲. /ـها/ کارگەی ئاسنگەر.

چلو / čelow, čolow, čolo:/: اسم. چلاو؛ وشکەپلاو؛ چێشتی لە برنجی کولاو و ئاوکێش‌کراو لەگەڵ کەرە یان ڕۆن و خوێدا کە بە خۆرشت یان کەبابەوە دەیخۆن.

چلوار / čelvār/: اسم. مۆری؛ مەرمەڕشا؛ هومایی؛ هومایل؛ سەلمەل؛ پارچەیەکی سپی، ناسک و سفت‌چنە.

چلواربافی / čelvārbāfî/: اسم. مۆری‌بافی؛ هومایل‌چنی: ۱. کاری جۆلایی مۆری ۲. /ـها/ کارخانە یان ماشێنی بەرهەم هێنانی مۆری.

چلوپز / čelowpaz, čolow-, čelo:- ، ـها/: اسم. چلاوپەز؛ چلاولێنەر؛ کەسێ کە کاری لێنانی چلاوە.

چلوپزی / čelowpazî, čolow-, čelo:-/: اسم. ۱. چلاوپەزی؛ کار یان پیشەی چلاوپەز ۲. /ـها/ چلاوخانە؛ شوێنی لێنان و فرۆشتنی چلاو.

چل و چو / čel-o-čow/: اسم. [گفتاری] دەنگۆ؛ گوتەگوت؛ واتەـ واتە؛ گوتەی خەڵک؛ قسە و باسی هەموو جۆرەی ناو خەڵک.

⊡ **چل و چو افتادن**: کەوتنە ناو دەهۆڵەوە؛ قاو داکەوتن؛ دەنگۆ بڵاو بوونەوە. هەروەها: **چل و چو انداختن**

چـلوخـورش / čelowxoreš, čolow-, čelo:-/

☜ چلوخورشت

چلوخورشت/ čelowxorešt, čolow-, čelo:-/: /اسم. چڵاوخۆرشت؛ چێشتێکی بریتی لە چڵاو و یەکێک لە خۆرشتەکان (وەک: قیمە یان سەوزی): **چلوخورش**

چلوزیدن / čolûzîdan/: مصدر. لازم. [گفتاری] // **چلوزیدی**: هەڵقرچایت؛ **می چلوزی**: هەڵدەقرچی؛ ـ // هەڵقرچان؛ بە هۆی ڕچیان یان سووتیانەوە بیچمی بنەمایی خۆ لە دەستدان: **چِلُزیدن**

■ صفت مفعولی: **چلوزیده** (هەڵقرچاو)

چلوکباب / čelowkabāb, čolow-, čelo:-/: /اسم. چڵاوکەواو؛ چلەوکەباب؛ چێشتێکە ئێرانی بریتی لە چڵاو و کەبابێ کە بە جیاکار ساز دەبێ و پێکەوە دەخورێ. هەروەها: **چلوگوشت**؛ **چلومرغ**

▣ **چلوکباب سلطانی**: چڵاو کەواوێک کە هەم کەبابی بەڵگی لەگەڵدایە، هەم کووبیدە.

چلوکبابی / čelowkabābî, čolow-, čelo:-، ـها/: اسم. چڵاوکەبابی؛ چێشتخانەیێ کە چڵاوکەبابی تێدا دروست دەکەن و دەفرۆشن.

چلویی / čeloyî, čoloyî، ـها/: اسم. [گفتاری] چڵاوپەز؛ چڵاولێنەر.

چله / čelle، ـها/: اسم. ١. چلە؛ چلەمین ڕۆژی ڕووداوێک (بەتایبەت مردنی کەسێک) ‹دیروز چلەی پدرش بود؛ چلەی نوزاد: دوێنێ چلەی بابی بوو؛ چلەی منداڵی ساوا› ٢. ڕایەڵ؛ تان؛ تاری قاڵی و چنراوەگەلی دەستی ‹چلەکشی گلیم: ڕایەڵ خستنی بەڕە› ٣. لیسپ؛ ژێ؛ کژی بەن یان فرێتێک کە لە چەند تاڵ دروست دەبێت ‹چلەی کمان: ژێ کەوان›.

▣ **چلەی بزرگ**: چلە گەورە؛ چلە گەپە؛ چلە بەرین؛ چل ڕۆژی هەوەڵی زستان.

چلەی تابستان: قرچەی تاوسان؛ چلەی هاوین؛ جەنگەی هاوین؛ گەرما و گەرموو هامنی؛ گەرماهی هاڤین. هەروەها: **چلەی زمستان**

چلەی کوچک: چلە بچووک؛ چلە بیچکە؛ چلە بەچە؛ چلە دوایین؛ بیست ڕۆژی دوای چلە گەورەوە، لە دە تا سی ڕێبەندان.

⊡ **چله گرفتن**: چلەگرتن؛ چلەی مردنی کەسێ گرتن.

چله نشستن: چلەکێشان؛ چلە نیشتن؛ چل ڕۆژی بەردەوام لە شوێنێکدا نوێژ و سکاڵا کردن.

چلەبران / čelleborān/: اسم. [قدیمی] چلە دەرکردن؛ ڕێوڕەسمی چلەمین ڕۆژی زان، کە زەیسانیان دەبردە گەرماو و لەگەڵ بەزم و جەژندا بەڕێوە دەچوو.

چلەریسک / čellerîsak/ ☜ **چَرخریسک**

چلەکشی / čellekešî، ـها/: اسم. ڕاهێڵ کێشی؛ کار یان ڕەوتی تەون نانەوە؛ خستنی ڕاهێڵی ئەستوونی بە رووی دارتەون یان ماشێنی جۆلاییدا.

چلیپا / čalîpā، ـها/: [آرامی] /اسم. [ادبی] خاج؛ خاچ؛ سەلیب.

چلیک / čelîk، ـها/: [روسی] /اسم. ١. تەنەکە؛ پووت ٢. بۆشکە؛ بەرمیل؛ چەلنگ؛ چەلیک.

چم / čam/ ☜ **چَم و خَم**

چماق / čomāq، ـها/: [ترکی] /اسم. ١. گۆپاڵ؛ گالۆک؛ گالۆم؛ گود؛ زۆلاخ؛ پەیاغ؛ پەیاخ؛ تەیاخ؛ تێلا؛ زنج؛ کوتەک؛ زۆپ؛ زۆپک؛ زۆپا؛ زۆپە؛ کۆپار؛ کوپار؛ تەرک؛ کێتە؛ زاکۆر؛ شاپان؛ بەرچیغ؛ بەرچیت؛ کجیر؛ دۆق؛ تۆپز؛ لیس؛ داردەستی پتەو و سەر بەگرێ ٢. [کنایی] داردەست؛ ئامرازی هەڕەشە ‹لیبرال هم چماقی شده بر سر مخالفان: لیبراڵیش بۆتە داردەستێک بۆ گیانی نەیاران›.

چماقدار / čomāqdār، ـها؛ ـان/: [ترکی/ فارسی] /اسم. گۆپاڵدار؛ تێلابەدەست؛ کێتەهەڵگر؛ کەسێ کە بە کوتەکەوە گەف و گوڕ دەکا و نەیاران و سەرپێچکاران ئازار دەدا ‹چماقداران ریختند توی

تظاهرات و آن را به هم زدند: گۆپالدارەکان ڕژانــه نێــو خۆپیشاندانەکەوە و شێواندیان›.

چمباتمه / čombâtme/: [ترکی]/اسم. چینچـک؛ چنچک؛ چیچڵە؛ جینجک؛ جنینچکە؛ قلینچکە؛ تووتـەک؛ هەڵــتووتەک؛ هەڵتروشـک؛ تــوولنج؛ قنچــک؛ ترووشــک؛ قوونەڵــتس؛ قەلەفیــسک؛ سەرتووتک؛ دون؛ چوقم؛ چیچی؛ گـەماڵفـس؛ دوتینجگ؛ دترنجک؛ دانیشتن لە سەر هەر دوو پێ بە شێوەیێ کە زرانی هەڵسێتە بەر سنگەوە: **چنبک؛ چندک**

▣ **چمباتمـه زدن:** ترووشــکان؛ هەڵترووشــکان؛ هەڵــتووتەکان؛ هەڵــتووتان؛ هەڵــتووترین؛ هەڵتروشــکان؛ هەڵتروشــکین؛ قلینچکــە/ جنینچکـەدان؛ چـوقمدایـن؛ سـەر چینچـک نیشتن؛ بە چینچکانـەوە دانیـشتن؛ قـوونتس دانەوە.

چمپا / čampā/: اسم. چـەمپا؛ جـۆرە برنجێکـی گردی ئێرانیە.

چمچـه / čamče ، ـها/: [ترکـی]/اسم. کـەوچێز؛ ئەسکوێ؛ ئەسکوو؛ هەسک؛ چمچـە؛ چووچـک؛ چەمچە؛ چەمچک؛ کەوچکی دارینی گـەورە بـۆ هەڵگۆزانی تراو.

چمدان / čamadān, čamedān ، ـها/: [روسی از فارسی]/اسم. جانتا؛ چەمەدان؛ چیمانی؛ چەنتـەی سەفەر؛ ساکی گەورە و چوارگۆشی لـە چـەرم و ماکی دەسکرد بـۆ جلـک و تۆشـە تێنـان ‹یـک چمدان لباس خریده بود: پڕ جانتایەک جلکی کڕیبوو›.

چمن / čaman ، ـها/: اسم. چیمـەن: ١. چـیم؛ چەمەن؛ فرس؛ فرێز؛ فـرووزوو؛ فـرووزی؛ فریـز؛ ڕوەکێکـی هەمیـشە سـەوزی گـەلا تەسـک و درێژی بێساقەتەیە کە لە باخچـەدا دەچێنـرێ ‹باغچەهـای وسـط را چمن مـی‌کـاریم: باخچەگـەلی ناوەڕاســت دەکەینــە چیمــەن› ٢. مێــرگ؛ سەوزەڵانی؛ شەکار؛ بژوێن ‹بچەها توی چمن بازی می‌کردند: منالـەکان لـە نێـو چیمەنەکـەدا کایـەیان دەکرد›.

چمنزار / čamanzār ، ـها؛ ـان/: اسم. سەوزەڵانی؛ ســەوزەڵانێ؛ ســەوزایی؛ شــینایی؛ ســەوزەجاڕ؛ گیاجاڕ؛ مێرگزار؛ مەرەن؛ پانایییەک لە زەوین کە چیمەنی تێدا ڕوابێ ‹در چمنزار کنار ده چـادر زدیـم: لە سەوزەڵانی قەراخ گوندەکە خێوەتمان هەڵدا›.

چمن‌زن / čamanzan ، ـها/: اسم. چیمـەنبـڕ: ١. کەســێ کــە چیمــەن دەپــەرتێوێنێ ٢. کەرەسەیێ بۆ کورتکردنەوە و ڕازاندنـەوەی چیمەن. هەروەها: **چمن‌زنی**

چمــــن کـــــاری / čamankārî/: اســـم. ١. چیمەنکاری؛ کار یان ڕەوتی چیمەنکاڵین؛ چاندنی چیمەن ‹باید تمام اینجا چمن‌کاری شـود: دەبێ تـەواوی ئێـرە چیمـەنکـاری بـێ› ٢. ـهـا/ سەوزەڵانی؛ سەوزەڵانێ؛ شینایی؛ زەوینــێ کـە چیمەنی تێدا چاندرابێ ‹نگذار بچەهـا برونـد تـوی چمــن‌کــاری: مەهێــڵە منــداڵان بچنــە نــاو سەوزەڵانیەکەوە›.

چمنی / čamanî/: صفت. چیمـەنی: ١. چیمـی؛ سەوزی؛ پێوەندیـدار یـان سـەر بـە چیمەنـەوە ٢. چەمەن ڕەنگ؛ سەبزی چیمەنی.

چم و خم / čam-o-xam ، ـها/: اسم. ١. فیچـان؛ قیلقـاچ؛ پێچـاوپێچ؛ قـەنچاوپێچ؛ پـێچ ـ پـێچ؛ خوارەوخـوار؛ پێچەڵـپاچ؛ پێچەکـە و خوارەکـە؛ پێچ و چەماوە بەتایبەت بە شێوەی پێچگەلی لە شوێن یەک ٢. *[مجازی]* وردەکاری ‹مـدتی طـول کشید تا چم‌وخم کار را یاد گرفتم: ماوەیەکی خایاند تـا فێری وردەکاری کارەکە بووم› * **چم**

چمــوش / čamûš ، ـهـا/: *صـفت.* شــەمووز؛ شــەمبووز؛ شــەمووس؛ شــەغموور؛ چــەمووش؛ چەمیش؛ شمووز؛ تـوخس؛ هـەرووم؛ شـەهموز؛ لەچـەر؛ ڕەوەک؛ سـڵ؛ چـاراغ؛ تـووش؛ تۆســن (بەتایبەت بۆ چوارپێیان) ‹ایـن قـاطر چموش است، مواظب باش!: ئەم قاترە شەمووزە، وریا بە!›.

چمیــــدن / čamîdan/: *مــصدر. لازم. [ادبــی]*

// **چمیدی**: چەمایەوە؛ **می چمی**: دەچەمیەوە؛ **بچم**: بچەمەوە// ۱. لەنجەکردن؛ خنگلین؛ بە لار و لەنجە ڕۆیشتن ۲. چەمان؛ چەمانەوە؛ چەمینەوە؛ چەمیایوە؛ ئەوەچەمیەی؛ چەمین؛ نەوینەوە؛ نووچانەوە؛ مووچانە؛ باو خواردن؛ پێچ خواردن؛ هەڵپێچان.

■ صفت فاعلی: **چمنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **چمیده** (چەماوە)/ مصدر منفی: **نچمیدن** (نەچەمانەوە)

چنار / čenār ، ـها؛ ـان/:*اسم*. دارپەڵک؛ دارجەوهەر؛ هۆلێر؛ دارتویکڵ؛ سوورەچنار؛ دارێکی قایم بە تۆکڵی لووس و بۆری ئاماڵسەوز و گەڵای پەنجەییەوە کە چێوەکەی بەنرخە و بە کەڵکی زۆر کار دێ.

چنان[۱] / čenān, čonān/: *صفت*. وا؛ ئاوا؛ وەها؛ ئاوەها؛ چامنێ؛ چامنە؛ پاسە؛ پاسێ؛ چنەو؛ چنۆ؛ چنوو؛ بە وێکچوونی، چۆنیەتی یان چەندیەتی ئاماژەپێکراو ‹چنان کاری هم نبود: کارێکی واش نەبوو›: **آنچنان** *[ادبی]*

چنان[۲]: *قید*. وا؛ وەها؛ پاسە: ۱. ئەوەند؛ ئەمەنە؛ ئەونده؛ عەمەنە؛ ئەونە؛ ئەقەڕە؛ ئێقرە؛ عەقرە؛ ئەیقەرە؛ ئانە؛ ئیندە؛ ئینە؛ هۆسا؛ ئاپاسە؛ تا ئەو ڕادە ‹چنان بلند بود که دست کسی به آن نمی‌رسید: وا بەرز بوو دەستی کەسی پێی نەدەگەیشت› ۲. جۆرێ؛ جۆرێک؛ چەشنێ؛ چەشنێک؛ جۆرێو؛ بەو جۆرە؛ بە جۆرێ؛ بە جۆرێک؛ بە چەشنێ؛ بە چەشنێک ‹چنان می‌رفت که باد بە او نمی‌رسید: وا دەڕۆیشت بای پێ نەدەگەیشت› ✱ **آنچنان** *[ادبی]*

چنان[۳]: *ضمیر*. ئاوەها؛ وا؛ پاسە؛ وەها؛ ئاوا؛ چامنە؛ ئەو کەسە یان ئەو شتە کە پێشتر یادی لێکراوە ‹چنان کسی به درد اینجا نمی‌خورد: ئاوەها کەسێ بە کەڵکی ئێرە نایەت›: **آنچنان** *[ادبی]*

چنانچه / čenānče, čonānče/: *حرف*. ۱. ئەگەر؛ ئەر؛ هەگە؛ هەگەر؛ ئەگەریش؛ ئەگەریچ؛ ئەگەتەی؛ هەگەتەی؛ ئەرکەتێ؛ ئەگەرکەتەی؛ ئەگەرەکەتێ؛ ئەگەرکوو ‹چنانچه خواستی بیایی، مرا خبر کن: ئەگەر ویستت بێ، هەواڵم دەیە› ۲. هەروا؛ هەرواکە؛ هەروەهاکە؛ هەرپاسەکە ‹چنانچه در گذشته اشاره شد: هەروا کە لە ڕابردوودا ئاماژەی پێکرا›.

چنانکه / čenānke, čonānke/: *حرف*. وەک؛ هەروەک: ۱. ئەگەریش؛ ئەگەریچ؛ ئەگەتەی؛ هەگەتەی ۲. هەروا؛ هەروەها؛ هەرپاسە؛ واکە؛ پاسەکە؛ ئەو جۆرە ‹چنانکه می‌دانید، من یک ماه است در اینجا هستم: وەک دەزانن، من مانگێکە لێرەم›.

چنبر / čambar, čanbar/:*اسم*. کەوانە؛ کەمە؛ خەپرە؛ پەپکە؛ پاپۆکە؛ ئاخڵە؛ گەرزک؛ چەنبەر؛ چەمەر؛ هەر شتێکی ئاڵقەچن یان پێچاوپێچ: **چنبره**

⊡ **چنبر زدن**: پەپکە دان؛ پاپۆکە دان؛ پەپکە بەستن؛ پەپکە خواردن؛ ئاخڵە دان؛ پێچ خواردن؛ بە شێوەی ئاڵقەـئاڵقە لە سەر یەک کەوتن ‹یک مار سیاه وسط رختخوابم چنبر زده بود: ڕەشمارێک لە ناو جێگەکەمدا پەپکەی دابوو›.

چنبره / čambare, čanbare/ ☜ **چنبر**

چنبک / čombak, čonbak/ ☜ **چمباتمه**

چنته / čante ، ـها/:*اسم*. توورەکە؛ توووەرە؛ تیوەرە؛ چەنتک؛ هەگبە؛ چەنتە؛ کیسەیەکی گەورەی بەندار کە شتی تێدەنێن و دەیکەنە شانەوە.

⊡ **در چنته داشتن**:*[کنایی]* لە ژێر (بن) سەردا بوون؛ پێبوون ‹صد تا حقه و کلک در چنته داشت: گەڕ و گوڕی زۆری لە بن سەردا بوو›.

چنجه / čance/:*اسم*. پل؛ پەل؛ تکە؛ چنجە؛ قۆزباشی؛ پارچە گۆشتی چکۆلە: **چنچه**

چنچه / čanče/:*اسم*. ☜ **چنجه**

چند[۱] / čand/: *صفت*. چەند؛ چەن؛ چن؛ چند: ۱. بۆ پرسیار لە هەندی شت ‹چند سال داری؟: چەن ساڵتە؟› ۲. چەنێک؛ چقا؛ چقاس؛ بۆ پرسینی نرخی شتێک ‹سیب کیلویی چند است؟:

سێو کیلۆیێ چەندە؟›.

چند[2]: ضمیر. چەند؛ چەن؛ چن؛ بڕێ؛ بازێ؛ بڕێک (کەمتر لە ١٠) ‹چند نفر آمده بودند: چەند کەس هاتبوون›.

چند-[3]: پیشواژە. چەن-؛ چەند-؛ چن-؛ بە زۆرتر لە دوو دانە لە شتێ ‹چند ماهە؛ چند رنگ: چەن مانگە؛ چەن ڕەنگ›.

چندان[1] / čandān/: صفت. زۆر؛ فرە؛ فریە؛ وەها؛ ئێجگار؛ گەلەک؛ گەلەکی ‹چندان ارزشی ندارد: بایەخێکی زۆریشی نیە›.

چندان[2]: ضمیر. [ادبی] هێندە؛ ئەوەندە؛ ئەوەنە؛ ئەونە؛ ئانە؛ ئاندە: ١. چەندان؛ ئەوهەندە؛ ئاقرە؛ ئێقرە ‹نه چندان بخور کز دهانت برآید: هێندە مەخۆ لە زارتەوە بێتەوە› ٢. هەر ئەو هەندە ‹پس از ازدواج مشکلاتش دو چندان شد: دوای زەماوەندی گیر و گرفتی بوو بە دوو هێندە›.

چندانحصاری / čand'enhesārî/: [فارسی/ عربی] اسم. [اقتصاد] بەرهەم هێنان یان بلاوکردنەوەی پاوانکراوی کالایەک لە لایەن دوو یان چەند کەس یان دامەزراوەوە بە شێوەیەکی یەک‌گرتوو کە بتوانن لە هەلاجانی نرخ بەرگری بکەن (وەک بۆ مۆز لە دنیادا دەکرێ).

چندبر / čandbar/ ☜ **چندضلعی**

چنددستگی / čand.dastegî/: اسم. چەندبەرەکی؛ چەن‌دەسەیی؛ چەن‌پەلی؛ چەن‌بڕی؛ دۆخ یان چۆنیەتی گرۆ-گرۆ کەوتنی کۆمەڵێک لە ئاکامی ناکۆکی نێوانیان ‹در آستانەی انتخابات میانشان چنددستگی پیدا شد: لە ئاسانەی هەڵبژاردندا چەندبەرەکی کەوتە نێوانیان›.

چندرغاز / čenderqāz/ ☜ **شندرغاز**

چندزبانگی / čandzabānegî/: اسم. چەن زوانی؛ چەندزمانی؛ دۆخ یان چۆنیەتی پەیڤینی خەڵک بە چەن زمان لە ناوچە یان ماڵبەندێکدا.

چندش / čendeš/: اسم. ١. مووچرکە؛ مووچرک؛ مووچرکی؛ تەز؛ تەزوو؛ گریزانک؛ گڤردی؛ گڤوردی؛ شەوت؛ تەزێکی سووک کە بەهۆی دیتن یان بیستنی شتی ناخۆش یان بە هۆی سەرماوە لە لەشدا بەدی دێ ‹باد سردی وزیدن گرفت و چندشم گرفت: کزەیەک هەڵیکرد، مووچرکەم پێدا هات› ٢. [کنایی] قیز؛ بێز.

چندش‌آور / čendešāvar/: صفت. ١. مووچرکەهێن؛ تەزووخەر؛ هۆی چێبوونی مووچرک ٢. [کنایی] بێزەون؛ قیزەون؛ هۆی بێز هاتنەوە و دڵ هەڵشێوان.

چندشکلی / čandšeklî/: [فارسی/ عربی] اسم. چەن‌بیچمی؛ چن‌نژمی؛ تایبەتمەندی بوونە بلوور، بە چەند بیچمی جیاواز و ناسراو.

چندضلعی / čandzel'î/، ـها/: [فارسی/ عربی] اسم. چەن‌سووچ؛ چەن‌گۆشە؛ بیچمی هەندەسی تەخت کە زۆرتر لە چوار گۆشەی هەبێ: **چندبر**؛ **چندگوشه**

چندک / čondak/ ☜ **چمباتمه**

چندکاره[1] / čandkāre/: اسم. چەن‌کارە؛ کەرەسەیەک (زۆرتر) کارەبایی بۆ وردکردن، هاڕین، تێکەڵکردن و توێکردنی ماکی خۆراکی.

چندکاره[2]: صفت. چەن‌کارە؛ خاوەنی تیکەگەلی تایبەت بۆ ئەنجامدانی چەن کاری جۆراوجۆر ‹چکش چندکارە: چەکوچی چەن‌کارە›.

چندگانگی / čandgānegî/: اسم. جۆراوجۆری؛ چەندوانەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی جۆراوجۆر بوون.

چندگانه / čandgāne/: صفت. چەندانە؛ بە زۆرتر لە یەک توخم، بیچم یان چۆنیەتیەوە.

چندگوشه / čandgûše/ ☜ **چندضلعی**

چندم / čandom/: صفت. چەندەم؛ چەنم؛ چەنوم؛ چنم ‹آزاد چندم شد؟: ئازاد بوو بە چەندەم؟›.

چندمنظوره / čandmanzûre/: [فارسی/ عربی] صفت. چەنددۆزە؛ چەند مەبەستە؛ گەلالە کراو

بۆ چەند کاری جیاواز ‹ماشین چندمنظوره: ماشێنی چەنددۆزە›.

چندوجهی / čandvachî ، ـها/: [فارسی/ عربی] /اسم. چەند پاڵوو؛ بیچمی هەندەسی بە زۆرتر لە چوار ڕووبەری کەناریەوە.

چند و چون / čand-o-čûn/: /اسم. چۆناوچۆنی؛ چەن و چلۆن؛ چۆن و چلۆنی؛ چەند و چۆنی؛ چەن چۆنی؛ چەندیەتی و چۆنیەتی؛ هەند و چۆناوچۆنی ‹وقتی چند و چون کار را درست فهمیدی به من خبر بده!: کاتێ چۆناوچۆنی کارەکەت باش زانی ئاگادارم کە!›.

چندهمسری / čandhamsarî/: /اسم. چەن هاوسەری؛ ژیانی یەک پیاو لەگەڵ زۆرتر لە یەک ژندا یان بە پێچەوانە. بەرانبەر: **تکهمسری**

حال کاری را داشتن: لەشی کارێ هەبوون؛ بۆ ئەنجامدانی کارێک هۆگر و ئامادە بوون ‹حال هیچ کاری را ندارم: لەشی هیچ کارێکم نیە›.

حال کردن: خۆش ڕابواردن؛ ڕابواردن؛ ویاردەی؛ وەش بەردەی؛ کەیف‌کردن ‹آن شب حسابی حال کردیم: ئەو شەوە زۆر خۆشمان ڕابوارد›.

حال کسی به هم خوردن: ١. حالی کەسێ تێکچوون؛ دلی کەسێ هەلشێویان؛ حالوو یۆی تێکشیەی؛ هێلنج دان و تووشی سەرگێژە و زاف هاتن ٢. *[کنایی]* بێز لێ هاتنەوە؛ قیز لێ شێویانەوە؛ دل لێ تێکچوون؛ زێل شیویەیوە چنەی؛ تووشی بێزاری و قینی زۆر بوون.

حال کسی جا آمدن: ١. هاتنەوە سەر خۆ؛ حالی کەسێ هاتنە سەر خۆ؛ گەڕانەوە بۆ دۆخی سروشتی خۆ؛ ئامایوە سەروو وێ ‹یک هفته طول کشید تا حال مادرم جا آمد: حەوتەیەکی خایاند تا دایکم هاتەوە سەر خو› ٢. *[تعریض]* بزانێ عەلی کوڕکێیە؛ سزا دیتن؛ جزیا دیتن ‹چند ماه که توی زندان بخوابی، حالت جا می‌آید: چەند مانگ کە لە بەندیخانە بی، نەزانی عەلی کوڕ کییە›.

حال کسی را پرسیدن: هەوالی کەسێ پرسین؛ لە حالی کەسێ پرسین؛ لە حال و بال و بار و دۆخی ژیانی کەسێ پرسین ‹زنگ زدم حال دایی را پرسیدم: زەنگم لێدا هەوالی خالم پرسی›.

حال کسی را جا آوردن: *[کنایی]* کەسێک بیراز/ گاوەسەرکردن؛ تیمارکردنی کەسێک؛ کەسێ تەمێ کردن یان خراپ لێ توورە بوون.

حال کسی را گرفتن: *[مجازی]* کەسێ بێزارکردن؛ پەژمراندن ‹امروز معلم جبر حالم را گرفت: ئەمڕۆ مامۆستای جەبرەکەمان بێزاری کردم›.

حال نداشتن: *[مجازی]* لە سەر خۆ نەبوون؛ بێ‌لەش بوون؛ تووشی نەخۆشی و بێ‌حالی بوون ‹دیشب حال نداشتم، تا صبح خوابم نبرد: دوێنێ‌شەو لە سەر خۆم نەبووم، تا بەیانی خەوم لێ‌نەکەوت›.

حال و احوال کردن: چاک و خۆشی کردن؛ هەوالپرسی‌کردن؛ حالی کەسێ پرسین؛ خوەش و بێش‌کردن؛ وەشی و تشی‌کەردەی ‹دیروز تلفنی حال و احوال کردیم: دوێنێ بە تەلەفوون چاک و خۆشیمان کرد›.

از حال رفتن: بوورانەوە؛ لە سەر خۆ چوون؛ چ وێشیەی؛ ویەردەیوە؛ لە هۆش چوون ‹از خستگی و گرسنگی از حال رفتم: لە بەر ماندوویەتی و برسیەتی بوورامەوە›.

به حال خود رها/ ول کردن: پایەی نەبوون؛ ئاوڕ لێ نەدانەوە؛ هەر وا وێڵ کردن؛ داخستن. هەروەها: به حال خود گذاشتن

درحال کاری بودن: سەرقاڵی کارێ بوون؛ خەریکی کارێ بوون ‹در حال نوشتن بودم که یکی زنگ زد: سەرقاڵی نووسین بووم یەکێک لە زەنگی دا›.

حال[2] *قید. [ادبی]* ئێستە؛ ئێستا؛ ئێستێ؛ ئیسە ‹حال باید بروند: ئێستە دەبێ بڕۆن›.

حالا[1] / hālā/: [عربی] *اسم.* ئێستە؛ ئێستا؛ ئێستێ؛ ئێستەکێ؛ ئیسە؛ ئایسە؛ پسا؛ ڤێگا؛ ڤێگاڤێ؛ نهۆ؛ نها؛ نووکە؛ هەنووکە؛ نووە ‹تا حالا او را ندیده‌ام: تا ئێستێ نەمدیووە›.

حالا[2]: *قید.* ئێستە؛ ئێستا؛ ئێستێ؛ ئێستەکێ؛ ئیسە؛ پسا؛ ڤێگا؛ ڤێگاڤێ؛ نهۆ؛ نها؛ نووکە؛ نووە؛ لەو کات و ساتەی وا تێیداین ‹حالا می‌خواهم بروم: ئێستا ئەمەوێ بڕۆم›.

حالا[3]: *حرف.* ئێستە؛ ئێستێ؛ ئێستا؛ ئیسە: ۱. دیسان؛ دیسانەکە؛ بەم حاڵەشەوە ‹حالا خوب است پات نشکسته: دیسان زۆر باشە پات نەشکاوە› ۲. ئەمجار؛ ئیجا؛ ئینجا ‹تو سعی خودت را بکن حالا بشود یا نشود: تۆ کاری خۆت بکە ئێستە ببێ یان نەبێ› ۳. ئەگەر؛ ئەگە؛ هەگە؛ ئەر ‹من می‌گویم می‌آید، حالا نیامد هم نیامد!: من دەڵێم دێ، ئێستا نەشهات چش!›.

حالا[4]: *صوت. [گفتاری]* ۱. ئێستە؛ ئێستێ؛ ئێستا؛ ئیسە؛ وشەی خوایشت و ئاگادار کردنەوە ‹حالا تو کوتاه بیا: ئێستە تۆ دەس هەڵگرە› ۲. ڕاوەستە؛ بێسە؛ بێستە؛ بوێسە؛ مدرە؛ وشەی ترساندن ‹حالا ببین چه بلایی سرت می‌آورم: ڕاوەستە بزانە چیت بەسەر بێنم›.

حالات / hālāt/: [عربی] جمعِ ☜ **حالَت**

حالاحالا / hālāhālā/: [عربی] *قید. [گفتاری]* جارێ؛ جارێکان؛ جارێو؛ جاریە؛ هێشتا؛ هەڵەی؛ هێما؛ هالەکوێ ‹حالا‌حالا کار دارد: جارێ کاری ماوە›: **حالا‌حالاها**

حالا‌حالاها / hālāhālāhā/: [عربی/ فارسی] ☜ **حالا‌حالا**

حالب / hāleb/: [عربی] *اسم. [پزشکی]* میزڕێ؛ میزەڕۆ؛ هێلۆق؛ لوولەی تەنک و باریکی ڕێ داچۆڕانی میز لە گورچیلەوە بۆ میزدان.

حالت / hālat، ـها؛ حالات/: [عربی] *اسم.* بار: ۱. دۆخ؛ چۆنیەتی؛ چۆنەتی؛ چەینیەتی؛ چۆناوچۆنی؛ چۆنایەتی؛ چەینە و چەینی؛ لۆر؛ حالەت؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی شتێ ‹حالت نشستن: باری دانیشتن› ۲. دۆخ؛ لۆر؛ چۆنیەتی بار و دۆخی ڕۆحی ‹دیروز حالت گرفته‌ای داشت: دوێنێ بارێکی داگیراوی بوو› ۳. لۆر؛ لەون؛ دۆخ یان ئاستی فیزیکی ‹حالت جامد: باری خۆگر› ٤. لەبار؛ بە هەست ‹صدای گوینده خیلی با حالت بود: دەنگی وێژەر زۆر لەبار بوو›.

حال‌گیری / hālgîrî/: [عربی/ فارسی] *اسم. [گفتاری، مجازی]* کار یان ئاکاری سەر و دڵ گرتن؛ لە گۆ بردنەوە؛ ئازار دان و تووڕەکردنی کەسێ.

حال‌ندار / hālnadār/: [عربی/ فارسی] *صفت. [گفتاری]* نەخۆش؛ نەوەش؛ ناساغ؛ دەغەزدار؛ دەغەزار ‹دفعه‌ی آخر که او را دیدم حال‌ندار بود: ئاخر جار کە دیتم نەخۆش بوو›. هەروەها: **حال‌نداری**

حال‌وحوصله / hāl-o-ho:sele, -howsale/: [عربی] *اسم. [گفتاری]* دەس و دڵ؛ گورد و هۆگر، بەتایبەت بۆ ئەنجامدانی کارێ ‹دیگر حال و حوصله‌ی هیچ کاری را نداشت: ئیدی دەس و دڵی هیچ کارێکی نەبوو›.

حال و روز / hāl-o- rûz/: [عربی/ فارسی] /اسم. [گفتاری] ڕۆژگار؛ ڕۆژ و ڕۆژگار؛ ڕەنگ و ڕوو؛ حاڵ و ڕۆژ؛ حاڵ و ڕۆژگار؛ حاڵ و ڕۆ ‹وقتی از اداره اخراج شد حال و روز بدی داشت: کاتێ لە مەزرینگە دەرکرا ڕۆژگارێکی شڕی بوو›.

حال و هوا / hāl-o-havā/: [عربی]/اسم. [گفتاری] ۱. ڕەنگ و بۆ؛ ڕەنگ و ڕوو؛ دۆخ یان باری بەر و بوومێک بە ڕەچاوکردنی ئەو کارتێکەریەی کە لە سەر مێشکەوە دایدەنێ ‹شهر حال و هوای روزهای عید را داشت: شار ڕەنگ و بۆی ڕۆژانی جێژنی بوو› ۲. بار؛ بار و دۆخی کەسێ ‹امروز در چه حال و هوایی هستی: ئەورۆ لە چ بارێکدای؟›.

حالی / hālî/: [عربی] صفت. [گفتاری] حاڵی؛ ئاگا؛ هاگا؛ تێگەیشتوو ‹پس از اینکه مدتی حرف زدم آخرش حالی شد می‌خواهم قرضش را بدهم: پاش ئەوەی هێندێک قسەم کرد دوایی حاڵی بوو دەمەوێ قەرزەکەی بدەمەوە›.

◘ **حالی به حالی شدن:** [گفتاری] حاڵ گۆڕان؛ ئی دیم و ئەو دیم بیەی؛ گۆڕانی حاڵ، بە تایبەت بە هۆی خۆشحاڵی و خۆشی زۆرەوە ‹با دیدن آن همه پول، حالی به حالی شد: کە چاوی بەو هەمکە پارەیە کەوت، حاڵی گۆڕا›.

حالی شدن: تێگەیشتن؛ ئەنەیاوەی؛ فێر بوون؛ حاڵی بوون. هەروەها: **حالی کردن**

حامل[1] / hāmel/: [عربی]/اسم. [موسیقی] خط حامل ☜ **خط**

حامل[2]: صفت. ۱. هەڵگر؛ چۆنیەتی پێبوون؛ هەڵگرتن ‹کشتی حامل گندم بود: گەمیەکە گەنمی پێبوو› ۲. ڕاگوێز؛ هێنەر ‹حامل چک؛ حامل پیام: هێنەری چەک؛ ڕاگوێزی پەیام›.

◘ **حامل رأس‌الغول** ☜ **بَرساوَش**

حاملگی / hāmelegî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. ئاوسی؛ ئاڤسی؛ سکپڕی؛ زکپڕی؛ لەمەپڕی؛ دوو گیانی ‹دوران حاملگی: دەورانی ئاوسی›.

حامله / hāmele ، ـها/: [عربی] صفت. ئاوس؛ ئاڤس؛ سکپڕ؛ زگپڕ؛ لەمەپڕ؛ دووگیان؛ دوەگیان ‹عروسش حامله است: بووکەکەی ئاوسە›.

حامی[1] / hāmî/: /اسم. حامی: ۱. ـها؛ ـان/ هەر یەکە لە خەڵکی نژادی سپی پێستی نیشتەجێ باکووری ئافریقا ۲. لقێ لە زمانگەلی باکووری ئافریقا، بریتی لە قەفتی، بەربەڕ و کووشی.

حامی[2] / ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. پشتیوان؛ پشتیبان؛ یاریدەر؛ پارێزەر ‹حامی صلح: پشتیوانی ئاشتی›.

حاوی / hāvî/: [عربی] صفت. لەخۆگر؛ هەڤبەر؛ هەڵگر؛ خاوەن شتێ لە ناو خۆیدا ‹کیف حاوی پول: کیفی لەخۆگری پارە›.

حایز / hāyez ، ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. خاوەن؛ بە دەس هێنەر ‹حایز مقام اول: خاوەنی پلەی یەکەم›: **حائز**

◘ **حایز اکثریت:** خاوەنی زۆربەیی/ زۆرینە؛ بە دەس هێنەری زۆرترین ڕا، ئەندام یان لایەنگر.

حایض / hāyez/: [عربی] صفت. پۆنی؛ مەهک؛ بێنوێژ؛ ژنی تووشیاری نەخۆشی مانگانە: **حائض**

حایل / hāyel/: [عربی] صفت. لەمپەر؛ پەرژین؛ پەرچین؛ گەپل؛ جوێ کەرەوەی دوو یان چەند شت لە یەکتری، بە هۆی هەڵکەوتن لە نێوانیاندا ‹صفی از گلها بین ما حایل بود: ڕیزێک لە گوڵ لە نێوانمان لەمپەر بوو›: **حائل**. هەروەها: **حایل بودن؛ حایل شدن**

حب / hab(b) ، ـها/: [عربی]/اسم. [قدیمی] ۱. حوب؛ حەب؛ قورسی دەرمان؛ گزموولەی دەرمان ۲. توو؛ تۆم؛ ڕژک؛ قل؛ دەنک؛ دەندک؛ دان یان تۆمی ڕووەک.

◘ **حب جیم خوردن** ☜ جیم شدن، **جیم**

حب / hob(b)/: [عربی] اسم. [ادبی] خۆشەویستی؛ خۆشەویسی؛ خوەشەویسی؛ وەشەویسی؛ وەشەسیایێ؛ ڤیان؛ ویان؛ دۆستی؛ دۆسی؛

گەرەکی؛ مێر؛ میهر ‹حب مقام: خۆشەویستی دەسەڵاتداری›.

▣ **حب وطن:** خۆشەویستی نیشتمان.

حباب / hobāb ، ـها/: [عربی]/اسم. ١. تۆقڵە؛ گومەزە؛ بڵق؛ بۆفرە؛ هەک؛ پەقویشک؛ پەقیشک؛ پەقژ؛ تەقلە؛ گلۆپە؛ گۆیژەی هولۆلی نێو تراو ‹حباب صابون: توقلەی سابوون› ٢. گوێزە؛ گوێزوو؛ کلاوەیەکی ناو خاڵی لە شووشە یان چینی لە سەر برێ گلۆپەوە.

حبابچه / hobābče ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. پەقژک؛ تۆقڵەک؛ گوێزە؛ بڵقەک؛ بڵقیژە؛ تەقلۆکە؛ گومەزەک؛ گومەزەل؛ بلقیلە؛ گلۆپچە: **حبابک**

حبابک / hobābak ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. ١. ☜ **حبابچه** ٢. *[زیستشناسی]* هەر یەکە لە کیسە وردەکانی نێو سی بڕبڕەداران.

حبس[1] / habs ، ـها/: [عربی]/اسم. *[گفتاری]* بەندیخانە؛ گرتووخانە؛ زینان؛ زیندان؛ بەند ‹چهار سال توی حبس بود: چوار ساڵان لە بەندیخانە بوو›.

▣ **حبس ابد:** *[حقوق]* بەندی هەتا هەتایی؛ زیندانی تا بڕانەوەی ژیان.

حبس انفرادی: سلوول؛ بەندی تاکەکەسی؛ زیندانی بە تەنیا لە ژوورێکدا: **حبس مجرد**

حبس با اعمال شاقه: بەند بە کارەوە؛ لە زیندان هاورێ لەگەڵ کاری دژواردا.

حبس بُول: میزبەند؛ ئەوبەن؛ نەخۆشی کۆ بوونەوەی میز لە میزداندا و نەڕژانە دەری.

حبس تأدیبی: زیندانی لە ڕۆژێکەوە تا سێ ساڵ.

حبس تعزیری: زیندان بۆ تەمێکردن.

حبس تعلیقی: جۆرێ زیندان، کە بە سەرهەڵدانی تاوانێکیتر بە ڕێوە دەچێ.

حبس تکدیری: زیندانی کەم خایەن لە دوو تا دە ڕۆژ کە بۆ سەندن دەبێ.

حبس مجرد ☜ **حبس انفرادی**

حبس[2]: *صفت. [گفتاری]* بەندی؛ گراو؛ زیندانی؛ زینانی ‹چهار سال توی کرج حبس بود: چوار ساڵ لە کەرەج بەندی بوو›.

حبسی / habsî ، ـها/: [عربی] *صفت. [گفتاری]* بەندی؛ گراو؛ زیندانی؛ زینانی.

حبسیات / habsîyyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **حبسیه**

حبسیه / habsîyye ، ـها؛ حبسیّات/: [عربی]/اسم. بەندینامە؛ بەندییە؛ هەڵبەستێ کە شاعیر لە زینداندا و نەخوازا لە بارەی دیل بوونی خۆی یان بار و دۆخی بەندیخانەوە هۆنیویەتەوە.

حبشی[1] / habašî ، ـها؛ ـان/: [عربی]/اسم. حەبەشی؛ هەر کەسە لە خەڵکی حەبەشە (ئێتیۆپی).

حبشی[2]: *صفت.* حەبەشی؛ ئێتیۆپیایی؛ پێوەندیدار یان سەر بە حەبەشەوە.

حبوبات / hobûbāt, hubûbāt/: [عربی]/اسم. خەلە؛ دانەوێڵە؛ خەلە و خەرمان؛ دەخڵودان؛ دەرکەدوو؛ هیش؛ بەهرەی زەمین لە دانەوێڵە.

حبه / habbe ، ـها/: [عربی]/اسم. کولۆ؛ کلۆ؛ کولە؛ گومتل؛ دانە؛ هەڤە؛ هەپە؛ هەب؛ دەنک؛ دەنکە؛ بۆڵ؛ پلووک؛ گلار؛ گلارە؛ گلێ.

▣ **حبه کردن:** دانار کردن؛ دانەدانەکردن؛ دەنک‌ـدەنک کردن؛ گلەکردن.

حبه‌ای / habbe'î/: [عربی] *صفت.* کولۆیی؛ کلۆیی؛ کولۆینە؛ گۆمتلی؛ وەکوو کولۆ ‹قند حبه‌ای: قەندی کولۆیی›.

حبیب / habîb ، ـان؛ احباب/: [عربی]/اسم. خۆشەویست؛ خوەشەویس؛ وەشەویس؛ خۆشتڤی؛ ئازیز.

حتا / hatta/: [عربی] ☜ **حتّی**

حتم[1] / hatm/: [عربی] *صفت.* بێ گومان؛ بێ شک؛ حەتم ‹به طور حتم آنجا نیست: بێ گومان لەوێ نیە›.

حتم[2]: *قید. [گفتاری]* بێ شک؛ دڵنیا؛ بە دڵنیایی

‹حتم که برمی‌گردد: بێ‌شک دێته‌وه›.

▣ **حتم داشتن:** بێ‌گومان بوون؛ بێ‌شک بوون؛ دڵنیا بوون ‹حتم داشت که برنده می‌شود: بێ‌گومان بوو ده‌یباته‌وه›.

حتماً / hatman/: [عربی] *قید.* بێ‌گومان؛ بێ‌سۆ؛ بێ‌ڕوێز؛ بێ ئه‌ولا و لا؛ ژبن؛ هاینه؛ هه‌م؛ هه‌ر؛ ئیزده‌رم؛ ئیزته‌ره‌م ‹حتماً می‌آید: بێ‌گومان دێت›.

حتمی[1] / hatmî/: [عربی] *صفت.* مسه‌وگه‌ر؛ مسۆگه‌ر؛ شیاوی دڵنیایی له بوونی شتێک یان ڕوودانی ‹سفر حتمی؛ پیروزی حتمی: سه‌فه‌ری مسه‌وگه‌ر؛ سه‌رکه‌وتنی مسۆگه‌ر›.

حتمی[2]: *قید. [گفتاری]* بێ‌گومان؛ بێ‌ئه‌ولا و لا؛ ژبن؛ هاینه؛ هه‌م؛ هه‌ر؛ ئیزده‌رم؛ حه‌تمه‌ن ‹حتمی باید بروی: بێ‌گومان ئه‌بێ بڕۆی›.

حتمیت / hatmîyyat/: [عربی] *اسم.* دۆخ یان چۆنیه‌تی مسه‌وگه‌ر بوون ‹حتمیت آن کار فعلاً معلوم نیست: مسه‌وگه‌ر بوونی ئه‌و کاره جارێک دیار نیه›.

حتی / hattā/: [عربی] *حرف.* ته‌نانه‌ت؛ ته‌نانه؛ حه‌تتا؛ هه‌تا؛ هه‌یا؛ ته‌ور؛ هه‌م؛ تا: ۱. زیاتر له‌وه ‹حتی حاضر شد پول بیشتری هم بدهد: ته‌نانه‌ت ئاماده‌یش بوو پاره‌یه‌کی زیاتر بدا› ۲. زیاتر له‌وانی دیکه ‹حتی تو هم رفتی: ته‌نانه‌ت تۆیش ڕۆیشتی› ۳. وشه‌ی پێداگری له سه‌ر توندی شتێ ‹حتی نگاهش هم نکرد: ته‌نانه‌ت تمه‌شایشی نه‌کرد› ❋ **حتّا**

حتی‌الامکان / hattalemkān/: [عربی] *قید.* تا ئه‌وجێ ده‌کرێ؛ تا ده‌کرێ/ ده‌لوێ/ ده‌بێ؛ تا بلوێ؛ تا بشێ؛ تا ده‌توانرێ؛ تا ئه‌و جێگه ڕێگه‌ی هه‌بێ؛ به گوێره‌ی توانا ‹حتی‌الامکان به او کمک کنید: تا ئه‌وجێ ده‌کرێ یارمه‌تی بده‌ن›.

حتی‌المقدور / hattalmaqdûr/: [عربی] *قید.* تا ئه‌وجێ ده‌کرێ؛ تا بکرێ؛ هه‌تا کرێ؛ تا بلوێ؛ به گوێره‌ی ده‌سته‌ڵات ‹حتی‌المقدور خوب درس بخوان: تا ئه‌وجێ ده‌کرێ باش ده‌رس بخوێنه›.

حج / hac(c)/: [عربی] *اسم.* حه‌ج؛ داب و نه‌ریتی زیاره‌تی کابه له بازێری مه‌ککه‌دا.

▣ **حج تمتّع:** حه‌جی ته‌مه‌تتوع؛ حه‌ج له ده ڕۆژی هه‌وه‌ڵی زیحه‌جه‌دا.

حج عمره: حه‌جی عومره؛ حه‌جی جگه له ده ڕۆژی هه‌وه‌ڵی زیحه‌جه.

▣ **حج رفتن:** حه‌ج‌کردن؛ چوونه حه‌ج؛ چوونه زیاره‌تی ماڵی خوا ‹پارسال رفتیم حج: پاره‌که حه‌جمان کرد›.

حج گزادن: حه‌ج‌کردن؛ زیاره‌ت کردنی کابه.

حجاب / hecāb، ـها/: [عربی] *اسم.* ۱. په‌رده؛ ئه‌وه‌ی که شتێ داده‌پۆشێ و به‌ری دیتنی ده‌گرێ ۲. ڕووگر؛ پۆشه‌ر؛ داپۆشه‌ر؛ ئه‌وه‌ی که سه‌ر و چاوی ژنان داده‌پۆشێ (وه‌کوو چارشێو).

▣ **حجاب حاجز:** *[کالبدشناسی]* دیافراگم؛ په‌رده‌ی نێوان سینگ و گه‌ده که کاتی هه‌ناسه‌دان بان و خوار ده‌کا.

حجاج / hoccāc/: [عربی] جمعِ ☜ **حاجی**

حجار / haccār، ـان/: [عربی] *اسم. [ادبی]* به‌ردتاش؛ ته‌وه‌ن‌تاش؛ به‌ردبڕ؛ به‌ربڕ.

حجاری / haccārî، ـها/: [عربی] *اسم.* ۱. به‌ردتاشی؛ ته‌وه‌ن‌تاشی؛ به‌ردبڕی؛ به‌ربڕی ۲. هه‌ڵقه‌ندراو؛ هه‌ڵکۆڵراو؛ هه‌ڵکۆشیاگ؛ هه‌ڵکه‌ندراو له سه‌ر به‌رد.

حجاز / hecāz/: [عربی] *اسم.* حجاز؛ له قامگه‌ڵی مووسیقای ئێرانی.

حجام / haccām/: [عربی] *اسم. [ادبی]* خوێنگیر؛ حه‌جامه‌ت‌کێش؛ خوێن به‌رده‌ر؛ کووزکڤان؛ وه‌ستای خوێن به‌رده‌ر.

حجامت / hacāmat/: [عربی] *اسم.* خوێنگری؛ حه‌جامه‌ت؛ هه‌جامات؛ دووژ؛ ڕکه‌نه؛ جۆرێ کاری خوێن‌گرتن به بڕینی به‌شێ له پێستی ناوشان و هه‌ڵمژینی خوێنه‌که‌ی به که‌ڵه‌شاخ.

حجب / hocb/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ڕوونه‌رمی؛ که‌مڕوویی؛ شه‌رمنی؛ شه‌رمێونی؛ شه‌رم؛ حه‌یا ‹از فرط حجب نتوانست مقصودش را بیان کند: له به‌ر

ڕوونەرمی زۆر نەیتوانی مەبەستی خۆی دەربڕێ›.

حجب و حیا / hocb-o-hayā/: [عربی]/اسم. [گفتاری] شەرم و شوورەیی؛ شەرم و حەیا: ۱. حەیا؛ حیا؛ فەدی؛ فهێت؛ شەرم و ڕوو ‹زن! حجب و حیایت کجا رفته؟: ژنەکە! شەرم و شوورەییت کوانێ؟› ۲. ئەدەب؛ شەرم ‹حجب و حیا نمی‌گذارد همه چیز را بگویم: شەرم و شوورەیی ڕێ نادا هەموو شتێک بێژم›.

حجت / hoccat ، ـها/: [عربی]/اسم. بەڵگە؛ هۆ؛ پرنۆ؛ پاژ؛ پاژە؛ بەڵسا؛ دەلیل.

▣ **حجت آوردن:** بەڵگە هێنانەوە؛ هۆ هاوردنەوە.

حجت بودن: بەڵگە بوون؛ دەلیل بوون؛ جێ پەژێرانی بێ سێ‌ودوو بوون.

حجت تمام کردن: بڕانەوە؛ بڕینەوە؛ قسەی ئاخرکردن و کۆتایی هێنان بە باسێک.

حجت‌الاسلام / hoccatoleslām ، ـها؛ حجج‌اسلام/: [عربی]/اسم. [شیعه] حوجەتول‌ئیسلام؛ سەرناوێکی مامۆستایانی شێعەیە، خوارتر لە ئایەتوڵڵا.

حجج‌اسلام / hocac'eslām/: [عربی] جمعِ ☜ **حجت‌الاسلام**

حجر / hacar ، احجار/: [عربی]/اسم. [ادبی] بەرد؛ بەر؛ تەوەن؛ تەوەنی؛ توەنی؛ کوچک؛ کەڤر.

▣ **حجر فلاسفه:** بەردی فەیلەسووفان؛ فەیلە بەرد؛ بەرد یان ماکێکی خەیاڵی کە پێیان وابوو دەتوانێ کانزای بێ‌بایەخ بکاتە زێڕ.

حجرات / hocarāt/: [عربی] جمعِ ☜ **حجره**

حجره / hocre ، ـها؛ حجرات/: [عربی]/اسم. حوجرە: ۱. ژووری مزگەوت بۆ فەقێ ۲. دەفتەری کاری بازرگان لە بازاڕدا.

حجله / hecle ، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. پەردە؛ پەردوو؛ چیت‌جا؛ چیتەجا؛ دیوی نووستنی بووک و زاوا ۲. خانۆکەیەکی چکۆلەی داپۆشراو لە ئاوێنە و چرا کە لە وڵاتی عەجەم، بە یادی مردوویەکی جوانەمەرگ (زۆرتر پیاو) لە سەر ڕێگایان دایدەنێن.

▣ **حجله بستن:** پەردە سازدان؛ پەردوو دروست‌کردن.

حجم / hacm ، ـها؛ احجام/: [عربی]/اسم. بارستایی؛ بارست: ۱. قەوارە؛ قەبارە؛ شاقەڵ؛ هەندی ئەو بۆشاییە کە تەنێکی سێ‌پاڵوو دایدەگرێ ‹حجم این مکعب را پیدا کنید: بارستایی ئەم چوارپاڵووە بدۆزنەوە› ۲. [مجازی] هەند؛ چەند؛ گرانی؛ گۆرەبا؛ گوژمە ‹حجم کار: بارستی کار›.

▣ **حجم مخصوص** ☜ **حجم ویژه**

حجم ملکولی: [شیمی] بارستایی مولوکوولی؛ بارستایی تاقە مولوکوولێکی هەر ماکێک.

حجم ویژه: [شیمی] بارستایی تایبەت؛ بارستایی یەک گرەم لە هەر ماکێک لە دەما و گوشاری دیاریکراودا: **حجم مخصوص**

حجم‌سنج / hacmsanc ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. بارست‌پێو: ۱. ئامرازێک بۆ پێوانی دێرانی دەفر، چاڵ و ... ۲. ئامرازی پێوانی بارستی ئەوەی کە لە نێو دەفر یان چاڵێکدایە.

حجمی / hacmî/: [عربی] صفت. بارستی؛ پێوەندیدار یان سەر بە بارست ‹وزن حجمی: کێشی بارستی›.

حجیم / hacîm/: [عربی] صفت. [ادبی] بەبارست؛ گەورە؛ بارستدار؛ بەقەوارە؛ قەوارەدار؛ خاوەن بارستایی زۆر ‹صندوق حجیم؛ کتاب حجیم: سنووقی بەبارست؛ کتێبی گەورە›.

حد / had(d) ، ـها؛ حدود/: [عربی]/اسم. ۱. ڕادە؛ پەرەسە؛ لانی؛ ئەندازە؛ گۆرە؛ شۆ؛ هەند؛ گۆرەبا ‹بیش از حد: لە ڕادە بەدەر› ۲. سنوور؛ کەوشەن ‹حد شرقی آن منتهی می‌شود به خیابان: سنووری لای ڕۆژهەڵاتی ئەگاتە شەقام› ۳. [اسلام] حەد؛ جزیای گوناهێک کە چۆنیەتیەکەی دیاری کراوە ‹حد

شرعی: حەدی شەرعی› ٤. *[ریاضی]* لیمیت؛ ڕادە.

◘ **حد اشباع:** ڕادەی تێری/ تەسەلی/ پڕی؛ هەندی تەژەیی؛ گۆڕەی گۆزاوی؛ ڕادەیەک کە دەفر زۆرتر لەوە نەدیرێ یان هەڵنەگرێ.

حداقلّ: ١. لانی کەم؛ لای کەم؛ هیچ نەبێ؛ هیچ نەوێ؛ کیمیقە؛ ژقەنقە؛ قەنا؛ کەمی کەم ‹حداقل میبایست تلفن می‌زدی: لانی کەم دەبوو تەلەفوون بکەی› ٢. کەمترین؛ کەمترین ڕادە ‹حداقل دستمزد را می‌گرفت: کەمترین مووچەی وەردەگرت›.

حداکثر: ئەوپەڕ؛ لانی زۆر؛ لای زۆر؛ زۆرترین؛ زۆرترین هەند ‹حداکثر توانایی: ئەوپەڕی دەستەلات›.

حد امکان: ڕادەی برشت؛ ڕادەی لوان/ بۆلوان.

حد اَوسط ☜ **حد وسط**

حد بلوغ: پەرەسەی پێ‌گەیشتن؛ تەمەنی پێ‌گەیشتن؛ پەرەسەی پەرفین؛ ڕادەی بلۆق. هەروەها: **حدّ رشد**

حد تکلیف: *[اسلام]* پەرەسەی تێگەیشتن؛ تەمەنێ کە ئەنجامدانی فەرمانی شەرع (وەک نوێژ و ڕۆژوو) دەبێتە ئەرک.

حد فاصل: کەوشەن؛ سنوور؛ ڕادەی جیا کەرەوە؛ هێڵی نێوان دوو یان چەن شت.

حد نصاب: پەرەسەی نیاز؛ ڕادەی پێویست؛ ڕادەیێک کە بۆ پێ‌گەیشتن بە کاری ڕەچاوکراو پێویستە.

حد وسط: مامناونجی؛ مامناوندی؛ مام ناوەندی؛ هەندی ناوەند؛ ڕادەی ناوەڕاست؛ بەینی زۆر و کەم: **حدّ اَوسط**

◘ **حد زدن:** حەد لێدان؛ بە جەزیای شەرعی گەیاندنی گوناهکار.

از حد گذشتن: لە ڕادە دەرچوون؛ لە تام دەرکردن؛ لە کەوشەن ترازان؛ لە سنوور لادان/ تێپەڕان؛ مەزرەنە ترازەی؛ جە شۆ بەرشیەی؛ لە ئەندازە دەرچوون ‹وقتی سختی زندگی از حد گذشت، مجبور به مهاجرت شدند: کاتێ دژواری ژیان لە ڕادە دەرچوو، ناچار بوون بارکەن›.

حدت / heddat /: [عربی] تیژی؛ توندی؛ توون و تیژی؛ دۆخ یان چۆنیەتی گڕ و دژوار بوون ‹حدت سرما: تیژی سەرما›.

حدس / hads ، ـها؛ حدسیّات/: [عربی] اسم. سۆسە؛ مەرسە؛ مەنی؛ گومان؛ گێز؛ پێ؛ تێڕوانینێ وا کە بە پێی هۆ و بەڵگەوە نەبێ.

◘ **حدس زدن:** وا بۆچوون؛ بە خەیاڵ هەڵسەنگاندن/ بۆ چوون؛ قەبلاندن؛ قەرساندن ‹حدس زده بودم که بیاید: وای بۆ چووبووم بێ›.

حدساً / hadsan/: (!) [عربی] *قید.* بە گومان؛سۆسەیی؛ لە ڕووی سۆ و گومانەوە ‹حدساً می‌خواست من را امتحان کند: بە گومان دەیویست من تاقی بکاتەوە›.

حدسی / hadsî/: [عربی] *قید. [گفتاری]* سۆسەیی؛ بە گومان ‹حدسی گفتم: سۆسەیی گوتم›.

حدسیات / hadsîyyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **حَدس**

حدقه / hadaqe ، ـها/: [عربی] *اسم.* کالانە؛ قۆقک؛ کاسەچاو؛ کالانە/ قاپیلکی چاو؛ جێ چاو؛ قوولکەی چاو؛ قووتەی چەمی.

حدوث / hudûs, hodûs/: [عربی] *اسم.* ڕەوتی ڕوودان؛ قۆمان؛ ڕووەدەی: ١. چۆنیەتی ڕووداو بوون؛ پێش هاتن ٢. چۆنیەتی بەدیهاتن یا ڕوودان ‹حدوث جنگ؛ حدوث عالم: ڕوودانی شەڕ؛ بەدیهاتنی جیهان›.

حدوحساب / hadd-o-hesāb/: [عربی] *اسم. [گفتاری]* پەرەسە و ڕادە؛ هەند و شۆ؛ شۆ و هەژمار؛ شۆ و گۆرە؛ ڕادە و گۆڕەبا؛ هەند و چەند.

حدوحصر / hadd-o-hasr/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ئەندازە و سنوور؛ ڕادە و شۆ.

حدود / hudûd, hodûd/: [عربی] جمعِ ☜ **حَد**

حـــدود / hudûde, hodûde/: [عربـی] حـرف. [گفتـاری] نێزیـک؛ نزیـک؛ دەور؛ دەور و بــەر: ۱. نزیک بە چەنەتیەک ‹در حدود صد نفر بودند: نیزیک بە سەد کەس بـوون› ۲. لای؛ نێزیـک بـە جێگایەک ‹خانەشان حدود خیابان آبیدر بـود: مالـیان نیزیک شەقامی ئاویەر بوو› *در حدودِ

حد و مرز / hadd-o-marz/: [عربی/ فارسی]/اسم. ئەوپـەڕ؛ سـەرو؛ سـنوور؛ نـاوەین؛ ئـاخر و جـێ برانەوەی هەر شتێک ‹حد و مرز خیابان معلوم نبـود: ئەوپەڕی شەقامەکە دیار نەبوو›.

حـــدیث / hadîs ، ـهـا؛ احادیـث/: [عربـی]/اسـم. ۱. [اسـلام] حـــەدیس؛ قـــسە، گوتـــار یـــان ڕێوڕەوشـــتی پێغەمبـــەری ئیـــسلام ۲. [ادبـی] هەواڵ؛ وتار؛ خەبەر.

▣ **حـدیث نفـس**: [ادبی] بەسـەرهات؛ ژینامـەی خۆنـــووس؛ وتـــە یـــان نووســـراوەیەک کـــە ڕاگەیەنـــەری بـــار و دۆخ و سەرگوروشـــتەی وێژەرە.

▣ **حدیث کـردن**: [ادبی] گـوتن؛ وتـن؛ واتـەی؛ کوتن؛ ئاخافتن؛ پەیڤین؛ قسە/ باس کردن.

حدیث گفتن: حەدیس وتن؛ حـەدیس گـوتن؛ لە بـارەی پێغەمبـەری ئیـسلامەوە قـسەیەک گەڕاندنەوە.

حدیده / hadîde ، ـهـا/: [عربـی]/اسم. حەدیـدە: ۱. خێڕی ڕووی دەرەوەی پێچ و سـەری لوولـە و... ۲. ئامرازی جێ پـێچ دەرهێنـان لـە سـەر لوولە و میلە و...

▣ **حدیـدە کـردن**: حەدیـدەکردن؛ خێڕـخێڕ کردنی ڕووی دەرەوەی پـێچ و سـەری لوولـە و...

حدیدە کاری /hadîdekārî/: [عربی/ فارسی]/اسم. حەدیدەکاری؛ کار یان ڕەوتی حەدیدەکردن.

حذاقت / hezāqat, hazāqat/: [عربی]/اسم. [ادبی] پـسپۆڕی؛ شـارەزایی؛ شـەهرەزایی؛ وەسـتایی؛ هۆستایی؛ کارامەیی لە کار و پیـشە (بـە تایبـەت بژیشکی)دا.

حـذر / hazar/: [عربـی]/اسـم. [ادبـی] ۱. دووری؛ پـاڕێز؛ پـەرهێز؛ پـەرهیز؛ گـز؛ دوورەپـەرێزی ۲. [نامتداول] ترس؛ تەرسە؛ سام؛ باک.

▣ **حـذر کـردن**: دووری گـرتن؛ دوورەپـەرێزی کردن ‹همیشه از او حذر می‌کردم: هەمیـشە دوورم لێ دەگرت›.

برحذر داشتن: پرینگاندنـەوە؛ لـێترسـاندن و ڕێنوێنی کردن بۆ دووری لێگرتن ‹پدرم مـرا از پرخوری بر حذر می‌داشت: بابم منی لـە فرەخـۆری دەپرینگاندەوە›.

حذف / hazf/: [عربی]/اسم. ۱. قت؛ فت؛ کار یان ڕەوتی لا بـردن و وەلا نـان ۲. [بـدیع] تـەرک؛ نـەهێنانی پیتێـک لـە شـیعر (وەکـوو ئـەوە کـە شیعرێک بێ خاڵ بێـت، یـان چەنـد پـیتی ئـەلف و بیتکەی تێدا نەبێ).

▣ **حذف کردن**: فت کردن؛ قت کردن؛ لا بردن؛ لاوردن؛ وەلانان؛ پەڕاندن؛ دەراوتین؛ لـە ڕیـز وەدەرنان؛ حەشفاندن؛ لێ برین/ قرتاندن.

حذفی / hazfî ، ـهـا/: [عربـی] صفت. ۱. لابـراو؛ لابریاگ؛ قتکراو؛ لێ بـڕاو؛ فـتکـراو؛ لـێ بـڕاو ‹واژەهای حـذفی را در جـای خودشـان بنویـسید: وشـە لابراوەکان لە جێگای خۆیاندا بنووسنەوە› ۲. شـیاو و لەبار بۆ قتوفت کردن.

حرا / herrā ، ـها/: [عربی]/اسم. حەرا؛ دارێکـە لـە کنارێن و زەلکاودا دەڕوێ.

حراج / harrāc, harāc ، ـها/: [عربی]/اسم. هەڕاج؛ حەڕاج؛ هەڕاژ؛ هـەڕراج: ۱. مـەزات؛ فرۆشـتنی شتێک بە فرەترین نرخی پێشنیارکراو لە لایـەن کریارانــەوە ۲. [مجــازی] فرۆشـــتنی شـــت بـــە نرخێکی کەم.

▣ **حراج کردن**: هـەڕاجکـردن؛ حـەڕاج کـردن؛ شت فرۆشتن بە مەرجێ کێ پتری پێبـدا بـۆ ئەو بێ: **به حراج گذاشتن**

به حراج گذاشتن ☜ **حراج‌کردن**

حراجـی / harrācî,harācî ، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. هەڕاجی؛ حەڕاجی؛ هەڕاژی: ۱. جێگەیەک شت و کەلپەلی تێدا هـەڕاج دەکـەن ۲. کەسـێ کـە کاری هەڕاج کردنە.

حرارت / harārat/: [عربی]/اسم. ۱. تین؛ گـەرما؛ گڕە؛ تن؛ تاو؛ چەشنێک وزەی پرشنگی کـە زۆر بوونی ئەبێتە هۆی گەرم بوونەوە و کـەم بـوونی ئەبێتە هۆی سارد بوونەوە ۲. /ـها/ ڕادەی تین و تاو ‹حرارت موتور خیلی زیاد است: گەرمای موتورەکـە یەکجار زۆرە› ۳. *[مجازی]* گڕ و تین؛ تـین و تـاو؛ گڕ و تاو ‹با حـرارت حـرف زدن: بـە گـڕوتین قسـە کردن›.

▣ **حرارت آتش:** کل؛ تینی ئاگر.

حرارت اتمی ☜ گرمای اتمی ، **گرما**

حرارت احتراق ☜ گرمای سوخت، **گرما**

حرارت انحلال ☜ گرمای انحلال، **گرما**

حرارت تابشی ☜ گرمای تابشی ، **گرما**

حرارت تشکیل ☜ گرمای تشکیل، **گرما**

حرارت ذوب ☜ گرمای ذوب، **گرما**

حرارت سوخت ☜ گرمای سوخت، **گرما**

حرارت مخصوص ☜ گرمای ویژه، **گرما**

حرارت مرکزی ☜ **شوفاژ**

حرارت ملکولی ☜ گرمای ملکولی، **گرما**

▣ **حرارت به خرج دادن:** *[مجازی]* گەرم و گوڕی نیشاندان؛ تـین و تـاو نوانـدن؛ کـەف و کـوڵ پیشاندان.

حرارت دادن: گەرم کردن/ کردنـەوە؛ گـەرما دان؛ تین پێدان؛ لە بەر گەرما دانان.

حرارت داشـتن: بـە تـین بـوون: ۱. *[مجـازی]* بـەگـوڕ و تـین بـوون؛ گـەرموگـوڕ بـوون ۲. گەرم بوون؛ بە تین‌وتای زۆرەوە بوون.

حرارت‌سنج / harāratsanc ، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. گەرماپێو؛ دەماپێو.

حرارتی / harāratî/: [عربی] صفت. ۱. گـەرمایی؛ پێوەندیدار یان سەر بـە گـەرما ‹نیروی حرارتـی: هێزی گەرمایی› ۲. *[گفتاری]* بە گوڕ؛ بـە تـاو؛ بـە کوڵ؛ بە تین ‹در اول انقلاب، خیلی حرارتـی بـود: لـە سەرەتای ڕاپەڕیندا، زۆر بە گوڕ بوو›.

حراسـت / harāsat, herāsat/: [عربـی]/اسـم. ۱. پاسەوانی؛ نواوانی؛ کار یان ڕەوتی پاراسـتن؛ پارازتن؛ بالدان ۲. /ـها/ ئاسایش؛ بەشـێک لـە دامەزراوەیـەکی دەوڵـەتی کـە پاراسـتنی هێمنایەتی بە ئەستۆیە.

حراف / harrāf ، ـها/: [عربی] صفت. زمان‌لـووس؛ زوان‌چـەور؛ دەمـەوەر؛ زوانبـاز؛ خـاوەن توانـای هەڵـفریواندنی خەڵـک بـە قـسە ‹از آن آدمهـای چرب‌زبان و حراف است: لـەو بنیادەمـە چـەورزمان و زوانبازانەیە›.

حرافـی / harrāfî/: [عربـی]/اسم. زمـان‌لووسـی؛ زوانبـازی؛ دەمـەوەری؛ بـار و دۆخ و چۆنیـەتی زمان‌چەور بوون.

حرام / harām/: [عربی] صفت. ۱. حەرام؛ نـاڕەوا؛ خەڵیم؛ قەدەغـە بـە فـەرمانی دیـن. بەرانبـەر: **حـلال** ‹ربـا حـرام اسـت: سـووخۆری حەرامـە› ۲. *[گفتاری]* خەسار؛ خراپ؛ خـراو؛ خـراب؛ زایـە ‹چرا اینهمه پارچه را حرام می‌کنی؟: بۆچی ئەم هـەموو پارچەیە خەسار دەکەی؟›.

حرامخوار / harāmxār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسـی] /اسم. حـەرامخۆر: ۱. کەسـێ کـە خواردنـەوە و خۆراکی حەرام دەخوا ۲. کەسێ کە لە حەڵاڵ و حەرام ناپرسێ.

حرامزادگـــــی / harāmzādegî/: [عربـــــی/ فارســی]/اسـم. حـــەرامزادەیی؛ حـــەرامزایی: ۱. زۆڵـــی؛ زوێـــڵی؛ بێـــژی؛ پێژوویـــی؛ پیـــژی؛ ســـنۆتەیی؛ هـــەزارڕەگی؛ دۆخ یـــان چۆنیـــەتی حـــەرامزادە بـــوون ۲. *[کنـایی]* نادروســـتی؛ فێڵبازی؛ دەغەڵکاری.

حرامـزاده / harāmzāde ، ـها؛ ـگـان/: [عربـی/ فارسی] صفت. حـەرامزادە؛ حـەرامزا؛ هەرامزایـە: ۱. زۆڵ؛ زوێڵ؛ سـنۆتە؛ بیـژ؛ پیـژوو؛ پیـژ؛ بـیج؛

پـیج؛ پـیچ؛ هــەزار ڕەگ. بەرانبــەر: **حــلال‌زاده** ‹بچەی حرامزاده: منالی زول› ۲. *[کنایی]* نادرووس؛ فێڵباز؛ گزیکار؛ دەغەڵ ‹روباه خیلی حرامزاده است: ڕێوی زۆر حەرامزادەیە›.

حرام‌گوشت / harāmgûšt ، ـها/: [عربی/ فارسی] *صفت.* حەرام‌گۆشت؛ تایبەتمەنـدی گۆشـتێ کـە خواردنی بە فەرمانی شەرع حەرامـە. بەرانبـەر: **حلال‌گوشت** ‹خوک حیوانی حرام‌گوشت است: بـەراز حەیوانێکی حەرام‌گۆشتە›.

حرام‌لقمه / harāmloqme ، ـها/: [عربی] *صفت.* تیکەحـەرام؛ لـە دایکێـک کـە ماڵـی حـەرامی خواردووە.

حــرام و حــرص / harām-o-haras/: [عربـی] *صـفت.[گفتـاری]* خەسـار؛ زایـە؛ خـراو؛ خـەرا؛ بەفێڕۆچوو.

⊡ **حرام و حرس کردن:***[گفتـاری]* لـەکیس دان؛ بەبا دان؛ فەوتاندن؛ حەرام و تـەرام کـەردەی؛ بە فیڕۆ دان ‹آن همه پول را برد و حـرام و حـرس کرد: ئەو هەموو پارەی برد و لەکیسی دا›.

حرامی / harāmî ، ـها؛ ـان/: [عربی]*اسم.[قـدیمی]* چەتە؛ ڕێگر.

حــرب / harb ، ـهـا/: [عربـی]*اسـم.[ادبـی]* شـەڕ؛ جەنگ. هەروەها: **حرب کردن؛ به حرب رفتن**

حربا / herbā/: [عربی] ☜ **آفتاب‌پَرَست**

حربــه / harbe ، ـهــا/: [عربـی]*اسـم.[ادبـی]* ۱.*[مجازی]* بەهانـە؛ بیـانوو؛ بیانـک ‹تـو نبایـد بـا این کارها حربـه بـه دسـت دشـمنانت بـدهی: تـۆ نابـێ بـەم کارانـە بیـانوو بدەیتـە دەسـت نەیارانتـەوە› ۲.*[نامتـداول]* داردەس؛ داردەســـت؛ چـــەک؛ ئامرازی شەڕ.

حربی / harbî/: [عربـی] *صـفت.[ادبـی]* شـەڕانی؛ جەنگــەرانی؛ شــەرکەر ‹کــافر حربــی: کــافری شەڕانی›.

حرج / harac/: [عربی]*اسم.[ادبـی]* ۱.*[نامتـداول]* ترس؛ تەرسی؛ سام؛ بـاک؛ بـیم ۲.*[ادبـی]* گلـە؛ بەرتەک؛ بەرهەڵستی؛ ول- ول ‹اگر هم نیامدید بـر شما حَرَجی نیست: ئەگەریش نەهاتن هیچ گلەیەکتان لەسەر نیە› ۳.*[ادبی]* تەنگانە؛ سـەختی و دژواری ‹ایام جنگ سخت در حَـرَج بـودیم: کـاتی شـەڕ پـیس کەوتبووینە تەنگانەوە›.

حــرز / herz/: [عربـی]*اسـم.[ادبـی]* نووشـتە؛ نووشـتی؛ نووشـتوو؛ نـشتوو؛ نـڤرشت؛ نڤشـتی؛ نڤشتۆک؛ نڤشت؛ دوعـای نووسـراو بـۆ لابـردنی ئازار و ئافەت.

حرص / hers/: [عربی]*اسم.* ۱. هەڵـپە؛ هەڵـپ؛ چڵ؛ گز؛ مەیلی زۆر بۆ بە دەس هێنانی شـتێک ‹خیلی حرص داشت: زۆر هەڵپەی بـوو› ۲.*[گفتـاری]* ڕک؛ ڕق؛ قین؛ قینی؛ تووڕەیی ‹چرا حرص مـرا در می‌آوری؟: بۆچی ڕکم هەڵدەسـتێنی؟› ۳.*[گفتـاری]* هەڵپە؛ پـەل‌وپـۆ؛ هـەوڵ و تـەقالا بـۆ بـە دەس هێنانی شتێک ‹حرص زدن: هەڵپە کردن›.

⊡ **حرص خوردن:** پیش خواردنەوە؛ تووڕە بوون و دەنگ نەکردن.

حرص داشتن: بە هەڵـپە بـوون؛ چـاو برسـی بوون؛ چاو چنۆک بوون؛ چڵ داشتن.

حرص زدن: هەڵـپەکردن؛ هـەوڵ و حـەلوەلا دان بۆ بە دەس هێنانی شتێک.

حــرص کــسی را درآوردن: کەســێ تــوورە/ وەڕەز/ قوشـقی/ جـاڕزکردن؛ ڕقـی کەسـێک هەڵساندن.

حــرص‌وجــوش / hers-o-cûš ، ـهـا/: [عربـی/ فارسی]*اسم.[گفتاری]* وەڕەزی؛ قەڵسی.

⊡ **حــرص‌وجــوش خــوردن:***[مجــازی]* خــۆ خواردنەوە؛ پیش خواردنەوە؛ تووشی تووڕەیی و وەڕەزی بوون ‹چقدر باید از دست تـو حـرص و جوش بخورم: چەنـدە لـە دەسـت تـۆ ئـەبێ خـۆم بخۆمەوە›.

حرص‌وجوش دادن:*[مجازی]* جـاڕزکردن؛ ڕق هەسـتاندن؛ قـینی دەی؛ تووشـی قەڵـسی و وەڕەزی کردن ‹بچەهایش خیلـی بـە او حـرص و

جوش می‌دادند: منداڵەکانی زۆر جارزیان دەکرد›.

حرف / harf ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. / حُروف/ پیت؛ حەرف؛ هەر کام لە نیشانەکانی ئەلف و بێتکەی زمانێک ۲. *[دستور]* پیت؛ وشەیەک کە تەنیا لە گەڵ وشەیەکی تردا دێ و مەبەستێکی تایبەتی دەگەیێنێ ‹حرف استثنا: پیتی جیاوازی› ۳. وتە؛ قسە؛ قسیە؛ قسێ ‹یکی داشت حرف می‌زد: یەکێ خەریک بوو قسەی دەکرد› ٤. *[گفتاری]* قسە؛ بەرتەک؛ ول-ول؛ گلەیی ‹اگر می‌خواهی بروی من حرفی ندارم: ئەگەر دەتەوێ برۆی من قسەیەکم نیە› ٥. *[مجازی]* قسە؛ دەنگۆ؛ واتۆ؛ شایعە ‹از خودت حرف درآوردی: لە خۆتەوە قسەت دەرهێنا› ٦. خراوە؛ خراپ؛ هەجب؛ هەجۆ؛ فڕ؛ کار یان ڕەوتی فڕ پێدا دان؛ خراوگوتن ‹پشت سرش حرف می‌زنند: لە پشتە سەریەوە خراو ئەیژن›.

▣ **حرف استثنا:** پیتی هاوێر/ بەدەر/ جیاواز؛ وتەی جیاوازی؛ وتەیێ کە کەس یان شتێک لەوانی‌تر جوێ دەکاتەوە (وەکوو جز:جگە).

حرف اشتراک: وتەی بەشداری (وەکوو هم: هاو).

حرف اضافە: وتەی سەربار؛ وتەی دانەپاڵ؛ پیتێ کە وشە یان سا ڕستەیێک بە بەشێکی‌تری ڕستەوە دەلکێنێ (وەک از:لە).

حرف بزرگ ☜ **حروف**

حرف بیخود: قسەی مفت؛ قسەی هیچ‌وپووچ؛ توڕڕەهات؛ قسەی بن شڕ و بێ‌واتا.

حرف بی‌ربط: قسەی بێ جێ/ بێخۆ؛ وتەی ناپوخت و ناڕەوا.

حرف بی‌صدا: پیتی کپ؛ پیتی بێ‌دەنگ؛ هەرکام لە پیتەکانی ئەلفوبێتکە (وەک ب، پ، چ، ک، ن،...) کە بۆ گوتنیان پێویستە بیاندەینە پاڵ یەکێک لە دەنگەکانەوە (وەک: بَ، با، بِ، بی، بُ، بو).

حرف تشویق: وتەی دڵگەرمی دان (وەکوو جانمی: گیانەکەمی).

حرف تصغیر: پیتێ کە بە دوای ناوەوە دێ و نیشانەی چکۆلەییە (وەک پیتی ک لە دخترکدا بە واتای کچۆلە).

حرف تعجب: وتەی سەیرمان؛ وتەیەک کە نیشانەی سەیرمانی بیسەرە (وەکوو وه، بە بە مانای: پەکوو، بەهـ).

حرف تعریف: نیشانەی بناس؛ پیتی پێناسین؛ پیتێ کە لە برێ لە زواناندا نیشانەی ناوی ناسراوە (وەک پیتی ە لە وشەی سگەدا، بە مانای: سەگەکە).

حرف تنها: پیتی تاک؛ بیچمێ لە هەر کام لە پیتەکانی ئەلفوبێتکە کە نەلکاوە بە پیتێکی‌ترەوە (وەک لە اردا، هەر سێ پیتەکە تاکن): **حرف مفرد**

حرف تودار: لابڕدنگ؛ زیپک؛ قسەی بە تێکول.

حرف چسبان: پیتی لکاو؛ پیتی نووساو؛ بیچمێ لە هەر کام لە پیتەکانی ئەلفوبێتکە کە بە پیتێکی‌ترەوە دەلکێ (وەک لە وشەی سَبَدا هەر سێ پیتەکەی لکاون).

حرف حساب/ حسابی: دۆغری؛ قسەی حەساوی؛ قسەی ڕێک و ڕاست و ڕەوا.

حرف دوپهلو: *[مجازی]* قسەی دوولایەن؛ قسەیەک کە دوو واتا یان مەبەستی لێک جیاوازی لێ ببێتەوە.

حرف ربط: پیتی پەیوەندی؛ پیتێ کە دوو وشە یان دوو بەشی ڕستە پێکەوە پەیوەند بدا (وەک تا و زیرا، بە مانای تا، هەتا، چوونکا).

حرف زور: قسەی زۆر؛ قسەی ناڕەوا کە بیانەوێت بە زۆر دروست بوونی بسەلمێنن.

حرف شرط: پیتی/ وتەی مەرج؛ وتەیەک کە ئەنجامی کارێ بە کارێکی دیکەوە ئەبەستێ (وەکوو اگر، چنانچە، درصورتی‌کە بە مانای: ئەگەر،

ئەر، ئەگەرکوو، هەگەتەی).

حرف صدادار: پیتی دەنگدار؛ پیتی بەدەنگ؛ یەکیتە؛ هەر یەکە لە پیتەکانی ئەلفوبێتکە کە لە کاتی وتنەوەیاندا دەنگ بە لەرینەوەی تارەکانی گەروو دێتە دەرێ و زار دەکرێتەوە هەتا هەوا بێ گرفت لە لێوەوە بچێتە دەرەوە (وەکوو: ئە، ئا، ئێ، ئی، ئۆ، ئوو).

حرف صدتا یک غاز ☜ **حرف مفت**

حرف عطف: پیتی بادانەوە/ پێوند؛ پیتێ کە دوو وشە پێوەند دەدا بە یەکەوە (وەکوو با، و بە مانای: بە، وە).

حرف کوچک ☜ **حُروف**

حرف مفت: قسەی مفت؛ قسەی قۆڕ/ بێخۆ/ توڕڕەهات/ لا هەلپێچراو/ بن شڕ/ بێواتا: **حرف صدتا یک غاز**

حرف مفرد ☜ **حرف‌تنها**

حرف ندا: پیتی بانگ/ بانگێشتن؛ وتەیەک کە نیشانەی بانگ کردنی کەسێکە (وەکوو أی، های بە مانای های، هۆی، ئەرێ).

حرف نفی: پیتی نا؛ وتەی نەرێنی؛ وتەیەک کە نیشانەی نەبوون، نەدار بوون یان هەر چەشنە چۆنیەتیەک یا دۆخێکی نەرێیانەیە (وەکوو پێش‌وشەی نا لە ناکارامەدا، بە مانای کارلێ‌نەهاتوو).

حرف نقطه‌دار: پیتی نوختەدار؛ پیتی خاڵدار (وەک ب، پ، چ و...).

حرف وسط: پیتی ناوەندی؛ بیچمێ لە پیتی ئەلفوبێتکە کە ئەکەوێتە نێوان دوو پیتی دیکەوە و بە هەر دووکیانەوە دەلکێ (وەک س و ج لە وشەی مسجددا، بە مانای مزگەوت).

▣ **حرف آخر را اول زدن:** ڕووت و ڕاست وتن؛ کورت و کرمانجی وتن؛ بە کوردی و کورتی وتن؛ مەبەستی خۆ بێ پێشەکی دەربڕین.

حرف آخر را زدن: قسە بڕینەوە؛ قسە یەک لا کردنەوە؛ قسەی ئاخر کردن؛ مەبەستی خۆ گوتن و کۆتایی هێنان بە قسە.

حرف از چیزی/ کسی شدن ☜ **حرف چیزی/ کسی به میان آمدن**

حرف از خود درآوردن: قسە لە خۆوە دەرهێنان؛ هەڵبەستن؛ دەنگۆکردن ‹او این حرف را از خودش در آورده بود: ئەم قسەیەی لە خووە دەرهینا بوو›.

حرف از دهان کسی بیرون آمدن: قسەکردن؛ قسە لە زاری کەسێکەوە دەرهاتن؛ قسێ جە دەمموو یۆینە بەر ئامەی ‹این حرف از دهان تو بیرون آمد؟: تۆ ئەم قسەیەت کرد؟›.

حرف از دهان کسی بیرون پریدن: *[مجازی]* قسە لە دەم داکەوتن/ دەرپەڕین؛ قسێ جێ دەمموو یۆینە ترازیەی ‹مبادا حرفی از دهانت بپرد: نەکا قسەیەکت لە دەم داکەوێ›.

حرف از دهان کسی نیفتادن: *[مجازی]* دەم نەوەستان؛ بێ‌پشوو/ بێوچان قسە کردن؛ قسێ یاونەیوە قسێوە ‹حرفش از دهانش نمی‌افتاد: دەمی نەدەوەستا›.

حرف انداختن از چیزی/ کسی: باسی شتێک/ کەسێک داهێنان؛ قسەی شتێ/ کەسێ هاوردنە بەرەو؛ وتوویژ سەبارەت بەو شتە/ کەسە هێنانە پێشەوە ‹خواستم حرف خرید خانە را بیندازم کە خانم چشم‌غرّە رفت: گەرەکم بوو قسەی ماڵ کڕین دابینم، خاتوون مۆڕێکی بردەوە›.

حرف اول را زدن: *[مجازی]* لە سەرووی هەموانەوە بوون ‹ژاپن در زمینەی الکترونیک امروز حرف اول را می‌زند: ژاپون ئەمڕۆکە لە ئێلێکترۆنیکدا لە سەرووی هەموانەوەیە›.

حرف بردن و آوردن: *[مجازی]* ئاوری دیزە خۆش کردن؛ دەستەچیلە وەبن دان؛ فیتنەیی کردن؛ قسە بردن و هێنان؛ قسە

هەڵچنین؛ باسێ جێگایەک، لە جێگەیەکی دیکەدا گوتنەوە.

حرف بر سر کسی/ چیزی بودن: قسە لە کەسێ/ شتێ بوون ‹حرف بر سر رفتن یان ماندن است: قسە لە سەر مانەوە یان ڕۆیشتنە›.

حرف بزرگتر از دهن خود زدن: *[مجازی]* ۱. فشەکردن؛ شاتوشووتکردن؛ درۆی زل کردن ۲. قسە لە خۆ گەورەتر کردن؛ قسەی زل کردن.

حرف توی حرف آوردن: قسە پێچاندن؛ دانە ناو باڵ قسەدا؛ قسە هێنانە ناو قسە؛ بڕ بە پەیڤینی کەسێ دان ‹تا خواستم دربارەی سفرش بپرسم حرف توی حرف آورد: تا هاتم لە سەفەرەکەی بپرسم قسەکەی پێچاند›.

حرف توی دهن کسی بند نشدن/ نماندن: *[مجازی]* دەمی کەسێ تەقەڵی پێوە نەبوون/ قایم نەبوون؛ قسە لە دەم کەسێکدا نەوەستان؛ دەم نەوێسیان؛ قسێ جە دەمەنە نەمدرەیوە؛ ڕازدار نەبوون.

حرف توی دهن کسی گذاشتن: *[مجازی]* قسە بە دەم کەسێکەوە نان؛ قسە نیانە دەم کەسێ؛ قسێ وسەینە دەمووێ یۆی ‹چرا حرف توی دهن من میگذاری؟ من کی گفتم او را میشناسم؟: بۆچی قسە بە دەممەوە دەنێی؟ من کەی گوتم دەیناسم؟›.

حرف چیزی/ کسی به میان آمدن: قسە لە شتێ/ کەسێکەوە هاتنە گۆڕێ؛ قسەی شتێ/ کەسێ هاتنە ئاراوە ‹حرف سفر اروپا به میان آمد: قسەی سەفەری ئورووپا هاتە گۆڕێ›: **حرف از چیزی/ کسی شدن**

حرف چیزی/ کسی را به میان آوردن: قسە لە شتێ/ کەسێکەوەکردن؛ قسەی شتێ/ کەسێ هێنانە ئاراوە/ داهێنان؛ قسەی شتێ/ کەسێ هێنانە گۆڕێ؛ قسۆ چێویە/ یۆی ئاردەینە بەین ‹مایل نیستم حرف آن را به میان بیاورم: نامەوێ قسەی لێوە بکەم›: **حرف چیزی/ کسی را پیش کشیدن**

حرف چیزی/ کسی را پیش‌کشیدن ☜ **حرف چیزی/ کسی را به میان آوردن**

حرف چیزی/ کسی را زدن: قسەی شتێ/ کەسێ کردن؛ سەبارەت بە شتێ/ کەسێ پەیڤین ‹حرف انتخابات را میزدند: قسەی هەڵبژاردنیان دەکرد›.

حرف، حرف کسی بودن: قسە، قسەی کەسێ بوون؛ قسەی کەسێ سوار بوون ‹در خانەی ما حرف، حرف مادربزرگ است: لە ماڵی ئێمە قسە، قسەی دایەگەورەمە›.

حرف خود را به کرسی نشاندن: *[مجازی]* قسەی خۆ سەلماندن؛ قسەی خۆ بردنە بان گا؛ قسەی خۆ بردنە پێشەوە؛ قسۆ وێ بەردەی سەر ‹آنقدر گفت که آخر حرف خود را به کرسی نشاند: ئەوەندەی گوت تا ئاخری قسەی خۆی سەلماند›: **حرف خود را پیش بردن**

حرف خود را پس گرفتن: لە قسەی خۆ پاشەکشێ کردن/ پاشگەز/ پەشیمان بوونەوە؛ وتەی پێشووی خۆ خستنە ژێر پێ ‹برای اینکە اختلافی پیش نیاید حرف خودش را پس گرفت: بۆ ئەوەی ناکۆکییەک ساز نەبێ، لە قسەی خۆی پاشەکشێی کرد›.

حرف خود را پیش بردن ☜ **حرف خود را بە کرسی نشاندن**

حرف خود را خوردن: *[مجازی]* قسەی خۆ قووت دانەوە؛ قسەی خۆ خواردنەوە؛ قسۆ وێ واردەیوە؛ قسە نیوەچڵ دانان، یان بە چەشنێ جگە لە مەبەستی دیاریکراو درێژەپێدان ‹داشت میگفت من دیگر در آن خانە نمیمانم، ولی حرف خود را خورد: خەریک بوو ئەیگوت من ئیدی لەو

مالە نامێنمەوە، بەلام قسەکەی قووت داوە›.

حـرف خـود را یکـی کـردن: سـێ و دووی دڵـی خـۆ کـردن؛ قـسەی خـۆ یـەکانگیر کـردن؛ قـسەی خـۆ کردنـە یـەک؛ لـە سـەر قـسەیەک پێکهـاتن؛ سـەبارەت بـە قـسەیەکی دیـاریکراو پێکهـاتن ‹اول بایـد حرف خودمان را یکی کنیم و بعد برای مذاکره با طـرف بـرویم: سـەرەتا دەبـێ قـسەکانمان یەکانگیر بکەین ئەمجار بڕۆین بۆ وتووێژ›.

حـرف داشـتن: قـسە بـوون: ۱. *[مجـازی]* بەرهەڵست بوون ‹اگر خواستم بروم، تو حرفی داری؟: ئەگەر ویستم بڕۆم، تۆ قسەیەکت هەیـە؟› ۲. قسەپێبوون؛ قسێ بیـەی؛ هـەبوونی بـڕوا یان بیرۆکەیەک لەمەڕ بابەتی بـاسلێکـراوەوە ‹در این مورد هم یکی-دو حرف دارم کـه بـد نیـست بگویم: لەم بارەوە منیش یەکێ- دوو قسەم هەیـە خراو نیە بێژمی›.

حرف درآوردن: هەڵبەستن؛ قسە ساز کردن؛ قسە بۆ خۆش کردن؛ قسە بۆ دەرهێنان؛ قسێ پەی بەر ئاردەی؛ قسە بەسـتن ‹پشت سرش حرف درآوردند و گفتند با آدمهای ناباب رفتوآمد دارد: بە شوێنیەوە قسەیان هەڵبەست و گوتیان لەگـەڵ کەسی خراپا هاتوچووی هەیە›.

حرف دل کسی را زدن: *[مجازی]* قسەی دڵـی کەسـێ کـردن ‹داشـت حـرف دل مـا را مـیزد: خەریک بوو قسەی دڵی ئیمەی دەکرد›.

حرف دهـن خـود را نفهمیـدن: تـام دەم خـۆ نەزانین؛ نەزانین چی گوتن؛ قـسە نـەجاوین؛ قسێ وەرێ دەی؛ بەبێ تێفکـرین قـسەکردن ‹او حرف دهنش را نمیفهمد: کابرا تـام دەم خـۆی نازانی›.

حرف را پیچاندن: *[مجازی]* قسە گۆڕان؛ قـسێ پێچێ وسەی؛ لادان لـە مەبەسـتی سـەرەکی وتووێژ ‹چرا حرف را اینقـدر مـیپیچـانی؟: بـۆچی ئەمەنە قسە دەگۆڕی؟›.

حرف را (از دهان کسی) قاپیدن: *[مجازی]* قـسە لە دەم کەسێک قۆستنەوە ‹تا گفتم امروز حقوق گرفتەام، حرف را از دهان من قاپید و گفت: پس طلب مرا بده!: تـا گـوتم ئەمـڕۆ مووچـەم وەرگرتـووە قـسەکەی لـە دەمـم قۆسـتەوە و گـوتی: دەسـا پارەکەم بدەوە!›.

حرف را عـوض کـردن: قـسە گـۆڕین؛ قـسە وارەی: ۱. بابەتی گفتوگۆ گـۆڕان ‹تـا او آمـد حرف را عوض کـردم: تـا هـات قـسەکەم گـۆڕی› ۲. لە شاهۆوە چوون بۆ پاهۆ؛ گوتنی قسەیەک جگە لە قـسەی پێـشوو ‹حـرف را عـوض نکـن، جواب مرا بده: لە شاهووە مـەچۆ بـۆ پـاهۆ، ولامـم بدەرەوە›.

حرف زدن: قسەکردن: ۱. ئاخافتن؛ ئاخاڤتن؛ پەیڤین؛ دوان؛ دوەی؛ چنە داین؛ دەنگکردن ‹یکی داشت حرف میزد: یەکێ خەریک بوو قسەی دەکرد› ۲. پێکەوە قـسە کـردن؛ یـەک دوان؛ هەڤپەیـڤین ‹بـا هـم حـرف مـیزدیـم: پێکـەوە قسەمان دەکرد›.

حرف شدن: بوونە قڕە/ قسە؛ دەمەقاڵە بـوون؛ بوونە قاڵ؛ دەمەقڕێ بیەی؛ بە دەنگ بوون؛ بە شەڕەوە وتووێژ کردن ‹آخـرش بـا آزاد حرفمـان شد: لە ئاخریا لەگەڵ ئازاد بوو بە قڕەمان›.

حـرف شـنیدن: ۱. ☜ **حـرف گـوش کـردن** ۲. قـسە بیـستن؛ قـسە ژنـەفتن؛ سـەرکۆنە کریان؛ تانە و لۆمە بیستن ‹بە خـاطر ایـن خانـە چقدر از این و آن حرف شنیدم: بۆ ئەم ماڵـە چەنـدم لەم و لەو قسە بیست›.

حرف صدتا یک غاز زدن ☜ **حرف مفت زدن**

حرف کسی با دیگری یکی بودن: قـسە یـەکێ بوون؛ یەک شت گوتن؛ قسەی کەسێ لەگەڵ ئەوی دیکەدا یەکانگیر بوون؛ قسێ یـۆ بیـەی ‹هر دو حرفشان یکـی بـود: هـەردووکیان قـسەیان یەکێ بوو›.

حرف کسی خریدار نداشتن: *[مجـازی]* قـسەی

کەسێ نەڕۆیشتن؛ گـا بـە دەنگـی کەسـێک نەڕۆیشن؛ قسەی کەسێ بێبرەو بـوون؛ قـسۆ یۆی نەشیەی ‹دیـدم حـرف مـن در آنجـا خریـدار ندارد، حرف نزدم: دیم لـەوێ قـسەم نـاڕوا، هـیچم نەگوت›.

حـرف کـسی دَررو داشـتن: *[کنـایی]* قـسەی کەسێ بەبرەو/ بە بڕشت بوون؛ قسەی کەسێ ڕۆیشتن؛ بە بایـەخ بـوونی قـسەی کەسـێک لەلایەن کەسانی دیکـەوە ‹آن روز حـرف او دررو داشت: ئەو رۆژە قسەی بەبرەو بوو›.

حرف کسی دو نشدن ☜ **حرف کسی یکی بودن**

حـرف کـسی را بریـدن: *[مجـازی]* قـسەی کەسـێ بـڕین؛ دانـە نـاو بـاڵ قـسەی کەسێکدا؛ بە سـەر قـسەی کەسـێکدا پـەڕین ‹حـرفم را بریـد و گفـت: دیگـر بـس اسـت: قسەکەی بڕیم، وتی: ئیتر بەسە›.

حرف کسی را به خود گرفتن: *[مجازی]* قـسەی کەسێ کێشانە سەر خۆ؛ قسەی‌کەسێ بردنـە سەر خۆ ‹حـرف مـرا بـه خـودش گرفـت و از مـن ناراحت شد: قسەکەی منی بردە سەر خـۆی و لـێم ڕەنجا›.

حرف کسی را به دل گرفتن: *[مجازی]* قـسەی کەسێ گرتنە دڵ؛ لە کەسـێ ڕەنجـان ‹حـرف پدرت را به دل نگیر: قسەی بابت مەگرە دڵ›.

حـرف کـسی را (بـه) زمـین انـداختن: *[مجـازی]* قـسەی کەسـێک نانـە ژێـر پـا؛ بـە زەویـدا دانی قـسەی کەسـێ؛ قـسەی کەسـێ لـە بـەرد دان؛ قـسۆ یـۆی مـاڕایوە ‹چـرا حـرف مـادرت را زمـین انـداختی؟: بـۆچی قسەی دایکت نایە ژێر پێ؟›.

حرف کسی را خواندن: شوێن قـسەی کەسـێ کـەوتن؛ پـەزێرانی قـسەی کەسـێ و بـە دوا کەوتنی ‹کسی حرف تو را نمی‌خواند: کەس شوێن قسەی تۆ ناکەوێ›.

حرف کسی یکی بودن: قسەی کەسـێ یـەکێ بوون؛ وتەی خۆ نەگۆڕان ‹حرف مرد یکی است: قسەی پیاو یەکە›: **حرف کسی دو نشدن**

حرف کشیدن: ١. لـە زمـان کێـشانەوە؛ قـسە دەرکێشان؛ سەر داکێشان؛ قـسە دەرهێنـان؛ قسێ کێـشتەیرە؛ قـسە دەرهـاوردن؛ نهـێنی پێدرکاندن ‹رفت از دخترشان حرف کشید: چوو لە زمانی کچەکەیانی کیشاوە› ٢. قسەی نـاخۆش بیستن؛ قسە بیستن؛ پەزێرانی قسەی ناخۆش ‹سر این کار چقـدر از ایـن و آن حـرف کـشیدم: بـە بۆنەی ئەم کارەوە چەندەم قسەی نـاخوش لـەم و لەو بیست›.

حرف گـوش کـردن: گـوێ گـرتن؛ گوێچکـە دان؛ گوێچکـە تەکانـدن/ تـەکانن؛ قـسێ گـۆش دەی؛ گۆشـەنـە دارەی؛ بـە قـسە گوێ دان؛ بە قـسە کـردن؛ بـە گـوێ کـردن ‹حـرف مـادرت را گـوش کـن: بـۆ قـسەی دایکـت گوێ بگرە›: **حرف شنیدن**

حرف مفت زدن: قـسەی مفـت/ قـۆڕ کـردن؛ قسەی بێخۆ کردن: **حرف صدتا یک غاز زدن**

حـرف نداشـتن: *[مجـازی]* قـسە نـەبوون: ١. دژایەتی نەکردن ‹اگر کتاب را لازم داری ببـر، من حرفی ندارم: ئەگەر کتێبەکەت پێویـستە ببـە، مـن قـسەیەکەم نیـە› ٢. قـسە تێـدا نـەبوون؛ بێعەیب بـوون ‹ایـن ماشـین حـرف نـدارد: ئـەم ماشێنە قسەی تێدا نیە›.

از حرف خود برگشتن: قسەی خۆ خواردنـەوە/ وەرگرتنەوە؛ لە قسەی خۆ پەشیمان بوونـەوە؛ لە سەر قسەی خۆ نەوەستان ‹اول ما را به شام دعوت کرد، ولی بعـد از حـرف خـودش برگـشت: لـە پێشدا بۆ شێو بانگی کردین بەلام دوایـی قـسەی خۆی خواردەوە›.

بە حرف آمـدن: هاتنـە/ کەوتنـە قـسە؛ بـە قـسە هـاتن؛ ئامـەیوە قـسێ؛ دەسـپێکردنی قـــسە (بەتایبـــەت دوای ماوەیـــەک دوورەپەرێزی لـە قـسەکردن) ‹آخرش بـە حـرف

أمد و گفت، دیشب پیش آزاد بود: ئاخری هاته قسه و گوتی، دویشەو لای ئازاد بووە›.

به حرف آوردن: هێنانه قسه؛ ئاردەیوه قسێ ‹آخرش آرام را به حرف آوردم و همه چیز را برایم گفت: ئاخری ئارامم هێنایه قسه و هەموو شتێکی پێ‌گوتم›.

توی حرف کسی دویدن ☜ **تو**[۲]

روی حرف کسی حرف زدن ☜ **رو**[۲]

سر حرف خود ایستادن/ بودن ☜ **سر**[۳]

حرف / heraf/: [عربی] جمعِ ☜ **حرفه**

حـرف‌بـری / harfbarî/: [عربـی/ فارسـی] /اسـم. /گفتـاری/ قـسەبەری؛ شـووفاری؛ شـۆفاری؛ شـوفاری؛ دووزمـانی؛ کـار یـان ڕەوتی قـسە هێنان و بردن.

حـرف‌شـنو / harfšeno: ـ ها/: [عربـی/ فارسـی] صفت. ۱. بەگوێ؛ گوێ لەمست؛ بەلبەلـەگۆش؛ گـۆش‌بـەرئاواز ۲. گـوێڕادێـر؛ گـۆش‌گـیر؛ مۆچیاری‌گێر. هەروەها: **حرف‌نشنو**

حرف‌شنوی / harfšenavî ، ـ ها/: [عربـی/ فارسـی] /اسـم. ۱. گـوێ لەمـستی؛ بەلبەلەگۆشـی؛ گۆش‌بەرئاوازی ۲. گوێڕادێری؛ گوێگری.

حرفـه / herfe ، ـ ها؛ حَرف/: [عربی] /اسم. پیشه ‹حرفه‌ی خانوادگی: پیشەی بنەماڵەیی›.

حرفه‌ای / herfe'î ، ـ ها/: [عربی] صفت. پیـشەیی: ۱. پێوەندیـدار یـان سـەر بـە پیـشەوە ‹آموزش حرفه‌ای: فێرکـاری پیـشەیی› ۲. پێوەندیـدار یـان سەر بـە پیـشەیەکی هەمیـشەییەوە. بەرانبـەر: **آماتور** ‹کشتی‌گیر حرفه‌ای: زۆرانبازی پیشەیی›.

حرفی / harfî/: [عربی] صفت. ۱. پیتی. بەرانبەر: **عددی** ۲. /ـها/ پیت‌دار؛ خاوەن پیت ‹سه حرفـی: سێ پیتی›.

حرکات / harakāt, harekāt/: [عربـی] جمعِ ☜ **حرکت**

حرکـت / harakat, harekt ، ـ هـا/: [عربـی] /اسـم. جووڵە؛ جمشت؛ جم؛ زیوە؛ جڤ؛ لەبت: ۱. ئاڵوگۆڕ؛ ئازوگۆز؛ کـار یـان ڕەوتی جێگـە گۆڕانـەوە ‹حرکت انتقالی: جووڵەی گواستنەوەیی› ۲. /حرکات/ جـم و جـووڵ؛ کـردەوە؛ ئاکـار؛ خوریـک‌خـاو؛ خـلێوخاو ‹حرکـت نـامعقول: ئاکـاری نـەگونجاو› ۳. /دستور/ بزوێن؛ دەنگ؛ دەنگـێ کـە پیـت لـە کپـی دەردێنـێ (وەک سـەرە، ژێـرە و...) ٤. /موسیقی/ ئەنـدازەی سـەر و ژێـر و چـوونی دەنگی یەک یان چەند نوتی مۆسیقا ٥. /حرکات/ بزاڤ؛ بزاو؛ جم و جووڵ؛ گل‌پل؛ گل‌گەوز؛ کاری جووڵانەوە؛ جمان؛ جومین؛ نرڤان؛ زیوان .

▣ **حرکـت ارادی:** /پزشـکی/ بزاڤـی ویـستی؛ جووڵەی ئەندامێک یـان تـەواوی بـەدەن بـە خواسـت و ویـستی خـۆ. هـەروەها: **حرکـت غیرارادی**

حرکت آزاد: سقوط آزاد ☜ **سقوط**

حرکت انتقـالی: ۱. جووڵـەی گواسـتنەوەیی؛ جۆرێک جووڵەی هەمووانی تەنێک لـە سـەر هـێڵ یـان شـوێنێکی دیـاریکراو ۲. /نجـوم/ خولانەوەی زەوی و باقی گەڕۆکان بە دەوری هەتاودا.

حرکت پسرفت: سیر قهقرایی ☜ **سیْر**

حرکـت تنـاوبی: هـاتوچـۆ؛ هـەر شـێوە جووڵەیەک کە لە کاتێکی دیاریکراودا دووپاتە بێتەوە.

حرکت چرخشی: خول؛ سوور؛ گەڕان لە سـەر جەغزێک یان بە دەوری خۆدا.

حرکـت غیـر ارادی: /پزشـکی/ لاکـە؛ لاک؛ جووڵەی ناویستەکی؛ بزووتنی ئەندامێک یـان تەواوی لـەش بـەبێ ویـستی خـۆ. بەرانبـەر: **حرکت ارادی**

حرکـت مُـستدیر: سـوور؛ جووڵـەی لـە سـەر جەغز.

حرکت وضعی: ۱. خول؛ جووڵە لە جێ خۆوە و بە دەوری خۆدا ۲. /نجوم/ خـول خـواردنی زەوی و باقی گەڕۆکان بە دەوری خۆدا.

▣ **حرکت دادن:** ۱. شەکاندنەوە؛ جوولاندن؛ بزواندن؛ جواندن؛ جماندن؛ لقاندن؛ لەقاندن؛ تەکان دان؛ لڤاندن؛ ورجمن ‹دستش را حرکت داد: دەستی شەکاندەوە› ۲. تەکان‌دان؛ جوولاندنەوە؛ هەرکاندن؛ لەپتاندن؛ لەبتاندن؛ تەکان پێدان؛ ئازوگۆزکردن؛ ئاڵ‌وگۆڕکردن؛ واراپوە ‹نتوانست صندوق را حرکت دهد: نەیتوانی سندووقەکە تەکان بدا› ۳. بەڕێ کردن؛ هەناردن؛ ناردن؛ ڕێ‌خستن؛ ڕوانە کردن؛ کیاستەی؛ جمنایرە ‹زن و بچە را حرکت داد تا زودتر برسند: ژن و منالەکەی بەڕێ کرد بەشکوو زووتر بگەن›.

حرکت کردن: بزووتن؛ لەقین؛ لقین؛ جوولان؛ تەکان خواردن؛ هەرکین؛ لەرانەوە؛ لەوان؛ لەبتین؛ لەوتەنە؛ جمان؛ جمیاین؛ جمەی؛ لەپتین؛ لێویەی.

از حرکت بازماندن: لە جوولە کەوتن؛ لە تەکان کەوتن. هەروەها: **از حرکت بازداشتن**

بە حرکت درآوردن: ۱. بزواندن؛ خستنە گەڕ/ جوولەوە؛ جوولاندنەوە؛ ئەرەجمنەی؛ جمنایرە ۲. گۆزانەوە؛ گواستنەوە؛ جێبەجێ کردن؛ ئاڵشت کردن؛ ئاڵ‌وگۆڕکردن؛ ئەوەوارەی؛ واراپوە.

حرکتی / harakatî,harekatî/: [عربی] *صفت.* بزاوی؛ براڤی؛ جوولەیی؛ لەبتی؛ جمشتی؛ پێوەندیدار یان سەر بە جوولەوە ‹اندامهای حرکتی: ئەندامانی بزاوی›.

حرم / haram ، ـها/: [عربی]/*اسم.* ۱. حەرەم؛ ژووری زیارەتانی ئایینی ‹توی حرم بودیم کە سروصدا بلند شد: لە نێو حەرەمدا بووین هەراوهۆریا بەرزەوە بوو› ۲. حەرەمسەرا؛ هەرەم؛ ژووری ئەندروون.

حرمان / hermān/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* ۱. بێ‌بەشی؛ دوورەبەشی ۲. نامرادی؛ بێ‌ئاکامی.

حرمان‌زده / hermānzade/: [عربی/ فارسی] *صفت.* بێ‌بەش؛ دوورەبەش؛ تووشی نامرادی بوو.

حرمت / hormat/: [عربی]/*اسم.* ۱. ڕێز؛ قەدر؛ حورمەت؛ کار یان ڕەوتی ڕێز لێنان؛ مەزنانەدن؛ خەمنانەدن ۲. نارەوایی؛ حەراس؛ دۆخ یان چۆنیەتی حەرام بوون ‹حرمت ربا: نارەوایی سوو›.

▣ **حرمت کسی را شکستن:** سووکایەتی کردن بە کەسێ.

حرمت کسی را نگهداشتن: ڕێز بۆ کەسێ دانان؛ ڕێز لە کەسێ گرتن ‹پدرم خیلی حرمت او را نگە می‌داشت: بابم زۆر ڕێزی بۆ دادەنا›.

حرمت گذاشتن: ڕێز لێگرتن؛ خاترگرتن؛ ڕێز لێنان؛ حورمەت گرتن؛ سەنگ نیان؛ سەنگ لێ‌نان؛ سەنگ گرتن؛ مەزنانەدن؛ خەمنانەدن ‹خواست بە من حرمت بگذارد، از پشت میزش بلند شد: ویستی ڕێزم لێ‌بگری، لە پشت مێزەکەیەوە هەستا›. هەروەها: **حرمت داشتن؛ حرمت کردن**

حرمخانە / haramxāne/: [عربی/ فارسی] ☜ **حرمسرا**

حرمسرا / haramsarā ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم. [قدیمی]* حەرەمسەرا؛ ئەندەروون؛ هندروو؛ هوندروو؛ خانووی جێگەی ژنانی ماڵ: **حرمخانە**

حروف / hurûf, horûf/: [عربی]/*اسم.* ۱. جمعِ ☜ **حرف** ۲. پیتی چاپەمەنی؛ هەرکام لەو پیتانە لە پیتچنی یان ماشین‌نووسیدا بە کار دەبرێن.

▣ **حروف ابجد:** پیتی ئەبجەد؛ پیتگەلی ئەلف‌وبێتکەی عەرەبی کە بە هەشت لەبز ڕیز کراون و هەر پیتێک بەرامبەر بە ڕەقەمێکە، بەم شێوە: «اَبْجَدْ، هَوَّزْ، حُطّی، کَلَمَنْ، سَعْفَصْ، قَرَشَتْ، ثَخَّذْ، ضَظَغٌ».

حروف الفبا: پیتی ئەلف‌وبێتکە؛ سەرجەمی نیشانەگەلێ کە وشە و ڕستەی زمانێک بەوانە دەنووسرێن: **حروف تهجّی**

حروف ایتالیک: پیتی ئیتالیک؛ جۆرێ پیتی چاپی لاتینی و یۆنانی، بە شێوەی هێندێک بەلاداهاتوو.

حروف ایرانیک: پیتی ئیرانیک؛ جۆرێ پیتی چاپی ئەلفوبێتکەی فارسی، بە شێوەی هێندێک بەلاداهاتوو.

حروف بزرگ: پیتی گەورە؛ چەشنێ لە پیتی ئەلفوبێتکەی یوونانی و لاتینی بە شێوەی درشت‌تر و شێوازی خەتی کۆنی یۆنانی.

حروف تحریری: بیچمێک لە پیتی لاتینی کە لە نووسین یان لە چاپی وەک دەستنووسدا بە کار دەبرێن.

حروف تَهَجّی ☜ **حروف الفبا**

حروف چاپ: پیتی چاپ؛ قاڵبگەلی کانزایی کە نەخشی پیتی ئەلفوبێتکە، نیشانە و ژمارەکان لە سەریاندا هەڵکۆڵراون و بۆ چاپ بە کار ئەبرێن.

حروف سایه‌دار: پیتی سادار؛ جۆرێک پیتی چاپی کە وەک سێبەری کەوتبێ وایە.

حروف سیاه: پیتی قەڵەو؛ پیتی ڕەش؛ جۆرێک پیتی چاپی کە ئەستوورتر لە پیتی ئاساییە.

حروف کوچک: پیتی چکۆلە؛ شێوە خەتێکی بچووک و جەم و جۆر کراوەی لاتینی.

حروف نازک: پیتی ناسک؛ پیتی ئاسایی چاپ.

حروف‌برگردان / horûf- ,hurûfbargardān/: [عربی/ فارسی] ☜ **لِتراسِت**

حروفچین / horûf- ,hurûfčîn، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. پیت‌چن: ۱. /قدیمی/ کەسێ کە پیتی کانزایی چاپ بۆ چاپ کردن لە پاڵ یەک دەچنێ و لاپەڕەی چاپی پێک دێنێ ۲. کەسێ کە بە ماشێنی تایپ یان کامپیوتەر، نووسراوەیەک دەنووسێ.

حروفچینی / horûf- ,hurûfčînî/: [عربی/ فارسی]/اسم. پیت‌چنی؛ پیتکاری: ۱. کار یان ڕەوتی ئامادەکردنی پیت بۆ چاپی نووسراوەیەک ۲. /ـها/ جێگای تایبەتی ئەو کارە.

▣ **حروفچینی دستی:** پیت‌چنی دەستی؛ کاری پیت‌چنی بە پیتی کانزایی.

حروفچینی کامپیوتری: پیت‌چنی کۆمپیوتەری؛ پیت‌چنی بە کۆمپیوتەر.

حریت / horrîyat, horîyyat/: [عربی]/اسم. /ادبی/ جوامێری؛ ئازادەیی؛ مێرخاسی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سەربەست بوون.

حریر / harîr/: [عربی]/اسم. ۱. هەوریشم؛ ئاوریشم ۲. حەریر؛ پارچەی ناسکی ئاوریشمی ۳. خەزگ؛ بەرگی ئاوریشمی تێکەڵ بە پەشم یان پەموو ‹حریر پشمی: حەریری پەشمی›.

حریره / harîre/: [عربی]/اسم. حەریرە؛ شلەیەک لە نشاستە و ئاردەبرنج و کاکڵەی بادام و شەکر (زۆرتر بۆ منداڵ و نەخۆش) سازی دەکەن.

حریص / harîs، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. ۱. چاوچنۆک؛ چەڵماس؛ چەڵماسک؛ چاوچلێس؛ چاوبرسی؛ چاڤبرچی؛ چاونەزێر؛ تێرنەخۆر ‹حریص با جهانی گرسنه است و قانع به نانی سیر: چاوچنۆک دنیاشی هەبێ، هەر برسیە و چاوتێر پاروە نانێکی دەسکەوێ بەسیە› ۲. /گفتاری/ بەهەڵپە؛ چڵێس؛ یەکجار خوازیاری شتێک و بە پەلە بۆ پێ‌گەیشتنی بوون ‹خیلی به سینما حریص بودم: بۆ سینەما زۆر بەهەڵپە بووم›.

حریف [1] / harîf، ـها؛ ـان/: [عربی]/اسم. ۱. حەریف؛ غەنیم؛ خەنیم؛ هەڤبەر؛ هەڤبەز؛ لایەنی بەرانبەر لە ڕکەبەرێ یان ململانەیەکدا ‹دو حریف خوب جنگیدند: حەریفەکان ململانێکی باشیان کرد› ۲. /ادبی/ هاوڕێ؛ هاونشین؛ هامدەم؛ هامپا؛ هاوتا؛ هاولف؛ هاوباز ‹یار آن حریف نیست که از در درآیدم: یارم ئەو هاوڕێیە نیە لێم بکاتە دەرگادا›.

حریف [2]: صفت. هاوکێش؛ هاوماڵ؛ لف؛

خـاوەنی توانـایی بـۆ ڕکەبـەرکێ لەگـەڵ خەنیمـدا ‹او بـەتنهـایی حریـف پـنج نفـر اسـت: بەتـەنیایی هاوکێـشی پێـنج کەسـە›. هـەروەها: **حریف بودن؛ حریف شدن**

حریق / harîq/: [عربی]/اسم. سووتمان؛ سـووتان؛ شـەوات؛ ئـاگر بەربوونـەوە؛ ڕەوتی ئـاگرگرتنی جێگە یا شتێک ‹حریق انبار: سووتمانـی هەمار›.

حـریم / harîm ، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. هـەرێم: ١. هەوێرکە؛ ولگە؛ بەن؛ بەشێ لە زەوینی دەور و بەری خانووبەرە، باخ یان جادە و هێڵی ئاسن یا دیاردەگـەلی سروشـتی وەک زەریـا، ڕۆبـار، لێـڕەوار و... ‹حـریم جنگـل: هـەرێمی لێـڕەوار› ٢. *[مجازی]* سنوور یان بەردەستی شتێکی بەڕێز یان پیرۆز کە پێ لـە سـەر داگـرتنی بـە نـاڕەوا دەزانن ‹حریم قانون؛ حریم خانواده: سنووری قـانوون؛ هەرێمی بنەماڵە›.

حـزب / hezb ، ـهـا؛ احـزاب/: [عربـی]/اسـم. حیـزب؛ پـارت؛ دامەزراوەیـەکی ڕامیـاری کـە ڕاهێنـانێکی تایبـەتی بـۆ بـەڕێوەبردنی ولاتێـک، پێوەنـدی لەگـەڵ ولاتـانی دیکـە و دەسـکەوتنی ئامانجگـەلێکی دیـاریکراوی مەبەستە.

حزبی / hezbî/: [عربی] صفت. حیـزبی؛ پـارتی: ١. پێوەندیدار یـان سـەر بـە حیزبـەوە ‹فعالیت حزبی: چالاکی حیزبی› ٢. /ـها/ ئەنـدامی حیـزب ‹شخصیت حزبی: کەسایەتی حیزبی›.

حزم / hazm/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* دوورئەندێـشی؛ دوورنواڕی.

حزن / hozn/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* خەفەت؛ خـەم؛ مـۆژە؛ تـەمیان؛ کەسـەر؛ کـوڵ؛ جغـار؛ خجـاز؛ جخار؛ جەخار؛ کۆڤـان؛ گـژم؛ عـەزرەت؛ ئەنـدۆ؛ غەم؛ پەژارە؛ تانۆت؛ کرێـب؛ حـەژمـەت؛ زاخـاو؛ سوێ.

حزن‌آلـود / hoznālûd/: [عربـی/ فارسـی] صفت. *[ادبـی]* خـەمین؛ خـەمبار؛ غـەمگین؛ ناشـاد؛ مەینەتبار ‹صدای حزن‌آلود: دەنگی خەمین›.

حزن‌انگیز / hozn'angîz/: [عربی/ فارسـی] صفت. *[ادبی]* خەمبزوێن؛ خەمان‌خێـز؛ خـەماوب؛ هـۆی سەرهەڵدانی کوڵ و کەسەر ‹سرگذشت حزن‌انگیـز: بەسەرهاتی خەمبزوێن›.

حزن‌آور / hoznāvar/: [عربی/ فارسی]/اسم. *[ادبی]* خەمهێنەر؛ گژمێنەر؛ خەماوەر؛ خەفـەتهێنـەر؛ هـۆی پەیـدا بـوونی خـەم و خەفـەت ‹واقعـەی حزن‌آور: ڕووداوی خەمهێنەر›.

حزیران / hazîrān/: [سریانی]/اسم. حـوزەیران؛ جـوون؛ مـانگی شەشـەمی ساڵـپێوی هـەتاوی ولاتـانی عـارەبی، بەرانبـەر بـە مـانگی ژوەنی زایینی کە ٣٠ ڕۆژە.

حـزین / hazîn/: [عربـی] صـفت. *[ادبـی]* خـەمبار؛ خـەمین؛ گـژمین؛ غـەمگین؛ مۆژەمـەن؛ ناشـاد؛ خـەماوی؛ مەینـەتبار ‹آواز حزین: ئاوازی خەمبار›.

حـس / hes(s) ، ـهـا/: [عربـی]/اسم. هەسـت؛ شـەس؛ هـاس؛ هۆشـە؛ دۆنگـی: ١. هـشەک؛ توانـای وەرگـرتنی پـەیام یـان پـێ زانـین بـە هۆی ئەندامگـەلی هەسـتیەوە ‹حس داشـتن: بـە هەسـت بـوون› ٢. /حـواس/ زی؛ هـەر کـام لـە ئەنـدامانی لەشـی گیانـەوەران کـە کـاری ناسـینی بزوێنـەی دەرەکیـە (وەکـوو هەسـتی بینـایی، ژنـەوایی، چێژایـی و...) ‹حـس چـشایی: هەسـتی چێژایـی› ٣. زانـینی لـێڵ و ناخاترجـەم ‹حـس کـردم مـی‌خواهـد حرفـی بزنـد: هەسـتم کـرد دەیهـەوێ قـسەیەک بکـات› ٤. زەوق و هـۆگری بـە شـتێک ‹حـس مـیهن‌دوسـتی؛ حـس انـسان‌دوسـتی: هەسـتی نەتەوایـەتی؛ هەسـتی مرۆڤدوسـتی› ٥. توانـای بـە کـار خـستنی هێـزی مێشک بـە شـێوەی کـارا ‹حـس تـشخیص: هەسـتی ناسـینەوە›. هەروەها: **حس داشتن؛ حس کردن**

▣ **حس باصره** ☜ **بینایی**

حس ذایقه ☜ **چشایی**

حس سامعه ☜ **شنوایی**

حس لامسه ☜ **بِساوایی**

حس شامه ☜ **بویایی**

⊡ **حس کردن:** هەست کردن؛ هەسین.

حساب / hesāb/: [عربی]/اسم. حەساو؛ حیساب؛ حەسێب. ١. هەسوو؛ لقێ لە زانستی بیرکاری ٢. /ـها/ سیاهە؛ ڕیزی قەرز و فەرزی کەس یان ڕێخراوەیەک لەگەڵ کەس یان ڕێخراوەیەکی تردا ‹حساب شما خیلی بالا رفته، قدری پول بدهید: سیاهەتان زۆرچۆتە سەر، هێندێک پارەمان بدەنێ› ٣. قەرز یان بستێنکاری ‹چرا حساب ما را نمی‌دهید: بۆچی حەساوی ئێمە نادەی؟› ٤. سیاهەی دارایی، سەودا، قەرزداری یان قەرزدەری کەسێ یان ڕێخراوەیەک ٥. نرخی کالا یان ڕاژەی سەوداکراو ‹حسابمان چقدر شد؟: حەساومان بوو بە چەند؟› ٦. ژمار؛ ژمارە؛ ئەژمار؛ هەژمار ‹حساب گلهای تیم برنده: ژماری گولەکانی تیمی سەرکەوتوو› ٧. ڕەوت؛ دۆزەنە؛ ڕێک‌وپێکی و گەڕانی کار ‹مواظب باش حساب کار از دستت در نرود: هۆشت بێ ڕەوتی کار لە دەستت دەرنەچێ› ٨. بڕیارنامە یان پێکهاتی نێوان کەسانێک بۆ سەودا کردن و داوسانی پارە یان کالا ‹حساب بانکی؛ حساب پس‌انداز: حەساوی بانکی؛ حەسێبی پاشکەفت› ٩. هۆکار؛ هۆ؛ سەبەب ‹روی چە حسابی این حرف را می‌زنی؟: لە سەر چ حەساوێک ئەم قسە دەکەی؟› ١٠. کاری ژماردن یان پێدا گەیشتن بە ژمارە یان چۆنیەتی شتێک ‹مهمانها را حساب کن ببین چند نفرند: میوانەکان حەسیب کە بزانە چەن کەسن› ١١. کاری زانین؛ دانان؛ گرنگی پێدان، بایەخ پێ دان یان بە شتێ دانان ‹اصلاً او را آدم حساب نمی‌کنند: هەر بە بنیادەمی نازانن›.

⊡ **حساب ابجد:** حەسێبی ئەبجەد؛ حەساوی ئەبجەد: **حساب جُمَل**

الف =١	ک =٢٠	ر =٢٠٠
ب =٢	ل =٣٠	ش =٣٠٠
ج =٣	م =٤٠	ت =٤٠٠
د =٤	ن =٥٠	ث =٥٠٠
هـ =٥	س =٦٠	خ =٦٠٠
و =٦	ع =٧٠	ذ =٧٠٠
ز =٧	ف =٨٠	ض =٨٠٠
ح =٨	ص =٩٠	ظ =٩٠٠
ط =٩	ق =١٠٠	غ =١٠٠٠
ی =١٠		

حساب بانکی: حەساوی بانکی؛ حەسێبی بانقی؛ جۆرێ بڕیارنامەی نێوان کەس یان دامەزراوەیەک لەگەڵ بانکدا بۆ پارازتنی پارە لە بانک و وەرگرتنی لە هەرکاتێکی پێویست یان لە پاش ماوەیەکی دیاریکراودا.

حساب پس‌انداز: حەسێبی پاشەکەوت؛ حەساوی پاشەکەفت؛ چەشنێک حەساوی بانکی بۆ پاشەکەوت خستنی پارە لە لای بانکێکەوە.

حلب / halab، ـها/: [عربی]/اسم. پووت؛ پۆت؛ تەنەکە؛ تەنکە؛ تنکە: ۱. دەفرێکی شەش‌پاڵوو زۆرتر لە جنسی حەڵەبی ‹حلب روغن: پووتی ڕۆن› ۲. ئەو ڕادە لە هەر شتێک کە لە پووتێکدا جێ دەبێتەوە ‹دو حلب روغن مصرف شد: دوو پووت ڕۆن بە کار برا›.
حلبی / halabî، ـها/: [عربی]/اسم. تەنەکە؛ حەڵەبی؛ حەڵەوی؛ پەڕەیێکی ناسکی ئاسن کە بە توێژێکی قەلا داپۆشراوە ‹قوطی حلبی: قوتووی حەلەبی›.
حلبی آباد / halabîābād، ـها/: [عربی/ فارسی] اسم. [مجازی] حەڵەبی‌ئاوا؛ گەڕەکە خانووی لە تەنەکە و شتی بێ‌نرخی‌تر (زۆرتر لە دەور و بەری شاراندا).
حلبی‌ساز / halabîsāz، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] اسم. تەنەکەساز؛ حەڵەبی‌ساز؛ وەستای دروست‌کردنی کەل‌وپەلی تەنەکەیی (وەکوو پووت، بۆشکە، قوڵەکوورە و...) ساز دەکا.
حلبی‌سازی / halabîsāzî/: [عربی/ فارسی]/اسم. تەنەکەسازی: ۱. کار یان پیشەی تەنەکەساز ۲. /ـها/ کارگەی تەنەکەسازی.
حلزون / halazûn، ـها/: [عربی]/اسم. شەیتانۆکە؛ چاوشەیتانە؛ هێلکەشەیتان؛ شەیتانەکڵە؛ ناخوون‌شەیتان؛ کەسپک؛ قەپۆشکە؛ قەپووشک؛ گیاندارێکی نێر-مای بچووکی نەرم و شل، بە دوو جووتە شاخەک کە چاوی لە سەر جووتێکیانە و قاپیلکەیەکی لە سەر کۆڵە، خۆی تێدا دەشارێتەوە.
حلزونی / halazûnî، ـها/: [عربی] صفت. پێچ‌پێچۆکە؛ قیت و بەپێچ؛ پێچەڵپێچ؛ وەک قاپی شەیتانۆکە.
حلق / halq/: [عربی]/اسم. گەروو؛ گەڵوو؛ گلوەزێ؛ گەوری؛ کش‌کشێ؛ قورگ؛ قوڕوو؛ قوڕی؛ ئەوک؛ بەشێ لە دەزگای گەوارشت کە لە نێوان دەم و سوورێنچکدایە.
حلقات / halaqāt/: [عربی] جمعِ ☜ **حلقه**
حلق‌آویز / halqāvîz/: [عربی/ فارسی] صفت. ئەڵقاوێز؛ دارەڵۆز؛ بەپەت هەڵاوەسراو؛ ئاوێزان‌کراو لە ملەوە (بە ئاڵاندنی گوریسێک لە مل و پێوە هەڵواستن بە مەبەستی خنکاندن) ‹خودش را از درخت حلق‌آویز کرده بود: خۆی لە دارەکەوە ئەڵقاوێز کردبوو›.
حلقوم / holqûm، ـها/: [عربی]/اسم. [ادبی] گەروو؛ گەڵوو؛ گلوەزێ؛ قورگ؛ قوڕوو؛ قوڕی؛ ئەوک؛ قورتاسە ‹از حلقوم او بیرون کشید: لە گەرووی هێنایەوە›.
⊡ **از حلقوم کسی بیرون کشیدن:** [مجازی] لە گەرووی کەسێ هێنانەوە؛ بە کەسێ هەڵهاوردنەوە؛ لە قوڕگی کەسێ هاوردنەوە؛ لە کەسێ بە زۆر ساندنەوە ‹پولها را از حلقومش می‌کشم بیرون: پارەکە لە گەرووی دێنمەوە›.
حلقوی / haqavî/: [عربی] صفت. گەوی؛ خەلەکی؛ ئاڵقەیی؛ جەغزۆکە؛ خڕۆکە؛ گاخ‌گۆڕ؛ خازئاسا؛ وێنەی جەغز و بازنە ‹کرم حلقوی: کرمی گەوی›.
حلقه / halqe، ـها؛ حَلَقات/: [عربی]/اسم. ۱. ئاڵقە؛ گەو؛ خەلەک؛ بازنە؛ چەمەر؛ چەمبەر؛ هەڵەک؛

خاز؛ گاخ؛ کەمە؛ گوهارۆک؛ هەڤێرکی؛ تریێ؛ هەر شتێکی خڕ، گرۆڤەر یان بازنەیی ‹حلقەی زلف؛ حلقەی زنجیر: ئاڵقەی زوڵف؛ گەوی زنجیر› ۲. ئاڵقە؛ بازنە؛ گەزرک؛ خەلەک؛ ئەو شتانەی کە بۆ خەملاندن و ڕازانەوە بە قامک، لووت یان گوێیدا دەکەن ‹حلقەی طلا: ئاڵقەی زێڕ› ۳. ئاڵقە؛ گەوی؛ یەکانەی شتگەلی جەغزۆکە ‹چهار حلقە فیلم؛ دو حلقە لاستیک: چوار ئاڵقە فیلم؛ دوو ئاڵقە لاستیک› ٤. گەو؛ گەڕ؛ خول؛ گەزرک؛ خەلەک؛ چەرخە؛ سیستەمێک کە دوای خولدانێک بگەڕێتەوە سەر شوێنی سەرەتایی خۆی ٥. کۆڕ؛ دانیشتن؛ کۆز؛ ئەنجوومەن یان دانیشتنێکی پاڵ بە پاڵی یەک ‹حلقەی دوستان: کۆڕی دۆستان› ٦. *[زیست‌شناسی]* گەو؛ خەپکە؛ چەمەر؛ چەمبەر؛ گەزرک؛ خەلەک؛ هەر بەشێکی سەربەخۆی لەشی کرمئاسایان ۷. چەمەر؛ چەمەرە؛ دانە؛ دەنک؛ یەکانەی شماردنی مار ‹باغ‌وحش تهران چهار حلقە مار بوآ خریداری می‌کند: باخچەی گیانەوەرانی تاران چوار دانە ماری بووا دەکڕێ›.

▣ **حلقەی زنجیر:** ئاڵقە/ گەزک/ گەو/ چەمەرەی زەنجیر؛ هەر کام لەو جەغزۆکانەی کە چوونەتە نێو یەکەوە و زنجیریان سازکردووە.

حلقەی گل: دەستە/ ئاڵقە/ ملوێنە/ گەزرک/ گەوی گوڵ؛ چەپکە گوڵی گەوە کراو کە بۆ شاباش لە ملی کەسێکی دەکەن.

حلقەی نامزدی: ئەنگوستیلەی دەزگیرانی؛ ئاڵقەی دەزگیرانداری؛ ئەنگوستیلەیەک زۆرتر لە کانزای بەنرخ کە کچ و کوڕ لە کاتی دەسنیشان کردندا لە قامکی یەکی دەکەن.

▣ **حلقە زدن:** چەمبەر دان؛ چەمەرە دان: ۱. کەمەگرتن؛ گەو بەستن؛ گەمارۆ دان؛ دەور دان؛ تەمووره دان؛ قۆنگەرە بەستن؛ پەڕانپەڕی شتێ گرتن ‹عدەای دور پیرزن حلقە زدە بودند: بڕێ لە دەور پیرەژنەکە چەمەرەیان دابوو› ۲. پەپکە/ پاپۆکە دان؛ پەپکە بەستن؛ قەف دان؛ چەمۆڵە دەی؛ بە شێوازی ئەڵقە دەرهاتن ‹ماری در آنجا حلقە زدە بود: مارێک لەوێدا پەپکەی دابوو›.

حلقەبەگوش / halqebegûš ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* گوێ‌لەمست؛ گوێ‌ڕایەڵ؛ گۆش‌بەراواز؛ فەرمانبەری وەکوو نۆکەری وا چما خاوەنەکەی ئاڵقەی لە گوێی کردووە ‹غلام حلقەبەگوش: نۆکەری گوێ‌لەمەست›.

حلم / helm/: [عربی] *اسم. [ادبی]* پشوودرێژی؛ پشووداری؛ نەرم و نیانی؛ تەوتین؛ تەوات؛ نتمداری ‹با تو گویم کە چیست غایت حلم/ هر کە زهرت دهد، شکر بخشش: بە تۆ بێژم چیە مانای ئەوپەڕی پشوودرێژی/ کەسێ زەهری دە زارت کرد، ئەتۆ شەکری لە بەر دانێ›.

حلمە / holme/: [؟] *اسم. [کالبدشناسی]* پرزەی زمان؛ هەر کام لەو بەرزاییە وردیلانەی وەک پرزگ کە لە سەر زمانە.

حلوا / halvā ، ـها؛ حلویات/: [عربی] *اسم.* هەڵوا؛ حەڵوا؛ هەلاو؛ هەروا؛ هەلبا؛ هێولا؛ ئاوار؛ ئاسیدە؛ حەریر؛ چێشتی ئارد و شەکر (یان ماکی شیرینی دیکە) و ڕۆن و گولاو و زەعفەران.

▣ **حلوای گل:** هەڵوای گوڵەزەردە؛ هەڵوایەک کە بە جێی ئارد، گوڵە زەردەی تێدەکەن.

▣ **حلوا-حلوا کردن:** *[تعریض]* لە سەر سەر نان؛ لە بان سەر دانیان؛ گەلەک ڕێزلێنان و گرنگی پێدان.

حلوا خیر/ خیرات کردن: *[تعریض]* هەڵوا بەشەو کردن (بۆ وریاکردنەوە لە مەترسیەک دەگوترێ) ‹خیال می‌کنی زندان حلوا خیر می‌کنند؟!: پێت وایە لە بەندیخانەدا هەڵوا بەش دەکەنەوە؟!›.

حلوای کسی را خوردن: *[کنایی]* هەڵوای کەسێک خواردن؛ لە پرسەی کەسێکدا بەشداری کردن؛ پاش مردنی کەسێ مانەوە.

حلـوااردە / halvā'arde/: [عربـی/ فارسـی]/اسـم. تاعین؛ هەڵوائەردە؛ ئاردەقوم؛ هەڵوای کونجی و دۆشاو.

حلواشکری / halvāšekarî/: [عربـی/ سنـسکریت] /اسـم. ئـاردپێچ؛ ئـاردەقوم؛ هەڵـوای کـونجی و شەکر.

حلوامـاهی / halvāmāhî، ـهـا؛ ـان/: [عربـی/ فارسی]/اسـم. ماسـیهەڵـوا؛ ماسـیەکی پانۆکـەی ناسکی خۆشخۆراکی ئاوی گەرمە: **ماهی حلوا**

حلوائی / halvā'î/: [عربی] ☜ **حلوایی**

حلوایی / halvāyî، ـها/: [عربی]/اسـم. هەڵـوایی: ١. هەڵواچی؛ کەسێ کە پیـشەی سـازکردن (و فرۆشتن)ی هەڵوایە ٢. کارگای هەڵوا ساز کردن ٣. هەڵوافرۆشـی؛ دووکـانی هەڵـوا فرۆشـی * **حلوائی**

حل وفصل / hall-o-fasl/: [عربی]/اسـم. چاروبـڕ؛ کار و ڕەوتی کۆتایی هێنان بـە شـەڕ و نـاکۆکی ‹آخر توانستی اختلافشان را حلوفـصل کنـی؟: ئـاخری توانیت ناکۆکیەکانیان چاروبر کەی؟›.

حلـول / hulûl, holûl/: [عربـی]/اسـم. کـاری دەرهاتن لە جێگا یان شوێنێکەوە.

▣ **حلول سال نـو:** دەسـپێکردنی سالـی نـوێ؛ داهاتنی ساڵی تازە ‹حلول سال نو را بـه جنابعالی تبریک می‌گویم: دەسپیکردنی سالـی نویتـان لـێ پیرۆزبایی دەکەم›.

▣ **حلول کردن روح کسی:** گیان خزانـە لەشـی کەسێکەوە؛ خزانی ڕۆحی کەسـێ لـە لەشـی کەسێکیترەوە ‹شاید روح گرگ در او حلول کرده: گاهەز گیانی گورگ خزابیتە لەشیەوە›.

حلویات / halavîyyāt, halvîyyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **حلوا**

حله / holle/: [عربی]/اسم./ادبی/ ١. جـلوبـەرگی نوێ؛ بەرگی نوێ؛ گنجی گەوز ٢. جـلوبـەرگی خەملاو و ڕازاوە.

حلیم[١] / halîm/ ☜ **هلیم**

حلیم[٢]: [عربی] صفت./ادبی/ پـشوودرێژ؛ نـەرم و نیان؛ بەپشوو؛ پشوودار؛ بردبـار؛ دڵـفراوان ‹مـرد حلیم و موقری بـود: پیـاوێکی پـشوودرێژ و سـەنگین بوو›.

حلیه / helye/: [عربی]/اسم./ادبی/ خشڵ؛ زیوەر.

حمـار / hemār، ـان/: [عربـی]/اسـم./ادبـی/ کـەر؛ هەر؛ گوێدرێژ ‹آدمی را عقل باید در بدن/ ورنه جـان در کالبد دارد حمار: بۆ مرۆ ئاوەز لـە لەشـدا پێویـستە/ باسی گیان بێ، خۆ کەریش گیانی هەیە›.

حماسه / hamāse, hemāse، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. ١. /نامتداول/ پاڵەوانی؛ بەدڵ و جەرگی؛ ئازایەتی؛ دلێری ٢. شیعر یان چیرۆکێک کـە لـە بـارەی دلێری و پالـەوانەتیەوە گـوتراوە ٣. بەسـەرهاتی دلێران و پاڵەوانان ٤. /مجازی/ کار یـان ڕووداوی قارەمانانە.

حماقت / hemāqat، ـها/: [عربی]/اسم. گـەوجی؛ دەبەنگی؛ بێئاوەزی؛ سایلۆحی؛ گێـژی؛ گێلـی؛ بێفکری ‹خود بزرگ‌بینی نشان حماقت است: خـۆ بـە زل زانی نیشانەی گەوجیە›.

▣ **حماقـت کـردن:** گـەوجیکـردن؛ دەبـەنگی کردن؛ کەریەتیکردن؛ گەوجی دانـە خـەرجا ‹حماقت کردی آن کار را نپذیرفتی: گـەوجیت کـرد ئەو کارەت قبووڵ نەکرد›.

حمـال / hammāl/: [عربـی]/اسـم. ١. ـهـا؛ ـان/ کۆڵبەر؛ کۆڵکێش؛ کۆڵهەڵگر؛ کوولی؛ هـەمل؛ عەنباڵ؛ حـەماڵ؛ حـەنباڵ؛ حـەمباڵ؛ عـەمباڵ؛ عەمبار ٢. ☜ **کِشتیدُم-٢**

حمـالی / hammālî، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. کۆڵکێشی؛ حەماڵی؛ حەمباڵـی: ١. کۆڵـبەری؛ کۆڵهەڵگری ‹حالا دیگر حمالی هم ماشینی شده است: ئێـستە ئیتـر کـۆڵکێشیش بۆتـە ماشـینی› ٢. /کنایی/ کاری سەخت و کەم بارەچە.

حمام / hammām/: [عربی]/اسم. ١. ـها/ گەرماو؛ گـەرماوە؛ سـناو؛ خانوویـەک بـە کەرەسـەی پێویستەوە بەشێوەی ژووری جیاـجیا و ئـاوی

سارد و گەرم، کە هەر کەسێ دەتوانێ بە دانی پارەیەک بڕوا و خۆی تێدا بشۆرێ ‹حمام عمومی: گەرماوی گشتی› ۲. /ـها/ حەمام؛ حومام؛ حمام؛ سناو؛ ژوورێکی ساز کراو لە ماڵدا بۆ خۆ شوتن ‹توی حمام بودم که تلفن زنگ زد: لە حەمام بووم تەلەیفوونەکە زەنگی دا› ۳. حەمام؛ کار یان ڕەوتی لەش خستنە بەر کارتێکری شتێکەوە بە مەبەستی دەرمان یان حەسانەوە ‹حمام آفتاب: حەمامی هەتاو› ٤. /ـها/ تەشت؛ دەفرێ کە تراوێکی تێدایە بۆ خووساندنی شتێک لە نێویدا ‹حمام آبکاری: تەشتی ئاوکاری›.

▣ **حمام خزینه:** خەزێنە؛ گەرماوی وا کە خەزێنەی ببێ.

حمام خصوصی: نمرە؛ حەمامی تایبەتی؛ حەمامی تاکەکەسی؛ گەرماوێ کە ژووری تایبەتی بۆ شوشتنی کەسێک (و هاوڕێکانی) هەبێ: **حمام نمره**

حمام دوش: حەمامی دووش؛ گەرماوێ کە بۆ شۆردن لە دووش کەڵک وەردەگیرێ.

حمام زنانه: حەمامی ژنانە: ۱. گەرماوی گشتی بۆ ژنان. هەروەها: **حمام مردانه** ۲. *[کنایی]* کانی ژنان؛ هانەو ژەنا؛ جێگای زۆر پڕدەنگ و قەرەباڵغ.

حمام سونا: حەمامی سۆنا: ۱. حەمامی وا کە بە هەڵم گەرم دەبێ ۲. حەمامی خاوەن کەرەسەی بەدیهێنانی هەڵم.

حمام عمومی: حەمامی گشتی؛ گەرماوی گشتی؛ گەرماوێ کە خەڵکی پێکەوە و پاڵ بە پاڵی یەک خۆیان دەشۆن.

حمام نمره ☜ **حمام‌خصوصی**

▣ **حمام آفتاب گرفتن:** خۆ هەڵخستن؛ خۆ بەر بەرۆچکە دان؛ بە ڕووتی لە بەر هەتاو هەڵاژیان.

حمام خون به راه انداختن: *[کنایی]* جۆگەی خوێن بەردانەوە؛ لافاوی خوێن خستنە ڕێ؛ قەڵاچۆ تێخستن؛ کوشت و کوشتاری زۆر کردن ‹نازیها در ورشو حمام خون به راه انداختند: نازیەکان لە ڤەرشۆدا جۆگەی خوێنیان بەرداوە›.

حمام رفتن/ کردن: حەمام‌کردن؛ ڕۆیشتن بۆ گەرماو؛ بۆ خۆ شۆردن چوون بۆ حەمام.

حمامه / hammāme/: [عربی] ☜ **کبوتر-۱**

حمامی / hammāmî ، ـها/: [عربی]/اسم. حەمامچی؛ حەمامدار؛ بەرپرسی حەمام ‹همسایه‌مان حمامی است: دراوسێکەمان حەمامچیە›.

حمایت / hemāyat ، ـها/: [عربی]/اسم. پشتیوانی؛ پشتەڤانی؛ زێرەڤانی؛ پشتگری: ۱. ئاگاداری لە کەسێ یان شتێک لە بەرانبەر مەترسی یان گەزنەوە ‹حمایت از خانواده‌های بی‌سرپرست: پشتگری لە بنەماڵەگەلی بێ‌سەرپەرشت› ۲. پشتیوانی لە کەسێک بۆ ئەنجامدانی کارێک ‹حمایت از دولت: پشتیوانی لە دەوڵەت›.

حمایتی / hemāyatî/: [عربی] *صفت*. پشتگرانە؛ بە دۆخ یان چۆنیەتی پشتیوانی‌کردن.

حمایل / hamāyel ، ـها/: [عربی]/اسم. حەمایەل؛ حەمایل؛ حەنبەڵ؛ هەر چی ڕاست و چەپ دە مل کرێ و شۆڕ بێتەوە.

▣ **حمایل کردن:** خستنە سەر شان؛ کردنە شاندا؛ حەنبەڵ کردن؛ لە سەر شان شۆڕکردنەوە ‹دستش را حمایل گردنش کرده بود: دەستی خستبووە سەر شانی›.

حمد / hamd/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* ستایش؛ پەسن؛ حەمد.

حمد و سوره / hamd-o-sûre/: [عربی]/اسم. حەمد و سوورە؛ دوو سوورەی حەمد و تەوحید کە لە نوێژا دەخوێنرێ.

حمق / homq/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* گەوجی؛ بێ‌ئاوەزی؛ دەبەنگی ‹خودستایی نشانه‌ی حمق است: بە خۆدا هەڵگوتن نیشانەی گەوجیە›.

حمقا / homaqā/: [عربی] جمعِ ☜ **احمق**

حمل / hamal/: [عربی] /اسم. ۱. ☜ **بره-۱**

۲. [قدیمی] خاکەلێوە؛ ئاخەلێوە؛ گوڵوەس؛ سیاوکام؛ گولوس؛ هەوەڵین بورج لە ۱۲ بورجی ساڵ.

حمل / haml/: [عربی]/اسم. ۱. ئاز و گۆز؛ کار یان ڕەوتی بردن؛ گواستنەوە؛ ڕاگوێزان؛ بەردەی؛ هەڵگرتن و بردنی شتێ لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی‌تر ‹حمل بار؛ حمل مسافر: ڕاگوێزانی بار؛ گواستنەوەی مسافر› ۲. [نامتداول] بار؛ تۆڵ؛ پز؛ گۆدەک؛ منداڵێ کە لە سکی دایکدا بێ ۳. [ادبی] کار یان ڕەوتی وا دانان؛ بۆ چوون؛ گاهەزی دان ‹حمل بر خودستایی نشود: وای دامەنین بەخۆمدا هەڵدەڵێم›.

▣ **حمل اسلحه:** هەڵگرتنی چەک ‹دو نفر به جرم حمل اسلحه دستگیر شدند: دوو کەس بە تاوانی هەڵگرتنی چەک قۆلبەست کران›.

حمل بار: بارەڵگری؛ هەڵگرتنی بار؛ هەڵگرتن و جێبەجێ کردنی بار ‹ماشین ویژەی حمل بار: ماشینی تایبەتی هەڵگرتنی بار›.

▣ **حمل شدن:** بارکران؛ بران؛ بریەی؛ ئازوگۆزکران؛ هلهاتن؛ جێبەجێ بوونی بار لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی دیکە ‹اثاث خانه به بانه حمل شد: کەلپەلی خانووەکە بارکرا بۆ بانە›.

هەروەها: **حمل کردن**

حملات / hamalāt/: [عربی] جمعِ ☜ **حَمله**

حمل‌ونقل / haml-o-naql، ـها/: [عربی]/اسم. ئازوگۆز؛ ئاڵوگۆڕ؛ ئاڵوگوێر.

حمله / hamle، ـها؛ حَمَلات/: [عربی]/اسم. هەڵمەت؛ هێرش؛ هەو؛ گالا؛ شالاو؛ شاتاڵ؛ ڕاهشت؛ هێشک؛ پەلامار؛ هورووژم؛ ئرشت؛ هرشت؛ وەرد: ۱. جووڵانی بە گوژم و گڕی شەڕهەلایسێن بە مەبەستی گەزن‌گەیاندن یان تاراندنی دیتران ‹سگ به من حمله کرد: سەگەکە پەلاماری دام› ۲. ڕۆیین بەرەو لای دوژمن بۆ شکست پێدانی ‹دیشب به سنگرهای ما حمله کردند: دوێنێ‌شەو هێرشیان کردە سەر مەتەرێزەکانمان› ۳. جووڵانی بەلەز بەرەو ئامانجێک ‹همه یکباره به طرف شیرینی‌ها حمله کردند: گشت بە جارێ هێرشیان بردە سەر شیرنیەکان› ٤. [ورزش] بزووتن بەرەو زەوینی هەڤبەر یان پەل‌وپۆ بۆ وەرگرتنی سەرپشکیەک و بۆڕ پێدانی ‹تیم حریف دو بار به دروازه‌ی ما حمله کرد: دەستەی هەڤبەر دوو جار هەڵمەتی دەروازەیان داین› ۵. پلار؛ ولەول و تووڕەیی وێڕای هەڵشاخان ‹روزنامه‌ها به وزیر راه حمله کردند: ڕۆژنامەکان وەزیری ڕێیان دایە بەر پلار› ٦. گورمتە؛ گورمژ؛ بەرکردەوەی بە گزوگوژمی نەخۆشیەک ‹حمله‌ی قلبی: گورمتەی دڵ›.

حمله‌دار / hamledār، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] اسم. سەرکاروان؛ سەرپەرشتی کاروانی حەج.

حمله‌ور / hamlevar/: [عربی/ فارسی] صفت. هەڵمەتبەر؛ شالاوبەر؛ پەلاماردەر؛ وروژم‌کەر؛ هاژۆتکار؛ گورمژبەر؛ وەشکی.

حمیت / hamîyyat/: [عربی]/اسم. [ادبی] خیرەت؛ زۆم؛ هەستی پێویستی پشتیوانی کردن لە شتێکی خۆشەویست.

حمیده / hamîde/: [عربی] صفت. [ادبی] پەسندکراو؛ لەبار؛ شیاو ‹صفات حمیده: خۆ و خدەی پەسندکراو›.

حمیر / hemyar/: [عربی]/اسم. حێمیەر: ۱. تیرەیەکی سپی پێستی سامی، نیشتەجێی یەمەن کە دوایی لەگەڵ تیرەکانی دیکەدا تێکەڵ بوون ۲. /ـها؛ ـان/ هەر کام لە کەسانی ئەو تیرەیە.

حنا / hanā/: [عربی]/اسم. خەنە؛ خەنێ؛ خنیە؛ هەنە؛ هنە: ۱. /ـها/ بنچکێکی گوڵ سپی و هۆشەیی بە کۆمەڵە ۲. گەردی وشکەوبوو لە گەلاگەلی ئەو گیایە کە وەک ماکێکی ڕەنگی و ئاڕایشتی بە کاری دەبەن.

▣ **حنا بستن/ گذاشتن:** خەنەگرتن؛ گرتنەوەی خەنە بە سەر و دەست و پا و نینۆکاندا.

حنای کسی (پیش دیگری/ دیگران) رنگ

نداشتن: *[مجازی]* دەفە/ پارەی کەسێک لای کەسێک یا کەسانێکەوە دەنگ نەدان/ نەچوون؛ هاردی پەی یۆی نەمەنەی؛ بێبایەخ بوونی کەسێک بەلای کەس یان کەسانێکی ترەوە ‹حنای تو دیگر پیش ما رنگ ندارد: دەفەی تۆ چیتر لای ئێمەوە دەنگ نادا›.

حنائی / hanā'î/: [عربی] ☜ **حنایی**

حنابندان / hanābandān/: [عربی/ فارسی]/اسم. خەنەبەندان؛ خەنەبەنان؛ کۆ بوونەوەی ژنان شەوی پێش بووک بردن کە خەنە دەگرنە دەستی بووک و کیژان.

حنایی[1] / hanāyî/: [عربی]/اسم. خەنەیی؛ ڕەنگی سووری ڕۆشن کە لە قاوەیی دەکا: **حنائی**. هەروەها: **حنایی‌رنگ**

حنایی[2]: صفت. خەنەیی؛ خەنەین: ۱. خەناوی؛ تێکەڵ بە خەنە ‹دستم حنایی شد: دەسم خەناوی بوو› ۲. بە ڕەنگی خەنە ‹چند پر حنایی داشت: چەند پەڕی خەنەیی هەبوو› ✽ **حنائی**

حنبلی / hambalî, hanbalî/: [عربی]/اسم. حەمبەلی؛ حەنبەلی: ۱. یەک لە چوار مەزهەبی موسوڵمانانی سوننی کە ئیمام ئەحمەدی حەنبەل (۱٦٤-۲٤۱ ک. م.) و شاگرد و یارەکانی دایانناوە ۲. ـها/ شوێنکەوتووی ئیمام ئەحمەدی حەمبەل.

حنجره / hancare/: [عربی]/اسم. کشکشێ؛ بەشی بەدیهێنەری دەنگ لە نێوان زمان و گەرووداکە لە دوو ماسوولکەی ناسک و چینێک ژێتار پێک هاتووە.

حنظل / hanzal/: [عربی]/اسم. هندوانەی ابوجهل ☜ **هندوانه**

حنفی / hanafî/: [عربی]/اسم. حەنەفی: ۱. یەک لە چوار مەزهەبی موسوڵمانانی سوننی کە ئیمام ئەبووحەنیفە (۸۰-۱۵۰ ک. م.) و شاگردەکانی دایانناوە ۲. ـها؛ ـان/ شوێنکەوتووی ئیمام ئەبووحەنیفەیە.

حنوط / hanût, honût/: [عربی]/اسم. حەنووت؛ حونووت؛ ماکێکی بۆنخۆشە لە لەشی مردووی دەدەن.

حوا / havvā/: [عربی]/اسم. ۱. حەووا؛ دایکەوا؛ ژنی بابەدەم؛ خێزانی بابەدەم؛ مەشیانە؛ هەوەڵین ژنی ئافرێنراو لە ئامۆژەکانی دینی موسوڵمانان، خاچپەرستان و جوولەکاندا ۲. *[نجوم]* ☜ **مارافسای ـ۲**

حوائج / havā'ec/: [عربی] ☜ **حوایج**

حوادث / havādes/: [عربی] جمعِ ☜ **حادثه**

حواری / havārî، ـان؛ ـون/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* حەواری؛ نازناوی هەرکام لە یارانی عیسای پێغەمبەر ‹یهودا یکی از دوازده حواری مسیح بود: یەهوودا یەک لە دوازدە حەواری مەسیح بوو›.

حواس / havās(s)/: [عربی]/اسم. ۱. جمعِ ☜ **حِس** ۲. هزر؛ های؛ جەی؛ واق؛ سەرنج و ئامادەیی زەین ‹حواس کسی را پرت کردن: هزری کەسێ شێواندن›.

▣ **حواس کسی به چیزی بودن:** هۆشی کەسێ بە لای شتێکەوە بوون؛ جەی یۆی لاو چێوێوەنە بیەی ‹حواسم به رادیو بود: هۆشم بە لای ڕادیۆکەوە بوو›.

حواس کسی را پرت کردن: هزری کەسێک شێواندن ‹صدای آژیر حواسم را پرت کرد: دەنگی ئاژیرەکە هزری شێواندم›. هەروەها: **حواس کسی پرت بودن؛ حواس کسی پرت شدن**

حواس کسی نبودن: *[گفتاری]* هۆشی کەسێک بە خۆیەوە نەبوون؛ بیری کەسێ بڵاو بوون؛ جەی نەبیەی؛ سەرنج نەدان ‹اصلاً حواسش نیست دارد چه می‌کند: هەر هۆشی بە خۆیەوە نیە چی ئەکا›.

حواس‌پرت / havāspart، ـها/: [عربی/ فارسی] صفت. کەمهۆش؛ کەمزەین؛ تووشی بیربڵاوی هاتوو ‹آدم حواس‌پرت که نباید سر صندوق بنشیند: مرۆی کەمهۆش کوا دەبێ لە سەر دەخلەوە

دانیشێ›.

حواس‌پرتی / havāspartî ، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم/. کەم‌هۆشی؛ بیر بلاوی؛ کەمزەینی؛ دۆخ یان چۆنیەتی نەبوونی توانایی کەڵک وەرگرتن لە زەین و بیر و یاد.

حواشی / havāšî/: [عربی] جمعِ ☜ **حاشیه**

حواصیل / havāsîl ، ـها/: [عربی]/اسم/. ماسی‌خۆرە؛ شاوە؛ شاهۆ؛ شاڤ؛ ناوی چەن جۆر باڵندەیە کە لە قەراخی ئاودا دەژین.

▣ **حواصیل ارغوانی**: سووره‌یلک؛ شاوە مل‌درێژ؛ جۆرێک ماسی‌خۆرەی شاپەڕ قاوەیی و سوورە کە لای چاوی بە چەند پەڕ ڕازاوەتەوە.

حواصیل دودی: شاوە بۆرە؛ شاوە سلتانی؛ شاوە بەلەک؛ جۆرێ ماسی‌خۆرەی گەورەی سەر سپی و بەرسینگ ڕەشە.

حواصیل زرد: شاوە جغەدار؛ شاوە زەردە؛ شاوە زەردکە؛ ماسی‌خۆرەیەکی زەرد و سپیە.

حواصیل شب: ڕەشە شاوە؛ واقی شەوێ؛ ماسی‌خۆرەی سەر و پشت ڕەشی باڵ و جووچک بۆر.

حوالت / havālat/: [عربی]/اسم/. [ادبی] هەواڵە؛ حەواڵە.

حوالجات / havālecāt/: (!) [عربی] جمعِ ☜ **حواله**

حواله / havāle ، ـها؛ حوالجات/: [عربی]/اسم/. حەواڵە؛ ئاراسە؛ پسوولە: ۱. نووسراوەیەک کە تێیدا خوازراوە پارە یان شتێک بە هەڵگری بدرێ ‹این حواله را ببر ۵۰ بند کاغذ بگیر: ئەم حەواڵە بەرە و ۵۰ بەند کاغەز وەرگرە› ۲. ڕەوتی ناردن؛ پارە یان ماڵێک کە لە لایەن کەسێک یان دامەزراوەیێکەوە بۆ دیتری دەنێردرێت ‹صد تومان برایش حواله کردم: سەد تمەنم بۆ نارد› ۳. ڕەوتی خستن؛ ئەسپاردنی کارێک بە کەسێ، کاتێ یان شوێنێکی‌تر ‹به ماه آینده حواله کردند: خستیانە مانگێکی‌تر›.

▣ **حواله دادن کسی به جایی**: [کنایی] حەواڵە بە گەواڵە پێ کردنی کەسێک؛ کەسێک دەستاودەس پێکردن ‹مرد بیچاره را توی اداره از این اتاق به آن اتاق حواله دادند: ئەو پیاوە داماوەیان لە مەزرینگەدا، لەم دیو بۆ ئەو دیو حەواڵە بە گەواڵە پێ‌دەکرد›.

حواله کردن چیزی به طرف کسی: فڕێدانی شتێ بۆ کەسێک ‹سنگ را به طرفم حواله کرد: بەردەکەی فڕێدا بوم›.

حوالی / havālî/: [از عربی]/اسم/. دەوروبەر؛ دەور و وەر؛ هەڤێرکە؛ ئالی؛ دەوران‌پشت؛ دەوروپشت؛ مەوق ‹خانه‌شان در آن حوالی بود: ماڵەکەیان لەو دەوروبەرەدا بوو›.

حوایج / havāyec/: [عربی] جمعِ ☜ **حاجَت: حوائج**

حوت / hût/: [عربی]/اسم/. ۱. ☜ **ماهی[1]ـ۱** ۲. [تقویم] ڕەشەمە؛ دوایین بورج لە دوازدە بورجی ساڵ.

حورانی / hûrānî/:/اسم/. حوورانی: ۱. هۆزی کەونارای سپی‌پێستی نیشتەجێی ئاسیای بچووک ۲. /ـها؛ ـان/ هەرکام لە خەڵکی ئەو هۆزە ۳. زمانی ئەو هۆزە.

حوری / hûrî/: [عربی]/اسم/. /ـها؛ ـان/ حۆری؛ هووری؛ کیژی جوانی ناو بەهەشت.

حوزه / howze, ho:ze ، ـها/: [عربی]/اسم/. ۱. ناوچە؛ دەوەر؛ دەڤەر؛ کاڤار؛ شوێن یان مەڵبەندێک کە لە ژێر کارتێکەری ڕووداوێکی سروشتی، کار یان ئاکارێکدا بێ ‹حوزه‌ی انتخابات؛ حوزه‌ی نفتی: ناوچەی هەڵبژاردن؛ دەوەری نەوتی› ۲. بنکە؛ جێگە یان ناوەندی پێوەندیدار بە کارێکەوە ‹حوزه‌ی حزبی: بنکەی حیزبی›.

▣ **حوزه‌ی استحفاظی**: دەڤەری پاسەوانی؛ ناوچەی چاودێری.

حوزه‌ی انتخاباتی: ناوچەی هەڵبژاردن؛ ناوچەیەک لە شار یان پارێزگایەک کە مافی

هەڵبژاردنی نوێنەریان هەیە.

حوزەی حزبی: بنکەی حیزبی؛ چکۆلەترین یەکەی حیزبی کە لە کۆ بوونەوەی چەن کەس لە ئەندامانی حیزب پێکدێ.

حوزەی رأی‌گیری: بنکەی دەنگدان؛ جێگای دانانی سندووقی دەنگەکان بۆ هاتنی خەڵکی بۆ دەنگ‌دان.

حوزەی علمیّه: جێگایێ کە فێرکاری دینی تێدا ئەنجام دەدرێ.

حوزەی فعالیت: دەڤەری کار؛ ناوچەی کار؛ ئاقار یان گۆڕەپانی کار.

حوصله / howsele, ho:sele /: [عربی]/اسم. تاقەت: ۱. *[گفتاری]* تابشت؛ هێدکی؛ پشوو لەسەرخۆیی ‹کمی حوصله کن، درست می‌شود: کەمێ تاقەت بێنە، دروست دەبێ› ۲. لەش؛ تاو؛ هاز؛ تەڤا؛ تەیاری زەین بۆ ئەنجامدانی کارێ ‹حوصلەی هیچ کاری را نداشت: تاقەتی هیچ کارێکی نەبوو›.

▣ **حوصله به خرج دادن:** خۆ ڕاگرتن؛ تابشت هێنان ‹خیلی حوصله به خرج دادم و چیزی نگفتم: زۆرم خۆ ڕاگرت و هیچم نەگوت›.

حوصلەی کاری یا کسی را نداشتن: واز لە کەسێ یان شتێ نەبوون؛ لەشوو کەسێوی یا هەرمانێوە نەبیەی ‹دیگر حوصلەی خواندن ندارم: دیتر وازی خوێندنم نیە›.

حوصله کردن: تاقەت هێنان؛ تاقەت هاوردن؛ وێسان و هیچ کارێ نەکردن ‹کمی حوصله کن، درست می‌شود: کەمێ تاقەت بێنە، جێبەجێ دەبێ›.

حوصلەی کسی را سر بردن: *[مجازی]* کەسێک وەڕەز/ بێ‌تاقەت/ جاڕزکردن ‹این سر و صدا حوصلەی همەی ما را سر برد: ئەم هەرا و هوریایە هەموومانی وەڕەز کرد›.

حوصلەی کسی سر رفتن: *[مجازی]* ۱. وەڕەز بوون؛ جاڕز بوون؛ بێ‌تاقەت بوون ‹از آن همه غرولند، حوصلەی همەی ما سر رفته بود: لەو هەموو خته و بۆڵە هەموو جاڕز ببووین› ۲. داگیران؛ داگیریان؛ خەم و خەفەت داگرتن ‹از تنهایی حوصلەام سر رفت: لە تەنیایی داگیرام›.

حوض / howz, ho:z ، ـها /: [عربی]/اسم. ئەستێرک؛ حەوز؛ بڕکە؛ بڕک؛ کوڕان؛ جۆرنە؛ ئاوگیرێکی دەسکرد و ڕووباز، چکۆلەتر لە ئەستێر ‹کنار حوض نشست تا دستش را بشوید: لە لای ئەستێرکەکە دانیشت دەسی بشوا›.

حوضچه / howzče, ho:zče ، ـها /: [عربی/ فارسی]/اسم. حەوزۆکە: ۱. کوڕان؛ جۆرنە؛ ئەستێرکی چکۆلە ۲. چاڵێکی گەورەی دەورگیراو لە لای ئاوێکی گەورەوە (وەکوو دەریا و چۆم) ‹حوضچەی نمک‌گیری: حەوزۆکەی خوێگری› ۳. ئەستێر؛ ئەستێرک یان جێگایەک بۆ هەڵگرتنی تراو و ئەنجامدانی کار لە سەری ‹حوضچەی پرورش ماهی: ئەستێرکی بارهێنانی ماسی›.

حوضخانه / howzxāne, ho:z- ، ـها /: [عربی/ فارسی]/اسم. *[قدیمی]* حەوزخانە؛ ژوورێک (زۆرتر) لە ژێرزەویندا بە ئەستێرک و فوارەوە کە لە شارگەلی گەرمیاندا بۆ دانیشتن لە ڕۆژانی گەرمی هاویندا کەڵکی لێوەردەگرن.

حوضه / howze, ho:ze ، ـها /: [عربی]/اسم. ۱. ئاوەڕۆ؛ ناوچە یان دەڤەرێ کە ئاوەکانی دەڕێژێتە ناو زەریا، زەریاچە یان چۆمەوە ۲. بەراو؛ ناوچەیەک کە لە ئاوی ڕووبارێک تێراو دەبێ.

حول / howl, ho:l /: [عربی]/اسم. ۱. /حوالی/ ئاقار؛ پەگاڵ ‹حول محورش می‌چرخید: لە پەگاڵ خولگەکەیدا دەخولایەوە› ۲. توانایی؛ هێز؛ هاز؛ تەشە؛ تاو؛ گوڕە.

حول و حوش / howl-o-howš, ho:l-o-ho:š ، ـها /: [عربی]/اسم. پەگاڵ؛ دەور و پشت؛ دەور و پەشت؛ دەوراندەور؛ هاوێردۆر؛ هێڵ؛ دەور و بەر؛

پەڕانپـەڕ؛ کـەناره و کـەنار؛ قـەراخ بێچـاخ؛ دۆرماندۆر.

حولـه / howle, ho:le ، ـها/: [؟]/اسم. خـاولی؛ هەوله؛ مەرحەمه؛ پشتەماڵ؛ پەشتەماڵ؛ پارچەی نەرم و کولکنی خۆ وشک‌کردنەوە.

حولـــەای / howle'î, ho:le'î/: [؟] صـــفت. مەرحەمەیی؛ هەولەیی: ١. شیاو بۆ خاولی ٢. لە چەشـن یـان وەکـوو خـاولی ‹پارچـەی حولـەای: قوماشی مەرحەمەیی›.

حومـه / howme, ho:me ، ـها/: [عربـی]/اسـم. ١. ئاقـار؛ هانقـاس؛ هانقـەراس؛ هانقـار؛ دەور و بەری ئاوەدانی ٢. دەور و بەر؛ ئاوابیەک نێزیـک بە شار ‹ساکنان حومەی کرمانشاه: دانیشتوانی ئاقاری کرماشان›.

حـی / hay(y)/: [عربـی] صـفت. [ادبی] زینـدوو؛ زینوو؛ زینه؛ زنده؛ زنی ‹او حـیّ و حاضر جلو شما ایـستاده: ئـەوا زرپ و زینـدوو لـە بـەردەم ئێـوەدا ڕاوەستاوە›.

حیا / hayā/: [عربی]/اسم. شەرم؛ فـەدی؛ فهێـت؛ حەیـشۆ؛ چەشـووریێ؛ چـاوڕوو، ڕاف؛ شـەرم و شوورەیی؛ حەیا ‹خوب است که آدم کمی حیا داشـته باشد: چاکه بنیادەم هێندێک شەرمی هەبێ›.

▣ **حیا کردن:** شەرم کردن؛ حەیا کردن ‹پسر حیا کن! این کارها خوب نیست: کوڕە شـەرم بکـە! ئـەم کارانه باش نیه›.

حیات / hayāt/: [عربی]/اسم. [ادبی] ژیـان؛ ژیـن؛ ژیوەی؛ ژی؛ ژیو؛ زندەگی؛ زینگی ‹حیات و ممات: ژیان و مەرگ›.

▣ **حیات وحش:** ژیـانی کـەژی؛ گیـانی کـەژی؛ ژیانی گیانلەبەرانی کێوی.

▣ **حیات داشـتن:** زینـدوو بـوون؛ زینـوو بـوون؛ زینگ بوون؛ لە ژیاندا بوون؛ زینـه بیـەی ‹آن موقع پدرم حیات داشت: ئەو کاته بابم زیندوو بوو›.

حیاتبخش / hayātbaxš/: [عربـی/ فارسـی] صـفت. [ادبی] گیانبەخش؛ بەخشێنەری ژیان یـان هـۆی درێژەی ژیـان ‹پرتـو حیـاتبخش خورشـید: تیـشکی گیانبەخشی هەتاو›. هەروەها: **حیاتبخشی**

حیات‌وممات / hayāt-o-mamāt/: [عربـی]/اسـم. [ادبی] ژیان و مـەرگ؛ بـوون‌ونـەبوون؛ مـەردە و ژیوەی؛ مەرگ‌وزیندەگی ‹حیات‌وممـات او بـه ایـن بحـث بـستگی دارد: ژیـان و مـەرگی بـەم باسـەوە بەسراوە›.

حیـــاتی / hayātî/: [عربـــی] صـــفت. حـــەیاتی: ١. ژیانی؛ زندەگی؛ زینـدەگی؛ پێوەندیـدار یـان سـەر بـە ژیانـەوە ‹فعالیّتهـای حیـاتی: کارگـەلی حەیاتی› ٢. زۆر گرینگ؛ بەسـتراوە بـە گیانـەوە ‹وجود آب و هوا برای جانداران حیاتی است: هـەبوونی ئاو و هەوا بۆ گیانەوەران حەیاتیه›.

حیـاط / hayāt ، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. حـەوش؛ حەوشـە؛ هـەوش؛ هەسار؛ حەسـار؛ لامـەردوو؛ گۆڕایی ناو چار دیواری ماڵ ‹سـاختمان حیـاط هـم دارد: خانووەکه حەوشەشی هەیه›.

▣ **حیاط خلوت** ☜ **حیاط‌خلوت**

حیاط‌خلوت / hayātxalvat ، ـها/: [از عربی]/اسم. حەوشەخەڵوەتی؛ حەوشـەی چکوولـەی پـشتی خـانوو ‹فقـط یـک حیـاط‌خلـوت کوچـک دارد: تـەنیا حەوشەخەڵوەتێکی چکوولەی هەیه›.

حیث / heys/: [عربی]/اسم. ١. [نامتـداول] جێگـە؛ جێ؛ یاگێ؛ شـوێن؛ شـۆن؛ لـۆر؛ ئاسـت ٢. هـۆ؛ سۆنگە؛ بۆنه؛ بەڵگە.

▣ **از حیث:** لە ئاستی؛ لە سـۆنگەی؛ لـە لایـەن؛ باروو ‹از حیث جا مشکل داریم: لە ئاستی جێگـەوە گرفتمان هەیه›.

حیثیت / heysîyyat/: [عربی]/اسم. وەج؛ ئابـڕوو؛ ئابوور؛ هیسمەت؛ ئەرزشت و برەو لە کۆمەڵـگادا ‹از حیثیّت خودمـان دفـاع مـی‌کـنیم: وەجـی خۆمـان دەپارێزین›.

حیدری / heydarî/: [عربـی] صـفت. حەیـدەری: ١. پێوەندیدار یان سەر بە تەریقەتی قوتبـەدین حەیـدەر سـۆفی ئێـرانی (٥٠٨ – ٦١٥ ک. م.)

۲. ـها/ شوێن‌کەوتووی ئەو تەریقەتە.

حیران / heyrān/: [عربی] *صفت.* حەیران؛ سەر سوورماو؛ سەرسڕماو؛ سەرسام؛ سەر لێ شێواو؛ واق‌وڕماو؛ هەیرو.

▣ **حیران شدن:** سەر سووڕمان؛ واق‌وڕمان؛ سەرسام بیەی؛ سەرەماسەی؛ سەر زڤران؛ پەشۆکان؛ تاسان؛ مات بوون؛ وڕ بیەی؛ تووشی سەرسووڕماوی و سەر لێ شێواوی هاتن ‹از آن همه زیرکی حیران شدم: لەو هەموو وریاییە سەرم سووڕما›.

حیران کردن: حەیران‌کردن؛ مات‌کردن؛ گێژ و وڕکردن؛ وڕ و کاس‌کردن؛ تەرتلاندن؛ کلمساندن؛ کەوشاندن؛ سەرسام کەردەی؛ تووشی سەرسووڕماوی و سەر لێ شێواوی کردن ‹رفتار او مرا حیران کرد: ئاکاری، منی مات کرد›.

حیران ماندن: وڕ و کاس بوون؛ مانەوە؛ مات بوون؛ کلمسین؛ بشکفین؛ کەوشین؛ تەرتلین؛ مەنایوە؛ سەرسووڕماو و سەرگەردان مانەوە ‹از جوابی کە داد حیران ماندم: لەو پەرسڤە دایەوە مات بووم›.

حیرانی / heyrānî، ـها/: [عربی]/*اسم.* سەرسامی؛ سەرسووڕماوی؛ وڕی؛ مەنگی.

حیرت / heyrat/: [عربی]/*اسم.* سەرسامی؛ سەرسووڕماوی؛ ڕاماوی؛ واق‌وڕماوی؛ هیدمان؛ بار و دۆخ و چۆنیەتی لە دەست دانی توانای هەڵسانگاندنی ڕووداوگەل و بڕیار دان لە سەریان ‹من هم دچار حیرت شدم: منیش تووشی سەرسامی هاتم›.

▣ **در حیرت ماندن:** سەرسام مانەوە؛ سەرسووڕماو بوون؛ ڕاماو بوون. هەروەها: **حیرت کردن؛ دچار حیرت شدن**

حیرت‌انگیز / heyratangîz/: [عربی/ فارسی] *صفت.* سەرسووڕێنەر ‹رفتار من برایش حیرت‌انگیز بود: ئاکاری من بۆی سەرسووڕێنەر بوو›.

حیرت‌آور / heyratāvar/: [عربی/ فارسی] *صفت.* سەرسووڕێنەر؛ سەرسامی‌هێنەر ‹این اوضاع حیرت‌آور است: ئەم دۆخە سەرسووڕێنەرە›.

حیز / hayyez/: [عربی] /*اسم.* /*[ادبی]* جێگە؛ جێگا؛ جاگە؛ یاگێ: ۱. جێ؛ شوێن؛ شۆن؛ لۆر؛ وار؛ ئاست ۲. *[مجازی]* شوێنەوار.

▣ **حیز امکان:** جێگەی ڕوودان؛ ئاستی ڕەخسان/ شیان ‹این امر در حیز امکان نیست: ئەم کارە لە ئاستی ڕەخساندا نیە›.

حیز انتفاع: پلەی کەڵک وەرگرتن؛ ئاستی کەڵک لێ وەرگرتن ‹کتاب را از حیز انتفاع ساقط کردی: کتێبەکەت لە پلەی کەڵک وەرگرتن خست›.

حیص وبیص / heys-o-beys/: [عربی]/*اسم.* بگرە و بەردە؛ گیر و داو؛ گرم و قاڵ؛ هەڵلا هەڵلا؛ گوڕە و چەقە؛ چەقە و هەرا؛ گاڵەگاڵ؛ هەرەمەزات؛ گوڕمۆڕە؛ گێرە و کێشە؛ قاڵ و مەقاڵ ‹در آن حیص‌وبیص تو بە فکر پول گرفتن بودی؟!: لەو بگرە و بەردەدا لە بیری پارە وەرگرتن بووی؟!›.

حیض / heyz/: [عربی]/*اسم.* حەیز؛ پۆن؛ پیار؛ پیسار؛ مەهەک؛ مەهک؛ مەهکی؛ بێ‌نوێژی؛ بێ‌نمایی؛ سەرخوێن؛ خوێنی مانگانە؛ عادەتی ژنانە.

حیطه / hîte، ـها/: [عربی]/*اسم.* شوێنەوار: ۱. پەرێز؛ نێو سنوور؛ شتێ کە خاوەن سنوورێکی ڕاستی یان دانراوە بێ ۲. پانایی؛ بەر؛ گۆڕەپانی کار و چالاکیەک.

▣ **حیطەی اختیارات:** سنووری دەسەڵات؛ شوێنەواری دەسچوویی؛ گوڕی دەسەڵات؛ بەری دەسەڵات ‹باید حیطەی اختیارات مدیرعامل شرکت مشخص شود: ئەبێ شوێنەواری دەسەڵاتی سەرۆکی مەزرینگە دیاری بکرێ›.

حیطەی عمل: گۆڕەپانی کار؛ بەری کار؛ پانایی کردەوە؛ گۆڕی گوروە ‹شایستگی او در حیطەی

عمل معلوم می‌شود: لێهاتوویی ئەو لە گۆڕەپانی کاردا دیاری دەدا›.

▣ **به حیطه‌ی تصرف درآوردن:** گرتن؛ داگیر کردن؛ دەس بە سەردا گرتن؛ هێنانە ژێر ڕکێفی خۆ.

حیف / heyf/: [عربی] صوت. مخابن؛ داخ؛ ئاخ؛ حەیف؛ داخ و دەرد؛ وشەی پەشێوی کە لە کاتی لە دەس‌دانی کەسێ یا شتێ یان لە نەبوونیاندا بە کار دەڕوا ‹حیف که پول نداریم: مخابن پارەمان نیە›.

▣ **حیف آمدن:** داخ لێ هاتن؛ حەیف لێ هاتن ‹حیفش آمد آن را پاره کند: داخی لێ دەهات بیدڕێ›.

حیف بودن: جێی داخ بوون؛ حەیف بوون ‹حیف بود که کتاب به آن خوبی را ارزان ت فروختی!: جێی داخ بوو کتێبێ بەو باشیەت هەرزان فرۆشت!›.

حیف شدن: حەیف بوون؛ جێی داخ بوون ‹حیف شد تو نیامدی: حەیف بوو نەهاتی›.

حیف و میل / heyf-o-meyl/: [عربی] اسم. ۱. کار یان ڕەوتی فیڕۆدان؛ خەسارادن؛ خراوکردن و لە کار خستن ‹آن همه دارایی حیف و میل شد: ئەو هەمکە ماڵ و سامانە فیرۆ درا› ۲. کار و ڕەتی هەڵکێشان؛ بە ناڕەوا دەست بەسەر ماڵێکدا گرتن ‹در آن سازمان چقدر حیف و میل کردی؟: لەو مەزرینگەیەدا چەندت هەڵکێشا!›.

حیل / hîyal/: [عربی] جمعِ ☜ **حیله**

حیلت / hîlat، ـها/: [عربی] اسم. [ادبی] فێڵ و فریو.

حیله / hîle، ـها؛ حِیَل/: [عربی] اسم. فێڵ؛ فێلک؛ فڕ و فێڵ؛ گزی؛ گغنی؛ گەڕ؛ هاوانتە؛ چیل؛ فریو؛ ڕێو؛ ئاوانتە؛ کەلەک؛ دەقلی؛ دۆم؛ پاختە؛ فرت؛ دۆلاب؛ قەسس؛ لەبان؛ گەف؛ گەڕوگوڕ.

حیله‌گر / hîlegar، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. فێڵباز؛ گزیکەر؛ گزیکار؛ کەلەکباز؛ داولێدەر؛ گڕنی‌باز؛ چەتلەمەز؛ تەپڕەش؛ ڕیپۆ؛ دەغووڵ؛ فێلوو؛ دەغڵباز؛ هەنگباز؛ سۆر؛ حەکەباز؛ حەکار؛ دۆمدار؛ قەلبەزەن؛ زەقەڵ؛ گەڕساز؛ بە توانا یان هۆگری کەلک وەرگری لە فێڵ ‹روباه حیله‌گر: ڕێوی فێڵباز›. هەروەها: **حیله‌گری**

حین / heyn, hîn/: [عربی] اسم. کات؛ ئان؛ چاخ؛ دان؛ تان؛ گاف؛ وەخت ‹در این حین او هم رسید: لەم کاتەدا ئەویش گەیشت›.

حیوان / heyvān، ـها؛ ـات/: [عربی] اسم. گیانەوەر: ۱. حەیوان؛ زیندەوەر ‹حیوان وحشی: حەیوانی دەشتەکی› ۲. گیاندار ‹انسان حیوان ناطق است: مرۆڤ گیانەوەرێکی ئاخێوەرە›.

حیوان‌صفت / heyvānsefat، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. دڕ؛ دڕندە؛ خاوەن خووی حەیوانی.

حیوانی / heyvānî/: [عربی] صفت. حەیوانی: ۱. پێوەندیدار یان سەر بە زیندەوەرەوە ‹روغن حیوانی: ڕۆنی حەیوانی› ۲. وەکوو حەیوان ‹زندگی حیوانی: ژیانی حەیوانی› ۳. [مجازی] دڕی؛ دووری لە شارستانیەت ‹رفتار حیوانی: ئاکاری حەیوانی›.

حیوانیت / heyvānîyyat/: [عربی] اسم. دڕندەیی؛ دڕی؛ دڕندەخۆیی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی حەیوان بوون.

حی و حاضر / hayy-o-hāzer/: [عربی] صفت. زیت‌وزیندوو؛ زرپ‌وزنی؛ زرپ‌وزینگ ‹ببین، آرام حی‌وحاضر است و می‌تواند شهادت بدهد: بروانە، ئارام زرپ‌وزیندووە و دەتوانێ شایەتی بدا›.

حیوونی / heyvûnî/: [از عربی] صوت. [گفتاری] بەستەزمان؛ بەسەزوان؛ وشەیەک بۆ نیشان دانی بەزەیی هاتنەوە بە گیانداریکدا ‹حیوونی گربه رفت زیر ماشین: پشیلەی بەستەزمان کەوتە ژێر ماشینەوە›.

حیه / hayye/: [عربی] ☜ **مار-۱**



خ / x/: حرف. خ؛ نیشانەی نۆهەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی.

خ / xe/: اسم. خێ؛ ناوی نۆهەمین پیتی ئەلفوبێتکەی زمانی فارسی.

خا / xā/: اسم. ۱. خا؛ ناوی عەرەبی نۆیەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی ۲. جاو.

خائف / xā'ef/: [عربی] ☜ **خایف**

خائن / xā'en/: [عربی] ☜ **خاین**

خائیدن / xā'îdan/ ☜ **خاییدن**

خاتم[1] / xātam ، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. [ادبی] ئەنگوستیلە؛ کلکەوانە؛ ئەنگوسوانە؛ ئەنگوشتەر ۲. [ادبی] مۆرخوانە؛ مۆرخانە؛ مۆرخەوانە؛ نقێم؛ بەردەئەموستیلە؛ قاشەئەنگوستیلە؛ نگینی ئەنگوستیلە ۳. خاتەمکاری.

خاتم[2]: صفت. دوایین؛ دوامین؛ دواگین؛ دوایەمین؛ دواهەمین؛ دماگین؛ دمایین؛ دمەین؛ ئەوپەڕین؛ ئاخرین ‹خاتم انبیاء: دوایین پێغەمبەر›.

◙ **خاتم انبیا**: ۱. دواییني پێغەمبەران؛ ئاخرین پێغەمبەر؛ ئاخرینی پێغەمبەران ۲. نازناوی پێغەمبەری ئیسلام، لای موسوڵمانان.

خاتمکاری / xātamkārî/: [عربی/ فارسی]/اسم. ۱. هونەر یان فەنی جوانکاری بە بڕین و پێکەوە لکاندنی لەتە ئێسک و چێو لە پەنای یەکتر ۲. /ـها/ بەرهەمی ئەو هونەرە. هەروەها: **خاتمکار**؛ **خاتمساز**؛ **خاتمسازی**

خاتمه / xāteme/: [عربی]/اسم. کۆتایی؛ دوایی؛ دمایی؛ بنەتا؛ ئەنجام.

◙ **خاتمەی کار**: کۆتایی کار؛ دوایی کار؛ ئاخری کار ‹خاتمەی کار دادگاه اعلام شد: کۆتایی کاری دادگا ڕاگەیێندرا›.

در خاتمه: لە کۆتاییدا؛ لە دواییدا؛ لە ئاخردا؛ جە دماییینە؛ لە ئاخرەوە؛ لە ئاکامدا ‹در خاتمه دلیل جرمش را اعلام کرد: لە کۆتاییدا هۆکاری تاوانەکەی ڕاگەیاند›.

◙ **خاتمه دادن**: دوایی (پێ) هێنان؛ کۆتایی (پێ) هێنان؛ تەواوکردن؛ قەداندن؛ تەمامنەی ‹کار را خاتمه داد: کارەکەی دوایی پێ هێنا›.

خاتمه دادن به خدمت کسی: کۆتایی هێنان بە کاری کەسێک؛ کەسێ لە سەر کارەکەیەوە وەدەرنان؛ کەسێک لە سەر کاریەوە لابردن/ دەر کردن ‹از امروز به خدمت شما خاتمه داده می‌شود: لە ئەوڕۆوە کۆتایی بە کاری ئێوە دەدرێ›.

خاتمه یافتن: دوایی هاتن؛ کۆتایی هاتن؛ کۆتایی پێهاتن؛ تەواو بوون؛ قەتیان؛ قەدیان؛ دما ئامەی؛ هەرادیای؛ تەمامیەی ‹گردهمایی در ساعت ۱۰ خاتمه یافت: کۆبوونەوەکە کاتژمێری ۱۰ دوایی هات›.

خاتون / xātûn ، ـها؛ خواتین/: [ترکی]/اسم. [قدیمی] خاتوون؛ خاتون؛ خاتوونه؛ خات؛ کابان؛ کەیبانوو؛ کەیوانۆ؛ کەبانوو.

خـاج / xāc ، ـهـا/: [ارمنـی]/اسـم. [گفتـاری] ۱. سەلیب؛ خاچ؛ چـەلیپا؛ چقـر؛ چـەپوڕاسـت ۲. خاج؛ خالّی وەرەقی کایـە ، وێنـەی گـەڵای گژنیز: **گژنیز؛ گشنیز**

خـاج پرسـت / xācparast ، ـهـا؛ ـان/: [ارمنـی/ فارسـی]/اسـم. [گفتـاری] مەسـیحی؛ فەلـە؛ خاچپەرست؛ عیسایی.

خاجی / xācî/: [ارمنی] صفت. خاچی؛ سـەلیبی؛ بە وێنەی خاچ ‹استخوان خاجی: ئێسقانی خاچی›.

خاخـام / xāxām ، ـهـا/: [عبـری]/اسـم. خاخـام؛ مەلای جوو؛ پێشەوای دینی یەهوود.

خادم[1] / xādem ، ـها؛ ـان؛ ـین؛ خُدّام؛ خَدَم؛ خَدَمـه/: [عربی]/اسـم. ۱. [قـدیمی] بەردەسـت؛ خزمـەتکار؛ پاکـار؛ خزمـەتچی ۲. خایـەم؛ خـادم؛ مجـەور؛ مجێور؛ خزمەتکاری دامەزراوەی ئـایینی ‹خـادم مسجد: مجێوری مزگەوت›.

خـادم[2]: صـفت. [ادبـی] خزمـەتکار؛ خـاوەنی پێشینەی ئەنجامدانی کار بە قازانجی کەس یان کەسانی دیکە ‹این دانشمند یک عمر خادم ملک و ملت بود: ئەم زانایە هەموو ژیانی خزمەتکاری خەڵک و وڵات بوو›.

خار / xār ، ـها/: اسم. ۱. درووو؛ درو؛ درک؛ دڕی؛ دڕێ؛ دڕەی؛ ڕوو؛ چقڵ؛ چقوڵ؛ چوقڵ؛ چـەقڵ؛ کوررە؛ زیادەی دەرزیئاسـای ڕوەکـان ۲. هـەر بتەگیایەکی دڕوودار ۳. ئەوەی وەها بیچمێکـی هەبێ ٤. [صنعت] جـۆرە میلەیـەکی چکۆلـە بـە دەرپەڕیوی یان چالێکەوە کە لە هەندێ کـاری پەیوەند کردن و برێ پێچ یان پەرچـدا کەڵـکی لێدەگرن ٥. [مجازی] جەخار؛ ڕەنج؛ ئازار.

▣ **خـار از پـای کـسی کنـدن:** [کنـایی] دروو لـە لەشـی کەسـێک دەرهێنـان؛ بـاری کەسـێ هەڵگرتن؛ بە هانای کەسێکەوە هاتن؛ یارمەتی دان و خزمەتی کەسێ کردن.

خـار در جگـر داشـتن: [مجـازی] خوێنـاو هەڵهێنان؛ زووخ لە دڵدا بوون؛ دڵ پڕ لـە داخ بوون؛ دەروون پڕ پەژارە بوون.

خـار در چـشم کـسی بـودن: [مجـازی] چقـڵی چاوی کەسێک بوون؛ بوونە هۆی ڕق و زیـزی کەسێ ‹شور و شوق جوانـان خـار در چـشم ارتجـاع اسـت: کـرد و کۆشـی گـەنجان چقـڵی چـاوی کۆنەپەرستیە›.

خار راه کسی شدن: [کنایی] بوونە دڕکی مەم و زینـان لـە ڕێـی کەسـێ؛ بوونـە لەمپـەر بـۆ گەیشتنی کەسێک بە مەبەستی.

خارا / xārā/: اسم. ۱. خـارا؛ گرانیـت؛ چەشـنێ ئاگرە بەردی دەنک درشتی ئەسیدییە.

خـاراگوش / xārāgûš ، ـهـا/: اسم. گورزەگیـا؛ گیاهەنگی؛ ئاڵفە گیاییکی خۆڕسکە نیومیتر بەرز دەبێ، گوڵی زەرد دەکا و بۆنی گەز و توندە.

خاراندن / xārāndan/: مصدر. متعدی. // **خاراندی:** خوراندت؛ **می خارانی:** دەخورێنی؛ **بِخاران:** بخورێنە// خورانـدن؛ خـورانن؛ خوەرانـدن؛ قـەخوراندن؛ ورنەی؛ قامک، نینۆک یـان شـتێکی زبـر و زوور هێنانـە پێـستی لەشـدا ‹پـشت خارانـدن: پـشت خوراندن›. هەروەها: **خاراندنی**

■ صفت مفعولی: **خارانده** (خورێنراو)/ مصدر منفی: **نَخاراندن** (نەخوراندن)

خاربن / xārbon/: اسم. وەرەک؛ پنجـە دڕکـی دەر و دەشت.

خارپشت / xārpošt ، ـها؛ ـان/: اسم. ۱. ژیـشک؛ ژووژوو؛ ژیژوو؛ ژیژۆ؛ ژژوو؛ ژیژی؛ ژویژی؛ چولپە؛ گیانداریکی گوانداری شتجـوێن، داپۆشـراو لـە دڕکی باریک و نووکتیژ، کـە بـە سـانایی لێـی دەبێتـەوە، بـەڵام ناتوانـێ بـە ویـستی خـۆی بیهـاوێژێ ۲. سـیخور؛ سـیچڕ؛ سـووچڕ؛ سیخچوولە؛ گیانەوەرێکی گوهانداری شەوگەڕی دونیـای کـۆن (ئـەورووپا، ئاسیا و ئافریقـا) لـە

ڕاستەی مێرووخۆران، کە پێستی سەرووی لەشی دڕکاویە و دەتوانێ بەرەو هەر لایەک بیانهاوێ.
خارپشت‌ماهی / xārpoštmāhî/ ☜ ماهی خاردار، **ماهی**[1]
خارج[1] / xārec/: [عربی]/اسم. ۱. دەرەوە؛ دەرۆ؛ دەر؛ دەرێ؛ دەرقە؛ دەراهیا؛ بەر؛ قەر؛ ئەودەر ‹خارج کلاس: دەرەوەی پۆل› ۲. [گفتاری] دەرەوە؛ بەرەوە؛ هەندەران؛ وڵاتی بیانی؛ لاوەکی ‹خارج درس خوانده: لە دەرەوە خوێندوویەتی› ۳. [شیعە] خارج؛ خولی باڵای خوێندنی مەزهەبی شیعە.
خارج[2]: قید. دەرەوە: ۱. دەر لە؛ لە دەرەوە؛ لە دەرێ؛ لە دەر؛ لە دەرۆ؛ جیا یان دوور لە ڤالایی، ناوان یان گرۆیەک ‹خارج از کشور: لە دەرەوەی وڵات› ۲. [گفتاری] بەر؛ ئەو بەر؛ دەرۆ؛ دەرێ؛ دەشت؛ دەیشت؛ بە دەر لە شوێنێک ‹ببر خارج: ببیە دەرەوە› ۳. [گفتاری] دەری؛ بەرەوە؛ لە دەرەوەی شوێنێک ‹سطل را گذاشته بود خارج از آشپزخانه: سەتڵەکەی لە دەرەوەی ئاشپەزخانە دانابوو›.
▣ **خارج از ساعت کار**: جیا لە کاتی کار؛ کاتی جگە لە ماوەی فەرمی کار ‹خارج از ساعت کار کسی در اداره نمی‌ماند: جیا لە کاتی کار کەس لە مەزرینگەدا نامێنێتەوە›. هەروەها: **خارج از وقت**
خارج از نوبت: بە نۆبەبڕی؛ بە نۆبەبڕکێ؛ بە نۆبەبڕکە؛ وە نۆرەبڕی؛ بەبێ ڕەچاوکردنی نۆرە و زۆرتر پێش لەوە ‹می‌خواست خارج از نوبت کارش را راه بیندازد: ئەیویست بە نۆبەبڕی کارەکەی بخاتە ڕێ›.
▣ **خارج خواندن**: [موسیقی] لادان؛ لەگەڵ دەزگا یان ئاهەنگ و هەوادا ڕێک نەبوون.
خارج شدن: چوونە دەر؛ چوونە دەشتەوە؛ ڕۆینە دەرەوە؛ چوونە دەرۆ؛ زیەیرە؛ ئەرەزیەی؛ لوەی بەر ‹از خانه خارج شدن: لە ماڵ چوونە دەر›.

خارج کردن/ ساختن: دەرکردن؛ بردنە دەرەوە؛ هێنانە دەرەوە؛ کردنە دەرەوە؛ زنیایرە؛ ئەرەزنیەی؛ بەردەی بەر ‹او را در حال خارج کردن اشیاء گرفتند: لە کاتی دەرکردنی شتەکاندا گرتیان›.
خارج‌قسمت / xārec(e)qesmat، ـها/: [عربی] اسم. [ریاضی] بەرکەوت؛ بەرکەت؛ دەسهات و ئاکامی دابەش کردن ‹اگر ۱۰۰ را به ۵ قسمت کنیم، خارج‌قسمت می‌شود ۲۰: ئەگەر ۱۰۰ بکەینە ۵ بەشەوە، بەرکەوتەکەی دەبێتە ۲۰›.
خارجه / xārece/: [عربی/ فارسی]/اسم. دەرەوە؛ بەرەوە: ۱. هەندەران؛ وڵاتی بیانی؛ وڵاتی نامۆ؛ وڵاتی لاوەکی ‹رفته بود خارجه: ڕۆیشتبووە هەندەران› ۲. هەر شوێنێ لە ئەو دیوی سنووری وڵاتێکەوە ‹اخبار خارجه: دەنگوباسی دەرەوە›.
خارجی[1] / xārecî/: [عربی]/اسم. ۱. /خوارج/ [قدیمی] خەواریج؛ هەر یەک لە هۆگرانی دەستەیەک کە لە چەرخی هەوەڵی کۆچیدا، شەڕی عەلی و معاویەیان بە حەرام زانی و پێشەوایی هیچیان پەسند نەکرد ۲. /ـها؛ ـان/ لاوەکی؛ بیانی؛ دەرەکی؛ خەڵکی وڵاتی بیانی ‹دوتا خارجی هم توی آن هتل بودند: دوو کەسی بیانیش لەو ئۆتێلەدا بوون›.
خارجی[2]: صفت. دەرەکی: ۱. لاوەکی؛ بیانی؛ پێوەندیدار یان سەر بە وڵاتی بێگانەوە ‹پول خارجی: دراوی دەرەکی› ۲. لە دەرەوە ‹دیوار خارجی: دیواری دەرەکی›.
خارخسک / xārxasak، ـها/:اسم. پێکوڵ؛ پێکۆڵ؛ پەیکۆڵ؛ پەیکول؛ پەیکولە؛ پێکولە؛ پێکولی؛ پەیکۆڵێ؛ کونجرکە؛ قونجر؛ قونجرکە؛ دڕسووچە؛ سێچوکڵ؛ سێدانە؛ سێددانە؛ سێدیانە؛ دڕکێکی سێسووچە بە زەویدا پان دەبێتەوە و دانەکانی بۆ دەرمان دەشێ.
خاردار / xārdār/: صفت. دڕکاوی؛ دڕکدار؛ دڕکین؛ چقڵاوی؛ خاردار؛ بەچقڵ؛ دڕواوی؛

درکال؛ دڕکۆڵ؛ پڕدڕک ‹بوتەی خاردار: دەوەنی دڕکاوی›.

خارستان / xār(e)stān/: اسم. دڕکەجاڕ؛ دڕکەزار؛ دڕکەسان؛ جێگەی دڕوان؛ شوێنی پڕچقڵ.

خارش / xāreš/: اسم. حەکە؛ هکە؛ ئالۆش؛ خارشت؛ خوروو؛ کلاش؛ کلاشە؛ کلاشەخورە؛ خارش؛ کرکلاش؛ ووڕ؛ گەزنەک؛ ڕەوتی پەیدا بوونی بزوێنە یان هەستەوەرێک لە لەشدا کە دەبێتە هۆی ئالۆش لێ پەیدابوونی ئەو جێگەیە.

خارشتر / xāršotor ، ـها/: اسم. حوشترالۆک؛ حوشترئالووک؛ هوشترالۆک؛ وشترخۆرکە؛ وشترخار؛ وشترخوەرە؛ حوشترخۆرە؛ شیرحوشتر؛ وشتردڕک؛ دڕکەژاڵ؛ کۆلەوار؛ یانداخ؛ عەگول؛ عاگول؛ کاوێر؛ ستری‌شینکە؛ ستری‌شینک؛ بنەگیایەکی گەڵا جووتی دوور لە یەکە بە دڕکی درێژ و سەوزەوە، ماکێکی شیرین بە ناو تورەنجەبین دەدەڵێنێ: **شترخار**

خارشک / xārešak/: اسم. [گفتاری] ۱. گاڵ؛ نەخۆشیەکی گیرۆی پێستە هاوڕێ لەگەڵ زیپکە (بەتایبەت لە سەر پێستی دەست) و خورووی زۆردا ۲. ئاڵشت؛ ئالۆش؛ خارشت.

خارشکر / xāršekar ، ـها/: [فارسی/ سنسکریت] اسم. شەکرۆکە؛ شەکرووکە؛ شەکرۆ؛ شەکروو؛ قەن‌شەکرۆک؛ قەن‌شەکیرووک؛ شەکرەشوانە؛ شەکرەتۆسی؛ سەرتەشی؛ سەلکەتەشی؛ سەرکەتەشی؛ کەرتەشی؛ دڕکەگورزە؛ گیایێک بە سەلکێکی فری زۆر دڕکاوی و گوڵی سپی ئامال شینەوە، ماکێکی قەندی دەدەڵێنێ کە بۆ دەرمان ئەشێ.

خارق‌العاده / xāreqol'āde/: [عربی] صفت. سەرسووڕێنەر؛ سەیر؛ سەمەرە؛ سەیر و سەمەرە؛ هەژەند؛ دوور لە بار و دۆخ یان چۆنیەتی ئاسایی ‹کار خارق‌العاده: کاری سەرسووڕێنەر›.

خارک / xārak ، ـها/: اسم. خورمای زەرد و وشک.

خارکن / xārkan ، ـها؛ ـان/: اسم. [قدیمی] پووشکەچن؛ کەسێ کە دڕک و داڵی لە چۆلگە و بیاوان کۆ دەکردەوە و وەک سووتەمەنی بە کڕیارانی دەفرۆشت.

خارکنی / xārkanî/: اسم. [قدیمی] پووشکەچنی؛ پیشەی پووشکەچن.

خارماهی / xārmāhî/: اسم. دەڕەماسی؛ دڕەماسی؛ جۆرێ ماسی کە لای سەر و بەشی دوایینی لەشی باریک و تیژە و لە دڕک دەکا.

خار و خسک / xār-o-xasak/: اسم. [ادبی] دڕک و داڵ؛ پووش و پەلاش؛ گیای وشکەوە بووی بابردەڵە.

خاریدن / xārîdan/: مصدر. متعدی. لازم. //**خاریدی**: خوراندت؛ **می خاری**: دەخورێنی؛ **بخار**: بخورێنە// □ متعدی. ۱. خوراندن؛ قەخوراندن؛ ورنەی؛ بە نینۆک کڕاندن ‹این‌قدر سرت را خاریدی که خون آمد: ئەوندە سەرت خوراند خوێنی لێ هات› □ لازم. ۲. خوران؛ خوریان؛ وریەی؛ شەرمخین؛ کرکان؛ وە خرۆ هاتن؛ ئالۆش لێ پەیدا بوون؛ هاتنە خوران؛ کەوتنە خوران ‹پشتم می‌خارد: پشتم ئەخورێ›.

■ صفت فاعلی: **خارنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **خاریده** (خورێنراو)/ مصدر منفی: **نخاریدن** (نەخوراندن)

خازن / xāzen ، ـها/: [عربی] اسم. ۱. کەرەسەیەک بۆ لە خۆ گلدانەوە و نۆتە کردنی وزەی کارەبا ۲. ـان/ [قدیمی] خزنەدار؛ خەزنەدار؛ خەزێنەدار؛ نیگابانی خەزێنە؛ کەسێ کە چاوەدێری پووڵ و پارەی شوێنێکی لە ئەستۆدایە.

خازنه / xāzene/: اسم. ژن‌خوشک؛ ژن‌خۆیشک؛ گۆرم؛ خوشکی ژن (هاوسەر).

خاس / xās ، ـها؛ ـان/: اسم. دەوەن و دارچکێکی هەمیشە شینی گەڵا ساف و ڕۆشن، بە ڕەنگی سەوزی تۆخ و پانکەڵەی دڕکاویە، گوڵەکانی

سپی یان ئاڵ و بە کۆما لە پەنای گەڵاکانیدا هەڵدەدەن، بەرێکی سووری بریکەدار و جاربەجار زەرد، بە قەدەر نۆکێک دەگرێ کە چوار یان پێنج دەنکە تووی تێدایە: راج

خاستگاه / xāstgāh ، ـها/:/اسم. ئاخێزگە؛ سەرچاوکە؛ سەرچاوگە؛ بنەما؛ جێیەک کە شتێکی لێسەرهەڵدەدا، یان تێیدا بەدی دێ ‹بسیاری آسیای صغیر را خاستگاه فلسفەی غرب می‌دانند: زۆرێک ئاسیای چکۆڵە بە ئاخێزگەی فەلسەفەی ڕۆژاوا دەزانن›.

خاش / xāš/:/اسم. خەسوو؛ خەس؛ هەسروە؛ خەسوێ؛ دایکی هاوسەر (ژن یان مێرد).

خاشاک / xāšāk ، ـها/:/اسم. چیلکە؛ پووش؛ پڕ و پووش؛ پڕپیش؛ پووش و پەڵاش؛ قاڵ؛ قرشک؛ قرش؛ خەش‌وخاڵ؛ خرت و خەوش؛ خاشاڵ؛ خاشە؛ خاش؛ گەرش؛ گەرش و گێڵ؛ گزرە؛ چکاڵ؛ چڕ؛ پووشکە؛ چاڵ؛ چڵ‌وچێو؛ چڕوچێو؛ چڕوچیلکە؛ پووش‌وپار؛ پەڵاش؛ ئاژاڵ؛ ورد و خاشی تۆڵاش و گژ و گیا.

خاص / xās(s)/: [عربی] *صفت.* تایبەت: ۱. تەنیا بۆ شتێ، کەسێک یان چینێک. بەرانبەر: **عام** ‹اسم خاص: ناوی تایبەت› ۲. بە چۆنیەتیەکی هەڵکەوتە و زەق ‹نوع خاص: جۆری تایبەت›.

خاصره / xāsere/: [عربی] *اسم.* خالیگە؛ هالیگە؛ لابرک؛ پووتەگا؛ قەبرغە؛ قەورخە.

خاصه[1] / xāsse ، ـها؛ خواص/: [عربی] *اسم. [نامتداول]* تایبەتمەندی؛ گەوشین.

خاصه[2]: *صفت.* تایبەت؛ تایبەتی؛ گەوشت.

خاصه‌خرجی / xāssexarcî ، ـها/: [عربی] *اسم. [گفتاری]* هەڵەخەرجی؛ بلەخەرجی؛ وێڵ‌خەرجی؛ دەست‌بڵاوی لە بابەتێکی دیاریکراو یان بۆ مەبەستێکی تایبەت (زیاتر بۆ کڕینی کەلپەلی ڕازاوە) ‹این پول برای گذران یک ماه همەی ماست، قرار نیست تو از آن خاصه‌خرجی کنی: ئەم پارە ئی مانگێکمانە، ناکرێ تو هەڵەخەرجی پێ بکەی›.

خاصیت / xāsîyyat ، ـها؛ خواص/: [عربی] *اسم.* ۱. دانستە؛ تایبەتمەندی؛ تایبەتایەتی؛ گەوشین؛ چۆنیەتی یان نیشانەی پێوەندیدار بە کەسێ یان شتێکەوە ‹گرما و سوزندگی خاصیت آتش است: گەرما و سووتێنەری دانستەی ئاگرن› ۲. *[گفتاری]* کارکۆیی؛ کاریگەری؛ کار تێکردنێ کە شتێ لە سەر شتێکی دیکە یان لە سەر هەستەوە دایدەنێ ‹این دوا هیچ خاصیتی نداشت: ئەم دەرمانە هیچ کارکۆییەکی نەبوو›.

▣ **خاصیت داشتن:** *[گفتاری]* بەکەڵک بوون؛ باش بوون؛ خاس بوون؛ هەبوونی کاریگەریەکی بەکەڵک یان چاکەرەوە.

خاطر / xāter/: [عربی] *اسم.* ۱. بیر؛ زەین ‹پریشان‌خاطر: بیربلاو› ۲. /ـها/ یاد؛ ویر ‹بە خاطر آمدن: هاتنەوە بیر›.

▣ **برای خاطر کسی:** لە بەر کەسێ؛ لایین کەسیگ؛ وەروو یۆی؛ بۆ ڕەزامەندی کەسێک.

به خاطر چیزی/ کسی: لە بەر شتێ/ کەسێ؛ وەروو چێوێوی؛ بە بۆنەی شتێک/ کەسێکەوە؛ بۆ یان بە هۆی شتێ یان کەسێکەوە ‹بە خاطر سرما این را پوشیدم: لە بەر سەرما ئەمەم لە بەرکرد›.

▣ **خاطر کسی را آزردن:** کەسێک ڕەنجاندن؛ بوونە هۆی نارەحەتی و ڕەنجانی کەسێ. هەروەها: **خاطر کسی را آسوده کردن**

خاطر کسی را خواستن: خۆش ویستن/ خۆش گەرەک بوونی کەسێک؛ یۆ وەش سیەی.

از خاطر گذشتن ☜ **به خاطر آمدن/ رسیدن**

به خاطر آمدن/ رسیدن: بە بیردا هاتن؛ بە مێشکدا هاتن؛ هاتنەوە بیر؛ ئامەیوە ویر: **از خاطر گذشتن**. هەروەها: **به خاطر آوردن**

به خاطر گذشتن/ خطور کردن: بە مێشکدا تێپەڕین؛ بە بیردا هاتن؛ بە مێشکدا هاتن.

در خاطر ماندن: لە یاد مانەوە؛ لە بیر مانەوە؛ ویرەنە مەنەی.

خاطرات / xāterāt/: [عربی]/اسم. ۱. جمعِ ☜ **خاطره** ۲. بیرەوەری(گەل)؛ هەواڵی ڕووداو و سەربهوردەگەلی پێوەندیدار بە کەسێک یان سەردەمێکەوە ‹خاطرات دوران جوانی: بیرەوەری سەردەمی لاوی›.

خاطرپریش / xāterparîš/: [عربی/ فارسی] صفت. [ادبی] بیربلاو؛ پەرێشان؛ دڵبەخەم.

خاطرپسند / xāterpasand/: [عربی/ فارسی] صفت. [ادبی] دڵگر؛ دڵڕفێن؛ لەبار و بەرچاو.

خاطرجمع / xātercam'/: [عربی] صفت. دڵنیا؛ ئارخەیان؛ دابین؛ دڵهێسا؛ ئاسوودە؛ خاترجەم؛ دڵ‌بجی؛ بێ‌خەم؛ دوور لە نیگەرانی ‹خاطرجمع باش! اتفاقی نمی‌افتد: دڵنیا بە! شتێ ڕوو نادا›.

خاطرجمعی / xātercam'î/: [عربی]/اسم. دڵنیایی؛ ئارخەیانی؛ ئاسوودەیی؛ بێ‌خەمی.

خاطرخواه / xāterxāh/: [عربی/ فارسی] صفت. [گفتاری] ئەویندار؛ دڵدار؛ دڵ‌پێداو؛ دڵار.

خاطرخواهی / xāterxāhî/: [عربی/ فارسی]/اسم. [گفتاری] ئەوینداری؛ دڵداری؛ ئەشکی؛ هۆگری.

خاطرنشان / xāternešān/: [عربی/ فارسی] صفت. بیرهێنەر؛ بیرخەر؛ وەبیرهێنەر.

▣ **خاطرنشان شدن:** ڕاگەیێنران؛ وەبیر هاتنەوە ‹خاطرنشان می‌شود که او دیروز به خانه نیامده است: ڕادەگەیێنرێت کە دوێنێ نەهاتۆتەوە ماڵ›.

خاطرنشان کردن: ڕاگەیاندن؛ وەبیر هێنانەوە؛ خستنەوە بیر؛ وسەیوە هۆش ‹به آنان خاطرنشان کنید که ساعت کار تغییر کرده است: پێیان ڕاگەیێنن ساعەتی کار گۆڕدراوە›.

خاطره / xātere ، ـها؛ خاطرات/: [عربی]/اسم. ۱. بیرەوەری؛ هاتە؛ ڕووداو یان کارێ کە لە ڕابردوودا ڕوویداوەوە و لە یاددا ماوەتەوە ‹از دوره‌ی سربازی خاطره‌های زیادی داشت: لە دەورانی سەربازی بیرەوەری زۆری هەبوو› ۲. یاد؛ بیر؛ ویر؛ کردار و ئاکار یان تایبەتمەندیگەلی درەوشاوەی کەس، شت یان سەردەمێکی دیاریکراو لە ڕابردوودا ‹مردم خاطره‌ی شهیدان را گرامی داشتند: خەڵکی یادی شەهیدانیان بەرز ڕاگرت›.

خاطی / xātî ، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. هەڵەکار؛ تاوانکار؛ تاوانبار؛ شەپنی؛ خەتاکار ‹انسان خاطی مجازات می‌شود: مرۆی تاوانبار سزا دەدرێت›.

خاقان / xāqān ، ـها/: [ترکی]/اسم. [قدیمی] قاقان؛ خاقان؛ نازناوێ کە ئێرانیەکان بە شاکانی چین و تورکستانیان دابوو ‹خاقان چین: قاقانی چین›.

خاک / xāk/: اسم. خاک: ۱. /ـها/ گەرد و تۆزاڵێ کە بە هۆی ورد و خاش بوونی بەرد و ماکی سەرەتاییەوە دەڕسکێ ‹خاک آهکی: خاکی قسڵی› ۲. زەوی؛ ئاخ؛ تۆژێکی ناسک لە پێستەی زەوی کە ئەم ماکانەی تێدایە ۳. زەوین؛ زەمین؛ هەر؛ بووم؛ بوومی؛ ئاخ ‹کره‌ی خاک: گۆی خاک› ٤. [مجازی] سەرزەوین؛ نیشتمان ‹خاک کردستان: خاکی کوردستان› ٥. [مجازی] گۆڕ؛ گڵکۆ؛ قەور؛ قەبر؛ قەبرە؛ زیارەت ‹رفته بودم سر خاک پدرم: چووبوومە سەر خاکی بابم› ٦. [مجازی] لاشە؛ تەرمی کەسێک بەتایبەت دوای داڕزان و ئاوقای گڵکۆ بوون ۷. خۆڵ؛ خوڵە؛ خۆر؛ تۆز؛ تۆزە؛ توزک ‹کتابها را خاک گرفته بود: کتێبەکان خاکیان لێ‌نیشتبوو›.

▣ **خاک ارّه** ☜ **خاکاره**

خاک آهکی: خاکی قسڵین؛ خاکی ئاهەکی؛ خاکی وا کە ماکی قسڵی زۆری تێدایە.

خاک برگ: زمیچ؛ خەزەڵی ڕزاوی تێکەڵ بە خاک.

خاک چرب: خاکە سوورە؛ خوەڵەسوورە؛ چەشنێ خاکی سوورکار کە قوڕەکەی باش کێشی‌دێ.

خاک چینی: کائولێن؛ خاکی چینی؛ خاکی سپی.

خاک رُس: ئیربار؛ خاکەسوورە؛ خۆڵەسوورە؛ خاک‌سوەر؛ چەشنێ خاکی نەرمی دەنک وردە لە هەوڕگەری و کوورەخاناندا بەکار دێ.

خاک رنگبر: گڵی چەوری لابەر؛ گڵی چەوری سڕ ☜ **رُس**
خاک هُوموسی: خاکە ڕەشە؛ گڵە ڕەشە؛ خاکی زۆر نەخت و بەرهێنەر.
▣ **خاک برداشتن:** خاک هەڵگرتن؛ خاک هەڵکەندن؛ خاک لابردن.
خاک بر سر کسی شدن: *[کنایی]* قوڕ چوون بە سەر کەسێکدا؛ لە کەسێک قەومان و تووشی کارەساتی دڵتەزێن بوون ‹**ببین چە** خاکی بە سرم شد: **بڕوا چ** قوڕێ چوو بە سەرما›.
خاک پای کسی بودن: *[مجازی]* خاکی بەر پێی کەسێ بوون؛ خاکی ژێر پێی کەسێ بوون؛ لە بەرامبەری کەسێکدا زۆر کەم بوون یان خۆ بە کەم زانین ‹**می‌گفت** خاک پای شما هستم: **ئەیگوت** خاکی بەر پێی ئێوەم›.
خاک جایی دامنگیر بودن: *[مجازی]* خاکی جێیەک دڵگیر بوون؛ بوونە هۆی مانەوەی کەسێ تێیدا ‹**خاک کردستان** دامنگیر است: خاکی کوردستان دڵگیرە›.
خاک جایی را به توبره کشیدن: *[کنایی]* ئاوی شوێنێک لە ئاوەڕۆیەوە دەرکردن؛ماڵی شوێنێک کردنە جاڕەپیواز؛ خاکی جێیەک بە توورەکە کێشان؛ جێگایەک تەواو کاول کردن ‹**سپاه مغول** خاک ایران را به توبره کشیدند: سپای **موغول** ئاوی ئێرانیان لە ئاوەڕۆیەوە دەرکرد›.
خاک خوردن: تۆز خواردن؛ تۆز لە سەر نیشتن ‹**این کتاب مدتهاست در قفسه** خاک می‌خورد: ئەم کتێبە دەمێکە لە بیرکمەکەدا تۆز دەخوا›.
خاک در آش کسی کردن: *[کنایی]* دڕک کردنە نێو ئاردی کەسێک؛ خۆڵ کردنە دۆشاو/ دۆی کەسێ؛ زیان بە کەسێک گەیاندن.
خاک کردن: *[گفتاری]* ۱. نیان؛ ناشتن؛ چاڵ کردن؛ کەردەی چێروو خاکیەوە ‹**ببر توی باغچه** خاکش کن: **بیبە لە ناو باغچەکەدا** بینە› ۲. *[ورزش]* لە زەوی دان (لە زۆرەبانێدا) ‹**در دو دقیقه حریف را** خاک کرد: **لە دوو دەقەدا حەریفی** لە زەوی دا›.
خاک گرفتن: تۆز نیشتن؛ خاک‌وخۆڵ گرتن؛ تەپ و تۆز لێ نیشتن؛ خاک و خۆڵ جێگاییک داپۆشان ‹**روی آینه را** خاک گرفته بود: **سەر ئاوێنەکە** تۆز نیشتبوو›.
خاک مرده پاشیدن: *[کنایی]* خاکی مردوو پڕژان؛ کوندەبەبوو هێلانە کردن؛ پەپوو خوێندن؛ نەبوونی جم و جووڵی ژیان لە شوێنێکدا ‹**انگار توی شهر** خاک مرده پاشیده بودند: **گاوا بە سەر شاردا** خاکی مردوو پژاوە›.
با خاک یکسان کردن: *[مجازی]* تەخت کردن؛ خاپوورکردن؛ کاول‌کردن؛ وێران‌کردن.
به خاک افتادن: *[کنایی]* ۱. زەبوون بوون؛ زار بوون؛ زەلیل بوون ‹**دشمن** به خاک افتاد: **دوژمن** زەبوون بوو› ۲. مل‌کەچ وێستان؛ سەر دانەواندن؛ کەوتنە سەر دەست و پێ ‹**همه در برابرش** به خاک افتادند: **هەموو لە بەرامبەریەوە** مل‌کەچ ویستان›.
بە خاک افکندن: *[کنایی]* زەبوون‌کردن؛ شکست دان.
به خاک سپردن: *[کنایی]* ناشتن؛ ئەسپەردە کردن؛ نێژان؛ نیان؛ نیەی؛ سراونەی؛ مردوو نانە ناو گۆڕەوە و بە بەرد و گڵ داپۆشینی ‹**او را در جای امنی** به خاک سپردند: **لە جێگایەکی بێ‌مەترسیدا** ناشتیان›.
به خاک سیاه نشاندن: *[کنایی]* نانە قوڕ؛ قوڕەماوکردن؛ هەرگ کردنە سەرا؛ هەڕکەردەی سەرەرە؛ ئاو کردنە ژێرماڵ؛ بێ‌دەستوپێ‌کردن ‹**جنگ ما را** به خاک سیاه نشاند: **شەڕ ئێمەی** نایە قوڕ›.
به خاک و خون کشیدن: *[کنایی]* داپاچین؛ کوشتوبڕ/ قەڵتوبڕکردن.

خاک‌آلود / xākālûd/: صفت. خۆڵاوی؛ خاکاوی؛ تۆزاوی ‹لباسش خاک‌آلود بود: جل و بەرگەکەی خۆڵاوی بوو›. هەروەها: **خاک‌آلود بودن؛ خاک‌آلود شدن؛ خاک‌آلود کردن**

خاک‌اره / xākarre/: اسم. بڕە؛ خاکەهەڕە؛ کڕکڕ؛ خاکەمشار؛ شاردەمشار؛ وردەمشار؛ ئاردەمشار؛ خاکەی وەبەرهاتوو لە بڕینی دار.

خاک‌انداز / xākandāz، ـها/: اسم. مستینک؛ مەسە؛ مەسیێ؛ ئەستیو؛ مەدوونە؛ مەدونە؛ مەدوز؛ هستیفک؛ خاکناز؛ خاکەناز؛ کفگو؛ کەرەسەیەک بە لێوارەیەکی باریک و ڕوویەکی تەختەوە، بۆ هەڵگرتنی خاک، خۆڵ و خۆڵەمێش.

خاکاهک / xākāhak/: اسم. [زمین‌شناسی] گلەحەرام؛ خاکی قسڵ؛ خاکی دەشتی قاقڕ و وشک کە ڕێژەیەکی زۆر لە ماکی قسڵی تێدایە.

خاکاهن / xākāhan/: اسم. خاک‌ئاسن؛ خاکی سەرزەوینی شۆدار کە لە هەموو جۆر پێکهاتەی ئالومنیۆم و ئاسن پەستواوە.

خاکبازی / xākbāzî/: اسم. خاپۆرە؛ خاکبازی: ١. خاپتانێ؛ خۆڵەپەتانێ؛ خۆڵەپۆتێ؛ کار و ڕەوتی کایەکردن بە خۆڵ ٢. [تعریض] قوڕەکاری؛ هەڕەکاری؛ کردوکۆشی خانووسازی ‹اسم این خاکبازی را گذاشته خانه‌سازی: ناوی ئەم قوڕەکاریەی ناوە ماڵ کردنەوە›.

خاکبرداری / xākbardārî، ـها/: اسم. خاک‌هەڵگری؛ خاک‌هەڵکەنی؛ کار و ڕەوتی گۆزتنەوەی خاک لە شوێنێ، بەتایبەت بۆ کردوکۆشی ساختومانی. بەرانبەر: **خاکریزی**

خاکدان / xākdān/: اسم. ١. خوەڵەکەوان؛ خۆڵەکەوە؛ خەلەکەوان؛ جێ خڕبوونەوەی خۆڵ و خۆڵەمێش ٢. [کنایی، ادبی] دنیا؛ سەرزەوی؛ ژینگەی مرۆ.

خاکروب / xākrûb/: اسم. [ادبی] سپوور؛ کەناس؛ پاکڤان؛ گەسکدەری دەر و کۆلانان.

خاکروبه / xākrûbe، ـها/: اسم. ١. خاکەماڵ؛ تەپوتۆز؛ خاک و خۆڵێ کە لە ڕاماڵینی شوێنێک کۆ دەبێتەوە ٢. زبڵ؛ کرس؛ شەخەڵ؛ زوێڵ؛ خاشاڵ؛ خەوش‌وخاڵ؛ زبڵ‌وزاڵ.

خاکریز / xākrîz، ـها/: اسم. لەند؛ قوتکە؛ خاکڕێژ؛ تەپۆلکە؛ زەوینی قوتکە؛ زەوی بەگەوە، بەتایبەت گردۆڵەی دەسکردی دوو لای ڕووبار، ئاوەڕۆ یان چاڵێک.

خاکریزی / xākrîzî، ـها/: اسم. خاکڕێژی؛ کار یان ڕەوتی گڵ ڕشتن؛ سەتماندن؛ ڕەدماندن؛ قولکە پڕکردنەوە بە خاک و پتر بۆ کار و باری خانووسازی. بەرانبەر: **خاکبرداری**

خاکزی / xākzî، ـها؛ ـان/: صفت. خاکژی؛ گلژی؛ بە تایبەتمەندی یان گرۆ بوون بە ژیان لە ناو خاکدا.

خاکساری / xāksārî/: اسم. خاکەساری؛ خۆ شکاندنەوەی لە ئەندازە بەدەر. هەروەها: **خاکسار**

خاکسپاری / xāksepārî/: اسم. کار و ڕەوتی ئەسپەردەکردن؛ ناشتن؛ سراونەی؛ نیان؛ نێژان؛ بە خاک سپاردن ‹عده‌ی زیادی در خاکسپاری استاد حضور داشتند: تاقمێکی زۆر بۆ ئەسپەردە کردنی مامۆستا هاتبوون›.

خاکستر / xākestar، ـها/: اسم. ١. خۆڵەمێش؛ خۆڵەمشکی؛ مشکی؛ خۆڵەمرە؛ خۆڵەمڕ؛ خۆڵەکەوە؛ خوەڵەکەوو؛ خۆڵی پفک؛ بوول؛ بوولە؛ بۆڵە؛ بوور؛ بووڕ؛ پەلەمور؛ خۆلی؛ خوەلی؛ تۆزینە؛ مۆر؛ خاکری؛ خاکەری؛ خاکسەر؛ قڵ؛ بێلەکۆ؛ ئاری؛ باپوسکە/ بابوسکە (بۆ کاغەز)؛ سوتوو/سۆتک/ سووتک(بۆ نان و جگەرە)؛ ماکێکی نەرمی وردیلە کە لە سووتانی شتێک دەمێنێتەوە ٢. گەردیلەی کانگەیی لە دەرگانەی گرکاندا.

خاکسترنشین / xākestarnešîn/: صفت. [مجازی] هەژار؛ نەدار؛ بەلەنگاز؛ ڕەش و ڕووت؛ بێچارە؛

خاک‌نشین. هەروەها: **خاکسترنشینی**

خاکستری[1] / xākestarî/: *اسم.* خۆڵەمێشی؛ گورگی؛ گەورەک؛ شینکی؛ تاقمە ڕەنگی نێوان سپی و ڕەش. هەروەها: **خاکستری رنگ؛ خاکستری فام**

خاکستری[2]: *صفت.* ١. بووڵین؛ خۆڵەمێشی؛ بە ڕەنگی خۆڵەمێش ‹موی خاکستری: قژی خۆڵەمێشی› ٢. بووڵاوی؛ خۆڵاوی؛ ئاڵاو بە خۆڵەمێشەوە ‹با سر و صورت خاکستری برگشت: بە دەم و چاوی خۆڵاویەوە گەڕاوە›.

خاک‌شناسی / xākšenāsî/: *اسم.* خاکناسی؛ ئاخناسی؛ خەڕیناسی؛ زانستی ورد بوونەوە و وەرد دانەوەی خاک و سەرچاوگە و تایبەتمەندیەکانی. هەروەها: **خاک‌شناس**

خاکشویی / xākšûyî/ ☜ **آبشویی**

خاکشی / xākšî/ ☜ **خاکشیر-٢**

خاکشیر / xākšîr ، ـها/: *اسم.* شیوەران؛ خاکشیر؛ خۆڵوشیر؛ خوەڵەشێرە؛ خاشیرە: ١. گیایەکی یەکساڵانە تایبەتی ناوچەی کەم‌ئاو، بە گەڵای برگە-برگەی زۆر و گوڵی زەرد و ڕۆشن و تۆمی وردەوە ٢. بەری وردی ئەو گیایە کە بۆ دەرمان باشە: **خاکشی** *[گفتاری]*

خاکشیرمزاج / xākšîrmezāc, -mazāc ، ـها/: [فارسی/ عربی] *صفت.* ١. خۆساز؛ کەوی؛ ڕاهاتوو؛ خاوەن توانستی خۆ گونجاندن لەگەڵ هەمووجۆرە بار و دۆخێکدا ٢. *[مجازی]* لوسکەباز؛ مناڵباز؛ بەچەباز؛ نێرباز.

خاک‌وخل / xāk-o-xol/: *اسم. [گفتاری]* خاک و خۆڵ؛ خاک و خولە؛ تەپ و تۆز؛ خۆڵ و تۆز و خۆڵەمێشی کۆوەبووی سەرزەوی ‹بچەها توی خاک و خل بازی می‌کردند: منداڵەکان لە ناو خاک و خۆڵدا کایەیان دەکرد›.

خاک‌وخلی / xāk-o-xolî/: *صفت.* خۆڵاوی؛ خۆڵینە؛ تۆزاوی؛ خاک‌وخۆڵی ‹با همان لباس خاک و خلی پشت میز نشست: هەر بەو جل و بەرگە خۆڵاویە لە پشت مێزەوە دانیشت›.

خاکه / xāke ، ـها/: *اسم.* وردە؛ تۆزە؛ خاکە؛ ماکێکی نەگۆڕ کە بە هۆی سوانەوە بووەتە گەردیلە ‹خاکەقند: وردەقەند›.

بر خر مراد سوار شدن: *[مجازی]* گای خۆ دیتن بە دۆڵەوە؛ بە کۆڵ مرادەوە بوون؛ بە کام و نیازی خۆ گەیشتن ‹فعلا که منیژه خانم بر خر مراد سوار است: جاریَ خۆ مەنیژە خان گای خۆی دیوە بە دۆڵەوە›.

مثل خر در گل ماندن ☜ **مثل**

مغز خر خوردن ☜ **مغز**

خرـ[2]: *پیشواژە.* کەرـ : ۱. گاـ ؛ کەرەـ ؛ کەڵەـ ؛ خەرـ ؛ خەرەـ ؛ زل؛ گەپ؛ درشت؛ گەورە ‹خرسنگ؛ خرچنگ؛ خرمهره؛ خرمگس: گابەرد؛ کەرژنگ؛ خەرموورگ؛ خەرەنگەزە› ۲. فرە؛ زۆر؛ گەلەک ‹خر زور: کەرزۆر›.

ـخر[3]: *پیواژە.* ـ سێن؛ ـ سان؛ ـکڕ؛ کڕیار و سێنەر ‹گوسفندخر: مەڕسێن›.

خر /xer/: *اسم. [گفتاری]* دەرناق؛ ناق.

▣ **خر کسی را چسبیدن/ گرفتن:** *[کنایی]* بەرۆک/ بەرەک/ بینەقاقە/ ناق کەسیَ گرتن؛ پشوو/ تەنگ بە کەسیَ هەڵچنین؛ دریا بە کەسیَ‌گرتن؛ بەرەکەو یۆی گیرتەی: ۱. بە کەسێکەوە هەڵپێچان؛ کەسیَ بە تەنگەوە

هێنان ‹فردا نیایی خر مرا بچسبی که زود باش پول بده!: سبەینێ نەییت بەرۆکم بگری و بڵێی زووبە پارەبدە!› ۲. تاوانێ نانە مل کەسێ ‹هر وقت در محله دزدی می‌شد، خر او را می‌چسبیدند: هەر کاتێ لە کۆڵانەکەدا دزی دەکرا، بەرەکی ئەویان دەگرت›.

خراب / xarāb/: [عربی] *صفت*. ۱. خراب؛ خراپ؛ خراو؛ خرا؛ شێواو؛ شێویاگ؛ بەبێ پێکهاتەی ئاسایی یان دوزەنەی سروشتی پێشوو ‹ماشین خراب: ماشینی خراپ› ۲. ئارۆفتە؛ ئاڕەفتە؛ کاول؛ کەل‌کوور؛ ویران؛ بێ‌ئاوەدانی ‹خانەی خراب: ماڵی کاول› ۳. ـ/ها/ خراو؛ خراپ؛ گەنیو یان داڕزاو ‹میوەی خراب: میوەی خراو› ٤. خراو؛ تووش؛ ناخۆش ‹هوای خراب: هەوای تووش›. هەروەها: **خراب بودن؛ خراب شدن؛ خراب کردن** ٥. *[مجازی]* ڕەشەمەس؛ مەستی کەلەلا؛ تەلەس؛ زەمر؛ گیز؛ شەشدانگ مەست ٦. خراپ؛ ناوزڕاو؛ بەدناو ‹خودش را عین زنهای خراب درآورده بود: خۆی ڕاست وەکوو ژنە خراپەکان لێ کردبوو›.

خرابات / xarābāt/: [عربی] *اسم*. ۱. *[قدیمی]* مەیخانە؛ شەراوخانە؛ بادەخانە ۲. خەرابات؛ شوێنێ کە تێیدا سەر دەکەنە بەنگ و بادە و تێکەڵی‌کردن لە گەڵ ژنانی خراپکاردا.

خراباتی / xarābātî/: [عربی] *صفت*. خەراباتی: ۱. خولیای خەرابات ۲. هۆگری مەیخانە.

خرابکار[1] / xarābkār، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم*. کەسێ کە بە نهێنی پەلاماری دامەزراوەی دژمن ئەدا.

خرابکار[2]: *صفت*. گەنەکار؛ خراوکار؛ خاوەنی تایبەتمەندی یان خوو و خدەی زەرەر گەیاندن یان تێکدان ‹این بچه خیلی خرابکار است: ئەم منداڵە زۆر گەنەکارە›.

خرابکارانه / xarābkārāne/: [عربی/ فارسی] *صفت*. تێکدەرانە؛ گەنەکارانە؛ بە بار و دۆخی تێکدەریەوە ‹حملەی خرابکارانە: پەلاماری تێکدەرانە›.

خرابکاری / xarābkārî/: [عربی/ فارسی] *اسم*. تێکدەری؛ گەنەکاری؛ کار یان ئاکارێ کە دەبێتە هۆی تێکچوون و خراو بوونی شتێ.

خرابه[1] / xarābe، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم*. کەلاوە؛ کاولە؛ کەلار؛ کەلاوەکۆن؛ کاولەکۆن؛ وێرانە؛ شوێنی وێران ‹شب را در خرابه‌ای خوابید: شەو لە کەلاوەیەکدا نووست›.

خرابه[2]: *صفت*. کاول؛ کەلاوە؛ وێران؛ کاز؛ کاولە؛ کەلکە خراوە؛ قۆختە؛ کەل‌خرۆوە ‹از مال دنیا برایش خانه خرابه‌ای مانده: لە ماڵی دنیا ماڵە کاولێکی بۆ بەجێ ماوە›.

خرابی / xarābî/: [عربی] *اسم*. ۱. کاولی؛ وێرانی ‹سیل باعث خرابی صدها خانه و مغازه شد: لافاو بووە هۆی کاولی سەدان ماڵ و دووکان› ۲. خراپی ‹آفتهای کشاورزی موجب خرابی محصول می‌شود: تەشەگەلی کشت و کاڵ دەبنە هۆی خراپی بەرهەمەکان› ۳. شپرزی؛ شڵەژاوی؛ شپرێوی؛ تێکەڵ- پێکەڵی ‹خرابی کار به خاطر نبودن مدیر توانا است: شپرزی کار هی نەبوونی بەرپرسێکی لێهاتووە›.

⊡ **خرابی بارآوردن**: شپرزی بار هێنان؛ تێک و پێک دان؛ بوونە هۆی وێرانی ‹ترکیدگی لوله خرابی زیادی بار آورد: ترەکاوی لوولە شپرزیەکی زۆری بار هینا›.

خراج / xarāc، ـها/: [معرب از پهلوی] *اسم*. *[قدیمی]* پیتاک؛ خەراج؛ میجبێتی؛ تەوجی؛ باربۆ؛ سەرانە؛ بەشی دەوڵەت لە داهات و دەرامەتی خەڵک.

خراج / xarrāc، ـها/: [عربی] *صفت*. هەڵەخەرج؛ نەزان خەرج؛ دەسبا؛ قەللاش.

خراجگزار / xarācgozār/: [معرب/ فارسی] *صفت*. پیتاکدەر؛ باجدەر.

خرازی / xar(r)āzî، ـها/: *اسم*. ۱. وردەواڵە فرۆش؛ کەسێ کە شت‌ومەکی ئاڕایشت، گۆرەوا،

دەسمال و شتی وا دەفرۆشی ۲. وردەواڵە فرۆشی؛ دووکانێ کە تێیدا ئاوەها کاڵاگەلێ دەفرۆشن.

خراس / xarās ، ـها: /اسم. [قدیمی]/ ۱. ئاشەچاروا؛ ئاشێ کە بە هێزی چاروا، بە تایبەت کەر دەگەڕێ ۲. [مجازی] ئاسمان؛ ئەزمان.

خراش[1] / xarāš ، ـها: /اسم. رووش؛ ڕیش؛ رویش؛ روویس؛ روویش؛ رووشا؛ ڕۆش؛ رووشە؛ خاشە؛ کیر؛ کێر؛ شاخ؛ قرنج؛ مەرت؛ ڕووک؛ ڕووکە؛ شوێنەوارێ کە لە کێشرانی شتێکی تیژ بە سەر ڕوویەکدا بەدی دێ ‹خراش کوچکی روی گونەاش به چشم می‌خورد: رووشێکی گچکە لە سەر گۆنایەوە دیار بوو›.

⊡ **خراش برداشتن:** ڕووکان؛ رووشان؛ داڕووشان؛ هەڵڕووشان؛ رووش بردن؛ مەڕتان؛ ڕووکیان؛ ڕووکەدار بوون؛ ڕیش بیەی؛ شوێنەواری ڕووکاوی بە ڕووی شتێکەوە دەرکەوتن ‹دستم خراش برداشت: دەستم ڕووکیا›.

خراش دادن: ڕووکاندن؛ رووشاندن؛ کیراندن؛ مەڕتاندن؛ سەلخین؛ کەلداچۆن؛ ڕنیەی.

خراش یافتن: رووشان؛ ڕووکیان؛ رووش بردن؛ خاشەدار بوون.

ـ **خراش**[2]: پیوازه. ـ ڕووشێن؛ ـکرێن؛ ـ ڕووکێن؛ ـ مەڕتێن؛ ـ سەلخێن ‹جگر خراش: جەرگ رووشێن›.

خراشاندن / xarāšāndan: /مصدر. متعدی. [نامتداول] رووشاندن؛ ڕووکاندن؛ مەڕتاندن؛ سەلخاندن؛ کیراندن؛ ڕنین.

■ صفت فاعلی: **خراشاننده** (ڕووشێنەر)/ مصدر منفی: **نخراشاندن** (نەڕووشاندن)

خراشیدگی / xarāšîdegî ، ـها: /اسم. رووشاوی؛ کێریاگی؛ ڕووکاوی؛ مەڕتاوی؛ سەلخاوی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕووشان ‹بر روی گونه‌هایش جای خراشیدگی مشاهده می‌شود: لە سەر کولمانیەوە شوێنی رووشاوی دەبیندرێ›.

خراشیدن / xarāšîdan: /مصدر. متعدی. **خراشیدی:** ڕووشاندت؛ **می خراشی:** دەڕووشێنی؛ **بخراش:** بڕووشێنە// ڕووشاندن؛ ڕوویشاندن؛ ڕووکاندن؛ ڕووکانن؛ مەڕتاندن؛ سەلخاندن؛ شەقتین؛ ڕنین؛ ڕنیەی؛ ڕەندش؛ ڕێش/ ڕیش کەردەی؛ شاخ کردن؛ چیخ کرن؛ بە ڕووی شتێکدا بە ئامرازێکی تیژ شوێنەوارێ دانان و پێی زیان گەیاندن. هەروەها: **خراشیدنی**

■ صفت فاعلی: **خراشنده** (ڕووشەر)/ صفت مفعولی: **خراشیده** (ڕووشاو)/ مصدر منفی: **نخراشیدن** (نەڕووشان)

خراط / xarrāt ، ـها؛ ـان: /[عربی]/اسم. سدان؛ خەڕات؛ کەسێ قاپ و ئامانی داری و... بە سووڕدان و تاشینی چێو چێ دەکا.

خراطی / xarrātî: /[عربی]/اسم. خەڕاتی: ۱. کاری خەڕات؛ کار یان زانیاری دروست کردنی شتی جۆراوجۆر بە سووڕدان و داتاشینی چێو ۲. /ـها/ کارگەی سدان.

خرافات / xorāfāt: /[عربی] جمعِ ☜ **خرافه**

خرافاتی / xorāfātî: /[عربی] صفت. ۱. کۆنەپەرستانە؛ پێوەندیدار یان سەر بە کۆنەپەرستیەوە ‹باورهای خرافاتی: بیر و باوەڕی کۆنەپەرستانە› ۲. /ـها/ کۆنەپەرست ‹مردم خرافاتی: خەڵکی کۆنەپەرست› * **خرافی**

خرافه / xorāfe ، ـها؛ خرافات: /[عربی]/اسم. کۆنەپەرەستی؛ کۆنەپەرستی؛ کردەوە یان باوەڕی سەرچاوەگرتوو لە نەزانی، هیوا بە جادوو، ترس لەوەی کە نەناسراوە و...

خرافه‌پرست / xorāfeparast ، ـها؛ ـان: /[عربی/ فارسی] صفت. کۆنەپەرست؛ خاوەنی باوەڕ بە شتی پڕ و پووچ.

خرافی / xorāfî: /[عربی] ☜ **خرفاتی**

خرام[1] / xarām: /اسم. [ادبی] خنچکە؛ خلنگ؛ شەلەنگی؛ گومەتە؛ کاکشیر؛ لەنجە؛ نازە ناز؛ لارە؛ لار و لەنجە؛ لەنجەلەنج؛ بە ناز؛ چەم و

خەم؛ کردە یان ڕەوتی لەنجەکردن.

ـخـرام[2]: *پیواژە. [ادبی]* ــ خلنـگ؛ ــ چەلـەنگ؛ ــ لەنجـە؛ــ گومەتـە؛ــخـەرام ‹خوشـخرام: خۆش‌خلنگ›.

خرامان[1] / xarāmān/: *صفت. [ادبی]* خـەرامان؛ شەلەنگ؛ بە خەمزە؛ بـە لەنجـە؛ شـل‌ومـل؛ بـە لەنجە و لار؛ لاوی قەد باریک و پێکەوتوو ‹سرو خرامان: سەوڵی خەرامان›.

خرامان[2]: *قید.* بە لەنجە و لارە؛ بـە لەنجـە و لار؛ خەرامان؛ چەلەنگ ‹خرامان می‌رفت: دەڕۆیـی بـە لەنجە و لارە›.

خرامیــــدن / xarāmîdan/: *مــــصدر. لازم.* //**خرامیدی:** خلنگایت؛ **می خرامی:** دەخلنگی؛ **بخرام:** بخلنگـە// خلـنگین؛ لـەنجان؛ بـەناز ڕۆیـشتن؛ لەنجەکردن؛ ڕێگە چوونی بە ئەسپایی و ورد.

■ صـفت فـاعلی: **خرامنــده** (ــ)/ صـفت مفعـولی: **خرامیــده** (خلنگــاو)/ مــصدر منفـی: **نخرامیــدن** (نەخلنگان)

خربـازار / xarbāzār/: *اسـم. [کنـایی]* کـەربازاڕ؛ خلوو؛ هەلا و پەلا؛ جێگای قەرەباڵغ و بێ‌سەرە و بەرە ‹نمی‌دانی چـه خربـازاری بـود! سـگ صـاحبش را نمی‌شناخت: نازانی چ کەربازاڕێ بوو! کـەس کەسـی نەدەناسی›.

خربزه / xarboze، ـها/: *اسم.* کالـەک؛ کـارەک؛ هەربزە؛ خەرڤیزە؛ قەرپوز؛ قـارپوز؛ قـاون؛ تولـە؛ گوندۆڕ؛ گوندۆرە: ١. گیایێکی پنچکی لە تیرەی خەیار، بە لق و پۆپی کێشراو بەسەر زەویـدا، بـە گەلای پێنج‌بەشـی و گوڵـی زەردەوە ٢. بـەری ئـەو گیایـە کـە میوەیـەکی گـەورە و زۆرتـر هێلکەیی یان خڕە و پێستی ئەسـتوور و نـاوەی شیرین و ئاودارە: **خربوزه**

خربـق / xarbaq، ـها/: [عربـی] *اسـم.* سـیاداری؛ سـیاوەچاو؛ سـیاچاوە؛ گیاقاولەمـە؛ خەربەنـد؛ ڕوەکێکی لە تیرەی هەلالانە، بە ڕیشەی باریک، لاسـکی چـەماوە و گـەلای درێـژ و پەڕەگوڵـی ڕێک‌وپێکی سوورەوە، کە لە کۆتایی زستان یـان سەرەتای بەهاردا دەپشکوێت.

خربوزه / xarbûze/ ☜ **خَربُزه**

خرپا / xarpā، ـها/: *اسم.* خەرپا؛ پێکهاتەیێک لـە مێلە یان تیرگەلی ئاسنی، چێوی یان سـیمانی، پتر بە بیچمی سێ‌گۆش کە بۆ دروسـت‌کـردنی میچی هەراو (وەکوو پرد، هەمار و هێلانەی فڕۆکە) بەکار دێ.

خرپشته / xarpošte، ـها/: *اسم.* ١. قۆرت؛ قۆسپە؛ کۆسپ؛ قوتکە؛ گەردۆڵکە؛ پشتەماسی؛ بەرزی و قۆقزی کە لە جێگایەک بـە شـێوەی سروشـتی یان دەسکرد بەدیهاتبێ ٢. هـەورەبان؛ کۆمـاج؛ شوو؛ خەرپشتە؛ خەرپشت؛ خانووچکەیێ کە لـە سەر پلیکانی سـەر بـان دەیکەنـەوە ٣. *[قـدیمی]* تاوڵ؛ ڕەشماڵ.

خرپول / xarpûl، ـها/: *صفت. [تعریض]* کەرپووڵ؛ بـــوودە؛ هـــەرە دەوڵـــەمەن؛ زۆر دەوڵـــەمەند ‹می‌گشت یک خانوادەی خرپـول پیـدا کنـد، خـودش را ببندد به ریششان: بـە دووی بنەماڵـەیێکی کەرپووڵـدا دەگەڕا خۆی بە سەریاندا بسەپێنێ›.

خرت‌ـخـرت / xertxert/: *صـوت.* خرمـەخـرم؛ کرمەکرم؛ دەنگی هاڕین یان جاویـانی شـتێکی تورت ‹قند را گذاشت توی دهانش و خرت‌ـخرت جوید: قەنەکەی نایە زاری و خرمەخرم خواردی›.

خرت‌وپـرت / xert-o-pert، ـهـا/: *اسـم.* خـرە و پرە؛ شرە و پرە؛ شرەبرە؛ شڕ و شاتاڵ؛ شڕ و تاڵ؛ پڕتاڵ؛ خرت و پرت؛ کـرت مـرت؛ وردی‌مـردی؛ وردی‌مرد؛ وردەمردە؛ وردە ئەسپاب؛ لاچۆ پاچۆ؛ کەلپەل؛ کەلمەل؛ شـنگر و شـیواڵ؛ شـەخەل و مەخـــەل؛ چـــەک و پـــووش؛ چـــەک و چـــوول؛ کولومـول؛ هوورمـوور؛ کۆمەڵـەی شـتومـەکی جۆراوجۆر کە شپرز لە شوێنێ داکەوتبێ ‹چقدر خرت و پرت دور خودت تلنبار کرده‌ای!: چەنـدە خـڕە و پڕەت بە دەوری خۆتدا کەڵەکە کردووە!›.

خرتوخر / xartûxar/: *صفت. [گفتاری]* هـەرچی و

پەرچی؛ کەس‌لەکەس؛ گورگوتاو؛ کەس‌ـکەس؛ گاشە؛ بێ‌سەرە و بەرە؛ گورمۆرە؛ تەڕا و بەڕا؛ گژۆـمژۆ؛ کەربازاڕ ‹شرکت چنان خرتوخری شده که بیا و ببین!: دابەشگە بووەتە هەرچی و پەرچیەک مەپرسە!›.

خرتــوخری / xartûxarî /: *اسم، [گفتاری]* کەربازاڕی؛ کەس‌لەکەسی؛ گورمۆڕەیی؛ شلووق و بێ‌سەر و بەرەیی ‹خیلیها از همین خرتوخری نان می‌خورند: زۆرێک هەر لەم کەربازاریە تیکە ئەگلێنن›.

خــرج / xarc ، ـها /: [عربی]/اسم، خــەرج: ۱. مەزێخ؛ مەزیخ؛ مەزاخ؛ مەزخ؛ بەخت ‹خرج تحصیل: خەرجی خوێندن› ۲. تیز؛ بازووت؛ دەرمان؛ بارە؛ تەقەمەنیەک کە بۆ هاویشتنی گولە یان مووشەک و... بە کار دەڕوا.

▣ **خرج آتینا:** *[گفتاری]* چۆنیەتی پارە بەبا دان؛ مەزاخی لەخۆڕا؛ خەرجی بێ‌جێ؛ پارە چوون بە هەڵەخەرجی و خۆشگوزەرانی ‹هر چه درآوردی همه را خرج آتینا کردی: هەرچێکت دەرێنا هەموویت بەبا دا›.

خرج راه: خەرجی ڕێگە؛ خەرجی ڕێ ‹یک هفته برو پیش عمویت، خرج راه با من: حەفتەیێک برۆ بۆ لای مامت، خەرجی ڕێگەت لە سەر من›.

خرج سفره: پارەیێک ـجگە لە مووچەـ کە بۆ میوانداری‌کردن بە بڕێ لە کاربەدەستان دەدرێ.

▣ **خــرج بــالا آوردن:** خــەرج دروســت‌کــردن ‹ماشینم چپ شد و کلی خرج بالا آورد: ماشێنەکەم چەپە بوو، خەرجیکی زۆری بۆم دروست کرد›.

خـرج برداشتن/ داشتن: خـەرج هەڵگرتن؛ خەرج تێچوون؛ تێچوون ‹مهمانی دیروز خرج زیادی برداشت: میوانیەکەی دوێنێ خەرجی زۆری هەڵگرت›.

خرج تراشیدن: مەزێخ خستنە مل؛ خەرج کردنە کۆڵ؛ خەرج تاواندنەوە؛ خەرج تاشین؛ خەرجی ناڕەوا و هەڵبەستە پێک هێنان ‹هر روز یک جور خرج می‌تراشید و از من پول می‌گرفت: هەر ڕۆژێ بە جۆرێ مەزێخی دەخستە ملم و پارەی لێ دەستاندم›.

خــرج خــود را درآوردن: خــەرجی خــۆ دەرهێنــان: ۱. پــووڵ و پــارەی هەڵسووڕانی ژیانی خۆ دابین‌کردن ‹پسر بزرگم خرج خودش را درمی‌اورد: کوڕە گەورەکەم خەرجی خۆی دەردێنێ› ۲. پارەی دەکار چوو لە کاتی فرۆشدا هێنانەوە ‹اگر این خانه را بفروشم خرج خودش را در نمی‌آورد: ئەگەر ئەم ماڵە بفرۆشم، خەرجی خۆی دەرناهێنیتەوە›.

خرج دادن: خەرج دان؛ نان دان؛ بۆ پاداشت و لێ بووردوویی خێر و خێرات‌کردن ‹مردی ناشناس، یک هفته خرج مردم آبادی را داد: پیاوێکی نەناسراو، حەوتوویەک خەرجی خەڵکی گوندەکەی دا›.

خــرج روی دســت کســی گذاشــتن: *[مجازی]* خەرج دانە دەس کەسێکەوە؛ خەرج نانە سەر دەست کەسێکەوە؛ خەرج کردنە ڕیش کەسێکەوە؛ کەسێ ناچارکردن بە مەزخاندنی پارەیەک ‹عروسی کلّی خرج روی دستش گذاشت: زەماوەندەکە زۆرێک خەرجی دایە دەسیەوە›.

خرج شدن: خەرج بوون؛ مەزخ بوون ‹هر چه پول داشتم، خرج راه شد: هەرچی پارەم هەبوو بە ڕێگەدا خەرج بوو›.

خــرج کــردن: ۱. مەزخاندن؛ خەرج‌کردن؛ بەخت‌کردن؛ مەزاختن؛ باخت‌کردن ‹این ماه پول زیادی خرج کردی: ئەم مانگە پارەیەکی زۆرت مەزخاند› ۲. ☜ **خرج گذاشتن**

خرج کسی کردن: خەرجی کەسێ کردن؛ بۆ کەسێ خەرج‌کردن؛ بۆ کەسێ مەزاختن ‹پولت را خرج این و آن نکن: پارەت خەرجی ئەم و ئەو مەکە›.

خــرج گذاشــتن: خــەرج کــردن؛ مەزخاندن؛

مەزختین؛ خەرج‌کردنە ڕێی کەسێ یان شتێ؛ خەرج کردنە پای کەسێ/ شتێ؛ بەخت‌کردن ‹من روی این خانه خیلی خرج گذاشتم: ئەمن بۆ ئەم ماڵە خەرجی زۆرم کرد›: **خرج کردن**

به خرج دادن: هێنانە کار؛ بە کار هێنان؛ دانە خەرجدا ‹خیلی حوصله به خرج دادم تا عصبانی نشوم: گەلەک تاقەتم هێنایە کار بەشکوو تووڕە نەبم›.

به خرج کسی نرفتن: *[مجازی]* بە گوێی هرۆڵی کەسێکدا نەچوون؛ گوێی کەسێک بۆ شتێک شل نەبوون ‹هرچی می‌گفتم به خرج او نمی‌رفت: هەرچێکم دەگوت بە گوێی هرۆلیدا نەدەچوو›.

خرج‌تراشی / xarctarāš ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* خەرج تاواندنەوە؛ خەرج‌تاشی؛ کار و ڕەوتی بە دیهێنانی خەرجی ناپێویست؛ بسات نانەوە ‹هر روز برایش خرج‌تراشی می‌کرد: هەموو ڕۆژێ خەرجێکی بۆی دەتاواندوە›.

خرج‌دررفته / xarcdar.rafte/: [عربی/ فارسی] *قید.* خەرجلێدەرچوو؛ سافی؛ بێجگەخەرج ‹خرج‌دررفته برایت ده‌هزار تومان می‌ماند: خەرجلێدەرچوو دەهەزار تمەنت بۆ ئەمێنێتەوە›.

خرج‌ودخل / xarc-o-daxl/: [عربی] ☜ **دخل‌وخرج**

خرجی / xarcî ، ـها/: [عربی] *اسم.* خەرجی: ١. پارەیەک کە بۆ بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانە بە کەسێ دەدرێت ‹رفت شکایت کرد که شوهرم خرجی نمی‌دهد: ڕۆی شکاتی کرد مێردەکەم خەرجی نادا› ٢. پارەیەک کە بۆ بەڕێوەچوونی شوێنێک خەرج دەکرێ ‹به این ترتیب خرجی دولت زیاد می‌شود!: بەم جۆرە خەرجی دەوڵەت زۆر دەبێتەوە!›.

خرجین / xorcîn, xurcîn ، ـها/: [عربی] *اسم.* توو‌بەرە: ١. توور؛ تووربێن؛ توورەکە؛ تووەرە؛ تۆمبەرە؛ تۆمۆرە؛ تیوەرە؛ هەگبە؛ هوڕ؛ خۆرج؛ خەرار؛ گواڵە؛ گالە؛ دنای؛ هۆندراوێک بە شێوەی دوو تای پێکەوە لکاو کە لە دوو لای ئامێری ڕاگواستنەوەوە (چوارپێ، دووچەرخە، موتور) یان بە شانەوە هەڵیدەواسن و بار و تۆشەی تێ دەنێن. **خورجین**

خرچسانه / xarčosāne/ ☜ **خرچسونه**

خرچسونه / xarčosûne ، ـها/: *اسم.* سۆنەبۆگەنە؛ سۆنێ؛ سنەبۆگەنە؛ میرۆییێکی گیاخۆرە بە ڕەنگی قاوەیی کاڵ یان سەوز، ئەوندەی قاڵۆنچەیەک کە لە کاتی هەست بە مەترسی‌کردندا بۆنێکی پیس لە خۆیەوە دەداتەوە: **خرچسانه؛ کَوَز**

خرچنگ / xarčang/: *اسم.* قرژانگ؛ قرژاڵ؛ قرژاڵ؛ قارژنگ؛ قاژنگی؛ قاژنگ؛ قەرژنگ؛ قرژنگ؛ کەرژنگ؛ کەرکنج؛ خەرکنج؛ کیفژاڵ؛ کیفزاڵ؛ کیڤژاڵە؛ گیژاڵ؛ کیفشینگ؛ چنگار: ١. /ـها/ گیانەوەرێک بە دوو چاوی قیت و دەرپەڕیو، قاپی پان و ڕەق و یەک یان دوو جووت شەویلاکەوە ٢. *[نجوم]* وێنەیەکی ئاسمانی چکۆلە: **سرطان**

▣ **خرچنگ آب‌شیرین** ☜ **خرچنگ دراز**

خرچنگ پهن: قرژاڵی خڕ؛ جۆرێ قرژاڵ لە ڕاسەی دەپێیان، بە شاخیلەی درێژەوە.

خرچنگ دراز: قرژاڵی درێژ؛ چەشنێ قرژاڵە بە قاپێکی درێژۆکەی یەکپارچە و لەشی پێکهاتوو لە سەر و سینگ و سکی گرێ‌-گرێ کە قاپێک سەر و سینگی داپۆشیوە. ئەم چەشنە قرژاڵە ئەگەر ئەندامێکی داکەوێ، دەردێتەوە و ساڵیک چەند جار هاوکات لەگەڵ گەشکەکردنیدا پێست دەخا: **خرچنگ آب‌شیرین**

خرچنگ راهب ☜ **خرچنگ منزوی**

خرچنگ شاهی ☜ **خرچنگ نعلی**

خرچنگ صدف‌نشین ☜ **خرچنگ منزوی**

خرچنگ عنکبوتی: قرژانگی جالجالۆکەیی؛ چەشنێ قرژانگ لە ڕاستەی دەپێیان، بە پای

درێژەوە.
خرچنگ منزوی: چەشنێ قرژانگ لە ڕاستەی دەپێیان، بە لەشێکی درێژ و پتەوەوە کە زۆرتر لە قاپلۆخی هرۆڵی شەیتانۆکەدا دەژێ:
خرچنگ صدف‌نشین؛ خرچنگ راهب
خرچنگ نعلی: جۆرێ گیانەوەری زەریاژی بە سەرسەنگی پێکەوەنووساو، کاسەسەنگی کەوانی لە چەشنی ناڵی ئەسپ بە ڕەنگی قاوەیی بریقەدار، جووتێ چاوی سادە، جووتێ چاوی لێکدراو و شەش‌جووت پێیەوە:
خرچنگ شاهی
خرحمالی / xarhammālî ، ـها/: [فارسی/ عربی] اسم. [تعریض] کەرژالی؛ کاری کەرەکی؛ کاری دژوار و بێ‌کەڵک یان کەم داهات ‹هرچه خرحمالی است می‌گذارند به عهده‌ی من: هەرچی کەرژالییە بە کۆڵی منیدا دەدەن›.
خرخاکی / xarxākî ، ـها/: اسم. خلێرە؛ خەرخودا؛ داپیرۆشک؛ داپیرۆکە؛ پیرێژنۆکە؛ پیرایشۆکە؛ پیرۆشک؛ مامەخۆڵینە؛ پوراشێوکە؛ شەگورگانە؛ تیتگەشوانە؛ هەرلە؛ جانەوەرێکی بۆر و خڕکەڵە، بە لەشی ئالقە ـ ئالقە، بێ قاپوولکە و بە سکی کورت و پێی زۆرەوە، گڵ لە سەر کونەکەی هەڵدەداتەوە.
خرـخر / xerxer/: صوت. خڕەـخڕە؛ خڕەـخڕ؛ کڕەـکڕ؛ کڕـکڕ؛ دەنگێکی نزم کە لە کێشیانی شتێ بە سەر شتێکی‌تردا (وەکوو دەنگی هەسان کێشان بە سەر چێودا) بەدی دێ.
خرـخر / xorxor/ ☜ **خُورـخُور**
خرخره / xerxere/: اسم. [گفتاری] ناق؛ دەرناق؛ قورقوڕاچکە؛ قورقوڕاگە؛ قورقورۆچکە؛ قوڕاچکە؛ قرقراچکە؛ قورتم؛ گلوەزێ؛ کش‌کشێ؛ بینەقاقە؛ هەفیک ‹خرخره‌اش را گرفته بود و ول نمی‌کرد: ناقی گرتبوو و بەری نەدەدا›.
◘ **خرخره‌ی کسی را جویدن:** [مجازی] سەر و گوێلاکی کەسێک هارین؛ دەم و ددان کەسێ شکاندن؛ تۆپاندن؛ بە توندی تێک هەڵچوون و لێدان ‹داشتند خرخره‌ی همدیگر را می‌جویدند: خەریک بوون سەر و گوێلاکی یەکتریان ئەهاری›.
خرخوانی / xarxānî ، ـها/: اسم. [تعریض] کەرخوێنی؛ کاری زۆر خوێندن و بەهرەی کەم بردن. هەروەها: **خرخوان**
خرخیار / xarxiyār ، ـها/: اسم. قەتک؛ قەتکەخەیار؛ خیارەدێمیلە؛ هاروێ دێمیلە؛ خەیارەمارانە؛ بنەگیایەکی لە تیرەی خەیارە بە ساقەتەی ئەستوور گەڵای سێ‌گۆش و گوڵی زەردەوە، میوەکەی لە زەیتوون درشت‌ترە و بۆ دەرمان دەبێ.
خرد / xerad/: اسم. [ادبی] ئاوەز؛ ئاقس؛ ئاوەزان؛ بیر؛ ویر؛ مژی؛ مەژگ؛ هۆش؛ عەقڵ.
خرد / xord/: صفت. ورد؛ ور؛ ورت؛ هورد؛ هوور؛ هۆرد؛ هیر؛ هوویر؛ هیرد؛ هویر؛ هوویرک؛ هێت؛ زمهەڕ: ۱. وردیلە؛ ساوا؛ ساوە؛ ورتکە؛ وردەڵە؛ بووچکەلە؛ بچووک؛ چووکە؛ بچکەلە؛ بووچکەڵە؛ چکۆڵە؛ گچکە؛ کولانجلە؛ بچویک؛ بیچک؛ وردی؛ وردیکلانە؛ گولانجلێ؛ گولالە (نێرینە)؛ گولالێ (مێینە) ‹کودک خرد: منالی ورد› ۲. گەمڕ؛ لەت‌وپەت؛ چرت؛ فرد؛ داشکاو یان دابەشکراو بە پاژگەلی چکۆڵە ‹استکان را انداخت و خرد کرد: پیالەکەی داخست و وردی‌کرد› ۳. [ادبی] کەم؛ کێم؛ گەمڕ؛ ڕێز؛ ریز ‹ز آب خرد ماهی خرد خیزد: لە ئاوی کەمدا ماسیی ورد هەڵدێ› ٤. [مجازی] هووردار؛ بێ‌نرخ؛ بێ‌بایەخ؛ چرووک ‹نزد دوستانش خرد شد: لە لای هەوالەکانیەوە ورد بوو› ❋ **خورد**
◘ **خرد کردن:** وردکردن؛ پەرچقاندن؛ گەمراندن؛ قەرمچاندن؛ تووتووخاندن؛ چرت کردن؛ گزمراندن؛ خنگارکرن: ۱. شتێ بە شێوەی بەشگەلێکی چکۆلە دەرهێنان ۲. شکاندن؛ مارەی؛ مارتەی ۳. [گفتاری] تێک‌شکاندن؛ تێک‌وپێک‌دان. هەروەها: **خرد**

شدن

خرداد / xordād/: اسم. جۆزەردان؛ جۆدرەو؛ جۆزەرد؛ کۆکەن؛ گیاچنین؛ سێهەمین مانگی بەهار لە ساڵی هەتاویدا کە ۳۱ ڕۆژە.

خردبین / xordbîn/: صفت. [کنایی، گفتاری] کورتبین؛ هوردبین؛ خاوەن خووخدەی کورتبینی: **خوردبین**

خردبینی / xordbînî ، ـها/: اسم. [کنایی، گفتاری] کورتبینی؛ هوردابینی: **خوردبینی**

خرد ـ خرد / xordxord/: قید. ورده ـ ورده؛ واره ـ واره؛ چکه ـ چکه؛ ڕێزه ـ ڕێزه؛ کوچه ـ کوچه؛ هوورک ـ هوورک؛ کوچله ـ کوچله؛ کەم ـ کەم؛ بەره ـ بەره؛ سەوره ـ سەوره؛ لە بەرێکەو؛ بە سۆنگە و لە سەر خۆ ‹خرد ـ خرد مال‌اندوزی کرد: ورده ـ ورده ماڵی کۆ کردەوە›.

خردزیستمند / xordzîstmand ، ـان/: اسم. [زیست‌شناسی] وردژیلەوەر؛ وردیلەژی؛ گیانەوەری زۆر وردیلە کە تەنیا بە میکرۆسکۆپ دەبیندرێت: **خردسازواره**

خردسازواره / xordsāzvāre/ ☜ **خردزیستمند**

خردسال / xordsāl/: صفت. کەمساڵ؛ کەم تەمەن؛ مناڵکار؛ مێرمناڵ؛ مێرمنداڵ؛ خاوەن تەمەنی کەم (پتر لە نێوان ۲ تا ۷ ساڵ). هەروەها: **خردسالی**

خردکننده / xordkonande/: صفت. [مجازی] تێکشکێن؛ گەڕگەسێنەر؛ هۆردکەر؛ بە بار و دۆخ یان چۆنیەتیەک کە دەبێتە هۆی ورد بوون، زیان لێکەوتن یان شکستی زۆر ‹حادثەی خردکننده: کارەساتی تێکشکێن›.

خردگرایی / xeradgerāyî/: اسم. ئاوەزگری؛ ئاوەزخوازی؛ مژی‌خوازی؛ مژی‌گراوی؛ ئامۆژەیەکی فەلسەفی کە ئاوەز بە سەرترین پێوەری ناسینی ڕاستەقینە دەزانێ: **اصالت عقل**؛ **اصالت تعلق**. هەروەها: **خردگرا**

خردگریزی / xeradgorîzî/: اسم. ۱. دژەئاوەزی؛ دژبەمژی؛ دژایەتی لەگەڵ بیرکردنەوە و وردبوونەوە و ڕاوێژکاریدا ۲. دوزەنەیێکی فیکری بڕوامەند بە تێگەیشتن لە ڕێی دڵ و هەست یان ئیمانەوە، بە جێی بیرکردنەوە یان بەڵگە هێنانەوە.

خردل / xardal ، ـها/: [عربی] اسم. خەرداڵە؛ خەرتەڵە؛ خەردەڵ؛ خەرتەڵ؛ غەردەڵ؛ خەرداڵە؛ شێلمۆک؛ گیایەکی ئالیکی یەکساڵان لە تیرەی ئیسیوەت و ئالات.

▣ **خردل** سفید: خەرتەلە سپیلکە؛ تاس‌ئەور؛ تینەگیا؛ ترەوکە؛ شێلمۆ سپی؛ جۆرێک گیاخەرتەڵەی گوڵزەردی بۆنخۆشی دانەدرشتی زەردی ئاماڵ‌سوورە، تامێکی توندی هەیە و تام خۆشکەری بڕێ چێشتە.

خردل سیاه: خەرتەلە ڕەشە؛ شیلمۆکە ڕەشە؛ شێلمۆ ڕەشە؛ شێلمۆ ڕەشکە.

خردل وحشی: شەلەمەباخی؛ تۆپەڵەگیا؛ گەرمەژن؛ توونەگیا؛ شاتەڕەی دەیمی؛ جۆرێ خەرتەلەیە کێوی دەڕوێ.

خردلی[1] / xardalî/: [عربی] اسم. خەردەلی؛ ڕەنگی قاوەیی ئاماڵ زەرد.

خردمند / xeradmand ، ـان/: صفت. [ادبی] مژیوەر؛ ژیر؛ ژیرلە؛ ژیرلێ؛ ژیرۆل؛ ژیروان؛ ژیرڤان؛ ئاوەزمەند؛ بیرەوەر؛ بیرمەند؛ ژیرەک؛ خاوەن بڕستی تێفکرینی ئاوەزمەندانە.

خردمندانه[1] / xeradmandāne/: صفت. ژیرانە؛ مژیوەرانە؛ ئاوەزمەندانە ‹سخن خردمندانه: وتەی ژیرانە›.

خردمندانه[2]: قید. ژیرانە؛ مژیوەرانە؛ ئاوەزمەندانە؛ بە ڕێوشوێنی ژیران ‹خردمندانه رفتار می‌کرد: ژیرانە دەجووڵاوە›.

خردمندی / xeradmandî/: اسم. ژیری؛ مژیوەری؛ ژیروانی؛ ژیرڤانی؛ ئاوەزمەندی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ژیر بوون.

خرد و خاکشیر /xord-o-xākšîr/: *صفت.* ورد و خان؛ ورد و هان؛ ورد و هاڕ؛ ورد و خاڵ؛ ورد و خاش؛ ورد و خاڕ؛ لەت و پەت؛ هێت و پێت؛ هەپروون-هەپروون؛ شکاو بە شێوەی پاژگەلی زۆر ورد ‹شیشه خرد و خاکشیر شد: شووشەکە ورد و خان بوو›.

خرد و خمیر /xord-o-xamîr/: [فارسی/ عربی] *صفت.[گفتاری]* شەل و پەت؛ شڕ و وڕ؛ شڕ و کوت؛ لەت و پەت؛ شی و شیتاڵ؛ تۆپانتڕ؛ ورد و هاڕیاگ؛ مانیاو مەردە ‹زیر مشت و لگد تمام بدنش را خرد و خمیر کردند: لە ژێر مست و پالەقەدا ئازای گیانیان شەل و پەت کرد›.

▣ **خرد و خمیر کردن:** هەرستاندن؛ هەرستین؛ شەل‌وپەت‌کردن.

خردورزی /xeradvarzî/: *اسم.* مژیوەری؛ ئاوەزمەندی؛ ژیری؛ کار یان ڕەوتی کەڵک وەرگرتن لە هزر و بیر.

خرد و ریز /xord-o-rîz/، ـها/: *اسم.* وردەواڵە؛ شتگەلی چکۆلە و جۆراوجۆر (زیاتر کەم بایی): **خُردەریز**

خرده[1] /xorde/: *اسم.* ۱. چکێ؛ چکێک؛ کەمێک؛ تۆزێک؛ ڕیزەیەک؛ کەمێ؛ تۆزێ؛ نەختێ؛ هێندێ؛ کوچێو؛ کوچالێو؛ کوچلانجلێو؛ بەشێک کەم لە شتێک ‹یک خرده آب به من بده: چکێ ئاوم بدەرێ› ۲. ڕیزەیەک؛ چکێ؛ کەمێ؛ هێندێ؛ بەشێکی چکۆلە لە شتێک ‹یک خرده کار مانده بود: ڕیزەیەک کار مابوو› ۳. وردە؛ ورکە؛ وردکە؛ ورتکە؛ هیردە؛ هوورکە؛ ڕێزە؛ تیکەی شکاو، دڕاو یان بڕاو لە شتێک ‹خردەی نان: وردەی نان› ٤. پەڵپ؛ وردە ‹خرده گرفتن: پەڵپ گرتن› ❋ **خورده** *[گفتاری]*

▣ **خرده گرفتن:** پەڵپ پێ‌گرتن؛ وردەگرتن؛ بڕ و بیانوو هێنانەوە؛ عەیب لێگرتن ‹ما که به او خرده می‌گیریم باید کار خودمان بهتر باشد: ئێمە کە پەلپی پی دەگرین ئەبێ کاری خۆمان چاتر بێ›.

خرده ــ[2]: *پیشوانژه.* وردە-؛ هوردە-؛ هیرە-: ۱. چکۆلە ‹خردەمالک: وردەمالک› ۲. چکە-؛ کەچە-؛ ڕێزە؛ کەم ‹خردەحساب: وردەحەسێو› ۳. ڕێزە-؛ ورکە-؛ هوورکە-؛ لەت، دڕاو یان شکاوی شتێک ‹خردە‌نان: وردە‌نان› ❋ **خورده** *[گفتاری]*

خردەبرده /xordeborde/ ☜ **خُورده بُرده**

خردەبورژوا /xordebûrj(u)vā/، ـها/: [فارسی/ فرانسوی] *اسم.* وردەبورژوا؛ وردەپا: ۱. وردەمڵکدار؛ وردەمالیک؛ پیشەوەرێ کە خاوەنی ئامێری بەرهەم هێنان یان سەرمایەی خۆیەتی، بەڵام بۆ بژیوی ژیانی ناچار بە کار کردنە ۲. *[مجازی]* هەر یەکە لە ئەندامانی چینی مامناوەندی شار.

خردەبورژوازی /xordebûrj(u)vāzî/: [فارسی/ فرانسوی] *اسم.* وردەبورژوازی؛ وردەپایی: ۱. وردەمالیکی؛ چینی ژێرووی بورژوازی کە هەرچەندە خاوەن ئامێری بەرهەم هێنان یان سەرمایەی خۆیانن، بەڵام ناچارن بۆ بەڕێچوونی ژیانیان کار بکەن و پتر لە لایەن سەرمایەدارانەوە دەچەوسێنەوە: **بورژوازی کوچک** ۲. *[مجازی]* چینی مامناوەندی شار.

خردەبین /xordebîn/: *صفت.* کورت‌بین؛ هوردبین؛ خاوەنی خوو و خدەی کورت‌بینی.

خردەبینی /xordebînî/: *صفت.* کورت‌بینی؛ هوردبینی؛ چۆنیەتی لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی عەیب و بابەتی بچووک و نە زۆر گرنگ.

خردەپا /xordepā/، ـها/: *صفت.* کەم‌داهات؛ کێم‌بارەچە: ۱. کاسبی کەم مایە ۲. جووتیاری خاوەن کەمێک زەوی و زار.

خردەحساب /xordehesāb/، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم.* وردەحەسێب؛ وردەحەساو: ۱. قەرزاری یا بسێنکاری کەم ‹یک خردەحساب مانده بود که آن را هم پرداختم: هێندێک وردەحەساو مابوو، ئەویشم داوە› ۲. *[کنایی]* دژمنایەتی؛ ڕک و دژمنی.

▣ **خردەحساب با کسی پاک کـردن:**[کنایی] لـە کەسـێ پـاک بوونـەوە؛ تۆڵـەکردنەوە؛ تۆڵـە سەندنەوە لە کەسێ ‹بە بهانەی رسیدگی به کارها می‌خواستند خردەحسابهایشان را با هم پاک کنند: بـە بیانووی پێڕاگەیشتن بە کارەکان دەیانەویست لـە حیسابی یەک پاک بنەوە›.

خردەخرجی / xordexarcî ، ـها/: [فارسی/ عربی] /اسم. وردەخەرجی؛ خەرجگەلی کەم و جۆراوجۆر ‹یک خردەخرجی‌هایی مثل کرایه ماشین توی هم خـرج روزانه است: برێ وردەخـەرجی وەک کـرێ ماشـین، هەر لە ناو خەرجی ڕۆژانەدایە›.

خردەریز / xorderîz/ ☜ **خُرد و ریز**

خـردەفرمـایش / xordefarmāyeš ، ـهـا/: اسم. [مجـازی] وردەفـەرمایش؛ وردەفەرمایـشت؛ دەستووری یان فەرمانی ناڕەوا و بێ‌جێ ‹این آقـای رئیس هم چقدر خردەفرمایش دارنـد: ئـەم سەرۆکیـشە چەندە وردەفەرمایشی هەیە›.

خـردەفروشـی / xordefurûšî ، ـهـا/: اسـم. وردەفرۆشـی؛ تـاکفرۆشـی: ١. کـار و ڕەوتی فرۆشتنی شتومـەک بـە ئەنـدازەی پێویـستی خەڵـک ٢. فرۆشـگایێ کـە کـاڵا بـە ئەنـدازەی پێویـستی خەڵـک دەفرۆشـرێ. بەرانبـەر: **عمدەفروشی**. هەروەها: **خردەفروش**

خردەکاری / xordekārî ، ـها/: اسم. وردەکاری: ١. کارگەلی بچووک، کەم بایەخ و جۆراوجۆر ‹از این خردەکاری‌هـا خلاصـی نـدارم: لـەم وردەکاریـانە ناخەلسم› ٢. بەشـێکی کـەم لـە کـار کـە بـۆ تەواوکردنی بەرنامەیێک یان چێکردنی شـتێک دەبێ بکرێ ‹این خردەکاری آسایش مرا گرفته است: ئەم وردەکاریە ئاسایشی بریوم›.

خـردەگیـر / xordegîr ، ـان/: صفت. وردەگـر؛ ڕەخنـەگر؛ پەڵـپگـر؛ خـاوەن خـوو و خـدەی ڕخنەگری.

خردەگیری / xordegîrî ، ـها/: اسم. وردەگـری؛ ڕەخنەگـری؛ کـار یـان ڕەوتی ڕەخنـە و پەڵـپ گرتن، بەتایبەت لە شتی بچووک و بێ‌بایەخ.

خردەمالک / xordemālek ، ـهـا؛ ـان/: [فارسـی/ عربی] /اسم. جـۆچین؛ وردەمالیـک؛ کەسـێ کـە خاوەنی زەوینێکی بچووکی کشتوکاڵە.

خررنگ کـن / xar.rangkon/: صفت. [تعـریض] ساختەچی؛ گزیکار؛ فێڵباز؛ زەخەڵ؛ کەڵـەکباز؛ مەکرباز؛ فریوکار؛ مەکرین؛ زۆڵ؛ دەهۆباز.

خــرزور / xarzûr/: صـفت. [تعـریض] کـەرزۆر؛ بەهێز؛ زۆردار ‹خیلی خرزور است، میز را تنهـایی بلنـد می‌کند: یـەکجار کـەرزورە، مێزەکـە بـە تـەنیا بـەرز دەکاتەوە›.

خرزە / xarze/: اسم. [مستهجن] ملـەورچ؛ خـرزە؛ سیرەتی‌زل؛ گونی‌زل؛ ئەندامی نێرینەی پیاو کە لە ڕادەی ئاسایی گەورەتر بێ.

خرزهـره / xarzahre/: اسـم. کـەرکوژە؛ ژاڵـە؛ ڕووڵ؛ ڕووڵک؛ ژاڵک؛ ژەڵە؛ ژەڵـە؛ ڕیـل؛ ڕویـل؛ لووڵـک؛ لـۆڕک؛ لـوێر؛ لـووڕ؛ لـووڕک؛ قرژانـک؛ دارۆکەیەکی جوانی ژەهراوی، گەڵا ئەستوور، پڕ لەق و پۆی چەتر ئاسا.

خرس / xers/: اسم. ورچ؛ هرچ؛ خـرس؛ هـورچ؛ هەشە؛ هەرس؛ هـرس؛ حـورچ؛ حـش؛ حـەش: ١. /ـها/ گیانەوەرێکی گوهانـدارە کـە زیـاتر لـە نیوەی بـاکووری زەوی دەژی و هـەموو شـتێک دەخـوا، بـە تـەختایی پـێ دەچێتـە ڕێـوە و چنگاڵـەکانی هەمیـشە بـە دەرەوەن. کوڵـک و مـووی زۆر و پـڕی هەیـە، کلکـی کـورت و جەستەی گەپ و قورسە ٢. [نجوم] حەوتەوانـە؛ ناوی دوو وێنەی ئاسمانی لـە نیـوەی بـاکووری زەوی ‹خـرس بـزرگ و کوچـک: ورچـی گـەورە و بچووک›.

▣ **خـــرس بـــزرگ:**[نجـوم] ورچـی گـەورە؛ حەوتەوانـەی گـەورە؛ وێنەیـەکی ئاسمـانی گەورەیـە بـریتی لـە حـەوت ئەسـتێرەی درەوشەدار کە لە بەناوبانگترین ئەستێرەکانی ئاسمانن: **بنات‌النعشِ کبـرا؛ دُبّ اکبـر؛ هفـت**

اورنگ مهین
خرس خاکستری: ورچی خۆڵەمێشی؛ ورچێکی زەوین ژییە کە زۆرتر لە بژوێندا دەژی.
خرس سیاه: ورچی ڕەش؛ جۆرێ ورچی ڕەش، دارچینی یان قاوەییە کە لە نیوەی زستاندا دەچێتە خەوی زستانیەوە.
خرس قطبی: ورچی پۆلی؛ هورچی قوتبی؛ ورچی گەوری دەڤەری جەمسەری باکووری بە سەر و ملی گچکە، ددانی تیژ و لەشی سپی تووکنەوە.
خرس کوچک: *[نجوم]* حەوتەوانەی بچووک: **بنات‌النعشِ صغرا؛ دُبّ اصغر؛ هفت اورنگ کهین**
خرس گنده: *[تعریض]* ورچەکۆن؛ ورچەقوڵە؛ ورچەکولە؛ کۆڵەورچ؛ کوتەخرس؛ خرسەکۆن؛ قەپە؛ زلە؛ گۆپۆ؛ تەژە؛ حەپەنتی؛ حەشەپەڕۆینە؛ گەلحۆ؛ گتە؛ خیگە؛ گەوەزە؛ قەڵەوی تەوەزل.
خرس مورچه‌خوار ☜ **آردوارک**
▣ **با خرس به/ توی جوال رفتن**: *[کنایی]* لەگەڵ ماردا نووستن؛ لە بەخەڵ مارا خەفتن؛ لەگەڵ سەگدا چوونە چاڵەوە؛ لەگەڵ کەسێکی نالەباردا تێهەڵچوون و تێکەڵ بوون.
خرسند / xorsand/: *صفت. [ادبی]* ڕەزامەند: ۱. دڵخۆش؛ شادومان؛ خۆشحاڵ؛ دڵڕەزا؛ شاد؛ دلشاد؛ دلگەش لە ڕووداو یان ئاکامی کارێک ۲. قانع؛ ڕازی؛ خوازیاری ئەو دۆخە تێیدایە * **خورسند**
خرسک / xersak/: *اسم.* ۱. کۆڵەورچ؛ بەچکەورچ ۲. خرسەک؛ جۆرێک قاڵی درشتی تووک درێژ.
خرسندی / xorsandî/: *اسم.* ڕەزامەندی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕەزامەند بوون: **خورسندی**
خرسنگ / xarsang/: *اسم.* گابەرد؛ گاشە؛ کەڕا؛ هیم؛ زۆپ؛ تاوێر؛ گاشەبەرد؛ هێزک؛ تەلەسەنگ؛ بەردی زل.

خرطوم / xortûm/: *[عربی]/اسم.* لمۆز؛ لمبۆز: ۱. قۆرتم؛ قرتم؛ قورتم؛ خورتووم؛ ئەندامێکی درێژی هەڵگرەوە، گۆشتین و نەرم، بریتی لە بێڤل و لەوسی سەرووی گوهاندارانی قرتمدار (وەک فیل) ۲. دەرزیە؛ ئەندامێکی باریکەڵە و لوولەئاسای هەڵلووشێن لە مێرو و کرمدا.
خرطومی / xortûmî/: *[عربی] صفت.* خورتوومی؛ قورتمی؛ بە شکڵ و شێوەی قورتم ‹لولەی خرطومی: لوولەی خورتوومی›.
خرغلت / xarqalt/: *صفت. [تعریض]* کار و ڕەوتی تلدان؛ تلدانەوە؛ تلان؛ خلان؛ خلۆپان؛ گلان؛ لە سەر زەویندا خۆ تلاندنەوە ‹اینقدر روی این خاکها خرغلت نزن: ئەوەندە لە سەر ئەم خاک و خۆڵە تل مەدە›. هەروەها: **خرغلت زدن**
خرف / xeref/ ☜ **خرفت**
خرفت / xereft ، ـها/: *[از عربی] صفت.* هورفی؛ خەرەف؛ خەرفاو؛ خەرفی؛ خەرفیو؛ زورهان؛ هۆش لێ بڕاو لە بەر کزی یان پیری: **خرف** *[گفتاری]*. هەروەها: **خرفتی**
خرفه / xorfe ، ـها/: *اسم.* پەلپینە؛ پەلپین؛ پەرپین؛ پەرپینە؛ پەرەپەلیک؛ پارپارە؛ پرپرە؛ پرپریک؛ پرپلیک؛ پیرپیلیک؛ پەرەپیلیک؛ ددان تیژکەرە؛ ڕوەکێکی گەڵا و لاسک گۆشتنە کە لە نێو بێستانان زۆرتر بە شێوەی گیابژار دەڕوێ و جۆرێ چێشتی خۆرشتی لێ دروست دەکرێ.
خرفهم / xarfahm/: *[فارسی/ عربی] صفت. [تعریض]* بە گوێدا چوو؛ حاڵیبووگ.
▣ **خرفهم شدن**: بە گوێدا چوون؛ فامین؛ حاڵی بوون ‹پس از یک ساعت توضیح دادن آخرش خرفهم شد: دوای سەعاتێک شیکردنەوە ئاخری بە گوێیدا چوو›.
خر فهم کردن: بە گوێدا کردن؛ بردنە کەڕەکەوە؛ تێگەیاندن؛ فاماندن؛ حاڵی کردن ‹کمی خنگ است، باید خوب خرفهمش کنی: کەمێ خولە، دەبێ باش بە گوێیدا بکەی›.

خرق / xarq, xerq/: [عربی]/اسم. [ادبی]/ ۱. چاک؛ تلیش؛ قەڵش؛ شەق؛ دڕاوی؛ قەڵشاوی؛ کەلەشتاوی؛ تلیشاوی؛ پەڕتاوی ۲. کار یان ڕەوتی دڕاندن یان قەڵشاندن؛ پەڕتاندن؛ کەلاشتن.

▣ **خرق عادت**: نائاسایی؛ بەدەر لە عادەت.

خرقه / xerqe، ـها/: [عربی]/اسم. کەڵپۆس؛ خەرقە؛ بالاپۆشی دەروێش.

▣ **خرقه تهی کردن**:/مجازی/ کۆچی دوایی کردن؛ دنیا بە جێ هێشتن؛ بارگە و بنە دانان؛ بالگە پێچان؛ دڵ لە خورپە کەوتن؛ چاو لە دنیا بەستن؛ جلی دنیا داکەندن؛ هەوار جەم کردن ‹سرانجام در سال ۱۳۲۰ خرقه تهی کرد: لە ئاکامدا سالی ۱۳۲۰ کۆچی دوایی کرد›.

خرقه‌پوش / xerqepûš، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. ۱. شڕەبار؛ کۆنەپۆش؛ شڕپۆش؛ سیپاڵپۆش ۲. دەروێش؛ بێمبالات بە ماڵوسامان.

خرک / xarak، ـها/: اسم. ۱. تیر یان سێپایەیەک کە دارتاشان بۆ تاشین و بڕینەوەی چێو و تەختە بە سەریەوە، کەڵکی لێوەردەگرن ۲. داربەس؛ داربەست؛ تەختە یان دارێ کە بەنایان بۆ کارکردن لە بەرزی لە سەری ڕادەوەستن ۳. [ورزش] خەرەک؛ چوارپاچکەی تەسک و درێژ لە وەرزشتی ژیمناستیکدا ٤. [موسیقی] خەرەک؛ پارچە چێو یان ئێسقانی لە سەر کاسەی بڕێک سازی ژێدار، بۆ بەرگری لە لێک کەوتنی سیم و کاسە ٥. هەرەتێلە؛ هوریل؛ کەرەچکۆلە؛ کورینک؛ کورین؛ جانی؛ سێنرین؛ شیرە؛ کەری بالا بچووک ‹خرکی را به عروسی خواندند: هەرەتێلەیەکیان دەنگ کرد بۆ شایی›.

خرکاری / xarkārî، ـها/: اسم. [تعریض] کەرژالی؛ تووڕەکاری؛ کاری زۆر و گران و کەمبایەخ. هەروەها: **خرکار**

خرکچی / xarakčî، ـها/: اسم. کەرچی؛ وڵاخدار؛ وڵاخار؛ ئوڵاخدار؛ ئوڵاغار: ۱. کەردار؛ خەربەندە؛ کەسێ کە کەر بە کرێ دەدا ۲. کەسێ کە بە کەر بار دەکێشێ.

خرکی[1] / xarakî/: صفت. [گفتاری] کەرانە؛ هەرانە؛ کەرەکی؛ گەوجانە و نالەبار ‹شوخی خرکی: گاڵتەی کەرانە›.

خرکی[2]: قید. [گفتاری] کەرانە؛ هەرانە؛ کەرەکی؛ وەک کەر؛ بە شێوەی گەوجانە و نالەبارانە ‹خرکی بازی می‌کرد: کەرانە کایەی دەکرد›.

خرگاه / xargāh، ـها/: اسم. [ادبی] ۱. هۆبە؛ شاهۆ؛ خەرگا؛ تارم؛ تاوڵ؛ سەراپەردە؛ چادری گەورە یان کۆمەڵەی ڕەشماڵان بۆ هەواری کەسانی خاوەن پلە و پایە ۲. [کنایی] ئاسمان.

خرگوش / xargûš/: اسم. کەروێشک؛ کەورێشک؛ کەوریشک؛ کەرووشک؛ کوێریشک؛ کێفرۆشک؛ کیڤریشک؛ کێرووشک؛ کەڤرۆشک؛ کێڤرویشک؛ کەرویە؛ هەوریشە؛ خەروێ؛ کەرگۆە؛ کەروێ؛ قولەشین؛ هەروی؛ کێرگو: ۱. /ها؛ ـان/ گیانەوەرێکی گوهانداری گیاخۆر، شت جاو، گوێدرێژ، جووچکە کورت و خۆشبەزە ۲. [نجوم] وێنەیەک لە ئاسمانی نیوەگۆی باشووری، لە نزیکی ڕاوچیەوە: **آرنب** ۳. چوارەمین سالی سالپێوی تورکستانی ☜ **تقویم**

خرگوشک / xargûšak/: اسم. گایەمە؛ گاومە؛ گاوەمە؛ گاولمە؛ گادوومە؛ پەلۆش؛ گولەتۆزینە؛ بالووکبرە؛ گوێبەرخە؛ گوێبەرخۆڵ؛ تۆمگیر؛ بنە گیایێکی گەلا تیسکن، گوڵ گەورە و زەردی هێشوویەوە، گەلا و گولەکەی بۆ کارکردنی زگ باشە: **گل ماهور؛ ماهوتی**

خرم / xorram/: صفت. [ادبی] گەوش؛ گەوز؛ گەش: ۱. پەژ؛ تەڕچک؛ پاراو؛ سەرسەوز؛ تەوزاو؛ تێراو؛ خاوەنی تەڕی و پاراوی ‹دشت سبز و خرم: دەشتی پەژ› ۲. شادمان؛ سەرشاد ‹شاد و خرم:

شاد و کەش›.

خرما / xormā/:*اسم*. خورمـا؛ خورمـە؛ خوورمـا؛ خورماوی؛ هورما؛ قەسپ: ١. خورماوە؛ دارێکـی بەرزی گەرمیانە، بە قۆتـەی خـڕ و لـق و پـۆپی وەک چەتر لە سەرەوە. بەرەکەی هۆشەییە و لە هەوداکەی تەناف دەهۆننەوە ٢. میوەی ئەو دارە کە شیرین و گۆشتن و ناوکدارە.

خرمائی / xormā'î/ ☜ **خرمایی**

خرماپزان / xormāpazān/:*اسم*. تـۆفی گـەرما؛ وەرزی پێگەیشتنی خورما.

خرمالو / xormālû/:*اسم*. خورمـالوو؛ خورمـاڵ: ١. دارێکی چەندجـۆرەی خەزەڵـوەری دەوەری ڕۆژهەڵاتی دوورە ٢. *ـها/* میـوەی جـۆرێ لـەو دارە کە لە تەماتـە دەکـا و بـە ڕەنگـی نـارنجی گۆشتن، ئاودار و شیرینە.

خرمایی[1] / xormāyî/:*اسم*. خورمـایی؛ ڕەنگـی زەردی تـۆخ مەیلـەو قـاوەیی کـاڵ: **خرمـائی**. هەروەها: **خرمایی‌رنگ**

خرمایی[2] *صفت*. خورمایی؛ بە ڕەنگی زەردی تۆخ مەیلەو قاوەیی کاڵ: **خرمائی**.

خـــرمگس / xarmagas، ـــهـــا؛ ـان/:*اســـم*. مێشەکەرانە؛ مێشەکەران؛ مەلشە؛ مۆزک؛ چیـز؛ مۆزەشینە؛ کەرەنگێزە؛ خەرەنگەز؛ خەرەنگـەزە؛ خـــەرەنگێز؛ خەرمەگـــەز؛ کـــەرمێش؛ کـــەرمۆز؛ گولال؛ گازولک؛ مێشێکی کەسکی گـەورەتر لـە ڕادەی ئاسـاییە بـە ئاژەڵــەوە ئـەدا و ڕاگــوێزی نەخۆشی ئاژەڵە بۆ مرۆ.

▣ **خـرمگس معرکـه شـدن**: ١. *[مجـازی]* بوونـە کوتەکی ناو چڵپاو؛ بوونـە دووکـەڵ بـۆ چـاو؛ بوونە هـۆی ئـازاری دیتـران ٢. بوونـە کتکـە نەفتینە؛ بوونە ئاورخۆشکەرە؛ ئاژاوە نانـەوە لـە کۆڕێکدا؛ هەرا و قەپ و قاڵ خستنە ڕێ.

خـــرمن / xarman، ـهـا/:*اســم*. خـــەرمان: ١. جۆخین؛ خرمان؛ خەرمن؛ جێخوون؛ بێندەر؛ بێدەر؛ ترت؛ خەلەی درواو کە لە شوێنێکدا کۆما بـووە ٢. خەرمانـە؛ تەپـڵە؛ کۆگـا؛ کۆمـە؛ هـەر شتێکی وەک خەرمان خڕ بووبێتەوە ‹خرمن گل: خەرمانـی گوڵ›.

▣ **خرمن باد دادن**: شەن‌کردن؛ شەن کـەردەی؛ لێک جویێ‌کردنەوەی دان و کا بە با.

خرمن برداشتن: خـەرمان هەڵـگرتن؛ بـردنی خەلە یان داهاتی کۆمابوو لە خەرمانگاوە.

خرمن کردن: خەرمان کـردن؛ کۆگـا کـردن؛ گرد و کۆ کردنی شتێ بەتایبەت بەرهـەمێک لە شوێنێکدا.

خرمن کوفتن: خەرمان کوتـان؛ خەلـەکوتان؛ خەرمن هەڕین؛ لێکردنەوەی دەخڵ و دان لە پووش و کلۆش بە خەرمانکوت.

خرمن‌پا / xarmanpā، ـهـا/:*اسـم*. خەرمانـەوان؛ پاسەوانی خەرمان.

خرمنجا / xarmancā/ ☜ **خَرمَنگاه**

خرمندی / xormandî، ـهـا/:*اسـم*. ١. چەشـنێ خورمـــالووی جەنگەڵـــی ٢. کـــەلهوو؛ دارێکـــی جەنگەڵـی گەلادرێژووکـەی گـوڵوردی میـوە فنق‌ئاسای قاوەیی ڕەنگە.

خرمن‌سوخته / xarmansûxte، ـها؛ ـگان/:*اسم*. ١. خەرمان ئاوبردوو؛ خـەرمان سـووتاو؛ کەسـێ کە ئاور بەربۆتە خەرمانی ٢. *[کنایی]* ماڵ ویـران؛ ڕەنجبەبا؛ ڕەنجەڕۆ؛ مرۆی نامراد و زیان دیتوو.

خرمنکوب / xarmankûb/:*اسم*. چوو؛ جەنجەڕ؛ جەنجەر؛ جەنجەرە؛ جەڕـجـەڕ؛ مۆشـەن؛ گـام؛ خـەرمانهـەڕ؛ ئـامراز یـان ماشـینی کوتـان و جیاکردنەوەی کا و کلۆش لە دان.

خرمنکوبی / xarmankûbî/:*اسم*. گێـرە؛ خـەڕە؛ هـۆلی؛ هـۆل؛ هۆلـە؛ هۆڵـە؛ کـار و ڕەوتی ورد کردنی دەغڵ و گیا و جیا کردنەوەی دان لە کـا و کلۆش.

خرمنگـاه / xarmangāh، ـهـا/:*اسـم*. خـەرمان؛ خەرمانگا؛ بێـدەر؛ جـێ خـەرمان؛ شـوێنێ کـە وەرزێران خەلـە و خـەرمانی خۆیـانی تێـدا کـۆ

دەکەنەوە: **خرمن‌جا**

خرمهره / xarmohre ، ـها/:/اسم. گـڕک؛ گـڕی؛ کوژەکـە؛ کـۆرژا؛ کووژەکـە؛ مـوورا؛ موورەکـە؛ مۆرەکـە؛ خـەرموورگ؛ مـووروەکەرانـە؛ کووژەکەرانە؛ موورگـەکەولـە؛ موورگـەکەوەلـە؛ مـووروی درشـت و شـین، پتـر بـە کورتـانی کەرەوەی دەدروون.

خرمـی / xorramî/:/اسم. تـەرچکی؛ پـەژی؛ گەوزی؛ گەشی؛ سەرسەوزی؛ دۆخ یان چۆنیەتی پەژ و گەش بوون.

خرناس / xornās ، ـها/:/اسم. پرخـە: ١. پرخـە؛ پرخ‌پاخ؛ خرین؛ خـرەخـر؛ خـرپف؛ مـرخ؛ ڤـزە؛ خرپوق؛ خرپە؛ دەنگی هەناسەدانی بـرێ کـەس بەتایبەت بە سـالاچووان لـە خـەودا. هـەروەها: **خرناس کشیدن** ٢. مرە؛ گـوڕە؛ مرخـە؛ هووشـە؛ لووشە؛ نەڕە؛ مەڕژ؛ دەنگی زڕوی برێ گیانـداری گۆشتخۆر بەتایبەت لە کاتی تووڕەییدا: **خرناسه**

خرناسه / xornāse/ ☜ **خرناس-٢**

◘ **خرناسه کـشیدن:** ڤـزین؛ مرانـدن؛ گوڕانـدن؛ مرخاندن؛ نەڕاندن.

خرند / xarand ، ـها/:/اسم. خەرەند؛ کەمە؛ لێوار؛ بـەس؛ گـورمکی؛ زۆپـی؛ باخچـە و جۆگەلـە و لێوارەی شەقام.

خرنـوب / xarnûb ، ـهـا/:/اسم. خـەرنووک؛ خـەرنووک؛ ئەسـتری؛ سـەرپنج؛ حەچەمچـە؛ مەحچە؛ حـس و خوشمـە؛ پاکـەمتیار؛ شاڤـێر؛ دارێکی دڕکاوی گەلا پنچ و گوڵ هێشووە.

خـروار / xarvār ، ـهـا/:/اسم. خـەروار؛ خەلـوار؛ خەربار: ١. یەکەی کێشانە لە کۆندا بەرانبەر بـە سێـسەد کیلـۆ ٢. /مجـازی/ هەنـدێکی زۆر لـە شتێک.

خر و پف / xor-o-pof/: صوت. پرخە؛ پرخـەپرخ؛ خرپـوق؛ دەنگـی هەناسـەدانی بـرێ کـەس لـە خەودا.

خروج / xurûc, xorûc/: [عربی]/اسم. ١. کار یان ڕەوتی دەرکەوتن؛ وەدەرکـەوتن؛ هاتنـە دەرەوە لە جێگەیەک ٢. /قـدیمی/ شۆرش؛ ڕاپەڕین؛ سەر هەڵدان.

◘ **خـروج کـردن:** /مجـازی/ ڕاپـەڕین؛ ڕاسـت بوونەوە؛ هەستانەوە؛ شۆرش کردن.

خروجـی / xurûcî, xorûcî ، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. ١. چوونەدەر؛ دەرەوەیی؛ جێ دەرکەوتن؛ جـێ چوونـە دەرەوە‹در خروجـی: دەرکـەی چوونـەدەر› ٢. گـونج؛ کـون یـان دەرکەیـەک بـۆ هاتنـە دەرەوەی ناواخنی شتێک ‹خروجی استخر: گونجی ئەستێر› ٣. ئاگاداری کۆوەبوو لە کۆمپیۆتەر یـان ماشین‌حەساودا ٤. ڤەدە؛ وەدە؛ لێهات؛ بەرهـەم ٥. /گفتاری/ بەرایی چوونە دەرەوە لە شوێنێک.

خروس / xurûs, xorûs ، ـهـا/:/اسم. کەڵـەباب؛ کەڵـەباب؛ کـەرەباب؛ کەڵەشـێر؛ کـەڵەشێر؛ کەرەشێنە؛ کەرشێر؛ کەرەشێل؛ دیکـل؛ دیقـل؛ کووک؛ کەڵەکووک؛ لفی مریشک.

◙ **خروس بی‌محل:** /مجازی/ کەڵەشێر ناوەخـت؛ گووز نـاخلاف؛ تـڕ ناخـافڵ؛ ئـەوەی نابـەجێ داخێوێت ‹حالا تو چرا خروس بی‌محل شدی؟ مگـر قرار نبود حرف نزنی؟: ئێستا بۆچی بوویە کەڵەشێر ناوەخت؟ مەگەر بڕیار نەبوو قسە نەکەی؟›.

خروس جنگی: ١.کەڵەبابی شەڕانی؛ کەڵەشێر لاری؛ کەڵەبابی بارهاتوو بۆ کەڵەشێرەجەنگێ ٢./مجازی/ سەگی هـەواران؛ وەیخـڕ؛ ناخـار؛ شەڕانی؛ شەڕاشۆ؛ جەنگەڕانی؛ مرۆی گـورخ و شەڕخواز.

خروس کولی: زیقاوە؛ جیقۆلـە؛ داڵداڵەکۆسـە؛ داوداوەکۆسـتە؛ قـیقـیداوکـە؛ پەلـەوەرێکی گەورەیە بە ڕەنگی ڕەشی ئاماڵ سەوز و سپی، پۆپە تەسک، پا درێژ و باڵ پان و خڕ.

خـروس‌بـازی / xurûsbāzî, xorûs-/:/اسم. کەڵەشێرەجـەنگێ؛ شەڕەکەڵـەباب؛ کەڵەشـێرە جەنگانی؛ گەمەیەکە دوو کەڵەشێر ئەدەنە گژی یەکتردا، هەرکامیان کـشایە دواوە، خاوەنەکـەی

دایناوه. هەروەها: **خروس‌باز**

خروسخوان / -xurûsxān, xorûs/: اسم. *[کنایی]* بەرەبەیان؛ گەردی بەیانی؛ سیسان؛ سەڵای سوح؛ مەلابانگدان؛ نەماژی؛ بەیانی زوو ‹خروسخوان بود کە راه افتادیم: بەرەبەیان بوو ڕێ کەوتین›.

خروس‌قندی / -xorûsqandî, xorûs، ـها/: [فارسی/ معرب از سنسکریت] اسم. گۆچان‌قەن؛ جۆرێ ئاونەوات لە بیچمی کەڵەباب.

خروسک /xurûsak, xorûsak/: اسم. ١. *[پزشکی]* خرووسەک؛ خورۆسەک؛ خرووزەک؛ خورووزەک؛ خرزەک؛ خەندخەندوک؛ لارنژیت؛ نەخۆشیەکی سیپەلاکە کۆخەی وشک و سەختی لەگەڵدایە ٢. *[مکانیک]* خرۆسەک؛ مۆرەی خرۆسی ☜ **مهره**

خروسه / xurûse, xorûse/: اسم. بەلۆکە؛ کوڕکە؛ میتکە؛ قیتکە؛ نێور؛ چیلکە؛ تیتلک؛ دوو پەلە گۆشتی لای سەرووی شەرمی ژن.

خروش / xorûš , xurûš، ـها/: اسم. *[ادبی]* گوڕە؛ هاوار؛ خرۆش؛ خورۆش؛ مرۆش: ١. هەرا؛ قاڵ؛ قیڕە؛ قیڕە؛ قووڕە؛ فەرە؛ ناڵەی بەرز ‹خروشی از آن خانه برخاست: هاوارێ لەو ماڵەوە هەستا› ٢. *[مجازی]* گرم؛ گرمە؛ نەعرەتە؛ هەرا و هەنگامە.

خروشان[1] / xorûšān, xurûšān/: صفت. *[ادبی]* بەخوڕ؛ بەگوڕ؛ بەتاو ‹رود خروشان: چەمی بەخوڕ›.

خروشان[2]: قید. *[ادبی]* بەخوڕ؛ بەگوڕ و تاو؛ لە تاو خوڕیندا ‹خروشان و غرّان پیش آمد: بەخوڕ و گرمەوە هاتە پێشەوە›.

خروشیدن / xorûšîdan/: مصدر. لازم. *[ادبی]* //**خروشیدی**: خورۆشایت؛ **می‌خروشی**: دەخرۆشی؛ **بخروش**: بخورۆشە// خورۆشان؛ خرۆشیان؛ مرۆشیان؛ گوڕان؛ خورۆشیەی؛ خورۆشیای: ١. گوڕاندن؛ خورۆشان؛ بە قەو و زۆرتر تووڕەییەوە هاوارکردن ٢. *[مجازی]* گرماندن؛ گرمنەی؛ گرمنای؛ گورمین.

■ صفت فاعلی: **خروشنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **خروشیده** (خورۆشاو)/ مصدر منفی: **نَخروشیدن** (نەخورۆشان)

خریت / xarîyyat، ـها/: (!) [فارسی/ عربی] اسم. *[مجازی]* کەریەتی؛ هەریەتی؛ گەوجی؛ گێژی؛ لاژگی؛ نەزانکاری.

▣ **خریت کردن**: *[مجازی]* کەریەتی کردن؛ گەوجی‌کردن؛ نەزانکاری‌کردن ‹خریت کرد آن خانه را فروخت: کەریەتی‌کرد ئەو خانووەی فرۆشت›.

خود را به خریت زدن: *[تعریض]* خۆ لەو بارەکەی دان؛ خۆی لێ گێل کردن؛ خۆ لە کەری دان؛ خۆ بە گەوج نیشان دان.

خرید / xarîd، ـها/: اسم. ١. کار یان ڕەوتی سەندن؛ سەنن؛ ئەسەی؛ ئەستەی؛ سانەی؛ کڕین؛ کڕان ‹خرید اقساطی: سەندنی پاژ-پاژی› ٢. سەنراو؛ کڕدراو؛ کاڵا یا شتومەکێ کە پارەی دراوە و هەڵگیراوە ‹خریدت را نشانم بده ببینم: سەنراوەکەت پیشانم دە بزانم›.

▣ **خرید اقساطی**: سەندنی پاژە-پاژی؛ سەندنێ کە پارەکەی قرتان‌-قرتان بدرێتەوە.

خرید نسیه: قەرز؛ سەندن بە قەرز و قۆڵە؛ سەندنێ کە پاش ماوەیەک پارەکەی بدرێتەوە.

خرید نقد: هیشکە؛ سەندنێ‌کە پارەکەی لە کاتی سەندنیدا بدرێت.

▣ **خرید رفتن**: ڕۆیشتن/ چوونە شت کڕین؛ بۆ کڕین چوون؛ بۆ شت کڕین چوون؛ بۆ شت سەندن چوونە دوکان و بازاڕەوە ‹دیروز رفته بودم خرید: دوێنێ ڕۆیشتبوومە شت کڕین›.

خرید کردن: شت سەندن؛ شت‌کڕین؛ بازار کرن ‹ما از آن مغازه خرید می‌کنیم: ئێمە لەو دووکانە شت دەسێنین›.

خریدار[1] / xarîdār، ـها؛ ـان/: اسم. کڕیار؛

سەنیار؛ بسێن؛ پسێن؛ ئەسان؛ کڕینۆخ؛ ئەوی شت دەکڕێ؛ کەسێ کە شت ئەسێنێ. بەرانبەر: **فروشنده** ‹پرداخت هزینەها به عهدەی خریدار است: دانی خەرجەکان لە مل کڕیارە›.

▣ **خریدار داشتن:** *[مجازی]* کڕیار هەبوون؛ بازاڕ هەبوون؛ باو بوون؛ ڕۆژ هەبوون؛ بابەتی سەرنج بوون ‹این حرفها اینجا خریدار ندارد: ئەم قسانە لێرەدا کڕیاریان نیە›.

خریدار[2]: *صفت.* کڕیار؛ بسێن؛ سەنیار؛ ئەسان؛ کڕینۆخ؛ بە تامەزرۆیی و هۆگری بۆ سەندنی شتێ ‹شما خریدار نیستی، پس بی‌خود چانە می‌زنی: ئەتۆ کڕیار نی، ئەدی بێ‌هۆ چەقە دەکەی›.

خریداری / xarîdārî/: *اسم.* ١. کڕیاری؛ دۆخ یان چۆنیەتی کڕیار بوون ‹بە چشم خریداری نگاهش می‌کرد: بە چاوی کڕیاریەوە بۆی دەڕوانی› ٢. کڕین؛ سەندن ‹آنها را برای بچەهایش خریداری کردە بود: ئەوانەی بۆ منداڵەکانی کڕیبوو›.

خریدن / xarîdan/: *مصدر متعدی. //* **خریدی:** سەندت؛ **می‌خری:** دەسێنی؛ **بخر:** بسێنە// سەندن؛ کڕین؛ سانن؛ ساندن؛ سەنن؛ سەنین؛ سانەی؛ سەنای؛ سانتەی؛ ئەسەی؛ ئەسای؛ هێرناییەنە؛ گرەوتش؛ هەری نایش: ١. بوونە خاوەنی شتێک بە دانی نرخەکەی ٢. *[مجازی]* سەندنەوە؛ کڕینەوە؛ ئەدایوە؛ لە زەرەر لێکەوتن و تێداچوون ڕزگارکردن ‹آبروی کسی را خریدن: ئاوەڕووی کەسێ سەندنەوە› ٣. *[مجازی]* قەبووڵ کردن؛ وەرگرتن؛ بواراکردن؛ بە ئەستۆگرتن ‹زحمتی را به جان خریدن: زەحمەتێک بە گیان کڕین›. هەروەها: **خریدنی**

■ صفت مفعولی: **خریده** (سەنراو)/ مصدر منفی: **نخریدن** (نەسەندن)

خز / xaz، ـها/: [عربی]/*اسم.* قووز: ١. بەوەرز؛ کووژە؛ کویژک؛ کوربەش؛ گیانەوەرێکی ڕاوی گوهاندار و گۆشتخۆرە، پێستی پشتی لە هاویناندا قاوەیی و ژێر سکی سپیە و لە زستاندا گشتی سپی دەبێتەوە و تەنیا جووچکەی بۆر دەمێنێتەوە، کە لەم کاتەدا «قاقم»ی پێ ئێژن ٢. خەز؛ پێستی ئەم گیانەوەرە و گیانەوەرانی تر(ی وەک، ڕێوی، کەروێشک، گورگ، سمۆرە و...) کە موویان نەرم و بریقەدار و تیسکنە و هەر بەو هۆیەوە کۆت، پاڵتاو، کڵاو، کیف و ئەم جۆرە شتانەی لێ دروست دەکەن.

خزان[1] / xazān/: *اسم. [ادبی]* خەزان؛ خەزام؛ پاییز؛ پەیز؛ گەڵاڕێزان؛ خەزەڵوەر؛ گازەل؛ کژی دوای هاوین.

▣ **خزان کردن:** خەزەڵ وەراندن؛ خەزان کردن/ کەردەی؛ گەڵاڕێزان‌کردن؛ زەرد هەڵگەڕان و داوەرانی گەڵای داران.

خزان[2]: *قید. [ادبی]* بە خشکە؛ بە خلیسک؛ بە خلیشک؛ بە خلیزک؛ بە خزین؛ بە خسان؛ بە خشکان ‹مار خزان گریخت: مارەکە بە خشکە هەڵات›.

خزانه / xazāne، ـها/: [عربی]/*اسم.* ١. خەزانە؛ خەزنە؛ خەزێنە؛ گەنجینە؛ گەنجخانە؛ هۆدە یان خانوویەک کە پارە، پیتەوا و شتومەکی گرانی تێدا ڕادەگرن ‹خزانەی بانک: گەنجینەی بانک› ٢. شەتڵگە؛ شەتڵجاڕ؛ زەوینێک کە شەتڵ یان نەمامی بۆ کشت و کاڵ و دارناشتن تێیدا بار دێنن ٣. جێی تێنانی گولە و فیشەک لە چەک بە تایبەت تۆپدا ٤. کۆگە؛ خەزنە؛ خەزینە ‹خزانەی اسناد تاریخی: کۆگەی بەڵگەگەلی مێژوویی›.

خزانەدار / xazānedār، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* گەنجینەوان؛ خەزێنەدار؛ خەزنەدار؛ کەسێ کە سەرپەرشتی و ئاگاداری‌کردن لە پارە و بەڵگەی بایەخداری دامەزراوەیەکی وەئەستۆە.

خزانەداری / xazānedārî، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* گەنجینەوانی؛ خەزێنەداری؛ گەنجبانی؛ دامەزراوەیەک کە ڕاگرتنی حەساوی داهات و خەرجی دەوڵەتی بە ئەستۆە.

خزاین / xazāyen/: [عربی] جمعِ ☜ **خزینه**

خــزر / xazar/: /اسم. خـەزەر: ١. هـۆزی سـپی پێستی ئاریـایی دانیـشتووی بـاکووری دەریـای خەزەر، کە لە سەدەی ١٠ی زایینیـەوە بـەهۆی هێرشی هۆز و بەرەی ئاسیای ناوەنـدی پـەرژ و بڵاو بوون و لە هۆزەکانیتردا توانەوە ٢. /ـها؛ ـان/ هەرکام لە کەسەکانی ئەو هۆزە.

خزعبلات / xoza'balāt/: [عربی]/اسم. [ادبی] ڤرت و ڤین؛ پـڕ و پـووچ؛ حەلـەقمەلـەق؛ هەڵـیت و پەڵیت؛ فشقیات؛ قسەی بێمانا و هیچوپووچ.

خزنــدگان / xazandegān/: /اسـم. خزۆکـان؛ تاقمێ لە گیانەوەرانی مۆرەداری خوێنسارد، بـە پێستی زرو و زۆرتر پوولەکەدارەوە، بێپـەڕ یـان موو و تووک (وەک مارمێلکە، تیمساح، مار، کیسەڵ و...).

خزنــده[1] / xazande ، ـها؛ ـگان/: /اسم. خـزۆک؛ مـارموور؛ هـەر یەکـە لـە گیانـەوەرانی ڕیـزی خزۆکان.

خزنــده[2]: صفت. خــەزۆک؛ خــزۆک؛ خــشۆک؛ خشنە؛ خزنە: ١. بەتایبەتمەنـدی یـان توانـایی خزینەوە ٢. [مجازی] بـە بـزوان یـان ڕەوتێکـی هێدیکایی و نادیارەوە.

خزه / xaze ، ـها؛ ـگان/: /اسم. کەز؛ کەژاو؛ کەڤس؛ کووز؛ خورپەجنە؛ خورپەجندۆکە؛ کەفز؛ کـەفزە؛ قەبزە؛ قەوزە؛ قۆزە؛ قۆزەقرواق؛ گووبۆق؛ گاوەک؛ جۆلە؛ ناوی گشتی ئەو ڕووەکانە وا زۆرتر لە جێی شێدار و تاریک یان لە ئاوی مەنددا دەڕوێن.

خزه شناسی / xazešenāsî/: /اسم. کەزناسی؛ لقێ لە زانستی گیاناسی کە تایبەتی ناسین، لێڕوانین و ڕیزبەندی کەزەگەلە. هەروەها: **خزەشناس**

خزیــدن / xazîdan/: مـصدر. لازم. // **خزیــدی**: خزایـت؛ **میخزی**: دەخـزی؛ **بخـز**: بخـزە// خـزین؛ خزەی؛ خزای؛ ڕاخووشـین؛ خزیـان؛ ڕاخـشین؛ ڕاخوشین؛ خـشان؛ خـشیان؛ خوشـین؛ خـزان؛ خوشــیان؛ خــشکان؛ شێــڵەهان؛ شێــڵەهین؛ کاشکرن؛ ململـین؛ جینگـڵدان: ١. خلیـسکان؛ لەخشای؛ جووڵان بە هۆی کـشاندنی لـەش بـە زەویدا ‹دویدن مورچەها و خزیدن مارها: دەرچـوونی مێرووان و خـزینی مـاران› ٢. [مجازی] فـەرزین؛ یـەکجار خـاو و بـە ئـارامی بـزوان. هـەروەها: **خزیدنی**

■ صفت فاعلی: **خزنده** (خـزۆک)/ صفت مفعولی: **خزیده** (خزاو)/ مصدر منفی: **نخزیدن** (نەخزان)

خزیــده / xazîde/: قیـد. [گفتـاری] بەخــشکە؛ بەخشکان؛ بە خزکان؛ بە خلیسک؛ بەلەخش؛ لە خلیزک؛ لە حالی خزاندا ‹خزیده راه مـیرفـت: بـە خشکە دەچوو›.

خزینه / xazîne ، ـها/: [از عربـی]/اسم. خەزێنـە: ١. جورنە؛ کورن؛ حەوزۆکەی حەمام کـە ئـاوی گەرمی بۆ خۆ شتن تێـدەکرا ٢. /خزاین/ کۆگـە؛ کۆگا ٣. چاڵی سەر ئامرازێـک کـە پێچـی تێـدا جێدەگرێ.

خس / xas ، ـها/: /اسم. گـەرش؛ کـرش؛ پـووش؛ چیلکە؛ پویش؛ گزرە؛ قرشک؛ پـەلاش؛ گلـیش؛ دڕک و داڵ؛ بەشێکی چکۆلە لـە ئالـفی وشـک، پووش، کا و...

خسارات / xesārāt, xasārāt/: [عربی] جمـعِ ☜ **خسارت**

خسارت / xesārat, xasārat ، ـها؛ خسارات/: [عربی] اسم. ١. ☜ **آسیب** ٢. زیـان؛ زەرەر ‹زیـان مـالی: زیانـی مالی› ٣. [گفتاری] تاوان؛ پارەیەک کە لـە بەرامبــەر زیانــەوە وەردەگــیردرێ یــان دەدرێ ‹شیشه را شکستی، باید خسارت بـدهی: شووشـەکەت شکاند، دەبێ تاوان بدەی›.

⊡ **خسارت دادن**: [گفتاری] زەرە دان؛ تـاوان دان؛ جەریمە بژاردن.

خسارت دیدن: زیان لێکەوتن؛ زەرەر کـردن: زەرەر دیتن ‹ما در آن معامله خیلی خسارت دیدیم: ئێمە لەو مامەڵەدا زۆرمان زیان لێ کەوت›.

خسارت زدن: زیان گەیاندن؛ زەرەر لێدان.

خسارت گرفتن: *[گفتاری]* پێ بژاردن؛ پێ ژمارتن؛ پێ وژاردن؛ پنەوجارەی؛ وەرگرتنی تاوانە ‹آن شیشه را که شکستی، خسارتش را می‌گیرم: ئەو شووشە شکاندت پیتی دەبژێرم›.

خسارت وارد کردن: زیان پێ گەیاندن؛ خەسار لێدان؛ لەتمە لێدان ‹جنگ خیلی به ما خسارت وارد کرد: شەڕ ئێجگار زەرەی پێ گەیاندین›. هەروەها: **خسارت وارد شدن**

خساست / xesāsat, xasāsat/: [عربی]/*اسم.* ڕژدی؛ لەجەری؛ چرووکی؛ چنۆکی؛ پیسکەیی؛ بەرچاوتەنگی؛ بەرچاوگیراوی؛ دەس‌قووچاوی.

خسبیدن / xosbîdan/: *مصدر. لازم. [ادبی]* //**خسبیدی**: نووستی؛ **می خسبی**: دەنووی؛ **بخسب**: بنوو// نووستن؛ نقستن؛ خەوتن؛ خەفتن؛ وتەی؛ خەپیتەکردن.

■ صفت مفعولی: **خسبیده** (خەوتوو)/ مصدر منفی: **نخسبیدن** (نەخەوتن)

خست / xessat/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* ڕژدی؛ چرووکی؛ نگریسی؛ چنۆکی؛ گناسی؛ قرتنی؛ پیسکەیی؛ نان‌کووری؛ دەست قووچاوی؛ لەجەری؛ وشکەهەوری ‹خست تنها این نیست که کس را چیزی ندهی: ڕژدی هەر ئەوە نیە شتێ نەدەی بە کەسێ›.

خستگی / xastegî/: *اسم.* شەکەتی؛ ماندوویەتی؛ ماندوویی؛ ماندوێتی؛ مانیایی؛ مانیاگی؛ مانگی؛ مەنگی؛ هیلاکی؛ هەڵەکەتی؛ خەسەیی؛ پاکەمی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ماندوو بوون ‹کارش خستگی می‌آورد: کارەکەی شەکەتی دینێ›.

▣ **خستگی در کردن**: شەکەتی دەرکردن؛ وچان گرتن؛ حەسانەوە؛ وریەن‌دان؛ پیش‌دان؛ ئەوەسیەی؛ سیایوە ‹دنبال جایی می‌گشتیم اندکی خستگی در کنیم: بە شوێن جێگایەکدا بووین هێندێ شەکەتی دەرکەین›.

خستگی کسی در رفتن: ماندوویی کەسێک دەرچوون؛ شەکەتی کەسێ دەرچوون؛ حەسانەوە؛ مانیایۆ یۆی بەرشیەی؛ لەش ڕەحەت بوون؛ سیایوە ‹کمی بنشین خستگی‌ات دربرود: هێندێک دانیشە ماندوویێت دەرچێ›.

خستن / xastan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* ١. برینـدار کـردن؛ زامارکردن؛ زەخمارکردن؛ کەسیرە خستن ٢. ڕووکاندن؛ ڕووشاندن؛ ڕنیەی ٣. زیان پێ‌گەیاندن؛ زەرەر لێدان.

■ صفت مفعولی: **خسته** (ماندوو)

خسته / xaste/: *صفت.* ماندوو؛ مانوو؛ میەری؛ مانی؛ مانێ؛ مانیا؛ میەنی؛ واپڕ؛ خەستە؛ خەسە: ١. ـها؛ ـگان/ مانیاو؛ ماندی؛ ماندگ؛ ماندک؛ مانیاگ؛ مانگ؛ مینگ؛ هەڕەگ؛ مەنە؛ مەند؛ دەوخ؛ وەستاو؛ وەستی؛ وەستە؛ مەڵەت؛ شەکەت؛ شەلەنگ؛ کەشەنگ؛ کەشەن؛ هیلاک؛ هەڵەکەت؛ هەلاک؛ شەقی؛ لوبڕ؛ قابڕ؛ گها؛ ئاس؛ ڤەڕمل؛ ژاکاو بە هۆی درێژەپێدانی کارێکەوە ‹پس از چهار ساعت کار خسته شدم: لە دوای چوار سەعات کار ماندوو بووم› ٢. بێزار؛ وەڕەز؛ وێڕس؛ زویر؛ ئاس ‹از زندگی خسته بود: لە ژیان ماندوو بوو› ٣. *[ادبی]* ڕەنجاو؛ شەمزاو؛ پەشێو ‹با این سرزنشها مرا خسته کردی: بەم سەرکۆنەکردنتە ماندووت کردم›.

▣ **خسته شدن**: ماندوو بوون؛ ڤەڕملین؛ فل بوون؛ وەستان؛ وەستیان؛ قەرملین؛ قەرمین؛ لەبکین؛ دەوخین؛ جەفلین؛ ئەرخین؛ بەتلین؛ هەفان؛ ئژپا کەفتن؛ لوبڕ بوون؛ مانیەی.

خسته کردن: ماندووکردن؛ وەستاندن؛ قەرملاندن؛ قەرماندن؛ لەبکاندن؛ دەوخاندن؛ جەفلاندن؛ ئەرخاندن؛ بەتلاندن؛ هەفاندن؛ بەعجاندن؛ مانناى؛ خەسەکردن؛ ئاس کرن.

خسته‌جان / xastecān/: *صفت. [ادبی]* زار؛ کوتیاگ؛ وەڕەز و خەمین.

خسته‌خانه / xastexāne، ـها/: *اسم. [نامتداول]* خەستەخانە؛ نەخۆشخانە؛ دامەزراوەیێ کە چاودێری لە نەخۆشانی سەرەمەرگی دەکا.

خسته‌دل / xastedel ، ـها؛ ـان/: *صفت. [ادبی]* دڵـماندوو؛ دڵـشکاو؛ پـەژار؛ ژاکـاو؛ خـەمبار؛ دڵتەنگ و خەمین.

خسته و مرده / xaste-vo-morde/: *قید. [گفتاری]* شەکەت و ماندوو؛ هیلاک و کەلەلا؛ شـەکەت و هەڵەکەت؛ سیس و کز؛ مانیـا و مـردی؛ مانیـا و مـەردە ‹سـاعت ١٠ شـب، خسته و مرده بـه خانـه برگشتیم: کـاتژمێر ١٠ی شـەو، شـەکەت و مانـدوو گەڕاینەوە بۆ ماڵ›.

خس ـ خس / xesxes/: *صوت.* خشە خش؛ خیسەخیس؛ خیزەخیز؛ نیخەنیخ؛ سیخەسیخ؛ گرخ؛ دەنگی هەناسە لە کاتی چاک کارنەکردنی دەزگای هەناسەداندا (وەک تـەنگی نەفـەس یـان گیراوی گەروو).

خسران / xosrān/: [عربی] *اسم. [ادبی]* زیـان؛ وەزەنگ؛ گەزەن؛ زەرەر.

خسوف / xusûf, xosûf/: [عربی] *اسم.* مانـگ‌گـیران؛ مانـگ‌گیریـەی؛ مـان‌گـیران؛ هێڤ‌گرتن؛ گـیرانی مانـگ؛ ماگرتـە؛ ماگیرسـە؛ ماگیرس؛ نادیار بوونی مانگ؛ دۆخـی جێگـرتنی گۆی زەوی لە نێـوان مانـگ و خـۆردا و تاریـک بوونی مانگ.

▣ **خسوف جزئی:** مانگ‌گـیرانی بەشـی؛ دۆخـی تاریک بوونی بەشێ لە مانگ.

خسوف کلی: مانـگ گـیرانی گـشتی؛ دۆخـی تاریک‌بوونی گشت یان زۆربەی ڕووی مانگ.

خـسوف نـامرئی: مانـگ گـیرانی نادیـار؛ مانگ‌گیرانێ کە لە بەر ڕوونی هـەوا بـە چـاو نابینرێ.

خسیس / xasîs ، ـها؛ ـان/: [عربی] *صفت.* چکووس؛ ڕژد؛ لەچەر؛ چرووک؛ کوورقۆش؛ دەس‌قووچـاو؛ دەس‌نوقیای؛ چورپک؛ نگـریس؛ نـەتڵ؛ بـزگیر؛ قـرتن؛ قیرسـیچم؛ قـومش؛ خـوس؛ کۆرنـان؛ نان‌کوور؛ بەرچاوتەنگ؛ چەوتەنگ؛ وشـکەهەوەڕ؛ بە خوو و خدە یان وازی خۆ پاراستن لە خـەرج و دانی شت بە دیتران ‹شوهرم خیلی خسیس است: مێردەکەم زۆر چکووسە›.

خسیسی / xasîsî/: [عربی] *صفت.* چکووسـی؛ ڕژدی؛ دەس‌قووچـاوی؛ دۆخ یـا چۆنـاوچۆنی چکووس و بەرچاوتـەنگ بـوون ‹اگـر نمونـەای از خسیسی او بگویم، باور نمی‌کنید: ئەگـەر وێنـەیێک لـە چکووسـی ئـەو بێـژم، بـاوەڕ ناکـەن›. هـەروەها: **خسیسی کردن**

خـش / xaš/: *اسم.* ١. رووش؛ ڕیـش؛ ڕویـش؛ خاشە؛ ڕووکە؛ تیڕ؛ شوێنە باریکەیـەک بـە سـەر ڕوویەکی سافدا ‹مواظب باش روی آینه خش نیفتد: وریا بە ئاوێنەکە ڕووشـی تـێ نەکـەوێ› ٢. خـشە؛ کشە؛ شەپە؛ گرخ؛ ئاڵۆزی لە دەنگـدا (بەتایبـەت دەنگی مرۆ) ‹صدایش کمی خش داشت: دەنگـی کەمێ خشەی بوو›.

خشاب / xašāb ، ـها/: *اسم.* خەشاو؛ خەشـاب: ١. ساجۆڕ؛ ساجوور؛ شـاجوور؛ سـەمەندۆگ؛ دەراغ؛ جێیەک بۆ هەندێ گوللە لە خەزێنـەی چـەکی گەرمـدا ٢. جـۆرێ جێـی فـیلم کـە لەگـەڵ فیلمەکە لە دووربیندا جێی دەکەنەوە.

خـشابی / xašābî/: *صفت.* خەشـاوی: ١. بـە بیچمی خەشاو ٢. خاوەن خەشاو.

خشت / xešt ، ـها/: *اسم.* خشت؛ خشتە؛ خێشت: ١. کەرپووچ؛ کەرپیچ؛ ئاومال؛ لـە شـتومـەکی خانوبەرەکردنەوە بە شێوەی بڕگەگەلی تەخت و چوارگۆشە لە گڵ کە دەنێو قالب ڕژاوە و لە بـەر خـۆرەوە وشـک کراوەتـەوە ٢. لبنـە؛ لگـبن؛ ئاجۆری کـاڵ کـە دەبـێ دوایـی بخرێتـە نێـو کـوورەوە ٣. لـە خاڵـگەلی وەرەق، بـە بیچمـی خشت.

▣ **خشت بر دریا/ آب زدن:** *[مجازی]* ئاو لـە دنگـا کوتان؛ ئاو جـاوین؛ ئـاو بـە بێژنگـدا دان؛ ئـاو هەسەوکردن؛ با شەن‌کردن؛ کوچک کولاندن؛ ئاسـنی سـارد کوتـان؛ گـوێز بـە گومبـەزا هەڵخستن؛ کاری بێ‌بایەخ و فێڕۆکردن.

خشت روی خشت بند نبودن: *[مجازی]* ئاداری بە سەر پادارەوە نەمان؛ داری بەسەر پەردوویەوە نەهێشتن؛ کوچک لە بان کوچکەوە نەوێسیان؛ بەرد لە سەر هەردەوە نەمان؛ بێ سەر و بەر بوون و تێکچوونی مرێس و قانوون ‹اگر هر کسی بیاید و قانونی بتراشد، آن‌وقت خشت روی خشت بند نمی‌شود: ئەگەر هەر کەسێک بێت و قانوونێک داتاشێ، ئەمجار ئاداری بە سەر پادارەوە نامێنێ›.

خشت روی خشت گذاشتن: *[کنایی]* بەرد نانە سەر بەردەوە؛ ماڵ کردنەوە.

خشت زدن: خشت برین؛ خشت پێژان؛ خشت بێژین؛ دەقالب کردنی قوڕ بۆ کەرپووچ.

بر خشت افتادن: *[مجازی]* زان؛ لە دایک بوون؛ هاتنە دنیاوە؛ چاو بە دنیا کەوتن؛ چاو بە دنیا هەڵێنان.

سر خشت نشستن: *[مجازی]* مناڵ خستنەوە؛ مناڵ بوون؛ منداڵ هێنانە دونیاوە.

خشت‌خرابه / xeštxarābe/: [فارسی/ عربی] *[اسم. تعریض]* کەلاوەکۆن؛ ماڵەکۆن؛ وێرانەماڵ؛ کەلاڕ؛ مشەمڕ ‹تو به این خشت‌خرابه می‌گویی خانه؟!: تۆ بەم کەلاوە کۆنە ئێژی ماڵ؟!›.

خشت‌زن / xeštzan/ ☜ **خشتمال**

خشتک / xeštak ، ـها/: *اسم.* نێفەک؛ نەفەک؛ نێفۆک؛ نافەک؛ تەلێنگ؛ چوارچبووغ؛ چوارچابووغ؛ گرۆڵ؛ گورۆڵ؛ چوارچاک؛ چوارخشتەک؛ هیفگە؛ بەچ شەلوار؛ پارچەیەکی چوارگۆشە کە لە نێوان دوو لنگی شواڵدا دەیدوورێنن.

▣ **خشتک کسی را پاره کردن:** *[کنایی، مستهجن]* دەرپێی کەسێ داکەندن؛ شواڵ کەسێ لە پێی دەرهێنان؛ کەسێک بێ‌ئابڕوو کردن یان بە توندی تۆڵەی لێ ساندنەوە.

خشتمال / xeštmāl ، ـها؛ ـان/: *اسم.* خشت‌ماڵ؛ خشت‌بڕ؛ کەسێ کە خشت دروست دەکا: **خشت‌زن**

خشتمالی / xeštmālî/: *اسم.* خشت‌بڕی؛ خشت‌ماڵی: ١. کار یان ڕەوتی لێدانی خشت ٢. کاری خشت‌بڕ.

خشتی / xeštî/: *صفت.* خشتی: ١. خشتین؛ چێ‌بوو لە خشت ‹دیوار خشتی: دیواری خشتی› ٢. بە بیچم یان نەخشی چوارگۆشە ‹کاغذ خشتی: کاغەزی خشتی› ٣. قطع خشتی، **قطع**

خشخاش / xašxāš ، ـها/: *اسم.* خاشخاش؛ خاشخاشک؛ خشخاش؛ ڕەبەنۆک؛ مەنگەگیا؛ سەبیلەگیا؛ خاشخاشکە؛ خاشخاشەک؛ گیایێکی ئالفی بە گەڵای گەورە و نەرم و ڕۆشن، گوڵی گەورەی سپی و سوور و سوورکاڵ یان بەنەوشەوە کە شیلەکەی دەکرێتە تریاک.

خشدار / xašdār/: *صفت.* خشەدار؛ کشەدار؛ گرخن؛ بە شەپە ‹صدای خشدار: دەنگی خشەدار›.

خش‌ـخش / xešxeš/: *صوت.* خشەخش؛ خشە؛ دەنگی لێکدان و بە زەویدا کێشرانی شتی وشک و سووک.

خشک / xošk, xošg/: *صفت.* وشک؛ ویشک؛ ئیشک؛ هشک؛ هیشک؛ هوشک؛ هوسک؛ زوها؛ زوا؛ ناقەک؛ قرقۆک؛ هەوشان؛ زرا: ١. بێ‌ئاو ‹چشمه‌ی خشک: چاوگەی وشک› ٢. بێ‌تەڕی ‹چوب خشک: چێوی وشک› ٣. بێ‌دەلاندنی ئاسایی ‹پستان خشک: مەمکی وشک› ٤. بێ‌باران؛ کەم‌باران ‹سرزمین خشک: وڵاتی وشک› ٥. بێ‌سەرسەوزی و پاراوی ‹درخت خشک: داری وشک› ٦. بێ‌نەرمی یان داهاتن بۆ باو خواردن ‹فنر خشک: فەنەری وشک› ٧. *[مجازی]* بە بارێکی ڕەسمی و نادۆستانەوە ‹رفتار خشک: ئاکاری وشک›.

▣ **خشک زدن:** وشک بوون: ١. ڕەق بوون؛ ڕەق بوونەوە/ بیەی؛ ڕچان؛ ڕچیان؛ بەستن ‹از شدت سرما خشکش زده بود: لە بەر تۆفی سەرمادا وشک ببوو› ٢. *[مجازی]* ماق‌مان؛ تووشی

سەرسووڕمانی زۆر هاتن ‹وقتی او را به آن حالت دیدم خشکم زد: کاتێ بەو حاڵەوە دیتم وشک بووم›.

خشک شدن: وشک بوون؛ کەرسین: ۱. وشک هەڵاتن؛ هەڵچۆڕان؛ گەرمخین؛ ئاو یان شۆی خۆ لە دەسدان ‹چاه خشک شده بود: بیرەکە وشک ببوو› ۲. ڕەق بوون؛ نەرمی خۆ لە دەسدان ‹گردنم خشک شد: ملم وشک بوو› ۳. ژاکیان؛ سیسیان؛ سیس هەڵگەڕان ‹بوتەی یاس خشک شد: بنە یاسەکە وشک بوو› ٤. ڕچیان ‹از سرما خشک شد: لە سەرمادا وشک بوو› ٥. ماق‌مان؛ دووچاری سەرسووڕمانی زۆر بوون ‹از تعجب خشک شدم: لە سەرسووڕماندا وشک بووم›.

خشک کردن: ۱. وشک کردنەوە؛ وشکەو کردن؛ ئاو یان شۆی شتێ گرتن ‹پیراهنم را شُست و خشک کرد: کراسەکەمی شۆرد و وشکی کردەوە› ۲. وشک کردن ‹مقداری انجیر خشک کردەام: هێندێک هەنجیرم وشک کردووە›.

خشک و تر باهم سوختن: *[کنایی]* تەڕ و وشک پێکەوە سووتان؛ هەموو تێکڕا سووتان یا گەزەن دیتن.

خشک و تر را با هم سوزاندن: *[کنایی]* تەڕ و وشک پێکەوە سووتاندن؛ گەزەن گەیاندن یا لە ناو بردنی باش و خراپ بێ جیاوازی.

خشکار / xoškār, xošgār/: *اسم.* ۱. ئاردێ کە سوێکەی نەگیردراوە ۲. *ـها/* جۆرێ شیرنی کە بە وەها ئاردێ چێ دەبێ.

خشکاندن / xoškāndan, xošgāndan/: *مصدر. متعدی.* //**خشکاندی:** هشکاندت؛ **می‌خشکانی:** دەهشکێنی؛ **بخشکان:** بهشکێنە// هشکاندن؛ ئیشکاندن: ۱. وشک کردن؛ داچۆڕاندن؛ چرمساندن؛ گەرمخاندن؛ بەیین؛ ئاو یان تەڕایی شتێ یان شوێنێک لە بەین بردن ‹چاه را خشکاندن: بیر هشکاندن› ۲. وشک کردن؛ ژاکاندن؛ سیس کردن؛ چرمساندن؛ چرچاندنی گیا ‹یک هفته نبودم، همه گلها را خشکاندی؟: حەفتەیەک نەبووم، گشت گوڵەکانت وشک کرد؟› ۳. *[مجازی]* بنەبڕ کردن؛ قڕکردن؛ قڕ تێخستن؛ یەکجاری لە ناو بردنی شتێ ‹ریشەی فقیری را خشکاندن: ڕیشەی نەداری هشکاندن›. هەروەها: **خشکاندنی**

■ صفت فاعلی: **خشکاننده** (هشکێنەر)/ صفت مفعولی: **خشکانده** (هشکێنراو)/ مصدر منفی: **نَخشکاندن** (نەهشکاندن)

خشک‌اندیش / xoškandîš, xošg-/ ، ـها؛ ـان/: *صفت. [مجازی]* وشکەمێشک؛ بیرکورت؛ بە خوو و خدە یان وازی بیر وشکیەوە.

خشک‌اندیشی / xoškandîšî, xošg-/ ، ـها/: *اسم. [مجازی]* وشکەمێشکی؛ مێشک‌وشکی؛ بیرکورتی؛ کار یان ڕەوتی بیرکردنەوە لە ڕووی خوو و باوەڕی فیکری پێشووەوە بە بێ بەرچاو گرتنی بیر و بۆچوونی تر.

خشکبار / xoškbār, xošg-/: *اسم.* وشکەبار؛ وشکەبەر؛ میوەی ئیشکەوە کراو وەک: هەنجیر و مێوژ و قەیسی و... یان بۆ خۆی وشک وەک: گوێز و بادام و پستە و...

خشک‌دست / xoškdast/: *صفت. [مجازی]* دەستقووچاو؛ ڕژد؛ چرووک؛ چکووس.

خشک‌رست/ xoškrost, xošg-/ ☜ **خشکروی**

خشکروی / xoškrûy, xošg-/ ، ـان/: *صفت. [گیاه‌شناسی]* دەیمی؛ وشکەڕۆ؛ بە تایبەتمەندی یا توانستی ڕوان لە ناوچەگەلی ئیشکارۆ و بیاوانیدا و هەڵگرتنی ئاو لە ئەندامگەلیدا و خۆڕاگری لە هەمبەر وشکی درێژخایەنەوە: **خشک‌رُست**

خشکسار / xošksār, xošg-/ ، ـها/: *اسم.* وشکارۆ؛ وشکەڕۆ؛ ئیشکارۆ؛ وشکاژۆ؛ هشکارۆ؛ وشکانی؛ بێروون؛ ویرون؛ چۆڵی قاقڕ و بێ‌ئاو؛ زەوینی وشک کە ئاوی پێ نەگا.

خشکسال / xošksāl, xošg-/ ، ـها/: *اسم.*

وشکەساڵ؛ هشکەساڵ؛ هشکساڵ؛ ڕەشەساڵ؛ سیاساڵ؛ ئیشکەساڵ؛ ساڵی بێباران، یا خود کەمباران. بەرانبەر: **آبسال**

خشکسالی / xošksālî, xošg-/: *اسم.* وشکەساڵی؛ ئیشکەساڵی؛ مەڵی؛ دۆخی نەبوون یان کەم بوونی بارانی ساڵانە.

خشکشویی / xošksûyî, xošg-/: *اسم.* وشکشۆری: ۱. کار و ڕەوتی شۆردنی پارچە و گنج بە کەرەسەی کیمیاوی بە کەمێ ئاو یان بە بێئاو ۲. کەرەسەی تایبەتی ئەم کارە ۳. /ـها/ کارگایەک کە ئەم کارەی تێدا دەکرێ.

خشک‌کن / xoškon , xošk.kon, xošg-/، ـها/: *اسم.* ۱. وشکەوکەر؛ وشکەوەکەر؛ ئامرازێ بۆ وشکەوکردنی شتێ ۲. زوانگ؛ زومانگ؛ نووسراو وشکەوکەر؛ کاغەزی پەمۆیی تووکن بۆ وشکەوکردنی مەرەکەف ۳. کەرەسەیەکی کارەبایی بۆ وشک‌کردنەوەی دەس یان دەم و چاو بە باییکی گەرم و بەتەوژم.

خشک‌مغز / xoškmaqz, xošg-/: *صفت.[مجازی]* مێشک‌وشک؛ دڵقەرسیای: ۱. خاوەن زەینێکی وا نەتوانێ ئەندێشەگەلی تازە وەربگرێ ۲. بەبێ هێزی زەینی بۆ نوێکاری و نوێ بیرکردنەوە.

خشکنای / xošknāy, xošg-/: *اسم.* قوڕگ؛ قوڕقوڕانچە؛ قوڕقوڕانچک؛ قوڕقوڕاگە.

خشک و خالی / xošk-o-xālî, xošg-/: [فارسی/ عربی] *صفت.* خت و خالی؛ هالی و پەتێلا؛ هالی و هەوێلا؛ بێ‌هیچ شتێکی‌تر ‹اتاق خشک‌وخالی؛ سلام خشک‌وخالی: ژووری خت و خالی؛ سلاوی هالی و پەتیلا›.

خشکه[1] / xoške, xošge/: *اسم.* ۱. شاتە؛ جۆرێ نان کە لە کاتی پێژاندا وەکوو بسکویت وشکی دەکەنەوە ۲. وشکە؛ جۆرێ پۆلای سەخت و بێئاو کە لە قالب‌سازیدا بە کار دەڕوا.

خشکه[2]: *صفت.* وشکە؛ هیشکە: ۱. وشک؛ ئیشک ‹توت خشکە: تووە وشکە› ۲. بە شێوەی نەخت و بێ هیچی‌تر ‹جیرەی خشکە: مووچەی هیشکە›.

خشکه‌پز / xoškepaz, xošge-/، ـها؛ ـان/: *اسم.* ۱. شاتەپێژ؛ وشکەپێژ؛ کەسێ کە شاتە دەپێژێ ۲. نانەوا؛ کەسێ کە نان دەکا.

خشکه‌پزی / xoškepazî, xošge-/: *اسم.* شاتەپێژی؛ وشکەپێژی: ۱. کاری وشکەنان کردن ۲. /ـها/ نانەوایی وشکەپێژ.

خشکه‌مقدس / xoškemoqaddas, xošge-/، ـها/: [فارسی/ عربی] *صفت.[مجازی]* وشکەسۆفی؛ خەرسۆفی؛ پێداگر لە بواری بیر و باوەڕی ئایینیدا، بە بێ بیرکردنەوە.

خشکی / xoškî, xošgî/: *اسم.* هشکی؛ وشکی: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی وشک بوون ۲. /ـها/ وشکایی؛ هیشکانی؛ پشکانی؛ هیشکایی؛ وشکانی؛ ئیشکایی؛ هشکاتی؛ ڕەشایی؛ بەژ؛ بەشێک لە ڕووی زەوین کە ئاو دای‌نەگرتووە.

خشکیدگی / xoškîdegî, xošgîdegî/: *اسم.* وشکێتی؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی وشک‌هەلاتن؛ وشکەوەبوون ‹نوعی عنکبوت موجب خشکیدگی برگها می‌شود: جۆرێ جاڵجاڵۆکە دەبێتە هۆی وشک‌هەلاتنی گەلا›.

خشکیدن / xoškîdan, xošgîdan/: *مصدر. لازم.* // **خشکیدی:** هشکایت؛ **می‌خشکی:** دەهشکی؛ **بخشک:** بهشکە// هشکان؛ وشک بوون؛ وشک بیەی: ۱. چرمسین؛ ژاکیان؛ سیسیان ‹خشکیدن درخت: وشک‌بوونی دار› ۲. وشکەلاتن؛ داچۆڕان؛ وشکاو هاتن؛ وشکاو داهاتن؛ لەناو چوونی ئاو یان تراوی‌تر ‹خشکیدن چاه: هشکیانی بیر› ۳. سفت بوونی ئەندامانی لەش ‹خشکیدن دست: وشکەلاتنی دەست› ٤. *[گفتاری]* ڕەق بردنەوە؛ یەخ‌کردن؛ ڕچیان؛ وشک بوون لە سەرمادا ‹از سرما خشکیدن: لە سەرمادا هشکان› ٥. *[مجازی، گفتاری]* پەشۆکیان؛ ڕەپ وەستان؛ داکوتیان؛ واق وڕمان؛ واق مەنەی ‹از ترس سر جای خود خشکیدن: لە ترسان لە جێی خۆوە هشکان›. هەروەها:

خشکیدنی

■ صفت مفعولی: **خشکیده** (هشکاو)/ مصدر منفی: **نخشکیدن** (نەهشکان)

خشکیده / xoškîde, xošgîde/: *صفت. [گفتاری]* هشکاو؛ وشک بووگ؛ سیس؛ سیس‌بووگ ‹علف خشکیده؛ چاه خشکیده: ئالفی هشکاو؛ بیری هشکاو›.

خشکیزی / -xoškîzî, xošgî/: *صفت.* وشکەژی؛ بە تایبەتمەندی یان خووی ژیان لە وشکانیدا.

خشم / xašm/: *اسم. [ادبی]* ئاژر؛ خەزر؛ بەهەج؛ برووت؛ جونگ؛ شیپۆر؛ خەشم؛ خەیدː ۱. رق؛ قین؛ قینی؛ سێهـ ؛ سلی؛ هەیەجانی سەرچاوەگرتوو لە نارەزایی زۆر لە ئاست کەسێ یان شتێکەوە ۲. تووڕەیی؛ قەلسی؛ گڕژ؛ نیشاندانی ئەو هەیەجانە.

⊡ **خشم خود را فرو خوردن**: پیش خواردنەوە؛ تووڕەیی خۆ دەرنەخستن؛ رقی خۆ خواردنەوە ‹هرچه آزارش دادند، خشم خود را فرو خورد و چیزی نگفت: هەرچی ئەزیەتیان کرد، پیشی خواردەوە و هیچی نەگوت›.

خشم گرفتن: تووڕە بوون؛ قەلس بوون؛ رق هەستان؛ هەڵچوون؛ تووڕەیی و نارەزایی خۆ دەربڕین ‹پادشاهی بر وزیر خود خشم گرفت: پاشایێک لە وەزیرەکەی تووڕە بوو›.

خشم‌آلود / xašmālûd/: *صفت.* خەزریو؛ بەهەجۆک؛ ڕک‌هەستاو؛ ڕک‌ئەستوور؛ قرم‌پر ‹صدای خشم‌آلود؛ چهرەی خشم‌آلود: دەنگی خەزریو؛ ڕوومەتی بەهەجوک›.

خشمگین / xašmgîn/: *صفت.* گرگین؛ گرژ؛ زویر؛ تووڕە؛ درژ؛ نارەحەت؛ رق‌هەستاو؛ ڕکین؛ قارس؛ خەیدی؛ قەلس؛ بەهەجۆک؛ بەقین؛ هێچی؛ هیچ ‹صدای خشمگین؛ چهرەی خشمگین: دەنگی گرگین؛ ڕووی گرژ›. هەروەها: **خشمگین بودن؛ خشمگین شدن؛ خشمگین کردن**

خشمناک / xašmnāk/: *صفت.* ئاژری؛ گرگین؛ سڵ؛ تووڕە؛ قەلس؛ بەهەجۆک؛ رق هەستاو؛ بەرک؛ قەرس؛ جارز؛ قالس؛ ڕک‌هەستای؛ رق‌هەڵستاو؛ حیّدز. هەروەها: **خشمناک بودن؛ خشمناک شدن؛ خشمناک کردن**

خشن / xašen/: [عربی] *صفت.* ۱. زبر؛ زرۆ؛ زرو؛ زوور؛ زقر؛ زۆق؛ رووش؛ زێر؛ ئاژ؛ کونجر؛ بە ڕوویەکی گرنج‌ـگرنج و نارێکەوە کە ئەگەر دەستی لێ بدەی، پێستی دەست ئازار بدا ‹پارچەی خشن: پارچەی زرۆ› ۲. ئاژرانە؛ تەنگەتیلکە؛ پیشن؛ بە دۆخ یان چۆنیەتیەکی دوور لە دلۆڤانیەوە ‹رفتار خشن: ئاکاری ئاژرانە› ۳. سرت؛ درشت؛ گزم؛ گەرووز؛ گرس؛ قەرت؛ توند؛ سبر؛ درِ؛ بێ‌نەرم و لووسی یان لەباوی. بەرانبەر: **نرم** ‹بافت خشن: هۆنەی گزم›.

خشنود / xošnûd/: *صفت. [ادبی]* خۆشحاڵ؛ وەرەک؛ رازی؛ قایل؛ قادێ؛ شادمان لە ڕووداوێ یان لە ئاکامی ئەو ڕووداوە ‹از شنیدن این خبر خشنود شد: لە بیستنی ئەم هەواڵە خۆشحاڵ بوو›: **خوشنود**

خشنودی / xošnûdî/: *اسم.* خۆشحاڵی؛ وەرەکی؛ قادێتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی شاد بوون ‹موفقیت شما مایەی خشنودی همەی ماست: سەرکەوتنتان هۆی خۆشحاڵی هەموومانە›: **خوشنودی**

خشوع / xušû', xošû'/: [عربی] *اسم. [ادبی]* خاکەساری؛ مل‌کەچی؛ گوێڕایەڵی.

خشونت / xušûnat, xošûnat، ـها/: [عربی] *اسم.* ۱. زوقری؛ زبری؛ گزمی؛ سەختی؛ چۆنیەتی زرۆ و زۆق بوون ۲. تووڕەیی؛ سەختی؛ تون و تیژی؛ هەڵچوویی؛ قەلسی.

خشونت‌آمیز / -xušûnatāmîz, xošûnat/: [عربی/ فارسی] *صفت.* گرژانە؛ ئاژرانە؛ توند و تیژ؛ بە دۆخ یان بارێکی نادۆستانەوە، هاورێ لەگەل تووڕەیی ‹رفتار خشونت آمیز: ئاکاری گرژانە›.

خشونت‌طلب / -xušûnat.talab, xošûnat، ـها، ـان/: [عربی] *صفت.* گرژیخواز؛ گرژانەخواز؛ توند و

تیژی‌خواز؛ به خده یان وازی گرژانه‌وه.

خشونت‌طلبی / xušûnat.talabî, xošûnat- ، ـها/: [عربی]/سم. گرژیخوازی؛ توند و تیژی‌خوازی؛ ئۆگری به تووڕەیی و توند و تیژی.

خصال / xesāl/: [عربی] جمعِ ☜ **خِصلَت**

خصائل / xasā'el/: [عربی] ☜ **خصایل**

خصائص / xasā'es/: [عربی] ☜ **خصایص**

خصایص / xasāyes/: [عربی] جمعِ ☜ **خصیصه: خصائص**

خصایل / xasāyel/: [عربی] جمعِ ☜ **خِصلَت: خصائل**

خصلت / xeslat ، ـها؛ خِصال؛ خَصایل/: [عربی]/سم. تایبه‌تمه‌ندی: ۱. خوو؛ گرۆ؛ ئاکاری تایبه‌تی کەسێ که بووه به خۆ و خده‌ی ‹بخشش خصلت خوبی است: به‌خشین، تایبه‌تمه‌ندیه‌کی چاکه› ۲. گه‌وشین؛ لێهاتوی یان دانسته‌ی شتێ ‹سوزاندن خصلت آتش است: سووتاندن تایبه‌تمه‌ندی ئاگره›.

خصم / xasm ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. *[ادبی]* دژمن؛ دوژمن؛ دژمه‌ن؛ نه‌یار؛ دژ ‹ای خصم حریف تو سپاه سحر است: ئه‌ی دژمن هه‌ڤبه‌ری تۆ له‌شکری به‌یانانه›.

خصمانه[1] / xasmāne/: [عربی/ فارسی] صفت. *[ادبی]* دوژمنانه؛ دژمنانه؛ دژانه؛ نه‌یارانه؛ وه‌کوو دوژمن ‹رابطه‌ی خصمانه: پێوه‌ندی دوژمنانه›.

خصمانه[2]: *قید. [ادبی]* نه‌یارانه؛ دوژمنانه؛ دژمنانه؛ دژاسا؛ دوژمن‌ئاسا ‹با او خصمانه رفتار کرد: نه‌یارانه له‌گه‌ڵیدا جوولاوه›.

خصوصاً / xusûsan, xosûsan/: [عربی] قید. به‌تایبه‌ت؛ به‌تایبه‌تی؛ نه‌وازا؛ نه‌خوازا ‹سلام همه، خصوصاً پدربزرگ را برسان: سڵاوی هه‌مووان، به‌تایبه‌ت باوه‌گه‌وره بگه‌ینه›.

خصوصی / xusûsî, xosûsî/: [عربی] صفت. تایبه‌تی؛ ته‌یبه‌تی؛ تاویه‌تی؛ خۆماڵی؛ گه‌وشت: ۱. که‌سی؛ که‌سین؛ هی یه‌ک یان چه‌ند که‌سی دیار ‹زندگی خصوصی: ژیانی تایبه‌تی› ۲. خۆیی؛ خۆخۆیی؛ خۆخوێ؛ هۆمایی؛ خۆماڵی؛ بۆ که‌ڵک لێ وه‌رگرتنی که‌سێک و هاوڕێیانی ‹اتاق خصوصی؛ درس خصوصی: ژووری تایبه‌تی؛ وانه‌ی تایبه‌تی› ۳. نا ده‌وڵه‌تی ‹بیمارستان خصوصی؛ مدرسه‌ی خصوصی: نه‌خۆشخانه‌ی تایبه‌تی؛ قوتابخانه‌ی تایبه‌تی› ٤. ناوخۆیی؛ ناڕه‌سمی؛ نافه‌رمی؛ به شێوه‌یێکی نه‌ک هه‌مووانی و به‌رچاو ‹گفتگوی خصوصی: وت‌وویژی ناوخویی›.

خصوصیات / xusûsîyyāt, xosûsîyyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **خصوصیّت**

خصوصیت / xusûsîyyat, xosûsîyyat/: [عربی] /سم. تایبه‌تمه‌ندی؛ گه‌وشین: ۱. ـها؛ خصوصیات/ دانسته ‹یکی از خصوصیات او علاقه‌اش به مطالعه‌ی کتاب بود: یه‌ک له تایبه‌تمه‌ندیه‌کانی هۆگری به کتێب خوێندنه‌وه بوو› ۲. دۆستایه‌تی؛ دۆستی؛ که‌ین و به‌ین؛ پێوه‌ندی تایبه‌تی ‹ما با هم هیچ خصوصیتی نداریم: ئێمه هیچ دوستایه‌تیه‌کمان پێکه‌وه نیه›.

خصوصی‌سازی / xusûsîsāzî, xosûsî- ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. تایبه‌تی‌کاری؛ کار یان ڕه‌وتی گۆڕانی خاوه‌نێتی ده‌وڵه‌تی به خاوه‌نیه‌تی گه‌وشتی.

خصومت / xusûmat, xosûmat ، ـها/: [عربی] /سم. *[ادبی]* دوژمنایه‌تی؛ دژمنیه‌تی؛ دوژمنی؛ دژمنی؛ دژمه‌نکاری؛ نه‌یاری ‹پس از مدتی حس همکاری و اعتماد تبدیل به خصومت شد: پاش ماوه‌یه‌ک هه‌ستی هاوکاری و هاودڵی بوو به دوژمنایه‌تی›.

خصی / xasey/: [عربی] صفت. *[ادبی]* خه‌سیاگ؛ خه‌ساو؛ گون‌بڕاو؛ گون ده‌رهاتگ.

خصیتین / xosyateyn/: [عربی]/سم. گونان؛ دوو هێلکه‌گون؛ هێلەگونێ؛ هەر دوو باتوو.

خصیصه / xasîse ، ـها؛ خصایص/: [عربی]/سم. دانسته؛ تایبه‌تمه‌ندی؛ گه‌وشین ‹خصیصه‌ی

فداکاری و همبستگی در آنها وجود داشت: دانستەی فیداکاری و یەکگری لە نێویاندا هەبوو›.

خضاب / xazāb ، ـها/: [عربی]*اسم.[قدیمی]* خەزاو؛ ڕەنگاو؛ ماکی ڕەنگی (وەک خەنە و توێکڵی گوێز) یان تێکەڵاوی ئەمانە کە پێشتر بۆ ڕەنگ کردنی قژ بە کار دەچوو.

⊡ **خضاب کردن:** ڕەنگاندن؛ گۆناندن؛ ڕەنگ کردن ‹آن دلاوران جامه بە خون خویش خضاب می‌کردند: ئەو جوامێرانە بە خوێنی خۆیان بەرگەکانیان دەڕەنگاند›.

خضرا / xazrā/: [عربی] *صفت.[ادبی]* ۱. سەوز؛ شین؛ کەسک ۲. سەر سەوز؛ شیناوەرد ‹جزیرەی خضرا: دوورگەی سەرسەوز›.

خضوع / xozû', xuzû'/: [عربی]*اسم.[ادبی]* خاکەساری؛ خاکەڕایی؛ بێ‌فیزی؛ بێ‌دەماری.

خط / xat(t) ، ـها؛ خطوط/: [عربی]*اسم.* ۱. هێڵ؛ کڕ؛ کێڕ؛ زاخ؛ کێڵە؛ نیشانەیەکی باریک و کێشراو کە لە شوێن دانانی شتێ لە سەر ڕوویەکی لووسدا بەدی دێ ‹خط اتو؛ خط ترمز: هێڵی دەق؛ هێڵی تورمز› ۲. خەت؛ نیگار؛ ئەلفوبێ؛ شیک؛ تێکڕای ئەو نیشانانە کە وشە و ڕستەی زمانێکیان پێ دەنووسرێ ‹خط کردی؛ خط لاتین: خەتی کوردی؛ خەتی لاتین› ۳. *[گفتاری]* دەسنووس؛ قاقەز؛ خەت؛ نووسراوە؛ بەڵگە؛ نامە ‹برو از رییس یک خط بیاور: بچۆ لای سەرۆکەوە، دەسنووسێ بێنە› ٤. خەت؛ شێوەی نووسینی ئەلف و بێی زمانێ ‹خط نستعلیق؛ خط کوفی؛ خط خوش: خەتی نەستەعلیق؛ خەتی کووفی؛ خەتی جوان› ٥. *[گفتاری]* خەت؛ خۆشنووسی؛ جوان‌نووسی؛ گوندەنووسی ‹معلم خط: مامۆستای جوان‌نووسی› ٦. *[هندسه] [الف)* هێڵ؛ شوێنێ کە لە درێژەدانی خاڵێکەوە دروست دەبێ و تەنیا یەک لایەن (درێژایی) هەیە ب) هێڵ؛ شوێنی پێکدادانی دوو پاڵوو ۷. ڕێگە؛ هێڵ؛ ڕێبازی چوون لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێ‌تر ‹خط سنندج ـ کرمانشاه: ڕێگەی سنە ـ کرماشان› ۸. هێڵ؛ دەزگایەکی یەکپارچە کە دەبێتە هۆی ڕاگواستنەوەی شتێک ‹خط آهن؛ خط تلفن؛ خط هوایی: هێڵی ئاسن؛ هێڵی تەلەفوون؛ هێڵی ئاسمانی› ۹. ڕێباز؛ دۆز؛ کاربەند؛ گاڤین؛ مەرام؛ مەرەم؛ گرەوین؛ ئۆگرەتی؛ شێوازی فکری یان ئاکاری ‹خط اسلام؛ خط خوشگذرانی: ڕێبازی ئیسلام؛ ڕێبازی ڕابواردن› ۱۰. دێڕ؛ دێغ؛ دێخ؛ گێڕ؛ خێز؛ خەت ‹یک خط بخوان: دێڕێ بخوێنەوە› ۱۱. دێڕ؛ بەیت ‹دو خط شعر خواندم: دوو دێڕ شیعرم خوێندەوە› ۱۲. هێڵ؛ سنوور؛ کەوشەن ‹خط افق؛ خط ساحل: هێڵی ئاسۆ؛ سنووری بەستێن› ۱۳. هێڵ؛ خولگە و هێڵەکانی زەوی ‹خط استوا: هێڵی ئوستوا› ١٤. هێڵ؛ هەر کام لە تایبەتمەندیەکانی دیار، باریک و کێشراوەی ئەندامەکانی لەش یان وێنە ‹خط ابرو: هێڵی برۆ› ١٥. خەت؛ دیوێ لە سکە وا زۆرتر نرخی بە ژمارە لە بانیەوە نووسراوە؛ ئەو دیوی شێر.

⊡ **خط آهن:** هێڵی ئاسن.

خط ابرو: ۱. هێڵی برۆ؛ بەشێ لە ژووری چاو کە مووی برۆی لێ ڕواوە ۲. شێوەی برۆ؛ درێژایی برۆ ۳. نیشانەیەک بەم شێوەیە «{ }»کە وشە یان ڕستەیەکی تێ‌دەخەن.

خط اتو: خەتی وتوو؛ هێڵی دەق؛ شوێنەوار یان دەقێ کە بە هۆی کێشانی ئوتوو بە سەر پارچەدا بەدی دێ.

خط اتوبوس: هێڵی باس؛ کۆمەڵەیەک بریەتی لە چەند ئوتووبووس کە لە شوێنێکی تایبەتدا هات‌وچۆ دەکەن. هەروەها: **خط مینی‌بوس؛ خط کشتیرانی؛ خط هوایی**

خط استوا: هێڵی ئوستوا؛ هێڵی ناوەڕاست؛ هێڵی کەمەرە؛ جەغزێکی گریمانەیی بە مەودای بەرامبەر لە جەمسەری باکوور و باشووری گۆی زەویەوە.

خط افق: هێڵی ئاسۆ؛ هێڵێکی گریمانەیی لە بەرامبەری کەسێکەوە کە بۆ دوور دەڕوانێ و لە چاوی ئەودا ئاسمانی بان سەری لە زەوی جیا دەکاتەوە.

خط انتقال نیرو: هێڵی گواستنەوەی بەرق؛ هێڵی گۆزانەوەی کارەبا.

خط برنج: نوسینی سریی؛ کەرەسەیێک بۆ نەخشاندنی خەت لە پیتچنی دەستیدا.

خط بْرِیل ☜ **بْرِیل**

خط بُطلان: خەتێ کە بۆ بەتاڵ کردنەوە یان بێنرخ کردنی نووسراوەیەک بە سەریدا دەکێشن.

خط تاریخ: هێڵی مێژوو؛ خەتێکی خەیالی داندراوە کە بە پێی پێکهاتەی نێونەتەوەیی، سەرەتای ڕۆژ لە لای ڕۆژاوای ئەو خەتەوە دەست پێ دەکا. کەوابوو ڕۆژژمێر لە لای ڕۆژاوای ئەو خەتەوە ڕۆژێک پێشتر لە لای ڕۆژهەلاتیەتی.

خط ترمز: هێڵی تورمز؛ ئاسەوارێ کە لە تورمزکردنی بە توندی ماشێن لە سەر جادە و ڕێوە بەدی دێ.

خط تصویری: خەتی وێنەیی؛ خەتێ کە هەر نیشانەیەک تێیدا نوێنەری واتایەکە.

خط تلفن: هێڵی تەلەفوون؛ کۆمەڵە ئامرازێ کە دەبێتە هۆی کارکردنی تەلەفوونێک. هەروەها: **خط تلگراف**

خط تولید: هێڵی بەرهەمکاری؛ تێکڕای کەرەستە و ڕەوتی بەدیهێنانی بەرهەمێک.

خط تیره: هێڵی ڕەش؛ هێڵێکی ئاسۆیی بچووک کە لە نێوان دوو ژمارەدا یان بۆ جوێ کردنەوەی بەشێک لە ڕستە بە کار دێ. تیره[1]ـ**٢**

خط چینی: خەتی چینی؛ خەتێ کە زمانەکانی وڵاتی چینی پێ دەنووسرێت. هەروەها: **خط کردی**؛ **خط فارسی**؛ **خط عربی**

خط حامل: *[موسیقی]* خەتی مووسیقا؛ پێنج خەتی هاوشان کە لە نوتنووسیدا بە کار دێ.

خط خرچنگ قورباغه: *[مجازی]* خەتی قۆلانچەیی؛ نووسینی لار و خوار و ناشیرین.

خط خوانا: خەتی جوان؛ نووسراوەیێ کە بە ئاسانی بخوێنرێتەوە. هەروەها: **خط خوش**

خط درشت: خەتی درشت: ١. خەتێ کە بە قەڵەمی نووک پان (زۆرتر قەڵەم نەی) دەنووسرێت ٢. نووسراوەیەک کە پیتەکانی گەورەن.

خط راس ☜ **خطُّ‌الرّأس**

خط راست: هێڵی ڕاست؛ هێڵی ڕێک؛ هێڵێ کە گشت پیتەکانی لە یەک ڕاستادان.

خط ریز: خەتی ورد؛ خەتی ڕێز: ١. خەتێ کە بە قەڵەمێکی دەم باریک و ورد نووسرابێ ٢. نووسراوەیەک کە پیتەکانی وردن.

خط زنجیر: ڕیز؛ گەڵواز؛ گەڵوازە؛ زنجیرەهێڵ: ١. ڕیزێ لە کەسان کە دەستی یەکیان گرتووە و زنجیرێکیان پێک هێناوە ٢. ڕێچکە؛ ڕچە؛ خێزەرە؛ کەڕەسوولە؛ ڕەوێلە؛ قەتارە؛ کوور؛ ڕیزێ لە گیانەوەرانی شوێنبەشوێن لە ڕۆیشتندا.

خط ساحل: هێڵی بەستێن؛ سنووری ئاو و وشکانی.

خط سیر: ڕێ؛ ڕێگا؛ ڕێبازگە.

خط سیریلی: خەتی سیریلی؛ خەتێ کە زمانی رووسی و برێ زمانانیرۆژهەلاتی ئورووپای پێی دەنووسن و شێوەکەشی لە سەرەتاوە لە خەتی یۆنانی وەرگیراوە: **الفبای سیریلی**

خط شَجَری: *[قدیمی]* خەتی شەجەری؛ جۆرە خەتێکی باو لە مێژووی ئێراندا کە پیتەکانی ئەلفوبێی بە شێوەی خەتێکی ئەستوونی چکۆلە بە یەک یان چەن لقی هەلازناوەوە دەنووسرا.

خط شکسته: ١. *[هندسه]* خەتی شکاو؛ هێڵی

شکاوە ٢. ☜ **شکسته**[1]

خط فاصله: هێڵی مەودا؛ خەتی دوورینگ؛ هێڵێکی بچووک لە نێوان دووبەشی وشەیەکی تێکەڵدا (وەکوو: فارسی- ئینگلیسی؛ ڕادیۆ-تەلەڤیزیۆن).

خط قرمز: هێڵی سوور: ١. *[مجازی]* سنووری مەترسی؛ کەوشەنێ کە لێ‌ترازانی جێی مەترسیە ٢. خەتی سوور؛ نیشانەی بەتاڵ‌کردنەوە یان بێ‌برەو کردنی شتێ (وەک نووسراوەیێک).

خط قعر ☜ **خطُّ‌القعر**

خط کرسی: خەتی کاغەز؛ هێڵێکی ئاسۆیی کە پیتەکان لە سەر و خواری دادەنرێن.

خط کسری: خەتی شکاوی؛ هێڵێ کە دوو ژمارە لە سەر و ژێریەوە دەنووسن، بە واتەی دابەشێنی سەروو بە ژێریندا.

خط لاتین: خەتی لاتین؛ خەتێ کە لە ئیتالیادا گوورا و ئێستاکە خەتی باوی ولاتانی ئورووپای ڕۆژاوا، ئەمریکا، ئوسترالیاو برێ ولاتانی ئاسیا و ئافریقایە: **الفبای لاتین**

خط لوله: هێڵی لوولە؛ کۆمایێ لوولە و دەم و دەزگای پێکەوە بەستراو بۆ ناردنی بەردەوامی تراو یان گاز لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌تر.

خط مشی: ڕێبازگە؛ شێوەی ئاکار یان کردار ‹خط مشی سیاسی: ڕێبازگەی ڕامیاری›.

خط مماس: هێڵی لێ‌کەوتە؛ هێڵی بەرکەوتە؛ خەتێکی ڕاست کە تەنیا لە نوقتەیێکدا لەگەڵ خەتێکی چەماوەدا یەکی گرتووە.

خط منحنی: خەتی چەماوە؛ هێڵی چەوت؛ هێڵی کۆم؛ هێڵی کوور؛ هێڵێ کە نەڕاست و نە شکاوە بێ.

خط میخی: خەتی بزماری؛ خەتێ کە ٤٠٠٠ ساڵی پێش لە بەین‌چۆمان گوورا، ئەلفوبێتکەی ئەم شێوە نووسینە لە بزماری چێوین دەچێ.

خط هیروگلیف: خەتی هیرۆگلیف: ١. خەتێکی وێنەیی لە میسری کۆندا ٢. *[کنایی]* هەر جۆرە خەتێکی وێنەیی.

◘ **خط افتادن**: ڕووشیان؛ ڕووشان؛ ڕووش تێ کەوتن؛ ڕووکیان؛ ڕیش‌کەوتەینە؛ هێڵ یان کێڕ کەوتنە سەر ڕووبەری شتێ ‹دوسە جا روی بدنەی ماشین خط افتادە بود: لە دوو‌سێ شوێنەوە ماشینەکە ڕووش‌بوو›. هەروەها: **خط انداختن**

خط دادن: *[کنایە]* ڕێگا نانە بەرپا؛ ڕێنوێنی کردن؛ مۆچیاری کەردەی؛ بەرنامە یان ئامۆژەیەکی فیکری یان کردەوەیی بە کەسێ یان دەستەیەک دان ‹رادیوهای بیگانە بە ضدانقلابها خط می‌دادند: ڕادیۆوە بێگانەکان ڕێگایان بەرپای دژانی شۆڕش دەنا›. هەروەها: **خط گرفتن**

خط روی خط افتادن: تێکەڵ بوونی هێڵگەل؛ هێڵ بە هێڵ بوون؛ پەیدا بوونی تێکەڵاوی لە چەند تەلەفووندا.

خط زدن: خەت دان؛ کووزدان؛ بەتاڵ کردنەوەی نووسراوەیێک بە کێشانی خەت بە سەریدا ‹من نمی‌آیم، اسمم را خط بزن: من نایەم، نێوم خەت بدە›.

خط کسی را خواندن: *[مجازی]* گوێ بۆ کەسێ گرتن؛ بەقەوڵ کەسێ‌کردن؛ گوش دەپنەی؛ گرنگی دان بە فەرمان و ڕاسپاردەی کەسێک ‹در آنجا کسی خط مرا نمی‌خوانَد: دەوێدا کەس گوێ بو من ناگرێ›.

خط کشیدن: خەت‌کێشان: ١. هێڵ‌کێشان؛ هێڵ نەخش‌کردن ‹زیر صفتها و قیدها خط بکش: ژێر ئاوەڵناو و ئاوەڵکارەکان خەت بکێشە› ٢. خەت دان ‹روی این جمله خط بکش: خەتێ بکیشە مل ئەم ڕستەدا›.

خط نوشتن: خەت نووسین؛ تەمرینی جوان‌نووسی کردن.

به خط کردن: ڕیزکردن؛ لـە هێـڵێکدا دانـان؛ هاندان بۆ بەڕیز وەستان ‹بچەها را به خـط کـرد: منداڵەکانی ڕیز کرد›.

تو(ی)// در خط چیزی بـودن: *[گفتاری]* واز لـە شتێ بوون؛ خێ دان یان ئۆگرەتی پەیا کردن بە شتێک ‹آزادتو خط مطالعه بـود: ئـازاد وازی لـە خوێندنەوە بوو›.

خطا [1] / xatā ، ـها/: [عربـی]/*اسم.* هەڵـە؛ چـەوتی؛ قۆڕن؛ هەینە؛ سووچ؛ تاوان؛ کارێ کـە دروسـت جـێبـەجێ نـەکراوە، یـان لەگـەڵ قـانوون یـا ڕێوشوێنی کۆمەڵگادا یەک ناگرنـەوە ‹خطـای او این بود که خود را کوچک می‌شمرد: هەڵەی ئـەوە بـوو خۆی بە کەم دەزانی›.

⊡ **خطا رفتن:** بە هەڵەدا چوون؛ نەپێکان؛ بە لای نادروستدا چوون ‹تیرش به خطا رفت: تیرەکـەی بە هەڵەدا چوو›.

خطا کردن: هەڵەکردن: ۱. دروست جێبەجێ نەکردنی کارێ ‹در شناختن دوستانش خطـا کـرده بود: لـە ناسـینی دۆسـتەکانیدا هەڵـەی کردبـوو› ۲. کارێ خراو یان نابـەجێ کـردن ‹اگـر خطـا کـردەام مـرا ببخـشید: ئەگـەر هەڵـەم کـردووە بمبەخشن›.

خطا [2]: *صفت.* هەڵـە؛ نادروسـت؛ چـەوت؛ قـۆڕن. بەرانبەر: **صواب** ‹کار خطا؛ راه خطا: کاری هەڵە؛ ڕێی هەڵە›.

خطاب / xetāb, xatāb/: [عربـی]/*اسـم.* ۱. ڕووی دەم؛ ڕووی قسە؛ ئاخاوتن لـە هەمبـەر یەکـەوە ۲. سەرکۆنە؛ سەرکۆ.

⊡ **خطاب کردن:** ناو لێبردن؛ ناو بردن؛ ناو نـان ‹در نامه‌ای او را احمق خطاب کرده بود: لە نامەیەکدا بە گەوج ناوی لێ بردبوو›.

خطابخـش / xatābaxš/: [عربـی/ فارسـی] *صفت.* *[ادبی]* خەتابەخش؛ بە خوو یان وازی بەخـشینی گونای دیترانەوە.

خطابه / xatābe ، ـها/: [عربی]/*اسـم.* وتـار؛ گوتـار؛ وتە؛ ئەوەی لە هەمبەر کۆمەڵـێکەوە دەگـوترێ، بەتایبەت وتاری ڕەسمی کـە لـە پێـشدا ئامـادە کراوە.

خطاپوش / xatāpûš ، ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* *[ادبی]* هەڵەپۆش؛ بە تایبەتمەندی یان توانـستی چـاو پۆشـین لـە هەڵـەی دیتـران. هـەروەها: **خطاپوشی**

خطاط / xattāt ، ـها/: [عربی]/*اسم.* خـەتخـۆش؛ خۆشنووس؛ جوان‌نووس؛ گوندەنووس.

خطاطی / xattātî ، ـهـا/: [عربـی]/*اسم.* خـەتاتی؛ جوان‌نووسی؛ خۆش‌نووسی؛ گوندەنووسی.

خطـاکـار / xatākār ، ــهـا؛ ـان/: [عربـی/ فارسـی] *صـفت.* شــەپنی؛ تاوانکــار؛ خــەتاکار؛ هەڵــەکار؛ خاوەنی کردەوەی هەڵە. هەروەها: **خطاکاری**

خـط‌الـرأس / xattorra's ، ـهـا/: [عربـی]/*اسـم.* ۱. هێڵی سەروو؛ هێڵێ کە لـە بـانترین شـوێنی بەرزاییێکەوە (وەک کێو، یـاڵ، گردۆڵـکە و وەکـوو ئەوانە) تێدەپەڕێ ۲. ئاوڕێژە؛ ئاوڕێژگـە؛ کەنـد و لەندی زەمینی نێوان دوو یـا چەنـد ڕووبـار کـە دەبێتە هۆی دابەشی ئاوی باران * **خطّ رأس**

خط‌القعر / xattolqa'r ، ـها/: [عربی]/*اسم.* بنەهێڵ؛ هێڵێ کە لـە قووڵـترین شـوێنی ڕووبـارێ یـان دۆڵێکەوە ڕادەبری: **خطّ قعر**

خـط‌المرکـزین / xattolmarkazeyn/: [عربـی] *اسم.* هێڵێ کە ناوەنـدی دوو بیچمـی هیندسـی (وەک جەغز و چوارگۆشە) پێکەوە پەیوەند دەدا.

خطایا / xatāyā/: [عربی] جمعِ ☜ **خَطیئه**

خطبا / xotabā/: [عربی] جمعِ ☜ **خَطیب**

خطبه / xotbe ، ـها/: [عربی]/*اسم.* وتار: ۱. خوتبە؛ خودبـە؛ وتـاری مـەلا پـێش نـوێژ ۲. *[قـدیمی]* وتەبێژی.

⊡ **خطبه‌ی عقد:** وتاری مارەبڕان؛ دۆعایێـک کـە لە مارەبڕیندا، مارەبڕ دەیخوێنێ.

خط ـخطی / xatxatî/: [عربی] *صفت.* ڕێ ـــڕێ؛ خەت‌ـخەتی؛ بە نەخشێکی بەشێوەی هێـڵگەلی

یەک لە دوای یەک و لە سەریەک.

خطدار / xatdār ، ـها: [عربی/ فارسی] *صفت.* هێڵدار؛ خەتدار ‹کاغذ خطدار: قاقەزی هێلدار›.

خطر / xatar ، ـها؛ ـات: [عربی] *صفت.* مەترسی؛ بـڤ؛ بـڤە؛ ڤـڤ؛ خـەبار؛ بزدینـۆک؛ ئەگـەری هەبوونی زیان.

▣ خطر از سر کسی گذشتن ☜ **از خطر گذشتن**

خطر داشتن: مەترسی هـەبوون؛ مەترسـیدار بوون؛ پڕمەترسی بوون؛ بڤە بوون ‹نگاه کـردن به نور خورشید برای چشم خطر دارد: ڕوانین بۆ خـۆر بۆ چاو مەترسی هەیە›.

خطر کردن: خۆ خستنە مەترسیەوە؛ ئەگەری زیان قەبووڵ کردن ‹آزاد حاضر شد خطر کند و بـه آب بزند: ئازاد ئامادە بوو خۆی بخاتە مەترسیەوە و با لە ئاو›.

از خطر گذشتن: لـە مەترسـی پەڕینـەوە؛ لـە مەترسی ڕزگار بوون؛ دەرچوون لـە ئەگـەری بەلا یان زیان ‹با تمام شدن توفان، از خطر گذشتیم و به آرامی از کوه پایین آمدیم: کە باهۆزەکە دامرکا، لە مەترسی ڕزگار بووین و وردە۔ وردە لە چیاکەوە دابەزاین›: **خطر از سر کسی گذشتن**

بـه خطـر افتـادن: کەوتنـە مەترسـیەوە؛ بـەر هەتەرکەوتن؛ کەوتنـە بـەر ئەگـەری زیـان و وەزەنگەوە ‹بر اثر سهل‌انگاری و نگرفتن اطلاعـات هواشناسـی، جـان همـه بـه خطـر افتـاد: لـە بـەر کەمتەرخەمی و بێئاگایی لە چۆنـاوچۆنی کـەش، گیانی هەمووان کەوتـە مەترسیەوە›: **بـه خطـر انداختن**

خطـر آفـرین / xatarāfarîn ، ـهـا؛ ـان: [عربی/ فارسی] *صفت.* مەترسی‌سـاز؛ هـۆی پەیـدا بـوونی مەترسی.

خطرناک / xatarnāk: [عربی/ فارسی] *صفت.* جێ مەترسی؛ مەترسیدار؛ زەرندە؛ بڤە؛ نەتەکن ‹شـنا کردن در دریای طوفانی خطرناک است: مەلـەکردن لـە دەریای واهووردا جێ مەترسیە›.

خط شناسـی / xatšenāsî: [عربی/ فارسی]/*اسم.* خەتناسـی؛ ناسـینی شـێوەی نووسـین؛ کـاری ناسینی خەت: *(الف)* لـەوەی کـە پێوەنـدی بـە نووسەرەوە هـەبێ یـا نـە *ب)* لـە بـاری جـۆری ئەلفوبێوە یان ئەوەی کە خەتەکە هی چ زەمان و چ زمانێکە. هەروەها: **خطشناس**

خط کـش / xatkeš ، ـهـا: [عربی/ فارسی]/*اسم.* هێڵینگ؛ زاغور؛ ڕاستە؛ خـەتکێش؛ خەتکـەش؛ کڕکەش؛ ئامرازێکی تـەخت و باریـک لـە چێـو، لاستیک یان کانزا، بـۆکێـشانی خـەتی ڕێـک و هەروەها پێوانی درێژی خەت.

▣ خط کش تی: خەتکەشـی تی؛ هێـلینگێ کـە سـەرەکەی بـە خەتکێـشێکی چکۆلـەتر لـە خۆیـەوە لکـاوە و بـەم بیچمەیـە «T»، بـۆ کێشانی خەتگەلی لەیەک ڕاستەدا.

خـط کـش محاسـبه: خەتکەشـی ژمێریـاری؛ خەتکەشی لە یەکدانەوە؛ جۆرێک خەتکێـشی زانیاریە بۆ پێوان و بەرامبەر کردنەوە.

خط کشی / xatkešî ، ـها: [عربی/ فارسی]/*اسم.*. خەتکێشی؛ کار و ڕەوتی هێڵ‌کێـشان بەتایبـەت کێشانی هێڵی هاوشان ‹این صفحه را خط‌کشی کن: ئەم لاپەڕە خەتکیشی بکە› ۲. هێلکاری؛ شتێ کە لە بانیەوە خەتکێشی کرابێ ‹از روی خط‌کشی عبور کنید: لە بان هێلکاریەکانەوە هاتوچۆ بکەن›.

خطمی / xatmî: [عربی] ☜ **ختمی**

خط و خال / xat(t)-o-xāl: [عربی]/*اسم.* خاڵ و مێڵ؛ نەخش، ڕەنگ و تایبەتمەندیگەلی ڕواڵەتی گیاندارێک ‹مار خوش خط و خال: ماری خاڵ و میل جوان›.

خطور / xutûr, xotûr: [عربی]/*اسم.*/*[ادبی]* دزە؛ کار یان ڕەوتی بە بیردا هاتن؛ کەوتنەوە بیر؛ بـە بیر گەیشتن؛ پێدا بواردن؛ ئامایوە ویر.

خط و ربط / xat(t)-o-rabt: [عربی]/*اسم.* دەست و قەڵەم؛ جوان نووسـی و نووسـەری ‹خـط‌وربط خوبی داشت: دەست‌وقەڵەمێکی باشی هەبوو›.

خطوط / xutût, xotût/: [عربی] جمعِ ☜ **خط**

خـطونـشان / xat(t)-o-nešān/: [عربـی/ فارسـی] /اسم. نیشانەیەک بە چەشنی × یان + کە جـار و بار لە هەڕەشەوگوڕەشەدا بۆ پێداگری لـە سـەر قسەی خۆ، بە ئەنگووسی نیشانە دەیکێشن.

◘ **خـط و نـشان کـشیدن بـرای کـسی**: /کنایی/ هـەڕەشـە و گوڕەشـە کـردن لـە کەسـێک؛ کەسێک ترساندن.

خطه / xette/: [عربی] /اسم. /ادبی/ ناوچە؛ مەڵبەند؛ ناوان؛ کاڤار ‹خطەی سرسبز بانه: ناوچـەی تـەوزاوی بانە›.

خطـی / xattî/: [عربـی] صـفت. ١. خـەتی؛ پێوەندیدار یان سەر بە هێڵ ‹تصویر خطی: وێنەی خـەتی› ٢. دەسـتنووس؛ نووسـراو بـە دەسـت ‹کتاب خطی: کتێبی دەستنووس›.

خطیئـه / xatî'e، خطایا/: [عربی] /اسم. /نامتـداول/ هەڵـە؛ چـەوتی؛ خـەتا؛ کـردار یـان ئاکـاری نادروست.

خطیـب / xatîb، ـهـا؛ ـان؛ خُطبا/: [عربـی] /اسم. وتەوان؛ وتاربێژ؛ وتاروان: ١. دەمپاراو؛ وتـەپاراو؛ کەسێ کە لە وتاربێژیـدا لێهـاتوو بـێ ‹او خطیـب زبردستی بود و می‌توانست شنوندگان را به هیجـان آورد، بخنداند یا بگریانـد: وتەوانێکی لێهاتوو بـوو، دەیتـوانی بیسەران بهەژێنێ، بینێتـە پێکـەنین یـان گریـان› ٢. کەسێ کە خوتبە دەخوێنـێ یـان لـە نوێژی هەینیدا قسە دەکا.

خطیر / xatîr/: [عربی] صفت. /ادبی/ ١. گرینـگ؛ گرنـگ؛ گـەم؛ مـەزن؛ گـەورە؛ لـە بـەرچاو؛ بـە چەندیەتی یان چۆنیەتیەکی بـەرچاوەوە ‹کمک رسانی به سیل‌زدگان اقدام خطیری بـود: یارمـەتی دانی بەر لافاو کەوتوان کارێکی گرینـگ بـوو› ٢. گـران؛ پڕمەترسـی؛ دژوار؛ حەسـتەم ‹آقایـان مأموریـت خطیری بر عهده‌شان است: برادەران کارێکی گرانیـان لە ئەستۆیە›.

خفـا / xafā/: [عربـی] /اسم. نهـێنی؛ پەنامـەکی؛ داپۆشراوی؛ شاراوەیی.

◘ **در خفا**: بە پەنامەکی؛ پەنامەکی؛ بـە نهـێنی؛ لە ژێرەوە؛ چێرەنە؛ بـە دزی؛ بـە دزیـەوە؛ بـە دزیکەو ‹در خفا مبلغی بـه او داد تـا چیـزی نگویـد؛ مدتی در خفا زندگی می‌کرد: بە نهێنی پارەیەکی پێ دا دەنگ نەکا؛ ماوەیەک پەنامەکی دەژیا›.

خفـاش / xoffāš، ـهـا؛ ـان/: [عربـی] /اسم. پرچـەمێک؛ چەکچـەکی؛ چەکچەکیلـە؛ شەمشەمەکوێرە؛ شەمشەمە؛ مەشموولـەکۆرە؛ شەوکۆرە؛ شەڤڕەڤک؛ ڤەڤڕەڤیک؛ شەڤڕەڤین؛ شەڤڕەڤینک؛ شەڤکۆر؛ قەڕناقووچە؛ قەڕناقووچ؛ باڵندەیەکی گوهانداری شەوفڕ، زسـتان خـەو و بەچکەزێیە، بە گەل بـە ڕووی لـقوپـۆی داران، یان لە گـازی زنـاران یـا دەکـونی ئەشـکەوتاندا دەژین، بڕێکیان میوەخۆر و هەنـدێکیان مێـروو خۆرن.

◘ **خفـاش خـون‌آشـام**: شەمـشەمە کـوێرەی خوێنمژ؛ جۆرە شەڤکۆرێکی تایبەتی دەڤـەری گەرمیانە بە گازگرتن خوێنی گیانـەوەرانی تـر هەڵدەمژێ.

خفت / xeffat، ـها/: [عربی] /اسم. ١. پەسـتی؛ سووکی؛ سەرشۆڕی ٢. زەبوونی؛ زەلیلی.

◘ **خفت دادن**: سـووک کـردن؛ پەسـت کـردن ‹دایم او را خفت می‌داد: هەمیشە سووکی دەکرد›.

خفت کشیدن: لارەملی‌کێشان؛ مل داخـستن؛ مـل خـوارکردن؛ مـل کـەچی کێـشان؛ ڕووزەردی‌کێشان؛ سەرە وسەیرە؛ لارە ملـی و زەبوونی قەبووڵ‌کردن ‹چقدر به خـاطر تـو خفت کشیدم و به این و آن التماس کردم: چەندە بە بۆنەی تۆوە لارەملیم کێشا و لە ئەم و ئەو پاڕامەوە›.

خفت / xeft، ـها/: /اسم. ١. جۆرێ گرێیە کە بـە کێشانی دوو سەری بەنەکە سـفت‌تـر دەبێتـەوە ٢. /ریاضی/ درێژایی.

◘ **خفـت انـداختن**: ١. گـرێ دان؛ لکـە دەی ٢. /مجازی/ تەنگ لێ‌هەڵچنین؛ زۆر بۆ هێنان.

خفت کسی را کشیدن: *[مجازی]* زیپ بۆ کەسێک هاوردن؛ ڕیپ بۆ کەسێ هێنان؛ زۆر بۆ کەسێک هێنان ‹برو خفت پدرشوهرت را بکش بیاید: بچۆ زیپ بێنە بو خەزوورەت با بێت›.

خفتان / xeftān ، ـها/: *اسم.* ژێرزرێ؛ خەفتان؛ خفتان؛ جلی لە پەمۆ یا ئاورێشم کە لە کۆندا بۆ شەڕ لە بن زرێوە دەبەر دەکرا.

خفتگی / xoftegî/ ☜ **نهفتگی-۲**

خفتن / xoftan/: *مصدر. لازم. [ادبی]* // **خفتی:** خەوتی؛ **می‌خسبی:** دەخەوی؛ **بِخسب:** بخەوە// خەوتن؛ خەفتن؛ نووستن؛ وتەی؛ نقستن؛ هەفتن؛ ڕازان؛ خەفان.

■ صفت مفعولی: **خفته** (خەوتوو)/ مصدر منفی: **نخفتن** (نەخەوتن)

خفته / xofte ، ـها؛ ـگان/: *صفت.* خەوتوو؛ خەفتوو؛ خەفتگ؛ نووستوو؛ هەفتوو؛ نقستی؛ خەو لێ‌کەوتوو ‹خفته را خفته کی کند بیدار؟: خەوتوو چۆن خەوتوو وە خەبەر دێنێ؟›.

خفچه / xafče ، ـها/: *اسم.* جۆرێ گۆییژ؛ بلچ.

خفقان / xafaqān, xafeqān/: [عربی]/*اسم.* ۱. تاساوی؛ تاسیاگی؛ هەناسەتەنگی؛ پشووسواری؛ بەرهەنگی؛ هەناسەبڕی؛ دۆخێ کە بە هۆی پەیدا بوونی گرفتێک لە کاری هەناسەکێشاندا بەدی دێ ۲. *[سیاست]* دەمکوتی؛ دەموەسی؛ ئەنگوستلەچاوی؛ تەپەسەری؛ دۆخی نەبوونی ئازادی سیاسی و فەرهەنگی لە کۆمەڵگادا ۳. *[مجازی]* قەراقوپ؛ قوڕوقوپ؛ قڕقەپ؛ سمڕی؛ بێ‌دەنگی؛ بێ‌هەست و خوستی لە بەر زەبر و زۆر: **خفه‌خون** *[گفتاری]*

▣ **خفقان گرفتن:** *[تعریض]* لاڵ بوون؛ دەم بەستن؛ بێ دەنگ و مت بوون و هیچ نەگوتن ‹چرا جواب نمی‌دهی؟ خفقان گرفتی؟: بۆ وەرام نادەیتەوە؟ لاڵ بوویی؟›.

خفقان‌آور / xafaqānāvar, xafeqān-/: [عربی/ فارسی] *صفت.* بەرهەنگێن؛ هەناسەبڕ؛ بەدیهێنەری هەناسەتەنگی.

خفگی / xafegî/: *اسم.* ۱. خنکاوی؛ تاساوی؛ گەوخانی؛ تاسەنە؛ پشوونەماوی؛ دۆخ یان چۆنیەتی نەبوون یان نەمانی هەوا بۆ هەناسەدان ۲. دۆخ یان چۆنیەتی تەسک بوونەوەی ڕێگای هاتوچۆی گەرۆکێ (وەک سووتەمەنی یان هەوا).

خفه / xafe/: *صفت.* ۱. خنکاو؛ خنکیاگ؛ خنکیاگ؛ خنکیا؛ خنکیاو؛ گەوخاو؛ تاسیاگ؛ خن؛ تووشی خنکاوی هاتوو ۲. خەفە؛ بێ هەوا یان ڕووناکی ئەوتۆ ‹اتاق خفه: دیوی خەفە› ۳. گیراو؛ گیریا؛ گیریاگ؛ گیریاو؛ خنکاو ‹صدای خفه: دەنگی گیراو›.

▣ **خفه شدن:** ۱. کپ بوون؛ گیریان؛ بەسرانی ڕێگای هاتنی هەوا یان سووتەمەنی ۲. تاسیان؛ خنکیان؛ خنکان؛ خنجکان؛ خنیکیەی؛ خنیکیای؛ تاسیای؛ گەوخان؛ خەندقین؛ خەندقان؛ پشوو لێ بڕان؛ پشوو بڕان؛ هەناسە نەمان ۳. *[تعریض]* لاڵ بوون؛ بێ‌دەنگ بوون و قسە نەکردن ‹چرا خفه شدی؟ حرف بزن!: بۆ لاڵ بوویی؟ دەی قسە بکە!›.

خفه کردن: ۱. خنکاندن؛ خنکانن؛ خنیکنەی؛ خنجکاندن؛ خەندقاندن؛ خەنقاندن؛ تاساندن؛ پشوو لێ‌برین؛ ڕێگەی هاتوچۆی هەناسە لە گیانەوەرێ گرتن و بوونە هۆی گیان دەرچوونی ۲. کپ کردن؛ گرتن؛ بەستنی ڕێگای هاتنی هەوا یان سووتەمەنی ۳. *[تعریض]* بێ‌دەنگ کردن؛ کپ کردن؛ نق لێ‌برین؛ دەنگ برین ‹این رادیو را خفه کن!: ئەو ڕادیۆە بێدەنگ کە!›.

خفه‌خون / xafexûn/: [از عربی] ☜ **خفقان-۳**

خفی / xafî/: [عربی] *صفت. [ادبی]* نادیار؛ نەدیار؛ نەپەندی؛ نهێنی؛ پەنامەکی؛ بەرپێوار؛ نەپیویا ‹بیماری خفی: نەخۆشی نادیار›.

خفیف / xafîf/: [عربی] *صفت.* سووک؛ سۆک: ۱. کەم؛ هندک؛ لاواز؛ بە کارتێکردنی کەمەوە

‹درد خفیف: ئێشی سووک› ۲. بێبایەخ؛ بێنرخ؛ پەست ‹چرا دوستت را پیش دیگران خفیف می‌کنی؟: بۆ هەوالەکەت لە لای خەلکەوە سووک دەکەی؟›.

خفیه /xofye/: [عربی] *صفت.[ادبی]* ۱. نهێنی؛ شاراوە؛ نادیار؛ نەدیار؛ بەرپێوار؛ نەپیویا ۲. نەناسراو؛ نەناسیاگ؛ نامۆ؛ نەناس؛ نەژناس؛ غەوارە؛ کەدە.

خل [1] /xol/: *اسم.* ژیلەمۆ؛ پووڵ؛ بووڵە؛ خوڵە؛ خۆڵەمێش؛ خۆڵەکەوە؛ خوەڵەکەوو؛ بەوروو؛ تۆزینە؛ مشکی؛ مۆر؛ سووتاوی لە ئاور بەجێماو.

خل [2] /ـها/: *صفت.[گفتاری]* حۆل؛ گێل؛ گۆل؛ هورِ؛ هاوی؛ نەفام؛ خول؛ سەرشێت؛ پەتیارە؛ گەللایی؛ کەللەیی؛ کەمئاوەز؛ سەفێح؛ لولسە؛ دەبەنگ؛ تەرەدین؛ گوەرِەنە؛ گوارِەنە؛ شێتۆکە؛ نیوە شێت؛ شەلوشێت؛ حەپش. هەروەها: **خل بودن؛ خل شدن**

خلا /xalā، ـها/: [عربی] *اسم.[گفتاری]* دەسئاو؛ ئاودەس؛ ئاودەسخانە؛ سەرپێشاو؛ مەوال؛ مستەراو؛ مەستراو؛ کناراو؛ خەلا.

خلأ /xala'/: [عربی] *اسم.* بۆشایی؛ چۆلایی: ۱. شوێنێ کە هیچ ماکێکی تێدا نەبێ ۲. بار یان دۆخی چۆڵ بوونی جێگا یان شوێنێک لە ماک. بەرانبەر: **ملأ** ۳. دۆخی دوور بوون یان خالی بوون لە کارتێکەری هۆکارێک ‹خلأ سیاسی: بۆشایی رامیاری›.

◘ **خلأ سیاسی**: بۆشایی رامیاری؛ نەبوونی هێز یان کەسایەتی رامیاری کارا.

خلأ فکری: بۆشایی فیکری؛ نەبوونی بیری کارا و کارتێکەر.

خلاب /xalāb، ـها/: *اسم.* ۱. زۆنگ؛ زۆنج؛ زەلکۆ؛ زەلکاو؛ زلقاو؛ قۆپی؛ زق؛ زەوینی پر لە قورِ و چلپاو ۲. گەنکاو؛ گەنیئاو؛ لەژمگە؛ لەزمان؛ زلیتاو؛ جلیتاو.

خلاش /xalāš، ـها/: *اسم.* زن؛ زنە؛ قورِەلیتە؛ زەوینی تەرِ و شل و کەزلانی.

خلاص /xalās, xelās/: [عربی] *صفت.* ئازاد؛ رزگار؛ رەها؛ فشە.

◘ **خلاص شدن**: رزگار بوون؛ ئازاد بوون؛ دەرباز بوون؛ خەلستن؛ خەلسین؛ نەفدین؛ ڤەرسین؛ فتلین ‹به هزار زحمت از دستش خلاص شدم: بە هەزار ناری عەلی لە دەستیەوە رزگار بووم›.

هەروەها: **خلاص کردن**

خلاصه [1] /xolāse، ـها/: [عربی] *اسم.* کورتە؛ پوختە؛ هەلبژاردە؛ بژاردەی قسە؛ پوختەی وتار ‹خلاصه‌ی کتاب: کورتەی کتێب›.

خلاصه [2] /ـها/: *صفت.* کورت؛ بێشرۆڤە، راڤە یان وردەکاریتر.

◘ **خلاصه کردن**: کورت‌کردن؛ کورت کردنەوە؛ کەمکردنەوەی وتار یان نووسراوە. هەروەها: **خلاصه بودن؛ خلاصه شدن**

خلاصه [3]: *قید.[گفتاری]* بە کورتی؛ بە پوختی ‹خلاصه من نمی‌توانم اینجا بمانم: بە کورتی من ناتوانم لێرەدا بمێنمەوە›.

خلاصی /xalāsî, xelāsî/: [عربی] *اسم.[گفتاری]* رزگاری؛ ئازادی؛ رەهایی.

◘ **خلاصی دادن**: پەراندنەوە؛ دەربازکردن؛ ئازاد کردن؛ قوتارکردن؛ بەردان؛ رزگارکردن؛ راپەراندن؛ نەفداندن؛ نەفراندن؛ قەوتاندن؛ وەر دەی ‹چقدر به این در و آن در زدم تا توانستم تو را از زندان خلاصی بدهم: چەندە ئەم لا و ئەو لام کرد تا توانیم لە بەندیخانە دەربارت کەم›.

خلاصی داشتن: رزگاری هەبوون؛ ئازادی هەبوون؛ رەهایی بیەی ‹یک روز هم از دستش خلاصی ندارم: رۆژێکیش لە دەستی رزگاریم نیە›.

خلاصی یافتن: رزگاری هاتن؛ رزگار بوون؛ نەجات بوون؛ ئازاد بوون؛ فەتلین؛ نەفدین؛ رەها بیەی؛ داخەلسین ‹شوهرش مرد و او خلاصی یافت: شووەکەی مر و رزگاری هات›.

خلاف [1] /xalāf, xelāf، ـها/: [عربی] *اسم.* ۱. پێچەوانە؛ کار یان کردەوەی نارەوا، بە

پێچەوانەی داب و نەریتی کۆمەڵگا یان قانوون ۲. *[حقوق]* کاری نالەبار کە سزای تەنیا چەن ڕۆژ زیندان یان برێ تاوانەیە.

▣ **بر خلاف**: پێچەوانە: ۱. بە پێچەوانە ‹او برخلاف پدرش، بسیار زیرک و کاری است: ئەو بە پێچەوانەی بابی، گەلێک وریا و لێهاتووە› ۲. بە شێوەی دژانە و یەکنەگر ‹برخلاف خواست او عمل شد: پێچەوانەی ویستی ئەو کارکرا›.

▣ **خلاف رفتن**: هەڵە چوون؛ بەرەو چەوتی و پێچەوانەی گەلەمپەری یان قانوون بزوان.

خلاف کردن: کفرکردن؛ کاری نارەوا کردن ‹خلاف که نکردەام، خواستم رادیو را درست کنم: خۆ کفرم نەکردووە، ویستم ڕادیۆکە چاک کەمەوە›.

خلاف گفتن: درۆکردن؛ ڕاست نەگوتن؛ درۆ گوتن؛ ڕاست نەدرکاندن ‹شاهد خلاف می‌گوید و پیداست که چیزی ندیده است: گەواکە درو دەکا و دیارە شتێکی نەدیوە›.

خلاف [2]: *صفت*. ۱. پێچەوانە؛ چۆپەوان؛ چەپیوانە ‹جهت خلاف: بەرەوگەی پیچەوانە› ۲. هەڵە؛ لار؛ نادروست ‹عمل خلاف: کاری هەڵە› ۳. چەوت؛ لاڕێ؛ هەڵەکار؛ سەرپێچکار ‹آدم خلاف: مرۆی چەوت›.

خلافت / xalāfat, xelāfat/: [عربی] *اسم*. جێنشینی؛ جێگەداری: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی جێنشین بوون ‹ایران در زمان خلافت حضرت عمر فتح شد: ئێران لە سەردەمی جێنشینی حەزرەتی عومەردا گیرا› ۲. جێگە یان پێگەی جێنشین ‹مأمون در سال ۱۹۲ هجری به خلافت رسید: مەئموون لە ساڵی ۱۹۲ کۆچیدا بە جێگەداری گەیشت›.

خلافکار / xalāfkār, xelāf-، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت*. سەرپێچکار؛ چەوتکار؛ پێچەوانەکار؛ هەڵەکار؛ لاڕێ؛ چەوت؛ گەنەکار؛ نادرووس؛ خاوەن ئاکاری نارەوا.

خلافکاری / xalāfkārî, xelāf-، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم*. هەڵەکاری؛ تاوانکاری؛ گەنەکاری.

خلافی / xalāfî, xelāfî، ـها/: [عربی] *اسم*. *[گفتاری]* تاوان؛ تاوانکاری؛ سەرپێچکاری؛ چەوتکاری ‹اگر تا یک سال هیچ خلافی نداشته باشی، آزاد می‌شوی: ئەگەر تا ساڵێک تاوانێکت نەبێ، ئازاد دەکرێی›.

خلاق / xallāq/: [عربی] *صفت*. ۱. ئافرێنەر؛ بەدیهێنەر؛ خولقێنەر ‹خلاق جهان: ئافرێنەری جیهان› ۲. داهێنەر؛ خاوەن هێز یان توانایی ئافراندن ‹ذهن خلاق: زەینی داهێنەر› ۳. بەدیهێنەر؛ هۆی بەدیهاتنی شتێ تازە ‹کار خلاق: کاری بەدیهێنەر›: **خلّاقه**

خلاقه / xallāqe/: [عربی] ☜ **خلاق-۳**

خلاقیت / xallāqîyyat، ـها/: [عربی] *اسم*. داهێنەری؛ داهێنەریەتی؛ بار و دۆخی داهێنەر بوون ‹در کارش خلاقیت زیادی داشت: لە کاریدا داهێنەریەکی زۆری هەبوو›.

خلال / xelāl, xalal/: [عربی] *اسم*. ۱. دوورینگ؛ دۆرینگ؛ مەودای کاتی؛ درێژەی ماوەی ڕەوتێک لە سەرەتاوە تا ئاخر ‹در خلال این مدت او رفته و برگشته بود: لە دوورینگی ئەم ماوەدا ئەو چووبوو و هاتبووەوە› ۲. خەڵتانە؛ خەلیلە؛ زلووک؛ زلووکە: *الف)* گیای دان ئاژن؛ گیایەکی لاسکناسکە، وشکی دەکەن بۆ ددان ئاژنین. *ب)* هەرشتێ کە پانۆکە یان باریکەییکیان لێ دەرهێنابێ ‹خلال بادام: خەڵتانەی بادام›.

▣ **خلال دندان** ☜ **خلال‌دندان**

در خلال: ۱. لە ماوەی؛ لە دوورینگی؛ لە مەودای کاتی ۲. لە نێوان؛ نێوان؛ لە ناو؛ ناو؛ دلێو؛ لە درێژایی؛ بە درێژایی.

▣ **خلال کردن**: خەڵتانە کردن؛ کردنە زلووک؛ تاشین و وەک قاژی ناسک و باریکەڵە دەرهێنانی شتێ ‹تو پسته‌ها را خلال کن: تۆ بسەکان خەڵتانە بکە›.

خلال‌دندان / xalāldandān, xelāl-، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم*. زلووک؛ هیلال؛ چیلکەی دان

ئاژن؛ داناژن؛ باریکەیێکی چێوی یان لاستیکی بۆ خاوێن‌کردنەوەی ددان.

خلانـدن / xalāndan/: مصدر. متعدی. [ادبی] //**خلاندی**: ئاژنیت؛ **مـی‌خلانـی**: دەئاژنی؛ **بخـلان**: بئاژنـە// ئـاژنین؛ ئـەژنین؛ ئاژەنـای؛ کۆڵـینەوە؛ چەقانـــدن؛ چـــەڤاندن؛ تـــێ‌چەقانـــدن؛ تێوەچەقانـدن؛ پێـدا چەقانـدن؛ پیـا چەقانـدن؛ ژەندنن؛ چەقنەی؛ تێـڕۆکردنی شـتێکی (زۆرتـر نووک‌تیژ یان باریک) دە نێو شتێکی‌تردا ‹خلانـدن سـوزن: ئاژنینــی دەرزی›: **خلانیــدن**. هــەروەها: **خلاندنی**

■ صفت فاعلی: **خلاننده** (ـ)/ صفت مفعولی: **خلانده** (ـ)/ مصدر منفی: **نَخلاندن** (نەئاژنین)

خلانیدن / xalānîdan/ ☜ **خلاندن**

خلایــق / xalāyeq/: [عربی] اسم. ١. [نامتـداول] ئافرێنراوان؛ بوونەوەران؛ خولقێنراوان؛ چێکراوان ٢. [گفتاری] خەڵک؛ خەڵکان؛ مەردم ‹خلایق هـر چه لایق: خەڵک و کەڵکیان›.

خل‌بـازی / xolbāzî، ـهـا/: اسم. گـەوجبـازی؛ گەلحۆیی؛ گێژی؛ دەبەنگ بازی؛ کاری بڵحانە و نەزانانە؛ کاری لاژگانە.

▣ **خـل‌بـازی درآوردن**: گـەوجبـازی‌کـردن؛ گەلحۆیی‌کردن؛ تێوەچوون بە کاری بـڵحانە و نەزانانەوە.

خلبـان / xalabān، ـهـا؛ ـان/: اسم. فڕۆکـەوان؛ فڕۆکـڤان؛ فڕۆکـەئاژۆ؛ خەلـەبان؛ ئـەو کەسـەی ئاژۆتنی فڕۆکەی بە ئەستۆیە.

خلبانی / xalabānî/: اسم. فڕۆکەوانی: ١. کـاری فڕۆکەوان؛ پیشەی فڕۆکە ئاژۆ ٢. کار یان ڕەوتی لێخوڕینی ماشینی باڵگر.

خلجـان / xalacān، ـهـا/: [عربی] اسم. [ادبی] ١. لــەرزە؛ ڕەوتی فــڕین؛ لــەرەی ناویــستی ئەندامێک ٢. دڵەخورپێ؛ نیگەرانی؛ پەرێشانی.

خلخال / xalxāl، ـها/: [عربی] اسم. ١. پـامووره؛ پامۆرە؛ خرخاڵ؛ پاوێنە؛ پاهلە؛ خشڵێ بازنەیی لە کـانزای گـران، کـە ژنـان دەیکەنـە مەچـەکی پایانەوە ٢. [قدیمی] پاوەند؛ پاوەن؛ پاوەنە؛ پاوانە؛ ئەو ئاڵـەیە پێـی چوارپێیـان پـێ دەبەسـت بـۆ ئەوەی نەچن و وێڵ نەبن.

خلد / xold/: [عربی] اسم. [ادبی] ١. بەهەشـت؛ بەهشت ٢. ـها/ مشکەکوێرە.

▣ **خلـد بـرین**: بەهەشـتی بـەرین؛ بەهەشـتی سەروو.

خلر / xollar، ـها/: اسم. پۆڵـکە؛ پۆڵکـە؛ گـاگوز؛ گاگۆز؛ گاگرووس؛ ولێرە؛ ولەرە؛ خولێرە؛ خولیرە؛ هـولیرە؛ خلێـرە؛ شـۆقل؛ گیایـەکی کـەلوودارە بەرەکەی وەک ماشی درشت دەچێ.

خلسه / xalse/: [عربی] اسم. دۆخی نێوان خـەو و بێداری کە بە هۆی هەبوونی لۆرێکی زۆر خوش دەس دەدا (وەک دیتنی دیمەنێکی یەکجار جـوان لەگەڵ بیستنی ئاهەنگێکی دڵبزوێندا).

خلص / xollas/: [عربی] صفت. [ادبی] پاک؛ ڕووت؛ پەتی.

خلط / xalt/: [عربی] اسم. [نامتـداول] تێکـەڵاوی؛ خەوش؛ کار یا دۆخی ڤەسـترانی شـتێ لەگـەڵ شتێکی دیکەدا.

▣ **خلـط مبحـث کـردن**: قـسە تێکـەڵ کـردن؛ تێکەڵ‌کردنی باسێک بە باسێکی‌تر ‹ما راجع بـه کار شرکت حرف می‌زنیم، چرا خلط مبحث می‌کنـی؟: ئێمە لەبارەی کاری بەشدارگەوە قسە دەکەین، بۆ قسە تێکەڵ دەکەی؟›.

خلـط / xelt، ـهـا؛ اخلاط/: [عربـی] اسم. خـلـت: ١. [قـدیمی] هەرکام لە چوار تـوخمی لـەش کـە بـریتین لـە خـوێن، بەڵـغەم، سـەفرا و سـەودا ٢. بەڵـغەم؛ بـڵخەم؛ تراوێکـی زەرد و سـەوزی خەست کە لە سینە و قوڕگەوە دێتە دەرێ.

خلـط آور / xeltāvar/: [عربـی/ فارسـی] صـفت. خڵت‌هێنەر؛ چـڵک‌لابـەر؛ چڵک‌هەشـفێن؛ بـە تایبەتمەندی یان توانایی لا بردن و هەڵـکەندنی بەڵـغەم لـە دەزگـای هەناسـەدا ‹شـربت سینەی

خلطاور: شەربەی خلت هێنەری سنگ›.

خلع /xal'/: [عربی]/اسم. ۱. کار یان ڕەوتی لابردن؛ کەڤاندن؛ کەنار خستن؛ لێسەندنەوەی پلە و پایە یان سەربەشانەیەک کە بە کەسێ دراوە ۲. کاری داماڵین؛ داکەندن.

▣ **خلع درجه کردن**: پلەک لێ کەندنەوە؛ پلەک لێ ساندنەوە؛ لێ ساندنەوەی پلەکی نیزامی ‹به خاطر فرار از جبهه، او را خلع درجه کردند: بە بۆنەی دەرچوون لە شەڕگەوە، پلەکیان لێ کەندەوە›.

خلع سلاح کردن: چەک کردن؛ چەک لێ ساندن؛ ژ چەک کرن؛ چەک لێ ئەستاندن؛ لێساندنی بەزۆری چەکی کەسێ ‹نگهبان را خلع سلاح کرده بود: پاسەوانەکەی چەک کردبوو›.

خلع کردن از سلطنت: لە پاشایەتی لابردن؛ لە پاشایی خستن؛ لە کار لابردنی پاوشا ‹مجلس مؤسسان احمد شاه را از سلطنت خلع کرد: کۆڕی دامەزرێنەران ئەحمەد شایان لە پاشایەتی لابرد›.

خلع لباس کردن: بەرگ لە بەر داکەندن؛ لێداکەندنی بەرگی تایبەتی (وەک هی ئەفسەر یان مەلا) بە مەبەستی تەمێ‌کردن یان سزا دان.

خلع مقام کردن: لە پلە و پایە خستن؛ لەزێ لابردن؛ پلە و پایە لێساندنەوە.

خلع یَد کردن: دەست کورت‌کردن؛ بێ‌دەس کردن؛ دەستەڵات بۆ نەهێشتن.

خلعت /xal'at, xel'at/: [عربی]/اسم. [قدیمی] ۱. باڵاپۆشی پێشکەشی، بەتایبەت گنجێ کە کەسێکی گەورەتر بە چکۆلەتری پێشکەش کردبا ۲. پارچە یان گنجێ کە لە لایەن بنەماڵەی بووکەوە بۆ زاوا یان بنەماڵەی زاوا پێشکەش دەکرێ ۳. خەڵاتی گەورەپیاوان بۆ ژێر دەستان؛ دیاری گەورە پیاوان ٤. [مجازی] کفن؛ کەفەن.

خلف[1] /xalaf، اخلاف/: [عربی]/اسم. جێگر؛ یاگەگیر؛ یاگەدار؛ جێ‌نشین؛ پاشهات.

▣ **خلف صدق**: جێگری ڕاستەقینە.

خلف[2]: صفت. شیاو؛ جێگر؛ بەڕێ‌وجێ؛ شیاوی جێ‌نشینی ‹فرزند خلف: ڕۆڵەی شیاو›.

خلف /xolf/: [عربی] صفت. ۱. پێچەوانە؛ چۆپەوانە ۲. سەرپێچکار؛ چەوتکار؛ پێچەوانەکار؛ خراوەکێل.

▣ **خلف وعده کردن**: بێ‌بەڵێنی‌کردن؛ بەڵێن بەجێ نەهێنان ‹هرگز ندیدم که خلف وعده بکند: قەت نەمدی بی‌بەلینی بکا›.

خلفا /xolafā/: [عربی] جمعِ ☜ **خَلیفه**

خلفی /xalfī/: [عربی] صفت. پشتینە؛ پاشین؛ پەشتین؛ پشتگین؛ پشتنگ؛ دوایین؛ دواگین؛ دمایین. بەرانبەر: **قُدامی** ‹شریان خلفی: سووردەماری پشتینە›.

خلق /xalq/: [عربی]/اسم. ۱. بەدیهێنەری؛ داهێنەری؛ کار و ڕەوتی خولقاندن؛ ئافراندن؛ شێوراندن؛ بەدی‌هێنان ۲. /ـها/ خەڵک؛ خەڵق؛ کۆمای مەردم.

▣ **خلق شدن**: ئافران؛ درووس بوون؛ بەدیهاتن؛ هاتنە دی؛ چێ بوون؛ وەش بیەی.

خلق کردن: ئافراندن؛ درووس‌کردن؛ ساز دان؛ وەدیهێنان؛ بەدیهێنان؛ چێ کرن؛ وەش کەردەی.

خلق /xolq، ـها، اخلاق/: [عربی]/اسم. خوو؛ خدە؛ زێ؛ ئاکار؛ کردەوەی تایبەتی هەر کەس.

▣ **خلق خود را تنگ کردن**: [مجازی] وەڕەز بوون؛ جاڕز بوون؛ تووڕە بوون و تێهەڵچوون ‹بی‌خود خلق خودت را تنگ نکن: لە خۆڕا وەڕەز مەبە›.

خلق کسی تنگ شدن: [مجازی] دڵخورت بوون؛ دڵپڕ بوون و تێهەڵچوون؛ تووڕە بوون ‹وقتی خلق پدرم تنگ می‌شود، زیر لب دعا می‌خواند: هەرکاتێ بابم دڵخورت دەبێ، لە بەر خۆیەوە دۆعا دەخوێنێ›.

خلق کسی سر جایش آمدن: *[مجازی]* هێور بوونەوە؛ سار بوونەوە؛ داسرەکیان ‹بنشین یک چای بخور تا خلقت سر جایش بیاید: دانیشە چایێک بخۆ با هێور ببیتەوە›.

خلق‌الساعه / xalqossā'e/: [عربی] *صفت.* دەم و دەس چێ بووگ؛ لە نەکاو بەدیهاتوو؛ گز و گومەت سەر هەڵداو؛ کوت‌وپڕ وەش بیە.

خلق‌الله / xalqollāh/: [عربی] *اسم. [مجازی]* ئاپۆرە؛ خەڵک؛ مەردم؛ مەردوم؛ مەخلۆق؛ گورتل؛ حەشامات.

خلقان / xolqān/: [عربی] *صفت. [ادبی]* تیتۆڵ؛ بزگور؛ شڕ؛ شڕ و شیتاڵ؛ شڕ و شیواڵ؛ پوویا؛ داڕزاو؛ داڕزیاگ؛ داڕزیاو؛ کۆنە و دڕاو.

خلقت / xelqat/: [عربی] *اسم.* ۱. کار و ڕەوتی ئافران؛ وەدیهاتن ۲. سروشت؛ سرشت؛ چۆنیەتی دروست بوونی بنەمای کەس یان شتێک.

خلقی / xalqî/: [عربی] *صفت.* خەڵکی؛ مەردمی؛ پێوەندیدار یان سەر بە خەڵکەوە.

خلقی / xolqî/: [عربی] *صفت.* ئاکاری؛ کردەوەیی؛ زێیی؛ پێوەندیدار بە ئاکارەوە.

خلقیات / xolqîyyāt/: [عربی] *اسم.* خۆ و خدە؛ ئاکار و ڕەوشت؛ کار و کردەوە؛ هۆرز و نیشت.

خلل / xalal, xelal/: [عربی] *اسم.* ۱. *[نامتداول]* کەلشت؛ قەڵشت؛ تریشکە؛ تلیش؛ درز؛ دەرز ۲. کەلی؛ وەزەن؛ وەزەنگ؛ گەزن؛ زیان.

▣ **خلل رساندن**: زیان‌گەیاندن؛ زیان لێدان؛ کەل کردن. هەروەها: **خلل رسیدن؛ خلل وارد شدن**

خلل‌پذیر / xalalpazîr, xelal-/: [عربی/ فارسی] *صفت. [ادبی]* ۱. گەزنگاز؛ زیان‌وەگر ۲. هەر شتێک کە بۆی هەیە خراو ببێ یان خەسار بچێ. هەروەها: **خلل‌پذیری؛ خلل‌ناپذیر**

خلل و فرج / xolal-o-forac/: [عربی] *اسم.* کون و درز؛ کون و قوژبن؛ قولچە‌ـقولچەیی ‹سنگ پا دارای خلل و فرج زیادی است: پاشۆر کون و درزی زۆری تێدایە›.

خلم / xe(o)lm/: *اسم. [قدیمی]* ۱. چڵم؛ چرم؛ تراوی خەستی کەپۆ ۲. ختیک؛ کەمێڵە؛ چلمی وشکەوە بوو بە لووتەوە.

خلمو / xe(o)lmû/: *صفت.* چڵمن؛ چرمن؛ چڵمە؛ کڵمن؛ کلمیشۆک؛ لووت بە چڵمەوە.

خلنج / xalanc/: [معرب از فارسی] ☜ **خلنگ**

خلنجزار / xalanczār/: [معرب/ فارسی] ☜ **خلنگزار**

خلنگ[۱] / xalang، ـها/: *اسم.* چار؛ خەلەنگ؛ گەسک؛ گزگ‌جاڕ؛ گیای گزگ: **خلنج**

خلنگ[۲]: *صفت.* بازگ؛ بازی؛ بازە؛ دووڕەنگ؛ بەڵەک.

خلنگزار / xalangzār، ـها؛ ـان/: *اسم.* چارەزار؛ گەسکجاڕ؛ ناوانێ لە زەوینی بۆرە کە گیاگزگ و پوار و گژ و گیای‌تری تێدا ڕواوە: **خلنجزار**

خلواره / xolvāre/: *اسم.* ژیلەمۆ؛ ژێڵەمۆ؛ زیلەمۆ؛ هڕو؛ ژێلی؛ خۆڵەمێشی گەرم کە هێندێک پشکۆی تێدا بێ.

خلوت[۱] / xalvat/: [عربی] *اسم.* ۱. تەنیایی؛ تەنیایێ؛ تەنیاگی؛ دەرکەناری ‹در خلوت خویش به موضوع فکر کن: لە تەنیایی خۆتدا لە باسەکە بیرکەوە› ۲. *[نامتداول]* نەدیاری؛ نادیاری؛ بەرپێواری؛ پەنامەکی؛ نهێنی؛ شوێنی دوور لە خەڵک یان ئاپۆرە و پڕایی مەردم. بەرانبەر: **جَلوَت** ۳. چۆڵایی؛ خەڵوەت؛ جێگەی تەنیایی.

▣ **خلوت کردن**: تەنیایی‌گرتن؛ تەنیایی هەڵبژاردن؛ دەرکەناری‌کردن؛ دوورەپەرێزی کردن ‹در گوشه‌ای خلوت کرد و بدان اندیشید: لە کونجێکدا تەنیایی گرت و بیری لێ کردەوە›.

خلوت[۲]: *صفت.* چۆڵ؛ چووڵ؛ چۆڵ و هۆڵ؛ دینج؛ خەڵوەت؛ دوور لە جەنجاڵ.

▣ **خلوت بودن**: چۆڵ بوون؛ خەڵوەت بوون؛ خاڵی یان بێ‌گوڕمۆڕ بوون ‹خیابان خلوت بود:

شەقام چۆل بوو›. هەروەها: **خلوت شدن**

خلوتخانه / xalvatxāne ، ـها/: [عربی/ فارسی] اسم. چۆلـخان؛ دینجخانـه؛ دنجخانـه؛ شـوێنی تایبەت بە خەڵوەت کردن: **خلوتکده؛ خلوتسرا**

خلوتسرا / xalvatsarā/: [عربی/ فارسی] ☜ **خلوتخانه**

خلوتکده / xalvatkade/: [عربی/ فارسی] ☜ **خلوتخانه**

خلوتگاه / xalvatgāh ، ـها/: [عربی/ فارسی]اسم. چۆلگا؛ چۆڵەوانی؛ چۆلایی؛ چۆلانی؛ خەڵوەتگە.

خلوت‌نشین / xalvatnešîn ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. ۱. دوورەپـەرێز؛ چـۆڵ‌نـشین؛ خەڵوەنـشین؛ چـۆلانی‌نـیش؛ چۆڵـگەماو؛ چۆڵـگەمەن؛ تایبەتمەنـدی کەسـێ کـە لـە تەنیاییدا دەژی ‹زاهد خلوت‌نشین دوش بـه میخانـه شد: زاهیدی دوورەپەرێز دوێشەو چوو بـۆ مەیخانـه› ۲. تەنیا؛ ڕەبەن؛ سەڵت.

خلوتی[1] / xalvatî/: [عربی]اسم. چۆلایی؛ چۆڵی؛ خەڵوەتی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی چـۆڵ بـوون ‹جای به این خلوتی پیدا نمی‌کنی: جـولاییێکی ئـاوات دەست ناکەوێ›.

خلوتی[2]: صفت. ۱. چـۆڵ‌نـشین؛ خەڵوەنـشین؛ چۆلانی‌نیش ۲. سەڵت؛ ڕەبەن؛ تەنیا.

خل‌وچل / xol-o-čel/: صفت. [گفتاری] گێژ و وڕ؛ گێژ و وێژ؛ گێج و وێج؛ وڕگێج؛ گێڕ و گـێج؛ وڕ؛ لەوەدە؛ لەوج؛ بێ هۆش و هێزی پێویست بۆ باش جێبەجێ‌کردنی کار ‹مغازه را دادی دست این داماد خل و خل؟: دووکانەکەت دایە دەستی ئەم زاوا گێژ و وڕەت؟›.

خلوص / xulûs, xolûs/: [عربی]اسم. پـاکی: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی پـاک بـوون ‹بـرای تعیین میـزان خلـوص بـه آزمایـشگاه فرسـتاده شـد: بـۆ دیاری‌کـردنی ڕادەی پـاکی نێـردرا بـۆ تاقیگـه› ۲. پـاکژی؛ بـێ خەوشـی‹خلـوص نیـت: پـاکی دڵ و دەروون›.

خل‌وضع / xolvaz'/: [فارسی/ عربی] صفت. [گفتاری] گەناژ؛ گەناچ؛ گەن‌ئاژە؛ سڕ و وڕ؛ سـڕ و سـەپۆل؛ هـش‌چـالاکی؛ گـەللایی؛ سەرشـێت؛ خاوەن ئاکـار یـان ڕواڵـەتی گەوجانـە ‹فروشـنده قدری خل‌وضع بود: فرۆشەرەکە تۆزێ گەناژ بوو›.

خلیج / xalîc ، ـها/: [عربی]اسم. دڕنـاو؛ دڕنـاڵ؛ دەلاو؛ ڕۆ؛ کەنداو؛ لاوچ؛ خەلیج؛ پێشەوە چوونی ئاو لە وشکانیدا.

خلیدن / xalîdan/: مصدر. لازم. متعدی. [ادبی] //**خلیدی**: چـەقیت؛ **مـی‌خلـی**: دەچـەقیت؛ **بخـل**: بچەقـە// ◻لازم. ۱. چـەقین؛ پێداچـەقین؛ تـێ‌هەڵـچەقین؛ تـێ‌هەڵـچوون؛ پێداچـەقان؛ تـێ‌چـەقان؛ تـێ ڕۆ چـوون؛ داچـەقان؛ پیاهەڵـچەقین؛ ئەنـەچەقـەی؛ تێـڕۆ چـوونی شتێکی (زۆرتـر نـووک تیـژ یـان باریـک) دە نێـو شتێکی دیکـەدا ◻ متعدی. ۲. [مجازی] خـزین؛ خزیان؛ ئەنەخزەی؛ بە شێوەیێکی نادیار چوونـە نێو شوێنێ یان شتێکەوە.

■ صفت فاعلی: **خلنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **خلیـده** (چەقیو)/ مصدر منفی: **نخلیدن** (نەچەقین)

خلیفه / xalîfe ، ـها؛ ـگان؛ خلفا/: [عربی]اسم. ۱. [نامتـداول] جـێ‌نـشین؛ جێگـر؛ جێگـرەوە؛ یاگـەگیر؛ یاگـەدار؛ یاگـەنیش؛ خەڵـیفه ۲. سـەرکارگەر؛ سـەرکارگەری کـار و پیـشه کۆنەکان.

خلیق / xalîq/: [عربی] صفت. [ادبی] ئاکـارچـاک؛ چاکەکار؛ ڕەوشتبەرز.

خلیلی / xalîlî/: [عربی]اسم. خـەلیلی؛ جـۆرێ ترێی کارەبایی دانەدار کە زووتر پێدەگا.

خم[1] / xam/: اسم. [ادبی] خـواری؛ چـەم؛ خـەم؛ چەماوی؛ چەمی؛ پێچوپـلووچی؛ پـێچ و لـوولی؛ چەوت و چێلی؛ خوارەکە و پێچکە؛ نووشتاوی.

⊡ **خم به ابرو نیاوردن**: [مجازی] بە بای خەیاڵـدا نەهاتن؛ نەخستنە خۆ؛ بـە خـۆ نـەزانین؛ خـۆ لێڵ نەکردن؛ هەڵگرتنی دژواری و سەخڵەتی

بێ خته و بۆڵه ‹صد کیلو بار را بلند کرد و خم به ابرو نیاورد: سەد کیلۆ باری هەڵگرت و بە بای خەیاڵیدا نەهات›: **ابرو خم نکردن** ☜ **ابرو**

خم شدن: چەمان؛ چەمانەوە؛ چەمینەوە؛ ڤەچەمان؛ ڤەچەمیان؛ نووچانەوە؛ نووچیان؛ نووچیانەوە؛ نووشتانەوە؛ نەوین؛ بوونەوە؛ دانەوان؛ دانەوین؛ چەوتانەوە؛ کۆم بوونەوە؛ کۆمەو بوون؛ لار بوونەوە؛ خوار بوونەوە؛ تا بوون؛ داهاتنەوە؛ داهاتن؛ مووچیانەوە؛ نەوی قەدبوون؛ نەمیانەوە؛ دانەوینەوە؛ نامیایرە؛ ئەرەنامیەی؛ کۆمیایرە؛ قولزاندن؛ قولزین؛ چفان؛ لە باری ڕێک و ڕاستی هاتنە دەرەوە ‹خم شدم، سکه را از روی زمین برداشتم؛ میله خم شد: دانەویم و سکەکەم لە زەوی هەڵگرت؛ میلەکە چەمایەوە›. هەروەها: **خم کردن**

در خم یک کوچه بودن: *[مجازی]* هێشتا لە سەرەتای ڕێگا یان کاردا بوون.

خم[۲]: *صفت.* چەماو؛ چەماوە؛ چەفت؛ چەم؛ خەم؛ نووچ؛ مووچ؛ لار؛ کۆم؛ دلا؛ کووڕ ‹پشت خم: پشتی چەماو›.

خم / xom ، ـها/: *اسم.* هوومە؛ هومە؛ کووپە؛ کوپە؛ کووپێ؛ کوار؛ کوپ؛ خومالیک؛ خوم؛ کلووس؛ خنوسی؛ خاروف؛ دەفری سواڵەتی زل و دەم ئاواڵە.

▣ **خم رنگرزی:** ۱. *[قدیمی]* خم؛ هوومە؛ هومە؛ خمخڕ؛ کووپەیێ کە ڕەنگرێژان ڕەنگیان تێدەکرد و بەن یان قوماشیان پێدا دەژەند ڕەنگبگرێ ۲. *[کنایی]* کاری بە هەڵە داوان؛ بە پەلە و بێتێڕامان کار کردن.

خمار / xammār/: [عربی]*اسم.* مەیفرۆش؛ کەسێ پیشەی فرۆشتنی خواردنەوەی ئەلکولیە.

خمار / xomār/: [عربی] *صفت.* خاو؛ خومار: ۱. خەواڵوو ‹چشم خمار: چاوی خومار› ۲. مەدلمە؛ خوماری پێوەپێچیاو ‹تریاکش نرسیده، خمار است: تلیاکی پێ نەگەیشتووە، خاوە›.

خمارآلود / xomārālûd/: [عربی/ فارسی] *صفت.* خومار؛ خاو؛ بێ هەست و هێز.

خماری / xomārî ، ـها/: [عربی]*اسم.* ۱. خەواڵوویی ۲. خاوی؛ خوماری؛ دۆخی دەس نەگەیشتن بە کەرەسەی خوو پێوەگرتوو؛ سەرئێشەی دوای سەرخۆشی ‹با یک نخود تریاک او را از خماری در آورد: بە نۆکێک تلیاک، لە خاوی دەری هێنا›.

خماندن / xamāndan/: *مصدر. متعدی.// خماندی:* چەماندت؛ **می خمانی:** دەچەمێنی؛ **بِخمان:** بچەمێنە// چەماندنەوە؛ چەماندن؛ چەمانن؛ قولزاندن؛ ڤەچڤاندن؛ چەمنەی؛ چەمنایوە؛ ئەرەکۆمنەی؛ چەوتاندنەوە؛ مووچاندنەوە؛ نوشتاندنەوە؛ نەواندن؛ کووڕکردن: **خمانیدن**

■ **صفت فاعلی: خماننده** (چەمێنەر)/ **صفت مفعولی: خمانده** (چەمێنراو)/ **مصدر منفی: نَخماندن** (نەچەماندن)

خمانیدن / xamānîdan/ ☜ **خماندن**

خمپاره / xompāre ، ـها/: *اسم.* قومپارە؛ جۆرێک گوللەی تۆپ ئاسا کە بەر لەوەی بگاتە زەوی دەتەقێتەوە و پرزەی زۆری لێدەبێتەوە.

خمپاره‌انداز / xompāre'andāz ، ـها/: *اسم.* هاوان؛ جۆرێ تۆپی سووک بۆ هاویشتنی قومپارە.

خمپذیر / xampazîr/: *صفت.* چەمانی: ۱. بە تایبەتمەندی یان توانای لار و ڕاستەوە بوونەوە، بێ ئەوەی درز بەرێ یان بشکێ ۲. بە تایبەتمەندی یان هێزی وەک خۆ لێ هاتنەوە.

خمپذیری / xampazîrî/: *اسم.* چەمانەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی چەمانی بوون.

خمچه / xomče ، ـها/: *اسم.* گوسک؛ گۆزک؛ کووپەڵە؛ کەدینک؛ قوم؛ بستووکە؛ گۆزەی بچووک؛ دەفری سواڵەتی خڕکەڵە.

خمخانه / xomxāne ، ـها/: *اسم.* ۱. *[قدیمی]* خومخانە؛ ژێرخانێک خومی شەرابی تێدا

هەڵدەگرن ۲. *[کنایی]* مەیخانە؛ شوێنی خواردنەوەی شەراب.

خمر / xamr ، ـها/: [عربی]/*اسم. [فقه]* شەراو؛ شەراب؛ نۆشابەی ئەلکولی.

خمره / xomre ، ـها/:/*اسم.* لینە؛ لینک؛ لین؛ کووپەی گەورەی سواڵەت ‹در جریان کاوش چند خمرەی خالی پیدا شد: لە ڕەوتی گەڕان و پشکنیندا چەند لینەی خاڵی دۆزرایەوە›.

خمس / xoms/: [عربی]/*اسم.* ۱. یەک لە پێنج؛ بەشێ لە پێنج بەش ۲. *[شیعه]* خومس؛ پێنجیەک؛ پێنجیەکی داهات کە دەدرێ بە جێگری ئیمام یان سەیدی هەژار.

خمسه / xamse/: [عربی] *صفت. [ادبی]* پێنجە؛ پێنجی؛ پێنجدانەیی؛ بە شێوەی پێنج بەشی لە یەک کۆمەڵەوە.

خمش / xameš/:/*اسم.* چەماوی: ۱. کار یان ڕەوتی چەمانەوە؛ چەمان؛ چڤان؛ چەمین ۲. دۆخ یان چۆنیەتی چەماو بوون؛ کۆم بوون؛ کووڕ بوون.

خمکاری / xamkārî ، ـها/:/*اسم.* چەمکاری؛ کارێک لە کانزاکاریدا بۆ چەماندنەوەی پەڕە، تیکە یان لوولەی لە کانزا.

خمودگی / xamûdegî ، ـها/: (!) [عربی/ فارسی] *اسم.* ۱. پەژارەیی؛ خەمۆکی ۲. خەوخانی؛ داهێزراوی؛ داچەکاوی؛ تەوەزەلی؛ خاوی؛ سلپی؛ بێحاڵی؛ بێتاقەتی.

خموده / xamûde/: (!) [عربی/ فارسی] *صفت.* ژاکاو؛ داهێزراو؛ داچەکاو؛ سڕ؛ سست؛ بێحاڵ و دڵمردوو.

خمودی / xamûdî/: (!) [عربی/ فارسی]/*اسم.* ژاکاوی؛ خەوفانی؛ داهێزراوی؛ بێحاڵی و بێ هەست و نەستی.

خموش / xamûš/: *صفت. [مخفف، ادبی]* خمۆش؛ ئامۆش؛ خامۆش: ۱. بێدەنگ؛ قڕ و قپ ‹گفتا خموش حافظ! کاین غصه هم سرآید: گوتی بێدەنگ بە حافیز! ئەم مەینەتەش دەتارێ› ۲. کوژاوە؛ دامرکاو.

خمیازه / xamyāze ، ـها/:/*اسم.* باوێشک؛ باوشک؛ بلووشک؛ باوشکێن؛ بارێشک؛ گرکەش؛ وەلایش؛ دەبانک؛ دەبەنک؛ دەمەکاوەکی؛ دەمەکەوکی؛ قەجەڕە؛ قەدجەڕە؛ ژاژک؛ ئاژاژک؛ ئاژاژکی؛ ئاژئاژە؛ ئاژاشکە؛ ئارۆشک؛ وێژە؛ وێژێ؛ وێژینگ؛ وێژنگ؛ کشکەوڕ؛ کێژکاوڕ؛ نشکێ؛ کەشکەلان؛ خەوەشکێ؛ ڕەوتی هاتنە دەرەوەی ناویستی و قووڵی هەناسە وێڕای کرانەوەی زار، لە بەر ماندوویی، خەواڵویی یان بێتاقەتی.

▣ **خمیازه کشیدن:** باوێشک دان؛ باوشک دان؛ وێژەرە ئاسەی؛ وێژە ئاسەیرە؛ قەتراندن؛ بهنژین؛ هۆنژین؛ دەمەکەوکی کردن ‹بسیاری از شنوندگان به خمیازه کشیدن افتادند: زۆرێ لە بیسەران، کەوتنە باوێشک دان›.

خمیدگی / xamîdegî ، ـها/:/*اسم.* چەماوی؛ چەمیاگی.

خمیدن / xamîdan/: *مصدر. لازم.* // **خمیدی:** چەمایت؛ **خم میشوی:** دەچەمی؛ **خمشو:** بچەمە// چەمان؛ چەمانەوە؛ چەمیانەوە؛ چەمینەوە؛ چەمین؛ چەڤین؛ چەمیەی؛ نوینەوە؛ نەوان: ۱. قۆپ بوون؛ قۆزین؛ قۆز بوون؛ قولزین؛ داهاتن؛ دانەوین؛ داهاتنەوە؛ ئەرەنامیەی؛ نامیەیرە؛ ئەرەکۆمیەی؛ کۆمیایرە؛ لە دۆخی ڕاست و ئەستوونی ترازان؛ لە قنج و قیتی دەرهاتن ۲. گێڕ بوون؛ لار بوون؛ لار بوونەوە؛ لارەو بوون؛ لارەوە بوون؛ شەوین؛ فاق دان؛ خوار بوون ۳. ڤەچەمیان؛ ڤەچەمان؛ نووشتان؛ فاق دان؛ مووچان؛ مووچیەی؛ لار و گێڕ بوون؛ پێچەڵپێچ بوون؛ قەمچ و پێچ خواردن؛ لار و وێر بیەی؛ چەفت و چێل بوون. هەروەها: **خمیدنی**

■ **صفت مفعولی: خمیده** (چەماو)/ مصدر منفی: **نَخمیدن** (نەچەمان)

خمیده / xamîde ، ـها/: *صفت.* چەماوە؛ چەلەک؛

چەمیوە؛ چەمیو؛ چـەمووڕ؛ چەمیایـە؛ چـەوتاوە؛ چـــەم؛ چـــەمتاو؛ چـــڤی؛ چـــەوت؛ چـــەفت؛ چەفتچڵ؛ چڤیای؛ داهاتوو؛ ئـورووف؛ خـوارەوە بووگ؛ لارەوە بووگ؛ تم؛ تمـاو؛ دوولا؛ نوشـتاوە؛ شـەوین؛ قـۆق؛ قـۆغ؛ قلـووچ؛ کـووڕ؛ کـەر؛ لار؛ شەڤ؛ شەڤی؛ شەڤین؛ قۆقز؛ کۆم؛ قـۆخ؛ قـۆپ؛ قاخ ‹پشت خمیده: پشتی چەماو›.

خمیر / xamîr ، ـها/: [عربی]/سم. هەویر؛ هەڤـیر؛ هـەمیر؛ مـیر؛ خـەیویر؛ خـەور؛ خـەوری؛ پـات؛ تێکەڵاو یان تێوەردراوێکی نەرم و شێوازگر: *الف)* ئاردی لە ئاوکراوی شێلدراو بۆ نان پـێتن ‹خمیر نان: هەویری نان› *ب)* خۆڵەسوورە یان گـەچ کـە بۆ سواڵەت، پێکەرسازی و... تێکەڵ بە ئاو کراوە ‹خمیر مجسمەسازی: هـەویری پەیکەرسازی› *ج)* ماکی دەوایی، تەندروستی یان پیـشەیی ‹خمیر ریش: پاتـی ریش›. هەروەها: **خمیر شدن؛ خمیر کردن**

▣ **خمیر ترش** ☜ **خمیرمایه**

خمیر دندان ☜ **خمیردندان**

خمیر ریش ☜ **خمیرریش**

خمیر کاغذ: هـەویری قاقـەز؛ هـەویر کاغـەز؛ هـەویری بەرهـەمهـاتوو لـە ناوکـەی چێـو و ڕیشاڵەی گیا، بۆ چێکردنی کاغەز.

خمیردنـدان / xamîrdandān ، ـهـا/: [عربـی/ فارسی]/سم. خەمیردان؛ هـەویری پێکهـاتوو لـە ماکی خاوێنکەرەوە بۆ شتنی ددان.

خمیرریش / xamîr(e)rîš ، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. پـاتی ڕیـش؛ خـەمیر ڕیـش؛ هـەویری ڕیشتاشین؛ هەڤیری ئاوێتە بە ماکی سابوونی و بۆنخۆش بۆ ڕیشتاشین.

خمیرسـانی / xamîrsānî/: [عربی/ فارسی]/سم. هەویرئاسایی؛ تایبەتمەنـدی هـەویرێک کـە بـە هـەر دەقێکـی دەربـێنی هـەروا بمێنێتـەوە و نەچێتەوە سەر بیچمی پێشووی.

خمیرگیر / xamîrgîr ، ـها؛ ـان/: [عربـی/ فارسـی] /سـم. هــەویرگیر؛ هەڤـــیرکەر؛ هەویرشـــێل؛ هەڤیرشێل؛ هەمیرشـێل؛ هەمیرشـێلە؛ کەسـێ کاری بەرهـەڤکـردنی هـەویری نـان (یـا نـانی شیرینی) بێ.

خمیرمایـه / xamîrmāye ، ـها/: [عربـی/ فارسـی] /سم. هەوێن؛ هێڤین؛ هـەیان؛ هەڤـیان؛ هـامێن؛ هاڤـێن؛ ئاڤـین؛ فرسـک؛ مـیراز؛ لـەپۆ؛ لینـدو؛ خـــەمیرە؛ مـــادە؛ مایـــە؛ هەویرترشـــی هـــۆی هەڵهاتنی هەویری تازە: **خمیرترش**

خمیره / xamîre/: [عربی]/سم. سروشـت؛ خـێم؛ هێم.

خمیری / xamîrî ، ـها/: [عربی] *صفت.* هـەویری؛ هەڤیری؛ وەک هەویر؛ خاوەن دۆخ یان حاڵەتی نەرم و شێوازگر ‹مادەی خمیری: ماکی هەویری›.

خنـــازیر / xanāzîr/: [عربـــی]/سـم. غەنازیلـــە؛ غـــەنازیر؛ خـــەنازیر؛ خـــەنازیل؛ کۆمەڵـــە لکـــی لەنفاوی مل کە برێ جار زۆر گەورە دەبنەوە.

خناق / xonnāq/: [عربی]/سم. پێران؛ دووشـاخە؛ تاس؛ بەغمە؛ بوغمە؛ ملەخرە؛ ملەخرێ؛ وەنـاق؛ خرالە؛ نەخۆشی هەناسەبڕان.

خنثـا / xonsā ، ـهـا/: [عربـی] *صفت.* بـێبـار: ١. بێبەر؛ بێ کارتێکری یـان کارهـاتی بـەرچاو ‹تلاش خنثا: کردوکاشی بێبار› ٢. *[زیستشناسی]* نێرەمـــووک؛ نێرەمـــوک؛ نێرەمـــۆک؛ نێرمـــۆ؛ نێرمووک؛ نە نێر نە مێ؛ بە بێ ئەندامی ڕەگەزی گـەشـەدار ٣. *[فیزیک]* بـە بـێ بـاری ئیلیکتـرۆ میغناتیسی ‹مادەی خنثا: ماکی بێبار› ٤. *[شیمی]* بێ کارکۆیی ئەسـیدی یـان بـازی ‹نمک طعام مادەای خنثاست: خوێ ماکێکی بێبارە› * **خنثـی**. هەروەها: **خنثا بودن؛ خنثا شدن؛ خنثا کردن**

خنثاسازی / xonsāsāzî/: [عربی/ فارسی]/سم. کار یان ڕەوتی بێ بارکردن.

خنثی / xonsā/: [عربی] ☜ **خُنثا**

خنج / xanc ، ـها/: /سم. *[گیاهشناسی]* بەرزەلـەنگ؛ بەرزەلـەنگ؛ زەنگۆلـەگیا؛ کـلاوزرە؛ برینجـداس؛

گیابەرک؛ بنەگیاییێکی خۆرسکە بە لقی باریک و گەڵای وردی تێکئالاوی کولکن و گوڵی ورد و تۆپەڵ–تۆپەڵی بۆنخۆش و هێندێک تاڵ و تفتەوە.

خنج / xenc/: *اسم.* ۱. خەش؛ خاشە؛ رووکە؛ کێرە؛ ریش ۲. *ـها/[گیاەشناسی]* پێکۆڵ؛ پەیکوڵ؛ پەیکولە؛ پێکولی؛ پەیکولی؛کونجرکە؛ قونجرکە؛ درەسووچە؛ سێچوکڵ؛ سێددان؛سێدان؛ درکێکی سێسووچە بە زەویدا پان دەبێتەوە.

خنج / xonc، ـها/: *اسم.[گیاەشناسی]* وەن؛ وەنی؛ دارەوەن؛ دارەبەن؛ ونەمشک؛ وەنەمشک؛ وەنەمشکی؛ بنەوەشیلە؛ وەنەوش؛ کولەنگ؛ کولینگ؛ وەناوشەک.

خنجر / xancar، ـها/: [عربی]/*اسم.* خنجەر؛ خنجێر؛ خەنجێر؛ خەنجەر؛ خەنجەرە؛ خەنجۆک؛ تووژگ؛ شینەتێخ؛ خینگر؛ بدگە؛ کێردی گەورە و خواری زۆرتر پۆلایین بە نووک و تێخی دوولا تیژەوە.

▣ **خنجر** زدن: خەنجەر لێدان؛ بە خەنجەر کوتان.

خنجر کشیدن: خنجەرکێشان؛ خنجەر لە کالان دەرهێنان و گیفکردن.

خنجە / xance/: *اسم.* ئانیسک؛ هەنیسک؛ هەنسک؛ هەسکە؛ دەنگێکە لە خۆشیان یان پاش گریان لە قورگەوە دەردێ.

خنجیر / xencîr/: *اسم.* چەقەوڕ؛ بۆ کرووز؛ بۆیێکی توند و وەڕسکەرە بەتایبەت لە هەڵقرچانی ماکی چەوریدارەوە هەڵدەسێ.

خنچە / xonče/ ☜ **خوانچە**

ـخند / xand/: *پیوازە.* ـخەنە؛ ـخەند؛ ـخوە؛ ـگەشە؛ ـبزە؛ ـکەنی؛ ـکەنین ‹شکرخند: زردەخەنە›.

خندان[1] / xandān/: *صفت.* ۱. خەنۆڵ؛ خەندەران؛ خەنەران؛ روولکەن؛ رووخۆش؛ رووگەش؛ دەم بە پێکەنین ۲. *[مجازی]* پشکۆتوو؛ گەشاوە؛ تەنگیا؛ دەمداوە ‹گل خندان: گوڵی پشکوتوو›. هەروەها: **خندان بودن؛ خندان شدن؛ خندان کردن**

خندان[2]: *قید.* بە پێکەنینەوە؛ بە پێکەنین؛ بە خوایوە ‹خندان پیش آمد و مرا در آغوش گرفت: بە پێکەنینەوە هاتە پێشێ و باوەشی پێمدا کرد›.

خنداندن / xandāndan/: *مصدر. متعدی.* // **خنداندی:** کەناندت؛ **می‌خندانی:** دەکەنێنی؛ **بخندان:** بکەنێنە// کەناندن؛ خەناندن؛ خوونەی؛ خۆنەی؛ وە پێکەنین هێنان؛ هاندان بۆ پێکەنین یان هۆی کەنین پێکهێنان ‹خنداندن مردم، کار سادەای نیست: کەناندنی خەڵک، کارێکی هاسان نیە›: **خندانیدن.** هەروەها: **خنداندنی**

■ صفت فاعلی: **خنداننده** (کەنێنەر)/ صفت مفعولی: **خندانده** (کەنێنراو)/ مصدر منفی: **نخنداندن** (نەکەناندن)

خندانیدن / xandānîdan/ ☜ **خنداندن**

خندق / xandaq، ـها/: [معرب از فارسی]/*اسم.* کەنەک؛ کەندەک؛ کەندە؛ کۆزک؛ تاپێ؛ باهو؛ هەرق؛ رەهەند؛ خەرەند؛ خەندەک؛ خەندەق؛ خەنەق؛ خەنەک؛ خەندۆر؛ چاڵی دەسکرد، بەتایبەت قووڵگەیێکی درێژ کە بە مەبەستی بەرەنگاری هەڵدەکەنرێت.

▣ **خندق بلا:** *[تعریض]* کادان؛ کادانە؛ ئەشقەمە؛ مەشکەرەش؛ ورگ؛ سک؛ زگی دوا برپاگ.

▣ **بە خندق بلا سرازیر کردن:** *[تعریض]* هەڵمەقووت کردن؛ لەرپاندن؛ ماشتنەوە؛ دەنک لێ نەهێشتنەوە؛ قرتە لێ برین؛ هەڵلووشین؛ چڵەپنەی؛ لەپنای ‹آن همه میوه را بە خندق بلا سرازیر کردی؟!: ئەو هەمکە میوەت هەڵمەقووت کرد؟!›.

خندە / xande، ـها/: *اسم.* خەنە؛ خەندە؛ خەنین؛ خۆه ؛ خوە؛ کەن؛ کەنی؛ کەنین؛ پێکەنین؛ پێخەنین؛ هو؛ هەو؛ پەنەوا؛ وەیایش؛ هەوایش؛ هواتەیش؛ هوواتش؛ ویی؛ ویەیش؛ بسکە؛

باریکی تایبەت لە ڕوومەت، نەوازا لە لێو و چاودا، کە زۆرتر بە هۆی شادیەوە بەدی دێ، لەگەڵ دەنگی نزم یان بەرزدا.

◙ **خنده‌ی زورکی:** پێکەنین نەبەدڵ؛ پێکەنینی بەزۆری.

خنده‌ی نخودی: کشمیشی پێکەنین؛ پریکە؛ پلیکە؛ تریقە؛ پێکەنینێ لەگەڵ دەنگی هێواش و پچڕ‌ـ پچڕدا.

◘ **خنده سردادن:** تریقانەوە؛ بە قاقا پێکەنین؛ قلیانەوە؛ حیلکانەوە؛ هیلکانەوە؛ قلیایوە؛ ئەوەقلیەی؛ خەنینەوە؛ بە دەنگی بەرز و قەو پێکەنین ‹با دیدن من خنده سر داد: کە منی دیت تریقایەوە›.

خنده گرفتن: پێکەنین هاتن؛ پێکەنین بۆ هاتن؛ خەنە زۆر بۆ هێنان؛ خوەی‌گیرتەی؛ خوە پەی ئامەی ‹خنده‌اش گرفته بود و نمی‌توانست جلوش را بگیرد: پێکەنینی دەهات و نەیدەتوانی بەری بگرێ›.

از خنده روده‌بر شدن: *[مجازی]* مردن لە پێکەنیندا؛ لە پێکەنینا برک کردن؛ دڕان لە پێکەنیندا؛ لێک‌بوونەوە لە بەر پێکەنین؛ لە کەنینا ناوسک بڕیان؛ جە خوەینە چوێ شیەی ‹آن شب همه از خنده روده‌بر شدیم: ئەو شەوە هەموومان مردین لە پێکەنیندا›.

به خنده افتادن: کەوتنە پێکەنین؛ پێکەنین لێ پرژان؛ کەوتنە خەنین؛ هاتنە کەنین ‹از حرفش به خنده افتادم: لە قسەکەی کەوتمە پێکەنین›: **به خنده انداختن**

خنده‌آور / xande'āvar/: *صفت.* پێکەنینی؛ کەنینی؛ پێکەنین‌هێن؛ هۆی بزواندنی بزە ‹کارهایش خنده‌آور بود: کارەکانی کەنینی بوو›.

خنده‌دار / xandedār/: *صفت.* پێکەنین‌دار؛ کەنین‌دار ‹حرف خنده‌دار: قسەی پێکەنین‌دار›.

خنده‌رو / xanderû، ـها/: *صفت. [گفتاری]* خەنەران؛ خەنەرانە (بۆ مێینە)؛ ڕووکەن؛ کەنۆک؛ دەڤ کەنۆک؛ ڕووخۆش؛ ڕووگەش؛ دەم بەبزە؛ دەم بەپێکەنین؛ دەم بەپێخەنین ‹دختر خنده‌رویی بود: کچێکی خەنەران بوو›.

خنده‌زنان / xandezanān/: *قید.* بە پێکەنینەوە؛ بە قاقا لێدان؛ بە تریقانەوە؛ بە حیلکانەوە ‹خنده‌زنان از او دور شدم: بە پێکەنینەوە لێی دوور کەوتمەوە›.

خنده‌کنان / xandekonān/: *قید.* بە پێکەنینەوە؛ بە خوایوە؛ لە حاڵی پێکەنیندا ‹خنده‌کنان سیبی برداشتم و به سویش انداختم: بە پێکەنینەوە سێوێکم هەڵگرت و بۆم هاویشت›.

خندیدن / xandîdan/: *مصدر. لازم. متعدی.* //**خندیدی:** پێکەنیت؛ **می‌خندی:** پێدەکەنی؛ **بخند:** پێبکەنە// پێکەنین؛ کەنین؛ خەنین؛ویاتەی؛ خوەی؛ خوای؛ خەنس؛ هوایش؛ هواتەیش؛ هوواتش؛ ویەیش؛ ویایش: ◻*لازم.* ۱. شادی خۆ بە خەندە دەربڕین ‹همه می‌گفتند و می‌خندیدند: هەمووان قسەیان دەکرد و پێدەکەنین› ۲. بە شێوەیێکی شاد و گەش ڕابواردن‹آن شب چقدر خندیدیم: ئەو شەوە چەندە پێکەنین› ◻*متعدی.* ۳. شۆخی پێکردن؛ گاڵتە پێکردن؛ گەمە پێکردن ‹اگر این حرف را بزنی، همه به تو می‌خندند: ئەگەر ئەم قسە بکەی هەموو پێت پێدەکەنن›.

هەروەها: **خندیدنی**

■ صفت مفعولی: **خندیده** (پێکەنیو)/ مصدر منفی: **نَخندیدن** (پێنەکەنین)

خنزرپنزر / xenzerpenzer/: *اسم. [گفتاری]* شڕ و شیتاڵ؛ شڕە و بڕە؛ شڕە و مڕە؛ شڕ و تاڵ؛ شنگرشیواڵ؛ پت و پیارسک؛ شەخەڵ مەخەڵ؛ وردە و پردە؛ شتی جۆراوجۆری کۆن، شکاو، لەکارکەوتوو یان دڕاو ‹این خنزرپنزر را بریز دور و خودت را راحت کن: ئەم شڕ و شیتاڵە فڕێ دە و خۆت خەلاس کە›.

خنزرپنزری / xenzerpenzerî/: *اسم. [گفتاری]* کۆنەفرۆش؛ کۆنەسێن؛ هۆردەفرۆش؛

وردەواڵەفرۆش؛ کەسێ کـە شـڕ و شـیتاڵ خـڕ دەکاتەوە، یا دەیکڕێ و دەیفرۆشێ ‹یـک پیرمـرد خنزرپنزری هر روز توی کوچـەی مـا پیـدایش مـی‌شـد: پیرەپیـاوێکی کوسـەفرۆش هـەموو رۆژێـک لـە کۆڵانەکەی ئێمەدا دەردەکەوت›.

خنس‌وفنس / xenes-o-fenes/: *اسم. [گفتاری]* هەژاری؛ نەداری؛ فەقیری؛ دەسکورتی؛ پیسی؛ نچاری: **خنسی**

▣ **به خنس‌وفنس افتادن:** کەوتنە پیسیەوە؛ کەوتنە سەر ساجی عەلی؛ کەوتنە تڕەتڕەوە؛ کەفتنە تاقەوگوو؛ بێپارە بوون و بۆ ژیان دامان ‹آخرهای ماه پولم تمام شد و به خنس و فنس افتادم: ئاخرەکانی مانگ، پارەم پێ نەما و کەوتمە پیسیەوە›.

خنسی / xenesî/ ☜ **خِنس‌وفِنس**

خنصر / xenser/: [عربی] *اسم. [ادبی]* تووتە؛ گـولاتی؛ گولـێ؛ گیـشا قلیـنج؛ تبلیـا بیچـک؛ قامکەتووتە؛ قلیچان؛ قامکەچکۆلـە؛ تبلاگچکـە؛ قامکە چکۆلەی دەست.

خنک / xonak/: *صفت.* ۱. فێنـک؛ هێنـک؛ هوونیـک؛ هۆنـک؛ چایـگ؛ چێییـگ؛ هوینـک؛ هین؛ هوونک؛ فوونک؛ چیا؛ چیاو؛ سارد؛ چیاگ؛ ساردێکی خـۆش ‹هـوای خنک: کەشـی فینـک› ۲. *[مجازی]* (لەمەڕ کـار یـان کردەوەیـەکی نابـار و ناخۆش) سار؛ سارد؛ بـێتـام؛ بـێمـەک ‹شوخی خنک: گاڵتەی سار›.

خنکا / xonakā/: *اسم.* فێنکایی؛ چۆنیەتی فێنک بوون ‹خنکای شب: فێنکایی شەو›.

خنکی / xonakî/: *اسم. [گفتاری]* ۱. فێنکـی؛ فێنکـایی؛ فـوونکی؛ فێنکایـەتی؛ هوونکـایی؛ هێنکایی؛ هوونیکـایی ۲. سـاری؛ هـەرکام لـەو خواردەمەنیانەی کـە خواردنیـان ئەبێتـە هـۆی فێنک بوونەوە یان لاچوونی هەستی گەرما.

خنگ [1] / xeng، ـها/: *اسم. [ادبی]* ئەسـپی سـپی؛ ئەسپی چەرمگ؛ ئەسپی چەرموو.

خنگ [2] / ـها/: *صفت. [گفتاری]* حـۆل؛ گـەلحۆ؛ گەوج؛ گێژ؛ گێج؛ خـول؛ دەبـەنگ؛ گێـل؛ هێـڕ؛ خاوەن بەهرەی هۆشی کەم کە واتـای ڕووداوی دەور و بەری خۆی ئاستەم یـان خـراپ تـێبگـا ‹چقدر خنگ بود، اصلاً چیزی نمی‌فهمید!: چەندە حـۆل بوو، هیچی نـەدەفامی!›. هەروەها: **خنـگ بـودن؛ خنگ شدن**

▣ **خنگ خدا:** حەپەحۆل؛ گێژوڵڵا؛ لاژگ؛ حۆل لە دایک بوو ‹آخر خنگ خدا، مگر عقلت نمی‌رسد؟: ئاخر حەپەحۆل، مەگەر عەقڵت پێ ناشکێ؟›.

خنگی / xengî/: *اسم.* گێـژی؛ خـولی؛ حـۆلی؛ گێجی؛ گەوجی؛ لاژگی؛ بار یان چۆنیـەتی گێـژ بوون ‹آدم به ایـن خنگـی دیـده بـودی؟: مـرۆی بـەم گێژیەت دیتبوو؟›.

خنیاگر / xonyāgar، ـهـا؛ ـان/: *اسم. [ادبـی]* هۆنیاوان؛ دەلوو؛ بەزمگێـڕ؛ گۆبەندگێـڕ؛ شـایەر؛ کەسێ کە هەم ساز لێـدەدا و هـەم دەخوێنـێ. هەروەها: **خنیاگری**

خو / xû/: *اسم.* خوو؛ هوو؛ خدە؛ خەدە؛ نـەریت؛ شێوەی هەڵس‌وکـەوتی ئاسـایی و هەمیـشەیی گیانداری̇ک کە تایبەتی خۆیە و لە درێژایی ژیاندا پێی ڕادێ: **خوی** *[ادبی]*

▣ **خـو کـردن:** خـووگرتن؛ خـوو پـێ گـرتن؛ عادەت‌کردن؛ هوکـارە بـوون. هـەروەها: **خـو گرفتن**

خواب [1] / xāb/: *اسم.* ۱. خەو؛ خوو؛ خاو؛ خەون؛ خـەڤ؛ نـڤ؛ خـەف؛ هـووت؛ هووتـە؛ دۆخـی حەسانەوەی گیانـدار کـە لـەو حاڵـەدا چـالاکی لەشـی و دەمـاری دەشـکێتەوە و هەسـتی گیانەوەر لە بەرانبەر بزوێنـەری دەرەکیـدا کـەم دەبێتەوە ‹خواب بودن: لە خـەودا بـوون› ۲. ـهـا/ خەون؛ خەو؛ وەرم؛ هورم؛ هەون؛ هـۆن؛ ئـەوەی لەو کاتەدا لە مێشکی گیاندار بەدی دێ ‹خـواب دیدن: خەو دیتن› ۳. *[مجازی]* بار؛ خەو؛ لایـەنێک کە بـەن، مـوو، خـوری و... دەکەنـە سـەریەک

‹قالی را از طرف خوابش جارو کن!: مافووره‌که له باریدا گه‌سک لیٚبده›.

◙ **خـواب ابـدی:** *[کنـایی]* خـه‌وی یـه‌کجاری؛ خه‌ونی هه‌تایی؛ خه‌وی ئـاخری؛ مـه‌رگ ‹بـه خواب ابدی فرو رفت: چووه خه‌وی یه‌کجارییه‌وه›.

خواب اصحاب کهف: *[کنایی]* خه‌وی ئه‌سحابی که‌هف؛ خه‌وی زۆر قورس و درێژخایه‌ن.

خواب خرگوشی: ١. که‌روێشکه‌خه‌و؛ خـه‌وی به چاوی نه‌به‌سراو ٢. *[مجازی]* بیٚخه‌به‌ری.

خواب زمستانی: *[زیست‌شناسی]* زسـتانه خـه‌و؛ جستانه خه‌و؛ خـه‌وی زسـتانی؛ دۆخـی کـه‌م بوونه‌وه‌ی به گوژمی چالاکی ژیان له زۆرێـک گیا و گیانه‌وه‌ردا که به هۆی داشکانی ده‌مای هه‌وا له وه‌رزی زستاندا ڕوو ده‌دات.

خـواب سبک: خـه‌وی سـووک؛ سـه‌رخه‌و؛ سـووکه‌خه‌و؛ هـه‌ونی سـڤک؛ گورگه‌خـه‌و؛ خه‌ویٚ سووک کـه زۆر بـه هاسـانی لـه سـه‌ر بپه‌ڕیٚ.

خواب سنگین: خه‌وی قـورس؛ خـه‌وی گـران؛ خـه‌ویٚ کـه خـه‌وتوو بـه هاسـانی خه‌بـه‌ری نه‌بێته‌وه.

خواب گران: *[ادبی]* ١. خه‌وی قورس؛ خـه‌وی گران ٢. *[کنایی]* بیٚخه‌به‌ری یه‌کجاری.

خواب مصنوعی: خه‌وی ده‌سکرد؛ خه‌وبردنه‌وه به هیپنۆتیزم.

◙ **خواب از سر / چشم کسی پریدن:** خـه‌وی که‌سیٚ زڕان؛ خه‌و له که‌سیٚ ڕه‌وینـه‌وه؛ خـه‌و په‌ڕین؛ نه‌مانی خه‌والّوویی؛ هه‌ون ڕه‌میـایش؛ وه‌رموو یۆی ڕه‌مه‌ی/ پڕه‌ی ‹دیگر خواب از سرم پرید و نمی‌توانم بخـوابم: ئیتـر خـه‌وم زڕا و نـاتوانم بنوومه‌وه›.

خـواب آمـدن: خـه‌و هـاتن؛ وه‌رم ئامـه‌ی؛ ده‌رکه‌وتنی نیشانه‌کانی خـه‌و ‹خـوابم مـی‌آیـد: خه‌وم دیٚ›.

خـواب آوردن: خـه‌و هێنـان؛ وه‌رم ئـارده‌ی؛ باری خه‌و داهێنان ‹ماست خواب مـی‌آورد: مـاس خه‌و دێنیٚ›.

خواب بردن: خه‌و لێکه‌وتن؛ خـه‌و پیاکـه‌وتن؛ خه‌و بردنه‌وه؛ وه‌رم پۆڕه‌که‌وته‌ی ‹روی صـندلی خـوابم بـرد: لـه سـه‌ر سه‌نده‌لـیه‌که‌وه خـه‌وم لـیٚ که‌وت›.

خواب بودن: خه‌وتوو بوون؛ له خـه‌ودا بـوون؛ وه‌رمه‌نه بیه‌ی ‹وقتی آمدم تو خواب بـودی: کاتـیٚ هاتم تۆ له خه‌وتبووی›.

خواب به چشم کسی نـرفتن / نیامـدن: چـاوی که‌سیٚ نه‌چوونه خه‌و؛ خه‌و له که‌سیٚ‌نه‌که‌وتن؛ خه‌و نه‌هاتن؛ وه‌رم نه‌که‌وتـه‌ی پـۆڕه؛ وه‌نـه‌وز نه‌ده‌ی ‹تا صبح خواب به چشمم نرفت: تـا بـه‌یانی چاوم نه‌چووه خه‌و›.

خواب دیدن: خه‌ون دیتن؛ خه‌و دیتن؛ خه‌ون بینین: ١. وه‌رم دیه‌ی؛ وه‌رم وینـه‌ی؛ هـه‌ون ڤیانایش؛ هه‌ون ده‌ییش؛ دیتنی شـتانێک لـه خه‌ودا ‹خواب دیـدم رفـتم بـه مـاه: خـه‌ونم بـینی چووم بۆ مانگ› ٢. *[مجازی]* به هزره‌وه چـوون؛ لیٚتێـک چـوون و که‌وتنـه گومانـه‌وه ‹همچـو چیزی نیست، خواب دیدی خیر باشـد: شـتی وا نیـه، خه‌وت دیوه خه‌یر بیٚ› ٣. *[تعریض]* ته‌ون نانه‌وه؛ خه‌ون بۆ شتیٚ دیتن؛ بۆ که‌سیٚ یـان شـتێک پیلان گێڕان ‹برای پولهای پدرش خوابی دیده بود: خه‌وی بۆ پووڵ و پاره‌ی بابی دیبوو›.

خواب رفتن: ١. سڕ بوون؛ ته‌زین؛ لـه جوولـه که‌وتن یان ته‌زوو پێدا هاتنی ده‌ست یان لاق بـه‌هۆی نه‌بزووتنـه‌وه یـان مانـدوویی زۆره‌وه ‹پاهام خواب رفته: هه‌ردوو لاقم سر بووه› ٢. ☜ **به خواب رفتن**

خـواب کـردن: کردنـه خـه‌و؛ ده‌خـه‌وکردن؛ نڤاندن؛ خه‌واندن؛ خه‌فانـدن؛ وسـنای؛ نـوانن ‹اول همه را خواب می‌کند بعد خودش می‌خوابد: لـه پێشدا هه‌مووان ده‌کانـه خـه‌و، پاشـان بـۆ خـۆی ده‌خه‌ویٚ›.

خواب کسی تعبیر شدن: *[مجازی]* خەوی کەسێ هاتنە دی؛ دروست خوێندنەوە؛ لە خاڵ دان ‹سرانجام خوابش تعبیر شد و فلانی مرد: ئاخری خەوەکەی هاتەدی و کابرا مرد›.

خواب کسی ریختن: *[مجازی]* خەو شکانە چاو کەسێک؛ زۆر ئاتاجی نووستن و لە خەو ڕانەچوون.

خواب گرفتن: خەو داگرتن؛ خەو بردنەوە؛ وەرم پەیئامەی؛ خەو زۆر بۆ هێنان ‹خوابش گرفت و دست از کار کشید: خەو دایگرت، دەستی لە کار کێشا›.

خواب ماندن: دەخەو ڕاچوون؛ خەبەر نەبوونەوە؛ بە خەبەر نەهاتنەوە؛ خەو بردنەوە؛ درەنگتر لە کاتی پێویست بەیار بوونەوە ‹ساعت خوابیده بود، صبح خواب ماندم و دیر به مدرسه رسیدم: سەعاتەکە خەوتبوو، بەیانی دەخەو ڕاچووم و دێر گەیشتمە فێرگە›.

خواب هفت پادشاه را دیدن: *[کنایی]* لە حەوت ساڵان ڕاست بوونەوە؛ پرخە لێ هەستان؛ چوونە خەوی قورس و درێژخایەنەوە.

از خواب پا شدن: لە خەو هەستان؛ لە خەو خەبەر بوونەوە؛ لە خەو ڕابوون؛ وەرمەنە هۆرسەی ‹نصف شب از خواب پا شدم: نیوە شەو لە خەو هەستام›.

از خواب پریدن: لە خەو ڕاچڵەکان؛ داچڵەکان لە خەو؛ وەرمەنە چڵەکیایرە؛ لە پڕا و بەهۆی کارەساتێکەوە لە خەو هەستان ‹با صدای تلفن از خواب پرید: بە زڕەی تەلەفوون لە خەو ڕاچڵەکا›.

به / در خواب دیدن: لە خەودا بینین: ۱. خەو پێوە دیتن؛ وەرمەنە دیەی؛ کەسێک یان شتێک لە خەودا هاتنە بەر چاو ‹دیشب مادرم را در خواب دیدم: دوێشەو دایکمم لە خەودا بینی› ۲. *[مجازی]* بە خەو بینین؛ وەرمەنە وینەی؛ دەست نەگەیشتن بە شتێک ‹مگر عروسی با دختر من را به خواب ببینی: کچی من مەگەر بە خەو ببینی›.

به خواب رفتن: چوونە خەو؛ دەخەو ڕاچوون؛ هەون بەبیش؛ هەون دەییش؛ خەو لێکەوتن؛ وەرم پۆرەکەوتەی؛ وتەی ‹سرانجام به خواب رفت: ئاخری چووە خەو›: **خواب رفتن** *[گفتاری]*

به خواب کسی آمدن: چوونە خەوی کەسێکەوە؛ هاتنە خەو کەسێک؛ ئەنە وەرموو یۆی ئامەی ‹دیشب مادرم به خوابم آمده بود: دوێشەو دایکم هاتبووە خەوم›.

در خواب بودن: لە خەودا بوون؛ خەفتگ بوون؛ وەرمەنە بیەی ‹ساعت ۱۰ هنوز در خواب بود: سەعات ۱۰ هێشتا لە خەودا بوو›.

خواب[2]: *صفت.* *[کنایی]* خەوتوو؛ چاوبەسراو؛ بێخەبەر؛ بێهۆش ‹تو هنوز خواب هستی و این حرفها را نمی‌فهمی: تۆ هێشتا خەوتووی و ئەم قسانە نافامی›.

ـ خواب[3]: *پیوازه.* ـ خەو؛ ـ خەف؛ ـ هەون: ۱. ـ وەرم؛ ئەوەی کە ئەخەوێ ‹بدخواب: بەدخەو› ۲. ـ بووس؛ شیاو یان لەبەرچاوگیراو بۆ خەوتن ‹تختخواب: تەختیخەو›.

خواب آلود /xābālûd/: *صفت.* خەواڵوو؛ خەواڵۆ؛ خاوالی؛ خۆوالی؛ خاواڵین؛ خەواوی؛ وەرمین؛ وەرمئاشتین؛ بێداری هێشتا چاو بەخەو ‹صدایش خواب‌آلود بود: دەنگی خەوالوو بوو›.

خواب آلودگی /xābālûdegî/: *اسم.* خەوالوویی؛ خەواڵۆیی؛ وەرمئاشتینی؛ بار یان چۆنیەتی خەواڵۆ بوون.

خواباندن /xābāndan/: *مصدر. متعدی.* //**خواباندی:** خەواندت؛ **می‌خوابانی:** دەخەوێنی؛ **بِخوابان:** بخەوێنە// خەواندن؛ خەفاندن: ۱. دەخەوکردن؛ نڤاندن؛ نڤستاندن؛ ڕازاندن؛ نواندن؛ وسنەی؛ وسنای ‹بچه را خواباندن: منداڵ خەواندن› ۲. بەستەری کردن لە نەخۆشخانەدا ‹در بیمارستان خواباندن: لە نەخۆشخانەدا خەواندن›

۳. هێـدی کـردن؛ ئـارام‌کـردن؛ دامرکانـدن؛ داسه‌کناندن؛ داته‌مراندن؛ هه‌داندن؛ له گوژمه‌ی شتێ که‌م کردنه‌وه ‹سر و صدا را خوابانـدن: هـه‌را و هووریا خه‌واندن› ٤. دانه‌واندن؛ چه‌ماندنـه‌وه؛ لـه باری ڕاوه‌ستاوی یان قنجی ترازاندن ‹لبه‌ی کلاه را خوابانـدن: قـه‌راغی کـلاو خه‌وانـدن› ٥. بـۆ هه‌لگرتن، گـۆڕانی شـێواز، ڕه‌نـگ کـردن یـان بۆدان خستنه ناو تراوێکه‌وه ‹در سرکه خواباندن: له سرکه‌دا خه‌وانـدن› ٦. ده‌س پـێ‌هه‌لـگرتن یـان وێساندنی کارێ ‹کار را خواباندن: کار خه‌واندن› ٧. *[گفتـاری]* لێـدان؛ سـره‌واندن؛ کوتـان؛ وسـنه‌ی (به‌تایبه‌ت زلله) ‹بیخ گوش کسی خواباندن: خه‌واندنه لاملـی که‌سـێکه‌وه› ٨. ڕازانـدن؛ ڕاکـشاندن؛ هـه‌لاژنین؛ هه‌لاژانـدن؛ وسـنه‌ی؛ ئیژنـایره؛ ئه‌ره‌ئیژنه‌ی؛ که‌سێ به باری ئاسۆیی و بـه سـه‌ر ڕوویه‌کدا ڕێک‌کردن ‹روی تخت خواباندن: له سـه‌ر ته‌خت خه‌وانـدن› ٩. *[کشاورزی]* که‌وشـه‌ک دان؛ شێوه‌کارێ بۆ زۆر کردنی برێ دار به کردنه ژێـر خاکی لـق‌وپـۆه نزیکـه‌کانی لـه زه‌وی تـا ڕه‌گ دابکوتێ و وه‌ک دارێکی جیا و سه‌ربه‌خۆ ده‌ربێ: **خوابانیدن**. هه‌روه‌ها: **خواباندنی**

■ صـفت فـاعلی: **خواباننـده** (خه‌وێنـه‌ر)/ صـفت مفعـولی: **خوابانـده** (خـه‌وێنراو)/ مـصدرمنفی: **نخواباندن** (نه‌خه‌واندن)

خوابانیدن / xābānîdan/ ☜ **خواباندن**

خواب‌آور / xābāvar ، ـها/: *صفت.* خه‌وهێنـه‌ر؛ خه‌وێنه‌ر؛ بـه تایبه‌تمه‌نـدی یـا توانـستی خـه‌و هێنان.

خواب‌زدا / xābzedā ، ـها/: *صفت.* خـه‌وڕه‌وێن؛ خه‌وپـه‌ڕێن؛ خـه‌وزڕێن؛ بـه تایبه‌تمه‌نـدی یـان توانای له‌ناو بردنی خه‌والوویی یان هه‌سـتی نیـاز به خه‌و.

خوابگـاه / xābgāh ، ـهـا/: *اسـم.* حه‌وانگـه؛ خه‌وتنگـه؛ نووسـتنگه: ١. خـه‌وگا؛ خه‌فگـه؛ وه‌تـاغی تایبـه‌تی خـه‌و، به‌تایبـه‌ت لـه دامه‌زراوه‌یـه‌کی هه‌مووانیـدا (وه‌کـوو قوتابخانـه‌ی شـه‌وانه‌ڕۆژی یـان په‌روه‌رشـتگا) ٢. خانووبه‌ره‌یـه‌کی تایبـه‌ت بـۆ حه‌سـانه‌وه و شـه‌و مانـه‌وه‌ی که‌سـانی سـه‌ر بـه دامـه‌زراوه یـان ده‌سـته‌یه‌ک ‹خوابگـاه دانـشجویان: نووستنگه‌ی خوێندکاران›.

خـوابگردی / xābgardî/: *اسـم.* خه‌وگـه‌ڕی؛ نه‌خونجاویـه‌ک لـه خـه‌وتنی بـرێ کـه‌س کـه ده‌بێته هۆی ڕێگه چوونی له خه‌ودا. هـه‌روه‌ها: **خوابگرد**

خـوابگزار / xābgozār ، ـهـا؛ ـان/: *اسـم.* خه‌ولێکده‌ر؛ خه‌وقه‌هێن؛ که‌سێ کـه گوایـه لـه گوێدان به ڕازه‌ی ئه‌وه‌ی که دیتـران لـه خـه‌ودا دیتوویانـه، ڕووداوه‌کـانی داهـاتوو ده‌لـێته‌وه. هه‌روه‌ها: **خوابگزاری**

خواب‌گفتـاری / xābgoftārî/: *اسم.* کـار یـان دیـارده‌ی ڕاوانـدن؛ وڕاوه‌کـردن؛ وڕێنـه‌کردن؛ ڕاوه‌ی؛ کـرده‌وه یـان دیـارده‌ی قـسه‌کردن لـه خه‌ودا. هه‌روها: **خواب‌گفتار**

خوابنامـه / xābnāme ، ـهـا/: *اسم.* خه‌ونامـه؛ کتێبێک که واتای خه‌وی تێدا نووسراوه.

خواب‌نما / xābnemā/: *اسم.* که‌سێ که داهـاتوو بـه خـه‌و ده‌بینـێ یـان بـه خـه‌و لـه ڕوودانی کاره‌ساتێک خه‌به‌ردار ئه‌بێ.

خواب‌وبیدار / xāb-o-bîdār/: *صفت.* ١. خه‌وێڕ؛ خه‌و و بێگار؛ خه‌فته و وریا ٢. *[نساجی]* دووبـار؛ دووبه‌ره‌ک؛ به پـرز و ڕیـشالگه‌لی لـه هـه‌ر دوو لاوه.

خواب‌وخیـال / xāb-o-xiyāl/: [فارسی/ عربی] *صفت. [مجازی]* خه‌یاڵ‌پلاو؛ خه‌و و خه‌یاڵ؛ خه‌و و خه‌یاڵ؛ دوور له ڕاستی ‹اینکه خانه ارزان مـی‌شـود، خواب و خیال است: ئه‌مه‌ی که مـاڵ هـه‌رزان ده‌بـێ، خه‌یاڵ‌پلاوه›.

ـ خوابه / xābe ، ـها/: *پیوازه. [گفتـاری]* ـــ خـه‌وه؛ خاوه‌ن دیوی خه‌وتن ‹آپارتمان دوخوابه: وارخـانی

دووخەوە).

خوابیدن / xābîdan/: مصدر. لازم. // **خوابیدی:** خەوتی؛ **می‌خوابی:** دەخەوی؛ **بِخواب:** بخەوە// خەوتن؛ خەوچین؛ خەفتن؛ نووستن؛ نڤستن؛ نڤان؛ وتەی؛ هۆتەی؛ وتش؛ هەونا؛ هاون؛ هەڤتن؛ هەفتن؛ هۆیتن؛ نشتش: ۱. چوونە خەو؛ خەو بردنەوە؛ وەرم کەوتەی پۆرە ‹لالایی گفتم، خوابید: لایە‌ـلایەم وت، خەوت› ۲. بەستەری بوون ‹ده روز تو بیمارستان خوابید: دە ڕۆژ لە نەخۆشخانەدا خەوت› ۳. چالاکی یان جم و جووڵ نەمان ‹کار خوابیدن: کار خەوتن› ٤. دامرکان؛ هەدران؛ ئەرەوتەی؛ کەم بوونەوەی توندی ‹سر و صدا خوابید: دەنگ و هەرا خەوت› ٥. نیشتنەوە؛ سافبوون؛ لە دەرپەڕیوی و چرچ و لۆچی دەرهاتن‹اتویش کن تا چینهایش بخوابد: ئوتووی کە، با چرچەکانی بخەوی› ٦. *[کنایی]* بێخەوەر بوون؛ بێئاگا بوون ‹تو خوابیدی، از جایی خبر نداری: تۆ خەوتووی، لە هیچ کوێ ئاگات نیە› ۷. ڕاکشان؛ ڕازان؛ ڕاژان؛ ڕازیـن؛ هەلاژیان؛ ئەرەئیژیای؛ ئیژیەیرە؛ کیشیایرە؛ لەش لە باری ئاسۆییدا دانان ‹روی تخت خوابیدن: لە سەر تەختەوە خەوتن› ۸. *[کنایی]* هاوجێ بوون؛ سەرجێی کردن؛ تێکەڵ بوون لەگەڵ کەسێکدا ‹خدا می‌داند با چند نفر خوابیده: خوا ئەزانێ لەگەڵ چەند کەسدا خەوتووە›. هەروەها: **خوابیدنی**

■ صفت مفعولی: **خوابیده** (خەوتوو)/ مصدر منفی: **نَخوابیدن** (نەخەوتن)

خوابیده[1] / xābîde/: صفت. خەوتوو؛ خەفتگ؛ نووستوو؛ ڕازایی؛ هەفتۆ؛ خەوتو؛ خەولێ کەوتوو؛ نووستێ؛ نڤستێ؛ نوستو؛ هەفتە؛ نڤت؛ نڤستی

خوابیده[2]: قید. بەڕاکشاوی؛ ڕاژاو؛ ڕازاو؛ هەلاژیاو؛ ئیژیا؛ درێژەو بووگ؛ پاڵکەوتوو؛ پاڵکەفتگ؛ تەپیا؛ بە ڕاکشاوی‹خوابیده درس می‌خوانی؟!: بەڕاکشاوی وانە دەخوێنی؟!›.

⊡ **خوابیده پارس کردن:** *[تعریض]* زەڕین و نەپەڕین؛ وەک کەری عوزەیر سەڕینی هەببوون و پەڕینی نەبوون؛ لە دەما هار و لە قەلبا بیمار بوون؛ بە قسە ئاڵی زەنگان و بە کردە ڕیخ لە لنگان بوون؛ هاش و هووش کردن ‹اهمیت نده، خوابیده پارس می‌کند!: گوێ مەدەیە، دەزەڕێ، ناپەڕێ!›.

خواجگی / xācegî/: اسم. ۱. ساپوورەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ساپوورە بوون ۲. *[ادبی]* سانی؛ خانی؛ ئاغایی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سان بوون.

خواجه / xāce ، ـها؛ ـگان/: اسم. ۱. ساپوورە؛ نێرەمووک؛ نە نێر نە مێ؛ مێردێ کە سەرجێیی لێ نایە (وەک کەسێ کە خەسراوە) ۲. *[قدیمی]* پیر؛ بابا؛ سەرناوێکی بەڕێزانە بۆ پیاوان ‹خواجه‌حافظ: پیرحافز› ۳. *[ادبی]* سان؛ خان؛ ئاغا؛ ئەرباو؛ ئەرباب؛ خودان؛ مەزن؛ سەروەر؛ زەنگین؛ بەگ؛ دەوڵەمەند ٤. خاوەن؛ خودان؛ ساحێو.

خواجه‌سرا / xācesarā ، ـها؛ ـیان/: اسم. *[قدیمی]* خواجەسەرا؛ ساپوورەیەک کە لە ماڵی شایان و گەورەپیاواندا خزمەتی دەکرد.

خوار[1] / xār/: صفت. سووک: ۱. خار؛ زەبوون؛ هوودار؛ پەست؛ بێڕێز و بایەخ لە چاو کەسانی دیکەدا ۲. *[قدیمی]* هاسان؛ سانا ‹کار پسران خوارتر است: کاری کوڕان هاسانترە›.

⊡ **خوار شمردن:** بە سووک زانین؛ بایەخ پێنەدان؛ بە کەم زانین؛ بە هیچ دانان ‹کس را نباید خوار بشمری، چرا که هر کس توانایی‌هایی دارد: نابێ کەس بە سووک بزانی، چونکە هەرکەسێک لێهاتوویگەلێکی هەیە›.

خوار کردن: سووک‌کردن؛ بێبایەخ‌کردن ‹با رفتار و گفتارش خود را در چشم دیگران خوار می‌کرد: بە کردار و گوتاری، خۆی لە چاوی کەسانی دیکەدا سووک دەکرد›. هەروەها: **خوار بودن؛ خوار شدن**

ـ خوار[2]: پیوازه. ـخۆر؛ ـوەر؛ ـخار؛ بخۆر ‹گوشتخوار: گۆشتخۆر›.

خواربار / xār(o)bār/: *اسم.* بژیو؛ تفاق؛ زاد و زەوات؛ کەرەسەی سەرەتایی خۆراکی ڕۆژانەی مرۆڤ.

خواربارفروش / xār(o)bārfurûš ، ـها؛ ـان/: *اسم.* بەقاڵ؛ کەسێ کە پێداویستی خواردەمەنی ڕۆژانەی خەڵکی (وەک برنج، دانەوێڵە، ڕۆن، قەن و چای و...) دەفرۆشێ. هەروەها: **خواربارفروشی**

خوارج / xavārec/: [عربی] جمعِ ☜ **خارجی**

خواری [1] / xārî ، ـها/: *اسم.* سووکی؛ پەستی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بێبایەخ بوون یان کەوتنە بەر سووکایەتیەوە ‹بیچاره از تبار روستایی خود، احساس خواری می‌کرد، اما حماقتش موجب خواری او بود: داماو لە لادێیی بوونی خۆی، هەستی بە سووکی دەکرد، کەچی گێل بوونی هۆی سووکی ئەو بوو›.

-خواری [2]: *پیواژە.* ــ خۆری؛ ــ وەری؛ ــ خاری؛ خواردن ‹خامخواری: کاڵخوری›.

خواست [1] / xāst ، ـها/: *اسم.* ویست؛ خواز؛ داخواز؛ داخوازی؛ داوخوازی؛ هاس؛ واز؛ خواست؛ نیاز؛ داوا؛ داواکاری ‹خواست شما چیست؟ به طور دقیق بیان کنید: ویستی ئێوە چیە؟ بە وردی بیلێن›.

- خواست [2] / ـ ها/: *پیواژە.* ـ خواست؛ ـ واس؛ ـ هاس؛ ـ ویس؛ ـ ویست: ۱. خوازەر؛ خوازگار؛ خوازیار؛ داخواز؛ داخوازکار؛ ویستیار ‹دادخواست: دادخواز› ۲. ویستن؛ خواستن؛ داخوازی‌کردن ‹بازخواست: بازخواست›.

خواستار / xāstār ، ـان/: *صفت.* خوازیار؛ خوازەر؛ داخوازیکەر؛ خوازگار؛ داواکەر؛ هەرەکەر؛ ئارەزووکەر ‹آنان آزادی زندانیان را خواستار شدند: ئەوان خوازیاری ئازادی بەندیەکان بوون›. هەروەها: **خواستار بودن؛ خواستار شدن**

خواست‌اندیشی / xāstandîšî/: *اسم.* کار یان ڕەوتی تێڕوانین و بیر کردنەوە بە پێی ویست و ئارەزووی خۆ بە بێ‌ئاوڕدانەوە لە ڕاستی و پێویستی و بار و دۆخی دەرەوە.

خواست‌برگ / xāstbarg/ ☜ **احضارنامه**

خواستگار / xāstegār ، ـها؛ ـان/: *اسم.* داواکار: ۱. خوازبێنی‌کەر؛ خوازمەن؛ خواستمەنیکەر؛ خۆستی؛ داوان؛ داوخواز؛ خۆهەستی؛ هەیجوو؛ هێجبی؛ هیجووی؛ هێجیکار؛ داواکەر؛ ئەوەی خوازیاری کچ یان ژنێکە (بۆ خۆی یا کەسێکی دی) ‹برای سارا خواستگار آمده بود: بۆ سارا داواکار هاتبوو› ۲. *[نامتداول]* خوازگار؛ خوازیار؛ کەسێ کە شتێکی ئەوێ.

خواستگاری / xāst(e)gārî ، ـها/: *اسم.* خوازبێنی؛ خوازگینی؛ خوازگێنی؛ خوازگاری: ۱. وازبێنی؛ خوازمەنی؛ داوخوازی؛ هێجبی؛ هێجوی؛ هەیجووی؛ داواکاری لە کچ یان ژن بۆ ژیانی هاوبەشی ‹در اینجا رسم نیست دختر از پسر خواستگاری کند: لێرەدا باو نیە کچ لە کوڕ خوازبێنی بکا› ۲. ڕێورەسمی تایبەتی هێجووی‌کردن (وەکوو ڕۆیشتن بۆ ماڵی کچی دیاریکراو و وتوویژ دەگەڵ بنەماڵەیدا) ‹امشب به خواستگاری سارا دعوتم: ئەمشۆ بۆ خوازبێنی سارا دەنگ کراوم›. هەروەها: **خواستگاری کردن؛ به خواستگاری رفتن**

خواستن / xāstan/: *مصدر. متعدی. لازم.* // **خواستی**: ویستت؛ **می‌خواهی**: دەتەوێ؛ **بخواه**: بتەوێ // ویستن؛ خواستن؛ خواسن؛ خوازتن؛ تواسن؛ هواسن؛ گستن؛ خۆهستن؛ واستەی؛ واسەی؛ واستش؛ واستە: ◻ *متعدی.* ۱. بانگ کردنی کەسێ؛ هەرا کردن ‹آزاد را خواسته بودند: ئازادیان ویستبوو› ۲. حەز لێکردن؛ حەز پێکردن؛ گەرەک بوون؛ توان؛ وەش سیای ‹پسرش او را خیلی می‌خواست: کوڕەکەی ئەوی زۆر دەویست› ۳. داوا کردن؛ نیازی خۆ دەربڕین ‹آب خواستن: ئاو ویستن› ٤. پێویست بوون؛ گەرەک بوون؛ نیازمەند بوون ‹این کار دو ماه وقت می‌خواهد: ئەم کارە دوو مانگی دەوێ› ٥. لێ داواکار بوون؛ لێ‌گەرەک بوون ‹دو ماه بود که از من صد تومان می‌خواست: دوو مانگ بوو، سەد تمەنی لە من

دەویست› ◻لازم. ٦. توان؛ ئەتوان؛ گەرەک بوون؛ نیاز بوون؛ ئاهەنگ بوون ‹خواستم بگویم، نشد: دەمەویست بڵێم، نەکرا› ۷. [دستور] کاری هاوکار بۆ کاتی داهاتوو ‹خواهم رفت: دەچم›.
هەروەها: **خواستنی**

■ صفت فاعلی: **خواهنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **خواسته** (خوازراو)/ مصدر منفی: **نَخواستن** (نەخوازتن)

خواسته / xāste ، ـها/:/اسم. ویست: ۱. داوا؛ داواکاری؛ خوازراو؛ خوازیاگ؛ ویستراو؛ تخوون خواسته؛ ئەوی کە کەس یان دەستەیەک خوازیارین ‹خواستەی خود را بەدست آوردند: ویستی خۆیان بەدەس هێنا› ۲. [حقوق] خوازراوی؛ ئەوەی سکالابەر لە دادنامەیدا خوازیاریەتی ۳. [ادبی] ماڵ و سامان؛ دارایی.

خواص / xavās(s)/: [عربی]/اسم. ۱. بلیمەتان؛ هەڵکەوتوان؛ کەسانی هەڵبژاردە و هەڵکەوتوو. بەرانبەر: **عَوام** ۲. جمعِ ☜ **خاصه** ۳. جمعِ ☜ **خاصیت**

خوان[1] / xān ، ـها/:/اسم. خوان: ۱. خوانچە ۲. [ادبی] سفره.

ـخوان[2] / ـها/: پیوازه. ـخوێن؛ ـخوان؛ ـوان؛ ـوەن؛ ـخۆن؛ ـخوەن؛ ـچڕ؛ خوێنەر ‹درس‌خوان؛ کتاب‌خوان: وانەخوێن؛ کتێبوان›.

خوانا / xānā/: صفت. وانا؛ لەباوی خوێندنەوە بە هاسانی ‹خط خوانا: خەتی وانا›.

خوانائی / xānā'î/ ☜ **خوانایی**

خوانایی / xānāyî/:/اسم. وانایی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی وانا بوون: **خوانائی**

خوانچه / xānče ، ـها/:/اسم. خوانچە: ۱. سینی گەورەی چێوی چەند ڕەنگە بۆ شت لە سەر نان و بە دیاری بردن ۲. ئەو شتانەی کە لە سەر خوانچەوە ئەبرێت ‹خوانچەی عروس: خوانچەی بووک› ✱ **خُنچه؛ خُونچه**

خوانـدن / xāndan/: مصدر. متعدی. لازم. // **خواندی**: خوێندت؛ **می‌خوانی**: دەخوێنی؛ **بِخوان**: بخوێنە// ◻متعدی. ۱. خوێندن؛ خواندن؛ خوەنن؛ خۆندن؛ خوێنە؛ وەندایەنە؛ وەخوێندن؛ وانایوە؛ ئەوەوانەی؛ گواستنەوەی نیشانەگەلی نووسراوەیەک بۆ مێشک و چیٚکرنی بڕگە و دەنگەکانی دەسنیشانکراو و لێکهاتوو لەتەکیاندا ‹کتاب خواندن: کتێب خوێندنەوە› ۲. خواندن؛ خوێندن؛ وانەی؛ دەربڕینی ئەو نیشانانە بە دەنگی بەرز؛ وانایوە؛ ڤەهاندن ‹نامە را برای ما هم بخوان: نامەکە بۆ ئێمەش بخوێنەوە› ۳. خوێندن؛ خواندن؛ وانەی؛ گوتنەوەی شیعر و ڕستە بە ئاهەنگەوە ‹آواز خواندن: ئاواز خوێندن› ٤. وانای؛ وەنتەی؛ فێر بوون ‹آزاد هنر می خواند: ئازاد هونەر دەخوێنی› ۵. [ادبی] بانگ‌کردن؛ گازی کرن؛ لە کەسیٚ ویستن تاکوو بچێتە جێیەک ‹بە مهمانی خواندن: بۆ میوانی بانگ‌کردن› ٦. [ادبی] پێگوتن؛ ناو نانی کەسیٚ یان شتیٚ ‹شهری کە مریوانش می‌خوانیم: شارێک کە مەریوانی پێ‌ئێژین› ۷. [کنایی] فەرمانبردن؛ وانتەی؛ وەنەی؛ وەخۆگرتن ‹کسی خطش را نمی‌خواند: کەس فەرمانی لیٚ نابا› ◻لازم. ۸. [ادبی] چواندن شبهاندن؛ بەرامبەر کردن ‹بە ماه همی‌خواندن: بە مانگ چواندن› ۹.خوێندن؛ فامان؛ تێگەیشتن؛ وەنایوە؛ ئەوەزیەی ‹از قیافەاش خواندم کە می‌خواهد چیزی بگوید: لە ڕواڵەتیدا خوێندمەوە کە دەیەویٚ شتێک بڵیٚ› ۱۰. خوێندن؛ بەیەک خواردن؛ پێک خواردن؛ وانەی ‹این رنگها با هم نمی‌خوانند: ئەم ڕەنگانە پێکەوە ناخوێن›.

■ صفت فاعلی: **خواننده** (خوێنەر)/ صفت مفعولی: **خوانده** (خوێنراو)/ مصدر منفی: **نَخواندن** (نەخوێندن)

خوانده[1] / xānde ، ـها؛ ـگان/:/اسم. [حقوق] خوازراو؛ بانگ‌کراو؛ کەسیٚ کە لە دەستیەوە بۆ دادگا سکالا براوە.

ـخوانده[2] / ـها؛ ـگان/: پیوازه. ـپیارە؛ زڕـ؛ پسـ؛

هەلەک؛ ناونراو ‹پدرخوانده: باواپیارە›.

خواندگی / xānandegî/: اسم. گۆرانیبێژی؛ سترانبێژی؛ گۆرانیواچی: ۱. کاری گۆرانیبێژ ۲. کار یان ڕەوتی گۆرانی خوێندن.

خوانندە / xānande ، ـها؛ ـگان/: اسم. ۱. گۆرانیبێژ؛ گۆرانیچڕ؛ گۆرانیواچ؛ گۆرانیخوێن؛ سترانبێژ؛ ئاوازەخوان؛ ئاوازخوێن؛ بچڕ؛ دەنگبێژ؛ قامبێژ؛ لاژەبێژ؛ لاوکبێژ؛ وەندۆخ ‹خوانندەی رادیو: گورانیبێژی ڕادیۆ› ۲. خوێنەر؛ وانەر؛ کەسێ کە نووسراوەیەک دەخوێنێتەوە ‹از خواننده میخواهیم کمی بلندتر کتاب را بخواند: لە خوێنەر دەخوازین هێندێک بەرزتر کتێبەکە بخوێنێتەوە›.

ـخوانی / xānî ، ـها/: پیوازه. ـخوێنی؛ خوێندن ‹آوازخوانی؛ شعرخوانی: ئاوازخوێنی؛ شیعرخوێنی›.

خوانین / xavānîn/: [بە قاعدەی عربی] جمعِ ☜ **خان**

خواه[1] / xāh/: حرف. چ؛ خوا؛ یەکێ لە دوو دۆخی ئەگەری (هەبوون یا نەبوون)؛ یەکێ لە دووباری لوان ‹خواه برود، خواه بماند، فرقی ندارد: چ بڕوا، چ وەمێنێ وەکوو یەک وایە›.

ـخواه[2]: پیوازه. ـخواز؛ ـواز؛ ـخاز: ۱. /ـان/ خوازەر؛ خوازگار؛ خوازیار ‹خیرخواه: خەیرخواز› ۲. دڵپەسند ‹دلخواه: دڵخواز› ۳. /ـان/ لایەنگر؛ هۆگر؛ دۆستداری شتێک ‹اسلامخواه: ئیسلامخواز›.

خواهان[1] / xāhān ، ـها/: اسم. [حقوق] خوازیار؛ کەسێ کە لە کەسێکیتر شکایەتی کردووە.

خواهان[2]: صفت. خوازیار؛ خوازگار؛ خوازەر؛ داواکار؛ داواکەر؛ خوازلۆک؛ خازۆک؛ خوازۆک؛ کارنیار؛ داخوازیکار ‹جوانان خواهان زندگی بهترند: لاوان خوازیاری ژیانێکی باشترن›.

خواهر / xāhar ، ـها؛ ـان/: اسم. خوشک؛ خوێشک؛ خوەیشک؛ خوشیک؛ خوەشیک؛ خوەر؛ خوەه ؛ خوە؛ خوچ؛ خویە؛ خوار؛ خوانگ؛ خوێ؛ خە؛ خیچ؛ خێنگ؛ دەرە؛ باجی؛ ئاباجی؛ والێ؛ وا؛ وارە؛ واهەر؛ وایە؛ وایکە؛ وۆیە؛ گیانداری مێینە (بەتایبەت مرۆڤ)ی خاوەن یەک دایک و باوک (یان تەنیا باوک یان دایک) لەگەڵ کەسێکیتردا.

▣ **خواهر تنی**: خوشکی دایک و باوکی؛ خوشکی حەقوداو.

خواهر دوقلو: گیانەوەرێکی مێینە کە لەگەڵ گیانەوەرێکیتردا لە سەردەمێک و لە دایکێک بووبێ.

خواهر دینی: ژنی هاوکیش؛ خوشکی ئایینی؛ خوشکی دینی.

خواهر رضاعی: خوشکی شیری؛ خوشکی هاوشیرە؛ خوشکی هەمشیرە: **خواهر شیری**

خواهر روحانی: خوشکی ڕۆحانی؛ سەرناوێکی بەڕێزانە بۆ ڕەبەنان (جار و بار پلەدارانی مێینەی کلێسا): **خواهر مقدس**

خواهر شیری ☜ **خواهر رضاعی**

خواهر مقدس ☜ **خواهر روحانی**

خواهر ناتنی: زڕ خوشک؛ زڕ خوەهـ ؛ زڕ خویشک؛ خوشکی هەر لە باب یان هەر لە دایک: **ناخواهری**

خواهرانه[1] / xāharāne/: صفت. [مجازی] خوشکانە؛ یەکجار خۆشەویستانە ‹لطف خواهرانه: دلۆڤانی خوشکانە›.

خواهرانه[2]: قید. خوشکانە؛ خوەیشکانە؛ وەک خوشک و لە ڕووی خۆشەویستیەوە ‹بە همەی آنها خواهرانه خدمت کرد: بە هەموانیان خوشکانە خزمەتی کرد›.

خواهرخوانده / xāharxānde ، ـها؛ ـگان/: اسم. خوشکی هەڵبژاردە؛ کچ یان ژنێک کە کەسێکیتر بە خۆشکی خۆی هەڵیبژاردووە.

خواهرزاده / xāharzāde ، ـها؛ ـگان/: اسم. خوارزا؛ خوارزی؛ خوێشکەزا؛ خوشکەزا؛ خۆهزا؛ وارەزا؛ منالی خوشک؛ ڕۆڵەی خوشک؛

فرزەندی خوشک.

خواهرزن / xāharzan ، ـھـا/:/اسم. ژن خوشک؛ خوشکی ژن؛ باڵتۆز؛ گۆرم؛ خوارزینە؛ خەزن؛ باتیسک؛ چەنوا؛ ژن خوویشک؛ خوشکی ژن.

خواهرشوهر / xāharšowhar, -šo:har ، ـھـا/: اسم. دش؛ دوش؛ دشە؛ وش؛ گوڵباجی؛ خانباجی؛ شوو خوشک؛ شاباجی؛ خوشکی شوو؛ خوشک شوو؛ باجی؛ گۆرم؛ خوشکی مێرد.

خواهروار / xāharvār/: قید. خوشکئاسا: ١. وەکوو خوشک ٢. [مجازی] زۆر گەرم و دۆستانە.

خواهری[1] / xāharî/: اسم. خوشکایەتی؛ خوەیشکی: ١. خوشکێنی؛ وایەی؛ دەستەخوشکایەتی؛ مێهرەبانی؛ دوستی یان هاودڵی لە لایەن ژن یان ژنانی کەم تا زۆر هاوتەمەنەوە ‹در حق من خواهری کرد: لە مەڕ منەوە خوشکایەتی کرد› ٢. چۆنیەتی خوشک بوون.

خواهری[2]: صفت. خوشکانە؛ پێوەندیدار یان سەر بە خوشک ‹رابطەی خواهری: کەین و بەینی خوشکانە›.

خواهش / xāheš ، ـھـا/: اسم. خوایشت؛ خواهیش؛ هەوین: ١. تکا؛ کار و ڕەوتی ویستنی شتێک بە شێوەیێکی ماقووڵانە ‹خواهش می‌کنم به من کمک کنید: خوایش ئەکەم یارمەتیم بدەن› ٢. ئەوەی بەو شێوەیە خوازراوە ‹خواهش شما پذیرفته نیست: خوایشتی ئێوە وەرناگیردرێ›.

▣ **خواهش داشتن**: بە داخواز بوون؛ خواهیشت بوون؛ خوایشت هەبوون؛ خوازیاری شتێ بوون؛ تکا کردن ‹آمده بود از شما خواهشی داشت: هاتبوو لە ئێوە داخوازیکی بوو›.

خواهشمند / xāhešmand/: صفت. خوازمەند؛ خوازیار؛ تکاکار؛ داواکار؛ بە خواهشت ‹خواهشمندم سلام من را به ایشان برسانید: خوازمەندم سلاوی منی پێ بگەیێنن›.

▣ **خواهشمند بودن**: خوازمەند بوون؛ خوازیار بوون؛ داواکار بوون؛ هەبوونی خوایش ‹خواهشمند است جواب را هرچه سریعتر بفرستید: خوازمەندم وەلامەکە هەرچی زووتر بنێرنەوە›.

خواه ناخواه / xāhnāxāh/: قید. چاری ناچار؛ خوانەخوا؛ خوایی‌نەخوایی؛ بتەوێ و نەتەوێ؛ بە ناچاری؛ گەرەک ناگەرەک؛ بڤێ نەڤێ؛ خاناخا؛ گەرەکت بێ و گەرەگت نەوێ؛ لە ڕووی ناچاریەوە ‹خواه‌ناخواه قبول کرد فردا بیاید: چاری‌ناچار قەبوولی کرد بەیانی بێت›: **خواەوناخواە**

خواەوناخواە / xāh-o-nāxāh/ ☜ **خواەناخواە**

ـ خواهی / xāhî ، ـھـا/: پیوَند. ـ خوازی؛ ـ وازی؛ ویستن؛ خواستن ‹آزادیخواهی: ئازادیخوازی›.

خواهی نخواهی / xāhînaxāhî/: قید. [گفتاری] چاری‌ناچار؛ گەرەک‌ناگەرەک؛ بڤێ‌نەڤێ.

ـخوئی / xû'î/ ☜ **ـ خویی**

خوب / xob/: قید. ١. [گفتاری] باش؛ باشە؛ چاکە؛ ئێ؛ وشەیەک بۆ قەبووڵ‌کردنی بیر و باوەڕی کەسێک لەوەلامی پرسیاریدا ‹آزاد گفت: «برویم»، گفتم: «خوب»: ئازاد وتی: «بڕۆین»، وتم: «باش»› ٢. دەی؛ ئەی؛ خاس؛ ئەرێ؛ لە پرسیاری سەبارەت بە درێژەی ڕووداوەیکدا ‹خوب، بعد چی شد؟: دەی، ئیتر چ بوو؟› ❋ **خُب**

خوب[1] / xûb/: صفت. باش؛ چاک؛ خاس؛ خوو؛ هەول؛ هاولە: ١. وەش؛ بە چۆنیەتی دڵخواز ‹هوا خوب است: هەوا باشە› ٢. خاوەن ڕەفتار و کرداری چاک و دڵخواز ‹آدم خوب: مرۆی چاک› ٣. وەش؛ چابووەوە ‹زخمش خوب شد: زامەکەی چاک بووەوە› ٤. [ادبی] جوان؛ لەبار؛ پەسند؛ خشکۆک؛ خۆشیک؛ قەشەنگ ‹روی خوب: ڕوخساری جوان›.

خوب[2]: قید. باش؛ چاک؛ خاس؛ عال؛ بەبار یان چۆنیەتی بەدڵ؛ شیاو یان خۆش‌هاتوو ‹امیر خوب کار می‌کند: ئەمیر باش کار دەکا›.

▣ **خوب آوردن**: جەخت هێنان؛ باش هێنان؛ بۆ هاتن؛ لەگەڵ ڕووداوێکی باش ڕووبەڕوو

بوونەوە.

خوب کردن: ۱. دەرمان‌کردن؛ چا کردن؛ خاس‌کردنەوە؛ وەش‌کەردەیوە ‹آن دارو زخم پایم را خوب کرد: ئەو دەرمانە زامی لاقمی چا کردەوە› ۲. چاک کردن؛ خاس‌کردن؛ کارێکی باش کردن‹پرویز خوب کرد کە توی این سرما نیامد: پەرویز چاکی کرد لەم جەوەرەدا نەهات›.

هەروەها: **خوب بودن؛ خوب شدن**

خوبرو / xûbrû ، ـها؛ ـیان/: *صفت. [ادبی]* جوان؛ جوانخاس؛ جوان‌چاک؛ جوان‌چاڵ؛ پەسند؛ خوشیک؛ خوشۆک؛ خشکۆک؛ خاوەن ڕوومەتی جوان.

خوبی / xûbî/: *اسم.* چاکی؛ باشی؛ خاسی: ۱. /ـها/ کاری چاکە؛ کار یا ڕەوتی یارمەتی دان و هاوکاری کردنی کەسێک ‹خوبی کردن ضرری ندارد: چاکە کردن زیانێکی نیە› ۲. قەنجی؛ پەسندی؛ دۆخ یان چۆنیەتی باش بوون ‹در خوبی و انسانیت نمونه بود: لە چاکی و مرۆڤایەتیدا هەڵکەوتە بوو›.

◘ **خوبی به کسی نیامدن:** چاکە بۆ کەسێک نەبوون؛ شیاوی یارمەتی و مێرەوانی نەبوون ‹به آرام خوبی نیامده: چاکە بۆ ئارام نابێ›.

خوبی کردن: چاکەکردن؛ خاسی‌کردن؛ باشەکردن؛ یارمەتی و میهرەوانی کردن ‹خیلی به ما خوبی کرده: زۆری چاکە لەگەڵمان کردووە›.

خوبیت / xûbîyyat/: (!) [فارسی/ عربی] /*اسم.* *[گفتاری]* باشی؛ چاکی؛ شیاوی؛ گونجاوی‹این کار هیچ خوبیتی ندارد: ئەم کارە هیچ باشیەکی تێدا نیە›.

خوپذیر / xûpazîr ، ـها؛ ـان/: *صفت. [ادبی]* خووگر؛ هۆگر؛ هەبوونی تایبەتمەندیێک بۆ گرتنی خوو یان ڤەوینی ‹نفس انسان خوپذیر است: نەفسی مرۆ خووگرە›.

خود[1] / xod/: *اسم.* خۆ؛ خود؛ خوە؛ خە؛ هو؛ وێ: ۱. سەرجەمی لەش، هزر ، بیر و هەرچێکی‌تر کە کەسێکی لێ پێک‌هاتووە؛ هەموو هەست و نەستی کەسێک ‹خود را آزمودن؛ خود را شناختن: خۆ تاقی کردنەوە؛ خۆ ناسین› ۲. یەک بوونەوەر بە تەنێ و بێ‌بەشداری ئەوانی دیکە ‹با خود اندیشید: لای خۆیەوە بیری کردەوە›.

◘ **به خودی‌خود:** خۆبەخۆیی؛ خۆی بۆ خۆی؛ بە خۆیی خۆ؛ بە خۆیەوە؛ ژبەر خۆ؛ وێش پەی وێش ‹انسان به خودی خود موجودی اجتماعی است: مرۆڤ خۆبەخۆیی بوونەوەرێکی ئاپۆرەییە›.

◘ **خود را از تک و تا نینداختن:** ورە بەرنەدان؛ خۆ لە دەس نەدان؛ خۆ نەدانە دەسەوە؛ خۆ ڕاگرتن. بەرانبەر: **خود را باختن**

خود را باختن: ورە بەردان؛ خۆ دانە دەسەوە؛ لە دەس دانی دەسەڵات بەسەر کردار و گوتاری خۆدا ‹با دیدن آزاد خود را باخت و به لکنت افتاد: هەر ئازادی دی ورەی بەردا و کەوتە پتە‌پت›.

خود را بالا گرفتن: *[مجازی]* خۆ بە زل زانین؛ خۆ هەڵکێشان؛ وێ زل گێرتەی؛ لە خۆ بایی بوون و خۆ هەڵدان ‹خیلی خودش را بالا می‌گرفت: زۆر خۆی بە زل دەزانی›.

خود را بستن ☜ بار خود را بستن، **بار**[1]

خود را به آن راه زدن: *[گفتاری]* خۆ گێل‌کردن؛ خۆ کردنە گووکەر؛ خۆ بێ‌ئاگا شان دان ‹خود را به آن راه زد، گویی حرف مرا نشنیده است: خۆی گێل کرد، گوایە قسەکەی منی نەبیستووە›.

خود را به چیزی زدن: *[مجازی]* خۆ لە شتێ دان؛ خۆ وا نیشان دان؛ خۆ بە جۆرێ نیشان دان ‹خود را به کری زدن: خۆ لە کەری دان›.

خود را به دامن کسی انداختن: *[کنایی]* خۆ خستنە ماڵی کەسێ؛ پەنا بردنە بەر کەسێک و یاری لێ خواستنی ‹برای پیشرفت کار پسرش خود را به دامن ارباب انداخت: بۆ پێشەوە چوونی کاری کوڕەکەی خۆی خستە ماڵی ئاغا›.

خود را به کوچه‌ی علی چپ زدن: *[مجازی]* خۆ دان لـه نـه‌زانی؛ خـۆ لـێ گێـل کـردن؛ قسه‌یه‌ک به نه‌بیستراوه زانین یان سـه‌باره‌ت به بابه‌تێ خـۆ بـێ‌خـه‌وه‌ر نیـشان دان ‹وقتی درباره‌ی کـار تـو پرسـیدم، خود را به کوچه‌ی علی چپ: کاتێ له‌مه‌ڕ کاره‌که‌ی تۆوه پرسیارم کرد، خۆی دا له نه‌زانی›.

خود را جمع کردن: خـۆ کۆکردنـه‌وه؛ خـۆ جـه‌مکردنـه‌وه؛ خـۆ مـاقووڵ‌کـردن؛ حاڵـه‌تی فه‌رمی به خۆگرتن ‹آزاد که روی تـشک لـم داده بود، با دیدن پدرش خود را جمع کرد و راست نشست: ئازاد کـه لـه بـان دۆشـه‌که‌وه هـه‌ڵاژیابوو، کـه چاوی به بـابی کـه‌وت خـۆی جه‌م کردبوو و قیـت دانیشت›.

خود را دست کم گرفتن: خۆ بـه کـه‌م زانـین؛ توانایی یان شیاوی خۆ کـه‌متر لـه‌وه‌ی هه‌یـه هاتنه به‌رچاو ‹تو خودت را دست کم گرفته‌ای: تـۆ خۆت به که‌م زانیوه›.

خـود را سـبک کـردن: *[مجـازی]* خـۆ سووک‌کـردن؛ بوونـه هـۆی کـه‌م بوونـه‌وه‌ی بایه‌خ و بره‌وی خۆ ‹با رفتن پیش این و آن خود را سبک کرد: بـه چـوون بـۆ لای ئـه‌م و ئـه‌و خـۆی سووک کرد›.

خـود را قـاتی کـاری کـردن: خـۆ ئاوێتـه‌ی کارێک کردن؛ خۆ له کارێک تێ هه‌ڵـقورتان؛ وێ وسـه‌ینه کـارێو؛ ده‌سـتێوه‌ردان یـان به‌شداری‌کردن له کارێکدا ‹تـو خـودت را قـاتی دعوای زنها نکن: تۆ خۆت ئاوێته‌ی شـه‌ڕ و هـه‌رای ژنان مه‌که›.

خود را گـرفتن: خـۆگرتن؛ قیافـه و کـرداری ڕه‌ق و نادۆستانه به خۆ گرتن ‹خیلی خـودش را گرفته بود: زۆر خۆی گرتبوو›.

خـود را کـم کـردن: *[مجـازی]* خـۆ گـۆڕین؛ ڕابردووی خۆ له بـیر بردنـه‌وه یـان خـۆ لێـی لادان و ئاوڕ نه‌دانه‌وه له دۆسـتان و خوێـشان ‹وقتی پولدار شد، خودش را کم کرد و دیگر بـه کـس محل نمی‌گذاشت: وه‌ختێ ده‌وڵه‌مه‌ند بووه‌وه، خۆی گۆڕی و ئیدی ئاوڕی له که‌س نه‌ئه‌دایه‌وه›.

خود را هلاک کردن: ۱. خۆکوشـتن؛ گیـانی خۆکێـــشان ۲. *[مجـــازی]* خۆکوشـــتنه‌وه؛ هه‌ناسـه‌ی خـۆ بـڕین؛ خـۆ هـیلاک‌کـردن؛ کۆششت و ته‌پشتی زۆرکردن.

از خـود بیخـود شـدن: واق وڕمـان؛ شـێوان؛ ماقه‌وه بوون؛ ده‌رچوون لـه حاڵـه‌تی ئاسـایی؛ له‌ده‌س دانی هێوری یان وشیاری خـۆ ‹وقتـی پسرش را دید از خود بیخود شد و های ـ هـای گریـه کرد: کاتێ کوره‌که‌ی دی واقی و ڕما و پـرم‌ـپـرم گریا›.

از خـود درآوردن: لـه خـۆوه ده‌رهێنـان؛ هه‌ڵبه‌ستن ‹این حرفها را از خودش درآورده بـود: ئه‌م قسانه‌ی له خووه ده‌رهێنابوو›.

از خـود گذشـتن: گیـان به‌خـشین؛ لـه خـۆ بـوردن؛ جـه وێ ویـه‌رده‌ی؛ ئامـاده‌ی گیـان به‌خت‌کردن بوون.

به خود آمدن: هاتنه سـه‌رخۆ؛ هاتنـه‌وه سـه‌ر خـۆ؛ وه خـۆدا هـاتن؛ ئامـایوه وێـره؛ وه‌ده‌س هێنانه‌وه‌ی هۆشیاری یان هێـوری خـۆ ‹یـک ساعت بعد وقتی به خود آمدم همه رفته بودنـد: پـاش سـه‌عاتێک کـه هاتمـه‌وه سـه‌رخو، گـشتیان چووبوون›.

به خود بستن: *[مجازی]* خۆ به شتێ زانین؛ خـۆ هه‌ڵکێشان.

به خود پیچیدن: ئۆقره لێ بڕان؛ پـێچ لـه خـۆ دان؛ پێچـێ ده‌ینـه‌وێ؛ پـێچ ئه‌نـه وێ ده‌ی؛ هه‌ڵقرچان و هه‌دا نه‌دان لـه تـاوی ئێـشدا ‹از درد به خود می‌پیچیـد: لـه بـه‌ر ئـێش ئـۆقره‌ی لـێ بڕابوو›.

بـه خـود رسـیدن: ۱. خـه‌می خـۆ خـواردن؛ چاوه‌دێری خۆ بوون؛ یاوه‌ی وێره؛ پارێزگـاری له خۆکردن و گه‌یین به خۆدا ‹داشتم کلـه‌پاچـه

می‌خوردم، آمد و گفت: خوب به خودت می‌رسی!: خەریکی سەر و پێ خواردن بووم، هات و وتی: باش خەمی خۆت دەخۆی!› ٢. خۆ ڕازاندنەوە؛ خۆ گیڤ‌کردن؛ خۆ جوان کردن؛ دەستێ بە خۆدا هێنان ‹پیش از رفتن به عروسی باید کمی به خودم برسم: بەر لەوەی بچم بۆ زەماوەن، دەبێ تۆزێ خۆم برازێنمەوە›.

به خود گرفتن: کێشانە سەرخۆ ‹اگر به مرغ کیش می‌گفتی، او به خود می‌گرفت و قهر می‌کرد: ئەگەر کشت لە مریشک دەکرد، ئەو ئەیکێشایە سەر خۆی و دەتۆرا›.

در خود فرو رفتن: *[مجازی]* چوونە نێو خۆوە؛ لە دنیا دابڕان؛ پێوەندی خۆ لە جیهانی دەور و بەرەوە پساندن و خەریک بوون بە بیر و هزری خۆوە.

خود[٢]: ضمیر. خۆ؛ هو؛ خوە؛ خە؛ وێ؛ هی کەسێ یان شتێ ‹مال خودم؛ مال خودشان: هی خۆم؛ هی خۆیان›.

خود-[٣]: پیشواژە. خۆ- ؛ خوە- ؛ وێ-: ١. هی ئەو کەسە یان ئەو شتە کە ئاماژەی پێ کراوە، نە کەسێکی‌تر ‹خودپرست؛ خودپسند: خۆ پەرست؛ خۆپەسەن› ٢. بە یارمەتی هەر ئەو شتەی ئاماژەی بۆ کراوە، نە شتێکی‌تر ‹خودتراش: خۆتراش›.

خود / xûd/ ☜ **کلاهخود**

خودآرا / xodārā/: صفت. خۆڕازێن؛ خۆ گیڤکەر؛ خۆ تەوزێن؛ وێ وەشکەر؛ خاوەن خوو یان ئۆگرەتی بە خۆڕازێنی ‹هیچ باور نمی‌کردم آن جوان خودآرا و قرتی، یک روز چنین شخصیتی پیدا کند: هەر باوەڕم نەدەکرد تا ئەو لاوە خۆڕازێن و خوێڕیە، ڕۆژێ ئاوا کەسایەتییێکی لێ دەربێ›.

خودآرایی / xodārāyî ، ـها/: اسم. خۆڕازێنی؛ وێ‌وەشکەری؛ هەنگوونگی؛ خۆ ڕازاندنەوە؛ تەوزاندنی خۆ تایبەت بە شێوەیەکی یەکجاری.

خودآزما / xodāzmā/: صفت. خۆ تاقیکەرەوە؛ خۆ ئەزموو؛ خوەهێچێن؛ وێ‌زمە؛ خاوەن تایبەتمەندی یان توانایی تاقی کردنەوەی خۆ.

هەروەها: **خودآزمایی**

خودآگاهی / xodāgāhî ، ـها/: اسم. خۆ ناسینەوە؛ ئاگاداری کەس لە هەبوون، کاران و بیر و بڕوای خۆ ‹دستیابی به خودآگاهی، باید هدف زندگی ما باشد: گەیشتن بە خۆ ناسینەوە، دەبێ ئامانجی ژیانی ئێمە بێ›.

خودآموز / xodāmûz ، ـها/: اسم. خۆئامۆژ؛ ئامرازێک (بەتایبەت کتێب) بۆ ڕاهێنانی خوێنەر لە کارێکدا بە بێ یارمەتی‌گرتن لە مامۆستا.

خودآموزی / xodāmûzî/: اسم. خۆئامۆژی؛ کار یان ڕەوتی فێر بوون، بێ یارمەتی گرتن لە مامۆستا یان دامەزراوەی فێرکاری.

خوداتکایی / xod'ettekāyî/: [فارسی/ عربی]/اسم. خۆژێنی؛ کار و ڕەوتی کەڵک وەرگری لە لێهاتوی خۆ، بێ یارمەتی گرتن لە خەڵکی؛ بە سەر پای خۆوە بوون.

خوداشتغالی / xod'ešteqālî ، ـها/: [فارسی/ عربی]/اسم. بار یان دۆخی هەبوونی کارێکی وا کە لە لایەن خودی کەسەکەوە بەڕێوە دەچێ و کرێکار و خاوەن‌کار خۆیەتی.

خودانگیختگی / xod'angîxtegî ، ـها/: اسم. خۆبزوێنی؛ خۆهاندەری؛ خۆ دنەدەری؛ دۆخ یان چۆنیەتی بزواندنی خۆ بێ دەس تێوەردانی کەسی‌تر. هەروەها: **خودانگیخته**

خودباختگی / xodbāxtegî ، ـها/: اسم. خۆدۆڕێنی؛ دۆخ یان چۆنیەتی خۆ دانە دەسەوە؛ لە دەس دانی هێز و توانای ڕۆحی بۆ بەرامبەر بوونەوە لەگەڵ ڕووداوی تاڵ و ترشی ژیاندا. هەروەها: **خودباخته**

خودباوری / xodbārvarî ، ـها/: اسم. لە خۆڕا بینی؛ دەخۆدا بینی؛ دۆخ و چۆنیەتی بە خۆدا پەرمیان و بڕوا بە لێهاتوویی خۆ.

خودبخود / xodbexod/: قید. ١. لە خۆڕا؛

ژبەرخۆ؛ لە خۆوە؛ هەر لە خۆیەوە؛ بخۆ؛ هەر بۆ خۆی؛ ویشۆ؛ ویشوە؛ ویشەوە؛ بە شێوەی نەویستی ‹خودبخود چشمم قرمز شد: لە خۆرا چاوم سوور بوو› ٢. بۆخۆی؛ پەی ویش؛ خۆ بە خۆ؛ بێبەشداری یان دەس تێوەردانی کەسیتر ‹خودبخود کارش را می‌کند و احتیاجی بە سفارش نیست: بۆ خۆی کاری خۆی دەکا، ڕاسپاردنی ناوێ›. هەروەها: **خودبخودی**

خودبری / xodborî/: اسم. [زیست‌شناسی] تایبەتمەندیەک لە بڕێ گیانەوەران (وەکوو مارمێلک) کە لە کاتی مەترسیدا بۆیان دەلوێ یەکێ لە ئەندامەکانی خۆیان ببڕن. زۆرتر ئەو ئەندامە دوایی دەردێتەوە.

خودبزرگ‌بینی / xodbozorgbînî/: اسم. لووتبەرزی؛ خۆ بە زل زانی؛ خۆبینی لە ڕادەبەدەر و نەخۆش ئاسایی. هەروەها: **خودبزرگ‌بین**

خودبسندگی / xodbasandegî/: اسم. خۆبژێوی؛ خۆبەڕێوەبەری؛ کار یان ڕەوتی دابین‌کردنی پێداویستی خۆ، بێ پاڵپشتی کەسێکیتر.

خودبین / xodbîn/: صفت. خۆخوا؛ خۆبین؛ خۆپەسند؛ خۆنما؛ وێوین؛ گەڤەزە؛ مەنەری؛ خاوەن خوو و خدە یان وازی خۆبینی.

خودبینی / xodbînî، ـها/: اسم. خۆبینی؛ خودبینی؛ خۆپەسندی؛ فیز؛ بادی هەوایی؛ خوو یان ئۆگرەتی زەینی بەوەی کەسێک خۆی باشتر و بەرزتر لە دیتران بزانێ.

خودپایی / xodpāyî/: اسم. خۆپاریزی؛ کار و ڕەوتی پاراستنی خۆ لە هەمبەر مەترسی و زیانی ناکاویەوە.

خودپرداخت / xodpardāxt/: اسم. بەشێ لە خەرج (وەک پارەی دەرمان) کە بە پێی هەل‌ومەرجی بیمەنامە، بە ئەستۆی بیمەدەرە.

خودپرداز / xodpardāz، ـها/: اسم. کەرەسەیەکی ئیلیکترۆنیکی کە پارەی پێویست بە شێوەی خۆمەش ئاراستە دەکا.

خودپرست / xodparast، ـها؛ ـان/: صفت. خۆپەرست؛ خۆپەرس؛ وێپەرێس؛ وێواز؛ خۆخواز؛ خاوەن خوو یان ئۆگرەتی بە خۆپەرستی.

خودپرستی / xodparastî، ـها/: اسم. خۆپەرستی؛ خۆخوازی؛ خوو یان ئۆگرەتی زەینی بەوەی کە کەسێ خۆی لە هەموو کەس خۆشتر بوێ و ئاور لە قازانج یان ئاسایشی خەڵک نەداتەوە.

خودپژوهی / xodpajûhî/: اسم. کار یان ڕەوتی خۆ هەڵسەنگاندن؛ لە خۆ تۆژینەوە؛ خوە هلکەوشاندن؛ خۆ دانە پەی؛لێکۆڵینەوە لە توانایی، لێنەهاتووی و هەموو کردەوەیەکی خۆ. هەروەها: **خودپژوه**

خودپسند / xodpasand، ـها؛ ـان/: صفت. خۆهەڵکێش؛ کاو؛ بەفیز؛ بڤر؛ گەڤەزە؛ گەبەزە؛ پارسوستور؛ خۆپەسن؛ خۆپەسند؛ خودپەسند؛ خۆ بەزل زان؛ لە خۆ بایی؛ بادیهەوا؛ خاوەن هۆکارە یان وازی لە خۆ خۆش هاتن.

خودپسندی / xodpasandî، ـها/: اسم. خۆپەسنی؛ خۆپەسندی؛ کەشخەیی؛ گەڤەزەیی؛ قۆڕەدەماخی؛ بادیهەوایی؛ خدەی خۆ پەسند؛ خۆ باشتر لە دیتران زانین.

خودتخریبی / xodtaxrîbî/: [فارسی/ عربی]اسم. خۆخۆری؛ خەسار لە خۆ دان؛ کار یان ڕەوتی ئازار گەیاندنی قەستی بە خۆ.

خودتراش / xodtarāš، ـها/: اسم. خۆتراش؛ کەرەسەیێک بۆ مووتاشین.

خودتنبیهی / xodtambîhî, -tanbîhî/: [فارسی/ عربی]اسم. لە خۆ دەری؛ کار و ڕەوتی لە خۆ دان و خۆ تەمێ کردن.

خودتنظیم / xodtanzîm/: [فارسی/ عربی] ☜ **خودسامان**

خودجوش / xodcûš/: *صفت.* خۆبەخۆ؛ خاوەن زیوە و ئاخێزیانی ژبەرخۆیی، بێ دەس تێوەردانی کەس یان کەسانی‌تر.
خودچسب / xodčasb ، ـها/: *صفت.* خۆچەسب؛ خۆنووس؛ خوەزانقی؛ خاوەن چەسپی سروشتی.
خودخوانده / xodxānde/: *صفت.* خۆدانـاو؛ ناونراو لە لایەن خۆوە بەبێ پەسندی گشتی ‹دولت خودخوانده: دەوڵەتی خودناو›.
خودخواه / xodxāh ، ـها؛ ـان/: *صفت.* خۆخواز؛ خۆبین؛ خۆپەسند؛ خۆویست؛ بەفیز؛ بایی‌هەوا؛ خاوەن خوو یان ئۆگرەتی بە خۆخوازی.
خودخواهی / xodxāhî ، ـها/: *اسم.* خۆخوازی؛ خۆخوایی؛ بەفیزی؛ خۆبینی؛ خوو یان ئۆگرەتی بە دابین‌کردنی داخوازی و ئاسایشی خۆ، بێ لە بەر چاو گرتنی قازانج و زیانی خەڵک.
خودخوری / xodxorî ، ـها/: *اسم.* خۆخوەری؛ خۆخۆری؛ خەزازی؛ کار و ڕەوتی خەم و خەفەتی زۆر خواردن و نەدرکاندنی لە لای خەڵکەوە. هەروەها: **خودخور**
خودداری / xod.dārî ، ـها/: *اسم.* خۆداری؛ خودداری؛ خۆڕاگری؛ خۆپارێزی؛ پشوو لە سەر خۆیی؛ کار یان ڕەوتی بەرخۆ گرتن؛ خۆ ڕاگرتن؛ دەس ڕاگرتن؛ بەرگری‌کردنی خودی کەس: *الف)* لە جێبەجێ کردنی کارێ لە لایەن خۆیەوە ‹از ریختن زباله در این مکان خودداری کنید: لە زبڵ خستنە ئەم شوێنە، خوداری بکەن› *ب)* لە ئاشکرا بوونی هەیەجانگەلی هزری و بەرپەرچی واتایی خۆی ‹خنده‌ام گرفته بود، ولی از خندیدن خودداری می‌کردم: پێکەنینم دەهات، بەڵام بەر خۆم دەگرت›.
هەروەها: **خوددار**
خودرأی / xodra'y ، ـها/: [فارسی/ عربی] *صفت.* هەڵەشە؛ سەرەڕۆ؛ لاسار؛ گوێنەبیس؛ سەهەندە؛ نەژنەوا؛ خۆڕا؛ بلەوەز؛ خاوەن خوو یان ئۆگرەتی گوێ نەگرتن بۆ قسەی دیتران و هەڵنەگرتنی بیر و باوەڕی کەسی‌تر. هەروەها: **خودرأیی**
خودرنگ / xodrang/: *صفت.* سروشتی ڕەنگ؛ خاوەن ڕەنگی سروشتی. هەروەها: **خودرنگی**
خودرو / xodrow ، ـها/: *اسم.* ماشین؛ ماشێن؛ ترومبیل؛ ترۆمبێل؛ سەیارە.
خودرو / xodrû ، ـها/: *صفت.* خۆڕسک؛ خۆڕست؛ خۆوەر؛ خۆدەر؛ خواکرد؛ بە تایبەتمەندی ڕوانی خۆبەخۆیی، بێ ئەوەی کەسێک چاندبێتی ‹گل خودرو: گوڵی خۆڕسک›.
خودروب / xodrûb ، ـها/: *صفت.* خۆماڵ؛ بە تایبەتمەندی یان توانای خاوێن‌کردنی خۆ بە شێوەی خۆمەش.
خودزنی / xodzanî/: *اسم.* خۆبڕی؛ خۆکوژی؛ کار و ڕەوتی لە خۆ دان.
خودساخته / xodsāxte/: *صفت.* خۆکر؛ خاوەن تایبەتمەندی پەروەردەیی و پێشڕەوت لە ئاکامی تێکۆشانی خۆ ‹مرد خودساخته: پیاوی خۆکرد›.
خودسازگار / xodsāz(e)gār/: *صفت.* خۆساز؛ خاوەن تایبەتمەندی یان توانای ساچان یان خۆ ڕێکخستن لەگەڵ دۆخ یان دیاردەیەکی دیاریکراودا بە شێوەی خۆمەش.
خودسازی / xodsāzî/: *اسم.* خۆپەروەری؛ کار یان ڕەوتی بارهێنان و پەروەردە کردنی خۆ.
خودسامان / xodsāmān/: *صفت.* خۆسامان؛ خۆمریس؛ خۆتەکووز؛ خۆپۆڕ؛ خۆوەژێر: ١. خاوەن تایبەتمەندی یان توانای ڕێک‌وپێک کردنی کاری خۆ ٢. خاوەن تایبەتمەندی یان توانای ڕێک‌وپێک بوون بە شێوەی خۆکار * **خودتنظیم**
خودستا / xodsetā ، ـها؛ ـیان/: *صفت.* [ادبی] خۆپەسێن؛ خۆپەسند؛ خۆپەسن؛ خۆهەڵکێش؛ فۆرتەک؛ منمنۆک؛ خاوەن هوکارە یان ئۆگرەتی بە خۆپەسێنی.
خودستایی / xodsetāyî ، ـها/: *اسم.* خۆپەسێنی؛

هۆشەکاری؛ بافیش؛ فشە؛ فشەفش؛ چاوڕاو؛ هەلات؛ کار یان ڕەوتی بە خۆدا هەلگوتن؛ قاپان؛ خۆهەلکێشان؛ لەمەڕ چاکە و تواناییگەلی خۆوە دوان.

▣ **خودستایی کردن**: چیف؛ قاپان؛ خۆ هەلکێشان؛ بە خۆدا هەلگوتن.

خودسر / xodsar ، ـها؛ ـان/: *صفت*. خۆسەر؛ خودسەر؛ سەربەردایی؛ خۆڕایی؛ کێزر؛ بێخۆ؛ لە خۆخرە؛ سەربزێو؛ سەربە خۆ؛ خاوەن هۆکارە یان ئۆگرەتی بەوەی کە قسە هەر قسەی خۆی بێ ‹جوان خودسر: لاوی خۆسەر›.

خودسرانه[1] / xodsarāne/: *صفت*. خۆسەرانە؛ هەر وەک خۆسەران ‹رفتار خودسرانه: ئاکاری خۆسەرانە›.

خودسرانه[2]: *قید*. خۆسەرانە؛ بە ویست و دلخوازی خۆ و بێبەرایی کەسێکی‌تر ‹وقتی خودسرانه زن گرفت، اعضای خانواده ترکش کردند: کاتێ خۆسەرانە ژنی خواست، بنەمالەکەی لێی تەکینەوە›.

خودسری / xodsarî ، ـها/: *اسم*. خۆسەری؛ خودسەری؛ لاساری؛ سەربەخۆیی؛ کێزری؛ کار یان ڕەوتی شوێن خواست و ویستی خۆ کەوتن و ئاوڕ نەدانەوە لە داخواز یان ڕێنوێنی گەورەتر یان خاوەن پلەی بانتر؛ کار بە ئارەزووی خۆ کردن؛ گوێ نەدان بە قسەی کەس؛ بەرهەلدایی و کاری سەربەخۆ کردن ‹وقتی زن گرفت خودسری را کنار گذاشت و سر بە راه شد: کاتێ ژنی خواست خۆسەری نا لاوە و هاتە سەر ڕێ›.

خودسوزی / xodsûzî ، ـها/: *اسم*. خۆسووتێنی؛ وێسۆچنەی؛ خۆ کوشتن بە ئاگر ‹در اعتراض بە بازداشت اوجالان، کردهای زیادی دست بە خودسوزی زدند: بۆ نارەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە گرتنی ئوجالان، کوردێکی زۆر دەسیان دایە خۆسووتێنی›.

خودشناسی / xodšenāsî/: *اسم*. خۆناسی؛ کار یان ڕەوتی ناسینی توانایی، بیر و باوەڕ، خوو، ئاکار و کەم و کورتی خۆ.

خودشیرینی / xodšîrînî ، ـها/: *اسم*. *[مجازی]* خۆشیرینی؛ کرد و کۆش بۆ باش ڕانانی خۆ لە چاو کەسێکەوە؛ خۆ شیرین کردن؛ خۆ خۆشەویست کردن ‹تو با این کارت می‌خواستی پیش رئیس خودشیرینی کنی: تۆ بەم کارەت دەتەویست لە لای سەرۆکەوە خۆشیرینی بکەی›.

خودشیفتگی / xodšîftegî/: *اسم*. *[روانشناسی]* خۆگەرەکی؛ ئۆگرەتی نەخۆش‌ئاسایانە بە خۆ و خۆ بە زۆر باشتر، جوانتر و شیاوتر زانین.

خودشیفته / xodšîfte ، ـها؛ ـگان/: *صفت*. *[روانشناسی]* خۆگەرەک؛ تووشی نەخۆشی خۆگەرەکی.

خودفرمان / xodfarmān ، ـها/: *صفت*. سەربەخۆ؛ خاوەن تایبەتمەندی یا خووی کارکردن بە خواست و فەرمانی خۆ. هەروەها: **خودفرمانی**

خودفروخته / xodfurûxte ، ـها؛ ـگان/: *صفت*. *[کنایی]* خۆفرۆش؛ خاوەن دۆخ یان چۆناوچۆنیەک کە بۆ بەدەس هێنانی شتێک، خۆی ناوبێتە ژێر دەسەلات و ویستی کەسێ یان کەسانی‌ترەوە ‹چند خودفروخته می‌خواستند آشوب بە پا کنند: چەند خۆفرۆش دەیانویست بشێوە بنێنەوە›.

خودفروش / xodfurûš ، ـها؛ ـان/: *صفت*. *[کنایی]* خۆفرۆش؛ بڤکێ: ١. هیز؛ حیز؛ گاندەر ٢. خاوەن خوو یا ئۆگرەتی بە خۆفرۆشی ٣. *[ادبی]* کەللەبا؛ خۆنوێن؛ خۆنما.

خودفروشی / xodfurûšî/: *اسم*. ١. خۆفرۆشی؛ کار یان ڕەوتی خۆ فرۆتن ٢. ـها/ حیزی؛ هیزی ٢. ـها/ *[ادبی]* خۆنوێنی؛ خۆنمایی؛ کەللەبایی.

خودکار[1] / xodkār ، ـها/: *اسم*. قەلەم‌ئووچ؛ جۆرێک بنووس بە مەرەکەفی چەورەوە.

خودکار[2]: *صفت*. خۆمەش؛ خۆکار؛ خۆگەڕ: ١. ـها/ بە تایبەتمەندی یان توانایی ئەنجامدانی

کار یان کارانێکی دیاریکراو، بێ‌نیاز بە دەستێوەردانی کەسێک ‹ساعت خودکار: سەعاتی خومەش› ۲. خاوەن خوو یان ئۆگرەتی بە کردنی کارەکانی خۆ بێ سەرپەرەشتی و ڕێنوێنی کەسانی دیکە.

خودکارسازی / xodkārsāzî/: *اسم.* ۱. /ـها/ قەڵەم‌ئووچ سازی؛ کارگا یان کارخانەی دروس کردنی قەڵەم ئووچ ۲. خۆمەشکەری؛ خۆکارسازی؛ کار یان ڕەوتی خۆمەشکردنی کاروبار (وەک بەرهەم هێنان، گواستنەوە و...).

خودکاری / xodkārî/: *اسم.* خۆکاری؛ خۆمەشی؛ دۆخ یان چۆنیەتی خۆکار بوون ☜ **خودکار[۲]ـ۲**

خودکافت / xodkāft/: *صفت.* [زیست‌شناسی] خۆخۆر؛ خاوەن تایبەتمەندی یان تووشی دیاردەی خۆخۆری بوون.

خودکافتی / xodkāftî/: *اسم.* [زیست‌شناسی] خۆخۆری؛ کار و ڕەوتی هەڵوەشانەوە و لە بەر یەک چوون و دارزانی لەشی گیانداریک دوای مردنی.

خودکامگی / xodkāmegî، ـها/: *اسم.* سەرەڕۆیی؛ گوێ‌نەبیسی؛ لاساری؛ لە خۆ خەڕەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سەرەڕۆ بوون.

خودکامه / xodkāme، ـها؛ ـگان/: *صفت.* سەرەڕۆ؛ خاوەن خوو یان ئۆگرەتی کەوتنە شوێن ویست و بیر و ڕای خۆ، بێ‌ڕاوێژکردن لەگەڵ کەسانی‌تر یان گوێ‌دان بە باوەری دیتران ‹حکومتهای خودکامه را مردم حمایت نمی‌کنند: خەڵک لە حکومەتی سەرەڕۆ، پشتیوانی ناکەن›.

خودکاوی / xodkāvî/: *اسم.* خۆپشکنی؛ خۆکنەیی؛ کار و ڕەوتی خۆدۆزین؛ لە خۆ کۆڵینەوە. هەروەها: **خودکاو**

خودکرده / xodkarde/: *صفت.* خۆکردە؛ خۆکردوو؛ وێ‌کەردەی؛ جێبەجێ بوو بە هۆی خودی کەسەوە ‹خودکرده را تدبیر نیست: خۆکردە چاری ناچارە›.

خودکشی / xodkošî، ـها/: *اسم.* خۆکوژی؛ کاری خۆکوشتن؛ خۆ لە ناو بردن.

▣ **خودکشی کردن**: خۆکوشتن ‹صادق هدایت در سال ۱۳۳۰ خودکشی کرد: سادق هەدایەت لە سالی ۱۳۳۰(ک.هـ.)دا خوی کوشت›.

خودکفا / xodkafā, -kefā/: [فارسی/ عربی] *صفت.* خۆدابین؛ توانا بە دابین‌کردنی پێداویستگەلی خۆ، بێ یارمەتی یان کەڵک‌وەرگری لە کەسانی‌تر ‹در جهان امروز هیچ کشوری صددرصد خودکفا نیست: لە دنیای ئەمڕۆدا هیچ ولاتێ، سەتاسەت خوبژیو نیە›. هەروەها: **خودکفا بودن؛ خودکفا شدن؛ خودکفا کردن**

خودکفایی / xodkafāyî, -kefāyî/: [فارسی/ عربی] *اسم.* خۆبژیوی؛ دۆخ یان چۆنیەتی خۆبژیو بوون.

▣ **به خودکفایی رسیدن**: بە خۆبژیوی گەیشتن ‹در سالهای اخیر در تولید گندم به خودکفایی رسیدیم: لەم سالانی دواییە، لە بەرهەم هێنانی گەنمدا، گەیشتینە خوبژیوی›.

خودگردان / xodgardān/: *صفت.* سەربەخۆ؛ خۆگەڕێن؛ بە دۆخ یان باری سەربەخۆییەوە ‹حکومت خودگردان: حکومەتی سەربەخو›.

خودگردانی / xodgardānî/: *اسم.* سەربەخۆیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بەڕێوە چوون لە لایەن خەڵک یان نوێنەرانیانەوە ‹آنها سالها برای کسب خودگردانی جنگیدند: زۆر سالان بۆ بەدەس هێنانی سەربەخویی خەباتیان‌کرد›.

خودگزینی / xodgozînî/: *اسم.* خۆهەڵبژێری: ۱. کار و ڕەوتی هەڵبژاردنی خۆ ۲. کار و ڕەوتی هەڵبژاردن لە لایەن خودی کەسەوە.

خودمانی[۱] / xodemānî/: *صفت.* [گفتاری] خۆمانی؛ خوەمانی؛ وێمانە: ۱. بێ‌گرێ‌وگۆڵ؛ بە کوڵ و کۆی دۆستانەوە ‹رفتار خودمانی: ئاکاری خومانی› ۲. خۆمانە؛ لە خۆمان؛ بەش بە خۆمان؛

دژیٚ بێگانه ‹او خودمانی است، بیگانه نیست: ئەو خۆمانەیە، بێگانە نیە›.

خودمانی[٢]: *قید. [گفتاری]* خۆمانیانە؛ خۆمانی؛ خۆمانە؛ وێمانە؛ بە شێوەیەکی دۆستانە، بێئاوڕدانەوە لە ڕەسم و یاسا ‹خیلی خودمانی به او گفتم: کاری که تو می‌کنی، عاقبت خوشی ندارد: زۆر خۆمانیانە پێم گوت: ئەم کارە تۆ دەیکەی، سەرەنجامێکی باشی نابیّ›.

خودمحوری / xodmehvarî/: [فارسی/ عربی] /اسم/. ١. دۆخ یان چۆنیەتی بە تەوەرە و چەق دانانی هزر و بیری خۆ، بۆ هەر جۆرە بۆچوون و بڕیارێک ٢. دۆخ یان چۆنیەتی هزر و خواستی خۆ بە بنج و بنەمای هزر و خواستی دیتران زانین: **خودمداری**. هەروەها: **خودمحور**

خودمختار / xodmoxtār/: [فاسی/ عربی] *صفت*. سەربەخۆ؛ خۆگەڕێن؛ خاوەن سەربەخۆیی.

خودمختاری / xodmoxtārî/: [فارسی/ عربی] /اسم/. سەربەخۆیی؛ خۆگەڕێنی؛ کار یان ڕەوتی بەڕێوە بردنی کار و باری ناوخۆ و دابین کردنی ئاتاجگەلی خۆ، بە دەستی خۆ و بێ دەستێوەردانی نامۆیان.

خودمداری / xodmadārî/: [فارسی/ عربی] ☜ **خودمحوری**

خودمیرا / xodmîrā/: *صفت*. خۆکوژێن؛ خاوەن تایبەتمەندی یان توانای کوژاندنەوە یان لە کار خستنی خۆ بە شێوەی خۆکار.

خودنما / xodnemā، ـها/: *صفت*. خۆنوێن؛ خۆنما؛ خۆڕانەر؛ کەللەبا؛ خاوەن خوو یان ئۆگرەتی بە خۆنوێنی.

خودنمایی / xodnemāyî/: /اسم/. خۆنوێنی: ١. /ـها/ خۆنمایی؛ کردەوە یان چۆناوچۆنی نیشاندان و ڕانانی جوانی، دارایی یان کارانی خۆ؛ خۆنواندن؛ خۆڕانان؛ خۆ نوانن؛ وێئرمانەی؛ خۆ بە غللووری نیشان دان ‹کارشان رفتن به شب‌نشینی و خودنمایی و تفاخر بود: کاریان چوونە شەونشینی و خۆنوێنی و فیز و دەمارفرۆشی بوو› ٢. دۆخ یان چۆنیەتی خۆنواندن؛ دەرکەوتن و دیاردان ‹ماه از پشت درختان خودنمایی می‌کرد: مانگ لە پشتی دارەکانەوە خۆی دەنواند›.

خودنویس / xodnevîs، ـها/: /اسم/. پاندان؛ خۆنووس؛ قەڵەم پاندان؛ قەڵەم جاف؛ پێنووسیٚ کە خەزێنەیێکی بۆ جەوهەر هەیە و بە گوشاری سەری، جەوهەر هێدی ــهێدی دەڕژێتە ناو نووکەکەیەوە و دەنووسیّ.

خودی / xodî، ـها/: *صفت*. خۆیی؛ خۆمانە؛ وێمانە؛ خوەیی؛ ماڵخۆ؛ خۆماڵی؛ ناڤخۆ؛ پێوەندیدار یان بەند بە خودی کەس یان دەستەیەکەوە. بەرانبەر: **بیگانه** ‹تقسیم جامعه به خودی و غیرخودی خطرناک است: دابەشینی کۆمەڵگا بە خۆیی و ناخۆیی پڕمەترسیە›.

خودیابی / xodyābî، ـها/: /اسم/. کار یان ڕەوتی خۆدۆزینەوە؛ ناسین و دۆزینەوەی توانایی و لێهاتوویگەلی خۆ ‹خودیابی قدم نخست خودباوری است: خۆ دوزینەوە یەکەم هەنگاوی لەخۆڕابینیە›.

خودیاری / xodyārî، ـها/: /اسم/. خۆیاری؛ کار یان ڕەوتی یارمەتی‌دانی کەس یان تاقمێک بۆ دابین کردنی پارە و پێداویستی خۆیان ‹این مدرسه از راه خودیاری مردم ساخته شده است: ئەم قوتابخانەیە بە خۆیاری خەڵک کراوەتەوە›.

خور[١] / xor، ـها/: /اسم/. ڕێژگە؛ دەمی چۆم لە شوێنی گەیشتنی بە زەریا، کە لەوێدا شەپۆل و ئاوی چۆم یەک دەگرن.

ـ خور[٢]: *پیواژە*. ـخۆر؛ ـ خوەر؛ ـ وەر: ١. /ـها/ بخۆر؛ بخوەر؛ خۆرا ‹نان‌خور: نان‌خۆر› ٢. ـگر؛ بەرکەوتوو؛ لێکەوتوو؛ جێگرتوو لە بەرامبەر شتێکەوە ‹بادخور: باخور›.

خوراک / xorāk، ـها/: /اسم/. خۆراک؛ خوراک: ١. هەردە؛ خوارن؛ خواردن؛ خواردەمەنی؛ خواردنی؛ واردەمەنی؛ خورد؛ واردە؛ ڕوەرە؛ چەرە؛ چێشت؛ ئەوەی بۆ لابردنی برسیەتی

دەخورێــت ‹خــوراک روزانــه: خــوراکی ڕۆژانــە›
۲. *[مجازی]* پێخۆر؛ شێو؛ چێشتێ کـە لـێنرابـێ
۳. هێندێ لە دەرمان کە بـە جارێـک ئـەخورێ
٤. *[مجـازی]* پێـز؛ کالەدونـد؛ مـاکی سـەرەکی پێویست بـۆ شـتێک ‹ایـن الیاف خـوراک چهارمـاه کارخانـه را تـأمین مـی‌کنـد: ئـەم هەودایـە خـوراکی چوارمانگی کارخانەکە دابین دەکا›.

خوراکی[1] / xorākî ، ـهـا/: *اسـم*. خواردەمـەنی؛ واردەمــەنی؛ خــۆرەک؛ خــۆراک؛ خــۆراکی؛ چشت‌مشت؛ خواردەمەنیگەلی جگە لە پێخۆری ڕۆژانە کە زیـاتر بـۆ چێـژ وەرگـرتن دەخورێـت (وەک شــیرینی، چــەرەز، میــوە، چلــووره و...): **تنقلات**

خوراکی[2]: *صفت*. خواردەمـەنی؛ خـواردنی؛ لـە باوی خواردن ‹میوەی ایـن درخـت خـوراکی است: بەری ئەم دارە خواردەمەنیە›.

خورانــــدن / xorāndan/: *مــصدر. متعــدی.* //**خورانـدی**: خۆرانـدت؛ **مـی‌خـوراني**: دەخـۆرێنی؛ **بِخوران**: بخۆرێنە// دەرخوارد دان؛ دەخـوارد دان؛ دانە دەرخوارد؛ پەژقاندن: ۱. خۆراندن؛ خۆرانن؛ وەردایش؛ پێخۆر دان بە گیانداریک ‹بـا پـستانک بـه او شـیر خورانـد: بـە مەمکـەمژە شـیری دایـە دەرخواردی› ۲. بە زۆر شتێک دانـە گیانـداریک بیخوا ‹به زحمت توانستم شربت را بـه او بخـورانم: بـە ئاسـتەم تـوانیم شـەربەتەکـە بەمـە دەرخـواردی› ۳. *[مجازی]* دانەخورت؛ خـستنە جـێ؛ شـیاندن ‹به هزار زحمت آن قطعه را به موتور خوراندم: بە هــەزار دەردیسەری ئەو تیکـەم دایـە خـورتی موتۆرەکـە›: **خورانیدن**. هەروەها: **خوارندنی**

■ صفت فاعلی: **خوراننـده** (دەرخـوارددەر)/ صـفت مفعـولی: **خورانـده** (دەرخـوارددراو)/ مـصدر منفـی: **نَخوراندن** (دەرخوارد نەدان)

خورانیدن / xorānîdan/ ☜ **خوراندن**

خورجین / xorcîn/: [از عربی] ☜ **خُرجین**

خورجینک / xorcînak/: [از عربـی/ فارسـی] ☜ **خُرجینک**

خور-خــور / xorxor ، ـهـا/: *صوت*. پرخـەپـرخ؛ مرخەمرخ: **خُر-خُر**

خــــورد / xord/: *اســم*. ۱. خــورد؛ خــۆراکی؛ خواردەمــەنی؛ خــواردنی؛ هــەردە؛ واردە؛ وەرە؛ پێخۆر ‹خورد و خوراک: خورد و خۆراک› ۲. *[ـهـا/ خیـاطی]* چینی زۆر ورد کـە بـە کێـشانی بـەنی تەقەڵ لە درووماندا درووس ئەبێ.

⊡ **به خورد کسی دادن**: بە دەرخـوارد کەسـێک دان؛ دانە دەرخواردی کەسێ ‹غذای شب مانـده را بـه خـورد مـن داد: چێـشتی شـەومەنەی دایـە دەرخواردم›.

خورد / xûrd/ ☜ **خُرد**

خوردبین / xûrdbîn/ ☜ **خُردبین**

خوردبینی / xûrdbînî/ ☜ **خُردبینی**

خــوردگی / xordegî ، ـهـا/: *اسـم*. خـوراوی؛ داخــــوراوی؛ دارزاوی؛ ئــەرەواردەی؛ پــــواوی؛ ساویاگی؛ کەلی؛ زەپ دیتوویی، پرتووکاوی یـان ڕووشــاوی بــەهۆی هۆکارگــەلی میکــانیکی، فیزیکی، کیمیاوی یان کۆیێک لەوانەوە ‹خوردگی فلزات: خوراوی کانزاگەل›.

خوردن / xordan/: *مصدر. متعدی. لازم.*// **خوردی**: خواردت؛ **می خوری**: دەخۆی؛ **بِخور**: بخۆ// خواردن:
☐ *متعـدی*. ۱. خــوارن؛ خــارن؛ فــارن؛ وەردش؛ وەردایش؛ واردەی؛ هەردن؛ هەردەن؛ قووت‌دانی پێخۆر (زۆرتر دوای جـاوین) لـە ڕێـی گــەرووەوه بەرەو گەدە ۲. *[گفتاری]* خواردنـەوە؛ هەڵـقوڕان؛ قەخارن؛ ئەوەواردەی؛ واردەیوه ‹آب خـوردن: ئـاو خواردن› ۳. قووت دان؛ داپەچنین؛ داقورتانـدن؛ هشاڤتن؛ لەپنەی؛ ئاسەیرە ‹کلاغ صـابون را خـورد: قەلەکـە سـابوونەکەی خـوارد› ٤. داگیرکـردن؛ واردەی؛ بە ناڕەوا خۆ بـە خـاوەنی شـتێ‌کـردن ‹مـال کـسی را خـوردن: مالـی کەسـێ خـواردن› ۵. دانـەبا؛ بـە بـا دان؛ مەزخانـدن؛ خـەرج و باخت‌کردن ‹هر چه از پدرش مانده بود خورد: هەرچی

له باوکیەوە بە جێ مابوو خواردی› ٦. ☜ فرو خوردن، **فرو** ٧. خواردنەوە؛ ئاڵۆش هێنان؛ خستنە خارشت؛ بەدیهێنانی خوریان یا ماسین بەهۆی پێوە تەقان و ساویانەوە ‹لباس پشمی تنم را می‌خورد: بەرگی لە خوری لەشم دەخوانەوە› ٨. خواردنەوە؛ واردەیرە؛ دارزاندن؛ پواندن؛ بەدیهێنانی پرتووکاوی و دارزیاگی ‹عرق دستش پشت ساعت را خورده بود: ئارەقی دەستی پشتی ساعەتەکەی خواردبوو› □لازم. ٩. *[مجازی]* کەوتنە بەر ئازار یان تەوەرەیەکەوە ‹خودش هم نفهمید از کجا خورده است: خۆیشی نەیزانی لە کوێوە خواردوویەتی› ١٠. چۆک دان؛ شکست خواردن؛ دۆڕاندن ‹خیال می‌کنی من از تو می‌خورم؟: وادەزانی من لە بەرانبەر تووە چۆک دەدەم؟› ١١. دان؛ کەوتن؛ شتێ لێدان ‹گلوله خوردن؛ زمین خوردن: گولله خواردن؛ کەوتنە زەوی› ١٢. کەوتنە بەر تاو یان تەوژمی شتێکەوە ‹اتو خوردن؛ غصه خوردن: دەق خواردن؛ خەفەت خواردن› ١٣. پێکەفتن؛ پنەواردەی؛ یەک گرتنەوە ‹این رنگ به دیوار می‌خورد: ئەم ڕەنگە بە دیوارەکە نەخوا› ١٤. هاوکات بوون؛ هەوگاف بوون ‹عروسیمان خورد به موشکباران: زەماوەنەکەمان خواردید مووشەکبارانەکەوە› ١٥. واردەیوە؛ بە جێگەیێ گەیشتن یان تا ئەوێ درێژەدار بوون ‹این خیابان می‌خورد به میدان مرکزی: ئەم شەقامە نەخواتە مەیدانی ناوەندی›. هەروەها: **خوردنی**

■ صفت فاعلی: **خورنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **خورده** (خوراو)/ مصدرمنفی: **نَخوردن** (نەخواردن)

خوردنی [1] / xordanî ، ـها/: *اسم.* خواردەمەنی؛ خواردنی؛ واردەمەنی؛ وارده؛ چەرە؛ خۆرەن؛ پێخۆر؛ وەر؛ ئەوی وەک چێشت یان چەرە کە بۆ خواردن دەبێ ‹توی خانه هیچ خوردنی نداریم: هیچ خواردەمەنیمان لە مالدا نیە›.

خوردنی [2] / ـها/: *صفت.* خۆرەن؛ شیاوی خواردن؛ خاوەن چۆنیەتی خۆراکێکی باش ‹ناهار امروز اصلاً خوردنی نبود: فراوێنی ئەمڕۆ هیچ خۆرەن نەبوو›.

خوردوخوراک / xord-o-xorāk/: *اسم. [گفتاری]* خورد و خۆراک؛ وارده و چەرە؛ پێخۆر؛ خواردەمەنی؛ چێشت ‹این پول به اندازه‌ی خوردوخوراک یک نفر هم نیست: ئەم پارە بەقەی خورد و خوراکی تاکە کەسێکیش نیە›.

▣ **خوردوخوراک نداشتن**: ١. برس چوونە بەس؛ برس بەسیان؛ بەهۆی ناساقی لەش یان زەینەوە لە خواردن کەوتن ‹دو ماه خورد و خوراک نداشتم: دوو مانگ برسم چووبووە بەس› ٢. *[نامتداول]* بێ پێخۆر بوون.

از خورد و خوراک افتادن: لە خواردن کەوتن؛ بزۆک بۆ خواردن نەمان ‹پاک از خوردوخوراک افتاده بود: تەواو لە خواردن کەوتبوو›.

خورده / xorde, xûrde/ ☜ **خُرده**

ـ **خورده** / xorde ، ـها/: *پیواژه.* ـخواردوو؛ ـلیداو؛ ـ وارده؛ لێکەوتوو؛ وە بەر شتێ کەوتوو ‹شکست‌خورده؛ آفتاب‌خورده: شکست‌خواردوو؛ هەتاولیداو›.

خورده‌برده / xordeborde/: *اسم. [گفتاری]* ڕووەربایسی؛ پەروا؛ پارێز ‹من با کسی خورده‌برده ندارم: من ڕووەربایسیم لە کەس نیە›: **خُرده‌برده**

خورسند / xorsand/ ☜ **خُرسَند**

خورسندی / xorsandî/ ☜ **خُرسَندی**

خورش / xoreš ، ـها/: *اسم.* ١. خۆرش؛ خۆرشت؛ خوەرشت؛ مەرگە؛ ترشک؛ شلە؛ خۆرشتی گرار؛ شلە دەگەڵ گرار؛ پێخۆری کولاو؛ هەر یەکە لە پێخۆرگەلی لێندراوی کەم یا زۆر ئاودار کە زۆرتر دەگەڵ پلاودا دەخورێ: **خورشت** *[گفتاری]* ٢. *[ادبی]* خۆراک؛ خواردەمەنی؛ واردەمەنی؛ وارده؛ هەردە.

خورشت / xorešt/ ☜ **خورش ـ ١**

خورشید / xoršîd/: *اسم.* خۆر؛ خوەر؛ وەر؛ هۆر؛

وێرە؛ ڕۆ؛ ڕۆژ؛ ڕۆژیار؛ ڕۆجیار؛ ڕۆچیار؛ تیرۆژک؛ تاو؛ تاف؛ هەتاو؛ هەتاف؛ ئافتاو؛ ئەفتەو؛ خوەرەتاو؛ ڕۆژی ئاسمان؛ ئەستێرەی خۆربەند کە لە ڕۆژانی بێ‌هەوردا لە ئاسمانەوە دەدرەوشێ و سەرچاوەی ڕۆشنایی و تینی زەویە.

خورشیدی / xoršîdî/: *صفت.* هەتاوی؛ ڕۆژی؛ پێوەندیدار یان سەر بە خۆر ‹سال خورشیدی: سالی هەتاوی›.

خورگرفت / xorgereft ، ـها/: *اسم.* خۆرگیران؛ وەرگیریەی؛ دۆخی جێگرتنی گۆی مانگ لە نێوان زەوی و خۆردا.

خورند / xorand/: *صفت.* شیاو؛ لەباو؛ لەبار؛ دەرخۆر؛ ژهەژی؛ هەژ؛ هاوسان و بساز لەگەڵ شتێکدا و دەردخواردووی ئەو شتە ‹گرز باید خورند پهلوان باشد: گورز دەبێ شیاوی پاڵەوان بێ›.

خورندگی / xorandegî/: *اسم.* دارزاوی؛ خوراوی؛ تایبەتمەندی فیزیکی یان کیمیایی شتێ کە دەبێتە هۆی پوان و لە بەر یەک چوونی.

خورنده / xorande ، ـها/: *صفت.* دارزێنەر؛ داپەچقێنەر؛ داپەرتێنەر؛ بە تایبەتمەندی یان توانایی دارزاندنەوە ‹اسید مادەای خورندە است: ئەسید ماکێکی دارزینەرە›.

خوروپف / xor(r)-o-pof/: *اسم.* پرخە؛ پرخەپرخ؛ خرپۆق؛ خرپە؛ مرخەمرخ.

خوره / xore/: *اسم.* گولی؛ گوری؛ نویرە؛ پیسی؛ کفت؛ شەقافلووس؛ پووتک؛ خیرک؛ خۆرە؛ جوزام؛ نەخۆشینی پێستی پەرەگر کە دەبێتە هۆی داکەوتنی لێو و کەپۆ و قامک.

▣ **خوره داشتن:** گول بوون؛ گیرۆدەی گولی بوون.

خورەی کاری را داشتن: *[مجازی]* سەر بۆ کارێ خوریان؛ سەر لە شتێ ئێشان؛ هۆگری کارێ بوون و شێلگیر بوون لە سەری: **کرم کاری را داشتن**

خوره گرفتن: گولی‌گرتن؛ گول بوون؛ پیسی‌گرتن؛ تووشی گولی هاتن؛ بە نەخۆشی خۆرە ئاوقان.

خوزی / xûzî/: *صفت.* خووزی: ١. سەر بە خووزستان ٢. ـها/ خەڵکی خووزستان.

خوش[1] / xoš/: *صفت.* خۆش؛ خوەش؛ وەش: ١. شاد؛ دڵپەسند ‹آن روز همه خوش بودیم: ئەو ڕۆژە هەموو خۆش بووین› ٢. *[ادبی]* چاک؛ باش؛ خاس؛ قەنج.

▣ **خوش به حالت:** *[گفتاری]* خۆزگە بە خۆت؛ خۆشی لە خۆت؛ خۆش بە دیارت؛ وەشڵەی پنەت؛ خۆش بە حالت.

▣ **خوش آمدن:** خۆش هاتن؛ وەش ئامەی: ١. بە دڵ بوون؛ پەسند بوون؛ پێ‌خۆش بوون؛ حەز لێ‌بوون ‹از آن خانە خوشش آمد: لەو ماڵە خۆشی هات› ٢. بە خێر هاتن؛ هۆی خۆشحاڵ بوون؛ بوونە هۆی گەشانەوە ‹هر کس بیاید خوش آمده است: هەرکەس هات بە خێر بێ›.

خوش بودن: شا بوون؛ شاد بوون؛ خۆشحاڵ بوون؛ بەدەماخ بوون؛ کەیف ساز بوون؛ کەیف کۆک بوون؛ وەش بیەی.

خوش داشتن: پێخۆش بوون؛ حەز کردن؛ حەز لێ بوون؛ پنەوەش بیەی؛ هەرەک بوون؛ دڵ پێوە بوون ‹خوش دارم امروز تو را مهمان کنم: پێم خۆشە ئەمڕۆ میوانت کەم›.

خوش کردن: پێخۆش بوون؛ حەز کردن؛ واز لێ بوون؛ هەرەک بوون؛ گەرەک بوون؛ دڵ پێوە بوون؛ پنەوەش بیەی ‹خوش کردەام امشب باهم برویم گردش: پێم خۆشە ئەمشەو پێکەوە بچین بۆ گەڕیان›.

خوش ـ[2]: *پیشوازه.* خۆش ـ؛ خوەش ـ؛ وەش ـ؛ خاس ـ؛ چاک ـ؛ باش ‹خوش‌آواز؛ خوش‌عطر: خۆش‌بێژ؛ خۆش بەرامە›.

خوشا / xošā/: *صوت.* چەن‌خۆشە؛ خۆشە؛

خۆشا؛ وەشا؛ وەشەن؛ خۆزگە؛ خۆزی؛ وەشلەی؛ وەرەکن؛ وەرەکینا؛ وەرەک؛ وەرەکنا ‹خوشا شاهو و چـشمەسـارانش: چـەن خۆشـە شـاهۆ و سەرچاوگەکانی›.

◙ **خوشا به حالت**: خۆزگە بە خۆت؛ خۆشی لـە خـۆت؛ وەشـلەی پنـەت/ پەنـەت؛ چەنـدە خۆشبەختی؛ چەنـد بـەختیاری (بـە کەسـێک دەگوترێ کە بـار و دۆخێکی خۆشی ببـێ یـان چاوەڕێی ڕووداوێکی خۆش بێ).

خوشـاب / xošāb/: اسم. [قدیمی] ١. وەشـاو؛ خۆشاو؛ خوەشـاو؛ قەیسی و هـەنجیر و مـەوێژ و... ئاوکراو ٢. کومپووت؛ میوەی هێنـدێک لـە شەربەتدا کولاو.

خوشامد / xošāmad ، ـها/: اسم. خۆشاتن: ١. بە خێراتن؛ خێر هێنان؛ بە خێر هـاتن؛ خۆشـهاتن؛ وەش‌ئامەی؛ وتەیێ کە بـۆ پێـشوازی‌کـردن لـە کەسێک ئەگوترێت ‹وزیر به مهمانان خوشامد گفت: وەزیر بەخێرهاتنی لە میوانەکان کرد› ٢. وتەیـەک کـە بـۆ خۆشـحاڵ کـردنی دڵـی کەسـێک و ڕاکێشانی خۆشەویستی و سەرنجی دەگوترێ.

خوشـامدگویی / xošāmadgûyî ، ـها/: اسم. ١. کار و ڕەوتی خێراتن و خۆشـاتن کـردن؛ بـە خێـر هێنـان، یـان گـوتنی زاراوە و ڕسـتەگەلی پێشوازی کردن لە کەسـێک، وەک: خێرهـاتن؛ وەش‌ئامەی؛ خۆشاتن بە نیشانەی پێخۆش بوون لە هاتنی ئەو کەسە ‹پس از خوشامدگویی، مهمانـان بـه اتاقهایـشان هـدایت شـدند: دوای بـە خێرهێنـان، میوانەکان ڕێنومایی کران بۆ دیوەکانیـان› ٢. پێـدا هەڵگوتن؛ کار یا ڕەوتی پێ‌هەڵگوتن؛ پێ‌هەڵدان ‹زیبایی خط شما یک واقعیت است و قصد خوشامدگویی ندارم: جوانی خەتی ئێوە بە ڕاستیە و مـن خەیاڵـی پێداهەڵگوتنم نیە›.

خـوش‌انـدام / xošandām/: صفت. هنـف؛ وەش‌ئەندام؛ بەژن‌ڕێک؛ بەژن لەبار.

خوشایند / xošāyand/: صفت. دڵـخواز؛ دڵـواز؛ خـۆش؛ خـوەش؛ وەش؛ بـەردڵ؛ پێکـەوتوو؛ پەسند؛ بەردڵ‌کـەوتوو؛ بـە دۆخ یـان چۆنیـەتی دڵپەسـەند و دڵـخواز بوونـەوە ‹رفتـار خوشـایند؛ منظره‌ی خوشایند: ئاکاری دڵخواز؛ دیمەنی خۆش›.

خوشباش / xošbāš ، ـها/: اسم. [ادبی] شاواش؛ شاباش؛ پیرۆزبایی.

خوشـباور / xošbāvar ، ـهـا؛ ـان/: صـفت. خۆشـباوەڕ؛ وەشـباوەڕ؛ دڵـساف؛ بـێ فـێڵ و فەرەج؛ بە خوو یان تایبەتمەنـدی خۆشـباوەڕی ‹مرا بگو که چقدر خوشباور هستم!: تۆ بزانە مـن چەنـد خۆشباوەڕم!›.

خوشـباوری / xošbāvarî ، ـهـا/: اسم. خۆشـباوەڕی؛ وەشـباوەڕی: ١. خـوو یـان تایبەتمەندیێک کە ئەبێتە هۆی ئـەوە کەسـێک قسە یـان هەواڵـی خـۆش زوو بـاوەڕ بکـا یـان سـەبارەت بـەوانـەوە، هەڵـسەنگاندنێکی خۆشبینانەی هەبێ ٢. زووباوەڕی؛ کار یا ڕەوتی باوەڕ کردن بە قسەی مەردم بە بێ لێکۆڵینەوە.

خوشـبخت / xošbaxt ، ـهـا؛ ـان/: صـفت. بەختـەوەر؛ بـەختیار؛ بەختـدار؛ خۆشـبەخت؛ وەشـبەخت؛ خـاوەن بـەختیاری؛ بـە بـەخت؛ قێـوڵ‌دار ‹مـرد خوشـبخت: پیـاوی بەختـەوەر›. هەروەها: **خوشـبخت بـودن؛ خوشـبخت شـدن؛ خوشبخت کردن**

خوشبختانه / xošbaxtāne/: قید. بەختەوەرانـە؛ خـۆشـبەختانە؛ وەشـبەختانە؛ بـە خۆشـیەوە؛ وشەیەکە بۆ پیشاندانی چاکی ڕووداوێک بە کـار ئەبرێ ‹خوشبختانه امسال محصول گندم خـوب بـود: خۆشبەختانە ئەوساڵ داهاتی گەنم چاک بوو›.

خوشبختی / xošbaxtî ، ـها/: اسم. خۆشـبەختی؛ وەشـبەختی؛ بەختـەوەری؛ بـەختیاری؛ بەختداری؛ خۆش‌نگینی؛ دۆخی هەبوونی ژیانی دڵخواز و پڕخۆشی ‹ثروت خوشبختی نمی‌آورد: ماڵ، خۆشبەختی ناهێنێ›.

خوشبین / xošbîn ، ـها؛ ـان/: صفت. گەشبین؛

خۆشـبین؛ چـاکبـین؛ دڵـڕوون؛ هزربـاش؛ وەشوین؛ هەر بە هومێـد؛ دوور لـە ناهومێـدی؛ خاوەن خۆشـبینی ‹بـە آینـده خوشـبین هـستم: بـە داهاتوو خۆشبینم›.

خوشـبینی / xošbînî، ـهـا/: *اسـم*. گەشـبینی؛ خۆشبینی؛ وەشوینی: ١. باوەڕ بە چـاک بـوونی دیاردەیەک، ڕووداوێک یان کەسێک ٢. باوەڕ بە چـاک بـوونی ڕووداوەکـان و لـە گەشـە بـوونی جەهان و هیواداری بە داهاتوو ‹خوشبینی به آینـده از اعتماد بشریت و توانایی‌های آن سرچـشمه مـی‌گیـرد: خۆش‌بینی بـە داهـاتوو لـە بـاوەڕ بـە مرۆڤـایەتی و تواناییەکانی سەرچاوە دەگرێ›.

خوش‌پـز / xošpoz/: [فارسـی/ فرانـسوی] *صفت*. *[گفتاری]* تەکووز؛ قۆز؛ وەش‌دوخت؛ خاوەن جل و بەرگ و ئارایشی جوان و دڵخواز.

خوشپوش / xošpûš، ـهـا؛ ـان/: *صفت*. پۆشـتە: ١. کـۆک؛ جلـک‌تـازە؛ تـەڕپۆش؛ خـۆش‌پـۆش؛ پۆشـتە و پـەرداخ ‹یـک جـوان خیلـی خوشـپوش راهنمـایی مـا را برعهـده داشـت: لاوێکـی زۆر پۆشـتە ڕێنوێنی ئێمەی بە ئەستۆ بوو› ٢. بە خوو و توانای لە بەرکردنی گنجـی شـیاو و جوانـەوە ‹آزاد مـرد خوشپوشی بود: ئازاد پیاوێکی پۆشتە بوو›. هەروەها: **خوشپوشی**

خوشـــتراش / xoštarāš/: *صـــفت*. لـــەبار؛ ڕێک‌وپێک: ١. باش تاشراو ‹مجسمەی خوشـتراش: پەیکـەری بـاش‌تاشـراو› ٢. جـوان و چەلـەنگ؛ خوشیک ‹هیکل خوشتراش: تووزی ڕیک‌وپیک›.

خوش تیپ / xoštîp/: [فارسـی/ فرانـسوی] *صفت*. نەرمەنیـشک؛ جوانخـاس؛ جـوان؛ خوشـیک؛ وەشەک؛ خاوەن ئەنـدامی ڕێـک‌وپێـک و ڕازاوە ‹خیلی خوش‌تیپ شده بود: زۆر نەرمەنیشک بووبـوو›. هەروەها: **خوش‌تیپی**

خوش‌جنس / xošcens/: [فارسـی/ عربـی] *صفت*. ١. ڕگەز چاک؛ بە کالەدەندی باشەوە ٢. *[کنـایی]* دڵاوەر؛ دڵ‌هاوەر؛ باش ‹مدیرمان خوش‌جنس است و بیخود سخت نمی‌گیرد: بەرپرسەکەمان، دڵاوەرە و لە خۆوە بەرۆکمان ناگرێ›. هەروەها: **خوش‌جنسی**

خوشـــحال / xošhāl/: [فارسـی/ عربـی] *صـفت*. خۆشـحاڵ؛ وەشـحاڵ؛ پـەرداخ؛ شـاد؛ شـادمان؛ بەدەماخ؛ وەکەیف.

▣ **خوشحال شدن**: خۆشحاڵ بوون؛ دڵشاد بوون؛ شاد بـوون؛ وەشـحاڵ بیـەی ‹از دیـدنت خیلـی خوشحال شدم: لـە دیتنـت زۆر خوشـحاڵ بـووم›. هەروەها: **خوشحال کردن**

خوشـــحالی / xošhālî/: [فارسـی/ عربـی] *اسـم*. *[گفتاری]* خۆشحاڵی؛ وەشحاڵـی؛ خۆشـدەماخی؛ بە کەیفی؛ خوەشڵەخوەشی؛ دڵـشادی؛ شـادی؛ هڤەس.

▣ **خوشحالی داشتن**: شـیاوی خۆشـحاڵ بـوون؛ گونجاو بۆ شاد بـوون ‹موفقیت، خوشـحالی دارد: سەرکەوتن، شیاوی خوشحاڵ بوونە›.

خوشـحالی کـردن: شـایی‌کـردن؛ خۆشحاڵـی کردن؛ خەریکی شایی بوون ‹همه دست می‌زدند و خوشحالی می‌کردند: هەموو چەپڵەیان دەکوتـا و شاییان دەکرد›.

خوش‌حساب / xošhesāb، ـها/: [فارسـی/ عربـی] *صفت*. حەساب‌ڕاست؛ سەرڕاست؛ خۆش‌حەسـاو؛ خـۆش/ وەش حەسـێب؛ خـاوەن خـوو یـان تایبەتمەنـدی قـەرز دانـەوە لـە سـەر وەختـدا ‹مشتریهای ما همه خوش‌حساب هـستند: مـشتەریانی ئێمـە هـەموو حەسـاب‌ڕاستـن›. هـەروەها: **خوش‌حسابی**

خوش خبر / xošxabar/: [فارسـی/ عربـی] *صفت*. خـۆش‌خەبـەر؛ خـۆش‌خـەوەر؛ مـژدەهێن؛ مـزگێنی‌دەر: ١. خـاوەن هەواڵـی خـۆش ‹خوش‌خبر باشـی! چـه شده؟: خـۆش‌خەبـەر بی! چ بـووە؟› ٢. خـاوەن خـوو یـان توانـایی هێنـانی هەواڵی خۆش ‹تـو همیـشه خـوش‌خبر هـستی: تـۆ هەمیشە خۆش‌خەبەری›. هەروەها: **خوش‌خبری**

خوشـخدمتی / xošxedmatî، ـهـا/: [فارسـی/

عربی]/اسم. خۆش‌خزمەتی؛ کار یان ڕەوتی خزمەت‌کردن، زیاتر لەوەی کە پێویستە، تەنیا بۆ سەرنج ڕاکێشانی کەسێک و قازانج لێ وەرگرتنی ‹آنقدر خوشخدمتی کرد تا وزیر شد: ئەوەندە خۆش‌خزمەتی کرد، بوو بە وەزیر›.

خوشخرام / xošxarām/: صفت. [ادبی] خەرامان؛ چەلەنگ؛ لەنجەجوان؛ بە لەنجە و لار؛ خۆش‌گومەتە؛ خۆش‌خلنگ.

خوشخواب / xošxāb/: صفت. ١. خەوخۆش؛ خۆش‌خەو؛ خەو-خەو؛ بە خوو یان لێهاتوویی چاک و هاسان خەوتنەوە ٢. ☜ تشک خوشخواب، **تشک**

خوشخوان / xošxān ، ـها/: صفت. دەنگ‌خۆش؛ دەنگ‌بێژ؛ خۆشبێژ؛ خۆشاواز؛ خۆشخوێن؛ وەشواچ؛ وەشوان ‹گر خوش‌آواز بودی و خوشخوان: ئەگەر دەنگ‌خۆشیش بووبایە›.

خوش‌خوراک / xošxorāk/: صفت. ١. خۆش‌خۆر؛ خواردە؛ خوەش‌خەوەر؛ وەشەوەر؛ خاوەن بژۆکی باش ‹بچەها همە خوش‌خوراک هستند و هیچ وقت غذا از سر سفره بر نمی‌گردد: منداڵەکان هەموو خۆش‌خۆرن و هیچ کاتێ چێشت لە سەر خوان ناگەڕێتەوە› ٢. الف) خۆش‌چێشکە؛ خاوەن چێژەی باش ب) خوازیاری خواردەمەنی خۆش و بە سەلیقە لە هەڵبژاردنیاندا ٣. خۆش‌خوراک؛ شیاو بۆ دروست کردنی پێخۆری چاک ‹این برنج خیلی خوش‌خوراک است: ئەم برینجە، زۆر خۆش‌خوراکە›.

خوش‌خوشان / xošxošān/: صفت. [گفتاری] شاگەشکە؛ خۆش‌خۆش؛ لە سەر شادی و شادمانی زۆر ‹عروس گریە می‌کرد و مادر خوش‌خوشانش بود: بووک دەگریا و دایک شاگەشکەی دەکرد›.

خوش‌خوشک / xošxošak/: قید. نەرمەنەرم؛ بە نەرمێک؛ لۆژەلۆژ؛ بە هێمنی؛ بە ئارامی؛ لەسەرخۆ؛ وردە-وردە؛ ئارام-ئارام؛ گۆڤا-گۆڤا؛ هێدی-هێدی؛ وەش-وەش؛ شێنەشێنەی؛ شێنەی؛ بە هێوری ‹خوش‌خوشک رفتند تا نزدیک ظهر بە آبشار شەلماش رسیدند: نەرمەنەرم ڕۆیشتن و دەوری نیوەڕۆ گەیشتنە تاڤگەی شەلماش›.

خوش‌خیال / xošxiyāl ، ـها/: [فارسی/ عربی] صفت. [مجازی] خۆش‌خەیاڵ؛ خاوەن گەشبینی لە ڕادەبەدەر و نابەجێ ‹من چقدر خوش‌خیال بودم کە بە امید تو ماندم: من چەندە خۆش‌خەیاڵ بووم وا بە هیوای تۆ مامەوە›. هەروەها: **خوش‌خیالی**

خوش‌خیم / xošxîm/: صفت. خۆش‌هێم؛ خۆشخوو؛ بێ‌گرێ؛ بێ کارتێکەری یان کاردانەوەی زیاندەر یان مەترسیدار ‹غدەی خوش‌خیم: لکی خوش‌هێم›.

خوش دست / xošdast/: صفت. خۆشدەست؛ خوەشدەس؛ وەشدەس؛ هولی؛ خاوەن دۆخ یان چۆنیەتیەکی وا کە بە هاسانی لە دەستدا بخونجێ و بە کار بگیردرێ ‹ارەی خوش‌دست: هەڕەی خۆشدەست›.

خوشدل / xošdel/: صفت. ١. دڵشاد؛ دڵخۆش؛ شاد؛ دەماخ‌چاخ ٢. ڕازی؛ ڕەزامەند؛ قایل؛ قادێ. هەروەها: **خوشدلی**

خوش‌ذوق / xošzowq, -zo:q ، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] صفت. بەزەوق؛ بە سەلیقە؛ خۆش‌چێژ؛ خاوەن هێز و زۆخی نوێکاری.

خوشرقصی / xošraqsî ، ـها/: [فارسی/ عربی]/اسم. [تعریض] کلکەفلێ؛ کلکەلەقێ؛ جووچکەلەقێ؛ کلکەسووتە؛ کار و کردەوەی زمانلووسانە و بە مەرایی بۆ بە دەسهێنانی دڵی کەسێک و قازانج لێ‌وەرگرتنی ‹کارش شدە است خوشرقصی پیش معلمها: کاری بۆتە کلکەلەقێ لای مامۆستایان›. هەروەها: **خوش‌رقصی**

خوش رکاب / xošrekāb/: [فارسی/ عربی] صفت. خۆش‌زەنگوو؛ خوەش‌سواری؛ وەش‌وەزنگی؛ بە تایبەتمەندی یان توانایی چاک سواری دانەوە ‹اسب خوش‌رکاب: ئەسپی خۆش‌زەنگوو›.

خوشــرو / xošrow/: صفت. خۆشــبەز؛ بــەزا؛ نەوەن؛ شاتر؛ قۆچاخ؛ گـورجوگـۆڵ؛ کرژوکـۆڵ؛ چوست و چەلەنگ؛ بزۆز؛ برۆ؛ کرژ؛ لۆپت؛ لۆتەر؛ خێرا لە ڕۆیشتندا.

خوشرو / xošrû ، ـها؛ ـیان/: صفت. ڕووخـۆش؛ خۆشـرووی؛ ڕووگـەش؛ ڕووگوشـاو؛ ڕووگوشـاد؛ ڕووکراوە؛ لـەزگین؛ وەشـڕوو(نێرینـە)؛ وەشـڕوە (مێینـە)؛ دەم بـە پێکـەنین ‹یـک آقـای مـؤدب و خوشرو جلو آمد: پیاوێکی بە ئەدەب و ڕووخۆش هاتـە پێشەوە›. هەروەها: **خوشرویی**

خوش‌زبان / xošzabān ، ـها/: صفت. *[مجازی]* قـسەخۆش؛ خـۆش‌زمـان؛ خـوەش‌زوان؛ زمان‌خۆش؛ شیرین‌زمان؛ خۆش‌دەڤ؛ دەم‌پـاراو؛ خۆش‌گفت؛ خاوەن وتاری خۆش و دڵڕفێن یـان پاراو ‹راهنمایمان مردی خوش‌زبان بود: ڕێنوماکـەمان پیاوێکی قسەخۆش بوو›.

خوشقدم / xošqadam/: [فارسی/ عربی] *صفت.* *[فرهنگ‌مردم]* خۆشقەدەم؛ پێ‌بەوەدم؛ پێ و قەدەم چاک ‹بچه خوشقدم بود و بعد از آمدنش کـار و بـار مـا خوب شد: منداڵەکە پێ‌بەوەدم بوو و دوای هاتنی، کـار و بارمان باش بوو›.

خوش‌قلـب / xošqalb/: [فارسی/ عربی] *صفت.* *[مجازی]* دڵپاک؛ دڵخوازیار؛ خۆشدڵ؛ خوازیـاری خۆشی هەمووان ‹سارا خیلی خوش‌قلب و مهربـان اسـت: سـارا زۆر دڵـپاک و میهرەبانـە›. هـەروەها: **خوش‌قلبی**

خوش‌قواره / xošqavāre/: [فارسی/ عربی] *صفت.* لەبار: ۱. بە درێژایی، پانایی و بیچمی لەباو ‹این فرش خیلی خوش‌قواره است: ئـەم قاڵـیە زۆر لـەبارە› ۲. تـەکووز؛ قـەنج؛ خـاوەن لـەباری ‹لبـاس خوش‌قواره: گنجی لەبار›.

خوش‌قول / xošqowl, -qo:l/: [فارسی/ عربی] *صفت.* خۆش‌بەڵـێن؛ بـە بەڵـێن؛ بەڵـێن‌ڕاسـت؛ دەم‌ڕاس؛ خـاوەن خـوو یـان بـە دوا چـوون لـە ئەنجامدانی گفت و پەیمانی خـۆدا ‹امروز دیگـر سعی کردم خوش‌قول باشم و سر وقت آمدم: ئەمڕۆ ئیتر وامکرد خوش‌بەلێن بم و لـە کـاتی خۆیـدا هـاتم›. هەروەها: **خوش‌قولی**

خوشگذران / xošgozarān/: صفت. خۆشـبوێر؛ خـوش‌ڕابـوێر؛ وەشـبەر؛ وەش‌ویـار؛ خوازیـاری ڕابــواردن بــە سەرخۆشــی و بــێ‌خــەمی و بێ‌خەبەری ‹چند جوان خوشگذران، روزهای جمعـه در آن باغ جمع می‌شـدند: چەنـد لاوی خوشـبوێر ڕۆژانی هەینی لەو باخەدا کۆ دەبوونەوە›.

خوشــگذرانی / xošgozarānî ، ـهـا/: اسـم. خـۆش‌بـوێری؛ خـۆش ڕابـوێری؛ وەشـبەری؛ وەش‌ویاری؛ خۆشگوزەرانی؛ فرەهـی؛ کـار یـان ڕەوتی خۆش‌بووران؛ خۆش ڕابواردن؛ تێپەڕاندنی سات و دەم بە خۆشـی و شـادی یـان دڵـتەڕی ‹ارث پدر را خرج خوشگذرانی خودش و دوستانش کـرد: میراتی باوکی کردە خەرجی خـوش‌بـوێری خـۆی و هەوالانی›.

خوشگل / xošgel ، ـها/: صفت. *[گفتاری]* جـوان؛ خوشــیک؛ خوشــکۆک؛ ســپەهی؛ جوانکیلــە؛ ماژەخاس ‹دختر خوشگل؛ ماشین خوشگل: کچـی جوان؛ ماشینی جوان›. هەروەها: **خوشگل بـودن؛ خوشگل شدن؛ خوشگل کردن**

خوشــگلی / xošgelî/: اسـم. *[گفتـاری]* جـوانی؛ خوشیکی؛ جوانکیلـەیی ‹خوشگلی زنـش، موجـب دردسـرش شـده بـود: جـوانی ژنەکـەی ببـووە هـۆی دەردیسەر بۆی›.

خوش گوشت[1] / xošgûšt/: اسم. خۆشەگۆشـت؛ گۆشتەخوەشە؛ کەبابی شیلافەی مەڕ و شەک.

خــوش گوشــت[2]: صــفت. خــۆش‌گۆشــت؛ گۆشت‌خۆش: ۱. خاوەن گۆشتی بـەتام و چێـژ ‹کبک پرندەای خوش‌گوشت است: کـەو پەلـەوەرێکی خوش‌گوشتە› ۲. گۆشتەزوونە؛ خاوەن گۆشتی وا کە ئەگەر زامدار بوو، زوو خۆش بێتەوە.

خوشمزگی / xošmaz(z)egî/: اسم. ۱. خۆشـی؛ چێژخۆشـی؛ وەشـی؛ بەلـەزەتی؛ خۆشـتامی؛

بەتامی؛ تامداری ‹خوشمزگی سالاد به خاطر سُس آن است: خوشی سالاد بە بۆنەی سوسەکەیەوەیە› ٢. لـەها//مجازی/ شیرینکاری؛ حەنەکبازی؛ گۆنگەری ‹داشت برای مهمانان، خوشمزگی می‌کرد: خەریک بوو بۆ میوانەکان شیرین‌کاری دەکرد›.

خوشمزه / xošmaz(z)e/: صفت. ١. خۆشمەزە؛ خۆش‌چێژە؛ خوەش‌مژە؛ بەتام؛ بەلەزەت ‹غذای خوشمزه: چێشتی خوشمەزە› ٢. /مجازی، گفتاری/ خۆش؛ شۆخ ‹آدم خوشمزه؛ داستان خوشمزه: مرۆی شوخ؛ چیرۆکی خوش›.

خوشنام / xošnām ، ـهـا/: صفت. خۆشناو؛ وەشنام؛ ناو بە چاکە دەرچووگ ‹سعی کردند یک آدم خوشنام را جلو بیندازند: تێکۆشان، مرۆڤێکی خوشناو بخەنە پێشەوە›. هەروەها: **خوشنام بودن**

خوشنامی / xošnāmî/: اسم. خۆشناوی؛ وەشنامی؛ ناوچاکی؛ سەخەر؛ چۆنیەتی ناو دەرکردن و ناسراو بوون بە چاکە لە ناو خەڵکدا ‹او نزد مردم به خوشنامی معروف بود: ئەو لە ناو خەڵکدا بە خوشناوی ناسرابوو›.

خوش‌نشین / xošnešîn ، ـها/: اسم. ١. ڕەشایی؛ قەرە؛ خۆش‌نشین؛ گوندنشینی بێ ماڵ و زەوی ٢. وەرزێر؛ وەرزیەر؛ وەرزیار ٣. کەسێ کە لە هەر کوێ دڵی بگرێ و خۆشی لێ بێ، نیشتەجێ دەبێ ‹اجارەنشین، خوش‌نشین است: کرێنشین، خوش‌نشینە›. هەروەها **خوش‌نشینی**

خوش‌نمک / xošnamak/: صفت. خۆش‌خوێ؛ خوەش‌خوا؛ وەش‌مەک؛ بە چێژی سوێری دڵخوازەوە.

خوشنود / xošnûd/ ☜ **خُشنود**

خوشنودی / xošnûdî/ ☜ **خُشنود**

خوشنویس / xošnevîs ، ـهـا؛ ـان/: صفت. خۆش‌نووس؛ خۆش‌نڤیس؛ وەش‌نویس؛ خەتات؛ خاوەن خەتی جوان و ڕازاوە.

خوشنویسی / xošnevîsî ، ـها/: اسم. خەتاتی؛ خۆش‌نووسی؛ خۆش‌نڤیسی؛ گوندەنووسی؛ هونەری نووسین بە جوانی.

خوش‌وبش / xoš-o-beš ، ـها/: اسم. /گفتاری/ چاک و خۆشی؛ چاک‌وچۆنی؛ خۆشتەوازی؛ وەش‌بەش؛ وەش و تشی؛ خوەش و بێش؛ خۆش و بێش؛ خۆش و دۆش؛ سلام و سەفا، چاک و چۆنی و وت‌وویژی دۆستانە لە سەرەتای دیداردا ‹قدری با هم خوش و بش کردیم: تاوێک پێکەوە چاک و خوشیمان کرد›.

خوشوقت / xošvaqt/: [فارسی/ عربی] صفت. خۆشحاڵ؛ شاد؛ خۆش‌دەماخ ‹از دیدار شما خیلی خوشوقت شدم: لە دیتنی ئێوە زۆر خوشحال بووم›. هەروەها: **خوشوقتی**

خوشه / xûše/: اسم. ١. لـەها/ هێشوو؛ هۆشە؛ هێشی؛ هۆشی؛ ئویشی؛ وشوو؛ وشی؛ ویشی؛ وەشەی؛ گۆشە؛ بۆڵ؛ چەند دانە، بەر یان گوڵێک کە بە تەوەرەیەکەوە گلاون (وەک هێشووی ترێ) ٢. لـەها//مجازی/ هەر شتێکی وەک هێشوو ٣. /نجوم/ کۆمە؛ تاقمێ لە ئەستێران کە لە یەک ڕێگە و بە خێراییەکەوە دەڕۆن ٤. /نجوم/ سومبولە؛ وێنەیەکی ئاسمانی گەورەیە: **سنبله**

▣ **خوشەی پروین** ☜ **پَروین**

خوشەی مرکب: هۆشەڵوو؛ جۆرێ گوڵی بە لق و پۆپ.

خوشەچین / xûšečîn ، ـهـا؛ ـان/: اسم. ١. هێشووگەر؛ هێشووکەر؛ وشووکەر؛ لەتەچن؛ ویشی‌چن؛ داشی؛ قورف؛ گوڵچن؛ کەسێ کە بەجێماو لە خەرمان کۆ دەکاتەوە ٢. /کنایی/ گوڵبژێر؛ گوڵچن؛ تەڵبژێر؛ ئەوەی کە لە هەرکوێ و هەر شتێک بەهرە و تۆشەیەک وە دەس دەخا. هەروەها: **خوشەچینی**

خوشی / xošî ، ـها/: اسم. خۆشی؛ خوەشی؛ وەشی؛ وەشەی؛ شادی؛ دڵشادی؛ کەیف؛ شۆق؛ هەون؛ زەوق.

▣ خوشی زیر دل کسی زدن: /گفتاری/ سەری

کەسێ بە گاز گیران؛ لە خۆشیدا هار بوون؛ قەدری ئاسایشت و ئاسوودەیی نەزانین و کرد و کۆش بۆ تێکەوەدانی ‹مگر خوشی زیر دلت زده، که می‌خواهی این کار را ول کنی؟: مەگەر سەرت بە گاز گیراوە، دەتەوێ دەس لەم کارە بەر دەی؟›.

خوش‌یمن / xošyomn/: [فارسی/ عربی] *صفت.* *[گفتاری]* بەودەم؛ بە هورم؛ هورمێن؛ بەفەڕ؛ هۆی ڕووداو و کاردانەوەی باش ‹دیدن اسب در خواب خوش‌یمن است: دیتنی ئەسپ لە خەودا بەودەمە›.

خوش‌یمنی / xošyomnî/: [فارسی/ عربی] *اسم.* *[گفتاری]* هورمێنی؛ بەودمی؛ بەفەڕی ‹هر چه از خوش‌یمنی این خانه بگویم، کم گفته‌ام: هەر چەند لە هورمێنی ئەم ماڵە بێژم، کەمە›.

خوض / xowz/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* هشان؛ کنە؛ بیرقووڵی؛ وردبینی.

▣ **خوض کردن:** هشاندن؛ کنەکردن؛ ورد بوونەوە؛ تێڕامان؛ تێفکرین؛ لەبارەی شتێکەوە باش- باش کۆڵینەوە.

خوف / xowf/: [عربی] *اسم.* ترس؛ سام؛ ساو؛ سامی؛ یاس؛ مەترسی؛ تەرسی؛ سوهن؛ بیم.

▣ **خوف داشتن:** ترس بوون؛ ترسان؛ ترسیان؛ تەرس بیەی ‹خیلی از تاریکی خوف داشت: زۆری ترس لە تاریکی بوو›.

خوف کردن: ترسان؛ ترسین؛ سام کردن؛ سام‌کەردەی ‹خوف نکن! چیزی نیست؛ دارند تمرین می‌کنند: مەترسە! هیچ نیە؛ خەریکن مەشق دەکەن›.

خوفناک / xowfnāk/: [عربی/ فارسی] *صفت.* سامناک؛ ترسناک؛ زەرەند؛ بەسام؛ بە مەترسی؛ خۆفناک؛ سامدار ‹توی غار خیلی خوفناک بود: نێو ئەشکەوتەکە زۆر سامناک بوو›.

خوف‌ورجا / xowf-o-racā/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* هات‌ونەهات؛ ترس و تکا؛ ترس و تەما ‹ما را میان خوف و رجا نگه‌داشته بود: ئێمەی لە سەر هات‌ونەهاتدا هێشتبووەوە›.

خوک / xûk/: *اسم.* ١. [ـها؛ ـان/ بەراز؛ وەراز؛ وراز؛ خووگ؛ خوو؛ خیگ؛ واش؛ گاکوڵ؛ گیانەوەرێکی گوهانداری بێ‌شاخە بە لمبۆزێکی درێژ و بزۆکەوە، شفرەدار، جەستە قورس، چوارپەل کورت، پێست تۆکمە و تیسکن کە لە زۆر وڵاتان بۆ گۆشت و چەوری و پێست و تووکەکەی دایدەبەستن ٢. دوازدەهەمین ساڵی ڕۆژ ژمێری تورکستانی ☜ **تقویم** (تقویم ترکستانی).

▣ **خوک خاکی** ☜ **آردْوارک**

خوک دریایی ☜ **دُلفین-٢**

خوک گینه ☜ خوکچەی هندی، **خوکچه**

خوک وحشی ☜ **گُراز-٢**

خوکچه / xûkče، ـها/: *اسم.* ١. بەرازی چکۆلە؛ خووی بچووک ٢. کۆدە؛ کودەلە؛ کوودەڵە؛ کودی؛ بەچکە بەراز.

▣ **خوکچەی هندی:** گیانەوەرێکی گوهانداری چکۆلەی وڵاتی ئامریکای باشووریە، بێ‌کلک و کولکنە و جەستەیێکی گۆشتنی هەیە. بە سانایی کەوی دەبێ و لە تاقیگەی ژینەوەر ناسیدا کەڵکی لێوەردەگرن: **خوک گینه**

خوکدانی / xûkdānî، ـها/: *اسم.* ١. تەویلەی بەراز؛ گەوڕی بەرازان ٢. *[مجازی]* کولانە سەگ؛ گەوڕ؛ جاتاکانی؛ جێگەی زۆر پیس و ناشیاو بۆ ژیان ‹تو اسم این خوکدانی را گذاشته‌ای اتاق؟: تۆ ناوی ئەم کولانە سەگەت ناوە وەتاغ؟›.

خوکک / xûkak/: *اسم.* ملەماسێ؛ ملەخڕە؛ ئوریون؛ نەخۆشی پەنەمیانی لووی بن گوێ.

خوگر / xûgar/: *صفت.* خووگر؛ هوکارە بە شتێک. هەروەها: **خوگر بودن؛ خوگر شدن**

خوگیر / xûgîr/ ☜ **خوگَر**

خولنجان / xûlancān، ـها/: *اسم.* خۆڵنجان؛ کۆڵنجان؛ قۆریجان؛ قۆڵنجان؛ قۆڵیجان؛ قۆرینگان؛ خرندال؛ گیاییکی بە ڕەنگی سووری تۆخ و بۆنی توند و خۆشە، بەلەق و لاسکی

هێشووییەوە بۆ دەرمان دەشێ.

خـون / xûn/: /اسـم. خـوێن؛ خـوون؛ خـوین؛ خـووین؛ خـوەن؛ خـێن؛ خـین؛ هـوون؛ هـۆن؛ هـوین؛ ونی؛ ون؛ گـۆن؛ گـۆنی: ۱. تراوێکـی سوورە، دڵ و دەماری بڕبڕەداران پڕ دەکاتـەوە، ئوکسیژن و ماکی خۆراکی دەگەیێنێتە ئەندامان و مـاکی زیـادە و زبـڵیان لێـوە دوور دەخاتـەوە ۲. تراوێکـی کـەم تـا زۆر بـەو شـێوەیە لـە بێمۆرەکاندا ۳. /ها//مجازی/ کوشـتوبـڕ ‹خـون ناحق: خوێنـی ناحەق›.

▣ **خون ناحق:** /کنایی/ خوێنی ناحـەق؛ کوشـتن بە نارەوا.

▣ **خون آمدن:** خوێن لێهاتن؛ خوێن هـاتن؛ ون ئامەی ‹چاقو دستم را بریـد، خـون امـد: چەقۆکـە دەسمی بڕی، خوێنی لێهات›.

خون از انگشتان/ دست کسی چکیدن: /کنایی/ خوێن لە چاوانی کەسێک بارین؛ زۆر بێبـەزە و دڵڕەق بوون.

خون از دماغ کسی نیامدن: /کنایی/ نـاخوونی کەس ڕووش نەبوون؛ خوێن لە لـووتی کـەس نـەهاتن؛ بـە کەسـێ کـەمترین وەزەنـگ نەگەیشتن ‹با اینکه ماشـین دوتـا معلـق زد، حتـی خون از دماغ کسی نیامد: هەرچەنـد ماشـینەکە دوو تلی دا، تەنانەت ناخوونی کەس ڕووش نەبوو›.

خون از صورت کسی چکیدن: /کنایی/ سـەر کولمی کەسێک سـوور بـوون؛ ئـاو زانـە ژێـر پێستی کەسێکەوە؛ بە دەماخ بوونی کەسێ.

خـون انـداختن: خوێنالـی کـردن؛ خوێنـاوڵ کردن؛ ونالین کـەردەی؛ بوونـە هـۆی خـوێن هـاتن ‹زد و دمـاغش را خـون انـداخت: لێـی دا و لووتی خوێنالی کرد›.

خـون بـالا آوردن: خـوێن ڕشـانەوە؛ خـوێن هەلاوردنەوە؛ ون هۆرئاردەیوە.

خـون بنـد آمـدن: خـوێن وێـسانەوە؛ خـوێن گرسانەوە؛ ون مـدرایوە؛ وێـستانی خـوێن لـە ئەندامی بریندارا.

خون به پا کردن: ئاور دایـساندن؛ شـەڕ بـەرپا کردن؛ شەڕی سەخت و خوێنین هەڵـخڕاندن ‹آرام باش! چرا می‌خواهی خون به پا کنی؟: دامرکێ! بۆ دەتەوێ ئاور دایسێنی؟›.

خون به دل کسی کـردن: /مجـازی/ داخ نانـە سـەر دڵـی کەسـێکەوە؛ زووخـاو بـە کەسـێ هەڵـێنان؛ زۆر ئـازار دان و پەرێـشان کـردنی کەسێک ‹با این کارهایت خون به دل ما مـی‌کنـی: بەم کارانـەت داخ دەنیتـە سـەر دڵـمانەوە›: **دل کسی را خون کردن**

خـون جگـر/ دل خـوردن: /مجـازی/ زووخـاو هەڵهاوردنەوە؛ ناراو چەشتن؛ کوڵ و کەسەری زۆر دیتن ‹خـون جگـر خـوردم تـا بزرگـت کـردم: زووخاوم هەڵهاوردەوە تا گەورەتم کرد›.

خـون جلـو چـشم کـسی را گـرفتن: /مجـازی/ خوێن پەڕینە بەر چاوی کەسێک؛ خوێن بـەر چاو کەسێ‌گرتن؛ ئـاگر لـە نـاو چـاو کەسـێ بارین؛ دین لای کەسێ نەمان؛ بە هـۆی ڕق و قینەوە ویستی کوشتنی کەسێ کـردن ‹خـون جلو چشمش را گرفتـه بـود و حـرف کـسی را گـوش نمی‌کرد: خوێن پەڕیبووە بەرچاوی و گوێچکەی بە قسەی کەس نەدەدا›: **جلو چشم کسی را خـون گرفتن**

خون خود را کثیـف کـردن: /مجازی/ تـوورە بوون؛ قەڵس بوون.

خون، خون کـسی را خـوردن: /مجازی/ خـۆ خواردنەوە؛ یـەکجار تـوورە و قەڵـس بـوون و دەنـگ نـەکردن ‹از حرفهـایش خـون، خـونم را می‌خورد: لە قسەکانی خۆم دەخواردەوە›.

خـون دادن: ۱. خـوێن دان؛ ون دەی ‹همـه رفتیم خون بدهیم: هـەموومان ڕۆیـشتین خـوێن بدەین› ۲. /کنایی/ گیان بەخت‌کردن؛ لە گیان بگەردن.

خون را با خون شستن: /مجازی/ تۆڵەی خـوێن

به خوێن‌کردنه‌وه؛ تۆڵه‌ی کوژرانی که‌سێک به کوشتنه‌وه گرتن ‹خون را که نباید با خون شست: نابێ تۆڵه‌ی خوێن به خوێن بکرێته‌وه›.

خون را بند آوردن: به‌ر خوێن گرتن؛ خوێن به‌ست‌کردن؛ زه‌مه‌تاندن؛ ون مه‌درنایه‌وه؛ به‌ر خوێن‌چوون له ئه‌ندامێکی بریندار گرتن ‹رگش را بست و خون را بند آورد: ڕه‌گه‌که‌ی به‌ست و به‌ر خوێنه‌که‌ی گرت›. هه‌روه‌ها: **خون بند آمدن**

خون را ه افتادن: *[کنایی]* خوێن ڕژان؛ ون کریه‌ی؛ کوشت‌وبڕ ڕوو دان ‹گفتم حالا خون راه می‌افتد: گوتم ئێستا خوێن ده‌رژێ›.

خون راه انداختن: *[کنایی]* کردنه کوشت‌وبڕ؛ قه‌ڵت و بڕ نانه‌وه ‹چیزی نمانده بود خون راه بیاندازد: شتێکی نه‌مابوو بیکاته کوشت‌وبڕ›.

خون رفتن: خوێن لێ چوون؛ خوێنڕێژی کردن؛ ون چنه لوه‌ی ‹تا به بیمارستان رسید، یک ربع از بدنش خون رفت: تا گه‌یشته نه‌خۆشخانه چاره‌کێک خوێنی لێ چوو›.

خون ریختن: *[کنایی]* خوێن ڕژاندن؛ ون مته‌ی؛ کوشت‌وبڕکردن ‹چه خونها ریختند: چ خوێنگه‌لێکیان ڕژاند›.

خون کردن: که‌سێ کوشتن؛ پیاو کوشتن؛ ون‌که‌رده‌ی ‹چرا بترسم؟ مگر خون کرده‌ام؟: بۆ بترسم؟ مه‌گه‌ر که‌سێکم کوشتووه؟›.

خون کسی رنگین‌تر بودن: *[مجازی]* چاوی که‌سێ ڕه‌شتر بوون؛ خوێنی که‌سێ سوورتر بوون ‹مگر خون تو رنگین‌تر است؟: مه‌گه‌ر چاوی تۆ ڕه‌شتره؟›.

خون کسی به‌جوش آمدن: *[مجازی]* چاوی که‌سێ په‌ڕینه ته‌وقی سه‌ری؛ خوێنی که‌سێک جمان؛ له دین ده‌هری بوون؛ تووشی ڕق و تووڕه‌یی زۆر بوون ‹از این حرف خون من به جوش آمد: له‌م قسه چاوم په‌ڕیه ته‌وقی سه‌رم›.

خون کسی پای خودش بودن: *[مجازی]* ئۆباڵ وه ئه‌ستۆی خۆ بوون؛ خوێنی که‌سێک له پای خۆی بوون ‹اگر بیاید، خونش پای خودش است: ئه‌گه‌ر بێت، ئۆباڵ وه ئه‌ستوی خویه›.

خون کسی حلال بودن: *[مجازی]* خوێنی که‌سێ ڕه‌وا بوون؛ خوێنی که‌سێ حه‌ڵاڵ بوون؛ که‌سێک شیاوی کوژران بوون ‹اگر این کار را کرده باشد، خون او حلال است: ئه‌گه‌ر ئه‌م کاره‌ی کردبێت، خوێنی ڕه‌وایه›.

خون کسی در نیامدن: *[مجازی]* خوێن لێ نه‌هاتن؛ له‌و په‌ڕی تووڕه‌ییدا بوون و نیشان نه‌دان ‹اگر کارد می‌زدی خونش درنمی‌آمد: چه‌قۆت لێ بدایه خوێنی لێ نه‌ده‌هات›.

خون کسی را به‌جوش آوردن: *[مجازی]* قوشقی کردنی که‌سێک؛ که‌سێ زۆر تووڕه کردن ‹آن‌قدر گفت تا خونش را به جوش آورد: ئه‌وه‌نده‌ی گوت هه‌تاکوو قوشقی کرد›.

خون کسی را به گردن گرفتن: *[مجازی]* خوێنی که‌سێک وه ئه‌ستۆگرتن؛ به‌رپرسایه‌تی کوشتنی که‌سێ قه‌بووڵ‌کردن ‹گفتند تو صغیری اعدامت نمی‌کنند، خون آرام را تو به گردن بگیر!: گوتیان تۆ بچووکی ناتکوژن ، خوێنی ئارام وه ئه‌ستو بگره!›.

خون کسی را پایمال کردن: *[مجازی]* خوێنی که‌سێک به فیڕۆ دان؛ که‌سێک کوشتن و سزا نه‌دیتن ‹نمی‌گذارم خون پسرم را پایمال کنند: نایه‌ڵم خوێنی کوره‌که‌م به فیرو بده‌ن›. هه‌روه‌ها: **خون کسی پایمال شدن**

خون کسی را درشیشه کردن: *[مجازی]* خوێنی که‌سێ کردنه کاسه‌وه؛ زۆر بۆ که‌سێک هێنان و ئازار دان ‹گرانفروشان خون مردم را در شیشه کرده‌اند: گرانفرۆشگه‌ل خوێنی خه‌ڵکیان کردوته کاسه‌وه›.

خون کسی را ریختن: *[کنایی]* خوێن(ی که‌سێک) ڕژاندن؛ که‌سێ کوشتن.

خون کسی را مکیدن: *[مجازی]* خوێنی

کەسێک مژین؛ کەسێک چەوساندنەوە ‹مشتی سرمایه‌دار محتکر، خون مردم را مـی‌مکـند: تاقمێـک دەوڵەمەندی پاوانکار خوێنی خەڵک دەمژن›.

خـون گـرفتن: خـوێن گـرتن؛ ون گێرتـەی: ۱. هەڵـگرتن و گوێزانـەوەی خـوێن ۲. حیجامـەت کـردن؛ گـرتنی خـوێن بـە کەڵەشاخ.

از خون خـود گذشـتن: *[مجازی]* دەسـت لـە گیانی خۆ شۆردن؛ دەس لە گیان خۆ کێشان؛ بەرهەڤی گیان بەخت‌کردن و مردن بـوون ‹از خون خود می‌گذرم و حسابت را می‌رسم: دەسـت لـە گیان خوم دەشورم و عیلاجی دەردت ئەکەم›.

به خون کسی تشنه بـودن: *[مجازی]* لـە دووی سەری کەسێ گەڕان: ۱. ڕقی کەسێ لە دڵدا هەڵگرتن ‹او به خون من تشنه است: ئەو لە دووی سەری من دەگـەری› ۲. خوازیـاری کوشـتنی کەسێ بوون.

در خون خود غلتیدن: *[کنایی]* لە خوێنی خۆدا گەوزین؛ خـوێن لێـڕژانی زۆر ‹وقتـی رسـیدیم، دیدیم در خون خودش غلتیده: کاتێک گـەییـشتین، دیمان لە خوێنی خویدا گەوزیوە›.

خونابه / xûnābe/: *اسم*. خوێنـاو؛ هوونـاو؛ ئـاوی خوێناوی؛ خوێنی تێکەڵ بە ئاو؛ تـراوێ کـە لـە کاتی گرسانی خوێندا بە سەریەوە دەمێنێتەوە.

خون‌ادراری / xûn'edrārî/: [فارسی/ عربی] ☜ **هماتوری**

خون‌آشام / xûnāšām، ـها/: *صفت*. خوێنخـۆر؛ خوێنمژ ‹خفاش خون‌آشام: چەکچەکی خوێنخۆر›.

خـون‌آلـود / xûnālûd/: *صـفت*. خوێنالـی؛ خوێنـاوی؛ خوێنـاوڵ؛ خوێناوڵـین؛ خینـالی؛ هوونالو؛ ونالین ‹در خانه‌اش کارد و لباسهای خون‌آلود پیدا کرده‌اند: لە ماڵەکەیدا چەقۆ و جلـی خوێنالـیان دۆزیوەتەوە›.

خونبار / xûnbār/: *صفت*. خوێنبـار؛ بـە بارشـتی خۆێناساوە ‹چشم خونبار: چاوی خوێنبار›.

خون‌بر / xûnbor/ ☜ **خون‌بند**

خـون‌بنـد / xûnband/: *صـفت*. خـوێن‌بـڕ؛ بـە تایبەتیـەکی وا بـەر بـە خـوێن چـوون بگـرێ: **خون‌بُر**

خـون‌بهـا / xûnbagā/: *اسـم*. خـوێن‌بـایی؛ خوێن‌بـژی؛ سـەربەها؛ خیـسڵ؛ نرخـی خـوێنی کوژراو کە لە مرۆکوژ (یان خزمـانی) دەسـێنرێ.

هەروەها: **خونبها خواستن/ دادن/ گرفتن**

خونتا / xontā ، ـها/: *اسم*. [؟] لێژنەی چەکداری بەڕێوەبەری وڵات دوای کوودەتا.

خون‌جگر / xûncegar/ ☜ **جگرخون**

خونچکان / xûnčekān/: *صفت*. خـوێن‌دەڵـێن؛ خوێن‌چکێن؛ هوون‌تکێن؛ وا کە تنۆکی خـوێنی لێیـەوە بتکـێ ‹چـشم خونچکـان: چـاوی خوێن‌دەڵین›.

خونچه / xonče/ ☜ **خوانچه**

خونخـــوار / xûnxār/: *صـــفت*. خـــوێنمژ: ۱. خوێنخـوار؛ خوێنخـۆر؛ خوێنـڕێژ؛ گۆنجـڕ؛ دەڤلخووین؛ زاڵم؛ مرۆکوژ؛ خوازیاری کوشـتن و خـوێن ڕژانـدن ‹شـاه خونخـوار: شـای خوێنخـوار› ۲. بـە تایبەتمەنـدی خـواردن لـە خـوێنی گیانـەوەرانی گەرمەخوێنـەوە (وەکـوو زاڵـوو و هەندێک لە شەمشەمەکوێران).

خونخـــواری / xûnxārî/: *اســم*. خـــوێنمژی؛ گۆنجڕی؛ پیاوکوژی؛ خوێنخـواری؛ گووجکـاری؛ ستەمکاری؛ دۆخ یان چۆنیەتی خوێنمژ بوون.

خونخواهی / xûnxāhî، ـها/: *اسم*. خوێن‌خوایی؛ خـوێن‌خـۆیی؛ خـوێن‌گـری؛ کردوکـۆش بـۆ ئەستاندنەوەی تۆڵـە لـە کـوژەر یـان کـوژەران ‹مردم به خونخـواهی شـهیدان برخاسـتند: خەڵـک بـۆ خوێن‌خویی شەهیدان هەستانەوە›.

خون‌دماغ / xûndamāq/: *اسم. [گفتاری]* ڕەوتی ڕزکیان؛ ڕسین؛ لووت‌پژان؛ لووت فیشەی؛ پژانی خوێنی بێڤل؛ خوێنی لووت بەر بوون.

▣ **خون‌دماغ شدن**: ڕسکین؛ پژان؛ خوێن لـووت

بەربوون؛ خوێن لە کەپۆ هاتن؛ خوین لە بێقل هاتن؛ خوێن لووت بەربوون؛ ون لووت ئامەی ‹این‌قدر جلوی آفتاب نگرد، خون‌دماغ می‌شوی: هێندە لە بەر تاو مەگەڕە، دەرسکی›.

خونروش / xûnraveš/: *اسم. [پزشکی]* خوێن‌تووری؛ فیرکەی خوێنی.

خونریزی / xûnrîzî ، ـها/: *اسم.* خوێنڕێژی: ١. ڕزک؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی پژانی خوێن لە ڕەگەوە ‹خونریزی داخلی: خوێنڕێژی ناوەکی› ٢. *[مجازی]* ستەمکاری؛ کار و ڕەوتی خوێنمژین و هەشافتن ‹جنگ و خونریزی: شەڕ و خوێنڕێژی›.

◘ **خونریزی داخلی**: خوێنڕێژی ناوەکی.
هەروەها: **خونریزی خارجی**

▣ **خونریزی کردن**: خوێنڕێژی کردن؛ خوێن چوون؛ تووشی خوێنڕێژی بوون.

خونزی / xûnzî ، ـها؛ ـان/: *اسم. [زیست‌شناسی]* خوێنمژە؛ گیانداری کژنگی خوێن.

خونساز / xûnsāz ، ـها/: *صفت.* خوێن‌ساز؛ بە تایبەتمەندی یان توانایی زۆرکردنەوەی هەندی هیمۆگلۆبین لە خوێندا.

خونسرد / xûnsard/: *صفت.* ١. خوێن‌سارد؛ ون‌سەرد؛ بە تایبەتمەندی بەند بوونی تینی لەش بە دەمای ئاقارەوە ‹ماهی جانوری خونسرد است: ماسی گیانداریکی خوێن‌ساردە› ٢. *[کنایی]* سست؛ شل‌وشەویق؛ کەمهەست ‹آرام بسیار خونسرد است: ئارام زۆر سستە› ٣. *[کنایی]* لەسەرخۆ؛ پشوودرێژ؛ خاوەن توانایی بەرگری کردن لە دەربڕینی بەرپەرچدانەوەی هەیەجانی لە بەرانبەر ڕووداوگەلێکی ناخۆش و نالەبارەوە ‹خونسرد باش، چیزی نیست: لەسەرخو بە، هیچ نیە› ❋ بەرامبەر: **خونگرم**

خونسردی / xûnsardî/: *اسم. [کنایی]* لەسەرخۆیی؛ ئارامی؛ پشوودرێژی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بە تاقەت بوون ‹خونسردی خوب است اما نە این‌قدر: پشوودرێژی چاکە، بەلام نەک ئەمەندە›.

خونسنگ / xûnsang/: *اسم.* هیماتیت؛ خاکی‌ئاسن؛ خاکێکی سوورکارە لە زۆرترین کانیگەلی ئاسن کە زیاتر بۆ دروست‌کردنی ئاسن و پۆلا دەکاردێ.

خون‌شاشی / xûnšāšî/ ☜ **هِماتوری**

خون‌شناسی / xûnšenāsî/: *اسم.* خوێن‌ناسی؛ لقێ لە زانستگەلی ژیان‌ناسی، سەبارەت بە خوێن و ئەوشتانەی کە خوێن پێکدێنن.
هەروەها: **خون‌شناس**

خونفشان / xûnfešān/: *صفت. [ادبی]* ١. خوێن‌پڕژێن؛ بە تایبەتمەندی یان توانایی پژاندنی خوێنەوە ‹چشم خون‌فشان: چاوی خوێن‌پژێن› ٢. خوێنڕێژ.

خونگرم / xûngarm/: *صفت.* ١. خوێنگەرم؛ بە تینی لەشی کەم تا کورت نەگۆڕ لە بەرانبەر گۆڕانی دەمای ئاقارەوە ٢. *[کنایی]* دلاوەر؛ بە دلەو نزیک؛ خاوەن هەست و نەستی دلۆڤانە لە ئاست دلۆڤانی و دۆستی دیترانەوە ❋ بەرامبەر: **خونسرد**

خونگرمی / xûngarmî/: *اسم. [کنایی]* خوێنگەرمی؛ دلاوەری؛ ڕۆح‌سووکی؛ دۆخی بە هەست و نەست بوون.

خونگیری / xûngîrî ، ـها/: *اسم.* خوێنگری؛ کار یا ڕەوتی گرتنی خوێن لە گیاندار (مرۆ یان حێوان) بۆ تاقی‌کردنەوە، گۆزانەوە یان دەرمان.

خونمردگی / xûnmordegî ، ـها/: *اسم.* هەلازران؛ خوێن تێ‌تزان؛ خوێنی گرساوی ژێر پێست ‹در چند نقطه از بدنش، خونمردگی دیده می‌شد: لە چەند جێ لەشیدا، هەلازران دەبینرا›.

خون‌هراسی / xûnharāsî/: *اسم. [روان‌شناسی]* خوێنگرتوویی؛ خوێنگیری؛ ڕەوتی ترسان و تێکچوونی حال لە دیتنی خوێن.

خونی / xûnî/: *صفت.* ١. خوێنی؛ پێوەندیدار بە خوێنەوە ‹بیماری خونی: نەخۆشی خوێنی› ٢. خوێنین؛ خوێناوی؛ خوێنالی؛ خوێناولین؛

ونالین؛ خوینەلۆ ‹پیراهن خونی: کراسی خوینالی›
٣. قەسایقەس؛ قەستەسەر؛ خاوەن ڕق و دژمنایەتی زۆر ‹دشمن خونی: دژمنی قەسایقەس›.

خونین / xûnîn/: *صفت. [ادبی]* خوێناوی: ١. خوێناوڵ؛ ونالین؛ گۆنین؛ گۆنێن ‹صورت خونین: ڕوومەتی خویناوی› ٢. بە کوشتوبڕ ‹جنگ خونین: شەڕی خویناوی›.

خونین‌ومالین / xûnîn-o-mālîn/: *صفت.* خوێناولین؛ خوێناولی؛ ونالین؛ خلتان‌خوێن؛ خلپان‌خوێن؛ بریندار و خوێناوی ‹او را خونین و مالین آوردند و خواباندند روی تخت: خویناولین هێنایان و لە سەر تەخت درێژیان کرد›.

خوی / xoy/: *اسم.* ١. *[ادبی]* خۆ؛ خوهـ ؛ خوە؛ ئارەق؛ هارەق؛ نمی لەش؛ ئارەقی لەش ٢. قوڵ؛ ئاوێ کە لە زەوی هەڵدەقوڵێ.

خوی / xûy ، ـها/: *اسم. [ادبی]* خوو؛ خۆ؛ خو؛ خووی؛ خدە؛ خدێ؛ خدێک؛ هو؛ ڕەوشت؛ ئاکار؛ نەریت؛ قەوات.

خویش[1] / xîš ، ـها؛ ـان/: *اسم.* خزم؛ کەس؛ کریڤ؛ کرێڤ؛ کریو؛ خێش؛ خوێش؛ کەس‌وکار؛ قەوم؛ نیاس ‹خویش نزدیک ماست: خزمی نزیکمانە›.

خویش[2]: *ضمیر. [ادبی]* خۆ؛ خوە؛ وێ؛ خۆی؛ خدی کەس ‹دست خویش؛ کتاب خویش: دەستی خو؛ کتێبی خو›.

خویشاوند / xîšāvand ، ـها؛ ـان/: *اسم.* خزم؛ خویش؛ خێش؛ لێز؛ مریبا؛ مەردوم؛ مەرڤ؛ کریف؛ کرێف؛ کریو؛ نیاس؛ مەرەڤ؛ قەوم؛ قیل؛ قۆم؛ قەوم و قیلە؛ کەس‌وکار ‹با هرکس خویشاوند بود، کمکش می‌کرد و دستش را می‌گرفت: لەگەڵ هەر کە خزم بوایە، یاریدەی دەدا و دەستی دەگرت›.

▣ **خویشاوند سببی**: خزمی ژن و ژنخواز؛ هەموو ئەو خزمانە کە بە بۆنەی ژن‌هێنان یان شوو کردنی کەسێکەوە بوونەتە خزم ‹عموی زنت، خویشاوند سببی تو می‌شود: مامی ژنەکەت ئەبێتە خزمی ژن و ژنخوازی تۆ›.

خویشاوند نسبی: خزمی خوێنی؛ خزمی هاوپشت؛ هاوتیرە ‹عموی تو خویشاوند نسبی توست: مامت، خزمی خوێنی تۆیە›.

خویشاوند نزدیک: خزمی نزیک؛ بربڕە؛ لێزم؛ قەومی نزیک. هەروەها: **خویشاوند دور**

خویشاوندی / xîšāvandî ، ـها/: *اسم.* خزمایەتی؛ خۆیایەتی؛ خوێشایەتی؛ خوێشی؛ خێشی؛ خۆیەتی؛ قەومایەتی؛ قەومی؛ دۆخ یان چۆنیەتی خزم بوون ‹آرام با سارا رابطەی خویشاوندی ندارد: ئارام پێوەندی خزمایەتی لەگەڵ سارادا نیە›.

خویشتن / xîštan/: *ضمیر. [ادبی]* خۆ؛ خوە؛ وێ؛ خۆی؛ خودی کەس ‹سرای خویشتن: ماڵی خۆ›.

خویشتن‌بینی / xîštanbînî/: *اسم. [ادبی]* خۆبینی؛ فیز؛ بادی هەوایی؛ خۆ پەسندی.

خویشتندار / xîštandār/: *صفت.* خۆ ڕاگر؛ خوددار؛ خاوەن خوو یان ئۆگرەتی بە خۆڕاگری.

خویشتن‌داری / xîštandārî ، ـها/: *اسم. [ادبی]* خۆڕاگری؛ دۆخی بەر خۆگرتن لە بەرانبەر نیشاندانی هەر چەشنە کردەوەیەکی دژبەریەوە.

خویشفرما / xîšfarmā ، ـها؛ ـان/: *اسم.* خۆفرمان؛ کەسێ کە خاوەن‌کاری خۆیەتی و بە جێی فرۆشتنی هێزی کاری، بەرهەمی کارەکەی بە کڕیار دەفرۆشێ.

خویشکار / xîškār ، ـها؛ ـان/: *صفت. [ادبی]* ١. ئەرکناس؛ وەخۆگر؛ کەسێ کە ئەرکی سەرشانی خۆی جوان و ڕێکوپێک بەرێوە دەبا ٢. ئاماتۆر.

خویشکاری / xîškārî/: *اسم. [ادبی]* ١. ئەرکناسی؛ وەخۆ گری ٢. ئاماتۆری.

خویشی / xîšî/: *اسم.* خزمایەتی؛ خوێشی؛ خێشی؛ خۆیایەتی؛ قەومایەتی.

ـ خویی / xûyî/: *پیوارژه.* ـ خۆیی؛ ـ ڕەوشتی؛ ـ خوویی؛ دۆخی هوکارە بوون ‹تندخویی؛ درندەخویی: توندەخویی؛ دڕندەخۆیی›: **خوئی**

خیابان / xiyābān ، ـها/:اسم. شەقام؛ خیابان:
۱. ڕێگەی پان و پێکوت‌کراو؛ ڕێگایەکی گشتی کە لە شار یان گوندێک دروست‌کراوە و زۆرتر لە دوو لاوە پیادەڕۆی هەیە ۲. ڕاستەڕێ؛ بوارگەیەکی پانی خشت‌ڕێژی‌کراو لە باخ، پارک، وەرزشتگا و...دا.

▣ **خیابان گز کردن**:/کنایی/ ڕاوێچکە کردن؛ پیاسەکردن؛ خیابان پیمەی؛ بێ‌قازانج ڕێگە کوتان.

خیابان‌بندی / xiyābānbandî ، ـها/:اسم. شەقام‌ڕێژی؛ شەقام‌بەندی؛ گەلالەداڕێژی بۆ کێشانی شەقامی گەڕەک یان شارێک.

خیابان‌کشی / xiyābānkešî ، ـها/:اسم. شەقام‌کێشی؛ کار یان ڕەوتی دروست‌کردنی شەقام.

خیابان‌گردی / xiyābāngardî ، ـها/:اسم. ۱. پیاسە؛ کاری گەڕان بە شەقامدا ۲./کنایی/ ڕاوێچکە؛ لە بەر بێکاری یا بۆ کات دانەسەر ڕێگە کوتان.

خیابانی / xiyābānî/: صفت. شەقامی؛ خیابانی ‹تظاهرات خیابانی: خۆ پیشاندانی شەقامی›.

خیار / xiyār ، ـات/:اسم. ۱. ـها/ خەیار؛ خیار؛ خێیار؛ هاروو؛ ئارو؛ هارو؛ یارو؛ هاروێ؛ ئاروێ؛ بنەگیاییێکی لاسک‌ڕاکشاوی تووکنە بە گەلای پانی ددانەدار، گوڵی زەرد و بەری خواردنی بۆنخۆشەوە ۲. ـها/ خەیار؛ هاروو؛ ئاروو؛ بەری ئەو گیایە ۳./حقوق/ [اعربی] بژارە؛ ئیختیارێک کە بە هەر دوو لای سەودا دەدرێ، بۆ بەتاڵ کردنەوەی مامەڵەیان.

▣ **خیار اصلی**:/حقوق/ بژارەی بنەمایی؛ بژارەی سەرەکی؛ سەربەستیەک کە بە بڕیاری قانوون بۆ هەموو کەسێک هەیە.

خیار تأخیر:/حقوق/ ئیختیاری فرۆشیار بۆ بەتاڵ کردنەوەی سەودا و مامەڵە، ئەگەر کڕیار بایی ئەو شتەی کڕیویە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا نەدا.

خیار تدلیس:/حقوق/ بژارەی دەلەسە؛ ئیختیاری کڕیار بۆ بەتاڵ کردنەوەی مامەڵە، ئەگەر فرۆشیار لەو شتەدا کە فرۆشتوویەتی فێڵی کردبێ.

خیار ترشی: ۱. خەیار تورشی؛ خەیار ترشی؛ خیاری ورد و جوان بۆ ترشیات ۲. ☜ **خیارترشی**

خیار چنبر ☜ **خیارچنبر**

خیار حیوان:/حقوق/ بژارەی ئاژەڵ؛ ئیختیاری کڕیار بۆ بەتاڵ‌کردنەوەی مامەڵە تا سێ ڕۆژ دوای مامەڵەکە، ئەگەر ئەوشتەی کە مامەڵە کراوە ئاژەڵ بێ.

خیار رُویت:/حقوق/ بژارەی دیتن؛ ئیختیاری کڕیار بۆ هەڵوەشاندنی سەودا، ئەگەر کالاکە شتێک بێ جگە لەوەی کە پێشتر دیویە.

خیار شرط:/حقوق/ بژارەی مەرج؛ شەرتێک کە لە سەودا بۆ هەر دوو لای مامەڵە دابین کرابێ (وەکوو ئەوە کە ئەگەر کڕیار تا دوو مانگ کالاکەی نەویست، مافی هەڵوەشاندنی هەیە).

خیار عیب:/حقوق/ بژارەی خەوش؛ ئیختیاری کڕیار بۆ هەڵوەشاندنەوە ئەگەر دوای مامەڵە ڕوون ببێتەوە کالاکە عەیبی هەیە و پێشتر فرۆشیار ئەوەی نەگوتووە.

خیار عین:/حقوق/ بژارەی چاو پێ‌کەوتن؛ ئیختیاری کڕیار بۆ هەڵوەشاندنەوە، ئەگەر کالاکە لە دەستی فرۆشیاردا نەبێت (وەک فرۆشتنی ئەو ماسیە کە هێشتا نەگیراوە).

خیار غَبن:/حقوق/ بژارەی گزی؛ ئیختیاری هەرکام لە دوو لای مامەڵە بۆ هەڵوەشاندنەوە ئەگەر هەرلاییێکی مامەڵەکە بووبێتە هۆی خەسار دیتنی ئەوی دیکەیان.

خیار قلمی: خەیاری قەڵەمی؛ خەیارێ لووس و باریک.

خیار مجلس:/حقوق/ بژارەی کۆڕ؛ ئیختیاری

هەر دوو لای مامەڵە بۆ هەڵوەشاندنەوە تا کاتێ کە لە کۆڕی مامەڵەکە نەهاتبێتنە دەرەوە.

خیارترشی / xiyārtorši:/اسم. ترشیاتی خەیار؛ خەیار تورش؛ خەیارێ کە لە سرکەدا هێشتوویانەتەوە و ترش بووە و بۆتە ترشی.

خیارچنبر / xiyārčambar, -čanbar، ـها:/اسم. ترۆزی؛ تەرۆزی؛ ترێزوو؛ چەماو؛ چەمیلە؛ شارۆخ؛ شارۆق؛ قتێ؛ خەیار چەمەر؛ چەمەرە خەیار؛ خەیار چەمبەر؛ خیارشینگ؛ کالیاری فەریک و کاڵ، بە شێوەی کەوان، بە پێستی ڕێ- ڕێ و زرووەوە.

خیارشور / xiyāršûr، ـها:/اسم. خەیارشۆر؛ خیارشۆر؛ خەیارێکی ماوەیێک لە ناو ئاوخوێ نراو، کە وەک تامی خۆراکی بە کاری دەبەن.

خیارک / xiyārak، ـها:/اسم.[پزشکی] لووکوان؛ ئالگ؛ تەشەنەی لووی ناوگەڵ یان بنهەنگڵ.

خیاره / xiyāre:/اسم. درزی ئەستوون؛ کێڕ؛ کێڵ؛ گاز؛ درزی باز بووی بەرەوخوار.

خیاط / xayyāt، ـها؛ ـان/: [عربی]/اسم. دروومانکار: ۱. کەسێ کە لە خەیاتیدا توانایە ۲. خەیات؛ جلدروو؛ بەرگدوور؛ بەرگدروو؛ ماشێنەچی؛ ماکینەچی؛ مەکینەچی؛ دەرزی؛ جل وراز.

خیاطی / xayyātî: [عربی]/اسم. خەیاتی؛ دروومانکاری: ۱. واستەی؛ ورازین؛ دروومان؛ کاری دوورینی گنج و هەر شتێ کە لە پارچە بێ ‹دارم خیاطی می‌کنم: خەریکم خەیاتی دەکەم› ۲. پیشەی دروومانکار ‹خیاطی شغل من است: خەیاتی پیشەی منە› ۳. /ـها/ شوێنی دروومان ‹در خیاطی کار می‌کنم: لە خەیاتیدا کار دەکەم› ❊ دوزندگی

◘ **خیاطی زنانه**: کارگایەک بەرگی ژنانی تێدا ئەدوورن. هەروەها: **خیاطی مردانه**

◘ **خیاطی کردن**: جل و بەرگ دوورین؛ خەیاتی کردن؛ خەریکی دروومانکاری‌بوون؛ سازکردنی جل و بەرگ.

خیال / xiyāl، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. خەیاڵ؛ خیاڵ: ۱. بوورە؛ بیر؛ یاد؛ کار یا ڕەوتی هێنانە بەر چاوی شتێک لە مێشکدا، کاتێک کە ئەو شتە لە پێش‌چاودا نەبێ ‹همین که بیکار می‌شد، خیال وطن، خانه و خانواده به سراغش می‌آمد: هەرکە بێکار دەبوو، خەیاڵی نیشتمان، ماڵ و بنەماڵەکەی دەیدایە سەری› ۲. گومان؛ گەمان؛ تێڕوانین؛ بۆچوونێک کە بەبۆنەی بەهەڵەچوونی هەشکەوە دێتە ناو مێشک ‹به خیال من کسی پشت پنجره بود: بە خەیاڵی من کەسێک لە پشت پەنجەرەکەدا بوو› ۳. بوورە؛ هزر؛ بیرێک کە بەرهەمی مێشک و بۆچوونەکانی بێ، نەک داهاتێیکی ڕاستەقینە ٤. بۆچوون؛ بیر و ئەندێشەیەک کە هێشتا لە دنیای ڕاستەقینەی دەرەوە نەبینراوە و بەکار نەهێنراوە ٥. *[مجازی]* بوورە؛ هزر ‹او را در خیال مجسم می‌کرد: لە خەیاڵدا دەیهێنایە بەرچاو› ٦. *[گفتاری]* ترس؛ سام؛ سامی؛ تەرسی؛ ئەندێشە؛ بیر و بۆچوونێک کە بە هۆی خۆف و پەرێشانیەوە بەدی بێ ‹خیال برش داشت که نکند همسایه‌اش دزد باشد: ترس دایگرت، نەکا جیرانەکەی دز بێت› ۷. *[گفتاری]* گریمان ‹خیال کن او دزد، چە چیز تو را می‌خواهد ببرد؟: گریمان دزبێ، چیت هەیە ببا؟› ۸. گومان؛ گەمان ‹خیال می‌کنی او از عهده‌ی این کار برمی‌آید؟: خەیاڵ دەکەی ئەم کارەی پێ دەکرێ؟›.

◘ **خیال باطل/ خام/ واهی**: خەیاڵ‌پلاو؛ خەیاڵی‌خاو؛ بیری هەرز؛ بوورەی دوور؛ لێکدانەوەی بێ‌بەهرە.

◘ **خیال بد به دل راه ندادن**: دڵ پەرێشان نەکردن؛ نیگەران و پەشێو نەبوون ‹هر جا باشد تا یک ساعت دیگر برمی‌گردد، خیال بد به دلت راه نده: لە هەر کوێ بێ تا سەعاتێکی‌تر دێتەوە، دڵی خۆت پەریشان مەکە›.

خیال بد کردن: بیری خراپ کردنەوە؛ گومانی خراپ‌کردن؛ خەیاڵی خراپ‌کردن ‹خیال بد نکن او می‌خواست کمکت کند: بیری خراپ مەکەوە، ئەو دەیویست یاریدەت بدا›.

خیال برداشتن: ترس داگرتن؛ تووشی دڵزراوی هاتن؛ ترس لێ‌نیشتنەوە ‹در آن تنهایی خیال برش‌داشته بود: لەو تەنیاییەدا ترس دایگرتبوو›.

خیال داشتن: بە نیاز بوون؛ گەرەک بوون؛ هەرەک بوون؛ ویستن ‹خیال داشت خانه را بفروشد، من نگذاشتم: بە نیاز بوو ماڵەکە بفرۆشێ، من نەمهێشت›.

خیال در سر پروراندن: مرخ لێ‌خۆش کردن؛ خەیاڵ پلاوکردن؛ خەیاڵێکی نابەجێ لە مێشکدا بارهێنان ‹سالها این خیال را در سر می‌پروراند که آن خانه را تصاحب کند: چەنای چەند ساڵ مرخی لێ خۆش کردبوو ئەو ماڵە داگیر کا›.

خیال کردن: خەیاڵ کردن؛ گومان کردن؛ وازانین؛ پاسەی زانەی.

خیال کسی جمع بودن: ئارخەیان بوون؛ نەبوونی نیگەرانی؛ ئاسوودەخاتر بوون ‹از بابت مغازه خیالم جمع است: لەمەڕ دووکانەکەوە ئارخەیانم›. هەروەها: **خیال کسی راحت بودن**

به خیال افتادن: کەوتنە خەیاڵەوە؛ وە خەیاڵ‌کەوتن؛ نیەت‌کردن ‹به خیال زن گرفتن افتاد: کەوتە خەیاڵی ژن هێنانەوە›.

به خیال کسی رسیدن: ١. گومان کردن؛ وازانین ‹به خیالش رسید چیزی پشت درختها تکان می‌خورد: گومانی کرد شتێک لە پشت دارەکانەوە دەجووڵێتەوە› ٢. بیرکردنەوە ‹به خیالم رسید بهتر است همه چیز را ول کنم و بروم: بیرم کردەوە چاترە دەست لە هەموو شتێک بەردەم و بڕۆم›.

خیالات / xiyālāt/: [عربی] /اسم. [گفتاری] خەیالات؛ وەڕزارە؛ شەڤرەشک؛ خاو و خیال ‹آن شب خیالات او نگذاشت بخوابم: ئەو شەوە خەیالاتی، نەیهێشت بخەوم›.

خیالاتی / xiyālātî/: [عربی] صفت. خەیالاوی؛ خەیالاتی؛ ترس و گومان پێوەپێچراو ‹مثل این‌که خیالاتی شده‌ای، اینجا که چیزی نیست: وا دیارە خەیالاوی بووی، لێرە خۆ شتێک نیە›.

خیال‌انگیز / xiyālangîz/: [عربی/ فارسی] صفت. دڵڕفێن؛ دڵ‌بزوێن؛ هۆی بەدیهاتنی خەیاڵی خۆش ‹دشت، زیبایی خیال‌انگیزی داشت: دەشتەکە، جوانیەکی دلرفینی بوو›.

خیالباف / xiyālbāf، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. خەیالپەروەر؛ خەیاڵباف؛ خاوەن خوو یان ئۆگرەتی بە خەیالپەروەری ‹جوان خیالباف: لاوی خەیالپەروەر›.

خیالبافی / xiyālbāfî، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. خەیالپەروەری؛ کار یا ڕەوتی پەروەراندنی بیر و هزری ناڕاست یان ناکردەوەیی ‹بس است دیگر، دست از این خیالبافی بردار و قدری چشمت را باز کن: بەسە ئیتر، دەس لەم خەیالپەروەریە هەڵگرە و تۆزێک چاوت بکەوە›.

خیالپرداز / xiyālpardāz، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. ١. خەیالاتی؛ خەیالاوی ٢. خەیالپەروەر؛ خاوەن ئۆگرەتی یان توانایی خۆش کردنی وێنە و دیمەنی خەیاڵی.

خیالپردازی / xiyālpardāzî، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. ١. دۆخ یان چۆنیەتی خەیالاوی بوون ٢. خەیالپەروەری؛ ڕەوتی هێنانە بەر چاوی دیمەنی خەیاڵی.

خیالپرست / xiyālparast، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. خەیالپەرست؛ خوازیاری ڕووداوانی خەیاڵی و هزر و بیری ناکردەوەیی. هەروەها: **خیالپرستی**

خیالپرور / xiyālparvar/: [عربی/ فارسی] صفت. ١. خەیالپەروەر ٢. خەیالاتی؛ ئۆگری خۆش کردنی وێنەی زەینی و خەیاڵی.

خیالپروری / xiyālparvarî، ـها/: [عربی/ فارسی]

/اسم. خەیاڵپەروەری؛ ڕەوتی هێنانە بەر چاوی دیمەن یان بابەتی خەیاڵی.

خیالی / xiyālî/: [عربی] صفت. خەیاڵی؛ خیاڵی: ۱. ناڕاست ‹قهرمان خیالی: قارەمانی خەیاڵی› ۲. ناکردەوەیانە؛ ناکارانە؛ ناکرداری ‹نقشه‌های خیالی: نەخشەگەلی خەیاڵی›.

خیانت / xiyānat، ـها/: [عربی]/اسم. ناپاکی؛ خەیانەت؛ دوخمانی؛ کارێکی دژ بە بڕوا و ئەمەگداری لە حاند کەس یان کەسانی ترەوە ‹خیانت در امانت؛ خیانت به وطن: خەیانەت لە ئەمانەتدا؛ خەیانەت بە نیشتمان›. هەروەها: **خیانت دیدن؛ خیانت کردن؛ خیانت ورزیدن**

خیانت‌آمیز / xiyānatāmîz/: [عربی/ فارسی] صفت. ناپاکانە ‹رفتار خیانت‌آمیز: کردەوەی ناپاکانە›.

خیانت پیشگی / xiyānatpîšegî/: [عربی/ فارسی] /اسم. ناپاکی؛ ناپاکیەتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی خەیانەت کردنە پیشە.

خیانت پیشه / xiyānatpîše، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] صفت. ناپاک؛ بە عادەت و هۆگری خەیانەت کردنەوە ‹شریکش خیانت‌پیشه بود: شەریکەکەی ناپاک بوو›.

خیانتکار / xiyānatkār، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. دوخمان؛ خاین؛ ناپاک ‹دوست خیانتکار؛ همسر خیانتکار: دۆستی دوخمان؛ هاوسەری خاین›.

خیت / xît/: /اسم. خیت: ۱. ناکام؛ سەر نەکەوتوو ‹پا شدیم رفتیم سینما، بلیط تمام شده بود، خیت شدیم: هەستاین ڕۆیشتین بۆ سینەما، بلیت تەواو ببوو، خیت بووین› ۲. سەرشۆڕ ‹با این پذیرایی‌ات مرا جلو مهمانها خیت کردی: بەم میواندارییەت منت لە لای میوانەکانەوە خیت کرد› * **خیط**

⊡ **خیت کاشتن**: خراپکاری کردن؛ تێ‌ڕیان؛ کارێک بە خراپی جێبەجێ کردن و تێیدا سەرنەکەوتن ‹با این سخنرانیت خیت کاشتی و آبروی ما را هم بردی: بەم وتاردانەت خراپکاریت کرد و ئابڕووی ئێمەشت برد›.

خیتی / xîtî/: /اسم. [گفتاری] ۱. نەهاتی؛ ناکامی ۲. سەرشۆڕی؛ شەرمەزاری * **خیطی**

⊡ **خیتی بالا آوردن**: خراپکاری کردن؛ تێ‌ڕیان؛ شکست خواردن؛ لە کارێکدا سەرنەکەوتن ‹سر امتحان خیتی بالا آوردم و نتوانستم درست جواب بدهم: لە ئەزموونەکەدا خراپکاریم کرد و نەمتوانی چاک وەڵام بدەمەوە›.

خیر / xayyer، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. خێرومەند؛ خێرومەن؛ خێرکار؛ نووککار؛ خاوەن چاکە؛ بە پیاوەتی ‹مردم خیّر به یاری سیلزدگان شتافتند: خەڵکی خێرومەند چوونە فریای لافاو لێدراوەکانەوە›.

خیر[1] / xeyr/: [عربی]/اسم. خێر؛ خەیرە: ۱. کاری چاکە ‹خیر دیدن؛ کار خیر: خێر دیتن؛ کاری خێر› ۲. قازانج؛ بەهرە؛ فایدە ‹خیر او به کسی نمی‌رسد: خێری بە کەس ناگا›.

⊡ **خیر بردن** ☜ **خیر دیدن**

خیر بودن: چاک بوون؛ خاس بوون؛ خێر بوون ‹نیتتان خیر است: نیازتان چاکە›.

خیر دیدن: خێر دیتن؛ چاکە دیتن؛ خاسە دیتن؛ بەهرە پێ گەیشتن ‹ببر، خیرش را ببین؛ پسرم، خیر ببینی: ببیە، خێری لێ ببینی؛ کوڕەکەم، خەیر بوینی›: **خیر بردن**

خیر رساندن: خێرگەیاندن؛ بەهرە پێ گەیاندن؛ قازانج گەیاندن ‹تا حالا چقدر به تو خیر رسانده باشد خوب است؟: تا ئێستا چەندی خێر پێت گەیاندبێ باشە؟›.

خیر کسی را خواستن: خێری کەسێ ویستن/ خواستن؛ هەرەک بوونی خێر و بەختەوەری کەسێک ‹پدرت خیر تو را می‌خواهد: باوکت خێری توی دەوێ›.

خیر کسی رسیدن: خەیر کەسێ گەیشتن؛ لە وی قازانج گەیشتن؛ لە کەسێکەوە خێرێک گەیشتن ‹خیر او به کسی نرسیده که من دومی‌اش

باشم: ئەو خەیری بەکەس نەگەییوە تا من دووهەمیان بم›.

بە خیر گذشتن: بە خێر چوون؛ خوا لادان؛ خوا دایوە ‹نزدیک بود بروم زیر ماشین، بە خیر گذشت: خەریک بوو بچمە ژێر ماشینەوە، بە خێر چوو›.

خیر [2]: *قید. [گفتاری]* نا؛ نە؛ نەی؛ نێ هەرێ؛ نەبەڵێ؛ خەیر؛ خێر؛ نەخێر؛ نەخەیر؛ وەرامی نەرێنی ماقووڵانە ‹خیر، این‌طور نیست: نا، وا نیە›.

خیرات / xeyrāt/: [عربی]/*اسم.* خێرات: ١. چاکەکاری، بەتایبەت بۆ وەدەس هێنانی جەزای بەخێر ‹چقدر برای پدرش خیرات می‌کند!: چەندە بۆ باوکی خێرات دەکا!› ٢. سەدەقە؛ کار یا ڕەوتی ماڵ بەخشین لە ڕێگەی خودادا ‹در راه خدا خیرات کن: لە ڕێی خودا خێرات کە›. هەروەها: **خیرات کردن**

خیراتی / xeyrātî/: [عربی] *صفت.* خێراتی؛ خێرات بووگ یان تایبەتی خێرات ‹حلوای خیراتی آورده بود: هەڵوای خێراتی هێنابوو›.

خیراندیش / xeyrandîš، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* خێرئەندیش؛ خاوەن خوو یان ئۆگرەتی بە بیرکردنەوە لە ڕێی چاکەی دیتراندا ‹دوستان خیراندیش به او توصیه کردند، مغازه باز کند: دۆستانی خێرئەندیش پێیان ڕاسپارد دووکانێک دانێ›. هەروەها: **خیراندیشی**

خیرخواه / xeyrxāh، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* خێرخواز؛ چاکەخواز؛ خێرخوا؛ خوازیاری خێرۆمەندی ‹او بخشنده و خیرخواه مردم بود: ئەو دەهندە و خێرخوازی خەڵک بوو›.

خیرخواهانه / xeyrxāhāne/: [عربی/ فارسی] *صفت.* خێرخوازانە؛ خێرخوایانە؛ بە دۆخ یان چۆنیەتی خێرخوازیەوە ‹نصیحت خیرخواهانە؛ فعالیت خیرخواهانە: ئامۆژیاری خێرخوایانە؛ چالاکی خێرخوازانە›.

خیرخواهی / xeyrxāhî، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* خێرخوازی؛ خێرخوایی؛ هۆگری جێبەجێ کردنی کارگەلی وا کە قازانجی بۆ کەسانی دیکەیە ‹این حرف من از روی خیرخواهی بود: ئەم قسەی منە لە ڕووی خێرخوازیەوە بوو›.

خیرگی / xîregî/: *اسم.* ١. مڕی؛ وڕی؛ بزی؛ ماقی؛ دۆخ یان چۆنیەتی چاو زەق بوون ٢. شەوارە؛ شەوارەیی؛ پەککەوتوویی لە دیتنی شتان بە هۆی زۆری تیشکەوە ٣. لەجی؛ هەرزەیی؛ لاساری.

خیرمقدم / xeyremaqdam/: [عربی]/*اسم.* بەخێراتن؛ خێرهاتن؛ خێرئامەی؛ وەش‌ئامەی؛ وتەیەک کە بۆ دەربڕینی خۆشحاڵی لە هاتنی کەسێک پێ دەگوترێ ‹یکی از دانش‌آموزان به میهمانان خیرمقدم گفت: یەک لە قوتابیان بەخێرهاتنی میوانانی کرد›.

خیروبرکت / xeyr-o-bar(e)kat, -barakat/: [عربی]/*اسم. [گفتاری]* خێر و بێر؛ خەیر و بەیر؛ خێر و بەرەکەت؛ کەڵک و قازانجێ کە درێژەی هەیە یان لە زۆر بووندایە ‹آن روزها کسب مردم خیر و برکت دیگری داشت: ئەو ڕۆژانە کاسپی خەڵک خێر و بێرێکی دیکەی هەبوو›.

خیره / xîre/: *صفت.* ١. ماق؛ زاق؛ زەق؛ بز؛ گز؛ زەقابی؛ واق؛ زل؛ مڕ؛ وڕ؛ هوڕ ‹نگاه خیره؛ چشم خیره: نوای ماق؛ چاوی زاق› ٢. *[ادبی]* بێهوودە؛ پووچ ٣. *[ادبی]* پەرێشان؛ پەشێو. هەروەها: **خیره شدن؛ خیره کردن**

خیره‌سر / xîresar، ـها/: *صفت.* لەج؛ لاسار؛ لەسەر؛ لەسار؛ هەرزە؛ سەرسەخت؛ سەربزێو؛ گوێ نەبیس لە قسەی خەڵک. هەروەها: **خیره‌سری**

خیری / xeyrî/ ☜ **شب‌بو**

خیریه / xeyrîyye/: [عربی] *صفت.* چاکەکاری ‹مؤسسەی خیریە: دامەزراوەی چاکەکاری›.

خیز [1] / xîz/: *اسم.* ١. باز؛ هەڵبەز؛ هەڵوەز؛ تاو؛ گومەتە؛ لیتک؛ بزووتنەوەی لەپڕ و بەرەو سەر ‹خیز برداشتن: بازدان› ٢. باز؛ هەڵبەز؛ بەرزایی

هەر پلەیەکی پلیکان ‹خیز پله: بازی پله›
۳. /پزشکی/ وەرهەم؛ تۆقلە؛ بلۆق؛ کۆ بوونەوەی نا ئاسایی و لە ڕادەبەدەری تراو لە بۆشایەکی لەشدا ٤. /گفتاری/ هێرش؛ پەلامار؛ هەڵمەت؛ شاتاول. هەروەها: **خیز برداشتن**

ـ خیز[۲]: پیواژه. ۱. ــ دار؛ نەخت؛ بە بەر و بوو ‹حاصلخیز؛ نفتخیز: بەردار؛ نەوتدار› ۲. /ان/ ـخێز؛ ـ ڕاب؛ ـهەڵس؛ ڕاپەر ‹سحرخیز: سەحەرخیز›.

خیزاب / xîzāb ، ـها/: اسم. لیپاو؛ لۆچاو؛ خێزاو؛ ئاقزین؛ گاپێل؛ نێرینەی ئاو.

خیزان / xîzān/: قید. هەڵس؛ هۆرز؛ هەڵتەک؛ ئاخێزان ‹اُفتان و خیزان: بە هەڵس‌وکەوتەوە›.

خیزاندن / xîzāndan/: مصدر متعدی. //**خیزاندی:** هەڵتساند؛ **میخیزانی:** هەڵدەستێنی؛ **بِخیزان:** هەڵسێنە// هەستاندن؛ هەڵساندن؛ هۆرزنەی؛ هۆرێزنای؛ ڕاپەڕاندن؛ هۆربێزنەی؛ خێزنەی؛ کەسێک یان شتێک لە جێی خۆیدا بەرز و ڕاست کردنەوە ‹بە زور او را از جای خیزاند: بەزۆر لە سەر جێ هەڵیساند›: **خیزانیدن**

■ صفت فاعلی: **خیزاننده** (هەڵسێنەر)/ صفت مفعولی: **خیزانده** (هەڵسێنراو)/ مصدر منفی: **نَخیزان** (هەڵنەستاندن)

خیزانیدن / xîzānîdan/ ☜ **خیزاندن**

خیزران / xeyzarān ، ـها/: [عربی]/اسم. ئارج؛ گوهیش؛ حەیزەران؛ هەزیران؛ هزیران؛ بامبوو؛ قامیشەهێندی؛ تەرگەز؛ قامیشی گەرمیان؛ گیایێکی تایبەتی ناوچەگەلی گەرم و شێدارە، چەند جۆری هەیە، بە لاسکی قورۆڵ یان ناوپڕ و گەڵای درێژ وەک هی خورماوە، لە لقی گۆچان و داردەس چێ دەبێ و لە گەڵا و پێستەکەشی تەناف و ڕایەخ دەچنرێ: **نی خیزران**

خیزش / xîzeš/: اسم. ۱. ئاخێز؛ کار یان ڕەوتی هەستان؛ هەڵسان؛ هۆرسەی ۲. /ـها/ شۆرش؛ ڕاپەڕین.

خیزک / xîzak/: اسم. ترۆپک؛ دهار؛ دوچک؛ قووچکە.

خیس / xîs/: صفت. تەڕ؛ فیس؛ شل؛ لیس؛ نمدار؛ شەدار؛ شۆدار؛ کەوتا؛ گەوزاو لە تراوێکدا ‹دست خیس؛ لباس خیس: دەسی تەڕ؛ جلی فیس›.

▣ **خیس خوردن:** خووسان؛ نمان؛ نمیان؛ فیسیەی؛ تێرۆ چوونی ئاو دە ناو شتێکدا ‹آلوها را گذاشتم داخل آب، خیس بخورند: ئاڵووەکانم نایە ئاو بخووسێن›.

خیس شدن: خووسان؛ فیسان؛ فیسیان؛ فیسیەی؛ تەڕ بوون؛ شل بوون ‹زیر باران پاک خیس شدم: لە ژێر باراندا تەواو خووسام›.

خیس کردن: ۱. خووساندن؛ فیساندن؛ فیسانن؛ فیسنەی؛ فیسەنە؛ تەڕکردن ‹لباسها را توی تشت خیس کردم: جلەکانم لە ناو تەشتەکەدا خووساند› ۲. میزکردن؛ تەڕکردن؛ هەڵمیزتن بە شتێکدا ‹بچه خودش را خیس کرد: منداڵەکە خۆی تەڕ کرد›.

خیساندن / xîsāndan/: مصدر متعدی. // **خیساندی:** خووساندت؛ **میخیسانی:** دەخووسێنی؛ **بِخیسان:** بخووسێنە// خووساندن؛ فیسنەی؛ فیسنای؛ فیساندن؛ نماندن؛ تلیساندن؛ تلّیساندن؛ شتێک بۆ تەڕ بوون لەگەڵ ئاو یان هەر تراوێکیتردا تێوەدان ‹برنج خیساندن: برینج خووساندن›: **خیسانیدن**. هەروەها: **خیساندنی**

■ صفت فاعلی: **خیساننده** (خووسێنەر)/ صفت مفعولی: **خیسانده** (خووسێنراو)/ مصدر منفی: **نَخیساندن** (نەخووساندن)

خیسانده / xîsānde/: اسم. میوەی وشکەوکراو یان دەنکەگیای دەرمان کە کراوەتە نێو ئاوەوە.

خیسانیدن / xîsānîdan/ ☜ **خیساندن**

خیسی / xîsî/: اسم. خووساوی؛ تەڕی؛ شلی ‹خیسی قالی از شیر سماور است که چکه می‌کند: هۆی خووساوی قاڵیەکە شێری سەماوەرەکەیە تکە دەکا›.

خیسیدن / xîsîdan/: مصدر. لازم. // **خیسیدی:** خووسایت؛ **می‌خیسی:** دەخووسی؛ **بخیس:** بخووسە// خووسیان؛ خووسان؛ فیسیەی: ۱. [نامتداول] تەڕ بوون؛ لە تراوێکدا گەوزان ۲. خووسیین؛ نەرم بوون بەهۆی ئاو؛ تێڕۆ چوونی ئاو دەناو شتێکەوە ‹وقتی خوب خیسید، آن را در می‌آوری: کاتێک چاک خووسا، دەری دێنی›. هەروەها: **خیسیدنی**

■ صفت مفعولی: **خیسیده** (خووساو)/ مصدر منفی: **نَخیسیدن** (نەخووسان)

خیش / xîš/: اسم. ئاموور؛ هەوجاڕ؛ هێش؛ هەنجاڕ؛ ئامووێر؛ هێشە؛ هەلا؛ کێش؛ هەڤجاڕ؛ دارجفت؛ یەرەق؛ گەلا؛ ئێرەق؛ ئێرەقە؛ ئامۆ؛ دار؛ باسکە ئاموور؛ ئەسپابی جووت؛ داری مابەینی نێر و دەندە؛ ئامێری کالانی زەوی کە دەیبەستنە گاوەسنەوە.

خیشوم / xîšûm/: [عربی] صفت. [نامتداول]تفنک؛ مفگە؛ فرنک؛ فرتک؛ خمخم؛ ماک؛ بڕناخ؛ بڕناخە؛ کونی لووت؛ کونالووت؛ کونە کەپو؛ کونا دفن.

خیشومی / xîšûmî/: [عربی] صفت. تفنکی؛ فرنکی؛ بڕناخی؛ پێوەندیدار بە کونی لووتەوە.

خیط / xît/ (!) ☜ **خیت**

خیطی / xîtî/ (!) ☜ **خیتی**

خیک / xîk ، ـها/: اسم. خیگە (هی بەران بۆ جێ ڕۆن)؛ خیگ؛ خیە؛ شورتان؛ شۆرتان؛ پێستە (هی مەڕ بۆ جێ ماست)؛ هیز؛ هەلێزە؛ هنگل؛ پۆسپەنێر؛ پێستی مەڕ یان بزن کە وەک کیسەیێکی گەپی لێ دەکەن و تراو، ڕۆن یان پەنێری تێدا هەڵدەگرن.

خیکی / xîkî/: صفت. ۱. خیگەیی؛ هەر شتێ لە ناو خیگە هەڵگیرابێ ‹پنیر خیکی: پەنێری خیگەیی› ۲. ـها/[مجازی] خیگە: زۆر چاخ و قەڵەو ‹یک مرد خیکی آمد، نشست کنار دستم: پیاوێکی خیگە هات و لە پەنا دەستمەوە دانیشت›.

خیل / xeyl ، ـها/: [عربی]/اسم. خێڵ: ۱. گەلە ئەسپ ۲. تاقم؛ هۆز؛ تیرە؛ ماکاش؛ پۆلی گەپ ‹یک خیل مهمان ریختند روی سرمان: خێڵێک میوان هاتنە ملماندا›.

خیلی[1] / xeylî/: [عربی] صفت. [گفتاری] زۆر؛ گەلەک؛ یەکجار؛ فرە؛ فریە؛ گوژمە؛ خەولێ؛ زەحف؛ زاف؛ خەیلێ؛ بە هەندێکی گەورەی نادیارەوە ‹خیلی بزرگ: زۆر گەورە›.

خیلی[2]: قید. زۆر؛ فرە؛ فریە؛ یەکجار؛ گەلەک؛ خەیلێ؛ زاف؛ فرێو؛ بە شێوەی گوژمە یان یەک لە دوای یەک ‹خیلی کار کردم؛ خیلی تند می‌رفت: زۆرم کار کرد؛ فرە توند دەچوو›.

خیلها / xeylîhā/: [عربی/ فارسی] ضمیر. زۆرێک؛ گەلێک؛ کۆمەڵێک؛ تاقمێکی زۆر لە گرووپێک کە ئاماژەیان پێ دەکرێ ‹خیلها مردند؛ خیلها رفتند: گەلێک مردن؛ کۆمەڵێک ڕۆیشتن›.

ـخیم / xîm/: پیواژه. ـهێم؛ تایبەتمەندی کردەوە ‹خوش‌خیم؛ دژخیم: خۆش‌هێم؛ دژهێم›.

خیمه / xeyme ، ـها/: [عربی]/اسم. [ادبی] خەرگا؛ شاسەیوان؛ خێوەت؛ خەیمە؛ جەرداخ؛ کۆن؛ هەواری؛ چایر؛ چادرە؛ چادر، بەتایبەت گەورەی.

⊡ **خیمه زدن:** هەڵدانی چادر؛ چادر لێدان؛ خێوەت هەڵدان؛ جەرداخ هەڵداین.

خیمه‌شب‌بازی / xeymešab.bāzî ، ـها/: [عربی/فارسی]/اسم. شاسەلیم؛ بی بی جان‌خانم؛ بووکەڵەوازی؛ شانۆیێک بووکە شووشەیی کۆن کە بە چەن دانە بووکەشووشە لە سەر شانۆیێکی بەشێوەی چادرەوە بەڕێوە دەچێ و دەرهێنەر بە گەڕاندن و جوولاندنی بووکەشووشەکان بە هۆی چەند بەنی نادیارەوە کار دەکا.

خیمه‌گاه / xeymegāh ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. هۆبە؛ زۆم؛ هەوارگە؛ جێگەیەک کە چادری تێدا هەڵدەدرێ.

د

د / d/: *حرف.* د؛ دەهەمین پیتی ئەلفوبێتکەی زمانی فارسی.

د[1] / de/: *اسم.* دێ؛ دال؛ ناوی دەهەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی.

د[2]: *صوت. [گفتاری]* دەی: ١. ئەی؛ دەک؛ تیح؛ پێح؛ حەک؛ حەی؛ عەک؛ نیشانەی سەیر و سەمەرەیی ‹د! پس آن همه پول را چه کردی؟: ئەی! ئەو هەمووە پارەت چی لێکرد؟› ٢. دە؛ دا؛ نیشانەی پێداگری ‹د بیا؛ د نکن؛ د بخور: دە وەرە؛ دەی مەکە؛ دە بخۆ› ٣. نیشانەی بەرهەڵستی ‹د! چرا اینطور می‌کنی؟: دەی! بۆچی وا دەکەی؟›.

داءالثعلب / dā'ossa'lab/: [عربی] *اسم.* مووڕێژە؛ مووەڕزە؛ خرکانە؛ نەخۆشی تووک وەرین لە لەشدا.

داءالرقص / dā'orraqs/: [عربی] *اسم.* بەرژەنگێکی دەماریە کە لە هەندێک نەخۆشیەوە سەرچاوکە دەگرێ و دەبێتە هۆی هەڵتەکان و هەڵبەزانی شان و جمگەی ڕان (وەک جموجوولی هەڵپەڕکێ).

داءالصدف / dā'ossadaf/: [عربی] *اسم.* پیسۆڕیازیس؛ نەخۆشینی ئاییسان و هەو کردنی پێست بە هۆیەکی نادیارەوە، کە پتر بە شێوەی پوولەکەگەلێکی سپی ئاماڵزێو لە سەر پێستی ئانیشک و ئەژنۆدا دەردەکەوێ.

داءالفیل / dā'olfîl/: [عربی] *اسم.* پاگرە؛ پێ مرە؛ نەخۆشی پەنەمانی پا: **پاغرە؛ پیلپایی**

داءالکلب / dā'olkalb/: [عربی] *اسم.* هاری؛ سەگەناز؛ نەخۆشیەکی درمە لە سەگ و گورگەوە دادەکەوێ.

دائر / dā'er/: [عربی] ☜ **دایر**

دائره / dā'ere/: [عربی] ☜ **دایره**

دائم / dā'em/: [عربی] ☜ **دایم**

دائمی / dā'emî/: [عربی] ☜ **دایمی**

دائماً / dā'eman/: [عربی] ☜ **دایماً**

دائن / dā'en/: [عربی] ☜ **داین**

دائی / dā'î/: [عربی] ☜ **دایی**

دات‌پرینتر / dātperîtner, -pirînter/: [عربی] ☜ چاپگر سوزنی، **چاپگر**

داخل[1] / dāxel/: [عربی] *اسم.* ناو؛ ناوەوە؛ دلێ: ١. نێو؛ دەروون؛ هەندروو؛ ناوی هەر شتێ ‹داخل اتاق خیلی گرم بود: ناو دیوەکە زۆر گەرم بوو› ٢. *[کنایی]* ناوخۆ؛ ناوەوەی وڵات ‹در داخل و خارج شناخته شده است: لە ناو و دەرەوەی وڵاتدا ناسراوە›.

⊡ **داخل شدن**: چوونە ناو؛ چوونە ناوەوە؛ چوونە ژوورەوە؛ چوونە نێو؛ ڕۆیشتنە ناو؛ لوای دلێ؛ ئەوناو چوون: ١. چوونە ناو شتێ ‹وقتی داخل شد وحشت کرد: کاتێ چووە ژوورەوە تۆقا› ٢. لەگەڵ ڕێکخراوە یان دەستەیەک

هاوکاری کردن یان بەشدار بوون ‹تو هم داخل حزب شدی؟: تۆیش چوویتە ناو حیزبەوە؟›.

داخل کردن: تێخستن؛ کردنە ناو؛ خستنە نێو/ ناو؛ ئەنەوسەی؛ وسەینە: ١. لە ناوەوەی جێگایەک دانان ‹داخل چاه کردن: کردنە نیو بیرەوە› ٢. بەشدار بوون یان خۆ نزیک کردنەوە ‹خودت را داخل این کارها نکن: خۆت مەخە نێو ئەم کارانەوە›.

داخل[٢]: *قید.* ١. لە نێو؛ لە ناو؛ ئەنەدلێ ‹پول داخل کیف است: پارەکە لە نیو کیفەکەدایە› ٢. ناوەوە؛ ژوورەوە؛ دلێ ‹بیا داخل؛ برو داخل: وەرە ژوورەوە؛ برۆ ناوەوە›.

▣ **داخل آدم بودن:** *[مجازی]* کەسێک بوون؛ لە ڕیزی خەڵک، بەتایبەت مرۆگەلی بەڕێز و بەبڕدا بوون. هەروەها: **داخل آدم شدن**

داخل آدم حساب کردن: بە کەس زانین؛ بە بنیادەم حساب کردن؛ بۆ کەسێ ڕێز و بایەخ دانان ‹آزاد او را داخل آدم حساب نمی‌کرد که نظرش را بپرسد: ئازاد ئەوی بە کەس نەدەزانی تا بیر و ڕای لێبپرسێ›.

داخله[١] / dāxele/: [عربی] *اسم.* ناوخۆ؛ هەندروو ‹اوضاع داخله ناآرام است: دۆخی ناوخو ئالۆزە›.

داخله[٢]: *صفت.* ناوخۆیی؛ دەروونی ‹چای داخله: چایی ناوخۆیی›.

داخلی / dāxelî/: [عربی] *صفت.* ناوخۆیی: ١. پێوەندیدار، هاوگەر یان بەندیوار بە ناوەوە ‹سیاست داخلی: سیاسەتی ناوخۆیی› ٢. ناوەکی؛ ناوەوە؛ هەڵکەوتوو لە ناوەوە ‹فضای داخلی: بۆشایی ناوەکی›.

داد / dād/: *اسم.* داد؛ دای؛ داو: ١. *[ادبی]* پاراستن یان بەڕێوەبردنی ئەوەی دروستە، بەتایبەت بە داوەری بێلایەنانە لە نێوان لاینگەل یا خود دەستنیشان کردنی پاداش و سزیای شیاو ٢. *[ادبی]* ماف؛ حەق؛ بەشێک کە هەر کەس بە هۆی گەلەمپەری یان قانوونەوە پێی دەدرێ ٣. *[گفتاری]* هەلا؛ هەرا؛ هاوار؛ دەنگی بە قەو.

▣ **داد دادن:** *[ادبی]* ماف دان؛ داد دان؛ حەق دان؛ نەهێشتنی ناحەقیکاری؛ دانی داد بە خاوەنی ڕاستەقینەی.

داد زدن: *[گفتاری]* ١. هاوارکردن؛ هەراکردن؛ نەڕاندن؛ قێڕاندن؛ قیراندن؛ زرچایش؛ نەڕای؛ قیڕنەی ٢. ☜ **داد کشیدن**

داد سخن دادن: وتاردان؛ وتاربێژی کردن؛ وتەوانی کردن؛ باش داخێویان لەمەڕ مەبەستێکەوە.

داد کردن: *[ادبی]* دادکردن؛ دادگەری کردن؛ بە گوێرەی قانوون یان ماف، کار کردن.

داد کسی بلند شدن/ بە هوا رفتن: *[گفتاری]* هاواری کەسێک بەرز بوونەوە؛ هاوار لە کەسێ هەڵسان/ بەرز بوونەوە ‹تا دست روی بازویش گذاشتم دادش بلند شد: هەر دەسم نایە سەر باسکی هاواری بەرزەوە بوو›.

داد کسی را درآوردن: دەنگی کەسێ دەرهێنان؛ دەنگوو یۆی ئاردەی ‹آن قدر پیله کرد تا داد مرا درآورد: هێندەی هەڵپێچام، دەنگی دەرهینام›.

داد کشیدن: *[گفتاری]* هاوارکردن/ کەردەی؛ نەڕاندن؛ قێڕاندن؛ قیراندن؛ زرچایش ‹داد می‌کشید و کمک می‌خواست: هاواری دەکرد و یارمەتی دەویست›: **داد زدن**

داد گستردن: *[ادبی]* دادگێڕان؛ داد پەروەراندن؛ داد بەخشین؛ مافی مەردم دابین کردن؛ دادگێڕی کردن.

بە داد کسی رسیدن: فریای کەسێ کەوتن؛ گەیینە فریای کەسێ؛ بۆ یارمەتی کەسێک چوون؛ بە هاواری کەسێکەوە چوون؛ چوونە هانای کەسێکەوە؛ یاوەی دادوو یۆیوە ‹اگر بە داد او نرسیدە بودم غرق می‌شد: ئەگەر فریای نەکەوتبام ئەخنکا›.

دادائیسم / dādā'îsm/: [فرانسوی]/اسم. دادایيسم؛ ڕێبازێکی هونەری کە لە دەکانی سێیەمی چەرخی بیستەم، لە ئورووپای ڕۆژئاوادا پەرەی ساند و لە سەر نەهێشتنی بنەماگەلی باوی نێوکۆمەڵگا پێداگری دەکرد.

دادار- دودور / dādārdudûr/: اسم. ۱. *[گفتاری]* شات و شووت؛ لاف و گەزاف؛ خۆ هەڵکێشان بە هەرا و هوریاوە ۲. *[کنایی]* کاسە و کەوچک؛ ئەسپاو؛ دوودوولە؛ ئەندامی زاوزێ نێرینە.

داداش / dādāš ، ـها/: [ترکی]/اسم. برا؛ ئابرا؛ ئابا؛ کاکە؛ کاک: ۱. *[گفتاری]* برادەر؛ برالە؛ برالە ‹داداش، مواظب باش!: برا، هۆشت بێ!› ۲. لاوژا؛ داش؛ کاکەبرا؛ ئاغەبرا (زۆرتر برای گەورە) ‹داداش من کارگر آنجاست: کاکەم کارگەری ئەوێیە›.

دادپرور / dādparvar ، ـها/: صفت. دادپەروەر؛ دادبەخش؛ عادڵ؛ خاوەن داد.

دادخواست / dādxāst ، ـها/: اسم. داخواز؛ داوخواز؛ دادخواز؛ سکالا؛ سکاڵە؛ سکالانامە؛ شکاتنامە؛ نامەی شکات بردنە بەر دادگا کە تێیدا نووسەر خوازیاری پێڕاگەیشتنێک دەبێ.

دادخواه / dādxāh/: صفت. دادخواز؛ دادبەر؛ سکالابەر؛ سکاڵەبەر؛ داوخوازکەر؛ شکایەت کەر؛ گلی کار.

دادخواهی / dādxāhî ، ـها/: اسم. داوخوازی؛ دادخوازی؛ گازن؛ هانابەری؛ ڕۆیشتن بۆ جێگەی دادپرسی بۆ گرتنی ماف.

دادرس / dādres ، ـها؛ ـان/: اسم. دادپرس؛ دادوەر؛ قازی؛ کەسێ کە بە داخوازی گازندەکەر ڕادەگا و دروست یان نادروستی داخوازەکەی ڕوون دەکاتەوە.

دادرسی / dādresî/: اسم. دادپرسی: ۱. /ـها/ کار یا ڕەوتی ڕاگەیشتن بە سکالای سکالابەر و ڕوونکردنەوەی دروستی یان نادروستیان، بەتایبەت لە لایەن بەرپرسی ڕەسمیەوە (وەکوو دادوەر) ‹جلسەی دادرسی بە شکایت مالکان تشکیل شد: دانیشتنی دادپرسی بە داخوازی مالکەکان پێک هات› ۲. یانەی دادپرسی؛ ڕێخراوەیێ کە ئەم کارەی لە ئەستۆدایە ‹دادرسی ارتش: دادپرسی ئەرتەش›.

دادستان / dādsetān ، ـها؛ ـان/: اسم. دادسێن؛ دادسان؛ دادستان؛ مافزانێ کە لە لایەن دەوڵەتەوە بەرپرسی ئاگاداری لە کۆمافی کۆمەڵگا، ڕاگەیشتن بە سەر درووس جێبەجێ بوونی قانوون و وەدووکەوتنی سەرپێچکاران بە یارمەتی دادگایە.

دادستانی / dādsetānî/: اسم. ۱. دادسانی؛ دادستانی ‹دادستانی دادگاه مطبوعات: دادسانی دادگای ڕۆژنامەکان› ۲. /ـها/ ژووری داد؛ دەفتەری کاری دادستان.

دادسرا / dādsarā ، ـها/: اسم. یانەی داد؛ مەزرینگەیەک کە دادستان و کارگێڕەکانی تێیدا کار دەکەن ‹او را به دادسرا احضار کردند: بانگیان کرد بۆ یانەی داد›.

دادگاه / dādgāh ، ـها/: اسم. دادگا: ۱. دادگە؛ جێگایێ کە دادپرس یا دادپرسان لەگەڵ دادستاندا بە گازنی سکالابەران ڕادەگەن؛ جێگەی سکالا بۆ بردن ۲. *[گفتاری]* دادپرسی؛ دادگایی ‹فردا دادگاه داریم: بەیانی دادگامان هەیە›.

▣ **دادگاه اداری**: دادگەی مەزرینگەیی؛ دادگای کارگێڕی؛ دادگای ئیداری؛ دادگەیێ کە لە ئیدارەیەکدا بۆ پێڕاگەیشتن بە سەر هەڵەکاری و سەرپێچی کارگێڕان پێک دێت.

دادگاه ارتش ☜ **دادگاه نظامی**

دادگاه استیناف: دادگای لە سەر گرتنەوە؛ دادگای پێداچوونەوە؛ دادگای لێکۆڵینەوە: **دادگاه تجدیدنظر**

دادگاه انتظامی: دادگایێ کە لە لایەن ئەندامانی تاقمێک یان پیشەیەکی کۆمەڵگاوە بە مەبەستی پێڕاگەیشتن بە چەوتی و سەرپێچی ئەندامەکانیەوە پێک دێت.

دادگـاه انقـلاب: دادگـای شـۆرش؛ دادگـای ڕاپـەڕین؛ دادگایـێ کـە لـە لایـەن ڕێبـەرانی ڕاپەڕینەوە بـۆ دادگـایی‌کـردنی نـەیاران و دژ هەڵویستان پێک‌دێ.

دادگاه انکیزیـسیون: دادگـای ئەنکیزیـسیون؛ دادگایێ کە لـە وڵاتـانی ئورووپـای ڕۆژاوا لـە سـەدەکانی ۱۵تـا ۱۷ی زاییـنیـدا، لـە لایـەن کلێسای کاتولیکەوە بۆ پـشکنینی بـیر و ڕای خەڵک و ڕاوەدوونانی نەیارانی کلێسا دامەزرا.

دادگاه بَدْوی: دادگەی سـەرەتایی؛ دادگایـێ کە بە چۆناوچۆنی کێـشە و شـیاوی دادگاکـە ڕادەگا.

دادگاه تجدیدنظر ☜ **دادگاه استیناف**

دادگاه صحرایی: دادگای سەرپێیی؛ دادگەیێ کە هاوکات لەگـەڵ گـیرانی تاوانبـار و بـەبێ تێپەڕانی قۆناغگەلی پێویست پێک‌دێ و بڕیار دەدا و ڕێ‌وڕا جێبەجێی دەکا.

دادگاه نظامی: دادگـای چەکـداری؛ دادگـای سەربازی؛ دادگایێ کە بـە تـاوانی چەکـداری ڕادەگا: **دادگاه ارتش**

دادگاهی / dādgāhî/: *صفت. [گفتاری]* دادگـایی؛ ناچار بە ئامادە بوون لە دادگادا بۆ دادگایی‌کردن ‹فرمانده گفت: «می‌دهم دادگاهی‌ات کنند»: فەرمانـدە گوتی: «ئەتدەم دادگاییت کەن»›.

▣ **دادگـاهی کـردن:** دادگـایی‌کـردن؛ کێـشانە دادگا؛ ئەنە دادگا کێشتەی.

دادگر / dādgar ، ـها، ـان/: *صفت. [ادبی]* دادگـەر؛ دادگێڕ؛ دادپەروەر؛ دادبەخش؛ خـاوەن ئاکـاری سازگار لەگەڵ قانووندا.

دادگـری / dādgarî/: *اسم. [ادبی]* دادگـەری؛ دادگێڕی؛ دادپەروەری؛ دادبەخـشی؛ کـارکردن بە پێی داد لە سەر قانوون.

دادگـستر / dādgostar ، ـان/: *صفت. [نامتـداول]* دادپەروەر؛ هۆگری بەرامبەری و لە دووی پـەرە دان بە داد و یەکچاوڕوانی.

دادگـستری / dādgostarî/: *اسم.* ۱. /ـها/ وەزارەتی داد؛ وەزارەتخانەیێ کە کـار و ئـەرکی پێڕاگەیـشتن بـە سـکاڵای ناحـەقی لێکـراوان و دانانی ڕادەی جزیا و تەمێ بۆ ملهوڕانە بەرامبـەر بە قانوون ۲. /ـها/ دادسـەرا؛ یانـەی داد؛ هـەر یەکـە لـە لقگـەلی ئـەو وەزارەتخانەیـە لـە پارێزگاکـان، کـە بەرپرسـی ئـەم کارەیـە ۳. *[نامتـداول]* دادپـەروەری؛ کـار یـان ڕەوتی پەرەپێدانی داد.

دادن / dādan/: *مصدر. متعدی. لازم.* // **دادی:** دات؛ **می‌دهی:** ئـەدەی؛ **بِـدِه:** بـدە// دان؛ وەدان؛ دایـن؛ دایین؛ یان؛ دای؛ دەی: ▫ *متعدی.* ۱. شـتێ بـە یەکێ بەخشین ‹گلها را به او دادم؛ به من پـول داد: گوڵـەکانم پـێ دا؛ پـارەی پـێ‌دام› ۲. هـەڵێ بـۆ دیتری ڕەخساندن ‹راه دادن؛ بـار دادن: ڕێ دان؛ بار دان› ۳. بار و دۆخـێ پێـک هێنـان ‹چین دادن؛ جوش دادن: چین دان؛ جۆش دان› ٤. هێنانە پێش چاو بۆ لێ‌ڕوانین ‹نشان دادن؛ نمایش دادن: پیـشان دان؛ نومایش دان› ۵. پێدان؛ بـە سـەردا هێنـان؛ سـەپاندن؛ داسـەپاندن؛ بارکـەردەی؛ پنـەدەی ‹گرسـنگی دادن: برسـیەتی پـێ‌دان› ٦. دانـان بـۆ فرۆش ‹توی میدان اینها را می‌دادند به صد تومان: لـە مەیداندا ئەمانەیان دەدا بە سەد تمەن› ۷. بە کارێ هەڵـپێچاندن ‹بدهیـد درش را ببندنـد؛ فرمـان دادن: بیدەن دەرگاکەی گاڵـەکەن؛ فـەرمان دان› ۸. بـە خوارد دانی شتێک ‹به بچه شیر دادن؛ بـە گلهـا آب دادن: شیر بە منداڵ دان؛ ئاوی گوڵ دان› ۹. کردنە هاوسـەری پیاوێـک ‹دخترشـان را دادنـد بـە پـسر همـسایه؛ شـوهر دادن: کچەکـەیان دا بـە کـوڕی دراوسێکەیان؛ بە شوو دان› ▫ *لازم.* ۱۰. بەدیهاتن؛ وەدیهـــاتن ‹محـــصول دادن: داهـــات دان› ۱۱. دەڵان؛ نمتک‌کـردن ‹سماور آب مـی‌داد، دادم درستش کنند: سەماوەرەکە ئاوی دەدا، دام دروسـتی کەن› ۱۲. کردی هاوکرد ‹جا دادن؛ رو دادن: جـێ دان؛ ڕوو دان›. هەروەها: **دادنی**

■ صفت فاعلی: **دهنده** (ـــ)/ صفت مفعولی: **داده** (دراو)/ مصدر منفی: **نَدادن** (نەدان)

دادنامه / dādnāme ، ـها/:اسم. دادنامه؛ بڕیارێ کە لە لایەن دادگاوە دەردەچێ ‹به موجب این دادنامه باید یک سال در زندان باشید: بە پێی ئەم دادنامەیە ئەبێ ساڵێ لە گرتووخانە بن›.

داد و بیداد / dād-o-bîdād/:اسم. هات و هاوار؛ هەرا و هەنگامە؛ هەرا و هوریا؛ داد و بێداد؛ داو و بێداو؛ زەنا ـ زەنا؛ گریچ؛ هاوار و هەلا، نەخوازە بۆ بەرهەڵستی، پلەندەری یان دادخوازی.

▣ داد و بیداد راه انداختن: داد و بێدادکردن؛ داو و بێداوکردن؛ هەرا و هوریا ڕێخستن ‹چرا سر هیچوپوچ این قدر داد و بیداد راه انداختی؟: بۆچی لە خۆڕایی ئەم هەمووە داد و بێدادە دەکەی؟›.

هەروەها: **داد و بیداد کردن**

دادوستد / dād-o-setad/:اسم. داوسەت؛ دان و سان؛ دان و سەندن؛ سەودا و مامەڵە؛ ئاڵشت؛ ئاڵش و وێرش؛ واروگۆڕ؛ فاروگۆڕ؛ ئاڵوویر: ۱. کار یان ڕەوتی گۆڕانەوەی شتومەک یان پارە ۲. بدە و بسێنە؛ بدە و بێنە؛ ئەو پەیوەندیە کە بەم بۆنەوە پێک‌دێ ‹با آنجا تاکنون دادوستد نداشتەایم: تا ئێستە لەگەڵ ئەوێدا داوسەتمان نەبووە›.

داد و فریاد / dād-o-faryād/:اسم. هاوار و داد؛ هەرا و هاوار؛ دای و فەریای؛ قوولاقوول؛ هەلا؛ قرم و قاڵ؛ هەرا و مەزات؛ چەقە و گۆڕ.

داد و قال / dād-o-qāl/: [فارسی/ عربی]/اسم. *[گفتاری]* چەقە و هەرا؛ هەرا و زەنا؛ زەنا ـ زەنا؛ قایش؛ گۆنگەشە؛ کێشە و هەرا؛ قیرە و هەرا: **داد و هوار**

دادوهوار / dād-o-havār/ ☜ **داد و قال**

داده / dāde ، ـها/:اسم. دەیتا؛ دراوە؛ زانیاریەکی ڕاستەقینە و کردەوەیی (وەک ئەندازە یان ژمێرکۆ) لە هەر شتێک کە دەبێتە بنەمای بۆچوون، لێکۆڵینەوە یان هەژماردن ‹دادەهای آماری: دراوەی ژمێرکۆیی›.

داده‌آمایی / dāde'āmāyî/:اسم. کار یان ڕەوتی بەرهەڤکردنی ئاگاداریگەل: **آمایش داده‌ها**

داده‌پردازی / dādepardāzî/:اسم. کار و ڕەوتی دەرهێنانی دراوەگەلی دەکارنەکراو بە شێوەی شیاوی خوێندنەوە و کارکردن لە سەریدا بە کەمپیوتەر.

داده‌ورزی / dādevarzî/:اسم. ئەنفۆرماتیک؛ زانستی کۆکردنەوە و لێکدانەوەی زانیاری بە یارمەتی دەزگای ئەلکترۆنیکی و کەمپیوتەری.

دادیار / dādyār ، ـها؛ ـان/:اسم. دادیار؛ جێگری دادستان.

دار [1] / dār ، ـها/: [از کردی]/اسم. ۱. *[ادبی]* دار؛ درەخت ۲. *[نامتداول]* چێو؛ چۆ؛ دار ۳. داروبار؛ دار؛ چوارچێوەی بۆ چنینی دەستی ٤. سێدارە؛ قەنارە؛ دار؛ داری خنکاندنی تاوانبار ۵. [عربی] *[نامتداول]* ماڵ؛ یانە؛ خانوو؛ جێگای ژیان.

▣ **دار اعدام**: سێدارە؛ قەنارە؛ دار؛ داری پێ‌خنکاندنی تاوانبار.

دار دنیا/ فانی: *[کنایی]* ماڵ؛ سامان؛ ژیان ‹از دار دنیا همین یک پسر را داشت: لە ماڵی دنیا هەر ئەو کوڕەی بوو›.

دار غرور: *[ادبی]* دنیا؛ بەرامبەری قیامەت.

دار قالی: دار تەون؛ دار تەڤن؛ دار و بار؛ ئامرازێک بە شێوەی چوارچێوە کە تەونی لە سەر دەکەن. هەروەها: **دار جاجیم؛ دار گلیم**

دار مکافات: دنیا؛ ئەم دنیایە تێدا دەژین.

▣ **دار زدن**: لە سێدارە دان؛ لە دار دان؛ لە قەنارە دان؛ خنکاندنی کەسێک بە هەڵواسینی لە سێدارە ‹امروز صبح دو قاتل را دار زدند: ئەم بەیانیە دوو پیاوکوژیان لە سێدارە دا›:

به دار آویختن/ کشیدن

دار فانی را وداع گفتن: *[کنایی]* کۆچی دوایی کردن؛ ماڵاوایی یەکجاری کردن؛ چاو لێکنان؛ مردن ‹نالی در سال ۱۲۷۳(هـ .ق.) دار فانی را وداع

گفت: ناڵی لە ساڵی ١٢٧٣(ک. م.)دا کۆچی دوایی کرد›.

بە دار آویختن/ کشیدن ☜ **دار زدن**

دارـ[2]: *پیشواژە.* دارـ ؛ چێو ‹داربست: داربەس›.

ــ دار[3]: *پیواژە.* ـ دار: ١. درەخت؛ بەتایبەت چێوەکەی ‹سپیدار: سپیدار› ٢. بەـ ؛ دارا؛ دارندە ‹پدردار؛ پولدار: باوکدار؛ پارەدار› ٣. بەڕێوەبەر ‹مغازەدار؛ خانەدار: دووکاندار؛ ماڵدار›.

دارا / dārā/: *صفت.* دارا: ١. خاوەن ‹دارای قدرت: خاوەن هێز› ٢. /ـها/ دەوڵەمەند؛ بوودە؛ زەنگین؛ مرۆی زەنگین و ماڵ خۆش ‹پدر دختر خیلی دارا است: باوکی کچەکە زۆر دارایە›.

دارائی / dārā'î/ ☜ **دارایی**

دارابی / dārābî، ـها/: *اسم.* دارابی؛ سندی: ١. دارێکی شەتڵی لە تیرەی نارنج بە میوەی مێخۆش و زەرد ڕەنگەوە ٢. میوەی ئەو دارە.

دارالتأدیب / dārotta'dîb/: [عربی]/*اسم.* [*قدیمی*] کانون اصلاح و ترتیب ☜ **کانون**

دارالتجارە / dārottecāre، ـها/: [عربی]/*اسم.* [*قدیمی*] یانەی دانوسان؛ نووسینگەی بازرگانی.

دارالتربیە / dārottarbîye، ـها/: [عربی]/*اسم.* [*قدیمی*] پەروەرشتگا؛ پەروەرشتگە.

دارالترجمە / dārottarcome، ـها/: [عربی]/*اسم.* یانەی وەرگێڕان؛ جێگایێ کە نووسراوەی تێدا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر وەردەگێڕن.

دارالحکومە / dārolhukûme, -hokûme، ـها/: [عربی]/*اسم.* [*قدیمی*] دیوانی دەسەلات ‹او را کشان‌ـکشان بە دارالحکومە بردند: بە کێشەکێش بردیانە دیوانی دەسەلات›.

دارالسلطنە / dārossaltane، ـها/: [عربی]/*اسم.* [*قدیمی*] پاتەخت؛ پایتەخت؛ تەخت؛ شارێ کە ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی و دەسەلاتداری دەوڵەتێکی تێدایە.

دارالشورا / dārošsûrā، ـها/: [عربی]/*اسم.* [*قدیمی*] ڕاوێژگا؛ ڕاوێژگە؛ جێگەی تەگبیر لێکردنەوە.

دارالفنون / dārolfunûn, -fonûn، ـها/: [عربی] /*اسم.* [*قدیمی*] یانەی زانیاری.

دارالمجانین / dārolmacānîn، ـها/: [عربی]/*اسم.* [*قدیمی*] شێتخانە؛ دینگە؛ نەخۆشخانەی ڕەوانی.

دارالمعلمین / dārolmo'allemîn، ـها/: [عربی] /*اسم.* [*قدیمی*] خوێندنگەی مامۆستایان؛ یانەی مامۆستایان.

▣ **دارالمعلمین عالی:** [*قدیمی*] خوێندگەی باڵای مامۆستایان.

دارالوکالە / dārolvekāle، ـها/: [عربی]/*اسم.* نووسینگەی بریکاری؛ بنکەی بریکاری.

دارایی / dārāyî، ـها/: *اسم.* دارایی: ١. دار؛ وار؛ دەوڵەت؛ سامان؛ ماڵ؛ هەدار؛ پارە، کاڵا یان ملکێ کە کەسێ یان مەزرینگەیەک لە بەر دەستیدایە ٢. وەزارەتێ کە وەرگرتنی پیتاک و خڕکردنەوەی داهاتی دەوڵەت و دابینکردنی خەرجی دەوڵەتی لە ئەستۆدایە ٣. هەر یەکە لە لقگەلی ئەو وەزارەتە لە شاراندا ✽ **دارائی**

▣ **دارایی ثابت:** سامان؛ ئامێرگەلێ کە بۆ هەڵسووڕانی کارێکی بازرگانی پێویستن و بە شێوەی هەمیشەیی کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ (وەک زەوین، خانووبەرە، کەلپەل و...).

دارایی جاری: ئەوەی کە لە ڕەوتی چالاکی بازرگانی و دان و ساندایە (وەک پارە، بەڵگەی ماڵی، پەڕەی بایەخدار و کاڵا و...).

دارایی غیرمنقول: ماڵێ کە نەتوانرێ جێبەجێ بکرێ (وەک زەوین، خانوو، باغ، دووکان). هەروەها: **دارایی منقول**

دارایی نامشهود: ئەو جۆرە داراییە کە هەیە، بەلام لە ڕەوتی دان و ساندا نیە (وەک سەرقوفڵی، مافی سەربەشانە و...).

داربست / dārbast، ـها/: [کردی]/*اسم.* داربەند: ١. داربەس؛ داربەست؛ چێوبەس؛ چێوبەست؛

چووبەس؛ دارئەڵووس؛ قەرچیو؛ کەپرۆکە؛ چەوتەک؛ تۆرێک لە تیرگەلی چێوی یان کانزایی بۆ کارکردن لە بیناگەلی بەرز و دەس پێڕانەگەیشتوو (وەک سەر دیوار یا نهۆمگەلی سەرووی وارخان) کە بە شێوەی ئەستوونی و ئاسۆیی پێکەوە دەبەسرێنەوە ٢. داڵووت؛ داڵیت؛ کوڕەدار؛ کەپر؛ کەپرە؛ هەرزاڵ؛ هەرزەڵە؛ پێکهاتەیەکی هاوسان کە هەر وەک پاڵگەیەک بۆ ڕووەکی هەڵپێچەر (وەک مێو) بە کار دەڕوا.

دارت / dārt ، ـهـا/: [انگلیسی]/سم. دارت؛ کەرەسەیەکی نووک‌تیژ و پەڕەدار کە دە یاریدا بەرەو پەڕەیەک دەیهاوێژن.

دارچسب / dārčasb ، ـها؛ ـان/: [کردی]/سم. هەر کام لەو گیایانە کە بۆ گەشەکردنی بە پاڵگەیەکەوە (وەک دار، بەرد، دیوار) دەنووسن و پێیدا هەڵدەکشن (وەک لەولاو).

دارچین / dārčîn ، ـها/:[کردی]/سم. دارچین؛ دارچینی؛ توونەدار؛ توێکڵەدارێکی تیژ و بۆنخۆشە بە ڕەنگی قاوەیی کاڵ، بۆ تام و چێژە خۆش‌کردن لە چێشتی دەکەن.

دارچینی[1] / dārčînî/:[کردی]/سم. دارچینی؛ ڕەنگ دارچین؛ ڕەنگی قاوەیی ڕۆشنی سوورکار. هەروەها: **دارچینی‌رنگ**

دارچینی[2]: صفت. دارچینی: ١. بە ڕەنگی قاوەیی ڕۆشنی سوورکار ٢. بە تامی دارچین ‹آدامس دارچینی: بنێشتی دارچینی›.

دارحلقه / dārhalqe ، ـها/:[کردی/ عربی]/سم. /ورزش/ دارئاڵقە؛ دووئاڵقەی وەک یەک کە بە مەودایەکی ڕەچاوکراو لە بارفیکسەوە هەڵواسراون و لە ژیمناستیکدا بە کار دەڕۆن.

داردوست / dārdûst ، ـها/:[کردی/ فارسی]/سم. گوڵەسەرکێش؛ گوڵە چەسپی.

دارکاله /dārkāle/:[کردی]/سم. چۆگان؛ گۆچان؛ گۆپاڵ؛ داردەستی سەرخوار.

دارکوب / dārkûb/:[کردی/ فارسی]/سم. دارکۆ؛ دارکوە؛ دارکوکە؛ دارەکەوە؛ دارکوت؛ دارکوتە؛ دارکوتکە؛ دارکۆرک؛ دارکرۆکە؛ دارکونکە؛ دارکونکەرە؛ دارشکنک؛ دارنسب؛ درەخت‌سنبە؛ داربڕ؛ دارتورکنە؛ دارتورکنەک؛ دارەسمە؛ دارسمەک؛ دارسمنەک؛ دارتەقنە؛ دارتەقێنە؛ کوویک؛ بەدکورە؛ کاکورک؛ کوتکوتۆک؛ تەوتەپە؛ چکووچک؛ دارکوتکە؛ خەنجەرەدەم؛ خەنجەرەدەمە؛ قیقی؛ تیرەیەک لە باڵندەگەلی دارژی، پەل ڕەنگین، بە دەندووکی تیژ و گورێخەوە کە بۆ دۆزینەوەی کرم و مێروو، دار دەکۆڵن، نێرەکان تاجێکی سووریان هەیە.

دارمرز / dārmarz/:[کردی]/سم. ئەندازەیەک لە بەرزایی دە ناوچەیەکدا کە لەوە سەرتر دار شین نابێ.

دارندگی / dārandegî/:/سم. دارندەیی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی دارا بوون.

دارو / dārû ، ـها؛ ـجات/:/سم. ١. دەرمان؛ دەوا؛ دەرموو؛ دەرمانک؛ ئەوەی بۆ چارەکردنی دەرد یا بەرگری لە نەخۆشی یان بەهێزکردنی لەش بەکاردەچێ ٢. ماکی کیمیایی * **دوا**

▣ **داروی بیهوشی**: دەوای بێهۆشی؛ دەرمانی بێهۆشی.

داروی دباغی: هەلالە؛ هەلال؛ دەرمانی پێست و چەرم خۆش کردن.

داروی ژنریک: دەوای ژینێریک؛ دەوای بەبێ ناوی بازرگانی.

داروی گیاهی: دەوای گیایی؛ دەوایێ کە ڕاستەوخۆ و بە بێ‌کەڵک‌گرتن لە ڕەوتی کیمیایی لە ڕووەک وەردەگیرێ (وەکوو گوزروان، ڕکێشە و ئاوی بۆژانە).

داروی مسهل: ڕەوینەک؛ بڕوێن؛ قژۆکەر؛ ڕەوانکەر؛ دەرمانی ڕەوان‌کردنی ڕێخۆڵە.

داروی نظافت: واجبی.

دارواش / dārvāš ، ـهـا/:/سـم. دەمووکە؛ دەمووکانە؛ دمکانە؛ دارخورک؛ چەسپەلووک؛

ڕووەکێکی مشەخۆری هەمیشە سەوزە لە سەر درەختی بەردار دەژی، ماکێکی ڕێسینی لێ دەردەهێنرێت و بۆ مەبەستی بژیشکیش بەکار دێت.

داروئی / dārû'î/ ☜ **دارویی**

داروپزشکی / dārûpezeškî, -pezešgî/: *اسم.* دەوابژیشکی؛ لقێک لە زانستی بژیشکی کە لە سەر تێکەلاوی دەرمان و کارتێکەرییان دەکۆڵێتەوە.

داروخانە / dārûxāne ، ـها/: *اسم.* دەواخانە؛ داروخانە: ۱. ئەجزاخانە؛ دەوایگا؛ دووکانی دەرمان فرۆشتن ۲. دەرمانگە؛ شوێنێ لە دامەزرەوایێ (بەتایبەت نەخۆشخانە) بۆ هەڵگرتن و گەیاندنی دەوا بە نەخۆشان.

داروخانەچی / dārûxānečî ، ـها/: [فارسی/ ترکی] *اسم. [گفتاری]* دەواخانەدار؛ دەرمانفرۆش؛ ئەجزاچی.

داروخانەدار / dārûxānedār ، ـها؛ ـان/: *اسم.* دەواخانەدار؛ دەرمانفرۆش؛ ئەجزاچی.

دارودرخت / dār-o-deraxt/: [کردی/ فارسی] *اسم. [گفتاری]* دار و دەرخت (بە کۆمەڵ) ‹حیاطشان بد نبود، دار و درخت هم داشت: حەوشەکەیان خراپ نەبوو، دار و دەرەختیشی هەبوو›.

دارودرمانی / dārûdarmānî/: *اسم.* داروودەرمانی؛ کار یان ڕەوتی دەرمانی نەخۆشی بە دەوا.

دارودسته / dār-o-daste/: [کردی/ فارسی] *اسم. [تعریض]* دارودەستە؛ دارودەسە؛ دەسە و بەسە؛ دەس و پێوەن؛ دەست و پێوەند؛ ڕەشەک؛ تابوون؛ کۆمەڵێک کە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو کۆ دەبنەوە (وەکوو ئەنجومەن، حیزب و...) ‹در سال ۱۳۵۷ هر کس برای خودش یک دار و دسته راه انداخته بود: لە ساڵی ۱۳۵۷دا هەر کەسێ بۆ خۆی دارودەستەیەکی ڕێخستبوو›.

داروساز / dārûsāz ، ـها؛ ـان/: *اسم.* دەواساز؛ دەرمانساز: ۱. کەسێ کە کاری تێکەڵ کردنی ماکی جۆراوجۆر بۆ سازکردنی دەرمانە ۲. کەسێ کە وانەی دەواسازی خوێندووە.

داروسازی / dārûsāzî/: *اسم.* دەواسازی؛ دەرمانسازی: ۱. زانستێ کە بە لێکۆڵینەوەی کارکۆیی، کارتێکەری و چۆنیەتی دروست کردنی دەواوە دەپەرژێ ۲. کار یان ڕەوتی دروست کردنی دەوا.

داروشناسی / dārûšenāsî/: *اسم.* دەواناسی؛ دەرمانناسی؛ زانستی پێوەندیدار بە ناسینی دەوا، بنەما، تیکەلاوی، کارتێکەری، ڕێژە و چۆنیەتی بە کار بردنیان.

داروغە / dārûqe ، ـها/: [ترکی] *اسم. [قدیمی]* دارۆغە؛ دارغە؛ درقە؛ قوڵچی شار؛ سەرپەرشتی پاسەوانان.

داروفروش / dārûfurûš ، ـها؛ ـان/: *اسم.* دەرمانفرۆش؛ دەوافرۆش؛ کەسێ کە کاری کڕین و فرۆشتنی دەوایە.

داروک / dārovak ، ـها؛ ـان/: *اسم.* بۆقی سەردار؛ قورواق داری.

داروگر / dārûgar ، ـان/: *اسم.* هەتوانچی؛ کەسێ کە لەگەڵ دەوادا (ناسین، دروست کردن یان فرۆشتنی) سەروکاری هەیە، بەتایبەت دەواناس.

دارونادار / dār-o-nadār/: *اسم. [گفتاری]* دار و نەدار؛ سەر و ماڵ؛ هەموو ملک و ماڵی کەسێک ‹همەی دار و ندار من همین خانه است: تەواوی دار و نەدارم هەر ئەم ماڵەیە›.

دارونما / dārûnemā ، ـها/: *اسم.* دەوانوێن؛ شتێ (وەکوو حوب) کە لە دەوا دەکا، بەلام ماکی دەرمانی و کیمیایی تێدا نیە و زۆرتر بۆ هەدا گرتنی نەخۆشی ڕەوانی یان بۆ دیاریکردنی کارتێکەری دەوایەکی تایبەت بە کار دەڕوا.

داروینیست / dārvînîst ، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* دارڤینیست؛ داروینیست؛ هۆگر و پەیگری دارڤینیسم.

داروینیسم / dārvînîsm ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.*

دارڤینیسم؛ ئامۆژەی هاوگەر بە چارلز دارڤین (۱۸۰۹ـ۱۸۸۲ زایینی) سروشتزانی ئینگلیزی کە بنەمای بیر و بۆچوونی بڕوا بە گوورانی گیانداران لە ساناوە بۆ ئاستەنگ و هەروەها بڕوا بە مانەوەی تۆرەمەی لەبارتر و هەبوونی ڕەوتی سازگاری و بازدان لە گیانداراندایە.

دارویی / dārûyî/: *صفت.* دەوایی؛ دەرمانی؛ پێوەندیدار یان سەر بە دەوا و دەرمانەوە ‹بنگاه دارویی: بنکەی دەوایی›: **داروئی**

ـــ داری / dārî/: *پیواژە.* ـــ داری: ۱. کار یان ڕەوتی بەڕێوە بردن ‹باغداری؛ کشورداری: باخداری؛ ولاتداری› ۲. کار یان پیشە ‹قپانداری: قەپانداری› ۳. ـها/ مەزرینگە یان جێگایەک پێوەندیدار بە پیشە یان کارەوە ‹دامداری: ئاژەلداری›.

داریه / dār(i)ye، ـها/: [از عربی]*اسم.[گفتاری]* ۱. دایرە ۲. دەف.

داریه ـ دنبک / dār(i)yedombak, -donbak/: [از عربی/ فارسی]*اسم.[گفتاری]* دایرە و دمەک؛ دەف و دایرە؛ سازگەلی مووسیقا، بەتایبەت سازی زەربی ‹یک دسته توی خیابان راه افتاده بودند و داریه ـ دنبک می‌زدند: دەستەیەک کەوتبوونە نێو شەقامەوە و دایرە و دمەکیان لێ‌دەدا›.

داس / dās، ـها/: *اسم.* ۱. دارە؛ داس؛ داسک؛ داریێ؛ شالوک؛ کەلەندۆ؛ داساچلۆ؛ جاخسووک؛ داسی دروێنە؛ ئامێرێ بە دەمەی تیژ و خوار و دەستەیەکەوە بۆ دروێنەی گژ و گیا ۲. تیزە؛ برە؛ تێغەی ماشینی درۆگەر ۳. [انگلیسی]*اسم.* داس؛ لە زمانگەلی بەرنامەنووسی کەمپیوتەر.

داستان / dāstān، ـها/: *اسم.* داستان؛ داسانە: ۱. *[قدیمی]* سەرگوروشتە؛ سەربهورد؛ بەسەرهات؛ مەرسەلا؛ مەرسەدە؛ ڕازی؛ ڕاز؛ دەنگ و باسی ڕابردوو ‹داستان زندگی‌اش را برایشان تعریف کرد: داستانی ژیانی بۆیان گێڕاوە› ۲. *[ادبی]* نەزیلە؛ کورتە چیرۆک؛ ڕاز؛ گەپ ۳. چیرۆک؛ چیرچیرۆک؛ چیرۆکە؛ حەقایەت؛ حەکایەت؛ چیرۆکی منداڵان ٤. دیرۆک؛ چیرۆکی خەیاڵی ‹این داستان نیست و واقعیت دارد: ئەمە داستان نیە، ڕاستە› ۵. باسی سەرەکی ڕووداو، فیلم، شانۆ یان کتێبێک ‹داستان فیلم بسیار تأثرآور است: داستانی فیلمەکە زۆر دڵتەزێنە›.

▣ **داستان اخلاقی:** چیرۆکی ئاکاری؛ داستانێ کە لە سەر بایەخگەلی ئاکاری و گرنگی‌دان بە جێبەجێ‌کردنیان داکۆکی دەکا.

داستان پلیسی: چیرۆکی پۆلیسی؛ داستانی پۆلیسی؛ چیرۆکێ کە سەبارەت بە کوشتن و جەنایەت و تێکۆشانی پۆلیس بۆ دۆزینەوە و قۆڵبەست‌کردنی جەنایەتکارانە.

داستان تاریخی: چیرۆکی مێژوویی؛ داستانی مێژوویی؛ بەسەرهاتێ کە بە پێی ڕووداو و لەمەڕ ژیانی کەسایەتیە مێژووییەکانەوە نووسراوە.

داستان تربیتی: چیرۆکی پەروەردەیی؛ چیرۆکی ڕاهێنەری؛ چیرۆکێ کە ئامانجی دڵگەرم‌کردنی خوێنەر بۆ بە دوادا چوونی نموونەگەلی هەڵکەوتە و بەرز و ڕێزگرتنی بایەخگەلی کۆمەلایەتیە.

داستان جاسوسی: چیرۆکی شۆڤاری؛ داستانی سیخوڕی؛ چیرۆکێ کە سەبارەت بە کاری سیخوڕی نووسراوە. هەروەها: **داستان جنایی؛ داستان عشقی؛ داستان فکاهی**

داستان کوتاه: نەزیلە؛ نەزیرە؛ کورتە چیرۆک؛ خدۆک؛ تمتیل؛ چیرۆکێ کە لە ۵۰۰۰ وشە زۆرتر نیە.

داستان کودکان: داسانە؛ حەقایەت؛ چیرۆکی منداڵان؛ داستانی منداڵان؛ چیرۆکێ کە بۆ منداڵان نووسراوە.

داستان واقعی: چیرۆکی ڕاستەقانێ؛ بەسەرهات؛ ڕووداو؛ بەسەرهاتی کەسان یان ڕووداوای ڕاستەقانی.

داستانپرداز / dāstānpardāz، ـها؛ ـان/: *اسم.*

چیرۆکەوان؛ چیرۆکوان؛ چیرۆکڤان؛ چیرۆکنووس؛ کەسێ کە داستان دەهۆنێتەوە یان دەنووسێ.

داستانپردازی / dāstānpardāzî ، ـها/: *اسم*. چیرۆکوانی؛ چیرۆکڤانی؛ چیرۆکنووسی؛ کار یان ڕەوتی هۆنینەوە یان نووسینی چیرۆک.

داستانسرایی / dāstānsarāyî ، ـها/: *اسم*. ۱. چیرۆکەوانی؛ چیرۆکڤانی؛ چیرۆکنووسی؛ کار یان ڕەوتی نووسین یان هۆنینەوەی چیرۆک ۲. چیرۆکبێژی؛ کار یان ڕەوتی گوتنەوەی چیرۆک ‹دربارەی جوانی خود داستانسرایی می‌کرد: سەبارەت بە سەردەمی لاوەتی خۆی چیرۆکبێژی دەکرد›. هەروەها: **داستانسرا**

داستانگو / dāstāngû ، ـها؛ ـیان/: *اسم*. چیرۆکبێژ؛ ڕازبێژ؛ کەسێ کە بۆ کەسانی دیکە داستان دەگێڕێتەوە.

داستانگویی / dāstāngûyî ، ـها/: *اسم*. چیرۆکبێژی؛ ڕازبێژی؛ کار یان ڕەوتی چیرۆک گوتنەوە؛ ڕازەوەگێڵنەی.

داستان‌نویس / dāstānnevîs ، ـها؛ ـان/: *اسم*. داستان‌نووس؛ چیرۆکڤان؛ کەسێ کە داستان دەنووسێ. هەروەها: **داستان‌نویسی**

داستانی / dāstānî/: *صفت*. داستانی؛ چیرۆکی؛ بە بار یان چۆنیەتی داستانەوە ‹فیلم داستانی: فیلمی داستانی›.

داسه / dāse/: *اسم*. سۆ؛ داسە؛ داسوو؛ داسوولکە؛ داسووک؛ داسووکە؛ بژانگ؛ قەلاس؛ پرزەی گوڵە گەنم و جۆ.

داش / dāš ، ـها/: *اسم*. *[گفتاری]* ۱. [از ترکی] *[مخفف]* کا؛ ئا؛ ئابرا؛ کاکە؛ کاکەبرا؛ ئاغەبرا ۲. [از ترکی] ئابا؛ لاتی بە ماریفەت: **داش‌مَشتی؛ داش‌مَشدی** ۳. *[قدیمی]* گڵ؛ داش؛ کوورە؛ کویرهە؛ جێگەی سواڵەت تێدا سوورکردنەوە.

داشبرد / dāšbord ، ـها/: [انگلیسی] *اسم*. داشبۆرد؛ سەفحەی خوار شووشەی بەرەوی ماشێنی وەتاغدار کە چرا و کلیل و پێژمێرگەلی پێوەندیدار بە کاری موتوری تێدایە.

داشت[1] / dāšt/: *اسم*. ۱. *[کشاورزی]* داشت؛ قۆناغێک لە نێوان چاندن و هەڵگرتنی بەرهەمدا کە کردوکۆشی وەک ئاودێران، سەمپاشی، بژار کردن و کوود دان لەو قۆناغەدا جێبەجێ دەبن ‹داشت محصول: داشتی داهات› ۲. *[کنایی]* هەبوو؛ دارایی ‹داشت و نداشت: هەبوو و نەبوو›.

ـ داشت[2]: *پیوازه*. ۱. ـــ نان؛ ـگری؛ هەبوون و ڕاگرتن ‹گرامیداشت: ڕێزنان› ۲. ـــ داشت ‹یادداشت؛ بهداشت: یادداشت؛ بێداشت› ۳. ـ ڕوانی؛ ـــ داری؛ ـ یاری؛ ـ نۆڕی؛ ـ نواڕی؛ ـ نێری ‹چشمداشت: چاوەڕوانی›.

داشتن / dāštan/: *مصدر. لازم. متعدی.* // **داشتی**: هەتبوو؛ **داری**: هەتە؛ **بِدار**: بتبێ// ☐ *لازم*. ۱. بوون؛ هەبوون؛ بیەی؛ خاوەن شتێ بوون ‹خانه داشتن؛ پول داشتن: خاوەن خانوو بوون؛ بە پارە بوون› ۲. هەبوون؛ بوون؛ بیەی؛ لە شتێ بەهرەمەند بوون ‹ذوق داشتن؛ جرئت داشتن: چێژ هەبوون؛ بە زات بوون› ۳. شیاو هەبوون؛ لەبار بوون؛ بیەی؛ ‹خوردن داشتن: شیاوی خواردن بوون› ٤. هەبوون؛ بوون؛ بیەی؛ پەیڕەوی کردن لە بڕیار یان بەرنامەیەک ‹با هم شوخی داریم: پێکەوە شۆخیمان هەیە› ٥. *[گفتاری]* خەریک بوون؛ پەرژان؛ نیشانەی درێژەدار بوونی کار ‹داشت می‌آمد؛ دارد می‌نوشد: خەریک بوو دەهات؛ خەریکە دەخواتەوە› ☐ *متعدی*. ٦. هەبوون؛ بوون؛ بیەی؛ خاوەنی پێوەندیێکی دیاریکراو بوون یان لە هەمبەریدا بوون ‹دوست داشتن؛ رفت و آمد داشتن: خۆش گەرەک بوون؛ هات و چوو هەبوون› ۷. ئاگادار بوون ‹هوای کسی را داشتن: ئاگاداری کەسێ بوون› ۸. کردن؛ کاری هاوکرد ‹تقدیم داشتن: پێشکەش کردن›. هەروەها: **داشتنی**

■ صفت فاعلی: **دارنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **داشته** (هەبوو)/ مصدر منفی: **نَداشتن** (نەهەبوون)

داش‌مشتی / dāšmaštî/: [از ترکی/ از عربی] ☜ **داش ـ۲**

داش‌مشدی / dāšmašdî/: [از ترکی/ از عربی] ☜ **داش ـ۲**

داعی / dā'î/: [عربی]*اسم.[ادبی]* ۱. گازەکەر؛ نزاواچ؛ نزاخوێن؛ نزاکار؛ دۆعاکەر ۲. ـان؛ دُعات/ بانگ‌ڕایەڵ؛ بانگێشتن‌کەر؛ دەعوەتکەر؛ دەنگ‌کەر ۳. هۆ؛ سۆنگە.

داعیه / dā'îye، ـها/: [عربی]*اسم.* خوازە: ۱. کەڵکەڵە؛ خولیا؛ ویست؛ خواست یان ئاواتی گەیشتن بە پلە و پایەیێکی تایبەتی ‹مدتی بود داعیەی ریاست در سر می‌پروراند: ماوەیەک بوو کەڵکەڵەی سەرۆکایەتی لە سەر دابوو› ۲. خوازیاری و لە خۆڕا دیتوویی بۆ مافێکی شیاو ‹او در زمان خود داعیەی سلطنت داشت: لە سەردەمی خۆیدا خوازەی پاتشایەتی هەبوو›.

داغ[1] / dāq/:*اسم.* داخ: ۱. /ـها/ داغ؛ داق؛ شوێنی چزان لەسەر پێست بەهۆی شتێکی داخەوە ‹داغ گذاشتن: داخ کردن› ۲. درۆشم؛ کەوی؛ سۆیەر؛ ئامرازێکی کانزایی بە نەخشێکەوە کە (زۆرتر) بۆ داخ کردن دەشێ ۳.*[مجازی]* ئاسەواری ڕووداوێکی زۆر دڵتەزێن ‹داغ مرگ فرزند؛ داغ دل: داخی مەرگی منداڵ؛ داخی دڵ›.

▣ داغ دل:*[مجازی]* داخی دڵ؛ نیشانەی خەمێ کە لە یاددا ماوەتەوە.

▣ داغ چیزی به دل کسی ماندن:*[مجازی]* داخی شتێ بە سەر دڵی/ بە جەرگی کەسێکەوە مان ‹حکومت برگشت و داغ وزیر شدن به دلش ماند: دەسەلات ڕووخا و داخی بوونە وەزیر بە سەر دڵیەوە ما›.

داغ چیزی را به دل کسی گذاشتن:*[مجازی]* داخی شتێ بۆ کەسێ جێ هێشتن؛ جەرگ کەسێک بە گوچکا دان؛ داخی شتێ بە جەرگی کەسێکەوە نان ‹انقلاب، داغ وزیر شدن را به دلش گذاشت: ڕاپەڕین، داخی وەزیر بوونی بۆ جێ هێشت›.

داغ دیدن:*[مجازی]* داخ دیتن؛ داخ چەشتن؛ تووشیاری کوڵ و کەسەری سەخت و نەبڕانەوە بوون.

داغ زدن: کەواندن؛ کەلمۆشک لێدان؛ درۆشم لێدان؛ داخ کردن؛ نیشانە دانان لە سەر پێستەوە (بەتایبەت بۆ ماڵات).

داغ کردن: ۱. داخ‌کردن؛ داغ‌کردن؛ کەواندن؛ ئارهاندن؛ داغ پێوەنان؛ بە کانزا یان شتێکی سوورەوە بوو لەسەر لەش شوێن دانان ‹با سیگار چند جای بدنش را داغ کرده بودند: بە جگەرە چەند شوێنی لەشیان داخ کردبوو› ۲.*[گفتاری]* تەواو/ زۆر گەرم بوون؛ گەرمەوەزە بوون ‹امروز حسابی داغ کرده است: ئەمڕۆ تەواو گەرمی کردووە› ۳.*[مجازی، گفتاری]* تووڕە بوون ‹پاک داغ کردیم: تەواو تووڕە بووین›.

داغ کسی را تازه کردن:*[مجازی]* داخ/ برینی کەسێک کولاندنەوە؛ داخی کەسێک زیندوو کردنەوە؛ تازەکردنەوەی خەمی کەسێک؛ بەستەو زاموو یۆی لابەردەی ‹با این کار داغ دلم را تازه کردی: بەم کارە زامەکەمت کولاندەوە›. هەروەها: **داغ دل کسی تازه شدن**

داغ[2]: *صفت.[گفتاری]* داخ؛ بەتین؛ تووز؛ سوور؛ سوویر؛ قوم ‹آب داغ: ئاوی داخ›. هەروەها: **داغ بودن؛ داغ شدن؛ داغ کردن**

داغان / dāqān/: [از ترکی] *صفت.[گفتاری]* ۱. تیک‌وپێک؛ ورد و خان؛ ورد و خاش؛ داغان؛ بژالە؛ ورد و پەرژ و بلاوەبوو بە هۆی داکەوتن، لێکەوتن یان شکانەوە ‹زدی ماشین را داغان کردی: مالیتە ماشینەکەدا ورد و خانت‌کرد› ۲. بەرباد؛ پەلاتە؛ کەل‌ـوەل؛ لێک‌پساو؛ لێک هەڵپساو؛ بێ‌سەرە و بەرە؛ تەرت و توونا؛ تەفر و توونا ‹خانوادەمان داغان شد و هرکس به جایی رفت: بنەماڵەمان تەرت و توونا بوون و هەر یەکە بۆ لایەک

چوو› ٣. [مجازی] شێواو؛ پەشێو؛ شپرز؛ ئاڵۆز؛ پەشۆکاو؛ پەشۆکیاگ؛ پەرۆش ‹دیروز که دیدمش پاک داغان بود: دوێنێ کە دیتم تەواو شێوا بوو›.
هەروەها: **داغان بودن؛ داغان شدن؛ داغان کردن**

داغبرگ / dāqbarg ، ـها/: اسم. شوێنەگەڵا؛ شوێنێک لەسەر لاسکەوە کە جێی گەڵایەکی داوەریوە.

داغدار / dāqdār ، ـها؛ ـان/: صفت. ئازیەتبار؛ داخدار؛ بەداخ؛ زۆر خەمین بە هۆی لە دەسدانی کەسێ یان شتێکی خۆشەویستەوە ‹بیچاره زن هنوز داغدار پسرش بود که شوهرش هم مرد: ژنی داماو هێشتا ئازیەتباری کوڕەکەی بوو، شووەکەشی مرد›.

داغداغان / dāqdāqān/: اسم. تاوەک؛ تاوک؛ تاوگ؛ تایلە؛ تایلێ؛ تاووت؛ تاوی؛ تەیلە؛ تیرەیەک درەختی گەورەی ناوچەی مەدیترانە و باکووری ئێران، بە گەڵای هێلکەیی، نووکتێژ و ددانەدار، گوڵی تاقی درێژ و بەری گۆشتن و میوەی وشکی خڕی ڕەش یان قاوەیی خۆراکیەوە: **دغدغان؛ تاقوت**

داغدیده / dāqdîde ، ـها؛ ـگان/: صفت. داخدار؛ ماتەمبار؛ داغدیە؛ تووشی کوڵ و کەسەرێکی زۆر بە هۆی مردنی خۆشەویستێکەوە ‹این فاجعه را به مادر داغدیده‌اش تسلیت می‌گوییم: بە بۆنەی ئەم کارەساتەوە، بە دایکی داخداری سەرەخۆشی ئێژین›.

داغمه / dāqme ، ـها/: [فارسی/ ترکی] اسم. پەترۆک؛ پترۆک؛ پترۆ؛ پەترۆ؛ بەشێ لە پێست کە بە هۆی برین، تاوانگازی یان شتی ترەوە، ڕەق و ڕەش یان قاوەیی دەبێتەوە و بڕێ جار دەقەڵشێ. هەروەها: **داغمه بستن**

داغ و درفش / dāq-o-derafš, -darafš/: اسم. [مجازی] داخ و درەوش؛ کۆ و کونجۆڵ؛ ئەشکەنجەی سەخت ‹مگر ما دختر شما را داغ و درفش کردیم؟: مەگەر کچەکەتانمان داخ و درەوش کردووە؟›.

داغی / dāqî/: اسم. [گفتاری] داخی؛ قومی؛ سووری؛ دۆخ یان چۆنیەتی داخ بوون ‹داغی کتری دستم را سوزاند: داخی کتریەکە دەستی سووتاندم›.

دال / dāl/: اسم. ١. دال؛ ناوی عەرەبی دەهەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی ٢. [ـها/ کردی] [قدیمی] داڵ؛ داڵاش؛ داراش؛ لاشخۆر؛ داڵەکەرخۆرە؛ داڵەگورگە؛ لاشەوەر؛ خەرتەڵ؛ لاشخۆرە؛ شانەکووڕە؛ مردارخۆر؛ باڵندەیەک بە میترێک باڵاوە کە مەودای نێوان باڵەکانی بە ٢،٥ میتر دەگا و سەر و ملی کەم تووکەوە و چەند جۆریان هەیە.

دال / dāl(l)/: [عربی] صفت. نیشانە؛ نیشان؛ نیشاندەر؛ پیشاندەر؛ شاندەر ‹این سخنان دال بر رنجش اوست: ئەم وتانە نیشانەی ڕەنجیانیەتی›.

دالامب‌ودولومب / dālāmb-o-dulump/: اسم. [تعریض] دیمبڵێ‌دیمباو؛ دیمبەلەدیمباو؛ دەنگی ژەندنی چەند سازی مووسیقا: **دامبول‌ـ دیمبول**

▣ **دالامب‌ودولومب راه انداختن**: دیمبڵێ‌دیمباو کردن/ نانەوە؛ بەرنامەی مووسیقا ڕێخستن.

دالان / dālān ، ـها/: اسم. دالان؛ داڵوو: ١. دارەپیچان؛ سیپک؛ کەلەگی؛ ڕێگەی سەر داپۆشراو ٢. ڕاڕەو؛ بندەرگە؛ نێودەرکە؛ ناڤدەر؛ نێڤکۆ؛ بوارگەی (زۆرتر) باریک لە نێوان دوو دەرکی ماڵدا.

▣ **دالان هوایی**: دالانی هەوایی؛ دالانی ئاسمانی؛ هەر یەکە لە شوێنگەلی هاتوچۆی فڕۆکە لە ئاسماندا.

دالاندار / dālāndār ، ـها؛ ـان/: اسم. دالاندار؛ گاراژدار؛ کەسێ کە کاری خاوێن‌کردنەوە و ئاگاداری لە گاراژ و کاروانسەرایە.

دالانداری / dālāndārî/: اسم. گاراژداری؛ دالانداری: ١. پیشەی گاراژدار ٢. پارەیێ کە دالاندار لە کڕیار یان خاوەنی کاڵا و بار وەریدەگرێ.

دالانـه / dālāne ، ـهـا/: اسم. تونێـل؛ دالانــە؛ قومەش؛ قوموش.

دالبر / dālbor ، ـهـا/: اسم. ١. کەوانـەی کـوور؛ چەماوەی کوور ٢. دالبڕ؛ بڕشتی کەوانـەیی لـە جلکدا.

دالتونیسم / dāltonîsm/: [فرانسوی] اسم. [پزشکی] ڕەنگ‌کوێری (لە ناوی «دالتون» زانای بەناوبانگەوە گیراوە کە ئەو نەخۆشیەی هەبووە).

دالـی / dālî/: صوت. میـاو؛ بـاو؛ پـشی‌میـاو؛ پشیٚ‌میاو؛ وشەیەکە بۆ پێکەناندنی مندالّ، کاتیٚ کە کەسیٚ خـۆی شـاردۆتەوە و خـۆی پیـشانی دەدا دەیلیٚ.

▣ **دالی کردن**: باوـ باوکردن؛ پـشی‌میـاوکردن؛ پشیٚ‌میاوکردن؛ چەشنیٚ کایە لەگەلّ زارۆکانە کە ئەگەر خـۆی بـە منداڵـەکە نیـشان دەدا، دەیلیٚ.

دام / dām ، ـها/: اسم. ١. داو؛ داڤ؛ دامـی؛ دام؛ تەڵـە؛ تەلهـە؛ بـەرەڕەت؛ تەپکـە؛ پـاداو؛ سـووتار؛ ئامێرێـک بـۆ گـرتنی گیانـەوەران ‹دام گذاشتن: داو نیانەوە› ٢. [کنایی] داو؛ هـۆی گـیر و گرفت ‹دانەای در دام؛ افتادن در دام اعتیاد: دانێک لـە داودا؛ کەوتنە داوی ئیعتیادەوە› ٣. [کنایی] پـیلان؛ دەسیسە؛ نەخشە ‹برایش دام گذاشته بودند: پیلانیان بۆ گێڕابوو› ٤. ئاژەڵ؛ ئاژاڵ؛ پاتاڵ؛ وڵسات؛ وڵس؛ گـاوگۆڵ؛ مـەڕ و مـالات؛ چارپـیٚ؛ چوارپـیٚ؛ زیندەماڵ؛ مالـیات؛ دەوڵـەت؛ مـالات؛ سـەواڵ؛ گەلە و گـاوەل؛ گیانـەوەری چوارپـای کـەوی و ئالفخۆر (وەکوو مانگـا، مـەڕ، بـزن، ئەسـپ، کـەر و وشتر).

▣ **دام گذاشتن/ نهادن**: داو داخستن؛ داو نانەوە؛ تەڵە نانەوە؛ دامەوە نیەی: ١. تەڵە نیان؛ تەڵە داخستن؛ داوچەقاندن بۆ ڕاو ‹شـکارچیان بـرای روباه دام گذاشته بودند: ڕاوچیەکان داویان بۆ ڕێـوی داخستبوو› ٢. [کنـایی] پـیلان گێــڕان؛ نەخشەکێشان؛ دەسیسە چنیەی.

از دام جُستن: لـە داو داخەلـسان؛ ژ داڤ ڤەرِسـان؛ لـە داو ڕایـی بـوون: ١. لـە داو دەرچوون؛ لە تەڵە دەرهاتن ٢. [کنایی] ڕزگـار بوون؛ لە گیر و گرفتێک دەرباز بوون.

بـه دام افتـادن: کەوتنـە داوەوە؛ دیـل بـوون؛ بوونە تەڵەوە؛ ئەنەدامی کەوتەی.

داماد / dāmād ، ـها/: اسم. زاوا؛ زەما؛ زەوا؛ زاڤـا؛ زاما: ١. تازەمێرد؛ چـراخ؛ چـراغ ‹پسرم را داماد کردم: کوڕەکەم کردە زاوا› ٢. یەزەن؛ شـووی کـچ یـان خویـشک ‹دامادمـان در بـازار کـار مـی‌کنـد: زاواکەمان لە بازاڕدا کار دەکا›.

▣ **دامـاد سـرخانه**: زاڤـابەندی؛ زاوای سـەرماڵ؛ پیاویٚ کە لە ماڵی خەزووریدا دەژی.

▣ **داماد شدن**: بوونە زاوا؛ ژن هێنان.

داماد کردن (کسی‌را): ژن بۆ هێنان؛ کەسێک کردنە زاوا ‹هر سه پسرش را داماد کرد و بعـد مـرد: بۆ هەر سیٚ کوڕەکەی ژنی هینا پاشان مرد›.

دامـادی / dāmādî/: اسـم. زاوایـی؛ زاوایـەتی؛ زاڤایی؛ زەمایی؛ زامایی؛ دۆخ یان چۆنیـەتی زاوا بوون ‹آمده‌ایم تقاضا کنیم پسرمان را به دامادی خودتان قبول کنید: هاتووین داوا بکەین کوڕەکەمان بە زاوایی خۆتان قەبووڵ کەن›.

دامـان / dāmān/: اسـم. [ادبی] داویـن؛ دەوان؛ دامنە ‹در روزهای تعطیل جمعی به دامان طبیعت پناه می‌برند: لە ڕۆژانی پشووداندا چینێک دەچنە داوێنـی سروشتەوە›.

دامبـول ـــ دیمبـول / dāmbûldimbûl/ ☜ دالامب و دولومب

دامپـر / dāmper/: [انگلیـسی] اسـم. دەمپـەر؛ جۆرێک ماشینی هەڵکۆڵەر کە دیوی شۆفیر لـە دواوە و هۆدەی بارەکەی لە بەرەوەیـە و بـەرد و خاک و خۆڵ هەڵدەکەنیٚ و بەرزیان دەکاتـەوە: دَمپر

دامپرور / dāmparvar ، ـها؛ ـان/: اسم. ئاژەڵـدار؛ دەوڵـەتدار؛ کەسـیٚ کـە کـاری ڕاگــرتن و

بەخێوکردنی مالاتە.

دامپــروری / dāmparvarî/:/اسم. ئاژەڵــداری:
١. کار و ڕەوتی ڕاگــرتن و بــەخێوکردنی ئــاژەڵ
٢. /ـها/ دەوڵەتداری؛ مالاتداری.

دامپزشــک / dāmpezešk, -pezešg ، ـها؛ ـان/:
/اسم. وەیتال؛ بەیتاڵ؛ بژیشکی ئاژەڵ؛ کەسێ کــە
کاری ناسینەوە و دەرمانی نەخۆشی ئاژەڵە.

دامپزشــــکی / dāmpezeškî, -pezešgî/:/اســم.
وەیتالی؛ بەیتالی؛ زانست و توانــای ناســینەوە و
دەرمانی نەخۆشی ئاژەڵ.

دامپینــــــگ / dāmpîng/: [انگلیـــــسی]/اســـم.
بازاڕشکێنی؛ لە نەکاو هەرزان کردنەوەی کالا لە
لایــەن فرۆشــیارێکەوە، بــۆ شــکاندنی ڕەقیبــان:
دەمپینگ

دامــدار / dāmdār ، ـهــا؛ ـان/:/اسم. ئاژەڵــدار؛
مالاتدار؛ دەوڵەتدار؛ پەزدار؛ کەســێ کــە کــاری
ڕاگرتن و دابەستنی ئاژەڵە.

دامداری / dāmdārî ، ـهـا/:/اسم. ئــاژەڵــداری:
١. دەوڵەتداری؛ مالاتداری ٢. شوێنی ڕاگــرتن و
دابەستنی مالات.

دامگــاه / dāmgāh ، ـهـا/:/اسم. داوگــە؛ دامگــا؛
جێداو؛ جێتەڵە؛ جێتەپکە؛ کختان؛ ئەو شوێنە
بۆ ڕاو داوی لێ دەنێنەوە.

دامن / dāman ، ـها/:/اسم. داوێن؛ دامێن؛ داوان؛
دامان؛ دەوان؛ دەمــان؛ دامــەن؛ دامنــێ؛ دامــوو:
١. ئاتەگ؛ ئەتەک؛ تەشک؛ پەلە؛ شاقەل؛ بەشی
خوارووی جل لــە کەلەکــەوە بــەرەوخوار ‹دامــن
پالتو: داوێنــی پالتاو› ٢. ســەرکاب؛ ئــاواڵ کــراس؛
جلێ ژنانە لە کەلەکەوە بــەرەوخوار دەگــرێ ‹از
این پارچە یک دامــن دوختم: لــەم پارچەیــە داوانــێکم
دووری› ٣. پاڵداوێن؛ پاڵــدامێن؛ پاڵــداینە؛ ئــەو
بەشە لە شتێ کە لە داوێندا جێی دەبێتەوە ‹یک
دامن گل: داوێنــێ گوڵ› ٤. پاڵــداوێن؛ پاڵــدامێن؛
دەرەتان؛ پاڵداینە ‹دامن صحرا: داوێنــی دەشت›.

▣ **دامن برچیدن** ☜ **دامن کشیدن**

دامن به کمر زدن:/کنـایی/ قۆڵ لێ هەڵماڵین؛
چاک بە لادا کردن؛ خۆ بــۆ هــەڵ کــردن؛ لــێ
وەخۆ کەوتن؛ خۆی لــێ هــەڵ کــردن؛ چــاک
لێهەڵکردن؛ بەرکۆش هەڵدان؛ بەرهەڤی کار
بوون ‹باید دامن همت بە کمر بــزنیم و حــسابی کــار
کنیم: دەبێ قولی لێ هەڵماڵین و باش- باش کــار
کەین›.

دامن زدن:/کنایی/ گەشاندنەوە؛ گەشەوکردن؛
بە دەمەوە دان؛ گــڕ پێــدان ‹تــو هــم بــە آتــش
دشمنیــشان دامــن مــیزنــی: ئــەتۆش ئــاوری
ناکۆکیەکەیان نەگەشینیەوە›.

دامن کسی را آلودن:/کنـایی/ کەســێ بــەدناو
کردن؛ ناوی کەسێک زڕاندن.

دامــن کــسی را گــرفتن:/کنـایی/ ١. داوێــنی
کەسێ گرتن؛ کەسێ پێــوە بــوون؛ بــە ڕیــشی
کەســێکەوە بــوون؛ کەوتنــە بــەر تــاوان یــان
گرفتێکەوە؛ کەسێک گرتنەوە ‹قتل پاسبان دامن
او را هم گرفت: کوشتنی پاسەوان داوێنی ئەویــشی
گرت› ٢. دەس بــە داوێــنی کەســێک بــوون؛
دەستەو داوێنی کەسێک بوون؛ هانا بۆ کەسێ
بردن.

دامن کشیدن:/کنایی/ دوور بوون؛ کەنارەگرتن؛
کشانەوە؛ وێ کێشتەیوە: **دامن برچیدن**

دامن آلوده / dāman'ālûde ، ـها/: صفت./کنایی،
ادبی/ ١. دامێن تەڕ؛ دامێن پــیس؛ شــواڵ چەپــەڵ
٢. بەدناو؛ ناوزڕاو.

دامــن شــلواری / dāmanšalvārî ، ـهــا/:/اسم.
شالوارۆکە؛ جلێ ژنانە، بە شێوەی دەرپێی کورت
و هەراو کە لە دوورەوە لە دامەن دەکا.

دامن کشان / dāmankešān/: قید./مجازی/ بــە
لەنجە و لار؛ بە لەنجە؛ بە لارە؛ بە بێئاوڕدانــەوە؛
بە ئاین و ئۆینەوە ‹او میرود دامــن کــشان: دەڕوا بــە
لەنجەو لارەوە›.

دامنگیــر / dāmangîr/: صفت. داوێــنگیر؛ هــۆی
گیر و گرفت یــان ناڕەحــەتی ‹چنــد ســال بیمــاری

دامنگیر او شد و پس از آن هم زنش مرد: چەن ساڵان نەخۆشین داوێنگیری بوو، پاشان خێزانەکەیشی تێداچوو›.

دامنە / dāmane ، ـها/:/*اسم.* داوێن؛ داوێنە؛ دامێنە؛ دامێن: ۱. ئاتەگ؛ پەلە؛ گۆرت؛ پاڵداوێن؛ پاڵدامێن؛ پێدەشت؛ بنەتار؛ وەرپاڵ؛ بەرپاڵ؛ بنار؛ پادەشت؛ کاس؛ کونتار؛ قونتار؛ بناری یاڵ و چیا ‹دامنەی کوه: داوێنی چیا› ۲. بڕ؛ ئەندازەی ڕەنگدانەوەی چۆنیەتی، کارکۆیی، ڕەوت یان دیاردە یان بەری لۆژەیەک (وەک هەلاجانی ئاوەنگ) کاتێ کە لە جێگەی ئاساییدا تا دوورترین شوێنی بزووتنیەوە هەڵەنگێرێ ‹دامنەی نوسان: داوێنەی لۆژە› ۳. گەڕ؛ هەند؛ مەیدانی ڕەنگدانەوەی شت یان شوێنەوایەک ‹دامنەی صدا؛ دامنەی فعالیت: گەری دەنگ؛ هەندی چالاکی›.

▣ **دامنەی ارتعاش:** /*فیزیک/* داوێنەی زایەڵە؛ داوێنەی دەنگدانەوە.

دامنەی تغییرات: داوێنەی گۆڕان؛ داوێنەی گۆڕانکاری.

دامنەدار / dāmanedār/: *صفت.* بەرین؛ بەربلاو؛ گەورە و بەرپان ‹برای موفقیت او تلاشهای دامنەداری صورت گرفت: بۆ سەرکەوتنی تێکۆشانێکی بەربلاو کرا›.

داموز / dāmûz ، ـها؛ ان/:/*اسم.* بەفرەلۆ؛ بەفرماڵ؛ بەفرماڵک؛ شەپلتە؛ شاپاڵۆخ؛ شەپەلۆخ؛ شاپاڵۆغ؛ وەروەرە؛ وەربەرۆ؛ وەروەرۆ؛ وەرووماڵ؛ پاڕووی پانی بەفرماڵین.

دامی / dāmî/: *صفت.* ئاژەڵی؛ ماڵاتی؛ پێوەندیدار بە ئاژەڵەوە ‹بیماری دامی: نەخۆشی ئاژەڵی›.

دان[1] / dān ، ـها/:/*اسم. [گفتاری]* دان؛ دانە؛ دانی: ۱. دەنک ‹دان کردن: دان کردن› ۲. خۆراک، بەتایبەت خۆراکی باڵندە ‹دان مرغ: دانی مریشک›.

▣ **دان کردن:** قەشارتن؛ دانکردن؛ دانارکردن؛ دان لە پێست جویَکردنەوە.

ـ دان[2]: *پسوند.* ـ دان؛ ـ دین؛ ـ دێن؛ دەفر؛ جێگای شتێک ‹گلدان؛ نمکدان؛ کاهدان: گوڵدان؛ خوێدان؛ کادێن›.

ـ دان[3]: *پیوازه.* ـ زان؛ خاوەن زانست ‹شیمیدان: کیمیازان›.

دانا / dānā ، ـیان/: *صفت.* زانا؛ دانا؛ دوونا؛ بزان؛ حان: ۱. زۆرزان؛ خاوەن ئاوەز و ئەزموونی زۆر ‹پزشک دانا: بژیشکی زانا› ۲. خاوەن زانست و ئاگایی ‹مرد دانا: پیاوی زانا›.

دانائی / dānā'î/ ☜ **دانایی**

دانایی / dānāyî/:/*اسم.* زانایی؛ زاناهی؛ زانایێ؛ دانایی؛ ئاقڵی؛ ئاگاداری؛ بار یان چۆنیەتی زانا بوون ‹دانایی توانایی است: زانایی توانایییە›: **دانائی**

دانتل / dāntel/: [فرانسوی]/*اسم.* دامتەڵ؛ چەشنێ پارچەی تۆڕیە.

دان‌دان / dāndān/: *صفت.* دانار‌دانار؛ گورۆ‌گورۆ؛ بە ڕوویێ پڕ لە زۆپ یان دانەی زۆر و وەک یەکەوە.

دانستن / dānestan/: *مصدر. متعدی. لازم.* // **دانستی:** زانیت؛ **میدانی:** دەزانی؛ **بدان:** بزانە// زانین؛ زانسن؛ زانەی؛ زانای؛ زانایش؛ زانەیش؛ زانایەنە: ◻ *متعدی.* ۱. ئاگاداری هەبوون یان پەیداکردن ‹نام کسی را دانستن: نێوی کەسێک زانین› ۲. داوەریکردن ‹گناهکار دانستن: تاوانبار زانین› ◻ *لازم.* ۳. پێزانین؛ تێگەیشتن؛ فام کرن ‹دانستم کە دروغ میگوید: زانیم درۆ دەکا›.

هەروەها: **دانستنی**

■ صفت فاعلی: **داننده** (زانەر)/ صفت مفعولی: **دانسته** (زانراو)/ مصدر منفی: **نَدانستن** (نەزانین)

دانسته / dāneste/: *قید.* دەسانقەست؛ دەسەنقەست؛ ئانقەست؛ دەسایقەس؛ ئەنقەس؛ دەسقەس؛ لەقەست؛ لەقەزی ‹تو دانسته این کار را کردی: تۆ دەسانقەس ئەم کارەت کرد›.

دانسیمتر / dānsîmetr ، ـها/: [؟/ فرانسوی]/اسم. قورسی‌پێو؛ پڕایی‌پێو؛ دانسی‌میتر.

دانسینگ / dānsîng/: [انگلیسی]/اسم. دانسینگ؛ سەماگە؛ تیاترۆخانە؛ ژووری تایبەتی هەڵپەڕکێ و سەما لە ڕستووران یان کابارەدا.

دانش / dāneš ، ـها/:اسم. زانست؛ زاناهی؛ تۆرە؛ هین؛ کۆمەڵە زانیاریگەلێ ڕێکخراو و تەکووز و شیاو بۆ لێکدانەوە ‹دانش پزشکی: زانستی بژیشکی›.

دانش افزایی / dānešafzāyî/:اسم. کار یان ڕەوتی زۆرکردنەوەی زانست.

دانش آموز / dānešāmûz ، ـها؛ ـان/:اسم. قوتابی؛ قوتاوی؛ قتاوی؛ خوێندەوار؛ خوێنەوار؛ خوەنەوار؛ کەسێکی لە قوتابخانەی سەرەتایی، ناوەندی و پاش ناوەندیدا دەخوێنێ ‹دو تا دختر دانش‌آموز دارم یکی دبستانی و دیگری دبیرستانی: دوو کچی قوتابیم هەیە یەکێکیان سەرەتایی و ئەوی کە پاش ناوەندیە›.

دانش آموزی[1] / dānešāmûzî/:اسم. خوێندەواری؛ کار یان ڕەوتی خوێندن؛ فێر بوونی زانست.

دانش آموزی[2]: صفت. قوتابیانە؛ پێوەندیدار یان سەر بە قوتابییەوە ‹مسابقەی دانش‌آموزی: کێبەرکێی قوتابیانە›.

دانش اندوزی / dānešandûzî ، ـها/:اسم. کار یان ڕەوتی کۆکردنەوەی زانست. هەروەها: **دانش اندوز**

دانشپایه / dānešpāye/:اسم. پۆل؛ پلە؛ کلاس ‹دانش‌آموز دانشپایەی چهارم: قوتابی پۆلی چوارەم›.

دانش پرور / dānešparvar ، ـان/: صفت. زانست‌پەروەر؛ هۆگری پەرەدان بە زانست ‹از شخصیتهای فرهنگدوست و دانش‌پرور شهرمان دعوت می‌شود در تأسیس این کتابخانە شرکت کنند: لە کەسایەتیە فەرهەنگ‌دۆست و زانست‌پەروەرەکانی شارەکەمان بانگێشتن ئەکرێ لە دامەزرانی ئەم کتێبخانەیەدا بەشداری بکەن›. هەروەها: **دانش‌پروری**

دانش پژوه / dānešpajûh ، ـان/: صفت. زانستخواز؛ لێکۆڵەر؛ تۆژەر؛ هۆگری لێکۆڵینەوەی زانستی. هەروەها: **دانش‌پژوهی**

دانشجو / dānešcû ، ـها؛ ـیان/:اسم. خوێندکار؛ خۆندکار؛ ئەوانەی لە پلەی بالا لە زانستگادا دەخوێنن ‹دانشجوی دانشگاه کردستان: خوێندکاری زانستگای کوردستان›.

دانشجویی / dānešcûyî/: صفت. خوێندکاری؛ خۆندکاری؛ پێوەندیدار یان سەر بە خوێندکارانەوە ‹کارت دانشجویی: پسوولەی خوێندکاری›.

دانش دوست / dānešdûst ، ـان/: صفت. زانستواز؛ زانستیار؛ هۆگری زانست ‹شرفخان امیری دانش‌دوست و دانشمند بود: شەرەفخان میرێکی زانستواز و زانا بوو›. هەروەها: **دانش‌دوستی**

دانشسرا / dānešsarā ، ـها/:اسم. یانەی زانست؛ پەروەردەی مامۆستایان؛ دامەزراوەیەکی فێرکاری بۆ ڕاهێنانی سەیدا و مامۆستایانی قوتابخانە.

◘ **دانشسرای عالی**: یانەی زانستی بالا؛ پەروەردەی بالای مامۆستایان.

دانشکده / dāneškade ، ـها/:اسم. زانکۆ؛ بەشێک لە دامەزراوەیێکی بالای ڕاهێنان (بەتایبەت زانستگا) کە لقێ لە زانست، هونەر یان زانیاری (یەک یان چەن ڕشتە) تێدا دەخوێندرێ ‹دانشکدەی ادبیات؛ دانشکدەی هنر: زانکۆی وێژەوانی؛ زانکۆی هونەر›.

دانشگاه / dānešgāh ، ـها/:اسم. زانستگا؛ زانستگە؛ دامەزراوەیەکی فێرکاری بالا بریتی لە چەن زانکۆ بۆ فێرکردنی خوێندکار لە بوارگەلی جۆراوجۆردا.

دانشگاهی / dānešgāhî ، ـان/: صفت. زانستگایی؛

زانستگەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە زانستگاوە ‹کتاب دانشگاهی: کتێبی زانستگایی›.

دانش‌گستر / dānešgostar ، ـان/: صفت. بە توانا و تایبەتمەندی پەرەدان بە زانست. هەروەها: **دانش‌گستری**

دانشمند[1] / dānešmand ، ـها؛ ـان/:اسم. زانیار؛ زانا؛ هۆزان؛ هزرڤان؛ کەسێ کە لە بوارێکی زانستیدا خاوەن بیر و ڕا و زانیاری بنەڕەتی بێ ‹در این تحقیق چند دانشمند همکاری می‌کنند: لەم تۆژینەوەدا چەند زانیار هاوقۆلی دەکەن›.

دانشمند[2]: صفت. زانا؛ زانستمەند؛ هۆزان؛ هزرڤان؛ ئلمیەر؛ زۆرزان ‹پزشک دانشمند: بژیشکی زانا›.

دانشمندانه / dānešmandāne/: صفت. زانایانە؛ زانستمەندانە؛ هۆزانانە؛ پێوەندیدار یان سەر بە زانایییەوە ‹بیانات دانشمندانه: وتاری زانستمەندانە›.

دانشمندی / dānešmandî/:اسم. زانستمەندی؛ زانایەتی؛ زۆرزانی؛ زانایۆخی؛ دۆخ یان چۆنیەتی زانستمەند بوون ‹دانشمندی اینشتین مانع از آن نمی‌شد که شعر بگوید یان ویلن بزند: زانستمەندی ئەنشتەین بەری شیعر هۆنینەوە و ویۆلۆن ژەندنی لێ نەدەگرت›.

دانشنامه / dānešnāme ، ـها/:اسم. زانستنامە: ١. پسوولەی کۆتایی هێنانی خوێندن لە زانستگایەک ‹دانشنامەی پزشکی خود را از دانشگاه علوم پزشکی کردستان دریافت کرد: زانستنامەی بژیشکیەکەی لە زانستگای زانستە بژیشکیەکانی کوردستان وەرگرت› ٣. فەرهەنگی بەرفراوان.

دانشور[1] / dānešvar ، ـها/:اسم. زانا؛ دانا؛ زانستوەر؛ کەسێ کە چالاکیەکی زانستی هەیە.

دانشور[2]: صفت. زانا؛ دانا؛ زانستوەر؛ بە زانست؛ خاوەن خوێندەواری یان ئاگاداری زانستی.

دانشیار / dānešyār ، ـان/:اسم. زانستیار؛ کەسێ کە پلەوپایەی زانستیاری هەبێ ‹دانشیار دانشکدەی ادبیات: زانستیاری زانکۆی وێژەوانی›.

دانشیاری / dānešyārî/:اسم. زانستیاری؛ پلەیەکی ڕاهێنەری لە دامەزراوەیەکی خوێندنی بالا لە نێوان سەیدایی و سەیدایاریدا.

دانگ / dāng/:اسم. دانگ؛ دانگە: ١. ـها/ دۆنگ؛ شەش یەکی هەر شتێک ٢. *[موسیقی]* نیوەی گامێک.

دانگی[1] / dāngî/: صفت. دانگانە؛ خاوەن بەشی بەرانبەر لە خەرجدا ‹ناهار دانگی: فراوێنی دانگانە›: **دۆنگی** *[گفتاری]*

دانگی[2]: قید. دانگی؛ دانگ بە دانگ؛ بە شێوەی بەشی وەک یەک ‹پول ناهار را دانگی حساب کردیم: پارەی فراوێنەکەمان دانگی حەساب کرد›.

دانندە / dānande ، ـها؛ ـگان/: صفت. *[گفتاری]* زانا؛ دانا؛ زانیار؛ ئاگا؛ هاگا ‹بهلول داننده: بوهلوولی زانا›.

دانه / dāne ، ـها/:اسم. ١. دان؛ تۆمی هەر گیایەک کە زۆرتر لە ناو کالانێکدایە و ماکی خواردنی پێویستی لەگەڵە ٢. دانە؛ دان؛ دنە؛ دەنک؛ میوەی دانەوێڵە ‹دانەی گندم؛ دانەی برنج: دانی گەنم؛ دانەی برینج› ٣. تۆم؛ دەنک؛ دان؛ دانەی ورد ـ ورد لە نێو هەندێ میوەی ئاودارد ‹انجیر بی‌دانه: هەنجیری بێ‌تۆم› ٤. گلار؛ گلۆر؛ دەنکە؛ دەنک؛ هەب؛ هەڤ؛ بۆڵ؛ دانێ؛ گلە؛ هەر شتێکی چکۆلە و خڕۆکە ‹دانەی انگور؛ دانەی تسبیح: گلاری ترێ؛ دەنکی تەزبێح› ٥. *[گفتاری]* دانە؛ دانێ؛ ژمارە؛ دەنک؛ گل؛ گلە؛ یەکەی ژماردن ‹پنج دانه مداد: پێنج دانە میداد› ٦. دان؛ دانە؛ دانێ؛ خۆراکی پەلەوەر ‹کبوتران دانه برمی‌چینند: کۆترەکان دان دەچیننەوە› ٧. *[بافتنی]* دانە؛ هەر لۆیەکی بەن (کاموا) کە بە دەوری میل (یا قولاپ)دا پێکدێت.

▣ **دانەی آب‌پز**: دانێ؛ دانوو؛ دەنکە کوڵاو؛ دانەکوڵاو؛ دانووی دانەوێڵە؛ دانوولە؛ دانیک؛ دانەوێڵەی لە ئاودا کوڵاو.

دانه‌ی انگور: بۆڵ؛ بۆڵی؛ گـلار؛ گلـۆ؛ گـوللی؛ دەنکی تریێ.
دانه‌ی برف: کولیچ؛ کولی؛ پشک؛ کلوو؛ کلۆی بەفر.
دانه‌ی بلغور: بڕوێش؛ بڕێش؛ دەنکـی دەغلـی پەڕش.
دانه‌ی بوداده: دامشته؛ گەرمـشته؛ مرێـشکه؛ برێشکه؛ بریشکه بۆدراو؛ دانەوێـڵەی لـە سـەر سێڵ برژاو.
دانه‌ی روغنی: دەنکی ڕۆنی؛ دانێ کـە مـاکی ڕۆناوی زۆری هەیه و بۆ ڕۆن‌گرتن کەڵکی لێ وەردەگیرێ (وەک دەنکی گوڵەبەڕۆژە).
▣ **دانه کردن:** دانەکردن؛ جـوێ‌کردنـەوەی دان لە پێست.
دانه‌ای / dāne'î/: *قید.* ۱. دانه‌ــدانـه؛ دانـەیی؛ بەدانەیی؛ بە دانەـ دانە ‹کم‌ـکم سیب و گلابـی را هم دانه‌ای می‌فروشند: وردەـوردە سـێو و هـەرمێیش دانەـدانە دەفرۆشن› ۲. دانەیێک؛ دانـێ؛ دانێـک؛ دانێـی؛ دانێـو؛ دانێـوە؛ دانیـە؛ دەنـک؛ گلێـک؛ تەڵێک؛ هـەر دەنـک ‹موزهـا دانـه‌ای ۲۰۰ تومـان: مۆزەکان دانەیێک ۲۰۰ تمەن›.
دانه‌بندی / dānebandî ، ـها/: *اسم.* دانەبەنـدی؛ چۆنیـــەتی چنـــینی دان لـــە چـــاو وردی و درشتیەوە.
دانـه‌خـوار / dānexār ، ـان/: *صفت.* دان‌خـۆر؛ دانـــەخۆر؛ خـــووگر بـــە خـــواردنی دان وەکـــوو خواردەمەنی ‹مرغان دانه‌خور: مەلانی دان‌خور›.
دانه ـ دانـه[1] / dānedāne/: *صفت.* دانارـــ دانـار؛ گورۆـگورۆ؛ بە ڕوویەکی پڕ لە زۆپ یان دەنکـی یەک چەشنەوە؛ .
دانه ـ دانه[2]: *قید.* دەنکەـ دەنکە؛ دەنکـ دەنـک؛ دانەـ دانە؛ دنەـ دنە؛ دانەــ دانـە؛ تـەڵـــ تـەڵ؛ چڵـچڵ؛ تاکەـ تاکە؛ یەکیـ یـەکی؛ لبۆــ لبـۆ؛ لبـلب؛ گلووـگلوو؛ گلەــگلـە؛ هـەبــ هـەب؛ قڵـقڵ؛ بە شـێوازێکی یـەک لـە دووی یـەک و جیاـجیـا ‹سیبها را دانـه‌ـدانـه پـاک مـی‌کـرد و در میوه‌خوری می‌چید: سێوەکانی دەنکەـ دەنکـە خـاوێن دەکردەوە و لە سەرقاپەکەی دەچنی›.
دانـــی[1] / dānî/: [عربـــی] *صـــفت. [ادبـــی]* چەوت‌وچەوێڵ؛ چـەپ‌وچێـڕ؛ چـەفت و نالـەبار؛ پەسـت؛ تـەرەس؛ خوێـری؛ دوونی؛ بـێ‌ئاکـار؛ نامەرد؛ بێ‌فەڕ؛ هۆڤەبەر.
ـ دانی[2]: *پسوند. [گفتاری]* ـ دان؛ ـ دانی؛ ــ دانـە؛ جێگـەی ڕاگـرتن یـان جێگـەداری شـتێک ‹زباله‌دانی: زبڵ‌دان›.
ـ دانی[3]: *پیواژه.* ـ زانی؛ ـ دانی؛ زانـین ‹کـاردانی: کارزانی›.
داو / dāv/: *اسم.* ۱. گە؛ سەرە؛ چەل؛ دەور؛ گەڕ؛ نۆرەی کایە ۲. بانک؛ ئەو پارەیـە کـە بـۆ بـرد و باخت دەخرێتە نێو گەمەوە.
داودی / dāvûdî ، ـها/: *اسم.* گوڵەداودی؛ گوڵـە داودی؛ گوڵـەداویتی؛ گوڵـە زووفـا؛ گوڵـەزۆفا؛ گیاییێکی ڕازاوەیی یەک یان چەن ساڵەیە کە لە پاییزاندا دەڕوێ، گوڵـەکەی بـە چـەن ڕەنـگ و بیچمەوەیە و کەم‌پەڕ و زۆرپەڕی هەیە.
داور / dāvar ، ـها؛ ـان/: *اسم.* ۱. دادوەر؛ دادڤـان؛ قازی؛ کەسێ کە لـە ناتـەبایی و نـاکۆکی نێـوان دوو یان چەنـد کەسـدا حـوکم دەکـا ۲. داوەر؛ کەسێ کـە لـە کێبـەرکێی وەرزشـیدا دادوەری دەکـا تـاکوو کایەکـەران لـە قـانوونی گەمەکـە لانـەدەن ‹یـک داور اتریـشی ایـن مـسابقه را داوری مـی‌کنـد: داوەرێکـی ئوتریـشی داوەری ئـەم کایـە دەکات›.
▣ **داور مَرضی‌الطرفین:** داوەری دوو لایەن ڕەزا؛ دادوەرێ کە دوو لایەنی کێشە پێ قایلن.
داوری / dāvarî ، ـها/: *اسم.* داوەری؛ دادوەری؛ دادڤانی: ۱. کار یا ڕەوتی ڕاگەیشتن بە قـسەی دوو لایەنی شەڕ بـۆ ڕوون‌کردنـەوەی دروسـتی یان نادروستی خوازەکانیان ۲. پیشەی داوەر.
داوطلب[1] / dāvtalab ، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی]

/سم. داوخواز؛ خواستنی خۆیی؛ هـەمت؛ کەسێ کە بە خواستی خۆی ئامادەی ئـەنجامی کـارێ دەبێ ‹از داوطلبان خواسته می‌شود آرامش خود را حفظ کنند: لە داوخوازان داوا دەکرێت لەسەرخۆ بن›.

داوطلب ۲: صفت. داوخـواز؛ خـاوەن ویـستی جێبەجێ‌کردنی کارێک ‹من هیچ وقت داوطلب کار نبودەام: من هەر داوخوازی کار نەوگم›.

داوطلبانه / dāvtalabāne/: [فارسی/ عربی/ فارسی] قید. داخوازانە؛ بە ویستی خۆ ‹داوطلبانه ایـن کـار را بـه عهـده گرفـت: داخوازانـە ئـەم کـارەی وە ئەستۆ گرت›.

داهی / dāhî ، ـان؛ دُهات/: [عربی] صفت. [ادبی] وریا؛ هۆشیار؛ وشیار؛ زیرەک؛ زبت و زیرەک.

داهیانه ۱ / dāhiyāne/: [عربـی/ فارسـی] صـفت. هۆشیارانە؛ وشیارانە؛ زیرەکانە ‹سیاست هوشیارانه: سیاسەتی وشیارانە›.

داهیانه ۲: قید. وشیارانە؛ هۆشیارانە؛ بـە شـێوازی زیرەکانە ‹او داهیانه می‌کوشید مـردم را علیـه دشمن بسیج کند: هوشیارانه تێدەکۆشا خەڵک دژ بە دوژمن یەک‌دەنگ بکا›.

دایر / dāyer/: [عربی] صفت. باز؛ دامەزراو؛ کراوە؛ دانراو؛ بەرقەرار؛ ئامادەی کار یان کەڵک‌وەرگری ‹مغـازەای دایـر کـرد؛ کتابخانـەای دایـر شـده اسـت: دوکانێکی باز کرد؛ کتێبخانەیەک دانراوە›: دائر

⊡ دایـر بـر: لەمـەڕ؛ سـەبارەت بـە؛ لـە بابـەت؛ ژبابەت؛ پێوەندیدار بە ‹دستوری دایر بر افـزایش حقـوق معلمـان صـادر نـشد: فـەرمانێک لەمـەڕ زۆرکردنی مووچەی مامۆستایانەوە دەرنەچوو›.

دایره / dāyere ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. / دوایر/ جغز؛ جوغز؛ جەغز؛ چووز؛ خاز؛ گەر؛ گاخ؛ کـۆز؛ بازنە؛ شووز؛ خیزک؛ گرۆڤـەر؛ خـرت ۲. دایـرە؛ دایەرە؛ چەمبەرە؛ لە سازە زەربیەکانی ئێرانە لـە بازنەیێکی چێوی کە پێـستێ ناسکی لـە سـەر کێـشراوە، پێـک‌هـاتووە و بـە قـامکی دەس لێـدەدرێ ۳. / دوایـر/ کارگێـڕی؛ لقـێ لــە مەزرینگەیـەک کـە کارگـەڵێکی تایبـەتی لـە ئەسـتۆدایـە ٤. [مجازی] دەوەر؛ دەڤـەر؛ هێـل؛ مەیدان؛ گۆڕەپان ‹دایرەی عمل: دەوەری کـار› * دائره

⊡ دایرەی زنگی ☜ دایرەزنگی

⊡ دایرە زدن: دایەرە ژەندن؛ دایەرە لێدان.

دایـرەالبـروج / dāyeratolburûc, -borûc/: [عربی]/سم. بازنـەی کـەلوان؛ بازنـەی برجگـەل؛ وێنەی بازنەیەکـە کـراوە بـە ۱۲ بەشـەوە، هـەر بەشێک وێنەی کەلوویەکی تێدا کێشراوە، وەکوو کەلووی دووپشک، کارژۆلـە و...: فلـک‌البُـروج؛ منطقه‌البروج

دایـرەالمعـارف / dāyeratolma'āref ، ـهـا/: [عربی]/سم. زانستنامـە؛ فەرهـەنگی بـەرفراوان؛ کتێب یان کتێبێ کە لەمەڕ بابەتگـەلی گـشتی، زانـستی، وێژەیـی، هونـەری و...وە بـە ڕیـزی ئەلفوبێ یان لە ڕووی بابەتەوە، زانیاری دەدا.

دایرەزنگی / dāyerezangî ، ـها/: [عربی/ فارسـی] اسـم. [موسـیقی] دایرەزەنگـی؛ گـەواڵ؛ دەفـەی چووکی بە زریزە.

دایگی / dāyegî/:/سم. دایەنی؛ دایەتی؛ دایەیی؛ تایەنی؛ داینی؛ پیشە یان کاری دایـەن ‹فاطمـه خانم دایگی او را بر عهده داشت: فاتمـە خـانم دایـەنی ئەوی بە ئەستۆ بوو›.

دایـم ۱ / dāyem/: [عربـی] صـفت. هەمیـشەیی؛ دایمـی؛ دایمـەیی؛ هـەتاهـەتایی ‹اقامـت دایـم: نیشتەجێی هەمیشەیی›: دائم

دایم ۲: قید. هەمیشە؛ بەردەوام؛ هەمیشە دەرەی؛ دایمە؛ هەر؛ دۆم؛ دایمە و دەرهەم؛ دایمەی خـوا ‹دایم بهانه می‌گرفت و چیـزی مـی‌خواسـت: هەمیـشە بیانووی دەگرت و شتێکی دەویست›: دائم

دایمـاً / dāyeman/: [عربـی] قیـد. هەمیـشە؛ بەردەوام؛ هەمیشە دەرەی؛ دایمە؛ دۆم؛ دایمە و دەرهەم؛ دایمەی خوا ‹دایماً مـی‌ترسـید: هەمیـشە دەترسا›: دائماً

دایم‌التزاید / dāyemottazāyod/: [عربی] *صفت.* *[نامتداول]* هەر لە زۆری؛ هەمیشە لە زۆر بوون؛ دایمە لە زۆر بوون؛ بە تایبەتمەندی زۆر بوونەوەی هەمیشەییەوە.

دایم‌الخمر / dāyemolxamr ، ـها/: [عربی] *صفت.* دایمەمەست؛ هەمیشەمەس؛ دایم و دەرهەم خەریکی خواردنەوەی ئەلکول.

دایمی / dāyemî ، ـها/: [عربی] *صفت.* هەمیشەیی؛ دایمی؛ خاوەن بار و دۆخێکی هەمیشەیی ‹خانەی دایمی؛ سکونت دایمی: خانووی هەمیشەیی؛ نیشتەجێ دایمی›: **دائمی**

داین / dāyen/: [عربی]/*اسم.* *[حقوق]* بستانکار؛ بستێنکار؛ وامدەر؛ خاوەن قەرز؛ کەسێ کە قەرز دەدا بە خوازیار: **دائن**

دایناسور / dāynāsor ، ـها؛ ـان/: [انگلیسی]/*اسم.* دایناسۆر؛ خزۆکی زل‌تووزی دەورانی میزۆزوییک بە درێژایی یەک تا ۳۰ میترەوە کە لە بەژ و ئاودا ژیاوە و لە کۆتایی دەورانی کرتاسەوە لە ناو چووە: **دینوسور**

دایه / dāye ، ـها؛ ـگان/:/*اسم.* دایە؛ دایەن؛ دادی؛ دایان؛ ئادی؛ تایان؛ تایەن؛ دادۆک؛ دایین؛ لەلەی ژن؛ ئەو ژنەی کە لە بەرانبەر وەرگرتنی مووچەیەکەوە بە منداڵی خەڵک شیر دەدا و ئاگاداری لێوە دەکا.

▣ **دایه‌ی مهربانتر از مادر:** *[کنایی]* ئەسکوێی لە دیزە بەکوڵتر؛ کوچک لە ئاگر گەرمتر؛ لە چوارشەمە سوورتر؛ کەسێ کە بە درۆ و ناڕەوا دڵسۆزی و مێهرەبانی بۆ کەسێ دەکا.

دایی / dāyî ، ـها؛ ـان/:/*اسم.* خاڵ؛ خاڵ؛ خاڵۆ؛ خاڵۆ؛ خاڵوو؛ خاڵە؛ ئالۆ؛ لالە؛ لالۆ؛ لاکوو؛ لالوو؛ هالوو؛ هالوا؛ کاکۆیە؛ کاکۆ؛ برای دایک: **دائی**

دایی‌زاده / dāyîzāde ، ـها؛ ـگان/:/*اسم.* خاڵۆزا؛ خاڵۆزاگ؛ لالۆزا؛ هالۆزا؛ کوڕەخاڵ و کچە خاڵ؛ منداڵی خاڵ.

دب‌اصغر / dobbe'asqar/: [عربی] ☜ خرس کوچک، **خرس**

دباغ / dabbāq ، ـها؛ ـان/: [عربی]/*اسم.* دەواخ؛ دەواغ؛ دەباخ؛ هەلال؛ هەلالچی؛ دەباخچی؛ بۆنگچی؛ چەرمچی؛ تێشوو؛ بۆنگ؛ چەرمگەر؛ کەسێ کە پیشەی پاک‌کردن و خۆشەکردنی پێستە.

دباغخانه / dabbāqxāne ، ـها/: [عربی/ فارسی] /*اسم.* دەباخ‌خانە؛ هەلال‌خانە؛ دەواخانە؛ خۆشەخانە؛ خۆشخانە؛ گەمارگە؛ خۆشگە؛ ئەو شوێنە هەلالی تێدا خۆشە دەکرێ.

دباغی / dabbāqî/: [عربی]/*اسم.* دەباخی؛ گەمار؛ خوەشە؛ کاری خۆشەکردنی چەرم بە دەرمان.

▣ **دباغی کردن:** هەلالکردن؛ هەلالدان؛ ئالوون؛ پووین؛ دەباغ کردن؛ خۆشەکردنی چەرم بە دەرمان و جەفتەوە.

دبّ اکبر / dobbe'akbar/: [عربی] ☜ خرس بزرگ، **خرس**

دبدبه / dabdabe/: [عربی]/*اسم.* سەنسەنە؛ تەنتەنە؛ سەنتەنە؛ هنگوونگ؛ ئینجەوفینجە؛ دەبدەبە؛ تەمتەراق؛ تەشریفاتی و بە شان و شکۆ.

دبر / dobor/: [عربی]/*اسم.* ۱. *[نامتداول]* پشت؛ پەشتی؛ سەر شان تا کەمەر، لە پشتەوە ۲. قوون؛ قنگ؛ قن؛ پیزی؛ تن؛ تنە؛ کۆم؛ فیچەنە.

دبران / dabarān/: [عربی]/*اسم.* *[نجوم]* دەبران؛ بورجی‌گا؛ گەشترین ئەستێرەی کەلووی گا کە لە چاوی گا ناسراوە و کەوتۆتە پشتی ئەستێرەی کۆوە.

دبستان / dabestān ، ـها/:/*اسم.* دەبستان؛ سەرەتایی؛ قوتابخانەی سەرەتایی؛ فێرگەی زارۆکان ‹آرام بە دبستان می‌رود: ئارام دەڕواتە دەبستان›.

دبستانی / dabestānî ، ـها/: *صفت.* دەبستانی؛ سەرەتایی؛ پێوەندیدار یان سەر بە پلەی

سەرەتاییەوە ‹کتابهای دبستانی؛ کودک دبستانی: کتێبگەلی دەبستانی؛ مندالی سەرەتایی›.

دبش / debš ، ـها/: *صفت.* تفت؛ بە چێژە یا بۆنی هێندێک تیژ و گەسەوە.

دبق / debq ، ـها/: [عربی]/*اسم.* دەمووکانە؛ دەمکانە؛ دمکانە؛ دەنووکە؛ مووێزک؛ نحۆر؛ مووخۆر؛ پنچەدارێکە، سرێشێکی لینجی سەوزی هەیە، جاران بۆ نەرمکردنەوەی سنگ بەکار دەبرا، ئێستا دەدرێت لە دار و درەخت بۆ ئەوەی باڵندەی پێوە بنووسێت، بۆ ڕاوکردن.

دبلنا / dabelnā/: [روسی] ☜ **لوتو**

دبنگ / dabang ، ـها/: *صفت.* دەبەنگ: ١. گێل؛ گێلۆکە؛ گەلحۆ؛ حۆل؛ حەپۆل؛ شەواک؛ گێژ؛ بێهۆش ٢. لاژگ؛ لاژی؛ تەپەقورە؛ لەوس؛ خوێری؛ خۆری؛ بێکارە و بەکارنەهاتوو.

دبنگوز / dabangûz ، ـها/: *صفت.[مستهجن]* ترتەمان؛ دەبەنگ؛ لەوس؛ لاژگ؛ لاژی؛ تەپلمۆس.

دبور / dabûr/: [عربی]/*اسم.* دەبوور؛ بای خۆرئاوا؛ بایەک کە لە خۆرئاواوە هەڵدەکا.

دبوری / dabûrî/: [عربی] *صفت.[گفتاری]* خوێری؛ خۆری؛ لاقەو؛ بێکارە؛ لەشگران؛ خوتوخوێری.

دبوس / dab(b)ûs ، ـها/: [معرب از ؟]/*اسم.[قدیمی]* گورزی ئاسنی؛ کوتەکی ئاسنی؛ داردەستی ئاسنی.

دبه / dabbe/: [عربی]/*اسم.* دەبە: ١. /ـها/ دەبە؛ دەبێ؛ دەفری سەردار و دەستەدار، زۆرتر لە پلاستیک، تراوی تێدا هەڵدەگرن ٢. تەشقەڵە؛ گەڕ؛ گزی؛ سەرپێچی لە گفت و پەیمان.

▣ **دبه درآوردن/ کردن:** دەبە دەرهێنان؛ دەبە دان؛ قاپگرتن؛ لە ئەرکی سەرشان لادان ‹خریدار دبه درآورد و قالی را پس داد: کڕیارەکە دەبەی دەرهێنا و فەرشەکەی داوە›.

دبه خایه / dabbexāye/: [عربی/ فارسی] *صفت.* *[گفتاری]* قۆڕ؛ قیرە؛ گونشۆڕ؛ نەخۆشی گون پەنەمان.

دبی / debî/: [فرانسوی] ☜ **آبدهی**

دبیب / dabîb ، ـها؛ ـان/: [عربی]/*اسم.[قدیمی]* قورڕاویلکە؛ سارسارۆک؛ ئاوڕۆشن‌کەرەوە؛ ئاوڕۆشن‌کەرە؛ ئاوڕۆشنەوکەرە؛ ئاوڕوونکەرە؛ ئاوڕوونکە؛ مێروویێکی ڕەشی مەیلەو سووری چکۆلەیە بە سەر ئاوی لیخندا بە پەلە دێت و دەڕوا و ساف و زەلالی دەکاتەوە.

دبیت / dabît/:/*اسم.* ساتین؛ ساتان؛ ساتەن؛ چەشنێ پارچەی هەرزان لە لۆکەیە کە سافە و بۆ ئاستەڕ بەکار دێ.

دبیر / dabîr ، ـها؛ ـان/:/*اسم.* دەبیر: ١. مامۆستا؛ کەسێ کە لە پلەی پاش‌ناوەندیدا وانە دەڵێتەوە ٢. مونشی؛ سکرتێر؛ بەڕێوەبەر؛ نووسیاری ڕێکخراوە، ئەنجوومەن، پارت یان لێژنە ‹دبیر انجمن ریاضی: بەڕێوەبەری ئەنجومەنی ڕیازی› ٣. بەرپرس؛ نووسەر؛ ڕازگر؛ دووهەمین پلەی باڵوێزخانەیەک ‹دبیر سفارت سویس: بەرپرسی باڵوێزخانەی سویس›.

▣ **دبیر کل** ☜ **دبیرکل**

دبیرخانه / dabîrxāne ، ـها/:/*اسم.* نووسینگە؛ دەبیرخانە: ١. یازخانە؛ دەفتەرخانە؛ بەشێ لە ڕێکخراوە کە کاری نامە نووسین و وەرگرتن و هەناردنی نامە لەوێوە جێبەجێ دەبێ ‹نامه‌ات را ببر دبیرخانه ثبت کنند: نامەکەت بەرە یازخانە تۆماری بکەن› ٢. ناوەندی کارگێڕی پارت، ئەنجومەن یان ڕێکخراوەیەک.

دبیرستان / dabîrestān ، ـها/:/*اسم.* دواناوەندی؛ دەبیرستان؛ پاش‌ناوەندی؛ دامەزراوەی فێرکاری پاش پلەی ناوەندی و پێش زانستگا.

دبیرستانی / dabîrestānî ، ـها/: *صفت.* دواناوەندی؛ پاشناوەندی؛ دەبیرستانی؛ پێوەندیدار یان سەبارەت بە دەبیرستانەوە ‹کتابهای دبیرستانی: کتێبگەلی دواناوەندی›.

دبیرکل / dabîr(e)kol(l) ، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم.* سەرۆک؛ سەرۆکی ڕێکخراوە، ئەنجومەن یان حیزبێک ‹دبیرکل سازمان ملل متحد: سەرۆکی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان›.

دبیری / dabîrî/: *اسم.* دەبیری: ۱. کاری دەبیر ۲. یەک لە پلەگەلی فێرکاری.

دپارتمان / depārt(e)mān ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* دیپارتمان؛ بەش؛ پاژ (لە نەخۆشخانە)؛ گرۆ (لە زانستگا) بەشێک لە مەزرینگە کە کارێکی دیاریکراوی تێدا دەکرێ.

دپو / depo ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ۱. هەمار؛ هومار ۲. کۆگە؛ کۆگا.

دترمینیسم / determinism/: [فرانسوی] *اسم.* دیترمینیسم؛ خورتیوازی؛ جەبرییەت؛ ڕوانگەیەکی فەلسەفی پێڕێژکراو بەوەی کە دیاردەگەلی جیهان بە پێی هەلومەرجێک بەدی دێن کە هەلکەوت ڕوودانیان مسۆگەر دەکا و ئەم خورتیە لە تەواوی سروشتدا بەدی دەکرێ.

دتکتور / detektor ، ـها/: [فرانسوی از انگلیسی] *اسم.* ئاشکراکەر؛ ئاشکراساز؛ خویاکەر؛ دەرخەر.

دج / dac/: *صفت.* دەژ؛ دەق؛ دەکارنەکراو؛ دەست لێنەدراو ‹صبح که رفتم، ظرف شیرینی دج بود: بەیانی کە چووم، قاپی شیرینیەکە دەژ بوو›.

دجاجه / dac(c)āce/: [عربی] ☜ **قو ـ۱**

دجال / daccāl/: [عربی] *اسم.* *[فرهنگ مردم]* جاڵ؛ جرجاڵ؛ جەجاڵ؛ ججاڵ: ۱. کەرسوارێکی خەیاڵیە کە گوایە ڕۆژێک دەردەکەوێ و خەڵک بانگ دەکاتە سەر ئایینی خۆی ۲. *[کنایی]* درۆزن و گزیکار؛ ساختەچی.

دچار / dočār/: *قید.* تووش؛ تووشیار؛ گیرۆدە؛ دوچار؛ تووشبووگ؛ کولک؛ ئەوقە؛ ئاوقە؛ تلیاگ؛ لە هەمبەر دۆخ یان ڕووداوێکی خراپەوە ‹آرام دچار دردسر شده است: ئارام تووشی دەردیسەر بووە›.

دخالت / dexālat, daxālat ، ـها/: [عربی] *اسم.* بەشداری؛ کارپێوەیی؛ کاربەسەری؛ کار یان ڕەوتی دەست تێوەردان؛ دەست تێبردن؛ بەشدار بوون لە کارێکدا.

دخانیات / doxāniy(y)āt/: [عربی] *اسم.* دوخانیات: ۱. ئەوەی لە تەماکۆ بەرهەم دێ و بۆ دووکەڵکردن بە کار دەڕوا (وەک جگەرە) ۲. دامەزراوەیێک کە پاوانکردنی کڕین، فرۆش، بەرهەم هێنان و... ئەو ماکانەی وەئەستۆیە.

دخت / doxt/: *اسم.* *[ادبی]* کچ؛ کەنیشک؛ کیژ؛ کناچێ؛ دویێت؛ دۆت؛ منالی مێوینەی مرۆڤ.

دختر / doxtar ، ـها؛ ـان/: *اسم.* کچ؛ کەچ؛ کیژ؛ کەنیشک؛ کەینەک؛ کەینەکە؛ کناچێ؛ کەنی؛ کێنا؛ کنا؛ ویچان؛ دوت؛ دوەت؛ دت؛ تە؛ دتە؛ دویێت؛ دۆت؛ دوەر؛ دویێتە؛ قز؛ قیز: ۱. فرزەندی مێوینەی مرۆ ‹بچەشان دختر بود: منداڵەکەیان کچ بوو› ۲. کچ ئازەو؛ کەنیشکە عازەو؛ کلیلبەبەرۆک؛ خاما؛ مرۆڤی مێوینە کە هێشتا شووی نەکردووە.

▣ **دختر برادر** ☜ **دختربرادر**

دختر تلفنی: *[کنایی]* ژنێ بەدکارە کە مشتەریەکانی بە تەلەفوون بانگی دەکەن.

دختر خواهر ☜ **دخترخواهر**

دختر دمِ بخت: خاما؛ کچێ کە وەختی شوو کردنیە.

دختر سعدی: *[کنایی]* گەڕاڵ؛ ماڵانگەڕ؛ ماڵەوماڵکەر؛ یانەویانەکەرێ؛ کەسێ کە زۆر خوازیاری مێوانی چوون و گەڕانە و لە ماڵی خۆی گیر نابێ: **زن ملانصرالدین**

دختر ناتنی: زڕکچ؛ زڕکەچ؛ کچهەلی؛ نەڤس؛ کچی مێرد بۆ باوەژن یان کچی ژن بۆ زڕباب.

▣ **دختر دادن:** *[گفتاری]* کچ دان؛ کناچە دای؛ کچی خۆ بۆ هاوسەری بە کەسێک دان ‹ما بە بیکار جماعت دختر نمی‌دهیم: ئێمە بە مرۆی بێکار کچ نادەین›.

دختر گرفتن:*[گفتاری]* کچ خواستن؛ دەستی کچ گرتن؛ کچێک بە هاوسەری هەڵبژاردن ‹این دختر را برای پسرت بگیر: ئەم کچە بۆ کوڕەکەت بخوازە›.

دختراندر / doxtarandar ، ـها/:*اسم.* زڕکچ؛ زڕکەچ؛ کچهەلی؛ نەڤس؛ کچی مێرد بۆ باوەژن یان کچی ژن بۆ زڕباوک.

دخترانه / doxtarāne ، ـها/: *صفت.* کچانە؛ کەچانی؛ کەنیشکانە؛ کناچانە؛ دوێتانە: ۱. پێوەندیدار یان سەر بە کچانەوە ‹لباس دخترانە: جلوبەرگی کچانە› ۲. وەکوو کچان ‹قیافەی دخترانە: ڕواڵەتی کچانە›.

دخترباز / doxtarbāz/: *صفت.* پسکەباز؛ کچباز؛ بە خوو و هۆگریەتی کچبازیەوە.

دختربازی / doxtarbāzî/:*اسم.* پسکەبازی؛ کچبازی؛ ئەو کردەوەیە کە کوڕ یان پیاوێکی لاو بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ کچاندا دەیکا (وەکوو دۆزینەوە یان ژێر سەر نانی دۆستی کچ).

دختربچه / doxtarbačče ، ـها/:*اسم.* لەیریێ؛ کچۆڵە؛ کیژۆڵە؛ کچک؛ کەنیلە؛ کەچیلۆک؛ کناچلێ؛ کچێک بە تەمەنی نێوان ۲ تا ۱۲ ساڵانەوە.

دختربرادر / doxtarbarādar/:*اسم.* کچبرا؛ کچەبرا؛ کچی برای کەسێک ‹دختربرادرش عروس همسایەی ماست: کچبرای بووکی دراوسێکەی ئێمەیە›.

دخترحاجی / doxtarhācî ، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم. [مجازی]* کچەشێخ؛ کچەئاغا؛ کچی کەسێکی زۆر دەوڵەمەند.

دخترخاله / doxtarxāle ، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم.* کچەپوور؛ کەنیشک میمک؛ کناچۆ مەتیێ؛ کچی پوور (خوشکی دایک).

دخترخواندگی / doxtarxāndegî/:*اسم.* دۆخ یان چۆنیەتی هەڵبژێردرانی کچ وەکوو فرزەند لە لایەن کەسێکەوە.

دخترخوانده / doxtarxānde ، ـها/:*اسم.* کچێ کە کەسێک وەک منداڵی خۆی هەڵیبژاردووە.

دخترخواهر / doxtarxāhar ، ـها/:*اسم.* کچەخوشک؛ وارکەنیا؛ کچی خویشک؛ خوشکەزای مێوینە.

دختردایی / doxtardāyî ، ـها/:*اسم.* کچەخاڵ؛ کەنیشکی خاڵۆی کەسێک.

دخترزا / doxtarzā ، ـها/: *صفت.* کچەزێ؛ بە تایبەتمەندی بە دنیا هێنانی کچ لە هەموو یان زۆرتری سک و زاکانیدا.

دخترزاده / doxtarzāde ، ـها/:*اسم.* کچەزا؛ کناچەزا؛ کەنیشکەزا؛ هەر کام لە منداڵانی کچی کەسێک ‹آزاد دخترزادەی دایی‌ام است: ئازاد کچەزای خاڵۆمە›.

دخترعمو / doxtaramû, -'amû ، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم.* دوتمام؛ کچەمام؛ کچمام؛ کناچۆ مامۆی؛ کچی مامەی کەسێک.

دخترعمه / doxtar'amme, -'amme ، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم.* کچەپوور؛ کچ میمک؛ کچەمەتی.

دخترمدرسه / doxtarmadrese, -madrase ، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم.* کچەقوتابی؛ کچێ کە دەچێتە قوتابخانە: **دخترمدرسەای**

دخترمدرسه‌ای /doxtarmadrese'î, -madrase'î/: [فارسی/ عربی] ☜ **دخترمدرسه**

دختری[1] / doxtarî/:*اسم.* ۱. کچێتی؛ کچیەتی؛ کەنیشکی؛ کچی؛ دوێتی؛ کناچەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی کچ بوون ۲. *[مجازی]* بن؛ بنە؛ کچێنی؛ پەردەی کچیەتی.

دختری[2]: *صفت.* کچی؛ کەنیشکی؛ کناچەیی؛ دوێتی؛ پێوەندیدار یان سەر بە کچەوە ‹نوەی دختری: نەوەی کەنیشکی›.

دخشه / daxše ، ـها/: [؟] *اسم.* درۆڤ؛ هەر کام لەو نیشانانە کە بۆ نووسین بە کار دەڕوا (وەک پیت، ژمارە و نیشانەگەلی خاڵبەندی).

دخل / daxl/: [عربی]/*اسم*. ۱. دەخڵدان؛ داخڵە؛ دەخیلە؛ دەخڵ؛ دەغەڵیە؛ دەغڵ؛ قوتووی جێی دراوی دوکاندار ‹پول را گرفت و گذاشت توی دخل: پارەکەی گرت و نایە نێو دەخڵدانەوە› ۲. /ـها/ دەخڵ؛ دەغڵ؛ پارەیەک کە لە نێو دەخڵەداندایە ‹همەی دخل من همین است: دەخڵەکەم هەمووی هەر ئەوندەیە› ۳. /ـها/*[مجازی]* داهات؛ دەرامەت؛ بارەچە ‹دخل روزانەاش چقدر است؟: داهاتی ڕۆژانەی چەندە؟› ٤. پێوەندی؛ پەیوەندی ‹این کار هیچ دخلی بە ما ندارد: ئەم کارە هیچ پیوەندیەکی بە ئێمەوە نیە›.

◘ **دخل را زدن**: دەخڵ برین؛ پارەی نێو دوکان دزین ‹تا رفتم جنس بیاورم دخل را زد و رفت: تا ڕۆیشتم شتی بۆ بێنم دەخلی بری و دەرچوو›.

دخل کردن: داهات بوون ‹چقدر دخل کردی؟: چەندت داهات بوو؟›.

دخل کسی را درآوردن:*[مجازی]* لە پا خستنی کەسێک؛ کەسێک دەردی سەگ دان؛ کەسێک لە کار خستن ‹دخل آزاد را درآوردم: ئازادم لە پا خست›. هەروەها: **دخل کسی آمدن**

به کسی دخل نداشتن: کاری بە کەسێکەوە نەبوون ‹به تو دخلی ندارد: کاری بە تووە نیە›.

دخل و خرج / daxl-o-xarc/: [عربی]/*اسم*. دەخڵ و خەرج؛ داهات و داچوو؛ داهات و خەرج: **خرج و دخل**

◘ **دخل و خرج کردن**: داهات و داچووکردن؛ دەخڵوخەرجکردن؛ بەشکردن؛ وەسکەردەی ‹این مغازه که گرفتی دخل‌وخرج می‌کند؟: ئەم دوکانەی گرتووتە داهات و داچوو دەکا؟›.

دخمسه / daxmase/: [عربی] ☜ **دغمسه**

دخمه / daxme، ـها/: *اسم*. داخمە؛ دەخمە؛ دەغمە: ۱. *[مجازی]* بۆدڕ؛ کۆرەوڵە؛ جێگای تەنگ و تاریک ‹تو اسم این دخمه را گذاشتی اتاق؟: تۆ بەم داخمەیە ئەڵێی ژوور؟› ۲. ڕەهۆڵ؛ قووڵکەی ژێرزەوینی کە (بەتایبەت لە ئایینی زەردەشتدا) لاشەی مردوویان تێدا دەهێشتەوە ۳. *[ادبی]* گۆڕ؛ گلکۆ؛ قەبر؛ قەبرە.

دخول / doxûl, duxûl/: [عربی]/*اسم*. کار یان ڕەوتی تێڕۆیین؛ چوونەناوەوە؛ وە ژوورکەوتن؛ چوونە ژوورەوە؛ ئەنەدلێ لوەی.

دخیل[1] / daxîl/: [عربی]/*اسم*. ۱. لایەدە؛ بیانی؛ وشەیەک کە لە زمانێکی بیانیەوە هاتۆتە نێو زمانێکەوە ۲. /ـها/ پەڕۆشین؛ تەوەڕک؛ پارچە یان بەنێک کە بۆ بەجێهاتنی نیاز بە قسن یان دارێکی پیرۆزەوەی دەبەستن: **دخیل بستن**

◘ **دخیل بستن** ☜ **دخیل**[1]**ـ۲**

دخیل[2]: *صفت*. بەشدار؛ دەستدار لە کارێکدا.

◘ **دخیل بودن**: بەشدار بوون؛ دەستدار بوون.

دد / dad، ـان/: *اسم*. *[ادبی]* دڕ؛ دڕندە؛ دڕندە؛ لاور؛ گیانەوەری گۆشتخۆری کێوی (وەک شێر، پلنگ، گورگ و...).

د.د.ت. / de.de.te/: [فرانسوی]/*اسم*. دێ.دێ.تێ؛ ماکێکی سپی بۆندار کە بە شێوەی گەرد یان لە ئاو گیراوە بۆ لەنێو بردنی مێروو بەکار دەبرێ.

ددر / dadar/: *اسم*. *[کودکانە]* دەردەر: ۱. دەرەوە؛ جبەر؛ دەرەوەی ماڵ ۲. گەردش؛ گەڕان؛ گێلای.

ددری / dadarî، ـها/: *صفت*. *[گفتاری]* گەڕاڵ؛ خوازیاری گەڕان و دوور بوون لە ماڵ ‹خیلی ددری شده و دیگر توی خانه آرام نمی‌گیرد: تەواو گەڕاڵ بووە و لە ماڵ بەن نابێ›.

ددمنش / dadmaneš، ـان/: *صفت*. *[ادبی]* دڕ؛ دڕندە؛ دڕنە؛ خاوەن خووی جەنگەرانی.

دده / dade، ـها/: [ترکی]/*اسم*. ۱. *[قدیمی]* دەدە؛ سەرناوێک بۆ کارەکەرانی ڕەشپێستی ناوماڵ ۲. *[نامتداول]* باوک؛ باب؛ تاتە.

در[1] / dar، ـها/: *اسم*. درگا؛ دەرگا؛ دەرک؛ دەرکە؛ دریا؛ بەرە: ۱. کەرەسەیەک کە ڕێگەی

چوونە ناو یان هاتنە دەرەوەی جێگایەکە و باز و بەستە دەکرێ ‹در خانه: درگای ماڵ› ٢. سەر؛ زاربێن؛ دەرگابێن؛ دەرخون؛ دەرخۆنە؛ دەرخووینک؛ کەرەسەیەک کە بۆ بەستنی دەفرێک بە کار دەڕوا ‹در شیشه: درگای شیشه› ٣. *[مجازی]* چەمک یان ڕێگای گەیشتن بە شتێ یان جێیەک ‹در آشتی؛ در گفتگو: درگای ئاشتی؛ درگای وتوویژ› ٤. *[مجازی]* چەمک یان مەبەستی وتوویژ ‹از هر دری سخنی: لە هەر بەرەیەکەوە بابەتێک›.

▣ **در اضطراری:** دەرکی ناچاری؛ دەرکەیەک کە بۆ دەرباز بوون لە کاتی مەترسیدا دانراوە.

در آکاردئونی: درگای ئاکاردیئونی؛ درگایێ کە تاکانی بە سەر یەکدا دەنووشتێنەوە.

در ایستاده: دەرکی ڕاوەستاو؛ درگایێ کە لە سەر یا خواریەوە بە چارچێوە لاولاوە دەکرێ و لە کاتی کرانەوەدا ئاسۆگی و لە بەستندا ئەستوونی دەوەستێ.

در پیچی: دەرگای پێچی؛ سەری پێچی؛ دەرکی پێچی؛ درگای چکۆلە کە بە پێچدان دەبەسرێ یان دەکرێتەوە.

در تابخور: دەرگای دوولایی؛ ئەو درگایە کە بە هەر دوو لادا (بەر و دوا) ئاوەلا دەبێ.

در تاشو: دەرگای چەن تایی کە تاکانی بە یەکەوە لکاون و تەنیا یەک تایان بە چوارچێوەکەوە پێوەند دراوە.

در چرخان: دەرگای چەرخان؛ درگایێ بە شێوەی دو پەڕەی یەکبڕ کە بە سەر پاژنەیەک لە بان و خوارەوە دەچەرخێ.

در خروجی: دەرگای دەرکەوتن؛ درگای چوونە دەر؛ ئەو دەرگایە کە بۆ چوونە دەرەوە لە شوێنێک دانراوە.

در دولنگه: دەرگای دووتایی؛ درگایێ کە لە دوو پەڕەی جیاواز دروستکراوە و هەردووکیان لە چوارچێوەیەکدا جێ خراون.

در کرکره: دەرگای کرکرە؛ ئەو درگایە کە بە ڕووی خۆدا لۆ دەخواتەوە یان کۆ دەبێتەوە.

در کشویی: دەرگای کەشاوی؛ ئەو درگایە کە بە کێشان بەرەو چەپ یان ڕاست دەکرێتەوە و دەبەسرێتەوە.

در گیوه گشاد: *[کنایی]* قنزل؛ تەپەلەوس؛ تەپلەوسە؛ تەوەزەل؛ تەمەڵ.

در مخفی: دەرکی شاراوە؛ دەرگایەک کە ڕوویان داپۆشیوە و بۆ کەسێ کە نەزانێ، نادیارە.

در ورودی: دەرگای سەرکەوتن؛ دەرکی چوونە ژوور؛ درگایەک بۆ ڕۆیشتنە ناو جێگەیەک، بەتایبەت دەرگای دەرەوەیی خانوو یان ساختومانێ کە بەرەو شەقام دەکرێتەوە.

▣ **در باغ سبز نشان دادن:** *[مجازی]* دڵخۆش کردن؛ بە قسە بەهار هێنانە چۆکان؛ وادەی زل و پووچ دان ‹تو آن روز داشتی در باغ سبز به من نشان می‌دادی: تۆ ئەو ڕۆژە خەریک بووی دڵمت خوش دەکرد›.

در به روی خود بستن: *[کنایی]* دەرگا بە سەر خۆدا بەستن؛ درگا لەسەر خۆ داخستن؛ خۆ توترەمش دان؛ لە ماڵەوە دانیشتن و لەگەڵ کەس هەڵس‌وکەوت نەکردن.

در به روی کسی باز شدن: *[مجازی]* دەرگا لە کەسێک کرانەوە؛ ڕێگەچارە بۆ گیر و گرفتێک پەیدا بوون ‹وقتی کار پیدا کردم همه‌ی درها به رویم باز شد: کە کارم دۆزیەوە هەموو دەرگایەکم لێ کرایەوە›.

در به روی کسی بستن: *[کنایی]* درگا لە سەر کەسێک داخستن؛ لە دیتنی کەسێ دووری گرتن.

در به روی همان پاشنه بودن/ چرخیدن: *[کنایی]* دۆخ هەمان دۆخ بوون؛ بۆ خاڵۆی دەستەوسان، چ گەرمێن و چ کێوسان؛ ئەگەر

جەژنە و ئەگەر ناوجەژنانە، مووچەی کەچەڵ هەر دوو نانە؛ حاڵ هەر ئەو حاڵە بوون ‹هنوز هم در به روی همان پاشنه است و هر روز با هم دعوا دارند: ئێستاکەش دوخ هەمان دوخە و هەموو ڕۆژێ شەڕیانە›.

در جایی را گل گرفتن: *[کنایی]* دەرگای شوێنێ لە قوڕ گرتن؛ درگای شوێنێ هەڕگ گرتن/ گرتنە هەڕگ؛ جێگایەک داخستن؛ هەڕ دەی تەموو چێوێویەرە ‹در این اداره را باید گل گرفت: دەرکی ئەم مەزرینگەیە ئەبێ لە قوڕ گیری›.

در دهن را چفت کردن: *[مجازی]* دۆڵمەیەکی چەور لە زار نان؛ زۆر دەم نەدان؛ فرەوێژی و زۆربڵێیی نەکردن ‹می‌خواهم در دهنت را چفت کنی: ئەمەوێ دۆڵمەیەکی چەور لە زارت نیی›.

در را از پاشنه درآوردن: *[کنایی]* درگا گرتنە کۆڵەوە؛ دەرگا لە ڕێسمە هێنان؛ دەرک لە ڕێسمە دەرهێنان: ١. بە پەلە و بەلەز دەرگا کوتان ‹داشتند در را از پاشنه درمی‌آوردند: خەریک بوون درگاکەیان دەگرتە کۆڵەوە› ٢. زۆر بە تاسە و تەمای شتێک بوون ‹خواستگاران دخترش، در را از پاشنه درآوردند: داواکارانی کچەکەی، درگای ماڵیان لە ڕیسمە دەرهێنابوو›.

در زدن: لە دەرگا دان؛ دەرکە کوتان؛ دەرگا تەقانن؛ دەرگا لێدان بۆ چوونە جێگایەک ‹در می‌زنند یکی در را باز کند: لە درگا دەدەن یەکێ بیکاتەوە›.

در کسی را کوبیدن: *[کنایی]* بۆ کارێ لای کەسێ چوون؛ ڕوو نان لە کەسێ؛ ڕوو لە یەکێ خستن؛ بەرەو یۆی ئەوەلەقنەی.

در کوزه گذاشتن (و آبش را خوردن): *[مجازی]* نانە تاق (و چاوکردنە زاق)؛ بەبێ قازانج و لێهاتوویی بوون ‹این قولنامه را باید در کوزه گذاشت: ئەم بڕیارنامەیە دەبێ بنێتە تاقەوە›.

درگوشی حرف زدن: پچە کردن؛ چفە کردن؛ پچەپچ کردن ☜ **درگوشی**

در و تخته به هم جور بودن ☜ **درُ و تخته**

دری به تخته خوردن: *[مجازی]* خوای تۆ کردن؛ با لە بارێکەوە هاتن؛ ڕووداوێک (زۆرتر خۆش) ڕوودان ‹دری به تخته خورد و برادرم رفت سرکار: خوای تو کردی و براکەم چووە سەری کار›.

از در آشتی درآمدن: *[مجازی]* بۆ ئاشتی کوتان؛ لە بیری ئاشتیدا بوون.

از هر دری سخن گفتن: *[مجازی]* هەر تیرێک لە کەندالێک؛ لە هەرچی جۆرە وتن؛ لەمەڕ هەر شتێکەوە دوان.

به این در و آن در زدن: *[کنایی]* ئەم لا و ئەو لا کردن؛ هەموو درگایەک کوتان؛ بۆ لای خەڵکی و جێگای جۆراوجۆر (بۆ گەیشتن بە مەبەست) چوون ‹آن‌قدر به این در و آن در زدیم تا آخر این خانه را پیدا کردیم: ئەوەندە ئەم لا و ئەو لامان کرد تا ئاخری ئەم ماڵەمان دۆزیەوە›: **به هر در زدن**

به در گفتن که / تا دیوار بشنود: *[مجازی]* بە دار وتن با دیوار بژنەوێ؛ بۆکێ لەگەڵ تۆمە، خەسوو گوێ بگرە؛ بۆ تێگەیاندنی کەسێ لە بابەتێک، بە یەکێکی‌تر گوتن.

به هر در زدن ☜ **به این درُ و آن در زدن**

همه‌ی درها را بسته یافتن: *[کنایی]* هەموو دەرگایێ بە سەردا بەسران؛ پەیدا نەکردنی ڕێگەیەک بۆ بە مەبەست گەیشتن ‹وقتی که همه‌ی درها را بسته یافتیم، ناچار پیش شما آمدیم: کاتێ کە هەموو دەرگایێ بە سەرماندا بەسرا، ناچار هاتین بۆ لای ئێوە›.

در [2]: *حرف.* لە؛ جە؛ نە؛ د؛ ژ: ١. دلێو؛ ئەنە؛ ناوی شتێک ‹در جیب؛ در خانه؛ در کوزه: لە گیرفان؛ جە یانە؛ ژ گۆزک› ٢. بە ‹در فکر کار آیندەام بودم: لە بیری کاری داهاتووەمدا بووم› ٣. سەبارەت؛ لەمەڕ ‹در آن باره با رییس حرف زدم: لە ئەو بارەوە لەگەڵ

سەرۆکدا قسەم کرد› ٤. بار و چۆنیەتی ‹در دست ساختمان: لە هەرەتی کردنەوەدا› ٥. کات؛ دەم؛ گاف؛ ئەنە؛ بەند ‹در شب؛ در زمستان: لە شەودا؛ لە زستاندا› ٦. دەر؛ ئەنە؛ بار و پێداگری بەلەزی ‹در دم: لە پرتا› ٧. */مخفف/* لە؛ زەرب لە؛ زەربدەر ‹سە در چهار، می‌شود دوازده: سێ لە چوار، ئەبێتە دوازدە› ٨. لا؛ لایەنی؛ لە ڕوانگەی ‹ربا در اسلام حرام است: سووخۆری لە ئیسلامدا حەرامە› ٩. لە؛ بۆ دەربڕینی هەندی شتێک لە ئاست هەموویدا ‹یک در هزار: یەک لە هەزار› ١٠. بەرەو؛ ڕووەو؛ بەرەو لای ‹روی در روی دوست کن!: ڕوو لە ڕووی یار کە!› ١١. */قدیمی/* بە ‹در هفت باب: لە حەوت بابەتدا›.

▣ **در اثنای:** لە کاتی؛ دلێو؛ لە ڕەوتی (کارێ یان ڕووداوێکدا) ‹در اثنای عروسی مریض شدم: لە کاتی زەماوەندا نەخۆش کەوتم›.

در آنِ واحد: هەر لەجێ؛ دەرلاد؛ لە یەک دەمدا ‹در آنِ واحد هر دو را گرفت: هەر لە جێ هەردووکیانی گرت›.

در این اثنا: لە هەمان کاتدا؛ هەر لەو کاتەدا؛ لەو ناوەناوەدا؛ چی بەینەنە؛ لە ڕەوتی ڕووداوێکدا ‹در این اثنا مدیر هم آمد: لە هەمان کاتدا سەرۆکیش هات›.

در برابرِ: لە بەرانبەر؛ لە بەرامبەر؛ ژ هەمبەر؛ وەروو؛ وەراوەروو؛ جە وەراوەروو: ١. لە ڕووی ‹در برابر آیینه ایستاده بود: لە بەرانبەر ئاوێنەوە ڕاوەستابوو› ٢. بە جێی؛ لە جێگای ‹در برابر کاری کە می‌کنی پول می‌گیری: لە بەرانبەر ئەو کارەوە دەیکەی پارە وەردەگری› ٣. لە حاست؛ لە ئاست؛ لە عان؛ لە حان؛ لە حاند؛ لە پێوەندی لەگەڵ ‹همە در برابر قانون مساویند: هەموو لە بەرانبەر قانوونەوە بەرامبەرن›.

در حدودِ: نێزیک بە؛ نێزیک؛ نزیک؛ نزیک بە؛ لە دەور و بەری؛ نزیکەو؛ نزیکەی ‹در حدود صد متر: نیزیک بە سەد میتر›.

در حینِ: لە کاتی؛ لە ئانی؛ لە چاخی؛ تان؛ گاف؛ وەختوو؛ لە وەخت ‹در حین کار سرم گیج می‌رفت: لە کاتی کاردا سەرم گێژی دەخوارد›.

در ضمنِ: وێڕای؛ پێڕای؛ چەنی؛ چنی؛ هاوڕێ لەگەڵ ‹در ضمن گفتگو چای هم آماده شد: وێڕای وتووێژ چایش پێگەیشت›.

در طولِ: لە؛ جە؛ ژ؛ لە ماوەی؛ بە درێژایی ‹در طول یک شب: لە شەوێکدا›.

در طیِ: لە ماوەی؛ بە درێژایی ‹در طی ٢ سال: لە ماوەی ٢ ساڵدا›.

در ظرفِ: نێوان؛ لە ماوەی؛ لە نێوان؛ دلێو ‹در ظرف یک هفتە: نێوان حەوتەیەک›.

در عرضِ: لە مەودای؛ لە ماوەی؛ لە درێژایی ‹در عرض یک ماه: لە مەودای مانگێکدا›.

در قبالِ: لە بەرانبەر؛ لە بەرامبەر؛ ژ هەمبەر؛ وەراوەروو؛ لە حاست؛ لە ئاست؛ لە حان ‹رفتارش در قبال دیگران تکبرآمیز است: ئاکاری لە بەرانبەر دیترانەوە لووتبەرزانەیە›.

▣ **در/ توی آستین داشتن:** */کنایی/* لە گیرفاندا بوون؛ لە باخەڵدا بوون؛ باخەڵەنە بیەی؛ پێبوون.

در برداشتن: گرتنەوە؛ لە خۆگرتن؛ تێدا بوون؛ لەگەڵ خۆدا هەبوون ‹مقالە چهار موضوع اصلی را در برداشت: وتارەکە چوار بابەتی سەرەکی دەگرتەوە›.

در بر کردن: */ادبی/* لە بەرکردن؛ دەبەرکردن؛ کردنە بەر؛ ئەنەکەردەی؛ کەردەینە؛ کەردەی وەر؛ پۆشان ‹جامەی رزم در برکرد: بەرگی شەڕی لە بەرکرد›.

در برگرفتن: */ادبی/* لە ئامێزگرتن؛ گرتنە ئامێزەوە؛ لە باوەش گرتن؛ گێرتەینە واشی ‹فرزندش را در برگرفت و او را بوسید: منداڵەکەی لە ئامێزگرت و ماچی کردەوە›.

در بند چیزی/ کسی نبودن: پاپەی شتێ/ کەسێ نەبوون؛ دەروەن شتێ/ کەسێک

نەبوون؛ دەربایس نەبوون؛ لە بەندی شتێک/ کەسێکدا نەبوون؛ بایەخ پێنەدان ‹زیاد در بند پول نبود: ئەوندە پایەی پارە نەبوو›.

در پوست خود نگنجیدن: [مجازی] بال دەرهێنان؛ گەز–گەز/ گەش–گەش بالا کردن؛ شاگەشکە بوون/ کردن؛ هەست بە شادی و خۆشیەکی یەکجار زۆر کردن ‹از خوشحالی در پوست خودش نمی‌گنجید: لە خۆشیان خەریک بوو بال دەربێنێ›.

در پی چیزی بودن: بە دوای شتێکەوە بوون؛ بە شوێن شتێکەوە بوون؛ شۆنۆ چێۆیۆیەوە بیەی ‹در پی آن بود کە کاری پیدا کند: بە دوای ئەوەوە بوو کارێک بدۆزێتەوە›.

در پیش بودن/ داشتن: لە بەردا بوون؛ لە پێشدا بوون؛ وەرە ڕانە بیەی؛ لە ڕێگە یان ماوەی داهاتوودا بوون ‹کارهای زیادی در پیش داریم؛ راه درازی در پیش داریم: کارگەلێکی زۆرمان لە بەرە؛ ڕێگایەکی درێژمان لە پێشە›.

در پیش گرفتن: گرتنە بەر؛ وەکوو ڕێگای جوولانەوە و شێوازی ئاکار هەڵبژاردن ‹راه خانە را در پیش گرفت: ڕێگای ماڵی گرتە بەر›.

در دست بودن: هەبوون؛ لە دەستدا بوون؛ دەسەنە بیەی؛ لە بەردەستدا بوون ‹خبرهایی از او در دست است: هەواڵگەلێکی لێ هەیە›.

هەروەها: **در دست داشتن؛ در دست گرفتن**

در درست کسی بودن: ☜ دست کسی بودن، **دست**

در طبق اخلاص نهادن: [مجازی] درێغی نەکردن؛ درێخ نەکردن؛ هیچ نەشاردنەوە؛ تەیار بوون بۆ بەخشین بە کەسێک ‹او هر چە داشت در طبق اخلاص نهاد: هەر شتێکی هەبوو درێغی نەکرد›.

در کاری دماغ سوزاندن: [مجازی] خۆ بە کارێکەوە پیر کردن؛ بە سەر و ماڵ دەکارێکەوە چوون؛ خۆبۆ کارێک ماندوو کردن؛ بەو بۆنەوە زەحمەتکێشان.

در معرض چیزی بودن: لە (هەمبەر) شتێکدا بوون؛ لە بەر شتێ بوون؛ ڕووبەڕوو بوونەوە؛ لە بەرانبەر کارتێکەری شتێکدا بوون ‹خانە در معرض خرابی بود: خانووەکە لە ڕووخاندا بوو›.

در–[3]: *پیشوند.* دەر– ؛ بەر– : ۱. ڕۆیشتنە دەرەوە یان کردنە دەرەوە ‹درآمدن؛ درکردن: دەرهاتن؛ دەرکردن› ۲. بار و چۆناوچۆنی ‹درشدن؛ درهم شدن: بەرشیەی؛ دەرهەم بوون›.

⊡ **در شدن:** ۱. پاک‌لەپاک بوون؛ دەر بوون؛ داشکیان ‹این بە آن در شد: ئەمە بەوە پاک‌لەپاک بوو› ۲. *[ادبی]* چوونە دەرەوە؛ ڕۆیشتن بۆ دەرەوە؛ لوای بەر؛ ئەرەزیەی؛ زیایرە.

در کردن: ۱. دەرکردن ‹خستگی درکردن: ماندوویەتی دەرکردن› ۲. هاویشتن؛ خستن؛ شانای؛ شەنەی؛ پەرت‌کردن ‹تیر درکردن: تیر هاویشتن›.

–در–[4]: *میانوند.* — ای— ؛ —ا— ؛ —لە— ؛ —او— ؛ نیشانەی چۆناوچۆنی یان دۆخێک ‹پی‌درپی: پەساپەس›.

–در[4]: *پیوازە.* — دڕ؛ دڕندە؛ هەڵدڕێن ‹پردەدر: پەردەدڕ›.

در / dor(r)/: [عربی] *اسم. [ادبی]* دڕ؛ دوڕ؛ گەوهەر؛ گەوەر.

درآمدن / darāmadan/: *مصدر. لازم. متعدی.* //**درآمدی:** دەرهاتی؛ **درمی‌آیی:** دەردێی؛ **دربیا:** دەربێ (دەرێ)// دەرهاتن؛ دراتن: ☐ *لازم.* ۱. هاتنە دەر/ دەرەوە؛ بەرئامەی؛ بەرئامای؛ ئەرەزیەی؛ زیایرە؛ لە جێگایەکی (زۆرتر داخراو) دەرکەوتن ‹از خانە درآمدن؛ از چاه درآمدن: لە ماڵ دەرهاتن؛ لە چاڵاو دەرهاتن› ۲. هەڵاتن؛ هەڵهاتن؛ دەرکەوتن؛ بەرئامەی؛ بەرئامای؛ کەفتنە دەشتەوە؛ زیەی؛ زیای ‹درآمدن ماە: دەرهاتنی مانگ› ۳. ڕوان؛ هاتنە دەر؛ سەر هەڵدان؛ سەوز بوون؛ ڕسەی؛ بەرئامەی؛

بەرئاماى؛ زیەى؛ زیاى؛ شین بوون ‹ریش درامدن؛ گـل درامـدن: ڕدێـن دەرهـاتن؛ گـوڵ دەرهـاتن› ٤. ئامانجدان؛ بەرئامەى/ ئاماى ‹بد درامدن؛ درست درامدن: خراپ دەرهاتن؛ درووس دەرهـاتن› ٥. بـە دەست هاتن؛ بەرئامەى/ ئاماى ‹پول درامـدن؛ آب درامدن: پارە دەرهاتن؛ ئاو دەرهاتن› ٦. دەرکەوتن؛ بەدیهاتن؛ بەرئامەى/ ئاماى؛ زیەى؛ زیاى ‹از پایم میخچه درامده بود: لـە پێمـدا مێخچـە دەرهـاتبوو› ٧. لە چاپ دران؛ دریایوە بـەر؛ چـاپ یـان بـڵاو بوونـەوە ‹روزنامـە درامـدن؛ کتـاب درامـدن: ڕۆژنامـە دەرهاتن؛ کتێب دەرهاتن› ٨. داهاتن؛ بوونـە بـاو؛ باو بوون یان داهێنران ‹مدهای تازه درامدن: مودی تازە دەرهاتن› ◻ *متعدی.* ٩. *[گفتاری]* وێسانەوە؛ وەستانەوە؛ بەرهەڵست بوون ‹جلو کسی درامـدن: لە بەرامبەر کەسێدا وێسانەوە› ١٠. *[ادبی]* چوونـە ناو جێگایەک ‹به گرمابه درامد: چـووە حەمامـەوە›. هەروەها: **درآمدنی**

■ صفت مفعولی: **درآمده** (دەرهاتوو)/ مـصدر منفـی: **درنَیامدن** (دەرنەهاتن)

درآمیختگی / darāmîxtegî/ ☜ **آمیختگی**

درآمیختن / darāmîxtan/ ☜ **آمیختن**

درآمیخته / darāmîxte/ ☜ **آمیخته**

درآوردن / darāvardan, darāvordan/: *مـصدر. متعدی. لازم.* // **درآوردی**: دەرت هێنـا؛ **درمـی آوری**: دەردێنـی؛ **دربیـاور/ بیـار**: دەربێنـە// دەرهێنـان؛ دەرهـاوردن؛ دەرئـانین؛ دەرهـانین: ◻ *متعـدی.* ١. بەرئاردەى؛ شتێ لە جێگایەکەوە کێشانە دەر ‹از جیـب درآوردن؛ از چـاه درآوردن: لـە گیرفـان دەرهێنـان؛ لـە چـا دەرهـاوردن› ٢. داکەنـدن؛ کەندن؛ شەلان؛ ئاژین؛ وەتەى؛ جـل‌وبـەرگ لـە بەر دەرهێنان ‹پیراهن خود را درآوردن: کراسـی خـۆ داکەنـدن› ٣. *[گفتـاری]* لـە چـاپ دان؛ نووسـراوەیەک چـاپ و بڵاوکردنـەوە ‹خلاصـەى کتـاب را درآوردن: کورتـەى کتێـب دەرهێنـان› ٤. ڕوونکردنەوە؛ وتار یان مەبەستێک لـە نێـو چەنـد دەیتـاوە بـە دەسـهێنان ‹حـساب کـسی را درآوردن: حەسابی کەسێک دەرهێنـان› ٥. بـەڕێوە بردن؛ بەڕێ‌بردن؛ ڕۆنان؛ بۆ نومـایش دانـان ‹ادا درآوردن: ئـین دەرهێنـان› ٦. شـتێک بـە دەس هێنـان ‹پـول درآوردن؛ محـصول درآوردن: پـووڵ دەرهێنـان؛ دەاهـات دەرهێنـان› ٧. *[گفتـاری]* درووس کـردن؛ هەڵبەسـتن؛ وەش کـەردەى ‹برایش حرف درآوردند: قسەیان بۆ دەرهێنـا› ◻ *لازم.* ٨. بەرئاردەى؛ زنیەى؛ ڕوانی گیا، موو، شاخ یان ددان ‹ریش درآوردن؛ گل درآوردن: ڕدێن دەرهێنـان؛ گوڵ دەرهێنان›. هەروەها: **درآوردنی**

■ صـفت فـاعلی: **درآورنـده** (دەرهێنـەر)/ صـفت مفعـولی: **درآورده** (دەرهێنـراو)/ مـصدر منفـی: **درنَیاوردن** (دەرنەهێنان)

درآویختن / darāvîxtan/: *مـصدر. متعـدی.* // **درآویختـی**: هەڵواسـیایت؛ **درمـی‌آویـزی**: هەڵدەواسـیێت؛ **درآویـز**: هەڵواسـیە/// *[ادبـی]* ١. هەڵواسـین؛ هەڵواسـیان؛ دەلالـە کۆچکـێ بوون؛ شتێ بە دەسـت‌گـرتن و پێیـەوە ئـاوێزان بوون ‹به تختەپارەای درآویخت: بـە کوتـە دارێکـەوە هەڵواسیا› ٢. *[مجازی]* چنگاوش بـوون؛ دەسـتەو ئێخە بـوون ‹بـدو درآویخـت و بـر سـرش مـشتی زد: چنگاوشی بوو، مشتێکی لە سەری دا›.

■ صفت مفعولی: **درآویختـه** (هەڵواسـراو)/ مـصدر منفی: **درنَیاویختن** (هەڵنەواسران)

دراب / darāb/: *اسم.* پاشاراو؛ ئاراو؛ دەراو؛ ئـاوی دەردراو لە ڕەوتێک (وەکوو دەردانی ئاوی ئەسـتێر یان شۆردنەوە). بەرانبەر: **ریزاب**

درایه / d(e)rāpe ، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* درایـێ؛ لەتـە پارچـەى جوانکـاری ئـاوێزان کـە بـۆ خەملانـدنی پـەردە و موبـل یـان ئێخـەى جل‌وبەرگ بە کار دەڕوا.

دراج / dorrāc ، ـها؛ ـان/: [عربـی]/*اسم.* دوراج؛ ئاقدەل(نێر)؛ گەڤرک(مێ)؛ ئایکناسـە؛ زێوەکـەو؛ پۆڕ؛ کەناچە؛ سوێسکەڕەشە؛ باڵندەیەکی تـۆزێ

گەورەتر لە کەوە بە دەنگێکی بەرز و خۆش، باڵی کورت و خڕ و پای درێژ و دەندووکی کورت، لە گوێ ئاو و ناو بێشەڵاندا دەژی و گۆشتی خۆشە.

دراز / derāz ، ـها/: *صفت*. درێژ؛ درێژ: ١. بە درێژاییێکی زۆر زیاتر لە پانەیی ‹چوب دراز؛ میخ دراز: چێوی درێژ؛ بزماری درێژ› ٢. بە درێژایی یان مەودای زۆرەوە ‹راه دراز: ڕێگەی درێژ› ٣. *[گفتاری]* باڵابەرز؛ دڕا ‹آدم دراز: مرۆی درێژ› ٤. *[ادبی]* دوور و درێژ؛ زۆر؛ درێژخایێن؛ بە ماوەی زۆرەوە ‹سالهای دراز: ساڵانێکی دوور و درێژ›.

▣ **دراز به دراز افتادن**: پان بوونەوە؛ پانەوپان کەوتن؛ درێژ بوونەوە؛ لە پەڕوو ئەرەئیژیەی ‹دراز به دراز افتاده بود وسط اتاق: لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا پان ببووەوە›.

دراز شدن: درێژ بوونەوە؛ درێژەوە بوون: ١. درێژایی زۆر پەیداکردن ‹آستینش خیلی دراز شده: قۆڵەکەی زۆر درێژ بوتەوە ٢. درێژەدار بوون؛ مەودای شتێ زۆر بوونەوە ‹در بهار روزها دراز می‌شود: لە بەهاردا ڕۆژگار درێژ دەبێتەوە› ٣. *[گفتاری]* پاڵ کەوتن؛ پاڵ کەفتن؛ هەڵاژیان؛ ڕازان؛ ئیژیایرە؛ بە باری خەوتوودا بوون ‹دراز شد روی تخت: لە سەر تەختەکە درێژەوە بوو›.

دراز کردن: درێژەوەکردن؛ درێژکردنەوە: ١. دانە دەم شتێکەوە؛ لە دوودان و درێژکردن ‹دامنش را کمی دراز کن: داوێنەکەی تۆزێ درێژکەوە› ٢. ڕاکێشان؛ شتێکی درێژ بۆ لایەک بردن ‹دستش را به طرفم دراز کرد: دەستی بەرەو لام درێژکردەوە› ٣. ڕاکشاندن؛ ئەرەئیژیەی؛ شتێکی درێژ بەلادا خەواندن ‹چوب را دراز کرد روی زمین: دارەکەی لە سەر زەوی درێژکردەوە›.

دراز کشیدن: ڕاکشان؛ ڕازین؛ ڕازان؛ ڕاژان؛ ڕاکەوتن؛ ڕاکەتن؛ ڤەکەتن؛ کەرانەدش؛ ئەرەئیژیەی؛ هەڵاژیان؛ ئلاژیان؛ ئلاژیای؛ هەڵاژین؛ خڕکین؛ پاڵ کەوتن؛ پاڵ کەفتن؛ درێژ بوون؛ خۆ لەگەزدان؛ بە باری خەوتوویدا کەوتن، بەتایبەت بۆ حەسانەوە ‹کمی روی تخت دراز کشیدم: لە سەر تەختەکە هێندێک ڕاکشام›.

درازا / derāzā/: *اسم*. درێژا؛ درێژایی؛ درێژی؛ درێژە؛ درێژای: ١. سۆ یان لای درێژتر یان درێژترین لای شتێک. بەرانبەر: **پهنا** ‹قالی را به درازایش بینداز: قالیەکە بە درێژادا داخە› ٢. ئەندازەی کێشراوی یان درێژی شتێ بە پێی یەکەی پێوانەی درێژایی ‹درازای این اتاق چهار متر است: درێژایی ئەم دیوە چوار میترە›.

درازدست / derāzdast ، ـها؛ ـان/: *صفت*. دەس‌درێژ؛ دەست‌درێژ: ١. درێژەدەست؛ بە دەست و باسکی کێشراوەوە ٢. *[مجازی]* سەرکەوتوو.

درازدستی / derāzdastî ، ـها؛ ـان/: *اسم*. *[مجازی]* دەسدرێژی؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی دەست بردن بۆ مافی دیتران.

درازعمر / derāz'omr/: [فارسی/ عربی] *صفت*. *[قدیمی]* تەمەن‌درێژ؛ عومردرێژ؛ عەمردرێژ؛ خاوەن تەمەنی زۆر.

درازکش / derāzkeš/: *اسم*. دەمەڕوو؛ دەمەوڕوو؛ لەپەڕوو؛ کاری بە زگدا لە سەر زەوی خەوتن.

درازگوش / derāzgûš ، ـها؛ ـان/: *اسم*. *[ادبی]* کەر؛ هەر؛ خەر؛ گوێدرێژ.

درازگویی / derāzgûyî/: *اسم*. درێژدادڕی؛ فرەوێژی؛ زۆربێژی؛ چەنەبازی؛ وڕاجی؛ دۆخ یان چۆنیەتی زۆر دوان.

درازمدت / derāzmoddat/: [فارسی/ عربی] *صفت*. زۆرخایێن؛ درێژخایەن؛ بە ماوەی زۆرەوە. بەرانبەر: **کوتاه‌مدت** ‹بیماری درازمدت؛ وام درازمدت:

نەخۆشینی درێژخایەن؛ وامی درازمدت›.

درازنا / derāznā/: اسم. [ادبی] درێژایی؛ درێژا؛ درێژی؛ درێژە؛ درێژایی شتێک ‹درازنای جاده؛ درازنای شب: درێژایی جاده؛ درێژایی شەو›.

درازنویسی / derāznevîsî/: اسم. درێژنووسی: ١. بار یان چۆنیەتی نووسینی زۆر و پڕ لە پەراوێز و بێجێ ٢. بار یان چۆنیەتی نووسینی ڕستەگەلی درێژ.

درازی / derāzî/: اسم. درێژی؛ درێژایی: ١. دۆخ یان چۆنیەتی درێژ بوون ‹روز به این درازی داشتی چه می‌کردی؟: ڕۆژ بەم درێژیە خەریکی چ بووی؟› ٢. درێژایی؛ درێژا ‹پارچه را از درازی ببر!: پارچەکە بە درێژایدا ببڕە!›.

دراژه / darāže/: [فرانسوی] اسم. قورس؛ حوب؛ حەب؛ دەرمانی وشکی وەک پوولەکەی هێندێک ئەستوور دەرهاتوو.

درافتادن / daroftādan/: مصدر. لازم. //درافتادی: ئاوقا بووی؛ درمی‌افتی: ئاوقا دەبی؛ دربیفت: ئاوقا بە// ئاوقا بوون؛ ئاوقان بوون؛ دەگژراچوون؛ بەلشین؛ ئامباز بوون؛ بە شەڕ هاتن؛ هەلپڕژان؛ هەلچرژان؛ تێکهالان؛ تێکەلاو بوون؛ کێشمانەکێش کردن؛ گژیەی؛ گژیای؛ لەگەڵ کەس یان دەستەیەکدا شەڕکردن ‹با این اوباش درافتادن در شأن تو نیست: لە تۆ جوان نیە ئاوقای ئەم لات و لووتانە بی›.

■ مصدر منفی: درنَیفتادن (ئاوقا نەبوون)

درافشانی / dorafšānî/: [عربی/ فارسی] ☜ دُرفشانی

دراکه / darrāke/: [عربی] اسم. فام؛ توانایی تێگەیشتن؛ ئاوزین.

درام / d(e)rām ، ـها/: [فرانسوی] اسم. درام؛ شانۆنامە یان فیلمنامەیەک کە هەر چەشنە ڕووداوێکی، خەمینی یان پێکەنینی تێدایە بێ ئەوەی شێوەی تراژێدی یان کومێدی بدا.

▣ **درام شدن وضع**: [کنایی] تێکچوون؛ ئالۆز بوون؛ ئالۆزان؛ خراپ بوونی بار و دۆخ ‹وضع آزاد خیلی درام شده: حاڵ و باڵی ئازاد تەواو تێکچووە›.

دراماتیک / d(e)rāmātîk ، ـها/: [فرانسوی] صفت. دراماتیک: ١. سەر بە درام ٢. شانۆیی؛ شانۆکی؛ نومایشی ‹هنرهای دراماتیک: هونەرگەلی دراماتیک›.

درامد / darāmad ، ـها/: اسم. داهات؛ دەسکەوت؛ دەخڵ؛ بارەچە؛ ئەوی کە کەس یان مەزرینگەیەک لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە بەرانبەر فرۆشی کالا یان ڕاژەدا دەستی دەکەوێ ‹آن مغازه درامد چندانی ندارد: ئەو دووکانە داهاتێکی وای نیە›.

▣ **درامد سرانه**: داهاتی سەرانە؛ مامناونجی دەسکەوتی تاکەکەسێک لە ولاتێکدا لەوەی بەدیهاتووە.

درامد ملی: داهاتی نەتەوەیی؛ داهاتی گەلی؛ سەرجەمی داهاتی ولاتێک.

دراندن / darāndan/: مصدر. متعدی. // **دراندی**: دڕاندت؛ **می‌درانی**: دەدڕێنی؛ **بِدران**: بدڕێنە/// [ادبی] ١. دڕاندن؛ دڕانن؛ زڕاندن؛ چڕاندن؛ دەرزاندن؛ پەرساندن؛ دادڕاندن؛ هلهاندن؛ هەلمێنان؛ دڕنەی؛ دڕنای؛ هۆرئاردەی؛ بوونە هۆی دڕانی شتێ ‹جامه دراندن: جل‌وبەرگ دڕاندن› ٢. [کنایی] داچەقاندن؛ ئەرەدڕنەی؛ زۆر بازکردن ‹چرا آن‌طور چشمهایت را می‌درانی؟: بۆچی وا چاوت دادەچەقێنی؟› * **درانیدن**. هەروەها: **دراندنی**

■ صفت مفعولی: **دارنده** (دڕێنراو)/ مصدر منفی: **نَدراندن** (نەدڕاندن)

درانیدن / darānîdan/ ☜ **دراندن**

دراور / d(e)rāver/: [انگلیسی] اسم. دراوێر؛ کەشاوی؛ مجەر؛ مەجەڕ؛ جۆرێ کومید، تەنیا بە چەن کەشاوەوە.

دراویدی / derāvîdî/: اسم. دیراویدی: ١. ـها؛ ـان/ ڕەگەزی سپی پێستی بوومی باشووری

هیندوستان کە ئاریایی نین ٢. دەستەیەک لە زبانگەلی باو لە هێند، سریلانکا و پاکستاندا کە بریتین لە زمانگەلی تامیل، تۆلۆگۆ، گوندی و مالایالام.

دراویش / darāvîš/: [عربی] جمعِ ☜ **دَرویش**

درایت / derāyat ، ـها/: [عربی]/اسم. تێگەیشتووی؛ ئاوەزمەندی ‹برای این کار هوشیاری و درایت لازم است: بۆ ئەم کارە وشیاری و تێگەیشتووی پێویستە›.

درایو / d(e)rāyv/: [انگلیسی] ☜ **دیسک‌گردان**

درایوین سینما / d(e)rāyvînsînemā ، ـها/: [انگلیسی]/اسم. درایوین سینەما؛ سینەما لە جێگایەکی ئاوەلادا کە بە ماشێنەوە تێ دەچن و سەیری فیلم دەکەن.

درایه / darāye ، ـها/: [عربی]/اسم. لێما؛ سەر وشە؛ وشە یان بابەتێک بەتایبەت لە فەرهەنگ، پێرست یا کتێبی سەرەکیدا کە زانیاریگەلێک لە بارەیەوە نووسراوە.

درب / darb ، ـها/: [عربی]/اسم. [ادبی] دەرگا؛ درگا؛ دەرکە؛ دریا؛ بەرە ‹درب را آهسته ببندید: دەرگاکە هێواش بدەنەوە›.

درباختن/ darbāxtan/ ☜ **باختن ١و٣**

دربار / darbār ، ـها/:/اسم. دەربار: ١. ئەو شوێنە کە شا بەرایی دەدا بچنە دیمانەی ‹در دربار رفت و آمد داشت: هات و چۆی دەرباری دەکرد› ٢. تەواوی ئەو کەسانەی کە پێوەندیان لەگەڵ شادا هەیە ‹دربار در هر کاری دخالت داشت: دەربار لە هەموو کارێکدا دەستی هەبوو› ٣. کۆشکی شایی؛ کاخی پاتشایی.

دربازکن / darbāzkon ، ـها/:/اسم. ١. ئامرازێکی کارەبایی بۆ کردنەوەی دەرگا لە دوورەوە ٢. کەرەستەیێک بۆکردنەوەی دەرگای قوتوو، بوتری و...

دربان / darbān ، ـها؛ ـان/:/اسم. دەرکەوان؛ درکەوان؛ دەرگەوان؛ دەربان؛ درگاوان؛ دەروازەوان؛ دەروان؛ قاپیوان؛ قاپچی؛ کۆک؛ خزمەتکارێ کە لە پشت یان لای دەرگاوە دەوەستێ و چاوەدێری هاتوچۆ دەکا ‹دربان جلو ما را گرفت و کارت شناسایی خواست: دەرکەوان بەرمانی گرت و داوای پێناسەی کرد›.

دربانی / darbānî/:/اسم. دەرکەوانی؛ درکەوانی؛ دەربانی؛ دەروازەوانی؛ دەروانی؛ قاپچیوانی؛ قاپیوانی؛ کار یان پیشەی دەرکەوان.

دربایست / darbāyest/: صفت. [ادبی] پێویست؛ پێویس؛ جێ‌نیاز؛ یاگۆ نیازی.

دربدر / darbedar ، ـها/: صفت. دەربەدەر؛ دەروەدەر؛ دەرەندوو؛ ئاوارە؛ بێلیقە؛ مەرژێر؛ بەرەزە؛ ڕەبەن؛ تەرە؛ باشیلا؛ لانەواز؛ هەڵوەدا ‹جنگ خیلی‌ها را دربدر کرد: شەڕ زۆری دەربەدەرکرد›.

دربدری / darbedarî ، ـها/:/اسم. دەربەدەری؛ دەروەدەری؛ دەرەندوویی؛ بەرەزەیی؛ ڕەبەنی؛ ئاوارەیی؛ هەڵوەدایی؛ دۆخ یان چۆنیەتی دەربەدەر و ڕەبەن بوون ‹پس از ده سال دربدری به شهرمان برگشتیم: دوای ١٠ ساڵ دەربەدەری گەڕاینەوە بۆ شارەکەمان›.

دربر / darbar/ ☜ **بَر[٢]ـ٣**

دربردن / darbordan/: مصدر. متعدی.// **دربردی:** پەڕاندتەوە؛ **درمی‌بری:** دەپەڕێنیتەوە؛ **دربِبر:** بپەڕێنەوە// پەڕاندنەوە؛ دەرکردن؛ ڕزگارکردن؛ دەربازکردن؛ ئەوەپڕنەی؛ پڕنایوە؛ بە بردنی شتێ یان کەسێ، لە گەزن، مەترسی یان دەست پێ‌گەیشتن دوورکردنەوە ‹او توانست چیزهای باارزشی را از آتش‌سوزی دربَرد: ئەو توانی شتگەلێکی بایەخدار لە سووتمانەکە بپەڕێنێتەوە›. هەروەها: **دربودنی**

■ مصدر منفی: **درنَبردن** (نەپەڕاندنەوە)

دربست[١] / darbast/: صفت. دەربەس؛ دەربەست؛ دەربەستە؛ دەربەسە؛ تایبەتی کەڵک‌وەرگری یان خاوەنیەتی تەنیا لە لایەن یەک کەس،

دەستە یان ڕێکخراوەوە ‹خانەی دربست؛ اتوبوس دربست: مالی دەربەس؛ ئوتووبووسی دەربەست›.

دربست[۲]: *قید.* دەربەست؛ دەربەس؛ بە تەواوی و بێکەمایەسی؛ لەگەڵ هەموو کەلوپەلدا ‹همه چیز دربست در اختیار شماست: هەموو شتێ دەربەست لە خزمەتتانە›.

دربسته / darbaste/: *صفت.* سەربەسراو: ۱. /ـها/ بە دەرگای داخراوەوە ‹صندوق دربسته: سندووقی سەربەسراو› ۲. هەڵنەتەکیاگ؛ تایبەتمەندی دەفر یان هەر شتێ کە درگاکەی نەکراوەتەوە.

دربستی[۱] / darbastî/: *صفت. [گفتاری]* دەربەس؛ دەربەسی؛ دەربەست ‹یک مینی‌بوس دربستی گرفته بودند: مینی‌بووسێکی دەربەسیان گرتبوو›.

دربستی[۲]: *قید. [گفتاری]* دەربەسی؛ بە دەربەستی؛ بە شێوەی دەربەست ‹ما را دربستی ببر بانه: دەربەستی بمانبەرە بانە›.

دربند / darband/: *اسم.* ۱. /ـها/ دەربەن؛ کەرەسەیەک بۆ بەستنی دەرگا بە شێوەی خۆمەش، کە بە پشتی درگاوە دادەنرێ و بە یارمەتی فەنەر، چەرخ‌دەندە و لۆسە کار دەکا ۲. *[قدیمی]* ئالوولە؛ دەربوونە؛ کۆڵانی چکۆلە و ڕێکوورک کە زۆرتر بە سەریەوە دەروازە هەبوو.

درب‌وداغان / darb-o-dāqān/: [عربی/ فارسی/ از ترکی] *صفت. [گفتاری]* ۱. شەق‌وشڕ؛ شنیار؛ ورد و خان؛ ورد و خاش؛ بە بەش یان لەتگەلی شکاو و لێک‌پساو بە هۆی لێکەوتن و داڕزاویەوە ‹با یک سواری درب‌وداغان خودمان را رساندیم به شهر: بە سەوارییێکی شەق‌وشڕ خۆمان گەیاندەوە شار› ۲. *[مجازی]* شەلوپەت؛ شەکەت؛ زۆر ماندوو ‹دیروز که دیدمش درب‌وداغان بود: دوێنێ کە دیتم شەلوپەت بوو›.

درپوش / darpûš ، ـها/: *اسم.* دەرپۆش؛ دەرپۆشک؛ دەرخون؛ دەرخۆنە؛ دەرخوین؛ دەرخوینک؛ سەرپۆش؛ قەپاغ؛ قەباخ؛ قەپاخ؛ دەمەوانە؛ پەڕەیێ کە دەرک یان کونێ دادەپۆشێ ‹درپوش چاه آب: دەرپۆشی چاڵاو›.

درج / darc/: [عربی] *اسم. [ادبی]* کار یان ڕەوتی نووسینی شتێ لە جێگایەک.

درج / dorc ، ـها/: [عربی] *اسم. [ادبی]* مجری؛ قوتوویەکی چکۆلە کە زۆرتر شتی بایەخداری تێدا هەڵدەگرن.

درجا[۱] / darcā/: *اسم. [نظامی]* لەجێ؛ دەرجا؛ پاکوتە؛ لە جێ خۆوە بە نەرمی هەنگاو نان؛ لەجێوە پێ‌هەڵێنان و بە زەویدادان.

▣ **درجا زدن:** *[کنایی]* لەجێوە کوتان؛ لە جێی خۆدا مانەوە؛ پێشڕەوت نەکردن ‹همه به جایی رسیدند، اما تو هنوز همان‌طور درجا می‌زنی: هەموو بە جێگایەک گەیشتن، بەلام تۆ هەر لە جێوە دەکوتی›.

درجا[۲]: *قید. [گفتاری]* دەسبەجێ؛ دەزبەجێ؛ دەرجا؛ هەر لە جێ؛ بێ‌وێستان؛ بێ‌وێسان ‹درجا کشته شد: دەسبەجێ کوژرا›.

درجات / daracāt, darecāt/: [عربی] جمعِ ☜ درجه

درجه / darace, darece ، ـها؛ درجات/: [عربی] *اسم.* دەرەجە: ۱. *[ریاضی]* یەکەی ئەندازەگرتنی گۆشەکەوانی جەغزێک ‹با شیب ۱۰ درجه پایین می‌رفت: بە لێژی ۱۰ دەرەجەوە بەرەو خوار دەڕۆیشت› ۲. پلەک؛ یەکەی پێوانی دەما ‹امروز صبح هوا ۵ درجه زیر صفر بود: ئەم بەیانیە هەوا ۵ دەرەجە ژێری سیفر بوو› ۳. پلە؛ پلەک؛ پلەوپایە ‹درجەی سروانی: دەرەجەی سەروانی› ٤. پلە؛ پلەک؛ مەقان؛ هەرز؛ پلەوپایەی کەسێ یان شتێ لە ڕوانگەی چۆنیەتیەوە ‹کارشناس درجه یک؛ سینمای درجه دو: کارناسی دەرەجە یەک؛ سینەمای دەرەجە دوو› ۵. نمرە؛ پلە؛ ئەندازە ‹درجەی اعتبار: دەرەجەی هورم› ٦. *[گفتاری]* گەرماپێو (وەک گەرماپێوی بژیشکی) ‹درجه گذاشتم تب داشت: دەرەجەم دانا یاوی هەبوو›.

▣ **درجەی حرارت:** دەما؛ گەرما یان سەرمای لەش یان ئاقارێک.

درجە ـ درجە: ١. پلەک ـ پلەک ٢. لە قۆناغێکەوە تا قۆناغێکیتر.

درجەی دکترا/ دکتری: پلەی دوکتوری؛ ناوێکی شانازیانە یان دەسکەوتنی بۆ کەسانێ کە پلەیەکی دیاریکراو لە خوێندنی بالایان تێپەڕاندووە یان لەو ئاستەدا تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەیان هەبووە.

درجەی ذوب: پلەی توانەوە؛ ئەو ئەندازە لە دەما کە ئەبێتە هۆی توانەوەی ماکێک.

درجەی ریشتر ☜ **ریشتِر**

درجەی سانتیگراد ☜ **درجەی صدبخشی**

درجەی سختی: *[زمین‌شناسی]* ئەندازەی خۆڕاگری کانیێک لە هەمبەر ڕووشانەوە.

درجەی سلسیوس ☜ **درجەی صدبخشی**

درجەی صدبخشی: پلەکی نیشاندانی دەما کە بە گوێرەی توانەوەی یەخ تا کولانی ئاو، سەد بەش کراوە، سیفر پیشاندەری خالی بەستران و ١٠٠ پیشاندەری خالی هاتنەکولی ئاوە: **درجەی سانتگراد؛ درجەی سلسیوس**

درجەی عینک: نمرەی چاویلکە.

درجەی فارنهایت: پلەکی فارنهایت؛ پلەکی پێومانی دەما، کە خالی بەسرانی ئاو °٣٢ ژوور سیفر، خالی کولانی ئاو °٢١٢ ژوور سیفر و خالی سیفرەکەشی بریتیە لە دەمای تێکەلاوێکی بەفر و خوێ لە یەک ئەندازەدا.

▣ **درجە دادن:** *[نظامی]* پلەک دان؛ پلەک پێدان؛ پلە پێدان؛ پلەک دان لە هێزی چەکداریدا.

درجە گذاشتن: دەرەجە نان؛ دانانی گەرماپێوی بژیشکی لە ژێر زمان یان هەنگلی کەسێکەوە بۆ دیاریکردنی دەمای لەش.

درجە گرفتن: *[نظامی]* پلەک وەرگرتن؛ پلە گرتن؛ گەیشتن بە پلەوپایەی بانتر (لە هێزی چەکداریدا) ‹امروز عده‌ای از ارتشیها درجە گرفتند: ئەمرۆ تاقمێ لە ئەرتەشیەکان پلەکیان وەرگرت›.

درجەبندی / daracebandî, darece- ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. پلەبەندی؛ پلەکبەنی؛ دەرەجەبەندی؛ دەرەجەبەنی: ١. کار یا ڕەوتی دیاریکردنی دەرەجەی چەن شت لە دەستەیەک، لە بواری چۆنیەتی، چەندیەتی و ئەندازە و ... دا ‹قرار است سینماها درجەبندی شوند: بڕیار وایە سینەماکان پلەبەندی بکرێن› ٣. دابەشینی کەرەسەی ئەندازەگری بە پلەکگەلی وەک یەک بە گوێرەی پێومانێکی ڕەچاوکراو ‹این خطکش بر حسب اینچ درجەبندی شده است: ئەم خەتکێشە بە گوێرەی ئینچ پلەبەندی کراوە›.

درجەدار / daracedār, darecedār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. دەرەجەدار؛ هەر کام لە ئەندامانی هێزی چەکداری ئێران، لە سەر دەستەوە تا پێش ئەفسەری (گرووبانی و ئوستواری).

درحالی‌که / darhālîke/: [فارسی/ عربی/ فارسی] ☜ **حال**

درخت / deraxt ، ـها؛ ـان/:اسم. دار؛ دەرەخت؛ درخت؛ درووشە؛ ڕوەکێکی هەمیشەیی چێوی بە کۆتەی لانی کەم شەش میتر بەرزی و لقوپۆی چەترئاسا لە سەریەوە.

▣ **درخت آهن:** ئاسنەدار؛ ئاسندار؛ دارە ئاسن؛ تەختەی ئاسن؛ داری لێڕەواری زۆر پتەو؛ دەرەختێکە گولەکەی بچووک و زەردە، بەرەکەی لە بادام ئەچێ، هەندێکی ئەخورێ یان ڕۆنی لێ دەگیرێ، تەختەکەی ڕەق و زەردی کالە، توێکلەکەشی دەرمانی لێ دروست دەبێ.

درخت پیە/ دنبە: دارپیو؛ ناوێ گشتی بۆ چەن دار کە چەوری گیاییان هەیە و لە پیشەسازیدا بەکاردەچن: **پیە برنئو**

درخت سقز: وەن؛ وەنی؛ وەنا؛ داروەن؛ داربەن؛ دارکەسکان؛ داری لاپالەکانی زاگرۆس بەتایبەت هەورامان کە بنێشتی لێ دەگرن.

درخت مراد: *[فرهنگ‌مردم]* داری ئاوات؛ دار مرای؛ داریَ کە برێک بە پیرۆزی دەزانن و بە بەستنی پەڕۆ شین پێیەوە خوازیاری بەدیهاتنی ئاواتەکەیانن.

درخت نان: دار نان؛ داری نان؛ دارەنان؛ دارێکی جوان لە تیرەی توو، بوومی ئافریقایە، بە گەلای پان و برگە- برگەی سەوز و بەری خڕەوە کە لە برێ ناوچەی ئافریقادا نانی لێ ئەکەن.

▣ درخت را انداختن: دار برینەوە؛ دار خستن؛ دەرەخت خستن؛ دارەوە دارنای/ بڕیەی؛ برینەوە یان شکاندن و لە بەین بردنی دار ‹درختهای باغ را انداخت: دارەکانی باخیان بڕیەوە›.

درخت نشاندن: دارچاندن؛ دارنیان؛ داربنارتن؛ دار نیای؛ دار چەقنەی.

درختچه / deraxtče ، ـها/: *اسم*. داریچە؛ دارچک؛ داریچک؛ چلوو؛ دەوەن؛ بنچک؛ درەختیلە؛ دەڤی؛ دالیشەخەل؛ شخەل؛ دارێکی چکۆلە بە بەرزایی یەک تا پێنج میتر، کە کۆتەیەکی ئەوتۆی نیە و هەر لە بنەوە لەق و پۆ دەکا.

درختزی / deraxtzî ، ـها؛ ـان/: *صفت*. *[زیست‌شناسی]* دارژی؛ بە تایبەتمەندی و توانایی ژیان لە سەر دار و درەختەوە ‹کوالا جانور درختزی است: کوالا گیانەوەرێکی دارژیە›.

درختستان / deraxtestān ، ـها/: *اسم*. دارستان؛ دارسان؛ لێڕەوار؛ جەنگەل؛ شوێنی پڕ دار و درەخت.

درختکاری / deraxtkārî ، ـها/: *اسم*. دارچێنی؛ کار یان ڕەوتی دارنیان؛ نەمام ناشتن؛ چاندنی دار و دەوەن، بەتایبەت لە هەژمارێکی زۆردا ‹دیروز بخشی از زمینهای بایر را درختکاری کردند: دوێنێ بەشێ لە زەویگەلی وشکەیان دارچێنی کرد›.

درختی / deraxtî ، ـها/: *صفت*. ١. داری؛ درەختی؛ درختی؛ پێوەندیدار یان سەر بە دارەوە ‹سیب درختی: سێوی داری› ٢. درەختدار؛ بە دار ‹خیابان درختی: شەقامی درەختدار› ٣. دارئاسا؛ درەخت‌ئاسا (بە شێوەی لق ـ لق) ‹ساختار درختی: پێکهاتەی دارئاسا›.

درخش / deraxš/: *اسم*. برووسکە؛ بریقە؛ بریسکە؛ بریکە؛ بریس؛ ترووسک؛ ترووسکە؛ درەوشە؛ دروشە؛ درەوش؛ ئەڵماسە؛ چرووس؛ تابشتی کوت‌وپڕی نوور (وەک تیشکدانەوەی فلاشی دووربینی وێنەهەڵگری).

درخشان / deraxšān, daraxšān/: *صفت*. درەوشان؛ درۆشن: ١. ڕۆشن؛ شەوق‌دار؛ خەڕڕا؛ بریقەدار؛ بە بریقە؛ تەیسۆک؛ تەیسان؛ ڕووناهیدەر؛ بە درەوشین؛ وریشن؛ گرشەدار؛ ڕەخشان؛ بە تابشتی نوورانیەوە (وەک تاو یان چرای ڕۆشن) ‹آفتاب درخشان: هەتاوی درەوشان› ٢. بریقەدەر؛ زەرقی؛ بە ڕوویەکی ساف و بریقەدارەوە (وەک ئاوێنە و زێڕ) ‹در میان خاکها شئ درخشانی به چشم می‌خورد: لە ناو خاک‌وخۆڵدا شتێکی درەوشان دیار بوو› ٣. *[مجازی]* بەرچاو؛ زەق؛ شیاوی سەرنج و زۆر بەرچاو ‹کار درخشان: کاری درەوشان›. هەروەها: **درخشان بودن؛ درخشان شدن؛ درخشان کردن**

درخشش / deraxšeš, daraxšeš ، ـها/: *اسم*. ١. درەوشە؛ برووسکە؛ بریس؛ بریسکە؛ چروسکە؛ تروسکە؛ ترووسک؛ تێسکە؛ تیسکە؛ وریشە؛ ورشە؛ ورشە؛ گرشە؛ زیوە؛ بریقە؛ ورچە؛ بەرق؛ زەرق؛ کەل؛ بەلەدی؛ مەرێس؛ لەیلان؛ تەیس؛ چۆنیەتی درەوشانەوە ‹درخشش خورشید: درەوشەی خۆر› ٢. *[مجازی]* درەوشانەوە؛ کار یان

ڕەوتی هەڵدان، بەدەست هێنانی ناوبانگ و خۆشەویستی ‹کردستان در زمینەی تولید گندم درخشش داشته است: کوردستان لە بەرهەمهێنانی گەنمدا درەوشاوەتەوە›.

درخشندگی / derax̌šandegî, darax̌šandegî ، ـها/: *اسم.* تەیسۆکی؛ گرشەداری؛ بریقەداری؛ دۆخ یان چۆنیەتی درەوشان بوون ‹از میزان درخشندگی آن کاسته نشده بود: لە ڕادەی بریقەداریەکەی کەم نەبووەوە›.

درخشنده / deraxšande, daraxšande/: *صفت.* *[گفتاری]* تەیسۆک؛ ورشەدار؛ وریشەدار؛ گرشەدار؛ شەوقدار؛ خەڕا؛ بریقەدار؛ بە بریقە؛ تەیسان؛ ڕووناهیدەر؛ درۆشن؛ وریشن؛ ڕەخشان؛ بە درەوشین ‹یک چیز درخشنده بە چشمم خورد: شتێکی تەیسۆک کەوتە بەر چاوم›.

درخشیدن / deraxšîdan/: *مصدر. لازم.* //**درخشیدی:** درەوشایەوە؛ **می‌درخشی:** دەدرەوشیەوە؛ **بدرخش:** بدرەوشەوە// درەوشانەوە؛ درەوشیانەوە؛ درەوشان؛ درەوشینەوە؛ درەوشین؛ درەخشیان؛ درەخشانەوە؛ درەخشینەوە؛ زەڕقین: ١. تروووسکانەوە؛ ترووسکیانەوە؛ برووسکانەوە؛ تەیسین؛ ورشەدان؛ زەریقین؛ ئەوەدرۆشیەی؛ درۆشیایوە ‹چراغهای شهر از دور می‌درخشیدند: چراکانی شار لە دوورەوە دەدرەوشانەوە› ٢. بریقانەوە؛ بریقە دانەوە؛ شەوق دانەوە؛ ورچەوە دەی؛ نوور هەڵگەڕاندنەوە ‹چشمش در تاریکی می‌درخشید: چاوی لە تاریکیدا دەدرەوشایەوە› ٣. *[مجازی]* کارێکی بەرچاوکردن ‹آزاد در مدرسه خوب درخشید: ئازاد لە قوتابخانەدا باش درەوشایەوە›. هەروەها: **درخشیدنی**

■ صفت فاعلی: **درخشنده** (درەوشەر)/ صفت مفعولی: **درخشیده** (درەوشاو)/ مصدر منفی: **نَدرخشیدن** (نەدرەوشانەوە)

درخواست / darxāst ، ـها/: *اسم.* داخواز: ١. داخوازی؛ داوا؛ داواکاری؛ کاری خواستنی شتێک ‹هرچه لازم داری از اداره درخواست کن: هەرچێکت دەوێ لە مەزرینگە داواکە› ٢. داخوازنامە؛ خوازنامە؛ خواستنامە ‹یک درخواست بنویس بده به منشی: داخوازێک بنووسە و بیدە بە نووسیارەکە› ٣. داوا؛ ئەوی کە خوازراوە ‹کارگران خواهان رسیدگی به درخواستشان شدند: کرێکارەکان خوازیاری ڕاگەیشتن بە داخوازەکەیان بوون›. هەروەها: **درخواست داشتن؛ درخواست شدن؛ درخواست کردن**

درخواستنامه / darxāstnāme ، ـها/: *اسم.* داخوازنامە؛ داوانامە؛ لاپەڕەیەکی چاپی بە کۆمەڵە داواکاریەکی کالا یان ڕاژە، لە دامەزراوەیەک.

درخواستی / darxāstî ، ـها/: *صفت.* داواکراو؛ خوازراو؛ داخوازی ‹کتابهای درخواستی فرستاده شد: کتێبگەلی داواکراو ناردرا›.

درخور / darxor/: *صفت.* گونجاو؛ شیاو؛ دەرخۆر؛ دردەوەر؛ لەبار؛ لەباو، هاوسەنگ یان هاوڕێژە لەگەڵ شتێکدا.

درد[1] / dard ، ـها/: *اسم.* دەرد؛ دەردە: ١. ئێش؛ ژان؛ ئالنگ؛ گزیرک؛ هەستی ناخۆش و گەهرێنەر کە بە هۆی گەزن یان نەخۆشیەوە بەدی دێ ‹درد پشت؛ درد استخوان: ئێشی پشت؛ دەردی ئێسک› ٢. *[مجازی]* ژان؛ ژانژوور؛ ژانوژوور؛ ژانەهوویرک؛ پرک؛ بەرەژان؛ زاجلانەی؛ گوشار و نارەحەتیەک کە ژن لە کاتی زاییندا هەستی دەکا ‹نیمه‌شب دردش شروع شد: نیوەشەو ژانی دەستی پێکرد› ٣. *[مجازی]* کەسەر؛ خەم؛ خەفەت؛ کوڵ؛ جخار ‹درد غربت؛ درد بی‌مادری: دەردی غەریبی؛ دەردی بێدایکی› ٤. *[مجازی]* گرفت و دەردیسەری ‹کسی نیست تا آدم درد خودش را به او بگوید: کەسێ نیە بنیادەم دەردی خۆی پێ بڵێ›.

▣ **درد بی‌درمان:** *[کنایی]* دەردی بێدەرمان؛ دەرد کاری؛ دەردگرۆ؛ دەردێ کە چاری

نـاکرێ ‹حماقت درد بی‌درمانی است: گـەوجی دەردێکی بێ‌دەرمانە›.

▣ درد آمدن: ئێش هاتن؛ هاتنە ئێش؛ ئێشان؛ یێشان؛ ئێشەی؛ ئێشای؛ تووشی ئـێش هـاتن ‹طوری زد کـه دردم آمد: جـۆرێ لێیـدام ئێشی هات›: **به درد آمدن**

درد آوردن: ئێشاندن؛ یێشاندن؛ شـەبکاندن؛ هاوردنـە ئـێش؛ تووشـی ئـێش‌کـردن؛ ئـێش هێنان؛ ئێشنەی؛ ئێشنای ‹این آمپولها خیلی درد می‌آورند: ئەم دەرزیانە زۆر دێشێنن›.

درد داشـتن: دەرد هــەبوون: ۱. *[مجـازی]* دەردمەند بوون ‹چه دردی داری؟؛ دردت چیست؟: چ دەردێکت هەیـە؟؛ دەردت چیـە؟› ۲. ئـێش هەبوون؛ بەژان بوون؛ بـە ئـازار بـوون ‹دندانم چـرک کـرده بـود خیلی درد داشت: ددانم چـڵکی کردبوو ئێشی زۆر بوو›.

درد کردن: ئێشان؛ ئێشیان؛ ئێشەی؛ ئێشای؛ ئـێش‌کـردن؛ شـەبکین؛ ژان‌کـردن؛ هەسـتی ناخۆش و بە ئازارکردن ‹سرم درد می‌کرد: سـەرم دیشا›.

درد کـشیدن: ئـێش‌کێـشان؛ دەردکێـشان؛ تووشی ئێش بوون ‹تا پایم خوب شـد، دو مـاه درد کشیدم: هەتا پـام چـاک بـۆوە، دوو مانـگ ئێشم کیشا›.

درد گـرفتن: هاتنـە ئـێش؛ ئێشان؛ ئێشیان؛ ئێـشەی؛ ئێـشای؛ ژانـین؛ ژان‌کــردن؛ ژان کەردش؛ ئێش‌کردن؛ تووشی ئێش بوون ‹سرم درد گرفت: سەرم هاتە ئێش›.

دردی را دوا کـردن: *[کنـایی]* دەردێـک دەوا کــردن؛ (بــە) دەرد خــواردن؛ دەرد واردەی؛ کارامە بوون ‹این حرفها دردی را دوا نمی‌کند: ئـەو قسانە دەردێک دەوا ناکەن›.

به درد آمدن ☜ **درد آمدن**

به درد خوردن: *[مجازی]* بە کەڵک هـاتن؛ بـە کـار هـاتن؛ بـە دەرد خـواردن؛ دەرد واردەی ‹پول، این روزها به درد می‌خورد: پارە، ئەم ڕۆژانە بە کەڵک دێ›. هەروەها: **به درد نخوردن**

ـ درد[2]: *پیواژه.* ـ ئێشه؛ ـ ێشه؛ نیـشانەی بـوونی ئێش لە بەشێ لە لەشدا ‹سردرد؛ پادرد: سەرئێـشە؛ پانیشە›.

درد / dord/: *اسم.* تـڵتە؛ پـڵتە؛ تـڵفە؛ تـڵفارە؛ خلتە؛ سـەرکۆزەر؛ چـەولۆک؛ خـەوش و مـاکی ناتێکەڵ لە تراوێکدا کە لە بنیدا ماوەتەوە.

دردآشنا / dardāš(e)nā، ـها؛ ـیان/: *صفت. [ادبی]* دەردزان؛ دەردەزان؛ دەردئاشنا؛ خاوەن ئاگـایی لە خەم و مەینـەتی خەڵـکی‌تـر و ئاشـنایی بـە دەردی دیتران ‹درد خود را باید بـه دردآشـنا گفت: دەردی خۆ ئەبێ بە دەردزان بێژی›.

دردآشنایی / dardāš(e)nāyî/: *اسم.* دەردزانی؛ دەردەزانی؛ دەردئاشـنایی؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی دەردزان بوون.

دردآلـود / dardālûd/: *صفت.* بـەژان؛ ژانـدار؛ ژاناوی؛ بە ئێش؛ تێکەڵ لەگەڵ ئێشدا.

دردآور / dardāvar/: *صفت.* ژانهـێن؛ ژانـدەر؛ ئێـشێنەر؛ دەردپـێ‌دەر؛ ئـێش پـێ‌گـەیێن؛ بەدیهێنەر و هۆی ئێش.

دردا / dardā/: *صوت. [ادبی]* داخـم؛ پـەکوو؛ حەیف؛ بەداخەوە؛ مخابن؛ ئاخ؛ دەردۆ؛ ئاخ؛ ئای؛ تەمتەقۆ؛ ئەک؛ ئەک ودەک؛ حـەیفێ؛ حـەیف و خەسار؛ وشەیەک بۆ دەربڕینی ناکامی و لەکیس دانی شتێک ‹دردا که راز پنهان خواهد شد آشکارا: داخم ڕازی نهێنی دەردەکەوێ سەرەنجام›.

دردار / dardār، ـها/: *صفت.* سـەردار؛ درگـادار؛ دەردار ‹شیـشەی دردار؛ قـوطی دردار: شووشـەی دەردار؛ قوتووی سەردار›.

دردانه / dordāne، ـهـا/: *صفت. [مجازی]* نـازدار؛ نازار؛ ئاوەختی؛ زۆر خۆشەویـست ‹عزیـز دردانـه: ئازیزی نازدار›.

درددل / dardedel، ـهـا/: *اسم. [مجـازی]* دەردەدڵ؛ دەردی‌دڵ؛ کاز_کاز؛ لەجە؛ گلـەیی و

کوڵ و کەسەرێک کە کەسێ پێی خۆشە لە لای دۆستێکەوە بیدرکێنێ.

▣ **درد دل کردن/ گفتن:** *[مجازی]* دەردیدڵ کردن؛ کازکازکردن؛ دەردەدڵ کەردەی؛ خەفەت و ڕازی خۆ لای کەسێ گوتن ‹آمده بود با من درددل کند: هاتبوو لەگەڵما دەردیدڵ بکا›.

به درد دل کسی رسیدن: *[مجازی]* گوێدان بە ناڵەی کەسێک؛ بە دەرد و گرفتی کەسێ گوێدان و لەگەڵیدا هاودەردیکردن و یارمەتی دانی ‹آخر یک دقیقه هم به درد دل من برس: سا دەمێکیش بە ناڵەی من گوێ بدە›.

دردسر / dardesar ، ـها/: *اسم.* دەردیسەر؛ دەردەسەر؛ زەحمەت؛ ئاشێ؛ خەرخەشە؛ دەرد و کوێرەوەری ‹به خاطر آن اعتصاب، رییس دانشکده دچار دردسر شد: لە بەر ئەو مانگرتنە، سەرۆکی زانکۆ تووشی دەردیسەر بوو›.

▣ **دردسر دادن:** *[کنایی]* سەر ئێشاندن؛ دەردیسەر دان؛ سەرە ئاردەیوە قوڵێ؛ چەنەوێژیکردن و سەر هێنانە جۆش ‹ببخشید که این‌قدر شما را دردسر دادم: ببوورن ئەوندە سەرم ئێشاندن›.

به دردسر انداختن: خستنە زەحمەتەوە؛ خستنە دەردیسەر؛ هۆی زەحمەت و گرفتاری بوون.

دردسنج / dardsanc ، ـها/: *اسم.* ئێشپێو؛ ئامرازێک بۆ پێوانی چکۆلەترین گوشارێ کە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی ئێش.

دردکش / dardkeš/: *صفت.* دەردکێش؛ ئێشکێش؛ تووشیاری ئێش و ناچار بە کێشانی.

دردکش / dardkoš/: *صفت.* ئێشبڕ؛ دەردبڕ؛ ژانبڕ؛ ژانبەر؛ بە تایبەتمەندی لە ناو بردنی ئێشەوە.

دردم / dardam/: *قید.* دەسبەجێ؛ دەزبەجێ؛ یەکجێ؛ یەکجا؛ هەر چانە؛ دەستوبرد؛ هەر لەجێ؛ بێدرەنگ؛ یەکەو جار؛ نهۆ؛ نهووکە؛ هەر دەوکاتەدا ‹دردم کشته شد: دەسبەجێ کوژرا›.

دردمند / dardmand ، ـان/: *صفت.* دەردمەن؛ دەردمەند؛ دەردکێش؛ دەردەدار؛ دەرددار: ١. *[نامتداول]* نەخۆش؛ بەئازار؛ دەرداوی؛ لەش‌بەبار ٢. *[مجازی]* زوێر؛ زوین؛ خەمگین؛ خەفەتبار؛ دڵتەنگ ‹مادر دردمند؛ دل دردمند: دایکی دەردمەن؛ دڵی دەردمەند›.

دردمندی / dardmandî/: *اسم.* دەردەداری؛ دەردداری؛ دەردمەندی؛ کەزلاتەی؛ خەمگینی؛ خەفەتباری؛ دڵتەنگی؛ دۆخ یان چۆنیەتی خەفەتبار بوون.

دردناک / dardnāk/: *صفت.* بەژان؛ بەئازار؛ لەژان: ١. هۆی دەرد و ئێش ٢. دەرددار؛ دەردمەن؛ بە ئێش و دەرد ‹اندام دردناک: ئەندامی بەئازار›.

دردو / derdo:, derdow ، ـها/: *صفت. [گفتاری، تعریض]* زمانباز؛ بە دەم و پل؛ زیرەک و قسەزان.

دررفت / dar.raft/: *اسم.* دەرچوو: ١. *[گفتاری]* هەزینە؛ خەرج‌وبەرج ٢. *[مجازی]* ئەوەی بەکار دەچێ یان خەرج دەبێ.

دررفتگی / dar.raftegî ، ـها/: *اسم.* لە جێ/ گەچوویی؛ چرت؛ دەرچوویی؛ جودایی نەخوازراوی ئالقە یان بەشێ لە کۆمایێ ‹دررفتگی مفصل: لە جێ چوویی جمگە›.

دررفتن / dar.raftan/: *مصدر. لازم. //* **دررفتی:** دەرچووی؛ **درمی‌روی:** دەردەچی؛ **دربرو:** دەرچۆ// دەرچوون؛ دەرپەڕین؛ بەرشیەی: ١. خۆ ڕاپسکان؛ چرتیان؛ ڕاکردن؛ هەڵاتن؛ لە بەر دەستی کەسێکدا بەر بوون ‹تا سرم را برگرداندم دستش را کشید و دررفت: تا لامکردەوە کشاوە و دەرچوو› ٢. فەرقڕین؛ پەکین؛ خەلیان؛ ترازان؛ ترازیەی؛ ترازیای؛ لە جێی خۆوە دەرهاتنی شتێک بە هۆی گوشار یان هێزی ناوەکیەوە

‹دررفتن استخوان؛ دررفتن تیر: دەریەرینـی ئێسـک؛ دەرچوونـی تیر›. هەروەها: دررفتنی

■ صفت مفعولی: دررفته (دەرچووگ)/ مصدر منفی: درنَرفتن (دەرنەچوون)

دررو / dar.row ، ـها/:اسم. [گفتاری] دەربازگـە؛ دەرەتـان؛ دەرو؛ ڕێـی دەرچـوون ‹رفـت تـوی کوچەای کە دررو نداشت و گیر پاسبانها افتاد: چووە نێـو کۆلانێکـەوە دەربازگـەی نـەبوو، کەوتـە گـیر پاسەوانەکانەوە›.

درز / darz ، ـهـا/:اسم. درز؛ دەرز: ۱. چـاک؛ تلیش؛ جێگای پێوەندی یان درووماني دوو لەت لـە شـتێک ‹درز کتـت شـکافته شـده اسـت: درزی کۆتەکەت باز بـووە› ۲. [پزشکی/ الف] لکانگـەی ئێسکەکانی کاپۆڵ پێکەوە؛ جێگـەی چەسـپانی ئێسکگەلی سەر بە یەکەوە ب) تەقـەڵ؛ تەقەڵـە؛ بەخیەی برینگاری ۳. قەڵش؛ قـڵیش؛ قەڵـەش؛ قەڵەشت؛ تلیش؛ شەق؛ شرەق؛ تـرەک؛ ترەکـە؛ تریشکە؛ کەلێن؛ تریک؛ چاک ‹از درز در نگاه کـن: لە درزی درگاکەوە بڕوانە›.

◻ **درز کردن:** دزەکردن؛ بـڵاو بوونـەوە: ۱. لـە درزی شتێکەوە چوونە دەر ‹نور از شکاف در درز می‌کرد: تیشک لـە درزی درگـاوە دزەی دەکـرد› ۲. [مجـازی] درکـان؛ درکیـای؛ کەوتنـە دەرەوەی ڕازێک.

درز گرفتن: ۱. درزگرتن؛ کەلێن‌گرتن؛ تەقەڵ دان؛ دوورانی دوو تیکە پارچـە بـە یـەکترەوە ۲. [مجـازی] قـسە کـورت‌کردنـەوە؛ کۆتـا کردنەوەی باس ‹فوراً حرفم را درز کرفتم و بیـرون آمـدم: دەسـبەجێ قـسەم کـورت‌کـردەوە و وەدەرکەوتم›.

درزگیری / darzgîrî /:اسم. درزگری؛ کـار یـان ڕەوتی درز دادان؛ دووران یان داپۆشاندنی درزی شتێ (وەک جلوبەرگ، دیوار و…).

درز و دوز / darz-o-dûz /:اسم. [گفتاری] دڕاوی جلوبەرگ کە پێویستی بە دوورین و پینەکردن هەیە.

درزه / darze ، ـها/:اسم. ۱. [قدیمی] تایە؛ گیشە؛ گرشە؛ قرشـە؛ دەرزە؛ کوایـەک لـە هـەر شـتێ ۲. درزی چکۆلە.

درزی / darzî ، ـان/:اسم. [قدیمی] خـەیات؛ جلدوور؛ بەرگدوور؛ شوونک؛ درووماندکار.

درس / dars ، ـها؛ دروس/: [عربی]/اسم. وانە؛ دەرز؛ دەرس: ۱. ئـەوەی کـە بـە هـۆی خوێنـدن و ئەزموونـەوە فێـری دەبـن ‹درس پزشکی: وانـەی پزیـشکی› ۲. نووسراوە یان ئاگاداری بۆ فێر بوون ‹درس خوانـدن؛ درس دادن: وانـە خوێنـدن؛ وانـە گوتنەوە› ۳. [مجازی] ئەزموون؛ پەند ‹تـاریخ بـرای ما درس خوبی است: مێژوو بۆ مە ئەزموونێکی چاکە›.

◻ **درس انشا:** وانەی شێوە و چەشنی نووسین.

درس عبـرت: [مجـازی] پەنـد؛ پـەن؛ پـەنگ؛ ڕووداوێ کە ئامۆژگاری لێ وەردەگرن.

◻ **درس پرسیدن:** وانە پرسینەوە؛ لێ‌پرسـینەوە؛ پرسینەوە لە قوتابی لەمەڕ ئەوەی فێری بووە.

درس پس دادن: وتنەوەی ئـەو وانەیـە فێـری بووە.

درس حاضر کردن: وانە لـە بـەرکردن؛ دەرس ئامادەکردن ‹درسم را بـە خـوبی حاضـر کـردەام: وانەکەم بە باشی لە بەرکردووە›.

درس خوانـدن: دەرس خوێنـدن؛ وانـە خوێنـدن؛ دەرس وانـەی: ۱. خوێندنـەوەی نووسراوەیەکی دەرسـی ‹درس امروز را بخـوان: دەرسـی ئەمـڕۆ وەخوێنـە› ۲. دەرز دادان؛ خوێنین؛ وەنەی؛ وانـای؛ وەندایەنـە؛ وەنـدەی؛ وەندش؛ دەرس فێر بوون ‹در مدرسەی مـا درس می‌خواند: لە قوتابخانەکەی ئێمەدا دەخوێنێ›.

درس خود را از بر/ فوت آب بـودن: [مجـازی] ۱. وەکـوو ئـاو لەبـەر بـوون؛ وەک ئـاو ڕەوان بوون؛ وەربیەی ۲. [کنایی] دەرس خۆ چاک لە بەر بوون؛ کاری خۆ چاک زانین؛ ئاگادار بوون لە چۆناوچۆن جێبەجێ کردنی کارێ کە پـێ

سپێراوه ‹مطمئن باش! من درس خودم را از برم: دلنیا به! ئەمن دەرس خومم چاک لە بەرە›.

درس خود را بلد/ روان بودن: دەرسی خۆ زانین؛ وانەی خۆ زانین.

درس دادن/ گفتن: وانە دان؛ دەرس دان؛ وانە وتنەوە؛ شتێک بە مەبەستی فێرکردن بە دیتران گوتن ‹امروز معلم چهار صفحه درس داد: ئەورۆ مامۆستاکەمان چوار لاپەڕە دەرسی دا›.

درس گرفتن: فێر بوون؛ هەڤۆتن: ۱. وانە فێر بوون؛ هین بوون؛ مسەی؛ ئاگایی لە مامۆستا وەرگرتن ۲. *[مجازی]* پەند وەرگرتن؛ شتێ لە ڕووداو یان تاقی‌کردنەوەیەک فێر بوون ‹از این حادثه درس خوبی گرفت: لەم ڕووداوە پەندێکی باشی وەرگرت›.

درس‌افزار / darsafzār ، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. هەر کام لە ئامێرگەلی فێرکاری (وەک کتێب، شریت؛ یان وێنە و...).

درست[1] / dorost ، ـها/: *صفت.* دروست؛ درووس؛ دروس؛ دڕۆس؛ درس: ۱. بێ‌هەڵە یان نادروستی ‹حرف درست؛ کار درست: قسەی دروست؛ کاری درووس› ۲. بێ‌کەم و کووڕی یان شکاوی ‹ساعت درست شد: سەعاتەکە دروست بۆوە› ۳. پاک؛ ڕێک؛ ساق؛ تەواو؛ بێ‌کەمایەسی؛ موک ‹صد صفحه درست؛ چهل سال درست: سەد لاپەڕەی تەواو؛ ڕێک چل ساڵ› ٤. *[گفتاری]* ڕاست؛ ڕاس؛ چاک؛ باش ‹آدم درست: مرۆی دروست›.

▣ **درست بودن:** دروست بوون؛ درووس بوون: ۱. هەڵە نەبوون ۲. پاک و بێ‌خەوش بوون؛ بێ‌کەمایەسی بوون ۳. درووسکار بوون.

درست شدن: ۱. دروست بوون؛ درووس بوون ۲. چاک بوونەوە؛ دروست بوونەوە؛ دروست کران؛ وەش‌کریەی ۳. ئامادە بوون؛ تەیار بوون. هەروەها: **درست کردن**

درست[2]: *قید.* ڕاست؛ درووس؛ دروست: ۱. ڕاس؛ ڕێک ‹قطار درست سر ساعت آمد: قەتارەکە ڕاست لە سەر کاتی خۆی هات› ۲. بە دروستی؛ بە درووسی ‹آزاد درست همان کاری را کرد که گفته بود: ئازاد دروست هەر ئەو کارەی کرد کە گوتبووی›.

درست‌آیین / dorostāyîn ، ـها/: *صفت. [ادبی]* ۱. پەیڕەوی ئایینی دروست ۲. پەیڕەو و وەفادار بە ئایینێک.

درست‌دین / dorostdîn/: *صفت.* ۱. بڕواپتەو؛ خاوەن خوو و هۆگر بە پەیڕەوی تەواو لە فەرمانگەلی دینی ۲. ئۆرتودۆکس.

درستکار / dorostkār ، ـها؛ ـان/: *صفت.* ئاز؛ درووسکار؛ کاردرووس؛ دروسکار؛ ڕاستکار؛ ئاڤدەست؛ دەسپاک؛ بەختەوار؛ ڕاست و دروست؛ بێ‌فڕ و فێڵ؛ مرۆی بێ‌لاری و خواری و بێ‌گزی و فزی ‹کارگر درستکار: کرێکاری درووسکار›.

درستکارانه[1] / dorostkārāne/: *صفت.* درووسکارانە؛ دروستکارانە؛ دروستانە ‹رفتار درستکارانه: ئاکاری درووسکارانە›.

درستکارانه[2]: *قید.* درووسکارانە؛ دروستکارانە؛ بە درووسکاریەوە؛ لەگەڵ دروستکاریدا ‹درستکارانه رفتار می‌کرد: درووسکارانە دەجووڵاوە›.

درستکاری / dorostkārî/: /اسم. درووسکاری؛ کاردرووسی؛ دروستکاری؛ سەرڕاستی؛ ئاکاری ڕاست و دروست و بە دوور لە خەیانەت و بێ‌گزی و فزی.

درست وحسابی[1] / dorost-o-hesābî/: [فارسی/ عربی] *صفت.* ڕاست‌وپاک؛ ڕێک‌وپێک؛ سەرڕاست؛ ڕاست‌ودروست؛ بە چۆنیەتی، چەندیەتی، یان بارێکی شیاوەوە ‹آدم درست و حسابی؛ کار درست و حسابی: مرۆی ڕاست و پاک؛ کاری ڕێک‌وپێک›.

درست‌وحسابی[2]: *قید.* باش؛ بە باشی؛ بە ڕێک‌وپێکی؛ ڕاست و پاک؛ چاک؛ بە جوانی؛ بە خاسی ‹درست و حسابی در آنجا مستقر شده بود: باش دەوێدا سەقامگیر ببوو›.

درسته[1] / doroste/: *صفت. [گفتاری]* ساق:

۱. دەس‌نەخواردوو ۲. تەواو؛ تواو ‹یک نان درسته را خورد: نانێکی ساقی خوارد›.

درسته[۲]: *قید.* ساق؛ بە ساقی؛ بە یەکجاری ‹زردالو را درسته قورت داد: قەیسیەکەی بە ساقی قووتدا›.

درستی / dorostî/: *اسم.* دروستی؛ درووسی؛ ڕاستی؛ ڕاسی: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی دروست بوون ‹درستی کارش معلوم نیست: دروستی کارەکەی دیار نیە› ۲. دروستکاری ‹درستی او در میان بازار معروف است: درووسی ئەو لە بازاڕدا بەناوبانگە›.

درسخوان / darsxān ، ـها/: [عربی/ فارسی] *صفت.* دەرسخوێن؛ دەرزوان؛ خاوەن هۆگریەتی بە دەرس خوێندن و فێربوونی ‹بچەی درسخوان: منداڵی دەرسخوێن›.

درسنامه / darsnāme ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* وانە: ۱. کتێبی دەرسی، بەتایبەت لە بوارێکی وانەیی زانستگاییدا ‹درسنامەی روان‌شناسی: وانەی ڕەوان‌ناسی› ۲. هەر چەشنە نامیلکە یان وتارێک کە بۆ ئەو مەبەستە بە کار دەڕوا ‹بیشتر درسنامەها ترجمەی ناقص و نامفهوم کتابهای خارجی است: زۆرتری وانەکان پاچڤەی نیمە ناتەواو لە کتێبگەلی بیانین›.

درس ومشق / dars-o-mašq/: [عربی] *اسم.* وانە و مەشق؛ خوێندن و تەکلیفی وانەیی ‹بە درس و مشق بچەها رسیدگی می‌کرد: بە وانە و مەشقی منداڵان ڕادەگەیشت›.

درسی / darsî/: [عربی] *صفت.* وانەیی؛ دەرسی؛ دەرزی؛ پێوەندیدار یان سەر بە وانەوە ‹کتاب درسی؛ فعالیت درسی: کتێبی وانەیی؛ چالاکی دەرسی›.

درشت / dorošt/: *صفت.* ۱. /ـها/ گەورە؛ زل؛ زەلام؛ گرس؛ گر؛ گەپ؛ گورپە؛ ئەستوور؛ بە ئەندازە و هەندی گەورەترەوە ‹سیب درشت؛ تخم‌مرغ درشت: سێوی گەورە؛ هێلکەی زل› ۲. /ـها/ درشت؛ دشت؛ دوشتە؛ دووشتە؛ گرد؛ زروە؛ بە بایەخی زۆرەوە (بۆ پارە) ‹پول درشت: پارەی درشت› ۳. *[ادبی]* نەپۆڕ؛ ئاژ؛ ناساف؛ نارێک ‹جامەی درشت: بەرگی نەپۆڕ› ٤. *[مجازی]* ناشیرین؛ قەڵپ؛ ناخۆش؛ ناخوەش؛ دشت؛ نالەبار و تێکەڵ بە قین و ڕکەوە ‹حرف درشت: قسەی ناشیرین›.

▣ **درشت بار کسی کردن:** *[مجازی]* بە کەسێ کردن؛ قسەی سووک لە پارەسەنگی کەسێک نان؛ زیپک لە کەسێک دان؛ سەرکۆنە/ لۆمەی کەسێ کردن؛ قسەی ناخۆش و تێکەڵ بە لۆمەوە بە کەسێک گوتن ‹امروز صاحبخانه خیلی درشت بارم کرد: خاوەن ماڵ ئەورۆ زۆری پێ کردم›.

درشتباف / doroštbāf/ ☜ **درشتبافت**

درشتبافت / doroštbāft/: *صفت.* دووشتەچن؛ دوشتەچن؛ درشت‌چن؛ بە تان و پۆگەلێکی ئەستوور و لێک‌دوورەوە ‹فرش درشتبافت: فەرشی دروشتەچن›: **درشتباف** *[گفتاری]*

درشتخو / doroštxû ، ـها؛ ـیان/: *صفت. [مجازی، ادبی]* تونـدخوو؛ تونەخوو؛ تونەمەزاج؛ تنەخوو؛ توند و تیژ؛ خاوەن خووخدەی تون و تیژ و ئاکاری ناشیرین لەگەڵ خەڵکدا. هەروەها: **درشتخویی**

درشتخوار / doroštxār ، ـها؛ ـان/: *اسم. [زیست‌شناسی]* نامۆخۆر؛ سیللوولی بێگانەخۆر کە لە پێکهاتن و سازانەوەی شانەگەلی مۆرەدارانـدا دەوری گرینگی هەیە: **کلانخوار**

درشتنی / doroštney ، ـها/: *اسم.* دروشە؛ لوولاک؛ لوولاق؛ بەلەک؛ گاللۆر؛ قەڵەمە؛ قولمە؛ هێسکە گەورەی پا کە بە زرانی و قولەپەوە بەند دەبێ.

درشتی / doroštî/: *اسم.* ۱. زلی؛ گەورەیی؛ درشتی؛ گردی؛ دۆخ و چۆنیەتی درشت بوون ۲. *[مجازی]* توند و تیژی؛ ئاکاری بە تووڕەیی و بێ‌ئارامی و سازشت ‹خیلی با مادرش درشتی می‌کرد: زۆر لەگەڵ دایکیدا توندوتیژی دەکرد›.

درشکه / doroške, dorošge ، ـها/: [روسی]/اسم. پێتوون؛ فایتون؛ کالیسکه؛ عارەبانەی سواری سەرداپۆشراو کە دوو یان چەند ئەسپ دەیکێشن و مسافری پێ جێبەجێ دەکەن.

درشکه‌چی / doroškečî, dorošgečî ، ـها؛ ـان/: [روسی/ ترکی]/اسم. فایتونچی؛ کالیسکەچی؛ ئاژوێنی عارەبانە.

درصد[1] / darsad ، ـها/:اسم. لە سەد؛ سەدیچن؛ یەک یان چەند بەش لە شتێک کە بە سەد بەشەوە دابەش بووە ‹چند درصدی از این پول به تو می‌رسد: چەند لە سەدی ئەم پارەیە بە تۆ دەگا›.

درصد[2]: قید. سەتا؛ لە سەد، بە شێوازی بەش یان بەشگەلێک لە شتێک (بەتایبەت پارە) کە بە سەد دابەش کراوە ‹ده درصد تخفیف دارد: سەتا دەی داشکاوە›.

درصدگیری / darsadgîrî ، ـها/:اسم. کار یان ڕەوتی لە سەد گرتنی ژمارە یان چەندیەتیەک.

درصورتی‌که / darsûratîke/: [فارسی/ عربی/ فارسی] ☜ **صورت**

درضمن / darzemn/: [فارسی/ عربی] قید. هەروەها؛ هەرپاسە؛ وێڕای ئەمە؛ وێڕای ئەوە: ۱. هەر لەو کاتەدا؛ لە هەمان کاتدا ‹در ضمن پول هم لازم است: هەروەها پارەیش پێویستە› ۲. تازە؛ زیاتر لەوە؛ لەو بەدوا ‹در ضمن پولمان هم تمام شده است: هەروەها پارەیشمان تەواو بووە›: **ضمناً**

درفش / derafš, darafš ، ـها/:اسم. ۱. *[ادبی]* ئاڵا؛ درووشم؛ بەندێر؛ بەیاخ؛ بەیداخ ۲. درەوش؛ درەوشە؛ درێشک؛ درێشک؛ درێشە؛ درێشە؛ ئامێرێک بە نووکی تیژەوە بۆ کون کردن و دوورانەوەی چەرم.

درفشانی / dorfešânî ، ـها/: [عربی/ فارسی] *[تعریض]* وتاربێژی: **درافشانی**

درک / darak/: [عربی]/اسم. توون؛ دەرەک؛ بن و بێخی دۆژەهـ ؛ بنی جەحانم.

▣ **به درک**: بە توون؛ فینار؛ وە جەحانم؛ بە دەرەک؛ وشەیەک بە نیشانەی سەرنج نەدان بە ڕووداوێک ‹گفت: «می‌روم و پشت سرم را نگاه نمی‌کنم»، گفتم: «به درک»: گوتی: «دەڕۆم و ناگەڕێمەوە»، وتم: «بە توون»›.

درک / dark/: [عربی]/اسم. ۱. دەرک؛ فام؛ ئاوەز؛ سەرەدەر؛ سەرودەر؛ کار یان ڕەوتی ئاوەزین؛ زانین و لە شتێک تێگەیشتن ۲. *[ادبی]* دۆخ یان چۆنیەتی گەیشتن بە شتێک.

▣ **درک کردن**: ۱. ئاوزان؛ ئاوزیان؛ ئاوزین؛ ئاوەزیەی؛ ئاوەزیای؛ فامین؛ تێگەیشتن؛ مسایش؛ مسایە؛ سەر دەرهێنان ۲. *[ادبی]* بوون؛ شایەت بوون؛ دیتن ‹محضر آن اُستاد بزرگ را درک کردم: خزمەتی ئەو مامۆستا گەورەیە بووم›.

درکردن / darkardan/: مصدر. لازم. متعدی. //**درکردی**: دەرتکرد؛ **درمی‌کنی**: دەردەکەی؛ **درکن**: دەرکە// □لازم. ۱. دەرکردن؛ وە دەرنان ‹خستگی درکردن: شەکەتی دەرکردن› □ متعدی. ۲. هاویشتن؛ خستن؛ تەقاندن؛ کەواندن؛ وستەی؛ بەرکەردەی ‹تیر درکردن: تیر خستن›. هەروەها: **درکردنی**

■ صفت فاعلی: **درکننده** (دەرکەر)/ صفت مفعولی: **درکرده** (دەرکراو)/ مصدر منفی: **درنکردن** (دەرنەکردن)

درگاه / dargāh ، ـها/:اسم. ۱. بەرەگا؛ دەرکە؛ دەری؛ دەرگا؛ درگا؛ دریا؛ ناودرگا؛ قاپی؛ گوشادی دیوار کە چوارچێوەی درگای تێ دادەنێن ۲. *[نامتداول]* دەرکە؛ دەری؛ بەردەرک؛ بەردەرگا؛ بەردریا؛ وەربەرە؛ وەروو بەرەی ۳. درگانە؛ دریانە؛ ئاسان؛ ئاسانە؛ دەریزان؛ دەرازین؛ گەورەماڵ؛ خانووی خێوانی هێز و گەورەیی.

درگاهی / dargāhî ، ـها/:اسم. ۱. قووپاوی نێو

دیوار، لە بنی زەویەوە تا بالای مرۆڤێ بە شێوەی دۆلاوچەیەکی بێدەرک ۲. *[گفتاری]* ناودەرگا؛ ناودریا؛ نێو دەرکە.

درگذشت / dargozašt/: *اسم. [ادبی]* مەرگ؛ کۆچی دوایی؛ کارەڕەهاتی مردن؛ تێدا چوون؛ تیا چوون؛ کۆچی‌دوایی کردن ‹درگذشت دوست عزیزمان را در سانحەی رانندگی تسلیت می‌گوییم: مەرگی دۆستی خۆشەویستمان لە کارەساتی ڕانندەگیدا سەرەخۆشی دەکەین›.

درگذشتن / dargozaštan/: *مصدر. لازم. [ادبی]* //**درگذشتی**: مردی؛ **درمی‌گذری**: دەمری؛ **درگذر**: بمرە// ۱. مردن؛ مەردەی؛ نەمان؛ تێدا چوون؛ تیا چوون؛ کۆچی دوایی‌کردن ۲. خۆش بوون؛ بواردن؛ بووردن؛ ویەردەی؛ لە مافی خۆ چاوپۆشی‌کردن ‹از گناه کسی درگذشتن: لە گوناهی کەسێک خۆش بوون› ۳. تێپەڕ بوون؛ دەرباز بوون؛ ویەردەی.

■ صفت فاعلی: **درگذرنده** (ـــ)/ صفت مفعولی: **درگذشته** (مردوو)/ مصدر منفی: **درنگذشتن** (نەمردن)

درگذشته / dargozašte ، ـها؛ ـگان/: *اسم. [ادبی]* کۆچ‌کردوو؛ مردوو؛ مردی؛ مردگ؛ مەردە؛ نەماو.

درگرفتن / dargereftan/: *مصدر. لازم.* // **درگرفت**: دەسی پێکرد؛ **درمی‌گیرد**: دەس پێدەکا؛ ــ// دەس‌پێکردن؛ هەڵگیرسان؛ هەڵبوون (بۆ ئاور)؛ دەس پنەکەردەی؛ تێ‌بەر بوون؛ دەس پێکردنی کار یان کاردانەوەی شتێک (تەنها بە شێوەی سێهەم کەسی تاکی ڕابردوو و داهاتوو بە کار دەڕوا) ‹درگرفتن جنگ؛ درگرفتن آتش: دەس پێ کردنی شەڕ؛ تێ‌بەر بوونی ئاگر›.

■ مصدر منفی: **درنگرفتن** (دەس پێ‌نەکردن)

درگوشی[1] / daregûšî/: *صفت.* چپە؛ چوە؛ چفە؛ پچە؛ فسە؛ چرپە؛ سرپە؛ نچ؛ تایبەتمەندی قسە کردنی هێواش و دە پەنا گوێی یەکتر ‹درگوشی ممنوع: چپە قەدەغەیە›.

درگوشی[2]: *قید.* بە پچە؛ بە پچە-پچەوە؛ بە چپە؛ بە سرتە؛ بە سرکە؛ بە فسە؛ بە سرپە-سرپەوە؛ چپە-چپ؛ نچ؛ بناگوێ؛ بە هێواشی و لە لای گوێی بیسەرەوە ‹دو نفری داشتند درگوشی حرف می‌زدند: دوانی دانیشتبوون و بە پچە قسەیان دەکرد›.

درگه / dargah/: *اسم. [مخفف، ادبی]* دەرک؛ دەرکە؛ درگا؛ دریا.

درگیر / dargîr/: *صفت.* گیرۆدە؛ دەرگیر؛ ئاوقەد؛ ئامقە؛ تووش؛ تووشیاری بارێکی سەخڵەت و دژوار ‹خودت را با این کارها درگیر نکن: خۆت گیرۆدەی ئەم کارانە مەکە›. هەروەها: **درگیر بودن؛ درگیر شدن؛ درگیر کردن**

درگیراندن / dargîrāndan/: *مصدر. متعدی.* گیرۆدەکردن؛ پێوە تلاندن؛ تووش کردن.

درگیری / dargîrî ، ـها/: *اسم.* دەرگیری: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی تووشی شەڕ و ناکۆکی بوون ‹با ادارەی آموزش و پرورش درگیری داشت: لەگەڵ مەزرینگەی پەروەردەدا دەرگیری بوو› ۲. کێشەوهەرا؛ مشت‌ومڕ؛ بەربەرەکانێ و شەڕ؛ کار یان ڕەوتی لێکدان؛ ململانێ؛ شەڕ و پێکدادان؛ ‹تظاهرات به درگیری کشیده شد و چند نفر زخمی شدند: خۆپیشاندان کێشایە لیکدان و چەند کەسێک بریندار بوون›.

▣ **درگیری لفظی**: بنار؛ گلتە؛ دەمەقاڵە؛ دەمە قرێ؛ شەڕە قسە.

درل / derel/: [انگلیسی] ☜ **دریل**

درم / deram/: [از یونانی]*اسم.* درەم؛ دیرهەم؛ یەکەی پارەی برێ لە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.

درمان / darmān ، ـها/: *اسم.* دەرمان: ۱. هەتوان؛ داودەرمان؛ کۆمەڵە کار و ئامرازێ کە بۆ چا بوونەوەی نەخۆشێک بە کار دەبرێن ‹صدها بیمار در این بیمارستان درمان شده‌اند: سەدان نەخۆش لەم نەخۆشخانەدا دەرمان کراون›

۲. *[مجازی]* دەوا؛ چار؛ چارە ‹درمان درد من پول است: دەوای دەردی من پارەیە›.

درمان‌بخش / darmānbaxš/: *صفت. [ادبی]* هەتوان‌بەخش؛ دەرمان‌بەخش؛ بە توانایی و تایبەتمەندی دەرمان‌کردنەوە. هەروەها: **درمان‌بخشی**

درمانجو / darmāncû، ـها؛ ـیان/: *اسم.* دەرمانخواز؛ دەرمان‌پرس؛ کەسێ کە وا لە دووی دەرمانی نەخۆشی خۆیەوە ‹هر روز ۵۰ نفر درمانجو به ما مراجعه می‌کنند، که بسیاریشان اصلاً بیمار نیستند: هەموو رۆژێ ۵۰ دەرمانخواز دێن بۆ لامان، کە زۆربەیان هەر نەخۆش نین›.

درماندگی / darmāndegî/: *اسم.* داماوی؛ داماگی؛ تێماوی؛ قەتیسی؛ ماتی و سەرگەردانی؛ دۆخ یان چۆنیەتی داماو بوون ‹هم بیکارم، هم بیمار، هم بی‌پول، مگر درماندگی شاخ و دم دارد؟: هەم بێکارم، هەم نەخۆش و هەم بێ‌پارە، ئیتر داماوی چۆن دەبێ؟›.

درماندن / darmāndan/: *مصدر. لازم.* // **درماندی:** دامای؛ **درمی‌مانی:** دادەمێنی؛ **دربمان:** دابمێنە// دامان؛ تێمان؛ تێدامان؛ تێدا مانەوە؛ قەتیس بوون؛ کەوتنە تەنگانەوە؛ پەک‌کەوتن؛ فل بوون؛ جەنیقین؛ فلتان؛ ئەرەمەنەی؛ مەنایرە؛ پەک کەوتەی؛ هێز و توانی جێبەجێ‌کردنی کارێک لە دەس‌دان ‹درمانده بودم چه جوابی به او بدهم: تێیدا مابوومەوە چ پەرسڤێکی پێ بدەمەوە›. هەروەها: **درماندنی**

■ صفت مفعولی: **درمانده** (داماو)/ مصدر منفی: **درنماندن** (دانەمان)

درمانده / darmānde، ـها؛ ـگان/: *صفت.* داماو؛ داماگ؛ داماتی؛ تێماو؛ گونەک؛ کڵۆڵ؛ بێچارە؛ لێ‌قەوماو؛ مەنە؛ وامەنە؛ ئەرەمەنە؛ دەرمەنە؛ ئەڕامەندە؛ ئەرامەنە؛ لاکەفتە؛ بارکەوتە؛ لاکەوتە؛ پەک‌کەوتە؛ وەستاو؛ قەتیز؛ قەتیس؛ بێ‌دەرەتان؛ ناکار لە دۆزینەوەی چارە ‹وقتی به کلی درمانده شد، سراغ پدرزنش رفت: کاتێ بەتەواوی داماو کەوت، چوو بۆ لای خەزوورەی›.

درمانشناسی / darmānšenāsî/: *اسم.* دەرمان‌ناسی؛ لقێک لە زانستی پزیشکی کە لە سەر دەرمانی نەخۆشیەکان دەکۆڵێتەوە.

درمانگاه / darmāngāh، ـها/: *اسم.* دەرمانگا؛ دەرمانخانە؛ دامەزراوەیەک بە کارکەرانی پزیشکی و ئامێرگەلی دەرمانیەوە بۆ دەرمان کردنی نەخۆشی سەرەپایی.

درمانگاهی / darmāngāhî/: *صفت.* دەرمانگایی؛ دەرمانخانەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە دەرمانگاوە ‹فعالیتهای درمانگاهی: چالاکیگەلی دەرمانگایی›.

درمانگر / darmāngar، ـها؛ ـان/: *اسم.* دەرمانکەر؛ دەرمانگەر؛ کەسێ کە نەخۆشان دەرمان دەکات.

درمانی[1] / darmānî/: *صفت.* دەرمانی؛ پێوەندیدار یان سەر بە دەرمانەوە ‹هزینه‌های درمانی: خەرجگەلی دەرمانی›.

ـ درمانی[2]: *پیواژه.* ـدەرمانی؛ دەرمان کردن ‹پرتودرمانی؛ برق‌درمانی: تیشک‌دەرمانی؛ کارەبادەرمانی›.

درمنه / dermane, darmane، ـها/: *اسم.* گیابەرک؛ بەرزەڵەنگ؛ بەرزەڵین؛ زەنگۆڵەگیا؛ گیایەکی خۆڕسکی لاسک کلۆری بۆنخۆشە.

درنا / dornā/: [ترکی] *اسم.* ۱. *[نجوم]* وێنەیەکی ئاسمانی باشووری ۲. /ـها؛ ـان/ قازیقولنگ؛ قازیقولینگ؛ قولنگ؛ قوڵنگ؛ قورنگ؛ قورینگ؛ شینەقورینگ؛ قوڵەنگ؛ قولینگە؛ قەتارقولینگ؛ کولنگ؛ باڵدارێکی کێوی بە لەش و مل و باڵ و پای درێژ، دەندووکی بڵیند و ئەستوورەوە.

درنبردن / darnabordan/ ☜ **دربردن**

درندشت / darandašt/: *صفت. [گفتاری]* دەرەندەشت؛ هەشتەرخان؛ کاکی‌بەکاکی؛ بە دەرەتانێکی زۆر بەربڵاوەوە ‹اتاق درندشت؛

زمین درندشت: ژووری دەردەندەشت؛ زەمینی کەکی بەکاکی›.

درندگی / dar(r)andegî, der(r)andegî/: اسم. درندەیی؛ دڕی؛ دۆخ یان چۆنیەتی دڕندە بوون ‹شیر به آن درندگی را رام کرده است: شێری بەو دڕندەییەی دەستەمۆ کردووە›.

درنده / dar(r)ande, der(r)ande، ـها؛ ـگان/: صفت. دڕندە؛ دڕ؛ دڕنە؛ دوڕوننە؛ دەعبە؛ تێڕوو؛ ڕاوڕ؛ بە تایبەتمەندی و توانای دڕ بوونەوە ‹جانور درنده: گیانەوەری دڕندە›.

درنده‌خو / dar(r)andexû, der(r)andexû، ـها؛ ـیان/: صفت. دڕندە؛ دڕ؛ خاوەن تایبەتمەندی و خووی گیانەوەرانی دڕندە و وەحشی ‹این مرد درنده‌خو حتی به کودکان خود رحم نکرد: ئەم کابرای دڕە بەزەی بە منداڵەکانی خۆشیدا نەهات›.

درنده‌خویی / dar(r)andexûyî, der(r)ande-، ـها/: اسم. دڕندایەتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی دڕ بوون ‹زبان از توصیف درنده‌خویی او قاصر است: زمان کوڵە لە دەربڕینی دڕندایەتی وی›.

درنرفتن / darnaraftan/ ☜ **دررفتن**

درنکردن / darnakardan/ ☜ **درکردن**

درنگ / derang, darang/: اسم. [ادبی] ۱. درەنگ؛ دێر؛ دێرس؛ دواکەوت؛ خۆپارێزی لە جێبەجێ کردنی کارێک بۆ ماوەیێ ‹در این کار درنگ جایز نیست: لەم کارەدا درەنگ ڕەوا نیە› ۲. خۆڕاگری؛ سەبر ‹لختی درنگ کن که دیگران هم برسند: تۆزێ سەبر کە با ئەوانیش بگەن›. هەروەها: **درنگ کردن**

درنگذشتن / darnagozaštan/ ☜ **درگذشتن**

درنگرفتن / darnagereftan/ ☜ **درگرفتن**

درنماندن / darnamāndan/ ☜ **درماندن**

درنوشتن / darneveštan/ ☜ **نَوَردیدَن ـ۱**

درنیافتن / darnayāftan/ ☜ **دریافتن**

درنیامدن / darnayāmadan/ ☜ **درآمدن**

درنیاوردن / darnayāvardan/ ☜ **درآوردن**

درنیاویختن / darnayāvîxtan/ ☜ **درآویختن**

درنیفتادن / darnayoftādan/ ☜ **درافتادن**

درو / derow, dero/: اسم. ۱. دروێنە؛ دروێن؛ درەو؛ درێنە؛ کار یان ڕەوتی بڕینەوەی ڕووەکی کێڵگە یان زەمینێک ‹فصل درو: وەرزی دروێنە› ۲. [کنایی] قەڵتوبڕ؛ کوشتاری بە کۆمەڵی گیانەوەران، بەتایبەت مرۆڤ؛ داپاچین ‹با مسلسل همه را درو کردند: بە مترالیۆز هەموویان قەڵتوبڕ کرد›.

⊡ **درو کردن**: دروێنەکردن؛ درەوکردن؛ دووران؛ دروان؛ درەوکەردەی.

دروازه / darvāze، ـها/: [از کردی] اسم. [قدیمی] دەروازە: ۱. قاپیە؛ دەرگای مەزن؛ درگاقابی؛ درگایەکی گەورە کە لەوێوە بۆ ناو شار یان قەڵایەک دەچوون ‹شبانه دروازه را به روی سپاه دشمن گشودند: بە شەودا دەروازەیان بۆ سوپای دژمن کردەوە› ۲. [مجازی] شوێن یا جێگایێ کە لەوێوە دەچنە نێو شوێنێ‌تر ‹دروازەی تمدن: دەروازەی شارستانیەت› ۳. [ورزش] گوڵ؛ گۆڵ؛ جێگایەک لە دوو سەری گۆڕەپانی یاری فووتباڵ و چەند یاری‌تر کە دەبێ تۆپی تێ کەوێ.

دروازه‌بان / darvāzebān، ـها؛ ـان/: [از کردی/فارسی] اسم. دەروازەبان؛ دەروازەوان: ۱. [قدیمی] قاپیەوان؛ قاپیەڤان؛ نەواوان ۲. [ورزش] گوڵگێر؛ یاریزانێ کە ئاگای لە دەروازەیە، تۆپی تێ نەچێ. هەروەها: **دروازه‌بانی**

دروپیکر / dar-o-peykar/: اسم. دەر و دیوار؛ درگا و پەنجەرە؛ درگا و دیوار و کۆمەڵی ئەو شتانەی کە ئەبێتە هۆی مان و پاوان بوونی خانوویەک ‹خانه کهنه و قدیمی بود و در و پیکر درستی نداشت: خانووەکە زۆر کۆن بوو، دەر و دیوارێکی ڕێک‌وپێکی نەبوو›.

دروتخته / dar-o-taxte/: اسم. [قدیمی] پێکهاتەیەک لە چێو (تەختە) بۆ داپۆشینی ڕووی شووشە یان دەربیجە، کە بە پێچ بە ڕووی

درگای دووکاندا دەیانبەستەوە.

▣ **در و تخته به هم جور بودن:** */مجازی/* بۆ یەک تاشیان؛ جفت و جۆر بوون.

درود / durûd, dorûd/: *دعا.* ١. دورووود؛ شاباش؛ شابە؛ شەگە؛ شاگە؛ وشەیەک بە نیشانەی پەسند، پەسن یان خێراتی ‹درود بر قهرمانان وطن: دورووود بۆ قارەمانانی نیشتمان› ٢. *لـ‌ها/ /ادبی/* سەلام؛ سڵاو؛ سلام؛ سلاڤ. هەروەها: **درود گفتن؛ درود فرستاندن**

درودگر / durûdgar, dorûdgar، ـها؛ ـان/: *اسم. /ادبی/* چێوتاش؛ چووتاش؛ دارتاش؛ مەرەنگۆز؛ نەجار.

درودگری / durûdgarî, dorûdgarî، ـها/: *اسم. /ادبی/* چێوتاشی؛ دارتاشی؛ مەرەنگۆزی؛ نەجاری.

درودن / durûdan, dorûdan/ ☜ **دِرَویدَن**

درودیوار / dar-o-dîvār، ـها/: *اسم.* دار و دیوار؛ دەر و دیوار؛ دەرک و بان؛ دەر و دوو؛ ئەوەی کە جێگایەک لە دەرەوەی جوێ دەکاتەوە (وەک دیوار و دەرگا و پەنجەرە) ‹در و دیوار را تمیز کرده و آذین بسته بودند: دار و دیواریان خاوێن‌کردبووەوە و خەملاندبوویان›.

دروزی / darûzî، ـها؛ ـان/: [؟] *اسم.* دەرووزی؛ هەر کام لە پەیڕەوانی لقێ لە مەزەبی ئیسماعیلی بە ناوی دەرووز کە ئێستە زۆربەیان لە لوبنان و سووریە نیشتەجێن.

دروس / durûs, dorûs/: [عربی] جمعِ ☜ **دَرس**

دروغ / durûq, dorûq، ـها/: *اسم.* درۆ؛ قڕ؛ قڕکا؛ قڕی؛ درۆی؛ درویێ؛ دریێ؛ دروو؛ درەو؛ دەرەو: ١. فیشاڵ؛ ئاخلێف؛ قەوانە؛ هەلات؛ پۆت؛ قسەی هەڵبەستە و ناڕاست کە بە مەبەستی فریودان یا شوێنەگومکێ دەگوترێ ‹برای این‌که تنبیه نشود، دروغ گفت: بۆ ئەوەی جزیا نەدرێ، درۆی‌کرد› ٢. قسەیەکی ناڕاست یان نادروست کە وێدەچێ بێژەر چۆنیەتیەکەی بزانێ یان نەزانێ ‹خبر دروغ: هەواڵی درۆ›.

▣ **دروغ دسته نقاشی:** */مجازی/* درۆی وەک ڕاست؛ درۆی داتاشراو؛ درۆیەک کە بە زانیاریەوە سازکرابێ.

دروغ شاخدار: */مجازی/* تۆپ؛ هەلات؛ هووشە؛ درۆی زل.

دروغ مصلحت‌آمیز: درۆی مەسڵەحەتی؛ درۆیەک کە بۆ کوژاندنەوەی بشێوە و وەیشوومە و بەرگری لە گەزن و زیان دەگوترێ.

▣ **دروغ بافتن** ☜ **دروغ‌بافی**

دروغ تراشیدن: درۆ هەڵبەستن؛ درۆ تاشین؛ درۆ درووس‌کردن؛ درۆ داتاشین؛ شەنتین.

دروغ درآمدن: بە درۆ دەرچوون؛ بە درۆ دەرهاتن؛ بە درۆێ بەرشیەی؛ ڕاست دەرنەهاتن؛ ڕوون بوونەوەی درۆ بوونی وتە، ڕووداو یان هەواڵێک ‹خبر آتش‌بس دروغ درامد: هەواڵی ئاگربەس بە درۆ دەرچوو›.

دروغ ساختن ☜ **دروغ‌سازی**

دروغ کسی را درآوردن: */مجازی/* کەسێ بە درۆ خستنەوە؛ درۆی کەسێ خستنە دەرەوە؛ کەسێک خستنە درۆوە؛ وسەیوە درۆ؛ ئەوەدرۆ وسەی؛ ڕوون‌کردنەوەی درۆی کەسێ کە پێشتر هەڵیبەستووە ‹از این‌که دروغ او را درآوردم از من دلخور شد: لەوەی کە بە درۆم خستەوە لێم زیز بوو›.

دروغ گفتن: درۆکردن؛ درۆدان؛ دداندن؛ درۆ دای؛ درێ‌کەردەی؛ درویێ دای؛ درۆ وتن.

دروغ‌بافی / durûqbāfî, dorûq-، ـها/: *اسم. /مجازی/* درۆبازی؛ کاری درۆ هەڵبەستن؛ درۆ نانەوە؛ هەڵبەستن و ئامادەکردنی درۆ ‹تهمت‌زنی و دروغ‌بافی بر علیه روشنفکران بازار گرمی یافت: بوختیان کردن و درۆ هەڵبەستن دژ بە ڕووناکبیران برەوی پەیدا کرد›. هەروەها: **دروغباف**

دروغ‌پراکنی / durûqparākanî, dorûq-، ـها/: *اسم.* درۆوەشێنی؛ کار یان ڕەوتی بڵاوکردنەوەی

قسه و باسی درۆ. هەروەها: **دروغپراکن**

دروغپـردازی / -durûqpardāzî, dorûq ، ـهـا/: اسم. درۆبازی؛ کاری درۆ هەڵبەستن؛ درۆ نانەوە؛ هەڵبەستن و ئامادەکردنی قسەی درۆ. هەروەها: **دروغپرداز**

دروغ ـ دونگ / -durûqdavang, dorûq ، ـها/: اسم. [گفتاری] درۆـدەلەسە؛ درۆ و دەلەسە؛ درۆـدەلەسێ؛ قسەی درۆ ‹این‌قدر دروغ‌ـدونگ سر هم نکن: ئەوندە درۆـدەلەسە مەتاشە›.

دروغـزن / -durûqzan, dorûq ، ـهـا/: صفت. [قـدیمی] درۆزن؛ درەوکـەر؛ دەرەویـن؛ درۆزە؛ ڤرڤرۆ؛ ڤرۆکەر؛ ڤرڤرە؛ فیشاڵباز.

دروغزنی / -durûqzanî, dorûq/: اسم. درۆزنی؛ درەوکەری؛ دەرەوینی؛ ڤرۆکەری؛ فیشاڵبازی.

دروغـسازی / -durûqsāzî, dorûq/: اسم. درۆسازی؛ درۆزنی؛ کاری هەڵبەستن و ئامادە کردنی قسەی درۆ؛ درۆ هەڵبەستن؛ درۆ نانەوە ‹به زودی آن نشریه معتبر به کارخانه‌ی دروغسازی تبدیل شد: زۆر زوو ئەو گۆڤارە بەبڕ و ناسراوە بوو بە کونی درۆ هەڵبەستن›.

دروغ‌سنج/ -durûqsanc, dorûq/ ☜ **دروغیاب**

دروغکی / -durûqakî, dorûq/: قید. [گفتاری] بە درۆ؛ بە درۆوە؛ بە درۆی؛ بە درێ؛ درۆیی ‹دروغکی گفت می‌خواهد برود بانه: بە درووە گوتی ئەیەوێ بروا بۆ بانە›.

دروغگو / -durûqgû, dorûq ، ـها؛ ـیان/: صفت. درۆزن؛ درۆباز؛ درەوکەر؛ دەرەوین؛ درۆزە؛ ڤرۆکەر؛ ڤرەکەر؛ ڤرڤرە؛ هوفاڵ؛ چاخان؛ کەلاج؛ فیشاڵباز؛ بافیش‌کەر؛ ڕاست‌نەبێژ. بەرانبەر: **راستگو** ‹دروغگو دشمن خداست: درۆزن دوژمنی خوایە›.

دروغگـویی / -durûqgûyî, dorûq ، ـهـا/: اسم. درۆزنی؛ درۆکەری؛ درۆبازی؛ فیشاڵبازی؛ چاخانی؛ ڤرۆکەری؛ کار یان ڕەوتی درۆکردن ‹از دروغگویی پسرش شکایت داشت و خیلی نگران بود: لە درۆزنی کوڕەکەی گازندەی دەکرد و زۆر پەرێشان بوو›.

دروغنما / -durûqnemā, dorûq/ ☜ **دروغیاب**

دروغـی / durûqî, dorûqî/: صفت. درۆیی؛ درۆیینە؛ درۆینە؛ درۆزنە ‹ورزشکار دروغی: وەرزشکاری درۆیی›.

دروغیـاب / -durûqyāb, dorûq ، ـهـا/: اسم. درۆدۆز؛ درۆ دەرخەر؛ ئامێرێک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستی یان نادروستی قسەی وێژەر لە سەر بڕێ چالاکی مرۆڤ (وەکوو هەناسە و لێدانی دڵ و...): **دروغنما؛ دروغ‌سنج**

دروغـین / durûqîn, dorûqîn/: صفت. [ادبی] درۆیی؛ درۆینە؛ درۆینە؛ درۆزنە.

دروگـر / derowgar, dro:gar ، ـها؛ ـان/: اسم. ۱. درۆێنەوان؛ درەوان؛ پالە؛ ناندروو؛ درەوکەر؛ کەسێ کە کاری درەوکردنە ۲. درەوگەرد؛ دەڕاسە؛ درۆێنەک؛ لاوێردە؛ ماشینێ کە درەو دەکا.

درون / darûn, dorûn/: اسم. [ادبی] نـاوەوە: ۱. ناو؛ نێو؛ ژوور؛ هەندروو؛ هوندر؛ هەندەروون؛ دەروون؛ ئەندەروون؛ دلێ؛ بۆشاییەک کە لە نێوان دیوار، لەمپەر یان کەوشەنێکدایە ‹درون خانە: ناو ماڵ› ۲. ناو؛ نێو؛ بەشی ناوەوەی هەر شتێک. بەرانبەر: **بیـرون** ‹درون و بیرون آن را بەخوبی بررسی کرد: دەر و ناوەوەی باش‌ـباش تاوتوێ کرد› ۳. [مجازی] زەین؛ ئاوەز؛ هزر.

درون / darûne, dorûne/: حرف. لە ناو؛ ناو؛ ناوەوە؛ لە ناوەوە؛ نێو؛ لە نێو؛ دلێ؛ دلێو؛ دلۆ ‹درون حیاط حوض بزرگی است: حەوزێکی گەورە لە ناو حەوشەکەدایە›.

درونبـر / darûnbar ، ـهـا/: اسم. [گیاەشناسی] توێکلی ناوەوەی بەری دار کە دەکرێ توێژێکی ناسکی لێ بێ (وەک هەرمێ) یان سفت و پتەو بێتەوە و ببێتە پێشە (وەک گوێز).

درونبـوم / darûnbûm ، ـهـا/: اسم. [جغرافیا]

نێوهەرێم؛ بەشی ناوەوەی هەر وڵاتێک (وەکوو شار، باژێر یان پارێزگا).

درون‌بین / darûnbîn ، ـها/: اسم. [پزشکی] ئاندوسکوپ؛ هەناوبین؛ هەناڤبین؛ ئامێرێکی بژیشکی بۆ بینینی ناوەوەی لەش.

درون‌بینی / darûnbînî ، ـها/: اسم. ١. [پزشکی] ئاندوسکوپی ٢. دەروونبینی؛ هەناوبینی؛ توێژینەوە و تاوتوێی بیر و باوەڕ و هەستی خۆ: **درون‌نگری**

درونپرده / darûnparde/: اسم. [کالبدشناسی] پاوڕ؛ ناوەکی‌ترین پەردەی پزدان کە تۆلی دەورە داوە و بەسراوە بە ناوکەوە: **آب‌پرده**؛ **درونشامه‌ی رویانی**؛ **مشیمه**

درونپوست / darûnpûst/: اسم. ناوپێست؛ ناوەپۆس: ١. [کالبشناسی] ناوەکی‌ترین توێژی سەرەتایی تۆل کە پۆشەنی ناوەکی لوولەی هەرس پێک‌دێنێ ٢. [گیاه‌شناسی] ناوینترین توێژی تۆکلی لاسک یان ڕیشوو.

درونپوش / darûnpûš/: اسم. [کالبدشناسی] ناوەپۆش؛ ناوپش؛ توێخێ لە شانەی پۆشەنی دەروونی کە دڵ و دەماری مۆرەداران وەک ئاستەر دادەگرێ.

درونتراو / darûntarāv/ ☜ **درونریز**

دروندل / darûndel/ ☜ **درونشامه**

درونراند / darûnrānd/: اسم. ڕەوتی دەڵان؛ دزە کردن؛ گەڕانەی بواردنی ماک‌گەل لە شوێنێکی بە گوشارەوە بۆ شوێنێکی کەم گوشارتر.

درونروی / darûnrûy ، ـان/: صفت. [گیاه‌شناسی] بە تایبەتمەندی یان توانایی ڕوان لە ناو ئەندامانی ڕووەکێکی‌تردا.

درونریز / darûnrîz ، ـها/: صفت. [زیست‌شناسی] نێوانڕێژ؛ دەناوڕێژ؛ بە نمتکی ناوەکیەوە ‹غدّه‌ی درونریز: لکی نێوانڕێژ›: **درونتراو**

درونزا / darûnzā ، ـها؛ ـیان/: صفت. بە تایبەتمەندی یان توانایی هەڵکەوتن و گەورە بوون بە یارمەتی هۆکارگەلی دەروونیەوە. بەرانبەر: **برونزا**

درونزاد / darûnzād/: صفت. ١. ـان/ [گیاه‌شناسی] پێکهاتوو لە شانەگەلی ناوەکی گیا (وەک ڕیشووی لاوەکی) ٢. [زمین‌شناسی] بە سەرچاوەی ناوەکیەوە (وەک بەردی ئاگرین).

درونزهر / darûnzahr/: اسم. [زیست‌شناسی] ناوەژار؛ ژاری ناوەوەی باکتری کە تەنیا دوای لەناو چوونی باکتری دێتە دەرەوە.

درونسو / darûnsû/: اسم. ناو؛ ناوەوە؛ دیوی ناوەوە؛ لای ناوەوە؛ ڕوو یان لای ناوەوەی هەر شتێ.

درونسوز / darûnsûz/ ☜ موتور درونسوز، **موتور**

درونشامه / darûnšāme/: اسم. [کالبدشناسی] پەردەیێ کە ڕووی ناوەوەی ماسوولکەکانی دڵ و دەربیژەکانی دادەپۆشێ: **دروندل**

◙ **درونشامه‌ی رویانی** ☜ **درونپرده**

درونگانی / darûngānî/: اسم. [زیست‌شناسی] ناوگانی؛ تێکەڵی نێوان دوو بوونەوەری لێک‌نزیک، بەتایبەت گەردەی دوو گوڵی گیایەک.

درون‌گرایی / darûngerāyî/: اسم. هۆگری بە سەرکردنە ناو کاوڵ و توێکڵی خۆوە و دووری و جیایی لە ژیانی ئاپۆرەیی. بەرانبەر: **برون‌گرایی**. هەروەها: **درونگرا**

درونگروهی / darûngurûhî, -gorûhî/: صفت. ناوخۆیی؛ نێودەستەیی؛ نێوگرووپی؛ پێوەندیدار یان سەر بە کار و باری ناو خۆی دەستە یان گرووپێکەوە ‹اختلافات درونگروهی؛ بحثهای درونگروهی: ناکۆکی ناوخۆیی؛ باسی ناوخۆیی›.

درونمایه / darûnmāye/: اسم. ناوەرۆک؛ ناوەرۆکە؛ کاکڵە؛ بیر یان مەبەستی باس یان بەرهەمێکی هونەری.

درونمرزی / darûnmarzî ، ـها/: صفت. ناوخۆیی؛ ناوەکی؛ پێوەندیدار بە ناوەوەی وڵات

‹برنامه‌ی درونمرزی رادیو: بەرنامەی ناوخۆیی ڕادیۆ›.

درون‌نگری / darûn.negarî/ ☜ **درون‌بینی ـ۲**

درون‌همسری / darûnhamsarî ، ـها/: اسم. [جامعه‌شناسی] ژن و ژنخوازی ناوخۆیی؛ هاوسەردۆزی و زەماوەند لە ناو دەستەیەکدا (وەک بنەماڵە و خێل) بە هۆی باو یان قانوونەوە.

درونی / darûnî, dorûnî/: صفت. دەروونی: ۱. ناوەکی؛ ناوی؛ ناوەوەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە ناوەوە ‹اتاقهای درونی ساختمان: ژوورگەلی ناوەکی خانوو› ۲. [مجازی] هزری؛ پێوەندیدار بە هۆش و بیرەوە ‹احساس درونی: هەستی دەروونی›.

دروهمسایه / dar-o-hamsāye ، ـها/: اسم. [گفتاری] هاوسا و بەراوسا؛ هاوسا و دەراوسا؛ هاوسێ‌ـدراوسێ؛ کەسانێ کە لە هاوسێتی جێگاییێکەوەن ‹ما پیش در و همسایه آبرو داریم: ئێمە لای هاوسا و بەراوساوە ئابڕوومان هەیە›.

درویدن / deravîdan/: مصدر. متعدی.// **درویدی**: دووریـت؛ **مـی‌دروی**: دەدرووی؛ **بـدرو**: بـدروو// دووریـن؛ دروون؛ درون؛ درویـن؛ درەکـەردەی؛ دروونـەوە؛ دوورانـەوە؛ دورانـنەوە؛ دووران؛ درویان؛ درووینەوە؛ دووران؛ چنین؛ بە دەسکە بڕینی ئالف و گیا بە داس، ماڵەغان یان هەر شتێ کە تیژ بێ: **دُرودَن** [ادبی]

■ صفت فاعلی: **درونده** (دروێنەر)/ صفت مفعولی: **درویده** (درواو)/ مصدر منفی: **نَدرویدن** (نەدروان)

درویش[1] / darvîš ، ـها، ـان؛ دراویش/: اسم. دەروێش؛ دەورێش؛ دوریش؛ دەرویش: ۱. کەسێ کە پەیڕەوی یەکێک لە فیرقەکانی سۆفیەیە ۲. ڕیتاڵە؛ ڕینگاڵ؛ قەلەندەر؛ عەبداڵ؛ کەسێکی گەڕاڵ کە بە جل‌وبەرگێکی تایبەت و کەشکۆڵ و تەوەرزینەوە بە کووچە و کۆڵاناندا دەگەڕێ و شیعر دەخوێنێ و لە خەڵکی پارە دەستێنێ.

درویش[2]: صفت. ۱. [مجازی] سەرپەتی؛ گوێ‌نەدەر بە دنیا و ماڵ و سامان و ناوبانگ و پلە و پایە ۲. [ادبی] ڕەبەن؛ هەژار.

درویشی / darvîšî/: اسم. ۱. دەورێشی؛ دەرویشی؛ کاری دەروێش ۲. [ادبی] هەژاری؛ ڕەبەنی.

دره / darre ، ـها/: اسم. دۆڵ؛ دۆڵە؛ دۆیل؛ دویڵ؛ دەل؛ دەربەند؛ دەرقەن؛ کەور؛ دەهەل؛ دەرە؛ دەراو؛ دەراڤ؛ دراو؛ شیو؛ شیوەڵە؛ شیڤ؛ توو؛ کان؛ نوهێل؛ نوهال؛ نەهال؛ دوپ؛ گەلی؛ گەلی؛ گلال؛ لوف؛ لووف؛ خانۆک؛ قووڵایی نێوان دوو کێو.

درهم[1] / darham/: صفت. [گفتاری] ۱. ئاوێتە؛ تێکەڵ؛ تێکل؛ تەڤل؛ گۆل؛ گژۆلە؛ تێکەڵاو بە سەر یەکدا ۲. تێکەڵ‌ـپێکەڵ؛ تێکەڵوپێکەڵ؛ شڵەژاو؛ پەرێشان؛ شێواو؛ ئاڵۆز؛ هەڵشێواو؛ شێویاگ؛ شێویاو؛ چەواشە؛ تێکچوو؛ ژەلمسە؛ منتەوەش؛ بێ سەرە و بەرە.

▣ **درهم آمیختن**: تێکەڵ کردن؛ تێکەڵاوکردن؛ شەوهاندن؛ ڤەخوماندن؛ هەربلین؛ هەبلین؛ کەرچلاندن؛ جەمقاندن؛ گژاندن؛ ڕژاندنە یەک؛ تەڤدان؛ هاڵۆزان؛ ئاڵۆزان؛ تێکهالان.

درهم ریختن: تێکەڵ‌ـپێکەڵ کردن؛ تێکەوە دان؛ ئاڵۆزاندن؛ شڵەژاندن؛ تێکهالان؛ ڕژانە یەک؛ بە یەکدا شێوان؛ تێک‌وپێک دەی/ دای؛ ڕێک‌وپێکی و تەکووزی شتێک لە بەین بردن.

درهم شدن: ۱. تێکەڵ‌ـپێکەڵ بوون؛ شڵەژان؛ تێکچوون؛ ڤەخومان؛ ڤەخومین؛ شەوهان؛ پەرێشان بوون؛ شێوان؛ شێویان؛ تێک شیەی/ شیای ۲. تێکەڵ بوون؛ تێکەڵاو بوون؛ ڕژانە یەک. هەروەها: **درهم کردن**

درهم فشردن: تێک گووشین؛ تێک گواشتن؛ ڕێک گوشین؛ بە تەوژمی زۆرەوە بۆ هەموو لایەک گوشار هێنان. هەروەها: **درهم کوبیدن**

درهم[2]: قید. تێکەڵ؛ هاڵۆز؛ تێکهالاو؛ دەرهەم؛

تێکەڵاو؛ هەڕەمە؛ بە شێوەی تێکەڵ ـ پێکەڵ ‹همه را درهم می‌فروشیم: هەمووی تێکەڵ دەفرۆشین›.

درهم / derham ، ـها: [معرب از یونانی]/اسم. دێرهەم؛ درهەم: ١. [قدیمی] درەم؛ یەکەی پارەی زۆرێک لە وڵاتانی ئیسلامی لە ڕابردوودا ٢. یەکەی پارەی ئیماراتی عەرەبی و مەراکش.

درهمجـوش / darhamcûš/: صفت. پێکەوەکولاو؛ لەگەڵ یەکتریدا بە تێکەڵی کولاو.

درهمکنش / darhamkoneš/ ☜ **برهمکنش**

دری[1] / darî/: اسم. ١. دەربوونە؛ ئالوولە؛ ڕێگای تایبەتی (وەک: کۆلان، دالان و...) کە دەرگای دەرەوەی دەکەوێتەوە سەر ڕێگەی گشتی ٢. ☜ فارسی دری، **فارسی**

ـ دری[2]: پیوازه. ـ دەرگایی؛ ـ دەری؛ ـ دەرکی: ١. پێوەندیدار یان سەر بە درگاوە ‹پشت‌دری؛ پادری: پشت‌درکی؛ پادەرگایی› ٢. خاوەن درگا ‹پنجدری: پێنجدەری›.

دریا / daryā/: اسم. ١. /ها/ دەریا؛ دەلیا؛ زەریا؛ زریا؛ زەلیا؛ زرێ؛ زەری؛ زریە؛ کۆمە ئاوێکی زۆر گەورە لە ئاوی سوێر کە بە کۆمەگەلێکی دیکەوە ڕێی هەیە و وشکانی لە چەند لاوە دایگرتووە ٢. [مجازی] ئوقیانووس ٣. زێ؛ گۆلی گەورە؛ زێی گەورەی ئاوی سوێر ٤. [مجازی] دەریا؛ جێگایەکی زۆر گەورە کە زۆر شتی لێیە ‹شهر اربیل مثل یک دریا است: شاری هەولێر وەکوو دەریایەکە› ٥. [مجازی] دەریا؛ هێژا؛ هۆزان؛ زۆر زانا؛ کەسایەتی زۆر زانا و هێژا ‹مرحوم بدیع‌الزمانی دریا بود: خوالێخۆشبوو بەدیعوزمانی دەریایەک بوو›.

دریائی / daryā'î/ ☜ **دریایی**

دریابان / daryābān ، ـها؛ ـان/: اسم. دەریاوان؛ زەریابان؛ سەرلەشکری هێزی دەریایی. هەروەها: **دریابانی**

دریابـد / daryābod ، ـان/: اسم. دەریابود؛ ئەرتەشبودی هێزی دەریایی. هەروەها: **دریابدی**

دریاچـه / daryāče ، ـها/: اسم. دەریاچە؛ زێ؛ زرێبار؛ زریچە؛ بەهرک؛ بیرکم؛ بەرەم؛ بارهۆ؛ گۆل؛ بەشێکی زۆر لە ئاوی سوێر یان شیرین کە ڕێگای بە دەریا نیە.

دریـادار / daryādār ، ـها؛ ـان/: اسم. دەریادار؛ سەرتیپی هێزی دەریایی. هەروەها: **دریاداری**

دریـادل / daryādel ، ـان/: صفت. [مجازی] دڵ گەورە؛ خاوەن تابشتی خۆڕاگری، لێبوردوویی و ڕێکوپێکی زۆر. هەروەها: **دریادلی**

دریـازدگی / daryāzadegî ، ـها/: اسم. دەریابردوویی؛ دەریاگەزی؛ باری هەڵشێوانی دڵ، سەرگێژە، سەرئێشە و سستی لە سەفەری دەریاییدا کە بە هۆی تەکان و شەکانی کەشتیەوە لە برێ کەسان ڕوو ئەدا ‹دریا توفانی بود و بیشتر مسافران دچار دریازدگی شده بودند: دەریا باسریشکی بوو و زۆرێک لە مسافرەکان تووشی دەریابردوویی ببوون›.

دریـازده / daryāzade ، ـها؛ ـگان/: صفت. دەریاگەز؛ دەریابردوو؛ تووشی دەریابردوویی ‹دریازده شده بودم و حالت بدی داشتم: دەریاگەز ببووم و حاڵێکی شڕم بوو›.

دریازن / daryāzan ، ـان/: اسم. دەریاگر؛ دزی دەریا؛ چەتەی دەریایی.

دریازنی / daryāzanî ، ـها/: اسم. دەریاگری؛ کار و ڕەوتی دزینی کەشتی یان بردنی بارەکەی بە سەر ئاوەوە.

دریازی / daryāzî ، ـها؛ ـان/: صفت. [زیست‌شناسی] دەریاژی؛ زەریاژی؛ بە تایبەتمەندی یان خووی ژیانی نێو ئاوی دەریاوە.

دریاسالار / daryāsālār ، ـان/: اسم. دەریاسالار؛ سەرکردەی هێزی دەریایی. هەروەها: **دریاسالاری**

دریافت / daryāft ، ـها/: اسم. وەرگرت؛ گرت؛

وەرگـری: ۱. کـار یـان ڕەوتی وەرگـرتن؛ گورەتەنـە. بەرانبـەر: **پرداخـت** ‹دریافت حقوق: وەرگرى مووچە› ۲. کار یان ڕەوتی وەرگرتن؛ بـە دەست هێنان ‹کتاب را دریافت کردم: کتێبەکـەم وەرگرت› ۳. ئـاوەز؛ دەرک؛ فـام ٤. *[حسابداری]* وەرگیراوە؛ ئەوی کـە گـیراوە یـان ئـەگیردرێ. بەرانبـەر: **پرداخـت** ‹دریافتهـای سـال جـاری: وەرگیراوەی ئەمساڵ›.

▣ دریافت شدن: ۱. وەرگیران؛ گیران؛ سـەنران ‹از هر نفر صد تومان دریافت می‌شود: لە هەر کەسێ سـەد تمـەن وەردەگیردرێت› ۲. دیـار بـوون؛ تێگەیشتن؛ حاڵی بوون ‹از حرفهای شما دریافت می‌شود که موافق نیستید: لـە قـسەکانتاندا وا دیـارە کە ڕازی نین›.

دریافت کردن: وەرگـرتن؛ گورەتەنـە؛ گـرتن؛ گێرتـەی: ۱. سـاندن؛ ئەسـتاندن؛ هلانـین ۲. حاڵی بوون؛ تێگەیشتن؛ ئەنەیاوەی.

دریافت‌کننده / daryāftkonande ، ـها؛ ـگان/: *اسم.* وەرگر؛ ئەوی کە شتێ (وەک نامە یـان پـارە) وەردەگـرێ یـان دەبـێ وەربگـرێ ‹امـضای دریافت‌کننده ضروری است: واژۆی وەرگر پێویستە›.

دریافتن / daryāftan/: *مصدر. متعدی.* // **دریافتی:** تێگەیشتی؛ **درمی‌یابی:** تێدەگەی؛ **دریاب:** تـێبگـە// ۱. تێگەیشتن؛ حاڵی بوون؛ زانـین؛ ئەنـەیاوەی؛ یاواینە ۲. دەسکەوتن؛ بە بار یـان چۆنیەتیـەک گەیشتن ۳. *[نامتداول]* وەرگرتن؛ گرتن؛ گێرتەی؛ هلانین. هەروەها: **دریافتنی**

■ مصدر منفی: **درنیافتن** (تێنەگەیشتن)

دریـافتی[1] / daryāftî ، ـهـا/: *اسم.* وەرگـرتی؛ گـرتی؛ وەرگـیراوە؛ دەسـکەوتوو؛ ئـەوەی کـە وەرگیراوە یان وەردەگیرێت ‹دریـافتی شـما چقـدر است؟: وەرگیراوەی ئێوە چەندە؟›.

دریافتی[2]: *صفت.* وەرگیراو ‹پول دریافتی را بشمارید: پارە وەرگیراوەکە بژمێرن›.

دریاکنار / daryākenār/: *اسم.* زرێبـار؛ زرێـوار؛ زرێپەڕ؛ ڕۆخ؛ ڕەخ؛ بەر دەریا؛ بەسـتێن؛ بـەراف؛ دەریادەر؛ لێواری دەریا؛ جێگایێ کـە لـە کـەنار دەریاوەیە.

دریانورد / daryānavard ، ـها؛ ـان/: *اسم.* زریڤان؛ دەریاوان؛ کەسێ کە کاری دەریاوانیە.

دریانوردی / daryānavardî/: *اسم.* دەریـاوانی: ۱. /ـها/ سەفەر لـە دەریـا بەتایبـەت ئاژوانـدنی گەمیـە یـا خـۆ بەشـداری‌کـردن لـەو کـارەدا ۲. زانـستی بـەڕێوەبردنی کەشـتی، بەتایبـەت شێوەی ناسینی بار و دۆخ، جێگا، مەودا و ڕێگا.

دریایی / daryāyî/: *صفت.* دەریـایی؛ زەریـایی: ۱. پێوەندیدار یان سەر بە دەریـاوە ‹آب و هـوای دریایی: ئاو و هەوای دەریایی› ۲. خاوەن ژیـان لـە نێو دەریـادا ‹جانور دریـایی: ژینـەوەری دەریـایی› ۳. پێوەندیدار یان سـەر بـە دەریاوانیـەوە ‹سفر دریـایی؛ نیروی دریـایی: سـەفەری دەریـایی؛ هێـزی دەریایی› ❊ **دریائی**

دریبـل / dirîbl,derîbl ، ـهـا/: [انگلیـسی]*اسم.* *[ورزش]* دریبل؛ دریب؛ کاری ڕفانـدنی تـۆپ بـە لێزانی.

دریچه / darîče ، ـها/: *اسم.* دەریـژە؛ دەربیجـە؛ دەریچە: ۱. دەلاقە؛ هۆرتمە؛ درگایەکی چکۆلـە لە دیوار یان میچدا کە ڕۆچنەیـەک دادەپۆشـێ ۲. کوناوەجە؛ کوناوانجە؛ کوناباجە؛ کولاوڕۆچنە؛ کولەک؛ ڕۆچنـە؛ بانجـە؛ قـولێر؛ ڕۆچنـەیێ کـە ئـامێرێکی بـۆ کردنـەوە و پێـوەدان پێوەیـە ۳. *[کالبدشناسی]* پێکهاتەیەک لە بـڕێ ئەنـدامانی دەروونی لەش، بەتایبەت لە سەرەڕێی ڕەگدا کە بۆ تاوێ ڕۆگە یان کەلێنێ دەبەستێ و چۆنیەتی هاتوچۆی تراو (بەتایبەت خوێن) دابین دەکا.

▣ دریچـەی اطمینـان: دەریـژەی هـەداری؛ دەریچـەی دڵـنیایی؛ پێکهاتەیـەک لـە ماشین‌گەلی هەڵـمیدا کـە لـە کـاتی پـەنگ خواردنەوەی هەڵم، بە شێوەی خۆمـەش بـاز دەبێ و هەڵمەکە دەردەدا.

دریــدگی / darîdegî ، ـهـا/: *اسـم.* ۱. دڕاوی؛ دڕیـایی؛ دڕیـاگی؛ شـڕ و لـەتی؛ شـڕ بـە هـۆی دڕانەوە ‹دریدگی پیراهن: دڕاوی کراس› ۲. *[مجازی]* بێشـەرمی؛ بـێ‌حـەیایی؛ کولەشـی؛ بـەڕوویی؛ ڕووداماڵـیاگی؛ ڕووهەڵماڵـیاوی؛ شـەرم‌تکـاوی؛ گۆسـارتمەیی؛ سـێ‌بەنـدیی؛ بێچـاو و ڕوویـی؛ بەقلیسۆکی؛ کەلپزایی؛ قوڵتەشی؛ قوڵتەشـەیی؛ ڕووقـایمی؛ قرشماڵـی؛ دەلوقـەلی ‹آدم بـه ایـن دریدگی و بی‌چشم‌ورویی دیده بودی؟: کەسـی بـەم بێ‌شەرمی و بێ‌چاوڕۆییەت دیتبوو؟›.

دریــدن / darîdan/: *مـصدر. متعـدی.* // **دریـدی:** هەڵـتدڕی؛ **مـی‌دری:** هەڵـدەدڕی؛ **بِـدر:** هەڵـدڕە// هەڵـدڕین: ۱. دڕیـن؛ دڕوون؛ دڕانـدن؛ دڕانـن؛ دڕنـەی؛ دڕنـای؛ دڕیـەی؛ دادڕیـن؛ دادڕانـدن؛ شـڕکردن؛ لـەت‌کـردن؛ فەرژانـدن؛ فەکانـدن؛ بزڕاندن؛ چڕاندن؛ پەڕتاندن؛ گەزخانـدن؛ ڕنـای؛ لەت‌وپەت‌کردنی شتێک لە تووڕەیی و ڕک یـان بـە زۆر و گوشـار ۲. هەڵـدڕین؛ هۆردڕیـەی؛ لەت‌وپەت‌کردن؛ گەزەن گەیانـدنی گیانـدارێکی (زۆرتـر) کێـوی بـە گیانـدارێکی‌تـر و تەنانـەت کوشـتنی ‹شـیر آهـو را دریـد: شـێر ئاسـکەکەی هەڵدڕی›. هەروەها: **دریدنی**

■ صفت فـاعلی: **درنـده** (هەڵـدڕ)/ صـفت مفعـولی: **دریـــده** (هەڵـــدڕاو)/ مـــصدر منفـــی: **نَدریـــدن** (هەڵنەدڕین)

دریده / darîde ، ـهـا؛ ـگـان/: *صـفت.* ۱. *[مجـازی، گفتاری]* قوڵتەش؛ قوڵتەشە؛ کولەش؛ بـێ‌شـەرم؛ بێ‌حـەیا؛ بـەڕوو؛ ڕووداماڵـیاگ؛ ڕووهەڵماڵـیاو؛ شەرم‌تکاو؛ گۆسارتمە؛ سێ‌بەندی؛ بێچـاو و ڕوو؛ بەقلیسۆک؛ کەلپزا؛ ڕووقایم؛ قرشماڵ؛ دەلوقـەل ‹زنیکەی دریده خجالت نمی‌کشید: ژنـەتیوی قوڵـتەش شەرمی نەدەکرد› ۲. دڕاو؛ دڕیاو؛ دڕیـاگ؛ دڕیـا؛ شیپاڵ؛ شـیتاڵ؛ شـڕکراو ‹جامـەی دریـده: جلکـی دڕاو›.

دریغ[1] / darîq/: *اسم. [ادبی]* داخ؛ ئـاخ؛ مخـابن؛ مـەخابن؛ خەبینـەت؛ ئـاخوداخ؛ هـاوار؛ یـازوخ؛ یازوغ؛ دڕێخ؛ دڕێغ؛ هایلۆ؛ داخ و حەیف؛ ئـەوەی کە نەبوونی، بەتایبەت لە دەسـت دانی، دەبێتـە هۆی داخ و کوڵ و کەسەر ‹دریـغ از راه دور و رنج بسیار: داخ لەو ڕێگا دوورە و لەو هەموو ئەرکە›.

▣ **دریـغ از چیـزی:** داخ بـۆ شـتێک؛ ئـاخ بـۆ شـتێک؛ داخ پـەی چێوێـوی/ چێویـە؛ ئـاخ هەڵکێشان بۆ نەبوونی شتێک ‹دریغ از یک مرد؛ دریغ از یک وجب خـاک: داخ بـۆ پیاویـک؛ ئـاخ بـۆ بستێ خاک›.

▣ **دریغ بودن:** مخابن بـوون؛ جێـی داخ بـوون؛ حەیف بوون؛ یاگۆ داخێ بیەی.

دریـغ داشـتن/ کـردن: دڕێـخ‌کـردن؛ ڕجـوا نەدیتن؛ شتێک نەدان.

دریـغ گفـتن: ئـاخ و داخ کـردن؛ خـەمی لـە دەست چوویەک خواردن.

دریغ[2] ☜ **دریغا**

دریغا / darîqā/: *صوت. [ادبی]* داخەکـەم؛ داخـم؛ داخەم؛ بە داخـەوە؛ داخ و دەرد؛ دەردۆ؛ وەی‌ڕۆ؛ ئـەی‌داخ؛ بـە داخـەوە؛ مخـابن؛ موخـابن؛ ئـەی مخابن؛ داخ و عەزرەت؛ هاوار بە ماڵم؛ وشەیەک بۆ دەربڕینی خەم و کەسەر لە ڕووداوێک ‹دریغـا تـاب و نیـروی جـوانی: داخەکـەم بـۆ گـوڕ و تـینی جوانی›: **دریغ**[2]

دریل / dereyl ، ـهـا/: [انگلیـسی از هلنـدی] *اسم.* ۱. دریڵ؛ سمۆ؛ بەریمە؛ ئامێرێک بۆ کون‌کـردن، کە زۆرتر بە کارەبا کـار دەکـا ۲. مەتـە؛ مـەتێ ***دِرِل** *[گفتاری]*

دری ــ وری / darîvarî ، ـهـا/: *اسم. [گفتـاری]* هەڵیت‌وپەڵیت؛ حەلەق ـ مەلـەق؛ قـسەی قـۆڕ؛ وتەی بێ‌نـاوەرۆک ‹ایـن دری ــ وریها چیـست کـه می‌گویی؟: ئەم هەڵیت و پەڵیتانە چیە دەیڵێی؟›.

دریــوزگی / daryûzegî ، ـهـا/: *اسـم. [ادبـی]* سواڵـکەری؛ دەرۆزەکـەری؛ گـەدایی؛ گـەدایێ؛ خوازەڵۆکی: **دریوزەگری؛ دریوزە**

دریوزه / daryûze/ ☜ **دریوزگی**

دریوزه‌گری / daryûzegarî/ ☜ **دریوزگی**

دز / doz/: [فرانسوی]/*اسم.* دۆز؛ فەرەک؛ فەرک؛ هەندی کارا یان بەرایی دراو لە دەوا بۆ ژەمێ: **دۆز**

دزد[1] / dozd ، ـها؛ ـان/:*اسم.* دز؛ مالبڕ؛ قەرەپشی؛ شەوکوت؛ چاپ؛ ئەبابۆز؛ دزۆکەر؛ کەسێ کە مالی مەردم بە نهێنی و بێ ئاگایان دەبا ‹دزد نگرفته پادشاه است: دزی نەگیراو پاشایە›.

▣ **دزد دریایی**:*[قدیمی]* دزی دەریایی؛ کوسار؛ چەتەی دەریا؛ کەسێ کە لە هێرش بردن و دزینی گەمیە و پیتەوایدا بەشدارە.

دزد سر گردنه: ۱. ملەگر؛ دزی سەر کەل؛ چەتەی ملە ۲.*[کنایی]* دزی ڕۆژی ڕۆشن؛ دزێ کە بەبێ ترس و بە ئاشکرا دزی دەکا.

دزد ناموس:*[مجازی]* دزەنامووس؛ فاسق؛ پیاوێ کە لەگەڵ ژنی پیاوێکی‌تر کەین و بەینی هەیە.

▣ **دزد بردن**: دز بردن؛ دز برن؛ دزبەردەی؛ دزران؛ دزیان ‹دار و ندارم را دزد برد: دار و نەدارم دز بردی›.

دزد زدن: دز لێدان؛ دز بردن؛ دز برین؛ دز دە ونەی؛ دەستی دز گەیشتنە شوێنێ یان شتێک ‹خانەام را دزد زد: دز دای لە مالم›.

دزد گرفتن: دزگرتن؛ دزگێرتەی؛ قۆڵبەس کردنی دز.

دزد[2]: *صفت.* دز؛ خاوەن هۆگرەتی بە دزی‌کردن ‹شاگرد دزد بە درد من نمی‌خورد: شاگردی دز بە کەلکی من نایە›. هەروەها: **دزد بودن؛ دزد شدن**

دزدافشار / dozdafšār/:*اسم.* *[نامتداول]* دزدەسەک؛ دزدەستەک؛ شەریکەدز؛ دەسکیس؛ هاریکاری دز.

دزدانه[1] / dozdāne/: *صفت.* بە دزیەوە؛ بە دزی؛ نهێنی؛ لە ژێرەوە؛ پەنامەکی وەکوو دزان ‹نگاه دزدانه: ڕوانینی بە دزیەوە›.

دزدانه[2]:*قید.* بە دزیەوە؛ بێدزی؛ وە دزیەکەو؛ بێدزهی؛ بە نهێنی؛ ب دزیقە؛ بەبێ ئاوڕدانەوە و ئاگاداری دیترانەوە ‹دزدانه سرک کشیدم ببینم چه خبر است: بە دزیەوە ڕوانیم بزانم چ باسە›.

دزدبازار / dozdbāzār/:*اسم.* دزخانە؛ دزبازاڕ؛ شارەدز؛ جێگایەک کە دزی زۆری لێیە.

دزدکی: / dozdakî/:*قید.* بە دزیەوە؛ بە دزەدز؛ بێ‌دزی؛ بێ‌دزەی؛ بە دزیەکەوە؛ وە دزیکەو؛ خنز؛ بە نهێنی؛ لە بنەوە ‹دزدکی از پنجره نگاه کردم: بە دزیەوە لە پەنجەرەکەوە ڕوانیم›.

دزدگاه / dozdgāh ، ـها/:*اسم.* دزکۆشکە؛ دزکۆژگە؛ مۆڵەدز؛ کولانەدز؛ مەکۆی دزان؛ جێگای کۆوە بوونی دزان ‹محلەی ما شده بود دزدگاه: گەڕەکی مە ببووە دزکۆشکە›.

دزدگیر / dozdgîr ، ـها/:*اسم.* دزگیر؛ دزگر؛ ئامێرێکی کارەبایی یان ئیلکترۆنیکی کە بۆ بەرگری لە دزی دادەنرێ و بە زریکاندن یان ڕۆشن کردنی چرا هاتنی کەس یان کەسانێ تازە خەبەر دەدا ‹دزدگیر را از کار انداخته بودند: دزگیرەکەیان لە کار خستبوو›.

دزدی[1] / dozdî ، ـها/:*اسم.* دزی؛ چرپ؛ تالان و بڕۆ؛ کارەڕەهاتی بردنی مالی دیتران بەبێ ئاگاداریان.

▣ **دزدی ادبی**: دزی ویژەیی؛ دزی ئەدەبی؛ کارەڕەهاتی بلاوکردنەوەی نووسراوەی دیتران بە ناوی خۆوە.

دزدی دریایی: دزی دەریایی؛ دەریاگری.

دزدی هوایی: فڕۆکەڕفێنی؛ فڕۆکەدزی.

▣ **دزدی رفتن**: چوون بۆ دزی؛ بۆ دزی ڕۆیشتن ‹رفته بود دزدی، گیر افتاد: چووبوو بۆ دزی، وەگیر کەوت›.

دزدی کردن: دزی‌کردن؛ دزی‌کەردەی.

دزدی[2]: *صفت.* دزیەتی؛ دزی؛ دزراو ‹رادیوی دزدی خریده بود: ڕادیۆی دزیەتی کڕیبوو›.

دزدیدن / dozdîdan/: *مصدر. متعدی.* // **دزدیدی:**

دزیـت؛ **می‌دزدی**: دەدزی؛ **بدزد**: بـدزە// ١. دزیـن؛ دزیەی؛ ڕواکانن؛ چرپانن؛ شتێک بە نهـێنی بـۆ خۆ بـردن ‹مـال کـسی را دزدیـدن: مالـی کەسـێک دزین› ٢. *[مجازی، گفتاری]* دزینەوە؛ ئەوەدزیـەی؛ دزیەیوە؛ پەنادان؛ شاردنەوە؛ حەشاردان؛ لادان و پەنادانی خۆ یان ئەندامێکی لەش بۆ نـەبینران و خـۆ پاراسـتن ‹سـرت را بـدزد: سـەرت بـدزەوە›. هەروەها: **دزدیدنی**

■ صـفت مفعـولی: **دزدیـده** (دزراو)/ مـصدر منفـی: **نَدزدیدن** (نەدزین)

دزدیده[1] / dozdîde/: *صفت.[گفتاری]* بە دزیەوە؛ بێ‌دزی؛ وە دزیکەو؛ نهێنی ‹نگاه دزدیده: ڕوانـینی بە دزیەوە›.

دزدیـده[2]: *قیـد.[گفتـاری]* بـە دزیـەوە؛ بـێ‌دزی؛ بێ‌دزەی؛ وە دزیکەو؛ بە نهێنی؛ بەبێ سـەرنج و ئاگـاداری دیترانـەوە ‹دزدیـده رفـتن: بـە دزیـەوە ڕۆیشتن›.

دزمتر / dozmetr ، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* دۆزمیتر؛ دۆزیمیتـر؛ ئـامێری پێـوانی ڕادەی لێـدانی پرشنگی ناوکـەیی لـە مـرۆڤ یـان شـتێک لـە ماوەیەکی دیاریکراودا: **دُزیمتر**

دزنفکتـــه / dezanfekte/: [فرانـــسوی] *صـــفت.* ١. پاکژکراو؛ پاقژکراو؛ خاوێن‌کراوە؛ دژگەنی‌کراو ٢. *لـهـا//[مجـازی، تعـریض]* وەسـواس؛ سـوور و دڵدانەمەزراو لـە سـەر خـاوێنی ‹خیلـی دزنفکتـه تشریف دارید: زۆر وەسواسی›.

دزیمتر / dozîmetr/: [فرانسوی] ☜ **دُزمتر**

دژ / dej ، ـها/: [از کردی]/*اسم.* دژ؛ دوژ؛ کەلەهـ ؛ کەلەمە؛ کرۆکە؛ کەلات؛ قەڵا؛ خانووبەرەیێک بە جێگا و کەلپەلی پێویست بـۆ مانـەوەی هێـزی چەکداری و بە تایبەتمەندی بەرگری لە هێرشی دوژمن.

دژ ـ / doj, dej/: *پیشوند.* دژــ ؛ بەدــ ؛ خـراپ ‹دژآهنگ؛ دژخیم: دژئاهەنگ؛ دژهێم›.

دژآهنـــگ / dojāhang/: *صـــفت.[ادبـــی]* ١. دەنگ‌ناخۆش؛ دژئاهەنگ؛ خاوەن دەنگی قۆڕ ٢. دڵ‌پیس؛ خاوەن دەروون و نیەتی خراپ.

دژبان / dejbān ، ـها؛ ـان/: [از کردی/ فارسی]/*اسم.* دژوان؛ دژبان؛ دژدار؛ داژدار؛ قەلادار؛ قەلاتەوان.

دژبانی / dejbānî ، ـها/: [از کـردی/ فارسـی]/*اسم.* دژوانی؛ دژبانی: ١. مەزرینگەیەک لـە ئەرتـەش بۆ چاودێری کـرداری سـەربازان و بـەڕێوەبردنی قانوون لـە هێـزی چەکداریـدا ٢. قەلاتـەداری؛ قەلاتەوانی؛ دژداری؛ کاری دژبان.

دژپیه / dojpîh/: *اسم.* لۆبەز؛ لکی چەوری کە لە بەشێکی جەستەدا دەردێت: **دُشپِل**

دژخیم / dejxîm ، ـها؛ ـان/: [از کردی]/*اسم.[ادبی]* ١. جـەلاو؛ جـەلاد؛ کەسـێ کـە ئیعدامیگـەل دەکـوژێ ٢. *[مجـازی]* دژهـێم؛ کەسـێ کـە زۆر بێ‌بەزەیی و ئازاردەرە ‹او یک دژخیم به تمام معنـی بود: دژهیمێکی بەڕاستی بوو› ✻ **جلاد**

دژم / dojam, dejam/: *صـفت.[ادبـی]* ١. گـژم؛ گرژ؛ چرچـە؛ تـووڕە و زیـز ‹چهـره‌ای دژم داشـت: نژمێکی گژمی بوو› ٢. تووڕە؛ گرگین ٣. *[مجـازی]* نالـەبار؛ نابـار؛ خـراپ؛ ناسـاز؛ بـەد ‹روزگـار دژم: ڕۆژگـاری نالـەبار› ٤. *[مجـازی]* ژاکـاو؛ پـەژمراو؛ دەژیا.

دسامبر / desām(b)r/: [فرانسوی]/*اسم.* دیـسامبر؛ کانوونی یەکەم؛ دوایین مانگی سالی زایینی کە ٣١ ڕۆژە و لە ١٠ی سەرماوەزەوە دەس پێدەکا.

دسایس / dasāyes/: [عربی] جمعِ ☜ **دسیسه**

دســـپوتیزم / despotîzm/: [فرانـــسوی] ☜ **دِسپُوتیسم**

دسپوتیـــسم / despotîsm/: [فرانـــسوی]/*اســم.* حکوومـەتی ملهوڕانـە؛ حکوومـەتی زۆرەملانـە: **دسپوتیزم**

دست / dast ، ـها؛ ـان/:/*اسم.* ١. دەسـت؛ دەس؛ لـەپ؛ ئەنـدامی بـەرووی زۆرتـری گوهانـداران، بەتایبەت مرۆڤ، کە لە باهۆ، ئانیشک، مەچـەک و لەپ و قامکان پێکهاتووە ٢. *[گفتـاری]* دەسـت؛

دەس؛ لا؛ سۆ؛ لایەن ‹دست راست: دەستی ڕاست› ۳. دەست؛ دەس؛ کۆمەڵەیەکی تەواو لە شتێک ‹یک دست میز و صندلی: دەستێ مێز و سەندەڵی› ٤. دەست؛ دەس؛ سەرە؛ گە؛ جار؛ ڕا؛ کەڕەت ‹سە دست بازی کردیم؛ دو دست سرم را شستم: سێ دەست کایەمان کرد؛ دوو دەس سەرم شت› ٥. دەستە؛ دەسە؛ جۆر؛ چەشن ‹از این دست آدمها همە جا پیدا میشود: لەم دەستە بنیادەمانە لە هەموو جێگایەکدا هەیە› ٦. دەست؛ دەس؛ دارایی و خاوەنداریەتی ‹در دست داشتن: لە دەستدا بوون› ۷. *[مجازی]* دەست؛ دەس؛ بەشداری ‹توی این کار دست دارد: لەم کارەدا دەستی هەیە› ۸. یەکەی ژماردنی هەندێک شت (وەک جلوبەرگ، بڕێک لە چێشتان، ساختومان، پەلەوەران، بەتایبەت پەلەوەرانی ڕاوکەر) ۹. *[مجازی، گفتاری]* یار؛ یاوەر.

▣ دست آخر: دەرئەنجام؛ دەرەنجام؛ سەرەنجام؛ ئاخری؛ دوایی؛ دواخری؛ دمایی؛ ئاخرجار؛ دواجار؛ جاری ئاخر ‹دست آخر داداشم برنده شد: دەرئەنجام کاکم بردیەوە›.

دست از پا درازتر: *[مجازی]* دەس لە پێ درێژتر؛ دەست لە گونان درێژتر؛ دەم لە پووش؛ سەرنەکەوتوو؛ ناکام ‹دست از پا درازتر برگشت و گفت، نانوایی بسته بود: دەست لە پێ درێژتر گەڕایەوە و گوتی، نانەواخانە بەسرابوو›.

دست اول ☜ **دستاول**

دست بالا ☜ **دستبالا**

دست برقضا: بە هەڵکەوت؛ وە هەڵکەفت؛ بە ڕێکەوت؛ خۆوبەختی.

دست بەنقد ☜ **دستبەنقد**

دست چپ: دەستی چەپ؛ دەس چەپ:
۱. دەستێ کە لە لای چەپی جەستەوەیە
۲. لای چەپ؛ دەسوو چەپی.

دست چپی: ۱. دەستی چەپی؛ دەس چەپی؛ ئەوەی کە لە لای چەپەوەیە ۲. *[سیاسی]* لانەخواز؛ چەپخواز؛ خوازیاری ئاڵوگۆڕ لە پێوەندی و بنەماگەلی کۆمەڵایەتی بە قازانجی کۆمای خەڵک و ئازادی زۆرتریان.

دست خالی: دەستی خاڵی؛ دەس خاڵی؛ دەسی هاڵی؛ بەبێ پارە و ئامێری پێویست ‹آن خانە را با دست خالی ساخت: ئەو ماڵەی بە دەستی خاڵی کردەوە›.

دستِ دوم ☜ **دستدوم**

دست راست: دەستی ڕاست؛ دەس ڕاس:
۱. دەستێ کە لە لای ڕاستی جەستەوەیە
۲. لای ڕاست؛ دەسوو ڕاسی.

دست راستی: *[سیاست]* پاوانخواز؛ لایەنگری ڕاگرتنی پێوەندی و بنەماگەلی کۆمەڵایەتی کۆن یا گەڕانەوە بۆ سەر ئەوانە.

دستِ کم ☜ **دستکم**

▣ دست آوردن: باش هێنان؛ دەستی باش هێنان؛ خاس هاوردن؛ لە کایەی وەرەقاندا دەستێکی باش بۆ هاتن.

دست از آستین درآوردن: *[ادبی]* قۆڵ هەڵماڵین؛ خۆ لێ هەڵکردن؛ ئامادەیی، دەرفەت یان ئازایی بۆکارێ پەیدا کردن.

دست از پا خطا نکردن: *[کنایی]* موو نەپساندن؛ لە پێستی خۆدا نەجووڵان؛ پا لار دانەنان؛ هیچ کارێکی خراپ نەکردن ‹بعد از آن دیگر دست از پا خطا نمیکرد: دوای ئەوە ئیتر پای لاری دانەدەنا›.

دست از جان شستن: *[مجازی]* دەست لە گیان بەردان؛ دەس لە گیان داشۆردن؛ گاندێ کەوتش؛ ئامادەی مەرگ بوون ‹دست از جان شست و خودش را به پایین پرتاب کرد: دەستی لە گیانی بەردا و خۆی خستە خوارەوە›.

دست از چیزی شستن: *[مجازی]* دەست لە شتێ بەردان؛ دەس لە شتێ داشۆردن؛ هیواداری بە شتێک نەمان و بە دوویدا نەچوون.

دست از چیزی کشیدن: *[کنایی]* دەس لە شتێ بەردان؛ دەست لە شتێک کێشانەوە؛ دەس لە شتێ کێشان؛ وێڵ کـردن ‹دست از کار کشید: دەسی لە کار بەردا›.

دست از سر کسی برداشتن: *[کنایی]* لـە کـۆڵ کەسێک بوونەوە؛ لە مل کەسێ بووونـەوە؛ واز لە کەسێ هێنان؛ دەس هەڵگرتن لـە ئـازاری کەسـێک ‹دست از سر برادرت بردار: لـە کـۆڵ براکەت ببەوە›.

دست افشاندن: *[ادبی]* دەسـت ڕاتـڵەکاندن؛ دەست تەکان‌دان؛ دەست ڕاوەشـاندن؛ دەس/ دەست هەڵتەکاندن: ١. بە نیـشانەی خۆشـی دەسـت نیـشاندان ٢. دەسـت ڕاداشـتن؛ بـە نیشانەی بە جـێ هێـشتنی شـتێک، دەسـت تەکان دان.

دست انداختن: ١. *[مجازی]* سـەر نانـە سـەر؛ کردنە گەپجاڕ ‹بچەها آزاد را دست انداخته بودند: کوڕەکـان سـەریان نـابووە سـەر ئـازاد› ٢. دەسـتدرێـژی کـردن؛ لـە دووی بـە دەسهێنانی شتێکەوە بوون ٣. دەست خستنە دەور شتێ؛ دەست بۆ شتێک بردن؛ دەست بۆ شتێک درێژکردنەوە یان لە سەر دانان ‹دست انداختم دور گردنش: دەستم خستە دەوری ملی›.

دست بالا را گرفتن ☜ **دستبالا**

دست بالا کردن: *[کنایی]* قۆڵ هەڵماڵین؛ قـۆڵ لێ‌هەڵماڵین؛ چۆڵێ هۆرکەردەی؛ ئامادە بوون بۆ ئەنجامدانی کارێک ‹پدر دست بالا کرد و برای آرام زن گرفت: بابە قۆلی هەڵماڵی و ژنی هێنـا بـۆ ئارام›.

دست بده داشتن ☜ **دست چیزی داشتن**

دست بـردار نبـودن: *[مجازی]* دەس هەڵـگیر نەبوون؛ دەسبـەردار نـەبوون؛ دەس/ دەسـت هەڵـنەگرتن؛ سـوور بـوون؛ شـێلگیر بـوون؛ پێ‌داگر بوون لە سەر کارێک ‹اصرار مـی‌کـرد و دستبردار نبود: پێکۆڵـی دەکـرد و دەس‌هەڵـگیر نەدەبوو›.

دست برداشتن: *[کنایی]* واز هێنـان؛ واز ئـانین؛ واز هـاوردن؛ واز ئـاردەی؛ دەس هەڵـگرتن؛ دەس/ دەست لێ‌هەڵگرتن؛ لێ‌گـەڕان؛ دەس ئاسەی؛ هلیـان؛ لـە شـتێ یـان کارێـک چـاو پۆشین ‹دیگر از عیاشی دست برداشت: ئیتـر وازی لە هەڵەیی هینا›.

دسـت بـردن: ١. دەسـت لێـدان؛ دەسـت تێ‌بردن؛ بەبێ پرس یان مافێک لە کارێ یان شتێک دەست تێـوەردان ‹تـو حـق نداشـتی در نوشتەی مـن دست ببری: نـەدەبوو نووسـراوەکەم دەست لـی بـدەی› ٢. دەس/ دەسـت بـردن؛ دەس بەردەی؛ دەس بۆ بەرەوە بـردن ‹دست بُرد و یک سیب برداشت: دەسـتی بـرد و سـێوێکی هەڵـگرت› ٣. *[قـدیمی]* دەس/ دەسـت بـردن؛ بردنەوە لە کایەدا.

دست بر سر کوفتن: *[کنایی، ادبی]* دانـە سـەردا؛ ئازیەتباری کردن؛ تازیەباری کردن.

دست بزن داشتن ☜ **دست چیزی داشتن**

دست بگیر داشتن ☜ **دست چیزی داشتن**

دست به آب رساندن ☜ **دست به آب**

دسـت بـە پـشت نـرفتن: *[کنـایی]* دەسـت بـە شـوێنەوە نـەبوون؛ دەسـت لـە دوای خـۆدا نەهاتن؛ دەست بۆ دوای خـۆ نـەچوون؛ درگـا نەبستن ‹داداش! می‌بینی که هوا سرد اسـت، مگـر دست به پشتت نمی‌رود؟ در را ببنـد!: کاکـە! دەزانی سـاردە، مەگـەر دەسـت بـە شـوێنەوە نیـە؟ دەرکەکە بدەوە!›.

دست بـە ترکیـب چیـزی نـزدن: دەسـت لـە شتێک نـەدان؛ دەسـت نـەبردن بـۆ شـتێک؛ دەس بە شتێکەوە نەدان؛ دەس بە چێوێیەوە نـەدەی؛ هـیچ گۆڕانـێ بـە سـەردا نـەهێنان؛ نەگۆڕانی شتێ.

دست بـە جـایی بند نبـودن: *[کنـایی]* دەسـت نەگەیشتن بە کەس یان شـتێک؛ دەسـت بـە

جێگایێکەوە گیر نەبوون ‹اگر می‌رفت، دیگر دست من به جایی بند نبود: ئەگەر بڕۆیشتبا دەستم بە هیچ کوییەک نەدەگەیشت›: **دست به عرب و عجم بند نبودن**

دست به جیب بردن: *[کنایی]* دەست بە گیرفاندا کردن؛ دەس کردنە گیرفانا؛ دەس پەی پاخەڵێ بەردەی؛ خەرج کردن.

دست به جیب بودن: *[کنایی]* ۱. دەست بە دەم گەیشتن؛ خاوەن داهات بوون ۲. دەست و دڵباز بوون؛ دەست نەقووجاو بوون؛ دەست شاش بوون.

دست به چیزی بردن: دەست بۆ شتێک بردن؛ بە دەستەوەگرتن یان بە کار هێنانی شتێک ‹یک ماه است دست به کتاب نبردەام: مانگێکە دەستم بۆ کتێب نەبردووە›.

دست به خون کسی آلودن: *[کنایی]* دەست چوونە خوێنی کەسێکدا؛ خوێن کردن؛ کەسێک کوشتن.

دست به دامن کسی شدن: *[کنایی]* دەسەوداوێنی کەسێک بوون؛ لە کەسێک یارمەتی خواستن ‹آخرش دست به دامن پدرش شد که برایش ماشین بخرد: ئاخری دەسەو داوێنی بابی بوو ماشێنی بۆ بکڕێت›.

دست به دست دادن: *[کنایی]* ۱. دەست لە دەست نان؛ دەست دانە دەستی یەک؛ دەست بە یەکەوە دان؛ بوونە یەکێک؛ هاودەست بوون؛ یەکانگیر بوون ‹باید دست به دست بدهیم و کار کنیم: دەبێ دەست لە دەستی یەک بنێین و کار بکەین› ۲. دەست بە دەست دان؛ دەساودەس کردن؛ دەس وە دەس دان؛ بە دەستی یەکەوە دان ‹بستەها را دست به دست بدهید تا برسد به نفر آخری: بەستەکان دەست بە دەست بدەن تا بگاتە ئاخر کەس› ۳. دەست نانە ناو دەست؛ دەس نیانە ناو دەس؛ دەستی کەسێک خستنە ناو دەستی کەسێکی ترەوە ‹عروس و داماد را دست به دست دادند: دەستی بووک و زاویان نایە ناو دەستی یەک›.

دست به دست شدن/ گشتن: دەست بە دەست بوون/ گەڕان؛ دەساودەس بوون؛ دەس وە دەس بوون؛ لە پێش کەسانی جۆراوجۆردا بوون ‹کتاب آن‌قدر دست به دست شده بود که دیگر جای سالمی نداشت: کتێبەکە ئەوندە دەست بە دەست ببوو تەواو لە کەرەم کەوتبوو›.

دست به دست کردن: دەساودەس کردن؛ دەست بە دەست کردن؛ دەس وە دەس کردن: ۱. بە دەستی کەسانی جۆراوجۆرەوە دان ۲. *[مجازی]* لە دەستێکەوە بە دەستێکی تر دان ۳. *[کنایی]* سەبر کردن؛ سەور کردن.

دست به دست هم دادن ☜ **دست به هم دادن ــ۱**

دست به دل کسی گذاشتن: *[کنایی]* دەست لە دڵی کەسێک دان؛ دەست لە دەردی کەسێک دان؛ بە دەردی دڵی کەسێک گوێدان ‹دست به دل هر کس بگذاری سر درددلش باز می‌شود: دەست لە دەردی هەر کەسێک بدەی بەری دەردەدڵی دەکرێتەوە›.

دست به دهن بودن: *[کنایی]* نان بە دۆ نەگەییشتن؛ نان بە کۆڵی شێرەوە بوون؛ بۆ نانی شەو دامان؛ بە دژواری بژیو پەیدا کردن.

دست به روی کسی بلند کردن: *[کنایی]* دەست لە کەسێک بەرزکردنەوە؛ بۆ لێدانی کەسێک دەست هەڵێنان ‹حالا دیگر دست به روی خواهرت بلند می‌کنی؟: ئێستە وات لێهاتووە دەست لە خوشکت بەرز دەکەیەوە؟›.

دست به سر کردن: *[کنایی]* دەس بەسەر کردن؛ دەسەسەرکردن؛ گەڕاندنەوە بەبێ وەرامی شیاو.

دست به سر کسی کشیدن: دەست بە سەر کەسێکدا هێنان؛ دەس چێوێویەرە ئاردەی؛

کەسێک نەوازشت‌کردن ‹دست به سر بچه کشید و او را آرام کرد: دەستێکی بە سەر منداڵەکەدا هێنا و هێوری کردەوە›.

دست به سر و روی چیزی کشیدن: *[کنایی]* دەست بە شتێکدا هێنان؛ شتێک تەکووز و ڕێک‌وپێک کردنەوە ‹اگر دست به سر و روی این خانه بکشی، هنوز قابل سکونت است: ئەگەر دەستێک بە ماڵەکەدا بێنی، ئێستاش بۆ ژیان دەشێ›.

دست به سر و گوش کسی کشیدن: *[کنایی]* لاواندنەوە؛ حاواندنەوە؛ لەگەڵ کەسێکدا میهرەبانی کردن.

دست به سیاه و سفید نزدن: *[کنایی]* دەست بۆ ڕەش و سپی نەبردن؛ دەست لە ڕەش و سپی نەدان؛ دەس وە ڕەش و چەرمووەو نەدان؛ پووش و بان پووشەوە نەنیان؛ هیچ کارێک نەکردن ‹تازەعروس تا لنگ ظهر می‌خوابید و بعد هم که بلند می‌شد دست به سیاه و سفید نمی‌زد: تازە بووک تا نیوەڕۆ دەخەوت و پاش هەستانیش دەستی بە ڕەش و سپییەوە نەدەدا›.

دست به سینه ایستادن: *[کنایی]* گوێ‌ڕایەڵ بوون؛ گوێ لە مست بوون؛ بەر فەرمان بوون؛ دەستەونەزەر بوون؛ ئامادەی خزمەت بوون.

دست به عرب و عجمی بند نبودن ☜ **دست به جایی بند نبودن**

دست به عصا راه رفتن: *[کنایی]* دەست پاراستن؛ پا پاراستن؛ بە دەست کوتانەوە چوون؛ بە دەست ترسانەوە چوون؛ پەلە نەکردن؛ بە هۆش و گۆش بوون؛ بە تەگبیرەوە کارکردن ‹فعلاً باید دست به عصا راه رفت تا از این بحران بگذریم: جارێ دەبێ دەست بپارێزین تا لەم قەیرانە تێپەڕین›.

دست به فرار کسی خوب بودن: لە هەڵاتندا ئازا بوون؛ لە دەرچووندا ئازا بوون؛ هەمیشە بۆ دەرچوون تەیار بوون.

دست به فرمان داشتن: *[کنایی]* بە دەست و فەرمان بوون؛ شارەزا بوون لە بەڕێوە بردنی ماشیندا.

دست به قلم داشتن: *[کنایی]* دەست بە قەڵەم بوون؛ نووسەر بوون؛ لێهاتوو و توانا بوون لە نووسیندا.

دست به کار شدن: دەست بە کار بوون؛ دەس/ دەست دانە کار؛ مل پێوەنان بۆ کارێک؛ کارێک دەسپێکردن ‹دست به کار شد و صندلی را درست کرد: دەست بە کار بوو و سەندەڵیەکەی چا کردەوە›.

دست به گریبان شدن: چنگاوش بوون؛ بەرەنگار بوونەوە؛ دەستەویەخە بوون؛ ئاوقای یەک بوون؛ تێک‌گیران؛ گیرانە یەک؛ لێک‌هالان؛ پەرەی ڕوە هەنترینیەورە؛ شەڕ کردن: **دست به یقه شدن**

دست به هم دادن: ۱. *[کنایی]* یەک‌گرتن؛ دەست دانە دەستی یەکەوە ‹دست به هم دادند و کار را تمام کردند: بەکیان گرت و کارەکەیان کۆتایی پێ‌هێنا›: **دست به دست هم دادن؛ دست به یکی شدن/ کردن** ۲. ☜ **دست دادن**

دست به یقه شدن ☜ **دست به گریبان شدن**

دست به یکی شدن/ کردن ☜ **دست به هم دادن ــ۱**

دست پایین را گرفتن: لانی‌کەم گرتن؛ دەستی خوار گرتن؛ لانی‌کەم دانان ‹تازه او دست پایین را گرفت که این‌قدر شد: تازە لانی‌کەمیشی گرت کە بوو بەوەندە›.

دست پیدا کردن ☜ **دست یافتن**

دست پیش را گرفتن: *[کنایی]* دەست خستنە بەر؛ دەست پێش خستن؛ دەست پێش‌کردن؛ دەس وەڵێ وسەی؛ پێشدەستی کردن ‹خودش پول را گم کرده، حالا هم دست پیش را می‌گیرد: خۆی پارەکەی ون کردووە ئیسەیش دەس نەخاتە بەر›.

دست پیش کسی دراز کردن: *[کنایی]* دەست لە بەر کەسێک داکێشان؛ دەس پان‌کردنەوە لە بەر کەسێک؛ لە کەسێک شتێک داوا کردن ‹کار کن تا دست پیش مردم دراز نکنی: کار بکە با دەست لە بەر خەڵکی دانەکیشی›.

دست تکدی پیش کسی دراز کردن ☜ **دست گدایی پیش کسی دراز کردن**

دست تنگ بودن ☜ **دست‌تنگ**

دست تنها بودن ☜ **دست‌تنها**[1]

دست جنباندن: *[کنایی]* دەسەواکردن؛ دەس جووڵاندن؛ خۆ هەڵکردن؛ خێراکردن؛ دەس و بردکردن؛ دەسەوە جووڵنەی؛ وەش کەردەی؛ چابک بوون ‹دست بجنبانید! دیر است: دەسەوا بکەن! درەنگە›.

دست چپ و راست خود را نشناختن ☜ **دست راست و چپ خود را نشناختن**

دست چرب خود را به سر کسی کشیدن: *[کنایی]* خێر دانەوە بۆ کەسێ؛ خێر بۆ کەسێ دانەوە؛ بەهرە بە کەسێک گەیاندن ‹بلکه دست چربش را به سر ما هم بکشد: بەشکوو خێریکیش بو ئیمە بداتەوە›.

دست چیزی داشتن: *[مجازی]* دەس/ دەستی شتێک هەبوون؛ لە کارێکدا لێهاتوو بوون: **دست بده داشتن**

دست خود را رو کردن: *[کنایی]* مشتی خۆ کردنەوە؛ خۆ دەرخستن؛ پیلانی کارێک (بەتایبەت فریو و تەڵەکە)ی خۆ دەرخستن ‹مجبور شد دست خود را رو کند و بگوید که کارش قاچاق اسلحه است: ناچار بوو مشتی خوی بکاتەوە و بێژێ کە کاری قاچاغی چەکە›.

دست خوردن: دەس لێدران؛ بەبێ خەبەری خاوەنی دەست لە شتێ وەردان ‹کیفش دست خورده و پولهایش سر جایش نیست: کیفەکەی دەسی لێ‌دراوە و پوولەکەی نەماوە›.

دست دادن: دەس دان: ۱. *[مجازی]* هەل یان دەرفەتێک ڕەخسان ۲. دەست و مشتاخ کردن؛ دەسەوەدەی؛ تۆقە/ تەوقەکردن؛ مچڕاندن؛ مچڕین؛ بە بۆنەی خێر هاتن یان لە ڕووی دۆستایەتیەوە دەستی کەسێک گرتن یان گوشین ‹دست دادیم و روبوسی کردیم: دەستمان دا و ماچ و مووچمان کرد›: **دست به هم دادن**

دست داشتن: *[کنایی]* ۱. دەست تێدا بوون ‹سارا هم در آن ماجرا دست داشت: ئەو ڕووداوە ساراش دەستی تێدا هەبوو› ۲. کارامە بوون؛ لێهاتوو بوون ‹در نجاری هم دست داشت: لە نەجاریشدا کارامە بوو› ۳. هاوکار بوون؛ هاودەس و یاریدەر بوون.

دست دراز کردن: ۱. ☜ **دست‌درازی** ۲. دەست/ دەس داکێشان؛ دەس کێشان؛ دەست درێژکردنەوە ‹دست دراز کردم استکان را بردارم: دەستم داکیشا پیاڵەکە هەڵگرم›.

دست در بغل بودن: *[کنایی]* دەسەپاچە بوون؛ ئەرک و کاری خۆ نەزانین.

دست درد نکردن: *[کنایی]* دەس/ دەست خۆش بوون؛ دەس وەش بیەی؛ دەس نەیێشان؛ دەس نەڕێزای؛ وتەیەک بۆ پێزانین بە کاری کەسێک ‹دستش درد نکند، زحمت کشید پایەی میز را برایمان درست کرد: دەستی خۆش بێ، زەحمەتی کێشا و پایەی مێزەکەی بۆ چا کردینەوە›.

دست در یک کاسه داشتن ☜ **دست کسی با کسی در یک کاسه بودن**

دست ـ دست کردن: *[کنایی]* دەسی ـ دەسی کردن؛ دەساودەس کردن؛ دێرکردن ‹آن‌قدر دست ـ دست کردی که دیر شد: هێندە دەسی ـ دەسیت کرد کەوتە دێر›.

دست راست و چپ خود را نشناختن: *[کنایی]* دەستی ڕاست و چەپی خۆ نەناسین؛ گون خۆ و گێزەر لێک نەکردنەوە؛ وەکوو منداڵێکی

چکۆلە لە دنیا بێخەبەر بوون ‹تو هنوز دست راست و چپت را نشناختەای، ادعای مردی می‌کنی: تۆ هێشتا دەستی ڕاست و چەپت ناناسی، خوازەی پیاوەتیتە›: **دست چپ و راست خود را نشناختن**

دست رد به سینەی کسی زدن: *[کنایی]* دەست بە ڕووی کەسێکەوە نان؛ دەستی کەسێک دانە دواوە؛ داخوازی کەسێک قەبووڵ نەکردن.

دست روی چیزی گذاشتن: *[کنایی]* خۆ بەسەر شتێکدا سەپاندن/ داسەپاندن؛ دەست نانە سەر شتێک؛ خۆ بە خاوەنی شتێک دانان یان حەوڵ دان بۆ داگیرکردنی ‹دولت دست گذاشت روی زمینهای بایر: دەوڵەت حەوی بە سەر زەوینگەلی بەیاردا سەپاند›.

دست روی دست گذاشتن: *[کنایی]* دەست لە سەر دەست دانان؛ پاڵ دانەوە؛ کارێ نەکردن و هیوادار بوون ‹آن‌قدر دست روی دست گذاشت که دیگر وقتش گذشت: ئەوندە دەستی لە سەر دەست دانا کە کاتی بە سەر چوو›.

دست زدن: دەست لێدان؛ دەس دە ونەی؛ دەس ئەنەدەی: ۱. دەست پێوەدان؛ دەس پێوە تەقاندن ‹دست نزن، داغ است: دەستی لی مەدە، داخە› ۲. *[مجازی]* گۆڕانکاری بە چەندیەتی و چۆنیەتی دان ‹کسی به این پولها دست زده؟: کەسێ دەستی لەم دراوە داوە؟› ۳. دەس پێوەدان؛ جێبەجێ کردن ‹دست نزن، بگذار همین جا باشد: دەستی لی مەدە، بیهێڵە با هەر لێرە بێ› ٤. *[گفتاری]* چەپڵە لێدان؛ چەپ تەقاندن؛ چەپڵەکوەی ‹دست بزنید، عروس می‌خواهد برقصد: دەست لێدەن، بووک دەیەوێ هەڵپەڕێ›.

دست زیاد بودن: *[کنایی]* دەس زۆر بوون؛ لە پیشەیەکدا هەڤبەر زۆر بوون ‹امروز در صنعت پلاستیک دست زیاد است و مشتری کم: ئەوڕۆکە لە پیشەی پلاستیکدا دەس زورە و کڕیار کەم›.

هەروەها: **دست زیاد شدن**

دست زیر بال کسی گرفتن/ کردن ☜ **زیر بال کسی را گرفتن، زیر**

دست سبک داشتن ☜ **دست کسی سبک بودن**

دست سنگین داشتن ☜ **دست کسی سنگن بودن**

دست شمر/ شیطان را از پشت بستن ☜ **دست کسی را از پشت بستن**

دست کردن: دەست‌کردن؛ دەس کەردەی؛ دەست بردن بۆ شوێنێک یان بە کارێکەوە هەڵپێچان ‹دست کرد توی جیبش و پول درآورد: دەستی کرد بە گیرفانیدا و پووڵی دەرهێنا›.

دست کسی از چیزی کوتاه بودن: *[مجازی]* دەستی کەسێک لە شتێک بڕان؛ دەس کەسێ بە چتێک نەگەیین؛ لە بەردەست نەبوونی ئەو شتە بۆ ئەو کەسە ‹حالا که دست پدرت از دنیا کوتاه است: ئێستا کە دەستی بابت لە دنیا بڕاوە›. هەروەها: **دست کسی از چیزی کوتاه شدن**

دست کسی با کسی در یک کاسه بودن: *[کنایی]* سەریان لە ئاخوڕێکدا بوون؛ لەگەڵ کەسێکدا هاوپیاڵە بوون/ هاودەس بوون؛ لەیەل کەسێک لە کارێدا (زۆرتر ناڕەوا) شەریک بوون ‹اینجا وکیل و وزیر دستشان توی یک کاسه است: لێرەدا نوێنەر و وەزیر سەریان لە ئاخوڕیکدایە›: **دست در یک کاسه بودن**

دست کسی باز بودن: *[کنایی]* دەستی کەسێک ئاوەڵا بوون؛ دەس کەسێ باز بوون؛ بۆ کەسێ لوان؛ بۆ کەسێ دەس دان؛ هەل و دەرفەتی پێویست بۆ کەسێک لەمەڕ کارێکەوە هەبوون ‹دست او باز است و می‌تواند هر کاری برایت بکند: دەستی ئاوەڵایە و دەتوانێ هەموو کارێکت بۆ بکا›.

دست کسی برکت نداشتن: *[مجازی]* دەستی

کەسێک بێ‌پیت بوون؛ لە کەسێکەوە بە دیتری قازانج نەگەییشتن ‹یعنی دست من برکت ندارد؟: یانێ دەستی من بێ بەرەکەتە؟›.

دست کسی بسته بودن: *[کنایی]* دەستی کەسێک بەسران؛ بێ‌دەسەلات بوونی کەسێک لەمەڕ کارێکەوە یان بەگشتی نەبوونی هەل یان توانایی ئەنجامدانی کارێک ‹دست من برای استخدام بسته است: دەستم بۆ دامەزران بەستراوە›.

دست کسی بند بودن: دەستی کەسێک گیران؛ دەسوو یۆی گیریەی/ گیریای؛ دەستی کەسێک بە کارێکەوە گیر بوون؛ شتێک لە دەستدا بوون یان خەریکی کارێک بوون ‹دستم بند است، در را باز کن: دەستم گیراوە، درگاکە وەکە›.

دست کسی بودن: لە دەستی کەسێکدا بوون؛ وە دەس کەسێ بوون؛ بە کەسێ بوون ‹این کار دست من نیست: ئەم کارە لە دەستی مندا نییە›.

دست کسی به/ توی جیبش نرفتن: *[کنایی]* ئاو لە دەستی کەسێک نەتکین؛ دانەی گاڵ لە دەستی کەسێک نەوەرین؛ دەستی کەسێ قووچاو بوون؛ ڕژد بوون؛ قرسیچم بوون. هەروەها: **دست کسی به/ توی جیبش رفتن**

دست کسی به خون آلوده بودن: *[کنایی]* دەس کەسێ بە خوێنەوە تلان؛ بکوژ بوونی کەسێک.

دست کسی به دهنش رسیدن: *[کنایی]* دەستی کەسێک بە دەمی گەییشتن؛ خاوەن داهات و توانا بۆ ڕابردنی ژین هەبوون ‹شکر خدا دستشان به دهنشان می‌رسد: شوکور بۆ خوا دەستیان دەکاتە دەمیان›.

دست کسی توی جیب خودش بودن: *[کنایی]* دەستی کەسێ لە گیرفانی خۆیدا بوون؛ دەستی کەسێک بە دەم خۆوە بوون؛ خاوەن دەسهات و توانایی بۆ سەر بردنی ژیان بوون ‹برای خودش کار می‌کند و دستش به جیب خودش است: بۆ خۆی کاری دەکا و دەستی لە گیرفانی خویدایە›.

دست کسی چسب داشتن: *[مجازی]* دەستی کەسێک لار بوون؛ دەستی کەسێک گێڕ بوون؛ دز و نادرووس بوون ‹مواظب باش دست یارو چسب دارد: ئاگادار بە دەستی ئەو کابرایە لارە›.

دست کسی دراز بودن: *[کنایی]* دەستی کەسێک داکێشراو بوون؛ ئاتاج بوون؛ نیازمەند بوونی کەسێک ‹دست او دایم پیش مردم دراز است: دەستی هەمیشە بۆ خەڵک داکیشراوە›.

دست کسی در کار بودن: *[کنایی]* دەستی کەسێک دەکارێکدا بوون؛ کارێک دەستی کەسێکی تێدا بوون؛ دەستی کەسێک لە ناو کارێکدا بوون؛ دەستێوەردانی ئەو کەسە ‹می‌گویند دست بازاریها در کار است: دەڵێن دەستی بازاریانی تیدایە›.

دست کسی را از پشت بستن: *[کنایی]* کەسێک بۆڕ دان؛ لێهاتووتر بوون لە کەسێک. هەروەها: **دست شمر/ شیطان را از پشت بستن**

دست کسی را از جایی/ چیزی کوتاه کردن: *[مجازی]* پێش لە کەسێک برینەوە؛ دەستی کەسێ لە شوێنێ/ شتێ برین.

دست کسی را باز گذاشتن: *[کنایی]* بەر بۆ کەسێک شل کردن؛ دەرفەت دان بە کەسێک لە کارێکدا ‹دست او را در مصرف بودجه باز گذاشته‌اند: بۆ خەرج‌کردنی بووجە بەریان بۆ شل کردووە›.

دست کسی را برگرداندن ☜ **دست کسی را رد کردن**

دست کسی را بستن: *[کنایی]* دەستی کەسێک بەستن/ بەستنەوە؛ هەل و دەرفەتی کارکردن لە کەسێک گرتن ‹قانون دست مرا بسته است و

نمی‌توانم به تو وام بدهم: قانوون دەستی بەستووم و ناتوانم وامت پێبدەم›.

دست کسی را بند کردن: *[کنایی]* کەسێک لە سەر کارێک دانان؛ دەس کەسێ بەن کردن؛ دەستی کەسێک لە کارێکدا گیردان ‹اگر می‌توانی دست آزاد را هم بند کن: ئەگەر دەتوانی ئازادیش لە سەر کاری دابنێ›.

دست کسی را بوسیدن: *[کنایی]* ۱. بە کەسێک بوون؛ نیازمەندی یارمەتی کەسێک بوون ‹تعمیر پایه‌ی میز دست تو را می‌بوسد: چاکردنەوەی پایەی مێزەکە بە تۆیە› ۲. نیشاندانی بچووکی و خاکەساری لە بەرامبەر کەسێکەوە.

دست کسی را پس زدن ☜ **دست کسی را رد کردن**

دست کسی را توی پوست گردو گذاشتن: *[مجازی]* دەستی کەسێ نانە کاسە؛ دەست و پێی کەسێک بەستنەوە؛ هەلی کارێک لە کەسێک گرتن ‹پدر عروس دست داماد را توی پوست گردو گذاشته بود: بابی بووک دەست و پێی زاوای بەستبووە›.

دست کسی را توی حنا گذاشتن: *[کنایی]* دەستی کەسێک بە زاخدا/ بە ڕۆنی داخا کردن؛ زاخ بۆ کەسێ تاواندنەوە؛ کەسێک تووشیاری گیر و گرفتێک کردن ‹پول را سر وقت نداد و دست مرا توی حنا گذاشت: پارەکەی لە کاتی خۆیدا نەدا و دەستی منی کرد بە زاخدا›.

دست کسی را خواندن: *[مجازی]* ناو مشتی کەسێ خوێندنەوە؛ ناو چاوی کەسێک خوێندنەوە؛ بە مەبەست و پیلانی داهاتووی کەسێک زانین ‹دیگر دست او را خوانده بودم و می‌دانستم چه نقشه‌ای دارد: ئیتر ناو مشتیم خوێندبووەوە و ئەمزانی چ پیلانیکی لە ژێر سەردایە›.

دست کسی را رد کردن: بە سەر کەسێکدا دانەوە؛ دەس کەسێ دانە دواوە؛ ئەوەی کە کەسێک بیدا لێی وەرنەگرتن: **دست کسی را برگرداندن؛ دست کسی را پس زدن**

دست کسی را گرفتن: *[کنایی]* پشتی کەسێک گرتن؛ دەسوو یۆی گێرتەی؛ یارمەتی بە کەسێک گەیاندن ‹وقتی احتیاج داشت دستش را گرفتی؟: لە کاتی نیازیدا پشت گرت؟›.

دست کسی رسیدن: ۱. ☜ **بە دست کسی رسیدن** ۲. دەستی کەسێک گەییشتن؛ دەس کەسێ گەیین؛ دەسوو یۆی یاوەی/ یاوای؛ هەل یان دەسرەس هەبوون ‹اگر دست من بە آنجا می‌رسید پاکش می‌کردم: ئەگەر دەستم بەوێ دەگەییشت پاکم دەکردەوە›.

دست کسی رو شدن: *[کنایی]* پەتەی کەسێک کەوتنە سەر ئاو؛ دەستی کەسێ ڕوو بوون؛ مشتی کەسێ کرانەوە؛ فێلی کەسێک دەرکەوتن ‹آخرش دست حسابدار رو شد: سەرەنجام پەتەی حەساودار کەوتە سەر ئاو›.

دست کسی زیر سر دیگری بودن: *[کنایی]* دەستی کەسێک بە سەر کەسێکی ترەوە بوون؛ لە هەل و دەرفەت و توانای کەسێک، کەسێکی تریش بەهرەدار بوون.

دست کسی زیر سنگ بودن: *[کنایی]* ڕۆژی کەسێک لە جێگایەکی خراپ ئاوا بوون؛ کەسێک تووشیار بوون؛ تووشی گێچەڵ بوونی کەسێک؛ گیر خواردن؛ مزەوەن بوون ‹آن روز که دست من زیر سنگ بود، کمکم کردی؟: لەو ڕۆژەدا کە ڕۆژی من لە جێگایەکی خراپ ئاوا بوو، یارمەتیت دام؟›.

دست کسی سبک بودن: *[مجازی]* دەستی کەسێک سووک بوون؛ بە پیت بوون؛ خاوەن دەستێکی قازانجدەر و بەهرەدار هەبوون ‹دست آزاد سبک است، امروز کاسبی خوب می‌شود: دەستی ئازاد سووکە، ئەورۆ بازاڕ باش دەبێ›: **دست سبک داشتن**

دست کسی سنگین بودن: دەستی کەسێک

قورس بوون: ۱. خاوەن دەستی بە هێز و توانا بوون ۲. *[مجازی]* خاوەن دەستی زیاندەر هەبوون ‹کسی کە این پیراهن را برید دستش سنگین بود و الآن دو ماه است هنوز تمامش نکردەام: کەسێ کە ئەم کراسەی بڕی دەستی قورس بوو، ئەوا دوو مانگە تەواوم نەکردووە› ❊ **دست سنگین داشتن**

دست کسی کج بودن: *[کنایی]* دەستی کەسێک لار بوون؛ دەست کەسێ پیس بوون؛ نادرووس و دز بوون ‹دست صندوقدار کج بود، بیرونش کردند: دەستی دەخلدارەکە لار بوو، دەریان کرد›.

دست کسی/ چیزی ماندن: بە دەس کەسێ/ شتێکەوە گیر خواردن؛ بە دەستی کەسێ/ شتێکەوە دامان؛ لە کەسێ یان شتێ ماندوو و قەڵس بوون ‹ماندەام دست این همسایەی نفهم: بە دەس ئەم دراوسێ ناحاڵیەوە گیرم خواردووە›.

دست کسی نمک نداشتن: *[مجازی]* چاکەی کەسێ لە بەر چاو نەبوون.

دست کشیدن: ۱. ☜ **دست از چیزی کشیدن** ۲. دەست پێدا هێنان؛ دەست لێخستن؛ دەس پیا ساوین؛ دەس ئاردەی پۆرەرە ‹دست بکش ببین چە زبر است: دەستی پیدا بینە بزانە چەن زبرە›.

دست کم گرفتن ☜ **دستکم**[2]

دست کمی نداشتن ☜ **دستکمی**

دست گدایی پیش کسی دراز کردن: لە کەسێ سواڵ‌کردن؛ لە لای کەسێ دەست پان کردنەوە ‹دست گدایی پیش این و ان دراز کردن: لەم و لەو سواڵ کردن›: **دست تکدی پیش کسی دراز کردن**

دست گرفتن: ۱. ☜ **بە دست گرفتن ـ۱** ۲. *[کنایی]* گاڵتە پێ کردن؛ تەوس تێگرتن؛ تیز پێ کردن؛ تیتاڵی پێ کردن ‹بچەها آزاد را دست گرفتە بودند و سربەسرش می‌گذاشتند: کوڕەکان گاڵتەیان بە ئازاد دەکرد و سەریان ئەنا سەری›.

دست مالیدن: دەس پێدا کێشان؛ دەست لێدان؛ دەست لێخستن؛ دەس پێدا هێنان؛ دەس ماشەی ‹دست بمالید ببینید زیر قالی چیست: دەستی لیدەن بزانن چی لە ژێر قاڵیەکەدایە›.

دست نگهداشتن: دەس ڕاگرتن؛ دەس هێڵانەوە؛ درێژە پێ نەدان؛ وێڵ کردن ‹لازم نیست بروی، حالا دست نگەدار: پێویست نیە بڕۆی، جارێ دەس ڕاگرە›.

دست و پا زدن ☜ **دستُوپا**

دست و پا کردن ☜ **دستُوپا**

دست و پنجە نرم کردن: *[کنایی]* مل بە ملەوە نان؛ شەڕە دندووکێ کردن؛ گێرەوکێشە کردن؛ مل‌ملانێ‌کردن؛ بە کارێکەوە زۆر خەریک بوون ‹مدتها با کولر دست و پنجە نرم کرد تا درستش کرد: ماوەیەکی زۆر بە کوولێرەکەوە خەریک بوو تا دروستی کردەوە›.

دست و دل کسی بە کار نرفتن: *[مجازی]* دەست و دڵی کەسێ یەک نەگرتن؛ دڵی کەسێ بۆ کارێ نەچوون؛ دڵ دانەمەزران لە سەر کارێک؛ دەست و دڵی کەسێ نەچوونە کارەوە؛ هاندەر، حەز و هۆگریەتی بۆ کارێک نەبوون ‹از آن روز دیگر دست و دلش بە کار نمی‌رفت: لەو ڕۆژەوە ئیدی دەست و دڵی یەکی نەدەگرت›.

دست و دل کسی سرد/ سست شدن: *[مجازی]* دەست و پێی کەسێک سارد بوونەوە؛ دەس و پای کەسێ داکێشیان؛ سارد بوونەوە؛ دڵسارد بوونەوە.

دست یازیدن: *[ادبی]* دەس بۆ بردن؛ دەس پەی بەردەی: ۱. دەست درێژەوەکردن ۲. *[مجازی]* هەنگاو بۆ هەڵگرتن ‹سە سال پیش بە این کار دست یازیدم: سێ ساڵ لەوە پێش دەستم بۆ ئەم کارە برد›.

دست یافتن: دەس کەوتن؛ وەگیرکەوتن؛ بە دەست هێنان؛ خستنە دەستەوە؛ گرتنە دەسەوە؛ وەگیرهێنان؛ دەس‌کەوتەی؛ بە شتێ گەیشتن ‹خیال کرد به گنجی دست یافته است: وای دەزانی خەزێنەیەکی دەست کەوتووە›: **دست پیدا کردن**

از دست دادن: لە دەست دان ‹سال گذشته پدرش را از دست داد: سالی پێشوو باوکی لە دەست دا›.

از دست در رفتن: لە دەست دەرچوون: ۱. *[گفتاری]* هەلاتن؛ ڕاکردن؛ دەسەنە بەرشیەی ‹از دست پلیس در رفت: لە دەستی پۆلیس دەرچوو› ۲. *[مجازی]* دەسەنە ترازیەی؛ کتوپڕ و بێ‌ویست کارێ کردن ‹او به کسی چیزی نمی‌دهد، لابد از دستش در رفته: ئەو شت بە کەس نادا ، دەبێ لە دەستی دەرچووبێ›.

از دست رفتن: لە دەس دەرچوون؛ دەسەنە شیەی: ۱. لە دەستەلات یان دەست دەرچوون؛ لە ژێر دەستەلاتدا نەمان ‹خانەی به آن بزرگی از دستم رفت: مالی وا گەورەم لە دەس دەرچوو› ۲. لە بەین چوون؛ لە کیس چوون ‹هر چه داشت از دستش رفت: هەر چێکی هەبوو لە دەستی دەرچوو› ۳. لە دەس چوون؛ مردن؛ نەمان ‹هفتەی گذشته آن عزیز از دست رفت: حەوتووی ڕابردوو ئەو خۆشەویستە لە دەس چوو›. هەروەها: **از دست دادن**

از دست کسی برآمدن: *[مجازی]* کەسێک لە دەستی هاتن؛ لە دەستەلاتی کەسێکدا بوون؛ توانایی هەبوون ‹از دست عمو برمی‌آید برای ما کاری بکند؟: مامە لە دەستی دێ کارێکمان بۆ بکا؟›.

از دست کسی درآوردن: *[کنایی]* لە دەستی کەسێک دەرهێنان؛ لە دەسی کەسێ دەرهاوردن؛ لە چنگ کەسێ دەرێنان؛ بە زۆر و گزیکاری لە چنگ کەسێک کردنەوە ‹باغ را از دست برادرزاده‌اش درآورد: باخەکەی لە دەستی برازاکەی دەرهێنا›.

از دست کسی/ چیزی عاجز شدن: لە دەستی کەسێ/ شتێ وەڕەز بوون؛ لە دەستی کەسێ/ شتێ یاس بوون؛ لە دەس کەسێ/ شتێ جاڕز بوون؛ لە کار یان ئاکاری کەسێ (یان شتێک) قەلس بوون ‹از دست این بچه عاجز شده‌ام: لە دەستی ئەم مندالە وەڕەز بووم›.

از دست کسی گرفتن: لە دەستی کەسێ گرتن: ۱. لێی وەرگرتن ‹پول را از دست مشتری گرفت: پارەکەی لە دەستی کڕیارەکە دەرکرد› ۲. *[گفتاری]* دەستی کەسێ گرتن؛ نەوین لە دەس کەسێ؛ دەسوو یۆی گێرتەی ‹دست پیرمرد را گرفت و بلندش کرد: دەستی پیرەمێردەکەی گرت و هەلیساند›.

این دست و آن دست کردن ☜ **این**[1]

با یک دست دو هندوانه برداشتن ☜ **یک**[2]

به دست آمدن: بە دەست هاتن؛ هاتنە دەسەوە؛ دەستگیر بوون؛ دەسکەوتن؛ ئامای دەس ‹از فروش قالی چندان پولی به دست نیامد: لە فرۆشی قالیەکە پارەیەکی وا بە دەست نەهات›.

به دست آوردن: بە دەست هێنان؛ هاوردنە دەسەوە؛ بە دەس ئاردەی؛ دەست خستن؛ وە چنگ خستن ‹این همه پول را از کجا به دست آوردی؟: ئەم هەموو پارەت لە کوێوە بە دەست هێناوە؟›.

به دست افتادن: کەوتنە بەردەست؛ دەست کەوتن؛ کەفتنە دەسەو؛ کەوتەی دەس ‹پولی به دست او افتاد: پارەیەک کەوتە بەردەستی›.

به دست کسی رسیدن: بە دەستی کەسێ گەیشتن؛ گەیینە دەس کەسێ؛ یاوایوە دەسوو یۆی ‹برسد به دست برادر عزیزم: بگاتە دەستی برای خۆشەویستم›: **دست کسی رسیدن**. هەروەها: **به دست کسی رساندن**

به دست کسی نگاه کردن: *[کنایی]* چاو لە

دەستی کەسێ کردن؛ چاو برینە کەسێ؛ تواشای دەس کەسێ کردن؛ ڕوانینە کەسێکا؛ پەیڕەوی کردن لە کەسێک.

بە دست گرفتن: گرتنە دەستەوە: ۱. دەسپێکردن؛ دەس پێکەردەی ‹کتاب را تازه به دست گرفته‌ام و دارم می‌خوانم: کتێبەکەم تازە گرتووەتە دەستەوە و خەریکم دەیخوێنمەوە›: **دست گرفتن** ۲. وە ژێر دەستەلات خستن؛ خستنە بەردەست.

در دست بودن ☜ **در**[۲]

در دستِ کاری بودن: بە دەستەوە بوون؛ لە دۆخی ئەنجامی کارێکدا بوون ‹بیمارستان در دست ساختمان است: نەخۆشخانەکە بە دەستەوەیە بکرێتەوە›.

روی دست بردن ☜ **رو**[۲]

روی دست کسی بلند شدن ☜ **رو**[۲]

روی دست کسی ماندن ☜ **رو**[۲]

زیر دست کسی بودن ☜ **زیردست**

سر دست بردن ☜ **سر**[۳]

یک دست پیش و یک دست پس داشتن ☜ **یک**[۲]

دست‌آموز / dastāmûz ، ـها/: *صفت.* دەسەمۆ؛ دەستەمۆ؛ ڕام؛ کەوی؛کەدی؛ کەدی؛ تایبەتمەندی گیاندارێ کە ئۆگری خاوەنەکەی بووە ‹طوطی دست‌آموز؛ میمون دست‌آموز: تووتی دەستەمۆ؛ مەیموونی دەسەمو›.

دست‌ابزار / dastabzār ، ـها/: *اسم.* ئامراز؛ ئامێر: ۱. کەرەسەیەک کە بە دەست کاری پێ دەکرێ ۲. ئامێری ئەنجامدانی کار * **دست‌افزار**

دستار / dastār ، ـها/: *اسم. [ادبی]* ۱. مێزەر؛ مێزەرە؛ مشکی؛ سەروێن؛ سەرپێچ؛ سەرووپێچ؛ پێچومێزەر؛ سەر و شەدە؛ جامانە؛ جەمەدانی؛ جامەدانی؛ ئاغەبانوو؛ ئاغابانوو؛ ڕەشتی؛ کەڤینک؛ یالخ؛ یەشماخ؛ یاشماخ؛ شاشک؛ شاشیک؛ شەشک؛ پارچەیەک کە پیاوان بە سەریەوە دەبەستن ۲. پشتێن؛ پشتوێن؛ شاڵ؛ پارچەیەک کە بڕێک بە پشتەوەی دەبەستن ۳. دەسرە؛ دەسرۆک؛ دەسرۆکە؛ دەرسۆک؛ مەندەفە؛ دەسماڵی گەورە.

دستاس / dastās ، ـها/: *اسم.* دەستاڕ؛ دەستار؛ دەساڕ؛ دەسیەر؛ هارە؛ هارەکڕ؛ هارەگڵ؛ هارەگلە؛ هارەدەسی؛ کرە؛ گرک؛ گڕک؛ ڤەرەک؛ گێرووسە؛ گێرووشە؛ ئاسیاوی دەستی، پێکهاتوو لە دوو پەرەی خڕی بەردین کە لە نێوەڕاستی سەروەکەدا کونێک هەیە بۆ دانە تێکردن و دەسکێکیش بۆ سووڕدانی بە سەر ژێرەوەکەدا.

دست‌افزار / dastafzār/ ☜ **دست‌ابزار**

دست‌افشار / dastafšār/: *صفت.* دەسگووش؛ دەستگوشراو؛ کوشراو یان ئاوگیراو بە دەست. بەرانبەر: **پای‌افشار** ‹آبلیموی دست‌افشار: ئاولیمۆی دەسگووش›.

دست‌افشان / dastafšān/: *قید. [مجازی]* بە هەڵپەڕکێ؛ لە حاڵی هەڵپەڕکێدا. هەروەها: **دست‌افشانی**

دستاق / dostāq, dustāq ، ـها/: [ترکی]/*اسم. [قدیمی]* بەندیخانە؛ گرتووخانە؛ زیندان؛ زینان؛ بەند؛ دوساخ: **دوستاق**

دستاقبان / dostāqbān, dustāq- ، ـها؛ ـان/: [ترکی/ فارسی]/*اسم.* بەندیوان؛ زیندانوان؛ دوساخچی: **دوستاقبان**

دستان / dastān ، ـها/: *اسم. [ادبی]* ۱. ستران؛ بەستە؛ بەزم؛ ئاهەنگی مووسیقایی ۲. هەڵبەستە؛ داستانێک کە بۆ فریوی دیتران دەگوترێ ۳. فێڵ؛ گزی؛ گرنی؛ هەنگ ٤. پەند؛ مەتەڵ؛ مەتەڵۆک.

دست‌انداز / dastandāz ، ـها/: *اسم.* تەسە؛ قۆرت؛ تەگەرە؛ چاڵی و بەرزی ڕێگا.

دست‌اندازی / dastandāzî/: *اسم. [مجازی]* دەستدرێژی؛ لەهاندن؛ کار یا ڕەوتی

داگیرکردن یان کەلک وەرگرتن لە ماڵی کەسانی‌تر.

دست‌اندرکار / dastandarkār ، ـان/: *اسم.* دەسبەکار: ۱. ئەوی کە خەریک ئەنجامدانی کارێکە ‹از دو ماه پیش دست‌اندرکار تعمیر خانه بودیم: لە دوو مانگ لەمە پێشەوە دەسبەکاری چاکردنەوەی ماڵ بووین› ۲. *[مجازی]* کاربەدەس؛ ئەوی کە لە کارێکدا بەشدارە. هەروەها: **دست‌اندرکار بودن**

دستاورد / dastāvard ، ـها/: *اسم.* دەسهات؛ دەسکەوت؛ دەسکەفت؛ یاب؛ ئەوەی بە بۆنەی کار یان چالاکیەکەوە بە دەس دێ ‹دستاوردهای علم: دەسهاتگەلی زانست›.

دست‌اول / dast(e)'vval ، ـها/: [فارسی/ عربی] *صفت.* نوێ؛ تازە؛ دەستەیەک. بەرانبەر: **دست‌دوم** ‹کالای دست‌اول: کالای نوێ›.

دستاویز / dastāvîz ، ـها/: *اسم. [مجازی]* دەساوێز: ۱. دەساوێژ؛ چنگاوێژ؛ ئەوی بۆ خوازەی درۆیین یان نادروست بە کار ئەبرێ ‹وصیّت‌نامه‌ای جعلی را دستاویز کرد و مدّعی مالکیت خانه شد: وەسیەتنامەیەکی درۆیینی دەساویز کرد و هەلیکوتایە سەر ماڵەکە› ۲. بیانوو؛ بیانک؛ بەهانە؛ پەلپ؛ گروو ‹کارگران قطع گاه و بیگاه برق را دستاویز قرار داده بودند و از زیر کار در می‌رفتند: کارێگەرەکان چوونەوەی جارجاری بەرقیان کردبووە بیانوو، خۆیان لە کار ئەدزیەوە›.

دستباف / dastbāf/ ☜ **دستبافت**

دستبافت / dastbāft ، ـها/: *صفت.* دەستچن؛ دەسچن؛ بە دەست تەنراو، بێ کەلکوەرگری لە ماشین ‹فرش دستبافت: قاڵی دەستچن›: **دستباف** *[گفتاری]*

دست‌بالا[1] / dast(e)bālā/: *اسم.* ۱. *[مجازی]* بان‌دەس؛ هێز یان پلە و پایەی بانتر ۲. بەراوردی زۆرینە؛ لای سەروو؛ دەسبان.

⊡ **دست بالا را داشتن:** لە سەرترەوە بوون؛ هێزی زۆرتر یان دۆخی باشتر هەبوون ‹آن روزها تو در شرکت دست بالا را داشتی: ئەو ڕۆژانە لە بەشدارگەدا تۆ لە سەرترەوە بووی›.

دست بالا را گرفتن: *[مجازی]* دەسبان گرتن؛ لانی زۆر گرتن ‹تازە من دست بالا را گرفتم، وگرنه این‌قدر نمی‌شود: تازە من دەسبانم گرت، دەنا ئەوندە نابێ›.

دست‌بالا[2]: *قید.* ئەوپەڕی؛ لانی زۆر؛ لای ژوور؛ فرەفرەکەی ‹دست‌بالا دو میلیون می‌ارزد: ئەوپەڕی دوو ملیون دێنێ›.

دستبرد / dastbord ، ـها/: *اسم.* دزی؛ دەسدرێژی؛ کار یا ڕەوتی دزینی بەشێ لە پارە یان دارایی کەس یان جێگایەک ‹دزدان دیشب به بانک دستبرد زدند: دزگەل دوێشەو دربیان کرد لە بانک›. هەروەها: **دستبرد زدن**

دست‌بردار / dastbardār/: *صفت.* دەس‌هەڵگر؛ دەس‌بەردار؛ وازهێن ‹هرچه به او گفتم کار دارم، دست‌بردار نبود: هەرچی پێم گوت کارم هەیە، دەس‌هەلگر نەبوو›.

دست‌برقضا / dast(e)barqazā/: [فارسی/ عربی] *قید.* ۱. بە هەڵکەوت؛ خواوڕاسان؛ خۆ و بەخت ‹دست‌برقضا آن روز باران می‌آمد: بە هەلکەوت ئەو ڕۆژە باران ئەباری› ۲. لەپڕ؛ لەپڕا؛ لەپڕ و نەکاو؛ ناکاوە؛ نەکاو؛ ناکا؛ ناگا؛ کوت‌وپڕ؛ گوزوگوم؛ گوزوگومبەت.

دست‌برنجن / dastberancan ، ـها/: *اسم. [ادبی]* بازنە؛ خرخاڵ؛ دەسبەند؛ دەسبەنە.

دست‌بسته / dastbaste/: *قید.* دەست‌بەسراو؛ دەس بەسیاگ؛ قۆڵبەس؛ بە دەستگەلێ کە بە هۆی بەسراویەوە توانایی جووڵانەوە و کاریان نیە ‹دزد را دست‌بسته تحویل پلیس داد: دزیان دەست‌بەسراو دایە دەستی پولیسەوە›.

دستبند / dastband ، ـها/: *اسم.* ۱. کەلەبچە؛ کەلەپچە؛ بەلەچەک؛ دەسبەندی بەندی؛ ئامرازێک بە دوو ئاڵقەی ئاسنیەوە، دەستی بەندکراوی پێ‌دەبەستن دەرنەچێت ‹به دستهایش

دستبند زدند و رفتند: کەلەبچەیان دا لە دەستی و چوون› ۲. بازنە؛ بازنگ؛ بازن؛ خرخال؛ دەستبەند؛ دەسبەند؛ دەسبەن؛ دەسوەن؛ مووچەوانە؛ قوفلک ‹می‌گفتند دستبندش گم شده است: دەیانگوت بازنەکەی گوم بووە›.

دستبوس / dastbûs/: *اسم.* ۱. دەس‌ماچکەر؛ دەسبوس؛ دەس‌ڕامووس؛ ئەو کەسە کە بە نیشانەی ڕێزگرتن دەستی کەسێک ماچ دەکا ‹آزاد هم دستبوس است: ئازادیش دەسبوسە› ۲. *[گفتاری]* دەس‌ماچکەری؛ دەسبۆسی؛ دەس‌ڕامووسی؛ کاری دەست ماچ کردن ‹آمدیم دستبوس پدربزرگ: هاتین بۆ دەس‌ڕاموسانی باوەگەورە›.

دستبوسی / dastbûsî/: *اسم.* دەسبۆسی؛ دەس‌ماچکەری؛ دەس‌ڕامووسی: ۱. کاری ماچ کردنی دەستی کەسێک ۲. *[کنایی]* ڕەوتی نیشاندانی چکۆلەیی و خاکەساری لەمەڕ کەسێکەوە ‹بندەزادە برای دستبوسی آمده بود، تشریف نداشتید: کوڕەکەم بۆ دەسبوسی هاتبوو، نەبوون›.

دست‌به‌آب / dastbe'āb/: *اسم. [گفتاری]* ئاودەست؛ دەس‌ئاو؛ دەساو؛ دەست بە ئاو.

▣ دست به آب رساندن: دەست گەیاندنە ئاو؛ چوونە سەر ئاودەس؛ چوون بۆ دەست بە ئاو.

دست‌به‌سینه / dastbe sîne/: *صفت. [کنایی]* دەس‌بەسینە؛ دەست‌بەسینە؛ دەستەونەزەر؛ دەست ڤیلک؛ مل‌کەچ و گوێڕایەڵی فەرمان.

دست‌به‌عصا / dastbe'asā/: [فارسی/ عربی] ☜ دست به عصا راه رفتن، **دست**

دست‌به‌کار / dastbekār/ ☜ دست به کار شدن، **دست**

دست‌به‌نقد[1] / dastbenaqd/: [فارسی/ عربی] *صفت. [مجازی، گفتاری]* ئامادە؛ تەیار؛ نەخت؛ بەدەستەوە؛ گیف؛ بەرهەڤ ‹کارِ دست‌به‌نقد را می‌گذاری به اُمید فردا، بشود یا نشود؟!: کاری ئامادە دادەخەی بە ئومێدی بەیانی، ببێ یان نەبێ؟!›.

دست‌به‌نقد[2]: *قید. [مجازی، گفتاری]* جاری؛ جارەکان؛ جارێکان؛ ئێستە؛ ئێستا؛ ئێستاکە؛ ئیسێ؛ ئیسە؛ ئایسە؛ نها؛ نهۆ ‹دست به نقد این‌جا را بچسب، اگر جای بهتری پیدا شد، می‌رویم آنجا: جاری ئێرە بگرە، ئەگەر جێگایەکی چاکتر پەیدا بوو، دەڕۆین بۆ ئەوێ›.

دستپاچگی / dastpāčegî/: *اسم. [گفتاری]* هەوڵی؛ دەسەپاچەیی؛ دەستپاچەیی؛ حەپەساوی؛ بەیدەسی؛ پەشێوی سەرچاوەگرتوو لە دۆخ یان ڕووداوێکی ڕەچاو نەکراو کە توانستی کرداری درووس و شیاو لە مرۆ دەستێنێ ‹از دستپاچگی پیراهنم را پشت و رو پوشیدم: لە هەوڵیدا کراسەکەم پێچەوانە لەبەر کرد›.

دستپاچه / dastpāče/: *صفت. [مجازی، گفتاری]* شڵەژاو؛ هەوڵ؛ دەستپاچە؛ دەسەپاچە؛ هڵەپەلە؛ ڕول؛ بەیدەس؛ بەیدەست؛ هەوڵەکی؛ ولنگە؛ حەپەساو؛ سەر لێ شێواو و هەراسان لە بار و دۆخ یان ڕووداوێکی لە ناکاودا ‹وقتی که پلیس را دید خیلی دستپاچه شد: کاتێ کە پولیسی دیت تەواو شلەژا›. هەروەها: **دستپاچه بودن؛ دستپاچه شدن؛ دستپاچه کردن**

دستپخت / dastpoxt/: *اسم.* دەستاو؛ چێشتی لێنراو بە دەستی کەسێک ‹نهار امروز دستپخت عروس خانم است و باید خورد: فراوینی ئەورۆ دەستاوی بووکە نەخشینەیە و ئەشێ بیخۆین›.

دست‌پرورده / dastparvarde، ـها؛ ـگان/: *اسم.* بارهاتوو؛ دەستپەروەردە؛ پەروەردەکراو بە دەستی کەسێک یان لە ئاقارێکدا ‹او دست‌پروردەی پدر و مادری معتاد و بی‌سواد است: بارهاتووی دایک و بابێکی موعتاد و نەخوێندەوارە›.

دست تنگ / dast.tang/: *صفت. [مجازی، گفتاری]* کەمدەست؛ کەمدەس؛ تەنگدەست؛ دەستەنگ؛ هەژار؛ نەدار؛ بێ‌ئەنوا؛ دەستەوالا؛ دەس‌قالە؛ خاوەن بارەچەی هندک و کەمتر لە ڕادەی پێویست بۆ بە سەر بردنی ژیان ‹این روزها

دست‌تنگ است، باید کمکش کنیم: ماوەیەکە کەمدەستە، دەبێ یارمەتی بدەین›. هەروەها: **دست‌تنگ بودن؛ دست‌تنگ شدن**

دست‌تنگی / dast.tangî/: *اسم. [مجازی]* کەمدەستی؛ کەمدەسی؛ تەنگدەستی؛ دەستەنگی؛ هەژاری؛ نەداری؛ بێ‌ئەنوایی؛ دەستوالایی؛ دەس‌تەنگی.

دست تنها [1] / dast.tanhā/: *صفت. [مجازی، گفتاری]* تەنیابال؛ دەس‌تەنیا؛ بێ‌ئاریکار؛ بەبێ یاوەر ‹دیروز دست‌تنها بودم چند مهمان هم آمدند: دوێنێ تەنیابال بووم چەند میوانیش هاتن›.

دست تنها [2]: *قید.* تەنیابال؛ بە تەنیابالیەوە؛ بە تاقی تەنێ؛ بە تەنیایی؛ دەس‌تەنیا؛ بە تەنیایی و بێ بوونی هاوکار ‹مجبور بود دست‌تنها بچەها را بزرگ کند: ناچار بوو تەنیابال مندالەکان گەورە بکا›.

دستجات / dastecāt/: [فارسی/ از عربی] جمعِ ☜ **دسته**

دستجمعی / dastecam'î/: [فارسی/ عربی] ☜ **دسته‌جمعی**

دست‌چین / dastčîn ، ـها/: *صفت.* دەسچن: ۱. هەڵبژێردراو بە دەست ۲. *[کنایی]* تەڵبژێر؛ تلژێن؛ تەڵچن؛ هەڵبژاردە؛ تەڵبژێن؛ ناوەژیە ‹بهترین میوەها را دست‌چین کرد و گذاشت توی پاکت: باشترین میوەی دەسچن کرد و خستیە نێو پاکەتەوە›. هەروەها: **دست‌چین بودن؛ دست‌چین شدن؛ دست‌چین کردن**

دست‌خالی / dast(e)xālî/: [فارسی/ عربی] *قید.* دەس‌بەتاڵ؛ دەس‌خالی؛ بە دەس/ دەستی خالیەوە: ۱. دەستی‌خالی؛ بێ دەسمایە و ئامێری پێویست ‹دست‌خالی کە نمی‌شود خانە ساخت: دەس‌بەتاڵ ماڵ دروست ناکرێ› ۲. بەبێ دەسکەوت ‹خواستگار را دست‌خالی برگرداندند: داواکاریان بە دەس‌خالی گەڕاندەوە›.

دستخط / dastxat(t) ، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم.* دەستخەت؛ دەسخەت؛ دەسکرد: ۱. دەس‌وخەت؛ دەستوخەت؛ ئەوەی بە دەستی کەسێ نووسراوە ۲. *[مجازی]* نامە ‹برو از رییس یک دستخط بیار تا پولت را بدهم: بڕۆ لای سەرۆکەوە دەستخەتێک بێنە تا پوولەکەت پێ بدەم›.

دست‌خورده / dastxorde ، ـها/: *صفت. [مجازی]* دەس‌لێ‌دراو؛ دەس‌خواردوو؛ جێبەجێ‌کراو یان گۆڕاو بە دەستی کەسێک.

دستخوش [1] / dastxoš/: *اسم.* دەسخۆشانە؛ دەسخوەشانە: ۱. پارەیێ کە وەکوو مزگێنی لە قوماربازی بەرەندەی وەردەگرن ۲. خەڵات ‹بابت خدمتی کە کردە بود دە هزار تومان دستخوش گرفت: بە بۆنەی ئەو خزمەتە کردبووی دە هەزار تمەن دەسخوشانەی وەرگرت›. هەروەها: **دستخوش داشتن؛ دستخوش گرفتن**

دستخوش [2]: *صفت. [مجازی]* تووشیار؛ لە ژێر کارتێکەری شتێکەوە ‹دستخوش سیل: دستخوش جنگ: تووشیاری لافاو؛ تووشیاری شەڕ›. هەروەها: **دستخوش (چیزی) بودن؛ دستخوش (چیزی) شدن؛ دستخوش (چیزی) کردن**

دستخوش [3]: *دعا. [گفتاری]* دەسخۆش؛ دەسوەش؛ مالاوا؛ ئافەرین (زۆرتر بە شێوەی تەشەر بە کار دەبرێ) ‹بابا دستخوش، عجب رفاقتی کردی!: دەسخۆش برا، بۆ دۆستیەک کردت!›.

دست‌درازی / dastderāzî ، ـها/: *اسم. [مجازی]* دەست‌درێژی؛ دەسدرێژی؛ تێکۆشانی ناڕەوا بۆ کەڵک‌وەرگرتن لە شتێ کە هی یەکێکی ترە ‹از دست‌درازی زورمندان بە اموال مردم جلوگیری شود: لە دەسدرێژی زۆرداران بۆ ماڵی خەڵکی بەرگری بکرێ›.

دستدرد / dastdard/ ☜ ـ **درد** [2]

دستدوز / dastdûz ، ـها/: *صفت.* دەسدروو؛ دەسچن؛ بە دەست دووراو ‹این کفش دستدوز است: ئەم پێڵاوە دەسدroوویە›.

دست‌دوم / dast(e)dovvom ، ـها/: *صفت.* دەستەدوو؛ دەسەدوو؛ بەکار براوی وا کە

ئیستاش بە کار بێ. بەرانبەر: **دستاول** ‹لباس دستدوم: فرش دستدوم: جلی دەستەدووم؛ قالی دەستەدووم›.

دسترس / dastres/: اسم. ڕادەس؛ دەردەس؛ دەردەست؛ بەردەست؛ بەردەس؛ دەستڕەس؛ دەسڕەس؛ لادەس؛ وەردەسی؛ قامچ؛ کیس؛ قیس؛ جێگایەک کە بە سانایی دەستی پێڕابگا ‹دارو را از دسترس کودکان دور نگهدارید: دەرمان لە بەردەستی مندالان دامەنێن›.

▣ در دسرس بودن: لە بەردەستدا بوون؛ لە بەردەسا بوون؛ لە دەستڕەسدا بوون؛ وەر دەسەنە بیەی؛ ڕا دەسەنە بیەی ‹هرچه در دسترس بود فرستاده شد: هەرچی لە بەردەستدا بوو ناردرا›. هەروەها: **در دسترس قرار دادن؛ در دسترس قرار گرفتن؛ در دسترس گذاشتن**

دسترسی / dastresî/: اسم. دەستڕەسی؛ دەسڕەسی؛ دەسەیاو؛ هەنا؛ توانایی یان لوان بۆ دەست گەییشتن بە کەسێ یان شتێک ‹آن روز به کسی دسترسی نداشتیم تا کمکمان کند: ئەو ڕۆژە بە هیچ کەسێک دەستڕەسیمان نەبوو یارمەتیمان بدا›.

دسترنج / dastranc، ـها/: اسم. [مجازی] دەسڕەنج؛ خەبس؛ ئەوەی کە بە هۆی کار و تێکۆشانەوە بە دەستدێ ‹او کارگری می‌کرد و از دسترنج خودش نان می‌خورد: کرێکاری دەکرد و لە دەسڕەنجی خۆی دەخوارد›.

دست‌ساز / dastsāz، ـها/: صفت. دەستساز؛ دەسساز؛ دەستکار؛ دەستکرد؛ دەسکرد؛ دەسکار؛ دەسکوت؛ دروستکراو بە دەست و بێ‌کەلک وەرگرتن لە ماشین ‹دیروز یک بمب دست‌ساز در کوچەی ما منفجر شد: دوێنێ بومبێکی دەستساز لە کۆلانی مەدا تەقیەوە›.

دست‌شده / dastešde(h)/: اسم. داش‌باڵ؛ خیت‌خیتێن؛ خیت‌خیتێنە؛ گەمەیەکی بە کۆمەڵ کە یاریکەران شتێ (زیاتر تۆپ) بۆ یەکتری دەخەن و یەکێ لەوان (بە ناوی گورگ) دەبێ تۆپەکەیان لێ بستێنێ تا ئەو کەسەی تۆپەکەی لێ ڕفاوە لە جێی ئەو ببێتە گورگ.

دست‌شویی / dastšûyî، ـها/: اسم. ۱. ئابدەستخانە؛ ئابخانە؛ دەستشۆ؛ دەستشۆر؛ دەستشۆرک؛ دەسشۆیی؛ جێگەی دەست لێ‌شوتن ۲. *[کنایی]* دەساو؛ دەس‌بەئاو؛ کناراو؛ مستەراو؛ مەستەراو؛ مەستەراح؛ سەرحەوز.

دستفروش / dastfurûš، ـها؛ ـان/: اسم. *[مجازی]* دێوەرە؛ چەرچی؛ دەسگێڕ؛ دەستفرۆش؛ دەسفرۆش؛ دەزگێڕ؛ بەخەڵ‌فرۆش؛ وردەواڵە فرۆش؛ فرۆشەری گەڕیدەی بێ‌دووکان کە شتەکانی لە سەر دەست یان چوارچەرخێک لە کووچە و کۆلاناندا دەفرۆشێ.

دستفروشی / dastfurûšî/: اسم. *[مجازی]* دەستفرۆشی؛ دەسفرۆشی؛ دەزگێڕی؛ وردەواڵە فرۆشی؛ چەرچێیتی؛ کار یان پیشەی بەخەڵ‌فرۆش.

دست‌فنگ / dastfang/: اسم. *[نظامی]* دەس‌فەنگ؛ چەشنێ ڕاگرتنی تفەنگ بە لاری لە سەر سنگ، کە لوولەکەی بە لای چەپدا و قۆناخەکەی بە لای ڕاستدایە.

دستک / dastak، ـها/: اسم. *[مجازی]* ۱. دەفتەر؛ تێنووس؛ پەڕاوێک کە حەسێبگەلی ڕۆژانەی تێدا دەنووسن ‹دفتر و دستک مرتبی داشت: دەفتەرێکی ڕێک‌وپێکی هەبوو› ۲. قیسپ؛ قسپ؛ تیرەک؛ دیرەک؛ تیرک ۳. داردەست؛ داردەس؛ تێلا ٤. ئەستوندەک؛ ئەستوونەک؛ ئامێرێک بۆ بەرگری لە هات‌وچووی ماشێن بۆ پیادەڕۆ ۵. *[نامتداول]* چەپڵە؛ چەپ؛ دەست؛ دەس؛ کار یان ڕەوتی لە یەکتردانی لەپی دەست بە نیشانەی کەیف و شادی.

▣ دستک زدن: *[نامتداول]* دەست لێدان؛ دەس لێدان؛ چەپڵە لێدان؛ چەپ لێدان.

دستکار[1] / dastkār، ـان/: اسم. دەستکار؛ دەسکار؛ کەسێ کە بە دەست یان ئامێری

دەستی کار دەکا.

دستکار[۲]: *صفت.* دەس‌وکار؛ دەستکرد؛ دەستکار؛ دەسکار؛ دەسکەرد؛ درووسکراو بە دەست (نە بە ماشین) ‹این تختە نرد دستکار سنندج است: ئەم تەختەیە دەس‌وکاری سنەیە›.

دستکاری / dastkārî ، ـها/: *اسم.* دەسکاری؛ دەستکاری؛ دەسەژیە؛ کلگەوری؛ کار یان ڕەوتی دەست دان لە شتێ، گۆڕان و جێبەجێ کردن (و زۆرتر تێک‌دانی) ‹کسی وسایل مرا دستکاری کردە؟: کەسێ شتەکانمی دەستکاری کردووە؟›.

دستکش / dastkeš ، ـها/: *اسم.* دەسکێش؛ دەسەوانە؛ دەستەوانە؛ لەپک؛ لاپک؛ لەپک؛ لەپێک؛ لەپیک؛ تەتک؛ دەستگۆرک؛ پۆشەنێکی نەرم (چنراوە، چەرم، لاستیک یان پلاستیک) بۆ دەست ‹در این هوای گرم دستکش چرمی پوشیدە بود: لەم گەرمایەدا دەسکێشێکی چەرمی لە دەست کردبوو›.

دست‌کم[۱] / dast(e)kam/: *صفت.* کەم‌بایی؛ بێ‌بایی؛ کەم‌بایەخ؛ کەم‌نرخ؛ بە بایەخ و گرنگی کەمەوە.

دست‌کم[۲]: *قید.* لانی‌کەم؛ لای‌کەم؛ بە لانی کەمەوە؛ دەستی‌کەم؛ دەسکەم: ۱. لە کەمترین بەراورددا ‹دست‌کم صد تومان می‌ارزید: لانی‌کەم سەد تمەن ئەژیا› ۲. بە نیشانەی کەمترین کار ‹دست‌کم خوب نگاهش کن: لانی‌کەم جوان چاوی لێکە›.

▣ **دست‌کم گرفتن**: *[مجازی]* سووک لێ‌نەوین؛ دەسکەم گرتن؛ کەم بایەخ دان؛ بە کەم زانین؛ کەمتر یان خوارتر لە ڕادەی ڕاستەقینە دانان ‹او را این‌قدر دست‌کم نگیر، برای خودش مردی است: ئەوندە سووک لێی مەنەوە، بۆ خۆی پیاوێکە›.

دست‌کمی / dast(e)kamî/: *اسم. [گفتاری]* کەمی؛ کەمتری؛ دەست‌کەمی ‹این ماشین هم از آن یکی هیچ دست‌کمی ندارد: ئەم ماشینە هیچ کەمی لەوی دیکە نیە›.

دستک‌ودنبک /dastak-o-dombak, -donbak/: *اسم. [تعریض]* دەوڵ و زوڕنا؛ زرم و کوت؛ مووسیقا و هەڵپەڕکێ.

▣ **دستک‌ودنبک درآوردن**: بڕ و بیانوو هێنانەوە؛ بۆ تاشین؛ بیانک هاوردنەوە و تەگەرە خستنە بەر کارەوە.

دستگاه / dastgāh ، ـها/: *اسم.* دەزگا؛ دەسگا: ۱. کۆئەندام؛ کۆندام؛ دەستەیەک لە شت و ماکگەل یان کەسانێ کە بە هاوگری و هاوکاری یەکەوە، بە شێوەی کۆیەک، کار یان کارگەلێکی دیاریکراو ئەنجام دەدەن ۲. داموودەزگا؛ دەموودەزگا؛ کەل‌وپەلی تێر و تەسەل و بەشکۆی ژیان ‹بیا ببین چە دستگاهی درست کردە است: بڕوانە چ داموودەزگایەکی پێکەوە ناوە› ۳. *[موسیقی]* هەر کام لە حەوت قالبی مووسیقای ئاوازی ئێران ۴. یەکەی ژماردنی کەل‌وپەلی دەسکرد ‹دو دستگاە رادیو؛ پنج دستگاە آپارتمان: دوو دەسگا ڕادیۆ؛ پێنج دەزگا وارخان› ۵. نیزام؛ سامانە ۶. *[نجوم]* کۆمەڵە؛ کۆما؛ کۆمەڵێک لە گەڕۆک و مانگ کە بە دەوری ئەستێرەیەکدا دەخولێنەوە.

▣ **دستگاە آوندی**: کۆندامی ئاوەندی: ۱. *[گیاەشناسی]* شانەگەلی پێکهاتوو لە ئاوەندی چێوی و ئاوکێش کە ڕاگوێزانی ماکی بژیەنی یان پتەوکردنی گیای لە ئەستۆدایە ۲. *[جانورشناسی]* کۆندامی گەڕانی خوێن یان ئاو.

دستگاە تناسلی ☜ اندام تناسلی، **اندام**

دستگاە تنفس: کۆندامی هەناسەدان؛ سەرجەمی ئەو ئەندامانە کە ئۆکسیژن و گازی کەربون لە نێوان لەش و دەرەوە دەگۆڕنەوە.

دستگاە عصبی: کۆندامی دەماری؛ دەسگای دەماری؛ کۆندامێک لە لەشی گیانەوەران کە بریتیە لە: مێشک، مۆخ؛ دەمارگەلی کاپۆلی و ئاقاری.

دستگاە عصبی خودکار ☜ **دستگاە عصبی**

نباتی
دستگاه عصبی مرکزی: کۆندامی دەماری ناوەندی؛ بەشێک لە کۆندامی دەماری کە بریتیە لە: مێشک لە کاپۆڵدا و مۆخ لە بربڕاگەدا.
دستگاه عصبی نباتی: کۆندامی دەماری ڕووەکی؛ بەشێک لە کۆندامی دەماری، سەر بە میزان‌کردنی کاری ماسولکەی ناویستی، هەناو و ڕەگگەلی خوێنی: **دستگاه عصبی خودکار**
دستگاه گردش خون: کۆندامی گەڕانی خوێن؛ کۆندامێک بریتی لە دڵ، ڕەگی خوێنبەر و خوێنهێن و مووڕەگ کە خوێن تێیاندا هاتوچۆ دەکا.
دستگاه گوارش: کۆندامی هەرسەک؛ کۆندامێک بریتی لە دەم، گەروو، گەدە، ڕیخۆڵە، جەرگ و زراو کە هەڵتاوینی خۆراکی لە ئەستۆدایە.
دستگاه لنفاوی: کۆندامی لەنفاوی؛ سەرجەمی ڕەگ و مووڕەگی لەنفی مۆرغەداران کە لە ڕێگەی ڕەگی خوێن‌هێنی دڵەوە، لەنف دەگەیەننە خوێن.
دست‌گرمی / dastgarmî/: *اسم. [گفتاری]* دەس‌ڕەوانی؛ دەست‌گەرمی؛ دۆخ یان چۆنیەتی تەیار بوون بۆ کاریٚ بەتایبەت بۆ پێڕاهاتن ‹این را همین طور برای دستگرمی ساختم: ئەمەم هەروا بۆ دەس‌ڕەوانی دروست‌کرد›.
دستگیر / dastgîr/: *صفت.* ۱. باڵبەست؛ باڵبەستە؛ قۆڵبەستە؛ قۆڵبەست؛ گیراو؛ گیرۆدە ۲. *[مجازی]* پشتیوان؛ دەسگیر؛ یاریدەدەر؛ یاریدەر؛ دەسگیرۆ؛ پشتگر؛ یاوەر؛ یارمەتی‌دەر ‹مرد آن است کە دستگیر افتادگان باشد: پیاو ئەو پیاوەیە کە پشتیوانی لێقەوماوەیە›.
▣ **دستگیر (کسی) شدن:** *[گفتاری]* ۱. گیر (کەسیٚ) کەوتن؛ وە بەر (کەسیٚ) کەوتن ۲. *[مجازی]* دەسگیر (کەسیٚ) بوون؛ دەست (کەسیٚ) کەوتن؛ هاتنە دەس/ دەست؛ ئاگایی بە دەست هێنان ‹از او چیزی دستگیرت نمی‌شود: لەوەوە شتێکت دەستگیر نابیٚ›.
دستگیره / dastgîre، ـها/: *اسم.* دەسگیر؛ دەسگیرە؛ دەسەگیرە؛ دەستگیرە: ۱. دەسک؛ هەنگڵ؛ دەسکە؛ گیرنگە؛ ئامێریٚ بۆ بە دەستەوە گرتن ‹دستگیره را گرفتم تا نیفتم: دەسگیرەکەم گرت نەکەوم› ۲. ئامێریٚ لە سەر درگا و پەنجەرەوە بۆ کردنەوە و پێوەدانی ۳. دەسگرە؛ دەزگرە؛ ئامێری بۆ گرتن و جێبەجیٚ‌کردنی دەفری داخ کە زۆرتر لە پارچەیە.
دستگیری / dastgîrî، ـها/: *اسم.* ۱. کاری گرتن؛ باڵبەست کردن؛ زۆرتر بۆ ڕاگەییشتن بە تاوان ‹برای دستگیری متهم به خانه‌اش رفتند: بۆ گرتنی تاوانبار چوونە ماڵەکەی› ۲. پشتیوانی؛ پشتگری؛ دەستگیرۆیی؛ دەسگیری؛ کار یان ڕەوتی یارمەتی دان بە داخوازیگەل ‹دستگیری کردن از بینوایان: پشتیوانی‌کردن لە بیٚ‌ئەنوایان›.
دستلاف / dastlāf/ ☜ **دشت ـ۲**
دستمال / dastmāl، ـها/: *اسم.* دەسماڵ؛ دەسرە؛ دەسەر؛ دەسەسڕ؛ دەسۆک؛ دەسرەدەس؛ دەرسۆک؛ تەهرە؛ مەندیل؛ کەفی؛ کەفیک؛ کەهک؛ کەهیک؛ پەشتەماڵ؛ دەرچاڤ؛ دەرچاو؛ بەشە پارچەیەکی چوارگۆشە کە بۆ سڕین یان وشک کردنەوە بە کار دیٚ.
▣ **دستمالِ سفره** ☜ **دستمال‌سفره**
دستمالِ کاغذی ☜ **دستمال‌کاغذی**
دستمالِ گردن ☜ **دستمال‌گردن**
دستمال‌سفره / dastmāl(e)sofre، ـها/: *اسم.* بەروان؛ بەروانە؛ بەروانک؛ بەرانک؛ دەسماڵێک لە سەر سفرەوە بۆ سڕینی دەم و پل و بەرگری لە پیس بوونی جل و بەرگ.
دستمال‌کاغذی / dastmālkāqazî، ـها/: [فارسی/ از چینی] *اسم.* دەسرەی کاغەزی؛

دەسماڵ کاغەزی؛ چەشنێک کاغەزی لۆکەیی مژێنەر کە بە جێگای دەسماڵ بۆ جارێک کەڵکی لێوەردەگرن.

دستمال‌گردن / dastmālgardan ، ـها/:اسم. دەورملی؛ دەسرەملی؛ چەشنێک دەسرە کە بۆ جوانی لە ملی دەکەن.

دستمالی / dastmālî/:اسم.[گفتاری] دەساژۆ؛ دەساوەژۆ؛ کاری خراپ یان پیس‌کردنی شتێک بە هۆی دەست ساوین بە سەریدا یان گرتنی بە دەستەوە ‹نگذار بچەها میوەها را دستمالی کنند: مەهێڵە منداڵەکان میوەکە دەساژۆ کەن›.

دستمایه / dastmāye ، ـها/:اسم. دەسمایە؛ دەستمایە؛ سەرمایەی کەم.

دست مریزاد / dastmarîzād/: دعا. دەسخۆش؛ دەستخۆش؛ دەسوەش؛ هۆپ؛ وتەی پەسند کردن.

دستمزد / dastmozd ، ـها/:اسم. مز؛ کارانە؛ دەستمز؛ کرێی دەستی؛ پارە یان کالایەک کە لە بەرانبەر کارێکەوە بە کەسێک دەدرێ ‹در اینجا دستمزد خیلی پایین است: لێرەدا مز زۆر کەمە›.

دستنبو / dastambû, dastanbû ، ـها/:اسم. شەمامە؛ شمامە؛ شەمام؛ شمام؛ شەمامۆ؛ شمامۆک؛ شەمامۆک؛ شەمامۆکە؛ شەمرومە؛ دەساموو؛ کەموو: ۱. گیایەکی بنچکی لە تیرەی خەیار بە بۆنێکی خۆشەوە ۲. بەری ئەو گیایە: **شمامه**

دست‌نخورده / dastnaxorde/: قید. دەژ؛ بە دەژی؛ سەربەمۆر؛ سەرمۆر؛ سەردەق؛ دەس‌نەوارەدە؛ دەست لێنەدراو ‹همه چیز همان‌طور دست‌نخورده مانده بود: هەموو شتێک هەروا دەژ مابوو›.

دست‌نشانده / dastnešānde ، ـها؛ ـگان/: صفت. [مجازی] داسپاردە؛ دەسنیشان؛ دەسنێژ؛ دانریاگ؛ خاوەن پیشە یان پلە و پایەیەک کە لە لایەن کەسی‌ترەوە داندراوە و گوێڕایەڵی ئەوە ‹دولت دست‌نشانده؛ رییس دست‌نشانده: دەوڵەتی داسپاردە؛ بەرپرسی داسپاردە›.

دستنوشته / dastnevešte ، ـها/:اسم. دەستنووس؛ دەس‌نووس؛ بەڵگەیێ (کتێب یان کاغەز) کە چاپی نیە و بە دەستی کەسێک بە قەڵەم نووسراوە: **دستنویس**

دستنویس [۱] / dastnevîs ، ـها/:اسم.[گفتاری] دەستنووس؛ دەس‌نووس؛ کتێب یان هەر شتێکی وەکوو کتێب کە بە دەست نووسراوە ‹دستنویس مقاله را با خودش آورده بود: دەستنووسی وتارەکەی لەگەڵ خۆ هێنابوو›: **دستنوشته**

دستنویس [۲]: صفت. دەستنووس؛ دەس‌نووس؛ نووسراو بە دەست ‹مقاله دستنویس بود، دادیم تایپش کنند: وتارەکە دەستنووس بوو، دامان پیتچنی کەن›.

دستوارگی / dastvāregî/:اسم.[پزشکی] ئۆگرەتی بە کەڵک وەرگرتن لە دەستێک زۆرتر لە ئەو دەستەکەی‌تر (وەک ڕاستدەستی و چەپدەستی).

دست‌وبال / dast-o-bāl/:اسم.[گفتاری] ۱. دەست و پل؛ دەس و باڵ؛ دەسگەڵ ‹دست و بال بچه را خوب شست؟: دەست و پێی منداڵەکەی باش شۆرد؟› ۲. دەست و پێ؛ دەس و پا.

دست‌وپا / dast-o-pā/:اسم. ۱. دەست و پێ؛ دەس و پا؛ ئەندامگەلی دواییی مرۆ، چوارپێیان و بڕێک گیانداری‌تر ۲.[مجازی] دەستودوو؛ پەل‌وپۆ؛ زرەنگی؛ زرینگی؛ زیرەکی ۳.[مجازی] دەس‌وپل؛ پەل‌وپۆ؛ جموجووڵ؛ بزاڤ؛ لەپت.

▣ دست و پا زدن: ۱. قولەفڕێ کردن؛ لاقەفرتە کردن؛ لەقەفرتێ کردن؛ دەست و پا تەکان دان ‹دست و پا می‌زد و نمی‌گذاشت آمپولش را تزریق کنند: قولەفڕێی دەکرد و نەیدەهێشت دەرزیەکەی لێبدەن› ۲.[کنایی] پەلەقاژێ کردن؛ پەلەقاژە کردن؛ پەلەفرتێ کردن؛ پەلەفرتە کردن؛ پالەقە کردن؛ پاقژە کردن؛

پەلەکوتێ کردن؛ پلووشانن؛ دەست و لاق جوولاندنەوە بۆ ڕزگار بوون لە چۆرتم ‹برای نجات خودش دست و پا می‌زد: بۆ ڕزگاری خۆی پەلەقاژەی دەکرد›.

دست و پا کردن: *[مجازی]* جۆرکردن؛ هاوردنە دەس؛ تەیارکردن ‹سرانجام توانست برای خودش کاری دست و پا کند: ئاخری توانی کارێک بۆ خۆی جور بکا›.

دست و پای خود را جمع کردن: *[کنایی]* ۱. خۆ لێ هەڵ کردن؛ قۆڵ لێ هەڵماڵین؛ خۆی بۆ تەیارکردن ۲. خۆ کۆکردنەوە؛ خۆ پێچانەوە؛ بە خۆدا هاتنەوە؛ فڕ بە خۆوە بوون؛ ئاگا لە خۆ بوون؛ ئاگاداری ئاکاری خۆ بوون و هەڵسەنگاندنی ‹با یک نگاه خشمگین مدیر، همه دست و پای خود را جمع کردند: بە مۆڕ بردنەوەیەکی بەرپرس، هەموو خویان کۆ کردەوە›.

دست و پای خود را گم کردن: *[مجازی]* شڵەژان؛ شپرز بوون؛ سەر لێ شێوان؛ دەست و پای خۆ گوم کردن ‹وقتی سرزده وارد شد دست و پای خود را گم کردم و زبانم بند آمد: هەر کە لە پڕ هاتە ژوورەوە شڵەژام و زمانم بەست›.

به دست و پا افتادن: *[کنایی]* کەوتنە خۆ؛ کەوتنە پەل‌وپۆ؛ پەلەپرووسکێ کردن؛ کەوتنە هەوڵ دان؛ کەوتنە پەلەقاژە؛ کەوتنە جم‌وجووڵ.

روی دست و پای کسی افتادن ☜ **رو**[2]

زیر دست و پا افتادن ☜ **زیر**[3]

دست‌وپاچلفتی / dast-o-pāčoloftî/: *صفت.* *[گفتاری]* نەگۆمە: ۱. بێ‌دەسەلات؛ لێ‌نەهاتوو؛ بەبێ توانای کەلک وەرگرتن لە دەست و پای خۆ ۲. *[کنایی]* گەمژە؛ حۆل؛ دەبەنگ؛ حەپۆل * **چلفتی**

دست وپادار / dast-o-pādār/: *صفت.* *[گفتاری]* بە دەسەلات؛ دەسالاتدار؛ وساق؛ بەکار؛ زیت و زیرەک؛ لێهاتوو؛ کرژوگۆڵ؛ خاوەن توانایی و لێهاتوویی ‹دخترش خیلی دست و پادار است و کارها را اداره می‌کند: کچەکەی زۆر بە دەسەلاتە و کارەکان بەڕێوە دەبا›.

دست وپاشکسته[1] / dast-o-pāšekaste/: *صفت.* *[مجازی]* تەق‌ولەق؛ لەق‌وتەق؛ دەس‌وپێ شکاو؛ کەل و ناتەواو ‹با انگلیسی دست‌وپاشکسته به او فهماندم...: بە ئینگلیزیەکی تەق و لەق حاڵیم کرد...›.

دست‌وپاشکسته[2]: *قید.* تەق‌ولەق؛ لەق‌وتەق؛ بە ناتەواویەوە؛ دەس‌وپێ شکاو ‹دست‌وپاشکسته چیزهایی به او گفتم: تەق و لەق شتگەلێکم پێ گوت›.

دست‌وپاگیر / dast-o-pāgîr/: *صفت.* *[کنایی]* بەردەستگیر؛ بەردەسگر؛ هۆی بەرگری لە جووڵە یا چالاکی، یا خۆ کەم‌کردنەوەی ‹این میزها خیلی دست‌وپاگیر هستند: ئەم مێزانە زۆر بەردەستگیرن›.

دست‌ودل‌باز / dast-o-delbāz/: *صفت.* *[مجازی، گفتاری]* دەستبەردا؛ دەستبڵاو؛ دەسەنەدار؛ دەسواز؛ دەس‌ودڵ‌باز؛ چاڤڤەکری؛ بەخشێنەر؛ دڵاوا؛ دەهەندە؛ دەهەندە؛ وساخە؛ خاوەن بەخشندەیی و بەزەیی ‹آرام دست‌ودل‌باز است: ئارام دەستبەردایە›.

دست‌ودل‌بازی / dast-o-delbāzî ، ـها/: *اسم.* *[مجازی]* دەستبەردایی؛ دەستبڵاوی؛ دەسەنەداری؛ دەسەنە؛ دەسوازی؛ دەس‌ودڵبازی؛ دڵاوایی؛ بەخشندەیی؛ دەهەندەیی؛ دەهەندەیی؛ وساخی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بەخشندە بوون.

دست‌ودل‌پاک / dast-o-delpāk/: *صفت.* *[گفتاری]* دروستکار؛ پاک؛ دەست و دڵ پاک؛ دەس و چاو پاک؛ بە باوڕ و ئاکارێکی باشەوە. هەروەها: **دست‌ودل‌پاک بودن؛ دست و دل پاکی**

دستور / dastûr ، ـها/: *اسم.* دەستوور: ۱. ـلات/ فەرمان؛ ڕێچکە و ڕێباز؛ یاسا و ڕێسا؛

فه‌رمانێک له لایه‌ن پایه یان که‌سێکی سه‌رتره‌وه که تێیدا له سه‌ر ئه‌نجامدانی کارێک جه‌خت کراوه ‹این دستور جناب وزیر است: ئه‌مه ده‌ستووری جه‌نابی وه‌زیره› ٢. ڕێزمان؛ لقێک له زانستی زمانه‌وانی که له‌مه‌ڕ کاربه‌ری وشه، پێکهاته و ڕیزبه‌ندی ڕسته‌وه باس ده‌کا ‹دستور زبان کردی: ڕێزمانی کوردی› ٣. /ـات/ فه‌رمان؛ فرمان؛ پێش‌بینیگه‌لێک بۆ چۆنیه‌تی ئه‌نجامدانی کارێ ‹دستور جلسه: فه‌رمانی دانیشتن› ٤. /ـات/ شێواز؛ شێوه و ڕه‌وشتی ئه‌نجامدانی کارێک ‹دستور پختن قورمه‌سبزی: شێوازی لێنانی خۆرشتی سه‌وزی› ٥. /ـان/ سه‌رناوێ بۆ مه‌لایانی زه‌رده‌شتی.

دستورالعمل / dastûrol'amal ، ـها/: [فارسی/ عربی]/اسم. فه‌رمان‌نامه؛ ڕێکارنامه؛ ڕێکار؛ نووسراوه‌یه‌ک له‌مه‌ڕ چۆنیه‌تی ئه‌نجامدانی کار یان کارگه‌لێکه‌وه ‹دستورالعمل انتخابات: فه‌رمان‌نامه‌ی هه‌ڵبژاردن›.

دستوری / dastûrî/: صفت. ١. ڕێزمانی؛ پێوه‌ندیدار یان سه‌ر به ڕێزمانه‌وه ٢. فه‌رمایشی؛ به دۆخ یان چۆنیه‌تی فه‌رمان له پشت بوونه‌وه ‹انتخابات دستوری: هه‌ڵبژاردنی فه‌رمایشی›.

دسته / daste ، ـها/:اسم. ده‌سته؛ ده‌سه: ١. ده‌سک؛ ده‌سگ؛ کلک؛ ده‌سکه؛ هه‌نگڵ؛ به‌شێک له ئامێرێ بۆ گرتنه ده‌ست، هه‌ڵگرتن، ڕاگرتن یان جووڵاندنه‌وه‌ی ‹دسته‌ی ظرف؛ دسته‌ی اتو: ده‌سه‌ی ده‌فر؛ ده‌سته‌ی ئوتوو› ٢. پۆل؛ گۆل؛ تاقم؛ گرۆیه‌ک که ئه‌ندامانی له یه‌ک چه‌شنن ‹یک دسته پرنده؛ یک دسته آدم: پۆلێک باڵنده؛ ده‌سته‌یه‌ک مرۆڤ› ٣. چه‌پکه؛ ده‌سکه؛ چه‌په؛ چه‌پ؛ بڕ؛ به‌شێک له شتێ که له ده‌ستدا جێی ده‌بێته‌وه ‹یک دسته اسکناس: ده‌سته‌یه‌ک ئه‌سکه‌ناس› ٤. چه‌پک؛ چه‌پکه؛ چه‌په؛ ده‌سکه؛ چه‌ند دانه له شتێ که به به‌ن یان سیرمه‌یه‌ک پێکه‌وه به‌ستراوه ‹یک دسته گل محمّدی: چه‌پکێک گوڵ‌گوڵاو› ٥. / دستجات/ گرۆیه‌ک له که‌سان که پێکه‌وه کارێکی دیاریکراو ئه‌نجام ده‌ده‌ن ‹دسته‌ی ارکستر: ده‌سته‌ی ئۆرکێستر› ٦. / دستجات/ *[نظامی]* په‌ل؛ یه‌گانێک بریتی له سێ جووخه (ده‌ور و به‌ری ٢٥ که‌س).

▣ **دسته به راه انداختن**: ده‌سه‌ودایره ڕێخستن؛ گرۆیه‌ک پێکه‌وه بۆ شوێنێ به‌ڕێ کردن (به‌تایبه‌ت به مه‌به‌ستی ڕامیاری یان مه‌زهه‌بی).

دسته کردن: ده‌سه‌کردن؛ ده‌سته‌کردن؛ به گوێره‌ی چه‌شن یان جنس له هه‌ژمار یان ئه‌ندازه‌ی دیاریکراودا ڕێک‌وپێک کردن ‹کاغذها را دسته کن و بگذار روی میز: کاغه‌زه‌کان ده‌سته بکه و بینه سه‌ر مێزه‌که‌وه›.

دسته‌بندی / dastebandî ، ـها/:اسم. ده‌سته‌به‌ندی؛ ده‌سه‌به‌نی: ١. کار یان ڕه‌وتی ده‌سته‌کردن؛ ڕێک‌کردن و له لای یه‌ک دانانی شتی وه‌ک یه‌ک ‹پولها را دسته‌بندی کرد و گذاشت توی صندوق: پاره‌کانی ده‌سته کرد و خستیه نێو سندووقه‌وه› ٢. کار یان ڕه‌وتی پێکه‌وه هاوقۆڵ بوون و بوونه ده‌سته‌یه‌ک بۆ وه‌پێش‌خستنی کارێک ‹هر یک از رهبران، دسته‌بندی جداگانه‌ای کرده بودند و برنامه‌های خودشان را دنبال می‌کردند: هه‌ر کام له ڕێبه‌ره‌کان ده‌سته‌به‌ندیه‌کی جیاوازیان ساز کردبوو، به‌رنامه‌کانی خۆیان به‌ڕێوه ده‌برد›.

هه‌روه‌ها: **دسته‌بندی شدن؛ دسته‌بندی کردن**

دسته‌جمعی [1] / dastecam'î/: [فارسی/ عربی] صفت. تێکڕایی؛ گشتی؛ هه‌مووتی؛ گه‌له‌کۆیی؛ گه‌له‌کۆمی؛ گه‌له‌مپه‌ری؛ گردی ‹گردش دسته‌جمعی: سه‌یرانی تێکڕایی›: **دستجمعی**

دسته‌جمعی [2]: قید. تێکڕایی؛ به گشتی؛ هه‌مووتی؛ پێکه‌وه و به شێوازی یه‌ک ده‌سته‌یی ‹دسته‌جمعی پا شدیم و رفتیم پیش رییس: تێکڕایی هه‌ستاین و چووین بۆ لای سه‌رۆک›: **دستجمعی**

دسته‌چک / dasteček ، ـها/: [فارسی/ انگلیسی] اسم. ده‌سته‌چه‌ک؛ ده‌سه‌چه‌ک؛ په‌ڕاوێکی چاپی،

بریتی لە چەند بەرگە چەک کە لە لایەن بانکەوە بە مشتەریان دەدرێت.

دستەدار / dastedār/: *صفت.* دەسکدار؛ دەسەدار؛ دەستەدار؛ بە دەسک؛ بە هەنگڵ؛ قولفدار: *الف)* کلکدار؛ کلکن؛ خاوەن شتگەلێک بۆ بە دەستەوەگرتن ‹لیوان دستەدار: لیوانی دەستەدار› *ب)* خاوەن جێگایەک بۆ دەست لە سەر دانان ‹صندلی دستەدار: سەندەڵی دەسەکدار›.

دستەگل / dastegol ، ـها/: *اسم.* چەپکەگوڵ؛ چەپک؛ دەسەگوڵ؛ دەسکەگوڵ؛ قەفت؛ هوویزێ؛ چەن تەڵ گوڵ کە پێکەوە بەسراون ‹همە دستەگل آوردە بودند، جز ما: هەموو چەپکەگولیان هێنا بوو، جگە لە ئێمە›.

▣ **دستەگل بە آب دادن**: *[کنایی]* پەن دان؛ گوڵ بە بادان؛ تووشی هەڵە و پەڵەیەک بوون ‹باز دستەگل بە اب دادم، موجودی صندوق کسری دارد: دیسان پەنم داوە، پارەی سندووق کەمی هێناوە›.

دستی[1] / dastî/: *صفت.* دەستی؛ دەسی: ١. بە دەست جێبەجێکراو و بێکەڵک وەرگرتن لە ماشین (یان بە بێ ماشینی خۆمەش) ‹کار دستی: کاری دەستی› ٢. بە توانای کارکردن بە دەست ‹ترمز دستی: تورمزی دەستی› ٣. دەستەڵگر؛ بەدەس‌بر؛ تایبەتمەندی شتێک کە بە تاقە کەسێک بگۆزرێتەوە ‹تلویزیون دستی: تەلەویزیۆنی دەستەڵگر›.

دستی[2]: *قید.* دەستی؛ دەسی: ١. بە شێوەی نەخت و بەبێ دان و گرتنی نووسراوەیەک ‹صد تومان هم دستی گرفت: سەد تمەنیشی دەستی وەرگرت› ٢. بە دەستی خۆ؛ بە هۆی دەستەوە ‹نامە را ببر دستی بدە: نامەکە بەرە و دەستی بیدەیە›.

دستیابی / dastyābî/: *اسم.* دەسەیاو؛ کار یان ڕەوتی دەست خستن؛ بە دەست هێنان ‹برای دستیابی بە هر چیز گرانبها باید تلاش کرد: بۆ دەست خستنی هەر شتێکی گرانبایی دەبێ کۆشش بکرێت›.

دستیار / dastyār ، ـها؛ ـان/: *اسم. [مجازی]* بەردەست؛ وەردەس؛ دەستیار؛ کۆمەک‌کار؛ یاریدەر؛ خەڵفە؛ کەسێ کە لە کارێکدا ئاریکاری کەسێکی‌ترە و لە ژێر دەستیدا کار دەکا ‹دستیار خلبان: بەردەستی فڕۆکەوان›.

دست یازی / dastyāzî/: *اسم. [ادبی]* دەسدرێژی؛ کار یان ڕەوتی دەست بردن بۆ شتێ بە مەبەستی بە دەست هێنان یان کەڵک لێ‌وەرگرتنی ‹دست‌یازی بە اموال مردم: دەسدرێژی بۆ ماڵی خەڵکی›.

دستینە / dastîne ، ـها/: *اسم.* ١. *[قدیمی]* واژۆ؛ ئیمزا ٢. دەستنامە؛ کتێبی ڕێنوێنی؛ نامیلکەی ڕێنوما.

دستی‌ــ دستی /dastîdastî/: *قید.* بەقەستی؛ دەستی-دەستی؛ دەسی-دەسی؛ بە دەستی خۆ ‹دستی-دستی خودش را بە کشتن داد: بەقەستی خۆی بە کوشت دا›.

دسر / deser ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* دێسێر؛ ئەوەی (بریتی لە میوە یان شیرینی) کە دوای چێشتی سەرەکی دەخورێت ‹دسر عبارت بود از بستنی و خربزە: دیسێر بریتی بوو لە بەستەنی و کاڵەک›.

دسیسە / dasîse ، ـها؛ دسایس/: [عربی] *اسم.* ١. پیلان؛ نەخشەیەکی نهێنی بۆ کارێکی ناڕەوا و دژی قانوون ‹این دسیسەی همسایەها بود کە آبرویش را ببرند: ئەمە پیلانی دراوسێکان بوو کە بێ ئابرووی کەن› ٢. پیلان‌ڕێژی؛ کاری پیلان‌گێڕان ‹نیروهایی در جامعە علیە یکدیگر دسیسە می‌چیدند: هێزگەلێک لە کۆمەڵگادا دژی یەکتر پیلانیان دەگێڕا›. هەروەها: **دسیسە چیدن؛ دسیسە کردن**

دسیسەبازی / dasîsebāzî ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* پیلان‌گێڕی؛ پیلان‌ڕێژی؛ کار یا ڕەوتی خۆ لە پیلانگەلی جۆراوجۆر دان بۆ گەییشتن بە مەبەست. هەروەها: **دسیسەجویی؛ دسیسەکاری**

دسیسەچینی / dasîsečînî ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم. [مجازی]* پیلانڕێژی؛ کارەڕەهاتی پیلانگێڕان؛ خەنە بۆ گرتنەوە.

دسیکاتور / desîkātor ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* دێسیکاتور؛ دەفرێکی پتر شیشەیی بە سەرپۆشێکی هەوابەندەوە بۆ وشک کردنەوەی ماکی کیمیایی.

دسی گرم / desîg(e)ram/: [فرانسوی] *اسم.* دیسی گرەم؛ دەیەکی گرەم؛ یەکەی ئەندازەگرتنی قورسی بەرانبەر ۰,۱ گرەم.

دسی لیتر / desîlîtr/: [فرانسوی] *اسم.* دیسی لیتر؛ دەیەکی لیتر؛ یەکەی ئەندازەگرتنی بارستایی بەرانبەر ۰,۱ لیتر.

دسیمتر / desîmetr/: [فرانسوی] *اسم.* دیسی میتر؛ دەیەکی میتر؛ یەکەی پێوانی درێژایی بەرانبەر ۰,۱ میتر.

دش ـــ / doš/: *پیشوند.* دژـ ؛ دوژـ ؛ دوشـ ؛ خراپ؛ زشت ‹دشوار؛ دشمن: دژوار؛ دوژمن›.

دشارژ / dešārj/: [فرانسوی] *صفت.* خالی؛ بەتاڵ؛ هالی؛ والا.

⊡ **دشارژ شدن:** خالی بوونەوە؛ داتەمران ‹زۆرتر لە پیلدا›؛ بەتاڵ بوونەوە؛ هالی بوونەوە؛ والا بوونەوە.

دشپل / došpel/ ☜ **دژپیه**

دشت / dašt ، ـها/: *اسم.* دەشت: ۱. دەشتە؛ چۆڵ؛ لەیلان؛ سارا؛ کرک؛ بیاوان؛ یاز؛ پێن؛ سەپاڵ؛ زەوینێکی پان و بەرین و بێدار یان بە داری کەم و لێک‌بلاوەوە ‹دشت شهرزور: دەشتی شارەزوور› ۲. سفتاح؛ داشت؛ سفتە؛ وەشت؛ هەوەڵ فرۆشی ڕۆژانە ‹امروز هنوز دشت نکردەام: ئەورۆ تا ئێستا سفتاحم نەکردووە›: **دَستلاف**

⊡ **دشت ساحلی:** بەستێن؛ دەشتێک لە کەناری ڕەخاوەوە، بریتی لە زەوینگەلێک کە تازە لە ژێر ئاوەوە دەرهاتوون.

دشت سیلابی: زیخەلان؛ ڕیخەلان؛ دەشتێک لە هەوێرکەی ڕووباردا، کە لە تمتمانەکەی پێکهاتووە و لە لافاودا دادەپۆشرێ.

دشت ماهوری: کاجینە؛ زوورکان؛ دەشتێ کە تەپۆلکە‌ـتەپۆلکەی بچووکی تێدایە.

⊡ **دشت کردن:** سفتاح‌کردن؛ هەوەڵین پارەی فرۆشی ڕۆژانە وەرگرتن ‹پول را گرفت و گفت بسم‌الله، امروز هم از دست شما دشت کردیم: پارەکەی وەرگرت و وتی بەناوخوا، ئەوڕۆش لە دەستی ئێوە سفتاحمان کرد›.

دشت کسی را کور کردن: *[مجازی]* ڕزقی کەسێک برین؛ نانی کەسێک برین؛ بوونە هۆی کەسادی کاری کەسێک.

دشتبان / daštbān ، ـها؛ ـان/: *اسم.* دەشتەوان؛ شەنەپا؛ وشەکە؛ کەسێ کە ئاگاداری زەوینگەلی کشتوکاڵی لە گوندێک یان بەشێک لەو گوندەی لە ئەستۆدایە.

دشتگون / daštgûn ، ـها/: *اسم. [زمین‌شناسی]* گۆڕەپان؛ پانایییێ لە زەوی کە بە هۆی داچوونەوە وەک دەشتی لێ‌هاتووە.

دشتی[1] / daštî/: *اسم. [موسیقی]* دەشتی؛ لە ئاوازگەلی ئێرانی لە دەستگای شوور، کە بارێکی خەمین و ناسکی هەیە.

دشتی[2]: *صفت.* دەشتەکی؛ دەشتی؛ پێوەندیدار یان هاوگەر بە دەشتەوە ‹آهوی دشتی: ئاسکی دەشتەکی›.

دشداشه / dašdāše ، ـها/: [عربی] *اسم.* دژداشە؛ دەشداشە؛ کراسی درێژ و فشی عەرەبی.

دشک / došak/: [ترکی] ☜ **تُشَک**

دشکچه / došakče/: [ترکی/ فارسی] ☜ **تُشَکچه**

دشمن[1] / došman ، ـها؛ ـان/: *اسم.* دوژمن؛ دژمەن؛ دژمین؛ دژمن؛ دژ؛ دوشمن؛ دوشمە؛ دشمن؛ دەقەز؛ مدەی؛ گاقبەر؛ نەیار؛ نەتل؛ نەتەل؛ نەتەوی؛ خەنیم؛ مەخرک؛ تاسب؛ مخانە؛ نەدۆست؛ خوێنەخوار؛ خوێنەخوارە؛ خووینەر: ۱. ئەوەی کە لەمەڕ کەسێکەوە بەدخوازە ‹از آن

روز با آزاد دشمن شد: لەو ڕۆژەوە لەگەڵ ئازاددا بوو بە دوژمن〉 ۲. کەس، گرۆ یان وڵاتێک کە لەگەڵ دیتری لە شەڕ و تووشی دان 〈کشور دشمن؛ نیروهای دشمن: وڵاتی دوژمن؛ هێزگەلی بەتەڵ〉.

▣ دشمن جان: مێمڵ؛ مڵۆزم؛ دوژمنی گیان؛ قەستی سەر؛ ئەوەی کە بە دووی کوشتنی کەسێکەوەیە.

دشمن خانگی: دوژمنی خۆیی؛ دژمنێک کە لە دانیشتوانی ماڵ، شار یان وڵاتە.

دشمن خونی: خینی؛ خیندار؛ دژمنی خوێنی؛ خوێنەخۆ؛ خوێنەخوار؛ خوێنەخوارە؛ خووینەر؛ ئەوەی کە بە تەمای ڕشتنی خوێنی کەسێکە.

▣ دشمن تراشیدن: *[مجازی]* دشمن‌تراشی کردن ☜ **دشمن‌تراشی**

دشمن۲: *صفت.* دوژمن؛ دژمن؛ دژمەن؛ دوشمن؛ دشمن؛ نەیار؛ گاڤبەر؛ نەتەل؛ نەتل؛ ناکۆک و نەساز 〈تنبلی، دشمن سلامت است: تەوەزەلی دوژمنی لەش‌ساغیە〉. هەروەها: **دشمن بودن؛ دشمن شدن؛ دشمن کردن**

دشمنانه / došmanāne/: *صفت.* دوژمنانە؛ گاڤبەرانە؛ نەیارانە؛ وەکوو دوژمن 〈رفتار دشمنانه: ئاکاری دوژمنانە〉.

دشمن‌پرور / došmanparvar، ـان/: *صفت.* دژپەروەر؛ نەیاریار؛ یاریدەری دوژمنی خۆ.

دشمن‌تراشی / došmantarāšî، ـها/: *اسم.* *[مجازی]* دوژمن‌تاشی؛ کار یان ئاکارێک کە هۆی هەڵخڕاندنی دژبەرایەتی دیتران و بوونە دوژمنیانە؛ دژمن بۆ خۆ دروست کردن 〈با این مقالەها که می‌نویسی، تنها برای خودت دشمن‌تراشی می‌کنی: بەم وتارانە دەیانووسی، هەر بۆ خۆت دوژمن دەتاشی〉.

دشمن‌خو / došmanxû، ـیان/: *صفت.* *[ادبی]* جەنگەرانی؛ جینگن؛ پلەندەر؛ دوژمن‌خۆ؛ شەڕاشۆ؛ بە ئاکاری دژمنانە و هۆگری نەیارانەوە.

دشمن‌شاد / došmanšād/: *صفت.* هۆی دڵخۆش کردنی دوژمن.

دشمن‌شکن / došmanšekan، ـان/: *صفت.* دوژمن‌شکێن؛ دژمن‌بەزێن؛ بەزێنەری دژمن 〈نیروهای دشمن‌شکن: هێزگەلی دوژمن‌شکێن〉.

دشمنکام / došmankām، ـان/: *صفت.* *[ادبی]* ڕۆژڕەش؛ ڕۆژەڕەش؛ سیاچارە. هەروەها: **دشمنکام بودن؛ دشمنکام شدن؛ دشمنکام گشتن**

دشمنی / došmanî، ـها/: *اسم.* دوژمنی؛ دژمنایەتی؛ نەیاری؛ دژایەتی؛ دژمناتی؛ دژمەنی؛ دژمەنی؛ دوشمنایەتی؛ دشمنی؛ لاری؛ نۆیین؛ بیڤک؛ ناحەزی: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی دوشمن بوون 〈پس از آن، دوستی او تبدیل به دشمنی شد: دوای ئەوە، دۆستایەتیەکەی بوو بە دژمنایەتی〉 ۲. دژبەرایەتی و بەدخوازی 〈خیلی با ما دشمنی کرد: لەگەڵماندا زۆری دوژمنی کرد〉. هەروەها: **دشمنی کردن؛ دشمنی ورزیدن**

دشمنیار / došmanyār، ـان/: *صفت.* *[ادبی]* دۆس‌دوژمن؛ یاریدەری دوشمن؛ نەیاردۆس؛ پشتیوانی دژمەن.

دشنام / došnām، ـها/: *اسم.* *[ادبی]* جوێن؛ جنێو؛ جوین؛ جمێن؛ دژمان؛ دژمانی؛ دشمان؛ دژنام؛ دژون؛ دژوون؛ دوژوین؛ دژووین؛ دژوێن؛ دمژین؛ دژمین؛ ژنێو؛ جوون؛ ژوون؛ ڤێس؛ چێڕ؛ سکان؛ سخیف؛ سخێف؛ سقێف؛ خەراو؛ خراو؛ خوسن؛ خۆسن؛ خەبەر؛ فاش؛ ناو یان ناونیتکەیەک بۆ بە خراو دەرکردنی کەسێک.

▣ **دشنام دادن/ گفتن:** جوێن‌دان؛ جنێودان؛ خەراو وتن؛ سخێف گوتن؛ ڤیلین؛ سکانن؛ دژمان دەی/ دای؛ ڤێسین؛ هەڵسکاندن؛ ششتن؛ شتن؛ شوست‌وشۆ دەرێنان.

دشنام شنیدن: جوێن بیستن؛ ناسزا بیستن؛ دژوێن ژنەفتن؛ دژمان ژنیەی؛ دژمان واردەی 〈به خاطر تو از دیگران دشنام شنیدم: بە بۆنەی تۆوە لە خەڵکی جنێوم بیست〉.

دشنام‌آلود / došnāmālûd/: *صفت.* جوێناوی؛

تێکەڵ بە جنێو.

دشنام‌آمیز / došnāmāmîz/: *صفت*. دژوێنـاوی؛ جنێواوی؛ تێکەڵاوی جوێن.

دشنام گونه / došnāmgûne/: *صفت*. دژوێن ئاسا؛ وەکوو جنێو.

دشـــنامگویی / došnāmgûyî ، ـهـا/: *اسـم*. جنێوفرۆشی؛ دژمان‌دەری؛ جـوێن‌فرۆشـی؛ کـار یان ڕەوتی جنێو دان.

دشنه / dešne, dašna ، ـها/: *اسم*. دشنه؛ کالانی؛ تووژگ؛ تیژک؛ چەقۆیـەک بـە تیغـەی درێـژ و تیژەوە بۆ چەقاندن بە جێیێکـدا یـان هەڵـدڕینی شتێک (بەتایبەت لەش).

دشوار / došvār/: *صفت*. دژوار؛ دوژوار؛ ئەستەم؛ حاستەم؛ حەستەم؛ سەخت؛ دوخشار؛ چـەتوون؛ ئارشە؛ ئاریشە؛ ئاسێ؛ هەسـەم؛ هاسـێ؛ عاسـێ؛ هش؛ گران؛ نەگواز؛ بە دۆخ یان چۆنیەتیـەکی وا کە هەڵکردن لەگەڵـیدا زۆر سـەختە. بەرانبـەر: **آسان** ‹کار دشوار؛ زنـدگی دشـوار: کـای دژوار؛ ژیـانی حەستەم›.

دشـــــواری / došvārî ، ـهــا/: *اسـم*. دژواری؛ دوژواری؛ سەختی؛ چەتوونی؛ دۆخ یان چۆنیەتی حاستەم بوون. بەرانبەر: **آسانی**

دعا / do'ā ، ـها؛ ادعیّه/: [عربی]/*اسم*. نقـا؛ دۆعـا؛ دوعا: ۱. نزا؛ گاز؛ وتەگەلێک کـە بـۆ خواسـتنی شتێک، ڕوو بـە خـودا و بـڕێ جـار پێغەمبـەر و پیرۆزان دەگوترێ ۲. *[اسلام]* نزا؛ گـاز؛ کۆمەڵـی داخوازی لە خودا، زۆرتر بە زمانی عەرەبی کە لە قورئـان یـان گەورەگـەلی دینـەوە وەرگـیراون ۳. نووشتە؛ نۆشتە؛ نشتوو؛ نووسراوەیەک، جار و بارە لەگەڵ نیشانەگەلێک بۆ دەرمانی نەخۆشـی یان بەرگری لە نەخۆشی.

▣ **دعای افطار**: دوعایەک کە لە کـاتی بـەربانگ کردنــەوەدا دەخوێنرێـت. هـەروەها: **دعــای تحویل سال**

دعای بد: تووک؛ نفر؛ نفرە؛ نفـرین؛ دۆعـای خراپ؛ دۆعای شەڕ.

دعــای خیــر: دۆعــای چاکــە؛ دۆعــای خێــر؛ داخوازی شتی باش لە خودا بۆ کەسێک.

▣ **دعا خواندن**: دۆعـا خوێنـدن؛ گـوتنی دۆعـا؛ خوێندنەوەی نووسراوەیەکی دۆعـایی کـە بـۆ ڕێ‌وڕەسم یان ئایینێکی تایبەت ئامادەکراوە.

دعا کردن: دۆعا کردن؛ گازەکردن؛ نزا کردن؛ لە خودا پاڕینەوە؛ لە خودا یان هەر کەسـێکی گەورە و مەزن شتێک خواستن.

دعای کسی مـستجاب/ اجابـت شـدن: دۆعـای کەسێک گرتن؛ دۆعای کەسێک گـیرا بـوون؛ دۆعای کەسێ کەوتنە کەرەم.

دعا گرفتن: نووشتەگرتن؛ لە نووشتەنووس بـۆ بەدیهاتنی ئاوات داوای نووشتەکردن.

دعا گفتن: دۆعا کردن؛ بۆ کەسـێک لـە خـودا شتێک خواستن.

دعـا نوشـتن: دۆعـا نووسـین؛ نووشـتەکردن؛ نووشتە نووسین؛ بۆ بـەرگری لـە گـەزن یـان نەخۆشی نۆشتەکردن.

دعات / do'āt/: [عربی] جمعِ ☜ **داعی**

دعاگو / do'āgû ، ـها؛ ـیان/: [عربـی/ فارسـی]/*اسم*. دۆعاخوێن؛ نزاخوان؛ نزاخـوێن؛ کەسـێ کـە لـە خــودا بــۆ کەســێکی تــر داوای چاکــە دەکــا. هەروەها: **دعاگویی**

دعانویس / do'ānevîs ، ـها؛ ـان/: [عربـی/ فارسـی] /*اسم*. دۆعـانووس؛ نووشـتەنووس؛ نۆشـتەنووس؛ کەسـێ کـە بـۆ خەڵـکی چـاوەزار دەنووسـێت. هەروەها: **دعانویسی**

دعاوی / da'āvî/: [عربی]/*اسم*. ۱. جمعِ ☜ **دعوا** ۲. جمعِ ☜ **دعوی**

دعوا / da'vā ، ـها/: [عربی]/*اسم*. ۱. *[گفتاری]* داوا؛ شــەڕ؛ جــەنگ؛ جەنگــەمرینگێ؛ ئاکارێــک کــە نیـشانەی کاردانەوەیـەکی ڕقـاوی کـەس یـان گرۆیــــەک لــــە بەرانبــــەر کــــەس یــــان گرۆیەکی ترەوەیە: *(الف)* شەڕەقسە؛ دەمەقاڵـە؛

بۆرەبنار؛ بنار؛ گیروکێشە؛ گێرەوکێشە؛ کاری بە گـژا چـوون؛ هەڵـپڕژانەوە ب) کـار یـان ڕەوتی لێکـدان؛ گژیـەی ۲. /دعـاوی/ سـکالا؛ سکاڵـە؛ داخوازی یـان شـکاتێک کـە لـە دادگـادا پێـی ڕادەگەن.

▣ وسط دعوا نرخ طی/ تعیین کردن ☜ وسط

دعوا داشتن: ۱. شەڕهاتن؛ شەڕ خواردن؛ شەڕ بە دەستەوە بوون؛ جەنگ ئامەی/ ئامای ‹مگـر دعوا داری؟: مەگەر شەڕت دی؟› ۲. شەڕ بـوون؛ جـەنگ بیـەی؛ دوشمنایـەتی و گێرەوکێـشە بوون ‹دو سال با هم دعوا داشتند: دوو ساڵ پێکەوە شەڕیان بوو›.

دعوا شدن: بوونە شەڕ؛ شـەڕ دروسـت بـوون؛ شـەڕ پێکهـاتن؛ شـەڕ خـۆش بـوون؛ شـەڕ داگرسان؛ خۆش بوونی پێکدادان یان کێشە و هەرا ‹دیشب میان همسایەها دعوا شد: دوێـشەو لـە نێوان دراوسێکاندا بوو بە شەڕ›.

دعـوا کـردن: شـەڕکردن؛ دەگـژ ڕاچـوون؛ هەڵـپڕژانە سـەر یـەک؛ جـەنگ کـەردەی؛ گژیـــەی؛ گێرەوکێـــشەکردن و پێکـــدادان ‹همـسایەهـا دعـوا مـی‌کننـد: دراوسـێکان شـەر دەکەن›.

دعوائی / da'vā'î/: [عربی] ☜ **دعوایی**

دعوایی / da'vāyî ، ـها/: [عربی] *صفت. [گفتاری]* شەڕانی؛ شەڕاشۆ؛ جەنگەرانی؛ تیژۆ؛ شاخی؛ درژ و گـرژ؛ شـەڕلا؛ ڕووش؛ هەڵـتووزێن؛ هەڵـچوو؛ جیـنگن؛ جـرجۆنگانیَ؛ پلەنـدەر؛ پەنگـڵەمێش؛ خاوەن ئاکاری ناهێمن و نەگونجاو ‹تازگیها خیلـی دعـوایی شـده اسـت: بـە تـازەیی زۆر شـەڕانی لێ‌دەرهاتووە›: **دعوائی**

دعوت / da'vat ، ـهـا/: [عربی] *اسم.* بانگهێـشتن؛ بانگێشتن؛ بانگەواز؛ لێ گێڕانەوە؛ دەعوەت؛ کـار یـان ڕەوتی بانـگ‌کـردنی کەسـێک بـۆ هاتنـە جێگایەک یان ئەنجامدانی کارێک.

▣ **دعـــوت رســـمی:** بانگێـــشتنی ڕەســـمـــی؛ بانگهێشتنیَ کە لە لایەن خاوەن پلەوپایەیێک یان بە شێوەیەکی ڕەسمی بەڕێوە دەچێت.

▣ **دعوت حق را لبیک گفتن:** *[مجازی]* ئـەمری خودا بەجێ هێنان؛ عەمر خوا کردن؛ مردن.

دعوت داشتن: بانگێشتن‌کران؛ دەعوەت بوون بۆ جێگایەک، بەتایبەت وەکوو میوانێک ‹مـن هم به عروسی دعوت داشتم ولی نـرفتم: منـیش بـۆ زەماوەنـد بانگێـشتن کرابـووم بـەڵام نـەچووم›.

هەروەها: **دعوت شدن؛ دعوت کردن**

دعـوت کـسی را اجابـت کـردن: بانگێـشتنی کەسـێک قـەبووڵ کـردن؛ داوەتی کەسـێک پەژێران؛ خوایشتی کەسێک پەزێران ‹دعوت او را اجابت کرد و در جلسه حاضر شد: بانگێـشتنەکەی قەبووڵ کرد و لە دانیشتنەکەدا بەشدار بوو›.

دعوتنامـه / da'vatnāme ، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی] /*اسـم.* داوەتنامــە؛ بانگێــشتنامە؛ نامــەیێ کــە کەسـێکی تێـدا بـۆ شـوێن یـان کارێـک بانـگ دەکەن ‹از کنگره بـرایش دعوتنامـه فرسـتاده‌اند: لـە کونگرەوە بانگێشتنامەیان بۆ ناردووە›.

دعوی / da'vî ، ـها؛ دعاوی/: [عربـی]/*اسـم.* خـوازە؛ داوا؛ وتەیەک کە دروستی یـان نادروسـتیەکەی نەسەلماوە. هەروەها: **دعوی داشتن؛ دعوی کردن**

دغدغان / daqdaqān/ ☜ **داغداغان**

دغدغک / daqdaqak/ ☜ **قُدقُدک**

دغدغه / daqdaqe ، ـها/: [عربی]/*اسم.* نیگـەرانی؛ کەڵکەڵە؛ ئەنێش؛ ترس؛ تەرسـی؛ خـۆف؛ بـیم؛ هەراس؛ هەراسە.

▣ **دغدغەی خاطر:** پەرێشانی؛ بیرئاڵۆزی.

دغسر / daqsar/: *اسم.* کەسـێ کـە بـەر سـەری تاسە.

دغل / daqal ، ـهـا؛ ـان/: [عربـی] *صفت.* گزیکـار؛ گەڕباز؛ فاکوفیک‌کەر؛ چۆغڵ؛ دەغـەڵ؛ فێـلباز؛ ناڕاست؛ فریوکار؛ نـادرووس؛ داوبـاز؛ گغنـی‌بـاز؛ تەشقەڵە؛ کەڵەک‌باز: **دغلباز؛ دغلکار**

دغلباز / daqalbāz/: [عربی/ فارسی] ☜ **دغل**

دغلبازی / daqalbāzî/: [عربی/ فارسی] ☜ **دغلی**

دغلکار / daqalkār/: [عربی/ فارسی] ☜ **دغل**

دغلکاری/ daqalkārî/: [عربی/ فارسی] ☜ **دغلی**

دغلی / daqalî ، ـها/: [عربی]/اسم. چۆغڵی؛ ناڕاستی؛ فێڵبازی؛ گزیکاری؛ فریوکاری؛ دەغەڵی؛ داوبازی؛ کەڵەکبازی؛ گغنیبازی؛ شڵتاخی؛ تەشقەڵەبازی: **دغلبازی؛ دغلکاری**

دغمسه / daqmase ، ـها/: [از عربی]/اسم. [گفتاری] قەرقەش؛ قەرقەشە؛ دەردیسەر؛ گێرە و قەرقەش؛ تەنگوچەڵەمە؛ بار و دۆخی دژوار و سەخڵەت: **دخمسه؛ دغمصه**

◘ **توی دغمسه افتادن:** کەوتنە چەڵەمەوە؛ تووش بوون؛ تووشی دەردیسەر هاتن؛ تووشی گێرە و قەرقەش بوون.

دغمصه / daqmase/: [عربی] ☜ **دغمسه**

دف / daf ، ـها/: [معرب از آرامی]/اسم. [ادبی] دەف؛ دەفە؛ دەفک؛ عارەبانە؛ ئامرازێکی مووزیک لە پێستی بە سەر کەمەدا کێشراو.

دفاتر / dafāter/: [عربی] جمعِ ☜ **دفتر**

دفاع / defā' ، ـها/: [عربی]/اسم. خۆپارێزی؛ بەرگری؛ بەرەڤانی: ۱. بەرهەڵستی؛ بەرەنگاری؛ وەستانەوە لە بەرانبەر مەترسی یان هێرشەوە ‹در برابر مهاجمان از خودش دفاع کرد: لە بەرانبەر هێرشبەرانەوە خۆی پاراست› ۲. کار یان ڕەوتی بەڵگە هێنانەوە: الف) بۆ جواب دانەوە یا خۆ پەڕاندنەوە لە مەترسی ‹در برابر دادگاه از خودش دفاع کرد: لە بەرانبەر دادگاوە بەرەڤانی لە خۆی کرد› ب) بۆ نیشاندانی ڕاستی و دروستی شتێک کە قسەی لێکراوە ۳. باشار؛ بەرگیری؛ هەر کارێک بۆ بەرگریکردن لە سەرکەوتنی دوژمن یان هامبازەوە ٤. کەس، هێز یان ئامرازگەلێک کە کاری بەرگرییان وەئەستۆیە ٥. [ورزش] بەک؛ دیفاع؛ هەرکام لەو یاریکەرانەی تیمی فووتباڵ کە نزیکترن بە دەروازەوانەوە و لە پشت سەری یاریکەرەکانیتردان.

دفاعی / defā'î/: [عربی] صفت. بەرگرانە؛ پێشگرانە ‹نیروی دفاعی: هێزی بەرگرانە›.

دفاعیات/ defā'îyyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **دفاعیّه**

دفاعیه / defā'îye ، ـها؛ دفاعیّات/: [عربی]/اسم. باشارنامە؛ بەرگرینامە؛ نووسراوە یان وتارێ کە بۆ بەرگری لە خوازە و داوای کەسێک بە کار دەڕوا ‹دفاعیه‌اش در روزنامه‌ها چاپ شده است: باشارنامەکەی لە ڕۆژنامەکاندا چاپ بووە›.

دفاین / dafāyen/: [عربی] جمعِ ☜ **دفینه**

دفتر / daftar ، ـها؛ دفاتر/: [معرب از یونانی]/اسم. دەفتەر: ۱. پەڕاو؛ تێنووس؛ پەڕاوی؛ دەستەیەک کاغەزی سپی پێکەوە لکاو/ دووراو کە بۆ نووسین بە کار دێ ‹دفتر مشق؛ دفتر اندیکاتور: پەڕاوی مەشق؛ دەفتەری ئەندیکاتۆر› ۲. نووسینگە؛ نڤیسنگە؛ مەکتەب؛ جێگایەک (بریتی لە یەک یان چەند هۆدە) کە دەوێدا کاری بازرگانی و مەزرینگەیی دەکرێت ‹دفتر وکالت: نووسینگەی بریکاری› ۳. نووسیگە؛ نووسگە؛ نووسینگە؛ نڤیسخانە؛ یازخانە؛ دەفتەرخانە؛ دیوی نووسینی بە کۆمەڵ؛ بەشێ لە دامەزراوە یان مەزرینگە کە کار و باری نامە نووسین و هەناردن و وەرگرتنی نامە جێبەجێ دەکا.

◘ **دفتر ارسال مراسلات** ☜ **دفتر نامەرسانی**

دفتر اسناد رسمی: دەفتەرخانە؛ نووسگە؛ نووسینگە؛ ڕێخراوەیەکی ڕەسمی بۆ تۆمار کردنی سەودا و دەرکردنی بەڵگە و نڤیسکی ڕەسمی: **دفترخانه؛ محضر**

دفتر اموال: دەفتەرێ کە ناو و نرخی هەموو دارایی دامەزراوەیێکی تێدا نووسراوە. هەروەها: **دفتر اسناد؛ دفتر کالا**

دفتر اندیکاتور: دەفتەری ئەندیکاتۆر؛ دەفتەری تۆمارکردنی مێژوو، ژمارە و کورتەی مەبەستی نامەگەلێ کە هاتووە یان نێردراوە: **دفتر نماینده**

دفتر اندیکس: پەڕاوی ئەندیکس؛ دەفتەرێ کە

نامەگەل بە ڕزنێکی تایبەتەوە تێیدا ژمارە دەبن و پاشان لە دەفتەری ئەندیکاتۆردا تۆمار دەکرێن: **دفتر راهنما**

دفتر بایگانی: پەڕاوی بایگانی؛ دەفتەرێ کە بەڵگەی بایگانی کراوی تێدا تۆمار دەبێ.

دفتر پاکنویس: پەڕاوی پاکنووس؛ دەفتەرێ کە نووسراوەگەلی تێدا پاکنووس دەکرێ.

هەروەها: **دفتر چرکنویس**

دفتر تجارتی: ١. تێنووسی بازرگانی؛ دەفتەرێ کە هەر دامەزراوەیەکی بازرگانی لەسەریەتی کە حیسابگەلی یانەی بازرگانی تێدا بنووسێ و ئاگاداری لێوە بکا ٢. نووسینگەی بازرگانی؛ یانەی بازرگانی.

دفتر خاطرات: یادنامە؛ دەفتەری بیرەوەری.

دفتر دارایی: پەڕاوی دارایی؛ هەر یەکە لە دەفتەرگەلی قانوونی (وەک دەفتەری ڕۆژنامە و دەفتەری گشتی) کە هەر دامەزراوەیەکی بازرگانی دەبێ بیپارێزێ و هەموو ساڵێک (بۆ دەستنیشان‌کردنی بڕی مالیات یان پێڕاگەیشتنی) نیشانی بەڕێوەبەرانی مەزرینگەی دارایی بدات.

دفتر راهنما ☜ **دفتر اندیکس**

دفتر روزنامه: ١. پەڕاوی ڕۆژانە؛ تێنووسی ڕۆژانە؛ پەڕاوێ کە سەودا و مامەڵەی ڕۆژانەی دامەزراوەیەکی بازرگانی تێدا دەنووسن ٢. مەزرینگەی ڕۆژنامە.

دفتر رونوشت: پەڕاوی ڕوونووس؛ دەفتەرێ کە ڕوونڤیس لە هەموو نووسراوەگەلی دامەزراوەیەکی تێدایە: **دفتر کپیه**

دفتر سیاسی: بنکەی ڕامیاری؛ دیوان؛ دەفتەری سیاسی؛ کومیتەی بەڕێوەبەرایەتی.

دفتر سیمی: پەڕاوی سیمی؛ پەڕاوی تەلبەست؛ دەفتەرێ کە پەڕەکانی بە تەل پێکەوە بەسراون.

دفتر شطرنجی: پەڕاوی شەترەنجی؛ دەفتەرێ کە کاغەزەکەی خان‌ـخانە.

دفتر صورتجلسه: پەڕاوی دانیشتن؛ دەفتەرێ کە باس‌وخواسی دانیشتنگەلی فەرمی دامەزراوە یان کۆڕێکی تێدا تۆمار دەکرێ.

دفتر قانونی: پەڕاوی قانوونی؛ هەر یەکە لە دەفتەرگەلی ماڵی دامەزراوەیەک کە لە لایەن مەزرینگەی داراییەوە پنج و مۆرکراوە و لە لێکدانەوەی حیسابەکاندا دەگەڕێنەوە سەری.

دفتر کار: نووسینگە؛ هۆدە یان خانوبەرەیێ کە دەوێدا چەشنێک چالاکی بازرگانی و مەزرینگەیی دەکرێت.

دفتر کپیه ☜ **دفتر رونوشت**

دفتر کلّ: پەڕاوی گشت؛ گنووس؛ دەفتەرێ کە هەر دامەزراوەیەکی بازرگانی پێویستە ئاگاداری لێوە بکات و هەموو حەفتەیەک لانی کەم یەک جار گشت دانوستەکانی خۆی بابەت بە بابەت تێدا تۆمار بکا.

دفتر مشق: دەفتەری مەشق؛ پەڕاوێک کە قوتابی بۆ ڕاهاتن، دەرسەکانی تێدا دەنووسێت.

دفتر مُعین: لە دەفتەرگەلی بازرگانی کە تێیدا حیسابەکان بە هەڵاواردەیی لە پەڕەگەلی جیاوازدا دەنووسرێ.

دفتر نامەرسانی: دەفتەرێک کە وەرگری نامە ئیمزای دەکا کە ڕاگەیەنێ کە نامەکەی وەرگرتووە: **دفتر ارسال مراسلات**

دفتر نماینده ☜ **دفتر اندیکاتور**

دفتر وکالت: نووسینگەی بریکاری؛ شوێنی کارکردنی بریکار.

دفتر یادبود: دەفتەری بیرئانین؛ پەڕاوێ کە دیدارکەران بیروڕا یان بیرەوەری خۆیانی تێدا دەنووسن.

دفتر یادداشت: دەفتەری یادداشت؛ دەفتەرێ کە بۆ یادداشت‌کردنی نووسراوە بە کار دەبرێ.

دفترچه / daftarče ، ـها/: [معرب/ فارسی]/اسم. دەفتەرچە؛ دەفتەری چکۆلە.

◙ **دفترچەی پس‌انداز:** دەفتەرچەی پاشەکەوت.

دفترخانه / daftarxāne ، ـها/: [معرب/ فارسی] /اسم. دفتر اسناد رسمی ☜ **دفتر**

دفتردار / daftardār ، ـها؛ ـان/: [معرب/ فارسی] /اسم. دەفتەردار: ۱. کەسێ کە بەرپرسی نووسین، ڕێکوپێک کردن و ئاگاداری لە دەفتەرگەلی دامەزراوەیەکە ۲. سەردەفتەر؛ بەڕێوەبەر یان خاوەنی نووسینگە.

دفترداری / daftardārî/: [معرب/ فارسی]/اسم. دەفتەرداری: ۱. کار یان ڕەوتی ڕێکوپێک کردن و ئاگاداری لە دەفتەرگەلی دامەزراوەیەک ۲. پیشەی دەفتەردار.

دفترک / daftarak ، ـها/: [معرب/ فارسی]/اسم. بروشوور: ۱. نووسراوەی چاپی زیاتر لە دوولاپەرە و کەمتر لە ٤٨ لاپەڕە، بێ بەرگ و شیرازەی تایبەت ۲. کورتە نووسراوەی چاپی سەبارەت بە تایبەتمەندی و چۆناوچۆنی کەرەستەیێک.

دفتر و دستک / daftar-o-dastak/: [معرب/ فارسی]/اسم. [گفتاری] دەفتەر و دەستەک؛ کۆمای دەفتەر، یادداشت و حسێبگەلی کەس یان مەزرینگەیەک.

دفتری / daftarî/: [معرب] صفت. نووسینگەیی؛ نووسگەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە نڤیسنگەوە ‹کار دفتری: کاری نووسینگەیی›.

دفتریار / daftaryār ، ـها؛ ـان/: [معرب/ فارسی] /اسم. دەفتەریار؛ جێگری سەردەفتەر لە دەفتەرخانەدا.

دفته / dafte ، ـها/: اسم. [نساجی] کەلکیت؛ کەرکیت؛ دەف؛ دەفە؛ هەپک؛ هەپۆ؛ هەپە؛ ئامرازێکی کانزایی و قورس بۆ کوتانەوەی پۆ: **دفتین؛ دفه**

دفتین / daftîn/: [از عربی] ☜ **دفته**

دفزن / dafzan ، ـها؛ ـان/: [معرب/ فارسی]/اسم. [ادبی] دەفژەن؛ دەفزەن؛ دەفەلێدەر؛ ژەنیاری دەف.

دفع / daf'/: [عربی]/اسم. دەران: ۱. دەلەک؛ دەللەک؛ کار یان ڕەوتی دوورەوەکردن، ڕەواندن و ڕانان؛ دەراندن ۲. دەراوی؛ کار یان ڕەوتی تلتە و ڕیخ دانە دەر؛ ڕاداشتن. هەروەها: **دفع شدن؛ دفع کردن**

◙ **دفع فاسد به أفسد کردن:** پیس بە پیس‌تر پاکەوەکردن؛ خراو بە خراوتر ڕانان؛ بە خراپترێک خراپێک لە نێو بردن.

دفعات / dafa'āt/: [عربی] جمعِ ☜ **دفعه**

دفعتاً / daf'atan/: [عربی] قید. ناکاو؛ لەنکاو؛ لەنەکاو؛ یەکجارە؛ یەکهەو؛ گوزوگومەت؛ گزوگومبەت؛ ناگا؛ کوت‌وپڕ؛ لە کتوپڕا؛ لەپڕدا ‹دفعتاً بلند و شد و راه افتاد: لەنکاو هەستا و کەوتە ڕێ›.

دفعه / daf'e ، ـها؛ دفعات/: [عربی]/اسم. جار؛ کەرەت؛ ڕا؛ کەشە؛ چەل؛ گلۆنگ؛ گەلانکە؛ هەو؛ هەل؛ حەل؛ دال؛ سەر؛ گل؛ گا؛ بارە؛ وارە؛ دەحە؛ دەفحە؛ ژمارەی ڕووداو یان کارێکی دوو یان چەند پاتەیی ‹چهار دفعه به دیدنت آمدم نبودی: چوار جار هاتم بۆ لات، نەبووی›.

دفعی / daf'î/: [عربی] صفت. ۱. دەرکردنی؛ ڕانانی؛ دەردانی ۲. دەردراو؛ دوورخراو.

دفن / dafn/: [عربی]/اسم. ۱. خاک‌سپێری؛ دەفن؛ کار یان ڕەوتی ناشتن؛ ناژتن؛ مردوو تەمراندن؛ بە خاک سپاردن، بەتایبەت تەرمی مردوو ۲. کار یان ڕەوتی شاردنەوە/ شاردرانەوە؛ حەشاردان/ حەشاردران؛ لمتش؛ وەدارتش؛ وەداروتش؛ وەدەتش؛ وەدەرتش؛ وەشاریان یان وەشارتنی شتێک لە ژێر کۆمایێ شتی‌ترەوە، بەتایبەت خاک ‹در زیر تودەی بهمن دفن شده بود: لە ژێر کۆمای هەرەسدا شاردرابووەوە›. هەروەها: **دفن شدن؛ دفن کردن**

دفه / dafe/ ☜ **دفته**

دفیله / defîle/: [فرانسوی]اسم. [نامتداول] ڕیـزه؛ ڕزه.

▣ دفیله‌ی مد: ڕزه‌ی باو؛ ڕانانی باو؛ ڕانوانی مود.

دفینه / dafîne ، ـها؛ دفاین/: [عربی]اسم. ژێرخاکی؛ گه‌نج یان شتی به‌نرخ که له ژێر خاکدایه.

دق / deq(q)/: [عربی]اسم. دیـق/ دیـق: ۱. [قدیمی] ژانه‌زراف؛ ده‌رده‌باریکه؛ کان؛ ته‌ق؛ نه‌خۆشی سیل ۲. نه‌خۆشینێ که به هۆی خه‌م و خه‌فه‌تی زۆره‌وه تووشی که‌سێک ده‌بێت ۳. [مجازی] کول‌وکه‌سه‌ر؛ داخ و ئاخ؛ جه‌خار؛ ئالوز؛ خه‌م و خه‌فه‌تی زۆر.

▣ دق دل ☜ **دق‌دلی**

▣ دق کردن: دیـق/ دیـق کـردن؛ بـه هـۆی کـول‌وکه‌سـه‌ری زۆره‌وه تووشـی نه‌خۆشـین هاتن ‹از شنیدن خبر دار زدن دخترش دق کرد و مرد: لـه بیستنی خه‌بـه‌ری لـه سـێداره درانی کچه‌که‌ی دیقی کرد و مرد›.

دق‌الباب / daqqolbāb ، ـها/: [عربی]اسم. [ادبی] ته‌قه؛ کاری له درگا دان؛ ته‌قه لێدان؛ ده‌رگا کوتان ‹دق‌الباب کرد و منتظر ماند: ته‌قـه‌ی دا و چاوه‌ڕێ ما›. هه‌روه‌ها: **دق‌الباب کردن**

دقایق / daqāyeq/: [عربی] جمعِ ☜ **دقیقه**

دقـت / deqqat ، ـها/: [عربی]اسم. ۱. وردی؛ هویری؛ هێزێکی زه‌ینی که له پێکهێنان یان وه‌به‌ر نان و ئاماده‌کردنی شتێک، به‌تایبه‌ت به ورد بوونه‌وه لـه ورده‌کاریه‌کانیدا ده‌کار چووه ۲. ڕاده‌ی دروستی و ته‌بایی شتێک به‌پێی ئه‌ندازه و پێومانگه‌لی ڕه‌چاوکراوه‌وه ۳. سه‌رنج؛ سـه‌رنجه؛ دی؛ کـار یـان ڕه‌وتی لێـروانین و هه‌ڵسه‌نگاندنی شتێک به وردی.

▣ دقـت کـردن: زه‌یـنین؛ سـه‌رنج دان؛ ورد بوونه‌وه؛ هوور بوونه‌وه؛ بـه وردی لـێ‌ڕوانـین؛ بـه‌کارهێنانی زه‌یـن، هـزر و بـیر یـان که‌رسـه‌گه‌لی سـه‌نگاندن بـۆ گه‌یـشتن بـه ئاکامی دروست و ڕه‌چاوکراو.

دق‌دلی / deq(qe)delî ، ـها/: [عربی/ فارسی]اسم. [مجازی، گفتاری] داخی دڵ؛ داخه‌دڵی؛ ڕقـی دڵ؛ قینی دڵ؛ تـووڕه‌یی بـه بۆنـه‌ی ده‌رد و ڕه‌نجـی زۆره‌وه: **دق‌دل**

▣ دق‌دلـی درآوردن: داخـی دڵ ڕژانـدن؛ دڵ خاڵی کردنه‌وه؛ باربووکردنه‌وه‌ی چه‌وساوه‌یی و بێ‌به‌شی.

دق‌دلـی سـر کـسی/ چیـزی خـالی کـردن/ درآوردن/ درکـردن: [مجازی] داخـی دڵ بـه سه‌ر که‌سێ/ شتێکدا خاڵی کردنه‌وه/ ڕژانـدن؛ دڵێشاوی و تووڕه‌یی خۆ به ئازار گه‌یانـدن بـه که‌س یان شتانی‌تره‌وه لابـردن ‹دق‌دلی‌اش را سر ظرفها دراورد: داخی دڵـی بـه سـه‌ر قاپه‌کانـدا ڕژاند›.

دق‌کـش / deqkoš/: [عربـی/ فارسـی] صـفت. زووخاوکوژ؛ زووخاوزگ؛ دیق‌کوژ؛ تووشی مه‌رگ هاتوو به هۆی کول‌وکه‌سـه‌ری زۆره‌وه ‹با همین کارهایت آخرش مرا دق‌کش می‌کنی: هه‌ر به‌م کارانه‌ت ئاخری من زووخاوکوژ ده‌که‌ی›.

دق‌مـرگ / deqmarg/: [عربـی/ فارسـی] صفت. [گفتاری] داخ‌کـوژ؛ ژانه‌مـه‌رگ؛ مـردوو بـه هـۆی ده‌رد و ڕه‌نج و خه‌فه‌ت خواردنی زۆره‌وه ‹بعد از اعدام پسرش دق‌مرگ شد: دوای ئێعـدامی کوڕه‌کـه‌ی داخ‌کوژ بوو›. هه‌روه‌ها: **دق‌مرگ شدن**

دقه / daqqe ، ـها/: اسم. [مکانیک] پـڵته؛ ترپـه؛ ده‌نگێک که به هۆی باش نه‌سووتانی بنـزینی موتۆره‌وه به‌دی دێ.

دقیـق / daqîq/: [عربـی] صـفت. ڕێـک؛ ورد: ۱. میـزان؛ دووز؛ بـه سـه‌رنج ‹ساعت دقیـق: کاتژمێری ڕێک› ۲. ڕێک‌وپێک؛ هاوگه‌ر له‌گه‌ڵ پێوه‌رگه‌لی دیاریکراودا ‹وقت دقیق؛ کار دقیق: کاتی ڕێک؛ کاری ڕێک‌وپێک›. هه‌روه‌ها: **دقیق بودن**

▣ دقیق شدن: ورد بوونـه‌وه؛ ورده‌وه بـوون؛ بـه

سەرنجەوە ڕوانین و لێکۆڵینەوە لە شتێک ‹وقتی به صورتش دقیق شدم، او را شناختم: کاتێ کە لە دەموچاوی وردەوە بووم، ناسیمەوە›.

دقیقاً / daqîqan/: [عربی] قید. ڕاست؛ ڕێک؛ تەخت؛ ڕێکوڕاس؛ بەوردی؛ بە ڕاستی و دروستی ‹دقیقاً چه گفت؟؛ دقیقاً چهار کیلومتر بود: ڕاست چی گوت؟؛ ڕێک چوار کیلۆمیتر بوو›.

دقیقه / daqîqe، ـها؛ دقایق/: [عربی] اسم. ١. هووردەم؛ خولکە؛ خولەک؛ دەقیقە؛ دەقە؛ دیقە؛ دەیقە؛ وردەک؛ یەکەی پێوانی کات بەرانبەر بە ٦٠ چرکە ٢. یەک لە شەست(١/٦٠)ی پلەک (دەرەجە) ٣. [مجازی] تاو؛ سات؛ دەقیقە؛ دیقە؛ کاتی زۆر کەم ‹یک دقیقه آرام بگیر: تاوێک ئۆقره بگرە› ٤. [ادبی] چەمکی ڕێکوپێک؛ بابەتی ورد.

دقیقه‌ای[1] / daqîqe'î/: [عربی] صفت. خولکەیی؛ خولەکی؛ دەقیقەیی؛ دیقەیی؛ پێوەندیدار بە دەقیقەوە ‹کار دو دقیقه‌ای: کاری دوو خولکەیی›.

دقیقه ای[2]: قید. ١. دیقەیی؛ خولکەیی؛ خولەکی؛ دەقەیی؛ بە پێی دەقیقە ‹دقیقه‌ای پول می‌گرفت: دیقەیی پارەی وەردەگرت› ٢. خولکەیەک؛ خولەکێک؛ دیقەیەک؛ دەقیقەیەک؛ لە هەر دەقیقەیەکدا ‹دقیقه‌ای صد حرف تایپ می‌کرد: دیقەیەک سەد پیتی تایپ دەکرد›.

دقیقه شمار / daqîqešomār/: [عربی/ فارسی] اسم. خولەکژمێر؛ دیقەژمار؛ عەقرەبە درێژۆکەی سەر پەڕەی کاتژمێر کە خولەک نیشان دەدا.

دقیقه‌شماری / daqîqešomārî/: [عربی/ فارسی] اسم. [کنایی] چاوەڕێیی وێڕای بزۆزی و بێئۆقرەیی.

دک / dak/: اسم. [گفتاری] سەر؛ سەرە؛ کەلە؛ کەللێ.

▣ **دک شدن**: لە مل بوونەوە؛ لە کۆڵ بوونەوە؛ تەمر بوون؛ لە ملەو بوون؛ ڤەچفیان؛ دەرکران؛ ڕتان؛ قەوران؛ دەک بوون؛ هەڵفرتان؛ بە نهێنی و نائاشکرایی وەلانران ‹وقتی ارباب دک شد، افتادیم به جان پیشکار: کاتێک ئاغا لە مال بووەوە؛ کەوتینە گیانی زاوتەکەوە›.

دک کردن: شەلقاندن؛ لە ملەوکردن؛ لە کۆڵ کردنەوە؛ تەمر کردن؛ قەوراندن؛ ڤەچفاندن؛ ڕتاندن؛ هەڵفرتاندن؛ هەڵفرتانن؛ چفاندن؛ قەشتاندن؛ هەڵپرتاندن؛ وەدەرنان؛ بەرپرنای؛ ڕەڤاندن؛ ڕەواندن؛ قەڵتاندن؛ بە فێڵ و تەڵەکە لە جێگایەک دوورکردنەوە ‹چقدر زور زدیم تا او را دک کردیم: چەن پەلوپۆمان کرد تا لە ملمان کردەوە›.

دکاگرم / dekāg(e)ram/: [فرانسوی] اسم. دیکاگرەم؛ یەکەی ئەندازەگیری پێوانی کێش بەرانبەر بە ١٠ گرەم.

دکالیتر / dekālîtr/: [فرانسوی] اسم. دیکالیتر؛ یەکەی ئەندازەگیری بارستایی بەرانبەر ١٠ لیتر.

دکامتر / dekāmetr/: [فرانسوی] اسم. دیکامیتر؛ یەکەی پێوانی درێژایی بەرانبەر ١٠ میتر.

دکان / dok(k)ān، ـها؛ دکاکین/: [عربی] اسم. دووکان؛ دوکان: ١. هۆدەیێ لە سەر گوزەری گشتیەوە بۆ ڕانانی کاڵا یان ڕاژەی پێویستی خەڵک ٢. [مجازی] ڕێگای دابین کردنی داهات بە شێوەی نادرووس و نەگونجاو ‹آقا، این که مدرسه نیست، دکان است: کاکە، ئەمە قوتابخانە نیە، دووکانە›.

▣ **دکان کسی تخته شدن**: [کنایی] ١. کاری کەسێک خەوتن؛ کاری کەسێک ڕاوەستان ٢. لە برەوکەوتنی کاری کەسێک؛ کاری کەسێک کەساد بوون ‹با آمدن کامپیوتر دکان حروفچینها تخته شد: بە هاتنی کۆمپیۆتەر کاری پیتچنەکان لە برەوکەوت›.

دکاندار / dokāndār، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] اسم. دووکاندار؛ دوکاندار؛ خاوەن دوکان.

دکتر / doktor، ـها/: [فرانسوی] اسم. دوکتور؛

دکتۆر: ۱. بژیشک؛ پزشک؛ حەکیم ۲. دەواساز؛ دەرمان چێکەر ۳. کەسێک کە لە بوارێکی زانستیدا بانترین پلەی زانستگایی هەیە.

دکترا / doktorā/: [فرانسوی] /اسم. دوکتورا؛ دەرەجەی دوکتوری ‹دکترای ادبیات: دوکتورای ویژەوانی›.

دکترس / doktores/: [فرانسوی] /اسم. *[نامتداول]* خانم دوکتور؛ ژنێ کە پلەی دوکتوری هەیە.

دکتری / doktorî/: [فرانسوی] /اسم. دوکتوری: ۱. چۆنیەتی دوکتور بوون ۲. دوکتورا؛ پیشە یان پلەکی دوکتور.

دکترین / doktorîn، ـها/: [فرانسوی] /اسم. ئامۆژە؛ ڕێباز؛ کۆمەڵەی بنەماگەلی فێرکاری پێوەندیدار بە بابەت، کەس یان ڕێبازێکی دیاریکراوەوە.

دکستروز / dekst(e)roz/: [فرانسوی] ☜ **گلوکز**

دکل / dakal، ـها/: اسم. دەکەڵ؛ دیکەڵ؛ دیگەڵ؛ دیگەڵە؛ ئەستۆن؛ هوستون: ۱. کۆڵەکەی گەمیە؛ کۆڵەکەیەکی ئەستوونی لە سەر کەشتی، بۆ هەڵدانی بادەوان و لار و سەنگی ڕاداشتنی ۲. دیرەگ؛ پێکهاتەیەکی ئەستوونی و بەرز و باریک لە چێو یان کانزا بۆ هەڵکێشانی شتومەک ۳. کۆڵەکە؛ پێکهاتەیەکی ئەستوونی بەرز لە چێو یان کانزا بۆ ڕاگرتن و پارازتنی شتێک لە بەرزایی پێویستدا.

دکلره / dekolore/: [فرانسوی] صفت. ڕەنگلێسڕاو؛ بێڕەنگ بوو؛ کاڵەوبووگ؛ بێڕەنگکراو؛ ڕەنگسڕاو.

دکلمه / deklame، ـها/: [فرانسوی] /اسم. دیکلەمە؛ کار و ڕەوتی خوێندنەوەی بەرهەمێکی ویژەیی بە حالەتێکی کارا.

دکمه / dokme/: [ترکی] ☜ **تُکمه**

دکوپاژ / dekopāj، ـها/: [فرانسوی] /اسم. دیکۆپاژ؛ کار و ڕەوتی دابەش بوونی فیلمنامە بە پێی بەش و نماگەلی جۆراوجۆرەوە.

دکوپوز / dak-o-pûz/: /اسم. *[تعریض]* ۱. دەم و فلچ؛ دەم و قەپۆز؛ دەم و لەوس؛ چرپ و چەناکێ؛ دەم و فلق ‹می‌زنم دک و پوزت را خرد می‌کنم: لێت دەدەم دەم و فلچت دێنمە یەک› ۲. دیامان؛ سیما؛ تەحر؛ بیچم؛ چڕ و چاو؛ تووز.

دک‌ودنده / dak-o-dande/: /اسم. *[گفتاری]* شان و پەراسوو؛ سەر و سینگ ‹دک و دنده‌ی پیرمرد را شکست: شان و پەراسووی پیرەمەردەکەی شکاند›.

دکور / dekor، ـها/: [فرانسوی] /اسم. دیکۆر؛ ڕازە: ۱. کەلەبدون؛ ئەوەی بۆ خەملاندنی جێگایەک (وەک شانۆ، ژوور، نووسینگە و...) و دەرهێنانی بە شێوازی دڵخواز بە کار دەبرێ ۲. پەردە یان قاپێکی گەورە کە وێنەی تێدا کێشراوە و بۆ ڕازاندنەوەی شانۆ بە کار دەڕوا ۳. شتێ کە لایەنی نومایشی هەیە و هەر بە مەبەستی بەدیهێنانی ڕوانینێکی تایبەت لە بینەردا بە کار دەبرێ ‹این کتابخانه دکور است و اینجا کسی کتاب نمی‌خواند: ئەم کتێبخانەیە دیکۆرە و کەس لێرە کتێب ناخوێنێ›.

دکوراتور / dekorātor، ـها/: [فرانسوی] /اسم. ڕازێنکار؛ ڕازێنەر؛ دیکوراتۆر: ۱. بەرهەڤکری شاشەی شانۆ ۲. ئەوی کە جێگایەک دەڕازێنێتەوە.

دکوراتیو / dekorātîv/: [فرانسوی] صفت. ئارایشتی؛ ڕازاندنەوەیی؛ پێوەندیدار بە ڕازاندنەوەوە.

دکوراژه / dekorāje/: [فرانسوی] صفت. دڵسارد؛ دڵسەرد؛ دڵسار.

دکوراسیون / dekorās(i)yon، ـها/: [فرانسوی] /اسم. دیکوراسیون؛ ڕازێنی: ۱. کار، ڕەوت، زانست یان هونەری ڕازاندنەوەی جێگایەک ‹آرام کارشناس دکوراسیون داخلی است: ئارام کارناسی دیکوراسیونی ناوەکیە› ۲. کەلەبدون؛ شت یان شتگەلێک کە بۆ ئارایشتی شانۆ بە کار دەڕوا ۳. ڕازاندنەوەی ناوەوەی ماڵ ‹دکوراسیون خانه‌ات

را عـوض کـردەای؟: دیکوراسیۆنـی ماڵـەکەت گۆڕاوە؟›.

دکه / dakke ، ـها/: [عربی]/اسم. ١. هۆڵک؛ دەکە؛ هۆدەیەک لە پەنای پیادەڕۆدا کە ڕۆژنامە و وردەشتی لێ دەفرۆشن ٢. دوکانۆکە؛ دوکانچە؛ دوکانی بچکۆلە ٣. پساتی دەسفرۆشی بە شێوەی تەخت یان مێزێکی وردەواڵە لە سەر چنراو.

دکەدار / dakkedār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] /اسم. دەکەدار؛ هۆڵکدار؛ کەسێ کە خاوەنی دەکەیەکە و لەوێدا کار دەکا.

دگر[1] / degar/: صفت. [مخفف] دی؛ تر؛ تەر؛ دیکە؛ دیتر ‹بارِ دگر بهار شد: جارێکیتر بوو بە بەهار›.

دگر ـ[2]: قید. دیسان؛ ئیتر؛ ئەیتر؛ ئێتەر؛ ئێتر؛ هەمدیس؛ هەمیسان؛ هەمدی؛ هەمتر؛ هەمتەر ‹دگر بگوی: دیسان بێژە›.

دگر ـ[3]: پیشوازه. ـ نوێ؛ ـ جیاواز؛ جیا ـ؛ جۆرێکی جیاواز ‹دگراندیش: بیرنوێ›.

دگراندیش / degarandîš ، ـها؛ ـان/: صفت. بیرجیاواز؛ خاوەن بیرێکی جیاواز لەگەڵ ئەندێشەی زاڵ بە سەر کۆمەڵگا یان گرۆیەکدا. هەروەها: **دگراندیشی**

دگربار / degarbār ، ـها؛ ـان/: قید. جارێتر؛ جارێکیتر؛ ڕایێتر؛ ڕایێکیتر؛ جارێوتەر؛ دووبارە. هەروەها: **دگربارە**

دگربارورسازی / degarbārvarsāzî/ ☜ **دگرباروری**

دگرباروری / degarbārvarî ، ـها/: اسم. [زیستشناسی] ڕەوتی بەبەرکردنەوە؛ بەردار کردنەوە؛ بەرگرکردنەوە؛ تێکەڵاو بوونی گانەگەلی نێر و مای کەسانی جیاوازی سەر بە گۆنەیەک: **دگربارورسازی؛ دگرگشنی**

دگربافتی / degarbāftî/: اسم. [زیستشناسی] گۆڕانی بیچمی شانەیەک بۆ شانەیەکیتر (وەک گۆڕانی کرۆژە بە ئێسک): **دگرسازی**

دگردیسی / degardîsî ، ـها/: اسم. [زیستشناسی] چەرخەی گۆڕانی لە پەستای گیانەوەرێک لە ساواییەوە تا جحێلی کە هاوڕێیە لەگەڵ لە دەست دان یان بە دەست هێنانی ئەندامانێک.

دگرسازی / degarsāzî/ ☜ **دگربافتی**

دگرسانی/ degarsānî/ ☜ **دگرشکلی**

دگرشکلی / degaršeklî ، ـها/: [فارسی/ عربی] اسم. [زیستشناسی] هەر یەکە لە تایبەتمەندیگەلی دوانەی دایک و بابی کە دژ بەیەکن و یەکێکیان لە گیانەوەردا دەبیندرێتەوە (وەک بەرزی و نزمی باڵا، ڕەنگی چاو و ...): **دگرسانی**. هەروەها: **دگرشکل؛ دگرسان**

دگرگشنی / degargošnî/ ☜ **دگرباروری**

دگرگون / degargûn/: صفت. [ادبی] گۆڕاو؛ گۆڕدراو؛ وارپا؛ بە دۆخ یان چۆنیەتیەکی جیاواز لەگەڵ دۆخ یان چۆنیەتی پێشوودا ‹رنگش دگرگون شد: ڕەنگی گۆڕا›: **دیگرگون**. هەروەها: **دگرگون بودن؛ دگرگون شدن؛ دگرگون کردن**

دگرگونگی / degargûnegî/: اسم. گۆڕانکاری؛ گۆڕدراوی: ١. دۆخ یان چۆنیەتی گۆڕاو بوون ‹انقلاب موجب دگرگونگی جامعه شد: ڕاپەڕین بوو بە هۆی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا› ٢. کار یان ڕەوتی گۆڕان.

دگرگونه / degargûne/: صفت. [ادبی] گۆڕدراو؛ گۆڕاو؛ گۆڕیاگ؛ وارپا؛ بە دۆخ یان بیچمێکی گۆڕاوەوە ‹هنگامی که به شهر خود بازگشت، وضع را دگرگونه یافت: کاتێ گەڕایەوە بۆ شارەکەی، بار و دۆخێکی گۆڕدراوی بینی›. هەروەها: **دگرگونە بودن؛ دگرگونه شدن؛ دگرگونه کردن**

دگرگونی / degargûnî ، ـها/: اسم. گۆڕانکاری؛ دۆخ یان چۆنیەتی گۆڕان؛ گۆڕیان؛ وارپەی؛ وارپای ‹انقلاب موجب دگرگونی جامعه شد: شۆڕش بوو بە هۆی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا›.

دگروار / degarvār/: اسم. چەند بیچم؛ هەر

یەکە لە بیچمگەلی جیاوازی تـوخمێکی شیمیایی (وەک کەربون کە لە بیچمی سوخاڵ، گرافیت و ئەڵماسدایە).

دگروارگـی / degarvāregî/: /اسم/. چەند بیچمی؛ چۆنیەتی چەند بیچم بوون.

دگم[1] / dogm/: [فرانسوی]/اسم/. دوگم؛ بێ قسە؛ ئەوەی وەک بنەمایەکی سەرەکی وەرگیراوە و جێگای هیچ قسە و باسێکی تێدا نیە.

دگم[2] /ـها/: صفت. دوگم؛ وشک؛ بیروشک؛ بەسراو؛ گرساو؛ خاوەن ئـوگرەتی بە ئەندێشەگەلی نەگۆڕ.

دگماتیسم / dogmātîsm/: [فرانسوی]/اسم/. بیروشکوازی؛ سەرهشکی؛ نەگۆڕی؛ بیروشکی.

دگماتیک / dogmātîk/: [فرانسوی] صفت. دوگماتیک؛ وشک؛ بیروشک؛ بیروشکواز.

دگمه / dogme/: [ترکی] ☜ **تُکمه**

دگنک / dagank، ـها/: [ترکی]/اسم/.[گفتاری] کوتەک؛ داردەس؛ دارەدەست؛ گۆپاڵ؛ زۆلاخ؛ تێلا؛ زنج؛ زۆپ؛ گود؛ زۆپک؛ زۆپا؛ زۆپە؛ کۆپار؛ کوپار؛ کۆپاڵ.

دل / del/: /اسم/. دڵ: ۱. /ـها/ قەلب؛ ئەندامی هلۆلی ماسوولکەیی لەشی زۆرینەی گیانەوەران کە بە پشکووتن و وێکهاتنی (زۆرتر) یەک جۆر و پەیتا پەیتا، خوێن دەگەیێنێتە لەشەوە ۲. /گفتاری/ زێڵ؛ لەمە؛ سک؛ زگ؛ زک ‹دل درد؛ سر دلم سنگین است: سک ئێشە؛ سەر دڵم قورسە› ۳. /مجازی/ جەرگە؛ ناو؛ نێو؛ ناخ؛ ناوەند؛ دڵێ؛ چۆنگ؛ چەق یان ناوەڕاسی هەر شتێک ‹در دل شب؛ در دل تاریکی: لە دڵی شەودا؛ لە جەرگەی تاریکاییدا› ٤. /مجازی/ ئەو بەشەی زەین کە پێوەندی لەگەڵ عاتیفە و هەستدایە: /الف/ ئەوین؛ میهر؛ دۆستایەتی ‹دل بردن؛ به دل نشستن: دڵ بردن؛ بە دڵەوە نیشتن› ب) جەرگ؛ ئازایەتی؛ زات؛ بوێری ‹پردل؛ دل کاری را داشتن: بەجەرگ؛ زاتی کارێک هەبوون› ج) هۆگرەتی ‹دل به کاری بستن: دل به کارێک خۆش کردن› د) ئەندازەی هەستۆکی لە بەرانبەر ڕەنجی کەسانیترەوە ‹نازکدل: دڵناسک› ۵. نادیارترینی هەستونەستان ‹از دل کسی خبر داشتن: لە دڵی کەسێک ئاگادار بوون› ٦. /ـها/ یەکێک لە چوار نەخشی وەرقبازی ۷. نمانای ئەوین وەک ژمارەی «۵»ی بەراوەژۆ.

◘ **دل خوش**: /مجازی/ دڵی خۆش؛ دڵی وەش؛ دڵی شاد؛ ڕۆحیەیەکی شاد و بە دوور لە کوڵ و کەسەر ‹مهمانی رفتن دل خوش می‌خواهد: میوانی چوون دڵی خۆشی دەوێ›.

دل سیر: /مجازی/ تێر و تەسەل؛ تێر و پڕ؛ پڕ بە دڵ؛ تا بە دەست هێنانی ڕەزامەندی دڵ ‹یک دل سیر تماشایش کردم: تێر و تەسەل سەیرم کرد›.

از ته دل: /کنایی/ لە ناخی دڵەوە؛ لە کانگای دڵەوە؛ پڕ بە دڵ ‹از تە دل برایش آرزوی خوشبختی کردم: لە ناخی دڵەوە داوای خۆشبەختیم بۆی کرد›.

از دل و جان: /کنایی/ بە دڵ و گیان ‹از دل و جان برایش کار کردم: بە دڵ و گیان کارم بۆ کرد›.

در/ توی دل: /کنایی/ لە دڵەوە؛ لە دڵا؛ دڵەنە؛ ئەنەدڵ؛ لای خۆوە؛ لەگەڵ خۆدا ‹در دل به او نفرین می‌کرد: لە دڵەوە تووکی دەکرد›.

◘ **دل از دست دادن**: /مجازی/ دڵ دانان؛ زۆر ئەویندار بوون ‹همان روز دل از دست داده بود: هەر ئەو ڕۆژە دڵی دانابوو›.

دل از کسی بردن: /مجازی/ دڵ لە کەسێک ڕفاندن؛ ئەویندارکردن؛ دڵ بردن؛ دڵ دزین ‹با زیبایی خود از همه دل برده بود: بە جوانی خۆی دڵی لە هەموو ڕفاندبوو›.

دل باختن: /مجازی/ دڵ دانان؛ ئەویندار بوون؛ عاشق بوون.

دل برای کسی سوزاندن: /مجازی/ دڵسوزی کردن ☜ **دلسوزی**

دل به چیزی/ کسی بستن: *[کنایی]* ۱. بـه آن/ او امید بـستن ☜ **امیـد** ۲. دلبـسته بـودن ☜ **دلبسته**

دل به چیزی خـوش کـردن: دڵ بـه شـتێک خۆش‌کردن؛ دڵخۆش بوون به شتێکەوە.

دل به دریـا زدن: *[مجازی]* چـش لـێ‌کـردن؛ چش لە هەموو شتێ کردن؛ بۆ کردنی کارێک خۆ خستنە مەترسیەوە ‹دل به دریـا زدم و عـازم سفر شدم: چشم لێ‌کرد و تەیاری سەفەر بووم›.

دل به دل راه داشتن: *[کنایی]* دڵ ئاوێنەی دڵ بوون؛ دڵ ئاگای لـە دڵ بـوون؛ میهرەبـانی و دۆسـتایەتی لـە دوولایەنـەوە بـوون ‹راسـت مـی‌گوینـد دل بـه دل راه دارد: ڕاسـتە دەڵـێن دڵ ئاوێنەی دڵە›.

دل به دل کسی دادن: *[مجازی]* دڵ بە قـسەی کەسـێک دان؛ دڵ دانـە کەسـێک؛ هاودڵـی لەگەڵ کەسێک‌کردن؛ نیشاندانی هـۆگرەتی و خوازیاری بۆ بیستنی قسەی کەسێک ‹زیاد دل به دل این پسر نده، پررو می‌شود: هێندە دڵ مەدەرە ئەو کوڕەوە ڕوودار دەبێ›.

دل به کاری دادن: *[کنـایی]* دڵ دانە کارێکەوە؛ شان بۆ کارێک شل‌کـردن؛ خـێ بـە کارێـک دان؛ بە هۆگرەتیەوە کارێک‌کردن ‹اگـر دل بـه کار بـدهی زود یـاد مـی‌گیـری: ئەگـەر دڵ بدەیتـە کارەوە زوو فێری دەبی›.

دل به کـسی دادن: *[کنایی]* دڵ بـە کەسـێک دان؛ ئەویـنداری کەسێک بوون؛ عاشق کەسێ بوون ‹دل به تو دادم که یارم باشی: دلم پێدای کە بیتە یارم›.

دل پُری داشتن: *[مجازی]* دڵ‌پڕ بوون؛ دڵـمەند بوون؛ زۆر ڕەنجـاو و گـەهراو بـوون ‹از تـو دل پری داشت: دڵی پڕ بوو لێت›.

دل تـوی دل کـسی نبـودن: *[مجـازی]* دڵ لـە مــشتی کەسـێکدا بـوون؛ دڵ نـەمان؛ بـە دڵەخۆرپێ/ دڵەتەپێ بوون؛ دڵ لـە لا نـەمان؛ تووشی دڵەڕاوکە و نیگەرانی بـوون ‹دل توی دلم نبود: دڵم لە مشتمدا بوو›.

دل خواستن: دڵ پێوە بوون؛ دڵ پوەوە بیەی؛ دڵ ویستن؛ دڵ خواستن؛ دڵ گەرەک بـوون؛ دڵ واسەی؛ بە ئاوات بوون؛ پێ‌دڵـخواز بـوون؛ حـەزکردن؛ دڵ چوونـە سـەر؛ خوازیـار و بـە ئاوات بوون ‹دلم می‌خواست بودی و می‌دیدی: دڵم پێوە بوو ببوای و بتدیبا›.

دل (خود را) با کسی صاف کردن: *[مجازی]* دڵ (خۆ) لەگەڵ کەسێکدا پاک‌کردنەوە: ۱. چیتر لە کەسێک شەمزاو و دڵـمەند نـەبوون ‹با او دلت را صاف کن: دڵت لەگەڵی پاک کەوە› ۲. لەگەڵ کەسێکدا میهرەبان و نێزیک بوون.

دل خـود را خـالی کـردن: *[کنـایی]* خـۆ خاڵی‌کردنەوە؛ دڵ خاڵـی‌کردنـەوە؛ وتنـەوەی جخـار و کـوڵوکەسـەری خـۆ؛ گۆشـەی دڵ کردنەوە ‹حرف بزن، دلت را خالی کن: قسە بکـە، خوت خالی کەوە›.

دل خود را صابون زدن: *[مجازی]* دڵـی خـۆ خۆش‌کردن؛ خۆ خـۆش کـردن؛ دڵ تـاودان؛ بێهۆ بە شتێک هیوادار بوون ‹دل خود را صابون زده بودیم که ما را مـی‌بـری گـردش: دڵـی خۆمان خۆش کردبوو کە ئەمانبەی بۆ سەیران›.

دل خـــوش کـــردن: دڵ‌خـــۆش‌کـــردن؛ دڵ وەش‌کـەردەی: ۱. شـادکردن ۲. هیـوادار کردن؛ بەتەما کردن.

دل دادن به کـسی: *[کنـایی]* دڵ بـە کەسـێک دان؛ دڵ وەبـەر کەسـێک نـان؛ بـە کەسـێک ئازایەتی و بوێری دان ‹هی به خودم دل می‌دادم که نترس، چیزی نیست: هـەر دڵـم بـە خـۆ دەدایەوە مەترسە، هیچ نیە›.

دل دادن و قلـوه گـرفتن: *[تعـریض]* سـەر بـە سەری یەکترەوە نان؛ پێکەوە لنگ ڕاکێـشان؛ سـەر یـەکتر بردنـە دەمـا؛ وتوویـژی زۆر دۆستانە لە نێوان دوو کەسدا هەبوون ‹دو برادر

دل داده بودند و قلوه می‌گرفتند: دوو برا سەریان بە سەری یەکترەوە نابوو›.

دل داشتن:/گفتاری/ ۱. (خاوەن) دڵ بوون؛ بە ڕۆحم بوون؛ ڕەحمین بیەی؛ خاوەن هەست و بەزەیی بوون ‹مگر آزاد دل ندارد: مەگەر ئازاد دڵی نیە› ۲. بە جەرگ بوون؛ بە دڵ و جەرگ بوون؛ ئازا و بوێر بوون ‹خیلی دل داری کە این کارها را می‌کنی: زۆر بە جەرگی کە ئەم کارانە دەکەی›.

دل-دل کردن: پاوپاکردن؛ ئەمپا و ئەوپا کردن؛ ڕاڕایی کردن؛ تووشی دڕدونگی و دوودڵی بوون.

دل راه ندادن:/کنایی/ دڵ پێوە نەبوون؛ دڵ نەبیەی پوەوە/ پوە؛ دڵ ڕێ نەدان؛ وەبەر دڵ نەکەوتن؛ هۆگرەتی و خوازیاری دەروونی نەبوون.

دل سنگ آب شدن:/مجازی/ بەرد تاوانەوە؛ کافر بەزەیی پێدا هاتن؛ زۆر دڵتەزێن بوون؛ بە دۆخێکی زۆر هەست بزوێن و ناخۆشەوە بوون ‹از دیدن آن منظره دل سنگ آب می‌شد: بە دیتنی ئەو دیمەنە دڵی بەرد دەتاویەوە›.

دل شیر داشتن:/مجازی/ دڵی شێر هەبوون؛ بە جەرگ بوون؛ دڵ زەخم بوون؛ زۆر ئازا و نەترس بوون.

دل کاری را نداشتن:/کنایی/ توانای کارێک لا نەبوون؛ نەوێران؛ زات نەبوون؛ دڵی کارێک لا نەبوون؛ ئازایەتی و توانایی کارێک لا نەبوون ‹من دل دیدن این حادثه را ندارم: من توانای دیتنی ئەم کارەساتەم نیە›.

دل کسی آب شدن:/مجازی/ دڵی کەسێک دەرهاتن؛ بێ‌ئارام و قەرار بوون لە بەر ویستنی شتێک ‹زود باش! دل بچه آب شد: زووبە! دڵی منداڵەکە دەرهات›.

دل کسی آتش گرفتن:/مجازی/ گڕ بەر بوونە هەناوی کەسێکەوە؛ کزە لە دڵی کەسێکەوە هەستان؛ پەژارە داگرتن؛ زۆر خەمین بوونی کەسێک ‹از شنیدنش دلم آتش گرفت: لە بیستنی گڕ بەر بووە هەناوم›.

دل کسی آشوب شدن:/کنایی/ دڵی کەسێک هەڵشێوان؛ دڵی کەسێک بە یەکدا هاتن؛ دل کازین؛ دڵ تێکەڵاتن؛ دڵوو یۆی تێک شیەی؛ کەوتنە هێڵنجدانەوە ‹از دیدن آن همه کثافت دلش آشوب شد: لە بینینی ئەو هەموو پیسیە دڵی هەڵشیوا›.

دل کسی آرام گرفتن: دڵی کەسێک سوکنایی گرتن؛ سوکنایی بۆ کەسێک هاتن؛ دڵی کەسێک دامەزران؛ ئارخەیان بوونی کەسێک؛ دڵنیا بوونی کەسێک؛ دڵو یووی سرەوای؛ دڵ داسەکنان؛ دڵ‌بجی بوون؛ دڵ ڕوون بوون ‹با دیدن پسرش دلش آرام گرفت: بە بینینی کوڕەکەی سوکنایی هات›.

دل کسی آمدن:/کنایی/ دڵی کەسێک هاتن؛ دڵی کەسێ بەرایی دان؛ زێڵوو یۆی ئامەی؛ ڕازی بوونی کەسێک (ڕاڤە: زۆرتر بە شێوەی نەرێنی بە کار دەڕوات) ‹دلش نیامد بچە را دست‌خالی برگرداند: دڵی نەهات منداڵەکە هەروا بگەڕێنێتەوە›.

دل کسی از جا کنده شدن:/مجازی/ دڵی کەسێک داکەوتن؛ دڵی کەسێک نەمان؛ تۆقای؛ دڵوو یۆی کەوتەیرە؛ زۆر ترسان ‹یک دفعه دلم از جا کنده شد: ناکا دڵم داکەوت›.

دل کسی باز شدن:/مجازی/ دڵی کەسێک کرانەوە؛ دڵوو یۆی کریایوە؛ دەرباز بوونی کەسێک لە کوڵ و کەسەر ‹کمی گرداندمش، بلکە دلش باز شود: کەمێ گەڕاندم، بەڵکوو دڵی بکریتەوە›.

دل کسی با کسی صاف نبودن:/مجازی/ لە کەسێ دڵ‌کرمۆڵ بوون؛ لەگەڵ کەسێک یەکدڵ نەبوون؛ لە کەسێک دڕدونگ یان دڵشێلاو بوون ‹دل آرام هیچ وقت با تو صاف نبود:

ئارام هەمیشە لە تۆ دڵ کرمۆڵ بوو›.

دل کسی برای چیزی لک زدن: *[مجازی]* دڵی کەسێ بۆ شتێک کورکە کردن/ دەرهاتن؛ دڵبزۆک بوونی کەسێک بۆ شتێک؛ دڵی کەسێک بۆ شتێ/ کەسێ تۆقلە کردن.

دل کسی برای کسی/ چیزی پرپر زدن: *[مجازی، گفتاری]* دڵی کەسێ بۆ کەسێ/ شتێک پەڕ دەرکردن/ فڕین؛ دڵی کەسێک بۆ کەسێ/ شتێک دەرهاتن؛ زۆر بە ئاواتەوە بوون (بۆ کەسێ/ شتێ)؛ دڵسووتاوی کەسێ/ شتێک بوون؛ دڵی کەسێ بۆ کەسێ/ شتێک لێدان ‹دل دختر برای **دیدن** پدرش پرپر می‌زد: دڵی کچەکە بۆ **دیتنی** بابی دەفری›.

دل کسی برای کسی یک ذره شدن: *[مجازی]* زۆر بە تاسەی کەسێکەوە بوون؛ زۆر خوازیاری بینینی کەسێک بوون ‹کجا بودی؟ دلم برایت یک ذره شده بود: **لە کوێ بووی؟** زۆر بە تاسەتەوە بووم›.

دل کسی به حال کسی سوختن: *[مجازی]* دڵی کەسێ بۆ کەسێک سووتان؛ بە بۆنەی کەسێکەوە خەمین بوون؛ بەزەیی بە کەسێکدا هاتنەوە ‹دل همه به حالش سوخت: هەموو دڵیان بۆی سووتا›.

دل کسی به درد آمدن: *[کنایی]* دڵی کەسێک هاتنە ژان؛ دڵی کەسێک هاتنە کوڵ؛ دڵی کەسێک بوونە بریان؛ خەمین و ناڕەحەت بوونی کەسێک ‹**از دیدن رنج آوارگان** دل ما هم به درد آمد: **لە بینینی ڕەنج و ئازاری ئاوارەکان** دڵمان هاتە ژان›.

دل کسی به رحم آمدن: بەزەیی بە کەسێکدا هاتنەوە؛ لە زیز بوونی کەسێک ناڕەحەت بوون ‹دل مهمانها به رحم آمد **و به او کمک کردند:** میوانەکان بەزەییان پیدا هاتەوە **و یارمەتیان دا**›.

هەروەها: دل کسی را به رحم آوردن

دل کسی به قیلی‌ویلی افتادن *[مجازی]* ☜

دل کسی غنج زدن

دل کسی (به) هزار راه رفتن: *[مجازی]* دڵی کەسێک بە هەزار لادا چوون؛ بە بۆنەی نیگەرانیەوە بیری جۆراوجۆر کردنەوە ‹**دیر کردی و** دل ما (به) هزار راه رفت: **دێر هاتی و** دڵمان بە هەزار لادا چوو›.

دل کسی به هم خوردن: *[کنایی]* دڵی کەسێک هەڵشێوان؛ دڵزڤرین؛ دڵ تێکەڵاتن؛ دڵی کەسێ هاتنە یەکا؛ جەرگ و دڵی کەسێ بەیەکدا هاتن؛ دڵی کەسێک تێکەڵاتن؛ دڵووی تێک شیەی؛ دڵکازین؛ تووشی دڵشێواوی بوون ‹**داشت** دلم به هم می‌خورد: **خەریک بوو** دلم هەڵدەشیوا›.

دل کسی پایین/ فرو ریختن *[مجازی]* ☜ **دل کسی ریختن**

دل کسی پوسیدن: *[مجازی، گفتاری]* دڵی کەسێک پەژمران؛ دڵی کەسێ داگیران؛ دڵ کەسێ مردن؛ دڵی کەسێک تەمران؛ تووشی کەسەر و دڵتەنگی بوون ‹**توی این خانه** دل زنت پوسید: **لەم ماڵەدا** دڵی ژنەکەت پەژمرا›.

دل کسی پیش کسی گیر کردن: *[مجازی]* دڵی کەسێک لای کەسێکەوە بەند بوون؛ دڵی کەسێک گیرۆدەی کەسێک بوون ‹دلش پیش آن دختر گیر کرده بود: دڵی لای ئەو کچە بەند بوو›. **هەروەها: دل کسی پیش کسی بودن**

دل کسی تاقچه نداشتن: *[مجازی]* دەم نەوێساو بوون؛ دەمی کەسێ تەقەڵی پێوە نەبوون/ قایم نەبوون؛ ڕازدار نەبوونی کەسێک.

دل کسی تپیدن: دڵی کەسێ لێدان؛ زۆرتر بوونەوەی کوتەی دڵ بەتایبەت لە کاتی دڵەڕاوکەدا ‹دل سارا **به شدت** می‌تپید: دڵی سارا **بە توندی** لیدەدا›.

دل کسی ترکیدن: *[مجازی]* ۱. دڵ گیران؛ زۆر خەمگین و دڵتەنگ بوون ۲. دڵ ترەکیان؛ زۆر ترسان؛ تۆقیان؛ زیق‌کردن؛ دڵ لەت بوون؛

دڵوو یۆی چیاوه بیەی.

دل کسی تنگ شدن: *[مجازی]* دڵی کەسێک گیران ☜ **دلتنگ**

دل کسی مثل سیر و سرکه جوشیدن: *[مجازی]* کەوتنە دڵەفرکێ/ دڵەڕاوکێ؛ زۆر نیگەران بوون ‹دلم مثل سیر و سرکه می‌جوشید: کەوتبوومە دلەفرکێ›.

دل کسی چرکین شدن: *[مجازی]* دڵی کەسێک کرمۆڵ بوون ☜ **دلچرکین**

دل کسی خنک شدن: *[مجازی]* شاوەکامی هاوردن؛ دڵی کەسێک فێنک بوونەوە؛ ئۆخەی کردن؛ خۆشحاڵ بوون بە هۆی ڕەنج یان گەزن دیتنی دوژمنەوە ‹وقتی خانه‌ی حاجی را دزد زد، دل همسایه‌ها خنک شد: کاتێ ماڵی حاجیان تالان کرد، دراوسێکان شاوەکامیان هاورد›.

دل کسی درد کردن: *[گفتاری]* سکی کەسێک ئێشان؛ ناو سکی کەسێ ئێشان؛ لەمۆ یۆی مدرەی گیر.

دل کسی را آب کردن: *[مجازی]* دڵی کەسێک دەرهێنان؛ کەسێک زۆر ئاواتخواز و خوازیار کردن ‹زود باش بگو، دل همه را اب کردی: زوو کە بێژە، دڵی هەمووت دەرهێنا›.

دل کسی را آزردن ☜ **دل کسی را سوزاندن**

دل کسی را به درد آوردن ☜ **دل کسی را سوزاندن**

دل کسی را به دست آوردن: *[کنایی]* دڵی کەسێک بەدەست هێنان؛ دڵخۆش کردنی کەسێک؛ بە کار و ڕەوتاری خۆ دڵی کەسێک بەرەو لای خۆ هێنان ‹آن‌قدر حرف زدم تا دل او را بدست آوردم: ئەوندەم قسە تا دڵیم بەدەست هینا›.

دل کسی را ربودن: *[مجازی، ادبی]* دڵی کەسێک بردن؛ دڵی کەسێک ڕفاندن؛ دڵی کەسێک دزین؛ دڵی کەسێک سەندن/ سەنن؛ دڵی کەسێک کێشان؛ دڵ جە یۆی سانای؛ دڵ کەسێ بەرەو خۆ کێشان؛ شەیدا و ئەویندارکردنی کەسێک.

دل کسی را زدن: *[مجازی]* دان لە دڵی کەسێک؛ کەسێک وەڕەزکردن؛ دەماخی کەسێک پروانن؛ دوزاخە دان؛ دڵوو یۆی کەیل‌کەردەی؛ ئیتر تاقەت و توانای هەڵکردن نەبوون ‹دیگر آن خانه دل آنها را زده بود: ئیتر ئەو ماڵە دابووی لە دڵیان›.

دل کسی را سوزاندن: *[مجازی]* دڵی کەسێک ئێشاندن؛ دڵی کەسێک ڕەنجاندن؛ خەمبار کردنی کەسێک: **دل کسی را آزردن؛ دل کسی را به درد آوردن**

دل کسی را شکستن: *[مجازی]* دڵی کەسێک شکاندن؛ کەسێک ناهومێد و ناکام کردن ‹با حرف خود دل پیرزن را شکست: بە قسەکانی دڵی پیرەژنەکەی شکاند›.

دل کسی را نرم کردن: *[مجازی]* دڵی کەسێک نەرم‌کردنەوە؛ تووڕەیی و زویری کەسێک لابردن ‹با قصه گفتن دل او را نرم کرد: بە چیرۆک گێڕانەوە دڵی نەرم کردەوە›.

دل کسی رفتن: *[مجازی]* دڵی کەسێک لێ‌چوون؛ دڵوو یۆی وەنە چێویۆی شیەی؛ هۆگر و خوازیار بوون ‹هر روز دلش پی چیزی می‌رفت: هەر ڕۆژێک دڵی لە شتێک دەچوو›.

دل کسی روشن بودن: *[مجازی]* دڵی کەسێک ڕوون/ ڕۆشن بوون؛ بەرچاوی کەسێ ڕوون بوون؛ هیوادار بوونی کەسێک ‹دلم روشن است که کارت درست می‌شود: دڵم ڕوونە کە کارەکەت جێبەجێ دەبێ›.

دل کسی ریختن: *[مجازی]* دڵی کەسێک داکەوتن؛ دڵی کەسێک نەمان؛ دڵی کەسێ تەپین؛ لە نەکاو تووشی مەترسی و خلێڵەی زەینی بوون: **دل کسی پایین/ فرو ریختن**

دل کسی ریش شدن: *[مجازی]* دڵریش شدن

☜ دلریش

دل کسی سوختن: *[مجازی]* دڵی کەسێک سووتان؛ تووشی ڕەنج و کەسەر بوون ‹دل زن از آن می‌سوخت که کاری نکرده بود: دڵی ژنەکە لەوە دەسووتا کارێکی نەکردبوو›.

دل کسی شکستن: *[مجازی]* دڵی کەسێک شکان؛ بە هۆی نامرادی و ناهومێدییەوە تووشی کوڵ‌وکەسەر هاتن ‹با مرگ پسرش دل پیرزن شکست: بە مردنی کوڕەکەی دڵی پیرەژنەکە شکا›.

دل کسی شور زدن: *[مجازی]* کەوتنە دڵەڕاوکەوە؛ کەوتنە دڵەخورپێوە؛ نیگەران بوون و تووشی خلێلە هاتن ‹از صبح دل من شور می‌زد: لە بەیانیەوە کەوتوومە دڵەڕاوکە›.

دل کسی ضعف رفتن: ۱. دڵی کەسێک خاو بوونەوە؛ دڵی کەسێک بێ‌حاڵ بوون؛ تووشی سستی و بێ‌حاڵی هاتن ‹از گرسنگی دل او ضعف می‌رفت و نمی‌توانست بایستد: لە برسیەتیدا دڵی خاو ببووەوە و نەیدەتوانی خۆی ڕاگرێ› ۲. زۆر تامەزرۆ بوون ‹برای استراحتی کوتاه دلم ضعف می‌رفت: زۆر تامەزرۆی وچان‌دانێک بووم›.

دل کسی غنج زدن: *[مجازی]* دڵی کەسێک کورکە کردن؛ زۆر بە ئارەزووی شتێکەوە بوون؛ یەکجار دڵ بە شتێکەوە بوون؛ زۆر خوازۆکی شتێک بوون: **دل کسی به قیلی‌ویلی افتادن**

دل کسی فرو ریختن ☜ **دل کسی ریختن**

دل کسی کباب شدن: *[مجازی]* زگی کەسێک پێ‌سووتان؛ دڵی کەسێک بوونە بریان؛ دڵی کەسێ بوونە کەواو؛ زۆر خەفەتبار بوون ‹دل مردم برایم کباب شد: زگی خەڵکی پێم سووتا›.

دل کسی گرفتن: *[مجازی]* دڵی کەسێک داگیران؛ دڵوو یۆی گیریایرە؛ خەفەتبار، دڵتەنگ یان شڵەژاو بوون ‹شب که می‌شد، از تاریکی، سکوت و تنهایی دلم می‌گرفت: شەو کە دادەهات، لە تاریکی، بێ‌دەنگی و تەنیایی دڵم دادەگیرا›.

دل کسی هوای چیزی کردن: *[مجازی]* دڵی کەسێک بۆ شتێک شنیان؛ زۆر بە ئاوات و ئارەزووی شتێکەوە بوون.

دل کندن: *[مجازی]* دەست لێ‌بەردان؛ دڵ لێ هەڵکەندن؛ دەست لێ‌هەڵگرتن؛ ددان چنە هۆرکەنتەی؛ پشت لێ‌کردن ‹به این آسانی نمی‌شود از آن دل کند: بەم هاسانیە ناکرێ دەستی لێ‌بەردەی›.

دل نازک بودن ☜ **دلنازک**

دل نگران بودن: دڵ نیگەران بوون؛ دڵ پەشێو بوون؛ بە دڵەخورپێ بوون.

دل و رودهٔ چیزی را درآوردن: *[مجازی]* جەرگ و ڕیخۆڵەی شتێک دەرهێنان؛ شتێک تێکومەکان دان؛ ڕۆخەڵەو چێوێوی بەرئاردەی؛ شتێک داژەنین؛ لەت‌وکوتی شتێک دەرهێنان؛ لە بەر یەک هەڵوەشاندنی کەل‌وپەلی شتێک ‹چرا دل و رودهٔ رادیو را دراوردی؟: بۆچی جەرگ و ڕیخۆڵەی ڕادیۆکەت دەرهێنا؟›.

دلی از عزا درآوردن: *[مجازی]* سکێک سواخ دان؛ دڵ چەڕاندن؛ دەماخ تەخت‌کردن؛ بە حەزی دڵ گەیشتن ‹دیروز در سیمنار دلی از عزا درآوردیم: دوێنێ لە کۆبوونەوەکەدا سکیکمان سواخ‌دا›.

از دل کسی خبر دادن: *[مجازی]* بە دڵی کەسێک کردن؛ لەتەک دڵ کەسێکا گەڕیان؛ بە خواست و ئاواتی کەسێک قسەکردن.

از دل کسی خبر داشتن: *[مجازی]* بە دڵی کەسێک زانین؛ ئاگا لە دڵی کەسێک بوون؛ لە بیر و ڕا و ئەندێشەی کەسێک ئاگادار بوون.

از دل کسی درآوردن: *[مجازی]* لە دڵی کەسێک دەرهێنان؛ زیزی کەسێک لابردن و ئاشت‌کردنەوەی ‹برادرت از دستم ناراحت شده بود،

رفتم از دلش درآوردم: براکەت لە دەستم زیز ببوو، چووم لە دلیم دەرهینا›.

از دل کسی گذشتن:/*مجازی*/ دان لە دلی کەسێک؛ لە دلی کەسێک دان؛ بە دڵ کەسیدا هاتن؛ ئامای دلوو یۆیرە؛ تێفکرین بۆ ماوەیەکی کەم ‹از دلم گذشت کە امشب بروم سینما: دای لە دلم کە ئەوشەو برۆم بۆ سینەما›.

از دل و دماغ افتادن:/*مجازی*/ لە پەل‌وپۆ کەوتن؛ دڵ/ مەیل ساردبوونەوە؛ بێ‌حاڵ و حەوسەلە بوون.

بد به دل راه ندادن ☜ **به دل بد نیاوردن**

به دل بد نیاوردن:/*کنایی*/ ڕەشبین نەبوون؛ خراپ بیر نەکردنەوە: **بد به دل راه ندادن**

به دل کسی افتادن:/*مجازی*/ بە دڵی کەسێکدا هاتن؛ کەوتنە زەینی کەسێکەوە.

به دل کسی برات شدن:/*مجازی*/ بە دڵ کەسێکدا هاتن؛ بە کەسێک سەرۆ بوون ‹به دلم برات شده بود که امروز می‌آیی: بە دلمدا هاتبوو ئەورۆ دیی›.

به دل کسی چسبیدن:/*مجازی*/ بە دڵ کەسێکەوە نیشتن؛ دڵ کەسێ گرتن؛ بە کەیفی کەسێ بوون ‹حرفی زد که خیلی به دلم چسبید: قسەیەکی کرد تەواو بە دلمەوە نیشت›.

به دل گرفتن:/*مجازی*/ گرتنە دڵەوە؛ دڵمەند بوون؛ ڕەنجیان ☜ **دلگیر**

به دل نشستن:/*مجازی*/ بە دڵەوە نیشتن؛ زۆر خۆش و دڵنشین بوون.

توی دل چیزی را خالی کردن ☜ **تو**[۲]

توی دل چیزی رفتن ☜ **تو**[۲]

در/ توی دل گفتن:/*مجازی*/ لە دڵەوەگوتن؛ دڵەنە واتەی؛ لە دڵا وتن؛ لەبەر خۆوە بیرکردنەوە.

یک دل نه صد دل عاشق شدن ☜ **یک**

دل‌آزار / delāzār/: *صفت*. دلازار؛ هۆی ڕەنجاوی و دڵئێشاوی.

دل‌آزردگی / delāzordegî ، ـها/: *اسم*. دلازاری؛ دڵمەندی؛ دڵئێشاوی؛ شەمزاوی؛ دڵجخاری؛ دۆخ یان چۆنیەتی دلازار بوون.

دل‌آزرده / delāzorde ، ـها؛ ـگان/: *صفت*. دڵشکاو؛ دڵمەند؛ دڵمەن؛ دڵتەنگ؛ دڵپڕ؛ دلگران؛ دڵڕەنجاو؛ دڵجخار؛ شەمزاو؛ ڕەنجاو؛ ڕەنجیاگ؛ دڵئێشاو.

دل‌آسوده / delāsûde/: *صفت*./*ادبی*/ دڵنیا؛ ئارخەیان؛ خاترجەم؛ خاجەم؛ خاوەن دڵدامەزراوی و دوور لە مەترسی و نیگەرانی ‹دل‌آسوده باش که کارها بر وفق مراد است: دڵنیا بە کارەکان باش دەڕۆنە پێشەوە›.

دل‌آسودگی / delāsûdegî/: *اسم*./*ادبی*/ دڵنیایی؛ ئارخەیانی؛ خاترجەمی؛ دۆخ یان چۆنیەتی خاترجەم بوون.

دل‌آشوب / delāšûb/ ☜ **پنجانگشت ـ۲**

دل‌آگاه / delāgāh ، ـان/: *صفت*./*ادبی*/ دڵئاگا؛ ئاوەزمەند؛ بیرەوەر؛ بیرمەند؛ ژیرەک؛ خاوەن ئاگایی و زانایی.

دلار / dolār ، ـها/: [انگلیسی]/*اسم*. دولار؛ یەکەی پارەی ئامریکا، کانادا، ئوسترالیا و هەندێ ولاتی دیکە.

دلارام / delārām/: *صفت*./*ادبی*/ دلارام؛ دەلال: ۱. سوکنا؛ دڵتەنا؛ ئارامی دڵ ۲. بەردڵ؛ زۆر خۆشەویست.

دل‌افروز / delafrûz ، ـان/: *صفت*.[*مجازی، ادبی*] دڵگەشێن؛ دلخۆش‌کەر؛ دڵڕوون‌کەرەوە؛ دلارا؛ هۆی دلخۆشی.

دل‌افگار / delafgār ، ـان/: *صفت*./*ادبی*/ دڵپەشێو؛ دڵپەرێشان؛ دڵبرین؛ خەمبار؛ پەرێشان؛ دڵئەوگار: **دلفگار**

دلاک / dallāk ، ـها؛ ـان/: [عربی]/*اسم*. ناتر؛ دەللاک؛ سەرشۆر؛ کاریگەرێک کە لە گەرماودا خەڵکی دەشوات.

دلاکی / dallākî ، ـها/: [عربی]/*اسم*. ناتری؛

دەللاکی؛ پیشەی دەللاک.

دلال / dallāl ، ـها؛ ـان/: [عربی]/اسم. دەلاڵ؛ کزیر؛ نێواچی؛ کەسێ کە پیتەوای فرۆشیار بە کڕیار دەناسێنی و خۆشکەری کڕین و فرۆشتنە.

◘ **دلال محبّت:** گەواد؛ قەواد؛ قەڵتە؛ قەڵتەبان؛ دەویت؛ دویت؛ ژنحیز؛ قورمساخ؛ ماسکەش؛ مەئەرس؛ کەسێ کە ژنی ناپاک بۆ پیاوانی ناپاک جۆر دەکا.

دلال مَظلمه: /مجازی/ دەستە چیلە؛ کەسێ کە تووشی گونا و کاری خراپە دەبێت و دیتران کەڵکی لێوەردەگرن.

دلالت / delālat, dalālat ، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. نیشانە؛ دۆخ یان چۆنیەتی دەلیل بوون ‹مشاهدەی دود دلالت دارد بر وجود آتش: دیتنی دووکەڵ نیشانەی بوونی ئاورە› ۲. ڕێنوێنی؛ ڕێشاندەری؛ ڕێنمایی؛ ڕانمایی؛ ئامۆژگاری؛ بەتایبەت لە بواری کرداری و ئاکاریەوە ‹می‌خواستم او را دلالت کنم: دەمەویست ڕینوینی بکەم› ۳. /منطق/ ڕێتێبەری؛ هۆیەتی؛ شوێنهەڵگری؛ کار یان ڕەوتی پێزانینی شتێک بە هۆی بوونی شتێکی ترەوە ‹به دلالت عقل: بە ڕێتیبەری ئاوەز› ٤. /قدیمی/ ئاماژە؛ هێما.

◘ **دلالت کردن:** ۱. ڕێنوێنی کردن؛ ڕێنمایی کردن؛ ڕێنیشاندان؛ ڕا نیشان دەی ۲. نیشانە بوون؛ دروشم بوون. هەروەها: **دلالت شدن**

دلالی / dallālî ، ـها/: [عربی]/اسم. دەلالی: ۱. کاری دەلاڵ ‹مدتی دلالی آهن می‌کرد: ماوەیەک دەلالی ئاسنی دەکرد› ۲. حەقی دەلالی؛ پارەیەک کە بە بۆنەی کڕین یان فرۆشتنی پیتەواوە بە دەلاڵ دەدرێت ‹یک درصد هم دلالی گرفت: یەک لە سەدیش دەلالی وەرگرت›.

دل‌انگیز / delangîz/: صفت. دڵگەشێن؛ دڵبزوێن؛ دڵڕفێن؛ هۆی دڵخۆشی و شادی ‹رقص دل‌انگیز؛ هوای دل‌انگیز: هەڵپەڕکێی دڵبزوێن؛ هەوای دڵگەشێن›.

دلاور / delāvar ، ـها؛ ـان/: صفت. بوێر؛ دلاوەر؛ ئازا؛ دڵزەخم؛ دڵشێر؛ دڵستوور؛ دەل؛ ئەگیت؛ چاونەترس؛ چاونەترساو؛ نەترس؛ دلێر؛ بێباک؛ بەجەرگ؛ گەڕناس؛ زیخ؛ جامێر؛ موکور؛ چەلاق؛ بێتەرس؛ کەلەوا؛ کەلەبا؛ گرۆبەندە ‹زنی دلاور بود و همه از او حساب می‌بردند: ژنێکی بوێر بوو هەموو کۆیان لێ دەکردەوە›.

دلاوری / delāvarî ، ـها/: اسم. ئازایەتی؛ بوێری؛ دلاوەری؛ دڵشێری؛ دڵستووری؛ دۆخ یان چۆنیەتی ئازا بوون.

دلاویز / delāvîz/: صفت. /ادبی/ دڵگەشێن؛ بە کارتێکەریەکی خۆش بە سەر دڵ و دەروونـدا ‹بوی دلاویز: بۆی دڵگەشێن›.

دلایل / dalāyel/: [عربی] جمعِ ☜ **دلیل**

دلباختگی / delbāxtegî ، ـها/: اسم. /مجازی/ ئەویندارى؛ ئەڤیندارى؛ ئەڤینی؛ دڵبەستەیی؛ دڵخوازی؛ عاشقی.

دلباخته / delbāxte ، ـها؛ ـگان/: صفت. /مجازی/ ئەویندار؛ ئەڤیندار؛ دڵدار؛ دڵبەستە؛ دڵسۆتی؛ دڵداناو؛ عاشق.

دلباز / delbāz/: صفت. /مجازی/ دڵباز؛ دڵگوشا؛ ساباق؛ بە بەرژوەنی جوان یان بەرپانەوە کە هەستی مرۆ دەبزوێنێ. بەرانبەر: **دلتنگ؛ دلگیر** ‹اتاق دلباز؛ حیاط دلباز: هۆدەی دڵباز؛ حەوشەی دڵگوشا›.

دلبخواه / delbexāh/: صفت. /گفتاری/ دلیان؛ کەژ؛ دلها؛ دڵخواز؛ دلخاز؛ دڵخوا؛ هەڵبژێردراو بە پێی حەز و ویستی خۆی و بێسەرنج دان بە بنەما، قانوون یان دەستوورێک.

دلبخواهی / delbexāhî/: اسم. دلهایی؛ دڵخوازی؛ دۆخ یان چۆنیەتی دڵخواز بوون.

دلبر[1] / delbar ، ـها؛ ـان/: اسم. /ادبی/ دڵبەر؛ دولبەر؛ دڵوەر؛ کچ یان ژنێک کە دڵیان بۆ دەشنێت ‹دلبر جانان من، برده دل و جان من: دڵبەرە وەک گیانەکەم، بردی دڵ و گیانەکەم›.

دلبر[٢]: *صفت.* دڵبەر؛ دولبەر؛ دڵدایی؛ دڵڕفێن؛ دڵفڕێن؛ گراوی؛ خاوەن جوانی و دڵڕاکێشی.
دلبری / delbarî ، ـها/: *اسم.* دڵبەری؛ دولبەری؛ دڵوەریا؛ کار یان ڕەوتی دڵ لێ‌ساندن؛ دڵ بەرەو خۆ ڕاکێشان.
دلبستگی / delbastegî ، ـها/: *اسم.* گیرۆدەیی؛ گیرۆیی؛ دڵ گراوی؛ دڵبەستەیی؛ هەبوونی پێوەند و هۆگرەتی لە ناخی دڵەوە ‹هر انسان عاقلی به میهن خود دلبستگی دارد: هەموو مرۆڤێکی ژیر گیرۆدەیی بە وڵاتی خۆی هەیە›.
دلبسته / delbaste/: *صفت.* گیرۆدە؛ خاوەن پێوەند و هۆگرەتی لە دڵ و هەستدا لەمەڕ شت یان کەسێکەوە ‹آرام و سارا از سالها پیش دلبستهٔ یکدیگر بودند: ئارام و سارا چەنای‌چەن ساڵ گیرۆدەی یەک بوون›.
دلبند / delband ، ـان/: *[کنایی] صفت.* بەندڵ؛ بەردڵ؛ بەردڵان؛ بەندی دڵ؛ زۆر خۆشەویست ‹یار دلبند؛ فرزند دلبند: یاری بەندڵ؛ منداڵی بەردڵان›.
دل به هم خوردگی / delbehamxordegî/: *اسم.* دڵتێک‌چوویی؛ دۆخی ڕشانەوە؛ هێنانەوە؛ دۆخێک کە مرۆ هەست دەکا ناچارە بڕشێتەوە ‹بر اثر گرما دچار دل‌به‌هم خوردگی شده بودم: بە هۆی گەرماوە تووشی دڵ‌تێک‌چوویی ببووم›.
دلپذیر / delpazîr ، ـها/: *صفت. [مجازی]* دڵ پەسند؛ دڵگر؛ تەرز؛ لەبەردڵان؛ جوان و لەبار ‹فضای دلپذیر؛ هوای دلپذیر: جێگای دڵگر؛ هەوای دڵ‌پەسند›: **دلپسند**
دلپسند / delpasand/ ☜ **دلپذیر**
دل‌پیچه / delpîče/: *اسم.* باپێچ؛ دڵ‌پێچە؛ دڵ‌ئێشە؛ ژان و برک؛ گفێری؛ ئێشی ڕیخۆڵە کە لەگەڵ زگ‌چووندایە ‹یک ساعت بعد دچار دل‌پیچه شدم: پاش سەعاتێک تووشی دڵ‌پێچە بووم›.
دلتا / deltā/: [یونانی] *اسم.* دڵتا: ١. نێوی چوارەمین پیتی ئەلفوبێتکەی یوونانی (Δ,δ) ٢. *[ریاضی]* نیشانەی بگۆڕێک (وەک α) ٣. *[ریاضی]* نیشانەی دیاریکراوی موعادلەی دەرجە دوو ٤. *ـها/[زمین‌شناسی]* ناڤروو؛ نێوان دوو ئاو؛ دەشتی ئاوماڵشتی وەک پەنجە کە لە ڕێژگەی ڕووباردا پێک‌دێ.
دلتنگ / deltang/: *صفت. [کنایی]* دڵتەنگ: ١. دڵپەرۆش؛ خەمبار؛ دڵپڕ؛ دڵتژی؛ گرتە؛ قدیک؛ خەماوی؛ ڕەنجاو و خەمین لە کارەسات یان دۆخێک ‹پس از رفتنش خیلی دلتنگ شدم: دوای ڕۆیشتنی زۆر دڵتەنگ بووم› ٢. دڵخەف؛ تەنگ‌وتووش؛ تاریک و ناخۆش. بەرانبەر: **دلباز** ‹اتاق دلتنگ؛ خانهٔ دلتنگ: ژووری دڵتەنگ؛ ماڵی دلخەف›. هەروەها: **دلتنگ بودن؛ دلتنگ شدن**
دلتنگی / deltangî ، ـها/: *اسم. [کنایی]* دڵتەنگی؛ دڵپەرۆشی: ١. دۆخ یان چۆنیەتی دڵتەنگ بوون ٢. خەمباری؛ دڵخۆری؛ دڵشکاوی؛ خەفەتباری و ڕەنجاوی بە بۆنەی ڕووداوێکی ناخۆشەوە.
▣ **دلتنگی کردن:** دڵتەنگی کردن؛ بێ‌تاقەتی کردن؛ ناڕەحەتی‌کردن؛ بە شێوەیەکی ئاشکرا تووشی خەفەت و خەم بوون، بەتایبەت دەربڕینی ئەو حاڵەتە ‹سارا برای مادرش دلتنگی می‌کرد: سارا بۆ دایکی دڵتەنگی دەکرد›.
دلجویی / delcûyî ، ـها/: *اسم. [مجازی]* دڵجۆیی؛ دڵنەوایی؛ دڵنەوازی؛ دڵداری‌دانەوە؛ کاری دڵخۆشی‌دانەوە؛ لاواندنەوە؛ ڤەژاندن؛ دڵدانەوە؛ ئاشت‌کردنەوە؛ میهرەوانی و تێکۆشان بۆ سڕینەوە و لابردنی پەژارە و ڕەنجاوی کەسێک ‹گاندی همواره از آسیب‌دیدگان دلجویی می‌کرد: گاندی هەمیشە لە لێقەوماوان دڵجۆیی دەکرد›. هەروەها: **دلجو**
دلچرکین / delčerkîn/: *[کنایی] صفت. [گفتاری]* دڵ‌کرمۆڵ؛ دڵ کرمن؛ دڵ کرمی؛ دڵگیر؛ دڵ‌ڕەنج؛ دلگران؛ دڵمەن؛ دڵ‌ئێشاو؛ دڵ‌مای؛ بەگلەیی؛ ڕەنجاو و زیز ‹پس از آن گفتگو از من دلچرکین است: دوای ئەو وت‌ووێژە لێم دڵ‌کرمۆڵە›.

هەروەها: **دلچرکین بوون؛ دلچرکین شدن؛ دلچرکین کردن**

دلچسب / delčasb/: صفت. [مجازی] دڵگیر؛ دلگر؛ دڵپەسند؛ لە بەردڵان؛ خاوەن دۆخی بە دڵەوە نیشتن ‹محیط دلچسب؛ قیافەی دلچسب: ئاقاری لە بەردڵان؛ سیمای دڵگیر›.

دلخراش / delxarāš/: صفت. [مجازی] دڵتەزێن؛ جەرگبڕ؛ دڵچڕێن؛ هۆی ئازراوی و کەسەری زۆر ‹فاجعەی دلخراش؛ مرگ دلخراش: کارەساتی دڵتەزێن؛ مەرگی دڵچڕێن›.

دلخسته / delxaste/: صفت. [کنایی] دڵماندوو؛ دڵبرین؛ دڵبەخەم؛ تووشی کەسەر و ماندوویەتی دەروونی ‹سرانجام بیمار و دلخسته به میهن بازگشت: دواخری نەخۆش و دڵماندوو گەڕایەوە بۆ ولات›.

دلخواه / delxāh/: صفت. دڵخوا؛ دڵخواز؛ دڵخاز؛ واستەن؛ واستەنە: ۱. هاوگەر لەگەڵ خواستی دەروونی مرۆدا ‹این همان خانه دلخواه توست: ئەمە ئەو ماڵی دڵخوای تۆیە› ۲. هەڵبژێردراو بە حەزی خۆ نەک لە سەر ناچاریەوە ‹کار دلخواه؛ غذای دلخواه: کاری دڵخواز؛ چێشتی دڵخوا›.

دلخور / delxor/: صفت. [مجازی، گفتاری] دڵخۆر؛ دلخورە؛ دلوەر: ۱. دڵمەن؛ دڵگران؛ ڕەنجاو؛ ڕەنجیاو؛ ڕەنجیاگ ‹از حرفهای من دلخور نشو: لە قسەی من دڵمەن مەبە› ۲. پەرۆش؛ دڵتەنگ؛ دڵگیر؛ دڵتژی؛ خەماوی؛ نیگەران؛ دڵپەرێشان؛ دڵپەشێو؛ گرتە ‹نمی‌دانم چرا امروز خیلی دلخور بود: نازانم ئەورۆ بۆ وا پەرۆش بوو›.

دلخوری / delxorî ، ـها/: اسم. [مجازی] دڵخۆری؛ دلخوردی؛ دڵگرانی؛ دڵمەنی؛ لووتەلایی؛ لالووتی؛ نیگەرانی؛ دڵپەرێشانی؛ دۆخ یان چۆنیەتی دلخۆر بوون ‹داداش، باختن که دلخوری ندارد: کاکە، دانان دلخۆری پێ ناوێ›.

دلخوش / delxoš/: صفت. [مجازی] دڵخۆش؛ دلوەش؛ شاد؛ کەیفخۆش؛ نۆنگە؛ کەیفساز؛ گەش؛ دڵڕوون؛ دڵشاد؛ شادمان لە هەبوونی دۆخێک یان شتێک و ئۆگرەتی بەو شتە ‹من به تو دلخوش بودم، که تو هم داری می‌روی: من بە تۆ دلخوش بووم، ئەوا تۆیش خەریکی ئەڕۆی›.

دلخوش کنک / delxoškonak/: اسم. [گفتاری] دڵخۆشکەرە؛ شتێکی بێبایەخ کە بێهوٚ دەبێتە هۆی هیواداری و خۆشحاڵی ‹این حرفها فقط دلخوش‌کنک است و به حل مشکل کمکی نمی‌کند: ئەم قسانە هەر دلخوشکەرەیە و چارەسەری گرفتەکان ناکات›.

دلخوشی / delxošî ، ـها/: اسم. [گفتاری] دڵخۆشی؛ دلخوەشی؛ دلوەشی؛ وەشەک: ۱. خۆشحاڵی یان ئارامشتی زەینی ۲. ئەوەی کە دەبێتە هۆی وا خۆشیەک ‹تنها دلخوشی او پسرش بود: تەنیا دلخوشی ئەو کوڕەکەی بوو›.

▣ **دلخوشی دادن**: دڵخۆشی دانەوە؛ هیوادار کردن ‹هر روز به من دلخوشی می‌داد که بزودی آرام آزاد می‌شود: هەموو ڕۆژێ دلخوشی دەدامەوە کە ئارام بە زوویی ڕزگار دەبێت›.

دلخون / delxûn/: صفت. [مجازی] دڵخوێن؛ دلخوون؛ جگەرخوێن؛ تووشبووی کوڵ و کەسەری زۆر و ئازاردەر ‹سارا از دست شوهرش دلخون است: سارا لە دەستی شووەکەی دلخوینە›.

دلدادگی / deldādegî ، ـها/: اسم. [مجازی، ادبی] ئەوین؛ ئەڤین؛ هەڤین؛ عیشق؛ عەشق؛ خۆشەویستی زۆر.

دلداده / deldāde ، ـها؛ ـگان/: اسم. [مجازی، ادبی] ئەڤیندار؛ ئەویندار؛ هەڤیندار؛ بەندەوار؛ خاترخوا؛ عاشق؛ دلداگ؛ کەسێ کە بە تەواوی عاشقە ‹دلدادەی بینوا: ئەویندارى کلوڵ›.

دلدار / deldār ، ـان/: اسم. [ادبی] دلدار؛ دڵبەر؛ ئەوەی کە دڵ بۆی دەشنێ و وەبەر ئەوین دەکەوێ و ئەویندارى دەبن ‹افسوس که دل خون شد و دلدار نیامد: داخی داخانم دلم دەرهات و دلدارم

نەهات›.

دلداری / deldārî ، ـها/: اسم. دڵنەوایی؛ دڵدانەوە؛ هاودەردی دەگەڵ کەسێکدا کە تووشیاری پەژارەیە و تێکۆشان بۆ کەم کردنەوەی پەرۆشی و پەرێشانی. هەروەها: **دلداری دادن**

دل‌درد / deldard/: اسم. ژان؛ دڵئێشە؛ دڵەدەرد؛ قلوومک؛ لەمدەژین؛ نەخۆشی و ئێشێ کە لە ناوزکدا پەیدا دەبێ ‹غذا از گلویش پایین نرفته بود کە دل‌درد شدیدی گرفت: هێشتا چێشتەکە لە زاری نەچووبووە خوارەوە دڵئێشەیەکی خراپی پێدا پێچرا›.

دلربا[1] / delrobā/: اسم. دڵەڕبا؛ چەشنێ عاقێق بە ڕەنگی سەوز تا سووری مەیلەو قاوەیی کە بە بۆنەی دەنکگەلی وردی میکاوە بریکەدارە و لە گەوهەرسازیدا بە کار دەڕوا.

دلربا[2] / ـیان/: صفت. [مجازی] دڵڕفێن؛ دڵفڕێن؛ دڵڕەڤێن؛ دڵبەر؛ دولبەر؛ زۆر جوان و دەلال کە هۆی هۆگرەتی و تامازرۆییە ‹او زنی دلربا بود: ژنێکی دڵرفێن بوو›.

دلربایی / delrobāyî ، ـها/: اسم. [مجازی] دڵڕفێنی؛ دڵفڕێنی؛ دڵبەری؛ دولبەری؛ کار یان ڕەوتی سەرنج ڕاکێشان و بەدیهێنانی حەز و تامەزرۆیی لە دیتراندا.

دلرحم / delrahm ، ـها/: [فارسی/ عربی] صفت. [گفتاری] دڵنەرم؛ دڵ بەڕەحم؛ دڵڕەحمین؛ خاوەن بەزەیی ‹خیلی دلرحم است و نمی‌تواند گریەی کسی را ببیند: زۆر دڵنەرمە و ناتوانێ گریانی کەس ببینێ›.

دلریش / delrîš/: صفت. [مجازی، ادبی] داخ لەدڵ؛ دڵجەخار؛ دڵبرین؛ دڵزام؛ دەروونزام؛ گەهراو؛ زۆر خەمین و خەمبار.

دلزدگی / delzadegî ، ـها/: اسم. [مجازی] بێزاری؛ وەڕەزی؛ وەڕسی؛ جاڕزی؛ فرۆز ‹تکرار و ابتذال موجب دلزدگی است: دووپاتەکردنەوە و چرووکی هۆی بێزاریە›.

دلزده / delzade/: صفت. [مجازی] وەڕەز؛ وەرس؛ جاڕز؛ کەیل؛ عێدر؛ بێمەعد؛ وێڕس؛ کەرخ ‹می‌گفت از این طرز زندگی سخت دلزده‌ام: دەیگوت لەم چەشنە ژیانە تەواو وەڕەزم›.

دلزندگی / delzendegî/: اسم. [کنایی] دڵزیندوویی؛ دلاوەدانی؛ دڵگەشی؛ دۆخ یان چۆنیەتی شاد و سەرکەیف بوون.

دلزنده / delzende/: صفت. [کنایی] دڵ زیندوو؛ دڵزینگ؛ دڵزینی؛ دلاوەدان؛ دڵگەش؛ خوازیاری شادی، پێکەنین و شۆخی و گەشبین و هیوادار بە ژیان ‹پیرمرد دلزنده‌ای بود: پیرەمەردێکی دڵزیندوو بوو›.

دلسخت / delsaxt/: صفت. [مجازی] دڵڕەق؛ دڵبەرد؛ دڵسەخت؛ بێبەزە؛ بێبەزەیی ‹ما تو را این‌قدر دلسخت نمی‌دانستیم: تۆمان ئەمەندە دڵڕەق نەدەناسی›: **سخت‌دل**

دلسرد / delsard/: صفت. [مجازی] دڵسارد؛ دلسار؛ دڵسەرد؛ ناهومێد؛ بێمەیل و هیوا یان بەبێ هۆگرەتی پێشوو ‹سارا با این حرفهایش مرا دلسرد کرد: سارا بەم قسانەی دڵساردی کردمەوە›.

دلسردی / delsardî/: اسم. [مجازی] دڵساردی؛ دڵساری؛ دڵسەردی؛ ناهومێدی؛ دۆخ یان چۆنیەتی تەواسان و لە دەست دانی هۆگرەتی و هیوا ‹چرا می‌خواهی باعث دلسردی من بشوی؟: بۆچی دەتەوێ ببیتە هۆی دڵساردیم؟›.

دلسوخته / delsûxte/: صفت. [مجازی] جگەرسووتاو؛ جەرگسووتاو؛ زگسووتاو؛ دڵسزیای؛ دڵبرژاو؛ تووشیاری کەسەرێکی گەورە بە هۆی ناکامی یان لە دەست دانی شتێ یان کەسێکی زۆر خۆشەویستەوە (بەتایبەت منداڵ).

دلسوز / delsûz ، ـها؛ ـان/: صفت. [مجازی] دڵسۆز؛ خەمخۆر؛ هەڤسۆژ؛ جگەرسۆز؛ خاوەن هۆگرەتی هاوڕێ لەگەڵ هاودەردیدا ‹او برای ما

پدری مهربان و معلمی دلسوز است: بۆ مە باوکێکی دلۆڤان و مامۆستایەکی دڵسۆزە›.

دلسوزی / delsûzî ، ـها/: *اسم. [مجازی]* دڵسۆزی؛ هەڤسۆزی؛ خەمخۆری: ۱. سەرنج و چاودێری لەگەڵ هۆگرەتیدا ‹با علاقه و دلسوزی از بچەهایش نگهداری می‌کند: بە دڵسۆزی و خۆشەویستیەوە منداڵەکانی بەخێو دەکا› ۲. ئاکارێ کە نیشانەی نیگەرانی و پەژارەیی لەمەڕ دەرد و ڕەنجی کەسانی دیکەوەیە ‹دلسوزی تو برای این قاتل بی‌رحم عجیب است: دڵسۆزیت بۆ ئەم مرۆکوژە دڵڕەقە سەیرە›. هەروەها: **دلسوزی کردن**

دل‌سیاه / delsiyāh/: *صفت. [مجازی]* دڵڕەش؛ دلسیاو؛ دڵپیس؛ ڕقاوی و بەدگومان ‹این موجود دل‌سیاه و بی‌رحم به پیرزن و کودک هم رحم نکرده است: ئەم داعبا دڵڕەشە بێبەزەییە ڕەحمی بە پیرەژن و منداڵیش نەکردووە›.

دلشاد / delšād/: *صفت. [مجازی]* دڵگەش؛ دڵشاد؛ دڵخۆش؛ دڵشا؛ دڵشاى؛ بەکەیف؛ دەماخچاخ؛ بەربەش لە شادی زۆر.

▣ **دلشاد کردن:** دڵشادکردن؛ دڵخۆش کردن؛ دلاڤدان؛ دلاودان؛ مژدەی خۆش پێدان.

دلشده / delšode ، ـها؛ ـگان/: *صفت. [مجازی، ادبی]* دڵداناو؛ دڵنەماو؛ گیرۆدەی ئەوینی زۆر.

دلشکستگی / delšekastegî/: *اسم. [مجازی]* دڵشکاوی؛ زگسووتاوی؛ دۆخ یان چۆنیەتی دڵتەنگ و خەمبار بوون بە هۆی ناهومێدی و ناکامیەوە ‹کارهایت مایه‌ی دلشکستگی دوستانت شده است: کارەکانت بۆتە هۆی دڵشکاوی هەوالانت›.

دلشکسته / delšekaste ، ـها؛ ـگان/: *صفت. [مجازی]* دڵشکاو؛ دڵشکیاى؛ زگسووتاو؛ تووشیاری خەم و خەفەت و ناهومێدی بە هۆی نامرادی و ناکامیەوە: **شکسته‌دل**

دلشوره / delšûre ، ـها/: *اسم. [مجازی، گفتاری]* دڵەڕاوکێ؛ دڵخورتی؛ دڵخوردی؛ هەڵەبەڵ؛ دڵەخورپێ؛ ڤا؛ ڕاچەنیوی؛ نیگەرانی ‹دیر کردی، همه به دلشوره افتادیم: زۆرت پێچوو، هەموو تووشی دڵەڕاوکی بووین›.

دل‌ضعفه / delza'fe/: [فارسی/ عربی] *اسم. [گفتاری]* دلخاوی؛ بووراوی؛ هەستی بێحاڵی و سەرگێژە (زۆرتر بە هۆی ماندوویی و برسیەتیەوە).

دلفریب / delfarîb/: *صفت. [مجازی]* دڵڕفێن؛ دڵفڕێن؛ زۆر جوان و خوشیک بە جۆرێ کە سەرنجڕاکێش بێ ‹چهره‌ی دلفریب: چاری دلرفین›.

دلفگار / delfegār/ ☜ **دل‌آفگار**

دلفین / delfîn/ ☜ **زبان‌درقفا**

دلفین / dolfîn/: [انگلیسی] *اسم.* دولفین: ۱. ـها/ گیانەوەری گوانداری ئاوژی بە درێژایی ۱,۵ تا ٤,٥ میترەوە کە زۆرتر بە کۆمەڵ لە زەریا و زەریاشارەکاندا دەژین و زوو کەوی دەبن: **خوک دریایی** ۲. وێنەیەکی ئاسمانی لە لەتەگۆی باکووریدا.

دلق / dalq/: *اسم. [قدیمی]* شڕەوپڕە؛ شڕەوشیتاڵ؛ ڕیپاڵ؛ گنجێکی هەژارانەی بە شڕە و پینە دووراو.

دل‌قرصی / delqorsî/: *اسم. [مجازی، گفتاری]* دڵنیایی؛ دلتەنایی؛ دڵقایمی؛ ئارخەیانی؛ خاترجەمی؛ بێخەمی؛ کار یان ڕەوتی دڵ ئاوخواردنەوە ‹چون از طرف تو دل‌قرصی نداشتم، نتوانستم جواب بدهم: چونکوو لە لایەن تۆوە دلنیاییم نەبوو، نەمتوانی وەلام بدەمەوە›. هەروەها: **دل قرصی دادن؛ دل قرصی داشتن؛ دل‌قرص**

دلقک / dalqak ، ـها؛ ـان/: *اسم.* ۱. کوستەبابی؛ گاڵتەچی؛ حەنەکچی؛ گەپچاڕ؛ گۆسارتمە؛ کەسێ کە بە کار و قسەی، دەبێتە هۆی پێکەنینی دیتران ۲. *[مجازی]* قەشمەر؛ لیبۆک؛ هێلۆل؛ کەسێ کە ئاکاری لە چاو خەڵکەوە بە گاڵتە و گەمە دێتە بەر چاو ۳. قردک؛ کۆسە؛ لێپۆک؛ هێلۆل؛ وشکەڕن؛ ئیشکەڕن؛

دەلی‌دومان؛ دەلوێ‌دومان؛ گاڵتەجاڕی گەمەی سیرک.

دلقک‌بازی / dalqakbāzî ، ـها/: *اسم.* ۱. *[تعریض]* شانۆی کومێدی ۲. گەپچاڕی؛ گاڵتەجاڕی؛ ئاکاری نەگونجاو و نەشیاو کە دەبێتە هۆی پێکەنینی خەڵکی.

دلکش / delkeš/: *صفت. [مجازی، ادبی]* دڵکێش؛ شەپاڵ؛ دلکڕ؛ دلبەر؛ فوودڵ؛ زۆر وەبەردڵان و سەرنجڕاکێش ‹آواز دلکش: ئاوازی دلکێش›.

دلکشی / delkešî/: *اسم. [مجازی]* شەپالی؛ دلکێشی؛ دلکڕی؛ فوودڵی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سەرنجڕاکێش بوون.

دلکو / delko ، ـها/: [انگلیسی] *اسم. [مکانیک]* دلکۆ؛ ئامێری دابەشینی کارەبا بۆ تەقینەوە لە موتوردا.

دل کور / delkûr/ ☜ **کوردل**

دلگداز / delgodāz/: *صفت. [مجازی]* دڵتەزێن؛ جەرگ‌بڕ؛ دڵسووتێن؛ دڵچڕێن؛ زۆر خەفەت هێنەر کە مرۆ تووشی ڕەنجاوی دەکا ‹فاجعەی دلگداز: کارەساتی دڵتەزێن›.

دلگرم / delgarm/: *صفت. [مجازی]* دڵگەرم؛ چێ؛ دڵگەش؛ هیوادار و دڵ ئاسوودە ‹او با سخنانش ما را دلگرم کرد: بە قسەکانی دڵگەرمی کردین›.

دلگرم‌کننده / delgarmkonande/: *صفت. [مجازی]* دڵگەرمکەرەوە؛ دڵگەشێن؛ هۆی دڵگەرم بوون ‹سخنان دلگرم‌کننده: قسەگەلی دڵگەرمکەرەوە›.

دلگرمی / delgarmî/: *اسم. [مجازی]* دڵگەرمی؛ هۆگرەتی، هیوا و گوڕ و تین بۆ داهاتووی کار یان ڕووداوێ.

دلگشا / delgošā/: *صفت. [مجازی]* دلگوشا؛ دڵباز؛ دڵواز؛ بەردڵ؛ دڵاوا؛ بە دۆخ، جێگا و چۆنیەتیەک کە هۆی دڵشاکەری و هێوری بێ. بەرانبەر: **دلگیر**

دل‌گشاد / delgošād/: *صفت. [مجازی، گفتاری]* لەش‌گران؛ لەش بە دۆشاو؛ ڕووسارد؛ بێ‌خەیاڵ؛ بێ‌مبالات؛ کەمتەرخەم و تەوەزەل.

دل‌گنده / delgonde/: *صفت. [تعریض]* گادڵ؛ کەردڵ؛ خوێنسارد و پشوودرێژ لەمەڕ ڕووداوانەوە ‹تو چقدر دل‌گنده‌ای، مگر نمی‌بینی از سر بچه خون می‌آید: چەندە گادڵی، مەگەر نابینی لە سەری منداڵەکەوە خوێن دێت؟›.

دلگی / dalegî ، ـها/: *اسم.* زگەڕۆیی؛ چڵێسی؛ زگدڕاوی؛ زک‌کووری؛ دەڵەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی زۆرخۆر بوون ‹این‌قدر دلگی نکن، زشت است: ئەوندە زگەڕۆیی مەکە، کەسنە›.

دلگیر / delgîr/: *صفت. [گفتاری]* ۱. دڵمەند؛ دلگران؛ ڕەنجاو؛ گەهراو؛ ئازراو ‹به خاطر حرف آن روزم از من دلگیر شد: بە بۆنەی قسەکانی ئەو ڕۆژەمەوە لێم دلمەند بوو› ۲. خەف؛ بە دۆخ یان چۆنیەتیەکی خەم و خەفەت‌هێنەریەوە. بەرانبەر: **دلباز؛ دلگشا** ‹اتاق دلگیر: ژووری خەف›.

دلگیری / delgîrî ، ـها/: *اسم.*: ۱. دڵمەندی؛ دلگرانی؛ ڕەنجیاگی ‹ترسیدم حرفهایم باعث دلگیری او بشود: ترسام قسەکانم ببێتە هۆی دلمەندی ئەو› ۲. دۆخ یان چۆنیەتی خەف بوون.

دلمردگی / delmordegî/: *اسم. [مجازی]* دڵ‌مردوویی؛ دڵ‌مردەیی؛ دڵتەمری؛ دۆخ یان چۆنیەتی دڵ‌مردگ بوون ‹فقر، بیکاری و ناکامی باعث دلمردگی او شده بود: نەداری، بێکاری و نامرادی ببووە هۆی دڵ‌مردوویی ئەو›.

دلمرده / delmorde/: *صفت. [مجازی]* دڵ مردوو؛ دڵ‌مردە؛ دڵ‌مردی؛ دڵ‌مری؛ دڵ‌مردگ؛ مەلۆل؛ مەلوول؛ بەبێ دڵخۆشی، گەش‌بینی و هیوا بە ژیان ‹وقتی آزاد شد خیلی دلمرده بود: کاتێ بەر درا زۆر دڵ‌مردوو بوو›.

دلمشغولی / delmašqûlî ، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم. [مجازی]* دڵ پەرتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی دڵ شەوشان؛ داگیرانی هزر و بیر بۆ چارەسەر

کـردنی گـیر و گرفـت، لـه بـەر نیگـەرانی لـە ڕووداوێک ‹وضع سارا باعث دلمشغولی خانواده‌اش شده بود: حاڵی سارا ببووە هۆی دڵ‌پەرتی بنەماڵەی›.

دلمل / dolmol/: *اسم.* فەریک؛ قـەرە؛ جەرمـە؛ زوردە؛ فەریکەی دەخڵ و دانەوێڵە.

دلمه / dalame/: *صفت.* دەلەمە؛ دلمە؛ دۆڵـەمە؛ پلپ ‹در چند جای دیوار خون دلمه بسته بود: لە چەنـد جێگای دیوارەکەوە، خوێن دەلەمەی بەستبوو›.

▣ **دلمه بستن:** دەلـەمە بەسـتن؛ پـلپ بەسـتن؛ گرسان؛ گرسیان؛ ڕسـین؛ ڕسـیان؛ گرسـەی؛ گرسای؛ مـەیین؛ هێنـدێک خـۆگرتن و تونـد بوونەوەی تراو.

دلمه / dolme ، ـها/: [ترکی]*اسم.* سارمە؛ دۆڵمە؛ قونتک؛ یاپراغ؛ یاپراخ؛ یاپراخی؛ ئـەپرەخ؛ پـراخ؛ ئاپراخ؛ چەن جۆر خۆراک کە پەسایان لە بـرنج، سەوزی و گۆشـتە و لـە نێـو گـەڵامێو، کەلـەم، باینجان، تەماتە، بیبار یان کوولەکـەی دەنـێن و دەیکولێنن. هەروەها: **دلمەی بادنجـان؛ دلمـەی برگ؛ دلمەی فلفل؛ دلمەی کلم**

دلمیت / dolomît/: [فرانسوی] ☜ **دۆلۆمیت**

دلنـازک / delnāzok ، ـهـا/: *صـفت.[مجـازی]* دڵناسک؛ ناسکدڵ؛ کەمدڵ؛ کەم‌هەڵکرد لەمـەڕ دیتنی کوڵ‌وکەسەر، ئازار یان سەختی بەتایبەت لە لایەن دیترانەوە ‹فکر نمی‌کردم این‌قدر دلنـازک باشـی: بـاوەڕم نـەدەکرد ئەونـدە دڵناسـک بی›. هەروەها: **دلنازک بودن**

دلنشین / delnešîn/: *صفت.[مجازی]* دڵنـشین؛ خـۆش؛ دڵـگر؛ دڵچەسپ؛ حـەیات؛ دڵـخواز و پەسندکراو، بەتایبەت لە بواری هەست و هزرەوە ‹موسیقی دلنشین؛ رفتار دلنشین: مووسیقای دڵنـشین؛ ئاکاری دڵگر›.

دلنگـــران / delnegarān/: *صـــفت.[گفتـــاری]* دڵـخورت؛ نیگـەران؛ دڵـنیگەران؛ دڵپەرێـشان؛ دڵەودوا ‹ما همه دلنگران بـودیم کـه مبادا بلایـی بـه سرت آمده باشد: هەمووومان دڵخورت بووین نـەوەکوو تووشی بەڵایەک هاتبێتی›.

دلنگرانـی / delnegarānî/: *صـفت.* دڵـخورتی؛ نیگەرانی؛ دڵنیگەرانی؛ دڵ‌شەوشی زەینی ‹یـک زنگ بزن، مادرت را از دلنگرانی در بیـاور: تەلـەفوونێک بکە، دایکت لە نیگەرانی دەربێنە›.

دل‌نمـــک / delnamak/: *اســـم.* خواڵـــێن؛ بەردەخوێ؛ بەردەخوا؛ بـەردێک لـە خـوێ کـە بلۆرێکی ڕوون و سافە.

دلنـواز / delnavāz/: *صـفت.[مجـازی]* دڵـنەوا؛ دڵ‌لاوێن؛ دڵاوەر؛ دڵداری‌دەر؛ دڵخۆشی‌دەرەوە؛ هۆی دڵ دامەزران و خۆشی.

دلنـــوازی / delnavāzî/: *اســم.* دڵـــنەوایی؛ دڵ‌لاوێنی؛ دڵجۆیی؛ دڵداری؛ دەلالەت؛ کار یان ڕەوتی دڵدانەوە؛ دڵخۆشی دانەوە.

دلو / dalv/: [عربی]*اسم.* ۱. هەلکە؛ دۆڵ؛ دەول؛ دۆڵـچە؛ ڕەنـدۆڵ؛ سـەتڵ؛ پـەقرەج؛ زرک؛ دەفرێکـی چـەرمی یـان کـانزایی زۆرتـر بـۆ هەڵـگۆزانی ئـاو لـە چـا ۲. *[نجـوم]* وێنەیـەکی گـەورەی ئاسمـانی لـە لەتـەگۆی باشـووریدا ۳. *[تقـویم]* یازدەهـەمین کـەلوو لـە بورجگـەلی دوانزەییەنەی ساڵ، بەرانبەر بە ڕێبەندان.

▣ **دلو چرمی:** جەوەندە؛ جەوەنە؛ جەوەنگە.

دلواپس / delvāpas/: *صفت.[مجازی، گفتاری]* دڵەودوا؛ دڵەدوا؛ چـاوەدوا؛ چاوڵـەدوو؛ نیگـەران ‹دلواپس مباش، او که دیگر بچه نیست: دڵەودوا مەبـە، خۆ ئیتر منداڵ نیە›.

دلواپـــسی / delvāpasî ، ـهـا/: *اسم.[مجـازی، گفتـاری]* دڵـەودوایی؛ دڵـەدوایی؛ چـاوەدوایی؛ نیگەرانی و تـرس ‹بـا مـادرت حـرف بـزن و او را از دلواپسی در بیـاور: لەگـەڵ دایکتـدا قـسە بکـە و لـە دڵەودوایی دەری‌بێنە›.

دلوار / delvār/: *صفت.* دڵ‌ئاسـا؛ بـە بیچمێکـی وەکوو دڵ.

دل‌وجان / del-o-cān/ ☜ **جان‌ودل**

دل وجرئت / del-o-cor'at/: [فارسی/ عربی]*اسم.*

[گفتـــاری] دڵ و دەروون؛ جـــەرگ؛ دڵ؛ زراو؛ ئازایی؛ ئازایەتی؛ هـەناو؛ ورە؛ زەهلـە؛ زەنـدەک؛ زەنـەق؛ زەنـدەق؛ بـوێری؛ هـەوێری؛ وێرایـی؛ کەڵی؛ دلێری؛ نەترسی ‹من دل و جرئت این کـار را ندارم: من دڵ و دەروونـی ئەم کارەم نیە›

دل‌ودمــاغ / del-o-damāq/: *اسـم. [گفتـاری]* دەس و دڵ؛ واز؛ لەش؛ تاقـەت و تابـشت ‹دل و دماغ هیچ کاری را ندارم: دەس و دلم بۆ هیچ کارێـک ناڕوا›.

◘ **از دل و دماغ افتادن:** *[مجـازی]* لـە پـەل‌وپـۆ کەوتن؛ تین نەمان؛ گوڕ نەمان؛ سارد بوونەوە؛ بێ‌تاقەت و دڵسارد بوونەوە ‹دیگر از دل و دمـاغ افتاده بود و کمتر از خانه بیـرون مـی‌رفـت: ئیتـر لـە پەل‌وپۆ کـەوتبوو، کـەم لـە مـاڵ دەردەکـەوت›.

هەروەها: **دل و دماغ داشتن؛ دل و دمـاغ پیـدا کردن**

دل‌ورودە / del-o-rûde/: *اسم. [گفتاری]* ناوسک؛ ناوزگ؛ جەرگ و ناو؛ جەرگ و ڕیخۆڵە؛ هەڤرگ؛ ڕۆخڵەی ئەندام یان پاژگەلی ناوەوەی هەر شتێ ‹آمدم دیدم دل و رودەی تلویزیون توی اتاق پهن است: هاتم دیتم ناوزگی تەلەڤیزیۆنەکە لە نێـو هۆدەکـەدا بلاوە›.

دلـە[1] / dale، ـهـا/: *اسم.* دەڵـەک؛ گیانـەوەری گوانداری گۆشتخۆر بە کەوڵێکی نەرم و کوڵکنی خورمایی یان ڕەش و خۆڵەمێشیەوە، لـە ڕێـوی دەچێ و بە ئەندازەی پشیلەیەکە.

دلـە[2] / ـهـا/: *صفت.* نەوسـن؛ نەوسـێ؛ دەڵـە؛ چڵێس؛ زگەڕۆ؛ زکەڕۆ؛ زکوونی؛ زگدڕاو؛ زکـین؛ زکن؛ سکن؛ زک لەوەڕین؛ زک‌کوور؛ زۆرخـۆری وا کە لە خـواردن ناوەسـتێتەوە (خـۆی نـاگرێ) ‹خیلی دله است، نمی‌تواند جلـو شـکمش را بگیـرد: زۆر نەوسنە، ناتوانێ بەر سکی بگرێ›.

دلە / dalle/: *اسم.* دەبوو؛ دەفری سـەر ئـاوەڵای چوارپاڵـوو یـان گرۆڤـەری جـێ ئاجیـل یـان دانەوێڵە لە برێ فرۆشگادا.

دلەدزد / daledozd، ـهـا؛ ـان/: *صفت. [گفتـاری]* سـیرمەخۆر؛ کـەردز؛ هـووردز؛ لادز؛ شـڕەخۆر؛ دەڵەدز؛ خاوەن خۆ و هۆگرەتی بە دزینی شـتی بێ‌نرخ.

دلــەدزدی / daledozdî، ـهـا/: *اسـم.* لادزی؛ دەڵـەدزی؛ سـیرمەخۆری؛ شـڕەخۆری؛ کـاری دزینی شتگەلی کەم بـایی ‹گـاهی از دخـل مغـازه دله‌دزدی می‌کرد: جار-جارە لە دەغلی دووکـان لادزی دەکرد›.

دلهره / delhore، ـها/: *اسم. [گفتاری]* دڵـخورتی؛ دڵــشەوشی؛ چـــورچ؛ هۆڤــڕوونی؛ هەڵەبـــەڵ؛ دڵـەخورپێ؛ دڵـەڕاوکێ؛ ڕاچـەنیوی؛ پەرۆشـی؛ پەشۆکاوی؛ پەشێوی؛ خرت‌وپرتی دڵ.

دلهـــرە‌آور / delhoreāvar/: *صـفت. [گفتـــاری]* دڵ‌شەوشـێن؛ هـۆی بـەدیهێنانی دڵـخورتی و پەشۆکان.

دلیجـــان / delîcān، ـهـــا/: [از فرانـسوی] *اسـم. [قدیمی]* کالیـسکە؛ دلیجـان؛ فـایتوون؛ پـەیتون؛ دروشـــکە؛ کەرەســـەی ڕاگواســـتنەوە بـــە چوارچەرخـەوە کـە زۆرتـر بـە دوو یـان چـوار ئەسپەوە دەبەسرێ.

دلـی ـــ دلـی / deleydeley/: *اسم. [تعـریض، گفتـاری]* میزەمیـز؛ گیزەگیـز؛ ویرەویـر؛ سـۆزە؛ نارەنار؛ لۆرەلۆر؛ گۆرانی نەرم و لەبەرخۆ.

◘ **دلی-دلی کـردن:** میزەمیزکـردن؛ گیزەگیـز کـردن؛ ویرەویرکـردن؛ نێـورین؛ لۆرینـەوە؛ لۆرانـەوە؛ لـە بـەر خـۆوە نەرمەنـەرم گـۆرانی خوێندن.

دلیر / dalîr, delîr، ـها؛ ـان/: *صفت. [ادبـی]* دلێـر؛ دلیر؛ دڵ‌سـتوور؛ بەجـەرگ؛ بـە جـەرگ و دڵ؛ دڵ‌زەخم؛ ئـازا؛ بـوێر؛ عەگیـد؛ عـەگن؛ جـامێر؛ گەڕناس؛ مەرخوز؛ نـەوەرد؛ چاوتونـد؛ چاوقـایم؛ چاونەترس؛ چاونەترساو؛ بەجەرگ.

دلیرانه[1] / dalîrāne, delîrāne/: *صفت.* دلێرانـە؛ دلیرانـــە؛ ئازایانـــە؛ بوێرانـــە؛ بەهرەمەنـــد لـــە

پاڵەوانەتی و نەترسی ‹رفتار دلیرانە: ئاکاری دلێرانە›.

دلیرانه[۲]: *قید.* دلێرانە؛ دلیرانە؛ ئازایانە؛ بوێرانە؛ بەبێ ترس ‹در برابر دشمن دلیرانه پایداری کردند: لە هەمبەر دوژمنەوە دلێرانە بەرخودانیان کرد›.

دلیری / dalîrî, delîrî ، ـها/: /اسم. دلێری؛ ئازایەتی؛ دڵداری؛ چکی؛ بەجەرگی؛ بوێری؛ جامێری و ئازایی ‹دلیری به زور بازو نیست: دلێری بە هێزی قۆڵ و باسک نیە›.

دلیل / dalîl ، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. /دلایل؛ اَدلّه/ بەڵگە؛ پرنۆ؛ پاژ؛ پاژە؛ بەلسا؛ مدوور؛ دەلیل؛ ئەوەی بۆ سەلماندنی دروستی خوازەیەک بە کار دەڕوا ‹به چه دلیل این حرف را می‌زنی؟: بە کام بەڵگەوە ئەم قسە دەکەی؟› ۲. /دلایل؛ اَدلّه/ هۆ؛ سۆنگە؛ بۆنە؛ هەنگێزە ‹دلیل رفتن شما به سلیمانیه چیست؟: هۆی چوونتان بۆ سلێمانی چیە؟› ۳. نیشانە؛ نیشانی؛ شانەک؛ شانی؛ شانیک؛ هۆی زانین بە شتێ یان پەسندکردن و چەسپاندنی ‹برخاستن دود دلیل وجود آتش است: هەستانی دووکەڵ نیشانەی هەبوونی ئاورە› ٤. /ادبی/ ڕێنما؛ ڕێنوێن؛ ڕانما ٥. /بنایی/ پادیوار؛ ڕزنی هەوەڵی ئاجۆر یان کاشی کە ڕزنەکانی‌تر بە گوێرەی ئەو ڕێز دەکرێن.

▣ **دلیل آوردن:** بەڵگە هێنانەوە؛ گوتنی قسە یان نیشاندانی شتێ کە دروستی خوازەیەک دەسەلمێنێ ‹برای کار کردنش صد تا دلیل آورد: بۆ کارکردنی سەد بەڵگەی هێنایەوە›.

دلیل بودن: نیشانە بوون؛ بەڵگە بوون؛ دروست بوونی خوازە یان بۆچوونێک ‹همیشه دود دلیل آتش نیست: هەمیشە دووکەڵ نیشانەی ئاور نیە›.

دلیل تراشیدن: بڕ و بیانوو هێنانەوە؛ بەڵگە تاشین (زۆرتر ناڕاست) ‹می‌خواست برای غیبت برادرش دلیل بتراشد: دەیەویست بۆ نەبوونی براکەی بڕ و بیانوو بێنێتەوە›.

دلیل خواستن: بەڵگە ویستن؛ نیشانە گەرەک بوون؛ داوا کردنی شتێ لە خوازەر کە دروستی قسەکەی بسەلمێنێ.

دلیل داشتن: ۱. بەڵگە هەبوون؛ خاوەن نیشانە بوون ‹برای کارش دلیل داشت: بۆ کارەکەی بەڵگەی هەبوو› ۲. هۆ هەبوون؛ هاندەر یان سۆنگەدار بوون ‹خرابی دیوار دلیل داشت و آن هم فشار آب بود: خراپی دیوارەکە هۆی هەبوو، ئەویش گوشاری ئاو بوو›.

دم / dam ، ـها/: /اسم. ۱. هەناسە؛ بێهن؛ بینک؛ بین؛ پەتۆ؛ کار یان ڕەوتی هەڵکێشان یان هەڵمژانی هەوا بۆ ناو سی یان سیئاو ‹دم زدن: هەناسە دان› ۲. هەناسە؛ پەتۆ؛ ئاهـ ؛ هەلم؛ هەوایەک کە لە سنگەوە دەدرێتە دەرەوە ‹دم گرم: هەناسەی گەرم› ۳. سات؛ هەل؛ هەلە؛ تاو؛ تان؛ دەم؛ کات؛ قاس؛ هەناسە؛ نەفەس؛ گاف؛ گام؛ عان؛ ئان؛ کاتێکی زۆر کورت بە ئەندازەی هەناسە دانێک ‹یک دم آرام نمی‌گرفت: ساتێک نەدەسرەوا› ٤. دەم؛ دەمە؛ مووشەدەمە؛ پفەک؛ نەپاخ؛ جۆرێک ترومپای با بە شێوەی کیسەیەکی چەرمی گەورە و دەسکدار کە لە کارگەگەلی دەستیدا بۆ گەشانەوە و هەڵگیرساندنی ئاور بە کار دەڕوا ‹دم را دمید تا آتش سرخ شد: دەماندیە دەمەکەوە تا ئاورەکە گەشایەوە› ٥. دەم؛ دەمە؛ دەڤەر؛ لێوار؛ لێو؛ لێوارە؛ زێوار ‹دم تیغ: دەمی تیغ› ٦. /گفتاری/ هەڵم؛ هەڵمی؛ هەوە؛ هەپ؛ هالاو؛ کەلدومان؛ بۆق ‹هوا دم دارد: هەوا هەڵمی هەیە› ۷. بەر؛ وەر؛ کەراخ ‹دم در بد است، بفرمایید داخل: بەر دەرگا عەیبە، فەرموونە ژوورەوە›.

▣ **دم آخر:** ۱. ئاخر کات؛ دوایین کات؛ ئاخر سەر؛ دوا کات ‹دم آخر پشیمان شد: ئاخر کات پەشیمان بووە› ۲. ئاویلکە؛ ئاوزینگ؛ ئاوەزینگ؛ گیانەڵا؛ گیانەڵاو؛ گیانەلاو؛ دوا هەناسە؛ دوا دەم؛ جووکەنە؛ دما هەناسە؛

سەرەمەرگ؛ کاتی مردن؛ دوا کاتی ژیان.

دم بە ساعت: پەیتا ـ پەیتا؛ پەستا ـ پەستا؛ پەسا ـ پەسا؛ هەیتا ـ هەیتا؛ لە پەستا؛ دەمایدەم؛ تاونەتاو؛ دەماودەم؛ لە ماوەگەلی کورت و دوابەدوای یەکدا.

دم سرد: /مجازی/ ۱. ئاهی سارد؛ هەناسەی سارد؛ ئاهـ ۲. قسەی ناهمیٚ کەر؛ قسەی دڵساردکەر.

دم گرم: /مجازی/ هەناسەی گەرم: ۱. قسەی شادیهێن و هیوابەخش ۲. قسەی بە تین و گوڕ.

دم واپسین: ئاویلکە؛ گیانەلا؛ گیانەلاو؛ گیانەلاو؛ ئاوزینگ؛ ئاوەزینگ؛ هەوزینگ؛ نوقتکا پەیەن؛ دوا هەناسە؛ دما هەناسە؛ دوا دەم: ۱. دوا نەفەسی پێش مەرگ ۲. جووکەنە؛ سەرەمەرگ؛ کاتی مەرگ؛ دەمموو مەرگی.

▣ **دم برنیاوردن:** /مجازی/ دەم لێکنان؛ نق نەکردن؛ فزە لێوە نەهاتن؛ کپ و کپ بوون؛ بێدەنگ بوون؛ دەمگرتن؛ هیچ نەگوتن؛ دەنگ نەکەردەی؛ وزە نەکەردەی: **دم درکشیدن**

دم درکشیدن ☜ **دم برنیاوردن**

دم زدن: ۱. هەناسە دان؛ هەناسەکێشان ۲. /مجازی/ ناو بردن؛ دەم هاویشتن؛ ددانەدن؛ دەڤ ئاویتن؛ هەڵشلنگاندن؛ هەڵشلینگاندن؛ شاتوشووت کردن؛ لافوگەزاف کردن ‹او همیشه از دوستی دم می‌زد، ولی برای کسی کاری نمی‌کرد: هەمیشە لە دۆستایەتی ناوی دەبرد، کەچی بۆ کەسیش کارێکی نەدەکرد›.

دم کردن: ۱. دەمکردن؛ لێنان؛ چیٚکرنی شتیٚ بە هەڵم ‹دم کردن چای: دەمکردنی چایی› ۲. هەڵمکردن؛ بۆق کردن؛ بەدیهاتنی هەوای گەرم و شۆدار.

دم کسی را دیدن: /گفتاری/ کولاندنی کەسێک؛ کەسێک سازکردن؛ کەسێک (بە پوول یان بە تەما خستن) بۆ کارێک تەیار کردن.

دم کشیدن: دەمکێشان؛ ئامادە و بەرهەڤ بوونی ئەوەی کە لێنراوە.

دم گرفتن: بە کۆ چڕین؛ کۆمبێژکردن؛ پێکەوە خۆندن؛ پێوەرە واتەی؛ دەم گرتەی؛ گەرەلاوژە/ گەرەلاوزیٚ/ گەرەلاوێژیٚ کردن؛ بە گەل خوێندن؛ ئاوازیٚ بە کۆمەڵ خوێندن، بەتایبەت چامەیەک چەندپاتە کردنەوە.

دم / dame/: حرف. بەر: ۱. لای؛ کن؛ لە بەر؛ وەروو؛ لاو؛ دەف؛ ل جەم؛ نک؛ زۆر نێزیک بە شتێکەوە ‹دم دست: بەر دەست› ۲. ژێر ‹خانە را گرفت دم جارو: ماڵەکەی دایە بەر گەسک› ۳. بەرە؛ سەرە؛ کات؛ گاڤ؛ گاو؛ گاپس؛ دەم؛ قاس؛ لە وەختی ‹دم صبح؛ دم مرگ: بەرەبەیان؛ سەرەمەرگ›.

▣ **دم بخت:** عازەو؛ پێگەییو؛ وەختەشوو؛ بەربەخت؛ پێگەیشتوو؛ کلیل بە بەرۆک ‹دختر دم بخت: کەنیشکە عازەو›.

دم دست: بەر دەست؛ بەر دەس؛ وەر دەس: ۱. لە بەر دەست ۲. لە ژێر دەست ‹دم دست پدرش کار می‌کند: لە بەر دەستی بابی کار دەکات›.

دم دستی ☜ **دمدستی**

دم صبح: بەرەبەیان؛ بەربەیان؛ دەم دەما؛ دەم دەمان؛ کازیوە؛ کازێوە؛ بوولێڵ؛ بوومەلێڵ؛ بوولێڵە؛ شەوەکی زوو؛ گەڤل؛ کاتی بەیانی.

دم مرگ: ئاویلکە؛ ئاوزینگ؛ ئاوەزینگ؛ هەوزینگ؛ گیانەلا؛ گیانەلاو؛ گیانەلاو؛ سەرەمەرگ؛ دوا هەناسە؛ نوقتکا پەیەن؛ دەمی مەرگ.

از دم: /گفتاری/ هەمووی؛ تێکرا؛ وێکرا؛ لەبەر یەک؛ سەر و بەر؛ گشت؛ گرد؛ بە گەل؛ تەواو؛ تواو؛ تەمام.

دم / dom ، ـها/: *اسم*. کلـک؛ دوو؛ دم؛ دویـڤ؛ دیڤ؛ دوڤک؛ دوڤ؛ دووڤ؛ دووچکە؛ جووچکـە؛ قنیچکە؛ قلیچکە؛ کوری؛ قاچک؛ قاچ: ۱. بەشی (زۆرتـر) بـاریکی دوای لەشـی زۆرێـک لـە مۆرغەداران کـە بریتیـە لـە ئاخرین مۆغـەرەی پشتیان ‹دم گـاو؛ دم گربـه: کلکـی گـا؛ جووچکـەی پشیله› ۲. بەشی دواییـنی لەشی پەلەوەر لەگەڵ پەڕەکانیـدا ‹دم خـروس: جووچکـەی کەلەشـێر› ۳. بەشی دوایـینی لەشـی خزۆکـان کـە زۆرتـر باریکه ‹دم مار؛ کلکی مار› ٤. پەلی دواینی ماسی یان گوانداراني ئاوژی ٥. بەشی دواییني فڕۆکـە، هیلی‌کوپتیر یـان مووشـەک ‹دم هواپیما؛ کلکـی فڕۆکه› ٦. *[گیاه‌شناسی]* بەندیکـە؛ بەنیکەیـەکی باریـک کـە میـوە بـە شـاخە یـان هێـشووەوە دەلکێنێت ۷. *[مجازی]* دوا؛ دمـا؛ کلکـە؛ شـوێن؛ درێژە.

▣ **دم خـروس:** *[مجـازی]* کلکـی کەلـەباب؛ جووچکـەی کەلەشـێر؛ بەڵـگەی ناڕاسـتی و درۆزنی.

دم گـرگ: *[مجـازی، قـدیمی]* سـەو گـورگ؛ سەوگر؛ سەوگور؛ ڕووناکی خۆرهەڵات لە کـاز و کووزی بەیانیدا.

▣ **دم بـه تلـه نـدادن:** *[مجـازی]* دوو بـە تەڵـەوە نەدان؛ خۆ لە ئاوی خوڕ نـەدان؛ عـن نـەدەی تەڵەوە؛ خۆ تووش نەکردن ‹خواستم بـرای آزاد زن بگیرم دم به تله نداد: ویستم بـۆ ئـازاد ژن بێـنم دووی بە تەڵەوە نەدا›.

دم جنباندن: *[تعریض]* کلک بـادان؛ کلکەلـەقێ کردن؛ کلکەسووتێ/ سـووتەکردن؛ کلکـەفلێ کردن؛ کلکەسـووتەکێ‌کـردن؛ جووچکەلـەقێ کردن؛ ماستاوکردن؛ ماستاو ساردکردن؛ دەڤ هلـوکردن؛ دالانی مـالایره؛ پیازپـاک‌کـردن؛ زمـانلووسـی‌کـردن؛ خولـتەکردن؛ پێـدا هەڵگوتن ‹این روزها خیلی برایت دم می‌جنباند: ئەم ڕۆژانە زۆر کلکت بۆ با دەدا›.

دم خود را تو کشیدن: *[تعریض]* کلکـی خـۆ دە گەڵۆزگرتن؛ قنگ بە سەر شوالـی خـۆدا دان؛ بە هۆی تـرس، ناکـامی یـان نەگەیـشتن بـە ئامانج، کزکردن.

دم درآوردن: *[تعریض]* قولاب دەردان؛ قـولاپ دەرهاوردن؛ چغە دەرکـردن؛ دەم‌گـرتن؛ دوو دەراوردن؛ هێز یان بوێری پەیدا کـردن ‹حـالا دیگر او هـم دم دراورده و بـه مـن جـواب مـی‌دهـد!: ئێستە ئـەویش قـولابی دەرداوە و جواوەجـوویيم دەکا!›.

دم را روی کول گذاشتن: *[تعریض]* کلک دانـە سەر شان؛ دوچکە بە کۆلا دان؛ جووچکە دانە ناو گەڵ؛ باریکەوە بوون؛ دووی بۆرە گرێـدان؛ ناهومێـد و ناکـام بـوون (لـەگـەڵ ڕۆیـشتن دەکەوێ) ‹دمش را گذاشـت روی کـولش و از آنجـا رفت: کلکی دایە سەر شانی و لەوێ ڕۆیشت›.

دم سیخ شدن: *[مجازی]* دەم داچەقانـدن؛ دەم داچەقانن؛ لە نێو چوون؛ سلسار بوونەوە؛ قولێ جووت بیەی؛ کلاش جفت بوون؛ مردن.

دم شـتر بـه زمـین رسـیدن: *[کنـایی]* ڕیـش گەیشتنە بەر پـێ؛ پێویـست بـە کـاتێکی زۆر بوون ‹تا آن وقت دم شتر به زمین می‌رسـد: تـا ئـەو کاتە ریشم دەگاتە بەر پێ›.

دم کـسی را تـوی بـشقاب گـذاشـتن: *[تعـریض]* شووتی دانە ژێر باڵ کەسێک؛ با کردنـە قـول کەسێک؛ با کردنە کەسێکدا؛ پووش/ پـشکەڵ نانە ژێـر پـای کەسـێکەوە؛ لـە ڕواڵـەتەوە بـە کەسێکدا هەڵگوتن و ڕێز لێنانی.

دم کـسی گیـر بـودن: *[مجـازی]* جووچکـەی کەسێک لە بەر دەرگـادا بـوون؛ پـای کەسـێ گیر بوون؛ تووش بوون؛ گرفتار بوون ‹تا وقتـی دمش گیر بود، صدایش در نمی‌آمد: تا جووچکەی لە بەر دەرگادا بوو، دەنگی دەر نەدەهات›.

دم گاوی به دست آوردن: *[کنایی]* دەسـت لـە شوێنێک بەن بـوون؛ دەس بـە ئـاو و نانێـک

گەیشتن؛ هۆی بژیوی ژیان دۆزینەوە.

دمی به خمره زدن: *[مجازی]* لێویک تەڕکردن؛ چۆڕێک شەراو خواردنەوە ‹آن شب دمی به خمره زده بودند و می‌ترسیدند گیر بیفتند: ئەو شەوە لێویکیان تەڕکردبوو دەترسان گیر کەون›.

با دم خود گردو شکستن: *[مجازی]* بە تڕ گوێزەڵە/ گوێز شکاندن؛ بزەی سمێڵ هاتن؛ بە کلک بەردەئاش سووڕاندن؛ زۆر شاد و بەکەیف بوون ‹وقتی خبر را شنید با دمش گردو می‌شکست: کاتێ خەبەرەکەی بیست بە تڕ گوزەڵەی دەشکاند›.

با دم شیر بازی کردن: *[کنایی]* بە ئاور کایە کردن؛ یاری بە ئاگرکردن؛ کاری پڕمەترسی کردن.

به دم کسی بستن: *[تعریض]* بە کەسێکەوە هەڵواسین/ چەسپاندن ‹کلی لقب و عنوان دهن‌پرکن به دم او بستند: زۆرێک نازناو و سەرناوی زلە‌ـزلەیان پێوە هەڵواسی›.

دما / damā ، ـها/: *اسم.* ١. دەما؛ پلەی ساردی و گەرمی بە پێی پێومانێکی دیاریکراو (وەک دەرەجەی سیلیسیووس یان فارنهایت) ٢. تین؛ تینی؛ تن؛ تاو؛ تاوە؛ گەرما؛ گڕە.

▣ **دمای اشتعال:** دەمایێ کە شتێک بەخۆیەوە تێدا داگرسێ؛ گەرمایەک کە بتوانێ شتێک بەبێ ئاور پێوەنان هەڵایسێنێ.

دمای صفر مطلق: سیفری ڕەها؛ دەمای ٢٧٣,١٦- سانتی‌گراد/ سلسیوس کە وایدەگرن مولوکوولەکانی تێدا دەسرەون و ماک، وزەی گەرمایی و جووڵەی نامێنێ.

دمایای / damāpāy/ ☜ **تِرمُوستات**

دماجفت / damācoft/: *اسم.* ئامێرێ بۆ پێوانی تین لە دەزگایێکدا؛ تێرمۆکوپل.

دمادم / damādam/ ☜ **دمبدم**

دمار / damār/: [ترکی/ ؟] *اسم.* دەمار؛ ڕەگ و پەی؛ ڕەگ و ڕیشە.

▣ **دمار از روزگار کسی درآوردن:** *[کنایی]* ڕیشەی کەسێ دەرهێنان؛ دەمار لە کەسێ دەرهاوردن؛ ئاو چاو کەسێ سەندن؛ بە سەختی کەسێک ئەشکەنجە و ئازار دان.

دم‌اسب / dom(e)'asb ، ـها/: *اسم.* کلکە ئەسپ؛ فلچەی بۆتڵ؛ گیایەکی دەشتەکی ناوچەگەلی شێدار، بە دەنکی بچووک و قاوەییەوە، کە بۆ دروست‌کردنی تەزبیح و ڕەنگی موو کەڵکی لێ وەردەگرن.

دم‌اسبی / dom(e)'asbî/: *صفت.* دوو ئەسپی؛ داموسی؛ وەکوو کلکی ئەسپ.

دماسپهر / damāsepehr/ ☜ **گَرمکُره**

دماسنج / damāsanc ، ـها/: *اسم.* دەماپێو؛ گەرماپێو؛ هەر کام لە ئامرازگەلی جۆراوجۆر بۆ ئەندازەگرتنی دەما، بەتایبەت لوولەیەکی ناسکی شیشەیی کە سەرێکی بەسراوە و ئەو سەرەکەی بە گلۆپێ لە تراو (زۆرتر جیوە و ئەلکول) دەگا کە بە هەڵکشانی پلەی گەرما هەڵدەچێ و لە ساردەوە بووندا دادەکشێ.

▣ **دماسنج پزشکی:** دەماپێوی بژیشکی؛ گەرماپێوی پزشکی؛ چەشنێک دەماپێو کە بە ٣٥ تا ٤٢ دەرەجەی سەد بەشی دابەش کراوە و بۆ پێوانی پلەی گەرمای لەش بە کار دەڕوا.

دماشیب / damāšîb/: *اسم.* توێژاڵێ لە تراودا کە دەمای بان و خواری جیاوازە.

دماغ / damāq/: *اسم.* ١. *ـها/ [گفتاری]* لووت؛ لووتە؛ بێقل؛ نوفت؛ دفن؛ تفنک؛ کەپک؛ زنجی؛ کەپۆ؛ کەپ ‹از دماغ او خون زیادی می‌رفت: خوێنێکی زۆر لە لووتی دەهات› ٢. *[مجازی]* کەیف؛ دەماخ؛ حاڵ ‹دماغ چاق بودن: کەیف ساز بوون› ٣. *[گفتاری]* کەپک؛ لووت ‹دماغ کشتی؛ دماغ هواپیما: لووتی فڕۆکە؛ کەپکی کەشتی›.

▣ **دماغ خود را بالا کشیدن:** چڵمی خۆ هەڵلووشان؛ لووت خۆ هەڵخستن؛ چڵموو وێ هۆرلووشتەی.

دماغ کسی باد داشتن: *[کنایی]* بە دەعیـە و دەمار بوون ☜ باد دماغ، **باد**[1]

دماغ کسی چاق بودن: *[مجازی، گفتاری]* کەیفی کەسێک خۆش/ ساز/ کۆک بوون؛ دەماخ بیەو یۆی؛ بە دەماخ بوون؛ خۆشحاڵ و سەرزیندوو بوونی کەسێک ‹دماغت چاق است؟: کەیفت خۆشە؟›.

دماغ کسی را به خاک مالیدن: *[کنایی]* دەمی کەسێک شکاندن؛ کەسێک بەزاندن و سووک کردن ‹دماغ دشمن را بە خاک مالیدیم: دەمی دوژمنمان شکاند›.

دماغ کسی را سوزاندن: *[کنایی]* دەم لە پووش کردنی کەسێک؛ کەسێک خیت‌کردن؛ ناهمێ کردنی کەسێک ‹حسابی دماغ او را سوزاند: چاک‌ـچاک دەم لە پووشی‌کرد›.

دماغ کسی سوختن: *[کنایی]* دەم لە پووش بوونی کەسێک؛ خیت بوونی کەسێک؛ ناهمێ بوونی کەسێک ‹دماغش سوخت و دست خالی برگشت: خیت بوو، خاڵی گەڕاوە›.

دماغ گرفتن: ۱. لووت‌گیران؛ کپ بوونی لووت ۲. لووت سڕین؛ لووش‌کردن؛ لووشاندن؛ لووش کەردەی؛ شم‌کردن؛ هنگ‌کردن.

از دماغ فیل افتادن: *[مجازی]* لووت‌بەرز بوون؛ لە لووت فیلەوە داکەفتن؛ دەمار بەرز بوون؛ بادی هەوا بوون.

از دماغ کسی افتادن: *[مجازی]* بە دەم دانیان؛ لە دەم شتێکەوە داکەوتن؛ وەکوو شتێک بوون؛ لە شتێک چوون ‹انگار از دماغ دایش افتادە!: هەر ئێژی خاڵی بە دەم داینـاوە!›.

از دماغ کسی بیرون آمدن: *[مجازی]* لە لووت کەسێ هاتنەوە؛ لە قوڕگ کەسێک هاتنەوە؛ تێکچوونی کەیف و خۆشی پێشوو ‹آن روز هرچه تفریح کردە بودیم از دماغمان بیرون آمد: ئەو ڕۆژە هەرچی ڕامان‌بوارد لە لووتمان هاتەوە›.

در کاری دماغ سوزاندن: *[کنایی]* ☜ در[2]

سر دماغ بودن ☜ **سردماغ**

موی دماغ شدن: *[مجازی]* ☜ موی دماغ، **مو**

دماغ / demāq/: [عربی]*اسم. [ادبی]* مێشک؛ مەژگ؛ مەژی؛ مژی.

دماغ‌پرور / demāqparvar/: [عربی/ فارسی] *صفت. [مجازی، ادبی]* بۆنخۆش؛ خۆشبۆ؛ وەشبۆ.

دماغ‌سوختگی / damāqsûxtegî/: *اسم. [گفتاری]* دەم‌لەپووشی؛ خیتی؛ ناکامی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سەرنەکەوتن ‹جواب سارا باعث دماغ‌سوختگی او شد: وەڵامی سارا بووە هۆی دەم لە پووش بوونی›.

دماغ‌سوخته / damāqsûxte، ـها/: *صفت. [گفتاری]* خیت؛ دەم لە پووش؛ ناکام ‹آن روز نیامدی، حسابی دماغ‌سوختە شدیم: ئەو ڕۆژە نەهاتی، تەواو خیت بووین›.

دماغ‌کوفته‌ای / damāqkûfte'î/: *صفت. [گفتاری]* لووت‌گونکەیی؛ گونکەلووت؛ خاوەن لووتی پان و پۆڕ.

دماغه / damāqe، ـها/: *اسم.* دەماغە: ۱. کەپک؛ پێشکۆ؛ باریکە بەژێ کە لە ئاودا چووەتە پێشەوە ۲. کەپک؛ لووت؛ بەشی بەرووی ماشێن، فڕۆکە یان کەشتی کە بەرەوپێش هاتووە ۳. لووتکە؛ لوتکە؛ لووتە؛ کەڵپە؛ کێلبە؛ کەڵپەشاخ؛ دەرپەڕیوی لە کێو و شاخدا.

دماغی / demāqî/: [عربی] *صفت.* مێشکی؛ مەژگی؛ پێوەندیدار یان سەر بە مەژگەوە ‹قوای دماغی: هێزگەلی میشکی›.

دماکره / damākore/ ☜ **گرمکُره**

دمان / damān/: *صفت. [ادبی]* بەدەمان؛ بەدەم؛ خاوەن لێهاتوویی و توانایی دەماندن (وەکوو دەردانی هەوای زۆر لە ڕێگەی دەم یان لووتەوە) ‹اژدهای دمان: هەژدیهای بەدەمان›.

دمانگار / damānegār، ـها/: *اسم.* دەمانووس؛ ئامێری ئەندازەگیری و نووسینی دەما.

دمب / domb، ـها/: *اسم. [گفتاری]* کلک؛ دوو؛

دویڤ؛ دووچکە؛ جووچکە؛ قلیچکە.

دمباریـــک / dambārîk ، ـهـــا/: اســم. ١. دەمباریـک؛ چەشـنێ ئەمۆردەسـتی کـە نووکەکـەی باریـک و درێـژە ٢. دوێردێـک بـە تێخەگەلی باریکەوە.

دمبــدم / dambedam/: قیـد. پەیتاـــپـــەیتا؛ هەیتاـــپـــەیتا؛ هەیتاـــهـــەیتا؛ پەسـاپەس؛ پەستاـپەستا؛ پەساـپەسا؛ لە پەسـا؛ دەمایـدەم؛ دەمـاودەم؛ دەمبـەدەم؛ زووـــزوو؛ بـێوچـان؛ هەمیشە؛ لە ماوەگەلی کەمدا ‹دمبدم می‌آمد و پول می‌خواست: پەیتاـپەیتا ئەهات و پـارەی دەویـست›: **دمادم**

دمبرگ / dombarg ، ـها؛ ـان/: اسم. [گیاه‌شناسی] قینچک؛ قەنچک؛ دووچکەگەلا؛ لقێکـی ناسـک کە پانایی گەلا بە لاسکەوە دەلکێنێ.

دمبریـده / domborîde ، ـهـا/: صفت. [کنـایی، گفتاری] ١. دوابراو؛ دوابرپاو؛ دوابرپاگ؛ دووبڕپای؛ وریای ئاوژێرکا ‹از این دم‌بریده هر کـاری برمـی‌آیـد: ئەم دوابراوە هەموو کارێکی لێ دێ›.

دمبک / dombak/ ☜ **تُنبَک**

دمبل / dambel ، ـها/: [انگلیـسی] اسـم. دەمبـل؛ مێلەیەکی کورت بـە دوو گـۆی هـاوکێش یـان پەڕەگـەلی ئاسـنی لـەم لا و لـەو لایـدا، بـۆ چەشنێک وەرزش.

دمپـایی / dampāyî ، ـهـا/: اسـم. سـەرپایی؛ شمشک؛ شمک؛ پاپووچە؛ سـووکەپێلاو؛ سـۆل؛ مـداس؛ مـەهس؛ پالالـە هەمانـە؛ سووکەسـۆل؛ نالـک؛ سووکەڵـەی بـێپاینـە؛ دەرپـا؛ پـێلاوی ڕاحەتی سووکی بێ‌پشت و پاژنە یان پاژنە کۆتـا کە زوو لە پا دەکرێ.

▣ **دمپایی چوبی**: قاپقاپ؛ تەق‌تەقیلە؛ سـەرپایی لە دار چێ‌کراو.

دمپختک / dampoxtak/: اسم. باقلەپلاو؛ شێوی برنجی نەپاڵێوراو بە باقلەی وشکەوە.

دمپر / damper/: [انگلیسی] ☜ **دامپِر**

دمپر / dompar ، ـها/: اسم. دووچکە؛ جووچکـە؛ پەڕی سەر کلکی باڵندە.

دم‌پهـن / dampahn ، ـهـا/: اسـم. دەمپـان: ١. چەشـنێ ئەمۆردەسـت بـە دەمـی پـان و درێژەوە کە بۆ بـڕین و قرتانـدن بـە کـار دەڕوا: **دم‌تخت** ٢. چەکوچی سەر پان ٣. دوێردێک بـە تێغەی پانەوە.

دمپینگ / dampîng/: [انگلیسی] ☜ **دامپینگ**

دم‌تخت / damtaxt/ ☜ **دم‌پهن-١**

دم‌جنبانـک / domcombānak, -conbānak/: اسم. کلک‌هەڵتەکێنە؛ کلک‌تەقێنە؛ کلـک‌تەقنـە؛ قنگ‌هەڵـتەکێنە؛ فیـسقە؛ کلـک هەڵـسەنگێنە؛ جقە؛ پەیتووکە؛ سۆفیلە؛ توترواسک؛ قین‌لەقنـە؛ عنەوەســـۆنگلێ؛ دوهـــەژینک؛ گاچـــەڕینک؛ گـاچێرین؛ بەرگاییلکـە؛ بەرگایلـە؛ بەرگایلکـە؛ گاویلکـــە؛ بەرگاویلـــە؛ گایلکـــە؛ دووڤڕەپ؛ هەڤ‌لەرزینک؛ پەلەوەرێکی قەراخ ئـاو ژیـە، بـە جەســـتە و پـــا و دەنـــدووکی باریـــک و جووچکەیەکی درێژەوە کە هەر هەڵـیدەتەکێنێ و لە زەوین یان لە تۆی بەردا هێلانە دەکـا و لـە مێروو یان گیا دەخوات: **آبدارک؛ سَقاهک**

دمخــور / damxor/: اسم. هـاودەم؛ هاوتـەک؛ هاواڵ؛ هاودەنگ؛ هۆگر؛ ئەوەی هەمیشە لەگەڵ کەسێک هاوقسە و هاوڕێیە ‹چقدر به تـو گفـتم بـا این آدمهای بد دمخور نشو: چەندە پێم گـوتی لەگـەڵ ئەم نەپۆڕانەدا هاودەم مەبە›.

دمدار / damdār/: صفت. هەڵـماوی؛ هەڵـمن؛ هەڵمین؛ بۆقدار.

دمـدار / domdār ، ـها؛ ـان/: صفت. کلکـدار؛ جووچکـەدار؛ دووچکـەدار؛ قلیچکـەدار؛ کلکـن ‹میمونهای دمدار: مەیموونگەلی کلکدار›.

دمدسـتی / dam(e)dastî ، ـهـــا/: صـــفت. بەردەسـت؛ دوودەسـی؛ بـەردەس؛ بەردەسـتی؛ لەبار و ڕەچاوکراو بۆ کـاری ڕۆژانـە یـان کەڵـک وەرگـرتنی خێـرا ‹ظرفهـای دمدسـتی: دەفرگـەلی

بەردەست›.

دمدمه / damdame ، ـها/: اسم. [مجازی، ادبی] ۱. دەهۆ؛ دهۆ؛ شات و شووت؛ فاکوفیک؛ قسەی فریودەر ‹به دمدمه‌ی شما فریفته نگردم: بە دەهۆی ئێوە ناخەڵەتێم› ۲. دەنگ؛ هەرا؛ ئاواز ۳. حەلەق مەلەق؛ وتەی نەشیاو ٤. ناوبانگ؛ ئاوازە.

دم‌دمها / damdamhā/: قید. دەمەدەمان؛ دەمدەما؛ نزیک؛ لا؛ نێزیک بە کاتێ ‹دم‌دمهای صبح؛ دم‌دمهای غروب: دەمەدەمانی بەیانی؛ لای ئێوارە›: **دم‌دمه‌ها**

دم‌دمه‌ها / damdamehā/ ☜ **دم‌دمها**

دمدمی / damdamî/: صفت. [گفتاری] وازی-وازی؛ وازوازی؛ ڕا- ڕا؛ تاوتاوی؛ وەسواس؛ دەمەدەمی؛ هۆکی؛ هۆکی- هۆکی؛ شێتە و ژیرە؛ لێزۆکی؛ شێتەوێژ؛ سەرسەری؛ حولحولی؛ هەردەبیر؛ هەردەمی؛ هەردەم لە سەر خەیاڵێک ‹من نمی‌توانم با این آدم دمدمی زندگی کنم: ناتوانم لەگەڵ ئەم کابرا وازوازیەدا بژیم›.

دمدمی‌مزاج / damdamîmezāc, -mazāc ، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] صفت. عەنتەرمەزاج؛ سەرسەری؛ وازی- وازی؛ واز- وازی؛ گرێ-گرێ؛ بێبار؛ هوکی؛ ڕا-ڕا؛ بەبێ ویست و پێداگری و هەر تاوێک لە سەر بەزمێک.

دمده / demode/: [فرانسوی] صفت. لاکەوتە؛ بێ باو؛ باونەماو؛ ناباو؛ لەباوکەوتوو؛ لە باوکەوتوو ‹این لباسها دیگر دمده شده است: ئەم جلوبەرگانە ئیتر لاکەوتە بووگن›.

دمر / damar/: قید. [گفتاری] ۱. دەمەوروو؛ دەمەورۆ؛ دەمەوخوار؛ سەرەمر؛ بە دەمەوە؛ بە سکەو؛ بە سکا؛ دولۆر؛ دولۆرە؛ لەپەوروو؛ تللوور؛ لنگەتلوور؛ لنگەوتلوور؛ بەراپشت؛ کشتکانی؛ ڕوو بە زەوی و پشت بە ئاسمان ‹دمر افتاده بود روی زمین: دەمەوروو کەوتبووە سەر زەوی› ۲. ئاوەژوو؛ بەراوەژوو؛ ئاوەژۆ؛ دەرنخون؛ دەرنەخوون؛ سەرنخوون؛ سەرەونخون؛ وەرگەڕاو؛ واژی؛ هەڵەوگەڕیاگ؛ وەڵەودیم؛ بەراوەژۆ؛ بە باری خۆدا نەکەوتوو ‹بشقاب را دمر گذاشت روی میز: دەوریەکەی ئاوەژوو نایە سەر مێزەکە›: **دَمرو**. هەروەها: **دمر افتادن؛ دمر خوابیدن؛ دمر شدن؛ دمر کردن**

دمرو / damrû/ ☜ **دَمَر**

دمساز / damsāz/: صفت. [مجازی، ادبی] ۱. هاودەنگ؛ هاوڕاز؛ هاودەم؛ هاونشین ۲. هاوبیر؛ هاوڕا؛ هامڕا؛ هەڤگر.

دم‌سنج / damsanc ، ـها/: اسم. هەناسەپێو؛ ئامێری ئەندازەگرتنی هەوایێ کە لە هەناسەداندا ژوور و دەر دەکا.

دمسیاه / domsiyāh/: اسم. دومسیاه؛ چەشنێ برنجی باش کە دوچکەی دەنکەکانی لە ڕەش دەکا.

دمغ / damaq/: [از عربی] صفت. [گفتاری] مات؛ واق؛ پەکەر؛ ڕەنجاو ‹وقتی که گفتم کار من نیست، خیلی دمغ شد: کاتێ کە گوتم کاری من نیە، زۆر مات بوو›: **دمق**

دمغازه / domqāze/: اسم. قارچک؛ یەکەمین ئێسقانی کلکی گیانەوەر، بە شوێن کلێنچکەدا.

دمق / damaq/: (!) [از عربی] ☜ **دَمَغ**

دم‌قیچی / damqeyčî ، ـها/: [فارسی/ ترکی] اسم. دەمەدوێر؛ دەمەقەیچی؛ کوت و لەتە ماوەی چکۆلە کە لە برینی پارچە، کاغەز و... بەدی دێ.

دم کج / damkac ، ـها/: اسم. دەملار؛ دەمگێڕ؛ چەشنێ ئەمۆردەستی دەمباریک بە نووکێکی هەڵگەڕاوەوە.

دمکرات / demokrāt/: [فرانسوی] ☜ **دِمُوکرات**

دمکراتیک / demokrātîk/: [فرانسوی] ☜ **دِمُوکراتیک**

دمکراسی / demokrāsî/: [فرانسوی] ☜ **دِمُوکراسی**

دم‌کرده / damkarde/: *صفت.* ۱. دەمکراو؛ دەمکێشاو؛ ئامادەکراو لە ڕێگەی دەمکردنەوە (سەبارەت بە ماکی گیایی) ۲. هەڵماوی؛ هەڵمن؛ بۆق‌کردوو ‹هوای دمکرده: کەشی هەڵماوی›.

دمکش / damkeš/: *اسم.* دەمکێش؛ پەڕەیەکی کانزایی کون‌ـکون کە بۆ کەمکردنەوەی تین و بەرگری لە تاوی ڕاستەوخۆی ئاگر لە سەر کوانوو، چرا یان سەماوەری دادەنێن.

دم‌کلفت / domkoloft، ـها/: *صفت. [تعریض، گفتاری]* مل‌قەوی؛ سەرزل؛ سەرقەو؛ خاوەن هێز و کارا ‹رفت یک پارتی دم‌کلفت پیدا کرد: چوو پارتییکی مل‌قەوی دۆزیەوە›.

دمکنی / damkonî، ـها/: *اسم.* مادە؛ مادێ: ۱. ماگە؛ ڕفیدەی مەنجەڵ؛ شتێکی وەک دۆشەکێکی چکۆلەی خڕ بۆ بەرگری لە دەرچوونی هەڵم و دەمکێشانی شێو (بەتایبەت برنج) کە لە سەر دەفری دادەنێن ۲. پارچەیەکی ئەستووری چەند لۆ کە بۆ دەمکێشانی چایی دەیکێشنە سەر قۆریدا.

دمگاه / domgāh/: *اسم.* دووگا؛ پاشەڵی پەلەوەران.

دم‌گرد / damgerd، ـها/: *اسم.* دەمگرد؛ دەمخرت؛ جۆرێک ئەمۆردەستی دەمباریک کە نووکەکەی خرتە و بۆ پێچاندنی سیم و شتی وا دەبێ.

دمگل / domgol، ـها/: *اسم.* قینچک؛ قەنچک؛ دووچکەگوڵ؛ باریکە ڕسێ کە گوڵ بە لاسکەوە دەلکێنێ.

دمل / domal، ـها/: [اعربی] *اسم.* ئارێنج؛ کوان؛ کونک؛ کولک؛ کۆن؛ کۆڤان؛ کوڤان؛ کەوەن؛ پرزک؛ ئاشین؛ کونێر؛ قونێر؛ گۆنر؛ چافک؛ پەڤیژۆک؛ مادە؛ لۆک؛ هاڵی؛ دومەڵ؛ دمەڵ؛ دومەڵە؛ دومل؛ دومڵ؛ بلۆقی چڵکینی بە ژان کە لە ژێر پێستەوە دەردێ ‹زیر بغلش یک دمل درآمده: لە ژێر باڵیەوە [illegible]ێک دەرهاتووە›.

◘ **دمل خونی**: کوانی خوێنی؛ دومەڵێک کە بە هۆی گرسانی خوێن لە جێگایەکی نائاساییدا دەردێت.

دمل ریه: کوانی سی؛ کوانێ کە بە هۆی نەخۆشی سی، ڕۆچوونی خوێن، چڵک یان هەر شتێکی دەرەکی بۆ ناو سی، لە سیپەلاکدا بەدی دێ.

دمن / daman/: *اسم. [ادبی]* داوێن؛ دامێن؛ دامێنە؛ داوێنە؛ داینە؛ ئاتەگ؛ پەلە؛ گۆرت؛ پاڵداوێن؛ پاڵدامێن؛ پێدەشت؛ پادەشت؛ وەرپاڵ؛ بەرپاڵ؛ بنار؛ بناری کێو؛ بناری چیا ‹دشت و دمن: دەشت و داوێن›.

دم‌نگار / damnegār، ـها/: *اسم.* دەمە؛ دەمنە؛ ئامێری نووسینی خێرایی و قووڵی هەڕازانی هەناسە.

دمنه / damne/: [از کردی] *اسم.* دەمە؛ دەمنە؛ گوڵبێنە؛ گوڵوێنە؛ گوڵوو؛ کوڵوونە؛ کونی بنەوەی تەنوور بۆ هەناسەدان و گڕ خۆشبوونی.

دمنه‌بند / damneband/: [از کردی] *اسم.* دەمنەبەن؛ گوڵواخن؛ گوڵبێنەئاخن؛ تۆپە پەڕۆی کپ‌کردنی دەمە بۆ دامرکاندنی ئاوری تەندوور.

دمور / damûr/: *اسم.* ویرە؛ لۆرە؛ ورە؛ سۆزە؛ ئاوازی هێواش و لە ژێر لێوەوە.

دم‌ودستگاه / dam-o-dastgāh/: *اسم.* دام و دەزگا: ۱. تەواوی دەسگا و ئامێرگەلی کەس، مەزرینگە یان ڕێکخراوەیەک ۲. *[گفتاری]* هنگ و ونگ؛ دەبدەبە و کەبکەبە؛ سامان و گڕنووز ‹در آنجا دم و دستگاه مفصلی راه انداخته بود: لەوێ دام و دەزگایەکی قورسی ڕێخستبوو›.

دموکرات / demokrāt، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* دیموکرات: ۱. هۆگری ڕژیمی دیموکراسی ۲. ئەندام یان هۆگری حیزبی دیموکرات (لە ولاتانی جۆراوجۆردا) ❋ **دمکرات؛ مردم‌سالار**

دموکراتیک / demokrātîk/: [فرانسوی] *صفت.* دیموکراتیک؛ پێوەندیدار یان سەر بە

دیموکراسیەوە: **دمکراتیک؛ مردم‌سالارانە**

دموکراسی / demokrāsî ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. دیموکراسی: ۱. سیستەمێک کە هەر تاکێکی کۆمەڵگا تێیدا مافی هەیە ئازادانە و بێبەرهەڵست هەڵویست و بڕیار لە سەر بایەخەکانی ئەو کۆمەڵگایە بدا و لە هەل و بەرهەم و کار و ئەرکی ئەو کۆمەڵگایەدا هاوبەش بێ ۲. گەل‌مەزنی؛ نیزامێکی سیاسی کە کاربەدەستانی حکوومەت لە لایەن خەڵک یان نوێنەرانیانەوە هەڵدەبژێردرێن و لە هەمبەریانەوە بەرپرسن ۳. گەل‌مەزنی؛ یەکەیێکی سیاسی وا کە تێیدا دەنگی زۆرینە ڕاژۆرە * **دمکراسی؛ مردم‌سالاری**

دموگرافی / demogrāfî/: [فرانسوی]/اسم. ئاپۆرەناسی؛ جڤات‌ناسی؛ جەماوەرناسی.

دمونستراسیون / demonsterāsyon, demonstrāsiyon ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. [سیاست] گەلەکۆیی؛ کار یان ڕەوتی خۆپیشاندان؛ خۆشاندان؛ ڕێپێوان.

دموی / damavî ، ـها/: [عربی] صفت. خوێنی؛ پێوەندیدار بە خێنەوە.

دموی‌مزاج / damavîmezāc, -mazāc ، ـها/: [عربی] صفت. خۆش‌دەماخ؛ خاوەن ڕۆحێکی بزۆز و گەشبین.

دمه / dame/: اسم. کرێوە؛ کرێڤە؛ کلافە؛ باسریشک؛ بازریشک؛ باکوزیک؛ باپوک؛ باووە؛ بادەوە؛ گیت؛ دەمە؛ شڵێوە؛ باروڤە؛ باپوسکە؛ باهوڕ؛ ورەبا؛ هۆڕەبا؛ باهۆڕ؛ کزەبای توندی بە بەفرەوە.

دمی / damî/: اسم. [مخفف] باقلەپلاو؛ شێوی کەتە و باقلەی وشک.

دمی / domî/: صفت. کلکی؛ جووچکەیی؛ دووچکەیی؛ پێوەندیدار بە کلکەوە.

دمیدن / damîdan/: مصدر. لازم. متعدی. //**دمیدی**: هەلاتی؛ **می‌دمی**: هەڵدێی؛ **بدم**: هەڵبێ// ☐ لازم. ۱. هەلاتن؛ هەڵهاتن؛ ئەلاتن؛ هلاتن؛ ئەنگووتن؛ ئەنگوتن؛ گەڤلین؛ زەیقین؛ زیەی؛ زیای؛ وەرکەتن؛ دەرهاتن؛ دەرکەوتن؛ کەوتن؛ هۆرئامەی؛ هۆرئامای؛ بەرئامەی؛ بەرئامای؛ دیاری دانی خۆر، مانگ یان ئەستێرە ‹آفتاب دمیدن: خۆر هەلاتن› ۲. دەرهاتن؛ شین بوون؛ سەوز بوون؛ دەم دان؛ ڕوان؛ ڕپان؛ بەرئامەی؛ بەرئامای؛ ڕسەی؛ ڕسای؛ هاتنە دەرەوەی گیا لە زەوین ‹دمیدن گل: دەرهاتنی گوڵ› ☐ متعدی. ۳. هەڵدان؛ فوودان؛ دەماندن؛ دەمانن؛ دەمین؛ دەمنەی؛ دەمنای؛ تووڕاندن؛ تووڕنای؛ دەڤ دان؛ دەم دان؛ پف‌کردن؛ پف دان؛ فوو تێکردن؛ فوو ئەنەکەردەی؛ با کردنە نێو شتێکەوە ‹کوره را دمیدن: دەماندنە کوورەوە› ٤. [قدیمی] دەماندن؛ دەمانن؛ دەمنەی؛ دەمنای؛ بە دەمنە با گەیاندنە ئاگر و ئایساندنی. هەروەها: **دمیدنی**

■ صفت فاعلی: **دمنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **دمیده** (هەلاتوو)/ مصدر منفی: **نَدمیدن** (هەڵنەهاتن)

دنائت / denā'at, danā'at/: [عربی]/اسم. [ادبی] سپڵەیی؛ خوێڕیەتی؛ خوێڕیایەتی؛ ناکەسی؛ نانەجیبی؛ پەستی.

دنبال / dombāl, donbāl/: اسم. [نامتداول] شوێن؛ شۆن؛ شۆنی؛ شوون؛ دوا؛ دویڤ؛ دما؛ پەی؛ پاش؛ پاشەڵ؛ ڕواڵ؛ واهوو؛ تانتوو؛ پشت سەر؛ پەشتە سەر ‹او از پیش می‌رفت و من در دنبال: ئەو لە پێشەوە دەچوو و منیش بە شوێنیدا›.

◘ **به دنبال** ☜ **دنبال**

◘ **دنبال کردن**: شوێن‌کەوتن؛ بە دوادا کەوتن؛ کەوتنە شوێن؛ لە شوون چین؛ وە دووکەوتن؛ کەوتنە دوو؛ کەوتەی شۆنی؛ دانە پەی؛ شۆن گێرتەی؛ لە پەی چوون؛ نیانە شوێن؛ شۆنیەوە نیەی/ نیای؛ بە دوا چوون؛ لوەی/ لوای شۆنیەرە؛ ڕاماڵ نیەی؛ جەنیقاندن (لە ڕاودا)؛ ڕانان؛ ڕاونان؛ دانە دوو ‹خرگوش را دنبال کرد و رفت: کەوتە شوێن کەروێشکەکە و ڕۆیشت›.

دنبال / dombāle, donbāle/: حرف. بە شوێن؛ شوێنی؛ شۆنۆ؛ وە شۆن؛ دوا؛ لدویڤ؛ ل پەی؛ ل پشت؛ دماو: ۱. پشتە سەری کەسێ یان شتێ لە کاتی ڕۆیشتندا ‹دنبال مادرش راه افتاد: بە شوێن دایکیدا کەوتە ڕێ› ۲. لە گەڕان بۆ شتێک پەیدا کردن و بە دەست هێنانی ‹دنبال دکتر رفتن: بە شوێن دوکتوردا چوون› * **بە دنبال**

◘ **دنبال چیزی بودن**: بە دوای شتێکدا بوون؛ بە شوێن چتێکا بوون؛ شۆنۆ چێوێوەوە بیەی ‹معلوم نبود آن وقت شب دنبال چیست؟: دەرنەکەوت لەو تاریکانی شەوەدا بە دوای چیەوەیە؟›.

دنبال چیزی رفتن: بە دووی شتێکدا ڕۆیشتن؛ چوون بە شوێن چتێکا؛ شۆنۆ چێوێویەرە لوەی؛ بە شوێن شتێکا ڕۆیشتن؛ بۆ بە دەست هێنانی شتێ یان ئەنجامدانی کارێک ڕۆیشتن ‹رفته بود دنبال کار: بە شوێن کاردا چووبوو›.

دنبال چیزی گشتن: بە دوای/ شوێن/ دووی شتێکدا گەڕان؛ لە دوای/ شوێن/ دووی شتێکدا گەڕان؛ شۆنۆ چێوێویەرە گێڵەی ‹توی جیبش دنبال پول خرد می‌گشت: لە گیرفانیدا بە دوای پوولەوردە دەگەڕا›.

دنبال خود انداختن: خستنە شوێن/ دوای/ دووی خۆ؛ بە/ لە شوێن/ دوای/ دووی خۆ خستن؛ بە/ لە شوێن/ دوای/ دووی خۆدا بردن؛ وسەی شۆنۆ ویرە؛ ئەرەشۆنۆ وێ وسەی ‹دو نفر را هم دنبال خودش انداخته و آورده بود: دوو کەسیشی خستبووە شوێن خوی و هێنا بوونی›.

دنبال کسی افتادن: کەوتنە شوێن کەسێ؛ شوێن کەسێک کەوتن/ گرتن؛ شوێن کەسێ هەڵگرتن؛ بە شوێن کەسێکدا چوون: ۱. کەوتنە دووی کەسێکەوە؛ بە دوای کەسێکدا ڕۆیشتن؛ لە پەی کەسێکا چوون؛ کەوتەی شۆنۆ یوی ۲. *[تعریض]* پشتی کەسێک گرتن؛ لە کەسێ لایەنگری کردن ‹یک وقتی هم دنبال صدام افتاده بود: ماوەیەکیش کەوتبووە شوێن سەدام›.

دنبال کسی رفتن: بە شوێن کەسێکدا چوون؛ بە دووی کەسێکدا ڕۆیشتن؛ شۆنۆ یۆیەرە لوەی؛ کەوتەی شۆنۆ یۆی ‹رفت دنبال دکتر: بە شوێن دوکتوردا چوو›.

دنبال نخود سیاه فرستادن: *[کنایی]* بۆ دەسەسەرەکە ناردن؛ بردن بۆ ڕاوە ژیشک/ ژووژووەڕاو؛ لە ژوانی ژێرکان دانان؛ حەواڵەی سەر چاڵەبەفرکردن؛ کەسێ بە بیانوویێک بۆ بە دەست هێنانی شتێکی دوورەدەست لە جێگایەک دوور خستنەوە ‹بچەها را فرستادند دنبال نخود سیاه و با هم رفتند سینما: منداڵەکانیان نارد بۆ دەسەرسەرەکە و پێکەوە چوون بۆ سینەما›.

دنبالچه / dombālče, donbālče/: اسم. کلێچە؛ قلێچە؛ قلێنچک؛ کەلێژ؛ کلیژ؛ کلێنچکە؛ کلێنچە؛ کلینچک؛ تەری؛ قەمچک بزدوو؛ بزوو؛ جووچکە؛ سمرە؛ ئێسکگەلی خواروی مۆغەرەی پشت کە پێکەوە لکاون و لە مرۆدا بریتی لە سێ تا پێنج مۆرەی کورتەوەبووە.

دنباله / dombāle, donbāle ، ـها/: اسم. کلکە: ۱. چاک؛ بەشێ لە شتێک (وەک جل‌وبەرگ) کە لە دواوە شۆڕ بووەتەوە ‹دنبالەی پیراهن: چاکی گنج› ۲. درێژە؛ پاشکۆ؛ پاشماوە؛ بەشێ لە شتێک کە بە دوای بەشی پێشوویدایە ‹دنبالەی داستان؛ دنبالەی راه: درێژەی چیرۆک؛ درێژەی ڕێگە› ۳. دوا؛ بەشی پشتی ‹دنبالەی کشتی: کلکەی کەشتی› ٤. *[ریاضی]* ڕیزێکی دوادار یان بێ‌برانەوە لە ژمارە یان ڕستەگەلی جەبری کە بە پێی قانوونێک بە دووی یەکدا دێن.

◘ **دنباله پیدا کردن**: درێژە ساندن/ گرتن؛ بەردەوام بوون؛ کۆتایی نەهاتن؛ دوایی نەهاتن و هەر لە ئارادا بوون ‹گرفتاری او دنباله پیدا کرد و کار به دعوا و طلاق کشید: گرفتەکانی درێژەی

ساند و کار کێشایه شەڕ و جیایی›.
دنباله داشتن: درێژەدار بوون؛ درێـژە هـەبوون؛ کلکەدار بوون؛ ناتەواو بوون ‹این داسـتان دنبالـه دارد و بـه ایـن زودی تمام نمـی‌شـود: ئـەم ڕووداوە درێژەدارە و بەم زووانە تەواو نابێ›.

دنبالـه‌دار / dombāledār, donbāle- ، ـهـا/: *صفت.* ١. دووچکەدار؛ کلکدار؛ کلکـن؛ دواییـدار؛ کلکەدار؛ پاشڵدار؛ بـە دوایـی ‹بادبـادک دنبالـه‌دار: بەرزەحەوایلەی دوچکەدار› ٢. درێـژەدار؛ هێـشتا کۆتـایی نـەهاتوو ‹داسـتان دنبالـه‌دار: چیرۆکـی درێژەدار›.

دنبالـه‌رو / dombālerow, donbāle- ، ـها؛ ـان/: *صـفت.* شـوێنگر؛ شـوێنکەوتوو؛ شـوێنکەوتە؛ شۆنکەوتە؛ شوێن‌کەفتە؛ وەدواکەوتە؛ خاوەن خۆ و ئۆگرەتی شوێن‌کەوتوویی.

دنبالـه‌روی / dombāleravî, donbāleravî ، ـهـا/: *اسـم.* شـوێنگری؛ شـوێن‌کەفتـەیی؛ وەدواکەوتـەیی؛ ڕەوتی بـە دوادا چـوون و وەرگرتنی ڕێباز و ڕێنوێنی و شێوەکاری کـەس یان کەسانێک ‹اعتقادات ما همه دنباله‌روی گذشتگان اسـت: بـیر و بـڕوای ئێمـە هـەمووی شـوێنگری ڕابردووانە›.

دنبک / dombak, donbak/ ☜ **تُنبَک**

دنـبلان / dombalān, donbalān ، ـهـا/: *اسم.* کـدارک؛ کـدادک؛ کوفکـارک؛ کـەمبولۆک: ١. دومبـەلان؛ دونبـەلان؛ دمبـەلان؛ دمـەلان؛ دۆبـەلان؛ دونبەلـمان؛ چمـە؛ کیـارک؛ کمـێ؛ گونەلان؛ هێلکەگونی چوارپێیانێ کـە گۆشـتیان دەخورێ ‹دنبلان گاو: دومبـەلانـی گا› ٢. گونەلان؛ کەبابی دومبەلان ٣. گەپلە؛ کەیارک؛ کارگ؛ لە چەشنێک کارگی خۆراکی کە لە ژێر خاکـدان و ڕووەکەی خڕە و بە ڕەنگی ڕەش، خۆڵەمێشی و سپی لە سروشتدا هەیە.

دنبـه / dombe, donbe/: *اسـم.* ١. دووگ؛ دوو؛ دووگە؛ دمە؛ دوف؛ دیف؛ دونـگ؛ دووف؛ تـەری؛ ساکەتە؛ دومی؛ کۆمە بـەزی ژێـر پاشەڵـی مـەڕ ٢. پاشەڵی مەڕی ئاسیایی.

دنج / denc/: [ترکی] *صفت.* [گفتاری] مەند؛ مەن: ١. ئـامۆش؛ هـامۆش؛ خـامۆش؛ کـونج؛ فـەنا؛ خەڵوەت؛ خاڵوەت ‹یک گوشەی دنج پیدا مـی‌شـد خوب بـود: کـونجێکی ... ببوایـێ چـاک دەبـوو› ٢. تەریک؛ ئارام؛ بێ‌دەنـگ و قـاڵ ‹خانـەی دنـج خوبی داری: ماڵێکی ... باشت هەیە›.
▣ **جای دنج** ☜ **جا**[1]

دندان / dandān ، ـها/: *اسم.* ددان؛ دنان؛ دیـان؛ دگان؛ دران؛ دزان؛ دندان؛ دان؛ دنوو؛ هەر یەکـە لـە ئەنـدامانی سـەختی نێـو زار کـە لـە سـەر شەویلکەی مۆغەرەدارانەوە دەڕوێن و بۆ جوین و داکرۆژتنی خۆراک یان وەک ئامێری بەرەنگاری بە کەڵک دێن.
▣ **دندان** آسیا: کاکیلە؛ کاکیلکە؛ خلێنە؛ خرێنە؛ خریپ؛ خرێ؛ هەر کام لە چوار ددانێ (ئەگـەر ددان عەقڵیش دەرهاتبێ پێنج) کە لە هـەر دوو لای شەویلکەکانەوە دەردێـن و بـۆ جـاوین و ساوینی پاروو بە کار دێن: **دندان کرسی**
دندان پیش: بڕە؛ کێلب؛ کەڵپ؛ کێلبـە؛ ددانی پـێش؛ دگـان بـەر؛ هـەر کـام لـەو ددانانـەی پێشەوە کە بۆ بڕین و هەڵکەندن بە کار دێن: **ثَنایا**
دندان دایمی: ددانی هەمیـشەیی؛ هـەر کـام لەو ٣٢ ددانەی مـرۆڤ کـە بـە دوای حـەوت ساڵەییدا دەردێن.
دندان شیری: ددانی شـیری؛ ددانی حـەوت ساڵە؛ هەر کام لەو ٢٠ ددانە کە لە منـداڵانی شیرەخۆرەدا لە دوای شەش مانگیەوە تـا دوو سـاڵان دەردێـن و لـە دەور و بـەری حـەوت ساڵەییدا دەکەون.
دندان عاریه: [گفتاری] ددانی دەسکرد؛ تاقم.
دندان عقل: کورسـی؛ خلێنـە؛ ددانی عـەقڵ؛ ئـاخرین ددانی هـەر دوو لای شـەویلکەی

مرۆڤ کە دوای هەژدە ساڵەیی دەردێن و جارجارەیش هەر دەرنایەن.

دندان کرسی ☜ **دندان آسیا**

دندان کرم‌خورده: ددانی خوراو؛ ددانی کرمۆڵ؛ ددانی قرۆڵ؛ ددانی کرم‌خواردوو؛ ددانێ کە پواوە.

دندان مصنوعی: تاقم؛ ددانی دەسکرد؛ دنودەرکی؛ دنون دەشەکی؛ دنان عاریە؛ ددانێ کە بە دەستی ددانساز چێ دەکرێ و لە جێی ددانە نەماوەکان بە کار دەبرێن.

دندان نیش: چیر؛ دڕۆک؛ چوار ددانی نووک‌تیژ کە لە هەر دوو لای شەویلکەوە لە نێوان ددانی بەر و کاکیلەوە دەردێن.

▣ دندان پر کردن: ددان پڕکردنەوە؛ دیان پڕکردن؛ ددان پەڕەوەکەردەی؛ چاکردنەوەی ددانگەلی کرمۆڵ یان سەرکەل بە دەستی ددانبژیشک ‹دکتر دو تا [illegible] مرا کشید و یکی را هم پر کرد: دوکتور دوو ددانی کێشام و دانێکیشی پڕ کردەوە›.

دندان تیز کردن: *[کنایی]* ددان تیژکردنەوە؛ مرخ لێ خۆش‌کردن؛ تەماح تێکردن؛ گیڤ بوون و خوازیاری وە چنگ خستنی شتێک بوون ‹آقایان برای ده علی‌آباد دندان تیز کرده بودند: سەرزلان بۆ ئاوایی عەلی‌ئاوا ددانیان تیژ کردبووەوە›.

دندان چیزی/ کاری را نداشتن: ددانی شتێ نەبوون؛ ددانی ساق بۆ خواردنی شتێ نەبوون ‹پسر جان! من دندان [illegible] خوردن ندارم: کوڕەکەم! من ددانی [illegible]›.

دندان درآوردن: ددان دەرهێنان؛ دیان دەرهاوردن؛ ددان زنیەی؛ دەرهاتنی ددان و ددان‌دار بوون ‹بچه از شش ماهگی دندان درمی‌آورد: منداڵ لە شەش مانگیەوە ددان دەردێنێ›.

هەروەها: **دندان درآمدن**

دندان روی جگر گذاشتن: *[مجازی]* ددان بە خۆوەگرتن؛ دیان نانە خۆدا؛ ددان بە سەر جەرگدا نان؛ لە بەرانبەر دەرد و زەحمەتەوە تابشت هێنان و دەنگ نەکردن ‹دندان روی جگر گذاشتم و هیچ نگفتم: ددانم بە خۆوەگرت و نقم نەکرد›.

دندان زدن: ١. قەپ لێدان؛ قەپ‌گرتن؛ گاز گرتن؛ قەپ‌گێرتەی؛ گازگێرتەی ٢. *[مجازی]* نانە ژێر ددان؛ بە ددان تاقی‌کردنەوە (وەکوو تاقی‌کردنەوەی نەرمی یان سفتی شتێک).

دندان طمع را کشیدن: *[مجازی]* دڵ لێ‌هەڵکەندن؛ لە شتێ چاو پۆشین و چیتر بە شوێنیدا نەچوون.

دندان کسی افتادن: ددانی کەسێک کەوتن؛ دیان کەسێ کەفتن؛ ددانوو یۆی کەوتەی ‹یکی از دندانهایش افتاده بود: یەک لە ددانەکانی کەوتبوو›.

دندان کسی پیش چیزی/ کسی گیر کردن: *[مجازی]* دڵی کەسێک گیرۆدەی شتێ/ کەسێک بوون؛ دڵ چەقینە سەر کەس/ شتێ؛ زۆر خوازیاری شتێ/ کەسێ بوون ‹دندان آزاد پیش سارا گیر کرده بود: دڵی ئازاد گیرۆدەی سارا ببوو›.

دندان کسی را شمردن: *[کنایی]* بە سڕ و تری کەسێک زانین؛ کەسێک بە باشی ناسین و لە عەیبەکانی ئاگادار بوون ‹زن و شوهر دندان هم را شمرده بودند و دیگر از حرف زدن فایده نداشت: ژن و مێردەکە بە سر و تری یەکیان زانیبوو، چیتر قسە و باسێک نەمابوو›.

دندان کسی را کرم خوردن: ددانی کەسێک کرمۆڵ بوون؛ ددانی کەسێ تووشی پوواوی بوون ‹یکی از دندانهایم را کرم خورده بود: ددانێکم کرمۆڵ ببوو›.

دندان کسی را کشیدن: ددانی کەسێک کێشان؛ دیان کەسێ کێشان؛ ددانوو یۆی کێشتەی.

دندان کسی ریختن: ددانی کەسێک کەوتن؛ هەموو یان زۆرێک لە ددانگەلی کەسێک لە شەویلکە جیا بوونەوە و داکەفتنی ‹قدش خمیده و دندانهایش ریخته بود: بالای چەمابووەوە و ددانەکانی کەوتبوون›.

دندان گذاشتن: دیان تێ‌کردنەوە؛ ددان نان؛ ددان نیەی/ نیای؛ ددانی دەسکرد نانە جێ ددانی کەوتوو.

دندان نشان دادن: *[کنایی]* چاو لێ‌گرتن؛ چاو لێ بزکردن؛ مۆڕ بردنەوە؛ چاو لێ دەرپەڕاندن؛ چاو لێ شکاندن؛ چاو سوورکردن؛ ددان لێ‌چیرکردنەوە؛ لێ چیرەوەکردن؛ هەڕەشە و گورەشەکردن ‹با این کار می‌خواست به او دندان نشان بدهد: بەم کارە دەیەویست گوشە چاویکی تێ‌بگرێ›.

دندانهای کسی کلید شدن: دەمی کەسێک هاتنە یەک؛ دەم کەسێ چوونە کلێلە؛ زاری کەسێک ڕەق بوون؛ دانی کەسێک دەبەست چوون؛ کرژ بوونەوەی ماسولکەی شەویلاک بە چەشنێ کە نەکرێتەوە.

باب دندان بودن: *[کنایی]* باو دڵ بوون؛ شیاوی حاڵ بوون؛ باوشان بوون؛ گیای کەسێک بوون ‹این میوه باب دندانم نیست: ئەم میوە باوی دڵم نیە›.

به دندان کشیدن: قەپاندنەوە؛ ئەوەقەپنەی؛ بە قەپ خواردن؛ قەپخۆرکردن؛ بە ددان لێکردنەوە و خواردنی شتێک ‹قاچ هندوانه را برداشت و به دندان کشید: قاشە شووتیەکەی هەڵگرت و قەپاندیەوە›.

به دندان گرفتن: بە ددان گرتن؛ گرتنە دیانەوە؛ گرتنە دەمەوە؛ بە دەم گرتن؛ گێرتەی دەمەوە؛ ڕاگرتن بە دیان ‹گربه بچەاش را به دندان گرفت و برد: پشیلەکە بێچووەکەی گرتە ددانەوە و بردی›.

دندانپزشک / dandānpezešk, -pezešg ، ـها؛ ـان/: *اسم*. ددان‌پزیشک؛ دنان‌بژیشک؛ دیان‌پزشک؛ کەسێ کە لە ڕشتەی ددان بژیشکیدا خوێندنی زانسگایی هەبێ.

دندانپزشکی / dandānpezeškî, -pezešgî/: *اسم*. ددان‌بژیشکی؛ دنان‌پزیشکی؛ زانست و پیشەی ناسینی نەخۆشی و گەزنی ددان و شەویلکە و چۆناوچۆنی دەرمان و چا کردنەوەیان.

دندان‌درد / dandāndard/ ☜ درد[٢]

دندانساز / dandānsāz ، ـها؛ ـان/: *اسم*. ١. ددان‌ساز؛ دنانساز؛ دانساز؛ دیانساز؛ وەستای دروستکردنی ددانی دەسکرد ٢. *[گفتاری]* ددان‌بژیشک.

دندانسازی / dandānsāzî/: *اسم*. ددانسازی؛ دیانسازی: ١. پیشەی ددانساز ٢. /ـها/ کارگای ددانساز ٣. /ـها/ *[گفتاری]* سەردانگەی ددان‌بژیشک.

دندان‌شکن / dandānšekan/: *صفت*. *[مجازی]* دەم‌کوتکەر؛ ددان‌شکێن؛ زۆر سەخت و ئازاردەر ‹جواب دندان‌شکن: وەرامی دەم‌کوتکەر›.

دندان‌قروچه / dandānqorûče/: *اسم*. ددانەکرۆژە؛ دانەجیرێ؛ ددانەچیرە؛ دیانەکیرە: ١. ڕیچ؛ دنوریچە؛ چیر؛ کار یان ڕەوتی دان جیر کردنەوە؛ دان چیرکردنەوە؛ چێرەوەکەردەی؛ ڕێک‌خشانی ددانان بە یەکدا، بەتایبەت بە هۆی تووڕەییەوە ٢. *[پزشکی]* کار یان ڕەوتی لێک‌ساوینی ددان لە خەودا. هەروەها: **دندان قروچه کردن/ رفتن**

دندان‌گرد / dandāngerd ، ـها/: *صفت*. *[مجازی]* چنۆک؛ چاوچنۆک؛ چاف‌چنۆک؛ چاونەزێر؛ چاوبرسی؛ چاف‌برسی؛ چڵماس؛ چەڵماس؛ چەڵماسک؛ دەقبەش؛ پرکێش؛ تەماکار؛ لیشتۆک؛ هەفهەفی ‹خیلی دندان‌گرد است با او نمی‌شود معامله کرد: زۆر چاوچنۆکە و مامەڵەی لەگەڵ ناکرێ›.

دنـدان‌گـردی / dandāngerdî ، ـهـا/:اسـم. چنـۆکی؛ چـاوچنۆکی؛ چاونـه‌زێری؛ تـه‌ماکاری؛ دۆخ یان چۆنیه‌تی چاوبرسی بوون ‹در معامله نباید دندان‌گردی بکنی: لـه مامه‌لـه‌دا نابـێ چـاوچنۆکی بکه‌ی›.

دنـدانگیر[1] / dandāngîr ، ـهـا/:اسـم. ددانگـیر؛ ئامێرێک به شێوه‌ی لاستیکێکی ناو بـه‌تاڵ، کـه له کاتی ده‌رهێنانی ددانی زارۆدا پێی ده‌ده‌ن به ددان بیگرێ تا ده‌می تاک بێ.

دندانگیر[2]: صفت.[مجازی] به‌رچاو؛ ده‌ردخواردوو؛ ده‌ردخۆر؛ ده‌ردوه‌ر؛ ده‌رده‌وه‌ر؛ ئه‌وتۆ؛ به هورم و بایه‌خ ‹دزد چیز دندانگیری در خانه پیدا نکرده بـود: دز شتێ به‌رچاوی له ماڵه‌که‌دا نه‌دۆزیبووه‌وه›.

دنـدان‌موشـی / dandānmûšî ، ـهـا/:اسـم. نه‌خـشێک بـه شـێوه‌ی داڵـبڕ کـه پتـر بـۆ ڕازاندنه‌وه‌ی په‌راوێز و لێواره‌دووری سه‌ر قوماش به کاری ده‌به‌ن.

دندانـه / dandāne ، ـهـا/:اسم. داڵـبڕ؛ ددانـه؛ دیانه: ۱. دن؛ دچ؛ ددانوک؛ دانه؛ چوکڵه؛ قارت؛ ده‌ن؛ هه‌ر کام له قوتکه‌گه‌لی یه‌کڕیز و یه‌ک له دوای یـه‌ک ‹دندانـه‌ی اره؛ دندانـه‌ی کلیـد: ددانـه‌ی هه‌ره؛ دیانه‌ی کلیل› ۲. [گیاه‌شناسـی] برەـبـڕه‌ی لێواره‌ی گه‌ڵا که به شێوه‌ی ددانه‌ن.

دندانه دار / dandānedār/: صفت. داڵبڕـداڵـبڕ؛ ددانه‌دار؛ دیانه‌دار؛ به دیانه و داڵبڕگه‌لی تیـژ لـه لێوار و که‌ناره‌وه.

دنـدانی[1] / dandānî/:اسـم. دووپـایی؛ ئاژه‌ڵـی دووکۆیی؛ ئاژه‌ڵێ که بۆ داشـت و به‌شـداری لـه ده‌سهاتی، لای که‌سێکه‌وه داده‌نرێت.

دندانی[2]: صفت. ددانی؛ دانی؛ دیانی؛ پێوه‌ندیدار یان سه‌ر به ددانه‌وه.

دنده / dande ، ـها/:اسـم. ده‌نـده؛ ده‌نـه؛ ده‌ن: ۱. په‌راسوو؛ په‌راسی؛ په‌ره‌که؛ سیـسی؛ ده‌نـگ؛ ده‌نـک؛ ده‌نکـه؛ پارخـان؛ پاروخـان؛ ئێـسکی که‌وانه‌یی له سینگدا ۲. ده‌سگایه‌کی میکـانیکی بۆ گۆڕینی جووڵه، لایه‌ن و خێرایی لـه موتـوردا ‹دنده‌ی یک: ده‌نده یه‌ک›.

▣ **دنده‌ی آزاد**: گه‌نده‌په‌راسوو؛ هه‌ر کام لـه دوو یا سێ‌جووتی خوارینی په‌راسـووی گوانـداران که کورت‌تره و ناگاته ئێسکی سـنگ: **دنـده‌ی کاذب**

دنده‌ی حقیقی: په‌راسـووی ڕاسـته‌قینه؛ هـه‌ر کام له حه‌وت جـووتی سـه‌رووی پـه‌راسـووی مرۆ که له به‌ره‌وه به هۆی به‌شی کرۆژه‌یی بـه ئێسکی سنگه‌وه ده‌لکێن.

دنده‌ی کاذب ☜ **دنده‌ی آزاد**

▣ **دنده پهن بودن**:[کنایی] ته‌پلۆسه/ تـه‌پلمۆس/ ته‌پلۆس/ له‌ش‌گـران/ تـه‌پ/ ترتـه‌پال بـوون؛ ته‌وه‌زه‌ل بوون؛ قنگ قورس بوون.

دنده چاق کردن:[مجازی] لێ‌خوڕین؛ ئـاژۆتن؛ ڕانه‌نده‌یی‌کردن

دنده عقب رفتن: پاشه‌وپاش چوون؛ به‌ره‌و دوا چوون: ۱. به‌ره‌و دوا ڕانده‌یی‌کردن ۲. [کنایی، گفتاری] پاشه‌کشه‌کردن؛ به‌ره‌و پاش چوون.

دنده‌ی کسی خاریدن:[کنایی] کوته‌ک خوران؛ گیان خوران/ خوریان؛ شـان/ لـووتی که‌سـێ لێی خوران؛ شـه‌ق خـوران؛ شـیاوی کوتـه‌ک خواردن بوون ‹مگر دنده‌ات می‌خارد کـه سـربه‌سر ایـن آدم شـارلاتان گذاشـته‌ای؟: مه‌گـه‌ر کوتـه‌کت ئه‌خورێ، سه‌ر ئه‌نیته سه‌ر ئه‌م کابرا شه‌للاتیه؟›.

دنده‌ی کسی نرم شدن:[کنـایی] سـلی که‌سـێ سارده‌وه بوون؛ چاو که‌سێ چه‌رمگـه‌و بـوون؛ مردن.

از دنده‌ی چپ بلند شدن:[کنایی] له‌سه‌ر باری ناله‌بار بوون؛ که‌یف ساز نه‌بوون.

از این دنـده بـه آن دنـده شـدن: شانه‌وشـان کردن؛ تل دان؛ له لایه‌که‌وه بـه لایـه‌کی‌تـردا که‌وتن (به‌تایبه‌ت به هۆی بێ‌خـه‌وی یـان خـه‌و زڕانه‌وه).

دنده‌ای/ dande'î/: صفت. ده‌نده‌یی؛ ده‌نـده‌دار؛

به دەندەوە ‹موتور دنده‌ای: موتوری دەندەیی›.

دن‌ژوان / donjûvān/: [فرانسوی]/اسم. *[کنایی]* ژنباز؛ تۆلاز؛ دۆژەن؛ زرتک؛ کەسێ کە وازی لە ژنانە و وا ناسراوە.

دن کیشوت / donkîšot/: [؟] /اسم. *[کنایی]* پاڵەوان‌پەمە؛ کەسێ کە تووشیاری ئارمانجگەلی نەگونجاو و خەیاڵگەلی پاڵەوانیەتیە.

دنگ[1] / dang/: /اسم. ۱. /ـها/ دینگ؛ دنگ؛ سیرکۆ؛ دەسوسندۆڵ؛ چاڵک؛ برنجکوت؛ ئامرازی برنج کوتان ۲. *[مجازی]* دەنگەشە؛ هەرا و هوریا؛ دەنگ؛ دەنگەدەنگ؛ داکۆکە؛ قیڕە؛ گرم و قاڵ؛ قرم و قاڵ ‹کاری می‌کنند که هر روز دنگی درآید: کارێک دەکا هەموو ڕۆژێ دەنگەشەیەک بەرز بێتەوە› ۳. نەوس؛ هەوەس؛ خولیا ‹دنگ کسی گرفتن: نەوسی کەسێ هەستان›.

▣ **دنگ کسی گرفتن:** *[تعریض]* کەڵکەڵە کەوتنە سەری کەسێک؛ هەوا کەوتنە سەری کەسێک؛ هەوا لە سەری کەسێک دان؛ هەوا کەسێک گرتن؛ نەوسی کەسێ هەڵسان؛ کەوتنە سەر هەتەرەوە؛ کەفتنە سەر هەواوە ‹اگر فردا دنگت گرفت و نخواستی کار کنی، تکلیف من چیست؟: ئەگەر سبەینێ کەڵکەڵە کەوتە سەرت و نەتویست کار بکەی، چاری من چیە؟›.

دنگ[2] ☜ **دنگ ـ دنگ**

دنگال / dangāl/: صفت. هەشتەرخان؛ وراق؛ بەرپان؛ زۆر گەورە و بەرفراوان ‹اتاق دنگال؛ کرسی دنگال: ژووری هەشتەرخان؛ قورسی وراق›.

دنگاله / dangāle/: /اسم. گلیلە؛ گلیزە؛ گەزووز؛ چلوورە؛ زەمبەلیک؛ زەمبەلیلک؛ زەنبەلولە؛ زەنبەلوویلە؛ بەیسێ؛ شووشە سەهۆڵ؛ سەهۆڵێ کە بە شاخ و گوێسوانەدا شۆڕ دەبێتەوە.

دنگ‌ـ دنگ / dangdang/: صوت. زرینگەزرینگ؛ زرەزر؛ دەنگی ئاهەنگین و گرێ کە بە هۆی لێکدانی شتی کانزایی بە دی‌دێ: **دنگ**

دنگ‌وفنگ / dang-o-fang/: اسم. *[تعریض]* بەزم و ڕەزم؛ بێ و بڕۆ؛ فیک‌وفاک؛ کاری بە پێشەکی و پەراوێز و درێژەسان ‹دیدم خیلی دنگ و فنگ دارد، از خیرش گذشتم: زانیم بەزم و ڕەزمی زۆری هەیە، وێڵم کرد›.

دنی / danî/: [عربی] صفت. *[ادبی]* ۱. پەست؛ پەس؛ خوێڕی؛ سووک؛ ناکەس ۲. بێ‌فەڕ؛ هیچ‌وپووچ؛ ناچیزە؛ سەرسواڵکەر؛ ناکەس‌بەچە.

دنیا / donyā/: [عربی]/اسم. دنیا؛ دونیا؛ دنێ؛ دنا: ۱. جەهان؛ جیهان؛ گەردوون؛ چەرخ؛ سەربسات ‹دنیا خیلی بزرگ است: دنیا گەلەک گەورەیە› ۲. ژیان ‹به دنیا آمدن: هاتنە دنیاوە›. بەرانبەر: **آخرت** ۳. نیشتەجێکانی زەوین؛ دانیشتوانی زەوی ‹دنیا گواه است: دنیا ئەزانێ› ٤. تاقمێکی دیاریکراو لە خەڵک و حەز و خوازگەلی تایبەتیان ‹دنیای ورزش: دنیای وەرزش› ٥. کار و بار و دڵخوازیگەلی سەر بە ژیانی ڕۆژانە ‹از دنیا بریدن: لە دنیا وەڕەز بوون› ٦. جێ ژیان و دەور و بەری هەر کەسێک ‹دنیای کوچکی دارد: دونیایەکی چکۆلەی هەیە›.

▣ **دنیای جدید** ☜ بر جدید، **برّ**

دنیای خاکی: زەوی؛ زەوین؛ زەمین؛ ئەرز؛ هەرد؛ هەرند؛ عەرد.

دنیای قدیم ☜ بر قدیم، **برّ**

آن دنیا: ئەو دنیا؛ دنیای پاش مەرگ؛ جەهانی مردووان ‹در آن دنیا باید جواب پس بدهی: لەو دنیا دەبێ وەرام بدەیەوە›.

این دنیا: ئەم دنیا؛ ژیانی دنیایی ‹امیدوارم در این دنیا خوشبخت باشی: هیوادارم لەم دنیایەدا خۆشبەخت بی›.

▣ **دنیا به آخر رسیدن:** *[مجازی]* کۆڵەکەی ئاسمان ڕووخان؛ قیامەت ڕاهاتن؛ سەر دنیا هاتنە یەک؛ ڕووداوێکی گرنگ پێشهاتن ‹مگر دنیا به آخر رسیده؟: مەگەر کۆڵەکەی ئاسمان ڕووخاوە؟›.

دنیا به کام کسی بودن: ڕۆژ، ڕۆژی کەسێک

بوون؛ ڕۆژی کەسێ بوون؛ کامیاب و خاترجەم بوون ‹امروز دنیا به کام آنهاست: ئەورۆ رۆژی ئەوانە›.

دنیا را برداشتن: *[مجازی]* دنیا داگرتن؛ دنیا گرتن؛ لە هەموو جێگایەک بوون ‹بیماری ایدز دنیا را برداشته: نەخۆشی ئەیدز دنیای داگرتووە›.

از دنیا رفتن: کۆچی دوایی کردن؛ لە دنیا (دەر)چوون؛ مالاوایی کردن؛ مالاوایی یەکجاری کردن؛ مردن ‹آرام بچه بود که پدرش از دنیا رفت: ئارام منداڵ بوو، بابی کۆچی دوایی کرد›.

به دنیا آمدن: هاتنە دنیاوە؛ لە دایک بوون؛ پەیدا بیەی ‹دیشب بچەاش به دنیا آمد: دوێشەو منداڵەکەی هاتە دنیاوە›.

به دنیا آوردن: بوون؛ بە دنیا هێنان؛ هاوردنە دنیاوە ‹یک دختر به دنیا آورد: کچێکی بوو›.

دنیاپرست / donyāparast ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* دنیاپەرست؛ ماڵپەرست؛ خوازیاری زۆر تامەزرۆی بە دەست هێنانی سامان و دارایی تەنیا بۆ خۆشی و ئاسایشی خۆی: **دنیادوست**

دنیاپسند / donyāpasand/: [عربی/ فارسی] *صفت.* دنیاپەسند؛ پەسندکراو لە لایەن خەڵکەوە ‹حرفها و سیاستهایش دنیاپسند بود: قسە و سیاسەتەکانی دنیاپەسند بوو›.

دنیادار / donyādār ، ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* دنیار؛ پێداگر و سوور لە سەر کۆوەکردنی سامان و پارە.

دنیادوست / donyādûst/: [عربی/ فارسی] ☜ **دنیاپرست**

دنیادیده / donyādîde ، ـها/: [عربی/ فارسی] *صفت.* دنیادیدە؛ دنیادیتوو؛ دنیادیە؛ چاوکراوە؛ گەڕیدە؛ خاوەن ئەزموون و ئاگاداری بە هۆی بەساڵاچوویی.

دنیوی / donyavî/: [عربی] *صفت.* دنیایی؛ پێوەندیدار یان سەر بە دنیاوە.

دو[1] / do/: *اسم.* ۱. دوو؛ دویَ؛ ژمارەی سەرەکی گەورەتر لە یەک و چکۆلەتر لە سێ ۲. [ایتالیایی] *[موسیقی]* دۆ؛ هەوەڵین نوتی مووسیقا لە گامی دیاتینیکدا.

دو[2]: *صفت.* دوو؛ دویَ: ۱. یەکێ زۆرتر لە یەک دانە ‹دو مرد؛ دو کتاب: دوو پیاو؛ دوو کتێب› ۲. دووهەم؛ دووەم ‹شمارەی دو: ژمارەی دوو›.

▣ دوبه دو ☜ **دوبدو**

دو جان در یک قالب: *[مجازی]* گیانێک و دوو جەستە؛ زۆر گەرم و لێک نێزیک.

▣ دو پا داشتن و دو پا هم قرض کردن: *[مجازی]* لاق/ قولی لێ بوون بە چوار؛ عابا لێ بوون بە بایَ؛ تێ‌تەقان؛ تێ‌تەقاندن؛ کلک لە سەر شان دانان؛ بە هەڵەداوان هەڵاتن؛ بۆی دەرچوون؛ خۆ ڕاپسکان؛ خۆ ڕاپسکاندن ‹دو پا داشت و دو پا هم قرض کرد و جیم شد: لاقی لێ بوون بە چوار و بۆی دەرچوو›.

دو چشم داشتن و دو چشم هم قرض کردن: *[مجازی]* چوار چاو ورد بوونەوە؛ چاو بوون بە چوار؛ ڕوانین بە سەرنج و وردیەوە.

دو دوزه بازی کردن: *[مجازی]* سەگی دوولاوەڕ بوون؛ لە سەرەوە هەی کردن و لە ژێرەوە دەی کردن؛ دوولاخۆری کردن؛ لە هەر دوو لا خواردن؛ لەگەڵ هەر دوو لای مامەڵە یان شەڕ بوونە هاودەست و هەر دوولایش فریودان ‹برخی از نمایندگان دو دوزه بازی می‌کردند: بڕێک لە نوێنەران سەگی دوولاوەڕ بوون›.

دو قورت و نیمش باقی بودن: *[مجازی]* داوای باقیەکەیشی کردن دوو ئەونەشی باقی بوون؛ شتی زیایی داوا کردن و بە ناڕەوا خۆ بە خاوەن بەش زانین.

دوـ[3]: *پیشوازه.* دووـ ؛ دوەـ ؛ خاوەنی دوو دانە لە شتێ ‹دوکاره؛ دوتیغه: دووکارە؛ دووتێخە›.

دو / dow, do:/ *اسم.* ۱. هەڕا؛ ڕا؛ غار؛ خار؛

خار-خار؛ ڕەمەڕەمالێ؛ بەز؛ دەو؛ دوو؛ هەلینگ؛ کار یان ڕەوتی ڕاکردن؛ شەقاندن؛ غاردان؛ قاچان ‹مسابقەی دو: کێبەرکێی هەرا› ۲. *[گفتاری]* فشە؛ بافشە؛ هەڕەشەی بێبن و ڕەمەکی ‹بی‌خود دو نیا، ما گوشمان از این حرفها پر است: بێ هۆ فشە مەکە، زۆرمان لەمانە بیستووە› ۳. چەل؛ چەلە؛ سەرە؛ سەری؛ گیوە؛ باو؛ نۆرە لە کایەدا.

▣ **دو ماراتُن:** دەوی ماراتون؛ کێبەرکێی ڕاکردن بە مەودای ٤۲۱۹٥ میتر.

دو و میدانی ☜ **دوومیدانی**

▣ **دو آمدن:** فشەکردن؛ بافشەکردن؛ هەڕەشەی بن‌شڕکردن.

دو به دست کسی افتادن: هەل کەوتنە دەستی کەسێکەوە؛ دەرفەتی کارێک (زورتر نارەوا) بۆ کەسێ ڕەخسان ‹چە خبر است؟ دو بە دستت افتادە: چیە؟ هەل کەوتووەتە دەستت›.

دوآتشه / doātaše/: *صفت.* ۱. دووکول؛ دوو جار کولاو یان لە بەر ئاور بووگ ۲. دووئاتەشە؛ دوولابرژاو ‹نان دوآتشە: نانی دووئاتەشە› ۳. *[کنایی]* توند و تیژ؛ تون و تیژ؛ ڕەشە ‹وطن‌پرست دوآتشە: نیشتمان‌پەرستی توند و تیژ›.

دوآلیست / dû'ālîst، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* دووپەرست؛ دوانەپەرست؛ بڕوادار بە دوانەپەرستی.

دوآلیسم / dû'ālîsm/: [فرانسوی] *اسم.* دووپەرستی؛ دوانەپەرستی؛ بڕوا بە هەبوونی دوو ئافرێنەر لە جیهاندا.

دوا / davā، ـها/: [عربی] *اسم.* دەرمان؛ دەوا: ۱. ـجات؛ ادویە/ داروو ‹دکتر چند قلم دوا نوشت: دوکتور چەن جۆر دەوای نووسی› ۲. *[مجازی]* عیلاج ‹درد من دوا ندارد: دەردم بێ‌دەرمانە› ۳. ماکی کیمیاوی، بەتایبەت ماکی سەر بە شیمی پیشەسازی.

دواب / davāb(b)/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* چاروایان؛ یەکسمان؛ چوارپێیانی بارکێش.

دوات / davāt، ـها/: [عربی] *اسم.* هورنیگ؛ دەوات؛ دەواتە؛ دوێت؛ دەوێت؛ دڤیت؛ حۆقە؛ مەرەکەبدان؛ مەرکەفدان؛ قوتووی مەرەکەب بۆ قەلەم تێکردن و نووسین.

دواتگر / davātgar، ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* چێکەری بڕێ لە دەفرگەلی کانزایی وەک سەماوەر و سینی.

دواجات / davācāt/: [عربی] جمعِ ☜ **دوا**

دواخانه / davāxāne، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* *[گفتاری]* دەواخانە؛ دەرمانخانە؛ ئەجزاخانە؛ داروووخانە؛ دوکانی دەوا و دەرمان.

دواخانه‌چی / davāxāneči، ـها/: [عربی/ فارسی/ ترکی] *اسم.* *[گفتاری]* دەواخانەدار؛ ئەجزاچی؛ خاوەنی دەواخانە.

دوا ـــ درمان / davādarmān، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* *[گفتاری]* داوەدەرمان؛ دەوا و دەرمان؛ دەوا؛ کار یان ڕەوتی چارەسەرکردنی نەخۆشین ‹چرا دوا ـ درمان نمی‌کنی؟: بۆچی داو و دەرمان ناکەی؟›.

دوار / davār/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* خول؛ سووڕ؛ چەرخ؛ چەرخان؛ زڤر.

▣ **دوار سر:** سەرگێژە؛ سەرگیجە.

دوار / davvār/: [عربی] *صفت.* *[ادبی]* گەڕۆک؛ بە هەڵسووڕانەوە؛ سووڕێنەر؛ لە سووڕ؛ خول‌خۆر؛ لە خول؛ بە خول؛ بەگەڕ؛ گەڕندە ‹چرخ دوّار: چەرخی گەڕۆک›.

دوازده[1] / davāzdah/: *اسم.* دوازدە؛ دوانزە؛ ژمارەی سەرەکی نێوان یازدە و سێزدە.

دوازده[2]: *صفت.* دوازدە؛ دوانزە: ۱. یەکێ زۆرتر لە یازدە دانە ۲. دوازدەهەم؛ دوانزەهەم.

دوازده‌امامی / davāzdah'emāmî، ـها/: [فارسی/ عربی] *صفت.* *[شیعه]* دوازدە ئیمامی؛ دوانزە ئیمامی؛ بڕوامەند بە ئیمامەتی عەلی کوڕی ئەبیتالب و یازدە کەس لە کوڕ و کوڕەزاکانی.

دوازدهم / davāzdahom/: *صفت.* دوازدەهەم؛

دوازدەمـــین؛ دوازدەهـــەمین؛ دوانـــزەمین؛ دوانزەهەم؛ دوانزەهەمین؛ بە پلە و پایە، ڕزن یان جێگای دوازدەهەمیەوە.

دوازدهمـی / davāzdahomî ، ـهـا/: ضـمیر. دوازدەهەمی؛ دوانزەیەمی؛ ئەوەی کە لـە پلـەی دوازدەهەمدایە.

دوازدهمـــین / davāzdahomîn/: صـــفت. دوازدەهەمین؛ دوانزەیـەمین؛ بـە پلـە و پایـەی دوازدەهەمەوە.

دوازدهــــه / davāzdahe/: اسـم. دوانزەڵـــە؛ دوازدەیینـــە؛ دوازدەگـــرێ؛ هەوەڵـــین بەشـــی ڕیخۆڵەی چکۆلە لە گوانداراندا.

دوافروش / davāfurûš ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] اسم. [گفتاری] دەوافرۆش؛ ئەجزاچی؛ کەسـێ کـە کاری کڕین و فرۆشتنی دەوایە.

دوال / davāl/: اسم. سیرم؛ سـیرمە؛ سـریمە؛ ترسمە؛ دواڵ؛ دواڵە؛ دوێڵ؛ زوێڵ؛ زۆڵە؛ زۆڵاک؛ زۆڵ؛ سیپ؛ قایش؛ نەواری لە چەرم.

دوالپـا / davālpā/: اسـم. [فرهنگ‌مـردم] دۆڵـپا؛ بوونـەوەرێکی خەیاڵـی کـە دەڵـێن دوو پـایێ درێژی وەک دەواڵی هەیـە و ئەگـەر لـە دۆڵ و دەشـــتدا کەسـێک بـە تـەنیایی ببینێتـەوە، پـا دەخاتە دەوری ملی و سـواری دەبـێ و بـە زۆر دەیگەڕێنێ.

دوام / davām/: [عربی] اسم. دەوام: ۱. خۆڕاگری؛ توانایی بەرەنگار بوونەوە لـە بەرانبـەر تـەوەرە و هۆکاری زیاندەر و لـەنێوبـەرەوە ‹دوام این پارچـه خوب بود: دەوامی ئەم پارچەیە باشە› ۲. پایـەداری؛ سـەقام؛ خـۆڕاگری ‹دوام آوردن: دەوام هێنـــان› ۳. درێـــژە؛ بـــەردەوامی؛ پاشمـــاوە ‹دوام داشـتن: بەردەوام بوون›.

▣ **دوام آوردن**: هەڵـــکردن؛ بەرگـــەگرتن؛ بـــڕ کردن؛ دەربردن؛ وەرگەگێرتەی ‹او بـود کـە در برابر این همه سختی دوام آورد: هـەر ئـەو بـوو لـە بەرانبەر ئەو هەموو دژواریەوە هەڵیکرد›.

دوام داشتن: ۱. خۆڕاگر بوون؛ بە دەوام بوون؛ بە گـورخ بـوون ۲. [قـدیمی] درێـژەدار بـوون؛ بەردەوام بوون.

دوان / davān/: قید. [ادبی] بە غـار؛ هەڵـەداوان؛ بـە هـەڕا؛ بـە ڕاکـردن؛ بـە دەرچوونـەوە؛ بـە ڕەمەڕەماڵێ.

دواندن / davāndan/: مصدر. متعدی. // **دوانـدی**: غـارتدا؛ **می‌دوانـی**: غـار دەدەی؛ **بـدوان**: غـار دە// ۱. غاردان؛ غار پێـدان؛ خـاردان؛ غـار پێکـردن؛ تاودان؛ ڕەڤاندن؛ هەلینگ/ لینگ دان؛ لنگاردان؛ لۆغاندن؛ لۆکانـدن؛ ڕەمنـەی؛ ڕەمنـای ‹هـر روز مـدتی اسـب را مـی‌دوانـد: هـەموو ڕۆژێ ماوەیـەک ئەسپەکەی غار دەدا› ۲. داکوتـان؛ ڕەگـاژۆکردن؛ هەڵبگاردن؛ هەڵـبگێڕاندن؛ بلاوکردنـەوە ‹ریشه دوانـدن: بـن داکوتـان› ❋ **دوانیـدن**. هـەروەها: **دواندنی**

■ صفت فاعلی: **دواننده** (غـاردەر)/ صـفت مفعـولی: **دوانده** (غاردراو)/ مصدر منفی: **نَدواندن** (غارنەدان)

دوان ـ دوان / davāndavān/: قید. بە غارـغاران؛ بە هەڕاـ هەڕا؛ بە هەڵەداوان؛ بە خارـخارانی؛ لـە حالی ڕا کردندا ‹دوان‌ـ دوان بـه سویش رفتم: بـە هەڕاـ هەڕا چووم بۆ لای›.

دوانیدن / davānîdan/ ☜ **دواندن**

دواوین / davāvîn/: [عربی] جمعِ ☜ **دیوان**

دوایر / davāyer/: [عربـی] ۱. جمـعِ ☜ **دایـره** ۲. جمعِ ☜ **اداره**

دوئـل / dû'el ، ـهـا/: [فرانسوی] اسم. دۆئیـل؛ ململانێـی دوو کـەس بـۆ پاراسـتنی شـەرەف و ئابڕوویان ‹پوشکین با یکی دوئـل کـرد و کـشته شـد: پووشکین لەگەڵ یەکێکدا دۆئیلی کرد و کوژرا›.

دوئیـت / do'îyyat ، ـهـا/: [فارسـی/ عربـی] اسم. دووبـەرەکی؛ دووبەرەکایـەتی؛ جیـایی ‹از ایـن دوئیت دست بردارید و با هم کار کنید: لەم دووبەرەکیـە دەست هەڵگرن و پێکەوە کار بکەن›.

دوباره[1] / dobāre/: صفت. دووباره؛ دوباره؛ دواره؛

دووپاتـە؛ دووپـات؛ دسـەر؛ لـەنوو ‹دیـدار دوبـاره: دیمانەی دووباره›.

دوباره[2]: *قید.* سەرلەنوێ؛ دووبـاره؛ دوواره؛ دواره؛ هێ؛ هی‌دی؛ هەمتی؛ هەمتر؛ هەمتەر؛ هەمـدی؛ هەینا؛ هەونا؛ هاونا؛ هانجی؛ گلانا؛ گلانگینا؛ گـڕ؛ باز؛ واز؛ دسەر؛ لە نوو؛ هەم؛ هەمیس؛ هەمدیس؛ هەمیسا؛ هەمیسان؛ هەمیسانەوە؛ ئـەوە دیـسان؛ دیـسا؛ دیـسان؛ دیـسانەوە؛ دوجـارەکی؛ ژ نـوو: ۱. جارێکی‌تر؛ جارێو تـەر ‹دوباره بگـو ببینـم چـه گفتی: دووباره بڵێ بزانم چیت گوت› ۲. هەمباز بەو شـێوەیە ‹دوبـاره برگـشتم سـر کـار قبلـی: دیـسان گەڕامەوە سەر کاره پێشووەکەم›.

دوباره‌کاری / dobārekārî/: *اسم.* دووجارەکاری؛ دووپاتـەکاری؛ دووبارەکـاری؛ ڕەوتی دووپاتـە کردنەوەی بێهۆ یان ناڕەوای کارێک ‹وقتی از کـار یکدیگر خبر نداشته باشیم، ممکـن است دوبـاره‌کـاری بکنیم: کاتـێ کـە ئاگامـان لـە کـاری یـەکتر نـەبێ، وێدەچی تووشی دووبارەکاری ببین›.

دوبـــامبی / dobāmbî/: *قیــد.* دووچـــەپۆکی؛ دووچەپۆکـــە؛ دوولـــەپی؛ هـــەر وە دەســـەی؛ دوودەسی؛ دوودەسـتی؛ بـە زەربـەی هـەر دوو لـەپی دەسـت ‹دوبـامبی زد تـوی سـر خـودش: دووچەپۆکی دای بە سەر خۆیدا›.

دوبدو / dobedo/: *قید.* دوان‌ـدوان؛ دووبـەدوو؛ دوەدوەی؛ دوەـدوە؛ دوو دانەـدوو دانـە؛ بـە شێوەی دوانەیی و بە دووی یەکدا ‹آنهـا را دوبـدو بچین: دوان‌ـدوان بیانچنه›: **دوبەدو**

دوبـر / dobar/: *صـفت.* دووبـەر؛ دوەوەر؛ دوەلا؛ دوو لابەر؛ دوو نەبش.

دوبعـــدی / dobo'dî/: [فارســی/ عربــی] *صــفت.* دووبـەر؛ دوولایـی (سـەبارەت بـە ڕووپـەر، تـەنیا درێژایی و پانایی).

دوبـل / dûbl/: [فرانـسوی] *صفت.* دووبەرامبـەر؛ دووبەرابەر؛ دوو ئەوندە؛ دوو ئەونـە؛ دووچەنانـە؛ دووچەندان ‹یکباره درآمـدش دوبـل شـد: یـەکجاری دەسهاتی دووبەرامبەر بۆوە›.

دوبـــل[2]: *قیــد.* دووبەرابـــەر؛ دووبەرانبـــەر؛ دوەبەرامبەر؛ دوو ئەوندە؛ دووچەنانە؛ دووچەندان ‹قیمتش را دوبل حساب کرده: نرخەکـەی دووبەرابـەر حسێب‌کردووە›.

دوبلاژ / dûblāj/: [فرانسوی]*/اسم.* دووبلاژ؛ کـاری وەرگێـڕان (بـۆ فـیلم و نومـایش) ‹مـدیر دوبـلاژ: بەرپرسی دووبلاژ›.

دوبلکس / dûbleks/: [از فرانسوی] ☜ **دوپلکس‌ـ۱**

دوبلور / dûblor ، ـها/: [فرانسوی]*/اسم.* دووبلـۆر: ۱. کەسێ کە کاری گوتنـەوەی قـسەکانی نێـو فیلم بە زمانێکی جگە لە زمانی هەوەڵ ‹او یکـی از دوبلورهای چیره‌دست و خوش صداست: ئەو یەکێ لە دووبلوره لێزان و خۆش دەنگەکانه› ۲. کەسێ کـە لە دەنگی بە جێی یەک یان چەنـد ئەکتـەر لـە فیلمدا کەڵک وەردەگیرێت.

دوبلـه[1] / dûble/: [فرانـسوی] *صفت.* دووبلـە؛ بـە پەیڤێ جگە لە زمانی سەرەکی (وەک بۆ فیلم).

⊡ دوبلـــه کـــردن: دووبلـــەکردن؛ وەرگێـــڕان؛ گوتنـەوەی پەیـڤی فـیلم بـە زمـانێکی‌تـر. هەروەها: **دوبله شدن**

دوبلـــه[2]: *قیــد.* دووبەرانبـــەر؛ دووبەرابـــەر؛ دوەبەرامبەر؛ بە شێوازی دوانی یان دووبەرامبەر.

⊡ دوبلـه پـارک کـردن: پـاڵ بـە پالـی یـەک ڕاگـرتن؛ وەسـتاندنی دوو ماشـێن لـە پـاڵ یەکترەوە.

دوبه / dûbe/: [؟]*/اسم.* کەڵەک؛ کەرەسـتەیەکی تەختی سەر ئاو بۆ گواستنەوەی بار لە ڕۆخانـەدا کە دەبەسرێتە یەدەککێشەوە.

دوبـەشـک / dobešak/: [فارسـی/ عربـی] *صـفت.* *[گفتاری]* دوودڵ؛ دووشـک؛ دوەشـک؛ دڕدونـگ؛ دڕدۆنگ؛ شکدار؛ دڵ‌دانەمەزراو لەمەڕ دوو شتی ڕێ‌تێچۆوە ‹دوبه‌شک بودم و نمی‌دانستم بهتـر اسـت بروم یان بمانم: دوودڵ بووم و نەمدەزانی باشـتر وایـە بڕۆم یان بمێنمەوە›.

دوبهمزن / dobehamzan ، ـها/: صفت.[گفتاری] بەزاجکەر؛ نێوان‌تێکدەر؛ چوکڵەشکێن؛ شۆفار؛ شێوەژنە؛ کوڵەبنە؛ پاکڵ؛ پاکڵە؛ شەیتانی کەر؛ خاوەن خوو یا مەیل بە هەڵگیرساندنی دوژمنی لە نێوان خەڵکیدا ‹من تو را این‌طور دوبهمزن نمی‌دانستم: نەمدەزانی ئاوا بەزاجکەری›.

دوبهمزنی / dobehamzanî ، ـها/: اسم. بەزاجکەری؛ نێوان‌تێکدەری؛ چوکڵەشکێنی؛ شۆفاری؛ کارەڕەهاتی بەدیهێنانی دوژمنی و دژایەتی لە نێوان خەڵکدا.

دوبیتی / dobeytî ، ـها/: [فارسی/ عربی]اسم. چوارخشتەکی؛ چوارخشتی؛ چەشنێ شیعر کە بالگەلی هەوەڵ، دووهەم و چوارەمی هاوپاشلن و پتر لە سەر کێشی «مەفاعیلون، مەفاعیلون، مەفاعیل»ن (وەک چوارخشتیەکانی بابەتاهیر).

دوبینی / dobînî/: اسم.[پزشکی] خێلی؛ خوێلی؛ خوولی؛ خێچی؛ چاوخواری؛ چاوشاشی؛ چاڤوڕی؛ چاڤویری.

دوپایه / dopāye/: صفت.[گیاه‌شناسی] جووت‌جێگە؛ جووت‌خانە؛ دووخانە؛ بوونی گوڵی نێر و گوڵی مێ هەر یەکە لە سەر ڕووەکێکی جیاواز بە گوڵگەلی مێیینە یان نێرینە لە بتە یان دارگەلی جیاوازدا (وەک داری خورما).
بەرانبەر: **یکپایه**

دوپشته / dopošte/: قید. دووڕزنە؛ دووڕیزە؛ دووڕزە؛ دوەچین؛ لە دوو ڕیزدا ‹مردم دوپشته ایستاده بودند: خەڵکی دووڕزنە ڕاوەستابوون›.

دوپلکس / dûpleks/: [از فرانسوی] صفت. ۱. دووقات؛ بە دیوگەڵێک لە دوو قاتدا بە پلیکانەی ناوخۆوە: **دوبلکس** [گفتاری] ۲. دوونهۆم؛ بە دوو جێگای جیاوازەوە لە دەسگایەکدا کە دەکرێ لە هەر دووی بە جیاواز کەلک وەربگیردرێت ۳. بە توانایی هەناردنی دوو پەیامی هاوکات بۆ دوو لا.

دوپوشه / dopûše/: صفت.[معماری] دووپۆشە؛ دوولۆ؛ بە دوو لای پۆشەنی جیا لە یەکترەوە ‹دیوار دوپوشه: دیواری دووپۆشە›.

دوپهلو / dopahlû/: صفت.[مجازی] بە تویکڵ؛ بە تۆکڵ؛ دووپاڵوو؛ نەریسات؛ دوولایەن؛ بە دوو واتای جیاوازەوە ‹یک جواب دوپهلو داد و نتوانستم منظورش را بفهمم: وەلامێکی بە توێکڵی دایەوە و نەمتوانی لە مەبەستی تێبگەم›.

دوپیس / dopiyes ، ـها/: [فرانسوی]اسم. جل‌وبەرگی ژنانە بە شێوەی کوت و دامێن لە یەک پارچە.

دوپیکر / dopeykar/: اسم.[نجوم] جەوزا؛ وێنەیەکی ئاسمانی کە بە شێوەی دوو مرۆی لفەدوانە دێتە بەرچاو: **جوزا**

دوپینگ / dopîng/: [انگلیسی]اسم.[ورزش] دوپینگ؛ کارەڕەهاتی کەڵک وەرگرتنی وەرزشکار لە ماکی هێزدەر پێش لە دەسپێکردنی یاری.

دوتائی / dotā'î/ ☜ **دوتایی**

دوتادوتا / dotādotā/: قید. دوان-دوان؛ دوو-دوو؛ دوە-دوە؛ دوڤردوو؛ دوو دانە-دوو دانە؛ دوو بە دوو؛ بە شێوەی دوانی ‹دوتا-دوتا راه افتادید که همین را بپرسید؟: دوان- دوان هاتوون ئەمە بپرسن؟›.

دوتار / dotār ، ـها/: اسم. دوتار؛ سازێکی ژێدار بە دوو سیمەوە کە زۆرتر لە باکووری ڕۆژهەلاتی ئێران و ولاتانی دراوسێیدا باوە.

دوتایی[1] / dotāyî/: صفت. دوانی؛ دوودانەیی؛ بە دوان لە شتێک ‹دستەهای دوتایی: دەستەگەلی دوانی›: **دوتائی**

دوتایی[2]: قید. دوانی؛ دووبەدوو؛ دوەیێ؛ هەر دوو پێکەوە؛ لە لا یان لە پاڵ یەکتریەوە؛ وێرای یەکەوە ‹دوتایی رفتیم سینما: دوانی چووین بۆ سینەما›: **دوتائی**

دوترکه / dotarke/: قید. دووپشتەکی؛ دووپشکە؛ دووپشکەیی؛ دووتەرکە؛ دوەتەرکە؛ بە شێوەی دوو کەسی پشت سەر یەک و وێکڕا لە سەر

ئەسب، دووچەرخە یان موتورەوە سوار بوون ‹یک دوچرخە کرایە می‌کردیم، دوترکە سوارش می‌شدیم: دووچەرخەیەکمان بەکرێ دەگرت و دووپشتەکی سواری دەبووین›.

دوتریم / doteryom, dûteryom/: [فرانسوی] *اسم.* دۆتریۆم؛ هیدرۆژنی قورس؛ ئیزۆتوپی یەک نوترونی هیدرۆژن.

دوجانبە / docānebe/: [فارسی/ عربی] *صفت.* دوولایەنە؛ پێوەندیدار یان سەر بە دوو لا، دوو کەس یان دوو گرۆوە ‹جاسوس دوجانبە؛ توافق دوجانبە: شۆفاری دوولایەنە؛ پێکهاتنی دوولایەنە›.

دوجنسی / docensî، ـها/: [فارسی/ عربی]/*اسم.* نێرـ مێ؛ نێرـ ما؛ نێروما: ۱. دووڕەگەزی؛ خاوەن تایبەتمەندیگەلی هەر دوو جنسی نێر و مێ ۲. *[روان‌شناسی]* خاوەن تایبەتمەندیگەلی کردەوەیی و مێشکی هەر دوو جنسی نێر و مێ

* **دوجنسیّتی**

دوجنسیتی / docensîyyatî/: [فارسی/ عربی] ☜ **دوجنسی**

دوجین / docîn, ducîn/: [از فرانسوی]/*اسم.* دەرزن؛ دەرزەن؛ دووجین؛ یەکەی ژماردنی کالا بریتی لە دوازدە دانە.

دوجینی / docînî, ducînî/: [از فرانسوی] *قید.* دەرزنی؛ دووجینی: ۱. بە شێوەی دوازدە دانەیی ‹مدادها را دوجینی خریدیم: قەڵەمەکانمان دەرزنی کڕی› ۲. دەرزنێک؛ هەر دووجین ‹دوجینی چهار صد تومان: دەرزنیکی چوار سەد تمەن›.

دوچرخە[1] / dočarxe، ـها/: *اسم.* دووچەرخە؛ ئامرازێکی گواستنەوەیی بەبێ موتور، بە دوو چەرخی لە دووی یەک، فەرمان، زین و ڕکێفێ کە بە پا لێدان و چەرخاندنی دەبزوێ.

دوچرخە[2]: *صفت.* دووچەرخە؛ دووچەرخ؛ بە دوو چەرخەوە ‹کالسکەی دوچرخە: کالیسکەی دووچەرخە›.

دوچرخەساز / dočarxesāz، ـها؛ ـان/: *اسم.* دووچەرخەساز؛ کەسێ کە کاری چاکردنەوەی دووچەرخەیە.

دوچرخەسازی / dočarxesāzî، ـها/: *اسم.* دووچەرخەسازی: ۱. کارخانەیەک کە دووچەرخەی تێدا دروست دەکرێت ۲. کارگەی چاکردنەوەی دووچەرخە ۳. پیشە یان کاری دووچەرخەساز.

دوخانە / doxāne/: *صفت.* دووچاوە؛ دوودیو؛ دووژوور ‹جعبەی دوخانە: جابەی دووچاوە›.

دوخت / dûxt، ـها/: *اسم.* درووما‌ن؛ دوورمان؛ دوژ: ۱. کار یان ڕەوتی دووران؛ دروون؛ دروین؛ دوورین ‹آموزش برش و دوخت: فێرکاری بڕین و دروومان› ۲. کێل؛ وراز؛ وارز؛ وراست؛ دۆخ یان چۆنیەتی دوورین ‹خوش دوخت: خۆش کێل›.

دوختن / dûxtan/: *مصدر. متعدی.* // **دوختی:** دووریت؛ **می‌دوزی:** دەدووری؛ **بدوز:** بدوورە // دوورین؛ دروون؛ دوورین؛ دادروون؛ دوورانـدن؛ دووران: ۱. کێلدان؛ ورازین؛ وراستەن؛ وراسەی؛ وراستەی؛ تەقەڵ دان؛ پێکەوە لکاندنی دوو شتی وەک پارچە بە بەن و سۆژن یان مەکینەی درووما‌ن ‹لحاف دوختن: لێف دوورین› ۲. دالکاندن؛ دالکانن؛ ئەرەلکنەی؛ شتێک بە بەن و دەرزی بە ماکێکی دەقخۆرەوە لکاندن ‹دگمە دوختن: پشکۆژ دالکاندن› ۳. *[مجازی]* بڕین/ تێبڕین (بۆ چاو)؛ کل نەکردن (بۆ چاو)؛ شتێک لە شوێنێکدا جێگیرکردن ‹چشم بە چیزی دوختن: چاو برینە شتێ›. هەروەها: **دوختنی**

■ صفت فاعلی: **دوزندە** (ـ)/ صفت مفعولی: **دوختە** (دووراو)/ مصدر منفی: **نَدوختن** (نەدوورین)

دوخت‌ودوز / dûxt-o-dûz/: *اسم. [گفتاری]* درووما‌ن؛ وراز؛ وراست؛ خەیاتی ‹کار دوخت و دوز بە عهدەی دختر بزرگتر است: کاری درووما‌ن لە ئەستۆی کچە گەورەکەیە›.

دوختە / dûxte، ـها/: *صفت.* دووراو؛ دووریاو؛

دووریاگ؛ ورازیا؛ دروست‌کراو له دروومان ‹لباس دوخته: گنجی دووراو›.

دوختەفرۆشی / dûxtefurûšî ، ـها/: اسم. جل‌وبه‌رگ‌فرۆشی؛ گنج‌فرۆشی؛ جێگای جل‌وبه‌رگ فرۆشتن. هەروەها: **دوختەفروش**

دوخوابه / doxābe ، ـها/: صفت. دووخەوە؛ بە دوو ژووری تایبەت بۆ خەو ‹یک آپارتمان دوخوابه به فروش می‌رسد: وارخانێکی دووخەوە بۆ فرۆشه›.

دود / dûd/: اسم. دووکەڵ؛ دوکێل؛ دووکێل؛ دوکـڵه؛ دویکێل؛ دوود؛ دوو؛ دوی؛ دومان؛ دوومان؛ سیاتگ؛ کادو؛ کادوو؛ کادی؛ مۆران: ١. گازێک که له سووتانی ماکی کەربوندارەوە بەدی دێ و بە بۆنەی تێکەڵ بوونی تۆزی خەڵووز له گەڵیدا بە چاو دەبینرێت ٢. ماکێک که بە شێوەی گاز ببینرێت، بەتایبەت تووتن و دەسهاتەکانی ‹شما اهل دود نیستید؟: ئێوە دووکەڵ ناکەن؟›.

▣ **دود از کلهٔ کسی بلند شدن:** [مجازی] تەم بەر چاوی کەسێک‌گرتن؛ بەر چاو کەسێ تەم داگرتن؛ زۆر تووڕە بوون، خەم داگرتن یان واق ورمان ‹وقتی این را گفت دود از کلەام بلند شد: که ئەوەی گوت تەم بەر چاوی گرتم›.

دود از کنده بلند شدن: [کنایی] دووکەڵ له ئاور بوونەوە؛ باز له سەر داری پیر نیشتن؛ کار له دەستی کەسی چاوکراوە و بە ساڵاچوو دەرهاتن.

دود چراغ خوردن: [کنایی] شەونخوونی کێشان؛ پێشە شکانن؛ شەوانی زۆر نەخەوتن و موتالا کردن ‹برای نویسنده شدن باید دود چراغ خورد: بۆ بوونه نووسەر ئەبێ شەونخوونی بکیشی›.

دود چیزی به چشم کسی رفتن: [کنایی] دووکەڵی شتێ چوونە چاوی کەسێکەوە؛ پای کەسێک گرتنەوە؛ گەزەن و تاوانی شتێک بە کەسێ گەیشتن ‹این کارها را می‌کنی آخر دود آن به چشم خودت می‌رود: ئەم کارانە دەکەی ئاخری دووکەڵەکەی ئەچێتە چاوی خۆت›.

دود خوردن: دووکەڵ خواردن؛ دووکەڵ هەڵمژین ‹توی این شهر صبح تا شب دود می‌خوریم: لەم شارەدا ڕۆژ تا شەو دووکەڵ دەخۆین›.

دود دادن: دووکەڵ دان؛ قانگ دان؛ لە بەر دووکەڵدا دانان ‹ماهیها را برای نگهداری دود می‌دهند: ماسیەکان بۆ هەڵگرتن دووکەڵ دەدەن›.

دود زدن: دووکەڵ لێدان؛ دووکەڵاژۆ بوون؛ کەوتنە بەر دووکەڵ یان لە دووکەڵ زیان و تەگەرە پێگەیشتن ‹دود زده همهٔ دیوارها را سیاه کرده: دووکەڵ لێی‌داوە هەموو دیوارەکانی ڕەش کردۆتەوە›.

دود شدن: [مجازی] بوونە دووکەڵ؛ بوونە تۆز؛ سووتان و فەوتان ‹هر چه داشت دود شد و به هوا رفت: هەر چیەکی هەبوو بووە تۆز و بە دەم باوە چوو›.

دود کردن: دووکەڵ‌کردن؛ دووکەڵ کەردەی: ١. بە بۆنەی باش نەسووتانەوە، گازێکی ڕەش یان تۆخ لە ئاگر بەرز بوونەوە ٢. [کنایی] کێشانی جگەرە یان ماکی خاوکەر: **دود کشیدن**

دود کشیدن ☜ **دود کردن ـ۲**

دود گرفتن: دووکەڵ داگرتن؛ دووکەڵ داوەستان؛ دووکەڵ هەڵگرتن؛ دووکەڵ گیرتەیرە ‹همه جا را دود گرفته بود: هەموو جێگایەک دووکەڵ دایگرتبوو›.

دودآلود / dûdālûd/: صفت. دووکەڵاوی؛ دووکەڵین؛ دووکەڵی؛ دوکێلی؛ تێکەڵ بە دووکەڵ ‹هوای دودآلود: هەوای دووکەڵاوی›.

دودانگیز / dûdangîz/: صفت. [نامتداول] دووکەڵکەر.

دودره / dodare/: صفت. [گفتاری] دوودرگا؛ دوودریا؛ دوو دەرکە؛ دوەبەرە؛ بە دوو درگاوە.

دودره کردن:*[مجازی]* ۱. دێر هاتن و زوو دەرپەڕین؛ زووتر لە کاتی دیاریکراو و بە دزیەوە دەرچوون ۲. هەلمەقووت کردن؛ هەڵخستن؛ قاپاندن؛ قووت دان؛ شتێ بەبێ ئاگای خاوەنەکەی هەلگرتن و بردن ‹پولها را دودره کرد: پارەکانی هەلمەقووت کرد›.

دودزا / dûdzā، ـها/: *صفت*. دووکەڵکەر؛ بە تایبەتمەندی دووکەڵ کردن ‹وسیلەی نقلیەی دودزا: کەرەسەی گواستنەوەیی دووکەڵکەر›.

دودزده / dûdzade، ـها/: *صفت*. دووکەلاوی؛ دووکەلاژۆ؛ دووکەڵی؛ دووکەڵین؛ دووکەڵ لێداو؛ وەبەر دووکەڵ کەوتوو ‹با سر و صورت دودزده وارد شد: بە چڕ و چاوی دووکەلاویەوە هاتە ناوەوە›.

دودستگی / dodastegî، ـها/: *اسم*. دووبەرەکی؛ دوودەستەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی دوو دەستە بوونی کەسان لە گرۆیەکدا بە بۆنەی دژبرِوایی و بەدیهاتنی دوژمنایەتی لە نێوانیاندا ‹خیلی زود در انجمن دودستگی پیدا شد و اعضا به جان هم افتادند: زۆر زوو لە نێو ئەنجومەندا دووبەرەکی داکەوت و ئەندامەکان کەوتنە گیانی یەک›.

دودستی / dodastî/: *قید*. ۱. دوودەستی؛ دوودەسی؛ بە هەر دوو دەستەوە ‹پول را دودستی تقدیم کرد: پارەکەی دوودەستی پێشکەش کرد› ۲. *[مجازی]* سفت و سۆڵ؛ بە پێداگریەوە ‹دودستی بچسب به کارت: سفت و سول بنەوە لە کارەکەت›.

دودکش / dûdkeš، ـها/: *اسم*. دووکەڵکێش؛ رۆژینگ؛ لوزن؛ لووجن؛ دوودکێش؛ دووکەڵگیر؛ کەمووترە (بۆ ڕەشماڵ)؛ لوولە یان پلووسکی لە کانزا، ئاجور (یان شتیتر) بۆ دەرباز بوونی دووکەڵ و گازیتر لە سۆبە، کوانوو یان کوورەوە.

دودکش جن:*[زمینشناسی]* کۆڵەکەیەکی سروشتی لە خاک لە بناری کەژدا، کە سەرەکەی بە تاشەبەردێک داپۆشراوە: **گرزدیو**

دودل / dodel، ـها/: *صفت*.*[مجازی]* دوودڵ؛ دوەدڵ؛ دڕدونگ؛ دڕدۆنگ؛ بەگومان؛ دڵخورد؛ سەددڵ؛ ناخاترجەم؛ پاپا؛ دووشک لە هەڵبژاردن نێوان دوو شتدا ‹برای قبول پیشنهادش دودل بودم: بۆ پەزیرانی پێشنیارەکەی دوودڵ بووم›.

دودلی / dodelî، ـها/: *اسم*.*[گفتاری]* دوودڵی؛ دڕدونگی؛ دڕدۆنگی؛ دڵی ـ دڵی؛ نیگەرانی؛ ئەرێنەرێیی؛ ڕاڕایی ‹دودلی را کنار بگذار و زود تصمیم بگیر: دوودڵی بنە لاوە و زوو بڕیار بدە›.

دودم / dodam/: *صفت*. دوودەمە؛ دوەدەمە؛ بە دوو لێواری تیژەوە (سەبارەت بە شیر، تیغ و...).

دودمان / dûdmān، ـها/: *اسم*. ۱. بنەماڵە؛ بنچینە؛ بنیچە؛ ڕەچەڵەک؛ ڕەتەوە؛ بنەچە؛ بنەچەکە؛ بەرەباب؛ لۆن؛ خان و مان؛ خانەدان؛ بناوان؛ هەموو ئەوانەی باب و کاڵیان یەکێکە ۲. خێڵ؛ هۆز؛ تیرە.

دودمان کسی را بر باد دادن:*[مجازی]* سەر و ماڵی کەسێک تێدا بردن؛ قەڕەچۆڵی کەسێک بڕینەوە؛ کەسێک و بنەماڵەکەی قڕ تێخستن. هەروەها: **دودمان کسی بر باد رفتن**

دو-دو / dowdow, do:do/: *اسم*. ڕەشوبەش؛ ڕەشکەوپێشکە؛ فڕکەفڕک؛ ڕمڵ؛ لەرزینی ڕەشێنەی چاو ‹از گرسنگی و خستگی چشمهایم دودو میزد: لە شەکەتی و برسیەتیدا چاوم ڕەشکەوپیشکەی دەکرد›.

دود و دم / dûd-o-dam/: *اسم*.*[کنایی]* چڕەدووکەڵ؛ شەڕەدووکەڵ؛ چەقەچۆمان؛ چڕەچەمان؛ دووکەڵ و هەڵمی بەدیهاتوو لە چز و بز (وەکوو ئامادەکردنی کەباب و قلیان) ‹ببین چە دود و دمی راه انداختە: بڕوانە چ چڕەدووکەڵێکی ناوەتەوە›.

دودوزه / dodûze/ ☜ دودوزه بازی کردن، **دو**[۲]

دوده / dûde/: *اسم*. ۱. دیلە؛ دوودە؛ تەن؛ تەنی؛ ڕەشک؛ دۆڕژنگ؛ دوورنج؛ ڕۆژەن؛ هیبس؛ هیس؛ سیان؛ قورم؛ ماکێکی ڕەش کە بە هۆی

سووتانی شتێ، یان وێڕای سووتانی سووتەمەنی، بە شێوەی وردیلەگەلێک بلاو دەبێتەوە ٢. /ـها/ [ادبی] خێزان؛ بنەماڵە.

دودی /dûdî/: صفت. ١. [مجازی] /ـها/ دووکەڵی؛ دووکەڵکێش؛ قەندەکێش؛ خۆگرتوو بە ماکی خاوکەر ‹من دودی نیستم: من دووکەڵی نیم› ٢. /ـها/ بۆن‌کادوو؛ بۆدووکەڵ؛ دووکەلاژۆ؛ وە بەر دووکەڵ خراو ‹ماهی دودی: ماسی بۆن‌کادوو› ٣. دوودی؛ بە ڕەنگی خۆڵەمێشی تاریکەوە ‹رنگ دودی؛ عینک دودی: ڕەنگی خولەمیشی؛ چاویلکەی دوودی›. هەروەها: **دودی‌رنگ** ٤. وەک دووکەڵ ‹حرکت دودی: بزاوی وەک دووکەڵ›.

دور / dowr, do:r/: [عربی]/اسم. دەور؛ گێژکە؛ گێچکە: ١. خول؛ سووڕ؛ چەرخ ‹دور زدن: دەور دانەوە› ٢. هاویدۆڕ؛ هاویردۆڕ؛ هاوێر؛ دەوراندەور؛ دەوروبەر؛ پەڕانپەڕ؛ ئاقار ‹دور حیاط: دەوری حەوشە› ٣. /ـها/ لە دابەشگەلی مێژووی زەوین‌ناسی کە چەندێکیان دەورەیەک بەدی دێنن ٤. چەل؛ سەرە؛ سەری؛ نۆبە؛ نۆرە؛ نۆگە؛ گەڕ؛ جار؛ کەڕەت ‹دور دوم بازی: دەوری دووهەمی کایە› ٥. [مجازی] هەل؛ کات؛ دەرفەت؛ باو ٦. [قدیمی] خول؛ کار یان ڕەوتی گەڕانی جامی بادە لە کۆڕدا ٧. [مجازی، قدیمی] ڕۆزگار؛ ڕۆژگار؛ چەرخ؛ فەڵەک ٨. [فلسفه] چۆنیەتی بەندیواری و نیازمەندی دوو شت لە بوونیاندا، بە جۆرێ کە هەر کام ئاکامی ئەوی دیکەیە (وەک مریشک و هێلکە).

▣ **دورتا دور**: دەوراندەور؛ دۆرمادار؛ پەڕانپەڕ؛ ئەم پەڕ و ئەو پەڕ؛ گرد و پەڕ؛ گردای‌گرد؛ هۆرە؛ دەور و بەر.

دورقطبی ژوور جەمسەری؛ ژوور هیتمی؛ چۆنیەتی دیار و بەرچاو بوونی هەمیشەیی ئەستێرەیەک لەسەر ئاسۆوە: **پیراقطبی**

▣ **دور برداشتن**: دەور هەلگرتن: ١. خێرایی گرتن؛ ئامەیوە باڵێ ‹موتور دور برداشت: موتورەکە دەوری هەلگرت› ٢. [مجازی] پا هەلگرتن؛ پای زیایی داکێشان ‹چرا این‌قدر دور برمی‌داری، چه خبر است: بۆ وا دەور هەلدەگری، چیە؟›.

دور به دست کسی افتادن: هەل بۆ کەسێک ڕەخسان؛ هەل دەستی کەسێک کەوتن؛ دەرفەتی چالاکی و سەرکەوتن بۆ کەسێک دەست دان.

دور زدن: دەور دانەوە؛ دەورەوە دەی ‹میدان را دور زد: دەوری مەیدانەکەی داوە›.

دور گرداندن: دەور گێڕان؛ بە دەوردا گەڕاندن؛ گەڕاندن؛ گەڕانن؛ دەور پێ دان؛ گێلنەی؛ بە دەورگەڕاندن ‹جعبەی شیرینی را دور گرداند: قوتووی شیرینیەکەی بە دەوردا گێڕا›.

از دور خارج شدن: فت بوون؛ لە چالاکی و کارێکدا لاچوون یان لابران ‹دو نفر از بازیکنان تیم از دور خارج شدند: دوان لە کایەکارانی تیم فت بوون›. هەروەها: **از دور خارج کردن**

دور / dowre, do:re/: [عربی] حرف. دەور: ١. بە دەوری؛ لە دەوری؛ بە دەور؛ لە دەور؛ پەگاڵوو ‹دور میز نشسته بودند: لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون› ٢. پەڕانپەڕ ‹دور چیزی گشتن: بە دەوری شتێکدا گەڕان›.

▣ **دور جایی گرداندن**: لە جێگایەک گەڕاندن؛ بە دەوری جێگایەکدا گەڕاندن ‹عروس را دور شهر گرداندند: بووکیان بە دەوری شاردا گەڕاند›.

دور چیزی/ کسی را خط کشیدن: [کنایی] دەس لە شتێ/ کەسێ هەلگرتن؛ چاو پۆشین لە شتێ یان کەسێک؛ خێری شتێ/ کەسێ بەخشینەوە؛ خێری چتێ/ کەسێک بەشەو کردن ‹دور این پسر را خط بکش: دەست لەم کوڕە هەلگرە›.

دور چیزی گشتن: بە دەور شتێکدا خول خواردن/ خولانەوە/ سووڕانەوە: ١. بە دەوری

شتێکدا گەڕان؛ دەوروو چێوێیەنە گێلەی ‹دور خانە می‌گشت: بە دەور ماڵەکەدا خولی دەخوارد› ٢. [مجازی] چوونە دەور و بەری شتێکدا؛ توخنی شتێ کەوتن؛ پەرژانە کارێک؛ لەگەڵ شتێکدا خەریک بوون ‹پدرم می‌گفت: «دور سیاست نگرد»: بابم دەیگوت: «بە دەوری سیاسەتدا مەسووڕەوە»›.

دور خود چرخیدن: بە دەور خۆدا خولانەوە: ١. خول خواردنە دەور خۆدا؛ بە دەوری خۆدا گێچکەکردن؛ دەوروو وێنە چەرخیەی؛ بە خول داجوین؛ لە گەڕ بوون ‹مثل فرفره دور خودش می‌چرخد: وەکوو خولخولە بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە› ٢. [مجازی] بە دەور خۆدا خولە هاتن؛ سەرگەردان بوون؛ بەبێ ئامانج و بەرنامە کاری ڕەمەکی کردن ‹صبح تا شب توی این مغازه دور خودمان می‌چرخیم: بەیانی تا شەو لەم دوکانە بە دەوری خۆماندا دەخولێینەوە›.

دور کسی را گرفتن: دەوری کەسێ گرتن: ١. گەمارۆی کەسێک دان؛ خڕ بوونەوە بە دەوری کەسێکدا؛ کۆوە بوون بە دەوری کەسێکدا ‹دور آزاد را گرفته بودند و از او شیرینی می‌خواستند: دەوری ئازادیان گرتبوو داوای شیرینیان لێ دەکرد› ٢. یارمەتی دان و هەواداری لە کەسێک کردن ‹بچەها دور او را گرفتند و نگذاشتند زیاد غصه بخورد: هەوالان دەوریان گرت و نەیانهێشت زۆر خەفەت بخوا›.

دور کسی گشتن: [مجازی] لە دەوری کەسێک گەڕان؛ لە بەر کەسێ مردن؛ هاتنە دەور کەسێکا؛ ئامەی دەوروو یۆیەنە؛ قوربان و ساقەی کەسێ بوون ‹الهی دورت بگردم!: یا خوا لە دەورت گەڕێم!›.

دور هم بودن: پێکەوە بوون؛ بە دەوری یەکەوە بوون ‹فرداشب بیایید دور هم باشیم: سبەی‌شەو وەرن پێکەوە بین›.

دور[1] / dûr /: صفت. دوور؛ دویر؛ دیر: ١. بە مەودای ڕێگایی زۆرەوە ٢. [مجازی] جودا؛ جیا؛ جوێ؛ جگا ٣. بە مەودایەکی کاتی زۆرەوە ٤. [مجازی] کلا؛ بەرکنار ٥. [مجازی] نەگونجاو؛ نەڕەخساو ٦. [مجازی] بێخەبەر ٧. [مجازی] بێگانە؛ نامۆ.

▣ **دور بودن:** دوور بوون؛ دوور بیەی: ١. مەودای ڕێگایی زۆر بوون ‹خانەمان خیلی دور است: ماڵمان زۆر دوورە› ٢. [مجازی] بە دوور بوون؛ جودا بوون؛ جوێ بوون؛ جیا بیەی؛ لێک‌بڕان؛ لێک دابڕان ‹آزاد سه سال از مادرش دور بود: ئازاد سێ ساڵ لە دایکی دوور بوو›.

دور شدن: دوور بوونەوە؛ دوور کەفتنەوە؛ دوورەوە بیەی ‹راهمان دور شد: ڕێگەمان دوور بووەوە›.

دور[2]: قید. دوور: ١. لە مەودای زۆرەوە ‹دور از خانه: دوور لە ماڵ› ٢. بە شێوەی مەودادار ‹دور کردن: دوورکردنەوە›.

▣ **دور از چشم کسی:** لە دیار نەبوونی کەسێک؛ بە دزی کەسێکەوە؛ بە نهێنی لە کەسێ ‹دور از چشم پدرش سیگار می‌کشید: لە دیار نەبوونی بابی جگەرەی دەکێشا›.

▣ **دور افتادن:** دوورکەوتنەوە؛ دوورەوکەفتن؛ دوورەوەکەوتەی؛ جودا مانەوە؛ هەراڤستش؛ بڕیان؛ دابڕان؛ دابڕیان؛ بڕیەی ‹مدتی است از شهرمان دور افتاده‌ایم: ماوەیەکە لە شارەکەمان دوورکەوتووینەتەوە›.

دور انداختن: فڕێ دان؛ فڕە دان؛ فڕە دەی؛ تووڕ دان؛ برک دان؛ پەرت کردن؛ شەمڕاندن؛ ڤەزەلاندن؛ دوورەوە وسەی؛ هەوا داین؛ لە خۆ دوورکردنەوە ‹کفشهای به آن خوبی را دور انداخت: کەوشی بەو باشیەی فڕێ دا›.

دور ریختن: فڕە دان؛ فڕێ دان؛ فڕک دان؛ فڕ داین؛ فڕە دەی؛ هەوا داین؛ برنگ دان؛ خستنە دەرەوە؛ تووڕ دان؛ برک دان؛ پەرت کردن؛ تووڕ/ فڕێ دان؛ لە خۆ دوورکردنەوەی

شتان به بۆنەی نەویستنیان ‹این خرت‌وپرتها را دور بریز: ئەم شەخەڵ- مەخەڵانە فڕە بدە›.

دور ساختن ☜ **دور کردن**

دور شدن: دوور بوونەوە؛ دوور کەوتنەوە/ کەفتنەوە؛ دوور بیەیوە؛ ڕۆیشتن؛ پەڕ بوون ‹از آنجا دور شد: لەوێ دوور بووەوە›.

دور کردن: دوورکردنەوە؛ دوور خستنەوە؛ دوور وسەیوە؛ جودا کردنەوە؛ لا بەردەی؛ مەودا پێدان ‹خطر را از خودش دور کرد: مەترسی لە خۆی دوور کردەوە›: **دور ساختن**

دور ماندن: دوورکەوتنەوە؛ جیا مانەوە ‹وقتی از همسرش دور ماند، خود را سرگرمِ کار کرد: کاتێ لە هاوسەرەکەی دوورکەوتەوە، خۆی بە کارەوە خەریک کرد›.

دورآگاهی / dûrāgāhî/: *اسم.* دوورئاگایی؛ تیلیپاتی؛ دووهەشکەری؛ پێوەندی نێوان دوو کەس لە مەودایەکی دوورەوە بە هەست، بیر یان تەنانەت چاو، بە بێ هیچ ئامێرێک.

دورادور/dûrādûr/: *قید.* دووراودوور؛ دووراندوور: ۱. *[نامتداول]* لە دوورەوە ‹دورادور دستی تکان داد: دووراودوور دەستێکی ڕاشەکاند› ۲. *[مجازی]* بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ‹او را دورادور می‌شناختم: دووراودوور دەمناسی›.

دور از جان / dûr'azcān/: *دعا.* دوور لە گیان؛ دوور وا؛ دوور بێ لە گیان؛ دوور بای؛ خوا نەکەردە؛ خوا نەخواستە؛ ڕێزوشەیێ کە لە کاتی قسەکردن لە ڕووداوێکی ناخۆشەوە دەگوترێ ‹دور از جان ممکن بود بلایی به سرتان بیاید: دوور لە گیان لەوانە بوو تووشی بەلایەک بێن›.

دورافتاده / dûr'oftāde/: *صفت.* دوورکەوتوو؛ دوورکەوتە؛ دوورکەفتە؛ دوورکەفتگ؛ جێگرتوو لە مەودایەکی دووردا ‹جای دورافتاده؛ دهکدەی دورافتاده: جێگای دوورکەوتوو؛ ئاوایی دوورکەوتە›.

دوران / davarān/: [عربی] *اسم.* خول؛ سوور؛ چەرخ؛ لر؛ کار یان ڕەوتی خولانەوە؛ سووڕانەوە؛ چەرخیانەوە؛ هەڵسووڕان؛ زڤرین؛ ئەوەخولیەی؛ ئەوەچەرخیەی.

▣ **دوران دادن**: چەرخاندن؛ چەرخ‌دان؛ خول دان؛ خولاندنەوە؛ گەڕاندن؛ سووڕاندن؛ سووڕاندنەوە؛ هەڵسووڕاندن؛ ئەوە خولنەی؛ خولنایوە؛ ئەوە چەرخنەی؛ چەرخنایوە؛ گێلنەی؛ گێلنای؛ هۆرخلنەی.

دوران کردن: چەرخان؛ چەرخین؛ خول خواردن؛ سووڕ خواردن؛ لە گەڕ بوون؛ خولانەوە؛ گەڕان؛ سووڕانەوە؛ سووڕان؛ خولیانەوە؛ هەڵسووڕان؛ گردان؛ زڤران؛ چەرخ دان؛ چەرخ خواردن؛ ئەوەخولیەی؛ خولیایوە؛ ئەوەچەرخیەی؛ چەرخیایوە؛ گێلەی؛ گێلای؛ هۆرخلیەی؛ هۆروەخلیەی: **به دوران افتادن**

به دوران افتادن ☜ **دوران کردن**

دوران / dowrān, do:rān/، ـها: [از عربی] *اسم.* ۱. سەردەم؛ چاخ؛ سوور؛ ڕۆژگار؛ کات و ساتی پێوەندیدار بە دیاردە یان ڕووداوێکەوە ‹در دوران قدیم: لە سەردەمی پێشوودا› ۲. خول؛ گەڕ؛ گەورەترین یەکە بۆ بەشبەندی مێژووی زەوین‌ناسی، برێتی لە چەند دەورە.

▣ **دوران اول**: خولی دێرین ژیواری.

دوران پارینه‌سنگی: پالئۆلیتیک؛ خولی کۆن بەردی.

دوران چهارم: گەڕی دووهەم لە خولی نوێ ژیواری.

دوران دوم: خولی دووهەم؛ خولی نێوان ژیواری.

دوران سنگ: عصر حجر ☜ **عصر**

دوران سوم: گەڕی هەوەڵ لە خولی نوێ ژیواری.

دوران نوسنگی: خولی نوێ‌بەردی؛ سەردەمی بەردینی نوێ.

دورانداختنی / dûrandāxtanî/: *صفت.* بە کەڵک نەهاتوو؛ بە دەرد نەخۆر؛ بێ‌نرخ؛

بێبایەخ؛ بێبایەخی بۆ فڕێدان.

دوراندیش / dûrandîš ، ـها؛ ـان/: *صفت.* دووربین؛ دوابین؛ تێبین؛ دوورنوار؛ دوورئەندێش؛ خاوەن توانایی و لێهاتوویی بۆ هەڵسەنگاندنی ئاکام و کاردانەوەی کارگەل لە داهاتوودا ‹آدم دوراندیش فکر فردا را هم می‌کند: مرۆی دوورنوار لە بیری ڕۆژی دواییشدا هەیە›.

دوراندیشی / dûrandîšî ، ـها/: *اسم.* دووربینی؛ دوابینی؛ دوورنواڕی؛ دوورئەندێشی: ۱. دۆخی هەبوونی توانایی بۆ هەڵسەنگاندنی ئاکام و شوێنهاتی کار و ڕووداوان ۲. توانایی بەرنامەڕێژی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕووداوگەلی هاتونەهاتدا ۳. کار یا ڕەوتی ڕەچاوکردنی هۆ یان ڕێگایەک بۆ بەرگری لە مەترسی یان گەزنی هاتونەهاتی.

دوراهی / dorāhî ، ـها/: *اسم.* دووڕێیان؛ دووڕیان؛ دووڕا؛ جێگایەک کە دوو ڕێگەی لێ جیا دەبنەوە ‹سر دوراهی نگهدار: لە سەر دووڕێیانەکەدا ڕاوەستە›.

دوربرد / dûrbord/: *صفت.* دووڕپێو: ۱. بە مەودای زۆرەوە؛ وەها کە تا ڕێگایەکی دوور بڕوا ۲. دوورهاوێژ؛ بە هێزی هاویشتن بۆ مەودایەکی دوور.

دوربرگردان / dowrbargardān, do:r- ، ـها/: *اسم.* دیروێن؛ کەوانەڕێ؛ بەشێک لە بوارگە بە شێوەی کەوانەیی کە گەڕانەوەی کەرەستەی ڕاگواستەنی بۆ لایەکی‌تر ئاسان دەکاتەوە.

دوربین[1] / dûrbîn ، ـها/: *اسم.* دووربین؛ دیربین: ۱. ئامێرێک بۆ دیتن و گەورە و نزیک‌کردنەوەی دیمەن و شتانی دوور ۲. کامێرا؛ هەر یەکە لەو ئامێرانەی کە وێنەی شتی ڕاستەقانی تۆمار دەکەن ‹دوربین عکاسی؛ دوربین فیلمبرداری: دووربینی وێنەکێشی؛ کامێرای فیلم هەڵگرتن›.

⊡ **دوربین زمانی**: دووربینی کاتی؛ دووربینێ کە لە ماوەگەلی دیاریکراودا (وەک سەعاتێ جارێ) بە شێوەی خۆمەش وێنە هەڵدەگرێ.

دوربین عکاسی: کامێرا؛ دووربینی وێنەگرتن؛ ئامێرێ بۆ گرتنی وێنە، پتر بە هۆدەکێکی تاریک و ڕۆژنهیەکەوەکە وێنە دەخاتە سەر پەڕەیەکی هەستۆک و تۆماری دەکا.

دوربین فیلمبرداری: کامێرا؛ چەشنێ دووربینی وێنە هەڵگرتن کە لە دیمانە بە شێوەی خۆمەش لە سەریەک وێنە هەڵدەگرێ.

دوربین نجومی: تلیسکۆپ؛ کەرەستەیەک بۆ ڕوانین لە ئەستێرە و گەڕۆکی ئاسمانان.

دوربین نقشه‌برداری: دووربینی نەقشە هەڵگری.

دوربین نقشه‌کشی: دووربینی نەقشەکێشان.

⊡ **دوربین انداختن**: دووربین خستن؛ دووربین کێشتەی؛ دووربین بەرەو شوێنێ گرتن ‹دوربین انداخت به طرف کشتی و توانست نام کشتی را بخواند: دووربینی بەرەو کەشتیەکە حست و توانی ناوەکەی بخوێنێتەوە›.

دوربین[2] /ـها/: *صفت.* دووربین: ۱. دوورنوار؛ دوورئەندێش؛ تێبین؛ دوابین ۲. تووشی نەخۆشی دووربینی چاو.

دوربینی / dûrbînî/: *اسم.* دووربینی: ۱. نەخۆشینێک لە چاودا کە نەخۆش دوور بە باشی دەبینێ، بەڵام نزیک جوان نابینێت ۲. دوورنواڕی؛ تێبینی؛ دوابینی؛ کار یان ڕەوتی پێش‌بینی‌کردنی بەرنامەی داهاتوو.

دورپرواز / dûrparvāz ، ـان/: *صفت.* دوورەفڕ؛ بە لێهاتوویی و توانایی فڕین تا مەودایەکی دوور.

دورخیز / dûrxîz/: *اسم.* هوزم؛ گوزم؛ وزاق؛ هەڵبەز؛ چۆنیەتی خۆکشانەوە بۆ بازدان.

⊡ **دورخیز کردن**: وزاق بەستن؛ وزاق دان؛ هوزم بردن؛ هوزمەوە ئاردەی؛ گوزم هێنان؛ لە جێگایەکەوە خۆ بۆ پەڕین ئامادەکردن ‹دورخیز

کرد و خواست از جوی آب بپرد ولی افتاد وسط آب: وزاقی بەست و ویستی لە جۆگەکەوە بپەڕێتەوە بەڵام کەوتە نێو ئاوەکەوە›.

دوردست / dûrdast ، ـها/: صفت. دوورەدەست؛ دووردەس؛ دوورەدەس؛ دوورترەک؛ هەڵکەوتوو دە جێیەکی دووردا.

دورریختنی / dûr.rîxtanî/: صفت. بەکەڵک نەهاتوو؛ بە دەرد نەخۆر؛ پەرتکردنی؛ تەوش؛ بێبایەخ؛ بێنرخ؛ مەراش؛ شیاوی فڕەدان.

دورزن / dûrzan/: صفت. دوورپێک؛ دوورەنگێو؛ بە توانایی پێکان و هاویشتن تا مەودایەکی دوور ‹توپ دورزن: تۆپی دوورپێک›.

دوردورها / dûrdûrhā/: اسم. [گفتاری] دووردوورانە؛ دوورانەدوور؛ جێگای زۆر دوور ‹در آن دوردورها درختی دیده می‌شد: لەو دووردوورانە دارێک بەدی دەکرا›.

دورریز / dûr.rîz ، ـها/: اسم. [گفتاری] پەرتاوتە؛ لێکەفت؛ ئەو شتانە کە لەبەر زایە بوونیان دەیانڕێژن ‹یک کیلو سبزی خریدیم، نصفش دورریز شد: کیلۆیەک سەوزیمان کڕی، نیوەی پەرتاوتە بوو›.

دورسخنی / dûrsoxanî ، ـها/: اسم. دووروپەیڤی؛ وتوویژی چەن کەس لە مەودای دوورەوە، بە ئامرازگەلی دەنگ و ڕەنگ: **تلەکنفرانس؛ ویدئوکنفرانس**

دورسنج / dûrsanc ، ـها/: اسم. دوورەپێو: ۱. ئامێرێک بۆ ئەندازەگرتنی چەندیەتیەک (وەک دەما، نم یان گوشار و هەناردنی ئاکامی لە دوورەوە) ۲. مەوداپێو * **تلەمتر**

دورسنجی / dûrsancî/: اسم. دوورەپێوی: ۱. زانست و لێهاتوویی ئەندازەگرتنی چەندیەتی لە ڕێگەی دوورەوە ۲. زانیاری و دەیتاگەلێک کە لەو زانستەوە بە دەست هاتووە * **تلەمتری**

دورگه / dorage ، ـها/: صفت. دوورەگە؛ دووڕە؛ دوڕاجە؛ دراجە: ۱. دووڕێژە؛ دووڕهـ ؛ دوڕە؛ دووڕەک؛ مەلەز؛ دووڕەگ؛ دوەڕەگە؛ دورەک؛ بەدیهاتوو لە دووڕەگەزی لێک جیاواز ‹اسب دورگە: ئەسپی دوورەگە› ۲. دووتۆمە؛ دووڕێژە؛ بەدیهاتوو لە تێکەڵی دوو جنسی لێک جیا لە گیادا ۳. دوودانگ؛ بە دوو چۆنیەتی جیاواز لە یەکەوە ‹صدای دورگە: دەنگی دوورەگە›.

دورنشینی / dûrnešînî/: اسم. دوورنیشتەیی؛ دوورگری؛ کار یان ڕەوتی نیشتەجێ بوون لە جێگایەک جگە لە جێگەی ژیانی ئاسایی و دەرامەتی خۆ و بەشداری نەکردن لە کار و بەرهەمهێنانی (وەکوو ماڵ، زەوی و زار یان کارخانە). هەروەها: **دورنشین**

دورنگ / dorang ، ـها/: صفت. [مجازی] دووڕوو؛ دووڕەنگ؛ فێڵباز و درۆزن؛ ناڕاست؛ دهاچە؛ دووڕاز؛ دووزران؛ دووپڵ؛ دوولاژەن.

دورنگار / dûrnegār ، ـها/: اسم. دوورنووس؛ فاکس: ۱. ئامرازێک بۆ هەناردنی نووسراوە، بەڵگە یان وێنە بۆ جێگایەکیتر بە هێڵی تەلەفوون ۲. وێنەیێ کە بەم شێوەیە دەسکەوتووە * **دورنویس؛ نمابر**

دورنگاری / dûrnegārî/: اسم. کار و ڕەوتی هەناردنی پەیام بە دوورنووس.

دورنگری / dûrnegarî ، ـها/: اسم. دوورنواڕی؛ دوابینی؛ چۆنیەتی یان توانایی تێگەیشتن یان بەراوردکردنی کاردانەوەی کار یان ڕووداوێک لە داهاتوودا. هەروەها: **دورنگر**

دورنگی / dorangî ، ـها/: اسم. [مجازی] دوولازەنی؛ دووڕەنگی؛ دووڕوویی؛ دوڕازی؛ ناڕاستی؛ دوولاژەنی؛ درۆزنی و گزیکاری.

دورنما / dûrnemā ، ـها/: اسم. بەرژەوەند؛ بەرجەوەن؛ دوورنما: ۱. بەرچاو؛ دیمەن؛ چاوەنداز؛ وێنەی دیمەنێ لە سروشت ۲. [مجازی] دیامان ‹دورنمای این کار خوب است: بەرژەوەندی ئەم کارە باشە›.

دورنویس / dûrnevîs/ ☜ **دورنگار**

دورو / dorû/: *صفت.* دووڕوو: ١. بە پشت و بەری وەکوو یەکەوە ‹پارچەی دورو: پارچەی دووڕوو› ٢. بە ڕەنگ و نەخشی دوو لایەنەی پشت و ڕوو ٣. *لـها/[مجازی]* دووڕاز؛ دووڕوی؛ دهاچە؛ خاوەن ئاکاری ڕیاکارانە ‹آدم دورو: مرۆی دووڕوو›.

دوروبر / dowr-o-bar, do:r- ، ـها/: [عربی/فارسی]/*اسم.* دەوروبەر؛ ئاقار؛ هێل؛ هاوێردۆر؛ هەسوولا؛ کەراخبێچاخ؛ قەراخوبیجاخ؛ کەنارە و کەنار ‹در آن دور و بر هیچ مغازه نبود: لەو دەوروبەرەدا هیچ دوکانێک نەبوو›.

دوروتسلسل / dowr-o-tasalsol, do:r-/: [عربی] *اسم.* یەک لە دوو یەک؛ ڕەوتی دووپاتە بوونەوەی لە پەستای زنجیرە ڕووداوگەلێ لە ماوە و مەوداگەلی وەک یەکدا.

دور و دراز/ dûr-o-derāz/: *صفت.* دوور و درێژ: ١. زۆر درێژ ‹راه دور و دراز: ڕێگەی دوور و درێژ› ٢. *[مجازی]* تێر و تەسەل؛ تێر و پڕ ‹آرزوهای دور و دراز: ئاواتگەلی دوور و درێژ›.

دورویه / dorûye/: *صفت.* دووڕوو؛ بە هەر دوو لای وەک یەکی بەکارهاتۆوە.

دورویی / dorûyî ، ـها/: *اسم. [مجازی]* دووڕوویی؛ دوولاژەنی؛ دووڕەنگی؛ دووڕازی؛ خۆڕێخەری و هاوڕێیی بە درۆ بۆ خەڵەتاندنی خەڵک ‹می‌خواست با چرب‌زبانی و دورویی خودش را دوست ما نشان بدهد: گەرەکی بوو بە زمانلووسی و دووڕوویی خۆی بە دۆستی ئێمە پیشان بدا›.

دوره / dowre, do:re ، ـها/: [عربی]/*اسم.* ١. /ادوار/ سەردەم؛ چاخ؛ ماوەیەکی دیاریکراو کە زنجیرە ڕووداوەیەکی تێدا تەواو دەبێ ‹دورەی بلوغ؛ دورەی بیماری: سەردەمی پێگەیشتن؛ چاخی نەخۆشی› ٢. سەردەم؛ چاخ؛ ڕۆژگار؛ ڕۆزگار؛ کاتی سەر بە ژیانی کەسێ یان بەدیهاتنی ڕووداوێک ‹دورەی سیاه شاه عباس: سەردەمی ڕەشی شا عەباس› ٣. لە بەشبەندیگەلی زەوینناسی چکۆلەتر لە خول و لە چەن دەور ٤. زێوار؛ لێوارە؛ پەراوێز؛ دەوراندەور؛ قەراخ؛ کەنارەی هەر شتێ بەتایبەت شتی خرت ‹دورەی کلاه: لیوارەی کڵاو› ٥. خول؛ قۆناغ؛ دەورەی خوێندن ‹دورەی ابتدایی: خولی سەرەتایی› ٦. دەورەمیوانی؛ چەشنێ میوانی کە گرۆیەک لە ماوەگەلی دیاریکراودا و هەر جار بە میوانداری کەسێک دەیگێڕن ٧. کۆڕ؛ کۆ بوونەوەی کەسانێک لە ماوەگەلی کاتی و بە ئامانجی دیاریکراوەوە و بە شێوەی نافەرمی ‹دورەی قرائت قرآن: کۆڕی خوێندنەوەی قورئان›.

▣ **دورەی احتیاط:** خولی سپێر؛ خولی فێرکاری چەکداری بۆ هێزی یەدەک کە ئەرکی سەربازی بە جێ هێناوە.

دورەی آموزشی: خولی ڕاهێنان؛ خولی فێرکاری؛ خولێ کە تێیدا لە ماوەیەکی دیاریکراو، بە کەسانێکی دیاریکراو، ئامۆژەگەلێکی دیاریکراو دەدرێ.

▣ **دوره افتادن:** *[مجازی]* سووڕانەوە؛ خول خواردن؛ کەوتنە خول؛ بۆ ئەنجامدانی کارێک بۆ لای کەسانی جۆراوجۆر چوون ‹دوره افتاده بود و برای مجله مشترک جمع می‌کرد: دەسووڕاوە و بۆ گۆڤارەکە، بەشداری خڕ دەکردەوە›.

دوره ایستادن: دەورەدان؛ دەورگرتن؛ دەمموورە دان؛ بە دەور شتێک یان لە جێگایەکدا چەمەرە دان ‹مردم دوره ایستاده بودند و به حرفهایش گوش می‌دادند: خەڵک دەورەیان دابوو گوێیان لە قسەکانی دەگرت›. هەروەها: **دوره نشستن**

دورەی چیزی گذشتن: هەڕەتی شتێ بە سەر هاتن؛ جەنگەی شتێ بە سەر چوون؛ دەورەی شتێ بە سەر چوون/ تەواو بوون/ نەمان؛ باوی شتێک نەمان؛ کاتی برەو و کاردانەوەی شتێ بە سەر هاتن ‹دورەی درشکە و کالسکە گذشت: هەڕەتی عارەبانە و کالیسکە بە سەر هات›.

دوره داشتن: دەورەمیوانی هەبوون ‹با همکلاسیهای سابقمان دوره داریم: لەگەڵ هاوپۆلیە پێشووەکانماندا دەورەمیوانیمان هەیە›.
دوره دیدن: دەورە دیتن؛ خولێکی فێرکاری دیاریکراو تەواوکردن: **دوره گذراندن**
دوره کردن: ۱. دەورکردنەوە؛ دەورەکردنەوە؛ دەورکەردەیوە؛ ئەوەوەنەی؛ خوێندنەوەی دووبارەی وانە بۆ باشتر فێر بوون ‹کتاب شیمی را دو بار دوره کردەام: کتێبی کیمیام دوو جار دەور کردوتەوە› ۲. دەورە دان؛ بە دەور کەسێ/ شتێکەوە کۆ بوونەوە و داگرتنی.
دوره گذراندن ☜ **دوره دیدن**
دوره‌ای / dowre'î, do:re'î /: [عربی] *صفت*. دەورەیی: ۱. بە شێوەی خولی ‹مهمانی دوره‌ای: میوانی دەورەیی› ۲. بە نۆبە ‹حمله‌های دوره‌ای: هێرشی دەورەیی› ۳. نۆبەتی؛ نۆرەیی؛ نۆگەیی؛ خولی ‹بهتر است بحث دوره‌ای باشد و هر کس نظرش را بگوید: باشترە باسەکە نوبەتی بێ و هەر کەس بۆچوونی خۆی بێژێ›.
دوره‌گرد / dowregard, do:regard ، ـها/: [عربی/ فارسی] *صفت*. گەڕۆک؛ بازڤان؛ بەبێ جێگای دیاریکراو و هەمیشەیی بۆ کار ‹فروشندەی دوره‌گرد؛ گدای دوره‌گرد: فرۆشەری گەرۆک؛ دەرۆزەی بازڤان›.
دوره‌گردی/ dowregardî, do:re- ، ـها/: [عربی/ فارسی]/*اسم*. ۱. کار و ڕەوتی خولانەوە؛ سووڕانەوە؛ سەفەر و گەشتی بێئامانج یان بە بێبەرنامەی پێشوو ۲. گەڕۆکی؛ کار یان پیشەی بازڤان.
دوری[1] / dowrî, do:rî ، ـها/: [عربی]/*اسم*. دەوری؛ قاپ؛ هیرمان؛ هیربار؛ جۆرێ دەفر بە لێوارەی کورتی هێندێک ڕاستەوە (پێچەوانەی دەوری ئاسایی کە لێوارەی پان و تەختە).
دوری[2]: *صفت*. نۆبەتی؛ نۆبەیی؛ نۆرەیی؛ نۆگەیی؛ گەڕی؛ سەری.

دوری / dûrî ، ـها/: *اسم*. دووری: ۱. پلی؛ دۆخ یان چۆنیەتی دوور بوون ۲. مەودا؛ دۆرینگ؛ نێوان؛ وەرهەنگ ۳. جیایی؛ جودایی ٤. *[مجازی]* دوورەپەرێزی؛ کەنارەگیری؛ خۆلادەری ‹از این جور آدمها دوری کن: لەم جۆرە بنیادەمانە دووری بکە›.
▣ دوری کردن: دووری کردن؛ دوورگرتن؛ دوور بوونەوە؛ خۆ پاراستن؛ پارێزکردن؛ تەکانەوە؛ توخن نەکەوتن؛ دوورەپەرێزی کردن.
دوریختی / dorîxtî ، ـها/: *اسم*. دووتەحری؛ دووبیچمی؛ دووسەکوتی: ۱. *[کانی‌شناسی]* دۆخ یا چۆنیەتی دەرکەوتن بە دوو شێوەی جیاواز (وەکوو کەربوناتی کەلسیوم) ۲. *[گیاه‌شناسی]* دۆخ یان چۆنیەتی دارا بوونی دووجۆر پەرچەم، گەڵا یا گوڵ * **دوشکلی**
دوز / doz /: [فرانسوی] ☜ **دُز**
دوز[1] / dûz /: [ترکی]/*اسم*. چووزان؛ ڕێزان؛ سێڕێزکانێ؛ سێڕێزکێن؛ سێچوکلە؛ دوزوو؛ چەشنێ یاری دوو کەسی لە سەر ڕووپەڕێک کە هەر کەس ۱۲ بەرد یان مۆرەی خۆی بە نۆبە (هەر جارێک دانێ) لە سەر جێگایەک دادەنێ و پاشان بە نۆبەت بەردەکان ڕادەگوێزن تا ڕیز بکەون (چووز ببن): **دوزبازی**
ـ **دوز**[2]: *پیوَژه*. ـ دوور؛ ـ درووو؛ ـ دوورێن؛ ـ وراز؛ ـ ئەوەوراز؛ بدوور؛ درووماکار ‹کفشدوز؛ لباسدوز: پێڵاودوور؛ بەرگدروو›.
دوزاری / do:zārî / ☜ **دوهزاری**
دوزبازی / dûzbāzî /: [ترکی/ فارسی] ☜ **دوز**
دوزخ / dûzax /: *اسم*. *[ادبی]* دوژ؛ دۆژ؛ ئارتوون؛ دۆژە؛ دۆژەهـ ؛ دۆزەخ؛ دووزەخ؛ دۆزەق؛ دووزەق؛ جەهەننەم.
دوزخی / dûzaxî ، ـها؛ ـان/: *صفت*. *[ادبی]* دۆژەهی؛ ئارتوونی؛ دۆزەخی؛ جەهەننەمی؛ جەهەندەمی: ۱. نیشتەجێی دۆزەخ ۲. *[مجازی]* خراپکار و تاوانبار.

دوزمانه / dozamāne ، ـها/: *صفت.* دووزەمانە؛ دووکاتی؛ دووساتی؛ بە کارکرد لە دوو قۆناغی بە شوێن یەکدا ‹موتور دوزمانە: موتوری دووزەمانە›.

دوزندگی / dûzandegî/: *اسم.* خەیاتی؛ خیاتی: ١. درووماني؛ جلدروویی؛ دروومانکاری؛ کاری بەرگدوور ‹دوزندگی می‌کند: خەیاتی دەکات› ٢. ـها/ دروومانگە؛ کارگای خەیاتی ‹دوزندگی دارد: خەیاتی هەیە› ٣. درووماني؛ کاری دوورین ‹آموزش دوزندگی: هەفۆتی خەیاتی›.

دوزنده / dûzande ، ـها؛ ـگان/: *اسم.* خەیات؛ بەرگدروو؛ دروومانکار؛ کەسێ کە کاری دروونە (بەتایبەت جلوبەرگ).

دوزوکلک / dûz-o-kalak ، ـها/: [ترکی/ فارسی] *اسم. [گفتاری]* فڕ و فێڵ: ١. فاکوفیک؛ فێڵوفەرەج؛ کەڵەک و کلۆک؛ فێڵ و تەڵەکە؛ فەند و فێڵ؛ فەن و فوون؛ گزی؛ هەقە ٢. ڕاو و ڕیو؛ ساز و باز؛ ساخت و پاخت؛ ڕا و ڕێوی؛ پیلان.

▣ **دوز و کلک چیدن/ سوار کردن:** *[مجازی]* پیلان نانەوە؛ فێڵ و فەرەج/ فەتە و فەرەجی کردن؛ پیلان گێڕان؛ ڕاو و ڕیوکردن؛ ساخت و پاختکردن.

دوزه / dûze ، ـها/: *اسم.* نووسەنەک؛ پرمێشک؛ پەنێرشک؛ دڕکێکی خرتۆکەی دێمەزارە.

دوزیست / dozîst ، ـها؛ ـان/: *صفت. [زیست‌شناسی]* دووژینە؛ پێوەندیدار یان سەر بە دوو ژیانەوە: **دوزیستی**

دوزیستی / dozîstî/ ☜ **دُوزیست**

دوسالانه[1] / dosālāne/: *اسم.* دووساڵانە؛ ڕێوڕەسمێ (وەکوو جێژن، کێبەرکێ یان پیشانگا) کە هەر دوو ساڵ جارێک بەڕێوە دەچێ: **بی‌ینال**

دوسالانه[2]: *صفت.* دووساڵانە؛ دووساڵە؛ پێوەندیدار یان سەر بە دوو ساڵەوە ‹جشن دوسالانە: جێژنی دووساڵانە›.

دوست[1] / dûst ، ـها؛ ـان/: *اسم.* دۆست؛ دۆس؛ دۆ؛ هەواڵ؛ ئاواڵ؛ هەڤاڵ؛ هاولف؛ هەڤڕێ؛ هاوڕێ؛ هەمباز؛ باخوێ؛ دەستەبرا؛ یار؛ هالا؛ برادەر؛ خۆناس؛ هامڕا؛ ڕەفێق؛ ڕەفیق؛ ویست؛ مێر و چێر؛ چێر؛ حەژ؛ حەز؛ کەسێ کە دەیناسن، خۆشیان دەوێ و ڕەحمیان بۆی دەچێ و لێی دڵنیان ‹دوست من آهنگساز است: دۆستەکەم مووسیقارە›.

▣ **دوست صمیمی:** هەڤبەند؛ هەڤالۆشک؛ هەڤالبەند؛ دۆستی گیانی ــ گیانی؛ هەواڵی زۆرنزیک.

▣ **دوست داشتن:** ١. خۆش لێهاتن/ هاتن؛ خۆش ویستن؛ خۆش گەرەک بوون؛ وەشە سیەی/ سیای؛ حەز لێ بوون؛ حەباندن؛ هەباندن؛ لیلاندن؛ بەر دڵ کەوتن ‹این گُل را خیلی دوست دارم: ئەم گوڵەم زۆر خوش دەوێ› ٢. پێ خۆش بوون؛ خۆش هاتن؛ ویستن؛ گەرەک بوون/ بیەی؛ حەزکردن؛ حەز کەردەی؛ دڵ لە سەر بوون؛ خوازیار بوون ‹همیشه دوست داشت در بانه زندگی کند: هەمیشە پێی خوش بوو لە بانە بژیت› ٣. خۆش ویستن؛ خۆش گەرەک بوون؛ وەش ئەسیەی/ ئەسیای؛ وەش گەرەک بیەی ‹برادرزاده‌ام را خیلی دوست دارم: برازاکەمم زۆر خوش دەوێ› ٤. خۆش لێهاتن؛ خۆش ویستن؛ وەش ئەسیەی/ ئەسیای؛ ژێ حەزکرن؛ حەز لێکردن؛ ئەوینداربوون ‹آزاد سارا را دوست داشت: ئازاد سارای خوش دەویست› ٥. هەواڵ بوون؛ دۆست هەبوون؛ ڕەفێق هەبوون؛ دۆس بیەی ‹دوستی داشتم خیلی مهربان بود: دوستیکم هەبوو گەلەک دلۆڤان بوو›.

دوست شدن: بوونە دۆست؛ بیەی بە دۆس؛ بوونە هەواڵ؛ بوونە ڕەفێق؛ گرسانی پێوەندی دلۆڤانی وێڕای پەرمیان و میهرەبانی ‹در دوران دانشگاه با او دوست شد: لە سەردەمی زانستگادا لەگەڵی بوو بە دوست›. هەروەها: **دوست بودن**

دوست گرفتن: دۆس گرتن؛ دۆس پەیدا کردن؛ لەگەڵ کوڕ یان پیاوێک پێوەندی جنسی یان ئەویندارانە دامەزراندن (بۆ کچ یان ژن بە کار دەبرێت) ‹چشمت روشن! باز دخترت دوست گرفته: چاوت ڕۆشن! کچەکەت دیسانەکە دۆسی گرتووە›.

دوست[2] / ـها؛ ـان/: *صفت.* دۆست؛ دۆس؛ هۆگر؛ پشتیوان؛ لایەنگر؛ یار؛ خاوەن پەیوەندیەکی دۆستانە ‹کشور دوست: وڵاتی دۆست›.

ـ دوست[3]: *پیوازه.* ـ دۆست؛ ـ دۆس؛ ـ یار؛ ـ واز؛ ـ ویست؛ خوازیار ‹آشیانەدوست: هێلانەدۆست›.

دوستار / dûstār ، ـان/: *اسم. /ادبی/* خۆشویست؛ هۆگر؛ خوازمەند؛ خوازیار.

دوستاق / dûstāq/: [ترکی] ☜ **دُستاق**

دوستاقبان / dûstāqbān/: [ترکی/ فارسی] ☜ **دُستاقبان**

دوستانه[1] / dûstāne/: *صفت.* دۆستانە؛ دۆسانە؛ وەکوو هەوالان ‹قیافەی دوستانه: تووزی دۆستانە›.

دوستانه[2]: *قید.* دۆستانە؛ دۆسانە؛ ڕفێقانە؛ نافەرمی؛ بە شێوە و ئاکاری دۆستان. بەرانبەر: **رسمی** ‹پیش آمد و دوستانه سلام کرد: هاتە پێشەوە و دۆستانە سلاوی کرد›.

دوستدار / dûs(t)dār ، ـان/: *اسم.* خۆشویست؛ ئاواتخواز؛ خوازمەند؛ خوازیار؛ حەزکەر؛ ئارەزووکەر؛ هۆگر؛ ئەوی، کەسێ یان شتێکی خۆش دەوێ.

دوستداشتنی / dûs(t)dāštanî ، ـها/: *صفت. /گفتاری/* دڵگر؛ ڕەزاسووک؛ زەرەشیرین؛ ئێسکسووک؛ هەستیسڤک؛ خۆشەویست؛ خوێنشیرین؛ خوێنشیرن؛ لە بەردلان؛ بەردلک ‹بچەی دوستداشتنی: منداڵی دلکر›.

دوستی / dûstî ، ـها/: *اسم.* دۆستایەتی؛ دۆسایەتی؛ دۆستانی؛ دۆستی؛ دۆسی؛ هەوالەتی؛ ئاوالەتی: ۱. ڕێکاتی؛ ڕێکایی؛ دۆخ یان چۆنیەتی هەواڵ بوون ‹دوستی کردن: دۆستایەتی کردن› ۲. ناسیاوی؛ ئاشنایەتی؛ هەبوونی پێوەندی عاتیفی و دڵخواز ‹سالهاست با هم دوستی نزدیکی داریم: چەن ساڵە پێکەوە دۆستایەتی نێزیکمان هەیە› ۳. یاری؛ هاوڕێیی و پشتیوانی ‹شرط دوستی را بە جا آوردن: مەرجی دۆستایەتی بەجێ هێنان›. هەروەها: **دوستی داشتن؛ دوستی کردن**

▣ **دوستی خاله‌خرسه**: */کنایی/* دۆستی کەسێ کە بە بۆنەی نەزانیەوە دەبێتە هۆی گەزەن و ئازار.

دوستیابی / dûstyābî ، ـها/: *اسم.* دۆستگری؛ کار یان ڕەوتی دۆزینەوەی ئاواڵ؛ دۆستگرتن؛ ڕەفێقگرتن ‹آیین دوستیابی: شێوەی دۆستگری›.

دوسره[1] / dosare ، ـها/: *صفت.* دووسەرە؛ دووسەر؛ دووسەرەکی؛ بە کارهاتی هەر دوو لایەنە ‹برای ارومیه بلیط دوسره گرفتیم: بۆ ورمێ بلیتی دووسەرەمان گرت›.

دوسره[2]: *قید.* دووسەرە؛ لە هەر دوو سەر/ لاوە.

▣ **دوسره بار کردن**: ۱. دووسەرە بار لێدان؛ لە هەر دوو لاوە بار هەڵگرتن ۲. */تعریض/* سەگی دوولا وەڕ بوون؛ ڕەفیقی قافلە و شەریکی دز بوون؛ قازانج بردن لە هەر دوو لایەنەوە.

دوسوتوان / dosûtavān/: *صفت.* تایبەتمەندی کەسێ کە لە ئەندامەکانی هەر دوو لای لەشی وەک یەک کەڵک وەردەگرێ.

دوسوتوانی / dosûtavānî/: *اسم.* توانایی کەڵک وەرگرتن لە هەر دوو لای جەستە بە شێوەی بەرامبەر. بەرانبەر: **سوبرتری**

دوسیه / dusiye, do:siye ، ـها/: [فرانسوی] *اسم. /قدیمی/* دۆسیە؛ پەروەندە؛ هەڤنەڤیس؛ کۆمەڵێک کاغەز سەبارەت بە کارێ یان کەسێک.

دوش[1] / dûš/: *اسم.* ۱. کوڵ؛ شان؛ دۆش؛ ناوشان؛ قەلاندۆش؛ ناو ملان؛ نافقوڵنج؛ ئەو

بەشە لە لەش کە کەوتۆتە نێوان دەس و مل و سنگ و پشتەوە ٢. /ـها/ [فرانسوی] دووش؛ چەشنێ شێر، کە ئاو لە سەرەوە بۆ خوارێ دەپژێنێ و لە ژێریدا خۆ دەشۆن ٣. *[ادبی]* دوێشەو؛ دوێنێ‌شەو؛ هێزی‌شەوێ؛ ئیزشەو؛ دوەشەو.

▣ **دوش به دوش** ☜ **دوشادوش**

▣ **دوش گرفتن:** دووش‌گرتن؛ ئاوکردنە خۆدا؛ ئاو ئاسەی وێرە؛ لە ژێر دووشەوە خۆ شۆردن ‹برو دوش بگیر خستگی‌ات در برود: برۆ دووش بگرە با ماندوویەتیت دەرچێ›.

به دوش کشیدن: بە کۆڵ کێشان: ١. بە شان کێشان؛ لە سەر شانی خۆ بار بردن ٢. *[کنایی]* دژواری و سەختی کێشان.

روی دوش کسی سوار شدن: *[کنایی]* هەوساری کەسێک گرتنە دەستەوە؛ سوار ملی کەسێ بوون؛ کەسێک فەرمانبەری خۆکردن.

ـــ دوش[٢]: *پیواژه.* ـــ دۆش؛ دۆشەر ‹شیردوش: شیردۆش›.

دوشا / dûšā/: *صفت.* دۆشەنی؛ دۆشانی؛ دۆشەدەنی؛ دووشا؛ تایبەتمەندی ئاژەڵێ کە شیر بدا ‹گاو دوشا: مانگای دۆشەنی›.

دوشاب / dûšāb/: *اسم.* دۆشاب؛ دۆشاو؛ دۆشاڤ؛ دیشاڤ؛ شیلە؛ شۆک؛ ئاوی ترێ یان تووی کوڵاوی هێندێک خەست.

دوشاخه[١] / došāxe ، ـها/: *اسم.* دووشاخە؛ دوولک؛ دوولەق؛ دپەل؛ ئامێرێک لە ماکێکی نارەسانا (پلاستیکی یان کائووچۆ) بۆ گەیاندنی هێزی کارەبا لە پریزەوە بە ئامێرێکی کارەبایی ‹دوشاخەی اُتو را در بیاور: دووشاخەی ئوتووەکە دەربێنە›.

دوشاخه[٢]: *صفت.* دووشاخە؛ دووپەلان؛ دوولەپان؛ دووفلیقانە؛ دووحاچە؛ دوولق؛ دوولەق؛ دووفاقە؛ دووفاق؛ دووپەل؛ دوویەل؛ دوولک؛ دوولکە ‹یک چوب دوشاخه پیدا کن: چێوێکی دووشاخە بدۆزەوە›.

دوشادوش / dûšādûš/: *حرف.* شان‌بەشان؛ گوێ‌بەگوێ: ١. پێکەوە جووت؛ لە لای یەکترەوە ‹دوشادوش یکدیگر راه می‌رفتند: شان‌بەشانی یەکتر دەڕۆیشتن› ٢. بە هاوکاری یان هاوڕێیی یەکتر ‹دوشادوش شوهرش کار می‌کرد: شان‌بەشانی شووەکەی کاری دەکرد› ٭ **دوش به دوش**

دوشس / dušes ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* دووشیس؛ سەرناوی ماقووڵانەی؛ هاوسەری دووک لە ئورووپادا.

دوش‌فنگ / dûšfang/: *اسم. [نظامی]* دووش‌فەنگ؛ دوخێ لە فێرکاری چەکداریدا کە قۆناخی چەک لە سەر لەپی دەست و لوولەکەی لە سەر شانە.

دوشک / došak/: [ترکی] ☜ **تُشَک**

دوشکلی / došeklî/: [فارسی/ عربی] ☜ **دوریختی**

دوشنبه / došambe, došanbe ، ـها/: [فارسی/ آرامی] *اسم.* دووشەمە؛ دووشەممە؛ دووشەمێ؛ دووشەمب؛ دووشەمبێ؛ ناوی ڕۆژی سێهەمی حەوتە.

دوشنبه‌شب / došambešab, došanbe ، ـها/: [فارسی/ آرامی/ فارسی] *اسم.* شەوی سێ‌شەممە؛ دووشەممەشەو؛ شەوی دووشەممە لە سەر سێ‌شەممە؛ شەوی دوای ڕۆژی دووشەممە.

دوشیدن / dûšîdan/: *مصدر. متعدی.* // **دوشیدن:** دۆشیت؛ **می دوشی:** دەدۆشی؛ **بِدوش:** بدۆشە// دۆشین؛ دۆشان؛ دوشانن؛ دووشین؛ دۆشتەی؛ دۆشەی؛ دۆشای؛ دۆتن: ١. شیر لە گوان دەرهێنان ‹گاو دوشیدن: مانگا دۆشین› ٢. *[مجازی]* دادۆشین؛ لە کەسێک بە فێڵ و فەرەج و زۆر، پارە وەرگرتن ‹هر بار به بهانه‌ای پدرش را می‌دوشید: هەموو جارێک بە بیانوویێکەوە بابی دەدۆشی›. هەروەها: **دوشیدنی**

■ صفت فاعلی: **دوشنده** (دۆشەر)/ صفت مفعولی:

دوشــیده (دۆشــراو)/ مـصدر منفـی: **نَدوشـــیدن** (نەدۆشین)

دوشیز گی / dûšîzegî/: *اسم.* کچێنی: ۱. کچی؛ کەنیشکی؛ کناچەیی؛ دۆتی؛ دۆخ یان چۆنیـەتی کچ بوون ۲. *[مجازی]* بـن؛ تۆژاڵـێکی ناسـک لـە شەرمی کچدا.

دوشیزە[1] / dûšîze ، ـها؛ ـگان/: *اسم.* ۱. یایـە؛ سەرناوێک بۆ ڕێزنـان لـە کچـان ۲. کچـێ کـە شووی نەکردووە.

دوشــیزە[2]: *صـفت.* کـچ؛ کەنـشک؛ کەنیـشک؛ کەنیک؛ کنا؛ کناچێ؛ کچکا؛ دۆت؛ تایبەتمەندی کچێ کە شووی نـەکردووە ‹هنـوز دوشـیزه اسـت: هێشتا کچە›. هەروەها: **دوشیزه بودن**

دوغ / dûq/: *اسم.* دۆ؛ دوو؛ دەو؛ دەویک؛ هالیر؛ ماستاوی لە مەشکەدا ژەنراوی کەرە لێ‌گیراو.

◘ **دوغ بنـگ:** خواردنەوەیـەکی سـرکەرە لـە کولاندنی شادانە دە شیردا ساز دەبێ: **بَنگاب**

◘ **دوغ زدن:** ماسـت ژەنـدن؛ تێکـەڵ کـردنی ماست لەگەڵ ئاودا بۆ دروست کردنی دۆ.

دوغ و دوشاب برای کسی فرق نداشتن/ یکی بودن: *[مجازی]* کەر و گا لێک جیا نەکردنـەوە؛ هەرە لە بڕە جیا نەکردنـەوە؛ چـاک و خـراپ لێک نەکردنەوە ‹برایش دوغ و دوشاب فرقی ندارد: کەر و گا لێک جیا ناکاتەوە›.

دوغــاب / dûqāb/: *اسـم.* دۆغـاو؛ شـوورواڕێژ؛ دووغاو؛ دۆغاوە؛ تێکەلاوێکی تراوی ئاهەک، گەچ یان سیمان لەگەڵ ئاو کـە لـە بەناییـدا بـە کـار دەبرێ.

دوغبا / dûqbā/: *اسم.* دۆکلیو؛ دۆخـەوا؛ دۆخـوا؛ دۆخاوە؛ دانەدوو؛ دەوین؛ مـەهیر؛ مـەیر؛ مـەهر؛ چێشتی دۆ، گیا و دانەوێڵە.

دوغی[1] / dûqî/: *اسم.* ۱. ـ/ـ ها/ دۆ فـرۆش؛ دۆ ورەش ۲. کەوە؛ ڕەنگی سپی بە بنـە ڕەنگێکـی شینەوە.

دوغی[2]: *صفت.* کـەوە؛ بـە ڕەنگـی سـپی و بنـە ڕەنگێکی شینەوە.

دوقلـو / doqolû ، ـها/: [ترکـی] *صفت.* هـاولف: ۱. دوانە؛ دوانـێ؛ لفەدوانـە؛ لفەودوانـە؛ جووتـە؛ هەواڵ‌دوانە؛ ئاواڵ‌دوانە؛ جێوک؛ جەک؛ جێمک؛ جێڤی؛ جویک؛ جڤی؛ جووی؛ چێمـک؛ جـڤک؛ لڤانە؛ لفـە؛ هەڤـاڵ جـەو؛ هەڤـاڵ جێـو؛ هەڤـالزا؛ هەڤزک؛ هەمبیزە؛ جومڕانە؛ زگەدوانە؛ جوملانـە؛ بەدیهاتوو بە شێوەی جووت لە سـک و زایەکـدا ‹فرزنـد دوقلـو: مندالـی لفەدوانـە› ۲. دوولـەقان؛ دوەلەقان؛ بە جووتی هاوتاوە ‹آبشار دوقلو: تـافی هاولف› ۳. دووانـە؛ بـەدیهاتوو بـە شـێوەی دوو لەتی هاوتا یان لکـاو بـە یەکـەوە ‹بستنی دوقلـو: چسب دوقلو: بەستەنی دوانە؛ چەسپی لفەدوانە›.

◘ **دوقلوهای سیامی:** شملی بەرەکـەت؛ شمـلی براکە؛ لفەدوانەی پێکەوە لکاو.

◘ **دوقلو زاییدن:** لفەودوانە هێنان؛ دوانێ بیەی؛ هێنانی دوو زارۆ لە زایینێکدا.

دوقندی / doqandî ، ـها/: [فارسـی/ معـرب] *اسم.* *[شیمی]* دووقەندی؛ تێکەلاوێ کە لە دوو قەنـدی سادەوە پێکهاتووە (وەک ساکاروز و مالتوز).

دوک / dûk/: *اسم.* ۱. تەشـی؛ تـەش؛ لەتـەرە؛ نەتەرە؛ لەتەرێ؛ لۆتـەر؛ دووک؛ دیـک؛ دویـک؛ دووکـەک؛ دووخ؛ خـەڕەک؛ جیکنـە؛ چـیکن؛ کلافە؛ ئامرازی ساکاری خرتۆڵە کە بە خولانەوە، خوری یان پەمۆ دەکاتە بەن ۲. ـ/ـها/ [فرانسوی] دووک؛ ڕێزناوی پیاوانـە لـە ئورووپـادا بـانتر لـە کینت.

◘ **دوک ریــسیدن:** تەشــی ڕێــسین؛ لەتــەرە ڕیسەی؛ بە تەشی بەن بادان.

دوکاو / dokāv/: *صفت.* دوولاکووڕ؛ بە هـەر دوو ڕووپەڕی کووڕەوە: **مقعّرالطرفین**

دوک‌ریــس / dûkrîs/: *اســم.* تەشـیڕێـس؛ لەتەرەڕیسە؛ کەسێ کە بە تەشی، خوری بادەدا.

دوک‌ریسی / dûkrîsî/: *اسم.* تەشیڕێسی؛ کـار یان ڕەوتی خەڕەک ڕەستن؛ نەتەرە ڕەستن؛ بـە

تەشی بادانی کولکە.

دوکفەای / dokafe'î ، ـها/: [فارسی/ عربی]/*اسم.* گیانـدار، بەتایبـەت گیانـداری نەرمۆکـە، کـە لیکەیەکی دوو لەتی هەیە.

دوکوژ / dokûj/: *صفت.* دوو لاکۆم؛ بە هـەر دوو رووپەڕی کۆمەوە: **محدّب‌الطرفین**

دوکـــی / dûkî/: *صـفت.* ١. خـەڕەکی؛ وەکـوو تەشـی ٢. *[مجـازی]* مەڕەمووکـە؛ مـەڕەمردوو؛ هـــەلووک؛ دارکـــەپێچان؛ لەجـــەر؛ قاریـــت؛ قـاپچووک؛ بزمـۆک؛ لەخـەر؛ لەغـەر؛ چـەگاڵ؛ دالگۆشت؛ زۆر لەڕ و لاواز.

دوگـــانگی / doganegî ، ـهـا/: *اسـم.* دووبـاری؛ دوانەیی؛ دۆخ یان چۆنیـەتی دوانـە بـوون ‹این دوگانگی توجیه ندارد: ئەم دووباریە قووت ناچێ›.

دوگانه / dogāne/: *صفت.* ١. دوانە؛ خـاوەن دوو ئەنـدام یـان دوو هێمـان ‹در مـسابقەهـای دوگانـە شرکت کرد: لە کێبەرکێ دوانەکاندا بەشـداری کـرد› ٢. *[مجازی]* دوو پاڵوو؛ دوولا ‹جواب دوگانە: وەرامی دووپاڵوو›.

دوگوشـــی / dogûšî ، ـهـا/: *اسـم.* هێـدفون؛ ئامێرێک بۆ وەرگرتنی ڕاسـتەوخۆی دەنـگ لـە گوێدا بەبێ بلاو بوونەوە لە جێگایەکی‌تردا.

دول / doval/: [عربی] جمعِ ☜ **دولت**

دول / dûl ، ـهـا/: *اسـم. [گفتـاری]* ١. [سـریانی] سەتڵ؛ دۆڵ؛ دوڵـچە ٢. چـووک؛ چـوو؛ چـوچ؛ کوڕ؛ بلێ؛ ددوولە؛ گونی کوڕی چکۆلە.

دولا / dol(l)ā/: *صفت.* دوولا: ١. دووقەد؛ دوولۆ؛ بە دوو ڕووپەڕ یان لۆی پێکەوەلکاو ‹پارچەی دولا: پارچەی دوولا› ٢. *[گفتاری]* کۆم؛ چەماو؛ چـەمیو؛ دووقـــەد؛ دانووشـــتاو؛ داچـــەمیو؛ ئـــەرەکۆمیا؛ چەمتاو؛ جڤی؛ داهـاتوو؛ خوارەوەبـوو؛ نوشـتاوە؛ شەوین.

◘ دولا پهنا: دوولا بەر؛ دوو قەو؛ قوماشێ کە لـە کارخانەدا بە بۆنەی پان بـوونی لـە درێژیـەوە دەقی دەکەن.

◘ دولا پهنا حساب کـردن: *[مجـازی]* بـێ‌حەسـاو دانـە بـەر؛ کـێچ بـە گـا کـردن؛ زۆر گـران حەسێب‌کردن ‹پول غذا را دولا پهنا حساب کرد: پارەی چێشتەکە بی‌حەساو دایە بەری›.

دولا ـ دولا راه رفتن: کۆمـەـکـۆم ڕۆیـشتن؛ کۆمە‌ـکۆمە ڕێگە چوون؛ کووڕەـکووڕە ڕۆیین؛ بە نووشتاوی چوونە ڕێ؛ ڕێ چوون بە پـشتی چەماو.

دولا شـــدن: دانەوینـــەوە؛ دانـــەوین؛ نـــەوین؛ نەمیانـــەوە؛ نـــەوان؛ کۆمیانـــەوە؛ کۆمانـــەوە؛ چەمانـەوە؛ چەوتانـەوە؛ چەمینـەوە؛ چـەمان؛ داهاتنەوە؛ داهاتن؛ لار بوونەوە؛ خوار بوونـەوە؛ تا بوون؛ مووچیانەوە؛ ئەرەکۆمیەی؛ کۆمیـایرە؛ ئەرەنامیەی؛ نامیایرە؛ بەرەو خوار لار بوونـەوە؛ نووشتانەوە؛ شکانەوە ‹دولا شد، کیف را برداشت: دانەویەوە، کیفەکەی هەڵگرت›.

دولا کـردن: نووشـتاندنەوە: ١. چەماندنـەوە؛ خوارکردنـەوە؛ دانەوانـدن؛ دانـەوانن؛ کۆمـەو کردن؛ ئەرەکۆمنەی؛ ئەرەنامنـەی؛ کۆمنـایرە؛ نامنایرە؛ لارکردنەوە ‹کمرت را دولا کن: ناوقەدت بچەمێنـــەوە› ٢. قـــەدکردن؛ دوولا کـــردن؛ مووچاندنـــەوە؛ داموچانـــدن؛ تەوانـــدن؛ ئەوەنوێرنەی؛ شـکاندنەوە؛ تـاکردن ‹دولا کن بگذار توی جیبت: قەدی کە بیخە گیرفانت›.

دولاب / dûlāb ، ـهـا/: [سـریانی/ فارسـی]/*اسم.* دۆلاو؛ دۆلاب؛ دۆلاب: ١. جەرجـەر؛ جەرجـەرە؛ دول؛ دولک؛ چەرخاو؛ چەرخی ئاو هەڵکێشان لە بیر ٢. ناودیواری؛ کەنتۆر؛ کومود؛ کومیدی نێـو دیوار.

دولابچه / dûlābče ، ـها/: [سریانی/ فارسـی]/*اسم.* دۆلاوچە؛ کومیدێکی چکۆلە کە لە نێو دیـوارەوە دروست‌کراوە.

دولاچنـــگ / dolāčang/: *اســم. [موســیقی]* دوولاچەنگ؛ یەکەی کات لە نـۆت‌نووسـیدا کـە درێژاییەکەی بەرانبەر بە نیو چەنگە.

دولبه / dolabe/: *صفت.* دوودەمە؛ دوودەم؛ دووتیغە؛ بە دوو کەنارەی تیژەوە ‹تیغ دولبە: تیغی دوودەمە›.

دولبی / dolabî/: *صفت. [زبان‌شناسی]* دوولێوی؛ لێوی؛ تایبەتمەندی دەنگێ کە بە لێکتەقیانی دوولێوەوە دەگوترێ، وەک /ب/، /پ/.

دولپه / dolappe، ـها/: *صفت. [گیاه‌شناسی]* دوولەپەیی؛ جووت لەتکەیی؛ گیای خاوەن تۆمی لفەدوانە (وەک نۆک و بادام).

دولپه‌ای / dolappe'î/ ☜ **دولپه**

دولت / dowlat, do:lat، ـها/: *اسم.* دەولەت: ۱. /دوڵ/ کۆمەڵەی دامەزراوە و ڕێکخراوەگەلێ کە بەرنامەڕێژی، سیاسەت دانان و بەڕێوە بردنی کار و باری ولاتێکیان بە دەستەوەیە ‹دولت ماد: دەولەتی ماد› ۲. تاقمێ چووکە لە کەسانی ولاتێ کە لە سەردەمێکدا پلە و پایەگی گرینگی بەڕێوەبەرایەتیان بە دەستە و بەرپرسی گێڕان و چاوەدێری کار و باری گشتین ‹دیشب دولت جلسه داشت: دوێشەو دەولەت دانیشتنیان بوو› ۳. کۆمەڵەی ڕێبەرایەتی سیاسی ولاتێک ‹دولت حزبی؛ دولت نظامی: دەولەتی حیزبی؛ دەولەتی چەکداری› ٤. سامان؛ دارایی؛ پووڵ و پارە ‹مال و دولت: ماڵ و دەولەت›.

▣ **دولت ائتلافی**: دەولەتی هاوپەیمان؛ دەولەتێک کە ئەندامانی، نوێنەرانی دوو یان چەند حیزب یان گرۆی هاوپەیمانن.

دولت اقلیّت: دەولەتی کەمایەتی؛ دەولەتێک کە بە دەستی حیزبی کەمینەی سیاسی و پتریش بە هاوپەیمان بوون لەگەڵ حیزبگەلیتردا دروست بووە.

دولت تک حزبی: دەولەتی تاقە حیزبی؛ دەولەتی یەکپارتی؛ دەولەتێک کە ئەندامەکانی تەنیا سەر بە حیزبێکن. هەروەها: **دولت چندحزبی**

دولت در تبعید: دەولەتی لە تاراوگە؛ دەولەتێک کە لە دەرەوەی ولات بە دەستی تارێنراوان یان پەنابەران دامەزراوە.

دولت مُستعجِل: *[ادبی]* دەولەتی ناپایار؛ دەولەتی گرۆپیف؛ دەولەتی تەمەن کورت؛ دەولەتێ کە خێرا وەلا نرێ.

دولت موقت: دەولەتی کاتی؛ دەولەتێک کە بە بۆنەی گۆڕانی بار و دۆخی سیاسی، پێش لە هەڵبژاردن و دەنگدان دادەنرێ.

دولت نظامی: دەولەتی چەکداری؛ دەولەتێ کە لە لایەن سەرپەلانی ئەرتەشەوە دادەمەزرێ.

از دولت سر کسی: *[مجازی]* لە سایەی سەر کەسێکەوە؛ بە بۆنەی کەسێکەوە ‹از دولت سر بابابزرگ بچه‌های ده صاحب مدرسه شدند: لە سایەی سەر باوەگەورەوە مندالانی دێ بوونە خاوەن قوتابخانە›.

دولتخواهی / -dowlatxāhî, do:lat، ـها/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* دەولەتخوازی؛ دەولەتوازی؛ لایەنگری لە دەولەت. هەروەها: **دولتخواه**

دولتسرا / -dowlatsarā, do:lat، ـها/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* دیواخان؛ تەلار؛ سەرناوێک بۆ خانووی بیسەر یان کەسێکی بەڕێز ‹آمدم دولتسرا تشریف نداشتید: هاتم بۆ دیواخان لەوێ نەبوون›: **دولتمنزل**

دولتمرد / -dowlatmard, do:lat، ـان/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* پلەداری دەولەتی؛ لێپرسراو؛ کەسێک کە لە دەولەتێکدا پایەی گرنگ و سەرەکی هەیە.

دولتمند / -dowlatmand, do:lat، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* دەولەمەند؛ دەولەمەن؛ دەولەتمەن؛ ساماندار؛ مایەوەر؛ دارا؛ دەسمایەدار.

دولتمنزل / -dowlatmanzel, do:lat/: [عربی] ☜ **دولتسرا**

دولتی / dowlatî, do:latî، ـها/: [عربی] *صفت.*

دەوڵەتی؛ میری؛ سەر بە دەوڵەت ‹کار دولتی: کاری دەوڵەتی›.

دولتین / dowlateyn, do:lateyn، ـها/: [عربی] /اسم. دوو دەوڵەت؛ دەوڵەتان ‹روابط دولتین ایران و عراق: پێوەندی دوو دەوڵەتـی ئێران و عیراق›.

دولچه / dûlče، ـهـا/: [سریانی/ فارسی]/اسم. دۆڵچە؛ سەتڵی چکۆلە.

دولک / dolak، ـها/: /اسم. هەلووک؛ هەلویک؛ پەلیک؛ پلیک؛ چێوێکی چکۆلە کە لە کایەی هەلووکاندا بە دار هەلووک دەیهاوێن.

دوم / dovvom/: صفت. دووهەم؛ دووەم؛ بە پلە، ڕیز یان جێگای دووەوە.

دوماً / dovvoman/: (!) [فارسی/ عربی] قید. [گفتاری] لە دووهەمدا؛ دووهەم؛ دووەم؛ لە قۆناغی دووهەمدا.

دوما / dûmā/: [روسی]/اسم. دووما؛ کۆڕی قانوون دانانی ڕووسیە.

دومشخص / dovvomšaxs/: [فارسی/ عربی]/اسم. [دستور] دووهەم کەس؛ ئەوی کە بیسەرە ‹«تو» ضمیر دوم شخص مفرد است: «تۆ» جێناوی دووهەم کەسی تاکە›.

دومی / dovvomî، ـها/: ضمیر. دووهەمی؛ دوویەمی؛ ئەوەی کە لە ڕیز، پلە یان جێگەی دووهەمدایە ‹دومی گفت: من نمی‌آیم: دووهەمی گوتی: من نایەم›.

◘ **دومی نداشتن**: بێ هاوتا بوون؛ بێ وێنە بوون ‹هنرمندی است کە دومی ندارد: هونەرمەندێکە هاوتای نیە›.

دومین / dovvomîn/: صفت. دووهەمین؛ دووهەم؛ بە پلە و پایە، ڕیز یان جێگای دووهەمەوە ‹دومین نفر از سمت راست: دووهەمین کەس لە لای ڕاستەوە›.

دومینو / domîno/: [فرانسوی]/اسم. دۆمینە؛ دۆمنە: ١. چەشنێ کایەی سەر مێز کە بە مۆرە دەکرێ ٢. /ـها/ هەر کام لە ٢٨ مۆرەی کایەی دۆمینە کە لە جنسی بەرد، ئێسک یان پلاستیکن و ڕوویەکی کراوە بە دوو بەشەوە و لە هەر بەشدا چەند خاڵی لێ نەخش کراوە.

دومینیکن / domînîkan/: [فرانسوی] ☜ **دومینیکی**

دومینیکی[1] / domînîkî، ـان/: [فرانسوی]/اسم. دومینیکی: ١. ڕێبازی ڕەبەنانی خاچپەرستی کاتولیک کە لە سەدەی ١٢ی زایینی لە لایەن قدیس سن دومینیکی سپانیاییەوە دامەزرا ٢. هەر کام لە ڕێڕەوانی ئەو ڕێبازە ✽ **دومینیکَن**

دومینیکی[2]: صفت. دومینیکی؛ پێوەندیدار یان سەر بە دومینیکیەوە: **دومینیکَن**

دون / dûn، ـان/: [عربی] صفت. [ادبی] زەبوون؛ خوار؛ ژێر؛ نزم؛ پەست؛ پەس؛ نەوی؛ پیسکە.

دون‌اشل / dûn'ešel/: [عربی/ فرانسوی] صفت. پلەخوار؛ پایەنزم؛ ژێردەست؛ چێردەس.

دونبش / donabš/: صفت. [ساختمان] دووبەر؛ دوەوەر؛ دوونەبش ‹سر کوچەی ما یک بقالی دونبش هست: لە سەر کۆڵانی ئێمە بەقالیەکی دووبەر هەیە›.

دونپایه / dûnpāye/: [عربی/ فارسی] صفت. پلەخوار؛ پایەنزم؛ ژێردەست؛ بە پلە و پایەی کەم و گمەوە ‹کارمند دونپایە: کارگێری پلەخوار›.

دونپرور / dûnparvar/: [عربی/ فارسی] صفت. [ادبی] سپلەپەروەر.

دوندگی / davandegî، ـها/: /اسم. هاتوچوو؛ هاتوچۆ؛ ڕەمەڕەماڵێ؛ ڕاوڕاوان؛ ئامشۆ و تێکۆشانی زۆر بۆ ئەملا و لا بۆ ئەنجامدانی کارێک یا گەیشتن بە مەبەستێک ‹کارش شده بود دوندگی توی ادارات: کاری ببووە هاتوچوو لە مەزرینگەکاندا›.

◘ دوندگی کردن: هات و چوو کردن؛ کرد و کۆشی هاوڕێ لەگەڵ هاتوچۆی زۆرکردندا.

دونده / davande، ـها؛ ـگان/: /اسم. ڕاکەر؛ کەسێ کە خێرا ڕادەکا ‹دوندەی ماراتن: ڕاکەری

ماراتون›.

دون‌صفت / dûnsefat ، ـان/: [عربی] *صفت.* زەبوون؛ پەست؛ خوار؛ نەوی؛ خاوەن خۆ و خدەی ناحەز و دوور لە ڕاستی و دروستی.

دونفره[1] / donafare ، ـها/: [فارسی/ عربی] *صفت.* دووکەسی؛ دووکەسە؛ تایبەت یان شیاو بۆ دوو کەس.

دونفره[2]: *قید.* دووکەسی؛ دووکەسە؛ هەر دوو کەس پێکەوە ‹دونفره در آن اتاق زندگی می‌کردند: دووکەسی لەو ژوورە دەژیان›: **دونفری**

دونفری / donafarî/: [فارسی/ عربی] ☜ **دونفره**

دونقطه / donoqte ، ـها/: [فارسی/ عربی]/*اسم.* دووخاڵ؛ جووت‌خاڵ؛ نیشانەیەک بەم شێوەیە «:» کە پێش لە ڕاڤەی بابەتێک یان گوتنەوەی قسەیەک دادەنرێ.

دونگی / dongî/ ☜ **دانگی**

دونم / donam/: *اسم. [گفتاری]* تەڕ؛ بە شۆی زۆرتر لە نم و کەمتر لە خووساو. هەروەها: **دونم کردن**

دون‌همت / dûnhemmat ، ـان/: [عربی] *صفت.* خوێڕی؛ بێبەهرە لە هەڵگ و شەوقی پێویست بۆ کاری گەورە.

دونین / devoniyan/: [فرانسوی]/*اسم.* دیڤۆنیەن؛ چوارەمین دەورە لە خولی هەوەڵی زەوین‌ناسی.

دووقته / dovaqte ، ـها/: [فارسی/ عربی] *صفت.* دووکاتە؛ دووساتە؛ دوونۆرە: ۱. بە دوو نۆرەکاتی کار لە هەر ڕۆژدا (زۆرتر بەر لە نیوەڕۆ و دوای نیوەڕۆ) ‹مدرسەی ما دووقته است: قوتابخانەی ئێمە دووکاتەیە› ۲. بە نۆرەی کاری جیاوازەوە (بە شێوەی بەیانی و دوای نیوەڕۆ یان ڕۆژ و شەو).

دوومیدانی / -dov-o-meydānî,dov-va-mey/: [فارسی/ عربی]/*اسم.* ۱. کێبەرکێی وەرزشی بریتی لە چەن ڕشتە (وەکوو ڕاکردن و بازدان و هاویشتن و...) ۲. هەر کام لەو ڕشتە وەرزشیانە.

دوهزاری / dohezārî ، ـها/: *اسم.* دووقەرانی؛ دووقرانی: **دوزاری** *[گفتاری]*

▣ **دوهزاری کسی کج بودن** ☜ **دوهزاری کسی نیفتادن**

دوهزاری کسی نیفتادن: *[مجازی]* کەسێک تێنەگەیشتن؛ لە قسەی بێژەر حاڵی نەبوون ‹هنوز دوهزاری من نیفتاده بود که مقصودش چیست: هێشتا تێنەگەیشتبووم کە مەبەستی چیە›: **دوهزاری کسی کج بودن.** هەروەها: **دوهزاری کسی دیر افتادن**

دویدن / davîdan/: *مصدر. لازم.* // **دویدی:** ڕات‌کرد؛ **می‌دوی:** ڕادەکەی؛ **بدَو:** ڕاکە// ڕاکردن؛ هەڕاکردن؛ ڕەمەی؛ ڕەمای: ۱. هەڵاتن؛ غاردان؛ خاردان؛ بەزین؛ بەزان؛ وەزین؛ دوڤین؛ لنگ دان؛ هەلین گدان؛ قاچان ‹تا سر کوچه دویدم: تا سەر کۆڵان ڕام‌کرد› ۲. *[مجازی]* دەرچوون؛ فڕین؛ هەڵاتن؛ بەرشیەی؛ هەشتاوکردن ‹بدو دو تا نان بخر: دەرچۆ دوو نان بکڕە› ۳. هات‌وچووکردن ‹از صبح تا حالا برای پیدا کردنش دویده‌ام: لە بەیانیەوە تا ئێستا بۆ دۆزینەوەی ڕام‌کردووە›. هەروەها: **دویدنی**

■ صفت فاعلی: **دونده:** (ڕاکەر)/ صفت مفعولی: **دویده** (ڕاکردوو)/ مصدر منفی: **ندویدن** (ڕا نەکردن)

دویست[1] / divîst, devîst/: *اسم.* دووسەد؛ دوەسەد؛ دویست؛ ژمارەی سەرەکی دووبەرامبەری سەد، لە نێوان سەد و نەوەد و نۆ و دووسەد و یەکدا.

دویست[2]: *صفت.* دووسەد؛ دویست؛ دوەسەد: ۱. یەکێ زۆرتر لە سەد و نەوەد و نۆ دانە ۲. دووسەدەم.

دویستم / divîstom, devîstom/: *صفت.* دووسەدەم؛ دویستەم؛ بە پلە و پایە، ڕیز یان جێگای دووسەدەمەوە.

دویستمی / divîstomî, devîstomî/: *ضمیر.* دووسەدەمی؛ دویستەمی؛ ئەوەی کە لە پلە، ڕیز یان جێگای دووسەدەمدایە.

دویستمین / divîstomîn, devîstomîn/: *صفت.* دووسەدەمین؛ دویستەمین؛ دوەسەدمین؛ بە پلە، ڕیز یان جێگای دووسەدەمەوە.

دویستی / divîstî, devîstî ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* دووسەدی؛ دویستی؛ دوەسەدی؛ ئەسکەناسی ۲۰۰ تمەنی (۲۰۰۰ ڕیالی) ‹یک دویستی گذاشت کف دستم و رفت: دووسەدیەکی نایە لەپی دەستم و ڕۆیشت›.

ده[1] / dah/: *اسم.* دە؛ ژمارەی سەرەکی دوای نۆ و پێش لە یازدە.

ده[2]: *صفت.* دە: ۱. یەکێ زۆرتر لە نۆ دانە ‹ده کتاب؛ ده مرد: دە کتێب؛ دە پیاو› ۲. دەیەم؛ دەهەم ‹ردیف ده: ڕزنی دە›.

ده ـ[3]: *پیشوازه.* دەـ؛ بە دە دانە ئەندام یان بەشەوە ‹ده طبقه؛ ده نفره: دە نهۆم؛ دەکەسی›.

ده[1] / deh ، ـها؛ ـات/: *اسم.* دێ؛ لادێ؛ گوند؛ گون؛ ئاوایی؛ لاگە؛ دەگا؛ لادەگا؛ کەند؛ کۆمەڵێک لە چەند ماڵ و مەزرا لە لای یەکەوە کە لە ۵ تا ۵۰۰ بنەماڵەی تێدا بژین.

▣ **ده اربابی:** دێبەگی؛ دێی ماڵکی؛ گوندی ئاغەواتی؛ دێیەک بە یەک یان چەند خانەوە.

ده خرده مالکی: دێی وردەبەگی؛ گوندی وردەماڵکی؛ دێیەک کە هی چەند وردە ماڵکە.

ـــده[2]: *پیوازه.* ـــ دە؛ـــ دەر؛ دەهەندە ‹شیرده: شیردە›.

دها / dahā/: [عربی]*اسم. [ادبی]* ژیری؛ زیرەکی؛ زرنگی؛ بزێوی؛ وریایی؛ وشیاری؛ چاوماری.

دهات / dehāt, dāhāt/: [فارسی/ عربی] جمعِ ☜ **دِه**

دهات / dohāt/: [عربی] جمعِ ☜ **داهی**

دهاتی / dehātî ، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] *صفت.* دێهاتی؛ لاگەیی؛ لادێیی؛ دێکانی؛ گوندی؛ دیاتی: ۱. پێوەندیدار یان سەر بە دێ ‹لباس دهاتی: جلوبەرگی دێهاتی› ۲. لە دایک بوو یان گەورە بووی دێ ‹زن دهاتی: ژنی دێهاتی›.

دهاقین / dehāqîn/: [عربی]*[نامتداول]* جمعِ ☜ **دهقان**

دهـــان / dahān ، ـهـا/: *اسم.* دەم؛ دم؛ دەو؛ دەمگە؛ دەڤ: ۱. زار؛ زەهر؛ هوڵۆڵیەک لە جەستەی گیانداراندا کە لەوێوە خۆراک دەچێتە ناو لەشیان ۲. زار؛ زەهر؛ هلۆڵیەک لە جەستەی مۆرغەدارانداکە لە نێوان لێو و گەروودایە و زمان و هاروو و ددان دادەگرێتەوە ۳. زارک؛ دەرگا؛ درگا؛ دەر؛ ڕێگای چوونە ناوەوە لە هەر شتێکدا ٤. ئەندامی قسەکردن ‹یک دهان خواندن: دەمێک خوێندن› ❋ **دَهَن** *[گفتاری]*

▣ **دهان به دهان گذاشتن/ دادن:** *[مجازی]* دەم نانە دەم؛ دەمنەدەمانێ کردن ‹چرا دهان به دهانش می‌گذاری؟: بۆچە ددم نەنیتە دەمی؟›.

دهان به دهان گشتن: *[مجازی]* دەماودەم گەڕان؛ دەماودەم چوون؛ دەماودەم کەفتن؛ دەمەودەمگێلەی؛ بە شێوەی هەواڵ بڵاوەوە بوون.

دهان را آب کشیدن: *[کنایی]* دەم شۆردنەوە؛ دەم سڕین؛ لە قسەی پیس تۆبەکردن ‹این حرفها کفر است، برو دهانت را آب بکش: ئەم قسانە کفرن، بڕۆ دەمت بشورەوە›.

دهان را شیرین کردن: دەم شیرین کردن؛ شتێکی شیرن خواردن ‹این خرما خیلی خوشمزه است، دهانتان را شیرین کنید: ئەم خورمایە زۆر خۆشە، دەمتان شیرین کەن›.

دهان کسی آب افتادن: *[کنایی]* ئاو زانە دەمی کەسێک؛ زۆر کەوتنە سەر هەوا ‹پولها را که دید دهانش آب افتاد: پارەکانی کە بینی ئاو زایە دەمی›. هەروەها: **دهان کسی را آب انداختن**

دهان کسی آستر داشتن: *[مجازی]* دەمی کەسێک بەرگەی خواردنی شتی زۆر گەرم (داخ) گرتن.

دهان کسی بوی شیر دادن: *[کنایی]* دەمی

کەسێک بۆی شیر دان؛ بۆی شیر لە دەمی کەسێ هاتن؛ هێشتا لە هێلکە نەجووقان؛ هێشتا منداڵ یان کەم‌تەمەن بوون ‹زن بگیری؟ تو هنوز دهانت بوی شیر می‌دهد: ژن بێنی؟ تۆ هێشتا دەمت بوی شیر دەدا›.

دهان کسی چفت و بست نداشتن: *[مجازی]* دەمی کەسێک نەوێسان/ لەق/ شڕ بوون؛ زوانی کەسێک نەوەستان؛ دەمی کەسێک بەرەڵا بوون؛ ڕازدار نەبوون.

دهان کسی را باز کردن: *[کنایی]* سەری کەسێک داکێشان؛ کەسێک هێنانە قسەوە؛ قسە لە کەسێ کێشانەوە.

دهان کسی را بستن: *[کنایی]* دەمی کەسێک دادروون؛ دەمکوت کردنی کەسێک؛ بەردەمی کەسێ گرتن؛ دەمی کەسێک بەستن؛ لە قسە کردنی کەسێک بەرگری‌کردن.

دهان گرم داشتن: *[مجازی]* دەم‌پاراو بوون؛ دەم گەرم بوون؛ زار خۆش بوون؛ دەماوەر بیەی؛ قسە خۆش بوون ‹خیلی دهان گرمی داشت و آدم از صحبتهایش سیر نمی‌شد: زۆر دەم‌پاراو بوو، کەس لە قسەی ماندوو نەدەبوو›.

از دهان افتادن: *[مجازی]* ۱. لە باو کەوتن/ کەفتن؛ کوژانەوە؛ چیدی سەبارەت بە بابەتێک قسە نەکران ۲. بوونە دەمی مردگ؛ لەدەم/ خواردن کەوتن؛ سارد و بێ‌تام بوونەوەی چێشت.

از دهان کسی پریدن: *[مجازی]* لە دەمی کەسێ دەرپەڕین؛ لە دەم کەسێ باز بردن؛ لە دەم کەسێ داکەفتن؛ دەمەنە تڕەی؛ بێ‌ویست و لەپڕ قسەکردن ‹از دهانم پرید که دیروز آزاد را دیدم: لە دەمم دەرپەڕی دوێکە ئازادم دیوە›.

از دهان کسی قاپیدن: *[مجازی]* لە حەواوە گرتنەوە؛ قسەی کەسێک کردنە بەڵگە یان سەرنج پێدان.

به دهان کسی چشم دوختن: *[کنایی]* چاو لە دەمی کەسێ بوون؛ چاو برینە دەم کەسێ؛ قسەی کەسێک بە جێ‌هێنان: **به دهان کسی نگاه کردن**

به دهان کسی مزه کردن: *[کنایی]* کەسێک چەشتەخۆرە بوون؛ دڵخوازی کەسێک بوون ‹پیداست که پول مفت به دهان آرام مزه کرده است: دیارە ئارام چەشتەخۆرەی پارەی مفت بووە›.

به دهان کسی نگاه کردن ☜ **به دهان کسی چشم دوختن**

به دهانها افتادن: *[مجازی]* کەوتنە سەر زاران؛ بڵاوە بوون؛ بڵاو بوونەوە.

توی دهان کسی زدن ☜ **تو**[2]

یک دهان خواندن ☜ **یک**[2]

دهان‌بند / dahānband ، ـها/: *اسم.* ۱. دمامک؛ دەمهەڵپێچ؛ پارچەیەک کە بەر دەمی پێ دادەپۆشن ۲. دەمبێن؛ زاربێن؛ زیار؛ لەواشە؛ زاربەست؛ دەمبەست؛ دەمبەس؛ دەمبەند؛ دەمووەس؛ بزمەک؛ بزمۆک؛ دەڤبێنک؛ زاربێنک؛ ئامرازێک بۆ بەستنی دەمی چوارپێ.

دهان‌بین / dahānbîn ، ـها؛ ـان/: *صفت.* *[مجازی]* زووباوڕ؛ چاولەدەم؛ دەمبین؛ بە خۆ و خدە و هۆگرەتی بڕواکردن بە قسەی دیتران، بەبێ هەڵسەنگاندنیان ‹شوهرش خیلی دهان‌بین است: شووەکەی زۆر زووباوڕە›: **دهن‌بین**

دهان‌بینی / dahānbînî/: *اسم.* *[مجازی]* زووباوڕی؛ چاولەدەمی؛ دۆخ یان چۆنیەتی چاولەدەم بوون: **دهن‌بینی**

دهان پرکن / dahānporkon/: *صفت.* *[مجازی]* پڕتەمتەراق؛ بە ڕواڵەتێکی گرنگ، بەلام بێ‌ناوەرۆک ‹برای شرکت یک اسم دهان‌پرکن پیدا کن: بۆ بەشدارگە، ناوێکی پڕتەمتەراق پەیدا کە›: **دهن‌پرکن**

دهان‌دره / dahāndarre ، ـها/: *اسم.* باوێشک؛ باوشک؛ باوشکێن؛ بارێشک؛ وەلایش؛ دەبانک؛

دەبەنک؛ ئاژاژک؛ ئاژاگی؛ ئاژئاژە؛ ئاژاشکە؛ ویژە؛ گرکەش؛ قەدجەرە: **دهن‌درّه**

⊡ **دهان‌دره کردن**: باوێشک دان؛ بارێشک دان؛ وێژەرە ئاسەی.

دهان‌دریده / dahāndarîde/: *صفت. [مجازی]* دەمشڕ؛ دەمپیس؛ دەمچەپەڵ؛ دەمدڕیا؛ دەم بەڕەڵلا؛ جنێوفرۆش؛ جوێن‌فرۆش؛ دوژێن‌فرۆش؛ دژمێن‌دەر؛ دەڤپیس؛ زمان‌شڕ؛ دەڤچێر؛ دەڤگەنی؛ سخێف‌بێژ؛ زمان‌ڕەش؛ خۆگرتوو بە گوتنی قسەی ناشیرین و جنێودان: **دهن‌دریده**

دهان‌سوز / dahānsûz/: *صفت.* داخ؛ سوور؛ زۆر گەرم؛ دەمسووتێن: **دهن‌سوز**

دهان‌کجی / dahānkacî ، ـها/: *اسم.* ۱. لاسایی؛ دەمەلاسکێ؛ دەمەلاسکە؛ لاسایی؛ لاسای؛ زارزارک؛ کاری گاڵتە پێ‌کردن و لاسایی کردنەوەی قسەی کەسێ ۲. *[مجازی]* کار و ڕەوتی سووک و چرووک کردن؛ سووکایەتی کردن ✻ **دهن‌کجی**

دهان‌گشاد / dahāngošād ، ـها/: *صفت.* دەمتاک؛ دەمگوشاد؛ دەمهەراو؛ دەمزل؛ بە زاری گەورەوە ‹شیشەی دهان‌گشاد: شووشەی دەمتاک›: **دهن‌گشاد**

دهانه / dahāne/: *اسم.* دەم؛ زارک؛ دەرگا؛ درگا؛ دەر؛ دەرقەدامک؛ کونی سەرەوەی شتێکی هلۆل ‹دهانەی غار؛ دهانەی بطری: زارکی ئەشکەوت؛ دەمی بتری›.

⊡ **دهانەی آتشفشانی**: زارکی گڕکان؛ چاڵی سەر تروپکی کێوی گڕکان کە دووکەڵ و گازی لێوە دەردێ.

دهانەی رودخانە: ئاوڕێژ؛ کیە؛ شوێنی ڕژانە دەریای ڕووبار.

دهانی / dahānî/: *صفت.* دەمی؛ زاری؛ دەڤی؛ پێوەندیدار یان سەر بە دەمەوە.

دهدار / dehdār ، ـها؛ ـان/: *اسم.* کوێخا؛ کۆخا؛ کێخا؛ قێخا؛ قەیخا؛ دێدار؛ دێهدار؛ نوێنەری دەوڵەت لە میرەدێیەک کە لە ژێر چاوەدێری بەخشداردا کار دەکا.

دهدهی / dahdahî/ ☜ کسر اعشاری، **کسر**

دهر / dahr ، دُهور/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ۱. ڕۆژگار؛ ڕۆژگار ‹مرد باید که در کشاکش دهر/ سنگ زیرین آسیا باشد: لە بگرە و بەردەی ڕوژگارا پیاو دەبێ/ قورس و قایم هەر وەکوو بەردەئاش بێ› ۲. دنیا؛ دنێ ‹دهر بسیار چو من بی سر و سامان دیده‌ست/ چه تفاوت کند این بی سر و سامانی ما: دنیا وەک من بێ ئەنوای یەکجار دیوە/ فەرقی چیە ئەمن ڕووت یان پۆشتە بم›.

دهره / dahre ، ـها/: [سنسکریت] *اسم.* دارپاچ؛ تەرداس؛ تەورداس؛ چەشنێ داسی قورس و دەسک‌درێژ.

دهری / dahrî ، ـها؛ ـان؛ ـون/: [عربی] *اسم.* دەهری؛ لە دین دەرچوو؛ کەسێ کە جیهان بە هەربوو و هەرماو و بێ ئافرێنەر دەزانێ.

دهستان / dehestān ، ـها/: *اسم.* میرەدێ؛ گوندی قەوغا؛ کۆمەڵەی چەند دێی لێک نزیک کە ناوچەیەک بەدی دێنێ و بە دەستی کوێخایەک بەڕێوە دەچێ.

دهش / deheš, daheš/: *اسم. [ادبی]* دەهندەیی؛ کار یان ڕەوتی بەخشینی پارە و ماڵ بە دیتران ‹رسم دهش ز همت اهل جهان مجوی/ طفلند و دستشان بە دهان آشناتر است: دەهندەیی بۆ دنیادۆست دەس نادا/ وەک منداڵە و دەستی بە زاری فێرە›.

دهشاهی / dahšāhî ، ـها/: *اسم. [قدیمی]* دەشایی؛ سکەیەک لە ئێران بەرانبەر بە ۵۰ دینار (نیو قران) کە تا دەکانی ۱۳۴۰ برەوی هەبووە.

دهشت / dehšat/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ترس؛ تەرسی؛ بیم؛ سەهم؛ سامی؛ هەراس؛ خۆف.

دهقان / dehqān ، ـها؛ ـان؛ دهاقین/: [معرب از فارسی] *اسم.* وەرزێڕ؛ وەرزیەر؛ وەرزیار؛ کێڵگەر؛ دێهاتی؛ گوندنشین؛ دێ‌نشین؛ بەتایبەت پیاوێ

که له دێدا له سەر زەوی کار دەکا.

دهقانی / dehqānî/: [معرب] صفت. وەرزێری؛ گوندی؛ دێنشینی؛ پێوەندیدار یان سەر بە گوندنشینانەوە ‹خانەی دهقانی: مالی وەرزێری›.

دهکده / dehkade ، ـها/: اسم. گوند؛ دێ؛ لادێ؛ ئاوایی، بەتایبەت شوێن و ئاقاری دەور و بەری.

ده‌کوره / dehkûre ، ـها/: اسم. کوێرەدێ؛ کۆرەدێ؛ دێیەکی زۆر چکۆلە، وێرانە و کەمجەماوەر ‹معلوم نبود از کدام دەکوره آمده است: کەس نەیدەزانی لە کام کوێرەدێوە هاتووە›.

دهگان / dahgān/: اسم. ١. جمعِ ☜ **دهه** ٢. دەکان؛ پاش یەکان؛ دووهەم ریزی ژمارەگەلی سروشتی.

دهل / dohol ، ـها/: اسم. دەهۆڵ؛ دهۆڵ؛ دهۆل؛ دەهوول؛ دەول؛ دۆل؛ داوەل؛ دێول؛ نەقرا؛ تەپلی گەورەی بەزمگێران.

▣ **دهل زیر گلیم زدن:** [کنایی] خۆر بە تۆپەقور داپۆشان؛ دەول لە ژێر عاباوە لێدان؛ بۆ شاردنەوەی راستیەک بێهۆ تێکۆشان.

دهل کسی دریده شدن: [کنایی] تەشتی کەسێ لە سەر بان داکەفتن؛ ناوی کەسێک زڕان؛ قالی کەسیک دەرچوون؛ رازی کەسێک ئاشکرا بوون.

دهل کسی را زدن: [کنایی] ناوی کەسێ لە کەڕەناوە خوێندن؛ کێشانە خواری کەسێ؛ کەسێک لە پلەوپایەی لا بردن؛ دەر کردن.

دهل‌دریده / doholdarîde ، ـها/: صفت. [کنایی] ناوزڕاو؛ ناوزڕیاگ؛ بەدناو؛ ڕسوا.

دهل‌شکم / doholšekam ، ـان/: صفت. [کنایی] زکدڕاو؛ سکەڕۆ؛ زکەڕۆ؛ فرەخۆر؛ لەمدڕیا؛ نەوسن.

دهلوی / dehlavî ، ـها؛ ـان/: صفت. دیهلەوی؛ سەر بە شاری دیهلی لە هێند.

دهلیز / dehlîz ، ـها/: [معرب از فارسی] اسم. دالان؛ دالوو: ١. ڕاڕەو؛ ڕێگەی سەر داپۆشراوی ناو مالان ٢. بوارگەیەک لە ئەشکەوت بە شێوەی ڕاڕەوی پێچەڵپێچ ٣. [کالبدشناسی] پێکهاتەیەکی پێچاوپێچ لە ئەندامانی ناوەوەی جەستەدا، وەک هی گوێ و دڵ.

دهم / dahom/: صفت. دەهەم؛ دەهەمین؛ دەیەم؛ دەیەمین؛ بە پلە، ریز یان جێگای دەوە ‹نفر دهم: کەسی دەهەم›.

دهمی / dahomî ، ـها/: ضمیر. دەهەمی؛ دەیەمی؛ ئەوەی کە لە ریز یان جێگای دەهەمدایە.

دهمین / dahomîn/: صفت. دەهەمین؛ دەیەمین؛ دەهەم؛ دەیەم؛ بە ریز، پلە یان جێگای دەهەمەوە.

دهن / dahan/ ☜ **دهان**

دهن‌بین / dahanbîn/ ☜ **دهان‌بین**

دهن‌بینی / dahanbînî/ ☜ **دهان‌بینی**

دهن‌پرکن / dahanporkon/ ☜ **دهان‌پرکن**

دهن‌دریده / dahandarîde/ ☜ **دهان‌دریده**

دهن‌دره / dahandarre/ ☜ **دهان‌درّه**

دهنده / dahande ، ـها؛ ـگان/: اسم. دەهەندە: ١. بدە؛ ئەوەی کە شتێ دەدات ٢. [پزشکی] کەسێک کە لەوەوە خوێن بۆ نەخۆشێک یان ئەندامێ بۆ پەیوەندکردن بە کەسێکی تر دەگیرێت ✻ بەرانبەر: **گیرنده**

دهن‌سوز / dahansûz/ ☜ **دهان‌سوز**

دهن‌کجی / dahankacî/ ☜ **دهان‌کجی**

دهن‌گشاد / dahangošād/ ☜ **دهان‌گشاد**

دهن‌گنده / dahangonde ، ـها/: صفت. [نامتداول] دەمزل؛ خاوەن زاری زل و ناشیرین.

دهن‌گیره / dahangîre/: اسم. [مجازی، گفتاری] بەردل؛ خواردەمەنیەکی کەم کە لە نێوان فراوین تا شێو بۆ بەرگری لە برسیەتی دەخورێت.

دهن‌لق / dahanlaq/: صفت. [مجازی، گفتاری] زمان‌شڕ؛ زارشڕ؛ دەم نەوێستاو؛ دەم نەوێسیاگ؛

دەمدڕاو؛ دەمشڕ؛ دەمهەڵە؛ بەلۆک؛ زاردڕاو؛ قسەپەڕین؛ دەشۆ؛ دەڤشۆ؛ تێنەوەستاو ‹آدم دهن‌لق: مرۆی زمان‌شڕ›.

دهـن‌لقـی / dahanlaqî ، ـها/: اسم. [مجازی] زمـان‌شـڕی؛ زارشـڕی؛ دەم نەوەسـتاوی؛ دەم نەوێـسیاگی؛ دەمدڕاوی؛ دەمشـڕی؛ دەشـۆیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕازدار نەبوون ‹مبادا دهـن‌لقـی بکنـی و مـا را لـو بـدهی: نـەکا زمـان‌شـڕی بکـەی و بماندەیتە دەستەوە›.

دهنـه / dahane/: اسم. ١. دەم؛ زارک؛ دەرگـا؛ درگـا؛ دەر؛ دەرقـەدامک؛ هـەڵۆلی سـەرووی شـتێکی ناوخاڵـی ٢. دەزگـا؛ چـاوە؛ یەکـەی ژماردنی دووکان ‹چهار دهنه مغازه داشت: چـوار دەزگا دووکانی بوو› ٣. هەوسـار؛ لـەغاو؛ لـەخام؛ بلاوە؛ لەتە کانزایـەکی هەڵـەک کـە لـە سـەر و دەمی چوارپای سواری (بەتایبـەت ئەسـپ) قـایم دەکەن.

دهنـه / dahne/: اسم. [زمین‌شناسی] مالاکیـت؛ کانیەکی سەوزی بەدیهاتوو لە کـەربوناتی مـس، کـە لـە گەوهەرسـازی و ڕەنگـسازیدا بـە کـار دەبرێ.

دهنی[1] / dahanî/: اسم. ١. دەمـی؛ میکرۆفـونی تەلەفوون ٢. دەمنە؛ کونی سازگەلی بایی کە بۆ ژەندنیان دەبێ لێوی پێوە بچەسپێ.

دهنی[2]: صفت. [گفتاری] دەماوی؛ دەملێـدراو ‹بـا قاشق من بستنی خوردی، دهنی شد: بە کـەوچکی مـن بەستەنیت خوارد، دەماوی بوو›.

دهور / duhûr/: [عربی] جمعِ ☜ **دَهر**

دهــــه / dahe/: اسـم. ١. /دهگـان/ دەکـان؛ کۆمەڵێکی دە دانەیی ٢. /ـها/ دەیـەکان؛ هـەر کام لە بەشگەلی دە دانـەیی کـات ‹دهـەی سوم سـدەی بیـستم: دەیەکانـی سـێهەمی چـەرخی بیستەم›.

دهه / dehe/: صوت. [گفتاری] پەکووِ؛ تەح؛ تـێح؛ پێح؛ حای؛ هەیهووِ؛ وشەی سەر سووڕمان ‹دهه، این دیگه از کجا پیدا شد: پەکوو، ئەمە ئیتر لـە کوێـوە هات›.

دەیک / dahyek/: اسم. دەیەک؛ یـەک لـە دە؛ دە لە سەد؛ بەشێ لە دە بەشی شتێک.

دی / dey/: اسم. بـەفرانبار؛ بـەفرەنبار؛ مـانگی دەهەمی ساڵی هەتاوی ئێرانی کە سی ڕۆژە.

دی / dî/: اسـم. [ادبـی] دوێ؛ دوێنـێ؛ دوێکـە؛ دوێنێکە؛ دوێنەکە؛ دۆ؛ دۆه ؛ دی؛ هیزی.

دیابـت / diyābet/: [فرانـسوی]اسـم. [پزشـکی] دیابێت؛ نەخۆشینی قـەن؛ نەخۆشـینی شـەکر؛ نەخۆشـینێک کـە لەگـەڵ زۆر بـوونی میـز، تینووەتی و زۆر بوونی ئووره لە خوێندا هاوڕێیە.

دیاپازون / diyāpāzon ، ـها/: [فرانسوی]اسم. دیاپازون؛ ئامێرێکی چکۆلە بـە دوو لقـەوە (زۆتـر کانزایی) کە ئەگەر لقەکان بلەرێنەوە دەنگێک بە فریکانسی دیاریکراوەوە بـەدی دێ و لـە کـۆک کردنی سازگەلدا کەڵکی لێ وەردەگرن.

دیات / diyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **دیه**

دیاتومه / diyātome ، ـها/: [فرانسوی]اسم. قەوزە؛ کەڤزە؛ جلـشین؛ گیایـەکی وردیلـەی تـیرەی جلشینان بە ڕەنگی زەرد یان خورمـایی کـە لـە ئاوی سوێر و شیرین، لە سـەر خـاک یـان هـەر ڕووپەڕێکی شێدار، بە تەنیایی یـان بـە کۆمـەڵ دەژین و زۆرێک بەردی ئاهـەکی و سـەرچاوەی نەوتیان لێوە بەدی دێن.

دیار / dayyār/: [عربی]اسم. جووقـەوار؛ کـەس؛ داڵەواز؛ زیندەوار؛ مشەکەر؛ یۆ؛ کەسێکی تەنیا و نەناس ‹در آنجا هیچ دیاری به چشم نمی‌خورد: لـەوێ جووقەوارێک بەدی نەدەکرا›.

دیـار / diyār/: [عربـی]اسم. سـەرزەوی؛ وڵات؛ سەرزەوین؛ سەرزەمین.

▣ **دیـار عـدم**: دوا هـەوار؛ ئـەو لا؛ مـەرگ ‹او را روانەی دیار عدم کرد: بەرەو دواهەوار بەڕێی کرد›.

دیافراگم / diyāf(e)rāgm ، ـها/: [فرانسوی]اسم. دیافراگم: ١. گلێجە؛ ناوپەنچک؛ هەر پەردە یان

پێکهاتەیەکی جیاکەرەوە، بەتایبەت ئەو پەردە ئەستوورە کە هێلۆلی زگ لە سینگ جیا دەکاتەوە ٢. پەرەیەک لە دووربینی وێنەگری، تیلیسکوپ یان باقی ئامێرگەلێکی تیشکیدا کە رادەی تیشک چوونە ژووری دەزگایەک کەم و زۆر دەکاتەوە.

دی‌اکسید / dî'oksîd/: [فرانسوی] ☜ **دیۆکسید**

دیاگرام / diyāg(e)rām ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. نەخشە؛ دیاگرام؛ گەلاڵەیەکی هێڵی کە ریز و پێوەندیگەل پیشان دەدا.

دیاگنوستیک / diyāgnostîk/: [؟]/اسم. [پزشکی] رەوتی ناسینی نەخۆشین.

دی‌الکتریک / dî'elekt(i)rîk ، ـها/: [فرانسوی] اسم. بەرق‌راگر؛ بە تایبەتمەندی یان هێزی بەربەست کردن و بەرگرتنی کارەباوە.

دیالکتیک / diyālektîk/: [فرانسوی]/اسم. ١. [منطق] بناشت؛ گلتە؛ شێوەی وتوویژ و دەمەقاڵەی مەنتیقی بۆ گەیشتنە راستەقانی ٢. [فلسفه] بیرۆکەی فەلسەفەی گیئۆرک هیگل (١٧٧٠-١٨٣١ی ز.) کە بەو پێیە، بزاوی بیر لە رێگەی وتنەوەی تز (هێم) و بە دەست هێنانی ئانتی‌تز (بەرهێم/ دژهێم) رێ دەباتە سەنتز (هەم/ هێم) و ئەنجامی مەنتیقی ٣. [فلسفه] بیرۆکەی فەلسەفی کارل مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) کە بەو پێیە، راستیەکانی جیهان لە سەر چوار بنەمای سەرەکی: گوران، هەڤگری دژگەل، ململانێی دژگەل و بازدان دادەمەزرێ ٤. لێکدانەوەی ئەم رەوتە ٥. بە کار بردنی ئەم بیرۆکە بەتایبەت لە لێکۆڵینەوەی بابەتگەلی کۆمەڵایەتیدا.

دیالمه / diyālame/: جمعِ ☜ **دیلمی**

دیالوگ / diyālog ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. وتوویژ؛ گفتوگۆ؛ دەمەتەقە؛ دەمەتەقێ.

دیالیز / diyālîz/: [فرانسوی از انگلیسی]/اسم. دیالیز: ١. شێوەی جیا کردنەوەی کلۆئیدگەلی ناو گیراوەیەک لە ماکی‌تر ٢. [پزشکی] رەوتی پالاوتن و خاوێن‌کردنەوەی تراوی گورچیلە بە دەسگای تایبەت.

دی.ان.ا. / dî.en.e/: [انگلیسی]/اسم. [مخفف] ماکی کیمیاوی خانۆکەی گیانەوەران و گیایان کە داگری ئاگاداریگەلی ژنیتیکی و خێزانیە.

دیانت / diyānat/: [عربی]/اسم. ١. دین ‹حکومت بر مبنای دیانت: حکومەت لەسەر بناغەی دین› ٢. دینداری ‹این کارها خلاف دیانت است: ئەم کارانە دژی دیندارین›.

دیبا / dîbā/: اسم. [ادبی] دیبا؛ دێوا؛ دیوا؛ پارچەی ئاوریشمی گوڵدار.

دیباچه / dîbāče ، ـها/: اسم. سەرەتا؛ دەسپێک؛ دیباچە؛ دیواچە؛ بەرداشت؛ پێشەکی کتێب، بەتایبەت نووسراوە یان وتارێکی کورت لە هەوەڵی پەرتووکەوە ‹دیباچەی گلستان سعدی: سەرەتای گوڵستانی سەعدی›.

دیپلم / dîplom ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. دیپلوم: ١. بروانامەی تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندی (پاش‌ناوەندی) ٢. بروانامەی دوایی هێنانی خوێندنی دوکتوری ٣. پەرەیەک کە تێدا سەرپشکی یان شانازیەک بە کەسێک دەدرێت: **دیپلم افتخار**

▣ **دیپلم افتخار** ☜ **دیپلم ـ٣**

دیپلمات / dîplomāt ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. رامیار؛ دیپلومات؛ کەسێ کە پیشەی لە بواری سیاسەت و پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی‌تردایە.

دیپلماتیک / dîplomātîk/: [فرانسوی] صفت. رامیاری؛ دیپلوماتیک: ١. سیاسی ‹روابط دیپلماتیک: پێوەندی رامیاری› ٢. پێوەندیدار بە دیپلوماتەوە ‹مصونیت دیپلماتیک: پارێزراوی رامیاری›.

دیپلماسی / dîplomāsî ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. رامیاری؛ سیاسەت؛ دیپلوماسی ‹دیپلماسی فعال: دیپلماسی گفتگو: سیاسەتی کارا؛ رامیاری وتوویژ›.

دیپلمه / dîplome ، ـها/: [فرانسوی] صفت.

دیپلومـه: ١. خـاوەن بڕوانامـەی خوێنـدنی دواناوەنـدی ‹دیپلمـەی هنـر: دیپلومـەی هونـەر› ٢. خـاوەن بڕوانامـەی خوێنـدنی دوکتـوری ‹دیپلمەی جراحی: دیپلومەی برینکاری›.

دیت / diyet ، ـها/: [؟]/اسم. دییێت؛ ئەنجومـەنی شۆڕا یان قانوون دانان لە ئاڵمان، ئیسکاندیناوی و تاقمـێ لـە وڵاتـانیتـر (وەک لەهیـستان، مەجارستان و ژاپون).

دیجور / deycûr, dîcûr ، ـها/: [عربی]/اسم./ادبی/ شەوەزەنگ؛ شەوەزەنگە؛ تاریکەشەو؛ دەیجـوور؛ شەفتاری؛ شەوی تاریک و ئەنگوستەچاو ‹از پس این شب دیجـور سحر در راه است: ئـەم شـەوەزەنگە بەیانی لە دوایە›.

دیجیتال / dîcîtāl/: [انگلیسی] ☜ **دیجیتالی**

دیجیتـــالی / dîcîtālî/: [انگلیـــسی] صـفت. دیجیتاڵی: ١. خاوەن دەزگایـێ بـۆ وەرگـرتن و ناردنی هـەرچی پێـدراوە بـە شـێوەی ژمـارەی سیفر و یـەک بـە نیـشانەی بـوون یـا نـەبوونی سیگناڵی ئەلکترۆنیکی ‹دوربین دیجیتال: دووربینی دیجیتاڵ› ٢. بە شاشە یان دەزگـای پیـشان‌دان بـە شـێوەی ژمـارە ‹سـاعت دیجیتـالی: سـەعاتی دیجیتاڵی› ✽ **دیجیتال؛ دیژیتالی**

دیـــد / dîd/: اســم. ١. ڕوانگـــە؛ بینـــشت؛ بەرچاوڕوونی؛ توانایی ورد بوونەوە لە ڕووداوان بۆ ئەنجامـدان یـان ئـەنجام نـەدانیان ‹در زمینـەی صنعت دیـد وسیعی داشـت: لـە بـواری پیـشەسازیدا ڕوانگەیـەکی بـازی هـەبوو› ٢. بینـایی؛ وینـایی؛ هەتەر؛ سۆما؛ هانا؛ نـووت؛ بڕشـت ‹دیـد چـشمش خیلی کم شده بود: بینایی چـاوی زۆر کـەم ببـووەوە› ٣. دیمانە؛ دیەنی ‹دید و بازدیـد: دیـەنی و دیـدار› ٤. بەرجەوەنـــد؛ بەرجـــەوەن؛ بەرژەوەنـــد؛ بەرچاوگە؛ بەرچاو ‹دید سمت جنوب خیلـی زیباسـت: بەرجەوەندی لای باشوور زۆر جوانە›.

◘ **دیـد داشـتن**: ١. بـە بەرژەوەنـد بـوون؛ بەرجەوەندار بوون ٢. لە بـەر چـاو بـوون؛ لـە هانای چاودا بوون؛ هەڤ دیتن.

دید زدن: دیتن؛ دین؛ بـە چـاوکردن؛ تماشـا کـردن؛ ڕوانـین؛ نـوارین؛ مـەیزین؛ بـەرا دان؛ سەرتاتکی کردن؛ چەم وسەی؛ چاو لێکردن.

دیـــدار / dîdār ، ـهـا/: اسـم. ١. دیـدار؛ دیـار؛ دیمانە؛ کار یان ڕەوتی چاوپێکەوتن؛ سەرقوتان؛ دیتنی کەسێک بۆ وتووێژ یان پێوەندی ‹دیـدار با نمایندگان: دیدار لەگەڵ نوێنەران› ٢. سەرکێشی؛ کـار یـان ڕەوتی سـەر دان؛ ڕۆیـشتن بـۆ لای کەسێ یان جێگایەک بۆ ئاگادار بـوون لـە بـار و دۆخی ‹دیدار کردن از آسیب‌دیدگان سیل: سەرکێـشی کردن لە گەزنگازانی لافاو› ٣. /ورزش/ کێبـەرکێ. هەروەها: **دیدار کردن؛ بە دیدار کسی/ جایی رفتن**

◘ **دیدار بە قیامت**: دیار بە/ دیارەو قیامەت؛ ئیتر لە ژیاندا یەکتری نابینین.

◘ **دیداری تازە کردن**: چاو پێکەوتنەوە؛ چـەم پنەکەوتەی؛ دووبارە دیتنەوە، بەتایبەت دوای ماوەیەک.

دیداری / dîdārî/: صفت. دیـداری؛ دیمانـەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە دیتنەوە ‹آموزش دیـداری: فێرکاری دیداری›.

دیدبان / dîdebān/ ☜ **دیدەبان**

دیـدرس / dîdres/: اسـم. چاوپێـک؛ چـاودی؛ چاوبڕ؛ هەتەر؛ لە مەودایەکدا کە چاو هانای بکا.

دیدســـنج / dîdsanc ، ـهـا/: اسـم. ئـامێری ئەندازەگرتنی مەیدانی بینایی و هانای چاو.

دیدسنجی / dîdsancî ، ـها/: اسم. ئەندازەگرتنی مەیدانی بینایی و هانای چاو.

دیدگانی / dîdegānî/: اسم. ئوپتیـک؛ لقـێ لـە زانستی فیزیک کە لە تایبەتمەندیگەلی تیـشک، بەرهەم هێنان و بڵاو بوونـەوەی لـە کۆئەنـدامی بیناییدا دەکۆڵێتەوە.

دیـدگاه / dîdgāh ، ـهـا/: اسم. ڕوانگـە؛ بـیر و بۆچـوون؛ بۆچـوون؛ شـێوەی داوەری ‹خواسـتم دیدگاه شما را دربارەی انتخابات اخیر بـدانم: ویـستم

ڕوانگەی ئێوە سەبارەت بەم هەڵبژاردنە دوایییە بزانم›.

دیدن / dîdan/: مصدر. متعدی. لازم. // **دیدی**: دیت؛ **می‌بینی**: دەبینی؛ **ببین**: ببینە// دین؛ بینین؛ دیتن؛ وینەی؛ وینتەی؛ وینای: ▫ متعدی. ۱. وەرگیرانی دیمەنێک لە چاودا، ناردنی وێنەکەی بۆ مێشک و لێکدانەوەی ‹کسی را دیدن: کەسێک دیتن› ۲. ڕوانین؛ نۆڕین؛ ڕامینان؛ فتراندن؛ هەونیایش؛ هاسایش؛ وەنیایش؛ دیەی؛ دیای؛ تماشاکردن ‹دیدن فیلم: دیتنی فیلم› ۳. سەرکێشی کردن ‹به دیدن عمویم رفته بودم: چووبووم بۆ بینینی مامم› ٤. هەڵسەنگاندن، داوەری یان پێشبینی کردن ‹آیندەی او را درخشان می‌بینم: داهاتوویەکی ڕوونی بۆ دەبینم› ۵. ویزیت کردن ‹امروز دکتر مریض نمی‌بیند: ئەوڕۆ دوکتور نەخۆش نابینێت› ٦. بۆ هاودەسی و ساخت و پاخت چوون بۆ لای کەسێک ‹کدخدا را دیدن و ده را چاپیدن: کوێخا دیتن و دێ تالان کردن› ۷. بۆ کارێک بڕیاردان ‹برو اُستادکاری را ببین بیاید این را تعمیر کند: بچۆ وەستاکارێک ببینە بێت ئەمە دروست بکاتەوە› ▫ لازم. ۸. دیەی؛ دیای؛ هەبوونی سۆمای چاو ‹چشمش خوب می‌دید: چاوی باشی دەبینی› ۹. کاری هاوکرد بە واتای هەڵکردن و کێشان ‹رنج دیدن: ڕەنج دیتن›.

■ صفت فاعلی: **بیننده** (بینەر)/ صفت مفعولی: **دیده** (بینراو)/ مصدر منفی: **نَدیدن** (نەبینین/ نەدیتن)

▣ **دیدن کردن**: دیدار کردن ☜ **دیدار**

به دیدن کسی رفتن: بە دیدار او رفتن ☜ **دیدار**

دیدنی / dîdanî/: صفت. دیتنی؛ دیەنی؛ دلڕفێن؛ تماشایی؛ تواشایی؛ شیاوی دیتن.

دیدوبازدید / dîd-o-bāzdîd/: اسم. دیەنی و دیدار؛ دیمانە؛ هاتوچوو؛ ئامشەوڕەفت؛ ئامەولوای.

دیدور / dîdevar/ ☜ **دیدەور**

دیده[1] / dîde ، ـها/: اسم. ۱. ـگان/ /ادبی/ دیدە؛ دیە؛ تیە؛ چاو؛ چەم؛ چەعف ‹نور دیده: نووری دیدە› ۲. بینراوە؛ دیتراوە؛ ئەوەی کە بینراوە (زۆرتر بە شێوەی کۆ).

▣ **دیده از جهان فرو بستن**: /کنایی/ کۆچی دوایی کردن؛ چاو لێکنان؛ ماڵاوایی یەکجاری کردن؛ مردن ‹استاد حمدی در سال ۱۳۶۶ دیده از جهان فرو بست: مامۆستا حەمدی لە ساڵی ۱۳٦٦دا کۆچی دوایی کرد›.

ـ دیده[2]: پیوازه. ـــ دیتوو: ۱. ـــ دیدە؛ ـ دیە؛ ـ بینیو؛ تاقی کردوو یا چاوپێکەوتوو ‹جهاندیده: جیهان‌دیتوو› ۲. وەبەر شتێ کەوتوو ‹بلادیده: بەلادیتوو›.

دیده‌بان / dîdebān ، ـها/: اسم. دیدەوان؛ چاویار؛ تیەڤان؛ نێرینڤان؛ نێرەڤان؛ گۆیار؛ پاسەوانێ کە لە ڕوانگەوە دەڕوانێتە دەور و بەردا تا ئەگەر کەسێ یان شتێ نزیک بووەوە، هەواڵ بدا: **دیدِبان**. هەروەها: **دیده‌بانی؛ دیدِبانی**

دیده‌بوسی / dîdebûsî ، ـها/: اسم. ماچوموچ؛ ڕامووسی؛ کاری ڕامووسینی (بەتایبەت سەر چاوی) کەسێ بە نیشانەی گەش بوونەوە لە بینینی ‹با هم دیده‌بوسی کردند: پێکەوە ماچوموچیان کرد›.

دیده‌ور / dîdevar ، ـها؛ ـان/: اسم. /نظامی/ دیدەوەر؛ پێشەنگ؛ پێشاهەنگ؛ سەرباشقە؛ ئەوی بۆ ئاگاداری لە هەبوونی دژمن و هەواڵدانی، بە مەودایەکی دیاریکراو لە پێش هێزی خۆییەوە ڕێ دەپێوێ.

دیر / deyr ، ـها/: [معرب از سریانی]/اسم. دەیر؛ پەرستنگایەک کە ڕەبەنانی خاچپەرستی تێدا پێکەوە دەژین و پەرستش دەکەن.

دیر[1] / dîr/: اسم. دێر؛ دێرس؛ درەنگ؛ کاتێکی درێژخایەن ‹چقدر دیر!: چەند دێر›.

دیر[2]: صفت. دێر؛ دێرس؛ درەنگ؛ هەڵکەوتوو لە

ساتی دوای کاتی شیاو و ڕەچاوکراودا ‹فردا دیر است، امروز باید کاری کرد: بەیانی دیرە، ئەمڕۆ دەبێ کارێ بکرێ›.

▣ **دیر بودن:** دێر بوون؛ دێر بیەی؛ شیاو نەبوونی کات بە بۆنەی بە سەر چوونیەوە ‹فردا خیلی دیر است: سبەینێ زۆر دێرە›.

دیر شدن: دێر بوون؛ درەنگ بوون؛ دێر پنەشیەی؛ بە سەر چوونی کاتی شیاو یان دیاریکراو ‹دیر شد، ممکن است به هواپیما نرسیم: دێرە ڕەنگە نەگەینە فڕۆکەدا›.

دیر [3]: *قید.* دێر؛ درەنگ؛ دوای کاتی شیاو و ڕەچاوکراو ‹دیر آمده‌ای و می‌خواهی زود بروی؟!: دێر هاتووی و دەتەوێ زوو بڕۆی؟!›.

▣ **دیر رسیدن:** دێرگەیشتن؛ درەنگ‌گەیین؛ دێر یاوەی؛ دێر پەنەیاوای ‹دیر رسیدی همه را خوردیم: دێرگەیشتی هەموومان خوارد›.

دیر کردن: درنگ/ دێرکردن؛ دێرکەردەی؛ نەهاتن یان نەگەیشتن لە سەر کاتی ڕەچاوکراودا ‹آزاد امروز دیر کرد: ئازاد ئەمڕۆ درنگی کرد›.

دیر ماندن: کەوتنە دێر؛ کەوتەی وەدێر؛ کەوتنە درەنگەوە؛ ماوەیەکی زۆر مانەوە.

دیر- [4]: *پیشوازە.* دێر- : ۱. دوای کاتی هەمیشەیی ‹دیررس: دێرڕەس› ۲. لە ماوەیەکی درێژ هاوڕێ لەگەڵ دژواریدا ‹دیرباور: دێربڕوا›.

دیرآشنا / dîrāšnā/: *صفت.* ساردوسڕ؛ نەکوڵ؛ دێرجۆش؛ بەبێ توانایی یان هۆگرەتی بۆ بوونە دۆست لەگەڵ دیتراندا. هەروەها: **دیرآشنایی**

دیرباور / dîrbāvar، ـها؛ ـان/: *صفت.* دێربڕوا؛ دێرباوڕ؛ لاسار؛ بە خۆ و خدەی دێر بڕوا کردنەوە.

دیربەدیر / dîrbedîr/: *قید.* دێراودێر؛ دێر- دێر؛ بە ماوەگەلی زۆرەوە ‹دیربەدیر می‌آمد؛ دیربەدیر او را می‌بینم: دێراودێر دەهات؛ دێر- دێر دەیبینم›.

دیرپا / dîrpā/: *صفت.* درێژخایەن؛ درێژخایێن؛ زۆر پێ چوو؛ بە پایەداری یان خایانی زۆرەوە ‹سرمای دیرپا؛ زمستان دیرپا: سەرمای درێژخایەن؛ زستانی درێژخایێن›.

دیرپایی / dîrpāyî/: *اسم.* درێژخایەنی؛ دۆخ یان چۆنیەتی پایەدار بوون.

دیرجوش / dîrcûš/: *صفت.* ۱. *[مجازی]* سارد و سڕ؛ سەرد و سڕ؛ بەبێ هۆگرەتی یان توانای دامەزراندنی پێوەندی لە ماوەیەکی کەم یان پێوەندیەکی نزیک لەگەڵ دیتراندا ‹آدم دیرجوش: مرۆی سارد و سڕ› ۲. دێرکوڵ؛ بەبێ خێرایی شیاو لە کوڵاندا ‹مایع دیرجوش: تراوی دێرکوڵ› ۳. دێرکوڵێن؛ دێرکوڵ؛ بەبێ خێرایی لە هێنانە کوڵدا ‹سماور دیرجوش: سەماوەری دێرکوڵ›.

دیردم / dîrdam/: *صفت.* دێردەم؛ پێویست بە کاتی زۆر بۆ دەمکێشان ‹این چای خیلی دیردم است: ئەم چاییە زۆر دێردەمە›.

دیررس / dîr.ras/: *صفت.* *[زیست‌شناسی]* دێرڕەس؛ دێریاو؛ ئاڤزەمکی؛ بێ‌خێرایی پێویست لە گەیشتن یان پێگەیشتندا ‹سیب دیررس: سێوی دێرڕەس›.

دیرک / dîrak، ـها/: *اسم.* دیرەک؛ دیرەگ: ۱. بالار؛ کاریتە؛ کۆترە؛ چلاک؛ بەست؛ گرش؛ ڕاژ؛ داری دارەڕا ۲. تیری چێوی.

دیرکرد / dîrkard, dîrkerd/: *اسم.* دێرهات؛ دواکەوت؛ دێرکرد؛ کار یان ڕەوتی جێبەجێ نەبوون لە کاتی شیاو و دیاریکراودا ‹بهرەی دیرکرد: سووی دێرهات›.

دیرگاه / dîrgāh/: *اسم.* *[ادبی]* دێر؛ درەنگ؛ درەنگان؛ دێروەخت.

دیرگداز / dîrgodāz/: *صفت.* دێرتاو؛ بە تایبەمەندی تاوینەوە بە سەخڵەت و لە دەمای زۆر باندا.

دیرگوار / dîrgovār/: *صفت.* قورس؛ دێرهەزم. بەرانبەر: **آسانگوار**

دیروز [1] / dîrûz/: *اسم.* دوێکە؛ دوێنێ؛ دوێنەکە؛

دوێنێکه؛ دوینه؛ دوەنا؛ دینیا؛ دێنێ؛ هیزی؛ هیزیکەی؛ هێزیکە؛ دوێ؛ دونێ؛ دووش؛ دۆهـ ؛ دۆ: ۱. ڕۆژی پێش لە ئەمرۆ ‹دیروز چهارشنبه بود: دوێکه چوارشەممە بوو› ۲. *[مجازی]* کاتی پێشووی نزیک بە ئێستا ‹این کارها و حرفها مال دیروز بود، نه امروز که دنیا عوض شده است: ئەم کار و قسانە هی دوێکە بوو، نە ئەورۆ کە هەموو شتێک گۆڕاوە›.

دیروز[۲]: *قید.* دوێکه؛ دوێنێ؛ دوێنەکە؛ دوێنێکە؛ دینیا؛ دوەنا؛ دوینه؛ دێنێ؛ هیزی؛ هیزیکەی؛ هێزیکە؛ دوێ؛ دونێ؛ دووش؛ دۆهـ ؛ دۆ: ۱. لە ڕۆژی پێشوودا ‹دیروز به من خبر دادند: دوێنێ خەبەریان پێدام› ۲. لە ماوەی پێشووی نزیکدا ‹دیروز دستم را می‌بوسید، امروز سرم را می‌شکند!: دوێکە دەستی ماچ دەکردم، ئەمرۆ سەرم دەشکێنێ!›.

دیروزی / dîrûzî/: *صفت.* دوێنێ؛ دوێکه؛ دوێ؛ دونێ: ۱. پێوەندیدار بە دوێکەوە ‹ناهار دیروزی خوشمزه بود: فراوێنی دوێنێ خۆش بوو› ۲. *[مجازی]* جاران؛ پێشووتر؛ پێوەندیدار بە ڕۆژگاری بەرینەوە ‹او دیگر آن آدم دیروزی نیست: ئەو ئیتر مرۆکەی جاران نیە›.

دیروقت / dîrvaqt/: [فارسی/ عربی] *اسم.* درەنگان؛ دێر؛ درەنگ؛ دێروەخت؛ هەرەی؛ ماوەی دوای کاتی دیاریکراو ‹شب تا دیروقت کار می‌کرد: شەو تا درەنگانێ کاری دەکرد›.

دیرهضم / dîrhazm/: [فارسی/ عربی] *صفت.* قورس؛ دێرهەرس؛ دێرهەزم؛ دۆخی خواردنێک کە بۆ توانەوە لە گەدەدا نیازی بە کاتێکی زۆرە ‹کوفته خیلی دیرهضم است: کفتە زۆر قورسە›.

دیری / dîrî/: *اسم.* دێر؛ دێری؛ درەنگی؛ دۆخ یان چۆنیەتی دێر بوون ‹گر مرد رهی غم مخور از دوری و دیری: ئەگەر ڕێبواری بەڕاستیت خەمی دووری و دێری مەخۆ›.

دیری / dî:rî/: *قید. [ادبی]* دەمێک؛ سەردەمێک؛ ماوەیەک؛ کاتێک؛ ماوەیەکی زۆر ‹دیری‌ست که از یار پیامی نرسیده است: دەمێکە یار هەواڵێکی نەداوە›.

دیریاب / dîryāb/: *صفت. [ادبی]* ۱. دەگمەن؛ دێردۆز؛ تایبەتمەندی ئەوەی دێر پەیدا دەبێ یان بەرهەم دێ ۲. *[نامتداول]* گێل؛ حۆل؛ گێژ؛ کەم‌ئاوەز؛ لاژ؛ لاژگ.

دیرین / dîrîn/: *صفت. [ادبی]* دێرین؛ لەمێژین؛ لەمێژینە؛ کەونارا؛ پێوەندیدار یان سەر بە کاتی پێشوو ‹دوست دیرین: دۆستی دێرین›.

دیرینزا / dîrînzā/: *اسم.* پالێئۆزین؛ دوو خولی ئوسین و لیگوسین لە خولی سێهەم لە زەوین‌ناسیدا.

دیرین‌زیوی / dîrînzîvî/: *اسم.* دێرین‌ژیواری؛ کۆن‌ژیواری؛ سێهەمین قۆناغی مێژووی زەوین یان خولی هەوەڵ کە ماسیان، دووژینان، خزۆکان و مێرووانی تێدا بەدیهاتن: **پالئوزوئیک**

دیرین‌شناس / dîrînšenās، ـان/: *اسم.* کەوناراناس؛ لەمێژینەناس؛ دێرسی ناس؛ کەسێ کە زانست و خوێندنی لە بواری لەمێژینە ناسیدایە.

دیرین‌شناسی / dîrînšenāsî/: *اسم.* لەمێژینەناسی؛ کەوناراناسی؛ دێرین‌ناسی؛ دلرسی ناسی؛ لێکۆڵینەوەی زانستی بەردینەگەل لە بواری ناسینی ژیانی گیا و گیانەوەران لە پێشوودا.

دیرینگی / dîrînegî/: *اسم.* لەمێژینەیی؛ کەونارایی؛ دێرینی؛ دۆخ یان چۆنیەتی دێرینە بوون.

دیرین‌نگاری / dîrîn.negārî/: *اسم.* ۱. لێکۆڵینەوە و ڕاژەی زانستی بەڵگەگەلی کۆن ۲. بەڵگەگەلی کۆنی ڕاژەکراو * **پالئوگرافی**

دیرینه / dîrîne/: *صفت.* لەمێژینە؛ دێرینە؛ دێرین؛ پێشوونە؛ قۆجە؛ زووگین؛ پێوەندیدار بە کاتی درێژەدارەوە ‹یار دیرینه: یاری دێرین›.

دیرینه‌سنگی / dîrînesangî/ ☞ **پارینه‌سنگی**

دیـز / diyez/: [فرانسوی]اسم. *[موسیقی]* دیێـز؛ نیشانەیەک بۆ نیـو پـەردە بردنـە سـەر و زیـلتر کردنی دەنگی نوتێک.
دیـزل / dîzel، ـهـا/: [آلمـانی]اسـم. دیـزڵ: ۱. موتوری دیزلـی ۲. ماشـینێک کـە موتـوری دیزڵیە، بەتایبەت کامیون.
دیزلـی / dîzelî/: [آلمـانی] صـفت. دیزلـی؛ بـە موتوری دیزڵیەوە.
دیزی / dîzî، ـها/: اسم. دیـزی؛ دیـزە: ۱. دیـز؛ دیـزە؛ دیـزک؛ دیگـە؛ کیتـە؛ کیتەڵـە؛ خۆنـە؛ خوانکە؛ هۆمەڵێرە؛ دەفری قووڵـی سواڵـەت بـۆ گۆشتاو لێنان ۲. *[مجازی]* گۆشتاوێ کە لـە نێـو ئەو دەفرە لێنراوە ‹رفتیم قهوەخانە دیـزی خـوردیم: چووین بۆ قاوەخانە دیزیـمان خوارد›.
دیژیتال / dîjîtāl/: [فرانسوی]اسم. گـل انگـشتانە ☜ **انگشتانە ـ۳**
دیژیتالی / dîjîtālî/: [فرانسوی] ☜ **دیجیتالی**
دیس[1] / dîs، ـها/: [از فرانسوی]اسم. دیس؛ قـاپ؛ لەنگەری؛ تیفسی؛ دەفری گراران؛ دەفری پان و پەل زیاتر بۆ چێشتی وشک و شیرینی لـە سـەر دانان ‹یک دیـس پلـو را بـە تنهـایی خـورد: دیـسێک پلاوی بە تەنیا خوارد›.
ـ دیس[2]: *پیواژە*. ـ ئاسـا؛ ـ گـوێن؛ گۆرەبـا؛ وەک ‹تاقدیس؛ تندیس: تاقاسا؛ تەناسا›.
دیسانتری / dîsāntrî/: [فرانسوی]اسم. *[پزشکی]* سکەشۆرەی خوێنی؛ زکچوونا خوێنی.
دیـسپروزیم / dîsp(e)roz(i)yom/: [انگلیـسی/ فرانسوی]اسم. دیـسپرۆزیوم؛ تـوخمی کیمیـایی کانزایی دەگمەن، لە دەستەی لانتانیدەکان، بـە ژمارەی ئەتومی ٦٦ و کێـشی ئـەتومی ۱٦۲,٥۰ کە لە سازدانی تیشکی لەیزردا بە کار دەڕوا.
دیـسک / dîsk، ـهـا/: [فرانسوی]اسم. دیـسک: ۱. *[مکانیک]* هـەر چەشـنە ڕووپـەرێکی سـاف و جەغزئاسـا و بازنـەیی لـە ئـامێر و ماشـیندا ۲. *[کالبدشناسی]* کرۆژنەیـەکی خـڕتۆڵ کـە دە نێوان گازەرادایە و لێـکترازانی هـۆی ئـێش و ئازارە ۳. *[ورزش]* ڕووپەرێکی جەغزی، زۆرتـر لـە چێو یان پلاستیک بە کێشی ۲ کیلۆگرەم کە لە وەرزشگەی هاویشتنیدا بە کار دەبرێت ٤. ☜ **فلاپی‌دیسک**
▣ **دیسک فشردە** ☜ **سی‌دی**
دیسکت / dîsket/: [فرانسوی] ☜ **فلاپی‌دیسک**
دیسک ران / dîskrān/: [فرانسـوی/ فارسـی] ☜ **دیسک‌گردان**
دیسک‌گـردان / dîskgardān، ـهـا/: [فرانسـوی/ فارسـی]اسـم. دیـسک‌گـەڕێن؛ دیـسک‌سـووڕێن؛ بەشێک لە کۆمپیۆتەر کـە دیـسکی تێدەخـەن: **دیسک‌ران؛ درایو**
دیسکو / dîsko/: [فرانسوی] ☜ **دیسکوتک**
دیـسکوتک / dîskotek، ـهـا/: [فرانسوی]اسم. دیسکۆ؛ دیسکۆتیک؛ جێگایـەک بـۆ هەڵـپەڕکێ هاوڕێ لەگەڵ هەوای باوی ڕۆژدا: **دیسکو**
دیـــــسیپلین / disiplîn/: [فرانــــسوی]اســــم. ۱. ڕێـــکوپێکـــی؛ تــــەکووزی؛ مرێـــــسی ۲. دیــــسیپلین؛ ڕشـــــتەیەکی دیـــــاریکراوی زانستگایی.
دیشب[1] / dîšab/: اسم. دوێـشەو؛ دوێنـێ‌شـەو؛ دیشەو؛ دوەشەو؛ دوەشەوە؛ دوشینا؛ شەوی دی؛ شڤێ دی؛ شەڤا بۆری؛ ئیزی شەو؛ هیزی شەوێ ‹دیشب حالش بد شد: دوێشەو حالی تێکچوو›.
دیـــشب[2]: قیـد. دوێـــشەو؛ شـــەوی دی؛ هیـــزی شەوێ؛ لە شەوی پێشوودا ‹دیشب خیلی سردم شد: دوێشەو زۆرم سەرما بوو›.
دیشبی / dîšabî/: صـفت. دوێشەو؛ دوێنـێ‌شـەو؛ هیزی شەوێ؛ پێوەندیدار یان سـەر بـە شـەوی پێشووەوە ‹غذای دیشبی خیلی خوشمزە بـود: شـێوی دوێشەو زۆر خۆش بوو›.
دیشلمە / dîšlame/: [ترکی] ☜ چـای دیـشلمە، **چای**
دیفتری / dîfterî/: [فرانسوی]اسم. پێران؛ قـاس؛

بوغمە؛ بەغمە؛ وەناق؛ وناخ؛ نەخۆشیەکی گیرۆیە لە جۆری باسیل سەر هەڵدەدا و تۆژاڵێکی نووستەک لەسەر گەروو، قورقوڕانچک و برێجار چاو و شەرمی ژن دروست دەکا.

دیفتونگ / dîftong ، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* *[زبان‌شناسی]* بزوێنی تێکەڵ؛ وشەیەکی یەک برگەیی بە دوو دەنگی بە شوێن یەکدا (وەک: شەو).

دیفرانسیل / dîfrānsiyel/: [فرانسوی]*اسم.* دیفرانسێل: ۱ *[ریاضی]* دەزگایێ لە حسێبی دیفرانسێلدا ۲. دەزگایێ لە ماشێن و برێک ئامێری موتوری دیکەدا کە لە چەن چەرخدەندە لە نێو جابەیەکدا پێکهاتووە و بە هۆی مێل گاردانەوە وەگەڕ دەکەوێ و بە دوو مێل پلۆسەوە جوولە دەخاتە چەرخەکان و بە هەر چەرخێ ڕێی خێرایی تایبەتی خۆی دەدا.

دیکتاتور[1] / dîktātor ، ـها/: [فرانسوی]*اسم.* ۱. لاسار؛ ملهوڕ؛ دیکتاتور؛ سەرسەخت؛ ماریس؛ مارز؛ کەسێ کە بەبێ ڕەچاوکردنی قانوون و ڕای خەڵکی حکوومەت دەکا ‹دیکتاتور شیلی: لاساری شیلی› ۲. ئارامبەند؛ کەرەستەیێ بۆ هێواش پێوەدانی درگا (دەرکی ئاسانسور و ماڵەچە) بە شێوەی خۆمەش.

دیکتاتور[2]: *صفت.* لاسار؛ سەرەڕۆ؛ هەڵەشە؛ سەهەندە؛ سەرسەخت؛ سەرڕەق؛ خوڕا؛ گوێنەدەر بە بیر و ڕای دیتران ‹مدیرمان خیلی دیکتاتور است: بەرپرسەکەمان زۆر لاسارە›.

دیکتاتوری / dîktātorî ، ـها/: [فرانسوی]*اسم.* لاساری؛ سەرسەختی: ۱. حکوومەتی تاکەکەسی یان گرۆیەک، بێ ئاوڕدانەوە لە بیر و ڕای خەڵک ۲. نیزامی حکوومەتی کە تەنیا لایەنگرانی خاوەن دەسەڵات دەتوانن چالاکی سیاسیان هەبێ.

▣ **دیکتاتوری پرولتاریا:** دەسەڵاتداری کرێکاری؛ بە دەست گرتنی دەسەڵاتی سیاسی و حکوومەت لە لایەن نوێنەرانی چینی کرێکارەوە و داسەپاندنی بەرنامەی سوسیالیستی و بە شەڕ وەستان لە هەمبەر نەیارانیانەوە.

دیکتاتوری نظامی: ملهوڕی چەکداری؛ ڕژیمێ کە بە یارمەتی ئەرتەش هاتۆتە سەر کار.

دیکته / dîkte ، ـها/: [فرانسوی]*اسم.* ئیملا؛ ڕێنڤیس؛ خوێندنەوەی بابەتێ کە دیتران (بەتایبەت قوتابیان) بینووسن، بۆ ڕاهاتن بە نووسینی زمانێک.

▣ **دیکته کردن:** داسەپاندن؛ سەپاندن؛ ئەرەسەپنەی (بەتایبەت لەمەڕ دەستوور و داخوازەوە) ‹آمریکا خواستهای خود را به دولتمردان ایران دیکته می‌کرد: ئامریکا نیازی خۆی بە سەر پیاوانی دەوڵەتی ئێراندا دادەسەپاند›.

دیکته گفتن: ئیملا وتن؛ ڕێنڤیس شاندان؛ ڤەکیشاندن؛ گوتنەوەی بابەتێ بە دیتران بۆ تاقیکردنەوەی لێهاتووییان لە نووسیندا. هەروەها: **دیکته نوشتن**

دیکشنری / dîkšenerî ، ـها/: [انگلیسی]*اسم.* ۱. فەرهەنگ؛ قامووسی وشە ۲. وشەنامە؛ وشەدان.

دیگ / dîg ، ـها/:*اسم.* بەرۆش؛ تیان؛ تیانە؛ تەیان؛ خەزان؛ خەزگان؛ قازان؛ قازانگ؛ قازانە؛ دیگە؛ قورشقە؛ جقە؛ نقرە؛ مەنجەڵ؛ مەنجێل؛ ساتڵ: ۱. دەفری گەورەی ویرەیی بۆ چێشت لێنان، کە بنەکەی هێندێک گەورەترە ۲. دەفری گەورەی سەرەدار بۆ لێنانی چێشت یان گەرم کردنی ئاو.

▣ **دیگ بخار:** تیانەی هەڵم: ۱. پاژێک لە ماشێنی هەڵم بۆ ئاو تێدا هێنانە کوڵ ۲. دەفرێکی کپکراو کە ئاوی تێدا دەکوڵێنن و گەرما یان هێزی لێ بەرهەم دێنن.

دیگ پاپَن: تیانەیەک کە تینی تراوی تێدا دەبەنە سەر بەبێ ئەوەی کە بێتە کوڵ.

دیگ‌جن/ غول: *[زمین‌شناسی]* کونێ کە لە تاشی ئەشکەوتانی قەراخی ئاودا بەدی‌دێ.

دیگ زودپز: دەفرێکی کانزایی بە درگایەکی کپەوە کە بۆ زوو کولانی چێشت کەڵکی لێ‌وەردەگرن.

⊡ **دیگ طمع کسی بە جوش آمدن:** *[مجازی]* کەوتنە تەماعەوە؛ ددان تیژکردن.

دیگ‌بر / dîgbar/: *اسم. [قدیمی]* ئامێرێ لە چەرم وەک تۆشەبەرە کە قازانی چێشتیان پێ جێبەجێ دەکرد.

دیگ‌بەسر / dîgbesar/: *اسم. [گفتاری]* قازان بە سەر؛ تیانە بە سەر؛ شتێکی خەیاڵی کە منداڵانیان پێ دەترساند.

دیگپایە / dîgpāye ، ـها/: *اسم.* دێسپا؛ سێ‌پێک؛ سێ‌لنگە؛ سێ پایەیەک کە قازانی لە سەر دادەنێن و لە ژێریدا ئاور دەکەنەوە: **دیگدان**

دیگ‌جوش / dîgcûš/: *اسم. [قدیمی]* پیازاو؛ کارواناشی؛ ئاولۆلێ؛ چەشنێ چێشتی هەرزان و تەوش.

دیگچە / dîgče ، ـها/: *اسم.* پاتیلە؛ پاتێڵ؛ تیانچە؛ دێگیلک؛ مەنجەلۆک؛ قۆشقانە؛ قازانچلێ؛ بەرۆشی گچکە.

دیگدان / dîgdān/ ☜ **دیگپایە**

دیگر[1] / dîgar/: *صفت.* دیکە؛ تر؛ تەر؛ دن؛ دی؛ دە؛ کە؛ هەژێ؛ ئەدی؛ دێگەر: ١. جیاواز لەگەڵ ئەو ‹رنگ دیگر؛ کار دیگر: ڕەنگی تر؛ کاری تر› ٢. زۆرتر لەوە ‹دو کتاب دیگر هم گرفت: دوو کتێبی تریشی وەرگرت› ٣. دوا؛ دوایی ‹روز دیگر؛ سال دیگر: ڕۆژی تر؛ ساڵی دیکە›.

دیگر[2]: *قید.*: ١. ئیتر؛ ئێتر؛ ئیدی؛ چیدی؛ پاش ڕووداوی باس لێکراو ‹دیگر پول ندارم: ئیتر پارەم نیە› ٢. ئیتر؛ ئێتر؛ هیتر؛ ئیدی؛ جگە لەوە ‹دیگر چە گفت؟؛ دیگر چە می‌خواهی؟: ئیتر چی گوت؟؛ ئیدی چت دەوێ؟› ٣. تر؛ تەر؛ دیکە؛ دیتر ٤. ئیتر؛ ئێتر؛ ئیدی؛ دیسان؛ هەما؛ هەمیسا؛ هەمیسان؛ هەمدیس ‹دیگر این کار را نکن: ئیتر ئەم کارە مەکە› ٥. سا؛ دەیسا؛ کە وایە ‹دیگر چیزی نگو: سا شتێ مەیژە›.

دیگر[3]: *حرف.* ئیتر؛ ئێتر؛ دیتر؛ ئیدی؛ ئیدیکە: ١. وشەی نارەزایەتی بە نەبڕانەوەی ئاکارێ ‹ول کن دیگر: ئیتر واز بێنە› ٢. وشەی ناوازە ‹این دیگر کار بچەهاست: ئەمە ئیدی کاری منداڵەکانە›.

دیگران / dîgarān/: جمعِ ☜ **دیگری**

دیگرگون / dîgargûn/ ☜ **دگرگون**

دیگری / dîgarî ، دیگران/: *ضمیر.* ئەوی‌تر؛ ئەوتر؛ ئەوتەر؛ هیتر؛ ئیکە؛ ئیدیکە؛ ئەڤی‌دیتر؛ یەونا؛ یەکێ‌تر؛ ئێدن؛ هێدن: ١. کەس یان شتێ جگە لەوەی کە ئاماژەی پێ‌کراوە ‹یکی می‌آید، دیگری می‌رود: یەکێک دێ، ئەوی‌تر دەڕوا› ٢. کەس یان شتی دوایی ‹دیگری را بدە: ئەوی‌تر بدە›.

دیلاق[1] / deyļāq ، ـها/: [ترکی]*اسم.* بەچکە وشتر.

دیلاق[2]: *صفت. [گفتاری]* لۆق؛ حۆل؛ لۆقلۆقی؛ درێژ تا ئێوارە؛ داهۆڵ؛ درێژ و لەڕ ‹یک جوان دیلاق ایستادە بود سر کوچە: لاوێکی لۆق لە سەر کۆڵاندا ڕاوەستابوو›.

دیلم / deylam ، ـها/: *اسم.* دەیلەم؛ دەلەم؛ باریە؛ بێرەم؛ سلنگ؛ کوسکی؛ چڵمێردە؛ ئامێرێک بۆ شکاندن و کون‌کردنی بەرد، دیوار و... بە شێوەی مێڵەیێکی ئاسنی بە سەرێکی پانەوە.

دیلماج / dîlmāc ، ـها/: [ترکی]*اسم. [گفتاری]* وەرگێڕ؛ پاچڤەوان؛ دیلماج؛ دیلمانج ‹من خود زبان دارم، دیلماج نمی‌خواهم: من خۆم زمانم هەیە، وەرگێرم ناوێ›.

دیلمی / deylamî ، ـها؛ ـان؛ دیالمە/: *صفت.* دەیلەمی: ١. پێوەندیدار یان سەر بە ڕەتەوەی دەیلەمیان (چەرخی ٤ و ٥ی کۆچی) ٢. پێوەندیدار بە دەیلەمی گێلان لە باکووری ئێراندا ٣. سەر بە بەندەری دەیلەم لە پارێزگای

بووشیهری ئێراندا.

دیم / deym/: اسم. دێم؛ دەیم: ۱. دێمەکاری؛ دێمەچێنی؛ دەیمی؛ دەیمکاری؛ چەشنێک کشتوکاڵ کە ئاودێرانی تێدا نیە ۲. دێمزار؛ دیمەرۆک؛ زەوینێ کە ئاودێری لە بارانە و بەس ۳. دێمی؛ داهاتێ کە بێئاودێری بەرهەم هاتووە.

دیمزار / deymzār، ـها/: اسم. دێمزار؛ دێمەرۆک؛ دێمەکار؛ دەیمەزار؛ زەوینی دێم.

دیمکاری / deymkārî، ـها/: اسم. دێمەکاری؛ دێمەچێنی؛ دێمی؛ دەیمەکێڵی؛ کشتوکاڵ لە زەوینێ کە تەنیا ئاوی بارانی پێدەگا. هەروەها: **دیمکار**

دیمه / dîme، ـها/: اسم. نەرمەباران؛ خوناف؛ خوناو؛ خوناوکە؛ بارانی ئارام و بێڕەهێڵە و هەورەتریشقە کە چەند ڕۆژ درێژەی هەیە.

دیمی[1] / deymî/: صفت. ۱. دەیمی؛ دیمێ؛ دێمەکار؛ بەژک؛ پێوەندیدار بە دەیمەوە ‹گندم دیمی: گەنمی دەیمی› ۲. [مجازی] گۆترەیی؛ ڕەمەکی؛ هەرەکی؛ هەیکۆ؛ هاکۆ؛ هەروایی؛ بێبەرنامەڕێژی و تێفکرین ‹کار دیمی: کاری ڕەمەکی›.

دیمی[2]: قید. [مجازی] بە گۆترە؛ ڕەمەکی؛ هەرەکی؛ هەیکۆ؛ هاکۆ؛ بە شێوەی بێبەرنامە و بیر لێکردنەوە ‹دیمی بار آمدن؛ دیمی بازی کردن: بە گۆترە بارهاتن؛ ڕەمەکی کایەکردن›.

دین / deyn، ـها؛ دیون/: [عربی] اسم. [ادبی] قەرزداری؛ قەرز؛ وام؛ وارە؛ واڕە (بەتایبەت لە بواری ئاکاری و مافناسیەوە).

دین / dîn، ـها؛ ادیان/: [سامی/ ایرانی] اسم. دین؛ ئایین: ۱. کۆمەڵە ئامۆژەگەلێک کە لە لایەن پێغەمبەرێکەوە ڕانراوە و بە دەستی برێ لە شوێنکەوتووانی کۆ کراونەتەوە ‹دین اسلام: دینی ئیسلام› ۲. کۆمەڵەی هۆکارە، بروا و کردەوەی کەسێک بۆ دامەزراندنی پێوەندیەکی باش لەگەڵ هێزگەلی ژوورە سروشتی و ڕاکێشانی یارمەتی و سەرنجیان.

▣ **دین اسلام** ☜ **اسلام**

دین بودا ☜ **بودائیّت**

دین تائو ☜ **تائوئیسم**

دین زرتشت ☜ **مَزدیَسنی**

دین مسیح ☜ **مَسیحیَّت**

دین یهود ☜ **یَهودیَّت**

دینآور / dînāvar، ـان/: صفت. دینهێنەر؛ دیناوەر؛ ناسێنەری دینێکی تازە.

دینآوری / dînāvarî، ـها/: اسم. دینهێنەری؛ دیناوەری؛ کار و ڕەوتی هێنانی دینێکی تازە کە هێما نەناسراوە.

دینار / dînār، ـها/: [یونانی از لاتینی] اسم. دینار؛ یەکەی پارەی تاقمێ وڵاتان، وەکوو عیراق، کوەیت، بەحرەین و لیبی.

دینام / dînām، ـها/: [از فرانسوی] اسم. دینام؛ ژنراتۆر، بەتایبەت ژنراتوری بەرقی ڕاستەوخۆ.

دینامومتر / dînāmometr، ـها/: [فرانسوی] اسم. هێزپێو؛ ئامێرێ بۆ ئەندازەگرتنی هێزی میکانیکی.

دینامیت / dînāmît، ـها/: [فرانسوی] اسم. دینامیت؛ ماکێکی تەقەمەنی کە لە تی ئین تی و وردە ئاجۆر دروست دەبێ.

دینامیسم / dînāmîsm/: [فرانسوی] اسم. ۱. لـ ها/ دینامیسم؛ هەر هزرێکی فەلسەفی کە دیاردەگەلی سروشتی (وەک ماک و بزووتن) بە هۆکاری هێزگەلی جیاواز دەزانێ ۲. بزێوی؛ جمە و جووڵە؛ جم و جووڵ؛ کرد و کۆش.

دینامیک[1] / dînāmîk/: [فرانسوی] اسم. دینامیک؛ لقێک لە زانستی میکانیک کە لە بارەی چۆنیەتی براڤی دەزگایەک لە ژێر کارتێکری هێزدا، بەتایبەت ئەو هێزانەی کە لە دەرەوەی دەزگاکەدان، دەکۆڵێتەوە.

دینامیک[2]: صفت. ۱. بزۆز ۲. [مجازی] چالاک؛

کۆشا.

دین‌باور / dînbāvar ، ـان/: *صفت.* بـه دیـن؛ بـه بڕوا؛ بە ئایین؛ ئاییندار. هەروەها: **دین‌باوری**

دین‌پرور / dînparvar ، ـان/: *صفت.* دین‌پەروەر؛ هۆی بەرەو پێش چوونی دین.

دین‌پناه / dînpanāh ، ـان/: *صفت.* دیـن‌پـارێز؛ پارێزەر و پشتیوانی دین.

دیندار / dîndār ، ـها؛ ـان/: *صفت.* دینـدار؛ ئایینـدار؛ بڕوامەند بە دیـن و پـێ‌داگـر لـە سـەر بەڕێوە بردنی داب و دەستووری دینی.

دینداری / dîndārî/: *اسم.* دینداری؛ ئایینداری؛ دۆخ یان چۆنیەتی دیندار بوون.

دینوسور / dînosor/: [فرانسوی] ☜ **دایناسۆر**

دیو [1] / dîv ، ـها؛ ـان/: *اسم. [فرهنگ‌مردم]* دێـو؛ درنج؛ دێولپا؛ دێوە؛ دیـو؛ دی: ١. بوونـەوەرێکی خەیاڵی لـە شـێوەی مرۆیـەکی زۆر ناشـیرین و ناحەز و زەبەلاح، زۆرتر بە شاخ و کلک و چنگی درێـژەوە ٢. *[مجـازی]* کەسـی ناخـار؛ نـاقۆڵا؛ زەبەلاح؛ زەبـەلۆح؛ زلحـۆرت؛ زەپزەپـە؛ تـەژە؛ حۆل؛ حەیتە؛ زەلامـی درێـژی نالـەبار؛ نـاقۆڵا و بــەوتەشــک ٣. *[مجـازی، قـدیمی]* ئەهریمــەن؛ شەیتان؛ هووت.

دیو ــ [2]: *پیشوازه.* دێوــ ؛ زۆر ناشـیرین و پـیس ‹دیوسیما: دێوتەشک›.

دیوآلبـالو / dîvālbālû ، ـهـا/: *اسم.* تەڤـری؛ دارشــرت؛ دار یــان دەوەنێــک لــە تــیرەی گوڵەسووران، کە خۆڕسک و لێڕەواریە.

دیوار / dîvār ، ـها/: *اسم.* دیوار: ١. دڤێر؛ دیڤەر؛ شۆرە؛ شوورە؛ سوور؛ شوورا؛ وارش؛ هەڵـچنراوی بڵند لە ئاجور یان هـەر شـتێکی‌تـر ٢. *[مجازی]* لەمپــەر؛ پــەرچین؛ پــەڕچین؛ پــەرژین؛ جــاخ؛ گەپل؛ بەرهەڵت.

◻ **دیوار به دیوار:** بانەوبان؛ شانەوشەو؛ دیوار بـە دیوار؛ دوو جێگای پێکەوە لکاو.

دیوار سرد: دیواری سارد؛ مەودای نێـوان دوو ئاو بە تینی جیاوازەوە.

◻ **دیوار صوتی را شکستن:** سەوت شـکاندن؛ بـە خێرایەک زۆرتر لە خێرایی دەنگ فڕین.

دیوار کسی را کوتاه پیدا کـردن: *[مجـازی]* بـە کەسێ وێران؛ کەسێ بە بێ‌هێز و لاواز زانین.

دیوارکشیدن: دیوارکشی کردن ☜ **دیوارکشی**

دیوار موش داشتن: *[کنایی]* شۆفار تێدا هەبوون ‹مواظب حرف زدنت باش! دیوار موش دارد: هۆشـت بە دەمتەوە بێ! شوفارمان تیدایە›.

از دیوار راست بالا رفتن: *[کنـایی]* بـە دیـواری ڕاستا هەڵگەڕان؛ بە دەس و پاوە نەوێسان؛ لە کونی تفـەنگی شـەیتان دەرپـەڕین؛ چـەموو ماری بـەرئاردەی؛ یـەکجار بـزۆز بـوون ‹ایـن بچەها از دیوار راست بالا می‌روند: ئـەم مندالانـە بـە دیواری راستا هەڵدەگەڕین›.

از دیوار مردم بالا رفتن: *[کنایی]* ماڵـی خەڵـک بڕین؛ دزی لە مەردم کردن.

با دیوار حرف زدن: *[کنایی]* لەگەڵ دیوار قسە کردن؛ لەگەڵ دار و بـەرد قـسەکردن؛ چـنی دیواری بیەی؛ گوێ‌بیس نەبوون ‹مگـر مـن بـا دیوار حرف می‌زنم، چرا ساکتی؟: مەگەر لەگەڵ دیوار قسە دەکەم، بۆچی بێدەنگی؟›.

دیواربـست / dîvārbast ، ـهـا/: *اسم.* کەڵـەک؛ شکەبەر؛ پاردە؛ دیوارێ کە بۆ بەرگری لـە ڕژانی خاک یان بەدیهێنانی ڕووپەڕێکی ساف و تەخت لە سەر بەرزاییدا دایدەنێن.

دیوارپــــوش / dîvārpûš ، ـهــا/: *اســم.* دیوارپۆش؛ هەر کـام لـەو بەرهەمانـەی (وەکـوو کاغـەزدیواری، پارچـە و...) بـۆ داپۆشـینی ڕووی دیوار یان میچ.

دیـــــوارچینی / dîvārčînî ، ـهــا/: *اســم.* دیــوارچنی؛ دیــوار هەڵــچنی؛ دیــوار نیــان؛ کــاری چنـینی ئـاجور، بـەرد یـان بلـووک بـۆ دروست‌کردنی دیوار.

دیوارکشی / dîvārkešî ، ـها/: *اسم.* دیـوارچنی؛

کار و ڕەوتی دیوار نان.

دیوارکـوب / dîvārkûb ، ـھـا/: *اسـم.* پـەردە و تـەونێ کـە بـۆ ڕازاندنـەوە بـە دیواریـەوە هەڵدەواسن.

دیوارنگــارە / dîvārnegāre ، ـھـا/: *اسـم.* نەخشەدیوار؛ نەققاشی دیواری؛ نەخشێک کە لە سەر دیوار دەیکێشن.

دیوارە / dîvāre ، ـھا/: *اسم.* دیـوارە: ١. ئـەوەی وەک دیوار وایە ٢. قەورخە؛ قـەدپاڵ؛ ڕووپـەڕی کـەناری شـتێ ‹دیـوارەی سـد قـشلاق: دیـوارەی بەربەندی قشلاخ› ٣. *[زیست‌شناسی]* تیغە؛ سـپین؛ زەمۆمە؛ ئەوەی کە دوو هێلۆڵ یـان چـاوە لێـک جیا دەکاتەوە.

دیوال / dîvāl ، ـھا/: *اسم.* دیـڤاڵ؛ دیوارەیـەکی ئەستوونی لە بەردەئاگرینە کە لە بەر بوونـەوەی بەردە تواوەکـان بـەرەو تـۆژی زەوی و سـەرد و ڕەق بوونەوەیان بەدی‌دێ.

دیوان / dîvān ، ـھا/: *اسم.* ١. *لاواوین/* دیـوان؛ کۆمەڵە شـیعری شـاعیرێک ‹دیـوان نـالی؛ دیـوان حافظ: دیوانـی نالی؛ دیوانـی حافیز› ٢. مەزرینگـە؛ فەرمانگە؛ کارگێڕی ‹دیوان عالی کشور: مەزرینگەی بالای وڵات› ٣. *[قدیمی]* کاناپە.

▣ **دیـــوان انـــشا:** *[قـــدیمی]* نقیـــسنگەی بەڕێوەبەرایەتی.

دیوان بلخ: *[کنایی]* دادگا یـان مەزرینگەیـەک کە کاری هیچ و پووچی تێدا دەکـرێ و دادی ناڕەوا دەردەکەن.

دیـوان دادرســی کـشور: مەزرینگـەی دادی وڵات؛ بـــانترین ســـەردانگەی داد کـــە لێکدانــەوەی بــڕیاری دادگاگــەل و شــەڕ و هەرای دەوڵەتی وە ئەسـتۆیە: **دیوان کـشور؛ دیوان عالی تمیز**

دیوان عالی تمیز ☜ **دیوان دادرسی کشور**

دیوان کشور ☜ **دیوان دادرسی کشور**

دیــوان محاســبات: مەزرینگــەی حەســابات؛ مەزینگەیەک لە وەزارەتی دارایی کە گەیشتن بە حەسابگەلی دەوڵەتی وەئەستۆیە.

دیوانسالاری / dîvānsālārî/: *اسم.* دیوانسالاری؛ کاغەزبازی؛ بووروکراسی؛ نیزامی حکوومەتی کە داب و دەسـتووری کارگێـڕی زنجـیرەی پلـە و پایـەی تێـدا بـە تونـدی و زێدەڕۆیانـە ڕەچـاو دەکرێ.

دیوانگور / dîvāngûr/ ☜ انگور فرنگی، **انگور**

دیـــوانگی / dîvānegî ، ـھـا/: *اسـم.* شـێتی؛ شێتایەتی؛ لێوەیی؛ لێـوەی؛ دێوانـەیی: ١. دۆخ یان چۆنیەتی دێوانە بوون ‹خودش را زدە بـود بـە دیـوانگی: خـۆی لـە شـێتی دابـوو› ٢. *[مجـازی]* کارگەلی نائاسایی و نەگونجاو ‹دیـوانگی نکـن! بـە کارت ادامە بدە: شێتی مەکە! کارەکەت درێـژە بـدە› ٣. *[روان‌شناسـی]* لێویـاگی؛ لێـواوی؛ دۆخ یـان چۆنیەتی کەم بوونەوەی توانایی هـزر و بـیر بـە هۆی گەزنی مێشک و دڵەوە.

دیوانـە[1] / dîvāne ، ـھـا؛ ـگـان/: *اسـم.* شـێت؛ دێوانە؛ دیـڤانە؛ دیـن؛ لێـوە؛ لیـڤە؛ لیـوە؛ چـڵ؛ هــەردە؛ کەســێ کــە بــە هــۆی ئــازاردیتنی مێــشک یــان دڵــیەوە، ئاکــار و کــردەوەی نائاســاییە ‹دیوانـە چـو دیوانـە ببینـد خوشـش آیـد: شێت ئەگەر شیت ببینێ کەیفی سازە›.

▣ **دیوانەی زنجیری:** شێتی پەت‌بڕ؛ نەخۆشێکی ڕەوانی وا کە پێویستە هەمیشە چاوەدێری لێ بکرێ.

دیوانە[2]: *صفت.* شـێت؛ دێوانـە؛ دیـلان؛ دیـڤانە؛ دین؛ لێوە؛ لیـڤە؛ لێـڤە؛ لیـوە؛ ئێـست؛ هـەردە: ١. بە ئاکاری نائاساییەوە ‹دخترەی دیوانە بـە جـوان بە آن خـوبی جواب رد داد: کچـە شـێتە کـوری بـەو باشیەی جـواب دا› ٢. تـووش بـووی تـووڕەیی و دڵەڕەپێ زۆر ‹داشتم دیوانە مـی‌شدم: خـەریک بـوو شێت دەبووم› ٣. *[مجازی]* تووشیاری تاسەی زۆر ‹دیوانەی زنش بود: شیتـی ژنەکەی بوو›.

دیوانــەخانــە / dîvānexāne ، ـھـا/: *اسـم.*

شێتخانە؛ دینگە؛ جێگەی شێتان.

دیوانـــــەوار / dîvānevār/: *قیـــد.* شـــێتانە: ١. وەک شـــێتان ‹دیوانــەوار خــودش را بــە در و دیـوار مـی‌زد: شـێتانە خـۆی لـە دار و بـەرد دەدا› ٢. لـە ڕادەبـەدەر؛ دێوانەئاســا؛ زۆر زەبەنـد و ســـەرچڵانە ‹او را دیوانــەوار دوســت داشــت: لــە ڕادەبەدەر خوشی دەویست›.

دیوبـاد / dîvbād ، ـهـا/: *اسم.* گژەبـا؛ بـاهۆز؛ بابەلیـسک؛ بایـەکی تونـد و خێـرا کـە خـاک و خۆڵی زۆر هەڵدەسـتێنێ و دەبێتـە هـۆی لـێڵ بوونی هەوا.

دیــوث / dayyûs ، ـهـا؛ ـان/: [عربـی]*/اسم.* دەییـوس؛ دویـت؛ دەویـت؛ قورمـساخ؛ گـەواد؛ جاکــەش؛ بــێنــاموس: ١. کەســێ کــە ژن (یان نزیکان)ی خـۆی بـە گـرتنی پـارە بـۆ لای پیـاوانی نـامۆ دەبـا ٢. پیـاوێ کـە یـەکێ لـە خزمانی نزیکی خراپکارە.

دیــوثی / dayyûsî/: [عربـی]*/اسم.* دەییوســی؛ دەویتی؛ جاکەشی؛ قورمساخی؛ گەودای: ١. کار و پیشەی بێناموس ٢. دۆخی دەویت بوون.

دیوخو / dîvxû ، ـیان/: *صفت.* دێوخـۆ؛ خـاوەن خۆی زۆر ناشیرین و نالەبار: **دیوخوی** *[ادبی]*

دیوخوی / dîvxûy/ ☜ **دیوخو**

دیود / diyod ، ـهـا/: [فرانسوی از انگلیـسی]*/اسم.* دیۆد؛ لامپی ئیلیکترونی بـۆ یـەک‌لاکردنـەوەی ڕەوتی کارەبا.

دیوراما / diyorāmā/: [فرانسوی]*/اسم.* دیۆرامـا؛ شانۆیێ کە بۆ دەربڕینی مەبەست لـە پـەردەی ناسک و ڕوون، پەیکەر، تیشک و دەنگ کەڵـک وەردەگرێت.

دیوسرشت / dîvsirešt ، ـان/: *صفت.* دێوخـدە؛ خاوەن ئاکار و کردەوەی ناحەز: **دیوسیرت**

دیوســیرت / dîvsîrat/:'[فارســی/ عربــی] ☜ **دیوسرشت**

دیوســیما / dîvsîmā/:[فارسـی/ عربـی] *صـفت.* *[مجـازی]* دێوسـیما؛ بەوتەشـک؛ خـاوەن چـڕ و چاوی زۆر ناشیرین و ناحەز.

دیوکـسید / diyoksîd ، ـهـا/: [فرانسوی]*/اسم.* *[شـیمی]* دیئوکـسید؛ ئوکـسیدێک بـریتی لـە دوو ئـــەتومی ئوکـــسیژن لـــە مولوکوولێکـــدا: **دی‌اکسید**

◙ **دیوکسید ازت** ☜ **دیوکسید نیتروژن**

دیوکـسید کـربن: دیئوکـسیدی کـەربون؛ گـــازی قورســـی بـــێڕەنـــگ، گڕنـــەگر و هێنـدێک ژەهـری کـە لـە ناتـەوا سـووتانی خەڵـووز بەرهـەم دێ و دە ژێـر گوشـاردا بـە شـێوەی تـراو دەرێدێـنن: **گـاز کربنیـک؛ کربن‌دیوکسید**

دیوکـسید نیتـروژن: دیوکـسیدی نیتـرۆژن؛ گـازێ خورمـایی ڕەنـگ بـە بـۆنی تیـژ و ناخۆشـــەوە کـــە لـــە بووژاندنـــەوە و لێکدانــەوەی بــڕێ نیتراتگــەل بــە تــینی گـــەرماوە بەرهـــەمدێ: **دیوکـــسید ازت؛ نیتروژن اکسید**

دیـولاخ / dîvlāx ، ـهـا/: *اسم.[ادبی]* کونـەدێو؛ کۆنەدێ؛ دێ‌کۆن؛ جێگایەکی دوور لە ئاوەدانی، کە کەسی تێدا ناژی و هەبوونی دێوی دەخاتەوە بیری مرۆ.

دیون / diyon/: [عربی] جمعِ ☜ **دِین**

دیه / diye ، ـها؛ دیات/: [عربی]*/اسم.* ١. *[فقه]* دیـە؛ تاوان؛ خوێنبایی؛ پارە یان ماڵـێک کـە تاوانکـار دەبێ بە کەسێ کە گەزەنی پێ‌گەیاندووە یان بە بنەماڵەکەی بدات ٢. *[قدیمی]* گوند؛ ئاوادی؛ دێ؛ لادێ.

دیهیم / deyhîm/: [یونانی]*/اسم.* ١. *[گیـاه شناسـی]* جۆرێ گوڵی ڕازاوەیی بە هێشوو کـە لـە بنـەوە درێـژ بۆتـەوە ٢. *[ادبی]* زەرزەنـگ؛ تـاج؛ تـانج؛ تانجیـک؛ تـاژ؛ ناڤـسەرک؛ کولیلـک؛ خەرمانـە؛ کڵاوی خەملاوی پاشایان کە بـە زێـڕ و زەنبـەر ڕازاوەتەوە و لە سەری دەنێن.



ذ / z/: *حرف.* نیشانەی پیتی یازدەهەم لە ئەلفوبێتکەی زمانی فارسی کە لە زمانی عەرەبییەوە هاتووە و هەر وەک « ز » ئەخوێندرێتەوە.

ذ / ze/: *اسم.* زال؛ یازدەهەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی.

ذائقه / zā'eqe/: [عربی] ☜ **ذایِقه**

ذات / zāt ، ـها؛ ذوات/: [عربی]*/اسم.* زات؛ خۆ؛ خود؛ هیم؛ سرشت؛ هەیەتی؛ ڕشتاڵە؛ گەوهەری سوروشتی هەر شتێک ‹بد ذات: بەد زات›.

ذاتاً / zātan/: [عربی]*قید.* هۆرا؛ لە خۆیدا؛ زاتەن ‹ذاتاً مرد بدی نیست: هۆرا پیاوێکی خراپ نیە›.

ذات‌الجنب / zātolcamb, -canb/: [عربی]*/اسم.* بەرەزام؛ سەتلوجەم؛ ساتوورجەم؛ نەخۆشیەک کە یاو، کۆخە، چلک و دژوار هەناسەدانی لەگەڵە.

ذات‌الریه / zātorriye/: [عربی]*/اسم.* دەردەسی؛ ژانەسی؛ پزوو؛ فرک؛ نەکسۆ؛ نەخۆشی پەز؛ نەخۆشی پەنەمان و چلک کردنی سیپەلاک کە یاو، کۆخە و بەڵخی پێوەیە.

ذات‌الکرسی / zātolkorsî/: [عربی]*/اسم. [نجوم]* ئەستێرەی کۆ؛ پێروو؛ پیرۆ؛ وێنەیەکی گەردوونی دە ئاسمانی نیوەگۆی باکووریدا، بە شێوەی ژنێکی دانیشتوو لە سەر ئەسکەمل (سەندەڵی).

ذاتی / zātî/: [عربی] *صفت.* زاتی؛ خۆیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە زاتەوە ‹تمایل ذاتی به هنر داشت: هۆگرەتی زاتی بە هونەر بوو›.

ذاکر / zāker ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]*/اسم.* زاکیر: ۱. زیکرکار؛ ویردخوێن ۲. *[شیعه]* ڕەوزەخوان؛ کەسێ کە دەرد و ڕەنجی بنەماڵەی پێغەمبەر دەڵێتەوە.

ذال / zāl/: [عربی]*/اسم.* زال؛ ناوی یازدەهەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی.

ذایقه / zāyeqe ، ـها/: [عربی]*/اسم.* ۱. چێژایی؛ چێژە؛ هەستێک کە گیانلەبەران بەوەوە تام و چێژە دەناسن ‹حس ذایقه: هەستی چێژایی› ۲. تامی دەم ‹این شیرینی را هم برای تغییر ذایقه بخورید: ئەم شیرینیەش بۆ گۆڕینی تامی دەم بخۆن› ۳. *[مجازی]* پەسند؛ سەلیقە، بەتایبەت لەمەڕ خواردەمەنیەوە ‹با ذایقه‌ی من جور نیست: بە چێژەی من ناخوا› ❋ **ذائقه**

ذبابه / zobābe/: [عربی] ☜ **مگس ـ۱**

ذبح / zebh ، ـها/: [عربی]*/اسم.* کار یان ڕەوتی سەربڕین؛ سەرژێکرن؛ بەتایبەت سەربڕینی گیانلەبەرێک کە گۆشتی دەخورێ.

▣ **ذبح کردن**: ۱. سەر بڕین ۲. کوشتن؛

کوشتەی. هەروەها: **ذبح شدن**

ذبیح / zebîh ، ـها/: [عربی] *صفت*. ۱. سەربڕاو؛ سەربڕیاگ؛ سەرژێکراو ۲. قوربانی.

ذخائر / zaxā'er/: [عربی] ☜ **ذخایر**

ذخایر / zaxāyer/: [عربی] جمعِ ☜ **ذخیره: ذخائر**

ذخیره / zaxîre ، ـها؛ ذخایر/: [عربی]/*اسم*. پاشەکەوت؛ پاشەکەفت؛ نەکەپووز؛ کوویت: ۱. پاشمەنە؛ پەزمەندە؛ پەسمەندە؛ پەسمەنە؛ پەزەمەنە؛ گردەوەکۆیی؛ نیاتە؛ ڤەبوور؛ ئەوەی کۆ کرابێتەوە ۲. ڤەبوور؛ پاشەکەوتی؛ گلۆدراو؛ گلەودراو؛ پاشقل ۳. ئەوەی لە کانگادایە و بۆ کەڵک وەرگرتن دەشێ ٤. کەسێ کە لە کاتی شەڕدا بۆ ئەرتەش بانگ دەکرێ ٥. کەسێ کە بۆ جێگری ئەندامی گرۆیەک (لە کاتی نەبوون یان لاچوونیدا) ڕچاو کرابێ.

⊡ **ذخیره شدن**: گردەوەکۆ بوون؛ پاشکەوت بوون؛ پاشکەفت بوون.

ذخیره کردن: کۆکردنەوە؛ پاشقڵدان؛ نیانەیەکەوە؛ هەنۆتن؛ خڕ ڤەکرن؛ کۆمکرن؛ جەماندن؛ ڤەبوورین؛ گێڕانەوە؛ پاش خستن؛ نیایوە وریو؛ پاشەکەفت کردن؛ پاشەنازکردن.

ذرات / zarrāt/: [عربی] جمعِ ☜ **ذرّه**

ذراریح / zarārîh/: [عربی] ☜ روغن ذراریح، **روغن**

ذراع / zerā'/: [عربی] ☜ **ذَرع**

ذرت / zorrat ، ـها/: [عربی]/*اسم*. گەنمەشامی؛ گەرمەشامی؛ گەرمەشانی؛ گەنمشامی؛ شامی؛ گەنمە کابە؛ گولەپێغەمبەرە؛ لازویت؛ زەڕات؛ زوڕات؛ زوڕەت؛ زەڕاتە؛ کارس؛ گاڕس؛ سەرداری؛ گەنمۆک؛ گەنەگەرچەک؛ گلگل؛ دێمیلە: ۱. گیایەکی ئالیکی، یەک ساڵان و چاندنی بە گەڵای زروی درێژ و دەنووک تیژەوە کە هێشووی گوڵەنێرینەی لە سەرەوەی لاسک و گوڵەمێوینەی لە دەور و بەری گەڵاوە دەردێ، دانەی خڕی سفت و بریقەدار بە ڕەنگی سپی، زەرد یان قاوەیی ئامال سووری هەیە ۲. دەنکی ئەو گیایە ❋ **زرّت**

ذرع / zar'/: [عربی]/*اسم*. زەرع؛ گەز؛ گەزە؛ یەکەی کۆنی پێوانی درێژایی، بەرانبەر بە ۱۰٤ سانتیمیتر: **ذِراع**

⊡ ذرع کردن: میترکردن؛ مترکردن؛ گەز کردن؛ گەزکەردەی؛ درێژایی شتێک پێوان.

ذرع نکرده پاره کردن: *[کنایی]* بێفوو لە دۆکردن، خۆ تێکوتان؛ بەبێ هەڵسەنگاندن کارێک کردن ‹گفتم اول درست فکر کن، این طور ذرع نکرده پاره نکن!: وتم باش فیکری لێوەکە، بێ فوو لە دۆکردن خۆتی نێ مەکوتە!›.

ذروه / zorve/: [عربی]/*اسم*. *[ادبی]* ترۆپک: ۱. دوند؛ دون؛ لووتکە؛ پۆپە؛ قولە؛ زەڕەوە ۲. سەراوان؛ دۆچک؛ تەشق؛ بەرزترین خاڵی هەر شتێک.

ذره / zarre ، ـها؛ ذرات/: [عربی]/*اسم*. ۱. نون؛ زەڕە؛ وردیلە؛ قردگ؛ بەشێکی زۆر ورد لە ماکێک ۲. نون؛ زەڕە؛ وردیلە؛ نیتگ؛ نیتکە؛ ماکی هەرە ورد ۳. گەردیلە؛ تۆزقاڵ؛ تۆزکاڵ؛ تۆز؛ چکێک؛ چکێ؛ هەندێکی زۆر هندک ‹یک ذره گرمتر است: تۆزقالێک گەرمترە›.

ذرەبین / zarrebîn ، ـها/: [عربی/ فارسی]/*اسم*. هوورکبین؛ زەڕەبین؛ ئامرازێکی چاوی کە شتی چکۆلە لە بەر چاو زلتر دەکاتەوە.

ذرەبینی / zarrebînî/: [عربی/ فارسی] *صفت*. هوورکبینی؛ زەڕەبینی: ۱. هەر شتێکی زۆر ورد کە بەبێ زەڕەبین نابیندرێت ۲. بە تایبەتمەندی گەورەکردنەوەوە ‹عینک ذرەبینی: چاویلکەی زەڕەبینی›.

ذریه / zorrîyye, zorriyye ، ـها/: [عربی]/*اسم*.

[ادبی] مندالْ؛ منالْ؛ مندار؛ زارۆ؛ زارۆچە؛ زارۆڵە؛ دووندان؛ تۆرەمە؛ بەرە؛ زار و زیچ.

▣ **ذریەی رسول:** مندالّی پێغەمبەر؛ کەسێ کە لە تۆرەمەی پێغەمبەرە.

ذغال / zoqāl/ ☜ **زغال**

ذق / zoq/ ☜ **زق**

ذکاوت / zekāvat, zakāvat ، ـها/: [عربی] *اسم. [ادبی]* زیرەکی؛ وریایی؛ وشیاری؛ هوشیاری؛ بیرتیژی؛ بیرتێژی.

ذکر / zakar/: [عربی] *اسم. [ادبی]* چووک؛ دم؛ سیرەت؛ کیر؛ کێر؛ ئەندامی زاوزێ گوهانداری نێر.

ذکر / zekr ، ـها؛ أذکار/: [عربی] *اسم.* ۱. بیرئانی؛ بیرەوەری؛ ویرە ۲. زیکر؛ ویرد؛ نزای لە بن لێوانەوە.

▣ **ذکر خیر:** باشە؛ پەسنی پشتە سەر؛ ستایشی کەسێک لە نەبوونی خۆیدا.

ذکر مصیبت: ۱. کار یا ڕەوتی کلّووزانە؛ کرووزانەوە؛ دەربڕینی دەرد و ڕەنج یان دژواری کارێک ۲. *[شیعه]* باسی بەسەرهاتی دلّتەزێنی ئیمام حوسێن و یارانی.

▣ **ذکر شدن:** گوتران؛ وتران؛ واچیەی؛ کەوتنە بیر؛ وەبیرکەوتنەوە؛ کەفتنە بیر ‹نامی هم از او ذکر شد: ناوێکیش لەو گوترا›.

ذکر کردن: وتن؛ ناو بردن؛ یادکردن؛ گوتن؛ واتەی؛ بیر ئانینەوە؛ بیر هێنانەوە ‹این را هم ذکر کنید: ئەمەش بیژن›.

ذکر گفتن: زیکرکردن؛ دوعا کردن؛ پەیتاپەیتا نزا کردن و ویرد خوێندنەوە.

ذکور / zukûr, zokûr/: [عربی] *صفت.* کوڕ؛ نێر (زۆرتر لەمەڕ مرۆڤەوە) ‹فرزند ذکور: مندالّی نێر›.

ذکی / zakî/: [عربی] *صفت. [ادبی]* وشیار؛ هوشیار؛ هۆشیار؛ وریا؛ زرنگ؛ زیرەک؛ زیخ؛ بەهۆش.

ذلت / zellat ، ـها/: [عربی] *اسم.* ۱. زەبوونی؛ پەستی؛ ناکەسی ۲. بێچارەیی؛ بەستەزمانی؛ بەسەزوانی ❋ **ذلیلی**

ذله / zelle/: [عربی] *صفت. [گفتاری]* وەڕەز؛ وەڕەس؛ وەڕس؛ یاس؛ کەیل؛ تێداماو ‹از دستش ذله شده بودم: لە دەستی وەڕەز ببووم›: **زلّە.**

هەروەها: **ذله شدن؛ ذله کردن**

ذلیل / zalîl ، ـها/: [عربی] *صفت.* زەبوون؛ زەلیل؛ پەست؛ کەساس؛ پچووک؛ سووک؛ چرووک.

ذلیلی / zalîlî/: [عربی] ☜ **ذلّت**

ذم / zam(m) ، ـها/: [عربی] *اسم.* لۆمە؛ سەرکۆنە؛ فڕ؛ خراپەبێژی؛ کار یان ڕەوتی خراپە گوتن و فڕ پێدادان.

ذمت / zemmat/: [عربی] ☜ **ذمّه**

ذمه / zemme/: [عربی] *اسم. [ادبی]* بەڵێن؛ پەیمان؛ نگرۆ؛ گفت؛ سۆز؛ بڕیار: **ذمّت**

▣ **بر ذمه گرفتن:** وەئەستۆگرتن؛ گرتنە گەردن؛ وەئەستۆگرتنی کار یان ئەرکێک لەمەڕ دیتریەوە.

ذن / zen/: [فرانسوی از ژاپنی] *اسم.* زین؛ لە مەزهەبگەلی بوودایی کە تاکە ڕێبازی گەییشتن بە ڕاستەقانێ لە ڕێگەی بیرکردنەوە و تێڕوانینەوە دەزانێ.

ذوات / zavāt/: [عربی] جمعِ ☜ **ذات**

ذوب / zowb, zo:b ، ـها/: [عربی] *اسم.* ڕەوتی توانەوە؛ تاوینەوە؛ تاویانەوە؛ گۆڕانی ماکێکی خۆگر بە تراو بە هۆی گەرم بوونەوە.

▣ **ذوب فلز:** توانەوەی کانزا؛ جیا کردنەوەی کانزا لە بەردی کانگایی بە تواندنەوەی لە کوورەدا. هەروەها: **ذوبآهن؛ ذوبمس**

▣ **ذوب شدن:** توانەوە؛ تاوین؛ تاویان؛ تیوان؛ تاویانەوە؛ تاوینەوە؛ ئەوەتاویەی؛ تاویایوە؛ هەلیایش؛ هلمەیاسین؛ هەلیان؛ بوونە تراو. هەروەها: **ذوب کردن**

ذوذنب / zûzanab/: [عربی] ☜ ستارەی

دنباله‌دار، **ستاره**

ذوزنقه / zûzanaqe ، ـها/: [عربی]/اسم. زووزەنەقە؛ بیچمێکی چوارگۆشەی تەخت کە دوو پاڵی لە یەک ڕێژدان.

ذوق / zowq, zo:q/: [عربی]/اسم. زەوق: ۱. مەزاق؛ توانایی وەرگرتنی جوانی و چێژەی شتێک ‹خیلی بی‌ذوق است: زۆر بێ‌زەوقە› ۲. چێژە؛ توانایی وێڕای هۆگرەتی زۆر بۆ فێر بوون ‹ذوق هنری: زەوقی هونەری› ۳. *[گفتاری]* خوەشحاڵی؛ وەشحاڵی؛ کەیف‌خۆشی بە بۆنەی ڕووداوێکەوە ‹وقتی آزاد در کنکور قبول شد، پدرش خیلی ذوق کرد: کاتێ کە ئازاد لە کونکووردا سەرکەوت، بابی زۆر خۆشحاڵی کرد›.

⊡ **ذوق کسی را کور کردن:** دڵی کەسێک ساردکردنەوە؛ زەوقی کەسێ کوشتن؛ کەسێک لە کارێک سارد و بێ‌هۆگرەتی کردنەوە: **تو(ی) ذوق کسی زدن**

تو ذوق زدن: دانە ناو چاودا؛ ناحەز نواندن ‹این رنگ قرمز خیلی تو ذوق می‌زند: ئەم ڕەنگە سوورە زۆر دەداتە ناو چاودا›.

تو(ی) ذوق کسی زدن ☜ **ذوق کسی را کور کردن**

ذوقافیتین / zûqāfîyateyn/: [عربی]/اسم. دووپاشڵ؛ دووبەشاوەند؛ شیعرێک بە دوو قافیەوە.

ذوقزدگی / zowqzadegî, zo:q-/: [عربی/ فارسی]/اسم. شاگەشکەیی؛ خۆشیەکی زۆر لە ڕوودانی شتی زۆر خۆش و لەنکاو.

ذوقزده / zowqzade, zo:q-/: [عربی/ فارسی] *صفت*. شاگەشکە؛ خاوەن خۆشیەکی زۆر بە بۆنەی ڕووداوێکەوە ‹سارا خانم از دیدن پسرش ذوقزده شده بود و نمی‌توانست حرف بزند: سارا خان لە دیتنی کوڕەکەی شاگەشکە بوو، نەیدەتوانی قسە بکات›. هەروەها: **ذوقزده شدن؛ ذوقزده کردن**

ذوقی / zowqî, zo:qî/: [عربی] *صفت*. زەوقی: ۱. پێوەندیدار یان هاوگەر بە کارێکی دڵخوازەوە کە هۆی خۆشحاڵی و دڵخۆشیە ۲. پێوەندیدار بە هەستی وەرگرتنی جوانیەوە ‹نقاشی یک کار ذوقی است: وێنەکێشی کارێکی زەوقیە›.

ذهن / zehn ، ـها؛ اذهان/: [عربی]/اسم. ۱. زەین؛ سەرجەمی ئەو هیمانەی کە لە مێشکدا چالاکیگەلی وەک هەست، ئاوەز، ویست، تێفکرین و... دەرەخسێنێ ‹امروز ذهن من خوب کار نمی‌کند: ئەورۆ زەینم باش کار ناکات› ۲. بیر؛ ویر؛ هۆش؛ هزر؛ هرز؛ ئەو بەشەی مێشک کە ئاوەها کارگەلێکی وەئەستۆوە ‹نمی‌دانم در ذهن تو چه می‌گذرد: نازانم چی لە سەرتدایە› ۳. *[مجازی]* بەر؛ بیر؛ ویر؛ حافزە؛ توانایی زەینی بۆ بیر هێنانەوە یان دووپات‌کردنەوەی شتانی فێربوو ‹ به ذهن بسپار!: لە بەری کە!›.

ذهن‌گرایی / zehngerāyî/: [عربی/ فارسی] /اسم. بیرڤانی؛ ئامۆژەیەک کە بەرهەمگەلی زەینی لە چالاکیگەلی مێشک هاوێر دەکا: **اصالت ذهن**

ذهنی / zehnî ، ـها/: [عربی] *صفت*. ۱. زەینی؛ بیری؛ هزری؛ هۆشی؛ پێوەندیدار یان سەر بە زەینەوە ۲. زەینی؛ پێوەندیدار بە هێز و کاری مێشکەوە ‹حساب ذهنی: ژماردنی زەینی› ۳. خەیاڵی؛ بەرچاو هێنراو بە بیر و خەیاڵەوە. بەرانبەر: **عینی**

ذهنیت / zehnîyyat ، ـها/: [عربی]/اسم. شێواز یان چەشنی بیرکردنەوە و تێفکرین، بەتایبەت لەمەڕ دادوەری و هەڵسەنگاندنەوە.

ذهنی‌گرایی / zehnîgerāyî/: [عربی/ فارسی] /اسم. ۱. ئامۆژەیێ کە هەر بە بەرهەمگەلی زەینی بایەخ دەدا و ناسین بە داهاتی ئاگایی زەینی دەزانێ ۲. ئامۆژەیێ کە بەدەس‌هێنانی

ئەزموون یا هەستی زەینی (وەک لەزەت) بە باشترین شت دادەنێ و هەست و تێگەیشتنی هەر کەسێک بە ئەوپەڕی باشی و دروستی دەزانێ.

ذی‌الحجه / zilhacce, zelhacce /: [عربی] ☜ **ذیحَجّه**

ذی‌القعده / zilqa'de, zelqa'de /: [عربی] ☜ **ذیقَعده**

ذیحجـه / zîhacce /: [عربی]/اسم. زیحەجە؛ نەهەک؛ مانگی قوربان؛ مانگی دوانزەهەمی ساڵی کۆچی مانگی: **ذی‌الحجّه**

ذیحساب / zîhesāb ، ـها؛ ـان /: [عربی]/اسم. حەساوپشکێن؛ نوێنەری وەزارەتی دارایی لە ڕێخراوەیەکی دەوڵەتیدا.

ذیحسابی / zîhesābî ، ـها /: [عربی]/اسم. لقێک لە وەزارەتی دارایی لە ڕێخراوەیەکی دەوڵەتیدا کە کاری پشکنینی حەساوگەلی ئەو ڕێخراوەیە.

ذی‌حق / zîhaq(q) /: [عربی] صفت./ادبی/ حەقدار؛ بەحەق؛ خاوەن حەق ‹پدرم او را ذی‌حق نمی‌دانست: بابم ئەوی بە حەقدار نەدەزانی›.

ذی‌حیات / zîhayāt /: [عربی] صفت./ادبی/ گیانلەبەر؛ زیندەوەر؛ گیاندار؛ مشەکەر؛ جووقەوار ‹هیچ ذی‌حیاتی در آنجا دیده نمی‌شد: گیانلەبەرێکیشی لێ نەدەبینرا›.

ذی‌ربط / zîrabt /: [عربی] صفت. پێوەندیدار؛ پەیوەندیدار؛ بەپێوەند لەگەڵ بابەتی ڕەچاوکراودا.

ذی‌روح / zîrûh /: [عربی]/اسم. گیاندار؛ جانەوەر؛ زیندوو؛ زینوو؛ زنی؛ بوونەوەر؛ جووقەوار؛ جاندبەر؛ نزاوری.

ذی‌شعور / zîšo'ûr /: [عربی] صفت./ادبی/ مژیوەر؛ ئاوەزمەند؛ خاوەن فام؛ خاوەن توانای بیرکردنەوە ‹هیچ موجود ذی‌شعوری چنین کار نسنجیده‌ای نمی‌کند: هیچ مژیوەرێک کاری وا ڕەمەکی ناکا›.

ذی‌صلاحیت / zîsalāhîyyat /: [عربی] صفت. /ادبی/ خاوەنڕا؛ بەمشوور ‹باید یک مرجع ذی‌صلاحیت به این کار رسیدگی کند: پێویستە شوێنێکی خاوەنڕا بەم کارە ڕابگا›.

ذی‌علاقه / zî'alāqe /: [عربی] صفت./ادبی/ خوازیار؛ خاوەن دڵخوازی، سەرنج یان مافێک لە ئاست شتێکدا ‹مؤسسات ذی‌علاقه می‌توانند با ما تماس بگیرند: ڕێخراوەگەلی خوازیار دەتوان پێوەندیمان لەگەڵ بگرن›.

ذیقعده / zîqa'de /: [عربی]/اسم. زیقەعدە؛ ناڤجەژنان؛ مانگی نێوان شەشەکان و قوربان؛ مانگی یازدەهەمی ساڵی کۆچی مانگی: **ذی‌القعده**

ذی‌قیمت / zîqeymat, zîqîmat /: [عربی] صفت. /ادبی/ هێژا؛ بەبایەخ؛ پڕبایەخ؛ بایەخدار؛ بەنرخ؛ بەئەرزش؛ هەژی؛ کوک؛ حەلکی؛ بایەدار؛ هاولە؛ کاو ‹از خدمات ذی‌قیمت او به مردم شهر قدردانی شد: لە ڕاژەگەلی هێژای ئەو بۆ خەڵکی شار ڕێزگیرا›.

ذیل / zeyl /: [عربی]/اسم./ادبی/ ۱. خوار؛ وار؛ خوارەوە؛ ژێر؛ پەین؛ داوێن ‹از صدر تا ذیل: لە سەر تا خوار› ۲. ژێرەوە؛ ژێرۆ؛ خوارەوە؛ خوارۆ ‹در ذیل این نوشته بیان می‌شود: لە ژێرەوەی ئەم نووسراوەدا دەگوترێ› ۳. /ـها/ پاشینە؛ نووسراوەیەک کە لە دووی نووسراوەیەکی‌تردا و بۆ تەواو کردنی هاتبێت.

ذیلاً / zeylan /: [عربی] قید./ادبی/ لە ژێر؛ لە خوار؛ لە ژێرەوە؛ لە خوارەوە؛ وارەنە؛ پەینەنە ‹اسامی آنان ذیلاً ذکر می‌شود: ناویان لە خوارەوە دێ›.

ذی‌نفع / zînaf' /: [عربی] صفت. بەشدار؛ خاوەن ماف؛ سەرقاڵ بە کارێک و بەهرەدار لە ئاکامی ‹آزاد در آن کار ذی‌نفع بود: ئازاد لەو کارەدا بەشدار بوو›.

ر

ر / r/: *حرف.* نیشانەی دوازدەهەمین پیت لە ئەلفوبیتکەی زمانی فارسی.

ر / re/: *اسم.* ڕێ: ١. ناوی دوازدەهەم پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی ٢. *[موسیقی]* [فرانسوی] ناوی دووهەمین نوت لە گامی دیاتۆنیکدا.

رآلیست / re'ālîst ، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* ڕیئالیست؛ لە سەر ڕێبازی ڕێئالیسم: **رئالیست**

رآلیسم / re'ālîsm/: [فرانسوی] *اسم.* ڕیئالیسم: ١. ئۆگرەتی و ئاوڕ دانەوە لە هەڵکەوتە و کار و باری گونجاو و بە دوور لە خەیاڵپەروەری ٢. ئامۆژەیەک کە جیهان بە هەڵکەوتەیێکی دەر لە زەینی مرۆ دەزانێ ٣. بڕوا بەوەی کە هەرچی بەهۆی بیر و هزرەوە دەناسرێت، خاوەنی هەبوونێکە لە جیهاندا ٤. ئەمەگداری لە سروشت یان ژیانی ڕاستەقینە و لێ ورد بوونەوەی بەبێ خەیاڵپەروەری.

را[1] / rā/: [عربی] *اسم.* ڕا؛ ناوی عەرەبی دوازدەهەمین پیتی ئەلفبێی فارسی.

را[2]: *حرف.* ١. نیشانەی بەرکاری بێ‌پێناو (مفعول بی‌واسطە)؛ لە کوردیدا نیشانەیەکی تایبەتی نیە بەڵام بۆ بێژگە لە مرۆ، لەگەڵ نیشانەی ناسیاویدا (معرفە) هاوڕێیە ‹کتاب را خریدم: کتێبەکەم کڕی› ٢. لەمەڕ؛ لەبارەی؛ دەربارەی؛ جەبارەو ‹علی را می‌گفت: لەمەڕ عەلیەوە دەیگوت› ٣. *[ادبی]* لەبارەی؛ دەربارەی؛ جێگری «بە»ی بەرکاری ‹دانایی را گفتند: بە زاناییکیان گوت› ٤. *[ادبی]* لە؛ جە؛ نە؛ ژ؛ جێنشینی «أر» ‹قضا را: لە چارەنووسدا› ٥. *[ادبی]* بۆ؛ پەی؛ ژبۆ؛ لەبەر؛ وەروو ‹خدا را: بو خودا›.

راب / rāb ، ـها/: [؟] *اسم.* ڕاب؛ گیانەوەرێکی لەش‌نەرمە زۆر لە شەیتانۆکە دەکا.

رابط / rābet ، ـها/: [عربی] *اسم.* پەیوەندیدەر: ١. ئەوەی دوو یان چەند شت پێکەوە پەیوەند دەدا ‹سیم رابط: سیمی پەیوەندیدەر› ٢. /ـان: ـین/ پەیوەندیکار؛ نێوانچی؛ بەریوان؛ کەسێ کە هۆی پەیوەندی نێوان خەڵک یان ڕێکخراوەیەکە ‹رابط میان دولت و مردم: پەیوەندیکاری نێوان دەوڵەت و خەڵک›.

رابطە / rābete ، ـها؛ روابط/: [عربی] *اسم.* پەیوەندی: ١. نێوان؛ دۆخ یان چۆناوچۆنیەک کە دوو یا چەند شت یان بەش بە شتێک یان کارێکی‌ترەوە پەیوەند دەدا ‹رابطەی سیاسی: پەیوەندی سیاسی› ٢. بەرامبەری؛ فورموول؛ قانوون یان بنەمایەکی گشتی لە زانستی بیرکاریدا بۆ گەییشتن بە ئامانجێک دەگوترێتەوە ‹رابطەی نیوتُن: فرموولی نیوتون› ٣. *[دستور]* ـیە؛ ـە؛ ـە؛ ـن؛ ـا؛ ـنە؛ وشەیێ کە «مسند» و «مسندالیە» پێکەوە پەیوەند دەدا (خدا

دانا است: خودا زانايە).

▣ **رابطەی بازتابی/ انعکاسی**: پەیوەندییەک لە کۆمەڵەیەکدا کە هەر کام لە بەشەکانی، پەیوەندەکەیان بگەڕێتەوە بۆ خۆیان.

رابطەی جنسی: تێکەڵاوی نێر و مێ؛ خلێنە و بلێنەیێ لە نێوان ژن و پیاودا کە بە تێکەڵ بوون و عیلاقە کردن بگا.

رابطەی زناشویی: پەیوەندی ژن و مێردایەتی؛ پەیوەندی نێوان ژن و شوو.

رابطەی سببی: خزمایەتییێک کە بە هۆی ژن و ژنخوازەوە پەیدا بووبێ.

رابطەی متقابل: پەیوەندی دووقۆڵی؛ پەیوەندی بارتەقایی؛ پەیوەندی نێوان دوو یان چەن لایەن بە شێوەیێک کە لە هەموو بارێکەوە وەک یەک بێنەوە.

رابطەی متقارن: پەیوەندی پابەپا؛ پەیوەند بە شێوەیێک کە هەر تاکێک لەگەڵ تاکێکیتردا پەیوەندی دووقۆڵی هەبێ.

رابع / 'rābe/: [عربی] *صفت. [ادبی]* چوارەم ‹رکن رابع: بنەمای چوارەم›.

رابعاً / rābe'an/: [عربی] *قید. [ادبی]* چوارەم؛ لە چوارەمدا ‹رابعاً معلوم کنید مقدار آب مصرف شده را: چوارەم روون کەنەوە چ ڕادەیەک ئاو بەکار چووە›.

رابی / rābî/: *اسم.* ڕابی؛ سەرناوێکی ڕێزگرانە بۆ ناونانی دیناوەرانی جوولەکە و ئاشووری، بە واتای مامۆستا یان فێرکار.

راپرت / rāport ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ١. *[نامتداول]* گرێبەند؛ سالۆخ؛ سالخ؛ ڕاپۆرت؛ ڕاپۆڕ؛ ڕاژە گوتنەوەی ڕووداوێک ٢. *[کنایی]* کار یان ڕەوتی هایدان؛ خەبەر لێدان بە نووسین؛ هەواڵی کەسێک، ڕووداوی دانیشتنێ یان کۆڕێک، بە کەسێ یان شوێنێک دان.

▣ **راپرت دادن**: ١. سالۆخ دان ٢. *[کنایی]* شۆفاری کردن؛ قسە هێنان و بردن؛ سیخوڕی کردن؛ دزنێرۆیی کردن.

راپرتچی / rāportčî ، ـها؛ ـان/: [فرانسوی/ ترکی] *اسم. [نامتداول]* ١. هایدەر؛ سالۆخڤان ٢. سیخوڕ؛ شۆفار؛ دزنێرۆ؛ زیدەڤان؛ زیدەوان.

راپسودی / rāpsodî/: [فرانسوی] *اسم.* ڕاپسوودی؛ جۆرێک مووسیقای ڕۆژاوایی.

راپید / rāpîd/: [فرانسوی] ☜ **راپیدُوگراف**

راپیدوگراف / rāpîdog(e)rāf ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ڕاپید؛ چەشنێ پێنووسی هێڵکێشان بە سەر قەڵەمی جۆراوجۆرەوە: **راپید**

راتبه / rātebe ، ـها/: [عربی] *اسم.* ڕاتبە؛ ڕاتوە؛ بوورس؛ مووچەی خوێندن.

راتبه‌گیر / rātebegîr ، ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* مووچەخۆر؛ بوورسیە.

راتیانج / rātiyānc/: [معرب از یونانی] *اسم.* شرێز؛ چرێژ؛ کەتیرای داری کاج: **راتیانه**

راتیانه / rātiyāne/: [معرب از یونانی] ☜ **راتیانَج**

راج / rāc/ ☜ **خاس**

راجع / 'rāce/: [عربی] *اسم.* ١. وەگەڕ؛ ئەواگێڵ؛ ڤەگەڕەوە ٢. *[موسیقی]* گۆشەیەک لە دەزگای نەوا و همایون.

▣ **راجع به**: سەبارەت بە؛ لەمەڕ؛ لەبارەی؛ دەربارەی؛ جەبارەو ‹نشستند و یک ساعت راجع بە کار آزاد حرف زدند: دانیشتن و سەعاتێک سەبارەت بە کاری ئازاد قسەیان کرد›.

راجعه / rāce'e/: [عربی] ☜ تب راجعه، **تب**

راجه / rāce ، ـها/: [سنسکریت] *اسم. [قدیمی]* ڕاجە؛ نازناوی ئاغا و گەورەی خێڵ لە هێندا.

راجی / rācî/: *اسم.* ڕاجی؛ هەر یەکە لە بنزاراوە جۆراوجۆرەکانی باوی زمانی فارسی لە ناوەندی ئێراندا (وەکوو کاشان، دلیجان و دێهاتەکانی دەوروبەری تاران).

راحت[1] / rāhat/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ئاسوودەیی؛ هێسایی؛ ئاسایش؛ تەنایی؛ تەناهی؛ ڕاحەتی؛

ڕەحـەتی ‹اسباب راحت او هم فراهم شد: هـۆی ئاسوودەیی ئەویش پێکهات›.

▣ **راحت جان:** */ادبی/* ئارامی گیان؛ ئارامی دڵ؛ ڕاحەتی جەستە؛ ئارامی ژین؛ هـۆی ئـارامی و تەنایی گیان ‹راحت جان باش و باش!: ببە و ئارامی گیانم بە!›.

راحت[2]: *صفت.* ئاسوودە؛ ڕەحەت: ١. ڕاحەت ‹خواب راحت: خەوی ڕاحەت› ٢. خۆش؛ هـۆی ئاسایش ‹جای راحت: جێگای ئاسوودە› ٣. ڕاحەت؛ ئاسوودەحاڵ؛ تەخت؛ دڵدامەزراو ‹در آنجا راحت است: لەوێ ئاسوودەیە› ٤. ئاسان؛ هاسان ‹کار راحت: کاری ئاسان›. هەروەها: **راحت بودن؛ راحت شدن؛ راحت کردن**

راحت[3]: *قید.* ئاسان؛ هاسان؛ بەئاسانی؛ ڕەحەت؛ بەڕاحەتی بەبێ سەختی و دژواری ‹راحت رفت توی سوراخ: ئاسان ڕۆیشتە ناو کونەکەوە›.

راحت‌افزا / rāhat'fzā/: [عربی/ فارسی] *صفت.* */ادبی/* هەداگەشێن؛ ئاسایشدەر؛ هـۆی زۆر بوونەوەی ئاسایش.

راحت‌الحلقوم / rāhatolholqûm ، ـها/: [عربی] *اسم.* ڕەحەت؛ جۆرە شیرنیەکە لە نشاستە، شەکر و مزرەمەنی چێدەکرێ.

راحت‌باش / rāhatbāš/: [عربی/ فارسی] *اسم.* */نظامی/* ١. فەرمانێ کە نیشانەی دوایی هاتن یان پشوودانێکی کورت لە ڕاهاتنی چەکداریدایە ٢. دۆخی وچان دان و حەسانەوە.

راحت بخش / rāhatbaxš/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ڕاحەتیدەر؛ ئارامبەخش.

راحت‌طلب / rāhat.talab ، ـها؛ ـان/: [عربی] *صفت.* ئاسایشخواز؛ ئاسوودەییخواز؛ خاوەن خوو یان ئۆگرەتی بە ئاسایشخوازی.

راحت‌طلبی / rāhat.talabî ، ـها/: [عربی] *اسم.* ئاسایشخوازی؛ ئاسوودەخوازی؛ گرنگی دان بە ئاسایش و ڕاحەتی خۆ.

راحتکده / rāhatkade ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* */ادبی/* پشووگە؛ هەداهۆ؛ شوێنێ (وەکوو ماڵ) کە کەسێ تێیدا هەست بە ڕەحەتی دەکا.

راحتی[1] / rāhatî/: [عربی] *اسم.* ئاسایش؛ ئاسوودەیی ‹راحتی من در رضایت شماست: ئاسایشی من لە ڕەزامەندی ئێوەدایە›.

راحتی[2]: *صفت.* ئاسوودە؛ ڕاحەت؛ هۆی ئاسایش ‹کفش راحتی: پێڵاوی ئاسوودە›.

راد / rād ، ـان/: *صفت.* */ادبی/* ١. جوامێر؛ پیاوچاک؛ مێرخاس؛ مێرخوز؛ دلێر؛ ئازا؛ گەڕناس ٢. دەسواز؛ بەخشندە ٣. زانا؛ ژیر.

رادار / rādār ، ـها/: [فرانسوی از انگلیسی] *اسم.* ڕادار؛ دیارکەر؛ کەرەسەیەک بـۆ دیاریکردنی جێی شتێ بە هۆی شەپۆلی ڕادیۆییەوە.

رادع / rāde'/: [عربی] *اسم.* */ادبی/* لەمپەر؛ بەرهەڵست؛ چەت؛ بەرگر؛ پەرچەدەر؛ بەرپەرچدەر؛ گەپل؛ داردەست؛ ئەوەی لە کار یان ڕووداوێک بەرگیری بکا ‹در این راه هیچ مانع و رادعی نیست: لەم ڕێگەدا هیچ لەمپەر و کۆسپێک نیە›.

رادمرد / rādmard ، ـان/: *صفت.* */ادبی/* جوامێر؛ جۆمەرد؛ ئازا؛ خۆشمرۆ؛ کەڵەمێر؛ کەڵەپیاو؛ پیاویپیاو؛ ڕەند؛ مێرخاس؛ عەگید؛ پیاگخاس؛ خاوەن گەدی چاکی (وەک بەخشندەیی، خێرخوازی و بوێری و...).

رادون / rādon/: [فرانسوی] *اسم.* ڕادون؛ توخمێکی کیمیاوی ڕادیۆئەکتیڤ لە گرۆی گازە نایابەکان، بە ژمارەی ئەتومی ٨٦ و کێشی ئەتومی ٢٢٢: **نیتون**

رادی / rādî/: *اسم.* */ادبی/* پیاوەتی؛ جوامێری؛ گەڕناسی.

رادیاتور / rādiyātor ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ڕادیاتۆر: ١. شۆفاژ؛ جۆرێ کەرەسەی گەرم کردنی ژوور بە کۆمەڵێ لوولە یا پەرەی ناوخاڵی بۆ هاتوچووی ئاوی گەرم ٢. جۆرێ کەرەسەی فێنکەوکەری موتوری ماشین.

رادیـــان / rādiyān/: [فرانســوی]/اسـم. [ریاضــی] ڕادیــان؛ یەکــەی پێومــانی چــەماوە و گۆشــە بەرانبەری ۵۷ پلــەک (دەرەجــە) و ۳۰ خولــەک (دەقیقە).

رادیس / rādîs/: [؟]/اسم. [ریاضی] بنەما.

رادیکــال[1] / rādîkāl، ـــهـا/: [فرانسـوی]/اسـم. ڕادیکــاڵ: ۱. نیــشانەیەک بــە بیچمــی √ کــە ئەگــەر ژمارەیــێ دە ژێریــدا جــێبگــرێ، پێویستە ڕیشەی (بە پێی هەنـدی دیـاریکراو لـە فورجـــەی ڕادیکاڵـــدا) بـــەدەســـت بێـــت ۲. ڕیـــشەی دیـــاریکراوی ژمارەیـــەک(√[2] نیـــشانەی ڕیـــشەی دووهـــەم، √[3] نیـــشانەی ڕیـشەی سـێهەم و√n نیـشانەی ڕیـشەی nەمـی هەندێکە): **ریشگی** ۳. [شیمی] بنەما؛ پێز.

رادیکــال[2] / ـــهـا/: صـفت. [سیاسـت] ڕادیکــاڵ: ۱. بنیـاتخواز؛ لایـەنگری گۆڕانکـاری بنـەمایی، شێواز یـان پێکهاتگـەل ‹حـزب رادیکـال: حیـزبی رادیکال› ۲. توند و تیـژ ‹نیروهـای رادیکـال: هێـزە رادیکالەکان›.

رادیکالیـــسم / rādîkālîsm/: [فرانـــسوی]/اســـم. [سیاست] ۱. بنیاتخوازی ۲. توند و تیژی.

رادیـــم / rādiyom/: [فرانـــسوی]/اســـم. ڕادیـــوم؛ تـوخمی کیمیـاوی کـانزایی ڕادیۆئـەکتیڤ بـە ژمارەی ئەتومی ۸۸ و کێـشی ئـەتومی ۲۲۶٫۰۲ کە کانزایەکی سپی و سـەممی و بریقـەدارە لـە دەوا سازیدا بەکار دێ. لە هەڵوەشـانەوەی ئـەم توخمە ڕادۆن بەدی دێ.

رادیو / rād(i)yo/: [فرانسوی]/اسم. ڕادیۆ: ۱. /ـها/ ئامرازی ڤەگری شەپۆلی دەنگی کـە لـە لایـەن ئێزگەیێکـەوە دەنێـردرێن ‹یـک رادیـوی ۱۰ مـوج خریدم: رادیۆیێکی ۱۰ مـەوجم کـڕی› ۲. [مجـازی] ئێزگـــەی ڕادیـــۆ ‹کودتاچیـــان رادیـــو را گرفتنـــد: کودەتاچیەکان ڕادیۆیان گرت›.

رادیوآکتیـــو / rādiyoāktîv/: [فرانـــسوی] ☜ **پرتُوزا**

رادیوآکتیویتــــه / rādiyoāktîvîte/: [فرانـــسوی] ☜ **پرتُوزایی**

رادیوایزوتوپ / rādiyoîzotop/: [فرانسوی]/اسم. ئیزوتـۆپی ڕادیـۆئـەکتیڤ؛ ئیزوتۆپێـک کـە لـە خۆیەوە تیشک ئەداتەوە.

رادیوئی / rād(i)yo'î/: [فرانسوی] ☜ **رادیویی**

رادیوتراپی / rādiyot(e)rāpî/: [فرانسـوی]/اسـم. تیشکدەرمانی.

رادیوتلسکپ / rādiyoteleskop/: [فرانسوی]/اسم. تلسکوپ رادیویی ☜ **تلسکوپ**

رادیوساز / rādiyosāz، ـها/: [فرانسوی/ فارسی] /اسم. ڕادیۆساز؛ چاکەوکەرەوەی ڕادیۆ.

رادیوســـازی / rādiyosāzî/: [فرانـسوی/ فارسـی] /اسم. ڕادیۆسـازی: ۱. کـار یـان ڕەوتی دروسـت کردنەوەی ڕادیـۆ ۲. /ـها/ کارخانـەی دروسـت کردنی ڕادیۆ ۳. /ـها/ کارگەی چاک کردنـەوەی ڕادیۆ.

رادیوســـکپی / rādiyoskopî/: [فرانـسوی]/اسـم. ڕادیۆسـکۆپی؛ کـاری چـاو لـە شـتێک کـردن (بەتایبەت ئەندامی نەخۆش) لە ڕێی بەدەسهێنانی وێنەیـەک لـە ئـەو ئەندامـە، بـە کەرەسـەی ڕادیۆگرافی.

رادیوشـــیمی / rādiyošîmî/: [فرانـسوی]/اسـم. ڕادیۆشیمی؛ لقێ لە زانستی شیمی کە لە مـاک و دیاردەگەلی تیـشکزا دەکۆڵـێتەوە. هـەروەها: **رادیوشیمیدان**

رادیوضبط / rādiyozabt، ـها/: [فرانسوی/ عربـی] /اسم. ڕادیۆزەبت؛ کەرەسـەی ڕایـۆ و تۆمارکـەر و بڵاوکەرەوەی نەواری کاسێت پێکەوە.

رادیـــوگرافی / rādiyog(e)rāfî/: [فرانـــسوی] /اسـم. ڕادیـۆگرافی؛ کـار یـان ڕەوتی وێنـە بـە دەسـهێنان، بـە هـۆی کەرەسـەی تاوێنـەری تیشکی ئیکسەوە.

رادیوگرام / rādiyog(e)rām، ـــها/: [فرانسوی] /اسم. ڕادیۆگرام: ۱. کەرەسەی ڕادیۆ و گرامـافۆن

پێکەوە ۲. فیلمێ کە تیشک بە ڕوویەوە تاو دراوە.

رادیــــولۆژی / rādiyolojî/: [فرانسوی]/اسم. ڕادیۆلۆژی: ۱. کار و ڕەوتی لێڕوانین و ناسینی نەخۆشی و تەوەرگەلی لەش بە کەڵک وەرگرتن لە تیشکی ئیکس ۲. زانست و زانیاری پێوەندیدار بە تیشکی ئیکس بۆ ڕادیۆگرافی و ڕادیۆسکوپی ❋ **پرتوشناسی** ۳. دامەزراوە یان شوێنێک کە ڕادیۆگرافی تێدا ئەنجام دەدرێ.

رادیولۆژیست / rādiyolojîst ، ـها/: [فرانسوی] /اسم. ڕادیۆلۆژیست؛ پسپۆڕی ڕادیۆلۆژی؛ تیشکناس.

رادیومتر / rādiyometr ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ڕادیۆمیتر؛ هەر یەکە لە کەرەسەگەلی ئەندازە گرتنی گوژمەی وزەی تابشتی.

رادیویی / rādiyoyî/: [فرانسوی] صفت. ڕادیۆیی: ۱. پێوەندیدار یان سەربە ڕادیۆ ۲. تابشتی ❋ **رادیوئی**

راز / rāz ، ـها/:اسم. ڕاز: ۱. سڕ؛ نهێنی؛ میانی؛ مەلامەت؛ ڤەشری؛ ڤەشارتی؛ وشێرنەو؛ وشنەو؛ وشێرو؛ وشمەو؛ ڤەسهان؛ ڕووداوێک کە لە دیتران دەشاردرێتەوە ‹آزاد، راز عشقش را در دل پنهان کرده بود: ئازاد، ڕازی ئەوینی خۆی لە دڵدا شاردبووەوە› ۲. [مجازی] ڕازە؛ نهێنی؛ **گلکار**؛ توو؛ ئەو شتە کە چۆنیەتیەکەی بۆ کەس ڕوون نیە ‹روح، رازی است پوشیده بر انسان: ڕۆح، ڕازێکی لە مرۆ داپۆشراوە› ۳. [مجازی] ڕەند؛ ڕەنگ؛ ڕەمز؛ ڕێباز و شێوازی گەیشتن بە شتێک ‹راز تندرستی: ڕازی لەشساغی› ❋ **سِرّ**

▣ **راز سر به مهر**: [ادبی] ڕازی نەدرکاو؛ ڕازێک وا داپۆشراو ماوە و کەسی لێ ئاگادار نیە.

رازدار / rāzdār ، ـان/: صفت. ڕازدار؛ پەردەپۆش؛ ڕازهەڵگر؛ ڕازگر؛ ڕازیار؛ ڕازپارێز؛ سڕ قایم؛ پارێزەری ڕازی دیتران ‹او انسانی رازدار و قابل اعتماد بود: مرۆڤێکی ڕازدار و جێ باوەڕ بوو›.

هەروەها: **رازداری**

رازقی / rāzeqî ، ـها/: [عربی]/اسم. ڕازقی؛ یاسی ڕازقی؛ دارچکێکی گەڵاپانە لە تیرەی زەیتوون کە گوڵەکەی بۆنێکی زۆر خۆشی هەیە.

رازک / rāzak ، ـها/:اسم. گیایەکی ئالیکی چەند ساڵەی خۆڕسکە، بەرێکی بۆنخۆش و تاڵی هەیە بۆ بیرەسازی و دەرمان کەڵکی لێ وەردەگرن.

رازونیاز / rāz-o-niyāz/:اسم. ڕاز و نیاز؛ سکاڵا؛ وتووێژی خۆشەویستانە؛ گازە ‹او هر شب با خدا راز و نیاز می‌کرد: هەموو شەوێ لەگەڵ خودا ڕاز و نیازی دەکرد›.

رازی / rāzî/: صفت. ڕازی؛ پێوەندیدار یان سەر بە شاری «ڕەی»، لە باشووری شاری تاران.

رازیانه / rāziyāne ، ـها/: [کُردی]/اسم. ڕازیانە؛ ڕاژانە؛ ڕەزنە؛ ڕزیانک؛ هەبۆسان؛ هەپۆسان؛ گیایەکی ئالیکی و بۆنخۆشە بە ڕیشووی قایم، لاسکی بەرز، بەری درێژی سەوزڕەنگ و تامی شیرینەوە کە بۆ دەرمان دەشێ: **بادیان**

رأس / ra's ، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. لووتکە؛ سەر؛ پۆپە؛ سەرچڵ؛ سەرچلۆپە؛ دوند؛ ترۆپک؛ دهار؛ چڵەپۆپە؛ نووک؛ ملە؛ گاز؛ بەرزترین خاڵ، شوێن یان پێگەیەک ‹راس کوه: لووتکەی کێو› ۲. سەر؛ قۆق؛ یەکەی ژماردنی ئاژەڵ و چوارپێ ‹پنج راس اسب: پەنج سەر ئەسپ› ۳. / رئوس/ [هندسه] ئەو خاڵەی کە بە هۆی لە یەکدانی دوو یان چەند هێڵی هەندەسی لە شوێنێکدا دروست دەبێ ٤. [جغرافیا] کەپۆڵ؛ کەپۆلک؛ کاپۆلک.

رأس / ra'se/: [عربی] حرف. لە سەر؛ سەروو؛ سەری؛ لە سەرەتای؛ لە کاتی ‹سخنرانی رأس ساعت هفت شروع شد: وتاربێژیەکە لە سەر سەعاتی حەوتدا دەستی پێکرد›.

رأساً / ra'san/: [عربی] قید. بە تەنیا؛ بەتەنیایی؛ تەنیایی؛ بۆخۆ؛ بە تەنێ؛ بە هۆ

یان لە لایەن خودی کەسەوە بە بێ دەستێوەردانی دیتری ‹در مورد خراب کردن دیوار، او راساً شروع کرد: لەمەڕ ڕووخاندنی دیوارەکەوە، بە تەنیا دەستی پێکرد›.

رأس‌الجاثی / ra'solcāsî /: [عربی] *اسم. [نجوم]* برجی سەگی شوان؛ هەسارەیەک لە برجی شواندا.

رأس‌الجدی / ra'solcadî /: [عربی] *اسم.* برجی گیسک؛ خاڵێکی گریمانەیی لە سەرەتای بورجی جەدیەوە، کە کاتێ خۆر دەگاتە ئەو شوێنە، سەرەتای هەڵگەڕانەوەی زستانەیە.

رأس‌السرطان / ra'sossaratān /: [عربی] *اسم. [نجوم]* برجی قرژاڵ؛ خاڵێ گریمانەیی لە سەرەتای برجی قرژاڵەوە و کاتێ خۆر دەوێدا دەبینرێ، سەرەتای هەڵگەڕانەوەی هاوینیە.

رأس‌الغول / ra'solqûl /: [عربی] *اسم. [نجوم]* برجی دێو.

راسب / rāseb /: [عربی] *صفت.* بنەنیش؛ پەگر؛ گیرهە؛ بە تایبەتمەندی یان توانایی نیشتنە بنەوە.

راست[1] / rāst /: *اسم.* ڕاست؛ ڕاس: ١. ئەو لایەی کە ئەگەر بەرەو ڕووی باشوور ڕاوەستین لە ڕۆژاوایە و ئەگەر ڕوو لە باکوور کەین لە ڕۆژهەڵاتە ٢. ئەو نیوە لە لەش کە دڵ لە بەرامبەریدایە. بەرانبەر: **چپ** ٣. *[موسیقی]* گۆشەیەک لە دەزگای ڕاست پەنجگادا.

راست[2]: *صفت.* ڕاست؛ ڕاس: ١. دروست؛ حەل؛ ڕێک لەگەڵ ڕاستەقینەدا ‹خبر راست: هەواڵی راست› ٢. ڕێک؛ لوور؛ تەخت؛ ڕەق؛ قنج؛ قیت؛ بەل؛ تاو؛ گەز؛ بێ خێچی و خواری ‹خط راست: هێڵی راست› ٣. جێگر لە لای ڕاستەوە ‹چشم راست: چاوی راست› ٤. *[مجازی، سیاست]* پاوانخواز.

▣ **به راست ـ راست:** سووڕ بە لای ڕاستەدا.

نظر به راست ☜ **نظر**

▣ **راست آمدن:** ١. ڕێک هاتن؛ ڕێک کەوتن؛ جۆر بوون؛ ڕاست هاتن؛ باش سووران؛ دروست بوون؛ بە دەستەوە هاتن؛ باش هاتن؛ بارهاتن؛ جۆر هاتن؛ ڕێک ئامەی؛ ڕێک کەوتەی ‹همەی کارها راست آمد: هەموو کارەکان ڕێک‌هاتن› ٢. *[نامتداول]* پێ‌گەیشتن؛ تووش‌هاتن؛ ڕووبەڕوو بوونەوە؛ یاوەپنەی ‹بە پیرمردی راست آمد و از او نام و نشان پرسید: گەیشتە پیرەپیاوێک و ناونیشانی لێ پرسی›.

راست دانستن/ شمردن: بڕوا کردن؛ باوەڕ پێ‌کردن؛ باوەرکەردەی؛ بە ڕاست زانین.

راست درآمدن: هاتنە دی؛ ڕاست هاتنەوە؛ بەڕاست دەرچوون؛ وەدیهاتن؛ بەدیهاتن؛ ڕوودان؛ بەگا ئامەی؛ بەڕاس بەرشیەی؛ ڕێک بەرئامەی ‹همەی حرفهای پدرم راست درآمد: گشت قسەکانی باوکم هاتنەدی›.

راست شدن: ڕاست بوونەوە؛ زەق و ڕەپ بوون؛ هەستان؛ قنج بوونەوە؛ قیت بوونەوە؛ لەباری چەماوەیی و لاری دەرهاتن. هەروەها: **راست کردن**

راست گفتن: ڕاست وتن؛ ڕاست گوتن؛ ڕاست کردن؛ ڕاست کرن؛ چۆک کردن؛ ڕاس واتەی: ١. ئاخافتنی بێ‌درۆ؛ وتنی ئەوەی کە ڕاستە ‹فهمیدم راست می‌گوید: زانیم ڕاست دەڵێ› ٢. وتنی ئەو شتەی دروست و لە ڕووی ئاوەزەوەیە ‹راست می‌گویی، باید همین کار را بکنیم: ڕاست دەکەی، دەبێ هەر ئەو کارە بکەین›.

راست[3]: *قید. [گفتاری]* ڕاس؛ ڕاست: ١. ڕێک ‹راست رفت توی سوراخ: ڕاس چووە نێو کونەکەوە› ٢. لای ڕاستەوە؛ ڕاسەوانە؛ بەلای ڕاستەوە ‹بپیچ به راست: بپێچە بۆ لای ڕاستەوە›.

راستا / rāstā /: *اسم.* ڕاستا؛ ڕاسا: ١. *[ریاضی]* درێژایی ٢. لا؛ ڕوو؛ ڕووبە؛ بەرەوگە؛ سۆ؛ گاز ‹در

راستای سیاستهای دولت بود: لە راستای سیاسەتەکانی دەوڵەتدا بوو›.

راستاحسینی / rāstāhoseynî/ ☜ [فارسی/ عربی] **راست و حسینی**

راستباز / rāstbāz/: *صفت. [ادبی]* کارچاک؛ دروستکار؛ ڕاستکار. هەروەها: **راستبازی**

راستبالا / rāstbālā/: *صفت. [ادبی]* نەمام؛ بەژن ڕێک.

راستبرتری / rāstbartarî/: *اسم.* ڕاستزاڵی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتیەک کە لای ڕاستی لەش لە لای چەپ بەهێزتر بێ. بەرانبەر: **چپبرتری**

راستبین / rāstbîn/: *صفت.* ڕاسبین؛ حەقیقەتبین؛ بە لێهاتوویی ناسینەوەی ئەوی ڕاستەقینەیە.

راستپنجگاه / rāstpancgāh/: *اسم.* ڕاست پێنجگا؛ دەزگایەک لە مۆسیقای ئێرانی بە گامێ وەک دەزگای ماهوورەوە: **پنجگاه**

راستدست / rās(t)dast، ـها/: *صفت.* ڕاسیل؛ ڕاسدەس؛ ڕاستدەست؛ ڕاستەوانە؛ ڕاستە؛ بە خوو یان ئۆگرەتی کارکردن بە دەستی ڕاست. بەرانبەر: **چپدست**

راستدستی / rās(t)dastî/: *اسم.* ڕاسیلی: ١. ڕاستدەسی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕاستدەست بوون ٢. دۆخی هۆگریەکی زۆرتر بۆ بەکارهێنانی دەستی ڕاست ❋ بەرانبەر: **چپدستی**

راسترودە / rāstrûde/: *اسم.* ڕیخۆڵەی کۆم؛ دواین بەشی ڕیخۆڵە گەورە.

راستشکافت / rāstšekāft/: *صفت. [زمین‌شناسی]* ڕاسەگاز؛ ڕاستکەلشت؛ خاوەن ڕوویەکی شکێرداری ئەستوونی بە سەر یەکتردا.

راستکی / rāstakî/: *صفت. [گفتاری]* ڕاستەقینە؛ ڕاستەقانی؛ ڕاستەکینە؛ ڕاسینە؛ ڕاسکینە؛ ڕاستەکی؛ ڕاسی- ڕاسی ‹هواپیمای راستکی بود: فڕۆکەیێکی ڕاستەقینە بوو›.

راستگر / rāstgar/ ☜ **یکسوساز**

راستگرا / rāstgerā، ـها؛ ـیان/: *صفت. [سیاست]* پاوانخواز؛ ڕاستەوگر؛ ڕاستگراف؛ خوازیاری پاراستنی باری دامەزراو و دژ بە گۆڕانکاری.

راست گرایی / rāstgerāyî/: *اسم.* پاوانخوازی؛ ڕاستەوگری؛ ڕاستگراقی؛ دۆخ یان چۆنیەتی پاوانخواز بوون.

راست گرد / rāstgard/ ☜ **راستگردان**

راستگردان / rāstgardān/: *صفت.* ڕاست گەڕ؛ ڕاستخول؛ ڕاسگێل؛ بە گەڕانەوە یان جووڵانەوە بە لای ڕاستدا: **راستگرد**

راستگو / rāstgû، ـها؛ یان/: *صفت.* ڕاستبێژ؛ ڕاستوێژ؛ ڕاستدەر؛ ڕاستگۆ؛ ڕاستۆک؛ قسەڕاست؛ ڕاسواچ؛ دوور لە فشە و درۆ. بەرانبەر: **دروغگو**

راستگوشه / rāstgûše، ـها/: *صفت.* ڕاستگۆشە؛ بە یەک یان چەند سووچی ٩٠ دەرەجەوە ‹مثلث راستگوشه: سێ‌گۆشی راستگوشه›.

راستگویی / rāstgûyî، ـها/: *اسم.* ڕاستوێژی؛ ڕاسبێژی؛ ڕاستگۆیی؛ ڕاسواچی؛ کردەوە یان ڕەوتی قسەی ڕاست کردن ‹از راستگویی ضرر نمی‌کنی: لە ڕاستوێژی زیان نابینی›.

راستوجهی / rāstvachî، ـها/: [فارسی/ عربی] *صفت.* ڕاست پاڵوو؛ بە چەن ڕووی دووبەدووی ڕاست بە سەر یەکدا.

راست‌وحسینی / rāst-o-hoseynî/: [فارسی/ عربی] *قید. [گفتاری]* خواوڕاسان؛ بەڕاستی؛ ڕاستەوڕاست؛ لەوپەڕی ڕاستیدا؛ بە بێ گرێ و گۆڵ: **راستاحسینی**

راست و ریس / rāst-o-rîs/: *صفت. [گفتاری]* جۆر؛ ئامادە؛ ساز؛ بەرهەڤ؛ گیف؛ دەبر ‹باید پولی راست‌وریس کنیم: ئەبێ پووڵ و پارەیەک جور کەین›.

⊡ **راست و ریس کردن**: ڕێکوپێک کردن: ١. دەبراندن؛ سەر و سامان پێدان؛ پەسارنایوە

‹کارها را راست و ریست کن: کارەکان ڕێکوپێک بکە› ۲. ئامادەکردن؛ بەرهەڤ کرن؛ ساز کردن؛ ساز دان؛ ئەیڤەزاندن.

راسته[1] / rāste، ـها/: *اسم.* ۱. پشتمازە؛ گۆشتی دووپالووی چارەوێ؛ گۆشتی ڕاستە ۲. *[زیستشناسی]* ڕاستە؛ بەشێ لە ڕادەیێ؛ لە یەکەگەلی ڕیزبەندی گیانەوەران بریتی لە چەن تیرە ۳. *[قدیمی]* ڕاستە؛ کۆلان یان گوزەری ڕاست و بێپێچ و پەنا ‹راستەی زرگرها: ڕاستەی زێڕینگەران›.

راسته[2]: *قید.* ڕاستەوڕاست؛ ڕاست و درێژ؛ ڕاسەوڕاس ‹آجرها را راسته چیدەاند: خشتەکانیان ڕاستەوڕاست چنیوە›.

راستەبازار / rāstebāzār/: *اسم.* قەیسەری؛ گوزەر؛ بازاڕی سەرداپۆشراو؛ ڕاستەبازاڕ؛ بازاڕی سەرەکی کە زۆر جار بازاڕێکی ڕاست و درێژە و چەند بازاڕیتری لێ جوێ ئەبێتەوە.

راستەچینی / rāstčînî، ـها/: *اسم.* ڕاستەچنی: ۱. *[چاپ]* کار و ڕەوتی چنینی پیت و لە چاپ دانی دەقی وا کە تەواوی پیتەکانی بە یەک شێوە و ئاسایی بن ۲. *[بنایی]* کاری و ئەرکی چنینی خشت بە درێژایی و سانایی و ڕاستەوڕاست، لە دیواردا.

راستی[1] / rāstî/: *اسم.* ۱. ڕاستی؛ ڕاستکاری؛ دۆخ یا چۆنیەتی ڕاست بوون؛ قیت و ڕاوەستاو بوون ‹قامت به این راستی و بلندی، مگر چه عیبی دارد؟: بەژن بەم ڕاستی و بەرزیە، چ خەوشێکی تێدایە؟› ۲. *[ادبی]* چاکە؛ دروستی؛ خاسی؛ ڕاستی؛ کردەوەی دروست ‹راستی کن! که راستان رستند: ڕاستی بکە و وەکوو ڕاستان ڕزگار بە!› ۳. ڕاستەقانی؛ هەق؛ هەقانەت؛ ڕاستی و ڕەوایی.

راستی[2]: *قید.* بەڕاستی؛ بێسۆ؛ هەر بە ڕاست؛ ڕاسی-ڕاسی؛ بێشۆخی ‹راستی شعر زیباییست؟: بەڕاستی شیعرێکی جوانە؟›.

راستی / rāstî/: *حرف.* ڕاستی؛ ڕاسی؛ بەڕاست؛ وەڕاست؛ ئەرێ؛ وشەیەک بۆ سەرنج ڕاکێشانی بیسەر، کە لە نێو قسە و لە سەرەتای ڕستەدا دێ ‹راستی کی عروسی می‌کنی؟: ڕاستی کەی زەماوەن دەکەی؟›.

راستیز / rāstîz، ـها/: *اسم.* *[زیستشناسی]* ژێر ڕاستە.

راستین / rāstîn/: *صفت.* *[ادبی]* ڕاستەقینە؛ ڕاستەکینە؛ ڕاستەکی؛ ڕاسینکە؛ ڕاسینە؛ بەڕاستی؛ بێدرۆ ‹عشق راستین: ئەوینی ڕاستەقینە›.

راسخ / rāsex/: [عربی] *صفت.* قایم؛ پتەو؛ گورخ؛ ڕاوەستاو؛ پەیت؛ نەگۆڕ؛ ڕێختە؛ ڕەختە؛ لەسەر پێ وەستاو ‹اعتقاد راسخ: بڕوای پتەو›.

راسو / rāsû، ـها؛ ـان؛ ـیان/: *اسم.* ڕاسوو؛ ڕاسۆ؛ مشکی خورما؛ گیانەوەرێکی گوهانداری گۆشتخۆری پەنجەدارە بە جەستەی درێژ و پێی کورت و پێستی تووکنەوە کە لە کاتی بەرەنگار بوونەوەدا بۆنێکی ناخۆش لە خۆی بەر دەداتەوە.

راش / rāš، ـها/: *اسم.* ڕاش؛ دارێکی بەرز، بە پێستی کۆتەی ساف و خۆڵەمێشی، گەڵای بێددانە یان کەمددانە و گوڵی هێشوویی کورت و کۆ و بەری دڕکاویە: **آلاش**

راشی / rāšî، ـان/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* بەرتیلدەر.

راشیتیسم / rāšîtîsm/: [فرانسوی] *اسم.* *[پزشکی]* ڕاشیتیسم؛ پێشەنەرمی؛ ئێسکنەرمی؛ نەخۆشی بە هۆی کەمی ویتامین «دێ» یان کالسیوم و فوسفۆرەوە.

راضی / rāzî، ـان/: [عربی] *صفت.* ڕازی: ۱. دڵخۆش؛ هاشت؛ ڕەزامەند لە دۆخ یان کارێک بە بۆنەی ساچانی لەگەڵ داخوازی یان ئاتاجدا ‹او از کارش راضی بود: لە کارەکەی ڕازی بوو› ۲. قایل؛ ڕەزا ‹راضی شد آنجا درس بخواند: ڕازی بوو لەوێ دەرس بخوێنێ›. هەروەها: **راضی**

شدن؛ راضی بودن؛ راضی کردن

راغ / rāq/: *اسم. [ادبی]* ۱. گەوەر؛ دەشت؛ دەشت و دەر؛ دەشت و بەر؛ سارا؛ لێلات؛ دۆڵ ۲. ڕیزۆم؛ ڕەوەن؛ زەمەند؛ سەوزەڵانی؛ مێرگ؛ مێرخوزار؛ بژوێن ۳. بنار؛ ڕاخ؛ پاڵداوێنی سەوزی چیا.

راغب / rāqeb، ـان/: [عربی] *صفت. [ادبی]* تامەزرۆ؛ ئارەزوومەند؛ خوازیار؛ دڵ لە دووی کردنی کارێک ‹خیلی راغب است کە برود: زۆر تامەزرۆە بڕوا›.

رأفت / ra'fat، ـها/: [عربی] *اسم. [ادبی]* دلۆڤانی؛ میهرەبانی.

رافضی / rāfezî، ـها؛ ـان/: [عربی] *صفت. [ادبی]* بێبەڵێن؛ پەیمانشکێن؛ بێ گفتولفت.

راقم / rāqem/: [عربی] *اسم. [ادبی]* نووسەر؛ نڤیسەر: ۱. کەسێ کە شتێک دەنووسێ ۲. دانەری کتێب.

▣ **راقم سطور:** نووسەری ئەم نووسراوەیە.

راقیه / rāqiye/: [عربی] *صفت. [قدیمی]* پێشکەوتوو ‹ملل راقیه: نەتەوەگەلی پێشکەوتوو›.

راک / rāk/: *اسم.* ۱. کۆوە؛ بەران؛ مازماز ۲. *[موسیقی]* گۆشەیەک لە دەزگای ماهوور و ڕاستپەنجگا.

راکاندرول / rākandrol/: [انگلیسی] *اسم.* ڕاکئەندرۆڵ؛ جۆرێک سەمای دوونەفەری ڕۆژاوایی کە هەڵبەز و دابەزی زۆرە.

راکب / rākeb، ـان/: [عربی] *اسم. [ادبی]* سوار؛ سوارە؛ سوویار ‹راکب و مرکوب همه از میان رفتند: سوار و سواربەر بە تێکڕا تێداچوون›.

راکت / rāket، ـها/: [فرانسوی از عربی] *اسم.* ڕاکت: ۱. ئالقەیەکی هێلکۆکەیی و دەسکدار کە ڕووەکەیان تۆڕچن کردووە و لە یاری تنیس یان بەدمینتۆندا تۆپی پێ لێ ئەدەن ۲. پەڕەیەکی جەغزۆکەیی دەسکدار کە بۆ یاری پینگ‌پۆنگ بەکاردێت ۳. مووشەک.

راکد / rāked/: [عربی] *صفت.* ۱. مەن؛ مەند؛ وەستاو؛ وێساو؛ ڕاوەستاو؛ وێسیاگ؛ چەق؛ ماش؛ بێجووڵە؛ بێجمشت؛ بێ زیویان ‹آب راکد: ئاوی مەن› ۲. مەنگ؛ داسەکیو؛ بێ جموجووڵ؛ بێ چالاکی ‹بازار راکد: بازاڕی مەنگ›.

راکن / rākon/: [انگلیسی] *اسم.* ڕاکۆن: ۱. جۆرە گیانەوەرێکی گۆشتخۆرە کە زۆرتر لە دەور و بەری چەم و کەناری ڕووبار دەژی و قرپۆک و ماسی و قرژاڵ و میوە دەخوا ۲. *ـها/* جۆرێ گیانەوەری لە تیرەی ڕاکۆنە کە هەموو شتێک دەخوا و زوو دەستەمۆ دەبێ و لە پێستەکەی جلوبەرگ دروست دەکەن ✻ **راكُون**

راکون / rākon/: [انگلیسی] ☜ **راکُن**

راگبی / rāgbî/: [انگلیسی] *اسم.* ڕاگبی؛ جۆرە یارییەکی نێو گۆڕەپانی وەک فووتباڵە بە دوو دەستەی پازدە کەسی بەڕێوە دەچێ: **رگبی**

راگو / rāgo/: [فرانسوی] *اسم.* ڕاگۆ؛ جۆرە خواردنییەکی ڕۆژاوایی لە چەشنی تاسکەباب.

رالی / rālî/: [انگلیسی از فرانسوی] *اسم.* ڕالی؛ جۆرێک کێبەرکێ بە ماشێن لە جادەی ئاساییدا بۆ سەنگاندنی لێزانی و وریایی ڕاننده.

رام / rām/: *صفت.* دەستەمۆ؛ دەسەمۆ؛ کەوی؛ ڕام: ۱. بێوازی، سەربزیوی یان نافەرمانی ‹او شیر را هم رام می‌کند: ئەو شێریش دەستەمو دەکا› ۲. لینی؛ لینگ؛ فێر؛ کەدی؛ کدی؛ باهەڤوت؛ حەمایەت؛ قەرە؛ خووگرتوو؛ماڵی؛ بەربار؛ تەی؛ کەڤی؛ دەستی؛ کەهی؛ ڕاهاتوو ‹این اسب خیلی رام است: ئەم ئەسپە زۆر دەستەمویە›. هەروەها: **رام شدن؛ رام کردن**

رامش / rāmeš/: *اسم. [ادبی]* ۱. حەسانەوەی لەگەڵ خۆشیدا ۲. ئاسوودەیی؛ قارایی.

رامشگر / rāmešgar، ـان/: *اسم. [ادبی]* گۆرانیبێژ؛ سترانبێژ؛ گۆرانیواچ؛ چاوەش؛ بێلتیڤان؛ شایەر.

رامشگری / rāmešgarî، ـها/: *اسم. [ادبی]*

گۆرانی‌بێژی؛ چاوەشی؛ بێلتیڤانی؛ شایەری.

رامکا / rāmkā ، ـها/: [روسی]/اسم. */چاپ/* ڕانگا؛ سینی چاپ؛ سینیەکی کانزایی لێوارەدارە پیتی چنراوی تێدەنێن: **رانگا**

رامکلی / rāmkalî/: [سنسکریت]/اسم. */موسیقی/* گۆشەیەک لە ئاوازی ئەبووعەتا لە بەندەکانی دەزگای شوور.

رامی / rāmî/:/اسم. دەستەمۆیی؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی کەوی بوون ‹تو از اسب به این رامی می‌ترسی؟: لە ئەسپێکی بەم دەستەمۆییە دەترسی؟›.

رامی / rāmî/: [انگلیسی]/اسم. رامی؛ جۆرێک یاری بە وەرەق لە نێوان دوو یان چەند کەسدا ‹چند نفر هم در یک گوشه‌ی اتاق رامی بازی می‌کردند: چەند کەسیش لە سووچی ژوورەکەدا، کایەی رامییان دەکرد›.

ران [1] / rān/:/اسم. ڕان؛ ڕاهن؛ ڕەهن؛ ئێت؛ هێت: ۱. لە ئەژنۆ بەرەو ژوور ۲. گۆشتی ئەو پاژەی لەشی ئاژەڵ ‹گوشت ران: گۆشتی ڕان›.

▣ ران ملخ: */کنایی/* ئالەکۆک؛ پای کولە؛ دیاری کەم‌بایەخ: **پای ملخ**

ـ ران [2] / ـها/: *پیوازه.* ـ ئاژۆ؛ ـ هاژۆ؛ ـ خوڕ؛ ـ ڕان؛ ـ بزوێن؛ ـ لەپتێن؛ نرڤێن ‹ارابه‌ران: هەڕابەئاژۆ›.

رانت / rānt ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ڕانت؛ کاکەبەشانەی حوکمەتی؛ سەربەشانەیەکی تایبەت (ئابووری، ڕامیاری، فەرهەنگی و...) کە درابێتە کەس یان دامەزراوەیێک.

رانت‌خوار / rāntxār ، ـها: ـان/: [فرانسوی/ فارسی] *صفت.* ڕانت‌خۆر؛ خاوەن خوو یان ئۆگرەتی بە کاکەبەشانەی حوکمەتی.

رانت‌خواری / rāntxārî/: [فرانسوی/ فارسی] */اسم.* ڕانت‌خۆری؛ کاکەبەشانەیی؛ کار یان ڕەوتی کەڵک وەرگرتن لە کاکەبەشانەی حوکمەتی.

راند / rānd/: [انگلیسی]/اسم. */ورزش/* خولی کایە؛ خولی یاری؛ قۆناغێ لە کێبەرکێدا ‹در بازی بکس، راند اول را آزاد باخت: لە یاری بوکسدا، ئازاد یەکەم خولی کایەی دۆڕاند›.

راندمان / rāndemān/: [انگلیسی] ☜ **بازده**

راندن / rāndan/: *مصدر. متعدی.* // **راندی**: لێخوڕیت؛ **می‌رانی**: لێ‌دەخوڕی؛ **بران**: لێخوڕە// ۱. لێخوڕین؛ هاژۆتن؛ هاژۆتاندن؛ ڕاناندن؛ ئاژۆتن؛ زێواندن؛ ڕوواندن؛ بزواندن؛ نرڤاندن؛ لەپتاندن؛ ئەرەجمنەی؛ وەنەخورەی؛ خستنە زیویانەوە ‹اسب راندن: ئەسپ لێخوڕین› ۲. ڕامنەی؛ گەڕانەیەک بەڕێوەبردن ۳. دەرکردن؛ وەدەرنان؛ چێوراندن؛ قەوراندن؛ قاودان؛ چفاندن؛ ڕواندن؛ وڵ کرن؛ هەسەر بیایش؛ بەرکەردەی؛ ئەرەزنیەی؛ دوورەوە وسەی؛ لە خۆ دوورکردنەوە ‹از خانه راندن: لە ماڵ دەرکردن› ٤. کردن؛ کەردەی؛ بەجێ‌هێنان؛ ئەنجامدان؛ مەشاندن؛ کوداندن؛ ڕواندن ‹سخن راندن: قسه کردن› ٥. */مجازی/* پەلامار دان؛ هاژۆتن؛ هاژۆتاندن ٦. */مجازی/* ڕاماڵدان؛ پووڕاندن؛ تاڵان کردن. هەروەها: **راندنی**

■ صفت فاعلی: **راننده** (لێخوڕ)/ صفت مفعولی: **رانده** (لێخوڕێنراو)/ مصدر منفی: **نَراندن** (لێ نەخوڕین)

رانده‌وو / rāndevû/: [فرانسوی]/اسم. ژوان؛ وادەی یەک دیتن، بەتایبەت بۆ ئەویندارى.

رانش / rāneš ، ـها/:/اسم. هەزاز؛ کار یان ڕەوتی هەژیان؛ هەژهان؛ هەژین؛ جمان؛ جمەی؛ ڕانشت ‹رانش زمین: هەزازی زەوی›.

رانکی / rānakî ، ـها/:/اسم. */گفتاری/* پالۆ؛ پالێ؛ پالیف؛ پالدوو؛ پالوو؛ هێشرمە؛ هاشرمە؛ پالدووف؛ پالدە؛ کەژوێ کە دەکرێتە پاشوو؛ کەژوو یان گورێسێک کە لە بن‌کلکی بارەبەرەوە دەبەسترێتە ئەم لا و ئەو لای کۆپانەوە.

رانگا / rāngā/: [روسی] ☜ **رامکا**

رانندگی / rānandegî/: *اسم.* ڕانندەیی؛ شۆفێری: ۱. کار یان ڕەوتی ئاژۆتنی کەرەسەیەک ‹در رانندگی، احتیاط از اهمیت ویژەای برخوردار است: لە ڕانندەییدا، پارێزکردن گرنگییەکی یەکجاری هەیە› ۲. کاری شۆفێر ‹مدتی کارم شده بود رانندگی: ماوەیەک کارم ببووە شۆفێری›.

راننده / rānande، ـها؛ ـگان/: *اسم.* لێخوڕە؛ ڕۆینەر؛ ئاژوەر؛ ڕاننده؛ شۆفێر؛ شووفر؛ هاژۆر؛ ڕانبار؛ کەسێ کە کەرەسەیەک ـ بەتایبەت ماشێن ـ لێ دەخورێت.

رانه / rāne، ـها/: *اسم.* ۱. کەروێشکە؛ هەوریشە؛ ڕەوتی جوولانەوەی بە شێنەیی ئاو یان گەنم بەدەم باوە ۲. ماش؛ ڕامالک؛ ئاومال یان بابردەلەیەک کە بە هۆی با، ئاو یان پیرچالەوە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە ڕاگوێزراوەتەوە ۳. هەر جۆرە ئامێرێک کە بۆ گواستنەوەی بار یان موسافیر بەکار دێ (وەکوو ئەسپ، ئۆتۆمۆبیل، فڕۆکە و…).

رانی[1] / rānî/: *صفت.* ڕانی؛ پێوەندیدار بە ڕانەوە ‹استخوان رانی: ئێسقانی ڕانی›.

ـ رانی[2]: *پیواژه.* ـڕانی؛ ـئاژۆیی؛ ـلێخوڕی؛ کاری هاژۆتن ‹کشتیرانی: گەمیەڕانی›.

راود / rāvad/: *اسم.* چەروان؛ لەوەڕ؛ مێرگ؛ زەوی زن و گڕنالی پڕ لە گیا.

راوند / rāvand/: *اسم.* ۱. زەمەند؛ زەمەن؛ بژوێن؛ ڕێوەن؛ باسکلاو؛ کلاوبن؛ بنی ڕێواس؛ کلاوبنە ۲. وەردەنە؛ وەردێنە؛ تیرۆک؛ تیرۆکە؛ ئامێری نان پان کردنەوە.

راوی / rāvî، ـها؛ ـان/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* بێژەر؛ ڕاوی: ۱. وتارگێڕەوە؛ ئەوەی کە داستان یان هەوال دەگێڕێتەوە ‹راست و دروغش به عهدەی راوی: ڕاس و درۆی لە بالای بێژەر› ۲. *[اسلام]* کەسێک کە وتار یان حەدیسێک لە پێغەمبەر یان گەورەگەلی ئایینی ئەگێڕێتەوە ‹راوی حدیث: ڕاوی حەدیس›.

راه / rāh، ـها/: *اسم.* ڕێ؛ ڕی؛ ڕێگە؛ ڕێک؛ ڕا: ۱. بوارگەیەک بۆ هاتوچۆ و ڕاگواستنەوەی کالا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌تر (وەک: شەقام، جادە، هێلی ئاسن و…) ۲. باز؛ ڕێگەیێ کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌تر پێوراوە ‹راه زیادی رفتیم تا به آنجا رسیدیم: ڕێیەکی زۆرمان بڕی تا گەیشتینە ئەوێ› ۳. ڕێگا؛ ڕاگە؛ ڕێچک؛ بەرەوگە؛ سوسە؛ وەن؛ ڕێباز ‹هر کس به راه خودش می‌رفت: هەر کەسێک بە ڕێی خۆیدا دەڕۆیشت› ٤. ڕێگا؛ شێواز؛ ڕەوشی کار ‹راه درس خواندن را یادت می‌دهم: ڕێی دەرس خوێندنت فێر ئەکەم› ٥. هۆی گەیشتن بە شتێ یان بە شوێنێک ‹داشت راه وزارتش را هموار می‌کرد: خەریک بوو ڕێی بوونە وەزیری خۆش دەکرد› ٦. ڕێگا؛ مەودا؛ دۆرینگ؛ وەرهەنگ؛ ڕاگە ‹تا آنجا راه زیادی در پیش داریم: تا ئەوێ ڕێگایەکی زۆرمان لەبەرە› ۷. *[مجازی]* سەفەر ۸. *[مجازی]* بەرایی؛ ڕەوتی ڕەوا دیتن؛ بروایی دان ‹دلم راه نمی‌دهد بروم: دلم بەرایی نادا بڕۆم›.

▣ **راه آب** ☜ **راه‌آب**

راه آبی: ئاوەڕێ؛ بوار؛ بگار؛ ڕێگەی ئاوی؛ ڕێگایێ کە بە کەرەستەی سەر ئاو پێدا هاتوچۆ دەکرێ.

راه ارتباطی: بوارگەیەک ـ بەتایبەت جادەیێ ـ کە دوو شوێن پێکەوە پەیوەند دەدا.

راه بُزرو ☜ **بُزرو**

راه **پارچه**: تان؛ ڕایەل؛ هەودای درێژایی پارچە کە پتەوتر لە پۆکەیەتی و کەمتر کێشی دێ.

راه پله ☜ **راه‌پله**

راه‌ترانزیتی: جادەی ترانزیتی ☜ **جاده**

راه **حل**: دەرەتان؛ ڕێگەچار؛ ڕێ‌چار؛ ڕێی نەجات؛ ڕێی لابردنی گرفت و کێشە یان گەیشتن بە وەرامی شیاو.

راه راست: *[مجازی]* راستەڕێ؛ ڕای‌ڕاسە؛ ڕێگەی بێ‌پێچ؛ ڕێبازی ژیانێکی دروست ‹پروردگارا! به راه راست هدایتم فرما: خوایە! لە راستەڕێ شارەزام کە›.

راه سرراست: ڕێگەی سەرڕاس؛ ڕێگەیەک کە قەمچ و پێچی زۆری نیە و بە سانایی لەو ڕێگاوە ڕێبوار بە ئامانج دەگا.

راه شوسه: جادەی شوسه ☜ **جادّه**

راه شیری: ڕێگای شیری؛ کاکەشانێ کە کۆمەی خۆریشی تێدایە و شەوان وەک باریکەیێکی ڕۆشن لە ئاسماندا دیارە: **راه مکه**

راه کج: *[کنایی]* لارەڕێ؛ هەتلە؛ ئاقاڕێیی؛ ڕێگەی چەوت؛ ڕێی‌چەوێل؛ ڕێی خراپ؛ شێوە و شێوازی نادروست ژیان، بەتایبەت لە ڕووی ئاکارەوە ‹پروردگارا! ما را از راه کج برحذر دار: خوایە! لە لارەڕێ بمانپارێزە›.

راه مالرو: ڕێچ؛ وڵاخەڕێ؛ بزنەڕێ؛ کوێرەڕێ؛ کۆرەڕا؛ ڕێکۆک؛ باریکەڕێ؛ توولەڕێ؛ ڕێ‌باریک؛ هشار؛ ئاستەنگ؛ ئاهەڕا؛ لاپێ؛ شەڕێ؛ شڤاڕێ؛ شڤیلە؛ ڕچە؛ ڕێچکە؛ ڕێگایێ کە تەنیا بە پێ یان چوارپێ پێیدا هاتوچۆ دەکرێ.

راه مکّه ☜ **راه‌شیری**

راه میانبر: سەربڕ؛ قەوبڕ؛ ناڤبڕ؛ نێوبڕ؛ ڕێگایێ کە مەودای نێوان دوو شوێن (سەرەتا و بنەتا) کورت دەکاتەوە.

راه نجات: دەرو؛ دەرەتان؛ ڕێی ڕزگاری.

از راه نرسیده: ڕێوڕا؛ ڕاوە؛ لە ڕێوە؛ بڕمێن‌بڕمێن؛ تازەگەیشتوو ‹از راه نرسیده، دوباره برگشت: ڕێوڕا، گەڕاوە›.

سر راه ☜ **سر**[3]

◘ راه آمدن: ١. ڕێ بڕین؛ هاتنە ڕێوە؛ ڕانە ئامەی؛ ئامەی ڕارە؛ دوورینگێ پێوان؛ بڕینی مەودایەک ‹چهار کیلومتر راه آمدم: چوار کیلۆمیتر ڕێم بڕیوە› ٢. *[کنایی]* سازیان؛ سازان؛ ساچیەی؛ لەف هاتن؛ ئامەینە ڕا ‹رییس با همه راه می‌آمد: سەرۆک لەگەڵ هەمووواندا ئەسازا›.

راه افتادن: ١. کەوتنە ڕێ؛ وەڕێ کەوتن؛ ڕێ‌کەوتن؛ نیشتەڕێ بوون؛ ڕێ داگرتن؛ کەوتەی ڕا؛ جمایرە؛ سەر ڕێ کەوتن بۆ ڕۆیشتن ‹آزاد راه افتاد بیاید پیش تو: ئازاد کەوتە ڕێ بێت بۆ لای تۆ› ٢. پێ‌گرتن؛ پا گرتن؛ کەفتنە سەر پا؛ پەی گیرتەی؛ کەوتنە جموجووڵ ‹بچه راه افتاد: منالەکە پێی گرت›. ٣. کەوتنە ڕێ؛ بەرهەڤ بوونی پێشەکی پێویست بۆ جێبەجێ بوونی کار ‹راه افتادن کارخانه: ڕێ‌کەوتنی کارخانە›.

راه انداختن: ١. خستنەڕێ؛ خستنە سەر ڕێ؛ وەڕێ خستن؛ هەرکاندن؛ وسەی‌ڕا ‹ماشین را راه انداختم: ماشێنەکەم خستە ڕێ› ٢. بەڕێ کردن؛ ڕوانەکردن؛ ڕەوانەکردن ‹مهمانها را راه انداختیم و برگشتیم: میوانەکانمان بەڕێ‌کرد و گەڕاینەوە› ٣. خستنە ڕێ؛ وسەی ڕا؛ بە ئەنجام گەیاندنی کار یان ویستی کەسێک یان لابردنی گرفتی کەسێ ‹ممنونم که کار مرا راه انداختی: سپاست ئەکەم کارەکەمت خستە ڕێ›.

راه باز کردن: ڕێ‌کردنەوە؛ دڕدان؛ ڕێڤە کرن؛ ڕەخساندنی هەل‌ومەرجی گەیشتن بە شتێک یان جێگەیەک ‹راه را برای عروس و داماد باز کنید: ڕێ بۆ بووک و زاوا بکەنەوە›.

راه بردن: بەڕێوە بردن: ١. *[نامتداول]* چەرخاندن؛ بەردەی ڕاوە؛ سەرپەرشتی‌کردن ٢. یارمەتی دانی کەسێک لە ڕۆیشتندا؛ بەردەی ڕانە ‹زیر بازویش را گرفت و کمی راهش برد: ژێر باڵی گرت هێندێک بردیە ڕێوە›.

راه بریدن: *[نامتداول]* ڕێ بڕین؛ مەودا بڕین؛ دوورینگێ بڕین.

راه به جایی نبردن: دەم لە پووش مانەوە؛ بە هیچ کوێ نەگەیشتن؛ بە ئاکام نەگەیشتن؛ بەهرە نەبردن لە شتێک؛ بە دۆنگی نەیاوەی ‹با این روش راه به جایی نمی‌بری: بەم شێوازە بە هیچ کوێ ناگەی›.

راه پیدا کردن: ڕێ بردن؛ ڕێ دۆزینەوە؛ ڕا یۆسەیوە: ۱. ڕێ تێ بردن؛ ڕێ بردن؛ ڕائەنە بەردەی؛ چوونە نێو جێگەیێکەوە ‹موشها به انبار راه پیدا کرده بودند: مشکەکان ڕێیان بردبووە هەمارەکەوە› ۲. ڕێچارە دۆزینەوە؛ چارەسەر دۆزینەوە؛ هۆ یان ڕەخسیوێ بەدەس‌هێنان ‹برای خریدن خانه یک راه پیدا کردەام: بۆ کڕینی ماڵ ڕێیەکەم دۆزیوەتەوە›: **راه یافتن**

راه پیش پای کسی گذاشتن: ڕێ بۆ کەسێ دانان؛ ڕا پەی یۆی نیایوە؛ ئامۆژگاری کەسێ کردن؛ کەسێک ڕێنوێنی کردن ‹راه پیش پایش گذاشتند که برود وکیل بگیرد: ڕێیان بو دانا بڕوا بریکار بگرێ›.

راه پیش و پس نداشتن: بێدەرەتان بوون؛ بێدەرەتان مان؛ ڕا پەی نەمەنەیوە؛ تەکان چنە بڕیەی.

راه (چیزی) را بستن: ڕێی شتێ بەستن؛ ڕێگا لە شتێ بەستن/ گرتن؛ ڕاو چێوێوی بینەی: ۱. ڕێ لێ‌گرتن؛ بەر ڕێ گرتن؛ بەری لەڤ گرتن؛ لە زیویان بەرگیری کردن ‹دیشب برف آمده بود و راه را بسته بود: دوێشەو بەفر باریبوو ڕێگەی بەستبوو› ۲. بەری گەیشتنی کەسێ/ شتێ بۆ شوێنێک گرتن ‹راه آب را ببند: ڕێی ئاوەکە ببەسە›.

راه خود را کشیدن/ گرفتن و رفتن: ملی ڕێ گرتن و چوون؛ مل پێوە نان؛ سەری خۆ داخستن و چوون؛ بێ ئاوڕدانەوە لە دیتران لە جێگاییێکەوە ڕۆیشتن ‹راهش را کشید و رفت: ملی ڕێگای گرت و چوو›.

راه دادن: ڕێ دان؛ ڕێگا دان؛ ڕا دەی: ۱. بوار دان؛ ڕێ پێ دان؛ بەرایی دان بە کەسێ/ شتێ تا لە جێگاییێکەوە تێپەڕێ ‹راه بدهید این بچه رد بشود: ڕیگە بدەن با ئەم منالە بڕوا› ۲. *[کنایی]* پا دان؛ بە ڕەوا زانین؛ بە چاک زانین؛ گونجان ‹اگر راه داد کمی نصیحتش کن: ئەگەر پای دا، تۆزێ ئامۆژگاری بکە›.

راه داشتن: ڕێ هەبوون؛ ڕا بیەی: ۱. بۆ ڕەخسان؛ دەست پێ گەیشتن ۲. شێوە و شێوازێکی شیاو هەبوون ‹هر کاری راه دارد: هەر کارێک ڕێی هەیە›.

راه دست کسی بودن: *[گفتاری]* ڕێ دەستی کەسێ هەبوون؛ بۆ کەسێک لوان؛ بۆ کەسێک کران؛ توانین؛ پەی یۆی کریەی ‹اگر راه دستت بود، پولی به من قرض بده: ئەگەر ڕێ دەستت بوو، پارەیەکم بە قەرز بەرێ›.

راه دست داشتن: ڕێ دەست هەبوون؛ لە بەر دەستدا بوون؛ یاگە دەس بیەی ‹برای بازکردن پیچ، راه دست نداشتیم: بۆ باز کردنی پێچەکە، ڕێ دەستمان نەبوو›.

راه رفتن: ۱. بە ڕێدا ڕۆیشتن؛ بە ڕێدا چوون؛ ڕێ ڕۆیشتن؛ ڕێ ڕۆیین؛ ڕێ ڕوون؛ ڕێوە چوون؛ ڕانە لوەی؛ لوە ڕانەی؛ لە بازێکدا بزوان ‹از این راه بروی، پیدایش می‌کنی: لەم ڕیوە بڕوی، ئەیدۆزیەوە› ۲. ڕێبڕین؛ مەودا بڕین؛ لوای ڕانە ‹چقدر راه رفتم!: چەندە ڕیم بڕی!› ۳. *[مجازی]* ڕێ‌کەوتن؛ پێک‌هاتن؛ لەڤ هاتن؛ ساچان؛ ڕێهەڤی کرن؛ کەوتەی وریو ‹باهم راه نمی‌روند و هر روز دعوا دارند: پێکەوە ڕێ ناکەون و هەموو ڕۆژێ شەڕیانە›.

راه زدن: ڕێ گرتن؛ ڕێگری کردن؛ چەتەیی کردن.

راه کج کردن: ڕێ گۆڕان؛ ڕێ کل کردنەوە؛ لە ڕێ کلا بوونەوە؛ لا واسەی ‹برای اینکه مرا نبینند، راهم را کج کردم و از کوچەی پشتی آمدم: بۆ

ئەوە نەمبینیێ، ریگەم گل کردەوە و لە کۆلانی پشتەوە هاتم›.

راه کشیدن: ڕێگا کێشان؛ جادەکێشان؛ ڕێ بردنەوە؛ ڕاگەکێشەی.

راه گم کردن: ۱. ڕێ ون‌کردن؛ ڕێ هەڵە کردن؛ ڕا گمەکەردەی؛ لە ڕووی هەڵە یان نەزانیەوە چوونە جێیەک ۲. ڕێ لێ تێک چوون؛ بە ڕێی هەڵەدا ڕۆیشتن.

راه نزدیک کردن: [مجازی] ڕێ کورت کردنەوە؛ مەنزڵی نزیکتر هەڵبژاردن ‹راه نزدیک کنید و تشریف بیاورید منزل ما: ڕێ کورت کەنەوە و تەشریف بێنن بۆ ماڵی ئێمە›.

راه و چاه را شناختن ☜ **راه‌وچاه**

راه یافتن ☜ **راه پیدا کردن**

از راه به در کردن: لە ڕێ دەرکردن؛ کار و کردەوەی خراپ بە کەسێ فێرکردن ‹تو بچەی مرا از راه بدر کردی: تۆ منداڵەکەمت لە ڕێ دەر کرد›.

از راهش وارد شدن: لە ڕێگەی خۆیەوە بۆ چوون؛ بە شێوەی لەبار و لەباو بە کارێ پەرژان ‹باید از راهش وارد می‌شدی، آن هم اظهار دوستی بود: دەبوو لە ڕێگەی خۆیەوە بۆی بچی، ئەویش نیشاندانی دۆستی بوو›.

از سر راه پیدا کردن ☜ **سر**[1]

بد راه شدن ☜ **بدراه**

به راه آمدن: [کنایی] هاتنە سەر ڕێ؛ ئامەی سەر و ڕای؛ ڕاهاتن و بارهاتن ‹عاقبت به راه آمد و بچەی خوبی شد: سەرئەنجام هاتە سەر ڕێ و منداڵێکی باشی لێ دەرهات›.

به راه بد کشیده شدن: کەوتنە نێو ڕێی خراپەوە؛ تووشی خوی گەندەڵی هاتن.

در راه ماندن: ۱. پەک کەوتن؛ لە ڕێدا مانەوە؛ لە پێ کەوتن؛ پا خستن؛ ڕانە مەنایوە؛ لە برینی ڕێگا یان ئەنجامدانی کارێک داماں ۲. سەرنەکەوتن؛ بە ئامانج نەگەیشتن.

راه‌آب / rāh'āb ، ـها/:اسم. جۆگەڵە؛ ئاوەڕێ؛ شوێنی دەسکرد بۆ گەڕانی ئاو.

راه‌آهن / rāhāhan, -'āhan ، ـها/:اسم. هێڵی ئاسن: ۱. دامەزراوەیەک بریتی لە ڕەیل و قەتار و ئیزگە و... بە گشتی ۲. ئیدارە و ڕێخراوەی هێڵی ئاسن ۳. ئەو هێڵە قەتاری بە سەردا دەڕوا.

راه‌انداز / rāhandāz ، ـها/:اسم. ڕێخەر؛ کلیل یان ئامێری وەکار خستنی دەزگایەک.

راه‌اندازی / rāhandāzî ، ـها/:اسم. ڕێخەری؛ کار یان ڕەوتی بەرهەڤ‌کردن و خستنە کاری ماشین، دەزگا، کارخانە یان دامەزراوە ‹راه‌اندازی کارخانەی برق: ڕێخەری کارخانەی کارەبا›.

راهب / rāheb ، ـها؛ ـان/: [عربی]/اسم. تەرکەدنیا؛ کەسێ (زیاتر خاچپەرست یان بوودایی) کە بۆ پاک بوونەوەی گوناهانی، لە ژیانی نێو خەڵک دەتارێ و لە بەرزایی یان دەیرێکەوە دوورەپەرێز دەبێ و بە پەرستین دەپەرژێ: **رُهبان**

راهبرد / rāhbord ، ـها/:اسم. ۱. زانیاری یان کاری گیف‌کردن و خستنە کاری هەموو هێز و توانایی بۆ دەسکەوتنی ئامانجێک ۲. ئیستراتژی؛ سەرجەمی بەرنامەگەلی دابینکاری پێویست بۆ ئەم کارە.

راهبردی / rāhbordî /: صفت. ئیستراتژیکی؛ پێوەندیدار یان سەر بە ئیستراتژی.

راه‌برگردان / rāhbargardān ، ـها/:اسم. ۱. ڕێگایەکی لکاو بەو ڕێگای سەرەکیەوە، بۆ گۆڕانی ڕێی هاتوچووی ئامێرگەلی ڕاگواستنەوە ۲. کەرەسەیێک (وەک بلووک، بەرد و ...) کە بۆ ئەم مەبەستە بە کار دەڕوا.

راه‌بلد / rāhbalad ، ـها؛ ـان/:اسم. ڕێزان؛ ڕێگەناس؛ کەسێک کە شارەزای ڕێگایەک بێت ‹آزاد راه‌بلد بود و گم نشدیم: ئازاد ڕێزان بوو، هەڵە نەچووین›.

راهبند / rāhband ، ـها/:اسم. بەربەس؛ ڕێبەند؛

بەربەست؛ ڕێبەست: ١. لەمپەری سەر ڕێگا؛ جۆرە ئامێرێک (وەک زەنجیر، میلە، لۆسە و...) کە بۆ بەرگری لە هاتوچووی ئازادی ماشێن و زۆرجاریش مرۆ لە سەر ڕێگایەکدا دادەنرێ ٢. تیر یان میلەیێ کە بە خوار و بان بردنی ڕێگایەک ببەسترێ و بکرێتەوە.

راهبندان / rāhbandān، ـها/:/اسم. ڕێبەندان؛ ڕابەنان؛ ڕێ بەستران؛ دۆخی بەسرانی ڕێ و بڕیانی هاتوچوو بە هۆی ڕووخانی پرد، خراپی ڕێ، ڕووخانی کێو، بەفر و بۆران، زۆری ماشێن و... ‹در بزرگراه بر اثر تصادف چند خودرو، راهبندان به وجود آمده است: لێکدانی چەند ماشێن لە شارێگەدا، بووەتە هۆی ڕێبەندان›.

راهبندی / rāhbandî/:/اسم. ڕێبەندی؛ کار یان ڕەوتی بەستنی ڕێگا بۆ بەرگری لە هاتوچۆ.

راهبه / rāhebe، ـها؛ ـگان/: [عربی]/اسم. ڕاهیبە؛ ڕەبەنە؛ ژنێ کە بووەتە ڕەبەن؛ ژنی تەرکەدنیا.

راه‌پله / rāh(e)pelle، ـها/:/اسم. پلێکان؛ پلیکان؛ پلەکانە؛ ڕێپلە؛ ڕاپلێ؛ دەرەج؛ شوێنی تەرخانکراو بۆ پێپیلکە و دیواری دەور و بەری.

راهپیمایی / rāhpeymāyî، ـها/:/اسم. کار یان ڕەوتی ڕێپێوان: ١. پێوانی مەودایەک بە پێ ‹پس از چند ساعت راهپیمایی به آن ده رسیدیم: پاش چەند سەعات ڕێپێوان، گەیشتینە ئەو ئاوایییە› ٢. [سیاست] کار و ڕەوتی خۆ پیشاندان؛ بزووتنەوەی بە کۆمەڵی خەڵکی، زۆرتر بە گرتنە دەستی نووسراوە و وێنەیەل و وتنەوەی دروشم یان خوێندنەوەی شیعر بۆ ڕاگەیاندنی داخوازی خۆ ‹دیروز در دیاربکر راهپیمایی برگزار شد: دوێنێ لە دیاربەکردا ڕێپێوان بەڕێوە چوو›.

راهدار / rāhdār، ـها؛ ـان/:/اسم. ڕێگەوان؛ ڕێوان؛ ڕەخدار؛ ڕادار؛ ڕێرەڤانێ ڕێکێ؛ ئاگاداری ڕێگە و بان؛ کەسێ کە چاوەدێری ڕێگایەکی وەئەستۆیە.

راهدارخانه / rāhdārxāne، ـها/:/اسم. ڕێگەوانی؛ یانەی ڕێگەوان؛ شوێنێ بۆ ڕێوان و هەروەها کەڵوپەلی پێویست بۆ ئەو کارە کە لە پەراوێزی ڕێگایەکدا کراوەتەوە.

راهداری / rāhdārî، ـها/:/اسم. ڕێگەوانی؛ بنکەیێکی مەزرینگەیی کە کار و ئەرکی پاراستنی ڕێگاوبانی لە سەر شانە.

راهدان / rāhdān، ـها/:/اسم. ڕێنوێن؛ شارەزای ڕێ؛ ڕێزان: ١. ڕێناس؛ ڕێگەناس؛ ئەوەی ڕێگە دەناسێ ٢. ئەو کەسەی ڕێ چارەسەرکردنی گیر و گرفتان دەزانێ ‹یک نفر راهدان لازم است تا این مشکلمان را حل کند: کەسێکی ڕێزان پێویستە تا ئەم گرفتەمان بۆ چارەسەر بکا›.

راهدانی / rāhdānî/:/اسم. ڕێزانی؛ شارەزایی لە ڕێگە؛ بار و دۆخی ڕێزان بوون ‹او در زیرکی و راهدانی نظیر نداشت: لە زیرەکی و ڕێزانیدا بێوێنە بوو›.

راه‌ــ راه / rāhrāh/: صفت. ڕاـــ ڕا؛ ڕێـــ ڕێ؛ میل ـ میل؛ خەت ـ خەت؛ خێچ ـ خێچ؛ گەخ ـ گەخ؛ خێڵ ـ خێڵ؛ خاوەن نەخشی بە شێوەی هێڵگەلی لە پەنا یەک.

راهرو / rāhrow، ـها/:/اسم. ١. نێفکۆ؛ ناڤەر؛ دالان؛ کەرەوەت؛ پێشخانە؛ کەوشکەن؛ ڕاڕەو؛ بۆشاییەکی زۆرتر درێژ و باریک لە ماڵدا کە هۆدەکان ئەباتەوە سەر پلەکان یان دەرگای دەرەوە ٢. ڕێبوار؛ ڕاویار؛ ڕێڤنگ ‹تا راهرو نباشی کی راهبر شوی؟: تا ڕێبوار نەبی چۆن دەبیە ڕێبەر؟›.

راهزن / rāhzan، ـها؛ ـان/:/اسم. ڕێگر؛ ڕێگیر؛ ڕێبڕ؛ ڕێژەن؛ ڕابڕ؛ چەتە؛ گوران؛ کەلەشە؛ کەلەشەی؛ کەلیشۆ؛ هایدووت؛ سەرڕێگر؛ سەرملەگیر؛ ملەزەن؛ دزگەردەنە؛ دەرێگر؛ تەیرە؛ تەریدە؛ تەریرە؛ جەردە؛ قەرەپشی؛ کەسێ کە لە دەرەوەی شاران بە زۆرەملی ڕێبواران ڕادەگرێ و پارە و

پیتەوایان بە تالان دەبا.

راهزنی / râhzanî ، ـها/:اسم. ڕێگری؛ چەتەیی؛ چەتەگەری؛ کارەڕەهاتی تالان و مالان کردنی ڕێبواران لە چاخی سەفەردا.

▣ **راهزنی دریایی**: دەریاگری؛ بڕینی کەشتی.

راهزنی هوایی: فڕۆکەدزی.

راهسازی / râhsâzî ، ـها/:اسم. ڕێسازی؛ ڕێکێشی: ۱. کار و ڕەوتی ڕێگا کێشان؛ دروست کردنی ڕێگا یان هێلی ئاسن بەتایبەت لە دەرەوەی شاران ۲. بنکە و دامەزراوەی بەرپرسیاری ئەو کارە.

راهسپار / râhsepâr/ ☜ **رهسپار**

راهک / râhak/:اسم. ۱. /ـها/ کوێرەڕێ؛ تاریکەڕێ؛ باریکەڕێ؛ ڕەهەند؛ دالانی تەنگ و باریک ۲. *[کالبدشناسی]* ڕەوەندێ کە ڕێلەخۆی سەرەتایی تۆل پێوەند دەدا بە دەرەوە.

راهکار / râhkâr ، ـها/:اسم. ڕێکار؛ ڕاکار؛ شێواز و ڕێی جێبەجێ کردنی کارێکی تایبەت.

راهگشا / râhgošâ ، ـیان/:اسم. *[مجازی]* ڕێڤەکر؛ کەسێک یان شتێک کە ئەبێتە هۆی چارەسەر بوونی گرفتێک. هەروەها: **راهگشایی**

راهن / râhen ، ـان/: [عربی]/اسم. بارمتەگر؛ بارمتەدار؛ کەسێ کە ملک و مالێک بە ڕەهن دەگرێ.

راهنامه / râhnâme ، ـها/:اسم. ڕێنامە؛ نووسراوەیەک کە ڕێگەی شاران، مەودای نێوانیان و ئاگاداریگەلی پێویستی تێدا ڕەچاو کراوە.

راهنشین / râhnešîn ، ـان/: صفت. *[ادبی]* خاکەڕا؛ ڕێگەنشین؛ ڕێنیشتوو؛ ڕێنیشتە؛ بە خوو یان ئۆگرەتی بە دانیشتن لە بوارگەی گشتی (زۆرتر بۆ گەدایی) ‹با من راهنشین بادەی مستانه زدند: وێڕای منی خاکەڕا بادەی مەستانە گەڕا›.

راهنما / râhnemâ ، ـها؛ ـیان/:اسم. ڕێشاندەر؛ ڕانما؛ ڕێنوێن؛ گەزەک: ۱. قەلاوز؛ بەلەد؛ بەلەو؛ ڕێزان؛ چاوساخ؛ شارەزای ڕێگە؛ کەسێ یان شتێک کە ڕێ نیشان دەدا ۲. کەسێ کە شێوازی دروست کار کردن لە بابەتێکەوە فێر دەکا ❋ **رهنما**

▣ **راهنمای تلفن**: ۱. دەفتەر تەلەفوون؛ دەفتەرۆک یان کتێبێ کە ژمارە تەلەفوونگەلی شارێ یان گرۆیەکی تێدا نووسراوە ۲. بەشێ لە مەزرینگەی تەلەفوونخانە کە بە تەلەفوون، ژمارەی داواکراو بە داواکەر دەدا.

راهنمایی / râhnemâyî ، ـها/:اسم. ڕێنوێنی: ۱. ڕێشاندەری؛ کار یان ڕەوتی پێشاندانی ڕێگایێ بە کەسێ بۆ گەیشتنی بە جێگەی دلخواز؛ مسنایش؛ مسنایە ‹پسری ما را به اینجا راهنمایی کرد: کوڕێک ئێمەی ڕێنوێنی کرد بۆ ئێرە› ۲. کار یان ڕەوتی پێشاندانی ڕێگەی ڕۆیشتنە دەرەوە؛ شاندان؛ مسنایش؛ مسنایە ‹راهنمایی کنید از کدام طرف باید رفت: ڕێنوێنی بکەن لە کام لاوە ئەبێ بچین› ۳. کار یان ڕەوتی هەلوەژارتن و بەڕێوەبردنی هاتوچۆی ئامێرگەلی ڕاگواستنەوە لە بوارگەکاندا ‹مأمور راهنمایی: بەرپرسی ڕێنوێنی› ٤. کار و ڕەوتی پێشاندانی شێوەی دروستی جێبەجێ کردنی کار یان کارگەلی تایبەت ‹پدرم مرا در زندگی خیلی راهنمایی کرده است: بابم لە ژیندا زۆری ڕێنوێنی کردووم› ❋ **رهنمایی**

▣ **راهنمایی تحصیلی**: خولی ناوەندی؛ قۆناخێکی خوێندکاری بریتی لە دەورەیێکی سێساڵە لە دوای پلەی سەرەتایی و پێش دواناوەندی.

راهوار/râhvâr ، ـها/: صفت. *[ادبی]* خۆشبەز؛ خۆشڕۆ؛ چەلەک؛ ڕەهوان؛ ڕەهوال؛ ڕاوار؛ بەپێ؛ لێهاتوو بۆ هەلگرتنی سوار و بار بە چاکی و ئاسانی بە بزاڤ و جوولە و توانایی ‹اسب راهوار: هەسپی خۆشبەز›: **رهوار**

راەوچاە / rāh-o-čāh/: *اسم.* ڕاست و چەوت؛ نوون؛ ڕێ و شێوازی چارەسەرکردنی کۆسپ و تەگەرە و دژواری.

▣ **راه و چاه را شناختن:** *[مجازی]* عەقڵی کەسک و سوور پەیدا کردن؛ چاکە و خراپە لێک جیا کردنەوە؛ چاک لە چرووک هەڵاواردن؛ ناسینی شێوەی دروست و پێویستیگەلی کار یان ژیان ‹چند ماه طول می‌کشد تا در آنجا راه و چاه را بشناسی: چەند مانگ دەخایێنی تا لەوێ چاکە لە خراپە بناسیتەوە›.

راەورسم / rāh-o-rasm ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* ڕێوشوێن؛ ڕێوڕەسم؛ گەلەمپەری؛ هۆرتە؛ هۆرتە و بەرە؛ شێوە و بنەمای پەسن‌کراو و باوی کۆمەڵێک ‹راه و رسم زندگی: ڕێوشوێنی ژیان›.

راهـی: *صفت. [گفتاری]* بەڕێ؛ ڕاواز؛ ڕوونیا؛ لەڕۆیشتندا؛ خەریکی چوون ‹سارا راهی مهاباد است: سارا بەڕێی مەهابادەوەیە›. هەروەها: **راهی شدن؛ راهی کردن**

راهیابی / rāhyābî ، ـها/: *اسم.* ۱. چارەسەری؛ تەگبیر؛ دەبر؛ کار یان ڕەوتی دۆزینەوەی چارەڕێ ‹این جلسه برای مشورت و راهیابی تشکیل شده است: ئەم کۆڕە بۆ ڕاوێژ و چارەسەری پێکهاتووە› ۲. کار یان ڕەوتی چوونە شوێنێ یان بەشداری کردن لە ڕەوتێکدا؛ پاکرانەوە ‹از راهیابی افراد بدسابقه جلوگیری کنید: لە پاکرانەوەی کەسانی شوێن‌پیس بەرگری بکەن›.

رأی / ra'y ، ـها؛ آرا/: [عربی]*اسم.* ڕا: ۱. بڕوا یان داوەری کەسێک لەمەڕ کەس یان کارێکەوە ‹باید دید، رأی پدر و مادرت در این باره چیست: دەبێ بزانین ڕای دایک و بابت لەم بارەوە چییە› ۲. دەنگ؛ بیر و ڕا؛ بیر و بۆچوون؛ بڕوای زۆرینە یان هەمووی تاکگەلی لێژنە، کۆڕ یان کۆمەڵگایەک ‹رأی مردم: ڕای خەڵک› ۳. بەڵگە؛ نووسراوەیێ کە بیر و ڕایێ بە شێوەی فەرمی تێدا دەربڕابێ ‹رأی دادگاه را برایم خواند: ڕای دادگای بۆ خوێندمەوە› ٤. بڕیار؛ بڕیاری دادوەر یان دادوەرگەلی دادگا لەبارەی سکالا یان تاوانێکەوە ‹رأی به محکومیت او داده شد: بڕیار بە تاوانبار بوونی درا› ۵. بەڵگەیێ کە بە دەس دەنگدەر دەخرێتە سندۆق (یان دەفر)ەوە و تایبەت بە ڕاپرسی و بڕوا یان هەڵبژاردەی ئەوە.

▣ **رأی اعتماد:** دەنگی بڕوا؛ دەنگی پارلیمان یان ئەنجومەنگەلی قانوون‌دانان لە سەر پەزیرانی شاندی دەوڵەت یان هەر کام لە وەزیرەکانی.

هەروەها: **رأی عدم‌اعتماد**

رأی با ورقه: دەنگی نووسراو: **رأی کتبی**

رأی کتبی ☜ **رأی با ورقه**

▣ **رأی دادن:** دەنگ دان: ۱. دەرخستنی بڕوا یان هەڵبژاردنی کەسێ سەبارەت بە بابەتی دەنگ‌دانەوە ۲. خستنی دەنگ بە ناو سندۆق یان دەفری دەنگ‌دان.

رأی کسی برگشتن: پەشیمان بوونەوە؛ هەڵوەشانەوەی خواستی کەسێ بۆ جێبەجێ کردنی کارێ ‹می‌خواست خانه را بفروشد، ولی رأیش برگشت: دەیەویستماڵەکە بفرۆشێ، بەڵام پەشیمان بووەوە›.

رأی کسی را زدن: پەشیمان‌کردنەوە؛ تێکدانی خواستی کەسێ ‹ظاهراً زنش رأی او را زده بود: وادیار بوو ژنەکەی پەشیمانی کردبووە›.

رأی گرفتن: دەنگ وەرگرتن.

رای / rāy/: *اسم.* ۱. بیر؛ ویر؛ هزر ‹جوانان به نیروی و پیران به رای: لاوان بە باسک و باهۆ، پیران بە بیر و ویریان› ۲. بڕوا؛ باوەر ‹مرا رای چنین است و جز این نیست: ئەمن لە سەر ئەم بڕوایەم و هیچی‌تر› ۳. چارە ‹چیست این رای که اندیشیده‌ای؟: کامەیە ئەم چارەیە دیتووتەوە؟› ٤. بەرژەوەندی ‹رای شما در این است، از سخن خود منصرف نشوید: بەرژەوەندی ئێوە لەوەدایە، لە قسەی خۆتان پاشگەز

نەبنەوە› ٥. نیاز؛ خواست؛ مراز؛ ئاهەنگ ‹بە نزدیک ما امشبت رای نیست: ئەوشۆ بەنیاز نیت لامان بمێنی؟› ٦. شێوە؛ ڕەوش؛ زێ ‹سالها بر این رای بودەایم: چەنای چەن ساڵ لە سەر ئەم شێوە بووگین› ٧. فەرمان؛ دەستوور؛ دەسوور ‹تا رای پادشاه چه باشد: بزانین فەرمانی پادشا چیە›.

رایات / rāyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **رایَت**

رایانه / rāyāne ، ـها/: اسم. خێراکار؛ کەمپیووتەر.

رایت / rāyat ، ـها؛ رایات/: [عربی] اسم. [نامتداول] بەندێر؛ ئالا؛ پەرچەم؛ بەیداخ.

رایج / rāyec/: [عربی] صفت. باو؛ بە هەڕمێن؛ بەڕمێن؛ برەو؛ ڕووبازاڕی؛ برەودار؛ بەڕەواج؛ لەباو ‹پول رایج: پارەی باو›.

▣ **رایج بودن:** باو بوون؛ لە برەو بوون ‹زبان فارسی در ایران، افغانستان و تاجیکستان رایج است: زمانی فارسی لە ئێران و ئەفغانیستان و تاجیکستاندا باوە›.

رایج شدن: باو بوون؛ برەو سەندن ‹امروزه بهره‌گیری از کامپیوتر در بانکها رایج شده است: ئەوڕۆکە کەڵک وەرگرتن لە کەمپیۆتەر لە بانکەکاندا باو بووە›.

رایج کردن: باوکردن؛ برەو پێدان ‹این ما بودیم که حروفچینی کامپیوتری را رایج کردیم: ئەوە ئێمە بووین کە پیتچنی کەمپیۆتەریمان باو کرد›.

رایحه / rāyehe ، ـها؛ روایح/: [عربی] اسم. بەرامە؛ بێن؛ بۆنی خۆش ‹رایحه‌ی دلپذیر بهارنارنج انسان را مست می‌کرد: بەرامەی دڵبزوێنی بەهارنارنج مرۆی مەست دەکرد›.

رأی‌دهنده / ra'ydahande ، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] اسم. دەنگدەر؛ ئەو کەسە وا بڕوا یان هەڵبژاردەی خۆی لە دەنگدانێکی گشتیدا دەردەخا ‹با اینکه رأی‌دهنده خیلی کم بود، عجیب است که این همه رأی از کجا آمده است؟!: هەرچەن دەنگدەر زۆر کەم بوو، پێم سەیرە ئەم هەموو دەنگە لە کوێوە هاتووە؟!›.

رایزن / rāyzan ، ـها؛ ـان/: اسم. ڕاوێژیار؛ ڕاوێژکار: ١. تەگبیرکەر؛ ڕاوێژەر؛ خاوەن مەقامێکی کۆنسوولگەری کە لە بوارێکدا کار دەکا ‹رایزن فرهنگی؛ رایزن مطبوعاتی: ڕاوێژیاری فەرهەنگی؛ ڕاوێژیاری ڕۆژنامەوانی› ٢. [ادبی] ڕاوێژکەر؛ کەسێ کە لە گیر و گرفتێکدا ڕێگایەک دەبینێتەوە.

رایزنی / rāyzanî/: اسم. ١. ـها/ ڕاوێژ؛ کار یان ڕەوتی باس و وتووێژکردن سەبارەت بە بابەتگەلێ بۆ نرخاندن یان دۆزینەوەی چارەسەرێک ‹برای رایزنی در زمینه‌ی انتشار مجله چندین جلسه تشکیل شد: بۆ ڕاوێژ سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکە چەند دانیشتن سازکرا› ٢. ڕاوێژکاری؛ ڕاوێژیاری؛ کاری ڕاوێژیار.

رایگان / rāy(e)gān/: صفت. [ادبی] خۆڕایی؛ خوێرایی؛ هەروا؛ هەوانتە؛ هەلەمتە؛ ئاوانتە؛ مفتە؛ موفت؛ بەلاش؛ فیڕۆ؛ دەسکەوتوو یان ئابووراو بەبێ دانی پارە ‹تحصیلات رایگان: خوێندنی خۆڕایی›.

رایگانی / rāy(e)gānî/: اسم. خۆڕایی؛ هەوانتەیی؛ مفتەکی؛ دۆخ یان چۆنیەتی خۆڕایی بوون.

رأی‌گیری / ra'ygîrî ، ـها/: [عربی/ فارسی] اسم. دەنگدان؛ کار یان ڕەوتی ویستن و لێکۆڵینەوە لە بیر و ڕای دەستە یان کۆمەڵگا سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو ‹به خاطر مخدوش بودن رأی‌ها، رأی‌گیری تجدید شد: بە هۆی دەستێوەردراوی دەنگەکان، دەنگدان دووپات کرایەوە›.

رئال / r'eāl ، ـها/: [فرانسوی] اسم. [چاپ] جۆرە مێزێکی ڕوولێژ بۆ دانانی جەعبەی پیت لە سەری یان پیتچنی لەناویدا.

رئالیست / r'eālîst/: [فرانسوی] ☜ **رآلیست**

رئالیسم / r'eālîsm/: [فرانسوی] ☜ **رآلیسم**

رئوس / ro'ûs, ru'ûs/: [عربی] اسم. ١. جمعِ ☜

رأس ۲. سەردێڕ؛ سەرباس ‹رئوس مطالب: سەردێڕی بابەتەکان›.

رئوستا / re'ostā ، ـها/: [فرانسوی از انگلیسی] /اسم/ ڕێئوستا؛ ئامرازێ لە دەزگایێکی کارەباییدا بۆ کەم یان زۆرکردنەوەی هێزی کارەبا.

رئوف / ra'ûf/: [عربی] صفت. [ادبی] دلۆڤان؛ میهرەبان؛ مێریڤان؛ بەبەزەیی ‹به نام خدا که بخشنده و رئوف است: بە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە›.

رئیس / ra'îs/: [عربی] ☜ **رَییس**

رب / rab(b)/: [عربی] /اسم/ پەروەرێنەر؛ پەروەردگار؛ پەروەرندە؛ خوا؛ خودا؛ خاوەن؛ خودێ.

▣ **ربّ و رُب خود را یاد کردن/ از یاد بردن/ فراموش کردن:** [مجازی] ئەو دنیا بە چاوی خۆ دیتن؛ ناوی خۆ لە بیرکردن؛ پیس پێوە بوون؛ خراپ کەوتنە تەنگانەوە؛ تووشی ئازار و ئەشکەنجە و دەردیسەری زۆر هاتن.

رب / rob(b)/: [عربی] /اسم/ ڕب؛ ڕوب؛ دۆشاو؛ شیلە؛ بەرهەمێکی خۆراکیە بە شێوەی تراوی خەست کە بە کولاندن و خەستکردنەوەی ئاوی برێ میوەی ترش (وەک: تەماتە و هەنار) پێکدێ.

ربا / rebā/: [عربی] /اسم/ فایز؛ سوو؛ سووت؛ سوود: ۱. [اسلام] نزوول؛ کار یان کارەهاتی وەرگرتنی بەهرە لە واموەرگر ۲. سوودی پارەیێ کە بە قەرز ئەدرێ.

ـ ربا / robā/: پیوازه. ـڕفێن؛ ـڕبا؛ ـڕەبا؛ ـرەبا؛ ـڕاکێش؛ ـئڕفان ‹دلربا؛ کهربا: دلڕفێن؛ کارەبا›.

ـ ربائی / robā'î/ ☜ **ـ ربایی**

رباب / robāb ، ـها/: [عربی] /اسم/ شاشەک؛ ڕۆبابە؛ سازێکی کۆنی بە بیچم وەک تارە.

ربات / robāt ، ـها/: [انگلیسی از چکی] /اسم/ ڕوبۆت؛ مرۆڤی ماشێنی: ۱. ماشینێ وەک مرۆڤ کە برێ کاری مرۆ (وەک ئاخاوتن یان ڕێگە چوون) دەمەشێنێ ۲. ئامێر یان کەرەسەیەکی خۆکار بە توانای جێبەجێ کردنی برێ ئاکارەوە کە بە ڕوالەت پێویستی بەهزر هەیە * **روبات؛ رُبوت؛ روبوت**

رباتیک / robātîk/: [از انگلیسی] /اسم/ ڕوبۆتیک؛ ڕوباتی؛ زانست و هونەری چێکردن و کەلکگری لە ڕوبات: **روباتیک؛ رُبوتیک؛ روبوتیک**

رباخوار / reobāxār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] اسم. [اسلام] سووتخۆر؛ سووخۆر؛ سووخوەر؛ قەبال؛ کەسێ کە لە بەرانبەر وەرگرتنی بەهرەوە، پارە بە وام دەدا بە خەلک. هەروەها: **رباخواری**

رباط / rebāt, robāt ، ـها/: [عربی] /اسم/ ۱. ☜ **رَییس** ۲. کاروانسەرا ۳. [کنایی] دنیا؛ جەهان.

رباعی / robā'î ، ـها؛ ـان/: [عربی] /اسم/ چواربەن؛ چوارینە؛ چوارێنە؛ چارینە؛ چارین؛ چوارخشتەکی؛ شیعری چوارلەتە؛ شیعری چوارلەتی سێ‌پاشلێ کە لە سەر کێشی «لا حَولَ وَ لا قوّة إلّا بِالله» بێت.

رباعیات / robā'îyyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **رباعی**

رب‌النوع / rabbolnow', -no:' ، ـها؛ ارباب انواع/: [عربی] /اسم/ خێو؛ خودان؛ خێوەند؛ بوونەوا یان هێزێکی بەدەر لە سروشتی کە هەندێ لە خەلکان بە ئافرێنەر و بەڕێوبەری جۆرێ لە شتان یان دیاردەگەلی دەزانن ‹رب‌النوع آتش؛ رب‌النوع دریا: خێوی ئاگر؛ خێوی زەریا›.

ربانی / rabbānî/: [عربی] صفت. [ادبی] خوایی؛ خودایی: ۱. سەر بە خودا ۲. خوداپەرەست؛ خواپەرەس؛ خواپرێس؛ خواناس.

ربایش / robāyeš/: /اسم/ ۱. کار یان ڕەوتی ڕفان؛ ڕەڤان؛ ڕەڤ؛ ڕفین؛ فڕان؛ وراق؛ قەپ؛ هەڵبڕسقان؛ ڕفاندن؛ پڕ پێدا کردن و بردن ۲. ڕاکێشی؛ کاری ڕاکێشان؛ بەرەو خۆ هێنان.

ـ ربـایـی / robāyî/: *پیواژه.* ـ ڕفـێنی؛ ڕفانـدن ‹آدم‌ربـایی؛ کیـف‌ربـایی: مـرۆڕفێنی؛ کیـف‌ڕفـێنی›:
ـ ربائی
ربابیدن / robāyîdan/ ☜ **ربودن**
ربح / rebh ، ـها/: [عربـی]/*اسم*. بهـره‌ی پـول ☜ **بهره**
رب دوشامبر / robdošām(b)r ، ـها/: [فرانـسوی] /*اسم*. ڕووبدوشامبر؛ کراسـێکی گـه‌وره و بـه‌رتاک که له ماڵدا به سەر بەرگی خەویدا دەکەن.
ربط / rabt/: [عربـی]/*اسم*. ۱. پەیوەنـد؛ پێـوەن؛ پێوەستی نێوان دوو یا چەنـد شـت یـان شـتێ لەگەڵ کەسێکدا ‹من ربط ایـن حـرف را بـا موضـوع بحث نفهمیدم: من پەیوەنـدی ئـەم قـسەیەم لەگـەڵ بابەتەکـەدا نـەزانی› ۲. ڕێـک‌وپێکـی؛ مـرێس؛ دوزەنە ‹خط و ربط: ڕێک‌وپێکی دەست و قەڵەم›.
▣ ربـط دادن: کێـشانە سـەر؛ پەیوەنـد دان؛ بەستنەوە ‹حرفهایم را به دعوای دیـروز ربـط نـده: قسەکانم مەکێشە سەر شەڕی دوێنێوە›.
ربط داشتن: پەیوەندی هەبوون (بە شـتێ یـان کەسێکەوە)؛ پەیوەندیدار بوون ‹کار شما بـه مـن ربطی ندارد: کاری ئێوە پەیوەندی بە منەوە نیـە›.
هەروەها: **ربط پیدا کردن**
ربع / rob'/: [عربـی]/*اسم*. چارەک: ۱. چواریـەک؛ یەک لە چوار؛ کارت؛ بەشـێک لـە چوارپـاژ؛ لـە چواربەش، بەشـێک ‹ربـع دایـره نـود درجـه اسـت: چـارەکی جـەغز نـەوەد پلەکـە› ۲. کوتـێ لـە چوارکوتی یەک ساعەت، هاوسانی ۱۵ خولـەک ‹یک ربع است که منتظرم: چارەکێکە چاوەڕێم›.
ربعی / rob'î/: [عربی] *صفت.* چارەکی؛ بە ئەنـدازە یان چەنـدێتی بەرامبـەری چواریـەکی شـتێک ‹کاغذ ربعی: قاقەزی چارەکی›.
ربوبی / rabûbî, robobî/: [عربی] *صفت.* [نامتداول] خودایی؛ خوایی؛ پەروەردگاری؛ پێوەنـدیـدار بـە خواوە ‹ذات ربوبی: زاتی خودایی›.
ربوبیت / rabûbîyyat,robobîyyat/: [عربی]/*اسم*. [نامتـداول] پەروەردگاریـەتی؛ خودایـیـەتی؛ خواوەنی؛ دۆخ یان حاڵـەتی خـودا بـوون ‹مقـام ربوبیت: پایەی پەروەردگاریەتی›.
ربوت / robot/: [انگلیسی] ☜ **رُبات**
ربوتیک / robotîk/: [انگلیسی] ☜ **رُباتیک**
ربـــودن / robûdan/: مـصدر. متعـدی. [ادبـی] // **ربودی**: ڕفانـدت؛ **مـی‌ربـایی**: دەڕفـێنی؛ **بِربـای**: بڕفێنە// ڕفانـدن: ۱. ترافـانن؛ فڕانـدن؛ فرانـدن؛ چرپـانن؛ ڕفانـای؛ ئرفانـەی؛ ئـەڕفای؛ ڕەوانـدن؛ وراقنـە؛ ئەڵـوا قـانن؛ وەشـانایش؛ هەڵبرسـقان؛ هەڵپرچاندن؛ هەڵـپرۆزقاندن؛ پـڕ پێـدا کـردن؛ شتێ بە هەڵپە سەندن بێ ویستی خاوەنەکـەی ۲. قـەپانن؛ قەپانـدن؛ قاچانـدن؛ هەڵـگرتن؛ هـەلانن؛ هۆرگێرتـەی؛ بـە گـەڕوگوڕ شـتێ لـە کەسێ سەندن ۳. ڕاکێشان؛ بـەرەو خـۆ بـردن: **ربابیدن**. هەروەها: **ربودنی**
■ صفت فاعلی: **رباینده** (ڕفێنـەر)/ صـفت مفعولی: **ربوده** (ڕفێنراو)/ مصدر منفی: **نَربودن** (نەڕفاندن)
ربیع‌الآخر / rabî'olāxar/: [عربی] ☜ **ربیع‌ثانی**
ربیع‌الثانی / rabî'ossānî/: [عربی] ☜ **ربیع‌ثانی**
ربیع‌الاول / rabî'ol'avval/: [عربی] ☜ **ربیع‌اول**
ربیع‌اول / rabî'avval/:/*اسم*. مەولوو؛ مانگێ کـە پێغەمبەری ئیسلامی تێدا لە دایک بووە؛ مـانگی سێهەمی ساڵی کۆچی‌ـمانگی: **ربیع‌الاول**
ربیع ثانی / rabî'sānî/: [عربـی]/*اسم*. چـوارەمین مـانگی سـاڵـی کـۆچی‌ـمـانگی: **ربیـع‌الثـانی؛ ربیع‌الآخر**
رپ / rap ، ـها/: [انگلیـسی]/*اسم*. ڕەپ؛ خوونـک؛ قاوانەی هەر کام لەو جوانانە (بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژاوادا) کە بە جل‌وبەرگ و ئاڕایـشت و ئاکـاری سەیر و سەمەرەوە لە کۆمەڵگا و کۆگای گشتیدا خۆ دەردەخەن.
رپرتاژ / reportāj ، ـها/: [فرانـسوی]/*اسم*. هـەواڵ؛ خەبـەری ڕووداو؛ ڕاپـۆڕ؛ ڕاپـۆرت؛ سـالۆخ؛ گوزارشت ‹رفتـه بـود از تظـاهرات رپرتـاژ تهیـه کنـد:

چووبوو لە خۆپیشاندانەکە هەواڵ کۆکاتەوە›.

ڕپۆرتـر / reporter ، ـها؛ ـان/: [فرانسوی]/اسم. هەواڵنووس؛ هەواڵدەر؛ ڕاپۆرتێر.

رتـاتیو / rotātîv ، ـهـا/: [فرانسوی]/اسم. [چاپ/ ڕیتاتیو؛ ماشینی چاپی خۆمەش کە لە کاتی برینەوەدا، دەق دەدا و بەستەبەندیش دەکا.

رتبـه / rotbe ، ـهـا/: [عربـی]/اسم. پلـە؛ ترنـگ: ۱. ڕیزگەی ئاست و پێگەی کەس: *الف)* لە بواری چاکتر و هەڤیاز بوونی کارەوە ‹رتبـەی عالی: پلەی سەروو› *ب)* لە بواری هەڤیاز بوونی کار یان پێگەی جەماوەریەوە ‹عالی‌رتبە: پلەبەرز› ۲. پایە ۳. *[نظامی]* پلەک؛ دەرەجە.

رتق‌وفتق / ratq-o-fatq/: [عربی]/اسم. [ادبی/ کار یـان ڕەوتی ڕێـک‌وپێـک‌کـردن؛ هەڵـوەژارتن؛ ئەوەپەسارنەی؛ جێبەجێ‌کـردن؛ بـەڕێوەبردن و تاقەت‌کردنی کار.

رتور / rotor/: [فرانسوی] ☜ **روتُور**

رتـوش / rutûš, rotûš ، ـهـا/: [فرانسوی]/اسم. جوانکـاری؛ ڕوتـووش؛ کـار یـا ڕەوتی دەسـت تێوەردان و تەوزاندنی فـیلم و وێنـە؛ پـەرداوتن ‹عکسش را رتوش کردەاند، خـودش بـه ایـن خوشگلی نیست: وێنەکەی جوانکـاری کـراوە، خـۆی ئەوەنـدە جوان نیە›.

رتوشـکار / rutûškār, rotûškār ، ـها؛ ـان/: [فرانسوی/ فارسی]/اسم. ڕوتووشـکار؛ پـەرژانکار؛ پەرداوتکار؛ کەسێ کە کاری ڕوتووش کردنە.

رتیـل / roteyl ، ـهـا/: [عربـی]/اسم. هەڵـەپەزە؛ هەپـەپزە؛ قژـ قـژە؛ بـژـ بـژە؛ پسپسەکۆڵە؛ پەسپەسەکۆڵـە؛ پسپیـسۆک؛ ممـان؛ میەتـەپا؛ گاردی؛ چـنگنی؛ ڕتـەیلا؛ جانـەوەرێکی ڕەش و زەردی چنـگ‌قـوژە، وەک جاڵجاڵـۆکەی زل دەچێ و تایبەت بـە وڵاتـانی گـەرم و ویـشکە: **رتیلا؛ رطیل**

رتیلا / roteylā/: [عربی] ☜ **رتَیل: رطیلا**

رثا / rasā/: [عربی]/اسم. سەردولکە؛ ئازیەتی؛ کـار یا ڕەوتی لاواندنەوە؛ ئەوەلاونەی ‹شاعران در رثای او شعرها سرودەاند: شـاعیران لـە لاواندنـەوەی ئـەودا هۆنراوەگەلیان هۆنیوەتەوە›.

رج / rac ، ـهـا/: اسم. قـەتارە؛ ڕیـز؛ ڕەج؛ ڕەگ؛ هێڵێک کە لە پـاڵ یـەک گـرتنی چەنـد شـتی وەک یەک پێک دێ ‹وەک گرێـی شـتی چنـدراو یان دانەـدانەی ئاجۆر›.

رجا / racā/: [عربـی]/اسم. [ادبی/ هیـوا؛ هومێـد؛ هەویا؛ هێڤی.

▣ **رجای واثق**: *[ادبی/* هیوای ڕاستەکی؛ ئومیدی ڕاسـتەقینە؛ هیـوای ڕاسـتەقانی؛ دڵخۆشـی جێ‌متمانە.

رجال / recāl/: [عربی] جمعِ ☜ **رَجُل**

رجالـــه / raccāle/: [عربـــی]/اســـم. ۱. ڕووت؛ ڕاش و ڕووت؛ ڕەش و ڕووت؛ عەلۆجـــــــەلۆ؛ حەلۆجـــەلۆ؛ ڕووتەوپووتـــە؛ گەجەرگوجـــەر؛ خـــۆڕی و تـــۆڕی؛ لات‌ولـــووت؛ لاپـــۆتی؛ منـــاڵ‌وکـــاڵ؛ ڕووت و ڕەجاڵـــە؛ خەڵـــکی بێ‌سەروپا ۲. /ـها؛ ـگان/ بۆرەپیاو؛ بۆرەپیـاگ؛ چەورە؛ خوێڕی؛ مرۆی چەوت و خوار.

رجب / racab/: [عربی]/اسم. ڕەجەب؛ حەوتەمین مانگ لە ساڵی کۆچی‌ـمانگی.

رجحان / rochān/: [عربی]/اسم. [ادبی/ هەڤـیازی؛ سەرتری؛ چۆنیـەتی باشـتر بـوون ‹در کـاردانی و سیاسـت بـر دیگـران رجحـان داشـت: لـە کـارزانی و سیاسەتدا هەڤیازی بەسەر خەڵکی‌تردا بوو›.

رجـز / racaz ، ـهـا/: [عربـی]/اسم. ۱. شـات و شـووت؛ لاف و گـەزاف؛ هاشـە و هووشـە؛ خۆهەڵکێـشی؛ بـافیش؛ وتەگـەلێ کـە لـە پەسـنی باشـی و لێهـاتووی خـۆدا دەگـوترێن ‹همـه از دسـت رجزهـای او خـسته شـده بودنـد: هـەمووان، لـە دەسـتی شـات‌وشووتـی وەڕەز بـوون› ۲. ڕەجـەز؛ یـەکێ لـە کێـشەکانی شـیعری عـەرووزی ۳. *[موسـیقی/* ڕەجـەز؛ ئەرجووزە؛ گۆشەیەک لـە دەزگـای چوارگـا لـە

مووسیقای ئێرانیدا.

رجزخوانی / racazxānî ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* خۆپەسنی؛ شاتوشووتکەری؛ خۆهەڵکێشی؛ کار و ڕەوتی کورکاندن؛ بەخۆدا هەڵگوتن.

رجعت / rac'qat, rec'at/: [عربی]*اسم. [ادبی]* کار یان ڕەوتی گەڕانەوە؛ هاتنەوە؛ زڤڕین؛ ئەوەگێڵەی.

رجل / racol ، رجال/: [عربی]*اسم. [ادبی]* ۱. پیاو؛ پیاگ؛ پیا ۲. *[ادبی]* گرگرە؛ گرگر؛ گراگر؛ کەلەپیاو؛ گەورەپیاو؛ پیاوی هەڵکەوتە.

▣ **رجل سیاسی:** ڕامیار؛ پیاوی سیاسی؛ پیاوی ڕاوێژمەند.

رجم / racm/: [عربی]*اسم. [ادبی]* ۱. بەردەباران؛ کوچکواران؛ سەنگباران؛ سەنگەسار؛ ڕەسخ؛ کارەڕەهاتی کەڤراندن ۲. *[نامتداول]* کار یا ڕەوتی ڕاونان؛ ڕەواندن؛ ڕەڤاندن؛ دەرکردن؛ تاراندن؛ دوورکردنەوە.

رجوع / rocû'/: [عربی]*اسم.* ۱. *[نامتداول]* کار یان ڕەوتی گەڕانەوە؛ هەڵگەڕانەوە؛ بادانەوە؛ وەرگەڕانەوە؛ زڤڕین؛ ئەوەگێڵەی؛ گێلایەوە ۲. *[اسلام]* زەماوەند و پەیوەندی دوبارەی ژن و شوو پاش جیا بوونەوەیان ۳. کار یا ڕەوتی چاو لێکردنەوە؛ پێدا چوونەوە؛ لێڕوانینەوە؛ گەڕان؛ چاو پێدا خشاندنەوە ‹رجوع به پرونده، موضوع را روشن می‌کند: چاوِ لیکِردنەوەی دۆسیەکە، بابەتەکە ڕوون دەکاتەوە›. هەروەها: **رجوع کردن**

رحل / rahl/: [عربی]*اسم.* ۱. *[ادبی]* بارگە؛ بار و بنە؛ بار و بەرگێ کە گەڕیدە لەگەڵ خۆی دەیبا ۲. کورسی/ قورسیقورئان؛ ڕاگری کتێب بۆ خوێندنەوە ☜ **رحلهٔ قرآن**

▣ **رحل اقامت افکندن:** *[ادبی]* بنەخستن؛ بنەگیر بوون؛ بنە دایوە؛ بنەوەدەی؛ نیشتەجێ بوون؛ ئاکنجی بوون؛ مانەوە؛ ئەوەمەنەی.

رحلت / rehlat/: [عربی]*اسم. [ادبی]* مەرگ؛ کۆچی دوایی؛ کۆچی یەکجاری.

▣ **رحلت کردن:** کۆچی دوایی کردن؛ کۆچی یەکجاری کردن؛ مردن؛ دنیا بە جێ هێشتن؛ ئەمری خودا بەجێهێنان؛ عەمر خوا کردن ‹استاد «هەژار» در سال ۱۳۶۹ شمسی، رحلت کرد: مامۆستا هەژار، لە ساڵی ۱۳٦۹ی هەتاویدا، کۆچی دوایی کرد›.

رحلی / rahlî/: [عربی] ☜ قطع رحلی، **قطع**

رحم / rahem/: [عربی]*اسم.* منداڵدان؛ منداڵدان؛ تۆلدان؛ زێدان؛ زایەدان؛ پزدان؛ هەلپەز؛ ڤاگینا؛ هەڤالبچووک؛ پرزانک؛ پزلی؛ پزو؛ کاردانک؛ گللک؛ هەماز؛ زامار؛ هاوباز؛ بز؛ پاور ‹مادرش هر چه باشد، او را ۹ ماه در رحم خود پرورده است: دایکی هەرچی بێ، ۹ مانگ لە منالدانی خۆیدا پەروەردەی کردووە›.

رحم / rahm/: [عربی]*اسم.* ۱. بەزە؛ بەزەیی؛ بەزەی؛ بزی؛ بەزەوی؛ دڵنەرمی؛ دڵسۆزی ۲. دلۆڤانی؛ میرەوانی؛ میهرەوانی.

▣ **رحم آمدن:** بەزەیی پێدا هاتنەوە؛ دڵ سووتان بە حاڵی کەسێک ‹رحمش آمد و او را به بیمارستان برد: بەزەیی پێدا هاتەوە و بردی بۆ نەخۆشخانە›.

رحم کردن: ڕەحمکردن: ۱. دلۆڤانی کردن ‹خدا به ما رحم کرد: خوا ڕەحمی کرد پێمان› ۲. دڵنەرمیکردن؛ دڵسۆزی کردن؛ دڵ سووتاندن ‹به بچەهایم رحم کنید و مرا ببخشید: ڕەحم بە منداڵەکانم بکەن و لێم ببوورن›.

رحمان / rahmān/: [عربی] *صفت. [ادبی]* بەخشێنەر؛ بەخشنە؛ بەزەییدار؛ بەزەیار؛ دلۆڤان؛ ڕەحمان ‹خداوند رحمان: خودای بەخشینەر›.

رحمت / rahmat/: [عربی]*اسم. [ادبی]* ڕەحمەت: ۱. دلاوایی؛ دلۆڤانی؛ میهرەوانی ‹بر این جان پر از

غم رحمت آرید: دلاوایه‌ک بۆ ئه‌م گیانه په‌رۆشه› ۲. به‌خشنده‌یی؛ ڕه‌وتی لێ خۆش بوون ‹خداوند مردگان شما را رحمت کند: خودا له مردووه‌کانتان خۆش بێ› ۳. ده‌هنده‌یی؛ دلۆڤانی ‹ابر رحمت: هه‌وری ڕه‌حمه‌ت›.

▣ **رحمت کردن**: ڕه‌حمه‌ت‌کردن: ۱. دلۆڤانی کردن ۲. به‌خشنده‌یی‌کردن؛ لێ‌خۆش بوون؛ داوا کردن له خودا بۆ به‌خشینی که‌سێ ‹خدا مردگان شما را رحمت کند: خوا له مردووه‌کانتان خۆش بێ› ۳. *[مجازی]* چاکه وتن؛ به چاکی بیرکردنه‌وه؛ به چاکه نێو بردن.

به رحمت خدا پیوستن/ رفتن: *[کنایی]* کۆچی دوایی کردن؛ مالاوایی کردن له دنیا؛ به‌ر به‌زه‌یی خوا که‌وتن؛ مردن.

رحیل / rahîl/: [عربی]*اسم*. *[ادبی]* کۆچ؛ سه‌فه‌ر؛ ڕه‌وگه؛ کۆچ‌وبار ‹عزم رحیل کردن: نیازی کوچ کردن›.

رحیم / rahîm/: [عربی] *صفت*. *[ادبی]* دلۆڤان؛ میهره‌وان؛ دلۆڤانیکار؛ زۆر به‌ڕه‌حم ‹خداوند رحیم: خودای دلۆڤان›.

رخ / rax/: *اسم*. گاز؛ له‌له؛ که‌لشت؛ هێل؛ کیڕ؛ شکه‌ن؛ شوخت؛ ده‌رز؛ کێل؛ کێله؛ تره‌که؛ هێلێ که به سه‌ر شتێکی ڕه‌قه‌وه (وه‌ک به‌رد یان ئاسن) به‌دی‌دێ.

رخ / rox/: *اسم*. ۱. ڕوخ؛ قه‌لعه؛ قه‌لا؛ له مۆره‌کانی شه‌تره‌نجه که به شێوه‌ی ئاسۆیی یا کۆڵه‌که‌یی ده‌گه‌ڕێ و هه‌ر یاریکارێک له سه‌ره‌تای کایه‌دا دوانی هه‌یه ۲. *[ادبی]* ڕوخ؛ ڕه‌خ؛ ئال؛ لادیمه؛ هه‌ر کام له دوولای ده‌موچاو ۳. *[ادبی]* ڕوومه‌ت؛ ده‌موچاو؛ ڕوخسار؛ چار؛ ڕوه؛ ڕوی ٤. *[ادبی]* گۆنا؛ سه‌رکوڵم.

▣ **رخ دادن**: ڕوودان؛ پێش‌هاتن ‹این واقعه در سال ۲۱ هجری روی داد: ئه‌م کاره‌ساته له سالی ۲۱ی کۆچی ڕووی دا›.

به رخ کشیدن: ڕانان؛ کێشانه ڕوودا؛ نواندن؛ به شێوازێکی ناڕاسته‌وخۆ، نیشانی دیتران دان ‹سه ماه رفته انگلیس، حالا که برگشته سواد انگلیسی‌اش را به رخ می‌کشد: سێ‌مانگ چووه‌ته ئینگلیس، ئێسته که گه‌ڕاوه‌ته‌وه سه‌وادی ئینگلیسی خۆی ده‌نوێنی›.

رخام / roxām/: [عربی]/*اسم*. ۱. مه‌یمه‌ڕ؛ مه‌ڕمه‌ڕ؛ به‌ردی گه‌چی دانه ورد به ڕه‌نگی سپی، ڕه‌گدار و ڕوون که له په‌یکه‌رتاشی و که‌ل‌وپه‌لی ته‌وزێنیدا به‌کاردێ ۲. *[قدیمی]* مه‌ڕمه‌ڕی سپی.

رخبام / roxbām/ ☜ **طرّه**

رخپذیر / raxpazîr/: *صفت*. *[کانی‌شناسی]* وه‌رقه‌هه‌لگر؛ به تایبه‌تمه‌ندی شکان له لایه‌کی دیاردا و به شێوه‌ی (که‌م یان زۆر) ساف و ڕێک.

رخت / raxt، ـها/: *اسم*. ۱. جل‌وبه‌رگ؛ ڕه‌خت؛ گنج؛ پۆشاک؛ پۆشه‌مه‌نی؛ پۆشینه؛ پۆشنه؛ پۆشانه؛ به‌رگ و شمه‌ک؛ ئه‌وه‌ی له به‌ری ده‌که‌ن ‹رفتند برای خرید رخت عروسی: چوون بۆ کڕینی جل‌وبه‌رگی زه‌ماوه‌ند› ۲. *[قدیمی]* به‌ر و بوخچه؛ خسته‌ک و ڕایه‌خ؛ پرتال؛ شت‌ومه‌کی ڕاخراوه‌ی نێومال (وه‌ک قالی و پێخه‌ف).

▣ **رخت بربستن**: *[مجازی]* تیا چوون؛ مردن.

رخت بستن: *[ادبی]* بارکردن؛ کۆچ کردن؛ بارگه بردن؛ نه‌مان؛ نه‌مه‌نه‌ی؛ ڕۆیین؛ تاران؛ وارگه چوون؛ له به‌ین چوون یان به‌رپیوار بوون ‹آرامش از خانه‌ی ما رخت بست: له مالی ئێمه ئارا و قارا باری کرد›.

رخت درآوردن: *[گفتاری]* جل‌وبه‌رگ داکه‌ندن؛ به‌رگانه ده‌رهێنان؛ گنج ده‌رهێنان؛ جل‌وبه‌رگ له به‌ر که‌ندن ‹رختش را درآورد و لخت شد: جل و به‌رگی داکه‌ند و ڕووت بووه‌وه›.

رخت‌آویز / raxtāvîz، ـها/: *اسم*. هه‌په؛ مهین؛ چێولیباسی؛ که‌ره‌سه‌ی گنج هه‌لاوه‌سین له کاتی نه‌کرانه به‌ردا ‹شلوارت را آویزان کن به

رختاویز: شواڵەکەت بە هەیەکەدا هەڵواسە›.

رختخـواب / raxtexāb ، ـهـا/: اسم. پێخـەف؛ سەرناز؛ نـڤین؛ نـوین؛ سـەرەخەر؛ بـەخۆدادەر؛ جێگەوبان؛ جاگە؛ جـل و جێـوان؛ جـل‌جێـوان؛ بەستەک؛ دەستەنوێن؛ متێل؛ ڕەختخاو؛ یـەتاخ؛ یاتاخ؛ پڕتاڵ؛ پڕتان؛ سـەرجەمی ئـەو کەرەسـانە کە بە ڕووی نڤینگە یـان زەویـنـدا بـۆ خـەوتنی ڕادەخەن (وەک: دۆشـەک، لێفـە؛ پـەتوو، سـەرین و...).

◘ بـە رختخـواب رفـتن: چوونـە نـاو جێگـەوە؛ چوونە ناو نوێنـەوە؛ چوونـە سـەر جێگەخـەو؛ تەیار بوون بۆ خەوتن.

توی رختخـواب افتـادن: کەوتنـە نـاو جێـوە؛ کەفتنە جـێ؛ لـە جێگـەدا کـەوتن؛ لاکەفتـە بوون؛ نەخۆشی نـاو جـێ بـوون ‹دو ماه توی رختخواب افتاده بود: دوومانگ کەوتبووە ناو جێوە›.

رختخواب پیچ / raxtexābpîč ، ـها/: اسم. مەوج؛ هەنجەڵ؛ قوماشێکی چوارگۆشە کـە لـە بـڕێک ماڵاندا پێخەفەکانی پێ دەپێچنـەوە و لـە ڕۆژدا بە دیوارەوە هەڵی دەسپێرن.

رختدار / rax(t)dār ، ـها؛ ـان/: اسم. پێخەفـدار؛ پڕتاندار؛ کەسێک کە لە دامەزراوەیـەکی (وەک: هوتێل، نەخۆشخانە، سەربازخانە و...)دا ئەرکـداری ڕاگـرتن و ئاگـەداری کـردن لـە پێخـەف و پێخەفگەیە.

رختدارخانـه / rax(t)dārxāne ، ـهـا/: اسـم. پێخەفگە؛ پڕتانگە؛ هۆدەیەک لە دامەزراوەیەکدا (وەک: نەخۆشخانە، هوتێل، میوانخانـە و...) کـە پۆشانە و پێخەف لەوێ هەڵدەگیردرێ.

رختـشو / raxtšû ، ـهـا؛ ـیان/: اسم. جلـشۆر؛ بەرگشۆر؛ کۆلکەر؛ کولکەر؛ باڵاڤـکەر؛ کەسـێک کە جلک و گنجی خەڵک بە پارە دەشوا.

رختشوخانه / raxtšûxāne ، ـها/: اسم. جلشۆرک؛ کەیەکی؛ شیووکوڵ؛ باڵاڤ؛ ئەو جێگە جلکی لێ دەشۆن.

رختـشور / raxtšûr ، ـهـا؛ ـان/: اسـم. [گفتـاری] جلشۆر؛ بەرگشۆر؛ کۆلـکەر؛ کولـکەر؛ باڵاڤکەر؛ کەسێک کە جلک و کووتاڵـی خەڵـک بـە پـارە دەشوا.

رختشورخانه / raxtšûrxāne ، ـها/: اسم. [گفتاری] جلشۆرک؛ جلشۆرخانە؛ کوڵ؛ کەیەک؛ کەیەکی؛ شیووکوڵ؛ باڵاڤ؛ ئۆدە یا سالۆنێ بە پێداویـستی خۆیەوە بۆ جلک شۆردن.

رختـشوری / raxtšûrî ، ـهـا/: اسـم. [گفتـاری] جلشۆری؛ کولکەری؛ بەراڤ؛ شـیووکوڵ؛ بـاڵاڤ؛ دراڤ؛ کوڵ؛ تمت‌وشۆ؛ شست‌وشۆ؛ باڵاو؛ شوار.

رختشویی / raxtšûyî ، ـها/: اسم. بەراڤ؛ بـاڵاڤ: ۱. کـار یـان ڕەوتی جـل شـتن ۲. شـیووکوڵ؛ کاری جلشۆر ۳. [گفتـاری] کەیـەکی؛ شـۆردنگە؛ جلشۆرخانە ٤. ماشینی جلشۆری * **رختـشوری** [گفتاری]

رخـتکن / raxtkan ، ـهـا/: اسـم. ۱. هـۆدە یـان جێگەیـەکی سەرداپۆشـراو بـۆ لـە بەرکەنـدن و گـۆڕانی پۆشـەمەنی ۲. هۆدەیـەک کـە کـاتی چوونە ناوەوە، کڵاو و باڵـتە و چـەتر و...ی لـێ ڕادەگرن.

رخت وپخت / raxt-o-paxt /: اسم. شت‌ومـەک؛ شمـەک؛ پرتـاڵ؛ کـەل‌وپـەل؛ کەلپـەل؛ مـاڵ؛ ناوماڵە؛ ناوماڵی.

رخداد / roxdād ، ـها/: اسم. ڕووداو؛ مەرسەلا.

رخـدیس / roxdîs ، ـهـا/: اسـم. ڕووپۆشـەک؛ ماسک.

رخـسار / roxsār ، ـهـا/: اسـم. [ادبـی] ڕوخـسار؛ دیمەن؛ دیم؛ دیمە؛ ڕوو؛ ڕوە؛ ڕوی؛ چـار؛ چـارە؛ وێنە؛ تەتەڵە؛ گۆنە؛ دەموچاو؛ مـوور؛ سـەحەت؛ ڕەنگ‌وڕوو ‹خوشا چشمی که رخسار تو بیند: خۆزگـە بەو چاوە ڕوخسارت ببینێ›.

رخساره / roxsāre ، ـها/: اسم. ۱. ڕوو؛ ڕوە؛ ڕوی؛ دیم؛ دیمــە؛ دیمــەن؛ سـەروچاو؛ دەموچــاو؛ ڕوخسار؛ ڕوخـسارە؛ چار؛ چارە؛ سـیما؛ وێنـە؛

تەتەڵە ‹دوش می‌آمد و رخساره برافروخته بود: رووی هەڵاییسابوو دوێشەو کە دەهات› ۲. [زمین‌شناسی] کۆمەڵە تایبەتمەندیگەلی بنەنیشتێک لە روانگەی بەردناسی، کۆنینەناسی و هەل و مەرجێک کە بۆتە هۆی بنەنیشتن.

رخشان / raxšān/: صفت. [مخفف] درەوشان؛ درەوشاوە؛ گەشاوە؛ بریقەدار؛ گرشەدار؛ تەیسان؛ رەوشەن؛ رۆشن ‹خورشید رخشان: هەتاوی درەوشان›.

رخشنده / raxšande/: صفت. [مخفف] تیشکدەر؛ بە درەوشە؛ بریسکەدەر؛ تروسکەدەر؛ برووسکەدەر؛ بریکەدەر؛ بەتەیس؛ بریقەدەر ‹چو رخشنده مهتاب سر برنهد: کاتێ مانگی تیشکدەر سەر دەرێنێ›.

رخصت / roxsat/: [عربی] اسم. [ادبی] بەرایی؛ رێگانە؛ ئیجازە ‹رخصت خواستن: بەرایی خواستن›.

رخنه / rexne, raxne، ـها/: اسم. ۱. رەهۆڵ؛ دەرز؛ درز؛ کەلشت؛ شکەن؛ شکێڕ؛ تریشکە؛ قەڵش یان چاکێ لە شتێکدا کە تا ناوەوە درێژەی هەیە ۲. کون؛ وڵە.

▣ **رخنه کردن**: دزەکردن؛ کون کردن؛ چوونە نێو شتێ یان شوێنێکی بەستراوەوە ‹آب در دیوار رخنه کرده بود: ئاو دزەی کردبووە دیوارەکەوە›.

رخوت / rexvat,raxvat/: [عربی] اسم. ۱. خاوی؛ سستی؛ تەوەزەلی؛ تەپلمۆسی؛ تەپڵەمووسی ‹رخوت و تنبلی جز بدبختی حاصلی ندارد: سستی و لەش‌گرانی بەدبەختی لە شوێنە و بەس› ۲. خاوی؛ کاسی؛ داهێزراوی؛ کەم‌هێزی ‹بە تدریج دارو داشت اثر می‌کرد و وجودم دستخوش رخوت می‌شد: بەرە بەرە دەواکە کاری دەکرد و خاوی دایدەگرتم›.

رد[1] / rad(d)/: [عربی] اسم. ۱. رەد؛ کار یان رەوتی دانەوە؛ وەرگەڕاندنەوە؛ گەڕاندنەوە؛ وەرگێڕان ‹پول را به صاحبش رد کرد: پووڵەکەی وەرگەڕاندەوە بۆ خاوەنی› ۲. رەد؛ رەت؛ کار یان رەوتی قەبووڵ نەکردن و وەرنەگرتن ‹پیشنهاد او را رد کرد: پێشنیارەکەی رەد کردەوە› ۳. ـها/ شوێن؛ شوین؛ شۆن؛ شوون؛ هەرونە؛ هەروند؛ هەرون؛ هورەندە؛ شۆپ؛ شۆب؛ شۆ؛ شوێنەوار؛ ئاسەوار؛ شۆنەما؛ شۆنەمای؛ کەرخ؛ یافت؛ رێنج؛ نونگ؛ رەت ‹رد صدا؛ رد پا؛ رد کسی را گرفتن: شوێنی دەنگ؛ شوێن پا؛ شوێنی کەسێ هەڵکردن› ٤. تێپەڕ؛ رەد؛ کار یان رەوتی تێپەڕین لە شوێنێکدا ‹کسی از اینجا رد نشده است: کەسێک لێرەوە تێپەڕی نەکردووە›.

▣ **رد شدن**: ۱. رەد بوونەوە؛ قەبووڵ نەبوون؛ وەرنەگیریان ۲. تێپەڕین؛ رەد بوون؛ بوردن؛ ویەردەی؛ پەڕینەوە؛ ڕابواردن؛ پڕایوە ‹از خیابان رد می‌شدم که با ماشین تصادف کردم: لە شەقامەکەوە تێدەپەڕیم، کە ماشێن لێی‌دام›.

رد کردن: ۱. دانەوە؛ پێدانەوە؛ گەڕاندنەوە؛ دایوە؛ ئەوەگێڵنەی ۲. سپاردن؛ دانە کەسێ‌تر؛ پڕنایوە؛ ئەوەپڕنەی ۳. رەدکردن؛ تێپەڕاندن ٤. رەدکردنەوە؛ وەر نەگرتن؛ پەسند نەکردن؛ هەڵخووشان؛ لا داین؛ دانە دواوە.

رد کسی را پیدا کردن: شوێنی کەسێ دۆزینەوە؛ شوێن کەسێ هەڵکردن؛ شۆنۆ یۆی هۆرکەردەی؛ هەواڵ یان نیشانەیەک لە جێگەی کەسێ بەدەس‌هێنان.

رد کسی را گرفتن: بە شوێن/ لە شوێنەوار کەسێکدا چوون؛ شوێن کەسێ گرتن؛ کەوتنە شوێنی کەسێک؛ رێنجی کەسێ دانە پەی؛ شۆنەماو یۆیرە گێڵەی (بۆ کەوتنە شوێنی یان دۆزینەوەی).

رد[2]: صفت. [گفتاری] سەرنەکەوتوو؛ رەد؛ قەبووڵ‌نەبووگ؛ وەرنەگیراو ‹آزاد از امتحان رد شد: ئازاد لە ئەزموونەکەدا سەر نەکەوت›.

ردا / radā, redā، ـها/: [عربی] اسم. [قدیمی] باڵاپۆش؛ عاپا؛ عابا؛ بەرگێکی شۆڕ و ئاودامانی

بەرواز و بێقۆپچە کە لە سەر جلوبەرگی تری دەکەن.

ردخور / radxor/: [عربی/ فارسی] *صفت.[گفتاری]* وەرنەگیراو؛ شیاوی ڕەدکردنەوە.

▣ **ردخور نداشتن:** بێ سێودوو بوون؛ تەواو بوون؛ بێ کەمایەسی بوون؛ وەرگیرانی بێ قسەوباس ‹حرفهایش ردخور نداشت: قسەکانی بی سێودوو بوو›.

رده / rade ، ـها/: *اسم.* ۱. ریز؛ ڕیز؛ ریزە؛ ڕێزە؛ ڕزن؛ پێڕە؛ چینە؛ سەف؛ ڕەج ۲. *[زیست‌شناسی]* لە یەکەگەلی ڕزن کردنی گیانەوەران و گیاگەل، بریتی لە چەند ڕاستە، کە خۆی بەشێکە لە لقێک.

رده‌بندی / radebandî ، ـها/: *اسم.* ریزبەندی؛ ریزگری؛ کار و ڕەوتی مریس‌کردنی شتان لە ریزە و دەستە یان گرۆگەلدا بە پێی تایبەتمەندیان.

ردی / raddî ، ـها/: [عربی] *اسم.* ڕفووزەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سەرنەکەوتن. بەرانبەر: **قبولی**

ردیاب / radyāb ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* شۆپهەلگر؛ شۆپاژۆ؛ شۆپگەر؛ شوێن‌هەلگر؛ هەرند؛ شوێن‌گیر؛ کەسێک یان کەرەسەیێ کە بەرەوگەی ڕۆیشتن یا شوێنی کەسێ یان شتێ دەدۆزێتەوە. هەروەها: **ردیابی**

ردیز / radeîz ، ـها/: [؟] *اسم.[زیست‌شناسی]* ژێرریزە؛ بەشێکی جیاواز لە ریزێک.

ردیف / radîf ، ـها/: [عربی] *اسم.* ۱. ریز؛ ڕز؛ ڕزن؛ ڕزگ؛ کەسان یان شتانێ کە لە پاڵ یان لە پشتەسەری یەکتریدان ‹آنها در دو ردیف پشت سر هم نشسته بودند: ئەوان لە دوو ریزدا پشتەسەری یەک دانیشتبوون› ۲. ریز؛ پێڕە؛ ڕێز؛ ڕز؛ ڕزن؛ قەتار؛ ڕقات؛ هێڵێ کە بەم جۆرە دروست دەبێ ‹نفر وسط از ردیف سوم: نەفەری ناوەڕاست لە ریزی سێهەم› ۳. وشە یان وشەگەلێ کە لە دوایی هەموو دێڕگەلی شیعرەوە دێ و دووپاتە دەبێتەوە (وەک وشەی «بی‌تو» لە کۆتایی دێڕەکانی ئەم بەیتە شیعرەی نالیدا «نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بی‌تو/ نەچم شەرت بێ هەتا ئەم خوارە بی تو») ٤. *[موسیقی]* چۆنیەتی شوێن یەک کەوتنی گۆشەگەل لە دەزگای مووسیقی ئێرانیدا.

ردیفی / radîfî/: [عربی] *قید.* بە ریز؛ ڕێزی؛ ڕزی؛ بە بیچمی ریزەوە ‹ردیفی نشسته بودند: بە ریز دانیشتبوون›.

ردیم / rod(i)yom/: [فرانسوی] *اسم.* ڕادیۆم؛ توخمی کیمیاوی کانزایی بە ژمارەی ئەتومی ٤٥ و کێشی ئەتومی ۱۰۲,۹۰ بە ڕەنگی سپی، نەرم و بیچمگر، لە ناو ئاو ناتوێتەوە و لە هەمبەری ئەسیدەوە خۆگرە، لەگەڵ کانیگەلی پلاتیندا هەیە و لە ئاوکاری، ئالیاژسازی و شمەکی ئەندازەگری ئەستێرەوانیدا بەکەڵکە: **رُودیُم**

رذائل / razā'el/: [عربی] ☜ **رذایل**

رذالت / rezālat, razālat ، ـها/: [عربی] *اسم.* پەستی؛ خوێڕیەتی؛ ناکەسی؛ چەپەڵی؛ تەڕەسی؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی پەست بوون ‹تو به این رذالت تن دادی که بچه‌هایت را به گدایی ببری؟: تۆ خۆت دا لە قەرەی ئەم پەستیە کە منداڵەکانت بەری بۆ سواڵکەری؟›.

رذایل / razāyel/: [عربی] جمعِ ☜ **رَذیلَت: رذائل**

رذل / razl ، ـها/: [عربی] *صفت.* پەست؛ خوێڕی؛ خۆڕی؛ تەڕەس؛ ناکەس؛ گەمار ‹آدم باید خیلی رذل باشد، که از حق هم‌کیش خود بدزدد: مرۆ دەبێ زۆر پەست بێت، کە لە مافی هەڤاڵی خۆی دزی‌کات›.

رذیلانه / razîlāne/: [عربی/ فارسی] *قید.* بە پەستی؛ پەستانە؛ خوێڕیانە؛ پیسانە ‹در دوران جنگ خیلی رذیلانه برخورد می‌کرد: لە سەردەمی شەڕدا زۆر بە پەستی دەجووڵاوە›.

رذیلت / razîlat ، ـها؛ رذایل/: [عربی] *اسم.* خوێڕیەتی؛ پیسیەتی؛ گەماریەتی.

رز / raz ، ـان/: *اسم.* مێو؛ مەیڤ؛ ڕەز؛ داری ترێ؛

داری هەنگوور: مُو

رز / roz/: [فرانسوی] ☜ گل سرخ، **گل**

رزاز / razzāz ،ـها؛ـان/: [عربی]/اسم. ١. برنج‌کوت ٢. کەسێ کە کاری فرۆشتنی برنج و بـرویش و دانەوێڵەیە.

رزازی / razzāzî/: [عربـی]/اسـم. ١. کرینگـەی برنج؛ دووکانی برینج‌فرۆشی ٢. کاری فرۆشـتنی برنج و دانەوێلە.

رزاق / razzāq/: [عربی] صفت. [ادبـی] رۆژیـدەر؛ رۆزیدەر؛ بژیودەر.

رزبان / razbān ، ـها؛ ـان/: اسم. رەزوان؛ رەزڤـان؛ باخەوانی باخی ترێ.

رزرو / rezerv/: [فرانسوی]/اسـم. دابـین؛ ئـەوەی رەچاوکراوە تا جێگرەوەی کەسێ یان شتێکی‌تر بێ ‹از حالا برام توی هتل جا رزرو کـردەانـد: هـەر لـە ئێـستاوە لـە ئوتێلـدا جێیـان بـۆ دابـین کـردووم›.

هەروەها: **رزرو بودن؛ رزرو شدن؛ رزرو کردن**

رزق / rezq ، ارزاق/: [عربـی]/اسـم. بژیـو؛ رۆژی؛ نان‌وسۆل؛ نان‌وخوێ؛ رزق ‹رزق آدم را خدا می‌دهد: بژیوی مرۆ لە لای خوایە›.

رزم / razm ، ـهـا/: اسم. [ادبـی] شـەڕ؛ جـەنگ ‹جامەی رزم بر تن کرد: بەرگی شەڕی کردە بەر›.

رزم آزموده / razmāz(e)mûde/: صفت. [ادبـی] شـەڕدیتوو؛ شەڕچەشـتە؛ رەزمازمـا؛ خـاوەن ئەزموون لە شەڕدا.

رزم‌آور / razmāvar ،ـان/: صفت. [ادبی] جەنگاوەر؛ سـەفدەر؛ جـەنگی؛ نەبـەز؛ شـەڕانی؛ شـەڕۆر؛ شـەڕاوی؛ ئـازا لـە شـەڕدا ‹مـرد رزم‌آور: پیـاوی جەنگاوەر›.

رزمـایش / razmāyeš ، ـهـا/: اسم. رۆنانگـەی جەنگ؛ خەبات و چالاکی پۆڕدراوێ بە بەشداری کەسان و کەرەسەگەلی پێویست بۆ تاوتوێ‌کردن، دابین‌کردن یان نمایشدانی بەرهەڤی بۆ شەڕ.

رزمجـو / razmcû ، ـهـا؛ ـیان/: صفت. [ادبـی] جەنگەرانی؛ جەنگەران؛ شەڕویـست؛ جەنگکـەر؛ شـەڕچی؛ شـەڕانی؛ جـەنگاوەر؛ جـەنگی ‹مـرد رزمجو: پیاوی جەنگەرانی›.

رزمدیده / razmdîde ، ـگان/: صفت. [ادبی] شـەڕ دیتوو؛ شەرئازما.

رزمگاه / razmgāh ، ـهـا/: اسم. [ادبـی] شـەڕگە؛ هێلگە؛ مەیدانی جەنگ.

رزمنامـه / razmnāme ، ـهـا/: اسم. شـەڕنامە؛ کتێـب و پـەرتووکێ کـە لـە بابـەت شـەڕەوە نووسراوە.

رزمناو / razmnāv ، ـها/: اسم. کەشتی جەنگی.

رزمنده / razmande ، ـها؛ ـگان/: صفت. [ادبی] شـەڕکەر؛ بەشـەڕ؛ خـاوەن هێـزی شـەڕکردن ‹نیروی رزمنده: هێزی شەڕکەر›.

رزمی / razmî/: صفت. [ادبی] جەنگی؛ شەڕەکی؛ شەڕی؛ پێوەندیدار بە شەڕەوە.

رزمیـدن / razmîdan/: مـصدر. لازم. [ادبـی] // **رزمیدی**: شەڕت‌کرد؛ **مـی‌رزمـی**: شـەڕ دەکـەی؛ **برزم**: شەڕ بکە// شـەڕکردن؛ گژیـەی؛ جـەنگین؛ بەرزاندن؛ بەلشین.

■ صفت فاعلی: **رزمنده** (شەڕکەر)/ صفت مفعولی: **رزمیده** (ـ)/ مصدر منفی: **نَرزمیدن** (شەڕ نەکردن)

رزوه / rezve, razve ، ـها/: اسم. رزوە: ١. گیرە؛ ئاڵقەیەک کە سەری زافتەکە دەکەوێتە نـاوی و قفـڵەکەی لـێ دەخـەن: **رَزە** ٢. دەنـدەی پێچاوپێچ؛ شاشە (وەک دەندەی پێچ).

رزه / raze/: [؟] ☜ **رزوه ـ ١**

رزیـدن / razîdan/: مـصدر. متعـدی. [قـدیمی] // **رزیدی**: رەشتت؛ **می‌رزی**: دەرێژی؛ **بـرز**: بـرێژە// رەژتـن؛ رشـتن؛ رژتـن؛ رەشـتەی؛ گۆنانـدن؛ رەنگاندن؛ رەنگ کردن.

■ صفت فاعلی: **رزنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **رزیـده** (رەژیاگ)/ مصدر منفی: **نرزیدن** (نەرەژتن)

رزیـدنت / rezîdent ، ـهـا/: [انگلیـسی]/اسـم. رێزیدێنت؛ بژیشکێ کە بۆ تێپەڕکردنی دەورەی پسپۆڕی لە نەخۆشخانەدایە.

رزیستانس / rezîtāns/: [فرانسوی]/اسم. [برق] ڕێزیستانس؛ باشار؛ بەرگری؛ مقاوەمەت.

رزین / rezîn ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. [شیمی] ڕزین؛ هەر یەکە لە تەنگەلی نەگۆڕ یان نیمچە نەگۆڕی بێبیچم و ئاگرگر بە ڕەنگی زەردی ئامال قاوەیی کە لە دەلاندنی برێ گیاوە پێکدێ.

رژ / roj/: [فرانسوی] ☜ **رُوژ**

رژه / reje ، ـها/: اسم. سان؛ ڕێژە؛ ڕێورسمی مەشقی گرۆیەک بۆ بۆنەیەکی فەرمیەوە (جێژن یان دیمانەی کەسایەتیەک) لە ڕیزگەلێکی تەکووزدا لە بەرانبەر کەس یان شتێکەوە.

◘ رژه رفتن: وەتەرنایش؛ ڕێژە چوون؛ تێپەڕ بوونی ڕیزگەلێ لە کەسانی دەستەیەک لە بەرانبەری کەسێک یان شتێکەوە.

رژیسور / rejîsor ، ـها/: [عربی]/اسم. ڕیژیسۆر؛ دەرهێنەری شانۆ.

رژیم / rejîm ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ڕژیم: ١. دوزەنە (بەتایبەت دوزەنەی سیاسی)؛ دام و دەزگای دەسەلات ‹رژیم جمهوری: ڕژیمی کۆماری› ٢. دەولەت یان دەسەلات ‹رژیم اسرائیل: ڕژیمی ئیسراییل› ٣. پاریز؛ پاریزانە؛ ڕینامەیەکی دیاریکراو بۆ نەخواردن و خواردنی چەشنێ خواردەمەنی ‹من رژیم دارم، شام نمی‌خورم: ئەمن پاریز دەکەم، شێو ناخۆم›.

◘ رژیم گرفتن: ڕژیم گرتن؛ پاریزکردن؛ لە ڕێنامەیەکی تایبەتی بۆ خواردن و نەخواردن کەلک وەرگرتن. هەروەها: **رژیم داشتن**

ـ رس / res, ras/: *پیوازه.* ـ ڕەس: ١. ئەوەی کە بگا؛ ڕەسندە ‹نورس: تازەڕەس› ٢. جێگەیێ کە بگرێ پێی بگەی ‹دسترس: دەسڕەس› ٣. پێڕاگەیێن ‹دادرس: فریارەس›.

رس / ra(o)s/: صفت. هەڤدەلووش؛ چلێس؛ زکن؛ زکین؛ بخوارە؛ زککوور؛ زکوون؛ بەرچاو برسی؛ سکەڕۆ؛ سکن؛ چەورە.

رس / ros/: اسم. ڕس؛ خاکەسوورە: **رُست**

◘ رس آهکی: ڕسی قسلی؛ خاکەسوورەی تێکەلاو لەگەل قسلدا. هەروەها: **رس ماسه‌ای؛ رس آهنی**

رس چربی‌زدا: جۆرێک خاکی ڕسی دانەڕێزی سروشتی، بەهێزی هەلمژانی زۆرەوە، کە بۆ سرینەوەی ڕەنگ کەلکی لێ دەگرن.

رس نسوز: ڕسی نەسۆچ؛ جۆرێ خاکەسوورە کە لە بەرامبەر گەرمای زۆرەوە باشاری دەکا و بیچمی ناگۆڕدرێ.

رسا / rasā, resā/: صفت. ڕەسا؛ ڕزگ؛ هەراش؛ خاوەن چەندیەتی یان چۆنیەتی تەواو یان دلخواز ‹صدای رسا: دەنگی ڕەسا›.

رسائل / rasā'el/: [عربی] ☜ **رسایل**

رسائی / rasā'î, resā'î/ ☜ **رسایی**

رسالات / resālāt/: [عربی] جمعِ ☜ **رساله**

رسالت / resālat/: [عربی]/اسم. ١. پێغەمبەری؛ پەیامنێری ‹پیغمبر اسلام یازده سال پیش از هجرت بە مدینه، بە رسالت رسید: پێغەمبەری ئیسلام یازدەسال پێش کۆچی بۆ مەدینە، بوو بە پێغەمبەر› ٢. /ـها/ ئەرکێکی دەروونی و سەرەکی کە کەس بۆ بەڕێوەبردنی، خۆی بە بەرپرس بزانێ ٣. کار یان ڕەوتی تێگەیاندن و پێگەیاندنی پەیام.

رساله / resāle ، ـها؛ رسالات؛ رَسایل/: [عربی]/اسم. نامیلکە؛ نامە؛ سیپارە؛ کتێبۆکە: ١. وتارێکی تێروتەسەل یان کتێبێکی چکۆلە لەمەڕ بابەتێکی زانستیانەوە، بەتایبەت ئەوەی کە لە قۆناغگەلی زانستگاییدا دەبێ لە لایەن خوێندکارانەوە بنووسرێت ٢. فتوا و بریارگەلی شەرعی کە دیناوەرێکی شەرعی دەیدا.

رسام / rassām/: [عربی]/اسم. ١. /ـها/ ئامرازی ڕەسم کردن؛ کەرەسەیێ کە بکرێ شتێکی پێ ڕەسم بکەی ٢. /ـان/ کەسێ کە کاری کێشان و ڕەسم کردن بێت.

ـ رسان / resān, rasān/: *پیوازه.* ـ بەر؛ ـگەیێن؛ ـ یاوێن؛ گەیێنەر ‹نامه‌رسان: نامەگەیێن›.

رسانا / resānā, rasānā/: *صفت.* ڕەسانا؛ بە تایبەتمەندی ڕاگوێزانی کارەبا، هەوا یان دەنگەوە. هەروەها: **رسانایی**

رساندن / resāndan, rasāndan/: *مصدر. متعدی.* // **رساندی:** گەیاندت؛ **می رسانی:** دەگەیێنی؛ **برسان:** بگەیێنە// گەیاندن؛ گەهاندن؛ گهاندن؛ یاونەی؛ یاونای؛ پنەیاونەی؛ ڕەسانن؛ ڕەساندن: ۱. کەسێک یان شتێک تا جێگەیەک بردن ‹بچه را به مدرسه رساندم: منداڵەکەم گەیاندە قوتابخانە› ۲. پێگەیاندن؛ وتنەوەی پەیامێک بۆ ڤەگری ‹سلام مرا به او برسان: سڵاوی منی پێ بگەینە› ۳. پێگەیاندن؛ کەسێ یان شتێ خستنە کارێک یان ڕووداوێکەوە ‹زیان رساندن: زیان پێ‌گەیاندن› ٤. کەسێ یان شتێ پەروەراندن یان هەراش کردن و پەرە پێدان ‹کسی را به مقامی رساندن: کەسێ بە پایەیەک گەیاندن› ۵. *[گفتاری]* پێگەیاندن؛ ڕاگەیاندن؛ یاونە پنەی؛ هەڤ گهاندن؛ ئاگادار کردنەوە؛ هەواڵ دان ‹به او رسانده بود که قرار است خانه را بفروشد: پێی گەیاندبوو کە بڕیارە ماڵەکە بفرۆشێ› ٦. پێگەیاندن؛ دابین‌کردن؛ بەرهەڤ کرن؛ دابەستن؛ ئامادە و تەیارکردن ‹مقاله را تا فردا برسان: وتارەکە تا بەیانی پێ‌بگەیێنە› ۷. شتێک لەگەڵ مەبەست یان ماوەیەکی تایبەتیدا هاوئاهەنگ یان سازگار کردن ‹باید با همین پول خودمان را تا آخر ماه برسانیم: دەبێ هەر بەم پارەیە خۆمان بگەیێنینە سەری مانگ› ❋ **رسانیدن**. هەروەها: **رساندنی**

■ صفت فاعلی: **رساننده** (گەیێنەر)/ صفت مفعولی: **رسانده** (گەیێندراو)/ مصدر منفی: **نَرساندن** (نەگەیاندن)

رسانه / resāne, rasāne، ـها/: *اسم.* ڕەسێنە؛ ڕەسانە؛ ڕاگەهانە؛ کەرەسەیەک بۆ ڕاگەیاندنی پەیام.

▣ **رسانەی گروهی/ همگانی/ جمعی:** کەرەسەی پەیوەندی گشتی؛ کەرەسەیەک کە خەبەر یان پەیامێک بە تاقمێکی زۆر لە خەڵکی ڕادەگەیێنێ.

ـ رسانی / resānî, rasānî، ـها/: *پیوازه.* ـگەیێنی؛ ـ بەری؛ ـ ڕەسێنی؛ چۆنیەتی گەیاندن ‹نامەرسانی: نامەگەیێنی›.

رسانیدن / resānîdan,rasānîdan/ ☜ **رساندن**

رسایل / rasāyel/: [عربی] جمعِ ☜ **رِساله:** **رسائل**

رسایی / resāyî, rasāyî/: *اسم.* ڕەسایی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕەسا بوون: **رسائی**

رست / rast/: *اسم. [ریاضی]* پانایی؛ بەر؛ وەر؛ مەودای ئەستوونی لە تەوەرەی درێژاییدا.

رست[1] / rost/ ☜ **رُس**

ـ رست[2]: *پیوازه.* ـ ڕسک؛ ـ نیا؛ ـ ڕس؛ ئەوەی کە دەڕوێ ‹خودرست: خۆڕسک›.

رستاخیز / rastāxîz/: *اسم.* ۱. پەسڵان؛ پەشڵان؛ سەڵا؛ قیا؛ قیامەت؛ ڕەوتی ئاخێزانەوە؛ ڕابوونەوە؛ ژیانەوەی دوای مەرگ؛ هەستانەوەی دوای مردن ۲. *ـها/* بزووتنەوە؛ خەبات؛ کار و ڕەوتی تێکۆشان بۆ لە بەین بردنی هەر چەشنە خراوی یان دواکەوتنێک.

رستگار / rast(e)gār، ـان/: *صفت. [ادبی]* ڕزگار؛ ئازاد؛ ئازا؛ ڕەها؛ ڕەهی؛ دەرباز؛ خەلاس؛ قوتار؛ دەرباس؛ بەشدار لە ڕزگاری. هەروەها: **رستگار بودن؛ رستگار شدن**

رستگاری / rast(e)gārî/: *اسم.* ڕزگاری؛ ئازادی: ۱. دۆخ یان چۆناوچۆنی دەرباز بوون یان دوور بوون لە مەترسی ۲. ڕەوتی گەیشتن بە ئامانج یان دۆزینەوەی ڕێگەی گەیشتن بە مراو ‹راستی، مایەی رستگاری است: ڕاستی هەوێنی ڕزگاریە›.

رستم / rostam/: *صفت. [کنایی]* پاڵەوان؛ بەهێز؛ ڕۆسەم؛ گەڕناس؛ میرپەنجە؛ مەرخوز؛ زۆردار.

▣ **رستم درِ حمام:** *[کنایی]* پاڵەوانفس ـ فس؛ پاڵەوانپەمە؛ لاتی چۆلایی؛ پاڵەوانی درۆینە؛ ناوی بێ ناوەرۆک.

رستم و یک دسته اسلحه: *[کنایی]* دوکانی بەکرە و دوو قاڵب سابوون؛ دۆخی هەبوونی تەنیا یەک ئامێر یان ڕێچار، بەتایبەت بۆ جلوبەرگ.

رستن / rastan/: مصدر. لازم. *[ادبی]* // **رستی:** خەلسای؛ **می‌رهی:** دەخەلسی؛ **رها شو:** بخەلسە// خەلسین؛ خەلسان؛ خەلستن؛ داخەلسان؛ فلتین؛ دەرباز بوون؛ سەر هلینان؛ ڕەستەی؛ ڕەسین؛ ڕاپسکان؛ وەربیەی؛ ڕزگار بوون.

■ صفت مفعولی: **رَسته** (خەلساو)/ مصدر منفی: **نَرَستن** (نەخەلستن)

رستن / rostan/: مصدر. لازم. *[ادبی]* // **رستی:** ڕسکایت؛ **می‌رویی:** دەڕسکی؛ **بِرو(ی):** بڕسکە// ڕسکان؛ ڕەهستن؛ ڕسەی؛ ڕسای؛ ڕپان؛ ڕوان؛ ڕوویان؛ شین بوون؛ هەڵدابوون؛ ڕەوانی ڕوەک؛ سەوز بوونی گیا.

■ صفت مفعولی: **رُسته** (ڕسکاو)/ مصدر منفی: **نَرُستن** (نەڕسکان)

رستنگاه / rostangāh/: اسم. ڕواوگە؛ ڕوار؛ جێگەی ڕوان.

رستنی / rostanî ، ـها/: اسم. ڕوەک؛ گیا؛ گیواو؛ گژ؛ هەر چی لە زەوی شین دەبێ.

رستوران / restûrān ، ـها/: [فرانسوی] اسم. خواردنگە؛ خوارنگەهـ ؛ ئاشخانە؛ چێشتخانە؛ شوێنی دامەزراو بۆ خواردن و خواردنەوەی مشتەریان.

رسته / raste ، ـها/: اسم. ڕزگ؛ ڕیز؛ ڕز؛ پێڕە: ۱. دەستە و تاقمی هاوکار یان لە پەنایەک ۲. هەر کام لە تاقمگەلی پسپۆڕی، بەتایبەت لە قۆشەن و سپادا.

رستی / rostî/ ☜ **رُسی**

رسد / rasad/: اسم. ۱. *[نظامی]* پەل؛ پاژێکی چەکداری بەرانبەر سێ جووخە (۲٤ کەس) ۲. دەستەی پێشاهەنگی ۳. *[قدیمی]* باهر؛ پشک؛ بەش؛ بەشە؛ گوێچ.

رسدبان / rasadbān ، ـان/: اسم. سەرپەل؛ فەرماندەی پەل.

رسدیار / rasadyār ، ـان/: اسم. ڕابەری دەستەیەکی پێشاهەنگی.

رسل / rosol/: [عربی] جمعِ ☜ **رَسول**

رسم / rasm ، ـها/: [عربی] اسم. ۱. وێنە؛ ئەوەی بە قەڵەم کێشراوە ۲. وێنەی خەتی شتێ ۳. /رسوم/ داب؛ هۆرتە؛ ڕست؛ گەلەمپەری؛ ڕەسم؛ ڕێوشوێنی باو و پەسندکراوی نێو کۆمەڵگا ‹رسم لباس پوشیدن: دابی جلوبەرگ بەر کردن› ٤. *[منطق]* ڕەسم؛ ئەوەی شتێ لە ڕووی نیشانەکانیەوە بناسێنێ (وەک ئەمەی لەمەڕ مرۆوە بگوترێ: «گیانەوەری ئاخێوەر»).

▣ **رسم خط:** ۱. ڕێنووس؛ شێوەی نووسینی واتەکان و نیشانەگەلی خاڵبەندی ۲. شێوەی جوان نووسین؛ شێوازی خۆشنووسی/ گوندەنووسی.

رسماً / rasman/: [عربی] قید. بە شێوەی فەرمی؛ بەرانبەر لەگەڵ بنەما و ڕێوشوێنی پەسندکراو.

رسمدان / rasmdān ، ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. ڕێوشوێنزان؛ دابونەریتزان؛ هۆرتەزان؛ ئاگادار لە ڕەسم و داب و دەستووری باو ‹باید یک نفر آدم رسمدان جلو بیافتد و مراسم را اداره کند: دەبێ یەکێکی ڕێوشوێنزان پێش بکەوێ و ڕێوڕەسمەکە بەڕێوە ببا›.

رسمدانی / rasmdānî/: [عربی/ فارسی] اسم. ڕێوشوێنزانی؛ نەریتزانی؛ هۆرتەزانی؛ ئاگاداری لە ڕێوشوێنگەل؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕێوشوێنزان بوون.

رسمی[1] / rasmî ، ـها/: [عربی] صفت. ۱. فەرمی؛ ڕەسمی؛ سازگار و هاوڕەنگ لەگەڵ قانوونگەل و ڕێوزێی وەرگیراودا ‹جلسەی رسمی: دانیشتنی فەرمی› ۲. فەرمی؛ ڕەسمی؛ بەپێی قانوون یان نەریتی جەماوەر ‹دیدار رسمی: دیمانەی فەرمی› ۳. ئاسایی ‹گوجەفرنگی رسمی: تەماتەی ئاسایی›.

رسمی ^۲^: *قید.* فەرمی؛ ڕەسمی؛ بە شێوەیێکی وشک و شێلگیر، بەرامبەر بە داب و دەستوور جووڵانەوە. بەرانبەر: **خودمانی؛ دوستانه؛ صمیمانه**

رسمیت / rasmîyyat/: [عربی]/*اسم.* دۆخ یان چۆنیەتی فەرمی بوون ‹رسمیت جلسه اعلام شد: فەرمی بوونی دانیشتنەکە ڕاگەیێندرا›.

▣ **رسمیت داشتن:** خاوەن ڕێز و بڕشتی قانوونی بوون. هەروەها: **رسمیت بخشیدن؛ رسمیت دادن؛ رسمیت یافتن**

رسن / rasan ، ـها/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* گوریس؛ گروێس؛ گورویێس؛ وەریس؛ وەرێسە؛ ڕەسنە؛ ڕێسمان؛ پەت؛ پەتە؛ پەتک؛ کندر؛ تەناف؛ تەنافە؛ پەتی درێژ و هێندێک ئەستوور.

رسن‌تاب / rsantāb ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/*اسم. [ادبی]* ۱. پەتڕێس؛ پەتجەڕ؛ کندرپێچ؛ لەتەرە ڕێسە(مێینە)؛ کەسێ کە ڕێسمان دەگرێتەوە یان دەچنێ ۲. *[نامتداول]* جاڵجاڵووکە؛ جۆلاتەنە؛ داوتەنە؛ کاکڵەمووشان؛ داوداوی؛ ئەڤنپێچ؛ دۆباڵ.

رسوا / rosvā/: *صفت.* ۱. /ـها؛ ـیان/ ناوزڕاو؛ ئابڕووتکاو؛ بێئابڕوو؛ ئابڕوونەماو؛ ڕسوا؛ ترۆ؛ خەنزار؛ نامڤەت؛ لومە؛ بەدناو؛ ناوزڕیاگ؛ شەرمنەماو؛ حەیاتکاو؛ بێشەرم؛ حەیاچووگ؛ گوسارتمە ‹شما می‌خواهید با این شخص رسوا همکاری کنید؟: ئێوە دەتانەوێ لەگەڵ ئەم کابرا ناوزڕاوەدا هاوکاری بکەن؟› ۲. *[ادبی]* نەچێ؛ نەنگین.

▣ **رسوا شدن:** ڕسوا بوون؛ ئابڕوو چوون؛ ناو زڕان؛ ئابڕوو تکان؛ دەلقین.

رسوائی / rosvā'î/ ☜ **رسوایی**

رسوایی / rosvāyî ، ـها/: *اسم.* ڕسوایی؛ دەلق؛ سووکی؛ بێئابڕوویی؛ خەنزاری؛ ئابڕووتکاوی؛ ڕووسیایی؛ ناوزڕاوی؛ دۆخ یا کارێ کە بە هۆی دژایەتی لەگەڵ بایەخگەلی کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی حەیا چوون و ناوخراوی: **رسوائی**

رسوب / rosûb, rusûb ، ـها؛ ـات/: [عربی]/*اسم.* بنەنیش؛ بنەنیشتە؛ ملت؛ تاچن؛ گیرهە؛ پەگر؛ تمەتم؛ تمتمان؛ غلفۆش؛ تەینشین؛ ڕەوتی بن‌نانەوە.

▣ **رسوب بادی:** تەینیشتوویەک کە بە هۆی باوە پێکهاتبێ (وەک تەپۆلکەی ماسەیی بەستێن).

▣ **رسوب دادن:** بنەنیش‌کردن؛ تەینشین‌کردن.

رسوب کردن: نیشتن؛ نشتن؛ تڵتەبن کەوتن؛ نیشتنە بن؛ تەینشین بوون؛ بنەنیشتە بیەی.

رسوب‌شناسی / rosûbšenāsî, rusûb-/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* پانشتەناسی؛ تڵتەناسی؛ لقێ لە زانستی زەوی‌ناسی کە لە بنەنیش یان بەردی تمتمانی دەکۆڵێتەوە.

رسوبی / rosûbî, rusûbî/: [عربی] *صفت.* بنەنیشتە؛ تەینیشتە؛ پانیشتە ‹این دشت از مواد رسوبی تشکیل شده است: ئەم دەشتە لە ماکگەلی بنەنیشتە پێکهاتووە›.

رسوخ / rosûx, rusûx/: [عربی]/*اسم.* جێ‌وەگری؛ دزە؛ ڕەگاژۆیی؛ کار یان ڕەوتی ڕێگە خۆش کردن بۆ ناو شتێک و تێیدا دامەزران ‹فکری به ذهنم رسوخ کرد: بیرێک لە مێشکمدا جێ‌گرت›.

رسول / rasûl ، ـان/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* ۱. /رُسُل/ پێغەمبەر؛ پەیامبەر ‹رسول خدا: پێغەمبەری خودا› ۲. *[قدیمی]* ناردراو؛ نێردراو ‹رسول امپراتور روم نامه‌ای آورد: ناردراوی ئیمپراتووری ڕۆم نامەیەکی هێنا›.

▣ **رسول اکرم:** پێغەمبەری هێژا؛ پێغەمبەری مەزن.

رسول‌الله / rasûlallāh/: [عربی]/*اسم.* نێردراوە لە لایەن خواوە؛ ناردراوی خودا.

رسوم / rosûm, rusûm/: [عربی] جمعِ ☜ **رَسم**

رسومات / rosumāt, rûsumāt/: ۱. (!) [عربی] *اسم.* جمعِ ☜ **رَسم** ۲. کارخانەی دروست‌کردنی خواردنەوەی ئەلکولی.

ـــ رسی / resî, rasî/: *پیواژه.* ـــ ڕەسی؛

پێڕاگەیشتن ‹دادرسی: دادرەسی›.

رسی / rosî/: *صفت.* ڕسینە؛ ڕسین؛ ڕسی: ١. بە خاکەسوورە ‹نهشت رسی: ماشی ڕسینە› ٢. لە جنسی خاکەسوورە ‹جلگەی رسی: مەخەری ڕسینە› ✻ **رُستی**

رسیتال / resîtāl ، ـها/: [فرانسوی]/*اسم. [موسیقی]* ڕێسیتاڵ؛ کونسرتێ کە لە لایەن تاقە ژەنیارێک یان سترانبێژێکەوە بەڕێوە دەچێ.

رسید / resîd, rasîd ، ـها/: *اسم.* دڤانەک؛ ڕەسید؛ نووسراوەیێ کە گرتنی شتێ لە لایەن نووسەرەکەیەوە دەسەلمێنێ ‹پول را کە می‌دهی رسیدش را بگیر!: پارەکە دەدەی، دڤانەک وەرگرە!›. هەروەها: **رسید خواستن؛ رسید دادن؛ رسید گرفتن؛ رسید نوشتن**

رسیدگی / resîdegî, rasîdegî ، ـها/: *اسم.* ١. پێگەیشتوویی؛ پنەیاوایی؛ دۆخ یان چۆنیەتی پێگەیشتوو بوون ‹بچەها در سن رسیدگی بودند: منداڵەکان لە تەمەنی پێگەیشتوویدا بوون› ٢. پێڕاگەیشتوویی؛ سەرکەشی؛ کار یان ڕەوتی لێپرسینەوە؛ چنەوە پەرسەی؛ سەرپەرستی و بە سەر ڕاگەیشتن و پارازتنی کەس یان شتێک ‹باید بە حادثەدیدگان رسیدگی کرد: پێویستە بە لێقەوماوان بپرانگەن› ٣. کار یان ڕەوتی پرسینەوە؛ پێڕاگەیشتن؛ چنەوە پەرسەی؛ تۆژینەوە و پرس و ڕا، بۆ تێگەیشتن لە چۆناوچۆنی ڕووداوێک ‹رسیدگی بە شکایت مردم: لێپرسینەوە لە سکاڵای خەڵک›. هەروەها: **رسیدگی شدن؛ رسیدگی کردن**

رسیدن / resîdan, rasîdan/: *مصدر. لازم.* // **رسیدی**: گەیشتی؛ **می‌رسی**: دەگەی؛ **برس**: بگە// گەیشتن؛ گیشتن؛ گەیین؛ گەین؛ گەهیشتن؛ گەهین؛ گەهان؛ گهان؛ گەشتن؛ گەشتان؛ گەزین؛ یاوەی؛ یاوای؛ ڕەسین: ١. ڕۆیشتن تا جێیەک و دامەزران تێیدا ‹بە خانە رسیدن: گەیشتنە ماڵەوە› ٢. ڕەبیتن؛ پێگەیشتن؛ هەڵهلین؛ خسن؛ پنەیاوەی؛ هەراش بوون؛ بلۆق بوون ‹رسیدن میوە: گەیشتنی میوە› ٣. بەئەندازە بوون؛ ڕێک بوون؛ یەک ئەندازە بوون ‹قدش بە دو متر می‌رسید: بالای بە دوومیتر دەگەیشت› ٤. هاتن؛ ئامەی ‹رسیدن بهار: گەیشتنی بەهار› ٥. *[گفتاری]* هەڵ دەسکەوتن؛ پەرژان؛ دەرفەت هەبوون؛ پەردەچیەی ‹نرسیدم بە سلمانی بروم: نەگەیشتم بچمە دەلاکی› ٦. دەسکەوتن؛ دەس‌یاوەی ‹بە مقامی رسیدن: گەیشتنە پایەیەک› ٧. پێڕاگەیشتن؛ پەرستاری کردن؛ پۆرە یاوەی ‹بە درختها رسیدن: گەیشتنە دارەکاندا› ٨. پێک‌گەیشتن؛ پنە یاوەی؛ یاوەی هەنترینی؛ تووشی یەکتری هاتن ‹بە هم رسیدن: گەیشتنە یەک› ٩. درێژەدار بوون تا شوێن یا قۆناغێک ‹قصە بە آنجا رسید کە...: داستانەکە گەیشتە ئەوێ کە...›. هەروەها: **رسیدنی**

■ صفت مفعولی: **رسیدە** (گەیشتوو)/ مصدر منفی: **نَرسیدن** (نەگەیشتن)

رسیدە / resîde, rasîde/: *صفت.* ١. باڵغ؛ پێگەیشتوو؛ پێگەییگ؛ ڕەسا ‹دختر رسیدە: کچی پێگەیشتوو› ٢. گەیشتوو؛ گەییگ؛ گەیوو؛ ڕەسیو؛ ڕەسیدە؛ نێرسایا؛ گەهیشتی؛ یاوا؛ یاوەی (لەمەڕ میوەوە) بە هەراش؛ بە گەشکەی تەواو. بەرانبەر: **کال** ‹انجیر رسیدە: هەنجیری گەیشتوو›.

رش / raš/ ☜ **اَرَش**

رشادت / rešādat, rašādat ، ـها/: [عربی]/*اسم.* دلێری؛ جوامێری؛ دلاوەری؛ بوێری؛ ئازایەتی ‹این کار رشادت نیست، حماقت است: ئەم کارە دلێری نیە، دەبەنگیە›.

رشتن / reštan/ ☜ **ریسیدن**

رشته / rešte ، ـها/: *اسم.* ١. ڕستە؛ ڕست؛ ڕس؛ ڕستک؛ ڕسک؛ هەقدە؛ هەڤۆ؛ پۆ؛ ڕشتە؛ تاڵ؛ تاڵە؛ ڕژدە؛ ماکێکی درێژی نەرمۆک بە شێوەی هەوداگەلێک کە پێکەوە بادراون یان ئاڵقەگەلێک کە بە دوای یەکدان ‹رشتەی نخ:

ڕسته‌ی ده‌زوو› ۲. تاڵ؛ تاڵه؛ ڕشته؛ ڕست؛ ڕس؛ ڕستک؛ ڕسته؛ ڕسک؛ هه‌ڤده؛ هه‌ڤۆ؛ به‌ن؛ ڕژده؛ یه‌که‌ی ژماردنی شتانی وا ‹چهار رشته سیم: چوار تاڵ سیم› ۳. ڕشته؛ گشته‌ک؛ کشته‌ک؛ ڕژده؛ له‌موو؛ داو؛ هه‌ودا؛ ڕێس؛ ڕه‌سن؛ وه‌ریس؛ ڕست؛ ڕس؛ ڕستک؛ ڕسته؛ ڕسک؛ هه‌ڤده؛ هه‌ڤۆ؛ فرێت؛ هه‌ودایه‌ک که بادراوه و به شێوه‌ی به‌ن ده‌رهاتووه ٤. هه‌ڕشته؛ ڕشته؛ به‌رهه‌مێکی چێشتین له هه‌ویری نان، که به شێوه‌ی نه‌وارگه‌لێکی باریک بڕدراون و ئیشک کراون و له بڕێک چێشتدا به‌کاردێ ‹رشته‌ی پلوی: هه‌ڕشته‌ی پلاوی› ۵. ڕزد؛ ڕزده؛ ڕزدی؛ گازه؛ گه‌ڵوازه؛ ڕزگ؛ سه‌فان؛ ڕزن؛ زنجیره؛ ڕێزێ له شتگه‌ل یان ڕووداوگه‌لی سه‌ر به یه‌ک ‹رشته‌کوه: ڕزدی کێو› ٦. *[فیزیولوژی]* کشته‌ک؛ پێکهاته‌ی درێژ و به‌ن‌ئاسای شانه‌گه‌لی بوونه‌وه‌ر ‹رشته‌ی ماهیچه‌ای: کشته‌کی ماسوولکه‌یی› ۷. نه‌خۆشینێ پێستی که به هۆی ئه‌نگه‌لێ به نێو «ڕشته»وه له قاپووره‌ی پێ یان مه‌چه‌کدا سه‌رهه‌ڵده‌دا ۸. ڕشته؛ پشک؛ بابه‌ت و بواری کارێک ‹رشته‌ی شغلی: ڕشته‌ی پیشه‌یی›.

◘ **رشته‌ی سخن را به دست گرفتن:** *[مجازی]* سه‌ری قسه گرتنه ده‌سته‌وه؛ له وتوویژ یان وتاربێژیدا به‌شداری‌کردن و درێژه پێدان.

رشته‌ها را پنبه کردن: *[مجازی]* ڕیس کردنه‌وه به خوری؛ ڕه‌نج دانه‌با؛ ڕه‌نج ئاویه‌ره ده‌ی؛ ئاکام و ئه‌نجامی کارێک تێکدان و له‌به‌ین بردن ‹مادربزرگ همه‌ی رشته‌ها را پنبه کرد و نقشه‌ی ما نقش بر آب شد: دایه‌گه‌وره هه‌موو ڕیسمانی کرده‌وه به خوری و نه‌قشه‌که‌مانی به‌تاڵ کرده‌وه›.

به رشته‌ی تحریر درآوردن: نووسین.

رشته‌پلو / reštepolow, -polo: /اسم. ڕشته‌پلاو؛ جۆرێ پلاو که هه‌ڕشته و گۆشت و جاروبار مێوژ و خورمای سووره‌وه‌کراوی تێده‌که‌ن.

رشته‌فرنگی / reštefarangî: /اسم. هه‌ڕشته فه‌ره‌نگی؛ به‌رهه‌مێکی چێشتینه‌یه به شێوه‌ی ڕشته‌گه‌لی باریک که به‌تایبه‌ت ده چێشتاوی ده‌که‌ن.

رشد / rošd: [عربی]/اسم. خیف؛ زۆج؛ هڕ؛ بار: ۱. گه‌شکه؛ هه‌ره‌ش؛ کار یان ڕه‌وتی گه‌وره بوون ‹پسر سارا خوب رشد کرده بود: کوڕه‌که‌ی سارا باش خیف ببوو› ۲. هه‌راش؛ فه‌راژی؛ فه‌راژوو؛ فراژی؛ کار یا ڕه‌وتی زۆر بوون؛ په‌ره سه‌ندن؛ له زیاد بوون؛ فره بوونه‌وه ‹رشد جمعیت: زوربوونه‌وه‌ی ئاپۆره› ۳. پێشڕه‌وت؛ ڕه‌وتی گه‌شه سه‌ندن؛ چڵ‌کێشان؛ ئێوزینه‌کردن؛ گه‌شه‌دار بوون ‹رشد کشاورزی: پیشره‌وتی کشت‌وکاڵ›.

رشک / rašk, rašg: /اسم. [ادبی] ئێره‌یی؛ کاڵ؛ سوو؛ هه‌ست به ناخۆشی و ئازار دیتن له هه‌ڤیازی و خۆشی و به‌رز بوونه‌وه‌ی خه‌ڵکی ‹همه به او رشک می‌بردند: هه‌موو ئێره‌ییان پێ ده‌برد›. هه‌روه‌ها: **رشک بردن؛ رشک ورزیدن**

رشک / rešk, rešg، ـها: /اسم. سپیلک؛ ڕشک؛ ڕشکی؛ میتک؛ مێتکه؛ مێتوکه؛ که‌را؛ گه‌رای ئه‌سپێ.

رشن / rašn، ـها: /اسم. ته‌پۆلکه؛ ته‌پ؛ ته‌پک؛ ته‌په؛ گر؛ گرد؛ گردۆک؛ کۆمت؛ کۆمه یان ته‌پۆلکه‌ی خڕ.

رشوه / rešve, rošve، ـها: [عربی]/اسم. به‌رتیل؛ هبوودی؛ ڕشوه‌ت؛ ڕشفه‌ت؛ ڕشپه‌ت؛ پووڵێ که خاوه‌ن ده‌سته‌ڵات بۆ ڕێک‌خستنی کارێک به ناڕه‌وا ده‌یسێنێ ‹دیگر طوری شده بود که برای نوشتن اسم بچه‌ها هم باید رشوه می‌دادیم: ئیتر وای لێ هاتبوو بۆ ناونووسی منداڵه‌کانیش ده‌بوا به‌رتیلمان بدایه›. هه‌روه‌ها: **رشوه دادن؛ رشوه گرفتن**

رشوه‌خوار / rešvexār, rošve-، ـها؛ ـان: [عربی/فارسی] صفت. به‌رتیل‌خۆر؛ به‌رتیل‌خواز؛ خووگرتوو یا لایه‌نگری به گرتنی به‌رتیل ‹یک مشت مأمور رشوه‌خوار در کار مردم اخلال می‌کنند:

تاقمێک مەئمووری بەرتیل‌خور بشێوە دەخەنـە نێـو کاری خەڵکەوە›.

رشوه‌خواری / reševxārî, rošve- ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. بەرتیل‌خۆری؛ کار و پیـشەیەک کـە لە ڕێگای بەرتیل گرتنەوە بارەچەی ببێ.

رشوه‌گیر / reševgîr, rošve- ، ـها؛ ـان/: [عربـی/ فارسی] صفت. بەرتیل خۆر؛ بەرتیل گر.

رشید / rašîd/: [عربـی] صـفت. پێگەیـشتوو؛ بـای باڵداو؛ بلەرمان ‹جوان رشید: لاوی پێگەیشتوو›.

رصد / rasad ، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. [نجـوم] کـار و ڕەوتی دیـتن و ناسـینەوە و بـەدووی تەنگـەلی ئاسمانیدا گەڕان.

رصدخانه / rasadxāne ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. ئاسمان‌پێو؛ جێگەیەک کە تێیدا بە ئـامرازانێکی تایبەت، تەنگەلی ئاسمانی دەبینن و دەیانناسن و دەیانپێون.

رضا[1] / rezā/: [عربی]/اسم. ڕەزا؛ ڕەزامەندی ‹برای رضای خدا: بۆ ڕەزای خودا›.

▣ **رضا داشتن**: ڕازی بوون؛ ڕەزا بوون.

رضـــا[2]: صــفت. [گفتــاری] ڕازی؛ ڕەزا؛ دۆخـــی پێ‌خۆش بوون ‹من رضا نیستم یک مو از سرش کم شود: من ڕازی نیم تاڵێک مووی لێ کەم بێتەوە›.

رضاعی / rezā'î/: [عربـی] صـفت. [ادبـی] شـیری؛ شیرەکی؛ پێوەندیدار بە شیر خواردنەوە.

▣ **برادر رضاعی** ☜ **برادر**

خواهر رضاعی ☜ **خواهر**

مادر رضاعی ☜ **مادر**

رضـامندی / rezāmandî/: [عربـی/ فارسـی]/اسـم. ڕەزامەندی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕەزا بوون.

رضایت / rezāyat ، ـها/: [از عربی]/اسـم. قـیم؛ ڕا؛ ڕەوت یا دۆخی ڕازی بوون؛ پێ ڕازی بوون؛ قایل بوون؛ قادێ بوون.

▣ **رضایت دادن**: ڕەزایەت دان: ۱. ڕازی بـوون؛ مل نیانە ڕاسە؛ مل هاوردنە ڕاسی ‹عاقبـت بـە عروسی دخترش رضایت داد: ئاخری بۆ زەماوەنـدی کچەکەی ڕەزایـەتی دا› ۲. لـە دادی خـۆ چـاو پۆشین ‹بـالاخره رضـایت داد و آرام را آزاد کردنـد: ئاخری ڕەزایەتی دا و ئارامیان ئازادکرد›.

رضایت داشتن: لێ‌ڕازی بـوون؛ ڕەزایـەت دان؛ دڵخۆش بوون ‹همـه در ایـن محلـه از او رضـایت دارند: هەموو لەم گەڕەکەدا لێی ڕازین›.

رضایت‌بخـش / rezāyatbaxš/: [عربـی/ فارسـی] صفت. هۆی دڵکراوەیی و ڕازی بوون.

رضایتنامه / rezāyatnāme ، ـها/: [از عربی/ فارسی] /اسم. ڕەزایەتنامە؛ نامەیەک کە تێیدا هەسـت بـە ڕازی بوون و دڵڕوونی لـە کـار یـان کـردەوەی کەسێک، گرۆ یان ڕێکخراوەیەک دەربڕاوە.

رطب / rotab ، ـها/: [عربی]/اسم. خورمـای تـازە؛ خورمای تەڕ.

رطل / ratl ، ـها/: [معـرب از لاتینـی]/اسـم. ڕەتـل؛ پێوانەیەکە لە وڵاتانی جۆراوجـۆردا کـەم و زیـاد ئـەکا و لـە ۳۰۰ گرەمـەوە تـا دەوری ۱۸۰۰ گرەمی هەیـە و بەرامبـەر بـە ۸٤ مسقاڵیـشیان گرتووە.

رطـب‌ویـابس / rotab-o-yābes/: [عربـی]/اسـم. ۱. [نامتداول] تەڕ و وشک؛ شتگەلی تەڕ و وشـک ۲. [کنایی] هاتەران-پاتـەران؛ هەلـەق‌ــ مەلـەق؛ قرت‌وقـین ‹یـک مـشت رطـب‌ویـابس تحویـل داد و گذاشت و رفت: برێ هاتەران-پاتەرانـی گوت و لێیـدا ڕۆیشت›.

رطوبت / rotûbat, rutûbat ، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. شێ؛ نم؛ شە؛ شۆ؛ مچەو؛ لەزم؛ شـەم؛ قـەراوی؛ قەڕای؛ هوت؛ هێمی؛ هێمێتی؛ هێمـیتی؛ هێـو؛ هێـوایی؛ هێـوی؛ هێـویتی: ۱. تـەڕایی؛ تـەڕی؛ هەڵماو لە هەوادا ‹میزان رطوبت ۸۵٪، دما ۱۰ درجـه بالای صفر: ڕادەی شـێ ۸۵٪، دەمـا ۱۰ پلـەک بـان سـیفر› ۲. وردیلـە ئـاوی هەڵـمژیاگ بـە هـۆی شتانێکی وەک پارچە یان خاکـەوە ‹هنـوز کمـی رطوبت دارد: هێشتا کەمێ نمی هەیە›.

رطوبت‌سنج / rotûbatsanc, rutûbat-/: [عربـی/

فارسی] ☜ نَم‌سنج
رطوبت گیر / rotûbatgîr, rutûbat-/: [عربی/ فارسی] ☜ **نمگیر**
رطوبت گیری / rotûbatgîrî, rutûbat-/: [عربی/ فارسی] ☜ **نمگیری**
رطوبی / rotûbî, rutûbî/: [عربی] *صفت*. شێدار؛ نمار؛ نمدار؛ نماوی؛ هێودار ‹هوای رطوبی: هەوای شێدار›.
رطیل / roteyl/: [عربی] ☜ **رُتیل**
رطیلا / roteylā/: [عربی] ☜ **رُتیلا**
رعاف / ro'āf/: [عربی]/*اسم*. *[ادبی]* دۆخ یان چۆناوچۆنی ڕسکین؛ دارِسان؛ پژانی کەپۆ؛ خوێن لە لووت هاتن؛ لووت فشیەی؛ خوێن لووت بەر بوون.
رعایا / ro'āyā, ra'āyā/: [عربی] جمعِ ☜ **رَعیّت**
رعایت / re'āyat, ra'āyat ، ـها/: [عربی]/*اسم*. کار یا ڕەوتی لە بەرچاو گرتن یان ڕێزگرتن؛ بەرهەمی ڕچاوکردن. هەروەها: **رعایت شدن؛ رعایت کردن**
رعب / ro'b ، ـها/: [عربی]/*اسم*. *[ادبی]* ترس؛ سام؛ بیم ‹همه از آن صدا دچار رعب شدیم: هەموو لەو نالەیە ترس دایگرتین›.
رعب آور / ro'bāvar/: [عربی/ فارسی] *صفت*. ترسێنەر؛ ترساوەر؛ سامدار؛ هۆی پەیدا بوونی ترس ‹صدای رعب‌آوری شنیدیم: دەنگێکی ترسێنەرمان بیست›.
رعب انگیز / ro'bangîz/: [عربی/ فارسی] *صفت*. ترسێنەر؛ ترساوەر؛ ترس‌ئەنگێز ‹غرش رعب‌انگیزی سکوت شب را شکست: گرمەیەکی ترسێنەر بێدەنگی شەوی شکاند›.
رعد / ra'd ، ـها/: [عربی]/*اسم*. گوڕژ؛ هەورەگرمە؛ هەورەگۆلە؛ گرمەی هەور ‹از صدای رعد بیدار شدم: لە گرمەی گوڕژ ڕاچلەکیم›.
رعدآسا / ra'dāsā/: [عربی/ فارسی] *صفت*. ١. گوڕەئاسا؛ گوڕەگۆڕەبا؛ گوڕژە؛ دەنگی زۆر توندی وەک گوڕژانی هەور ٢. *[مجازی]* نرکە؛ گوڕە؛ نالە؛ شریخە؛ شریخ؛ شریقە؛ شریق؛ چریقە؛ بە دەنگێکی زۆر بلیندەوە.
رعدزا / ra'dzā/: [عربی/ فارسی] *صفت*. گوڕژهێنەر؛ پێکهێنەر یان هۆی بەدیهاتنی هەورەگرمە.
رعدوبرق / ra'd-o-barq/: *اسم*. هەورەتریشقە؛ ئەورەتەرەقە؛ تەشبرق؛ ئاسمان‌قیرە؛ بەلاچەهەڕ؛ گرمە و تریشقەی هەور؛ برووسکە و شریخەی هەور.
رعشه / ra'še ، ـها/: [عربی]/*اسم*. لەرزە؛ لەرە؛ هەژەک؛ شەکەی وەک‌یەک و پەیتاپەیتای ئەندامانی لەش، بەتایبەت دەست و پێ ‹دستهای پیرمرد رعشه داشت: دەستی پیرەمێردەکە، لەرزەیان بوو›.
رعنا / ra'nā/: [عربی] *صفت*. شەنگ؛ شەنگە؛ شەنگین؛ جوان و لەبار؛ ڕەپڕەپە؛ خشکۆک؛ خاوەن بەژن و بالایەکی جوان و تەکووز.
رعنائی / ra'nā'î/: [عربی] ☜ **رعنایی**
رعنایی / ra'nāyî/: [عربی]/*اسم*. شەنگی؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی شەنگ بوون: **رعنائی**
رعونت / ra'ûnat/: [عربی]/*اسم*. *[ادبی]* ١. قاپانی؛ هوشگی؛ خۆپەسندی؛ خۆبینی ٢. دۆخی خۆ ڕازاندنەوە.
رعیت / ra'îyyat ، ـها؛ رعایا/: [عربی]/*اسم*. *[قدیمی]* گجە؛ ڕایەت؛ ڕەعیەت: ١. جووتیارێک کە بەسەر زەوی ئاغاوە کاری دەکرد و لە گوندی ئاغاشا دەژیا ‹او بیش از سیصد خانوار رعیت داشت: زۆرتر لە سێسەد بنەماڵە گجەی هەبوو› ٢. خەڵکێک کە لە ژێر فرمانی پاتشا یان دەوڵەتێکدا دەژیان ‹رعیت انگلیس: گجەی ئینگلیس›.
رعیت پرور / ra'îyyatparvar/: [عربی/ فارسی] *صفت*. گجەپەروەر؛ خاوەن خوو یان حەز بە پێ‌ڕاگەیشتن بە سەر خەڵکی ژێر فرمانی خۆدا. هەروەها: **رعیّت‌پروری**

رعیت‌نواز / ra'îyyatnavāz/: [عربی/ فارسی] *صفت.* گجەنەواز؛ بە خوو یان هۆگری یارمەتی‌دان و دڵنەوایی کردن لە خەڵکی ژێر فرمانی خۆ. هەروەها: **رعیّت‌نوازی**

رغبت / reqbat, raqbat/: [عربی]*اسم.* واز؛ حەز: ١. ئۆگرەتی؛ گرایش؛ کار و ڕەوتی گرەوین؛ گراڤین ‹هیچ رغبت به خوردن غذا نشان نمی‌داد: هیچ وازی لە خواردن نەبوو› ٢. ویست؛ خواز؛ خواست ‹آدم رغبت نمی‌کرد بە صورتش نگاه کند: کەس نەیدەویست چاو لە ڕوومەتی بکا›.

▣ رغبت داشتن: واز لێ بوون؛ حەز لێ بوون. هەروەها: **رغبت کردن**

رف / raf ، ـها/: *اسم.* ڕەف؛ ڕەفە؛ ڕەفک؛ ڕەفکە؛ ڕف؛ ڕفە؛ ڕفحە؛ ڕفانک؛ تەرواڵ؛ تەرواڵە؛ تاقەی لە چێو یا گەچ لە دیواردا بۆ شت لە سەر دانان.

رفاقت / refāqat, rafāqat ، ـها/: [عربی]*اسم.* هەواڵەتی؛ هەڤالینی؛ هەڤالەتی؛ ئاواڵەتی؛ هەمبازی؛ هەواڵەتی؛ ئەڤالی؛ ڕەفێقایەتی: ١. دۆستی؛ دۆستایەتی؛ هەڤگری ‹چند بار گفتم با این قماش آدمها رفاقت نکن!: چەندم پێ گوتی لەگەڵ ئەم هەتیوانەدا دوستی مەکە!› ٢. *[نامتداول]* هاوڕێیی.

رفاقتی / refāqatî, rafāqatî/: [عربی]*قید.* دۆستانە؛ هەواڵەتی؛ بە دۆستایەتی؛ بە ئاوالیەتی؛ بە شێوەی برادەرانە ‹نوشته‌ای رد و بدل نشد، همین‌طور رفاقتی معامله کردیم: نووسراوەیەک ئاڵوگۆڕ نەکرا، هەروا دۆستانە مامەڵەمان کرد›.

رفاه / refāh/: [عربی]*اسم.* ئاسوودەیی؛ ئاسایش؛ ڕاحەتی ‹در آنجا امور رفاه مسافران فراهم شده بود: دەوێدا کار و باری ئاسوودەیی مسافران دابین کرابوو›.

رفاهی / refāhî/: [عربی] *صفت.* ئاسایشی؛ پێوەندیدار بە ئاسایشەوە ‹خدمات رفاهی: ڕاژەمەنی ئاسایی›.

رفت / raft/: *اسم.* ١. چۆ؛ چوو؛ شۆ؛ ڕەفت؛ ڕەوت؛ لوا؛ کار یان ڕەوتی ڕۆیشتن ‹رفت و آمد: هاتوچو› ٢. *[ورزش]* خولی هەوەڵ لە کێبەرکێگەلی دووقۆناغیدا. بەرانبەر: **برگشت**

رفتار / raftār ، ـها/: *اسم.* ئاکار؛ مەش؛ ڕەوت؛ ڕتوو؛ ڕەوشت؛ شیوە؛ ڕەڤشت؛ چگۆنی؛ ڕەفتار؛ کریار؛ کردە؛ کەردە؛ کردار؛ نول؛ نۆل: ١. زێ؛ شێوەی کردەوەی گیاندارێک لە دۆخ یان هەلومەرجێکی تایبەتدا ٢. *[زیست‌شناسی]* چۆنیەتی جووڵانەوەی کەس، گرۆ یان تەویرێک لە شوێنی خۆیدا ٣. *[روان‌شناسی]* کۆمەڵی پەرسڤگەلی ئەندامی و لۆیی گیانلەبەرێک لە بەرانبەر دۆخ یان کارێکی دیاردەوە ٤. *[مجازی]* کۆی کارگەل و پەیوەندیگەلی کۆمەلایەتی کەسێک ‹تا وقتی زن نگرفته بود کسی از رفتارش راضی نبود: هەتا ژنی نەهێنابوو کەس لە ئاکاری ڕازی نەبوو›.

▣ رفتار کردن: ڕابەستن؛ جووڵانەوە؛ ڕەفتار کردن.

رفتارگرایی / raftgerāyî/: *اسم.* ڕێبازێکی ڕەوانشناسیە کە تەنیا پەرسڤگەلی شیاوی هەڵسەنگاندن، شایانی لێکۆڵینەوە دەزانێ: **اصالت رفتار**

رفتاری / raftarî/: *صفت.* ئاکاری؛ نۆلی؛ ڕتوویی؛ پێوەندیدار یان سەر بە ئاکارەوە ‹پژوهشهای رفتاری: پەیدۆزیگەلی ئاکاری›.

رفتگان / raftegān/: *اسم.* مردوان؛ ڕۆیشتوان؛ مەردێ ‹خدا رفتگان همه را بیامرزد: خوا لە مردوانی هەموو لایێک خۆش‌بێ›.

رفتگر / roft(e)gar ، ـها؛ ـان/: *اسم.* پاکەوان؛ سپوور؛ کۆڵان‌ماڵ؛ زبڵ‌ڕێژ؛ سفوور؛ سەبرگەچی؛ زبڵ‌ماڵ؛ کارگەرێک کە کاری گەسکدانی شەقام و کۆڵان و لابردنی زبڵ و زاڵ لە بەر دەرکی ماڵانە.

رفتگری / roft(e)garî/: *اسم.* پاکەوانی؛ سپووری: ١. کاری پاکەوان ٢. کاری گەسکدان

و خاوێن ڕاگرتنی کۆگای گشتی.

رفتن / raftan/: *مصدر. لازم.* // **رفتی**: ڕۆیشتی؛ **می روی**: دەڕۆی؛ **بُرَو**: بڕۆ// ڕۆیشتن؛ مەشین؛ چوون؛ چووین؛ چۆن؛ ڕۆیین؛ ڕووین؛ لوای؛ لوەی؛ شین؛ شیان؛ شیەی؛ هەڕن: ۱. ڕۆیشتنەوە؛ چوونەوە؛ دوور بوونەوە لە لای بێژەر، بیسەر، کەس یان جێگەی دیاریکراو ‹به خانه رفتن: ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵ› ۲. دوورینگ یان ڕێگایەک پێوان ‹تا سر کوچه رفت: تا سەر کۆڵان ڕۆیی› ۳. لە جێیەکدا ئامادە بوون، بەتایبەت لە کۆ بوونەوەیەکدا بەشداری کردن ‹رفته بود عروسی: چووبوە زەماوەند› ٤. *[گفتاری، مجازی]* چوونەوە؛ کێشانەسەر؛ شیایەوە؛ وەک یەک بوون؛ لەیەک کردن ‹بچه به عمویش رفته: منداڵەکە چووەتەوە سەر مامی› ٥. چوونەوە؛ لە بارێکدا مانەوە؛ چۆنیەتیەک لێ پەیدا بوون ‹به خواب رفتن؛ از هوش رفتن: چوونە خەو؛ لە هۆش چوون› ٦. دەرچوون؛ جووڵان؛ بزووتن؛ نرقان؛ بزوان؛ وەگەڕ بوون ‹مثل باد رفتن: وەکوو با ڕۆیشتن› ۷. *[ادبی]* بەسەردا هاتن ‹نمی‌دانی بر ما چەها رفت!: چووزانی چیمان بەسەرهات!› ۸. ویستن؛ گەرەک بوون؛ بەنیاز بوون ‹رفت با مشت او را بزند که دستش را گرفتم: ڕۆیی بە مست لێیدا دەستیم گرت› ۹. لە گەڕکەوتن؛ بڕیانی گەڕانەیەک ‹برق رفت: کارەبا ڕۆیی› ۱۰. *[مجازی]* لە دەست دان؛ لە کیس‌دان؛ لەکیس چوون ‹خانه رفت: ماڵەکە ڕۆیی› ۱۱. کاری هاوکرد ‹دررفتن: دەرچوون›.
هەروەها: **رفتنی**

■ صفت فاعلی: **رونده** (ــ)/ صفت مفعولی: **رفته** (ڕۆیشتوو)/ مصدر منفی: **نَرفتن** (نەڕۆیشتن)

رفتن / roftan/ ☜ **روبیدن**

رفتنه / raftane/: *قید. [گفتاری]* لە ڕۆیشتندا؛ کاتی ڕۆیشتن ‹رفتنه در را ببند: لە ڕۆیشتندا دەرگاکە ببەسە›: **رفتنی**

رفتنی / raftanî/ ☜ **رَفتَنه**

رفت‌وآمد / raft-o-āmad/: *اسم.* هات‌وچوو؛ هات‌وچۆ؛ ئاموشۆ؛ هامشۆ؛ ئامەولوای: ۱. کاری ڕۆیشتن و گەڕانەوە ‹در داخل ظرف کوچکی رفت‌وامد می‌کند: لە نێو دەفرۆکەیەکدا هات‌وچوو دەکا› ۲. جووڵان و جێبەجێ بوونی خەڵک، گیانەوەر یان ماشین بە ڕێگادا ‹دو تا مینی‌بوس به آن جا رفت‌وامد دارد: دوو مینەبووس هات‌وچووی ئەوێ دەکەن› ۳. *ـها// [مجازی]* ئامشۆڕەفت؛ پەیوەندیەک کە دەبێتە هۆی دیداری پەساپەسای چەن کەس لەگەڵ یەکتریدا ‹مدتی با او رفت‌وامد داشتیم: ماوەیەک لەگەڵیدا ئاموشومان بوو›.

رفت‌وروب / roft-o-rûb، ـها/: *اسم.* ۱. کار و ڕەوتی ڕامالین؛ ڕامالان؛ ڕاڕفان ۲. گسک‌وماڵ؛ کار یان ڕەوتی گەسکدان و تۆز تەکاندن ‹روزهای جمعه مشغول رفت‌وروب خانه می‌شد: ڕۆژگەلی هەینی خەریکی گسک‌ومالی خانووەکە دەبوو›.

رفته‌ــرفته / rafterafte/: *قید.* وردەــ وردە؛ بەرەــ بەرە؛ هێدیــ هێدی؛ کەمــکەم؛ تۆزەـتۆزە؛ هن‌بهن؛ بە تێپەڕ بوونی کات ‹رفته‌ـرفته همه‌ی کارها را به دست گرفت: وردەـ وردە تەواو کارەکانی گرتە دەستەوە›.

رفراندم / refrāndom، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* *[سیاست]* کۆمەڵپرسی؛ لێ‌پرسینی گشتی؛ کۆپرسان؛ کار و ڕەوتی پرسی خەڵکی کردن بۆ سەلماندن یان لابردنی قانوونێک.

رفرانس / ref(e)rāns/: [فرانسوی] ☜ **مَرجَع**ـ۳

رفرم / reform، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* ڕیفۆرم؛ باشتر کردنەوەی دۆخێ کە بەرقەرارە.

رفرمیست / reformîst/: [فرانسوی] *صفت.* چاکەوەخواز.

رفرمیستی / reformîstî/: [فرانسوی] *صفت.* چاکەخوازانە.

رفع / raf'/: [عربی]/*اسم.* کار یان ڕەوتی:

۱. نەهێشتن ۲. *[ریاضی]* ساغ کردنەوە؛ کاری هەڵاواردنی ژمارەی ساخ لە ژمارەی شکاو ‹اگر ۲/۱۳ را رفع کنیم می‌شود ۶/۱ ۲: ئەگەر ۲/۱۳ ساغ بکەینەوە دەبێتە ۶/۱ ۲›.

رفع ابهام: نەهێشتنی گرژی و دژواری بابەتێک و ئاشکراکردنی چۆنیەتی ئەو گرێیە.

رفع تکلیف: *[مجازی]* کار یا ڕەوتی لە مل کردنەوە؛ لە سەر لادانی کارێک و کەمتەرخەم بوون لە بەرانبەریدا ‹با این آمدنش فقط می‌خواست از خودش رفع تکلیف کرده باشد: بەم هاتنە هەر گەرەکی بوو لە ملی بکاتەوە›.

رفع توقیف: *[حقوق]* کار و ڕەوتی ئازاد کردنی کەس یان ماڵێکی زەوتکراو.

رفعت / raf'at/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ۱. بەرزایی؛ بالایی؛ بڵیندی ۲. هێژایی؛ هەڤیازی؛ سەروانی؛ سەراونی.

رفع‌ورجوع / raf'-o-rucû', -rocû'/: [عربی] *اسم.* جێبەجێ؛ کار یان ڕەوتی لابردنی ئاڵۆزی و بشێوەی بەدیهاتوو.

رفق / refq/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ۱. هاوڕێیی؛ هاوڕێتی ۲. دۆستی؛ هەواڵی؛ هەمبازی.

رفقا / rofaqā/: [عربی] جمعِ ☜ **رَفیق**

رفو / rufû, rofû، ـها/: [عربی] *اسم.* هڤێژ؛ هفێز؛ کاری چاک کردنەوە و داپۆشانی دڕاوی و ڕزاوی لە قوماش و هەڵچنراوگەلی تردا بە شێوەی دروونەوەی ئەو جێگانە بە چەشنی پێشوو و بە بەنی هەر بەو ڕەنگە، کە دیار نەبێ.

▣ رفو کردن: هیڤاختن؛ هیڤاستن؛ هیڤاشتن؛ چنینەوە؛ چناندن؛ ڤەچنین؛ وەچناندن؛ ڤەجناندن؛ دڕاو بە هەودا دروونەوە. هەروەها: **رفو شدن**

رفوزه / rufûze, rofûze، ـها/: [فرانسوی] *صفت. [گفتاری]* ڕفووزە؛ دۆخ و چۆناوچۆنی قەبووڵ نەبوون و لە جێی خۆدا مانەوە؛ دواکەوتن؛ دەرنەچوون لەوانەدا. هەروەها: **رفوزه بودن؛ رفوزه شدن؛ رفوزه کردن**

رفوکاری / rufûkārî, rofû-، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* هڤێژکاری؛ هفێزکاری؛ کار یان ڕەوتی هڤێژ کردنی شتێک.

رفوگر / rufûgar, rofû-، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* هڤێژکەر؛ کەسێ کە کاری چاککردنەوەی دڕاوی و پواوی پارچە و چنراوگەلی دیکەیە.

رفوگری / rufûgarî, rofû-/: *اسم.* هڤێژکەری: ۱. کاری هفێزکرن ۲. پیشەی هڤێژکەر ۳. کارگەی هفێزکەر.

رفیده / rafîde/: *اسم.* ڕفێدە؛ مادە؛ مایە؛ مادیێ؛ نان‌بەن؛ کەرەسەیێ لە کولۆش یان شووڵ کە متقالی بە سەردا گیراوە و بۆ نان بە تەنوورەوە دان کەڵکی لێ دەگرن.

رفیع / rafî'/: [عربی] *صفت. [ادبی]* بەرز: ۱. بلند؛ بلیند؛ خاوەن بەرزایەکی زۆر ۲. بەرچاوگر و گرنگ ‹مقام رفیع: پایەی بەرز›.

رفیق / rafîq, refîq، ـها؛ ـان؛ رُفَقا/: [عربی] *اسم.* یار؛ هاوباز؛ هەمباز؛ هامفەرد: ۱. دۆس؛ دۆست؛ دەسەبرا؛ دەستەبرا ۲. هاوتەک؛ هاواڵ؛ هاوڕێ؛ هاوڕا؛ ڕەفیق؛ هالا؛ هاڤال؛ ئاواڵ؛ هاوەڵ؛ هامڕا؛ ئاوەڵ؛ برادەر؛ هەڤال؛ ئاوڕێ؛ ڕیهەڤ؛ هاواڵ؛ هاودەم؛ هەوڕێ؛ هەتەک ۳. ڕەفێق (لە زاراوەی ڕێبازی مارکسیسمدا)؛ هاوبیر؛ هاومراز ‹رفیق لنین: ڕەفیق لێنین›.

▣ **رفیق شفیق:** دۆستی دلۆڤان؛ دۆستی دڵسۆز؛ هەڤالۆشک؛ دۆستی بەڕاستی.

رفیق نیمه‌راه: نیمچەدۆس؛ ڕەفێق نیمەڕێگە؛ دۆستی سست.

▣ **رفیق آش و پلو کسی بودن:** *[کنایی]* دۆستی سەر سفرەی کەسێک بوون؛ دۆستی مەرامی کەسێک بوون؛ لەگەڵ کەسێکدا بە خاتری دەسکەوت و قازانج دۆستایەتی کردن.

رفیق بودن: دۆس بوون؛ هەواڵ بوون. هەروەها: **رفیق شدن**

رفیق گـرفتن: (لەمـەڕ ژن یـان کچـەوە) دۆس گرتن؛ دڵ گیرتەی؛ بوونە دۆست و ئەویندار کردن لەگەڵ پیاوێکدا.

رفیقانه[1] / rafîqāne, refîqāne /: [عربی/ فارسی] *صفت.* دۆستانە؛ دۆسانە؛ هەڤالانە؛ وەک دۆست ‹کمک رفیقانه: یارمەتی دۆستانە›.

رفیقانه[2]: *قید.* دۆستانە؛ دۆسانە؛ هەڤالانە؛ وێنەی دۆسان؛ هاوڕێ لەگەڵ دۆستایەتی زۆردا ‹رفیقانه او را در آغوش گرفت: دۆستانە باوەشی پێدا کرد›.

رفیق‌بازی / rafîqbāzî, refîqbāzî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* دۆسبازی؛ دۆستبازی: ۱. زێدەڕۆیی لە دۆستـایەتی کـردن و بوونـە ڕەفیـق لەگـەڵ خەڵکدا ۲. دۆستان لە هەر کارێکدا سەر خستن و لە بەر ئەوان حەق نانە لاوە ۳. (لەمـەڕ ژن یـان کچـەوە) کـار یـا ڕەوتی دامەزرانـدنی پێوەنـدی خۆشەویستی لەگەڵ پیاوێکدا. هەروەها: **رفیق‌باز**

رفیقه / rafîqe, refîqe ، ـها/: [عربی]/*اسم.* دۆس؛ کـچ یـان ژنێـک کـە لەگـەڵ پیاوێکـدا خلێنەوبلێنەی هەبێ.

رقابت / reqābat, raqābat ، ـها/: [عربی]/*اسم.* هاڤـڕکێ؛ هەڤـڕکێ؛ ڕکەبـەرکێ؛ ڕق‌بەرقـە؛ بەربەرەکانێ؛ ڕکە؛ ملـە؛ مـل‌ملانـێ؛ کێبـەرکێ؛ هەڤدوبرن؛ کار یا ڕەوتی کۆشان بـۆ پێـشکەوتن لە کارێک یان بـە دەسـت‌هێنـانی شـتێک کـە جێگای سەرنجی هەمووانە ‹برای جلب توجه آن دختر با هم رقابت می‌کردند: بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئەو کچە پێکەوە هاڤرکییان دەکرد›. هەروەها: **رقابت داشتن؛ رقابت کردن**

رقاص / raqqās ، ـها؛ ـان/: [عربی]/*اسم.* سەماکەر؛ داوەت‌گێڕ؛ کای‌کەردۆخ؛ لیزەڤان: ۱. کەسێ کە بە هەڵپەڕکێ و سەما سەرنجی کەسـان بـۆ لای خۆ دەبا ۲. کەسێ کە لە هەڵپەڕکێدا کارامەیە.

رقاصک / raqqāsak ، ـها/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* بەندۆل؛ لەرزان؛ ئامرازێک لە کـاتژمێردا کـە بـە هات‌وچۆی یەکـمیزانی بـەرەو چـەپ و ڕاسـت، دەبێتە هۆی زایەڵەدار بـوونی دەنـگ و هێـدی بوونەوەی فەنەری سەعات.

رقاصـه / raqqāse ، ـهـا؛ ـگـان/: [عربـی]/*اسـم.* هەڵپەڕکێ‌کەر؛ ژنێ کە کاری هەڵپەڕینە.

رقاصی / raqqāsî ، ـها/:*اسم.* ۱. کار یـان ڕەوتی هەڵپەڕکێ کردن ۲. کاری هەڵپەڕکێ‌کەر.

رقاع / reqā' /: [عربی]/*اسم.* یەکێک لە خەتگـەلی عەرەبی کە لە ڕابردوودا لە نووسینی فارسیـشدا بـەکار دەچـوو و زۆرتـر لـە کەتیبـە، فرمـان و سەردێڕی پەرتووکاندا بەکار دەبرا.

رقبا / roqabā /: [عربی] جمعِ ☜ **رقیب**

رقبات / raqabāt /: [عربی] جمعِ ☜ **رَقَبه**

رقبه / raqabe ، رقبات/: [عربـی]/*اسـم.* مـلک یـان زەوی و زاری بەخـشراو بـە شـوێن یـان دامەزراوەیێک.

رقت / reqqat /: [عربی]/*اسم.* ۱. تەڕی (بەرامبەری خەستی)؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی تـەڕ و بـڕ بـوون ۲. *[مجـازی]* ناسـکی ۳. *[مجـازی]* تـورتی؛ شکێنەری.

▣ **رقت قلب:** ۱. دڵ‌ناسکی ۲. خەم و کەسەرێ کە بە هۆی دیتنی ئازاری خەڵـکی‌تـرەوە دڵ دادەگرێ.

رقت آور / reqqatāvar /: [عربی/ فارسی] *صفت.* دڵتەزێن؛ هۆی خەمبار کردن و دڵ‌تەزاندن.

رقت‌انگیز / reqqatangîz /: [عربی/ فارسی] *صفت.* دڵتەزێن؛ هۆی خەفـەتبار کـردن و دڵ هێنانـە ڕەحم ‹حال رقت‌انگیزی داشتم: دۆخێکی دڵتەزێنم هەبوو›.

رقـت‌بـار / reqqatbār /: [عربـی/ فارسـی] *صفت.* دڵـتەزێن؛ هـۆی بـەدیهاتنی جـەخـار و دڵ تەمراوی ‹آمدی و زندگی رقت‌بار او را دیدی: هـاتی و ژیانی دڵتەزێنـی ئەوت دی›.

رقـص / raqs ، ـهـا/: [عربـی]/*اسـم.* هەڵـپەڕکێ؛ سەما؛ کای؛ دیلان؛ لیز؛ لۆتک؛ قنجـێ؛ ئـورزان؛ هۆرپـڕای؛ هۆرپـڕەی؛ لـەیس؛ لـەیز؛ هـەلای؛

ڕەخس؛ کۆمەڵەیەک زیویانی بەزمین، پتر لەگەڵ مووسیقادا.

◘ **رقص شتری:** *[کنایی]* لۆقە؛ سەمای بە نابەڵەدی.

رقص نور: ئامرازێکە زۆری چرا تێدایە، کە تیشکیان کەم و زیاد دەکا و کزی و بەرزی دەنگ دەنوێنێ.

رقصان[1] / raqsān/: [عربی/ فارسی] *صفت*. بەدیلان؛ بەلەیزان؛ بە چۆناوچۆنی سەماوە ‹شعلەی رقصان آتش: گڕی بەدیلانی ئاگر›.

رقصان[2]: *قید*. بە سەماوە؛ لە حاڵی هەڵپەڕیندا ‹خندەزنان و رقصان گرد سالن میچرخیدند: بە پێکەنین و سەماوە لە سالۆنەکەدا دەسووڕانەوە›.

رقصاندن / raqsāndan/: [عربی/ فارسی] *مصدر. متعدی.* // **رقصاندی:** هەڵتپەڕاند؛ **میرقصانی:** هەڵدەپەڕێنی؛ **برقصان:** هەڵپەڕێنە// ۱. هەڵپەڕاندن؛ هەڵپەڕانن؛ هۆرپڕنەی؛ بە لەیز هەڵپێچاندن ‹داشت عروسک را میرقصاند: خەریک بوو بووکەڵەکەی هەڵدەپەڕاند› ۲. *[کنایی]* هەڵسووڕاندن؛ هەڵپەلە پێکردن؛ هۆرخولنەی؛ بە درۆ و دەلەسە بە کارگەلی گۆترەوە هەڵپێچاندن ‹دو سال است مرا با این دروغها میرقصانی: دوو ساڵە بەم درۆیانە هەڵم دەسووڕێنی›. **رقصانیدن**. هەروەها: **رقصاندنی**

■ صفت فاعلی: **رقصاننده** (هەڵپەڕێنەر)/ صفت مفعولی: **رقصانده** (هەڵپەڕێنراو)/ مصدر منفی: **نَرقصاندن** (هەڵنەپەڕاندن)

رقصانیدن / raqsānîdan/: [عربی/ فارسی] ☜ **رقصاندن**

رقصنده / raqsande، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] *اسم*. هەڵپەڕکێکەر؛ سەماکەر؛ کەسێ کە هەڵدەپەڕێ.

رقص‌نگاری / raqsnegārî/: [عربی/ فارسی] *اسم*. کار و ڕەوتی دانانی شێوەی سەما، بەتایبەت بالە.

رقصیدن / raqsîdan/: [عربی/ فارسی] *مصدر. لازم.* // **رقصیدی:** هەڵپەڕیت؛ **میرقصی:** هەڵدەپەڕی؛ **برقص:** هەڵپەڕە// ۱. هەڵپەڕان؛ هەڵپەڕین؛ هۆرپڕەی؛ هۆرپڕای؛ ڕەخسین؛ لەهەستین؛ لیزین؛ لەیزتن؛ وازین؛ سەما کردن؛ مەشاندنی دیلان ‹حاضران با آهنگ دُهُل میرقصیدند: ئامادەبوان بە ئاهەنگی دەوڵ هەڵدەپەڕان› ۲. *[مجازی]* هەڵسووڕان؛ هۆرخولیەی؛ ئەنجامدانی کارگەلێ بە دڵخوازی دیتری و بێویستی خۆ ‹بە ساز دیگری رقصیدن: بە فووی دیتران هەڵسووڕان›.

■ صفت فاعلی: **رقصنده** (سەماکەر)/ صفت مفعولی: **رقصیده** (سەماکردوو)/ مصدر منفی: **نَرقصیدن** (سەما نەکردن)

رقعه / roq'e، ـها/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ۱. نامە؛ نووسراوە ۲. شێوە نووسینێکی خەتی عەرەبی ۳. *[قدیمی]* پینە.

رقعی / roq'î/: [عربی] ☜ قطع رقعی، **قطع**

رقم / raqam/: [عربی] *اسم*. ۱. نووسراوە ۲. ـها؛ اَرقام؛ رُقوم/ ژمارە؛ هەر یەک لە نیشانەگەلی دەیانەی (۱تا ۹و۰) لە ژمارەنووسی باودا.

◘ **رقم زدن:** نووسین؛ نڤیسین؛ نویستەی؛ نویسەی.

رقوم / ruqûm, roqûm/: [عربی] جمعِ ☜ **رَقَم**

رقومی / ruqûmî, roqûmî/: [عربی] *صفت*. ژمارەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە ژمارەوە.

رقیب / raqîb، ـها؛ ـان؛ رُقَبا/: [عربی] *اسم*. هومال؛ هاوچاو؛ بەربەرەکانێکەر؛ هاقرک؛ هەڤرک؛ ملەکەر؛ ململانێکەر؛ هەر کام لەو کەسانەی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک بە دووی کەوتنە بەر لە کەسانیترن.

◘ **رقیب تراشیدن:** هومال سازدان؛ هاوچاو تاشین؛ بوونە هۆی پەیدا بوونی هاڤرک.

رقیت / reqqîyyat/: [عربی] *اسم. [ادبی]* کۆیلەیی؛ کۆیلەتی؛ کۆلەتی؛ لێزیەتی؛ بەندەیی.

رقیق / raqîq/: [عربی] *صفت*. کەمڕەنگ؛

ناخەس: ۱. کاڵ؛ ئاوەکی؛ تەڕ؛ شل ‹چای رقیق؛ رنگ رقیق: چای کەمڕەنگ؛ ڕەنگی تەڕ› ۲. بە ڕەنگی کەمەوە ‹آرایشی رقیق کرده بود: ئاڕایشێکی کاڵی کردبوو›.

رقیق‌القلب / raqîqolqalb/: [عربی] *صفت.* دڵناسک؛ دڵهلوو؛ دڵنەرم.

رک[1] / rok/: *صفت. [گفتاری]* ڕەپ و ڕاست؛ سەراڤکی؛ وەکات؛ هەربی؛ سفت و سادە؛ بێڕووبینی؛ بێپەردە؛ خاوەن ڕاشکاوی و ڕاستی لە دەربڕینی ئەوەی دڵخوازی بیسەر نیە ‹آزاد خیلی رک بود و راحت حرفش را می‌زد: ئازاد زۆر ڕەپ و ڕاست بوو، ڕەحەت قسەی خۆی دەکرد›.

رک[2]: *قید.* بە ڕاشکاوی؛ بێدەراویسی؛ ڕەپ و ڕاست؛ ڕەپ و ڕەوان؛ پان بە پان؛ ڕەپا و ڕەپ؛ بێ ڕووبینی؛ دەق و دەق ‹خیلی رک به من گفت: نمی‌خواهم با ما بیایی: زۆر بە ڕاشکاوی پێمی گوت: نامەوێ لەگەڵماندا بێی›.

رکاب / rekāb، ـها/: [عربی] *اسم.* ۱. ئاوزەنگی؛ زەنگوو؛ زنگی؛ وزەنگی؛ ویزەنگی؛ زەنگ؛ مەنەک؛ ڕکێف؛ ئاڵقەی نیوە جەغزی ئەملا و ئەولای زین کە لە کاتی سواریدا پێی تێ دەخەن ۲. جێی پا لە دووچەرخە و موتۆڕدا ۳. پلەی ماشین و قەتار کە لە کاتی سوار بووندا پێی لە سەر دەنێن ٤. پارچەنەواری هەڵواسینی شالوار لە سەر شان.

▣ **رکاب دادن:** ۱. سواری دان ۲. *[کنایی]* بەر فەرمان بوون.

رکاب زدن: پاڵێدان؛ دووچەرخە ئاژۆتن.

رکاب کشیدن: بە تاو بردن؛ لنگاردن؛ لنگ‌دان؛ بە قیر هەڵپێچان.

رکاب گرفتن: پەنجە هەڵپێکان و دوو دەست بە شێوەی ئاوزەنگی دەرهێنان بۆ پا تێ خستن و سەرکەوتنی کەسێکی‌تر.

در (التزام) رکاب کسی بودن: *[مجازی]* وێڕای گەورەیەک بۆ شوێنێک چوون؛ هاوڕێی کەسێکی گەورە بوون.

رکابدار[1] / rekābdār، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* پێشەنگ؛ کەسێ کە لە پێش سوارەوە بە پیادە دەڕوا و لە سوار بوون و دابەزیندا یارمەتی دەدا.

رکابدار[2]: *صفت.* ۱. ☜ **رکابی** ۲. مەنەکدار؛ خاوەن مەنەک ‹ماشین رکابدار: ماشینی مەنەکدار›.

رکابی / rekābî/: [عربی] *صفت.* ۱. ڕکابی؛ خاوەنی ڕکاب ‹پیراهن رکابی: کراسی ڕکابی› ۲. مەنەکی؛ مەنەکدار؛ وەکوو مەنەک ‹استخوان رکابی: ئێسقانی مەنەکی›.

رکاکت / rekākat, rakākat/: [عربی] *اسم.* نەچێیی؛ ناپەسندی؛ دزێوی؛ دۆخ یان چۆنیەتی نەچێ بوون.

رکتوم / rektom/: [فرانسوی] *اسم. [کالبدشناسی]* ڕیخۆڵەی کۆم؛ بەشی دوایی ڕێڵەخۆی گەورە.

رکعت / rak'at, rek'at, rok'at، ـها/: [عربی] *اسم. [اسلام]* ڕکات؛ ڕەکات؛ ڕەکاتە؛ پاژێک لە نوێژ، بریتی لە وەستان، خوێندنی ئایەت وسووره لە قورئان، دانەوان و سەر نانە زەوی.

رک‌گویی / rokgûyî، ـها/: *اسم.* زمانڕووتی؛ قسەڕووتی؛ وەکاتواچی؛ کار یان چۆناوچۆنی بە ئاشکرا و بێمەرایی قسە کردن؛ ڕووت و پەتی وتن ‹رک‌گویی همه‌جا خوب و نیست و گاهی کار دست آدم می‌دهد: زمانڕووتی هەمیشە باش نیە و زۆرجار مرۆ تووش دەکا›.

رکن / rokn، ـها؛ ارکان/: [عربی] *اسم. [ادبی]* کۆڵەکە: ۱. ئەستوون؛ ئەستوونگ؛ پایە؛ کۆڵەکێ. ۲. *[مجازی]* هۆی ڕاوەستاوی شتێک ‹مطبوعات را رکن سوم دمکراسی می‌دانند: ڕۆژنامەگەل بە کۆلەکەی سێهەمی دوموکراسی دەزانن›.

رکود / rokûd/: [عربی] *اسم.* مەندی؛ نەجوولان؛ بێ جهشت بوون؛ خەفتن؛ کار و ڕەوتی داوەستان.

رکورد / rekord ، ـها: [انگلیسی و فرانسوی] *اسم.* ریکورد؛ بانترین شۆپ یان ئەندازە (لە چۆنی یان چەندی) کە بە هۆی کارێکەوە دەس کەوێ.
▣ **رکورد به دست آوردن:** ریکورد هێنان؛ بە دەس هێنانی بانترین شۆپ یان ئەندازە.
رکورد شکستن: ریکورد شکاندن؛ بردنە سەرەوەی بانترین رادەی پێشوو.
رکورد گرفتن: ریکورد گرتن؛ تاقی کردنەوەی توان بۆ گەیشتن بە بانترین شۆپ یان ئەندازە.
رکوردار / rekord.dār ، ـها؛ ـان: [انگلیسی و فرانسوی/ فارسی] *صفت.* ریکورددار؛ خاوەنی بانترین شۆپ.
رکوع / 'rukû', rokû ، ـها: [عربی] *اسم. [اسلام]* ڕکووع؛ بەشێ لە نوێژ لە هەر ڕەکەتدا کە نوێژخوێن دادەنەوێ و دەست لە سەر ئەژنۆی دەنێ و ڕستەیەکی پەسنی خودا دەڵێ.
رکیک / rakîk: [عربی] *صفت.* پیس؛ دزێو؛ پەلەشت؛ بێحوزم؛ ناماقووڵ و هۆی نەمانی شەرم و شوورەیی ‹حرف رکیک: قسەی پیس›.
رگ / rag ، ـها: *اسم.* ۱. ڕەگ؛ ڕەی؛ ڕێ؛ ڕیتگە؛ گیف؛ ڕەهی باریک و ناسک لە مۆرغەدارانـدا کە خوێن دەگەینێتە قەلب ۲. *[مجازی]* غیرەت ‹فکر نمی‌کردم اینقدر بی‌رگ باشد: پێم وانەبوو ئەوەندە بێغیرەت بێ› ۳. ڕەگ؛ باریکە؛ شوێنە باریکە.
▣ **رگ خونی:** ۱. سوورەدەمار ۲. دەماری ڕەش؛ ڕەشەڕەگە ۳. ڕەگە موویینە؛ باریکەدەمار.
رگ لنفی: ڕەپیسک؛ ڕەخیسک؛ ڕەگی سپی یا ئاوەندی لەنفی کە تراوی لەنفی تێدا دەگەڕێ.
▣ **رگ به رگ شدن:** ڕەگاوڕەگ بوون؛ ڕێگێلەی؛ تاکولۆ کەوتنی ماسوولکەی لەش، بەهۆی تەوژمی زۆرەوە ‹خم شدم چمدان را بردارم، کمرم رگ‌به‌رگ شد: دانەویم جانتاکە هەلگرم، پشتم ڕەگاوڕەگ بوو›.
رگ خواب کسی را به دست آوردن: *[مجازی]* لایەنی کەمایەسی کەسێ دۆزینەوە و کەلک لێی وەرگرتنی.
رگ خود را زدن: لە ڕەگی خۆ دان؛ خۆ کوشتن؛ خۆ مراندن؛ ڕێو وێ بڕیەی.
رگ دیوانگی کسی گل کردن: *[مجازی]* بەسەردا هاتن؛ دان لە سەر؛ لە بەر تووڕەیی زۆر، وەکوو شێت لێهاتن و ئاکاری سەیر لێ بوونەوە ‹مثل این که باز رگ دیوانگی تو گل کرده که این طور داری نعره می‌کشی: وادیارە دیسان بە سەرتدا هاتووە ئاوا دەقیڕێنی›.
رگ زدن: ۱. بڕین یان دڕاندنی ڕەگ ‹تا رسیدند رگ خودش را زده بود: تا گەیشتن، ڕەگی خۆی بڕیبوو› ۲. خوێنبەردان؛ حەجامەت.
رگ غیرت کسی جنبیدن: غیرت کسی به جوش آمدن ☜ **غیرت**
رگ کردن پستان: ڕەگ پێدا هاتن؛ شیر زانە سینەی ژن.
رگ گردن کسی بیرون آمدن: *[کنایی]* خوێن هاتنە بەرچاو؛ زۆر تووڕە بوون؛ ڕەگ مل بەرزەو بوون/ دەرپەڕین.
به رگ غیرت کسی برخوردن: *[مجازی]* لە ڕەگی غیرەتی کەسێک دان؛ غیرەت جمانی کەسێک بە هۆی بزواندنەوە ‹حرف من به رگ غیرتش برخورد و کتاب را پس داد: قسەکەم لە ڕەگی غیرەتی دا و کتێبەکەی داوە›.
رگبار / ragbār ، ـها: *اسم.* ڕێژنە؛ ڕەژنە؛ گوزم؛ خوڕڕەم: ۱. ڕهێلە؛ ڕەهێلە؛ ڕەهێل؛ شەس؛ شەست؛ شەستە؛ تاوە؛ لیزمە؛ لیزم؛ ئاژ؛ هڕشت؛ شەماڵە؛ بارینی پڕتاو و لەنکاو کە گەلێک جار دەگەڵ بازریشک و بادەوەدایە ۲. دەسڕێژ؛ دەستڕێژ؛ ڕەگبار؛ تیرهاوێژی ڕەمارەم و بێوچان. بەرانبەر: **تک‌تیر**

▣ **بە رگبار بستن:** دەسـرێژ کـردن؛ گـوللە هاویشتنی پەیتا-پەیتا و بێوچان بەرەو کەس یان شتێک.

رگبرگ / ragbarg ، ـها/:/اسم. دارک؛ رەگـە و ریشاڵەی پشت گەڵا؛ هەر کام لـە دەسـتەگەلی باریکەرەگی سەر گەڵا.

رگبند / ragband ، ـها/:/اسم. رەگبەس؛ ئامێرێ بۆ بەستنی سوورەرەگێکی لەش، کە لوولەیەکی لاسـتیکی باریکـە بـە قولاپێـک لـە سـەریەوە: **شریان‌بند؛ گارۆ**

رگبنـدی / ragbandî/:/اسـم. *[زیـست‌شناسـی]* ۱. چۆنیـەتی ڕیزبەنـدی و تێکـەڵاوی ڕەگـە و ریشاڵە لە گەڵادا ۲. چۆناوچۆنی داڕێژانی ڕەگـە و ڕیشۆڵەی باڵی مێروان.

رگبی / ragbî/: [انگلیسی] ☜ **راگبی**

رگ‌شناسـی / ragšenāsî/:/اسـم. ڕەگناسـی؛ زانستی خوێندنەوە و لێکۆڵـینەوە لەمـەڕ ڕەگ و پەی و کۆئەندامگەلی پێوەندیدارەوە.

رگـل[1] / regl/: [فرانـسوی]/اسـم. بـێنـوێژی؛ نەخۆشی مانگانەی ژنان.

رگـل[2]: صفت. بـێنـوێژ؛ تووشـیاری نەخۆشـی مانگانە.

رگلاتور / reg(û)lātor ، ـهـا/: [از فرانـسوی]/اسم. ریگلاتۆر؛ ئامێری ڕێـک‌کـردن و ڕێـک‌خـستنی کەرەستەیەک.

رگلاژ / reglāj/: [فرانسوی]/اسم. ریگلاژ؛ کار یـان ڕەوتی ڕێک‌کردنی کەرەسەیەک بۆ ئەوەی باش کار بکا.

رگ‌نگاری / ragnegārî/:/اسم. *[پزشکی]* کـار و ڕەوتی وێنـەگرتن لـە دەمارگـەلی لـەش دوای وەشاندنی ماکی تایبەت.

رگ‌وریشه / rag-o-rîše/:/اسم. ۱. /ـها/ پـنج و ڕەگ؛ دەمـار و بنـەکۆکی گۆشـت ۲. *[مجـازی]* بنەچە؛ بنەچەگە؛ باب و باپیران؛ بنچین؛ بنچن؛ ڕەگ و ریشە؛ بنج و بناوان؛ ڕەچەڵـەگ؛ تـوو و تۆرەمە ‹آزاد رگ و ریشە‌ی او را هم می‌شناخت: ئازاد بنەچەشی دەناسی›.

رگه / rage ، ـهـا/:/اسم. ۱. ڕەگ؛ نـەخش یـان شـۆپێکی ڕەگ‌ئاسـایی ۲. *[زمین‌شناسی]* ڕەگـە؛ ڕینج؛ کـارەی نـاو زەوی؛ چـینی جیـاوازی نـاو خاک و بەرد ‹رگەی طلا: ڕەگەی زێـڕ› ۳. ڕەگـە؛ نژاد؛ نەژار؛ بنچینە ‹دو رگە: دوورەگە› ٤. *[مجازی]* شـوێن؛ شـۆپ؛ شـوێنەوار؛ شـۆنەما؛ ڕیـنج ‹در سخنانش رگەای از غم و انـدوه احساس مـی‌شد: لـە قـسەکانیدا شـوێنێک لـە خـەم و کەسـەر هەست پێدەکرا›.

رل / rol ، ـهـا/: [فرانـسوی]/اسم. ۱. فـەرمانی ماشێن ‹پشت رل: پشت فەرمان› ۲. دەور؛ نەخش لە شانۆ یان فیلمدا ‹در این فیلم رُل رئیس‌جمهـور را بازی می‌کند: لەم فیلمـەدا نەخـشی سـەرۆک کۆمـار دەگێڕێ›.

رله / rele ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ۱. کەرەسـەیەک بۆ بەهێزکردنی پێلگەلی دەنگی ۲. کەرەسـەی دووپاتکەرەوەی دەنگ و ڕەنگ.

رم / ram/:/اسـم. ۱. ڕەم؛ ڕەڤ؛ ڕەو؛ سـڵ؛ سڵەمە؛ سڵم؛ سەڵم؛ کـار یـان ڕەوتی سـڵەمان ۲. ڕان؛ گەلە.

▣ **رم دادن:** سـڵەماندن؛ ڕەم دان؛ ڕەوانـدن ‹صدای تیر، اسب را رم داد: دەنگی تیر ئەسـپەکەی سلەماند›.

رم کردن: سڵ کردن؛ سڵەمان؛ سڵەمینەوە؛ ڕەڤ کرن؛ ڕەوینەوە؛ پەرموون؛ گورگە بـوون؛ سڵ بوون؛ هەڵترنگان؛ هەڵتووران؛ هەڵتووزان ‹اسب رم کرد و او را زمین زد: ئەسپەکە سلی کرد و دایخست›.

رم / rom/: [فرانـسوی از انگلیـسی]/اسـم. ڕوم؛ جۆرێک شەراوی شیرین.

رماتیسم / romātîsm/: [فرانسوی]/اسم. ڕوماتیسم؛ ژان و ژوو؛ نەخۆشـی جومگـە؛ ژانی بەنـدی ئێـسک؛ زاراوەیـێ بـۆ تـاقمێکی جیـاواز لـە

نەخۆشیگەل کە لایەنی هاوبەشی هەموویان ئاڵۆزی و ئێش، سفتی و ماسینی ماسوولکە و جومگەگەلی لەشە: **روماتیسم**

رماتیسمی / romātîsmî/: [فرانسوی] *صفت.* روماتیسمی: ۱. پێوەندیدار بە نەخۆشی جومگەوە ۲. تووشیاری نەخۆشی جومگە.

رمال / rammāl ، ـها؛ ـان/: [عربی]/*اسم.* خیرە؛ فاڵچی؛ تاڵحبین؛ فاڵوێژ؛ فاڵگرەوە؛ ئەوەی کە بە ڕەمڵ دەیەوێ ڕازی سەربەمۆر ئاشکرا بکا.
هەروەها: **رمّالی**

رمان / romān ، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* ڕۆمان؛ چیرۆکی درێژ؛ چیرۆکە پەخشانێک کە لە ڕووداوگەلی ژیانی مرۆڤ هۆنراوەتەوە.

▣ رمان پلیسی: ڕۆمانی پولیسی؛ حیکایەتی مرۆ کوژی و دزی و شوێنگرتنی پولیس بۆ دەرخستنی ڕاستی ڕووداو.
رمان تاریخی: ڕۆمانی مێژوویی؛ ڕۆمانێ کە قارەمانەکانی کەسایەتی مێژووین یان سەبارەت بە ڕووداوێکی مێژووییەوە نووسراوە.
هەروەها: **رمان جاسوسی؛ رمان عشقی**

رمانتیسم / romāntîsm/: [فرانسوی] ☜ **رمانتی‌سیسم**

رمانتی‌سیسم / romāntîsîsm/: [فرانسوی از ایتالیایی]/*اسم.* ڕۆمانتی‌سیسم؛ بزووتنەوەیەکی وێژەیی و شێوازێکی هونەری و فەلسەفیە کە لە چەرخی هەژدەهەمی زایینی لە ئورووپای ڕۆژاوادا سەری هەڵدا و باسی لە هەست و نەست و خەیاڵ و خۆشەویستی دەکرد و کار و باری سروشتی و ژیانی خەڵکی ئاسایی پیشان‌دەدا: **رومانتیسم**

رمانتیک / romāntîk/: [فرانسوی] *صفت.* ڕۆمانتیک؛ هەستبزوێن: ۱. هاوگەری ڕۆمانتی‌سیسم ‹سبک رمانتیک: شێوازی ڕۆمانتیک› ۲. /ـها/ هەستیار؛ هەستۆکی و خەیاڵاوی ‹تو خیلی رمانتیک هستی: ئەتۆ زۆر ڕۆمانتیکی› ۳. بە تایبەتمەنی و چۆناوچۆنی بزواندنی خەیاڵ و هەستی خۆشەوە ‹منظرەی رمانتیک: دیمەنی ڕۆمانتیک› ٤. بە ناوەرۆک و چۆناوچۆنیەکی هەستۆکی یا ئەویندارانەوە ‹زندگی رمانتیک: ژیانی ڕۆمانتیک›.

رماندن / ramāndan/: *مصدر. متعدی.* // **رماندی:** ڕەواندت؛ **می‌رمانی:** دەڕەوێنی؛ **برمان:** بڕەوێنە// ڕەواندن؛ ڕەواندنەوە؛ وەڕامەنە؛ ڤەتریسکاندن؛ ڤەتروویسکاندن؛ دەرپەڕاندن؛ ڕەڤاندن؛ هەڵترنگاندن؛ هەڵتووڕاندن؛ هەڵتۆزاندن؛ هەڵتیزاندن؛ هەڵجووزاندن؛ هەڵفڕاندن؛ هەڵفرتاندن؛ تارنیەی؛ ڕەمنای؛ ترساندن و تاراندن (بەتایبەت سەبارەت بە گیانەوەرانەوە): **رمانیدن**

■ صفت مفعولی: **رمانده** (ڕەوێنراو)/ مصدر منفی: **نَرماندن** (نەڕەواندن)

رمانیدن / ramānîdan/ ☜ **رماندن**

رمباندن / rombāndan/: *مصدر. متعدی.* // **رمباندی:** ڕماندت؛ **می‌رمبانی:** دەڕمێنی؛ **بِرمبان:** بڕمێنە// ڕماندن؛ ڕووخاندن؛ ورنەی؛ ورنای؛ وێران کردن؛ دیوار یان ماڵێک هاوردنە خوارەوە.

■ صفت مفعولی: **رمبانده** (ڕمێنراو)/ مصدر منفی: **نَرمباندن** (نەڕماندن)

رمبیدن / rombîdan/: *مصدر. لازم.* // **رمبیدی:** ڕمای؛ **می‌رمبی:** دەڕمی؛ **برمب:** بڕمە// ڕمیان؛ ڕمان؛ ڕووخان؛ ڕووخیان؛ وریەی؛ وریای؛ وێران بوون؛ هاتنە خوارەوەی دیوار یان ماڵێک.

■ صفت فاعلی: **رمبنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **رمبیده** (ڕماو)/ مصدر منفی:**نَرمبیدن** (نەڕمان)

رمپ / ramp ، ـها/: [انگلیسی]/*اسم.* ۱. لێژایی؛ لێژی؛ سەرەولێژی؛ شیوەڕێ ۲. پەیژەی فڕۆکە، کە جێبەجێ دەکرێ.

رمز / ramz ، ـها؛ رموز/: [عربی]/*اسم.* ڕەمز: ۱. کۆمەڵە نیشانە، ئەژمار، ئاماژە یان وتە و

وشەگەلێکی ڕەچاوکراو بۆ دامەزراندنی پەیوەندی یان گۆڕینەوەی پەیام بە نهێنی ‹نامه را به رمز نوشته بود: نامەکەی بە ڕەمز نووسیبوو› ۲. ڕازی دەسکەوتنی شتێ یان شێوەی جێبەجێکردنی کارێک ‹رمز موفقیت در امتحان: ڕەمزی سەرکەوتن لە تاقیکردنەوەدا›.

◘ **رمز چیزی را گشودن:** سەر دەرکردن لە شتێک: ۱. دەرخستنی ڕاستەقینەی شتێکی پەنامەکی ۲. دۆزینەوەی ڕەمزی شتێ؛ پێزانین.

رمزگشا / ramzgošā/: [عربی/ فارسی] *صفت*. بە تایبەتمەندی یان توانایی کردنەوەی ڕەمزەوە.

رمزگشایی / ramzgošāyî/: [عربی/ فارسی] *اسم*. ۱. دۆخ یان چۆناوچۆنی هەبوونی توانایی دۆزینەوەی ڕەمز و چارەسەری کاری دژوار ۲. کار یان ڕەوتی ڕەمز کردنەوە یان ڕەمز باز کردن.

رمزی / ramzî/: [عربی] *صفت*. ڕەمزی ‹قفل رمزی: قولفی ڕەمزی›.

رمزینه / ramzîne/: [عربی/ فارسی] *اسم*. بارکود؛ نوانە؛ نیشانەیەک بریتی لە چەند هێڵ و ژمارە بە سەر بەستەی کەلپەلەوە.

رمضان / ramazān/: [عربی] *اسم*. ڕەمەزان؛ مانگی نۆهەمی ساڵی کۆچی ـ مانگی و کاتی ڕۆژوو گرتنی موسوڵمانان.

رمق / ramaq/: [عربی] *اسم*. هێز؛ تابشت؛ تاقەت؛ پرزە؛ نەوا؛ ئاه ؛ هازی؛ ئاز؛ نز؛ نرگ؛ هازی؛ وزە؛ تەشە.

◘ **رمق چیزی را گرفتن:** هێز لە شتێ ساندن؛ پرزە لە شتێک بڕین.

رمق داشتن: هێز تێدا مان؛ هازی چنە بیەی.

از رمق افتادن: لە پا کەوتن؛ پرزە بڕان؛ نەفەس چنیان؛ بێهێز کەوتن؛ هاز نەمان؛ جە هاز کەوتەی.

رمل / ramal/: [عربی] *اسم*. ڕەمەل؛ کێشێکی شیعری عەرووزی.

رمل / raml ، ـها/: [عربی] *اسم*. ۱. ڕیخ؛ ڕێخ؛ چەو؛ لم؛ زیخ؛ ڕەمڵ؛ ڕەڵم ۲. ئامرازی فاڵچی ۳. فووک و فەنی کاری تاڵحبین.

رموز / rumûz, romûz/: [عربی] جمعِ ☜ **رَمز**

رموک / ramûk/: *صفت. [گفتاری]* سڵی؛ ڕەوەک؛ قوشقی؛ واپۆک؛ بەیدەس؛ چەمووش؛ گورگە؛ قوت؛ ڕەمکار؛ ڕەمەن؛ چلەک؛ تۆڕ؛ قاچاخ؛ سوڵ؛ سرک؛ جەبە؛ جۆنگ؛ سلک؛ سرگ؛ سرِد؛ خۆگرتوو بە سڵکردن.

رمه / rame ، ـها/: *اسم*. ڕەڤە؛ ڕێوینگ؛ ڕان؛ ڕیەن؛ ڕێیەن؛ ڕێن؛ کەرک؛ مێگەل؛ گەلە؛ شەگەل؛ شەگەلە؛ بۆل؛ پۆل؛ کۆمەڵی ئاژەڵ بەتایبەت بزن و مر.

◘ **رمهٔ اسب:** ڕەوە؛ ڕەوکە؛ ڕەوگە؛ ڕەوگ؛ ڕەڤە؛ ڕەڤۆ.

رمهٔ برّه: بەرغەل؛ بەرخەل؛ گەلە بەرخ.

رمهٔ خوک: لۆدە؛ ڕەوە بەراز.

رمهٔ گاو: گاگەل؛ گەلەگا؛ گەلەگاگەل.

رمهٔ گرگ: وەرگان؛ گەلەگورگ.

رمه‌بان / ramebān/: *اسم*. ڕەوکەوان؛ ڕەوگەوان؛ ڕەووان؛ گەلەوان.

رمه‌یار / ramyār/: *اسم*. شوان؛ شڤان؛ ئاگاداری ئاژەڵ.

رمیدگی / ramîdegî/: *اسم*. سڵی؛ ڕەوەکیەتی.

رمیدن / ramîdan/: *مصدر. لازم. // رمیدی:* ڕەویای؛ **می‌رمی:** دەڕەوی؛ **برم:** بڕەوە// ۱. ڕەویان؛ ڕەوین؛ سڵەوینەوە؛ سڵەمینەوە؛ سڵەمانەوە؛ سەڵەمیانەوە؛ ڕەمنای؛ سرِدین؛ ڤەترووسکیان؛ ڤەترووسکین؛ هەڵفرتیان؛ هەڵفریتان؛ هەڵترنگان؛ هەڵتووران؛ هەڵتۆزان؛ هەڵجووزان؛ هەڵتیزان؛ هەڵجووزین؛ سلکین ‹از گرگ رمیدن: لە گورگ ڕەویان› ۲. لادان؛ خۆ لێ لادان؛ بێز کردن لە شتێ و خۆ لێ دوور خستنەوە ‹به خاطر سابقه‌اش همه از او می‌رمیدند: لە بەر پێشینەی گشت

لابان لێ نەدا›.

■ **صفت فاعلی: رمنده** (ـ)/ **صفت مفعولی: رمیده** (ڕەویاگ)/ **مصدر منفی: نَرمیدن** (نەڕەویان)

رمیده / ramîde/: *صفت*. ١. تۆراو؛ زیزبوو؛ تۆریاگ؛ دڵئێشاو ‹دل رمیده: دڵ تۆراو› ٢. هەڵوەدا؛ ڕەویو؛ تار؛ تاربووگ؛ هەتڵە؛ هەلاتوو ‹رمیده از عطَش سُرخ آفتاب کویر: هەڵوەدا لە تینی سووری خۆری سارا›.

رنج / ranc ، ـها/: *اسم*. کەژلاتەی: ١. ڕەنج؛ ئەمەک؛ ئازار؛ لارە؛ کەسەر؛ مەینەت؛ دۆخێ کە بە هۆی ئێش، خەم و مەینەت یان کاری دژوارەوە بەدیدێ ‹رنج سفر؛ رنج کار: ئازاری سەفەر؛ ڕەنجی ئێش› ٢. ژان؛ کوێرەوەری؛ خەبس؛ زەرب و چەنگ؛ دەردی گران ‹رنج زندگی: ژانی ژیان›.

⊡ **رنج بردن**: ڕەنج کێشان؛ دەرد و مەینەت کێشان؛ کوێرەوەری دیتن؛ خەبسی بوون؛ چەوسانەوە؛ بە ژان دەربردن؛ بە کوێرەوەری سەر کردن؛ لە ڕەنجدا بوون ‹دو سال از بیماری رنج می‌بردم: دوو ساڵ لە نەخۆشی ڕەنجم دەکێشا›.

رنج دادن: ئازار دان؛ دەرد و مەینەت بەسەردا هێنان؛ ئازاندن؛ ئازراندن؛ گەهراندن؛ چەوساندنەوە ‹بیماری قلب مرا رنج می‌داد: نەخۆشینی دڵ، ئازاری دەدام›.

رنج دیدن: ئازار دیتن؛ چەوسانەوە؛ مەینەت کێشان ‹در زندان رنج بسیار دید: لە بەندیخانەدا ئازاری زۆری دی›.

رنج‌آور / rancāvar/: *اسم*. ئازاردەر؛ قیچمە؛ هۆی بەدیهاتنی ڕەنج ‹این بیماری خیلی رنج‌آور است: ئەم نەخۆشیە یەکجار ئازاردەرە›.

رنجاندن / rancāndan/: *مصدر متعدی*. // **رنجاندی**: ڕەنجاندت؛ **می‌رنجانی**: دەڕەنجێنی؛ **برنجان**: بڕەنجێنە// ١. ئازار دان؛ ڕەنجاندن؛ ئێشاندن؛ ئێشنەی؛ ئێشنای؛ ئێش پێ‌گەیاندن؛ ئاراندن؛ گەهراندن؛ ئازراندن؛ ڕەنجنەی ‹این آمپول برای رنجاندن تو نیست برای از بین بردن درد توست: ئەم دەرزیە بۆ ئازاردانی تۆ نیە، بۆ لابردنی ئێشی تۆیە› ٢. دڵ ئێشاندن؛ دڵ هشت؛ ناڕەحەت کردن ‹قصد رنجاندن تو را نداشتم: بە نیازی دڵئێشاندنت نەبووم› * **رنجانیدن**

■ **صفت فاعلی: رنجاننده** (ڕەنجێنەر)/ **مصدر منفی: نَرنجاندن** (نەڕەنجاندن)

رنجانیدن / rancānîdan/ ☜ **رنجاندن**

رنجبار / rancbār/: *صفت*. مەینەتی؛ بە ڕەنج و ئاخ و داخەوە؛ پڕ لە دەرد؛ پڕ لە ژان ‹زندگی رنجبار: ژیانی مەینەتی›.

رنجبر / rancbar ، ـان/: *اسم*. ڕەنجبەر: ١. زەحمەتکێش؛ ئەرک‌گران؛ بارقورس؛ کەسێ کە لە دەسڕەنجی خۆی و بە زەحمەت و مەینەتەوە دەژی ٢. *[مجازی]* کارکەر؛ کاریەر؛ کرێکار.

▣ **رنجبر کشاورز**: سەپان؛ پالە؛ ڕەنجبەری پێنج‌یەک بەر، یان سێ‌یەک بەری داهات.

رنجر / rencer ، ـها/: [عربی] *اسم*. *[نامتداول]* ڕنجر: ١. نواوانی چەکداری ناوچەیەک ٢. چریک؛ پێشمەرگە.

رنجش / ranceš ، ـها/: *اسم*. دڵئێشاوی؛ نقاری؛ قاری؛ ئازراوی؛ خێز؛ ملوولەی (بەتایبەت لەبەر ئاکاری کەسانی‌تر)؛ زیزی ‹موجب رنجش همکارانش شد: بووە هۆی دڵئێشاوی هاوکارەکانی›.

رنجور / rancûr/: *صفت*. *[ادبی]* دەردەدار: ١. ئێشدار؛ بەژان؛ چڵدار ‹پای رنجور؛ عضو رنجور: پای ئێشدار؛ ئەندامی بەژان› ٢. /ـان/ نەخۆش؛ نەوەش؛ ناساغ؛ بیمار ‹پدرش پیر و رنجور است: باوکی پیر و دەردەدارە›.

رنجه / rance/: *صفت*. *[ادبی]* ماندوو؛ کز؛ پەک‌کەوتە ‹مکن رنجه تیغ زبان را بە لاف: نەکەی ماندوو زمانت بۆ قسەی پووچ›. هەروەها: **رنجه شدن؛ رنجه کردن**

رنجیدگی / rancîdegî ، ـها/: *اسم*. دڵ‌ماوی؛ دڵ‌شکاوی؛ ڕەنجیاگی.

رنجیدن / rancîdan/: *مصدر. لازم.* // **رنجیدی:** ڕەنجای؛ **می‌رنجی:** دەڕەنجی؛ **برنج:** بڕەنجە// ڕەنجان؛ ڕەنجیان؛ دڵ‌ئێشان؛ دڵ‌مان؛ دڵ شکیان؛ ڕەنجیەی.

■ صفت مفعولی: **رنجیده** (ڕەنجاو)/ مصدر منفی: **نَرنجیدن** (نەڕەنجان)

رنجیده / rancîde/: *صفت*. ڕەنجاو؛ ڕەنجیاگ؛ دڵ‌داماو؛ خێز؛ سهـ ؛ دڵ‌شکاو.

رنجیده خاطر / rancîdexāter/: [فارسی/ عربی] *صفت*. دڵ‌ئێشاو؛ دڵ‌مەن؛ دڵ‌گران ‹از حرف تو رنجیده‌خاطر شد: لە قسەکەی تۆ دڵی ئێشا›.

رند / rend ، ـها؛ ـان؛ رُنود/: *صفت*. ڕەند؛ وریا؛ زرت و زیندوو؛ سەگ‌فزوول؛ زیرەک و شەیتان؛ پیتۆڵ بەتایبەت: *الف)* لە شاردنەوە و دەرنەخستنی تواناییگەل، بیر و هزر یان خواستەکانیدا ‹رند است، خودش را لو نمی‌دهد: ڕەندە، خۆی دەرناخا› *ب)* زۆڵ؛ لە کەڵک وەرگرتن و بە هەل زانینی کار و باران بە قازانجی خۆ ‹او رند است، سر همه‌تان کلاه می‌گذارد: زۆلە، کڵاو دەنێتە سەری هەمووتان›: **مردرند**

رندانه[1] / rendāne/: *صفت*. ڕەندانە؛ وەکوو ڕەندان ‹لبخند رندانه‌ای زد و هیچ نگفت: بزەیەکی ڕەندانەی کرد و هیچی نەگوت›.

رندانه[2]: *قید*. ڕەندانە؛ بە ڕەندیەوە ‹رندانه لبخند می‌زد و هیچ نمی‌گفت: ڕەندانە بزەی دەکرد و فزەی نەدەکرد›.

رنده / rande ، ـها/: *اسم*. ڕەنە؛ ڕەندە؛ ڕنە؛ ڕننە: ۱. ڕەندەش؛ کوشتەرە؛ کەشتەرا؛ ئامرازی نەجار بۆ لووس کردنی دار ۲. ڕەندەتی؛ ڕنکە؛ پەڕەیەکی کون‌ـ‌کونە بۆ وردکردنی بڕێ خواردەمەنی تورت (وەک: پیواز، سێفەزەمینە و...).

▣ **رنده کردن:** ڕەنەکردن؛ ڕەندەکردن: ۱. تاشین و لووس کردنی چێو بە ڕەنە ۲. لە ڕەنە دان؛ ورد کردنی شتێ بەتایبەت ماکی خواردەمەنی بە ڕەنە.

رندی / rendî/: *اسم*. ڕەندی: ۱. وریایی؛ بار یان چۆناوچۆنی ڕەند بوون ‹با رندی خودش را خلاص کرد: بە وریایی خۆی ڕزگار کرد› ۲. شەیتانی؛ سەگ‌فزوولی؛ پێچ و پەنایی؛ زۆڵی ‹می‌خواست رندی کند و سرم را شیره بمالد: دەیەویست سەربازیی بکا و کڵاوم لە سەر بنێ›.

رندیدن / randîdan/: *مصدر. متعدی.* // **رندیدی:** ڕەنەت‌کرد؛ **می‌رندی:** ڕەنە دەکەی؛ **برند:** ڕەنە بکە// ڕەنەکردن؛ ڕەندەکردن؛ ڕەنەدان: ۱. ڕێک کردن یان تاشین و ناسک‌کردنەوەی ڕووی شتێک (بەتایبەت لەمەڕ چێوەوە) ۲. *[قدیمی]* ڕنین؛ ڕننەی؛ کڕاندن؛ ڕووش تێ‌خستن ۳. *[قدیمی]* کڕاندن؛ هەڵکڕاندن؛ جیا کردنەوە.

■ صفت مفعولی: **رندیده** (ڕەندەکراو)

رنسانس / ronesāns/: [فرانسوی]/*اسم*. ۱. ڕەوتی نوێ‌بوونەوە؛ لە نۆ سەرهەڵدانەوە ۲. دەورانی سەرهەڵدانەوە و ژووژانەوە لە باری وێژە و زانست و هونەر و پیشەسازی لە مێژووی ئورووپادا (لە نێوان چەرخی ۱٤ تا ١٦ی زایینی).

رنگ / rang/: *اسم*. ۱. ڕەنگ؛ چڕ؛ بێز؛ دیاردەی نووری یا پێزانینی چاوی کە دەبێتە هۆی ئەوەی شتان لێک جیا بکرێنەوە ‹در تاریکی که رنگ چیزی معلوم نیست: لە تاریکیدا خۆ ڕەنگی هیچ شتێ دیار نیە› ۲. *ـها/* ڕەنگ؛ چڕ؛ بێز؛ هەر یەک لە تایبەتمەندیگەلی هەر شتێک کە بە چاو هەستی پێ دەکرێ ‹رنگ سفید؛ رنگ آبی: ڕەنگی سپی؛ ڕەنگی ئاوی› ۳. *ـها/* ڕەنگ؛ چڕ؛ بێز؛ ماک یان پێکهاتەیێ کە ڕەنگ دەدا بە شت ‹برو یک قوطی رنگ بخر!: بچۆ قوتوویێک ڕەنگ بسێنە!› ٤. *[مجازی]* فێڵە؛ فێڵ ‹می‌خواست مرا رنگ کند: دەیەویست فیل لە من بکا› ٥. *[مجازی]* بۆ؛ تام؛ نیشانە و شوێنەواری دۆخ یان حاڵەتێک

‹حرفهایش رنگ تعصب داشت: قسەکانی بۆی ڕکەی لێوە دەهات›.

▣ **رنگ اصلی:** ڕەنگی سەرەکی؛ سێ ڕەنگی سوور و کەسک (سەوز) و شین (ئاوی) کە لە تێکەڵیان، هەموو ڕەنگەکانیتر درووست دەبن.

رنگ روغن/ روغنی: ڕەنگی نەوتی؛ ڕەنگی بە ماکێ چەورەوە کە دوای ئەوە وشک بێتەوە، وەکوو پەڕەیەکی ڕەنگی لێ دێ و ئاو نایبا.

رنگ سرد: ڕەنگی سارد؛ هەموو ڕەنگەکانی نێوان کەسک و بەنەوش.

رنگ گرم: ڕەنگی گەرم؛ هەموو ڕەنگەکانی نێوان زەرد و ئەرخەوانی.

▣ **رنگ باختن:** ۱. پرووسقان؛ ڕەنگ چوون؛ ڕەنگ لێ نەمان؛ کاڵ بوونەوە؛ شەمزان؛ کەمڕەنگ بوونەوە؛ ڕەنگی خۆ لە دەست دان ۲. ڕەنگ پەڕین؛ ڕەنگ پەڕیان؛ ڕەنگ پڕیەی؛ ڕەنگ بزرکان بە هۆی ترس یان نارەحەتیەوە ۳. *[کنایی]* بێقەدر بوون؛ قیمەت نەمان؛ سووک بوون؛ بێبڕ بوون؛ شکۆ و گرانایی خۆ لە دەس دان.

رنگ به رنگ شدن: ڕەنگ گۆڕان؛ ڕەنگ واریەی/ واریای: ۱. بە ڕەنگیتر دەرهاتن ۲. کاڵەوە بوون؛ کاڵەوبوون؛ هەزار ڕەنگ گۆڕان؛ بەهۆی شەرمەزاریەوە سوور و زەرد هەڵگەڕان ‹نامه را که دید، رنگ‌به‌رنگ شد: هەر نامەکەی دی ڕەنگی گۆڕا›.

رنگ پریدن: ڕەنگ لێپەڕین؛ هەڵبزرکان؛ ڕەنگ بزرکان؛ ڕەنگ فڕین؛ نەمانی بریقە و درەوشانەوەی ڕەنگ.

رنگ دادن: ڕەنگ دانەوە؛ ڕەنگەوە دای ‹این پارچه رنگ می‌دهد: ئەم پارچەیە، ڕەنگ دەداتەوە›.

رنگ زدن: ۱. ڕەنگ‌کردن؛ گۆناندن؛ ڕەنگاندن ‹رنگ زدن در: ڕەنگ کردنی دەرگا› ۲. *[مجازی]* کڵاو لە سەر نان؛ فریو دان ✽ **رنگ کردن**

رنگ عوض کردن: ۱. ڕەنگ گۆڕین ‹برگهایش کم‌کم رنگ عوض کرد: گەڵاکانی بەرە ـ بەرە، ڕەنگیان گۆڕی› ۲. *[کنایی]* خۆ گۆڕین؛ وێ وارەی؛ پۆس وەتەی؛ شێوە و ڕێبازی ئاکار و کرداری خۆ گۆڕین و بە جۆرێکیتر خۆ نیشاندان ‹تا ورق برگشت، او هم رنگ عوض کرد و شد مسلمان دوآتشه: کە دەوران گۆڕا، ئەویش خۆی گۆڕی و بوو بە موسوڵمانێکی توند و تیژ›.

رنگ کردن ☜ **رنگ زدن**

رنگ گرفتن: ڕەنگی بوون.

رنگ نداشتن: بێڕەنگ یان کەمڕەنگ بوون؛ ڕەنگ لێ نەبوون ‹این چایی رنگ ندارد: ئەم چاییە کەمڕەنگە›.

رنگ / reng، ـها/: *اسم.* بەزمی مووسیقایی؛ شێوازێکی کرژ لە مووسیقادا کە زۆر کات لە کۆتایی ئاهەنگێکدا بە ڕێوەی دەبەن.

رنگ‌آمیزی / rang'āmîzî, rangāmîzî، ـها/: *اسم.* ڕەنگ؛ ڕەنگ‌کاری؛ کفتکاری؛ کار یان ڕەوتی ڕەنگاندن؛ ڕەنگ هەڵسوون دەشتێکدا ‹نقاشی را با مداد رنگی رنگ‌آمیزی کرد: نەقاشیەکەی بە قەڵەمڕەنگی ڕەنگ کرد›.

رنگار / rangār/: *اسم.* حەوڕەنگیلە؛ سەمای ڕەنگەڵ (وەک ڕەنگیلەی بلقی سابوون).

رنگارنگ / rangārang/: *صفت.* ۱. ڕەنگامە؛ ڕەنگاوڕەنگ؛ ئالایی؛ گوڵ‌گوڵی؛ بەلەک بردێنی ۲. *[تعریض]* جۆراوجۆر؛ جۆرواجۆر؛ جۆربەجۆر ‹آدمهای رنگارنگی به آن خانه رفت و آمد داشتند: کەسانێکی جوراوجور هاتوچووی ئەو ماڵەیان دەکرد› ✽ **رنگ و وارنگ**

رنگباختگی / rangbāxtegî/: *اسم.* هەڵبزرکاوی؛ ڕەنگ‌بزرکاوی؛ چۆناوچۆنی لەدەس‌دانی ڕەنگی ئاسایی.

رنگباخته / rangbāxte/: *صفت.* کاڵ: ۱. ڕەنگ بزرکاو؛ هاڵ؛ کاڵەوەبووگ؛ ڕەنگ نەماو؛

بێبەش‌کراو لە ڕەنگی ئاسایی خۆ ‹چهره‌ی رنگ‌باخته: ڕوومەتی ڕەنگ‌بزرکاو› ۲. *[مجازی]* کەم‌ڕەنگ؛ ڕزاو؛ کۆنە؛ ولانراو ‹این آبی خیلی رنگ‌باخته است: ئەم شینە زۆر کاڵە›.

رنگبری / rangbarî/: *اسم.* کار یان ڕەوتی ڕەنگ لێ‌هەڵگرتنەوە؛ ڕەنگ لێ سڕینەوە. هەروەها: **رنگبر**

رنگ‌بندی / rangbandî/: *اسم.* ڕەنگ‌بەندی؛ چۆناوچۆنی وێک‌کەوتن و جێگر بوونی ڕەنگ لە ئاسەوارێکدا (وەک وێنەکێشی، وێنەگری) یان لە کۆمەڵەیەکدا (وەک: جل‌وبەرگ و...).

رنگ‌به‌رنگ / rangberang/: *صفت.* *[گفتاری]* ڕەنگامە؛ ڕەنگاوڕەنگ.

رنگ‌پریدگی / rangparîdegî/: *اسم.* ڕەنگ‌پەڕیوی؛ ڕەنگ‌پڕایی؛ ژاکاوی؛ ڕەنگ‌بزرکاوی؛ بار یان چۆنیەتی ڕەنگ‌پەڕان.

رنگ‌پریده / rangparîde/: *صفت.* ڕەنگ‌پەڕیو: ۱. کاڵەوە بووگ؛ گەوزکەوتا ‹پارچه‌ی رنگ‌پریده: پارچەی کاڵەوەبووگ› ۲. کاڵ؛ کەم‌ڕەنگ ‹آبی رنگ‌پریده: شینی کاڵ› ۳. پەژمەریو؛ گەوزکەوتا ‹آفتاب رنگ‌پریده: تاوی ڕەنگ‌پەڕیو› ٤. /ـها/ ڕەنگ‌بزرکاو؛ سیس و ژاکاو؛ بە ڕەنگ پێستی تۆخ بەتایبەت لە بەر نەخۆشی یان ئاڵۆزی ‹صورت رنگ‌پریده: دیمەنی ژاکاو›.

رنگتابی / rangtābî/ ☜ **فام‌نمایی**

رنگدانه / rangdāne، ـها/: *اسم.* ڕەنگدانە؛ ماکی هۆی ڕەنگی بوونی هەر شتێک، وەک کولورۆفیل لە گیادا و هیموگلۆبین لە خوێندا.

رنگرز / rangraz، ـها؛ ـان/: *اسم.* خومچی؛ خومخانەچی؛ خمگەر؛ خومگەر؛ ڕەنگ‌ڕێژ؛ کەسێ کە کاری ڕەنگ‌کردنی تاڵ و هەودا و چنراوەیە.

رنگرزی / rangrazî/: *اسم.* ۱. خومگەری؛ ڕەنگرێژی ۲. خومخانە؛ دوکانی خومگەری ۳. پیشەی ڕەنگرێژی.

رنگ‌روغن / rangrowqan, -ro:qan/ ☜ **رنگ**

رنگزا / rangzā/: *صفت.* ڕەنگ‌دەر؛ بە تایبەتمەندی یا توانستی بەدیهێنانی ڕەنگی دیار ‹ماده‌ی رنگزا: ماکی ڕەنگدەر›.

رنگ‌زدا / rangzodā/: *صفت.* ڕەنگ‌لابەر؛ ڕەنگ‌هەڵگر؛ بە تایبەتمەندی یا توانی لابردنی ڕەنگ ‹آب اکسیژنه، رنگ‌زُداست: ئاوئوکسیژنە، ڕەنگ‌لابەرە›.

رنگ‌زدایی / rangzodāyî/: *اسم.* ڕەنگ‌لابەری؛ ڕەنگ‌هەڵگری: ۱. کار یان ڕەوتی ڕەنگ لێ کردنەوە؛ ڕەنگ هەڵگرتنەوە ۲. کار و ڕەوتی ڕەنگ لێ سڕینەوە.

رنگسازی / rangsāzî/: *اسم.* ڕەنگسازی: ۱. کار و ڕەوتی ڕەنگ چێ‌کردن؛ ڕەنگ دروست کردن ۲. /ـها/ شوێنی ڕەنگ چێ کردن.

رنگ‌سنج / rangsanc، ـها/: *اسم.* ڕەنگ‌پێو؛ کەرەسەیەک بۆ دیاری کردن و ناسینەوەی ڕەنگ.

رنگ‌سنجی / rangsancî/: *اسم.* ڕەنگ‌پێوی؛ زانست یان زانیاری ناسینەوە و دەستنیشان کردنی ڕەنگەکان.

رنگ‌شناسی / rangšenāsî/: *اسم.* ڕەنگ‌ناسی؛ بەشێک لە زانستی ناسینی ڕەنگ کە لە زۆری و کەمی ڕەنگ‌گەل دەکۆڵێتەوە.

رنگ‌کار / rangkār، ـها؛ ـان/: *اسم.* ڕەنگ‌کار؛ نەقاش؛ کەسێ کە کاری ڕەنگ کردنە ‹رنگ‌کار اتومبیل: ڕەنگ‌کاری ماشین›. هەروەها: **رنگ‌کاری**

رنگ‌نگاری / rangnegārî/ ☜ **کُروماتوگرافی**

رنگ‌ورو / rang-o-rû/: *اسم.* ڕەنگ و ڕوو: ۱. شکڵ و بیچم؛ مەعد؛ ڕەنگی ڕوو ‹با این رنگ‌ورو داد می‌زند غریبه است: بەم شکڵ و بیچمەوە زەق دیارە نامۆیە› ۲. ڕەنگی ڕواڵەتی هەر شتێک ‹آن میز قبلی دست‌کم رنگ‌ورویی داشت: مێزە پێشووەکە هیچ نەبێ ڕەنگ و ڕوویەکی هەبوو›.

رنگ‌ورورفته / rang-o-rûrafte/: *صفت.* ۱. هاڵ؛

کاڵەوبووگ؛ ڕەنگ‌نەماو؛ ڕەنگ‌پەڕیو ٢. *[مجازی]* کۆنە؛ کۆن؛ شڕ ‹قالی رنگ‌ورو رفته: قالی کون›.

رنگ‌ووارنگ / rang-o-vārang/: *صفت. [گفتاری]* ئاڵووالا؛ ڕەنگامە؛ هەمەڕەنگە.

رنگی / rangî/: *صفت.* ١. ڕەنگی؛ ڕەنگ وەخۆگرتوو ‹لباسم رنگی شد: گنجەکەم ڕەنگی بوو› ٢. *ـها/* ڕەنگامە؛ ڕەنگین؛ بەلەک بردێن ‹یک روسری رنگی سرش کرده بود: سەرپۆشێکی ڕەنگامەی دابوو بە سەریدا› ٣. *ـها/[چاپ]* بە ڕەنگی زیاد لە ڕەش و سپی ‹عکس رنگی: وێنەی ڕەنگی›.

رنگیزه / rangîze، ـها/: *اسم.* ڕەنگدانە؛ ماکی ڕەنگ؛ ماکی هۆی ڕەنگدار بوونی هەر شتێک، بەتایبەت گەردێک کە دەکرێتە نێو تراوێکەوە بۆ چێ‌کردنی ڕەنگ.

رنگین / rangîn/: *صفت. [ادبی]* ڕەنگین؛ ڕەنگی؛ ڕەنگامە.

رنگین‌پوست / rangînpûst، ـها؛ ـان/: *صفت.* ڕەنگین‌پێست؛ بە نەژادی جگە لە سپی (وەک ڕەش و سوور و زەرد).

رنگین‌تن / rangîntan، ـها/: *اسم.* کرۆمۆزۆم.

رنگینک / rangînak/: *اسم.* جۆرێ هەڵوا کە بە ئاردی سوورەوەکراو، وردەقەن، خورما، پستە و هەزوێلە چێ دەبێ.

رنگین‌کره / rangînkore/: [فارسی/ عربی] *اسم.* کرۆموسفیر؛ خوارووترین توێژی جەوی خۆر کە ئەستووری دەگاتە هەزاران کیلۆمیتر و زۆرتر لە گازی هیدرۆژن پێکهاتووە و تەنیا کاتێ دەبینرێ کە بینەر، دوای باران، پشت بە هەتاو چاو لە ئاسمانی بەرانبەری خۆی بکا. **کُرموسفر**

رنگین‌کمان / rangînkamān، ـها/: *اسم.* کۆڵکەزێڕینە؛ پەلکەزێڕینە؛ هەورەزێڕینە؛ هەسارەزەڕینە؛ هەسێرەزێڕینە؛ پەلکەڕەنگینە؛ زەڕینە و سیمینە؛ سوورەزەڕینە؛ ووشەزەڕینە؛ ئەستوونەزێڕینە؛ تکەسکەسوور؛ کەسکەسۆر؛ کەسکوسوور؛ هۆرەوری؛ پلووره وارانێ؛ کێلستوون؛ کێرستون؛ موندای ئاشمە؛ پەینجەو پەیغەمبەری؛ تیرەژە؛ زەرد و سویر؛ شەوبەندە ڕۆژ؛ توول سەوز و دێز؛ توول سەوز دێز؛ پرچی ئایشەوفاتمان؛ کەمەیەکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگە، پاش باران و لە بەر هەتاوەوە لە ئاسمان دەردەکەوێ: **قوس قزح**

رنود / runûd, ronûd/: [فارسی بە قاعدەی عربی] *اسم.* ١. جمعِ ☜ **رند** ٢. خەڵکانی ڕەند.

رنیم / ren(i)yom/: *اسم.* ڕنیوم؛ توخمی کیمیاوی کانزایی کەم بەدی، بە ژمارەی ئەتومی ٧٥ و کێشی ئەتومی ١٨٦،٢، بە ڕەنگی خۆڵەمێشی زێوی، کە بە شێوەی گەرد یان کانزای سەخت بە دەست دێ و لە پیشەسازیدا بەکاردەڕوا.

ـ رو / row, ro:/: *پیوازه.* ــ ڕەو؛ ــ ڕۆ: ١. بڕۆ؛ ڕەوەک ‹پیشرو: پێشرەو› ٢. لەبار بۆ ڕۆیشتن ‹پیادەرو؛ ماشین‌رو: پیادەڕەو؛ ماشین‌ڕۆ›.

رو[1] / rû/: *اسم.* ١. ڕوو؛ ڕوە؛ ڕوی؛ ڕوخسار؛ دەموچاو؛ دیمەن؛ سیما؛ ڕوومەت؛ چار ‹رویش را سفت گرفته بود: ڕووی سفت گرتبوو› ٢. سەر؛ بان؛ سەروو؛ سەروان؛ گژ. بەرانبەر: **زیر** ‹روی همه: سەری هەمووانەوە› ٣. ڕووبەڕوو؛ بەرامبەر؛ ئەو لایەی کە بەرەو بێژەر، بژنەو یان چەمکی وتووێژە. بەرانبەر: **پشت** ٤. بەشی بەرەو دەرەوە؛ ئەو لایەی کە بەرەو دەرەوەیە ‹روی پارچە: ڕووی پارچە› ٥. سەر؛ ڕوو ‹روی سفره: سەر سفرە› ٦. *[مجازی]* ڕوو؛ ڕوە؛ ڕوی؛ بێ‌شەرمی؛ بێ‌حەیایی؛ بێ‌ئابڕوویی؛ ئەوەی بەر بە شەرم بگرێ ‹پُررو: ڕوودار›.

◙ **رو به موت:** کاتی ئاویلکە؛ لەسەرە مەرگدا؛ لە گیانەڵاو. هەروەها: **رو به خرابی؛ رو به آبادی؛ رو به ترقی**

روی باز: ڕووی گەش؛ دیمەنی ڕوون؛ ناوچاوی ڕۆشن؛ دەموچاوێ کە خۆشحاڵی یان میهرەوانی دەنوێنێ ‹با روی باز مرا پذیرفت:

به ڕووی گەشەوە خێراتنمی کرد›.

روی جلد: ڕووپەڕی کتێب؛ سەربەرگ؛ بان جەڵد؛ ئەو بەشە لە کتێب کە پتر ناوەکەی بە سەرەوەیە (لە کتێبی کوردی و فارسی و عەرەبیدا لای ڕاست و لە کتێبی لاتیندا لای چەپ).

روی سخن: دەمی قسە؛ لایەنی وتووێژ ‹روی سخنم با شماست: دەمی قسەم لە ئێوەیە›.

به روی چشم: سەرچاوان؛ بەسەرچاو؛ بان چاو؛ سەرووچەما؛ وەبان چاو/ چەو؛ سەر هەردووچاو؛ بە چاوان؛ وەبانی دیدە.

⊡ **رو آمدن:** هاتنەبان؛ هاتنە سەرەوە؛ هاتنە سەر؛ هەڵاتن: ۱. هاتنەوە سەر؛ لە بنەوە بەرەو سەر هاتن ‹آمد روی آب: هاتەوە سەر ئاو› ۲. *[مجازی]* سەرکەوتن ‹خوب روآمدەای: چاک هاتیە سەر›.

رو آوردن: هانا بردن؛ ڕوو هێنان؛ بەرەو لای کەسێ یان شتێ (زۆرتر بە هیوای یارمەتی) چوون ‹برای کمک، به شما رو آوردم: بۆ یارمەتی، هانام بردە ئێوە›.

رو انداختن: ڕوو خستن ‹برای تأمین آن پول، به همه رو انداخت: بۆ دابین‌کردنی ئەو پارەیە ڕووی لە هەموو کەسێک خست›.

رو برگرداندن: *[کنایی]* ڕوو هەڵچەرخاندن؛ ڕوو وەرگەڕاندن؛ ڕوە وەگێڵنەی؛ دووری لێ گرتن ‹وقتی زنش را طلاق داد، همه از او رو برگرداندند: کە ژنەکەی تەڵاق دا، هەموو ڕوویان لێ هەڵچەرخاند›.

رو به قبله دراز شدن: *[کنایی]* ڕوو کردنە ڕەشەبا؛ لنگ جووت کردن؛ کەوتنە سەرەمەرگ؛ ڕوو نیانە گیانەلاو؛ لە کاتی مەرگدا بوون.

رو پنهان کردن: خۆ شاردنەوە؛ خۆ حەشاردان؛ ڕوو نیشان نەدان ‹این روزها از من رو پنهان می‌کند: لەم ڕۆژانەدا خۆی لێم دەشارێتەوە›.

رو ترش کردن: *[مجازی]* ناوچاو تاڵ کردن؛ ناوچاو دانەیەکا؛ ڕوو گرژکردن؛ ڕوە ترشنەی؛ وەڕەزی و بێزاری خۆ پیشان‌دان.

رو دادن: *[مجازی]* ڕوو پێدان؛ ڕوودار کردن؛ گوساخ کردنی کەسێک بە هۆی میهرەوانی کردن لەگەڵیدا ‹به این شاگردت رو نده! ظرفیت ندارد: بەم بەردەستەت ڕووی مەدە! هەڵیناگرێ›.

رو دادن و آستر خواستن: *[کنایی]* ڕوو پێدان و پا بە سەردا نان/ پای زیادی داکێشان؛ لە بەخشین، یارمەتی یان میهرەوانی کەسێک کەوتنە ئازەوە و چاوەڕوانی زۆرتر هەبوون ‹به او رو بدهی استر هم می‌خواهد: ڕووی پێ بدەی، پات بە سەردا دەنێ›.

رو داشتن: *[مجازی]* ڕوودار بوون؛ بێشەرم بوون؛ بێ‌حەیا بوون.

رو درماندن: لە ڕوو هەڵنەهاتن؛ شەرم کردن؛ لە ڕوودا مانەوە؛ لە شەرمدا وەرامی ئەرێ دانەوە.

رو شدن: ۱. دەرکەفتن؛ دەرکەوتن؛ کەوتەی سارا ۲. ڕوو بوون؛ لە ڕوو هەڵهاتن؛ شەرم نەکردن؛ خەجاڵەت نەکێشان؛ ڕوە بیەی ‹رویت می‌شود او را دست خالی برگردانی؟: ڕووت هەیە بە دەستی خاڵی بیگەڕێنیتەوە؟›.

رو کردن: ۱. دەرخستن؛ خویا کرن؛ نیشان دان ‹هرچه داری روکن!: هەر چێکت هەیە، دەریخە› ۲. ڕوو کردن؛ ڕوە کەردەی؛ بەرەو کەسێک یان شتێک ڕوانین؛ چاو لێ کردن؛ لێ ڕوانین ‹رو کرد به من و جواب داد: ڕووی لە من کرد و جوابی دایەوە›.

رو گرداندن: ڕوو وەرگەڕاندن؛ چاوپۆشی کردن؛ چاو پۆشین لە ئەنجامدانی کارێک و نەکردنی ئەو کارە ‹از قبول ریاست رو گرداند: لە پەزیرانی سەرۆکایەتی ڕووی وەرگەڕاند›.

رو گرفتن: ڕووکردن؛ ڕوەکەردەی؛ شەرمە کردن؛ دیمەن پۆشین؛ دەم و چاوی خۆ داپۆشان ‹از آنهاست که از خروس هم رو می‌گیرد:

لەوانەیە کە لە کەڵەبابیش ڕوو دەدا›.

رو نشان ندادن: خۆ نەدانە نیشان؛ خۆ نیشان نەدان؛ خۆ دەرنەخستن؛ خۆ شاردنەوە؛ وێ سەخت کەردەی؛ دەرنەکەوتن ‹رفتم در خانەاش، به ما رو نشان نداد: چوومە دەرکی ماڵی، خۆی نیشان نەدا›.

روی چیزی را پوشاندن: تەڤزاندن؛ سەر شتێک داپۆشان؛ بان شتێ دان؛ ڕووی شتێک داپۆشین؛ سەر شتێک نانەوە؛ ڕوەو چێویوی ئەرەپۆژنەی.

روی خوش نشان ندادن: *[مجازی]* نەپەژێران؛ ڕێکنەهاتن؛ هاوڕێی نەکردن؛ هەڤ نەهاتن؛ خوزیان ‹به پیشنهادم روی خوش نشان نداد: پێشنیارەکەمی نەپەژێرا›.

روی کاری را نداشتن: لە ڕوو هەڵنەهاتن؛ شەرم کردن و خەجاڵەت کێشان بۆ کردنی کارێک ‹روی برگشتن به خانه را هم نداشت: لە ڕووی هەڵنەدەهات بێتەوە ماڵیش›.

روی کسی/ چیزی را سفید کردن: *[مجازی]*
١. بوونە هۆی ڕووسووری و سەربەرزی
٢. *[تعریض]* لە کەسێ/ شتێ بردنەوە؛ لە خراپەدا پێشکەوتن ‹او در بی‌رحمی روی چنگیز را سفید کرده بود: لە دڵڕەقیدا لە چەنگیزی بردبووە›.

روی کسی را به زمین انداختن: *[مجازی]* ڕووی کەسێ دانە زەویدا؛ داخوازی کەسێک بەجێنەهێنان ‹باور نمی‌کردم روی پدرت را زمین بندازی: باوەڕەم نەدەکرد ڕووی باوکت بدەیتە زەوی›.

روی کسی را کم کردن: *[مجازی]* دەندووک کەسێک شکاندن؛ دەنووک کەسێ قرتانن/ کردن؛ ڕووی کەسێک کەم کردن؛ پێش لە بێشەرمی کەسێ گرتن.

روی کسی زیاد شدن: ڕوودار بوونی کەسێک؛ ڕووی کەسێک زۆر بوون.

از رو بردن: ڕوو شکاندن؛ لە ڕوو بردن؛ سەر پێ داخستن؛ سەر لەبەر کردن؛ شاقەڵ شکاندن؛ شاخی کەسێک شکاندن ‹این قدر اصرار کرد که مرا از رو برد: هێندە پێی داگرت، ڕووی شکاند›.

از رو خواندن: خوێندنەوە؛ لە ڕوو خوەندنەوە؛ ڕوەوە وەنەی ‹شعر عقاب را برایش از رو خواندم، گفت باید از بَر کنی: شیعری هەڵۆم بۆ خوێندەوە، گوتی دەبێ لەبەری کەی›. هەروەها: **از رو نوشتن**

از رو نرفتن: *[مجازی]* لە ڕوو نەچوون؛ پاشگەز نەکردنەوە؛ پێچەقێنی کردن لە بەرامبەر بەرپەرچ دانەوەدا.

آن روی کسی بالا آمدن: *[مجازی]* تووڕە بوون؛ ڕق هەستان؛ خەزرین؛ ئاردەیوە مەلێ ‹مگذار آن روی من بالا بیاید: مەهێڵە تووڕە ببم›.

به رو افتادن: بە دەمەوە کەوتن؛ دەمەوڕوو کەفتن؛ لەپەوڕوو کەوتن؛ دەمەوخوار کەوتن؛ دەمەوڕوو کەفتن؛ ڕوەرە کەوتەی؛ کەوتنە زەویدا بە شێوەیەک کە پشت بەرەو ئاسمان بێ.

به روی خود نیاوردن: *[مجازی]* خۆ لێ گێل کردن؛ خۆ کردنە تووڵبڕ؛ خۆ کردنە گووکەر؛ بە ڕووی خۆدا نەهێنان؛ خۆ نائاگا و نائاشنا نیشان‌دان ‹چند بار صدایم کرد، ولی به روی خودم نیاوردم: چەن جار قاوی لێکردم، بەڵام خۆم لێ گێل کرد›.

به روی کسی نیاوردن: *[مجازی]* بە ڕووی کەسێکدا نەدانەوە؛ لەمەڕ باس و بابەتێک (کە پێوەندی بەو کەسەیە و ئەو لێی ئاگادارە) لە گەلیدا نەدوان ‹هیچ به رویش نیاوردم که قبلاً می‌دانستم: هەر نەمدا بە ڕوویدا کە زووتر دەمزانی›.

تو(ی) روی کسی ایستادن: لە بەرامبەر کەسێکەوە وەستان؛ بەرەنگار بوونەوە و ڕێک

نەهاتن لەگەڵ کەسێکدا ‹تو نباید تو روی پدرت بایستی و با او یکی‌بەدو کنی: ئەتۆ نابێ لە بەرامبەر باوکتەوە بوەستی و چەقە و هەرای لەگەڵدا بکەی›.

تو روی کسی گفتن: نیانە ڕووی کەسێکەوە؛ (لە)ڕووبەڕووی کەسێکدا وتن.

رو[2]: *قید*. ١. بان؛ سەر؛ لە بان شتێکەوە ‹بر روی میز: لە بان مێزەوە› ٢. سەر؛ ڕوو؛ ڕوە؛ قەی؛ بە ڕووی شتێکەوە ‹روی دیوار نوشته بودند: لە سەر دیوارەکەدا نووسیبوویان› ٣. لەبان؛ لەسەر؛ لەمەڕ کەسێ یان شتێکەوە ‹روی آن زمین خیلی کار کردەاند: لە بان ئەو زەمینەوە زۆریان کار کردووە›.

◙ روی هم: سەرجەم؛ لەبان یەک؛ لەسەریەک؛ پێکەوە؛ بەیەکەوە؛ یەکجێ؛ پێوەرە؛ یۆوە ‹روی‌هم می‌شود صد تومان: سەرجەم دەبێتە سەد تمەن›.

◙ روی آب افتادن: *[کنایی]* کەوتنە سەر ئاو؛ عالەم پێزانین؛ دەرکەوتن ‹حقەاش روی آب افتاد و همە فهمیدند: فێڵەکەی کەوتە سەر ئاو و هەمووان پێیان زانی›.

روی آب نشستن: *[کنایی]* بەسەر ئاوەوە بوون؛ ئاو بردن؛ لە بارێکی نالەبار و نامەنددا بوون.

روی پا بند نبودن: *[کنایی]* سەقام نەگرتن؛ ئارام نەگرتن (بەتایبەت لە خۆشیاندا)؛ لە جموجووڵدا بوون ‹از خوشحالی روی پایش بند نمی‌شد: لە خوەشیدا سەقامی نەدەگرت›.

روی پای خود ایستادن: *[کنایی]* خۆ بە ڕێوە بردن؛ خۆ بەخێو کردن؛ لە سەر پێی خۆوە وەستان ‹با وجود این‌همە مشکلات، او توانستە است روی پای خودش بایستد: بەم هەموو گیر و گرفتەوە، توانیویە خۆی بە ڕێوە ببا›.

روی چیزی کشیدن: کێشانە سەر شتێکدا؛ لێ زیاد کردن ‹هر سال دە هزار تومان می‌کشد روی اجارەنامە: هەموو ساڵێ دە هەزار تمەن دەکێشێتە سەر کرێماڵەکەدا›.

روی حرف کسی حرف زدن: لە بەرامبەر قسەی کەسێکەوە وەستان ‹نباید روی حرف مادرت حرف بزنی: نابێ لە بەرامبەر قسەی دایکتەوە بوەستی›.

روی خود/ کسی کشیدن: بەسەر خۆ/ کەسێکدا دان/کێشان؛ خۆ/ کەسێ داپۆشین ‹پتو را روی بچە بکش، هوا سرد است: پەتووەکە بدە سەر منداڵەکەدا، هەوا ساردە›.

روی دایرە ریختن: ئاشکرا کردن؛ دەرخستن ‹هرچە داری بریز روی دایرە!: ئەوەی پێتە، ئاشکرای کە!›.

روی دست بردن: *[کنایی]* بە سەر دەستەوە بردن؛ ڕاوە بەردەی؛ زەوی نەگرتن؛ زۆر بەبرەو بوون: **سردست بردن**

روی دست کسی بلند شدن: دەرقەوی کەسێ هاتن؛ لە بەرامبەر کەسێکەوە ڕاستەوە بوون ‹در زور بازو، روی دست همە بلند شدە: لە هێزی باسکدا دەرقەوی هەموو هاتووە›.

روی دست کسی ماندن: *[کنایی]* مانەوە؛ زەوی گرتن؛ لە برەو کەوتن ‹هرچە برای فروش آوردە، ماندە روی دستش: ئەوی بۆ فرۆتن هێناویە، ماوەتەوە›.

روی دست و پای کسی افتادن: کەوتنە مل دەست و پای کەسێکدا؛ لاڵانەوە و پاڕانەوە لە کەسێک؛ لە بەرانبەر کەسێکدا بەندەیی و خاکەساری پیشان دان ‹افتادە بود روی دست و پای قاضی و التماس می‌کرد: کەوتبووە مل دەست و پای دادوەردا و دەپاڕایەوە›.

روی دندەی چیزی افتادن: *[مجازی]* کەوتنە سەر باری شتێک؛ لە ڕەفتاری خۆدا شتێک نیشان دان ‹وقتی روی دندەی لج بیفتد، بە هیچ صراطی مستقیم نیست؛ وقتی روی دندەی جوانمردی بیفتد، سرش مال خودش نیست؛ آن روز آزاد روی دندەی چپ افتادە بود و با همە دعوا داشت: کاتێ بکەویتە سەر باری ڕکدا، خودای خۆی بە حەق

ناناسیێ؛ کاتێ بکەویتە سەرباری جوامیریدا، سەریشی دادەنێ؛ ئەو ڕۆژە ئازاد کەوتبووە سەر باری خراب و لەگەڵ هەموو کەسێکدا شەڕی دەهات›.

روی زمین سفت نشاشیدن: *[مجازی، عامیانه]* تووشی سەختی و سەخڵەت نەهاتن؛ سەختی نەدیتن ‹تو هنوز روی زمین سفت نشاشیدەای تا بفهمی: تۆ هێشتا تووشی سەختی و سەخڵەت نەهاتووی تا بزانی›.

روی سر/ چشم خود جا دادن: *[مجازی]* لەسەر سەر/ چاوی خۆ نان؛ زۆر ڕێزگرتن و خۆش ویستن.

روی سر کسی خراب شدن ☜ سر کسی خراب شدن، سر[3]

روی سر گذاشتن: *[مجازی]* ۱. لەسەر سەر/ چاو دانان؛ زۆر ڕێز گرتن ‹من آن را روی سرم می‌گذارم: ئەمن ئەوە لەسەر سەر/ چاوی دادەنیم› ۲. گرتنە کۆڵەوە؛ نانە بان سەرەوە؛ زۆر شلۆغ کردن و تێکدانی شوێنێک ‹خانە را روی سرش گذاشتە بود: ماڵەکەی گرتبووە کولەوە›.

روی شاخش بودن: *[مجازی]* پێوە بوون؛ مسۆگەر بوون؛ بێ‌شک وەها بوون ‹سە سال زندان روی شاخش است: سێ‌ساڵ زیندانی پیوەیە›.

روی غلتک افتادن: *[کنایی]* کەوتنە ڕێ؛ کەوتەی ڕا؛ ڕێ‌کەوتن؛ داهاتن؛ جێ‌بەجێ بوون ‹کارها کە روی غلتک افتاد، من می‌روم: هەر کارەکان کەوتنە ڕێ، من دەڕۆم›.

روی کسی/ چیزی حساب کردن: *[مجازی]* بە هیوای کەسێ/ شتێک بوون؛ دڵ بە کەسێ/ شتێک خۆش کردن ‹خیلی روی تو حساب می‌کردم: زۆر بە هیوای تو بووم›.

روی کسی/ چیزی سرمایەگذاری کردن: بە ئومێدی قازانج، پووڵ و پارەیەک بۆ کەسێ یان شتێ خەرج کردن.

روی هم ریختن: ۱. خستنە سەر یەک؛ کۆ کردنەوە لە شوێنێکدا ‹پولهایشان را روی هم ریختند، شد سیصد تومان: پووڵەکانیان خستە سەر یەک، بوو بە سێسەد تمەن› ۲. کەوتنەیەک؛ پێکەوە سازیان و ئاریکاری کردن؛ لەڤ هاتن؛ یەک گرتن ‹روی هم ریختە بودند، اتومبیل آزاد را بدزدند: کەوتبوونە یەک، ماشینەکەی ئازاد بدزن› ۳. *[مجازی]* کەین‌وبەین خۆش کردن؛ دامەزراندن؛ پێکەوەنان ‹با زن همسایە روی هم ریختە بود: لەگەڵ ژنە هاوسێکەدا کەین‌وبەینیان خۆش کردبوو›.

روی هم گذاشتن: ۱. لەسەریەک نان؛ نانە سەر یەک؛ یۆوە نیای ‹دوتا چهارپایە روی هم گذاشت و رفت بالا: دوو دانە چوارپایەی لەسەر یەک نا و چووە سەر› ۲. لە شوێنێک‌کۆکردنەوە ‹پولهایمان را روی هم گذاشتیم و یک رادیو خریدیم: پارەکانمان نایە سەر یەک و ڕادیۆیێکمان کڕی›.

رو -[3]: *پیشوازە.* روو ـــ : ۱. ڕووکێش؛ پۆشش ‹رواندار: رووخەر› ۲. دۆخ یان چۆنیەتی لە بان شتێکەوە بوون ‹روکار: رووکار›.

ـــ رو[4]: *پیوازە.* ۱. ـــ ڕسک؛ ـ ڕست؛ ـ ڕۆ؛ بە ڕوانەوە ‹خودرو: خۆڕسک› ۲. ـــ ڕوو؛ ـــ ڕوە؛ خاوەن تایبەتیەک لە ڕوومەتدا ‹خوشرو: خۆشڕوو›.

روا /ravā/: *صفت.* ڕەوا: ۱. بەجێ؛ لەجێ؛ حلێو؛ حلێب؛ هەلێب ‹روا شمردن: ڕەوا زانین› ۲. وەرگیراو؛ پەژیراو؛ پەسندکراو؛ بەدیهاتوو؛ قەبووڵ‌کراو؛ جێبەجێ کراو؛ بەگا ئاما ‹حاجتش روا شد: نیازەکەی وەرگیرا› ۳. ڕجوا؛ شیاو؛ گونجاو لەگەڵ قانوون و دابونەریتدا ‹عمل روا: کاری ڕەوا›. بەرانبەر: **ناروا**

▣ **روا بودن:** باش بوون؛ پەسند بوون ‹روا نیست مادرت را بیازاری: باش نیە دایکت ئازار بدەی›.

روا داشتن: وەرگرتن؛ بە شیاوی وەرگیران زانین ‹آیا قانون چنین کاری را روا می‌دارد؟: ئایا

قانوون ئاوا کاریٚ وردەگری؟›.

روا دانستن/ دیدن ☜ **روا شمردن**

روا شدن: بەڕێوە چوون؛ کودان؛ قەدان؛ مەشان؛ جێبەجێ بوون.

روا شمردن: ڕجوا دین؛ ڕەوا دیتن؛ پەزێران؛ پەژێران؛ پێ قایل‌بوون؛ هەڵگرتن؛ قیم پێ ئانین؛ دڵ پێ ڕازی بوون: **روا دانستن/ دیدن**

روائی / ravā'î/ ☜ **روایی**

روابط / ravābet/: [عربی] جمعِ ☜ **رابطه**

◙ **روابط عمومی** ☜ **روابط‌عمومی**

روابط‌عمومی / ravābet(e)'umûmî, -'omûmî/: [عربی]/اسم. (دایرەی) پێوەندیە‌گشتیەکان: ۱. کار و ڕەوتی ناساندن و هۆگرکردنی خەڵک بەرابەر بە کەسێ یان دامەزراوەیەک ۲. مەزرینگە یان تاقمێک کە ئەو کارەیان بە ئەستۆیە.

رواج / ravāc/: [عربی]/اسم. باو؛ برەو؛ ڕەواج: ۱. مۆرە؛ ڕمێن؛ گەڕ؛ ڕەونەق؛ گەردان؛ کار یا ڕەوتی کەڵک وەرگرتنی گشتی یان گەلەک زێدە ‹اینجا قهوه چندان رواج ندارد: لێرەدا قاوە زۆر باو نیە› ۲. گەشە؛ پێشڕەوت ‹در اینجا خانه‌سازی رواج زیادی دارد: لێرەدا ماڵ کردنەوە گەشەیێکی زۆری هەیە›. هەروەها: **رواج دادن؛ رواج داشتن؛ رواج یافتن**

◙ **رواج یافتن**: پەرە گرتن؛ پەرە ساندن؛ کەوتنە گەڕ؛ هاتنە ڕمێن؛ برەو پەیدا کردن.

رواداری / ravādārî/: اسم. ۱. کار یان ڕەوتی هەڵکردن لەگەڵ بیر و بڕوا یان دینگەلی دیکەدا ۲. کار یان ڕەوتی بە ڕەوا زانین؛ ڕجوا دیتن.

روادید / ravādîd/: اسم. ویزا؛ بەرایی چوونە وڵاتێک کە لە لایەن نوێنەری ئەو وڵاتە، بە بیانیان دەدرێ.

رواق / ravāq، ـها/: [عربی]/اسم. بەرهەیوان؛ وەرهەیوانە؛ باڵەخانە؛ بالاخانە؛ بەرمەیتاوی پێشەوەی ماڵ کە زۆرتر سەرگیراوە.

رواقی / ravāqî/: [عربی]/اسم. ڕەواقی: ۱. ڕێبازی فەلسەفی یوونانی باستان کە دەیگوت، مرۆڤی ژیر دەبێ لە هەوا و هۆک دووری بکا و تووشیاری ڕک و خۆشی نەبێ و مل بدا بە عیشقی خۆڕسک ۲. /ـها؛ ـان؛ ـ ون/ هەر کام لە پەیڕەوانی ئەو ڕێبازە.

روال / revāl, ravāl/: اسم. شێواز؛ ڕواڵ؛ ڕەوشت؛ زێ؛ ئاکار ‹روال کار آنها پرداخت کارانه است، نه حقوق: شێوەی کاری ئەوان دانی کارانەیە نەک مووچە›.

روان[1] / ravān/: اسم. ڕەوان: ۱. گیان؛ گێون؛ گان؛ جان؛ کۆمەڵەی هێزی هەستی و جمشتی گیاندار ۲. ڕۆح؛ کۆمەڵەی توخم و هێزی هزری، عاتیفی و کردەوەیانە.

روان[2]: صفت. ڕەوان: ۱. وەگەڕ؛ قەرێژ؛ بە تایبەتمەندی گت نەکردن لە ڕۆییندا ‹آب روان: ئاوی ڕەوان› ۲. بە لێهاتوویی بزوانەوە ‹ریگ روان: ڕملی ڕەوان› ۳. فێر؛ هۆژاندی؛ دەرخ ‹آزاد درسش را خوب روان بود: ئازاد دەرسەکەی باش ڕەوان بوو›.

روان[3]: قید. لە ڕویشتندا؛ لە چووندا؛ بەگەڕ؛ وەگەڕ؛ خەریکی چوون ‹به سوی خانه روان بود: بەرەو ماڵ لە ڕویشتندا بوو›.

روانبرق / ravānbarq/: [فارسی/ عربی]/اسم. ئیلیکترۆدینامیک؛ زانستێ کە دەپەرژێتە سەر پێوەندی نێوان دیاردەگەلی بەرقی، مەگنەتیسی و میکانیکی.

روانبرقی / ravānbarqî/: [فارسی/ عربی]/اسم. ئیلیکترۆدینامیکی؛ سەر بە ئیلیکترودینامیک.

روان‌پریش / ravānparîš/: صفت. ڕەوان نەخۆش؛ تووشیاری نەخۆشی ڕەوانی.

روان‌پریشی / ravānparîšî/: اسم. نەخۆشی ڕەوان؛ نەخۆشینی ڕەوانی کە گەزن لە کەسایەتی نەخۆش دەدا و لە چۆناوچۆنی هزر و بیری خۆی و ڕاستیگەلی دەرەوە، بێ‌ئاگای دەکا.

روانپزشک / ravānpezešk, -pezešg، ـها؛ ـان/:

اسم. بژیشکی ڕەوان.

روانپزشکی / ravānpezeškî, -pezešgî/: *اسم.* زانستی بژیشکی ڕەوان؛ لقێ لە بژیشکی کە تایبەتە بە ناسین و لابردنی نەخۆشیگەلی ڕەوان.

روان تنی / ravāntanî/: *صفت.* جۆرێ نەخۆشی ڕەوان کە لەشیش تووش دەکا.

روانداز / rû'andāz، ـها/: *اسم.* خومام؛ لەش‌پۆش؛ پەتوو، لێف، مەلافە و... کە لە کاتی خەو یان ڕاکشاندا بە خۆیدا دەدەن.

رواندرمانی / ravāndarmānî/: *اسم.* دەرمانی نەخۆشیەکانی ڕەوان بە قسە و کار و کایە و دەوا.

روان‌رنجور / ravānrancûr/ ☜ **روان‌نژَند**

روان‌رنجوری / ravānrancûrî/ ☜ **روان‌نژَندی**

روانساز / ravānsāz، ـها/: *اسم.* ڕەوانساز؛ ماکێ کە بۆ کەمکردنەوەی تێک‌گیرانی نێوان بەشگەلی جوولەوەری ماشین بەکاردێ (وەک: ڕۆن و گریس).

روان‌سنجی / ravānsancî/: *اسم.* دەروونپێوی؛ پێوانی ماوە و توندی گەڕیانی دەماری لە لەشدا.

روانشاد / ravānšād/: *صفت.* ڕۆحشاد؛ خاوەن ڕۆحیانەتی شاد لە بەر ئاکاری پەسندی ماوەی ژیانی (بۆ مردووان).

روان‌شناختی / ravānšenāxtî/: *صفت.* سەر بە دەروون‌ناسی.

روان‌شناس / ravānšenās، ـها؛ ـان/: *اسم.* ڕەوان‌ناس؛ کەسێ کە خاوەن زانست و ئەزموونی ڕەوان‌ناسیە.

روان‌شناسی / ravānšenāsî/: *اسم.* ڕەوان‌ناسی؛ زانستی تۆژینەوە و لێڕوانینی دیاردە و کردەوەگەلی ڕەوانی (وەک هزر، بیر، هەست، تێگەیشتن، تێفکرین، ئاکار) و شێوەی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئاڵۆز بوونیاندا.

▣ **روان‌شناسی اجتماعی**: ڕەوان‌ناسی کۆمەلایەتی؛ بەشێک لە ڕەوان‌ناسی کە بە لێڕوانینی ئاکاری گرۆگەل و کارلێکردنی تاک و کۆمەڵ لە سەر یەک دەپەرژێ.

روان‌شناسی افتراقی: ڕەوان‌ناسی جیاوازی؛ بەشێک لە ڕەوان‌ناسی کە بە لێکدانەوەی جیاوازیگەلی دەروونی و ئاکاری نێوان گرۆ و تاکەگەلی جۆراوجۆر دەپەرژێ.

روان‌شناسی بالینی: ڕەوان‌ناسی سەرینی؛ لێکدانەوەی بارودۆخ و دیمانەی حاڵەتگەلی نەخۆشی ڕەوانی لە سەرینی نەخۆشدا.

روان‌شناسی تربیتی/ پرورشی: ڕەوان‌ناسی پەروەردەکاری؛ کەڵک وەرگرتن لە بنەماگەلی ڕەوان‌ناسی بۆ فێرکردن و ڕاهێنان.

روان‌شناسی تکوینی: ڕەوان‌ناسی پێکهاتەیی؛ شێوەیێک لە ڕەوان‌ناسی کە دیاردەگەلی زەینی و کرداری لە ڕێگای لێکدانەوەی سەرچاوە و ڕەوتی گەشەسەندنیانەوە هەڵدەسەنگێنێ.

روان‌شناسی جنایی: ڕەوان‌ناسی تاوانکاری؛ زانستی لێکدانەوەی هاندەرگەلی دەروونی بۆ تاوانکاری.

روان‌شناسی رشد: دەروون‌ناسی گەشە؛ کار و زانستی لێڕوانینی گۆڕانکاری و تایبەتمەندیگەلی ڕەوانی سەرچاوەگرتوو لە سەردەمی گەشە کردن و گەورە بووندا.

روان‌شناسی شخصیّت: ڕەوان‌ناسی کەسایەتی؛ کار و زانستی لێکدانەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتی مرۆ لە بواری ڕەوان‌ناسیەوە.

روان‌شناسی صنعتی: ڕەوان‌ناسی پیشەیی؛ کار یا ڕەوتی بەکار هێنانی شێوەگەلی دەروون‌ناسی لە بواری سەنعەت و ئابووریدا (وەک هەڵبژێری و ڕاهێنانی کارگەران، شێوەگەل

و هەڵومەرجی کار و...).

روانشناسی عمومی: ڕەوان‌ناسی گشتی؛ کار یا ڕەوتی لێکدانەوەی قانوون و بنچینەگەلی گشتی کە بە سەر مێشکدا زاڵن.

روانشناسی کاربردی: ڕەوان‌ناسی کاربەری؛ بەشێک لە ڕەوان‌ناسی کە تێدەکۆشێ دەسهاتگەلی خۆی لە کاروباری ڕۆژانەی ژیاندا بەکار بێنێ.

روانشناسی کودک: ڕەوان‌ناسی منداڵ؛ بەشێک لە دەروون‌ناسی کە لە زەین و ئاکاری مرۆڤ، لە سەردەمی لەدایکبوونەوە تا سەرەتای پێگەیشتن دەتۆژێتەوە.

روانشناسی مدیریت: ڕەوان‌ناسی کارگێڕی؛ لێکدانەوەی شێوەگەلی جووڵانەوە لەگەڵ کارمەندان و کارێنەرانی ڕێکخراوەیەک.

روانشناسی مقایسه‌ای: ڕەوان‌ناسی بەراوردی؛ بەشێک لە دەروون‌ناسی کە بە هەڵسەنگاندنی جووڵانەوەی گیانەوەران لە ناوخۆیان و لەگەڵ مرۆڤدا دەپەرژێ.

روانشناسی یادگیری: ڕەوان‌ناسی فێر بوون؛ بەشێک لە دەروون‌ناسی کە بە توێژینەوەی چۆنیەتی فێر بوونی ژینەوەران، بەتایبەت مرۆڤ دەپەرژێ.

روانکاو / ravānkāv ، ـها؛ ـان/: *اسم.* ڕەوانکۆڵ؛ ڕەوان‌ناس یان دەروونبژیشکێ کە بە پێی بنەماگەلی دەروونکۆڵی بە توێژینەوە و ناسینەوە و چارەسەری نەخۆشیگەلی دەروونییەوە دەپەرژێ.

روانکاوی / ravānkāvî/: *اسم.* ڕەوانکۆڵی؛ شیکاری ڕەوان؛ شێوەیێک لە ڕەوان‌ناسی و دەرمانی نەخۆشیگەلی دەروونی کە زیگموند فرۆید (١٨٦٥-١٩٣٩ زایینی) بەدی‌هێنا و بنەڕەتەکەشی لێکۆڵینەوە لە ڕابردوو، هەڵس‌وکەوتی بنەماڵەیی، ئەوین و هەویاگەلی نەخۆشە، بۆ دۆزینەوەی هۆی نەخۆشی و ناساندنی بە خودی نەخۆش و هاندانی بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵیدا: **آنالیز روانی**

روانگردان / ravāngardān/: *صفت.* ڕەوانگۆڕ؛ بە تایبەتمەندی کارتێکەری لە سەر بارگەلی زەین و توانی گۆڕانیان ‹داروهای روانگردان: دەرمانگەلی ڕەوانگۆڕ›.

روان‌نژند / ravān.najand ، ـها؛ ـان/: *صفت.* دەروونپەژار؛ بەرکەوتووی دەروون‌سووتاوی: **روان‌رنجور**

روان‌نژندی / ravān.najandî ، ـها/: *اسم.* دەروونپەژاری؛ هەر کام لە پشێویگەلی عاتیفی یان مێشکی کە لە ڕەوان‌نەخۆشی کەمتر مەترسیدارە و کەسی تووشیار، هێشتا پێوەندی خۆی لەگەڵ ڕاستیدا بە تەواوی نەبڕیوە و کەسایەتی تا ڕادەیێ سنووری خۆی ڕادەگرێ، بەڵام بەوەشەوە ئەو کەسە لەگەڵ بار و دۆخی ئاقاریدا، ئاکارێکی شیاو و گونجاوی نیە: **روان‌رنجوری**

روان‌نویس / ravān.nevîs ، ـها/: *اسم.* ڕەوان‌نووس؛ چەشنێ پێنووسی نووکساچمەیی کە جێ جەوهەرەکەی هەر لە کارخانەدا پڕ کراوە و تەڕ و ڕەوان دەنووسێ.

روانه / ravāne/: *قید.* ڕوانە؛ ڕەوانە؛ ڕوونیا؛ بەڕێوە؛ وەڕێکەوتوو؛ لە چووندا؛ خەریکی چوون بۆ شوێنێک.

▣ **روانەی بازار کردن:** *[مجازی]* ناردن بۆ بازاڕ؛ ناردنە بازاڕ؛ نیشاندان بۆ فرۆشتن ‹ماه آینده محصولات جدید خود را روانەی بازار می کنم: مانگی داهاتوو بەرهەمە تازەکانمان دەنێرین بۆ بازار›. هەروەها: **روانەی بازار شدن**

روانەی بیمارستان کردن: *[کنایی]* خستنە نەخۆشخانەوە؛ ئازار پێ گەیاندن. هەروەها: **روانەی بیمارستان شدن**

روانە شدن: وەڕێ کەوتن؛ کەوتنە ڕێ؛ کەوتەی ڕا؛ ڕۆیین؛ چوون؛ لوەی؛ ڕەونیا

بیەی ‹از آن جا روانـەی اروپـا شـد: لـەوێوە بـەرەو ئوورووپا وەڕێ کەوت›.

روانه کردن: ناردن؛ هـەناردن؛ بـەڕێ کـردن؛ کیانای؛ کیاستەی؛ کیاسەی ‹حجـاج را روانـەی مکّه کردند: حاجیەکانیان نارد بۆ مەککە›.

روانەی قبرستان کردن: *[کنایی]* هەناردن بۆ ئەو دونیا؛ ناردن بۆ ئەو دونیاکە؛ ناردنە ئەو دونیـا؛ کوشتن؛ مرنەی ‹این آقای دکتر خیلیها را تـا حـالا روانەی قبرستان کرده است: ئەم جـەنابی دوکتـورە تا ئێستا زۆر کەسـی هـەناردووە بـۆ ئـەو دونیـا›.

هەروەها: **روانەی قبرستان شدن**

روانی [1] / ravānî/: *اسم.* ڕەوانی؛ تراوی؛ بـار یـان چۆنیەتی شل/ تەڕ بوون ‹گرما موجب روانـی عـسل می‌شود: گەرما دەبێتە هۆی ڕەوانی هەنگوین›.

روانی [2]: *صفت.* ڕەوانی: ١. سەر بـە ڕەوان ‹وضـع روانـی او مـساعد نیـست: بـاری ڕەوانی بـاش نیـە› ٢. *لـ ـهـا/ [گفتـاری]* لێـوە؛ دیـن؛ بەرکـەوتووی نەخۆشی ڕەوانی ‹آخرش با این کارها بچـه را روانـی مـی‌کنـی: بـەم کارانـەت ئـاخری منداڵـەکە لێـوە ئەکەی›.

روایات / ravāyāt, revāyāt/: [عربی] جمـعِ ☜ **رَوایَت**

روایت / ravāyat, revāyat ، ـها؛ روایات/: [عربـی] *اسم.* ١. کار یان ڕەوتی گێڕانەوە؛ وتن؛ گێلنایوە؛ ئەوەگێلنەی؛ گەڕانەوەی هەواڵ یان باسێک لـە زمانی کەسێکی‌ترەوە ‹از قول پدرش روایت می‌کرد: لە زمان باوکیەوە دەیگێڕایەوە› ٢. *[اسلام]* ڕیوایـەت؛ وتە، هەواڵ یان باسێ کـە هـی پێغەمبـەر یـان پیاوە ئایینیەکانی‌تر بێ. هەروەها: **روایت کردن**

روایی [1] / ravāyî/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ١. بـرەو؛ باو؛ ڕمێن؛ ڕەواج ٢. ڕەوایی؛ دۆخ یان چۆنیـەتی ڕەوا بوون ✽ **روائی**

روایـی [2]: *صفت.* چیرۆکـین؛ گێڕانـەوەیی؛ وەک چـیرۆک؛ چیرۆکاسـا ‹شـعر روایـی: شـیعری چیرۆکین› ✽ **روائی**

ـ روایـی [3]: *پیـواژه.* ١. ـ رانی؛ پێـکهـاتن؛ کـودان؛ بـەدیهاتن ‹کـامروایی: کـامرانی› ٢. ـ روایـی؛ ڕوان؛ بـەڕێوە چـوون ‹فرمـانروایی: فەرمانڕەوایی› ✽ **ـ روائی**

ـ روئی / rû'î/ ☜ **ـ رویی**

روئیدن / rû'îdan/ ☜ **روییدن**

روئین‌تن / rû'întan/ ☜ **رویین‌تن**

ـ روب / rûb/: *پیواژه.* ـ لۆ؛ ـ ڕۆ؛ ـ ماڵ؛ ڕاماڵ؛ ڕادەر؛ بماڵ ‹برفروب؛ خاکروب: بەفرەلۆ؛ خۆڵماڵ›.

روبات / robāt/: [انگلیسی] ☜ **رُبات**

روباتیک / robātîk/: [انگلیسی] ☜ **رُباتیک**

روباز / rûbāz/: *صفت.* ڕووبـاز؛ ڕووواز؛ سـەرواز؛ بەبێ میچ، دەرپۆش، ڕووکێش یان لەمپەر ‹ظرف روباز: دەفری ڕووباز›.

روبان / rûbān ، ـها/: [فرانسوی از هلنـدی] *اسم.* قـەیتان؛ قەیتانـە؛ قردێلـە؛ شـەهبەد؛ بـەنۆک؛ سارغی؛ نەوارێکی (زۆرتر) هەورێشم یان هەودای دەستکرد کە بۆ جـوانی بـە گنجیـەوە دەدوورن یان بە شتێکیەوە دەبەستن.

روباه / rûbāh/: *اسم.* ١. *لـها: ـان/* ڕێوی؛ ڕویـڤی؛ ڕوڤی؛ چتر؛ چیتـر؛ ڕواس؛ ڕواسـە؛ ڕوا؛ ڕوو؛ لـو؛ لوویە؛ لوی؛ لووی؛ لودی؛ گیانـەوەری گوهانـدار لە بەرەی سەگ، بە پێی کورت، جەستەی درێژ، گوێی زل، قەپۆزی نـووک تیـژ، کلکـی درێـژی کولکن و بڕێکیان بە کەوڵی خـەزەوە ٢. *[نجوم]* وێنـەی گـەردوونی لـە ئاسمـانی لەتـەگۆی باکووریـدا کـە لـە نێـوان وێنەگـەلی دولفـین و تیرهاوێژدایە: **ثعلب**

روبـراه / rûberāh/: *صفت.* ١. بەرهـەڤ؛ سـاز؛ ئامادە ‹مغازه تا آخرماه روبراه می‌شود: دووکانەکە هەتا سـەری مانـگ بەرهـەڤ دەبێ› ٢. ڕێـکوپێـک؛ تەکووز ‹کارها را روبراه کرد: کارەکـانی ڕێـکوپێـک کرد› ٣. *[مجـازی]* نەرمونیـان؛ ڕام؛ دروسـت ‹آدم روبراهی است: بنیادەمێکی نەرمونیانە›.

روبـرو [1] / rûberû/: *اسـم.* ڕووبـەڕوو؛ ڕووەوڕوو؛

روەروو؛ رویبەروی؛ رووڵەروو؛ هەڤبەر؛ هەمبەر؛ همبەر؛ هومبەی؛ هەنداڤ؛ هەنداو؛ هەڤشەر؛ ڤەراڤەر؛ وەراوەر؛ وەرانوەر؛ بەرانبەر؛ رووبەروو؛ رووبار؛ قاچی؛ مشلاق: ۱. شوێنی جێگرتنی دوو شت لە دوو سەری هێڵێک یان دوو سەری مەودایێکەوە ‹روبرو را نگاه کن: بروانە بۆ رووبەروو› ۲. شوێنی دووگیانەوەر کە روویان لە یەک بێ ‹متهم را با شاهد روبرو کردند: تۆمەتباریان لەگەڵ گەواهەکە ڕووبەڕوو کردەوە› ۳. هەر یەکە لە دوو بەرەوگەیەک کە دژبەری یەکترین ‹ماشینی که از روبرو می‌آمد او را زیر گرفت: ماشینێ کە لە ڕووبەڕووەوە دەهات کردیە ژێرەوە›.

روبرو[2]: *صفت.* بەرانبەر؛ ڕووبەڕوو ‹مغازه‌ی روبرو مال حاجی آقاست: ئەو دووکانە بەرانبەرە، هی مامحاجیە›.

روبرو[3]: *قید.* بەرانبەر؛ ڕووبەڕوو؛ لە ڕووبەڕوودا؛ لە بەرامبەردا؛ لە بەرانبەرەوە؛ وەراوەرەوە ‹روبروی من ایستاد: بەرانبەرم ڕاوەستا›.

▣ **روبرو شدن:** تووش هاتن/ ئامەی؛ تووشیار هاتن: ۱. ڕووبەڕوو بوون؛ ڕووبەڕوو بوونەوە؛ تووش بوون؛ هەڵتەقین؛ تەفەقە هاتن؛ لە هەمبەر شتێکەوە قوت بوونەوە ‹با آزاد روبرو شدم: تووش ئازاد هاتم› ۲. تووشیار بوون؛ سەر و کار پەیداکردن لەگەڵ گیر و گرفت یان کەتنێکدا ‹با مشکل روبرو شد: تووشی گرفت هات›.

روبرو کردن: ڕووبەڕووکردنەوە؛ هەڤرووکرن؛ بەرەوڕووکردنەوە؛ هێنانە هەمبەر یەکەوە ‹متهم را با شاهد روبرو کردند: تۆمەتباریان لەگەڵ گەواهەکەدا ڕووبەڕوو کردەوە›.

روبروئی / rûberû'î/ ☜ **روبرویی**

روبرویی[1] / rûberûyî/: *اسم.* ۱. ڕووبەڕوویی؛ بەرەوڕوویی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بەرامبەر بوونەوە؛ تووش هاتن/ بوون؛ ڕووبەڕوو بوونەوە ‹در موقع روبرویی با چنین وضعی باید آمادگی کافی داشته باشی: کاتی بەرانبەر بوونەوە لەگەڵ ئاوا دۆخێکدا دەبێ وریا بی› ۲. کار یان ڕەوتی لێک وەستانەوە؛ بەگژ یەکدا چوون و ڕووبەڕووی یەک وەستان ‹تو می‌خواهی ما را به روبرویی با هم واداری: دەتەوێ لێکمان بەدەستبێنەوە› * **روبروئی**

روبرویی[2]: *صفت.* ڕووبەڕوو؛ بەرانبەر؛ وەراوەر؛ ڕووبەڕووین؛ بەرانبەری ‹خانه‌ی روبرویی: ماڵی ڕووبەڕوو›: **روبروئی**

روبل / rûbl/: [روسی]/*اسم.* ڕوبل؛ یەکەی پارەی ڕووسیا.

روبنا / rûbanā ، ـها/: [فارسی/ عربی]/*اسم.* ڕووچن؛ ڕووچین: ۱. سەرتەمەڵە؛ ئەو بەشە لە ماڵ کە لە سەر بنچینەکەیەوە دروست دەکرێ ۲. *[جامعه‌شناسی]* سەرچین؛ هەر کام لە بنکە کۆمەڵایەتیەکان (وەک بنەماڵە، دەوڵەت،...) کە پێشاندەری بارودۆخی ئابووری، فەرهەنگی و ناوچەیی کۆمەڵگایەکە: **روساخت**

روبند / rûband/: *اسم.* ۱. ☜ **روبنده** ۲. *[گیاه‌شناسی]* پەڕەی کارک؛ ناسکە پەردەیەک کە لە قۆتەی کارکەوە بەرەو دەور و بەر نووساوە ۳. تیرەک؛ تەمبەڵ؛ کۆڵەکەیێک کە بۆ پێوەلکان و پتەوکردنەوەی دوولاقی دنگە (خەرپا) لە ناوڕاستیەوە دایدەکوتن.

روبنده / rûbande ، ـها/: *اسم.* ڕووبەند؛ ڕووبەنە؛ ڕووبەن؛ پەچە؛ پێچە؛ پووشی؛ خێلی؛ پارچەیێ کە (ژنان بەتایبەت) ڕوومەتیانی پێ دادەپۆشن: **روبند**

روبوت / robot/: [انگلیسی] ☜ **رُبات**

روبوتیک / robotîk/: [انگلیسی] ☜ **رُباتیک**

روبوسی / rûbûsî/: *اسم.* ماچومووچ؛ دەس‌ومۆچ؛ دەس‌وبۆس؛ دەس و موشتاق؛ ڕامووسانێ؛ کاری یەکتر ماچ کردن، زۆرتر بۆ نیشاندانی خۆشەویستی.

روبه / rûbah ، ـان/: *اسم. [مخفف، ادبی]* ڕێوی؛ ڕووی؛ ڕوڤی؛ لوو؛ لووی؛ ڕوا؛ ڕواسە؛ چتر؛ چیتر.

▣ روبه‌مزاج: ۱. ترسەنۆک؛ ترسەزاوەر؛ کەلەزات ۲. فێڵباز؛ تەڵەکچی؛ پێچ؛ ناڕاست.

روبیدن / rûbîdan/: مصدر. متعدی. // **روبیدی(رُفتی)**: مالیت؛ **می‌روبی**: دەمالی؛ **بروب**: بماڵە// ماڵین؛ ڕاماڵین؛ گەسک‌دان؛ گزگ‌دان؛ ئەرە ماڵەی؛ مالایرە؛ ڕادان؛ دوور خستنەوەی شتێک (بەتایبەت خۆڵ و زبڵ و بەفر) بە کەرەسەیێک لە شوێنێک و خاوێن‌کردنەوەی ئەو شوێنە: **رُفتن** *[گفتاری]*. هەروەها: **روبیدن**

■ **صفت مفعولی: روبیده** (ماڵینراو)/ مصدر منفی: **نَروبیدن** (نەماڵین)

روبیدیم / rûbîdiyom/: [فرانسوی]/اسم. ڕوبیدیۆم؛ توخمێکی شیمیایی کانزایی، بە ژمارەی ئەتۆمی ۳۷ و کێشی ئەتۆمی۸۵,٤٦، نەرم و سپی زیوی، کە خێرا لە هەوادا گڕ دەگرێ.

روپوست / rûpûst/، ـها/: اسم. *[کالبدشناسی]* سەرپێست؛ چینی دەرەوەی پێست، کە لە مۆرغەداراندا گرنج‌ـگرنجە.

روپوش / rûpûš/، ـها/: اسم. ۱. ڕووپۆش؛ پۆشەمەنیەک بەتایبەت کراسی شۆڕ کە بەسەر جل‌وبەرگدا لەبەری دەکەن ۲. ڕووکەش؛ بەرە؛ پۆشەنێک (لە کاغەز، مقەوا، پارچە یان نایلۆن) کە شتێکی دەنێو یان دەژێر دەنێن.

روپیه / rûpîye/: [هندی]/اسم. ڕووپیە؛ یەکەی پارەی هیند، پاکستان و برێ لە ولاتانی هاوسێیان.

روتختی / rûtaxtî/، ـها/: اسم. لێفک؛ لحێفک؛ چەرچەف؛ پەردەیێ کە بە سەر تەختیدا دەکێشن.

روت‌کانال / rûtkānāl/: [انگلیسی]/اسم. *[دندان‌پزشکی]* ڕوت‌کاناڵ؛ ڕەگ‌گەلی خوێنی لە ڕیشەی دداندا.

▣ **روت کانال کردن**: ڕووت‌کاناڵ کردن؛ باز کردن و پاک و خاوێن‌کردنەوەی ڕەگ‌گەلی خوێنی ڕیشەی دیان بۆ پڕکردنەوەی ددانی کرمۆڵ.

روتنیم / rûtenyom/: [فرانسوی]/اسم. ڕوتینیۆم؛ توخمێکی کیمیایی کانزایی بە ژمارەی ئەتۆمی ٤٤ و کێشی ئەتۆمی ۱۰۱,۰۷، خۆڵەمێشی ڕەنگ و تورت و ڕەقە و لە ئاو و ئەسیددا ناتوێتەوە. لە پیشەسازی وەک ساناکەر و ڕەقکەرەوە لە ئالیاژدا بەکاردێ.

روتور / rotor، ـها/: [انگلیسی]/اسم. ڕوتور: ۱. بەشی سووڕێنەری موتوری کارەبا؛ ئارمیچر ۲. بەشی سووڕێنەری کۆمپریسۆر یان توربین ۳. چەکوشی کارەباری ئوتوموبیل: **رُتور**

روجامه / rûcāme، ـها/: اسم. کەوا؛ بەرگێک کە بە سەر جلی‌تردا دەیپۆشن.

روح / rûh، ـها؛ ارواح/: [عربی]/اسم. ڕۆح؛ ڕوە: ۱. گیان؛ گان؛ گیون؛ جان؛ ڕەوان ۲. هەوێنی ژیان؛ هێز و گەوهەرێ کە هۆی ژیانی لەشە ۳. هەوێن و هێمای پەراسروشتی، هەتاهەتایی و غەیرەماکی ٤. *[مجازی]* هەوێن؛ لاگری؛ ئۆگرەتی، ئەنگیزە و بزوێنەری زەینی ‹روح جلسه؛ روح قرارداد: هەوێنی کۆڕ؛ هەوێنی بڕیار› ۵. *[مجازی]* تین؛ هەست و نست؛ هۆی جم و جووڵ، شۆر و سەرحاڵی ‹حرفهایش روح نداشت: قسەکانی تینی نەبوو› ٦. ناوەندی بەزەیی و هەستی مرۆڤ ‹روح حساس؛ روح پژمرده: ڕۆحی بەهەست؛ ڕۆحی ژاکاو› ۷. تارمایی؛ تاپۆی غەیرەمادی کەسی مردوو ‹مگر روح دیدی؟: مەگەر ڕوحت دیوە؟›.

روحاً / rûhan/: [عربی]/قید. بە ڕۆح؛ لە باری ڕۆحیەوە ‹روحاً افسرده بود: بە ڕۆح ژاکابوو›.

روح‌افزا / rûhafzā/: [عربی/ فارسی] صفت. گیان‌گەشێن؛ گیان‌بەخش؛ ڕۆح‌پەروەر؛ هۆی باشتر بوونی حاڵەتی ڕۆحی مرۆڤ ‹محیط روح‌افزا: دەڤەری گیان‌گەشێن›.

روح‌القدس / rûholqodos/: [عربی]/اسم. ڕۆحی

پیرۆز؛ یەکێک لە سێ پایەی پیرۆزی دینی مەسیح.

روحانگیز / rûhangîz/: [عربی/ فارسی] *صفت.* دڵبزوێن؛ دڵڕفێن؛ دلگر؛ هۆی بەدیهاتن یان هاندانی هەستی خۆش ‹نوای روحانگیز موسیقی بە گوش می‌رسد: دەنگی دڵبزوێنی مۆسیقا دەبیسرێ›.

روحانی[1] / rûhānî, ro:hānî، ـها؛ ـان؛ ـون/: [عربی]/*اسم.* مەلا؛ مەلا: ۱. کەسێ کە خەریکی ڕێبەری و بەڕێوە بردنی کار و باری دینیە ۲. کەسایەتی مەزهەبی؛ زانای ئایینی.

روحانی[2]: *صفت.* ڕۆحی: ۱. سەربەگیان. بەرانبەر: **جسمانی** ‹عوالم روحانی: دنیاگەلی روحی› ۲. خاوەنی گیانی پاک و بەرز ‹فضای روحانی: کەشی ڕۆحی›.

روحانیت / rûhānîyyat/: [عربی]/*اسم.* ۱. ڕۆحانێتی؛ ڕۆحانیەت؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی مەلا بوون ‹نشانەی روحانیت کە تنها لباس نیست: تەنیا جلوبەرگ پیشاندەری ڕوحانیتی نیە› ۲. مەلایان؛ مەلای؛ کۆمەڵی مەلا؛ سەرجەمی مەلایان ‹روحانیت تشیع: مەلایانی شیعە›.

روحانی‌نما / rûhānînemā, ro:hānî- ، ـها؛ ـیان/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* کۆلکەمەلا؛ کەسێ کە تەنیا بە ڕواڵەت مەلا بێ.

روحبخش / rûhbaxš/: [عربی/ فارسی] *صفت.* گیان‌بەخش؛ ڕۆحبەخش ‹گوش بە آوای روحبخش خوانندە می‌سپارم: گوێ بە دەنگی گیان‌بەخشی گۆرانی‌بێژ ئەسپێرم›.

روحپرور / rûhparvar/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ڕۆحپەروەر؛ ڕۆحگەشێن؛ هۆی پەروەرشت و بەرزکردنەوەی ڕۆح ‹نوای روحپرور: دەنگی ڕۆحپەروەر›.

روحنواز / rûhnavāz/: [عربی/ فارسی] *صفت.* بلاوێن؛ ڕۆحلاوێن؛ هۆی لاواندنەوەی هەست و دڵنەرمی ‹از نسیم روحنواز سحری بیدار شدم: بە سروەی بلاوێنی بەیان هەستام›.

روحوضی / rûhowzî, rûho:zî/: [فارسی/ عربی] ☜ نمایش روحوضی، **نمایش**

روحی / rûhî/: [عربی] *صفت.* ۱. ڕۆحی؛ دەروونی؛ سەر بە ڕۆح ‹آرامش روحی: سوکنایی روحی› ۲. ڕۆحینە؛ لە ڕۆح؛ لە جنس یان ئالیاژی کانزای ڕۆح ‹قابلمەی روحی: قاولەمەی روحینە›.

روحیات / rûhîyyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **روحیّە**

روحیە / rûhîyye ، ـها؛ روحیّات/: [عربی]/*اسم.* حاڵ؛ ڕۆحیە: ۱. حاڵەتی عاتیفی (وەک شادی، هومێد یان خەم) یان ئاکاری کەس یان تاقمێک ‹روحیەی همکاری بر جمع ما حاکم بود: روحیەی ئاریکاری بەسەر کۆڕەکەماندا زاڵ بوو› ۲. لایەنی ئەرێنی ئەم حاڵەتە بەتایبەت هیوا و زات ‹بە ما روحیە داد: روحیەی داینێ›. هەروەها: **روحیە دادن؛ روحیە داشتن**

روخوانی / rûxānî/: *اسم.* ڕووخوێنی؛ کار یا ڕەوتی لە ڕوو خۆندنەوە؛ خوێندنەوەی بابەتێک لە ڕووی نووسراوەوە ‹سخنرانی کە نبود، آمد چیزی را روخوانی کرد و رفت: وتاربێژی نەبوو، هات شتێکی ڕووخوێنی کرد و ڕۆی›.

رود / rûd ، ـها/: *اسم.* ۱. ڕووبار؛ ڕۆ؛ ڕوو؛ ڕویبار؛ ڕۆخانە؛ چەم؛ چۆم؛ گەڕی سروشتی ئاو لە بارستاییەکی زۆردا بۆ ماوەیەک (لانی‌کەم پتر لە دوو مانگ لە سالدا) کە بڕژێتە دەریاوە ۲. *[مجازی]* ڕووبار؛ ڕو؛ ڕۆ؛ ڕوو؛ ڕویبار؛ ڕۆخانە؛ چەم؛ چۆم؛ ئەوەی بەم شێوە بگەڕێ ‹رود خون: ڕووباری خوێن› ۳. *[قدیمی]* ڕوود؛ سازی ژێیی کە بە دەندووکە دەیژەنن.

▣ **رود خون**: *[مجازی]* ڕووباری خوێن؛ شەڕ و کوشتاری بێ‌ئامان و دژوار.

رودار / rûdār/: *صفت.* *[گفتاری]* ڕوودار: ۱. خاوەنی تایبەتمەندی یان توانایی جووڵانەوە لەگەڵ کەسانی‌تردا، بەبێ هەستی شەرمکردن

٢. ـها/ پڕڕوو؛ بێشەرم؛ بێحەیا؛ گوسارتمە.

رودارى / rûdārî/: *اسم. [گفتاری]* ڕووداری؛ بار یان دۆخی ڕوودار بوون.

رودپیچ / rûdpîč/: *اسم. [زمین‌شناسی]* چۆمپێچ؛ وەرچەرخانێ لە مەرخی ڕووباردا کە زۆرتر دوای ماوەیەک وەک بازنەیێکی لێدێ.

رودخانه / rûdxāne، ـها/: *اسم.* ڕۆخانە؛ ڕووبار؛ ڕویبار: ١. بواری سروشتی و کەم و زۆر هەمیشەیی ڕوو ٢. چۆم؛ چۆمی؛ ڕووباری گەورە کە بڕژێتە دەریاوە.

رودربایستی / rûdarbāyestî/: *اسم.* ڕوودەربایسی؛ لە ڕوودامـاوی: ١. دۆخ یان چۆنیەتی هەستی شەرم کردن لە بەجێ نەهێنانی داوا یان ئارەزووی کەسێک ‹در رودربایستی گیر کردم و نتوانستم جواب رد بدهم: کەوتمە ناو ڕوودەربایسیەوە و نەمتوانی جوابی بکەم› ٢. کەمڕوویی؛ شەرمێونی؛ هەست بەوەی کە پێویستە لە ڕووی کەسێکدا ڕەسمی بجوولێتەوە ‹خیلی با او رودربایستی داشتم و حتی در حضور او بلند نمی‌خندیدم: لەگەڵیدا زۆر ڕوودەربایسیم هەبوو، تەنانەت لە لایدا بەرز پێ نەدەکەنیم›.

رودررو / rûdar.rû/: *قید.* ڕوویبار؛ ڕووبەڕوو؛ لە هەمبەر یەکتریەوە ‹رودررو همه چیز را به او گفتم: هەموو شتێکم ڕوویبار پێ‌گوت›.

رودست[1] / rûdast/: *اسم. [مجازی، گفتاری]* گزی؛ تەڵەکە؛ فریو؛ فێڵ.

▣ رودست خوردن: فریو خواردن؛ هەڵخەڵەتان؛ دەسخەڕۆ بوون؛ دەست بە زاخا چوون ‹از یک پسربچه رودست خوردم: فریوی منداڵێکم خوارد›.

رودست زدن: فریو دان؛ فێڵ کردن؛ خەڵەتاندن؛ لاباندن؛ خەڵەتنای ‹غصه نخور، به من هم رودست زد: خەفەت مەخۆ، منیشی فریو دا›.

رودست[2]: *صفت.* باندەس؛ بالادەست؛ سەردەست؛ سەردەس؛ باشتر؛ سەرتر؛ تا.

▣ رودست نداشتن: باندەس نەبوون؛ باشتر یان سەرتر لە خۆی نەبوون ‹این کفشها رودست ندارد: ئەم پێڵاوانە باندەسیان نیە›.

رودسنگ / rûdsang/: *اسم. [زمین‌شناسی]* خڕکەبەرد؛ خڕەبەرد؛ دەستەبەرد؛ کۆپەڵ؛ خڕک؛ پەل؛ جمەخڕکێ کە لە لاپاڵێکدا بەرەو خوار دەبنەوە.

رودشکن / rûdšekan، ـها/: *اسم. [زمین‌شناسی]* شوێنی کەم یان زۆر بوونەوەی لێژایی چۆم.

رودک / rûdak/: *اسم. [جانورشناسی]* چالەکە؛ چالک؛ چالگ؛ چالە؛ چوالوو؛ کوڕەبەش؛ کوڕەبەشە؛ کوڕەبەشەک؛ قوڕەبەشە؛ گۆڕهەڵکەنە؛ گیانەوەرێکی شەوگەڕی لەش‌قورس و ئەستوورە زەوی هەڵدەکۆڵێ.

رودل / rûdel/: *اسم. [گفتاری]* سەردڵ؛ ڕوودڵ؛ سقڵ؛ گرفت؛ نەخۆشی قورس بوون و داهێزانی سک لە بەر پڕی گەدە.

▣ رودل کردن: سەردڵ گرتن؛ گرفت کردن؛ تووشی نەخۆشی و ژانی گەدە بوون (بە هۆی پڕی و قورسیەوە).

رودوزی / rûdûzî، ـها/: *اسم.* سەردروو؛ جۆرە درووێ کە تەقەڵەکان لە دەرەوە بن.

روده / rûde، ـها/: *اسم.* ڕیخۆڵە؛ ڕۆخڵە؛ لەغروو؛ ڕێڵەخۆ؛ ڕێخەڵۆ؛ لیخەروو؛ لەخەروو؛ ڕیخەڵۆکە؛ ڕیخەڵۆک؛ لوێخەڕۆ؛ ڕۆڵەخوای؛ ڕۆخڵا؛ ڕێڤی؛ ڕێڤیک؛ ڕویفیک؛ ڕۆڤیک؛ ڕۆدێ؛ رووڤی؛ ئور؛ پزور؛ بەشێکە لە لوولەی گەوارشت لە بەر گەدەوە هەتا سوو.

▣ **رودهٔ آعور** ☜ **رودەی کور**

رودهٔ باریک ☜ **رودەی کوچک**

رودهٔ بزرگ: زبلەک؛ سور؛ ڕیخۆڵە ئەستووە؛ ڕۆڤی ڕەش؛ ڕیڵەخۆی گەورە؛ ڕۆڤی ستوور؛ بەشێ لە ڕیخۆڵە بریتی لە ڕیخۆڵەکوێرە، قوولون (کوولون) و ڕیخۆڵەی ڕاست: **رودەی فراخ**

رودەی لاَیم: ڕیخۆڵەی بەتاڵ؛ ڕیخۆڵەی بەڕۆژوو؛ بەشێ لە ڕیخۆڵەی باریک لە نێوان دوانزەگرێ و ئیلیۆمدا.

رودەی فراخ ☜ **رودەی بزرگ**

رودەی کوچک: ڕیخۆڵە باریکە؛ ڕیخۆڵە باریک؛ ڕیخۆڵە بچووک؛ ڕۆڤی زراڤ؛ بەشێک لە ڕیخۆڵە بریتی لە دوانزەگرێ، ڕیخۆڵەی بەتاڵ و ئیلیۆم: **رودەی باریک**

رودەی کور: ڕیخۆڵە کوێرە؛ توورەکە ئاساییێک لە سەرەتای کوولونی ژوورەڕۆوە کە ئەپاندیس لە ئاخریدایە: **رودەی آعوَر**

▣ **رودەی راست در شکم کسی نبودن**: *[مجازی]* وەک گوریسی ناو هەنبانە بوون؛ حەوت ڕۆژ بەر لە شەیتان لە دایک بوون؛ زۆر بە پێچ و پا بوون؛ درۆزن و شەڵلاتی بوون ‹این آقا یک رودەی راست در شکمش نیست: ئەم پیاوە وەک گوریسی ناو هەنبانەیە›.

رودەبر / rûdebor/ ☜ **رودەبر شدن**

▣ **رودەبُر شدن**: *[مجازی]* ناوسک بڕان؛ ولک بڕان؛ ژان کردنی ماسوولکەی زگ بە هۆی پێکەنینی زۆرەوە: **رودەبر**

رودەبند / rûdeband/: *اسم. [کالبدشناسی]* کنتە؛ چینێکی پان لە کراسبەزەوە کە ڕیخۆڵەکان بە رووبەری پشتی سکەوە دەنووسێنێ.

رودەدراز / rûdederāz/: *صفت. [کنایی، گفتاری]* نووزەدرێژ؛ زۆربلێ؛ لاکێش؛ زۆربێژ؛ چەنەباز؛ چەنەواز؛ چەنەروو؛ چنروو؛ چەنەچەقاوە؛ زۆر قسەکەر ‹از آن آدمهای رودەدراز و حراف است: لەو بنیادەمە نووزەدرێژ و زۆربێژانەیە›.

رودەدرازی / rûdederāzî ، ـها/: *اسم. [کنایی، گفتاری]* نووزەدرێژی؛ چەنەبازی؛ لاکێشی؛ گیرە؛ کار یا دۆخی چەقەکردن و چەنە لێدانی زۆر ‹چرا این قدر رودەدرازی می‌کنی؟: بۆ ئەمەندە نووزەدرێژی دەکەی؟›.

رودیم / rod(i)yom/: [فرانسوی] ☜ **رُدیُم**

روراست / rûrāst/: *صفت. [مجازی، گفتاری]* یەکڕوو؛ ڕووڕاست؛ ڕووڕاس؛ بێ‌ڕیا؛ ڕاست و ڕەوان؛ بێ‌درۆ و دووڕوویی ‹بهتر است با من روراست باشی: چاترە لەگەڵمدا ... بی!›.

روراست: *قید. [گفتاری]* ڕەپ‌وڕاست؛ ڕاس‌وپاک؛ ڕووڕاست؛ ڕۆڕاست؛ ڕاست‌وێژانە؛ پان‌بەپان؛ بەڕاشکاوی ‹هر چه بود، ... همه را تعریف کرد: هەر چی بوو، ... هەمووی گێڕاوە›.

رورو‌ک / rowrovak, ro:rovak ، ـها/: *اسم.* سەلالیک؛ سەلیلانک؛ ڕەوڕەوە؛ وەڕەوەڕە؛ پێچۆک؛ تەشیرە؛ کەرەسەیێکی چکۆلە و چەرخدارە زارۆی پێ فێرە ڕۆیشتن دەبێ.

روز / rûz ، ـها؛ ـان/: *اسم.* ڕۆژ: ۱. ڕۆ؛ ڕۆج؛ ڕۆچ؛ ڕووژ؛ مەودای نێوان دوو شەو کە بە ڕوون بوونی هەوا هەتا تاریک بوونەوەی دیاری دەکرێ ‹در تابستان روز از شب طولانی‌تر است: لە هاویندا ڕۆژ لە شەو درێژترە› ۲. شەو و ڕۆژ ‹ده ... در بیمارستان بستری شد: دە ... لە نەخۆشخانەدا کەوتبوو› ۳. ماوەیێ کە تەنێکی ئاسمانی دەورێک بە دەور خولگەی خۆیدا دەسووڕێتەوە ٤. کات؛ گاڤ؛ هنگاڤ؛ وەخت ‹روز کار؛ روز تعطیل؛ روز عید: روژی کار؛ ڕۆژی پشوودان؛ ڕۆژی جێژن› ٥. ساڵوەگەڕی ڕێوڕەسمێکی تایبەت ‹روز کارگر؛ روز مادر: ڕۆژی کرێکار؛ ... ی دایک› ٦. (لە حاڵەتی کۆدا) ڕۆژگار؛ ڕۆزگار؛ ڕۆزیار؛ ڕۆژان ‹آن روزها ارزانی بود: ئەو ... ە هەرزانی بوو›.

▣ **روز از نو، روزی از نو**: *[مجازی]* سەر لە نوێ؛ لە سەرڕا؛ دیسانەکە؛ دیسانەوە؛ هەمدیسان؛ هەمیسان؛ هەمدیس؛ هەم‌دوارە ‹وقتی از زندان آزاد شد، باز روز از نو روزی از نو، امشب این خانە را خالی کرد، فرداشب آن ماشین را دزدید، تا دوبارە گیر افتاد: کاتێک لە بەندیخانە بەردرا، سەر لە نوێ، ئەمشەو ئەم ماڵەی چەپاو کرد، سبەی شەو ئەو ماشینەی دزی، هەتا دیسانەوە گیرا›.

روز بازخواست: ڕۆژی پساتێ؛ ڕۆژا پەسلان؛

ڕۆژا پەسلانێ؛ ڕۆژی پەسلان؛ ڕۆژا پاشین؛ دواڕۆژ؛ ڕۆژی قیامەت: **روز قیامت**

روز بـه روز: ڕۆژ بـه ڕۆژ؛ ڕۆژ وە ڕۆژ؛ ڕۆبـەڕۆ؛ هـەموو ڕۆژێ؛ هـەر ڕۆژ ‹روزبـەروز حـالم بـدتر می‌شد: ڕۆژ بە ڕۆژ حالم خرابتر دەبوو›.

روز تولّـد: زاڕۆژ؛ ڕۆژی لـەدایک بـوون؛ ڕۆو پەیدا بیەی.

روز جزا: ڕۆژا پاشین؛ ڕۆژی پەسلان؛ نیروانـا؛ نیرڤانا؛ ڕۆژی قیامەت: **روز قیامت**

روز حشر: ڕۆژی پەسلان؛ نیروانا؛ ڕۆژاپاشـین؛ ڕۆژاسلاتێ؛ ڕۆژی پەسلان؛ ڕۆژی پساتێ؛ ڕۆ و حەشری؛ ڕۆژی هەسـتانەوەی دوای مـەرگ: **روز قیامت**

روز خورشیدی: ڕۆژی خۆری؛ ڕۆژی هەتاوی؛ مەودای نێوان دووجار تێپەڕینی پەیتا‌ـپەیتای ڕۆژیار لە سەر شوێنێکی دیاریکراو لە زەویدا.

روز رستاخیز: پەسلان؛ سەلا؛ ڕۆژی سەلا: **روز قیامت**

روز سیاه: *[مجازی]* تەنگانە؛ ڕۆژی ڕەش؛ ڕۆژی تەنگ؛ کاتی گیروگرفت و دەورەدانی دژواری و ڕووداوی ناخۆش ‹پـول سـفید بـرای روز سیاه است: پارەی سپی بۆ ڕۆژی ڕەشە›.

روزِ شـمار: ڕۆژی پەسـلان؛ ڕۆژی هەسـتانەوە دوای مەرگ.

روز قیامـت: *[اسـلام]* ڕۆژی پەسـلان؛ ڕۆژی پساتێ؛ ڕۆژاپەسلانێ؛ ڕۆژی سەر هەڵدانەوەی پاش مردن کە بـە چاکـە و خراپـەی خەڵـک ڕادەگەن: **روز بازخواست؛ روز جـزا؛ روز حـشر؛ روز رستاخیز؛ روز محشر**

روز کـارگر: ڕۆژی کاریگـەر؛ ڕۆژی کرێکـار؛ ڕۆژێکی دیاریکراو بۆ ڕێزگرتن لە پلە و پایـەی کرێکاران (ڕۆژی یەکەمی مانگی مەی، بەرامبـەر بە یـازدەی گـولان). هـەروەها: **روز مـادر؛ روز معلم**

روز محشر: ڕۆژی پەسلان: **روز قیامت**

روز نجومی: ڕۆژی سـتێرکی؛ مـەودای نێـوان دوو جار تێپەڕینی ئەستێرەیەک لە بەرامبـەر شوێنێکی دیاریکراو لە زەویدا.

روز نحس: زیپ؛ ڕۆژی تووش و شـووم؛ ڕۆژێ کە هەڵکەوت و ڕووداوی ناخۆشی زۆرە.

روز[2]: *قید.* ڕۆژ؛ بە ڕۆژدا؛ لە ڕۆژا؛ ڕۆنە ‹برو روز بیا؛ روز کار می‌کنیم و شب می‌خوابیم: بڕۆ بە ڕۆژدا وەرەوە، ڕۆژ کار دەکەین و شەو دەنووین›.

روزافـزون / rûzafzûn/: *صـفت. [مجـازی]* بـه تایبەتمەندی فرە/ زۆر بوونی پەیتا‌ـپەیتاوە.

روزامد / rûzāmad/: *صفت.* بـە ڕۆژ؛ گونجـاو و هاوڕێ لەگەڵ ڕۆژ یان کاتی ئێستادا. هـەروەها: **روزامد بودن؛ روزامد شدن؛ روزامد کردن**

روزانـه[1] / rûzāne/: *صفت.* ڕۆژانـە: ۱. ڕۆژینـە؛ هەر ڕۆژێ؛ هی ڕۆژێ؛ پێوەندیدار یان سـەر بـە ڕۆژێک ‹غذای روزانه؛ مـزد روزانـه: چێـشتی ڕۆژانـە؛ مزی ڕۆژانە› ۲. ڕۆژین؛ پێوەندیدار یان سـەر بـە ڕۆژ ‹کـار روزانـە؛ مدرسـەی روزانـە: کـاری ڕۆژانـە؛ قوتابخانەی ڕۆژانە›.

روزانه[2]: *قید.* ڕۆژانە؛ ڕۆژینە؛ لە ڕۆژێکدا؛ ڕۆیوەنە ‹روزانه پانصد تومان مزد مـی‌گرفـت: ڕۆژانـە پێنـسەد تمەن مزی دەگرت›.

روزبخیـر / rûzbexeyr/: [فارسـی/ عربـی] *دعـا.* ڕۆژباش؛ ڕیزوشەیێ کە دەکاتی ڕۆژدا بۆ چاک و خۆشی بەکار دەڕوا، بە واتای «هیـوادارم ڕۆژێکـی باشت هەبێ».

روزپرواز / rûzparvāz، ـها؛ ـان/: *صفت.* ڕۆژفـڕ؛ ڕۆژگـەڕ؛ بـە واز و دانـستەی فـڕین دە ڕۆژدا ‹پرندەی روزپرواز: پەلەوەری ڕۆژفڕ›.

روزشکار / rûzšekār، ـها؛ ـان/: *صفت.* ڕۆژڕاو؛ بـە هۆگرەتی یـان تایبەتمەنـدی ڕاو و بژیـو پەیـدا کردن لە ڕۆژدا ‹جانور روزشکار: گیانەوەری ڕۆژڕاو›.

روزشمار / rûzšomār/: *اسم.* ڕۆژمێر؛ ڕۆژنەژمێر؛ ڕۆژژمێر؛ ڕۆژپێو؛ ئەوەی کە لە بارەی هەر یەکـە لە ڕۆژانی دیاریکراوی حەفتە، مانگ یـان سـاڵـدا

ئاگاداریگەلێک دەدا.

روزشماری / rûzšomārî/: *اسم. [کنایی]* هەزارە؛ ڕۆژمێری؛ بۆ ڕووداوی ڕووداوێک ڕۆژ ژماردن ‹او برای آزادی برادرش روزشماری می‌کرد: بۆ ئازاد بوونی براکەی هەزارەی دەکرد›.

روزکوری / rûzkûrî/: *اسم.* ڕۆژکوێری؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی کەم بوونەوەی سۆمای چاو لە ڕووناکی زۆردا.

روزگار / rûz(e)gār ، ـها؛ ـان/: *اسم.* ڕۆزگار؛ ڕۆژگار؛ ڕۆزیار؛ سەردەم؛ سەروبەند: ۱. زەمانە؛ دنیا؛ دەمان؛ دەور و زەمانە ‹روزگار پیری؛ در روزگار خانی: ڕۆژگاری پیری؛ لە سەردەمی خانیدا› ۲. *[مجازی]* دەوران؛ گەردوون؛ بار و دۆخ؛ حاڵ‌وهەوا؛ هەل‌ومەرج ‹روزگار ناموافق؛ گردش روزگار: ڕۆژگاری ناساز؛ سووڕی دەوران›.

◘ **روزگار گذراندن:** ڕۆژگار دانە سەر؛ ڕۆژگار تێپەڕاندن؛ ژین بە سەر بردن؛ تەمەن بەسەر دان؛ ڕۆژ بە سەر دان؛ قەرقەدانەدن؛ ڕۆژ قەتاندن؛ ژیان؛ ژیوەی.

روزگرد[1] / rûzgard ، ـها؛ ـان/: *اسم.* ڕۆکێشک؛ سپاردەی کێشکی ڕۆژ؛ نواوانێ کە بە ڕۆژدا لە شوێنێک دەگەڕێ. بەرانبەر: **شب‌گرد**

روزگرد[2]: *صفت.* ڕۆژگەڕ؛ ڕۆگێڵ؛ بە چالاکی و گەڕان و جموجووڵ لە ڕۆژدا (لەمەڕ گیانەوەرانەوە).

روزمرگی / rûzmarregî/: *اسم.* هەرڕۆژەیی؛ بار یان چۆنیەتی هەموو ڕۆژە بوون.

روزمره / rûzmarre/: [فارسی/ عربی] *صفت.* هەرڕۆژە؛ هەمووڕۆژی: ۱. پێوەندیدار بە کارگەلی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەوە ۲. پێوەندیدار بە کار یان ڕووداوگەلی ئاسایی و هەر ڕۆژەییەوە.

روزمزد / rûzmozd/: *صفت.* ڕۆژمز؛ وەرگری مزی ڕۆژانە لە بەرانبەر کاری ڕۆژانەدا ‹کارگر روزمزد: کرێکاری ڕۆژمز›.

روزن / rowzan, ro:zan ، ـها/: *اسم. [مخفف، ادبی]* ڕۆژن؛ ڕۆچن؛ ڕۆژنە؛ کونی لە دیوار یان سەربان بۆ ڕووناکی و...

روزنامجات / rûznāmecāt/: (!) [فارسی/ از عربی] جمعِ ☜ **روزنامه**

روزنامه / rûznāme ، ـها؛ روزنامجات/: *اسم.* ۱. ڕۆژنامە؛ ڕۆزنامە؛ غەزەتە؛ قەزاتە؛ بلاڤۆکی چاپی بە شێوەی پەڕە یان پەڕەگەلی بێ‌بەرگ و جزو بەند نەکراو کە زۆرتر لە کاتێکی دیاریکراوی ڕۆژانە یان حەفتانەدا بلاو دەبێتەوە و ناواخنی دەنگ و باسی ڕۆژ، بابەتگەلی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، هونەری و وەکوو ئەوانەیە ۲. *[قدیمی]* یادداشت یان گوزارشتی ڕۆژانە.

◘ **روزنامه‌ی دیواری:** ڕۆژنامە دیواری؛ ڕۆژنامەی دیواری؛ نووسراوەیێ پتر دەس‌نووس، وەک ڕۆژنامە (واتە بریتی لە وتار و بابەتگەلی جۆراوجۆر) کە بۆ خوێندنەوەی خوێنەران لە سەر دیوارەوە دایدەکوتن ‹روزنامه‌ی دیواری مدرسه: روزنامه دیواری قوتابخانه›.

روزنامه‌خوان / rznāmexān ، ـها/: *صفت.* ڕۆژنامەخوێن؛ هۆگرتوو بە خوێندنەوەی بلاڤۆکی گەروەگەڕانە، بەتایبەت ڕۆژنامە. هەروەها: **روزنامه‌خوانی**

روزنامه‌فروشی / rûznāmefurûšî/: *اسم.* ڕۆژنامەفرۆشی: ۱. کاری فرۆشتنی ڕۆژنامە ۲. *ـها/* شوێنێ کە ڕۆژنامەی لێ دەفرۆشن. هەروەها: **روزنامه‌فروش**

روزنامه‌نگاری / rûznāmenegārî/: *اسم.* ڕۆژنامەنووسی؛ ڕۆژنامەوانی: ۱. کار و ڕەوتی نووسینی وتار لە ڕۆژنامەدا ۲. کار و ڕەوتی ڕێک‌وپێک کردن و چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە. هەروەها: **روزنامه‌نگار؛ روزنامه‌نویسی؛ رونامه‌نویس**

روزنه / rowzane, ro:zane ، ـها/: *اسم.* ڕۆچنە؛ ڕۆچن؛ ڕۆچینک؛ ڕۆچین؛ ڕۆژنە؛ ڕۆژەن؛

کولانچکـــه؛ کولانکـــه؛ کولانـــه؛ کوناوچـــه؛ کولاورۆژنه؛ کلاورۆژنه؛ تەشە؛ درز یان کونایەکی گچکە لە دیـوار یـان ڕوویەکـدا کـە دیـوی نـاو پێوەندیدەدا بە دیوی دەرەوە بۆ ڕووناکایی و...

روزه [1] / rûze/: اســـم. ڕۆژوو؛ ڕۆژگ؛ ڕووژگ؛ ڕۆژی؛ ڕۆچێ؛ کارێکی پەرستنی بە شێوەی خۆ پاراستن لە خواردن و خواردنەوە و هەروەها برێ کـاریتـر، لـە ڕۆژ، حەفتـە یـان مـانگێکی دیاریکراودا.

▣ روزەی کنجشکی: ڕۆژووی بندۆڵە؛ ڕۆژگ تـا نیوەڕۆ.

▣ روزه خوردن: ڕۆژوو خواردن؛ ڕۆژوو نـەگرتن لە کاتی خۆیدا، یان شکاندنی.

روزه داشتن ☜ روزه بودن، **روزه** [2]

روزەی شک‌دار گرفتن: [کنایی] نەگەیشتنە ئاو قـول هەڵـکردن؛ ئـەنجام دانی کـارێ بـەبێ دڵـنیایی لـە ئاکـامی ‹اول ببـین آزاد ماشـین را می‌فروشد بعد برو برای خریدش پول قرض کـن! چرا روزەی شک‌دار مـی‌گیـری؟: لەبـەردا بزانـە ئـازاد ماشینەکە دەفرۆشێ، جا بچۆ پووڵی بۆ قەرز کـە! بۆ هێشتا نەگەیشتوویە ئاو قول هەڵدەکەی؟›.

روزه شکستن: ڕۆژوو شـکاندن؛ ڕۆچـێ/ ڕۆچـە مارەی؛ کۆتایی هێنان بە ڕۆژوو.

روزه گـرفتن: ڕۆژوو/ ڕۆژگ گـرتن؛ ڕۆچـێ/ ڕۆچە گیرتەی.

روزه گشودن: بەربانگ کردن؛ ڕۆژووکردنـەوە؛ ڕۆچەوەکەردەی؛ دەسپێکردنەوەی خـواردن لە کاتی خۆیدا.

روزه [2]: صفت. [گفتاری] بەڕۆژوو؛ ڕۆژوو؛ ڕۆژگەوان؛ ڕۆژوەوان؛ ڕۆچەوان ‹خـواهرم روزه است: خوشـکم بەڕۆژووە›.

▣ روزه بـودن: بـەڕۆژوو بـوون؛ ڕۆژگ بـوون؛ ڕۆچێ/ ڕۆچە بیەی: **روزه داشتن**

ـــ **روزه** [3]: پیـوازه. ـــ ڕۆژە؛ ـــ ڕۆ؛ ـــ ڕوە: ۱. پێوەندیدار بە مەودای کاتی بـە پێـی ڕۆژەوە ‹دەروزە: دەڕۆژە› ۲. ـــ ڕۆژان؛ بـەتەمـەن بـە گوێرەی ڕۆژ ‹نوزاد دوروزە: کۆرپەی دووڕۆژە›.

روزەخـــواری / rûzexārî/: اسـم. کـاری ڕۆژوو خـــواردن؛ ڕۆژوو نـــەگرتن؛ بـــەڕۆژوو نـــەبوون. هەروەها: **روزەخوار**

روزەداری / rûzedārî/: اســـم. ڕۆژگـــەوانی؛ ڕۆچـەوانی؛ بـەڕۆژوویی؛ کـاری ڕۆژووگـرتن و بەجێهێنانی دابی ڕۆژوو. هەروەها: **روزەدار**

روزەگشایی / rûzegošāyî/: اسم. کاری بەربانگ کردنەوە؛ ڕۆچەوەکەردەی. هەروەها: **روزەگشا**

روزی [1] / rûzî/: اســم. بژیـــو؛ داژیـــار؛ ڕۆزی: ۱. پێخـــۆری ڕۆژانـــە ۲. ڕســـق؛ ڕزق؛ ئـــەوەی گیاندار لە ڕۆژدا بە دەسـتی دێنـێ ‹روزی را خـدا می‌رساند: بژیو لە خواوەیە›.

روزی [2]: قیـد. ڕۆژێ؛ ڕۆژێـــک؛ ڕویـــو؛ ڕۆییـــو؛ ڕۆیوەنە: ۱. ڕۆژانە؛ لـە هـەر ڕۆژدا ‹روزی هـشت ساعت کـار مـی‌کـنیم: ڕۆژێ هەشـت سـەعات کـار دەکـەین› ۲. شـــەو و ڕۆژێ؛ لـــە درێژایـــی شەوانەڕۆژدا ‹روزی چهار قرص مصرف شود: ڕۆژێـک چوار حوب بخورێ›.

روزی‌رســـان / rûzîresān/: صـفت. ڕۆزیدەر؛ بژیـودەر؛ ڕۆزیگـەیێن؛ دابینکـەری داژیـاری ڕۆژانەی کەسان.

روژ / roj, rûj ، ـها/: [فرانسوی] اسم. ماتیـک؛ ڕوژ؛ ماکێکی ڕەنگی بۆ ڕەنگ کردنی لێو: **رژ لب**

▣ روژ گونه: ماکێکی ڕەنگی بـە شـێوەی ئـارد یان هەویر بۆ جوانکردنی سەرگۆنا.

روس / rûs ، ـها/: اسم. ڕووس: ۱. هەر یەکە لـە کەسانی سەر بە یەکێک لە هۆزەکـانی سـلاوی دانیشتووی ئورووپای ڕۆژهەڵات کـە بـە زمـانی ڕووســی قـسە دەکـەن ۲. هـــەر یـــەک لـــە دانیشتوانی خەڵکی ڕووسیا یان منداڵەکانیان.

رؤسا / ro'asā/: [عربی] جمعِ ☜ رَییس

روساخت / rûsāxt ، ـها/: اسم. ڕووچـین؛ دیم؛ ڕووچن؛ هەر کام لە بنکە کۆمەڵایەتیەکان (وەک

بنماله و دەوڵەت) کە پیشاندەری بار و دۆخی ئابووری، فەرهەنگی و ناوچەیی کۆمەڵگاییکە.

روسازی / rûsāzî/: *اسم.* ڕووسازی؛ ڕووکاری؛ کاری چێکردنی ڕووبەری دەرەوەی شتێ، بەتایبەت توێژی دەرەوەی بوراگە (جادە، شەقام، پیادەڕۆ).

روسپی / rûspî ، ـها؛ ـان/: *اسم. [ادبی]* سۆزانی؛ سۆزمانی؛ جندە؛ ژنی خۆفرۆش؛ ژنی داوێن‌تەڕ.

روسپی‌خانه / rûspîxāne ، ـها/: *اسم. [ادبی]* ماڵەجندە؛ قاحبەخانە؛ جندەخانە.

روسپیگری / rûspîgarî/: *اسم. [ادبی]* جندەیی؛ جنەگەری؛ کار و ڕەوتی پارە بەدەس‌هێنان لە ڕێگای تێکەڵی کردن لەگەڵ پیاواندا.

روستا / rûstā ، ـها/: *اسم. [ادبی]* لادێ؛ دێ؛ لادەگا؛ دەگا؛ دێهات؛ لاگا؛ لاگە؛ ئاوایی؛ گوند.

روستائی / rûstā'î / ☜ **روستایی**

روستازاده / rûstāzāde ، ـها؛ ـگان/: *صفت.* گوندی؛ دێهاتی: ۱. لە دایک‌بوو لە لادێدا ۲. تایبەتمەندی کەسێ کە دایک و بابی لادێیین.

روستایار / rûstāyār ، ـان/: *اسم.* دێیار؛ کەسێ کە کار و باری، یاری گەیاندن بە دێهاتە.

هەروەها: **روستایاری**

روستایی / rûstāyî ، ـها؛ ـان/: *اسم.* لادێیی؛ گوندی؛ دێهاتی؛ پێوەندیدار بە لادێ یان سەر بەلادێیەوە ‹زندگی روستایی: ژینی لادێیی›: **روستائی**

روسری / rûsarî ، ـها/: *اسم.* سەرپۆش؛ ڕووسەری؛ دەوملی؛ جزیە؛ قوماشی سێ یان چوارگۆشە (زۆرتر بە شێوەی سێ‌سووچی مووچاوە) کە ژنان بە سەریدا دەدەن ‹روسری گلدار قشنگی سرش کرده بود: سەرپۆشێکی گوڵداری جوانی دابوو بە سەریدا›.

روسفید / rûsefîd, -sifîd/: *صفت. [مجازی]* ڕووسوور؛ ڕووچەرمگ؛ ڕووسپی؛ سەربەرز؛ کامەران لە جێبەجێ‌کردنی کاری پەسنددا ‹او از امتحان روسفید بیرون آمد: لە ئەزموونەکەدا ڕووسوور دەرهات›.

روسفیدی / rûsefîdî, -sifîdî/: *اسم. [مجازی]* ڕووچەرمگی؛ ڕووسووری؛ سەربەرزی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕووچەرمگ بوون ‹او مایەی روسفیدی پدر و مادرش شد: بووە هۆی ڕووچەرمگی دایک و باوکی›.

روسوفیل / rûsofîl ، ـها/ : [؟] *صفت.* لاگری ڕووس: ۱. ڕووس‌پەرست؛ لایەنگری ڕووسان ۲. لایەنگری سیاسەتی دەوڵەتی ڕووسیە.

روسی[1] / rûsî/: *اسم.* ڕووسی؛ لە زمانە هیندو-ئورووپاییەکان، لقی سلاو کە ڕووسەکان قسەی پێ دەکەن.

روسی[2]: *اسم.* ڕووسی؛ سەر بە ڕووسیە یان هی ڕووسیە ‹سماور روسی: سەماوەری ڕووسی›.

روسیاه / rûsîyah ، ـان/: *صفت. [مجازی]* ڕووڕەش: ۱. ناوزڕاو؛ ڕووسیاو ‹این بچه ما را پیش مردم روسیاه کرد: ئەم منداڵە لای خەڵکیەوە ڕووڕەشی کردین› ۲. شەرمەزار؛ شەرمەسار؛ خەجاڵەت؛ خەجاڵەتبار ‹خدایا! این بندەی روسیاه خودت را ببخش: خوایە! لەم بەندەی ڕووڕەشەی خۆت خۆش ببە›.

روسیاهی / rûsîyahî/: *اسم. [مجازی]* ڕووڕەشی؛ شەرمەزاری؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕووڕەش بوون ‹زمستان می‌رود و روسیاهی بە زغال می‌ماند: زستان دەڕوا و ڕووڕەشی هەر بۆ خەڵووز دەمێنێتەوە›.

روش / raveš ، ـها/: *اسم.* ڕەوش؛ ڕەوشت؛ زێ: ۱. تەرز؛ چۆناوچۆنی جێبەجێ‌کردنی کارێک ‹روش انشا؛ روش آشپزی: ڕەوشی نووسین؛ تەرزی ئاشپەزی› ۲. ڕێ‌وڕەوش؛ چۆناوچۆنی ئاکار و شێوەی کەسێ لەمەڕ بابەتێکی دیاریکراوەوە ‹روش من این نیست کە با مردم دعوا کنم: ڕەوشی من وا نیە لەگەڵ خەڵکدا بە شەڕ بێم›.

روش‌شناسی / raveš.šenasî/: *اسم.* ڕەوش‌ناسی؛ ڕەوشت‌ناسی: ۱. کۆمەڵەیێک لە شێوە و

بنەماگەلی دەکارکراو لە ئامۆژەیەکدا (زانستی، فەلسەفی، هونەری و...) ۲. لێکدانەوە و لێڕوانینی بنەما و شێوەگەلی کەڵک لێ‌گیراو لە بوارێکی تایبەتدا.

روشن / rowšan, rošan/: *صفت.* ڕووناک؛ ڕۆشن؛ ڕەوشەن؛ ڕووشن؛ ڕوون: ۱. خاوەنی ڕووناکی ‹اتاق روشن؛ روز روشن: دیوی روشن؛ ڕۆژی رووناک› ۲. داگیرساو؛ هەڵکراو؛ چاخ؛ خاوەنی ڕووناکایی یان گەرما ‹چراغ روشن؛ اجاق روشن: چرای روشن؛ وجاخی روشن› ۳. هەڵکراو؛ لە حاڵی داگیرسان یان کارکردندا (لەمەڕ دەزگاگەلی کارەبایی یان موتۆریەوە) ‹رادیو روشن است ولی صدایش درنمی‌آید: ڕادیوەکە روشنە، بەڵام دەنگی لێوە نایە› ٤. بە تیشکدانەوەی زۆرترەوە ‹رنگ روشن: ڕەنگی روشن› ٥. دیار؛ ئاشکرا؛ خویا؛ لەبار بۆ بە باشی و سانایی زانین، دیتن یان تێگەیشتن ‹روشن بود که نمی‌خواهد قبول کند: دیار بوو نایەوێ قبووڵی بکا› ٦. بە ئاگایی و بیرەوە ‹فکر روشن؛ ذهن روشن: بیری روشن؛ زەینی روشن›.

◘ روشن کردن: ڕۆشن کردن: ۱. داگیرساندن؛ هەڵگیرساندن؛ هەڵکردن؛ ڕۆناندن؛ ڕەوشاندن؛ گریسەنن؛ گیسەنە؛ گیسانن؛ ئەنەگیسنەی؛ گیسناینە؛ ئۆکردن؛ دەم داین؛ داگیرساندنی شتێک ‹اجاق را روشن کردم: وجاخەکەم روشن کرد› ۲. هەڵکردن؛ داگیرساندن؛ گریەنن؛ گیسناینە؛ وەگەڕ خستنی کارەبا لە خولگەیەکی کارەباییدا ‹تلویزیون را روشن کن!: تەلەڤیزیۆنەکە روشن کە!› ۳. هەڵکردنی موتۆرێک ‹موتور را روشن کرد: موتۆرەکەی روشن کرد› ٤. *[مجازی]* حاڵی کردن؛ تێ‌گەیاندن؛ ڕۆشن کردنەوە؛ ڕوون کردنەوە؛ بابەتێ بۆ کەسێک ڕوون کردنەوە ‹من درست نفهمیدم منظورت چیست، لطفاً مرا روشن کن!: باش نەمزانی مەبەستت چیە، تکایە حاڵیم کە!›. هەروەها: **روشن شدن**

روشنائی / rowšanā'î, ro:šanā'î/ ☜ **روشنایی**

روشنایی / rowšanāyî, ro:šanāyî/: *اسم.* ڕۆشنایی؛ ڕۆچنایی؛ ڕووناکایی؛ ڕۆژناهی؛ ڕۆژنایی؛ ڕوشناکی؛ ڕۆناهیاتی؛ ڕوونایی؛ ڕۆنکایی؛ ڕووناکی؛ سۆ؛ ڕەنک: ۱. دۆخ یان چۆناوچۆنی ڕۆشن بوون ‹روشنایی اتاق کم است: روشنایی دیوەکە کەمە› ۲. نوور ‹از دور روشنایی ضعیفی به چشم می‌خورد: لە دوورەوە ڕوشناییێکی کز دەبینرا› ۳. سەرچاوەی نوور و ڕۆشنایی ✱ **روشنائی**

روشن‌بین / rowšanbîn, ro:šan- ، ـها؛ ـان/: *صفت. [مجازی]* ڕۆشن‌بین؛ بینا: ۱. ڕووناک‌بین؛ خاوەنی بیری ورد و باش ۲. توانا لە تێگەیشتنی ئەنگێزە و سەرەنجامەکانی کار و ڕووداوگەلدا.

روشندل / rowšandel, ro:šan-/: *صفت. [مجازی]* ڕۆشندڵ؛ ڕووناکدڵ: ۱. وریا؛ خاوەنی هۆشیاری و لێهاتوویی زەینی بۆ ئاگایی پەیدا کردن لەبارەی ڕووداوگەلەوە: **روشن‌ضمیر** ۲. *ـان/ [مجازی]* نابینا؛ کوێر؛ مجرۆ.

روشن‌ضمیر / rowšanzamîr, ro:šan-/: [فارسی/ عربی] ☜ **روشندل**

روشنفکر / rowšanfekr, ro:šan- ، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] *صفت. [مجازی]* ڕۆشن‌بیر؛ ڕووناک‌بیر؛ تێگەیشتوو: ۱. خاوەن بیر و ڕوانینێکی ئاگاهانە، دروست و دوور لە وشک‌مێشکی و ئەفسانە ۲. زانا بە دابی زەمان؛ تێگەیشتووی پێگەیشتوو؛ بڕوامەند بە دەور و نرخی زانست و فەرهەنگ لە بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگادا.

روشنفکری[1] / rowšanfekrî, ro:šan-/: [فارسی/ عربی] *اسم. [مجازی]* ڕۆشنبیری؛ ڕووناکبیری؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕۆشنبیر بوون ‹سواد و تحصیلات به تنهایی نشانەی روشنفکری نیست: خوێندەواری و زانیاری بە تەنێ نیشانەی ڕۆشنبیری نیە›.

روشنفکری[2]: *صفت. [مجازی]* ڕۆشنبیری؛

ڕووناکبیری؛ ڕۆشنبیرانە؛ ڕووناکبیرانە؛ پێوەندیدار بە ڕووناکبیرانەوە ‹محفلهای روشنفکری؛ بحثهای روشنفکری: جڤاتگەلی ڕۆشنبیری؛ قسە و باسی ڕۆشنبیری›.

روشنگری / rowšangarî, ro:šan-/: اسم. [مجازی] کار و ڕەوتی ئاگادار کردنەوەی خەڵکی لە چۆنیەتی کاران، بەتایبەت لەمەڕ دیاردەگەلی سروشتی و زانستی یان ڕووداوگەلی ڕامیاریەوە. هەروەها: **روشنگر**

روشنه / rowšane, ro:šane، ـها/: اسم. وڵەیار؛ شوێنی ئاوەڵا لە لێڕەواردا.

روشنی / rowšanî, ro:šanî/: اسم. ڕۆشنی؛ ڕووناکی: ۱. ڕۆهنی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕۆشن بوون ۲. ڕۆشنایی؛ ڕووناکایی.

روشور / rûšûr، ـها/: اسم. [گفتاری] سپیاو؛ سپیاف؛ ماکی خاوێنکەرەوەی لەش.

روشوفاژ / rûšûfāj, -šofāj، ـها/: [فارسی/ فرانسوی] اسم. پۆشەنی ڕادیاتوری شووفاژ کە بە سەریدا دەدەن (بەتایبەت جابەیێکی چێوی کون-کون): **روشوفاژی**

روشوفاژی / rûšûfājî, -šofājî/: [فارسی/ فرانسوی] ☜ **روشوفاژ**

روشویی / rûšûyî، ـها/: اسم. دەسشۆری؛ دەسشۆیی؛ دەسشۆ؛ دەسشۆرک.

روضه / rowze, ro:ze، ـها/: [عربی] اسم. ۱. ڕاز و چیرۆک لەمەڕ بەسەرهاتی پیاوچاکانی دینەوە کە جار و بار لەگەڵ شیعر و ئاوازی بەسۆز و گریاندایە ۲. کۆڕێ کە ئەم باسانەی تێدا دەبێژرێ ۳. [ادبی] باخ.

▣ **روضەی رضوان**: باخی بەهەشت؛ باخوو بەهەشتی.

روضەخوان / rowzexān, ro:ze-، ـها/: [عربی/ فارسی] اسم. [شیعە] کەسێک دە جلوبەرگی مەلاییدا کە کاری ڕەوزەخوێنی و لاواندنەوە و هێنانە گریانی خەڵکە.

روضەخوانی / rowzexānî, ro:ze-، ـها/: [عربی/ فارسی] اسم. ڕەوزەخوێنی: ۱. کاری وتنەوەی ڕەوزە ۲. کۆڕێ کە تێدا ڕەوزە دەخوێنن.

روغن / rowqan, ro:qan، ـها/: اسم. ڕۆن؛ ڕوون؛ دون؛ ڕوین؛ ڕوهن؛ ڕوەن؛ ڕۆغان: ۱. هەر کام لە ماکگەلی چەور و تراو، نیوەتراو یان لیق کە تێکەڵی ئاو نابێ بەڵام تێکەڵی ئەلکول و ئیتر دەبێ و لە بان قوماش یان کاغەزەوە شوێنی دەمێنێتەوە ۲. بەرهەمێکی خواردەمەنی چەور، نەگۆڕ یان تراو کە لە چێشت دروستکردندا بەکار دێ ۳. مەڵهەم؛ دەرمانێک لە ماکگەلی چەورە کە دەیساونە شوێنی برین یان ئێشەوە ٤. هەر کام لە چەوریگەلی ڕەوانکەر کە لە پیشەسازیدا بۆ ڕەوانی و کەم کردنەوەی لێکگیران بەکار دێ و زۆرتر لە کانگاوە وەردەگیرێ ٥. هەر کام لە چەوریگەلی بریقەدەر.

▣ **روغن آراشید**: ڕۆنی بادامزەمینی.

روغن استخوان: ڕۆنی پێشە؛ ڕۆنێکی تۆخ و بۆگەنە کە لە ڕێگای بەتنۆکەکردن و وێڕای دارزانی ئێسک بەدەس دێ و سەرچاوەی پیریدینە.

روغن اِسکاتیف: ڕۆنی ئیسکاتیف؛ هەر یەکە لە ڕۆنگەلی گیایی (وەکوو ڕۆنی بەزرەک یان خورما) کە لە ڕەنگسازی و ڕەنگاریدا بۆ خێرا وشک کردنەوەی ڕەنگ بەکار دێ.

روغن الیف: ڕۆن ئەلیف؛ ڕۆنێکی سەنعەتی کە لە بەزرەکی دەگرن و لە ڕەنگکاری چێودا بەکار دێ.

روغن بنگ: ڕۆنی بەنگ؛ خواردەمەنیەکی هۆشبەرە کە بە کولاندنی چرۆی گوڵی شادانە لە ناو ڕۆنی بادام یان کەرەدا دروست دەبێ.

روغن تونگ: ڕۆنی تونگ؛ ڕۆنێ کە لە چێوی چینی دەیگرن.

روغن جلا: ڕۆنی جەلا؛ هەموو چەشنە ڕۆنێکی سەنعەتی کە بۆ بریقەدارکردنی ڕووکاری چێو بەکار دێ.
روغن چراغ: ڕۆنی چرا: ١. نەوت ٢. *[قدیمی]* ڕۆنی گەرچەک.
روغن حیوانی: ڕۆنی حەیوانی: ١. چەوری و بەزی نێو شانەگەلی گیانەوەران ٢. ☜ **روغن کرمانشاهی**
روغن خاکستری: ڕۆنی گورگی؛ ڕۆنێ کە ئوکسیدی جیوەی تێدایە و بۆ مەڵهەمی بڕێ وەرهەمی لەش بەکار دێ.
روغن خوراکی: ڕۆنی خۆراکی؛ ڕۆنێ کە بۆ خواردن بەکار دێ.
روغن دمیده: ڕۆنی پفدراو؛ ڕۆنێ کە بە هۆی پفدانەوە خەست بۆتەوە.
روغن زرد ☜ **روغن کرمانشاهی**
روغن کرمانشاهی: ڕۆنی کەرە؛ ڕۆن کوردی؛ ڕۆن خۆمانی؛ ڕوەنە وێمانە؛ چەشنێ ڕۆنی خۆراکی کە لە کولاندن و پالاوتنی کەرە بەدەس دێ و لە چێشتی دەکەن: **روغن حیوانی؛ روغن زرد**
روغن گیاهی: ڕۆنی گیایی؛ ڕۆنێ کە لە تۆم و گوڵی گیاگەل دەگیرێ.
روغن ماهی: ڕۆنی ماسی؛ ڕۆنێ کە لە جەرگی ماسی دەگرن و لە خواردن و دەرماندا کەڵکی لێ وەردەگرن.
روغن موتور: ڕۆنی موتور؛ ڕۆنێک لە بەرهەمگەلی نەوتی کە بۆ ڕەوانکردنی بەندەکانی موتور بەکاردەڕوا.
روغن نباتی: ڕۆنی نەواتی؛ ڕۆن ڕوەکی؛ ڕۆنێ کە لە تۆمگەلی گیای خۆراکیەوە دەگیردرێ.
◘ روغن زدن: ڕۆن لێدان؛ ڕوەن دەونەی.
روغن گرفتن: ڕۆن گرتن؛ ڕۆن کێشان؛ ڕۆن لێگرتن.
بی روغن سرخ کردن: *[کنایی]* بە وشکی سەر تاشین؛ لە کوولەکەی تەڕدا ئاور کردنەوە؛ زۆر فێڵەباز و ئاو ژێرکا بوون ‹مواظب باش! این از آنهاست که بی‌روغن سرخ می‌کند: هۆشت بێ! ئەمە لەوانەیە کە بە وشکی سەر دەتاشێ›.

روغندان / rowqandān, ro:qan ، ـها/: *اسم.* ڕۆندان؛ ڕووندان؛ دەفرێ بە لوولەیێکی باریک و درێژەوە کە ڕۆنی تێدەکەن و لە ڕۆنکاریدا بەکاردێ.

روغن‌سوزی / rowqansûzî, ro:qan/: *اسم.* ١. ڕۆن‌سووزی؛ کاری سووتانی ڕۆن لەگەڵ سووتەمەنی، بە هۆی گرفتی موتورەوە ٢. *[مجازی]* چۆنیەتی لاکەهاتن؛ زوان کەفتنە لای دەم؛ دەم بۆ گیلاخەخواردن چوون؛ تەکەی مل هاتن؛ بار و دۆخی هێز لەدەس‌دان و گیان تێدا نەمان ‹امروز دیگر از زور خستگی به روغن‌سوزی افتادم: ئەمڕۆ ئیتر هێندە ماندووم لاکەم دێ›.

روغن‌شکن / rowqanšekan, ro:qan ، ـها/: *اسم.* چەوری‌بڕ؛ ڕۆن‌شکێن؛ ڕۆن‌بڕ؛ هەر شتێک کە ماکی چەوری لێک بکاتەوە.

روغن‌فروش / rowqanfurûš, ro:qan ، ـها؛ ـان/: *اسم.* ڕۆن‌فرۆش؛ ڕوەن ورەش؛ بەتایبەت فرۆشیاری ڕۆنی کەرە.

روغنکاری / rowqankārî, ro:qan ، ـها/: *اسم.* ڕۆنکاری: ١. کار یا ڕەوتی پێدا ساوینی ڕۆن بۆ نەرم کردن یان بریقە پێ خستن ٢. کاری تێ‌کردنی ڕۆن بە جەمگە، خولگە، یاتاقان و پنتەگەلی لێکساوینی موتور و... بۆ ڕەوانکردنی جم‌وجووڵ لەنێوانیاندا؛ چەورکردنی مەکینە.

روغن‌کشی / rowqankešî, ro:qan-/: *اسم.* ڕۆن‌گری؛ ڕۆن‌گیری؛ کار یا ڕەوتی گرتنی ڕۆن لە تۆمگەلی ڕۆندار.

روغنی[1] / rowqanî, ro:qanî ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* ڕۆن‌فرۆش.

روغنی[2]: *صفت.* ١. ڕۆندار؛ بەڕۆن ‹دانەی روغنی: تۆمی ڕۆندار› ٢. چەور؛ ڕۆناوی؛ ڕەونین ‹دستم

ڕوغنی شد: دەسم چەور بوو›.

روکار[1] / rûkār ، ـها/:اسم. دیم؛ ڕووکار؛ ڕەپـن؛ ڕووی بنیا؛ نمای دەرەوەی ماڵ ‹ساختمانی بود با روکار سیمان سفید: ساختمانێک بوو بە دیمی چیمەنتووی سپیەوە›.

روکار[2]: صفت. ڕووکار؛ لە ڕووبەری دەرەوە. بەرانبەر: **توکار** ‹سیمکشی روکار: سیمکێشی ڕووکار›.

روکش / rûkeš ، ـها/:اسم. ١. دیمە؛ چینکۆ؛ چیمکۆ؛ ئەوەی بۆ داپۆشینی دیوی دەرەوەی شتێ و پتر بۆ پاراستن یا ڕازاندنەوەی بەکار دەڕوا ٢. [چاپ] ڕووکەش؛ ڕووکێش؛ بەرگێک کە زیاتر بۆ جوانی لە کتێبی دەگرن.

روکم کنی / rûkamkonî/:اسم. [گفتاری] لەڕووبەری؛ کارەڕەهاتێک بۆ بەرەنگاری لە ڕووداری، بێشەرمی یان نانەوە جێ خۆی کەس یان کەسانێک؛ کاڵ کردنەوە.

روکوکو/ rokoko/: [؟]/اسم. ڕوکۆکۆ؛ شێوازێکی هونەری کە لە سەدەی ١٨ی زایینیدا لە ئوروووپای ڕۆژاوا لە گۆڕینی شێوازی باروک بەدیهات و پتر لە بواری نژیارڤانی، نیگارکێشی و موسیقادا خۆی دەرخست.

روگذر / rûgozar ، ـها/:اسم. ڕووبوار؛ ڕووگوزەر؛ بوارگەیەک (وەک پرد یان شەقام) بەرزتر لە ڕووی زەوین، یان بە سەر بوارگەیەکیتردا.

روگردان / rûgardān/: صفت. [مجازی] ڕوو وەرگێڕ؛ خاوەن بار یان چۆنیەتیەک کە لە ویستنی شتێ یان جێبەجێکردنی کارێک چاوپۆشی بکا و ئیدی بە لای ئەو شتە یان ئەو کارەدا نەڕوا. هەروەها: **روگردان بودن؛ روگردان شدن**

روگردانی / rûgardānî/:اسم. ڕووەوەرگێڕی؛ کار یا ڕەوتی وازهێنان و چاوپۆشی کردن لە شتێ یان کارێک.

رول[1] / rol ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ڕول؛ لوول؛ لوولە؛ تۆپ؛ یەکەی ژماردنی شتێ کە بە شێوەی گرۆڤەر پێچراوەتەوە.

رول[2]: صفت. تۆپ؛ بە بەستەبەندی گرۆڤەریەوە.

رول پلاک / rolp(e)lāk ، ـها/: [از انگلیسی]/اسم. ڕۆڵپلاک؛ پێکهاتەیەکی پلاستیکی یان چێوی هلۆڵ بۆ قایمکردنی پێچ لە پنتێکدا کە بە مەتە کون کراوە.

رولت / rolet ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ڕولێت: ١. چەشنێ شیرینی خامەیی ٢. چەشنێک خواردەمەنی بە شێوەی بابۆڵە لە هەویری نان، کە پێخۆریتری لە نێو دەنێن و سووری دەکەنەوە ٣. چەشنێ ماشینی قومار ٤. [خیاطی] ئامێرێ بۆ گواستنەوەی نەخش و نیگار بۆ سەر قوماش یان کاغەز.

رولور / rovelver ، ـها/: [انگلیسی]/اسم. وەروەر؛ دەمانچەی تۆپی.

روماتیسم / romātîsm/: [فرانسوی] ☜ **رُماتیسم**

رومال / rûmāl/:اسم. ڕوومال؛ ماکێکی لینج (وەک چەرمێنەی هێلکە) کە بەر لە برژاندنی نان و شیرینی، بۆ خۆشڕەنگ بوونەوە بە سەریدا دەناون.

رومان / romān/: [فرانسوی] ☜ **رُمان**

رومانتیسم / romāntîsm/: [فرانسوی] ☜ **رُمانتیسیسم**

رومانسک / romānesk/: [؟] ☜ **رُومیایی ـ ١**

رومیائی / rûmiyā'î/: [؟] ☜ **رومیایی**

رومیایی / rûmiyāyî/: [؟]/اسم. ڕوومیایی: ١. شێوازێک لە هونەری نژیارڤانی ئوروووپای ڕۆژاوا لە نێوان هونەری ڕۆمی و هونەری گۆتیک، کە پاش هەزارەی یەکەمی زایینی، بەتایبەت بە شێوەی کەڵک وەرگرتن لە تاقی کەمانی بەدیهات: **رومانسک** ٢. دەستەیێک لە زمانگەلی هیندوـئوروووپایی کە ڕیشەیان لە زمانی لاتینیەوە وەرگرتووە (وەک: ئیتالیایی، ڕۆمانیایی، فەرانسەوی، ئیسپانیایی، پورتەغالی و...)

* رومیائی

رومیـــزی[1] / rûmîzî ، ـــهـا/:اسم. روومیـــزی؛ چنراوێک له پارچه، مشه‌ما یـان نـایلۆن کـه بـۆ داپۆشاندنی ڕووی ده‌ره‌وه‌ی مێز به‌کارده‌ڕوا.

رومیـــزی[2]: صـفت. ڕوومێـــزی؛ بـــان‌مێـــزی؛ سه‌رمێزی؛ شیاو بۆ دانان له بـان مێـزه‌وه ‹چـراغ رومیزی: ساعت رومیزی: چرای ڕوومێزی؛ کـاتژمێری سه‌رمێزی›.

روناس / rûnās ، ـها/:اسم. سۆرنگ؛ نووسـه‌ک؛ ڕۆنیاس؛ ڕوونیاس؛ گیایێکی ئالیکی بـه لاسـکی پۆشراو له زۆر دڕکی چکۆلـه و قـولاپی، گـه‌ڵای هێلکۆکـه‌یی گوڵـی بـه کۆمه‌ڵـی زه‌رد و بـه‌ری سووری گۆشـتنه‌وه. لـه ڕه‌نگـی ڕیـشووی ئـه‌م گیایه له ڕه‌نگرێژیدا که‌ڵک وه‌رده‌گرن.

روناسـی[1] / rûnāsî/:اسم. ڕوونیاسـی؛ ڕه‌نگـی سووری ئاماڵ‌زه‌رد. هه‌روه‌ها: **روناسی‌رنگ**

روناسی[2]: صفت. ڕوونیاسی؛ بـه ڕه‌نگـی سـووری ئاماڵ‌زه‌رد.

رونـد / ravand/:اسـم. ڕه‌وت؛ ڕه‌وتانـه؛ ڕه‌وه‌ن؛ چۆنیه‌تی گه‌ڕانه‌یه‌ک له باری به‌ره‌وگه، خێرایـی یان ئۆگره‌تیه‌وه.

رونـد / rond/: [فرانـسوی] صـفت. سه‌رڕاسـت؛ سه‌رڕاس؛ ڕێک.

⊡ رونـد کـردن: ۱. سه‌رڕاسـت کـردن؛ ڕێـک کردن ۲. [ریاضی] گردوکۆکردن.

رونده / ravande/: صفت. ڕه‌ونده: ۱. به توانایی یـان تایبه‌تمه‌نـدی بزوانـه‌وه ‹گیاه رونـده: گیـای ڕه‌ونـده› ۲. ڕابگـار؛ ڕێبـوار؛ ڕاگـوزار؛ ڕاگـوزه‌ر؛ ڕێڤنگ.

رونـدی / rûndî/:اسم. ڕۆنـدی؛ لـه زمانگـه‌لی بـانتو، زمـانی خه‌ڵـکی ڕوانـدا و بڕۆنـدی لـه ئه‌فریقای ڕۆژهه‌ڵاته‌وه: **کیروندی**

رونـق / rownaq, ro:naq/: [عربـی]/اسـم. بـره‌و؛ په‌ره ئه‌سـتێنی: ۱. گه‌شـک؛ گه‌شـه؛ کـار یـان ڕه‌وتی په‌ره سه‌ندن ‹رونق شهرها؛ رونق کـشاورزی: پـه‌ره‌ئه‌ســتێنی شـاران؛ گه‌شـکه‌ی کـشتوکـاڵ› ۲. پێشره‌وت ‹بزودی کارش رونق گرفت: هـه‌ر زوو کاری بره‌وی په‌یداکرد› ۳. ڕه‌واج؛ ڕه‌مێن ‹رونق مد؛ رونق شهرنشینی: بره‌وی مۆد؛ ڕه‌واجـی شارنـشینی›. هه‌روه‌ها: **رونق بخشیدن؛ رونق دادن؛ رونق گرفتن**

رونمـا / rûnemā ، ـهـا/:اسـم. شه‌رمه‌شـکانه؛ سه‌رمه‌شقانه؛ سه‌رمه‌شقانی؛ دیارییه‌ک که پاش زه‌ماوه‌ند زاوا بۆ دیتنی بووک، پێی ده‌دا.

رونوشت / rûnevešt ، ـها/:اسم. ڕایـش؛ له‌بـه‌ر نوسـراو؛ کـۆپی؛ ئـه‌وه‌ی لـه ڕووی شـتێک نووسرابێته‌وه: **المثنّی**

رونویسی / rûnevîsî/:اسم. ڕوونووسـی؛ له‌بـه‌ر نووســینه‌وه؛ له‌بــه‌ر خــه‌ت گرتنــه‌وه؛ ڕه‌وه‌وه نویسه‌ی؛ کار یان ڕه‌وتی فـه‌رکان؛ نووسـین لـه ڕووی ده‌قێک.

روی / ravîy(y)/: [عربـی]/اسـم. ڕه‌وی؛ دوایـین پـیتی سـه‌ره‌کی به‌شـاوه‌ند لـه هـۆنراوه‌ی عه‌رووزیـدا (وه‌کـوو پـیتی دال لـه «مـه‌رد» و «ده‌رد»دا).

- روی / ravî/: پیوازه. - ڕۆیی؛ ڕۆیین ‹پیاده‌روی: سواده‌ڕۆیی›.

روی / rûy/:اسم. ۱. ڕۆح؛ تـوخمێکی کیمیـایی کانزایی به ژماره‌ی ئه‌تۆمی ۳۰ و کێشی ئـه‌تۆمی ٦٥,۳۷، کانزایـه‌کی تـورتی سـپی ئامـاڵ ئـاوی، ناتێکه‌ڵاو له ئاو، تێکه‌ڵاو لـه ئه‌سـید یـان بـازی داخدا که لـه کانزاکـاری و ده‌رهێنـانی ئالیـاژدا به‌کار دێ ۲. هه‌ر یه‌که له داهاتگه‌لی چێکراو له ڕۆح ۳. ـها/[ادبی] ڕوومه‌ت؛ ده‌موچاو؛ چاڕ؛ ڕوه؛ دیمه‌ن.

⊡ روی دادن: قـه‌ومان؛ ڕوودان؛ پـێش‌هـاتن؛ قۆمیه‌ی ‹در ساختمان همسایه آتش سوزی شدیدی روی داد: لـه ماڵـه دراوسـێدا سـووتمانێکی دژوار قه‌وما›.

رویا / ro:yā, ro'yā ، ـها/: [عربـی]/اسـم. ۱. خـه‌و؛ خه‌ون؛ هۆن؛ هۆون؛ هـاون؛ هـه‌و؛ خـه‌وخـه‌ون؛

دیمـەن، ڕووداو، بـیر و ئەندێـشەگەلێ کـە لـە زەینی مرۆی خەوتوودا پەیدا دەبێ ۲. بیرۆکە و گومانگەلێ خۆش کە وەک دیمەنی ڕاسـتەقینە دێنە بەرچاو ۳. *[مجازی]* ئـەوەی سەرسـووڕێنەر دەنوێنێ.

رویا / rûyā/: *صفت*. بە توانایی ڕوانەوە.

رویائی / ro:yā'î, ro'yā'î/: [عربی] ☜ **رویایی**

رویائی / rûyā'î/ ☜ **رویایی**

رویـاروی / rûyārûy/: *قید. [ادبی]* ڕووبـەڕوو؛ ڕووەوڕوو؛ بـەرەڕوو؛ بەرانبـەر؛ وەرانـوەر؛ لـە هەمبەر یەکترەوە ‹دو حریف رویاروی یکدیگر قرار گرفتند: دووو غەنیم ڕووبەرووی یەک وەستان›.

رویـارویی / rûyārûyî/: *اسم*. ڕووبـەڕوویی: ۱. دۆخ یـان چۆنیـەتی ڕووبـەڕوو بوونـەوە؛ لـە ئاسـت یەکـدا بـوون؛ بەرامبـەر یـەک بـوون؛ هەڵتەقین ‹هنگام رویارویی با چنین وضعی چە باید کرد؟: کاتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگـەڵ ئـاوا دۆخێکـدا دەبـێ چبکـەین؟› ۲. کـار یـان ڕەوتی کەوتنـە هەمبەر یەکەوە؛ ڕووبەڕوو بوونەوە ‹ادامەی اختلاف سرانجام موجب رویارویی آنان شد و کار بە دعـوا کـشید: درێـژەی ناکۆکیەکـە ئـاخری بـووە هـۆی ڕووبـەڕوو بوونەوەیان و شەڕ قەوما›.

رویان / rûyān ، ـها/: *اسم*. ۱. *[جانورشناسی]* تـۆڵ؛ پـز؛ بوونـەوەر، لـە سـەرەتاکانی گەشـکەییدا، بەتایبەت قۆناغی دەباڵدانی هێلکۆکەی باردار لە سەرەتای دەورەی ئاوسیدا ۲. *[گیاەشناسی]* گـوە؛ بەشی ڕوەکی گیا لە تۆمدا کە بە هەڵکەوتنی بار و دۆخی شیاو، دەڕوێ و دەبێتە گیایێکی تازە.

رویاندن / rûyāndan/: *مصدر. متعدی. //* **رویاندی:** ڕواندت؛ **مـی رویـانی:** دەڕوێـنی؛ **بِرویـان:** بڕوێنـە// ڕوانـدن؛ ڕپانـدن؛ سـەوزکردن؛ شـین کـردن؛ پێگەیاندن؛ پنە یاونـەی؛ بـووز بـۆ ڕوانی ڕوەک لواندن ‹رویاندن گلهای گلخانەای: ڕواندنـی گوڵگەلی گوڵخانەیی›: **رویانیدن**. هەروەها: **رویاندنی**

■ صفت فاعلی: **رویاننده** (ڕوێنەر) / صـفت مفعـولی: **رویانده** (ڕوێنراو)/ مصدر منفی: **نَرویاندن** (نەڕواندن)

رویانشناسـی / rûyānšenāsî/: *اسم*. تۆلناسـی؛ پزناسـی؛ لێکدانـەوە و لێکۆڵـینەوەی گەشـەی زینەوەر لە تۆم یان تۆمی باروەرکراوەوە.

رویانی / rûyānî/: *صفت*. تـۆلی؛ پـزی ‹مرحلـەی رویانی: قۆناغی تۆلی›.

رویانیدن / rûyānîdan/ ☜ **رویاندن**

رویـــایی / ro:yāyî, ro'yāyî/: [عربـی] صـفت. خەیالـی: ۱. زۆر خـۆش وەک خەیالـی خـۆش ۲. نەگونجاو؛ ناڕاست و خەیاڵاوی ۳. خەیاڵاوی؛ خەیاڵپەرست؛ هاونایی؛ خاوەنی خوو یا هـۆگری بە بیری خۆش، بەڵام نەگونجاو ✽ **رؤیایی**

رویایی / rûyāyî/: *اسم*. دۆخ یـان چۆنیـەتی ڕوا بوون؛ بە توانایی ڕوانەوە: **رویائی**

رویت / ro:yāt, ro'yāt/: [عربی] *اسم. [ادبی]* دیدار؛ دیمانە؛ دیار.

◘ رویت شدن: بینران؛ دیتران؛ پیویەی ‹هـلال ماە نو رویت شد: کەمەی هەیڤی نوێ بینرا›.

رویت کـردن: بیـنین؛ دیـتن؛ دیـن؛ دیـەی؛ دیای؛ وینەی؛ چاو پێکەوتن ‹تنها یک بار آن را رویت کردم: تەنیا جارێ بینیم›.

رویداد / rûydād ، ـهـا/: *اسم*. ڕووداو؛ ڕوودای؛ دەگمـە؛ پێکهـات؛ پێـشهات؛ بویـەر؛ ئـەوەی بەدیهاتووە یان ئەنجامدراوە ‹بیمـاری مـادر بـرایش رویداد غمانگیزی بـود: نەخۆشـی دایکـی ڕووداوێکـی خەماوی بوو بۆی›.

رویزیونیـــست / revîzyonîst/: [فرانـسوی] ☜ **تجدیدنظرطلب**

رویزیونیـــسم / revîzyonîsm/: [فرانـسوی] ☜ **تجدیدنظرطلبی**

رویـش / rûyeš/: *اسم*. کـار یـان ڕەوتی ڕوان؛ سەوز بـوون؛ ڕسـەی ‹نـور خورشید و خـاک خـوب موجب رویش گیاهان میشـود: تیشکی خـۆر و خـاکی چاک، دەبێتە هۆی ڕوانـی گیا›.

رویکرد / rûykard ، ـها/: *اسم*. کـاری سـەرەتایی

بۆ گەیشتنە مەبەست.

رویگر / rûygar ، ـها؛ ـان/: *اسم.* مسگەر؛ مزگـەر؛ کەسـێ کـە دەفـری مـسی بـە مالـین سـپی دەکاتەوە.

رویگردان / rûygardān/: *صفت. [مجازی، ادبی]* ڕووەرگێڕ؛ پشت‌تێکەر؛ پشت‌لێکەر؛ خۆپارێز.

رویگردانی / rûygardānî/: *اسم. [مجازی، ادبی]* ڕووەرگێڕی؛ خۆبوێری؛ خۆپارێزی.

رویگـری / rûygarî ، ـــهـا/: *اســم.* مـسگەری؛ مزگەری؛ کار و ڕەوتی سپی کردنەوەی دەفـری مسی بە پێدا مالین.

رویه / ravî(y)ye ، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم.* شێوە؛ ڕێباز؛ تلۆج ‹اگر بـه ایـن رویـه ادامـه بـدهی موجـب نـاراحتی دیگـران خـواهی شـد: ئەگـەر بـەم شـێوەیە بمێنیتەوە، دەبیە هۆی دلمەندی کەسانی‌تر›.

رویه / rûye ، ـها/: *اسم.* ڕوو؛ ڕوال: ١. ڕووکـار؛ ڕووکێش؛ ئەوەی بـە ڕووی شـتێکیەوە دەدەن. بەرانبـەر: **آستر** ٢. ڕووە؛ بەشـی دەرەوەی هـەر شتێک ٣. بانە؛ بەشێ لە کەوش کە سـەرپەنجە دادەپۆشێ. بەرانبـەر: **تخـت/ زیـره** ٤. *[ریاضی]* ئاست؛ سەتح.

رویِ‌هم‌رفته / rûyehamrafte/: *قید.* بەگـشتی؛ بەسەر یەکەوە: ١. لەسەریەک؛ سەرجەم؛ تێکڕا؛ گردەوە ‹رویِ‌هم‌رفـه صـد هـزار تومـان خـرج شـد: لەسەریەک سەد هەزار تمەن خەرج کرا› ٢. پێکڕا؛ پێکـەوە؛ بـە لەبـەرچاوگرتنی هـەموو شـتێک ‹رویِ‌هم‌رفـه آدم خـوبی اسـت: بەگشتی، مرۆڤـێکی باشە›.

رویی[1] / rûyî/: *صفت.* بـانین؛ بـانگین؛ سـەرین؛ جێگرتوو لە ڕووەوە ‹کتاب رویی: کتـێبی بـانین›: **روئی**

رویی[2] / ـها/: ضمیر. بانین؛ سـەرین؛ ئـەوەی لـە ڕووەوەیە ‹رویی بهتر است: بانیـەکە باشترە›: **روئی**

ـ رویی[3]: *پیوازه.* ـ ڕوویی؛ خاوەن چۆنیەتیەک لە دەموچاودا بوون ‹خوشرویی: خوەشرووییی›.

روییـدن / rûyîdan/: *مـصدر. لازم.* // **روییـدی:** ڕوای؛ **می رویی:** دەڕوێ؛ **بروی:** بڕوە // ڕوان؛ ڕپـان؛ ڕسکان؛ ڕسەی؛ ڕسای؛ شین بوون؛ سەوز بوون؛ ڕەهستن: ١. چەکـەرە دەرکـردنی دان و سـەر هەلێنانی لاسک دە تـۆی خاکـدا ‹روییـدن دانـه: شـین بوونـی دانـه› ٢. گەشـە کـردن و گـەورە بوونی گیا ‹روییـدن گـل: ڕوانـی گـوڵ›: **رسـتن؛ روئیدن**. هەروەها: **روییدنی**

■ صفت فاعلی: **روینده** (ـ)/ صفت مفعولی: **روییده** (ڕواو)/ مصدر منفی: **نَروییدن** (نەڕوان)

رویین تن / rûyîntan/: *صفت. [مجازی]* گیان پۆلا؛ خـاوەن لەشـی وا کـە هـیچ چـەکێک کـاری تێ‌نەکا: **روئین‌تن**

ره / rah/: *اسـم. [مخفـف، ادبـی]* ڕێ؛ ڕێگـا؛ ڕا ‹ره چنان رو که رهروان رفتند: بە ڕێدا وا بـڕۆ ڕێبوارەکـان چوون›.

رها / rahā/: *صفت. [ادبی]* ڕەها؛ ڕاهی: ١. دەرباز؛ دەرباس ٢. قوتار؛ قورتاڵ؛ ڕزگار؛ بەبێ سـنوور و بەرهەڵست ٣. بەرەڵا؛ بەرهەڵدا؛ وێڵ؛ وڵ؛ بەبێ چاودێر و سەرپەرشت. هەروەها: **رها بودن؛ رهـا شدن؛ رها کردن؛ رها گشتن**

رهائی / rahā'î/ ☜ **رهایی**

رهانـدن / rahāndan/: *مـصدر. متعـدی. [ادبـی]* // **رهاندی:** ڤەڕسـاندت؛ **مـی رهـانی:** دەڤەڕسـێنی؛ **برهان:** بڤەڕسێنە// ڤەڕساندن؛ ڕزگارکردن؛ دەرباز کردن؛ نەفداندن: ١. ئازادکردن/ کرن/ کەردەی؛ بەردان؛ بەرهەڵداکردن ٢. ڕاپـسکاندن؛ ڕانـدن؛ ڕاپەڕاندن؛ نەجات دان؛ لە مەترسـی پەڕاندنـەوە

* **رهانیدن**. هەروەها: **رهاندنی**

■ صـفت فـاعلی: **رهاننـده** (ڤەڕسـێنەر)/ صـفت مفعولی: **رهانده** (ڤەڕسێنراو)/ مصدر منفی: **نَرهانـدن** (نەڤەڕساندن)

رهانیدن / rahānîdan/ ☜ **رهاندن**

رهاورد / rahāvard ، ـها/: *اسم.* دیاری؛ سەوقات؛ سۆقات؛ ئەوەی ڕێبوار و گەشتیار لەگەڵ خۆیـدا

دەیهێنێتەوە.

رهایی / rahāyî/: *اسم.* ڕزگاری؛ ڕەهایی؛ ڕایی؛ دەربازی؛ بار یان دۆخی دەرباز بوون: **رهائی**

◘ **رهایی دادن/ بخشیدن:** ڕزگار کردن؛ ئازاد کردن.

رهایی یافتن: ڕزگار بوون؛ دەرباز بوون؛ بەر بوون.

رهایی‌بخش / rahāyîbaxš/: *صفت.* نەجاتدەر: ١. ڕزگاریدەر؛ ڕزگارکەر ٢ دەربازکەر لە دیلی یان ڕەنج و ڕژدی.

رهبان / rohbān/: [عربی] ☜ **راهِب**

رهبانیت / rohbānîyyat/: [عربی]/*اسم.* تەرکەدنیایی؛ ڕەبەنایەتی: ١. دنیا تاراوی؛ گۆشەگیری؛ دوورەخەلکی؛ دوورەپەرێزی؛ کار یا ڕەوتی تاران لە ژیانی کۆمەلایەتی و گۆشەنشینی و عیبادەت کردن بۆ بەخشرانی تاوان و نزیک‌بوونەوە لە خودا ٢. بار یان دۆخی تەرکەدنیا بوون.

رهبر / rahbar، ـها؛ ـان/: *اسم.* ڕابەر؛ ڕێبەر؛ ڕەهبەر؛ پێشەوا: ١. پێشەنگ؛ ئەو کەسەی ڕێ پێشان ئەدا و خەلکی وە دووی دەکەون ٢. گەورەی گشت؛ کەسێ کە میللەت یان کۆمەلێک ڕێبەری دەکا.

رهبری / rahbarî، ـها/: *اسم.* ڕێبەری؛ ڕابەری: ١. ڕێبەرایەتی؛ کاری ڕاپەڕاندن و بەڕێوە بردنی پۆل یان کۆمەلێک لە ڕێگای گەیشتن بە ئارمانج و ئامانجگەلی دیاریکراو ٢. بەڕێبەرایەتی؛ بەڕێوەبەرایەتی؛ کۆڕ یان پێگەیێک کە ئەم کارانەی لە ئەستۆدایە.

رهتوشه / rahtûše، ـها/: *اسم.* [ادبی] تۆشە؛ تۆشەڕا؛ بژێوی سەفەر.

رهرو / rahrow، ـان/: *اسم.* [ادبی] ڕێبوار؛ ڕابگار؛ ڕێبار؛ ڕێڕەو؛ ڕەوندە؛ ڕەوەن؛ ڕێڤنگ؛ ڕێڤنگی؛ کەسێ کە بە ڕێگایەکدا یان بەرەو ئامانجێک بەڕێوەیە.

رهسپار / rahsepār، ـان/: *صفت.* ڕوونیا؛ لە ڕۆشتندا؛ لە حالی چووندا: **راهسپار**

◘ **رهسپار شدن:** بەڕێ بوون؛ ڕۆشتن؛ کەوتنە ڕێ؛ ڕوونیای؛ ڕوونان؛ لوەی.

رەشناس / rahšenās، ـان/: *صفت.* ڕێزان؛ ڕێناس؛ شارەزای ڕێ؛ خاوەن زانست و ناسین لەمەڕ ڕێوە.

رهفرش / rahfarš، ـها/: [فارسی/ عربی]/*اسم.* ڕێپۆش؛ پۆشەنی ڕووکاری گوزەرگا و ڕێباز (وەک: ئیسفالت؛ سەنگکاری؛ موزاییک و...).

هەروەها: **رهفرش شدن؛ رهفرش کردن**

رهگذر / rahgozar، ـها؛ ـان/: *اسم.* ڕێبوار؛ ڕابگار؛ ڕێبار؛ ڕێبگار؛ ڕێوار؛ ڕاویار؛ ڕێوبوار؛ ڕاگوزار؛ ڕاگوزەر؛ ڕێونگ؛ ڕەوەن؛ ڕێڤی؛ ڕێڤنگ؛ ڕێڤینگ؛ ئەوەی لە ڕێیەکدا دەڕوا ‹از رهگذری نشانی گرفتم: ناونیشانم لە ڕێبوارێک گرد›.

رهن / rahn/: [عربی]/*اسم.* گرەو؛ گرێو؛ بارمتە؛ بڕیارێ کە بە گوێرەی ئەوەوە، کەسێک لە بەرامبەر وەرگرتنی پارەیەک لە کەسێکی‌تر، ماڵێکی لە لا دادەنێ.

◘ **رهن دادن:** لە گرەو نان؛ لە گرێو نان؛ نانەگرەو.

رهن کردن: بە گرەوگرتن؛ گرتنە گرێو.

از رهن درآوردن: لە گرێو دەرهێنان؛ بێبرەو کردنی بڕیارنامەی گرەو.

رهنما / rahnemā/ ☜ **راهنما**

رهنمایی / rahnemāyî/ ☜ **راهنمایی**

رهنمود / rahnemûd, rahnomûd, rahnamûd، ـها/: *اسم.* ڕێنوێنە؛ وتار یان نووسراوەیێک بۆ ڕێنوێنی کەس یان کەسانی دی.

رهنمون / rahnemûn, rahnomûn, rahnamûn/: *اسم.* ڕێنوێن؛ ڕێشاندەر؛ ڕێنما؛ ڕانما؛ کەسێ کە ڕێ شان دەدات.

◘ **رهنمون شدن:** ڕێ نیشاندان؛ ڕێ شاندان؛ ڕێنواندن؛ ڕا نیشان دەی/ دای.

رهن‌نامه / rahn.nāme ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. گره‌ونامه؛ نووسراوه‌یێ که تێیدا گره‌ونانی ملک و بایی، ماوه، مه‌رجگه‌ل و ناوی گره‌ونه‌ر و گره‌وگر نووسراوه.

رهنورد / rahnavard ، ـان/: اسم. [ادبی] ڕێپێو؛ ڕێبوار؛ ئه‌وه‌ی ڕێ ده‌پێوێ.

رهنی / rahnî/: [عربی] صفت. بارمته‌یی؛ گره‌وی: ١. پێوه‌ندیدار به گره‌ووه ٢. له گره‌ودا بوو.

رهوار / rahvār/ ☜ **راهوار**

رهیافت / rahyāft/: اسم. ڕێدۆز: ١. قۆناخی سه‌ره‌تایی له ڕێ گه‌یشتن به ئامانجدا ٢. کارێ که بۆ گه‌یشتن به‌م قۆناخه ده‌کرێ.

رهیدن / rahîdan/: مصدر. لازم. [ادبی] // **رهیدی:** ڤه‌ڕسیت؛ **می‌رهی:** ده‌ڤه‌ڕسی؛ **رهاشو:** بڤه‌ڕسه// ڤه‌ڕسین؛ ڤه‌ڕسان؛ قه‌وتان؛ ڕه‌سته‌ی؛ نه‌فدین؛ ڕه‌سین؛ ڕاپسکان؛ ئازاد بوون؛ ڕه‌ها بیه‌ی: ١. له به‌ند به‌ر بوون ٢. ڕزگار بوون؛ خه‌لستن؛ فلتین؛ له سه‌ختی، دژواری یان گرفت ده‌رباز بوون.

■ صفت مفعولی: **رهیده** (ڤه‌ڕسیو)/ مصدر منفی: **نَرهیدن** (نه‌ڤه‌ڕسین)

رهین / rahîn/: [عربی]/اسم. [ادبی] بارمته؛ ئه‌وه‌ی له گره‌وی دیترانه.

⊡ رهین منّت کسی بودن: له ژێر منه‌ت که‌سێکدا بوون؛ له به‌ر یارمه‌تی و چاکه‌کاری که‌سێک، منه‌تباری بوون.

ری / rey/: [از عربی]/اسم. ١. ڕه‌ی؛ یه‌که‌ی کێشی خۆماڵی به‌رامبه‌ر١٢ کیلۆگره‌م ٢. پیت؛ پیته؛ کێش؛ دۆخ یا چۆناوچۆنی زۆرکردنی بارستایی شتێک ‹برنج خوبی بود و هر استکان، نیم استکان ری می‌کرد: برنجێکی باش بوو، هه‌ر پیاڵه‌یه‌ک نیوپیاڵه پیتی ده‌دایه‌وه›: **ریع** ٣. په‌له‌وه‌رێک له ڕاسته‌ی وشترمران به جه‌سته‌یه‌کی مامناوه‌ندی، په‌ڕی نه‌متر له وشترمر، سێ ئه‌نگووس به جیێ دووئه‌نگووس و دووچکه‌ی بێ‌په‌ڕه‌وه: **شترمرغ آمریکایی**

ریا / riyā/: [عربی]/اسم. چاوه؛ ڕووبینی؛ ڕیا؛ دووڕوویی؛ ڕوا؛ ڕواڵه‌ت؛ ڕه‌وتاری له‌بار و شیاوی درۆینه بۆ لاباندنی که‌سانی‌تر.

ریائی / riyā'î/: [عربی] ☜ **ریایی**

ریاحین / rayāhîn, riyāhîn/: [عربی]/اسم. [ادبی] گوڵان؛ گوڵێ؛ گوڵگه‌ل؛ گوڵیه‌ل.

ریاست / riyāsat/: [عربی]/اسم. سه‌رۆکایه‌تی؛ سالاری؛ سه‌رداری؛ ڕه‌ئیسی؛ سه‌رۆکی: ١. پیشه یان پله‌ی سه‌رۆک ‹ریاست دانشگاه: سه‌روکایه‌تی زانستگا› ٢. بار یان چۆناوچۆنی سه‌رۆک بوون ‹از ریاست فقط افاده‌اش را دارد: له سه‌رۆکی گه‌وه‌زه‌ییه‌که‌ی هه‌یه و به‌س›. هه‌روه‌ها: **ریاست کردن**

ریاست‌طلب / riyāsat.talab ، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. ئاغایی‌خواز؛ هۆگر و خوازیاری سه‌رۆکایه‌تی و گه‌وره‌یی کردن. هه‌روه‌ها: **ریاست‌طلبی**

ریاضت / riyāzat ، ـها/: [عربی]/اسم. که‌زلاته‌ی؛ ڕیازه‌ت؛ سه‌ختی؛ ئه‌رک و ڕه‌نجێ که که‌سێ بۆ ڕاهێنانی ڕۆح و ڕام کردنی نه‌فسی خۆی ڕجوا ئه‌بینێ.

ریاضت‌پیشه / riyāzatpîše ، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] صفت. ڕیازه‌ت‌پیشه؛ خاوه‌ن هۆگره‌تی و خووی سه‌ختی کێشان.

ریاضت‌کش / riyāzatkeš/: [عربی/ فارسی] صفت. ڕیازه‌ت‌کێش؛ هه‌ڵگری ڕه‌نج و سه‌ختی.

ریاضی[1] / riyāzî ، ـات/: [عربی]/اسم. بیرکاری؛ ڕیازیات؛ ڕیازی.

ریاضی[2]: صفت. بیرکاری؛ ڕیازی؛ پێوه‌ندیدار به ڕیازیاته‌وه.

ریاضیات / riyāziyāt/: اسم. ڕیازیات؛ زانستی کرده‌وه، په‌یوه‌ندی و پێکهاته‌گه‌لی پێوه‌ندیدار به چه‌ندیه‌تگه‌ل و ڕه‌قه‌م و ئه‌ندازه‌گیری.

ریاضیدان / riyāziydān ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. بیرکار؛ ڕیازیدان؛ پسپۆڕ یان

زانستمەندی ڕیازی.

ریاکار / riyākār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] /اسم. ڕیاباز؛ ڕووبین؛ دووڕوو؛ ڕواباز؛ ڕیایی‌کەر؛ ڕواڵەتباز؛ ڕیاکار؛ ڕووباز؛ قسەمێچکە؛ مەرایی‌کەر؛ دووزوان؛ ئەوەی بە درۆ خۆی پارێزیار، چاکەکار و بەبەزەیی نیشان دەدا. هەروەها: **ریاکاری**

ریال / riyāl ، ـها/: [از اسپانیایی] /اسم. ڕیاڵ؛ قەران؛ قران؛ یەکەی پارەی ئێران و عەرەبستان و چەند وڵاتی‌تر.

ریایی / riyāyî/: [عربی] صفت. [ادبی] ڕیاباز: **ریائی**

ریب / reyb, rîb/: [عربی] اسم. [ادبی] ١. شک؛ شکە؛ ڕوێز؛ گومان ٢. دڵپیسی؛ دوودڵی ٣. دووڕوویی؛ ڕیابازی.

ریبوفلاوین / rîbof(e)lāvîn/: [فرانسوی] /اسم. ویتامین ب٢ ☜ **ویتامین**

ریتم / rîtm ، ـها/: [فرانسوی] /اسم. ڕیتم: ١. کێشی مۆسیقا؛ کوتاهەنگ ٢. شێوەی وتن؛ ئاهەنگ.

ریتمیک / rîtmîk/: [فرانسوی] صفت. ڕیتمیک؛ ئاهەنگی: ١. زەربی؛ لێدانی؛ کوتانی ٢. ئاهەنگین.

ریتین / rîyateyn/: [عربی] /اسم. سیگەل؛ هەردووسی.

ریحان / reyhān/: [عربی] /اسم. ١. ☜ **ریحانی** ٢. /ـها/ ڕێحانە؛ ڕێحان؛ ڕحان؛ ڕیان؛ ڕیوون؛ ڕێون؛ گیایەکی ئاڵفی یەک‌ساڵەیە، بە گەڵای هێلکەیی و نووسکن بەرانبەر بە یەک و لێوار و دانەدار کە بۆن و تامێکی خۆشی هەیە و بۆ سەوزی خواردن بەکار دێ: **بادروج؛ بادروگ**

ریحانی / reyhānî/: [عربی] /اسم. لە خەتگەلی عەرەبی و فارسی کە پتر لە نووسینەوەی قورئاندا بەکار دێ: **ریحان ـ ١**

ریخت / rîxt/: /اسم. ١. بیچم؛ ڕواڵەت؛ تووز؛ سوێس؛ پێکهاتەی دەرەوە ‹خانه‌شان ریخت خانه‌های دهاتی را داشت: ماڵەکەیان بیچمی ماڵە لادێییەکان بوو› ٢. دیامان؛ بیچم؛ تەشک؛ فەساڵ؛ ئەژم؛ دیدار؛ سەکوت؛ سەکوم؛ کەسم؛ سەروسیما؛ ڕەخت؛ سەر و قلخ؛ سەر و سەکوت؛ ڕێخت؛ ڕێت؛ قەڵافەت؛ شکڵ و پێکهاتەی گیاندارێک یان هەر یەکە لە ئەندامانی ‹بدریخت: بەودیامان› ٣. [زمین‌شناسی] ڕێژمانی دەرەوەی بەردگەل لەلایەن زەوین‌ناسیەوە ٤. ڕیت؛ کار یان ڕەوتی ڕژان؛ ڕژاندن ‹ریخت و پاش: ڕژان و پژان›.

▣ **ریخت کسی/ چیزی بودن:** لە کەسێ/ شتێ چوون؛ لە کەسێ/ شتێک کردن؛ وەک کەسێ/ شتێک بوون؛ ئەوە یۆی/ چێوێوی شیەی ‹سر و وضعش ریخت بازاریها بود: سەر و سەکوتی لە بازاری دەچوو›.

از ریخت افتادن: [مجازی] لە تەشک کەوتن؛ بیچم و حاڵەتی خۆ لە دەس‌دان. هەروەها: **از ریخت انداختن**

به ریخت کسی/ چیزی در آوردن: [مجازی] خۆ وەکوو کەسێ/ شتێ پێکردن؛ بە ڕەنگی کەسێ یان شتێ دەرهێنان ‹با این لباس خودت را به ریخت گداها درآورده‌ای: بەم گنجەت خۆت وەکوو سواڵکەر پێ کردووە›.

ریخت‌شناسی / rîxtšenāsî/: /اسم. بیچم‌ناسی: ١. لقێک لە ژین‌ناسی کە لەمەڕ نژم و پێکهاتەی ڕووەک و جانەوەرانەوەیە ٢. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی پێکهاتەی وشەگەل لە زمانێکدا؛ **مُرفولژی**

ریختگری / rîxtgarî/ ☜ **ریخته‌گری**

ریختن / rîxtan/: مصدر. لازم. متعدی. // **ریختی:** ڕژاندت؛ **می ریزی:** دەرژێنی؛ **بریز:** برژێنە// ☐لازم. ١. ڕژان؛ ڕێژان؛ ڕژیان؛ ڕشیان؛ مجیەی؛ بەر بوونەوەی تراو، دەنک یان ئەندامگەلی کۆمایەک، لە بەرزاییەوە بۆ خوار ‹سماور برگشت و آبجوش ریخت روی پایم: سەماوەرەکە دارپایەوە و

ئاوەکولەکە رژا بە سەر پامدا› ۲. تکان؛ وەرین؛ لە ناو چوون ‹آبروی کسی ریختن: ئاوڕووی کەسێک تکان› □ متعدی. ۳. دارژاندن؛ ئەرەمتەی؛ بە شێوەی نێو قالب دەرێنان ‹مجسمه ریختن: کوتەڵ رژاندن› ٤. رژاندن؛ رێوی کرن؛ ڤەرێتن؛ رشتن؛ متەی؛ رێتن؛ ریهتن؛ رهتن؛ رژتن؛ بەر دانەوەی تراو، دەنک یان ئەندامگەلی کۆمایەک لە بەرزاییەکەوە بۆ خوار ‹خاک را ریخت توی باغچه: خۆڵەکەی رژاندە نێو باخچەکەوە› ٥. [مجازی] رژاندن؛ تکاندن؛ بردن؛ لەناو بردن ‹آبروی کسی را ریختن: ئابڕووی کەسێک تکاندن› ٦. رژاندن؛ داخستن؛ پاشین؛ پژاندن؛ بڵاو کردنەوە یان وەشاندنی شتێک ‹دانه ریختن: دانە رژاندن› ۷. [بانک] رژاندن؛ خستنە حەساو ‹پول به حساب کسی ریختن: پارە رژاندنە حەساب کەسێکەوە›.
هەروەها: **ریختنی**

■ صفت فاعلی: **ریزنده** (رژێنەر)/ صفت مفعولی: **ریخته** (رژاو)/ مصدر منفی: **نَریختن** (نەرژاندن)

▣ به هم ریختن ☜ **هم**[1]

روی هم ریختن ☜ **رو**[2]

ریخـت و پـاش / rîxt-o-pāš/: اسم. کار یان ڕەوتی رژانـدن و پژانـدن؛ رژان و پـژان: الف) تێکەڵ ــ پێکەڵی ب) [مجازی] هەڵـەخەرجی؛ تەخشان ـ پەخشان؛ کار یان ڕەوتی هەرشـاندن ‹اگر بخواهیم ریخت‌وپاش کنیم، کارمان به ورشکستگی می‌کشد: گـەر بمانـەوێ هەڵـەخەرجی بکـەین، تێدەشکین›.

ریختـه‌گـری / rîxtegarî/: اسم. ۱. پیـشەی ڕێختمان‌کار ۲. ڕێختمان‌کاری؛ کاری دارشـتنی کانزا ۳. /ـها/ کارگەیەک کـە ئـەم کـارەی تێـدا دەکرێ: **ریختگری**. هەروەها: **ریخته‌گر**

ریدمان / rîdemān/: اسم. [مستهجن] ۱. کـاری ڕیان؛ گوو کردن ‹بچه مشغول ریدمان است ببرید پاکش کنید!: منداڵەکە خەریک ڕیانە، ببـەن پـاکی کەنەوە› ۲. [مجازی] گووکاری؛ کردنی کارێک بە خراپترین شێوە و تێکدانی بار و دۆخ ‹تو هم که با آن ریدمان آبروی ما را بُردی: تۆش بەم گووکاریـەت ئابڕوومانت برد›.

ریدن / rîdan/: مصدر. لازم. [مستهجن] // **ریـدی**: ڕیای؛ **می رینی**: دەڕێـی؛ **بِـرین**: بـڕێ(نـە)// ڕیـان؛ ڕیتن؛ ڕین؛ گوو کردن. هەروەها: **ریدنی**

■ صفت مفعولی: **ریده** (ڕیاو)/ مصدر منفی: **نَریـدن** (نەڕیان)

ریــز[1] / rîz/: اسـم. ڕیــز؛ پێڕسـتی پاژگـەلی کۆمەڵەیەک ‹ریز اسامی: ڕیزی ناوگەل›.

ریز[2] / ـها/: صفت. ورد؛ وردیلە؛ وردەڵـە؛ چکۆلـە؛ هیر؛ هوویر؛ هیرد؛ هوور؛ هۆرد؛ هێت؛ هرووشـە؛ گەردیلە؛ خونگە؛ خورد؛ خوچۆک؛ پراش؛ خاش؛ ژیلە؛ زیل؛ ڕێز؛ سیرئەنجن؛ سیرەنجن؛ گـردەڵ؛ بووچکەلە؛ بیچکەلە ‹ماهی ریز: ماسی ورد›.

ـ ریز[3]: پیـواژە. ۱. ــ ڕێـز؛ ـ ڕێـژ؛ ـ وەر؛ بـرژێن ‹گلریـز: خـونریز: گولـریز؛ خوێنـریژ› ۲. ــ ڕژاو؛ ـ ڕێژاو؛ ـ ڕژیاگ ‹دورریز: دوور ڕژاو›.

ریزاب / rîzāb/: اسم. ڕێژاو؛ ئـاوی وەرگـیراو بـۆ گەڕانەیەک. بەرانبەر: **دراب**

ریزابه / rîzābe ، ـهـا/: اسم. ڕیـژاوە؛ ئـاوێ کـە دەرژێتە نێو کۆماییکی ئـاوەوە (وەک گـۆم، چـەم یان ئەستێرک).

ــ ریـزان / rîzān/: پیـواژە. ــ ڕێـزان؛ ــ ڕزان؛ ـ وەران؛ ـ ڕێژ؛ لـە حالـی وەرینـدا ‹بـرگ‌ریـزان: گەڵاریزان›.

ریزبافت / rîzbāft ، ـها/: صفت. وردچن؛ تەنزیل؛ بە تان‌وپۆی لێک نزیکـەوە ‹قـالی ریزبافـت: قالـی وردچن›.

ریزبر / rîzbor ، ـها/: اسم. ناسک‌بـڕ؛ ئـامێرێ بـۆ بڕینی پەڕەگەلی زۆر ناسک: **میکرُوتُم**

ریزبین / rîzbîn ، ـها/: اسم. هـووربین؛ وردبـین: **میکروسکوپ**

ریزسنج / rî(z)sanc ، ـها/: اسم. وردپێو؛ ڕێزپێـو؛ میکرومیتر.

ریزش / rîzeš/: /اسم. ۱. کـار یـان ڕەوتی ڕژان؛ وەرین؛ دابارین ‹ریزش آب: ڕژانی ئـاو› ۲. /ــها/ بارشت؛ ئەوەی بە شـێوەی بـەفر، بـاران، تـەرزە و... لە ئاسمانەوە دەبارێ.

ریزفیلم / rîzfîlm ، ـها/: [فارسی/ فرانسوی]/اسم. میکـرۆفیلم؛ وردفـیلم؛ فیلمـی نووسـراوەیێکی چاپی یان وێنەیێک لە ئەندازەی زۆر وردیلەدا.

ریزمـوج / rîzmowc, -mo:c ، ـهـا/: [فارسـی/ عربی]/اسم. وردپێل؛ وردەپێل؛ کەل.

ریزنقش / rîznaqš ، ـها/: [فارسی/ عربی] صفت. [مجازی] ژیکەڵە؛ خاوەن ئەندامگـەل و ڕواڵـەتی ورد و ڕواڵ ‹یـک جـوان ریـزنقش سـخنرانی کـرد: لاوێکی ژیکەڵە قسەی کرد›.

ریزوئیـد / rîzo'zîd ، ـهـا/: [فرانـسوی]/اسـم. [گیـاەشناسـی] ڕیـشاڵ؛ ڕیـشۆڵە؛ وردە و پـردەی بەن‌ئاسا لەجێ ڕیشە لە برێ ڕوەکدا.

ریزه[1] / rîze ، ــها/: /اسم. وردە؛ ورتکـە؛ پرتکـە؛ پرتـک؛ پـرت؛ پـراش؛ کەمووکـە؛ کەمووسـکە؛ هـیردە؛ هـیرە؛ ئەنجـە؛ پارچـەیێکی بچـووک و باریک لە شتێک ‹ریزەی نان: وردەی نان›.

ریزه[2]: صفت. [گفتـاری] ڕێـزە: ۱. /ــ هـا/ تۆزقـاڵ؛ وردیلە؛ ژیلە؛ چووکە؛ بە بارستایی یـان بیچمـێ بچووکەوە ۲. کەمووسکە؛ زۆرکەم ‹اگر یـک ریـزه همت داشـتی، ایـن‌طـور نمـی‌شـد: ئەگـەر تۆزقالـێک هیمەتت هەبوایە، ئاوا نەدەبوو›.

ریزەخوار / rîzexār ، ـها؛ ـان/: صفت. وردەخۆر؛ پاشخوان‌خۆر؛ ڕێزەخـۆر؛ بـە خـوو و هـۆگرەتی ڕێزەخۆریەوە.

ریـــزەخـــواری / rîzexārî ، ــهــا/: /اسـم. پاشخوان‌خـۆری؛ وردەخـۆری؛ کـار یـان ڕەوتی دابین‌کردنی زەوا لە پاشماوەی پێخـۆر و زەوای کەسانی‌تر.

ریزەخوانی / rîzexānî ، ـها/: /اسم. ۱. [مجـازی] پرتەوبۆڵە؛ ویزەویـز ۲. کـار و ڕەوتی بـە گوێـدا دانـەوە؛ ئامـادەکردنی کەسـێک بـۆ پـەزیرانی داخوازیەک لە ڕێـی وتنـەوەی پـەیتا ـ پـەیتا و یـەک لـە سـەر یـەکی قـسەگەلێکەوە ‹آن‌قـدر ریزەخوانی کرد تـا قبـول کـردم: هێنـدەی بـە گوێـدا دامەوە تا بەرایی‌یم دا›.

ریزەکاری / rîzekārî ، ــها/: /اسم. وردەکـاری؛ ڕێزەکـاری: ۱. پاژگـەلی ورد و جـێ تـێڕامـانی شـتێک ۲. کـاری ڕێـز و ورد، بەتایبـەت کـاری هونەری کە ئاوا تایبەتمەندیەکی هەبێ.

ریزی[1] / rîzî/: /اسم. وردی؛ وردیلـەیی؛ بـار یـان چۆناوچۆنی ورد بوون ‹سیب به این ریزی و به ایـن گرانی؟!: سێوی بەو وردیە، هێندە گران؟!›.

- ریـزی[2]: پیـواژە. ــ ڕێـژی؛ ڕشـتن ‹خـونریزی: خوێنڕیژی›.

- ریس / rîs/: پیواژە. ــ ڕێـس؛ بـڕیس؛ ڕێـسەر ‹پشم‌ریس: خوری‌ریس›.

ریسک / rîsk ، ـها/: [فرانسوی از ایتالیایی]/اسم. بڤ؛ مەترسی؛ جەربـەزەیی؛ دوبـەختی؛ دەبـێ یـان نابێ؛ مل نان بە کارێکەوە کە ئاکامی نادیارە.

▣ **ریسک کردن**: کاری بڤە/ دووبـەختی کـردن ‹ولی من مجبورم ریسک بکـنم، بلکـه از ایـن وضـع نجات یابم: بەڵام من ناچارم بڤە بکەم، بەڵکوو لەم دۆخە دەرچم›.

ریسمان / rîsmān ، ـها/: /اسم. گوریس؛ گـورێس؛ قـەریس؛ وەریـس؛ وەریـسک؛ وەرێـسە؛ سـێتا؛ سێتە؛ فرێت؛ پەت؛ چەلە؛ چـەلا؛ جـڵە؛ هـەبی؛ کڕ؛ دوژ؛ کندڕ؛ چنراوی درێژی چەند تاڵـی لـە هـەودای بـادراو بـە یەکـەوە، بـۆ بەسـتنەوە یـا هەڵخستنی شتێک لە سەری.

▣ **با ریسمان کسی به ته چـاه رفـتن**: [کنـایی] بـە گوریـسی کەسـێک خـۆ خـستنە چـاوە؛ بـە پشتیوانی و هاندانی کەسێکەوە کـارێکی بـڤە کردن.

ریسندگی / rîsandegî/: /اسم. ۱. کاری ڕێـستن ۲. /ـها/ کارگەیێک کە بەنی تێدا دەڕێسن.

ریسه / rîse ، ـها/: /اسم. ریسە؛ ڕستە؛ ڕیز؛ ڕسـت؛

تاڵ؛ گشتەک.

▣ **ریسه رفتن:** قل کردن؛ سۆس جوین؛ تریقانەوە؛ حلیکانەوە؛ ئەوە قلیەی؛ خەش کردن.

ریسه شدن: قەتار بەستن؛ قەتار بوون؛ ریز بوون؛ رز بەستن؛ ڕیز بەستن؛ کەرەسوول بەسەی؛ یەک لە شوێن یەکدا بوون ‹یک مشت عمله پای دیوار ریسه شده بودند: کۆمەڵێ کرێکار لە پاڵ دیوارەکەدا قەتاریان بەستبوو›.

هەروەها: **ریسه کردن**

ـ ریسی / rîsî/: *پیوازه.* ـرێسی؛ ڕستن ‹پشم‌ریسی: خوری‌ریسی›.

ریسیدن / rîsîdan/: *مصدر متعدی.* // **ریسیدی:** ڕستت؛ **می ریسی:** دەرێسی؛ **بریس:** برێسە// ڕستن؛ ڕێسان؛ ڕسین؛ ڕێسەی؛ ڕێسای؛ ڕێستەی؛ مووناندن؛ هۆنینەوە؛ هۆندنەوە؛ هۆنەی؛ مۆنێ؛ مونین؛ وادای؛ بادان ‹نخ ریسیدن: بەن ڕستن›: **ڕشتن**. هەروەها: **ریسیدنی**

■ صفت فاعلی: **ریسنده** (ـــ)/ صفت مفعولی: **ریسیده** (ڕێستراو)/ مصدر منفی: **نَریسیدن** (نەڕستن)

ریش[1] / rîš/: *اسم.* ریش: ١. ردێن؛ ئەردێن؛ ڕندێن؛ ڕێن؛ ڕین؛ ری؛ ڕهـ؛ ڕیهـ؛ ڕێوی؛ هەردیسە؛ ڕهە؛ موویەک کە لە ڕوومەت و زۆرتر لە چەناکە و ژێر زنج و گوپی پیاودا دەڕوێ ٢. موویەکی درێژ کە لە چەنە و ژێر چەنەی برێک گیانلەبەران (وەک بزن) دەردێ ٣. *[ادبی]* ڕێش؛ زام؛ زەخم؛ زیەم؛ برین.

▣ **ریش بزی:** ڕیشی ترێشتەیی؛ ڕیشی بزنی؛ ڕیشێکی پڕ و تەنیا بە چەناگەوە.

ریش توپی: کۆزەرە؛ ڕیشی‌خپ؛ ڕدێنی تۆپ؛ ڕیشی تۆپەڵ؛ ڕیشێکی پڕ بە پەڕانپەری دەموچاوەوە.

ریش محرابی: ڕیشێک بە شێوەی هەلەک.

▣ **ریش تراشیدن:** ڕیش تاشین؛ ڕیش کرەدای؛ مووی دەموچاو لابردن: **ریش زدن** *[گفتاری]*

ریش چیزی درآمدن: *[مجازی]* شڕ لە شتێ بڕیان؛ کۆن/ کۆنە بوون؛ بێبرەو بوون؛ شڕوو چێوێوی شنیەی؛ مەراش بوون ‹این حرفها دیگر ریشش درآمده: ئەم قسانە ئیتر شڕیان لێ بڕاوە›.

ریش خود را به دست کسی دادن: *[کنایی]* خۆ بە کەسێ سپاردن؛ خۆ لە بەر دەستی کەسێ نان ‹تو نباید ریش خودت را به دست او بدهی: تۆ نابێ خوت بەو بسپێری›.

ریش خود را در آسیا سفید کردن: *[کنایی]* سەری خۆ لە ئاشدا/ سەر لە بەر تاوێ سپی کردن؛ گیا بە کێوەوە خواردن؛ نانە بە گۆشێ ژاوەی/ ژاوای؛ لە ژیان ئەزموون وەرنەگرتن و لە نەزانیدا پیر بوون ‹خیال نکن من ریش خودم را در آسیا سفید کردەام: وا مەزانە، سەرم لە ئاسیاودا سپی کردووە›.

ریش زدن ☜ **ریش تراشیدن**

ریش کسی را گیر انداختن: *[کنایی]* پای کەسێ گیردان؛ سەری کەسێ بە پەتەوە کردن؛ کەسێک گیر خستن ‹قسطهایش را نداد و ریش مرا پیش فروشنده گیر انداخت: قستەکانی نەدایەوە و پای منی لای فرۆشەرەوە گیردا›.

ریش گذاشتن: ١. ڕیش هێشتنەوە؛ ڕیش دانان؛ ڕیشەوە ئاسەی ‹تازگی ریش گذاشته و اهل مسجد شده: بە تازەیی ڕیشی هێشتوەتەوە و ئاموشۆی مزگەوت دەکا› ٢. ☜ **ریش گرو گذاشتن**

ریش گرو گذاشتن: *[کنایی]* سمێڵ دانان؛ بەڵێنی ئەخلاقی دان ‹من به خاطر تو ریش گرو گذاشتەام: من بۆ تۆ سمێڵم داناوە›: **ریش گذاشتن ـ ٢**

ریش و قیچی را به دست کسی دادن: *[کنایی]* گەز و قەیچی/ مقەست دانە دەس کەسێکەوە؛ لە کارێکدا ئیختیاری تەواو دان بە

کەسێک ‹من دیگر ریش و قیچی را به دست شما می‌دهم تا خودتان کار را تمام کنید: ئەوە ئیتر گەز و قەیچی دەدەم بە دەستی ئێوەوە تا خۆتان کارەکە تەواو کەن›.

از ریش کسی خجالت کشیدن: لە مووی سپی کەسێک شەرم کردن؛ ڕێز لە تەمەن و بەساڵاچوویی کەسێک گرتن؛ لە ریش چەرمگ کەسێ خەجاڵەت کێشان.

به ریش کسی بستن: *[کنایی]* کردنە ریش کەسێکەوە؛ بەسەردا سەپاندن؛ بە ملەوکردن ‹همە جمع شدند و این ماشین قراضه را به ریش من بستند: هەموو کۆ بوونەوە و ئەم ماشینە کەلاکەیان کردە ریشمەوە›.

به ریش کسی خندیدن: بە کڵاو کەسێ تیتاڵی کردن؛ بە کەسێ پێکەنین؛ گاڵتە بە کەسێک کردن ‹می‌خواهی همه به ریش من بخندند؟: گەرەکتە هەموو بە کڵاوم تیتاڵی بکەن؟›.

به ریش گرفتن: *[مجازی]* بە ڕاست زانین؛ بڕوا هێنان؛ باوەرکردەی ‹چند بار بچەها، استاد۔ استاد گفتند و او هم به ریش گرفت: کوڕەکان چەن‌جار مامۆستا۔ مامۆستایان وت و ئەویش وایزانی ڕاستە›.

ریش[2]: صفت. ۱. ڕێش؛ بریندار؛ ئازراو؛ زەخمار؛ زامدار؛ زامار؛ گەزنگاز ۲. ☜ **ریش۔ ریش**

ریش‌بابا / rîšbābā ، ـها/: *اسم.* سەرەقوولە؛ ریش‌بابا؛ هەنگوورە کەڵەشێری؛ چەشنێ تریێ دەنک‌درێژ و درشتی ئاودار.

ریشتر / rîšter/: [از انگلیسی] *اسم.* ریشتر؛ یەکەی ژمارەیی پێوانی لەراندنەوەی بوومەلەرزە کە بە ژمارەگەلی ۱ تا ۹ پیشان دەدرێ.

ریش‌تراش / rîštarāš ، ـها/: *اسم.* ریش‌تراش؛ ریش‌تاش؛ خۆتراش؛ خۆتاش؛ خودتەراش؛ مەکینەی ریش تاشین.

ریشخند / rîšxand/: *اسم.* ڕشخەن؛ ریشخەن؛ ڕشقەن؛ قەژمەری؛ تەوزە؛ کاری گاڵتە کردن و پێکەنین بە کەسێ.

▣ **ریشخند شدن:** ریشخەن بوون؛ بوونە ڕشخەن؛ گاڵتە پێ‌کران ‹به حرفش اهمیتی ندادند و از سوی حاضران ریشخند شد: بایەخیان بە قسەکانی نەدا و لە لایەن دانیشتوانەوە ریشخەن بوو›.

ریشخند کردن: گاڵتەکردن؛ ریشخەن کردن ‹آن روز همه او را ریشخند می‌کردند: ئەو ڕۆژە هەموو گاڵتەیان پێ دەکرد›.

ریشدار / rîšdār ، ـها/: *صفت.* ریشن؛ ریشوو؛ ریشدار؛ بە ڕدێن؛ خاوەن ریش ‹یک آقای ریشدار پشت میز نشسته بود: کابرایەکی ریشن لە پشت مێزەکەوە دانیشتبوو›.

ریش ۔ ریش / rîšrîš/: *صفت.* ریشاڵ ۔ ریشاڵ؛ ریزاڵ۔ریزاڵ؛ زیڤاڵ۔ زیڤاڵ؛ لێک‌هەڵوەشاو و دڕاو؛ بە ریسە یان هەوداگەلی لێک‌پساوەوە: **ریش**

ریش‌سفید / rîšsefîd ، ـها؛ ـان/: *اسم.* ریش‌سپی؛ ریسپی؛ ریش‌چەرمگ؛ ریش‌چەرمە؛ ئیختیار؛ پیاوماقووڵ؛ پیاوی بەساڵاچووگ و بەئەزموون و زانا ‹یک ریش‌سفید نداشتید، دعوا را بخواباند؟: ریش‌سپیەکتان نەبوو، شەڕەکە دامرکێنێ؟›.

بەرانبەر: **گیس‌سفید**

ریشک / rîšak/ ☜ **ریشه‌نما**

ریشگی / rîšegî/ ☜ **رادیکال**[1]**۔۲**

ریشو / rîšû ، ـها/: *صفت.* *[گفتاری]* ریشدار؛ بەڕدێن؛ ڕدێن‌دار؛ ریشوو؛ ریشن؛ ریهـ درێژ.

ریش و پشم / rîš-o-pašm/: *اسم.* *[تعریض]* کوڵک و موو؛ ریش و پەشم؛ سەر و ریش؛ مووی درێژ و پڕی سەر و ڕوو ‹با یک خروار ریش‌وپشم آمده بود عروسی: بە خەرواریێ کوڵک‌مووەوە هاتبووە زەماوەن›.

ریشه / rîše ، ـها/: *اسم.* ریشە: ۱. ریشگ؛ ئاجار؛ پنجار؛ پنج؛ پنجک؛ بنج؛ ڕپن؛ قورتیس؛ ڕەگ و بنی گیا؛ بەشی بنەهەردی گیای تۆمدار کە

ئەندامی کێشان و نیاتەکردنی زەوا یان هۆی پتەوی و بنەگری گیایە و بە نەبوونی گریێ، چرۆ و گەلا لە لاسکەکەیدا، دەناسرێتەوە ‹ریشەی درخت: ریشەی دار› ۲. بنەچەک؛ بنەڕەت؛ بنیات؛ بنەما و سەرچاوەی شتێک ‹باید ریشەی بی‌سوادی را کند: دەبێ ریشەی نەخوێندەواری لە بن دەربێ› ۳. *[مجازی]* ڕەگ و ریشە؛ ئاخێزگە یان مێژینەیەکی دیار و روون ‹دشمنی آنان ریشه در گذشته‌های دور داشت: دژمنایەتیان ڕەگ‌وریشەیێکی کۆنی هەبوو› ٤. ڕیشۆ؛ ئاخری ڕێسەگەلی تەنراو (وەک قوماش و قالی) کە بۆ جوانی نەچندراوە ٥. *[زبان‌شناسی]* شێوەی سەرەتایی وشە ٦. *[زبان‌شناسی]* ڕەگ؛ وشەیێ کە بە زێدەکردنی وەن یان وشەیەکی‌تر، وشەیەکی نوێی لێ چێ بکرێ (وەک: «رو» کە وشەگەلی: روشتن، برو، پیشرو و... لێ دروست دەبێ).

▣ **ریشه‌ی افشان:** *[گیاه‌شناسی]* چەشنێ ریشە کە لە نێوان ریشەی سەرەکی و لاوەکیدا جیاوازیەکی بەرچاو نیە (وەک ریشەی گەنم).

ریشه‌ی دندان: کولابە؛ ریشەی ددان؛ ڕەگی ددان؛ ریشەو ددانی؛ بەشێ لە ددان کە لە نێو پووکدایە.

ریشه‌ی راست: *[گیاه‌شناسی]* جۆرێک ڕەگ کە ریشەی سەرەکی تێیدا گەشەیەکی زۆر دەکا و ڕێک ڕۆ دەچێ بە زەویدا و وردەریشەی بە دەور و بەردا دەڕوێ.

ریشه‌ی غده‌ای: *[گیاه‌شناسی]* جۆرێک بنج کە زەوای تێدا کۆ دەبێتەوە (وەک بنجی گێزەر و سێفەزەمینی).

ریشه‌ی فرعی: *[گیاه‌شناسی]* ریشووگەلی باریک کە لە ریشەی سەرەکی دەبنەوە.

ریشه‌ی مو: پیاز مو ☜ **پیاز**

ریشه‌ی موبین: تەڵ؛ تەڵی هەڵمژ ☜ **تارا**

ریشه‌ی نابجا: *[گیاه‌شناسی]* ریشەی ناوەجێ؛ چەشنێ ریشە کە لە بەشگەلی جۆراوجۆری گیا (وەک لاسک، گەلا و دووچکەگەلا) پێکدێ.

ریشه‌ی هوایی: *[گیاه‌شناسی]* ریشەی هەوایی؛ چەشنێ ریشە کە لە دەرەوەی خاکدا لە سەر بەشگەلی هەوایی گیاوە دەردێ.

▣ **ریشه‌ی چیزی را خشکاندن/ قطع کردن:** *[کنایی]* شتێک لە بن دەرهێنان؛ بنبڕکردن؛ بنەبڕ کەردەی؛ یەکسەرە توونا کردن.

ریشه دواندن: ۱. ریشە داکوتان؛ ریشە کوتان؛ ڕەگەوە وەتەی؛ ڕەگ بەردەی/ پێکەی؛ ڕەگاژۆ کردن و پەرە سەندنی ریشە ‹به زودی در خاک ریشه دواند و رشد کرد: زۆر زوو ریشەی داکوتا و گەورە بوو› ۲. *[کنایی]* چنگ داکوتان؛ چنگ دادان؛ تەنینەوە؛ تەشەنە کردن ‹فساد در همه جا ریشه دوانده بود: گەندەڵی لە هەموو شوێنێکدا چنگی داکوتابوو› ❋ **ریشه کردن**

ریشه کردن: ۱. ریشەکردن؛ بە ریشە بوون؛ ریشەدار بوون ۲. ☜ **ریشه دواندن**

از ریشه درآوردن: ۱. لە ریشە دەرهێنان؛ بێخەنە کەفتەی؛ دەرهێنانی گیا بە ریشەوە ۲. ☜ **از ریشه کندن**

از ریشه کندن: *[کنایی]* لە ریشە دەرهێنان؛ بنبڕ کردن؛ تەفر و توونا کردن: **از ریشه درآوردن**

تیشه به ریشه‌ی چیزی/ کسی زدن ☜ **تیشه**

ریشه‌ای[1] / rîše'î/: *صفت.* بنەڕەتی؛ بنیاتی؛ بنەمایی؛ ریشەیی ‹معالجه‌ی ریشه‌ای: دەرمانی بنەڕەتی›.

ریشه‌ای[2]: *قید.* بنەڕەتی؛ ریشەیی؛ سەرەکی؛ بنەمایی؛ بە شێوەی بنەڕەتی؛ بە شێوەی بنەمایی ‹در مورد مبارزه با فساد باید ریشه‌ای عمل کرد: لەمەڕ ململانێ لەگەڵ گەندەڵیدا دەبێ بنەڕەتی کار بکرێ›.

ریشه‌پوش / rîšepûš ، ـها/: *اسم.* *[گیاه‌شناسی]*

پەلاش؛ کالانێ کە ڕیشەی سەرەتایی گەنم و خەلەی‌تر دەپۆشێ.

ریشەچە / rîšeče/: *اسم. [گیاه‌شناسی]* ڕیشۆکە؛ بنەچەکە؛ بنچەکە؛ ڕیشەی تۆلی گیاگەلی تۆمدار کە پاشان دەبنە ڕیشەی سەرەتایی.

ریشەدار / rîšedār/: *صفت.* ڕیشەدار؛ ڕەگدار؛ پنجدار؛ بەڕەهە؛ بەبن ‹گیاهان ریشەدار: خانوادەی ریشەدار: گیای ڕیشەدار؛ بنەماڵەی ڕەگدار›.

ریشەشناسی / rîšešenāsî/: *اسم.* ڕیشەناسی: ١. بەشێ لە زانستی زمانناسی کە بە لێکدانەوەی گۆڕانی جار لە دووی جاری وشە تا گەییشتن بە شێوازی سەرەکی دەپەرژێ ٢. لێکۆڵینەوە لەمەڕ سەرچاوەی بەدیهاتنی شتێ، بەتایبەت ئاخێزگە و هۆی بەدیهاتنی نەخۆشی.

ریشه کن / rîšekan/: *صفت.* بنبر؛ بنەبڕ؛ بێخبڕ؛ قڕ؛ شپنە؛ شولگەنە؛ شوێنەوار براو: ١. بنبڕاو لە ڕیشە ‹توفان درختان را ریشه‌کن کرد: باسریشک، دارەکانی بنبڕ کرد› ٢. نابووت؛ لەبەین‌چوو ‹بیماری آبله در جهان ریشه‌کن شد: نەخۆشی هاوڵە لە جیهاندا بنبڕ کرا›.

ریشه کنی / rîšekanî/: *اسم.* بنبڕی؛ بنەبڕی؛ شوێنەواربڕی؛ کار یان ڕەوتی هەڵکەندن یان لەنێو بردن و یافت بڕینی شتێک.

ریشەنما / rîšnemā ، ـها/: *اسم. [گیاه‌شناسی]* ڕیشۆلە؛ هەر یەکە لە ڕیشەگەلی تەسکی وەکوو تاڵ، لە برێ ڕوەکدا کە کاری کێشانی ماک لە زەویەوە دەکەن: **ریشک**

ریع / rey'/: [عربی] ☜ **ری ـ٢**

ریغ / rîq/: *اسم. [مستهجن]* فیڕ؛ فیڕکە؛ قڕک؛ قڕۆ؛ تەقەفیڕە؛ ترووشقە؛ تراڵێ؛ گووشە؛ فیقە؛ پیسی زگچوو: **ریق**

◘ **ریغ افتادن:** فیران؛ زگچوون؛ سکچوون؛ پا کار کردن؛ شاتان؛ زگ ڕۆیین؛ فیڕکان؛ فیڕیان؛ هەڵشوولان.

ریغ(ش) درآمدن: *[کنایی]* جیق(ی) دەرهاتن؛ جیق و فیق دەرهاتن؛ بێ‌هێز و لاواز بوون.

ریغ رحمت را سر کشیدن: *[تعریض]* ئاوی ژیان هێق کردن؛ قاچ جووت بوون؛ سلار بوونەوە؛ سل سارد بوونەوە؛ مردن.

ریغماسی / rîqmāsî/ ☜ **ریغو**

ریغو / rîqû/: *صفت. [مستهجن]* ١. فیرن؛ فیڕن؛ ڕیخن؛ سکچووگ ٢. *[مجازی]* ڕیخوو؛ ڕیقن؛ ڕەقەڵە؛ داڵگۆشت؛ گوجەر؛ گاندایش؛ دەغەزار؛ لەڕ و لاواز؛ بێ‌هێز و بێچوو؛ لە نەخۆش چوو * **ریغماسی**

ریق / rîq/ ☜ **ریغ**

ریکشا / rîkšā ، ـها/: [؟]*اسم.* ڕیکشا؛ ئامێرێکی گواستنەوە بۆ هەڵگرتنی ڕێبوارێک، بە دوو چەرخی بڵیند و دوو دەستە لە پێشەوە، کەسێک دەیکێشا و تا ١٠ـ٢٠ ساڵ پێشتر لە برێ وڵاتانی ئاسیادا باو بوو.

ریگ / rîg ، ـها/: *اسم.* ڕێخ؛ ڕیخ؛ ڕیز؛ خیز؛ زیخ؛ خڕ؛ سیلک؛ سیل؛ ڕەفڵ؛ ڕتام؛ ڕەلم؛ ڕەمڵ؛ مڵ؛ لیم؛ لم؛ قووم؛ قوم؛ خار؛ دانە بەردگەلی کەم‌تاکورت خڕ (گەورەتر لە چەو) کە بە هۆی ئاو یان باوە ورد بووگن و سواون.

◘ **ریگ‌روان:** ڕێز؛ ڕمڵ؛ کۆمایێکی زیخ کە بە هۆی هەڵکردنی باوە ئەم لا و ئەو لا دەکا و گردەلم پێک دێنێ.

◘ **ریگ ته جوی آب بودن:** *[مجازی]* بەردی بن‌گۆم بوون؛ مانا و هەرمان بوون ‹ما در اینجا ریگِ تهِ جوی آبیم، ولی دیگران می‌آیند و می‌روند: ئێمە لێرە بەردی بن‌گۆمین، بەڵام کەسانی دیکە دێن و دەڕۆن›.

ریگی به کفش داشتن: *[مجازی]* شتێ لە ژێر کڵاودا بوون؛ ڕێخ لە کڵاشا بوون؛ بە ویستێکی

نارەوا یان تاوانێکەوە بوون ‹اگر ریگی به کفشت نیست، چرا حرف نمی‌زنی؟: ئەگەر شتێ لە ژێر کلاوتدا نیە، بۆ قسە ناکەی؟›.

ریگزار / rîgzār ، ـها/:اسم. ریخەلان؛ ریخناخ؛ زیخەلان؛ سیلاخ؛ کەڤیشتن؛ کەوەڵە؛ هوسکو؛ قومەلان؛ ڕەڵماوی؛ لمەلان؛ جێ ڕەڵم؛ زەوی داپۆشراو لە زیخ.

ریگ‌شور / rîgšûr/:اسم. ڕێخەوشۆر؛ نیسکەشۆڕ؛ نیسکەوشۆر؛ کار و ڕەوتی شۆردنی خەلە و دانەوێڵە بۆ خاوێن کردنەوەی لە ڕیخ و خاک و خۆڵ.

ریگ‌ماهی / rîgmāhî/ ☜ **سُقَنقور**

ریل / reyl ، ـها/: [انگلیسی]/اسم. ڕەیل: ١. پێکهاتەیەک لە ڕاهێلی پۆلایی بە شێوەی ┴ کە لە هەر دوولای ڕێئاسندا، لە سەر تراوێرس دادەنرێن و چەرخی قەتار بە سەریاندا دەڕوا ٢. میلەیێکی پتر کانزایی و لێوارەدار کە ئامێرێک بە چەرخی گنجڕەوە بە سەریدا دەڕوا ٣. پێکهاتەیەکی گنجڕـگنجڕ کە ئامێرێکی تێدا یان بە سەردا دەخلیسکێ.

ریل‌گذاری / reylgozārî ، ـها/: [انگلیسی/فارسی]/اسم. ڕەیل‌دانەری؛ کار یان ڕەوتی دانان و دامەزراندنی ڕەیل، بەتایبەت لە ڕێگای هێڵی ئاسندا.

ریم / rîm/:اسم. چلک؛ کیم؛ زووخ؛ زنچک؛ زیچک؛ زیچکاو؛ زنچکاو؛ زەرداوی برین.

ریمل / rîmel/: [فرانسوی]/اسم. ڕیمیل؛ ماکێکی ڕەنگی چەور و ڕەش بۆ ڕەشتنی برژانگ.

رینگ / rîng ، ـها/: [انگلیسی]/اسم. رینگ: ١. مەیدانی کێبەرکێی مستانی کە دەوراندەوری بە تەناف گیراوە ٢. *[مکانیک]* بازنەیەکی چودەنی کە پیستون لە سەر سیلەندرەوە ڕادەگرێ و لە تێچوونی گاز بۆ ناو کارتێل یان ڕۆن بۆ ناو سیلەندر بەرگری دەکا ٣. بازنەی کانزایی چەرخی ماشین، کە تەگەرەی پێوە دەنرێ.

ریواس / rîvās ، ـها؛ ـان/:اسم. ڕێواس؛ ڕێواسی؛ ڕیڤاس؛ ڕێواو؛ ڕێواوی؛ ڕاوەند؛ ڕبێز؛ ڕبێس؛ ڕمبێز؛ ڕمێز؛ نێر؛ قاڵەقنگ؛ قەلاقنگ؛ قەلاعنی؛ زەڕنیلە؛ نێرتکی باسکلاو؛ نیرتکە گیایەکی ترش و خۆشی کەمتەمەن، تایبەتی ناوچەی شێدار، کە دەگەڵ بەفر چوونەوە دەردەکەوێ و بۆ مرەبا و شەربەت و چێشت بەکاردێ.

ریون / riyon/: [فرانسوی]/اسم. ڕیۆن؛ جۆرێ هەودای دەسکردی وەکوو هەورێشم.

ریوی / riyavî/: [عربی] صفت. سیپەلاکی؛ سیەی؛ پێوەندیدار بە ئەندامی هەناسەدانەوە ‹بیماری ریوی: نەخۆشینی سیپەلاکی›.

ریه / rîye ، ـها/: [عربی]/اسم. سی؛ سیپەلاک؛ سیپەلک؛ جگەری سپی؛ هەر کام لە دوو پێکهاتەی کیسەئاسای پڕ لە هەوا لە نێو پەراسووی مرۆ و مۆرغەدارانی بالادا کە ئەندامی سەرەکی هەناسەدانە.

رییس / rayîs ، ـها؛ ـان؛ رؤسا/: [عربی]/اسم. سەرۆک: ١. بانترین پێگەی جێبەجێ کردن لە دامەزراوە یان ڕێکخراوەیەکدا ٢. سەردەستە یان ڕێبەری گرۆ ✻ **رئیس**

▣ **رییس جمهور/ جمهوری:** سەرۆک کۆمار؛ سەرکۆمار؛ هەڵبژاردراوی خەڵک بۆ سەرۆکی وڵات.

رییس خانواده: سەرۆکی خێزان؛ سەرۆکی ماڵ؛ یانەوان؛ کەسێ کە سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی خانووی وەئەستۆوە.

رییس دزدان: سەرۆک دزان؛ دایکە دزان؛ سەردەستەی دزان (زۆرتر لە فیلم و شانۆدا).

رییس‌الوزرا / rayîsolvozarā/: [عربی]/اسم. *[قدیمی]* سەرەک/ سەرۆک‌وەزیر.



ز / z/: *حرف.* ز؛ نیشانەی پیتی سێزدەهەمی ئەلفوبێتکەی فارسی.

ز[1] / ze/: *اسم.* زێ؛ ناوی سێزدەهەمین پیتی ئەلفوبێتکەی زمانی فارسی.

ز[2]: *حرف. [مخفف، ادبی]* لە؛ نە؛ جە؛ دە؛ وە؛ ژ ‹زگفتار او شاد شد: لە ڕاوێژی گەشایەوە›.

زا[1] / zā/: *اسم.* ١. زێ؛ نێوی عەرەبی سێزدەهەم پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی ٢. سک؛ زک؛ لەمە؛ زگ‌وزا؛ زا؛ کاری زایین؛ زارۆ بوون ‹مادرش سر زا رفته است: دایکی لە سەر سکەوە چووە›.

◘ **سر زا رفتن** ☜ **سر**[3]

ـ زا[2]: *پیواژه.* ــ زا؛ ـ زێ؛ ـ هێن؛ بزێ ‹بچەزا: زاورزا›.

زائد / zā'ed/: [عربی] ☜ **زاید**

زائدالوصف / zā'edolvasf/: [عربی] ☜ **زایدالوصف**

زائده / zā'ede/: [عربی] ☜ **زایده**

زائر / zā'er/: [عربی] ☜ **زایر**

زائل / zā'el/: [عربی] ☜ **زایل**

زائو / zā'û ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* زێسان؛ زەیسان؛ زەیستان؛ زیسان؛ زاوران؛ زاوەران؛ تازەزا؛ زەیسانە؛ ژنێ کە دەزێ یان تازە زاوە.

ـ زائی / zā'î/ ☜ **زایی**

زائیدن / zā'îdan/ ☜ **زاییدن**

زابراه / zāberā(h)/: *صفت. [گفتاری]* ١. زالەترەک؛ زار؛ دڵنەماو؛ دڵداکەوتوو؛ دڵئاشێو؛ دڵپەشێو؛ ناتواو؛ تووشیاری دڵەڕاوکێ و بیرئاڵۆزی ‹دیشب سارا دیر آمد و همه را زابراه کرد: دوێشەو سارا دێر هاتەوە و هەمووانی زالەترەک کرد› ٢. *[مجازی]* مەرژیر؛ ترافیە؛ بەرەزە؛ تەرە؛ زایە؛ دەربەدەر؛ ئاوارە ٣. سەرگەردان؛ سەرلێ‌شێواو؛ سەرسام.

زابگر / zābgar, zābgor/: *اسم. [قدیمی]* گوپچڕ؛ گوبجڕ؛ پلۆمە؛ مستێ کە لە زاری پڕ لە پفەوە دەدرێ تا با بە دەنگەوە بای لێ فت بێ.

زاپاس / zāpās ، ـها/: [روسی] *صفت.* سپێر؛ زاپاس؛ پێتەک؛ یەدەک؛ بە بار و لۆری ئامێری جێگرەوە ‹تایر زاپاس: تەگەرەی سپێر›.

زاج / zāc/: [معرب از کردی] *اسم. [شیمی]* زای؛ زاگ؛ زاخ؛ زاج؛ ساچ؛ شەب؛ هەموو جۆرە خوێی ئالومینیومداری ئەسید سوولفۆریک، کە گەردێکی سپی، بێ‌بۆن و ئاڵە.

◘ **زاج آبی**: قاژقاژە؛ ژەنگار؛ مووروە شینە؛ مووروە شین؛ مووروی شین؛ زاخی شین؛ کانزایەکە بە ڕەنگی شینی تۆخ کە بۆ دەرمان دەشێ.

زاج آهن: زای ئاسن؛ مووروەی ئاسن؛ سولفاتی دوو بەرامبەرکراوەی ئاسن و

پوتاسیوم، تەنی نەگۆڕی وەنەوش کە لە ئـاودا دەتوێتەوە.
زاج سبز: قیژاڵکە؛ مردارسەنگ؛ مرداسەنگ؛ شەبی سەوز؛ زاخی سەوز؛ سولفاتی ئاسنی بلۆرئاسا، خوێی سەوز کە لە ئاودا دەتوێتەوە و بووژێنەرە و بۆ ڕەنگرێژی و دروستکردنی مرەکەف بە کار دێ.
زاج سفید: سولفاتی دوانەی ئـالومینیوم و پوتاسیوم، تەنێکی نەگۆڕ و بێڕەنگ، بلۆرئاسا بە شێوەی هەشت پاڵووی ڕێک، زۆرتر لە ئـاوی گەرمدا دەتوێتەوە و لە ڕەنگکاری و دەباغی و بژیشکیدا بە کار دێ.
زاج سوخته: سیازاخ؛ قڵیاو؛ زاخێکی سپی کە پاش توانەوە و ساردەوە بوون دیسان تینی پێدراوە و ئاوەچن بووە و وەک کۆمایێکی سپی کون-کونی لێهاتووە.
زاجسنگ / zācsang/: [معرب/ فارسی]/اسم. زاخەبەرد؛ بەردی ئالوم؛ سولفاتی ئـاوداری ئالومینیوم، بریتی لە پوتاس، ئالومین و جار-جار هێندێک سودیوم کە لە بەردگەلی گڕکانیدا بەدی دەکرێ: **سنگ آلوم**
زاد[1] / zād/: /اسم. ۱. زا؛ زێ؛ زەها؛ زاد؛ زەو؛ زگوزا؛ زک و زا؛ سک و زا؛ زا و زێ؛ زا و زو؛ زۆمە؛ زایەنە (بۆ ئاژەڵ)؛ ڕەوتی زایین ‹زاد و ولد کردن: زا و زێ کردن› ۲. زاوەرە؛ بەچکە؛ منداڵ؛ ڕۆڵە؛ زارۆ؛ زا؛ زاور؛ زاوڵە؛ زارۆڵە؛ زوە؛ ئایل ۳. [عربی]/ادبی/ شەن؛ زاد؛ زەواد؛ زەود؛ تێشوو؛ توێشە؛ تۆشە؛ زەوا؛ بژیوی سەفەر ‹زاد راه: ڕاشەن›.
زاد ـ[2]: پیشوازە. زاـ؛ زەها؛ لە دایک بوون ‹زادروز: زارۆژ›.
ـ زاد[3]: پیوازە. ـ زا؛ ـ زاد: ۱. بەچکە ؛ منداڵ ‹پریزاد: پەریزا› ۲. ـ بوو؛ زاو؛ زاگ؛ لە دایک بووگ؛ بە دنیا هاتوو ‹نوزاد: نۆزاد›.
زادآوری / zādāvarî/: /اسم. زا و زێ؛ زا و زوو؛ زەو؛ زگوزا؛ زکوزا؛ سکوزا؛ زا و زوە؛ کار یان ڕەوتی تۆرەمە خستنەوە ‹سن زادآوری در انسان ۳۰ سال است: تەمەنی زا و زێ لە مرۆدا ۳۰ ساڵە›.
زادبوم / zād-o-bûm/: /اسم. /ادبی/ زێد؛ زاگە؛ شوێنەزا؛ جاخ؛ وار؛ نیشتمان؛ شوێنی لە دایک بوون.
زادراه / zādrāh/: /اسم. تۆشەڕێ؛ ڕاشەن؛ زەودە؛ توێشووی ڕێگە.
زادروز / zādrûz/: /اسم. زارۆژ؛ ڕۆژی لە دایک بوون؛ ڕۆژی هاتنە دنیای کەسێک.
زادگاه / zādgāh/: /اسم. زێد؛ زاگە؛ زادگەهـ ؛ شوێنەزا؛ زاینگە؛ شوێنی لە دایک بوون.
زادن / zādan/: مصدر. متعدی. لازم. /ادبی/// **زادی**: زای؛ **مـیزایـی**: دەزێی؛ **بـزا**: بزێ// □ متعدی. ۱. بوون؛ دین؛ دیەی؛ بەدیهێنان؛ وە دیر هاوردن؛ زارۆک بوون؛ زاوڵە دیەی؛ ویناى؛ بێچۆ دیتن؛ منداڵ هێنان؛ بێچوو هێنان ‹زادن و کشتن و پنهان کردن/ دهر را رسم و ره دیرین است: بوون و کوشتن و دەژێرخاک ڕاکردن/ ئاکاری لە مێژینەی ڕۆژگارە› ۲. /مجازی/ بەدیهێنان؛ هێنانە ئاراوە؛ هێنانە گۆڕ □لازم. ۳. زایمانکردن؛ لە بار بوونەوە؛ زان؛ زاین؛ زایین؛ زەی؛ زای؛ زایش؛ زهین؛ زەهین؛ زەهان؛ زایەنە (بۆ ئاژەڵ) ٤. لە دایک بوون؛ بە دنیا هاتن؛ بوون؛ پەیدا بیەی؛ بیەی؛ زان؛ زاین؛ زایین؛ زەی؛ زای؛ زایش؛ زهین؛ زەهین؛ زەهان ‹یارب از مادر گیتی به چه طالع زادم؟: خوایە بە چ ناوچاوێکەوە زاوم؟› ٥. /مجازی/ سەرهەڵدان؛ لێوەهاتن؛ پەیدا بیەی؛ بیەی؛ وە بەر هاتن؛ دەرهاتن؛ بەرئامەی؛ بوون؛ زان؛ زاین؛ زایین؛ زەی؛ زای؛ زایش؛ زهین؛ زەهین؛ زەهان؛ هاتنە ئاراوە ‹آیا فقر از جهل می‌زاید یا جهل از فقر؟: ئایا نەداری لە نەزانیەوە سەرهەڵدەدا یان نەزانی لە نەداریەوە؟› ٦. /مجازی، قدیمی/ زانەوە؛ زیەی؛ زیای؛ هەڵقولان؛ هەڵقولیان؛ هەڵقولتان؛ هەڵقولتیان؛

هەڵقوڵین؛ جۆشان؛ جۆشیان؛ دەردان؛ دانە دەر؛ تەقەی؛ تەقای؛ دەڵانی ئاو دە کانی و زناودا.
هەروەها: **زادنی**

■ صفت فاعلی: **زاینده** (ـ)/ صفت مفعولی: **زاده** (زاو)/ مصدر منفی: **نَزادن** (نەزایین)

زاد و رود / zād-o-rûd/: *اسم. [گفتاری]* زار و زیچ؛ زایا؛ زازا؛ زاڤ و زیچ؛ زاڤ و زیچ؛ وەچ و بەرە؛ زا و زیچ؛ زێر و زیچ؛ کوڕەزا و کچەزا و هەموو ئەوانەی کە لە کەسێکەوە بەدیهاتوون ‹بعد از آن زمین‌لرزه، همه‌ی زاد و رود او کوچ کردند و آمدند شهر: دوای ئەو بوومەلەرزە، هەموو زار و زیچی باریان کرد و هاتنە شار›.

زاد و ولد / zād-o-valad ، ـها/: [فارسی/ عربی] /اسم. زکوزا؛ سک و زان؛ زگوزا؛ زەو؛ زاوزوو؛ زا و زێ؛ زاد و وەڵەد؛ زایەنە (بۆ ئاژەڵ) ‹گوسفندان زاد و ولد کردند: پەزەکان زکوزایان کرد›.

ـ زاده / zāde ، ـها؛ ـگان/: *پیواژە.* ـ زادە؛ ـ زایە؛ بێچوو؛ منداڵ ‹شاهزاده: شازادە›.

زار [1] / zār/: *اسم.* ۱. شین؛ شیوەن؛ شەپۆڕ؛ ڕۆڕۆ؛ کەوگری؛ کەڵگری؛ گریان بە دەنگی بەرز ۲. *[فرهنگ‌مردم]* جنۆکەیێ کە بە بڕوای بڕێ لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا و دەور و بەری زەریای عەمان و کەنداوی فارس، ئەگەر بچێتە نێو لەشی هەر کەسێکەوە، تووشی نەخۆشینی دەکا و بۆ تاراندنی لە لەشی نەخۆش، ڕێوڕەسمێکی تایبەتی وێڕای گۆبەندی بۆ دەگێڕن.

⊡ **زار زدن**: زارین؛ زمیهتن؛ زمین؛ زاریان؛ زمایش؛ زارەزارکردن؛ شین و شەپۆڕ کردن؛ کەوگریان؛ شین‌کردن؛ زۆڕەزۆڕ کردن:

زارـزار گریه کردن

زار ـ زار گریه کردن ☜ **زار زدن**

زار [2]: *صفت.* زار؛ ژار؛ نزار؛ زوێن؛ زوێر؛ زویر؛ زوار؛ لاواز؛ ناخۆش؛ خەمبار؛ کۆلیل؛ بێ‌گریک ‹حال زار: حاڵی زار›.

ـ زار [3]: *پسوند.* ـ زار؛ ـ سار؛ ـ جاڕ؛ ـ ئەڵان؛ ـ ڵان؛ شوێن یان ناوانێ کە لە شتێ، زۆری تێدایە ‹گلزار: گوڵزار›.

زارت و زورت / zārt-o-zûrt/: *اسم. [مستهجن]* گاڵە و گێفە؛ شات و شووت؛ گەڤ و گوڕ؛ گەڤ و هەڕەشە؛ هەڕەشە و گوڕەشە؛ زیت؛ هۆگاڵە؛ هەرا و هەڕەشە؛ گاڵەگاڵی تێکەڵ بە هەڕەشە ‹مگر تو چکاره‌ای که این طور زارت و زورت می‌کنی؟: مەگەر تۆ کێی کە ئاوا گاڵە و گێفە دەکەی؟›.

زارع / 'zāre ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/اسم. وەرزیار؛ وەرزیەر؛ وەرزێر؛ وەرزێڕ؛ وەرزەوان؛ وەرزگەر؛ جووتیار؛ کێڵگەر؛ تووچێن؛ دەشتەوان؛ کەشاوەرز؛ کشتیار؛ هیتیار؛ هیتەوان؛ چێنەر؛ زارە؛ فەلا.

زار و زندگی / zār-o-zendegî/: *اسم. [مجازی، گفتاری]* ماڵ و ژیان؛ کەلپەل؛ دار و نەدار؛ دار و بەر؛ بژیوی؛ ژیوار؛ ئامیانی ژیان؛ بەرگی ژین؛ کەلوپەلی بە سەر بردنی ژیان ‹زار و زندگی همه را سیل برد: سێلاو ماڵ و ژیانی هەموانی برد›.

زار و نزار / zār-o-nazār/: *صفت.* زار و زوێن؛ زوێن؛ زار و نزار؛ نزار؛ زار و زوار؛ کز و کەنفت؛ لەڕ و لاواز؛ بێ‌گریک؛ ژار؛ نەخۆش؛ کز؛ کەمدار و بار ‹با حال زار و نزار روی تختخواب افتاده بود: بە حاڵێکی زار و زوێنەوە لە سەر تەختەکە کەوتبوو›.

زاری / zārî ، ـها/: *اسم.* شین؛ زاری؛ ژاری؛ زمی؛ کرووز؛ کەوگری؛ زووکەزووک ‹تا صبح زاری می‌کرد: تا بەیانی شینی دەکرد›.

زاریدن / zārîdan/: *مصدر. لازم. [نامتداول]* زارین؛ زاریان؛ زمیهتن؛ زمین؛ کالین؛ زمایش؛ شین‌کردن؛ کەوگرین؛ ژاری‌کردن؛ زای‌کردن.

زاغ [1] / zāq/: *اسم.* ۱. ـها؛ ـان/ قەل؛ قەلەڕەشە؛ قەلەڕەش؛ قەلەڕەشکە؛ قالاو؛ قەلاسیلکە؛ قژاک؛ قلاژیلک؛ زاق؛ پەلەوەرێکی پڕ قیژ و قاژ، بە

جەستەی قاوەیی ئاماڵ چێرەیی، پەڕی شین و ڕەش و سپی بە شێوەی ڕێ-ڕێ لە سەر باڵ، جووتێ چاوی شین و کلکی ڕەشەوە ٢. زاخاو؛ بریقەی کانزا؛ ڕەنگی بریقەداری سەر کانزا ٣. شینتۆخ؛ ڕەنگی ئاوی پڕڕەنگ ٤. ☜ **زاج**

▣ **زاغ سیاه کسی را چوب زدن:** *[مجازی]* کەسێک دانە ژێر چاو؛ پا سەر کەسێ نان؛ کولەی کەسێ گرتن؛ چاو لە کەسێ دانەخستن؛ سەر دە دووی کەسێ نان؛ جێ پێ کەسێ هەڵگرتن؛ ڕەدوو کەوتنی کەسێ بێ ئەوەی بزانێ، بۆ سەردەرهێنان لە کاری ‹زاغ سیاهش را چوب زدم ببینم می‌خواهد کجا برود: دامە ژێر چاو، بزانم بۆ کوێ دەچێ›.

زاغ [٢]: *صفت.* شینتۆخ؛ شین؛ زاق؛ کەوگ؛ بە ڕەنگی ئاوی پڕڕەنگ ‹چشم زاغ: چاوی شینتۆخ›.

زاغچه / zāqče ، ـها/: *اسم.* قشقەڕە؛ قشقەلە؛ قەشقەل؛ قەل؛ قەلقشک؛ قەلقیشک؛ قەلەبەلەک؛ قەلانچە؛ قەلەژاژە؛ قەلەباچکە؛ قولەبازەلە؛ قورەباچکە؛ قاژ؛ قاژوو؛ قاقیشک؛ قرک؛ قژک؛ قژگە؛ قژاک؛ قژاکە؛ زاخێ؛ دوڤمەساسە؛ پەلەوەرێ لە تیرەی قەلان، بە جەستەی گچکە و ڕەنگی ڕەش-شینی پەرداخەوە کە نێر و مێی وەک یەک وایە.

زاغک / zāqak ، ـها/: *اسم.* گوراڵە مووسایانە؛ عەمرۆکە؛ قەل‌خورک؛ قالاوخوەر؛ نێوی چەند بنە گیای ئالیکی خۆڕسک و پایا، بە لاسکی ڕاست یان خزۆک، گەڵای تووکن، گوڵی زەرد، سوور یان نارنجیەوە.

زاغ و زوغ / zāq-o-zûq/: *اسم.* *[گفتاری]* ١. قیژ و واژ؛ قیژ و قاژ؛ زمی و نالە؛ زاق و زیق؛ زاق و زووق؛ زیق و واق؛ زیق و هۆڕ؛ زاک و زووک؛ زاک و زیک؛ زیرەزیر؛ قیژەقیژ؛ چویرە ‹شب تا صبح زاغ و زوغ بچه نگذاشت بخوابم: شەو تا بەیان قیژ و واژی منداڵەکە نەیهێشت بنووم› ٢. *[کنایی]* زاڵە؛ سکاڵا؛ گلەی؛ گلەیی؛ گلە؛ منجەمنج ‹بین اگر بخواهی دایم زاغ و زوغ بکنی، معامله‌مان نمی‌شود: بڕوا ئەگەر بتەوێ هەر زاڵە بکەی، مامەڵەمان نابێ› ❋ **زاق و زوق**

زاغه / zāqe ، ـها/: *اسم.* کەوێڵ؛ کوول؛ کویل؛ زاخە؛ زاخ؛ زاخڕ؛ زاخۆن؛ زاخۆر؛ زاخوور؛ تەوخ؛ ڕەهۆڵ؛ سولتان؛ تەمووشە؛ گورە؛ ئەشکەوتی دەسکرد لە کێو، تەپۆڵکە یان ڕەتیمدا کە بۆ هەڵگرتنی شتێ یان تێدا مانەوە هەڵیدەکۆڵن.

زاغه‌نشین / zāqenešîn ، ـها؛ ـان/: *صفت.* زاخەنشین؛ کەوێڵ‌نشین: ١. دانیشتووی زاخە ٢. *[کنایی]* خاوەن ماڵ و لانەی هەژارانەی وەک زاخە.

زاغی / zāqî/: *اسم.* کلاغ زاغی ☜ **کلاغ**

زاق و زوق / zāq-o-zûq/ ☜ **زاغ و زوغ**

زال / zāl/: *صفت.* ١. زاڵ؛ کەژ؛ کەز؛ مووسپی؛ قژچەرموو؛ قژچەرمگ: **بور- بور** ٢. *[ادبی]* پیر؛ زورهان؛ دانسال؛ سالێچوو؛ کەولەکۆن؛ بەسالاچوو.

زال‌تنی / zāltanî/ ☜ **زالی**

زالزالک / zālzālak ، ـها/: *اسم.* گوێژ؛ گوێژ؛ گێوژ؛ کێوژ؛ گویج؛ گفیر؛ گڤیژ؛ گڤیش؛ گووج؛ گوج؛ گووژ؛ گوژ؛ گوهێژ؛ گوهێژ؛ گهووژ؛ گیژ؛ گڤیشک؛ گوریج؛ گوویشک؛ گوێشک؛ گوشک؛ گۆشک؛ گڤویشک؛ گهیشک؛ گوهیشک؛ گوهووشک؛ گومش؛ گوومش؛ گیچ؛ گێژۆک؛ گیژەلە؛ گوشک؛ بلچ؛ بلج؛ بلچی؛ بلت؛ بلەت؛ بلەتی؛ بەلەچ؛ تەنگیز؛ دیژەڵە؛ ڕیلی: ١. دارچکێکی درکاوی بە گوڵی هێشوویی بچووک و سپی یان زەردی جوانەوە ٢. بەری ئەو دارە کە چکۆلە و خواردەمەنیە، ڕەنگی زەرد یان سوورە و پاییزان پێدەگا.

زالو / zālû ، ـها/: *اسم.* زاروو؛ زالوو؛ زاڵوو؛ زەلوو؛ زەروو؛ زیرۆ؛ زێروو؛ زێلوو؛ زالە؛ زالی؛ زالی؛ زێلی؛ زێری؛ شەلک؛ زووری؛ زۆرگ؛ زوررک؛ مارمژ؛ کرمی گچکەی ئاڵقەیی کە زۆرتر دە

ئاوی شیریندا دەژی و بە یارمەتی ئەندامگەلی مژۆکیەوە دەزەلقێتە گیانلەبەران و خوێنیان هەڵدەمژێ.

زالی / zālî/: *اسم.* کەژی؛ کەزی؛ زاڵی؛ مووچەرمگی؛ دیاردەیێ کە بە هۆی نەبوونی زکماگی ڕەنگدانەوە دەبێتە هۆی سپی بوونی موو، ڕۆشن و کاڵ بوونی ڕەنگی پێست و چاو: **زاڵ‌تنی؛ بوربوری**

زامیاد / zāmyād/: *اسم.* زامیاد: ۱. فریشتەی بەرپرسی زەوی لە ئایینی زەردەشتیدا ۲. ناوی ڕۆژی بیست و هەشتمی مانگ لە ساڵی هەتاویدا.

زان / zān/: *قید.* *[مخفف، ادبی]* لەو؛ ژۆ؛ چا؛ لە ئەو ‹زان آتش اگرچه پر زنور است/ ایمن بود آن کسی کە دور است: لەو ئاورە ئەرچی تین و نوورە/ بێ‌وەی ئەوەیە کە لێی بەدوورە›.

زانو / zānû/ ـها؛ زانوان/: *اسم.* ئەژنۆ؛ ئەژنوو؛ هەژنۆ؛ هژنێ؛ وژنێ؛ ژنۆ؛ ژەنوو؛ ژوونی؛ وژنگ؛ وژینگ؛ زانۆ؛ زانوو؛ زرانۆ؛ زانی؛ زرانی؛ زەنگۆڵ؛ هەنگۆڵ؛ چۆک؛ کورک؛ قچ؛ ورزنگ: ۱. جمگەیێ لە پای مرۆڤدا، لە نێوان ئێسکی ڕان، کەشکەوژنگ (کلاوەژنۆ) و بەلەکدا، هەروەها ئەو بەشە لە پێ کە ئەژنۆش دەگرێتەوە ۲. جمگەی پێی چوارپێیان کە وەک ئەژنۆی مرۆیە ۳. جمگەی پاژنەیی لە پەلەوەراندا ٤. جمگەی نێوان ڕان و کلاوەژنۆ لە میرووانـدا ٥. بەشێ لە پاتۆڵ و شالوار کە سەر ئەژنۆ دادەگرێ ٦. ئانیشکە؛ تیکەیێکی چکۆلەی ناو بۆشی چەماوە بۆ لادانی ڕێگەی لوولە.

▣ **زانو انداختن:** سەر چۆک خستن؛ سەر زرانی دان؛ دەرپەڕینی سەر زرانی پانتۆڵ یان شەرواڵ بە هۆی زۆر لە بەرکردنەوە ‹آنقدر چهارزانو نشسته بودم کە شلوارم زانو انداختە بود: ئەوندە چوارمەشقێ دانیشتبووم پاتۆڵەکەم سەر چۆکی خستبوو›.

زانو به زانو نشستن: *[کنایی]* لووت بە لووت دانیشتن؛ چۆک بە چۆک دانیشتن؛ ئەژنۆ بە ئەژنۆ دانیشتن؛ دانیشتن بەرامبەر بە یەکتر و زۆر نێزیک بە یەک ‹چند ماه زانو بە زانو می‌نشستیم و با هم بحث می‌کردیم: چەند مانگ لووت بە لووت دادەنیشتین و پێکەوە قسەمان دەکرد›.

زانو خم کردن: *[کنایی]* چۆک دادان؛ نیشتنە سەر چۆک؛ گلان؛ بەزین؛ بەزیان؛ کۆڵدان؛ شکست هێنان لە کار یان کێبەرکێیەکدا ‹در برابر حریفش زانو خم کرد: لە هەمبەر خەنیمەکەیەوە چۆکی دادا›.

زانو زدن: ۱. چۆک دان؛ دانیشتە سەر زرانی؛ ئەژنۆ دانە سەر زەوی؛ زەنگۆڵەرە دەی؛ لە سەر چۆک دانیشتن ۲. *[کنایی]* چۆک دادان؛ هاتنە سەر چۆک؛ لە هەمبەر کەسێکدا بەیدەست بوون ‹همه در برابرش زانو زدند: هەموو لە بەرامبەریەوە چۆکیان دادا›.

زانوی غم در بغل گرفتن: دەستەو ئەژنۆ دانیشتن؛ پەنجە هەڵپێکان؛ زرانی خەم گرتنە باوەش؛ چنگزین؛ لە بەر خەم و پەژارە، نووشتاندنەوەی ئەژنۆ و هەڵپێکانی دەست بە دەوریدا و سەر نانە سەری ‹چه خبر است زانوی غم در بغل گرفته‌ای؟: چ قەوماوە، دەستەو ئەژنۆ دانیشتووی؟›.

بە زانو درآمدن: *[کنایی]* ۱. چۆک دادان؛ نوشست هێنان؛ شکان؛ تێکشکان؛ بەزان؛ بەزیەی؛ بەزیای ‹ارتش آلمان سرانجام بە زانو درامد: سپای ئالمان ئاخری چۆکی دادا› ۲. *[ادبی]* لە پا/ پێ‌کەوتن؛ لە پا کەفتن؛ ڕمیان؛ هێز و توان لێبڕان ‹ناگهان بە زانو درامد و دیگر نتوانست برخیزد: لەنکاو لە پا کەوت و چیدی نەیتوانی هەڵسێتەوە›.

بە زانو درآوردن: *[کنایی]* چۆک پێدادان؛ شکست پێدان و لە تەق‌ودوو خستن ‹بیماری

او را به زانو درآورد: نەخۆشی چۆکی پێدادا›.

روی زانو نشاندن: لە سەر ئـەژنۆ دانـان؛ نیانـە سەر وژنـگ؛ لـە سـەر چـۆک دانـان؛ سـەروو زەنگـۆڵاوە نیـەی ‹بچـە را روی زانویت بنشان: منداڵەکە لە سەر ئەژنۆت دانێ›.

روی زانوی کسی نشستن: لـە سـەر ئـەژنۆی کەسێ دانیشتن؛ دانیـشتن لـە سـەر چـۆکی کەسێ؛ سـەروو زەنگۆڵـوو/ زەنگـۆڵاو یۆیـەوە نیشتەیرە ‹چهـار دست و پا رفت و روی زانـوی [illegible] نشست: بـە گاولـکێ ڕۆی و لـە سـەر ئەژنۆی باپیری دانیشت›.

زانوئی / zānû'î/ ☜ **زانویی**

زانوبند / zānûband ، ـها/:/سم. ئەژنۆبـەن؛ لەتـە پارچەیەکی کێشی بەنـدار یـا ئاڵـقەیی کـە بـۆ پاراستنی ئەژنۆ لە ئاست لێدان یان دەرچوونەوە پێوەوەی دەبەستن.

زانـویی / zānûyî ، ـهـا/:/سم. زانـوو؛ ئانیـشکە؛ لەتەیەکی بچووکی لوولەیی هـڵۆل بـە سـیلەی جۆراوجۆرەوە بۆ گۆڕانی بـاری لوولـە یـان لێـوە بوونی لوولەیەکیتر و...: **زانوئی**

زانـــــی / zānî/: [عربـــی]/ســـم. [اســـلام] دامـــێنپـــیس؛ دامـــێنتـــەڕ؛ داوێـــنتـــەڕ؛ داوێـنپـیس؛ شـواڵچەپـەڵ؛ زیناکـار؛ فلیتـە؛ پیاوێ کە گانی حەرامی کردووە.

زانیـــە / zāniye/: [عربـی]/اسـم. [اسـلام] ژنی داوێنتەڕ؛ ژنی زیناکار؛ ژنێ کە گـانی حـەرامی داوە.

زاویه / zāviye ، ـهـا؛ زوایا/: [عربـی]/اسـم. سـیلە؛ سووچ؛ قـۆزی؛ گۆشـە؛ کـونج؛ قـوژبن؛ چمـک: ۱. خاڵێ کە دوو یان چەن رووپـەڕ، هـێڵ یـان لێوارەی تێدا دەگەنە یەک ۲. *[ریاضی]* بەشـێک لە لاپەڕە کە لە چەرخانی نیوە هێـڵێ بـە دەور سـەرەتای خۆیـدا بـەدیهاتووە ۳. *[ریاضـی]* ئەندازەی هەراوی یان تـەنگی ئـەو شکـڵە یـان نزیکی و دووری ئەو دوو باڵە لە یـەک ٤. زێـوە؛ سووچی گۆڕستانی پیاوانی ئایینی و پیرۆزان کە بینایەکیان بۆ کراوەتەوە.

▣ **زاویـەی اتـاق:** کـاژێر؛ کوڵەسـووچ؛ قـوژبن؛ کونجی ماڵ؛ سووچی ئۆدە.

زاویەی باز ☜ **زاویەی منفرجە**

زاویەی برجستە ☜ **زاویەی کوژ**

زاویەی برگشتە ☜ **زاویەی کاو**

زاویـەی تکایـا: کـاژێر؛ ئـۆدەی خەڵـوەت لـە تەکیەدا.

زاویەی تند ☜ **زاویەی حادّە**

زاویەی حادە: گۆشـەی تیـژ؛ گۆشـە/ سـیلە/ سووچ/ کونجی تەنگ؛ سووچ/ سیلە/ کـونجی تێژ؛ کونجی کەمتر لە ۹۰ پلەک: **زاویەی تند**

زاویەی کاو: گۆشـە/ سـیلە/ سـووچ/ کـونجی قـورپ؛ گۆشـەیێ لـە ۱۸۰ تـا ۳٦۰ پلـەک: **زاویەی برگشتە؛ زاویەی مقعر**

زاویەی کـوژ: گۆشـە/ سـیلە/ کـونجی کـۆم؛ گۆشەیێ لە ۰ تا ۱۸۰ پلەک: **زاویەی برجستە؛ زاویەی محدّب**

زاویەی محدب ☜ **زاویەی کوژ**

زاویەی مقعّر ☜ **زاویەی کاو**

زاویەی منفرجە: گۆشەی بـاز؛ گۆشـەیەک لـە نێوان ۹۰ و ۱۸۰ پلەکدا: **زاویەی باز**

زاویەهای متمم: دوو گۆشـەی وا کـە پێکـەوە دەبنە ۹۰ پلەک.

زاویەهای مکمل: دوو گۆشەی وا کـە پێکـەوە دەبنە ۱۸۰ پلەک.

زاویەسـنج / zāviyesanc/: [عربـی/ فارسـی] ☜ **زاویەیاب**

زاویەنشین / zāviynešîn ، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی] *صفت.* گۆشـەگیر؛ خەڵـوەتنـشین؛ پـشت لـە دنیاکردوو.

زاویـەیـاب / zāviyeyāb ، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی] *اسـم.* گـۆش/ سـیلە/ سـووچ/ کـونجپێـو؛ پـانتومیتر؛ کەرەسـەی ئەنـدازەگرتنی گۆشـە

که له نه‌خشه هه‌ڵگرتن و هه‌ڵسه‌نگاندنی زه‌ویدا به کار دێ: **زاویه‌سنج**

زاهد / zāhed ، ـها؛ ـان؛ زُهاد/: [عربی]/اسم. ته‌رکه‌دنیا؛ هه‌بیس؛ هه‌ریس؛ پارسا؛ خۆپارێز؛ تاییم؛ که‌سێ که بۆ نزیک بوونه‌وه له خودا پارێزکاری گرتۆته پێش.

زایا / zāyā/: صفت. [ادبی] بزۆک؛ زایا؛ زه‌ڤۆک؛ زایێ؛ به زگ‌وزا؛ به زاوزۆ؛ لێهاتوو له زا و زێدا.

زایائی / zāyā'î/ ☜ **زایایی**

زایاندن / zāyāndan/: مصدر. متعدی. // **زایاندی:** زایاندت؛ **می‌زایانی:** ده‌زایێنی؛ **بزایان:** بزایێنه// زایاندن؛ زایانن؛ یاری کردنی دایک له زاندا: **زایانیدن.** هه‌روه‌ها: **زایاندنی**

■ صفت فاعلی: **زاياننده** *[نامتداول]* (زایێنه‌ر)/ صفت مفعولی: **زایانده** (زایێنراو)/ مصدر منفی: **نَزایاندن** (نه‌زایاندن)

زایانیدن / zāyānîdan/ ☜ **زایاندن**

زایایی / zāyāyî/: اسم. زایایی؛ بزۆکی؛ زه‌ڤۆکی؛ بار و دۆخ یان چۆنیه‌تی بزۆک بوون: **زایائی**

زاید / zāyed ، ـها/: [عربی] صفت. زیادی؛ زێده؛ نه‌پێویست ‹این لباسها زاید بودند: ئه‌م به‌رگانه زیادی بوون›: **زائد**

⊡ **زاید بر:** پتر له؛ فره‌تر له؛ زۆرتر له؛ فره‌ته‌رجه؛ جیا له ‹زاید بر نیاز: پتر له نیاز›.

زایدالوصف / zāyedolvasf/: [عربی] صفت. له قسه نه‌هاتوو؛ له وتن نه‌هاتگ؛ سه‌رتر له ڕاده و ئاستی ده‌ربڕین و هه‌واڵ دان: **زائدالوصف**

زایده / zāyede ، ـها؛ زواید/: [عربی]/اسم. گرووز؛ لک؛ زێده؛ زه‌قی یا ده‌رپه‌ڕیوی، به‌تایبه‌ت له ئه‌ندام یا ئێسکدا: **زائده**

زایر / zāyer ، ـها؛ ـان؛ ـین؛ زُوار/: [عربی]/اسم. زیاره‌تکه‌ر؛ زیاره‌تکار؛ ئه‌وی که که‌سێک یان جێگا و شوێنێک زیاره‌ت ده‌کا: **زوار؛ زائر**

زایرسرا / zāyersarā ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. شوێنێ بۆ نیشته‌جێ بوون و حه‌سانه‌وه‌ی زیاره‌تکه‌ران.

زایش / zāyeš/: اسم. زه‌ها؛ زا؛ زاگ؛ زاوزوو؛ زاوزه‌و؛ زاوزۆ؛ زاوزێ؛ زه‌هاک (بۆ ئاژه‌ڵ)؛ زه‌هه‌ک (بۆ ئاژه‌ڵ)؛ کار یان ڕه‌وتی زان.

زایشگاه / zāyešgāh ، ـها/: اسم. زایینگه؛ زێسانگه؛ نه‌خۆشخانه یان ده‌رمانگه‌ی تایبه‌ت به زایینی ژنان.

زایشی / zāyešî/: صفت. زه‌هایی؛ زا و زۆیی؛ پێوه‌ندیدار یان سه‌ر به زاوزێ.

زایل / zāyel/: [عربی] صفت. نه‌ماو؛ فه‌وتاو؛ نوقمه‌سار؛ هه‌ڕشاو؛ ون بوو؛ له ناوچوو: **زائل**

⊡ زایل شدن: له نێو چوون؛ لاچوون؛ ون بوون؛ بزر بوون؛ نه‌مان؛ شیایوه ‹بزودی لکه‌های روی پوستش زایل شد: خێرا په‌ڵه‌کانی سه‌ر پێستی له نێو چوو›: هه‌روه‌ها: **زایل کردن**

زایمان / zāyemān ، ـها/: اسم. زا؛ زه‌ها؛ زۆمه؛ زان؛ زایه‌نه (ئاژه‌ڵ)؛ زهه؛ کار یان ڕه‌وتی زایین.

زاینده / zāyande ، ـگان/: صفت. ۱. *[نامتداول]* زاوزێ‌که‌ر؛ بزۆک؛ زایا؛ زه‌ڤۆک؛ زایێ؛ خاوه‌ن توانایی و لێهاتوویی زایین ۲. زاینده؛ به توانایی زێده بوونه‌وه.

- **زایی** / zāyî/: پیوازه. ـ هێنی؛ ـ پێکهێنی؛ ـ به‌دیهێنی؛ ـ زایی؛ ـ زێیی ‹گرمازایی: گه‌رماهێنی›: **زائی**

زاییدن / zāyîdan/: مصدر. متعدی. لازم. // **زاییدی:** زاییت؛ **می زایی:** ده‌زێی؛ **بِزا:** بزێ// □ متعدی. ۱. دین؛ دیتن؛ دیه‌ی؛ بوون؛ بیه‌ی؛ بێچوو دیتن؛ زاوله دیه‌ی؛ وینای؛ وه دیر هاوردن؛ زوه‌ی خۆ هێنانه دونیا؛ بێچوو هێنان؛ منداڵ بوون ‹زنت پسر زایید: ژنه‌که‌ت کوڕی دیوه› □ لازم. ۲. زایین؛ زاین؛ زان؛ زه‌هان؛ زه‌هین؛ زهین؛ زه‌ی؛ زای؛ زایش؛ زۆر بوون؛ فره بوون ‹انگار پولهایت زاییده: چما پاره‌کانت زاون› ۳. زایه‌نه؛ له بار بوونه‌وه ‹خرگوش دشوار زایید: که‌روێشک ئاریشه ده‌زێ› ۴. بوون؛ له دایک

بوون؛ بیەی؛ پەیدا بیەی؛ بە دنیا هاتن ‹برهنه زند ز مادر همه: هەموو بە ڕووتی لە دایکیان دەبن›
٥. [مجازی، قدیمی] زانەوە؛ زیەی؛ زیای؛ ڤەمزتن؛ هەڵقولان؛ هەڵقولیان؛ هەڵقولتان؛ هەڵقولتیان؛ هەڵقولین؛ جۆشان؛ جۆشیان؛ دەردان؛ دانە دەر؛ تەقەی؛ تەقای؛ تەقینەوەی ئاو لە کانی و زۆنگدا: **زائیدن**. هەروەها: **زاییدنی**

■ صفت فاعلی: **زاینده** (ـ)/ صفت مفعولی: **زاییده** (زاییگ)/ مصدر منفی: **نَزاییدن** (نەزایین)

زَباد / zabād/: [عربی]/اسم. زەباد: ١. [ـها/] گیانلەبەرێکی وەک پشیلەیە، بە پێستی خۆڵەمێشی ڕێ‌ڕێوە کە لە ژێر کلکیدا لکێکی هەیە و لەوێوە ماکێکی بۆنخۆش دەدەڵێنێ لە عەترسازیدا بە کەڵک دێ: **گربەی مشک** ٢. ناوی ئەو ماکە بۆنخۆشە.

زُبالە / zobāle، ـها/: [عربی]/اسم. گوهوور؛ شەخەڵ؛ پاڵ؛ زبڵ؛ زبیل؛ زوێڵ؛ زرۆزبڵ؛ زوێل؛ کرس؛ خەوش‌وخاڵ؛ پڵ‌وپووش؛ خشت‌وخاڵ؛ خۆڵ‌وخاش؛ شتانی بێ‌بایەخ بۆ فڕەدان (وەک پاشماوەی پێخۆر، توێکڵی میوە، کاغەز دڕاوە و ئەوەی لە گەسک داندا کۆ دەبێتەوە).

زُبالەبند / zobāleband، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. زبڵ‌پێچ؛ دەزگا یا ماشینێ کە بە گوشاردان، بارستایی زبڵ کەم دەکاتەوە تا هەڵگرتن و جێبەجێ‌کردنی ساناتر بێت.

زُبالەدان / zobāledān، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. زبڵدان؛ زبڵگە؛ یاگەشەخەڵ: ١. دەفرێ یان شوێنێ کە زبڵی تێ‌دەڕژێنن ٢. زبڵدانی.

زُبالەدانی / zobāledānî، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. زبڵدانی: ١. جێگایێ کە زبڵی لێ خڕ دەکەنەوە ٢. زبڵدان.

زُبالەسوز / zobālesûz، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. زبڵ‌سووتێن؛ کوورە یان کوانوویەک کە زبڵی تێدا دەسووتێنن.

زُبالەکش / zobālekeš، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. زبڵ‌کێش؛ کەرەسە یا دەم و دەزگای زبڵ و پاڵ گواستنەوە.

زَبان / zabān، ـها/:/اسم. زمان؛ زوان؛ زبان؛ زوبان؛ هەزمان؛ ئەزمان؛ زۆ؛ زمۆون: ١. زان؛ زوخان؛ ئەندامی گۆشتنی بزۆز دە زاری زۆربەی بڕبڕەداراندا کە لە ناسینەوەی چێژەگەلی جۆراوجۆر، قووت دانی خۆراک و قسە کردن لە مرۆدا، دەوری هەیە ٢. زوانی ئاژەڵی گۆشتی کە بە کولاوی دەیخۆن ‹ساندویچ زبان خوردیم: بابۆلەی زوانمان خوارد› ٣. [مجازی] هێز یا توانایی قسەکردن ‹مگر زبان نداری چرا حرف نمی‌زنی؟: مەگەر زمانت نیە بۆ قسە ناکەی؟› ٤. گەلالەیەکی سامانمەند لە مێشکی مرۆدا کە بە هۆی دەنگ و نیشانەگەلی نووسینی و بە گوێرەی بنەماگەلێکی پۆڕدراو، بەدی‌دێ و هۆی تێگەیشتن و تێگەیاندنە ‹ما همه به یک زبان صحبت می‌کنیم: ئێمە هەموو بە زمانێ قسە دەکەین› ٥. کۆمەڵە دروشم و نیشانەگەلێ کە لە بوار و بەستێنێکی تایبەت دە نێوان گرۆیەکدا بە کار دەڕوا ‹زبان حیوانات؛ زبان کامپیوتر: زمانی گیانەوەران؛ زمانی کەمپیوتەر› ٦. [مجازی] زمانی بیانی؛ زمانی نامۆ ‹آزاد زبان می‌خواند که برود خارج: ئازاد زمان دەخوێنێ کە بچێ بۆ هەندەران› ٧. [گفتاری] قسە؛ وتار ‹زبان ریختن: قسە ڕەقاندنەوە› ٨. [مجازی] زاراوە و شێوەی قسەکردن ‹زبان خوش: زمانی خۆش› ٩. جۆرێ نان شیرینی وەکوو زمان.

▣ **زبان ادبی**: زمانی وێژەیی؛ زمانی ئەدەبی؛ وشە و زاراوێ کە لە نووسینی زمانێک بەتایبەت لە نووسراوەی دابی و ئەدەبیدا بە کار دەچێ.

زبان اشاره: زمانی ئاماژە؛ زوانوو هەنارەی؛ کاری تێڕاگەیاندنی مەبەستی خۆ بە ئاماژە.

زبان باردار: زمانی بەبار؛ زمانی بارگرتوو؛ زوانی کەسێ کە لە بەر یاو یان کار ترازانی

گەدە، دائیساوە و ڕەنگی گۆڕاوە.

زبان بی‌زبانی: *[مجازی]* زمانی بێ‌زمانی؛ کار یان ڕەوتی دەربڕین و تێگەیاندنی مەبەستێ بێ ئەوەی بە ڕاشکاوی قسەی لێوە بکرێ.

زبان بین‌المللی: زمانی نێونەتەوەیی: ۱. زمانێ کە لە نێوان نەتەوەگەلی جۆراوجۆردا پەرەی سەندووە و بە زمانی یەکگرتووی جەهانی یان نێو نەتەوەیی ناوبانگی دەرکردووە و بە کار دەچێ (وەکوو فەرانسەیی لە ڕابردوودا و ئینگلیزی لە ئێستادا) ۲. *[کنایی]* زمانی ئاماژە.

زبان تندوتیز: *[مجازی]* زمانی ڕەش؛ زمانی شەڕ؛ زمانی تاڵ؛ دەمی پیس؛ قسەی ڕەق؛ قسەی تفت و تاڵ؛ قسەی شڕ و دڕ.

زبان حال: *[کنایی]* زمانی حاڵ؛ ئەو شتەی کە چلۆنایەتی و بار و دۆخی کەسێ یان شتێک دەردەبڕێ.

زبان خوش: *[مجازی، گفتاری]* زمانی خۆش؛ قسەی خۆش؛ زمانی شیرین؛ لفت و گفتی خۆش وێڕای دلۆڤانی.

زبان رایانه‌ای: زمانی کەمپیوتەری؛ هەر کام لەو بەرنامانەی کە لە کۆمەڵە پیت، ژمارە، نیشانە و شێوەکارگەلێک پێکهاتوون و لە کەمپیوتەردا کارێکیان پێ ئەنجام دەدرێ.

زبان رسمی: زمانی ڕەسمی؛ زوانی فەرمی؛ زمانێ کە لە مەزرینگە و دام و دەزگا دەوڵەتیەکان و نووسراوەگەلی سەر بە دەوڵەتی هەر وڵاتێک بە کار دەچێ.

زبان زرگری: زمانی زێڕنگەران؛ شێوە ئاخافتنێکی تایبەت کە لە گۆڕانی ڕاوێژ و جێبەجێ‌کرانی برگەگەلی زاراوەی تارانی لە ناو ڕیزی زێڕینگەراندا پێکهاتووە، بەم چەشنە کە دوای هەر پیتێک «ز»یەک زیاد دەکەن.

زبان عامیانه: زمانی کووجی و کۆڵان؛ زمانی خەڵکی؛ زاراوە و ئاخافتنی خەڵکی نەخوەنەوار.

زبان کوچک: بەلەزوانە؛ بەلەزمانە؛ ئەلەنگە؛ ئەلنگە؛ بەلوونکە؛ زمانۆک؛ زانک؛ زیل؛ زوانە چکۆلە؛ پارچە گۆشتێ گچکە لە بنی زمان و سەرەتای گەروودا.

زبان مادری: زگماکی؛ زمانی زکماک؛ زوانی مایێ؛ زمانی دایکی؛ زوانی ماری؛ زوانوو لەماوەردی؛ زمانێ کە مرۆڤ لە منداڵیەوە لە ڕێگای ئاخافتنی دایک و بابیەوە فێری دەبێ و بەو زمانە لەگەڵ هاووڵاتیانیدا قسە دەکا.

زبان مار: درویشی؛ درێشوکی؛ درێشووکە؛ کالەگ؛ دریشووکەی مار.

زبان محاوره: زمانی وت‌وویژ؛ وشە و زاراوەیەک کە لە وت‌وویژی نێوان جەماوەردا بە کار دەچێ.

◘ **زبان آدم سر کسی نشدن:** *[مجازی]* قسەی حیسابی بە گوێی کەسێکدا نەڕۆیشتن؛ بە هیچ زمانێ حاڵی نەبوون؛ زمانی بنیادەم بە سەری کەسێکدا نەچوون؛ لە قسەی بنیادەم حاڵی نەبوون؛ سەهەنە بوون؛ مل نەدان بە وت‌وویژی ژیرانە و ڕێ نەدان بە قسەی ڕەوا ‹مگر زبان به سرت نمی‌شود: مەگەر قسەی حیسابت بە گوێدا نەڕوا›.

زبان باز کردن: *[مجازی]* زمان‌گرتن؛ زمان‌کرانەوە؛ زمان‌کردنەوە؛ زوان وەر بیەی؛ پەیدا کردنی هێز و توانایی قسەکردن ‹بچه‌اش تازه زبان باز کرده بود: منداڵەکەی تازە زمانی گرتبوو›.

زبان به دهان گرفتن: *[گفتاری]* دەم وێستان؛ دەم لێک‌نان؛ زمان بەستن؛ وەروو دەمی گێرتەی؛ زوانەوە وراسەی؛ تاقەت هێنان و قسە نەکردن ‹یک دقیقه زبان به دهان بگیر و به حرفهای من گوش بده: تاوێ دەمت بوەستێ و گوێ بگرە بۆ قسەکانم›.

زبان چرب و نرم داشتن:*[مجازی]* دەم‌تەڕ بوون؛ زمان‌لووس بوون؛ زمانباز بوون؛ زمان‌چەور بوون؛ خاوەن قسە و وتاری دۆستانە و میهرەبانانە هەبوون.

زبان خود را گاز گرفتن:*[کنایی]* بەر دەم خۆگرتن؛ زوانی خۆ گازگرتن؛ قەپ‌کردن بە زمانی خۆدا؛ زوانوو وێ ئەوەگەسەی؛ دەم لە قسە پاراستن ‹این حرفها چیست که می‌زنی؟ زبانت را گاز بگیر: ئەم قسانە چیە دەیکەی؟ سەر دەمت بگرە›.

زبان ریختن:*[مجازی]* دەم دان؛ دەم تەقنەی؛ قسە ڕەقاندنەوە؛ بۆ ڕازی‌کردنی کەسێک زۆر قسەکردن ‹یک ساعت برایش زبان ریختم: سەعاتێک دەمم دا بۆی›.

زبان سیمرغ برای کسی خواندن:*[مجازی]* قسەکردن بە نەرم و نیانی و زیرەکی لەگەڵ کەسێکدا بۆ ڕازی‌کردنی.

زبان کسی را بستن:*[مجازی]* دەم کەسێ بەستن؛ دەموو یۆی بینەی؛ قوڵف پێ‌کردن؛ قوڵف بە کەسێ کردن؛ هەلی قسەکردن لە کەسێ بڕین ‹حرفی زد که زبانم را بست: قسەیێکی کرد دەمی بەستم›.

زبان کسی را فهمیدن: لە زمانی کەسێ حالی بوون؛ لە قسەی کەسێ تێگەیین؛ تێگەیشتن لە مەبەستی کەسێک ‹باز تو زبان او را بهتر می‌فهمی: هێشتا تۆ لە زمانی ئەو باشتر حالی دەبی›.

زبان کسی را موش خوردن:*[تعریض]* زمان لە زار/ دەمی کەسێکدا نەبوون؛ بێ دەم وپل/ زمان بوون؛ حەپۆل مێش‌خۆر بوون؛ بێدەنگ بوون و قسە نەکردن لە کاتی پێویستدا ‹انگار زبانش را موش خورده بود: چما زوان لە زاریدا نەبوو›.

زبان کسی گرفتن:*[مجازی]* سەر زمانی کەسێ گرتن؛ زوانوو یۆی گێریایرە؛ تور بوون یا تووشی توری هاتن ‹زن خیلی خوبی است، ولی زبانش می‌گیرد: ژنێکی زۆر باشە، بەڵام سەر زمان دەگری›.

زبان کسی مو در آوردن:*[مجازی]* زمانی کەسێک کول بوون؛ دەم کەسێ داکەفتن؛ زمانی کەسێک موو دەرهێنان؛ زوانوو یۆی موو بەرئاردەی؛ بۆ بە دەست هێنانی ڕەزامەندی کەسێک، زۆر قسەکردن ‹بس که این حرف را گفتم، زبانم مو درآورد: هێندە ئەم قسەم کرد، زمانم کول بوو›.

از زبان کسی گفتن: لە زمانی کەسێکەوە وتن؛ لە قەوڵ کەسێکەوە قسەکردن؛ زوانوو یۆیەوە واتەی؛ وتەیەک لە لایەن کەسێکەوە دەربڕین ‹رفته از زبان من گفته که با عروسی مخالفم: چووە لە زمانی منەوە گوتوویە دژی زەماوەندم›.

به زبان آمدن:*[مجازی]* ۱. هاتنە قسە؛ هاتنە زمان؛ قسەکردن؛ ئامایوە زوان ‹ناگهان مار به زبان امد و گفت...: لەنکاو مار هاتە قسە و گوتی...›. ۲. دەنگ دەرهاتن؛ هاتنە زمان/ زوان؛ ئامایوە دەنگێ؛ ناڕەزایی دەربڕین؛ بەرهەڵستی‌کردن ‹آن‌قدر اذیت کردی که بالاخره به زبان آمد: ئەوندە ئازاندت دەنگی دەرهات›. هەروەها: **به زبان آوردن**

به زبان کسی حرف زدن:*[مجازی]* ۱. لاسایی کەسێ کردنەوە؛ بە زوانوو یۆی قسەکەردەی؛ بە وشە و شێوەی کەسێک و وەک خۆی قسەکردن ۲. بەرامبەر بە بیر و ڕا یان سەلیقەی کەسێ قسەکردن.

به سر زبانها افتادن ☜ سر زبانها افتادن، سر[۳]

زبان‌آموز / zabānāmûz/:*اسم*. ۱. کەرەسە، بەتایبەت کتێبێ کە زمانێکی نامۆی پێ فێر دەبن ۲. خوێندکاری زمان؛ یا قوتابیەک کە خەریک فێر بوونی زمانێکە. هەروەها: **زبان‌آموزی**

زبان‌آور / zabānāvar ، ـان/: *صفت. [مجازی]* دەمەوەر؛ دەماوەر؛ زمان‌تەڕ؛ دەم‌پاراو؛ وتەپاراو؛ قسەزان؛ قسەڕەوان؛ زارشیرین؛ بە دەم و زمان؛ خاوەن توانایی و هونەری جوان و ڕازاوە قسەکردن.

زبان‌آوری / zabānāvarî/: *اسم. [مجازی]* دەمەوەری؛ دەماوەری؛ زمان‌پاراوی.

زبانباز / zabānbāz/: *صفت.* دیلباز؛ دیلبان؛ زوانباز؛ زمانباز؛ زمان‌لووس؛ زمان‌تەڕ؛ خوڵتەکەر؛ زمان‌چەور؛ لێهاتوو لە قسەی جوان و دڵخواز بۆ بە دەست هێنانی دڵی دیتران بە مەبەستی گەیشتن بە مرازی خۆ. هەروەها: **زبانبازی**

زبان‌برە / zabānbarre/ ☜ **بارهَنگ ـ۱**

زبان‌بستە / zabānbaste ، ـها/: *صفت.* بەستەزمان؛ بەسەزوان: ۱. بێ‌سەر و زوان؛ بێ‌زمان؛ زوان‌بەسە؛ زمان‌بەسراو؛ زوان‌بەسیاگ؛ بێ‌دەم‌وپل؛ بێ‌دەم و دوو؛ بێ‌دەم و زوان؛ دەم‌سارد؛ تایبەتمەندی ئەوەی نەتوانێ یان بۆی نەکرێ قسە بکات ۲. *[کنایی]* چەوساوە؛ زوڵم‌لێکراو؛ دەشەنی.

زبان‌پریشی / zabānparîšî/: *اسم. [روان‌شناسی]* نەمان یان کز بوونی توانایی قسەکردن پتر بە هۆی وەزەنێکی مێشکیەوە. هەروەها: **زبان‌پریش**

زبانچە / zabānče/: *اسم.* زبان کوچک ☜ **زبان**

زباندار / zabāndār ، ـها؛ ـان/: *صفت. [کنایی]* زماندار؛ دەمدار: ۱. بە دەم و زوان؛ سەر و زواندار؛ تایبەتمەندی ئەوەی بەبێ ترس و ڕووداشکان قسەی خۆی دەکا ۲. دەم‌ڕاس؛ دەم‌ڕاست؛ دم‌ڕاست؛ ڕەوان‌بێژ؛ دەڤخۆر لە گەیاندنی مەبەستدا.

زباندان / zabāndān ، ـها؛ ـان/: *اسم.* زمان‌زان؛ زوان‌زان؛ کەسێ کە یەک یان چەند زمانی بیانی دەزانێ. هەروەها: **زباندانی**

زبان‌درازی / zabānderāzî ، ـها/: *اسم. [مجازی]* زمان‌درێژی؛ دڕدووکی؛ کار یان ڕەوتی خۆ تێ‌هەڵقوڵتاندن؛ دەم لێدان؛ قسەکردن لە بارەی شتێکەوە کە کاری بێژەر نیە. هەروەها: **زبان‌دراز**

زبان‌درقفا / zabāndarqafā ، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم.* گوڵەئاڵۆز؛ زوانەبووکە؛ گیاییێکی یەک ساڵە یا هەمیشەیی لە تیرەی هەڵاڵان، بە هێشووی پێچەڵپێچی درێژ و بنەوش، سوور یان سپیەوە: **دلفین**

زبانزد / zabānzad ، ـها/: *اسم. [مجازی]* سەرزارەکی؛ ڕستە یان وشەیەک کە لە نێو وێژەرانی زمانێک لە بابەتێکی تایبەتدا بە کار دەڕوا و بیرکردنەوەی ناوێ (وەک ئەوە کەسێک ئێژێ: «سەلام» ئەوی‌تر جواب دەداتەوە: «سەلام سەر چاو»).

زبانزد[۲]: *صفت. [مجازی]* قسەی سەر زار؛ لە سەر زمانی خەڵک و بابەتی قسە و باسی خەڵک ‹داستان عشق آنان زبانزد مردم شهر بود: باسی ئەوینی ئەو دووە قسەی سەر زاری خەڵکی شار بوو›.

زبان‌شناختی / zabānšenāxtî/: *صفت.* پێوەندیدار یان هاوگەری زمان‌ناسی.

زبان‌شناس / zabānšenās ، ـها؛ ـان/: *اسم.* زمان‌ناس؛ زوان‌ناس؛ زمانەوان؛ کەسێ کە لە سەر یەک یان چەند زمان، چییەتی، پێکهاتە و گۆڕانکاریەکانی دەکۆڵێتەوە.

زبان‌شناسی / zabānšenāsî/: *اسم.* زمان‌ناسی؛ زوان‌ناسی؛ زمانەوانی؛ زانستی لێکدانەوەی پەیڤی مرۆڤ، کە یەکەگەل، چییەتی، پێکهاتە و گۆڕانی زمان دەگرێتەوە.

زبانک / zabānak ، ـها/: *اسم. [گیاه‌شناسی]* زمانۆک: ۱. زیادەیێ گچکە لە پێوەنگای پانکەڵە و چڵە ناسکەی گەڵا بە لاسکی گیاوە ۲. پووڵەکێکی گچکە لە سەر بنکی گەڵای برێ گیاوە ۳. جامۆڵەی وەک زمانی برێ گوڵووکگەل.

زبان‌گنجشک / zabāngoncešk, -goncešg ، ـها/:/اسم. بناو؛ بناڤ؛ بەناڤ؛ بەناو؛ وناو؛ بناوی؛ بناوەچ؛ بناوچ؛ وناوچ؛ زوانەمەلووچکە؛ زوانەمەلیچک؛ دارێکی چێوی پایا لە تیرەی زەیتوون بە گوڵی بێ‌کاسە و جام کە بەر لە گەڵا کردن دەپشکون، چرۆی ڕەشی کولکنە و گەڵای شانەیی یان ڕووبەڕوو، بەری وشکی توێکڵدار و ناوکەی ڕۆندارە و بۆ بۆنخۆش‌کردنی برێ نۆشابە بە کار دەچێ.

زبان‌نفهم / zabān.nafahm ، ـها/: [فارسی/ عربی] صفت. تێنەگەیشتوو؛ ناحاڵی: ۱. لە زمان حاڵی نەبوو؛ لە قسە تێنەگەییو؛ تایبەتمەندی کەسێ کە لە قسەی خەڵک تێ‌ناگا ۲. *[کنایی]* گوێلەق؛ گوێ‌شۆڕ؛ گۆهشۆڕ؛ دەبەنگ.

زبانه / zabāne ، ـها/:/اسم. ۱. زوانە؛ زمانە؛ دەرپەڕیوەیەکی وەک زمان لە شتێکدا ‹زبانەی قفل: زوانەی قولف› ۲. سک داویەکی بەرتەسک لە گڵ و ماسە لە ناو کەنداودا.

◙ زبانەی آتش: گوڕ؛ گوڵ؛ گوڕی؛ گڕە؛ گڕئاور؛ گڕپە؛ کلپە؛ کلە؛ کللی؛ پەهت؛ پێت؛ بڵێسە؛ بلووزە؛ زمانە؛ تلەتڵ؛ ڕڤین؛ ڕمی؛ مەفشەڵ؛ گڕی هەڵچووی ئاگر.

زبانەی خورشیدی: بڵێسەی هەتاوی؛ تەقینەوەگەلێکی کورت و زۆر بەتین بە شێوەی مەلبەندگەلێکی درەوشاوە لە ڕەنگین گۆی تاودا.

زبانەی سگک: کورەک؛ زمانەی ئاڵقە زوونە.

زبانەی قفل: زمانەی قوفڵ؛ زوانەی قولف؛ دوورک (بۆ قوفڵی داریـن)؛ پەلی دەرپەڕیوی قوفڵ کە بە کلیل دەکرێتەوە و دەبەسترێ.

◙ زبانه کشیدن: بڵێسە دان؛ هەڵپشکووتن؛ کلپە سەندن؛ گوڕی‌دان؛ گڕ پێکەی؛ خوار و بان‌کردنی گڕ ‹آتش درون بخاری زبانه می‌کشید: ئاگری ناو سۆبەکە بڵێسەی دەدا›.

زبانی / zabānî/: صفت. زمانی؛ زوانی: ۱. پێوەندیدار بە زمانەوە ۲. دەڤکی؛ دەمی؛ زارەکی؛ بە دەم وتراو ۳. *[مجازی]* سەرزارەکی؛ سەرزاری؛ گووپی؛ بەبێ هاوڕێیی لەگەڵ کرداردا ‹دوستی زبانی: دۆستی زمانی›.

زبانیار / zabānyār ، ـها؛ ـان/:/اسم. زمانیار؛ ئەوی کەبۆ فێرکردنی قسە بەبێ دەم و دوان ڕاهاتووە و لەم کارەدا لێهاتوویی هەیە.

زبانیاری / zabānyārî/:/اسم. زمانیاری؛ فێرکاری زمان؛ زانست یان شێوەی فێرکردنی پەیڤین بەو کەسانەی کە لە قسەکردندا کەم و کووڕیان هەیە.

زبده / zobde ، ـها؛ ـگان/: [عربی] صفت. هەڵبژارتوو؛ هەڵبژاردوو؛ هەڵبژارتە؛ هەڵبژاردە؛ لێهاتوو؛ ژێهاتی؛ لەبار؛ هەڵکەوتوو؛ خاوەن تایبەتمەندی گرینگ و بەرچاو ‹زبدەی مخلوقات: هەڵبژارتووی ئافرێنراوان›.

زبر / zebar, zabar/:/اسم. سەر؛ سەرە: ۱. نیشانەیەکی بزاوی لە شێوە نووسینی فارسی و عەرەبیدا کە بکەوێتە سەری هەر پیتێک، دەنگی «ە» یان «ـە»ی پێ‌دەدا ۲. *[ادبی]* بان؛ زت؛ ڕووی هەر شتێک ‹زبر خاک: بانی خاک›.

زبر / zebr/: صفت. زبر؛ زرو؛ زڤر؛ زبرە؛ زروە؛ زرب؛ زرف؛ زوور؛ زوڤر؛ زەور؛ زوفت؛ زێر؛ گڕ؛ گرناڵ؛ گرنۆر؛ گرنج؛ قورنج؛ گەرووز؛ گرس؛ گرژ؛ گزم؛ درشت؛ دشت؛ ڕووش؛ ڕووشە؛ قەرت؛ خێخ؛ گوژم؛ بە ڕوویێکی ناساف و چاڵ و بەرزی ورد و سفتیەوە. بەرانبەر: **نرم** ‹پوست زبر: پێستی زبر›.

زبرا / zebrā/: [انگلیسی از ایتالیایی] ☜ **گورآسب**

زبرجد / zebarcad/: [عربی]/اسم. یاقووتی‌زەردە؛ بەردێ لە ئلیوین بە مەنیەزیوم یا مەنیەزیوم و ئاسنەوە، بە ڕەنگی قاوەیی و سەوز کە لە گەوهەرسازیدا بە کار دێ.

زبردست / zebardast, zabar- ، ـان/: صفت. [ادبی] ١. باڵادەست؛ باڵادەس؛ زۆردەست؛ دەسەڵاتدار؛ زت؛ خاوەن هێز و گوڕی زۆرتر ‹ای زبردست زیردست آزار: ئەی باڵادەستی ژێردەست چەوسێن› ٢. دەستهەل؛ چنگە؛ مامۆستا؛ لێهاتوو؛ لێزان؛ کارامە ‹ناطق زبردست: بێژەری لێهاتوو›. هەروەها: **زبردستی**

زبر و زرنگ / zebr-o-zerang ، ـها/: صفت. [گفتاری] زبت و زرەنگ؛ زرت و زرینگ؛ زرک و زینگ؛ کرژ و کۆڵ؛ گورج و گۆڵ؛ چوست و مەزبووت؛ وت و وریا؛ زیتەڵ؛ زیتەڵە؛ تروسک؛ چەلەنگ؛ گوربز؛ بە دەست و برد ‹کارگر زبر و زرنگ: کرێکاری زبت و زرەنگ›.

زبره / zebre/: اسم. زروە؛ زوروە؛ قرتیل (بۆ دانەوێڵە)؛ ئەوەی لە بەر سفتی و ورد نەبون هێلەک دایناداو تێیدا دەمێنێتەوە. بەرانبەر: **نرمە**

زبری / zebrî ، ـها/: اسم. زبری؛ زروی؛ زرویی؛ گرنالی؛ نارێکی لە ڕوویەکدا. بەرانبەر: **نرمی**

زبل / zebel ، ـها/: [از عربی] صفت. [تعریض، گفتاری] سەگانی؛ سەگ؛ زۆرزان؛ فرەزان؛ گزەون؛ زیرەک؛ فێڵباز؛ زۆڵ ‹این رفیق تو خیلی زبل است، همەمان را گول زد: ئەم ڕەفیقەت یەکجار سەگە، هەمووومانی فریو دا›.

زبون / zabûn/: صفت. [ادبی] زوێن؛ زەبوون: ١. بەزیو و تەزیو لە درێژەدانی ملە ٢. پەست؛ خوار؛ کورە؛ کوورە؛ ئابڕووتکاو؛ ئابڕوونەماو ٣. دامساو؛ دەسەوەستان؛ دەسەپاچە؛ بێدەسەڵات؛ کز و لاواز. هەروەها: **زبونی**

زپرتی / zepertî ، ـها/: صفت. [تعریض، گفتاری] ١. کەمبایەخ ‹کتاب زپرتی: کتێبی کەمبایەخ› ٢. شەقوشڕ؛ سس؛ سست ‹خانەی زپرتی: ماڵی شەقوشڕ› ٣. بێهێز؛ کز؛ لاواز؛ لەجەر؛ زەپرتی ‹پیرزن زپرتی: پیرەژنی بێهێز› ٤. شلوشۆل؛ شلەپەتێ؛ ئەوەی بەرگەی گوشار ناگرێ ‹پارچەی زپرتی: قوماشی شل و شۆل›: **فزرتی**

زجاجیە / zocācîyye/: [عربی] اسم. تراوێکی ڕوون و لینجە کە زۆرترین بەشی گۆی چاو لە پشتەوەی گلێنە پڕ دەکاتەوە.

زجر / zacr/: [عربی] اسم. ئازار؛ ئێش؛ ئەشکەنجە؛ جەزر؛ ناراو؛ زووخاو.

◘ زجر دادن: زووخاو پێدان؛ زووخاوەسک کردن؛ ئازار دان؛ جەزرەوە دان؛ زەجر پێدان؛ ئەشکەنجە دان؛ ناراو دان؛ ناراو پێهەڵێنان؛ ڕەنج دان؛ ئازراندن؛ ئاراندن؛ ئەرناندن؛ بن پەنج کرن؛ تەرپلاندن؛ کەڤاندن؛ دەوساندن؛ دەسنین ‹اینقدر مادرت را زجر نده: ئەمەندە زووخاو مەدە بە دایکت›.

زجر دیدن: ئازار دیتن؛ ئەشکەنجە دیتن؛ جەزرەوە دیتن؛ زووخاو چوونە سک؛ ناراو دیتن؛ کەوتنە بەر ئازار دان؛ ڕەنج دیتن ‹دە سال زجر دیدم و دم بر نیاوردم: دە ساڵ ئازارم دی و دەنگم دەرنەهات›.

زجر کشیدن: ئازارکێشان؛ ئەشکەنجە کێشان؛ زەجرکێشان؛ ڕەنجکێشان؛ زووخاو چێشتن.

زجرآور / zacrāvar/: [عربی/ فارسی] صفت. پڕ لە زووخاو؛ پڕجەزرەبە؛ پڕئازار؛ ئازاردەر؛ هۆی ئەشکەنجە و ئازار ‹زندگی زجرآوری داشتم: ژیانێکی پڕ لە زووخاوم هەبوو›.

زجردیده / zacrdîde/: [عربی/ فارسی] صفت. چەوساوە؛ ئازاردیتوو؛ زەجردیتوو؛ ئەشکەنجەدیتوو؛ تەمڵە.

زجرکش / zacrkeš/: [عربی/ فارسی] صفت. زەجرکێش؛ تووشیاری ئەشکەنجە و دەرد و ئازاری زۆر.

زجرکش / zacrkoš/: [عربی/ فارسی] صفت. ئازارکوژ؛ کوژراو بە هۆی شکەنجە و ئازارەوە.

◘ زجرکش کردن: ئازارکوژکردن؛ بە ئەشکەنجە و جەزرەبە دان کەسێ کوشتن ‹او را زجرکش کرده بودند: ئازارکوژیان کردبوو›.

زحاف / zehāf/: [عربی]/اسم. /ادبی/ شێوازێکی گۆڕان لە کێشی شیعری عەرووزیدا (بەحر) کە بە لابردنی یەک یان چەند پیت کێشێکی تازە بەدی‌دێت، وەک «مُستَفعِلُن» ببێتە «مُفتَعِلُن».

زحل / zohal/: [عربی]/اسم. کەیوان؛ ئاستان؛ دووهەمین گەڕۆکی گەورەی کۆمەڵەی هەتاوی دوای موشتەری و شەشەمین گەڕۆک لە باری دووری لە خۆرەوە، کە بە چاو دەبینرێ و ئاخلەیێک دەورەی داوە: **کیوان**

زحم / zohm/: [عربی] ☜ **زُهم**

زحمات / zahamāt/: [عربی] جمعِ ☜ **زَحمَت**

زحمت / zahmat ، ـها؛ زَحَمات/: [عربی]/اسم. زەحمەت: ۱. زامەت؛ ئەمەک؛ ئەرک؛ ڕەنج و ئەرک ‹زحمت زندگی: زەحمەتی ژیان› ۲. سەخڵەت؛ کاری دژوار ‹ساختن خانه خیلی زحمت داشت: کردنەوەی ماڵ زۆر زەحمەت بوو›.

▣ **زحمت زیاد**: گوێچڕ؛ دەردیسەر؛ ناری عەلی؛ زۆر بە دژواری ‹با زحمت زیاد بدهی را ازش گرفتم: بە هەر گوێچڕێ بوو قەرزەکەم لێ‌ساندەوە›.

▣ **زحمت دادن**: زەحمەت دان؛ زامەت دای؛ دەردیسەر دان؛ ڕەنج پێدان؛ ئەزیەت دان؛ چەوساندن؛ کاری دژوار بە کەسێک داسەپاندن.

زحمت کشیدن: زەحمەت کێشان: ۱. ڕەنج دان؛ ڕەنج‌کێشتەی؛ ئەرکی گران جێبەجێ کردن؛ کراندن؛ ئەرک‌کێشان؛ کەفتەدان؛ چەوسانەوە ‹برایش خیلی زحمت کشید: زۆر زەحمەتی بۆ کێشا› ۲. مەینەت کێشان؛ کەفتنە زەحمەت؛ کارێکی سەخت‌کردن ‹زحمت کشیدید، این همه راه را برای دیدن ما تشریف آوردید: زەحمەتتان کێشا، بۆ دیتنی ئێمە ئەو هەموو ڕێگەیە هاتن›.

زحمت کم کردن: /مجازی/ لە کۆڵ بوونەوە؛ زەحمەت کەم کردن؛ کردنە بەهەشت؛ لە لا یان لە ماڵی کەسێک چوون ‹اگر اجازه بفرمایید دیگر زحمت کم می‌کنیم: ئەگەر ئیجازە بەن با ئیتر لە کۆڵ بینەوە›.

زحمتکش / zahmatkeš ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. زەحمەتکێش؛ زەحمەتکێش: ۱. ڕەنجدەر؛ ڕەنجبەر؛ ئەرک‌دەر؛ بارگران؛ بارقورس؛ هەڵگری ڕەنج و سەختی لە کاردا ۲. نانەدۆز؛ خاوەن پیشەی سەخت و پڕ دەردیسەر.

زخارف / zaxāref/: [عربی]/اسم. /ادبی/ ۱. سلسلە و پلپلە؛ سسلەوپپلە؛ هەر شتێکی گرانبایی و ڕەنگاوڕەنگ ۲. خشڵ؛ زێڕ و زەنبەر؛ ڕەوش.

▣ **زخارف دنیوی**: ۱. زێڕ و زێوی دنیا ۲. زەرق و بەرقی ژیان.

زخم / zaxm ، ـها/: اسم. زەخم؛ زام؛ زیەم: ۱. برین؛ زەخمەل؛ کولک؛ چوێ؛ نژد؛ ڕێش؛ گەزندێ کە بە پێست دەگا ۲. ئالگ؛ زەخمەل؛ چوێ؛ نژد؛ ڕێش؛ کوان؛ چاک و قاژێ کە لە جێگایەکی لەشدا پەیدا دەبێ و چلک یان خوێنی لێوە دێ ۳. /مجازی/ گەزەنی ڕۆحی و هەستی ‹زخم زبان: زەحمەی زار› ٤. ڕووشێ کە لە سەر شتێکەوە بەدی‌بێ.

▣ **زخم بستر**: برینی ناوجێ؛ زامی سەرجێ؛ زامێ کە لە بەر هەڵاژیانی زۆری بڕێ نەخۆشان، زۆرتر لە پشتیاندا بەدی‌دێ.

زخم تازه: گەرمەبرین؛ تازەبرین؛ برینێ کە هێشتا سارد نەبۆتەوە و خوێنی لێ‌دێ.

زخم چرکین: دوژەدەر؛ زامێ کە کێم و هەوای هەیە.

زخم زبان: /مجازی/ پلار؛ زیپک؛ شاتاڵ؛ شاتاوڵ؛ تانە و تەشەر؛ لارە؛ قسەی تاڵ و ناخۆش.

زخم کاری: /کنایی/ برینی کاری؛ زامی قووڵ؛ برینی تیژ؛ زامێ کە ببێتە هۆی مەترسی فەوتان و لە نێو چوونی کەسێک یان

گیانەوەرێک.

زخم معده: قورعە؛ قورحە؛ برینێ لە ناو گەدەدا کە بە هۆی شێوانی گەڕیانی خوێن لە دیوارەیدا، هاندرانی دەماری سەمپاتیک، زۆر بوونی تەوش و ترشی گەدە یان کرژ بوونەوەی ماسوولەکانی گەدە بەدی دێ.

▣ **زخم برداشتن:** زەخمی بوون؛ زامار بوون؛ بریندار بوون؛ بە هۆی کوتران یان گەزنەوە زامار بوون.

زخم بستن ☜ **زخم‌بندی**

زخم بودن: زەخم بوون؛ بریندار بوون؛ زام بیەی؛ خاوەن گەزندێ چلکین یان خوێنین بوون. هەروەها: **زخم شدن**

زخم زدن: بریندارکردن؛ زامدارکرن؛ زەخمی کردن؛ ڕیشدارکردن؛ چوێدار کردن.

زخم کردن: بریندارکردن؛ کردنە زەخم؛ ئازار گەیاندن بە پێست و چینی ژێر پێست.

بە زخم کاری زدن: *[مجازی]* کەلێنێک/ کەلەبرێک/ کەل و کونێکی پێ پڕکردنەوە؛ دانە تەمووی زامێکدا؛ کونێکی پێ گرتن؛ ولەکەلەکێو پنەگێرتەی؛ کەلک وەرگرتن لە شتێ بۆ کارێ ‹اگر آن پول زودتر می‌رسید به زخم کاری می‌زدم: گەر ئەو پارە زووتر بگەیشتایە، کەلێنێکم پێ پڕ دەکردەوە›.

زخم‌بندی / zaxmbandî ، ـها/: *اسم.* برین‌پێچی؛ زامبەندی؛ کار یان ڕەوتی بەستنی زەخم، بەتایبەت ڕەوتی خاوێن‌کردنەوە، دەوا لێدان و داپۆشینی برین بە برین‌پێچ.

زخم‌وزیلی / zaxm-o-zîlî/: *صفت. [گفتاری]* بریندار؛ زامار؛ پرزام؛ پڕ لە برین، ڕووش یان شوێنی کوتان ‹شب با دست و پای زخم‌وزیلی برگشت: شەو بە دەس و پێی بریندارەوە هاتەوە›.

زخمه / zaxme ، ـها/: *اسم. [ادبی]* پێژەن؛ زەخمە؛ دەنووکە؛ میزراب؛ ئەو شتەی ژێی دیوان و تار و... پێ دەژەنن.

زخمی[1] / zaxmî ، ـها؛ ـان/: *اسم.* بریندار؛ ڕیشدار؛ زامدار؛ زامار؛ زیەمدار؛ کولدار؛ کەسێ کە گەزەنی پێ گەیشتووە و بریندار بووە ‹زخمی را به درمانگاه بردیم: برینداڕەکەمان بردە دەرمانگا›.

زخمی[2]: *صفت.* بریندار: ۱. زامدار؛ زامار؛ زیەمدار؛ کولدار؛ ڕیشدار؛ چوێدار؛ زەخموو ‹دستم زخمی شد: دەسم زامار بوو› ۲. ڕووش؛ ڕووشدار؛ بە ڕوویەکی کراوە و گەزەن دیتووەوە ‹مواظب جعبەی تلویزیون باشید، موقع جابجا کردن زخمی نشود: وریای جەعبەی تەلەڤیزیۆنەکە بن، لە جێبەجێ‌کردندا ڕووش هەڵنەگرێ›.

زخیدن / zaxîdan/: *مصدر. لازم. [قدیمی]* ۱. نالاندن؛ نالانن؛ نالان؛ ناڵین؛ نالەی؛ نالای؛ نالایش؛ نالەنە؛ نالەکردن ۲. نقاندن؛ نقان؛ نقەی؛ نقای؛ خۆ ڕێک‌کوشین و زۆرکردن بەتایبەت لە کاتی ڕیاندا.

زد[1]ـ / zad/: *پیشوا‌ژه.* کوتان؛ لێدان؛ مالین ‹زد و خورد: کوتان و خواردن›.

ـ زد[2] / zad/: *پیوا‌ژه.* ـ دێر؛ ـگەز؛ ـگاز؛ ـکەوت ‹نامزد: ناودێر›.

ـ زدا / zedā/: *پیوا‌ژه.* ـلابەر؛ ـ سڕێن؛ ـ سەڕ؛ سڕەوە ‹چرک‌زدا؛ رنگ‌زدا: چلک‌لابەر؛ ڕەنگ‌سڕێن›.

ـ زدائی / zedā'î/ ☜ **ـ زدایی**

ـ زدایی / zedāyî/: *پیوا‌ژه.* ـ سڕی؛ مالەفە؛ کار یان ڕەوتی سڕینەوە؛ خاوێن‌کردنەوە ‹رنگ‌زدایی: ڕەنگ‌سڕی›: **ـ زدائی**

زدگی[1] / zadegî ، ـها/: *اسم.* کەلی؛ زەدەداری؛ گۆسپەیی؛ ڕوکیاگی؛ کڕیاوی؛ ڕووکە یا دڕاویەکی چکۆلە لە سەر شتێ کە زۆرتر بە هۆی کوتیان یان سووانەوە پەیدا دەبێ ‹میز از دو جا زدگی داشت: مێزەکە لە دوو لاوە کەلی هەبوو›.

ــ زدگی[2]: *پیوا‌ژه.* ــ لێداوی؛ ـ بردوویی؛ ــ ئانگازی؛ ـ ئەنگازی؛ ـ ئەنگەزی؛ ـ گەزی؛ ــ ئاژۆیی؛ ـ ئارۆیی؛ ـ بردەیی؛ ـ بردگی؛ ــ بەردەیێ؛ ـ لێکەوتوویی؛ ئازار دیتن یان

کەوتنە بەر تەوژمی شتێکەوە و گەزەن پێگەیشتن ‹آفتاب زدن؛ گرما زدگی؛ سرمازدگی: تاو [illegible]؛ گەرمە [illegible]؛ سەرما [illegible]›.

زدن /zadan/: *مصدر. متعدی. لازم.* // **زدی:** لێتدا؛ **می‌زنی:** لێدەدەی؛ **بِزن:** لێدە// □ *متعدی.* ۱. لێدان؛ لێیان؛ کوتان؛ کوتاندن؛ کەوتاندن؛ پێداکێشان؛ پیاکێشان؛ پیامالین؛ هەرشاندن؛ ئەلی‌داین؛ کوەی؛ کوای؛ پێدامالین؛ پۆرەکێشەی؛ پۆرەمالەی؛ بە هێز و گوشارەوە شتێ بە شوێنێکدا کوتان ‹کاسه را به سنگ زدن: بایە لە بەرد [illegible]› ۲. لێدان؛ کوتان؛ کوتاندن؛ وەشاندن؛ تێسرەواندن؛ تێسرەوانن؛ کوای؛ ئەلی‌داین؛ وەنەدای؛ ئەنەدای؛ گەمشاندن؛ قوتان؛ تاشاندن؛ پوران؛ ترپانن؛ داین؛ ئەت‌کردن؛ ژەنن؛ کوشتەی؛ دەلای؛ شەنەی؛ شانەی؛ شای؛ خستنە بەر لێدانەوە ‹کتک زدن: کوتەک لێدان› ۳. پێکان؛ لێدان؛ ئەنگاوتن؛ ئەنگافتن؛ کوتاندن؛ پێداکێشان؛ پیاکێشان؛ پێدامالین؛ ئەلی‌داین؛ پێکەی؛ پێکای؛ کەسێ یان شتێک کەوتنە بەر سەگمانەوە ‹شکارچی دو تا پرنده را زد: ڕاوچی دوو پەلەوەری پێکا› ٤. بڕین؛ بڕیەی؛ ڕنینەوە؛ درووێنەکردن یان کورت‌کردنەوە ‹چمن را زدن: چیمەن بڕین› ٥. لێدان؛ ئەلی‌داین؛ زنگین؛ وەنەدای؛ ئەنەدای؛ داینە؛ دەنگ لە شتێکەوە دەرهێنان ‹زنگ را زدن: زەنگ لێدان› ٦. دان؛ لێدان؛ هەڵواسین؛ ئاوێزان‌کردن؛ ئەرەکەردەی؛ ئەرەئاڵۆچنەی؛ ئاڵۆچنایرە؛ وەنەدای؛ داونەی؛ دارەلۆزکردن ‹کراوات زدن؛ به میخ زدن: کەراوات لێدان؛ [illegible] بزماردا› ۷. داکوتان؛ داکوتاندن؛ لێدان؛ ئەرەکوەی؛ کوایرە؛ شتێ لە شوێنێکدا دامەزراندن ‹چادر را زیر سایەی درختها زدیم: چادرەکەمان لە بن سێبەری دارەکاندا داکوتا› ۸. کردن؛ دان؛ کەردەی؛ لە شوێنێک لە حەقی کەسێ یان شتێکدا کارێک‌کردن ‹با کسی حرف زدن: لەگەڵ کەسێکدا قسەکردن› ۹. کوتان؛ لێدان؛ دژ بە کەسێ کارکردن ‹برای کسی زدن: بۆ کەسێک کوتان› ۱۰. بڕین؛ بڕیەی؛ دزی‌کردن؛ چەپاوکردن؛ لە شوێنێ دزی‌کردن ‹بانک را زدن: بانک بڕین› ۱۱. *[مجازی]* چارکردن؛ دەرەقەت هاتن؛ سەرکەوتن؛ یارەی؛ ئەوەپێکنەی؛ دروست هاتن ‹او همەشان را می‌زند: چاری هەموویان دەکا› ۱۲. لێدان؛ ساوین؛ سوون؛ ساوەی؛ ساوای؛ هەنوون؛ماڵەی؛ مالای؛ پێداساوین؛ وەنەدای؛ ئەنەدای؛ شتێ مالین ‹دوا زدن: دەوا لێدان› ۱۳. *[مجازی]* دان؛ لێدان؛ بردن؛ بەردەی؛ ئازارگەیاندن بە شتێک ‹دل را زدن: دان لە دڵ› ۱٤. *[مجازی]* لێدان؛ گرتن؛ تێگرتن؛ ئەنەگێرتەی؛ وەنەگێرتەی؛ وەنەدای؛ ئەنەدای؛ کەسێ یان شتێک خستنە بەر کارێکەوە ‹تهمت زدن: تۆمەت لێدان› ۱٥. کردن؛ پێوەکردن؛ تێکردن؛ ئەنەکەردەی؛ کەردەینە؛ شتێک زیادکردن ‹نمک زدن: خوێ‌کردن› ۱٦. لێدان؛ کوتان؛ وەنەدای؛ ئەنەدای؛ بە ئامێرێ شێلگیرانە کارکردن ‹پا زدن: پێ لێدان› ۱۷. دان؛ کوتان؛ خستن؛ دای؛ داونەی؛ ئەنەدای؛ بە هەشتاو خۆ بە شوێنێ گەیاندن (زۆرتر بە شوێنێکی باز) ‹به آب زدن: دان لە ئاو› ۱۸. لێدان؛ وەنەدای؛ ئەنەدای؛ ژەندنی ساز ‹گیتار زدن: گیتار لێدان› ۱۹. *[مجازی، گفتاری]* دانان؛ دامەزراندن؛ ئەرەمەرزنەی؛ مەرزنایرە؛ خستنە ڕێ ‹فروشگاه زدن: فرۆشگە دانان› ۲۰. *[گفتاری]* وەشان؛ وەشاندن؛ لێدان؛ شەی؛ شای؛ شانەی؛ وەنەدای؛ ئەنەدای ‹آمپول زدن: دەرزی وەشانن› ۲۱. *[گفتاری]* بەرهەم هێنان؛ سازین؛ چێ‌کرن؛ وەنەدای؛ ئەنەدای ‹روزی صد تا تلویزیون می‌زنند: ڕۆژی سەد دانە تەلەڤیزیون بەرهەم دەهێنن› ۲۲. *[گفتاری]* لێدان؛ لە چاپ دان؛ بڵاوکردنەوە ‹خبرش را زده بودند توی روزنامه: هەواڵەکەیان لە ڕۆژنامە دابوو› ۲۳. *[گفتاری]* پێوەدان؛ گەستن؛ پوەوەدەی؛ گەسەی ‹زنبور زدن: هەنگەژاڵە

پێوەدان› ◘لازم. ٢٤. [گفتاری] لێدان؛ پلەدان ‹زدن نبض: لێدانی پتە› ٢٥. دەرهاتن؛ دەرکەوتن؛ دیارکەوتن؛ کەوتن؛ سەرهەڵدان؛ کەوتنە دیار؛ کەوتەی؛ زیای؛ زیەی ‹آفتاب زدن: هەتاو دەرهاتن› ٢٦. [گفتاری] دانان؛ گرتن ‹زدیم و کار تو گرفت: دامانا و کارەکەی تۆ گرتی› ٢٧. کوتان؛ هەوڵدان؛ تەقالاکردن؛ تێکۆشین ‹برای ریاست زدن: کوتان بۆ سەرۆکی› ٢٨. دان؛ نواندن؛ خۆ بە جۆرێ نیشاندان ‹خود را به مریضی زدن: خۆ لە نەخۆشی دان› ٢٩. نواندن؛ دانە چاوەوە ‹به سیاهی زدن: ڕەش نواندن› ٣٠. کردن؛ کەردەی؛ دەنگ دەرهێنان؛ بانگ کردن ‹فریاد زدن: هاوارکردن›. هەروەها: **زدنی**

■ **صفت فاعلی: زننده** (لێدەر)/ **صفت مفعولی: زده** (لێدراو)/ **مصدر منفی: نَزدن** (لێنەدان)

زدوبند / zad-o-band ، ـهـا/:*اسم. [مجازی]* کەینوبەین؛ سەر و ساخت؛ ساخت و پاخت؛ هاودەستی بۆ پیلانگێڕی ‹برای دزدیدن پولهای شرکت با حسابدار زد و بند کرده بود: بۆ قاپاندنی پارەی بەشدارگە لەگەڵ حسێبدارەکە کەینوبەینی کردبوو›. هەروەها: **زد و بند کردن**

زدوخورد / zad-o-xord ، ـها/:*اسم.* مشتومڕ؛ کوتەککاری؛ بەربەرەکانێ؛ شەقولەق؛ کار یان ڕەوتی لە یەکدان؛ پێکدادان؛ شەق شەی؛ چنگئاوش بوون؛ لە هەڤدان؛ لە هەڤدودان ‹در وسط عروسی کار بە زد و خورد کشیده شد: لە ناو زەماوەنەکەدا کار گەیشتە مشتومڕ›. هەروەها: **زد و خورد کردن**

زدودن / zedûdan, zudûdan, zodûdan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* //**زدودی**: سڕیت؛ **می‌زدایی**: دەسڕی؛ **بزدا**: بسڕە// ١. سڕینەوە؛ ئەستڕینەوە؛ سڕین؛ ڤەسڕین؛ سەڕتەی؛ لابردن؛ هەشفین؛ هەشفاندن؛ پاک کردنەوە؛ پاکەوکردن؛ خاوێن کردنەوە؛ پاکژ کردنەوە ‹چربی جامه را زدودن: چەوری سەر جلک سڕین› ٢. پرواندن؛ پروونەی ٣. کڕاندن؛ کڕنەی. هەروەها: **زدودنی**

■ **صفت فاعلی: زداینده** (سڕێنەرەوە)/ **صفت مفعولی: زدوده** (سڕێنراوە)/ **مصدر منفی: نَزدودن** (نەسڕاندنەوە)

زده[1] / zade ، ـها/:*اسم.* زەدە؛ کەلی؛ گۆسپە؛ ڕووشیاگی یان گەزن لە سەر شتێکەوە ‹سیبها زده داشتند: سێوەکان زەدەیان هەبوو›.

زده[2]: *صفت. [گفتاری]* وەڕەز؛ وەڕەس؛ وێڕس؛ کەیل؛ بێزار؛ ئالۆز؛ تووڕە؛ زویر؛ زیز ‹دیگر از درس و مدرسه زده شده: ئیتر لە وانە و قوتابخانە وەڕەز بووە›.

ـ زده[3]: *پیوازە.* ١. ـــ لێداو؛ ـ ئانگاز؛ ـ ئەنگاز؛ ـئەنگەز؛ ـ گەز؛ ـ ئاژۆ؛ ـ ئارۆ؛ ـ بردوو؛ ـ بردە؛ ـبردگ؛ ـ بەردە؛ ـگرتوو؛ ـ لێکەوتوو؛ ـ لێکەوتە؛ وەبەر گەزەن کەوتوو ‹آفتابزده؛ گرمازده؛ سرمازده؛ سیل‌زده: تاوانگاز؛ گەرمازۆ؛ سەرمابردوو؛ سێلاوگرتوو› ٢. وەڕەز؛ بێزار؛ زیز؛ ئالۆز.

زده‌دار / zadedār ، ـها/: *صفت.* زەدەدار؛ کەل؛ گۆسپە؛ سەقەت؛ عەیبدار؛ عەیبار؛ قەڵبە.

زر / zar/:*اسم. [ادبی]* زێڕ؛ زەڕ؛ ئالتوون؛ تەلا؛ تلا.

زر / zer/: *صوت.* زریکە؛ زیکە؛ زیقە؛ زیرە؛ زیق؛ زاک؛ زاق؛ زاکە؛ زاقە؛ قیژە؛ قیجە: ١. دەنگی گریان ٢. دەنگی ناخۆش و دڵنەخواز (وەک دەنگی نک و نالە) ✽ **زر ـ زر**

▣ **زر زدن**:*[تعریض]* ١. زریکاندن؛ زیقاندن؛ زیقانن؛ زیرەزیرکردن؛ زیق و هۆڕکردن؛ زریکنەی؛ باسنەی؛ گریان، بەتایبەت گریانی مندال ‹چرا بچه زر می‌زند؟: بۆ مندالەکە دەزریکێنێ؟› ٢. وڕ لێدان؛ ئەلف لەیلە خوێندن؛ بلوێر بەزاندن؛ سەلکە چۆلەکە قووت دان؛ ڕستن؛ قسەی بێ‌کەڵک‌کردن ‹چقدر زر می‌زنی!: چەند وڕ لێدەدەی!› ✽ **زر ـ زر کردن**

زرادخانه / zarrādxāne ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* کارگەی پێکهێنانی چەک و تەقەمەنی.

زراعت / zerā'at/: [عربی]/اسم. ۱. کشتوکاڵ؛ کەشتوکاڵ؛ کێشت؛ کەشتە؛ کەشاوەرزی ۲. ـها/ زار؛ جووت؛ هیتە؛ کێڵ؛ کار و ڕەوتی کێڵان.

زراعتی / zerā'atî/: [عربی] صفت. زاری؛ کێڵگەیی؛ چاندنی؛ کشتوکاڵی؛ کەشاوەرزی؛ فەلایەتی.

زراعی / zerā'î/: [عربی] صفت. کەشاوەرزی؛ زاری؛ کشتوکاڵی؛ پێوەندیدار بە کشتوکاڵەوە ‹زمین زراعی: زەوی کەشاوەرزی›.

زرافه / zarrāfe/: [عربی]/اسم. زەڕافە: ۱. ـها؛ ـگان/ گیانەوەرێکی گوانداری مل‌درێژە کە بەرزیەکەی، لە سمیەوە هەتا نووکی شاخی شەش میتر دەبێ و گەڵای دار دەخوا ۲. [نجوم] شێوەیێکی ئاسمانی گەورە و کەم‌درەوش لە ئاسمانی نیوەگۆی باکووریدا.

زراندود / zarandûd/: صفت. تەڵاکفت؛ زێڕکفت؛ ئاوەزێڕ؛ ئالدوز؛ میتەڵا؛ متەڵا؛ بە ڕوویێکی داپۆشراو بە پەڕە یان ئاوی تەڵا.

زراندوز / zarandûz، ـان/: صفت. پارەمۆڵ؛ زێڕباخن؛ ماڵدۆس؛ پارەدۆست؛ ماڵ و سامان خڕکەرەوە.

زراندوزی / zarandûzî، ـها/: اسم. ماڵدۆستی: ۱. کار یان ڕەوتی خڕکردنەوەی ماڵ و سامان ۲. ئۆگرەتی یان گزەگزی سەر ماڵدۆستی ‹زراندوزی با پارسایی سازگار نیست: ماڵدوستی لەگەڵ پارێزگاریدا یەک ناگرنەوە›.

زراوند / zarāvand/: اسم. کالیارەتاڵە؛ کالەگەمارانە؛ کارەکەمارانە؛ کالەکەماران.

زربافت / zarbāft/: صفت. زێڕبافت؛ زێڕباف؛ زێڕچن؛ چنراوەیەک کە تاڵی زێڕینی تێدا دەکار کرابێ.

زربفت / zarbaft/: صفت. [ادبی] زێڕبافت؛ زێڕباف؛ زەری؛ زێڕتاڵ؛ قوماشی ڕایەڵ‌زێڕ.

زربین / zarbîn، ـها/: اسم. درەختێک لە تیرەی سەرووان، بە کۆتەرەی ڕاستی ڕێ ـ ڕێ و گازدار، گاژی ناسک و ڕەنگی قاوەیی ڕۆشن، پەڵ‌وپۆی ئاسۆیی، گەڵای وەک دڵ، چێوی گەزۆداری بۆنخۆش و هەڵکەر لە شۆی زۆردا کە لە پیشەسازیدا بە کاری دێنن.

زرت / zert/: صوت. [گفتاری، مستهجن] تڕ؛ شیڕ؛ جڕ؛ دەنگی بەر بوونەوەی بای سک.

▣ **زرت چیزی/ کسی در رفتن**: [کنایی] تەکەی گوێ/ مل کەسێ هاتن؛ تڕی شتێ/ کەسێ بڕیان؛ پوان؛ لە کارکەوتن: **زرت چیزی/ کسی قَمصور شدن**

زرت چیزی/ کسی قَمصور شدن ☜ **زرت چیزی/ کسی در رفتن**

زرت / zorrat/: [از عربی] ☜ **ذُرَّت**

زرتار / zartār/: صفت. زێڕتاڵ؛ زێڕتان؛ زێڕتار؛ پارچەی ڕایەڵ زێڕین.

زرتشتی / zartoštî/: اسم. ۱. زەڕدەشتی؛ زەڕتوشتی: ۱. دینێ کە زەردەشتی پێغەمبەر (ڕەنگە لە سەردەشتەوە لە سەدەی شەشی پێش لە زایین) دایهێنا ۲. ـها؛ ـان/ گاور؛ گەور؛ هەر یەکە لە پێڕەوانی ئەم دینە ❋ **زردشتی**

زرتی / zertî/: قید. [گفتاری، مستهجن] فرت؛ ناکاو؛ لەپڕا؛ زڕت؛ یەکهەو؛ ژنشکاف؛ نشکاف؛ نشکا ‹تا کشیدم، زرتی پاره شد: هەر کێشام، فرت قرتا›.

زرخرید / zarxarîd/: صفت. زەڕخڕی؛ زەڕخڕید؛ زێڕکراو؛ زێڕسەنراو؛ زێڕکڕ؛ زێڕخڕی؛ سەندراو بە پارە (زێڕ) ‹بندەی زرخرید: کۆیلەی زەڕخڕی›.

زرخیز / zarxîz/: صفت. نەخت؛ بە وەچ؛ ماک؛ ماکە؛ زۆر بەرهەمدار و بایەخدار لە بواری سامانی سروشتی و کانگای پڕبایەخەوە ‹خاک زرخیز: خاکی نەخت›.

زرد[1] / zard/: اسم. زەرد؛ زەر؛ یەکێ لە ڕەنگە سەرەکیەکان لە شێوەی ڕەنگی لیمۆی گەییو،

گوڵـی ڕۆجیارپەڕشـت یـان زەردەچێـوە: *الـف)* ڕەنگێ کە لە شەبەنگدا دەکەوێتە نێوان ڕەنگـی کەسـک و نارنجیـەوە ب) پرشـنگێ بـە درێـژی شـەپۆلی نێـوان ٥٧٥ تـا ٥٩٥ نـانۆمیترەوە.
هەروەها: **زردرنگ؛ زردفام**

▣ **زرد طلایی**: زەردی زێـڕی؛ زەردی ورشـەدار بە ڕەنگی زێڕ.

زرد قنـاری: زەردی قـەناری؛ زەردی زەرد؛ زەردی تۆخ.

زرد کادمیم: زەردی کادومیوم؛ زەردی ئامـاڵ نارنجی.

زرد کاهی: کاڕەنگ؛ زەردی ڕۆشن.

زرد ناپـل: زەردی ناپـڵ؛ زەردی تــەلایی خەست.

زرد هانزا: زەردی مات.

زرد[٢]: *صـفت.* زەرد: ١. بــە ڕەنگــی زەرد ٢. *[مجـازی]* ژاکـاو؛ کـز؛ پەژمـەراو؛ بـێ‌تـین؛ نەخۆش؛ نەوەش.

▣ **زرد شدن**: زەرد بوون: ١. سیـسیان؛ ژاکـان؛ پەژمران؛ چەرمسین؛ گەچلان؛ ژاکیای؛ سیس بوون؛ دامرانی گوڵ و گیـا بـە هـۆی گـۆڕانی وەرز یـان نەخۆشـیەوە ٢. زەرد هەڵـگەڕان؛ بوونە زەرد؛ ڕەنگی زەرد پەیدا کردن.

زرد کـردن: *[تعـریض]* خـۆ چەپـەڵ کـردن؛ زەردکردن؛ خۆ تەڕکردن؛ وێ پیس کەردەی؛ گووکردنە خـۆدا؛ زۆر ترسـان ‹آرام حسابی زرد کرده بود: ئارام تەواو خوی چەپەل کردبوو›.

زرداب / zardāb/: *اسم. [گفتاری]* زراو؛ زەرتـاڵ؛ زاڵــی؛ ســەفرا؛ زەرداو؛ تراوێکــی زەردی ئامـاڵ‌سـەوزی تاڵـە لـە جەرگـەوە دەدەڵـێ و چەوری پێ‌دەتوێتەوە.

زردالو / zardālû ، ـها/: *اسم.* قەیسی؛ شـێلانە؛ شـەلانی؛ شـەلانە؛ شـێلانی؛ شـێلانێ؛ شـلانی؛ شـلانە؛ زەردلی؛ زەردەلی؛ زەردالی؛ زەردالـۆ؛ زەردەلـوو؛ مژمـژ؛ مژمـژە؛ هـیرۆگ؛ مـشمش: ١. درەختێ بە گۆنە و جۆرگەلی زۆرەوە، گەڵای بـێ‌تـووک و هێلکـەیی و ددانـەدار و گـوڵ سپیکەڵەوە کە بەرەکـەی خۆراکیـە ٢. میـوەی ئەو دارە کە گۆشتن و ئاوادارە و درزێکی پێوەیـە و ناوکەکەی سفت و سافە.

زردبید / zardbîd/ ☜ بید زرد، **بید**

زردپوسـت / zardpûst ، ـهـا؛ ـان/: *صـفت.* زەردپێـست؛ زەردپـۆس؛ پێوەندیـدار یـان سـەر بـە یـەکێ لـە چـوار گـرۆی گـەورەی ڕەگـەزی مـرۆ، خەڵـکی ڕۆژهـەڵاتی دوور، بـە پێـستی زەرد، چـاوی کێـشراو و قـژی ڕەش و سافەوە.

زردپـی / zardpey/: *اسم.* بەنـدۆک؛ وردەمـار؛ وردەڕەگ؛ نەوارێکی سفت و پتـەو لـە شـانەی لفکەیی کە سەری جمگەی ئێسکەکان پێکـەوە دەلکێنێ، یـا ئەنـدامان لـە سـەر جێـی خۆیـان ڕادەگرێ.

زردچوبـه / zardčube/: *اسـم.* زەردەچێـوە؛ زەردەچۆ؛ زەرچـەوە؛ زەردەجـوە؛ زەردەچـەوە؛ ژەرژووە؛ کرکم؛ ڕەهازەر: ١. *ـها/* گیایێ ئاڵـفی لـە دەسـتەی زەنجـەفیلان ٢. وشـکەوەکراوی گیای ڕەهازەر کە بۆ ڕەنگ‌جـوانی و بۆنخۆشـی دەیکەنە نێو چێشتەوە.

زردخـار / zardxār/: *اسـم.* دروەزەردە؛ زەردەسـیری؛ گیـایێکی دڕکـاوی ڕەنـگ زەردە، زۆرتـر لـە نێـو جـاڕ و دەیم و کێـڵگەدا دەڕوێ.

زردرو / zardrû/: *صـفت.* ڕەنـگ‌زەرد؛ ڕووزەرد؛ زەرد داگەڕاو: ١. زەردۆڵە؛ زەردووڵە؛ زەردەڵـە؛ زەرزەپـالی؛ خـاوەن ڕوخـساری زەرد بـە هـۆی نەخۆشی، برسیەتی یان شەکەتیەوە ٢. *[گفتاری]* ترساو یان شەرمەزار.

زردرویـی / zardrûyî/: *اسـم.* ڕووزەردی؛ ڕەنگ‌زەردی؛ دۆخ و چۆنیەتی زەرد و کز بوونی ڕوخسار.

زردزخم / zardzaxm/: *اسم.* زەرپیز؛ نەخۆشینێکی پێستی چەتوون و میکرۆبی کە ئەگەر پەرەی ساند، بە شێوەی بلۆقگەلێکی چلکی و زۆر گیرۆ دەردەکەوێ.

زردشتی / zardoštî/ ☜ **زَرتُشتی**

زردک / zardak ، ـها/: *اسم.* گێزەر؛ گەزەر؛ گزەر؛ گەزەرکی؛ هەویج.

زردماهی / zardmāhî ، ـها/: *اسم.* زنێر؛ سمبێلەک؛ ماسیەزەردە؛ زەردەماسی؛ جۆرێک ماسی زەردکارە لە ئاوی شیرینی چۆم و رووباران دەژی.

زردنبو / zardambû, zardanbû ، ـها/: *اسم.* *[مجازی، گفتاری]* ١. زەرد داگەڕاو؛ بێ‌ڕەنگ؛ ڕەنگ‌پەڕیو؛ ماخەزەرد؛ مەڕەمووکە؛ خاوەن ڕوخسارێ کە لە بەر نەخۆشی یان کزی زەرد بووە ٢. زەردهەڵگەڕاو؛ زەردەوبووگ؛ بە ڕەنگی زەرد کە نیشانەی ژاکاوی و سیسیە ‹خیار زردنبو: خەیاری زەردهەڵگەڕاو›.

زردوزی / zardûzî ، ـها/: *اسم.* زێڕبافی: ١. هونەر یان لێزانی دروومانی نەخش و نیگار لە سەر جل‌وبەرگەوە بە بەنی زەردی زێڕین ٢. جل‌وبەرگێ کە زێڕدووری لە سەر کراوە ٣. کارگەیێ کە ئەو کارەی تێدا دەکرێ. هەروەها: **زردوز**

زرده / zarde ، ـها/: *اسم.* زەردێنە؛ زەردێنک: ١. زەردینە؛ زەرک؛ زەرتک؛ زەردکی؛ ماکی ڕەنگ زەردی ناو هێلکەی پەلەوەران ٢. *[زیست‌شناسی]* ماکی پاشەکەوتی هێلکۆکە لە زۆربەی گیانەوەراندا کە تەژی لە پرۆتئین و چەوریە.

زردی / zardî/: *اسم.* زەردی: ١. زەراهی؛ زەردایی؛ دۆخ یان چۆنیەتی زەرد بوون ٢. *[گفتاری]* زەردوویی؛ یەرەقان؛ بەزەک؛ زەردەیی؛ زەرکی؛ زەرۆکی؛ زەرەک.

زردینه / zardîne/: *اسم.* *[گیاه‌شناسی]* زەردێن؛ ڕەنگدێنێ کە لە ئەندامانی بێ‌سەوزێنی گیادا بەدی‌دێ و دەبێتە هۆی بەدیهاتنی ڕەنگی زەرد.

زر ـ زر / zerzer/ ☜ **زر**

▣ **زر ـ زر کردن** ☜ زر زدن، زر

زر ـ زرو / zerzerû/: *صفت.* *[گفتاری]* زیقن؛ زیقاوڵ؛ زیقاوڵە؛ میزن؛ گرینۆک؛ جیقن؛ خاوەن خوو یان خدەی زار و زیقەکردن ‹بچەی زر ـ زرو: منداڵی زیقن›.

زرزوره / zorzûre ، ـها/: *اسم.* پەسپەسکەرە؛ پەسپەسەکۆڵە؛ پەسپەسەکەرە؛ تەڤنپیرک؛ کاکڵەمووشان؛ داپیرۆشک؛ جیلاباف؛ جۆڵاتەنە؛ جاڵ‌جاڵۆکە؛ داوتەنە؛ تارتنۆک؛ جاتەنە.

زرشک / zerešk,zerešg ، ـها/: *اسم.* زریشک؛ زریسک؛ دڕکەزی؛ زێ؛ دەوەنێکی دڕکاویە بە گوڵی زەردی هێشوویی و بەری خڕی سوورەوە ٢. بەری ئەو دەوەنە کە ترشە و هەم بۆ نێو چێشت (پلاوزریشک) و هەم وەک خواردنەوە (ئاوزریشک) دەخورێ * **زرشگ**

زرشک‌پلو / zereškpolow, zerešgpolo/: *اسم.* زریشک‌پلاو؛ جۆرێ پلاوە، کە گۆشت (زۆرتر گۆشتی مریشک)، زریشک و زافەرانی تێکەڵە.

زرشکی[1] / zereškî, zerešgî/: *اسم.* زریشکی؛ ڕەنگی سووری ئاماڵ کەوە: **زرشگی**. هەروەها: **زرشکی‌رنگ**

زرشکی[2]: *صفت.* زریشکی؛ بە ڕەنگی زریشکیەوە: **زرشگی**

زرشگ / zerešg/ ☜ **زرشک**

زرشگی / zerešgî/ ☜ **زرشکی**

زرفین / zorfîn/ ☜ **زُلفین**

زرفینک / zorfînak/: [؟] *اسم.* *[گیاه‌شناسی]* ئەندامی زاوزێی مێینە لە قەوزەگەلدا.

زرق‌وبرق / zarq-o-barq/: [عربی] *اسم.* زریقە و بریقە؛ بریچە؛ زریق و بریق؛ زەرق و بەرق؛ خشڵی بەرچاوگر، دیار و بێ‌بایەخ ‹گول زرق و

برق دخترک را خورد: فریوی زەرق و بەرقی کچەتیوی خوارد».

زرک / zarak/:اسم. ۱. پەڕەی زۆر ناسکی زێڕ کە لە بەر تیشکدا سەوز دەنوێنێ و لە زێڕین‌کردنی شیشەدا بە کار دێ ۲. *[قدیمی]* گەردەیەکی ڕەنگ زێڕین کە ژنان دەیانپژاندە سەر قژیاندا.

زرکش / zarkeš/:اسم. زێڕباف: ۱. زێڕدوور ۲. زێڕکار؛ زێڕچن؛ بە زێڕچنراو.

زرکوب / zarkûb/: صفت. زێڕکوت: ۱. زێڕکفت؛ بە رووپەری زێڕکاری کراوەوە ۲. زێڕنووس؛ زێڕنەخش؛ بە بەرگی نەخشاو یا نووسراو بە ڕەنگی کانزایی بریقەدارەوە.

زرکوبی / zarkûbî/:اسم. زێڕکوتی؛ کاری کوتانی نەخش و نیگار بە کانزا بەتایبەت زێڕ بە سەر ڕووپەڕێکەوە.

زرگر / zargar ، ـها؛ ـان/:اسم. ۱. زێڕکار؛ زێڕینگەر؛ زەڕنگەر؛ زێڕگەر؛ زەڕگەڕ؛ ئاڵتوونچی؛ پیشەسازێ کە بە زێڕ و بەردی بە نرخی‌تر خشڵ و کەرەسەی جوان و ڕازێنەر دروست دەکا ۲. تەلافرۆش؛ زێڕفرۆش؛ کەسێ کە ئەو خشڵ و زەمبەرانە دەسێنێ و دەفرۆشێتەوە ❋ **طلاکار؛ طلاگر**

زرگری / zargarî/:اسم. زێڕینگەری: ۱. کار و ڕەوتی دروست‌کردنی کەرەسەی جوانی لە زێڕ و بەردی بە نرخی‌تر ۲. /ـها/ کارگای زێڕینگەر ۳. /ـها/ تەلافرۆشی؛ گەوهەرفروشی؛ فرۆشگای زێڕ و بەردی بە نرخ.

زرگون[1] / zargûn/: [فرانسوی از آلمانی از سریانی از طریق عربی]/اسم. ☜ **زیرکون**

زرگون[2]: صفت. زەڕاسا؛ زێڕین؛ تەلایی؛ زێڕواشە؛ زەربەش؛ زەردیلە؛ زەردواش؛ زەردباف؛ وەکوو زێڕ.

زرنا / zornā/ ☜ **سُرنا**

زرنب / zarnab/ ☜ **سُرخدار**

زرنگ / zerang ، ـها/: صفت. *[گفتاری]* زرنگ؛ زرینگ؛ زیت؛ زیتەڵ؛ زبت؛ زرک؛ زیکل: ۱. وریا؛ وشیار؛ شووت؛ هلدایی؛ هەوار؛ کۆنا؛ زیرەک؛ وتە؛ قوتە؛ بە هۆش؛ هایا؛ لوکوش؛ ئیار؛ یەمان ۲. مەزبووت؛ بەچنگ؛ گرژ؛ کرژ؛ تروسک؛ لۆبت؛ لۆتەر؛ گورد؛ بەکار؛ خەیرا؛ چابک؛ چالاک؛ چەنگ‌چیل؛ بزۆز؛ ئازا؛ قۆچاخ ۳. سەهەندە؛ سەهەنە؛ سەهندە؛ گورد؛ گورج؛ گوربز؛ چەلەنگ.

زرنگار[1] / zarnegār/:اسم. زەڕنیگار؛ بەرنامەیێکی کەمپیوتەری بۆ نووسین.

زرنگار[2]: صفت. *[ادبی]* زێڕنەخش؛ زێڕکێش؛ نەخش‌تەلایی.

زرنگی / zerangî/:اسم. زرنگی؛ زرینگی؛ وریایی؛ کەلپەی؛ دۆخ یان چۆنیەتی زرنگ بوون.

زرنیخ / zarnîx/:اسم. *[شیمی]* زەرنەق؛ زەڕنیق؛ زەڕنیخ؛ کانزایەکی زەردە بە ناوی سولفیدی ئارسنیک.

زرورق / zarvaraq ، ـها/: [فارسی/ عربی]/اسم. زەڕوەرەق: ۱. پەڕەیەکی ناسک، پتەو و هێندێک ڕوون، بە ڕەنگی جۆراوجۆرەوە کە لە هەویری مەژگی چێو دروست دەبێ ۲. پەڕەیێ کە یەک لا یان هەر دوو لای بە تێکەلاو لە ڕەنگدانە (سپی یان ڕەنگی‌تر) و ماکێکی چەسپناک داپۆشراوە و بریقەی لێ‌خراوە و بۆ بەستەبەندی و زێڕکوتی بەرگ، کەڵکی لێ دەگرن.

زروزیور / zar-o-zîvar/: [فارسی/ سغدی]/اسم. خشڵ و زەمبەر؛ زێڕ و زەمبەر؛ زێڕ و زیو؛ زەڕ و زێوی بایەخدار.

زره / zereh ، ـها/:اسم. زرێ؛ زرخ؛ زرە: ۱. *[قدیمی]* بەرگی شەڕ؛ بەرگێ لە ئالقەگەلی پۆلایی ناسک و باریک کە بۆ بەرگری لە گەزنی تیر و شیر لە شەڕدا دەبەر دەکرا ۲. پەڕەی پۆلا

یا ئالیاژگەلی قایم کە ماشین و کەشتی شەڕی پێدادەپۆشن.

زرەپوش / zerehpûš ، ـها/:اسم. زریٚ پۆش؛ دەبابە؛ جۆریٚ ماشینی چەکداری یا ناوی جەنگی کە تەنەکەی بە کانزایەکی قایم داپۆشراوە تا گوللە نەیسمیٚ.

زرەدار / zerehdār ، ـها؛ ـان/:اسم. زرێدار؛ خاوەن زریٚ؛ بە زریٚ.

زرەی / zerehî/: صفت. ١. [نامتداول] زرێدار ٢. زرەیی؛ زرێهی؛ سەر بە یەکەی چەکداری کە بە ئامرازی زرێدارەوە شەڕ دەکا.

زری / zarî/:اسم. زێڕی؛ زەری: ١. پارچەی هەورێشمی کە بە گولابەتوون نەخشی زەقیان لە سەری چنیوە ٢. قوماشیٚ کە تالی زێڕی یا زیوینی تێدا بە کار چووە.

زرین / zarrîn/: صفت. [ادبی] زێڕن؛ زێڕین؛ تەلایی.

زرین‌ماهی / zarrînmāhî/:اسم. ١. /ـها؛ ـان/ جۆریٚ ماسی چکۆلە کە زۆرتر بە ڕەنگی زەردی تەلاییە و لە ناو حەوز یان ئاکواریومدا ڕایدەگرن ٢. [نجوم] وێنەیەکی گچکەی ئاسمانی لە خولگەی جەمسەری باشووریدا: **شمشیرماهی**

زشت / zešt/: صفت. کەسن؛ ناشیرین؛ دشت؛ دشتە؛ زشت؛ نەچیٚ؛ کرێت: ١. بە چۆناوچۆنی خراپ و نالەبارەوە ‹حرف زشت: قسەی ناشیرین› ٢. قێزە؛ گەست؛ ناحەز؛ درێو؛ دەعەجانی ‹چهرەی زشت: تەشکی ناشیرین›. هەروەها: **زشت بودن؛ زشت شدن؛ زشت کردن**

زشتخو / zeštxû ، ـها؛ ـان/: صفت. کرێت؛ بەخۆ؛ ڕەزاتاڵ؛ ڕەزاگران؛ ڕەزاقورس؛ ئێسک‌قورس؛ خوێنتاڵ؛ بەدخوو؛ ناخار. هەروەها: **زشتخویی**

زشترو / zeštrû ، ـها؛ ـیان/: صفت. بەدتەشک؛ ناشیرین؛ ناحەز؛ گەمر؛ کرێت؛ بە دیمەنی ناحەزەوە. هەروەها: **زشترویی**

زشتی / zeštî ، ـها/:اسم. زشتی؛ کرێتی؛ کەسنی؛ گەمری؛ دشتی؛ ناحەزی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ناشیرین و ناحەز بوون.

زعامت / za'āmat/: [عربی]اسم. [ادبی] ڕێبەری؛ ڕێبەرایەتی؛ سەرکردایەتی.

زعفران / za'farān, za'ferān/: [عربی]اسم. زەعفەران؛ زافەران؛ زافران؛ زەحفەران؛ زەفیروو؛ زەردیباخ: ١. /ـها/ گیایەکی ئالفی لە تیرەی زەمەقان بە شێوەی جۆراوجۆر، گۆشتن، بە گوڵی بنەوشی ئاڵ یان ئەرخەوانییەوە ٢. گەردەی ئەو گیایە، بە بۆنی تیژ و تامی توندەوە کە بۆ جوان و بۆنخۆش‌کردنی خۆراک بە کار دیٚ.

زعفرانی[1] / za'farānî, za'ferānî/: [عربی]اسم. [ادبی] زەعفەرانی؛ زافرانی؛ زافەرانی؛ زەحفەرانی؛ ڕەنگی زەردی ئاماڵ نارنجی. هەروەها: **زعفرانی‌رنگ**

زعفرانی[2]: صفت. زەعفەرانی؛ زافەرانی؛ زافرانی: ١. بە ڕەنگی زافەران ٢. زافەران دار؛ زافەران تێکراو.

زعم / za'm/: [عربی]اسم. [ادبی] گومان: ١. دوودڵی؛ دلاودلی؛ سۆ ٢. خەیاڵ؛ ئەندێشە؛ ڕەت؛ گزەگز؛ بیر؛ هزر؛ ویر.

▣ **به زعم کسی**: بە گومانی کەسێک.

زعما / zo'amā/: [عربی] جمعِ ☜ **زَعیم**

زعیم / za'îm ، ـان؛ زُعَما/: [عربی]اسم. [ادبی] پێشەوا؛ ڕێبەر؛ سەرکردە؛ سەرۆک؛ یەمان؛ گەورەی خێڵ.

زغال / zoqāl ، ـها/:اسم. سوخاڵ؛ زوخاڵ؛ زغاڵ؛ زخاڵ؛ زووخاڵ؛ زۆخاڵ: ١. خەڵووز؛ خلووز؛ خلۆز؛ ڕەژی؛ ڕەژوو؛ ڕێژی؛ ڕێژوو؛ کۆمر؛ ماکێکی سووتەمەنی ڕەش کە لە ناتەواو سووتانی چێو لە شوێنێکی سەر بەستراودا بەرهەم دیٚ ٢. ماکیٚ کە زۆربەی پێکهاتەکەی کەربونی پەتیە و لە تنۆکاندنی چێو، پێشە یان شەکر پەیدا دەبیٚ و لە کاتی سووتاندا دووکەڵی

نیە و گەرمای زۆر بەدی دێنێ ٣. میلەی لە جنسی فریت کە لە ڕادیۆدا بە کار دێ ٤. میلەیێ لە جنسی سوخاڵ کە بەرق دەگەیێنێتە موتور * ذغال

▣ **زغال حیوانی:** خەڵووزی گیانەوەری؛ سوخاڵێ کە لە سووتاندنی ماکی گیانەوەر دروست دەبێ، فوسفاتی زۆر و کەربونی کەمی تێدایە و لە ڕەنگ سڕیدا بە کار دێ.

زغال زنده: خەڵووزی زیندوو؛ سوخاڵێ کە هیدرۆکەربونی لێگیراوە و هێزی ڕاکێشانی زۆرتر کراوەتەوە: **زغال فعال**

زغال سنگ ☜ **زغالسنگ**

زغال فعّال ☜ **زغال زنده**

زغال قرع: سوخاڵێ بێخەوش کە دەنیشێتە سەر دیوارەی کوورەی پاکژ کردنی سوخاڵەوە و بۆ دروست‌کردنی جەمسەری سوخاڵی بە کەڵک دێ.

زغال قهوه‌ای: جۆرێ بەردە خەڵووزی قاوەیی، پێکهاتەکەی وەکوو چێوە و دووکەڵی شۆڵەکەی زۆرە.

زغال‌اخته / zoqālaxte، ـها/: [فارسی/ ترکی]/اسم. کفری؛ کیفری؛ کوفێری؛ مڕ: ١. دارچکێکی لێڕەواری، شەتڵی و هەمیشە سەوزە ٢. بەری ئەو دارچکە کە خڕێکی سوورتۆخە، ناوکەکەی درێژ و تامی ترش و شیرینە و بە کەڵکی خواردن و دەرمانیش دێ.

زغالدانی / zoqāldānî، ـها/:/اسم. ڕەژیدان؛ سوخاڵدان؛ زوخاڵدان؛ زغاڵدان؛ خەڵووزان؛ خەڵووزدان: ١. هەماری خەڵووز تێدا هەڵگرتن ٢. جێ‌زوغاڵ؛ مەنقەڵ؛ دەفری هەڵگرتنی خەڵووز ٣. *[کنایی]* کوناگورگ؛ جێگەی تەنگ و تاریک و پیس.

زغالسنگ / zoqālsang/:/اسم. بەرکەمرە؛ کەمر؛ کۆمڕ؛ خەڵووزەبەردینە؛ هەر کام لە بەردگەلی سووتمانی کە لە گۆڕانی سروشتی گیاگەلی کۆنە مردووی ژێر زەویدا پێک‌دێ و بە پێی ڕێژەی کەربون و شۆ، چەند جۆری لێ‌دەبێتەوە.

▣ **زغالسنگ خشک:** کۆمڕی وشک؛ کەمرە وشکە؛ بەرکەمرەی وشک؛ خەڵووزەبەردینەی وشک؛ جۆرێ بەردە خەڵووزی ڕەشی بریقەدار، داگری ٩٠٪ کەربون کە بە ئاستەم و بە گڕێکی بێ‌هێز و بێ‌بۆن و دووکەڵەوە دەسووتێ.

زغالسنگ قیری: بەردە خەڵووزی ڕەشی ئاسایی بە کەربونی زۆر و ئاوی کەمەوە، بێ‌دووکەڵ و بە گەرمای زۆرەوە دەسووتێ.

زغالسنگ نارس: بەردە خەڵووزی پێ‌نەگەییو و سۆک بە ڕەنگی قاوەیی یا ڕەشەوە کە بە ئاستەم دەسووتێ و بۆنێکی ناخۆشی لێ هەڵدەستێ.

زغالی[1] / zoqālî، ـها/:/اسم. خەڵووزفرۆش؛ سوخاڵ‌فروش؛ فرۆشەری خەڵووز.

زغالی[2]: *صفت.* خەڵووزی؛ سوخاڵی؛ زوخاڵی: ١. شیاو بۆ دروست‌کردنی زوخاڵ ‹چوب زغالی: چێوی خەڵووزی› ٢. خەڵووزاوی؛ خەڵووزین؛ بە سوخاڵەوە تلاو ‹با دست و صورت زغالی بیرون آمد: بە دەست و دەم و چاوی خەڵووزییەوە هاتە دەرێ›.

زغره / zaqre، ـها/:/اسم. پەراوێز؛ نەوارێ کەم تا کورت پان لە لێواری ئاسەڕی کڵاوەوە بۆ بەرگری لە دەردانی ئارەق یان چەوری.

زغن / zaqan، ـها/:/اسم. قیژ؛ قاژوو؛ قژاک؛ قەلەبازەلە؛ کۆرکۆرە؛ کۆڕکۆڕ؛ کۆلارە؛ قشقەڕە؛ مشک‌خۆر؛ مشک‌گیر؛ پەلەوەرێکی لەش ناوەندی کە لە گوانداڕانی چکۆلە و خزۆکان یان لاشەی گیانەوەرانی‌تر بژیوی خۆی دابین دەکا: **غَلیواج؛ غَلیواژ؛ موش‌گیر**

زغنبود / zaqnabûd/:/اسم. ژەقنەمووت؛ زەقنەپووت؛ زەقنەبووت؛ ژەقنە؛ زەقنە؛

هەلایهەل؛ گەڕانی؛ زەبرەبەند؛ زلفنج؛ کندرووس؛ قوزەلقورت؛ دەرد؛ وشەی جنێو، هاوواتای زەهری مار.

زفاف / zafāf/: [عربی]/اسم. زاڤانی؛ بووکێنی؛ چوونە پەردە؛ هاوخەوی بووک و زاوا.

زفت / zaft/: *صفت. [ادبی]* ئەستوور؛ قەڵەو؛ کلفت؛ کلۆفت؛ کولفت؛ چاخ؛ زنتۆڵ؛ زەبلاح.

زفت / zeft/: *اسم.* زەفتە؛ زفت؛ زەفت؛ قیری سروشتی؛ هیدروکەربونی نەگۆڕ یان هەویری کە لە کۆندا لە قەڵشتی برێ بەردەوە دەیانگرت و بۆ دەرمان بە کار دەهات.

◘ زفت انداختن: زەفتە لێدان؛ قیرتاو لێدان؛ ساوینی زفت بە سەر قوماش و لکاندنی بە سەر شوێنێک لە لەشدا.

زفت / zoft/: *صفت. [ادبی]* ۱. ڕژد؛ دەس‌وشک؛ بەرچاوتەنگ؛ چرووک؛ چکوود؛ چکووس؛ پیسکە؛ قرچۆک ۲. بەوتاو؛ تفت و توون؛ بە چێژەی ناخۆشەوە.

زق / zoq/ ☜ **زُق ـ زُق: ذق**

زق ـ زق / zoqzoq/: *اسم. [گفتاری]* ژانی تاو‌ـتاو؛ ئێشێ کە لە مەوداگەلی کورت و پەیتاـپەیتادا سەر هەڵدەدا: **زق**

◘ زق ـ زق کردن: چلدان؛ چل کێشان/ شانەی؛ برووسکە وەشاندن؛ ئێش کردنی پەیتاـ پەیتا ‹وقتی آب سرد می‌خورم دندانم زق ـ زق می‌کند: کە ئاوی سارد دەخۆمەوە ددانم چل ندا›.

زقوم / zaqqûm, zaqqom/: [عربی]/اسم. ۱. ژاری‌مار؛ زەهرەمار؛ زەهری هەلایل؛ ژاعربیایش؛ هەر شتێکی زۆر تاڵ کە ڕەنگە ژاراویش بێت ۲. *[اسلام]* دارێکە لە جەحانمدا کە بەرەکەی یەکجار تاڵە.

زکاب / zakāb/: *اسم.* زاخاو؛ زاخی تاوێندراوە کە بۆ قایم‌کردنەوەی شتی لەق بە کار دێ.

زکات / zakāt/: [عربی]/اسم. *[اسلام]* زەکات؛ هەندی دیاریکراو لە ماڵی موسڵمان کە دەبێ دەریکا و بیداتە ئەوانەی پێیان دەگا: **زکوه**

◘ **زکات فطر**: سەرفترە؛ سەرفیترە؛ سەروترە؛ دراو یان ماڵێ کە دوای ڕۆژووی ڕەمەزان بە هەژار و نەدار دەدرێ.

زکات مال: زەکاتی ماڵیات؛ موسڵمان ئەگەر ماڵی (واتە مانگا، پەز، وشتر، زێڕ یان زێو، گەنم، جۆ، خورما و مێوژی) بگاتە ڕادەیەکی دیاریکراو، دەبێ بەشێکی بدا بە ئەوانەی پێیان دەگا.

زکام / zokām/: [عربی]/اسم. هەلامەت؛ ئەلامەت؛ ئالامەت؛ حەلامەت؛ هالمەوت؛ هەلا؛ پەتا؛ ساڤ؛ پەسیوو؛ پەسیو؛ پەسیڤ؛ پەرسیف؛ پەرسیڤ؛ پەرسیو؛ بابینی؛ ئاسرم؛ ئارسم؛ دەممەنی؛ پەژیک؛ مرک؛ تماو؛ فرڤینک؛ دیاردەی ئاییسان و ئاو پێداهاتنی چاو و لووت، هاوڕێ لەگەڵ پژم و هۆڕدا.

زکوه / zakāt/: [عربی] ☜ **زکات**

زکی / zakî ، ازکیا/: [عربی] *صفت. [ادبی]* پاک: ۱. خاوێن؛ تەمیس ۲. پارسا؛ پارێزگار؛ چاکەکەر؛ خۆپارێز.

زکی / zekî/: *صوت. [گفتاری، مستهجن]* ترحێو؛ ترحەو؛ شیر؛ پیتی تیتاڵی و ڕشخەن ‹زکی! ساعت دوازده است و آقا می‌گوید: صبح به خیر: ترحیو! سەعات دوازدەیە و ئابرام ئێژێ: بەیانی باش›.

زگیل / zigîl, zegîl/: *اسم.* بالووکە؛ بالووک؛ بالۆکە؛ بالوویک؛ بالۆک؛ بایلە؛ ئازەخ؛ گەندمە؛ گەنمە؛ سگڵ؛ پالوو؛ کار: ۱. دیاردەی ویرووسی، بە شێوەی هەڵتۆقاویەکی نەپۆڕ بە سەر پێستەوە ۲. هەر جۆرە هەڵتۆقاوەیەکی وەک بالووک.

زل / zol/: *اسم.* ماق؛ واق؛ زەق؛ دۆخی چاو برینە شتێ بۆ ماوەیەک.

◘ زل زدن: ماق بوون؛ زەق بوونەوە؛ ماق

بوونەوە؛ چاو برینە شوێنێ یا شتێ.
زل- زل نگاه کردن: زاق- زاق ڕوانین؛ زل-زل ڕوانین؛ چاو تێبڕین؛ ماقەوە بوون؛ بە پێداگری و سەرنجەوە ڕوانین.
زلال / zolāl/: [عربی] صفت. زەلاڵ؛ زولاڵ؛ چاوقرژانگ؛ زۆر ڕوون و بێخەوش (بەتایبەت بۆ تراوان).
زلالیه / zolālîyye/: [عربی]/سم. تراوێکی ڕوون و لینج کە لە چاوی مۆرەدارانـدا، مەودای نێوان گلێنە و زوجاجیە پڕ دەکاتەوە.
زلزله / zelzele، ـها/: [عربی]/سم. بوومەلەرزە؛ بۆمەلەرزە؛ بوولەرزە؛ بووەلەرزە؛ بێمەلەرزە؛ بیڤەلەرز؛ زەویلەرزە؛ زەمینلەرزە؛ زەلزەلە؛ ژێلی عەرد؛ لەرزان؛ لەرزەک؛ هەژانی زەوین.
زلزلەسنج / zelzelesanc، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. لەرزەپێو؛ ئامرازی ئەندازەگرتنی لەرەی زەوی بەتایبەت لە کاتی بوومەلەرزەدا.
زلزلەنگار / zelzelenegār/: [عربی/ فارسی]/سم. لەرزەنووس؛ کەرستەیێ بۆ ناسین و نووسینی شەپۆلی لەرە، بەتایبەت بۆمەلەرزە.
زلزلەنگاری / zelzelenegārî/: [عربی/ فارسی] /سم. لەرزەنووسی؛ کار و ڕەوتی نیشاندانی هێز، پەرە و بەرەوگەی شەپۆلی لەرە، بە لەرزەنووس.
زلف / zolf، ـها؛ ـان/: /سم. زلف؛ زلف؛ زولف؛ زووف؛ بژی؛ گودلە؛ فڕ؛ کەزی؛ کەزیە؛ تیت؛ ئەگریجە؛ چینک؛ بسک؛ گیشک؛ قژی سەر.
▣ **زلف گذاشتن:** زولف هێشتنەوە؛ زلفەوە ئاسەی؛ درێژکردنەوەی مووی سەر.
زلفی / zolfî/ ☜ **زُلفین**
زلفین / zolfîn، ـها/: /سم. کلیت؛ ڕزدە؛ ڕەزەن؛ گەو؛ قولف؛ زفرین؛ گۆلە؛ ئالقەی دەرگا کە شەوژەن یان زنجیری تێدەچێ: **زرفین؛ زلفی**
زلم‌زیمبو / zalamzîmbo, zalamzîmbo:، ـها/: /سم. [گفتاری] زەڕ و زەنگیانە؛ متومووروو؛ هەر چەشنە زێڕ و زێو ئاسای مەراش و کەمبایەخ.

زله / zelle/: [از عربی] ☜ **ذلّه**
زمام / zemām, zamām، ـها/: [عربی]/سم. ۱. هەوسار؛ هەفسار؛ دەستەوسار؛ ڕشمە؛ ڕەشمە؛ دەسکەڕەشمە؛ جڵەو؛ پەتێ کە بە لغاوەوە دەبەسترێ تاکوو سوارکار، چوارپێی باری یان سواری پێ ڕابگرێ و بیگەڕێنێ ۲. [مجازی] دەسەڵات؛ ئیختیار.
▣ زمام امور را به دست گرفتن: [مجازی] بوونە ڕەحیم ساحێو ماڵ؛ کار و بار بە دەستەوەگرتن؛ ڕێبەری و بەڕێوەبەری کار و باران بە دەستەوەگرتن.
زمامدار / zemāmdār, zamāmdār، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/سم. دەسەڵاتدار؛ ڕەمکێش؛ کەسێ کە ڕێبەری و بەڕێوەبەرایەتی کار و بارێ بەتایبەت ڕێبەری دەوڵەتێکی بە دەستەوەیە.
زمامداری / zemāmdārî, zamāmdārî/: [عربی/ فارسی]/سم. دەسەڵاتداری؛ کار و بار یان پیشەی دەسەڵاتدار.
زمان / zamān، ـها؛ أزمنه/: /سم. کات؛ دەم؛ زەمان؛ زموون: ۱. وەخت؛ وەقت؛ گاڤ؛ گام؛ گامە؛ گۆم؛ بەنگ؛ چاخ؛ دەمان؛ وەختان؛ هنگام؛ محەل؛ سەردەم؛ ڕەوتی لەگەڕ و بێبڕانەوەی هەبوون، دیاردە و ڕووداوان ۲. وەخت؛ وەقت؛ گاڤ؛ گام؛ گامە؛ گۆم؛ بەنگ؛ چاخ؛ دەمان؛ وەختان؛ محەل؛ سەردەم؛ بەشێکی دیار و دابڕی ئەم ڕەوتە: *الف)* کە بە پێوەرێک (چەرخ، ساڵ، حەوتە، ڕۆژ، کاتژمێر و...) ئەندازە بگیرێت *ب)* دەورە؛ دەوران؛ ڕۆژگار؛ ڕۆژگار؛ ڕۆژیار؛ کە هاوکاتە لەگەڵ ڕووداو یان ڕووداوگەلیتردا ‹زمان جنگ: کاتی شەڕ› *ج)* کە بۆ کار یان چالاکییێکی دیاریکراو ڕەچاوکراوە ‹زمان کار: کاتی کار› ۳. [دستور] تایبەتمەندی کردار کە کاتی ڕوودانی (لە ڕابردوو، ئێستا یان داهاتوودا) پیشان دەدا.
▣ زمان تقویمی: زەمانێ کە لە بزووتنی هەر

گـەڕۆکێک بـە دەوری خـۆر، یـان مانـگ بـە دەوری گەڕۆکی خۆیدا، بە دی دێت.

زمان‌بندی / zamānbandî ، ـها/:/اسم. کـار یـان ڕەوتی دیاری‌کردن یان پێش‌بینی‌کردنی کـاتی پێویست بۆ جێبەجێ بوون یان بـەڕێوە چـوونی قۆناغگەلی جۆراوجـۆری گەلالـە، بەرنامـە یـان زنجیرەکارگەلێک.

زمان‌سنج / zamānsanc ، ـها/:/اسم. کـات‌بژێـر؛ کورنۆمیتر؛ ئامرازێ بۆ ژماردنی مەوداگەلی کاتی زۆر کورت.

زمانمند / zamānmand/: صفت. کاتبەر؛ کـاتگر؛ ماوەخایەن؛ پێویست بە ڕابردنی کـات ‹تحـصیل کاری زمانمند است: خوێندن کارێکی کاتبەرە›.

زمانمنـــدی / zamānmandî/:/اسـم. کاتبـەری؛ کاتگری؛ دۆخ یان چۆنیەتی کاتبەر بوون.

زمانـــــه / zamāne/:/اســم. دەوران؛ دەور؛ دۆر؛ چەرخ؛ ڕۆژگار؛ ڕۆچیار؛ زەمان؛ زەمانە؛ فەلـەک؛ فەلەک؛ دنیا؛ گەردوون ‹زمانه با تـو نـسازد، تـو بـا زمانه بساز!: دەوران بـە مـەیلی تـۆی نـەکرد، تـۆ بـە مەیلی دەوران بکە!›.

زمـــانی / zamānî/: صـفت. کـــاتی؛ زەمـــانی؛ سەردەمی؛ سەر بـە کـات یـان پێوەندیـدار بـە کاتەوە.

زمپای / zampāy/ ☜ **سرماپای**

زمخت / zomoxt ، ـها/: صفت. [گفتاری] قولـۆر؛ ناقۆلا؛ نەپۆڕ؛ دشت؛ بە پێکهاتەی نارێک‌وپێک و دوور لە وردی و جوانیەوە.

زمختـــی / zomoxtî/:/اسم. قولـۆری؛ نـاقۆلایی؛ نەپۆڕی.

زمـــرد / zomorrod/: [معـرب از یونـانی]/اسـم. زمـرووت؛ زمـروت؛ زامـرووت؛ جـۆرێ بـەردی بـەنرخی کەسـک بـە بـڕێ ئوکـسید کرۆمەوە کە لە گەوهەرسازیدا بەکار دەچێ.

زمردفام / zomorrodfām/: [معرب/ فارسی] صفت. زامرووت‌واش؛ زمروت‌واژ؛ بە ڕەنگی زمرووت.

زمردی[1] / zomorrodî/: [معرب]/اسم. زمـرووتی؛ زامرووتی؛ ڕەنگـی زەمـرووت؛ ڕەنگـی سـەوزی ڕوون.

زمردی[2]: صفت. زمرووتی؛ زامرووتین؛ بە ڕەنگـی زامرووت؛ بە ڕەنگی سەوزی ڕوون.

زمردین / zomorrodîn/: [معرب/ فارسی] صفت. [ادبی] زمرووتی؛ زامروتین؛ زمرووتین.

زمره / zomre/: [عربی]/اسم. ڕیـز؛ پێـڕ؛ چـین؛ تـاقم؛ پـۆل؛ دەسـتە؛ دەسـە؛ گـرۆ ‹در زمـرەی آزادیخواهان بود: لە ڕیزی ڕزگاریخوازاندا بوو›.

زمزایی / zamzāyî/ ☜ **سرمازایی ـ۲**

زمزمه / zamzame, zemzeme ، ـهـا/: [معـرب از فارسـی]/اسـم. ۱. مـۆرە؛ ویـرە؛ ویـر؛ مـۆر؛ لـۆرە؛ نارەنار؛ لۆرەلۆر؛ سۆزە؛ مۆرەمۆر؛ گۆرانیێ کە لـە بەر خۆوە بە دەنگی نزم دەخوێنـدرێ ۲. ورتـە؛ ورت؛ پرتە؛ پرتەپرت؛ ورتەورت؛ ڕێچـار؛ قـسەی لە ژێر لێوانەوە ‹از گوشەی اتاق زمزمەای بلند شد: لە کونجی دیوەکەوە ورتەورتێک هەسـتا› ۳. نارەنـار؛ وەیتە؛ ویر؛ مۆر؛ لۆرە؛ لۆرەلۆر؛ سۆزە؛ مۆرەمـۆر؛ هۆرە؛ هۆرەهۆر؛ ورنگەورنگ؛ ئاهەنگی بە دەنگی هێدی و دڵبزوێن و دلـگرەوە ‹زمزمـەی بلـبلان: نارەناری بولبولان›.

▣ **زمزمـه کـردن**: مۆرەمـۆرکردن؛ هوربانـدن؛ نێورین؛ لۆراندن؛ بـە نەرمـە و لـە بـەر خـۆوە خۆندن.

زمستان / zemestān ، ـها/:/اسم. زسـتان؛ زسـان؛ زۆسان؛ زووسـان؛ زمـسان؛ زمـستان؛ زڤـستان؛ جسان؛ جستان؛ زم؛ زمستوو؛ زمسوو؛ زمـستون: ۱. یەکێ لە چوار وەرزی ساڵ لە سەرزەویگەلی ناوچەی مامناوندی، کە کەوتۆتە نێوان پـاییز و بەهارەوە ۲. [کنایی] کزی سەرما و سۆڵە؛ وەرزی سەرما؛ چاخی سەرما ‹هنوز آذرمـاه نیامـده زمـستان شروع شده است: هێشتا سـەرماوەز نـەهاتووە زسـتان دەستی پێکردووە›.

▣ **زمـستان هـسته‌ای**: زسـتانی ئـەتومی؛ بـار و

دۆخێک کە ئەگەر شەڕی ناوکی بقەومێ، ڕوو دەدا و بە هۆی بەرز بوونەوەی تۆز و خۆڵی یەکجار زۆر، تیشکی خۆر ناگاتە زەوی و هەموو شوێنێک دەرچێ و ژیان دەپێچێتەوە.

زمستان‌خوابی / zemestānxābî/: *اسم.* *[زیست‌شناسی]* زستانەخەوی؛ چۆنیەتی بڕێ گیانەوەران کە لە زستاندا دەچنە خەو و لەم ماوەدا ڕادەی سووت و ساز و دەمای لەشیان دێتە خوارەوە، هەناسە و تەپەی دڵیان هێواش دەبێتەوە و بۆ درێژەدان بە ژیانیان لەو چەوریەی کە پێشتر لە لەشیاندا کۆ بۆتەوە، کەڵک وەردەگرن.

زمستانی / zemestānî/: *صفت.* زستانی؛ زمسانی؛ زۆسانی؛ زستانە؛ زستانەیی؛ زمسانە: ۱. سەر بە زۆسان یان پێوەندیدار بە زستانەوە ‹هوای زمستانی: کەشی زستانی› ۲. شیاوی وەرزی زستان ‹لباس زمستانی: جل‌وبەرگی زستانی›.

زمهریر / zamharîr/: [معرب از فارسی] *اسم.* *[کنایی]* زمهەریر؛ زەمهەریر: ۱. نەختە؛ زیک؛ ساواق؛ سەقەم؛ سەرما و سۆڵە؛ سەرمای تووش ۲. زۆزان؛ جێگای زۆر سارد.

زمین / zamîn/: *اسم.* زەوی؛ زەوین؛ زەمین؛ زەی؛ زەو؛ زەڤی؛ وەل؛ هارزەو: ۱. هەرد؛ ئەرد؛ عەرد؛ ئەرز؛ هەرند؛ عەرز؛ قاد؛ کاد؛ قات؛ سەرزەوی؛ بەژ؛ وشکی؛ وشکانی؛ وشکایی؛ بەر و بووم؛ ئەو بەشە لە گۆی زەوی کە ئاو داینەگرتووە ۲. هەرد؛ ئەرد؛ عەرد؛ ئەرز؛ هەرند؛ عەرز؛ قاد؛ کاد؛ قات؛ سەرزەوی؛ بەژ؛ ڕووپەڕی دەرەکی بەشی نەگۆڕی هەر گەڕۆک یان مانگێک ۳. بوو؛ بووم؛ ئەو گۆیە کە مرۆ بە سەریەوە دەژی ٤. /ها/ پارچەیێک لە زەوی کە هی کەسێکە و دەکرێ کشت و کاڵی تێدا بکا یان ماڵی لە سەر بکاتەوە ٥. *[مجازی]* تەختایی؛ تەختی دیو یان هەر شوێنێکی تر. بەرانبەر: **هوا** ‹توی تاکسی پول افتاد زمین و رفت زیر پای راننده: لە ناو تاکسیەدا پارەکە کەوتە زەوی و چووە ژێر پای ڕانندەکەوە› ٦. /ها/ گۆڕەپان؛ مەیدان؛ دەرەتانێ کە بۆ چالاکیەکی تایبەت دروست کراوە ‹زمین بازی: گۆڕەپانی کایە›.

▣ **زمین آبزا**: زوهۆڕ؛ لەرزک؛ زنە؛ زناو؛ زەوینێ کە هەمیشە تەڕە و ئاو دەدەڵێنێ.

زمین آبستە: زەوینی کۆڵەوەس؛ زەوینی ڕەپستە؛ زەوینی ئاوەنیا؛ زەوی و زارێ کە ئاو دراوە و شۆکراوە و دوایی تووی لێ‌چێندراوە و ئامادەی ڕووان و بەر دانە.

زمین آبی: بەراو؛ بەراڤ؛ بەراوی؛ مەدرەب؛ زەوینێ کە ئاودێری دەکرێ.

زمین باتلاقی: زەلکاو؛ زەلکۆ؛ زەلکە؛ چارچیق؛ زۆنگ؛ قۆپی.

زمین باز: بەرایی؛ دەشت؛ گۆڕەپان؛ بەشێ لە زەوی کە ماڵ، دامەزراوە یان دار و کەژ و دیاردەی سروشتی تێدا نیە.

زمین بازی: گۆڕەپان؛ مەیدان؛ زەوی کایە؛ دەرەتانێ کە بۆ کایە تەرخان‌کراوە.

زمین بایر: بەون؛ بۆرە؛ بوور؛ بوورە؛ وەرد؛ بەیاز؛ بەیار؛ بایر؛ باهێر؛ کۆرە؛ کاش؛ مووش؛ دهم؛ زەوینێ کە خاوەنی هەیە، بەڵام هیچ جۆرە چالاکیەکی کشت‌وکاڵی، خانووسازی و پیشەیی تێدا ناکرێ.

زمین بی‌گیاه: کراڕ؛ کراڵ؛ قاقر؛ بێ‌بڕ؛ ڕیتاڵ؛ کرێل؛ کرێن؛ وشکان؛ ڕووتەن؛ ڕووتاڵ؛ ڕووتەنی؛ گرکەزەوی؛ زەوینێ کە لەبەر بار و دۆخی سروشتی گژ و گیای لێ‌ناڕوێ یان زۆر کەم دەڕوێ.

زمین پرحاصل: نانگر؛ نانگیر؛ ماک؛ ماکە؛ نەخت؛ بەبڕشت؛ زەوی بەڕێژە؛ زەوی بە پیت

و ڕیژەو: **زمین حاصلخیز**
زمین پر گیاه و علف: بژوێن؛ زەمەند؛ بژون؛ زەوی پڕ لە گیا و لەوەڕ.
زمین چمن: چیمەن؛ مێرگ؛ چیمەن؛ زەوینی کایە کە ڕووەکەی بە چیمەن (سروشتی یان دەسکرد) داپۆشراوە.
زمین حاصلخیز ☜ **زمین پرحاصل**
زمین شهری: زەویشاری؛ پارچە زەویگەلی لە سنووری قانوونی شار یان شارۆچکەیەک.
زمین موات: زەوی بێخاوەن؛ زەمینی باهێر کە خاوەنی دیار نەبێ یان هەر بێخاوەن بێ.
زمین ناهموار: هێری؛ زەوینی زورکانی بە کەند و لەند.
زمین هموار: هۆڕ؛ مەخەر؛ گوهۆڕ.
▣ زمین خوردن: کوترانە زەویدا؛ کەوتنە زەویدا؛ دریان بە زەویدا؛ کوتیانە عەرزا؛ دریانە زەویا؛ کەوتەی؛ زەمینەرەکوویەی: ۱. کەوتن؛ بە عەرزدا دان؛ گلیان؛ گلێرەی؛ گلێرای؛ بە توندیکەوە کەوتنە سەر زەوی یان تەختایی شتێک ‹دیروز موقع بازی زمین خوردم و پایم شکست: دوێنێ لە نێو کایەدا کەوتم و لاقم شکا› ۲. *[مجازی]* بەزین؛ بەزیان؛ بەزیای؛ دۆڕان؛ تێشکان؛ پشتدان؛ کۆڵدان؛ شکست خواردن ‹با این گشادبازی آخرش زمین می‌خورد: بەم گۆترەکاریەوە ئاخری تێدەشکێ›.
زمین زدن ☜ **به زمین زدن**
زمین گذاشتن: ۱. ☜ **به زمین گذاشتن** ۲. *[کنایی]* دانان؛ دەس لێهەڵگرتن؛ دەس لێکێشان؛ لێگەڕان؛ واز لێهێنان؛ بەجێ هێشتن؛ دەس چنە ئاسەی؛ واز چنە ئاردەی؛ دەس چەنە کێشای ‹چند ماه است سیگار را زمین گذاشته: چەند مانگێکە جگەرەی داناوە›.
زمین ماندن: *[کنایی]* داکەوتن؛ داکەفتن؛ هەر وا مانەوە؛ بە دەسەوە مان؛ ئەوومەنەی؛ بێداپەڕ بوون ‹همەی کارها زمین مانده و تو می‌خواهی بروی گردش؟: گشت کارەکان داکەوتووە و تۆ دەتەوێ بچی بۆ سەیران؟›: **بر زمین ماندن** *[ادبی]*
زمین و آسمان/ زمان را به هم دوختن: *[مجازی]* لە دار و بەرد دان؛ شان و قۆڵ کوتان؛ زەوین و ئاسمان بە یەکا دان؛ دنیا دان بە یەکدا؛ تەق و دەوکردن؛ هەوڵ و تەقالای زۆر دان ‹برای نجات پسرش زمین و آسمان را به هم دوخت: بۆ ڕزگارکردنی کوڕەکەی لە دار و بەردی دا›.
از زمین بلند کردن: ۱. هەڵگرتن؛ بەرزەو کردن؛ هۆربڕنەی؛ زەمینەنە هۆرگێرتەی؛ شتێکی (زۆرتر) قورس لە سەر زەویەوە بەرزکردنەوە ۲. ڕاستکردنەوە؛ ڕاسەوە کەردەی؛ هەڵستاندنەوە؛ شتێ کە لە سەر زەویدایە ڕاستکردنەوە ۳. *[کنایی]* دەس‌گرتن؛ یارمەتی دانی کەسێکی داماو بە پشتگری یان پارە.
از زمین تا آسمان فرق داشتن: *[کنایی]* ئاسمان و زەوی بوون؛ زۆر جیاواز بوون؛ کوجا بر کوجا بوون.
از زمین درآمدن: ۱. سەوز بوون؛ شین بوون؛ سەرهەڵدان؛ ڕوان؛ ڕسەی ۲. دەرهاتن لە ژێر زەویەوە؛ لە بن زەویەوە دەرهاتن؛ زەمینەنە بەرئامەی؛ لە زەویدا هەڵێنجران. هەروەها: **از زمین درآوردن**
بر زمین ماندن ☜ **زمین ماندن**
به زمین افتادن: داکەوتن؛ داکەوتنە زەوی؛ کەوتنە سەر ئەرز؛ بە زەمیندا کەوتن؛ ئەرەزەمین‌کەوتەی؛ کەوتەیرە زەمین ‹از اسب به زمین افتاد: لە ئەسپەوە داکەوت›.
به زمین انداختن: داخستن؛ خستنە بان زەوی؛ ئەرەزەمین وسەی؛ وستەیرە زەمین؛ شتێ بەردان تا دەکەوێتە سەر زەوین ‹چوب را به

زمین انداخت: چێوەکەی داخست›.

بە زمین زدن: لەپتاندن؛ لە ئەرز دان؛ بە زەویدا دان: ١. دانە زەویدا؛ کوتانە زەویدا؛ شتێک یان کەسێک خستنە سەر زەوین ٢. *[مجازی]* بەزاندن؛ تێشکاندن * **زمین زدن** *[گفتاری]*

بە زمین گذاشتن: دانان؛ دانیان؛ نیانە زەوی؛ ئەرەزەمین نیەی؛ نیایرە زەمین؛ لە سەر زەوین دانیان ‹توپ را بە زمین گذاشت: تۆپەکەی نایە زەوی›: **زمین گذاشتن**

زمین بازی / zamînbāzî/: *اسم. [مجازی]* کار یان ڕەوتی کڕین و فرۆشتنی زەوی (بەتایبەت زەوینی دەور و بەری شاران) بۆ بردنە سەرەوەی بایی و وەدەس خستنی قازانجی زۆرتر.

زمینخوار / zamînxār ، ـها؛ ـان/: *اسم. [مجازی]* زەویخۆر؛ کەسێ کە زەوی بۆ ماڵ یان کشتوکاڵ لە ڕێی ناڕەواوە داگیر دەکات.

زمین‌خورده / zamînxorde ، ـها/: *صفت. [مجازی]* لێقەوماو؛ کەوتوو؛ کەفتە؛ قوڕەماو؛ کلۆڵ؛ داماو؛ نوشستهێناو ‹بە آدمهای زمین‌خورده باید کمک کرد: دەبێ یارمەتی مرۆی لێقەوماو بدرێ›.

زمیندار / zamîndār ، ـها؛ ـان/: *اسم.* زەویندار؛ زەمیندار؛ مەزراوان؛ خاوەنزەوی؛ کەسێ کە زەوینی کشتوکاڵی هەیە.

زمینریخت / zamînrîxt/: *اسم. [زمین‌شناسی]* نژمی زەوی، پێکهاتە و چۆنیەتی جێگرتنی ئاو، بەژ و کەند و لەندگەلی زەوی.

زمینریخت‌شناسی / zamînrîxtšenāsî/: *اسم. [زمین‌شناسی]* لقێک لە زانستی زەویناسی کە دەپەرژێتە سەر چاڵوچۆڵی، بەژ و ئوقیانووسگەلی زەوی و هۆی بەدیهاتنیان.

زمینزی / zamînzî/: *صفت.* زەویژی؛ بەتایبەتمەندی یان خووی ژیان لە سەر زەویندا.

زمینساخت / zamînsāxt/: *اسم.* لقێک لە زەویناسی کە لە سەر پێکهاتەی چین و لۆی نەگۆڕی زەوی و هێز و بار و دۆخگەلێ کە دەبێتە هۆی جم و جوولی (وەک پەیدا بوونی کێو، بوومەلەرزە و کەندولەند) باس دەکا.

زمین‌سنجی / zamînsancî/: *اسم.* زەوی پێوی؛ کار و ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە شێوە و ئەندازەی زەوی بە وردی و دیاری‌کردنی هەر خاڵێک لە سەریەوە.

زمین‌شناس / zamînšenās ، ـان/: *اسم.* زەویناس؛ کەسێ کە لە پێکهاتەی زەوی و چۆنیەتی دروست بوونی بەردگەل شارەزایە.

زمین شناسی / zamînšenāsî/: *اسم.* زەویناسی؛ زانستێ کە لە پێکهاتە و سەربهوردی زەوی بەتایبەت بە سەرنج دان لە سەر بەردگەل و پێکهاتەی ئێستایان دەکۆڵێتەوە.

زمین شیمی / zamînšîmî/: [فارسی/ فرانسوی] *اسم.* زەوی‌شیمی؛ زانستێ کە لە پێکهاتە و گۆڕانکاری کیمیایی بەشی نەگۆڕی زەوی دەکۆڵێتەوە.

زمین فیزیک / zamînfîzîk/: [فارسی/ فرانسوی] *اسم.* زەوی‌فیزیک؛ زانستێ کە لە سەر ڕەوتانەگەلی ماکی زەوی، وەک هەوا، ئاو، بوومەلەرزە، گڕکان، شوێنەواری میغناتیسی و ڕادیۆئەکتیڤ دەکۆڵێتەوە.

زمینگرا / zamîngerā/: *صفت. [زیست‌شناسی]* بەتایبەتمەندی گەشەکردن و لارەو بوون بەرەو زەوی.

زمین گرایی / zamîngerāyî/: *اسم. [زیست‌شناسی]* ڕەوتی گەشەکردن یان خوار بوونەوە بەرەو زەوی، بەتایبەت لە گژ و گیادا.

زمینگیر / zamîngîr/: *صفت. [مجازی]* زەوینگیر؛ زەمینگیر؛ لێک‌کەوتوو؛ لێکەفتگ؛ پەک‌کەوتە؛ کەلەلا؛ لاکەفتە؛ تەختی؛ گونوولە؛ گولۆلە؛ شەهتی؛ ناکارا لە جمشت، بەتایبەت لە بەر

نەخۆشی یان کزی ‹پس از آن حادثه یک سال زمینگیر شد: دوای ئەو ڕووداوە ساڵێک زەوینگیر بوو›.

زمینلاد / zamînlād/: اسم. بەژایی؛ پانایییەکی گەورە و بەرین لە وشکی کە بریتیە لە زۆربەی خاکی وڵاتێک و زۆرتر لە بەرامبەر دوورگەوە بە کار دێ.

زمین‌لرزه / zamînlarze، ـها/: اسم. بوومەلەرزە؛ بوومەلەرزە؛ زەولەرزە؛ زەمینلەرزە؛ لەرزەک؛ لەرەی ناکاوی بەشێک لە توێکڵی زەوی.

زمین‌لغزه / zamînlaqze، ـها/: اسم. گندڕ؛ دیاردەی بەر بوونەوە و گندڕین و کۆما هاتنە خوارەوەی بەرد و خۆڵ.

زمینوار / zamînvār/: صفت. زەویناسا: ۱. بە بیچمی گریمانی گۆی زەوی جگە لە کەند و لەند و چاڵ و چۆڵیگەلی ۲. بە بیچمی گۆی ناتەواو، وەک گۆی زەوی.

زمینه / zamîne، ـها/: اسم. ۱. ژێرنەخش؛ تەخت؛ تەختە؛ مەتن؛ بنەکوک؛ ئەو بەشە لە چنراوە یان وێنەیەک کە کەوتۆتە دەوراندەوری نەخشەوە ‹نقاش دختری را در زمینه‌ی جنگل انبوهی کشیده بود: شێوەکێش کیژێکی لە ژێرنەخشی لێڕەوارێکی چڕدا کێشا بوو› ۲. پێکهاتە؛ بار و دۆخی ڕەخساو بۆ ڕوودانی ڕووداوێ یان جێبەجێ‌کردنی کارێک ‹زمینه‌ی این کار از قبل فراهم شده بود: پێکهاتەی ئەم کارە لە پێشەوە پای کەوتبوو› ۳. *[مجازی]* مەبەست؛ بوار؛ بابەتی کار یان ڕووداوێ ٤. *[زمین‌شناسی]* شانە؛ بنەکوک؛ ئەندازە، شێوە و ڕیزی جێ‌گرتنی کانیگەل لە بەرددا.

▣ زمینه داشتن: ۱. ئەگەری سەرکەوتن هەبوون ۲. بەرهەڤ بوون؛ تەیار بوون. هەروەها: **زمینه فراهم کردن**

زمینه‌چینی / zamînečînî، ـها/: اسم. ڕێخۆشکەری؛ کار یان ڕەوتی بەرهەڤ‌کردنی پێشەکی بۆ جێبەجێ‌کردنی کارێک.

زمینه‌ساز / zamîneāz/: اسم. ڕێخۆشکەر؛ ڕێکخەر؛ ئەوی کار، ڕەوت یان دۆخێ دابین دەکا ‹جنگ زمینه‌ساز ثروتهای بادآورده شد: شەڕ بوو بە ڕێخوشکەری سامانگەلی مفت و مەرحەبا›.

زمینه‌سازی / zamînsāzî، ـها/: اسم. ڕێخۆشکەری؛ کار یان ڕەوتی دابین‌کردنی پێداویستی یان بار و دۆخی لەبار بۆ دەسپێکردنی چالاکی یان کارێک.

زمینی / zamînî/: صفت. زەوینی؛ زەمینی: ۱. پێوەندیدار یان سەر بە زەوی ‹محصول زمینی: داهاتی زەمینی› ۲. پێوەندیدار بە گۆی زەویەوە ‹موجود زمینی: بوونەوەری زەوینی› ۳. بەژی؛ پێوەندیدار بە وشکیەوە ‹نیروی زمینی: هێزی زەوینی›.

زن[1] / zan، ـها؛ ـان/: اسم. ژن؛ ژەنی؛ زە؛ زینە؛ پیرەک؛ پنکۆ؛ پتۆ: ۱. ئافرەت؛ عافرەت؛ مرۆی مێوینەی پێگەیشتوو ‹همه از زن و مرد در انتخابات شرکت کردند: هەموو بە ژن و پیاوەوە لە هەڵبژاردندا بەشداریان‌کرد› ۲. هاوسەری پیاو؛ هاوژینی پیاو؛ ئاوجووت؛ هام‌جووت ‹زن همسایه‌مان مریض است: ژنی دراوسێکەمان نەخۆشە› ۳. مرۆی مێوینە کە مێردی کردووە ‹زن بیوه: ژنی بێوە›.

▣ زن پای در زنجیر: ۱. *[نجوم]* ژنی کۆت لە پا؛ وێنەیەکی ئاسمانی باکووری ۲. هەورێکی مارپێچی ڕووناک لەو وێنەدا ✱ **المرأه المسلسله؛ امرأه المسلسله؛ مرأه المسلسله**

زن خانه: کابان؛ کەیبانوو؛ کەیوانوو؛ کەیوانە؛ کەبانی؛ ژنی ماڵ؛ ژەنۆ یانەی؛ بنەوان؛ بنەوانە؛ ژنێ کە بەڕێوە بردنی کار و باری نێو ماڵی لە ئەستۆدایە.

▣ زن بردن: *[گفتاری]* ژن خواستن؛ ژن هێنان؛ ژەن واسەی؛ ژەن ئاردەی ‹آزاد از ده ما زن برده است: ئازاد لە دێی ئێمە ژنی خواستووە›.

زن دادن: ژن پێدان؛ ژن دان؛ ژەن دەی؛

ژەن داپنەی؛ ژنێ کردنە هاوسەری پیاوێک ‹آنها بە غریبە زن نمی‌دهند: ئەوان ژن نادەنە بێگانە›.

زن گرفتن: ژن هێنان؛ ژن خواستن؛ ژن هاوردن؛ ژن ئانین؛ ژەن ئاردەی؛ زەماوەن‌کردنی پیاوێ لەگەڵ ژنێکدا ‹امسال برای پسرش زن گرفت: ئەمساڵ ژنی هینا بۆ کوڕەکەی›.

ـ زن[٢]: *پیوا‌ژە.* ـ لێدەر: ١. ـ ژەن؛ ـکوت؛ ـکۆ؛ ژەنیار؛ ئەوەی کە لێدەدات (بۆ ئامێری مووسیقا) ‹دُهُل‌زن: دەوڵ‌ژەن› ٢. ـ وەشێن؛ ـ شان؛ ـ شەن؛ ئەوەی کە لێ‌ئەدات ‹شمشیرزن؛ خشت‌زن: شیروەشێن؛ خشت‌لێدەر› ٣. ـ ژەن؛ ـ ژێن؛ ڕاتلەکێن؛ ئەوەی کە دەژەنێت ‹مَشک‌زن: مەشکەژەن›.

زن آقا / zanāqā/: [فارسی/ مغولی]*اسم. [گفتاری]* ١. سەیژن؛ ژنێ کە هاوسەری پیاوی سەیدە ٢. سەیزادە؛ سەیزا؛ ژنێ کە سەید بێت.

زنـا / zenā/: [عربی]*اسم. [اسلام]* زینا؛ زیناح؛ زیناع؛ زەنی؛ تێکەڵاوی ژن و پیاوێ کە هاوسەری یەک نین. هەروەها: **زنا کردن**

▣ **زنـای مُحـصِنه:** *[اسلام]* تێکەڵاوی لەگەڵ هاوسەری کەسی‌تر.

زناشوئی / zanāšûʼî/ ☜ **زناشویی**

زناشـویی / zanāšûyî/: *اسم.* هاوسەری؛ ژن‌ومێردایەتی؛ ژن‌ومێردی؛ کار و ڕەوتی بوونە هاوسەری یەکتری ژن و پیاو: **زناشوئی**

زناکـار / zenākār، ـان/: [عربی/ فارسی]*اسم. [اسلام]* زیناکار؛ زیناح‌کار؛ زیناع‌کەر؛ زەنی‌کەر؛ کەسێ کە زینا دەکات.

زناکاری / zenākārî/: [عربی/ فارسی]*اسم. [اسلام]* زیناکاری؛ تێکەڵاوی ژن و پیاوێک کە ژن و شووی یەک نین.

زنانگی / zanānegî/: *اسم.* ژنایەتی؛ ژنەتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی هەبوونی تایبەتمەندیگەلی ژنانە.

زنانه / zanāne/: *صفت.* ژنانە؛ ژەنانە: ١. سەر بە ژنان یا تایبەت بە ژنان ‹پیراهن زنانە: کراسی ژنانە› ٢. وەک ژنان ‹رفتار زنانە: ئاکاری ژنانە›.

زنانـەدوز / zanānedûz، ـها؛ ـان/: *صفت.* ژنانەدوور؛ دوورێنی جل‌وبەرگ و پێڵاو و کیفی ژنان.

زن‌بابا / zanbābā، ـها/: *اسم. [گفتاری]* باوەژن؛ باوەژەنی؛ زڕدایک؛ ژنباڤ؛ ژنی باوک.

زنبارگی / zanbāregî/: *اسم.* ژنبازی؛ تۆلازی؛ دۆخ یان چۆنیەتی لە شوێن ژنان بوون.

زنباره / zanbāre، ـها؛ ـگان/: *صفت.* ژنباز؛ تۆلاز؛ ئۆگری ئەویـنداری و هاوئامێزی‌کردن لەگەڵ ژنان: **زنباز**

زنباز / zanbāz/ ☜ **زنباره**

زن‌بـرادر / zanbarādar، ـها/: *اسم.* براژن؛ براژەنی؛ ژنی‌برا؛ زورار؛ ژنی‌تی.

زنبـق / zambaq, zanbaq، ـها؛ ـان/: [معرب از فارسی]*اسم.* لەیلانک؛ زەمبەق؛ زەمەق؛ گوڵ‌زیوا؛ گالر: ١. گیایەکی ڕازێنەیی لە تیرەی زەمبەقان، بە لاسکی قیت و گەڵای کەسکی تۆخی خەنجەرئاسا و گوڵی نارێک‌وپێکەوە ٢. گوڵی ئەو گیایە کە گەورە و سپی، وەنەوش یان زەردی بۆنخۆشە و چەند جۆری هەیە.

زنبور / zambûr, zanbûr، ـها؛ ـان/: [عربی]*اسم.* زەرگەتە؛ زەرگیتە؛ زەرگێتە؛ زلگێتە؛ زلکیتە؛ زرکتک؛ ئەستنگ؛ مووز؛ سێو؛ ناوی گشتی هەر یەکە لە گرۆی زەرگەکان، لە ڕاستەی ناسکبالان، بە لەشی خڕ و لووس، دەمێ کە شتی پێ هەڵدەمژن یان ورد دەکەن و چز و باڵەوە، زۆربەیان گیاخۆرن و ژیانی بە کۆمەڵیان هەیە.

▣ زنبور زرد: شاندەلیک؛ ستانگ؛ ستەنگ؛ گونجەزەردە؛ زەردەواڵە؛ زەرگەتە؛ زەنگەتە؛ زلقتی؛ زڕقتک؛ زەرگەتەیەکی چکۆلەی چزدارە پێوەدەدا.

زنبور سرخ: ژەنگەسوورە؛ زەنگەزمرە؛ سیرەمۆزە؛ سیرەمووزە؛ سوورەمۆزە؛ سوورەمزە؛ سوورپیازە؛ شەنگەسوورە؛ کونجەسورخە؛ زڤرک؛ سینلگ؛ ستەنگ؛ ستانگ؛ زەرگەتەیەکی سوورە و زەردی چزووداره و لە زەرگەتەی ئاسایی زلترە.

زنبور سیاه: شەمەترێلکە؛ بەدرەمە؛ شابەردەمە؛ ڕیڤۆک؛ جۆرێ زەرگەتەی ڕەشی کولکن، کە بێچووەکانیان مێملی میرووانی‌ترن.

زنبور طلایی: جۆرێ زەرگەتە بە پێستی ڕەنگامەی بریقەدارەوە کە ژێر سکی تەختە و لە ناو شانەی هەنگ و زەرگەتە کێویدا هێلانە دەکا.

زنبور عسل: هەنگ؛ مێشەنگوێن؛ مێش‌هەنگوێن؛ مێشی هەنگوێن؛ مێش‌هەنگۆڤ؛ مێشەنگڤ؛ کاوێنەمێش؛ مێشەهەنگ؛ مێشەنگ؛ مێش؛ میسەسەڵ؛ وەوە؛ جۆرێک زەرگەتە کە زەرد و ڕەش و قاوەیی و تەنانەت تەلایی و دوو ڕەنگیشی هەیە، بە کۆمەڵ دەژین و لە شیرەی گوڵ و گیا هەنگوین دروست دەکەن.

زنبور عسل ملکە: ماک؛ ماکە؛ شاهەنگ؛ سەرەهەنگ.

⊡ زنبور زدن: زەرگەتە پێوەدان؛ زەردەواڵە پێوەدان؛ زەردەواڵەگەسەی؛ هەنگەژاڵە دانە قەدەو ‹زنبور دستم را زد، این‌قدر باد کرد: زەردەواڵە پێوەی دام، ئەمەندە دەستم پەنەما›.

زنبورخوار / zambûrxār, zanbûr- ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. حەوڕەنگیلە؛ ڕەنگڕێژە؛ هەفتڕەنگیلە؛ مێش‌خۆرە؛ هەنگەخۆرە؛ هەنگەچنە؛ هەنگەچین؛ پەلەوەرێکی کۆمەڵژی، بە جەستەی باریک، باڵی درێژ و نووکتیژ، کلک و دەنووکی درێژ و باریکەوە کە لە مێرووان دەخوا.

زنبورداری / zambûrdārî, zanbûr- ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. هەنگداری؛ کار یان ڕەوتی پەروەردەکردن و بەخێوکردنی مێشەنگوێن بۆ بەرهەم هێنانی هەنگوین.

زنبورک / zambûrak, zanbûrak ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. ۱. سازێکی ژێداری وەک چەنگی زۆر چکۆلەیە کە لە نێوان ددانی دەنێن و بە لێدانی لە زوانەیێکی کانزایی و هێزی هەناسە دەژەنرێ ۲. جۆرێ تۆپی چکۆلەی کۆن کە لە شەڕدا بە سەر وشترەوە دەیانبرد.

زنبوری / zambûrî, zanbûrî/: [عربی]/اسم. ۱. قوماشی تۆڕی درشتچن ۲. چراتۆڕ؛ چراتۆڕی؛ جۆرێ چرای ڕوشنایی بە نەوتسووت کە لە جێی پڵیتە، تۆڕێکی نەسۆتی هەیە و نەوت بە تەوژمەوە وەکوو تۆز پێیدا دەپژرێت و بە تیشکی سپی دەگرێ.

زنبە / zambe, zanbe ، ـها/:/اسم. زەمە؛ زەممە؛ زمبەر؛ ناوە؛ دەفرێکی چوار گۆشی لێوارە کورت بە چوار دەستە لە هەر دوو لاوە کە ماکی ماڵسازی پێ جێبەجێ دەکەن.

زنبیل / zambîl, zanbîl ، ـها/:/اسم. ۱. زەمیلە؛ زەمبیلە؛ زەمبیل؛ زەنبیل؛ دەسکلە؛ چنگڵە؛ خانک؛ گۆشەر؛ قەوشەر؛ تلۆخ؛ بەرچینە؛ دەسەچینە؛ کەتلە؛ دەفرێکی نەرمی چنراو لە لاسکە گیا، نایلۆن یان سیم، بە دەستەی درێژەوە کە بۆ هەڵگرتن و جێبەجێ‌کردنی کەلپەل بەتایبەت لە کاتی کڕیندا بە کار دەچێ ۲. *[مجازی]* تریان؛ قەرتاڵە؛ قرتاڵە؛ سەوەتە؛ سەلە؛ سەلک.

زنبیلک / zambîlak, zanbîlak/ ☜ **راهبند ـ ۳**

زن‌پدر / zanpedar ، ـها/:/اسم. داماری؛ داماک؛ زڕدایک؛ باوەژن؛ باوەژەنی؛ ژن‌بانی.

زنجار / zancār ، ـها/: [معرب از فارسی]/اسم. ژەنگ؛ ژەنگار؛ خۆرک؛ خۆسەرە؛ چلک و ژەنگی سەر کانزا.

زنجبیل / zancabîl ، ـها/: [معرب از فارسی]/اسم.

هەڵەزە؛ زەنجەفیڵ؛ زەنجەفیل؛ گیایێکی ئاڵفی، بە گەڵای ساکاری درێژ و لە دووی یەک، گوڵی نێرـ مێی نارێک و زەرد، ڕیزۆمی گۆشتنی بۆنخۆشی تام تیژەوە کە لە پاش وشککردنەوە وەک بەهارات بە کاری دێنن.

▣ **زنجبیل شامی:** خەرواش؛ گیایێک بە ڕیشووی قایم و درێژ و گۆشتن، لاسکی ڕێک و لق‌لق، گەڵای نووک تیژ و تووکن، گوڵی زوانەیی و لوولەیی زەرد و بەری قاوەیی ڕەنگەوە، بۆ دەرمان بە کەڵکە.

زنجره / zancare ، ـها؛ ـگان/:*اسم.* بەرزەچڕ؛ چیچرک؛ چرچرۆ؛ چیرچیرۆک؛ سیسۆک؛ سیسۆکە؛ سیرسیرە؛ شیرشیرە؛ مێروویەکی گچکەیە بە شاخێکی درێژی وەک موو لە نێو چاوان و ئەندامی دەنگ چێکەر لە لای سکیەوە.

زنجموره / zanc(e)mûre/: [؟]*اسم. [گفتاری]* کرووزە؛ گریانی هاوڕێ لەگەڵ هاوار و ناڵیندا.

زنجمویه / zancemûye/: [؟]*اسم. [ادبی]* کرووزە؛ ڕۆ- ڕۆ؛ شین و شەپۆر؛ گریانی بە کرووزانەوە.

زنجیر / zancîr ، ـها/: [از کردی]*اسم.* ۱. زنجیر؛ زەنجیر؛ زنجیلە؛ ئاڵقەڕێز؛ زریزە؛ زرێ؛ گەڵوازەیەکی کانزایی پێکەوە لکاو بۆ بەستن، هەڵواسین و گۆزانەوەی هێزی میکانیکی یان (بە جۆرێکی تر) بۆ خشڵ و زەمبەر بە کار دێ ۲. زنجیر؛ زەنجیر؛ زنجیلە؛ چەن ڕیسە ئاڵقەی ناسکی پێکەوە بەسراو کە لە ڕێوڕەسمی زنجیر لێداندا بە کار دێ ۳. *[مجازی]* پابەند؛ پاوەن؛ کۆسپ؛ لەمپەر؛ گەپل؛ بەرهەڵست.

▣ **زنجیر چرخ:** زەنجیری چەرخ؛ زنجیرێ کە لە کاتی بەستەڵەکدا بۆ بەرگری لە خزین، بە چەرخی ماشینیەوە دەبەستن.

▣ **زنجیر پاره کردن:** *[کنایی]* ۱. چاو دەرپەڕین؛ هەڵپفان؛ کەف چەراندن؛ زۆر تووڕە بوون ۲. پەت برین؛ پەت پساندن؛ هەردی بوون؛ دانە کێو؛ شێت بوون.

زنجیر زدن ☜ **زنجیرزنی**

زنجیر کردن: زەنجیرکردن؛ بە زەنجیر بەستن.

به زنجیر کشیدن: کۆت و زنجیرکردن؛ پاوەن کردن؛ بۆ بەرگری لە هەڵاتن بە زەنجیر بەستنەوە ‹در این عکس میرزا رضای کرمانی را می‌بینیم که به زنجیر کشیده شده است: لەم وێنەیەدا میرزا ڕەزای کرمانی دەبینن کە کۆت و زەنجیر کراوە›.

زنجیرزنی / zancîrzanî ، ـها/:*اسم. [شیعه]* جۆرێ ڕێوڕەسمی تازیەباری بەتایبەت لە مانگی محەڕەمدا کە تازیەباران بە زنجیر پەیتاـ پەیتا ناو شانی خۆیان دەکوتنەوە. هەروەها: **زنجیر زدن**

زنجیره / zancîre ، ـها/:*اسم.* زنجیرە: ۱. شریتە؛ ئەوەی لە بیچمی زنجیر بێ ۲. چەرخە؛ خول؛ گەڵوازە؛ گاز؛ کار و ڕەوتگەلی پێوەندیدار پێکەوە ‹زنجیرەی تولید: زنجیرەی بەرهەم› ۳. گرنج؛ هێڵگەلی لێوارەی سکە ٤. ئاڵقەگەلی لە شوێن یەکی وەک زنجیر لە چنیندا، بەتایبەت قولاب‌چنی ٥. تاڵی گولابتوون یان ئاوریشمی چندراو بە شێوەی زنجیر لە پەراوێزی جل‌وبەرگدا.

▣ **زنجیره‌ی غذایی:** زنجیرەی بژیوی؛ زنجیرە پلەی گیاندارانی دەڤەرێکی سروشتی کە هەر ڕەگەزێ لە ژینەوەران، ڕەگەزی‌تر دەخوا و دەیکاتە بژیوی خۆی.

زنجیره‌ای / zancîre'î/: *صفت.* زنجیرەیی؛ زنجیرەدار؛ بە بیچم یان دۆخی زنجیرەوە، بەتایبەت بە یەک لە شۆن یەکی و بەردەوامی یان پێک پێوەندیەوە.

زنجیری / zancîrî/: *صفت.* پەت‌بڕ؛ زەنجیری؛ دەس‌وەشێن؛ شێتی بەترەف کە پێویستە دەست و پای ببەسترێتەوە

زنخ / zanax/: *اسم. [ادبی]* زنـج؛ زەنـج؛ ئـەرزەن؛ ئەرزنک؛ ئەرزینگ؛ ئارزینگ؛ چەن؛ چەنە؛ چانە؛ چەنەگـە؛ چەناگـە؛ چناکـە؛ چـەناکێ؛ چـەناخ؛ ئاگرگوشـک؛ خـوارترین بەشـی دەم و چـاو بـە شێوەی دەرپەڕیویەک لە شەویلاکی ژێروودا.

زنخـــدان / zanaxdān/: *اسـم. [ادبـی]* چنــاوە؛ چەناگە؛ چناکە؛ چەنەگە؛ چاڵی چەنە.

زن‌داداش / zandādāš ، ـها/: [فارسی/ ترکی] *اسم. [گفتاری]* براژن؛ براژەنی؛ ژن‌تی؛ ژنی برا.

زندار / zandār ، ـها؛ ـان/: *اسـم. [گفتـاری]* ژنــدار؛ ژەندار؛ پیاوێ کە ژنی هەیە و سەڵـت و سـپات نیە.

زنـداری / zandārî/: *اسـم.* ژنـداری؛ ژەنـداری؛ لێهاتوویی و توانایی ژندار بوون ‹این رسـم زنـداری نیست: ژنداری وا نابێ›.

زنـدان / zendān ، ـهـا/: *اسـم.* زینـان؛ زنــدان؛ زینـــدان: ۱. بەنـــد؛ بـــەن؛ دامـــەزراوەیێک بـــۆ ڕاگــرتنی بــە زۆری تاوانبــاران یــان بــەرتاوانان ۲. بەندیخانە؛ گرتیخانە؛ گرتووخانە؛ گرتیگەهـ ؛ دوساخ‌خانە؛ بەیخانە؛ حەپس؛ قەڵا؛ قولیک؛ ماڵ یان بینایەک کە بۆ ئەم مەبەستە تـەرخان‌کـراوە ۳. شوێنێ کە کەسێ بێ‌ویـستی خـۆی دەوێـدا ڕادەگــیردرێ و لــە هاتنــە دەرەوەی بــەرگری دەکرێ.

◙ زندان ابد: حبس ابد ☜ **حبس**

زندان سکندر: ۱. زیندانی ئەسکەندەر؛ شوێنی زۆر تاریک و خۆفنـاک و نـاخۆش ۲. *[قـدیمی]* لەقەبی شاری یەزد لە کۆندا.

زندان مجرّد: حبس انفرادی ☜ **حبس**

◙ به زندان افتـادن: کەوتنـە زینـدان؛ کەفتنـە زینـــدان؛ بەنـــدکران؛ خرانـــە بەندیخانـــەوە؛ زیندانی بوون. هەروەها: **به زندان انداختن**

زنـــدانبان / zendānbān ، ـهـــا؛ ـان/: *اســـم.* زیندانـــەوان؛ زینانـــەوان؛ زینـــانوان؛ وەردیـــان؛ بەنـدیوان؛ بـەنگیوان؛ دوسـاخچی؛ چـاوەدێر یـا کارگێڕی بەندیخانە.

زنـدانی[1] / zendānî ، ـهـا؛ ـان/: *اسـم.* بەنــدی؛ بەنگی؛ زیندانی؛ زینانی؛ زندانی؛ وەنـێ؛ سـنی؛ گراو؛ گرتوو؛ کەسێ کـە لـە بەندیخانـەدا ڕاگـیر دەکرێ ‹امـروز سـە زنـدانی آزاد شـدند: ئـەوڕۆ سـێ بەندی بەردران›.

◙ زندانی سیاسی: زیندانی سیاسی؛ کەسـێ کـە بە هۆی بیر و بۆچوونیەوە گیراوە.

◙ زندانی شدن: زیندانی بوون/ کران؛ لـە بەنـد گیران؛ بەندکران؛ لە بەندیخانـەدا ڕاگـیردران ‹چهار مـاه در تبریـز زنـدانی شـد: چـوار مانـگ لـە تەورێزدا زیندانی بوو›.

زندانی[2]: *صفت.* بەنـدی؛ بـەنگی؛ گرتـوو؛ گـراو؛ دیل؛ گیراو؛ زیندانی؛ زینـانی؛ زنـدانی؛ گـیراو و چاودێری لێکراو لە بەندیخانەدا ‹آزاد هم سە سـال در اینجا زندانی بود: ئازادیش سێ ساڵ لێرەدا زیندانی بوو›.

زن‌دایـــی / zandāyî ، ـهـــا/: *اسـم.* خاڵـــۆژن؛ لالۆژەنی؛ زنالۆ؛ ژن‌خـاڵ؛ ژنی‌خـاڵ؛ هاوسـەری خاڵ.

زندگانی / zendegānî ، ـها/: *اسم. [ادبـی]* ژیـان؛ ژیـــن؛ ژی؛ ژیـــوەی؛ ژیـــوای؛ ژیـــوار؛ زینگـــانی؛ زینگی؛ جیو.

زندگی / zendegî ، ـها/: *اسم.* ژیـان؛ ژیـن؛ ژی؛ ژیوەی؛ ژیوای؛ زنـەگی؛ زنـەیی؛ جیـو؛ زینگـی؛ زینگانی؛ زیندەگی؛ زنانی؛ زیوار؛ ژیـوار؛ نـسک: ۱. تایبەتمەندی بوونەوەری زیندوو کـە دەبێتـە هۆی جیاوازی لەگەڵ شتگەلی بـێ‌گیانـدا و بـە ســـووت و ســـاز، گەشـــە و گـــووران، زا و زێ و پەرچدانەوە خـۆی دەردەخـات ‹زنـدگی جـانوری: ژینی گیانەوەری› ۲. گوزەران؛ لایەنێ لە چالاکی یان ڕابـواردنی کەسـێ ‹زنـدگی خـصوصی: ژیـانی تایبەتی› ۳. جیو؛ نـسک؛ زیـوار؛ ژیـوار؛ بژیـوی؛ پێداویستی ژیان ‹با ماهی دویست هزار تومان زندگی او نمی‌گذشت: بە مانگێ دوو سەد هەزار تمەن ژیـانی

بەڕێوە نەدەچوو› ٤. *[گفتاری]* شتومەک؛ کەل‌وپەلی ناو ماڵ ٥. بەسەرهات؛ ژیاننامە ‹کتابی دربارەی زندگی پاستور خواندم: کتێبێکم لەمەڕ ژیانی پاستۆر خوێندەوە›.

⊡ **زندگی سگی:** *[تعریض]* ژیانی سەگی؛ سەگ مەرگی؛ سەومەرگی؛ ژیواری پڕ لە ژاری.

⊡ **زندگی دادن:** ژیاندن؛ ژیانن؛ بەخێوکردن؛ بژیو پێدان.

زندگی را بدرود گفتن: *[ادبی]* کۆچی دوایی‌کردن؛ کۆچی یەکجاری‌کردن؛ ماڵاوایی یەکجاری‌کردن؛ دنیای ڕوون بە جێ‌هێشتن؛ مردن؛ فەوتان ‹استاد هژار در سال ۱۳۶۹ زندگی را به درود گفت: مامۆستا هەژار لە ساڵی ۱۳٦۹دا کۆچی دوایی کرد›.

زندگی کردن: ژیان؛ ژیوەی؛ ژیوای؛ یاشتن؛ زیندەگی‌کردن: ۱. هەبوونی چالاکیگەلی پێوەندیدار بە گیانلەبەرەوە (وەک سووت و ساز، گەشە و گووران، زا و زێ و...) ۲. ژین بە سەر بردن؛ دانە سەر؛ بە سەر بردن؛ ماوەیێ لە تەمەن لە شوێنێ یان لە بار و دۆخێکدا دانە سەر ‹سه سال در آن شهر زندگی کرد: سێ ساڵ لەو شارەدا ژیا›.

از زندگی سیر / بیزار / خسته شدن: لە ژیان وەڕەز بوون؛ ژیان لە بەر چاو کەوتن؛ ژینەتاڵ نەویستن؛ لە ژین یاس بوون؛ جە زینەگی بێزار بیەی؛ جە زینەگی مانیای؛ ئۆگری ژیان نەبوون.

بە زندگی خود خاتمە دادن: قاڵی خۆ برینەوە؛ بە ژیانی خۆ دوایی هێنان؛ خۆ کوشتن؛ وێ‌کۆشتەیوە؛ خۆکوژی‌کردن ‹با خوردن دارو به زندگی خود خاتمه داد: بە خواردنی دەرمان قاڵی خوی بریەوە›.

به زندگی کسی خاتمه دادن: قاڵی کەسێک برینەوە؛ سپی‌کردن؛ سپی‌کردنەوە؛ بوونە باییسی کەسێ؛ کەسێک کوشتن ‹روسری را به دور گردنش پیچید و به زندگی او خاتمه داد: سەرپۆشەکەی پێچاندە دەوری ملیەوە و قاڵی بریەوە›.

زندگی‌سوز / zendegîsûz/: *صفت. [مجازی]* ژیانبێز؛ ژیانتاڵکەر؛ ژیانتاریککەر؛ ژیانڕەشکەر؛ ژین‌کوێرکەر؛ بە تایبەتمەندی یان توانایی بەدیهێنانی ڕەنج و دژواری و بە فێڕۆدانی ژیان.

زندگینامه / zendegînâme ، ـها/: *اسم.* ژینامە؛ ژیننامە؛ ژیان‌نامە؛ گوزارشێک لەمەڕ بەسەرهاتی ژیانی کەس یان کەسانێکەوە.

زنده / zende ، ـها؛ ـگان/: *صفت.* زیندوو؛ زندوو؛ زینوو؛ زینگ؛ زینە؛ زننوو؛ زننە؛ زیندی؛ زنەی؛ زێنە؛ زیندک؛ زنە: ۱. ژیاندار؛ زیندەوار؛ زیندەماڵ؛ زیندەوەر؛ ژیەی؛ بەهرەوەر لە ژیان ‹ماهی زنده: ماسی زیندوو› ۲. زیندەوار؛ زیندەماڵ؛ زیندەوەر؛ بە جموجووڵێ کە لە بوونی گیانەوەران دەوەشێتەوە ‹شهر زنده: شاری زینوو› ۳. بە گوڕ و گەشە ‹زنده دل: دڵ زینک› ٤. لێهاتوو لە نیشاندانی هەستی چالاکی، گوڕ و گەشەدا ‹صحنەی زنده: دیمەنی زیندوو› ٥. ڕاستەوخۆ (لە بلاوکردنەوەی بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیوندا) هاوکات لەگەڵ بەڕێوە چووونیدا ٦. کاڵ؛ نەکوڵیو؛ نەکولاو (لەمەڕ برنج، نۆک و...).

⊡ زنده شدن: ژیانەوە؛ زیندوو بوونەوە؛ زینەوە بیەی: ۱. وشیار بوونەوە؛ وریا بوونەوە؛ بە دەست هێنانی دووبارەی ژیان ‹پس از سه ساعت که از مرگش می‌گذشت، دیدند زنده شده و دارد نفس می‌کشد: سێ سەعات دوای مردنی، بینیان کە زیندوو بوەوە و خەریکە هەناسە دەدا› ۲. ژووژانەوە؛ ژووژیانەوە؛ بووژانەوە؛ ئەوەژیوەی؛ ژیوایوە؛ کەوتنە خۆ؛ بە دەست هێنانی دووبارەی سەلامەت، پاراوی یان چالاکی خۆ ‹دشت از بارانهای بهاری زنده شد:

دەشــت بــە بــارانی بــەهاری ژووژایــەوە›

٣. ژووژانــــەوە؛ بووژانــــەوە؛ بزووتنــــەوە؛ ئەوەژیوەی؛ ژیوایوە؛ بە دەست هێنانی برەو و باوی لەمە پێش ‹اقتصاد کشور زنده شد: ئـابووری وڵات ژووژایەوە›. هــەروەها: **زندە بــودن؛ زنــدە کردن**

زندەباد / zendebād/: *دعا.* بژی؛ نەمری؛ وشەیێ بــۆ دەربــڕینی داخــوازی خــۆڕاگری و مانــەوەی کەسێ یان شتێک ‹زندەباد صلح: بژی ئاشتی›.

زنــدەبگــور / zendebegûr/: *صـفت.* زینــەچاڵ؛ زیندە بە گۆڕ؛ زینە بە گۆڕ؛ زینە چاڵ؛ کــار یــان ڕەوتی داپۆشران لە ژێری شتێکەوە (وەک خاک، بەرد، بەفر) بەر لە مەرگ کە بێتــە هــۆی مــردن ‹دە نفر در زیر آوار زندە بە گور شدند: دە کەس لە ژێـر دار و پەردوودا زینەچاڵ بوون›.

زندەدل / zendedel ، ـان/: *صفت.* ١. دڵزیندوو؛ دڵــگەش؛ دڵاوا؛ دڵاوەدان؛ بــەگوڕ؛ دڵزینــدی؛ دڵبژی ٢. *[کنایی]* ئەویندار.

زندەزا[1] / zendezā/: *اسم.* زگــوزا؛ زگــوزێ؛ زا و زێ؛ ســک و زا؛ زا و زوو؛ زەو؛ کــار یــان ڕەوتی زان؛ زای؛ بێچوو دیتن.

زندەزا[2]: *صفت. [زیستشناسی]* بەچزێ؛ بێچووزێ؛ ژیــوزێ؛ لێهــاتوو لــە زانی بێچــووی زینــدووی گووراودا (وەک مرۆڤ). بەرانبەر: **تخمزا**

زندەیاد / zendeyād ، ـان/: *صفت.* نەمر؛ خاوەنی ژیان و کاری شایانی وا کە دوای مردنیش لە بیر و دڵدا ماوەتــەوە ‹زنـدەیـاد گـوران در شعر نـوآوری داشت: نەمر گۆران لە شیعردا داهێنانی هەبوو›.

زندیق / zendîq, zandîq ، ـان/: [معرب از پهلـوی] *صفت.[قدیمی]* زنـدیق؛ مانــوی؛ شــوێنکەوتووی یەکێ لە ئایینگــەلی ئێــرانی، بەتایبــەت ئــایینی مانی.

زنذلیل / zanzalîl ، ـها/: [فارسـی/ عربـی] *صفت.* ژنئاغە؛ ژناخە؛ دەستگۆ؛ ژێردەست و گــوێ لــە مستی ژن (هاوسەر) ‹همسایەی مـا خیلـی زنذلیـل است: دراوسێکەمان یەکجار ژنئاغەیە›.

زنســالاری / zansālārî/: *اسم. [جامعـەشناسـی]* ژنسالاری؛ ژنمەزنی؛ نیزامێکی کۆمەڵایەتی کە تێیدا دەسەڵات بە دەستی ژنانەوەیە.

زنستیزی / zansetîzî/: *اسم.* دژایــەتی لەگــەڵ ژناندا و بێباوەڕی بە لێهاتوویی و توانایی ژنان.

زنعمو / zan'amû ، ـها/: [فارسی/ عربی/ فارسـی] *اسم.* مــاموژن؛ مــەموژن؛ ئــاموژن؛ مــامژەنی؛ ماموژەنی؛ ژنئاپ؛ نیاژێ؛ ژنی مام.

زنک / zanak/: *اسم. [تعریض]* ژنــەتیو؛ کچــەتیو؛ ژنی ئاماژە پێکراو ‹زنک می‌خواست بچەی مرا بـدزد: ژنەتیو دەیویست منداڵەکەم برفێنێ›.

زنکــن / zonkan ، ـهـا/: [آلمـانی]*اسم.* زونکــەن؛ پەڕوەندان؛ ناوی بازرگــانی کەرەســتەیێک وەک بــەرگێکی گــەورە و ئەســتوور کــە بەڵــگە و نووســراوەی تێــدەنێن و بــۆ بــەرگری لــە بــڵاوە بوونیــان، لێوارەکانیــان کــون دەکــەن و بــە میلەیانــەوە دەکــەن و بــە فەنــەر دەیانبەســتن: **زونگن**

زنگ / zang/: *اسم.* زەنگ؛ زەنگە: ١. *ـها/* زیـل؛ زەنگل؛ زەنگۆڵە؛ ئامێرێ بۆ سەرنج ڕاکێشان یان وشیاری دان بە شــێوەی: *الف)* کەرەســتەیەکی کانزایی ناو هڵۆڵ کە گۆیــەکی لــە ناودایــە و لــە هەژاندنــدا دەنگێکــی زایەڵــەداری لــێدێــت *ب)* پەڕەیەکی کانزایی هەڵواسراو کــە بــە هــۆی کوتانی بە چەکوچەوە دەنگێکی زایەڵەداری لێوە دەردێ *ج)* دەزگایێ ئیلکترۆمیغناتیسی، بــریتی لە پەڕەیەکی کانزایی و میغناتیسێکی نزیک بــە یــەک کــە بــە لێــدانی دوگمەیــەک، کارەبــا لــە ناوەنــدی میغناتیــسیەکەدا وەگــەڕ دەکــەوێ و ڕادانی لە پەستای پەڕەی کانزایی دەبێتە هــۆی بــەرز بوونــەوەی دەنگێکــی وشــیارکەرەوەی زایەڵەدار *د)* دەزگــایێکی ئیلکترونیکــی کــە بــە لێدانی دوگمەیێ کارەبای تێدا وەگەڕ دەکــەوێ و دەبێتــە هــۆی بــڵاو بوونــەوەی دەنــگ یــان

ئاهەنگێکی تایبەت ‹زنگ بلبلی: زەنگی بولبولی› ۲. /ـها//قدیمی/ سازێکی زەرپی وەک سنج ۳. /ـها/ کاتی چالاکی تایبەت لە قوتابخانە ‹زنگ تاریخ: زەنگی مێژوو› ٤. دەنگی زەنگێ کە سەرەتا یان کۆتایی ئەم چالاکیە ڕادەگەیێنێ ‹پاشو! مگر زنگ را نمی‌شنوی؟: هەستە! مەگەر زەنگەکە نابیسی؟› ٥. /ـها/ ماوەی چالاکیەکی وانەیی دیاریکراو (دەور و بەری ٤٥ تا ٥٥ دەقیقە) لە قوتابخانەدا ٦. چینگ؛ زونگە؛ زایەلە؛ کار یان ڕەوتی زرینگانەوە (وەک دەنگی وێککەوتنی دوو کانزا) ‹گوشم زنگ می‌زند: گوێم دەزرینگێتەوە› ۷. ژەنگ؛ ژەنگی؛ ژەنگار؛ کوورمووری؛ ماکێکی سوورتۆخی ناسک کە لە سەر کانزا، بەتایبەتی ئاسن، بە هۆی هەوای شۆدارەوە بەدی دێت ‹قابلمه زنگ زده است: قاولەمەکە ژەنگی هێناوە› ۸. ژەنگ؛ ژەنگی؛ ژەنگار؛ هەر کام لە نەخۆشیگەلی جۆراوجۆری گیایی کە بە هۆی چالاکی جۆرێ کارگەوە سەر هەلدەدا و دەبێتە هۆی پواوی و ژەنگ لێدانی ڕیشوو، لاسک و گەلای گیا ‹بیشتر گندمها زنگ زده‌اند: زۆربەی گەنمەکان ژەنگیان هێناوە›: **زنگ گیاهی**

▣ **زنگ اخبار**: زیل؛ زڕنە؛ زەنگ؛ زەنگێک کە بۆ وەئاگا هێنانی کەسێک بە کار دەبرێ.

زنگ بلبلی: زەنگی بولبولی؛ جۆرێ زەنگی ئیلکترۆنیکی کە دەنگی چریکەی لێوە دێ.

زنگ تفریح: زەنگی وچان؛ کاتی حەسانەوە؛ کاتی پشوودان؛ ماوەی کورتی دوای کەرتێکی وانە کە قوتابیان دەتوانن لە پۆل بچنە دەرەوە و پشوویەک بدەن.

زنگ چاودار: جۆرێ کارگی گیایی چاودار.

زنگ خطر: زەنگی مەترسی؛ زەنگی خەتەر.

زنگ کاروان: بۆڵ؛ زەنگی ملی پێشەنگ.

زنگ کلیسا: جمخار؛ زڕنەی کڵێسە؛ زەنگی کلیسا؛ ناقووس.

زنگ گیاهی ☜ **زنگ ـ ۸**

زنگ مس ☜ **زنگار ـ ۲**

▣ **زنگ خوردن**: زەنگ لێدران؛ زەنگ دریەی؛ زەنگلین؛ زەنگ دران؛ بەرز بوونەوەی دەنگی زەنگ ‹وقتی به مدرسه رسیدیم زنگ خورده بود: کاتێ گەیشتینە قوتابخانە زەنگ لیدرابوو›.

زنگ زدن: ۱. زەنگ لێدان؛ زەنگدان؛ زەنگ داین؛ لە زەنگ دان؛ زەنگ دەی/ دای؛ زرنگانەوە؛ دەنگ لە زەنگەوە دەرهێنان ‹زنگ زدند، ببین کیست: زەنگیان لیدا، بزا کێیە› ۲. زەنگدان؛ زەنگ لێدان؛ زەنگ دەی/ دای؛ تەلەفوون‌کردن ‹به آزاد زنگ بزن، حالش را بپرس: زەنگێک لیدە بۆ ئازاد، بزانە چۆنە› ۳. ژەنگ هێنان؛ ژەنگ لێدان؛ ژەنگ لێ‌نیشتن؛ گەزن دیتنی گژ و گیا و دەغڵ و دان بە هۆی ژەنگەوە ‹ساقه‌ی زنگ زده: ساقەتەی ژەنگ هیناو› ٤. ژەنگ هێنان؛ ژەنگ هاوردن؛ ژەنگ ئاردەی؛ ژەنگ لێ‌نیشتن؛ ئۆکسیدە بوونی کانزا؛ پەیدا بوونی ماکی ژەنگ بە ڕووی کانزاوە ‹ساعتم زنگ زده بود: سەعاتەکەم ژەنگی هینابوو›.

زنگاب / zangāb/: /اسم/. ژەنگاو؛ زەرداو؛ پەڵە یا شوێنی نم (زۆرتر بە سەر میچ و دیوارەوە).

زنگار / zangār/: /اسم/. ژەنگار: ۱. /ادبی/ ژەنگ؛ چڵکی سەر کانزا ۲. ژەنگی مس؛ زەنجار؛ ژەنگی مس کە ماکێکی کەسکی شینباوە و زۆر ژاراوییە و زۆرتر لە پەنای ئەسید یان بە هۆی پواویەوە پەیدا دەبێ: **زنگ مس**

زنگاری[1] / zangārî/: /اسم/. ژەنگاری؛ ژەنگاڵی؛ پیرۆزەیی؛ ڕەنگی سەوزی ئاماڵ شین؛ ڕەنگی کەسکی مەیلەو کەوە.

زنگاری[2]: صفت. ژەنگاری؛ ژەنگاڵی؛ بە ڕەنگی سەوزی ئاماڵ شین.

زنگدار / zangdār/: صفت. زەنگدار؛ زەنگین: ۱. زەنگی؛ زەنگار؛ بە زەنگ ‹ساعت زنگدار: سەعاتی زەنگی› ۲. زایەڵەدار؛ بە زرنگە؛ زرنگەدار

‹صدای زنگدار: دەنگی زەنگی›.

زنگ‌زدگی / zangzadegî/: اسم. ژەنگاژۆیی؛ ژەنگارۆیی؛ ژەنگ‌هێناوی؛ ژەنگ لێداوی؛ ژەنگ لێ‌نیشتوویی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ژەنگ هەڵهێنانی کانزا.

زنگوله / zangûle ، ـها/: اسم. زەنگۆڵە؛ زەنگوڵە؛ زەنگول؛ زەنگوولە؛ زەنگڵ؛ زەنگڵە؛ چەنگ؛ زەنگی گچکە کە پتر دەیکەنە ملی چوارپێیان.

▣ زنگوله‌ی پای تابوت: [مجازی] هەڵواخۆری دەور تاوت؛ منداڵی وردی کەسێکی بەساڵاچوو.

زنگی / zangî ، ـها؛ ـان/: صفت. [ادبی] رەش‌پێست؛ قولەرەشە؛ رەش‌پێس؛ رەش‌پۆس.

زننده / zanande/: صفت. ناحەز؛ لێدەر؛ جارزکەر؛ ناشیرین و هۆی بێزاری ‹بوی زننده: بۆنی ناحەز›.

زن‌نما / zan.nemā/: صفت. ژنانی؛ ژنانیلە؛ ژنەرەنگە؛ سەرژنانە؛ سەرژنانیلە؛ بلەکناچێ؛ پۆپن؛ کناچلەرەنگ؛ قالەژنە؛ خاوەن رواڵەتی ژنانە ‹مرد زن‌نما: پیاوی ژنانی›.

زن‌وبچه‌دار / zan-o-baččedār/: صفت. [گفتاری] خێزانبار؛ خێزاندار؛ منالدار؛ ژن و منداڵبار؛ خاوەن هاوسەر (ژن) و منداڵ ‹ما مستأجر زن‌وبچه‌دار نمی‌خواهیم: ئێمە کرێ‌نشینی خێزانبارمان ناوێ›.

زنون / zenon/: [از انگلیسی] ☜ **گزنون**

زنهار[1] / zenhār ، ـها/: اسم. [نامتداول] دەخیلە؛ دەغیلە؛ دەخیل؛ ئامان؛ ئەمان؛ نامە؛ نامە؛ نامەردان؛ دوچ: **زینهار**

▣ زنهار خواستن: ئامان خواستن؛ ئەمان خواستن؛ ئەمان ویستن؛ مۆڵەت ویستن؛ هانا بردن.

زنهار دادن: ئەمان دان؛ ئامان دان؛ هانا دان؛ پەنا پێدان.

به زنهار آمدن: داماو بوون؛ بێ دەرەتان داکەوتن؛ دەستەوسان بوون؛ دەست و دامان مان؛ کۆست کەوتن؛ کەوتنە حەلوەلا.

زنهار[2]: صوت. [ادبی] ئامان؛ نامە؛ ئەمان؛ دەخیلە؛ دوچ؛ نهێ؛ نەکەی؛ وشەی مەترسی‌دان ‹زنهار زبان ز بد نگهدار: ئامانە زمان لە چەوت بپارێزە›: **زینهار**

زنهاره / zenhāre/: اسم. دواهای؛ ئولتیماتوم؛ دوایین بە گوێدا دانی هاورێ لەگەڵ هەرەشە و دیاری‌کردنی مۆڵەت بۆ وەرام.

زنی[1] / zanî/: اسم. ژنی؛ ژنەتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ژن بوون.

ـ زنی[2]: پیواژه. ـ لێدەری؛ ـ وەشێنی؛ ـ شانی؛ ـ شەنی؛ ـ ژەنی؛ ـ ژێنی؛ کار یان رەوتی لێدان ‹پاروزنی؛ دفزنی: پارۆشەنی؛ دەفژەنی›.

زوائد / zavā'ed/: [عربی] ☜ **زواید**

زوار / zavvār/: [عربی] صفت. زیارەتچی؛ زیارەتکەر.

زوار / zovvār/: [عربی] جمعِ ☜ **زایر**

زوال / zavāl/: [عربی] اسم. [ادبی] فەوتاوی؛ گڕ و فڕی؛ تیاچوویی؛ نابوودی؛ رەوتی تێدا چوون؛ نەمان؛ نەمەنەی؛ ئاوا بوون؛ لە نێو چوون.

▣ زوال عقل: نەمانی ژیری؛ نشێوی هزر؛ رەوتی کەم بوونەوەی هێزی هزر (بیرەوەری، کۆکردنەوەی زەینی، تێفکرین) بە هۆی گەزن روودان لە مێشکدا (ژاراوی درێژخایەن، نەخۆشی یان پیری).

▣ زوال یافتن: لە نێو چوون؛ فەوتان؛ فەوتیان؛ نەمان؛ نەمەنەی؛ تێدا چوون.

زواله / zavāle/: اسم. پرپۆڵە؛ دانی جووچکی تازە لە هێلکە دەرهاتوو.

زوایا / zavāyā/: [عربی] جمعِ ☜ **زاویه**

زواید / zavāyed/: [عربی] اسم. ۱. جمعِ ☜ **زایده** ۲. بێ‌کەلک؛ زیایی؛ ناپێویست؛ ئەوی زۆر پێویست نەبێ ✽ **زوائد**

زوبین / zûbîn ، ـها/: اسم. خشت؛ دلام؛ زەرگ؛ ڕمب؛ زووبین؛ کورتەنێزە؛ ئامێری شەڕی کەونارا بە شێوەی ڕمی پچووکی نووک تیژ بە سەری دووشاخەوە.

زوج[1] / zowc, zo:c ، ـها/: [عربی]/اسم. ١. شوو؛ مێرد ‹زوج و زوجە باید حاضر باشند: ژن و شوو دەبێ بن› ٢. جووت؛ جفت؛ جیت؛ ژن و شوو؛ ژەن و شوو؛ ژن و مێرد ‹زوجهای جوان: ژن و شووگەلی لاو›.

زوج[2]: صفت. جووت؛ جفت؛ جۆت؛ جیت: ١. شیاوی دابەش بوون بە دوو لەتەوە ٢. دوانە؛ دوو تایی و دوو تاقی.

زوجات / zowcāt, zo:cāt/: [عربی] جمعِ ☜ **زوجه**

زوجه / zowce, zo:ce ، ـها؛ زوجات/: [عربی]/اسم. [ادبی] ژن؛ ژەنی؛ پیرەک؛ هاوسەری پیاو.

زوجیت / zowcîyyat, zo:c-/: [عربی]/اسم. هاوسەری؛ هاوسەریەتی ‹او را بە زوجیت خود درآورد: کردی بە هاوسەری خۆی›.

زوجین / zowceyn, zo:c-/: [عربی]/اسم. ژن و شوو؛ ژەن و شوو؛ جووت ‹طلاق با توافق زوجین صورت می‌پذیرد: تەلاق بە ڕەزامەندی ژن و شوو سەر دەگرێ›.

زود[1] / zûd/: صفت. زوو؛ زی: ١. بەر لە کاتی دیاریکراو یان شیاو ‹حالا زود است: ئێستا زووە› ٢. لە سەرەتای کاتدا ‹صبح زود: بەیانی زوو›.

زود[2]: قید. زوو؛ زی؛ بەلەز؛ خێرا؛ گورج؛ کرژ؛ ئازا؛ ئازانە: ١. بێوەستان؛ بێمەودای کاتی ‹زود بیا: زوو وەرە› ٢. بەر لە کاتی تەرخانکراو ‹زود رسیدم: زوو گەیشتم› ٣. بە پەلە؛ بە توندی؛ بە هەشتاو ‹زود جواب داد: زوو وەرامی داوە›.

زود ـ[3]: پیشوانژه. زووـ : ١. بەر لە کاتی ئاسایی ‹زودرس: زووڕەس› ٢. بە توندی و خێرایی ‹زودباور: زووباوەڕ›.

زودافت / zûd'oft/: صفت. [گیاەشناسی] بە ئەندامێکی وا (بەتایبەت گەڵا) کە بەر لە کاتی خۆی بە شێوەی ئاسایی جوێ بێتەوە و داکەوێ.

زودباور / zûdbāvar ، ـها؛ ـان/: صفت. زووبڕواکەر؛ زووباوەڕ؛ ساکار؛ ساویلکە؛ خاوەنی خوو یان ئۆگرەتی خێرا بڕوا کردن بە قسەی خەڵک، بێلێکۆڵینەوە.

زودپز[1] / zûdpaz/: اسم. دیگ زودپز ☜ **دیگ**

زودپز[2]: صفت. خۆش کوڵ؛ زووکوڵ؛ بە کڵۆک؛ بەتایبەتمەندی خێرا و خۆش کوڵانەوە.

زودجوش / zûdcûš/: صفت. ١. [مجازی] خوەش‌جۆش؛ گەرم؛ خاوەن خوو یان مەیل بە دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ دیتران لە کاتێکی کەمدا ‹دختر زودجوش و مهربانی است: کچێکی خوەش‌جۆش و دلۆڤانە› ٢. زووکوڵ؛ زووکوڵێن؛ بەتایبەتمەندی یان توانایی زوو هێنانە کوڵەوە ‹این سماور خیلی زودجوش است: ئەم سەماوەرە زۆر زووکوڵە› ٣. زووکوڵ؛ زووکڵۆک؛ بەتایبەتمەندی زوو هاتنە کوڵەوە ‹مایع زودجوش: تراوی زووکوڵ›.

زودخشم / zûdxašm/: صفت. [ادبی] ئاڵەتی؛ زووگرژ؛ زووگژ؛ زووهەڵچۆ؛ خاوەن تایبەتمەندی زوو هەڵچوونەوە و بێ دەسەڵات لە خواردنەوەی تووڕەیی و ئاڵۆزی خۆ. هەروەها: **زودخشمی**

زودرس / zûdras ، ـها/: صفت. زووڕەس؛ زووڕەسە؛ ڕەبت؛ ڕەبیت؛ جەدماد؛ ئەنروک: ١. نادە؛ بە تایبەتمەندی زوو پێگەیین ‹میوەی زودرس: بەری زووڕەس› ٢. پێ‌گەیشتوو لە زەین و لەشدا پێش ماوەی خۆی.

زودرنج / zûdranc ، ـها/: صفت. زیز؛ زووتۆر؛ بهن‌تەنگ؛ تۆرینۆک؛ فیشقی؛ دڵ‌ناسک؛ گونروو؛ بێ‌سەبر و تابشتی پێویست لە بەرامبەر ئاکار و

کــــردەوەی ناحـــەزی دیترانـــەوە. هـــەروەها: **زودرنجی**

زودگــذر / zûdgozar/: *صـفت.* کــەم تەمــەن؛ خێراتێپەڕ؛ زۆر پێنەچوو؛ لەز تێپەڕ.

زودگوار / zûdgovār/: *صفت.* سـووک؛ سـۆک؛ زووهـــەرس؛ زووتـــاو؛ بـــە تایبەتمەنـــدی زوو هەرسەک بوونەوە.

زودگیر / zûdgîr/: *صفت.* ١. خۆش گـرٍ؛ زووگـرٍ؛ بە تایبەتمەندی زوو هەڵگرسانەوە ٢. زووگـرس؛ زووگر؛ بە تایبەتمەندی خێرا سفت بوونەوە و بـە شێوەی دڵخواز دەرهاتنەوە ‹سیمان زودگیر؛ چسب زودگیر: سیمانی [illegible]؛ چەسبی زووگر›.

زودمیـــــر / zûdmîr، ـان/: *صــفت.* *[نامتـــداول]* ژین‌کورت؛ خاوەن ژیانێکی کورت.

زودهــضم / zûdhazm/: [فارسـی/ عربـی] *صـفت.* سووک؛ سۆک؛ زوودەن؛ زووهەرس؛ زووتـاو؛ بـە تایبەتمەندی زوو هەڵتاویانەوە.

زودی / zûdî/: *اسم.* زوویی؛ دۆخ و چۆنیەتی زوو بوون ‹به این زودی تمام شد: بەم زوویـە تەواو بوو›.

▣ به این زودی: ئابـەم زوو؛ بـەم زوویـیـە؛ بـەم زووییانە؛ ئیٖپی زوە؛ پیٖزوەنە؛ پیٖزوونە؛ لە ئاوا ماوەیەکی کەمدا.

زودیاب / zûdyāb/: *صفت.* *[ادبی]* بەردەست؛ بـە تایبەتمەندی دۆزیانەوە، لە ماوەیێکی کەمدا.

زور / zûr/: *اســم.* زۆر: ١. هێـــز؛ هـــازی؛ وزە؛ ستووری؛ ستین؛ زەبر؛ دەگەرە؛ گـوژم؛ قـەوەت ٢. گوشار؛ تەوژم؛ نهێـم ٣. کەلەمـەک؛ سـتەم؛ گووج؛ جەور؛ کـار یـان کردەوەیێ کـە نـە بـە گوێرەی ژیری یان عەدالەت، بەڵکوو بە پێی زۆر و گوشارەوە بێ.

▣ از زور: لە تـاو؛ لـە بـەر ‹از زور گرسـنگی بـرگ درخت می‌خوردنـد: [illegible] برسیەتیدا گەڵای داریـان دەخوارد›.

با زور: بە زۆر: ١. بە پێداگریەوە ٢. بە زەرپی هێز.

▣ زور آوردن: *[گفتاری]* زۆر هێنان؛ زۆر هاوردن؛ زۆر ئاردەی؛ زۆر بـۆ هێنـان؛ گوشـار خـستنە سەر شتێ ‹آب زور آورد، پل را شکست: ئـاو زۆری هینا، پردەکەی برد›. هەروەها: **زور آمدن**

زور دادن: *[گفتاری]* زۆرلێ‌کردن؛ هێـزدان؛ زۆر وەنەکەردەی؛ هوژم بردنـە سـەر شـتێک ‹زور بده! بلکه باز شود: زۆر کە! بەشکوو بکرێتەوە›.

زور داشتن: ١. زۆردار بوون؛ بە هێز بوون ‹آزاد زور زیـادی داشـت: ئـازاد زۆرێکـی فـرەی هـەبوو› ٢. زۆر لێهـاتن؛ پـێ زۆر بـوون؛ دژوار بـوون؛ سەخت بوون؛ پێ‌سەخت بوون ‹برایم زور داشت بروم منت ایـن و آن را بکـشم: پـیم زۆر بـوو بچـم منەتی ئەم و ئەو بکێشم›.

زور زدن: ١. زۆرکـــردن؛ زۆردان؛ هێـــزدان؛ زۆرکەردەی ‹هر چه زور زدم باز نشد: هـەر چـەن زۆرم کرد نەکرایەوە› ٢. *[مجـازی]* زۆر لێکـردن؛ زۆر بۆ هێنـان؛ زۆر ئـاردە پـەی؛ هـەوڵ دان؛ تەقالادان؛ تێکۆشان ‹چقـدر زور زدم تـا قـول داد پولی بـە تـو قـرض بدهـد: چەنـدەم زۆر لیکـرد تـا بریاری دا قەرزت پێبدا›.

زور کـــردن: *[گفتــاری]* زۆرکـــردن؛ مـــڕانن؛ زۆرکەردەی؛ پێداگری‌کردن ‹خیلی زور کرد تـا مرا هم ببرد: گەلێک زۆری‌کرد تا منیش ببات›.

زور کسی آمـدن: زۆر لێهـاتنی کەسـێ؛ پێـی سـەخت بـوون؛ بـە مـەیلی کەسـێ نـەبوون ‹زورش مـی‌آمـد جـواب سـلامم را بدهـد: زۆری لێ‌دەهات وەرامی سەلامم بداتەوە›.

زور کسی نرسیدن: زۆری کەسێک پێنەشکان؛ زۆری کەسێک نەگەیشتن؛ دەرقەت نـەهاتن؛ دەرقەوە نەیاشتن؛ نـەتوانین ‹زورش نمی‌رسید کیسه را بلنـد کنـد: زۆری پـێ‌نەدەشـکا کیسەکە هەلگرێ›.

زور گفتن: *[مجـازی]* زۆرەملـی‌کـردن؛ بـە زۆر پێ‌کردن؛ کەرەگایی‌کردن؛ کەلـەگایی‌کـردن؛ کەڵک گرتن لە زەبر و زۆر بـۆ گـوێ‌لەمـست

کردنی خەڵک.

زورآزمـــایی / zûrāz(e)māyî ، ـهــا/: *اســم.* زۆرەزمــــە؛ زۆرەزمــــێ؛ زۆرانبــــازی؛ زۆرانی؛ زۆرەوانی؛ زۆرەبانــێ؛ عــەفرە؛ مــرمار؛ کــار یــان ڕەوتی تــاقی‌کردنــەوەی زۆر و گــوڕی خــۆ: **زورورزی.** هــەروەها: **زورآزمـــایی کـــردن؛ بـــە زورآزمایی پرداختن**

زورآور / zûrāvar/: *صفت.* ١. زۆردار؛ بەهێز؛ بە قەوت ٢. بە تەوژم؛ بە گوشار.

▣ **زورآور شدن:** زۆر بۆ هێنان؛ زۆر پەی‌ئاردەی؛ تەوژم هێنان ‹گرسنگی به او زوراور شد: برسیەتی زۆری بو هینا›.

زورافزایـــی / zûrafzāyî/: *اســم.* هێزنکــــی؛ وزەدەری؛ دوپینــگ؛ کــار یــان ڕەوتی کەڵــک وەرگرتن لە دەوای هێزدەر.

زورتپان / zûrtapān/ ☜ **زورچپان**

زورچپـــان / zûrčapān/: *صــفت.* پاڵەپەســـت؛ پاڵەپەستۆ؛ زۆرتــەپێن؛ زۆرتــەپان؛ تــێ‌پەســتاو؛ زۆرئاخن؛ زۆرەخن؛ بە زۆر ئاخنراو لە شوێنێکدا: **زورتپان**

▣ **زورچپان کردن:** پاڵەپەستۆکردن؛ زۆرەخــن کــردن؛ زۆرتــەپێن‌کــردن؛ بــە زۆر ئــاخنین؛ تەپاندن؛ بە زۆر پەستاندن؛ بە زۆر پەســتاوتن؛ ترنجاندن؛ تێ‌ترنجاندن؛ تێ‌ڕاکــردن ‹کتابهــا را این‌طور توی قفس زورچپان می‌کنی، جلدشـان خـراب می‌شود: ئاوەها کتێبەکان دەتاخنیە ناو قەفەسەوە، بەرگەکانیان خراپ دەبێ›.

زورخانه / zûrxāne ، ـها/: *اسم.* زۆرخانە؛ باشگای وەرزشی کۆنی ئێرانی بریتی لە دالانێکــی ســەر داپۆشراو و گۆڕەپــانێکی جەغزۆکــە و چــاڵ کــە وەرزشگەلی کەونارای تێدا دەکرێ.

زورق / zowraq, zo:raq ، ـهــا/: [عربــی] *اسـم.* *[ادبی]* بەلەم؛ لۆتکە.

زورکـــی[1] / zûrakî/: *صـفت.[گفتـاری]* زۆرەکـی؛ زۆری؛ زۆراتی؛ بــە زۆر؛ بــە خــورتی؛ خــورتی؛ ناعیلاج؛ زۆردەستی؛ کەرەزەڕی ‹خندەی زورکـی: پێکەنینی زورەکی›.

زورکی[2]: *قید.[گفتـاری]* به زۆر؛ بــە زۆری؛ زۆری؛ زۆراتی؛ زۆرەکی؛ زۆرەملێ؛ بە خورتی؛ جــەبری؛ نەوەدڵی؛ بە زەبری هێز ‹نمی‌گرفت، زورکـی دادم: نەیدەگرت، بە زور پێمدا›.

زورگو / zûrgû ، ـها؛ ـیان/: *صفت.* زۆربێژ؛ ملــهوڕ؛ مــل‌هــڕ؛ خــاوەن خــوو یــان مــەیل بــە کەڵــک وەرگرتن لە زۆر و گوشار بۆ ترساندنی خەڵــک و هەڵـــنانیان بـــۆ جێبـــەجێ‌کـــردنی کارێـــک ‹صاحبخانەی ما خیلی زورگو است: خـاوەن‌ماڵـەکەمان یەکجار زوربێژە›.

زورگـــویی / zûrgûyî ، ـهـا/: *اسـم.* زۆربێــژی؛ زۆرەملـــی؛ زۆرملـــێ؛ زۆرداری؛ کـــەرەگایی؛ کەلەگایی؛ کەڵکوەرگری لــە زۆر و گوشــار بــۆ هەڵـــنانی خەڵــک بــە کــردنی کــارێ یــا بــۆ گوێ‌ڕایەڵ کردنیان.

زورگیر / zûrgîr ، ـها/: *اسم.[گفتاری]* بـاج‌سـێن؛ خاوەسـێن؛ کەســێ کــە بــە زۆرداری خەڵــک تەڵەکە دەکا.

زورگیـــری / zûrgîrî ، ـهــا/: *اســم.[گفتــاری]* بــاج‌ســێنی؛ خاوەســێنی؛ کــار یــان ڕەوتی داگیرکردن بە زۆری زۆرداری.

زورمداری / zûrmadārî ، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم.[سیاست]* زۆرداری؛ تەپەسەری؛ شــێوەی بــە کــار هێنــانی زۆر و تــەوژم بــۆ ترســاندن یــان مل‌کەچ‌کردنی خەڵــک و گــوێ‌ڕایــەڵ‌کردنیــان. هەروەها: **زورمدار**

زورمنـد / zûrmand ، ـان/: *صفت.* دەســەڵاتدار: ١. دەگەنــەک؛ دەگــەنگ؛ زۆردار؛ لــە هێــرت؛ خورت؛ پڕ زۆر؛ بەهێز؛ پاڵەوان؛ خاوەنی هێز یان لێهاتوویی ٢. *[مجازی]* خاوەنی هێز و دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

زورمنـــدی / zûrmandî/: *اســم.* دەگــەنگی؛ پاڵــەوانی؛ زۆرداری؛ دۆخ یــان چۆنیــەتی زۆردار

بوون.

زورنا / zurnā/ ☜ **سُرنا**

زوروزی / zûrvarzî/ ☜ **زورآزمایی**

زوری[1] / zûrî/: *صفت. [گفتاری]* زۆرەکی؛ زۆری؛ زۆرەملێ؛ خورتی؛ نەوەدڵی؛ داسەپێنی ‹چیزی را که زوری باشد دوست ندارم: شتی بە زۆرەملێ پێ خۆش نیە›.

زوری[2]: *قید. [گفتاری]* بە زۆری؛ زۆرەکی؛ زۆری؛ نەوەدلانە؛ زۆربگیری؛ زۆرەملێ؛ بە زۆر؛ بە گوشارەوە ‹آقا مگر مهمانی رفتن زوری است: کاکە مەگەر میوانی چوون بە زۆرە›.

زوزه / zûze ، ـها/: *اسم.* لوورە؛ لوور؛ لەولەو؛ لوورەلوور؛ لوولە؛ کاز-کاز؛ کووز-کووز؛ نەکوچ: ١. زوورە؛ سەگلوور؛ لیرە؛ قروسکە؛ کڕووزەی گیانەوەرانی تیرەی سەگاسایان کە وەک ناڵەی بەرز وایە ٢. ناڵە و شین بە دەنگی بەرز و زیق.

⊡ زوزه کشیدن: لوورانـدن؛ لـویرانن؛ لوورنـەی؛ لوورنای؛ لوولاندن؛ لوولانن؛ لیراندن؛ لیرین؛ لـویرین؛ لوورین؛ لوورانـەوە؛ لیلەکەشـیەی؛ ئەوەلووریـەی؛ لوریـایوە؛ کاستین؛ کووزین؛ زوورین؛ قروسکاندن؛ نەکوچاندن: ١. دەنگ هەڵبڕینی گیانەوەرانی وەک گورگ، سەگ و چەقەڵ ٢. ئاوەها دەنگێک لە خۆوە دەرهێنان.

زوفا / zûfā ، ـها/: [عربی] *اسم.* گیازلفە؛ پیرەزلفە؛ گیازلفان؛ گیایەکی پایا و بۆنخۆش بە لاسکی چێوی، گەڵای گچکەی بۆنخۆش، گوڵی جوانی سپیلکەی شین یان ئاڵی هێشوویەوە، کە بۆ دەوای بە کار دێنن.

زولبیا / zûlbiyā, zûlûbiyā ، ـها/: *اسم.* زلووبیا؛ شیرینیەکی تورتە لە ماستی ئاوچن و نشاستە کە لە ناو ڕۆندا سووری دەکەنەوە و لە شیرەی شەکری دەگەوزێنن بۆ ئەوەی شیرین بێ، مانای لە ڕەگەزدا واتا شیاوی پاروو لێ گرتن.

زولو / zûlû/: *اسم.* زوولوو: ١. هۆزی ڕەش‌پێستی ئەفریقای باشووری ٢. هەر کام لە بانتۆزمانانی وڵاتی ناتاڵ لە ئافریقای باشووریدا ٣. لە زمانگەلی بانتۆ کە لە ناو ئەو هۆزەدا قسەی پێ‌دەکرێ.

زوم / zûm/: [انگلیسی] *اسم.* زووم؛ جۆرێ نیسکۆی دووربینی وێنەگری و فیلم‌هەڵگری بە مەودای ناوەندی بگۆڕەوە.

⊡ زوم کردن: زووم‌کردن؛ کاری گۆڕینی مەودای ناوەندی نیسکۆی دووربین؛ بۆ بەرامبەرکردنی لەگەڵ بابەتی ویستراوی وێنەگر یان فیلم‌گر و دەرخستنی لە ناو چوارچێوەدا.

زونا / zonā/: [فرانسوی] *اسم.* زۆنا؛ نەخۆشیەکی سەختی ڤیرووسی کە بە شێوەی زیپکە و بلۆق لە درێژەی دەمارێکی پێستدا خۆ دەنوێنێ و ئێش و خارشتی زۆری هەیە.

زونکن / zonkan/: [انگلیسی] ☜ **زُنکن**

زه[1] / zeh ، ـها/: *اسم.* ١. ژە؛ ژەهـ ؛ زە؛ ژێ؛ ڕیخۆڵەی بادراوی چوارپێ ٢. زێ؛ شریتەیێ کە بۆ ڕاگرتن و پاراستنی شتێک پێوەوەی دەبەستن ٣. ژێ؛ ژی؛ ژێکەوان؛ ژە؛ ژهـ ؛ ڕیخۆڵەی بادراو کە دوو سەری کەوان پێکەوە دەبەستێ ٤. ژێ؛ تاڵی ساز ٥. کەناو؛ تکاو؛ شوێنێ کە ئاوی کەمی لێ دەردەچێ و بۆ خاڵی کردنی ئاوی سەرئەرزی چێ کراوە ٦. تانی تەون.

⊡ زه زدن: *[گفتاری]* ١. پەیمان شکاندن؛ بەڵێن شکاندن؛ هەڵوەشاندنەوەی بەڵێن ‹رفقا زه زدند و مرا جا گذاشتند: دۆستان پەیمانیان شکاند و بەجێیمیان هێشت› ٢. کار بەجێ‌هێشتن؛ کار نیمەکار داخستن؛ ناتەواو جێ‌هێشتنی کاری وەئەستۆگیراو ‹به همین زودی خسته شدی و زه زدی؟: هێندە زوو ماندوو بووی و کارەکەت بەجێ هێشت؟›.

زه[2]: *صوت. [ادبی]* چاک؛ ئافەرین؛ بژی؛ هەی

بـڕی؛ بارەقەڵـلا؛ ئافـەرەم؛ بەهـ ؛ بـەخ؛ چـاوی خودای پێوە بێ؛ وشەی پێهەڵگوتن ‹فلک گفت: احسن، ملک گفت: زه!: فەلـەک گـوتی: ئافـەرین، مەلەک گوتی: هەی بژی!›.

زهاب / zehāb/: /اسم. زەهاو؛ ئاڤزەهـ : ۱. ئـاوێ کە لە ژێر زەوییەوە هەڵدەقوڵێ و ڕووی زەویـن دادەپۆشێ ۲. زناو؛ زنـە؛ زۆنـگ؛ زۆنـج؛ زۆنكـاو؛ زۆنگاو؛ زەنەک؛ تەڕازان؛ قۆپیە؛ زۆهـۆر؛ ئـاوەزۆ؛ ئاوەزا؛ شوێنی ئاوەزێ.

زهاد / zohhād/: [عربی] جمعِ ☜ **زاهِد**

زهـــار / zehār/: [عربـی]/اسـم. زارگـا؛ زارەگـا؛ بەرگەدە؛ بانەگە؛ پانەگا؛ بـەر؛ شـەرم؛ شـەرمگە؛ شەرمگا؛ وەر.

زهانـدن / zehāndan/: مـصدر. متعـدی. [قـدیمی] ڕەوان‌کردن؛ خستنە گەڕ؛ شـیاندن؛ هەڕكانـدن (بۆ تراو بەتایبەت ئاو و شیر). هەروەها: **زهانیدن**

زهتـاب / zehtāb، ـها؛ ـان/: /اسم. ۱. ژێڕێـس؛ ئەوەی لە ڕیخۆڵـەی چوارپێیـان تاڵـگەلی قـایم چێ دەكا ۲. ڕاچێن؛ داچێن؛ كەسێ كـە بـەنی ڕایەڵی تـەون تـەیار دەكـا؛ كەسـێ كـە تـەون دەنێتەوە.

زهتابی / zehtāb/: /اسم. ڕاچێنەری؛ داچێنـەری؛ ژێڕێسی؛ كار یان ڕەوتی ڕاچاندن

زهد / zohd/: [عربی]/اسم. پارێزكاری؛ هەبیـسی؛ هەریسی؛ تەركەدنیایی؛ تاییمی؛ پارسـایی؛ كـار یان ڕەوتی دووری‌گرتن لە كارگەلی دزێو.

زهدان / zehdān، ـها/: /اسم. پـزدان؛ پیـزەدان؛ زێـدان؛ پـاور؛ منالـدان؛ مندالـدان؛ بەچـەدان؛ بێچوودان؛ مالبچویـک؛ تیزانـگ؛ ڤـاگینا؛ زاگـە؛ زامـار؛ بـز؛ پـزان؛ پـاوەرە؛ كاردانـک؛ هەڵـپەز؛ پـڕزانگ؛ هاوبـاز؛ یاگۆزاولـەی؛ ئەنـدامێک لـە گوانداران‌ی مێوینەدا كە تۆلی تێدا گەورە دەبێ و تا هاتنە دنیاوە تێدا دەمێنێ.

زهر / zahr، ـها/: /اسم. زەهـر؛ ژەهـر؛ ژیـەر؛ ژار؛ ژەحر؛ جەحر؛ ژاڵ؛ زل؛ مەرگـە؛ هـەر كـام لـەو ماكانەی كە بڕێ گیانەوەر و گیا بەرهەمی دێنن و زۆرتر لـە ڕێـی كاردانەوەیـەكی كیمیـایی لـە لەشی گیانداریكدا دەبێتـە هـۆی مـەرگ یـان ژاراوی بوونی.

▣ **زهر قاتل**: ژەهری كوژەر؛ ژاری بكوژ؛ زەهری كوشندە.

زهر مار: زەهرەمار؛ زەهرمار: ۱. ژەهری مـار؛ ژاری مار؛ ماكی ژەهری كە لـە كیـسەی لای چـزی مارگـەلی ژەهردارەوەیـە ۲. [كنـایی] زەهری هەلایل؛ ژەهـری هـەلایل؛ شـتی زۆر تاڵ و ناحەز ‹این چە زهرماری بـود دادی خـوردم؟: ئەمـە چ زەهرەمارێ بـوو داتـە دەرخـواردم؟› ۳. ژەهرەمـار؛ سـندان؛ قوزلـقورت؛ ژەقنـە؛ ژەقنەمووت؛ ژەقنەبووت؛ سنان؛ دەردی‌كاری؛ دەری؛ زەهری هەلاهەل؛ گەڕانی؛ زەبرەبەنـد؛ جۆرە جنێوێكە لە وەرامدانەوە بـە قـسە یـان پێكەنینی نابـەجێی كەسـێک ‹بلی و زهرمار! خجالت نمی‌كشی؟: بەڵێ و زەهرەمار! دانارزی؟›.

زهـر هلاهـل: [كنـایی] هەلایهـەل؛ ژەهــری هەلایهەل؛ ژەهری گیانلەبەری دیرۆكـان كـە گوایە زۆر بكوژە.

◘ **زهر چشم گرفتن**: [مجازی] ئـاو چـاو سـەندن/ گـرتن؛ جووجكـە ترسـێن/ منـداڵ ترسـێن كردن؛ ترساندن ‹مدیر تازە از بچەها حسابی زهرچشم گرفت: بەڕێوەبەری تازە بە تەواوی ئاو چاوی هەواڵەكانی سەند›.

زهـر خـود را ریخـتن: [مجـازی] چـزی خـۆ وەشاندن؛ ئازاری خۆ گەیانـدن؛ دەسـتی خـۆ وەشاندن؛ لە كەسـێكەوە ئـازار و زەرەرێ كـە چاوەڕوانی دەكرا، گەییشتن ‹آرام با دروغی كە گفت زهر خودش را ریخت و پیرمرد بیچارە را پریشان و دلشكستە كرد: ئارام بەو درۆیەكردی، چزی خوی وەشـاند و ئـەو پیرەمێـردە هـەژارەی پەشـێو و دلشكاو كرد›.

زهـر دادن: ژار پێـدان؛ دەرمـانخواردكردن؛

ژاراوی‌کردن؛ ژار دانه دەرخوارد ‹سگ بیچاره را زهر داده بودند: سەگە بەستەزمانەکەیان ژار دابوو›.

زهر کردن:*[کنایی]* کردنە ژار؛ لێ‌کردن بە زار؛ لێ‌تاڵ‌کردن؛ ڕەش‌کردن؛ کردنە زەهرمار؛ ئازاردەر و ناخۆش کردنی ژیان ‹او با رفتارش زندگی را به همه‌ی ما زهر کرده بود: بە ئاکاری خۆی ژیانی لێ کردبووین بە ژار›.

زهرمار کردن:*[تعریض]* کردنە زەهرەمار؛ کردنە زەهر؛ کردنە ژەقنە؛ خواردن (بۆ سووکایەتی و ناسزا) ‹یک کاسه‌ی پر آش رشته زهرمار کرده، باز می‌گوید گرسنه‌ام!: کاسەیەک ئاش ڕشتەی کردوەتە زەهری ماری و هێشتا دەڵێ برسیمە!›.

زهرآگین / zahrāgîn/: *صفت.[ادبی]* ۱. ژاراوی؛ ژەهراوی؛ زاراوی؛ تێکەڵ بە ژەهر ۲. زۆر تاڵ و ناحەز ✽ **زهرآلود**

زهرآلود / zahrālûd/ ☜ **زهرآگین**

زهراب / zahrāb/: *اسم.[گفتاری]* میز؛ مێز؛ گمێز؛ زاراو.

زهرابه / zahrābe، ـها/: *اسم.* ناراو؛ ژەهراو؛ زەهراو؛ ژاراو؛ زاراو: ۱. توکسین؛ بەرهەمی ژاراوی باکتری یا خانک‌گەلی‌تر کە بە وەشاندنیان لە لەشی گیانداران، دەبێتە هۆی دروست بوونی دژەژار ۲. تراوی ژاراوی کە لە شتێکەوە دەدەڵێت.

زهرخند / zahrxand/: *اسم.[مجازی]* زارخەن؛ ژارخەن؛ خەندەی تاڵ؛ زارخەنە؛ زەهرخەنە؛ پێکەنینی تاڵ و ناحەز لە بەر تووڕەیی و قەلسی.

زهرشناسی / zahršenāsî/: *اسم.* ژارناسی؛ زانستێ کە لە سەر ژەهر و کاریگەری و بابەتگەلی (کیمیایی و پیشەیی و حقوقی) پێوەندیدار بە ژەهر دەکۆڵێتەوە: **سم‌شناسی**

زهره / zahre/: *اسم.* ۱. کیسەی صفرا ☜ **کیسه** ۲. *[مجازی]* وەرە؛ زارە؛ زات؛ نەترسی؛ جربزە؛ دلێری؛ ئەترەش؛ هەترەش؛ ئازایی؛ ورار؛ زاڵە؛ زەڵە؛ زیەلگ؛ زاوەر؛ زاور؛ زروا؛ زەنەق؛ زەندەق؛ زەهلە؛ زەهلک؛ پشتووری؛ نەترە.

◘ زهره داشتن:*[مجازی]* زات هەبوون؛ ئازا بوون؛ زەنەقدار بوون؛ بوێر بوون؛ دلێر بوون؛ وەرەدار بوون.

زهره‌ی کسی آب شدن:*[مجازی]* کەسێ زاڵەترەک بوون؛ زەنەقی کەسێ چوون؛ دڵی کەسێک تۆقان؛ زاڵەی کەسێک تۆقین؛ زاوڵەترەک بیەی؛ زاور چوون؛ لەنکاو زۆر ترسان و حەپەسان.

زهره / zohre/: [عربی]*اسم.* زوهرە؛ زۆرە؛ ناهید؛ دووهەمین گەڕۆکی کۆمەڵەی خۆر لەباری نزیکی بە خۆرەوە کە خولگەکەی لە نێوان ساوە (تیر) و زەویندایە: **ناهید**

زهره‌ترک / zahretarak/: *صفت.[مجازی، گفتاری]* زارەترک؛ زاڵەترەک؛ زاوڵەترەک؛ زەلەقات؛ زەلەڕەتە؛ زەڵەتراق؛ زەندەق‌چوو؛ زەنەق‌چوو؛ زارەچوو؛ زراوچووگ؛ تۆقاو؛ زۆر ترساو و لێقەوماو لە کارەساتێک ‹بیچاره پیرمرد از صدای موشکها زهره‌ترک شد و مرد: پیرەمێردی هەژار لە گرمەی مووشەکەکان زارەترەک بوو و مرد›.

زهکشی / zehkešî، ـها/: *اسم.* ۱. زنەکێشی؛ کار یان ڕەوتی هەڵکێشانی ئاوگەلی ڕووەکی لە دەشتێکدا ۲. جۆگەگەلێ کە بۆ دەرکێشانی ئاوی زەلکاو و زەناو لە قەراخیانەوە دەکێشرێ ۳. کاری دروست‌کردنی زێوار.

زهگیر / zehgîr، ـها/: *اسم.* ژێگر؛ ژێگیر؛ ئەنگوستیلەی سەر پەنجە کە ژێی کەوانی پێ دەگیرێ.

زهم / zohm/: [عربی]*اسم.* بۆدر؛ بۆدڕن؛ بۆسار؛ بۆنسارد؛ بۆی توندی گۆشتی نەکوڵیو بەتایبەت مریشک و ماسی.

زهوار / zehvār، ـها/: *اسم.* چوارچێوە؛ زێوارە؛ شریتە یا هۆندراوێکی باریک کە بۆ ڕازانەوە یان

پتەوکاری دەیبەسنە لێوارەی شتێکەوە.

زهواردررفته / zehvārdar.rafte ، ـها/: *صفت. [کنایی]* ژێبڕاو؛ شەق و شڕ؛ دارزاو؛ سەوەتەی پەتبڕیاگ.

زهی / zehî/: *صفت.* ژێدار؛ ژێیی؛ زەهی ‹ساز زهی: سازی ژێدار›.

زهی / zehî/: *صوت. [ادبی]* ئافەرین؛ ئافەرەم؛ بەه ؛ بەهـ بەهـ ؛ بارەقەڵڵا؛ باریکەڵا؛ دەسخۆش؛ بەخ.

زهیدن / zahîdan, zehîdan/: *مصدر. لازم. متعدی. [قدیمی]* □*لازم.* ۱. قەمزتن؛ قەمستن؛ زانەوە؛ زیەی؛ زیای؛ هەڵقولان؛ هەڵقولیان؛ هەڵقوڵتان؛ هەڵقوڵتیان؛ هەڵقولین؛ جۆشیان؛ دەرپەڕینی ئاو دە زەوی □ *متعدی.* ۲. زان؛ زاین؛ زایین؛ زەی؛ زای؛ زەیش؛ زهین؛ زەهین؛ زەهان؛ زایەنە.

زی[1] / zî/: *حرف. [ادبی]* ۱. بەرەو؛ بەرەو لای؛ بۆ لای ۲. بە لای؛ لەکن؛ لای؛ لاو ۳. بۆ؛ ژبۆ؛ پەی؛ ئەڕای.

ـــ زی[2]: *پیواژه.* ـــ ژی؛ ژین بە سەر بەر؛ زیندەگی‌کەر ‹آبزی: ئاوژی›.

زیا[1] / ziyā/: *اسم. [زیست‌شناسی]* ژیو؛ ژیاندار؛ زیندی؛ زیندوو؛ زینە؛ گیانەوەر؛ بوونەوەر، بەتایبەت گیانەوەرانی کۆمەڵێکی دیاریکراو.

زیا[2]: *صفت.* ژیو؛ ژیاندار؛ زینگ؛ زیندوو؛ زیندی؛ زینە.

زیاد[1] / ziyād/: [از عربی] *صفت.* زۆر؛ فرە؛ فراوان؛ فریە؛ فرێ؛ زەبەند؛ زەبەن؛ زەبەنگ؛ زیاد؛ زیای؛ زەحف؛ زاف؛ زاڤ؛ بۆش؛ پور؛ پڕ؛ مۆڵ؛ ئەنقەزە؛ گن؛ لەبەونی ‹کار زیاد: کاری زۆر›.

▣ **زیاد شدن:** زۆر بوونەوە؛ فرەوە بوون؛ فرە بیەی؛ فریە بوون؛ زیاد بوون؛ زاف بوون.

زیاد کردن: زۆرکردنەوە؛ فرەوەکردن؛ فرەکەردەی؛ زێدەکردن؛ زیاد کردن.

زیاد[2]: *قید.* زۆر؛ فرە؛ فریە؛ زیاد؛ زیای؛ گەلەکێ؛ گەلێ؛ گەلەک؛ گەلێک ‹زیاد کار می‌کرد: زۆر کاری دەکرد›.

زیاده[1] / ziyāde/: [عربی] *قید.* زیادە؛ زێدە؛ زۆر؛ زۆرتر؛ زۆرتر لە ڕادەی ویستراو ‹زیاده نمی‌خواهم: زیادەم ناوێ›.

زیاده‌ـ[2]: *پیشواژه.* زیاـ؛ زیادەـ؛ زێدەـ؛ فرەـ؛ زۆرتر؛ زیاتر ‹زیاده‌طلب: زیاده‌خواز›.

زیاده‌خواهی / ziyādexāhî ، ـها/: [عربی/فارسی] *اسم.* زێدەخوازی؛ زیاخوازی؛ فرەخوازی. هەروەها: **زیاده‌خواه**

زیاده‌روی / ziyāderavî ، ـها/: [عربی/فارسی] *اسم.* زێدەڕۆیی؛ زیاڕەوی؛ تەلاس؛ زێدەکاری؛ زۆرتر لەوەی پێویستە لە کارێکدا چوونە بەرەوە؛ کار یان ڕەوتی پای زیادە داکێشان ‹یک روز در خوابیدن زیاده‌روی می‌کند یک روز در شب زنده‌داری: ڕۆژێ لە خەوتندا زیادەڕەوی دەکا، ڕۆژێ لە شەونخوونیدا›.

زیاده‌طلبی / ziyādetalabî ، ـها/: [عربی] *اسم.* زیادەخوازی؛ فرەخوازی. هەروەها: **زیاده‌طلب**

زیادی[1] / ziyādî ، ـها/: [از عربی] *صفت.* زیادە؛ زیایی؛ زێدە؛ زاڤەی؛ زافی؛ زەحفی؛ فرەیی ‹آدم زیادی: مرۆی زیادە›.

زیادی[2]: *قید.* زیادی؛ زیایی؛ زۆر؛ زافەی؛ زاڤەی؛ لە ڕادە بەدەر؛ زۆرتر لە ڕادەی پێویست ‹زیادی حرف می‌زند: زیادی قسە دەکا›.

زیارت / ziyārat/: [عربی] *اسم.* ۱. /ـها/ زیارەت؛ کار و ڕەوتی چوونە سەر پیر، شوێنگەلی پیرۆز و گڵکۆی گەورە پیاوان ‹زیارت کعبه: زیاردنی کابە› ۲. دیەنی؛ دیمانە؛ دیدار؛ چاو پێکەوتن ‹به زیارت دوستان و آشنایان رفتیم: چووینە دیدنی دۆستان و ئاشنایان›. هەروەها: **زیارت رفتن؛ زیارت شدن؛ زیارت کردن**

زیارتگاه / ziyāratgāh ، ـها/: [عربی/فارسی] *اسم.* زێوە؛ خزن؛ قسن؛ چاک؛ زیارەتگە؛ شوێنێ کە

کۆمەڵێک بە پیرۆزی دەزانن و دەچنە سەری.

زیارتنامه / ziyāratnāme ، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم/ زیارەتنامە: ١. دوعایێ تایبەت کە لە کاتی چوونە سەر مەرقەد یان شوێنێکی پیرۆز دەیخوێنن ٢. نووسراوەیەک کە ئەو دوعایەی تێدایە.

زیارتی / ziyāratî /: [عربی] صفت. زیارەتی: ١. پیرۆز؛ شیاوی زیارەتکردن ٢. پێوەندیدار یان سەر بە چاوپێکەوتنەوە.

زیان / ziyān ، ـها/: اسم. زیان؛ زان؛ زەرەر: ١. خوسار؛ خەسار؛ خەسارەت؛ نەستیل؛ زەرڕ؛ زێون؛ کاری لە دەسدانی شتێ بایەخدار ⟨زیان کردن: زیان کردن⟩ ٢. ئاسیب؛ خوسار؛ خەسار؛ خەسارەت؛ گەزەنێ کە دەبێتە هۆی فەوتانی شتێکی بایەخدار ⟨خشکسالی موجب زیان کشاورزان شد: وشکەساڵی بوو بە هۆی زیانی وەرزێران⟩ ٣. شتێکی بایەخدار کە بفەوتێ ⟨یک میلیون زیان کردیم: ملیۆنێ زەرەرمان کرد⟩.

▣ زیان بردن ☜ **زیان کردن**

زیان داشتن: زەرەر هەبوون؛ زیان هەبوون؛ زیاندار بوون؛ گەزەندار بوون؛ زەڕدار بوون؛ هۆی زەرەرگەیاندن یان لە دەست چوونی شتی بەنرخ ⟨معاملەی چای برایمان زیان داشت: مامەڵەی چایی زەرەری هەبوو بۆمان⟩.

زیان دیدن: ١. زیان کردن؛ زەرەرکردن؛ لە دەست دانی بەشێ لە ماڵ و سامان ⟨در آن معامله چند میلیون زیان دیدیم: لەو سەودایەدا چەند میلیۆن زیانمان کرد⟩ ٢. گەزن دیتن؛ ئاسیب دیتن؛ خەسار دیتن؛ زیان پێگەیشتن ⟨کشور از جنگ زیان می‌بیند: ولات لە شەڕ گەزن دەبینێ⟩.

هەروەها: **زیان زدن؛ زیان رساندن؛ زیان وارد کردن**

زیان کردن: زەرەرکردن؛ زیان‌کردن؛ خەسار دیتن؛ لە دەست دانی ماڵ و سامان ⟨در فروش خانه خیلی زیان کرد: لە فرۆشتنی ماڵەکەدا زۆری زەرەر کرد⟩.

زیان‌آور / ziyānāvar /: صفت. خەساردەر؛ زیانیدەر؛ وەزەنۆک؛ زیاندار؛ هۆی خەسارداني شتی بەنرخ ⟨فاضلاب‌ها دارای مواد زیان‌آور برای محیط زیست هستند: فازلاوەکان لە خۆگری ماکی خەساردەر بۆ ژینگەن⟩.

زیانبار / ziyānbār / ☜ **زیان‌آور**

زیانبخش / ziyānbaxš / ☜ **زیان‌آور**

زیانکار / ziyānkār ، ـها؛ ـان/: صفت. زیانۆک؛ زیانەخورۆ (بۆ ئاژەڵ)؛ زیانکار؛ گەزەندار؛ زەرەردار؛ زیاندار؛ لێهاتوو یا خووگرتوو بە زەرەرگەیاندن ⟨موش جانور زیانکاری است: مشک گیانلەبەرێکی زیانۆکە⟩.

زیانکاری / ziyānkārî ، ـها/: اسم. زیانی؛ زیانکاری؛ زیانۆکی؛ کار یان ڕەوتی زەرەر و زیان دان لە خەڵک ⟨دیروز که خانه نبودیم، بچه‌ها خیلی زیانکاری کرده بودند: دوێنێ کە لە ماڵ نەبووین منداڵەکان زۆر زیانیان دابوو⟩.

زیب / zîb /: اسم. [ادبی] ڕازێنە؛ زەمبەر؛ ڕەوش؛ خشڵ؛ چەک.

زیبا / zîbā /: صفت. جوان؛ شەنگ؛ زیبا؛ زێبا؛ زیوا؛ قەنج؛ قەشەنگ؛ بازڕە؛ بافڕە: ١. گۆزەڵ؛ زیکەلانە؛ بەدەو؛ دەلال؛ کەلەش؛ ڕەنگین؛ چەلەک؛ خاوەن دیمەنی دڵخواز ⟨باغ زیبا: باخی جوان⟩ ٢. /ـها/ شێن؛ کەلان؛ سەلارە؛ زەری؛ رند؛ سپەهی؛ گۆزەڵ؛ خوشیک؛ خوشکۆک؛ ژیکەلانە؛ بەدەو؛ خاڵخاش؛ دەلال؛ گەژاڵ؛ خومخوم؛ جوان‌چاک؛ جندی؛ ڕەنین؛ خنج و خۆل؛ خنج و منج؛ خۆش‌سیما؛ جوانکیلانە ⟨زن زیبا: ژنی جوان⟩ ٣. چەلەک؛ کەلەش؛ لەبەردڵ؛ دلگر؛ بە چۆنیەتیەکی چاک و دڵ پەسندەوە ⟨آهنگ زیبا: ئاهەنگی جوان⟩.

زیبائی / zîbā'î / ☜ **زیبایی**

زیباپسند / zîbāpasand ، ـها؛ ـان/: صفت. جوان‌پەسەن؛ خاوەن چێژەی نرخاندن و چێژە

وەرگرتن لە جوانی.

زیبارو / zîbārû ، ـیان/: *صفت.* جوان‌چاک؛ سۆرپەری؛ لەڤەند؛ شیرین‌شێوە؛ شێوەشیرین؛ جوان‌چاڵ؛ جوان‌خاس؛ جوان‌شیرین؛ خوشیک؛ شێن؛ ژیکەلانە؛ بەدەو؛ دەلال؛ جندی؛ قشت؛ قشتیلە؛ خۆش‌سیما؛ جوانکیلانە؛ زەری؛ سەلارە؛ کەلان؛ سپەهی.

زیباسازی / zîbāsāzî/: *اسم.* جوانکاری؛ خەملکاری؛ کار یان ڕەوتی جوان‌کردنی شوێنێ، زۆرتر بە ڕازاندنەوە ‹زیباسازی شهر: جوانکاری شار›.

زیباشناسی / zîbāšenāsî/ ☜ **زیبایی‌شناسی**

زیبایی / zîbāyî ، ـها/: *اسم.* جوانی؛ قۆزی؛ چۆنیەتی یان بار و دۆخێ لە شتێکدا کە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنج و هۆگری و چێژ لێ‌گرتنی ‹زیبایی صورت: جوانی ڕوومەت›: **زیبائی**

▣ **زیبایی صوری**: ڕەوش؛ جوانی ڕواڵەتی؛ جوانیێ کە بە چاو دەبینرێ.

زیبایی معنوی: جوانی سەرچاوەگرتوو لە بایەخگەلی وەرگیراو لە لایەن کەس یان تاقمێکەوە.

زیبایی‌شناختی / zîbāyîšenāxtî/: *صفت.* جوانی‌ناسیانە؛ پێوەندیدار بە جوانی‌ناسیەوە.

زیبایی‌شناسی / zîbāyîšenāsî/: *اسم.* ۱. جوانی‌ناسی؛ لقێ لە فەلسەفە کە لەمەڕ چیەتی جوانی، هونەر، زەوق، ئافراندن و هەڵسەنگاندنیان دەکۆڵێتەوە ۲. بۆچوونێکی تایبەت لە بارەی جوانی و هونەرەوە * **زیباشناسی**

زیبق / zeybaq/: [معرب از فارسی]*اسم.[قدیمی]* ژووڤە؛ جیوە.

زیبندگی / zîbandegî/: *اسم.* لەباری؛ ڕازاوەیی؛ پێکەوتوویی؛ جوانی؛ دۆخ یان چۆنیەتی شیاو و لە بەر دڵان بوون.

زیبنده / zîbande/: *صفت.* جوان؛ لەبار؛ ڕازاوە؛ شیاو؛ پێکەوتوو؛ باش؛ چاک ‹رفتار زیبندەی یک مرد: ئاکاری لەباری پیاوێک›.

زیب‌وزیور / zîb-o-zîvar/: *اسم.* خشڵ و زەمبەر؛ زێڕ و زەمبەر؛ ڕەوش؛ شتی ڕازێنەیی و متومۆرووی جۆراوجۆر کە بۆ زێدەکردنی جوانی و شکۆ کەڵکی لێ‌وەردەگرن.

زیبیدن / zîbîdan/: *مصدر. لازم.[ادبی]* پێکەوتن؛ پێکەفتن؛ لێ‌جوان بوون؛ پێ‌شیان؛ شیان؛ لێهاتن؛ پنەکەوتەی؛ پەنەکەوتەی؛ پنەشیەی؛ پەنەشیای؛ شیەی؛ شیای؛ پنەئامەی؛ پەنەئامای: ۱. ڕازاوە بوون ‹این جامه به تو می‌زیبد: ئەم گنجەت پیدەکەوی› ۲. بۆ بوون؛ لێ‌وەشانەوە؛ پێ‌ڕەوان بوون؛ بۆ لەبار بوون؛ ژ هەژی بوون؛ ب سەرڤە بوون؛ شیاو و ڕەوا بوون ‹این کارها به او نمی‌زیبد: ئەم کارانەی پی‌ناکەوی›.

■ صفت فاعلی: **زیبنده** (ـ)/ مصدر منفی: **نزیبیدن** (پێنەکەوتن)

زیپ / zîp ، ـها/: [انگلیسی]*اسم.* زیپ؛ چورت؛ قیرپ؛ جۆرێ بەس (بۆ هەڵپێکانی جلوبەرگ، کیف و ...) بریتی لە دوو ڕز ددانە و گیرەیێ کە بە کێشانی بەرەو لایێ دەبەسرێ و بەرەو لایەکی‌تر دەکرێتەوە.

زیپو / zip(p)o/ ☜ آب زیپو، **آب**

زیتون / zeytûn ، ـها/: [عربی]*اسم.* زەیتوون: ۱. دارچکێک بە کۆتەرەی لێک‌ئالا و لق و پۆدار، گەڵای سەوزی بریقەدار و پشت زێویەوە ۲. بەری ئەو دارچکە کە گۆشتن، چکۆلە، خڕۆکی، زرو، ڕەش یان سەوزە و ڕۆنیشی لێ‌دەگرن.

▣ **زیتون تلخ** ☜ **سنجدتلخ ـ۲**

زیتونی[1] / zeytûnî/: [عربی]*اسم.* زەیتوونی؛ کەسکەتاری؛ ڕەنگی سەوزی وەکوو ڕەنگی زەیتوون. هەروەها: **زیتونی‌رنگ**

زیتونی[2]: *صفت.* زەیتوونی؛ کەسکەتاری؛ بە ڕەنگی زەیتوون.

زیج / zîc ، ـها/: [معرب از فارسی]/اسم.[قدیمی]/ زیگ؛ ستێری؛ سەرجەمی ئەو ماڵکانە کە جێگەی ئەستێرە و گەڕۆکانی لە ڕۆژانی ساڵدا پیشان داوە و هەروەها زانیاری تری ئەستێرەناسی تێدابوو.

▣ زیج بستن: زیگ بەستن؛ ئامادەکردنی زیگ.

زیج نشستن:/مجازی/ کونج گرتن؛ گۆشەگرتن؛ گۆشەنشینی هەڵبژاردن.

زیدی / zeydî/: صفت. زەیدی: ۱. پێوەندیدار یان سەر بە ڕێبازی زەیدیە ۲. /ـها/ شوێنکەوتووانی ئەو ئایینە.

زیدیه / zeydîyye/: [عربی]/اسم.[شیعه]/ زەیدیە؛ ڕێبازێکی ئیمامیە کە شوێنکەوتووانی زەید کوڕی زەینولعابدین، بە ئیمامی نادیار دەزانن.

زیر / zîr ، ـها/:/اسم/. ۱. ژێر؛ ژێڵ؛ زیل؛ ژیل؛ چێر؛ بن؛ ناو؛ تۆ؛ دلێ؛ ناوەوە ‹زیر زمین: ژێر زەوی› ۲. ژێر؛ ژێڵ؛ ژیل؛ زیل؛ چێر؛ لایێ کە بەرەو خوار یان بەرەو زەویە ‹زیر میز: ژێری مێز› * بەرانبەر: **رو** ۳. ژێرە؛ نیشانەیەکی ئاوایی کە دەکەوێتە ژێر پیتەوە و مەکسووری دەکا (وەک پیتی کِ و بِ لە وشەی «کِتابِ»دا. ئەم نیشانە لە ڕێنووسی کوردیدا / / جێی گردۆتەوە): **کسره**

▣ زیر کردن: کردنە ژێرەوە؛ ئەرەشێلەی؛ سەرەنە لوەی؛ دان لە شتێ یان کەسێک؛ بە ماشێن یان هەر ئاژۆیەکی تر، لە سەر کەسێک یان شتێکەوە چوون یان ئازار پێگەیاندنی ‹گربەی بیچارە را با دوچرخە زیر کرد: ئەو پشیلە بەستەزمانەی بە دووچەرخە کردیە ژێرەوە›. هەروەها: **زیر گرفتن**

زیر ٢: صفت. زیڵ؛ زیل؛ زیڕ؛ زیک؛ زیق؛ ناسک؛ دەنگی تیژی باریک بە فریکانسی زۆرەوە (وەکوو دەنگی منداڵ). بەرانبەر: **بم**

زیر ٣: قید. ژێر؛ چێر: ۱. لە خوارەوەی شتێکدا ‹زیر میز: ژێر مێز› ۲. لە بەشی ناوەکی یان پشتی هەر شتێکدا ‹زیر لباس: ژێر جلوبەرگ›.

▣ زیر بغل: ژێرباڵ؛ بن‌باڵ؛ بن‌باخەڵ؛ بن‌باغەڵ؛ بن‌دەست؛ بنکەش؛ بنوباڵی؛ چێرووکەشی؛ هەنگڵێ: ۱. کەوش؛ کەش؛ بن‌هەنگەڵ؛ ناڤچەنگ؛ بنەنگڵ؛ گورچک؛ واوش؛ قووڵایی نێوان سنگ و باسک لە ژێر شاندا ۲. کەفش؛ بن‌کەوش؛ ئەو تیکە لە جلوبەرگ کە دایدەپۆشێ.

زیر پله(ای): ژێر پلە؛ ژێر پلیکان؛ بۆشاییەک (وەک دیو یان هەمبار، ...) کە لە ژێر پلیکاندا بەدی دێ.

زیر جلدی: ژێر پێستی؛ لە ژێر پێستدا.

زیر خاکی ☜ **زیرخاکی**

زیر قیمت: ژێر بایی؛ ژێر نرخ؛ کەمتر و هەرزان‌تر لە بایی ڕاستەقینەی خۆی ‹همه را زیر قیمت فروخت و خیلی ضرر کرد: هەمووی بە ژێر بایی فرۆشت و زۆری زەرەر کرد›.

▣ زیر ابرو برداشتن ☜ ابرو برداشتن، **ابرو**

زیر اخیه کشیدن:/کنایی/ تەنگ پێ‌هەڵچنین؛ تەنگ پێ‌هێنان؛ خستنە تەنگ و تاوەوە؛ خستنە تەنگانەوە؛ گوشار بۆ هێنان و ڕیپ بۆ هاوردن.

زیر آوار ماندن: بوونە ژێر سەخمەوە؛ لە ژێر ئاواردا مانەوە؛ بە هۆی ڕووخانی ماڵ، لە ژێر دار و پەردوودا گیرکردن.

زیر بار (چیزی) رفتن:/کنایی/ چوونە ژێر بار؛ مل دان: ۱. وەرگرتن؛ مل پێدا کردن؛ چوونە ژێر؛ قەبووڵ‌کردن ‹هر چه گفتم، زیر بار نرفت: هەر چەند گوتم، ملی نەدا› ۲. کار یان دۆخی دژوار هەڵگرتن ‹زیر بار قرض رفتن: چوونە ژێر باری قەرز›.

زیر بال کسی را گرفتن:/کنایی/ دەست دانە ژێر باڵی کەسێکدا؛ دەس و باڵی کەسێک گرتن؛ یارمەتی کەسێک دان ‹وقتی از اداره اخراج شد دوستان زیر بالش را گرفتند و برایش کاری پیدا کردند: کاتێ لە مەزرینگە دەرکرا، دۆستان

دەستیان دایە ژێر باڵی و کارێکیان بۆ دۆزیەوە›.

زیر بال گرفتن: *[کنایی]* لە ژێر پەڕ و باڵ گرتن؛ خستنە ژێر پەڕ و باڵ؛ حەواندنەوە؛ پشتیوانی کردن؛ پشت گرتن؛ ژێر باڵ گرتن؛ هاوپشتی کردن ‹بچەهای برادرش را زیر بال گرفت و بزرگشان کرد: منداڵەکانی براکەی خستە ژێر پەر و باڵی خۆی و گەورەیانی کرد›.

زیر بتە عمل آمدن: *[مجازی، تعریض]* لە بن تەپاڵە/ کوچکەوە دەرهاتن؛ لە ژێر تووڕگ دەرهاتن؛ بێ باوک و دایک یان بێ بنەماڵەیێکی باش بوون ‹خیال می کند بقیە زیر بتە عمل آمدەاند: وادەزانێ ئەوانی تر لە بن تەپاڵەوە دەرهاتوون›.

زیر بغل زدن: دانە بن باڵ؛ دانە بن باخەڵ؛ دانە بن دەست؛ بن باخەڵ دان؛ دەی چێروو کەشی؛ نانە بەین باسک و لاپاڵ هەڵگرتن ‹کتاب را زیر بغل زد و برد: کتێبەکەی دایە بن باڵی و بردی›: **بغل زدن**

زیر بغل کسی هندوانە دادن/ گذاشتن: *[کنایی]* با کردنە قول کەسێک؛ شووتی دانە ژێر باڵی کەسێک؛ گونی کەسێک نانە تەرازوو؛ کەسێک لەخشتە بردن؛ فیز و هەوا دان بە کەسێک ‹آن قدر هندوانە زیر بغلش دادند تا رفت و خودش را بە کشتن داد: ئەونە بایان کردە قولی هەتا چوو و خۆی بە کوشت دا›.

زیر پا کشی کردن ☜ **زیرپاکشی**

زیر پا گذاشتن: *[کنایی]* ١. ژێر پێ نان؛ پاشێل کردن؛ پێشێل کردن؛ بەر پێ خستن؛ بایەخ نەدان؛ بێ بایەخ کردن؛ بایەخ پێ نەدان؛ سووک لێ نەوین ‹دوستی سی سالە را زیر پا گذاشت: دۆستایەتی سی ساڵەی نایە ژێر پێ› ٢. دانە پاوە؛ وشکنەی؛ گەڕان، بەتایبەت بە شوێنی شتێکدا ‹تمام شهر را زیر پا گذاشت، کتاب را پیدا نکرد: تەواو شاری دا پاوە، کتێبەکەی نەدۆزیەوە›.

زیر پا لە کردن: هەرستاندن؛ هەرستین؛ پێ ڕێخستن؛ پلیشاندنەوە؛ لە ژێر پێدا پلچاندن؛ دەبەر پێدا پان کردنەوە.

زیر پای کسی انداختن: ١. خستنە بەر پای کەسێک؛ لە ڕێی کەسێکدا ڕاخستن ‹یک قالی انداختە بودند زیر پایشان: قالییێکیان خستبووە بەر پایان› ٢. خستنە ژێر پای کەسێ؛ شتێ دانە دەستی کەسێکەوە ‹یک ماشین نو را انداختم زیر پایت: ماشێنێکی تازەم خستە ژێر پێت›.

زیر پای کسی پوست خربزە گذاشتن: *[مجازی]* سابوون دانە ژێر پای کەسێک؛ پیلانگێڕی کردن لە کەسێک بۆ بەزاندن یان بێ ئابڕوو کردنی ‹پوست خربزە زیر پای رییس گذاشتند و باعث عزل او شدند: سابوونیان دایە ژێر پای رەییس و بوونە هۆی لابردنی›.

زیر پای کسی را جارو کردن: *[کنایی]* ئاو کردنە ژێر کەسێ؛ جێ بە کەسێ لێژ/ تەنگ کردن؛ کردنە کارێ کەسێ شوێنی خۆی بە جێ بێڵێ ‹از راە نرسیدە زیر پای مادرشوهرش را جارو کرد و او را بە خانەی دخترش فرستاد: ڕێوڕا ئاوی کردە ژێر پای خەسووی و ناردی بۆ ماڵی کچەکەی›.

زیر پای کسی علف سبز شدن: *[مجازی]* ژێر پێی کەسێک چەکەرەدان؛ ژێر پێی کەسێ سەوز بوون؛ چاوەڕوانی زۆر و بێ کەڵک کردن ‹این قدر بایست تا زیر پایت علف سبز شود: ئەونەدە ڕاوەستە تا ژێر پێت چەکەرە بدا›.

زیر پای کسی نشستن: *[کنایی]* چوونە بن کلێشەی کەسێکەوە؛ پێداگری بۆ ڕازی کردن و هاندانی کەسێ بۆ جێبەجێ کردنی کارێ ‹آرام زیر پایم نشست و مرا راهی تهران کرد: ئارام چووە بن کلیشەمەوە و ناردمی بۆ تاران›.

زیر پوست کسی آب رفتن: *[مجازی]* ڕەنگ و ڕووی کەسێ کرانەوە؛ ئاو زانە ژێر پێستی کەسێ؛ بە خۆدا هاتن؛ زۆر شاد و گەش و

سەرحاڵ بوونەوە ‹وقتی از سفر برگشت زیر پوستش اب رفته بود: کاتێ لە سەفەر هاتەوە رەنگ و رووی گرا بوودوە›.

زیر جلکی/ جلی کار کردن ☜ زیرجلکی

زیر چشمی نگاه کردن: لە ژێر چاوەوە ڕوانین؛ بە دزیەوە تەمەشاکردن؛ چێرەنە دیەی.

زیر چیزی رفتن/ ماندن: ۱. بوون بە/ بوونە ژێر شتێکەوە؛ چوونە ژێر شتێک؛ پێکدا دان؛ دان لە یەک ‹گربە رفت زیر ماشین و مرد: پشیلەکە بووە ژێر ماشینەوە و تۆپی› ۲. *[کنایی]* قورسایی و سەخڵەتی شتێ وەئەستۆگرتن.

زیر چیزی زدن: *[مجازی]* ۱. دانە ژێر شتێکدا؛ نکوولی کردن لە شتێ ‹وقتی از آزاد پرسیدم زیرش زد و گفت: من این حرف را نزدەام: کاتێ لە ئازادم پرسی، دایە ژێریدا و گوتی: من ئەم قسەیەم نەکردووە› ۲. دانە ژێر قەولێکدا؛ لە ژێر قەولێک دەرچوون؛ لە بەڵێنێک پاشگەز بوونەوە ‹آدم نباید زیر قولش بزند: پیاو نابێ بداتە ژێر قەولی خویدا› ۳. دان لە شتێک؛ دانە ژێر شتێکدا؛ لە ناکاو دەست پێکردنی کارێ (وەک پێکەنین، گریان و ...) ‹تا این را گفتم، زد زیر خنده: هەر کە ئەمەم گوت، دای لە قاقای پێکەنین›.

زیر دست (کسی) بودن ☜ زیردست

زیر دست و پا افتادن: کەوتنە ژێر دەست و پێ/ پاوە؛ داکەوتن؛ بە هۆی سەرنج نەدان کەوتنە شوێنێکی نەگونجاو و بەر بە هاتوچۆ گرتن یان بە هاتوچۆی خەڵکەوە خەسار دیتن.

زیر دست و پا ریختن: *[کنایی]* ڕژان؛ فراوان بوون؛ زۆر بوون؛ ڕژانە نێو دەست و پاوە؛ فرە و فراوان بیەی؛ مشەمەر بیەی ‹آنجا لوازم خانگی زیر دست و پا ریختە بود: ئەوێ کەلپەلی ماڵی لێ ڕژابوو›.

زیر دل کسی را زدن: *[مجازی]* دان لە دڵی کەسێک؛ کەسێک بێزارکردن.

زیر دندان کسی مزه کردن: *[کنایی]* مەزەی چوونە ژێر ددانی کەسێک؛ دەمەچێشتە بوون؛ خۆش لە شتێک هاتن و کەوتنە تەمایەوە ‹پول مفت زیر دندانت مزه کردە: مەزەی پارەی مفت چوتە ژێر ددانت›.

زیر دَین کسی بودن: ۱. *[مجازی]* لە ژێر منەتی کەسێکدا بوون؛ لە باری مرۆڤایەتیەوە پێبەندی کەسێ بوون ۲. قەرزداری کەسێک بوون؛ لە ژێر قەرزی کەسێکدا بوون.

زیر زبان کسی را کشیدن: *[مجازی]* سەر کەسێ داکێشان؛ لە ژێر زمانی کەسێک کێشانەوە؛ لە کەسێک کێشانەوە؛ بە زمان چەوری و فێڵ و فریو نهێنیەک لە کەسێک کێشانەوە ‹زیر زبان او را بکش، ببین دیروز کجا رفتە؟: سەری داکێشە، بزانە دوێنێ بۆ کوێ چووە؟›.

زیر سایەی کسی بودن: *[مجازی]* لە سایەی کەسێکدا بوون؛ لە ژێر سێبەری کەسێکدا بوون؛ لە یارمەتی و پشتیوانی کەسێک کەڵک وەرگرتن ‹زیر سایەی شما وضعمان بد نیست: لە سایەی ئێوەوە حاڵ و باڵمان خراپ نیە›.

زیر سبیلی در کردن: *[مجازی]* بە ڕوودا نەهێنان؛ نەهێنانە ڕوو؛ هەڵە یان گوناحی کەسێک لە بەر چاو نەگرتن ‹خوب شد مدیر با این کە فهمیدە بود زیر سبیلی درکرد و چیزی نگفت: چا بوو هەر چەن بەڕێوەبەریش زانیبووی، بەڵام بە ڕوویدا نەهینا و هیچی نەگوت›.

زیر سر داشتن: *[کنایی]* لە ژێر سەردا بوون؛ نانەوە؛ شک بردن؛ زووتر ئامادە بوون ‹چند تا خواستگار پولدار زیر سر داشت: چەن داواکاری دەوڵەمەندی لە ژێر سەردا بوو›.

زیر سر کسی بلند شدن: *[تعریض]* سەر کەسێ جووڵیان؛ قەبووڵ نەکردنی ئەم بار و دۆخە و

له دووی گۆڕینی کەوتن.

زیر سر کسی بودن: */مجازی/* لــه ژێــر ســەری کەسێکدا بــوون؛ زەدەی دەس کەسـێ بــوون ‹این دعواها همەاش زیر سر آرام بود که خواهرش را تحریک می‌کرد: ئـەم سـواژانه هـەمووی لـه ژێـر سەری ئارامدا بوو کە خوشکی هەڵدەخڕاند›.

زیر سر گذاشتن: نانەوە؛ نیانەوە؛ نانە ژێر سـەر؛ دابین‌کردن؛ زووتر ئامـادە و تـەیارکردن ‹اول پس‌اندازی زیر سرت بگذار، بعد برو زن بگیر: سـەرەتا شتێ بنەوە جا بچۆ ژن بخوازە›.

زیر سؤال بردن: دانە بەر باس و خواست؛ دانە بـەر لـێ‌پرسـینەوە؛ خـستنە ژێـر پرسـینەوە؛ شک‌کردن و خستنە بەر گومان و پرسـینەوە. هەروەها: **زیر سؤال رفتن؛ زیر سؤال قرار دادن**

زیر قول خود زدن: بڕیاری خۆ ژێر پێ نان؛ لە ژێــر قــەوڵ دەرچـــوون؛ لــە بەڵــێنی خــۆ ملپێچکێ‌کردن؛ بەڵێنی خـۆ بـەڕێوە نـەبردن ‹تو نباید زیر قولت بزنی: تۆ نابێ بڕیاری خوت ژێر پێ بنی›.

زیر کاسه نیم کاسه‌ای بودن: */مجازی/* شـتێک لە ژێر کڵاودا بوون؛ گەڕ و گێچەڵێک لە کاردا بوون؛ لە پـشتەوەی ڕووداوێکـەوە نهێنیـەک بوون ‹معلوم شد این رفت‌وآمدها دلیل دارد و زیر کاسـه نـیم کاسـه‌ای هـست: دەرکـەوت ئـەم هـاتوچۆیانـە هـەر وا نیـە و شـتێکی لـە ژێـر کڵاودایە›.

زیر لب گفتن: لـە ژێـر لێـوەوە وتـن؛ چێـروو لچانە واتەی؛ بە ئەسپایی و لێو بزوانی نـەرم و ئارامەوە قسەکردن.

زیـر مهمیـز کـشیدن: */مجازی/* خـستنە ژێـر ڕکێفەوە؛ لەغاوکردن؛ دوو لنگـە بەملـدا شـۆڕ کردنەوە؛ سەختگری‌کردن و کێشانە ژێـر ڕای خۆ ‹سارا خـانم خیلـی زود عروسـش را زیـر مهمیـز کـشید: خاتو سارا هەر زوو بووکەکەی خـستە ژێـر ڕکێفی خویەوە›.

زیـر نگیـن کـسی بـودن: */مجـازی/* بــە دەس کەسێکەوە بوون؛ لە دەست کەسـێکدا بــوون؛ لە ژێر دەسەڵات یان فرمانی کەسێکدا بــوون (بە تایبەت ملک و وڵات).

از زیر چیزی در رفتن: */مجازی/* لە ژێر کارێـک دەرچوون؛ نەچوونە ژێـر شـتێک؛ نەویـستنی شتێک و نکوولی لێکردنی.

به زیر آوردن: هێنانە خوارەوە؛ هاوردنە خـوار؛ کێشانە خوار؛ داگرتن؛ داهێنان؛ ئـەرەئاردەی؛ ئەرەگێرتـەی؛ ئـاردەیرە. هـەروەها: **بـە زیـر کشیدن**

زیرـ: *پیشوانە.* ژێرـ ؛ چێرـ: ١. بەشی پچـووکتر یان سەر بە شتێ‌تر؛ ورد ‹زیرردە: ژێرڕادە› ٢. بن؛ لە ژێر شتێکدا ‹زیربنا: ژێربینا› ٣. لە پـشت یـان دوای شـتێکەوە ‹زیرپوسـت: ژێرپێـست› ٤. لــە خوارترین بەشی شـتێکدا ‹زیرنویس: ژێرنـووس› ٥. بۆ کەڵک‌گرتن لە ژێـر شـتێکەوە ‹زیرپیراهن: ژێرکراس› ٦. لە ژێر؛ لە ڕێـی ژێـرەوەی شـتێک ‹زیرچشمی: لە ژێر چاوەوە›.

زیرآبـی / zîrābî/: *صـفت.* ژێرئـاوی؛ ژێـراوی؛ پێوەندیدار بە ژێر ئاوەوە.

زیرآبی : *قید.* ژێرئاوی؛ ژێراوی؛ لە ژێر ئاودا.

▣ **زیرآبـی رفـتن:** ١. ژێرئـــاوی چـــوون؛ مەلەکردن لە ژێـر ئـاودا ٢. */کنایی/* خلێنـە و بلێنـە هـەبوون؛ پەنامـەکی/ لـە ژێـرەوە/ بـە دزیـەوە کـارێ‌کـردن؛ بـە نهـێنی و دوور لـە چاوی خەڵک کـارێ‌کـردن ‹گـاهی هـم بـا زن همـسایه زیرآبی می‌رفت: جاروبـاریش لەگـەڵ ژنە دراوسێدا خەریکی کاری نهێنی بوو›.

زیرا / zîrā/: *حرف.* */ادبی/* لـەورا؛ چـون؛ چونکـە؛ چکـۆ؛ چونکـــوو؛ چنکـــی؛ چـــونکی؛ چونکاتـــێ؛ چـــوون؛ چوونکـــوو؛ چوونکـــەی؛ چوونکەتـــەی؛ ئەری‌یە؛ ژبەرکو؛ وڵام؛ لە بەر ئـەوەی؛ نیـشانەی ڕاڤە لە بارەی هۆ یان هۆکارەوە ‹بمان زیرا می‌ترسید برود: بمێنە چونکە دەترسا بڕوا›.

زیراب / zîrāb ، ـها/:اسم. سولێن؛ ژێراو؛ ئاوەڕۆ؛ ڕەهەندێ لە ژێر خەزێنەی تراوەوە کە لەوێوە خاڵی دەکرێ.

⊡ زیـراب کـسی را زدن:*[مجازی]* ئاو کردنە ژێـر ماڵـی کەسـێک؛ ئـاو لـە ئـاوەڕۆی کەسـێکەوە دەرکـردن؛ ژێـر پـای کەسـێ خاڵـی‌کردنـەوە؛ سەندەڵـی لـە ژێـر کەسـێ کێـشانەوە؛ کەسـێک لـە پلەوپایـەی داخستن و لە شوێنێک دەرکردن.

زیراکس / zîrāks ، ـها/: [انگلیسی]/اسم. زیراکس: ۱. شێوەیەک بۆ وێنەگرتن لە بەڵگە ۲. هەر شتێ کە بەو جۆرە گیراوە. هەروەها: **زیراکس کردن؛ زیراکس گرفتن**

زیراکسی ۱ / zîrāksî ، ـها/: [انگلیسی]/اسم. ۱.*[گفتاری]* دامەزراوەیێ کە بە شێوەی زیراکس لە پەڕە و بەڵگە وێنە دەگرن ۲. بەرپرس یان کاربەری ئەو دامەزراوە.

زیراکسی ۲: صفت. زیراکسی؛ وێنەگیراو.

زیرانداز / zîrandāz ، ـها/:اسم. ڕایەخ؛ ڕایاخ؛ ڕایخ؛ ژێرخەر؛ ژێرەخەر؛ ژێرڕاخەر؛ ڕاژێر؛ چێرەخەر؛ هەر شتێ کە لە تەختی شوێنێ ڕایدەخەن (وەک دۆشەک، قاڵی، بەڕە و...). بەرانبەر: **رواانداز**

زیرایند / zîrāyand/:اسم. بنەما؛ بنەمان؛ ئاستێ کە شتێ یان شتانێک لە سەریەوە جێ‌دەگرن یان کار دەکەن ‹خاک زیرایند بسیاری از گیاهان است: خۆڵ بنەمانی زۆرێ لە گیاگەلە›.

زیربغل / zîrbaqal/ ☜ زیرِ بغل، زیر۳

زیربنا / zîrbanā ، ـها/: [فارسی/ عربی]/اسم. ۱. ژێربەنا؛ سفنک؛ ئەنازەی پانتایی ماڵ ‹زیربنای اینجا ۶۵ متر است: ژێربەنای ئێرە ٦٥ میترە› ۲. ژێربەنا؛ زەوینێ کە خانووی لە سەر کراوەتەوە ‹نصف زمین رفته زیربنا: نیوەی زەویەکە بۆتە ژێربەنا› ۳. بناغە؛ بناخە؛ تەمەڵە؛ هیم؛ خیم؛ سۆکین؛ بنەڕەت ‹اقتصاد زیربنای جامعه است: ئابوور بناغەی کۆمەڵگایە›.

زیرپاکشی / zîr(e)pākešî/:اسم.*[مجازی]* ژێر زوان چێژی؛ کار یان ڕەوتی سەر داکێشان؛ لە ژێر زمان کێشانەوە؛ قسە لێ دەرهێنان؛ هاندانی خەڵک بە درکاندنی نهێنی یان زانیاری، بە فێڵ و تەڵەکە و زمانلووسی ‹با زیرپاکشی همسایه‌ها توانست علت دعوای آنها را بفهمد: بە سەر داکێشانی دراوسێکان توانی هۆی شەڕەکەیان بزانێ›. هەروەها: **زیرپاکشی کردن**

زیرپایی / zîrpāyî ، ـها/:اسم. ۱. ژێرپێ؛ پایەناز؛ پایەنداز؛ ژێرڕاخەر؛ ژێرپێ‌ڕاخەر؛ قاڵی، مووکت، بەڕە و ... کە شوێنێکی تایبەتی پێ‌دادەپۆشن (وەک شوێنی هاتنی کەسایەتیەکی گەورە، ڕاپلە و...) ۲. کەرەسەیەکی لێژی چێوی کە لە کاتی دانیشتن لە سەر سەندەڵیەوە دەیخەنە ژێر پێ.

زیرپله / zîrpelle/ ☜ زیرِ پلّه، زیر۳

زیرپوست / zîrpûst/:اسم.*[زیست‌شناسی]* ۱. بن‌پێست ۲. پوک؛ ژێرپێست؛ ژێرپۆس؛ توێژێ لە خانکگەلی ژێرین و زیندووی پێست کە لە گیانەوەراندا بریتیە لە شانەی پێوەندی چەوری، ڕەگی خوێنی و لەنفی، لووی ئارەق و پیازی موو: **لاپوست**

زیرپوش / zîrpûš ، ـها/:اسم. ژێرپۆش؛ بەرگێ کە لە ژێری جل‌وبەرگەکانی دیکەوە دەکرێتە بەر (بەتایبەت ژنانەکەی).

زیرپیراهن / zîrpîrāhan ، ـها/:اسم. ژێرکراسی؛ ژێرکراس؛ چێرگجی؛ گریڤان؛ گریوان؛ دفلوک؛ فانیلە؛ کەنزە؛ کراس‌ئاسایەک کە لە ژێر جل‌وبەرگی‌ترەوە دەیکەنە بەر (بەتایبەت پیاوانەکەی): **زیرپیرهن**

زیرپیرهن / zîrpîrhan, zîrpîrahan/ ☜ **زیرپیراهن**

زیرتیره / zîrtîre ، ـها/:اسم.*[زیست‌شناسی]* ژێرتیرە؛ ژێرخێزان؛ بەشێکی جیاواز لە

تیرەیەک، کە پێکەوە پێوەندیان هەیە.

زیرجامە / zîrcāme ، ـهـا/: اسم. [ادبی] جلوبەرگی ژێر (ژێر شواڵی، بەتایبەت پیاوانەکەی).

زیرجلکی / zîrcolakî/: [فارسی/ عربی] قید. [گفتاری] بە دزیەوە؛ وە دزیکەو؛ بێدزیەوە؛ بە شێوەی نهێنی ‹زیرجلکی پول را برد و داد به برادرش: بە دزیەوە پارەکەی برد و دای بە براکەی›: **زیرجلی**. هەروەها: **زیرجلکی/زیر جلی کار کردن**

زیرجلی / zîrcolî/: [فارسی/ عربی] ☜ **زیرجُلَکی**

زیرچشمی / zîrčešmî/ ☜ زیرچشمی نگاه کردن، **زیر**[3]

زیرخاکی / zîrxākî ، ـهـا/: صفت. [گفتاری] ژێرخاکی؛ گەوری؛ بە دەستهاتوو لە ژێر خاکەوە وەکوو کەلوپەلی کەونارا.

زیرخانوادە / zîrxānevāde ، ـهـا/: اسم. [زیستشناسی] ژێرخێزان؛ ژێرتیرە.

زیردامنی / zîrdāmanî ، ـهـا/: اسم. ژێرداوێن؛ بنکۆش؛ ژێرداوێنی؛ پۆشەنێکی وەک دامان پتر لە قوماشێکی ناسکتر و نەرمتر کە ژنان لە ژێر دامێنەوە لە پێی دەکەن.

زیردریایی / zîrdaryāyî ، ـهـا/: اسم. نقۆک؛ نۆقار؛ ژێردەریا؛ ژێرزێ؛ ژێرزریە؛ ژێردەریایی؛ جۆرێ کەشتی کە دەتوانێ بە ژێرئاوادا بڕوا.

زیردست / zîrdast ، ـها؛ ـان/: صفت. [مجازی] ژێردەسە؛ ژێردەستە؛ ژێردەس؛ ژێردەست؛ چێردەس؛ خواردەس؛ خواردەست؛ گوێڕایەڵ و شوێنکەوتووی کەسێ یان کەسانیتر ‹او نمیخواست زیردست این و آن باشد: نەیدەویست ژێردەسەی ئەموئەو بێ›. هەروەها: **زیردست (کسی) بودن؛ زیردست (کسی) شدن؛ زیردست کردن**

زیردستی / zîrdastî/: اسم. ژێردەستی؛ ژێردەسی: ١. پێشدەسی؛ دەوری ٢. پەڕەیەک لە چێو، فیبر یان لاستیک بۆ دانانی کاغەز لە سەری، کاتی نووسین یان نەخشە کێشان ٣. [مجازی] بچووکی؛ بار و دۆخی ژێر دەستە بوون.

زیرراستە / zîr.rāste ، ـها/: اسم. [زیستشناسی] ژێرڕاستە؛ بەشێکی جیاواز لە ڕاستەیێ کە پێوەندی پێوەیە.

زیررده / zîr.rade ، ـها/: اسم. [زیستشناسی] ژێرڕیز؛ ژێرڕزن؛ بەشێکی جیاواز لە ڕیزێ کە پێوەندیان پێکەوە هەیە.

زیرزار / zîrzār/: اسم. [ادبی] میزە؛ نووزە؛ ناڵەی کز و خەمبار.

زیرزبانی / zîrzabānî/ ☜ ١. **زیرلبی** ٢. **زیرلفظی**

▣ زیر زبانی خواستن ☜ زیرلفظی خواستن، **زیرلفظی**

زیرزبانی: صفت. ژێرزمانی؛ ژێرزوانی؛ پێوەندیدار بە ئەندامانی ژێری زوانەوە ‹عصب زیرزبانی: دەماری ژێرزمانی›.

زیرزمین / zîrzamîn ، ـهـا/: اسم. ژێرخان؛ ژێرزەمینی؛ ژێرزەوی؛ ژێرزەوین؛ چێرزەمین؛ زاخۆن؛ وارنشین؛ ناویس؛ سەیزان؛ ماران؛ سارداو؛ هۆدە یان شوێنێ لە ماڵ کە کەوتۆتە خوارەوەی ڕووبەری زەوین.

زیرزمینی / zîrzamînî/: صفت. ١. ژێر زەوینی؛ هەڵکەوتە لە ژێرزەویدا ‹آبهای زیرزمینی: ئاوی ژێر زەوینی› ٢. [مجازی] نهێنی؛ پەنامەکی؛ شاردراو؛ نادیار ‹فعالیت زیرزمینی: چالاکی نهێنی›.

زیرزیرکی / zîrzîrakî/: قید. [گفتاری] بە دزیەوە؛ وە دزیەو؛ بێدزی؛ بە نهێنی؛ نهێنیانە ‹زیرزیرکی به انبار دستبرد میزد: بە دزیەوە لە هەمار دزی دەکرد›.

زیرساخت / zîrsāxt ، ـها/: اسم. بنەڕەت؛ بنەما؛ شەنگستە.

زیرسازی / zîrsāzî ، ـهـا/: اسم. ژێرسازی؛ کار یان ڕەوتی ڕێکوپێک و بەرهەڤکرنی ئاستێک

(وەکوو ئاستی ڕێگە یان هێڵی ئاسن) بۆ کارگەلی دوایی (وەکوو قیرڕێژی، ڕەیل داخستن و...).

زیرسری / zîrsarî ، ـها/: *اسم. [معماری]* ژێرسەری؛ چواردار؛ تیکە یان ماکێکی ساختمانی لە درێژایی سەر دیواردا کە هێز و قورسایی تیر و میچ دەکەوێتە سەری.

زیرسیگاری / zîrsîgārî ، ـها/: [فارسی/ فرانسوی] *اسم.* ئادیدانک؛ خولیدانک؛ خولیدان؛ ژێرجغارە؛ ژێرجگەرە؛ تەپلەک؛ ژێرسیگاری؛ ژێرسگار؛ چێرجگەرە؛ دەفرێکی (زۆرتر)چووکەڵە بۆ جێی سووتکەی جگەرە.

زیرشاخه / zîršāxe ، ـها/: *اسم. [زیستشناسی]* ژێرلەق؛ بەشێکی جیاواز لە لەقێک کە پێکەوە پێوەندیان هەبێ.

زیرشلواری / zîršalvārî ، ـها/: *اسم.* پاوەرە؛ دەرپێ؛ توونکە؛ تنکە؛ ژێرشواڵی؛ ژێرپاتۆڵ؛ چێرپاتۆڵی؛ جۆرێک شەرواڵی (زۆرتر) کورت لە قوماشێکی نەرم و ناسکتر کە لە ژێر شەرواڵەوە لە پێی دەکەن (پتر پیاوانە).

زیرشیروانی / zîršîrvānî ، ـها/: *اسم.* ژێرشیروانی؛ بۆشاییەک لە نێوان سرمیچ و شیروانی ماڵێکدا کە دەکرێ وەک هەمار، یان بە تۆزێ دەستلێدانەوە ببێتە جێی دانیشتن.

زیرفون / zîrfûn ، ـها/: [یونانی]*اسم.* زیرفوون؛ زیزفوون؛ جۆرێ گیای ڕازێنەیی بە شێوەی دار، دەوەن، بنچک یان گژ و گیا بە گەڵای ناوەـ ناوە، گوڵی مرێس و بەری وشکەوە کە بۆ چەن مەبەستی جۆراوجۆر بە کار دەچێ: **زیزفون؛ نمدار**

زیرک / zîrak ، ـها؛ ـان/: *صفت.* زیرەک؛ زرینگ: ۱. چالاک؛ چەلەنگ؛ تروسک؛ بە دەست و برد؛ چوست؛ زیخ ۲. وریا؛ دەگەل؛ زیتەڵ؛ زیکل.

زیرکانه / zîrakāne/: *قید.* زیرەکانە؛ بە چالاکی؛ چالاکانە؛ چەلەنگانە؛ بە زرنگی؛ ژیرانە؛ بە دەست و برد؛ هاوڕێ لەگەڵ لێهاتوویی و وریاییدا.

زیرکونیوم / zîrkon(i)yom/: [فرانسوی]*اسم.* ماکی کیمیایی کانزایی، بە ژمارەی ئەتومی ۴۰ و کێشی ئەتومی ۹۲، بە ڕەنگی زیو، لە ئەسیددا ناتوێتەوە و ژەنگ لێی نادا و لە زۆر کاری پیشەسازیدا بە کار دەڕوا.

زیرکی / zîrakî ، ـها/: *اسم.* چالاکی؛ زیرەکی؛ زرینگی؛ بار یان دۆخی زیرەک بوون.

زیرگاه / zîrgāh ، ـها/: *اسم. [نامتداول]* لە سەر نیش؛ هەر یەکە لەو کەلوپەلانە کە بۆ دانیشتن بە کار دێن (وەکوو چوارپێ، سەندەڵی و موبل).

زیرگذر / zîrgozar ، ـها/: *اسم.* ژێرڕا؛ ژێرگوزەر؛ ژێربگار؛ ژێربوار؛ نەغمە؛ بوارێک خوارتر لە ئاستی زەوی یان لە ژێر بوارێکی دیکەوە.

زیرگونه / zîrgûne ، ـها/: *اسم. [زیستشناسی]* ژێرجۆر؛ بەشێکی جیاواز لە جۆرێک کە پێکەوە پێوەندیان هەیە.

زیرلبی / zîrlabî/: *قید. [کنایی]* بە سرتە؛ بە سرکە؛ لە ژێر لێوەوە؛ پتاپت؛ بە چپە؛ بە چڤە؛ چێرووڵچانە؛ لە بەرخۆوە؛ بە ئەسپایی و ڕانەگەیندراو وتن ‹زیرلبی چیزهایی گفت کە درست نفهمیدم: بە سرتە شتانێکی وت کە باش تێنەگەیشتم›: **زیرزبانی**

زیرلفظی / zîrlafzî ، ـها/: [فارسی/ عربی]*اسم.* شەرمەوانە؛ دیارییەک کە زاوا پاش مارە برین بە بووکی دەدا بۆ شکاندنی شەرمی قسەکردن: **زیرزبانی**

▣ **زیرلفظی خواستن**: *[تعریض]* شەرمەوانە گەرەک بوون/ ویستن؛ لە قسەکردن خۆ پاراستن؛ بە ئەنقەست قسە نەکردن ‹انگار زیرلفظی می‌خواهی؟: **چما** شەرمەوانەت گەرەکە؟›: **زیرزبانی خواستن**

زیرنویس / zîrnevîs ، ـها/: *اسم.* ۱. پەراوێز؛ یادداشتێک لە لای خوارەوەی لاپەڕە یان

ئاخری نووسراوەیەکدا، بۆ ڕوون‌کردنەوە یان تەواوکردنی مەبەست ٢. ژێرنووس؛ ژێرنڤیس؛ نووسراوەیەک لە ژێر فیلمەوە کە بریتیە لە وەرگێڕانی ئاخافتنی هونەرپیشەکان.

زیر و رو / zîr-o-rû/: *صفت.* ژێرەوژوور؛ ژێر و ژوور؛ ژێر و ڕوو؛ دێواندیو؛ دێواندێو؛ دیواودیو؛ دێواودێو؛ دیوە و دیو؛ چەقلە و بان: ١. ژێر و بان؛ ئەم‌دیو- ئەودیو؛ هەلگێڕ- وەرگێڕ؛ هەلگێڕ؛ هەلگێڕ- وەلگێڕ؛ نامژمەل و بێ‌ڕێک‌وپێکی ‹این‌قدر آن کتابها را زیر و رو نکن: هێندە ئەو کتێبانە دیواندیو مەکە› ٢. *[مجازی]* هەلگێڕ- وەرگێڕ؛ هەلگێڕ؛ هەلگێڕ- وەلگێڕ؛ ئالۆز؛ پەرێشان؛ پەشێو؛ شێواو ‹آن حادثه مادرم را بە کلی زیر و رو کرد: ئەو کارەساتە دایکمی تەواو دیواندیو کرد› ٣. *[مجازی]* ژێر و بان؛ کاول؛ وێران؛ خاپوور؛ خراو ‹خانە زیر و رو شدە بود: مالەکە ژێر و بان کرابوو›.

◘ **زیر و رو کردن**: هەلگێڕ- وەرگێڕکردن؛ دیواندیوکردن؛ هەلگێڕ- وەلگێڕکردن؛ ژێر و ڕووکردن؛ هەلگەڕاندنەوە؛ هەلگەڕاننەوە؛ وەلۆدیم‌کەردەی؛ هەلگێڕاندنەوە؛ هەلگێڕان؛ هۆرەوە وێلنەی.

زیر و زبر[1] / zîr-o-zabar/: *اسم.* سەر و ژێر؛ ژێر و سەرە؛ سەرەوژێرە؛ مووفرک؛ نیشانەی جوولەی پیت لە زمانی عەرەبی و فارسیدا.

زیر و زبر[2]: *صفت.[مجازی]* سەر و ژێر؛ ژێر و ژوور؛ سەرنخوون؛ سەر بەرەو ژێر؛ بان و خوار؛ قلپ؛ قەلب؛ قولب؛ وەلەودیم؛ هەلەوگەڕاو؛ هەلەوگەڕیاو؛ وێران؛ کاول ‹شهر بر اثر بمباران زیر و زبر شد: شار بە هۆی بۆمبارانەوە سەر و ژێر بوو›.

زیره / zîre ، ـها/: *اسم.* ١. ژێرە؛ چێرە؛ بەشێک لە کەوش بریتی لە پاژنە و تەختەکەی کە دەلکێ بە ڕووەکەیەوە ٢. ژێر؛ خوار؛ بەش یان ڕووپەری ژێرین ✻ بەرانبەر: **رویه** ٣. زیرە؛ ژیرە؛ زیرن؛ کومین؛ گیایەکی ئالیکی پایا، بێ‌کولک، بە ڕیشووی هەلمساو، لاسکی ڕێک، گەلای ناسک و باریک، گولی سپی و گۆپکەی چەترئاساوە ٤. زیرە؛ ژیرە؛ زیرن؛ کومین؛ بەری ئەو گیایە کە چووکە و ڕەنگی قاوەیی ئامال زەرد، سەوز و ڕەشە و بۆنخۆشە و وەک بەهارات بە کار دەڕوا.

◘ **زیره به کرمان بردن**: *[کنایی]* هەلووچە بۆ نایسەر بردن؛ ماسی فێرە مەلە کردن؛ یەخ پەی شاهۆ(ی) بەردەی؛ بردنی شتێک بۆ جێگایەک کە ئەو شتە لەوێدا بە فراوانی هەبێ ‹از آلمان برایمان قالی می آوری؟ این را می‌گویند زیره به کرمان بردن!: لە ئالمانەوە قالیمان بۆ تێری؟ بەمە ئێژن هەلووچە بۆ نایسەر بردن!›.

زیره‌پلو / zîrepolow, -polo/: *اسم.* زیرەپلاو؛ جۆرێ پلاو، کە زیرە و گۆشتی تێ‌کراوە.

زیری[1] / zîrî ، ـها/: *اسم.* زیقی؛ زیلی؛ زێلی؛ زیکی؛ دۆخ یان چۆنیەتی زیق بوون ‹زیری صدا: زیقی دەنگ›.

زیری[2]: *صفت.[گفتاری]* ژێرین؛ ژێرگین؛ ژێرگ؛ ژێرە؛ ژێرنگ؛ خوارگین؛ چێرین ‹بشقاب زیری: دەوری ژێرین›.

زیری[3]: *ضمیر.* ژێرین؛ ژێرنگ؛ چێرین؛ خوارین؛ ئەوی لە ژێردا ‹زیری را بده: ژێرینەکە بە›.

زیرین / zîrîn/: *صفت.[ادبی]* ژێرین؛ ژێروو؛ ژێرگ؛ ژێرە؛ ژێرگین؛ چێرین؛ ئەوی لە ژێرەوەیە.

زیزفون / zîzfûn/: [یونانی] ☜ **زیرفون**

زیست[1] / zîst/: *اسم.* ژی؛ ژیوار؛ ژیواری؛ زیوار؛ نسک؛ جیو؛ ژیو؛ کار یان ڕەوتی ژیان؛ ژین؛ زیندەگی‌کردن ‹شرایط زیست: هەلومەرجی ژین›.

زیست ـ[2]: *پیشوازه.* ژیـ: ١. ژیان؛ گوزەران؛ زینگی؛ ژیوار ٢. گیاندار؛ گیانلەبەر.

زیستبوم / zîstbûm/: *اسم.* ژینگە؛ جێ‌ژین؛ جێگە و شوێنی ژیان.

زیست‌سنجی / zîstsancî/: *اسم.* ژین‌پێوی؛

ژیـن‌سـەنگێنی؛ پێـدا چوونـەوە، لێکدانـەوە و توێژینەوەی ژمێرکـۆیی بینـراوە و دیاردەگـەلی سەر بە گیانەوەرانەوە.

زیـستشـناس / zîstšenās، ـهـا؛ ـان/:/اسـم. ژین‌ناس؛ ژیناس؛ ژیزان؛ ئەو کەسەی کە کـاری توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە گیانـەوەران و کار و ڕەوتی ژیانیانە.

زیستشناسی / zîstšenāsî/:/اسم. ژیـن‌ناسـی؛ ژیناسـی؛ ژیـزانی؛ زینەوەرناسـی؛ ژیـان‌ناسـی؛ زانستی ناسین، ڕیزبەندی و لێکۆڵینەوەی ژیانی گیانەوەران.

زیست‌شیمی / zîstšîmî/: [فارسی/ فرانسوی]/اسم. ژی‌شیمی؛ بیووشیمی؛ شیمی گیانداران.

زیست‌فیزیک / zîstfîzîk/: [فارسی/ فرانسوی]/اسم. ژی‌فیزیک؛ بیووفیزیک؛ فیزیکی گیانداران.

زیـستکرد / zîstkore/: [فارسـی/ عربـی]/اسـم. ۱. بەشـێک لـە جیهـان کـە ژیـانی تێدایـە ۲. سەرجەمی گیانداران و شـوێن و مەڵـبەندی ژیانیان.

زیستگاه / zîstgāh، ـها/:اسم. ژینگـە؛ مەڵـبەند؛ مەڵـبەن؛ مەڵـوەن؛ هێـڤر؛ زینـوی؛ ژینـەوار؛ جێگەی ژیان، بەتایبـەت ئاقـاری سروشـتی لـە دایک بـوون و سـانەوەی گیانـەوەران ‹کوهـهای شـاهو زیستگاه آهـوی خالـدار اسـت: کێـوی شـاهۆ مەڵبەندی ئاسکی خاڵداره›.

▣ زیـستگاه ییلاقـی: هـەوار؛ هەوارگـە؛ وارگـە؛ جێگەی ژیانی هاوینی.

زیـست‌محیطـی / zîstmohîtî/: [فارسـی/ عربـی] صفت. ژینگەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە ژینگەی گیانداران.

زیـستمند / zîstmand، ـان/:/اسـم. ئەنـداموەر؛ ژینەوەر؛ بوونەوەرێ کە بۆ کارگـەلی جۆراوجـۆر ئەندامی تایبەتی هەیە و ئـەم ئەندامانـە پێکـەوە کار دەکەن.

زیستن / zîstan/: مـصدر. لازم. [ادبـی] // زیـستی: ژیـای؛ می‌زیی: دەژی؛ بزی: بـژی // ژیـان؛ ژیـاین؛ ژیوەی؛ ژیوای؛ یاشـتن؛ ژیـن؛ زینـدەگی کـردن ‹خوب زیستن: چاک ژیان›. هەروەها: **زیستنی**

■ صـفت مفعـولی: **زیـسته** (ژیـاو)/ مـصدر منفـی: **نَزیستن** (نەژیان)

زیستی / zîstî/: *صفت*. ژیانی؛ ژینی؛ پێوەندیـدار یان سەر بە ژینەوە.

زیگزاگ / zîgzāg، ـها/: [فرانسوی]/اسم. زیگزاگ؛ لابەلا؛ لاپلا؛ لارە؛ لاوەلا؛ خلێوخـاو؛ گامێزڕێگـە؛ ڕێگە یان هێڵێکی نارێکی ددانـەداری لـە دووی یـەک (لـە بیچمـی حـەوت و هەشـت): **زیگـزال** *[گفتاری]*

▣ زیگـزاگ رفـتن: لابـەلا ڕۆیـشتن؛ لارەلار ڕۆیین؛ پێچەڵپێچ لێدان؛ بە شێوەی نارێـک و خوار و خێچ چوون.

زیگـزاگ‌دوزی / zîgzāgdûzî، ـهـا/: [فرانـسوی/ فارسـی]/اسـم. زیگـزاگ‌دووری؛ جـۆرێ درووماـانی ڕازێنـەیی بـە شـێوەی ددانەگـەلی لـە شـوێن یـەک: **زیگـزال‌دوزی** *[گفتاری]*. هەروەها: **زیگزاگ‌دوز**

زیگزال / zîgzāl/: [فرانسوی] ☜ **زیگزاگ**

زیگـزال‌دوزی / zîgzāldûzî/: [از فرانـسوی/ فارسی] ☜ **زیگزاگ‌دوزی**

زیگما / zîgmā/: [؟] ☜ **سیگما**

زیگـوت / zîgot، ـها/: [؟]/اسم. *[زیست‌شناسی]* زیگـوت؛ تـۆوی بـاروەربوو بـەر لـە دەسـپێکی دابەشی.

زیگورات / zîgûrāt، ـها/: [انگلیسی از اکدی]/اسم. زیگوورات؛ جۆرێ خانووبەرەی کـەونارای چەنـد نهۆمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بە شـێوەی هیرەمی چوارسووچ و پلە‌پلەیە.

زیلـو / zîlû، ـهـا/:/اسـم. زیلـۆ؛ بـەڕ؛ بـەڕە؛ ژێڕاخەری دەستچن لە بەنی پەموویی ئەستوور و بە نەخشگەلی وەک نەخشی جاجم.

زیلوفن / zîlofon/: [؟] ☜ **کِسیلُوفُن**

زیـــن / zîn ، ـهـا/:اسم. زیـــن؛ مارەکـــە:
١. کەرەستەیەکی چەرمی وەک پاڵشتێکی نێو چاڵ، بە تەنگە و مامزەوە، کە لە کاتی سواریدا دەیخەنە سەر پشتی ئەسپ و بە سەریەوە دادەنیشن ٢. جێگەی دانیشتن لە سەر دووچەرخە یان موتور.

▣ **زین کردن**: ١. زین‌کردن؛ تەنگدان؛ زین بەستن بە پشتی ئەسپەوە ٢. *[کنایی]* گورجەوە بوون؛ ئامادە بوون؛ گیڤ بوون؛ تەیار بوون بۆ ڕۆیشتن بۆ شوێنێک ‹آزاد هم زین کرده بود همراه ما بیاید: ئازادیش گورجەوە ببوو، لەگەڵمان بێ›.

زین‌افزار / zînafzār ، ـها/:اسم. ١. زین و بەرگ؛ زین و تاقم‌زین؛ کەلوپەلی زین ٢. *[ادبی]* چەک؛ چەک و ڕەخت.

زین‌پوش / zînpûš ، ـها/:اسم. زین‌پۆش؛ سەرزین؛ پارچەیەک کە بە سەر زیندا دەگیرێ.

زینت / zînat ، ـها/: [عربی]/اسم. ڕازێنە:
١. ڕەوش؛ خشڵ؛ زەمبەر؛ خەمل؛ خەمڵ؛ خەوش؛ ئەو شتەی کە بۆ جوانترکردنەوەی شتێکی دیکە دەچێتە کار، وەکوو زێڕ و زەنبەر ‹خانەشان هیچ زینتی نداشت: ماڵەکەیان هیچ ڕەوشێکی نەبوو› ٢. ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی ڕازاندنەوە ‹عروس هیچ زینتی نداشت: بووک هیچ ڕازێنەیەکی نەبوو›.

▣ **زینت یافتن**: زەینین؛ زەییینین؛ ڕازانەوە؛ خەملین؛ خەملان؛ ئەوەڕازیەی.

زینت‌آلات / zînatālāt ، [عربی]/اسم. خشڵ؛ زەنبەر: ١. سەرجەمی ئەو شتانەی کە بۆ ڕازاندنەوەی کەس یان شوێنێک بە کار دەچن ٢. زێڕ و زەمبەر؛ زیوەر.

زینت‌بخش / zînatbaxš ، [عربی/ فارسی] *صفت.* ڕازێنەر؛ جوان‌کەرەوە؛ بە تایبەتمەندی یان توانایی ڕازاندنەوە و جوان‌کردنی کەس یان شتێکەوە. **زینت‌افزا**

زینتی / zînatî ، [عربی] *صفت.* ڕازێنەیی؛ بەتایبەتمەندی بە کار چوون وەک خشڵ ‹کالای زینتی: کالای ڕازێنە›.

زین‌ساز / zînsāz ، ـها؛ ـان/:اسم. زیندوور؛ زیندروو؛ زینساز؛ ئەو کەسەی کە کاری دروستکردنی زینی ئەسپە.

زینک / zînk ، ـها/: [انگلیسی از آلمانی]/اسم. زینک؛ پلەت؛ پەڕەی کانزایی، زۆرتر لە جنسی ڕۆح، کە لە چاپی ئۆفسیتدا بە کار دەچێ.

▣ **زینک مسی**: زینک/ پلەتی مسی؛ پەڕەی کانزایی لە ئالیاژی مس کە بەدەوامترە و بۆ چاپ لە ژمارەی زۆردا بە کار دێ.

زین‌کوهه / zînkûhe ، ـها/:اسم. *[قدیمی]* سەمەرە؛ سنگەی پاش یان پێشەوەی زین.

زین‌وبرگ / zîn-o-barg ، ـها/:اسم. *[قدیمی]* زین و بەرگ؛ زین و تاقم‌زین؛ کەلوپەلی تایبەت بۆ شەڕڤانی سوار.

زینه / zîne ، ـها/:اسم. پلە: ١. پلەک؛ دەرەجە ٢. *[قدیمی]* پێ‌پیلکە؛ پلیکان؛ پلەکانە؛ پلەکان ٣. نەردیوان؛ نەردەوان؛ پەیژە؛ پەینجە؛ پاپەینجە.

زینهار / zînhār ☜ **زنهار**

زیور / zîvar ، ـها/: [سغدی]/اسم. خشڵ؛ خەمڵ؛ خشر؛ خەوش؛ زەنبەر؛ زەمبەر؛ تیتک (خشڵی ناوچاوان)؛ تیتە؛ زەردینە؛ ڕەوش ‹علم زیور انسان است: زانین خشڵی مرۆیە›.

زیورآلات / zîvarālāt ، [سغدی/ عربی]/اسم. سلسلەوپلپلە؛ خشڵ و زەنبەر؛ زەمبەر؛ خشروخاڵ؛ چەک؛ چەک و خشڵان؛ و شتانەی کە بۆ خەملاندن و جوان بوون بە خۆیدا دەکەن (وەکوو خرخاڵ، ملوانکە، ئەنگوستیله، بازنە و ...).

ـ زیوی / zîvî ، *پیوازه.* ـ ژیوی؛ ـ نسکی؛ ـ جیوی؛ ـ ژیواری؛ ژیان؛ ژین.



ژ / j/: حرف. ژ؛ نیشانەی پیتی چواردەهەمی ئەلفوبێتکەی زمانی فارسی.

ژ / je/: اسم. ژێ؛ ناوی چواردەهەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی.

ژاژ / jāj، ـها/: اسم. [ادبی] ١. گاکوتەڵ؛ کوتەڵ؛ کۆزر؛ کۆزەر؛ کوێزر؛ چەت؛ هەرکام لە گیاگەلی خۆڕسک و دڕکاوی سارا کە بۆ سووتان دەشێ ٢. [مجازی] چەڵتە؛ گەزاف؛ شاتە؛ مزەمز؛ ڕیوەڕیو؛ قسەی قۆڕ؛ وتەی بێ‌هۆ و لابەلا.

▣ **ژاژ خاییدن:** [ادبی، کنایی] ژاوەژاو کردن؛ لاژەلاژ کردن؛ کاوێژ کردن؛ مزەمز کردن؛ ڕیوەڕیو کردن؛ قسەی بێ‌کەڵک وتن، یان چەندپاتە کردنەوەی قسەیەک.

ژاژخائی / jājxā'î/ ☜ **ژاژخایی**

ژاژخایی / jājxāyî، ـها/: اسم. [ادبی، کنایی] ڕیوەڕیو؛ هەرزەگۆیی؛ لاژەلاژ؛ ژاوەژاو؛ درێژدادڕی؛ چەند پاتەکردنەوەی قسەی بێ‌تام: **ژاژدرایی؛ ژاژخائی**. هەروەها: **ژاژخا**

ژاژدرایی / jājdarāyî/ ☜ **ژاژخایی**

ژاغر / jāqar/: اسم. چیکڵدان؛ جیقڵدان؛ زیقەتۆرە؛ سیقەتۆرە؛ سیکەتۆرە؛ جێ دەنک و دانە لە ژێر مل و سەرسینەی پەلەوەران.

ژاکارد / jākārd/: [فرانسوی] اسم. ژاکارد: ١. کەرستەیەک لە سەر ماشێنی جۆلایی بۆ نەخشدارکردنی پارچە.

ژاکت / jākat, jāket، ـها/: [فرانسوی از انگلیسی] اسم. جاکەت؛ چاکەت؛ کۆتی چنراو لە کاموا.

ژالاب / jālāb/: [فرانسوی] ☜ **ژالاپ**

ژالاپ / jālāp، ـها/: [فرانسوی] اسم. گیایێ پەلکوت، بە دوو جۆر ڕیشووی ناسک و هەڵماسیو، سەلکی گەڵای سەوزی ڕۆشنی بێ‌ددانەی وەک دڵ، گوڵی شەیپوڕئاسا و بەری خڕەوە، لە ڕیشووە هەڵماسیوەکەی دەوای ڕەوانکەر دروست دەکرێ: **جالاب؛ جَلَب؛ ژالاب**

ژاله / jāle، ـها/: [سنسکریت] اسم. [ادبی] شەونم؛ شەفنم؛ ئاونگ؛ ئاڵشت؛ ئاڵشتە. ☜ **شبنم**

ژامبون / jāmbon/: [فرانسوی] اسم. ژامبۆن؛ گۆشتی ڕان بەتایبەت گۆشتی ڕانی بەراز، گا یان مریشک کە لە کارخانەدا بەسەبەندی دەکرێ وەک باسترمە دەپێچرێتەوە و جۆرە خواردنێکە.

ژانت / jānet/: [؟] اسم. ژانیت؛ دەسک؛ ئامرازێک بۆ ئوتووکردنی قۆڵ، وەکوو سەرین وایە و لە نێو قۆڵدا جێ‌دەگرێ.

ژاندارم / jāndārm، ـها؛ ـان/: [فرانسوی] اسم. جەندرمە؛ جاندارم؛ قۆڵچی؛ پۆلیسی ڕێگاوبان و دەور و بەری شار.

ژاندارمری / jāndārmerî/: [فرانسوی] اسم.

ژاندارمیری؛ ڕێخراوەیەکی دەوڵەتی کە بەڕێوەبردنی نەزم و قانوونی دەرەوەی شاری بە ئەستۆوە.

ژانر / jānr/: [فرانسوی]/اسم. ژانر؛ شێواز؛ چەشن و چەمکێکی تایبەت لە ئاسەواری وێژەیی و هونەریدا.

ژانویە / jānvîye/: [فرانسوی]/اسم. ژانویە؛ کانوونی دووهەم؛ مانگی هەوەڵی ساڵی زایینی کە ٣١ ڕۆژە و لە ١١ی بەفرانبارەوە دەس پێ دەکات.

ژاول / jāvel/: [فرانسوی] ☜ آب ژاول، **آب**

ژئوپلیتیک / je'opolîtîk/: [فرانسوی]/اسم. ژیئۆپولیتیک: ١. تێکەڵاویەک لە هۆکارگەلی جوگرافیایی و ڕامیاری ٢. جوگرافیای سیاسی.

ژئوتاکتیسم / je'otāktîsm/: [فرانسوی]/اسم. ژیئۆتاکتیسم؛ جمە و جووڵە بە هۆی هێزی ڕاکێشەری زەویەوە: **ژئوتاکسی**

ژئوتاکسی / je'otāksî/: [فرانسوی] ☜ **ژئوتاکتیسم**

ژئوتروپیسم / je'ot(e)ropîsm/: [فرانسوی]/اسم. *[زیستشناسی]* زەویخوازی؛ زەویوازی؛ زەویەوگری؛ ڕەوتی ڕوان یا لارەو بوون بەرەو زەوی بەتایبەت لە گیادا.

ژئودزی / je'odezî/: [فرانسوی]/اسم. زەوی پێوی؛ تۆژینەوە لە بیچمی زەوین و دۆزینەوەی هەموو شوێنێکی سەر زەوی.

ژئوشیمی / je'ošîmî/: [فرانسوی]/اسم. زەویشیمی؛ زانستێ کە باس لە تێکئالاوان و گۆڕانکاری کیمیایی بەشی سفت و گرتووی زەوین و گۆکانیتر دەکا.

ژئوفیزیک / je'ofîzîk/: [فرانسوی]/اسم. زەویفیزیک؛ زانستێ کە لە ماکی زەوین، وەک هەوا، ئاو، بوومەلەرزە، گرکان، شوێنەواری میگناتیسی و ڕادیۆئەکتیف دەکۆڵێتەوە.

ژئومرفولژی / je'omorfolojî/: [فرانسوی]/اسم. لەقێ لە زەویزانی کە لە سەر زۆپی، چاڵی، ئاوەکان و بەژگەلی زەوین و هۆی بەدیهاتنیان دەکۆڵێتەوە.

ژپن / jepon، ـها/: [از فرانسوی]/اسم. ژیپۆن؛ کوڵەنەوار؛ کوڵەداوێنێک کە بۆ پف تێچوون و بەرزەوە بوونی داوێن، لە ژێرەوە دەیپۆشن: **ژیپن**

ژتون / jeton، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ژیتون؛ ئاسن، پلاستیک یان کاغەزێک کە لە دان و ستانی ناوخۆیی شوێنێکدا (وەک: چێشتخانە، قومارخانە و...) بایی برێ پارەیە.

ژ.ث. / je.se.، ـها/: [؟]/اسم. ژێ.سێ؛ ناوی بازرگانی جۆرێ چەکی خۆمەش.

ژرژت / jorjet/: [فرانسوی]/اسم. ژورژێت؛ جۆرێک پارچەی ناسکی وردچن، کە ڕووەکەی هێندێک زبرە.

ژرسه / jerse/: [فرانسوی]/اسم. ژێرسێ؛ جەرسە؛ پارچەیەکی کێشبافی سادەیە کە لە بەن چنراوە و زۆرتر بۆ بەرگی ژنانە، گنجی وەرزشی و ژێرپۆش بە کاری دەبەن.

ژرف / jarf/: صفت. *[ادبی]* قووڵ: ١. نووق؛ نق؛ کووڕ؛ کوور؛ کوویر؛ قیل؛ گاود؛ سووتار؛ ساکوول؛ ساکوڵ؛ سووتاڵ؛ باهوو؛ بە درێژایی زۆرەوە بۆ لای خواروو ‹دریای ژرف: زەریای قووڵ› ٢. دژوار لە باری تێگەیشتنەوە ‹مفهوم ژرف: مانای قووڵ› ٣. درێژ؛ بە مەودایەکی زۆر لە ڕاستانیدا ‹غار ژرف: ئەشکەوتی قووڵ› ٤. بە پێز، هێز یان پێشینەیەکی زۆرەوە ‹اندوه ژرف: خەمی قووڵ›.

ژرفا / jarfā/: اسم. قووڵایی؛ کووراهی؛ کورایی؛ قووڵی؛ ناخ؛ کووڕی؛ بار یان چۆنیەتی قووڵ بوون.

ژرفاسنج / jarfāsanc، ـها/: اسم. قووڵایی پێو؛ ئامێرێک بۆ پێوانی قووڵایی زۆر بە یارمەتی

خێرایی دەنگ لە ئاودا. هەروەها: **ژرفاسنجی**

ژرفاندیش / jarfandîš ، ـان/: صفت. وردبین: ١. بیرمەند؛ خاوەن توانایی بیرکردنەوە بە وردی ٢. وردابین؛ خاوەن هۆگرەتی بە چالاکی بیرکردنەوەی لە سەر یەک و بێپسان.

ژرفاندیشی / jarfandîšî/: اسم. وردبینی؛ چۆنیەتی وردبین بوون.

ژرفبین / jarfbîn ، ـان/: صفت. [ادبی] وردبین؛ خاوەن بیر و تێڕامانی ورد.

ژرفبینی / jarfbînî/: اسم. وردبینی؛ بە کار هێنان یان هەبوونی بیری ورد.

ژرفزی / jarfzî ، ـان/: صفت. [زیست‌شناسی] بە تایبەتمەندی یان توانایی ژیان لە قوولایی ئاودا.

ژرفسنگ / jarfsang/: اسم. [زمین‌شناسی] باتوولیت؛ پازار؛ جۆرێ بەردە کە لە تویگەلی ژێرەوەی زەویدا دروست بووە.

ژرفش / jarfeš/: اسم. دۆخ یان چۆنیەتی قوول بوونەوە.

ژرفنا / jarfnā، ـها/: اسم. [ادبی] قوولایی؛ کانگا؛ جێگای قوول.

ژرفنگری / jarfnegarî/: اسم. وردبینی؛ کار یان ڕەوتی ورد بوونەوەی ژیرانە. هەروەها: **ژرفنگر**

ژرمانیم / jermāniyom/: [فرانسوی] اسم. ژێرمانیۆم؛ توخمی کیمایی کانزاسا بە ژمارەی ئەتومی ٣٢ و کێشی ئەتومی ٧٢،٥٩ وە، ڕەق و سپی ئاماڵ خۆڵەمێشی، تێکەڵ بە ئاو نابێ و ئالیاژ پتەو دەکاتەوە و دەبێتە هۆی داشکاندنەوەی تیشک لە شیشەدا.

ژرمن[1] / jerman ، ـها/: [فرانسوی] اسم. ژیرمەن؛ ڕەگەزی خەڵکی ئاڵمان و زۆربەی ئوتریش و بەشێک لە خەڵکی سوویس.

ژرمن[2]: صفت. ژیرمەن؛ ئاڵمانی؛ سەر بە خەڵکی ئاڵمان.

ژرمنی / jermanî/: [فرانسوی] اسم. ژیرمەنی؛ لقێک لە زمانە هیندو-ئورووپاییەکان، (بریتی لە ئاڵمانی، ئینگلیزی، هولەندی، فەلاندری، ئافریکان و ئیسکاندیناویایی).

ژزوئیت / jezo'ît/ [فرانسوی] ☜ **یَسوعی**

ژست / jest ، ـها/: [فرانسوی] اسم. بیچم؛ بڕ و بیچم؛ ژیست؛ ملق: ١. زیوە یان دیمانی ئەندامان، بەتایبەت دەس، بالاتەنە و سەروچاو بۆ دەربڕینی مەبەستێک یان پێداگری لە سەر شتێک ‹ژست خوبی داشت: بڕوبیچمێکی باشی هەبوو› ٢. [مجازی] بزوان یان هەڵسوکەوتێک کە نیشاندەری واتا یان بڕوایەکە ‹ژست سیاسی: بیچمی رامیاری›.

◘ **ژست گرفتن**: قیافەگرتن؛ خۆ بە جۆرێکی تایبەت شاندان.

ژستی / jestî/: [فرانسوی] صفت. [گفتاری] خۆنوێن؛ خاوەن جم و جووڵ و دیمانێکی ڕواڵەتی بۆ خۆ نواندن.

ژفک / jafak/: اسم. ڕیپۆق؛ چلکی چاو.

ژل / jel ، ـها/: [فرانسوی] اسم. ژیل؛ هەر ماکێکی تێکەڵاوی کلۆئیدی گرساو (وەک ژیلی دەرمان و قژ و...).

ژلاتین / jelātîn/: [فرانسوی] اسم. ژیلاتین؛ تێکەڵاوێک لە پرۆتۆئینگەل بە شێوەی گەرد یان پەڕەگەلێکی بێڕەنگ، بێبۆن و بێتام کە بۆ بەرهەم هێنانی چەسپی کاغەز، فیلمی وێنەهەڵگری، بەستەنی و ژیلە بە کار دەڕوا.

ژلاتینی / jelātînî/: [فرانسوی] صفت. ژیلاتینی: ١. بە چۆنیەتی و دۆخی ژیلاتینەوە ٢. لە جنسی ژیلاتین.

ژله / jele/: [فرانسوی] اسم. ژیلە: ١. ژیل ٢. جۆرێ خواردەمەنی کە بە ئاومیوە و ژیلە و

شەکر چێ دەکرێ.

ژمول / jemûl/: [؟] *اسم. [زیست‌شناسی]* وەچ؛ گوە؛ خەڵفی دواییینی گیا.

ژن / jen، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ژێن؛ هۆکاری ڕاگواستنی دانستەگەلی ڕەگەزی لە کرۆموزۆمدا.

▣ **ژن بارز/ غالب:** ژێنی زاڵ؛ ژێنێکی بەهێزتر کە تایبەتمەندی میراتی دژە خۆی دادەپۆشێ و هەلی ڕەخسانی پێنادا.

ژن نهفته/ مغلوب: ژێنی شاراوە/ بە زیو؛ ژێنی لاواز کە بە ژێنێکی بەهێزتر دادەپۆشرێ و هیچ شوێنێ لە خۆی جێ ناهێڵێ.

ژنتیک / jenetîk/: [فرانسوی] *اسم.* ژێنێتیک؛ زانستێ کە لە سەر دیاردەی میراتبەری، هۆکارە میراتییەکان و شوێنەوایان دەکۆڵێتەوە.

ژنتیکی / jenetîkî/: [فرانسوی] *صفت.* ژێنێتیکی؛ میراتی؛ وەراسەتی؛ ئێرسی.

ژن‌درمانی / jendarmānî/: [فرانسوی/ فارسی] *اسم.* ژێن‌دەرمانی؛ دەرمانی ناسامانیگەلی میراتی (وەک تالاسمی و هێمۆفیلی) بە دەست لێدانی ژێنگەلی دیاریکراو.

ژنده / jende/: *صفت. [ادبی]* ۱. شڕ؛ شەکی؛ لەبەرە؛ کەڤن؛ تیتۆڵ ۲. شڕەبار؛ خەسپاڵ.

ژنده‌پوش / jendepûš، ـها؛ ـان/: *صفت. [ادبی]* شڕەبار؛ کەرپاڵ؛ شڕ و شەوێڵ؛ ڕینگاڵ؛ شڕۆڵ؛ جلشڕ؛ تیتەلۆ؛ شیرۆڵ؛ گێتە؛ بەرگ‌شڕ؛ شڕپۆش؛ سیپاڵپۆش؛ کۆنەپۆش؛ جلک‌قەتیای.

ژنراتور / jen(e)rātor، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* موتوربەرق؛ ژنراتور؛ دینەمو؛ زایەنەر؛ ماشینێ کە هێزی میکانیکی دەکاتە هێزی کارەبا.

ژنرال / jen(e)rāl، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ژنراڵ: ۱. سەرلەشکەر ۲. تیمسار؛ ئەمیر؛ ئەرتەش: **جنرال**

ژنریک[1] / jenerîk/: [فرانسوی] ☜ داروی ژنریک، **دارو**

ژنریک[2]: *صفت.* ۱. گشتی؛ هەمووانی ۲. ژنریک؛ بەبێ ناوی بازرگانی.

ژنی / jenî/: [فرانسوی] *صفت.* ۱. بلیمەت ۲. پێوەندیدار یان سەر بە ژێن.

ژوئن / jû'an/: [فرانسوی] *اسم.* هزیران؛ حوزەیران؛ مانگی شەشەمی زایینی، ۳۰ ڕۆژە و لە ۱۱ی جۆزەردانەوە دەس‌پێدەکات و لە ۹ی پووشپەڕدا دەبڕێتەوە: **جون**

ژوئیه / jû'îyye/: [فرانسوی] *اسم.* ژوویيە؛ تەمووز؛ مانگی حەوتەمی ساڵی زایینی، ۳۱ ڕۆژە و لە ۱۰ی پووشپەڕەوە دەس پێدەکات و لە ۹ی گەلاوێژدا تەواو دەبێ: **جولای**

ژوت / jût/: *اسم.* کەنەف؛ جووت؛ گیایەک لە تیرەی تۆرکیان بە ڕیشاڵی سۆلۆلۆزی قایمەوە.

ژوراسیک / jûrāsîk/: [فرانسوی] *اسم.* ژووراسیک؛ دووهەمین خول لە خولی دووهەمی زەوین‌ناسی کە بە سەرهەڵدانی دایناسۆران و گوهانداران و پەلەوەرانی سەرەتایی دەناسرێتەوە.

ژوردوزی / jûrdûzî/: [فرانسوی/ فارسی] *اسم.* جۆرێ دروومان بۆ ڕازاندنەوەی پارچە کە لە سەر تاڵکێش‌کردنی چەند تاڵی تان و پۆ درووس دەبێ.

ژورنال / jûrnāl، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ژوورناڵ؛ گۆڤاری تایبەتی کاردەستی و باوی ڕۆژ.

ژورنالیست / jûrnālîst، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ڕۆژنامەنووس؛ ڕۆژنامەوان؛ کەسێ کە بۆ ڕۆژنامە هەواڵ دەنێرێ.

ژورنالیستی / jûrnālîstî/: [فرانسوی] *صفت.* ڕۆژنامەوانی؛ ڕۆژنامەیی ‹فعالیتهای ژورنالیستی: چالاکیگەلی ڕوژنامەوانی›.

ژوکر / joker، ـها/: [فرانسوی از انگلیسی] *اسم.* شەیتانە؛ جۆرێ وەرەقی پاسوور کە لە هەر

دەستەدا دوو دانە هەیە و بە جێی هەر کام لە وەرەقەکانی‌تر بە کار دێ.

ژول / jûl/: [فرانسوی] *اسم. [فیزیک]* ژوول؛ پێوانەی کار و هێز لە کۆئەندامی میتردا.

ژولیدگی / jûlîdegî/: *اسم.* ئالۆزاوی؛ شپرزی؛ گرژی؛ درژی؛ گرژ و درژی؛ شپرزیاگی؛ شپرێوی.

ژولیدن / jûlîdan/: *مصدر. لازم. [ادبی]* ئالۆزیان؛ هالۆزیان؛ ئالۆزکیان؛ تێک‌هالان؛ لێک‌هالان؛ هالیان؛ ئالیان؛ دژیەی؛ دژیای؛ دەژیەی؛ شێوان؛ شپرزان؛ شەمزان؛ ژلوقان؛ ژلێوان؛ شیویەی؛ شێویای؛ تێک‌چوون؛ تێک‌شیەی.

■ صفت مفعولی: **ژولیده** (ئالۆزاو)

ژولیده / jûlîde/: *صفت.* شێواو؛ ئالۆزاو؛ شپرزاو؛ گژن؛ گژۆلە؛ شپرز؛ شپریو؛ گیژالی؛ شلەژاو؛ شپرزە؛ دەژیا؛ دژیا؛ ئالۆز؛ تێک‌هالاو؛ تێکەڵ‌پێکەڵ ‹موی ژولیده: قژی شیواو›.

ـژه / je/: *پسوند. [ادبی]* ــ یژه؛ ــ ئێکلە؛ ــ ئێچکە؛ ــ ئۆلە؛ــ ئوولە؛ ــ ئیجە؛ ــ ئیچە؛ ــ ئیژگە؛ ــ ئەکلە؛ ــ ئژگە؛ ــ ئۆکە؛ نیشانەی چکۆلەکردنەوە.

ژیان / jiyān/: *صفت. [ادبی]* دڕندە؛ توورە؛ ئارژی؛ گرگین؛ درژ؛ گرژ؛ ڕق‌هەستاو.

ژیبرلین / jîberlîn/: [؟] *اسم.* ژیبرلین؛ جۆرە هورموونێکی گیاییە کە دەبێتە هۆی خێرا گەشەکردن و بەردار بوونی گیا: **جیبرلین**

ژیبون / jîbon/ [فرانسوی از انگلیسی] ☜ **گیبُون**

ژیپس / jîps/: [فرانسوی] *اسم.* بەردی گەچ؛ گەچەبەردینە.

ژیپن / jîpon/ ☜ **ژُپُن**

ژیگانتیسم / jîgāntîsm/: [فرانسوی] *اسم. [پزشکی]* جیبرمەیی؛ دۆخی زل بوونی لە ڕادەبەدەری لەش، بەهۆی زۆر بوونەوەی هۆرمونی گەشە لە لەشدا.

ژیگلور / jîglor/، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ژیگلور؛ لوولەیەکی ئاسنی پێچدار بۆ گەیاندنی سووتەمەنی لە چاوگەیەکەوە بۆ شۆڵە.

ژیگو / jîgo/: [فرانسوی] *اسم.* ژیگۆ؛ خواردەمەنیەک لە گۆشت بەبێ ئێسقان.

ژیگول / jîgul/: [از فرانسوی] *صفت. [مخفف، گفتاری]* تەڕپۆش؛ خۆڕازێن؛ ژیکەڵە.

▣ ژیگول کردن: دەق‌دان؛ خۆ ڕازاندنەوە؛ جلی تازە لەبەرکردن؛ وێ دەق دەی؛ دوخت ئاردەی؛ خۆ پۆشتەکردن بە جل‌وبەرگی تازە ‹امروز خیلی ژیگول کرده‌ای: ئەمرۆ زۆر خۆتت لە دەق داوە›.

ژیگولت / jîgulet/، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* کچێ کە بۆ چاو پێکردنی کوڕان خۆ دەڕازێنێتەوە.

ژیگولو / jîgulû/، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* کوڕی لاو کە بۆ چاولێکردنی کچان خۆ دەڕازێنێتەوە.


ژیلت / jîlet/: [فرانسوی] *اسم.* ژیلت؛ ناوی بازرگانی جۆرێ خۆتراش.

ژیله / jîle/: [فرانسوی از اسپانیایی] *اسم.* جلیسقە؛ جلیقە؛ جلیتقە؛ جۆرە کراسێکی بێ‌قۆڵ.

ژیمنازیوم / jîmnāz(i)yom/، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ژیمنزیۆم؛ جێگا یان بەشێک لە شوێنێ کە شت‌ومەکی پێویستی ژیمناستیکی تێدایە.

ژیمناست / jîmnāst/، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ژیمناست؛ کەسێ کە شارەزای ژیمناستیکە.

ژیمناستیک / jîmnāstîk/: [فرانسوی] *اسم.* ژیمناستیک: ١. وەرزشێ کە وەرزشکار بۆ تەیار بوونی لەش و ڕاهێنانی لە چالاکیدا خەریکی دەبێ ٢. کار و چالاکیەکی وەرزشی بریەتی لە لوول خواردنەوە، تەقڵە لێدان و وەرچەرخان بە سەر کەرستەگەلێکی تایبەتدا.



س / s/: *حرف.* س؛ نیشانەی پیتی پانزدەهەم لە ئەلفوبێتکەی زمانی فارسیدا.

س / se/: *اسم.* ۱. سیٚ؛ سین؛ ناوی پازدەهەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی ۲. *[مخفف]* پ؛ پرسیار ‹س: کجا می‌روی؟ ج: منزل: پ: بۆ کویٚ دەڕۆی؟ و: ماڵەوە› ❊ **سین**

سآنس / se'āns ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* سانس؛ هەر یەکە لە نۆرەکانی شاندانی فیلم لە سینما لە شەو و ڕۆژێکدا.

ـ سا / sā/: *پیواژە.* ۱. *[مخفف]* ـ ئاسا؛ ـ گوێن؛ ـچەشن؛ ـ ڕەنگ؛ ـ سار؛ وەک؛ هەزەی؛ شێوە ‹پری‌سا: پەری‌ئاسا› ۲. ـ ساو؛ ـ سوو؛ ساوێن؛ ساودەر؛ ساوکەر؛ ڕێخەر ‹سفال‌سا؛ کشک‌سا: هێلەساو؛ کەشک‌ساو›: **سای** *[ادبی]* ۳. ـ ساو؛ ـگەژمرێن؛ ـ هاڕ؛ وردکەر ‹سنگ‌سا: بەردەساو›.

سائر / sā'er/: [عربی] ☜ **سایر**

سائقه / sā'eqe/: [عربی] ☜ **سایقه**

سائل / sā'el/: [عربی] ☜ **سایل**

ـ سائی / sā'î/ ☜ **سایی**

سائیدگی / sā'îdegî/ ☜ **ساییدگی**

سائیدن / sā'îdan/ ☜ **ساییدن**

ـ ساب / sāb/: *پیواژە.* *[گفتاری]* ـ ساو؛ ـ ماڵ؛ ـساوێن ‹کف‌ساب: کەف‌ساو›.

ساباط / sābāt ، ـها/: [عربی] *اسم.* سابات: ۱. سەیوان؛ سەیڤان؛ سەیوانە ۲. سێبەر؛ سێوەر؛ سەیوەر؛ سەهەن؛ سەی؛ سا ۳. داڵان؛ سیپە؛ سیپک؛ کەلەگی؛ لیوان؛ ڕێگەی سەرداپۆشراو.

سابعاً / sābe'an/: [عربی] *قید.* *[نامتداول]* ۱. حەوتمین؛ حەفتمین؛ لە پلەی حەوتمدا ۲. حەوتم؛ حەفتم؛ حەوتم‌جار؛ جاری حەوتم.

سابق[1] / sābeq/: [عربی] *صفت.* پێشوو؛ ڕابردوو؛ ڕابواردوو؛ بەرین؛ بەرگ؛ بەرنگ؛ وەڵین: ۱. بەرگین؛ پێشین؛ بەندیوار بە سەردەمی بەر لە ئێستاوە ‹رییس سابق دانشگاه: سەرۆکی پیشووی زانستگا› ۲. کۆن ؛ جاران؛ زوو؛ ویەردە؛ بەندیوار بەوەی بەر لە ئێستا بووە ‹این رسم و رسوم مال سابق است: ئەم داب و دەستوورە هی پیشووە›.

سابق[2]: *قید.* *[گفتاری]* جاران؛ چەلان؛ ئەوسا؛ پێشوو؛ لە ڕابردوودا ‹سابق مردم مهربانتر بودند: جاران خەڵکی دلۆڤانتر بوون›.

سابقاً / sābeqan/: [عربی] *قید.* جاران؛ زوو؛ لە پێشدا؛ پێشوو؛ پێشووتر؛ بەر لە ئێستە؛ لە بەرێدا؛ لەمەوبەر؛ ئەوسا؛ ئەودەم؛ لەوە پێش؛ چەلان؛ بەریٚ؛ بەرووی؛ زووتر؛ پێشان؛ چیٚوەڵ ‹سابقاً اینجا بیابان بود: جاران ئێرە بیاوان بوو›.

سابق‌الذکر / sābeqozzekr/: [عربی] *صفت.* ناوبراو؛ ناڤبری؛ باسکراو؛ ناو لێبراو لە پێشدا ‹در کتاب سابق‌الذکر هم آمده است: لە کتێبە

...ی ... ەکەشدا هاتووە›.

سابقە / sābeqe ، ـها؛ سوابق/: [عربی]/اسم. پێشینە؛ پێشوونە: ١. ڕابردە؛ ڕابردوو؛ ڕابوردوو؛ زانیاری لەمەڕ ڕابوردەی کەسێ یان شتێکەوە ‹سابقەی او را از من بپرسید: ...ی ئەو لە من بپرسن› ٢. ڕووداوێک لە ڕابردوودا کە دووپات بووەتەوە ‹کشتن پدر، فرزند و نزدیکان در میان شاهان سابقە دارد: کوشتنی دایک و منداڵ و خزمان لە نێو شاگەلدا ...ی هەیە› ٣. ڕووداو یان دیاردەیەک لە ڕابردوودا کە ببێتە بەڵگە ‹سابقەی کار: پێشینەی کار›.

▣ سابقەی کار: پێشینەی کار؛ ماوەیەک کە کەسێک کارێکی بە دەستەوە بووە یان لە شوێنێکدا خەریکی کار بووە.

سابقەدار / sābeqedār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. پێشینەدار: ١. ڕەشناو؛ بەدناو؛ خاوەن پێشینە و ئەزموون لە کاری خراپە کردندا ٢. *[حقوق]* لە لایەن دادگاوە لە ڕابردوودا بە تاوانبار دەرچوو.

سابوتاژ / sābotāj/: [فرانسوی]/اسم. *[سیاست]* کارشکێنی؛ چوکڵەشکێنی؛ خراپەکاری بە قەستی.

سابیدن / sābîdan/ ☜ **ساییدن**

سابین / sābîn/: [فرانسوی]/اسم. *[گیاەشناسی]* هەڤریشک؛ سەروەکێویلە؛ هێڤەر؛ هاڤریسک؛ عەرعەر؛ هەوریس؛ وەهل؛ ئەرز؛ ئێرڤست؛ هێڤرست؛ دارێکی بێبەری لێڕەوارییە کە باش بە خۆدا دێ و زۆر بەرز دەبێ.

ساپروفیت / sāprofît/: [فرانسوی] صفت. *[زیستشناسی]* گەنیشن؛ گەنگەش؛ بەتایبەتمەندی ڕوان لە سەر یان لە نێو ماکی زیندەڵی گەنیودا (وەک برێ کارک و باکتری).

ساپورت / sāport/: [انگلیسی]/اسم. *[قدیمی]* پشتیوانی؛ پشتەڤانی.

ساتراپ / sātrāp ، ـها/: [یونانی از فارسی باستان] اسم. *[قدیمی]* پارێزگار؛ ڕاژۆر؛ حاکم؛ والی؛ حوکمڕان (لە ئێرانی سەردەمی هەخامەنشیدا).

ساتن / sātan/: [فرانسوی از عربی] ☜ **ساتین**

ساتور / sātûr/: [عربی] ☜ **ساطور**

ساتورن / sātûrn/: [انگلیسی]/اسم. کەش؛ کەیوان؛ کاروانکوژی؛ کاران قڕە؛ سەشەم گەڕۆکی هەتاو کە ٩٥ ئەوندەی گۆی زەوییە و لە ٢٩ ساڵدا سوورێک بە دەوری خۆردا دەداتەوە و بەوە ناسراوە ئەڵقەیەکی بە دەورەوەیە کە تەنیا لە تەلسکۆپدا دەردەکەوێت.

ساتوری / sātûrî/: [عربی] ☜ **ساطوری**

ساتین / sātîn/: [فرانسوی از عربی]/اسم. ساتان؛ پارچەیەکی ساف لە هەورێشم یان ڕیون بە ڕووی بریقەدار و پشتی ماتەوە: **ساتَن**

ساج / sāc/: [ترکی]/اسم. ١. ـها/ ساج؛ سێڵ؛ سێڵ؛ سێهل؛ دەفرێکی خڕ و کۆمی کانزایی بۆ نان لە سەر کردن و برێشکە تێیدا برژاندن ٢. ـها/ [معرب] تیک؛ سوورەچناری هێندی؛ دارێکی هەمیشە سەوز، تایبەتی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بە گەڵای گەورە، چێوی سەخت و قورس و بەدەوامەوە: **تِک؛ تیک** ٣. تێک؛ تیک؛ چێوی قورس و قایمی قاوەیی مەیلەو زەردی ئەو دارە کە بۆ کەشتیسازی و کەلوپەلی چێوی بەکاردێت: **تک؛ تیک**

ساجور / sācûr/: [عربی]/اسم. سەمەندۆک؛ سنک؛ کەلەن؛ کالان؛ قەلادە؛ مەرەس؛ قرێتە؛ ساژور؛ سانجۆل؛ سانجی؛ ساجوور؛ زنجیر، زوێڵ یان گەوی کانزایی پتەو کە لە ملی سەگ و ڕاوری دەکەن.

ساجی / sācî/: صفت. ساجی: ١. [ترکی] پێوەندیدار بە ساجەوە ‹نان ساجی: نان ساجی› ٢. [معرب] لە جسنی چێوی ساج.

ساچمە / sāčme ، ـها/: [ترکی]/اسم. ساچمە؛ گزمووله مزی زۆرتر ورد کە لە تفەنگی ڕاو و هەندێ ئامێری پیشەسازیدا کەڵکی لێ

وەردەگرن.

ساحت / sāhat/: [عربی]/اسم. [ادبی] ١. [نامتداول] گۆڕەپان؛ مەیدان؛ پانایی؛ دەشت؛ دەڤەر؛ دەڤور ٢. پێشگا؛ بارەگا؛ بەر دەسەلات؛ جێگایێ کە کەس یا دیاردەیەک بە سەریدا زاڵە ‹ساحت او از معصیت مبراست: بارەگای وی لە گوناهـ پاکە›.

ساحر / sāher ، ـان/: [عربی]/اسم. [ادبی] جادووگەر؛ جادووکەر؛ سیحرباز؛ ئەفسوونکار؛ تەڵەسمباز؛ باربەژنگەر؛ چاچۆلگەر؛ جادووکار ‹ساحری از هند به آن شهر آمده بود: جادووگەرێک لە هیندەوە هاتبوو بۆ ئەو شارە›.

ساحرانه / sāherāne/: [عربی/ فارسی] قید. جادووگەرانە؛ سیحربازانە؛ ئەفسوونکارانە: ١. وەکوو جادووگەران ٢. بە شێوەی جادوویی.

ساحره / sāhere ، ـها/: [عربی]/اسم. [ادبی] سخریجن؛ ژنی سیحرباز؛ ژنی جادووگەر.

ساحری / sāherî/: [عربی]/اسم. جادووگەری؛ سیحربازی؛ ئەفسوونکاری.

ساحل / sāhel ، ـها؛ سواحل/: [عربی]/اسم. کنارێن؛ بەستێن؛ زرێوار؛ زرێبار؛ هێش؛ لێوار؛ پەراڤ؛ تنک؛ یەنک؛ زریەپەڕ؛ کەڤی؛ دەریابار؛ دەریاپەڕ؛ دەریادەر؛ لەوچک؛ بەستۆرە؛ ڕەخ/ ڕەفی ئاو؛ قەراخ/ کەنار ئاو؛ وشکانی پەنا کۆمای ئاو (زەریا، زەریاچە، چۆم).

ساحلبانی / sāhelbānî/: [عربی/ فارسی]/اسم. هێشەوانی: ١. چاوەدێری لە سنووری کنارێنی ئاو ٢. چاڤدێری کنارێن لە هەمبەر دیاردەگەلی کەشیەوە ٣. کار یا ڕەوتی پاراستنی ژینگەی زرێواری زەریا. هەروەها: **ساحلبان**

ساحل‌نشین / sāhelnešîn ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. هەڤاف؛ زرێوارنشین؛ هێش‌نشین؛ نیشتەجێی قەراخ ئاو (زەریا، زرێوار، چۆم) ‹شغل بیشتر مردم ساحل‌نشین ماهیگیری است: کاری زۆربەی خەڵکی هەڤاف ماسی‌گرتنە›.

ساحلی / sāhelî/: [عربی] صفت. بەستۆڕەیی؛ هێشی؛ زرێواری؛ زرێباری؛ کنارێنی؛ زریەپەڕی: ١. پێوەندیدار یان سەر بە ڕەخی ئاو ‹زمینهای ساحلی: زەوینگەلی بەستورەیی› ٢. هەڵکەوتە لە زرێواردا ‹کلبەی ساحلی: کۆلیتی هێشی›.

ساخارز / sāxāroz/: [از فرانسوی] ☜ **ساکارُز**

ساخارین / sāxārîn/: [از فرانسوی] ☜ **ساکارین**

ساخت / sāxt/: /اسم. ١. پێکهاتە؛ پێکهات؛ دەسکرد ‹ساخت محکمی دارد: پێکهاتەیەکی پتەوی هەیە› ٢. دەسکر؛ دەسکرد؛ کار یا ڕەوتی سازکردن؛ دروس‌کردن؛ چێ کرن؛ وەش کەردەی ‹ساخت هواپیما: چێ‌کرنی فڕۆکە› ٣. کرد؛ کر؛ دەسکر؛ دەسکرد؛ پێکهاتگ؛ چێکراو؛ سازکراو؛ دروس‌کراو ‹ساخت اورامان: چێکراوی هەورامان› ٤. ـها/ [دستور] شێوەیەک لە وشە کە کەس یان کاتی پێوەندیدار بە کارەوە نیشان دەدا: **صیغه** ٥. ـها/ [قدیمی] زین و بەرگ.

ساختار / sāxtār ، ـها/: /اسم. پێکهاتە؛ کردمان: ١. چۆناوچۆنی دارێژراوی شتێک ‹ساختار فلزی: پێکهاتەی کانزایی› ٢. شێوازی ڕێک‌خستن و چنینی بەشگەلی شتێک ‹ساختار نردبانی: پێکهاتەی پلەکانی› ٣. پێکهاتوو؛ پێکهاتگ؛ کر؛ کرد؛ بەرهەم؛ چێکراو؛ شتی درووسکراو (وەک خانووبەرە).

◙ **ساختار ملکولی**: پێکهاتەی مولوکوولی؛ شێوەی دارێژرانی ئەتومگەلی پێکهێنەری مولوکوولێک.

ساختارگرایی / sāxtārgerāyî/: /اسم. پێکهاتەخوازی: ١. یەکێک لە ڕێبازە هزرییەکانی مەردمناسی کە لە لایەن ڕادکلیف براون (مەردمناسی کۆمەڵایەتی بریتانیا) و کلود لوی شتراوس (پێکهاتەخوازی مەردومناسی فەرانسە)وە بەدی هات و لەم ڕێبازەدا دیاردەگەل بە گوێرەی پێوەندیان پێکەوە دەناسرێن ٢. شێوازی شرۆڤە و شیکاری

(دەقێکی ویژەیی یان سیستەمێکی سیاسی) لە پێوەندی دەگەڵ مەردمناسی و بە پێیی شانەگەلی فەرهەنگی و کردەوەیی.

ساختاری / sāxtārî/: *صفت.* پێکهاتەیی؛ پێوەندیدار بە پێکهاتەوە ‹ویژگیهای ساختاری: تایبەتمەندیگەلی پێکهاتەیی›.

ساختگی / sāxtegî ، ـها/: *صفت.* هەڵبەستە؛ دەس هەڵبەست: ١. دەسکردی؛ درووسکراوە؛ نەک ڕاستەقینە ‹عصبانیت ساختگی: تووڕەیی هەڵبەستە› ٢. درۆینە؛ ساختەکارانە؛ ساختەچییانە؛ ساختەیی ‹این سند ساختگی است: ئەم بەڵگە هەڵبەستەیە›.

ساختمان / sāxtemān/: *اسم.* ١. کار و ڕەوتی کردنەوە؛ سازکردن؛ چێکرن؛ درووس کردن؛ سازاندن؛ وەش کەردەی؛ کەردەیوە؛ ئەوەکەردەی ‹ساختمان صد دستگاه آپارتمان آغاز شد: کردنەوەی سەد دەزگا وارخان دەستی پێکرد› ٢. پێکهاتە ‹ساختمان چشم: پێکهاتەی چاو› ٣. ساختمان؛ خانووبەرە؛ خانی؛ خانوو؛ یانە؛ ماڵ؛ بەر و شوێنێکی کەم تا کورت کلیدە و سەرگیراوی هەمیشەیی بۆ نیشتەجێ بوون، کار، ڕاگرتنی گیانەوەران و پیتەوا، کە بە کەرەستەی خانووبەرە دەکرێتەوە ‹ساختمان اداری: خانووبەرەی مەزرینگەیی›.

▣ **ساختمان آجری:** خانووبەرەی ئاجۆری؛ خانووبەرەی کەرپووچی؛ خانووەبەرەیەک کە لە دیوارەکانیدا ئاجۆر دەکارکراوە. هەروەها: **ساختمان سنگی؛ ساختمان سیمانی**

ساختمان پیش‌ساخته: خانووی پێشکردە/ پێش‌ساز؛ خانووبەرەی لە پێش سازکراو؛ بینایەک کە پاژەکانی لە کارگەدا چێکرابێ و پاشان لە شوێنی خۆیدا دامەزرێ.

▣ **ساختمان کردن:** کردنەوەی ساختمان؛ خانوو کردنەوە؛ کردنەوە؛ چێکرنی خانوو؛ ماڵ درووس کردن؛ خانی کردنەوە؛ بیناکردنەوە؛ ماڵ کردنەوە؛ یانەوەکەردەی؛ یانەکەردەیوە ‹در کوچەی ما دارند ساختمان می‌کنند: لە کۆڵانی ئێمەدا خەریکی خانوو کردنەوەن›.

ساختمانی / sāxtemānî/: *صفت.* ساختمانی؛ خانووبەرەیی؛ پێوەندیدار بە ساختمانەوە ‹فعالیت ساختمانی: چالاکی ساختمانی›.

ساختن / sāxtan/: *مصدر. متعدی. لازم. //* **ساختی:** دروستت کرد؛ **می‌سازی:** دروست دەکەی؛ **بساز:** دروست بکە// ◻ *متعدی.* ١. دروست/ درووس کردن؛ چێکرن؛ سازدان؛ سازکردن؛ ڕێک هاوردن؛ خاس کردن؛ سازای؛ کردن؛ کردنەوە؛ بەدیهێنانی پێکهاتەیەک لە ڕووی گەڵاڵە و بە پێی بنەماگەلی دەست نیشان‌کراو و کەل‌وپەلی تایبەتەوە ‹خانه ساختن؛ آهنگ ساختن: ماڵ کردنەوە؛ ئاهەنگ دروست کردن› ٢. هەڵبەستن؛ درووس کردن؛ هۆربەسەی ‹دروغ ساختن: درۆ هەڵبەستن› ٣. سازاندن؛ بەرهەڤ کرن؛ گیڤ کردن؛ لەبارکردن؛ گیزکردن؛ خۆش کردن؛ وەش کەردەی؛ سازکردن؛ ئامادەکردنی کەسێک بۆ کارێک یان شتێک ‹با مشروب خودش را ساخت و برگشت: بە خواردنەوە خۆی سازاند و گەڕاوە› ٤. *[ادبی]* کردن؛ کرن؛ کەردەی ‹عصبانی ساختن: تووڕەکردن› ٥. *[مجازی]* خۆش کردنەوە؛ وەشەوەکەردەی؛ هێنانەوە دەق ‹دو تا از این قرصها را که خوردم، مرا ساخت: دوان لەم قورسانەم کە خوارد، خۆشی کردمەوە› ٦. *[مجازی]* ڕازاندنەوە؛ دورس کردن؛ ئەوەڕازنەی؛ ئارایشت‌کردن ‹مردها خودشان را مثل زن‌ها می‌سازند: پیاوان خۆیان وەک ژنان دەڕازیننەوە› ٧. کردن؛ کولاندن؛ لێنان؛ کەردەی؛ وەش کەردەی؛ نانە سەر؛ پێکهانین ‹غذا ساختن: چێشت‌کردن› ◻ *لازم.* ٨. سازیان؛ سازین؛ سازان؛ ساچان؛ ساچەی؛ ساچای؛ پێکهاتن؛ هەڤ‌هاتن؛ لێک‌هاتن؛ سازشت‌کردن: *الف)* سەرکردن؛ بردنە سەر؛ لەگەڵ کەسێک یان شتێکدا هەڵکردن و نەرم و نیانی نیشان دان ‹با

سـختیها ساختن: بـه سه‌خـڵه‌تیه‌وه ساچن›
ب) هاوده‌ستی کردن؛ ده‌ست‌کردنه یه‌ک ‹با قاضی ساختن: له‌گـه‌ڵ دادوه‌ردا سازان›
ج) پێ‌که‌فتن؛ بژوون بوون؛ سازگار بوون ‹هوای اینجا با او نمی‌سازد: هـه‌وای ئێره‌یه پـی‌ناکه‌فی›
٩. *[مجازی]* پێکه‌وتن؛ لێک جۆر بوون؛ جۆر ده‌رهاتن؛ پێ خواردن. هه‌روه‌ها: **ساختنی**
■ صفت فاعلی: **سازنده** (دروستکه‌ر)/ صفت مفعولی: **ساخته** (دروستکراو)/ مصدر منفی: **نَساختن** (دروست نه‌کردن)

ساخت‌وپاخت / sāxt-o-pāxt ، ـها/: *اسم، [مجازی، گفتاری]* کاکه‌وبراله؛ بـه‌ن‌وبـه‌س؛ ساز و باز؛ ساز و پاز؛ ساخت و پاخت؛ خلێنه و بلێنه؛ سازشت و هاوده‌ستی بۆ پیلانگێڕان.
▣ **ساخت وپاخت کردن:** *[مجازی]* سازوبازکردن؛ کاکه‌وبراله‌کردن؛ ساخت‌وپاخت‌کردن؛ بڕیاردانان بۆ گێڕانی پیلانێک ‹ارباب با پلیس ساخت‌وپاخت کرد و آزاد را انداخت زندان: ئاغا له‌گه‌ڵ پولیسدا ساز و بازی‌کرد و ئازادی خسته به‌ندیخانه‌وه›.

ساخت‌وساز / sāxt-o-sāz ، ـها/: *اسم، [گفتاری]* کرد و کار؛ کار و ڕه‌وتی کردنه‌وه‌ی خانووبه‌ره.

ساخته[1] / sāxte ، ـها/: *اسم،* ده‌سکار؛ ده‌سکرد؛ کار ‹ساخته‌های سنگی: ده‌سکرده به‌ردینه‌کان›.

ساخته[2]: *صفت.* ١. هه‌ڵبه‌سته؛ ده‌س‌هه‌ڵبه‌ست؛ درۆینه ٢. *[مجازی]* پێک‌هێنراو؛ درووسکراو؛ به‌رهه‌م‌هێنراو.
▣ **ساخته بودن/ نبودن:** لێ هاتن/ نه‌هاتن؛ لێ وه‌شانه‌وه/ نه‌وه‌شانه‌وه؛ ئامه‌ی/ نامه‌ی چنه؛ چه‌نه ئامای/ نامای؛ سزا بوون/ نه‌بوون بۆ جێبه‌جێ‌کردنی کارێک ‹این کار از من ساخته نیست: ئه‌م کاره‌م لێ‌نایه‌ت›.

ساخته و پرداخته / sāxte-vo-pardāxte/: *صفت.* ئاماده؛ ساز؛ په‌ڕکاڵ؛ لێک‌وله‌بار؛ په‌رداخ؛ ساز و له‌بار ‹دو سال طول کشید تا پل ساخته و پرداخته شد: دوو ساڵی خایاند تا پرده‌که ساده بوو›.

ساخلو / sāxlo. sāxlo: ، ـها/: [ترکی] *اسم، [قدیمی]* سپاگه؛ سه‌ربازخانه؛ سپاخانه؛ پادگان.

سادات / sādāt/: [عربی] جمعِ ☜ **سیّد**

سادساً / sādesan/: [عربی] *قید، [نامتداول]* ١. شه‌شه‌مین؛ له پله‌ی شه‌شه‌مدا ٢. شه‌شه‌م؛ جاری شه‌شه‌م؛ شه‌شه‌مجار.

سادگی / sādegî ، ـها/: *اسم،* ١. سانایی؛ ئاسانی؛ هاسانی؛ سه‌ناهی؛ ساکاری؛ هێسایی ‹موضوع به این سادگی را نمی‌فهمی!؟: بابه‌تی وا سانا تێناگه‌ی!؟› ٢. ساکاری؛ سانایی؛ ساوایی؛ چۆنیه‌تی بێ نه‌قش و نیگار بوون ٣. *[مجازی]* ساویلکه‌یی؛ ساوایی؛ سایلۆحی ٤. ساکاری؛ ساده‌یی؛ دۆخی زێو و زه‌مبه‌ر نه‌بوون؛ چۆنیه‌تی ساکار بوون ‹سادگی بهترین زینت است: ساکاری جوانترین ڕه‌وشته›.

ساده / sāde ، ـها/: *صفت.* ١. ساده؛ ساکار؛ به‌بێ نه‌خش و ڕه‌وش و ئارایشت ‹لباس ساده: به‌رگی ساکار› ٢. ساکار؛ ساده؛ به‌بێ تایبه‌تمه‌ندییه‌کی به‌رچاو (وه‌کوو خاڵ، هه‌ڵقوپاوی، داقوپاوی، به‌رچاوی و...) ‹دیوار ساده: دیواری ساکار› ٣. ساکار؛ ساده؛ ئاسایی؛ به بێ نموود و سه‌رنجڕاکێشی ‹زندگی ساده: ژیانی ساکار› ٤. سانا؛ هاسان؛ هێسا؛ سه‌نا؛ گانگاز؛ نه‌دژوار؛ بێ‌گرێ و گۆڵ ‹کار ساده: کاری سانا› ٥. سانا؛ ئاسان؛ هاسان؛ سه‌نا؛ هێسا؛ بێ‌گرێ؛ گانگاز؛ فام هاسان ‹پرسش ساده: پرسیاری سانا› ٦. *[مجازی]* ساویلکه؛ ساده؛ ساده‌کار؛ ساده‌لۆح؛ ساده‌لۆک ‹تو چقدر ساده‌ای!: تۆ چه‌ند ساویلکه‌ی!› ٧. ساده؛ ساکار؛ به‌بێ شاره‌زایی و پسپۆڕی له پیشه‌یێکدا ‹کارگر ساده: کرێکاری ساده› ٨. ساده؛ ساکار؛ ڕووت؛ پاک؛ ساف؛ بێ‌خه‌وش؛ په‌تی؛ ناتێکه‌ڵاو ‹آب ساده: ئاوی ساده› ٩. ساده؛ ساکار؛ بێ ئه‌زوا و به‌هارات و چه‌وری و... ‹آش ساده: چێشتی ساده› ١٠. ساده؛ بێ‌گرێ؛ ساکار؛ به‌بێ له‌ت یان

تــوخمی زۆری جۆراوجــۆرەوە ‹جملــەی ســادە: ڕستەی سادە›.

سادەدل / sādedel ، ـها؛ ـان/: *صفت. [مجازی]* ١. دڵپاک؛ دڵپاکژ؛ خێوی دڵ و بیری پاک و بێخەوش، خۆشباوەڕ و گەشبین ٢. سایلۆح؛ سادەلۆح؛ سادەلۆک؛ بێ پێچ و پا؛ ساویلکە؛ سادەکار.

سادەرو / sāderû ، ـها؛ ـیان/: *صفت.* دەکەل؛ بێمــوو؛ بێتــووک؛ ســادە؛ لــووس؛ دەمڕووت؛ کوڕی هێشتا موو لێ نەڕواو.

سادەلوح / sādelowh, -lo:h ، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربــی] *صــفت. [مجــازی]* فــەقیرحاڵ؛ ســادە؛ ســادەلۆک؛ ســادەلۆح؛ ســایلۆح؛ ســاویلکە؛ سافیلکە؛ زووباوڕ؛ سادەکار؛ بە سەرمان و گێــل. هەروەها: **سادەلوحی**

ســـادەنویـــسی / sādenevîsî ، ـهــا/: *اســم.* ساکارنووسی؛ سادەنووسی؛ چۆناوچۆنی نووسین بە وشەی سانا و ڕستەی کورت بە جۆرێک کە هەموان لێی تێبگەن. هەروەها: **سادەنویس**

سادیـــست / sādîst ، ـهــا/: [فرانــسوی] *صــفت.* سادیــست؛ ئــازاردەر؛ تووشــیاری نەخۆشــی سادیسم.

سادیـــــسم / sādîsm/: [فرانـــــسوی] *اســـم.* ١. *[روان‌شناســـی]* سادیـــسم؛ ئـــازاردەری؛ نەخۆشــینێکی ڕەوانیــە کــە تێیــدا، دامرکــانی جینــسی نــەخۆش، لــە گرێــوی ئــازاردانی هاولفەکەیدایە. ئەم ناوە وەرگیراو لە ناوی مارک دو ساد (١٧٤٠-١٨١٤ ز.) نووسەری فەرانسەویە، کــە بــە هــۆی ئازارگەیانــدن و کوشــتنی هاوسەرەکانی، زینــدانی‌کــرا و دوایــی بــە هــۆی نووســینی چیرۆکــە شــەرمشکێنەکانی بــەرەو تیمارستان بەڕێ‌کرا ٢. *[مجازی]* مــەردمئـازاری؛ کارەڕەهــاتی خەڵــک تووشــی زەحمــەت و دەردیسەر کردن.

سار[1] / sār ، ـها/: *اسم.* ڕیشۆڵ؛ ڕێشۆڵە؛ ڕیــشۆڵە؛ ڕێشۆڵی؛ ڕەشۆڵە؛ ڕەشۆڵی؛ ڕەشیلە؛ ڕەشێــلە؛ گــاوانی؛ شــاروور؛ شــالوور؛ شــالوول؛ شــاوو؛ شالوویل؛ شالیل؛ کەشوشکە؛ کەشۆیلە؛ سێروو؛ ســیاکەرک؛ ســوێروو؛خــەزایی؛ عەینەمــەل؛ عایلەمــەن؛ ئایلەمــەن؛ ئایرەمــەل؛ ئەیرەمــەل؛ مرچیلە؛ مرچۆلــە؛ قــازەلاخ؛ قــازلاخ؛ قــازلاخی؛ تەیتۆک؛ تیتک؛ تیتڵ؛ تــیتی؛ ئاگرەمــەلووچک؛ ئاگرەمەلیچ؛ ئودرمەلیچ؛ مەلێکی گچکەی دەنگ دەرهــاتووی پــڕ قیــژ و قــاژە، دەمەلاســکەی مەلانی‌تر دەکاتەوە، ڕەشی بریقەونی کەسک و ئەرخوانیە، پەڵوپۆی دە زســتاندا پــڕ لــە خاڵــی سپی دەبێ، جووچکی گچک، باڵی نووک تیژ و دەندووکی درێژ و تیژە، فڕینی بەلەز و ڕێکە و بە کۆمەڵ و لە پۆلی گەورەدا هەڵدەفڕن.

▣ **سار آبی**: نوقمۆکە؛ باڵندەیەکی چۆلەکەئاسای لای ئاوە، بە لەشی ڕەش و سینگی سپی کە بۆ ڕاوی ماسی خۆی لە ئاودا نوقم دەکا.

سار کنـەخـوار آفریقـایی: شـوان خەڵــەتێنە؛ باڵندەیێکی لــە تــیرەی ڕیــشۆڵە، بــە ڕەنگــی قاوەیی و زەرد و سوور، شوێن ئاژەڵ دەکەوێ و گەنە و مێشی سەر لەشیان دەخوا.

ـ سار[2]: *پسوند.* ـ سار: ١. ـ یان؛ ـ ساڵ؛ شــوێنی شــتێک ‹کــوەســار؛ گرمــسار: کۆســار؛ گــەرمیان› ٢. وێنە؛ شێوە ‹سگسار: سەگسار› ٣. ـــ ئاسا؛ ـچەشن ‹خاکسار: خاکەسار› ٤. لا؛ سۆ ‹رخسار: ڕوخسار› ٥. ـــ زار؛ خــاوەن بــار و چۆنیەتیــەک ‹شرمسار: شەرمەزار›.

سارافن / sārāfon ، ـها/: [روسی] *اسم.* سارافۆن؛ کەوایەکی ژنانەی بێ‌قۆڵ و یەخە کــە بــە ســەر کراسدا دەکرێتە بەر.

ساران / sārān/: *اسم. [قدیمی]* کــەبار؛ ســەرەتا؛ دەسپێک.

ساربان / sār(e)bān ، ـها؛ ـان/: *اسم.* سارەوان؛ ســالوان؛ سالــڤان؛ وشــترەوان؛ هێــشترڤان؛ شووڤــکڤــان؛ حوشــتروان؛ شــڤانی دەڤــەهان؛

کاروانڤان؛ شوانی وشتران.

ساردین / sārdîn ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ساردین: ۱. هەر یەکە لە دەیان جۆر ماسیگەلی بچووک کە کونسیرویان لێ دروست دەکەن ۲. بێچوە ماسی کونسیروکراو ۳. قوتووی جێ گۆشتی ماسی کونسیرو.

سارسل / sārsel/:[؟] *اسم.[جانورشناسی]* سۆنە؛ مراوێکی بچکۆلە بە پشتی قاوەیی مەیلەو سپی و سەری خەنەییەوە.

سارغ / sāroq ، ـها/: [ترکی]/اسم.*[قدیمی]* پرێسکە؛ پریاسکە؛ پریزە؛ تۆشەبەرە؛ بوخچە؛ پارچەیەکی چوارگۆشە بۆ کەلوپەل تێنان.

سارق / sāreq ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/اسم.*[ادبی]* دز.

▣ **سارق مسلّح:** جەردە؛ چەتە؛ دزی چەکدار.

سارکپت / sārkopt ، ـها/: [انگلیسی]/اسم.*[جانورشناسی]* سچ؛ زچ؛ چنگنە؛ تورنوو؛ ئەسپێی بەرد؛ مێروویەکی بچووک و تووشە لە ژێر پێستدا دەژی و دەبێتە هۆی گەڕی.

سارگپه / sārgape ، ـها/: [؟]/اسم. ۱. ☜ **سنقر** ۲. پەلەوەرێک، بە باڵی پانی قاوەیی و دووی گەورە و ملی کورت و فڕینی قورس و خاوەوە کە زۆرتر مردارەوەبوو دەخوا.

▣ **سارگپەی جنگلی:** سنقر عسل‌خوار ☜ **سنقر**

ساروج / sārûc/:اسم. سارووج: ۱. جارووی؛ تێکەڵاوی قسڵاو و خۆڵەمێش بۆ سواغدانی حەوز و... کە پێش دروستبوونی سیمان باوی هەبوو ۲. *[کالبدشناسی]* جۆرە شانەیەکی ئێسکی کە ڕیشەی ددانی مۆرغەداران دادەپۆشێ.

ساروی / sāravî ، ـها؛ ـان/: صفت. سارەوی: ۱. سەربە شاری ساری لە مازەندەراندا ۲. خەڵکی شاری ساری لە باکووری ئێران.

ساری[1] / sārî ، ـها/:[هندی] اسم. ساری؛ گنجێکی ژنانی هیند و پاکستانە، بە شێوەی پارچەیەکی سۆک و درێژ کە سەرێکی وەک پشتێن دەبەستن و ئەو سەرکەشی بە سەر شان یان سەریدا دەدەن.

ساری[2]: [عربی] *صفت.[ادبی]* گیرۆ؛ درم؛ پەتا.

ساریغ / sārîq/: [از فرانسوی] ☜ **ساریگ**

ساریگ / sārîg ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ساریگ؛ گیانەوەری گوانداری چکۆلەی دارژی ناوچەی ئەمریکا، لە تاقمی کیسەداران کە هەموو شت خۆر و شەوگەڕە: **ساریغ؛ أپوسوم**

ساز[1] / sāz ، ـها/:اسم. ۱. ساز؛ ئامرازی مووسیقا؛ ئامێرێ کە ئاهەنگی مووسیقی پێ دەژەنرێ ۲. ئاهەنگ ۳. *[قدیمی]* ئامراز؛ ئامێر؛ ئەسپاو (بە گشتی) ٤. *[قدیمی]* ئامێری شەڕ ۵. سات؛ پێداویستی؛ ئەوەی بۆ ئەنجامدانی کارێک پێویستە ٦. *[قدیمی]* ڕێ و ڕەوش؛ زێ؛ ڕێگا؛ ڕێباز ۷. *[قدیمی]* بەرگ؛ گنج؛ هنجگ ۸. *[قدیمی]* سامان ۹. *[قدیمی]* ساز؛ کار یان ڕەوتی سازیان؛ ساز بوون.

▣ **ساز بادی:** سازی بایی/ باژەن؛ هەریەک لەو سازانە بە هاتوچۆی با دێنە دەنگ (وەکوو: نەی، شمشاڵ و سرنا و...).

ساز دهنی ☜ **سازدهنی**

ساز زهی: سازی ژێدار؛ ژێژەن؛ هەریەکە لەو سازانەی بە بزواندنی تەلەکانیان دێنە دەنگ (وەک دیوان، تار، سێتار، تەمبوور، کەمانچە، ویۆلۆن، سەنتوور و...)

ساز ضربی/ کوبەای: سازی زەربی/ کوتانی/ لێدەری؛ هەرکام لە ئامێرگەلی مووسیقا کە بە لێدان دەژەندرێ (وەکوو: دەف، دمەک، دەول، تەپڵ و...).

▣ **ساز زدن:** ساز ژەندن؛ ساز لێدان ‹آرام چە سازی می‌زند؟: ئارام چ سازێک دەژەنی؟›.

ساز کردن: ژەندن؛ لێدانی ئاهەنگ ‹نغمەی تازەای ساز کرد: ئاهەنگێکی نوێی ژەند›.

بە ساز کسی رقصیدن: *[کنایی]* بە هەوای/ بلوێری کەسێ هەڵپەڕین؛ بە ئەنگوستی

کەسێ گەڕان؛ بەهۆی نەزانییەوە کەوتنە دووی قسەی کەسێک ‹دیگر حاضر نیستم به ساز تو برقصم: چیدی بە هەوای تۆ هەڵناپەڕم›.

هر روز سازی زدن: *[مجازی]* هەر تاوێ لە سەر هەوایێ/ بە زمێ بوون؛ هەردەمە لە سەر وازێک بوون؛ هەر ڕۆژێک داخواز و ئاکارێ نواندن.

ـ ساز[2]: *پیواژه.* ١. ــ ساز؛ چێکر؛ ـ وەدیهێن؛ ــ وەش کەر ‹آهنگساز: ئاهەنگساز› ٢. ــ ساز؛ ـ وەش کەر؛ چاک کەرەوە ‹رادیوساز: ڕادیۆساز› ٣. ـ بین؛ ـ وین؛ ـ ساز؛ دابینکەر ‹چارەساز: چارەبین› ٤. *[ادبی]* ـ گیر؛ ـ ساز؛ ـ دامەزرێن ‹انجمن‌ساز: کۆڕگیر› ٥. ـ هەڵبەس؛ ـ هەڵوەس؛ ـ هەڵبەست؛ ـ تاش ‹سندساز: بەڵگەهەڵبەس› ٦. ـ ساز؛ ـ ساچ؛ تەبا؛ ساچەر ‹ناساز: نەساز› ٧. دروستکراو؛ چێکراو؛ وەش کریا: *الف)* ـ کرد؛ ــکر؛ ـ ساز؛ بەهۆی کەسێ یان شتێک ‹دستساز: دەسکرد› *ب)* ـ ساز؛ لە ماوەیەکی دیاریکراودا ‹نوساز: تازەساز›

سازا / sāzā /: *اسم.* پێکهێنەر؛ پێکهێن؛ هەرکام لە بەشە پێکهێنەرەکانی شتێک.

سازبندی / sāzbandî ، ـها/: *اسم.* ڕێکوپێک کردنی ئاهەنگێک بۆ لێدان لە لایەن ئورکێستر یان گرووپی مووسیقاوە.

سازج هندی / sāzac-e-hendî /: *اسم.* *[گیاەشناسی]* کشمیش هیندی؛ دەوەنێکە بەرەکەی تام و بۆنێکی خۆشی هەیە و ناوکەکەی شیرینە.

سازدهنی / sāzdahanî ، ـها/: *اسم.* سازدەمی؛ سازێکی بایی بچووک و درێژۆکەیە بە هەناسە دەژەنرێ.

ساززن / sāz.zan ، ـها/: *اسم.* ژەنیار؛ سازژەن؛ سازبەند؛ مووسیقاژەن، بەتایبەت سازە ژێدارەکان.

سازش / sāzeš ، ـها/: *اسم.* ١. سازشت؛ وێکەوتوویی؛ ڕێکاتی؛ کاریان ڕەوتی سازان؛ سازین؛ ساچین؛ پێ کەوتن؛ پنە/ پەنەکەوتەی ‹هوای اینجا با مزاج من سازش ندارد: هەوای ئێرە بە دەماخی من ناسازی› ٢. هاودەنگی؛ سازشت؛ سازش؛ تەبایی؛ ڕێکاتی؛ کار یان ڕەوتی سازیان؛ ساچان؛ سازان؛ ساچای؛ ساچیەی؛ ساچیای؛ کران؛ کریان؛ کریەی؛ کەوتنە یەک؛ ڕێک کەوتن؛ پێکهاتن؛ گونجان؛ کەوتەی ورێو؛ ساز هاتن؛ لەڤهاتن ‹زن و شوهر با هم سازش ندارند: ژن و شوو پێکەوە هاودەنگییان نییە› ٣. ئاشتی؛ سازشت؛ کار یان ڕەوتی ئاشت بوونەوە ‹با پادرمیانی همسایەها سازش کردند و روی همدیگر را بوسیدند: بە نێونجیگەری دەراوسێیەکان ئاشتیان کردەوە و یەکتریان ڕامووسی›.

▣ **سازش داشتن:** تەبا بوون؛ سازگار بوون؛ سازان؛ ساز هاتن؛ سازیان؛ کران؛ کریەی.

سازش کردن: سازیان؛ سازان؛ سازش کەردەی؛ پێکهاتن: ١. لێک هاتن؛ هاوبار بوون؛ هاودەنگی کردن؛ هاوڕێ یان هاودەست بوون ٢. ئاشت کردنەوە؛ ئاشتەو کردن.

هەروەها: **سازش دادن**

سازشکار / sāzeškār ، ـها؛ ـان/: *صفت.* سازشکار؛ خۆڕێخەر؛ هۆکارە بە سازیان لەگەڵ کەسان، بەتایبەت بۆ خۆ پاراستن لە شەڕ و مەترسی ‹پدرش آدم سازشکاری بود و با همه می‌ساخت: بابی مرۆڤێکی سازشکار بوو دەگەڵ هەمووانا پێک دەهات›. هەروەها: **سازشکاری**

سازشکارانه[1] / sāzeškārāne /: *صفت.* سازشکارانە؛ خۆ ڕێخەرانە ‹رفتار سازشکارانه: ئاکاری سازشکارانە›.

سازشکارانه[2]: *قید.* سازشکارانە؛ خۆڕێخەرانە؛ بە سازشکاریەوە؛ بە شێوەی سازشکاران ‹سازشکارانه لبخندی زد و هیچ نگفت: سازشکارانە بزەیەکی کرد و هیچی نەگوت›.

سازشناسی / sāzšenāsî /: *اسم.* سازناسی؛

بەشێک لە هونەری مووسیقا کە دەپەرژێتە سەر ناسینی ئامرازگەلی مووسیقا و چۆنیەتی بەکار هێنانیان.

سازشنامه / sāzešnāme ، ـها/:اسم. سازشنامە؛ نووسراوەیێ کە دوو لایەنی کێشە بە پەزیرانی مەرجگەلی ڕەچاوکراو دوایی بە ناکۆکی یان دژایەتی نێوانیان دێنن.

سازگار / sāz(e)gār/: صفت. جۆر؛ سازگار؛ سازیار: ۱. هاوئاهەنگ؛ بە توانایی ڕێک و لەبار بوون و لێکهاتن ‹این رنگها با هم سازگار نیستند: ئەم ڕەنگانە پێکەوە جۆر نین› ۲. ساز؛ کۆک؛ خاوەن توانایی یان ئۆگرەتی بە هاوکاری، هاوڕێیی یان پێکەوە ژیان ‹بچەها با هم سازکار بودند: منداڵەکان پێکەوە ساز بوون›. هەروەها: **سازگار بودن؛ سازگار شدن؛ سازگار کردن**

سازگاری / sāz(e)gārî/: اسم. جۆری؛ سازگاری؛ سازیاری: ۱. بار یان چۆنیەتی جۆر بوون؛ سازگار بوون؛ سازیان؛ ساچان؛ پێکهاتن ۲. *[زیست‌شناسی]* گۆڕانکاری یەک یان چەن ئەندامی لەشی زیندەوەر بە پێی پێداویستیگەلی ژینگەکەی. هەروەها: **سازگاری داشتن؛ سازگاری یافتن**

سازمان / sāz(e)mān ، ـها/:اسم. ڕێکخراوە؛ ڕێخراوە: ۱. ناوەندێک کە لە لایەن چەن تاقم یان دەوڵەتەوە بۆ گەیشتن بە ئارمانجێک داندراوە ‹سازمان ملل متحد: ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان› ۲. یەکەی سەربەخۆی کارگێڕی کە بەڕێوەبەرەکەی زۆرتر لە لایەن سەرۆک کۆمار یان وەزیرەوە هەڵدەبژێردرێ و دەسەڵاتی لە هەموو وڵاتدا بەربڵاوە ‹سازمان محیط زیست: ڕێخراوەی پاراستنی ژینگە› ۳. کۆمەڵەیەکی ئامانجدار کە شوێنکەوتووی سیستەمێکە ‹کار جمعی نیازمند سازمان است: کاری بە کۆمەڵ پێویستی بە ڕێخراوەیە› ٤. پێکهاتە ‹پس از انقلاب ایران سازمان نیروهای مسلح تغییر کرد: پاش ڕاپەڕینی ئێران ڕێکخراوەی هێزە چەکدارەکان گۆڕدرا›.

◘ **سازمان امنیت**: ڕێکخراوەی ئاسایش؛ ناوەندێ لە برێ لە وڵاتاندا بۆ بەربەرەکانێ دەگەڵ چالاکی نەیارانی حکوومەت یا نەیارانی قازانجی گەلدا.

◘ **سازمان دادن**:ڕێکخستن؛ پێکهێنان ‹باید اول نیروهای فعال را سازمان داد: سەرەتا پێویستە هێزە چالاکەکان ڕێک بخرێن›. هەروەها: **سازمان بخشیدن؛ سازمان داشتن؛ سازمان یافتن**

سازمانبندی / sāz(e)mānbandî ، ـها/:اسم. کار یان ڕەوتی دیاریکردنی بەشە جۆربەجۆرەکانی ڕێکخراوە یان پێکهاتەیەک لە باری چۆنیەتی پێوەندیان پێکەوە و پلەکبەندی نێوانیان.

سازماندهنده / sāz(e)māndahande ، ـها؛ ـگان/:اسم. ڕێکخەر؛ کەس یان ڕێکخراوەیێ کە دامەزراوە؛ بزاڤ یان چالاکیەک بەڕێوە دەبا ‹سازماندهندەی تظاهرات، انجمن دانشجویی بود: ڕێکخەری خۆپیشاندانەکە، ئەنجومەنی خوێندکاران بوو›.

سازماندهی / sāz(e)māndehî ، ـها/:اسم. ڕێخەری؛ کار و ڕەوتی ڕێکخران؛ ڕێخران؛ ڕێکخستن؛ ڕێکوپێکی لە شوێن یان شتێکدا بەدی هێنان ‹نیروها به خوبی سازماندهی شده بودند: هێزەکان بە چاکی ڕێخرابوون›.

سازمانی / sāz(e)mānî/: صفت. ڕێکخراوەیی؛ ڕێخراوەیی: ۱. پەیوەندیدار یان بەستراو بە ڕێکخراوەوە ۲. ئەندامی ڕێکخراوەیەکی تایبەت (وەک ڕێکخراوەی ئاسایش).

سازمند / sāzmand/: صفت. ڕێخراو؛ ڕێکخراو؛ بەرهەڤ؛ پۆڕمەند؛ مریس؛ لەبار و تەکووز؛ هەڵپەڕتاو.

سازندگی / sāzandegî ، ـها/:اسم. ۱. داهێنەری؛ سازێنەری؛ بار و دۆخی سازێنەر بوون ‹من در این برنامه هیچ سازندگی نمی‌بینم: من لەم بەرنامەیەدا هیچ داهێنەریەک نابینم›

۲. ئاڤادسازی؛ ئاوەدان‌کاری؛ ئاوادکاری؛ کار یا ڕەوتی ئاوەدان‌کردنەوە ‹سازندگی کشور: ئاڤادسازی وڵات›.

سازنده / sāzande، ـگان/: *صفت*. ۱. پێکهێنەر؛ چێ‌کر؛ سازێنەر؛ داهێنەر؛ وەش‌کەر؛ خۆشکەر؛ سازکەر؛ وەدیهێن؛ بەدیهێن؛ کارساز؛ خاوەن تایبەتمەندی یان توانستی دروست‌کردن ‹نیروهای سازنده: هێزە بەدیهێنەرەکان› ۲. *[مجازی]* کارساز؛ ڕێکهێن؛ بەکەڵک؛ پڕقازانج؛ سازندە؛ وەڕێخەر؛ کارامە و بە بەستە بۆ دروست‌کردن یان دروست‌کردنەوە ‹انتقاد سازنده: ڕەخنەی ئەرێنی› ۳. *[قدیمی]* سازبەند؛ ژەنیار؛ سازلێدەر؛ سازژەن؛ سازندە؛ سازنە؛ سازوان؛ سازڤان.

سازواره / sāzvāre، ـها/: *اسم*. ئەندامەوەر؛ ژینوەر.

ساز و آواز / sāz-o-ʻāvāz/: *اسم*. *[گفتاری]* ساز و ئاواز؛ مووسیقا و گۆرانی؛ ئاوازی وێڕای ساز.

ساز و برگ / sāz-o-barg/: *اسم*. باروبنە؛ بارگە؛ بارگەوبنە؛ کەل‌وپەل؛ شت‌ومەکی پێویست بۆ کارێک ‹سازوبرگ سفر: باروبنەی سەفەر›.

ساز و دهل / sāz-o-dohol/: *اسم*. *[مجازی]* ساز و دەوڵ؛ ئەو سازە خۆماڵیانە کە لە جێژن و شاییدا باون (وەکوو زوڕنا، دەوڵ، دایرە) ‹با ساز و دهل از عروس و داماد استقبال کردند: بە ساز و دەوڵەوە پێشوازیان لە بووک و زاوا کرد›.

ساز و کار / sāz-o-kār، ـها/: *اسم*. ۱. ڕێ‌وچار؛ ڕێ‌چار؛ زانیاری یان ڕەوتێک بۆ گەیشتنە ئامانج ‹برای پیشگیری از قاچاق، سازوکار مؤثری نداریم: بۆ بەرگری لە قاچاخ، ڕێوچارێکی لێهاتوومان نیە› ۲. کار یان چالاکی ماشینی یان ماشین ئاسا ۳. میکانیزم؛ چۆناوچۆنی ڕەوتگەلی بنەمایی فیزیکی یان کیمیایی ناو دیاردەگەل کە دەبێتە هۆی زیچ، کاردانەوە یان دیاردەیەکی‌تر.

سازه / sāze، ـها/: *اسم*. ۱. *[ریاضی]* هۆکار ۲. بنەمایێکی پێکهاتوو لە هەندێک پاژگەلی پێکەولکاو بۆ کارێکی تایبەت (وەک پرد، سەکۆی زەویکۆلی و ...).

▣ مهندسی سازه ☜ **مهندسی**

ـ سازی / sāzî، ـها/: *پیواژە*. ـ سازی: ۱. کاری درووس‌کردن؛ سازکردن ‹راهسازی: ڕێسازی› ۲. کارخانە یان کارگەی بەرهەمهێن ‹کیفسازی: جانتاسازی› ۳. شوێنی چاک‌کردنەوە ‹چراغسازی: چراسازی› ٤. کار و ڕەوتی هەڵبەستن ‹سندسازی: بەڵگەسازی›.

ساس / sās، ـها؛ ـان/: *اسم*. حەمحەم؛ جووجوو؛ جوجە؛ جووجە؛ پنت؛ پند؛ چنگنە؛ سوّنی؛ ساسی؛ قرنۆ؛ تەختەبینک؛ مێروویەکی خوێن‌مژە بە جەستەی پانی ئاماڵ سوور و بۆنێکی پیسەوە.

▣ **ساس درختی**: مێش‌گەزۆ؛ کیسەڵە؛ سوون؛ جۆرێ لە مێش و مەگەز، شێلەی ڕووەک هەڵدەمژێت و زیانبەخشە.

ساسات / sāsāt، ـها/: [روسی] *اسم*. ساسات؛ سوپاپ یان ڕۆچنێک لە زارکی کاربراتوردا بۆ کەم‌کردنەوەی هەوا لە کاتی ڕۆشن‌کردنی موتۆردا.

ساسون / sāsûn, sāson، ـها/: [روسی] *اسم*. *[خیاطی]* ساسۆن؛ درزێکی سێ‌گۆشە بۆ کەم‌کردنەوەی فش‌وفۆڵی جلک.

ساطع / sāte'/: [عربی] *صفت*. *[ادبی]* تیشکدەر؛ گەشاوە؛ گەش؛ ڕووناکی‌دەر؛ ڕۆشن‌کەرەوە؛ درەوشان؛ درەوشەر.

ساطور / sātûr، ـها/: [عربی] *اسم*. جەخار؛ شەتیر؛ چزلک؛ چەپەجاخ؛ چەپەجاغ؛ ساتوور؛ ساتۆرە؛ ساتۆرە؛ ساتۆر؛ ساتۆرک؛ جۆرە کاردێکی دەم‌پان و قورس بۆ شکاندنی پێشە و قرتاندن و هەنجنینی گۆشت و سەوزی: **ساتور**

ساطوری / sātûrî/: [عربی] *صفت*. جنراو؛ هەنجراو؛ ساتووری؛ کوتراو و وردکراو بە ساتۆر: **ساتوری**

ساعات / sā'āt/: [عربی] جمعِ ☜ **ساعَت**

ساعت / sā'at/: [عربی]/اسم. کاتژمێر؛ دەمژمێر؛ گووسک؛ سەعات: ١. /ـها/ سەعاتە؛ کەرەسەیەک بۆ پێوانی زەمان و دیاریکردنی کات ٢. کاتێ کە بە هۆی ئەو کەرەسەیە پیشان دەدرێ ‹ساعت هشت است: کاتژمێر هەشتە› ٣. /ـها؛ ساعات/ یەکەی پێوانی کات کە بەو کەرەسەیە دەپێورێ، بەرانبەری ١/٢٤ شەو و رۆژ ‹قطار دو ساعت بعد حرکت می‌کند: قەتار دوو کاتژمێری تر دەڕوا› ٤. *[نجوم]* وێنەیەکی گەردوونی لە ئاسمانی لەتەگۆی باشووری لە رۆژهەڵاتی ئەستێرەی ئاخیرونەهردا.

◘ **ساعت آبی**: کاتژمێری ئاوی؛ هەر یەکە لە کەرەسەگەلی جۆراوجۆر، بریتی لە دەفرێک بە کونێکی بچووک لە ژێرەوە کە بە خاڵی یان پڕ بوونەوەی دەفرەکە تێپەڕینی کات دیاری دەکرێ: **پَنگان** *[قدیمی]*

ساعت آفتابی: کاتژمێری هەتاوی؛ پەڕەیەکی پلەکدار کە بە سەریەوە میلەیەک بە گۆشەیەکی دیاریکراوەوە دانراوە و بە دانانی لە بەرانبەر تیشکی خۆر و کورت و درێژ بوونەوەی سێبەری میلەکە کات دەزانرێ: **شاخص**

ساعت اتمی: کاتژمێری ئەتومی؛ کاتژمێری ناوکەیی؛ سەعاتێ کە بە بزواندنی ئەتوم یان مولکوول کار دەکا.

ساعت الکترونی: کاتژمێری ئەلکترۆنی؛ ساعەتێ کە بە بزواندنی ئیلێکترون کار دەکا.

ساعت برقی: کاتژمێری کارەبایی/ بەرقی؛ کاتژمێرێک کە موتورەکەی بە هۆی هێزی بەرقەوە کار دەکا. هەروەها: **ساعت باتری‌دار**

ساعت بغلی: سەعاتی باخەڵی؛ کاتژمێری باخەڵی؛ سەعات گیرفانی؛ کاتژمێری گچکەی پتر قاپ و زنجیردار کە دە باخەڵ (کەوا یان سەڵتە)دا قایم دەکرێ: **ساعت جیبی**

ساعت به ساعت: *[مجازی]* دەمبەدەم؛ دەماودەم؛ سات بە سات؛ ساتەوسات؛ پەیتا‌ـپەیتا؛ لە هەر سەعاتدا ‹ساعت به ساعت حالش بدتر می‌شد: دەمبەدەم حاڵی خراپتر دەبوو›.

ساعت جیبی ☜ **ساعت بغلی**

ساعت خودکار: کاتژمێری خۆکار؛ کاتژمێری خۆمەش؛ سەعاتێ کە پێویستی بە کۆک‌کردن نیە.

ساعت دیجیتالی: کاتژمێری دیجیتاڵی؛ کاتژمێرێک کە کات بە ژمارە پیشان دەدا: **ساعت کامپیوتری**

ساعت دیواری: کاتژمێری دیواری؛ سەعات دیواری؛ کاتژمێرێک بە پەڕەیەکی پان و گەورەوە کە بە دیواردا هەڵدەواسرێ.

ساعت رملی ☜ **ساعت شنی**

ساعت رومیزی: کاتژمێری سەرمێزی؛ سەعاتێکی پایەدار کە لە سەر مێز دادەنرێ.

ساعت شماطه‌دار: کاتژمێری زەنگی؛ کاتژمێرێک کە لە کاتی دیاریکراودا زەنگ لێ‌دەدا.

ساعت شنی: کاتژمێری ماسەیی؛ سەعات رملی؛ کاتژمێرێ کە بە پێی دارژانی زیخ لە نێوان رۆچنەی دەفرێکی شووشەئاساوە بۆ ناو دەفرێکی تری هاودەقی، زەمان دەپێوێ: **پَنگان**

ساعت فیزیولژیک: کاتژمێری فیزیولۆژیک؛ پێکهاتەیەکی تایبەت لە گیاندارانـدا کە لە کاتێکی دیاریکراوی شەو و رۆژ، دەبێتە هۆی کاردانەوەیەکی تایبەت (وەک پشکووتنی برێک گوڵ لە خۆراوا و لە خەو هەستانی مرۆ لە کاتێکی دیاریدا، ...).

ساعت کار: کاتی کار؛ کاتێ کە کەسێ یان رێکخراوەیەک لەو کاتەدا کار دەکا.

ساعت کامپیوتری ☜ **ساعت دیجیتالی**

ساعت کوارتز: کاتژمێری کوارتز؛ سەعاتێک کە بە هاتوچۆی ئیلێکترون لە نێو بلۆری کوارتزدا دەگەڕێ.

ساعت گردنی: کاتژمێری ملوانکەیی؛ سەعاتێ کە وەک ملوانکە؛ دەکرێتە ملەوە.

ساعت مچی: کاتژمێری دەستی؛ سەعات دەسی؛ کاتژمێرێ کە بە مەچەکی دەستەوە دەبەسترێ.

ساعت هفته کوک: هەفتەکۆک؛ هەفتۆک؛ سەعاتێ کە بە حەو ڕۆژ جارێ کرژ دەکرێتەوە.

ساعتساز / sā'atsāz ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. سەعاتساز؛ ئەو کەسە کاری چاکردنەوەی سەعاتە.

ساعتسازی / sā'atsāzî/: [عربی/ فارسی]/اسم. سەعاتسازی: ١. خستنەوە کاری سەعاتی لەکارکەوتوو ٢. کاری سەعاتساز ٣. /ـها/ کارگەی سەعاتسازی ٤. /ـها/ کارخانەی بەرهەم هێنانی سەعات ٥. کاری چێکرنی سەعات.

ساعت شمار / sā'atšomār/: [عربی/ فارسی]/اسم. کاتبژێر؛ کاتژمێر؛ عەقرەبەیێ بەسەر ڕووپەڕی سەعاتەوە کە سەعات بە پێی کات نیشان دەدا.

ساعت شماری / sā'atšomārî/: [عربی/ فارسی] اسم. *[مجازی]* چاوەڕوانی؛ تەمای بێهەودا.

▣ **ساعتشماری کردن:** بێئۆقرە بوون؛ چاوەڕوانی کردن؛ زۆر چاوەڕوان بوون ‹برای آمدن پسرش ساعتشماری می‌کرد: بۆ هاتنەوەی کوڕەکەی بێ ئۆقرە ببوو›.

ساعتگرد / sā'atgard/: [عربی/ فارسی] صفت. ڕاسپێچ؛ بە سووڕانەوە لە باری عەقرەبەی سەعات (لە چەپەوە بۆ ڕاست).

ـــ ساعته / sā'ate/: [عربی] پیوازه. سەعاتە: ١. سەعاتی؛ بە سەعات؛ پێوەندیدار بە ماوەی کاتی بە پێی ساعەتەوە ‹دوساعته: دووسەعاتە› ٢. بە تەمەن یان دەوام بە پێی سەعات ‹دوساعته رفت و برگشت: دووسەعاتە چوو و هاتەوە›.

ساعتی[1] / sā'atî/: [عربی] صفت. سەعاتی: ١. بە تایبەتمەندی ڕێک کردن یان بژاردن بە پێی سەعات ‹بمب ساعتی: بومبی سەعاتی› ٢. ☜ گل ساعتی، **گل**

ساعتی[2]: قید. ١. هەر سەعاتێک؛ بە سەعات؛ بە پێ یا بەرامبەری هەر کاتژمێرێک ‹ساعتی پنجاه تومان می‌گرفت: هەر سەعاتێک پەنجا تمەنی وەردەگرت› ٢. سەعاتێ؛ سەعاتێک؛ ساعەتێوە؛ کاتژمێرێک؛ لە هەر کاتژمێرێکدا ‹ساعتی یک صفحه می‌نوشت: سەعاتێک لاپەڕەیەکی دەنووسی›.

ساعد / sā'ed ، ـها/: [عربی]/اسم. مەچەک؛ زەند؛ ساکول؛ هەژگ؛ ساقۆڵ؛ باسک؛ گورمرک؛ ئەو بەشە لە دەست کە لە نێوان جومگە و ئانیشکدایە.

ساعی / sā'î/: [عربی] صفت. *[ادبی]* کۆشا؛ تێکۆشەر؛ ڕەنجدەر؛ تەقالادەر؛ هەوڵدەر ‹دانش‌آموز ساعی حتماً موفق می‌شود: قوتابی کۆشا بێگومان سەردەکەوێ›.

ساغر / sāqar ، ـها/: اسم. *[ادبی]* گیلاس؛ گیلاس؛ پیالە؛ یالە؛ جام؛ جامی شەراب؛ دەفرێ کە شەرابی پێ دەخۆنەوە.

ساغری / sāqarî/: [معرب از ترکی] ☜ چرم ساغری، **چرم**

سافتبال / sāftbāl/: [انگلیسی]/اسم. سافتباڵ؛ یاریەکی وەکوو بەیسباڵ کە لە زەوینێکی بچووکتر و بە تۆپێکی گەورەتر دەکرێ.

ساق / sāq ، ـها/: [عربی]/اسم. ١. بەلەک؛ پووز؛ پویز؛ پیز؛ پووزی؛ لەتەر؛ لینگ؛ گاللۆر؛ گیتر؛ گیتک؛ هەژگ؛ هێت؛ قاچ؛ چیم؛ زەبلک؛ پل؛ قرقرک؛ بەشێکی پێ لە نێوان قولەقاپە و ئەژنۆ: **ساق پا** ٢. *[گفتاری]* لاسک؛ لاسکە؛ ساقەتە ٣. پووزەوانە؛ مل؛ ملە؛ ئەو بەشە لە پووتین و گۆرەوا کە پووز دادەپۆشێ ٤. قۆلوانە؛ قۆلەوانە؛

بەشێک لە دەستکێش کە باسک دادەپۆشێ.

▣ **ساق پا** ☜ **ساق ـ١**

ساق دست: *[گفتاری]* باسک؛ مەچەک؛ قۆڵ؛ ساقۆڵ؛ زەند؛ نێوان جومگە و ئانیشک.

ساق عروس ☜ **ساق‌عروس**

ساق‌بلند / sāqboland /: [عربی/ فارسی] *صفت.* ملکەبەرز؛ ملکەبڵند؛ ملکەدرێژ ‹جوراب ساق‌بلند: گۆرەویی ملکەبەرز›: **ساقه بلند**. هەروەها: **ساق کوتاه**

ساق‌بند / sāqband /: [عربی/ فارسی] ☜ **ساق‌پیچ**

ساق‌پیچ / sāqpîč ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* زەرگاڵ؛ زەنگاڵ؛ بەلەک پێچ؛ ساق پێچ؛ پلپیز؛ پووزەوان؛ پووزەوانە؛ پۆزەوانە: **ساق‌بند**

ساقدست / sāqdast ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* قۆڵەوانە؛ قۆڵوانە؛ سۆرانی؛ فەقیانە؛ پۆشەنێک بۆ سەر باسک.

ساقدوش / sāqdûš ، ـها/: [ترکی/ فارسی] *اسم.* شۆشبان؛ برازاوا؛ برازاقا؛ برازەما؛ پیاوێ لە خێڵی زاوا کە لە کاتی زماوەندا لە پەنای زاوا دادەنیشێ و ڕێنوێنی دەکا.

▣ **ساقدوش عروس:** پاخەسوو؛ بەربووک؛ بەربیک؛ بەربوو؛ بەربووی؛ پاوەیوە؛ ژنێک کە دەگەڵ بووک دەکەوێ و ڕێنوێنی دەکا.

ساق‌زر / sāqzar /: [عربی/ فارسی] *صفت. [گیاه‌شناسی]* گۆچانەزێڕینە؛ گیاییکی قیت بە گەڵای درێژۆکەی وەک ڕم، گوڵی ورد و زەردەوە، ماکێکی سابوونی لێ دەردێنن کە بۆ مەبەستی بژیشکی (پاک‌کردنەوەی خوێن و دەرمانی گرفتی میز کردن) بە کار دێت.

ساق‌شلواری / sāqšalvārî ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* پاپۆشێکی ژنانەیە کە تا قولەپێ دادەپۆشێ.

ساقط / sāqet /: [عربی] *صفت.* لەکارتە؛ کەتی؛ سەقەت؛ سەکت؛ لاکەوتە؛ لاکەوتوو؛ قەرت؛ قەرەت؛ داکەوتوو؛ داکەوتە؛ ڕووخاو؛ ڕماو؛ تەپیو؛ تەپاو.

▣ **ساقط شدن:** ١. داکەوتن؛ داکەفتن؛ هاتنە خوار؛ کەفتنە خوارەوە؛ ئەرەکەوتەی؛ کەوتەیرە؛ دارمان؛ ڕمیان؛ داتەپان؛ ڕووخان؛ ئەرەتەپەی؛ تەپایرە؛ وڕەی؛ وڕای؛ ئەرەوڕەی؛ وڕایرە؛ سەقەت بوون ‹بخشی از سقف بر اثر زلزله ساقط شد: لایەک لە میچکە بە هۆی بوومەلەرزەوە داکەوت› ٢. دابڕ بوون؛ کەل بوون؛ کەوتنە لا؛ داتەکین؛ بێبەش بوون ‹از هستی ساقط شدن: لە ژین دابڕ بوون› ٣. هەڵپێچیان؛ وەلانران؛ باو نەمان؛ بێبڕ بوون؛ وەلا خران ‹دولت ساقط شد: دەوڵەت هەڵپێچرا› ٤. داکەوتن؛ کەوتەیرە؛ سەقەت بوون؛ نەمان؛ جێمان یان لەبیر چوون ‹چند کلمه از این جمله ساقط شده است: چەند وشە لەم ڕستەیە داکەوتووە› ٥. سەکتین؛ مردار بوونەوە.

ساقط کردن: داخستن؛ هەڵپێچاندن؛ لابردن؛ سەقەت کردن.

ساق‌عروس / sāq(e)'arûs /: [عربی] *اسم.* ساقەعرووس؛ جۆرەشیرنیەکی باریکی لوول‌کراو لە ئارد، هێلکە، کەرە و گوڵاو کە ناوەکەی لە شەکر و بادام ئاخنراوە و خاکەقەندی پێدا کراوە.

ساق و سالم / sāq-o-sālem /: [ترکی/ عربی] *صفت. [گفتاری]* ساغ و سەلامەت؛ ساق‌وسەلیم؛ ساغ و سلامەت؛ ساق‌وسالم: ١. زیت و زەلام؛ لەش‌ساق ‹رفتم دیدم ساق و سالم نشسته است: ڕۆیشتم دیتم ساغ و سەلامەت دانیشتووە› ٢. بێخەوش؛ بێکەم و کووڕی ‹من ظرفها را ساق و سالم تحویلت دادم: من دەفرەکانم ساق و سەلیم پێ دای›.

ساقه / sāqe ، ـها/: [عربی] *اسم.* لاسک؛ نێرتک؛ نێرک؛ لاچک؛ قاسک؛ چڵ؛ قل؛ تل؛ قلەگیا؛ ساقەتە؛ قەد؛ قەف؛ قەسەڵ: ١. تەوەرەی سەرەکی بە هەوادا هەڵچووی گیاگەلی ئاوخۆرەیی ئاوەندی کە گەڵا و چووزە و

ئەندامانی زا و زێی (گوڵ) هەڵدەگرێ ٢. هەر پێکهاتەیەکی لاسکئاسا ‹ساقەی مغز: لاسکی مەژی›.

▣ ساقەی بالاروندە: لاسکی هەڵچۆ؛ لاسکی پێهەڵگەڕ؛ لاسکی نەرم و لاواز کە بە شتێکدا هەڵدەچێ (وەک لاسکی مێو): **ساقەی روندە**

ساقەی پیچندە: لاسکی هەڵپێچ؛ لاسکێ کە لە هەڵچووندا، بە دەوری گیا و داریتردا دەئاڵێ (وەکوو لاسکی لیلووپەڕ).

ساقەی خزندە: تەرزکێش؛ لاسکی خزۆک؛ تەرز؛ قەدی خشۆک؛ لاسکی هەندێ لە رووەکان کە بە سەر خاکدا دەکشێ و لاسکێ نوێ هەڵدەدا (وەکوو لاسکی تووە فەرەنگی).

ساقەی روندە ☜ **ساقەی بالاروندە**

ساقەی زیرزمینی: لاسکی بنبوومی؛ لاسکی ژێرزەوی؛ لاسکێ کە بە بن زەویدا دەڕوا و بەبێ تاوی خۆر گەشە دەکا.

ساقەی غدّەای: لاسکی سەلکی؛ لاسکە پیازۆکە؛ لاسکی ژێرزەوینی کە وەک لک هەڵدەماسێ (وەک لاسکی سێبنەرد).

ساقەی غلّە: کلۆش؛ کورۆش؛ کولەش؛ قەرەش؛ پیزڵ؛ سەریت؛ قرچە؛ قەزەب؛ لاسکی خەلە.

ساقەی کاوک: پیک؛ قاقۆ؛ قەڵەتوورک؛ قالۆرە؛ قالۆر؛ لاسکی کلۆری گیا.

ساقەی گوشتی: لاسکی گۆشتی؛ لاسکی هەڵچۆی ئەستوور و ئاودار کە لە برێ جۆردا گەڵاکانی بۆتە دڕوو (وەک لاسکی کاکتووس).

ساقەی ماشورەای: لاسکی پیک؛ لاسکی گرێ‐گرێ و هلۆل (وەک گەنم): **ماشورە**

ساقەی مغز: لاسکی مەژی؛ ساقەتەی مێشک.

ساقەی هوایی: لاسکی هەوایی؛ لاسکی هەڵچۆ؛ لاسکێ کە لە دەرەوەی خاک و بە کەڵک وەرگرتن لە تیشکی هەتاو گەشە دەکا.

ساقە آغوش / sāqe'āqûš/: [عربی/ فارسی]/اسم. گەڵاگەلێ کە ڕاستەوخۆ بە لاسکەوە لکاون.

ساقەبلند / sāqeboland/: [عربی/ فارسی] ☜ **ساق‌بلند**

ساقەپر / sāqepar/: [عربی/ فارسی]/اسم. قەدی پەڕ؛ لاسکی پەڕ؛ قەڵەمی پەڕ؛ بەشی بنەوەی پەڕی باڵندە.

ساقە چە / sāqeče/: [عربی/ فارسی]/اسم. چووزە؛ تووزە؛ چووزەرە؛ چوێزەرە؛ چوویزەرە؛ چووزەڵە؛ تووز؛ تووزرە؛ چەکەرە؛ چەقەرە؛ چووقرە؛ لاسکی سەرەتایی و ناسکی گیا کە ساقەتەی سەرەکی لێ ئەڕوێ.

ساقی / sāqî، ـها؛ ـان/: [عربی]/اسم. [ادبی] مەیگێڕ؛ مەیگەر؛ ساقی؛ کەسێ کە شەراب لە ناو شەراوخۆراندا دەگەڕێنێ.

ساقیگری / sāqîgarî/: [عربی/ فارسی]/اسم. ساقیگەری؛ بادەگێڕی؛ کاری مەیگێڕی.

ساقینامە / sāqînāme، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. [ادبی] ساقینامە؛ مەسنەویەک لە بەحری موتەقاریبدا کە تێیدا شاعیر رووی قسەی لە مەیگێڕە و بە مەراش و بەلاش زانینی دنیا، هانی دەدا بادەکەی بگێڕێ.

ساک / sāk، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ١. ساک؛ چیمانی؛ چەنتە؛ چەنتک؛ هەگبە؛ جانتا؛ چەنتەی سەفەر؛ کەرەسەیێکی وەک کیسە و بەندار، زۆرتر لە چەرم، پلاستیک یان برێزێنت کە تێشوو و کەلوپەلی پێویستی تێدەنێن و بە دەست هەڵیدەگرن ‹ساک را با خودت بیاور: ساکەکە لەگەڵ خۆت بێنە› ٢. **آش ساک، آش**

▣ **ساک بچّە**: جانتای ساوا؛ ساکی ساوا؛ جۆرێک لانک، لە بیچمی جانتا، بۆ هەڵگرتنی منداڵی ساوا.

ساکارات / sākārāt/: [فرانسوی]/اسم. [شیمی] ساکارات؛ ئاوێتەیەک لە ساکارید و ژەنگێکی کانزایی.

ساکارز / sākāroz/: [فرانسوی] /اسم. [شیمی] ساکاروز؛ شەکری چەوەندەر و قامیشی شەکر؛ قەنێکی بلۆرێنی بێڕەنگ و شیرینە کە لە ئاو و هێندێک ئەلکولدا دەتوێتەوە و لە شیرین‌کردنی چێشت و دەرمانسازی و چێ‌کردنی تەقەمەنیدا بە کەڵک دێ.

ساکارومیست / sākāromîst ، ـها/: [فرانسوی] اسم. [زیست‌شناسی] ساکارومیست؛ ڕەگەزێ لە کارگی کیسەیی (ئاسکویت)، کە لە هەویرترشی نان و هەوێنی شەراودا وەکوو ترشێنەر بە کار دێ.

ساکارید / sākārîd/: [فرانسوی] /اسم. [شیمی] لێکدراوی بازێکی ئالی و قەن (وەک کازئین ساکارید).

ساکارین / sākārîn/: [فرانسوی] /اسم. [شیمی] ماکێکی سپی بلوورین کە لە ئاودا دەتوێتەوە و ٤٠٠ ئەوندەی شەکر شیرینە و لە جێی شەکر بە کار دەبرێ: **ساخارین**

ساکت / sāket/: صفت. ١. بێ‌دەنگ؛ کپ؛ کش؛ خپ؛ مات؛ کژ و مات؛ قەرەقپ؛ بێ‌هەرا؛ نەملچ؛ کڕ؛ نووژ؛ وست؛ وس؛ بێ‌دەنگ و دۆ ‹ساکت باش و دیگر حرف نزن!: بێ‌دەنگ بە و چیدی قسە مەکە!› ٢. هێور؛ ئارام؛ دامرکاو؛ هێدی؛ هێمن ‹درد ساکت شد: ئێشەکە هێور بووەوە›. هەروەها: **ساکت بودن؛ ساکت‌شدن؛ ساکت کردن**

ساکسوفن / sāksofon ، ـها/: [فرانسوی] /اسم. ساکسیفون؛ سازێکی بازەنی وەک سوڕنایە کە بە دوگمەکانی نۆتگەلی موسیقا دەژەنرێ: **ساکسیفون**

ساکسیفون / sāksîfon/: [از فرانسوی] ☜ **ساکسۆفون**

ساکن / sāken/: [عربی] صفت. ١. /ان؛ ـین؛ سَکَنه/ دانیشتوو؛ ئادار؛ نیشتەجێ ‹ساکن سنندج: دانیشتووی سنە› ٢. مەند؛ مەن؛ نەجم؛ نەجووڵ؛ بێ‌خوست؛ نەبزۆک. هەروەها: **ساکن بودن؛ ساکن شدن؛ ساکن کردن**

ساکول / sākûl ، ـها/: [؟] /اسم. [کالبدشناسی] ساکوول؛ یەکێ لە دوو کیسەی پێکەوەلکاوی گوێی ناوین (ئەوی‌تریان ئەتریکوول) کە سەرچاوەی ئەندامی بیستنە.

ساکی / sākî/: [انگلیسی از ژاپنی] /اسم. ساکی؛ ناوی خواردنەوەی ئەلکولی ژاپونە کە لە گەڕانەوەی ئارەقی برنج بە دەست دێ: **عرق برنج**

سال[1] / sāl ، ـها؛ ـیان/: /اسم. ساڵ؛ ساڵە: ١. یەکەی پێوانی زەمان بەرانبەر بە سووڕێکی زەوی بە دەوری خۆردا، کە بریتیە لە سێسەد و شەست و پێنج شەو و ڕۆژ و نزیک پێنج ساعەت و چل و نۆ خولەک (ساڵی هەتاوی) ٢. یەکەی پێوانی زەمان بەرانبەر دوازدەجار خولی مانگ بە دەوری زەویدا، کە بریتیە لە سێسەد و پەنجا و چوار ڕۆژ (ساڵی مانگی) ٣. تەمەن؛ یەکەی پێوانی ژیانی کەسێ یان شتێک ‹چند سال دارید؟: چەند ساڵتانە؟› ٤. بەروار؛ مێژوو؛ زەمانی ڕووداوێک بە پێی سەرەتایەکی مێژوو ‹انقلاب مشروطه در سال ١٣٢۴ قمری روی داد: ڕاپەڕینی مەشرووتە لە ساڵی ١٣٢٤ی مانگیدا رووی دا› ٥. خولێکی چالاکی دامەزراوەیەک لە درێژایی ساڵێکدا ‹سال تحصیلی: ساڵی خوێندن› ٦. پۆل؛ پلەک یان پایەی قوتابی یان خوێندکار لە دامەزراوەیەکی فێرکاریدا ‹سال اول فلسفه: ساڵی هەوەڵی فەلسەفە› ٧. سەرجەمی ژمارەگەلی گۆڤار یان ڕۆژنامەیەک لە ماوەی ساڵێکدا ٨. [مجازی] ساڵڕۆژ؛ ساڵهات؛ ساڵەهات؛ ڕۆژێ کە یەک یان چەند ساڵێ لەوەپێش ڕووداوێکی تێدا ڕووی داوە ‹فردا سال پدرمان است: بەیانی ساڵی بابمانە›.

◙ **سال اعتدالی** ☜ **سال خورشیدی/ شمسی**

سال به دوازده ماه: ساڵی دوازدەماه ☜ **ساڵی**

سال به سال: ساڵ‌بەساڵ؛ ساڵ‌وەساڵ؛

ساڵەوساڵ؛ ساڵ لەبەر ساڵ؛ ساڵ لە دوای یەک؛ هەرساڵ؛ هەمووساڵێ؛ هەر چی ساڵە ‹سال‌به‌سال حالش بهتر می‌شد: ساڵ‌بەساڵ حاڵی باشتر دەبوو›.

سال تا سال: ساڵ بۆ ساڵ؛ ساڵ تا ساڵ؛ ساڵ هەتا ساڵ؛ ساڵەوساڵ؛ لەماوەی ساڵدا؛ ئەم ساڵ بۆ ئەو ساڵ ‹سال‌تاسال رنگ حمام را نمی‌بیند: ساڵ بۆ ساڵ چاوی بە گەرماو ناکەوێ›.

سال تحصیلی: ساڵی خوێندن؛ ماوەیەک (بەرامبەری ۹ مانگ) لە ساڵدا کە دەزگایەکی فێریاری کار دەکا.

سال جاری: ئەوساڵ؛ ئیمساڵ؛ ئەمساڵ؛ ئەڤساڵ؛ ئێساڵ.

سال خورشیدی/ شمسی: ساڵی هەتاوی؛ ساڵی ڕۆژی؛ مەودای دووبگاری ڕواڵەتی لەشوێنیەکی خۆر لە خاڵی بەهاریەوە (بەرانبەری ۳٦٥ ڕۆژ و ٥ سەعات و ٤٨ خولەک و ٤٦ چرکە): **سال اعتدالی**

سال قمری: ساڵی مانگی؛ ساڵی هەیڤی؛ مەودای زەمانی دوازدە جار گەڕانی دوا بە دوای مانگ بە دەوری زەویدا (نزیک بە ۳٥٤ ڕۆژ).

سال کبیسه: ساڵی کەبیسە؛ ساڵی پڕ؛ ساڵێ کە ڕەشەمەی سی‌ڕۆژ بێ؛ ساڵی ۳٦٦ ڕۆژە.

سال مالی: ساڵی ماڵی؛ دوازدە مانگی پەساپەس لە سەرەتایەکی دڵخوازەوە کە بۆ خولێکی حیسابداری ڕەچاو دەکرێ.

سال میلادی: ساڵی زایینی؛ ساڵی هەتاوی کە لە سەرەتای ژانویەوە (۱۱ی بەفرانبار) دەست پێدەکات.

سال نجومی: ساڵی ئەستێرەیی؛ مەودای زەمانی دوو بواری دوا بە دوای زەوین لە شوێنێکی گریمانەیی دیاریکراو لە ئاسماندا (بەرانبەر بە ۳٦٥ ڕۆژ، ٦ ساعەت، ۹ خولەک و ۱٥ چرکە).

سال نوری: ساڵی نووری؛ مەودایەک کە نوور لە ماوەی یەکساڵدا دەیپێوێ (مەودایەکی یەکجار درێژ بەرامبەر بە $9{,}461 \times 10^{12}$ کیلۆمیتر).

سالهای سال: ساڵانی ساڵ؛ چەنای چەن‌ساڵ؛ ساڵەهای‌ساڵ؛ زۆرساڵان؛ ساڵانی زۆر؛ ساڵهاتی ساڵ؛ ماوەیەکی درێژ ‹سالهای سال است که به آنجا نرفته‌ام: ساڵانی ساڵە نەچوومەتە ئەوێ›.

سال هجری خورشیدی: ساڵی کۆچی‌هەتاوی؛ ساڵی ئێرانی کە ڕۆژی ئەوەڵی نەورۆز (خاکەلێوە) دەس پێدەکا.

سال هجری قمری: ساڵی کۆچی‌مانگی؛ ساڵی هەیڤی ئیسلامی کە لە هەوەڵی موحەڕڕەمەوە دەس پێدەکات.

▣ **سال کسی بودن:** *[مجازی]* ساڵی کەسێک بوون؛ ساڵهاتی مەرگی کەسێک بوون؛ ساڵڕۆژی مردنی کەسێ بوون.

سال کسی را گرفتن: *[مجازی]* ساڵ نیان بۆ کەسێک؛ ساڵ بۆ کەسێ گرتن؛ گرتنی ساڵڕۆژی مردنی کەسێک.

ـ سال[2]: *پیواژە.* ـ ساڵ: ۱. بە تایبەتمەندی تەمەنێکی دیاریکراو ‹بزرگسال: گەورەساڵ› ۲. ساڵێک بە تایبەتمەندییەکی دیارەوە‹آبسال: تەڕەساڵ›.

سالاد / sālād ، ـها/: [فرانسوی]*اسم.* سالاد؛ زەڵاتە؛ سلپاتە؛ ئاوێتەیەک لە سەوزی، دانەوێڵە، گۆشت یان هێلکە و ... کە بە ساردی و وێرای خواردەمەنی‌تر دەخورێ.

▣ **سالاد الویه:** سالادی ئولوڤیە؛ زەڵاتەیێ کە لە سێفەزەمینە، هێلکەی کوڵاو، گۆشتی مریشک، گێزەر، نۆکەفەرەنگی و خەیارشۆری وردکراو و سۆسی تایبەت دروست دەکرێ.

سالاد فصل: سالادی وەرز؛ زەڵاتەی وەرزی؛ تێکەڵاوێ لە سەوزی و مایەی سالادی

شیاوی وەرز.

سالادخوری / sālādxorî ، ـها/: [فرانسوی/ فارسی] /اسم. سالادخۆری؛ دەفری تایبەتی زەلاتە دانان لە سەر سفرە.

سالادی / sālādî/: [فرانسوی] صفت. زەلاتـەیی؛ سالادی؛ شیاو بۆ کردنـە زەلاتـە ‹خیار سالادی: خەیاری زەلاتەیی›.

سالار[1] / sālār ، ـها؛ ـان/: اسم. [ادبی] سـەرۆک؛ سەردار؛ سـەرکردە؛ سـالار؛ یـەکمان؛ گـەورەی کۆمەڵ ‹سالار لشکر: سەرۆکی لەشکەر›.

سالار[2]: صفت. مەزن؛ مازن؛ میر؛ سـالار؛ خـاوەن خو و خدەی بەرز و هەڤیاز ‹مرد سالاری است: پیاوێکی مەزنە›.

سالاری / sālārî/: اسم. سـالاری؛ سـەرۆکایەتی؛ سەرکردەیی؛ میری؛ مەزنی ‹اشراف سالاری: خان سالاری›.

سالامبور / sālāmbor/: [؟] اسم. سـالامبور؛ پێستەی هەڵاڵدراوی چوارپێیان کـە کولـک و چەوری لێ سڕاوەتەوە و ئامادەی دەباغیە.

سالانه[1] / sālāne/: صفت. سالیانە؛ سالانە؛ سالین؛ سالکی: ١. پێوەندیدار و بەندیوار بـە سالـێکەوە ‹محصول سالانە: بەرهەمی سالیانە› ٢. پێوەندیـدار و بەنـدیوار بـە سالـەوە ‹رویـدادهای سـالانە: ڕووداوگەلی سالیانە› ❋ **سالیانه**

سالانه[2]: قید. سالێ؛ سالێک؛ لەسالدا؛ سالانە؛ لـە سالێونە؛ لە ماوەی سالێکدا ‹سالانە چهار بـار بـە اروپا مـی‌رود: سالـێ چـوار جـار دەچێتـە ئورووپـا›: **سالیانه**

سال تحویـل / sāltahvîl/: [فارسـی/ عربـی] ☜ تحویلِ سال، **تحویل**

سالخورده / sālxorde ، ـها؛ ـگان/: صفت. [مجازی] بە ساڵداچوو؛ بە تەمەن؛ بـە سـاڵاچوو؛ ساڵـدار؛ دانساڵ: ١. [ادبی] کۆن؛ کەون؛ کەڤـنار؛ کـەونار؛ کۆنەسـاڵ؛ پـیر؛ پـیرۆک؛ پـیرەک؛ مێـر؛ میـرِ؛ قـەدیمی؛ گـەورە؛ تەمـەن ڕۆیـشتوو؛ خـاوەن تەمەنی زۆر ‹درخت سالخوردە: داری بە ساڵدا چوو›

٢. کاڵ (بۆ پیاو)؛ سـالبۆری؛ کۆنسـاڵ؛ ڕەنـدۆڵ؛ ئیختیار؛ زۆرهان؛ خاوەن تەمـەنی لـە ٦٠ سـاڵ بەرەو سەر (لە مرۆڤدا) ‹مرد سـالخوردە: پیـاوی بـە ساڵدا جوو›. هەروەها: **سالخوردگی**

سالدات / sāldāt ، ـها/: [روسـی از ایتالیـایی] /اسم. سالدات؛ سەربازی ڕووس.

سـالروز / sālrûz/: اسـم. سالـڕۆژ؛ سالـەهات؛ سالهات؛ ڕۆژێ کە یەک یان چەند سالی پـێش ڕووداوێکی تێدا ڕووی داوە ‹سالروز تولد: سالـڕۆژی لە دایک بوون›.

سالشمار / sālšomār/: اسم. سالژمێـر؛ سالـبژێر؛ ئـەوەی (بەتایبـەت نووسـراوە) کـە لەمـەڕ ڕووداوگـەلێکی هەڵـبژێردراو لـە هـەر سالـدا ئاگاداری دەدا ‹سالشمار زندگی دهخدا: سـالژمێـری ژیانی دیهخودا›.

سالشماری / sālšomārî/ ☜ **تقویم ـ٢**

سالک / sālak/: اسم. ١. نەخۆشـینێکی پێستی بە شێوەی زامێکی گـەورەی چـلکین لـە سـەر دەموچاو، کـە بـە هـۆی پێـوەدانی مێـشوولەی خاکی تووشی مرۆ دەبێ ٢. شوێنی ئەو زامە.

سالک / sālek ، ـان/: [عربی] /اسم. [ادبی] ١. ڕێـڕۆ؛ ڕێڕەو؛ ڕێوەند؛ ڕێڤنگ؛ ڕێڤنگی؛ ئەوەی ڕێیـەک دەگرێتە بەر، بەتایبـەت ئـەوی لـە کـەس یـان ئارمانێک پەیڕەوی دەکا ٢. [تصوف] ئەو کەسەی پلەکانی عیرفانی بە ڕێنوێنی پیرێک دەپێوێ.

سـالگرد / sālgard/: اسـم. سالـەهات؛ سالـهات؛ سالوەگەڕ؛ سالبڕ؛ سالڤەگەڕ؛ زەمانێ کـە یـەک یان چەند ساڵ لە ڕووداوێک تێپـەڕیوە ‹سـالگرد مرگ پدربزرگ: سالوەگەڕی مەرگی باپیر›.

سـالم / sālem/: [عربـی] صفـت. ١. سـاق؛ سـاخ؛ ساغ؛ سالم؛ وەش؛ واش؛ سـلامەت؛ تەنـدرووس ‹انسان سالم: مرۆی ساق› ٢. خاوێن؛ پـاک؛ پـاکژ؛ پاقژ؛ بژون؛ دوور لە پیسی و خراپـی ‹آب سـالم: ئاوی خاوێن› ٣. [مجازی] پـاک؛ خـاوەن ئاکـاری

چاک و گونجاو ‹جوان سالم است: لاوێکی پاک›.

سالم‌سازی / sālemsāzî/: [عربی/ فارسی]/اسم. پاکژکاری؛ کار و ڕەوتی پاکژکردنەوە؛ خاوێن کردنەوە؛ لە بەین بردنی ئەو هۆیانەی کە نەخۆشی ساز دەکەن ‹سالم‌سازی آب: پاکژکاری ئاو›.

سالمند / sālmand، ـها؛ ـان/: صفت. ۱. زۆرهان؛ کۆنەسال؛ به سالداچوو؛ دانسال ۲. پیر؛ خاوەن تەمەنی ۵۰ تا ۶۰ سال (له مرۆدا).

سالمندسالاری / sālmandsālārî/: اسم. پیرمەزنی؛ پیرسالاری؛ سیستەمێکی کۆمەلایەتی- ڕامیاری یان کارگێڕی کە لە لایەن پیر و کالانەوە بە ڕێوە دەبرێ.

سالمندشناسی / sālmandšenāsî/: اسم. پیرناسی؛ لقێک لە زانستی بژیشکی سەبارەت بە پێکهاتنی نەخۆشینگەلی پیران و ڕێگەی چارەسەرکردنیان و چۆنیەتی خواردن و پاراستنیان: **پیری‌شناسی**

سالن / sālon ، ـها/: [فرانسوی از ایتالیایی]/اسم. سالۆن؛ تالار؛ هۆل؛ هۆدەی گەورە؛ دیوێ کە زۆر کەس دەدیرێ.

◙ سالن ترانزیت تالارێ کە مسافرانی دەرەوەی تێدا چاوەڕێی سواربوونی کەرەسەی ڕاگوێزانی‌تر دەبن.

سالنامه / sālnāme ، ـها/: اسم. سالنامە: ۱. سالنما؛ کتێبێ کە ڕووداوی سالێکی تێدا دەنووسرێ ۲. گۆڤارێ کە سالێ جارێک بلاو دەکرێتەوە.

سالنما / sālnemā/ ☜ **تقویم ـ۱**

سالوس[1] / sālûs/: اسم. [ادبی] ۱. فێلبازی؛ گزیکاری؛ گزەونی؛ گزەدەری؛ سالۆزی؛ سالۆسی؛ هەنگ؛ فرت و فێل؛ فاک و فیک؛ خاپینۆکی؛ خاپێنی ۲. ماستاوکەری؛ زمانبازی؛ خولتەکەری؛ زمانلووسی ❋ **سالوسی**

سالوس[2] / ـان/: صفت. [ادبی] ۱. فێلباز؛ گزیکار؛ گزەون؛ گزەدەر؛ سالۆز؛ سالۆس؛ خاپینۆک؛ خاپێن ۲. ماستاوکەر؛ زمانباز؛ خولتەکەر؛ زمانلووس.

سالوسی / sālûsî/ ☜ **سالوس**[1]

ـ ساله / sāle/: پیوَژه. ـ سالان؛ ـ سالە؛ ـ سال؛ ـ سالێ (بۆ مێ): ۱. پێوەندیدار بە ئەژماری سالگەل؛ پێوەندیدار به مەودایەکی زەمانی بە پێی سال ‹دەساله: دەسالان› ۲. خاوەن تەمەن یان عومر بە پێی سال ‹مرد چهل‌ساله؛ شهر هزارساله: پیاوی چل‌سالان؛ شاری هەزارساله›.

سالی / sālî/: قید. سالێک؛ سالێ؛ سالێوە؛ سالیە؛ یێ‌سال: ۱. بە پێی سال ‹هزینه‌ی نگهداری آنجا سالی چند هزار تومان بیشتر نبود: خەرجی نواداری ئەوێ سالیک چەند هەزار تمەن زۆرتر نەبوو› ۲. لە درێژایی هەر سالدا ‹کارگران سالی یک ماه مرخصی دارند: کرێکاران سالی مانگێ پشوویان هەیە›.

◙ **سالی دوازده ماه**: سال دوازده مانگ؛ دوانزەمانگەی خوا؛ سەرانسەر سال؛ تەواوی سال: **سال به دوازده ماه**

سالیان / sāliyān/: جمعِ ☜ **سال**

◙ **سالیان سال**: چەنای چەن‌سال؛ سالانی سال؛ سالیانی سال؛ سالەهای سال؛ سالانی ڕەبەق؛ سالەهای سال ‹سالیان‌سال بود که از او خبری نداشت: چەنای چەن‌سال بوو کە لێی بێ‌خەبەر بوو›.

سالیانه / sāliyāne/ ☜ **سالانه**

سالیسیلات / sālîsîlāt/: [فرانسوی]/اسم. [شیمی] سالیسیلات؛ خوێی ئەسید سالیسیلات.

سام / sām/ ☜ باد سام، **باد**

ساماریم / sāmār(i)yom/: [فرانسوی]/اسم. ساماریوم؛ توخمێکی کیمیایی کانزایی لە دەستەی لانتانیدەکان بە ژمارەی ئەتۆمی ۶۲ و کێشی ئەتۆمی ۱۵۰٫٤، خۆلەمێشی و بە خوێگەلی سەوز و چێرەییەوە کە لە

دروست‌کردنی شووشه‌ی چاویلکه‌دا که‌ڵکی لێ ده‌گرن.

سامان / sāmān/: /اسم. ١. سامان؛ ڕێک‌وپێکی؛ ته‌کووزی ٢. سه‌رزه‌وین؛ مه‌ڵبه‌ند؛ شوێن؛ ناوان؛ به‌ر و بووم ٣. بژیوی؛ که‌ل‌وپه‌لی ژیان ٤. *[قدیمی]* شۆ؛ ئه‌ندازه؛ گۆره‌با ٥. *[قدیمی]* توان؛ هێز؛ هاز؛ هازی. هه‌روه‌ها: **سامان دادن؛ سامان گرفتن؛ سامان یافتن**

ساماندهی / sāmāndehî/: /اسم. سامانده‌ری؛ کار یان ڕه‌وتی ڕێک‌وپێک‌کردن؛ ته‌کووزکردن؛ هه‌ڵپه‌ڕتاوتن؛ سامان دان؛ پۆڕکردن؛ پۆڕاندن ‹ساماندهی اقتصاد: سامانده‌ری ئابووری›.

سامانمند / sāmānmand/: *صفت*. دروست؛ سامانمه‌ند: ١. به ڕێک‌وپێکی ‹برای اداره‌ی کارخانه از روشهای سامانمند بهره می‌گرفت: بۆ به‌ڕێوه‌بردنی کارخانه له شێوه‌گه‌لی دروست که‌ڵکی وه‌رده‌گرت› ٢. ڕێک‌وپێک؛ به سامان؛ ته‌کووز؛ به شێوه‌یه‌کی دروست و شیاو ‹کارخانه دارای وضع سامانمندی است: کارخانه بارودۆخێکی ڕێک‌وپێکی هه‌یه›.

سامانه / sāmāne ، ـها/: /اسم. دوزه‌نه؛ سیسته‌م.

سامبا / sāmbā/: [فرانسوی از پرتغالی]/اسم. *[قدیمی]* سامبا؛ سه‌مایه‌کی کۆنی برزیلی که توند و پرجم‌وجووله و له سه‌ماکانی باوی ئه‌فریقا ده‌چێ.

سامعه / sāme'e/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* ژنه‌وایی؛ شنه‌وایی ‹حس سامعه: هه‌ستی ژنه‌وایی›.

سامی / sāmî ، ـها؛ ـان/: /اسم. سامی: ١. به‌شێکی گه‌وره له مه‌ردمی سپی پێست، برێتی له عه‌ره‌ب، جووله‌که، ئاشۆریان، ئاکه‌دیگه‌لی کۆن، که‌نعانیان و به‌شێ له خه‌ڵکی حه‌به‌شه ٢. لقێک له‌و زمانانه که پێکه‌وه نزیکن، وه‌کوو عه‌ره‌بی، عیبری، ئاشۆری و حه‌به‌شی.

ساموراِئی / sāmûrā'î/: [فرانسوی/ انگلیسی از ژاپنی]/اسم. ساموورایی: ١. چینێک له ئاغه‌واتی شه‌ڕکه‌ر له ژاپونی سه‌رده‌می ده‌ره‌به‌گایه‌تیدا ٢. /ـها؛ ـان/ هه‌ر یه‌که له که‌سانی ئه‌و چینه.

سان[1] / sān/: /اسم. سان: ١. ڕێ‌وڕه‌سمێ که تێیدا که‌سانی کۆمه‌ڵه‌یه‌ک (زۆرتر) چه‌کداری، به ڕیز و ته‌کووز ڕاده‌وه‌ستن هه‌تا سه‌رکرده یان بالاده‌ستێک له به‌رده‌میاندا تێپه‌ڕێ ٢. هۆزی ڕه‌ش‌پێستی باشووری ئه‌فریقا (زۆرتر دانیشتووی بووتسوانا) ٣. هه‌سان؛ به‌رده‌سان؛ کارتیک؛ به‌راق؛ به‌رده‌لووسی کارد، شیر و ئه‌وانه تیژ کردن ٤. *[قدیمی]* پشک؛ باهر؛ به‌ش؛ به‌شه؛ گیهه‌ڤ؛ گوێچ.

▣ **سان دیدن**: سان دیتن؛ به‌شداری‌کردن ده ڕێ‌وڕه‌سمی ساندا، بیستنی گوزارشتی سه‌رکرده و تێپه‌ڕین له به‌رانبه‌ر که‌سانێکه‌وه که له سه‌ر هه‌ست ڕاوه‌ستاون.

ـ سان[2]: *پسوند*. ـ ئاسا؛ ـ سان؛ ـ گۆر؛ چه‌شن ‹کشسان؛ یکسان: کێش‌ناسا؛ یه‌کسان›.

ساناتوریم / sānātoryom ، ـها/: [؟]/اسم. حه‌سانگه؛ هه‌سانگه؛ جێ حه‌وانه‌وه.

سانترالیسم / sāntrālîsm/: [فرانسوی]/اسم. *[سیاست]* ناوه‌ندوازی؛ ناوه‌ندخوازی؛ بڕوا به پێویست بوونی ناوه‌ندی بڕیاردان و به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی و فه‌رمانبه‌رداری له‌و ناوه‌نده.

▣ **سانترالیسم دمکراتیک**: ناوه‌ندخوازی/ ناوه‌ندوازی دیموکراتیک؛ باوڕ به ناوه‌ندێک که ئه‌ندامانی به ڕاپرسی ئازادانه هه‌ڵبژێردرێن و به شێوه‌ی دیموکراتێک بجووڵێنه‌وه.

سانتریفوژ / sānt(e)rîfûj/: [فرانسوی]/اسم. سانتریفووژ؛ سانتریفیووژ؛ که‌رسته‌ی جیا کردنه‌وه‌ی ته‌نگه‌لی جۆراوجۆر به قورسی جیاوازه‌وه، گرتنی ئاو، ته‌ڕایی یان هه‌ڵمی ماکێک به شێوه‌ی سووڕدانی زۆر به قه‌وه‌ت ٢. جیاکردنه‌وه یان ئاوگرتن به‌و که‌رسته‌یه.

سانتیگراد / sāntîg(e)rād/: [فرانسوی] ☜ درجه‌ی صدبخشی، **درجه**

سانتیگرم / sāntîg(e)ram/: [فرانسوی]/اسم.

سانتیگرەم؛ یەکەی کێشان بەرامبەر بە ۰٫۰۱ گرەم.

سانتی‌لیتر / sāntîlîtr/: [فرانسوی]/اسم. سانتی‌لیتر؛ یەکەی بارستی تراو بەرامبەر بە ۰٫۰۱ لیتر.

سانتیم / sāntîm/: [فرانسوی]/اسم. سانتیم؛ سەدیەکێکی فرانک (پارەی پێشووی فەرانسە و هەندێ لە ولاتانی‌تر) و یورۆ (پارەی ئێستاکەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئورووپا).

سانتیمانتال / sāntîmāntāl/: [فرانسوی] صفت. ۱. هەستۆک؛ پڕهەست؛ تیژهەست؛ خوێنگەرم ۲. *[گفتاری]* تەڕپۆش؛ لەڤەند؛ ڕازاوە؛ خوشیک؛ وەش‌دوخت ‹یک دختر سانتیمانتال در را به رویم باز کرد: کچێکی تەڕپوش دەرگای بەڕوومدا کردەوە›.

سانتیمتر / sāntîmetr/: [فرانسوی]/اسم. سانتیمتر؛ یەکەی پێوانی درێژایی بەرامبەر بە ۰٫۰۱ میتر.

▣ **سانتیمتر مربع**: سانتیمتری چوارگۆشە/ چوارگۆش؛ یەکەی رووبەر بەرامبەر بە ۰٫۰۰۰۱میتری چوارگۆشە.

سانتیمتر مکعب: سانتیمتری چوارپالوو/ چوارپال؛ یەکەی بارست بەرامبەر بە ۰٫۰۰۰۰۰۱ میتری چوارپالوو.

سانحه / sānehe ، ـها؛ سوانح/: [عربی]/اسم. کارەسات؛ کەت؛ ڕووداوی لەپڕ و ناخۆش ‹در یک سانحەی هوایی چند نفر کشته شدند: لە کارەساتێکی هەواییدا چەند کەس کوژران›.

ساندویچ / sāndevîč ، ـها/: [انگلیسی]/اسم. نەواڵە؛ بابۆڵە؛ باڵۆڵە؛ لەفە؛ لەففە؛ قەپاڵە؛ قەباڵە؛ قەواڵە؛ باسترمە؛ کادک؛ دورووم؛ دورمە؛ لۆت؛ هۆچ؛ ساندویچ؛ تیکە پێخۆری بە نان پێچراو ‹دو تا ساندویچ مرغ بخر: دوو نەواڵەی مریشک بکڕە›.

ساندویچی[1] / sāndevîčî ، ـها/: [انگلیسی]/اسم. ۱. نەواڵەیی؛ نەواڵەفرۆش؛ بابۆڵەفرۆش؛ ساندویچی ‹برو به ساندویچی بگو، پنج‌تا ساندویچ مرغ بگیرد: بڕۆ بە نەواڵەفروش بلێ پێنج‌دانە نەواڵەی مریشکمان بۆ سازبکا› ۲. دووکانێ کە ساندویچی تێدا دەفرۆشن.

ساندویچی[2]: صفت. بابۆڵە؛ نەواڵەیی ‹نان ساندویچی: نانی بابۆڵە›.

سانسکریت / sānsk(e)rît/: اسم. سانسکریت؛ سەنسکریت؛ لە زمانە هیندو-ئێرانیەکان؛ زمانی کەونارای گەلی ئاریایی هیند.

سانسور / sānsor ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. سانسۆڕ؛ پشکاندنی ڕۆژنامە، گۆڤار، فیلم، شانۆنامە و هەمووجۆرە بلاڤۆکێک بەر لە بلاوبوونەوەی، بۆبەرگری لە پەرەساندنی هەواڵ، قسە یان وێنەگەلی دیاریکراو.

سانسورچی / sānsorčî ، ـها/: [فرانسوی/ ترکی] /اسم. سانسۆڕچی؛ کەسێ کە ئیشی سانسۆڕ کردنە.

ساواکی / sāvākî ، ـها/: اسم. ساواکی؛ بەڕێوەبەر یان کارگێری ڕێخراوەی ئاسایشی ئێران (لە سالانی ۱۳۳٦ تا ۱۳۵۷).

ساوجی / sāvacî, sāvocî ، ـها؛ ـان/: صفت. ساوەجی؛ ساوەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە شاری ساوە ‹سلمان ساوجی: سەلمانی ساوەجی›.

ساولن / sāvlon/: [انگلیسی]/اسم. ساولۆن؛ چەشنێک تەوشی دژەگەن بۆ سڕینەوەی کیم و زووخی برین.

- سای / sā/ ☜ **- سا -۲**

سایا / sāyā/: صفت. بساو؛ بە تایبەتمەندی یان لێهاتوویی سواندنەوە (وەکوو ئەلماس، سماتە، مۆرەت و...)

سایاندن / sāyāndan/: مصدر متعدی. // **سایاندی**: سواندت؛ **می‌سایانی**: دەسوێنێ؛ **بسایان**: بسوێنە// سواندن؛ سوینەوە؛ ساودان؛ سوانن؛ بوونە هۆی سوانی شتێک.

سایبان / sāyebān ، ـها/: اسم. ۱. سەیوان؛ سایەبان؛ سایەوان؛ سابات؛ چەرداخ؛ سەهناڤ؛ میچێکی سووک بۆ بەرگری هەتاو یان باران بە

سەر شوێنێکی ئاوەلادا ‹در خانەشان سایبان دارد: دەرگای ماڵەکەیان سەیوانی هەیە› ۲. سابات؛ سەیوانە؛ کەرەسەیەکی چەترئاسا بە هەسوونێکەوە بۆ بەرگری لە باران یان تیشکی خۆر.

سایت / sāyt ، ـها/: [انگلیسی]/*اسم*. ۱. پایەگا؛ بنکە؛ شوێنی دامەزراندنی ڕادار یان سەکۆی مووشەک هاویشتن ‹سایت موشکی: پایەگای مووشەکی› ۲. سایت؛ ماڵپەڕ؛ ناوەندێک بە ناونیشانێکی تایبەتەوە لە ئینترنتدا ‹این خبر روی سایت بی‌بی‌سی آمده: ئەم هەواڵە لە سەر سایتی بی‌بی‌سی هاتووە›.

سایدبای‌ساید / sāydbāysāyd/: [انگلیسی] *صفت*. هاوتەک؛ هاوپاڵ؛ پاڵ‌بەپاڵ یەک جێگرتوو.

سایر[1] / sāyer/: [عربی] *صفت*. *[ادبی]* ۱. ڕۆک؛ ڕەوۆک؛ ڕەوان ۲. باو؛ داکەوتوو ‹مثل سایر: مەتەڵی باو› ۳. دیکە؛ دی ‹در سایر کتابها هم نوشته‌اند: لە کتێبانی دیکەشدا نووسیویانە› * **سائر**

سایر[2] / ـین/: *ضمیر*. دیکە؛ باقی؛ دیتر؛ کەس، شت یان بابەتی‌تر جگە لەوەی باسی لێوە دەکرێ یا ئاماژەی پێ کراوە ‹آرام آنجا ماند و سایرین رفتند: ئارام، لەوێ مایەوە و باقی ڕۆیشتن›: **سائر**

سایز / sāyz ، ـها/: [انگلیسی]/*اسم*. ئەندازە؛ ئەنازە؛ بەر؛ ژمارە؛ ئەندازەی بەرگ و پۆشەن، کڵاو، کەوش و وەک ئەمانە ‹سایزتان چند است؟؛ این سایز شماست: ئەندازەتان چەندە؟؛ ئەمە بە بەری تۆیە›.

سایش / sāyeš/:/*اسم*. ۱. کار و ڕەوتی ساوین؛ ماڵین؛ ساوینەوە؛ ساودان ‹می‌توان به وسیلەی سایش سطح آن را صیقل داد: بە ساوین ڕووەکەی لووس ئەکرێ› ۲. کار و ڕەوتی ساویان؛ ساویانەوە؛ ماڵیان ‹بر اثر سایش پاره شده است: بە هۆی ساویانەوە دڕاوە›.

سایقه / sāyeqe ، ـها/: [عربی]/*اسم*. *[ادبی]* ئەنگێزە؛ بزوێنە: **سائقه**

سایکوز / sāykoz/: [؟]/*اسم*. *[روانشناسی]* پەرۆشی؛ شێواوی؛ ڕەوان‌شپرزی؛ ڕەوان‌کژی.

سایل / sāyel ، ـان/: [عربی]/*اسم*. *[ادبی]* ۱. خوازەڵۆک؛ سواڵکەر؛ گەدا؛ دەرۆزەکەر ۲. *[نامتداول]* پرسیارکەر * **سائل**

سایه / sāye ، ـها/:/*اسم*. سێبەر؛ سێوەر؛ سەیوەر؛ سا؛ سای؛ سایە؛ ساگات: ۱. سێکک؛ سەهان؛ سەهین؛ سەهەند؛ سەهەن؛ سەهەنگ؛ سایەک؛ سەی؛ سهـ ؛ سها؛ سێهـ ؛ لێڵی یان تاریکیەک کە بە هۆی نەبوونی ڕووناکی ڕاستەوخۆوە بەدی دێ ۲. شەم؛ نسێ؛ نیسێ؛ بێتاو؛ نسار؛ نسرم؛ لاسار؛ سێکک؛ سەهان؛ سەهین؛ سەهەند؛ سەهەن؛ سەهەنگ؛ سایەک؛ سەی؛ سهـ ؛ سها؛ سێهـ ؛ شوێنێ کە ئاوەها دۆخێکی هەیە. بەرانبەر: **آفتاب** ‹اینجا آفتاب است، برویم به سایه: ئێرە هەتاوە، بچینە سێبەرەوە› ۳. سێکک؛ سایەک؛ سەی؛ سهـ ؛ سها؛ سێهـ ؛ وێنەیەک لە شتێکی ناڕوون کە بە هۆی کەوتنە بەر ڕووناکیەوە، لە دژبەریدا بەدی دێ ‹سایه‌اش افتاده بود روی دیوار: سێبەرەکەی کەوتبووە سەر دیوار› ٤. *[مجازی]* ئەوەی بتوانێ پشتی کەسێ یان شتێک بگرێ ‹در سایەی پولی که بدست آورده بود، زندگی باشکوهی داشت: لە سایەی پارەیەک کە دەستی کەوتبوو، ژیانێکی هەنگ‌وونگی بوو› ۵. *[مجازی]* ئەوەی بە شێوەی نوقسان و لێڵ دیار دەبێ ‹سایەی لبخندی در گوشەی لبش نمایان شد: سێبەری بزەیێ لە گۆشەی لێویەوە دەرکەوت› ٦. بەشێک لە وێنەکێشی یان نەقشە کە بە ڕەنگ بۆ نیشان‌دانی قووڵی یا پاڵوو کەڵک وەردەگرن ۷. سێ؛ ماکێکی ڕازێنەوەیی ئارایشتی و ڕەنگین و هەندێک چەور کە ژنان بە پشتی چاویانەوە دەساون ۸. *[مجازی]* تاپۆ؛ تارمایی؛ سوێس؛ شوێنەوار یان نیشانەی شتێک ‹سایەی مرگ: سێبەری مەرگ›.

◘ سایه افکندن ☜ **سایه انداختن**

سـایه انـداختن: سـێبەر خـستن: ١. سـێبەر کـردن؛ سـەی کـەردەی؛ بـەر تیـشکدانەوەی ڕاستەوخۆی ڕووناکی گرتن ‹**درختان بر بخشی از حیاط** سایه انداخته بودند: **دارەکان بە سەر بەشێکی حەوشـەدا** سـێبەریان خـستبوو› ٢. *[مجـازی]* شوێن‌دانان؛ شوێن خـستن؛ شـوێنەوار دانـان ‹**سکوت همەجا** سایه انداخته بود: **بێدەنگی** سێبەری خستبووە **سەر هەموو لایەکدا**› ✱ **سایه افکنـدن** *[ادبی]*

سایه بودن: سێبەر بـوون؛ نـسار بـوون؛ نـسرم بوون؛ سەی/ سای بیەی ‹**پشت آن دیـوار** سـایه است: **پشت ئەو دیوارە** سێبەرە›.

سـایه بـە سـایەی کـسی رفـتن: *[مجـازی]* جووچکەشوانەی کەسـێ بـوون؛ دوا بـە دوای کەسێ چوون؛ قەرە وە قەرەی کەسێ کەفتن؛ کەوتنە شـوێن کەسـێ بـۆ هـەموو شـوێنێک ‹سـایەبـەسـایەاش رفـتم **تـا ببیـنم کجـا مـی‌رود:** دوابەدوای چووم، **ببینم بۆ کوێ دەڕوا**›.

سـایه زدن: سـێبەر لێـدان: ١. پـڕڕەنگ کردنەوەی بەشێ لە وێنە بۆ زیاتر دیار بـوونی ٢. سایە لێدان؛ ساوینی سایە ‹**پشت چشمها را** سایەی **غلیظی** زده بود: سایەیێکی **توندی لە پـشت چاوی** دابوو›.

سایەی کسی را با تیر زدن: *[مجازی]* پێ لە سەر سێبەری کەسێ نان؛ لە شوێن سێبەر کەسـێ گەڕان؛ لەگەڵ کەسێکدا زۆر دوژمن بـوون ‹**او** سایەی مرا با تیر می‌زد: **ئەو** پیی لە سـەر سـێبەری من دادەنی›.

سایەی کسی روی سر دیگری بـودن: *[مجـازی]* سێبەری کەسێ لە سەر کسێکی‌ترەوە بـوون؛ حەوانەوە بە هۆی کەسێکی‌ترەوە.

سایەی کسی سنگین شدن: *[مجازی]* بـریتی لـە لێ‌نەپرسین؛ هەواڵ نەپرسین؛ سەر لێ‌نـەدان؛ لە هـات‌وچۆکـەوتن؛ ئیتـر ئـام‌وشـۆ نـەکردن ‹**مدتی است** سایەی سرکار سنگین شده: **ماوەیەکـە** لیمان ناپرسن›.

سایەی کسی کم نشدن: *[کنایی]* سایەی کەسـێ کەم نەبوون؛ میهرەوانی و پشتیوانی کەسێک بەردەوام بوون ‹سایەتان کم نشود: سایەتان کـەم نەبی›.

سـایه گـستردن: سـێبەر خـستن: ١. سـێبەر شوێنێ داگرتن؛ سەی وسەی ٢. *[مجازی]* زاڵ بوون؛ چڕ بوون ‹**وحشت بر همە جا** سایه گسترده بود: **ترس لە هەموو شوێنێ** سێبەری خستبوو›.

از سایەی خود ترسـیدن: *[کنـایی]* لـە خـشەی گەڵا ترسان؛ لە سێبەری خۆ ترسان؛ لـە بـای زگی خۆ ترسان؛ بە کشێ مردن؛ لـە خـشەی تاڵوو ڕەوینەوە؛ تووشـیاری ترسـی زۆر هـاتن ‹**آن روزها مردم** از سایەی خودشان **هم** مـی‌ترسیدند: **لـەو سـەردەمانەدا خەڵـک** لـە خـشەی گـەڵاش دەترسان›.

زیـر سـایەی کـسی بـودن: *[مجـازی]* لـە ژێـر سێبەری کەسێکدا بوون؛ وە بەر پـشتیوانی و پاڵپشتی کەسێک بوون.

مثل سایه دنبـال کـسی بـودن: *[مجـازی]* وەک سێبەر بە دوو/ دوای/ شوێن کەسێکەوە بوون؛ دوا بە دوای کەسێکەوە بوون.

سایەافکن / sāye'afkan/ ☜ **سایەگستر**

سایەخشک / sāyexošk, -xošg/: *صفت*. وشـک کراو یان وشکەڵاتووی بەر سێبەر.

سـایەدار / sāyedār ، ـهـا/: *صـفت*. سـێبەردار؛ سـێوەردار؛ سـادار ‹درختـان سـایەدار: دارگـەلی سێبەردار›.

سـایەدوزی / sāyedûzî/: *اسم، [خیـاطی]* جـۆرە دروومـانێکی زیگزاگـە لـە پـشتەوەی پارچـە دەکرێ و تەنیا سێبەرێکی دەکەوێتە ڕوو.

سایەرس / sāyeras/: *صفت*. سایەڕەس؛ پێگـەییو لە سێبەردا (سەبارەت بە میوەوە).

سایەرو / sāyerû/: *صفت*. بەرسێبەر؛ نسێ؛ نسار؛ بـەرەو سـێوەر ‹اتـاق سایەرو: ژووری بەرسـێبەر›.

بەرانبەر: **آفتابرو**

سایەروشن / sāyerowšan, -ro:šan/: *اسم.* تاریک و ڕوون: ۱. بەشگەلی تاریک و ڕوون کە بەرزی و نزمی و بارستایی و چۆنیەتی بەر تیشک کەوتنی شتان نیشان دەدات ۲. شوێنێ کە بەشگەلێکی لێڵ و تاریک و بەشەکانی تری ڕوونە ‹در سایەروشن اتاق همەچیز حالت رؤیایی داشت: لە تاریکوڕوونی هۆدەکەدا هەموو شتێ بارێکی خەیالاوی بوو› ۳. بوومەلێڵ؛ بوولێڵە؛ گورگومێش؛ گاڤێ لە ڕۆژ کە هێشتا ڕووناکی یان تاریکی بە تەواوی چیر نەبووە ‹در سایەروشن غروب درختان بە صورت اشباح هولناک بە نظر می‌آمدند: لە بوومەلێڵی ئێوارەدا دارەکان وەکوو تاپۆگەلێکی سامناک دەهاتنە بەر چاو›.

سایەسار / sāyesār/: *اسم. [ادبی]* نسار؛ نزار؛ سەهەن؛ سەهەند؛ سەهەنگ؛ ساگات؛ نسوم؛ زەوی یان جێگایەک کە لە بەر سێبەردا بێت (بەتایبەت لە سێبەری داردا).

سایەگستر / sāyegostar/: *صفت. [ادبی]* ۱. سێبەردار؛ سێوەردار؛ بە سێبەری پان و پۆڕەوە ‹درختان سایەگستر: دارگەلی سێبەردار› ۲. *[مجازی]* زاڵ؛ چێر؛ چیر؛ بە شوێنەوای داسەپاویەوە ‹سکوت بر همەجا سایەگستر شد: بێدەنگی لە هەموو شوێنێک زاڵ بوو› ❊ **سایەافکن**

سایەوار / sāyevār/: *قید.* وەک سێبەر؛ سایەسا؛ سێوەرئاسا ‹سایەوار دنبالش می‌کرد: وەک سێبەر کەوتبووە شوێنی›.

ـ سایی / sāyî/: *پیواژە.* ساوین؛ مالین: **ـ سائی**

ساییدگی / sāyîdegî/: *اسم.* سواوی: ۱. کار یان ڕەوتی سوان؛ سوویان؛ مالیان ۲. *[گفتاری]* شوێنەواری سوان ‹دو ـ سە جای شلوارش سابیدگی داشت: دوو ـ سێ شوێنی پانتۆڵەکەی سواوی هەبوو›: **سائیدگی**

ساییدن / sāyîdan/: *مصدر. متعدی. لازم.* // **سابیدی:** ساویت؛ **می‌سایی:** دەساوی؛ **بسای:** بساوە// ☐ *متعدی.* ۱. ساوین؛ ساودان؛ ساین؛ هەساوین؛ هەسوون؛ هەسوان؛ سوین؛ سووین؛ سوون؛ سوینەوە؛ سوونەوە؛ سواندن؛ لۆسان؛ هێسوون؛ هۆسین؛ مالین؛ مالەی؛ مالای؛ پێدا مالین؛ شتێک لە شتێکی‌تر پەیتا ـ پەیتا و بە گوشارەوە خشاندن ‹دستهایش را بهم می‌ساید: دەستی لێک دەساوی› ۲. هەنوون؛ ناوین؛ ناوەی؛ ناوای؛ ساودان؛ قەمشتن؛ شتێک بە هۆی ساوینی لە پەستا و بە تەوژمی پێساوێکەوە، برین، ورد کردن یان سوان ‹زعفران سابیدن: زافەران ساوین›: **سودن** *[ادبی]*؛ **سابیدن** *[گفتاری]* **سائیدن.** هەروەها: **ساییدنی** ☐ *لازم.* ۳. سوان؛ سێویان؛ سوویان؛ ساویەی؛ ساوبای؛ مالیان.

■ صفت فاعلی: **ساینده** (ـ)/ صفت مفعولی: **ساییده** (ساویاگ)/ مصدر منفی: **نَساییدن** (نەساوین)

ساییده / sāyîde/: *صفت.* قەسپ؛ سواو؛ ساویاگ؛ سێویاگ؛ سوویاگ؛ ساویا؛ سایسە.

سئانس / se'āns/: [فرانسوی] ☜ **سآنس**

سبابه / sabbābe/: [عربی] ☜ انگشت سبابە، **انگشت**

سبب / sabab ، ـها؛ اسباب/: [عربی] *اسم.* هۆ؛ هاوا؛ سۆنگە؛ بۆنە؛ بۆن: ۱. سەخمەراتی؛ ئەوەی کە دیاردە یان ڕووداوێک پێکدێنێ ‹باد سبب شکستن شیشەها شد: با بوو بە هۆی شکانی شووشەکان› ۲. سەوەو؛ ئامراز و ئەسپاب ‹سارا سبب آشنایی ما شد: سارا بووە هۆی ئاشنایی ئێمە›. هەروەها: **سبب بودن؛ سبب شدن**

سببساز / sababsāz/: [عربی/ فارسی] *صفت. [ادبی]* هۆساز؛ سۆنگەساز؛ هۆ ڕەخسێن؛ هۆ پێکهێن؛ پێکهێنەری ئامرازی پێش‌بردنی کار ‹خدا خودش سببساز است: خوا بۆ خۆی هوسازە›.

سبب سازی / sababsāzî/: [عربی/ فارسی] *صفت. [ادبی]* هۆسازی؛ بۆنەسازی؛ سۆنگەسازی؛ هۆ پێکهێنەری: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی هۆساز بوون

۲. کار و ڕەوتی پێکهێنانی ئامراز یان هەلی پێویست.

سبب‌شناسی / sababšenāsî/: [عربی/ فارسی] اسم. هۆناسی؛ بەشێک لە ئازارناسی کە لە هۆکاری نەخۆشیەکان دەکۆڵێتەوە.

سببی / sababî/: [عربی] صفت. هۆیی؛ سۆنگەیی پێوەندیدار بە هۆوە.

◘ **خویشاوند سببی** ☜ **خویشاوند**

سبحان‌الله / sobhānallāh/: [عربی] دعا. سوبحانەڵلا: ۱. خوا لە کەم و کووڕی پاک و پواره ۲. تەح؛ حەح؛ پەکوو؛ وشەیێک بۆ دەربڕینی سەر سووڕمان.

سبد / sabad ، ـها/: اسم. سەبەتە؛ سەوەتە؛ سەڤی؛ سەبەت؛ سەل؛ سەوە: ۱. دەفرێ لە ڕێسە یان تووڵ چنراو بۆ ڕاگرتن یا هەڵگرتنی شت ۲. سەلک؛ تریان؛ تریانە؛ قرتالە؛ قەرتالە؛ قەتوف؛ بەرچن؛ بەرچینە؛ بەرچنە؛ سەبەتی میوەچنی ۳. سەلە؛ نانەشان؛ سەوین؛ سەلە؛ سەلەشیرک؛ سەوەتەی کون-کون بۆ ئاوەچۆڕ کردن ٤. زەمبیل؛ دەسەچینە؛ دەسەچنە؛ پووشینە؛ زەنبیل.

◘ **سبد خانوار**: [اقتصاد] سەبەتی ماڵبات؛ سەرجەم ئەوەی ماڵباتێ لە جارێکدا دەیکڕێ.

سبدبافی / sabadbāfî/: اسم. سەوەتەچنی؛ سەبەدچنی؛ سەبەتەچنی: ۱. کاری تەنین و چنینی سەوەتە؛ سەبەتە دروس کردن ۲. ـها/ کارگا یان شوێنی سەوەتە چنین؛ کارگەی درووس کردنی سەبەتە. هەروەها: **سبدباف**

سبز¹ / sabz/: اسم. سەوز؛ سەبز؛ هەوز؛ شین؛ هێشین؛ کەسک؛ زەرقی: ڕەنگێک لە نێوان زەرد و ئاویدا؛ ڕەنگی چیمەن یان گەڵای تازە ۲. هەرکام لە تیرۆژگەلی تاقەڕەنگی نێوان ٤٩٢ تا ٥٧٧ نانومیتر. هەروەها: **سبزرنگ**

◘ **سبز پاریس**: سەوزی پاریس؛ گەردی سەوزی زمرووت‌ئاسای مێرووکوژ و پارێزەری چێو، کە تێکەڵاوێکی مس و ئارسنیکە.

سبز چمنی: شین؛ سەوزی تۆخ؛ کەسکەتاری؛ سەوزی پڕ ڕەنگ، وەکوو سەوزەڵانی تازە.

سبز زنگاری: سەوزی ژەنگاری/ زەنگاری؛ ژەنگار؛ سەوزی شین و تاریک.

سبز فیروزه‌ای: سەوزی پیرۆزەیی؛ سەوزی تێکەڵاو لەگەڵ ئاوی پیرۆزەدا.

سبز کاهویی: کەسکە زەلال؛ کەسکی ئاچوخ؛ سەوزی ڕۆشن؛ ڕەنگی سەوزی بن‌زەرد(ئاماڵ زەرد).

سبز لجنی: کەسکە تاری؛ سەوزی تۆخ؛ کەسکی تۆخ؛ سەوزی تاریک و مات.

سبز²: صفت. سەوز؛ سەبز؛ هەوز؛ کەسک: ۱. بە ڕەنگی سەوز ‹پارچەی سبز: پارچەی سەوز› ۲. گیاندار؛ زیندوو (بۆ گوڵ و گیا) ‹درخت سبز: درەختی سەوز›.

◘ **سبز شدن**: ۱. شین بوون؛ سەوز بوون؛ سەوز بیەی؛ دەمدان؛ ڕوان؛ ڕسکان؛ ڕسەی؛ چەکەرەکردن و هەڵدانی گیا ‹سبز شدن نهال: شین بوونی نەمام› ۲. بوون بە سەوز؛ سەوز دەرهاتن؛ بوون بە/ بوونە سەوز؛ سەبز هەڵگەڕان ‹پس از شستن رنگش سبز شد: دوای شۆردن ڕەنگی بووبە سەوز› ۳. [مجازی] شین بوون؛ سەوز بوون؛ بۆز کردنەوە؛ سەوز بیەی؛ ڕوان؛ ڕسکان؛ ڕسەی؛ بۆر بوون؛ دەرهاتنی موو لە بان ڕوخسارەوە ‹پشت لبش تازه سبز شده بود: بەر سمێڵی تازە سەوز ببوو› ٤. [گفتاری] هاتنەدی؛ بەگا ئامەی؛ ڕێک دەرهاتنی پێشبینی ‹می‌دانستم یک روز حرفم سبز می‌شود: دەمزانی ڕۆژێ وتەکەم دیتەدی› ٥. [مجازی] پەیدا بوون؛ شین بوون؛ سەوز بوون؛ دەرکەوتن؛ لە پڕ و ناکاو هاتن؛ سەوز بیەی؛ هەڵتۆقین؛ هەڵقولین؛ هەڵقولان؛ قووت بوونەوە؛ قوت بوونەوە؛ بەرپڕەی؛ زیەی؛ پڕای

بەر ‹سر راهم سبز شد: لە سەر ڕێگام پەیدا بوو›.
سبز کردن: سەوز کـردن؛ تـۆم یـان گیایـەک ڕواندن.
سبز ـ[2]: *پێشواژە.* سەوز ـ؛ خاوەنی ڕەنگـی سـەوز ‹سبزپوش: سەوزپۆش›.
سبزابی[1] / sabzābî/: *اسم.* کەسکەشـین؛ شـین؛ ڕەنگێ کە لە تێکەڵ کردنی یەک‌بەیەکی شـین و سەوز بە دەس دێ.
سـبزابی[2]: *صـفت.* کەسکەشـین؛ بـە ڕەنگـی بەرهەم‌هاتوو لە تێکەڵـی ڕەنـگ‌گـەلی سـەوز و ئاوی.
سبزپوش / sabzpûš، ـها؛ ـان/: *صفت.* سەوزپۆش؛ کەوەلا؛ خاوەن پۆشەنی ڕەنگ سەوز.
سبزفام / sabzfām/: *اسم.* هەوزەک؛ کەسـکۆیی؛ سەوزواشە؛ ئاماڵ‌کەسـک؛ ئامـاڵ‌سـەوز؛ ڕەنگـی ئاماڵ سەوز.
سبزقبا / sabzeqabā، ـهـا/: [فارسـی/ عربـی] *اسـم.* ١. سـەوزەکۆ؛ کاسەڵەشـینکە؛ کەندەسمـەـە؛ حـەوت‌ڕەنگیلـە؛ خەنجـەربالا؛ ئەسپەشـینە؛ کاشەڵەشینە؛ خومـەڕژە؛ خومـەرژە؛ خومـەڕێژە؛ پەلـەوەرێکی وەک قـەل، تایبـەتی ناوچـەی گـەرمیان و فێنـک، بـە دەنـدووکی پتـەوی بـەهێزەوە، ئەنگوسـتی سـێهەم و چـوارەمی لـە بنـەوە گـووراوە و پێکـەوە لکـاوە: **سـبزەقبا** ٢. سـەوزەمراوی؛ مراویـەکێوی؛ پـێ‌بەقنگـە؛ جۆرێ مراوی بە سـەر و ملـی سـەوز و سـنگی خەنـەیی، پـشتی قـاوەیی، دەنـدووکی زەردی مەیلەو سەوز و قاچی مەیلەو خەنەییەوە.
سـبزە[1] / sabze/: *اسـم.* سـەوزە: ١. شـینکە؛ کاخیل؛ گیای چیمەن ٢. مێوژە سەوزە؛ جـۆرێ کـشمیش ٣. سـەمەنی؛ گـەنم یـا نیـسکی بـە تایبەتی چێنـدراو و ڕوواو بـۆ سـەرەتای سـاڵ و جێژنی نەورۆز.
سبزە[2] ☜ **سبزەرو**
سـبزەرو / sabzerû/: *صـفت.* ئەسمـەر؛ سـەوزە؛ سەوزەڵـە؛ کـەرەن‌زەر؛ سـەوزەڕەنگ؛ زەری؛ گەنمی؛ خاوەن پێستی هەنـدێک تاریـک (وەک ڕەنگی پێستی سـپی کـە ماوەیـەک لـە بـەر هـەتاو مابێتەوە): **سبزە**
سبزەزار / sabzezār، ـان/: *اسم.* *[ادبی]* ١. مێرگ؛ شینایی؛ سـەوزەلان؛ سـەوزەلانی؛ سـەوزەلانی؛ شـینەلانی؛ شـیناهی؛ چەمـەن‌زار؛ سـەوزەزار؛ بژوێن ٢. ئالفجاڕ؛ لەوەڕگە؛ گیاجاڕ؛ وشـکەپەل؛ چایەر؛ شوێنی پڕ لە گیا شین.
سبزەقبا / sabzqabā/: [فارسی/ عربی] ☜ **سبزقبا**
سـبزی / sabzî/: *اسـم.* ١. /ـهـا؛ جـات/ سـەوزی؛ سـەبزی؛ سـەوزە؛ سـەوزەوات؛ ئەسـوور؛ گیـای ئالیکی کە لاسک، ڕیشوو، گەلا یـان میوەکـەی وەک بەشـێ لـە خـۆراکی سـفرە بـەکاردێ ٢. *[مجـازی]* گیـا؛ ڕوەک؛ شـینایی ٣. دۆخ یـان چۆناوچۆنی شین بوون؛ سەوز بوون.
▣ **سبزی پـاک کـردن:** سـەوزی پـاک کـردن؛ سـەبزی خـاوێن کردنـەوە؛ لابـردنی خـراوە، شۆردن و ئامادە کردنی سەوزی بۆ خواردن.
سبزی کسی را پاک کردن: *[کنایی]* بـۆ کەسـێ ماستاو کـردن؛ پیـازی کەسـێ پـاک کـردن؛ دالانـێ پـەی یـۆی مـالایرە؛ خۆشـخزمەتی کەسێ کردن؛ بە دەور و بەری کەسێکدا هاتن ‹این روزها خیلی سبزی رییس را پاک می‌کند: لـەم ڕۆژانە یەکجار بۆ سەرۆک ماستاو دەکا›.
سبزی‌آرایـی / sabzî'ārāyî sabzîārāyî/: *اسـم.* ١. کاری سفرە ڕازاندنەوە بە سـەوزی ٢. کـاری ڕازاندنەوەی سەوزی بۆ سەر سفرە.
سبزی‌پلو / sabzîpolow, -polo/: *اسم.* سـەوزی پلاو؛ جۆرێ پلاو کە سەوزی خواردنی تێکەلاوە.
سبزیجات / sabzîcāt/: (!) [فارسـی/ عربـی] جمعِ ☜ **سبزی**
سبزی‌خـوردن / sabzîxordan/: *اسم.* سـەوزی خواردن؛ سەبزی خواردن؛ سەوزی واردەی؛ هەر کام لە سەوزەگەلێ کە پەل و پۆ، گـەلا، لاسـک

یان ڕیشووەکەیان بە شێوەی کاڵ یان لە چێشتدا دەخورێ (وەک کەوەر، تەڕەتیزە، ڕێحان، توور و...).

سبزی‌فروشی / sabzîfurûšî/: اسم. سەوزی‌فرۆشی؛ سەوزی‌ورەشی: ۱. کاری سەوزی فرۆتن ۲. دووکانی فرۆشتنی سەوزیگەلی خۆراکی و میوە. هەروەها: **سبزی فروش**

سبزیکاری / sabzîkārî/: اسم. سەوزیکاڵی؛ تەڕەکاڵی؛ سەوزەکاری: ۱. کاری چاندنی سەوزی خۆراکی ۲. زەویی تایبەتی کشت‌وکاڵی شیناوەرد.

سبزینه / sabzîîne/: اسم. کلۆرۆفیل؛ ماکی سەوزی نێو پێکهاتەی ڕووەک و بناخەی بەرهەمهێنانی هیدراتگەلی کەربون بە هۆی فۆتۆسەنتیزەوە.

سبع[1] / sabo'/: [عربی] ☜ **گرگ ـ۱**

سبع[2] / ـان/: [عربی] صفت. [ادبی] دڕندە؛ لاور؛ وەحشی؛ ڕاور.

سبعانه[1] / sabo'āne/: [عربی/ فارسی] صفت. [ادبی] دڕندانە؛ لاورانە؛ ڕاورانە؛ وەحشیانە ‹حملەی سبعانە: هێرشی دڕندانە›.

سبعانه[2]: قید. دڕندانە؛ لاورانە؛ ڕاورانە؛ وەحشیانە؛ بە دڕندەییەوە ‹سگ سبعانە حملە می‌کرد: گەماڵەکە دڕاندانە هێرشی دەبرد›.

سبعیت / sabo'îyyat/: [عربی] اسم. [ادبی] دڕندەیی؛ دڕندایەتی؛ لاورێتی؛ ڕاوری؛ دڕندەخوویی ‹این همە سبعیت در آدم باورکردنی نیست: ئەم هەموو دڕندەییە لە مرۆڤدا جێی باوەڕ نیە›.

سبقت / sebqat/: [عربی] اسم. پێش‌بڕکێ.

⊡ **سبقت گرفتن/ جستن**: پێش‌بڕکێ کردن؛ لە دیتران پێش‌کەوتن.

سبقتگاه / sebqatgāh، ـها/: [عربی/ فارسی] اسم. بەشێ پان لە ڕێگەی تەسک بۆ پێش بڕکێ کردن یا لە لای یەک تێپەڕینی کەرەسەی هات‌وچۆ.

سبک / sabk، ـها/: [عربی] اسم. شێواز: ۱. شێوەیەکی تایبەت لە بەڕێوەبردنی کارێک یان پێکهێنانی شتێکدا ۲. ڕێ‌وزێ؛ ڕێ و ڕەوشت؛ ڕەوش ‹سبک زندگی شهری و روستایی جداست: ڕێ‌وزێی ژیانی لادێیی و شار جیاوازە› ۳. تایبەتمەندیگەلی پێکهاتەیی نێو ئاسەوارێک کە پێوەندی بە کەس (نووسەر، هۆزانڤان، هونەرمەند،...) قوتابخانە (خوراسانی، گوتیک، کوبیسم،...) یان دەورەیەکی دیاریکراو (ساسانی، ڕنسانس،...) نیشان دەدا.

سبک / sabok/: صفت. سووک؛ سۆک؛ سفک؛ سڤک: ۱. سووکەڵە؛ کەمۆکە؛ بە کێشی کەم ‹بار سبک: باری سووک› ۲. بە کێشی کەمتر لە هەندی پێویست یان ڕەچاوکراو ‹چهار کیلو شکر خریدم، به نظرم سبک آمد، وزن کردم سه کیلو نیم بود!: چوار کیلۆ شەکرم ساند، پێم سووک بوو، کێشام سێ کیلۆ و نیم بوو!› ۳. مەراش و ناخۆش ‹رفتار سبک: ئاکاری سووک› ٤. [مجازی] چالاک؛ فرز؛ کرژ؛ تون ‹سبکدست: سووکدەست› ٥. [مجازی] هێور؛ هێمن؛ ئاسوودە؛ ئارام؛ ڕاحەت ‹کمی گریه کردم، دلم سبک شد: تۆزێ گریام، سۆک بووم› ٦. هاسان؛ سانا؛ ساکار ‹کارش سبک بود، می‌توانست به درسش هم برسد: کارەکەی سووک بوو، دەیتوانی دەرسەکەشی بخوێنێ›.

⊡ **سبک بودن**: سووک بوون؛ سۆک بوون؛ سووک بیەی: ۱. قورس نەبوون ‹کیف سبک است: کیفەکە سووکە› ۲. بە تەوژم یان هێزی زۆر نەبوون ‹خواب من سبک است: خەوی من سووکە› ۳. [مجازی] هورم بوون؛ بەپیت بوون؛ بەرەکەت‌دار بوون ‹دستش سبک است: دەستی سووکە› ٤. [مجازی] بێ‌بڕ و بایەخ بوون ‹رفتارش خیلی سبک است: کردەوەی زۆر سووکە›.

سبک بودن پای کسی ☜ پای کسی سبک بودن، **پا**[1]

سبک بودن خواب کسی ☜ خواب سبک، **خواب**

سبک بودن دست کسی ☜ دست سبک داشتن، **دست**

سبک بودن لباس ☜ لباس سبک، **لباس**

سبک شدن: سووک بوونەوە؛ سۆک بوون: ١. کەم بوونەوەی قورسی شتێک ‹این دوتا را برداری سبک می‌شود: ئەم دوانە لابەی سووک دەبێتەوە› ٢. *[مجازی]* ئارام بوونەوە؛ دابەزینی گوشار یا توندی شتێ ‹از دیروز دردش سبک شده است: لە دوێکەوە ئێشەکەی سووک بووە› ٣. *[مجازی]* زەبوون بوون ‹نمی‌خواهم پیش مردم سبک شوم: نامەوێ لە لای خەڵکەوە سووک ببم›. هەروەها: **سبک کردن**

سبکُ و سنگین کردن: *[مجازی]* سەنگ‌وسۆک کردن؛ سۆک و سەنگین کردن؛ هەڵسەنگاندن؛ لێکدانەوە؛ وردبوونەوە؛ باش لێکدانەوە.

سبکبار / sabokbār، ـها؛ ـان/: *صفت. [ادبی]* بارسووک؛ بارسۆک؛ سووکبار: ١. *[کنایی]* ئاسوودە؛ کەم ئەرک؛ بێ گیرۆدەیی، نیگەرانی یان دژواری ٢. سۆک و سەڵت؛ سۆک و سۆڵ؛ بەبێ کەل‌وپەل و باری زۆر. هەروەها: **سبکباری**

سبکبال / sabokbāl، ـها؛ ـان/: *صفت.* تیژفڕ؛ بە فڕینی سووک و هاسانەوە. هەروەها: **سبکبالی**

سبکپا / sabokpā/: *صفت.* بەلەپا؛ تیژڕەو؛ بەقول؛ زیخ؛ چالاک؛ خۆشبەز.

سبکدست / sabokdast/: *صفت.* ١. دەست‌هەڵ؛ بە دەست‌وبرد؛ بە توانا لە کاری خۆدا ٢. *[مجازی]* دەس‌سووک؛ سووکدەست؛ خاوەنی دەستی بەپیت و بەرەکەت و قازانج بۆ دیتران.

سبکروح / sabokrûh/: [فارسی/ عربی] *صفت.* *[مجازی]* ڕەزاشیرین؛ ئێسک‌سووک؛ زوێر؛ خوێن‌شیرین؛ خوێن‌گەرم؛ ڕۆح‌سووک.

سبکسر / saboksar/: *صفت. [مجازی]* سووکەسەر: ١. هەرزە؛ گوێ‌نەدەر؛ لاسار لە ئاستی داب و بنەمای ئاکاری و بایەخگەلی کۆمەڵگادا ٢. کەمتەرخەم؛ بێ‌مبالات.

سبکسری / saboksarî، ـها/: *اسم.* سووکەسەری؛ هەرزەیی؛ لاساری؛ گوێ‌نەدەری؛ دۆخ یان چۆنیەتی سووکەسەر بوون.

سبک‌شناسی / sabkšenāsî/: [عربی/ فارسی] *اسم.* شێوازناسی؛ لایەنێک لە وێژەوانی کە لە سەر شێوازی شاعیر یان نووسەر یان ئاسەواری وێژەیی دەورەیەکی مێژوویی دەکۆڵێتەوە (وەک شێوەی بەکار هێنانی وشە، زاراوە، وشەی لێکدراو، باری نووسراوە و چۆناوچۆنی پێکهاتەی ڕستە).

سبک‌عقل / sabok'aql/: [فارسی/ عربی] ☜ **سبک‌مغز**

سبک مغز / sabokmaqz/: *صفت. [مجازی]* لاژ؛ لاژگ؛ کەم‌ئاوەز؛ نەفام؛ هش‌سڤک؛ بەرزەعەقڵ؛ کەم‌فام؛ ئاقڵ‌سووک؛ گێلۆکە؛ گەمژە؛ گۆل؛ بە لێهاتوویی زەینی و بەهرەی هۆشی کەمەوە: **سبک‌عقل**

سبک‌وزن / sabokvazn/: [فارسی/ عربی] *صفت.* سووک؛ سۆک؛ سڤک: ١. بە کێشی کەم ‹دزد به سراغ چیزهای سبک‌وزن می‌رود: دز سۆسەی شتانی سووک دەکا› ٢. *[ورزش] الف)* بە کێشی ٦٠ تا ٦٧,٥ کیلۆگرەم لە وەزنەهەڵگریدا *ب)* بە کێشی ٦٢ تا ٦٧ کیلۆگرەم لە زۆرەبانێدا *ج)* بە کێشی ٥٧ تا ٦٠ کیلۆگرەم لە بوکسدا.

سبکی / sabokî/: *اسم.* سووکی؛ سۆکی: ١. سڤکی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سووک بوون ‹بار به این سبکی را نمی‌توانی بلند کنی؟: بار بەم سووکە ناتوانی هەڵگری؟› ٢. *[مجازی]* کارگەلی بێ‌بایەخ و ناخۆش ‹این‌قدر سبکی نکن!: ئەوەندە سووکی مەکە!›. هەروەها: **سبکی‌کردن**

سبکی / sabkî/: [عربی] *صفت.* شێوازی؛ پێوەندیدار یان سەر بە شێوازەوە ‹ویژگیهای سبکی شعر هندی: تایبەتمەندیگەلی شێوازی شیعری هیندی›.

سبل / sabal/: [عربی] *اسم.* سەبەل؛ سەبەڵ؛ نەخۆشیەکی چاوە، چاوی پێ سوور دەبێ و هەڵدەماسێ.

سبو / sabû ، ـها/: *اسم. [ادبی]* گۆزە؛ گۆزک؛ گۆزێ؛ سەویل؛ کووزی؛ کووزوو؛ کووپە؛ کووپەڵە؛ سەویلک؛ سەویک؛ جەرە؛ جەرەک؛ کەدون؛ مەرو.

سبوس / subûs, sobûs, sabûs/ ☜ **سُبوس**

سب ولعن / sab(b)-o-la'n/: [عربی] *اسم. [ادبی]* تووک‌ونفرین؛ تفونەحلەت؛ تووک و نزا؛ جنێو و سخێف ‹همه او را سب و لعن می‌کردند: هەموو تووک و نفرینیان دەکرد›.

سبیل [1] / sabîl/: [عربی] *اسم. [ادبی]* رێ؛ را؛ رێگا؛ رێباز.

⊡ **بر سبیل**: بۆ؛ ژبۆ؛ رای؛ ئەرای؛ لە رێی؛ راو؛ جە راو؛ بە شێوەی ‹بر سبیل امتحان: بۆ تاقی‌کردنەوە›.

سبیل [2]: *صفت. [گفتاری]* خێرات؛ بەلاش؛ خۆڕایی؛ هەوانتە ‹دیشب همه جا شیرینی و شربت سبیل بود: دوێشەو لە هەموو شوێنێک شیرینی و شەربەت خێرات بوو›.

سبیل / sebîl, sibîl ، ـها/: *اسم.* سمێڵ؛ سمبێڵ؛ سمبڵ؛ سوێڵ؛ سوێڵ؛ سیول؛ سێول؛ زمبێل؛ زمێل؛ زمیلی؛ زمێ؛ مووی لێوی ژووروی پیاو و هەندێک گیانەوەری‌تر.

⊡ **سبیل از بناگوش در رفته**: سمێڵ بابڕ؛ سمێڵی درێژ کە تا بناگوێ دەگا.

سبیل چخماقی: سمێڵ چەخماخی؛ سمێڵی درێژ کە دوو سەرەکەی بەرەو ژوور با دراوە.

⊡ **سبیل کسی آویزان شدن**: *[کنایی]* لووت کەسێک داژەنیان؛ لووت کەسێ لار بوون؛ گوپ داشۆڕیان؛ نارەحەت بوون ‹چرا سبیلت آویزان است؟: بۆچە لووتت داژەنیاگە؟›.

سبیل کسی را چرب کردن: *[کنایی]* بەر سمێڵی کەسێک چەورکردن؛ سمێڵی کەسێک چەورکردن؛ سمێڵ‌چەوری بە کەسێک دان؛ بەرتیلێکی کەم بە کەسێک دان ‹مجبور بودم سبیل نگهبان را چرب کنم: ناچار بووم سمێڵی نیگاوانەکە چەور کەم›.

سبیل کسی را دود دادن: *[کنایی]* گوێی کەسێ جەڕدان؛ گوێ کەسێ بادان؛ جەڕ سوێڵ دانی کەسێ؛ کەسێ تاشاندن؛ تەمێ‌کردنی کەسێک ‹سبیل آرام را حسابی دود دادند: گوێی ئارامیان باش جەڕدا›.

سبیل گذاشتن: سمێڵ هێشتنەوە؛ سوێڵ دانان؛ سمێڵەوە ئاسەی ‹یک هفته سبیل می‌گذاشت، یک هفته می‌تراشید: حەفتەیەک سمێلی دەهێشتەوە، حەفتەیەک دەیتاشی›.

سبیلو / sebîlû, sibîlû ، ـها/: *صفت. [گفتاری]* سمێڵی؛ سوێڵی ‹مرد سبیلو: پیاوی سمێڵی›.

ـ سپار / sepār/: *پیواژە.* ـ سپێر؛ ـ سپار؛ بسپێر؛ ئەوەی شتێ دەسپێرێ ‹راهسپار: رێسپێر›.

ـ سپاری / sepārî/: *پیواژە.* ـ سپێری؛ کاری سپاردن؛ ئەسپاردن ‹خاکسپاری: خاکسپێری›.

سپاس / sepās، ـها/: *اسم. [ادبی]* سپاس؛ سوپاس؛ مالاقا؛ مالاوایی؛ کار یان رەوتی پێزانین و رێز گرتن ‹سپاس خدا را که کار بخوبی پایان یافت: سپاس بۆ خوا کە کارەکە بە باشی دوایی هات›.

⊡ **سپاس داشتن**: *[ادبی]* رازی بوون؛ دڵخۆش بوون ‹از بخت خود سپاس داشتن: لە بەختی خۆ رازی بوون›.

سپاس گزاردن: *[ادبی]* سپاس‌کردن؛ سوپاس‌کردن؛ شوکرانەبژێری‌کردن؛ سپاس بەجێ‌هێنان.

سپاسگزاری / sepāsgozārî/: *اسم. [ادبی]* شوکرانەبژێری؛ سپاس و پێزانی؛ شوکورخوازی؛

ئاکارێ کە بۆ پێزانین و لەبەرچاو بوونی چاکە ئەنجام دەدرێ. هەروەها: **سپاسگزاز**

سپاه / sepāh/: اسم. سِپا؛ سوپا: ١. *[ادبی]* هێزی چەکداری ٢. یەکەی چەکداری برێتی لە سێ لەشکەر.

سپاهی / sepāhî ، ـها؛ ـان/: اسم. سپایی؛ چەکداری.

سپتامبر / septām(b)r/: [فرانسوی] اسم. سیپتامبر؛ ئەیلوول؛ مانگی نۆیەمی ساڵی زایینی کە ٣٠ ڕۆژە و لە ١٠ی خەرمانانەوە دەست پێدەکا.

سپتیسمی / septîsemî/: [فرانسوی] اسم. *[پزشکی]* خوێن‌پیسی: **گندخونی**

سپتی‌سیسم / septîsîsm/: [؟] اسم. *[فلسفه]* شک‌بەری؛ دوودڵی: **شکاکیّت**

سپر / separ ، ـها/: اسم. سپەر؛ سوپەر؛ سپێر؛ سوپێر: ١. مەرتاڵ؛ مەتاڵ؛ قەڵغان؛ قەڵخان؛ ئەسپەرە؛ پەڕەیەکی پتەوی کانزایی دەسکدار کە شەڕکەران بۆ خۆ پاراستن لە شیر و تیر پێیان بوو ٢. نەوارێکی پتر کانزایی کە بۆ پاراستنی ماشێن لە بەر و دوایەوە دانراوە ٣. *[مجازی]* هەر شتێ کە بۆ بەرگری لە گەزند و ترس بە کار دەڕوا.

⊡ **سپر انداختن**: *[کنایی]* کۆڵ دان؛ چۆک دادان؛ مل‌دان؛ بەیدەست بوون؛ خۆ بە دەستەوە دان.

سپر بلای کسی شدن: *[مجازی]* خۆ دانە بەر کەسێکەوە؛ مەترسی یان دژواری کەسێک پەزێران.

سینه سپر کردن ☜ **سینه**

سپردار / separdār/: اسم. مێروویەکی وردیلەی تیرەی سپێیان کە مێملی داری میوەیە.

سپردن / sepordan/: مصدر. متعدی. // **سپردی**: سپاردت؛ **می سپاری**: دەسپێری؛ **بسپار**: بسپێرە// سپاردن؛ سپارتن؛ ئەسپاردن؛ سپارەی؛ سپارای؛ ئسپارەی: ١. شتێک بە ئەمانەت بە کەسێک دان بۆ هەڵگرتن و چاوەدێری لێ‌کردن ‹خانه را به همسایه‌مان سپردیم: ماڵمان سپاردە دراوسێکەمان› ٢. کردنی کارێک لە کەسێک ویستن ‹به کدخدا سپرده بود که برایش گوسفند بخرد: بە کوێخای سپاردبوو مەڕی بۆ بکڕێ› ٣. *[ادبی]* بڕین؛ بەسەر بردن؛ تێپەڕاندن؛ تێپەڕکردن؛ گوزەراندن؛ قەرقەدانەدن؛ بگاردن؛ ڕابووڕین؛ ڕابارتن ‹راه سپردن: ڕێگە بڕین›. هەروەها: **سپردنی**

■ **صفت فاعلی: سپارنده** (ـ)/ **صفت مفعولی: سپرده** (سپێراو)/ **مصدر منفی: نَسپردن** (نەسپاردن)

سپرده / seporde، ـها/: اسم. سپارە؛ سپارتی؛ ئەسپاردە؛ سپوردە؛ سپەردە؛ سپاردە: ١. ئەوەی بۆ پاراستن بە لای کەس یان ڕێخراوەیێکەوە بە ئەمانەت دادەنرێ ٢. پارەیەک کە لە حیسابێکی بانکی کەس یان ڕێخراوەیەک ڕادەگیردرێ ٣. بارمتە؛ پارە یان ماڵێک کە بۆ دەستەبەری یان بەڵێن بە جێبەجێ‌کردنی کارێک دەدرێتە لایەنێکی‌تر.

⊡ **سپرده‌ی بانکی** ☜ **سپرده ـ٢**

سپرده‌ی ثابت: پارەیەک کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە لای بانکەوە دادەنرێ.

سپرده‌ی دیداری: سپاردەیەک کە خاوەنەکەی دەتوانێ هەر کات بیەوێ وەری‌بگرێ.

سپرده‌ی قانونی: پارەیێ کە ڕێخراوەیەک بە ناوی دەستبەری دەبێ بە بانکی ناوەندی بسپێرێ.

سپرده‌گذاری / sepordegozārî، ـها/: اسم. کاری سپاردنی پارە یان ماڵێک بۆ دەستەبەری ئەنجامدانی کارێک.

سپرز / seporz/: اسم. سپڵ؛ سەپەڵ؛ ئەسپوول؛ شمش؛ شوشو؛ خالخالک؛ دێدک؛ خوش‌خوشک؛ خوش‌خوشکە؛ گورگ‌نەخۆرە؛ پارچە گۆشتێکی ڕەشە لە هەناودا، خوێنی ساوای تێدا دروست بووە.

سپری / separî/: *صفت.* ١. بەسەرچوو؛ تێپەڕیو؛ بگاردی؛ بووردە؛ ڕابردە؛ ڕابردگ (لەمەڕ کاتەوە) ‹روزگار سپری: ڕۆژگاری بەسەرچوو› ٢. بە برانەوە؛ جێی تەواو بوون ‹جهان سپری: دنیای بە برانەوە›.

▣ **سپری شدن/ گشتن:** تێپەڕ بوون؛ تەواو بوون؛ کۆتایی هاتن؛ دوایی هاتن؛ بە سەر چوون؛ ڕابگاردن؛ تەمامیەی؛ هەرادیای ‹مهلت ثبت‌نام سپری شد: ماوەی ناونووسی تێپەڕ بوو›.

سپری کردن: تێپەڕکردن؛ بردنە سەر؛ دانە سەر؛ ماوەیەک بەسەر بردن؛ تەمامنەی ‹دوران سربازی را در کردستان سپری کرد: ماوەی سەربازیەکەی لە کوردستاندا تێپەڕ کرد›.

سپس / sepas/: *قید. [ادبی]* پاشان؛ دوایی؛ لەودوا؛ لەوەدوا؛ ئەمجار؛ ئەوجار؛ ئینجا؛ ئیمجا؛ دمایی؛ هەنی؛ دوای کاریّ یان کاتیّ ‹سپس گفت: «امروز وقت گذشته است»: پاشان وتی: «ئەمڕۆ کات بەسەرچووە»›.

سپستان / sepestān ، ـها/: *اسم.* سیپسوو؛ سەپیەسوو: ١. دارێکی گەرمەسێریە بە گەڵای بێ‌کولکی هێلکەیی، گوڵی سپی یان زەرد و بەری پێشەدارەوە ٢. بەری ئەو دارە کە ئەوەندەی گیلاسێکە و بۆ دەرمان دەشێ.

سپلشت / sepelešt/ ☜ **سەپلشت**

سپلشگ / sepelešg/ ☜ **سەپلشت**

سپند / sepand/: *اسم.* سداب؛ ئەسپەندەر؛ دیدی؛ قان؛ قانگ؛ گیای ئسپەند.

سپوختن / sepûxtan, supûxtan, sopûxtan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* // **سپوختی:** پووراندت؛ **می‌سپوزی:** دەپوورێنی؛ **بسپوز:** بپوورێنە// پووراندن؛ ڕاپۆڕاندن؛ (تێ)پەستاندن؛ (تێ)پەستاوتن؛ تێ‌برین؛ تەپاندن؛ (تێ)تەپاندن؛ (تێ)ئاخنین؛ تێپەست کردن؛ (تێ)کوتانن؛ تێ‌کوتان؛ تێ‌خونجان؛ (تێ)ترینجاندن؛ قرساندن؛ دەوساندن؛ هەزاندن؛ هەشاندن؛ هەشفاندن؛ ئەنەبریەی؛ ئەنەتەپنەی؛ ئەنەئاخەنەی؛ بە زۆر و پاڵە پەستۆ دە ناو شتێک ڕاکردن: **سپوزیدن**

■ صفت مفعولی: **سپوخته** (پووڕاو)/ مصدر منفی: **نَسپوختن** (نەپووڕاندن)

سپور / supûr, sopûr ، ـها؛ ـان/: [ترکی]/*اسم. [گفتاری]* پاکەوان؛ کۆڵان‌ماڵ؛ زبڵڕێژ؛ کەنناس؛ زبڵچی؛ سپوور؛ کرێکاریّ کە کاری گەسک لێدان و ڕاماڵینی زبڵ و زوێڵ لە کۆڵان و دەرماڵان و بە کورتی خاوێن‌کردنەوەی شارە ☜ **رفتگر**

سپوزیدن /sepûzîdan, supûzîdan, sopûzîdan/ ☜ **سپوختن**

سپوس / supûs, sopûs ، ـها/: *اسم.* سویّ؛ سۆ؛ سۆس؛ کەپەک؛ کرپک؛ توێکڵی دانەوێڵەی لە دەستاڕکراو کە لە دابێژراندا لە ئاردەکەی جویّ دەبێتەوە: **سبوس**

سپه / sepah/: *اسم. [مخفف]* سپا؛ سوپا.

سپهبد / sepahbod ، ـها؛ ـان/: *اسم.* سپاپورد؛ سپابود؛ ئەفسەری بە پلەی سپاپوردی.

سپهبدی / sepahbodî/: *اسم.* سپابودی؛ سپاپوردی؛ پلەکی چەکداری باڵاتر لە سەرلەشکەری و خوارتر لە ئەرتەشبودی.

سپهر / sepehr/: *اسم. [ادبی]* ئاسمان؛ ئەزمان.

سپهسالار / sepahsālār/: *اسم.* سوپاسالار؛ سپاسالار؛ سەرکردەی هەموو لەشکر.

سپید / sepîd/: *صفت. [ادبی]* سپی؛ ئسپی؛ چەرمگ.

سپیدائی / sepîdā'î/ ☜ **سپیدایی**

سپیدار / sepîdār ، ـها؛ ـان/: [کردی]/*اسم.* سپیدار؛ ئەسپیدار؛ ئەسپندار؛ سپیندار؛ ئەسپیندار؛ هەوران؛ سپیەچنار؛ کوولەکەچنار؛ هەڤران؛ شاتان؛ ئەسپین؛ دارێکە لە تیرەی دارە بیان، بە تاجێکی باز و هێلکەیی، گەڵای سپی لۆکەئاسا، چرۆی سپی و تاڵ‌ـتاڵ و جەوی نووسنەکەوە: **سفیدار**

سپیده / sepîde /: /اسم. [کردی] /ادبی/ سپێدە؛ سپیدە؛ زەردە؛ ڕووناکی کەمڕەنگی لای ڕۆژهەڵاتی ئاسمان بەر لە خۆر کەوتن.

⊡ **سپیده دمیدن**: /ادبی/ سپێدە دان؛ گەڤلین؛ بەیان ئەنگووتن؛ بەرەبەیان بوون؛ بوولێڵە پەیدا بوون؛ دیاری دانی ڕووناکی لە ئاسۆی خۆرهەڵاتدا بە نیشانەی سەرەتای ڕۆژ.

سپیده‌دم / sepîdedam /: /اسم. /ادبی/ سپێدە؛ سپیدە؛ سپێدەزوو؛ بەرەبەیان؛ بەربەیان؛ بەیانی؛ بەیانەکی؛ گەڤل؛ سیسان؛ کازیوە؛ کازوکووز؛ شەوەکی؛ گورگ‌ومێش؛ تاریک‌وڕوون؛ تاریک و لێڵە؛ بوولێڵەی بەیانی؛ کاتی دەسپێکردنی ڕۆژ؛ سەرەتای ڕۆژ.

سپیده‌دمان / sepîdedamān /: قید. /ادبی/ کازێوان؛ بەیانان؛ دەمەو بەیان؛ لە کاتی بەیانیدا.

سپیدی / sepîdî /: اسم. /ادبی/ سپیەتی؛ سپیایی؛ چەرمگی؛ چەرموایی؛ چەرمایێ.

ست / set /: [انگلیسی] اسم. ١. ست؛ سەرجەم ‹ست کامپیوتر: ستی کامپیوتەر› ٢. دەست؛ دەس ‹این ظرفها ست است، تکی نمی‌فروشیم: ئەم دەفرانە دەستن، دانەیی نایانفرۆشین›.

⊡ **ست کردن**: دەستەکردن؛ دەسەکردن؛ بە شێوەی سەرجەم یان دەست دەرهێنان.

ـ ستا / setā ، ـها؛ ـیان /: پیواژه. ـپەسن؛ پەسەن؛ پەسندەر ‹خودستا: خۆپەسن›.

ـ ستائی / setā'î / ☜ **ـ ستایی**

ستاد / setād ، ـها /: اسم. ستاد: ١. ناوەند یان مەزرینگەیێ کە کاری بەرنامەڕێژی و وێکخستنی ناوەکی دامەزراوەیەکی وەئەستۆیە ٢. کۆمەڵەی کارگێڕانی ئەم ناوەندە.

ستاره / setāre ، ـها؛ ـگان /: اسم. ئەستێرە؛ هەستێرە؛ ئەستێر؛ ستێر؛ ستێرە؛ ستەیر؛ ستارە؛ هەستارە؛ هەسارە؛ ئاسارە؛ ئاسیرە؛ ئاستێرە؛ چتارە؛ هەرین: ١. ئەختەر؛ هەر یەکە لە تەنگەڵی بەزریوەی ئاسمان کە لە کاتی شەودا دەبیندرێن ٢. ئەختەر؛ هەر یەکە لە تەنگەڵی ئاسمانی پێکهاتوو لە گازی بەتین و تیشکدەر ٣. نیشانە و دروشمێک بە شێوەی ئەستێرە (*) ٤. ئەوەی بە شێوەی ئەستێرە لە کانزا یان شتێکی‌تر دروستی دەکەن (وەک ئەستێرەیێ کە لە پلەکی چەکداریدا بەکاردێ) ٥. /مجازی/ دەورگێڕی بەناوبانگ؛ (هەسارەی سینەما، هەسارەی شانۆ، هەسارەی فووتبال) ٦. /مجازی/ بەخت؛ هات.

⊡ **ستاره‌ی داود**: ئەستێرەی داود؛ نەخشێک بە شێوەی ئەستێرەی شەش پەڕ، کە بۆتە درۆشمی جوو.

ستاره‌ی دنباله‌دار: کلکەستێر؛ ئەستێرەی کشاو؛ هەر کام لە تەنگەڵی ئاسمانی بە سەرێکی وەک هەوری ڕۆشن بە دەوری ناوکێکی ڕووناکەوە کە بە دەوری خۆردا دەگەڕێن و کاتێ لە خۆر نزیک دەبنەوە، دوویەکی درەوشانیان لێ بەدی دێ: **ذوذنب**

ستاره‌ی دوتایی: دوو ئەستێرە؛ دوو ئەستێر؛ دووخوشکە؛ جووتەی کەوان؛ دوو هەسارەی پەنایەک، کە هێزی ڕاکێشانی نێوانیان بۆتە هۆی ئەوەی لە دەوری یەکتردا بخولێنەوە: **ستاره‌ی مزدوج**

ستاره‌ی سحر(ی) ☜ **ستاره‌ی صبح**

ستاره‌ی سعد: ئەستێرەی بەخت؛ ئەستێرە یان گەڕۆکێک کە وا دەزانن نمانای بەختن (وەک ناهید و هورمز).

ستاره‌ی سهیل: سوەیل؛ سیوەیل؛ ڕووناکترین ئەستێرەی وێنەی گەردوونی کەشتی لە لەتەگۆی باشووری ئاسماندا.

ستاره‌ی صبح: ناهی؛ ناهید؛ زل؛ ئەستێرە گەشە؛ قورخ؛ قورغ؛ ئەستێرکە؛ کاروان‌کوژە؛ کاروان‌کوژ؛ کارڤانکوژ؛ کاروانقڕان؛ مژمژ؛ زێڕگۆن؛ هەسارەی ڕۆژ؛ ئەستێرەی ڕۆژێ؛ ئەستێرەی زوهرە کە لە ئاخری شەودا

هەڵدێ: **ستارەی سحر(ی)**

ستارەی غول پیکر: ئەستێرەکەتە؛ هەر یەک لەو ئەستێرانەی کە ۲۰ تا ۳۰ بەرامبەر لە خۆر گەورەترن و زۆرتر لە ۱۰۰ ئەوەندە رووناکترن.

ستارەی قطبی: جودەی؛ گەشترین هەسارەی کەلووی ورچی بچووک لە سەر جەمسەری باکووردا.

ستارەی کوتوله: ئەستێرەی گرگن؛ هەر یەکە لە ئەستێرەگەلی سپی کەم ترووسکەی گچکە بەلام تۆکمە.

ستارەی متغیر: هەر کام لەو ئەستێرانە کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە پڕ تیشکیان زۆر دەبێ و پاشان بەرە ـ بەرە کەم دەبێتەوە.

ستارەی مزدوج ☜ **ستارەی دوتایی**

ستارەی نحس: ئەستێرەی شووم؛ ئەستێرە یان گەڕۆکێک کە وا دەزانن نمانای شوومین (وەک کەیوان و بارام).

ستارەی نوترونی: ئەستێرەی نوترونی؛ ئەستێرەیێکی زۆر تۆکمە و چڕە کە زۆرتر لە نوترون پێکهاتووە و بە هۆی هێزی کێشستی زۆرەوە بە هیچ فوتونێ ڕێ دەرچوون نادا و بەم بۆنەوە تاریکە.

▣ ستارەی سهیل شدن: *[مجازی]* بوونە گوڵە گەزیزە؛ بوونە قەنی ماڵەگەدا؛ کەم و درەنگ دەرکەوتن ‹ستارەی سهیل شده‌اید، دیگر نمی‌توان شما را دید: بوونەتە گوڵەی گەزیزەوە، کەس ناتانبینێ›.

ستارە شمردن: *[کنایی]* هەسارە ژماردن؛ شەوبێدار بوون؛ شەونخوونی کێشان.

ستارە نداشتن: *[مجازی]* ناوچاو نەبوون؛ بەخت نەبوون؛ هەسارەدار نەبوون.

ستارەباران / setārebārān/: *صفت. [ادبی]* ئەستێرەباران؛ هەسارەواران؛ پڕ ئەستێرە ‹آسمان ستارەباران بود: ئاسمان ئەستێرەباران بوو›.

ستارەی دریایی / setāreyedaryāyî ، ـگان دریایی/: *اسم.* ئەستێرەی زەریایی؛ گیانەوەری ئاوژی بە شێوەی ئەستێرە.

ستارەسوختە / setāresûxte/: *صفت. [مجازی]* چارەڕەش؛ ڕۆژڕەش؛ بەدبەخت؛ بەختکوێر.

ستارەشناس / setārešenās ، ـها؛ ـان/: *اسم.* ۱. ئەستێرەناس؛ ئەستێرەشناس؛ هەسارەناس؛ هەسارەژناس ۲. ئەستێرەگەر؛ ژمارەگەر. هەروەها: **ستارەشناسی**

ستاک / setāk ، ـها/: *اسم.* ۱. *[ادبی]* وەچ؛ گەشە؛ خەڵف؛ پۆ؛ سادیل؛ پەژیک؛ لقی تازە دەرهاتوو ۲. *[زبان‌شناسی]* ڕەگ؛ بنی کار.

ـستان / setān/: *پیوازه. [ادبی]* ـ ئەستێن؛ ـ ستێن؛ ـ سێن؛ ـ ستان؛ ـ سان؛ ـ ئەس؛ ـگر؛ سێنەر؛ بگر ‹جان‌ستان: گیان‌نەستین›.

ـ ستان / estān/: *پسوند.* ـ ستان؛ ـ سان؛ جێگە و شوێنی شتێ ‹گلستان؛ کوهستان: گوڵستان؛ کێوسان› شوێنی سەقامگیر بوونی نەتەوەیێک ‹کردستان: کوردستان›.

ستاندن / setāndan/: *مصدر متعدی. [ادبی]* // **ستاندی**: ستاندت؛ **می‌ستانی**: دەستێنی؛ **بِستان**: بستێنە// ستاندن؛ ئەستاندن؛ وەستاندن؛ سەندن؛ سەنن؛ ساندن؛ سەنین؛ ستەندن؛ وەرگرتن؛ سانەی؛ سانای؛ ئەسەی؛ ئەسای؛ ئەستەی؛ ستانای؛ گرتنی شتێک لە دیتری: **ستدن**. هەروەها: **ستاندنی**

■ **صفت فاعلی: ستاننده** (سێنەر)/ **صفت مفعولی: ستانده** (سێنراو)/ مصدرمنفی: **نَستاندن** (نەستاندن)

ـ ستانی / setānî/: *پیوازه.* ـ سێنی؛ ـ ئەستێنی؛ ـ ستێنی؛ ـ سانی؛ سەنین؛ ئەستاندن ‹باج‌ستانی: باج‌سێنی›.

ستاوند / satāvand/: *اسم. [معماری]* ۱. شوێنێکی سەرداگیراوی بێ‌دیوار کە میچەکەی تەنیا بە سەر چەند ئەستوونەوە دامەزراوە (وەک ئارامگای حافیز لە شیراز) ۲. سەکۆیەکی بەرز کە بە سەر

چەن کۆڵەکەوە دروستکراوە.

ستایش / setāyeš ، ـها/:اسم. پەسن؛ پاسین؛ ستایشت؛ ڕەوش؛ کاری هەڵگوتن؛ پێدا هەڵدان.

▣ **ستایش کردن:** پەسنکردن؛ ستایشتکردن؛ هەڵگوتن؛ پێدا هەڵدان؛ پۆرە چنیەی.

ستایش آمیز / setāyešāmîz/: صفت. پەسناوی؛ تێکەڵاو لەگەڵ پەسندا؛ وێڕای ڕەوش.

ستایش‌انگیز / setāyešangîz/: صفت. پەسنبزوێن؛ خاوەن توانایی یان تایبەتمەندی بزواندنی پەسن.

ستایشگر / setāyešgar ، ـان/:اسم. پەسندەر؛ پەسنکەر؛ تاریفدەر؛ بوێژی چاکی کەس یان شتێک ‹بسیاری ستایشگر نوشته‌های او بودند: زۆرێک پەسندەری نووسراوەکانی بوون›.

ـ ستایی / setāyî/: پیواژە. ـ پەسنی؛ ـ پەسەنی؛ هەڵگوتن ‹خودستایی: خۆپەسنی› **ـ ستائی**

ستبر / setabr ، ـها/: صفت.[ادبی] ئەستوور؛ ستوور؛ ستویر؛ زۆپ؛ کەت؛ قەپە؛ قەبە؛ جەبلە؛ قالەن؛ قەوی؛ کولوفت؛ بەگرتک ‹گردن ستبر: ملی ئەستوور›.

ستبرا / setabrā/:اسم.[ادبی] ئەستوورایی؛ ستوورایی؛ قەویایی؛ زۆپی؛ کولوفتی.

ستبربازو / setabbāzû/: صفت.[ادبی] ساقۆڵ قەوی؛ مەچەک ئەستوور؛ خاوەن باسکی ستوور و بەهێز.

ستبرسینه / setabrsîne/: صفت.[ادبی] سینەپان؛ خاوەن سنگی زۆپ و پان.

ستبری / setabrî/:اسم. ئەستووری؛ ڕیس؛ ڕەوق: ١. دۆخ یان چۆناوچۆنی ئەستوور بوون ٢. ئەستوورایی؛ کولوفتی؛ قەویایی.

ستدن / setadan/ ☜ **ستاندن**

ستر / setr/: [عربی]اسم.[ادبی] پۆشش؛ پۆشەن.

▣ **ستر عورت:** کاری خۆ داپۆشین؛ شەرم داپۆشین.

ستردن / setordan/: مصدر. متعدی.[ادبی] //**ستردی:** سڕیتەوە؛ **می‌ستری:** دەسڕیەوە؛ **بستر:** بسڕەوە// ١. سڕینەوە؛ ئەسترینەوە؛ ئەسترین؛ سڕین؛ ڤەسڕین؛ سەڕتەی؛ هەشفاندن؛ هەشڤاندن؛ هەشفین؛ شتێک لە شوێنێک پاککردنەوە ‹اشک ستردن: فرمێسک سڕینەوە› ٢. تاشین؛ تراشین؛ تاشەی؛ تاشای؛ تاشتەی. هەروەها: **ستردنی**

■ صفت مفعولی: **سترده** (وەسڕاو)/ مصدر منفی: **نستردن** (نەسڕینەوە)

سترگ / setorg/: صفت.[ادبی] ١. مەزن؛ مازن؛ گەپ؛ گەم؛ گەورە؛ زل؛ زۆپ؛ گەورە؛ قەبە ‹پهلوان سترگ: پاڵەوانی مەزن› ٢. گرنگ؛ خاوەن بایەخ.

سترون / setarvan/: صفت.[ادبی] ١. نەزۆک؛ ئەستێور؛ ستێور؛ ستەور؛ خرش؛ قسر؛ قرد؛ بەیچەڵ؛ بەبێ توانایی زاوزێ یان زۆر بوونەوە ‹زن سترون: ژنی نەزوک› ٢. بژون؛ پاقژ؛ پاکژ؛ بێ ترس لە بەدیهاتنی هۆکارگەلی نەخۆشیهێن ‹محیط سترون: دەڤەری پاقژ›. هەروەها: **سترونی**

سترون‌سازی / setarvansāzî/:اسم. ١. نەزۆکسازی؛ کاری لە زگوزا خستن یان خەساندنی گیانەوەر ٢. کار و چارێ کە بۆ سڕینەوەی پیسی لە ئاقارێک دەکرێ.

سترونی / setarvanî/:اسم. ١. نەزۆکی؛ ئەستێوری؛ ستێوری؛ قسری؛ بەیچەڵی؛ خرشی ٢. بژونی؛ پاکژی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بژون بوون.

ستم / setam ، ـها/:اسم.[ادبی] ستەم؛ ستەو؛ گووج؛ زینات؛ زۆر؛ زوور؛ ناهەقی؛ زڵم؛ بێداد؛ کاری ناڕەوا بۆ ئازاردنی کەسێک.

▣ **ستم دیدن:** چەوسانەوە؛ چەوسینەوە؛ ستەم لێکران؛ ستەم دیتن؛ چەوسێنران؛ وە بەر ئازاری ناحەقی کەوتن ‹مردمی کە سالها ستم دیدند و دم بر نیاوردند ...: ئەو خەڵکە وا زۆر ساڵان

چەوسانەوە و دەنگیان دەرنەدەهات...›.

ستم رسیدن: ستەم پێگەیشتن؛ ستەم لێچوون؛ ئازار یان گەزن دیتن بە هۆی ستەمەوە ‹از او به مردم ستم بسیار رسید: لەوەوە، ستەمی زۆر بە خەڵکی گەیشت›.

ستم روا داشتن: چەوساندنەوە؛ ستەم ڕەوا دیتن؛ ستەمکردن.

ستم کردن: چەوساندنەوە؛ چرووساندنەوە؛ ستەمکردن؛ ئەرنانـدن؛ ئەنرانـدن؛ بە نـاڕەوا دیتری ئازار دان و مافی پێشێل کـردن ‹او بە مـردم کردستان ستم بسیار کرد: ئـەو خەڵـکی کوردستانی زۆر چەوساندەوە›.

ستم کشیدن: چەوسانەوە؛ چەوسینەوە؛ ستەم چێژتن/ چێژان؛ ستەمکێشان؛ بەر کـردەوەی ستەمکار کەوتن و هەڵکردن دەگەڵ ستەمیدا ‹این همه ستم کشیدن بس نبود؟: ئەم هەموو چەوسانەوە بەس نەبوو؟›.

ستمدیده / setamdîde ، ـها؛ ـگان/: *صفت.* چەوساوە؛ چەوسێنراو؛ زۆرلێکراو؛ لە ستەم ئازراو ‹مردم ستمدیده: خەڵکی چەوساوە›.

ستمشاهی / setamšāhî/: *اسم.* دەسەلاتی شایی وێڕای زۆر.

ستمکار / setamkār ، ـها؛ ـان/: *صفت.* چەوسێنەر؛ ستەمکار؛ گـووجکـار؛ زالـم؛ زیناتکـار؛ زۆرکـار. هەروەها: **ستمکاری؛ ستمکارانه**

ستمکش / setamkeš ، ـها؛ ـان/: *صفت.* چەوساوە؛ چەوسـاو؛ ستەمکێش؛ وە بـەر کـردەوەی ستەمکارکەوتوو.

ستمکشی / setamkešî/: *اسم.* چەوساوەیی: ١. دۆخ یـان چۆنـاوچۆنی ستەمکێش بـوون ٢. کارەڕەهاتی لە ژێر باری ستەمدا بوون.

ستمکشیده / setamkešîde ، ـها؛ ـگان/: *صفت.* چەوساوە؛ چەوساو؛ زۆر لێکراو؛ ستەم لـێکـراو ‹مادر ستمکشیده: دایکی چەوساوە›.

ستمگر / setamgar ، ـها؛ ـان/: *صفت.* چەوسێنەر؛ مـارز؛ مـاڕس؛ زۆردار؛ ستەمکار؛ ستەمگەر؛ خاوەن خووی ناهەقی کردن؛ دەست درێژکـەر بۆ مافی ڕەوای خەڵک.

ستمگرانه / setamgarāne/: *صفت.* چەوسێنەرانە؛ ستەمکارانە؛ ستەمگەرانە ‹رفتار ستمگرانه: ئاکـاری ستمکارانه›.

ستمگری / setamgarî ، ـها/: *اسم.* ستەمگەری؛ ستەمکاری: ١. بار یان دۆخی ستەمگەر بـوون ٢. کارەڕەهاتی ستەمکردن؛ چەوساندن.

ستنبه / setanbe, setambe/: *صفت.[قدیمی]* زل؛ زلام؛ زەلام؛ گەپ؛ قەڵەوە؛ گەورە؛ ئەستوور ‹شیر ستنبه: شێری زل›.

ستوان / sotvān, setvān ، ـها/: *اسم.* ستوان؛ سوتوان؛ ئەفسەرێ بـە پلـەکی ستوانی، ژووری ئوستواری و خواری سەروانی، کـە سـەرکردەیی لقێکی چەکداری وە ئەستۆە. هەروەها: **ستوان سوم، ستوان دوم، ستوان یکم**

ستوانی / sotvānî, setvānî/: *اسم.* ستوانی؛ پلەکی ئەفسەری لە هێـزی چەکـداری ئێرانـدا، خوارتر لە سەروانی.

ستودان / sotûdān, sutûdān/ ☜ **أستودان**

ستودن / sotûdan, sutûdan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* // **ستودی:** پەسنتدا؛ **میستایی:** پەسن دەدەی؛ **بستا(ی):** پەسندە// پەسـندان؛ هەڵـگوتن؛ هەڵـدان؛ هەڵـنان؛ ئەڤـاختن؛ ستایشتکردن؛ وتنەوەی چاکە و هەڤـیازیگەلی چاوگری کەس یان شتێک. هەروەها: **ستودنی**

■ صفت فاعلی: **ستاینده** (پەسندەر)/ صفت مفعولی: **ستوده** (پەسندراو)/ مصدر منفی: **نَستودن** (پەسن نەدان)

ستوده / sotûde, sutûde ، ـگان/: *صفت.[ادبی]* باش؛ چاک؛ شیاو؛ لەبار؛ پەسندراو؛ شیاوی پێدا هەڵگوتن.

ستور / sotûr, sutûr/: *اسم.[ادبی]* یەکسم؛ پاکێش؛ دەوار؛ دەوێر؛ وڵاخە بەرزە؛ بەرزە وڵاخ؛

چاروێ، بەتایبەت ئەسپ و هێستر و کەر.
ستون / sutûn, sotûn ، ـها/:/اسم. ئەستون؛ ئەستوون؛ ستون؛ ستوون؛ سوون؛ ستوین؛ هەستون؛ هەسوون؛ ئەستوونە؛ ستوونە؛ ئەستوندەک؛ ئەستۆنگ؛ ئەستوند؛ ستینک: ١. کۆڵەکە؛ کۆڵەکێ؛ لەی؛ دیلەک؛ دیرەک؛ دیرەگ؛ گاوە؛ پێکهاتەیەکی وەستاو لە کانزا، چێو یان بەرد بۆ ڕاگرتنی میچ کە دەدرێتە ژێری ‹ستون وسط اتاق ترک برداشته بود: کۆڵەکەی ناو دیوەکە قەڵشابوو› ٢. کۆڵەکە؛ کۆڵەکێ؛ لەی؛ قولە؛ جزر؛ چەلەگە؛ پێکهاتەیەکی وەستاو لە بەرد یان چێوی داتاشراو و زۆرتر گرۆڤەری کە بە سەر پایەیێکەوە دادەمەزرێ و بە سەریەوە سەر ستوونێک هەیە ٣. کۆڵەکە؛ هەر چێک وەکوو ئەستوون بێ ٤. *[چاپ]* ڕیزێک نووسراوە لە ژێر یەکتری و لە پاڵ ڕیز یان ڕیزگەلیتردا ‹ستون روزنامە: ستوونی ڕۆژنامە› ٥. *[نظامی]* ڕیز؛ گرۆیەک لە کەسان و گەڕۆکان کە بۆ چوونە جێگایەک دەکەونە پشت سەر یەکەوە ٦. هەر یەکە لە ڕیزگەلی ئەستوونی خشتە یان دەفتەری حیساب ٧. *[مجازی]* کۆڵەکە؛ پشتیوان؛ پاڵپشت ‹ستون خانوادە بودن: ئەستوونی ماڵ بوون›.

▣ **ستون اعزامی**: شاندی چەکداری؛ هێزی چەکداری کە بۆ جێبەجێکردنی کارێک ڕەوانە دەکرێ. هەروەها: **ستون امدادی؛ ستون تدارکاتی**

ستون آگهی: کۆڵەکەی ئاگاداری؛ ستوونی ئاگاداری؛ ئەستوونێک لە داوێنی بوارگەیەکدا، بۆ داکوتانی ئاگەداری.

ستون پنجم: *[مجازی]* ستوونی پێنجەم؛ شۆڤاران و ئەوانەی پەنامەکی بۆ دوژمن کار دەکەن. ئەو دەستەواژەیە لە سەردەمی قەومانی شەڕە ناوخۆییەکانی سپانیا (١٩٣٩ بەرەو دوا)دا باو بوو، کاتێ کە چوار ستوون لە لایەنگرانی ژنراڵ فرانکۆ بەرەو مادرید (پاتەخت) پێشڕەوییان دەکرد، سەردارەکەیان گوتی: «جگە لەم چوار ستوونە، ستوونی پێنجەمیشمان هەیە کە لە ناو مادرید بە قازانجی ئێمە دەجووڵنەوە». لەو کاتەوە ئەم زاراوەیە چووە نێو سیاسەتەوە و بەم مانایە بەکاردێ.

ستون تهویه: پێکهاتەیەکی قیتی هەڵۆڵ بۆ هەوا گۆڕانی فازڵاو.

ستون فقرات: مۆرەغە؛ مۆرخە؛ مرۆخە؛ مورتخە؛ مۆرتخە؛ مورەتخە؛ پشتەمازە؛ بڕبڕە؛ بڕبڕاگە؛ گازەرا؛ گەوبەندە؛ گەوبەند؛ مازگە؛ مازی؛ مازە؛ گارگارە؛ سنسل؛ بڕبڕاگێ؛ تەرختە؛ مووڕێ؛ کرک؛ ناڤدەرگ؛ دۆڕپشت؛ مۆرە/ مازە/ کاریتە/ گازی/ ناوەڕاست/ مورک/ ماری/ بڕبڕەی/ مرۆخەی/ موڤکا / ستوونا / تیغەرەی پشت؛ ترەختە/ تیغەڵە/ کاریتە/ تیلەقە/ تیرەقی/ تیرەقە/ ترەختەی پشتی.

ستون مهره ☜ **ستون فقرات**

ستون یادبود: بینا یان پارچە بەرد، خشت یان ئاسنێک بە شێوەی گرۆڤەر یان چوارپاڵوو کە شتێکی بۆ بیرەوەری بە سەردا نووسرا بێ.

▣ **ستون زدن**: کۆڵەکە دان؛ دیلەک دان؛ تیرەک دان؛ دامەزراندنی ئەستوون دە ژێر شتێکدا.

ستون کردن: دانە ژێر؛ کردنە کۆڵەکە؛ کردنە ئەستوون؛ وەرقلاندن؛ شتێک ڕاستەو کردن و لە ژێر شتێکیتردا دانان.

ستون‌بندی / sutûnbandî, sotûnbandî:/اسم. ئەستوونرێژی؛ کار و ڕەوتی هەڵوەژارتن و بەڕیز کردنی ڕزنی هەر شتێک ‹ستون‌بندی روزنامە مغشوش است: ئەستوونڕێژی ڕۆژنامەکە شێواوە›.

ستونی / sutûnî, sotûnî:/ صفت. ئەستوونی؛ کۆڵەکەیی: ١. وەکوو ئەستوندەک؛ وەک کۆڵەکە ٢. ئەستووندار؛ کۆڵەکەدار.

ستوه / sutûh, sotûh/: *اسم.* وەڕەزی؛ جاڕزی؛ ماندوویەتی و لەدەس‌دانی هێز و برست بۆ درێژە دان بە تێکۆشان.

▣ به ستوه آمدن: *[ادبی]* وە زاڵە هاتن؛ جڕ هاتن؛ تەنگەتاو بوون؛ دامان؛ هەراسان بوون؛ یاس بوون؛ وەڕەز بوون؛ جاڕز بوون.

بە ستوه آوردن: جڕکردن؛ یاس‌کردن؛ تەنگەتاوکردن؛ ماندووکردن؛ هەراسان‌کردن؛ جاڕزکردن؛ وە زاڵە هێنان.

ستوهانیدن / sutûhānîdan, sotûhānîdan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* تەنگەتاوکردن؛ وە زاڵە هێنان؛ هەراسان‌کردن؛ هەفاندن؛ وەڕەز کردن؛ مانندەی؛ مانای؛ جاڕز کردن؛ وەستاندن؛ ماندوو- مردووکردن.

سته / sete/: *صفت. [گیاه‌شناسی]* گۆشتن؛ نابشکاف و بە یەک یان چەن دەنکەوە (لەمەڕ میوەگەلی وەک ترێ و تەماتە).

ستیز / setîz/: *اسم. [مخفف]* شەڕ؛ جەنگ؛ سواژ؛ سواش؛ کێشە؛ هەلا؛ هۆملکێ؛ مرخێش؛ سەربندۆ ‹ستز و گریز: شەڕ و هەلات‌هەلات›.

ستیزه / setîze، ـها/: *اسم. [ادبی]* مشت‌ومڕ؛ مڕومشت؛ سواش؛ سواژ؛ جەنگەمرینگێ؛ کێشە؛ بەرەنگاری؛ پاڵوو؛ بەربەرەکانێ؛ داوا؛ هەڤڕوشی؛ خروجڕ؛ شەڕ و هەرا.

▣ ستیزه کردن: مشت‌ومڕکردن؛ مڕومشت کردن؛ جەنگ‌کەردەی؛ ستێزەکردن؛ تێک بەربوون؛ داواکردن؛ شەڕکردن: **بە ستیزە برخاستن** *[ادبی]*

به ستیزه برخاستن ☜ **ستیزه کردن**

ستیزه‌جو / setîzecû، ـها؛ ـیان/: *صفت. [ادبی]* شەڕانی؛ شەڕاشۆ؛ جینگن؛ جەنگ‌خواز؛ وەیخڕ؛ مقەرس؛ شەڕفرۆش؛ زڕەک؛ پلەندەر؛ نەقەنۆ؛ سەرنەوق؛ دەم‌سوور؛ شڕ و دڕ؛ بە کێشە و ناساز؛ خاوەن حەز بە شەڕ و پێک‌دادان. هەروەها: **ستیزه‌جویی**

ستیزه‌گر / setîzegar، ـها؛ ـان/: *صفت. [ادبی]* دەگژڕاچۆ؛ تێکهەڵچۆ؛ مڕومشت‌کەر؛ شەڕانی؛ شەڕاشۆ؛ قرووش؛ خاوەن خوو یان حەز بە شەڕ کردن. هەروەها: **ستیزه‌گری**

ـ ستیزی / setîzî/: *پیواژه.* ـ سواژی؛ ـ سواشی؛ ـ بەلشی؛ چۆنیەتی بەرەنگاری کردن لەگەڵ شتێکدا ‹فرهنگ‌ستیزی: فەرهەنگ‌سواژی›.

ستیزیدن / setîzîdan/: *مصدر. لازم. [ادبی]* //**ستیزیدی**: شەڕت کرد؛ **می‌ستیزی**: شەر دەکەی؛ **بستیز**: شەڕ بکە// شەڕ کردن؛ جەنگ کردن؛ بە شەڕ هاتن؛ بەلشین؛ بەرزاندن؛ گژیەی؛ گژیای؛ ستێزای؛ بەربەرەکانێ کردن. هەروەها: **ستیزیدنی**

■ صفت فاعلی: **ستیزنده** (شەڕکەر)/ صفت مفعولی: **ستیزیده** (شەڕکردوو)/ مصدر منفی: **نَستیزیدن** (شەڕ نەکردن)

ستیغ / setîq، ـها/: *اسم. [ادبی]* ۱. چووک؛ لاشاخ؛ لاشان؛ تیغەشان؛ سەر شان؛ سەر یاڵ؛ یاڵە؛ سەرقەل؛ کاوان؛ تەلان؛ تەلان؛ بەندەن؛ ملە؛ بستی؛ کەل؛ بانترین شانی بەرزاییێ ۲. سەرکاو؛ سەرکەل؛ چڵەپۆپە؛ زینو؛ بستو؛ ترۆپک؛ کۆپ؛ قولە؛ چک؛ پۆپە؛ لووتکە؛ دوند؛ نووک؛ سەر نووک؛ گل.

ستیهندگی / setîhandegî/: *اسم. [ادبی]* تووشی؛ پلەندەری؛ جینگنی؛ نۆیی؛ شەڕاشۆیی؛ زڕەکی؛ وەیخڕی؛ دۆخ یان چۆنیەتی تووش بوون.

ستیهنده / setîhande، ـگان/: *صفت. [ادبی]* تووش: ۱. شەڕاشۆ؛ پلەندەر؛ نەقەنۆ؛ جینگن؛ زڕەک ۲. تووڕە؛ قەلس؛ کەسکین؛ کەسکون؛ تونە مەزاج.

ستیهیدن / setîhîdan/: *مصدر. لازم. [ادبی]* کێشە و هەرا کردن؛ چنگاوش بوون؛ ڕەهەستن؛ ڤەگڤزین؛ جەنگەمرینگێ کەردەی؛ نۆیین؛ شەڕ و قاڵ کردن.

سجاده / saccāde، ـها/: [عربی] *اسم.* بەرماڵ؛

جانمـاز؛ جارمـاز؛ دوگـرد؛ دووگـرد؛ شـەملک؛ چالک؛ مازلۆخ؛ سوجایە؛ ڕایەخێ کە نـوێژی لـە سەر دەکەن.
سجاف / secāf، ـها/: [عربی]/اسم. قارنج؛ زنجـاف؛ سنجاف؛ کەنارە؛ کۆبە؛ باریکـە قوماشـێ کـە بـۆ ئەستوور و پتەو کردن بـە پـەراوێز یـان لێـواری ناوەکی جل و بەرگەوە (وەک سەرقۆل، پێـسیر یـا ملیوان) دایدەگرن.
سجایا / sacāyā/: [عربی] جمعِ ☜ **سجیّه**
سجده / sacde, secde, socde، ـها/: [عربی]/اسم. سوژدە؛ شردە: ١. *[اسلام]* لە هێمەکانی نوێژ کـە بریتیە لە نانەسەر زەوینی حەوت ئەندام (تەوێل، دوو لەپی دەست، دوو ئـەژنۆ، دوو پەنجـەی پـێ) و خوێندنـەوەی ڕستەسـایەکی دۆعـایی ٢. هـەر کارێکی وەکوو سوژدە.
▣ **سجده کردن:** سـوژدە بـردن؛ سـوژدەکردن؛ هەنی نانـە سـەر زەوی بـۆ نیـشاندانی ڕێـز و خاکەساری.
بـە سـجده رفـتن: چوونـە سـوژدەوە؛ سـوژدە ئەنجام دان.
سـجع / sac'/: [عربـی]/اسـم. *[ادبـی]* ١. سـەجع؛ ئاهەنگ و کێشی وتە (وەک «گۆڕ» و «سەرشـۆڕ» لە ڕستەی «پیاو لاشەی لە ناو گور بێ، نەک بمێنێ و سەرشۆڕ بێ») ٢. *[قـدیمی]* گمـە؛ گومـە؛ گـم؛ گـوم؛ گمـەگم؛ گومـەگوم؛ دەنگـی کـۆتر و گوگوختی.
سجل / secel(l)، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسـم. پێناسـە؛ ناسنامە؛ سـجیل؛ بەڵـگەیێ کـە نـاو و نیـشانی کەسێکی تێدایە.
سـجود / sucûd, socûd/: [عربـی]/اسـم. *[ادبـی]* سوژدە؛ کاری سوژدە بردن.
سجیه / sacîyye، سجایا/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* خدە؛ خوو؛ گەد؛ ڕەوشت.
سحاب / sahāb/: [عربی]/اسم. *[نامتـداول]* ١. بـۆق؛ هەڵم؛ هەپ ٢. هەور؛ هەڤر؛ عەور؛ ئەور؛ ئەورە.

سحابی / sahābî، ـها/: [عربی]/اسم. *[نجـوم]* هـەر یەکە لـە کۆمـا درۆشـنەکانی وەک هـەور یـان تـەمئاسـا لـە ئاسمانـدا، کـە شـەوانی سـاماڵ دەردەکەون.
سحار / sahhār/: [عربی] صفت. *[ادبی]* ئەفسوونکار؛ نێرەنگباز؛ سیحراوی.
سـحر / sahar، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. سـەحەر: ١. بەرەبەیان؛ دەمەو بەیان؛ شەوەکی زوو؛ سـەر سـۆ؛ بـەیانی؛ سـەلای سـۆح؛ بـەربانگ؛ مـەلا بانگدان ٢. پارشێو؛ پارشەو؛ دواکاتەکانی شـەو، پێش ڕوون بوونەوەی هەوا.
سحر / sehr، ـها/: [عربی]/اسم. نێرەنـگ؛ جـادوو؛ سیحر؛ ئەفسوون؛ کەڵەک؛ فەن؛ تەڵەکە؛ مـەکر؛ چاچۆڵ؛ فێڵ.
▣ **سحر خواندن:** جەلجەلووت وتن؛ فەن و فـوو خوەندن؛ سیحر خوێندن.
سحر کردن: فەن و فووکردن؛ سیحرکردن؛ لە سۆنگەی ئەفسوونەوە کەسـێ یـا شـتێک بـە دۆخێک دەرهێنان. هەروەها: **سحر شدن**
سحرآسـا / sehrāsā/: [عربـی/ فارسـی] صـفت. سیحرئاسـا؛ جادووئاسـا؛ ئەفـسوونئاسـا؛ وەک جادوو؛ بە دۆخ یان چۆنیەتی جادووییەوە.
سـحرآمیز / sehrāmîz/: [عربـی/ فارسـی] صفت. ئەفسووناوی؛ سیحراوی: ١. ئەفسوونکار؛ تێکەڵاو بـە سـیحر و جـادوو ٢. *[مجـازی]* هەژەنـد؛ سەرسووڕێنەر؛ زۆر سەیر و بەڵاجـەوی ‹سخنان سحرآمیز: قسەگەلی ئەفسووناوی› ❋ **سحرانگیز**
سـحرانگیز / sehrangîz/: [عربـی/ فارسـی] ☜ **سحرآمیز**
سـحرخیز / saharxîz، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. زووڕاب؛ زووخێز؛ سەحەرخێز؛ خاوەن خوو یان ئۆگرەتی بە زوو لە خەو ڕابوون.
سـحرخیزی / saharxîzî/: [عربـی/ فارسـی]/اسم. زووڕابی؛ زووخێزی؛ کاری زووهەستان لە خەوی بەیانی.

سحرگاه / sahargāh ، ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* *[ادبی]* دەمەوبەیان؛ دەمەدەما؛ بوولێڵەی بەیان؛ سپێدەدەم؛ کاز و کووز؛ کازیوە؛ کاتی بەیانی.

سحرگاهان / sahargāhān/: [عربی/ فارسی] *قید.* *[ادبی]* دەمەوبەیانان؛ بوولێڵەی بەیانان؛ لە کاتی دەمەو بەیاندا.

سحرگاهی / sahargāhî/: [عربی/ فارسی] *صفت.* دەمەو بەیانی؛ سپێدەیی؛ سەر بە دەمەو بەیان ‹نسیم سحرگاهی: شنەی دەمەوبەیانی›.

سحری[1] / saharî/: [عربی] *اسم.* پاشیێو؛ پارشێو؛ پارشەو؛ ساگوور؛ نانی بەرەبەیانی ڕوژگەوان ‹امروز بی‌سحری روزه گرفتم: ئەمڕۆ بێ‌پارشێو ڕۆژووم گرت›.

سحری[2]: *صفت.* دەمبەیانی؛ بەرەبەیانی؛ دەمسبەینان؛ پێوەندیدار یان بەندیوار بە بەرەبەیان ‹ستارەی سحری: ئەستێرەی دەمبەیانی›.

سحری[3]: *قید.* *[گفتاری]* دەمەوبەیان؛ پاشام؛ لە کاتی بەرەبەیاندا ‹سحری بیدار شدم: دەمەوبەیان وەخەبەر هاتم›.

سحور / sahûr/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* سحری ☜ **سحری**[1]

سخا / saxā/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* دلاڤایی؛ دلاوایی؛ دەسبازی؛ دەسبلاوی؛ بەخشندەیی؛ دەهندەیی.

سخافت / saxāfat/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* نەزانکاری؛ کەمئاوەزی؛ کەمژەیی؛ گێلی؛ گەوجی؛ حۆلی؛ گێژی؛ وڕی؛ دۆخ یان چۆنیەتی گێژ و حۆڵ بوون.

سخاوت / sexāvat, saxāvat/: [عربی] *اسم.* ئادا؛ دلاڤایی؛ دلاوایی؛ شاخسی؛ دەس‌ودڵبازی.

سخاوتمند / -sexāvatmand, saxāvat ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* کەرەمکار؛ دەهندە؛ بەخشندە؛ جوامێر؛ نان‌دە؛ نان‌بدە؛ کەرەمدار؛ خواردە؛ دەس‌ودڵباز؛ خۆشنان؛ دلاوا؛ شاخس؛ سەخاوەتمەند.

سخت[1] / saxt/: *صفت.* ۱. سەخت؛ زەب؛ ڕەق؛ زوها؛ گوژم؛ گژ؛ چەق؛ هشک؛ هێشک؛ پتەو؛ سفت؛ بە خۆڕاگری زۆر لە هەمبەر لێدان یان گوشارەوە ‹چوب سخت: چێوی سەخت› ۲. ئارێشە؛ سەخت؛ حەستەم؛ ئاستەم؛ دژوار؛ ئاستەنگ؛ سەخڵەت؛ گران؛ ئاسێ؛ ئاسێهـ ؛ هاسێ؛ دوخشار ‹کار سخت؛ زندگی سخت: کاری سەخت؛ ژیانی ئارێشە› ۳. تیژ؛ تێژ؛ سەخت؛ تون؛ توند؛ تن؛ بە تەوژم ‹باران سخت: بارانی تیژ› ۴. *[گفتاری]* چەق؛ نمرچ؛ لاسار لە سەودادا ‹تو چقدر سخت هستی!: تۆ چەندە چەقی!›.

◘ **سخت بودن:** سەخت بوون؛ گران بوون: ۱. ڕەق بوون؛ زەب بوون؛ زوها بوون؛ گوژم بوون؛ خۆ ڕاگر بوونی زۆر لە بەرانبەر لێدان و تەوژمەوە ‹مثل سنگ سخت بود: وەکوو بەرد سەخت بوو› ۲. ئاستەم بوون؛ حەستەم بوون؛ دژوار بوون؛ هاسێ/ ئاسێ بوون ‹کار خیلی سخت بود: کارەکە زۆر ئاستەم بوو›. هەروەها: **سخت شدن؛ سخت کردن**

سخت کسی آمدن/ بودن: پێ‌گران بوون؛ بۆ کەسێک سەخت بوون؛ بۆ کەسێک حەستەم بوون؛ وەنەو یۆی سەخت ئاماى؛ بۆ کەسێک دژوار یان دڵنەخواز بوون ‹سختت می‌آمد بیایی حالی از من بپرسی؟: پێت گران بوو بهاتبای هەواڵێکت لە من پرسیبا؟›.

سخت گذراندن: ئاستەم بردنە سەر؛ تاڵ چوون؛ سەخت دانەسەر؛ گران بگاردن؛ سەخت ویاردەی؛ بە ژاری و دژواری و وێڕای ڕەنج و پەژارە ژیان دانەسەر ‹آن سال را در خارج سخت گذراندیم: ئەو ساڵەمان لە هەندەران ئاستەم بردە سەر›.

سخت گذشتن: ئاستەم تێپەڕین؛ سەخت گوزەران؛ سەخت ویەردەی؛ سەردەمێ بە دژواری و ژاری بە سەر چوون.

سخت گرفتن: سەخت گرتن؛ پێداگرتن؛ لاساری کردن؛ سەختگری کردن؛ پادانە گەز.

سخت[٢]: *قید.* پیس؛ سەخت؛ زۆر؛ خراو؛ ئاستەم؛ بە حەستەم ‹سخت خشمگین شد: پیس توورە بوو›.

سخت ـ[٣]: *پیشواژە.* سەخت؛ سەختە‌ـ: ١. ڕەق‌ـ؛ زەب‌ـ؛ خاوەن ڕەقی یان پتەوی ‹سختپوست: ڕەقپێست› ٢. بە گژ و گوژمە ‹سختکوش: سەختکۆش›.

ـ سخت[٤]: *پیواژە.* ـ سەخت؛ ـ ڕەق؛ ـگران؛ ـ پتەو؛ ـ هەسەم؛ بە ڕەقی یان زەبی ‹جان‌سخت؛ سرسخت: گیان‌سەخت؛ سەرڕەق›.

سخت‌افزار / saxtafzār ، ـها/: *اسم.* سەختامێر: ١. لەتە و پاژگەلی ئیلیکترۆنیکی و میکانیکی کەمپیوتەر ٢. لەتە و دەزگاگەلی کانزایی ماشین ٣. جەنگامێرگەلی کانزایی ٤. ئامێرگەلی فێرکاری (وەک ویدیۆ؛ زەبت، گرام و...).

سختپا / saxtpā/: *صفت.* خۆگر؛ بنەجێ و نەگۆڕ لە بەرامبەر هۆکارگەلی دەرەکیەوە (وەک دەما، لێدان، گوشار). هەروەها: **سختپایی**

سختپوست[١] / saxtpûst ، ـها؛ ـان/: *اسم.* ڕەقپێس؛ سەختپێست؛ هەر یەکە لە گیانەوەرانی تیرەی ڕەقپێستان کە زۆربەیان لە ئاودا دەژین و قاپیکی پتەویان پێوەیە (وەک قرژاڵ).

سختپوست[٢]: *صفت.* پێست ڕەق؛ پۆس کوڵۆفت؛ کەوڵ سەخت؛ خاوەن پێستی پتەو.

سخت‌جان / saxtcān/ ☜ **جان‌سخت**

سخت‌جانی / saxtcānî/ ☜ **جان‌سختی**

سختدل / saxtdel/ ☜ **دلسخت**

سخت‌سر / saxtsar/ ☜ **سرسخت**

سخت‌شامه / saxtšāme/: *اسم. [کالبدشناسی]* سەختەکاژی؛ ڕەقەکاژی؛ شانەی پێوەندی پتەو کە مێشک و مۆخی مۆرغەداران دادەپۆشێ و ڕەگی خوێنی تێدایە.

سخت‌کام / saxtkām/ ☜ **سخت‌کامه**

سخت‌کامه / saxtkāme/: *اسم. [کالبدشناسی]* ئێسکەمەلاژ؛ سەختەمەلاژ؛ ڕەقەمەلاژ؛ بەشی بەرەوەی مەلاژگ کە لە دوو لەتە ئێسک بە ناوی ئێسکی مەلاژ پێکهاتووە: **سخت‌کام**

سختکوش / saxtkûš ، ـها؛ ـان/: *صفت. [ادبی]* تێکۆشەر؛ خاوەن خوو یان هۆگرەتی زۆر بە تێکۆشان.

سختکوشی / saxtkûšî ، ـها/: *اسم.* تێکۆشەری؛ داکۆکی و کۆششی زۆر.

سختگیر / saxtgîr/: *صفت.* سەختگر؛ توند و تیژ؛ بەزاکوون؛ سەختگیر؛ خاوەن خوو یان ئۆگرەتی بە سەختگیری ‹مدیر سختگیر: بەڕێوەبەری سەختگر›.

سختگیرانه[١] / saxtgîrāne/: *صفت.* سەختگرانە؛ بەزاکوونانە؛ توند و تیژانە؛ بە دۆخ یان چۆنیەتی سەختگیریەوە ‹تدابیر سختگیرانه: تەگبیرگەلی سەختگرانە›.

سختگیرانه[٢]: *قید.* سەختگرانە؛ بەزاکوونانە؛ توند و تیژانە؛ هاوڕێ لەگەڵ سەختگیریدا ‹سختگیرانه عمل می‌کند: سەختگرانە کار دەکا›.

سختگیری / saxtgîrî ، ـها/: *اسم.* سەختگری؛ سەختگیری: ١. کار یان ڕەوتی هەڵپێچانی خەڵک بە: *الف)* کارگەلی دژوار *ب)* هەڵگردن لە بار و دۆخی دژواردا *ج)* چاوبڕی ورد و توند لە سیستەم، دەستوور یان قانوون ‹پدرم نسبت به من خیلی سختگیری می‌کرد: بابم لە ئاست من زۆر سەختگری دەکرد› ٢. بەزاکوونی؛ پێداگری؛ داکۆکی زۆر، بەتایبەت لە شۆنگری و پێداگری لە سەر قانوون، دەستوور یان بەرنامە ‹امسال در مدرسه خیلی سختگیری می‌کنند: ئەمساڵ لە قوتابخانەدا زۆر سەختگیری دەکەن›.

سختی[١] / saxtî/: *اسم.* ١. ڕەقی؛ هێشکایی؛ سەختی؛ زەبی؛ گژی؛ گوژمی؛ سفتی؛ پتەوی؛ گرانی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سەخت بوون ‹به سختی سنگ: بە ڕەقی بەرد› ٢. /ـها/ سەختی؛

دژواری؛ ئاستەمی؛ ئاستەنگی؛ حەستەمی؛ سەخڵەتی؛ تەنگاوی؛ دوخشاوی؛ تەنگی ‹سختی کشیدن: سەختی کێشان› ۳. [مکانیک] پتەوی؛ خۆڕاگری؛ هەندی خۆڕاگری شتێک لە هەمبەر بیچم‌گۆڕانەوە ٤. قورسی؛ دۆخی هەبوونی ماکی کانی لە ئاودا ‹سختی آب: قورسی ئاو›.

⊡ **سختی دادن**: ئازاردان؛ سەخت لێ‌گرتن؛ خستنە تەنگانە/ تەنگیەوە؛ ڕەنج و زەحمەت پێدان ‹خیلی به بچه‌ها سختی داد، آنها را گرسنه نگه می‌داشت: منداڵەکانی زۆر ئازار دەدان و برسی دەیهێشتنەوە›.

سختی دیدن ☜ **سختی کشیدن**

سختی کشیدن: سەختی‌کێشان؛ تەنگی کێشان؛ تاڵ و سوێری چێشتن ‹تا بزرگ شدند، سختی کشیدند: تا گەورە بوون سەختیان کێشا›.

سختی دیدن

ـ سختی ²: *پیواژە.* ـ سەختی؛ هەبوونی خۆڕاگری و بەردەوامی ‹جان‌سختی: گیان‌سەختی›.

سختی‌سنج / saxtîsanc ، ـها/: *اسم.* ۱. سەختی‌پێو؛ ئامرازێک بۆ ئەندازەگرتنی سەختی کانزا و ماکی‌تر ۲. قورسی‌پێو؛ کەرەستە یان ئامێرێک بۆ پێوانی قورسی ئاو.

سخره / soxre/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ۱. تەوزە؛ تیتاڵی؛ گاڵتە؛ قەژمەری؛ قەشمەری؛ ڕشخەن؛ کاری تەوزە پێ‌کردن: **سخریه** ۲. بێگاری؛ بێگار؛ سوخرە؛ سۆزە؛ سوغرە؛ زەود؛ کاری بەزۆر.

⊡ به سخره گرفتن: گاڵتە پێ‌کردن؛ بە گاڵتە گرتن/ زانین؛ بە تیتاڵی‌گرتن؛ بە گەمەگرتن؛ تەوزە پێ‌کرن؛ بە شۆخی‌گێرتەی؛ بە فشەگرتن؛ بە تەشقەنەگرتن؛ ڕشخەن پێ کردن؛ گرتنە گەمەجاڕ ‹او مرگ را به سخره می‌گرفت: گاڵتەی بە مردن دەکرد›.

سخریه / soxrîyye/: [عربی] ☜ **سُخره**

سخن / soxan ، ـها؛ ـان/: *اسم. [ادبی]* ۱. قسە؛ قسیە؛ قسێ؛ قەسە؛ پەیڤ؛ پەیف؛ واتە؛ وتە؛ گفت؛ گپ؛ گلی؛ گوتە؛ وشە؛ وشە یان ڕستەگەلێ کە بۆ دەربڕینی مەبەست دەگوترێن ۲. *[مجازی]* هەڵبەست؛ هۆنراوە؛ شیعر؛ شیعرە؛ هۆزان.

⊡ **سخن راندن**: وتار/ گوتار دان؛ وتار وێژان؛ دوان؛ قسەکردن؛ وتوو؛ دوەی؛ دوای ‹او دربارهٔ آزادی سخن می‌راند: لەمەڕ ئازادیەوە وتاری دەدا›.

سخن گفتن: قسەکردن؛ قسیەکردن؛ ئاخافتن؛ ئاخاوتن؛ ئاخەفتن؛ ئاخفتن؛ پەیڤین؛ قسە کەردەی؛ قسێ‌کەردەی؛ واتش.

به سخن درآمدن: هاتنە قسە؛ هاتنە زمان؛ بە قسە هاتن؛ بە وتار هاتن؛ دەس بە وتن‌کردن؛ ئامایرە قسێ؛ دەس بە قسەکردن ‹وقتی به سخن درامد، همه چشم به او دوختند: کاتێ هاتە قسە، هەموان چاویان لێ بڕی›.

سخن‌پراکنی / soxanparākanî ، ـها/: *اسم. [ادبی]* کار و ڕەوتی قسە بلاوکردنەوە.

سخن‌پرداز / soxanpardāz ، ـها؛ ـان/: *اسم. [ادبی]* ۱. وتەبێژ؛ گوتەبێژ؛ زمان‌تەڕ؛ قسەزان ۲. شاعیر؛ هۆنەر؛ هۆزانڤان.

سخن‌چین ¹ / soxančîn ، ـها؛ ـان/: *اسم. [ادبی]* دووزمان؛ قسەهێن؛ قسەبەر؛ شووفار؛ شۆفار؛ نێوان تێکدەر؛ کەسێ کە قسە و باسی کەسێک بەبێ ویستی ئەو کەسە، بۆ کەس یان کەسانی‌تر دەبا ‹سخن‌چین خود آسایشی ندارد: دووزمان بۆ خۆی لە تەناهی دوورە›.

سخن‌چین ²: *صفت.* تێچێن؛ قسەبەر؛ شووڤار؛ شۆفار؛ شەیتانی‌کەر؛ خەبەرگوهێز؛ قسەڕاگوێز؛ چوڵ؛ چولەئاشوو؛ بەکرۆک؛ وات‌وات؛ قسەهێن؛ قسەهەڵچن؛ بەزاخ؛ بەزاجکەر؛ خاوەن خوو یان ئۆگرەتی بە دووزمانی ‹سخن‌چین این ماجرا، آرام بود: تێچن لەم کارەساتەدا ئارام بوو›.

سخن‌چینی / soxančînî ، ـها/: *اسم.* دووزمانی؛ دووزوانی؛ زمان‌شڕی؛ زارشڕی؛ قسەهەڵچنی؛

قسەهێنی؛ قسەبەری؛ بەزاج؛ شۆڤاری؛ شەیتانی؛ کار یان ڕەوتی گوتنەوەی قسە و باس بە مرازی نێوان تێکدان.

سخندان / soxandān ، ـها؛ ـان/: صفت. قسەزان؛ دەمڕاست؛ زمانپاراو؛ دەماوەر؛ وتەپاراو؛ قسە ڕەنگین؛ ویژا: ۱. خاوەن زانست لە بواری ویژەوانی بەتایبەت شیعردا ۲. تەڕزوان؛ تەڕدەم؛ بە گفت و لفت؛ بەدەم؛ دەم هەراش؛ بەدەمودوو؛ دەمپاراو؛ خاوەن توانایی باش قسەکردن. هەروەها: **سخندانی**

سخنران / soxanrān ، ـها؛ ـان/: اسم. وتاربێژ؛ بێژەر؛ وتاردەر؛ گوتۆخ؛ پەیفگۆ؛ کەسێ کە بۆ گرۆیەکی بیسەر لە کۆڕێکی فەرمیدا لەمەڕ بابەتێکەوە قسە دەکا ‹سخنران در پایان مردم را بە آرامش و تفاهم دعوت کرد: بێژەر لە ئاکامدا، خەڵکی بەرەو هێمنی و لێکگەیشتوویی بانگ کرد›.

سخنرانی / soxanrānî ، ـها/: اسم. وتار؛ گۆتار؛ گفتار؛ وتاربێژی؛ کار یان ڕەوتی قسەکردن بۆ گرۆیەکی بیسەر، زۆررتر لە کۆڕێکی فەرمیدا و لەمەڕ بابەتێکی تایبەتەوە.

▣ **سخنرانی کردن:** دوان؛ وتاردان؛ مروکیایش؛ وتاربێژی کردن.

سخن‌سرا / soxansarā ، ـیان/: اسم. [ادبی] شاعیر؛ هۆنەر؛ هۆزانڤان.

سخن‌سرایی / soxansarāyî ، ـها/: اسم. [ادبی] هۆزانڤانی؛ شاعیری؛ کاری شیعر هۆنینەوە؛ هەڵبەستن؛ شیعر دانان.

سخن‌سنجی / soxansncî ، ـها/: اسم. ۱. ڕەخنەی ویژەیی؛ ڕەوتی لێڕوانین و تۆژینەوەی تایبەتمەندیگەلی جوانکاری و بایەخی هۆنەری بەرهەمێکی ویژەیی؛ ڕەخنەی ئەدەبی ۲. وتەوانی؛ قسەزانی. هەروەها: **سخن‌سنج**

سخن‌شناس / soxanšenās ، ـها؛ ـان/: صفت. قسەناس؛ وتەناس؛ پەیڤناس؛ خاوەن توانایی لە لێکدانەوە هەڵسەنگاندن و دەرخستنی بایەخی ویژەیی وتەیەک ‹او مردی سخن‌شناس بود و می‌دانست این سخن از کجاست: پیاوێکی قسەناس بوو، دەیزانی ئەم وتە لە کوێوە دێ›. هەروەها: **سخن‌شناسی**

سخنگو[1] / soxangû ، ـها؛ ـیان/: اسم. بێژەر؛ ویژەر؛ وتەبێژ؛ وتەوات؛ قسەکەر؛ قسیەکەر؛ دەمڕاست؛ کەسێ کە لە لایەن گرۆ یان دامەزراوەیێکەوە، لەمەڕ کار و بار یان خواستەکانیانەوە قسە دەکا ‹سخنگوی تظاهرکنندگان در مصاحبە با خبرنگاران گفت:... بێژەری خۆپیشاندەران لە وتوویژ لەگەڵ هەواڵدەراندا گوتی:...›.

سخنگو[2]: صفت. قسەکەر؛ وتەوان؛ ویژەر ‹مرغ سخنگو: مەلی قسەکەر›.

سخنور[1] / soxanvar ، ـان/: اسم. [ادبی] هەڵبەستوان؛ شاعیر؛ هۆنەر؛ هەستیار؛ شایەر.

سخنور[2]: صفت. [ادبی] دیواندڕ؛ قەل؛ قسەزان؛ دەمپاراو؛ دەماوەر؛ زوانپاراو؛ لێهاتوو لە باش قسەکردندا.

سخنوری / soxanvarî ، ـها/: اسم. [ادبی] ۱. قسەزانی؛ دەماوەری؛ دۆخ یا چۆنیەتی جوان قسە کردن ۲. شاعیری؛ هەستیاری.

سخی / saxî/: [عربی] صفت. [ادبی] دەهندە؛ بەخشندە؛ دلاوا؛ بەدڵ؛ دەستڤەکری؛ دەستکراوە؛ دەستودڵباز؛ بەرچاوتێر ‹سخی و بلند همت بود: دەهندە و بەرزەمژی بوو›.

سخیف / saxîf/: [عربی] صفت. [ادبی] ۱. ـان/ [نامتداول] بەیتەشە؛ کەمئاوەز؛ لاژگ؛ ساویلکە ۲. گەوجانە؛ لاژگانە؛ نەفامانە؛ گێلانە؛ حۆلانە ‹عمل سخیف: کاری گەوجانە›.

سد / sad(d) ، ـها/: [عربی] اسم. ۱. سەد؛ ئاوبەند؛ بەند؛ بەربەند؛ بەربەن؛ وەن؛ بەروەن؛ بەنداو؛ بەربەست؛ بەربەس؛ کەرپە؛ بەرەگە؛ پێش‌بەست؛ لەمپەرێ کە وە بەر ئاوی گەڕۆک (بەتایبەت

چەم) دەخرێ تا لای بدا یان بەشێکی لێ گلداتەوە ٢. کار یان ڕەوتی بەستن؛ ڕێ گرتن ‹یک هفته است، بهمن راه را سد کرده: حەوتوویێکە هەرەس ڕێگای بەستووە› ٣. /مجازی/ لەمپەر؛ بەرگر؛ گەپل؛ بەرهەڵست؛ ڕتم ‹سد راه ترقی: لەمپەری ڕێی پێشکەوتن›.

سد انحرافی: بەندی ئاو ڕاگوێز؛ بەربەندێ کە بۆ هێنانە سەرەوەی ئاو و گواستنەوەی دروستکراوە.

سد جوع: /ادبی/ کار یا ڕەوتی بەر برسیەتی گرتن؛ لابردنی برسیەتی؛ برسیەتی شکاندن؛ برسیەتی نەهێشتن؛ ئاوراییێ کۆشتەی؛ بەر برسیەتی گرتن ‹هر روز با یک قرص نان سدجوع می‌کرد: هەموو ڕۆژێ بە تاقەنانێک بەر برسیەتی دەگرت›.

سد سِکندر: /کنایی/ بەربەست یان بەرهەڵستی ئاستەم و پتەو.

سد مخزنی: بەربەندێ کە زرێواریێ لە پشتیەوە بۆ نیاتەکردنی ئاو و بەرهەمهێنانی کارەبا پێکهاتووە.

سد بستن: بەربەند بەستن؛ بەند دابەستن؛ بەربەند قایم کردن؛ بەند دروستکردن.

سد راه کسی شدن: /مجازی/ ڕێ لە کەسێ برینەوە؛ بوونە لەمپەری ڕێگای کەسێک؛ بەر بە ڕێگەی کەسێ گرتن؛ بوونە بەرهەڵستی کەسێک؛ بەر بە ڕۆیین یان پێشکەوتنی کەسێک گرتن.

سد کردن: بەستن؛ بەربەست کردن؛ بەند کردن؛ بەربەندکردن؛ بینەی؛ بینتەی؛ هلبەستن؛ هەڵبەستن ‹در آنجا راه دشمن را سد می‌کردند: لەوێدا ڕێگایان بە دوژمن دەبەست›.

سد معبر کردن: ناو ڕێ گرتن؛ ڕێ بەستن؛ وەرە ڕا گیرتەی؛ بەر ڕێ گرتن؛ ناو دەس و پا گرتن؛ بەر بە هاتوچۆ گرتن بە هۆی کار و پیشەوە ‹دستفروشان در آنجا سد معبر کرده بودند: دەسفرۆشان لەوێدا ناوریان گرتبوو›.

سداب / sodāb ، ـھا/: /اسم. نەرمیلێ؛ پێچن؛ پێچە؛ پێچی؛ پێچێ؛ هەرمەڵ؛ گیایەکی ئالیکی پایا، بە بۆنێکی تیژ و ناخۆش، گەڵای ئەستوور و گۆشتنەوە کە بۆ دەرمان دەشێ.

سدر / sedr/: /اسم. کونار؛ کینار؛ زەرک؛ سیتر؛ نەبگ؛ تەعەو: ١. دارێکی گەرمەسێری بە گەڵاگەلی گچکە و کەسکی وەک کاجەوە ٢. وردەگەڵای وشکەڵاتووی داری کونار کە لە ئاودا کەف دەکا و سەر و لەشی پێدەشۆن.

سدس / sods/: [عربی] /اسم. /ادبی/ شەش یەک؛ یەک لە شەش؛ شەش یەکێ.

سده / sade/: /اسم. سەدە: ١. جێژنێکی کۆنی ئێرانە لە شەوی دەی ڕێبەنداندا کە بە دایساندنی ئاگر بە ڕێوە دەچێ ٢. سەتە؛ سەدساڵ؛ چەرخ؛ یەکەی زەمان بەرانبەر بە سەد ساڵ.

سدید / sadîd/: [عربی] صفت. /ادبی/ پتەو؛ بتەو؛ پەیت؛ گوریخ؛ قایم ‹سد سدید: بەندی پتەو›.

سدیم / sod(i)yom/: [انگلیسی/ فرانسوی] /اسم. سودیوم؛ توخمی کیمیاوی کانزایی، بە ژمارەی ئەتومی ١١ و کێشی ئەتومی ٢٢،٩٨، بە ڕەنگی زیو، نەرم و بێبەرگە کە خێرا لە هەوادا ئۆکسیدە دەبێ و لە دەمایەکی خواردا دەشکێ و لەگەڵ ئاودا تێکەڵ دەبێ: **ناتریم**

سر [1] / sar/: /اسم. سەر: ١. بەشی ژووروی جەستەی گیاندار لە ملەوە بەرەو بان ٢. /ـھا/ کەللە؛ سەرە؛ سەلک؛ سەلگ؛ سەرک؛ بەچک؛ بانترین پاژی لەش لە گوێوە بەرەو بان ‹سرش شکست: سەری شکا› ٣. سەرەتا؛ دەسپێک؛ هەوەڵ؛ کەبار. بەرانبەر: **تە** ‹از این سر تا آن سر: لەم سەر تا ئەو سەر› ٤. نووک؛ سەرە؛ بەشی دوایی ‹سر سوزن: سەرە دەرزی› ٥. سەرە؛ زارەوانە؛ دەم؛ داپۆش ‹سر چاه: سەرەی بیر› ٦. یەکەی بژاردنی گیانداران ‹هفت سر عایله؛ پنج

سر گوسفند: حەوت سەر خێزان؛ پێنج سەر پەز› ۷. *[گفتاری]* قژ؛ قژێ؛ مووی سەر ‹سرم را تراشید: سەرمی تاشی› ۸. *[مجازی]* ژیان؛ ژین ‹سرش را به باد داد: سەری به بادا› ۹. *[مجازی]* بیر؛ ناو مێشک ‹نمی‌دانم در سرش چه می‌گذرد: نازانم چی لە سەریدایە› ۱۰. *[مجازی]* نیاز؛ قەست؛ ویست؛ مراز ‹سر جنگ داشتن: بە نیازی شەڕ بوون› ۱۱. *[ان]/[مجازی]* سەرەک؛ سەرۆک ‹سر قبیله: سەر هۆز› ۱۲. نووک؛ چلەپۆپە؛ پۆپە؛ سەراون؛ گل؛ سەرەقەد؛ بەرزترین شوێنی بەرزاییەک ‹سر کوه: سەری کێو› ۱۳. لچ؛ لچ؛ لێوارە؛ پەراوێز؛ قەراخ ‹سر آستین: سەر باسک› ۱٤. لا؛ ئالی؛ پەڕ ‹آن سر میدان: ئەو سەری مەیدان› ۱٥. *[گفتاری]* هەڤجیاوازی نرخی شتێک ‹ساعتم را دادم، هزار تومان هم سر دادم، این یکی را گرفتم: سەعاتەکەم دا، هەزار تمەنیشم نایە سەری، ئەمەم وەرگرت› ۱٦. (لە تێکەڵاوی لێکدەردا) *الف)* هاوکاری ‹سر و کار: سەر و کار› *ب)* ڕێکوپێکی ‹سر و سیما؛ سر و سامان: سەر و پۆتراک؛ سەر و بەر›.

◘ **سر بینه** ☜ **بینه**

سر پاکت: سەری پاکەت؛ دەرکی پاکەت؛ لێواری پاکەت کە بە سەر لێوارەکەی‌تریدا قەد بووە.

سر پل: سەری پرد؛ سەروو پردێ: ۱. دەم پرد؛ سەرەتای پرد ۲. دەور و بەری پرد.

سر چراغ: سەر شەو؛ سەرەتای شەو؛ چراکەران؛ هەوەڵی شەو؛ دەم نشێوان.

سر دل: *[گفتاری]* سەر دڵ؛ بان دڵ؛ سەروو دڵی؛ گەدە، بەتایبەت بەشی سەرەوەی.

سر زانو: سەر چۆک؛ سەر زرانی؛ سەر ئەژنۆ؛ سەر زەنگۆڵ؛ کلاوەژنۆ؛ کڵاوەی وژنگ؛ کەشکەک؛ دەرپەڕیوی ئەژنۆ.

سر تا سر ☜ **سراسر**

سر خانه ☜ **سرخانه**

سر خود ☜ **سرخود**

سر گذر: چەن ڕێیان؛ جێگای یەک گرتنەوەی چەن ڕێگە.

سر نخ: *[کنایی]* سۆسە؛ سووسە؛ شوێن یان ڕێنجی شتێک.

◘ **سر آمدن** ☜ **به سر آمدن**

سر آوردن: ۱. ☜ **به سر آوردن** ۲. *[تعریض]* بۆ ئاگر هاتن؛ زۆر بە پەلە هاتن ‹صبر کن! مگر سرآورده‌ای؟: سەبر کە! مەگەر بۆ ئاگر هاتووی؟›.

سر از پا نشناختن: *[مجازی]* جێ بە خۆوە نەگرتن؛ پێ لە عەرز نەکەوتن؛ پا زەوی نەگرتن باڵ دەرهێنان؛ سەرِ هاتن ‹از خوشحالی سر از پا نمی‌شناخت: لە خۆشیانا جێی بە خۆوە نەدەگرت›.

سر از تخم درآوردن: ۱. سەر لە هێلکە دەرهێنان/ جووقاندن؛ سەرەتای دەرهاتنی جووچک لە هێلکە ۲. *[کنایی]* بای باڵ دان؛ بە خۆدا هاتن؛ گەورە بوون ۳. *[کنایی]* دەم بۆی شیر دان؛ مناڵ و کاڵ بوون.

سر از تن کسی جدا کردن: سەری کەسێک بڕین/ پەڕاندن/ ژێ کردن؛ سەر لە ملی کەسێ کردنەوە؛ ملی کەسێک هەڵکێشان.

سر باز زدن: *[مجازی]* سەربزێوی کردن؛ سەر هەڵێنان؛ بە قسە نەکردن؛ ملپێچکێ کردن؛ نافەرمانی کردن؛ نەچوونە ژێر فرمان؛ خۆ بواردن لە ئەنجامدانی کارێ ‹سربازان از فرمانش سر باز زدند و از میدان جنگ گریختند: سەربازەکان لە فەرمانی سەربزێویان کرد و لە مەیدانی شەڕ هەڵاتن›.

سر باز کردن: دەمکردنەوە؛ دەم بازکردن؛ دەمەوەکەردەی؛ کرانەوەی زاری شتێک ‹زیر پایش چاهی سر باز کرد: لە ژێر پێیدا چاوانەیێک دەمی کردەوە›.

سر بر آسمان افراشتن/ سودن: *[ادبی]* سەر لە ئاسمان سوان: ۱. سەر گەیشتنە هەوران؛ هەوابڕ بوون؛ زۆر بڵیند بوون ۲. سەر

گەیشتنە ئاسمان؛ هەست بە سەربەرزی کردن.

سر برآوردن: سەر هەڵێنان؛ سەر هەڵهێنان؛ سەرە هۆربڕنەی؛ سەر هلانین: ۱. سەر بەرزکردنەوە؛ سەر بەرزەوەکردن ۲. *[کنایی]* خۆ دەرخستن؛ وێ وسەی سارا؛ سەر هێنانە دەر؛ سەر بەر ئاردەی؛ خۆ پیشان‌دان.

سر برداشتن ☜ **سر بلند کردن ـ ۳**

سر بردن: ۱. ☜ **به سر بردن** ۲. *[تعریض]* کفن بۆ مردوو بردن؛ بۆ ئاگر هاتن؛ بە پەلە ڕۆیشتن ‹مگر داری سر می‌بری؟ این قدر عجله برای چیست؟: مەگەر کفن بۆ مردوو ئەبەی؟ ئەو هەموو پەلەیەت لە چیە؟›.

سر بلند کردن: سەر بەرز کردن/ کردنەوە: ۱. سەر هەڵبڕین؛ سەر هەڵێنان؛ سەرە هۆربڕنەی ‹سر بلند کرد و به او نگریست: سەری بەرز کردەوە و بۆی ڕوانی› ۲. *[کنایی]* سەر هەڵێنان؛ سەر بڵندکردن؛ شانازی‌کردن ‹مرا پیش مردم سربلند کردی: منت لای خەڵکەوە سەربەرز کرد› ۳. *[مجازی]* سەر بەرزکردنەوە؛ سەر بڵندکردنەوە؛ ڕاپەڕین؛ شۆڕش‌کردن ‹اگر کسی سر بلند می‌کرد، کشته می‌شد: ئەگەر کەسێ سەری بەرز بکردایەتەوە، دەکوژرا›: **سر برداشتن**

سر به تن کسی نبودن: *[مجازی]* سەری کەسێ بوونە ژێر لاشەیەوە؛ مردن یان کوژرانی کەسێ ‹می‌خواهم سر به تنت نباشد!: دەمەوێ سەرت بچێتە ژێر لاشەتەوە›.

سر به جهنم زدن: *[تعریض]* باری کەر نەکران؛ ئێجگار زۆر و نەگونجاو بوون ‹حساب این پولها سر به جهنم می‌زند: حەسێبێ ئەم پارەیانە، باری کەر ناکری›.

سر به چیزی زدن: بە شتێک گەیشتن؛ شان لە شتێکەوە دان؛ لەگەڵ شتێکدا بەرامبەر بوون ‹ثروت او سر به میلیونها می‌زند: داراییەکەی بە ملیونان دەگا›: **سر زدن ـ ۴**

سر به زمین گذاشتن: سەر نانەوە؛ سەرەوە نیەی: ۱. خەوتن؛ خەفتن؛ نووستن ‹تا سرم را به زمین گذاشتم، صدای تلفن بیدارم کرد: تا سەرم ناوە، زرەی تەلەفوون خەبەری کردمەوە› ۲. *[کنایی]* مردن؛ کۆچی دوایی‌کردن ‹فردا که سرت را زمین گذاشتی دولت همه چیزت را ضبط می‌کند: سبەی سەرت نایەوە، دەوڵەت هەموو شتێکت داگیر دەکا›.

سر به سر کسی گذاشتن: *[مجازی]* سەر نانە سەر کەسێک: ۱. گەپ و گاڵتەکردن بە کەسێ؛ سەرکردنە سەر کەسێکەوە؛ سەر خستنە سەر کەسێک؛ مل بیایش ‹داشتیم سر به سرت می‌گذاشتیم، دلخور نشو: سەرمان دەنایە سەرت، مەیگرە دڵ› ۲. سەر و مێشک تێکدان؛ کەسێک ئازار دان.

سر به فلک کشیدن: *[مجازی]* بە ئاسماندا هەڵکشان؛ لە ئاسمان ڕۆچوون؛ هەوابڕ بوون؛ یەکجار بەرز بوونەوە ‹گرداگرد دره، کوهها، سر به فلک کشیده بودند: دەوراندەوری دۆڵەکە، کێوەکان بە ئاسماندا هەڵکشابوون›.

سر به کوه و بیابان گذاشتن: *[کنایی]* سەر خۆ هەڵگرتن؛ دان بە کەژ و کێودا؛ بەرەو چۆڵی دوور لە خەڵک هەڵاتن ‹از دست تو سر می‌گذارم به کوه و بیابان: لە دەس تۆوە، سەر خۆم هەڵدەگرم›.

سر به گریبان بودن: *[مجازی]* دەس بە ئەژنۆ بوون؛ دەستەزرانی بوون؛ پەنجە هەڵپێکان؛ خەفەت خواردن یان بیر کردنەوە ‹سر به گریبان بود و نمی‌دانست چه کند: دەس بە ئەژنۆ بوو، نەیدەزانی چ بکا›.

سر بی‌آب تراشیدن: *[کنایی]* تەون دانە دەسەوە؛ بوونە هۆی ئازار و دەردیسەر.

سر بی‌شام زمین گذاشتن: بە سکی برسی سەرنانەوە؛ سەر بێ شێو نانەوە؛ بەبێ شێو خەوتن ‹پول نداشتیم و سر بی شام زمین

می‌گذاشتیم: پاره‌مان نه‌بوو، به زکی برسی سه‌رمان ده‌ناوه›.

سر بی‌صاحب تراشیدن: */مجازی/* کاری بێ کارانه‌کردن؛ له سه‌د ئاش کردن و له یه‌کیان نه‌مالینه‌وه؛ کاری بێهۆکردن ‹این کارها برایت نان و آب نمی‌شود، با این مقاله‌ها سر بی صاحب می‌تراشی: ئه‌م کاره نابێته نان و ئاو بۆت، به‌م وتارانه کاری بی‌کارانه ده‌که‌ی›.

سر پیچیدن: */مجازی/* نافه‌رمانی‌کردن؛ بێ‌قه‌ولی‌کردن؛ سه‌ربزێوی کردن؛ سه‌ربادان؛ به قسه نه‌کردن؛ سه‌رپێچی‌کردن؛ مل نه‌دان: ☜ **سرپیچی**

سر تسلیم فرود آوردن: مل دان؛ سه‌ر دانه‌واندن؛ گوێ رایه‌ڵ بوون ‹در برابر استدلالهای او سر تسلیم فرود آورد: له هه‌مبه‌ر به‌لگه‌هێنانه‌وه‌کانیدا ملی دا›.

سر تغار کسی پایین رفتن: */تعریض/* قۆڕه‌ی مه‌شکه ڕه‌ش که‌سێ هه‌ڵسان؛ قۆڕه‌ی سک که‌سێک هاتن؛ برسی بوون.

سر تیشه را بند کردن: */کنایی/* چنگ گیردان؛ بۆ خۆ هۆی داهاتی درێژخایه‌ن و به زیانی دیتری دۆزینه‌وه.

سر چیزی باز شدن: سه‌ری شتێک‌کرانه‌وه/ کریانه‌وه؛ سه‌ری شتێ باز/ واز بوون: ۱. هه‌ڵته‌کیان؛ ئاوه‌لا بوونی ده‌رکی شتێ ‹سر قوطی باز شد: سه‌ری قوتووه‌که کرایه‌وه› ۲. */گفتاری/* ده‌ستپێکردنی شتێک ‹سر صحبت باز شد: سه‌ری قسه کرایه‌وه›. هه‌روه‌ها: **سر چیزی را باز کردن**

سر چیزی را گرفتن: سه‌ری شتێک‌گرتن؛ گرتنه ده‌سته‌وه‌ی ئاخری شتێک ‹سر میز را بگیر ببریم بیرون: سه‌ری مێزه‌که بگره بیبه‌ینه ده‌ره‌وه›.

سر چیزی را هم آوردن: ۱. سه‌ر شتێ هێنانه یه‌ک؛ ده‌م شتێ هاوردنه‌وه؛ جه‌م کردنه‌وه‌ی سه‌ری شتێ ‹سر کیسه را هم بیار و با نخ ببند: سه‌ر کیسه‌که ببنه یه‌ک و به به‌نێک بیبه‌سته› ۲. */مجازی/* شتێ برینه‌وه؛ کۆتا کردن؛ به‌س‌کردن؛ دوایی هێنان به دۆخ یان کارێک و به‌رگری کردن له درێژه پێدانی ‹دیدم فایده ندارد، زود سر بحث را هم آوردم: دیتم بێخۆه، زوو قسه‌که‌م بریه‌وه›.

سر حرف را باز کردن: */مجازی، گفتاری/* سه‌ری قسه داهێنان/ داخستن؛ سه‌ر قسه داهاوردن/ داخستن ‹با خدمتکار خانه سر حرف را باز کرده: له‌گه‌ڵ خزمه‌تکاری ماڵدا سه‌ری قسه‌م داهێنا›. هه‌روه‌ها: **سر حرف باز شدن**

سر خر را کج کردن: */تعریض/* پێچ‌کردنه‌وه؛ پێچه‌وکردن؛ دووی بۆره گرێ‌دان؛ ڕێی خۆ گۆڕین ‹تا رئیس را از دور دیدم سر خر را کج کردم و برگشتم به اداره: هه‌ر له دووره‌وه سه‌رۆکم دی، پێچم کرده‌وه و گه‌ڕامه‌وه بۆ مه‌زرینگه›.

سر خم کردن: */کنایی/* سه‌ر دانه‌واندن؛ سه‌رنه‌وی‌کردن؛ فه‌رمان بردن؛ سه‌ره‌ره نامنه‌ی؛ به‌ڕێوه بردنی ده‌ستوور و فه‌رمان: **سر فرود آوردن**

سر خواباندن: */مجازی/* ناخلاف لێ گرتن؛ به ناخافڵدا خستن؛ به سه‌را چوون؛ خافڵگیر کردن ‹خیال نکن می‌توانی مرا سر بخوابانی: وا نه‌زانی ده‌توانی ناخلافم لی بگری›.

سر خود را بالا گرفتن: */مجازی/* سه‌ر خۆ هه‌ڵبڕین؛ سه‌ر خۆ به‌رزکردنه‌وه؛ شانازی‌کردن ‹آفرین، هم دزدی بکن، هم سرت را بالا بگیر!: ئافه‌رم، دزی بکه و سه‌ریشت هه‌لبره!›.

سر خود را به باد دادن: */مجازی/* سه‌ری/ سه‌ر خۆ به بادان؛ بوونه باییس خۆ؛ سه‌ر خۆ خواردن؛ خۆ تێدا بردن ‹به خاطر این کارها سرش را به باد می‌دهد: له به‌ر ئه‌م کارانه، سه‌ری خۆی ده‌دا به بادا›.

سر خود را به جایی زدن: سه‌ر/ سه‌ری خۆ له

جێیەک دان/ کوتانە/ مالینە جێگایێکدا؛ سەر/ سەری خۆ بە جێگایێکدا مالین.

سر خود را پایین انداختن: سەر/ سەری خۆ داخستن: ۱. سەر دانەواندن؛ سەری خۆ بە لای سنگدا دانەواندن؛ سەرەو وێ وسەیرە ‹سرم را انداختم پایین و چیزی نگفتم: سەرم داخست و هیچم نەگوت› ۲. *[مجازی]* سەر خۆ کزکردن؛ ئاوڕ لە هیچ لایەک نەدانەوە ‹سرم را انداختم پایین و کارم را کردم: سەرم داخست و کارەکەمم کرد› ۳. *[مجازی]* سەر شۆڕ بوون؛ شەرمەزار بوون؛ شەرمەسار بوون ‹بە خاطر رفتار زشت تو باید سرم را پایین بیندازم: لەبەر کردەوەی دزێوی تۆ، ئەبێ سەرم داخەم›.

سر خود را جای پای خود گذاشتن: *[کنایی]* لووت شۆڕکردنەوە؛ سەرشۆڕکردنەوە؛ لووت داژاندن/ داژەندن؛ سەر دەبەر خۆ نان ‹دو روز دیگر سرت را می‌گذاری جای پایت و برمی‌گردی: دوو رۆژی‌تر لووت شور دەکەیەوە و دەگەڕیتەوە›.

سر خود را دزدیدن: سەر/ سەری خۆ دزینەوە؛ سەری خۆکێشانە دواوە.

سر خود را زدن: *[مجازی]* سەر کۆتاکردنەوە؛ کۆتاکردنەوەی قژ.

سر خوردن: *[مجازی]* دڵ تەزین؛ دڵ دامان؛ بە خۆدا شکانەوە ‹از آن دختر سر خورده بود: دلی لەو کچە تەزیبوو›.

سر دادن: ۱. هەڵدان؛ بەردان؛ وەر دەی/ دای ‹آواز سر داد: بانگی هەلدا› ۲. نانە سەر؛ سەر دان؛ نیای سەر؛ باقی دانەوە؛ لە سەوداداا، دانەوەی زیادەی نرخی کالای وەرگیراو ‹ساعت‌هامان را عوض کردیم و من پانصد تومان سر دادم: سەعاتەکانمان گۆڕیەوە و ئەمن پانسەد تمەنم نایە سەری› ۳. *[مجازی]* سەر بۆ شکاندن؛ سەر نانە ڕێ؛ سەر لە پێناو نان؛ بۆ کەسێ یان شتێ گیان بەخت‌کردن.

سر در آخور خود داشتن: *[تعریض]* دەست بە کلاوی خۆوە بوون/ گرتن؛ دەست وەر نەدان لە کاری دیتران ‹سرت در آخور خودت باشد و کار بە کار کسی نداشتە باش!: دەستت بە کلاوی خوتەوە بی و کارت بە کاری کەسەوە نەبێ!›.

سر در آخور کسی کردن: *[تعریض]* کوێخایی کەسێ کردن؛ خۆ هەڵقوتاندن لە کاری کەسێکدا ‹کار تو همین است کە سر در آخور این و ان بکنی؟: کارت هەر ئەمەیە کویخایی ئەم و ئەو بکەی؟›.

سر درآوردن: سەر دەرهێنان/ دەرێنان؛ سەر دەرهاوردن؛ سەرە بەر ئاردەی: ۱. *[مجازی]* سەر لێ دەرکردن؛ تێگەیشتن ‹بالاخرە از کارش سر در می‌آورم: ئاخری لە کاری سەر دەردینم› ۲. دەرکەوتن؛ سەر هەڵێنان؛ کوت‌وپڕ لە جێگایەکەوە قوت بوونەوە ‹چند ماه بعد از آمریکا سر در آورد: چەند مانگ دواتر، لە ئەمریکاوە سەری دەرهینا›.

سر دواندن: *[مجازی]* سەگ بە حەسارکردن؛ دەساو دەس پێ کردن؛ دەسی‌ـ دەسی پێ کردن؛ هات‌وچووی بێ‌هۆ پێ‌کردن و بەڵێنی ئەمڕۆ و بەیانی پێ دان ‹دو ماه مرا سر دواند و آخر هم خانە را بە دیگری فروخت: دوو مانگ سەگ بە حەساری پی‌کردم و لە دواییدا ماڵەکەی بە یەکێکی‌تر فرۆشت›.

سر راحت بە زمین گذاشتن: *[کنایی]* سەری سووک نیانە سەر سەرین؛ بە بار سووکی خەوتن (یان مردن)؛ سەری بێ‌خەم نیانەوە ‹در طول آن سالها یک شب نشد سر راحت بە زمین بگذاریم: لەو هەموو سالانەدا، شەوێک نەبوو سەری سووک بنەینە سەر سەرین›.

سر راه کسی را گرفتن: سەرەڕێی بە کەسێ‌گرتن؛ ڕێ پێ گرتن؛ ڕێ لێ گرتن؛ ڕێ بە کەسێ گرتن؛ وەرە ڕاو یۆی گیرتەی؛ بەرگری‌کردن لە ڕۆیشتنی کەسێک ‹شبها سر راه مردم را می‌گرفتند و لختشان می‌کردند: شەوانە

سەرەرییان بە خەڵک دەگرت و ڕووتیان دەکردنەوە›.

سر رسیدن: ۱. گەیشتنە سەر؛ پەیدا بوون؛ گەیشتنە بەرەوە؛ پێ‌گەیشتن؛ پەنە یاوای؛ سەرەنە ئامەی؛ ئەنەزیەی؛ هاتن یا گەیشتن، بەتایبەت لە کاتی ڕووداوێکدا ‹دزد داشت فرار می‌کرد کە آزاد سر رسید: دزەکە خەریک بوو دەرچێ ئازاد گەیشتە سەری› ۲. *[مجازی]* تەواو بوون؛ هاتنە سەر؛ بە سەر هاتن؛ تەواو بوونی ماوەی شتێک ‹مهلتت سر رسیده: ماوەت تەواو بووە›.

سر رفتن: هەڵچوون؛ چوون؛ شیەی؛ شیای؛ سەرڕێژ بوون؛ لێواولێو بوون و ڕژان ‹شیر سر رفت: شیرەکە هەڵچوو›.

سر زدن: ۱. سەر هەڵدان؛ هەڵهاتن؛ ئەنگوتن؛ ئەنگووتن؛ شلپین؛ زەیقین ‹سر زدن آفتاب: سەر هەڵدانی خۆر› ۲. لێ‌بوونەوە؛ دەرکەوتن؛ زیەی؛ زیای؛ ئاشکرا بوون ‹از او کارهایی سر می زد کە حیران می‌ماندی: کاری وای لێ دەبووەوە سەرت سووڕ دەما› ۳. سەر دان؛ سەر قوتان؛ سەر لێ دان؛ سەر وەنە دای؛ دیەنی‌کردن یان پێڕاگەیشتن ‹سری بە خانەی آرام زدم: سەریکم دا لە ماڵی ئارام› ٤. ☜ **سر بە چیزی زدن**

سر سالم بە گور بردن: *[مجازی]* سەری ساق نیانەوە؛ بێ‌ترس و خەم ژیان و بە مەرگی ئاسایی مردن ‹تو با این کارهایت آخر سر سالم بە گور نمی‌بری: ئەتۆ بەم کارانەوە دەیکەی ئاخری سەری ساق نانیتەوە›.

سر سبک کردن: *[مجازی]* خۆ ڕەحەت کردن؛ دەس بە ئاو گەیاندن؛ خۆخاڵی‌کردنەوە.

سر سپردن: *[مجازی]* سەر سپاردن؛ هاتنە بەر فەرمان: **سرسپردە**

سر سنگین بودن ☜ **سرسنگین**

سر شدن: ۱. بە سەر چوون؛ ڕابردن؛ کۆتایی هاتن؛ دوایی هاتن ‹مدت سربازی‌اش سر شد و بە خانە برگشت: ماوەی سەربازیەکەی بە سەر چوو، گەڕایەوە بۆ ماڵ› ۲. بە سەردا چوون؛ سەر بوونەوە؛ چوونە سەردا؛ تێگەیشتن؛ حاڵی بوون ‹من این حرفها سرم نمی‌شود: من ئەم قسانەم بە سەردا ناچی›: **سر کسی شدن**

سر عملی داشتن: کارێ لە سەردا بوون؛ بە نیازی کارێک بوون ‹سر رفتن داشتم: ڕۆیشتنم لە سەردا بوو›.

سر فرود آوردن ☜ **سر خم کردن**

سر کتاب باز کردن: *[مجازی]* دەم کتێب کردنەوە؛ لە ڕووی کتێب، فاڵ بۆ کەسێک گرتنەوە.

سر کردن: ۱. بردنەسەر؛ دانەسەر؛ بە سەر بردن؛ گوزەراندن؛ گوزەران‌کردن؛ هەڵکردن؛ گوزەرنای ‹سە سال در آنجا سر کردم: سێ ساڵم لەوێ بردە سەر› ۲. *[مجازی]* سەرکێشان؛ مل‌کێشان؛ سەرەتاتکێ‌کردن؛ سەر تێ‌کردن؛ سەر ئەنەکەردەی؛ سەری خۆ بردنە ناو جێ یان شتێکەوە ‹سرت را نکن توی اتاقشان: سەر مەکێشە نێو دیوەکەیان› ۳. بە سەردا دان؛ دانە سەرا؛ کردنە سەر؛ ئەرەدەی؛ دایرە؛ بە مل سەرداکێشان ‹روسریش را سر کرد: سەرپۆشەکەی دا بە سەریا› ٤. *[گفتاری]* کران؛ سازان؛ ساچیان؛ پێکهاتن ‹با هم سر نمی‌کنند: پێکەوە نابانکرێ›.

سر کسی از خودش نبودن: *[مجازی]* سەری کەسێ هی خۆی نەبوون؛ سەر پەتی بوون؛ خۆ نەدیتن؛ یەکجار لە خۆ بوردوو بوون ‹مرد نازنینی است، وقتی پای رفاقت بە میان بیاید، سرش از خودش نیست: پیاوێکی پیاوانەیە، کاتێ پای دۆستایەتی بێتە پێشەوە سەریشی هی خۆی نیە›.

سر کسی با تهش بازی کردن: *[مستهجن]* گای بنە بوون؛ گاگوو بوون؛ گێژ و وێژ بوون؛ هۆش لە خۆ نەبوون.

سر کسی برای کاری درد کردن: *[مجازی]* سەری کەسێ بۆ کارێک خوران؛ سەر کەسێ بۆ کارێ ئێشان؛ خولیای کارێ هەبوون ‹تو هم که سرت درد می‌کند برای بحث و جدل: تۆش خۆ سەرت بۆ کێشە دەخورێ›.

سر کسی بوی قرمه سبزی دادن: *[مجازی]* سەری کەسێ بۆ گۆنگەلان خوران؛ سەری کەسێ بێ سەودا نەوەستان؛ سەر لێ ئێشان/ خوران؛ قسەی بڤەکردن.

سر کسی به تنش/ به کلاهش ارزیدن: *[مجازی]* خاوەن بایەخێک بوون.

سر کسی به تنش زیادی کردن: *[مجازی]* گیانی کەسێ بوونە ملی؛ لە گیانی خۆ یاس بوون؛ خۆ خستنە مەترسیەوە ‹انگار سرت به تنت زیادی کرده که با این نره‌غول طرف شده‌ای: دەڵێی گیانی بوونە ملت وا بەرەنگاری ئەم زلحۆرتە بووی›.

سر کسی به سر شاد/ شیر ماندن: *[تعریض]* ماستاو بۆ کەسێ کردن؛ مەرایی کردن بۆ کەسێک؛ با کردنە قولی کەسێک؛ زمانلووسی بۆ کەسێک‌کردن؛ بە کەسێکدا هەڵگوتن.

سر کسی به سنگ خوردن: *[مجازی]* لووت کەسێ دانە بەرد؛ ئاوقای چوترم بوون ‹وقتی سرت به سنگ خورد، آن وقت معنی حرفم را می‌فهمی: که لووتت دای لە بەرد، ئەو کاتە لە قسەم تێدەگەی›.

سر کسی به کار خودش بودن: *[مجازی]* سەرقاڵی کاری خۆ بوون؛ بەس بە کاری خۆ پەرژان.

سر کسی بی کلاه ماندن: *[کنایی]* کەسێک دەم لە پووش بوون؛ بەش لە ئاسمان و زەوین بڕیان؛ بەش کەسێ حەپووکریان؛ بێ‌بەش مانی کەسێک؛ دەس کەسێ لە بن هەوانەوە دەرچوون ‹همه‌ی خوارکیها را خوردند و سر آزاد بی کلاه ماند: هەمووی خواردنەکانیان ماشیەوە و ئازاد دەمە لە پووش بوو›.

سر کسی توی چیزی بودن: *[کنایی]* سەری کەسێک دە نێو شتێکدا بوون؛ مل دە بەر شتێکەوە نان؛ خەریک بوون بە کارێکەوە ‹همیشه سرش توی کتاب است: هەمیشە سەری دە نیو کتێبدایە›.

سر کسی توی حساب بودن: *[مجازی]* سەری کەسێک لە ناو کاردا بوون؛ ئاگەدار/ ئاگادار بوون ‹تو که سرت توی حساب است و وضع ما را می‌دانی: تۆ کە خۆت هاینە ناو کاردا و بار و دۆخمان دەزانی›.

سر کسی توی لاک خودش بودن: *[مجازی]* سەر کەسێ لە ناو کەوڵ خۆیدا بوون؛ هەر خەریکی کاری خۆ بوون و لا لە کاری کەسی‌تر نەکردنەوە ‹همیشه سرش توی لاک خودش است: هەمیشە سەری لە ناو کەوڵی خویدایە›.

سر کسی خلوت بودن: ۱. *[مجازی]* سەری کەسێک سووک/ چۆڵ بوون ‹اگر سرت خلوت شد، این نامه را بخوان: ئەگەر سەرت سووک بوو، ئەم نامەیە وەخوێنە› ۲. *[تعریض]* سەری کەسێک وەرین؛ کەم موو یان بێ‌موو بوونی سەری کەسێک. هەروەها: **سر کسی خلوت شدن**

سر کسی را بردن: *[مجازی]* مێشکی کەسێک خواردن؛ سەری کەسێ تەقانن؛ مێشکی کەسێ بردن؛ مەژگوو یۆی واردەی/ بەردەی/ وستەیرە؛ بە هەرا و زڵە یان چەنەبازی کەسێک ئازار دان ‹بچه‌ها چه خبرتان است؟ سر همه را بردید: منداڵان ئەوە چتانە؟ مێشکمانتان خوارد›.

سر کسی را به باد دادن: *[مجازی]* سەری کەسێک دانە بادا؛ سەر کەسێ دانە با؛ سەرەو یۆی واردەی؛ سەر کەسێ وەبەر گوللە دان؛ بوونە هۆی کوژرانی کەسێک ‹آن قدر در گوشش خواندی و او را وارد معرکه کردی که آخر،

سرش را به باد دادی: ئەونده بە گوێتدا دا و هێناتە هێلەوە، ئاخری سەرت دا بە بادا›.

سر کسی را به تاق کوبیدن: *[کنایی]* کەسێک دەم لە پووش‌کردن؛ دەستی کەسێک بە زاخ/ زاخاودا کردن؛ کڵاو نانە سەر کەسێک؛ کەسێک بە فڕ و فێڵ بێ‌بەش‌کردن ‹با خوابیدن توی رختخواب و ناله کردن، سر طلبکار را به تاق کوبید: بە لە نێو جێ خەوتن و ناڵاندن، خاوەن قەرزەکەی دەم لە پووش‌کرد›.

سر کسی را تراشیدن: *[کنایی]* لە کەسێ تەڵەکەکردن؛ سەر کەسێک بۆ چاڵ بردن ‹همه را تیغ زده و حالا آمده می‌خواهد سر تو را بتراشد: دەستی هەمووی بڕیوە و ئێسە هاتووە و دەیەوێ تەڵەکەت لێ بکا›.

سر کسی را خوردن: *[مجازی]* سەر کەسێک خواردن؛ بوونە هۆی مەرگی کەسێک، بەتایبەت لە بەر بێ‌فەڕی ‹سر دو تا زن را خورده، دارد سومی را می‌گیرد: سەری دوو ژنی خواردووە، خەریکە سێهەمیان دێنێ›.

سر کسی را درد آوردن: *[مجازی]* سەر کەسێک ئێشاندن؛ سەر کەسێ هاوردنە ئێش؛ بە فرەوێژی کەسێک ماندووکردن و ئازاردان ‹باید ببخشید، سر شما را درد آوردم: سەرتانم ئێشاند، دەبێ ببوورن›.

سر کسی را دور دیدن ☜ **چشم کسی را دور دیدن**

سر کسی را زیر آب کردن: *[کنایی]* سەری کەسێک بە گۆمدا کردن؛ سەر کەسێ نیانە چاڵ؛ کەسێک کوشتن ‹سر صاحبخانه را زیر آب کرد و پولها را برد: سەری خاوەن‌ماڵی کردە گۆمدا و پارەکانی برد›.

سر کسی را شیره مالیدن: *[کنایی]* مەمکەمژ نانە دەم کەسێک؛ بە زمانی خۆش یان بە شتێکی کەم کەسێک خاپاندن ‹با این حرفها داری سر مرا شیره می‌مالی؟: بەم قسە و باسانە خەریکی مەمکەمژ بنێیتە دەمم؟›.

سر کسی را گرم کردن: *[مجازی]* سەری کەسێک گەرم‌کردن؛ کەسێ خلافاندن: ١. کەسێ خڵەنجاندن؛ خاواندن؛ بە قسەگرتن ‹کمی سر مهمانها را گرم کن تا شام حاضر شود: کەمێ سەر میوانەکان گەرم کە تا شێو پێدەگا› ٢. لە خشتە بردنی کەسێ؛ کەسێک خاپاندن؛ کەسێک فریودان ‹سر پاسبان را گرم کرد و من توانستم فرار کنم: پاسەوانەکەی خلافاند و من توانیم هەڵێم›.

سر کسی شلوغ بودن: *[مجازی]* سەری کەسێک جەنجاڵ بوون؛ سەرقاڵ بوونی کەسێک ‹دیدم سرت شلوغ است، نخواستم وقتت را بگیرم: دیتم سەرت جەنجاڵە، نەمویست وەختت بگرم›.

سر کسی گرم بودن: سەرگەرم بوونی کەسێک؛ سەر قاڵ بوونی کەسێک؛ سەر جەنجاڵ بوونی کەسێک ‹خوب است در مغازه سرش گرم است: باشە لە دووکاندا سەری گەرمە›.

هەروەها: **سر کسی گرم شدن**

سر کسی گیج رفتن: سەری کەسێک لە گێژەوە چوون؛ مامرەگێجێ بە کەسێ هاتن؛ سەرەو یۆی گێج واردەی ‹سرم گیج رفت، افتادم: سەرم لە گێژەوە چوو، کەوتم›.

سر کشیدن: ١. *[مجازی]* سەردان؛ سەرکێشی کردن؛ سەر کردن‹به همه جا سر می‌کشید: سەری نەدا لە هەموو شوێنێک› ٢. سەرکێشان؛ سەرەتاتکێ کردن؛ ملەتاتکێ کردن؛ ملەقوتێ کردن؛ ملەقوتە کردن؛ مل کێشان؛ بۆ دیتن سەر و ملی خۆ بردنە بەرەوە ‹از پنجره سر کشیدم ببینم کیست: لە دەلاقەکەوە سەرم کێشا بزانم کێیە› ٣. *[مجازی]* نانە سەرەوە؛ فڕکرن؛ ورماشەنە ٤. هەڵلووشان؛ هەڵلووشین؛ یەکجێ دەم پێوە نان و هەڵقوڕاندن.

سر کیسه را شل کردن: *[کنایی]* دەس بە باخەڵدا کردن؛ دەس بۆ لای چەپ بردن؛

دەست بە گیرفاندا کردن ‹اگر سر کیسه را شل کنی، کارت درست می‌شود: ئەگەر دەس بکەیتە باخەڵتا کارەکەت ڕێکی دێ›.

سر کیسه کردن: *[کنایی]* کڵاو سەر نان؛ بە فێڵ و تەڵەکە لە کەسێک شتێک وەرگرتن: **سر و کیسه کردن**

سر گاو توی/ در خمره گیر کردن: *[کنایی]* کەر بە بارەوە لە قوڕ چەقین؛ لەمپەر یان گرفتێکی پێشبینی نەکراو هاتنە ڕێ.

سر گرفتن: ۱. *[مجازی]* سەرگرتن؛ پێکهاتن؛ جێبەجێ بوون؛ ڕێک کەوتەی ‹سرانجام عروسی سر گرفت: ئاخری زەماوەن سەری گرت› ۲. لە باقی سەندنەوە؛ سەر وەرگرتن لە مامەڵەدا ‹ساعتم را عوض کردم، سیصد تومان هم سر گرفتم: سەعاتەکەم گۆڕیەوە، سیسەد تمەنیشم باقی سەندەوە› ۳. *[گفتاری]* نانە بان سەرەوە؛ گرتنە سەرەوە؛ لە سەر سەر نان؛ سەروو سەرەی نیەی ‹قرآن سر گرفته بودند: قورعانیان نابووە بان سەرەوە›.

سر مویی فاصله داشتن: تاڵە موویەک لە بەیندا بوون؛ مەودایەکی زۆر کەم هەبوون.

سر مویی فرق نداشتن: *[مجازی]* عەین‌ومەین بوون؛ عەین و مەغان یەک بوون؛ تەواو وەکوو یەک بوون؛ کوت‌ومت یەک بوون؛ کوت‌ولەت بیەی. هەروەها: **سر مویی فرق نکردن**

سر نترس داشتن: ئازا بوون؛ بە جەرگ بوون؛ چاو نەترساو/ چاو نەترس بوون؛ نەترسان ‹خیلی سر نترس داری که این طور می‌نویسی: زۆر ئازای کە ئاوا دەنووسی›.

سر نخ بە دست آوردن: *[کنایی]* شوێن هەڵکردن؛ شوێن هەڵگرتن؛ ڕێنج یان نیشانەیەک دۆزینەوە ‹پس از مدتی جستجو، سر نخی بدست آوردند و توانستند دزد را بگیرند: دوای ماوەیەک گەڕان، شوێنیان هەڵکرد و توانیان دزەکە بگرن›.

سر و دست برای چیزی شکستن: *[کنایی]* سەر و مل بۆ شتێ شکاندن؛ یەکجار خوازیاری شتێک بوون ‹زمستان، مردم برای نفت سر و دست می‌شکستند: زستان، خەڵکی بۆ نەوت سەر و ملیان دەشکاند›.

سر و سامان دادن ☜ **سروسامان**

سر و صدا را خواباندن ☜ **سرو صدا**

سر و صورت دادن ☜ **سر و صورت**

سر و صورت را صفا دادن ☜ **سر و صورت**

سر و کار داشتن ☜ **سر و کار**

سر و کله زدن ☜ **سر و کله**

سر و کله‌ی کسی پیدا شدن ☜ **سر و کله**

سر و کیسه کردن ☜ **سر کیسه کردن**

سر و گوش آب دادن ☜ **سر و گوش**

سر و گوش کسی جنبیدن ☜ **سروگوش**

سری از هم جدا بودن: *[مجازی]* گیانێک لە دوو لەشدا بوون؛ ڕۆحێ لە دوو جەستەدا بوون؛ گەلەک ئۆگری یەکتر بوون ‹در آن سالها فقط سری از هم جدا بودیم: لەو سالانەدا گیانێک بووین لە دوو لەشدا›.

سری توی سرها درآوردن: *[مجازی]* ناوبانگ دەرکردن؛ سەر هاوردنە ناو سەرگەل؛ ڕێز و بڕێک بە دەست هێنان.

از سر به در/ بیرون کردن: *[مجازی]* لە سەر دەرکردن؛ لە سەر لابردن؛ لە بیر خۆ بردنەوە ‹فکر رفتن را از سرت به در کن!: بیری ڕۆیشتن لە سەرت دەرکە!›.

از سر چیزی گذشتن: چاوپۆشی کردن لە شتێک؛ لە شتێ چاو نووقاندن؛ لێ گوزەریان ‹این‌بار از سر خطایت می‌گذرم: ئەمجار لە تاوانت چاوپۆشی دەکەم›.

از سر خود باز کردن: *[مجازی]* لە مل خۆ کردنەوە؛ لە کۆڵ خۆ کردنەوە؛ لە خۆ دوورکردنەوە ‹این ماشین را از سرم باز می‌کنم: ئەم ماشینە لە مل خۆم دەکەمەوە›.

از سر راه پیدا کردن:[کنایی] لە دەشتا دۆزینەوە؛ لە جۆگە هەڵگۆزان؛ ئەوەیۆسەی؛ مفت وەگیر هێنان ‹مگر از سر راه پیدا کردەام که به این قیمت بدهم؟: مەگەر لە دەشتا دۆزیومەتەوە بەم نرخە بیدەم؟›.

از سر کسی افتادن:[مجازی] لە سەر کەسێک دەرچوون؛ لە بیر چوونەوە و ئیدی لێی‌نەکۆڵینەوە ‹فکر کاسبی از سرش افتاد: هەوای کسم و کار لە سەری دەرچوو›.

از سر کسی زیاد بودن: لە سەر کەسێک زیاد بوون؛ زۆرتر لە نیاز یان بایەخی کەسێک بوون ‹هزار تومان از سرم هم زیاد بود: هەزار تمەن لە سەریشم زیاد بوو›.

از سر گذراندن: تێپەڕاندن؛ تێپەڕکردن؛ بگاردنی ڕووداو یان سەردەمێکی دژوار و ناڵەبار ‹او خطرهای زیادی را از سر گذرانده است: مەترسیگەیەکی زۆری تێپەڕاندووە›.

از سر گرفتن: دەس پێ‌کردنەوە؛ چوونەوە سەر؛ دیسانەوە درێژە دان ‹از سربازی که برگشت کارش را از سر گرفت: لە سەربازی کە گەڕایەوە کارەکەی، دەس پێ کردەوە›.

از سر و کول هم بالا رفتن ☜ **سر و کول**

با سر آمدن:[مجازی] بە سەرەوە هاتن؛ بە کەللەوە هاتن؛ بە حەز و لەزەوە هاتن. هەروەها: **با سر رفتن**

بر سر دوراهی قرار گرفتن:[کنایی] کەوتنە سەر دوو ڕێیانەوە؛ کەوتنە دوو دڵیەوە؛ مانەوە لە هەڵێکدا کە پێویستی بە هەڵبژاردنی یەکێ لە دوو ڕێگە یان دوو بار بێت ‹سارا در مورد انتخاب یکی از دو خواستگارش بر سر دو راهی قرار گرفته بود: سارا لە هەڵبژاردنی یەکێ لە دوو خوازبێنەکانی کەوتبووە سەر دووڕێیانەوە›.

بر سر کسی آمدن:[مجازی] بە سەر کەسێدا هاتن/ بارین؛ ئامەی ملەرە؛ کەسێک تووشی شتێ هاتن ‹بلاها بر سرم آمد: زۆر بەڵام بە سەردا هات›. هەروەها: **بر سر کسی آوردن؛ بە سر کسی آمدن؛ بە سر کسی آوردن**

بە سر آمدن:[مجازی، ادبی] کۆتایی پێهاتن؛ دوایی هاتن؛ دمایی ئامەی؛ قەتان؛ هەرادیای؛ بڕانەوە؛ تەواو بوون ‹مهلتش به سر امد: ماوەکەی کۆتایی پی‌هات›: **سر آمدن**

بە سر آوردن:[مجازی، ادبی] دانە سەر؛ بردنە سەر؛ کۆتایی پێ‌هێنان ‹عمر خود را در آن شهر به سر اورد: تەمەنی خۆی لەو شارەدا دایە سەر›: **سر آوردن**

بە سر بردن:[مجازی، ادبی] بە سەر بردن؛ سەرکردن؛ قەرقەداندن؛ ژیان بردنە سەر ‹در سختی بە سر بردن؛ با کسی بە سر بردن: لە سەختیدا بە سەر بردن؛ لەگەڵ کەسێ سەرکردن›: **سر بردن**

بە سر کسی زدن:[مجازی] دان لە سەر کەسێک: ۱. لێویان؛ پەڕینە سەر؛ شێت بوون ‹چرا این‌طور می‌کنی؟ مگر بە سرت زده: بۆچی وا دەکەی؟؛ مەگەر داویە لە سەرت› ۲. ئامەی سەرەو یۆیەورە؛ لە کتوپڕ بیرێکی سەیر بە خەیاڵدا هاتن ‹به سرش زد که خانه و زندگی‌اش را بفروشد و به اروپا برود: دای لە سەری ماڵ و سامانەکەی بفرۆشێ و بچێ بۆ ئورووپا›.

بە سر کسی قسم خوردن:[مجازی] بە سەری کەسێک سوێند خواردن: ۱. بە دروستی و ڕاستی کەسێکدا پەرمیان ‹همه بە سر او قسم می‌خورند، تو می‌گویی دزد است؟: هەموو بە سەری سوێند دەخون، تۆ دەڵێی دزە؟› ۲. سوێند بە سەری کەسێک؛ بۆ کەسێک ڕێزنان و بە ژیانی سوێند خواردن ‹به سر شما قسم می‌خورم که نمی‌دانستم: سوێند بە سەری ئێوە نەمدەزانی›.

تو سر چیزی خوردن:[مجازی] لە بەرەوکەوتنی شتێک؛ لە بڕشت و بایەخی شتێ کەم بوونەوە ‹این روزها تو سر مدرک تحصیلی خورده و دیگر ارج و قرب گذشته را ندارد: ئەم ڕۆژانە بەڵگەی

خوێندەواری لە بردو کەوتووە و ئیتر باوی جارانی نەماوە›.

تو سر چیزی زدن: [مجازی] شتێک تۆپاندن/ مراندن/ مردارەو کردن؛ بێ‌نرخ و بایەخ‌کردنی شتێک ‹خواست تو سر قیمت بزند: ویستی نرخەکەی بتوپێنی›.

تو سر کسی زدن: دانە سەر کەسێکدا؛ کوتانە سەر کەسێکا؛ کەسێک تەمێ‌کردن.

در سر پروراندن: [مجازی، ادبی] لە خەیاڵدا بوون؛ لە بیر و هزردا وەک ئاوات و پلانێک پێوە خەریک بوون ‹سالها فکر فرار را در سر می‌پروراند: لە مێژساڵ بیری دەرچوونی لە خەیاڵدا بوو›.

در سر داشتن: لە سەردا بوون؛ بە نیاز بوون؛ لە بیردا بوون ‹از اول در سر داشت که کاری پیدا کند: لە سەرەتاوە لە سەریدا بوو کارێک بدۆزێتەوە›.

زیر سر داشتن ☜ **زیر۳**

سر۲: *صفت.* سەر: ۱. هەڤیاز؛ بانتر؛ باشتر؛ چاکتر؛ خاستر؛ قەنجتر ‹سر بودن: سەر بوون› ۲. بە دۆخ یان چۆنیەتیەک ‹سر حال: سەر حاڵ›.

⊡ **سر هم:** لە سەریەک؛ سەریەک؛ پێکەوە؛ یۆوە: ۱. لێک پەیوەست؛ سەروو هەنترینی ‹این چهار تکه سر هم بود: ئەم چوار تیکە لە سەریەک بوون› ۲. سەرجەم؛ وێکرا؛ تێکرا؛ پێوەرە ‹سر هم چقدر خرج کردی؟: لەسەریەک چەندت خەرج کرد؟›.

⊡ **سر پا بودن:** ۱. سەر پا بوون؛ بە سەر پاوە بوون ۲. [کنایی] بە گوڕ بوون؛ بە تین بوون؛ هەبوونی توانایی و هێزی پێویست بۆ درێژەی ژیان یان کار و چالاکی ‹عمو جان در هشتاد سالگی هنوز سرپاست: ئامامۆ لە هەشتا ساڵیدا هێشتا بە گوڕە›.

سر پا نگهداشتن: وەرقلاندن؛ ڕاگرتن بە پاوە.

سر حال آمدن: [مجازی] هاتنەوە سەر خۆ؛ هاتنە سەر خۆ؛ سەر هەڵێنانەوە؛ ژووژانەوە؛ ژیانەوە؛ چاک بوونەوە ‹چند روز در بیمارستان خوابید تا سر حال آمد: چەند ڕۆژ لە نەخۆشخانەدا خەوت تا هاتەوە سەر خۆ›.

سر حال آوردن: [مجازی] ژووژاندنەوە؛ بووژاندنەوە؛ هێنانەوە گوڕ ‹هوای خنک او را سر حال آورد: هەوای فێنک ژووژاندیەوە›.

سر حال بودن: [مجازی] بە گوڕ بوون؛ کۆک بوون؛ ساز و دڵخۆش بوون؛ ساق و سەلیم بوون؛ گوربزە بوون؛ نۆنگە بوون.

سر کیف بودن: [مجازی] بە کەیف بوون؛ بە دەماخ بوون؛ هەبوونی هەستی شادی و خۆشی ‹دیشب خیلی سر کیف بودی: دوێشەو زۆر بە کەیف بووی›.

از کسی سر بودن: لە کەسێک سەرتر بوون؛ لە کەسێک هەڤیاز بوون ‹آزاد در ادبیات از همه سر است: ئازاد لە وێژەوانیدا لە هەمووان سەرترە›.

سر۳: *حرف.* ۱. سەر؛ سەرەتا؛ لە سەر ‹سر شب: سەرەتای شەو› ۲. سەر؛ بان؛ لە سەر ‹سر راه؛ سر کوه: سەر ڕێگا؛ بان یاڵ› ۳. نێو؛ ناو؛ سەر ‹حمام سر خانە: حەمامی نیو ماڵ› ۴. کاتی؛ لە کاتی؛ لە سەر؛ سەر؛ لای؛ هند ‹سر شام: کاتی شێو› ۵. لە سەر؛ سەر؛ پای؛ لە بارەی ‹دعوا سر پول است: شەڕ لە سەر پارەیە› ۶. لە ڕووی؛ لە سەر؛ لەبەر؛ سەرروو ‹سر سیری: لە ڕووی تێریەوە› ۷. سەر؛ بان؛ لا؛ لە لا؛ چەق ‹سر سفره؛ سر میز: سەری سفرە؛ بان مێز›.

⊡ **سر بزنگاه:** لە کاتی خۆی؛ سەروەخت؛ باشترین کات بۆ ئامادە بوون لە جێگایەک ‹آزاد سر بزنگاه رسید: ئازاد لە کاتی خۆیدا گەیشت›.

سر تا ته: سەر و بن: ۱. هەوەڵ تا ئاخر ‹سر تا ته کتاب را خواند: سەر و بنی کتێبەکەی خوێندەوە› ۲. هەر؛ تەنیا ‹سر تا تهش همین بود: سەر و بنی هەر ئەمە بوو›.

سر راه: سەرە ڕێ؛ سەرە ڕا؛ لە سەر ڕێگە؛ بان

را؛ سەری ڕێگە؛ لە ڕێگا؛ سەر ڕێ؛ ڕانە؛ وەرەڕا؛ بە ڕێوە؛ بە ڕێدا؛ لە شوێنی ئاموشۆدا ‹سر راه دو تا نان بخر: سەرە ڕێ دوو نان بکڕە›.

سر سیری: *[کنایی]* نە بەدڵی؛ بە بێ‌مەیلی ‹او مدتی است سر سیری کار می‌کند: ماوەیەکە نە بەدڵی کار دەکا›.

سر سیاه زمستان: *[مجازی]* سۆڵەی زۆسان؛ سەختی زستان؛ شەختەی زستان؛ لە سەرما و سۆڵەی زستاندا ‹سر سیاه زمستان ما را از خانه‌اش بیرون کرد: سۆڵەی زوسان لە ماڵەکەی دەری‌کردین›.

سر صبر: لە سەر خۆ؛ بە هێمنی؛ بە کاوەخۆ؛ بە پشوو؛ نە بلەز؛ بە شێنەیی و هێدیکایی ‹سر صبر بنشین و درست مطالعه کن: لە سەر خۆ دانیشە و جوان وەخوێنە›.

سر ضرب: بەلەز؛ زووبەزوو؛ دەسبەجێ؛ ئازا؛ دەمودەس؛ خێرا؛ تاڤل؛ زوو؛ کرژ و کۆڵ؛ گورج و گۆڵ.

سر فرصت: ۱. لە کاتی خۆی؛ وەختی خۆی؛ لە وەختی شیاودا ۲. لە دەرفەتێکدا؛ لە کاتێکدا کە کارێکی‌تر هەبێ ‹سر فرصت این کتاب را بخوان: لە دەرفەتێکدا ئەم کتێبە بخوێنە›.

سر وقت: سەروەخت؛ لەسەر وەخت؛ لە کاتی دیاریکراو یان شیاودا.

از سر: لە سەر ڕا؛ لە سەرەوە؛ لە سەرۆ؛ سەرەوە؛ هەمدیس؛ هەمیسان؛ دیسان؛ دیسانەوە؛ ژنۆ؛ دووبارە؛ لە سەرەتاوە؛ لە هەوەڵەوە.

▣ **سر پا ایستادن:** *[گفتاری]* بە پێوە ڕاوەستان؛ وە پاوە وێسیان؛ پەیوە/ پاوە مدرەی؛ وەستان بە سەر پێوە.

سر پا گرفتن: *[گفتاری]* ڕاهێڵان؛ داهێشتن؛ ڕاداشتن؛ ڕاهێشتن؛ ئەرە دارتەی؛ دارایرە؛ یارمەتی دانی منداڵ بۆ دەس‌بەئاو کردن ‹بچە را سر پا بگیر تا خودش را خیس نکند: منداڵەکە ڕابیلە با خۆی تەڕ نەکا›.

سر تاس نشاندن: *[مجازی]* ڤەکۆڵی کردن؛ قسە لێ کێشانەوە؛ بە هەڕەشە و لێدان، قسە لێ دەرهێنان.

سر جا آمدن: هاتنەوە سەر خۆ؛ هاتنە سەر جێ؛ هاتنەوە جێ؛ ئامایوە یاگێ؛ گەڕانەوە سەر باری ئاسایی ‹کمی نشستیم تا حالم سر جا امد؛ حواسش سر جا امد: تۆزێ دانیشتین تا هاتمەوە سەر خوم؛ هۆشی هاتەوە سەر خوی›.

هەروەها: **سر جا آوردن**

سر جای خود رفتن: چوونە جێی خۆی؛ لوایوە یاگۆ وێ؛ لە جێگای خۆدا جێ‌گرتن ‹پیچ را فشار دادم، رفت سر جایش: پالم بە پێچەکەوە نا، چووە جێی خوی›. هەروەها: **سر جای خود انداختن**

سر جای خود نشاندن: *[کنایی]* نانەوە سەر جێی خۆی؛ ئەرە یاگۆ وێ نیشنەی؛ داتەمراندن؛ داسەکناندن؛ نیشنایرە؛ بەر بە فرەچوونی کەسێک گرتن ‹خیلی هارت‌وپورت می‌کرد، مجبور شدم او را سر جایش بنشانم: هاشەوهووشەی زۆری دەکرد، ناچار بووم بیمەوە سەر جیی خوی›.

سر جایش بودن: ۱. لە جێی/ جێگای خۆدا بوون؛ لە سەر جێی خۆ بوون؛ یاگۆ وێنە بیەی ‹کتاب سر جایش بود: کتێبەکە لە جیی خویدا بوو› ۲. *[مجازی]* لە سەر خۆ بوون؛ لە دۆخی ئاساییدا بوون ‹حالش سر جایش نیست: حالی لە سەر خوی نیە› ۳. *[کنایی]* هەر بەردەوام بوون؛ لە جێی خۆدا مان ‹قولی کە دادی سر جایش هست؟: ئەو بەڵێنە دابووت هەر بەردەوامە؟›.

سر جای کسی نشستن: ۱. لە جێی/ جێگای کەسێک دانیشتن؛ دانیشتن لە سەر جێگەیەک کە ئی کەسێکی دیکەیە ۲. لە جێی/ جێگای کەسێک دانیشتن؛ نیشتنەجێگەی کەسێک؛ جێ کەسێک

گرتنەوە؛ پلە و پایەی کەسێک وە دەست هێنان ‹بعد از رضا شاه پسرش سر جایش نشست: دوای ڕەزا شا کوڕەکەی لە جێی دانیشت› ۳. *[کنایی]* جێی کەسێک گرتنەوە؛ یاگۆ یۆی گیرتەیوە؛ دریژە پێدانی کار یان کردەوەی کەسێک ‹مدتی از دست بچەها خواب نداشتیم، حالا نوەها سر جایشان نشستەاند: ماوەیەک بە بۆنەی منداڵەکانەوە خەومان نەبوو، ئێستا نەوەکان جێیان گرتوونەتەوە›.

سر چیزی آمدن: ۱. هاتنەوە سەر شتێک ‹امدیم سر بحث قبلی: هاتینەوە سەر باسی پێشوو› ۲. هاتنە سەر شتێک؛ نزیک شتێک کەوتنەوە؛ هاتنە لای شتێک ‹آمدیم سر میز: هاتینە سەر میزەکە› ۳. *[مجازی]* هاتنە/ هاتنەوە سەر شتێک؛ دەرکەوتنی شتێک ‹سر شوق آمدن: هاتنە سەر کەیف›.

سر چیزی انداختن: خستنە سەر شتێک؛ بە دەم شتێکەوە دان ‹پستو را هم انداختیم سر مغازە، کمی بزرگتر شد: پێشخانەکەشمان خستە سەر دووکانەکە، تۆزێ گەورە بۆوە›.

سر چیزی بازی درآوردن: لە سەر شتێک بروبیانوو هێنانەوە ‹سر فروش خانە بازی دراورد: لە سەر فرۆشتنی ماڵەکە بر و بیانووی هێنایەوە›.

سر چیزی رفتن: ۱. چوونە سەر شتێک؛ چوونە سۆراخی شتێکەوە ‹رفت سر قابلمە و یک تکە گوشت برداشت: چووە سەر قابلمەکە و پلە گۆشتێکی هەڵگرت› ۲. چوونە سەر شتێک؛ بە شتێکەوە پەرژان ‹برویم سر بحث اصلی: بچینە سەر باسی سەرەکی› ۳. لە سەر شتێک چوون؛ بە بۆنەی شتێکیەوە لە بەین چوون ‹ماشین هم سر قمار رفت: ماشینەکەش لە سەر قومار چوو›.

سر چیزی کار کردن: لە سەر شتێک کار کردن: ۱. خەریکی شتێک بوون؛ سەرقاڵی شتێک بوون ‹سر مقالەی دیروزی کار می‌کنم: لە سەر وتارەکەی دوێنێکە کار دەکەم› ۲. بە شتێک کارکردن ‹سر ماشین کار می‌کنم: لە سەر ماشێن کار دەکەم›.

سر چیزی گذاشتن: لە سەر شتێک دانان: ۱. لە بان چتێکەوە دانیان؛ نیانە بان شتێک؛ ئەرە سەروو چێوێوی نیەی؛ نانە سەر شتێک ‹ساعت را گذاشت سر طاقچە: سەعاتەکەی لە سەر ڕەفەکە دانا› ۲. *[مجازی]* لە ڕێی شتێک دانان؛ بۆ گەیشتن بە شتێک، لە دەست دان ‹جانش را سر این مرز و بوم گذاشت: گیانی لە سەر ئەم وڵاتە دانا›.

سر چیزی نشستن: لە سەر شتێک دانیشتن؛ سەروو چێوێویەوە نیشتەیرە: ۱. لە لێوار یان لای شتێکەوە دانیشتن ‹نشست سر حوض: لە سەر حەوزەکە دانیشت› ۲. *[مجازی]* لە سەر شتێک دانیشتنەوە؛ بە کارێکەوە پەرژان ‹نشستم سر کارم: دانیشتمەوە سەر کارەکەم›.

سر حرف خود ایستادن/ بودن: *[گفتاری]* لە سەر قسەی خۆ ڕاوەستان/ وەستان/ بوون؛ پابەندی قسە و بەڵێنی خۆ بوون ‹اگر تو دبه نکنی من سر حرف خود ایستادەام: ئەگەر تۆ دەبە نەکەی، من لە سەر قسەی خۆم وەستاوم›.

سر حرف را باز کردن: *[مجازی]* سەر قسە داهاوردن؛ سەری باس/ قسە داهێنان؛ سەر قسە دەرخستن؛ دەست پێکردنی وتووێژ.

سر خاک کسی رفتن: چوونە سەر خاکی کەسێک؛ ڕۆیشتن بۆ سەر قەبری کەسێک؛ چوونە سەر زیارەتی کەسێ.

سر خشت افتادن: *[کنایی]* کەوتنە ناو تەشت؛ لە دایک بوون؛ هاتنە دنیاوە.

سر خشت رفتن: *[کنایی]* چوونە سەر تەشت؛ زایین؛ مناڵ هاوردن.

سر خشت نشاندن: *[کنایی]* نانە سەر تەشت؛ زایاندن؛ یارمەتی دان بە دایک لە کاتی منداڵ بوونیدا.

سر خود کشیدن: نخافتن؛ کیشانە مل سەردا؛

خۆ داپۆشین بە سەرەنداز.

سر دست بردن ☜ روی دست بردن، **رو**[۲]

سر دست بلند کردن: بە سەر دەستەوە گرتن؛ گرتنە سەر دەستەوە؛ بەرزکردنەوە و لە سەر دەست و سەر نان ‹قهرمان را سر دست بلند کردند: قارەمانەکەیان بە سەر دەستەوە گرت›.

سر دست رفتن: سەرسم دان؛ سەرسم بردن؛ سەرانگرێ بوون؛ تەرپلین؛ ساتمە بردن؛ هەڵەنگوتن؛ ڕەت بردنی چارەوێ.

سر ذوق آمدن: *[مجازی]* سۆز هەستان؛ هاتنە سۆز؛ چێژە و دۆخێکی تایبەت بۆ چالاکیەک پەیدا کردن.

سر راه گذشتن: لە سەر ڕێ دانان؛ نانە سەر ڕێ؛ لە سەرە ڕێ/ سەرە ڕێگا دانان ؛ نیایرە سەروو ڕای؛ وێڵ کردن لە سەر بوارگەدا ‹بچە را گذاشتە بودند سر راه: منداڵەکەیان لە سەر ڕێ دانا بوو›.

سر زا رفتن: بە سەر زگەوە چوون؛ لە سەر سکەوە چوون؛ سەروو لەمێنە لوەی؛ مردن (منداڵ یان دایک) لە کاتی زگ‌و زادا ‹زن اولش سر زا رفت؛ بچەی دومش سر زا رفت: ژنی هەوەڵی بە سەر زگەوە چوو؛ منداڵی دووهەمی لە سەر سکەوە چوو›.

سر زبانها افتادن: کەوتنە سەر زاران: ۱. ناو دەرکردن؛ ناو داخستن؛ بەناوبانگ بوون ‹این شعر سر زبانها افتادە بود: ئەم شیعرە کەوتبووە سەر زاران› ۲. بلاوەوە بوون؛ باو سەندن؛ کەوتنە دەم ‹یک روز سر زبانها افتاد کە قرار است صلح بشود: ڕۆژێک کەوتە سەر زارانەوە کە بڕیارە ئاشتی بکرێ› ✱ **بە سر زبانها افتادن**

سر سبیل شاه نقارە زدن: *[مجازی]* قەف سمێڵ بادان؛ خاوەن هێمنی، ئاسایش و ماڵ و سامانی زۆر بوون.

سر شوق آمدن: *[مجازی]* نەشەگرتن؛ هۆگرەتی پەیدا کردن؛ هاتنە سەر شەوق.

سر غیرت آمدن: *[مجازی]* خیرەت جمین/ جمەی؛ خیرەت گوڵ کردن.

سر قدم رفتن: *[مجازی، گفتاری]* چوونە دەساو ؛ دەس بە ئاو گەیاندن ‹شبی پنج بار سر قدم می‌رود: شەوێ پێنج جار دەچێتە دەستاو›.

سر قوز افتادن: *[مجازی، گفتاری]* ڕک کردن؛ وڕک کردن؛ گەی کردن؛ سینگ کردن؛ سەر قین کەوتن؛ هاتنە سەر ناکۆکی و دژەبەرایەتی ‹سر قوز افتادە بود و از رادیو دست برنمی‌داشت: ڕکی کردبوو دەستی لە ڕادیۆکە هەڵنەدەگرت›.

سر قول خود بودن: لە سەر بەڵێنی خۆ بوون/ مان؛ پابەندی گفت و بەڵێنی خۆ بوون ‹هنوز سر قولت هستی؟: هێشتا لە سەر بەڵێنت ماوی؟›.

سر کار آمدن: هاتنە سەر کار: ۱. بۆ شوێنی کار هاتن ‹حالا وقت سر کار آمدن است؟: ئێستە کاتی هاتنە سەر کارە؟› ۲. بە سەرۆکایەتی و حکوومەت گەیشتن ‹بعد از کودتا، زاهدی سر کار آمد: پاش کوودەتا، زاهیدی هاتە سەر کار›.

سر کار رفتن: چوونە سەر کار: ۱. سەرقاڵی کار بوون؛ بە کار پەرژان؛ خەریکی کار بوون ‹تازە سر کار رفتە است: تازە چوتە سەر کار› ۲. چوون بۆ سەر کار؛ بۆ شوێنی کارکردن چوون.

سر کار گذاشتن: ۱. نانە سەر کار؛ دامەزراندن ‹او را برد کارخانە و گذاشت سر کار: بردیە کارخانە و نایە سەر کار› ۲. *[کنایی]* گاڵتە/ تیتاڵی پێ کردن؛ سەرقاڵ کردن و خلافاندنی کەسێک بۆ بوونە گاڵتەجاڕ ‹میخواست تورا سر کار بگذارد و کمی بخندد: بەنیاز بوو گاڵتەت پێ بکا و هێندێک پێ‌بکەنێ›.

سر کردن: کردنە سەر؛ دانە سەرا؛ ئەرەدەی؛ دایرە؛ سەر داپۆشان ‹کلاە سرش کرد: کڵاوی کردە سەری›.

سر کسی آمدن: *[مجازی، گفتاری]* ۱. بە سەر کەسێکدا هاتن؛ هاتنە سەر کەسێکا؛ ملوو

پۆیەرە ئامەی؛ وەبەر کارەسات یان ڕووداوێک کەوتن ‹تا سرم نیامده بود باور نمی‌کردم: تا بە سەرمدا نەهاتبوو بڕوام نەدەکرد› ٢. هاتنە سەر کەسێک ‹آمده سر من، می‌گوید پول بده: هاتوتە سەرم، دەڵێ پارەم بدەیە›.

سر کسی آوردن: *[مجازی، گفتاری]* بە سەر کەسێکدا هێنان؛ هاوردنە سەر کەسێکا؛ کەسێک تووشیار کردن: **به سر کسی آوردن**

سر کسی افتادن: *[مجازی، گفتاری]* کەوتنە سەر کەسێک؛ کەفتنە مل کەسێ؛ بوون بە ڕیشی کەسێکەوە؛ بە سەر کەسێکدا سەپان ‹خرج او هم افتاد سر من: خەرجی ئەویش کەوتە سەر من›.

سر کسی بازی درآوردن: *[مجازی]* پەت پەتێن بە سەری کەسێکدا هێنان؛ بە ئاکاری گزیکارانە و درۆزنانە کەسێک ئازار دان ‹نمی‌دانی در این دو سال چه بازی سر ما درآوردند: نازانی لەم دوو ساڵەدا چ پەت پەتێنێکیان بەسەر ماندا هێنا›.

سر کسی حامله/ آبستن بودن: بە کەسێکەوە ئاوس بوون؛ کەسێک لە زگدا بوون؛ سنگ بە کەسێکەوە پڕ بوون ‹تازه سر بچه‌ی دومش حامله بود: تازە بە منداڵە دووهەمەکەیەوە ئاوس بوو›.

سر کسی خراب شدن: *[مجازی]* تەپ دانە سەر کەسێ؛ بوونە سەرباری کەسێک؛ بێ بانگێشتن بوونە میوانی کەسێک: **روی سر کسی خراب شدن**

سر کسی درآوردن: *[مجازی]* بە سەر/ ملی کەسێکدا ڕژاندن؛ بە کەسێکدا ڕژاندن؛ ڕێتەی ملوو پۆیەرە ؛ لە سەر کەسێ تۆڵەکردنەوە ‹چرا دق دلی‌ات را سر من درآوردی؟: بۆچی داخی خۆت بە سەری مندا ڕژاند›.

سر کسی شدن ☜ **سر شدن –٢**

سر کسی کشیدن: *[گفتاری]* بە سەر کەسێکدادان؛ کێشانە سەر کەسێکا؛ دانە مل کەسێدا ‹لحاف را کشید سرش: لێفەکەی دایە سەریدا›.

سر کسی کلاه رفتن: *[مجازی]* کڵاو چوونە سەر کەسێک: ١. فریو خواردنی کەسێک ‹در این معامله کلی سر تو کلاه رفت: لەم مامەڵەدا کۆڵێ کڵاو چووە سەرت› ٢. زەرەر لێکەوتن؛ زەرەر کردن ‹سرت کلاه رفت، این ماشین را نخریدی: کڵاو چووە سەرت، ئەم ماشینەت نەکڕی›.

سر کسی کلاه گذاشتن: *[مجازی]* کڵاو نانە سەر کەسێک؛ کەسێک فریو دان؛ یۆ گۆڵ دەی ‹فروشنده سرش کلاه گذاشت و رادیو دست دوم را به جای نو به او فروخت: فرۆشیارەکە کڵاوی نایە سەری و ڕادیۆی دەستە دووی بە جێگای تازە پێ‌فرۆشت›.

سر کسی هوو آوردن ☜ هوو آوردن سر کسی، **هوو**

سر گنج نشستن: *[تعریض]* لە سەر خەزێنە دانیشتن؛ خاوەن پارەی فراوان و بێ‌ئەژمار بوون ‹مگر سر گنج نشسته‌ام که از این پولها خرج کنم؟: مەگەر لە سەر خەزێنە دانیشتووم کە پووڵی وا خەرج کەم؟›.

سر لج افتادن: لەنج کردن؛ ڕک کردن.

سر وقت کسی/ چیزی رفتن: چوونە سەر کەسێ/ شتێک؛ بۆ لای کەسێ/ شتێک چوون ‹رفته بود سر وقت موزها: چووبوە سەر مۆزەکان›.

سر وعده حاضر شدن: لە سەر بڕیار ئامادە بوون؛ لە کاتی بڕیاردراودا لە جێژوان بوون.

به سر زبانها افتادن ☜ **سر زبانها افتادن**

به سر کسی آوردن ☜ **سر کسی آوردن**

سر –[٤]: *پیشواژە.* ١. سەر– ؛ سەرەک؛ سەرۆک ‹سرپاسبان؛ سرپرست: سەرپاسەوان؛ سەرپەرشت› ٢. سەر– ؛ سەرە– ؛ بەشی سەرووی هەر شتێک ‹سربخاری: سەرەسۆپا› ٣. سەرەو– ؛ سەرە– ؛ دەس– ؛ دەست– ؛ بەرەو– ؛ ڕوەو– ؛ سۆ؛ لا؛ لایەن ‹سربالا؛ سرپایین: سەرەوژوور؛ سەرەوخوار›.

ـ سر[5]: *پیواژه.* ـ سەر؛ ـ دەس؛ ـ دەست؛ سۆ؛ لا ‹بالاسر: بانسەر›.

ـ سر[6]: *پسوند.* ـ سەر؛ جێگا؛ شوێن (لە ناوی شارۆچکە و گوندان) ‹روانسر: ڕوانسەر›.

سر[1] / ser/: [انگلیسی]/*اسم.* سێر: ۱. سەرناوێکی ماقووڵانە بۆ پیاوانی ئینگلیزی، خوارتر لە لورد ۲. سەرناوێک بۆ پیاوانی ئینگلیزی زمان، بە واتای: ئاغا، قوربان.

سر[2]: *صفت.[گفتاری]* سڕ؛ کەرخ؛ بێهەست ‹دستهایم از سرما سر شده بود: دەستم لە سەرما سڕ ببوو›.

سر / ser(r)، ـها؛ اسرار/: [عربی]/*اسم.* ڕاز؛ نەهێن؛ نەهێنی؛ مەلامەت ‹سر این کار چیست؟: ڕازی ئەم کارە چیە؟›.

سر / sor/: *صفت.[گفتاری]* خز؛ کاش؛ تەحس؛ خلیسک؛ شەمت؛ شەمیت؛ شەمیتۆک؛ تووز؛ خەزگ؛ سوڕ؛ بە ڕووپەڕێکی لووس و خزەوە.

▣ **سر بودن:** خز بوون ‹زمین خیلی سر است، مواظب باش!: زەوی زۆر خزە، وریا بە!›.

سر خوردن: خزان؛ خزیان؛ خلیسکان؛ خلیسکیان؛ خلیسکین؛ هەڵخلیسکین؛ خزیەی؛ خزیای؛ شەمتین؛ حولیسین؛ حولسین؛ تەحسین؛ سوڕ خواردن ‹پایم سر خورد و افتادم: پام خزا و کەوتم›.

سر دادن: خزاندن؛ خلیسکاندن؛ هەڵخلیسکاندن.

سرآستین / sarāstîn، ـها/: *اسم.* سەرقۆڵ؛ سەر ئاسین؛ مەچەک پۆش لە کراس و کەوادا.

سرآسیاب / sarās(i)yāb/: *اسم.* شوێنەئاش؛ جێی دامەزرانی ئاش.

سرآشپز / sarāšpaz، ـها؛ ـان/: *اسم.* سەرئاشپەز؛ کەسێ کە سەرپەرشتی چەن شێوکەری لە نێو دامەزراوەیەکدا بە ئەستۆوە.

سرآغاز / sarāqāz، ـها/: *اسم.* سەرەتا؛ دەسپێک؛ کەبار؛ بەژرەنگ؛ گەرد و گوڵ ‹سرآغاز کار؛ سرآغاز گفتگو: سەرەتای کار؛ دەسپێکی وتووێژ›.

سرا[1] / sarā، ـها/: *اسم.* ۱. یانە؛ خانوو؛ ماڵ؛ خانگ؛ خانک؛ خێنی؛ جێگای بوونی شتێ ‹سرای سالمندان: یانەی دانسالان› ۲. تیمچە؛ قەیسەری؛ بازارۆکە؛ حەوشەیەک و چەند دالانی سەر داپۆشراو، سەرانسەر دووکان و حوجرەی بازرگانان کە شوێنی سەودایە ۳. *[قدیمی]* سەرا؛ تەلار؛ کاخ؛ کۆشک ٤. *[ادبی]* جیهان؛ دنیا.

▣ **سرای آخرت:** ئەو لا؛ ماڵی ئەولا؛ دنیای پاش مەرگ؛ ئەو دنیا؛ ماڵی قیامەت.

سرای سالمندان: یانەی دانسالان؛ ئاسایشگای بە ساڵا چوان؛ ماڵی پیران.

سرای کودک: باخچەی منداڵان؛ یانەی منداڵان.

ـ سرا[2]: *پیواژه.* ـ سەرا؛ جێگا؛ جێگە؛ جێی شتێ ‹کاروانسرا: کاروانسەرا›.

ـ سرا / sarā, sorā/: *پیواژه.* ـ هۆن؛ ـ ڤان؛ ـ بێژ؛ ـ وێژ؛ ـ واچ؛ ـچڕ ‹ترانەسرا: لاوکهۆن›.

ـ سرائی / sarā'î, sorā'î/ ☜ **ـ سرایی**

ـ سرائی / sarā'î/ ☜ **ـ سرایی**

سرائیدن / sarā'îdan, sorā'îdan/ ☜ **سراییدن**

سراب / sarāb/: *اسم.* ۱. [عربی] تراویلکە؛ هاڵ؛ لەیلان؛ ڕەوڕەو؛ پەپەرک؛ ئاونما؛ بەردەتراویلکە؛ بەردەڕێژگە؛ ڕەوڕەوک؛ دیاردەیەکی کەشی بە هۆی تیشکدانەوەی نوور لەسەر توێژێکی هەوای گەرمدا، کە دیمەنێکی وەک ئاو بەدی دێنێ ۲. /ـها/ سەراو؛ سراو؛ بنەبەنگە؛ بناوان؛ سەرچاوکە؛ سەرچاوگە؛ سەرچەمە؛ سەرچاوانە؛ کونجی کارێز؛ شوێنی هاتنەدەری ئاوی چاوکە یان کارێز ۳. سەرچەم؛ سەرچەمە؛ بەشی سەرووی چەم.

سراپا / sarāpā/: *قید.* سەرتاپا؛ سەرتاپێ؛ سەراپا؛ سەراپێ: ۱. سەر لە بەر؛ هەموو لەش؛ لە سەر تا پێ؛ هەموو ئەندام ‹سراپایش زخمی بود و از آنها خون میچکید: سەرتاپای برینداری بوو، خوێنی

لێدەتکا› ۲. /مجازی/ سەراسەر؛ سەرانسەر؛ موو بە موو؛ گش؛ گرد؛ گشت لە گشت؛ بە تەواوی ‹سراپا گوش بودند: سەرتاپێ گوێی بوون›.

▣ **سرا پا گوش بودن**:/مجازی/ باش گوێ گرتن؛ جوان-جوان گوێدان؛ بە وشیاری و سەرنجی زۆرەوە گوێ شل کردن.

سراپرده / sarāparde ، ـها/:اسم./قدیمی/ سەراپەردە: ۱. شاهۆبە؛ بارەگا؛ مالێک کە بە چادر، پەردە، فەرش و شتی وا بۆ دانیشتنی دەمەوەختی شا (یان دەسەلاتدارانی‌تر) دروست دەکرا ۲. ژوور؛ ئەندەروون؛ هۆدەی تایبەتی ژنانی پاشا ✻ **پردەسرا**

سراج / sarrāc ، ـها؛ ـان/: [عربی]/اسم. چەرمدروو؛ چەرمدوور؛ کەسێ کە کەرەستەی چەرمی ساز دەکا.

سراجی / sarrācî/: [عربی]/اسم. ۱. پیشەی چەرمدوور ۲. /ـها/ دوکان یان جێکاری چەرمدروو.

سراچه / sarāče ، ـها/:اسم. سەرا؛ چاوە؛ سویت؛ هۆدە یان ژووری گچکە.

سرازیر / sarāzîr/: صفت. سەرەژێر؛ سەرەوژێر؛ سەربەرەژێر؛ سەربەرەو ژێر؛ سەرەوخوار؛ سەربەرەوخوار؛ سەرۆخوار؛ سەربەرەخوار؛ سەرەو وار؛ بەرەوخوار؛ سەرەوار؛ سەر بە ژێر؛ بەر بژێر؛ بەرەو ژێر؛ بەرقە ژێر؛ ڕوو بە خوار؛ لێژ؛ نشێو؛ بەرەژێر؛ سەرەچێر؛ سەرەوچێر؛ سەرەولێژ؛ خێم؛ سەرنشیڤی. بەرانبەر: **سربالا** ‹خیابان سرازیر: شەقامی سەرەژێر›.

▣ **سرازیر شدن**: سەرەو خوار بوونەوە؛ شەختین؛ بەرەو ژێر بوونەوە؛ سەرەوژێر بوونەوە؛ سەرەوارەوە بیەی: ۱. ڕووەو خوار بزوان؛ سەرەوخوار بوونەوە؛ لوور بوونەوە ‹همە سرازیر شدند بە سوی میدان: هەموو بەرەو مەیدان سەرەو خوار بوونەوە› ۲. /مجازی/ لێژەوە بوون؛ خوڕ بوونەوە ‹کاسە و افتاد و آب سرازیر شد روی فرش: کاسەکە داکەوت و ئاو لێژەوە بوو بە سەر فەرشەکەدا›. هەروەها: **سرازیر کردن**

سرازیری / sarāzîrî ، ـها/:اسم. سەرەوخواری؛ لێژایی؛ لێژی؛ سەرەولێژایی؛ بەرەو لێژایی؛ سەرەولێژی؛ سەرەوخوارکێ؛ سەرەوخوارە؛ سەرەوخوارەکی؛ سەر بەرە خوارە؛ بەرەوخوارکێ؛ بەرەوخوارکە؛ بەرەوژێری؛ بەربژێری؛ بەرەوژێرکە؛ بەرەوژێرە؛ سەر بەرەو ژێرە؛ سەر بە ژێرە؛ سەرەژێری؛ سەرەوژێری؛ سەرەوارە؛ سەرە و وارە؛ سەرەوارکێ؛ سەرە چێری؛ سەرەوچێری؛ ڕووەو نشێوی. بەرانبەر: **سربالایی** ‹سرازیری کوە؛ سرازیری جادە: سەرەوخواری کێو؛ لێژی ڕێگا›.

سراسر / sarāsar/: قید. سەرانسەر؛ سەرتاسەر؛ سەراسەر؛ سەراسا: ۱. پەڕانپەڕ؛ شەقانشەق؛ لەم سەر تا ئەو سەر ‹سراسر جهان: سەرانسەری جیهان› ۲. /ادبی/ گشت؛ گشک؛ گش؛ گرد؛ گش‌لەگش؛ هەموو؛ ویکڕا؛ تێکڕا؛ پێکەوە.

سراسری / sarāsarî/: صفت. سەرانسەری؛ سەرتاسەری؛ سەراسەری؛ سەراسایی؛ گشتی؛ هەموانی؛ پێوەندیدار بە هەموو شوێنێکی هەرێم یان ولاتێکەوە ‹راەآهن سراسری؛ انتخابات سراسری: هێلی ئاسنی سەرانسەری؛ هەلبژاردنی سەراسەری›.

سراسقف / sarosqof ، ـها؛ ـان/: [فارسی/ معرب از یونانی]/اسم. ئوسقوفی گەورە؛ سەرۆک ئوسقوفێ کە سەرۆکایەتی ئوسقوفەکانی‌تری لە ناوچە یان ولاتێکدا بە دەستە.

سراسیمگی / sarāsîmegî/:اسم. شلەژاوی؛ سەرسامی؛ دەسەپاچەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سەر لێ شێوان؛ دامان؛ سەرسام بوون ‹در همە جا سراسیمگی بە چشم می‌خورد: لە هەموو جێگەیەکدا شلەژاوی بەرچاو بوو›.

سراسیمه[1] / sarāsîme/: صفت./ادبی/ شلەژاو؛ سەرسام؛ دەسەپاچە؛ سەرلێشێواو؛ هوویل؛

حۆل؛ گێژ؛ واج؛ هاج؛ هاژ؛ تاس؛ تاساو؛ هوول؛ واقوڕ؛ واقوڕماو؛ هەوڵ؛ وڕ؛ سەراسیمە؛ شڵەژاو و حەپەساو بە هۆی ڕووداوێکی لەنەکاو ‹از دیدن من سراسیمه شد: بە دیتنی من شڵەژا›: **آسیمەسر** *[ادبی]*

سراسیمه[٢]: *قید. [ادبی]* سەرسام؛ دەستەپاچە؛ سەرلێشێواو؛ بە هەشتاو و هەیەجانی زۆرەوە بە هۆی ڕووداوێکی نەکاو ‹سراسیمه از پلەها بالا رفت: سەرسام لە پلیکانەکانەوە چووە سەرێ›: **آسیمەسر** *[ادبی]*

سراشیب / sarāšîb/: *صفت.* سەرەولێژ؛ سەرەوخوار؛ سەرەوژێر؛ سەرەونشێو؛ سەربەرەژێر؛ سەربەرەوژێر؛ سەربەرەوخوار؛ سەرەوچێر؛ سەرەووار؛ ڕوو بە لای ژێروو؛ بە لێژیەکی ڕوو بە خوارەوە ‹از یک خیابان سراشیب پایین رفتیم تا رسیدیم بە در باغ: لە شەقامێکی سەرەولێژەوە داگەڕاین تا گەیشتینە بەر دەرکی باخەکە›.

سراشیبی / sarāšîbî، ـها/: *اسم.* لێژایی؛ لێژی؛ سەرەولێژی؛ سەرەولێژایی؛ سەرنشێوی؛ سەرنشێقی؛ سەربەرەژێری؛ سەربەرەولێژایی؛ بەرەوخوارە؛ سەرەوخوارکێ؛ سەرنسوڤ؛ کووڕ؛ خەزگ؛ خەشیقولک؛ بوار بە باری بەرەوخوارەوە.

سراغ / soråq/: [ترکی] *اسم.* نیشان؛ نیشانی؛ ناونیشان؛ گێژ؛ سەر و شوێن؛ شوێن؛ دەوس؛ بنە؛ نونگ.

▣ **سراغ داشتن**: شک بردن؛ بەدیکردن؛ ناسین؛ لە هەبوونی شتێ یان کەسێ لە جێگایەک بە ئاگا بوون ‹آپارتمان خالی برای اجاره سراغ داری؟: وارخانی بەتاڵ بۆ کرێ شک دەبەی؟›. هەروەها: **سراغ نداشتن**

سراغ کردن: دیتنەوە؛ سۆسە/ سووسەکردن؛ قەرەکردن؛ سۆراغکردن؛ کەردەیوە بنە؛ سەبارەت بە جێگە یان دۆخی شتێ یان کەسێک ئاگایی بە دەست هێنان ‹برایم کاری سراغ کرده است: کارێکی بۆم دیتۆتەوە›.

سراغ کسی رفتن: بە شوێن کەسێکدا چوون؛ بۆ دۆزینەوە و دیتنی کەسێک ڕۆیشتن ‹رفت سراغ دکتر: چوو بە شوێن دوکتوردا›.

سراغ گرفتن: شوێن گرتن؛ شوێن هەڵگرتن؛ قەرەگرتن؛ وێکەوتن؛ لە شوێن گەڕیان؛ سۆراغکردن/ گرتن؛ لەمەڕ نیشان و شوێنی کەس یان شتێک پرس و جۆکردن.

بە سراغ چیزی رفتن: ڕویشتن/ چوون بۆ شتێک؛ بە/ لە شوێن شتێکدا چوون؛ چوونە دەم شتێکەوە؛ سەردەموو چێوێویەوە لوەی؛ بۆ دەست خستن یان بە کار هێنانی شتێک ڕۆیشتن ‹دزد فقط بە سراغ صندوق: دز ڕۆیشتبوو بۆ سندووقەکە›.

سرافراز / sarafrāz، ـان/: *صفت.* سەربەرز؛ سەرفەراز؛ سەرفیراز؛ سەربڵند.

سرافرازی / sarafrāzî، ـها/: *اسم.* سەربەرزی؛ سەرفەرازی؛ سەربڵندی.

سرافکندگی / sarafkandegî/: *اسم.* سەرشۆڕی؛ شەرمەزاری؛ سەرلەبەری؛ سەرنەوەری؛ سەرنزمی؛ سەرکزی؛ سەروهاری؛ دۆخ یان چۆنیەتی سەرشۆڕ بوون.

سرافکنده / sarafkande/: *صفت.* سەرشۆڕ؛ سەرنەوی؛ سەرنەمە؛ سەرنزم؛ سەرنەوەر؛ سەروهار؛ سەرداخستوو؛ سەرکز؛ سەربەرە ژێر؛ سەرلەبەر؛ شەرمەزار و خەجاڵەت، بەتایبەت بە هۆی شکست یان ڕسواییەوە ‹پس از فرار دخترش پیش دوستانش سرافکنده شد: دوای هەڵاتنی کچەکەی لای دۆستانیەوە سەرشۆڕ بوو›.

سرامد / sarāmad/: *صفت.* گرۆبەر؛ هەڵکەوتە؛ ژێهاتی؛ سەرامەد؛ موودە؛ سەرتر لە هەمووان.

سرامیک / serāmîk، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* سرامیک؛ کاشی؛ سەرامیک؛ بەرهەمی سواڵەتی بە خاکەبەرد و کائولین تۆژدراو.

سرامیکی / serāmîkî/: [فرانسوی] *صفت.* سرامیکی؛ سەرامیکی؛ لە جنسی سرامیک.

سرانجام[1] / sarancām/: *اسم.* سەرەنجام؛ سەرئەنجام: ۱. دوایی؛ دمایی؛ دماهی؛ دواخری؛ ئاخر؛ قۆناغی دوایینی ڕەوتێک ‹معلوم نیست سرانجام این کار چه از آب درآید: دیار نیە سەرئەنجامی ئەم کارە چۆن دەبێ› ۲. ئاکام؛ برانەوەی کار؛ بەرهەم و دەسهاتی چالاکیەک ‹این کار سرانجامی نخواهد داشت: ئەم کارە سەرەنجامێکی نابێ›.

▣ **سرانجام دادن**: گەیاندنە ئەنجام؛ کۆتایی پێ هێنان؛ دوایی هێنان؛ سامان دان؛ ئاردەیوە کۆ؛ هێنانە بەر؛ وەبەر هێنان؛ هێنانە بەرهەم؛ پێ‌گەیاندن؛ گوڤتاندن؛ بە ئاکامی دڵخواز گەیاندن ‹وقتی کار باغ را سرانجام داد، به شهر برگشت: کاتێ کاری باخەکەی گەیاندە ئەنجام، گەڕایەوە بۆ شار›.

سرانجام داشتن: ئاکام هەبوون؛ دەسهات هەبوون؛ بەرهەم هەبوون ‹تلاشهای شبانه‌روزی او سرانجامی نداشت: تێکۆشانی ڕۆژ و شەوی (ئەو) ئاکامێکی نەبوو›.

سرانجام یافتن: بە ئاکام گەیشتن؛ کۆتایی هاتن؛ دوایی هاتن؛ پێکهاتن ‹کار تأسیس کارخانه سال پیش سرانجام یافت: کاری دامەزرانی کارخانەکە ساڵی پێشوو بە ئاکام گەیشت›.

سرانجام[2]: *قید.* لە ئاکامدا؛ لە کۆتاییدا؛ سەرەنجام؛ سەرئەنجام؛ دواخری؛ دوماخر؛ دەس‌ئاخر؛ ئاخری ‹سرانجام ما پیروز شدیم: لە ئاکامدا ئێمە سەرکەوتین›.

سرانداز / sarandāz، ـها/: *اسم.* سەرەناز: ۱. *[ادبی]* سەرناز؛ سەرپۆش؛ ئەوەی سەر و ملی پێ‌دادەپۆشن (وەک سەروێن، چارشێو و...) ۲. لاکێش؛ کەنارە؛ مافوورەی درێژۆکە ۳. دیرەک؛ کاریتە؛ شاتیر؛ تیرحەماڵ.

سراندن / sorāndan/: *مصدر. متعدی.* //**سراندی**: خزاندت؛ **می‌سرانی**: دەخزێنی؛ **بسران**: بخزێنە// خزاندن؛ خزانن؛ خزنەی؛ خزنای؛ خلیسکاندن؛ خشاندن؛ خشکاندن؛ تەهساندن؛ شەمتاندن؛ ڕەت پێ‌دان؛ سوڕ دان؛ وەڕێ خستنی شتێک بە سەر ڕووپەڕێکی لێژ یان لووسدا. هەروەها: **سُراندنی**

■ مصدر منفی: **نَسراندن** (نەخزاندن)

سرانگشت / sarangošt، ـها؛ ـان/: *اسم.* ترت؛ سەرپەنجە؛ سەرئەنگوست؛ گوفک؛ سەری قامک؛ کومێ تللی؛ بەشی دوایینی ئەنگوست بۆ گرتن و دەست پێدا هێنان.

سرانگشتی[1] / sarangoštî/: *صفت. [مجازی]* گۆترە؛ برە؛ هەڕەمە ‹حساب سرانگشتی: حەساوی گۆترە›.

سرانگشتی[2]: *قید.* گۆترمە؛ بە قامک؛ بە پەنجە؛ بە شێوەی حەسێب بە قامک ‹همین جا سرانگشتی حساب کن!: هەر لێرە گۆترمە حیسابی کە!›.

▣ **سر انگشتی حساب کردن**: گۆترمە حیساب کردن؛ بە برە حەساوکردن.

سرانه[1] / sarāne/: *اسم.* سەرانە: ۱. سەر؛ ماوە؛ باقی؛ ئەوەی بە هۆی نرخ جیایی دوو شت لە دان و ستانێکدا دەدرێ یان وەردەگیرێت ‹ساعتم را با ساعتش عوض کردم، ۱۰۰۰ تومان هم سرانه گرفتم: سەعاتەکەم دەگەڵ سەعاتەکەی گۆڕیەوە و ۱۰۰۰ تمەنیش سەرم گرت› ۲. *[قدیمی]* ساوەری؛ پیتاکی؛ باجێ کە لە کەسێک وەریاندەگرت.

سرانه[2]: *صفت.* سەرانە؛ پێوەندیدار بە هەر کەسەوە ‹جیره‌ی سرانه: مووچەی سەرانە›.

سرانه[3]: *قید.* سەرانە؛ بە پێی سەر؛ بۆ هەر کەسێک ‹سرانه تقسیم کرد: سەرانە بەشی‌کرد›.

سرای / sarāy، ـها/: *اسم. [ادبی]* ماڵ؛ یانە؛ سەرا؛ خانوو ‹سرای آخرت: ماڵی دوایی›.

ـ سرای / sarāy, sorāy/: *پیواژه. [ادبی]* ـ هۆن؛ ـ ڤان؛ هۆنەر ‹ترانه‌سرای: لاوک‌هۆن›.

سرایت / serāyat, sarāyat، ـها/: [عربی] *اسم.* ستیرمە؛ گیرۆیی؛ داگری؛ تەشەنا؛ تەشەنە؛

چۆنیەتی لێگرتنەوە؛ ڕاگواستنی دۆخێک (وەک نەخۆشین، پێکەنین و ...) لە یەکێ بۆ یەکێکی‌تر.
⊡ **سرایت کردن:** ١. پەرە سەندن؛ پەرە گرتن؛ گوێزانەوەی دۆخ یان حالەتێک (وەک نەخۆشی، پێکەنین، پەژارە، شورش و...) لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی‌تر ٢. تەنینەوە؛ تەنایوە؛ تەشەنا/ تەشەنەکردن؛ پەرەگرتن؛ لێگرتنەوە.
سرایت‌کننده / seräyatkonande, sarāyat- ، ـها: [عربی/ فارسی] صفت. گیرۆدار؛ پەرەگر؛ بە تایبەتمەندی ڕاگوێزران یان کاریگەر بوون لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی‌تر.
سرایدار / sarāydār, serāy- ، ـها؛ ـان/:اسم. پاشمالە؛ پاشمارە؛ ژێرمالە؛ قاپچی؛ دالاندار؛ پاسەوانی سەرایەک.
سرایداری / sarāydārî, serāy-/:اسم. پاشمالەیی؛ ژێرمالەیی؛ کار یان پیشەی دالاندار.
سرایه / sarāye ، ـها/:اسم. پاویوون؛ ژووری تایبەتی حەسانەوەی بژیشک لە نێو نەخۆشخانەدا.
ـ سرایی / sarāyî, sorāyî/: پیواژه. ـ هۆنی ‹ترانه‌سرایی: لاوک‌هۆنی›: **ـ سرائی**
سراییدن / sarāyîdan, sorāyîdan/ ١. ☜ **سرودن: سرائیدن** ٢. خوێندن؛ خوەندن؛ بە دەنگ و ئاهەنگ خوێندنەوە.
سرب / sorb/:اسم. سورب؛ سرپ؛ سرفت؛ سەرمی؛ مزا؛ قورقوشم: ١. توخمی کیمیاوی کانزایی، بە ژمارەی ئەتومی ٨٢ و کێشی ئەتومی ٢٠٧،٢٠، نەرم و چەکوچخۆر و بۆرە ٢. هەر کام لە دەسهاتگەلێ کە لەو کانزایە ساز دەبێ.
سربار[1] / sarbār/:اسم. سەربار؛ سەروار؛ چەمپال؛ نایێش‌سەر؛ لنگە بار یان بەستەیێ کە لە سەر باری حەیوانی باربەری دەنێن: **سرباری**
سربار[2]: صفت. [مجازی] سەربار؛ سەربارە؛ خاوەن خۆ و خدە یان هۆگرەتی بە ئەرک و زەحمەتی خۆ خستنە ئەستۆی دیتران یان ژیان بردنە سەر بە دەسڕەنجی کەسانی‌تر.
⊡ **سربار شدن:** بوونە سەربار؛ ئەرک و زەحمەتی خۆ خستنە سەر شانی دیتران. هەروەها: **سربار بودن**
سرباره / sarbāre/:اسم. خلت و خەوشێ کە لە دوای توانەوەی کانزا بە سەریەوە کۆ دەبێتەوە.
سرباری / sarbārî/ ☜ **سربار**[1]
سرباز[1] / sarbāz ، ـها/:اسم. سەرباز؛ سەرواز؛ بالباز: ١. /ـان/ کەسێ کە لە هێزی چەکداری، بەتایبەت ئەرتەشدا خزمەت دەکا و خوارترین پلەکی چەکداری هەیە ٢. /ـان/ کەسێ کە لە کاتی بە سەر بردنی ماوەی خزمەتیدایە ٣. /ـان/ [مجازی] کەسێ کە بۆ شەڕکردن ئامادەی چەک هەلگرتنە ‹سرباز وطن؛ سرباز آزادی: سەربازی نیشتمان؛ سەربازی ڕزگاری› ٤. [شطرنج] پیادە ٥. یەکێ لە وەرەقگەلی کایەی پاسوور.
سرباز[2]: صفت. [گفتاری] ١. سەرپەتی؛ سەرەپەتی؛ سەرڕووت؛ سەرەڕووت؛ سەرقۆتین؛ سەرقۆتی؛ سەرقۆت؛ سەرخواس؛ سەرکۆڵ؛ بەبێ پۆشەنی سەر ‹خانمها روسری داشتند، امّا دخترها سرباز بودند: ژنەکان سەروێنیان هەبوو، بەلام کچەکان سەرپەتی بوون› ٢. سەرباز؛ سەر ئاوەلا؛ سەرهەلدرپاگ؛ دەرڤەکری؛ سەربەتال؛ سەربەتاک؛ بێ بەسە و سەرپوشی ڕێک‌وپێک ‹چند تا قرص از یک قوطی سرباز ریخت توی پاکت: چەن دانە حەبی لە قوتوویەکی سەرباز هەلڕژاندە نێو پاکەتێکەوە›.
سرباز[3]: قید. ١. بە سەر پەتی سەر ڕووت؛ سەرپەتی؛ سەرڕووتی؛ بە سەری ڕووتەوە ‹این‌طور سرباز بیرون نرو: ئاوا بە سەر پەتی مەچۆ دەرەوە› ٢. سەرتاک؛ سەرباز؛ سەرئاوەلا؛ بەبێ درگا و سەر نانەوە ‹غذا را این‌طور سرباز نگذار: چێشتەکە وا سەرتاک مەهێلەوە›.
سربازخانه / sarbāzxāne ، ـها/:اسم. [گفتاری] سەربازگە؛ قژلە؛ قشلە؛ سەربازخانە؛

سەروازخانە؛ سپاگە؛ پادگان؛ بنکەی چەکداری دەوڵەت.

سربازگیری / sarbāzgîrî/: اسم. سەروازبگیر؛ سەربازگیری؛ سەربازگری؛ کار یان ڕەوتی بانگێشتن، بردن یان دامەزراندنی کەسان بۆ سەربازی.

سربازی[1] / sarbāzî/: اسم. سەربازی؛ سەروازی: ۱. دۆخ یان چۆناوچۆنی سەرباز بوون ‹او از سربازی نفرت داشت: ئەو ڕقی لە سەربازی بوو› ۲. خزمەت؛ ئەرکی چەکداری ‹او را بردند بە سربازی: ئەویان بردە سەروازی› ۳. دەورانی سەرباز بوون ‹سربازی من در آن شهر گذشت: سەربازیم دەو شارەدا تێپەڕ بوو›.

سربازی[2]: صفت. سەربازی؛ سەروازی؛ پێوەندیدار بە سەربازەوە ‹کلاه سربازی: کلاوی سەربازی›.

سربال / sarbāl/: اسم. [کالبدشناسی] سەرئێسک؛ هەر یەکە لە دوو سەری ئێسکگەلی درێژی لەش کە لەگەڵ ئێسکی‌تردا دەبنە جمگە، لە سەرەتادا کرۆژنەیین و دوایی دەبنە ئێسک.

سربالا[1] / sarbālā/: صفت. ۱. سەرەوژوور؛ بەرەوژوور؛ سەر بەرەو ژوور؛ سەرەکۆ؛ بەرەوسەر؛ بە لێژی ڕووەوسەر. بەرانبەر: **سرازیر** ‹این خیابان سربالا را که بروی، می‌رسی: ئەم شەقامە سەرەوژوورە ئەگەر بڕۆی دەگەیتێ› ۲. [مجازی] لالووت؛ ناحەز؛ دڵنەویست؛ ناخۆش ‹جواب سربالا: وەرامی لالووت›.

سربالا[2]: قید. سەرەوژوور؛ بەرەوژوور؛ سەرەوکۆ؛ ڕووەوسەر؛ سەرەڤراز؛ بەربژۆر؛ ڕوو بە بان ‹شیشه را سربالا بگیر که نریزد: شووشەکە سەرەوژوور بگرە با نەڕژێ›. ۲. [مجازی] بە لالووت؛ نەبەدڵی ‹سربالا جواب می‌دهد: بە لالووت وەرام دەداتەوە›.

سربالائی / sarbālā'î/ ☜ **سربالایی**

سربالایی / sarbālāyî ، ـها/: اسم. بەرەوژووری؛ سەرەوژووری؛ بەرەژوورکێ؛ بەرەوژوورکە؛ سەرەوژوورکایی؛ سەرە و ژوورە؛ بەرەوژوورە؛ بەربژۆری؛ سەرەوکۆیێ؛ بنار؛ ئەڤرازی؛ هەورازی؛ هەڤراز؛ ئەڤراز؛ ئەرڤاز؛ هەوراز؛ بڵندایی؛ بڵندی؛ ڕووەو بڵندی؛ بوارێ کە بەری بەرەو بانە. بەرانبەر: **سرازیری؛ سرپایینی** ‹این سربالایی را کە تمام کنیم، بە چشمه می‌رسیم: ئەم بەرەوژوورییە تێپەڕ کەین، دەگەینە کانی›: **سربالائی**

سربتو / sarbetû/ ☜ **سربەتو**

سربراه / sarberāh/ ☜ **سر بەراه**

سربرغ / sarbaraq ، ـها/: اسم. بەنگا؛ بەنگە؛ شێلەگە؛ شەلەگە؛ کەلەوەری ئاو؛ جێگای داشکانی جۆگە لە چۆم.

سربرهنه / sarberehne/: صفت. [ادبی] سەرڕووت؛ سەرپەتی؛ سەرخواس؛ سەرکۆڵ؛ بە سەری بێ‌سەروێن.

سربزیر / sarbezîr/ ☜ **سر بە زیر**

سربرگ / sarbarg ، ـها/: اسم. سەرنامە: ۱. لاپەڕەیێ کە لە لای سەرووییەوە، ناو و پێناسەی دامەزراوە یان کەسێکی لە سەر چاپ کراوە ۲. ناو نیشانێ کە لە سەر قاقەزەوە چاپی دەکەن ۳. بەشێک لە پەڕەی فەرمی (وەک پەڕەی دەنگ‌دان یان وەرەقەی ئازموون) کە ناو و نیشانی تێدا دەنووسن و جوێ دەکرێتەوە * **سرکاغذ**

سربزرگی / sarbozorgî/: اسم. [کنایی] خۆ بە زل زانی؛ گەڤەزەیی؛ دەماربەرزی؛ دەمارزلی؛ ئاکارێ کە نیشانەی خۆ بە گەورە زانینی پێوەیە.

سربسته[1] / sarbaste/: صفت. سەربەستە؛ سەربەس: ۱. سەربەسراو؛ پێچراو ۲. [مجازی] سەرداخراو؛ داپۆشراو؛ شاراو؛ بە پێچ و پەنا؛ نەرێسات ‹حرف سربسته: قسەی سەربەستە›.

سربسته[2]: قید. سەربەستە؛ سەربەسە: ۱. بەستەیی؛ بەسەیی؛ بە شێوەی بەستەکراو ‹همین‌طور سربسته خریدم: هەروا بەستەیی سەندم› ۲. [مجازی] پەنامەکی؛ ناڕاستەوخۆ؛ بە پێچ و

پەناوە؛ نەرێسات؛ بە داپۆشراوی ‹باید سربسته بگویم که از خیرش بگذرا: با سەربەستە بیلێم لێی گەڕێ!›.

سربسر / sarbesar/ ☜ **سربەسر**

سربلند / sarboland/: صفت. [کنایی] سەربەرز؛ سەرفەراز؛ سەربڵند: ۱. خاوەن هەستی خۆش بە بۆنەی کردەوەی چاکەوە ۲. خاوەن ڕێز و ڕەوشتی ئاپۆڕەیی بە بۆنەی کار یان کردەوەیێکەوە. هەروەها: **سربلند بودن؛ سربلند شدن**

سربلندی / sarbolandî/: اسم. [کنایی] سەربەرزی؛ سەرفەرازی؛ سەربڵندی؛ هەبوونی ڕێز و ستایشی جڤاتی بە بۆنەی ئاکاری چاکەوە.

سربمهر / sarbemohr/ ☜ **سر به مهر**

سربند / sarband ، ـها/: اسم. سەروێن؛ سەر و شەدە؛ پێچ؛ سەرپێچ؛ سەرەپێچە؛ پارچەیێ کە دەیبەستن بە سەرەوە.

سربنیست / sarbenîst/ ☜ **سربەنیست**

سربها / sarbahā/: اسم. پووڵ یان ماڵێ کە بۆ ڕزگار بوون لە کوژران ئەدرێ.

سربه تو / sarbetû/: صفت. [مجازی] دەروون دار؛ دەخەس؛ دڵقورس؛ بەتاقەت؛ بەرخۆگر. ۲. [نامتداول] سەرخوار؛ شەرمێون؛ شەرمین؛ ژێر و ماقووڵ و سەرخوار ❊ **سربتو**

سربەراه / sarberāh/: صفت. [گفتاری] ۱. بەرقەوڵ؛ گوێبیس؛ گوێبیست؛ بە گوێچکە؛ گوێڕایەڵ بۆ بەڕێوەبردنی فەرمان ۲. شوێنکەوتووی بایەخ و دابی ئاکاری: **سربراه.** هەروەها: **سربەراهی**

سربه زیر / sarbezîr/: صفت. [کنایی] سەرخوار؛ مەن؛ مەند؛ کاوەخۆ و بەرفەرمان: **سربزیر.** هەروەها: **سربەزیری**

سربه سر[1] / sarbesar/: صفت. [گفتاری] سەربەسەر؛ سەروەسەر؛ دەقاودەق؛ پاکلەپاک؛ ڕاستەوڕاست؛ یەک بە یەک؛ وەک یەک.

بەرامبەر: **سربسر**

سربه سر[2]: قید. پاکلەپاک؛ یەکسەر؛ پاک؛ گرو؛ گشت؛ تەڤ ‹همه سربەسر تن به کشتن دهیم: هەموو پاکلەپاک خۆ بە کوشتن دەدەین›: **سربسر**

سربه فلک کشیده / sarbefalakkešîde/: [فارسی/ عربی/ فارسی] صفت. [مجازی] هەوابڕ؛ زۆر بەرز.

سربه مهر / sarbemohr/: صفت. ۱. سەرمۆر؛ سەر بە مۆر؛ نەکراوە؛ بە مۆری سەر بەستە یان پاکەتەوە بۆ دڵنیایی لە هەڵنەتەکاندن و دەس تێ نەبردنی ۲. [مجازی] سەرمۆر؛ سەنتە؛ نهێنی؛ زۆرنەپەندی ❊ **سربمهر**

سربەنیست / sar-be-nîst/: صفت. [گفتاری] ۱. سەرداگوم؛ بێسەر و شوێن؛ نادیار؛ بەرپیوار؛ ناخویا؛ خیەف؛ نوخوم. ۲. توونا؛ توونا‌وتوون؛ تەیوو؛ فەوتاو؛ لەنێوبراو ‹جوانان را می‌بردند و سربەنیست می‌کردند: لاوانیان دەبرد و تووناپان دەکردن› ❊ **سربنیست.** هەروەها: **سربەنیست شدن؛ سربەنیست کردن**

سربهوا / sarbehavā/: [فارسی/ عربی] ☜ **سربەهوا**

سربه هوا[1] / sabehavā/: [فارسی/ عربی] صفت. [گفتاری] حۆیلەر؛ خەنۆک؛ خۆلێبوێر؛ سەرچڵ؛ خەمسار؛ گەللایی؛ کەللەیی؛ گوێنەدەر؛ کەترەخەم: **سربهوا**

سربه هوا[2]: قید. سەرشکێن؛ سەرسەری؛ خەمسار؛ لامسەرلایی؛ بە سەرچڵی؛ بەبێ تێڕوانین و ورد بوونەوە ‹این‌طور سربەهوا نشمار، کمی دقت کن!: ئاوا سەرشکێن مەیژمێرە، هێندێک ورد بەوە!›: **سربهوا**

سربی / sorbî/: صفت. سرپی؛ سوربی؛ سرفتی: ۱. دروس کراو لە سرپ ۲. بۆر؛ بە ڕەنگی خۆڵەمێشی بریقەدار؛ ڕەنگی سرپی. هەروەها: **سربی‌رنگ؛ سربی‌فام**

سرپا / sar(e)pā/: صفت. ۱. ☜ سرپا بودن، **سر**[2] ۲. ☜ **سرپایی**[2]

سرپائین / sarpā'în/ ☜ **سرپایین**

سرپائینی / sarpā'înî/ ☜ **سرپایینی**

سرپاسبان / sarpāsbān ، ـها/:*اسم.* سەرپاسەوان؛ گورووبان؛ کارگێڕی شارەوانی.

▣ سرپاسبان سوم: گورووبان سێهەمی شارەوانی. هەروەها: **سرپاسبان دوم؛ سرپاسبان یکم**

سرپایی / sarpāyî ، ـها/:*اسم.* سەرپایی؛ سەرپایێ؛ دەمپایی؛ پێڵاوی سووکی بێ پشت و پاژنە.

سرپایی ²:*صفت.* وەستاو؛ سەرپایی؛ سەرپێیی؛ بە سەرپاوە؛ بە ڕاوەستانەوە؛ بەبێ دانیشتن یان ڕاکشان: **سرپا**

سرپایین / sarpāyîn/: *صفت.* سەرەوخوار؛ سەرەوار؛ بەرەوخوار: ۱. سەرنخوون؛ سەرخوار؛ سەر بە ژێردا کەوتوو ۲. سەربەرەوخوار؛ سەر بەرەو ژێر؛ سەرەوژێر؛ سەرەولێژ؛ نشێو؛ سەرەوچێر. بەرانبەر: **سربالا** ٭ **سرپائین**

سرپایین ²:*قید.* سەرەوخوار؛ سەرەووار؛ ڕووبەخوار؛ بەرەو خوار ‹اینطور سرپایین نگیرا دارد می‌ریزد: ئاوا سەرەوخوار مەیگرە! خەریکە دەڕژێ›: **سرپائین**

سرپایینی / sarpāyînî/:*اسم.* سەرەوخوارە؛ سەرەوخوارکایی؛ بەرەوخوارکایی؛ بەرەوخوارکە؛ سەرەخوارکێ؛ بەرەخوارە؛ بەرەخوارکێ؛ سەرەوارە؛ سەرەوژێری؛ خوارایی؛ سەر بەرەو خواری. بەرانبەر: **سربالایی**: **سرپائینی**

سرپتی / sarpatî/: [کوردی] *صفت.[گفتاری]* سەرپەتی؛ سەرەپەتی؛ سەرڕووت؛ سەرەڕووت؛ سەرەڕووتە (بۆ مێ)؛ سەرخواس؛ سەرکوڵ؛ سەرقوت؛ سەرقوتی؛ سەرقوتین؛ بە سەری بێ‌سەروێنەوە.

سرپر / sarpor/: *صفت.* سەرپڕ: ۱. پڕ؛ پەڕ؛ گوزان؛ دارماڵ؛ تژە؛ تژی؛ سەرڕێژ؛ لێواولێو؛ لێوانلێو؛ لرپ؛ کەفەسەر ۲. *[قدیمی]* دەمپڕ؛ بە تایبەتمەندی پڕ بوون لە سەری لوولەوە ‹تفنگ سرپر: تفەنگی سەرپڕ›.

سرپرست / sarparast ، ـها؛ ـان/:*اسم.* سەرپەرست؛ سەرپەرشت؛ سەرپرێس؛ سەرپەرستیار؛ سەرپەرشتیار؛ بنار؛ واهر؛ واهار؛ سەرگەڤار؛ سەرگەڤاز؛ مشوورخۆر؛ مشوورخۆرە؛ گۆهدار؛ گوهدەر؛ خێو؛ خوێ؛ ئەوی ئاگاداری دامەزراوە، ڕێکخراوە یان کەسێکی لە ئەستۆدایە و بەڕێوەی دەبات.

▣ **سرپرست خانواده**: سەرگەڤار؛ سەرگەڤاز؛ واهار؛ واهر؛ وائیرێن؛ سۆرگوڵ؛ بنار؛ سەرپەرستی خێزان؛ گەورەی ماڵ.

سرپرست جامعه: نیرۆی؛ سەرپەرستی کۆمەڵ.

سرپرستار / sarparastār ، ـها؛ ـان/:*اسم.* سەرپەرستار؛ پەرستارێ کە سەرپەرشتی و چاوەدێری کار و باری پەرستارانی بەشێکی نەخۆشخانە یان دەرمانگایەکی لە ئەستۆدایە.

سرپرستی / sarparastî/:*اسم.* سەرپەرشتی؛ مشوورخۆری؛ خوێداری: ۱. کار یان پیشەی سەرپەرشت ۲. ئێوەت؛ خاوەنداری؛ دەهەم؛ گۆهداری؛ گوهدێری؛ دۆخ یان چۆنیەتی سەرپەرشت بوون.

▣ **سرپرستی کردن**: حاواندنەوە؛ حەواندنەوە؛ بەخێوکردن؛ وەی‌کەردەی.

سرپستانک / sarpestānak ، ـها/:*اسم.* سەرەمەمکە؛ سەری شووشەشیری منداڵان.

سرپناه / sarpanāh ، ـها/:*اسم.* سەرپەنا: ۱. پەنا؛ پەناگا؛ جێگایەکی سەرداپۆشراو کە بکرێ لە ژێریدا پەنا بگری ۲. *[مجازی]* چاوەخانوو؛ خانوو؛ ماڵ ‹داشتن یک سرپناه حق همەی مردم است: خاوەنیەتی چاوەخانوویەک، مافی هەموو کەسێکە›.

سرپنجه / sarpance ، ـها/:*اسم.* پەنجە: ۱. پێنج ئەنگوست بە تیکڕایی؛ قامکانی دەست ۲. پاژێک لە پێشەوەی پێ کە ئەنگوستەکانیش دەگرێتەوە ۳. سەرپەنجە؛ بەشێ لە گۆرەوا و دەسکێش کە پەنجە دادەپۆشێ.

▣ **سـرپنجه گـرفتن:** سـەرپەنجە داگـرتن؛ دووړینەوەی نووکی گۆرەویٚ یان دەسکێش.

سـرپوش / sarpûš ، ـهـا/: اسم. سـەرپۆش: ١. سەرپۆشـک؛ دەرخۆنـە؛ دەمبـێن؛ زاربـێن؛ دەربێنـک؛ زاربێنـک؛ دەرخـون؛ دەرخـوین؛ دەرخـووین؛ دەرخووینـک؛ دەرخـۆن؛ سـەرک؛ خوانکە؛ دەڤۆک؛ قەپاخ؛ قەپاغ؛ قـەباخ؛ ئـامێریٚ بۆ داپۆشین و سـەرنانەوەی دەفر، کـەلێن یـان دەمی شتێک ٢. [کنایی] کار یـان ئامرازێـک بـۆ داشاردنی شتێکی نالەبار.

▣ **سرپوش گذاشتن:** [کنایی] شاردنەوە؛ داشاردن؛ داپۆشین؛ داپۆشـان؛ داپۆشـاندن؛ داپۆشـانن؛ سەرپۆش نانەوە.

سرپوشدار / sarpûšdār/: صفت. سەرپۆشدار؛ بـە دەرخۆنە؛ دەمبێندار.

سرپوشیده[1] / sarpûšîde/: صفت. ١. سـەرگیراو؛ داپۆشـراو؛ بـە مـیچ ‹سـالن سرپوشـیده: سـالۆنی سەرگیراو› ٢. بەسەرپۆش؛ سەرپۆشدار ‹یک دختر سرپوشیده آمد دمِ در: کچێکی بەسـەرپۆش هاتـە بـەر دەرگا›.

سرپوشیده[2]: قید. [کنایی] نەرێسات؛ سەرپۆشـراو؛ لابـەلا؛ سەربەسـیاگ؛ ناڕاسـتەوخۆ ‹سرپوشـیده حالیش کردم که این کار درست نیست: نەرێـسات پـێم گەیاند کە ئەم کارە درووس نیە›.

سرپهن / sarpahn/: صفت. سـەرپان؛ بـە سـەری پانەوە ‹میخ سرپهن: بزماری سەرپان›.

سـرپیچ / sarpîč ، ـهـا/: اسـم. سـەرپێچ؛ کەرەسـەیەکی قووڵـی پێچـدار کـە گولـۆپی تێدەخەن و بە تێلی کارەبایەوە دەنێن.

سرپیچی / sarpîčî/: اسم. [مجازی] سـەرپێچی؛ ملپێچـی؛ ملـەپێچی؛ سەرکێـشی؛ مکـوڕی؛ نافـەرمانی؛ سـەربزێوی؛ ئەشـقیایی؛ کـار یـان ڕەوتی نەهاتنە بەر فەرمان.

▣ **سرپیچی کردن:** [مجازی] سەرپێچی/ ملپێچی/ سەرکێشی/ سەربزێوی/ نافەرمانی کردن؛ مـل نەدان.

سـرتاپا / sartāpā/: قیـد. [گفتـاری] سـەرتاپا؛ سەرتاپیٚ؛ لە سەرەوە تا پیٚ ‹سرتاپا خیس شده بـود: سەرتاپا خووسابوو›.

سرتاس / sartās ، ـها/: اسم. تـاس؛ سـەرتاس؛ کەرەسەیەکی نیوە گرۆڤەری بە بنێکەوە، کە لـە دووکانـان بـۆ هەڵـگرتنی کـاڵای شـفتە (وەک دانەوێـلە، ئاژیـل، شـەکر و...) و لـە نێـو پاکـەت کردنیان کەڵکی لیٚ وەردەگرن: **سرطاس**

سرتاسر / sartāsar/: قیـد. [گفتـاری] سەرانـسەر؛ سەراسەر؛ سەرتاسـەر؛ گـشت؛ هـەموو ‹سرتاسر خیابان را پیمودم: سەرانسەری شەقامەکەم دایە پاوە›.

سرتاسـری / sartāsarî/: صـفت. [گفتـاری] سەرانسەری؛ سەراسەری؛ سەرتاسەری.

سرتر / sorter ، ـها/: [انگلیسی] اسم. ئـامێر یـان دەزگایـەک بـۆ هەڵـوەژێران و تـەکووز کـردنی ئەندامانی کۆمەڵەیەک بە گوێرەی دۆزەنەیـەکی دیـاریکراو (وەک ڕیزکـردنی نـاوی خوێنـدکارانی پۆلێک بە پێی ئەلفوبێتکە یان جیاکردنـەوەی سـێو بە پێی ورد و درشتی): **سُورتر**

سرتق / serteq/: [ترکی؟] صفت. [گفتـاری] لاسـار؛ سەرڕەق؛ سەرشەق؛ نەگریس؛ توخس؛ چەتوون؛ لەجباز ‹خیلی سرتق است، به این آسانی دست از سرت برنمی‌دارد: زۆر لاسـارە، وا سـووک هاسـان وازت لـیٚ ناهێنیٚ›.

سرتقی / serteqî/: [ترکی؟] اسم. [گفتاری] لاساری؛ سەرڕەقـی؛ سەرشـەقی؛ نەگریـسی؛ لـەجبازی؛ چۆنیەتی لاسار بوون.

سرتیپ / sartîp ، ـهـا/: اسم. [نظـامی] سـەرتیپ؛ ئەفسەری خاوەن پلەکی سەرتیپی.

سرتیپی / sartîpî/: اسم. سـەرتیپی؛ پلـەکیٚ لـە هێزی چەکداری، سەرتر لە سەرهەنگ و خوارتر لە سەرلەشکەر.

سرتیز / satîz/: صفت. نووک‌تیژ؛ سەرتێژ.

سـرجمع / sarcam'/: [فارسـی/ عربـی] قیـد.

١. سـەرجەم؛ پێکـەوە؛ بـە یەکـەوە؛ بەیەکـەو؛ تێکڕا؛ سەرپاک؛ پێوەرە؛ یۆوە؛ کترم؛ کترمی؛ لـە سەر یەک؛ لە بان یەک؛ بە تێکڕایی؛ بـە گـشتی ‹سرجمع می‌شود ده هزار تومان: سـەرجەم دەبێتـە دە هەزار تمەن› ٢. لە سەر؛ لەبان ‹عیب ندارد، این هم سرجمع همەی آنها: قەیدێ ناکـا، ئـەمیش لـە سـەر هەموو ئەوانە›.

سـرجنبان / sarcombān, -conbān ، ـها؛ ـان/: اسم. ١. *[مجازی]* یـەکمان؛ سـەرکردە؛ سـەرپەل؛ ڕێبەری تاقمێ بە تایبەت کەسـێ کـە هانـدان، بزواندن و بەڕێوەبەرایەتی گرۆیێکـی سـەربزێوی لـە ئەسـتۆدایە ٢. *[مجـازی]* کەسـێ کـە لـە کۆمەڵـگادا خـاوەن ڕێـز و پایەیـەکی بـەرزە ٣. سـەرتەکێن؛ سـەرلەقێن؛ کەسـێ کـە بـە داتەکاندنی سەر، قسەی کەسی‌تر پەسند دەکا.

سرجوخگی / sarcûxegî /: اسم. سەرجووخەیی؛ پێگە یان پلەکی سەرجووخە.

سـرجوخه / sarcûxe ، ـهـا؛ ـگـان/: اسـم. سـەرجووخە: ١. سـەربازێ کـە فەرمانـدەیی جووخەیەکی وەئەستوە ٢. سەربازێ کە شـیاوی ئاوا کارێ یان خاوەن پلەکی سەرجووخیە.

سرجوش / sarcûš/: اسم. ١. بـەرکول؛ بـەرکۆڵ؛ بەکول؛ بەرکەل؛ تۆزە چێشتێ کە پێش کولینی دەیچێژن ٢. سەرگول؛ سەرتەڵ؛ چێشتێ کە بە ناو باشتر، لە سەر دیگەوە هەڵیدەگرن.

سرچپق / sarčopoq ، ـها/: [فارسـی/ ترکـی]اسـم. سـەرە سـەبیل؛ سـەرە قەنـدە؛ سـەرە قەنگـە؛ سـەرقەننە؛ بەشـی پیاڵەئاسـای بـە دەمنـەی سەبیلەوە لکاو کە تووتنی تێدەکەن.

سـرچراغی / sar(e)čerāqî/: اسـم. *[گفتـاری]* هەوەڵین پارەیێ کە فرۆشـیار دوای هەڵـکردنی چـرای دوکانەکـەی (لـە سـەرەتای شـەودا) لـە کڕیاری وەردەگرێ.

سرچسب / sarčasb ، ـها/: اسم. سەرچەسپ؛ نیشانە کاغەزێ کـە کارخانـە دەیلکێنێتـە سـەر بەستەی کاڵاوە.

سرچـشمه / sarčešme ، ـهـا/: اسم. سـەرچاوە؛ سـەرچاوکە؛ سـەرچاوگە؛ سـەرچەمە: ١. سـەرچەمـە؛ سـەراو؛ سەرسـەراو؛ پنـار؛ سەروکانی؛ شوێنێ کە چۆمێکی لێوە بـەدی دێ و مـەرخی لـەوێوە دەسـت پـێ‌دەکـا ٢. کـانی؛ هـانی؛ خـانی؛ سـەراو؛ چـاوە؛ سـەرکانی؛ سەروکانی؛ سـەروچاوێ؛ چاوکـە؛ سـەرچاوکـە؛ سەرچاوگە؛ سەرچەمە؛ سەرکیەنی؛ سەرسـەراو؛ سەرچاوە؛ چەشمە؛ جێ و شـوێنی کـانی و ئـاو ٣. *[مجازی]* شوێنی سەر هەڵدان ‹سرچشمەی این توطئەها در یک سفارتخانەی خارجی بود: سـەرچاوکەی ئەم ساز و بازانە لە باڵوێزخانەیەکی بیانیدا بوو›.

▣ **سرچشمه گـرفتن**: *[مجـازی]* سـەرچاوکەگرتن؛ سەرچاوە گرتن؛ لێ‌بوونەوە؛ سەر لێ هەڵـدان؛ لێوە بـەدیهاتن ‹همـەی ایـن کارهـا از همـان جـا سرچـشمه مـی‌گیـرد: هـەموو ئـەم کارانـە لـەوێوە سەرچاوکە دەگرن›.

سـرچین / sarčîn/: صفت. تەڵـچن؛ تەڵـبژێن؛ تەڵـبژێر؛ هەڵـبژاردە؛ بـژاردە: ١. هەڵـبژێراو؛ تلژین؛ بە وردی هەڵـچنراو ٢. *[کنـایی]* سـەرتڵ؛ سەرشف؛ سەرتا؛ سەرتەڵ؛ سـەرگول؛ سـەرچن؛ تڵ؛ هەرەباش و هەڵبژاردە.

سرحال / sar(e)hāl/: [فارسی/ عربی] ☜ سرحال بودن، **سر**[٢]

سرحد / sarhad(d) ، ـها؛ ـات/: [فارسی/ عربی]اسم. مەرز؛ سنوور؛ کەوشەن؛ کەرخ؛ جەسپەر؛ چیلـە؛ ناونی؛ سەرحەد؛ سەرپەڕ.

سـرحدی / sarhad(d)î/: [فارسـی/ عربـی] صفت. سنووری؛ کەوشەنی؛ مەرزی.

سرحلقه / sarhalqe ، ـهـا/: [فارسی/ عربـی]اسم. *[مجازی، ادبی]* سـەرکان؛ سـەرگەورە؛ سـەرمەزن؛ گەورەی تاقمێ کە لە کۆڕێکدا کۆ دەبنەوە.

سرخ[١] / sorx/: اسم. سوور؛ سۆر؛ سوویر؛ سـوهر؛ سوخرە؛ قرمز؛ لە ڕەنـگ‌گـەلی سـەرەکی وەک

ڕەنگی خوێنی تازە: **قرمز** */گفتاری/* ٢. درێژترین شەپۆلی تیشکی دیار، تیشکی تاقەڕەنگی نێوان ٦٢٢ تا ٧٧٠ نانۆمیتر. هەروەها: **سرخ‌رنگ؛ سرخ‌فام**

سرخ[٢]: *صفت.* سوور؛ سۆر: ١. گوڵناری؛ بە ڕەنگی سوور ‹سیب سرخ: سێوی سوور› ٢. */مجازی/* شۆڕشگێڕانە؛ شۆڕشی؛ خوێنین؛ خوازیاری کردەوەی توند و تیژ ٣. */مجازی/* کومونیست؛ شیوعی.

▣ **سرخ شدن:** سوورەوە بوون؛ سوور بوونەوە: ١. بە ڕەنگی سوور هەڵگەڕان ‹از خجالت سرخ شد: لە شەرمدا سوور بووەوە› ٢. تاودران؛ قەمران؛ برژان ‹سیب‌زمینی توی روغن سرخ شد: سێفەزەمینیەکە لە ڕۆنەکەدا سوورەوە بوو›.

سرخ کردن: ١. قەلاندن؛ قەمراندن؛ سوورکردنەوە؛ سوورەو کردن؛ سوورەوە کەردەی؛ لە ڕۆندا تاودان و برژاندن ٢. سوورکردن؛ بە ڕەنگی سوور دەرێنان.

سرخ ـ[٣]: *پیشوازە.* سوور ـ ؛ سوورە ـ ؛ سور ـ ؛ بە ڕەنگی سوور ‹سرخ‌فام: سوورکار›.

سرخاب / sorxāb/: *اسم.* ١. */قدیمی/* سووراڤک؛ سووراو؛ سوهراڤ؛ سۆراڤ؛ دەرمانێ سوور کە ژنان بۆ جوانی لە گۆنایانی هەڵدەسوون ٢. */ـها/* سوورەقوڵینگ؛ سوورە قاز؛ فلامینگۆ.

سرخاب‌وسفیداب / sorxāb-o-sefîdāb, -sifîdāb/: *اسم. /گفتاری/* ١. سووراو ـ سپیاو؛ دەرمانی خۆ جوان‌کردن ٢. */مجازی/* ئارایشت؛ تاس و لووس؛ بەزەک؛ خۆ ڕازاندنەوە.

▣ **سرخاب و سفیداب کردن:** */تعریض/* سووراو ـ سپیاوکردن؛ خۆ تیل‌کردن؛ خۆ تاس و لووس دان؛ ڕوومەتی خۆ جوان‌کردن.

سرخابی[١] / sorxābî/: *اسم.* سوور تەڵخ؛ ڕەنگی سووری ئاماڵ بەنەوش، کە لە تێکەڵاوی ڕەنگی سوور و ئاوی پێک دێ. هەروەها: **سرخابی‌رنگ**

سرخابی[٢]: *صفت.* سوور تەڵخ؛ بە ڕەنگی سووری ئاماڵ بەنەوش.

سرخانه / sarxāne/: *صفت.* سەرماڵ؛ ناوماڵ؛ ناوماڵە ‹حمام سرخانه: گەرماوی ناوماڵ›.

سرخباد / sorxbād/ ☜ باد سرخ، **باد**[١]

سرخ‌بید / sorxbîd/ ☜ بید سرخ، **بید**

سرخپوست / sorxpûst، ـها؛ ـان/: *صفت.* سوورپێست؛ سۆرپێست؛ سەر بە یەکێک لە چوارگرۆی گەورەی ڕەگەزی مرۆ، خەڵکی قوڕنەی ئەمریکا و دوورگەکانی ئوقیانووسی ئارام، بە پێستی قاوەیی ڕۆشنەوە.

سرخپوستی / sorxpûstî/: *صفت.* سوورپێستی؛ سوورپێستانە؛ پێوەندیدار یان سەر بە سوورپێستان ‹کلبەی سرخپوستی: کەوێڵی سوورپێستی›.

سرخپوش / sorxpûš/: *صفت.* سوورپۆش؛ خاوەن پۆشەنێک بە ڕەنگی سوور.

سرخ‌ترسی / sorxtarsî/: *اسم.* سوورپەرێزی: ١. */روانشناسی/* ترسی نائاسایی لە ڕەنگی سوور (بەتایبەت خوێن) کە ببێتە هۆی نەخۆشی ٢. */مجازی/* دۆخی ورە بەردان و ترسی زۆر لە کومونیسم یان کومونیستان.

سرخجه / sorxce/: *اسم.* سوورێژک؛ سوورێژکە؛ سوێرێژک؛ نەخۆشیەکی ئاستەمی ویرووسی وێنەی سوورێژەیە کە یاو، چۆڕە، داییسانی ناوپۆشی چاو، زیپکەی سوور و گەورەبوونەوەی لوولەگەلی لەنفاوی لە نیشانەکانیە.

سرخدار / sorxdār، ـها؛ ـان/: [فارسی/کردی] *اسم.* هەڤریسک؛ عەرعەر؛ داری بەرزی لێڕەواری هەمیشە سەوز: **زرنب؛ سرخەدار**

سرخر / sarxar/: *صفت. /تعریض/* بەلای بۆگەن؛ بەلای بەد؛ سەرەخەر ‹تا می‌خواستم دو کلمە با دختر همسایە حرف بزنم، کلفتشان می‌آمد و سرخر می‌شد: تا دەهاتم دوو قسە لەگەڵ کچە هاوسێکەمان بکەم، کلفەتەکەیان وەک بەلای بۆگەن دەهات›.

▣ **سرخر شدن:** بوونە بەلای بۆگەن؛ بۆ زەحمەت

دان هاتن؛ بۆ درووس کردنی دەردیسەر و زەحمەت هاتن.

سرخرگ / sorxrag ، ـها/: *اسم.* سوورەدەمار؛ خوێنبەر؛ ڕەگی خوێن ڕاگوێزان لە دڵەوە بۆ ئەندامان.

سرخرو / sorxrû/: *صفت.* ڕووسوور: ١. دەم و چاو سوور؛ ڕوومەتسوور بەتایبەت بە بۆنەی شایی و لەش ساغیەوە ٢. *[کنایی]* شاد و بەختەوەر بە هۆی سەرکەوتنەوە.

سرخس / saraxs ، ـها؛ ـان/: *اسم.* سیپەلە؛ سیپەرە؛ باوەشێنە؛ نێرووک؛ سەفرابەر؛ گولداڕوو؛ کەروزەکێویلە؛ باڕیرە؛ منالەڕەش؛ بەڕەزا؛ قژی کچ؛ قژی کەنیشک؛ پەلی سیاوەشان؛ ڕیشی پیرەمەڕانە؛ گیاییکی پایا، بە پارچە گەڵای بێددانەوە کە دەژێریدا خاڵگەلی وردی بریقەداری زەرد هەیە.

سرخط / sarxat(t) ، ـها/: [فارسی/ عربی]*/اسم.* سەردێڕ؛ ناو یان بابەتی وتارێ کە لە سەریەوە دەنووسرێ.

▣ سرخط اخبار: سەردێڕی هەواڵ؛ کورتەی هەواڵ.

سرخک / sorxak/: *اسم.* سووریژە؛ سوڕێژە؛ سوریژە؛ سووریژە؛ سووریجە؛ سووریجە؛ سیرۆژە؛ سۆرگ؛ سۆرک؛ سوورک؛ سووریک؛ سووریکە؛ سوورکە؛ سووریکە؛ سوورلێ؛ سۆژک؛ سوژک؛ سوورکێ؛ گەزنە؛ ئەسپە؛ نەخۆشیەکی زۆر ئاستەمی ویرووسی کە بە یاو، زیپکە و ئاوەچۆڕەوە سەر هەڵدەدا و لە منداڵاندا زۆر گیرۆیە.

سرخ‌کن / sorxkon ، ـها/: *اسم.* ئامرازێکی کارەباییە بۆ باش سوورەوەکردنی بڕێ خواردەمەنی بە کار دێ.

سرخ مو / sorxmû/: *صفت.* مووسوور؛ قژسوور: **موسرخ؛ موقرمز**

سرخنای / sorxnāy/ ☜ **مِری**

سرخود[1] / sar(e)xod/: *صفت.* ١. *[گفتاری]* سەرخەر؛ سەرەخەر؛ لاسار؛ خۆسەر؛ گوێش نەداپنە؛ ناگۆشگیر ٢. لەخۆ؛ لە سەرخۆ؛ هی خۆ؛ وێڕای شتێ بە شێوەی بەشێ لەو شتە ‹آستین سرخود: قۆڵ لەخۆ›.

سرخود[2]: *قید.* *[گفتاری]* لەخۆوە؛ بەخۆوە؛ سەرەخۆ؛ خۆسەرانە؛ بێ‌پرس؛ بۆ خۆی ‹سرخود خانە خریده: لەخۆوە چووە خانووی کڕیوە›.

سرخور / sarxor/: *صفت.* *[مجازی، فرهنگ مردم]* سەرەخۆرە؛ سەرخۆر؛ سەرەوەر؛ بە دۆخ یان چارەنووسێ کە بە شووم و هۆی مەرگی تاکێکی‌تر (وەک داک و باب یان هاوسەر) بزانرێ.

سرخوردگی / sarxordegî ، ـها/: *اسم.* *[مجازی]* بە خۆدا شکاوی؛ خۆبانی؛ دڵسادری؛ خەفەتخانی؛ وەڕەزی و ناهومێدی بە هۆی شکست و نامرادی لە کار یان نەگەیشتن بە ئامانجێک.

سرخورده / sarxorde/: *صفت.* *[مجازی]* بە خۆداشکاو؛ ناهمێ؛ دڵسارد؛ خەفەتخان؛ خۆبان.

سرخوش / sarxoš/: *صفت.* ١. شاد؛ دەماخ؛ وەش؛ خۆشحاڵ؛ سەرکەیف؛ بەکەیف؛ دڵشاد ٢. سەرخۆش؛ سەرووەش؛ مەست؛ تەلەس.

سرخوشی / sarxošî ، ـها/: *اسم.* ١. شادی؛ خۆشحاڵی ٢. سەرخۆشی؛ سەرووەشی؛ مەستی.

سرخه‌دار / sorxedār/ ☜ **سُرخدار**

سرخی / sorxî/: *اسم.* سووری؛ سووریتی؛ سووراتی؛ سۆهری؛ سوورایەتی؛ چۆنایەتی سوور بوون.

سرد / sard/: *صفت.* سارد؛ سەرد؛ سار؛ تەزی؛ ڕونج: ١. بە تینێکی کەمتر لە تینی دەرەکی لەش کە دەبێتە هۆی هەست بە ناڕەحەتی یان سەرما ‹هوای سرد: هەوای سارد› ٢. بە تینێکی کەمتر لە تینی ڕەچاوکراو ‹چای سرد: چای سارد› ٣. گەرمەوەنەکراو؛ گەرمەو نەوگ ‹خوراک سرد؛

آب سرد: خۆراکی سارد؛ ئاوی سارد› ٤. چایگ؛ چیا؛ چێیگ؛ چێیی؛ تەزی؛ وەبەر سەرما نراو ‹نوشیدنی سرد: خواردنەوەی سارد› ٥. *[مجازی]* سارد و سڕ؛ سڕ؛ بەبێ هەست و وروژانی دەروونی ‹نگاه سرد: مەیزی سارد›.

⊡ **سرد بودن:** سارد بوون؛ سەرد بیەی: ١. چایی بوون؛ چایگ بوون ‹آب سرد است: ئاوەکە ساردە› ٢. *[مجازی]* سارد و سڕ بوون؛ گوڕ و تین نیشان نەدان ‹رفتارش خیلی سرد بود: ئاکاری زۆر سارد بوو›. هەروەها: **سرد شدن**

سرد کردن: ساردکردنەوە؛ سەردەوەکەردەی: ١. فێنکەوکردن؛ هێنانە خوارەوەی دەما ‹شیر را کمی سرد کن: شیرەکە کەمێ سارد کەوە› ٢. *[مجازی]* دڵساردکردنەوە.

سرداب / sardāb/ ☜ **سردابە**

سردابە / sardābe ، ـها/: *اسم*. سەرداڤ؛ سارداو؛ سەرداو؛ سارداوە؛ ئاڤسارک؛ زاخۆن؛ ماران؛ مەسنا؛ ناویس؛ سارنج؛ ژێرخانی قووڵ کە ئاڵوگۆڕی دەمای زۆر کەمە، بۆیە زۆرتر بۆ هەڵگرتنی ماکی پێخۆر، بەکاردێ: **سرداب**

سردار / sardār ، ـها؛ ـان/: *اسم*. سەردار؛ سپاڕان؛ سەرکردە و ڕابەری هێزێکی چەکداری.

سرداری / sardārî/: *اسم*. سەرداری: ١. سەرۆکی؛ ڕابەری ٢. *[قدیمی]* حشکاوس؛ خەفتان؛ ئیشکاوس؛ جۆرێک پاڵتاوی بەرۆک بەسراوی بێ یەخەی پیاوانە.

سردبیر / sardabîr ، ـها؛ ـان/: *اسم*. سەرنووسەر؛ سەرەکنووسەر؛ سەرنڤیسەر؛ سەرنڤیسکار؛ سەرپەرشتی نووسەرانی بلاوکراوەیەکی دەورەیی یان کۆمەڵەوتارێ، کە کاری کۆکردنەوە و ڕێکوپێککردن یان چاوەدێریانی وە ئەستۆیە. هەروەها: **سردبیری**

سردخانە / sardxāne ، ـها/: *اسم*. سەردخانە: شوێنێکی بەسراو و تینپارێز کە دەزگاگەلی سەرمادەر بۆ لە خۆ ڕاگرتنی سەرما تێیدا کار دەکەن و لە گەنینی ئەوی تێدایە بەرگری دەکات.

سردر / sardar ، ـها/: *اسم*. سەردەر؛ سەردەرگا: ١. زفقێل؛ سەردەرانە؛ سەربەرە؛ سەرەوەی دەرگا ٢. جوانکاری سەرەوەی دەرگای خانوو.

سردرختی / sarderaxtî ، ـها/: *اسم*. میوەیەک کە هێشتا بە دارەوەیە.

سردرد / sardard/ ☜ **درد**[2]

⊡ **سر درد گرفتن:** سەرئێشەگرتن؛ سەرێشە گرتن؛ سەر ئێشان؛ ژانەسەرگرتن. هەروەها: **سردرد داشتن**

سردرگم / sardargom/: *صفت*. ١. شێواو؛ هاڵۆز؛ ئاڵۆز؛ تێکهالاو؛ هاڵۆزاو؛ هەمگم؛ بێسەرە و بەرە؛ گرفنج؛ گرفنچ؛ هەربل؛ شێواو و تێکەوە پێچیاو بە شێوەیێ کە سەرەکەی نەدۆزرێتەوە ‹کلاف سردرگم: پاری شێواو› ٢. *[مجازی]* سەرلێشێواو؛ ڕێ لێون بووی وا کە نەزانێ بە کوێدا بڕوا ‹ناگهان در پیچ و خم غار سردرگم شد و مسیری را کە آمده بود، گم کرد: لە کتوپڕدا لە پێچەڵپووچی ئەشکەوتەکەدا سەری لێ شێوا و ئەو ڕێگە لێوە هاتبوو لێی گوم بوو› ٣. *[مجازی]* حەپەساو؛ پەشێواو؛ شاش؛ پەشۆکاو؛ پەشۆکیاگ؛ حەیران و بێ توانستی بڕیاردان.

⊡ **سردرگم شدن:** هەبلین؛ هەربلین: ١. ئاڵۆزان؛ تێکهالان؛ بێسەرە و بەرە بوون ٢. *[مجازی]* سەر لێشێوان؛ سەرگەردان بوون؛ پەشۆکیان؛ حەپەسان.

سردرگمی / sardargomî ، ـها/: *اسم*. *[مجازی]* شێواوی: ١. هاڵۆزی؛ ئاڵۆزی؛ تێکهالاوی؛ هەمگمی ٢. سەر لێ شێواوی؛ شاشی.

سردست / sardast/: *اسم*. ١. باڵەکە؛ باڵەکێ؛ گۆشتی باڵی ئاژەڵ ٢. /ـها/ سەرقۆڵ؛ سۆرانی؛ فەقیانە.

سردستە / sardast ، ـها؛ ـگان/: *اسم*. سەردەستە؛ سەردەسە؛ یەکمان: ١. سەربەند؛ ڕێبەری

دەستە؛ پێشەنگی دەستە ٢. سەرگەورە؛ سەرۆک؛ ڕێبەر و پێشەوای گرۆیەک.

سردستی / sardastî/: *قید. [گفتاری]* بە سەر دەستەوە؛ بە پەلە؛ لە ماوەیەکی کورتدا ‹سردستی دو خط بنویس بده دستش: بە سەردەستەوە دوو خەتی بۆ بنووسە و بیدەیە›.

سردسیر[1] / sardsîr/: *اسم.* زۆزان؛ سەردەسێر؛ سەردسێر؛ کوێستان؛ کێوسان؛ ئێلاخ؛ ئێلاخ؛ لەیلاخ؛ کۆسال؛ ناوچەیەک کە هاوینانی فێنک و زستانانی شەختەیە ‹از گرمسیر به سردسیر رفتن: لە گەرمیانەوە بۆ زۆزان چوون›.

سردسیر[2]: *صفت.* سەردەسێر؛ سەردسێر؛ زۆزان؛ بە نێوانە دەمای کەمتر لە °٢٠ سانتیگراد.

سردسیری / sardsîrî/: *صفت. [گفتاری]* سەردەسێر؛ سەردسێر.

سردفتر / sardaftar، ـها؛ ـان/: [فارسی/ معرب] *اسم.* سەردەفتەر؛ سەرپەرشتی نووسینگەی بەڵگەی ڕەسمی.

سردکن / sardkon، ـها/: *اسم.* چیلر؛ ساردۆکەر؛ ساردەوکەر.

سردکننده / sardkonande، ـها/: *اسم.* ١. ساردەوەکەر؛ ساردۆکەر؛ ساردکەرەوە؛ هەر جۆرە دەزگایێ کە سەرما وەدی بێنێ ٢. تەنێ کە بە هۆی کاردانەوەی کیمیایی سەرما بەرهەم دێنێ.

سردم / sardam، ـها/: *اسم.* ١. سەکۆی جێ دانیشتنی مورشیدی زۆرخانە ٢. خانەقا؛ جێگەی کۆ بوونەوەی دەروێشان.

سردماغ / sardamāq/: [فارسی/ عربی] *صفت. [گفتاری]* گوربز؛ گوربزە؛ ساز؛ بەدەماخ؛ کەیفخۆش. هەروەها: **سر دماغ بودن**

سردمدار / sardamdār، ـها؛ ـان/: *اسم.* ١. *[مجازی]* سەرۆک؛ بەڕێوەبەری زنجیرە کار و چالاکی گرۆیێ ٢. پرسەگێڕ؛ کارگێڕی پرسە؛ شینگێڕ ٣. مورشیدی زۆرخانە.

سردمزاجی / sardmezāčî, -mazāčî/: [فارسی/ عربی] *اسم.* ساردمەزاجی؛ کەمی یان نەبوونی حەزی جنسی. هەروەها: **سردمزاج**

سردوزی / sardûzî، ـها/: *اسم. [خیاطی]* سەردروو؛ درووێ کە تەقەڵەکان بە دەرەوە بن.

سردوشی / sardûšî، ـها/: *اسم.* ١. شریتەیەکی باریک کە بۆ ڕازاندنەوەی سەرشانی بڕێ جلوبەرگ کەڵکی لێ دەگرن ٢. باریکە پارچەیەک بۆ سەرشانی چەکداران کە پلەکیانی پێوە دەلکێنن: **پاگۆن**

سردوگرم / sard-o-garm/: *اسم. [مجازی]* تاڵ و سوێر؛ سارد و گەرم؛ سەرد و گەرم؛ ئەزموونگەلی جۆراوجۆری ژیان: **گرم و سرد**

◘ **سرد وگرم چشیدن:** *[مجازی]* تاڵ و سوێر چەشتن؛ وریا بوونەوە بە هۆی ئەزموونی خۆش و ناخۆشی ژیان.

سردوگرمچشیده / sard-o-garmčešîde، ـها/: *صفت. [مجازی]* تاڵ و سوێر چەشتوو؛ لە ژین خاراو؛ بە ئەزموون.

سردی / sardî/: *اسم.* ساردی؛ سەردی: ١. دۆخ یان چۆنیەتی سارد بوون ‹سردی هوا: ساردی کەش› ٢. ئەزموون و بۆچوونێکی کۆن سەبارەت بە تایبەتمەندی بڕێ پێخۆر و خواردنەوە کە دەبێتە هۆی دابەزینی گەرما و هێزی گشتی لەش ‹خیار سردی است: خەیار ساردیە›.

◘ **سردی کردن:** ساردی کردن؛ سەردی کەردەی؛ چیامانی کێشتەی؛ هەست کردن بە کزی، بێحاڵی یا دڵهەڵشێوان بە هۆی خواردنی بڕێ پێخۆر و خواردنەوەوە ‹حتماً سردی کرده، عسل بخورد، خوب می‌شود: دیارە ساردی کردووە، هەنگوین بخوا، چا دەبێتەوە›.

سردیس / sardîs، ـها؛ ـان/: *اسم.* کۆتەڵی سەری مرۆ یان گیاندار.

سرراست[1] / sar.rāst/: *صفت.* سەرڕاس؛ سەرڕاست: ١. ڕاستەوڕاست؛ ڕاستەوخۆ؛

شتێک لە سەری ٢. خلیسکێن؛ خزکێ؛ خزەکانێ؛ خزخزەکانێ؛ خژخژان؛ خشخشان؛ کەرەستەیەکی کایەی زارۆکانە بۆ بە سەریەوە خزان.

▣ **سرسرەبازی**: خلیسکانێ؛ خلیسکێن؛ خزخزەکانێ؛ خلیسکێنێ؛ خلووزگێ؛ کایەیێکی مندالانە بە شێوەی خۆ خزاندن بەسەر شوێن یان کەرەسەیەکی تایبەتی ئەو کارە.

سرسری[1] / sarsarî/: *صفت.* سەرچڵ؛ سەرسەری؛ کەمترخەم؛ سەرپۆرت؛ تەولباز؛ تەوەل؛ سەکەماتی؛ سەرپۆت؛ گەللایی؛ سەرەرۆ؛ بەبێ سەرنج دان و شوێندا چوون.

سرسری[2]: *قید.* بە سەرچلی؛ سەرشکێن؛ سەرسەری؛ گۆترمە؛ لاسمال؛ بە گۆترە؛ بێ‌تێروانین ‹سرسری درس خواندن: بە سەرچلی دەرس خوێندن›.

سرسلامتی / sarsalāmatî/: [فارسی/ عربی] *اسم.* سەرسلامەتی؛ سەرخۆشی؛ سەرەخۆشی؛ ئەوەی بۆ هاودەردی و بە مەبەستی دلدانەوەی خاوەن مردوو دەگوترێ.

▣ **سرسلامتی دادن**: سەرەخۆشی لێ کردن؛ سەرسلامەتی دانەوە؛ پرسە و سەرەخۆشی کردن.

سرسلسله / sarselsele، ـها/: [فارسی/ عربی] *صفت.* سەرکان: ١. سەرڕەتەوە؛ دامەزرێنەری بنەمالەیەک لە پادشایان ٢. پێشەوا؛ سەرپەل؛ پێشەنگ و دەسپێکەری کارێ کە دەستەیەک پێی پەرژاون.

سرسنگین / sarsangîn/: *صفت.* *[مجازی]* لالووت؛ نەبان لە ئاست دیتران. هەروەها: **سرسنگینی**

سرسوزن / sarsûzan، ـها/: *اسم.* سەرەدەرزی؛ سەرەچەن؛ سەری ئاودۆزک.

سرسیلندر / sarsîlandr، ـها/: [فارسی/ فرانسوی] *اسم.* سەرسیلەندر: ١. سەرپۆشێ کە بەشی دوایی سیلەندری گاز دادەپۆشێ ٢. کلاوەی موتۆر کە سیلەندرەکان دادەپۆشێ و لەوێوە سووتەمەنی دەرژێتە ناو موتۆرەوە.

سرسینه / sarsîne/: *اسم.* سەرسینگ؛ گۆشتی سینگی مەڕ و مالات.

سرشاخ / saršāx/: *صفت.* شاخ‌بەشاخ؛ سەرشاخ؛ بە حالەتی کێبەرکێ یان شەڕ و هەمبەر بوونەوە (وەک زۆرانبازان یان ئاژەلی شاخدار).

▣ **سرشاخ شدن**: شاخ‌بەشاخ بوون؛ سەرشاخ بوون؛ تووشیار یان سەرقالی شەڕ و داوا بوون.

سرشاخه / saršāxe، ـها/: *اسم.* سەرچڵ؛ سەرلەق؛ چلەپۆپە؛ بەشی دواییني لق.

سرشار / saršār/: *صفت.* *[ادبی]* دارماڵ: ١. پڕاوپڕ؛ پڕبەپڕ؛ لڕپ؛ تەژی؛ تژی؛ لێواولێو؛ لێوانلێو؛ لێوان؛ کەفەڕێژ؛ پڕ؛ پەڕ؛ لیپ ٢. زۆر و زەبەند؛ زۆر؛ زەبەند؛ فرە ‹ثروت سرشارت از رنج مردم است: مالی زور و زەبەندت لە خوێنی خەلکە›.

سرشاری / saršārî/: *اسم.* *[ادبی]* دارماڵی؛ پڕاوپڕی؛ پڕی؛ لێوانلێوی؛ کەفەڕێژی؛ زەبەند و زۆری؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی پڕ بوون.

سرشانه / saršāne، ـها/: *اسم.* سەرشان: ١. بەشێک لە جل و بەرگ کە شانە دەلکێنێتە قۆلەوە ٢. ناوشان؛ ئەو بەشە لە جل و بەرگ کە شان دادەپۆشێ.

سرشت / serešt/: *اسم.* *[ادبی]* سوروشت؛ سرووشت؛ سرشت؛ گەوهەر؛ چییەتی خۆیی و پێکهاتەی بنەمایی کەس یان شتێک.

سرشتن / sereštan/: *مصدر متعدی.* *[ادبی]* // **سرشتی**: تێکەلاندت؛ **سرشته می‌کنی**: تێکەل دەدەی؛ **سرشته کن**: تێکەلدە// تێکەلدان؛ کەرچلاندن؛ ڤەستراندن؛ ئامیتن؛ لێکدان؛ تێکدان؛ ئاوێتە کردن؛ ئامیتە کردن؛ ئامێژە کردن؛ تێکەل کردنی شتێک دەگەل شتێکی‌تردا. هەروەها: **سرشتی**

■ صفت مفعولی: **سرشته** (تێکەلاو)/ مصدر منفی:

نَسرشتن (تێکەڵ نەدان)

سرشتی / sereštî/: *صفت.* سرشتی؛ سوروشتی.

سرشك / sereško, serešg/: *اسم.[ادبی]* ئەسرین؛ فرمێسک؛ فرمیسک؛ هەرسی؛ هێستر؛ ئەسر؛ رۆنتک؛ هورمێس؛ رندک؛ هەستار؛ رۆندک؛ سوروشک: **سرشگ**

سرشكستگی / saršekastegî/: *اسم.[مجازی]* سەرشۆڕی؛ ریسوایی؛ شەرمەزاری.

سرشكسته / saršekaste/: *صفت.* ١.*[کنایی]* سەرشۆڕ؛ سەرنەمە؛ سەرنزم؛ شەرمەزار بەهۆی رووداوی ناخۆش و زۆرتر شەرمهێن ٢. سەرشکاو؛ سەر شکیاگ؛ سەرە مریا.

سرشكن / saršekan/: *صفت.[مجازی]* دابەش؛ سەرشکێنە؛ دابەش کراو لە نێو ئەندامانی دەستەیەکدا ‹مخارج آسفالت کوچه را میان همسایه‌ها سرشکن کردند: مەزاختی ئاسفالتی کۆلانەکەیان لە نێو هاوسێکاندا دابەش کرد›. هەروەها: **سرشكن شدن؛ سرشكن كردن**

سرشگ / serešg/ ☜ **سرشك**

سرشماری / saršomārî/: *اسم.* سەرژمێری؛ سەرژماری؛ سەرئەژمێری؛ سەرنقیسی: ١. هەڵژمار؛ کار یان رەوتی سەرژمارکردن؛ بژاردنی کەسانێک لە نێو کۆمەڵگایەک ٢. /ـها/ ئامارگری ‹سرشماری نفوس: سەرژمێری خەڵک›. هەروەها: **سرشماری شدن؛ سرشماری كردن**

سرشناس / saršenās ، ـها؛ ـان/: *صفت.[مجازی]* بەناوبانگ؛ سەرناس؛ بە دەنگ و ناو؛ ناودار؛ نامدار؛ ناسراو لە کۆمەڵگایەکدا.

سرشو(ی) / saršû(y)/: *اسم.* سەرشۆ؛ سەرشۆر؛ ماکی خاوێنکەرەوەی (وەک شامپۆ، سابوون یان هەندێ ئامیتەگەلی گیایی) سەر و قژ.

سرشیر / saršîr/: *اسم.* تۆ؛ تۆی شیر؛ سەرشیر؛ سەرتوێ؛ سەرتۆ؛ تۆژی؛ تۆژگ؛ کاژ؛ کاژە؛ قەیماخ؛ قەیماغ؛ پرۆتەیین و چەوری شیر کە پاش ساردبوونەوەی وەک توێژ بە سەریەوە دەبەسرێ.

سرصفحه / sarsafhe ، ـها/: [فارسی/ عربی]*اسم.* سەرلاپەڕە؛ ئەوەی لە سەر پەڕەوە و جیا لە دەقی پەڕەکە نووسراوە.

سرطاس / sartās/: [فارسی/ معرب] ☜ **سرتاس**

سرطان / saratān/: [عربی]*اسم.* ١.*[پزشکی]* شێرپەنجە؛ کیفژاڵە؛ قرژاڵە؛ کورنجە؛ سەرەتان؛ نەخۆشیەک بە هۆی تەشەنە کردنی بێڕادەی شانەگەلی لەش ٢.*[نجوم]* ☜ **خرچنگ ـ ١** ٣.*[تقویم]* کیفژاڵ؛ قرژانگ؛ قرژاڵ؛ چوارەمین کەلوو لە دوازدە کەلووی ساڵ، بەرانبەر بە پووشپەڕ.

سرطانزا / saratānzā/: [عربی/ فارسی] *صفت.* شێرپەنجەهێن؛ هۆ یان هۆکاری بەدیهاتنی نەخۆشی شێرپەنجە.

سرعت / sor'at ، ـها/: [عربی]*اسم* خێرایی؛ تاو: ١. گورجی؛ توندی جم و جووڵ ٢.*[مکانیک]* نرخی بزووتنی بزۆکێ بە گوێرەی یەکەی کات ‹بیش از ١٢٠ کیلومتر در ساعت سرعت داشت: پتر لە ١٢٠ کیلومتر لە کاتژمێردا خێرایی هەبوو› ٣.*[گفتاری]* پەلە؛ لەز؛ خێرا لە بەڕێوە بردنی کارێکدا ‹آزاد کارهایش را به سرعت انجام داد: ئازاد بە پەلە کارەکانی کرد›.

▣ **سرعت آغازی** ☜ **سرعت اولیّه**

سرعت انتقال:*[مجازی]* وریایی؛ زیرەکی؛ تیژی؛ ویرایی؛ وشیاری؛ بار و دۆخی زوو تێگەیین.

سرعت آنی: خێرایی ساتی؛ خێرایی بزاڤی شتێکی بزۆک لە چرکەساتێکی دیاریکراودا.

سرعت اولیّه: خێرایی سەرەتایی/ دەسپێک؛ خێرایی تەنێکی بزۆک لە سەرەتای ڕێکەوتنیدا.

سرعت لاکپشتی:*[کنایی]* کیسەڵڕۆ؛ کیسەڵئاسا؛ وەک کیسەڵ؛ زۆر هێواش.

سرعت مُجاز: خێرایی شیاو؛ خێرایی ڕێدراو؛

خێراییەک کە نابێ لێی لابدرێ.

سـرعت یکنواخـت: خێرایـی یـەکهاوی/ یەکدەس/ یەکجۆر؛ خێراییەک کە ئەندازەی لە چەن ماوەکاتی بەرامبەردا، یەکسانە.

⊡ **سـرعت بخـشیدن/ دادن:** خێـرا کردنـەوە؛ خێرایی پێدان؛ تونـد کردنـەوە؛ بوونـە هـۆی خێراتر بوونی شتێ ‹ماشین‌آلات جدید، بـە تولید سرعت بخشید: دەزگاواڵە تازەکان بەرهەم هێنانیان خێرا کردەوە›.

سرعت گـرفتن/ یـافتن: دەور هەڵگرتن؛ دەور گرتن؛ خێرا بوونەوە ‹ماشین در سرازیری سـرعت گرفـت: ماشـینەکە لـە سـەرەوخواریدا دەوری هەڵگرت›.

سرعت‌سنج / sor'atsanc ، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی] /اسم. خێرایـی پێـو: ١. ئـامرازی ئەنـدازەگرتنی خێرایـی ئـامێر یـان کەرەسـتەیەکی بـزۆک ٢. ئـامێرێ لـە کەرسـتەی گواسـتەنی‌دا کـە خێراییەکەی بە پێی کیلۆمیتر لە یەکەی کاتـدا (سەعات، دەقیقە و...) نیشان دەدا.

سرف / serf ، ـها/: [روسی]/اسم. سرف؛ ڕەعیـەت؛ ڕایەت؛ مسکێن؛ خەڵکی لادێیی لـە سـەردەمی فیئوداڵیـدا کـە وەک زەوی و زار دەسـێنران و دەفرۆشران.

سـرفراز / sarfarāz ، ـان/: صـفت. [مجـازی] سـەربەرز؛ سەربـڵن؛ سەربـڵند؛ سـەرفیراز؛ سەرفەراز.

سـرفرازی / sarfarāzî ، ـهـا/: اسم. [مجـازی] سـەربەرزی؛ سەربـلندی؛ سـەرفیرازی؛ سەرفەرازی.

سرفـصل / sarfasl ، ـها/: [فارسـی/ عربـی]/ اسم. ١. سەرەتا؛ دەسپێکی هـەر بـەش (لـە کتێبـدا) ٢. دەسپێک؛ دەسپێکانە؛ نووسـراوە یـان نـاوی سـەرەتای هـەر بەشـێک ٣. [مجازی] سـەرەتا؛ گۆڕانکاریەکی دیـار لـە ڕەوتێکـدا ‹کـشف آتـش سرفصل تازەای در زندگی بشر بود: دۆزینەوەی ئاور لـە ژیانی مرۆدا، سەرەتایێکی نوێ بوو› ٤. [حسابداری] سـەرەتا؛ لاپـەڕە یـان بەشـێک لـە دەفتـەری حیسابداری، لەمەڕ حیسابگەلی دیاریکراوەوە.

سرفه / sorfe ، ـهـا/: اسم. کۆخـە؛ کۆکـە؛ کـوخ؛ کۆخی؛ کۆخت؛ کۆخـک؛ کوخـک؛ قـف؛ قـەف؛ قفە؛ قوفە؛ قـۆز؛ قـۆزە؛ قۆخـە؛ قـۆزی؛ سـوەقە؛ کولهـ ؛ قوتە؛ قڵخە؛ ڕەوتی هاتنە دەرەوەی لەپڕ و دەنگداری هەوای سیگەڵ بە هـۆی وەخـوروو هاتنی ڕێگەی هەناسە ‹سرما خـورده بـود و سـرفه می‌کرد: سەرمای خواردبوو کوخەی دەکرد›.

⊡ **سرفه کردن:** کـۆخین؛ کوخـاین؛ کۆخانـدن؛ کـۆکین؛ قـۆزان؛ قۆزیـان؛ قـۆزین؛ قـۆزەی؛ قـۆزای؛ قـڵخین؛ قفـین؛ قـوفین؛ کلـهایش؛ سوەقان؛ کۆخە/ قۆزە کردن.

سرفه گرفتن: کەوتنە کـۆخین؛ هاتنـەکۆکین؛ کەوتنەکۆکیان؛ هاتنە قۆزین؛ کەوتنە قۆزیان؛ تووشی قۆزە هاتن ‹سیگار مـی‌کشیدند، سرفه‌ام گرفت: جگەرەیان دەکێشا، کەوتمـە کوخـە›: **بـه سرفه افتادن**

به سرفه افتادن ☜ **سرفه گرفتن**

سرقت / serqat ، ـهـا/: [عربی]/اسم. [ادبی] دزی ‹به جرم سرقت از خانه‌ی مردم دستگیر شد: بـە تـاوانی دزی لە ماڵی خەڵک قۆڵبەستکرا›.

⊡ **سرقت ادبـی:** دزی وێژەیـی؛ کـار یـا ڕەوتی پـێناسـین یـان بڵاوکردنـەوەی نووسـراوەی دیتران بە ناوی خۆوە.

⊡ **سرقت شدن:** دزران؛ دزیان؛ دزیەی؛ دزیـای؛ بـران؛ بریـان ‹ماشـینم سـرقت شـد: ماشـێنەکەم دزرا›: **به سرقت رفتن**

سـرقت کـردن: دزیـن؛ بـردن ‹دوچرخـه‌اش را سرقت کرده بودند: دووچەرخەکەیان دزیـبوو›: **بـه سرقت بردن**

به سرقت بردن ☜ **سرقت کردن**

به سرقت رفتن ☜ **سرقت شدن**

سـرقفلی / sarqoflî ، ـهـا/: [فارسـی/ عربـی]/ اسم.

سەرقفڵی؛ پارەیەک کە خاوەن دوکان لە کاتی کرێدانیدا لە کرێنشینی دەستێنێ.

سرقلم / sarqalam ، ـها/: [فارسی/ معرب]/اسم. نووکەقەڵەم؛ سەرقەڵەم؛ نووکی قەڵەم.

سرقلیان / sarqalyān ، ـها/: [فارسی/ ؟]/اسم. سەرەقلیان؛ سەرەقەندە؛ سەرقەنگە؛ سەرەقەننە؛ سەری نێرگەلە؛ تیکەیەکی ناو بەتاڵ، کون ـ کون و گرۆڤەری لە سەر قلیانەوە بۆ ئاگر و تەماکۆ تێ کردن.

سرک / sarak/: اسم. [گفتاری] سەرتاتکێ؛ سەرەتاتکێ؛ ملەتاتکێ؛ ملەقوتە؛ ملەقوتێ؛ هەڵقوت؛ هەڵقورت؛ کاری ڕوانین بۆ جێگا یان شتێک بە شێوەی بەرزکردنەوەی سەر یان لەشی خۆ.

⊡ **سرک کشیدن**: ملکێشان؛ سەرکێشان؛ سەر قوتان: ۱. کورت و سەرسەری بە شتێکدا ڕوانین ‹سرکی کشیدم ببینم بچەها چە می‌کنند: ملێکم کێشا بزانم منداڵەکان چی دەکەن› ۲. [مجازی] سەرەتاتکێ کردن؛ ملەقوتەکردن؛ سەر هەڵێنان؛ هەڵقوتان؛ هەڵقورتان؛ بە دزەوە ڕوانین بۆ سەردەرهێنان ‹کسی از پشت درخت سرک می‌کشید: یەکێ لە پشتی دارەکەوە ملی دەکێشا›.

سرکار[1] / sarkār/: اسم. ۱. سەرکار؛ سەرناوێکی بەڕێزانە بۆ ئەندامانی هێزی چەکداری خوارتر لە سەرهەنگ ۲. خان؛ خات؛ خاتوو؛ سەرناوێک بۆ ژنان.

⊡ **سرکار علیه**: پووری؛ خات؛ خاتوو؛ جێناوی ڕێزگرانە بۆ ژنان.

سرکار[2]: ضمیر. بەڕێزتان؛ ئێوە؛ جێناوی ڕێزگرانە بە جێگای تۆ ‹سرکار رفتید: بەڕێزتان ڕۆیشتن›.

سرکارگر / sarkārgar ، ـها؛ ـان/: اسم. سەرکارگەر؛ سەرعەمەڵە؛ کاریگەرێ لێزان کە چاوەدێری کاری کرێکاران دەکا.

سرکاغذ / sarkāqaz/: [فارسی/ چینی] ☜ سربرگ

سرکج / sarkac/: صفت. سەرکەچ؛ سەرگۆچ؛ سەرلار؛ سەرخوار؛ بە سەر یان بەشی پێکاری خوار (لە چاو دەستە یان کۆتەرەیەوە) ‹بیل سرکج؛ میخ سرکج: پێمەڕەی سەرکەچ؛ بزماری سەرگۆچ›.

سرکردگی / sarkardegî/: اسم. سەرپەلی؛ سەرکردەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سەرکردە بوون ‹او را بە سرکردگی برگزیدند: بە سەرپەلی هەڵیانبژارد›.

سرکرده / sarkarde ، ـها؛ ـگان/: اسم. سەرپەل؛ سەرکردە؛ سەرکەردە؛ ڕێبەر یان سەرۆکی گرۆیەک ‹سرکردەی راهزنان؛ سرکردەی شورشیان: سەرپەلی چەتەکان؛ سەرکردەی ئاژاوەچیان›.

سرکش[1] / sarkeš ، ـها/: اسم. سەرکلاو؛ سەرکێش؛ هێڵی چەوت بۆ سەر پیتی کاف و گاف.

سرکش[2] / ـها؛ ـان/: صفت. [مجازی] سەربزێو؛ سەرکێش؛ سەرکەش؛ سەرزەیە؛ سەرچەوت؛ ملەپێچ؛ نافەرمان؛ هۆگر یان بە خۆ و خدەی سەر نەهاوردنە ڕێوە ‹اسب سرکش؛ بچەی سرکش: ئەسپی سەرکێش؛ منداڵی سەربزێو›.

سرکشی / sarkešî ، ـها/: اسم. [مجازی] سەرکێشی: ۱. سەربزێوی؛ نافەرمانی؛ سەرکەشی؛ یاخیگەری؛ سەرشێتی؛ سەرچەوتی؛ ملەپێچی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سەرکێش بوون ‹دیگر سرکشی نمی‌کند: ئیتر سەربزێوی ناکا› ۲. دیمانە لە کەس، جێگە یان شتێک بۆ ئاگادار بوون لە بار و دۆخی ۳. کار یان ڕەوتی ڕاگەییشتن ‹از وقتی نتوانستم بە باغچە سرکشی کنم، علف همە جا را گرفتە است: لەو کاتەوە نەمتوانیوە سەرکێشی باخچەکە بکەم، گژ و گیا هەموو جێگایەکی داگرتووە›.

سرکنسول / sarkonsûl ، ـها/: [فارسی/ فرانسوی] /اسم. سەرکونسوول؛ سەرۆکی کونسوولگەریەکانی وڵاتێ لە وڵاتێکی تردا.

سرکنگبین / serkangabîn/ ☜ **سِکَنجبین**

سرکوب[1] / sarkûb/ ☜ **سرکوبی**

سرکوب[2]: *صفت. [کنایی]* سەرکوت؛ دامرکاو؛ داتەمراو؛ تێشکاو و لە هێز کەوتوو ‹دشمن سرکوب شد؛ مخالفان را سرکوب می‌کنند: دوژمن سەرکوت بوو؛ نەیاران سەرکوت دەکەن›.

سرکوبگر / sarkûbgar، ـان/: *صفت. [کنایی]* سەرکوتکەر؛ داتەمرێن؛ دامرکێن؛ هۆگر یان خاوەن خۆی سەرکوت‌کەری ‹نظام سرکوبگر: ڕژیمی سەرکوتکەر›.

سرکوبی / sarkûbî/: *اسم. [کنایی]* سەرکوتکەری؛ کارەهاتی شکست‌دان و هێزی چالاکی و بەربەرەکانێ لێ سەندن: **سرکوب**

سرکوفت / sarkûft، ـها/: *اسم. [کنایی، گفتاری]* سەرکۆ؛ سەرکۆنە؛ سەرکفت؛ سەرزەنشت وێڕای سووکایەتی.

▣ **سرکوفت زدن**: *[مجازی]* سەرکۆنەکردن؛ سەرکفت‌کردن؛ سەرکفت لێدان؛ بەر تیر و توانج‌دان ‹دایم به من سرکوفت می‌زد که چرا خوب درس نمی‌خوانم: هەمیشە سەرکۆنەی دەکردم بۆچی دەرس ناخوێنم›.

سرکوفت کسی را به دیگری زدن: *[مجازی]* تانەی کەسێک لە کەسێ‌تر دان؛ بە بۆنەی سەرپشکی یان سەرکەوتنی کەسێ، کەسێکی‌تر لۆمەکردن ‹دایم سرکوفت پسرعمویم را به من می‌زدند: هەمیشە تانەی ئامۆزاکەمیان لێم دەدا›.

سرکوفته / sarkûfte/: *صفت. [کنایی]* سەرکوت‌کراو؛ داتەمراو؛ دامرکاو ‹آرزوهای سرکوفته: ئاواتگەلی سەرکوت‌کراو›.

سرکه / serke/: *اسم.* سرکە؛ سێک؛ سهک؛ سیهک؛ تەوشێکی ترش کە لە کردوکۆی باکتریگەلی ترشێنەر لە ئەلکولی تراودا بەرهەم دێ و ترشی پێ دروست دەکەن.

▣ **سرکه انداختن**: سرکە نانەوە؛ سرکە خەفاندن؛ ترشاندنی ماکە شەکریەکان (بەتایبەتت میوە) بۆ سازکردنی سرکە.

سرکه‌ای[1] / serke'î/: *اسم.* سرکەیی؛ ڕەنگی بەنەوشی کاڵ.

سرکه‌ای[2]: *صفت.* سرکەیی: ١. بە ڕەنگی بەنەوشی کاڵ ٢. سرکاوی؛ لە سرکەدا گەوزاو ‹دستم سرکه‌ای شده است: دەستم سرکەیی بووە›.

سرکه‌شیره / serkešîre/: *اسم.* سرکە و دۆشاو؛ تێکەڵاوی سرکە و دۆشاوی ترێ و ئاو کە شەربەتێکی وەکوو سکەنجەبین وایە.

سرگذشت / sargozašt، ـها/: *اسم.* بەسەرهات؛ سەرگۆت؛ سەربردە؛ سەربهوردە؛ سەربهوردی؛ سەربهوردوو؛ سەرگوروشتە؛ سەرگورشتە؛ سەرگوزەشتە: ١. سەمەرە؛ سەربووری؛ هەواڵی ڕووداوگەلی پێوەندیدار بە کەس یان شتێکی دیاریکراوەوە ‹سرگذشت پرواز انسان: بەسەرهاتی فڕینی مرۆڤ› ٢. نووسراوەی پێوەندیدار بەو ڕووداوانەوە ‹سرگذشت پاستور را می‌خواندم: بەسەرهاتی پاستۆرم دەخوێندەوە› ٣. ژین‌نامە؛ ژیان‌نامە ‹سرگذشت مردان نامی: بەسەرهاتی پیاوانی ناودار›.

سرگران / sargerān/: *صفت. [مجازی]* ١. لالووت ٢. لووت‌بەرز؛ خۆ بە زل‌زان؛ گەوەزە؛ قاپان؛ بە دەعیە و دەمار.

سرگرانی / sargerānî/: *اسم. [مجازی، ادبی]* ١. لالووتی ٢. لووت‌بەرزی؛ خۆ بە زل‌زانی.

سرگرد / sargord، ـها/: *اسم.* سەرگورد؛ ئەفسەرێ کە خاوەنی پلەی سەرگوردیە.

سرگردان / sargardān/: *صفت. [مجازی]* مشەخت؛ سەرگەردان؛ سەرگندان؛ باهێر؛ سەر لێ‌شێواو؛ لەوچە؛ قەوچە؛ چاش؛ شاش؛ پەشێواو؛ چارچاف؛ گەوشەک؛ کلافە؛ کلافە؛ دەسەسەر؛ تەیا؛ تیا؛ وێڵ؛ وەیلان.

▣ **سرگردان کردن**: سەر لێ‌شێواندن؛ تەرتلاندن؛ شاش کردن؛ باهێر کردن؛ گێژ

کردن.

سرگردانی / sargardānî، ـها/: اسم. [مجازی] سەرگەردانی؛ سەرلێشێواوی؛ چارچەشی؛ چارچاقی؛ باهێری؛ تیایی؛ شاشی: ١. بار و دۆخی نەدۆزینەوەی ڕێگای گەییشتن بە مەبەست ‹پس از مدتی سرگردانی در جنگل، به کلبه‌ی جنگلبان رسیدم: پاش ماوەیەک سەرگەردانی لە جەنگەڵدا گەیشتمە کەوێڵی جەنگەڵبان› ٢. بار و دۆخی نەناسین یان نەزانینی مەبەستی خۆ ‹در آن سرزمین به دنبال کسی می‌گشتم که مرا از آن سرگردانی نجات دهد: لەو وڵاتەدا لە کەسێ دەگەڕام کە لەو سەرگەردانیە ڕزگام کات›.

سرگردی / sagordî/: اسم. سەرگوردی؛ پلەی چەکداری بانتر لە سەروان و خوارتر لە سەرهەنگ.

سرگرم / sargarm/: صفت. [مجازی] سەرقاڵ؛ سەرگەرم؛ خەجڵ؛ لێلێ؛ خەریک؛ خەرکاو؛ مژول؛ مژویل ‹سرگرم کار بودم که تلفن زنگ زد: سەرقاڵی کار بووم تەلەفوون لە زەنگی دا›.

▣ **سرگرم شدن**: سەرقاڵ بوون؛ سەرگەرم بوون؛ خلافان؛ خلەفان؛ غافلان؛ هەڤژین؛ تاوژین؛ پەرژان؛ پەرژیان؛ خەریک بوون؛ گەرم بوون؛ گەرم ڕاهاتن؛ پێچیانە کارێکەوە. هەروەها: **سرگرم بودن**

سرگرم کردن: سەرقاڵ کردن؛ سەرگەرم کردن؛ خاوانن؛ خاواندن؛ خافلاندن؛ خلافاندن؛ خلەفاندن؛ خلافنەی؛ خلاونای؛ خەجلنای؛ خەریک کردن؛ خلافانن؛ خەریک کردن بە کارێکەوە.

سرگرمی / sargarmî، ـها/: اسم. [مجازی] سەرگەرمی: ١. لیستەک؛ خۆخلافکی؛ کازە؛ چالاکیەک بۆ ڕابواردن، خافلاندن و حەسانەوەی زەین ‹جوان به سرگرمی نیاز دارد: گەنج پێویستی بە سەرگەرمی هەیە› ٢. مژولاهی؛ خەریکی؛ پژگاڵ؛ مژولی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سەرگەرم بوون ‹این کار باعث سرگرمی می‌شود: ئەم کارە دەبێتە هۆی سەرگەرمی›.

سرگروه / sargurûh, -gorûh، ـها/: اسم. سەرپەل؛ سەردەستە؛ دەمسپی؛ کەسێ کە ڕێبەرایەتی گرۆیەکی وە ئەستۆیە.

سرگروهبان / sargurûhbān, -gorûhbān، ـها/: اسم. سەرگرووبان؛ سەرگرووهبان؛ پلەکداری هێزی چەکداری.

سرگروهبانی / sargurûhbānî, -gorûhbānî/: اسم. سەرگرووبانی؛ سەرگرووهبانی؛ پلەکێک لە هێزی چەکداری بانتر لە گرووبان دووهەمی و خوارتر لە ئوستواری.

سرگشاده / sargošāde/: صفت. ١. سەرئاواڵە؛ سەرگوشاد؛ سەرواز؛ بێسەرپۆش ٢. ☜ نامەی سرگشاده، **نامه**

سرگشتگی / sargaštegî، ـها/: اسم. تێماوی؛ سەرلێشێواوی؛ سەرلێشێویاگی؛ مشەختی؛ سەرسامی؛ حەپەساوی؛ سەرسووڕماوی؛ سەرزڤڕانی؛ سەرماسیوی؛ داماوی لە بڕیاردان و لێبڕان.

سرگشته / sargašte، ـها؛ ـگان/: صفت. [ادبی] حەپەساو؛ تێماو؛ سەرسام؛ پەشێو؛ پەشێویاگ؛ پەشۆکاو؛ سەرماسیو؛ هاژ؛ عەبەساو؛ سەرسووڕماو؛ سەرزڤڕانی ‹پدر نیز سرگشته‌ی کار خود بود: باوکیشم حەپەساوی کار و باری خۆی بوو›.

سرگیجه / sargîce/: اسم. سەرگێژە؛ سەرەگێژە؛ سەرگێژی؛ سەرگێجە؛ سەرەسووڕە؛ سەرەخولێ؛ هەستی سووڕانەوەی دەوروبەر بە دەوری سەر، یان خولانەوەی کەس بە دەوری خۆیدا.

سرگین / sergîn، ـها/: اسم. [ادبی] سەنێر؛ سەنیر؛ سنێر؛ سەرگین؛ سەرین؛ سەوڤر؛ سەورۆ؛ سۆن؛ سوهان؛ لاس؛ تەرس؛ لاز؛ لاسک؛ ڕیخ؛ شیاکە؛ ترۆڵ؛ تەردە؛ جەللە؛ چۆسلە؛ چەمین؛ گووی چارویان.

سرگین‌غلتان / sergînqaltān، ـها/: اسم.

گووخلێنکە؛ گووخلێنە؛ گـووگلێن؛ گووگـەڕین؛ گووخرتەوکەرە؛ گووبەرە؛ گام‌گلـۆس؛ گـی‌گلـو؛ گـی‌گلـە؛ گووپلـدەر؛ گـی‌پلـدەرە؛ خلێنکـە؛ ڕیـخ‌گلێنـە؛ کێـز؛ کێـزک؛ گاوزالـک؛ گازولـک؛ مێروویەکی لەش‌پان و قاپلۆخ‌ڕەقـی لـە تـیرەی قالۆچە کە پێگەیوەکانیان، گزموولەی شیاکە بـۆ گەرا تێکردن خڕ دەکەنەوە: **پهن‌غلتانک؛ جُعَل**

سرگینگاه / sergîngāh ، ـها/:اسم. سەرانگوێلک؛ ســـەرانوێلک؛ ســـەرانگۆلک؛ ســـەرگوێلک؛ سـەرەنوێلک؛ سـەروانک؛ سـەرگۆ؛ سـەخوڕگە؛ ڕیخـەڵان؛ لاسـگا؛ گوفـک؛ گووفـک؛ سـەنیرگا؛ ســنێرگە؛ کۆشــکەڵان؛ جێگـــای ڕژانـــدن و کۆکردنەوەی سەنێر.

سرلاد / sarlād ، ـها/:اسم.[ادبی] سـەردیوار؛ بـان دیـوار؛ سەرپاسـار؛ کەڵەکەپاسـار؛ کەڵکەپاسـار؛ سـەرووی حەسـار؛ ڕیـزی سـەرووی دیـوار. بەرانبەر: **بُنلاد**

سرلـشکر / sarlaškar, sarlašgar ، ـها/:اسم. سەرلەشکەر؛ سەرلەشـکر؛ قومانـدان؛ ئەفـسەری خاوەنی پلەکی سەرلەشکەری: **سرلشگر**

سرلـــشکری / sarlaškarî, sarlašgarî/:اسم. سەرلەشکەری؛ سەرلەشکری؛ پلەکی چەکـداری بانتر لـە سـەرتیپی و خـوارتر لـە سـپەهبودی: **سرلشگری**

سرلشگر / sarlašgar/ ☜ **سرلشکر**

سرلشگری / sarlašgarî/ ☜ **سرلشکری**

ســرلوحه / sarlowhe, -lo:he ، ـها/: [فارسـی/ عربی]اسم. ١. کار، کردەوە یان سیاسەتێ کە لـە ســەرووی بەرنامەگــەلی کـــەس، گـــرۆ یـــان ڕێخراوەیەکدایـــە ٢. [قـدیمی] ئـارم؛ نیـشانە؛ دروشم؛ هەوە ٣. [قدیمی] تابلۆ.

ســرم / serom/: [فرانـسوی]اسم. ١. [فیزیولـوژی] زەرداو؛ زیچکـاو؛ زرینچکـاو؛ زرینچـک؛ ئـاوی زولاڵ و زەردکاری خوێن کە لە خوێنی گرسـاو جیا دەبێتەوە ٢. ☜ **سـرم فیزیولوژیـک ـ ٢** ✻

سروم

سرما / sarmā/:اسم. سـەرما؛ زام؛ زمـا؛ سـەردا: ١. دەمای خوارتر لە ڕادەی ئاسایی یان دڵـخواز ٢. دەمای خوارتر لـە دەمـای ئاقـار ٣. [فیزیـک] دیاردەیەکی بەدی‌هاتوو لە کەم‌بوونـەوەی تـین کە دەبێتە هۆی ڕچان یـان چوونەیـەکی شـتان ٤. [گفتـاری] ئاقارێ کـە هەواکـەی سـاردە ‹چـرا ایستادەای توی سرما، بیا تـو: بـۆچی لـەو سـەرمایەدا ڕاوەستاوی، وەرە ژوورێ›.

⊡ **سرما خوردن**: [گفتاری] سەرما خواردن؛ سەردا واردەی؛ تووشیاری هەلامەت بوون.

سرما دادن: ڕچانـدن؛ سـەرما دان؛ سـەرما لێدان؛ دانە بـەر هـەوای سـارد ‹پنجـره را بنـد همـەمـان را سـرما دادی: پەنجەرەکـە ببەسـتە هەمووومانت ڕچاند›.

سرما زدن: سەرما بردن؛ لە بەر سەرما بـوون و گەزنگاز بوون ‹دیشب گلها را سـرما زدە: دوێـشەو سەرما گوڵەکانی بردووە›.

سرمائی / sarmā'î/ ☜ **سرمایی**

سرمابندی / sarmābandî/:اسم. سـەرماپەرێزی؛ سەرماپارێزی؛ کار، ڕەوت یان زانیاری پاراستنی شوێنێک لە هەمبەر سەرماوە.

سـرماپای / sarmāpāy ، ـها/:اسم. سـەرماپێو؛ چەشنێ دەماپێو بۆ بەرگری لە سەرەوە چـوونی دەمای دەسگا یان جێگایەک: **زَمپای**

سرماخوردگی / sarmāxordegî/:اسم.[مجازی] پـەتا؛ هەلامـەت؛ هالمـەوت؛ ئالامـەت؛ ئارسـم؛ ئاسرم؛ پەسیو؛ پەسیڤ؛ پـسکە؛ نەکـسۆ؛ مـرک؛ پەرسێو؛ پەر؛ فرفینگ؛ دەمەنی؛ زەکەم؛ زوکـام؛ ڕەوتی نەخۆش‌کەوتن لە بەر سەرما.

ســــــرمادرمانی / sarmādarmānî/:اســـم. سەرمادەرمانی؛ کار یا ڕەوتی کەڵک وەرگرتن لە سەرما بۆ دەرمانی برێ نەخۆشی.

سرماریزه / sarmārîze/:اسم. زوقـم؛ زەق؛ زق؛ زۆقم؛ خـویز؛ زوخـم؛ زوغـم؛ خیـسار؛ خـووس؛

خوسار؛ خازی؛ خووز؛ خوێز؛ خوێس؛ خووسار؛ سووخار؛ خوزه؛ سووخ؛ خوویس؛ سیخوار؛ زەمەگولیلک؛ شەڵتە؛ ئاڵشت؛ ئاڵشک؛ قەر؛ قورۆ؛ ئەلماسە؛ وەرەق؛ قراقە؛ قراف؛ پژ؛ دۆخ یان ڕەوتی بەستنی شەونم لە کاتی ساردبوونی کەشدا.

سرمازا / sarmāzā/: *صفت.* سەرمادەر؛ بە تایبەتمەندی یان توانایی بەدیهێنانی سەرما.

سرمازایی / sarmāzāyî/: *اسم.* ١. سەرمادەری؛ دۆخ یان چۆنیەتی بەدیهێنانی سەرما ٢. زانستی لێکۆڵینەوەی دیاردەگەلی سەرما: **زَمزایی**

سرمازدگی / sarmāzadegî/: *اسم.* سەرمابردوویی؛ سەرماژۆیی؛ گەزەنێ کە بە هۆی سەرمای زۆرەوە بە جەستە یان ڕووەک، بەتایبەت داری میوە دەگا.

سرمازده / sarmāzade/: *صفت.* سەرمابردوو؛ سەرماڵێداو؛ سڕبری؛ سەرماژۆ؛ سەرمابردگ؛ سەرمابردە؛ سەردابەردە؛ سەرمابردەڵ؛ تووشی سەرمابردوویی.

سرماساز / sarmāsāz ، ـها/: *اسم.* ساردکەرەوە؛ فێنکەوکەرە؛ فێنککەرەوە.

سرمایش / sarmāyeš/: *اسم.* کار یان ڕەوتی بەدیهێنانی سەرما.

سرمایشی / sarmāyešî/: *صفت.* پێوەندیدار یان سەر بە بەدیهێنانی سەرماوە.

سرمایه / sarmāye ، ـها/: *اسم.* سەرمایە؛ دەسمایە؛ دەزمایە؛ دەستمایە: ١. سەرماڵ؛ سەرمیان؛ تەنخوا؛ کۆمەڵە داراییەک کە بۆ دابینی داهات بە کار دەچێ ‹سرمایه‌ی شرکت: دەسمایەی شیرکەت› ٢. *[مجازی]* هەیاتی؛ دارایی، چ مادی و چ مەعنەوی ‹سرمایه‌ی نقدی؛ سرمایه‌ی علمی: دەسمایەی بە نەخت؛ سەرمایەی زانستی›.

سرمایه‌ی اسمی: سەرمایەیێ کە بەشدارانی بەشدارگەیەک لە سەرەتای دامەزرانیەوە دایدەنێن یان دانەوەی وە ئەستۆ دەگرن.

سرمایه‌ی ثابت: ئەو بەشە لە دارایی کەس یان ڕێخراوەیێ کە دان و سانی پێ ناکرێ (وەک ماڵ و ماشین).

سرمایه‌ی در گردش: سەرمایەیێ کە بۆ وە بەرهێنانی داهات دەساودەسی پێدەکرێ (وەک دراو، ماکی خام و کالای بەرهەمهێنراو).

سرمایه‌دار[1] / sarmāyedār ، ـها؛ ـان/: *اسم.* دەسمایەدار؛ سەرمایەدار؛ مایەدار؛ کەسێ کە خاوەن سەرمایەیە، بەتایبەت کەسێ کە لە پیشەسازی یان بازرگانیدا سەرمایە دادەنێ.

سرمایه‌دار[2]: *صفت. [مجازی]* دەوڵەمەند؛ دەولەمەن؛ سەرمایەدار؛ دارا؛ بوودە؛ زەنگین؛ مایەدار؛ مایەبۆش.

سرمایه‌داری / sarmāyedārî/: *اسم.* سەرمایەداری؛ گهووردی: ١. ئابووری سەرمایەداری؛ دوزەنەیەکی ئابووری کە لەودا بەشی سەرەکی ژیانی ئابووری بەتایبەت خاوەنیەتی ئامراز و کالا سەر بە ڕێخراوە و کەسانی نادەوڵەتیە ٢. دوزەنەیەکی سیاسی کە لە سەر ئەم ئابووریە چنراوە.

سرمایه‌گذاری / sarmāyegozārî ، ـها/: *اسم.* کار و ڕەوتی بە کار خستنی دەسمایە بۆ بە دەست هێنانی قازانج.

سرمایی / sarmāyî/: *صفت. [گفتاری]* سارۆکی؛ سەرمایی؛ سەردەوچ (بۆ نێر)؛ سەردەوچە (بۆ مێ)؛ زۆر هەستۆک بە سەرما و کەمبەرگە لە بەرانبەر سەرماوە ‹سارا خیلی سرمایی است: سارا زۆر سارۆکیە›: **سرمائی**

سرمدی / sarmadî/: [عربی] *صفت. [ادبی]* هەمیشەیی؛ هەتایی؛ هەتاهەتایی؛ بێدوایی؛ نەبڕاوە؛ دایمی؛ هەر ماو؛ هەر هە.

سرمست / sarmast ، ـان/: *صفت. [مجازی]* ١. سەرمەست؛ سەرمەس؛ مەست؛ مەس

۲. شاد؛ سەرخۆش؛ سەرخوەش؛ سەرووەش؛ سەرگەرم ۳. لووتبەرز؛ قاپان؛ گەوەزە؛ دڤنبلند؛ ئاخایۆک؛ نەروم؛ بە دەعیە؛ خۆ بە زلزان. هەروەها: **سرمست بودن؛ سرمست شدن؛ سرمست کردن**

سرمستی / sarmastî/: اسم. سەرمەستی؛ سەرمەسی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سەرخۆش بوون.

سرمشق / sarmašq ، ـها/: [فارسی/ عربی] اسم. سەرمەشق: ۱. نووسراوەیەک بۆ مەشق کردن لە روویەوە ‹امروز معلم سرمشق نداد: ئەمرۆ مامۆستا سەرمەشقی نەدا› ۲. [مجازی] کارێ کە مەبەستی نیشاندانی نموونەیەک بۆ چاوبرینی دیترانە ‹رفتار پدر و مادر سرمشق بچەهاست: ئاکاری دایک و باب سەرمەشقی مندالانە› ۳. [مجازی] نموونە؛ نموودە؛ نمووچ؛ نمووج؛ نمانا؛ کەس یان کارێ کە دیتران چاوی لێ دەبڕن ‹تو باید سرمشق دیگران باشی: تۆ دەبێ سەرمەشقی دیتران بی›. هەروەها: **سرمشق دادن؛ سرمشق شدن؛ سرمشق گرفتن؛ سرمشق نوشتن**

سرمشناسی / seromšenāsî/: [فرانسوی/ فارسی] اسم. سرۆمناسی؛ زانستی لێکۆلینەوە لە سرۆمی خوێن، لە چی پێکهاتووە و کەلکی چیە.

سرمفیزیولژیک / seromfîz(i)yolojî/: [فرانسوی] اسم. [پزشکی] ئاوتنۆکی تێکەڵ بە هێندێک خوێ یان قەند (یا ماکێکی تر) بۆ تەڕکردنەوەی خوێنی خەست و دەرمان یا خۆراکێ کە لە رێی خوێنەوە بە نەخۆش دەدرێ: **سرم**

سرمقاله / sarmaqāle ، ـها/: [فارسی/ عربی] اسم. سەروتار؛ وتاری سەرەکی بەلاڤۆکێکی دەورەیی کە زۆرتر سەرنووسەر دەینووسێ و لەمەڕ سیاسەتی بلاوکراو، ناوەڕۆک و بابەتگەلی رۆژ یان شتی گرنگی دیکەوە باس دەکا.

سرمک / sarmak/: اسم. پێقاز؛ سپێناغەکێویلە؛ ڕووەکێک وەک کاهوو، کە دەیکێلن، گەلاکەی دەکرێتە سالاد و دەنکەکەی دەبێتە هۆی ڕەوانی و ڕشانەوە.

سرمنزل / sarmanzel/: [فارسی/ عربی] اسم. یۆم: ۱. وارگە؛ هەوارگە؛ نشینگا؛ مال؛ خانوو؛ یانە ۲. دوا قۆناغ؛ ئامانج؛ جێگایێ کە کەسێ بە نیازی ڕۆیشتن بۆ ئەوێیە.

سرمه / sorme ، ـها/: اسم. سورمە؛ کل؛ کلە؛ کڵ؛ کلە؛ کلەسونجانی؛ هەرچی کە چاوی پێ بڕێژن، بەتایبەت: الف) گەردی سولفووری ئانتیموان ب) گەردی سولفووری سرپ ج) دووکەلی کەرە.

▣ **میل سرمه** ☜ **میل**

▣ **سرمه به چشم کور کشیدن**: [کنایی] تۆز و خۆڵ کردنە خەلە؛ ئاو هەسەو کردن؛ ڕەقەن کێل کردن؛ دێمەکارکێلان؛ بۆ کەڕ خوێندن و بۆ کوێر سەما کردن؛ کاری بێجێ کردن.

سرمه را از چشم دزدیدن: [مجازی] بە کونە بانا گاجووت سەر خستن؛ جوورە بە حەواوە نال کردن؛ لە دزی کردندا تەواو وەستا بوون.

سرمه کشیدن: ڕشتن؛ ڕەشتەی؛ ڕێژان؛ دارشتن؛ کل کرن؛ کل دەچاوکردن؛ سورمەکێشان؛ کلکێشان ‹مثل اینکه چشمهایش را سرمه کشیده بود: وەک شتێ چاوی ڕشتبوو›.

سرمه ای[1] / sorme'î/: اسم. سورمەیی؛ هەورە؛ ڕەنگی شینی ئامال ڕەش: **سورمەای**. هەروەها: **سرمەایرنگ**

سرمەای[2]: صفت. سورمەیی؛ کلی؛ بە ڕەنگی شینی ئامال ڕەش: **سورمەای**

سرمەدان / sormedān ، ـها/: اسم. کلدان؛ کلدان؛ کلەدان؛ سورمەدان؛ سورمەدوو؛ کەلتە؛ کلتە؛ کلتوور؛ میلیان؛ قەولەق؛ قاولغی کل؛ توورەکەی چکۆلەی جێگەی سورمە.

سرمەدوزی / sermedûzî/: [فرانسوی/ فارسی] اسم. ۱. چەشنێ گولدووری سونەتی وەکوو

نەخشی ترمە لە سەر شاڵ ٢. مەلیلەدووری.

سرنا / sornā, surnā ، ـها/:اسم. سرِنا؛ زرِنا؛ زورِنا؛ زورنا؛ سورِنا؛ سرِناوی؛ سازێکی باژەنە بە شێوەی لوولەیەکی سەرقووچ بە شەش تا حەوت کون و دوو زمانە لە نێو دەمنەکانیەوە کە دەنگی مووسیقایی بە فوو تێکردن و دانان و هەڵگرتنی قامک لە سەر کوناکانیەوە ڕێکی دێت: **سُورنا؛ زُرنا؛ زورنا**

▣ **سرنا را از سر گشادش زدن:** *[تعریض]* لە کلکەوە لەغاوکردن؛ کارێک بە شێوەی نادرووس و ناشیانە ئەنجامدان.

سرناد / serenād/: فرانسوی از ایتالیایی]/اسم. *[موسیقی]* سیرناد؛ هەر یەکە لە ئاهەنگ و ئاوازگەلی ئەویندارانەی پێشووی ئورووپا.

سرنام / sarnām ، ـها/:اسم. سەرناو؛ وشە یان ناوێک کە لە پیتگەلی سەرەتای ناو یان زاراوەیەکی تێکەڵ دروست کراوە (وەک «هتد» کە سەرناوی هەتا دواییە).

سرنامه / sarnāme/ ☜ **سربرگ ـ١**

سرناوی / sarnāvî/:اسم. سەرناوی؛ سەرجووخەی هێزی چەکداری دەریایی.

سرنج / soranc/:اسم. سورەنج؛ تیترۆکسیدی سرپ کە ماکێکی سوور و بریقەدارە و لە نیگارکێشی و خەتاتیدا بە کار دێ.

سرنخ / sarnax/ ☜ سرِ نخ، **سَر**[1]

سرند / sarand ، ـها/:اسم. سەرەن؛ سەرەند؛ سەڕەند؛ سەرەد؛ سەڕەد؛ سەڕەت؛ کەو؛ کارماخ؛ خاکبێژ؛ گلگیر؛ پەڕەیەکی تۆڕی درشت لە تێل کە بۆ جیاکردنەوەی درشت لە ورد بەکاردێ.

▣ **سرند کردن:** ١. سەڕداندن؛ دابێژان؛ سەرەن کردن؛ بە کەوا تەقانن؛ لە کەو دان؛ لە سەرەد دان؛ تەقاندنەوە؛ وێژانن؛ تەقنەی؛ جیا کردنەوەی دانەی ورد و درشت بە سەرەند ٢. *[مجازی]* تەڵبژێرکردن؛ جوداکردنەوە یان هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕەچاوکراوی کۆمایەک.

سرنسخه / sarnosxe ، ـها/: [فارسی/ عربی]/اسم. لاپەڕەیەکی چاپی بە ناو و نیشانی بژیشک (یان دەرمانگا، نەخۆشخانە) بۆ نووسینی دەستووراتی بژیشکی.

سرنشین / sarnešîn ، ـها؛ ـان/:اسم. سەرنشین؛ ئەوی لە کەرەستەیەکی گواستەنیدا دادەنیشێ.

سرنشیندار / sarnešîndār/: صفت. سەرنشیندار؛ بە سەرنشین.

سرنگ / sorang ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. شرینقە؛ سرنگ؛ سرینگ؛ ئابدۆزەک؛ ئاودۆزەک؛ ئاودووزەک؛ چەنی؛ فیچقە؛ فیشقە؛ ترومپایەکی بچووکی گرۆڤەری (لە ماکێکی ڕوون وەک شیشە یان پلاستیک) بە سەری دەرزیدارەوە، بۆ وەشاندنی دەوا لە لەشی گیاندار یان دەرکێشانی تراو.

سرنگون / sarnegûn/: صفت. سەرنخوون؛ سەرنەخوون؛ سەرنەخووین؛ سەرنوخین؛ سەرەونگوم؛ سەرەونگوون؛ ژێر و ژوور؛ ژێر و ڕوو؛ ژێر و بان: ١. سەرەونوون؛ سەراوەنوون؛ دەمەوخوار؛ دەمەونخون؛ وەرگەڕاو؛ لنگەوقووچ؛ بەراوەڕوو؛ بەراوەژوو؛ بەراوەژی؛ واژی؛ دەمەونخوون؛ بە دۆخێکی پێچەوانە و ڕوو بە خوار ٢. نخووم؛ نخوون؛ نوخن؛ نوخن؛ قلپ؛ قلپ؛ وەبەر نەمان و تیاچوون.

▣ **سرنگون شدن:** ١. سەرنخوون بوون؛ نخوون بوونەوە؛ سەرەو نخوون بوون؛ نوخون بوونەوە؛ هەڵگەڕانەوە؛ هەڵگەڕیانەوە؛ وەرگەڕان؛ ژێر و ڕوو بوون؛ واژی بوون؛ بەراوەژوو بوون؛ ئاوەژوو بوون؛ سەرەونوون بیەی؛ ئەوەنوونیەی؛ وەڵۆدیم بیەی؛ قلْپ بوونەوە؛ نوقم بوونەوە؛ قولەو ژوور بوون؛ قولْب بوون؛ دەمەو خوار بوون ٢. بەر بوونەوە؛ داکەفتن؛ داکەوتن، بەتایبەت لە بەرزاییێکەوە ٣. *[مجازی]* ژێر و

ژوور بــوون؛ هەڵــگەڕانەوە؛ هەڵــگەڕیانەوە؛ وەرگــەڕان؛ واژی بــوون؛ بــەراوەژوو بــوون؛ سەرەونوون بیەی؛ وەڵۆدیم بیـەی؛ هێـز یـان پلەو پایە لە دەست دان ‹دولت نظـامی پاکستان سرنگون شد: دەوڵەتی چەکداری پاکـستان ژێـر و ژوور بوو›. هەروەها: **سرنگون کردن**

ســرنگونی / sarnegûnî/: *اســم.* ســەرنخوونی؛ سەرەونخوونی: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی ژێرەوژوور بوون؛ هەڵگەڕانەوە ‹سرنگونی دولت نظامی موجب خوشحالی مردم شد: سەرنخوونی دەوڵەتی چەکـداری بووە هۆی خۆشحاڵی خەڵک› ۲. کـار یـان ڕەوتی سەرنخوون کردن؛ هەڵـگەڕاندنەوە؛ هۆروێـڵنەی؛ وەڵـۆدیم‌کـەردەی ‹همـەی گروههـای سیاسـی در سرنگونی آن شرکت داشتند: هەموو گرۆە سیاسـیەکان لە سەرنخوونی ئەودا بەشدار بوون›.

سرنگهدار / sernegahdār/: [عربی/ فارسی] *صفت.* *[گفتـاری]* دەمقــورس؛ ڕازدار؛ ڕازهەڵــگر ‹ســارا سرنگهدار نیست، میـرود پیش همـه مـی‌گویـد: سـارا دەمقورس نیە، ئەچێ بەلای گشتەوە ئێژێ›.

سرنوشــت / sarnevešt/: *اســم.* چــارەنووس؛ چــارەنویس؛ خوانــووس؛ سەرنــڤووس؛ یــازی: ۱. بــەخت و هــات؛ قــسمەت؛ ســەرجەمی ڕووداوانی ژیان ۲. ئاکام؛ ئاخر و ئاکـامی ژیـانی گیانداریک یان چۆنیەتی ڕەوتێک ‹سـگ بیچـاره سرنوشـت بـدی پیـدا کـرد: سـەگی دامـاو تووشـی چارەنووسێکی خراپ هات›.

سرنوشت ساز / sarneveštsāz/: *صفت.* *[مجـازی]* چارەنووس ساز؛ خاوەنی دەوری سـەرەکـی لـە پێکهێنان و بەدیهێنانی ژیانی داهاتوودا.

ســرنیزه / sarneyze, sarnîze ، ـهــا/: *اسـم.* سەرەنێزە؛ سەرنێزە؛ ســەرەڕم؛ کورتـە نـەیزەیێ کە دەکرێتە سەری چەکەوە.

سرو / sarv ، ـها/: *اسم.* سـەوڵ؛ سـەلو؛ سـەلوو؛ ئەســرۆ؛ ئەســروو؛ سەلـڤی؛ ســەرو؛ ئــاژەوەن؛ ئارەوەن؛ دارناژ؛ داری چواروەرز شینی گەڵا زبـر و چـڕ بــە میــوەی قووچــەکی و کۆتــەرەی ئەستوورەوە کە تا ۲۵ و ۳۰ میتر بەرز دەبێ.

◘ **سرو کوهی:** سەوڵە کیفـی؛ سەلـڤی کێـوی؛ ناوی گشتی تاقمێ لە دارگـەلی هاوڕەگـەزی سەوڵ.

سـرو نـاز: سـەروەناز؛ داردەمـاخ؛ سەوڵـێکی ڕازێنـەیی بـە لـقوپـۆی کۆتـا و بـە شـێوەی تاجێکی باریک.

سرو / serv/: [فرانسوی] *اسم.* ۱. سـیرڤ؛ ڕانـانی خواردەمەنی وخواردنەوە بۆ ئامادەبوان ۲. *ـهـا/* *[ورزش]* سـرویس؛ هاویـشتنی تـۆپ بـۆ وەگـەڕ خستنەوەی یاری یان درێژە پێدانی (لە یاریگەلی وەک والیباڵ؛ تەنیس و...).

سرو / sorû ، ـها/: *اسم.* ئەسـرۆ؛ ئەسـروو؛ کلـۆچ؛ شاخ؛ قۆچ؛ شەقۆل؛ قۆچی گیانـەوەر (وەک گـا و بەران و ...).

سروان / sarvān ، ـها/: *اسم.* سەروان؛ ئەفسەری خاوەن پلەکی سەروانی.

ســروانی / sarvānî/: *اسـم.* سـەروانی؛ پلـەکی چەکداری بانتر لە سوتوان یەکەمی و خوارتر لـە سەرگوردی.

ســروپز / sar-o-poz/: [فارســی/ فرانـسوی] *اسـم.* *[گفتاری]* دەق؛ دوخت؛ شـاش و پـەڕ؛ ئـارایش و پۆشەن.

سروتراپی / serot(e)rāpî/: [فرانسوی] *اسم.* سرۆم دەرمانی؛ کار یـا ڕەوتی دەرمـانی نەخۆشـی بـە سرۆم.

سروته[1] / sar-o-tah/: *اسم.* ۱. سەروبن؛ سـەروتا؛ سەروان و بنـەوان؛ سـەرەتا و بنـەتا؛ هـەوەڵ و ئاخری هەر شتێـک ‹سر و تـه تـوپ پارچـه: سـەر و بنـی تۆپی پارچە› ۲. بەر و دوا ‹سر و ته گاری: بەر و دوای عارەبانە›.

◘ **سروته یک کرباس بـودن:** *[کنایی]* لـە یـەک قوماش بـوون؛ سـەروقنگی کڵاشـێک بـوون؛ جاشی ماکـەرێک بـوون؛ هـەر لـە چەشـن و

بیچمێک (زۆرتر خراپ) بوون ‹آنها هر دو سر و ته یک کرباسند، به هیچکدام نمی‌شود کار سپرد: هەر دووکیان لە یەک‌قوماشن، ناکرێ بە هیچیان کار بسپێری›.

▣ **سروته چیزی را هم آوردن**: */مجازی/* کردنە دەسنوێژی خێلەڕەشیان؛ کۆکردنەوە/ کۆوە کردنی شتێک؛ سەروبنی شتێک هێنانەوە یەک؛ سەروبەری شتێک پێکهێنان ‹یک جوری سر و ته صحبت را هم آوردیم: هەرچۆنێک بوو کردمانە دەسنوێژی خێلەڕەشیان›.

از سر و ته چیزی زدن: لە کلک و گوێ شتێک دان؛ بەشێک لە شتێ لابردن یان کورت‌کردنەوەی.

سروته[۲]: *قید.* پێچەوانە؛ بەراوەژوو؛ بەراوەژۆ؛ بەراوەژی؛ واژۆ؛ واژی؛ سەر و تا.

▣ **سروته کردن**: سەروتاکردن؛ بە شێوەی پێچەوانە دەرهێنان ‹ماشین را سر و ته کرد: ماشینەکەی سەر و تا کرد›.

سروته گرفتن: سەرەوخوارگرتن؛ پێچەوانە گرتن؛ بە شێوەی بەراوەژۆگرتن ‹روزنامه را سر و ته گرفته بود: ڕۆژنامەکەی سەرەوخوار گرتبوو›.

سرود / surûd, sorûd / ـها/: *اسم.* سروود: ۱. خوێندنێکی کرژ و هەست بزوێن کە زۆرتر بە کۆمەڵ و لە کۆڕێکی فەرمیدا دەیخوێنن ۲. مارش؛ مووسیقای وەها خوێندنێک ۳. هۆنراوە؛ گۆرانی؛ هەڵبەستێکی کورت کە بۆ گۆرانی هۆنراوەتەوە.

▣ **سرود ملی**: سروودی نەتەوەیی؛ سروودێک کە لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ ژەندن لە ڕێورەسمی فەرمیدا هەڵبژێردراوە.

▣ **سرود یاد مستان دادن**: */مجازی/* هەڵخراندن؛ هەڵنانی کەسانێ بۆ کارێکی نالەبار.

سرودن / surûdan, sorûdan /: *مصدر. لازم.* // **سرودی**: هۆنیتەوە؛ **می سرایی**: دەهۆنیتەوە؛ **بسرا**: بهۆنەوە// ۱. هۆنینەوە؛ شیعر سازکردن؛ هەڵبەست دانان؛ شیعر ڕێک خستن: **سراییدن** ۲. */قدیمی/* ستراندن؛ چرین؛ چڕای؛ گوتن؛ وتن؛ واتەی؛ گۆرانی گوتن؛ ستران‌گوتن؛ وەندەنە؛ خوێندن؛ هۆنن ۳. */قدیمی/* وتن؛ گوتن. هەروەها: **سرودنی**

■ صفت فاعلی: **سراینده** (وەهۆنەر)/ صفت مفعولی: **سروده** (هۆنراوە)/ مصدر منفی: **نَسرودن** (نەهۆنینەوە)

سروده / surûde, sorûde / ـها/: *اسم.* هۆنراوە؛ هۆنیا؛ هۆنە؛ هەڵبەست؛ بەستە؛ شیعر، بەتایبەت شیعرێ کە شاعیرێکی ناسراو گوتوویەتی.

سرور / sarvar / ـان/: *اسم.* سەروەر؛ سەردار؛ سالار؛ سەرگەورە؛ کەسێ کە هەمووان بڕوایان بە سەرۆکایەتی و سەرپەرشتی هەیە.

سرور / surûr, sorûr /: [عربی] *اسم. /ادبی/* شایی؛ شادی؛ شادمانی؛ هەوەن؛ خۆشی.

سرورآمیز / surûāmîz, sorûr- /: [عربی/ فارسی] *صفت.* دڵخۆشکەر؛ گوشا؛ دلگوشا؛ شادیهێن؛ هۆی شایی.

سرورانگیز / surûrangîz, sorûr- /: [عربی/ فارسی] *صفت.* شادیهێنەر؛ شادیهێن؛ دلگوشا.

سرورو / sar-o-rû /: *اسم. /گفتاری/* دەموچاو؛ دیموچاو؛ چڕوچاو؛ دەموپل؛ سەروچاو؛ سەرورو؛ چار ‹یک مشت آب به سرو روی بچه بزن: لامشتێ ئاو بدە بە دەموچاوی منداڵەکەدا›.

سروری / sarvarî /: *اسم.* سەروەری؛ سەرداری؛ سالاری؛ پایەبەرزی؛ مەزنایەتی؛ گەورەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سەرگەورە بوون.

سرو ریخت / sar-o-rîxt / ☜ **سرووضع**

سروریش / sar-o-rîš /: *اسم. /گفتاری/* سەر و ریش؛ مووی سەر و دەم وچاو.

سروزبان / sar-o-zabān /: *اسم. /مجازی، گفتاری/* دەم وزمان؛ دەموزوان؛ دەموپل؛ سەروزوان؛ گفت ولفت؛ توانایی قسەکردن ‹فروشنده باید سروزبان داشته باشد: فرۆشیار دەبێ دەموزمانی

هەبێ›.

سروزباندار / sar-o-zabāndār/: صفت. [مجازی، گفتاری] دەموزماندار؛ بە دەموزمان؛ دەموزوانـدار؛ دەموپل دار؛ سەروزواندار؛ بە توانا لە قسەکردندا ‹پـدر دامـاد خیلـی سـروزباندار بـود: بـاوکی زاوا زۆر دەموزماندار بوو›.

سروسامان / sar-o-sāmān/: اسم. سەر و سامان؛ سـامان؛ ڕێـکوپێکـی؛ تـەکووزی؛ تـەکویزی؛ مریس: **سر و صـورت**. هـەروەها: **سـر و سـامان دادن؛ سر و سامان گرفتن؛ سر و سامان یافتن**

سروستان / sarvestān ، ـها/: اسم. سەولـستان؛ سەولاوا؛ باخی سەولان.

سروسـر / sar-o-ser(r)/: [فارسـی/ عربـی] اسم. کـەین‌وبـەین؛ خلێنـە وبلێنـە؛ خـرتی وپـرتی؛ سەروساخت؛ پێوەندی نزیک و نهێنی ‹پیدا بـود کە با دختر همسایە سروسری دارد: دیـار بـوو لەگـەڵ کچە دراوسێدا کەین وبەینێکیان هەیە›.

سروش / surûš, sorûš/: اسم. [ادبی] سـرووش: ١. سەرۆ؛ دەنگـەژە؛ هـەواڵ و زانـستێ کـە لـە لایـەن هێزگـەلی ژوور سروشـتیەوە دەگـا ٢. جبرەئیل؛ جوبرایـل؛ فریـشتەی هەواڵـدەری خودا بۆ پێغەمبەران.

سروشکل / sar-o-šekl ، ـها/: [فارسی/ عربی] اسم. [گفتاری] سەروڕوو؛ تمتیل؛ چەرخ وچیامان؛ تووز؛ سەروسـەکوت؛ دیمـەن؛ سـەرودیم؛ بـیچم ‹سروشـکل خـوبی داشـت: سـەروڕوویەکی جـوانی هەبوو›.

سروصدا / sar-o-sedā ، ـها/: [فارسی/ عربی] اسم. هەراوهوریا؛ گرموقاڵ؛ قرموقاڵ: ١. دەنگەدەنگ؛ همین؛ گازەگاز؛ زیپۆ؛ جووقە؛ هەست و خوست؛ دەنـگ و بـزاو؛ دەنگـی ئـازاردەری درێـژەدار و نائاسـایی ٢. هورپـەهورپ؛ هـەرا و هوریـا؛ چەقـەوگوڕە؛ شاتەشـات؛ زەنازەنـا؛ هـەراوهاوار؛ هەرا ـ هەرا؛ قوولە؛ قاوەقـاو؛ قیرەقیـڕ؛ قێڕەقێـڕ؛ وێلە؛ ویل؛ زلە؛ قـڕە؛ هۆگالـە؛ هـۆل؛ والـەوال؛ هەلا ـ هەلا؛ هەللا ـ هەللا؛ قەپ و قـاڵ و شـلۆقی بە کۆمەڵ ٣. لـەزە؛ داکۆکـە؛ حەلـەلا؛ کـەپۆرە؛ چەقەوهـەرا؛ گێلەشـۆ؛ گێلەشـۆک؛ گۆنگەشـە؛ گۆمەڵ؛ گۆڵمەز؛ زەنازەنا؛ قژین؛ قۆڕ؛ حولەسێ؛ هەرا ـ هەرا؛ چەقەوگوڕە؛ چەقەچەق؛ چێقـەچێق؛ خڕوجز؛ هەراوهۆریا؛ هەلمەلە؛ هەرمەلە؛ گێـرە و نێرە؛ گۆنگەر؛ جەنجاڵ؛ سنگەسنگ؛ سمڕ ـ سمڕ؛ سڕمەسرم؛ غەلبەغەلب؛ سمڕ؛ سرمە؛ گالـەگال؛ قـسەی بـە دەنگـی بـەرز وێـڕای شـەڕ و داوای بەکۆمەڵ.

◘ **سروصدا بلند شدن**: گرم وقاڵ بەرزەوە بـوون؛ قـرموقـاڵ هەڵـسان؛ دەنگـەدەنگ هـاتن؛ هـەراوهوریا بـەرزەوە بـوون؛ زەنازەنـا دەسپێکردن ‹تا سروصدا بلنـد شـد دویـدیم تـوی کوچە: هەر گرموقاڵ بـەرزەوە بـوو هەلاتینـە نێـو کووچە›. هەروەها: **سر و صدا بودن؛ سر و صـدا شدن؛ سر و صدا کردن**

سروصـدا خوابیـدن: [مجـازی] دەنگـەدەنگ نـەمان؛ هـەرا و هوریـا خـەوتن؛ قـرم و قـاڵ کوژرانەوە.

سروصـدا را خوابانـدن: [مجـازی] بـێدەنـگ کـردن؛ قـرموقـاڵ کوژاندنـەوە؛ دەنگـەدەنگ خەواندن؛ نەهێشتنی هەراوهوریا و زەنازەنا.

سروصدا راه انداختن: [مجازی] گرموقاڵ‌نانەوە؛ قیل‌قاڵ کـردن؛ قریـوە/ دەنگـەدەنگ کـردن؛ سازکردنی هەراوهوریا ‹باز چە سـر و صـدایی راه انداختەاید؟: دیسانەوە چ گرموقالیکتان ناوەتەوە؟›.

سروصورت / sar-o-sûrat/: [فارسی/ عربـی] اسم. ١. دەموچاو؛ سـەرودیم؛ سـەروڕوو؛ سەروسـیما؛ چار؛ سەروچاو؛ دیمی؛ سـەروبەچک؛ دەکـودیم؛ ڕی ٢. ☜ **سر و سامان**

◘ **سر و صورت دادن**: [مجازی] سـەر و سـامان دان؛ سامان دان؛ ڕێکوپێک کـردن؛ تـەکووز کردن؛ مریس‌کردن ‹کار مغازە را سر و صـورت داد: کاری دووکانی سەر و سامان دا›. هـەروەها:

سر و صورت گرفتن

سروصورت را صفا دادن: *[کنایی]* لاولووسکه دان؛ لاو لووسه دان؛ تیف‌تیفه‌دان؛ خۆ جوان و لووس کردن ‹سر و صورتش را صفا داد و لباس پوشید: لاولووسکه‌ی خۆی دا و لیباسی له به‌رکرد›.

سروقامت / sarvqāmat/: [فارسی/ عربی] ☜ **سروقد**

سروقد / sarvqad/: [فارسی/ عربی] *صفت. [مجازی]* بالابه‌رز؛ به‌ژن‌زراڤ؛ به‌ژن و بالا به‌رز؛ به به‌رزایی و بالای ڕێک‌وپێکه‌وه: **سروقامت**

سروکار / sar-o-kār/: *اسم.* سه‌روکار؛ به‌ین؛ پێوه‌ندی؛ نێوان ‹بهتر است با او سروکار نداشته باشی: باشتره سه‌روکارت له‌گه‌ڵی نه‌بێ›. هه‌روه‌ها: **سر و کار داشتن؛ سر و کار پیدا کردن**

▣ **سروکار کسی با جایی/ کسی افتادن:** سه‌روکار له‌گه‌ڵ که‌سێ/ شتێکدا په‌یدا کردن؛ کار که‌وتنه جێگه یان لای که‌سێ؛ پا که‌وتنه شوێنێ/ لای که‌سێک: **سر کار کسی با کسی/ چیزی بودن**

سر و کله / sar-o-kalle ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* سه‌ر؛ سه‌روکه‌لله؛ سه‌روسه‌که‌ت؛ سه‌روپۆتراک؛ سه‌روپۆتک؛ سه‌روپۆته‌لاک؛ سه‌روپۆتلاک؛ سه‌روپۆتراک؛ سه‌روپه‌چک؛ سه‌روگوێلاک؛ بانترین به‌شی جه‌سته له گوێ به‌ره‌و سه‌ر.

▣ **سروکله زدن:** *[مجازی]* ده‌مه‌ـ ده‌مه‌کردن؛ ده‌مه‌قالێ کردن؛ دمه‌قالێ کردن؛ ده‌مه‌قره کردن؛ پێوه ماندوو بوون؛ باس‌کردن ‹چقدر با مردم سر و کله می‌زنی: چه‌نده له‌گه‌ڵ خه‌ڵکیدا ده‌مه‌ـ ده‌مه ده‌که‌ی؟›.

سر وکله‌ی کسی پیدا شدن: *[کنایی]* ده‌رکه‌وتنی که‌سێک؛ که‌سێک بێ‌خه‌به‌ر هاتن ‹یک دفعه سر و کله‌ی پدرم پیدا شد: له‌پڕ بابم ده‌رکه‌وت›.

به/ توی سروکله‌ی هم زدن: مشت‌ومڕ کردن: ۱. سه‌روگوێلاک یه‌ک شێلان؛ به‌ر بوونه سه‌روپۆتراکی یه‌کتر ۲. *[کنایی]* پێکه‌وه چه‌قه‌کردن؛ قرێن؛ ده‌مه‌قاڵه‌کردن؛ دم‌به‌دمه کردن.

سر وکول / sar-o-kûl ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* سه‌رکۆڵ؛ سه‌رشان؛ قه‌لاندۆش؛ قه‌لادووشان؛ پشته‌مل.

▣ **از سروکول هم بالا رفتن:** *[کنایی]* ۱. په‌ڕینه پشته‌مل یه‌کتری؛ په‌ڕینه کۆڵ یه‌کتر؛ له به‌ر جمکوت یان بێ‌سه‌ره و به‌ره‌یی پاڵه‌په‌ستۆی یه‌کتری دان ۲. هه‌ڵتیقان؛ هه‌ڵبه‌زین؛ هه‌ڵبزۆقین؛ جرت‌وفرت‌کردن؛ کایه و هه‌ڵس‌ونیشت کردن.

به سروکول هم پریدن: په‌ڕینه کۆڵ یه‌کتر؛ هه‌ڵبه‌ز و دابه‌زکردن به سه‌روکۆڵی یه‌کتردا.

سروگاه / sorûgāh/: *اسم.* شوێنی هه‌ڵتۆقینی شاخی گیانه‌وه‌ر.

سروگوش / sar-o-gûš/: *اسم. [مجازی]* سه‌روگوێ؛ هێزی زه‌ینی و هه‌ستی ژنه‌وایی.

▣ **سروگوش آب دادن:** *[مجازی]* گوێ ته‌قاندن؛ گوێ هه‌ڵخستن؛ گوێ ته‌کاندن؛ هه‌واڵ گرتن ‹خواستم سر و گوش آب بدهم، ببینم چه خبر است: ویستم گوێ بته‌قێنم، بزانم چ باسه›.

سر و گوش جنبیدن: *[مجازی]* قولاب ده‌رهاوردن/ ده‌رکردن؛ چووزه ده‌ردان؛ په‌رژان و گوێ دان یان گه‌ڕان بۆ بابه‌تگه‌لی جینسی، کۆمه‌لایه‌تی، سیاسی و وه‌ک ئه‌وانه ‹آزاد هم کم‌ـکم دارد سر و گوشش می‌جنبد: ئازادیش که‌م‌ـکه‌م خه‌ریکه قولاب ده‌ردێنێ›.

سرولباس / sar-o-lebās ، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم. [گفتاری]* سه‌ر و جل؛ دوخت؛ ده‌ق؛ په‌ڕوپۆ؛ باری جل‌وبه‌رگ.

سروم / serom/: [فرانسوی] ☜ **سرُم**

سرومر / sor-o-mor/: *صفت. [گفتاری]* زرت‌وزینه‌دوو؛ زرک وزینگ؛ زیکل؛ ساق و

سەلیم.
سرووضع / sar-o-vaz'/: [فارسی/ عربی]/اسم. [گفتاری] سەکوت؛ سەکووم؛ سەکوم؛ تووز؛ سەروسیما؛ سەروقلخ؛ سەروسەکوت؛ چۆنیەتی ئارایشت و پۆشەن: **سروریخت**
سروهمسر / sar-o-hamsar/: اسم. [گفتاری] کەس‌وکار؛ چێرومێر؛ کریڤ؛ دۆست، ئاشنا، خزم، هاوکار و هەموو ئەوانەی هاموشۆی کەسێک دەکەن.
سرویس / servîs ، ـها/: [فرانسوی/ انگیسی]/اسم. سرویس: ۱. راژە؛ پەرایی؛ خزمەت؛ کار یان کارگەلێ کە زۆرتر بۆ ئاسایشی دیتران دەکرێن ‹راه‌آهن باید به مردم سرویس بدهد: ڕێئاسن دەبێ سرویس بداتە خەلکی› ۲. کار یان ڕەوتی شۆردن و وردەکاری دەزگاگەلی میکانیکی ‹ماشین را دیروز دادم سرویس کردند: دوێنێ ماشینەکەم دا سرویسیان کرد› ۳. کۆمەلە کەرەستەگەلی هاوگەر بە چالاکیەک، بەتایبەت کاری ناو مال ‹سرویس دستشویی: سرویسی دەسشۆری› ٤. کەرەستەی سەبارەت بە چەشنێ خزمەت ‹سرویس حمل و نقل: سرویسی گواستنەوە› ٥. سەعاتی کار؛ ماوەی چالاکی ڕۆژانە لە مەزرینگەدا ‹سرویس اداری: سرویسی مەزرینگەیی› ٦. [گفتاری] ماشێنی هاتوچۆ پێکردنی ڕێخراوەیەک ‹سرویس کارخانە: سرویسی کارخانە› ۷. ڕێخراوەی ڕاژەیی/ خزمەتگوزاری ‹سرویس پستی: سرویسی پوستی› ۸. [گفتاری] کەرەسەی پاکژی ‹آپارتمانی شامل دو اتاق خواب، هال و سرویس: وارخانێک بە دوو ژوور، هال و سرویسێکەوە› ۹. [ورزش] کاری هاویشتنی تۆپ بۆ وەگەڕ خستنی کایە یان درێژەپێدانی.
▣ **سرویس دادن**: سرویس دان؛ پەرایی دان؛ خزمەت کردن ‹این اداره باید به مردم سرویس بدهد: ئەم مەزرینگەیە دەبێ بە خەلک سرویس بدات›. هەروەها: **سرویس خواستن؛ سرویس گرفتن**
سرویس کردن: سرویس کردن؛ چاک و ڕێک‌وپێک کردن ‹ماشین را سرویس کرد: ماشینەکەی سرویس کرد›.
سرویس‌دهی / servîsdehî/: [فرانسوی/ فارسی] اسم. خزمەتکاری؛ خزمەتگوزاری؛ ڕاژەکاری؛ کار یان ڕەوتی ڕاژەدان.
سرویسکار / servîskār ، ـها؛ ـان/: [فرانسوی/ فارسی]/اسم. سرویس‌کار؛ کاریگەری لێزان یان بەرپرسی سرویس (چاک کردنەوە، خاوێن و ڕێک‌وپێک کردن).
سره / sare/: صفت. [ادبی] ۱. دروست؛ ڕاست ۲. چاک؛ باش؛ خاس؛ قەنج؛ بێ کەم و کووڕی ۳. پەتی؛ بێ‌خەوش.
سرهم بند / sar(e)hamband/: صفت. [مجازی، گفتاری] سەرچڵ؛ سەرشکێن؛ سەرسەری؛ بەبێ سەرنج لە کارکردندا.
سرهم‌بندی / sar(e)hambandî/: اسم. [مجازی، گفتاری] سەرچڵی؛ شەغلمەکاری؛ گۆترەکاری؛ کاری بەبێ لێڕوانین و ڕێک‌وپێکی.
سرهنگ / sarhang ، ـها؛ ـان/: اسم. سەرهەنگ؛ ئەفسەری خاوەن پلەی سەرهەنگی.
▣ **سرهنگ دوم**: سەرهەنگ دوو؛ ئەفسەرێک بە پلەکی بانتر لە سەرگورد و خوارتر لە سەرهەنگ.
سرهنگی / sarhangî/: اسم. سەرهەنگی؛ پلەکی چەکداری بانتر لە سەرگوردی و خوارتر لە سەرتیپی.
ـ سری / sarî/: پیواژە. ـ سەری؛ پێوەندیدار بە سەرەوە ‹بالاسری؛ پشت‌سری: بان‌سەری؛ پشتەسەری›.
سری / serrî/: [عربی] صفت. پەنامەکی؛ نهێنی؛ سەنتە؛ شاردراوە لە دیتران.
سری / serî ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ۱. زنجیرە؛ ڕێسە؛ ڕیس؛ ڕشتە؛ ئامێر یان ڕووداوگەلی یەک

سلف‌خری / salafxarî/: [عربی/ فارسی] *اسم.* سەوزخڕی؛ سەلەمسێنی؛ کار یان ڕەوتی کڕینی کالا لە جووتیار پێش لە بەرهەم‌هاتنی.
سلفدان / selfdān، ـها/: [از عربی/ فارسی] *اسم.* *[گفتاری]* سلپدان؛ تڵفدان؛ جێ تڵفی؛ دەفری تێکردنی سڵپ و تلف و هەموو جۆرە خڵتێک.
سلفژ / solfej/: [فرانسوی] *اسم.* *[موسیقی]* سولفیژ؛ شێوازێک بۆ ئامادەکردنی چاو و گوێ تا قوتابی مووسیقا بتوانێ هەموو نوتی گورانیەک لە کاتی بەڕێوەچووندا ناوببا.
سلف‌سرویس / selfservîs، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* سیلف‌سرویس؛ ڕستوورانێ کە کڕیار بۆ خۆی خواردن هەڵدەبژێرێ و دەیباتە سەر مێزەکەی.
سلفیدن / solfîdan, selfîdan/: [؟] *مصدر. متعدی.* *[گفتاری]* // **سلفیدی**: داتجرتاند؛ **می‌سلفی**: دادەجرتێنی؛ **بسلف**: داجرتنە// داجرتاندن؛ بە زۆر و لە ناچاری پارە دان ‹دیشب رفتیم رستوران، دەهزار تومان سلفیدیم: دوێشەو چووینە ڕستۆران، دەهەزارتەنمان داجرتاند›.
■ صفت مفعولی: **سلفیده** (داجرتاو)/ مصدر منفی: **نَسلفیدن** (دانەجرتاندن)
سلق / selq/: [عربی] *اسم.* سلق؛ زلق؛ گیایەکی

گەلاپانە لە چۆنەر دەکا و گەلاکەی بۆ چێشت دەشێ.

سلک / selk/: [عربی]/اسم. ١. *[نامتداول]* ڕیس؛ ڕێسە؛ دەزوو؛ دەزی؛ مەچیر؛ تاڵ؛ بەن ٢. ڕیز؛ ڕاڤ؛ پێڕ؛ ڕزن؛ سەر؛ سان ‹در سلک غافلین درآمد: چووە ڕیزی گێل‌حۆڵانەوە›.

سلمانی / salmānî ، ـها/: [عربی]/اسم. *[گفتاری]* ١. سەرتاش؛ دەلاک؛ بەربەر ‹سلمانی سقزی بود: دەلاکەکە سەقزی بوو› ٢. دەلاکی؛ سەرتاشخانە؛ سەلمانی ‹موهایت بلند شده، برو سلمانی: قژت زۆر بووە، بچۆ بۆ دەلاکی›.

سلمه‌تره / salmetare ، ـها/: اسم. تەڕەسێمانە؛ تەڕەسرێمانە؛ سلێمان‌تەڕە؛ سەلمۆکە؛ سەلمکە؛ سەلێمکی؛ سلێمانکە؛ گیایەکی ئالیکی بە لاسکی لووس، لق و گەڵای بەرانبەر یەک و گوڵی نێرماوە، هەموو ئەندامانی ئەم گیایە بۆ دەرمان دەشێن.

سلندر / salandar/: صفت. *[گفتاری]* تەیا؛ سەرلێ‌شێواو؛ سەرگەردان؛ وێڵ؛ وەیلان؛ ترافیە؛ تێماو ‹آزاد رفت و من سفیل و سلندر ماندم وسط خیابان: ئازاد دای لێ ڕۆی و من تەیا و تەنیا لە چەقی شەقامەکەدا مامەوە›.

سلنوئید / soleno'îd ، ـها/: [؟]/اسم. سیم‌پێچ؛ تەلپێچ: **سۆلنوئید**

سلنیم / selenyom/: [فرانسوی]/اسم. سلنیوم؛ توخمی کیمیاوی ناکانزا، بە ژمارەی ئەتومی ٣٤، کێشی ئەتومی ٧٨,٩٦ و بە ڕواڵەتێکی کانزایی و بە ڕەنگی خۆڵەمێشی کە لە ئاودا ناتوێتەوە.

سلو / solo ، ـها/: [ایتالیایی]/اسم. *[موسیقی]* سۆلۆ: ١. تاکەژەنی ٢. تاکەچڕی؛ تاکەخوێنی * **سۆلو**

سلوفان / solofān ، ـها/: [انگلیسی/ فرانسوی]/اسم. دەلق؛ دەڵق؛ سولوفان؛ کاغەزێکی ڕوون (وەک شیشە) لە جنسی سلولوزی بووژاوە کە بۆ بەستەبەنی و بەرگسازی کتێب بەکاردێت.

سلوک / sulûk, solûk/: [عربی]/اسم. ١. *[ادبی]* ڕەوشت؛ ڕەوێڵ؛ کردار؛ زێ؛ هەڵس‌وکەوت؛ ڕەوت و ڕەوشت ‹حُسن سلوک: جوانی ڕەوشت› ٢. *[گفتاری]* ئاکارباشی؛ ڕووخۆشی؛ ڕەوش‌باشی؛ ڕەوت و ڕەوشت جوانی.

⊡ **سلوک کردن**: ڕووخۆش بوون؛ هەڵس‌وکەوتی باش‌کردن ‹با هم سلوک کنید! نگذارید سر و صدا بلند شود: پێکەوە ڕووخۆش بن! مەهێڵن بێتە زڵە›.

سلول / sellûl ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. سیلوول؛ چاوە: ١. خان؛ خانە؛ خانک؛ خانۆک ‹سلول گیاهی: خانی گیایی› ٢. *[نامتداول]* حوجرە؛ جێگا یان خانووکەی بچووک ٣. ژووری تاکەکەسی بۆ بەندی.

⊡ **سلول تخم**: *[زیست‌شناسی]* زیگوت؛ خانی هێلکە.

سلولز / sellûloz/: [فرانسوی]/اسم. سیلوولوز؛ ماکی سەرەکی پێکهێنەری دیوارەی خانگەلی گیایی کە لە هیدراتگەلی کەربون دروست بووە: **سلوٚلوز**

سلولوئید / sellûlo'îd/: [فرانسوی]/اسم. *[شیمی]* سیللولۆئید؛ ماکی بەرهەمهاتوو لە لێکدراوی نیتراتی سیلوولوز لەگەڵ کافووردا، کە زۆر زوو گڕ دەگرێ و لە چێ‌کردنی برێ کالا، کەرەسەی ددانبژیشکی و برینکاریدا بەکاردێ.

سلولوز / sellûloz/: [فرانسوی] ☜ **سلولز**

سلولی / sellûlî/: [فرانسوی] صفت. سیللوولی؛ چاوەیی؛ خانی؛ خانۆکەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە سیلوول ‹زیست‌شناسی سلولی: ژیانی سیللولی›.

سله / salle, selle/: اسم. ١. ـها/ [عربی] قەرتاڵە؛ زەمبیل؛ زەمیلە؛ تریان؛ دەسەچین؛ دەرچین؛ گۆشەر؛ قەوشەر؛ تەیکە؛ تەیجە؛ تلۆخ؛ سەبەتە؛ سەوەتە؛ سەلک ٢. تورکە؛ توورکە؛ دڕەهی؛ لمەشکە؛ تۆژاڵێ لە قوڕ و لیتە کە دوای باران یا ئاو بە سەر زەویەوە دەمێنێتەوە و بە هۆی ئیشک بوونەوە، سفت دەبێتەوە و دەقەڵشێ

٣. پەترۆ؛ پەترۆخە؛ پەترۆک؛ پەترۆکە؛ پەتروو؛ پترۆک؛ پترۆخە؛ پوولەکە؛ کەپرۆکە؛ کەپرە؛ کەمێڵ؛ کەمێڵە؛ قاشگ؛ قەتماخە؛ قرتماخە؛ قرتماغە؛ قرماغ؛ بزماتە؛ بزمەتە؛ توێژێ ڕەق و سفت کە لە ڕەوتی چابوونەوەی برینەدا بە سەریەوە دەگرسێ، دواتر خۆی لا دەچێ.

⊡ **سله بستن:** پەترۆ بەستن؛ کەپرۆکە بەستن؛ پەترۆکە بەستن/ بینای؛ قەتماخە/ قرتماخە بەستن ‹زخم سله بسته است: زامەکە پەترۆی بەستووە›.

سله شکستن: درز کوێرکردنەوە؛ کوتان و نەرم کردنەوەی زەوی قەڵشاو ‹سله شکستن جوی مزرعه ضروری است: درز کوێر کردنەوەی جۆگەی کێڵگەکە پێویستە›.

سلیس / salîs/: [از عربی] *صفت. [ادبی]* ڕەوان؛ پاراو؛ بێ گرێ ‹نثر سلیس: پەخشانی ڕەوان›.

سلیست / solîst ، ـها/: [فرانسوی] *اسم. [موسیقی]* سۆلیست: ١. تاکەژەن ٢. تاکەچڕ؛ تاکەخوێن؛ گۆرانی‌بێژێ کە بە تەنیایی گۆرانی دەخوێنێ ✽ **سولیست**

سلیطه / salîte ، ـها/: [عربی] *صفت.* دەراشۆ؛ تلۆخ؛ هەیشۆ؛ سووزانی؛ سووزمانی؛ سۆزمانی؛ سازندە؛ سازنە؛ دەلیقانی؛ قرمێچە؛ سەلیتە؛ کەڵتە؛ زوان‌درێژ؛ چەقوودەم؛ خاوەن دەسەڵات بە سەر خەڵک، بەتایبەت شوو و خزم و کەسانی خۆدا، بە هۆی بێ‌شەرمی و زمان‌درێژییەوە (بۆ ژنان دەگوترێ) ‹زن سلیطه: ژنی دەراشو›.

سلیقه / salîqe ، ـها؛ سلایق/: [عربی] *اسم.* سەرڕێژنە؛ سەلیقە: ١. دڵخواز و پەسندی تاکە کەسی ٢. مشوور؛ لێهاتوویی بڕستی زەینی و هەستی کەس بۆ جیاکردنەوەی جوانی یان باشی ‹خواهرم خیلی باسلیقه است: خوشکم گەلەک بەمشوورە›.

سلیقه‌دار / salîqedār/: [عربی/ فارسی] *صفت.* بەمشوور؛ سەرڕێژنەدار؛ بەسەلیقە.

سلیم[1] / salîm ، ـها/: [؟] *اسم.* پەلەوەری کۆچەری زریباری، بە باڵی درێژ و دەندووکی تیژ، فڕینی بەهێز و ڕاکردنی توند و تیژەوە: **مرغ باران**

سلیم[2]: [عربی] *صفت.* ١. دروستکار؛ کارڕاست ٢. بێ‌خەوش؛ پاک؛ فەتات ٣. بێ‌ئازار؛ مەند؛ هێدی؛ هێمن.

سلیم‌النفس / salîmonnafs/: [عربی] *صفت.* گیان‌پاک؛ کارچاک؛ پیاوچاک؛ مێرخاس.

سم / sam(m) ، ـها؛ سموم/: [عربی] *اسم.* ژار؛ زار؛ زل؛ ژاڵ؛ زەهر؛ ژەهر؛ ژەر؛ ژەحر؛ ژاعر؛ جەحر؛ ژەقنەمووت؛ سەم: ١. ماکێ کە بە هۆی کاردانەوەی کیمیاوی، وەزەنی بۆ گیانداران هەیە ٢. دەرمانی تەشەکوژ لە کشت و کاڵدا ٣. *[کنایی]* هەر شتێکی زیاندەر ‹سیگار برای تو سم است: جگەرە بۆ تۆ ژەهرە›.

سم / som ، ـها/: *اسم.* سم؛ سوم؛ چم؛ پۆشەنی ڕەق و شاخی لە پەلی برێ چوارپێدا.

سماجت / semācat, samācet ، ـها/: [عربی] *اسم.* سامنجی؛ پێچەقێنی؛ پاداگەزی؛ پێداگری؛ کوت؛ چۆنیەتی ڕەقاندنەوە؛ سوور بوون؛ سمڕ بوون؛ خڕ وە خڕ بڕین ‹خیلی سماجت کردم تا همراهم بیاید: زۆر سامنجیم کرد تا بێ لەتەکما›.

سماع / samā', semā'/: [عربی] *اسم. [قدیمی]* هەلەکا؛ هەلکە؛ ئورزان؛ جەزمە؛ حاڵ؛ سەمای دەروێشان.

سماق / somāq ، ـها/: [معرب از فارسی] *اسم.* سماق؛ سماقی؛ سماخ؛ سوماخ؛ سپووک؛ سڤۆک؛ سڤووک؛ سفووک؛ شۆک؛ توتوم؛ تووتووم؛ توتم؛ تەتەری؛ تمتم؛ تومتم؛ ترش: ١. دارچکێکی گچکە، بە لق‌وپۆی کورکداری خۆڵەمێشی کە لە وەرزی پاییزدا گەڵاکانی سوور دەبن ٢. دەنکی ترشی گیای سماق بە تۆزی سوورەوە، کە هێشووئاسایە و هاڕدراوە پاک‌کراوەکەی بۆ دەرمان و چێژ بەکاردێ.

▣ **سماق مکیدن:** *[تعریض]* پا لـه پـەیین/ پـەین دان؛ ماتڵ بوون؛ چاوەڕوانی بێهۆکێشان ‹فعلاً باید سماق بمکی: جارێ دەبێ پا لە پەیین بدەی!›.

سماق‌پالا / somāqpālā ، ـها/: [معرب/ فارسی] *اسم.* نانەشان؛ تەینجە؛ ئاوکێش؛ سماق‌پالان؛ ئاشپاڵوو؛ سرلە؛ سووزمە؛ دەفری تەشت‌ئاسای لە چڵی بی یان ئەرخەوان چێ‌کراو بۆ ئاوکێش کردن یان پالاوتن.

سماک / semāk/: [عربی]*اسم.* *[نجوم]* ناوی دوو ئەستێرەی ڕووناک لە دوو کەلووی ئاسمانیدا.

▣ **سماک اَعزَل:** ڕووناکترین ئەستێرەی کەلووی هێشوو.

سماک رامِح: ئەستێرەیێکی پرشنگدارە لە کەلووی عەوادا.

سمانتیت / semāntît/: [؟]*اسم.* *[صنعت]* سمانتیت؛ کاربیدی ئاسن؛ کەربووی ئاسنی ڕەق و تورت کە لە پێکهاتەی چودەن و پۆڵادا هەیە.

سمانتیک / semāntîk/: [فرانسوی]*اسم.* واتاناسی؛ ماناناسی.

سماوات / samāvāt/: [عربی]*اسم.* ئاسمانگەل؛ ئاسمانان؛ ئاسمانێ.

سماور / samāvar ، ـها/: [روسی]*اسم.* سەماوەر؛ چاپەز؛ چالێن؛ کەرەستەیەکی کانزایی بۆ وەکوڵ هێنانی ئاو و دەم کردنی چایی.

سماورساز / samāvarsāz ، ـها؛ ـان/: [روسی/ فارسی]*اسم.* سەماوەرساز: ١. چێکەری سەماوەر ٢. چاکەوکری سەماوەر. هەروەها: **سماورسازی**

سماوی / samāvî/: [عربی] *صفت.* *[ادبی]* ئاسمانی ‹اجرام سماوی: تەنگەلی ئاسمانی›.

سمباده / sombāde ☜ **سُنباده**

سمبل / sambal, sanbal/: *اسم.* پۆخلەوات؛ تەتەپەخێ؛ هاکۆ؛ هەیکۆ؛ شپرزەکاری؛ کارێ کە بەبێ سەرنج و وردەکاری جێبەجێ کرابێ: **سَنبَل**

▣ **سمبل کردن:** پۆخلە/ هاکۆی/ تەتەپەخێ/ شپرزەکاری کردن؛ کاری سەرشکێن و سەرچڵی کردن؛ بێ‌سەرنج کارکردن ‹او هر کاری را سمبل می‌کرد: هەموو کارێکی پۆخلە دەکرد›.

سمبل / sambol/: [فرانسوی] ☜ **سَمبُول**

سمبل / sombol/ ☜ **سُنبُل**

سمبل‌کاری / sambalkārî, sanbal-/: *اسم.* پوخلەکاری؛ هاکۆکاری؛ هەیکۆکاری؛ پوخلەوات؛ شپرزەکاری؛ کردنی کارێک بە سەرسەری، بێ‌سەرنجدان و وردبوونەوە ‹برخی صنعتگران ما سمبل‌کاری می‌کنند وآبروی صنعت را می‌برند: بڕێ لە پیشەکارانمان پوخلەکاری دەکەن و ئابڕووی پیشەسازیش دەبەن›.

سمبول / sambol ، ـها/: [فرانسوی]*اسم.* نیشانە؛ نوێنە؛ نمانا؛ نموودە: **سَمبُل**

سمبولیست / sambolîst ، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* نماناواز؛ نیشانەخواز؛ نماناگر؛ نموودەخواز ‹شاعر سمبولیست: شاعیری نماناواز›.

سمبولیسم / sambolîsm/: [فرانسوی]*اسم.* نماناوازی؛ نیشانەخوازی.

سمبولیک / sambolîk/: [فرانسوی] *صفت.* نمانایی؛ نوێنەیی؛ نیشانەیی ‹شعر سمبولیک: شیعری نمانایی›.

سمبه / sombe/ ☜ **سُنبه**

سمپات / sampāt ، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* *[گفتاری]* لایەنگر؛ هۆگر؛ هەوادار؛ دڵبەستە، بەتایبەت ئی گرۆیەکی سیاسی: **سمپاتیزان**

سمپاتی / sampātî/: [فرانسوی]*اسم.* ١. لایەنگری؛ هۆگری ‹عده‌ای نسبت به او سمپاتی داشتند: بڕێک هۆگرییان پێ هەبوو› ٢. *[نامتداول]* هاودەردی.

سمپاتیزان / sampātîzān/: [فرانسوی] ☜ **سَمپات**

سمپاتیک / sampātîk/: [فرانسوی] *صفت.*

دلخواز؛ بەردڵ؛ دڵگر ‹قیافەی سمپاتیک: نژمی دلخواز›.

سمپاش / sampāš ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. ١. سەمپژێن؛ سەمپژ؛ کەرستەیەکی دەستی یان موتۆری کە سەمی دژی تەشە و مێڵ بە هەوای پاڵەپەستراو وەک تۆز دەپژێنێ ٢. سەمڕێژ؛ کرێکارێ کە کاری سەمپژێنی دەکا.

سمپاشی / sampāšî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. سەمپژێنی: ١. کار و ڕەوتی پژاندنی دەرمانی ژاری بۆ تێدا بردنی گیاندارانی زیانەخڕۆ ٢. [کنایی] سەر شێواندن لە خەڵک بە درۆ و دەلەسە.

سمپوزیوم / sampoz(i)yom ، ـها/: [فرانسوی] اسم. کۆبوونەوە: ١. کۆڕی فەرمی گرۆیەک لە سەردەرچوان و کارزانان بۆ دەربڕینی بیر و ڕا یان دانی زانیاری بە بەشدارانی نێو کۆڕەکە ٢. شوێنی بەڕێوە چوونی ئاوا کۆڕێک.

سمت / samt ، ـها/: [عربی]/اسم. لا؛ لایەن؛ ڕەهەند؛ ئالی؛ سۆ؛ بەرەوگە؛ ڕبات.

▣ **سمت راست**: لای ڕاست؛ ئالی ڕاس؛ دەس ڕاس. هەروەها: **سمت چپ**

سمت / semat ، ـها/: [عربی]/اسم. ١. پلە؛ پایە ‹در آن اداره سمت خوبی داشت: لەو مەزرینگەیەدا پلەیەکی باشی هەبوو› ٢. کار؛ پیشە ٣. نیشان؛ شوێن؛ جێگای بەجێماو لە شتێک.

سم‌تراش / somtarāš ، ـها/:اسم. سمگر؛ سم‌تراش؛ سم‌تاش؛ سمارتە؛ ئامرازێکە ناڵبەندان سمی یەکسمانی پێ‌دەتاشن.

سمتگیری / samtgîrî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. لاگری؛ لابژێری؛ ڕێبژێری؛ کار و ڕەوتی داگرتنەبەر؛ بڕیار دان بۆ ڕۆیین بەرەو لایەک.

سمج / semec ، ـها/: [عربی] صفت. سمڕ؛ سوور؛ پێداگر؛ سامنج؛ سمنج؛ پێچەقێن؛ مکوڕ؛ ڕەچوکار؛ دیقەلان؛ دوق‌دوقک؛ دیقەلانک؛ بە گێرە و سەرسەخت؛ هۆکارە بە پادانەگەز و ڕەقاندنەوەی زۆر و نابەجێ ‹گدای سمج: پارسەکی سمڕ›.

سمچال / somčāl ، ـها/:اسم. جێ‌سم؛ سمچاڵ؛ چاڵی شوێن سمی چوارپێیان.

سمدار / somdār ، ـان /: صفت. سمدار؛ بە سم (لە جێی نینۆک) لە دوابەشی ئەندامی ڕۆیین (وەک ئەسپ، گا و مەڕ).

سمرو / somrow /: صفت. سمڕۆ؛ سمڕەو؛ بە تایبەتمەندی ڕێگە چوون بە سەر سمەوە (وەک ئەسپ و گا و ...).

سمسار / semsār ، ـها؛ ـان/: [معرب از سنسکریت] /اسم. ناقبێژ؛ ناقچیت؛ سمسار؛ سمسێر؛ کۆنەفرۆش؛ کەسێ کە کەل‌وپەلی دەکار کراوی ماڵ دان‌وسان دەکا.

سمساری / semsārî /: [معرب]/اسم. سمساری: ١. کاری ناقبێژ ٢. /ـها/ دووکان دەسەدوو؛ شوێنێ کە کەل‌وپەلی دەستەدووی تێدا دان‌وسان دەکرێ.

سم شناسی / samšenāsî /: [عربی/ فارسی] ☜ **زهرشناسی**

سمع / sam' /: [عربی]/اسم. [ادبی] ژنەوایی؛ بیسایی.

▣ **بە سمع کسی رساندن**: گەیاندنە گوێی کەسێک؛ بە گوێ کەسێک‌گەیاندن ‹لازم است اعتراض ما بە سمع مقامات مسئول برسد: پێویستە بەرتەکی ئێمە بگاتە گوێی لێپرسراوان›.

سمعک / sam'ak ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. بیستۆک؛ بیستۆکە؛ بیستەک؛ ئامرازێکی ئەلکترۆنیکی کە دەنگ بەهێزتر دەکا و ئەنجا وەبەر گوێی دەخا تا باشتر ببیسرێ.

سمعی / sam'î /: [عربی] صفت. ١. گوێیی؛ گوێچکەیی ٢. بیستنی؛ ژنەفتنی؛ شنەفتنی.

سمعی ـ بصری / sam'îbasarî /: [عربی] ☜ **سمعی‌وبصری**

سمعی وبصری / sam'î-yo-basarî /: [عربی]/اسم. فێرکاری لە ڕێگەی بیستن و دیتنەوە.

سمفنی / samfonî, sanfonî ، ـها/: [فرانسوی] /اسم. سەمفونی؛ کۆمژەن؛ مووسیقایەکی سازی درێژخایەن لە چوار بەشدا کە لە لایەن ئورکێسترێکی تەواوەوە دەژەنرێ: **سمفونی؛ سنفنی؛ سنفونی**

سمفنیک / samfonîk, sanfonîk/: [فرانسوی] صفت. سەمفونیک؛ سەر بە سەمفونی: **سمفونیک؛ سنفنیک؛ سنفونیک**

سمفونی / samfonî/: [فرانسوی] ☜ **سَمفنی**

سمفونیک / samfonîk/: [فرانسوی] ☜ **سَمفنیک**

سمنامبولیسم / somnāmbolîsm/: [؟]/اسم. [روان‌شناسی] خەورۆیی؛ کار یان ڕەوتی ڕێگا ڕۆیشتن بەدەم خەوەوە.

سمنت / sement/: [انگلیسی]/اسم. سمنت؛ چیمەنتۆ؛ سیمان.

سمنتی / sementî/: [انگلیسی] صفت. سیمانی؛ سمنتی؛ چیمەنتۆیی.

سمند / samand/: اسم. [ادبی] سەمەن؛ ئەسپی زەرد.

سمندر / samandar ، ـها؛ ـان/: [یونانی]/اسم. ١. خەجخەجۆک؛ خەجۆکە؛ کەشکەسەرە؛ کەشکەسەر؛ گیانەوەری وشکاوی مارمێلکئاسا، بە جەستە و جووچکی درێژ و دەست و پێی کورتەوە کە لە تیشکی ڕاستەوخۆ خۆی لادەدا ٢. [قدیمی] گیانەوەرێکی ئەفسانەیی کە بە بڕوای پێشینان لە ئاگردا دەژیا.

◙ **سمندر آبی**: قورناویلکە؛ گیاندارێکی دووژی وەک بۆق وایە و هێواش دەجوولێ و لەشی لاکێشەیە، بە شەو ڕەنگی ڕەشە و پەڵەی زەردی تێدایە، کرم و مێروو دەخوا و لە زستاندا خۆی مت دەکا.

سمنو / samanû/: اسم. سەمەنی؛ خواردەمەنیەکی شیرنە کە لە شیرەی گەنمە فەریکە و ئارد سازی دەکەن و زۆر جاریش لە سفرەی حەوتسین دادەنرێ.

سمنوپزان / samanûpazān/: اسم. ڕێوڕەسمێکی کۆنە بۆ لێنانی سەمەنوو کە ژنان بەڕێوەی دەبەن.

سمنه / somne/: اسم. پەیکول؛ پەیکولە؛ تووژەکەشوانە؛ گیاییێکی دڕکاویە بە گولێکی سپیەوە.

سمور / samûr ، ـها؛ ـان/: اسم. سمۆر؛ سمۆرە؛ سڤۆر؛ سفۆر؛ سڤۆرە؛ سەڤۆری؛ سمۆلەک؛ سەفۆری؛ سەڤوری؛ سەفۆرە؛ سەڤوری؛ گوهاندارێکی گۆشتخۆری وەک پشیلەیە بە جەستەیەکی گچکەی باریک و کێشراو و پێی کورتەوە کەوڵی نەرم و تووکی خورمایی یان ڕەش و خۆڵەمێشیە.

◙ **سمور آبی** ☜ **شِنگ رودخانه**

سمور رودخانه ☜ **شِنگ رودخانه**

سموم / samûm/: [عربی]/اسم. باد سام ☜ **باد**

سموم / somûm, sumûm/: [عربی] جمعِ ☜ **سَم**

سمی / sammî ، ـها/: [عربی] صفت. ١. زەهردار؛ ژەهرین؛ ژاراوی؛ ژەهراوی؛ زەهراوی؛ ژاردار؛ ژەهردار ٢. ماکی ژاراوی؛ مەسموومکەر.

سمیت / samîyyat/: [عربی]/اسم. ژارێتی؛ سەمێتی؛ بار یان دۆخی ژەهری بوون ‹سمیت آن بسیار زیاد است و به مرگ شخص منجر می‌شود: ژارێتیەکەی یەکجار زۆرە و دەبێتە هۆی مردن›.

سمین / samîn/: [عربی] صفت. [ادبی] قەڵەو؛ قەلەو؛ قەرەو؛ چاخ؛ گۆشتن؛ تنەگۆشت؛ خاوەن لەشی لە ڕادەی ئاسایی گەورەتری تەژی لە گۆشت و چەوری.

سمینار / semînār ، ـها/: [انگلیسی از آلمانی]/اسم. سمینار: ١. زنجیرەوتارگەلێ کە لە لایەن شارەزایانەوە سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو

پێشکەش دەکرێ ٢. کۆڕێ کە ئەو وتانەی تێدا دەخوێنرێتەوە.

سـن / sen ، ـها/:اسم. ١. [فرانسوی] شانۆ ‹هنرپیشه‌ها آمدند روی سن: شانۆیاران هاتنە سەر شانۆ› ٢. سوون؛ سوونە؛ سن؛ سنک؛ کیسەڵە؛ قمل؛ ڕەقەک؛ ڕەقک؛ بەڵا گەنمە؛ مێروویەکی مێملی گیایە بە ڕەنگی سەوز، قاوەیی یان ئاوی کە بۆنێکی ناخۆشی لێوە دێ.

سن / sen(n) ، ـها؛ سنین/: [عربی]/اسم. تەمەن؛ تامان؛ عەمر؛ عومر؛ عمر؛ ئەمر؛ ساڵ؛ ماوەی ژیان؛ ژمارەی ساڵانی ژیانی زیندەوەرێک بەتایبەت مرۆ.

▣ **سن عقلی:** تەمەنی ژیری؛ ڕێژەی لێهاتوویی هزری هەر کەسێک لە چاو تەمەنی.

سـن قـانونی: تەمەنی قانوونی؛ تەمەنی ڕووتێکردنی ئەرک و مافی تایبەتی هەر کەسێکی پێگەیشتوو لە کۆمەڵدا.

▣ **سنی از کسی گذشتن:** تەمەن لە کەسێک ڕۆیین؛ چاوکرانەوە؛ لە منداڵی پەڕینەوە ‹دیگر سنی از تو گذشته و باید این چیزها را بدانی: ئیتر تەمەنیکت لی‌ڕۆییوە و دەبێ ئەم شتانە بزانی›.

سنی نداشتن: تەمەنێکی وا نەبوون؛ کەم‌تەمەن بوون؛ جارێ منداڵ بوون؛ هێشتا گەنج و لاو بوون ‹سارا کە هنوز سنی ندارد: سارا خۆ هێشتا تەمەنیکی وای نیە›.

از سن کسی گذشتن: لە کەسێک بووردن؛ بۆ تەمەنی کەسێک نەبوون؛ لە کەسێ بوردن؛ چیدی شیاوی تەمەنی کەسێ نەبوون ‹دیگر از سن من گذشته کە دنبال یادگرفتن تار بروم: چیدی لە من بوردووە بکەومە شوێن فێربوونی تار›.

سنا / sanā، ـها/:اسم. [عربی] سەنا؛ سینامەکی؛ سەنامەکی؛ دەستەیەک لە گیاگەلی دارچکی یان بۆتەیی گەرمەسێری خۆڕسک لە تاقمی گوڵەئەرخەوان کە گۆپکە و میوەکەی کەڵکی دەرمانیان هەیە.

سـنا / senā/:اسم. [فرانسوی] سنا؛ پارلەمانی پیران؛ یەکێ لە دوو پارلەمانی قانووندانانی بڕێ وڵاتان.

سناً / sennan/: [عربی] قید. [گفتاری] بە تەمەن؛ بە مانگ و ساڵ ‹سناً از من کوچکتر است: بە تەمەن لە من منداڵترە›.

سنات / sonāt/: [فرانسوی از ایتالیایی]/اسم. سونات؛ بەستەیەکی مووسیقا کە تایبەتی سازە (بەبێ ئاواز) و بە پێی جۆری ساز و ژمارەی ژەنیارانی ناوی دەگۆڕێ.

سناتور / senātor ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. نوێنەری سنا؛ ئەندامی پارلەمانی پیران.

سناریـست / senārîst ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. فیلمنامەنووس؛ سناریۆنووس: **سناریونویس**

سـناریو / senār(i)yo ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. فیلمنامە؛ داستانی فیلم لە سەر کاغەز.

سـناریونویس / senār(i)yonevîs/: [فرانسوی/فارسی] ☜ **سناریست**

سنان / senān/: [عربی]/اسم. [قدیمی] نەیزە؛ ڕم؛ ڕمب.

سـنباده / sombāde, sonbāde ، ـها/:اسم. زمپەرە؛ زمپارە؛ سماتە؛ سمباتە؛ سمارتە: **سمپار**

▣ **سنگ سنباده** ☜ **سنگ**

کاغذ سنباده ☜ **کاغذ**

سنبل / sanbal/ ☜ **سَمبَل**

سـنبل / sombol, sonbol ، ـها/:اسم. سنبل؛ سمڵ؛ سمڵ؛ سمبل؛ سوێنکە؛ هەلال؛ سیاوسەدە؛ سیاوسەرە؛ بنێکی گوڵ بنەوشی خۆش ڕەنگ و بۆنە، بۆ جوانی باری دێنن.

سـنبل‌الطیب / sombolottîb, sombolettîb, sonbolottîb/: [عربی]/اسم. ١. گیایێ ئالیکی خۆڕسکە بە لاسکی ئەستوور و بەرزایی زۆر، گەڵای ددانەداری بەرامبەر یەک و گوڵی سپی یان ئاڵی بۆنخۆش بە ڕواڵەتێکی چەتراساوە ٢. گیاکتک؛ گیاکتکە؛ سمڵەتیف؛ ئاوڕێژە؛

ئەشەدبۆ؛ ڕێخەداروو؛ سونبلەتیف؛ گیایێکە بۆ دەرمان دەبێ، پشیلە زۆر حەز لە بۆنەکەی دەکا و پێی مەست دەبێ: **آلە؛ والریان؛ والرین**

سنبلک / sombolak, sonbolak ، ـھا/: [عربی/ فارسی] *اسم.* *[گیاەشناسی]* هۆشەڵوو؛ هێشەڵووک.

سنبله / sombole, sonbole /: [عربی]/اسم. ۱. ☜ **خوشه ـ ۴** ۲. *[تقویم]* شەشەمین بورج لە ساڵ، ڕێکەوتی مانگی خەرمانان ۳. گوڵآذین سنبله، **گل‌آذین**

سنبوسه / sambûse, sanbûse /:اسم. ۱. سێ‌سووچ؛ سێ‌گۆش، بەتایبەت پارچەیەکی سێ‌گۆشە کە لە جل و بەرگی برێ ناوچەدا دەیدوورن ۲. /ـھا/ سەمبووسە؛ چەشنە خواردنێکە، سەبزی، گۆشت یان پوورەی پەتاتە و هەزوێلە و پیاز لە لەتێکی سێ گۆشەی هەویر یان ناندا دەپێچنەوە و لە ڕۆندا سووری دەکەنەوە.

سنبه / sombe, sonbe ، ـھا/:اسم. سمە؛ سەمبە؛ سمۆ؛ سۆمە؛ زمە؛ مەتکەو؛ ئامرازێکی باریک و درێژە بۆ تێرۆکردنی شتێ دە نێو پەڕە یان کونێکدا: **سُمبه**

◘ **سنبه را پرزور دیدن:** *[مجازی]* ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هێزێکی زۆردا.

سنبه‌ی کسی پرزور بودن: *[مجازی]* بە قەوەت بوون؛ پڕ زۆر بوون؛ باهۆدار بوون.

سنبه‌نشان / sombenešān, sonbe- /:اسم. سمەیەکی نووک‌تیژ کە بۆ نیشان دانان لە سەر کانزا بە کار دەڕوا.

سنبیدن / sombîdan, sonbîdan /: *مصدر. متعدی.* *[قدیمی]* نووژین؛ نۆژین؛ سۆنتن؛ نوهتن: ۱. کون‌کردن؛ سمین؛ سمتین؛ سمتن؛ سمتاندن؛ سماندن؛ سمەی؛ سمای؛ قوقڵین؛ قۆقلاندن؛ هێرین ۲. ئاژنین؛ فەتاندن؛ هلکەواشتن؛ هلکەوشاندن؛ کۆڵین؛ کنەکردن؛ شەن‌وکەوکردن.

سنت / sent ، ـھا/: [انگلیسی]/اسم. سێنت؛ یەک لە سەدی دولار؛ لە پاژگەلی دولار، پارەی ئامریکا، کانادا و چەند وڵاتی‌تر.

سنت / sonnat ، ـھا؛ سُنَن/: [عربی]/اسم. ۱. ڕست؛ ڕسک؛ ڕستک؛ ڕەسم؛ ڕێچکە؛ داب؛ نەریت؛ هۆرتە؛ دام و دەستوور؛ پێ‌ودان؛ هۆرتەوبەرە؛ بڕوا، خدە، سەلیقە و بیروڕاگەلێ کە لە بەرەیێکەوە بۆ بەرەیەکی‌تر لەگەڕە ۲. *[اسلام]* سوننەت؛ ئاکار و کرداری پێغەمبەری ئیسلام.

◘ **سنت کردن:** *[مجازی، گفتاری]* خەتەنەکردن؛ سونەت‌کردن.

سنت گذاشتن: کردنە ڕەسم؛ نەریت داهێنان؛ داهێنان.

سنتز / santez ، ـھا/: [فرانسوی]/اسم. سەنتز: ۱. *[شیمی]* تێک‌ئالانی توخم یان تەنگەلی ساکار پێکەوە ۲. تەنێ کە بەم شێوە پێک‌دێ ۳. *[منطق]* هەڤهێم؛ دیالێکتیک؛ ئاکامی کاردانەوە.

سنت‌شکنی / sonnatšekanî ، ـھا/: [عربی/ فارسی] *اسم.* نەریت‌شکێنی؛ داب‌شکێنی؛ ڕست‌شکێنی؛ کار یان ڕەوتی سەر بادان یان بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ نەریتدا ‹دانشگاه رفتن دختران و زنان سنت‌شکنی بود: چوونە زانستگای ژنان و کچان، نەریت‌شکێنی بوو›.

سنت‌گرایی / sonnatgerāyî ، ـھا/: [عربی/ فارسی]/اسم. ۱. نەریت‌خوازی؛ دابوازی؛ ئامۆژە یان کردەوەی کەسانێ کە لایەنگری لە داب و نەریتی کۆن دەکەن ۲. کۆنەخوازی؛ کۆنەپەرستی؛ دژایەتی لەگەڵ نۆباوی و لیبرالیسمدا. هەروەها: **سنّت‌گرا**

سنتور / santûr ، ـھا/:اسم. سەنتوور؛ سەمتوورە؛ سازی ژێداری دەندووکەیی بە ۷۲ ژێوە کە هەر چوار سیم بۆ دەنگێک کۆک دەبن و بە دوو میزرابی چێوە باریکەوە دەیژەنن.

سنتونین / santonîn /: [؟] ☜ **سانتُونین**

سنتی / sonnatî/: [عربی] *صفت*. دابی؛ نەریتی؛ داب و نەریتی؛ سەر بە داب و نەریتی کۆن.

ـ سنج / sanc/: *پیوازه*. ١. ـ پێو؛ ئامێری پێوان ‹دماسنج: دەماپێو› ٢. ـ هەڵسەنگێن؛ ـ سەنگێن؛ سەنگاندن؛ سەنگین؛ بە توانستی هەڵسەنگاندنەوە ‹سخن‌سنج: وتەهەڵسەنگێن›.

سنج / senc، ـها/:[از عربی]/*اسم*. چەقەوانە؛ چەقەنە؛ زنج؛ سازی زەربی بە شێوەی دووپەڕەی گروڤەری برنجەیی کە بە یەکیدا دەدەن و دەنگی لێ‌دەردێنن: **صَنج**

سنجاب / sancāb، ـها/:/*اسم*. سنجاو؛ سەنجاب؛ گیانەوەرێکی گوانداری گچکەی جاکێنەرە بە تووکی نەرم و چڕ و کلکی ئەستوور و کۆڵکنەوە،کە دارەوان و ڕۆژگەڕە.

سنجاق / sancāq، ـها/: [ترکی]/*اسم*. سنجاخ؛ سنجاقی؛ سنجاق؛ دەرزی؛ کەرەسەیێ گچکەی پێکهاتوو لە ماکێکی ڕەق (وەک کانزا، پلاستیک و...) بۆ پێکەوە لکاندنی چەن شت یان هەڵواسینیان پێکەوە.

▣ **سنجاق زدن**: سنجاخ لێ‌دان؛ دەرزی لێدان.

سنجاق کردن: سنجاخ‌کردن؛ لکاندن ‹هر دو را به هم سنجاق کن: هەر دووکیان پێکەوە سنجاخ کە›.

سنجاق‌تەگرد / sancāqtahgerd، ـها/: [ترکی/فارسی]/*اسم*. سنجاخی سەرخڕ؛ دەمنووس؛ سنجاخێ بە شێوەی میخێکی ناسک، بچووک و نووک‌تێژ: **سوزن تەگرد**

سنجاق‌سر / sancāqsar، ـها/: [ترکی/فارسی]/*اسم*. قژگیرە؛ گیرەی سەر؛ جۆرێ گیرەی دوودەمە، دینەوە یەک و قژ لە نێوان خۆ ڕادەگرن.

سنجاق‌سینه / sancāqsîne، ـها/: [ترکی/فارسی]/*اسم*. گوڵ بەرسینە؛ زەمبەرێ کە بە سنجاخ گیرەوە لە بەرۆکی دەدەن.

سنجاق‌قفلی / sancāq.qoflî، ـها/: [ترکی/عربی]/*اسم*. دەرزی‌ڕووسی؛ دەرزی ئینلیسی؛ چەنە نیسیە؛ جناق؛ لاک؛ چەنۆ دەسمالا؛ تەلێکی لوول‌دراوە، سەرێکی دەرزی و سەرێکی قولاوە و لێک دەئالێن، بۆ بەستن یان دالکاندنی شتێک بەسەر شتێکی‌تردا.

سنجاقک / sancāqak، ـها/: [ترکی/فارسی]/*اسم*. پووش‌بەقنگە؛ پووش‌بەقوونە؛ زەل‌بەقوونە؛ زەلەقوونگ؛ زلاقوونک؛ چوکلەقنگە؛ چوکلەعنە؛ دومدیکە؛ زل‌بەقنگە؛ زل‌بەقوونە؛ مێرووییەکی فڕۆکە بە لەشی پستەیی کەمڕەنگ، چاوی زل و زەق، دووباڵی ناسکی جوان و ڕەنگامە و سکی باریک و درێژەوە و پێگەیشتووی ڕاوچی و تون‌فڕە و لەسە ئاو یان بەسەر گیای ئاوژیەوە گەرا دەکا.

سنجاق‌کش / sancāqkeš، ـها/: [ترکی/فارسی]/*اسم*. سنجاخ‌کێش؛ سنجاخ‌کەن؛ کەرەسەیەکی وەک گیرە بە دوو دەمی نووک‌تیژەوە بۆ لێکردنەوەی سنجاخ لە کاغەز: **سوزن‌کش**

سنجد / senced، ـها/:/*اسم*. سرینچک؛ سرنیچک؛ سرنجگ؛ سرنجی؛ سینچک؛ سنج؛ سنجە؛ سەنجیە؛ سنجۆ؛ سنجوو؛ سنجۆک؛ سنجی؛ سنجەی؛ سنجەوی؛ سینجی؛ سنجید؛ ئاردگن؛ گوسنج؛ لاسی دەسچێن: ١. داری سنجوو و هاوماڵەکانی؛ دارێکی دڕکاویە بە گەڵای هێلکۆکەیی و ڕووبەری زیوین لە ژێرەوە، زۆر گوڵی بچووکی بۆنخۆشی ناو زەرد و دەر زیوین دەکا ٢. بەری پێگەیشتووی ئەو دارە کە ئەوەندەی زەیتوونێکە، بە تێکوڵی زەرد، نارنجی یان سوور، گۆشتی سپی وەک ئارد (کە ماکی قەندی تێدایە) و ناوکێکی درێژۆکەی لووسی چێویەوە.

▣ **سنجد تلخ** ☜ **سنجدتلخ**

سنجدتلخ / sencedetalx/:/*اسم*. سرینچکەتاڵە؛ سنجوەتاڵە؛ دارێکی لێڕەواری جوانە بە گەڵای پێکهاتوو لە وردەگەڵای نووک‌تیژ و ددانەدار، گوڵی بنەوشی هێشوویی و بۆنخۆش و بەری

زەرد و ژەهراوی وەک نۆک و پێشەی ڕەقەوە: **زیتون تلخ؛ شال پستانه؛ شال زیتون؛ شال سنجد؛ شیطان زیتون**

سنجدی / sencedî/: *صفت.* سرینچکی؛ سنجەیی؛ سنجوویی؛ بە ڕەنگی سرینچک (سووری ئاماڵ نارنجی).

سنجش / sanceš ، ـها/:/*اسم.* ١. کار و ڕەوتی هەڵسەنگاندن؛ دوپیەک ‹سنجش معلومات: هەڵسەنگاندنی زانیاری قوتابیان› ٢. ئەندازەگری؛ کاری پێوان؛ وەهەنگاوتن ‹سنجش گرمای هوا: پێوانی تینی هەوا›.

سنجشگر / sancešgar ، ـها/:/*اسم.* ١. لـها/ هەڵسەنگێن؛ هەڵسەنگێنەر؛ نرخێنەر؛ نەهێنەر؛ کەسێ کە (برشت یان لێهاتووی) کەس یان شتێک هەڵدەسەنگێنێ ٢. پێپێو؛ پێوەر؛ ئامێر یان کەرەسەیەک کە شتێ (وەک خێرایی یان کات) دەپێوێ.

سنجه / sance ، ـها/:/*اسم.* پێوانە: ١. سەنگاتی؛ شتێ کە چەندایەتیەکی پێ دەپێون (وەک تەرازوو) ٢. سەنگ؛ چەندیەتیەک کە بۆ ئەندازەگرتن بە کار دەڕوا (وەک سەنگی تەرازوو).

سنجه شناسی / sancešenāsî/:/*اسم.* پێوانەناسی؛ زانستی پێوان و هەموو ئامراز و کەرستەی ئەندازەگرتن: **اندازه‌شناسی**

ـ سنجی / sancî/: *پیواژه.* ـ هەڵسەنگێنی؛ ـ سەنگێنی؛ کاری هەڵسەنگاندن/ سەنگاندن ‹بینایی سنجی؛ شنوایی سنجی: بینایی هەڵسەنگاندن؛ بیسایی سەنگاندن›.

سنجیدگی / sancîdegî/:/*اسم.* گونجاوی؛ لەباری؛ دروستی شتێک و تەبا بوونی لەگەڵ پێوەرە ناسراوەکاندا.

سنجیدن / sancîdan/: *مصدر. متعدی.* // **سنجیدی:** هەڵتسەنگاند؛ **میسنجی:** هەڵدەسەنگێنی؛ **بسنج:** هەڵسەنگێنە// هەڵسەنگاندن؛ هەڵسەنگانن؛ بەراوردکردن:

١. وەهەنگاوتن؛ پێوان؛ پیمەی؛ پێڤان؛ ئەندازەگرتن؛ سەنگاندن؛ چەندیەتی شتێک بە ئامێرێک پێوان ٢. نەهاندن؛ نرخاندن؛ خەملاندن؛ قەرساندن؛ قرساندن؛ سەنگاندن؛ قەبلاندن قەولاندن؛ هەسباندن؛ کرێشەیش؛ هێژاندن ‹موقعیت را سنجیدن: هەل هەڵسەنگاندن› ٣. لە بەر یەک نان؛ لە یەک دان ‹دو چیز را با هم سنجیدن: دوو شت پێکەوە هەڵسەنگاندن› ٤. *[قدیمی]* کێشان؛ کێش کردن؛ کێشەی؛ سەنگ‌وسووک‌کردن. هەروەها: **سنجیدنی**

■ صفت فاعلی: **سنجنده** (هەڵسەنگێنەر)/ صفت مفعولی: **سنجیده** (هەڵسەنگێنراو)/ مصدر منفی: **نَسنجیدن** (هەڵنەسەنگاندن)

سنجیده / sancîde/: *صفت.* گونجاو؛ لەبار؛ شیاو؛ هێژا ‹رفتار سنجیده: ئاکاری گونجاو›.

سنخ / senx ، ـها/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* جۆر؛ چەشن؛ جنس؛ نفش.

سنخیت / senxîyyat/: [عربی]/*اسم.* هاوچەشنی؛ هاونفشی؛ هاوڕەگەزی؛ جۆری؛ هامجنسی؛ بار یان چۆنیەتی لە یەک جۆر بوون ‹هیچ سنخیتی میان ما نبود: هیچ هاوچەشنیەک لە نێوانماندا نەبوو›.

سند / sanad ، ـها؛ اسناد/: [عربی]/*اسم.* بەڵگە؛ بەنگ؛ سەنەد؛ نیشانە: ١. نڤیسک؛ نووسراوەیێ کە بۆ سەلماندن یان دانە دواوەی خوازەیەک کەڵکی لێ بگیردرێ ٢. نڤیسک؛ قەباڵە؛ قەواڵە؛ نووسراوەیەکی دەستنووسی یان فەرمی کە هۆ یان چەسپێنەری شتێکە ٣. دەلیل؛ پاژ؛ هەر چەشنە نووسراوە یان شتێ کە نیشانەی ڕاستی شتێکە.

▣ **سند انتقالی:** *[بانکداری]* بەڵگەی ڕاگوێزی؛ بەڵگەیێ کە ڕاگوێزانی هەندێ پارە لە حیسابێکەوە بۆ حیسابێکی‌تر نیشان دەدا.

سند رسمی: بەڵگەی ڕەسمی؛ نیشانەی فەرمی؛ بەڵگەیێ کە لە مەزرینگەیەکی

دەوڵـەتی یـان لـە نووسـینگەیەكی بەڵـگەی ڕەسمیدا، بە گوێرەی قانوون ڕێكدەخرێ.

سند مالكیت: تـاپۆ؛ قۆچـان؛ كـەوال؛ قەباڵـە؛ قەبارە؛ بنچاخ؛ چاخ؛ قەباڵەی ملك؛ قەباڵـەی موڵـكایەتی؛ بەڵـگەیێ كـە خـاوەن بـوونی كەسێك بە سەرماڵێكدا پیشان دەدا.

▣ **سند زدن:** قەباڵە نووسین؛ سەنەد لێدان.

سند كـردن: كردنـە سـەنەد؛ سـەنەد/ قەباڵـە دەرهێنان.

سند [1] / send/: اسم. [قدیمی] زۆڵ؛ زوێڵ؛ زۆڵەك؛ بیج؛ بیچ؛ پیچ؛ بیژوو؛ بیـژی؛ قومـەزە؛ سـووتار؛ سووتاڵ؛ سنۆتە؛ سنۆرتە؛ بەچكەی ژن و شـووی لێك مارەنەكراو.

سند [2]: صفت. زۆڵ؛ زۆڵەك؛ بیج؛ بیچ؛ پیچ؛ بیژوو؛ بیـژی؛ سـووتار؛ سـووتاڵ؛ سـنۆتە؛ قومـەزە؛ بەدیهاتوو لە جووت بوونی نارەوا.

سند / sond/: [فرانسوی] ☜ **میل ـ٢**

سنداژ / sondāj/: [فرانسوی]/اسم. ١. كاری گومانە لێـدان ٢. [پزشـكی] سـۆنداژن؛ كـاری سـۆند پێداكردن * **سونداژ**

سندان / sendān ، ـها/: [سریانی]/اسم. ژێـردەم؛ سـندان؛ سـنگان؛ سـنیان؛ سـندیان؛ سـنچیە؛ دەزگا؛ دەستگا؛ لەتە پۆلایەكی قورس و پتـەو و تەخت كە كانزای بە سەرەوە دەكوتن.

▣ **سندان گوش:** ئێـسكی سـندانی؛ ئێـسكیلەی ناوینی گوێ.

سـندانی / sandānî/: [سریانی] صفت. سـندانی؛ زنانی ‹استخوان سندانی: ئێسكی سندانی›.

سـندر / sandar ، ـهـا/: [؟] /اسـم. دارتـووس؛ دارتەویس؛ درەختێ بە كوتـەی سـپی، گـەڵای بـادامی نـووكتیـژی ددانـەدار و هێـشووەگوڵی نێرینەی شۆڕ و پووڵەكەییەوە كە دارەكـەی بـۆ كاغەز و ماكی دەبـاخی، گەڵاكـەی بـۆ چـایی و ئاوەكەشی لە شەرابدا كەڵكی هەیە.

سندرم / sendrom ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. دیـاردە؛ دەستەیێك نیشانە كە پێكەوە سەر هەڵـدەدەن و هەواڵ لە نەخۆشی یان بەرژەنگێ دەدەن.

سندروس / sandarûs, sandrûs ، ـها/: [معـرب از یونانی]/اسم. سەندەلووس؛ دارچكێكی بچووك لـە دەسـتەی سەوڵـی كێـوی كـە جەویەكـەی بـۆ دەرمان دەبێ.

سندسازی / sanadsāzî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. كار یان ڕەوتی بەڵگە هەڵبەستن.

سـنده / sende, sonde/: اسم. [مستهجن] سـل؛ سـنله؛ تنـگ؛ سـلەگوو؛ تەپـەگوو؛ سـلتەگوو؛ ساقەگوو.

سـندەسـلام / sendesalām, sonde-/: [فارسی/ عربی]/اسم. باپشكێو؛ سیتكەسـلاو؛ سیتكەسـلاوە؛ سـیتكەزەلام؛ سیچكەسـلاو؛ سیچكەسـلاوە؛ سیـسكەسەلا؛ قنیچكەسـلام؛ قنچكەسـلاو؛ چینچـك؛ چینچكەسـلاوە؛ چیچكەسـلاو؛ چنچكەسلێمانە؛ سـینچكە؛ فـردۆك؛ دیقلـۆك؛ سلەزەوە؛ مووریسلام؛ بوكك؛ دگدگە؛ زیپكـەی چلكی لە چنی پێڵووی چاودا.

سندیت / sanadîyyat/: [عربی]/اسم. بەڵـگایەتی؛ بەڵگەیەتی؛ بار و دۆخی بەڵگە بوون.

سـندیكا / sandîkā, sendîkā ، ـها/: [فرانـسوی] /اسم. سەندیكا؛ یەكیەتی؛ یەكێتی؛ ڕێكخـراوەیـێ كە لە یەكانگیر بوونی كەسان، تاقم یان وڵاتانی هاومەبەست و هاودۆز پێكدێ.

سـندیكائی / sandîkā'î, sendîkā'î/: [فرانـسوی] ☜ **سندیكایی**

سندیكالیـسم / sandîkālîsm, sendîkālîsm/: [فرانـسوی]/اسـم. سەندیكالیـسم؛ ئامۆژەیـەك لـە بزووتنەوەكانی كرێكاریدا كە زاڵ بوون بـە سـەر سەرمایەداری و گرتنە دەسـتی دەسـەڵات، لـە ڕێگەی مـانگـرتن و خـەبات لـە چوارچێـوەی یەكیەتی كرێكاران دەزانێ و خەباتی سیاسـی و ئیدیۆلۆژیانـــە ڕەت دەكاتـــەوە. هـــەروەها: **سندیكالیست**

سندیکایی / sandîkāyî /: [فرانسوی] صفت. سەندیکایی؛ سەر بە سەندیکا: **سندیکائی**

سنسور / sensor ، ـها/: [انگلیسی]/اسم. کەرەسەیێ کە لە هەمبەر دیاردەیەکی فیزیکی دیاریکراوەوە (وەک تیشک، گەرما، سەرما و...) دەکەوێتە کار و مرۆ وریا دەکاتەوە یان کاردانەوەیەک دەنوێنێ.

سنفنی / sanfonî /: [فرانسوی] ☜ **سَمفُنی**

سنفنیک / sanfonîk /: [فرانسوی] ☜ **سَمفُنیک**

سنفونی / sanfonî /: [فرانسوی] ☜ **سَمفُنی**

سنفونیک / sanfonîk /: [فرانسوی] ☜ **سَمفُنیک**

سنقر / sonqor ، ـها؛ ـان/: [ترکی]/اسم. شمقارِ؛ شنقار؛ ڕیگزادە؛ لە زلترین بازگەلی ناوچەی ساردەسێرە، بە جەستەیەکی باریک، باڵی درێژ و کەڵ و پێ و جووچکی درێژەوە کە لە بەرزایی کەمدا دەفڕێ و لە زەوی یان قامیشەڵاندا هێلانە دەکا: **سارگِپە**

▣ **سنقر تالابی**: شمقارِی زەلکاوی؛ جۆرێک شمقارِی زلی باڵپانی نزمفرە، کە زۆرتر لە زەلکاوان دەنیشێتەوە.

سنقر عسل‌خوار: حەسەنە سستە؛ پەلەوەرێکی وەک هەڵۆیە بە سەری بچووک و ملی درێژ و پەڕ و باڵی ڕەنگامەوە کە مەلی بچووک، مشک و مێش دەخوا و پتر لە قەراخی دارستان و لەسەر کۆنە هێلانەی قەلان هەڵدەنیشێ.

سنکپ / sankop /: [فرانسوی]/اسم. [پزشکی] ١. خەوو؛ گەشکە؛ غەش؛ نەهەش؛ فەرکەم ٢. وێست؛ شەپەلە؛ قۆتک. هەروەها: **سنکپ‌کردن**

سنگ / sang ، ـها/: اسم. ١. بەرد؛ بەر؛ کوچک؛ کوچگ؛ سەنگ؛ تەوەنی؛ تونی؛ کەڤر؛ کەمور؛ کەرا؛ کارا؛ تەنی تۆکمە و پتەوی سروشتی کە لە خاک یان کانەگەلی جۆراوجۆر پێکهاتووە ٢. گۆهەر؛ گەوهەر؛ جەواهیر ٣. کێش؛ سەنگ ‹سنگ ترازو: کێشی ترازوو› ٤. [مجازی] پەڵ؛ دارەست؛ دژواری؛ بەر ٥. [پزشکی] بەرد؛ سەنگ؛ تەنێ ڕەق کە لە بڕێ ئەندامی لەشدا درووس دەبێ ‹سنگ کلیه: بەردی گورچیلە›.

▣ **سنگ آتشزنه**: بەردە ئەستێ؛ بەردەستێ؛ بەردئەستێ؛ بەرەستی؛ بەرستە؛ بەرداگرە؛ بەردی چەخماخێ؛ بەردەچەرخ؛ بەردە چەخماخ؛ تەوەن چەخماخ؛ کوچک‌چەخماخە؛ کەڤر ئەزیر؛ بەردی ئاگرپژێن؛ سەنگی چەخماخ؛ بەردێکی ڕەق و تورت و تۆکمە لە جنسی سیلیسی گوشراو، بە ڕەنگی ڕەش، قاوەیی یان خۆڵەمێشی کە بۆ چەخماخە لێدان و ئاگر کردنەوە بەکاردێ.

سنگ آتشفشانی: بەردی گڕکانی؛ بەردە گڕکانی؛ بەردێکی ئاگرینی بلۆرئاسایە کە لە سەر زەوی یان لە ئاستێکی نێزیک لە سەر زەوی، بەهۆی چالاکی گڕکانەوە پێکدێت.

سنگ آذرین: بەردی ئاگرین؛ بەردەئاگرین؛ بەردێ کە لە ماکە تواوەکانی گڕکان پێکدێ.

سنگ آسمانی: شخانە؛ بەردێ کە لە مەودای نێوان گەڕۆکانی ئاسمانەوە بەرەو زەوی دێ.

سنگ آسیا: هارە؛ بەرداش؛ بەراش؛ فەراش؛ بەرد ئاسیاو؛ سەنگ ئاساو؛ بەرێئێش؛ سەنگ ئاسیاو؛ هارەئاساو؛ هاراسیاو؛ کەتابنی؛ کەئاسەری؛ بەردە هاڕ؛ بەراڤ؛ تلت؛ خرە بەردێکی زلی یەکڕوو گرنج، لە جنسی بەردی بن‌گرتووی سیلیسی کە بۆ کردنە ئاردی دانەوێڵە بەکەڵکدێ.

سنگ آهک: بەردی قسڵ؛ بەردی ئاهەک؛ بەردێ کە زۆرترین بەشی کەربوناتی کەلسیۆمە.

سنگ بنا: ١. بەردی بنەڕەت؛ بەردی بناغە؛ تەمەڵە؛ تەمەڵێت؛ بەردێ کە لە هیمی ماڵدا دەڕوانە کار ٢. [مجازی] بنەڕەت؛ شەنگستە؛ بنەما؛ بنچینە؛ بارخانوو؛ بارخانی ٣. سەنگ؛

سەنگی خانووبەرە.

سنگ بلور: دوڕ؛ مرواری کێوی بێڕەنگ و ڕوون.

سنگ پا: بەردەپێ؛ بەردەپا؛ پاشۆر؛ سەنگ پا؛ پێ شۆر: ١. بەردە ئاگرینی سووک و هەوری و ڕەش بە ڕووبەرێکی گرنج-گرنجەوە کە بۆ شۆردنی پێ کەڵکی لێ وەردەگرن ٢. بەردەشیشەی گڕکانی کون-کون و کلۆر-کلۆر کە زۆر سووکە و ڕەنگەکەی سپی یان خۆڵەمێشیە.

سنگ ترازو: بەردە قەپان؛ بەردی ترازوو؛ سەنگ؛ کێشێ کە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕێژەی کاڵا دەیخەنە سەر ترازوو.

سنگ جهنم ☜ نیترات نقره، **نیترات**

سنگ چاپ: بەردی چاپ؛ بەردی ئاهەکی دەنکورد کە لە چاپی بەردیدا بە کار دەچوو.

سنگ چاقوتیزکنی: هەسان؛ بەردەسان؛ بەردەساو؛ بەراڤ؛ جۆرە بەردێکی سیلیسی کە بۆ لووس کردنی کانزا و تیژکردنی چەقۆ کەڵکی لێوەردەگرن: **سنگ فسان**

سنگ چخماق ☜ **سنگ آتشزنه**

سنگ خروجی: بەردێ کە بە هۆی بزوانی گڕکانەوە هاتۆتە سەر زەوی.

سنگ دگرگون: بەردی گۆڕاو؛ بەردێ کە بە هۆی هۆکارگەلی جۆراوجۆری ئاقار (وەک گوشار و دەما) گۆڕاوە و بۆتە بەردێکیتر.

سنگ ساختمانی: بەردی ساختومان؛ کوچک ماڵ کردنەوە؛ هەر یەکە لەو بەردانە لە دروستکردنی ماڵ و وارخاندا بە کار دێن.

سنگ سلیمانی: ئاقیق؛ بەردی سلێمانی؛ بەردی کوارتز.

سنگ سماق: جۆرێک بەردی گڕکانی کە لە پێکهاتەیدا بلووری گەورە کەوتۆتە نێوان بلووری وردەوە.

سنگ سنباده: بەردی سماتە؛ زروە؛ بەردە زروە؛ کەورە زبرە.

سنگ سیاه: بەردە ڕەشە؛ کوچکەڕەش.

سنگ صابون: بەردە سابوون؛ بەردێکی گۆڕاوە کە لە دەست لێداندا وەک سابوونە و زۆرتر لە دەلق و ماکیتر (وەک میکا، کوارتز، ئاسن و...) پێکهاتووە و لە ڕەنگی خۆڵەمێشیەوە تا سەوزی هەیە و بە چەقۆ دەبڕدرێ.

سنگ صبور: *[فرهنگ مردم]* ١. بەردێکی ئەفسانەیی کە خەڵکی دەردەدڵیان بەلاوە دەکرد ٢. *[کنایی]* مامەخەمە؛ خەمان؛ خاڵەخەمە؛ خەمخۆرەی هەورامان؛ کەسێکی دەردناس و پڕزوو کە بکرێ دەردەدڵی وەلاوە هەڵڕێژی.

سنگ صفرا: سەنگ سەفرا؛ بەردەزێلک؛ کوچکەزراف؛ بەردی زراو؛ بەردێ کە لە کیسە زەرداودا پێکدێ. هەروەها: **سنگ کلیە؛ سنگ مثانه**

سنگ فَسان ☜ **سنگ چاقوتیزکنی**

سنگ قبر: کێل؛ کێلە؛ هەنگێزە؛ دووبەرد؛ میل؛ هەدد؛ بەردی قەبر؛ بەردێ کە بۆ ناسینەوەی مردوو لە سەر گلکۆی دادەنێن و زۆر جار ناوەکەشی بە ڕوویەوە دەنووسن: **سنگ لحد**

سنگ لحد ☜ **سنگ قبر**

سنگ لوح: تۆلاشە بەرد؛ پلاشە بەرد؛ درک؛ گڵەبەردی گۆڕاوی دەنکورد کە بە سانایی تۆلاش-تۆلاش دەبێتەوە.

سنگ مجسمه: بەردی پەیکەرە؛ سیلیکاتی ئاوداری ئەلەمینیۆم بە ڕەنگی سەوزی کاڵ کە پەیکەر و شتی جوانی لێ دروست دەکەن.

سنگ محک: بەردەزموون؛ بەردی مەحەک؛ بەردی زێڕئەزموون؛ بەردێکی ڕەشی زۆر ڕەقە بۆ هەڵسەنگاندنی عەیاری زێڕ.

سنگ معدن: کانە؛ بەردی کان؛ بەردی وا کە

بایەخی لە کێو دەرهێنانی هەبێ.

سنگ معده: بەرد/ سەنگی گەدە؛ خلتێ کە برێ جار لە گەدەدا دەنیشێ، یان بەردێ کە گیانەوەر قووتی دەدا.

سنگ نمک: خوالین؛ بەردە خوێ؛ کانەی کلوریدی سدیۆم کە بێ خەوشەکەی ڕوون و بێ ڕەنگە.

▣ **سنگ انداختن به چیزی:** پەل خستن بۆ شتێ؛ پەل بۆ شتێ فرە دان؛ کوچک بۆ شتێ پەرت‌کردن؛ تەوەن شەی پەی چێوێوی ‹سنگ انداخت شیشەی همسایه را شکست: پەلی خست شیشەی جیرانەکەمانی شکاند›.

سنگ انداختن جلو پای کسی: *[کنایی]* تەگەرە خستنە بەر پێ کەسێک؛ بۆ کەسێک کۆسپ نانەوە؛ چوکلەشکێنی کردن لە کاری کەسێکدا ‹به قدری سنگ جلو پایش انداختند که دست از کار کشید: هێندەیان تەگەرە خستە بەر پێی، دەستی لە کارەکە هەلگرت›.

سنگ بزرگ برداشتن: *[کنایی]* تیکەی زل گرتن؛ دەست دانە کارێکی دژوار و دەستنەداوەوە.

سنگ به ترازوی کسی نگذاشتن: *[کنایی]* کا/ گوو بە کلاوی کەسێ نەپێوان؛ ئاوڕ لە کەسێک نەدانەوە.

سنگ به شکم خود بستن: *[مجازی]* کەم خواردن و کز دانیشتن؛ برسیەتی کێشان و هەلکردن لەگەل کوێرەوەریدا.

سنگ تمام گذاشتن: *[مجازی]* سکە/ گالە پێ کردن؛ کارێک بە باشی و بێ‌کەم و کووڕی جێبەجێ کردن.

سنگ خود را با کسی واکندن: *[مجازی]* لەگەل کەسێکدا یەک‌لاکردنەوە/ قال برینەوە/ یەکچاوکردنەوەی باس و خواسێک.

سنگ را بستن و سگ را گشودن: *[کنایی]* کار دێوکردن؛ کا بە پشیلە و گۆشت بە کەر دان؛ کاری پێچەوانە و نارەواکردن.

سنگ روی چیزی گذاشتن: *[کنایی]* سەری شتێ نانەوە؛ دەست لە شتێ بەردان؛ لە سەر شتێ نەڕۆیشتن.

سنگ روی سنگ بند نشدن/ نماندن: *[کنایی]* ئاداری بە سەر پادارەوە نەمان؛ بەرد بە هەردەوە نەوێستان؛ ئاخۆران-باخۆران بوون؛ زۆر ئالۆز بوونی بار و دۆخ.

سنگ روی یخ شدن: *[کنایی]* دەم بوونە تەلەی تەقیو؛ بوونە پووشێکی وشک؛ ناکام و سەرشۆڕ بوون. هەروەها: **سنگ روی یخ کردن**

سنگ زدن: بەرد لێدان: ١. بە بەرد لە شتێک دان؛ دانە بەر پەل ٢. بەرد خستن/ هاویشتن؛ پەل هاویشتن؛ کوچک فڕەدان؛ تەوەن شای.

سنگ سر راه کسی شدن: *[مجازی]* بوون بە چقلی مەم و زینان (بۆ کەسێ)؛ بوون بە بەردی بەرهێلی کەسێک؛ بیەی بە تلوو وەروو هیتێ؛ بوونە کۆسپ و لەمپەر بۆ بەرێوەچوونی کاری کەسێک.

سنگ کردن: *[مجازی]* بەر بە فرۆشی شتێ گرتن.

سنگ کسی/ چیزی را به سینه زدن: *[مجازی]* تاسووی کەسێ/ شتێ کێشان؛ خۆ بۆ کەسێ یان شتێک کوتان؛ زگی خۆ بۆ کەسێ یان شتێک دڕان.

تیر کسی به سنگ خوردن ☜ **تیر**

سنگاب / sangāb ، ـها/: *اسم. [قدیمی]* سەنگاو: ١. حەوزۆکەیەکی بەردی کە لە برێ مزگەوتان یان زیارەتی پیر و چاکان دایاندەنا و ئاوی خواردنەوەیان تێدەکرد ٢. ماقۆڕ؛ چالەقۆتێ؛ تەو؛ بەردی قوول کە ئاوی تێدا ڕادەوەستێ.

سنگارد / sang'ārd, sangārd/: *اسم. [زمین‌شناسی]* بەردارد؛ سەنگارد؛ ماکی بەردینی ورد کە لە سوانی یەخەچالان پێک‌هاتوون.

سنگ‌اندازی / sang'andāzî ، ـها/: *اسم.*

١. بەرتــــڤک؛ بەردەفــــڕکێ؛ پەڵـــــەفڕکێ؛ بــەردهاوێژی؛ تەوەنەفــڕانی؛ کــار یــان ڕەوتی ڕانـــــدن؛ کوچـــــک خـــــستن ٢. *[مجــازی]* چوکلەشکێنی؛ کارەڕەهـاتی کۆسـپ و تەگـەرە نانـەوە بـۆ نـەکرانی کارێـک ‹در اداره بعـضی‌هـا سنگ‌اندازی می‌کردند و نمی‌گذاشتند کار پیش برود: لـە مەزرینگـــەدا بـــڕێ چوکـــلەشکێنیان دەکـــرد و نەیاندەهێشت کار بچێتە بەرەوە›.

ســــنگبری / sangborî/: *اســـم.* بەردبـــڕی؛ سەنگبڕی: ١. کار و ڕەوتی بڕینەوەی تاشەبەرد بۆ کـاری خانووبـەرە ٢. کارگـەی سـەنگبـڕی. هەروەها: **سنگ‌بر**

ســنگ‌پرانــی / sangparānî/: *اسم.* بەرتـڤک؛ بەردەفڕکێ؛ بەردهاوێژی؛ کار یان ڕەوتی ڕاندن؛ هاویشتن؛ کوچک فڕەدان؛ پەڵ خستن.

سنگ‌پشت / sangpošt/: *اسم.* کیسەڵ: ١. /ـها؛ ـان/ کیسەڵی؛ کووسەل؛ کوویسەڵ؛ کەوسـەل؛ کـسل؛ کیـسۆ؛ کیـسوو؛ کووسـی ٢. *[نجـوم]* وێنەیـەکی چکۆلـەی گـەردوونی لـە ئاسمـانی نیمەگۆی باکووریدا: **شلیاق**

ســنگپوز / sangpûz ، ـها/: *اسم.* *[زمـین‌شناسـی]* قـۆقزە؛ دەرپـەڕیوی باریـک و درێـژی وشـکاتی دەنێوی ئاودا.

ســــنگپوش / sangpûš/: *اســم.* *[زمـــین‌شناســـی]* بـەردەڕێژ؛ بـەردەبووم؛ سـەنگڕێژ؛ سـەنگفەرش؛ تۆژێک لە ماکە بەردیەکان لە بەشێکی بەربلاوی توێکلی زەویدا کە بە خاک داپۆشراوە.

سنگتراش / sangtarāš/: *اسم.* ١. بەردبڕ؛ بەربڕ؛ بەردتاش؛ تـەوەنتاش؛ کەڤـرتراش؛ کـەفرتراش؛ نەقار؛ کوچک‌تاش؛ سەنگ‌تـراش؛ ئـەوی کـاری کۆلین، تاشین، سواندن و بیچم پێـدانی بـەردە، بەتایبەت بۆ خانوو ٢. *[نجوم]* وێنەیەکی چکۆلەی گەردوونی لە ئاسمـانی نیوەگـۆی باشـووریدا * **حجار**

سنگتراشی / sangtarāšî/: *اسـم.* ١. کـاری بـەرد تاشین؛ بەر بڕین؛ ڕەویرتن؛ کارێ کە بـەردتاش دەیکـا ٢. /ـهـا/ کارگـەی بەردبـڕی ٣. /ـهـا/ بەردتاشـی؛ بەردکۆڵـی؛ بەردبـڕی؛ نەخـشی هەڵکۆڵراو یان قۆقزی ڕووی بەرد * **حجاری**

سنگچین / sangčîn/: *اسم.* بەردچن؛ کوچک‌چن؛ سەنگچن: ١. شوێنێ کە بە چنینی ڕزنەبەردێک دیاریان‌کردووە ٢. نژار؛ خن؛ نـژن؛ ئـەو بەردانـە کە بە شێوەی دیوار یان حەسار لـە سـەر یـەک کەلەکەکراون ٣. نژیار؛ ماڵی سەنگ‌چن.

ســنگ‌چینــی / sangčînî/: *اسـم.* بـەردچنی؛ کوچک‌چنی؛ سەنگچنی: ١. نـژار؛ نـژن؛ کـاری چنـینی بـەرد لـە جێیـەک ٢. نژانـدن؛ کـاری هەڵچنینی دیوار بە وشکەبەرد.

ســــنگدان / sangdān/: *اســـم.* ســـیکەتۆرە؛ کولـــەزرگ؛ ســـیقەتۆرە؛ زیقـــەتۆرە؛ بەشـــی ماسـوولکەیی گـەدەی زۆربـەی پەلـەوەران کـە هەرچی خواردوویانە، تێدا ورد دەبێ.

سـنگدل / sangdel ، ـها؛ ـان/: *صفت.* *[مجـازی]* دڵـڕەق؛ دڵـڕەش؛ بـێبـەزە؛ دڵـسەخت؛ بـێ ئاوڕدانەوە لە حەنای ئێش و مەینـەتی خەڵـک. هەروەها: **سنگدلی**

سنگ دوزی / sangdûzî/: *اسم.* پووڵەکەدووری: ١. نەخشێکی ڕازێنەیی کە بە مووروو، مەنجوق، پووڵەکە و بەردی بریکەدار، لەسەر جل و بەرگی دەدوورن ٢. هونەری ئەو شێوە دوورینە.

سـنگر / sangar ، ـها/: *اسم.* چەپـەر؛ سـەنگەر؛ سـنگر؛ خـەڵ؛ خـەل؛ سـووپەر؛ سـپێر؛ سـپەر؛ مـەترەس؛ مەتـەرێس؛ مەتـەرێز؛ تـاپی؛ تابیـە: ١. پەناگەیەک لە هەمبـەر سـوپای نـەیاردا کـە لەمپـەری بینـران یـان ئەنگێورانـە ٢. *[مجـازی]* شوێنی خەبات؛ شوێنی ملە؛ جێی بەرەنگاری.

▣ **سنگر بستن:** سەنگەر بەستن.

سنگر گرفتن: سەنگەرگرتن؛ جێ‌گرتن لـە نێـو یان لە پشتی سەنگەردا.

سنگربندی / sangarbandî/: *اسم.* سەنگەربەندی؛

کار و ڕەوتی سەنگەر درووس کردن.

سنگ‌رست / sangrost/: صفت. [گیاه‌شناسی] بەردەڕسک؛ بە تایبەتمەندی یان توانایی ڕوان لە بەردەلاندا.

سنگروی / sangrûy/: اسم. بەردینە؛ تریی قەلەڕەشکە؛ گیایەکی هاوینی بە لاسکی چێوی، گەڵای دەرزیلەیی لووس، گوڵی سوور، بەری ڕەش و ترش و لە بیچمی ترێ کە بۆ دەرمان بەکاردێ.

سنگریز / sangrîz/: اسم. [زمین‌شناسی] زاخر؛ زاخیر؛ ڕێخەڵان؛ ڕاخێز؛ ڕاخێزیە؛ ڕاخێزیا؛ خێشیا؛ ڕێزەخاڵ؛ ناوڕێز؛ کۆمایەک لە خڕکە و خێز دە لاپاڵ یان بناری چیادا، کە زۆرتر لێژ و ڕژدە.

سنگریزه / sangrîze ، ـها/: اسم. زگار؛ زغرک؛ زخور؛ خڕەبەرد؛ چەو؛ زیخ؛ زیچ؛ زیپک؛ زیپکە؛ خڕکەبەرد؛ ورکەبەرد؛ وردکەبەرد؛ بەردەورتکە؛ خشبەرک؛ بەردی ورد بە ئەستووری چەند میلی‌میتر.

سنگ‌زنی / sangzanî/: اسم. بەردەساوی؛ کاری ساو و مشتوماڵ دانی شت، بەتایبەت کانزا و بەرد بە مەکینەگەلی جۆراوجۆری بەردەسماتەوە.

سنگ‌سا / sangsā ، ـها/: اسم. هەسان؛ بەردەهەسان؛ بەردەساو؛ بەراق؛ بەردێ کە بۆ تیژ کردنی کەرەسەی پێبڕ (وەک چەقۆ، قەیچی و...) بەکاردێ.

سنگسار / sangsār/: اسم. ڕەسخ؛ بەردەباران؛ بەردباران؛ کوچک‌واران؛ سەنگەسار؛ سەنگباران؛ کارەڕەهاتی کەڤراندن؛ هاویشتنی لە سەر یەکی بەرد بەرەو کەسێ یان شتێک. هەروەها: **سنگسار کردن**

سنگسر / sangsar ، ـها/: اسم. سەنگسەر؛ جۆرێ ماسی پانی خواردەمەنی ئاوی سوێرە، بە ڕەنگی سەوزی ئاماڵ خۆڵەمێشی: **ماهی سنگسر**

سنگسری / sangsarî/: اسم. سەنگسەری؛ لە زمانەکانی ئێرانی ڕۆژاوایی کە هێشتا دە بڕێ شوێنانی پارێزگای سمنان لە ئێراندا باوە.

سنگ‌شکن / sangšekan ، ـها/: اسم. سەنگ‌شکێن؛ بەردشکێن؛ کەولەشوانە؛ بنێکی کورتەبالای ناوچەگەلی شێدارە، بە گەڵای ئەستوور و جوان و تووکن، هێشووگوڵی گچکەی بەهاری و تۆوی وەک مرواریەوە کە جۆرێکی لە مالان بەخێو دەکەن و بۆ مەبەستی بژیشکیش بە کەڵک دێ.

سنگ شناسی / sangšenāsî/: اسم. بەردناسی؛ لقێک لە زانستی زەویناسی کە لە چۆناوچۆنی پێکهاتنی بەرد و پێکهاتەی کیماوی و بیچمی فیزیایی و ڕیزبەندیان دەکۆڵێتەوە.

سنگفرش / sangfarš ، ـها/: اسم. وشکەسی؛ نەتک؛ سەنگ‌فەرش؛ بەردەڕێژ؛ سەلبەند؛ ڕەقف؛ شوێنێ کە بە توێژێ لە بەرد داپۆشراوە.

سنگ‌قلاب / sangqollāb/: [فارسی/ عربی] اسم. [گفتاری] قەڵماسک؛ قەڵماسنگ؛ قەڵماسن؛ قاڵماسک؛ قاڵماسکە؛ چۆکێشمان؛ بەرەقانی؛ مەزرەقانێ؛ لاستێق؛ قۆچەقانی؛ کەهنیک؛ ئامرازێک بۆ هاویشتنی بەرد، پێکهاتوو لە پارچە، چەرم یان پەڕویەکی ئەستوور کە دوو سەری بە دوو پەتەوە بەسراوە.

◘ **سنگ‌قلاب کردن**: [مجازی] لە کۆڵ خۆ کردنەوە؛ لە مل کردنەوە و هەناردن بۆ جێگایەکی‌تر.

سنگک / sangak ، ـها/: اسم. سەنگەک؛ سەنگەکی؛ سەنگەکیە؛ نان کوچگی؛ نانی درێژ و سێ‌گۆش کە لە سەر چەوی سوورەوەبوو دەبرژێ.

سنگ کار / sangkār ، ـها؛ ـان/: اسم. سەنگ‌کار؛ بەردکار؛ کەسێ کە بە بەردی خانووسازی کار دەکا بەتایبەت ئەوەی بە جوانی لە پێکهاتەیکدا دەیخاتە پەنایەک.

سنگ کاری / sangkārî/: *اسم.* سەنگ کاری؛ بەردکاری؛ کاری بەردکردن.

سنگ کره / sangkore/: [فارسی/ عربی] *اسم.* پۆشەنی بەردینی گۆی زەوی کە وەک توێکڵێکی ڕەق دەوری ناوکی ناوەکی زەوی داوە.

سنگکی / sangakî/: *صفت.* سەنگەکی؛ پێوەندیدار بە نانی سەنگەک ‹نانوایی سنگکی: نانەواخانەی سەنگەکی›.

سنگلاخ / sanglāx/: *اسم.* بەردەلان؛ بەردانی؛ بەرداوی؛ ڕێخەلان؛ ڕێخناخ؛ زاخان؛ زبران؛ شاوان؛ شەهوان؛ شکار؛ تم‌تمان؛ تم‌تم؛ تم‌تمەن؛ ڕەقانە؛ ڕەقەن؛ چەقەن؛ زورن؛ زوورک؛ کەمەرن؛ کەڤرە؛ کەڤری؛ کەڤرۆک؛ کەڕە؛ کەرە؛ گەر-گەر؛ گێڕ-گێڕ؛ بەرد بەردکوو؛ گیڕ؛ وڕە؛ سیتک؛ سێتەک؛ تەقتەق؛ قۆمز؛ زەوینی داپۆشراو لە بەردی گەورە و بچووک.

سنگنبشته / sangnebešte، ـها/: *اسم.* بەردەنووس؛ بەردەنووشتە؛ نووسراوەیەک کە بە ڕووی بەردەوە هەڵکۆڵراوە: **سنگنوشته**

سنگ‌نگاره / sangnegāre، ـها/: *اسم.* وێنەبەردینە؛ وێنە یان نووسراوەی زۆپی بەسەر بەردەوە هەڵکەنراو.

سنگنوردی / sangnavardî/: *اسم.* شاخەوانی؛ بەردەوانی؛ زەردەوانی؛ کار و وەرزشی بە ڕێگای تات و تیشە شاخاندا سەرکەوتن.

سنگنوشته / sangnevešte/ ☜ **سَنگنِبشته**

سنگواره / sangvāre، ـها/: *اسم.* کەلەخەبەرد؛ لاک؛ قاپێلکی؛ لەش یان پاشماوەی گیانەوەر یان گیای کەڤنارا کە لە نێو نیشتەگەلی زەویدا ماوەتەوە.

سنگی / sangî/: *صفت.* بەردی؛ بەردین؛ کوچکی؛ تەوەنی؛ کوچکین؛ تەوەنین؛ تەوەنینە؛ لە بەرد چێبوو ‹خانەی سنگی: ماڵی بەردین›.

سنگین / sangîn/: *صفت.* سەنگین؛ گران: ١. قورس؛ بەکێش؛ سەنگدار؛ بسەنگ ‹بار سنگین: باری قورس› ٢. تۆکمە؛ قورس؛ بە کێشێکی تایبەت یان تۆڵای زۆرەوە ‹آب سنگین: ئاوی گران› ٣. *[ادبی]* بەردین؛ تەوەنین؛ لە جنسی بەرد ‹تبر سنگین: بیوری بەردین› ٤. *[مجازی]: الف)* قورس؛ دژوار؛ ئاستەم؛ لە بواری هەڵکردنەوە ‹خرج سنگین: خەرجی سەنگین› *ب)* قورس؛ ئەستەم لە بواری هەڵتاواندن ‹عبارتهای سنگین: سارستەگەلی گران› ٥. *[مجازی]* بەبێ ژنەوایی باش یان بەسندە ‹گوش سنگین: گوێی گران› ٦. *[مجازی]* قورس؛ لە سەرخۆ ‹رفتار سنگین: ئاکاری سەنگین› ٧. *[مجازی]* قورس؛ یەکجار زۆر یان گەمرە ‹خواب سنگین: خەوی قورس› ٨. *[مجازی]* قورس؛ بەنرخ ‹هدیەی سنگین: دیاری سەنگین›. هەروەها: **سنگین بودن؛ سنگین کردن؛ سنگین شدن**

سنگین‌ورنگین[1] / sangîn-o-rangîn/: *صفت.* *[مجازی]* ڕێک‌وپێک؛ گران و جوان؛ ڕێک و لەبار؛ سەنگین و ڕەنگین؛ سەنگ‌وڕەنگ؛ لە سەر خۆ؛ ڕازاوە و ڕێک‌وپێک ‹رفتارش خیلی سنگین و رنگین بود: ئاکاری زۆر ڕێک‌وپێک بوو›.

سنگین‌ورنگین[2]: *قید.* ڕێک‌وپێک؛ گران و جوان؛ ڕێک و لەبار؛ سەنگین و ڕەنگین؛ سەنگ‌وڕەنگ؛ موورک و مایە ‹آمد، سنگین و رنگین حرفش را زد و رفت: هات، ڕێک‌وپێک قسەی خۆی کرد و ڕۆیی›.

سنگینی / sangînî/: *اسم.* گرانایی؛ قورسایی؛ سەنگینی؛ سۆڤ؛ قورسی؛ کولپ: ١. موورک و مایە؛ دۆخ یان چۆنیەتی قورس و سەنگین بوون ٢. کێش؛ سەنگ.

◙ **سنگینی قیمت:** گرانی؛ نرخ‌گرانی.

سنگینی گوش: گوێ گرانی؛ گوێچکە سەنگینی.

سنگینی وزن: زۆری قورسایی؛ قورسی.

سنگینی ویژه: چڕی؛ تۆڵایی؛ تۆکمەیی.

◙ **سنگینی کردن:** سەنگینی‌کردن: ١. بار

قورسی کردن؛ بارگرانی کردن؛ بە وەزنی خۆ گوشاردانی شتێ یان شوێنێ ‹کولەپشتی روی شانەهایم سنگینی می‌کند: کۆڵەپشتی بە سەر شانمەوە سەنگینی دەکا› ۲. *[مجازی]* باری گران بوون؛ بوونە هۆی ڕەنج و جخار ‹غم دوری او روی دلم سنگینی می‌کرد: دەردی دووریەکەی لە سەر دڵم سەنگینی دەکرد›.

سنن / sonan/: [عربی] جمعِ ☜ **سُنَّت**

سنوات / sanavāt/: [عربی] جمعِ ☜ **سَنه**

سنواتی / sanavātî/: [عربی] *صفت.* ساڵانە؛ ساڵیانە.

سنوزوئیک / senozo'îk/: [فرانسوی] ☜ **نوزیوی**

سن‌وسال / sen-o-sāl/: [عربی/ فارسی] *اسم.* *[گفتاری]* تیروتەمەن؛ ساڵ و تەمەن؛ ماوە و مەودای ژیان ‹مادربزرگ سن و سال زیادی داشت: داپیرە تیر و تەمەنێکی زۆری هەبوو›.

سنه / sane ، سنوات/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* ساڵ؛ ساڵە.

◙ **سنەی جِرت‌مَائە**: *[تعریض]* ساڵی بەفرە قورسەکە؛ ساڵی چۆلەکەزۆرەکە؛ زەمانی ڕابردووی نادیار؛ ناڕوون.

سنەی قمری: ساڵی مانگی؛ ساڵی هەیڤی.

سنی / sennî/: [عربی] *صفت.* تەمەنی؛ پێوەندیدار بە هەندی تەمەنەوە.

سنی / sonnî ، ـها؛ ـان/: [عربی] *صفت.* سوننی؛ شوێن‌کەوتووی یەک لە چوار مەزهەبی ئەهلی سوننەت ‹مسلمان سنی: موسوڵمانی سوننی›.

سنین / senîn/: [عربی] جمعِ ☜ **سن**

سنیور / senyor/: [؟] ☜ **سینیور**

سو / sû/: *اسم.* ۱. لا؛ ئالی؛ لایەن؛ لایین؛ هاویر؛ نک؛ نکال؛ ئاتەک؛ لای خاڵی ئاماژەپێکراو ‹سوی شمال: لای باکوور› ۲. سۆما؛ هەتەر؛ هانا؛ سۆ؛ ڕووناکی؛ نوور ‹سوی چشم: سۆمای چاو›.

سوآل / so'āl ، ـها/: [عربی] *اسم.* ۱. ـات/ پرسیار؛ ویستە ‹سوآل امتحانی: پرسیاری ئەزموونی› ۲. *[ادبی]* فەقیری؛ گەدایی؛ سواڵکەری * **سؤال**

◙ **سوآل دادن**: پرسیار دان؛ دیاری کردنی پرسیار بۆ ئەزموونەدەر ‹ده تا سوال داده بودند که جواب همه را نوشتم: دە دانە پرسیاریان دابوو کە وەرامی هەموویم نووسی›.

سوآل شدن: پرسیارکران ‹از متهم دربارەی شب حادثه سوال شد: لە تاوانبار لە بارەی شەوی ڕووداوەکەوە پرسیار کرا›.

سوآل کردن: ۱. پرسین؛ پرس کردن؛ پرسیارکردن ‹از او سوال کردم که آیا متهم را می‌شناسد: لێم پرسی تاوانبارەکە دەناسێ› ۲. *[ادبی]* گەدایی‌کردن؛ سواڵ کردن.

سوآل‌پیچ / so'ālpîč/: [عربی/ فارسی] *صفت.* *[مجازی]* بەر پرس کەوتوو؛ تایبەتمەندی کەسێ کە کەوتۆتە بەر تەوژمی پرسیاری یەک لە دوای یەکەوە.

◙ **سوآل‌پیچ کردن**: *[مجازی]* بەر پرس خستن؛ پرسیار پەرچێن‌کردن؛ یەک لە دوای یەک پرسیار لێ کردن؛ بێ‌وچان لێ پرسین. هەروەها: **سوآل‌پیچ شدن**

سوآل‌وجواب / so'āl-o-cavāb/: [عربی] *اسم.* ۱. ـها/ پرسیار و وەرام؛ پرسیار و پەرسف ۲. *[گفتاری]* قسەوباس؛ وت و وێژ؛ هەڤپەیڤین ‹برو این پول را بگذار و بیا! سوال و جواب هم لازم نیست بکنی: بڕۆ ئەم پارە دانەو بگەڕەوە! قسەوباسیشی ناوێ›.

سوا / savā/: [عربی] *صفت.* *[گفتاری]* جیا؛ جیاواز؛ جگا؛ جودا؛ جیاگ. هەروەها: **سوا بودن؛ سوا شدن؛ سوا کردن**

◙ **سوای**: بێجگە؛ بێژگە؛ بێجگەلە؛ جگە لە؛ جیا لە ‹سوای من، چند نفر دیگر هم بودند: بێجگە من، چەند کەسێکی دیکەش هەبوون›.

سوابق / savābeq/: [عربی] جمعِ ☜ **سابقه**

سواحل / savāhel/: [عربی] جمعِ ☜ **ساحل**

سواحلی / savāhelî/: [عربی]/اسم. سەواحلی: ۱. /ها؛ ان/ هەریەکە لە خەڵکی کنارەکانی زەنگبار و ناوچەگەلی دەور و بەری ۲. لە زمانگەلی بانتو، کە زمانی ڕەسمی زۆربەی ناوچەگەلی ڕۆژهەلاتی ئەفریقا و دەور و بەری کونگۆیە.

سواد / savād/: [عربی]/اسم. سەواد؛ سیوا: ۱. خوێندەواری؛ خۆنەواری؛ خوەنەواری؛ توانایی خۆندن، نووسین و حەساوکردن ۲. /کنایی/ زانیاری؛ ئاگەداری؛ تێگەیشتوویی زانستی و ئەدەبی ‹معلم ما سواد خوبی دارد: مامۆستاکەمان زانیاریەکی باشی هەیە› ۳. خۆنەواری؛ خوێندەواری؛ خوێندنی مەدرەسەیی ‹سواد ابتدایی: خونەواری سەرەتایی› ٤. /قدیمی/ فەرک؛ ڕوونووس؛ نووسراوەیێ کە دەقاودەق لە ڕووی نووسراوەیێتر هەڵگیراوە.

⊡ **سواد کسی نم کشیدن**: /مجازی/ سەوادی کەسێ کەڕوو هێنان؛ سەواد کەسێ دووکەڵ کردن؛ کەم خۆنەوار بوون؛ خوێندەواری ئەوتۆ نەبوون ‹مثل اینکه سواد تو هم نم کشیده است!: وا دیارە سەوادەکەی تۆش کەرووی هیناوە!›.

سوادآموز / savādāmûz، ها؛ ان/: [عربی/ فارسی]/اسم. نۆفێر؛ نۆمس؛ کەسێ کە تازە خوێندن و نووسین فێر دەبێ.

سوادآموزی / savādāmûzî/: [عربی/ فارسی] /اسم. نۆفێری: ۱. کار یان ڕەوتی فێربوونی سەواد ۲. کار یا ڕەوتی فێرکردنی سەواد بە خەڵک.

سوار[1] / savār، ها/: /اسم. سوار؛ سیار؛ سویار: ۱. /ها/ کەسێ کە بە سەر ئەسپەوە ڕۆنیشتووە یان ئەسپ سواری دەکا ۲. هەر یەکە لە مۆرەگەلی شەترەنج، جگە لە شا و پیادە.

سوار[2]: صفت. سوار؛ سیار؛ سویار: ۱. لە سەر یان دە نێو پێگۆزێکدا (وەک ماشێن، فڕۆکە و...) بوون ۲. دانراو و دامەزراو بە سەر شتێکەوە ۳. /مجازی/ زاڵ؛ چیر بە سەر کەسێ، شتێ یان کارێکدا.

⊡ **سوار شدن**: سوار بوون: ۱. وەنشتا؛ وەنشتش؛ سەرکەوتن؛ لە سەر یا لەنێو پێگۆزێکدا بوون ‹ماشین سوار شدن: ماشێن سوار بوون› ۲. دامەزران؛ مونتاژ بوون؛ بەسەر شتێک یا شوێنێکەوە نران ۳. /مجازی/ زاڵ بوون ‹نگران نباش! بعد از یک سال سوار کار میشوی: مەترسە! دوای ساڵێک بە سەر کارەکەدا زاڵ دەبی›.

سوار کردن: ۱. سوار کردن؛ سەر خستن؛ لە سەر یا دە نێو پێگۆزێکدا دامەزراندن ‹او را هم سوار ماشین کرد: ئەویشیان سواری ماشین کرد› ۲. دانان ‹یک نگین الماس رویش سوار کرده بودند: مۆرخانەیەکی ئەڵماسیان لە سەر دانابوو› ۳. سوار کردن؛ خستنە سەر یەک؛ مونتاژ کردن ‹قطعات را سوار کردم: پاژەکانم سوارکرد›.

سوار کسی شدن: /مجازی/ سوار کۆڵ/ مل کەسێ بوون؛ شێرە بوون بە مل کەسێکدا؛ سواروو یۆی بیەی؛ بە سەر کەسێکدا زاڵ بوون ‹سوار شریکش شده بود و او را میتازاند: سوار کۆل شەریکەکەی ببوو غارغارێنی پێ دەکرد›.

هەروەها: **سوار کسی بودن**

ـ سوار[3]: پیوازە. ـ سوار: ۱. خاوەنی جۆرێک پێگۆز ‹دوچرخەسوار: دووچەرخەسوار› ۲. خاوەن کارامەیی لە سواریدا ‹یکەسوار: شۆڕەسوار›.

سوارکار / savārkār، ها؛ ان/: صفت. سوارکار؛ سوار؛ سوارە؛ هەلینگەدەر؛ شۆڕەسوار؛ سووکەلەسوار؛ سووکەلەسوار؛ لێهاتوو دە ئەسپ سواریدا. هەروەها: **سوارکاری**

سوارە / savāre/: قید. بە سواری؛ سوارە؛ سیارە ‹سوارە از آنجا گذشت: بە سواری بەوێدا تێپەڕی›.

سوارەرو / savārerow, -ro:، ها/: /اسم. ماشێنڕۆ؛ سوارەڕۆ؛ بەشێ لە ڕێ کە تایبەتی تێپەڕینی پێگۆزە.

سوارەنظام / savārenezām، ها/: [فارسی/ عربی]

اسم. [قدیمی] سواره‌ی باده‌ران؛ چه‌کداری سوار؛ ده‌سته‌ی سواران؛ به‌شێ له سوپا که له سه‌ر ئه‌سپه‌وه ده‌چوونه شه‌ڕ.

سواری[1] / savārî/: *اسم.* سواری: ١. سیاری؛ سویاری؛ کاری سوار بوونی پێگۆزێک و هات‌وچۆ پێ کردنی ‹مدتی سواری کردیم: ماوه‌یه‌ک سواریمان کرد› ٢. بار یان چۆناوچۆنی سوار بوون ‹سواری این ماشین حرف ندارد: سواری ئه‌م ماشێنه زۆر خۆشه›.

◘ **سواری دادن:** سواری پێدان؛ کۆڵی دان: ١. خه‌ڵک هه‌ڵگرتن و جێبه‌جێ کردن ‹این اسب چند سال به ما سواری داد: ئه‌م ئه‌سپه چه‌ند ساڵ سواری پێداین› ٢. *[مجازی]* کۆلکێشی کردن؛ بوونه کۆلکێش؛ کۆڵ دان ‹اگر به این مردم سواری بدهی کارت زار است: ئه‌گه‌ر به‌م خه‌ڵکه سواری بده‌ی حاڵت شڕه›. هه‌روه‌ها: **سواری گرفتن**

سواری[2] / ـها/: *صفت.* سواری؛ سیاری؛ سویاری؛ له بار بۆ سوار بوون ‹اتومبیل سواری: ماشێنی سواری›.

ـ سواری[3]: *پیواژه.* ـ سواری؛ ـ سیاری؛ ـ سویاری؛ کار یان ڕه‌وتی سوار بوون ‹اسب‌سواری: ئه‌سپ‌سواری›.

سوانح / savāneh/: [عربی] جمعِ ☜ **سانحه**

سوء / sû'/: [عربی] *صفت. [ادبی]* به‌د؛ ناڕه‌وا؛ گه‌ست؛ گه‌س؛ خراپ؛ گه‌ن؛ خراو؛ دزێو؛ کرێت.

◙ **سوء استفاده:** که‌ڵک وه‌رگری به ناڕه‌وا و نادروست.

سوء پیشینه ☜ **سوء سابقه**

سوء تغذیه: به‌دبژیوی؛ گه‌نه‌خۆری؛ خراپی یان که‌م بوونی خۆراکێ که ده‌خورێ ‹نیمی از کودکان و مادران از سوء تغذیه رنج می‌برند: نیوه‌ی مندالان و دایکان له به‌دبژیویدا ده‌تلنه‌وه›.

سوء تفاهم: لێک تێنه‌گه‌یشتویی؛ خراپ تێگێشتوویی؛ ڕه‌نجیانی له به‌ر لێک تێنه‌گه‌یین.

سوء سابقه: پێشینه؛ به‌دناوی؛ به‌وناوی؛ کار یان کرده‌وه‌ی ناڕه‌وا یان پێچه‌وانه‌ی قانوون له لایه‌ن که‌سێکه‌وه که پێشتر به‌وه ناسراوه: **سوء پیشینه**

سوء ظن: خانه‌گومانی؛ به‌د گومانی (بۆ ژن و مێرد له حاندی یه‌کتردا) ‹نسبت به زنش دچار سوء ظن شده بود: به ژنه‌که‌ی خانه‌گومان ببوو›.

سوء قصد: کرده‌وه‌یه‌ک بۆ کوشتنی که‌سێ.

سؤال / so'āl/: [عربی] ☜ **سوآل**

سوئیت / sû'ît/: [فرانسوی] *اسم.* سویت: ١. /ـها/ وارخانێکی بچووک که دیوی جیاوازی نیه ٢. ناوی گشتی بۆ به‌ش‌به‌شی مووسیقای سازی ڕۆژئاوا: **سویت**

سوئیچ / sû'îč/: [انگلیسی] ☜ **سویچ**

سو برتری / sûbartarî/: *اسم.* لاسه‌ری؛ سه‌رتر بوونی لایه‌کی ئه‌ندامانی له‌ش له چالاکی و لێهاتوویدا (وه‌ک ده‌ستی چه‌پ یان ده‌ستی ڕاست). به‌رانبه‌ر: **دوسوتوانی**

سوبژکتیو / sûbjektîv/: [فرانسوی] *صفت.* زه‌ینی؛ هزری؛ هشی.

سوبژکتیویسم / sûbjektîvîsm/: [فرانسوی] *اسم.* زه‌ینیخوازی؛ هزری‌خوازی؛ ئامۆژه‌یێ که ته‌نیا بایه‌خ به زانیاریگه‌لی زه‌ینی ده‌دا و به‌س.

سوبسید / sûbsîd ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* یارانه؛ سوبسید؛ یارمه‌تی ماڵی ده‌وڵه‌ت بۆ دابین‌کردنی که‌ل‌وپه‌لی پێویستی هه‌موانی به هه‌رزان و به‌رگری له گران‌بوونیان.

سوپ / sûp/: [فرانسوی] *اسم.* سووپ؛ شۆربا؛ شۆرباو؛ شله؛ چێشتی ته‌ڕ بریتی له گۆشتی مریشک، سه‌وزی و جاروباره‌ش په‌ڕشته.

سوپاپ / sûpāp ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* سووپاپ؛ گوڵبێنه؛ گوڵۆ؛ گوڵۆنه؛ گوڵوێنه؛ ئامێرێ که گه‌ڕیانی ته‌وشێک (تراو، گاز و...) له نێو ده‌ستگایه‌کی لووله‌ئاسادا ڕاده‌گرێ.

سوپخوری / sûpxorî ، ـها/: [فرانسوی/ فارسی]

/اسم. سـووپخۆری؛ دەفـری دەرخۆنـەدار کـە چێشتی تێدەکەن و دەیهێننە سەر سفرە.

سـوپر [1] / sûper ، ـهـا/: [انگلیسی]/اسم. [مخفف/ سووپیر؛ سووپرمارکت.

سوپر [2]: [فرانسوی] صفت. سووپێر؛ هـەرەباش؛ بـێ کەم و کووڕی.

سوپرانو / sûperāno/: [ایتالیایی]/اسم. [موسیقی/ زیکترین دەنگی ژنی گۆرانیبێژ.

سوپرسـونیک / sûpersonîk/: [فرانسوی] صفت. ژووره دەنـگ؛ ژووروی دەنـگ؛ زیکتـر لـەوەی ببیسرێ.

سـوپرمارکت / sûpermārket ، ـهـا/: [انگلیـسی] /اسم. سووپرمارکت؛ فرۆشگای گەورە کە چاوەی زۆری بۆ ڕانانی شتومەک هەیە.

سوپری / sûperî ، ـها/: [انگلیـسی]/اسم. [گفتـاری/ ١. خـاوەن یـان فرۆشـیاری سـووپرمارکت ٢. سووپرمارکت.

سوت / sût ، ـهـا/:/اسـم. ١. فیـت؛ فیتـوو؛ فیتـە؛ فیقە؛ فیک؛ فیکە؛ فینکە؛ شیتە؛ شیت؛ پیپیـک؛ ویتـوو؛ دەنگـی زیکـی نـاو دوولێـو، لـە کـاتی دەردانی هەوا ٢. فیـزە؛ هاشـە؛ هووشـە؛ هـاژە؛ کشە؛ ویزە؛ لوەش؛ دەنگی باریک و تیژ بە هۆی تێپەڕینی هەوا بـە درزێکـدا ٣. فیتـک؛ فیتکـە؛ فیفکـە؛ فیتفیتـە؛ فیقفیقـە؛ فیقنـە؛ فیقنـەـە؛ فیـزۆک؛ فیزفیـزۆک؛ ماسـووڵە؛ شـیتەک: /الف/ ئـامێرێکی بـایی بـە شـێوەی لوولەیـەکی بچووک بـە دوو کونـەوە کـە بـە فووکردنـە نێـو یەکیانـەوە، دەنگێکـی زیـق و تیـژی لـێ بـەرز دەبێتەوە ب/ ئامێرێ کە بـە هـۆی فـت بـوونی هەوا یان هەڵم لە ڕەهۆڵ و کـەلێنی، دەنگێکـی بڵێندی لێ هەڵدەستێ.

▣ **سـوت بلبلـی**: فیکـە بولبـولی؛ فیقـەی وەک چریکاندنی بولبول.

▣ **سـوت زدن**: فیکانـدن؛ فیکـانن؛ فیکـەنن؛ فیقانـدن؛ فـیکین؛ یاسـاین؛ فیکەکێـشان/ کێشای؛ فیقەکێشان؛ فیتو لێدان؛ فیکـەکرن؛ شووت کێشان ‹داور سوت زد و پایان بازی را اعلام کـرد: داوەر فیکـەی کێـشا و کۆتـایی کایـەی ڕاگەیاند›.

سوت کردن:/[گفتاری/ توور دان؛ فڕە دان؛ بڕک دان؛ فڕک دان؛ لوورە دان ‹کلاهم را سوت کرد بالای درخت: کلاوەکەمی توور دایە سەر دارەکە›.

هەروەها: **سوت کشیدن**

سـوت کـشیدن: فیکـە کێـشان/ کـردن: ١. فیکانـدن؛ فیکـانن؛ فیقانـدن؛ فـیکین؛ کووفین؛ یاساین؛ شووت کێشان ‹مـردم سوت می کشیدند: خەڵـکی دەیانفیکاند› ٢. /[مجـازی/ شـووت کێـشان؛ دەنگێکـی وەک فیکـە لێهەستان ‹گوشم سوت مـی‌کشد: گـوێم فیکـە دەکیشی›.

سوتسوتک / sûtsûtak ، ـها/:/اسم. فیـکفیکـە؛ فیـت؛ فیتـوو؛ فیکـە و کونـا؛ فیکـەکونێ؛ فیکەواکونا؛ فیکەوەکونێ؛ لیستۆکێکی هلۆل بـە شێوەی مەلێ بە دوو کونەوە کە ئاوی تێدەکـەن و کە فووی پێدا بکەن دەنگێکی وەک چریکەی مەلان بە دی دێت.

سوتک / sûtak/:/اسم. [موسیقی/ جـۆرە سـازێکی بایی چێوی وەک فلووت بە دە کوناوە.

سوتوکور / sût-o-kûr/: صفت. [گفتاری/ قڕوقپ؛ کـپوکـڕ؛ بـێهەسـت و خوسـت؛ بـێدەنـگ؛ ماتومت؛ مامش؛ مـات؛ مـت؛ مـات و مـەلوول ‹وقتی برگشتم، همه رفته بودند و خانه سوت و کور بـود: کاتێ گەڕامەوە، هەموو ڕۆیشتبوون و ماڵ قـڕ و قـپ بوو›.

سـوتی / sûtî ، ـهـا/:/اسم. [گفتـاری/ چۆنیـەتی جووڕیان؛ هەڵەی زمان؛ تەتەڵە کردن.

سـوتیتر / sutitr ، ـهـا/: [؟]/اسـم. لاسـەردێڕ؛ سەردێڕی لاتەکی.

سـوتین / sûtiyan ، ـهـا/: [فرانـسوی]/اسـم. ☜ **سینەبند**

سوخ / sûx ، ـهـا/: *اسم. [گیاەشناسی]* سەلک؛ کەسخ؛ کخس؛ خیسکە؛ خسکە؛ لاسکی خڕ و کورتی ژێرزەوینی برێ ڕووەک.

سوخاری / soxārî, sûxārî/: [روسی]/اسم. سووخاری: ١. /ـها/ نانی چەند لەت‌کراو و برژاو ٢. بریان؛ براشتی؛ بریژیا؛ بورش؛ هەر چەشنە خواردن، بەتایبەت گۆشتی برژاوی مریشک و ماسی.

سوخت / sûxt/: *اسم.* شەوتەک؛ سووتەمەنی؛ سووتەنی؛ کلە؛ ئاوردوو؛ ئاردوو؛ واردوو؛ ئاگوردی؛ سووت؛ سۆخت؛ سوخت؛ کار بووران: ١. /ـها/ ماکێ کە لە سووتانی، گەرما یان وزە بەرهەم دێ ٢. ماکێ کە لێوە وزەی ئەتومی بەرهەم دێ، بەتایبەت لە ڕیاکتوردا ٣. *[مجازی]* سووتە؛ سۆتی؛ ئەوەی تیا دەچێ.

▣ **سوخت زمستانی:** ئازاڵە؛ ئاژاڵە؛ سووتەمەنی تایبەتی وەرزی زستان.

▣ **سوخت شدن:** *[مجازی]* سووتان؛ فەوتان؛ فت بوون؛ تیا چوون؛ لە ناو چوون؛ سۆتەی؛ سووچان؛ سۆچیای ‹تمام دارایيم سوخت شد و چیزی دستم را نگرفت: هەموو سامانم سووتا و شتێکم گیر نەکەوت›.

سوخت‌آما / sûxtāmā/ ☜ **کاربُوراتُور**

سوختپاش / sûxtpāš ، ـهـا/: *اسم.* سووتپاش؛ سووتپژ؛ سووتپژێن؛ کەرستەیەک لە موتور یان ماشینی گەرماییدا کە سووتەمەنی بە تەوژمەوە دەپژێنێتە نێو موتۆرەوە.

سوختگی / sûxtegî ، ـهـا/: *اسم.* سووتاوی؛ سووتیاگی؛ سووچیایی؛ سچیایی؛ شوێنەوار سووتان ‹جای سوختگی: جێی سووتاوی›.

سوختن / sûxtan/: *مصدر. لازم. //* **سوختی:** سووتای؛ **می‌سوزی:** دەسووتی؛ **بِسوز:** بسووتێ// سووتان؛ سووتیان؛ سۆتان؛ سۆچان؛ سووچان؛ سۆچیان؛ سۆچیای؛ سووچیای؛ سچیان؛ سووزان؛ سووزیان؛ سۆزان؛ سۆزیان؛ سۆژان؛ سۆژین؛ سووژیان؛ سۆتن؛ سۆتەی؛ سۆهتن؛ سووتن؛ شووتان؛ شەوتین؛ شەوتان: ١. گڕ گرتن/ گرتەی؛ هەڵگڕان؛ پاتن؛ ئاور بردن؛ ئاگر تێبەر بوون؛ ئاگر تێچوون؛ ئاگر گرتن؛ بە هۆی گڕ، لێکخشان یان هۆکاریترەوە، تێکەڵ بوون لەگەڵ ئوکسیژن و بوونە گەرما، ڕووناکی، گاز، سوخاڵ یان خۆڵەمێش ‹سوختن نفت: سووتانی نەوت› ٢. *[گفتاری]* داگرسان؛ داگرسیان؛ گڕیان؛ هەڵبوون؛ ڕۆشن بوون؛ ئەنەگیسیەی؛ گیسیاینە؛ گڕەی؛ گڕای ‹سوختن چراغ: سووتانی چرا› ٣. لە بەر گەرما یان لێکەوتنی شۆڵە یان ئاگر زیان دیتن ‹سوختن دست: سووتانی دەست› ٤. *[مجازی]* سووتانەوە؛ سووتیانەوە؛ سۆڵیانەوە؛ ئەوەکزیەی؛ کزیایەوە؛ کزیانەوە؛ کووزیان؛ سووزانەوە؛ کووزانەوە؛ کۆریانەوە؛ چووزانەوە؛ سووزیانەوە؛ کاویانەوە ‹گلویم می‌سوزد: گەرووم دەسووتێتەوە› ٥. *[مجازی]* لە کار کەوتنی کەرەستەیەکی کارەبایی بە هۆی دارزان یان تێکچوون ‹سوختن یخچال: سووتانی یەخچاڵ› ٦. *[مجازی]* تووشیاری جخاری دژوار بوون ‹دلم سوخت: دڵم سووتا› ٧. *[مجازی]* گڕگرتن؛ هەڵگڕان؛ داگرسان؛ ئەیرگێرتەی؛ تەریفین؛ هەڵپفان؛ ئاران؛ یەکجار تووڕە بوون؛ ئاگر تێبەر بوون؛ ئاگر تێچوون؛ ئاور تێچوون؛ هەڵچوون ‹از این حرف من سوخت: لەم قسەیەم گڕی گرت› ٨. *[کنایی]* فەوتان؛ تیا چوون؛ ئاگر تێبەر بوون؛ ئاگر تێچوون ‹تمام سرمایه‌اش سوخت: تەواوی دەسمایەکەی سووتا› ٩. *[مجازی]* فت بوون؛ هەڵەکردن یان دۆڕاندن لە گەمەی بە کۆمەڵی منداڵانەدا ‹برو بیرون، تو سوختی: بچۆ دەرەوە، سووتای›. هەروەها: **سوختنی**

■ صفت فاعلی: **سوزنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **سوخته** (سووتاو)/ مصدر منفی: **نَسوختن** (نەسووتان)

▣ **سوختن و ساختن:** *[مجازی]* کردن و ساچان؛ ڕەنج‌کێشان و هەڵکردن.

سوخت‌وساز / sûxt-o-sâz/: *اسم.* *[زیست شناسی]* سووت و ساز؛ ڕەوتی فیزیایی و کیمیاوی ژینەوەر کە ماکی بژیوی وەردەگرێ، تێکەڵی دەکا، لێکی دەدا و دەیکاتە وزەی ژیان.

سوخت‌وسوز / sûxt-o-sûz/: *اسم.* *[گفتاری]* قت‌وفت؛ کار یان ڕەوتی سووتان؛ ماڵ تیا چوون؛ دارایی لە کیس چوون ‹معامله با او سوخت و سوز ندارد: مامەڵە لەگەڵیدا قت‌وفتی نیە›.

سوخته[1] / sûxte/: *اسم.* سووختە؛ ژەنگی ترياک کە وەک توێژێکی ڕەق بە دیوارەی وافوورەوە دەنیشێ.

سوخته[2]: *صفت.* ١. سووتاو؛ سووتیاگ؛ سۆتە؛ سۆتێ (بۆ مێ)؛ ڕەشەوە بوو بە هۆی سووتان ‹نان سوخته: نانی سووتاو› ٢. *[مجازی]* فەوتاو؛ سووتاو ‹طلب سوخته: قەرزی فەوتاو› ٣. تاڵ؛ تۆخ؛ ئاماڵ ڕەش ‹قهوەای سوخته: قاوەیی تاڵ›.

سود / sûd/: *اسم.* ١. سوو؛ سوود؛ قازانج؛ قانجاز؛ قانزاج؛ کەڵک؛ کار؛ هاڤل؛ باو؛ با؛ بەهرە؛ نەف؛ نەحف؛ نەهف؛ مەفا: *الف)* دەرامەد؛ داهات؛ داهاتێ کە لە دان و ستان یان سەرمایە دانان بەدەست دێ، بەتایبەت لە فرۆشتنی کالایەک بە نرخێ پتر لە نرخی تەواو بوو ‹سود خالص: سوودی پەتی› *ب)* فایدە؛ فێدە؛ ئاکامی باش و دڵخواز لە کارێ ‹سود این کار دادن آگاهی به مردم است: قازانجی ئەم کارە وریاکردنەوەی خەڵکە› *پ)* بەهرە؛ بێر؛ بارە؛ باهر ‹سود بانکی: سووی بانکی› ٢. فایدە؛ فێدە؛ ئاسەواری خۆش و دڵخوازی شتێک ‹سود این گونه زندگی چیست؟: بەهرەی ئەم جۆرە ژینە چیە؟› ٣. [فرانسوی] *[شیمی]* سوود؛ هیدروکسیدی سدیۆم.

▣ **سود خالص/ ویژه:** خێر/ قازانج/ سوودی پەتی/ تایبەت؛ ڕادەی زۆرتربوونی نرخی فرۆش لە نرخی سەندن و هەموو خەرجێکی لە سەر یەک.

سود سپرده: خێر/ قازانج/ سووی سپاردە؛ قازانجێ کە دەخرێتە سەر پارەیێک کە لە بانک دانراوە.

سود سهام: خێر/ قازانج/ سوودی بەشان؛ ئەو داهاتەی بەشدارگە کە لە نێوان خاوەنەکانیدا بەش دەکرێتەوە.

▣ **سود بردن/ کردن:** قازانج‌کردن/ بردن؛ خێر کردن؛ بەهرە پێ‌گەیشتن/ بردن؛ خەیرکردن؛ فێدەکردن/ بردن؛ هاڤل بوون ‹از این کار سالی صد میلیون سود برده است: لەم کارە ساڵێک سەد میلیۆن قازانجی کردووە›. هەروەها: **سود داشتن**

سود جستن: بەهرە بردن؛ کەڵک وەرگرتن ‹از امکانات دیگران هم سود می‌جست: لە هەل و دەرفەتی خەڵکیش بەهرەی دەبرد›.

سودآور / sûdâvar/: *صفت.* خێرەوەدەر؛ قازانج‌دەر؛ خێردەرەوە؛ خێرەوەدا؛ سوودهێنەر ‹فعالیتهای سودآور: کار و باری خێرەوەدەر›.

سودآوری / sûdâvarî/: *اسم.* کەڵکدەری؛ خێرەوەدەری؛ قازانجدەری؛ بار و دۆخی قازانجدەر بوون؛ سوودهێنی ‹تازه کارخانه به سودآوری رسیده است: تازە کارخانە گەیشتۆتە کەڵکدەری›.

سودا / sowdā, so:dā/: *اسم.* سەودا: ١. دان‌وستان؛ دان‌وسان؛ کڕین و فرۆتن؛ داوپسین؛ داوستە؛ ئاڵ و وێر؛ داوستەد؛ مامەڵە؛ داوپسەت ‹با بدعهدان سودا نکنید: لەتەک بێ‌بەڵێناندا سەودا مەکەن› ٢. [عربی] *[روان‌شناسی]* *الف)* مەراق؛ هەڵشڵەژاوی ڕەوان و تێکچوونی هۆشی ئادەمیزاد بە هۆی ماتەمینیەوە، کە ئەبێتە هۆی خرۆشانێکی گشتی لەو کەسەدا کە لە خۆیەوە پێدەکەنێ و ئەگری و لە دواییدا مات دەبێ *ب)* گەللایی؛ هووکی؛ هۆکی؛ مالیخولیایی؛ میلانخۆلی؛ ماخۆلان؛ واسواسی؛ وەسواسی ٣. [عربی] *[مجازی]* خەیاڵ؛ گز؛ شەقرەشک؛ هەوا ٤. [عربی] *[قدیمی]* لە چوارهیمی سەرەکی

سروشتی مرۆڤـه کـه وایـان دەزانی لـه سپـڵدا پێـکـدێ ٥. [عربـی]/[مجـازی] بـیرۆ؛ گەزەنـەک؛ بیرۆڤ؛ گەزەنـە؛ خۆلیـا؛ گزنـەک؛ بـیرۆی تـەڕ؛ نەخۆشیەکی پێستە.

▣ **سـودا پخـتن:** [مجـازی] خـەیاڵپـڵاو کـردن؛ ئارەزووی بەتاڵ کردن.

سودا کردن: مامەڵە کردن؛ ئاڵ و وێر کـردن؛ دان‌وستان کردن.

سودای چیزی در سر داشتن: هەوای شتێک لە سەردا بوون؛ لە بیر و بە شوێن شتێکدا بـوون ‹سودای ریاست در سر داشت: خولیای سەرۆکی لـە سەردا بوو›.

سـودائی / sowdā'î, so:dā'î/: [عربـی] ☜ **سودایی**

سـودازده / sowdāzade, so:dā-/، ـها؛ ـگان: [عربـی/ فارسـی] صـفت. [ادبـی] مـەراق کـردوو؛ ماخولیانی؛ ماخولە؛ هاژ و واژ.

سـوداگر / sowdāgar, so:dā-/، ـها؛ ـان: اسـم. [ادبی] بازرگان؛ مامڵەیەر؛ مامەڵەگەر؛ سـەوداکار؛ کەسێ کە دان‌وسان دەکا.

سـوداگری / sowdāgarî, so:dā-/: اسـم. ١. بازرگانی؛ سـەوداکاری؛ مامـڵەگەری ٢. ☜ **مِرکانتلیسم**

سـوداوی / sowdāvî, so:dāvî/: [عربـی] صـفت. سەودایی؛ سەوداوی: ١. ماخولیـانی؛ خولیـانی؛ ماخولیاوی ‹بیمار سوداوی: نەخۆشـی ماخولیـانی› ٢. مگێزی سەودایی؛ تووشی ئاوات و ئـارەزووی دوور و درێژ و بن‌شڕ.

سـوداوی‌مـزاج / sowdāvîmezāc, so:dāvîmazāc/، ـها: [عربـی] صـفت. تاوتـاوی؛ دەمدەمـی؛ وازوازی؛ حـول‌حـولی؛ دەمدەمـی مەزاج؛ عەنتەرمەزاج؛ هۆکی-هۆکی.

سـودایی / sowdāyî, so:dāyî/: [عربـی] صـفت. [روان‌شناسی] ماخولیـانی؛ خولیـاوی؛ خـەیاڵاوی؛ وازوازی؛ تووشیاری نەخۆشی ماخولیا: **سودائی**

سـودبخش / sûdbaxš/: صـفت. سـوودمەند؛ قازانجدەر؛ بە کەڵک ‹نسخەای کـه پزشـک تجـویز کرد سودبخش بود و بیمار شـفا یافـت: پـسوولەیێ کـە بژیشکەکە نواندی سوودمەند بوو و نەخۆشەکە چاک بووەوە›.

سودجو / sûdcû/، ـها؛ ـیان: صفت. قازانجـەکی؛ سووپەرسـت؛ هەلپەرسـت؛ لـە دووی قـازانج و سووی خۆ بەبـێ ڕەچـاوکردنی سـوود و زیـانی خەڵک. هەروەها: **سودجوئی**

سودگرایی / sûdgerāyî/: اسم. قـازانج‌خـوازی؛ کەڵکوازی؛ ئامۆژەیەکی باو لە وڵاتـانی ڕۆژئـاوادا کـە دەڵـێ هـەرچی قـازانجی هەیـە باشـە و هەڵس‌وکەوتی دروست ئەوەیە کـە قـازانجێکی بە دواوە هەبێ: **اصالت فایده؛ اصالت نفع**

سـودمند / sûdmand/: صـفت. بەکەڵـک؛ سوودمەند؛ سوودمەن؛ خێـر؛ قازانجـدار: ١. بـە سـوود؛ پڕخـێر ‹معاملـەی سـودمند: دان و سـانی بەکەڵک› ٢. بەفایدە؛ فێدەمەند؛ بە شوێنەوا یان ئەنجامێکی دڵخواز ‹فعالیت سودمند: کار و چـالاکی سوودمەند›.

سودمندی / sûdmandî/: اسم. خێـر؛ دابـەری؛ سـوودمەندی؛ قازانجـداری؛ قازانجـدەری؛ دۆخ یان چوناوچۆنی بـەقازانج بـوون ‹سودمندی ایـن برنامه در عمل معلوم می‌شود: خێری ئەم بەرنامەیە لـە کاردا دەردەکەوێ›.

سودن / sûdan/: مصدر. [ادبی] ساوان؛ سوان؛ پیـا ماڵین؛ پێدا هێنان؛ لێخستن؛ ڕێخستن؛ ساین؛ ساوین؛ سـاوای؛ سـاوەی؛ پیـا سـاوین؛ سـوون. هەروەها: **سودنی**

■ صـفت مفعـولی: **سـوده** (سـواو)/ مـصدر منفـی: **نَسودن** (نەسوان)

سور / sor/ ☜ سرو خمره‌ای، **سرو**

سور / sûr/: اسم. سـوور: ١. سـوورانە؛ میـوانی؛ خرێفەک؛ بانگهێشتنی زۆرتر وێـڕای خـواردن و خواردنەوە ٢. شایانە؛ سـووران؛ هانـگ؛ داوەت؛

جێــژن؛ شــادمانی؛ گــۆوەن؛ گۆبــەن؛ گۆبەنــد؛ گۆڤــەند؛ شــایی؛ بــەزم ٣. هێــڵی لــە درێژایــی مۆغەرەی پشتی برێ چارەوایان ٤. چارەوایێ کـە هێڵی وای هەیە.

▣ **سور دادن:** سوورانە دان؛ شایانە نان؛ دیـلانی دان ‹حالا که کارت درست شده باید سور بدهی: ئێستە کە کارەکەت ڕێکی هاتووە، دەبێ سـوورانە بدەی›.

سوراخ [1] / sûrāx ، ـها/: اسم. کـون؛ کونـا؛ کنـا؛ کوان؛ کوتە؛ سیلا؛ سیلاخ؛ قول؛ قولیلک؛ سۆنت؛ نقول؛ نوقول؛ ولـە؛ قلیـل: ١. هـلۆلی؛ شـەبەق؛ بۆشاییەکی خڕ و کەم تا زۆر قووڵ لـە ڕووبـەری شتێکدا ٢. کەلما؛ هێلانەیێ کە گیانـەوەران بـە هەڵکۆڵینی شوێنێ یان لە دەرەتـانێکی تەنگـدا بەدی دێنن ‹سوراخ مار؛ سوراخ مـوش: کونـی مـار؛ کونـە مـشک› ٣. هـەر یـەک لـە دەرەتانگـەلی ئەنـدامانی لـەش ‹سـوراخ گـوش: کونـی گـوێ› ٤. دڕاویــەکی گچکــە ‹ســوراخ جــوراب: کونــی گۆرەوێ› ٥. *[مجازی]* کوویژرک؛ کـازێر؛ قـوژبن؛ قولینچک؛ سووچی تەنگەبەرە و بێفەڕ.

▣ **سوراخ بینـی:** خـڕناش؛ بـڕناخ؛ قولـێ بێـڤل؛ فڕمک؛ ولـۆ لووتـێ؛ کونەکـەپۆ؛ کونـەتفنک؛ کونەلووت.

سوراخ سـوزن: کونـە/ کونـای دەرزی؛ کنـای دەرزی: ١. سۆ؛ سۆما؛ ولۆچـەنێ؛ کوتەسـیزە؛ قولی دەرزی؛ کونی بن دەرزی کە بەنی لێـوە تێپەڕ دەکەن ٢. *[مجازی]* وڵەچەن؛ کونـێ زۆر بچووک و ڕیز.

سوراخ کلید: کلر؛ کلـیر؛ کـونی دەرگـا؛ ولـۆ بەرەی؛ جێکلیل لە دەرکـەدا ‹از سوراخ کلیـد داخل اتاق را نگاه کـردم: لـە کلرەکـەوە بـۆ نێـو ژوورەکەم ڕوانی›.

▣ **سوراخ دعا را گم کـردن:** *[تعـریض]* ڕاسـەڕێی ژێری ونکردن؛ کاری نابـەجێ کـردن ‹داداش تو سوراخ دعا را گم کردەای، عـوض ایـنکـە خانـە بخری، پولت را دادی به این ابوطیاره: بـرا ڕاسـەڕێی ژێریت ونکـردووە، لـەبری ئـەوەی مـاڵ بکـڕی، پارەکەت داوەتە ئەم لۆقلۆقەیە›.

سوراخ شدن: کون بوون؛ کون تێبـوون؛ قـول بوون؛ کونا بوون؛ قۆقلین؛ وڵە بیەنەی/ بیەینە ‹زانوی شلوارم سوراخ شد: سـەر ئـەژنۆی شوالـەم کون بوو›. هەروەها: **سوراخ بودن؛ سوراخ کردن**

سوراخ [2]: *صفت.* کون؛ کونا ‹جیب سـوراخ: گیرفـانی کون›.

سـوراخسـنبه / sûrāxsombe, -sonbe/ ☜ **سوراخوسنبه**

سوراخوسنبه / sûrāx-o-sombe, -sonbe ، ـها/: *اسم.* کونوقوژبن؛ کـونوبـون؛ کوناوبنـا؛ کـون و کازێر؛ کەلێن و کولێن؛ کون و کەلەبەر؛ جێگای پێچ و بەرچاونـەگر بـۆ شـت شـاردنەوە ‹همـەی سوراخ و سنبەها را گشتند و چیزی نیافتند: هەموو کـون و قوژبنێکیـان پـشکنی و شـتێکیان نەدۆزیـەوە›: **سوراخسنبه**

سورپریز / sûrprîz/: [فرانسوی] *اسم.* سـوورپریز؛ کـاری چـاوەڕواننـەکراو کـە دەبێتـە هـۆی خۆشحاڵی کەسانیتر.

سورتر / sorter/: [فرانسوی] ☜ **سُرتر**

سـورتمه / sûrtme ، ـهـا/: [ترکـی] *اسم.* کاشـە؛ خزاگ؛ تـاخورک؛ پێگـۆزی بـێچـەرخ کـە لـە شـوێنی بەستەڵـەک و بـەفردا بـە خلیـسکان دەکێشرێ.

سـورچران / sûrčarān/: *صـفت. [مجـازی]* ورگلەوەڕێن؛ مووسەل؛ چەورە؛ چـڵێس؛ زکـن؛ لـەگام؛ وەردەک؛ لـەم لەوەڕنـە؛ سـکچـەرێن؛ هۆکارە بە زگ بەردانەوە.

سـورچرانی / sûrčarānî ، ـهـا/: *اسـم.* ورگلـەوەڕێنی؛ سـکچـەرێنی؛ مالانگـەڕی بـۆ خواردن و زگ بەردانەوە.

سورچی / sûrčî ، ـها؛ ـان/: [ترکـی] *اسم.* ئـاژۆر؛ ئاژوان؛ لێخوڕ؛ ڕانبار؛ ڕاننده (بەتایبەت ئی گاری و

دروشکه).

سوورئالیست / sûr.re'ālîst ، ـها/: [فرانسوی] صفت. سووررئالیست: ١. پەیڕەو یان لایەنگری سووررئالیسم ٢. ☜ **سوورئالیستی**

سوورئالیستی / sûr.re'ālîstî/: [فرانسوی] صفت. سوورئالیستی؛ سەر بە سووررئالیسم: **سورئالیست ـ٢**

سوورئالیسم / sûr.re'ālîsm/: [فرانسوی]/اسم. سوورئالیسم؛ بزووتنەوەیەکی وێژەیی و هونەری کە بڕوای بە وێناکردنی ئازادانە و ڕاشکاوی زەین و هزرە، بێ ئەوەی ئاوەز، ژیری یان داب و نەریت دەستیان تێوەردا و بیانگۆڕێ.

سورسات / sûrsāt/: [ترکی]/اسم. [گفتاری] سوورسات؛ تۆشە و تفاقی پێویست ‹فردا مهمان داریم و باید از امروز سورسات مهمانی را فراهم کنیم: سبەینێ میوانمان هەیە و هەر لە ئەمڕۆوە دەبێ سوورساتی میوان دابین کەم›: **سیورسات؛ سور و سات**

سورشارژ / sûršārj ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. سوورشارژ؛ پارەیەکی زێدە و زۆرتر لە نرخی ئاسایی بۆ جۆرە ڕاژەیێ کە بە گۆڕانی هەل‌ومەرج وەردەگیردرێ ‹کشتیها برای هر هفته تأخیر در تخلیه‌ی بارشان، سورشارژ می‌گیرند: گەمیەکان بۆ هەر حەوتەیەک دواکەوتنی داگرتنی بارەکانیان، سوورشارژ دەستێنن›.

سورمه‌ای / sorme'î/ ☜ **سُرمه‌ای**

سورنا / surnā/ ☜ **سُرنا**

سورنجان / sûrancān ، ـها/: اسم. گوڵەگەزیزە؛ گوڵەئاوەنیا؛ گوڵەجووتیار؛ گوڵەجووتێرە؛ گوڵەعەزرەتی؛ گوڵەخەیارک؛ گوڵەپاییزە؛ جووتیارۆک؛ بەنگلەژیلە؛ بکێڵومەکێل؛ بکێڵەیپاییز؛ پیازی هوورچ؛ سوورنجان؛ سووریجان؛ زەعفەرانی مێرگ؛ گیایەکی ئالیکی گوشتن و سەلک‌دارە بە گەڵای درێژ و باریک و نووک‌تیژ و بێ‌کوڵکەوە، بە ڕەنگی سەوزی تۆخ، گوڵی بنەوش و بەری کەپسوولی دەنک زۆر، کە گوڵ و سەلک و دانەکەی بۆ دەرمان دەبن.

سور و سات / sûr-o-sāt/: [ترکی] ☜ **سورسات**

سوره / sûre ، ـها/: [عربی]/اسم. سوور؛ سوورەت؛ هەر یەک لە پاژگەلی جیاوازی قورعان کە بۆ خۆی دەبێتە چەند ئایەت.

سوری[1] / sûrî ، ـها/: [عربی]/اسم. سووری؛ سووریەیی؛ سوورییایی؛ هەر کام لە خەڵکی وڵاتی سووریە.

سوری[2]: صفت. ١. بەزمی؛ گۆڤەندی؛ دیلانی؛ ئۆگری مێوانی و ڕابواردن ٢. [عربی] سووریەیی؛ سوورییایی؛ سووری؛ پێوەندیدار یان سەر بە وڵاتی سووریە.

سوز[1] / sûz/: اسم. سۆز؛ کزە؛ سۆژ؛ سۆزە؛ سزە: ١. [مجازی] ئەوەی دەبێتە هۆی ئازاری لەش یان ڕەوان ‹سوز سرما؛ سوز غم: کزەی سەرما؛ سۆزی خەم› ٢. [مجازی] کەزلاتەی دەروون ‹سوز جان: کزەی گیان› ٣. سەقەم؛ سۆڵە؛ کزەبا؛ سر؛ سوو؛ تۆژن؛ بای وێڕای ساردی.

⊡ سوز آمدن: سۆزکردن؛ کزە هەڵکردن؛ کزە هاتن؛ کزە هۆرکەردەی؛ سۆڵەبا/ کزەوا هەڵکردن.

ـ سوز[2]: پیواژه. ـ سووتێن؛ ـ شۆز؛ ـ سۆز؛ ـ سۆژ: ١. ـ کزێن؛ هۆی ئازار و سووتان ‹جانسوز: گیانسووتێن› ٢. ـ سۆچن؛ سووتێنەری شتێک ‹نفت‌سوز: نەوت‌سۆز›.

سوزآور / sûzāvar/: صفت. سووتێنەر؛ بە تایبەتمەندی و قەوەتی سووتاندنەوە ‹سود سوزآور: سوودی سووتێنەر›.

سوزاک / sûzāk/: اسم. سۆزەنەک؛ سوسەنەک؛ نەخۆشیەکی چلکی جنسی گیرۆدارە کە بە ئاییسان و سووتانەوەی میزەڕۆوە دەناسرێ.

سوزان[1] / sûzān/: صفت. بەتین؛ بەتین‌وتاو؛ زۆر گەرم ‹عشق سوزان: ئەوینی بەتین›.

ـ سوزان[2]: پیواژه. ـ سووتان ‹کتاب‌سوزان:

کتێبسووتان›.

ســـــوزاندن / sûzāndan/: مــصدر. متعــدی. // **سوزاندی:** سووتاندت؛ **می ســوزانی:** دەسووتێنی؛ **بِــسوزان:** بسووتێنە// ســووزاندن؛ ســووتاندن؛ ســووزانن؛ شــەوتاندن؛ شــوتاندن؛ داچزانــدن؛ ســـووتانن؛ ســـچاندن؛ ســـچانن؛ ســـۆزاندن: ١. ئاگردان؛ گڕ تێبەردان؛ سۆژاندن؛ سۆژتاندن؛ سوژاندن؛ سۆچنەی؛ سۆچنای؛ گڕنەی؛ گـڕنای؛ ئــەیر دەی؛ ئــایر دای؛ بــۆ ســـووتەمەنی و بەرهەمهێنانی گەرما، کەڵک لە شتێ وەرگـرتن ‹روزی ٢٠ لیتر نفت مـیسـوزاند: بـە ڕۆژێـک ٢٠ لیتـر نـەوت دەســووتێنی› ٢. هەڵـکردن؛ داگرساندن؛ ئایساندن؛ ئەنەگیسنەی؛ گیسنایەنە؛ ڕۆشن کردن؛ بـۆ بەرهــەمهێنانی ڕوونـاکی کەڵــک لــە شــتێ وەرگرتن ٣. بە هۆی ئـاگر یـان گـەرماوە، تێدا بــردن ‹ســوزاندن زبالــه: سووتاندنــی زبــڵوزاڵ› ٤. *[مجازی]* ئاوردان؛ ئاگر تێبەردان؛ بەهەجاندن؛ ئاراندن؛ زۆر تـووڕەکردن ٥. *[مجـازی]* ئێـشاندن؛ تەزاندن؛ ئازراندن یان خەمی یـەکجاری پێـدان ٦. *[پزشکی]* لابردنی بالووک و خاڵ بە لەیزر یـان کارەبا یان ماکی کیمیاوی ٧. تووزاندن؛ بـە داغ یان گەرمی، ئازارگەیاندن ‹فلفل دهـانم را سـوزاند: ئالــەتەکە دەمــی ســووتاندم› ٨. ســووتاندنەوە؛ سۆلاندنەوە؛ ئەوەسۆڵنەی؛ سۆڵنایوە؛ کزاندنــەوە؛ چووزاندنەوە؛ تووزاندنەوە؛ ئەوەکزنەی؛ کزنـایوە؛ کووزاندنەوە؛ تووشیاری سۆزشت یان ژان کـردن

* **سوزانیدن**. هەروەها: **سوزاندنی**

■ صـفت فـاعلی: **ســوزاننده** (ســووتێنەر)/ صـفت مفعـولی: **ســوزانده** (ســووتێنراو)/ مـصدر منفـی: **نَسوزاندن** (نەسووتاندن)

سوزانیدن / sûzānîdan/ ☜ **سوزاندن**

سوزش / sûzeš ، ـها/: اسم. کـزە؛ کـووز؛ چـووز: ١. کاوە؛ کـار یـان ڕەوتی ســووتانەوە، برژانــەوە، تووزانەوە، چووزانــەوە، چووزینــەوە، ســووزانەوە، کاویانــەوە، کزانــەوە، ئــەوە کزیــەی، کزیـایوە؛ هەستی ژانی پێست بە هۆی لێکـەوتنی داخــی ٢. کزانەوە؛ چووزانەوە؛ خورانــەوە؛ هەســتی ژان بـە هــۆی تێــڕۆچوونی شــتێ (وەک چــز، دڕک، فیشەک و...) لە پێستدا ٣. هــەر شــتێکی لــەو چەشنە ‹سوزش غم: کزەی خەم›.

ســوزمانی / sûzmānî/: صفت. *[گفتـاری]* پــەتیار؛ سووزانی؛ لەوەن؛ سووزمانی؛ جلف؛ سووکە سەر (بۆ کچ و ژن).

ســـوزن / sûzan ، ـهـا/: اسم. دەرزی؛ دەرزە؛ دەرزن؛ دەرژەن؛ سیزە؛ سیزی؛ سووزن؛ شویژن؛ چــەنی: ١. ئـــامێری دروومـــان بـــە شـــێوەی میلەیەکی پۆلایی و چکۆلە و باریکی نـووکتیـژ بە کونێکی ڕیز لـەوبنیـەوە بـۆ تێخـستنی بـەن ٢. *[قــدیمی]* شـــرینقە؛ ســـورەنگ ٣. *[قــدیمی]* ئەمپوول ٤. میلەی نووک تیـژی مقەنەزمـە کـە دەبێتە هۆی تەقینەوەی گـوللە ٥. *[گیاەشناسـی]* دڕک؛ دڕوو؛ چقـڵ؛ چــەقڵ ٦. *[مجـازی]* هــەر شــتێکی وەک دەرزی ‹ســوزن گرامـافون: دەرزی گرامافون› ٧. سۆژن؛ سووژن؛ کەرەستەیەک بـە شێوەی دوو ڕەیلی بزۆک، بەلکامێرەکانیەوە، بـۆ گۆڕانی هێڵی قەتار یان لکومۆتیو.

▣ **سوزن تە گرد** ☜ **سنجاق تەگرد**

▣ **سوزن بە تخم چشم خـود زدن:** *[مجـازی]* خـۆ کوێرکردن؛ دوورین و خەیاتی زۆرکردن ‹برای یک لقمە نان سوزن بە تخم چشمم میزنم: بۆ پاروو نانێک خەریکم خوم کویر دەکەم›.

سوزن زدن: ١. دەرزی پێوەکردن؛ پینەوپـەڕۆ کردن؛ تەقەڵ لێـدان؛ دروومـانکـردن ‹برای گذران زندگی بچەها از صبح تا شب سوزن میزند: بۆ بەڕێوەچوونی ژیانی منداڵـەکان لـە بەیانیـەوە تـا ئێـواریٚ هــەر دەرزی پێـوە دەکـا› ٢. دەرزی لێدان؛ دەرزی وەشاندن؛ چەن شـەی/ شـای؛ ئـامپۆل لێـدان ٣. *[گفتـاری]* دوو تـاڵ دەزوو پێـــوەکردن؛ دووران؛ دروان؛ دوورینـــــەوە؛ ئەوەوراسەی؛ چەن وەنە دای ‹این دگمـە شل

شده، بگیر دو تا سوزن بهش بزن!: ئەم دوگمە شل بۆتەوە، هانێ دوو تالە دەزووی پێوە کە!›.

سوزن ـــ سوزن شدن: *[مجازی]* تەزین؛ دەرزیئاژن بوون؛ چەنئاژین بیەی ‹پاهایم سوزن‌ـسوزن می‌شد: پێم دەتەزین›.

سوزن شدن و به زمین فرو رفتن: *[مجازی]* بوون بە تکێ ئاو و چوون بە زەویا؛ زەوی قووت دان یا ئاسمان هەڵلوشین؛ بە نان هاتن و بە ئاو قووت دریان؛ بە تاڵی موو بوون و لە ئاسمان و زەویدا نەمان؛ نوقم بوون؛ مەحفەو بوون.

سوزن نخ کردن: دەرزی پێوەکردن؛ دەزوو بە دەرزیەوەکردن؛ مەچیرکردنە کونای دەرزیدا؛ چەن کەردە پۆنەی ‹چشمم خوب نمی‌بیند، بگیر این سوزن را نخ کن!: چاوم کز بوون، ها ئەم دەرزیە پێوەکە!›.

سوزناک / sûznāk/: *صفت.* بەسۆز؛ سۆزناک؛ سۆزاوی؛ خەماوی یان خەمهێنەر ‹آواز سوزناک: هەوای بەسۆز›.

سوزنبان / sûzambān, sûzanbān ، ـها؛ ـان/: *اسم.* سووژنوان؛ سۆژنوان؛ مەقەسچی؛ کارگێری ڕێئاسن کە لە شوێنی لق لێوە بوونی هێڵەکاندا بە بەستنی هێڵی لاتەکی، قەتار بەرەو هێڵی سەرەکی خۆی ڕێنوێنی دەکا. هەروەها: **سوزنبانی**

سوزن‌دان / sûzandān ، ـها/: *اسم.* دەرزیدان؛ دەرزندان؛ دەرزیدانک؛ کۆرەدەرزی؛ سووزندان؛ چەندان؛ کیسە یان قوتوولەیەک بۆ جێ دەرزی.

سوزنکاری / sûzankārî ، ـها/: *اسم.* دەرزیکاری؛ نەقش و نیگاری بە سەر پارچەدا دووراو.

سوزنکش / sûzankeš/ ☜ **سنجاق‌کش**

سوزن‌ماهی / sûzanmāhî ، ـها؛ ـان/: *اسم.* ماسیە دەرزیلە؛ دەرزی ماسی؛ ماسیەکی پێشەداری لەش‌ناسک و درێژە بە قاپێلکی ڕەقەوە.

سوزن‌نخ‌کن / sûzan.naxkon ، ـها/: *اسم.* بەن تێخەرە؛ بەن پێوەکەر؛ کەرەسەیێ بۆ بەن کردنە دەرزیەوە.

سوزنی[1] / sûzanî ، ـها/: *اسم.* *[قدیمی]* دۆشەکچە؛ تیکە پارچەیەکی لە جنسی ترمە، مەخمەڵ یان کەتان بە نەخشی ڕازاوەی دووراوە کە پتر لە جل کەندنی حەمامدا بۆ لە سەردانیشتن دایاندەنا.

سوزنی[2]: *صفت.* ۱. دەرزیلەیی؛ دەرزینە؛ وەک دەرزی؛ نک‌تیژی ‹برگهای سوزنی: گەلا دەرزیلەییەکان› ۲. سووژنی؛ دەرژەنی؛ سەربە دەرزی یا پێوەندیدار بە دەرزیەوە ‹طب سوزنی: بژیشکی سووژنی›.

سوزنی‌برگ / sûzanîbarg ، ـها؛ ـان/: *اسم.* گەلادەرزیلە؛ گەلادەرزیلەیی؛ گیا بە تایبەت دار و دەوەنی لێڕەواری کە گەلاکانی درێژ و باریک هەر وەک دەرزی یا وەک پووڵەکەیە و زۆرتر لە ناوچەگەلی ساردەسێردا دەبینرێ (وەک کاج، سەوڵ و...).

سوزوگداز / sûz-o-godāz/: *اسم.* *[ادبی]* کوڵوکەسەر؛ دەرد و مەینەت؛ دەرد و ئازار؛ خەم و جەخار؛ خەم و خەفەت؛ مەراق ‹این همە سوز و گداز از پی چیست؟: هۆی چیە ئەم هەموو کوڵ و کەسەرە؟›.

سوزیخانە / sûzîxāne ، ـها/: *اسم.* سووتێنگا؛ بینایەک جار و بارە لە پەنا پەرسگەوە (لە هەندێک وڵاتان)، کە لاشەی مردوانی تێدا دەسووتێنن و دەیکەنە بووڵ.

سوژە / sûje ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* مژاد؛ درگە؛ درخە؛ بابەت؛ کرۆک؛ هەیبەر؛ کاربەند ‹کارهایش شدە بود سوژەی جوک: کارەکانی ببووە مژادی تیتاڵی›.

▣ **سوژەی داغ:** *[مجازی]* قاڵە باس؛ قاڵ ‹برای مقالات یک سوژەی داغ پیدا کردەام: بۆ وتارەکەت قاڵە باسێکم دۆزیوەتەوە›.

سوس / sûs/ ☜ **شیرین‌بیان**

سوسپانسیون / sûspānsiyon/: [فرانسوی] *اسم.*

[شیمی] سووسپانسیۆن: ١. دۆخی تەنێک، کاتی گەردیلەکانی لەگەڵ تراو یان نەگۆڕێکدا تێکەڵ ببێ بەڵام تێیدا نەتوێتەوە ٢. تەنێک بەتایبەت تراوێ کە ئەم دۆخەی هەبێ.

سوسری / sûsarî ، ـها/: اسم. سیسرگەچەپەڵە؛ خزۆک؛ قالۆچەی حەمام.

سوسک / sûsk, susg/: اسم. قالۆچە؛ قالۆنچە؛ قولاچە؛ قۆلانچە؛ قولانجە؛ قالونچک؛ قۆلانچێ؛ قالورە؛ قۆلە؛ خروک؛ خازباز؛ خازیبار؛ کێز؛ کێزک؛ قالۆچەی کەسک؛ ناوی گشتی مێروانی باڵقاپ بە چوار باڵەوە کە دووی سەروویان ڕەق بووە و دووی ناوەوە دەپارێزێ.

◘ **سوسک حمام**: سیسرگە چەپەڵە؛ خزۆک؛ قالۆچەی حەمام.

سوسک طلایی: قالۆنچە زەردە؛ مێروویەکی زل و هێواش ڕەوتە، بە ڕەنگی زێڕی ئامال سوور کە هێرش دەباتە سەر کشت و کاڵی چۆنەر و چۆنەرقەن، مێوینەکەی لە بن زگەوە شاخۆکەیێ تیژی هەیە زەوی پێ هەڵدەکۆڵێ.

سوسمار / sûsmār ، ـها؛ ـان/: اسم. مارتوولە؛ مارمێلکە؛ مارمالووک؛ مارمزووک؛ مارمەزووک؛ مارگیسک؛ مارگیس؛ سووسەمار؛ مالمالک؛ قۆریانە؛ مالمالۆک؛ مارشێوک؛ بلقەدەر؛ شەوگەرد؛ خلنەزەر.

◘ **سوسمار شاخدار**: مارمێلکەی شاخدار؛ جۆرێ مارمێلکی دنیای تازە (ئەمریکا و ئوسترالیا) بە لەشی پان و تەخت و دڕکن و دووشاخی گەورە بە سەریەوە.

سوسمارماهی / sûsmārmāhî ، ـها؛ ـان/: اسم. مارمێلکە ماسی؛ جۆرێ ماسی تایبەتی زەریای ناوچەی ئوستوا.

سوسن / sûsan ، ـها/: اسم. سوێسنە؛ سووسن؛ سۆسن؛ سوێسن؛ گوڵەسۆسەنێ؛ سێسنە؛ سیسەن؛ کاری؛ پەلیزە؛ گیای سەلکداری هەمیشەیی، بە گەڵای درێژ و باریک و گوڵی هێشووی هەمەڕەنگەی گەورە و بۆنخۆشەوە.

سوسنبر / sûsambar, sûsanbar ، ـها/: اسم. سووسەمبەر؛ سووسەنبەر؛ سیسەنبەر؛ جاترەمە؛ جاترەکێویلە؛ هەزبیلەکێویلە؛ چەشنێک جاترەی بۆنخۆش بە گوڵی سپی مەیلەو ئاڵ و گەڵای پان و ددانەدارەوە کە بۆ مەبەستی بژیشکی و بەهارات و عەترسازی بەکاردێت.

سوسن‌عنبر / sûsan'ambar, -'anbar/: [فارسی/ عربی] ☜ **سوسَنبَر**

سوسنی[1] / sûsanî/: اسم. سوێسنەڕەنگ؛ سووسنی؛ ڕەنگی ئاڵ بە تامێکی بنەوشەوە.

سوسنی[2]: صفت. سووسنی؛ بە ڕەنگی تاڵی نەختێک بنەوش.

سو- سو / sûsû/: اسم. سووسە؛ ویسکە؛ زریوە؛ترووکەترووک؛ سووسە سووس؛ ورشەورش؛ ویس ـویس؛ ویسەویس؛ زریوەزریو؛ نووتە؛ دۆخی تیشکی کز و بێگیان، کە لە پەستا وەک هەڵبێ و داییسێ دێتە بەرچاو. هەروەها: **سو ـ سو زدن**

سوسول / sûsûl ، ـها/: صفت. [مجازی] قرت و فرت؛ قرت؛ قرتی؛ جلف؛ سووسوول ‹یک جوانک سوسول هم آمد، نشست بغل دستش: لاوێکی قرت و فرتیش هات و لە پەنایدا دانیشت›.

سوسه / sûse ، ـها/: اسم. [گفتاری] ١. فێڵ؛ گز؛ گزە؛ گزی؛ تەڵەکە؛ فڕ و فێڵ ‹باور کن هیچ سوسەای در کار نیست: بڕوا کە هیچ فێڵێ نەکراوە› ٢. پیلان؛ داو؛ تەڵە.

◘ **سوسه آمدن**: داو نانەوە؛ پیلان بۆ داڕشتن ‹در اداره برایش سوسه آمدند و موجب اخراجش شدند: لە مەزرینگەدا داوایان بۆ نایەوە و بوونە هۆی دەرکرانی›.

سوسه دواندن در کار کسی: [مجازی] چوکلەشکێنیکردن لە کاری کەسێکدا؛ لە کاری کەسێکدا کارشکێنیکردن؛ دژ بە

کەسێ بانگەشە کردن.

سوسیال‌دمکرات / sos(i)yāldemokrāt/: [فرانسوی] *صفت.* *[سیاست]* سووسیال دیموکرات: ١. سەر بە سووسیال‌دیموکراسی ٢. لایەنگر و شوێنەڕۆی سووسیال‌دیموکراسی.

سوسیال‌دمکراسی / sos(i)yāldemokrāsî/: [فرانسوی] *اسم.* *[سیاست]* سووسیال دیموکراسی؛ بزووتنەوەی ئاپۆرەیی لایەنگری گوێزرانەوەی کۆمەڵگا لە سەرمایەداریەوە بۆ سووسیالیستی بە شێوەگەلی ئاشتی‌خوازانە و دیموکراتیک.

سوسیالیست / sos(i)yālîst ، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* *[سیاست]* سووسیالیست؛ لایەنگر و شوێنداچووی سووسیالیسم.

سوسیالیستی / sos(i)yālîstî/: [فرانسوی] *صفت.* سووسیالیستی؛ پێوەندیدار یان هاوگەری سووسیالیسم.

سوسیالیسم / sos(i)yālîsm/: [فرانسوی] *اسم.* *[سیاست]* سووسیالیسم: ١. ئامۆژەیەکی فەلسەفی کە بڕوای بە لا چوونی خاوەنداریەتی کەس بە سەر ئامێری بەرهەم هێنان و سەرمایەدایە ٢. سیستەمێکی سیاسی کە بە پێودانی ئەم ئامۆژەیە پێکهاتووە.

▣ **سوسیالیسم ملی** ☜ **نازیسم**

سوسیس / sosîs ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* زونگ؛ پاسترمە؛ باسترمە؛ گۆشت و سۆیای قیمەکراوی بارهاتووی لوولەکراو.

سوش / sûš ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ١. بنچەک؛ تاچەک ٢. *[قدیمی]* بنج؛ بناوان؛ ڕەگ و ڕیشە.

سوغات / sowqāt, so:qāt ، ـها/: [ترکی] *اسم.* *[گفتاری]* دەسەدیاری؛ دیاری؛ دەسایز؛ دیهاری؛ سۆقات؛ سەوقات؛ دەستەریقانە: **سوقات**

سوغاتی / sowqātî, so:qātî ، ـها/: [ترکی] *اسم.* *[گفتاری]* دیاری؛ دەسەدیاری؛ دەسایزی؛ سۆقاتی؛ ئەوی بە دیاری دەیهێنن: **سوقاتی**

سوفار / sûfār/: *اسم.* ١. ڕاد؛ پەڕی تیری کەوان؛ چوکلەی لای خوارووی تیر ٢. سۆما؛ سۆ؛ سۆنت (بەتایبەت ئی دەرزی).

سوفسطائی / sûfestā'î, sûfastā'î/: [معرب از یونانی] ☜ **سوفسطایی**

سوفسطایی / sûfestāyî, sûfastāyî ، ـان/: [معرب از یونانی] *صفت.* سووفەستایی؛ لایەنگری ڕێبازی فەلسەفی یۆنانی کەونارا کە بە هۆی بەڵگەهێنانەوەی زیرەکانە و قسەوباسی بە ڕواڵەت دروست، ناوبانگی هەبوو: **سوفسطائی**

سوفلور / sûflor ، ـها؛ ـان/: [فرانسوی] *اسم.* *[تئاتر]* سووفلور؛ چپەدوو؛ کەسێ کە لە ژێر شانۆدا دادەنیشێ و قسەکانی شانۆیاران، لە ڕووی شانۆنامەوە، بە گوێیاندا دەداتەوە.

سوف‌ماهی / sûfmāhî ، ـها؛ ـان/: *اسم.* تەشی‌ماسی؛ ماسی‌پانک؛ ماسیەکی درکن، بە لەشی وەک تەشی، دەمی زل، شەویلاکی زۆپ و دوو باڵەی سەر پشتی جیا لە یەکەوە: **ماهی سوف؛ ماهی خاردار زرد؛ پرش؛ فَرخ**

سوق / sowq, so:q/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* هان؛ دنە؛ بۆق؛ کاری هەڵنان و بەرەو لایەک بردن ‹برادرش را در جهت پیشرفت سوق می‌داد: براکەی بەرەو پێشکەوتن هان دەدا›.

سوقات / sowqāt, so:qāt/: [ترکی] ☜ **سُوغات**

سوقاتی / sowqātî, so:qātî/: [ترکی] ☜ **سُوغاتی**

سوق‌الجیشی / sowqolceyšî, so:q-/: [عربی] *صفت.* ستراتیژیکی؛ سەر بە ستراتیژی.

سوک / sûk/: *اسم.* ١. لا؛ ئالی؛ نک؛ لایەن ٢. *[گفتاری]* سووچ؛ سیلە؛ گۆشە؛ موور.

سوکسه / sûkse/: [فرانسوی] *اسم.* *[گفتاری]* هۆگری؛ وە بەردڵ کەوتووی ‹این رنگ تازگیها سوکسه پیدا کرده: ئەم ڕەنگە ماوەیەکە هۆگری پەیدا کردووە›.

سوگ / sûg/: *اسم.* *[ادبی]* سوێ؛ سو؛ سۆ؛ ئازیەت؛ تازیە؛ ماتەم؛ ئازیەتی؛ شین؛ پرسە؛

چەمەری؛ بنهاری؛ گریان و شین و ماتەم لەبەر لەدەستدانی کەسێ یا شتێکی هێژا.
▣ به سوگ نشاندن: ۱. داخدارکردن؛ ئازیەتبار/ تازیەبارکردن ‹مرگ او همه را به سوگ نشاند: مەرگی ئەو هەمووی تازیەتبارکرد› ۲. *[کنایی]* نیانه قوڕ؛ ئازار پێگەیاندن.
به سوگ نشستن: ۱. ئازیەتبار/ تازیەبار بوون ۲. ئازیەتی گرتن/ دانان.
سوگلی / sowgolî, so:golî ، ـها/: [ترکی] *صفت*. *[گفتاری]* نازار؛ نازدار؛ نازی‌نار؛ نازیلە؛ نازی؛ خۆشەویستی تایبەتی ‹آرام، فرزند سوگلی خانواده بود: ئارام، مندالی نازاری ماڵ بوو›.
سوگنامه / sûgnāme ، ـها/: *اسم*. *[ادبی]* شین‌نامە؛ دەقێ کە سەبارەت بە ماتەم و تازیە نووسراوە: **تعزیت‌نامه**
سوگند / sowgand, so:gand ، ـها/: *اسم*. سوێند؛ سوێنگ؛ سوێن؛ سۆند؛ سووند؛ سۆکەند؛ سوێند؛ قەستەم؛ قەسەم: ۱. کار و ڕەوتی سوێند خواردن ۲. وشە یان ڕیزوشەیەک بۆ ئەو مەبەستە.
▣ **سوگند خوردن**: سوێند خواردن: ۱. سوێند بەرز دان؛ گەواگرتنی کەس یان شتێکی پیرۆز بۆ دروستی وتەی خۆ ‹به خون شهیدان سوگند می‌خوریم که از پای ننشینیم: بە خوێنی شەهیدان سوێند دەخوین هەدا نەدەین›: **سوگند یاد کردن** ۲. مەرجکردن لە سەر ڕووداوێکی نالەبار بۆ پێداگری و بە دروست زانینی قسەی خۆ (وەک «خودا ئەمن بکوژێ ئەر درۆم گوتبێ») ✽ **قسم خوردن**
سوگند دادن: سوێند دان؛ سوێند پێدان؛ قەسەم دان ‹او را سوگند داد که راستش را بگوید: سوێندی دا ڕاستەکەی بێژێ›.
سوگند شکستن: سوێند شکاندن؛ پێ‌نانە سوێندا؛ بەڵێنێ کە سوێندی لەسەرە، بەجێ نەهێنان.
سوگند یاد کردن ☜ **سوگند خوردن ـ۱**
سوگندنامه / sowgandnāme, so:gand- ، ـها/: *اسم*. سوێندنامە؛ سۆندنامە؛ دەقێکی فەرمی و دەپێش ئامادەکراو لە سۆندان بۆ سوێند خواردن و سوێند دان ‹سوگندنامه‌ی پزشکان: سوێندنامەی بژیشکان›.
سوگوار / sûgvār ، ـان/: *صفت*. ئازیەتبار؛ تازیەبار؛ عازیەتدار؛ ماتەمبار؛ تووشی پەژارەی ئاستەم بە بۆنەی لەدەستدانی کەسێ یا شتێکی هێژا ‹این مصیبت را به خانواده‌های سوگوار تسلیت می‌گوییم: ئەم کارەساتە لە بنەماڵەگەلی ئازیەتبار سەرەخۆشی دەکەین›.
سوگواری / sûgvārî ، ـها/: *اسم*. ئازیەتباری؛ ئازیەتی؛ شینگێڕی: ۱. باری ئازیەتبار بوون ‹ایام سوگواری: ڕۆژانی ئازیەتباری› ۲. ئەو کارانەی کە لە خەمی نەمانی کەسێکی خۆشەویستدا دەکرێن ‹مراسم سوگواری: داب و دەستووری ئازیەتی›.
سولفات / sûlfāt ، ـها/: [فرانسوی] *اسم*. سوولفات؛ خوێی ترشی سوولفوریک.
سولفژو / sofej/ ☜ **سلُو**
سولنجان / sûlancān/ ☜ **سورنجان**
سولنوئید / solenoîd/: [فرانسوی] ☜ **سِلِنُوئید**
سولو / solo/: [ایتالیایی] ☜ **سلُو**
سوله / sole ، ـها/: [؟] *اسم*. سوولە؛ جۆرێ پۆشەنی لالێژی میچ کە زۆرتر بۆ هەمار و کاری پیشەسازی چێدەکرێ.
سولیست / solîst/: [فرانسوی] ☜ **سلیست**
سوم[1] / sevvom/: *اسم*. سێ ڕۆژە: ۱. هیرینە؛ هیرین؛ سێهەمین ڕۆژی مردنی کەسێک ‹امروز سوم پدر آرام است: ئەمڕۆ سێ‌ڕۆژەی بابی ئارامە› ۲. سێ‌ڕۆژانە؛ ڕێوڕەسمی ڕۆژی سێهەمی مردن.
سوم[2]: *صفت*. سێهەم؛ سێیەم؛ سێمینە؛ یەرەم؛ یەرۆم؛ هیرن؛ هیرین؛ هیرینە؛ بە ڕیز، ڕزن، پایە

یان جێگەی سێ‌وە.

سومری / sûmerî/: اسم. سوومری: ١. ـها؛ ـان/ هەر یەکە لە خەڵکی وڵاتی کەونارای سوومر لە باشووری عیراقی ئێستادا ٢. زوانی ئەو خەڵکە کە پێوەندی لەگەڵ گرۆ زوانەکانی تردا نەناسراوە.

سوم‌شخص / sevvomšaxs ، ـها/: [فارسی/ عربی] اسم. [دستور] سێهەم‌کەس؛ یەرەم کەس؛ ئەوەی لە بارەیەوە قسە دەکرێ ‹«او» و «آن»، ضمیر سوم شخص مفرد است، «ایشان»، «آنها» و «آنان» ضمیر سوم‌شخص جمع: «ئەو» و «ئەوە» جێناوی سێهەم‌کەسی تاکە و «ئەوان» و «ئەوانە» جێناوی سێهەم‌کەسی کۆ›.

سومی / sevvomî ، ـها/: ضمیر. سێهەمی؛ سێومی؛ یەرەمی؛ ئەوەی لە ریز، پلە یان جێگەی سێهەمدایە.

سومین / sevvomîn/: صفت. هیرین؛ سێهەمین؛ هیرییەن؛ یەرەمین؛ بە پلە، ریز یان جێگەی سێهەمەوە.

سونا / sonā/: [فرانسوی از فنلاندی] ☜ حمام سونا، **حمام**

سونات / sonāt ، ـها/: [فرانسوی از ایتالیایی] ☜ **سُنات**

سوند / sond/: [فرانسوی] ☜ **میل ـ٢**

سونداژ / sondāj/: [فرانسوی] ☜ **سُنداژ**

سونوگرافی / sonog(e)rāfî/: [فرانسوی] اسم. [پزشکی] سنۆگرافی؛ سونۆگرافی: ١. بەکاربردنی شەپۆلی ژوورەدەنگ بۆ دیاری دانی جێی پێکهاتەگەلی نێو لەش (وەک بەردی گورچیلە یان تۆلی نێو پزدان): **ألتراسونوگرافی** ٢. ـها/ ڕێخراوە یان بەشێ کە ئەم کارەی تێدا دەکرێ ‹بخش سونوگرافی: بەشی سونوگرافی›.

سونولژیست / sonolojîst ، ـها/: [فرانسوی] اسم. سنۆلۆژیست؛ بژیشکی پسپۆڕی سنۆگرافی.

سوهان / sowhān, so:hān ، ـها/: اسم. ١. بڕبەند؛ بڕبەن؛ بڕوەن؛ بڕبەنگ؛ مرمەند؛ بربەنگ؛ نەربەند؛ ڕنەک؛ سوان؛ قەورە؛ قەڵبە؛ کارتیک؛ کارتیغ؛ کارتیخ؛ کارتی؛ کارتێ؛ خورۆک؛ چووەسۆ؛ مەورە؛ مەورەت؛ مورەت؛ مۆرەت؛ مەوەرد؛ مەورەد؛ مووڕەد؛ ئامرازێ (زۆرتر) لە پۆڵا بە بیچمی سێ‌سووچ، چوارسووچ، مێڵەیی گرد یان تەختەوێ کە گشت یان بەشێک لە ڕووەکەی گرنج‌ـگرنج یان زوورە و بۆ ڕنین یان سوونی چێو یان کانزا کەڵکی لێ دەگرن ٢. [از هندی؟] سۆهان؛ سەوهان؛ جۆرێ شیرینی کە بە ئاردی گوڵەگەنم، ڕۆن و شەکر (هەنگوین یان شیلە) دروستی دەکەن.

◙ **سوهان روح**: [مجازی] بەڵای گیان؛ مێمڵی گیان؛ ئەوەی هۆی ئازاری هەمیشەیی ڕۆح و گیانە.

سوهان عسلی: سۆهانی هەنگوێنی.

◘ **سوهان زدن**: سواندن؛ قەراندن؛ لە بڕبەند دان؛ مۆرەت لێ‌دان.

سوهان‌پز / sowhānpazî, so:hān- ، ـها/: [از هندی/ فارسی] اسم. سۆهان‌پێژ؛ ئەوی کاری درووست‌کردنی شیرینی سۆهانە.

سوهان‌پزی / sowhānpazî, so:hān-/: [از هندی/ فارسی] اسم. سۆهان‌پێژی: ١. کار یان پیشەی سۆهان‌پێژ ٢. دووکان یا کارەگای سۆهان‌پێژان.

سوهانکاری / sowhānkārî, so:hān-/: اسم. بڕوەنکاری؛ بڕبەندکاری؛ کاری ساودانی کانزا. هەروەها: **سوهانکار**

سوی / sûy/: اسم. [ادبی] لا؛ لایەن؛ نک؛ ئالی.

سویا / soyā ، ـها/: [انگلیسی/ فرانسوی از هلندی] اسم. سوویا؛ سۆیا؛ سووژا: ١. گیایەکی ئالیکی یەک‌ساڵە بە لاسکی داپۆشراو لە هەودای سپی، گەڵای ناوە‌ـ ناوە و پێکهاتوو لە سێ گەڵاچک، گوڵی سپی ئاماڵ بنەوش، بەری بە کالانگەلێ درێژ کە دوو تا پێنج دەنکی وەک نۆکی تێدایە

و له برێ جۆری ڕۆن دەگرن ٢. دانەی ڕۆن گیراوی ئەم گیایە کە وەک پێخۆر دەخورێ.

سوویابی / sûyābî ، ـها/: اسم. لادۆزی؛ لایەن‌دۆزی؛ کار یان ڕەوتی دۆزینەوەی لایەنی دڵخواز.

سویت / suvît/: [فرانسوی] ☜ **سوئیت ـ٢**

سویچ / suvîč ، ـها/: [انگلیسی] اسم. سویچ؛ کلیل؛ ئامرازی خستنە ڕێی برێ دەزگا یان هەڵکردنی خولگەیێ ‹سویچ ماشین: سویچی ماشین›: **سوئیچ**

سویچی / suvîčî/: [انگلیسی] صفت. سویچی؛ سوویچدار ‹قفل سویچی: قوڵفی سویچی›.

سویچینگ / suvîčîng/: [انگلیسی] اسم. ١. کار یان ڕەوتی خستنە ڕێی دەزگا یان ماشین ٢. دەزگای قت یا هەڵکردن یا گۆڕانی خولگە.

سه [1] / se /: اسم. سێ؛ یەرێ؛ هیرە؛ هیریە؛ ژمارەی سەرەکی نێوان دوو و چوار.

سه [2]: صفت. سێ؛ یەرێ؛ هیرە: ١. یەکێ زۆرتر لە دوان ‹سه کتاب: سێ کتێب› ٢. سێهەم؛ سێیەم؛ سێهیر ‹درجەی سه: پلەکی سێ›.

سه ـ [3]: پیشوازە. سێ ـ؛ یەرە ـ؛ بە سێ دانە لە شتێ ‹سەخوابە: سێ‌خەوە›.

سها / sohā/: [عربی] اسم. [نجوم] ئەستێرەیەکی کزی نێزیکی کارەمێ، لە وێنەی گەردوونی ورچی گەورەدا کە سۆمای چاویان پێ تاقی دەکردەوە.

سهام / sahām/: [عربی] جمعِ ☜ **سَهم**

سهامدار / sahāmdār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] اسم. بەشدار؛ هاوبەش؛ هەمبەش؛ خاوەن بەش؛ هەریەکە لەو کەسانە لە دامەزراوەیەکی ئابووریدا بەشیان هەیە ‹او هم در آن شرکت سهامدار است: ئەویش لەو بەشدارگەیەدا بەشدارە›.

سهامی / sahāmî/: [عربی] صفت. بەشکۆ؛ هاوبەشی؛ بەش‌ بەش؛ تایبەتمەندی بەشدارگەیێ کە سەرمایەکەی بە چەن‌پاژ دابەش بووە ‹شرکت سهامی: بەشدارگەی بەشکو›.

سه‌بخشی / sebaxšî/: صفت. سێبەشی؛ سێ‌پاژی؛ یەرەبەشی.

سه‌بر / sebar/: صفت. سێبەر: ١. *[نامتداول]* سێ‌لا؛ سێ‌پاڵ ‹شکل سەبر: نژمی سێبەر› ٢. سێ‌پاڵ؛ سێ‌گۆش؛ یەرەموور؛ سێ‌نەبش ‹خانەی سەبر: ماڵی سێ‌پاڵ›.

سه‌بعدی / sebo'dî ، ـها/: [فارسی/ عربی] صفت. سێ‌لایی: ١. سێ‌لایەنی؛ بە درێژایی، پانایی و بەرزی؛ خاوەن بارستایی ‹جسم سەبعدی: تەنی سێ‌لایەنی› ٢. شیاو بۆ نواندنی وەها دۆخێک ‹تصویر سەبعدی: وێنەی سێ‌لایی›.

سه‌پایه / sepāye ، ـها/: اسم. سێ‌پا؛ سێ‌پایە؛ سێپک؛ سێ‌پێ: ١. کەرستەیێ بە سێ‌لاقەوە بۆ لە سەر دانیشتن ‹سەپایە را کشید جلو و رویش نشست: سێپاکەی کێشایە پێشەوە و لە سەری دانیشت› ٢. کەرستەیەک بە سێ‌لاقەوە بۆ شت لە سەر نان ‹سەپایەی نقاشی: سێپایەی وێنەکێشی› ٣. کلاف؛ ئالقەی دەستەداری کانزایی بۆ ڕاگرتن و دەست پێوەنەدانی لیوان و ئیسکان.

◙ **سه‌پایه‌ی نقاشی** ☜ **نقاش ـ١**

سه‌پشته / sepošte/: قید. سێ‌ڕیز؛ سێ‌ڕیزە؛ سێ‌ڕزە؛ سێ‌ڕێچکە؛ سێ‌چین؛ یەرەچین؛ لە سێ ڕیزی لە دووی یەکدا ‹مردم سەپشتە ایستادە بودند: خەڵکی سێ‌ڕیز وەستابوون›.

سه‌پلشت / sepelešt/: اسم. ١. سێ‌جک؛ سێ‌جگ؛ دۆخێک لە قاپێندا کە قولکەی هەموو قاپەکان بەرەو ژوور بێ ٢. *[کنایی]* قۆرت؛ کۆسپ؛ تەگەرە؛ نامەتی؛ نەهامەتی؛ باری یەکجار ناڵەبار ❋ **سپلشت؛ سپلشگ**. هەروەها: **سه‌پلشت آمدن؛ سه‌پلشت آوردن**

سه‌پهلو / sepahlû ، ـها/: اسم. سێ‌پاڵوو؛ سێ‌سووچ.

سه‌تار / setār ، ـها/: اسم. سێ‌تار؛ سازی ژێداری ئێرانی بە چوار تاڵەوە وەکوو تاری چکۆلە کە بە نینۆک دەژەندرێ و پێشتر سێ سیمی هەبووە.

سەجهانی / secahānî/:اسم. سێجیهانی؛ ئامۆژەیەکی سیاسی لە دەیەکانی ١٩٦٠ تا ١٩٧٠دا کە وڵاتانی دنیای بە سێ گرۆ (ئامریکا و سۆڤیەت، وڵاتانی پیشەیی و وڵاتە نەدارەکان) دابەش دەکرد.

سەچرخە / sečarxe ، ـها/:اسم. سێچەرخ؛ سێچەرخە؛ سێقول: ١. پێگۆزێک بە سێ چەرخەوە کە بە پاڵێدان دەجووڵێ، بەتایبەت بچووکەکەی لیستۆکی منداڵانە ٢. هەر چەشنە پێگۆزی بە سێ چەرخەوە.

سەراە / serāh/:اسم. سێڕا؛ سێڕێیان؛ شوێنێ لە ڕێگا کە دەبێتە دوو پەلەوە و بەرەو دوو لا دەچێ ‹سەراە بیجار: سێڕای بیجار›.

سەراهە / serāhe/ ☜ **سەراهی**

سەراهی / serāhî ، ـها/:اسم. ١. *[گفتاری]* سێڕێیان؛ سێڕا ٢. سێڕا؛ لوولەیێکی بچووک کە سێ زارکی هەیە و بۆ پەل‌پێدانی لوولەیێ بەکاردێت ٣. *[برق]* سێڕا؛ ئامرازێ لە ماکێکی لێپارێز (پلاستیک یان کائوچۆ) بە سێ پریزی جیاکارەوە بۆ لێدانی سێ‌دەزگای بەرقی پێکەوە ‹دوشاخە را بزن بە سەراهی: دووشاخەکە بدە لە سێڕا› ❋ **سەراهە**

سەهرە / sehre ، ـها/:اسم. سەیرە؛ مەلی خۆشچڕی وەک چۆلەکە بە دەندووکی کورت و پەلی زەردی تێکەڵاو بە سەوز، لە بان زەمین و سەر دار و بتەوە هێلانە دەکا و بڕێ‌جار لە مێرووان دەخوا، نێر و ماکەی لە یەک ناکەن و بێجگە کاتی زا و زێ بە کۆمەڵ دەژین.

سەسو / sesû/:اسم. سێگۆش؛ سێسووچ.

سەشنبە / sešambe, -šanbe ، ـها/: [فارسی/ آرامی]/اسم. سێشەمە؛ سێشەم؛ یەرەشەمە؛ سێشەمبی؛ ناوی ڕۆژی چوارەمی حەفتەی ئێرانی نێوان دووشەمە و چوارشەمە.

◘ **سەشنبە عاشق، چهارشنبە فارغ**:*[کنایی]* تاوتاوی؛ دەم‌دەمی؛ هۆکی‌ـهۆکی؛ حۆلحۆلی؛ حولحولی؛ عەنتەرمەزاج؛ هەر دەم لە سەر مەرامێ.

سەشنبەشب / sešambešab, sešanbe- ، ـها/: [فارسی/ آرامی/ فارسی]/اسم. شەوی چوارشەمە؛ سێشەممەشەو؛ شەوی دوای ڕۆژی سێشەمە.

سە طلاق / setalāq/: [فارسی/ عربی]/اسم.*[فقە]* سێتەڵاق؛ سێمەزەوە؛ سێوەسێ؛ یەرەتڵاق؛ جۆرێ تەڵاق کە پیاو سێ‌جار ژنی خۆی تەڵاق دەدا و ئەگەر بیەوێ دیسانەوە بیخوازێ، بەرامبەر بە ئایین دەبێ پیاوێ‌تر (جاش) بێتە ئاراوە.

سە طلاقە / setalāqe/: [فارسی/ عربی] صفت.*[فقە]* سێتەڵاقە؛ سێبەسێ؛ یەرەتەڵاقە؛ تەڵاقدراوی یەکجاری کە ئیتر گرێ نەخواتەوە، مەگەر پیاوێکی‌تر ببێ بە جاش ‹زنش را سەطلاقە کرد: ژنەکەی سێ‌تەلاقە کرد›.

سەقلو / sequlû, seqolû ، ـها/: [فارسی/ ترکی] /اسم. سیانە؛ هیرلەت؛ سێ گیانەوەر کە لە ڕۆژێکدا و لە دایکێکەوە زاون.

سەکنجی / sekoncî ، ـها/:اسم. ١. سێ‌کونجی؛ سێسووچی؛ شوێنێ بە سێ‌گۆشەوە ٢. گۆشە؛ کونج؛ سووچ.

سەگانگی / segānegî/:اسم. سێیانەیی؛ سێیەتی؛ سێبەشی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سێیانە بوون.

سەگانە / segāne/: صفت. سێ‌یانە: ١. بە سێ ئەندام یان سێ توخمەوە ٢. بە بار و دۆخی سێبەشیەوە.

سەگاە / segāh/:اسم. سێگا؛ دەزگایەکی مووسیقای ئێرانی.

سەگوش / segûš/: صفت. سێسووچ؛ سێچوکڵ؛ سێگۆش؛ سێچوکڵە؛ سێقولینچک؛ یەرەسووچ؛ سێسووک.

سەگوشە / segûše ، ـها/:اسم. سێگۆشە؛ سێسووچە؛ یەرەگۆشە؛ سێچوکڵ؛ سێچوکڵە.

سهل / sahl/: [عربی] *صفت. [ادبی]* سانا؛ ئاسان؛ هاسان؛ گانگاز؛ نەدژوار؛ تاقل؛ سووک؛ سۆک؛ ڕەحەت.

▣ **سهل ممتنع:** سانای چەتوون؛ شیعر یان وتەیێ کە لە بەر زۆر ڕەوان بوونی، زۆر ئاسان و ئاسایی نیشان بدا، بەلام هۆندنەوە یان وتنەوەی وا، یەکجار دژوار بێ.

▣ **سهل بودن:** ١. *[ادبی]* ئاسان بوون؛ سانا بوون ٢. *[گفتاری]* نەکەر؛ نەک؛ هیچێ؛ هیچ (تەنیا بە شێوەی «سهل است» بە کار دەڕوا) ‹تو کە سهل است، جواب پدرت را هم نمی دهند: نەکەر خۆت، جوابی بابیشت نادەنەوە›.

سەلاچنگ / selāčang/: *اسم. [موسیقی]* سێلاچەنگ؛ یەکەی زەمان لە نوت نووسیدا کە درێژەی بەرامبەر بە چواریەکێکی چەنگە.

سهل‌الحصول / sahlolhusûl, -hosûl/: [عربی] *صفت.* سانا دەسکەوت؛ ئاسانیاو؛ بە تایبەتمەندی سانا دەسکەوتن ‹در آنجا خدمات درمان سهل‌الحصول است: لەوێ ڕاژە دەرمانیەکان سانا دەسکەوتنە›.

سهل‌العبور / sahlol'ubûr, -'obûr/: [عربی] *صفت.* سانابوار؛ ڕاوەرخۆش؛ بە تایبەتمەندی یا توانستی لێیەوە تێپەڕین بە ئاسانی ‹راه سهل‌العبور: ڕێی سانابوار›.

سهل‌العلاج / sahlol'lalāc/: [عربی] *صفت.* ساناچار؛ بە تایبەتمەندی هاسان دەرمان بوونەوە.

سهل‌الوصول / sahlolvusûl, -vosûl/: [عربی] *صفت.* سانا دەسکەوت؛ ئاسانیاو؛ بە تایبەتمەندی سانا و ئاسان کەوتنە دەستەوە.

سهل‌الهضم / sahlolhazm/: [عربی] *صفت.* سۆک؛ بە تایبەتمەندی ئاسان هەرس بوونەوە ‹غذای سهل‌الهضم: چێشتی سوک›.

سهل‌انگار / sahlengār/: [عربی/ فارسی] *صفت. [مجازی]* کەمتەرخەم؛ خەمسار؛ خەنۆک؛ خۆ لێبوێر؛ کەترەخەم؛ گوێنەدەر؛ بە بێ تەفرنج، پێداگری و بەدوادا چوویی لە کاردا ‹راننده‌ی سهل‌انگار: ئاژۆری کەمتەرخەم›.

سهل‌انگاری / sahlengārî، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* کەمتەرخەمی؛ خەمساری؛ خەنۆکی؛ خۆ لێبوێری: ١. ئاسان گری و پێداگر نەبوون ‹باید از سهل‌انگاری دست برداری و با جدیت درس بخوانی: دەبێ لە کەمتەرخەمی واز بێنی و لە سەر خوێندن سوور بی› ٢. دۆخی نەبوونی سەرنج و چاوەدێری شیاو و پێویست ‹سهل‌انگاری موجب ایجاد حریق شد: خەمساری بوو بە هۆی سووتمان›.

سەلایی / selāyî/: *صفت.* سێلۆ؛ سێچین؛ سێتوێ؛ سەلایە؛ هیرلا؛ هیرقات؛ سێقات ‹تخته سەلایی: تەختەی سێلو›.

سهم / sahm، ـها/: *اسم.* ١. /سهام/ [عربی] بەش؛ بەشە؛ واش؛ بەری؛ وەش؛ بیەش؛ بێش؛ پش؛ پشک؛ بەربەش؛ هەر یەکە لە پاژەگەلی پوول یان سەرمایە کە بەش- بەش کراوە ‹چهار سهم از ده سهم شرکت مال اوست: چوار بەش لە دە بەشی بەشدارگە ئی ئەوە› ٢. [عربی] ماف؛ بەش؛ بەشە؛ واش؛ بەری؛ بێش؛ وەش؛ بیەش؛ پش؛ پشک؛ حەق؛ پاژێ لە شتێک کە هی کەسێکە ‹سهم من از این پول چقدر است؟: مافی من لەم پارەیە چەندە؟› ٣. *[ادبی]* سام؛ سامی؛ برووت؛ سەهم ‹سهمناک: سامناک›.

▣ **سهم امام:** *[شیعه]* مەلابەشانە؛ بەشێ لە خومس کە دەبێ بدرێ بە مەلا یا نوێنەری.

سهم تیر: بڕ؛ هانای گولله؛ بانترین ئاستی بەرەوگەی گولله یان هەر هاوێژراوێکی‌تر.

▣ **سهم بردن:** بەش بردن؛ بەش پێ گەیین؛ بەش یاوای؛ بەش بەردەی ‹در اسلام پسر دو سهم می‌برد: بەپێی ئیسلام کوڕ دوو بەش دەبا›.

سهم دادن: بەش دان ‹سهم او را بده!: بەشەکەی ئەویش بە!›. هەروەها: **سهم داشتن؛ سهم گرفتن**

سهم‌الارث / sahmol'ers/: [عربی]/اسم. بەشەمیرات؛ بەشی هەر کام لە بەش‌پێبراوەکانی هشتەیەک.

سهم‌الشرکه / sahmošerke/: [عربی]/اسم. بەش؛ بەشەی هەر بەشدارێک لە هاوبەشگەیەک.

سهم‌بندی / sahmbandî/: [عربی/ فارسی]/اسم. بەشبەشی؛ بەش‌بڕی؛ کار یان ڕەوتی بەش‌کردن و ڕوون‌کردنەوەی بەشی هەر کام لە بەشداران: **تسهیم**

سهمگین / sahmgîn/: صفت. [ادبی] سامناک؛ بەسام؛ ساقدار؛ بسەهم؛ زەرندە؛ زۆر ترس‌هێنەر ‹انفجار سهمگین: تەقینەوەی سامناک›: **سهمناک**

سهمناک / sahmnāk/ ☜ **سَهمگین**

سهمیه / sahmîyye ، ـها/: [عربی]/اسم. بەشە؛ گوێچ؛ گیهەڤ؛ بەش؛ بیەش؛ بێش؛ پش؛ پشک؛ بەهر؛ بارە؛ پارە؛ بەرکەوت؛ بەر؛ بەشێ لە ماڵ یان کالا کە بە کەسێ یان شوێنێ دەگا ‹سهمیه‌ی آرد نانوایی: بەشە ئاردی نانەوایی›.

سهمیه‌بندی / sahmîyyebandî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. دابەشکاری؛ بەشەبەندی؛ کاری دەستنیشان‌کردنی بەش بۆ تاقمێ لە کەسان یا دامەزراوەگەل.

سه‌نظام / senezām ، ـها/: [فارسی/ عربی]/اسم. سێ‌نیزام؛ ئامرازێ لە بیچمی سێ شەویلکەی ڕێکخراو بۆ سفت ڕاگرتنی شتێ بە سەر ئامێر یان دەزگایێکەوە.

سهو / sahv ، ـها/: [عربی]/اسم. [ادبی] هەڵە؛ سەهو؛ سەهوە؛ یانش؛ ئەوەی لە ڕووی نەزانین و کەمتەرخەمیەوە ڕوو دەدا.

سهواً / sahvan/: [عربی]/قید. بە هەڵە؛ لە ڕووی هەڵەوە ‹سهواً نامه را به شخص دیگری دادم: بە هەڵە نامەکەم دایە کەسێکی‌تر›.

سهوالقلم / sahvolqalam/: [عربی]/اسم. هەڵەی قەڵەم؛ هەڵەی نووسین؛ هەڵە لە نووسیندا.

سهولت / sohûlat, suhûlat/: [عربی]/اسم. هاسانی؛ ئاسانی؛ سانایی؛ هێسانی ‹سهولت کار: هاسانی کار›.

◙ **به سهولت**: بە ئاسانی؛ بە هاسانی؛ بە سانایی ‹به سهولت می‌توان او را پیدا کرد: بە ئاسانی دەکرێ بیدۆزیەوە›.

سهوی / sahvî/: [عربی] صفت. هەڵەیی؛ یانشی؛ پێوەندیدار بە هەڵەوە.

سهی / sahî/: صفت. [ادبی] زراف؛ هەڵکشاو؛ ڕاست ڕواو؛ شووش و باریک ‹سرو سهی: سەوڵی زراف›.

سهیل / soheyl/: [عربی]/اسم. [نجوم] گەلاوێژ؛ گەڤێژ؛ گولاوێژ؛ لاڤێژ؛ سیوەیژ؛ سوەیل؛ پەرەک؛ گەشترین ئەستێرەی وێنەی گەردوونی کەشتی و دووهەم ئەستێرە گەشەی ئاسمان کە لە ژوور بەری °۳۷ی باکووریەوە نابینرێ.

سهیم / sahîm/: [عربی] صفت. بەشدار؛ هاوبەش؛ هامبەش؛ خاوەن‌بەش؛ شەریک. هەروەها: **سهیم بودن؛ سهیم شدن؛ سهیم کردن**

سی[1] / sî/:/اسم. سی: ۱. هیرس؛ هیەرس؛ ژمارەی سەرەکی دوای بیست و نۆ و بەر لە سی و یەک ۲. [ایتالیایی]/[موسیقی] حەوتەمین نۆتی مۆسیقا.

سی[2]: صفت. سی: ۱. دانەیەک زۆرتر لە بیست و نۆ دانە ۲. سیهەمین.

سی / sîye/: حرف. [گفتاری] بۆ؛ لۆ؛ ئەڕای؛ پەی؛ سی ‹او سیِ خودش کار می‌کند: ئەو بۆ خۆی کار دەکا›.

سیاتیک / siyātîk/: [فرانسوی]/اسم. ۱. دەماری سیاتیک: ☜ عصب سیاتیک، **عصب** ۲. [پزشکی] نەخۆشیەکی ژاناوی کە بە هۆی ئاییسان یان قرنجانی دەماری هەستی پێ (دەماری سیاتیک) بەدی‌دێ و پتر لە کەمەرەوە بۆ پشت ڕان و بەرەو ئەژنۆ چڵ ئەوەشێنێ.

سیاح / sayyāh ، ـان/: [عربی]/اسم. گەشتیار؛ گەشتۆک؛ دنیاگەڕ ‹سیاح مشهور: گەشتیاری

ناودار›.

سیاحت / siyāhat ، ـها/: [عربی]/اسم. گەشتیاری؛ سەیر؛ سەیران؛ گەشت: ١. جەهانگەڕی؛ جەهانگێڵی ٢. گەشت وگێڵ؛ سەیران و تەمەشا.

سیاحتنامه / siyāhatnāme ، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. گەشتنامە؛ بیرەوەری نووسراوی گەشتیار ‹سیاحتنامەی ابراهیم‌بیگ نخستین رمان طنز سیاسی به زبان فارسی است: گەشتنامەی ئیبراهیم بەگ هەوەڵین ڕومانی تیزوتانەی سیاسی بە زمانی فارسیە›.

سیاخاک / siyāxāk/: اسم. [کشاورزی] خاکەڕەشە؛ خۆڵەڕەشە؛ خۆڵی نەرم و بڕشت و نەختێ ڕەش یان قاوەیی کە لە بارن و گیاخاک و بڕێ ماکی قسڵی پێکهاتووە و بێ‌نیاز بە کووت، ماوەیەکی زۆر بەرهەم دەدا.

سیادت / siyādat ، ـها/: [عربی]/اسم. ١. هەڤیازی؛ بەرتری؛ لە پێشی ‹ژاپن سیادت صنعتی غرب را به خطر انداخته است: ژاپون هەڤیازی ڕۆژاوای لە پیشەسازیدا خستۆتە بەر مەترسیەوە› ٢. ئاغایی؛ سەروەری؛ کوێخایی ‹زمانی انگلستان بر جهان سیادت می‌کرد: سەردەمێ ئینگلیس بە سەر دونیادا ئاغایی دەکرد›.

سیار / sayyār/: [عربی] صفت. گەڕا؛ گەڕۆک؛ گەڕۆڵ؛ گەڕیانۆح؛ گەڕندە؛ بێ‌وچان لە گەڕان، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌تر.

سیارات / sayyārāt/: [عربی] جمعِ ☜ **سیاره**

سیارک / sayyārak ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. ئەستێرۆکە؛ هەر یەکە لە تەنگەڵی ئاسمانی چکۆلە (بە بارستایی ١,٥تا ٦٥٠ کیلۆمیتر) کە زۆرتر دە بۆشایی نێوان بارام و هورمز، بە دەوری خۆردا دەخولێنەوە: **اختروَش**

سیاره / sayyāre ، ـها؛ سیارات/: [عربی]/اسم. گەڕۆک؛ ئەستێرۆک: ١. هەر یەکە لە تەنگەڵی ئاسمانی کە دە خولگەیەکی جەغزئاسا بە دەوری خۆردا دەگەڕێن ٢. هەر تەنێکی ئاسمانی هاوچەشن لە کۆمەڵە ئەستێرەیێکی‌تردا.

سیاس / sayyās ، ـها/: [از عربی] صفت. ١. [نامتداول] ڕامیار ٢. [کنایی] لێزان؛ چازان؛ بەمشوور؛ خاوەن زیرەکی و تەگبیر.

سیاست / siyāsat ، ـها/: [عربی]/اسم ١. ڕامیاری؛ سیاسەت؛ زانست یان زانیاری دەسەڵاتداری ٢. ڕامیاری؛ سیاسەت؛ زانیاری یان زانستێ کە لە ڕێبەری یان کارتێکەری بە سەر دەسەڵاتدا دەکۆڵێتەوە ٣. ڕامیاری؛ سیاسەت؛ کار و باری سەر بە پێوەندی دەوڵەتێک لەگەڵ دەوڵەتانی‌تردا ٤. ڕامیاری؛ سیاسەت؛ کۆمەڵەی ڕێ و چارە و ڕەوشگەلی دەوڵەت یان کەسێک بۆ بەڕێوەبردنی کار و باری خۆ ٥. هەڵویست؛ هەڵوەس؛ بەرنامە و شێوازی بنکە یان کەسێک لە بەرانبەر کۆمەڵێ بابەتەوە ‹سیاست خانەداری: هەلویستی ماڵداری› ٦. [قدیمی] سزا ‹این سه گناهکار را سیاست فرمودند: ئەم سێ تاوانکارەیان سزا دا›.

سیاستباز / siyāsatbāz ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] /اسم. ڕامیارڤان؛ سیاسەتباز؛ کەسێ کە بۆ گەیشتن بە ئارمانجی خۆی دەس دەداتە گێرە و کێشەی سیاسیەوە. هەروەها: **سیاستبازی**

سیاست‌پیشه / siyāsatpîše ، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] صفت. ڕامیار؛ سیاسەت‌پیشە؛ سیاسەت‌کار.

سیاستگذاری / siyāsatgozārî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. سیاسەترێژی؛ کار یا ڕەوتی دەستنیشان‌کردنی ڕاوێژ و ڕەوشگەلێکی تایبەت بۆ کار و بار؛ سیاسەت دانان ‹سیاستگذاری آموزشی نیازمند بررسی دوباره است: سیاسەترێژی فێرکاری پێویستی بە پێداچوونەوەیە›.

سیاستگر / siyāsatgar ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. ڕامیار؛ سیاسەت‌پیشە؛ سیاسەت‌کار.

سیاستمدار [1] / siyāsatmadār ، ـها؛ ـان/: [عربی] /اسم. رامیار؛ سیاسەتمەدار؛ کەسێ کە لە کار و باری پێوەندیدار بە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشدارە یان دەستی هەیە.

سیاستمدار [2]: صفت. [مجازی] بە سیاسەت؛ سیاسەتزان؛ بەمشوور ‹مادرش خیلی سیاستمدار است و می‌داند چطور همه را راضی نگه دارد: دایکی زۆر بە سیاسەتە و دەزانێ چۆن هەموو ڕازی بکا›.

سیاستمداری / siyāsatmadārî/: [عربی] /اسم. سیاسەتمەداری؛ ڕامیاریەتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سیاسەتمەدار بوون.

سیاسی / siyāsî/: [عربی] صفت. ڕامیاری؛ سیاسی؛ پێوەندیدار یان هاوگەری سیاسەت.

سیاق / siyāq/: [عربی] /اسم. ١. ـ ها/ [گفتاری] شێواز؛ شێوە؛ ڕەوش؛ ڕەوش و چەشن؛ ڕێوشوێن ‹بە سیاق قدیم: بە شێوازی کۆن› ٢. [قدیمی] جۆرێ ژمارەنووسی کە لە حەسابداریدا دەچووە کار.

سیال [1] / sayyāl ، ـها؛ ـات/: [عربی] /اسم. تەوش؛ هەر یەکە لەو ماکانەی ڕەوانن و بیچمی دەفر وەخۆ دەگرن.

سیال [2]: صفت. تەوش؛ ڕەوان؛ وەگەڕ.

سی‌ام / sî'om, sîyom/: صفت. سیهەم؛ سیەم؛ سیوم؛ بە ڕیز، ڕزن، پلە یان جێگەی سی‌وە ‹نفر سی‌ام: کەسی سیهەم›.

سیامانگا / siyāmāngā ، ـها/: [؟] /اسم. سیامانگا؛ گیانەوەری گوانداری درەختژی و هەمووشتخۆری لە تاقمی مرۆئاسایان، بە دەست و پێی درێژ و دەنگی زلەوە.

سی‌امی / sî'omî, sîyomî/: ضمیر. سیهەمی؛ سیەمی؛ ئەوەی لە ڕیز، پلە یان جێگەی سیهەمدایە.

سی‌امین / sî'omîn, sîyomîn/: صفت. سیومین؛ سیهەمین؛ سییەمین؛ بە ڕیز، ڕزن، پلە یان جێگەی سیهەمەوە ‹من سی‌امین نفر بودم: من سیهەمین کەس بووم›.

سیانور / siyānûr/: [فرانسوی] /اسم. سیانوور؛ هەر یەکە لە چەند جۆرە ماکی کیمیاوی زۆر کوژەر، کە لە چێکردنی مێرووکوژان، ئاوکاری کارەبایی و دەرهێنانی زێڕ و زیودا بەکار دەڕوا: **سیانید**

سیانوز / siyānoz/: [؟] /اسم. [پزشکی] سیانوز؛ شین‌وڕەش؛ دۆخی دیاریدانی ڕەنگی کەوە لە شانەگەلدا (نینۆکان، پێست و...) بە هۆی کەم بوونی ئوکسیژن.

سیانوژن / siyānojen/: [فرانسوی] /اسم. [شیمی] سیانوژن؛ گازی گڕگری ژاراوی بێڕەنگ، کە لە ئاو، ئەلکول و ئێتێردا دەتوێتەوە و بۆ بەرهەمهێنانی مێرووکوژ بەکاردێت.

سیانید / siyānîd/: [فرانسوی] ☜ **سیانور**

سیاه [1] / siyāh/: /اسم. ڕەش؛ ڕەژ؛ سیاو؛ سێیە؛ سیە: ١. ڕەنگی خەڵووز یان ئاسمانی شەوی تار ٢. ڕەنگێ کە کەمترین تیشکدانەوەی هەیە ٣. [موسیقی] یەکەی زەمان لە نوت‌نووسیدا بە درێژایی بەرانبەر بە نیوەی سپی ٤. [مجازی] گنجی ڕەش؛ بەرگی تازیەباری ‹هنوز سیاه می‌پوشد: هێشتا ڕەشپۆشە›.

▣ **سیاه کسی را به تن کردن**: [مجازی] ڕەش پۆشین بۆ کەسێ؛ لە شینی کەسێکدا بەرگی ڕەش لە بەرکردن. هەروەها: **سیاه کسی را به تن داشتن**

سیاه [2]: صفت. ڕەش؛ ڕەژ؛ سیاو؛ سێیە: ١. سیاون؛ بە ڕەنگی ڕەش. هەروەها: **سیاه‌رنگ** ٢. [مجازی] چەوسێنەر ‹روزگار سیاه: ڕۆژگاری ڕەش› ٣. تاریک ‹شب سیاه: شەوی ڕەش› ٤. [مجازی] ناخۆش؛ دزێو ‹کارنامەی سیاه: کارنامەی ڕەش› ٥. ـان/ [مجازی] ڕەش‌پێست؛ سیاپۆس.

▣ **سیاه بودن**: ١. ڕەش بوون؛ سیاو بیەی؛ بە ڕەنگی ڕەش بوون ‹این پارچە سیاه است: ئەم پارچەیە ڕەشە› ٢. تاریک بوون؛ لێڵ بوون

‹همه جا سیاه بود: هەموو جێیەک تاریک بوو› ٣. [مجازی] ڕەش بوون؛ سیاو بیەی؛ دڵتەزێن بوون ‹روزگارش سیاه بود: ڕۆژگاری ڕەش بوو›.
هەروەها: **سیاه شدن**

سیاه کردن: ١. ڕەش‌کردن؛ سیاوکەردەی؛ بە ڕەنگی ڕەش دەرهێنان ‹دستم را سیاه کرد: دەسمی ڕەش کرد› ٢. ڕەش‌کردن؛ تاریک کردن؛ لێڵ کردن ‹ابر روی آسمان را سیاه کرد: هەور ئاسمانی ڕەش کرد› ٣. [مجازی] ڕەش کردن؛ تاڵ کردن؛ پڕئازار کردن ‹فرمانده روزگارش را سیاه کرد: سەرکردە ڕۆژی لێ ڕەش کرد› ٤. [گفتاری] تەشقەڵە خاپاندن؛ پێ کردن ‹نیم‌وجبی می‌خواست مرا سیاه کند: بە بستێک بالاوە دەیهەویست بمخاپێنێ›.

سیاه ـ[٢]: پیشوازه. سیا ـ ؛ ڕەش ـ ؛ سیە ـ ؛ ڕەشە ـ : ١. بە ڕەنگی ڕەش ‹سیاه‌چال: سیاچاڵ› ٢. [مجازی] بە بار و دۆخی خراپ ‹سیاه‌زخم: ڕەشەبرین›.

سیاه‌اربه / siyāh'arbe / ☜ **سیاه‌دار**

سیاه‌آل / siyāh'āl ، ـهـا/: اسم. بەراڵوو؛ بەرەڵوو؛ شینک؛ دار یان دەوەنێکی بەلاڵووک‌ئاسایە بە گوڵی سپییەوە کە پێش گەڵا دەرکردن دەشکۆفێ: **آل**

سیاه‌بازی / siyāhbāzî/: اسم. ١. سیابازی؛ جۆرێ شانۆی کۆن کە کەسێ نۆکەرێکی ڕەش‌پێستی گێژ و حۆڵی هەیە و کاری سەیر‌ـسەیر و خۆش دەکا ٢. ☜ **سیاه‌بندی**

سیاه‌بخت / siyāhbaxt ، ـان/: صفت. [مجازی] ١. ڕۆژڕەش؛ سیاچارە؛ چارەڕەش؛ گەدی؛ بەخت‌ڕەش؛ کلۆر؛ کلۆڵ؛ قەرەبەخت؛ قەرەبەش ٢. بەخت‌کوێر؛ بێبەش لە ژیانی ژن‌وشوویی خۆش و بێ قرە. بەرامبەر: **سفیدبخت**

سیاه بندی / siyāhbandî/: اسم. [گفتاری] کاری ڕێکخستنی شانۆ درۆینە بۆ فریودانی کەس یان کەسانێک: **سیاه‌بازی ـ ٢**

سیاه بهار / siyāhbahār/: اسم. [مجازی] سیابەهار؛ بەهاری درەنگ کە هەوای دێر خۆش دەبێ و شینکەی دوا دەکەوێ.

سیاه‌بید / siyāhbîd/ ☜ بید سیاه، **بید**

سیاهپوست / siyāhpûst ، ـهـا؛ ـان/: صفت. ڕەش‌پێست؛ ڕەش‌پێس؛ قول‌هەوەش؛ سیاپۆس؛ سەربە یەکێک لە چوار گرۆی گەورەی ڕەگەزی مرۆ، ئاکنجی قورنەی ئافریقا، کە پێستێکی تاریک، مووی گرژ و لێوی ئەستووریان هەیە.

سیاهپوش / siyāhpûš/: صفت. ڕەشپۆش؛ سیاپۆش؛ سیاوپۆش: ١. خاوەن پۆشەنی ڕەش ‹مرد سیاهپوش: پیاوی ڕەش‌پوش› ٢. [کنایی] تازیەبار؛ ئازیەتبار ‹تمام شهر سیاهپوش بود: تەواوی شار ڕەشپۆش بوون›.

سیاه‌پوشک / siyāhpûšak ، ـهـا/: اسم. جۆرە درکێکی بیاوانی بە گوڵی زەردی جوانەوە.

سیاه‌تخمه / siyāhtoxme/ ☜ **سیاهدانه ـ ٢**

سیاه‌توسه / siyāhtûse ، ـهـا/: اسم. ڕەشەهەرجنک؛ هەجنەبایەم؛ ڕەشەئەرژەن؛ نەهیڤەزاگرۆسی؛ دەوەن یان دارێکی بچووکی پایا، تایبەتی ناوچەی گەرمی شێدار، بە لق و پۆی بێ‌درک، گەڵای تاکی هێلکەیی، گوڵی تاکەیی یان بە کۆمەڵ و بەری ناوکەداری سوورەوە کە دوایی ڕەش دەبێ. چێوەکەی سووکە و لە پیشەسازیدا کەڵکی هەیە: **سیاه‌توسکا**

سیاه‌چادر / siyāhčādor ، ـهـا/: [فارسی/ سنسکریت] اسم. ڕەشماڵ؛ ڕەشمار؛ کەوەندە؛ تاوڵ؛ کۆن؛ دەوار؛ سیاماڵ؛ دەواو؛ دووار؛ چادری ڕەش؛ خێوەتی ڕەشی لە موو چنراو کە کۆچەرانی تێدا دەژین.

سیاهچال / siyāhčāl ، ـهـا/: اسم. [قدیمی] سیاچاڵ؛ ژێرخانێکی تەسک و تەڕ و ترووک کە بەخسیرانیان بۆ سزا تێدا ڕادەگرت.

سیاهچاله / siyāhčāle ، ـهـا/: اسم. [نجوم]

کونەڕەش؛ تەنێ گچکەی ئاسمانی بە گۆڕەپانی ڕاکێشەری زۆر بەهێزەوە کە لە ئاکامی لێکهەڵوەشانەوەی هەسارەیێکەوە پەیدا دەبێ.

سیاەچردە / siyāhčorde/: *صفت*. ڕەشتاڵە؛ سیاچەردە؛ سیاوتاڵە؛ سیەواڵە؛ ڕەشکەڵە؛ سیوالا؛ سەوزە؛ سیاتاوە ‹جوان سیاەچردەای در زیر درخت نشستە بود: لاوێکی ڕەشتاڵە لە ژێر دارەکەدا دانیشتبوو›.

سیاەچشم / siyāhčešm/: *صفت*. چاوڕەش؛ چەمسیاو؛ خاوەن گلێنەی چاوی ڕەش ‹مرد سیاەچشم لهجەی هندی داشت: کابرای چاوڕەش زاراوەی هیندی هەبوو›.

سیاەدار / siyāhdār ، ـها/:[فارسی/ کردی]/*اسم*. سیادار؛ دارێکی زل بە گەڵای هێلکەیی و دانەدار و میوەی ناوکەداری ڕەش و درشتەوە: **سیاەاربە؛ سیاەدرخت**

سیاهدانە / siyāhdāne ، ـها/:/*اسم*. سیاوڵە؛ ڕەشکە؛ کورە؛ هەبڕەش؛ هەبڕەشک؛ ڕەشکەی نان: ١. گیایەکی ئالیکی یەکسالانی خۆڕسک، بە گەڵای هێڵ ـ هێڵی باریک، گوڵی تاکی شیری لێوارە شین و دەنکی ڕەشەوە ٢. دەنکی ڕەش، سێگۆش و بۆنخۆشی ئەو گیایە کە بۆ دەرمانیش دەشێ. هەروەها: **سیاەتخمە**

سیاەدرخت / siyāhderaxt/ ☜ **سیاەدار**

سیاهدل / siyāhdel ، ـان/: *صفت*.[*مجازی*] دڵڕەش؛ دڵسیاو؛ بەدگومان؛ خاوەن دەروونێکی ڕکاوی و دڕدۆنگ: **تیرەدل**

سیاهرگ / siyāhrag ، ـها/:/*اسم*. سیارەگ؛ڕەگێ کە خوێن بۆ دڵ دەگەڕێنێتەوە و جمشت و گوشاری خوێنی تێدا لە سوورەڕەگ کەمترە.

سیاهروز / siyāhrûz ، ـان/: *صفت*.[*مجازی*] ڕۆژڕەش؛ ڕۆژەڕەش؛ ڕۆژکوێر؛ کوێرەوەر؛ خاوەن ژیانی خەماوی و پڕئازار.

سیاەزخم / siyāhzaxm/:/*اسم*. تیراوێ؛ سیازام؛ برینارەش؛ نەخوشی چلکی هاوبەشی مرۆڤ و ئاژەڵ کە بە شێوەی کوانێکی چلکینی ناوڕەش سەر هەڵدەدا.

سیاەسرفە / siyāhsorfe/:/*اسم*. قۆتک؛ قۆزەڕەشە؛ کۆخەڕەشە؛ کۆکەڕەشە؛ کوخکاڕەش؛ سیەقوتە؛ قورباجە؛ خەندەکۆکە؛ کووکەی دوودەنگی؛ نەخۆشی چڵکی منداڵان کە بە هێرشی بە تەوژمی قۆزە و هاژەی هەناسە و یاو و درم، دیاری دەدا.

سیاهسنگ / siyāhsang/:/*اسم*. پازار؛ بەردەڕەشە؛ جۆرێ بەردی ڕەشی وردیلە و ڕەنگاوڕەنگ: **بازالت**

سیاەسوختە / siyāhsûxte ، ـها/: *صفت*.[*گفتاری*] ڕەشهەڵگەڕاو؛ ڕەشتاڵە؛ بە ڕەنگی پێستی قاوەیی یان سەوزی تۆخ ‹از چهرەی سیاەسوختەاش پیدا بود، اهل جنوب است: لە چاری ڕەشهەڵگەڕاویدا دیار بوو، خەڵکی باشوورە›.

سیاەقلم / siyāhqalam ، ـها/: [فارسی/ معرب از یونانی]/*اسم*. سیاقەڵەم؛ چەشنێ وێنەکێشی کە تەنیا لە قەڵەمێکی ڕەش کەڵک وەردەگرن.

سیاهک / siyāhak/:/*اسم*. کوێرەک؛ کوێرک؛ کیرۆ؛ کوێروو؛ کۆروو؛ ڕەشک؛ زیڤان؛ زیوان؛ زیزانە؛ زیزان؛ ناوی گشتی برێ نەخۆشی قارچی دەغڵ و دان.

سیاهکار / siyāhkār ، ـها؛ ـان/: *صفت*.[*مجازی، ادبی*] ١. بەدکار؛ خراپکار؛ تاوانبار ٢. ستەمکار؛ ناحەقیکار.

سیاهکاری / siyāhkārî ، ـها/:/*اسم*.[*ادبی*] خراپکاری؛ بەدکاری؛ کاری نارەوا و پێچەوانەی بایەخگەلی مرۆڤایەتی.

سیاهگوش / siyāhgûš/:/*اسم*. گوێڕەش: ١. /ـها/ سیولۆ؛ وشەک؛ ورشەک؛ وشەگ؛ هەنگوێنخۆر؛ گیانەوەری گوهانداری ڕاوکەر لە تیرەی پشیلە، بە پێی درێژ، کلکی کورت، گوێی مەندۆڵەیی و پێستی قاوەیی ئاماڵ سوورەوە کە بە بوونی ٢٨ ددان لە باتی ٣٠ ددان، لە باقی

تیرەی پشیلە، هاوێر دەبێ ۲. *[نجوم]* وێنەیەکی کزی گەردوونی دە ئاسمانی نیوەگۆی باکووری لە نێوان وێنەی ورچی گەورە، گاریچی و دووپەیکەردا.

سیاهمازو / siyāhmāzû/ ☜ **بلندمازو**

سیاهمست / siyāhmast/: *صفت. [مجازی]* ڕەشەمەست؛ مەستیمەست؛ بەدمەس؛ ڕەشمەست؛ سیامەس؛ زەمر؛ گیز؛ مەست و کەلەلا ‹هر وقت می‌دیدمش سیاەمست بود: هەر کاتێ دەمدی ڕەشەمەست موو›.

سیاهمشق / siyāhmašq ، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم.* ڕەشکەوسپیکە: ۱. ڕاهێنانی خۆشنووسی بەتایبەت بە زەل ۲. دێڕێ کە بە قەڵەمی گەورە، بە شێوەی دووپاتکردنەوەی وشە و ڕستە لە ژێر، سەر، پاڵ یان زێواری یەکتردا دەنووسرێ ۳. *[کنایی]* خۆ ڕاهێنان بەتایبەت لە کار و چالاکیەکی هونەری (وەک شیعر، پەخشان، فیلم و...) دا.

سیاهه / siyāhe ، ـها/: *اسم.* سیایی؛ سیاهە؛ لیستە؛ سیاهر؛ نامە یان دەفتەرێ کە ناو، ژمارە یان چەندێتی ئەندامانی تاقمێکی تێدا نووسراوە ‹سیاهەی حقوق کارمندان: سیایی مووچەی کارگێڕان›.

سیاهی / siyāhî/: *اسم.* ڕەشایی؛ ڕەشاتی؛ سیاوەتی: ۱. ڕەشی؛ ڕەشیەتی؛ سیاوی؛ بار و دۆخی ڕەش بوون ۲. *[ـها]* تاریاتی؛ تاریکی؛ تاریکایی؛ نوتەکی ‹سیاهی شب: ڕەشایی شەو› ۳. *[ـها]* تارمایی؛ تیبا؛ قەرە؛ توق؛ شتێکی تاریکی ناڕوون کە بە هۆی دووری و لێڵیەوە ناناسرێ.

▣ **سیاهی چشم**: گلێنە؛ بیلبیلە؛ بیبیلکە؛ ڕەشکێنە؛ پەلەز؛ ڕەشی چاو؛ ڕەشکەی چاو؛ سیاوڵەو چەما.

سیاهی لشکر ☜ **سیاهیلشکر**

▣ **سیاهی رفتن چشم**: ڕەشکە و پێشکەکردنی چاو؛ چرسین؛ تەم و ڕەشایی هاتنە بەر چاو لە بەر کز بوونی سۆما یان شتێکی کوتوپڕ ‹چشمم سیاهی رفت و افتادم روی زمین: چاوم ڕەشکە و پیشکەی کرد و داریامەوە›.

سیاهی زدن: *[مجازی]* ڕەشکردنەوە؛ ڕەش چوونەوە؛ سیاوکەردەیوە؛ تارمایی شتێک کەوتنە بەر چاو ‹چیزی از دور سیاهی می‌زد: شتێک لە دوورەوە ڕەشی دەکردەوە›.

سیاهیلشکر / siyāhîlaškar/: *اسم.* سیاییلەشکر؛ ڕەشایی؛ دەستەیێ لە خەڵک کە تەنیا بۆ نواندنی چڕی و زۆری ئاپۆرە کۆکراونەتەوە.

سیب / sîb ، ـها/: *اسم.* سێو؛ سێف؛ سێڤ؛ سام؛ ساوی: ۱. دارێ بە گوڵی چەتری، گەڵای کوڵکن و گەورەوە ۲. بەری ئەو دارە کە خڕ، درشت، خۆراکی، ئاودار و شیرین یان ترش و شیرینە و چەن جۆری هەیە: **سیب درختی**

▣ **سیب آدم**: *[کالبدشناسی]* قڕک؛ گوێزەی ئەستۆ؛ خڕایی گەردن/ مل؛ کەڵەبابە؛ دەرپەڕیوی بەر گەروو کە بە هۆی پێکگەیشتنی دوو لقی تیرۆئید پێک دێ: **سیبک**

سیب درختی ☜ **سیب ـ۲**

سیب زمینی ☜ **سیبزمینی**

سیب قندک: شەکرەسێوە؛ شەکەرەسێف؛ سێف شەکەری؛ جۆرێ سێوی چکۆلەی شیرن.

سیب گلاب: سێفەگوڵاوی؛ سێوەلاسوورە؛ جۆرێ سێوی چکۆلەی تام و بۆنخۆش.

سیبزمینی / sîb(e)zamînî ، ـها/: *اسم.* سێفزەمینە؛ سێفەزەوینە؛ سێفزەمینی؛ سێبزەمینی؛ سێفەزەمنە؛ سێفی؛ سێفەعەرزیلە؛ سیڤەڕۆک؛ سێوک؛ سێوخاکی؛ کارتێنە؛ کارتۆڵ؛ کەرتوف؛ کەرتۆپە؛ کرتۆپل؛ کرتۆفل؛ کارتۆفل؛ کەرتۆڤل؛ کرتوپ؛ کرکرووک؛ پەتاتە؛ پتات؛ پتەپتە؛ پوتێتە؛ پتێتە؛ پاکەپاکە؛ خڕکەگازوولە؛ ڕتاخ؛ هێلەماسی؛ هێرەڵماسی؛

هێڵەرماسی؛ یارەڵماسی: ١. گیایەکی ئالیکی بە لکی ژێرخاکیەوە کە چەند چووزی بە سەریەوەیە و لە ڕوانی ئەو چووزانە لاسکێکی ئەستوور بە دی دێ، گوڵی بنەوشی ڕوون یان سپی و بە کۆمەڵ بە شێوەی هێشووی چەتراسا، گەڵای لێکدراو و میوەی خڕ و سوور و ژەهرن دەدا ٢. سەلکی ژێرزەوینی ئەو گیایە کە تەژی لە نشاستەیە و بۆ خواردنێکی هەموانیە.

◙ **سیب‌زمینی ترشی:** سێ‌بن‌هەرد؛ سێبنەرد؛ سێبنەهەرد؛ گولەسێو؛ پەڵووک‌باخی؛ سێوعەرزیلە؛ سێوە بن عەرزیلە؛ سیڤەرۆگ؛ سێوی بن عەرز: ١. گیایێکی ئالیکی بە لاسکی ڕێک و زبر و پەل‌ـپەل، لقی هەوایی زۆر کورت، گەڵای ساکاری تاک کە بە سەر زەویەوە دەردێ و دوو جۆر گوڵی زەردی لوولەیی لە نێوەڕاستدا دەردەکا ٢. لاسقی بن‌ئەرزی ئەو گیایە.

سیبک / sîbak/: *اسم.* گوێزە: ١. جۆرە سەرپێچێکی خڕی پتەوە کە تاڕادەیێ بە هەموو لایەکدا دەسووڕێ ‹سیبک فرمان: گوێزەی فەرمان›. ٢. *[گفتاری]* ☜ **سیب آدم** *[کالبدشناسی]*

سیبل / sîbl، ـها/: [فرانسوی از آلمانی] *اسم.* نیشانە: ١. ئامانج؛ کێلک؛ نیشانێ ٢. تەختە یان مقەوایەکی وێنەدار یان نوانەدار کە بۆ ڕاهێنانی تیراوێژی دەکرێتە نیشانە.

سیتی‌اسکن / sîtîyeskan, sîtî'eskan/: [انگلیسی] *اسم.* *[پزشکی]* سیتی‌سکەن؛ شێوەیەک وێنەگری لە ئەندامانی لەش (وەک مێشک، گورچیلە و...) بە هۆی تیشکی نادیاری ایکس و گاما بۆ ناسینەوەی ئەندامی نەخۆش و دەرمانی نەخۆشی.

سیخ[1] / sîx، ـها/: *اسم.* سێخ؛ سیخ؛ شیش؛ کاش؛ فیش؛ بژ؛ زیخ؛ شیشە: ١. میلەیەکی باریکی کانزایی و برێ‌جار چێوی بە نووکی تیژەوە کە پتر بۆ شت برژاندن بەکەڵک‌دێ ‹سیخ کباب: سیخی کەباب› ٢. هەر چەشنە شتێکی وەک سیخ ٣. *[مجازی]* ئەو بەشە لە شتی برژاو کە دە سیخ کراوە، یەکەی گۆشت و جگەر و... ‹از این کباب دو سیخ خوردەام: لەم کەبابە دوو شیشم خواردووە›.

◙ **سیخ زدن:** ١. سیخ پێداکردن؛ سێخ لێدان؛ سێخ کردنە شتێکدا؛ سێخ کوا پۆرەی ٢. *[کنایی]* تێوە ژەندن؛ نەقیزە لێدان؛ تیژە دانن؛ زۆر هێنان بۆ کەسێ بۆ ئەنجامی کارێک ٣. *[کنایی]* سێخ دان؛ هەڵخڕاندن؛ زیخاندن؛ هەڵزرنگاندن؛ هاژۆتاندن.

بە سیخ کشیدن: ١. لە سێخ دان؛ سیخە کێشان؛ لە شیش دان؛ بڵێسەکەنە کەردەی؛ سیخ کردنە شتێکدا بۆ نیانە بان ئاگر ‹کبابها را بە سیخ بکش: کەباکە لە سێخ بدە› ٢. *[کنایی]* کەباب‌کردن؛ برژاندن؛ برێژنەی.

نە سیخ سوختن و نە کباب: *[کنایی]* نە شیش سووتان و نە کەباب؛ بە هیچ لا زیان نەگەیشتن.

سیخ[2]: *صفت.* *[گفتاری]* ڕاست؛ ڕاس؛ سێخ؛ ڕەپ؛ قیت؛ قنج؛ قوت.

◙ **سیخ شدن:** ڕاست بوونەوە؛ سێخ بوون؛ سنگ‌ـسنگ بوونەوە؛ گژ بوون؛ گژ بوونەوە ‹از ترس موهای سرم سیخ شد: لە حەیبەتان مووی سەرم ڕاست بووەوە›. هەروەها: **سیخ کردن**

سیخچە / sîxče/: *اسم.* داسگ؛ داس؛ داسووکە؛ داسوولە؛ بژانگ؛ برژانگ؛ قەلاس؛ قەلتاس؛ قەلاس؛ قەڵداس؛ سێخچە؛ قلچک؛ قلچغی گولەگەنم.

سیخکی / sîxakî/: *قید.* *[گفتاری]* ١. سێخ‌ئاسا؛ وەکوو سیخ ٢. ڕاست؛ ڕاس؛ ڕەپ؛ قوت؛ ڕەپ.

سیخونک / sîxûnak، ـها/: *اسم.* زخت؛ زەخت؛ زەختە؛ زەقت؛ نەقیزە؛ نەقیزێ؛ سۆک؛ پیرەسی؛ شەبیک؛ شتێکی نووک‌تیژ و سیخ‌ئاسا، چوارپێیانی پێ دەبزوێنن یان دەرەوتێنن.

▣ **سیخونک زدن**: تێوەژان؛ تێوەژاندن؛ تێوەژەندن؛ پێوەژەندن؛ نەقیزە دان؛ نەقیزەکوتان.

سیخی [1] / sîxî/: *صفت. [گفتاری]* ۱. بە سیخ؛ سیخدار ۲. ڕاست؛ قیت؛ قنج؛ قوت.

سیخی [2]: *قید.* ۱. سیخێ؛ سیخێک؛ سێخێو؛ بلێسکێوە؛ هەر سیخ ‹کباب سیخی چند؟: کەباب سیخێک چەندە؟› ۲. ڕاست؛ قوت؛ بە شێوەی قیت و ڕەپ.

سید / sayyed, seyyed، ـها؛ سادات/: [عربی]*/اسم.* سەیی؛ سەید؛ سەی؛ سێ؛ ئەوی لە تۆرەمەی پێغەمبەری ئیسلام بێ.

سیدریت / sîdrît/: [؟]*/اسم. [کانی‌شناسی]* سیدریت؛ کەربوناتی سروشتی ئاسن؛ جۆرێ پۆلای سروشتی کە لە پۆلای دەسکرد قایم‌ترە.

سیده / sayyede, seyyede، ـها/: [عربی]*/اسم.* سەیژن؛ سەیزادە؛ سەیزا؛ ژنێ کە لە تۆرەمەی پێغەمبەری ئیسلام بێ.

سی.دی. / sî.dî، ـها/: [انگلیسی]*/اسم.* سی.دی.؛ کەرستەیەک بە شێوەی پەڕەیەکی گرد و ناسکی پلاستیکی بۆ گلدانەوە و گواستنەوەی زانیاری کەمپیوتر (بە دەنگ و ڕەنگ و نووسراوە): **دیسک فشرده، لوح فشرده**

سیر / siyar/: [عربی] جمعِ ☜ **سیرت**

سیر / sayr/: [عربی]*/اسم.* گەشت: ۱. گەڕانە؛ ڕەوت؛ کار یا ڕەوتی ڕۆیشتن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌تر ‹سیر صعودی: گەڕانەی هەڵچۆ› ۲. سەیر؛ گەشت؛ نۆرە؛ گەڕان و تەماشا؛ گەشت و گێڵ؛ سێل ‹سیر آفاق و انفس: سەیری خەڵک و ولاتان›.

▣ **سیر باطن**: *[مجازی]* گەشتی دەروون.

سیر تکاملی: ڕەوتی گووران؛ ڕۆشتن بەرەو پێگەیشتن و کامڵ بوون.

سیر صعودی: ڕەوتی هەورازی؛ چوون بەرەو بان.

سیر قهقرایی: ڕەوتی دواوەکی؛ بزاوی پاشەکشانە و بەرەودوا؛ گەشتی دواگەڕی.

سیر نزولی: ڕەوتی خوارەکی؛ جووڵانەوە بەرەوخوار.

▣ **سیر آفاق و اَنفُس کردن**: *[ادبی]* شار و ولاتان گەڕان و لە کار و باری خەڵک ڕامان.

سیر کردن: ۱. گەڕان؛ گەشت کردن؛ گەشت و گێلان؛ کەوتنە ڕێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌دی ۲. *[گفتاری]* ڕوانین؛ نوارین؛ تەواشاکردن؛ سەیرکردن.

سیر [1] / sîr، ـها/: *اسم.* سیر: ۱. یەکەی کێشان بەرانبەر بە ۷۵ گرەم ۲. سیرێ؛ سیرۆک؛ سیرک؛ گیایەکی ئالیکی بە سەلکی هەڵتۆقیوی بن‌ئەرزیلەی لەتکە جیاوازی لە ناو کاژی ناسک و سپی، بە گەڵای هێلکەیی نووک‌تیژ و گوڵی سپی چەتریەوە ۳. سەلکی ئەم گیایە کە کەڵکی خۆراکی و دەرمانی هەیە.

▣ **سیر کوهی** ☜ **والک**

از سیر تا پیاز: *[مجازی]* نووک و بەد؛ ورد و درشت؛ خاس و خراو؛ سەرتا خوار؛ هەموو بابەتێ بە وردی ‹نشست و از سیر تا پیاز ماجرا را برایم تعریف کرد: دانیشت و نووک و بەدی ڕووداوەکەی بۆم گێڕاوە›.

سیر [2]: *صفت.* سێر؛ تێر: ۱. مر؛ تەسەل؛ مرد؛ مر؛ بێ‌نیاز لە شتێک بە هۆی بەهرەمەندی لەو شتە بێ کەم‌وکووڕی ‹از غذا سیر شدن: تێر بوون لە چێشت› ۲. *[مجازی]* بێزار؛ وەڕەز ‹از زندگی سیر شدن: لە ژیان تێر بوون› ۳. توخ؛ بە ڕەنگی یەکدەست، خەست وخۆڵ و تاریکەوە‹قهوه‌ای سیر: قاوەیی توخ›.

▣ **سیر شدن**: تێر بوون؛ سێر بیەی: ۱. تەسەل بوون؛ مر بوون ۲. *[مجازی]* بێزار بوون.

سیر کردن: تێرکردن؛ سێرکەردەی: ۱. بە ئەندازەی بەسندە چێشت بە کەسێ دان ۲. بێ‌نیازکردن ۳. *[کنایی]* لێ‌بێزار بوون؛ چنە

بیزنەی.

سیر [3]: *قید.* تێر؛ سێر؛ تێر و تەسەل؛ سێر و پەڕ ‹می‌خواهم سیر نگاهت کنم: دەمەوێ تێر لێت بڕوانم›.

ـ سیر [4]: *پیوازه.* ـ سێر؛ ـ یان؛ جێ ‹گرمسیر: گەرمەسێر›.

سیرائی / sîrā'î/ ☜ **سیرایی**

سیراب / sîrāb/: *صفت.* تێراو؛ پاراو؛ بەش‌بردوو لە ئاوی پێویست.

▣ **سیراب بودن:** ترهان؛ پاراو بوون؛ تێراو بوون؛ تەڕ و بڕ بوون. هەروەها: **سیراب شدن؛ سیراب کردن**

سیرابی / sîrābî/: *اسم.* ١. /ـها/ ورگ؛ کرش؛ ئەشقەمە؛ هوور؛ هێلگ ٢. کیپا؛ گیپا؛ کیپار؛ گیپار؛ گیپێ؛ گیپاڵ؛ گیپە؛ پێخۆرێ کە لە ورگ دروست دەکرێ ٣. پاراوی؛ تێراوی؛ سەقا؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی تێراو بوون.

سیرایی / sîrāyî/: *اسم.* [گفتاری] تێری؛ سێری؛ تەسەلی ‹این بچه اصلاً سیرایی ندارد: ئەم منداڵە خۆ تێری بۆ نیە›: **سیرائی**

سیرت / sîrat ، ـها؛ سِیَر/: [عربی] *اسم.* [ادبی] مۆنە؛ هو؛ خوو؛ خدە و ئاکار ‹صبر کن ای دل! که صبر سیرت اهل وفاست: سەبرکە گیانە! سەبر مونەی ئەهلی وەفایە›. هەروەها: **سیره**

▣ **بی سیرت کردن:** [گفتاری] خراپ‌کردن؛ بێ‌ئابڕووکردن؛ ئیلاقەکردنی کچ یان ژن.

سیرترشی / sîrtorŝî/: *اسم.* ترشی سیر؛ تورشی سیر.

سیرچشم / sîrčešm, -čašm ، ـان/: *صفت.* [مجازی] چاوتێر؛ بێ‌واز و نیاز لە شتێ.

سیرخواب / sîrxāb/: *صفت.* [مجازی] تێرخەو؛ تێرەخەو؛ سێروەرم؛ بێ‌نیاز بە خەو لە بەر زۆر نووستن.

سیرداغ / sîrdāq/: *اسم.* سیرداخ؛ سیری وردکراو و لە ڕۆندا سوورەوەکراو.

سیرسیرک / sîrsîrak ، ـها؛ ـان/: *اسم.* سریلە؛ سیرسیر؛ سیرسیریلە؛ سیسرگ؛ سیسری؛ سیسرک؛ مێروویەک بە لەشی قوڵ و تۆخ، شاخی درێژ و مەچەکی چواربەندی، بڕێکیان بێ‌باڵ، کە پتر لە سەر پێی دواوە دەبزوون و لە ژێر خۆڵ یان ماکی دارزیو یا گژ و گیاوە گەرا دەکەن.

▣ **سیرسیرک خانگی:** بەرسورکە؛ ڕوولک؛ سوڕسوڕ؛ سوڕسوڕە؛ سفرەبڕە؛ سفرەفڕە؛ سیسرە؛ سیسرک؛ سیسرگ؛ مەشکەدڕ؛ سیرسیرەمای؛ سەیلەماڵی؛ سیسەرگی.

سیرسیرک درختی: سیسرە؛ چرچرک؛ شیرشیرە؛ جۆرێ سیسرک کە لاسکی گیا دەسمێ و گەرای تێ‌دەکا.

سیرسیرک صحرایی: سیسرگە؛ سیرسیرە دەشتی؛ لە جۆرەکانی سیسرک کە زیان و مێملی گژ و گیایە.

سیرک / sîrk ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* سیرک: ١. شوێنی ڕانانی شانۆکی گیانەوەرانی دەستەمۆ، بەنبازان، گاڵتەجاڕان و چاوبەستان ‹رفته بودیم سیرک خیلی دیدنی بود: چووبووینە سیرک زۆر سەیر بوو› ٢. گرۆیەک کە بەرنامەی وا بەڕێوە دەبەن.

سیرک‌باز / sîrkbāz ، ـها؛ ـان/: [فرانسوی/ فارسی] *اسم.* سیرکیار؛ سیرکباز؛ هونەرمەندی شانۆگێڕ لە سیرکدا.

سیرم / sîrom/: [از کردی] *اسم.* [قدیمی] سیرم؛ سیرمە؛ دواڵ؛ دڤێل؛ دوهێل؛ دڤێت؛ زوێل؛ زۆڵە؛ زیوار؛ تەسوو؛ پارچەی لە چەرم‌براو.

سیرمانی / sîrmānî/: *اسم.* [گفتاری] تێری؛ تێرایی.

▣ **سیرمانی نداشتن:** تێری بۆ نەبوون؛ ئاگای تێری نەزانین.

سیره / seyre/ ☜ **سِهره**

سیره / sîre/: [عربی] ☜ **سیرَت**

سیری / sîrî/: اسم. تێری؛ تێریەتی؛ تێرایی؛ تەسەلی؛ سێری؛ دۆخ یان چۆنیەتی تێر بوون.

سیریلی / sîrîlî/: [فرانسوی] ☜ خط سیریلی، خط

سیری ناپذیر / sîrînāpazîr/: صفت. تێری نەناس؛ بەبێ توانایی یان تایبەتمەندی تێر بوون ‹عطش سیری‌ناپذیر: تینوویەتی تێری‌نەناس›.

سیزاب / sîzāb ، ـها/: اسم. گازین‌گیا؛ گیاتیراوێ؛ گەری گیا؛ چەن جۆرە گیای گولداری هەمیشەیی، بە لاسک و گەڵای گۆشتن، گەڵای ددانەدار یا خۆ بێ‌ددانە و بەرامبەر بە یەک، گولی گچکەی سپی یان کەوەی ڕۆشنەوە.

سیزده[1] / sîzda(h)/: اسم. سێزدە؛ سیانزە؛ سیازدە؛ سیانگزە؛ سیزە؛ سێنزە؛ زیاردە؛ هیرێس؛ هیریەس؛ دە و سێ؛ ژمارەی سەرەکی دوای دوازدە و بەر لە چاردە.

سیزده[2]: صفت. ١. سێزدە؛ سیازدە؛ سیانزە؛ سێنزە؛ زیاردە؛ دانەیەک زۆرتر لە دوازدەدانە ٢. سێزدەهەم.

سیزده‌بدر / sîdebedar, sîzda(h)-/: اسم. سێزدەبەدەر؛ سێنزەبەدەر؛ سیانگزەوەدەر؛ سیانگزەی وەهار؛ ڕۆژی سێزدەهەمی خاکەلێوە کە لە جێژنگەلی کۆنی ئێرانیە و خەڵک لەو ڕۆژەدا بەگشتی دەچنە سەیران.

سیزدهم / sîzdahom/: صفت. سێزدەهەم؛ سیانزەهەم؛ بە ڕیز، پلە یان جێگەی سێزدەوە.

سیزدهمی / sîzdahomî/: ضمیر. سێزدەهەمی؛ ئەوەی لە ڕیز، پلە یان جێگەی سێزدەهەمدایە.

سیزدهمین / sîzdahomîn/: صفت. سێزدەیەمین؛ سێزدەهەمین؛ سیازدەمین؛ بە پلە، ڕیز یان جێگەی سێزدەهەمەوە.

سیستم / sîstem ، ـها/: [فرانسوی] اسم. سیستم؛ سیستەم: ١. دەزگا؛ سامانە؛ کۆندام؛ گرۆیەک لە شت، بابەت یان دیاردەگەلی پێکەوەگیری ڕێک‌وپێک کە کۆمەڵەیەک پێک دێنن ‹سیستم متری: سیستمی میتری› ٢. نیزام؛ دوزەنە ٣. تۆڕ؛ ئەوەی بەشینەوەی شتێ یان بەڕێوەبردنی ڕاژەگەلێکی وەئەستۆوە ٤. ئەوەی (بەتایبەت لەمەڕ ماشێن و دەزگاوە) بیچم، پێکهاتە، یان شتومەکی تایبەتی هەیە.

سیستماتیک / sîstemātîk/: [فرانسوی] صفت. سامانمەند؛ دۆزەنەدار.

سیستول / sîstol/: [فرانسوی] اسم. [پزشکی] سیستۆل؛ قۆناخی وێکهاتنەوە و کرژبوونەوەی دڵ لە خولێکی کارکردنیدا.

سیسموگراف / sîsmog(e)rāf ، ـها/: [فرانسوی] اسم. لەرەنگار؛ لەرزەنگار؛ ئامرازێ بۆ ناسین و نووسینی شەپۆلی لەرە، بەتایبەت لەرەی بوومەلەرزە.

سیسمولژی / sîsmolojî/: [فرانسوی] اسم. لەرەناسی؛ لەرزەناسی؛ زانستی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بومەلەرزە و لەرەگەلی دەسکرد.

سیسمومتر / sîsmometr ، ـها/: [؟] اسم. لەرەپێو؛ لەرزەپێو؛ ئامرازی ئەندازەگرتنی ڕادە و ماودای لەرە.

سیسمونی / sîsmonî/: [از سنسکریت] اسم. جل و پێداویستی کۆرپە، کە لە لایەن ماڵی دایکەوە پێش لە دایک بوونی بە دیاری بۆی دێنن.

سی.سی. / sî.sî /: [انگلیسی] اسم. [مخفف] سی.سی.؛ سانتیمیتری چوارپاڵوو.

سی.سی.یو. / sî.sî.yû/: [انگلیسی] اسم. [مخفف] سی.سی.یوو.؛ بەشی تایبەتی چاوەدێری لە نەخۆشانی دڵ لە نەخۆشخانەدا ‹نیمەشب حالش به هم خورد، بردنش سی.سی.یو.: نیمەشەو حاڵی تێکچوو، بردیانە سی.سی.یوو.›.

سیصد[1] / sîsad/: اسم. سێسەد؛ سێسەت؛ یەرەسەد؛ هیرسەی؛ هیرەسەی؛ هیرێسەی؛ ژمارەی سەرەکی دوای دوو سەد و نەوەد و نۆ و

بەر لە سێسەد و یەک.

سیصد[2]: *صفت.* سێسەد؛ یەرسەد: ١. یەکێ زۆرتر لە دوو سەد و نەوەد و نۆ دانە ٢. سێسەدەم.

سیصدم / sîsadom/: *صفت.* سێسەدەم؛ سێسەدوم؛ بە ریز، پلە یان جێگەی سێسەدەوە.

سیصدمی / sîsadomî/: *ضمیر.* سێسەدەمی؛ سێسەتەمی؛ ئەوەی لە ریز، پلە یان جێگای سێسەدەمدایە.

سیصدمین / sîsadomîn/: *صفت.* سێسەدەمین؛ سێسەتەمین؛ یەرەسەدەمین؛ بە پلە، ریز یان جێگەی سێسەدەمەوە.

سی صنار / sîsan(n)ār/: *اسم. [قدیمی، گفتاری]* ١. سی‌سنار؛ ٣٠٠ دینار؛ ئەوەندەی ٦ شایی یان ٣٠ دیناری پارەی کۆنی ئێران ٢. *[کنایی]* پارەیەکی زۆر کەم .

سیطره / seytare/: [عربی] *اسم. [ادبی]* دەسەلات؛ دەسچوویی؛ چیری ‹می‌خواست سیطره‌ی خود را بر مجلس همچنان حفظ کند: دەیهەویست دەسەلاتی خۆی بەسەر کۆڕدا هەروا بەردەوام ڕاگرێ›.

سیفلیس / sîflîs/: [فرانسوی/ انگلیسی] ☜ **سیفیلیس**

سیفن / sîfon ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* سیفۆن: ١. دەفرە ئاوێ کە بە داکێشانی لۆسەیێ، ئاوەکەی بە تەوژمەوە بەر دەبێتە ناو کاسەی دەساو و دەیشۆرێتەوە ٢. لوولەیێ کە بە گوشاردانی لۆسەی سەری، ئاوا کارێ دەکا ٣. *[نامتداول]* وشترگەلوو؛ وشترگەروو؛ گونجەی سوالەتی، سمنتی یان چودەنی تێکخراو بۆ ڕاگویزانی ئاو ٤. لوولەیەکی چەماوە بە شێوەی ~ بە سەرێکی بەرزتر لەویتری، کە تراو لە کۆگەی سەرە نزمەکەوە هەلدەکێشرێتە ناو لوولە بەرزەکەوە، ئەم کەرستەیە بۆ خالی کردنەوەی تراوی کۆگاگەلی جێ‌مەترسی وەک باکی بنزین بەکاردێ * **سیفون**

سیفون / sîfon/: [عربی] ☜ **سیفُن**

سیفی / seyfî/: [از عربی] ☜ **صیفی**

سیفیلیس / sîfîlîs/: [فرانسوی/ انگلیسی] *اسم.* سفلیس؛ فەرنگی؛ هالۆق؛ بای بوور؛ نەخۆشییەکی کۆنی پەتایە کە تووشی ئەندامانی شەرم دێ. هەروەها: **سفلیس؛ سیفلیس**

سیک / sîk ، ـها/: [از هندی] *اسم.* سیک؛ ئایینێک لە هیندوستان؛ شوێنکەوتووانی ئایینی «وشنۆ» کە لقێک لە دینی بوودایە.

سیکل / sîkl ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* چەرخە؛ خول: ١. ماوەکاتێ کە زنجیرەڕووداو یان دیاردەگەلێکی تێدا ڕوو دەدا ‹سیکل کربن: چەرخەی کەربون› ٢. دەورە؛ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ جێبەجێ بوونی کارگەلێک ‹سیکل اول: خولی یەکەم›.

▣ **سیکل کربن** ☜ چرخەی کربن، **چرخه**

سیکلامن / sîklāmen/: [فرانسوی] ☜ **نگونسار**[1]

سیکلمه[1] / sîklame/: [از فرانسوی] *اسم.* ١. ☜ **نگونسار**[1] ٢. پەمەیی بە بنەڕەنگێکی بنەوشەوە.

سیکلمه[2]: *صفت.* بە ڕەنگی پەمەیی بنەڕەنگ بنەوش.

سیگار / sîgār ، ـها/: [فرانسوی از اسپانیایی] *اسم.* سگار؛ سیار؛ سیغار؛ جگەرە؛ جگارە؛ جغارە؛ جغەرە؛ توتنی دەکاغەزەوە پێچراو بۆ کێشان.

▣ **سیگار برگ**: جگەرەی بەرگ/ گەلا؛ گەلا توتنی لێکەوەپێچراو بۆ کێشان.

▣ **سیگار پیچیدن**: لا پێچان؛ سیغار/ جگەرە/ سیگار پێچانەوە؛ جگەرەرە پێچنەی؛ تووتن بە کاغەزکردن و سازکردنی سیگار.

سیگار کشیدن: سیغار/ جگەرە/ سیگارکێشان/ خواردن؛ جگەرەکێشای/ کێشتەی؛ هەلمژینی دووکەلی جگەرە ‹جوان کم‌سالی

ایستاده بود و داشت سیگار می‌کشید: لاویژه‌یه‌ک وه‌ستا بوو خه‌ریک بوو سیگاری ده‌کیشا›.

سیگاری [1] / sîgārî ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ۱. سیگاری؛ سیگارفرۆش؛ جگه‌ره‌فرۆش ۲. غه‌رغه‌ره‌ی به‌نی باریک و درێژ.

سیگاری [2] /ـها/: صفت. سیگاری؛ سگاری؛ سیاری؛ جغاره‌کێش؛ جغاره‌خۆر؛ جغه‌ره‌خۆر؛ جغه‌ره‌کێش؛ جگه‌ره‌خۆر؛ جگه‌ره‌کێش؛ ئالووده‌ی سیغار ‹من سیگاری نیستم: من سیگاری نیم›.

سیگما / sîgmā/: [یونانی]/اسم. سیگما: ۱.هه‌ژده‌هه‌مین پیتی ئه‌لفوبێتکه‌ی یوونانی «δ»: **زیگما**

سیگنال / sîgnāl ، ـها/: [فرانسوی/ انگلیسی]/اسم. سیگنال: ۱. هناره؛ هه‌وه؛ ئاماژه‌ی ده‌نگی یان تیشکی ۲. بۆق؛ فیقه.

سیگنال‌سیستم / sîgnālsîstem ، ـها/: [فرانسوی] /اسم. ده‌زگای ئاماژه‌که‌ر.

سیل / seyl/: [عربی]/اسم. لافاو: ۱. لێفاو؛ لاپاو؛ سێلاو؛ لاسامه؛ لاخێز؛ لاو؛ له‌هی؛ له‌ی؛ لێشت؛ لێ؛ لی؛ لا؛ لالاف؛ لێسه‌ر؛ لێیه؛ لوشاو؛ له‌هر ۲. *[مجازی]* شالاو؛ لێشاو؛ هه‌رشتێ که وه‌کوو کۆماییکی زل له کتوپرا به‌ربێته‌وه ‹سیل سپاه دشمن: شالاوی سوپای دوژمن›.

▣ **سیل** آمدن: لافاو/ سێلاو/ لاخێز هه‌ستان؛ لافاو/ سێلاو/ لاخێز هاتن؛ لاو ئامه‌ی ‹در جنوب سیل آمد و خسارات زیادی به بار آورد: له باشووردا لافاو هه‌ستا و زه‌ره‌رێکی زۆری دا›.

سیل گرفتن: لافاو داگرتن؛ ئاو داگرتن؛ لاپال داگرتن؛ لاوه‌ره‌گیرته‌ی ‹خیلی از زمینهای کشاورزی را سیل گرفت: لافاو زۆرێک زه‌وی و زاری داگرت›.

سیل / sîl ، ـها/: [؟]/اسم. ☜ **فک**

سیلاب / seylāb/: [عربی/ فارسی]/اسم. لافاو؛ لێفاو؛ لاپاو؛ لالاف؛ لاشاو؛ لێشاو؛ تیژاف؛ لاخێز؛ سێلاو؛ ئاوێ که به هۆی لاوه‌وه دێ ‹سیلاب بخشی از شهر را فرا گرفت: لافاو به‌شێ له شاری داگرت›.

سیلاب / sîlāb ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. *[زبان‌شناسی]* برگه؛ به‌ش؛ بڕه؛ بچووکترین یه‌که‌ی زمانی په‌یڤین، دوای واج، بریتی له (لای که‌م) پیتێکی ده‌نگدار و یه‌کێکی بێ‌ده‌نگ.

سیلان / sayalān/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* ڕه‌وانی؛ بزاڤی ماکێ شل.

سیلان / sîlān/: [؟]/اسم. شیره‌ی خورما.

سیل‌بند / seylband ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. به‌ند؛ لاوگر؛ به‌ربه‌ند یان دیوارێ که بۆ به‌رگری له هه‌لمه‌تی لافاو دروست‌کراوه.

سیلت / sîlt/: [؟]/اسم. *[زمین‌شناسی]* سیلک؛ خۆڵبه‌ردی ده‌نکوردی بچووکتر له زیپک و گه‌وره‌تر له ده‌نکی گڵه‌ئیربار که نزیکه‌ی ۰/۰۳ میلی‌متره و له بن چۆم و زێ و زێبارِاندا به ده‌م با و ئاوه‌وه ده‌نیشێ.

سیل‌خیز / seylxîz/: [عربی/ فارسی] صفت. لافاوگر؛ لافاوگه؛ به تایبه‌تمه‌ندی لافاو داگرتن ‹ایجاد سد و سیل‌بند در مناطق سیل‌خیز ضروری است: دانانی به‌ند و لاوگر له ناوچه‌گه‌لی لافاوگردا پێویسته›.

سیلر / sîler/: [انگلیسی]/اسم. سیلێر؛ درزگر؛ هه‌ر یه‌ک له‌و ماکانه‌ی که بۆ به‌رگری یا گرتنی درز و که‌لێن، ڕووکارێکی پێ سواخ ده‌ده‌ن.

سیل‌زده / seylzade ، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] صفت. لافاو لێدراو؛ لافاو بردوو؛ ئاو بردوو؛ گه‌زنگاز به هۆی لافاوه‌وه.

سیلک [1] / sîlk/: [انگلیسی]/اسم. هه‌ورێشم؛ ئاوریشم.

سیلک [2]: صفت. هه‌ورێشمی.

سیل‌گیر / seylgîr/: [عربی/ فارسی] صفت. لافاوگر؛ به‌رلافاو؛ وه‌ره‌لاو؛ لاوداگر؛ لافاوگه؛ لێفاوگر؛

سێلاوگر؛ سێلگا ‹از ساخت و ساز در زمینهای سیل‌گیر جلوگیری شد: لە کردنەوەی زەویگەلی لافاوگر بەرگری کرا›.

سیلندر / sîlandr ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. سیلەندر: ١. گرۆڤەر؛ گلیل ٢. قاپۆرەیەکی گرۆڤەر لە موتوری ماشێندا کە پیستوونی تێدا دەبزێوێ ٣. کەرەستە و شتی گرۆڤەر.

سیلو / sîlû. sîlo ، ـها/: [فرانسوی از اسپانیایی]/اسم. تاپو؛ کەوار؛ کان؛ کاریتان: ١. بینایەکی گەورەی گرۆڤەری بۆ هێشتنەوەی دانەوێڵە، سیمان و وەک ئەوانە ٢. [کشاورزی] چاڵێ کە بە گژ و گیا پڕ دەکرێتەوە و بە پەستاوتن کپی دەکەن و بە خاک دایدەپۆشن هەتا بە ترشان، پێخۆری باشتر بۆ ئاژەڵان بێتە دەست ٣. [گفتاری] هەمبار؛ ئەمبار؛ هەمار.

سیلوانیم / sîlvān(i)yom/: [؟] ☜ **تلوریُم**

سیلور / sîlver/: [انگلیسی]/اسم. ١. زێو؛ نوقرە؛ کانزای هەواڵ زێڕ ٢. ئالیاژی مس و نیکڵ بە ١% مەنگەنزەوە، کە بە زێو بریقەدار کراوە و دەفر و کەوچک و چنگاڵی لێ دروست دەکەن.

سیلورین / sîlor(i)yan/: [فرانسوی]/اسم. سیلوریەن؛ سێهەمین دەورە لە خولی پالیئۆزوییک لە ٤٤٠ تا ٤٠٠ میلیون ساڵی لەوەو پێش کە تێیدا هەوەڵین گیانەوەرانی وشکانی دەرکەوتن، بەر لەوان ژیانی گیانەوەری لە دەریاژی بەو لاوە چیتر نەبوو.

سیلی / sîlî ، ـها/: اسم. زلە؛ زللە؛ زەلە؛ زیلە؛ شەپەزلە؛ شەپازلە؛ شەپازللە؛ شەپەزللە؛ شەقازلە؛ شەقەزلە؛ شەقازللە؛ شەقەزللە؛ شەقەزیلە؛ شاپ؛ شەپاڵە؛ شەپاڵ؛ چەک؛ چەپاڵە؛ کەشیدە؛ کەشیلە؛ شرن؛ شرماب؛ شەقام؛ سهنتی؛ شەپۆلکە؛ شەپۆلک؛ دەخش؛ سەترە؛ لەکمات؛ لامات؛ لەپارچە؛ عیشت؛ شەپەلاغە؛ شەپلاغ؛ شلپاخ؛ شەپلاخ؛ شەپلاخە؛ شەپلاخ؛ شەپەلاخە؛ شەپاڵمە؛ چەپلاخە؛ شەپیلە؛ شەماق؛ چۆماخ؛ زەرپێ کە بە لەپی دەست لە دەم و چاو و لاملی کەسێ دەدرێ.

⊡ **سیلی خوردن**: زللە/ شەپلاخە/ چەک خواردن؛ شەقەزلە خواردن؛ کەشیدە واردەی ‹من هم چند سیلی خوردم: منیش چەند زللەم خوارد›.

سیلی زدن: زللە/ چەک/ شەپلاخە لێدان؛ لە پارچە داین؛ شەپلاخ دەی وەنەی ‹یک سیلی زد به صورتم: زللەیەکی دا بە لاملمدا›.

سیلیس / sîlîs/: [فرانسوی]/اسم. [شیمی] سیلس؛ ئەنیدرید ئەسیدی سیلیسیک، کە بێ‌خەوشەکەی سپی یان بێ‌ڕەنگە و بەزۆری لە سروشتدا دەس دەکەوێ، لە چێکردنی شیشە، ئامێری چاوی، خانووبەرە و سواڵەتدا بەکاردێ.

سیلیسیم / silis(i)yom/: [فرانسوی]/اسم. سیلیسیوم؛ توخمی کیمیاوی ناکانزا، بە ژمارەی ئەتومی ١٤ و کێشی ئەتومی ٢٨،٠٨ کە لە دوای ئوکسیژن، زۆرترین توخمە و نزیک بە ١% لە توێکڵەی نەگۆڕی زەوی پێکدێنێ: **سیلیکُن**

سیلیکن / silikon/: [فرانسوی]/اسم. [شیمی] ١. ـها/ سیلیکون؛ ناوی گشتی تاقمێ لە لێکدراوەگەلی دەسکردی پولیمر ٢. ☜ **سیلیسیُم**

سیم / seyyom/: صفت. [گفتاری] سێهەم؛ سێیەم.

سیم / sîm ، ـها/: اسم. سیم: ١. تێل؛ تێلە؛ تەل؛ ڕێسە یان تەلی نەرم بۆ کاری جۆراوجۆر (وەک گواستنەوەی کارەبا یان ئیلیکترۆمیغناتیس)، کە لە کانزا و بە کۆتەری جیاواز و پتر بە پۆشەنێکی لێپارێزەوە چێدەکرێ ٢. [ادبی] زیو؛ زێو؛ زیف؛ نوقرە ٣. تێل؛ تێلە؛ تار؛ تان؛ تاڵ یان ژێی ئامێرگەلی مووسیقای ژێدار ‹سیم

سەتار: سیمی سێتار› ٤. جۆرێک ماسی ئاوی شیرین کە لە قاسمە دەکا: **ماهی‌سیم**

⊡ **سیم افشان:** سیمی چەپک؛ سیمێ کە لە چەن ڕشتەی سیمی باریک پێکهاتووە.

سیم برق: تێلی کارەبا؛ سیمێ پتر لە مس بۆ گواستنەوەی کارەبا. هەروەها: **سیم تلفن؛ سیم تلگراف**

سیم خاردار: ئاسنورک؛ ئاسندرک؛ هەسن‌درک؛ درکە ئاسنینە؛ تێلی وارشی درک‌دار.

سیم رابط: سیمی پێوەند؛ لەتە تێلی رووکێشداری سەرێک پریز و سەرێک دووشاخە، بۆ درێژترکردنەوەی سیمی کەرستەی کارەبایی و تەلەفون.

سیم رادیو: تیکە سیمێ رووکێشدار بە دووشاخەیێکەوە بۆ گەیاندنی کارەبا بە ڕادیۆ. هەروەها: **سیم اتو؛ سیم تلفن؛ سیم یخچال**

سیم زمین: سیمی زەوی؛ سیمی ئێرت؛ ڕێسەیێ لە سیم بۆ دابین‌کردنی هێمنی لە ئامێرگەلی کارەبایی و بەرگری لە بەرق‌گرتن و زیان دیتنی ئامێرەکە، بە زەمینیەوە دەنێن.

سیم ظرفشویی: سیم؛ تەل فافۆن؛ هەودای کانزایی بۆ شوردن و بریقە لێ خستنی دەفر و دۆڵە.

سیم فاز: تێلی فاز؛ تێلێ کە لە تۆڕی بە شینەوەی کارەبای کەم تەوژمدا لە چاو ئەرز و بەدەنە ولتاژی هەیە.

سیم کابل: تێلی کابل؛ کابل.

سیم نول: تێلی نۆل؛ تێلێ کە لە تۆڕی بەشینەوەی کارەبای کەم‌تەوژمدا لە چاو ئەرز و بەدەنە ولتاژی سیفر یان زۆر کەمی هەیە.

⊡ **سیم کشیدن:** ۱. سیم داخستن؛ سیم‌کێشان ۲. *[مجازی، گفتاری]* چڵ کێشان؛ چڵ وەشانن؛ چڵ دان.

سیمهای کسی قاتی شدن: *[مجازی، گفتاری]* تێکچوون؛ شپرز بوون؛ شێوانی کەسێک؛ سەر لە کەسێک شێویان؛ ئاڵۆزیان؛ تووشیاری ئاڵۆزی زەینی بوون ‹سر همین قضیه سیمهایش قاطی شد: هەر لە سەر ئەو بابەتە تێکچوو›.

به سیم آخر زدن: *[مجازی]* چش لە هەموو شتێ کردن؛ بەتوون لێ کردن؛ بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بارێکدا، لە هیچ نەسڵەمینەوە و موکور دەست بۆ هەموو شت بردن ‹دیدم چارەای نیست، به سیم آخر زدم و توی آب پریدم: دیم چار نیە، چشم لە هەموو شتێ کرد و بازم دایە نێو ئاوەکەوە›.

سیما[1] / sîmā /: [عربی]*اسم. [ادبی]* سیما؛ سەروسیما؛ سەکوت؛ ڕیخت؛ بیچم؛ سەکوم؛ دیمەن؛ پەچک؛ بەچک؛ سکە؛ سکوم؛ نموود؛ مازە؛ قەوارە؛ ئەدگار؛ ئادگار: ۱. ڕوومەت؛ ڕوخسار؛ چار؛ دەموچاو؛ چڕ و چەنە؛ چڕ و چاو؛ چەهرە؛ سەحەت؛ ڕوو؛ دێم؛ روی ۲. دیدار؛ تەحر؛ قەڵخەت؛ قەلافەت؛ قیافە؛ قلهـ ؛ ماعد؛ سەر و سەکوت؛ کەسم؛ تەشک؛ زەرا؛ ڕەزا؛ ڕەخت؛ تووز؛ دیامان.

ـ **سیما**[2]: *پیواژە.* ـ دیمەن؛ ـ ڕوومەت؛ ـ تووز؛ ـ نموود ‹پری‌سیما: پەری‌دیمەن›.

سیماب / sîmāb /: *اسم. [ادبی]* سیماڤ؛ زیو؛ زیوە؛ جیوە.

سیمان / sîmān /: [فرانسوی]*اسم.* چەمەنتۆ؛ چیمەنتۆ؛ چیمەنتوو؛ سمیت؛ سمنت؛ سیمان؛ گەردێ کە لە پێژرانی ئاهەک و گڵە ئیربار پێک‌دێ و بە تێکەڵ بوونی دەگەڵ ئاودا ڕەق دادەگەڕێ: **سیمان پُرتلَند**

⊡ **سیمان پُرتلَند** ☜ **سیمان**

سیمانکاری / sîmānkārî /: [فرانسوی/ فارسی] *اسم.* سیمانکاری: ۱. پیشەی کەسێ کە بە

سیمان کار دەکا ٢. /ـها/ کارگەی دروست کردنی بەرهەمی سیمانی. هەروەها: **سیمانکار**

سیمانی / sîmānî/: [فرانسوی] *صفت.* سمنتی؛ سیمانی؛ چیمەنتوویی ‹آجر سیمانی: ئاجۆری سمنتی›.

سیمبان / sîmbān ، ـها؛ ـان/: *اسم.* سیموان؛ تێلڤان؛ کرێکارێ کە چاوەدێری سیمی کارەبا، برووسکە یان تەلەفوونی وە ئەستۆیە.

سیم پوش / sîmpûš ، ـها/: *اسم.* سیم پۆش؛ تێل پۆش؛ لوولەیەک کە کابل دادەپۆشێ و دەیپارێزێ.

سیم پیچ / sîmpîč ، ـها/: *اسم.* سیم پێچ؛ سیم لوولە؛ سیملوول؛ سیمێکی لوولپێچ کە بە هۆی تێپەڕینی کارەباوە، مەیدانی میگناتیسی بەدی‌دێنێت. **سیم لوله**

سیم چین / sîmčîn ، ـها/: *اسم.* سیم چن؛ جۆرێ ئەمۆردەست بە شەویلکەی تیژی کەوانەییەوە بۆ بڕینی سیم.

سیمرغ / sîmorq/: *اسم.* سیمر؛ سیمۆرغ؛ سیرنگ؛ سیمرغ؛ سیمەرخ؛ سیمرخ: ١. /ـها/ مەلێکی ئەفسانەیی کە نمانای زێریە و دە کێوی قافدا دەژی ٢. *[نجوم]* عەنقا؛ وێنەی گەردوونی لە ئاسمانی نیمەگۆی باشووریدا.

سیم فام / sîmfām/: *صفت. [ادبی]* زێوین؛ زیوین؛ زێوی؛ زێولام؛ بە ڕەنگی زێو ‹پرتو سیم‌فام ماه بر همه‌جا گسترده بود: تریفەی زیوینی مانگ لە هەموو لاوە بڵاوەی کردبوو›.

سیمک / sîmak ، ـها/: *اسم.* قولاپە یان چێوی سەرچەوت کە تاڵی هەورێشمی پێ با دەدەن.

سیم کارت / sîmkārt ، ـها/: [از انگلیسی] *اسم.* سیم کارت؛ کارتێکی تایبەتی بۆ ڕێخستنی بڕێ کەرستەی کارەبایی (وەک تەلەفوون، کارتی بانکی یان قولفی کارتی).

سیمکش / sîmkeš ، ـها/: *اسم.* سیمکێش: ١. کەسێ کە پیشەی دامەزراندنی سیمە بۆ کاری جۆراوجۆر ٢. ئامرازێ کە زێڕینگەران تێلی زێڕ و زیوی پێ ساز دەکەن.

سیمکشی / sîmkešî/: *اسم.* سیمکێشی؛ کار و ڕەوتی دامەزراندنی سیم و پێداویستیەکانی لە شوێنێکی تایبەتی بۆ پێکهێنانی خولگە یان تۆڕێکی نوێ. هەروەها: **سیمکشی کردن**

سیمگون / sîmgûn/: *صفت. [ادبی]* زێوی زێوین؛ زێوینە؛ زێولام؛ زیڤی؛ سینەم؛ سیمەن؛ وەک زێو.

سیم لخت کن / sîmloxtkon ، ـها/: *اسم.* سیم ڕووتێن؛ جۆرێک ئەمبوردەست کە لێوارەی شەویلکەکانی بەرەو ناو داشکاوە و سیمی پێ ڕووت دەکەنەوە.

سیم لوله / sîmlûle/: *اسم.* ☜ **سیم پیچ**

سیمی / sîmî/: *صفت.* سیمی؛ تەلی؛ تێلی: ١. چێ کراو لە سیم ‹تور سیمی: تۆڕی سیمی› ٢. سیم‌دار ‹تلفن سیمی: تەلەفوونی سیمی› ٣. بە تابەنی سیمی ‹دفتر سیمی: دەفتەری سیمی›.

▣ **سیمی کردن:** سیمی کردن؛ بەرگ گرتنی کتێب و دەفتەر بە تێرۆکردنی سیم لە ڕیزەکونی پەراوێزدا بە جێگەی تابەن.

سیمیا / sîmiyā/: [معرب] *اسم. [قدیمی]* سیمیا؛ لە زانستە کۆنەکان، کە پێیان وا بوو بەو زانستەوە وشە و ناوی وا دەست دەکەون کە بە وتنەوەیان هەر ویست و داخوازیەک جێبەجێ دەبێ و هەروەها بیر و هزری کەسانی‌تری پێ دەزانرێ.

سیمین / sîmîn/: *صفت. [ادبی]* زێوین؛ سیمین: ١. سیمەن؛ زیڤین؛ زیوینە؛ سێمینە؛ سینەم؛ دروس کراو لە زێو ‹جام سیمین: جامی سیمین› ٢. چۆڕ؛ سپی و بریقەدار وەک زیو ‹سیمین ساق: بەلەک زیوین›.

سین / sîn/:/ اسم. سین؛ سیّ؛ ناوی عەرەبی شازدەهەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی.

سیناپس / sînāps ، ـها/:[فرانسوی/ انگلیسی] اسم. [کالبدشناسی] شوێنی یەک گرتنی دوو خانەی دەماری.

سینتیک / sînetîk/: [فرانسوی] اسم. [فیزیک] سینێتیک: ١. لقیّ لە زانستی فیزیک کە دەپەرژێتە سەر کارتێکری هێز بەسەر جوولەی تەندا ٢. کار و ڕەوتی گۆڕانکاریەکی فیزیکی یان کیمیاوی * **کینتیک**

سین جیم / sîncîm ، ـها/: اسم. [تعریض] باس وخواس؛ لێ پرسینەوە ‹چرا داری این قدر سین جیم می کنی؟: بۆ ئەمەندە خەریکی باس وخواس دەکەی؟›.

سینرژتیک / sînerjetîk/: [؟] اسم. سینێرژیک؛ زانستیّ کە لە سەر بەشداری کردنی پاژگەلی سیستەمێک لە پێکهێنانی پێکهاتەگەلی شۆنی، کاتی یان کارکردی دەپەرژێ.

سینرژیسم / sînerjîsm/: [؟] اسم. هاویاری؛ ئاریکاری؛ هاوکاری.

سینک / sînk ، ـها/: [انگلیسی] اسم. سینک؛ کاسەی دەفرشۆری؛ لەگانی کانزایی کە لە چێشتخانەدا لە ژێر شێری ئاوەوە بۆ دەفر شوشتن دایدەنێن ٢. [نامتداول] لەگان؛ کاسەئاسایەک بۆ ژێری منداڵ و نەخۆش.

سینما / sînemā, sînamā ، ـها/: [فرانسوی] اسم. سینەما: ١. بینایەک بە یەک یان چەند ژوورەوە بۆ ڕانانی فیلم ٢. هونەر و پیشەی سازکردنی فیلمی سینەمایی ٣. کەرەستەی شاندانی فیلم (پرۆژێکتۆر، پەردە، ئاپارات و …).

▣ **سینمای صامت**: سینەمای بیّ دەنگ؛ زانیاری سازکردنی فیلمی وا کە دەنگی هونەرپیشەکانی تێدا نابیسریّ. هەروەها: **سینمای ناطق**

سینمائی / sînemā'î, sînamā'î/: [فرانسوی] ☜ **سینمایی**

سینماتک / sînemātek, sînamātek ، ـها/: [فرانسوی] اسم. سینەمایەکی بچووک کە تەنیا فیلمی هەڵکەوتە و سەرکەوتووی تێدا پیشان دەدریّ.

سینماتیک / sînemātîk, sînamātîk/: [فرانسوی] اسم. سینەماتیک؛ بەشێک لە زانستی دینامیک کە لە سەر باوی شت، بەبیّ چاوکردن لە جرم یا هێز دەکۆڵێتەوە: **کیناتیک**

سینمادار / -sînemādār, sînamā ، ـها؛ ـان/: [فرانسوی/ فارسی] اسم. سینەمادار؛ خاوەنی سینەما.

سینماداری / -sînemādārî, sînamā/: [فرانسوی/ فارسی] اسم. سینەماداری: ١. خاوەن سینەما بوون ٢. بەڕێوەبردنی سینەما.

سینمارو / -sînemārow, sînamā ، ـها/: [فرانسوی/ فارسی] صفت. فیلمباز؛ هۆگر و هۆکارە بە ڕۆیشتن بۆ سینەما ‹جوانهای سینمارو او را خوب می شناسند: لاوە فیلمبازەکان باش دەیناسن›.

سینماسکوپ / sînemā(e)skop/: [فرانسوی] اسم. شێوەی فیلمهەڵگری بۆ شاندان بەسەر پەردەیەکی پان بە ڕێژەی پانی بە درێژایی ١ بە ٢,٥وە.

سینماگر / -sînemāgar, sînamā ، ـها؛ ـان/: [فرانسوی/ فارسی] اسم. سینەماوان؛ ئەوی کاری بەرهەمهێنان و دەرهێنانی فیلمی سینەمایییە؛ سینماکار ‹یک سینماگر فرانسوی نیز در این جشنواره شرکت داشت: سینەماکارێکی فەرانسەویش لەم میهرەگانەدا بەشدار بوو›.

سینمایی / sînemāyî, sînamāyî/: [فرانسوی] صفت. سینەمایی؛ سینمایی؛ پێوەندیدار یان سەر بە سینەما ‹فیلم سینمایی: فیلمی سینەمایی›:

سینمائی

سینوزیت / sînozît/: [فرانسوی]/اسم. [پزشکی] سینۆزیت؛ ئاییسان و هەوکردنی سینووس.

سینوس / sînûs ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. [کالبدشناسی] سینووس؛ هەڵۆڵ و کلۆری نێوئێسکی کاپۆڵ کە پتر یان لەگەڵ ڕێگای هەناسەدا لە پێوەندیدان (وەک سینووسەکانی لووت).

سینوسوئید / sînûso'îd/: [؟]/اسم. [ریاضی] کەوانەی سینووسی؛ کەوانەی وەک پێل (∼).

سینه[1] / sîne/:/اسم. ١. سنگ؛ سینگ؛ سین؛ سینە؛ بەشی پێشووی لەش لە ژێر ملەوە تا ژوورەوەی سک ‹سینه‌اش را جلو داده بود: سنگی دابووە پێشەوە› ٢. /ـها/ سەرسنگ؛ سەرسین؛ مەمک؛ مەمە؛ چیچە؛ سینگ و بەرۆک، بەتایبەت لە ژناندا ‹سینه‌های برجسته‌ای داشت: سینگی خڕ بوو› ٣. /ـها/ [گفتاری] سنگ؛ سی ‹شربت سینه: شەربەتی سنگ› ٤. [مجازی] ناخ؛ سینگ؛ سنگ؛ دڵ؛ هەناو؛ هەناف ‹سینه مالامالِ درد است ای دریغا مرهمی: ناخ پڕاوپڕ داخە، ئاخ بۆ مەڵهەمێک› ٥. [مجازی] یادگە؛ بەر؛ بیر؛ حافیزە ‹همه را از سینه نقل می‌کرد: گشتی لە بەر دەگوتەوە› ٦. سنگ؛ سنگەڵ؛ سنگە؛ بەر ‹سینه‌ی کوه: سنگەی کێو›.

◙ **سینه به سینه**: دەمبەدەم؛ دەمـاودەم؛ سینەبەسینە؛ بە شێوەی ڕاگوێزانی سەرزارەکی ‹این داستان سینه‌به‌سینه نقل شده است: ئەم چیرۆکە دەمبەدەم هاتووە›.

◙ **سینه زدن**: سینگ‌کوتان.

سینه سپر کردن: [کنایی] سنگ کردنە قەڵخان؛ سنگ دانە بەر؛ لە بەرانبەر کەسێ یا هێزێکەوە ڕاوەستان و پاشگەز نەبوون ‹سالها در برابر مشکلات زندگی سینه سپر کردم و آخ نگفتم: ساڵەهای‌ساڵ سینگم دایە بەر تەنگ و چەڵەمەی ژین و دەنگم نەکرد›.

سینه صاف کردن: [مجازی] ئێح کردن؛ بە کۆخ یان دەردانی هەوا، ڕێی هەناسە بەردان ‹سینه‌اش را صاف کرد و گفت ...: ئێحی کرد و گوتی:...›.

سینه کردن: [گفتاری] ١. گەل/ هەڕەوەز کردن؛ بەرهەڤکرنی دەستە یان گرۆیەک بۆ ئەنجامی کارێک ٢. وەبەر نان؛ سەر پێوەنان؛ لێکتر کۆکردنەوە و دانە بەر خۆ و برد ٣. سک دان ‹دیوار سینه کرده بود و داشت خراب می‌شد: دیوارەکە سکی دابوو، خەریک بوو دەڕووخا›.

سینه[2]: صفت. [گفتاری] کۆم؛ داچەماو؛ کووڕ؛ بەرەو دەر چەماوە.

سینهالی / sînhālî/:/اسم. سینهالی: ١. /ـها/ هەر یەکە لە کەسانی هۆزێ کە زۆربەی خەڵکی وڵاتی سریلانکا پێک دێنن ٢. زمانی ئەو هۆزە، لە زمانگەلی هیندو- ئێرانی.

سینه‌بند / sîneband ، ـها/:/اسم. ١. سینەبەرە؛ سینگەبەرە؛ سینەبەند؛ سینەبەن؛ مەمکەبەن؛ مەمکبەن؛ جۆرێ ژێرپۆشی ژنانە بۆ بەرگری لە داهێزانی مەمکان ٢. بەرسینە؛ وەرزین؛ سنگبەند؛ بەرە؛ بەرسینگ؛ بەرسینگە؛ بەرەک؛ بەرەی زین؛ قایش و قرووشی سنگی ئەسپ.

سینه‌پهلو / sînepahlû/:/اسم. [گفتاری] سینەپاڵوو؛ پزوو؛ فرک؛ ئاڤسینگ؛ بەرەزام؛ ژان و برک لە سەرماوە ‹هوا حسابی سرد شده، این کت را بپوش وگرنه سینه‌پهلو می‌کنی: هەوا بەڕاستی سارد بووە، ئەم کۆتە لەبەر کە دەنا سینەپاڵوو دەگری›.

سینه‌چاک / sînečāk/: صفت. [مجازی] دڵسووتاو؛ جەرگبرژاو؛ ئەویندار زۆر بە

تاسەی خەمداگرتوو.

سینەخیز / sînexîz/: اسم. سنگەخشکێ؛ سینەخشێ؛ سکەخشێ؛ سکەخشکە؛ دۆخی لەش لە کاتێکدا کە هەر سەر و سنگ لە زەوی بەرز بێتەوە و ڕۆیشتن لە سەر ئانیشک بێ.

▣ **سینەخیز رفتن**: سنگەخشکێ چوون؛ سکەخشێ کردن؛ ڕاخوشین بە سەر زەویدا بە یارمەتی ئەژنۆ، ئانیشک و سەر ئەنگوستانی پێ.

سینەدرد / sînedard/ ☜ **درد**[2]

سینە راما / sînerāmā/: [فرانسوی] اسم. سینەڕاما؛ شێوەیەکی فیلمهەڵگری کە لە سێ دووربین و چەند کەرەستەی دەنگهەڵگری کەڵک وەردەگیرێ و بە ڕووی پەردەیەکی پانی چەماوەدا و بە سێ پروژێکتورەوە نیشان دەدرێ.

سینەریز / sînerîz ، ـها/: اسم. ئاشقبەند؛ سینەڕێز؛ ملوانکەی بە کۆمەڵ شتپێوە هەڵواسراو.

سینەزنی / sînezanî ، ـها/: اسم. شینگێڕی؛ چەمەرە؛ تازیەباری بە خۆ کوشتن و بە سەر سینگدانەوە.

سینەسرخ / sînesorx، ـها/: اسم. بووکەسوورە؛ مەلێکی لە تیرەی تووکا بە سەرپشتی خۆڵەمێشی ئاماڵ ئاوی و جووچکی ڕەش و سنگ و پالی سوور و فرینی نزمەوە.

سینەسوز / sînesûz/: صفت. [مجازی] جەرگسووتێن؛ جەرگبڕ؛ دڵبرژێن؛ هۆی ئازاری هەست و نەستی زۆر و درێژخایەن ‹آه سینەسوز: ئاخی جەرگسووتێن›.

سینەکش / sînekeš/: اسم. سینگەلان؛ سینەکێش؛ سینەکەش؛ دەسەوەنە؛ لێس؛ دەستەو هەوراز؛ جێگای بەربلاو و ڕاسا لە بەرانبەرەوە ‹سینەکش کوه: سینگەلانی چیا›.

سینەمال / sînemāl/: اسم. سینەخشێ؛ سنگەخشێ؛ سکەخشێ؛ خشکە بە سەر ئانیشکەوە بە شێوەیێ کە تەنیا سەر لە زەوی بەرز بێتەوە.

سینی / sînî، ـها/: اسم. سینی؛ سێنیک؛ تەوەق؛ تەباخ: ١. بەرکەش؛ بەرگەش؛ مەعجۆمە؛ مەجومعە؛ مەجوعمە؛ مەجمەعە؛ مەجحمە؛ یاڵتەبەق؛ تەبسی؛ دەفرێکی تەخت و پەل بۆ لە سەر دانان و بردنی شتومەک بەتایبەت دەفری خواردن و خواردنەوە ٢. بەرکەش؛ بەرگەش؛ مەعجۆمە؛ مەجومعە؛ مەجوعمە؛ مەجمەعە؛ مەجحمە؛ یاڵتەبەق؛ ئاوا دەفرێ بە ناوەڕۆکیەوە ٣. پەڕەیێ کە دە ژێر بەشێ لە کەرەستەیەک دەخرێ بۆ کۆکردنەوەی داڕژاوە ٤. مەنگری؛ لەنگەری؛ دەفرێکی گرد و کەم تا زۆر گەورە لە چێو کە لە بەوەجاڕیدا کەڵکی لێ دەگرن ٤. [مکانیک] پاژێک لە ماشێندا.

سینیور / sîneyor/: [اسپانیول] اسم. سینیۆر؛ ئاغا؛ لە نازناو و سەرناوەکانی ئاغەواتی ئورووپا: **سنیور**

سیورسات / siyûrsāt/: [ترکی] ☜ **سورسات**

سیویل / sîvîl/: [فرانسوی] صفت. ناچەکداری؛ وڵاتی؛ شەخسی.

سیه[1] / siyah/: صفت. [مخفف، ادبی] ڕەش؛ سیاو؛ سیە.

سیه ـ[2]: پیشوازه. ڕەش ـ ؛ سیا ـ ؛ سیە ـ ‹سیەچادر: ڕەشماڵ›.

سیەجسم / siyahcesm/: [فارسی/ عربی] اسم. جسم سیاه ☜ **جسم**

سیەفام / siyahfām/: صفت. [ادبی] ڕەشتاڵە؛ سەوزە؛ ڕەشباڤ؛ ڕەشباو؛ تەخلک؛ تێلە؛ تاڵە؛ سیازندۆق؛ سیازەندۆق.



ش / š/: حرف. ش؛ نیشانەی شازدەهەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی.

ش / še/:اسم. ۱. شێ؛ ناوی شانزدەهەمین پیتی ئەلفوبێتکەی زمانی فارسی ۲. *[مخفف]* ه ؛ ساڵی هەتاوی ‹سال ۱۳۱۸ ش.: ساڵی ۱۳۱۸ی هـ› ۳. *[مخفف]* ژ؛ ژمارە؛ ئەژمار ‹ش ۷۰: ژ ۷۰› (واتا: ژمارەی حەفتا).

ـ ش / aš, eš/: ضمیر. ۱. ـــ ی؛ ـ ش؛ جێناوی ملکی لکاو بۆ سێهەم کەسی تاک ‹دستش؛ کتابش؛ خانەاش: دەستی؛ کتێبی؛ یانەش› ۲. ـی/ ـ یـ؛ ـش؛ جێناوی بەرکاری لکاو بۆ سێهەم کەسی تاک ‹بردش بانه و مدتی آنجا نگهش داشت: بردی بۆ بانە و لەوێدا ماوەیەک ڕایگرت›.

ـ ش / eš/: پسوند. ـ شت؛ ـ ش؛ نیشانەی ناوی چاوگ ‹برش؛ آزمایش: بڕشت؛ ئازمایشت›.

شا ـ / šā/: پیشوازه. *[مخفف]* شاه ☜ **شاه ـ ۲**

شائبه / šā' ebe/: [عربی] ☜ **شایبه**

شائق / šā'eq/: [عربی] ☜ **شایق**

شاباش / šābāš ، هـا/:اسم. شاباش؛ شاواش؛ پوولە؛ زەڕئەوشان؛ زەڕەوشان؛ پارەیێ کە لە زەماوەندا ئەیکەنە سەر بووک و زاوا یان ئەو کەسەیدا کە هەڵدەپەڕێ.

شابر / šābor ، هـا/: [آلمانی]/اسم. شابۆر؛ بڕەن؛ بڕوەن؛ کەرەسەیەکی وەک مۆرەت، بە دەستە و تێخەیەکی زۆر تیژەوە بۆ لابردنی پرزە و وردە لکی سەر کانزا.

▣ **شابر زدن**: شابۆر دان؛ بڕەن/ بڕوەن لێدان؛ تاشینی وردە لکی سەر کانزا بە بڕەن.

شابک / šābek ، هـا/:اسم. *[مخفف]* شابک؛ شابەک؛ ژمارەی سپاردە؛ ژمارەی ستانداری نێونەتەوەیی کتێب.

شابلن / šāblon ، هـا/: [آلمانی]/اسم. شابلۆن؛ کلیشە؛ کەرەسەیەک لە وێنەی پەڕەی کانزایی یان پلاستیکی بە کون و درزگەلێکی بە شێوەی پیت، ژمارە یان شکڵی جۆراوجۆرەوە، بۆ نووسینی پیت، ژمارە، ئەندازەگرتنی سەری مەتە و...

شابلن‌زن / šāblonzan ، ـها؛ ـان/: [آلمانی/ فارسی] /اسم. شابلۆن‌کار؛ کلیشەکار؛ ئەو کرێکارە کە بە شابلۆن؛ کار دەکات.

شابه / šābe/: [از عربی] /اسم. هاوتا؛ هاوماڵ؛ نیشە؛ چەشن؛ جفت؛ لەوێنە ‹شابه ندارد: هاوتای نیە›.

شابیزک / šābîzak ، هـا/:اسم. بەلەدوون؛ گیائایەمە؛ سێوەخووگانە؛ هەنگوورەتاڵە؛ هەسەن‌بەگی؛ قیرەگیا؛ توولەزەرە؛ گیایێکی ژاراوی لە تیرەی باینجان، بە ڕیشووی ئەستوور و قەڵەو و ڕەگاژۆ، گەڵای باریک و کورت، گوڵی

گەورە و تاک و قاوەیی ئاماڵ بەنەوش و بەری هێندەی گیلاسەوە کە گەییوەکانی ڕەش و بریقەدارن: **بِلّادُن**

شاپو / šāpo ، ـــهـا/: [فرانسوی]/سم. شاپۆ؛ لەنگەری؛ شەپکە؛ جۆرە کڵاوێکی پیاوانەی خرتی لێوارەگیراوە: **کلاه لگنی**

شاتر / šāter ، ـهـا/: [انگلیسی]/سم. شاتیر؛ پەردەیەکی بچووکە لە پشت دیافراگمی دووربینی وێنەگری و فیلمهەڵگری ئانالۆگەوە کە بە باز بوون و بەسرانی لە خێرایی جۆراوجۆردا، هەندی لێدانی تیشک لە سەر فیلمەکە تەکووز دەکات.

شاتن / šāton ، ـهـا/: [فرانسوی]/سم. شاتۆن؛ دەستەی پیستوون کە لەگەڵ بان و خوارکردنی پیستووندا دەجووڵێ و میل‌لەنگ لە نێو موتوردا دەسووڕێنێتەوە * **شاتون**

شاتون / šāton/: [فرانسوی] ☜ **شاتن**

شاخ / šāx/:/سم. ۱. شاخ؛ سترۆ؛ ستروو؛ ستڕ؛ ستڕه ؛ ستڕەهـ ؛ ئەسرۆ؛ ڕەهـ ؛ شۆق؛ شۆتە؛ قۆچ؛ کلۆچ؛ قۆلۆچ؛ قۆخ؛ هیچک؛ زیادە ئێسکی ناو هلۆڵ کە بەجووت بەسەر برێ گیانەوەرانەوە دەبینرێت ‹شاخ گاو: شاخی گا› ۲. /مخفف/ لەق؛ لق؛ لک؛ شاخ؛ شاخە؛ شاتە؛ چەق؛ پەل؛ پۆ ‹شاخ گل: لەقی گوڵ› ۳. /مجازی/ بەڵای گیان؛ ئەوی بتوانێت ببێتە هۆی زەحمەت و دەردیسەر بۆ کەسێکی تر ‹برایش شاخ شده: بووەتە بەڵای گیانی›.

◙ **شاخ حجامت**: ۱. کەڵەشاخ؛ شاخێ کە جاران بۆ خوێن‌گرتن لە نەخۆش بەکاریان دەبرد ۲. /مجازی/ کوتەک ناو چڵپاو؛ هۆی زەحمەت و دەردیسەر.

شاخ شمشاد: بەژنی زراف؛ سەوڵی خەرامان؛ باڵاعەرعەر؛ بەژن لەولاو؛ بەژن‌ڕێک؛ بەژن‌باریک؛ بە بەژن و باڵا؛ باڵا نەونەمام؛ خاوەن بەژن و باڵای ڕێک‌وپێک و جوان.

شاخ گل: لقی گوڵ؛ پەلی گوڵ؛ لکی گوڵ.

شاخ نبات: شاخە نەوات.

◙ **شاخ به شاخ شدن**: شاخەوشاخ بوونەوە: ۱. شەڕکردن؛ لێک هەڵشاخان؛ تێک‌گیران؛ گژیەی ‹دیروز دامادها شاخ به شاخ شده بودند: دوێنێ زاواکان شاخەوشاخ بیوون› ۲. وێک‌کەوتن؛ گەپچان؛ لێکدانی دوو کەرەسەی گواستنەوە لە ڕووبەڕووی یەکدا ‹با یک کامیون شاخ به شاخ شد: لەگەڵ کامیونێکدا شاخەوشاخ بوون›.

شاخ توی جیب کسی گذاشتن: /مجازی/ کەسێک دنەدان؛ پف کردنە قولی کەسێک؛ هەڵخڕاندنی کەسێک؛ کەسێک هەڵنان بۆ کارێ (بەتایبەت ململانێ لەگەڵ کەسێکی‌تردا) ‹داری شاخ توی جیبم می‌گذاری؟: خەریکی دنەم دەدەی؟›.

شاخ در آوردن: /مجازی/ شاخ دەرهێنان؛ شاخێ زنیەی؛ یەکجار سەرسوورمان ‹از این حرفش شاخ درآوردم: لەم قسەیە شاخم دەرهێنا›.

شاخ زدن: قۆچ تێ‌هەڵدان؛ شاخ تێ‌هەڵدان؛ شاخ لێدان؛ قۆچدان؛ قۆچ لێدان؛ شاخ وەشان؛ قۆچ وەشاندن؛ قۆچ هاویشتن؛ قۆتەی؛ شاخ شانەی؛ شەقۆن؛ بە شاخ لە کەسێ یان شتێک دان ‹مواظب باش شاخت نزند: وشیار بە شاخت لێ‌نەدات›.

شاخ کسی را شکستن: /مجازی/ دەمی کەسێک شکاندن؛ چاو کەسێ چەرمگەو کردن؛ بەزاندنی کەسێ یان شتێک ‹هر کس با من در بیفتد شاخش را می‌شکنم: هەر کەسێکم لێ ڕاست بێتەوە دەمی دەشکێنم›.

شاخ و دم نداشتن: /مجازی/ بێ‌شاخ و باڵ بوون؛ ئاسایی بوون؛ سەیر و سەمەرە نەبوون ‹این هم خانه، خانه کە شاخ و دم ندارد: ئەمەیش ماڵ، ماڵ خۆ شاخ و باڵی نیە›.

شاخ و شانه کشیدن: /مجازی/ هەڕەشە کردن؛

هەڕەشە و گوڕەشەکردن؛ گەفاندن؛ گەفین.

ازاین شاخ به آن شاخ پریدن: *[کنایی]* شاخەوشاخ/ بانەوبان کردن؛ ئەم لق و ئەو لق کردن؛ لە سەر کارێک نەوەستانەوە؛ لە کارێکدا دانەمەزران؛ نەحەوانەوە: **این شاخ و آن شاخ کردن**

این شاخ و آن شاخ کردن ☜ **از این شاخ به آن شاخ پریدن**

شاخابه / šāxābe ، ـها/:*اسم.* ١. سکدان و بەرەو پێش چوویی کۆمای ئاو (زەریا، زرێبار، چۆم) لە بەژدا ٢. لقئاو؛ ئاوێ کە لە کۆمای ئاوێکی گەورەتر (وەک کەنداو، زێبار یان ڕووبار) جوێ بووەتەوە.

شاخدار / šāxdār ، ـها؛ ـان/:*اسم.* قۆچدار؛ شاخدار؛ ستڕۆدار ‹جانور شاخدار: گیانداری قۆچدار›.

▣ **دروغ شاخدار** ☜ **دروغ**

شاخسار / šāxsār ، ـها؛ ـان/:*اسم.* ١. لکوپۆ؛ لقوپەل؛ پەلوپۆ؛ بەشێک لە دار کە لقوپۆی زۆری لێبووەتەوە ٢. شالق؛ لقێکی گەورە کە خۆی چەندین لقی هەیە.

شاخص[1] / šāxes ، ـها/: [عربی]*اسم.* پێناسە: ١. چەنینەیەکی نەگۆڕ و دڵخوازی وا کە ناسێنەری ئەندامێک لە کۆمەڵێکدایە ‹شاخص سلسیوس برای نشان دادن دما: پێناسەی سلسیووس بۆ نیشاندانی تین› ٢. ژمارەیێ کە گۆڕانی کەمینەیی لە ئاست ژمارەی پایە پیشان دەدا ‹شاخص قیمت: پێناسەی نرخ› ٣. پارامیتر ‹دما، فشار و رطوبت از شاخصهای جوّیاند: تین، تەوژم و شێ لە پێناسەگەلی کەشن› ٤. *[قدیمی]* سەعاتی هەتاوی؛ کاتژمێری ڕۆژی ٥. خەتکێشێکی پلەکدار بۆ ئەندازەگرتنی مەودای خاڵگەی نەخشەهەڵگری ٦. میل؛ دەمەیێ کە ژمارە، لا یان بەرەو شوێنێک پیشان دەدات ٧. نیشاندەر؛ پیشاندەر؛ نوانە؛ پێنوێن ٨. پێوانە؛ پێومان؛ پێوەر.

شاخص[2]: *صفت.* هەڵکەوتە؛ هەڵکەوتوو؛ بەرچاو؛ دیار؛ گرۆبەر ‹او در میان همکارانش شاخص بود: ئەو لە نێو هاوکارەکانیدا هەڵکەوتە بوو›.

شاخک / šāxak ، ـها/:*اسم.* شاخەک: ١. هشکەر؛ شاخ؛ زێدەیەک لە بان سەری میرووان، هەزارپێیان و سەختپێستانەوە کە وەک ئەندامێکی هەستیار کار دەکا ٢. قۆچکە؛ شاخۆچکە؛ چووکەڵە قۆچ ٣. چڵ؛ پۆ؛ شاتە؛ لکی گچکەی دار.

شاخکدار / šāxakdār ، ـها؛ ـان/: *صفت.* شاخەکدار؛ قۆچکەدار؛ شاخۆچکەدار؛ هشکدار؛ بەهشک.

شاخوبرگ / šāx-o-barg ، ـها/:*اسم.* لەقوپۆپ؛ لقوپۆ؛ لکوپۆ؛ لقوپەل؛ لەقوپۆ؛ لکوپەل؛ پەلوپۆ؛ چڵوویل: ١. پژوپۆ؛ جقوبەڵگ؛ سەرجەمی چڵوپۆی گیایەک ‹شاخ و برگ درخت جلو پنجره را گرفته بود: لەقوپۆپی دارەکە بەر دەلاقەکەی گرتبوو› ٢. *[مجازی]* ڕاڤەکاری زێدە لە وتاردا ‹خیلی به داستانش شاخ و برگ داده بود: زۆر لقوپۆی بە چیرۆکەکەی دابوو›.

شاخه / šāxe ، ـها/:*اسم.* ١. شاخە؛ لق؛ پەل؛ پەلک؛ لپ؛ لک؛ لکە؛ لەژگ؛ قیت؛ تا؛ چڵۆک؛ چڵ؛ شات؛ بەشێک لە لاسکی دار، دەوەن یان پنجکەگیا کە وەک ساقەتەیەکی بچووکتر لێوە سەرهەڵدا ‹یکی از شاخههای درخت توت رفته بود خانهی همسایه: لقێک لە دارتووەکە چووبووە نێو ماڵی دراوسێکەوە› ٢. لق؛ شاخە؛ پەل؛ بەشێک لە کۆمەڵێکی بەربڵاوتر: *الف)* کە باپیرانیان یەکێکە ‹شاخهای از کُردهای کرمانجی را به قوچان کوچ دادند: لقێک لە کوردە کرمانجیەکانیان بەرەو قووچان تاراند› *ب)* دەستە زمانگەلێ کە بە بۆنەی وێکچوونی وشەکانیان لەگەڵ زمانێکدا، پێکەوە هاو ڕەگەزن ‹زبانهای ایرانی شاخهای از زبانهای

هندو-ایرانی هستند: زمانگەلی ئێرانی لقێک لە زمانە هیندوو-ئێرانیەکانن› ج) بەشێک لە زانیاری کە بکرێت لە بەستێنگەلی پێوەندیداری تر جوێ بکرێتەوە ‹خون شناسی شاخەای از علم پزشکی است: خوێن‌ناسی شاخەیەک لە زانستی بژیشکیە› د) بەشێ لە ڕێخراوەیەک ‹شاخەی آموزشی وزارت نفت: پەلی فێرکاری وەزارەتی نەوت› هـ) باریکەیێ کە لە جادە، ڕووبار یان زێبارێک جوێ دەبێتەوە ‹شاخەای از آب سیروان: لقێک لە ئاوی سیروان› و) بەشێک لە چلچرا کە گلۆپێکی پێوە هەڵدەواسرێ ٣. [زیست‌شناسی] لق؛ شاخە؛ پەل؛ لە دابەشکراوەگەلی گیانەوەری و گیایی؛ بەشێک لە زنجیرەیێ کە خۆی دەبێتە چەند ریز ‹شاخەی پرندگان: لقی پەلەوەران›.

◘ **شاخەی گل:** لقی/چڵی/ پەلکی گوڵ؛ پەلی چکۆلەی گیایەکی گوڵدار کە گوڵی پێوە بێ ‹چند شاخەی گل آورد و توی گلدان گذاشت: چەند لەق گوڵی هێنا و خستیە نێو گوڵدانەوە›.

شاخەای / šāxe'î/: قید. ١. لقێک؛ لەقێک؛ چڵێک؛ چڵێو؛ پەلێ؛ لەقێو ‹شاخەای صد تومان می‌فروخت: لقیکی بە سەد تمەن دەفرۆشت› ٢. چڵی؛ پەلی؛ بە چڵی؛ بەپێی لق ‹شاخەای حساب می‌کنند: چڵی حیسابی دەکەن›.

شاخە ـ شاخە / šāxešāxe/: صفت. لق-لق؛ لەق-لەق؛ پەل-پەل؛ چڵ-چڵ؛ زۆر لق و پەل‌دار ‹رودخانە در آن نقطە شاخە-شاخە می‌شود: چۆم لەو شوێنەدا لق - لق دەبێتەوە›. هەروەها: **شاخە- شاخە شدن؛ شاخە- شاخە کردن**

شاخەنبات / šāxenabāt ، ـها/: [فارسی/ عربی] اسم. شاخەنەوات؛ تیکەنەواتێ کە بە شێوەی لق دروست کراوە.

شاخی / šāxî/: صفت. شاخین؛ قۆچی؛ لە ماکی کراتین، واتا ماکی پێکهێنەری قۆچ ‹مادەی شاخی: ماکی شاخین›.

◘ **شاخی شدن:** ڕەقینە بەستن؛ ڕەقێڵە بەستن؛ شەقار- وەقار بیەی؛ ڕەق هەڵگەڕان و وەک ماکی شاخی لێهاتنی بەشێک لە سەرپێستی گیانداران ‹پاشنەهایش پینە بستە و شاخی شدە بود: پاژنەکانی ببوونە پینە و ڕەقینەیان بەستبوو›.

شاد / šād/: صفت. شاد؛ شاو؛ شای: ١. گەوز؛ بەکەیف؛دەماخ‌چاخ؛ دڵڕوون ‹همە شاد شدند: هەموو شاد بوونەوە› ٢. شادی هێنەر ‹روز شاد: ڕۆژی شاد›. هەروەها: **شاد بودن؛ شاد شدن؛ شاد کردن**

شاداب / šādāb/: صفت. پەژ؛ سەرحاڵ؛ گەش؛ گەوش؛ گەوز؛ نازاڤ؛ تەڕوبەڕ؛ تەڕوتول؛ گەش‌وشلک؛ تەرچک؛ بسکوڕی؛ هەڤیاری شادی ‹چهرەی شاداب؛ گل شاداب: ڕوخساری پەژ؛ گوڵی گەش›.

شادابی / šādābî/: اسم. پەژی؛ گەشی؛ گەوشی؛ بەگەشەیی؛ بەنەشەیی؛ لە گەشەیی؛ تەرچکی؛ تەڕوبەڕی؛ گوڵ‌بەدەمی؛ تێراوی؛ سەرحاڵی؛ نازاڤی.

شادان / šādān/: قید. شادان؛ بە شادیەوە؛ بە کەیفخۆشیەوە؛ بە دڵخۆشیەوە ‹شادان و خندان بە خانە بازگشت: شادان و دەم بە پێکەنین گەڕایەوە بۆ ماڵ›.

شادباش / šādbāš ، ـها/: اسم. پیرۆزبایی؛ شاگا؛ شەگە؛ شابە؛ شاواش؛ شاوانی؛ شۆباش؛ شاباش؛ وتەیەک بە نیشانەی بەشداری لە شادی یان دڵخۆش‌بوون لە سەرکەوتنی کەسێک پێی دەگوترێ یان بۆی دەنووسرێ ‹حاضران در مجلس بە عروس و داماد شادباش گفتند: ئامادە بوان لە کۆڕەکە پیرۆزباییان لە بووک و زاوا کرد›.

شادخواری / šādxārî ، ـها/: اسم. [ادبی] کاری مەی خواردنەوە هاوڕێ دەگەڵ کەیف و خۆشیدا. هەروەها: **شادخوار**

شادروان / šādorvān /: اسم. [قدیمی]

١. ڕەشماڵ؛ خێوەت؛ هۆبە؛ تاوڵ؛ چادرە؛ سیاماڵ ٢. ساباط؛ ساوات؛ سەیوان؛ کەپر ٣. بەربەند؛ ئاوگر.

شادروان / šādravān ، ـان/: صفت. خوالێخۆشبوو؛ ڕەوانشاد؛ خاوەن ڕەوانی شاد بە بۆنەی چاکەکاری لە درێژایی ژیاندا (ڕێزناوی مردووان).

شادکام / šādkām ، ـان/: صفت. [ادبی] کەیفخۆش؛ بەهرەوەر لە شادی و خۆشی بە هۆی کامەرانییەوە ‹دلم شد به دیدار تو شادکام: کەیفخۆش بووم بە دیداری تۆ›.

شادکامی / šādkāmî ، ـها/: اسم. کەیفخۆشی؛ کامەرانی؛ دۆخ یان چۆنیەتی شاد و دڵخۆش بوون.

شتالنگ / šetālang/: *اسم.* کاب؛ قاپ؛ میچ؛ جگ؛ جک؛ چوو؛ کاپ؛ ماچ؛ ده‌قاق؛ پێشه‌ی پاشنه‌ی پێ.

شتر / šotor ، ـها؛ ـان/: *اسم.* وشتر؛ شوتر؛ حوشتر؛ هێشتر؛ هه‌شتر؛ حێشتر؛ وه‌شتر؛ هۆشتر؛ هوشتر؛ ئشتر؛ سار؛ سال؛ ده‌ڤه؛ ده‌ڤه‌ه ؛ ده‌وه‌ه ؛ ئارڤانه؛ گیانه‌وه‌رێکی گواندار له تیره‌ی وشتران، به ڕه‌نگی شه‌که‌ری ئاماڵ خورمایی ڕه‌ش، سه‌ری بچووک، ملی به‌رز و گوێی بچکۆله‌وه، بۆ بار بردن، گۆشت، چه‌رم، خوری و ته‌نانه‌ت شیریش ڕایده‌گرن: **أشتُر** *[ادبی]*

▣ **شتر بی‌کوهان:** لاما؛ وشترێکی ئامریکاییه.

شتر عصّارخانه: *[کنایی]* گای بنه؛ ئه‌وه‌ی که هه‌وڵ و ته‌قالای بێ‌هۆ ده‌دا.

شتر لوک: *[کنایی]* لۆق؛ حووج؛ حۆل؛ درێژ تا ئێواره؛ که‌سێ که له‌ڕ و لاواز و درێژ و ناحه‌زه.

شتر نقاره‌خانه: *[مجازی]* ئه‌وه‌ی که له هه‌ڕه‌شه و گوڕه‌شه ناترسێ.

▣ **شتر با بارش گم شدن:** *[مجازی]* که‌ر به باره‌وه نوقم بوون؛ ماهه‌ره چنه‌گمه بیه‌ی؛ شوێنێ زۆر ژلۆق-پلۆق و هه‌ڵپڕژاو بوون ‹توی این خانه شتر با بارش گم می‌شود: **له‌م ماڵه‌دا** که‌ر به بارده‌وه نوقم ده‌بی›.

شتر در خانه‌ی کسی خوابیدن: *[کنایی]* ئه‌مڕۆ له من و سبه‌ی له تۆ بوون؛ نۆره‌ی زه‌حمه‌ت و دژواری به که‌سێ گه‌یشتن.

شتر را با ملاقه آب دادن: *[کنایی]* وشتر به قاپۆله به‌ڕوو ئاودان؛ ئامرازی ناله‌بار بۆ کارێک به کار بردن.

شتر را با نمد داغ کردن: *[کنایی]* هێلکه له قه‌ل دزین؛ به ئاو هێلکه و ڕۆن دروست‌کردن؛ له ئاو که‌ره گرتن؛ له سه‌ر ئاو ئاگرکردنه‌وه؛ ده‌رزی له چاو مار ده‌رهێنان؛ یه‌کجار زرینگ و فێڵباز بوون ‹اینها شتر را با نمد داغ می‌کنند: ئه‌مانه هێلکه له قه‌ل ئه‌دزن›.

شتربان / šotorbān ، ـها؛ ـان/: *اسم.* وشتره‌وان؛ شوتره‌وان؛ ئارڤانه‌بان؛ سالوان؛ ساره‌وان؛ هێشترڤان؛ حوشتره‌وان؛ هه‌شترچی؛ وشترچی؛

ئەو کەسە چاودێری وشترانە، بەتایبەت ئەوەی کە باریان پێدەکێشێ.

شترخار / šotorxār/ ☜ **خارشتر**

شترخان / šotorxān ، ـها/: *اسم.* وشترخان؛ شوێنی پاراستنی وشتران.

شترسواری /šotorsavārî/: *اسم.* وشترسواری؛ هێشترسواری؛ کاری سوار بوون لە سەر پشتی وشتر.

▣ **شترسواری دولادولا**: *[کنایی]* شاردنەوەی نابەجێ و ناشیانە.

شترق / šataraq/: *صوت.* شریخە؛ شەقە؛ شەق؛ دەنگی بەرز و لەنەکاوی شکانی شتێک (وەک چێو)، یان دەنگی تەقانی گولە.

شترگاوپلنگ / šotorgāvpalang/: *اسم.* وشترگا؛ هێشترگا؛ زەڕافە؛ وشترپڵنگ؛ وشتربەڵەک.

شترگربه / šotorgorbe/: *اسم. [کنایی]* ورچ و عەبا؛ کەر و کوڵەنجە؛ هەشە و کوڵنجە؛ کەرگە و پرچکە؛ هەر شتێکی دزێو و نالەبار.

شترگلو / šotorgalû ، ـها/: *اسم.* سیفۆن؛ وشترگەڵوو؛ لوولەیەکی چەماوە کە لە ژێر کاسەی مەستراو و ڕەهەندا دایدەنێن.

شترمآب / šotorma'āb/: [فارسی/ عربی] *صفت. [کنایی]* لووتبەرز؛ فیزن؛ بەدەمار؛ نەسەقزل؛ ترزل؛ خاوەن ئاکارێکی وشک، ڕەسمی و بە دەعیە و دەمارەوە ‹شریکش خیلی شترماب تشریف دارد: شەریکەکەی زۆر لووتبەرز دەنوێنێ›. هەروەها: **شترمآبی**

شترمرغ / šotormorq ، ـها؛ ـان/: *اسم.* وشترمر؛ هەشترمە؛ ئاگرخۆرە؛ حوشترمەل؛ حوشترمرخ؛ وشترمریشک؛ کەردیکل؛ پەلەوەرێکی نەفڕ، بە سەر و مل و ڕانی بێپەڕ یان کەمپەڕ، ڕەنگی ڕەش و بریقەدار، کلک و سەربالی سپیەوە کە ماکانیان قاوەیی ئامال خۆڵەمێشیەو بەرزی برێ لە نێرەکانیان دەگاتە ٢,٥ میتر.

▣ **شترمرغ استرالیایی**: پەلەوەری لێرەواری بە بەرزی زۆرتر لە ١٥٠ سانتیمیتر و سەر و مل بێپەڕ و تانجیکی وەک کڵاو خوودەوە کە شەوان دەگەڕێ: **کامبواری**؛ **بُزمرغ**

شترنج / šatranc/: [از سنسکریتی] ☜ **شطرنج**

شتره / šatare/: *صفت. [گفتاری]* شپرز؛ شەلەختە؛ شپرزە؛ شپرێو؛ پەرژ و بلاو؛ ڕیپاڵ.

شتری[1] / šotorî/: *اسم.* وشتری؛ هێشتری؛ قاوەیی کاڵ؛ ڕەنگی قاوەیی کاڵ. هەروەها: **شتریرنگ**

شتری[2]: *صفت.* وشتری؛ حوشتری؛ هێشتری: ١. قاوەیی کاڵ؛ بە ڕەنگی قاوەیی کاڵ ٢. پێوەندیدار یان سەر بە وشترەوە ‹رقص شتری: هەڵپەڕکێی وشتری›.

شتک / šatak/: *اسم.* پرشە؛ پرژە؛ پەڕوشک؛ پریشک؛ پژگە؛ تنۆکی تراو (بەتایبەت تراوی خەست یان پیس) کە بەبێ ویست بپرژێت.

▣ **شتک زدن**: پژان؛ پرژان؛ پرژانی دڵۆپگەلی تراوێک ‹خون به دیوار شتک زده و خشکیده بود: خوێن پژابوو بە دیواردا و وشک هەڵاتبوو›.

شتل / šetel/: *اسم.* ١. تەڵەکە؛ پارەیەک کە قومارخانەدار لە قوماربازانی دەستێنێ ٢. دەسخۆشانە؛ پارەیەک بە ناو شادیانە کە لە قوماربازی بەرەندەی دەستێنن * **شتیلی**

شتم / šatm ، ـها/: [عربی] *اسم. [ادبی]* جنێو؛ جوێن؛ خۆسن؛ خوەسن؛ دژمان؛ دژوێن؛ دژمانی؛ دووژن؛ ناتۆر.

شته / šate ، ـها/: *اسم.* شەقی؛ شەتە؛ ترتول؛ شۆبە؛ شۆکە؛ شۆک؛ مێروویەکی وردی ڕەشە بە گەزۆی دارەوە دەنیشێ و خەساری دەکا.

▣ **شتەی پالیزی**: گەزۆکی؛ دۆکەی پەلکی بیستان.

شتەی نباتات: گەز؛ شۆکەی دار و درەخت.

شتیلی / šitîlî/ ☜ **شِتل**

شجاع / šocā' ، ـان/: [عربی] *صفت.* دلێر؛ بوێر؛ ئازا؛ ورەدار؛ مێر؛ مێرخاس؛ مەرخوز؛ بەجەرگ؛

یەمان؛ نەترس؛ نەتەرس؛ زیخ؛ زەنەقـدار؛ هـۆل؛ هۆول؛ زاتدار؛ بەزات؛ دڵشێر؛ وێر؛ وەند؛ قادڤین؛ هەوێرا؛ وێرا؛ عەگیت؛ عەگید؛ عـەگن؛ جـوامێر؛ جـامێر؛ جنـدی؛ بـەکار؛ گـەڕناس؛ گـەڕنووس؛ سەندەر؛ کـوڕ؛ دڵشـوور؛ وەکـار؛ جـەرگ‌قـایم؛ قەرتەمێر؛ فێرز؛ فێرس؛ پڕدڵ ‹سرباز شجاع؛ مرد شجاع: سەربازی دلێر؛ پیاوی بوێر›.

شـجاعانه[1] / šocā'āne/: [عربـی/ فارسـی] *صـفت.* ئازایانە؛ ئازانە؛ کەلانە؛ وەندانە؛ بوێرانـە؛ دلێرانـە؛ مێرەکی؛ مێرانە ‹دفاع شجاعانه؛ مقاومـت شـجاعانه: بەرگری ئازایانە؛ خۆڕاگری ئازایانە›.

شجاعانه[2]: *قید.* بوێرانە؛ ئازایانە؛ کەلانـە؛ وەندانـە؛ هاوڕێ دەگەل بوێریدا ‹او شجاعانه جنگید: ئازایانـە شەڕی کرد›.

شجاعت / šocā'at ، ـهـا/: [عربـی]/*سـم.* دلێـری؛ بـوێری؛ ئازایـەتی؛ ئـازایی؛ وێرایـی؛ ورار؛ زراو؛ هەناو؛ ورە؛ زەهلە؛ زەنـدەک؛ زەنـەق؛ زەنـدەق؛ مێـرانی؛ هـەوێری؛ هێـور؛ هـەوتانایش؛ هـورە؛ مێرخاسی؛ گەڕناسی؛ هەیهێز؛ هەترەش؛ نـەترە؛ هەترە؛ چاوسووری؛ نەترسی.

شـجره / šacare ، ـهـا/: [عربـی]/*سـم.* ڕەگـەز؛ ڕەچەڵەک؛ بنەچەک؛ بنەچە؛ بنەچەکە؛ نوانەیێ کە پێوەنـدی بنەماڵـەیی کەسـان یـان گرۆیـی گیانەوەران یان گیاگەل پێکەوە نیشان دەدا.

شجرەنامه / šacarenāme ، ـهـا/: [عربی/ فارسـی] /*سم.* ڕەگەزنامە؛ شەجەرە؛ سەجەرە؛ نووسراوەیێ کە پەیوەندی کەسێک لەگـەڵ پێـشینانی، یـان کەس و کاری خانەدانی و خزمایـەتی نێوانیـانی تێدا نووسراوە و گەلەک جاریش بە شێوەی نوانە نیشان دەدرێ.

شجری / šacarî/: [عربی] *صفت.* دارئاسـا؛ وەکـوو درەخت؛ پەل- پەل.

شخار / šaxār/: [آرامی]/*سم.* شەخار؛ خۆڵەمێشی گیاگەلی وشکارۆ کە لە سابوون‌سـازیدا کەڵـکی هەیە: **شغار**

شخانک / šaxānak ، ـها/: /*سم.* شۆلە؛ شەهاب.

شخانه / šaxāne ، ـهـا/: /*سم.* بـەردی ئاسمـانی؛ بـەردێ کـە لـە بۆشـایی نێـوان گـەڕۆکانی ئاسمانیەوە بەرەو زەوی دێ: **سنگ آسمانی**

شخص / šaxs ، ـها؛ اشخاص/: [عربـی]/*سم.* کـەس: ۱. مرۆ؛ کێس ‹هر شخص حق دارد آزاد زندگی کند: هەر کەسێ مافی هەیە ئازاد بژیت› ۲. کێس؛ خـۆ؛ خودی مرۆ ‹پول به شخص او تحویل شد: پارەکە درا بە خودی کەسەکە› ۳. */حقوق/* تاک؛ ئـەوەی کـە مافی هەیە و ئەرکی لە سەر شانە ‹شخص حقیقی؛ شخص حقوقی: کەسی ڕاستەقانی؛ کەسی حوقۆقی›.

◙ **شخص ثالث:** */حقوق/* سێهەم کەس؛ کەسێکی سێهەم کـە لـە پێوەنـدی نێـوان دوو کەسـدا دێتە ئاراوە ‹بیمـەی شـخص ثالـث، یعنـی بیمـەی شخص یا اتومبیلی جز راننده و اتومبیل بیمـه شـونده: دابینی سێهەم کەس، یانێ دابیـن‌کـردنی کـەس یـان ماشـینێک بێجگـە لـە ئـاژوان و ماشـینی دابین‌کراو›.

شخص حقوقی: */حقـوق/* بنکە یان نووسینگەیێ کـە قـانوون بـە ڕەسمـی ناسـیویە (وەکـوو بەشدارگەی بازەرگانی).

شخص حقیقی: کەس؛ ئەو کەسە کە هەیە.

شخصاً / šaxsan/: [عربـی] *قید.* بۆ خۆ؛ خۆ؛ وێ؛ لـە لایـەن خـودی کەسـەوە ‹شخصـاً او را نمی‌شناسم، اما بـا بـرادرم دوسـت اسـت: بـو خـۆم نایناسم، بەلام لەگەڵ براکەمدا دۆستە›.

شخـصی / šaxsî/: [عربـی] *صـفت.* ۱. کەسـی؛ کەسین؛ خۆیی؛ پێوەندیـدار بـە مـرۆوە ‹وظـایف شخصی؛ حقوق شخصی: ئەرکی کەسی؛ مافی کەسی› ۲. /ـهـا/ کەسـی؛ خـۆیی؛ پێوەندیـدار بـە کەسانێکەوە ‹اتومبیل شخـصی: ماشـینی کەسـی›. بەرانبـەر: **جمعـی؛ همگـانی؛ عمـومی** ۳. /ـهـا/ شەخـسی؛ بەرانبـەری نیزامـی ‹لبـاس شخـصی: جلوبەرگی شەخسی›.

شخصیت / šaxsîyyat/: [عربی]/*سم.* کەسـایەتی؛

کەسیەتی: ۱. گەد، ڕەوشت یان چۆنیەتیەک کە دەبێتە هۆی کەوتنە بەر چاو و بایەخی کەسێک لە لایەن خەڵکەوە ‹فرد با شخصیتی بود: مرۆیەکی کەسایەتی‌دار بوو› ۲. کۆی دانستەگەلی هەر کەسێ کە لە کەسانێکی‌تر جیای دەکاتەوە ‹شخصیت وسواسی: کەسایەتی وەسواسی› ۳. /ـها/ */حقوق/* دۆخی هەبوونی قانوونی ‹شخصیت حقوقی: کەسایەتی حوقوقی› ٤. /ـها/ هەر یەکە لە کارەمانگەلی فیلم، چیرۆک یان شانۆیەک ‹شخصیت اصلی؛ شخصیت بد: کەسایەتی سەرەکی؛ کەسایەتی خراپ›: **پرسناژ**

▣ **شخصیت حقوقی:** */حقوق/* کەسایەتی حوقوقی؛ ڕێکخراوە، بنکە یان کۆمەڵێ کە لە بواری قانوونیەوە هەبوونی سەلماوە و ماف و بەرپرسایەتی هەیە.

شخصیت حقیقی: */حقوق/* کەسایەتی ڕاستەقینە؛ کەسێ کە هەیە و هەبوونێکی خەیاڵی یا گریمانەیی نیە.

شخصیت‌پردازی / šaxsîyyatpardāzî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* کار یان ڕەوتی ناساندنی کەسایەتی لە چیرۆک، شانۆ یان فیلمدا لە ڕێگای نیشان‌دانی تایبەتمەندی بەدەنی، وتەیی، هزری و ئاکاریەوە.

شخصی‌ساز / šaxsîsāz ، ـها/: [عربی/ فارسی] *صفت.* خۆخوتی؛ دروستکراو (زۆرتر خانوو) بۆ کەڵک لێوەرگرتنی کەسێکی تایبەت و نە وەک بۆ فرۆش.

شخم / šoxm/: */اسم.* شیو؛ شێف؛ شوو؛ شۆ؛ شۆم؛ شوەم؛ کاش: ۱. /ـها/ هێڵ؛ کێڵ؛ هێڵگەلێ کە دە ڕووی زەویدا هەڵدەکەنرێن ۲. هێتە؛ شوو؛ شێوەرد؛ وەرد؛ خەپر؛ گایار؛ جووت؛ جۆت؛ جفت؛ کار یان ڕەوتی شێف بڕینی زەوی بۆ چاندن.

▣ **شخم زدن:** کێلان؛ کاڵین؛ کاڵیان؛ کاڵەی؛ کالای؛ هێڵ‌دان؛ کاش‌کردن؛ جفت‌کردن؛ هیت‌کەردەی؛ خەپراندن؛ شووم بڕین؛ شێف بڕین؛ شۆ بڕیەی؛ وەرد بڕین؛ جووت‌کردن؛ خەت دان؛ هێڵ‌هێڵ هەڵکەندنی ڕووی زەوی بۆ کشت و کاڵ. هەروەها: **شخم خوردن**

شخیص / šaxîs/: [عربی] *صفت.* مەزن؛ مازن؛ گراگر؛ گرگر؛ هێژا ‹شخص شخیص: مرۆی مەزن›.

شدامد / šodāmad/: */اسم.* هات‌وچۆ؛ هات‌وچوو؛ ئام‌وشۆ؛ ئامەولوەی: ۱. ترافیک؛ گەڕ و خولی ئامێرگەلی گواستنەوە ۲. جەنجاڵی؛ چڕوپڕی لە هات‌وچوودا.

شداید / šadāyed/: [عربی]*/اسم. /ادبی/* دژواری؛ تووشی؛ گرفتگ؛ گرانی؛ سەختی؛ سەخڵەتی؛ چەتوونی؛ چورتمە؛ تەنگی و چەڵەمە ‹تحمل شداید را نداشت: بەرگەی دژواری نەدەگرت›.

شدت / šeddat/: [عربی]*/اسم.* توندی؛ زۆری؛ گوژم: ۱. هێز؛ زەبر ‹از شدت ضربه بیهوش شدم: لەبەر گوژمی لێدانەکە بوورامەوە› ۲. زیادی؛ فرەیی؛ فرەهی؛ کەلنایا؛ کوڵەکوڵ؛ سرتی (بەتایبەت لە باری هێز یان گوشارەوە) ‹شدت روشنایی: زۆری ڕووناکی›.

▣ **شدت گرما:** گەرماهی؛ تین؛ تەوژمی گەرما؛ کەلیلان؛ کل؛ کوڵەکوڵی گەرما؛ تاو؛ گەرمەوەزە؛ تاو و تینی گەرما.

▣ **شدت گرفتن/ یافتن:** تاو سەندن؛ توند بوونەوە؛ زۆرگرتن؛ سەخت یان زۆرتر بوونەوەی گوشاری شتێک.

شدکار / šedkār/ ☜ **شدیار**

شدن / šodan/: *مصدر. لازم.* //**شدی:** بووی؛ **می‌شوی:** دەبی؛ **بشو:** ببە// ۱. بوون؛ بیەی؛ بین؛ بە بار و دۆخێک دەرهاتن ‹بزرگ شدن: گەورە بوون› ۲. ڕوودان؛ بیەی ‹جنگ شدن؛ شب شدن: شەڕ بوون؛ بوونە شەو› ۳. */گفتاری/* شیان؛ شیەی؛ شیای؛ شیاو بوون؛ لە باو بوون ‹نە لباس بە تنش می‌شد و نە کفش بە پایش: نە جل بە بەری دەبوو نە

پـێلاو بـه پـای› ٤. کـران، بارهـاتن؛ دەسـدان؛ ڕەخـسان؛ ڕخـسان؛ لـوان؛ لێویـەی؛ بیـەی؛ ڕێ‌کەوتن ‹نشد که برویم: نەکرا بـڕۆین› ٥. *[ادبی]* چوون؛ ڕۆیشتن؛ شیەی؛ شـیای؛ لـوەی؛ لـوای ‹آمدوشد: هات‌وچوو› ٦. تێپەڕین؛ بوورین؛ بۆرین؛ بووردن؛ تێپـەڕ بـوون؛ بـە سـەرچوون؛ ڕابـردن؛ ویەردەی؛ شـیەی ‹روزگـارم شـد بـه نـادانی: ژیـنم تێپەڕیٚ بە نەزانی›.

■ صفت فاعلی: **شونده** (ـ)/ صـفت مفعـولی: **شـده** (بووگ)/ مصدر منفی: **نشدن** (نەبوون)

شـدنی / šodanî/: *صـفت. [گفتـاری]* بووزخـۆر؛ بەتایبەتمەندی ئەگەری ڕوودان ‹رییس گفت: این کار شدنی نیست و برایم مسئولیت دارد: بەرپرس گوتی: ئەم کارە بووزخور نابێ و بۆم بەرپرسایەتی هەیە›.

شده / šadde/: [عربی]*اسم.* ١. شـەدە؛ مـشکی؛ قوماشێکی دەست‌چنی ئاوریـشمی گولـەنگدارە کە لە برێ ناوچەدا وەک سەرپێچ یـان پـشتێن دەیبەستن ٢. *[قدیمی]* ملوانکە؛ ملوانک؛ مووروو؛ مـوورگ؛ ڕیزێکـی مـرواری (یـان بـەردە بایەخـدارەکانی‌تـر) کـە لـە دەور سـەر و ملـدا هەڵیاندەواسی.

شدیار / šedyār/: *اسم.* جـاڕ؛ پـەرێز؛ کێـڵگەی دروراو: **شِدکار**

شدید / šadîd/: [عربی] *صفت.* تونـد؛ تـون؛ تـن: ١. گومرە؛ سەخت؛ دژوار؛ بە تەوژم؛ بـەهێز؛ بـە زەحمەت ‹ضربەی شدید؛ بیماری شدید: لێدانی توند؛ نەخۆشینی سەخت› ٢. بـەتاو؛ بـەتین؛ تیـژ؛ تێـژ ‹باران شدید؛ محبت شدید: بارانی بەتاو؛ خۆشەویستی بەتین›.

⊡ **شدید بودن:** توند بوون؛ بـە تـین/ تـاو بـوون ‹باران شدید بود: باران توند بوو›.

شـدید شـدن: تـاو سـەندن؛ زۆرگـرتن؛ تـین گێرتەی ‹بعداً شدید شد: دوایی تاوی سەند›.

شدیداً / šadîdan/: [عربی] *قید.* بـە تونـدی؛ بـە تونی؛ بە سەختی ‹روزنامەها شدیداً به شهردار حملـه کردند: ڕۆژنامەکان بە تونـدی شـاڵاویان کـردە سـەر شارەدار›.

شـدیداللحن / šadîdollahn/: [عربـی] *صـفت.* خاوەن وتەی توند و تاڵ.

شـر [1] / šar(r)/: [عربـی] *اسـم.* شـەڕ: ١. خراپـی؛ بەدی؛ خراوی ٢. *[گفتاری]* ئاژاوە؛ گاشە؛ بشێوە.

⊡ **شـر بپـاکردن:** شـەڕ هەڵگرسـاندن؛ شـەڕ ڕێخـستن؛ ئـاژاوە نانـەوە؛ شـەڕ نانـەوە؛ ئاژاوەگێڕان؛ ئاژاوڵێ وەش‌کەردەی.

شر چیزی/ کسی را کندن: شتێ/ کەسێک لـە مل/ کـۆڵ کردنـەوە/ خستنەوە؛ ڕزگـار یـان ئاسوودە بوون، بـە هـۆی لـە نێـو بـردن یـان دوورکردنەوەی شتێ یان کەسێک.

از شر چیـزی/ کـسی خـلاص شـدن: شـتێک/ کەسێک لە کۆڵ بوونەوە؛ لـە مـل بوونـەوەی کەسێ یان شتێک ‹طـلاق گرفـت و از شـر مـادر شوهرش خلاص شد: تەلاقی سەند و خەسووی لـە کولی بووەوە›. هەروەها: **از شر کـسی/ چیـزی خلاص کردن**

شر [2]: *صـفت. [گفتـاری]* شـەڕ؛ ئـاژاوەچی؛ گۆتـاڵ؛ ئاژاوەگێـڕ؛ بـشێونە؛ شـێوەژنە؛ شـێوێن؛ سەرەسۆدەرە؛ جـووت‌قۆشـە؛ کێشەهەڵایـسێن؛ شەڕ هەڵایسێن؛ هۆی زەحمەت و ئارێشە ‹او آدم شری بود و هر جا می‌رفت مـردم را بـه سـتوه مـی‌آورد: مرۆڤێکی شەڕ بوو، بۆ هەر کوێ دەڕۆیشت خەڵـکی وەزاڵە دەهێنا›.

شر / šer/: *اسم. [گفتاری]* شـرە؛ بزگـوڕ؛ ڕینـدۆڵ؛ تیتۆڵ؛ بەرگ یان قوماشێکی شڕ و شـیتاڵ کـە تان و پۆی یەکالا بۆتەوە.

شرائط / šarā'et/: [عربی] ☜ **شرایط**

شرائین / šerā'în/: [عربی] ☜ **شرایین**

شراب / šarāb/: [عربی]*اسم.* ـها؛ اشربه *[نامتداول]* شەراو؛ شراو؛ مەی؛ مەهە؛ خواردنەوەی ئـەلکولی کە لە گەڕانەوەی ئـاوی میوە، بەتایبـەت تـرێ بەرهەم دێ.

شرابخوار / šarābxār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* شەراوخۆر؛ شەراوخوەر؛ مەیخۆر؛ مەیخوەر؛ خاوەن خوو یان هۆگرەتی بە خواردنەوەی شەراو.

شرابه / šarrābe ، ـها/: [عربی]/*اسم.* شۆڕابە؛ شۆڕاوە؛ گیز؛ ڕیشوو؛ گولینگە؛ گیزوگولیک؛ گیزوگولنگە؛ ڕیشۆلە؛ گیزوگولینگی تەوزینی هەلواسراو بە پەراویزی شتیک بەتایبەت جلوبەرگەوە: **آویز**

شرابی [1] / šarābî/: [عربی]/*اسم.* شەرابی؛ شەراوی؛ ڕەنگی سووری تۆخی ئامال قاوەیی. هەروەها: **شرابی‌رنگ**

شرابی [2]: *صفت.* شەراوی؛ شەرابی؛ سووری تۆخی ئامال قاوەیی: ١. بە ڕەنگی شەراو ٢. پێوەندیدار یان سەر بە شەراو.

شرارت / šarārat ، ـها/: [عربی]/*اسم.* شەڕاشۆیی؛ گەندەزەیی؛ بەدکاری؛ کار یان ڕەوتی هەرا و هوریا، شەڕ یان ئاژاوە نانەوە ‹گاه در خیابان شرارت می‌کرد و مزاحم زن و بچه‌ی مردم می‌شد: جار و بارە لە شەقامدا شەڕناشویی دەکرد و بەری بە ژن و مندالی خەلکی دەگرت›.

شراره / šarāre ، ـها/: [عربی]/*اسم.* [*ادبی*] ئاورینگ؛ ئاورنگ؛ هەورینگ؛ کریس؛ کریسک؛ کریسکە؛ پرۆسک؛ پزیسک؛ پزیسکە؛ پزووسک؛ پزووسکە؛ پرشنگ؛ پریز؛ پریزگ؛ پلیز؛ پلیس؛ پریشکە؛ ڤەژەن؛ بزیسک؛ چوریسک؛ قیرسک؛ بریسک؛ برووسکە؛ شەرای ئاگر: **شرر**

شراع / šerā' ، ـها/: [عربی]/*اسم.* بادەبان؛ بادەوان؛ بایەوان؛ بادەوە؛ چارۆکە؛ ئەیاس؛ یەلکەن؛ یەرکەن؛ چارۆکەی کەشتیگەلی پێشوو کە بە هێزی با دەڕۆیشتن.

شراع‌الحنک / šerā'olhanak, šarā'olhanak ، ـها/: [عربی]/*اسم.* ملاشوو؛ مەلاژگ؛ مەلاژی؛ ملاژی؛ ملاشک؛ بن میچی زار کە نەرمە.

شرافت / šarāfat, šerāfat/: [عربی]/*اسم.* ١. شەرافەت؛ دۆخ یان چۆنیەتی شەریف بوون ٢. [*گفتاری*] شەرەف؛ ئابڕوو؛ سەخەر.

شرافتمند / šarāfatmand, šerāfat-/: [عربی/ فارسی] *صفت.* بە شەرەف؛ شەرافەتمەند: **شریف**

شرافتمندانه / šarāfatmandāne, šerāfat-/: [عربی/ فارسی] *قید.* شەرافەتمەندانە؛ بە شێوەی سازگار لەگەل شەرافەتدا.

شرافتی / šarāfatî, šerāfatî/: [عربی] *صفت.* شەرافەتی؛ پێوەندیدار یان سەر بە شەرافەت.

شراکت / šerākat ، ـها/: [عربی]/*اسم.* ١. هاوبەشی؛ هەڤپشکی؛ شەریکی؛ کار یان ڕەوتی هاوبەش بوون ‹این کار را با شراکت هم انجام دادند: ئەم کارەیان بە هاوبەشی یەکتری بەڕێوە برد› ٢. بەشداری ‹هر دو در آن شراکت داشتند: هەر دوو تێیدا بەشداریان هەبوو›.

شراکتی / šerākatî/: [عربی] *قید.* بە هاوبەشی؛ بە شەریکی؛ شەریکانە؛ بە هەڤپشکی ‹خانه را شراکتی خریدیم: خانووەکەمان بە هاوبەشی کڕی›.

شرایط / šarāyet/: [عربی]/*اسم.* ١. جمعِ ☜ **شرط** ٢. بار و دۆخ؛ هەل و مەرج ‹شرایط برای کار مناسب نبود: بار و دوخ بۆ کار لەبار نەبوو› ✻ **شرائط**

شرایع / šarāye'/: [عربی] جمعِ ☜ **شریعت**

شرایین / šarayîn/: [عربی] ☜ **شَریان؛ شرائین**

شرب / šorb/: [عربی]/*اسم.* [*ادبی*] کاری خواردنەوە؛ ڤەخوارن؛ ئەوەوارەدەی؛ نۆشین؛ نۆشان ‹از شرب آب آلوده پرهیز کنید: لە خواردنەوەی ئاوی پیس خۆ بپارێزن›.

شربت / šarbat ، ـها/: [عربی]/*اسم.* ١. شەربەت؛ شەربەتە؛ شەربەتاو؛ خواردنەوەیەک لە ئاو، ئارەق یان شیلە و ماکێکی شیرین (وەک شەکر، قەن، هەنگوین و...) ٢. خۆشاو؛ خوەشاو؛ ئاو میوەی کولێنراو (وەک بلالووک، پرتەقال، بەی لیمۆ و ...) یان ئارەق (وەک بیمشک، گولاو و...) لەگەل شەکردا ٣. شەربەت؛ شەربەتە؛ تراوی

خواردنەوە بۆ دەرمان ‹شربت سرفه: شەربەتی کۆخە›.

▣ **شربت بەلیمو:** لیمۆناد؛ شەربەتی بەی کە ئاولیمۆی تێدەکەن و دەیکولێنن.

شرپا / šerpā ، ـها؛ ـیان/: *اسم.* شرپا؛ هەر یەکە لە کەسانی هۆزگەلی تەبەت، دانیشتووی داوێنی چیاکانی هیمالیا کە لە کەژوانیدا کارامەییان هەیە و ڕێنوێنی و کۆڵەبەری بۆ کەژوانە دەرەکیەکان دەکەن.

شرجی / šarcî/: [؟]/*اسم.* هەڵماوی؛ هەوای شێدار؛ هەوای بۆقکردوو؛ کەش و هەوای گەرم و زۆر نمدار.

شرح / šarh/: [عربی]/*اسم.* ١. ڕاژە؛ ڕاڤە؛ شرۆڤە؛ ڕاوە؛ ئازەنتی؛ ئەوەی بۆ هەواڵدانی ڕووداوێک، دۆخێ یان وتەیەک دەگوترێ ‹جریان سفر را شرح داد: ڕەوتی سەفەرەکەی شرۆڤە کرد› ٢. ـها؛ شروح/ شیکردنەوە؛ نووسراوە یان وتەیەک کە واتای نووسراوە یان وتەیەکی دیکە دەداتەوە یان ڕاڤەی لە سەر دەکات ‹شرح دیوان نالی: شیکردنەوەی دیوانی نالی›.

▣ **شرح حال:** بەسەرهات: ١. ژیننامە؛ ژیاننامە ٢. دەربڕینی چۆناوچۆنی بار و دۆخێک.

شرح کَشاف: *[کنایی]* ئیبنوحەجەر؛ خاس تا خراو؛ گوزارش و بەیانی ڕاڤەکراو هاوڕێ لەگەڵ هەموو وردەکاریەکانیدا: **شرح مبسوط**

شرح مبسوط ☜ **شرح کَشاف**

شرح وظایف: ئەرکنامە؛ گوزارشتی پێوەندیدار بە ئامانج، پلە و پایەی ڕێکخراوەیی، بەرپرسیاریەتی و ئەرکەکانی پێوەندیدار بە کار و پیشەیەک لە زنجیرە پێگەگەلی دامەزراوەیەکدا.

▣ **شرح دادن:** ڕوونکردنەوە؛ وەدەرخستنی مەبەستی نەزانراو.

شرح کردن: ڕاڤەکردن؛ ڕاژەکردن؛ شرۆڤە کردن؛ شیکردنەوەی واتا.

شرح و بسط / šarh-o-bast ، ـها/: [عربی]/*اسم.* تاوتوێ؛ شرۆڤەکاری؛ کار و ڕەوتی شرۆڤەکردن بە شێوەی تەواو و بە وردەکاریەوە ‹موضوع را خوب شرح و بسط داده بود: بابەتەکەی چاک تاوتوێ کردبۆوە›.

شرح و تفسیر / šarh-o-tafsîr ، ـها/: [عربی]/*اسم.* ڕاژە؛ ڕاوە؛ ڕاڤە؛ کار و ڕەوتی والاکردن؛ واتا شیکردنەوە؛ وەرزین؛ لێکدانەوە.

شرح و تفصیل / šarh-o-tafsîl ، ـها/: [عربی]/*اسم.* ڕاڤەکاری؛ گوزارشێکی تەواو هاوڕێ لەگەڵ وردەکاریەکانیدا.

شرحه / šarhe ، ـها/: [عربی]/*اسم.* *[ادبی]* توێ؛ توا؛ پارچەیەکی تەنک لە هەر شتێ بەتایبەت گۆشت.

▣ **شرحەـ شرحە:** خارـخار؛ لەتـ لەت؛ شەقارـشەقار؛ دابەشـدابەش؛ ئەنجنـئەنجن؛ پارچەـپارچە؛ جیاـجیا؛ توێـتوێ؛ پەلـپەل؛ تواـتوا؛ تۆـتۆ؛ لەتەـلەتە.

شرخر / šarxar ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* ئەو کەسە ماڵ و سامانی بە گێچەڵ، یان چەک و سفتەی هەڵگەڕاوە، بە نرخێکی هەرزان لە خاوەنیان دەکڕێ، کە لە ڕێگای قانوونیەوە یان بە هەڕەشە بیکاتە پارە و بە قازانج بگا. هەروەها: **شرخری**

شرر / šarar/: [عربی] ☜ **شراره**

شرزه / šarze/: *صفت.* *[ادبی]* ئاژری؛ گرگین؛ توند و تیژ؛ تون و تیژ؛ بە خوو یان ئۆگرەتی کەڵک وەرگرتنی یەکجارە لە هەموو هێز و توان یا نیشاندانی تەواو تووڕەیی خۆ ‹شیر شرزه: شێری ئاژری›.

شرـ شر / šoršor/: *صوت.* شۆڕـشۆڕ؛ چورەـچوڕ؛ خورە؛ چۆڕـچۆڕێ؛ چوورـچاڕ؛ شۆڕەـشۆڕ؛ گوڕـگوڕ؛ خوڕـخوڕ؛ خمـخم؛ خوشـخوش؛ خولـخول؛ شرـشڕ؛ دەنگی دارژانی تراو ‹شرـ شر آب؛ شرـ شر باران: شوڕـ شوڕی ئاو؛

چوره‌ـچوری باران›.

شرشره / šoršore/: اسم. [گفتاری] ئاوهەڵـدێر؛ قەڵبەزی بچووکی دەسکرد.

شرط / šart ، ـها؛ شروط؛ شرایط/: [عربی] اسم. مەرج؛ گرێو؛ گـرەو؛ گـرۆ؛ هـۆی: ١. شـەرت؛ شـەرتە؛ بەندیواری نێوان کار یان دیاردەیەک لەگەڵ کار یان دیاردەیەکی‌تـر، بـە جـۆرێ کـە یـەکێکیان بەبێ ئەوی دیکە جێبەجێ نەبێت ‹شرط موفقیت تلاش و پیگیری است: مەرجی سەرکەوتن تێکۆشان و پێداگریە› ٢. کـارێ کـە جێبـەجێ‌کـردن یـان بـەجـێ هێـشتنی لـە ڕەوتی بڕیارنامەیەکـدا وەئەستۆ گیراوە ‹تخلیەی خانه در رأس مدت شرط شده است: چۆڵ کردنی خانووەکـە لـە سـەر مـاوەی خۆیـدا بۆتـە مـەرج› ٣. شـەرت؛ ئـەوەی لـە پێویستیگەلی کار یان پلەوپایەیەکە ‹شرط رفاقت: شەرتی دۆستی›.

▣ **به شرط چاقو:** به شەرتی چـەقۆ؛ بـە مـەرجی چەقۆ لێدان پـێش لـە کـڕین ‹بـۆ شـووتی و جارـجاریش کاڵەک›.

▣ **شرط بستن:** هۆیاندن؛ مچکاندن؛ گرێـوکردن؛ مـەرج دانـان؛ مـەرج بەسـتن؛ گرەوکـردن/ کەردەی؛ شەرت بینەی.

شرط کردن: مەرج‌کردن؛ مەرج دانان؛ شـەرت کردن؛ تەی‌کردن؛ شەرتەرە نیەی؛ ڕەخـسانی بارێک یان کودانی کارێک، جێبـەجێ‌کـردنی ئـەرکێک لـە داهـاتوودا وە ئەسـتۆگرتن ‹بـا فروشنده شرط کردم، اگر لباس انـدازەات نـبود ببـرم عوض کند: لەگەڵ فرۆشیارەکەدا مەرجم دانـا کـە ئەگەر جلەکە بە بەرت نەبوو ببیەم، بیگۆڕێتەوە›.

شرط‌بندی / šartbandî ، ـها/: [عربی/ فارسی] اسم. گرێو؛ مەرج؛ گرۆ؛ مچک؛ شـەرت؛ جـک؛ کـاری هۆیاندن؛ مچکاندن؛ بڕیاری دانی شـتێ لـە لای یەکێ لە دوو لایەنەوە بەوی دیکە ئەگەر شتێکی دیاریکراو ڕوو بدا یان نەدا ‹شرط‌بندی بر سر برنـده شدن اسب: گرێو لە سەر سەرکەوتنی ئەسپ›.

شـرطی / šartî/: [عربـی] صـفت. مـەرجی: ١. شەرتدار ٢. مەرجین؛ بە مەرجی شتێ.

▣ **شـرطی شـدن:** [روان‌شناسـی] شـەرتی بـوون؛ مەرجی بوون؛ سەرهەڵدانی بار و دۆخێک لـە گیانداردا کە لە هەمبەر دیاردە یـان کـارێکی دیـاریکراوەوە کاردانەوەیـەکی دیـاریکراوی هەبێ. هەروەها: **شرطی کردن**

شـرع / šar'/: [عربـی] اسـم. شـەرع؛ شـەرعە: ١. دیـن؛ شـەریعەت ‹شـرع اسلام: شـەرعی ئیسلام› ٢. قـانوونی دیـن ‹بـە حکـم شرع: بـە پێی شەرع›.

شرعاً / šar'an/: [عربی] قید. بـە پێـی دیـن؛ لـە شەرعدا؛ لە سەر بنەمای دینی ‹این عمل شرعاً حرام است: ئەم کارە بە پێی دین حەرامە›.

شرعی / šar'î/: [عربی] صفت. شـەرعی؛ ئـایینی: ١. دینی؛ پێوەندیدار بە دینـەوە ‹وظایف شرعی: ئەرکە شەرعیەکان› ٢. تەبا لەگەڵ ئاییـنـدا ‹عمل شرعی: کاری ئایینی›.

شـرعیات / šar'îyyāt/: [عربـی] اسـم. شـەرعیات؛ ئامۆژگـاری دیـنی، بەتایبـەت ئامۆژەیـەک کـە پێوەنـدی بـە عیبـادەت و ئەرکـە دینیەکانـەوە هەیە.

شرف / šaraf/: [عربی] اسم. شـەرەف؛ سـەخەر: ١. ناوچاکی و وەجی کۆمەڵایـەتی کـە لـە ڕێـز دانان بۆ بایەخگەلی ئەخلاقی بەدی‌دێ ‹شرف او مانع می‌شد تا پیش دیگران سر خم کند: شەرەفـی نەیدەهێشت سەر بۆ کەس دانەوێنێ› ٢. هەڤیازی مەعنەوی؛ پەیـڕەوی لـە بایەخگـەلی ئـەخلاقی بەرز ‹خانهای قدیم صد بار به این صاحبان مجتمعهای کشت و صنعت شرف داشتند: بەگـەکانی پێـشوو سـەد جـار شـەرەفیان هـەبوو بـە سـەر ئـەم خاوەنـانی کۆمەگەلی کشت و پیشەییەدا›.

▣ **شـرف حـضور یـافتن:** وە خزمـەت گـەیین؛ خزمەت گەورەیەک گەیشتن.

شرف صدور یافتن: فەرمان دەرچوون.

به شرف عرض رساندن: بـه گـویێ گەورەیـەک گەیاندن.

شرف / šorof/: [عربی]/سم. ئاسـانە؛ هـەناز؛ دۆخ یان چۆنیەتی لە ئاسانەدا بوون؛ نزیک بوون.

▣ **در شرفِ:** لە ئاسانەی ‹وقتی او را گرفتند در شرف ازدواج بـود: کاتێـک گرتیـان لـە ئاسـانەی زەماوەن‌کردندا بوو›.

شرفه‌دوزی / šarafedûzî/: [عربی/ فارسی]/سم. *[خیاطی]* جۆرێک گوڵـدوورینی نەخـشی گـوڵ و بنچکەکەی بە شێوەی ئاڵقەگەلێ لە ناو یەکدا.

شرفیابی / šarafyābî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. بە خزمەت گەیـشتن؛ چوونـە خزمـەت؛ چوونـە ژوور؛ کاری چوونە خزمەت کەسێکی گەورە یان خاوەن پلە و پایە ‹در روزهای شرفیابی لباس رسمی می‌پوشید و عـصازنان خـود را بـه دربـار مـی‌رساند: لـە ڕۆژانی چوونە ژووردا جل‌وبـەرگی ڕەسمـی لـە بـەر دەکرد و گۆچان بە دەست خۆی دەگەیاندە دەربار›. هەروەها: **شرفیاب شدن**

شـــرق / šarq/: [عربـــی]/ســـم. ڕۆژهـــەڵات؛ خۆرهەڵات؛ خوەرهەڵات؛ شەرق: ١. هۆراسـان؛ یـەکێک لـە چـوار لای سـەرەکی کـە بـەیانیان هەتاو لەوێوە هەڵدێت ٢. ئەو مەڵـبەندانەی وان لە ڕۆژهەڵاتدا: *الف) [مجازی]* ناوی گشتی وڵاتانی ئاسیایی و ئافریقایی *ب) [جغرافیا]* ئـەو بەشـە لـە گــۆی زەوی کــە کەوتۆتــە لای ڕۆژهـــەڵاتی گرینویچەوە.

▣ **شرق اقصا:** ڕۆژهەڵاتی دوور؛ (بریتی لە ژاپـۆن و چین و کورە و...).

شرقاً / šarqan/: [عربی]قید. لە ڕۆژهەڵاتـەوە؛ لـە خۆرهەڵاتەوە ‹شرقاً محـدود اسـت بـه یـک بـاغ: لـە ڕۆژهەڵاتەوە لکاوەتە باخێکەوە›.

شرق‌شناسی / šarqšenāsî/: [عربی/ فارسی]/سم. ڕۆژهـــــەڵاتناســـــی؛ ڕۆژەلاتناســـــی؛ خۆرهەڵاتناسی. هەروەها: **شرق‌شناس**

شـــرقی / šarqî ، ـهـا؛ ـان/: [عربـی] صـفت. ڕۆژهـــەڵاتی؛ خۆرهـــەڵاتی؛ خوەرهـــەڵاتی: ١. پێوەندیـدار و سـەر بـە خەڵـکی شـەرقەوە ‹موسیقی شرقی: مووسیقای ڕۆژهەڵاتی› ٢. لـە لای ڕۆژهەڵاتەوە ‹درِ شرقی؛ کشورهای شـرقی: دەرگـای ڕۆژهەڵاتی؛ وڵاتە ڕۆژهەڵاتیەکان› ❋ **خاوری**

شرک / šerk/: [عربـی]/سـم. شـیرک؛ چۆنیـەتی باوەڕدار بوون بە زۆرتر لە یەک خودا.

شرکا / šorakā/: [عربی] جمعِ ☜ **شریک**

شرکت / šerkat/: [عربی]/سم. ١. هاوبەشی؛ کـار یان ڕەوتی هاوبەش بـوون ٢. /ـهـا/ بەشـدارگە؛ بەشـــگە؛ هاوبەشـــگە؛ کۆبـــەش؛ شـــیرکەت؛ دامەزراوەیەکی مافی کە بە هاقۆڵی چەند کەس بۆ چالاکیەکی بازرگـانی پێـک هـاتووە ‹شرکت صـنعتی: بەشـدارگەی پیـشەیی› ٣. نـاوکۆیی؛ ناوبەشـــی؛ هەڤبەشـــی؛ هاوبەشـــی؛ هەڤـــیایی؛ هاودەسی یان هاوڕێیی ‹شرکت در قتل: ناوکۆیی لە کوشتندا› ٤. بەشداری؛ کار یان ڕەوتی بوون لـە ڕێ‌وڕەسمێکـدا ‹من هـم در مجلس قمـار شرکت داشتم، ولی بازی نکـردم: منـیش لـە کـۆڕی قومـاردا بەشداریـم بوو، بەلام کایەم نەکرد›.

▣ **شرکت با مسئولیت محدود:** بەشدارگەیێ کـە دوو یـــان چەنـــد کـــەس بـــە دەسمایـــەی دیاریکراوەوە (بێ ئەوەی بەش ــ بـەش بکرێـت) تێـدا هاوبەشـن و بـە گـوێرەی دەسمایـەی خۆیان بەرپرسی بەڵێنگەلی بەشدارگەکەیانن: **شرکت نسبی**

شـــرکت بیمـــه: بەشـــدارگەی دابـــین؛ بەشدارگەیەک کە لە بواری پێشکەش‌کـردنی خزمەتگـەلی دابینکاریـەوە چـالاکی دەکـا. هەروەها: **شرکت پیمانکاری؛ شـرکت تولیـدی؛ شرکت صنعتی؛ شرکت ساختمانی**

شرکت بین‌المللی: بەشدارگەی نێونەتەوەیی.

شـــرکت تجـــاری: شـــەریکە؛ هەڤـــڕایی؛ بەشدارگەی بازرگانی؛ بنکـەی هاوبەشـی لـە بازرگانیدا.

شرکت تضامنی: بەشدارگەی هاوئەرکی؛ بەشدارگەیەک کە هەر بەشدارێک بە تەنیایی بەرپرسی هەموو بەڵێنەکانی بەشدارگەیە.
شرکت تعاونی: بەشدارگەی هەرەوەزی؛ دابەشگەی زبارەیی؛ بەشدارگەیێ کە بە دەست و سەرمایەی دەستە یان تاقمێ بۆ یارمەتی دانی ئەندامانی خۆی (بە هێنانی شتومەکی پێویست، فرۆشتنی بەرهەم یان بەڕێوەبردنی خزمەتەکان) دامەزراوە.
شرکت چند ملیتی: بەشدارگەی چەند نەتەوەیی؛ بەشدارگەیێ کە بە هاوقۆڵی خەڵکی چەند وڵات، یان لە لایەن خەڵکی وڵاتێکەوە لە چەند وڵاتی‌تردا دادەمەزرێ.
شرکت سهامی: کارجف؛ بەشکۆ؛ بازرگانی هاوبەشی؛ بەشدارگەیێ کە سەرمایەکەی بەش— بەش کراوە و دان و ستانیشی پێ دەکرێ.
شرکت عمومی: بەشدارگەی گشتی؛ فرەبەش؛ دارایی و داهاتێ کە زۆر کەسی تێدا هاوبەشە.
شرکت قانونی ☜ **شرکت قهری**
شرکت قهری: بەشدارگەی ناچاری؛ هاوبەش بوونی چەن کەس لە ماڵ و سامانێکدا بەبێ ویستی خۆیان، وەک هاوبەشی میراتبەران لە سامانی کەسێدا کە مردووە: **شرکت قانونی**
شرکت مضاربه‌ای: بەشدارگەی پارەبازی؛ بنکەیێ کە لە ڕێی وەرگرتنی وامی ماوەدار لە خاوەنانی سەرمایە و دانی قازانجێکی لە پێش دیاری‌کراو، سەرمایەی سەرەکی خۆی دابین دەکا.
شرکت نسبی ☜ **شرکت با مسئولیت محدود**
⊡ **شرکت داشتن**: ۱. بەشدار بوون؛ هاوبەش بوون؛ لە ڕیزی تاقمێکدا بوون و هێندێک لە تایبەتمەندی یان چۆنیەتی ئەو تاقمە بەخۆگرتن ‹مورچه در رده‌ی حشرات شرکت دارد: مێروولە لە ڕیزی مێرووواندا بەشدارە› ۲. هاودەس بوون؛ هاوڕێ یان هاوبەش بوون ‹من هم در آن کار شرکت داشتم: منیش لەو کارەدا هاودەس بووم›. هەروەها: **شرکت کردن**

شرکت‌کننده / šerkatkonande ، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] *صفت*. بەشدار؛ هاوبەش یان هاوکار لە چالاکیەکدا ‹جوانان شرکت‌کننده در مراسم برایش کف زدند و هورا کشیدند: لاوانی بەشدار لە ڕێوڕەسمەکەدا چەپڵەیان بۆ لێدا و کردیانە قووڵە›.

شرکت‌نامه / šerkatnāme/: [عربی/ فارسی]/*اسم*. بەشدارنامە؛ ئەساسنامەی بەشدارگە.

شرم / šarm/: /*اسم*. شەرم: ۱. هەستی زیز بوونی عاتیفی بە هۆی: *الف)* گوناح‌کردن و بە هەڵەدا چوون *ب)* هەبوونی عەیب یا کەمایەسی *ج)* پەشیمانی، سەرکۆنە یان سووک بوون ۲. حەیا؛ فەدی؛ فهێت؛ ئەخماز؛ خۆ لادان لە ئەنجامدانی کارێک لە بەر ترس لە زەلیلی و ئابروو چوون ‹او شرم داشت از این‌که دیگران بفهمند ترسیده است: شەرمی بوو لەوەی کە خەڵکی بزانن ترساوە› ۳. حەیا؛ فەدی؛ وێڵ؛ چاوڕوو؛ چەشوڕی؛ حەیشۆ؛ فەهێد؛ فەهێت؛ دۆخێکی زەینیە کە لە ئەنجامدانی کارێ کە ببێتە هۆی ڕەنجاندن و دڵ شکاندنی کەسێک بەرگری دەکا ‹شرم نگذاشت به او بگویم چقدر از رفتارش آزرده شده‌ام: شەرم نەیهێشت کە پێی بێژم چەندە لە ئاکاری دڵم ئێشاوە›. هەروەها: **شرم داشتن؛ شرم کردن**
⊡ **شرم حضور**: شەرمە؛ دۆخ یا ڕەوتی لە ڕوودامان؛ شەرم‌کردن لە بەرانبەر کەسێکەوە.

شرم‌آور / šarmāvar/: *صفت*. ئابڕووبەرە؛ ئاوڕووبەرە ‹رفتار شرم‌آور: ئاکاری ئابرووبەرە›.

شرمزده / šarmzade/: *صفت*. شەرمەزار؛ شەرمسار.

شرمسار / šarmsār/: *صفت*. شەرمەزار؛ شەرمسار؛ شەرمەندە؛ سەرشۆڕ؛ تریق؛ تەریق؛ دریبەردە؛

ڕووزەرد؛ گبر.

شرمگاه / šarmgāh/: اسم. خەمشە؛ خەپشە؛ خەپلە؛ بانەگا؛ بەرگەدە؛ زارگا؛ زادەگا؛ هێلین؛ شەرم؛ ڕوڤک؛ هەند؛ هەندۆ؛ دلوو؛ بەر؛ بەرموسلدان؛ ئەو بەشەی لەش کە کەوتۆتە سەر ئێسکی ژێر سکەوە.

شرمگاهی / šarmgāhî/: صفت. بانەگایی؛ هێلینی؛ سەر بە شوێنی بانەگاوە.

شرمگین / šarmgîn/: صفت. [ادبی] ۱. شەرمەزار؛ خەجالەت؛ ترێق؛ تەریق؛ سەرشۆڕ؛ ڕووزەرد ‹بسیار شرمگین شد: زۆر شەرمەزار بوو› ۲. شەرمێون؛ شەرمۆ؛ شەرمن؛ شەرمین؛ بە شەرم ‹چهره‌ای شرمگین داشت: سیمایەکی شەرمێونی بوو›.

شرمندگی / šarmandegî، ـها/: اسم. شەرمەزاری؛ شەرمزاری؛ تەریقی؛ خەجالەتی؛ ڕووزەردی؛ گبریتی؛ فەدیکاری؛ دۆخ یان چۆنیەتی تەریقەوە بوون ‹رفتارش مایه‌ی شرمندگی است: ئاکاری هۆی شەرمەزاریە›.

شرمنده / šarmande/: صفت. شەرمەزار؛ شەرمزار؛ شەرمسار؛ شەرمەندە؛ شەرمەنە؛ فەدیکار؛ سەرشکەستی؛ قۆتۆ؛ تەریق؛ چاوشۆڕ؛ چاڤشۆڕ؛ فهێتکار؛ چاوبەرەژێر؛ فهێدکار؛ خەجالەتبار؛ سەرشۆڕ؛ دەریبەردە؛ ڕووزەرد.

شرنگ / šarang، ـها/: اسم. [ادبی] ۱. ژار؛ ژەهر؛ ماکی ژەهراوی ۲. کالەکەمارانە؛ کەلەکەمارانە؛ گوژەلک؛ گوژالک؛ زەرەند؛ کوزارک؛ زەرەنگ؛ گوندەمنە؛ ژوژالک؛ جۆرە ڕووەکێکی خشۆکی سالانەیە، یارەماکەی لە شووتی دەچێ و بەرەکەی بە قەدەر شەمامەیەک دەبێ، بە کالی، سەوزی خەتخەتە و کە گەییشت وەک شەمامە زەرد دەبێ، زۆر تاڵە و گەلێک دەرمانی بژیشکی لێ بەرهەم دێ. هەروەها: بەرێک دەگرێت کە وەکوو گوێ وایە، بۆ کوشتنی کرم دەکرێ بە برینی ئاژەڵەوە.

شروح / šurûh, šorûh/: [عربی] جمعِ ☜ **شرح**

شرور / šarûr، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. شەڕهەڵایسێن؛ جەنگەران؛ جەنگەری؛ بەدفەڕ؛ دوزەمە؛ ولوەش؛ تووش؛ شەڕانی؛ کێشە هەڵایسێن ‹چند تن از افراد شرور را دور خودش جمع کرده بود: چەن کەسی شەڕهەڵایسێنی بە دەور خۆدا کۆ کردبۆوە›.

شر و شور / šar-o-šûr/: [عربی/ فارسی] اسم. [گفتاری] گورخی؛ گورێخی؛ کار و ڕەوتی گەڕان بە شوێن کاری پڕ لە مەترسیەوە.

شروط / šurût, šorût/: [عربی] جمعِ ☜ **شرط**

شروع / šurû', šorû'/: [عربی] اسم. دەسپێک؛ دەسپێکەری؛ سەرەتا ‹ساعت شروع کار: کاتی دەسپێکی کار›. هەروەها: **شروع شدن؛ شروع کردن**

شر و ور / šerr-o-ver، ـها/: اسم. [گفتاری] هەڵیتوپەڵیت؛ هیچوپووچ؛ هەڵیانوپەڵیان؛ هەلەق-مەلەق؛ هاتەران-پاتەران؛ هەلەوشاش؛ بێتەرز و ڕێز؛ وتەگەلی بێسەرە و بەرە.

شروه / šarve/: اسم. شەروە؛ دووبەیتی ناوچەیی لە زاراوەکانی باشووری ئێراندا کە بەتایبەت لە پرسە و شینگێڕیدا دەیخوێنن.

شروه‌خوانی / šarvexānî/: اسم. شەروەخوێنی؛ شەروەبێژی؛ کاری خوێندنی ئەو باڵۆرە تایبەتە بە ئاهەنگێکی خەمینەوە لە پرسەدا.

شره / šare/: [عربی] صفت. [ادبی] هەڵپە؛ چنۆک؛ چاڤ‌چنۆک؛ چاوچنۆک؛ چاونەزێر؛ چاوبرسی؛ چاڤ‌برسی؛ چلماس؛ چەلماس؛ چەلماسک؛ دەڤبەش؛ پرکێش؛ تەماکار؛ لێشتۆک؛ هەفهەفی.

شره / šorre/: اسم. [گفتاری] چوڕە؛ شۆڕە؛ ڕۆیشتنی تراوێک بە شێوەی دڵۆپگەلی پەیتا-پەیتا، پتر یە سەر ڕووپەرێکدا ‹رنگ روی دیوار شره کرده بود: ڕەنگ بەسەر دیوارەکەدا چوڕەی کردبوو›.

شریان / šar(a)yān ، ـها؛ شرایین/: [عربی]/اسم. سووره‌ده‌مار؛ خوێنبەر؛ سووورڕەگ؛ دەماری خوێن ڕاگوێز لە لەشدا.

شریان‌بند / šar(a)yānband/: [عربی/ فارسی] ☜ رگ‌بَند

شریانی / šar(a)yānî/: [عربی] صفت. سووره‌ده‌ماری؛ پێوەندیدار، وێکچوو یان سەر بە سووره‌ده‌مارەوە ‹خون شریانی: خوێنی سووره‌ده‌ماری›.

شریدن / šorîdan/: مصدر.[گفتاری] چۆڕیان؛ شۆڕان؛ شۆڕیان؛ شۆڕەکردن ‹باران از سر و صورتش پایین می‌شُرید: باران بە سەر و چاویدا دادەچۆڕا›.

شریر / šarîr ، ـها؛ ـان؛ اشرار/: [عربی] صفت.[ادبی] شەڕانی؛ بەلاگێڕ؛ شەڕهەلایسێن؛ کێشەهەلایسێن؛ جەنگەران؛ بەدفەڕ؛ گونجڕ؛ جینگن؛ تووش؛ شەڕهەلگیرسێن؛ شەڕفرۆش.

شریعت / šarî'at ، ـها؛ شرایع/: [عربی]/اسم. ۱. دین ۲. ئایین.

شریف / šarîf/: [عربی] صفت. ۱. بە شەرەف؛ خاوەن شەرەف ۲. هێژا؛ مەزن؛ گەورە؛ بەڕێز؛ ڕێزدار؛ پایەبەرز.

شریک / šarîk ، ـها؛ ـان؛ شرکا/: [عربی]/اسم. هاوبەش؛ هاوپشک؛ هەڤبەش؛ هەمبەش؛ هامبەش؛ براوبەش؛ دۆکوت؛ هۆمبیەر: ۱. هەمپشک؛ هەڤپار؛ هەڤبەهر؛ هاوپاژ؛ هەڤدار؛ ئەو کەسە بەشێک لە ماڵێکی هەیە ‹او هم در این مغازه شریک است: ئەویش لەم دووکانەدا هاوبەشە› ۲. کەسێ کە لە بەشدارگەیەکدا بەشی هەیە ‹سهم شریک خود را خرید: بەشی هاوپشکەکەی کڕی› ۳. هامیار؛ هەمیار؛ هەمباز؛ کەسێ کە لە کارێکدا لەگەڵ کەسانێکی تر هاوڕێ یان هاودەسە ‹شریک زندگی: هاوبەشی ژیان›.

▣ **شریک جرم**: هاوتاوان؛ کەسێ کە لە ئەنجامدانی تاوانێکدا هاودەسی کەس یان کەسانێکی دیکەیە.

شریک دزد: دایکەدزە؛ دەسکیس؛ دزدەسەک؛ دزکە؛ پاش‌دز.

شریک زندگی: [کنایی] هاوسەر؛ هامسەر؛ هاوژین؛ هەڤژین؛ هاوجووت؛ هاوجفت؛ هاوبەشی ژیان.

▣ **شریک دزد و رفیق قافله بودن**: [مجازی] سەگی دوولاوەڕ بوون؛ لەگەڵ گورگدا گرتک خواردن و لەگەڵ شواندا شین کردن؛ بە کەروێشک وتن ڕاکە و بە تاژی وتن بیگرە؛ هاریکاری کردنی دوولایەنی پێشبڕکێ.

شست / šast/ ☜ انگشت شست، **انگشت**

▣ **شست کسی خبردار شدن**: [مجازی] با بە گوێدا دان؛ گڵ خەبەر بۆ هێنان؛ وریا بوونەوە؛ بە شێوەی لەنەکاو و پتر بە نهێنی لە ڕووداوێک ئاگادار بوون ‹یک وقت شستش خبردار شد کە می‌خواستند او را اِخراج کنند: کاتێ با بە گوێیدا دا کە دەیانویست دەری بکەن›.

شستشو / šostešû, šost-o-šû ، ـها/: اسم. گنا؛ بالاف؛ شوار؛ شت‌وشۆ؛ کار یان ڕەوتی شۆردن؛ شتن؛ ششتن؛ شواردن؛ شتەی.

▣ **شستشوی مغزی**: [کنایی] کارەڕەهاتی مێشک شۆردنەوە؛ هەڵپێچاندنی کەسێک بۆ دەست هەڵگرتن لە بڕوای فەلسەفی، ڕامیاری یان ئایینی خۆی و پەسەندکردنی باوەڕی نوێ، لە ڕێگای گوشاری زەینییەوە.

شستن / šostan/: مصدر.متعدی. // **شستی**: شۆردت؛ **می‌شویی**: دەشۆری؛ **بِشوی**: بشۆرە// شۆردن: ۱. شتن؛ شردن؛ شواردن؛ ششتن؛ شۆرین؛ شوشتن؛ شووتن؛ شووردن؛ شوێشتن؛ گازرکردن؛ شتەی؛ شۆرتەی؛ لابردنی پیسی لە سەر شتێک بە ئاو (یان تراوێکی‌تر) و ماکێکی خاوێن‌کەرەوە ۲. شتنەوە؛ شۆردنەوە؛ شورتنەوە؛ ئەوەشتەی؛ ئەوەشۆرتەی؛ لابردنی ماکێک (وەکوو ڕەنگ یان ئەسید) بە دانانی لە نێو

توێنەرێکـدا ٣. سـڕینەوە؛ لابـردنی مـاکێکی نەخوازراو لە سەر شتێک (وەکوو خەڵووز) بە ئاو.
هەروەها: **شستنی**

■ صفت فاعلی: **شوینده** (ـ)/ صفت مفعولی: **شسته** (شۆراو)/ مصدر منفی: **نشستن** (نەشۆردن)

شسته ـ رفته / šosterofte ، ـها/: *صفت. [گفتاری]* پاک و خاوێن؛ پوخت و جوان؛ پاک و پوختە؛ جوانکیلە ‹خانەی شسته ـ رفتەای داشت؛ بنشین یک مقالەی شسته ـ رفته بنویس: ماڵێکی پاکوخاوێنی هەبوو؛ دانیشە وتارێکی پوخت و جوان بنووسە›: **شسته و رفته**

شسته و رفته / šoste-o-rofte/ ☜ **شسته ـ رفته**

شستی / šastî ، ـها/: *اسم.* ١. پالێت؛ تەختە ڕەنگی نەققاشی و ڕەسمکێشان ٢. بشکۆک؛ بشکۆژ؛ قوپچە؛ دوگمە؛ دوکمە؛ دوکمەیێ کە قامکی پێوە دەنرێ تا دەزگایێ بکەوێتە کار ‹شستی زنگ اخبار: بشکۆکی زەنگی خەبەر›.

شش[1] / šeš/: *اسم.* شەش؛ شش؛ ژمارەی سەرەکی دوای پێنج و بەرای حەوت ‹تا شش بشمار!: تا شەش بژمێرە!›.

شش[2]: *صفت.* شەش؛ شش: ١. یەکێک زۆرتر لە پێنج دانە ‹شش مرد؛ شش کتاب: شەش پیاو؛ شەش کتێب› ٢. شەشەم ‹طبقەی شش؛ مرتبەی شش: نهۆمی شەشەم؛ قۆناغی شەش›.

شش / šoš ، ـها/: *اسم.* سی؛ سهی؛ سپەلاک؛ سپەلک؛ سەپەلیک؛ سێپەلاک؛ شیشار؛ شۆشی؛ شمش؛ پیلاسپی؛ شی؛ پشی؛ جەرگی سپی؛ سووێ؛ پشاسپی؛ پوف؛ ئەندامی هەناسەدان لە دەروونداا.

ششدانگ[1] / šešdāng/: *صفت.* شەشدانگ؛ ششدانگ؛ هەمووی شتێک ‹ششدانگ حواسش بە حرفهای معلم بود: شەشدانگی هۆشی بە لای مامۆستاوە بوو›.

ششدانگ[2]: *قید.* شەشدانگ؛ ششدانگ؛ شەشدانگە؛ ششدانگە؛ بە شێوەی شەشدانگ ‹خانە را ششدانگ بە نام پسرش کرد: ماڵەکەی شەشدانگ کردە ناو کوڕەکەیەوە›.

ششدر[1] / šešdar/: *اسم.* شەشخان؛ ششخان؛ شەشدەر؛ ششدەر؛ بارێ لە کایەی نەردێندا کە مۆرەکانی یاریکاری یەکەم لە شەشخانەی پەنای یەکدا جێدەگرن و ئیدی یاریکاری دووهەم هیچ مۆرەیەکی پشتی ئەو شەش خانەی نابزوێ و دەربازی بۆ نیە.

▣ **به ششدر افتادن:** شەشدەر لێگیران؛ شەش خان لێبەسران: ١. لە نەردێندا ڕێی دەرباز بوون نەمان ٢. *[کنایی]* کەوتنە تەنگانەوە؛ بێدەرەتان بوون؛ قەتیس داکەوتن؛ بێدەرەتان مانەوە؛ دەرەتان لێبڕان؛ دەرباز لێبڕان؛ ڕێ دەرچوون نەمان.

ششدر[2]: *صفت. [مجازی]* بێدەرەتان؛ بێدەرباز؛ داماو؛ قەتیس.

▣ **ششدر کردن:** *[کنایی]* شەشدەر لێگرتن؛ شەشخان لێبەستن: ١. داخستنی شوێنی هەڵاتن لە کەسێک؛ ڕێی ڕاکردنی کەسێک بەستن ٢. هەلی چالاکی لە کەسێک گرتن.

ششصد[1] / šešsad/: *اسم.* شەشسەد؛ ششسەد؛ ژمارەی سەرەکی پاش پێنسەد و نەوەد و نۆ و پێش لە شەشسەدویەک.

ششصد[2]: *صفت.* شەشسەد؛ ششسەد: ١. یەکێک زۆرتر لە پێنسەد و نەوەد و نۆ ٢. شەشسەدەم.

ششصدم / šešsadom/: *صفت.* شەشسەدەم؛ بە ڕیز، پێگە یان جێگەی شەشسەدەوە.

ششصدمی / šešsadomî/: ضمیر. شەشسەدەمی؛ ئەوەی لە ڕیز، پێگە یان جێگەی شەشسەدەمدایە.

ششصدمین / šešsadomîn/: *صفت.* شەشسەدەمین؛ بە ڕیز، ڕزن، پێگە یان جێگەی شەشسەدەمەوە.

ششلول / šešlûl ، ـها/: *اسم.* شەشئاگر؛ شەشار؛ شەشدەرب؛ دەمانچەی تۆپی؛ چەکی گەرمی

کەمەری کە شەش گوللە دەخوات: **ڕۆلور**

ششلول‌بند / šešlûlband ، ـها/: *صفت. [کنایی]* زۆربێژ؛ کەلـەگا؛ خـاوەن خـوو یـان ئـۆگرەتی زۆربێژی و بە چەک هەڕەشە لە خەڵک کردن.

ششم / šešom/: *صفت.* شەشەم؛ ششم؛ بـە ڕیـز، ڕزن، پێگە یان جێگەی شەشەوە.

ششمی / šešomî ، ـهـا/: *ضـمیر.* شەشـەمی؛ شەشەمین؛ شەشهەمین؛ ئەوەی لـە ڕیـز، پێگـە یان جێگەی شەشەمەوەیە.

ششمین / šešomîn/: *صـفت.* شەشـەمین؛ شەشهەمین؛ ئەوەی لە ڕیز، پێگە یـان جێگـەی شەشدایە.

شصت[1] / šast/: *اسم.* شەست؛ شـەس؛ شێـست؛ هیرڤیستی؛ شەیشتی؛ شەش‌چەل دە؛ ژمـارەی سەرەکی پاش پەنجا و نۆ و پێش لـە شەست و یەک.

شصت[2]: *صـفت.* شەسـت؛ شـەس؛ شێـست: ۱. یەکێ زۆرتر لە پەنجا و نۆ ژمـارە ۲. شەسـم؛ شەستەم؛ شێستەم؛ شەسوم.

شصتم / šastom/: *صفت.* شێـستەم؛ شەسـتەم؛ شەسم؛ شەسوم؛ بە ڕیز، ڕزن، پێگە یان جێگەی شەستەوە.

شصتمی / šastomî/: *ضـمیر.* شەسـتەمی؛ شەسەمی؛ شەسومی؛ ئەوەی لە ڕیز، پێگـە یـان جێگەی شەستەمەوەیە.

شصتمین / šastomîn/: *صفت.* شەسـتەمین؛ شێستەمین؛ شەستومین؛ بە ڕیز، ڕزن، پێگە یان جێگەی شەستەمەوە.

شط / šat ، ـها/: [عربی]/*اسم.* شەهـ ؛ شەت؛ شـاڕۆ؛ ڕووباری گەورە کە لە پێـک‌گەیـشتنی دوو یـان چەند چۆم پێک دێت.

شطرنج / šatranc/: [معـرب از پهلـوی]/*اسـم.* شەترەنج؛ شاترنج؛ شـاتورنج؛ شـترنج؛ شـەترنج؛ سـەرترینج؛ یاریـەکی دوو کەسـی بـە سـەر پەڕەیەکی چوارگۆشەوە بە ٦٤ خانۆی یـەک نـا یـەک ڕەش و سـپی و ١٦ مـۆرەی ڕەش و ١٦ مۆرەی سپیەوە بـۆ هـەر یـەک لـە کایەکـەران: **شترنج**

شطرنج‌باز / šatrancbāz ، ـهـا؛ ـان/: [معـرب/ فارسی]/*اسم.* شەترەنجباز؛ کەسـێ کـە شـەترەنج کایە دەکا.

شطرنجی / šatrancî ، ـهـا/: [معـرب] *صـفت.* شـەترەنجی؛ چوارخانـە؛ خانـەخانـە: ۱. بـە نەخشی چوارگۆشەی یەک نایـەک هاوڕەنگـەوە ‹پارچـەی شـطرنجی: قوماشـی چوارخانـە› ۲. بـە هێڵگەلێکی یەکانبڕەوە ‹کاغذ شـطرنجی: کاغـەزی شەترەنجی›.

شعائر / šaʼāer/: [عربی] ☜ **شعایر**

شعار / šoʼār, šeʼār ، ـها/: [عربـی]/*اسـم.* دروشـم: ۱. ڕسـتە یـان ڕێزوتـەیێ کـە داخـوازی یـان ئامـانجی گرۆیـەک لـە خەڵـکی یـان ڕێکخراوەیـەکی کۆمەڵایـەتی دەخاتـە ڕوو ۲. *[مجازی]* گووپی؛ قسە؛ قسێ؛ وتـەی ئارمـانی یان خۆش کە ناچێتە کار.

▣ **شعار دادن:** دروشم دان: ۱. دەربڕینی ئارمانج و داخوازی کۆمەڵێک بـە دەنگـی بـەرز و بـە شێوەی ڕستە یان قسەیەکی دیار ‹دانـشجویان شعار می‌دادند، توپ، تانک، مسلسل، دیگر اثر نـدارد: خوێنـدکاران دروشمیـان دەدا، تـۆپ، تانـک، موسلـسەل چیتـر بـاوی نـەماوە› ۲. *[مجـازی]* گـوتنی قـسەی دڵخۆشـکەرانە و زۆر جـار دەکارنەچوو بۆ سەرنج ڕاکێشانی خـەڵـک و تامەزرۆکردنیان ‹تـو کـارت ایـن اسـت کـه شـعار بدهی، اما موقع عمل غیبت می‌زند: تۆ کارت ئەمەیـە کە دروشم بدەی، بەڵام لە کاتی کـردەوەدا نـوقم دەبی›.

شعاع / šoʼāʼ ، ـها؛ اشعه/: [عربی]/*اسـم.* ۱. تیـشک؛ تریسک؛ تیژک؛ تیریژ؛ تیرۆژ؛ تیژ؛ تریـژ؛ تـیرەژ؛ لیسک؛ بەشت؛ کورزە؛ تیجیە؛ لیزگ ‹شـعاع نـور: تیـشکی نـوور› ۲. تیـسک؛ دەسـتە تیـشک

۳. شوعاع؛ نیوتیره؛ لەتە هێڵێکی ڕاست کە ناوەندی جەغز یان گۆ دەلکێنێ بە دەوریەوە ‹شعاع دایره: شوعاعی جەغز› ٤. گزنگ؛ گزینگ؛ تیرێژ؛ هێڵێکی گریمانەیی کە نوور لەوێوە تیشک ئەداتەوە ‹شعاع خورشید: گزنگی هەتاو›.

شعاعی / šo'ā'î/: [عربی] *صفت.* تیشکی؛ شوعاعی؛ پاڵدراو یان سەر بە شوعاعەوە.

شعایر / ša'āyer/: [عربی] *اسم.* ١. ئامانجگەل؛ ئارمانجگەل؛ ئارمانێ؛ دۆزگەل ‹شعایر ملی: دروشمگەلی نەتەوەیی› ٢. دروشمگەل؛ نیشانەکانی ئایین یان ئامانجێک ‹شعایر دینی: دروشمگەلی دینی›.

شعب / šo'ab/: [عربی] جمعِ ☜ **شعبه**

شعبات / šo'abāt/: [عربی] جمعِ ☜ **شعبه**

شعبان / ša'bān/: [عربی] *اسم.* شابان؛ شەعبان؛ کوڵەمانگ؛ هەشتەمین مانگی ساڵی کۆچی‌ـمانگی، پێش ڕەمەزان.

شعبده / šo'bade ، ـها/: [عربی] *اسم.* ١. تەڕدەستی؛ چاوبەستی؛ کارێ کە بە بزێوی و فریودانی هەستی بینەر ئەنجام دەدرێ و دەبێتە هۆی خەڵەتاندن و سەرسوورمانی ٢. فێڵ؛ فریو؛ گزی؛ گەڕ؛ گڕنی؛ حەوقە؛ نێرەنگ.

شعبده‌باز[1] / šo'badebāz ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* تەڕدەست؛ چاوبەست؛ چاچۆڵباز؛ کەسێ کە کار و باری چاوبەستیە.

شعبده‌باز[2]: *صفت.* *[مجازی]* چاوبەست؛ فێڵباز؛ فریوکار؛ گزیکار؛ گڕنیکەر؛ حەوقەباز؛ گغنی‌باز.

شعبده‌بازی / šo'badebāzî ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* چاوبەستی: ١. تەڕدەستی؛ چاچۆڵبازی؛ کاری چاچۆڵباز ٢. نواندنی تەڕدەستی ٣. *[مجازی]* فێڵبازی؛ گزیکاری؛ گڕنی‌بازی؛ گغنی‌بازی؛ فریوکاری؛ حەوقەبازی؛ خاپینۆکی.

شعبه / šo'be ، ـها؛ شُعَب؛ شُعَبات/: [عربی] *اسم.* لق؛ لەق؛ لک؛ بەشێ لە دامەزراوەیەک کە کار و باری دیاریکراوی وەئەستۆیە یان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا چالاکی هەیە ‹شعبه‌ی بانک: لقی بانک›.

شعر / še'r ، ـها؛ اشعار/: [عربی] *اسم.* شیعر؛ هۆزان: ١. هۆنە؛ هەڵبەست؛ هۆنراوە؛ هلبەست؛ نەوشە؛ وتەیێ کە کێش، بەشاوەند (قافیە) و واتای هەیە ٢. هلبەست؛ وتەی کێشدار ٣. بەرهەمی ئەزموون، بینین، هەست و داهێنانی هونەری شاعیر ٤. *[تعریض]* قسە؛ وتەیەکی جوان کە لە کار نایێ ‹سادگی، قناعت، زندگی در دامن طبیعت، اینها که می‌گویی شعر است: ساکاری، چاوتێری، ژیان لە داوێنی سروشتدا، ئەمانە کە دەڵێی هەموو شیعرن›.

▣ **شعر آزاد:** شیعری ئازاد؛ شیعری باز؛ شیعری نوێ؛ هەڵبەستێ کە پەیڕەوی ئاهەنگ و کێش و بەشاوەند نیە: **شعر نو**

شعر بزمی ☜ **شعر غنایی**

شعر بند تنبانی: *[کنایی]* میعر؛ وتەی کێشدارێ کە بایەخی هونەری نیە.

شعر بی‌معنی: شیعری بێ‌واتا؛ شیعری بێ‌ناوەرۆک؛ هەڵبەستێ کە هەست و هزری تێدا نیە و تەنیا بە پێی بنەماگەلی شیعری هۆنراوەتەوە.

شعر تعلیمی: شیعری پەروەردەیی؛ شیعری ئامۆژگاریانە؛ هەڵبەستێ کە لایەنی پەروەردەیی و خووخدەیی تێدا هەیە.

شعر تغزلی ☜ **شعر غنایی**

شعر حماسی: شیعری پاڵەوانی؛ شیعری ئازایەتی؛ هەڵبەستێ کە باسی پاڵەوانی و بوێری هێندێ کەس دەکا.

شعر سپید/ سفید: شیعری سپی؛ جۆرێک هەڵبەستی ئازاد (لە وێژەی ئورووپادا) کە زۆرتر پێنج برگەیی و بێ‌بەشاوەندە.

شعر عروضی: شیعری عەرووزی؛ هەڵبەستێ کە سەرتاسەری کێشێکی دیاریکراوی (بە

ناوی بەحر) هەیە.
شعر غنایی: هەڵبەستی دڵداری؛ شیعری ئەویندار؛ هەڵبەستێ کە هەستی دڵداری و تەزووی عاتیفی تێدا دەگوترێ: **شعر بزمی؛ شعر تغزّلی**
شعر نو ☜ **شعر آزاد**
شعر هجایی: شیعری بڕگەیی؛ هەڵبەستێ کە پایەی کێش تێیدا، ژمارەی بڕگەی باڵەکانە، وەک شیعری فولکلوری کوردی کە بیست بڕگەی چواربەشییە.
▣ **شعر سرودن:** شیعر دانان؛ شیعرگوتن؛ شیعر هەڵبەستن؛ شیعر هۆنینەوە.

شعرا / še'rā /: [عربی]/اسم. [نجوم] دوو ئەستێرە لە کەلووی سەگی گەورە و سەگی بچووکدا.
▣ **شعرای شامی:** هەشتەمین ئەستێرەی ڕووناکی ئاسمان لە وێنەی گەردوونی سەگی بچووکدا.
شعرای یمانی: گەلاوێژ؛ کاروانکوژە؛ پرشنگدارترین ئەستێرەی ئاسمان لە وێنەی گەردوونی سەگی گەورەدا.

شعرا / šo'arā /: [عربی] جمعِ ☜ **شاعِر**

شعرباف / ša'rbāf ، ـها؛ ـان /: [عربی/ فارسی]/اسم. [قدیمی] شالباف؛ کەسێ کە کاری چنینی پارچەی دەسچنە.

شعربرنیکه / ša'rebrenîke /: [؟] ☜ **گیسو ــ ۲**

شعری / še'rî /: [عربی] صفت. شیعری؛ پێوەندیدار یان پاڵدراو بە شیعرەوە ‹تخلص شعری: نازناوی شیعری›.

شعف / ša'af /: [عربی]/اسم. [ادبی] خۆشی؛ وەشی؛ شادی؛ شایی؛ شادمانی؛ خۆشحالی ‹موجب شعف زایدالوصفی شد: بووە هۆی خۆشیەکی لەڕادەبەدەر›.

شعله / šo'le ، ـها /: [عربی]/اسم. بڵێسە؛ بلێسە؛ شۆڵە؛ گڕپە؛ گڕ؛ گڕە؛ کڵپە؛ کڵ؛ میرگە؛ کور؛ گڕو؛ گرشە؛ گوڕی؛ ئالاف؛ پێت؛ سوڵە؛ ڕقین؛ شەماڵە ۱. بەشێ لە ئاگر کە وەک گازێکی درەوشاوەی لێهاتووە ‹شعلەی گاز: بلیسەی گاز› ۲. بەشی ڕووناک و درەوشاوەی ئاگر کە هەڵدەچێ ‹شعلەی آتش؛ شعلەی شمع: گڕی ئاگر؛ گڕی شەم› ۳. [مجازی] هەر شتێ کە وەک ئاگر بدرەوشێتەوە ‹شعلەی امید؛ شعلەی عشق: گڕی هیوا؛ بلیسەی ئەوین› ٤. یەکەی هەژماردن بۆ ئامێرگەلی ڕووناکیدەر (وەکوو شەم یان چرا) ‹توی این مغازه هشت شعله چراغ روشن است: لەم دووکانەدا هەشت شۆلە چرا هەڵبووە›.

شعلەپخش‌کن / šo'lepaxškon ، ـها /: [عربی/ فارسی]/اسم. شۆڵەپەرشێن؛ ئامرازێکە وەک ڕووپەڕێکی کون-کون بۆ بەرگری لە لێکەوتن یان لێدانی ڕاستەوخۆی شۆڵە و بلاوکردنەوەی تینەکەی.

شعلەور / šo'levar /: [عربی/ فارسی] صفت. گەش؛ داییساو: ۱. ڕۆشن؛ پەشقەل؛ گڕدار؛ مەشقەلان؛ شۆڵەدار؛ بای داییسان ‹هنوز آتش شعلەور است: هێشتا ئاگرەکە گەشە› ۲. [مجازی] نێڵدار؛ بە تین یان تەیسەوە ‹آتشی در دلم شعلەور شد: ئاورێکم لە دەروون داییسا›.
▣ **شعلەور شدن:** داگرسان؛ داگیرسان؛ داگرسیان؛ هەڵگرسان؛ داییسان؛ هەڵاییسان؛ ئاییسان؛ ئەنەگیسیەی؛ بڵێسە دان؛ پێبوون؛ هەڵبوون؛ گوڕگردن.
شعلەور کردن: داگرساندن؛ داگیرساندن؛ داگریساندن؛ هەڵگرسانن؛ داییساندن؛ هەڵاییساندن؛ ئاییساندن؛ ئەنەگیسنەی؛ پێ کردن؛ هەڵکردن.

شعور / šu'ûr, šo'ûr /: [عربی]/اسم. ئاوەز؛ ئاوز: ۱. ژیرڤانی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ئاگاداری لە شتێک، بەتایبەت لە بار و دۆخی زەینی خۆ ۲. ژیرڤانی؛ چۆنیەتی ئاگاداری لە شتێ، دۆخێ یان هەڵکەوتێکی دەرەکی ۳. ژیرڤانی؛ دۆخێ کە هەست، خواست، عاتیفە و بیرکردنەوە لە تایبەتمەندیەکانیە ٤. ژیرڤانی؛ فەرهەنگ؛ ئەقڵ؛

هۆش؛ شعوور؛ سەرجەمی دۆخگەلی ئاگایانەی کەسێک ٥. وشیاری؛ لە سەرهەستی؛ ئاگەهی؛ هینایی؛ دۆخی ئاسایی ژیانی ئاگادارانە کە مرۆ لە حاڵی خەو، بێهۆشی، مەستی یان نەخۆشیدا نیەتی.

شغار / šaqār/: [آرامی] ☜ **شخار**

شغار / šeqār/: اسم. [قدیمی] ژنبەژن؛ ژنوەژن؛ ژناوژن؛ ژنبەژنە؛ بەردیل؛ ژەنبەژەنی؛ پێک‌گۆڕینەوەی دوو کچ (یا ژن) لە کۆندا، کە مارەیی هەر کامیان لە گرۆی ئەوی دیکەدا بوو.

شغال / šoqāl، ـها؛ ـان/: اسم. چەقەڵ؛ تۆڕی؛ توری؛ تۆڕک؛ توورک؛ تورگ؛ گەرەشاخ؛ کەمچانە؛ برقەندەرە؛ تۆڕ؛ توێڕی؛ تویری؛ توویری؛ تێروو؛ تووری؛ تۆری؛ واویک؛ گیاندارێکی گوانداری دڕندە و شەوڕۆیە وەکوو گورگ بەڵام نەختێ بچووکترە و لە گۆشتی ڕاو، تۆپیو و برێ جار میوەیش دەخوا و زۆرتریش بە کۆمەڵ ڕاو دەکا.

شغالدست / šoqāldast، ـها/: اسم. سەگدەست؛ تەوەرەیەک کە چەرخی پێشی ماشین ڕادەگرێ بەڵام خۆی لەگەڵ چەرخەکەدا ناسووڕێتەوە.

شغل / šoql، ـها؛ مشاغل/: [عربی] اسم. کار؛ ئیش؛ پیشە؛ شوغڵ؛ کاربەند؛ شوول؛ فەرمان: ۱. چالاکی بەردەوام و پتر ڕێک‌وپێک‌کراوی کەس، تاقم یان جەماوەر، بەتایبەت لەو بوارانەدا کە قازانجی ئابووری هەیە ‹شغل آزاد؛ شغل تولیدی: کاری ئازاد؛ کاری بەرهەمهێنەر› ۲. هەرمانە؛ هەرمان؛ گوروە؛ گورە ‹وقتی از شغل او پرسیدم، گفت دانشجوست: کاتێ کە لە کاریم پرسی، گوتی خوێندکارم›.

▣ **شغل آزاد**: کاری ئازاد: ۱. پیشەی نادەوڵەتی ۲. شوغڵێ کە خاوەنەکەی کارفەرمای نیە.

شغلی / šoqlî/: [عربی] صفت. پیشەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە کارەوە ‹امنیت شغلی؛ پیشرفت شغلی: هێمنی پیشەیی؛ پێشکەوتنی پیشەیی›.

شفا / šafā, šefā/: [عربی] اسم. شفا؛ مفا؛ مەفا؛ موفا؛ چۆنیەتی چا بوونەوە لە نەخۆشی، بەتایبەت بە هۆی خودا، پێغەمبەر و شتانی پیرۆزەوە.

▣ **شفا بخشیدن**: چاکردنەوە؛ خاسەوکردن؛ خوەشەوکردن؛ وەشەوەکەردەی؛ شفا دان: **شفا دادن**

شفا خواستن: داوای چا بوونەوە و ڕزگار بوون لە نەخۆشی بۆ کەسێ کردن.

شفا دادن ☜ **شفا بخشیدن**

شفا گرفتن: چا بوونەوە؛ خاس بوونەوە؛ خوەشەو بوون لە نەخۆشی بە هۆی دەسەوداوێنی پیرۆزەکانەوە.

شفا یافتن: چاک بوونەوە؛ چا بوونەوە؛ ساقەو بوون؛ خۆش بوون؛ خۆشەو بوون؛ خوەشەوە بوون؛ خاس بوونەوە؛ وەشەوە بیەی؛ ڤەترسین؛ ڤەتەڕستین؛ لە نەخۆشی هەستانەوە ‹دو روز بعد چشمش شفا یافت: پاش دوو ڕۆژ چاوی چاک بوودەوە›.

شفابخش / šafābaxš, šefā-/: [عربی/ فارسی] صفت. چاکەرەوە؛ خۆش‌کەرەوە؛ وەشەوەکەر؛ شەفابەخش؛ شەفادەر؛ هۆی خاس بوونەوە یان دەرمان ‹داروی شفابخش: دەرمانی چاکەرەوە›.

شفاعت / šafā'at, šefā'at، ـها/: [عربی] اسم. ناڤبێژی؛ ناڤچێتی؛ مەهدەر؛ مەدەر؛ دیلەک؛ شفات؛ خوایشت؛ هێڤی؛ تکا؛ کار یان ڕەوتی پاڕانەوە لە کەسێک بۆ چاوپۆشی‌کردن لە گوناهی کەسێکی‌تر. هەروەها: **شفاعت کردن**

شفاف / šeffāf/: [عربی] صفت. ڕوون؛ ڕۆشن؛ زەلاڵ: ۱. ڕووتەنک؛ زولاڵ؛ پاش‌بین؛ ڕووهن؛ بێ‌لێڵایی؛ بە تایبەتمەندی لە خۆ ڕەدکردنی ڕووناکی و دیاربوونی دیمەنی پشتەوەی ۲. [مجازی] بەبێ لێڵی و شاراوەیی ‹سیاست شفاف: سیاسەتی ڕوون›.

شفافیت / šeffāfîyyat ، ـها/: [عربی]/اسم. ڕوونی؛ ڕووتەنکی؛ زەلالی؛ ڕۆشنی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕوون بوون.

شفاهاً / šafāhan, šefāhan/: [عربی]قید. زمانی؛ زوانی؛ دەمی؛ زارەکی؛ بە دەمی؛ بە وتن؛ بە قسە کردن؛ بە ئاخاوتن نەک نووسین ‹شفاهاً دستور داده شده بود: زمانی فەرمان درابوو›.

شفاهی / šafāhî, šefāhî/: [عربی]صفت. زارەکی؛ دەمی؛ زمانی؛ زوانی؛ بە تایبەتمەندی ئەوەی کە بە زمان دەردەبڕدرێ ‹امتحان شفاهی؛ دستور شفاهی: ئەزموونی زارەکی؛ فەرمانی دەمی›.

شفت[1] / šaft/: [انگلیسی] ☜ **شافت**

شفت[2]: صفت. [فارسی] /گیاه‌شناسی/ گۆشتن و شکۆفا؛ بە ناوکێکی ڕەقەوە کە دەنک یان دەنکەکانی دەگرێتە بەر (لە مەڕ میوەی وەک هەڵووژە، قۆخ، گیلاس و...).

شفتالو / šaftālû ، ـها/:اسم. هەشتاڵوو؛ هەشتالوێ؛ شەفتالوو؛ شەفتالی؛ قۆخ؛ قۆخی؛ خۆخ: ۱. دارێک بە توێکڵی قاوەیی ڕۆشن، گەڵای درێژۆکە یان نوسکن، گوڵی تاک کە بەر لە وەچ دەردێ ۲. بەری خۆراکی ئەم دارە کە خڕ، تووکن، کەسک یان ئاڵ و بەشێکی سوورە و پێشەی هێلکەیی کە بە گۆشتەکەیەوە نووساوە.

شفته / šefte ، ـها/:اسم. شفته؛ تێکەڵاوی ماسە و قسڵی شل و ئاودار کە بۆ بنەڕەت و ژێرسازی خانوو بە کار دەڕوا.

شفشاهنگ / šafšāhang ، ـها/: ☜ **استالاگمیت**

شفعه / šof'e/: [عربی] ☜ حق شفعه، **حق**

شفق / šafaq/: [عربی]/اسم. زەردەپەڕ؛ خۆرەزەرد؛ خۆرەزەردکە؛ وەرەزەردە؛ وەرەشێڵە؛ ئاسۆی سوور دەکاتی ئێوارەدا.

شفقت / šafaqat, šafaq(q)at/: [عربی]/اسم. دڵنەوایی؛ دلۆڤانی؛ دڵنەرمی؛ هاودەردی؛ هامدەردی؛ نەرم و نیانی هاوڕێ لەگەڵ بەزەییدا ‹زلزله‌زدگان را مورد شفقت قرار دادند: لە بوومەلەرزەلێدراوان دڵنەواییان کرد›.

شفیرگی / šafîregî/:اسم. مێتوولکەیی؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی مێتوولکە بوون.

شفیره / šafîre ، ـها/:اسم. قۆزاحە؛ مێتوولکە: ۱. بێچووی ساوای مێروو کە وەک مێرووی پێگەیشتووە و تەنیا باڵی کەمە و دەزگاری زاوزێی تەواو نیە ۲. قۆناخێ لە خولی ژیانی برێ مێروو، لە نێوان ساوایی و پێگەیشتندا کە چالاکی ژیانی تێیدا دەگاتە کەمترین ئاستی خۆی.

شفیع / šafî' ، ـان/: [عربی]/اسم. تکاکەر؛ تکاکار؛ بەرەوان؛ ناوەنی؛ دیلەکچی؛ ناقبێژ؛ شفات کەر ‹شفیع روز قیامت: تکاکاری ڕۆژی پەسڵان›.

شفیق / šafîq ، ـان/: [عربی] صفت. /ادبی/ دڵنەوا؛ دلۆڤان؛ دڵنەرم؛ بەبەزەیی؛ دڵسۆز و میهرەبان ‹رفیق شفیق: هەواڵی دڵنەوا›.

شق / šaq(q)/: صفت. ڕەپ؛ بە شێوە یان بارێ کە لە خۆڕا چەم و ڕاست نابێتەوە و لۆچ و دەقیش هەڵناگرێ ‹آمد و با گردن شق جلو میز ایستاد: هات و بە ملێکی ڕەپەوە لە بەر مێزەکە ڕاوەستا›.

شق / šeq(q) ، ـها؛ شقوق/: [عربی]/اسم. بژاردە؛ یەکێک لە دوو یان چەند شێوازی کار یان باری ڕەخساو ‹غیر از این دو، شق دیگری وجود ندارد: بێجگە لەم دوانە، بژاردەیەکی‌تر نیە›.

شقاق / šeqāq/: [عربی]/اسم. ۱. دووبەرەکی؛ ناتەبایی؛ ناکۆکی؛ دژایەتی؛ جیایی؛ دوودەسەیی ۲. /پزشکی/ قەڵش؛ قلیش؛ تلیش؛ شەقار؛ شەق و لێکبەربوویی یان قەڵشاوی لە موخاتدا.

شقاقل / šaqāqol ، ـها/:اسم. چەپۆڵە؛ گێزەرۆکە؛ گێزەرەدەشتی؛ گێزەری دەیمی؛ گێزەری زیر؛ گێزەری سپی؛ گیایەکی شڤشینک یان دوو ساڵان، بە بنجاری سپی و ئەستوور و گەڵای بۆنخۆشەوە.

شقاقلوس / šaqāqolûs/: [معرب از یونانی]/اسم.

[قـدیمی] شـەقاقلووس؛ مـەرگی بەشـێک لـە شانەگەلی لەش بە هۆی پێ نەگەیشتنی خوێن، لێدران یان گەناژۆیی.

شق‌القمر / šaqolqamar, šaqqo- /: [عربی]/اسم. [مجازی] کێـو کەنـدن؛ کێـو لـە بنـەوە هێنـان؛ کۆکەنتەی؛ کاری زۆر گران و جێبەجێ‌نەکراو.

شقاوت / šeqāvat, šaqāvat ، ـها/: [عربی]/اسم. دڵڕەقی؛ بێڕوحمی ‹شقاوت او حتی مورد اعتراض همراهانش قرار گرفت: دلڕەقی ئەو تەنانەت بووە هۆی نارەزایەتی هاوڕێیانی›.

شقاوت‌آمیز / šeqāvatāmîz, šaqāvat- /: [عربی/ فارسی] صفت. دلڕەقانە؛ بێبەزەییانە؛ بێڕوحمانە؛ بێڕەحمانە؛ تێکـەڵ و لەگـەڵ دڵـڕەقیدا ‹رفتار شقاوت‌آمیز: ئاکاری دلڕەقانە›.

شـقایق / šaqāyeq ، ـها/: [عربی]/اسم. گولالـە؛ گورالـە؛ هەلالـە؛ گولالەسـوورە؛ سوورەهەڕالـە؛ گولەخەندران؛ گولـەبەوی؛ گولەمۆلـە؛ نیـسان؛ کورکەنیـسان؛ مـێلاق؛ مێلاقـە؛ خەشخاشـک؛ گولالە سوورەی بەهاران؛ گیایەکی ئالیکی جوان لـە تـیرەی هەلالـە، بـە گـەلای تـووکن و بڕگە-بڕگە، گولی سووری تۆخ و پەلەـ پەلـەی ڕەش، پەرچەمی زۆر و بـەری وەک خەشـخاش بەلام بچووکتر.

▣ **شـقایق نُعـمانی**: گولـەمزیـانی؛ گولـەمـزانی؛ گولەهەڕالە؛ گونگلۆک؛ گونگیلۆک؛ گیایـەکی ئالیکی جوان لە تـیرەی هەلالـە، بـە گـەلای بڕگە- بڕگە، گولی تـاکی بنـەوش یـان ئامـاڵ سوور، بێبۆن و بە تامی تفت و توونەوە.

شـقایق‌دریـایی / šaqāyeqedaryāyî ، شقایقهای دریایی/: [عربی/ فارسی] /اسم. هەلالـەی دەریـایی؛ جۆرە گیاندارێکی ڕەنگینی دەریایی جوانـە، لـە گولالە دەچێ و بە بەردەوە دەنووسێ.

شـق‌ـــ شـق / šeq-šeq /: صوت. تەقەتـەق؛ قرچـەقرچ؛ چەقەچـەق؛ دەنگـی نزمـی کـەم زایەڵەی وێـک‌کـەوتنی شـتگەلی وردکـە (وەک ددان یان پووڵە وردە).

شقراق / šeqerrāq ، ـها/: اسم. [؟] [جانورشناسی] سەوزەمراوی؛ مراویەکێوی؛ پـێبەقنگـە؛ جـۆرێ مراوی سـەر و مـل سـەوز و سـنگ خەنـەیی و پشت قاوەیی بە دەنووکی زەردی مەیلەو سـەوز و قاچی مەیلەو خەنەیی.

شـق‌ورق / šaqq-o-raq(q) /: صـفت. [گفتـاری] ڕەپ؛ بێچین و لۆچ ‹اتوی شلوارش خیلی شق و رق بود: دەقی پانتۆڵەکەی زۆر ڕەپ بوو›.

شق‌ورق: قید. [مجازی] ڕەپـــ ڕەپ؛ ڕەپ؛ ڕەپوڕەق؛ تەقوڕەق؛ شەقوتەق ‹شق‌ورق ایستاده بود و مژه هـم نمـی‌زد: ڕەپـــ ڕەپ ڕاوەسـتابوو و چاویـشی نەدەترووکاند›.

شقوق / šoqûq, šuquq /: [عربی] جمعِ ☜ **شِق**

شـقه / šaqqe ، ـها/: [عربی]/اسم. کـوت؛ لـەت: ۱. کەرت؛ کەر؛ لا؛ پارچە؛ پاژ؛ پاژێ لـە شـتێک (وەکوو لاشەی پەز) ۲. قاش؛ کـاش؛ کـووز؛ قـاژ؛ ئەوەی بە لێدان بووە بە چەند کەرتەوە ‹گوشت را شقه کرد، و گذاشت توی یخچال: گۆشـتەکەی کـوت کرد و نایە نێـو یەخچالـەکەوە›. هـەروەها: **شـقه شدن؛ شقه کردن**

شـقی / šaqî ، ـها؛ اشقیا/: [عربی] صفت. [ادبی] دڵڕەق؛ بـێبـەزەیی ‹ظـالم شـقی؛ آدم شـقی: چەوسێنەری دلڕەق؛ مرۆی بێبەزەیی›.

شـقیقه / šaqîqe ، ـها/: [عربی]/اسم. لاجانـگ؛ بلاجانـگ؛ بناجانـگ؛ لاجـان؛ لاتیـاگ؛ تـیلاگ؛ جانگیە؛ جینگ؛ گێجەنە؛ گێجگـا؛ بەشـێک لـە لای ژوورینی چار لە نێـوان سـیلەی چـاو هـەتا گوێ.

شک / šak(k) ، ـها/: [عربی]/اسم. شـک؛ شـکە؛ دشـک؛ گومـان؛ گـەمان؛ دڕدۆنگـی؛ دوودلـی؛ هەدان؛ هێدان؛ شەی؛ ڕوێز: ۱. / شکیّات؛ شکوک/ چۆنیەتی نرخاندن یان داوەری بـە دڕدۆنگیـەوە ‹شک دارم این کار درست باشد: شکم هەیە ئـەم کـارە دروست بێ› ۲. بەدگومانی؛ نوون ‹مثل این‌کـه تـو

به من شک داری: وا دیاره لێم دردونکی›.
▣ **شک بردن کسی:** شک بردن؛ شک کردن؛ دوودڵ بوون؛ دڕدۆنگ بوون؛ گومان بردنی کەسێک؛ بە دڵاهاتنی کەسێک ‹حتی شک‌شان نبرد کە ممکن است من گفتە باشم: تەنانەت شکیشیان نەبرد، گاهەز من گوتبێتم›.
شک داشتن: ۱. دوودڵ بوون؛ شک‌کردن؛ دڕدۆنگ بوون ۲. بەدگومان بوون؛ دوودڵ کەفتن؛ دڵ‌کرمێ بوون. هەروەها: **شک کردن**
شک رفتن به کسی: شک چوون بۆ کەسێک؛ لە کەسێک دوودڵ بوون؛ شک چوونە سەر کەسێک؛ شکە پەی یۆی لوەی؛ لە کەسێک بەدگومان بوون ‹شک من به همسایەی روبرویی رفت: شکم چوو بۆ هاوسا بەرامبەرەکە›.
شک کسی را برداشتن: کەوتنە شکەوەی کەسێک؛ دوودڵ کەوتنی کەسێک؛ کەسێ کەوتنە گومانەوە: ۱. دڕدۆنگ بوون؛ دوودڵ بوون ‹شک برم‌داشت، نکند پول کم بیاید: کەوتمەشکەوە، نەکا پارە بەش نەکا› ۲. بەدگومان بوون؛ گومانی خراو بردن ‹شک برش‌داشت که شاید او دزد بوده: کەوتە شکەوە ناکا ئەو دز بووبێت›.
به شک افتادن: کەوتنە شکەوە؛ بە شک‌کەوتن؛ کەوتنە نێو دوودڵیەوە؛ تووشی شک و دوودڵی و گومان بوون.
شک / šok/: [فرانسوی] ☜ **شوک**
شکات / šokāt/: [عربی] جمعِ ☜ **شاکی**
شکار[1] / šekār/: /اسم/ ڕاو؛ ڕاڤ؛ ڕاوە؛ شکار؛ ئشکار؛ کەروە: ۱. شژ؛ کار و ڕەوتی وەگیر خستنی گیانەوەری کێوی یان هەڵاتوو ۲. شژ؛ کار یان ڕەوتی گرتن، کوشتن یان هەڵدڕینی گیانەوەرێک بۆ خواردن ‹گربە همەی موشها را شکار کرد: پشیلە گشت مشکەکانی ڕاوکرد› ۳. /ـها/ نێچیر؛ نچیر؛ ئەو گیانەوەرەی کە بە کوشتن، زامار کردن یان تەڵە گیراوە ‹برایمان گوشت شکار آوردە بود: گۆشتی ڕاوی بۆ هێنابووین› ٤. شژ؛ کرد و کۆشێ کە بە مەبەستی کوشتن، بریندار کردن یان دە تەڵە و داو خستنی گیانەوەر دەکرێ ‹رفتە بودم شکار، ولی دست‌خالی برگشتم: ڕۆیشتبووم بۆ ڕاو، بەڵام، دەم‌لەپووش هاتمەوە› ۵. /نظامی/ کار یان ڕەوتی پێکان و تێک‌شکاندنی ئامێرگەلی شەڕی دوژمن (وەک فڕۆکە، ناو یان تانک) ٦. /گفتاری/ کار یان ڕەوتی کەسێک خستنە تۆڕەوە؛ کەسێک خستە داوەوە؛ سەرنج، حەز یان هاریکاریی کەسێک، بەرەو خۆ ڕاکێشان بەتایبەت بە شێوەی ناڕەوا ‹شکار مشتری؛ شکار شوهر: ڕاوی کڕیار؛ ڕاوی شوو›. هەروەها: **شکار شدن؛ شکار کردن**
شکار[2]: صفت. /گفتاری/ زویر؛ زیز؛ وەڕەز؛ وەڕس؛ وێڕس؛ جاڕز؛ ئاراو؛ گەهراو.
▣ **شکار بودن:** /گفتاری/ وەڕەز بوون؛ جاڕز بوون؛ قەڵس بوون؛ زویر بوون ‹آزاد از دست ریسمان خیلی شکار است: ئازاد لە دەست بەرپرسەکەمان زۆر وەڕەزە›.
شکاربان / šekārbān، ـها؛ ـان/: /اسم/ ڕاوگەوان؛ ڕاڤگەڤان؛ پاسەوانی ڕاوگە.
شکاربانی / šekārbānî/: /اسم/ ڕاوگەوانی؛ ڕاڤگەڤانی؛ پاسەوانی لە ناوچەگەلی ڕاو بۆ بەرگری لە ڕاوی ناڕەوا و زێدەبەدەر.
شکارچی / šekārčî، ـها؛ ـان/: [فارسی/ ترکی] /اسم/ ڕاوچی؛ ڕاویار: ۱. ڕاوکەر؛ ڕاوچی؛ نەچیروان؛ نێچیرڤان؛ نچیرڤان؛ نێچیروان؛ نچیرکار؛ ڕاڤرۆ؛ ڕاڤەڤان؛ ڕاڤکار؛ سەیدەوان؛ سەیڤان؛ کەسێ کە گیانەوەران ڕاو دەکا ۲. /نجوم/ وێنەیەکی ئاسمانی لە ڕۆژهەڵاتی بیچمی گادا، کە لە ڕواڵەتی پیاوێکی گۆپاڵ وەدەست و شیر لە شان پیشان دەدرێ: **جَبّار**
شکارگاه / šekārgāh، ـها/: /اسم/ ڕاوگە؛ ڕاڤگە؛ ڕاوگا؛ نێچیرگا؛ جێڕاو؛ جێڕاوگە؛ شکارگە؛ جێگەی شیاوی ڕاو کردن.

شکارگر / šekārgar ، ـها؛ ـان/:*اسم*. ڕاوەر؛ ڕاوچی؛ ڕاوکەر؛ ڕاڤکەر؛ گیانداریٚ کە ژیانی لە ڕیٚی ڕاوکردندا بە ڕیٚوە دەچیٚ و خواردەمەنی سەرەکی خۆی وا دابین دەکا.

شکارگری / šekārgarî/:*اسم*. ڕاوچیگەری؛ ڕاوری؛ ڕاوەری: ١. کار یان پیشەی ڕاوچی ٢. قۆناغیٚک لە ژیانی کۆمەڵگاکانی مرۆدا کە خەڵکی بە ڕاو دەژیان.

شکاری / šekārî/: *صفت*. شکاری: ١. ڕاوی؛ پێوەندیدار یان لە بار بۆ ڕاو ٢. ڕاڤرۆ؛ ڕاوچی؛ ڕاوکەر؛ ڕاویار؛ بە تایبەتمەندی یان توانایی ڕاوکردن ‹هواپیمای شکاری؛ پرندەی شکاری: فرۆکەی شکاری؛ باڵندەی ڕاوچی›.

شکاعی / šokā'î/: [؟] ☜ کنگر فرنگی وحشی، **کنگر**

شکاف / šekāf ، ـها/:*اسم*. کەل؛ کەلیٚن؛ درنە؛ درز؛ دەرز؛ قەڵش؛ تلیٚش؛ فاق؛ کەلاش؛ کەلاش؛ کەلش؛ کەڵش؛ کەلشت؛ کەڵشت؛ قەلاش؛ قلاش؛ قەڵەش؛ قەلەشت؛ قەڵش؛ قەڵشت؛ قڵیش؛ قەرش؛ شەق؛ تلیٚشە؛ چاک؛ ترەکە: ١. مەودایێ کە بە هۆی لیٚکبڕانی دوو بەشی شتیٚک یان دوو شتی پیٚکەوەلکاو لە نیٚویاندا پیٚک دیٚت ‹شکاف خوردن: کەل بوون› ٢. بۆشایی نیٚوان دوو مەودا ‹شکاف در:کەلینی درگا› ٣. *[مجازی]* ناتەبایی؛ ناکۆکی؛ دووبەرەکی؛ نەسازیاری ‹میانشان شکاف افتاده بود: کەلین کەوتبووە نیٚوانیان› ٤. خمخۆرک؛ ترەک یان لیٚکپساوی زەوی کە دریٚژایی لە چەند میتر زۆرتر نەبیٚت.

◘ **شکاف افتادن:***[مجازی]* کەلیٚن/کەل تیٚ کەوتن؛ کەفتنە بەین؛ دووبەرەکی/ ناکۆکی کەوتنە نیٚوان.

شکاف خوردن/ برداشتن: تلیٚشیان؛ قەڵشان؛ قەڵشیان؛ ترەک بردن؛ درز هەڵگرتن؛ درز تیٚکەوتن؛ شەق بوون؛ شەق بردن؛ قەڵش بردن؛ وەبیەیش ‹هندوانە شکاف خورد؛ زمین شکاف برداشت: شووتیەکە تلیشا؛ زەوی قەڵشا›.

شکاف دادن: چاکدان؛ تڵیٚشاندن؛ هەڵتڵیشاندن؛ دڕاندن؛ هەڵدڕاندن ‹گوشەی لحاف را شکاف داد: گۆشەی لیٚفەکەی چاکدا›.

شکافت / šekāft/:*اسم*. تلیٚش؛ قەڵەش؛ کەلشت؛ دەرز؛ دڕ؛ دڕنە؛ شکەن: ١. تیزماڵک؛ چۆنیەتی تۆلاش-تۆلاش یان پەڕە-پەڕە بوونەوە ٢. کار یان ڕەوتی تلیٚشان؛ قەڵشان.

شکافتگی / šekāftegî ، ـها/:*اسم*. قەڵشاوی؛ تلیشاوی.

شکافتن / šekāftan/: *مصدر. متعدی. لازم*. // **شکافتی:** قەڵشاندت؛ **میشکافی:** دەقەڵشیٚنی؛ **بشکاف:** بقەڵشیٚنە// ☐ *متعدی*. ١. قەڵشاندن؛ قڵیشاندن؛ قەلاشتن؛ قەلاشدن؛ ڤەقەلاشتن؛ قلاشتن؛ کەلاشتن؛ تلیٚشاندن؛ داتلیشاندن؛ داقەڵشاندن؛ پەرچڤاندن؛ دڕین؛ دادڕین؛ هەڵتلووفانن؛ دڕدان؛ دەرزاندن؛ وەکەردش؛ دڕندەی؛ ترەکنەی؛ ترەکنای؛ ئشکاوەی؛ شکاوای؛ تلیٚشنەی؛ تلیشنای؛ قەلش دە شتیٚک بەدیهیٚنان ‹شکافتن دیوار؛ شکافتن جمعیت: قەلاشتنی دیوار؛ دڕدانی ئاپۆرە› ٢. هەڵتلیٚشاندنەوە؛ قڵیشانەوە؛ تلیٚشاندنەوە؛ هەڵدڕاندن؛ هەڵتەکاندنەوە؛ هەڵتەکانن؛ هۆرتەکنەی؛ هۆروەتەکنەی؛ هۆرتەکنایوە؛ هەڵوەشاندنەوەی دروومان یان درزیٚک ‹لحاف را شکافتن: لیٚفە هەڵتەکاندنەوە› ٣. بشکافتن؛ قڵیشاندنەوە؛ هەڵوەشاندنەوە؛ هەڵتەکاندنەوە؛ هۆرەوەتەکنەی؛ چنراوەیەک دیسانەکە کردنەوە بەن ‹کلاه بافتنی را شکافت تا از کاموایش دستکش بباقد: کڵاوەکەی هەڵوەشاندەوە تا لە کامواکەی دەسەوانە بچنیٚ› ٤. *[مجازی]* کولکوموووش کردنەوە؛ شی کردنەوە؛ ڕاڤەکردن؛ هلکەواشتن؛ هلکەوشاندن؛ تا و تۆکەردەی؛ تویٚژینەوە؛

تاوتوێی شتێک دەرهێنان ‹بحث را شکافتن: مشکل را شکافتن: شی کردنەوەی باس؛ کولک‌ومووش کردنی گرفت› ◘لازم. ۵. درز بردن؛ قەرشیان؛ قڵیشیان؛ قەرش بردن؛ قەڵشان؛ تلیشان؛ قەڵشین؛ کەلشین؛ پەرچقین؛ ترەکیەی؛ ترەکیای؛ ئشکاویەی؛ تڵیشیەی؛ تڵیشیای؛ شەق بردن؛ هەڵترەکان؛ قەرشان؛ قەڵش دە شتێک بەدیهاتن ‹یخ زیر پایش شکافت: سەهۆڵی ژێر پای قەڵشا›. هەروەها: **شکافتنی**

■ صفت فاعلی: **شکافنده** (قەڵشێنەر/ ـــ)/ صفت مفعولی: **شکافته** (قەڵشێنراو/ قەڵشاو)/ مصدر منفی: **نشکافتن** (نەقەڵشاندن/ نەقەڵشان)

شکافته/šekāfte/: *صفت.* کەلاشتی؛ کەلاشتی؛ قەلاشتوو؛ قەڵشاو؛ کەفتە؛ قەڵشیو؛ قەڵشیاگ؛ قەرشاو؛ قڵیشاو؛ تڵیشیاگ؛ تڵیشاو؛ تڵیشیا؛ ئشکاویا.

▣ **شکافته شدن:** قەلەشان؛ قڵیشان؛ قەڵشان؛ درز بردن؛ تڵیشیان؛ قەلاشین؛ قەڵشین؛ پەرچقین؛ قلیشانەوە؛ تڵیشیەی؛ تڵیشیای؛ ترەک واردەی ‹سنگ خورد به سرش، ۱۰ سانت شکافته شد: بەرد دای لە سەری، ۱۰ سانت قەلەشا›.

شکاک / šakkāk، ـها؛ ـان/: [عربی] *صفت.* دڕدۆنگ؛ دوودڵ؛ بەگومان ‹خیلی شکاک است، حرف هیچ کس را باور ندارد: زۆر دردونگە، بڕوای بە قسەی کەس نیە›.

شکاکیت / šakkākîyyat، ـها/: [عربی] *اسم.* ۱. دوودڵی؛ بەگومانی؛ دڕدۆنگی؛ دۆخ یان چۆنیەتی دوودڵ بوون ۲. ئایینێ کە شارەزایی ڕاستەقینە یان تەواو لەمەڕ بابەتێکەوە بە ئەستەم و بەڵکوو نەگونجاو دەزانێ.

شکال / šekāl/: [عربی] *اسم.* سەندم؛ پێوەن؛ پێوەندی ئاسنین؛ پێبەندی ئاسنین.

شکاندن / šekāndan/: *مصدر. متعدی [گفتاری]* شکاندن؛ شکانن؛ هڕاندن؛ مارتەی.

شکایات / šekāyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **شِکایَت**

شکایت / šekāyat، ـها؛ شکایات/: [عربی] *اسم.* ۱. گازە؛ گازندە؛ داد؛ شکات؛ شکایەت؛ گێرە؛ گەڕە؛ ئەوەی لەمەڕ ستەم یان خراپەکاری کەسێ یان خراپی شتێکەوە، بۆ داخواستنی ڕێگەچارە و باربووکردنەوەی دەگوترێت ‹مردم از مسئولان شکایت داشتند: خەڵک لە بەرپرسان گازەیان هەبوو› ۲. هانا؛ گازندە؛ گەڕە؛ داد؛ شکایەت؛ شکات؛ داوخوازی؛ داخوازی ‹برای گرفتن پولم شکایت کردم: بۆ وەرگرتنەوەی پارەکەم شکاتم کرد› ۳. گلەی؛ گلەیی؛ سکاڵا؛ وتەیێ کە نیشانەی دڵ ئێشان یان نارەزامەندیە ‹از وضع زندگی‌اش شکایت داشت: لە بار و دۆخی ژیانی گلەی هەبوو›. هەروەها: **شکایت داشتن؛ شکایت کردن**

شکایت‌نامه / šekāyatnāme، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* سکاڵانامە؛ دادنامە؛ دادخوازنامە؛ شکاتنامە.

شکر / šekar, šakar/: [سنسکریت] *اسم.* شەکر؛ شەکەر؛ ماکێکی بلۆری شیرین و بێڕەنگ یان سپیە کە لە نەیشەکەر یان چۆنەری قەند دروست دەکرێ و پالێوراوەکەی بە شێوەی دانەـ دانەی شەکر یان کەڵلەی قەند دێتە بازاڕەوە.

▣ **شکر سرخ:** شەکری سوور: ۱. شەکری پاڵفتە نەکراو ۲. ماکێ کە لە کوڵاندنی شەکر یان قەندی سپی بەدی دێت.

شکر / šokr/: [عربی] *اسم.* سپاس؛ سوپاس؛ شکر؛ شوکر.

▣ **شکر کردن:** شوکرکردن؛ سپاس کردن؛ نیشاندانی پێزانین و ئەمەگناسی خۆ دەرحەق چاکەی کەسێکی تر، بەتایبەت خودا.

شکر گفتن: شوکرانەبژێری کردن؛ سپاس کردن؛ سوپاس بەجێ‌هێنان.

شکراب / šekarāb, šakar-/: [سنسکریت/ فارسی] *اسم.* شەکراو؛ شەکەراوە؛ قەنداو؛ شەربەتی شەکر

و ئاو بە گولاو یان بیمشکەوە.

▣ **شکراب شدن میانه:** *[مجازی]* نێوان شەربەت بوون؛ نێوان ناخۆش بوون؛ نێوان تێکچوون؛ تێکچوونی پێوەندی نێوان دوو کەس لە سۆنگەی لێک ڕەنجیانەوە ‹چند روز است کە میانەشان شکراب است: چەند ڕۆژێکە نێوانیان شەربەتە›.

شکرانه / šokrāne/: [عربی/ فارسی] *اسم.* شوکرانە؛ شوکرانەبژێری؛ کارێ کە بۆ سپاس بەجێهێنان و پێزانین دەکرێت ‹شکرانەی سلامت: شوکرانەی ساغی›.

▣ **به شکرانه‌ی چیزی:** بە شوکرانەی شتێک؛ بۆ سپاس کردن بە بۆنەی شتێکەوە ‹بە شکرانەی پیروزی ورزشکاران: بە شوکرانەی سەرکەوتنی وەرزشکاران›.

شکربار / šekarbār, šakar-/: [سنسکریت/ فارسی] *صفت.* *[ادبی]* شەکراوی؛ زۆر شیرن و خۆشچێژە.

شکرپاره / šekarpāre, šakar-/: [سنسکریت/ فارسی] *اسم.* *[مجازی]* شەکرەسێو؛ شەکەرەسێو؛ شەکەرەسێف؛ قەندهەنگوێن؛ هەر شتێکی زۆر شیرین و بە زار خۆش.

شکرپاش / šekarpāš, šakar-/، ـها/: [سنسکریت/ فارسی] *اسم.* شەکرپاش؛ شەکردان؛ شەکەردان؛ دەفرێکی چکۆلە بە سەرێکی کون‌ـ‌کونەوە بۆ شەکر داکردن.

شکرپنیر / šekarpanîr, šakar-/، ـها/: [سنسکریت/ فارسی] *اسم.* شەکەرپەنێر؛ شەکرپەنیر؛ جۆرێ نوقڵ لە شەکر، ئارد و بۆنخۆشجات.

شکرخند / šekarxand, šakar-/، ـها/: [سنسکریت/ فارسی] *اسم.* *[مجازی]* بسکە؛ شەکەرخەن؛ شەکرخەن؛ شەکرخەنە: ۱. بزەی بە خوشی؛ پێکەنین لە ڕووی شایی و سەرخۆشیەوە ۲. پێکەنینی جوان و دڵبزوێن.

شکرخواب / šekarxāb, šakar-/: [سنسکریت/ فارسی] *اسم.* *[مجازی]* شیرین‌خەو؛ شیرین‌وەرم؛ خەوی خۆش و دلگر.

شکردان / šekardān, šakar-/، ـها/: [سنسکریت/ فارسی] *اسم.* شەکەردان؛ شەکردان: ۱. دەفری جێ شەکر ۲. شەکرپاش؛ دەفری شەکر داکردن.

شکرسخن / šek(k)arsoxan, šak(k)ar-/: [سنسکریت/ فارسی] *صفت.* *[ادبی/ مجازی]* شەکرلێف؛ شەکرشکێن؛ شەکرلێو؛ قسەخۆش؛ قسەوەش؛ قسەشیرین؛ قسەجوان؛ گفت‌خۆش؛ لفت ڕەوان ‹طوطیان شکرسخن شیرین گفتار: تووتیگەلی قسەخۆشی شیرین وتار›.

شکرک / šekarak, šakarak/، ـها/: [سنسکریت/ فارسی] *اسم.* شەکەرەک؛ دەنکەورتکەی بلۆری قەند کە بە هۆی هەندێ هۆکاری فیزیکی یان کیمیاییەوە لە برێک تراوی شیریندا بەدی دێ.

▣ **شکرک زدن/ بستن:** شەکەرەک دان؛ پەیدا بوونی دانەگەلی بلۆری لە تراوێکدا کە ماکی قەندی تێدایە یان بلۆری بوونی ئەو ماکە ‹سر مربا را باز نگذار، شکرک می‌زند: سەری مرەباکە تاک مەکە، شەکەرەک دەدا›.

شکرگزار / šokorgzār/: [عربی/ فارسی] *صفت.* شوکرانەبژێر؛ پێزان؛ بەجێهێنەری سپاس ‹تمام عمر شکرگزار محبت شما خواهم بود: تا ماوم شوکرانەبژێری چاکەتان دەبم›.

شکرگزاری / šokrgozārî/، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* شوکرانەبژێری؛ شوکرانە؛ کار یان ڕەوتی شوکرکردن یان سپاسی خۆ نیشاندان ‹کشاورزان به خاطر بارندگیهای اخیر شکرگزاری کردند: وەرزێران بە بۆنەی بارشتی ئەم دوایانەوە شوکرانەبژێریان بە جێهێنا›.

شکری[1] / šekarî, šakarî/: [سنسکریت] *اسم.* شەکەری؛ شەکری؛ ڕەنگی زەردی ئاماڵ سوور. هەروەها: **شکری‌رنگ**

شکری[2]: *صفت.* شەکری؛ شەکەری: ۱. بە ڕەنگی

زەردی ئاماڵ سوور ۲. شەکەردار؛ بە شەکرەوە ‹حلواشکری؛ هەڵواسەکەری›.

شکرین / šekarîn, šakarîn/: [سنسکریت/ فارسی] *صفت. /ادبی/* شەکرین؛ شەکەرین: ۱. شەکراوی؛ تێکەڵ بە شەکرەوە ۲. زۆر شیرین و لەبەردڵ ‹خندەی شکرین؛ بوسەی شکرین: بزەی شەکرین؛ ماچی شەکەرین›.

شکست / šekast ، ـها/: *اسم.* شکست؛ شکەست: ۱. شکاوی؛ شەکاوی؛ شکیاگی ‹شکست برداشتن: شکست تێکەوتن› ۲. بە ئاکام نەگەیشتن لە بەڕێوەبردنی کارێک یان نەگەییشتن بە شتێک ‹شکست از عشق؛ شکست در تجارت: شکەست لە ئەوین؛ شکەست لە بازرگانی› ۳. کار یان ڕەوتی دۆڕاندنی ململانێ یان شەڕ؛ دانان؛ نیایرە. بەرانبەر: **پیروزی** ‹شکست ورزشی؛ شکست جنگی: شکەستی وەرزشی؛ شکستی جەنگی›.

◙ **شکست نور:** داشکانی تیشک؛ گۆڕانی ڕێگەی تێپەڕینی نوور لە ماکێکی تەنکەوە بۆ شتێکی خەست.

◘ **شکست برداشتن:** درز بردن؛ زەنگ بردن؛ شکست تێکەوتن؛ ترەکین؛ ترەکیان؛ ترەک واردەی ‹دیوار از دو جا شکست برداشت: دیوارەکە لە دوو لاوە درزی برد›.

شکست خوردن: شکست خواردن؛ دانان؛ بەزان؛ بەزین؛ وەزین؛ دانیان؛ شکان؛ تێشکان؛ کۆڵدان؛ ئەرەنیەی؛ نیایرە؛ بە ئامانج و داخوازی خۆ نەگەییشتن ‹دشمن شکست خورد؛ در مسابقە شکست خوردم: دوژمن شکستی خوارد؛ لە کێبەرکێدا دامنا›: **شکست یافتن**

شکست دادن: شکست پێدان؛ بەزاندن؛ تێشکاندن؛ بەزانن؛ بەزنەی؛ بەزنای؛ کۆڵ پێدان؛ بە سەر دوژمن یان هاوبەردا سەرکەوتن ‹حریف را شکست داد؛ بیماری را شکست داد: هاوبەرەکەی بەزاند؛ نەخۆشینەکەی تێشکاند›.

شکست یافتن ☜ **شکست خوردن**

بە شکست انجامیدن: سەر نەکەوتن؛ ئاخر نەهێنانەوە.

شکست‌خورده / šekastxorde ، ـها؛ ـگان/: *صفت.* بەزیو؛ بەزیاگ؛ بەزیا؛ تێشکاو؛ تێکشکاو؛ ئشکیاگ؛ وە بەر شکست یان ناکامیەوە کەوتوو؛ شکستە ‹عاشق شکست‌خوردە؛ سپاه شکست‌خوردە: گراوی بەزیو؛ سوپای تیشکاو›.

شکستگی / šekastegî ، ـها/: *اسم.* ۱. شکاوی؛ شکاویەتی؛ کەل؛ دۆخ یان چۆنیەتی لێ بوونەوەی یەک یان چەند بەشی شتێک یان پەیدا بوونی درز یان قەڵش بە هۆی گوشار یان لێدانەوە ‹شکستگی استخوان: شکاوی ئێسک› ۲. */مجازی/* داشکاوی؛ تێشکاوی؛ ژاکاوی؛ لە دەست دانی پاراوی و لەش‌ساغی ‹آثار شکستگی در چهره و قامتش هویدا بود: شوێنەواری شکاوی لە سیما و بالایدا دیار بوو›.

شکستن / šekastan/: *مصدر. متعدی. لازم.* // **شکستی:** شکاندت؛ **می‌شکنی:** دەشکێنی؛ **بشکن:** بشکێنە// ◻ *متعدی.* ۱. شکاندن؛ شکانن؛ شکەناندن؛ شکەستن؛ شکیناندن؛ شکێناندن؛ ئشکەنن؛ هەرستین؛ هەرستاندن؛ هەرساندن؛ هەرشاندن؛ پاژ-پاژکردن؛ هڕاندن؛ قەرساندن؛ تووتووخاندن؛ دەرزاندن؛ مارەی؛ مارای؛ مارتەی؛ مەڕدەی؛ لێک کردنەوەی شتێک بە گوشار یان لێدان ‹شیشە را شکستن؛ صندلی را شکستن: شووشە شکاندن؛ ئەسکەملە شکاندن› ۲. */مجازی/* شکاندن؛ شکانن؛ شکەناندن؛ ژێر پا نان؛ سەر با دان؛ مارەی؛ مارای؛ مارتەی؛ گوێ نەدان و یاخی بوون ‹قانون را شکستن؛ حرمت کسی را شکستن: قانون شکاندن؛ ڕێزی کەسێ نانە ژێر پا› ۳. شکاندن؛ شکانن؛ شکەناندن؛ بڕین؛ مارەی؛ مارای؛ مارتەی؛ بە ناتەواوی هێشتنەوەی شتێک ‹قول خود را شکستن؛ نماز را شکستن: بەڵێنی خۆ شکاندن؛ نوێژ بڕین› ٤. */مجازی/* شکاندن؛ شکانن؛

شکەناندن؛ بەزاندن؛ بەزنەی؛ بەزنای؛ مارەی؛ ماڕای؛ مارتەی؛ تێکشکاندن ‹دشمن را شکستن: دوژمن بەزاندن› ٥. شکاندن؛ شکانن؛ شکەناندن؛ ئاراندن؛ ئازراندن؛ ڕەنجاندن؛ مارەی؛ ماڕای؛ مارتەی؛ دڵ ئێشاندن ‹دل کسی را شکستن: دڵی کەسێک شکاندن› ٦. تووکاندن؛ داشکاندن؛ تەقاندن؛ مارەی؛ ماڕای؛ مارتەی؛ ئەرەمارەی؛ ئەرەمارتەی؛ مارتەیرە؛ دە تویکڵ دەرهێنانی کاکڵەی میوە ‹تخمە شکستن: تۆم تووکاندن› □ *لازم*. ۷. شکان؛ شکیان؛ ئشکیاین؛ داقولین؛ لەت بوون؛ ورد و خاش بوون؛ دەرزین؛ شکەستن؛ شکین؛ تووتووخین؛ مریەی؛ مەڕیای ‹شیشە شکستن؛ صندلی شکستن: شووشە شکان؛ سەندەڵی شکیان› ۸. شکان؛ شکیان؛ مریەی؛ لە ناو چوون ‹سکوت شکستن: بێدەنگی شکان› ۹. شکان؛ شکیان؛ هندکین؛ کەم بوونەوە؛ مریەی ‹سرما شکستن؛ قیمت شکستن: سەرما شکان؛ نرخ شکیان›. هەروەها: **شکستنی**

■ صفت فاعلی: **شکننده** (—)/ صفت مفعولی: **شکسته** (شکێنراو/ شکاو)/ مصدر منفی: **نشکستن** (نەشکاندن/ نەشکان)

شکستناپذیر / šekastnāpazîr ، ـها؛ ـان/: *صفت*. کۆڵنەدەر؛ نەبەز؛ بە تایبەتمەندی یان توانایی ڕاوەستان لە بەرانبەر دوژمن یان دژواریەوە، هەتا لە نێو چوونیان ‹ارتش شکستناپذیر؛ ارادەی شکستناپذیر: سپای کۆڵنەدەر؛ ویستی نەبەز›.

شکسته[1] / šekaste/: *اسم*. شکستە؛ یەکێک لە خەتەکانی فارسی کە لە دەسنووس، بەتایبەت لە نامە نووسیندا بە کار دێت ‹وقتی شکستە می‌نویسی درست خواندە نمی‌شود: کاتێ شکستە دەنووسی باش ناخوێندرێتەوە›: **خط شکسته**

شکسته[2]: *صفت*. ۱. شکاو؛ شکەستی؛ شکیاو؛ شکیاگ؛ کەل؛ کەلە؛ مریا؛ مریەی؛ لەتبوو؛ شکێندراو ‹کوزەی شکستە: گۆزەی شکاو› ۲. *[مجازی]* ژاکاو؛ داشکاو؛ ئەوەمریا؛ بێبەش لە لەشساقی و پاراوی، بە هۆی نەخۆشین و پەککەوتەیی یان بە هۆی پەژارەی زۆرەوە ‹چهرەی شکستە: چاری ژاکاو› ۳. *[مجازی]* خەمبار؛ خەمگین؛ ڕەنجاو؛ گەهراو ‹دلشکستە: دڵشکاو›. هەروەها: **شکسته شدن**

شکستەبسته / šekastebaste/: *صفت*. سەروپا شکاو؛ سەروپا شکیاگ؛ دەسوپا شکیاگ؛ چەکوەک؛ چەکنتی؛ بە ناتەواوی، کەم و کۆڕی یان هەڵە لە پێکهاتەی ڕستەدا ‹با انگلیسی شکستەبستەای بە او فهماندم کە می‌خواهم سوار قطار بشوم: بە ئینگلیزیێکی سەروباشکاو تێم‌گەیاند دەمەوێ سواری قەتار بم›.

شکستەبند / šekasteband ، ـها/: *اسم*. کەل؛ شکستەبەند؛ هەڵبەس؛ هەڵبەست؛ هەستیگرەک؛ ئێسکگرەوە؛ شکست هەڵبەست؛ جەڕڕاح؛ کەسێ کە ئێسکی شکاو یان لە جێچووی گیانەوەرێک دەخاتە جێگە و دەیبەستێ کە بگیرسێتەوە.

شکستەبندی / šekastebandî/: *اسم*. شکستەبەندی؛ گرتنەوە؛ هەستیگری؛ کار یان ڕەوتی کەلدان؛ خستنەوە جێی ئێسقانی شکاو یان لەجێ دەرچووگ.

شکستەخاطر / šekastexāter/: [فارسی/ عربی] *صفت*. *[مجازی، ادبی]* دڵشکاو؛ دڵتەزیو؛ دلڕەنجیاگ؛ دلڕەنجاو؛ تووشیاری خەم و پەژارە بەهۆی ناکامیەوە.

شکستەدل / šekastedel/ ☜ **دلشکسته**

شکستەنفس / šekastenafs/: [فارسی/ عربی] *صفت*. *[مجازی]* خاکەسار.

شکستەنفسی / šekastenafsî ، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم*. *[مجازی]* خاکەساری؛ کار یان ڕەوتی بێبایەخ نیشاندانی پلەوپایە و لێهاتوویی خۆ ‹او بیش از همەی ما در این زمینە اطلاعات دارد، اما شکستەنفسی می‌کند: لەم بوارەدا ئەو لە هەمووومان شارەزاترە، بەلام خاکەساری دەکا›.

شـــکفتن / šekoftan/: مـصدر. لازم. // **شـــکفتی:** شکۆفیایەوە؛ **می‌شـــکفی:** دەشـکۆفیەوە؛ **شکوفاشـــو:** بـــشکۆفەوە// شـــکۆفیانەوە؛ شـــکۆفانەوە: ۱. پـشکووتن؛ پـشکوتن؛ دەمدانـەوە؛ کرانـەوە؛ پشکفتن؛ پشکڤین؛ بشکفتن؛ پشکووان؛ ڤەبوون؛ گۆترەکان؛ گۆترەکین؛ ئەوەتەنگیەی/ تنگیـەی؛ شکۆفەکردن؛ فنچقان؛ کرانەوەی گوڵ یان لکـی داران لـە یـەکتری ‹شـکفتن غنچـە: پـشکووتنی خونچـە› ۲. گەشـانەوە؛ گەشـیانەوە؛ گـەش بوونـەوە؛ گەشـیان؛ گەشـینەوە؛ خـیڤ بـوون؛ بایباڵدان؛ گەشە سەندن؛ گەشەکردن؛ هەرەش بیەی؛ گەیشتن بە ئاستی پێشکەوتن. هەروەها: **شکفتنی**

■ صفت مفعولی: **شکفته** (شـکۆفاو)/ مـصدر منفـی: **نشکفتن** (نەشکۆفانەوە)

شکل / šekl ، ـها/: [عربـی]/اسم. ۱. بـیچم؛ مـەوژ؛ تەشک؛ دیامان؛ نژم؛ دیمەن؛ شـکڵ؛ پێکهاتـەی دەرەکی شتێک ‹شکلش مرا به یاد کورەی آجرپـزی انـداخت: بیچمـی مـنی خـستەوە بـیری کـوورەی ئاجورپەزی› ۲. / اشکال/ کێم؛ وێنە؛ بیچم؛ شکڵ؛ مەوژ؛ شـێوە؛ وێنـەی هیندسـی (وەکـوو خـەت، سێگۆش، گـۆ) ۳. وێنـە؛ بـیچم؛ دیـدار؛ شکـڵی شتێک ‹این شکل اسب است: ئەمە وێنـەی ئەسـپە› ٤. *[گفتاری]* سەروسەکوت؛ بیچم؛ کێم؛ قەلافەت؛ لەسپێت؛ تووز؛ دیامان؛ دیـدار؛ شـێوە؛ بـەچک ‹نمی‌خواهم شکلش را ببینم: نامـەوێ سەروسەکوتـی ببیـنم› ٥. *[گفتـاری]* وێنـە؛ وەک؛ هـەر وەکـوو؛ دیامان؛ شێوە؛ قام؛ کوتومت ‹قیافەاش شکل دیـو بود: سەروسەکوتی وێنەی دێو بوو›.

▣ **شکل دادن:** ۱. شێوە پێدان؛ بـیچم پـێدان؛ شکڵ پێدان؛ بە شـێوازی دڵـخواز و ویـستی خـۆ دەرهێنـان ‹بـە تـودەی گـل شـکل مـی‌داد: تۆپەڵەی قوڕی شـێوە پـێدەدا› ۲. ڕێخـستن؛ پێکهێنان ‹آزاد این مهمانی را شکل داد: ئازاد ئەم میوانیەی ڕێخست›. هەروەها: **شکل بخشیدن**

شکل کسی/ چیزی بودن: شێوەی کەسێ یان شـتێک بـوون؛ وێنـەی کەسـێ یـان شـتێک بوون؛ لە شتێ/ کەسێ چوون؛ وەکوو کەسـێ یان شتێک بوون ‹شکل میمـون اسـت: شـێوەی مەیموونە›.

شکل کسی/ چیزی را کشیدن: شێوە/ وێنـەی کەسێ یان شتێک کێشان ‹توی دفتـرش شـکل یک دختـر را کـشیده بـود: لـە نێـو دەفتەرەکەیـدا وێنەی کچێکی کیشابوو›.

از شکل افتادن: ڕەنـگ و ڕوو دانـان؛ ڕواڵـەت نەمان ‹سارا خیلی از شکل افتاده بود: سارا گـەلێک ڕەنـگ و رووی دانـابوو›. هــەروەها: **از شـــکل انداختن**

بـە شـکل کـسی/ چیـزی در آوردن: وەکـوو کەسێ/ شتێک لێ کردن؛ بە وێنەی کەسـێ/ شتێک دەرهێنان؛ بە شێوەی کەسێ/ شـتێک دەرهێنان ‹خودش را به شکل هیپی‌ها درآورده بود: خۆی وەکوو هیپیەکان دەرهێنا بوو›.

شکلات / šokolāt, šukulāt ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. چکلیتی؛ چیقلاتە؛ چکلیت؛ شـوکلات؛ جۆرێـک شیرینی کە لە کاکائوو و شەکر (جار و باریش لـە شتانیتر وەکوو شیر، پستە و بـەهارات) دروسـتی دەکەن: **شوکولات**

شکلاتی[1] / šokolātî, šûkûlātî ، ـها/: [فرانسوی] /اسم. کەمکۆڵـی؛ شـوکلاتی؛ ڕەنگـی شـوکلات؛ ڕەنگی شیرکاکائوو؛ ڕەنگی قاوەیی خۆڵەمێـشی بـە تـۆزێ هـەوێنی سـوورەوە. هـەروەها: **شکلاتی‌رنگ**

شکلاتی[2]: صفت. شـوکلاتی: ۱. کەمکۆڵـی؛ بـە تایبەتمەندی ڕەنگی شـوکلاتی ۲. تێکـەڵاو بـە شوکلاتەوە ‹کیک شکلاتی: کەیکی شوکلاتی›.

شـــکلپذیر / šeklpazîr/: [عربـی/ فارسـی] صفت. شێوەگر؛ بیچمگر؛ لەبار بۆ هاتنە باری دڵـخواز و دیاریکراو (وەکوو ماکی هەویری).

شـــکلپذیری / šeklpazîrî/: [عربـی/ فارسـی]/اسم.

شێوەگری؛ بیچمگری؛ دۆخ یان چۆنیەتی شێوەگر بوون.

شکلک / šeklak ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. چیڕ؛ کاری با دانی دەم و چاو لە کاتی نواندنی نارەزایەتی، لالووت بوون یان تیز پێکردندا.

▣ **شکلک درآوردن:** ڕوو بادان؛ چیڕ کردنەوە ‹بچەها برایش شکلک در می‌آوردند و او دنبالشان می‌کرد: مندالان ڕوویان بۆ با دەدا و ئەو ڕەدوویان دەکەوت›.

شکل‌گیری / šeklgîrî/: [عربی/ فارسی]/اسم. گرسان؛ گیرسان؛ گیرس؛ گرس؛ ڕەوتی پێکهاتن؛ کار و ڕەوتی پەیدا بوونی دیامان یان حالەتی دیاریکراو ‹شکل‌گیری سازمانهای دانشجویی: گرسانی ڕێکخراوەگەلی خوێندکاری›.

شکل‌وشمایل / šekl-o-šamāyel/: [عربی]/اسم. [گفتاری] قەوارە؛ شێوە؛ ڕەنگ و ڕوو؛ شێواز؛ چار؛ وێنە و چۆنیەتی بیچم ‹مردی بود به شکل‌وشمایل شما، اما کمی بلندتر: پیاوێک بوو لە قەوارەی ئێوە، بەلام هێندێ بەرزتر›.

شکم / šekam/: اسم. زگ؛ زک؛ سک؛ گەدە؛ لەمگدە؛ لەمە: ١. ـها/ لم؛ تل؛ شوولەم؛ ورگ؛ بەشێ لە لەشی گیانداری مۆرغەدار لە نێوان سنگەوە تا هێت ٢. [مجازی] کۆندامی هەرسەک ‹شکمم خوب کار نمی‌کند: زگم باش کار ناکا› ٣. بەشی پاشووی لەشی مێروان ٤. [گفتاری] بەشی زۆپ و دەرپەڕیوی هەرشتێ (وەک شووشە و گۆزە) ٥. [گفتاری] جاری زاوزێ ‹هفت شکم زایید: حەوت سکی بوو› ٦. [گفتاری] ناوسک؛ ناوەوە و دەروونی شتێ.

▣ **شکم پر:** زگی پڕ؛ لەمێ پەڕە: ١. سکێ کە لە خۆراک پەستاوە. بەرانبەر: **شکم خالی** ‹با شکم پر ورزش نکن!: بە زگی پڕەوە وەرزش مەکە!› ٢. [کنایی] ئاوس؛ زگ‌پڕ؛ لەمەپەڕە.

شکم خالی: زگی خالی؛ لەمێ هالیە؛ سکێ کە خۆراکی تێدا نیە. بەرانبەر: **شکم پر** ‹با شکم خالی که نمی‌توانم کار کنم: بە زگی خالی ناتوانم کار بکەم›.

▣ **شکم از عزا درآوردن:** [مجازی] زگ لەوەڕاندن؛ تێر و پڕ خواردن؛ زک بەردان؛ خۆ تێر و تەسەل کردن؛ خۆ مرکردن بە خۆراکی خۆش ‹دیشب بعد از مدتی حاضری خوردن شکمی از عزا درآوردم: دوێنێ‌شەو پاش ماوەیەک حازری خواردن زگێکم لەوەڕاند›.

شکم به قاروقور افتادن: قۆڕەی زک هەلسان؛ قۆڕەی زک هاتن؛ برسی بوون؛ ئاورا بیەی ‹شکمم به قاروقور افتاده، زود باش غذا را بکش!: قوڕەی زکم هەلسا، خێرا کە چێشتەکە داکە!›.

شکم خود را صابون زدن: [مجازی] زک تاودان؛ بە هیوای شتێک بەتایبەت خواردەمەنی بوون ‹بی‌خود شکمت را صابون نزن، از ناهار خبری نیست: بێخۆ زکت تاو مەدە فراوێنمان نیە›: **صابون به شکم خود زدن**

شکم دادن: زک دان؛ زگ داین؛ سک دان؛ کوپ دان؛ لەم دەی/ دای؛ دەرپەڕینی بەشی ناوەڕاستی شتێک بە هۆی خراپیەوە ‹شکم دادن دیوار؛ شکم دادن سقف: زک دانی دیوار؛ زک دانی میچ›.

شکم کار کردن: زک کار کردن؛ دوورەوە خستنی پیسایی ڕیخۆلە ‹شکمت کار می‌کند؟: زکت کار دەکا؟›. هەروەها: **شکم کار نکردن**

شکم کسی بالا آمدن: [کنایی] سکی کەسێ پڕ بوون؛ زگی کەسێ پڕ بوون؛ لەمەپەڕ بیەی؛ ئاوس بوون.

شکم کسی به پشت چسبیدن: [مجازی] زگی کەسێک بە پشتیەوە نووسان؛ زگی کەسێک قوپان؛ پەراسووی کەسێ کەفتنە دەشتەوە؛ لەمۆ یۆی ئەنەورێ لوەی؛ لە بەر برسێتی زۆر لاواز بوون ‹بس کە چیزی نخوردە شکمش بە پشتش چسبیدە: ئەوندە هیچی نەخواردووە زگی بە پشتیەوە نووساوە›.

شکم کسی را سفره کردن: *[مجازی]* زگی کەسێ هەڵدڕین؛ لەمۆ یوێی کاردەوەژێ کەردەی ‹با چاقو شکمش را سفره کردند: بە چەقۆ زکیان هەلدری›.

شکم کسی سیر بودن: زگی کەسێک تێر بوون؛ لەمۆ یۆی سێر بیەی: ١. تێر بوون؛ سێر بیەی ٢. *[کنایی]* دەوڵەمەند بوون؛ باری ئابووری و ژیواری کەسێ لەبار بوون ‹تا شکم کسی سیر است، این حرفها را نمی‌فهمد: تا زگی کەسیک تیرە، لەم قسانە تێناگا›.

شکمباره / šekambāre ، ـها؛ ـگان/: *صفت. [ادبی]* نەوسن؛ کولب؛ چلێس؛ چلێز؛ چلێک؛ چلوفل؛ چڵ؛ نوشگل؛ کولافی؛ زگلەوەڕین؛ بیلۆ؛ دەریالووش؛ حەفی؛ سکبەر؛ زۆرخۆر؛ چەورە؛ نەفسەک؛ زکین؛ زکوون؛ زکوونی؛ تێرنەخۆر؛ حەفحەفی؛ کولبەوی؛ کوڕ؛ عوورمەرن؛ مووشەکەر؛ گەدگن؛ هەڵمەتەکاسە؛ پووقەک؛ فرەخۆرە و خوازەڵۆکی خواردن: **شکم‌پرست؛ شکم‌پرور؛ شکمچران**

شکم‌بند / šekamband ، ـها/: *اسم.* سکوێن؛ سکبەن؛ شالێکی پانی پارچەیی بە بەند و سەگەکێکەوە بۆ بەرگری لە شل بوونەوەی ماسوولکەی زگ یان دامرکاندنی دەرپەڕیوی سک.

شکمبه / šekambe ، ـها/: *اسم.* ورگ؛ گرش؛ کرش؛ کەرش؛ مەشک؛ هێلگ؛ ئاشک؛ هۆلمان؛ عوور؛ عوویر؛ عویرگ؛ گیپاڵ؛ هێرک؛ گاوک؛ گرگ؛ حورگ؛ گەدە؛ مەدە؛ گەدگ؛ گەگگ؛ گاگ؛ گەییە؛ گەدەق؛ گەد؛ هووری؛ ئەشقەمە؛ گیە؛ گەڵە؛ یەکەمین و گەورەترین بەشی گەدەی کاوێژکەران.

شکم‌پرست / šekamparast/ ☜ **شکمباره**

شکم‌پرکن / šekamporkon/: *صفت.* زکتێرکەر؛ بە بایەخی کەمی بژیوی و جێگرتنەوەی زۆرەوە.

شکم‌پرور / šekamparvar/ ☜ **شکمباره**

شکمچران / šekamčarān/ ☜ **شکمباره**

شکمچرانی / šekamčarānî ، ـها/: *اسم.* زگلەوەڕینی؛ سکچەرێنی؛ هەفهەفیاتی؛ چلێسی؛ چەورەیی؛ زکوونی؛ کار یان ڕەوتی خواردنی خواردەمەنی جۆراوجۆر بە مەبەستی چێژە وەرگرتن (نەک بۆ تێر بوون).

شکمچه / šekamče ، ـها/: *اسم.* ناوزک؛ ناوسک؛ هەناو؛ زگۆڵە.

شکم‌درد / šekamdard/ ☜ **درد**[2]

شکم‌روش / šekamraveš/: *اسم.* زکەشۆڕە؛ زکەشۆڕێ؛ بەلەفیرە؛ تەقەفیرکە.

شکم‌گنده / šekamgonde ، ـها/: *صفت. [گفتاری]* خلۆخە؛ مەشکن؛ ورگن؛ زگزل؛ مەشکۆ؛ مەشکوێ؛ تۆراغدان؛ تەلێر؛ گەدگن؛ تەلێر؛ دەفزگ؛ کرشە؛ زکبەل؛ تەنگەئەستوور؛ ورگنە؛ ورگە؛ سێتەنگە؛ هورگن؛ هورگنە؛ خینگە؛ خاوەن زگی زل و هەڵماسیاگ.

شکمو / šekamû ، ـها/: *صفت. [گفتاری]* نەوسن؛ نۆسن؛ چلێس؛ چڵس؛ سکن؛ زکن؛ زکەڕۆ؛ زگەڕوو؛ گنۆیی؛ زگلەوەڕین؛ لەمن؛ کەلپاچا؛ کەلپاچە؛ لەموو؛ چڵەک ‹این بچه خیلی شکمو است: ئەم منداڵە زۆر نەوسنە›.

شکمی[1] / šekamî/: *صفت.* ١. زگینە؛ زکی؛ پێوەندیدار بە سکەوە ٢. *[مجازی/گفتاری]* حولحولی؛ هاکۆ؛ بەبێ بیرکردنەوە و ژیری ‹همەی حرفهایش شکمی است: هەموو قسەکانی حولحولیە›.

شکمی[2]: *قید. [گفتاری]* هاکۆ؛ حولحولی؛ بەبێ کەڵک وەرگرتن لە بیر و ژیری ‹این قدر شکمی حرف نزن!: هێندە هاکۆ قسە مەکە!›.

شکن[1] / šekan ، ـها/: *اسم.* ١. کۆل؛ چین؛ توێ؛ گنج؛ لۆچ؛ چرچ؛ ئەو بەشە لە لۆچ کە ڕۆچووە ٢. چەماوەی کووڕ * **شکنج** *[ادبی]*

ـ شکن[2]: *پیواژە.* ١. ـ شکێن؛ ـ مار: بە

تایبەتمەندی یان توانایی شکاندنەوە ‹شیشەشکن: قندشکن؛ موج‌شکن: شووشەشکێن؛ قەن‌شکێن؛ شەپۆل‌شکێن› ۲. بە تایبەتمەندی شکیانەوە ‹دیرشکن: دیرشکێن›.

شکنج / šekanc ، ـها/: *اسم. /ادبی/* ۱. ☜ **شکن**[1] ۲. */معماری/* گوارە؛ گۆشوارە؛ دەرپەڕیوی دیوار بە شێوەی ڕیزێ لە ئاجۆر، بەتایبەت لە شوێنی لکانی دیوار بە میچەوە یا دەورو بەری دەرگادا: **گوشوارە**

شکنجه / šekance ، ـها/: *اسم.* ۱. شکەنجە؛ ئەشکەنجە؛ ئازار و جزیا؛ جەربەزە؛ جەزرەبە؛ تراز؛ جەڕ و مەنگەنە؛ کارەڕەهاتی ئازاردانی دژواری کەسێک (وەک لێدان ، سووتاندن یان شکاندنی ئەندامی لەش) کە بۆ تەمێ‌کردن یان سەپاندن، بە سەریدا دێنن.

▣ **شکنجه دیدن/ شدن:** ئەشکەنجە دیتن/ بوون؛ ئەشکەنجەکران/ کریەی؛ ئازار دیتن ‹در مدت بیماری خیلی شکنجه دید: لە ماوەی نەخۆشیەکەیدا زۆر ئەشکەنجەی بینی›.

شکنجه کردن: ئەشکەنجە دان؛ ئەشکەنجە کردن؛ ئازاردان ‹برای گرفتن اقرار او را ساعتها شکنجه کردند: بۆ قسە لێ‌کێشانی، چەن سەعات ئەشکەنجەیان دا›.

شکنجه‌گاه / šekancegāh ، ـها؛ ـان/: *اسم.* سزاخانە؛ جەزرەبەگە؛ شکەنجەگا؛ شوێنی جەزرەبەدان.

شکنجه‌گر / šekancegar ، ـها؛ ـان/: *اسم.* ئەشکەنجەدەر؛ ئازاردەر؛ کەسێ کە کاری ئەشکەنجەکردنی گرتووانە بە مەبەستی قسە لێ‌کێشانەوە یان سەپاندنیان.

شکنندگی / šekanandegî/: *اسم.* تورتی؛ تووێری؛ شەقی؛ دۆخ یان چۆنیەتی تورت بوون ‹برخی از استخوانهای بدن به خاطر شکنندگی با لایه‌ای از گوشت پوشیده شده است: بڕێک لە ئێسکەکانی لەش بە هۆی تورتیەوە بە چینێک لە گۆشت داپۆشراون›.

شکننده / šekanande/: *صفت.* ۱. بشکێن؛ بەشکان ۲. */مجازی/* تورت؛ تووێر؛ شەق؛ شلک ۳. شەق؛ فشەڵ؛ سست و خۆنەگر.

شکوائیه / šekvā'îyye ، ـها/: [عربی] */اسم.* سکالانامە؛ دادخواز.

شکوفا / šukûfā, šokûfā/: *صفت.* ۱. شکۆفا؛ شکۆفاوە؛ پشکووتوو؛ بشکفتی؛ قەبووی؛ بە پشکووت؛ بە شکۆفیانەوە ‹گل شکوفا: گوڵی شکوفا› ۲. */گیاه‌شناسی/* بە تایبەتمەندی بشکافتن دوای پێگەیین (وەکوو میوەی شەوبۆ و خاکشیر) ۳. */مجازی/* گەش؛ بەبرەو ‹اقتصاد شکوفا: ئابووری گەش›.

شکوفائی / šukûfā'î, šokûfā'î/ ☜ **شکوفایی**

شکوفان / šukûfān, šokûfān/: *صفت. /نامتداول/* پشکووتوو؛ شکۆفا؛ شکۆفاوە؛ بە پشکووت.

شکوفاندن / šukûfāndan, šokûfāndan/: *مصدر. متعدی.* // **شکوفاندی:** گەشاندتەوە؛ **می‌شکوفانی:** دەگەشێنیەوە؛ **بشکوفان:** بگەشێنەوە// گەشاندنەوە؛ شکۆفاندنەوە؛ پشکواندن؛ پشکووتاندن؛ پێ‌هەڵدانەوە؛ پشکووژاندن؛ پژکاندنەوە؛ پژکووژاندن؛ پشکووژاندن؛ پشکاندن؛ خەنی کردن؛ خەڕۆ کردن؛ بوونە هۆی گەشانەوە یان هەڵدان.

■ صفت فاعلی: **شکوفاننده** (وەگەشێنەر)/ صفت مفعولی: **شکوفانده** (وەگەشێنراو)

شکوفایی / šuklûfāyî, šokûfāyî/: *اسم.* پشکووتوویی؛ شکۆفایی: ۱. کار یا ڕەوتی پشکووتن؛ شکۆفیانەوە؛ ئەوەتنگیەی؛ قۆناغی پشکووتن و گوڵ دان ‹فصل شکوفایی گل سرخ: وەرزی پشکووتنی گولەسوورە› ۲. */مجازی/* گەشە؛ ڕەوتی بەرەو پێش چوون و پێش‌کەوتن ‹شکوفایی اقتصادی: گەشەی ئابووری›.

شکوفه / šukûfe, šokûfe, šekûfe ، ـها/: *اسم.* شکۆفە؛ کولووک؛ کلووک؛ گوولوک؛ گولیک:

١. گۆچک؛ خونچە؛ گۆپکە؛ گوڵدەم؛ پێژەک؛ ول؛ چم؛ گوڵێ کە هێشتا نەپشکووتووە ‹شکوفەی نرگس: شکوفەی نێرگس› ٢. بشکوژ؛ پشکۆژ؛ پشکوژ؛ پژکووژ؛ بشکۆش؛ پشک؛ پژک؛ هەراڵە؛ فنچقە؛ باتینک؛ جۆش؛ گوڵی دار ‹شکوفەی سیب: شکوفەی سێو›.

▣ **شکوفه کردن:** ١. شکۆفیانەوە؛ شکۆفە کردن؛ فنچقەکردن؛ کولووک کردن؛ گوڵ کردن؛ گوڵدەم کردن؛ ئاخفین؛ دیاری دانی چرۆ لە سەر بنچکەوە ‹درخت سیب شکوفه کرده است: داری سێو شکوفەی کردووە› ٢. *[گفتاری]* ڕشانەوە؛ هەڵاوردنەوە؛ هەڵهاوردنەوە؛ زێڵەوە شیویەی ‹بچه شکوفه کرد روی لباسم: منداڵەکە ڕشایەوە سەر لیباسەکەمدا›.

شکوک / šukûk/: [عربی] جمعِ ☜ **شک**

شکوه / šekve ، ـها/: [عربی] *اسم.* ١. گازندە؛ شکات؛ لاکایە؛ لاکایا؛ سکاڵا ‹از درد پا شکوه می‌کرد: لە ژانە پێ گازندەی دەکرد› ٢. گلەیی؛ گلەی؛ لەمەت ‹از بی‌وفایی دوستان شکوه می‌کرد: لە بێئەمەگی هەوالان گلەیی دەکرد›.

شکوه / šukûh, šokûh/: *اسم.* شکۆ؛ تەنتەنە؛ سەنسەنە؛ سەنتەنە؛ هنگوونگ؛ جەلال و شکۆ؛ جوانی و ڕازاوەیی بەرچاوگر کە بینەر دەخاتە ڕەوش و سەرسامیەوە ‹شکوه خیره‌کننده‌ی صبح بهاری: شکۆی دلڕفێنی بەرەبەیانی بەهاران›.

شکیات / šakkîyyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **شک**

شکیب / šakîb/: *اسم.[ادبی]* سەور؛ سەبر؛ ئارام؛ بەرداری؛ سەرەخۆیی؛ نەرمووی؛ هێمنی؛ قەری؛ ئۆقرە؛ پرزوویی؛ تەوتین؛ تەوات؛ پشوودرێژی؛ بێنفرەهی؛ پرزەداری؛ توانایی خۆڕاگری لە بەرانبەر سەختی و نالەباریەوە.

شکیبا / šakîbā/: *صفت.[ادبی]* هێمن؛ پشوولەسەرخۆ؛ پرزوو؛ بە برست؛ بێن‌فرەه ؛ بە تابشت؛ بە تاقەت؛ بەحەوسەڵە؛ نەرموو؛ سەرەخۆ؛ لەسەرەخۆ؛ هێدی؛ جەرگ‌قایم؛ بەورە؛ دڵقایم؛ بەردار؛ دڵفراوان؛ خاوەن توانایی خۆڕاگرتن لەبەرانبەر چەوتی و چەڵەمەوە.

شکیبائی / šakîbā'î/ ☜ **شکیبایی**

شکیبایی / šakîbāyî ، ـها/: *اسم.[ادبی]* ١. پرزوویی؛ تەوتین؛ تەوات؛ پشوودرێژی؛ بێنفرەهی؛ پرزەداری؛ شێنەیی؛ کاوەخۆیی؛ سەمەتی؛ توانایی ڕاوەستان لە هەمبەر سەخڵەتی، دژواری یان دۆخێکی ناخۆشەوە ‹در برابر بدرفتاری مادرشوهرش شکیبایی می‌کرد: لە هەمبەر لاساری خەسوویەوە پرزوویی دەکرد› ٢. پشوودرێژی؛ ئۆقرەیی؛ پشوولەسەرخۆیی؛ کار یان ڕەوتی شینەیی نواندن؛ بەر بە خۆگرتن تا هەلی ڕەخساو ‹تا آمدن برادرش شکیبایی کرد و هیچ نگفت: تا هاتنی براکەی شینەیی نواند و هیچی نەگوت› * **شکیبائی**

شکیبیدن / šakîbîdan/: *مصدر. لازم. [ادبی]* // **شکیبیدی:** هەڵتکرد؛ **می‌شکیبی:** هەڵدەکەی؛ **بشکیب:** هەڵکە// هەڵکردن؛ دەربردن؛ هۆرکەردەی؛ ڕاوەستان لە هەمبەر دۆخ یان چۆنیەتیێکی ناخۆش و نالەبارەوە.

شکیل / šakîl/: [عربی] *صفت. [ادبی]* شەمەند؛ لەبار؛ پێکەوتوو؛ بە بیچمی جوان و لە بەرچاوەوە ‹یک مجسمه‌ی شکیل وسط میدان قرار داشت؛ خانه‌شان خیلی شکیل بود: پەیکەرێکی شەمەند لە ناوەندی گردەکە بوو؛ ماڵەکەیان زۆر لەبار بوو›.

شگرد / šegerd ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* ڕێکار؛ شێوازی کار.

شگرف / šegarf/: *صفت. [ادبی]* ١. هەژەند؛ سەیر و سەمەرە؛ بە چەندێتی یان چۆنیەتی سەرسووڕێنەرەوە ٢. نایاب؛ کەموێنە.

شگفت / šegeft/: *صفت. [ادبی]* سەیر؛ سەمەرە؛ هەژەند؛ سەرسوڕێن؛ سەرسووڕێن؛ عەجایب؛ سۆبەت؛ بە دۆخ یان چۆنیەتی سەرسووڕ هێنەریەوە.

▣ **شگفت آمدن:** *[ادبی]* سەرسووڕمان؛ سەرسام

بوون؛ سەیرمان؛ واق‌ورمان؛ هیدمان؛ هۆت بوون؛ سەر ماسین؛ قەتەوشین؛ شکڤین؛ مەنەی؛ سەر سڕ مەنەی تووشی سەرسووڕمان بوون: **به شگفت آمدن**

به شگفت آمدن ☜ **شگفت آمدن**

شگفت‌آور / šegeftāver/ ☜ **شگفت‌انگیز**

شگفت‌انگیز / šegeftangîz/: صفت. سەرسووڕێن؛ سەرسووڕێنەر؛ سەرسام‌کەر؛ سەیر و سەمەرە؛ هەژەند؛ هۆی سەرسامی ‹رویداد شگفت‌انگیز: ڕووداوی سەرسووڕێنەر›: **شگفت‌آور**

شگفت‌زدگی / šegeftzadegî ، ـها/: اسم. سەرسووڕماوی؛ واق‌ورماوی؛ دۆخ یان چۆنیەتیەک کە بە هۆی ڕووبەڕوو بوون دەگەڵ دیاردە یان ڕووداوێکی نوێ و چاوەڕوان نەکراوەوە هەڵ ئەدا ‹همه از این شگفت‌زدگی او خندیدیم: هەموومان لەم سەرسووڕماویەی پێکەنین›.

شگفت‌زده / šegeftzade ، ـها؛ ـگان/: صفت. سەرسووڕماو؛ سەیرماو؛ واق‌ورماو؛ سەرمەند؛ تووشی واق‌ورماوی بووگ ‹از دیدن تصویر خود در کنار آن هنرپیشه خارجی شگفت‌زده شد: لە دیتنی وێنەی خۆی لە تەنیشت ئەو ئەکتەرە بیانیەوە سەری سوورما›. هەروەها: **شگفت‌زده شدن؛ شگفت‌زده کردن**

شگفتی / šegeftî ، ـها/: اسم. سەرسووڕماوی؛ واق‌ورماوی؛ هەژەندی؛ پەرچەکرداری زەینی یان عاتیفی کە بەهۆی ڕووداوێکی ڕەچاو نەکراو یا دیاردەیەکی تازە، لە مرۆدا پەیدا دەبێ ‹شگفتی او از آن بود که هرگز آن هنرپیشه را از نزدیک ندیده بود: سەرسووڕماویەکەی لەوەدا بوو کە ئەو هونەرپیشەیەی قەت لە نزیکەوە نەدیبوو›.

شگون / šugûn, šogûn/: اسم. [گفتاری] ودم؛ هورم؛ یومن؛ پیرۆزی؛ ممبارەکی؛ مبارەکی؛ ماراو؛ هات؛ بەخت؛ دیاردە یان ڕووداوێ کە بە هۆکاری ڕووداوێک لە داهاتوودا بزانرێ، بەتایبەت ئەوەی بە هۆی ڕووداوێکی چاک دابنرێ ‹نگاه کردن به سبزه و آب روان شگون دارد: ڕامێنان بۆ شینایی و ئاوی ڕەوان ودمی هەیە›.

▣ **شگون داشتن:** بەودم بوون؛ نیشانە یان هۆی ڕووداوێکی چاک و باش بوون. هەروەها: **شگون نداشتن**

شل[1] / šal ، ـها/: [عربی] اسم. شەل؛ شەلە؛ نجمی؛ چووز؛ لەنگ؛ لنگ؛ سەقەت؛ کڕ؛ مقرۆ؛ کەسێ کە دەست یان (بەتایبەت) پای لە کارکەوتووە.

شل[2]: صفت. شەل؛ لەنگ؛ لنگ؛ چووز؛ نجمی؛ کڕ؛ کوولەک؛ قلۆپ؛ خاوەن دەست یان پێی گەزنگاز یان لەکارتە ‹با ماشین تصادف کرد و یک پایش شل شد: ماشێن لێی دا و پایەکی شەل بوو›.

شل[1] / šol/: صفت. شل: ۱. فش؛ فل؛ پلت؛ بل؛ ول؛ ڕاو؛ بەبێ پەیوەند یان پێکەوەلکاوی پێویست دە نێوان پاژگەلدا ‹خمیر شل؛ ملاط شل: هەویری شل؛ مەلاتی شل› ۲. خۆنەگر؛ شل و ول؛ شست؛ سست؛ شل و شەوێق؛ شلوێق؛ ناپتەو ‹گره شل؛ پیچ شل: گرێی شل؛ پێچی شل› ۳. /ـها/ [مجازی] خاو؛ خلیسک؛ بەبێ چڕ و پڕی پێویست ‹آدم شل: مرۆی شل›.

▣ **شل آمدن:** [مجازی] شل گرتن: ۱. سەخت نەگرتن ۲. پایەی نەبوون؛ داکۆکی نەکردن؛ پەیجۆر نەبوون؛ بە دوادا نەچوون؛ لە سەر نەچوون؛ پێداگری نەکردن (لە جێبەجێ‌کردنی ویست یان کاردا).

شل بودن: شل بوون؛ شەوێق بوون: ۱. سست بوون ۲. نەرم بوون. هەروەها: **شل شدن؛ شل کردن**

شل گرفتن: [مجازی] شل گرتن: ۱. پێ دانەگرتن ۲. بێ‌مەیلی کردن؛ بێ‌مەیلی نیشان‌دان (لە جێبەجێ‌کردنی ویست یان کارێکدا).

شل[2]: قید. شل: ۱. خاو؛ بە سستی؛ بە شەوێقی؛ بەبێ هێز و هەوڵی پێویستەوە ‹خیلی شل حرف می‌زد: زۆر قسەی شل بوو› ۲. شل‌وول؛ نەبەگە

‹شل بستن: شل بەستن› ❋ بەرانبەر: **قرص**

شـل / šel/: [سنسکریت]/اسم./قدیمی/ زەرگ؛ هوویژی؛ ڕمبی کورت؛ نەیزەی کورتی شەڕ.

شلاب / šolāb/: /اسم. ١. چلپاو؛ شلپاو؛ لیتاو؛ زلقاو؛ هەڕاوە؛ قوڕاوی زۆر شل ‹همین‌طور که قدم برمی‌داشتم، شلاب می‌پاشید به پاچه‌های شلوارم: هەر وا کـە هـەنگاوم دەنـا، چـلپاو دەپژایـە دەرپێـی پاتۆڵەکەمدا› ٢. بەفراو؛ وەرواوە؛ شلۆپە؛ ئاوێ کە بە هۆی هەڵیان یان بارینی بەفرەوە بەدی دێ.

شلاق / šallāq/: [ترکی]/اسم. شەلاخ؛ شەلاق؛ تازیانە؛ قامچی؛ شێلاق؛ تاژان؛ تاژانک؛ تۆرە ‹بە ٥٠ ضربه شلاق محکوم شد: ٥٠ زەربەت شەلاخی بۆ بڕاوە›.

⊡ **شلاق زدن:** شەلاخ لێدان؛ شەلاخکاری کردن؛ بە قامچی لێدان ‹او را ٧٤ ضربه شلاق زدند: ٧٤ زەربە شەلاخیان لیدا›.

شلاق کشیدن: قامچی کێشان؛ شەلاخ بۆ بەرزکردنەوە/ وەشاندن ‹شلاقش را کشید که بزند، دستش را گرفتم: قامچیەکەی کیشا دایوەشێنێ، دەستیم گرت›.

شـلاق‌کـش / šallāqkeš/: [ترکی/ فارسی]قید. /مجازی/ بە هەڵەداوان؛ تێزە- تێزە؛ لەزای‌لەز؛ بریو- بریو؛ بەگورجی؛ گورجی؛ خێرا؛ بە توند و تیژی؛ بە پەلە؛ بەلەز؛ گورج و گۆڵ ‹شلاق‌کش خودمان را رساندیم به شهر: بە هەڵەداوان خۆمان گەیاندە شار›.

شـلاقی[1] / šallāqî/: [ترکی] صفت. شەلاخی؛ شەلاقی؛ لە بیچمی شەلاق ‹کرم شلاقی: کرمی شەلاخی›.

شلاقی[2]: قید. /گفتاری/ بە پەلە؛ بەلەز؛ خێرا؛ پەلەپەل؛ گورج؛ کرژ و کۆڵ؛ گورج و گۆڵ.

شـلاک / šelāk/: /اسم. [انگلیسی] لـۆک؛ دەمەلۆک؛ جۆرە زەمقێکی سووری سروشتیە لە توێکڵی لق و قەدی هەندێ درەختی ناوچە گەرمەکاندا دەردێ، تەزبیحی لێ دروست دەکرێ و بۆ چێ کردنی ڕەنگیش بەکاردێ.

شلال / šolāl, šelāl، ـها/: /اسم. شەلال؛ شەلاڵ؛ شلاڵ؛ جۆرێ دروومانە کە دەزوو لە هەر دوو دیوی پارچەکەوە دەردێ. هەروەها: **شلال‌دوزی**

شلان- شلان / šalānšalān/: [عربی/ فارسی/ عربی/ فارسی]قید. /گفتاری/ شەلە شەل؛ شەلان‌-شەلان؛ لەنگە لەنگ ‹شلان‌-شلان خودم را رساندم به درمانگاه: شەلە شەل خۆم گەیاندە دەرمانگە›.

شل‌بافت / šolbāft/: صفت. تەنک؛ بە چنێکی شل و تان و پۆی لێک‌دوورەوە.

شـلـپ / šelep/: صوت. /گفتاری/ شلپە؛ شلپ؛ شلاپ؛ شلەپ؛ شەپ؛ چلپە؛ دەنگی کەوتنە ناو ئاوەوەی شتێ ‹شلپ افتادنش در آب را شنیدم: شلپەی داکەوتنە ناو ئاوەکەیم بیست›.

⊡ **شلپ- شلپ بوسیدن:** شلپەشلپ ماچ‌کردنەوە؛ ملچەملچ ماچ‌کردن؛ ملچی-ملچی ڕامووسین؛ شلپ- شلپ ڕامووسین؛ بە شلپەوە ماچی یەک لە دووی کردن.

شلپ- شلپ کردن ☜ شلپ‌شلوپ کردن، **شلپ شلوپ**

شـلـپ شـلـوپ / šelepšulûp/: صوت. /گفتاری/ شلپەشلپ؛ شەپەشەپ؛ دەنگی وێک‌کەوتنەوەی شتێک (وەک لەپی دەست) بە سەر شتێکی نەرمدا (وەکوو ئاو) ‹بچه‌ها توی آب چه شلپ‌شلوپی راه انداخته‌اند: منداڵەکان لە نێو ئاوەکەدا چ شلپەشلپێکیان ڕێخستووە›: **شالاب‌شلوپ**

⊡ **شـلـپ شـلـوپ کـردن:** شلپەشلپ کردن؛ دەرهێنانی دەنگی شلپەشلپ: **شلپ‌ـشلپ کردن**

شلتاق / šeltāq، ـها/: [ترکی]/اسم. دەبە؛ دەبیە؛ دەوە؛ تەشخەڵە؛ تەشقەڵە؛ گەڕ؛ شڵتاخ؛ قەرقەش؛ چاچۆڵە؛ گغنی؛ چووڕ؛ گۆتاڵ؛ گیتەڵ؛ گێچەڵ؛ حەچەل؛ پەلپ؛ گزی؛ گرنی؛ کار یان ئاکارێک (وەک پەلپ، گێچەڵ و گرم و قاڵ) بۆ تەنگەتاو کردنی مافی ئەوانی‌تر، یان لە ژێر کار

دەرچوون ‹هر وقت نوبت کار کردنش بود شلتاق می‌کرد و از زیر کار درمی‌رفت: هەر کات نۆبەی کارکردنی بوو دەبەی دەکرد و لە ژێر کار دەردەچوو›.

شلتاق‌باز / šeltāqbāz ، ـها؛ ـان/: [ترکی/ فارسی] *اسم.* گرنی؛ تەشقەڵەباز؛ گرنی‌واز؛ فێڵەباز؛ گزەوەن؛ گزیکەر.

شلتوک / šaltûk ، ـها/: *اسم.* چەڵتووک؛ شەڵتووک؛ چەڵتک؛ شەبلووک؛ چەلتووک؛ برنجێ کە هێشتا لە تێکوڵ دەرنەهاتووە: **چلتوک**

شلختگی / šalaxtegî ، ـها/: *اسم.* شپرزی؛ شپرزەیی؛ شەپرزەیی؛ شەپرێوی؛ شپرێوی؛ شپلۆخی؛ دۆخ یان چۆنیەتی شپرز بوون ‹شلختگی از سر و ریختش می‌بارید: لە سەر و سەرکوتی شپرزی دەباری›.

شلخته / šalaxte ، ـها/: *صفت.* شپرز؛ شپرزە؛ شەپرزە؛ شەپرێو؛ شپرێو؛ شپلۆخ؛ بەبێ تەکووزی لە کاردا ‹این عروس شلخته‌ی من سال تا سال خانه‌اش را گردگیری نمی‌کند: ئەم بووکە شپرزەی من ساڵ بۆ ساڵیش ماڵەکەی خاوێن ناکاتەوە›.

شل‌شلکی / šolšolakî/: *قید.* شل‌وول؛ شل‌وشەوێق؛ بە شل‌وولی؛ بە شل‌وشەوێقی؛ نەبەگەیی ‹این طور شل‌شلکی نگیر، از دست می‌افتد: بەم جۆرە شل‌وول مەیگرە، لە دەستت دادەکەوێ›.

شلغم / šalqam ، ـها/: *اسم.* شەڵغەم؛ شەلەم؛ شەلەمێ؛ شێلەم؛ شێلم؛ شەلم؛ شێمی؛ ترپۆکە؛ تیتوو؛ تینۆک: ۱. گیایێ ئالیکی یەک یان دووساڵانە لە تیرەی سڵق و چۆنەر کە وەک سەوزی دەچێندرێ ۲. بنی گیای شەلەم کە ئەستوور و گۆشتنە، چێژەیێکی توندی هەیە و دەخورێ.

شلکا / šelkā/: *اسم.* لیتە؛ زڵقاوی بنی ئۆقیانووس.

شل کن ـ سفت کن / šolkonsef(t)kon ، ـها/: *اسم. /مجازی، گفتاری/* بگرەوبەردە؛ ئەمدەس و ئەودەس؛ ئەم پا و ئەو پا؛ ئاکاری شێوانشێو، پێچاوپێچ و بێ‌ئاکام بۆ جێبەجێ‌کردنی کارێک ‹در مورد مسکن آن‌قدر شل کن ـ سفت کن درآوردند که این‌طور شد: لەمەڕ خانووبەرەوە هێندە بگرەوبەردەیان کرد تا ئاوای لێهات›.

شلم‌شوربا / šalamšûrbā/: *صفت. /مجازی، گفتاری/* هەرەمەگۆڵخار؛ تێکەڵ ـ پێکەڵ؛ شپرز و شێواو ‹کتابخانه یک وضع شلم‌شوربایی پیدا کرده که نگو!: کتێبخانەکە بۆتە هەرەمەگۆلخارێ مەپرسە!›.

شلمک / šalmak/: *اسم. /گیاه‌شناسی/* زیزانە؛ چەودەر؛ گیاداسی؛ بیلیلک؛ ئومەسلا؛ زیوان؛ شێلمۆگ؛ گیارووتە؛ گیاشێلە؛ کاڵتاس؛ گیابریش؛ مرۆر؛ ولیزە؛ خولێزە؛ خلێرە؛ دەغەڵ؛ شەلەمە؛ دنێب؛ گیایێکە لە ناو دەغڵ و دانەدا دەروێت، بەرەکەی لە گەنم بچووکترە، دەنکەکەی تاڵ و ژەهریە و بۆ دەغڵ و دان زیان دەرە.

شلنگ / šelang/: [از آلمانی/ ؟] ☜ **شیلنگ**

شلنگ‌تخته / šelangtaxte/: *اسم. /گفتاری/* هەڵپەڕ ـ داپەڕ؛ فرت‌وهۆڕ؛ هەڵبەز ـ دابەز؛ جرت‌وفرت.

◘ **شلنگ تخته انداختن**: هەڵتیزان: ۱. /گفتاری/ جرت‌وفرت کردن؛ بە هەنگاوگەلی بەرز و نارێکەوە ڕێگە چوون ۲. /تعریض/ هەڵپەڕ ـ داپەڕ کردن؛ فرت‌وهۆڕکردن؛ هەڵبەز ـ دابەزکردن ‹به اسم رقص داشتند شلنگ‌تخته می‌انداختند: بە ناو هەڵپەڕکێوە خەریکی هەڵتیزان بوون›.

شلوار / šalvār ، ـها/: *اسم.* شوال؛ شەرواڵ؛ شەواڵ؛ شارواڵ؛ شالوار؛ شەڵوار؛ پانتۆڵ؛ پاتۆڵ؛ پانترۆڵ؛ پاتۆلێ؛ پاپۆش؛ پۆشەنێ بۆ پشتێنە بەرەو خوار، بە دوولنگەوە کە هەر لنگێکی پایەک تا قولەپێ دادەپۆشێ.

◘ **شلوار کوتاه**: شەرواڵی کورت؛ پانتۆلێ کە تا نێزیک ئەژنۆ دادەپۆشێ.

شـــلوارجورابی / šalvārcûrābî، ـهـا/: *اسم.* جۆرێـــک شەرواڵـــی منداڵـــی ســـاوایە کـــە گۆرەوییەکی هەر لەو جنسەی پێوە دووراوە.

شـلوارک / šalvārak، ـهـا/: *اسم.* کوڵەشـواڵ؛ جۆرێک شەرواڵ(زۆرتـریش ژنانـە) کـە تـەنیا تـا ژووری ئەژنۆ دادەپۆشێ.

شـل‌وپـل / šal-o-pal/: [عربـی از کـردی] *صفت.* /گفتاری/ شەل‌وپەت؛ شەل‌وکوت؛ شەل‌وپـەل ‹زد بچەی مردم را شل‌وپل کرد: دای لە منداڵـی خەڵـکی شەل‌وپەتـی کرد›.

شـلوغ / šulûq, šolûq/: [ترکـی] *صفت.* ژلـوق؛ شلۆق؛ شلووق؛ شلووغ؛ شلۆغ: ١. شپرز؛ شەپرز؛ شپرێو؛ شەپرێو؛ داچنیاگ؛ پژگیا؛ تێکەڵ‌ـپێکەڵ ‹روی میز خیلی شلوغ است: بان مێزەکە زۆر شـپرزە› ٢. جەنجاڵ؛ گەوز؛ گورمۆڕە؛ گـوردەم؛ گژـگـژ؛ هەیـــشەت؛ گورتـــل؛ کـــۆمرە؛ قەرەبالـــغ؛ پڕحەشامەت ‹پیادەروها بس کە شلوغ بود، نمی‌شد راه رفت: پیادەڕەوەکان ئەوندە جەنجاڵ بوون هات‌وچوو نەدەکرا› ٣. چڕەبەندان؛ کەڵەکە؛ کەڵـەکەبڕین؛ جەنجاڵ؛ ژلیواو؛ بشێوە؛ گاشە؛ گەوز؛ گورمـۆڕە؛ گـوردەم؛ گژـگـژ؛ هەیـشەت؛ گورتـل؛ جێـی مەترسی؛ ناهێمن (بە بۆنەی شەڕ، ڕاپەڕین و شتی واوە) ‹یک دفعە شهر شلوغ شـد و همـە ریختنـد تـوی خیابانها: بە جارێ شار بوو بە چڕەبەندان و هـەمووان ڕژانە سەر شـەقامەکانەوە› ٤. /ـهـا/ هـار و هـاج؛ دەزبزێو؛ نائارام؛ دەست‌بزێو ‹بچەی شلوغ: منداڵـی هاروهاج›.

▣ **شلوغ شدن:** شڵەژان؛ تێکچوون؛ شلۆق بوون؛ ژلیویان؛ بوونە ئاخۆران‌ـ باخۆران؛ بوونە ئاژاوە؛ پێکهاتنی بێ‌سەرە و بەرەیی.

شلوغ کردن: ١. زەنا‌ـ زەنا کردن؛ زڵە کـردن؛ چەقە و گورەکردن؛ هار و هاجی کـردن؛ زرێ ئامـایش؛ زرایـش ٢. ئـاپۆرە دان؛ کـۆمرەدان؛ گورمۆڕەکردن.

شـــلوغ‌پلـــوغ / šulûqpulûq, šolûqpolûq/: [ترکـی/ فارسـی] *صفت.* /گفتاری/ تێکـەڵ‌پێکـەڵ؛ ژلووق؛ بێ‌سەرەوبەرە؛ کەس لە کەس؛ شێواو ‹با شروع بمبارانها همە جا شـلوغ‌پلـوغ شـدە بـود: لەگـەڵ دەســـپێکردنی بوردومانـــەکان هـــەموو شـــوێنێ تێکەڵ‌پێکەڵ ببوو›.

شـــلوغ‌کـــاری / šulûqkārî, šolûq-/: [ترکـی/ فارسی] *اسم.* ١. هەراوهوریا؛ کار یا ڕەوتی دەنـگ و دور و قـرم و قـاڵ پێکهێنـان ‹مـی‌خواسـت بـا شـلوغ‌کـاری کـارش را پـیش ببـرد: دەیەویـست بـە هـــەراوهوریا کارەکـــەی بەرێتـــە پێـــشەوە› ٢. بـشێوەکاری؛ گاشـەکاری؛ کـار یـا ڕەوتی پێکهێنانی ئاژاوە و بێ‌سـەر و بـەرەیی ‹در موقـع بازرسی با یک شلوغ‌کاریهایی مواجـە شـدیم: لـە کـاتی سەرکێشیدا بشێوەکاریگەلێکمان هاتە بەر چاو›.

شلوغ‌کن / šulûqkon, šolûq-/: [ترکی/ فارسـی] *صفت.* /گفتاری/ هەراکەر؛ چەقەکەر؛ خاوەن خـوو یا مەیلەو شلۆقی کردن.

شـــلوغی / šulûqî, šolûqî/: [ترکـــی] *اســـم.* چڕەبەندان؛ هەیشەت؛ حەلەلا؛ حەشر و حەلەلا؛ ژلوقی؛ شلۆقی؛ کەڵەکە؛ بۆش؛ گوردەم؛ ئـاپۆرە؛ گورمۆڕە؛ گورتل؛ کۆمرە؛ جمکوت؛ زڵە؛ حەشرە؛ حەشەرەلا؛ حەشر؛ گژـگـژ؛ قەرەبالـغ؛ هـەرا و زەنا؛ چەقە و گوڕە؛ گانەگۆڵ؛ دۆخ یان چۆنیەتی شلووق بوون (بە هۆی حەشامات، هەرا و زەنا و...) ‹توی آن شلوغی آدمها همدیگر را گم می‌کردند: لە نێـو ئەو چڕبەندانەدا خەڵک یەکیان ون دەکرد›.

شل و ول[1] / šol-o-vel/: *صفت.* /گفتـاری/ شـل و شەوێق؛ شـل و ول: ١. پەلـشقە؛ ناقـایم؛ شـل؛ ســست ‹گـرە شـل و ول: گرێـی شـل و شـەوێق› ٢. فشەڵۆک؛ خاو و خلیسک؛ خلیچک؛ شلوێق؛ خاو ‹آدم شل و ول: مرۆی خاو و خلیسـک›.

شـل و ول[2]: *قیـد.* شـل‌وشـەوێق؛ شـل و ول: ١. فشەڵۆک؛ شلوێق؛ دۆخ یان چۆنیەتی سـست و لێک‌پساو بوون ‹چرا این بقچە را این‌قدر شـل و ول بستەای؟: بۆچی ئەم بوخچەیەت ئەوندە شل‌وشـەوێق

بەستۆتەوە؟› ۲. فش؛ ناپتەو؛ نەبەگە؛ بەبێ ڕێکوپێکی و پتەویەوە ‹خیلی شل و ول حرف می‌زد: زۆر شل و ول قسەی دەکرد›.

شله / šole ، ـها/:/اسم. شلە؛ هەر یەکە لەو چێشتانە کە برنج و دانەوێڵە لەگەڵ ڕۆن و خوێ و بەهارات (جار و باریش گۆشت) ئاوێتە دەکەن و هێندە دەیکوڵێنن هەتا ڕینگ بداتەوە.

شله‌بریانی / šoleberyānî/:/اسم. شۆروا؛ شۆرباو؛ شۆربا؛ چێشتێکە کە لە گۆشت، نۆک، برنج، پیواز، زیرە و ڕۆن دروست دەبێ.

شله‌زرد / šolezard ، ـها/:/اسم. شلەزەرد؛ چێشتێکە بە برنج و شەکر و زافەران لێ دەنرێ.

شله‌قلمکار / šoleqalamkār/: [فارسی/ عربی/ فارسی] ☜ آش شله‌قلمکار، **آش**

شلی / šalî/: [عربی]/اسم. شەلی؛ لەنگی؛ لنگی؛ دۆخ یان چۆنیەتی لەنگ بوون؛ کار نەکردنی دەست و پا.

شلی[1] / šolî/:/اسم. شلی؛ کۆمتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی شل بوون.

شلی[2]: صفت. [مجازی، گفتاری] ۱. خاو؛ سست؛ بێحاڵ ۲. لێنەهاتوو؛ نەبەگە؛ فش؛ فشەڵۆک؛ خوتەل؛ خوێڕیلە؛ تەوەزەل.

شلیاق / šalyāq/: [عربی] ☜ **سنگ‌پشت ــ ۲**

شلیته / šalîte ، ـها/:/اسم. [قدیمی] شەلیتە؛ شەتە؛ جۆرێک دامەنی کوڵ، دەلْپ و لۆچ ـلۆچە کە ژنان بە سەر دەرپێوە لە پێی دەکەن.

شلیدن / šalîdan/: [عربی/ فارسی] مصدر. لازم. [گفتاری] // **شلیدی**: شەلیت؛ **می شلی**: دەشەلی؛ **بشل**: بشەلە// شەلین؛ شەلان؛ شەلیان؛ لەنگین؛ کوولین؛ نەجمین؛ شەلەی؛ شەلای؛ شەلەشەل چوونە ڕێگاوە ‹چرا می‌شلی؟: بۆچی دەشەلیی؟›.

شلیک / šellîk/:/اسم. ۱. تەقە؛ کار یان ڕەوتی تەقاندن؛ هاویشتنی گوللە لە چەکی گەرمەوە ‹شلیک کردن توپ: تەقاندنی تۆپ› ۲. شریخە؛ دەنگێک وەکوو ئەو تەقە ‹شلیک خنده: شریخەی پێکەنین›. هەروەها: **شلیک شدن؛ شلیک کردن**

شلیل / šalîl ، ـها/:/اسم. شەلیل؛ شلۆر؛ حەمەشین؛ هەڵووچەقەیسی؛ حەمەدەشین؛ تەڕازەن؛ تەرەزەن: ۱. دارێک لە تیرە و جۆرەکانی قۆخ و هەشتاڵوو ۲. بەری ئەو دارە کە لووس، بێتووک و سپی یان زەرد و سوورە.

شم / šam(m) ، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. هەستی بۆنی ۲. [مجازی] تێگەیشتوویی؛ کارامەیی؛ سەردەرچوویی ‹شم سیاسی: تێگەیشتوویی ڕامیاری›.

شما / šemā/: [فرانسوی]/اسم. شیما؛ مەلەزە؛ گەلالە؛ گلالە؛ گەلالە؛ وێنەیەکی بێ وردەکاری و تەنیا بە چەند هێڵ کە بابەتەکە بگەیێنێ.

شما / šomā ، ـها؛ یان/: ضمیر. ئێوە؛ ئەنگۆ؛ شمە؛ هەوە؛ هەڤە؛ وە؛ هوین؛ هووین؛ هنگ؛ هوون؛ هوونگ؛ هۆنگۆ؛ هۆن؛ هەنگۆ؛ ڤە؛ هون؛ هن: ۱. جێناوی دووهەم کەسی کۆ ۲. جێناوی ڕێزدارانە بۆ دووهەم کەسی تاک.

شمائل / šamā'el/: [عربی] ☜ **شمایل**

شماتت / šemātat, šamātat ، ـها/: [عربی]/اسم. سەرکۆنە؛ لۆمە؛ لۆم؛ سەرکۆ؛ تەونج؛ دەمکوت؛ پلار؛ ولە. هەروەها: **شماتت شدن؛ شماتت شنیدن؛ شماتت کردن**

شماتت‌آلود / -šemātatālûd, šamātat/: [عربی/ فارسی] صفت. بە لۆمە؛ سەرکۆنانە؛ پلارانە؛ سەرکۆنەیانە؛ بە دۆخ یان چۆنیەتی لۆمەگەرانەوە ‹نگاه شماتت‌آلود: ڕوانینی بە لومە›. هەروەها: **شماتت‌آمیز**

شمار[1] / šomār, šemār/:/اسم. [ادبی] هەژمار؛ هژمار؛ ئەژمار؛ ژمار؛ شمار: ۱. حیساب ‹به شمار آمدن: بە هەژمار هاتن› ۲. شۆ؛ ئەندازە؛ ڕادە؛ گۆرەبا ‹بی‌شمار: بێهەژمار› ۳. هەژمارە؛ ئەژمارە؛ ژمارە؛ شمارە ‹شمار دشمن: هەژماری دوژمن›.

▣ **از شمار**: [ادبی] لە ڕیزی؛ لە ژمارەی ‹از شمار بهایم: لە ڕیزی چوارپێیان›.

در شمار: *[ادبی]* له تاقمی؛ له ڕیزی؛ پێڕۆ ‹در شمار نیکان: له ڕیزی چاکان›.

▣ **به شمار آمدن**: هاتنه هەژمار؛ به ئەژمار هاتن؛ هاتنه حیساب؛ حەساو بوون ‹او از مردان نادر به شمار می‌امد: ئەو لە پیاوانی بژاردە دەهاتە هەژمار›. هەروەها: **به شمار رفتن**

به شمار آوردن: هێنانە ئەژمار؛ هێنانە حەساب؛ حەساو کردن؛ له ڕیزی کۆمەڵێکدا هێنانە ئەژمار ‹او را مردی کارآمد به شمار می‌اوردند: ئەویان بە پیاوێکی کارامە دەهێنایە ئەژمار›.

ـ شمار[۲]: *پیواژه*. ــ ژمێر؛ ـ هەژمێر؛ ـ هژمار؛ ــ ژمار؛ بژمێر ‹روزشمار؛ ساعت‌شمار: ڕۆژژمێر؛ کاتژمێر›.

شمارش / šomāreš, šemārš ، ـها/: *اسم*. کار و ڕەوتی ژماردن؛ هەژمارتن؛ ئەژماردن؛ ئەژمارەی ‹در هنگام شمارش دقت کنید: له کاتی ژماردندا ورد بن›.

شمارشگر / -šomārešgar, šemār ، ـها/: *اسم*. ژمێرکار؛ ئەژمارکار: ۱. پێژمێر؛ ماشینی ژماردن یان حەساوکردن ۲. /ـها/ ژماریار؛ هوومارتۆخ؛ کەسێ که دەژمێرێ.

شمارک / šomārak/: *اسم*. بارۆم؛ پێومانی وانە، نرخ، مز و...

شمارگان / šomārgān/: *اسم*. ژمارە؛ ژمار؛ هەژمار؛ ئەژمار؛ تیراژ؛ ژماری چاپکراوی دەقێکی چاپی (وەکوو کتێب، ڕۆژنامە و...) ‹با وجود افزایش شدید جمعیت، افزایش شمارگان کتاب بسیار کُند و ناچشمگیر است: ئەگەرچی ژماری ئاپۆره بەتوندی هەڵدەکشێ، هەڵکشانی هەژماری کتێب زۆر کەم و لاوازە›.

شمارگر / šomārgar ، ـها/: *اسم*. ژمێرۆک؛ ژمارۆک؛ کونتور؛ ئامرازی ژماردن و تۆمار کردن، وەکوو ژماردنی ماوە و هێزی کارەبا و ئاوی لەکارکراو و...

شماره / šomāre, šemāre ، ـها/: *اسم*. شمارە؛ ژمارە؛ ئەژمار؛ هەژمار؛ بژار؛ بژارە: ۱. ڕەقەمێک کە نیشانەی ناسیاوی یان جێگەی کەسێ یان شتێک له کۆمەڵێکدایە ‹شمارەی صندلی؛ شمارەی شناسنامە: ژمارەی سەندەڵی؛ ژمارەی پێناسە› ۲. پەڕە یان کاغەزێ کە ژمارەی لە سەر نووسراوە ۳. ئەندازە؛ ئەنازە؛ شۆ؛ گۆڕەبا؛ ژمارەیەک کە پێشاندەری ئەنازی شتێکە ‹شمارەی پایتان چند است؟: ژمارەی پاتان چەندە؟›.

▣ **شماره انداختن**: ژمارە داخستن؛ شمارەرەوەی: ۱. پێشاندانی چەنیەتیەکی گۆڕدراو بە شێوەیەکی خۆمەش ‹اگر آب مصرف شود کنتور شماره می‌اندازد: ئەگەر ئاو بڕوا کونتور ژمارە دادەخا› ۲. نیشاندانی ژمارە تەلەفوون.

شماره برداشتن: ژمارە هەڵگرتن؛ ژمارە نووسین؛ نووسینی ژمارەی شتێک ‹راننده پس از تصادف فرار کرد ولی شاهدان شمارەی ماشین را برداشتند: ڕانەندە پاش تەسادفەکە دەرچوو بەڵام شایەتەکان ژمارەی ماشینەکەیان هەڵگرت›.

شماره زدن: ژمارە لێدان؛ نووسین یان لکاندنی ژمارە بە سەر شتێکەوە ‹ورقه‌ها را شماره بزن!: وەرەقەکان ژمارە لێدە!›.

شماره کردن: ژمارەکردن؛ ژمارە دانان بە سەر شتێکدا ‹ماشین را شماره کردم: ماشینەکەم ژمارەکرد›.

شماره گرفتن: ژمارە وەرگرتن؛ ژمارەگرتن؛ شمارەگێرتەی: ۱. ژمارە بە دەست هێنان ‹از منشی دکتر شماره گرفتم و نشستم توی نوبت: لە نویسیاری دوکتور ژمارەم وەرگرت و لە نۆرەدا دانیشتم› ۲. خولدان یان گوشار دانی ژمارەگەلی دیاریکراو لە سەر دەزگای تەلەفوون، بۆ پێوەندی گرتن.

شماره‌زن / šomārezan ، ـها/: *اسم*. ژمارەکوت؛ شمارەکوت؛ دەزگایێ کە بە گوشاردانی لۆسەیەک ژمارەی دڵخواز یان ژمارەگەلی لە

شوێن یەک چاپ دەکا.

شــمارەزنــی / šomārezanî، ـهــا/:/اســم. ژمــارەکوتی؛ شمــارەکوتی؛ کــار یــان ڕەوتی نووسین، چاپکردن یان نەخشاندنی ژمارە.

شــمارەگــذاری / šomāregozārî/:/اســم. ژمارەدانەری: ١. /ـها/ کـار یـان ڕەوتی دیـاری کردن یان نووسینی ژمارەی شتێک ٢. بەشێک لە مەزرینگـەی ڕێنـوێنی و ئاژوانیـە کـە کـاری دیاریکردنی ژمارەی ئامێرگەلی گواستنیە.

شمارەگیـر / šomāregîr، ـها/:/اسم. ژمـارەگر؛ ژمارەگیر؛ بەشـێک لـە دەزگـای تەلـەفوون بـە ژمارەگـەلی ٠ تـا ٩وە کـە بـەوانـەوە ژمـارەی ڕەچاوکراو دەگیردرێ و پێوەندی دادەمەزرێ.

شــمارەگیـــری / šomāregîrî، ـهــا/:/اسم. ژمارەگری؛ ژمارەگیری؛ کار یان ڕەوتی خولاندن یان گوشاردانی ژمارەکانی ژمارەگیر بۆ پێوەندی تەلەفوونی ‹نیم‌ساعت است دارم شمارەگیری می‌کنم، خط راه نمی‌دهد: نیوساعەتە خـەریکی ژمارەگیریـم، بەڵام ڕێ نادا›.

ـ شماری / šomārî, šemārî/: *پیواژه.* ـــ ژمێـری؛ ـ ژماری؛ ـ هـەژمێری؛ ـ ئـەژماری ‹روزشـماری: ثانیه‌شماری: ڕۆژژمێری؛ چرکەژمێری›.

شــماس / šammās، ـهـا؛ ـان/: [عبـری]/اسم. جانکوش؛ مجێوری کلیسا؛ خزمەتکاری کلیـسا: **خادم کلیسا**

شماطە / šammāte، ـها/: [روسی]/اسم. چەکوشە؛ زیل؛ زەنگی کاتژمێر.

شماطەدار / šammātedār/: [روسی/ فارسی] ☜ ساعت شماطه‌دار، **ساعت**

شمال / šomāl, šemāl/: [عربی]/اسم. ١. بـاکوور؛ یەکێ لە چوار لا سەرەکیەکان. بەرانبەر: **جنـوب** ٢. لای چــەپی کەســێ کــە بــەرەو ڕۆژهەڵات وێستاوە ٣. مەڵبەندگەلی بـاکووری ٤. *[مجـازی]* وڵاتانی دەوڵەمەند ٥. زریان؛ زەلان؛ بایێ کە لە باکوورەوە دێت.

◙ **شمال باختری** ☜ **شمال غربی**

شمال خاوری ☜ **شمال شرقی**

شمال شرقی: ڕۆژهەڵاتی باکووری؛ خۆرهەڵاتی بـاکووری؛ لای نێـوان بـاکوور و ڕۆژهـەڵات: **شمال خاوری**

شــمال غربــی: ڕۆژاوای بــاکووری؛ خــۆراوای باکووری؛ لای نێوان باشوور و ڕۆژئاوا.

شمالاً / šomālan/: [عربی] *قید.* لە بـاکوورەوە؛ لـە لای باکوورەوە ‹شمالاً محدود است بـه خیابـان: لـە باکوورەوە دەگاتە شەقام›.

شــمالگان / šomālgān/: [عربــی/ فارســی]/اسـم. ناوچــەی جەمــسەری بــاکووری؛ مەڵــبەندی بەستەڵەکی باکوور؛ ناوچەگەلێ کە کەوتوونەتـە ژوور هێڵی ٦٥ پلەکی باکووریەوە.

شمالی / šomālî، ـها/: [عربی] *صفت.* بـاکووری: ١. پێوەندیدار یان سەر بە باکوورەوە ‹باد شـمالی: بای باکووری› ٢. لـە لای بـاکوورەوە ‹درِ شـمالی: دەرکەی باکووری›.

شمامە / šamāme/: [عربی] ☜ **دَستَنبو-٢**

شماها / šomāhā/: *ضمیر.* ئێوەگـەل؛ ئێوەیـەل؛ ئێوەمانان؛ تاقمێ لە ئێوە؛ کۆی ئێـوە؛ گرۆیـەک کە ئێوەی تێدان ‹شماها مـی‌گفتیـد ایـن کـار فایـده ندارد!: ئێوەگەل دەتانگوت ئەم کارە بەهرە نادا!›.

شمایل / šamāyel، ـها/: [عربی]/اسم. نگارە؛ وێنە؛ سیما؛ شکڵ: ١. وێنەی دۆستانی خوا و پیرۆزان ٢. *[ادبی]* مۆر؛ دیدار؛ ڕوخسار؛ دیمەن؛ چێـرە ❋ **شمائل**

شــمایل‌پرســتی / šamāyelparastî/: [عربـی/ فارسی]/اسم. نگارەپەرستی؛ وێنەپەرستی؛ کار یان ڕەوتی پەرســتنی وێنــە (وەک وێنــەی خوداکـان، فریشتەکان یان شتە پیرۆزەکان).

شمایل‌سازی / šamāyelsāzî/: [عربـی/ فارسـی] /اسم. نگارەکێشی؛ کێشانی وێنەی دۆستانی خودا و شتە پیرۆزەکان.

شمپانزە / šampānze/: [فرانسوی] ☜ **شامپانزە**

شمد / šamad ، ـها/: *اسم.* شەمەو؛ شەمەد؛ پۆپەژمین؛ پێخەفێکی زۆر تەنک لە کەتان یا پەموو کە هاوینان کاتی نووستن بە خۆیدا دەدەن.

شمردن / šomordan, šemordan/: *مصدر. متعدی.* // **شمردی:** ژماردت؛ **می شماری:** دەژمێری؛ **بشمار:** بژمێرە// ژماردن؛ ژمارتن؛ بژاردن؛ بژارتن؛ هەژماردن؛ هەژمارتن؛ ئەژماردن؛ ئەژمارتن؛ هەژمراندن؛ هێژمارتن؛ شماردن؛ شمارین؛ هۆمارتش؛ هوومارتش؛ ئژمارەی؛ ئەژمارەی؛ ئەژمارای: ۱. هەژمارکردن؛ ژمارەکردن؛ دیاریکردنی هەندی شتێک ‹شمردن پول: ژماردنی پارە› ۲. بە ڕیزگوتنەوەی ژمارە سەرەکیەکان ‹از یک تا صد شمردن: لە یەکەوە تا سەد ژماردن› ۳. حەسێبکردن؛ ناو لێبردن لە حەساوکردندا ‹دفترها را هم شمردەای؟: دەفتەرەکانیشت حەسێب کردووە؟› ٤. زانین؛ بایەخ پێدان؛ حەسێبکردن ‹او را آدم نمی‌شمردند: بە مرۆیان نەدەزانی›. هەروەها: **شمردنی**

■ صفت فاعلی: **شمارنده** (ــ)/ صفت مفعولی: **شمرده** (ژمێردراو)/ مصدر منفی: **نشمردن** (نەژماردن)

شمرده[1] / šomorde, šemorde/: *صفت.* بە بژاردە؛ بژاردە؛ دانەدانە؛ بە چۆنیەتیەکی ڕوون کە هەر کەس تێبگا (لە بارەی ئاخاوتنەوە) ‹بیان شمردە: وتاری بە بژاردە›.

شمرده[2]: *قید.* دانەدانە؛ بە شێوەیەکی ورد و زانراو ‹شمرده حرف می‌زد: دانەدانە قسەی دەکرد›.

شمس / šams/: [عربی] *اسم. [ادبی]* خۆر؛ خوەر؛ وەر؛ ڕۆژ؛ ڕۆژیار؛ ڕۆجیار؛ تاو؛ هەتاو.

شمسه / šamse/: [عربی/ فارسی] *اسم.* شەمسە؛ نەخشێکی ڕازێنەیی خۆرئاسایە کە لە هونەرە سوونەتیەکانی ئێراندا (وەک کاشیکاری، زێڕکاری، گوڵدووری زێڕ و زیوسازی و...) بە کار دەڕوا.

شمسه دوزی / šamsedûzî/: [عربی/ فارسی] *اسم.* شەمسەدووری؛ گوڵدووری بە شێوەی شەمسە.

شمسی / šamsî/: [عربی] *صفت.* هەتاوی؛ ڕۆژی: ۱. سەر بە هەتاو ‹منظومەی شمسی: مەکۆی هەتاوی› ۲. پێوەندیدار بە سووڕانی گواستنەوەیی زەوین ‹سال شمسی: ساڵی هەتاوی›.

شمش / šemš ، ـها/: *اسم.* کەستەک؛ شیش؛ شمش؛ شقش؛ لۆک؛ لۆکم؛ تۆڵا؛ قورسە؛ قوڵت؛ کوماچە؛ کانزای داڕێژراوەی پاڵێوراو کە بۆ گواستنەوە یان فرۆش بە شێوەی ڕێژەیەک لە ئەندازەگەلی بڕیاردراودا دروستی دەکەن ‹شمش طلا: کەستەکی زێڕ›.

شمشاد / šemšād/: *اسم.* شمشاد؛ شمشار؛ شمشاڵ؛ شەمشا؛ درەختێکی هەمیشە سەوزی ڕازێنەیی، بە گەڵای سەوزی تۆخ و بریقەدار، چێوی سفت و پتەو کە لە پیشەسازیدا بە کار دێ. ئەم دارە لە هەشت میتر بەرزتر نابێ: **شمشاد اناری؛ شمشاد فرنگی؛ کیش**

▣ **شمشاد اناری** ☜ **شمشاد**

شمشاد پیچ: شمشاد پێچ؛ درەختچەی هەمیشە سەوز و خزۆک بە گەڵای هێلکی دووڕەنگ، گوڵی ئاڵی مەیلەو سەوز و بەری سوورەوە کە بە داریتردا دەئاڵێ و هەڵدەکشێ.

شمشاد فرنگی ☜ **شمشاد**

شمشال / šemšāl ، ـها/: [از کردی] *اسم.* شمشاڵ؛ کوردنای؛ قەواڵ؛ سازێکی لە بنەماڵەی بلوێر.

شمشه / šemše ، ـها/: *اسم.* شمشە؛ داری ڕاستەی بەنایی؛ ئامێرێکی چێوی یان کانزایی درێژ وەکوو خەتکێش کە بۆ تەراز بوونی کاری بەنا (لە دیوار نان یا فەرشی کەف و شتی وادا) بە کار دەڕوا.

شمشیر / šamšîr ، ـها/: *اسم.* ۱. شیر؛ شوور؛ شور؛ شمشێر؛ شمشێرد؛ شێر؛ شەمشێر؛ شمشیر؛

قلیج؛ قـلینج؛ قـلنج؛ گـۆرد؛ جـەنگ ئـامێرێکی پۆڵایینە، بە دەستەیەکی کورت، تێغەیەکی درێژ و نـووکتیـژی ڕاسـت یـان تـۆزێ لارەوە ٢. دەوەنێکی لێرەواری بە قۆتەی چـوارڕوویی، گەڵای هێلکی درێژ و بەری چوار توێژی سوور و تۆمی نارنجیەوە: **گوشوارک**

◘ **شمـشیر را از رو بـستن:** *[کنـایی]* بـەرد گرتنـە مشتەوە؛ بە ڕاشکاوی و بێ‌مـەرایی دوژمـنی کردن ‹آن روز رییس شمشیر را از رو بسته بـود: ئـەو ڕۆژە سەرۆک بەردی گرتووە مشتەوە›.

شمشیر را غلاف کـردن: *[کنـایی]* سارد بوونـە؛ هاتنـە خـوارێ؛ لـە هەڕەشـە و گورەشـە دەستکێشان و سـاچان ‹وقتـی دیـد حریـف از میدان در نمی‌رود، شمـشیرش را غـلاف کـرد: کاتـێ زانی هەڤبەرەکەی لە مەیدان ناچێتـە دەر، سـارد بووە›.

شمشیر زدن: شیرکوتان؛ شمشێر وەشاندن؛ بە کار بردنی شمشێر بۆ شەڕ و پێکـدادان ‹او در راە میهنش شمشیر می‌زد: ئەو لە ڕێگەی وڵاتەکەیدا شیری دەکوتا›.

شمشیر کشیدن: شیرکێشان؛ شمشێر کێـشان؛ شیر لە کالان دەرکێشان؛ بـۆ شـەڕ هەسـتان ‹درست نیست دوستان به روی هـم شمـشیر بکـشند: باش نیە هەوالان لە ڕووی یەکدا شیر بکێشن›.

شمـشیرباز / šamšîrbāz ، ـهـا؛ ـان/: *صـفت.* شمشێرباز؛ شمشێروەشێن.

شمشیربازی / šamšîrbāzî/: *اسم.* شمـشێربازی؛ شمشێروەشێنی؛ جۆرێک وەرزشـە بـۆ نوانـدنی کارامەیی کایەکەران لە شیروەشاندندا.

شمـشیرزن / šamšîrzan ، ـهـا؛ ـان/: *اسـم.* شیروەشێن؛ شمشێروەشێن؛ شمشێرباز؛ کەسێ کە لە شیر وەشاندندا بە دەستوبردە. هەروەها: **شمشیرزنی**

شمشیرماهی / šamšîrmāhî/: *اسم.* ١. /ـهـا؛ ـان/ شیرماسـی؛ کلکـەموو؛ شمـشێرماسی؛ جۆرێـک ماسـی خواردەمـەنی بـە قـەپۆزێکی درێـژی شیرئاسـاوە کـە لـە ئێـسقانەکانی شـەویلاکی سەرووی پێکهاتووە ٢. *[نجوم]* ☜ **زرّین‌ماهی**[١]

شمـشیری / šamšîrî/: *صـفت.* ١. شـیری؛ شمـشێری؛ شەمـشێری؛ وەک شمـشێر ٢. شـووگەر؛ شـیرگەر؛ وەسـتای شمـشێر و خەنجەرساز.

شـمع / šam', ša:m ، ـهـا/: [عربـی] *اسـم.* شـەم؛ شەمێ؛ شەمع: ١. مـۆم؛ شمـا؛ بالمـەمی؛ مێـو؛ شەماڵک؛ شەماڵک؛ شـەمانک؛ مـۆمی؛ شـەماڵ؛ شەماڵ؛ بەلمیت؛ فنـد؛ قرجەنـە؛ تیکەیـەک لـە مۆم یان چـەوری کـە پـڵیتەیەکی بـۆ ڕووناکی تێخـراوە ٢. شـەمی ماشـین؛ فەنـدەک؛ فەنـد ٣. شـەمعەک؛ پاڵـەوانە؛ فیـلپایە؛ باڵـین؛ کۆڵەکەیەکی چێوی یان کانزایی بۆ بەرگری لـە دارمانی ماڵ (میچ یان دیوار) کە لە ژێر و پاڵـیدا دادەنرێـت ٤. یەکـەی ڕادەی ڕۆشـنایی ٥. *[مجازی]* ئەوەی هۆی ڕووناکیە ‹او شمع مجلس ما بود: ئەو شەمی کۆڕی مە بوو›.

◙ **شمع جمع** ☜ **شمع محفل**

شمع کافوری: *[ادبی]* شەمی گەچی.

شمع گچی: شەمی گەچی؛ مۆمی سپی کە لە پی پەتی دروستی دەکەن.

شمع مجلس ☜ **شمع محفل**

شمع محفل: *[مجازی]* شەمی‌کۆڕ؛ شەمی جـەم؛ کەسێ کە دەبێتە هۆی گەشـاندنەوە و گـەرم بوونی کۆڕ: **شمع مجلس؛ شمع جمع**

◘ **شمع زدن:** شەم دانە ژێر شتێ ☜ **شمع ـ٣**

شـمعدان / šam'dān, ša:mdān ، ـهـا/: [عربـی/ فارسی] *اسم.* لالا؛ لالە؛ شمادان؛ شەمان؛ شەمدان؛ شەمعدان؛ مۆمدان؛ فنداک؛ فنـدانک؛ شـەمدوو؛ شەمسۆز؛ دەفرێکی پایەدار بە یەک یـان چەنـد قوپکەوە کە شەمی بۆ دایساندن تێدەنێن.

شمعدانی / šam'dānî, ša:mdānî ، ـها/: [عربـی/ فارسـی] *اسـم.* شـەمانی؛ گوڵـەشـەمالی؛

گوڵه‌شه‌مالیه؛ گوڵێکه به زۆر ڕه‌نگه‌وه: سپی، سووری ئاماڵ پرته‌قاڵی، چێره‌یی و...

▣ **شمعدانی پیچ**: شه‌مانی پێچ؛ جۆرێ شه‌مانی که لاسکه‌که‌ی به ده‌وری پاڵه‌وانه‌یدا لوول ده‌خواته‌وه.

شمعدانی عطری: شه‌مانی عه‌تری؛ جۆرێ شه‌مانی ڕازێنه‌یی، به گه‌ڵای زۆر بۆنخۆشه‌وه.

شمع‌سازی / šam'sāzî, ša:m- /: [عربی/ فارسی] /اسم. شه‌مسازی؛ مۆمسازی: ۱. کار یان ڕه‌وتی درووس‌کردنی شه‌م له مۆم، چه‌وری و.. ۲. /ـها/ کارگه‌ی درووس‌کردنی شه‌م؛ کارخانه‌ی شه‌مسازی.

شمعک / šam'ak ، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. شه‌معه‌ک: ۱. مۆمک؛ که‌ره‌سه‌یه‌ک له برێک له ده‌زگاگه‌لی گه‌رماده‌ر (وه‌ک سۆپا، ئاوگه‌رمکه‌ر و...)دا که به بڵێسه‌یه‌کی لاوازه‌وه ده‌گرێ و بۆ داگرساندنی مه‌شخه‌ڵی سه‌ره‌کی ده‌زگاکه به کار ده‌ڕوا ۲. پاڵه‌وانه؛ شه‌م؛ تیرێکی چێوین یان کانزایی بۆ به‌رگری له دارمانی ماڵ (میچ یان دیوار) که له ژێر و پاڵیدا داده‌نرێ.

شمعکوب / šam'kûb, ša:m- ، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. [معماری] چوارچێوه‌یه‌کی پۆلایینی هه‌ڵێنه‌ر و بزوێنه‌ره بۆ هه‌ڵگرتنی تیر (کاریته) و تێرۆ کردنی به زه‌ویدا.

شمعی / šam'î, ša:mî /: [عربی] صفت. شه‌می: ۱. مۆمی؛ له شه‌م دروست کراو ‹مداد شمعی: قه‌ڵه‌می شه‌می› ۲. مۆماوی؛ تێکه‌ڵ به شه‌م.

شمن / šaman ، ـها؛ ـان/: [سنسکریت] /اسم. شه‌مه‌ن؛ پایه‌به‌رزی ئایینی شه‌مه‌ن‌په‌رستی، که به بڕوای شوێنکه‌وتوانی ده‌توانێ له‌گه‌ڵ بوونه‌وه‌رانی نادیاردا پێوه‌ندی دابمه‌زرێنێ، نه‌خۆش چا کاته‌وه و له نادیار خه‌به‌ر بدا.

شمن‌پرستی / šamanparastî /: [سنسکریت/ فارسی] /اسم. شه‌مه‌ن‌په‌رستی؛ دینی په‌ره‌سه‌ندوو له نێوان گه‌لانی ئوراڵ-ئاڵتایی باکووری ئاسیا و ئورووپا له سه‌ر بنه‌مای باوه‌ڕ به چه‌ن خودا، ڕۆحی باپیران و دێوانێ که ته‌نیا شه‌مه‌نه‌کان توانایی په‌یوه‌ندیان له‌گه‌ڵیاندا هه‌یه.

شمول / šumûl, šomûl /: [عربی] /اسم. داگری؛ له خۆ گری؛ کار یان ڕه‌وتی گرتنه به‌ر؛ داگرتن؛ گرتنه‌وه؛ بریتی بوون ‹موضوع از شمول این قانون خارج است: ئه‌م قانوونه داگری بابه‌ته‌که نیه›.

شمه / šemme /: [عربی] /اسم. نه‌ختێ؛ بڕێ؛ برێک؛ چکێ؛ هێندێ؛ کوچێو؛ هه‌ندێکی که‌م له شتێک ‹شمه‌ای درباره‌ی کارهای عروسش تعریف کرد: نه‌ختێ له‌مه‌ڕ کاره‌کانی بووکه‌که‌ی گێڕاوه›.

شمیز / šomîz /: [فرانسوی] /اسم. شۆمیز؛ شوومیز؛ مقه‌وا: **شُومیز**

شمیم / šamîm /: [عربی] /اسم. [ادبی] به‌رامه؛ به‌رام؛ بۆنی خۆش ‹برنیاید شمیم عود از بید: به‌رامه‌ی عوود له بی چۆن دێته به‌رهه‌م؟›.

شمین / šamîn /: /اسم. [گیاه‌شناسی] گیامیزلانه؛ گیامیزڵـلانه؛ گیاکه‌ڵه‌ی ئاوی؛ ڕووه‌کێکه تووره‌که‌یه‌کی پێوه‌یه بۆگرتنی مێش و مێشووله، قه‌د و گه‌ڵاکه‌ی سه‌ر ئاو ده‌که‌وێت.

شمینه / šomîne ، ـها/: [فرانسوی] /اسم. شومینه؛ سۆپای نێو دیوار: **شُومینه**

شن / šen ، ـها/: /اسم. چه‌و؛ زیخ؛ خیز؛ ڕێخ؛ ڕیخ؛ زوخره؛ زوخرۆک؛ وردکه‌به‌رد؛ قۆخ؛ خڕک؛ خڕکه‌به‌رد؛ ڕێز؛ ورده به‌ردی ده‌م چه‌م؛ ورده‌ی هاڕدراوی به‌رد به ئه‌ستوورایی ۲ تا ۱۰ میلیمیتر که زۆرتر له‌گه‌ڵ تمتمان به‌تایبه‌ت ماسه‌دا تێکه‌ڵه.

▣ **شن بادامی**: چه‌و؛ زیخی گرد و لووس.

شن پولکی: زیخی پووله‌کی؛ وردکه به‌ردێ که پانایییه‌که‌ی سێ ئه‌وه‌نده‌ی ئه‌ستوورایییه‌که‌یه‌تی.

شن زبری: ڕێخه‌زرو؛ زبره‌زیخ؛ چه‌وی زوور و ناساف.

شن سوزنی: زیخه ده‌رزیله؛ جۆرێک زیخه که

درێژایی سێ ئەوندەی پانایییەکەیەتی.

شنا / šenā/: *اسم.* ١. مەلـە؛ سۆبایی؛ شـناو؛ ئاژنی؛ مەلێ؛ لەمێ؛ بزاو لە ئاودا بـە بزوانـدنی دەست و پا، کلک یان بـاڵ ٢. *[کنایی]* مەلـە؛ مەلێ؛ لەمە؛ جووڵەی شتێک لە نێو تراوێکـدا ‹مگس مردەای توی شیشەی شربت شـنا مـی‌کـرد: مێـشێکی مـردوو لـە نێـو شووشـە شـەربەتەکەدا مەلەی دەکرد› ٣. شنۆ؛ شنەو؛ شناو؛ جۆرێـک وەرزشی زۆرخانەیی ئێرانیە: **شنُو**

شنای آزاد: مەلەی ئـازاد؛ مەلەیـەک کـە بـە گوێرەی دەستوورێکی تایبەت نیە.

شنای استقامت: جۆرێ کێبەرکێ مەلەوانیە کە مەلەوان دەبێ مەودایەکی زۆر مەلە بکا.

شنای پروانه: مەلەی پەروانە؛ جۆرێک مەلەیـە کە هەر دوو دەستی مەلەوان پێکـەوە لـە ئـاو دێتە دەرەوە و وەکوو باڵی پەپوولە دەبزوێ.

شنای پشت: پشتەمەلە؛ پەشتەمەلێ؛ مەلەی لە سەر گازی پشت. هەروەها: **شنای پهلو**

شنای قورباغه: سینە مەلە؛ قورواقەمەلە؛ جۆرێ مەلە وەک مەلەی بۆق کـە سـەرەتا دەسـتی مەلەوان لە درێژایی لەش، بەرەو بەر و لـەپـی دەست بەرەو خوارە، لە بزاوی دواییدا دەسـت لە دوولاوە بۆ لای لەش دەجوولێن و پاشان پا بەرەو بەر جەم و باز دەبێتەوە و بە تەوژمـەوە دەبەسرێ.

شنای کرال: باسکەمەلە؛ مەلەی دەستلێدانی یەکنایـەک و پـای وەک پـەرە بـان و خـوار پێکردن.

شنا رفتن: شنۆ/ شنەو چوون ‹هر دفعه سیصد تا شنا مـی‌رفـت: هـەر جارێـک سێـسەد دانـە شـنو دەچوو› ☜ **شنا ـ ٣**

شناخت / šenāxt ، ـها/: *اسم.* ناسـیاری: ١. کـار یان ڕەوتی ناسان؛ ناسین؛ شناسـین؛ بـریتی لـە هایایی و داوەری ٢. زانیـاری؛ زانـست؛ زانـاهی؛ بەرهەمی ئـەم کـارە ‹او شـناخت کـاملی از حـوادث نداشـت: ئـەو ناسـیاریەکی تـەواوی لـە ڕووداوەکـان نەبوو›. هەروەها: **شناخت داشتن**

شـناخت‌شناسـی / šenāxtšenāsî/: *اسـم.* ناسیاری‌ناسی؛ زانیاری‌ناسی؛ لێکۆڵینەوەی چەن و چلۆنی لێهاتوویی مرۆ بۆ ناسینەوەی ڕاستی و سەرچاوەکانی، شـێوە و شـێوازگەلی ناسـیاری، ڕاستی و ڕێگەگەلی پێ گەیشتنیان.

شناختن / šenāxtan/: *مصدر. متعدی.* // **شـناختی:** ناسیت؛ **مـی‌شناسـی:** دەناسی؛ **بـشناس:** بناسـە // ناسین؛ ناس‌کرن؛ شناسین؛ ئژناسەی؛ ئەژناسای؛ ئژناسـین؛ نیاسـین؛ شناسـای؛ ڤەناسـین؛ ئەوەژناسـەی: ١. وە بـیر هێنانـەوە یـان لێک‌جیاکردنەوەی کەسێ یان شـتێک بـە پێـی ئاگـاداری پێـشوو ٢. لـە چۆنیـەتی و دەروونی کەسێ یـان شـتێک ئاگـا بـوون ‹مـن او را خـوب شناخته بودم: من ئەوم بە باشی ناسـیبوو› ٣. لەمـەڕ کەسێ داوەری یان باوەڕێکی تایبـەت هـەبوون ‹همه او را به مردانگـی و دسـت‌ودلبـازی مـی‌شـناختند: هـەموان ئـەویان بـە پیـاوەتی و دەسـت‌ودڵـبازی دەناسـی› ٤. ئاشـنا بـوون لەگـەڵ کـەس یـان شتێکدا ‹همەی کس و کارش را می‌شـناخت: هـەموو کەس‌وکـاری دەناسـی› ٥. ناسـینەوە؛ ڤەناسـین؛ شناسایوە؛ ئەوەژناسەی؛ بەجێ‌هێنان ‹بعضیشان را اگر می‌دیدی، نمـی‌شـناختی: بـڕێکیانت ئەگـەر بـدیبا، نەتدەناسینەوە›. هەروەها: **شناختنی**

■ صفت فاعلی: **شناسنده** (ناسەر)/ صـفت مفعـولی: **شناخته** (ناسراو)/ مصدر منفی: **نشناختن** (نەناسین)

شـناخته / šenāxte ، ـهـا؛ ـگـان/: *صـفت.* ناسـراو؛ ناسیاگ؛ ناسیاو؛ بەناوبانگ؛ ناودار؛ ئەژناسـیا ‹آدم شناخته‌ای است: مرۆیەکی ناسراوە›.

شـنازی / šenāzî/: *صـفت.* مەلـەژێ؛ بـە تایبەتمەندی یان توانایی مەلـەکردن و بـزاو لـە نێو ئاودا بۆ ماوەیەکی زۆر (وەک ماسی و باڵۆن).

شناس[1] / šenās/: *اسم. [گفتاری]* ئاشـنا؛ شـناس؛ ژناس؛ ئەژناس؛ ناس ‹با پدرم شناس است: دەگـەڵ

بابم ئاشنایە›.

ـ شناس[2]: *پیواژە.* ـ ناس؛ـ شناس؛ـ ئەژناس؛ ناسەر، کەسێ کە شتێک دەناسێ یان دەگەڵیدا ئاشنایە ‹آبشناس؛ زیستشناس: ئاوناس؛ ژیوارناس›.

شناسائی / šenāsā'î/ ☜ **شناسایی**

شناساگر / šenāsāgar/: *اسم. [شیمی]* هەر یەکە لەو ماکانە کە بە هۆی گۆڕینی لەناکاوی ڕەنگ، سەرەنجامی کاردانەوەیەکی کیمیایی ڕوون دەکەنەوە و زۆرتریش لە شیکردنەوەی بارستایدا بەکاردێن.

شناساندن / šenāsāndan/: *مصدر. متعدی.* // **شناساندی**: ناساندت؛ **میشناسانی**: دەناسێنی؛ **بشناسان**: بناسێنە// ناساندن؛ پێناساندن؛ دانەناسکرن؛ دانەنیاسین؛ پنەژناسەی؛ شارەزایی دان بە دیتران لەمەڕ چۆنیەتی کەسێ یان شتێکەوە: **شناسانیدن**. هەروەها: **شناساندنی**

■ صفت فاعلی: **شناسانده** (ناسێنەر)/ صفت مفعولی: **شناسانیده** (ناسێنراو)/ مصدر منفی: **نشناساندن** (نەناساندن)

شناسانیدن / šenāsānîdan/ ☜ **شناساندن**

شناسایی / šenāsāyî ، ـها/: *اسم.* شناسایی؛ کار یان ڕەوتی ناسینەوە: ۱. ناسینی چۆنیەتی شتێ یان پێناسەی کەسێک ‹شاهد متهم را شناسایی کرد: شایەت تاوانبارەکەی ناسیەوە›. هەروەها: **شناسایی دادن؛ شناسایی کردن** ۲. *[سیاست]* بە فەرمی ناسینی دەوڵەت یان بار و دۆخێک لە لایەن دەوڵەت یان دەوڵەتانی ترەوە ‹کشورهای عرب دولت فلسطین را شناسایی کردند: وڵاتە عەرەبیەکان دەوڵەتی فەلەستینیان ناسیەوە› ❋ **شناسائی**

▣ **شناسایی دوژور**: *[سیاست]* ناسینەوەی دوژوور؛ ناسینەوەی فەرمی دەوڵەتێک لە لایەن دەوڵەتێکیترەوە کە هاوڕێ لەگەڵ دامەزرانی تەواوی پەیوەندیگەلی ڕامیاریدایە.

شناسایی دوفاکتو: *[سیاست]* ناسینەوەی دوفاکتۆ؛ ناسینەوەی سنووردار و کاتی دەوڵەتێک، بەبێ دامەزرانی تەواوی پەیوەندیگەلی ڕامیاری.

▣ **شناسایی دادن**: شناسایی دان؛ خۆ پێناساندن؛ ئاشنایی دان؛ زانیاری دان بە کەسێک بۆ ناساندنی خۆ بە ئەو ‹وقتی شناسایی دادم، مرا شناخت: کاتێک ئاشناییم دا، ناسیمیەوە›.

شناسنامه / šenāsnāme ، ـها/: *اسم.* ناسنامە؛ پێناسە؛ سەرنامە؛ شناسنامە: ۱. بەڵگەی فەرمی ناسینەوەی هەر کەس، کە بە شێوەی دەفتەرچە یان لاپەڕەیەکی دەوڵەتی، کە ناو، ناوی بنەماڵە و ئاگاداریگەلیتر لە پێوەندی ئەو کەسەی تێدا نووسراوە: **سجل** ۲. دەفتەرچە یان لاپەڕەیەک کە ئاگاداریگەلی پێوەندیدار بە بابەت یان کەسێکی تێدا دەنووسرێت ‹شناسنامەی بهداشتی: ناسنامەی تەندروستی›.

شناسنامه ای / šenāsnāme'î/: *صفت.* ناسنامەیی؛ پێناسەیی؛ سەرنامەیی؛ شناسنامەیی؛ پێوەندیدار یان پاڵدراو بە ناسنامەوە ‹مشخصات شناسنامەای او را یادداشت کنید: دیاریکراوە ناسنامەییەکانی بنووسن›.

شناسه / šenāse ، ـها/: *اسم.* ناسە: ۱. *[دستور]* بەشێک لە کردار کە پیشاندەری کەس یان ژمارەیە و بە شوێن ڕەگی کردارەوە دێت ۲. کود؛ کۆمەڵێک لە نیشانەگەل (ژمارە، پیت یان وشە) کە بۆ واتایێکی دیاریکراو و زۆرتر نهێنی بە کار دێ.

ـ شناسی / šenāsî/: *پیواژە.* ـ ناسی؛ ناسینەوەی شتێک یان زانستی پێوەندیدار بەو شتەوە ‹آبشناسی؛ جانورشناسی؛ زیستشناسی: ئاوناسی؛ گیانەوەرناسی؛ ژیناسی›.

شناعت / šenā'at, šanā'at ، ـها/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ناشیرینی؛ دزێوی؛ کرێتی؛ نەچییی؛ ناحەزی؛ خراپی؛ دۆخ یان چۆنیەتی دزێو بوون.

شناگاه / šenāgāh/:*اسم.* پـلاژ؛ ڕۆخـەوار؛ ئاوبازگـە: ١. شـوێنی تـەخت و خـۆش بەرجەوەنـدی قـەراخی ئـاو ٢. مـاڵ و سـامانی دروستکراو لەو شوێنەدا.

شناگر / šenāgar، ـها؛ ـان/:*اسم.* مەلەوان؛ ئاوباز؛ مەلەزان؛ ئاڤژەن؛ مەلەڤان؛ سـۆبا؛ سـۆبایی‌کـەر؛ مەلۆو: ١. کەسێ کە مەلە دەزانێ ٢. کەسێ کە مەلە دەکا. هەروەها: **شناگری**

شـناور[1] / šenāvar، ـها/:*اسـم.* سـەرئاو: ١. کەرەستەیەکی گواسـتنەوەیی کـە بـە سـەر ئاودا بڕوا (وەک گەمیە) ٢. ئـامرازێکی سـووک و هلۆڵ بە سەر خەزینەی تراوێکەوە و بەسـراو بـە شێری تراوەکەوە، کە داکـشانی ئاسـتی تـراوی خەزێنەکـە، دەبێتـە هـۆی ڕژانی و هەڵکـشانی ئاستی دەبێتە هۆی بڕانی.

شناور[2]:*صفت.* ١. سەر ئاو؛ بە توانایی یان شیانی لـە سـەر ئـاوەوە بـزوان ٢. *[گفتـاری]* گـەوزاو؛ ڕۆچووگ بە ناخی ئاودا.

شـناوری / šenāvarî/:*اسم.* سـەرئاوی: ١. دۆخ یان چۆنیەتی بوونی شتێک لە سەر یان لـە نێو تراوێکدا ٢. دۆخ یان چۆنیەتی ڕاگرتنی لەش لە نێو ئاودا.

شناوه / šenāve/:*اسـم.* ئامرازێکی دە ئاو گـەوزاو بۆ گەزگرتنی قووڵایی ئاو.

شنبلید/ šanbalîd /:*اسم. [گیاه‌شناسی]* سوورەجان؛ گیاییێکـە گـوڵـەکەی لـە ڕەحـەتی دەچـێ، پێنج‌پەڕەی هەیـە و ڕەنگـی سـووری مەیلـەو پەمەییە و بۆ دەرمان دەبێ.

شـنبلیله / šambalîle, šanbalîle، ـها/:*اسم.* شـەمبەلیک؛ شـەمبلیلک؛ شمـلی؛ شمـلیە؛ شەملیە؛ حەوینج؛ گیایـەکی شـین لـە بیچمـی وێنجە بـە گوڵـی سـپی یـان زەردەوە، تـامێکی توندی هەیە.

شـنبه / šambe, šanbe، ـها/: [آرامـی]*اسـم.* شەممە؛ شەمە؛ شەمبۆ؛ شەم؛ شـەمی؛ شـەمبە؛ نێـوی ڕۆژی یەکـەم و دەسـپێکی حەفتـەی ئێرانی، پاش لە هەینی و پێش لە یەکشەممە.

شنبه‌شب / šambešab, šanbe-، ـها/: [آرامـی/ فارسی]*اسم.* شەوی یەکشەممە؛ شـەوی شـەمە لە سەر یەکشەمە؛ شەوی پاش ڕۆژی شەمە.

شن پاش/ šenpāš/:*اسـم.* لم‌پـاش؛ قوتـووی لم؛ خەزێنەیێکی چکۆلە لە واگۆنی قەتاردا کە لمـی تـێ‌کـراوە و بـۆ بـەرگری لـە خـزان یـا لادان بەرە-بەرە لێوە دەوەرێ.

شنجار/ šencār/:*اسم. [گیاه‌شناسی]* ☜ **شنگار**

شـنجرف / šancarf/: [معـرب از فارسـی] ☜ **شنگرف**

شندرغاز / šenderqāz/:*اسم. [گفتاری]* قەرەپووڵ؛ پـەنابا؛ دووقـران؛ فلـسێ؛ پـارەی چـرووک؛ پارەیەکی یەکجار کەم ‹با این شندرغاز چه می‌شود خرید؟؛ آخر ماه شندرغاز گذاشت کف دستم: بەم قەرەپوولە چی بکرم؟ ئاخری مانگ پەنابایەکی نایە نێو دەستم›: **چندرغاز**

شـندروپندر / šender-o-pender، ـها/:*اسم. [گفتاری]* شڕ و وڕ؛ شڕ و شیتاڵ؛ پەڕۆکۆنە؛ بزگوڕ؛ تیتـۆڵ؛ سیپاڵەشـڕە؛ جـلوبـەرگ و پارچـەی دارزاو: **کهنه‌پاره**

شندره / šendere، ـها/:*صفت. [گفتاری]* شڕ؛ شڕە؛ کۆنە (زۆرتر لەمەڕ جلوبەرگەوە).

شندره‌پوش / šenderepûš، ـها/:*صفت. [گفتاری]* شڕەبار؛ شڕەپۆش.

شندوست / šendûst/ ☜ نی شنی، **نِی**

شـنریزی / šenrîzî، ـهـا/:*اسـم.* چـەورێژی؛ زیـخڕێـژی؛ شـینڕێـژی؛ کـاری پڕکردنـەوەی بنەڕەتی خانوبەرە یان داپۆشانی ئاستی جادە بە وردکە بەرد و زیخ.

شنزار / šenzār، ـها/:*اسم.* ڕیخـەڵان؛ زیخـەڵان؛ خیزەڵان؛ خرپ؛ زوخرۆنک؛ زوخرۆنەک؛ زیخگە؛ چەولگ؛ شخەڵ؛ زخدان؛ کەوڵە؛ کەوەڵە؛ شوێن یان زەوینێکی بیاوانی کە زیخی زۆری لێیە.

شنفتن / šenoftan/ ☜ **شنیدن**

شـنقار / šonqār ، ـهـا/: [ترکـی]/اسـم. شمقـاڕ؛ مەلێکی ڕاوکەرە لە باز بەهێزتر و جوانتر.

شـن کـش / šenkeš ، ـهـا/:/اسـم. نگێـر؛ شـانە؛ چـەوکێش؛ شـەن کـێش؛ درەغ؛ خـاکـژن؛ پاچـەکولـە؛ ئـامرازێکی دەم بـەرەوخوار، وەک چنگاڵـێکی زۆر گـەورەیـە بـۆ پـاک کردنـەوەی زەوینی جێ کشتوکاڵ لە زیخ و کەن و کولۆ.

شنگ / šeng ، ـها/:/اسم. شـنگ؛ شـنگی؛ شـن؛ ئەسپینگ؛ ئەسپینگ؛ سپنگ؛ سپینگ؛ گیایەکی ئالیکی دووساڵان بە شـیلەی سـپی و چەسـپن، گـەڵای زراڤ و درێـژەوە، سـەوزەمەنیەکی خۆراکی و خۆڕسکی کوێستانیە.

▣ **شنگ تره بی**: هەڵەکۆک؛ هەپلۆک.

شنگ چمنی: بزنەڕیشە؛ گیایێکی ئالیکی و پایا و بـێ‌لاسـک بـە گـەڵای درێـژ و باریـک و سەوزەوە کە لە ڕیشی بزن دەکا.

شنگار / šangār ، ـها/:/اسم. شـەنگاڵ؛ شـەنگار؛ دۆشـاومژە؛ دانۆکەقـەلا؛ چەرمـەژووری؛ پێکۆترە؛ کاهووە کەرانـە؛ جاوبـازە؛ گـیایێکی ئـالیکی، بـە گـەڵای درێـژ، گوڵـی ئـاوی بـە کۆمـەڵ، ڕیـشووی سـووری ئامـاڵ بنـەوش، لاسکی نووساوە بە گەلاکانی و بە هەودای زرو داپۆشراو، ڕازاندنەوەییە و ماکێکی سووری لێ بەرهـەم دێ کـە بـۆ ڕەنـگ کـردن دەبـێ و کەڵکی دەرمانیشی هەیە: **شنجار؛ شنگال**

شنگال / šangāl/ ☜ **شنگار**

شـنگرف / šangarf/:/اسم. ۱. کانیـەکی سـوورە جیـوەی لـێ بەرهـەمدێ ۲. ژەنگبـەر؛ ڕەنگـی سووری تۆخ و خـۆگر لـە هەمبـەر ئەسـیدگەلی ئاساییەوە کە پێشووتر لە کانی شەنگەر دروست دەکرا بەلام ئەمڕۆکە بە شـێوەی لێکـدراو چـێ دەکرێ ❊ **شنجرف**

شنگرفی / šangarfî/: صفت. بە ڕەنگـی سـووری ئاماڵ نارنجی.

شـنگ‌رودخانـه / šengerûdxāne ، ـهـا/:/اسـم. سمۆرەئاوی؛ گیانـەوەرێکی گوانـدار لـە تـیرەی فسۆس بە جەستەی درێژ و باریک، پێی کورت، سەری پان، پەنجەی پـەردەدار و کلکـی پـان و سافەوە: **سمور آبی؛ سمور رودخانه؛ گربه‌ی دریایی**

شـنگول / šangûl/: صفت. [گفتاری] شـەنگۆڵ؛ کەیفخۆش؛ چەلەنگ؛ زۆر ساز و لە سەر کـەیف و دڵخۆش.

شـنگول‌ومنگـول / šangûl-o-mangûl/:/اسـم. تیتل و بیبل؛ تیتیل و بیبیل؛ نێوی بێچووەکانی چیرۆکی بزنی زەنگۆڵە لە پێ.

شـنگولی / šangûlî/:/اسم. [گفتاری] شەنگۆڵـی؛ دڵخۆشـی؛ بـەدەماخی؛ سـەرکەیفی؛ کەیف‌خوشـی؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی سـەرکەیف بوون.

شـنگیدن / šangîdan/: مـصدر. لازم. [گفتـاری] // **شنگیدی**: شنیت؛ **می‌شـنگی**: دەشـنی؛ **بـشنگ**: بـشنێ// شـنین؛ شـنیان: ۱. کەوتنـە هاشـی ئەویندارییەوە ‹بالای ۴۰ سال داشت، اما هنوز دلش برای دخترمدرسه‌ها می‌شنگید: ٤٠ ساڵـی پتـر هـەبوو، بەلام هێشتا دڵی بۆ کچە مەدرەسەیەکان دەشـنی› ۲. واز لە ئەویندار بوون ‹بعضی از ایـن دخترهـا می‌شنگند و منتظرند روی خوش ببینند: برێ لەم کچانە دەشنن و چاوەڕوانن لایان لێ بکرێتەوە›.

شنل / šenel ، ـها/: [روسی]/اسم. تەرگە؛ کۆڵـوانە؛ چارەکەی کۆڵ؛ جلکێکـی گوشـادی بـێ‌قـۆڵ و درێژ کە لە سەر بـەرگی‌تـرەوە بـە سـەر شـاندا دەدەن.

شنو / šeno/ ☜ **شناـ۲**

ـ شنو / šeno:, šeno/: پیواژه. ــ بـیس؛ ـ ژنـەو؛ بژنەو ‹حرف‌شنو: قسەبیس›.

شنوا / šenavā/: صفت. شـنەوا؛ ژنـەوا؛ خـاوەن توانایی بیستن.

شنوائی / šenavā'î/ ☜ **شنوایی**

شنواندن / šenavāndan/: مصدر. متعدی. بە گوێ

گەیاندن؛ بە گوێدا دان؛ ئەنەگۆش دەی؛ یاونەی گـۆش؛ گەیاندنـە گوێچکـە: ١. بـۆ بیـستنی دەنگێک کەسـێک هەڵـپێچان ٢. دەنگێـک بـە گوێی دیتران گەیاندن.

شنوایی / šenavāyî/: اسم. ژنـەوایی؛ شـنـەوایی: ١. ڕەوت، کـار یـان توانـایی وەرگـرتنی دەنـگ ٢. ئەو هەستە کە بە هۆی گوێـوە کـار دەکـا ❊ **شنوائی**

شـنوایی‌سـنج / šenavāyîsanc ، ـهـا/: اسم. ژنەوایی‌پێو؛ دەزگایەک بە ئامرازی ئیلیکترونیکی و کارەباییـەوە بـۆ پێـوانی ڕادەی ژنـەوایی و تایبەتمەندیـەکانی‌تـری دەنـگ‌بیـستن: **شنوایی‌نگار**

شـنوایی‌سـنجی / šenavāyîsancî/: اسـم. ژنـەوایی‌پێـوی؛ کـار یـا ڕەوتی توێژینـەوەی چەندیەتی هێزی ژنەوایی کە زۆرتر بە مەبەستی ناسینەوەی کەم و کوورِیگەلیەتی.

شـنوایی‌نگـار / šenavāyînegār/ ☜ **شنوایی‌سنج**

شـنود / šunûd, šenûd, šonûd/: اسـم. ١. گوێگری؛ گوێهەڵخەری؛ کار یان ڕەوتی گوێ لێ‌گـرتن؛ تۆمـارکردنی وت‌ووێـژی تەلـەفوونی، بـێ‌سـیمی یـان بەرنامەیـەکی ڕادیـۆیی بـە مەبەسـتی ڕامیـاری، سـەربازی یـان دادگـەری ٢. *[نامتداول]* بیـسەری؛ ژنـەفتنی؛ کـار و ڕەوتی بیستن.

شـنودن / šunûdan, šenûdan, šonûdan/ ☜ **شنیدن**

شنونده / šenavande ، ـها؛ ـگان/: اسم. بیـسەر؛ گۆهدار؛ گوێگر؛ گوێدار؛ گوێدێر؛ گوێدەر؛ کەسێ کـە بـە وتـار، ئاخـاوتن، ئاهـەنگ، سـتران یـان بەرنامەیەکی ڕادیۆیی گوێ دەدا ‹نباید شـنونده را خسته کرد: نابێ بیسەر ماندوو بکرێ›.

شنی[1] / šenî/: اسم. شنی؛ زنجیرێک لە ڕووپەڕی پۆلایین بۆ بزاوتنی ماشینگەلی قـورس (وەکـوو تانک) لـە زەویـنـی نارێکـدا، لـەبـری لاسـتیکی چەرخ بە کار دەڕوا.

شـنی[2]: صفت. زیخـەلان؛ ڕیخـەلان؛ خیـزەلان؛ چەوی ‹ساحل شنی: کەرخی زیخەلان›.

شنیتـسل / šenîtsel/: [آلمـانی] اسـم. شنیتـسێل؛ خۆراکێ لە گۆشتی گوێرەکە یان مریشک کە لە نێو ئاردی بە هەزوێلەوە تلابێتەوە و پاشان سوور کرابێتەوە.

شـنیداری / šenîdārî, šanîdārî/: صـفت. بیـسیاری؛ بیـستنی؛ بیـسەری؛ گوێـداری؛ گۆهداری؛ پێوەندیدار یـان سـەر بـە بیستنەوە ‹آموزش شنیداری: ڕاهێنانی بیسیاری›.

شـنیدن / šenîdan, šanîdan/: مـصدر. متعـدی. // **شنیدی**: بیستت؛ **مـی شـنوی**: دەبیـسی؛ **بـشنو**: بیـسە// بیـستن؛ بیـسین؛ بیـسن؛ بەهیـستن؛ بهیستن؛ ژنەفتن؛ شنەفتن؛ ئشنەفتن؛ شنەوتن؛ ژنەوتن؛ ئەژنەوتن؛ ئژنەفتن؛ شـنەوتن؛ ژنـەوین؛ ئژنیـەی؛ ئەژنیـەی؛ شـنەفتەی: ١. وەرگـرتنی دەنگ بە هۆی هەستی ژنەواییەوە ‹صدایی شنیدم: دەنگێکم بیـست› ٢. بە ناوەرۆکی دەنگێک زانین (وەکوو ناوەرۆکی قسەیەک کە دەگـوترێ) ‹شـنیدم چە گفتی: بیستم چیت گـوت› ٣. لە ڕووداوێک بـە هۆی گوێوە ئاگادار بـوون ‹شـنیدم کـە زن گرفتـی: بیـستم ژنـت خواسـتووە› ٤. *[مجـازی]* لـە بـۆنی شتێک تێگەیشتن ‹بوی بدی شنیدم: بۆنێکی پیسم بیست› ٥. *[مجـازی]* گـوێ/ گوێچکـەدان؛ گـوێ شل‌کردن؛ گۆهدان؛ دەگوێ‌گرتن؛ گـۆش دەی/ دای؛ قسە چوونە گوێچکەدا؛ گۆش شل‌کەردەی؛ قـسەی کەسـێک وەرگـرتن و بەرامبـەری جووڵانەوە ‹باید حرف بزرگتر را شنید: دەبێ بە قسەی گەورەتر گـوێ بـدری› ٦. ڕووبـەڕووی قـسەیەک بوونەوە و بـە ناچـار ئـەو قـسە بیـستن ‹تعریـف شنیدن؛ فحش شنیدن: چاکە بیستن؛ جنێو بیـستن›. **شنودن** *[ادبی]*؛ **شنفتن** *[گفتاری]*. هەروەها: **شنیدنی** ■ صفت فاعلی: **شنونده** (بیـسەر)/ صـفت مفعولی:

شنیده (بیسراو)/ مصدر منفی: **نشنیدن** (نەبیستن)
شنیع / šanî'/: [عربی] *صفت*. ناشیرین؛ دزێو؛ نەچێ؛ سک؛ ناحەز؛ هۆی بێئابڕوویی و سووکایەتی ‹عمل شنیع؛ رفتار شنیع: کاری ناشیرین؛ ئاکاری ناحەز›.
شو[1] / šow, šo: ، ـها/: [انگلیسی] *اسم*. شۆ؛ شەو؛ بەرنامەیەکی شانۆگەری (بەتایبەت لە تەلەڤزیۆندا) کە بریتیە لە هونەرنوێنی جۆراوجۆر (وەک هەڵپەڕکێ، گۆرانی، شانۆگەری و کێبەرکێ).
ـــ شو[2]: *پیوازه*. ـــ هەڵگر؛ ـ پەژێر ‹تاشو: چینهەلگر›.
شو[1] / šû/ ☜ **شوی**
ـ شو[2]: *پیوازه*. ـ شۆر؛ ـ شوور؛ ـ شوار؛ ـ شوش؛ بشۆر ‹رختشو: جلشور›.
شوا / šowā ، ـها/: *اسم*. پۆرگ؛ پۆلکە؛ گوراو؛ پینە؛ ئەستوور بوونەوەی پێستی دەست بە هۆی کار پێکردنی زۆرەوە.
شوارع / šavāre'/: [عربی] جمعِ ☜ **شارع**
شوال / šavvāl/: [عربی] *اسم*. شەوال؛ مانگی دەیەمی کۆچی‌مانگی.
شوالیه / šovāl(i)ye ، ـها/: [فرانسوی] *اسم*. شوالیە؛ شاسوار؛ جەنگاوەری ئورووپای ڕۆژاوایی لە سەدەکانی ناوەندیدا، کە خزمەتی بە شا و دەرەبەگان دەکرد.
شواهد / šavāhed/: [عربی] جمعِ ☜ **شاهد**
شوئی / šû'î/ ☜ **ـ شویی**
شوت[1] / šût ، ـها/: [انگلیسی] *اسم*. *[ورزش]* شووت؛ شەپ؛ کاری خستنی تۆپ.
▣ **شوت زدن**: شووت لێدان؛ بە لێدانی دەست یان پێ شتێک (وەکوو تۆپ) هاویشتن.
شوت کردن: شووت‌کردن؛ فڕێدان یان هاویشتنی شتێک بۆ مەودایەکی دوور.
شوت[2]: *صفت*. *[گفتاری، کنایی]* پەرت؛ گەمژە؛ نەزان و دەبەنگ.
شوخ / šûx/: *صفت*. ١. شۆخ؛ حەنەکچی؛ هەنەکچی؛ گاڵتەچی؛ چەلەنگ؛ تیتاڵ؛ قسەخۆش ‹آدم شوخ: مرۆی شۆخ› ٢. دڵباز؛ دڵشادکەر؛ شادیهێن ‹رنگ شوخ: ڕەنگی دڵباز› ٣. شۆخ؛ شاد؛ بەکەیف؛ ساز؛ دڵخۆش؛ شا ٤. *[ادبی]* جوان؛ شۆخ و شەنگ؛ لەبار؛ چەلەنگ؛ شۆخ و جوان ‹از چشم شوخش حذر کن: لە چاوی جوانی خۆت بپارێزە›.
شوخ‌چشم / šûxčešm ، ـها؛ ـان/: *صفت*. *[ادبی]* بێ‌چاورۆ؛ بێ‌چاوەڕۆ؛ ڕووداماڵیاگ؛ بێ‌حەیا؛ بەڕوو؛ ڕووداماڵاو؛ ڕووهەڵماڵاو؛ ڕووقایم؛ بێ‌ڕۆ؛ باتیزک؛ باتیزۆک؛ ڕووتەخت؛ دۆقدۆقە؛ چەقەسۆ؛ چەتاوەسۆ؛ چارداوەڕوو؛ چەتاوەڕوو.
شوخ‌طبع / šûxtab' ، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] *صفت*. دەلکی؛ جەفەنگباز؛ حەنەکچی؛ شۆخ؛ خۆش؛ قسەخۆشی گاڵتەکەر. هەروەها: **شوخ‌طبعی**
شوخ‌وشنگ / šûx-o-šang ، ـها/: *صفت*. *[گفتاری]* شۆخ‌وشەنگ؛ خۆش‌وبێ‌خەم؛ سەرحاڵ؛ بەکەیف ‹جوانهای شوخ و شنگی بودند و ظاهراً نشانه‌ای از ترس و نگرانی در آنها دیده نمی‌شد: لاوانێکی شۆخ‌وشەنگ بوون و لە ڕواڵەتیاندا ترس و نیگەرانیەک نەدەبینرا›.
شوخی / šûxî ، ـها/: *اسم*. شۆخی؛ گاڵتە؛ دەگەل؛ گەمە؛ قەرف؛ گاڵتە و گەپ؛ تیتاڵی؛ تەڵفیس؛ تەڵفیز؛ گەمە و گەپ: ١. حەنەک؛ نمار؛ گەپ؛ جەفەنگ؛ تەوزە؛ لاقرتی؛ لاقردی؛ لاقرتیێ؛ قسەیەک کە بۆ پێکەنینی دیتران دەگوترێ ‹شوخیهای بامزه‌ای تعریف می‌کرد: شۆخیگەلێکی خۆشی دەکرد› ٢. کازە؛ گوندەڵ؛ تەتەڵەمیران؛ ئاکاری بە گەپ و گاڵتە و شۆخی دەگەڵ کەسێکدا ‹با بزرگتر از خودت شوخی نکن!: دەگەڵ گەورەتر لە خۆتدا گاڵتە مەکە!› ٣. سەرزارەکی؛ کار و ڕەوت یان وتەی ڕواڵەتی نەک ڕاستەقینە. بەرانبەر: **جدّی** ‹خلبانی شوخی نیست، باید همیشه حواست جمع باشد: فڕۆکەوانی

گالته نیه، دەبێ هەمیشه وشیار بی›.

▣ **شوخی خرکی:** شۆخی کەرانە؛ شۆخی گەوجانە؛ شۆخی نەفامانە؛ شوخی دوور لە ژیری و ئاکار جوانی.

▣ **شوخی برنداشتن** ☜ **شوخی سر کسی نشدن– ٢**

شوخی داشتن: شۆخی بوون؛ دەگەڵ کەسێکدا جاروبارە شۆخی کردن ‹ما باهم شوخی داشتیم و سر به سر هم می‌گذاشتیم: ئێمە پێکەوە شۆخیمان هەبوو، سەرمان دەنایە سەر یەکتری›.

شوخی سر کسی نشدن: ١. شۆخی هەڵنەگرتنی کەسێک؛ لە شۆخی تێنەگەیشتن یان بەرگەی نەگرتن ‹مگر تو شوخی سرت نمی‌شود: مەگەر تۆ شۆخی هەڵناگری› ٢. *[مجازی]* شۆخی هەڵنەگرتن؛ شۆخی نەبوون؛ جێی مەترسی بوون ‹جنگ شوخی سرش نمی‌شود: شەڕ شۆخی هەڵناگرێت›: **شوخی برنداشتن**

شوخی گرفتن: کایە هاتن؛ گەمەگەیین؛ حەز بە شۆخی‌کردن ‹تو هم مثل این‌که شوخی‌ات گرفته: وا دیارە تۆیش کایەت دێ›.

شوخی نبودن: گاڵتە نەبوون؛ گەمە نەبوون؛ شۆخی نەبوون؛ کایە نەبوون ‹ادارەی مملکت که شوخی نیست: بەڕێوەبردنی وڵات خۆ گاڵتە نیە›.

شوخی‌بردار / šûxîbardār/: *صفت. [مجازی]* شۆخی‌هەڵگر؛ جێی گەپ و گاڵتە ‹کنکور شوخی‌بردار نیست: کونکوور شۆخی‌هەڵگر نیە›.

شود / ševed/ ☜ **شِبِت**

شور / šowr, šo:r ، ـها/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ڕابێژ؛ ڕاوێژ؛ ڕاوێژکاری؛ ڕاوێژیاری.

▣ **شور کردن:** ڕاوێژکردن؛ بیر و ڕاپرسین و گۆڕینەوە ‹شور کردند بلکه راهی برای آشتی پیدا کنند: ڕاوێژیان‌کرد بەشکوو چارەیەک بۆ ئاشتی بدۆزنەوە›.

شور[1] / šûr/: *اسم.* ١. ئاژاوە؛ بشێوی؛ پشێوی؛ بشێوە؛ کەتن؛ خارۆرە؛ ئاشۆ؛ ئاشوو؛ ئاڵۆزی؛ کێشە و هەرا؛ ئاژاولە؛ ئاژاولێ؛ کەس‌لەکەسی ‹شور و غوغا: ئاژاوە و قرموقاڵ› ٢. هەوا؛ شۆڕ؛ زیچ؛ هەیەجان ‹شور جوانی: هەوای لاوەتی› ٣. دڵەڕاوکێ؛ دڵەخورپێ؛ دڵخورتی؛ هەلەبەل؛ قا ‹کجا بودی؟ دلم شور افتاد: لە کوێ بووی؟ کەوتمە دڵەڕاوکێ› ٤. شوور؛ گەورەترین دەزگای مووسیقای ئێرانی ٥. *[گفتاری]* شۆڕ؛ شیو؛ کار یان ڕەوتی شۆڕدنەوە ‹از شور خوب درنیامد: لە شور باش دەرنەهات›.

▣ **شور افتادن:** پەشێوان؛ پەشێو بوون؛ ئارۆزیان؛ ورووژان؛ هورووژان؛ شلەژان.

شور چیزی را درآوردن: بێ‌تام‌کردن؛ لە تام دەرکردن؛ لە شۆ دەرکردن؛ لە کارێکدا زێدەڕۆیی‌کردن ‹تو دیگر با این کارهایت شور شلختگی را درآوردی: تۆ ئیتر بەم کارانە لە شپرزەییدا بێ‌تامت کردووە›.

شور رفتن: *[گفتاری]* چوونە ئاو؛ ئەنەورێ لوەی؛ کورت بوونەوەی پارچە یان جل‌وبەرگ بە هۆی شۆردنەوە ‹پیراهن را شستم، شور رفت: کراسەکەم شۆرد، چووە ئاو›.

شور زدن: هەوڵ بوون؛ هەژڤین؛ هەژان؛ هەژیان؛ هەوڵی شتێک بوون ‹دلم شور آزاد را می‌زند: هەوڵی ئازادمە›.

شورواشور کردن: *[گفتاری]* شۆراوشۆرکردن؛ لەبەرکردنی جلکێ لە کاتی شۆرانی ئەویتردا ‹دو تا پیراهن داشت که آنها را مرتب شورواشور می‌کرد: دوو کراسی هەبوو پەیتاپەیتا شۆراوشۆریانی دەکرد›.

شور[2]: *صفت.* ١. سوێر؛ سۆڵ؛ سووڵ؛ سوور؛ شۆر؛ خێرە؛ خوێواوی؛ پڕخوێ؛ نیمەنمەک ‹غذای شور؛ آب شور: چێشتی سوێر؛ ئاوی سوڵ› ٢. بەدودم؛ بەویومن؛ قۆشە؛ نەحس؛ قۆشمە؛ تاڵ؛ جووت‌قۆشە؛ دۆبڕ؛ دوومۆڕ؛ دوومۆهر؛ قەشقە؛

بەدفەڕ ‹چشم شور: چاوی بەدودم› ٣. شۆڕ؛ گەوزاو لە ناو ئاوخوێدا (وەک خەیار، کەلەم، گەزەر و...) یان خوێ‌کراو (وەک ماسی) بۆ ڕاگرتنی درێژماوە.

شورا / šowrā, šo:rā, šûrā ـ ها/: [عربی]/اسم. شۆرا: ١. ڕاوێژ؛ هاوبیری؛ کار یان ڕەوتی کۆبوونەوەی تاقمێک لە شوێنێ بۆ ڕاوێژکردن ‹امروز برای تأسیس شرکت شورا کردیم: ئەوڕۆ بۆ دامەزراندنی بەشدارگە راویژمان کرد› ٢. جڤات؛ تاقمێ کە بۆ ڕاوێژکردن لە کارێکدا کۆ دەبنەوە ‹دیروز شورا داشتیم: دوێنێ جڤاتمان بوو› ٣. ڕاوێژگەری؛ ئەنجومەن؛ دامەزراوەیەک کە ئەندامانی بە مەبەستی پرس و ڕا و بڕیاردان لە سەر کارگەلێکی دیاریکراو هەڵبژێراون ‹شورای شهر؛ شورای دانش‌آموزی: شورای شار؛ راویژگەری خوێندەواران› ٤. ڕابێژگە؛ ڕاوێژگە؛ ڕاوێژگا؛ ئەنجومەن؛ شوێنێ کە دامەزراوەی وای تێدایە ‹رفته بودم شورا: ڕۆیشتبووم بۆ رابێژگە›.

شورائی / šowrā'î, šo:rā'î, šûrā'î/: [عربی] ☜ **شورایی**

شوراب / šûrāb/: اسم. سوێراو؛ شۆراو؛ سۆڵاو؛ سۆلاڤ: ١. ئاوخوێ؛ ئاوخوا؛ مەکاوی، ئاوێ کە خوێی زۆری تێدابێ ٢. ئاوی زەریا یان زەریاچەی سوێر.

شوراندن / šûrāndan/: مصدر متعدی. // **شوراندی**: هورووژاندت؛ **می‌شورانی**: دەهورووژێنی؛ **بشوران**: بهورووژێنە// ١. هورووژاندن؛ وورووژاندن؛ هەڵزرینگاندن؛ هەڵخراندن؛ هێژاندن؛ ڕاپەڕاندن؛ بزواندن؛ دنەدان؛ شڵەژاندن؛ دیونەی؛ دیونای؛ هۆرنیەی؛ دنەدانی خەڵک بۆ شۆڕش ٢. شێواندن؛ شەفراندن؛ پەرێشان کردن * **شورانیدن**. هەروەها: **شوراندنی**

■ صفت‌فاعلی: **شوراننده** (هورووژێنەر)/ صفت مفعولی: **شورانده** (هورووژێنراو)/ مصدر منفی: **نشوراندن** (نەهورووژاندن)

شورانگیز / šûrangîz/: صفت. بزوێنەر؛ وورووژا؛ هۆی وورووژان، شۆڕ و شایی ‹احساس شورانگیز: هەستی بزوێنەر›.

شورانیدن / šûrānîdan/ ☜ **شوراندن**

شورایی / šowrāyî, šo:rāyî, šûrāyî/: [عربی] صفت. ڕاوێژی؛ شۆرایی؛ شوورایی؛ بە هاوبیری ‹نظام شورایی: سیستەمی راوێژی›: **شورائی**

شوربا / šûrbā/: اسم. شۆربا؛ شۆرباو؛ شۆرباوی؛ شۆروا؛ شۆپاو؛ ڕۆق؛ زەڵکە؛ گەرمە؛ چێشتێکی تراو کە بە برنج و سەوزی لێدەنرێ.

شوربخت / šûrbaxt ، ـ ها؛ ـان/: صفت. [مجازی، ادبی] بێ‌ناوچاو؛ ڕۆژڕەش؛ بەوبەخت؛ چارەڕەش. هەروەها: **شوربختی**

شوربرو / šûrboro/: صفت. ئاوچۆ؛ بە تایبەتمەندی تەنگ و تروسک بوونەوە بە هۆی شت و شۆرەوە (بۆ پارچە): **آب‌برو**

شورت / šort ، ـ ها/: [از انگلیسی]/اسم. شۆرت؛ شورت؛ شۆرتێ؛ تونکە؛ بەرگێ بۆ داپۆشاندنی خوارەوەی ناوک زۆر جار هەتا ئەژنۆ.

شورچشم / šûrčešm/: صفت. [مجازی] چاوپیس؛ چاوچڵە؛ چاڤینۆک؛ چاڤکەر؛ چاوخراو؛ چاوچەپەڵ؛ چاوسووتک؛ چاوسۆتک؛ خاوەن ڕوانینێ کە بەدفەڕی و خراپی لێ‌بکەوێتەوە ‹مردک چشم‌شور بود و دخترمان را چشم زد: کابرا چاوپیس بوو، چاوی دا لە کچەکەمان›. هەروەها: **شورچشمی**

شورش / šûreš ، ـ ها/: اسم. ١. سەربزێوی؛ سەرزەیە؛ گاشە؛ سەرکەشی؛ کار و ڕەوتی سەربادان؛ ملپێچی کردن لە فەرمانی مەقامی سەرتر ٢. شۆڕش؛ کار و ڕەوتی ڕاپەڕین؛ بەرخۆدان؛ هەستانەوە؛ وەستانەوە؛ بەرهەڵستی توند و تیژانەی تاقمێک لە بەرامبەر مەقامە دەوڵەتیەکانەوە.

⊡ **شورش کردن**: ڕاپەڕین؛ سەرهەڵدان؛ سەر

هەڵـێنان؛ سـەر بەرزکردنـەوە؛ سـەر بـڵند کردنەوە؛ سەر بزواندن؛ سەربزێوی کردن ‹مردم شـهر شـورش کردنـد: خەڵـکی شـار ڕاپـەڕین›: **شوریدن**

شورشگر / šûrešgar ، ـها؛ ـان/: *صفت*. سـەربزێو؛ یاخی؛ ڕاپەڕیو دژی دەوڵەت.

شورشـی / šûrešî ، ـهـا؛ ـان/: *صـفت*. یـاخی؛ ڕاپەڕیو؛ شیوارە؛ سەربزێو؛ هاوبەش لـە شۆڕشـی دژی دەوڵـەت ‹سـربازان شورشـی بـه پادگانهایـشان بازگـشتند: سـەربازە یاخیـەکان گەڕانـەوە بـۆ سەربازخانەکانیان›.

شورگز / šûrgaz ، ـها/: *اسم*. دارگـەز؛ دارگـەزم؛ دارێکی گەرمیانی لە تیرەی گەز بـە کۆتـەرەی ڕاست، چێوی ڕەق و کەو، کـە بـۆ ڕاگیرکـردنی ڕەمڵ و چەوی ڕەوان لە ناوچـە وشـکاروەکانـدا دەیکێڵن.

شـورنرو / šûrnaro/: *صـفت*. ئاونـەچۆ؛ بـە تایبەتمەندی نەچوونە ئاو لە شۆردندا (بۆ پارچە): **آب‌نرو**

شورو / ševro/: [فرانسوی]/*اسم*. مێـشن؛ تیمـاج؛ شیبرەو؛ پێستی بزن و مەڕی لە دەباغ دراو کـە سفت و پتەوە و بـۆ چـێ‌کـرنی کیـف، کـەوش، کەمەربەند و... بەکار دەچێ: **شبرو**

شورواشور / šûrvāšûr/ ☜ **شور**[1]

شور و شر / šûr-o-šar ، ـها/: [فارسی/ عربـی] ☜ **شر و شور**

شـوروی / šo:ravî, šûravî/: [عربـی] *صـفت*. شۆرایی؛ ڕاوێژی؛ خاوەن نیزامێکی دامـەزراو لـە سەر هاوبیری و ڕاوێژکاریەوە.

شوره / šûre/: *اسم*/*[شیمی]* ١. نیتراتی سروشتی پتاسیۆم کە ماکێکی سپی و بریتیە لە پتاسیۆم، نیتـرۆژن و ئوکـسیژن کـە لـە شووشەسـازی، بارووتسازی و کشت‌وکاڵدا بە ناوی کـووت بـە کار دەڕوا: **شورەی قلمی** ٢. شۆرە؛ کرێش؛ کرێژ؛ قرێش؛ قرێژ؛ نەمەس؛ کفگە؛ کەڤشـک؛ کەلەتۆر؛ ڕژە؛ سـرک؛ کـەن؛ کهـەن؛ سـۆ؛ کووشـک؛ کاویشک؛ وردکە پێستی نێو مووی سەر.

◫ **شورەی قلمی** ☜ **شوره**

◘ **شوره زدن**: شـۆرەدان؛ شـۆرە لێـدان: ١. بـە جـێ مانـەوەی شـوێنی خوێگـەلی تـراوە لـە تراوێکدا لە سەر شتێک، پاش بوونـە هەڵـمی ئاوەکـەی ‹دیوارهـا شـوره زده بـود: دیوارەکـان شۆرەیان دابوو› ٢. کرێژ لێدان؛ کرێش لێـدان؛ کاژەڕیزە کردنی پێستی سـەر ‹سـرت را خـوب نشستی شوره زده: سەرت باش نەشۆردووە شـۆرەی داوە›.

شـورەزار / šûrezār ، ـهـا/: *اسـم*. سـێلەک؛ شۆرەکات؛ شۆراخ؛ شامات؛ شـۆرەزار؛ شـۆرەک: ١. زەوینی شـۆرەدار ٢. زەوینـێ کـە بـە هـۆی خوێی زۆرەوە رووەکی تێدا ناڕوێت.

شورەسازی / šûresāzî/ ☜ **نیترایش-١**

شوری / šûrî/: *اسم*. سـوێری؛ سۆڵی؛ سووڵـی؛ شۆری: ١. تێرخوێیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سـۆڵ بوون ‹از شدت شوری نمی‌شود خورد: لە تـاو سـوێری ناخورێ› ٢. یەکێ لە چوار چێژی سەرەکی کـە بە پرزەکانی سـەر زوان هەسـت دەکـرێ (وەک چێژی خوێ).

شـوریدگی / šûrîdegî ، ـهـا/: *اسـم*. ١. پەشۆکاوی؛ شـێواوی؛ شـپرێوی؛ پەرێـشانی؛ دۆخ یان چۆنیەتی پەشـۆکاو بـوون ٢. *[مجازی]* لێوەیی؛ لێویاگی؛ شێتی؛ هەردەیی.

شـوریدن / šûrîdan/: *مـصدر. لازم.* // **شـوریدی:** ڕاپەڕیت؛ **می‌شوری:** ڕادەپەڕی؛ **بشور** (شـورش کـن): ڕاپەڕە// ١. ڕاپەڕین؛ سەر هەڵـێنان؛ سـەر بـەرز کردنەوە؛ سەر بڵند کردنەوە؛ شلپین؛ سەربزێوی و سـەربادان لـە هەمبـەر فـەرمانی سـەرتر و حاڵەتی بەرخۆدان بـە خـۆ گـرتن ٢. ڕاپـەڕین؛ شـۆڕان؛ بـەرخوەدان؛ بـەر خـۆ دان؛ ڕابـوون؛ هەستانەوە؛ وەستانەوە؛ سەرهەڵدان؛ بە گەل لـە بەرانبەر دەسەڵاتدارانەوە بەرەنگار بوونـەوە یـان

هێرش کردنە سەریان * **شورش کردن** ٣. *[قدیمی]* شڵەژان؛ شەمزان؛ شپرزە بوون؛ شێوان؛ هەڵزرنگان؛ هەڵزرنگیان؛ شێویەی؛ شەمزین؛ پەشۆکان؛ پشۆکان؛ پەشۆکیەی؛ پەرێشان بوون؛ تێکچوون.

■ صفت مفعولی: **شوریده** (ڕاپەڕیو)/ مصدر منفی: **نشوریدن** (ڕانەپەڕین)

شوریده[1] / šûrîde ، ـها/:اسم. شووریدە؛ جۆرە ماسیەکی خۆشخۆراکی ئاوی شۆرە: **ماهی شوریده**

شوریده[2]: *صفت. [ادبی]* شێواو؛ پەشێو؛ شێویاگ: ١. شڵەژاو؛ پەرێشان؛ ئاڵۆز ‹زلف شوریده: زوڵفی شێواو› ٢. نەسرەوتە؛ هەدانەدەر؛ نائارام ‹دل شوریده: دڵی شێواو›.

شوریده‌بخت / šûrîdebaxt ، ـها؛ ـان/: *صفت. [مجازی]* کڵۆڵ؛ کرۆڵ؛ بەوبەخت؛ بەدبەخت؛ قەرەبەخت؛ چارەڕەش؛ بەرگەشتە؛ ڕۆژڕەش؛ قەشقە؛ بۆنەهاتوو؛ بۆنەهاتگ؛ بێوڵەت؛ بارکەوتوو.

شوریده‌حال / šûrîdehāl/: [فارسی/ عربی] *صفت. [مجازی]* پەرێشان؛ پەشێو؛ شێواو.

شوریده‌خاطر / šûrîdexāter/: [فارسی/ عربی] *صفت. [مجازی]* پەشۆکاو؛ پەشێو؛ بیربڵاو؛ بیرئاڵۆز؛ تووشی پەرێشانی زەینی بە هۆی خەم و پەژارەوە.

شوسه / šûse/: [فرانسوی] ☜ جاده شوسه، **جاده**

شوشکه / šûške, šûšge ، ـها/: [روسی] اسم. *[قدیمی]* جۆرێک شمشێری کورت کە لە ڕابردوودا ئەفسەران دەیانبەست.

شوشه / šûše/: اسم. ١. کەستەک؛ شقڵ؛ شیش؛ شمش ٢. ئاوێزە؛ بیچمێکی هەندەسی.

شوفاژ / šofāj, šûfāj ، ـها/: [فرانسوی] اسم. شووفاژ؛ شۆفاژ: ١. دەزگای گەرمای ناوەندی کە بریتیە لە موتوری گەرمکەری ئاو و دیگ یان خەزێنەی ئاوی گەرم و ڕایەڵێ لە لوولە و ڕادیاتۆر، بۆ گەرم کردنی خانووبەرە یان کۆمەڵێک لە خانوبەرەگەل: **شوفاژ سانترال؛ حرارت مرکزی** ٢. *[گفتاری]* هەر یەکە لە ڕادیاتۆرگەلی ئەو دەزگایە ‹دستت را بگذار روی شوفاژ ببین داغ است: دەست بنە سەر شووفاژەکە بزانە داخە›.

شوفاژخانه / šofājxāne, šûfāj- ، ـها/: [فرانسوی/ فارسی] اسم. شووفاژخانە؛ هۆدە یان بینایەک کە دەزگای گەرمای ناوەندی تێدا کار نراوە.

شوفاژسانترال / šofājsāntrāl, šûfāj-/: [فرانسوی] ☜ **شوفاژ-١**

شوفاژکار / šofājkār, šûfāj- ، ـها؛ ـان/: [فرانسوی/ فارسی] اسم. شووفاژکار؛ کەسێ کە کاری دامەزراندن، درووس کردنەوە یان وە ڕێ خستنی شووفاژە.

شوفر / šofor, šûfer ، ـها؛ ـان/: [فرانسوی] اسم. ئاژۆ؛ ئاژوان؛ ئاژوەر؛ شۆفێر؛ شۆفیر؛ لێخوڕ؛ ڕانبار؛ ڕاننده؛ سەیاق.

شوفری / šoforî, šûferî/: [فرانسوی] اسم. ئاژوەری؛ شۆفێری؛ شۆفیری؛ ڕانباری؛ ڕاننده‌یی؛ کاری لێخوڕین/ ئاژۆتن.

شوق / šowq, šo:q/: [عربی] اسم. ١. تامەزرۆیی؛ شەوق؛ ئۆگرەتی زۆر بە کارێک و شوێنگیر بوونی ‹خیلی به درس خواندن شوق داشت: گەلەک تامەزرۆیی بۆ دەرس خوێندن هەبوو› ٢. هیوا؛ ئاوات؛ ئارەزوو؛ هەوا ‹به شوق دیدن تو آمدیم: بە هیوای دیتنی تۆ هاتین›.

⊡ **شوق داشتن**: ١. هۆگر بوون؛ شەوقن بیەی ٢. تامەزرۆ بوون؛ ئاواتەخواز بوون؛ ئارەزوومەن/ ئاواتەواز بیەی.

به شوق آمدن/ سر شوق آمدن: هاتنە سەر شەوق؛ هاتنە سەر حەز و تامەزرۆیی بۆ جێبەجێ کردنی کارێک؛ دڵگەرم بوون بە کارێک. هەروەها: **به شوق آوردن/ سر شوق آوردن**

شوق و ذوق /šowq-o-zowq, šo:q-o-zowq/: [عربی]/اسم. دڵوداوێن؛ تام و تامەزرۆیی؛ حەز و شۆق؛ تامەزرۆیی و ئۆگرەتی هاورێ لەگەڵ خۆشحاڵیدا ‹نمی‌دانی با چه شوق و ذوقی کار می‌کرد: نازانی بە چە دڵوداوێنێکەوە کاری دەکرد›.

شوک /šok، ـها/: [فرانسوی]/اسم. [پزشکی] شوک؛ شۆک؛ ڕاتڵەکان؛ ڕاتەکان؛ شێوانی گەڕیانی خوێن بە هۆی گەزن یان نەخۆشینێکی ئاستەمەوە کە زۆرتر بەهۆی دابەزینی بارستایی خوێنەوە بەدی‌دێ و دابەزینی گوشاری خوێن، دڵەکوتە، ڕەنگ پەڕیوی، بێئۆقرەیی، تینوویەتی و پێستی سارد و چەسپن لە نیشانەکانیەتی: **شُک**

▣ **شوک الکتریکی/برقی:** ڕاچڵەکانی کارەبایی؛ شۆکی بەهۆی لێکەوتنی کارەباوە، چ بە ناویستی و ڕێکەوت، یان بە دەزگایەکی تایبەتی بۆ دەرمانی هێندێک لە نەخۆشیگەلی ڕەوانی، یان بۆ وەکار خستنەوەی دڵی ڕاوەستاو.

▣ **شوک دادن:** شۆک لێدان؛ شۆک پێدان؛ پێکهێنانی شۆک لە لەشی گیانداردا ‹قلبش ایستاده بود، مجبور شدند به او شوک بدهند: دڵی لە لێدان کەوتبوو، ناچار بوون شۆکی پێدەن›.

شوک وارد شدن: شۆک لێدران؛ شۆک پێدران؛ شۆکیایوە؛ پێکهاتنی دۆخی شۆک لە گیانداران. هەروەها: **شوک وارد کردن**

شوکا /šûkā، ـها/: اسم. شووکا: ١. گەوەزنە گرگنە؛ جۆرێک گەوەزنی پچووکی کولۆک سپی و دوو درێژە کە هەر نێرەکانیان شاخی هەیە و بە شەش تا هەشت لق و بڕێ جار زۆرتریشەوە دەبینرێ ٢. شەمکۆر؛ جۆرێ ئاسکی یەکساڵەیە لە بزنەکێوی دەچێ و دووشاخی کلۆری چەماوەی هەیە ٣. فیلەگێجە؛ فیلەگێژە؛ گوێزەن؛ شوور؛ شووڵ؛ ئاوڕ؛ مارخۆر؛ جۆرێ کەڵەکێوی بە کلکی کورت و دوو شاخی سێپەل و ڕەنگی خۆڵەمێشیەوە.

شوکت /šowkat, šo:kat/: [عربی]/اسم. [ادبی] شکۆ؛ هنگوونگ؛ هێزی وێڕای ڕێز و گەورەیی.

شوکران /šowkarān, šo:karān، ـها/: اسم. شەوکەران؛ دووڕەست؛ زڕگێژنۆک؛ مارەکوشە: ١. ڕووەکێکە لە تیرەی گێزەر، گوڵەکەی لە شێوەی چەتردایە، سپیە و قەدەکەی سەوزە، پنکە-پنکەی سووری تێدایە، توێکڵەکەی بۆ دەماخ‌کردن بە کار دێ. بۆنێکی پیس وەک بۆنی مشکی لێ‌دێ. ماکێکی ژەهری سڕکەری لێ دەردەهێنرێت بە ناو «کونین» یا «کونوسین» جاران دەرخواردی تاوانباران دەدرا بۆ کوشتنیان ٢. ژەهری بەرهەمی ئەم گیایە.

شوکولات /šokolāt, šûkûlāt/: [فرانسوی] ☜ **شکلات**

شوکه /šok(k)e/: [فرانسوی] صفت. شۆکە؛ ڕاچڵەکاو؛ داچڵەکاو؛ ڕاچەنیو؛ داتروسکاو؛ داخورپاو؛ ئەوەشۆکیا؛ تووشیاری ڕاچەنین.

شوگون /šogûn، ـها/: [؟]/اسم. شوگوون؛ نێوی هەر یەکە لە فەرماندەگەلی ژاپونی لە سەردەمی فئودالیدا (لە سەدەی ١٢ تا ساڵی ١٨٦٧ی زایینی) کە بە شێوەی پاوشایەتی حکوومەتیان دەکرد.

شولا /šowlā, šo:lā، ـها/: اسم. کەپەنەک؛ کەپەنە؛ کەرک؛ کەچە؛ قاپووت؛ تاتکی؛ جۆرێ فەرەنجی ئاودامانی بێقۆڵ و بەرواز کە زۆرتر شوانان و کۆچەران لەبەری دەکەن.

شوله /šowle/: اسم. سنێرگە؛ سەرانگۆلک؛ سەروانک؛ سەرانگویلک؛ سەرانگۆلک؛ سەرەتوێلک؛ سەرگوێلک؛ سەخوڕگە؛ سەرەنوێلک؛ سەورگە؛ سەورۆگا؛ گیفک؛ گیفلان؛ گیفەلان؛ گیفەلانک؛ گوفک؛ گووفک؛ گووفەک؛ گۆفک؛ گۆفەک؛ جێگەی ڕژاندنی شیاکە و پەیین.

شوم /šûm/: [از عربی] صفت. بەدودم؛ بەدورم؛ بەدفەڕ؛ بێفەڕ؛ سمسک؛ شووم؛ کۆدقەلین؛

کوچکرەش؛ گوناتە؛ نەحس؛ بەهوم؛ قدۆش؛ بەش؛ جووتقۆشە؛ قەشان؛ قۆشقە؛ قۆشە؛ قۆشمە: ١. ناپیرۆز؛ نالەبار و کۆڵەزەرەر ‹حادثەی شوم؛ شب شوم: رووداوی بەدودم؛ شەوی شووم› ٢. هۆی ئاوەها ڕووداوێک ‹عقیده داشتند جغد شوم است: بروایان وا بوو کە کوندەبوو بەدودمە›.

شومن / šowman, šo:man ، ـها/: [انگلیسی] اسم. بەزمگێڕ؛ گۆبەندگێڕ؛ پیاوێ کە کاری بەزمگێڕی بێ ‹آزاد شومن شده بود و شو اجرا می‌کرد: ئازاد ببووە بەزمگێر و بەزمی دەگەڕاند›.

شومی / šûmî/: [از عربی] اسم. بەدودمی؛ قۆشمەیی؛ شوومی؛ بەدفەڕی؛ بێفەڕی؛ گوناتەیی؛ بەشی؛ هومی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بەدودم بوون ‹شومی این کار دامن همه را می‌گیرد: بەدودمی ئەم کارە داوێنی گشت دەگرێتەوە›.

شومیز / šomîz/: [فرانسوی] ☜ **شُمیز**

شومینه / šomîne/: [فرانسوی] ☜ **شُمینه**

شونیز / šonîz/ ☜ **سیاهدانه**

شوونیست / šovînîst, šovonîst ، ـها/: [فرانسوی] صفت. شوڤینیست؛ زێدپەرست.

شوونیستی / šovînîstî, šovonîstî/: [فرانسوی] صفت. شوڤینیستی؛ زێدپەرستی؛ پێوەندیدار یان سەر بە شووڤینیزمەوە ‹گرایشهای شوونیستی: ئۆگرەتیە شوڤینیستیەکان›.

شوونیسم / šovînîsm, šovonîsm/: [فرانسوی] اسم. شوڤینیزم؛ شوڤینیسم؛ نەتەوەپەرستی لەڕادەبەدەر و دوور لە ئاوەز.

شوهر / šowhar, šo:har ، ـها؛ ـان/: اسم. شوو؛ شووی؛ شی؛ مێرد؛ مێر؛ مێردە؛ میرە؛ مێردلە؛ مەرن؛ هاوسەری ژن؛ پیاوێ کە لەگەڵ ژنێکدا زەماوەندی کردبێ.

▣ **شوهر دادن:** دانە شوو: ١. بە مێرد دان؛ بە شوودان؛ دای شوو؛ شوو دەی؛ کچ یان ژنێک مارەکردن بۆ پیاوێک ‹پارسال دختر بزرگش را شوهر داد: پارەکە کچە گەورەکەی دا بە شوو› ٢. /مجازی/ بە فیڕۆدان؛ لە کیس دان؛ فەوتاندن؛ لە دەست دان؛ فوو دەی؛ مفت شتێک لە دەست دان ‹قالی بە آن خوشگلی را شوهر دادی، رفت؟!: قالی بەو جوانیەت دایە شوو، چوو؟!›.

شوهر کردن: مێردکردن؛ شووکردن؛ شووی کرن؛ شی کردن.

شوهرخاله / šowharxāle, šo:harxāle/: [فارسی/ عربی] اسم. شووی پوور؛ شووی میمک؛ شوو مەتێ. هەروەها: **شوهرخواهر؛ شوهرعمه**

شوهردار / šowhardār, šo:har-/: صفت. شوودار؛ شوودارە؛ مێرددار؛ بە مێر؛ ژنی شوودار.

شوهرداری / šowhardārî, šo:har-/: اسم. ١. شووداری؛ لێوەشاوەیی و لێهاتوویی بۆ بەخێو کردنی شوو ‹کمی هم به دخترت شوهرداری یاد بده!: نەختێکیش شووداری فێری کچەکەت کە!› ٢. کەیوانوویی؛ بنەوانی.

شوهرننه / šowharnane, šo:har-/: اسم. /گفتاری/ باوەپیارە؛ زڕەباب؛ زڕباب؛ بابهەلک؛ پیاوێ جگە لە بابی کەسێک، کە دەگەڵ دایکیدا زەماوەنی کردبێ.

شوهریابی / šowharyābî, šo:har-/: اسم. کار یان ڕەوتی کردوکۆش بۆ دۆزینەوەی پیاوێکی لەبار بۆ زەماوەند دەگەڵ ژنێکدا؛ مێردنانەوە؛ شوو نانەوە.

شوی[1] / šûy ، ـها/: اسم. /ادبی/ شوو؛ مێرد: **شو**

ـ شوی[2]: پیوازه. ـ شۆر؛ بشۆر ‹رختشوی: جلشۆر›.

ـ شویان / šûyān/: پیوازه. ـ شۆران: ١. کار یان ڕەوتی شۆردن ‹مراسم قالیشویان: ڕێوڕەسمی قالیشۆران› ٢. کەسانێ کە کاریان شۆردن بێت ‹قالیشویان: قالیشۆران›.

شوید / šivîd, ševîd/ ☜ **شِبِت**

شویدی / šivîdî, ševîdî ، ـها/: اسم. گیایەکی ڕازێنەیی بە لق و پۆی درێژی چەماوە و گەڵای

زۆری ورد وەک گەڵای شویتەوە.

شوینده / šûyande ، ـها/:/اسم. پێشۆر؛ هەر یەکە لەو ماکە خاوێنکەرانە (وەکوو سابوون، تراوی دەفر شۆردن و...) کە بۆ شۆردن و خاوێن کردنەوە بە کار دێن.

ـ شویی / šûyî/: پیواژه. ــ شۆری ‹خاکشویی؛ لباسشویی: خاکشۆری؛ جلشۆری›: **شوئی**

شه / šah ، ـان/:/اسم. [مخفف، ادبی] شا؛ پاوشا؛ پادشا؛ پاڵشا.

شهاب / šahāb, šehāb ، ـها/: [عربی]/اسم. شۆڵە؛ تیرئەستێرە؛ ئەستێرەی کشاو؛ بەردێکی چکۆلەی ئاسمانیە کە بە هۆی پەڕینەوە لە کەشی زەوین هەڵدەبێ و وەک گزینگێک بە ئاسمانەوە دەنوێنێ.

شهابسنگ /-šahāb-, šehāb ، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. بەردئەستێرە؛ گێئاسارە؛ بەردی ئاسمانی بە هێندێکی کەم (تا ٢٠٪) ئاسنەوە.

شهادت / šahādat ، ـها/: [عربی]/اسم. ١. گەڤایی؛ گەوایی؛ شایەتی؛ ستروقی؛ کار یان ڕەوتی گوا دان؛ گەڤا دان؛ گەوا دەی/ دای؛ ستوودان؛ ستوڤەدان؛ ستووڤدان ٢. کار و ڕەوتی شەهید بوون؛ گیان بەخت کردن.

▣ **شهادت دادن**: گوادان؛ گۆڤادان؛ ستووڤدان؛ ستوودان؛ ستووڤەدان؛ گوایی دان؛ وەکوو شایەت لە سەر ڕووداوێکی بەرباس قسەکردن ‹حاضرم در دادگاه شهادت بدهم: ئامادەم لە دادگادا گەوا بدەم›.

به شهادت رسیدن: شەهید بوون؛ گیان بەخت بوون؛ کوژران لە ڕێگەی ئامانجی خوێدا.

شهادتنامه / šahādatnāme, ، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. ١. گەوانامە؛ نووسراوەیێ کە گەوای دیتراوەکان لەمەڕ ڕووداوێکی دیاریکراودا دەردەبڕێ ٢. [قدیمی] بڕوانامە؛ دیپلۆم.

شهادتین / šahādateyn, /: [عربی]/اسم. [اسلام] شاتیمان؛ شایەتیمان؛ شادمانە؛ شادە؛ شادەوئیمان؛ ئیمانوشادەت؛ شادەت و ئیمان؛ کار یان ڕەوتی گەوادان لە سەر تاک و تەنیا بوونی خودا و پەیامهێنەری حەزرەتی موحەمەد بە وتنەوەی ئەم ڕستانە: «أشهد أنَّ لا إله إلا الله، أشهد أنَّ محمداً رسول الله».

شهامت / šahāmat ، ـها/: [عربی]/اسم. ئازایەتی؛ بوێری؛ گوربزە؛ جەربەزە؛ غیرەت؛ دۆخ یا چۆنیەتی نەترسان ‹اگر شهامت گفتنش را نداری، بگذار من بگویم: ئەگەر ئازایەتی وتنیت نیە، بهێڵە من بیڵێم›.

شهباز / šahbāz ، ـها/:/اسم. شاباز؛ باڵندەیەکی ڕاوکەرە لە تیرەی باز، بە چاوگەلێکی زەرد و چڕنۆک و دندووکی بە هێزەوە کە نزم دەفڕێ و مێوینەکانیان گەورەترە: **شاهباز؛ ترلان؛ طَرلان**

شهبانو / šahbānû ، ـها/:/اسم. شاژن؛ شابانوو؛ سەرەژەنی؛ سەرەژن؛ قەڕاڵیچە؛ هاوسەری شا.

شهپر / šahpar ، ـها/:/اسم. شاباڵ؛ شاپەڕ؛ شاباڵی مەل.

شهد / šahd/: [عربی]/اسم. شیلە: ١. شیرە؛ تراوێکی شەکراویە کە لە هێندێ گیاوە هەڵدەچۆڕێ و دەبێتە هۆی ڕاکێشانی میروو یان پەلەوەران و لە ئاکامدا گەردە پژێنی ٢. دۆشاو؛ شیرە؛ گووشراوەی میوە، بەتایبەت خەست ‹شهد انگور: دۆشاوی ترێ› ٣. [مجازی] هەنگوین؛ هەنگوێن؛ هەنگڤین؛ هەنگڤێ؛ ڕنگاڵ ٤. ڕەواق؛ شەربەتێ کە بە هۆی زۆر کوڵانەوە، خەست بۆتەوە ‹شهد مربا: ڕەواقی مرەبا›.

شهدا / šohadā/: [عربی] جمعِ ☜ **شهید**

شهر / šahr ، ـها/:/اسم. شار: ١. باژێر؛ شەهر؛ باژار؛ شارسان؛ شارستان؛ شارستێن؛ ژینەوارێکی گەورە، بە خانوبەرە و دانیشتوانی زۆرەوە (زۆرتر لە ٥٠٠٠ کەس) و هەروەها دامەزراوە و ڕێخراوەگەلی ئاسوودەیی و کارگێڕیەوە ٢. [مجازی] خەڵکێ کە تێیدا دەژین ‹با این کارها شهر را بر علیه خود شوراند: بەم کارانە شاری لە خۆی

هورووژاند›.

▣ **شهر بازی:** شاری یاری؛ کایەکۆ؛ شاری کایە؛ شوێنێک بە دامەزراوە و ئامرازی پێویست بۆ گەمە و ڕابواردن، بەتایبەت بۆ منداڵان.

شهر هرت:/مجازی/ شاری هەرکی ـ هەرکی؛ شاری هەرکە بۆ خۆی؛ شاری بێقانوون و بێ سەرە و بەرە.

شهرآشوب[1] / šahrāšûb/: /اسم. شەهرئاشووپ: ۱. /موسیقی/ نێوی بەزمێک لە مووسیقای ئێرانیدا ۲. ناوی جۆرێک شیعرە سەبارەت بە پیشەوەران و پیشەگەلی جۆراوجۆر.

شهرآشوب[2]: /ادبی/ شارشێوێن؛ شارانشێو؛ شێوەژنە؛ پشیلەنەوتینە؛ کتکەنەفتینە.

شهربانی / šahr(e)bānî، ـها/: /اسم. شارەوانی؛ ڕێکخراوەیەکی چەکداری بۆ پاراستنی قانوون و هێمنی شاران.

شهربندان / šahrbandān، ـها/: /اسم. گەمارۆی شار؛ کاری دەورە دانی شار بۆ داگیرکردنی.

شهرت / šohrat، ـها/: [عربی]/اسم. ناوبانگ؛ شۆرەت: ۱. دەنگ‌وناو؛ نێوبانگ؛ ناف‌دەنگ؛ ئاوازە؛ دەنگان؛ دۆخ یان چۆنیەتی بەناوبانگ بوون ۲. فامیلی؛ ناوی بنەماڵەیی.

▣ **شهرت دادن:** /گفتاری/ دەنگ‌ودۆ داخستن؛ قیل و قاڵ داخستن؛ قاو داخستن؛ بڵاو کردنەوە؛ دەنگۆ داخستن ‹در شهر شهرت دادند کە قرار است کودتا بشود: لە شار دەنگ و دویان داخست کە بڕیارە کوودەتا بێ›.

شهرت داشتن: ناو دەرکردن؛ بەناوبانگ بوون؛ ناسیاو بوون؛ ناوبانگ دەرکردن؛ نامدار بیەی؛ ناو داخستن ‹بە درستکاری و مردمداری شهرت داشت: بە درووسکاری و خەڵک دۆستی ناوی دەرکردبوو›. هەروەها: **شهرت یافتن**

شهرت‌پرست / šohratparast/: [عربی/ فارسی]

☜ **شهرت‌طلب**

شهرت‌طلب / šohrat.talab، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. ئاوازەخواز؛ خوازیاری ناودار بوون. هەروەها: **شهرت‌پرستی؛ شهرت‌طلبی**

▣ **صاف کردن**: ١. لووس کـردن؛ سـاف کـردن ٢. ڕێک‌وپێـک‌کـردن؛ تـەکووزکردن ٣. پـاک کردن؛ یەک‌لا کردن؛ تەخت کردن ‹حساب را صاف کردن: پاک‌کردنەوەی حەساب› ٤. پالاوتن؛ پاڵفتن؛ پەرزنەی؛ بە پاڵوێنەداکردن؛ ترهاندن؛ نسلاندن؛ لە سافی دان. هەروەها: **صاف بودن؛ صاف شدن**

صاف[2]: قید. /گفتاری/ ڕاست؛ ڕێک؛ ڕاس؛ تـەخت؛ یەکڕاست؛ یەکڕاس؛ بە شێوەی ڕاستەوخۆ ‹صاف رفت توی مغازه: ڕاست ڕۆیشتە نێو دووکانەکەوە›.

صـافکار /sāfkār، ـهـا/: [از عربـی/ فارسـی] /اسـم. سافکار؛ کەسێ کە کاری سافکاریە.

صـافکاری / sāfkārî/: [از عربـی/ فارسـی] /اسـم. سافکاری: ١. کار و ڕەوتی نەهێـشتنی گنجـی و قوپاوی قاپلۆخی ماشین و وەک ئەوانە ٢. /ـهـا/ کارگەی تایبەتی ئەم کارە.

صـاف‌وسـاده / sāf-o-sāde/: [از عربـی/ فارسـی] صفت. /مجازی، گفتـاری/ سـاویلکە؛ بـێ‌ئـەزموونی دڵ‌ساکار ‹تـو هـم عجـب صـاف و سـاده‌ای!: پـەکوو تۆیش چەندە ساویلکەی!›.

صـاف‌وصـادق / sāf-o-sādeq/: [از عربـی/ عربـی] صفت. /گفتاری/ بـێ‌گـەرد؛ بـێ‌گـرێ؛ ڕاسـتبێـژ؛ دروستکار و دڵپاک.

صاف‌وصوف / sāf-o-sûf/: [از عربی] *صفت.* *[گفتاری]* ساف‌وسۆڵ؛ لووس؛ تەکووز و ڕازاوە ‹صورتش را صاف و صوف کرد: ڕوومەتی ساف‌وسۆڵ کرد›.

صافی / sāfî/: [عربی]*/اسم.* سافی: ۱. پاڵێن؛ پاڵوێن؛ شتێک بە ڕووبەری کون‌ـ‌کونەوە بۆ هەڵاواردنی تراو لە شتی خۆگر ‹صافی چای: پاڵوێنی چای› ۲. پاڵوێنکە؛ پاڵوێنە؛ پاڵێوکە؛ ڕاوک؛ پاڵێن؛ پەرزەوانە؛ پارزونگ؛ تیجە؛ هەیرانۆکە؛ ماک یان شتێکی تۆ‌ـ‌تۆ (وەک پارچە، کاغەز، لم یان خەڵووز) بۆ پالاوتنی تراو ۳. *[برق]* ئامێرێک بۆ جیاکردنەوەی ڕەوتی کارەبا بە پێی فریکانسیان ٤. *[نورشناسی]* فیلتر؛ کەرەستە یان شتێکی نیوەڕوون کە بەشێ لە تیشکی لێدراو وەخۆ دەگرێ ٥. لووسی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ساف و لووس بوون.

صالح / sāleh، ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* گونجاو؛ چاک؛ چاک‌وپاک؛ خاس؛ خاوەن لێهاتوویی و شیاوی ‹نمایندەی صالح: نوێنەری گونجاو›.

صامت / sāmet/: [عربی] *صفت.* بێ‌دەنگ؛ کپ ‹نشسته بود و داشت یکی از فیلمهای صامت را تماشا می‌کرد: دانیشتبوو یەکێ لە فیلمە بێ‌دەنگەکانی سەیر دەکرد›.

صانع / sāne'/: [عربی]*/اسم.* *[ادبی]* ئافرێنەر؛ خولقێنەر؛ چێکەر؛ دروست‌کەر؛ درووسکەر: ۱. سازێنەری شتێک ۲. بەدیهێنەری شتێک.

صایب / sāyeb/: [عربی] *صفت.* *[ادبی]* بەجێ؛ بە هەتەر یان کاردانەوەیەکی ڕاست و دروست ‹رأی صایب؛ نظر صایب: ڕای بەجێ؛ تێبینی بەجێ›: **صائب**

صایم / sāyem/: [عربی] *صفت.* *[ادبی]* ڕۆژوو؛ بەڕۆژوو؛ ڕۆژگ؛ ڕۆژگەوان؛ ڕۆژەوان؛ ڕۆژیەوان؛ ڕۆچەوان: **صائم**

صبا / sabā/: [عربی]*/اسم.* ۱. سروە؛ بایەک کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە دەشنێ ۲. شەماڵ؛ شنە؛ شنەبا؛ نەرمەبا؛ بای فێنک و خۆش.

صباح / sabāh/: [عربی]*/اسم.* *[گفتاری]* ڕۆژ؛ ڕۆ؛ ڕۆج؛ ڕۆچ؛ ڕووژ ‹چهار صباح کار می‌کند، زود دلش را می‌زند: چوار ڕۆژ کار دەکا، زوو دڵی لێ هەڵدەکەوێ›.

صباحت / sabāhat/: [عربی]*/اسم.* *[ادبی]* جوانی؛ خۆشیکی؛ قەنجی؛ قۆزی؛ قەشەنگی؛ جوان‌خاسی؛ خوجوانی؛ جوان‌چاکی.

صباغ / sabbāq، ـها؛ ـان/: [عربی]*/اسم.* *[قدیمی]* خومچی؛ خمچی؛ خومخانەچی؛ خمگەر؛ ڕەنگرێژ؛ گازرکار.

صباوت / sabāvat/: [عربی]*/اسم.* *[ادبی]* مندالی؛ منالی؛ زاولەیی؛ زارۆلەیی؛ زارۆیی.

صبح[1] / sobh، ـها/: [عربی]*/اسم.* بەیانی؛ سۆ؛ سەوا؛ سوا؛ سب: ۱. شەوەکی؛ کاتی دەسپێکی ڕۆژ ‹صبح شده بود، خورشید داشت طلوع می‌کرد: بەیانی ببوو، خۆر خەریک بوو هەڵدەهات› ۲. شەوەکی؛ ساعب؛ سەبا؛ سوا؛ هەوەڵ بەشی ڕۆژ ‹ساعت ۱۰ صبح به دیدنش رفتم: کاتژمێر ۱۰ی بەیانی چووم بۆ دیتنی›.

▣ **صبح زود/ سحر**: بەیانی زوو؛ سەرسۆ؛ مەلابانگدان؛ بەرەبانگ؛ شەوەکی؛ گەڤل؛ سەرەتای سۆ.

صبح صادق: بەرەبەیانی؛ بەرەبەیان؛ سەر لە بەیانی؛ کاتی بەیانی کە هێڵێکی سپی لە ئاسۆوە دیار دەبێ و پەرە دەستێنێ.

صبح کاذب: کازێوە؛ کازیوە؛ کازوکووز؛ کاتێ لە شەو کە ڕووناکیەکی کەم بۆ ماوەیەکی کورت لە ئاسۆی ڕۆژهەڵاتیەوە دەردەکەوێ و پاشان لادەچێ.

صبح[2]: *قید.* بەیانی؛ شەوەکی؛ سەرسۆ؛ سۆحا؛ سەبای؛ سەبەی؛ لە سەرەتای ڕۆژدا ‹صبح رفتم

اداره: بەیانی چوومە مەزرینگە›.

صبحانه / sobhāne/: [عربی/ فارسی]/اسم. چاشتا؛ ناشتا؛ بەرچایی؛ تاشت؛ ژێرقلیان؛ بەرقلیان؛ تاشتی؛ قاوەتی؛ قووالتی؛ زیرقەلوو؛ تێشت؛ سوبحانە؛ خواردەمەنیەک کە لە کاتی بەیاندا دەخورێ.

صبح به خیر / sob(h)bexeyr/: [عربی/ فارسی/ عربی] دعا. بەیانی باش؛ سواخەیر؛ سەباخەیر؛ سەواخەیر؛ ڕێز وشەیێ کە بەیانیان کاتی پێک‌گەیشتن دەگوترێ، واتا هیوادارم بەیانی بە خۆشی دەست پێبکەی ‹سلام کردم و صبح‌به‌خیر گفتم، کسی جوابم را نداد: سەلامم کرد و بەیانی‌باشم گوت، کەس لێمی نەسەندەوە›.

صبحدم[1] / sobhdam/: [عربی/ فارسی]/اسم. /ادبی/ ۱. بەربەیان؛ بەیانی ۲. بەیانەکی؛ گەڤل؛ بەیانی زوو؛ سەرسۆ؛ سەرەتای بەیانی.

صبحدم[2]: قید. /ادبی/ دەمەوبەیان؛ بەرەبەیان؛ شەوەکی؛ لە کاتی بەیانیدا.

صبحگاه / sobhgāh ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. بەرەبەیان؛ شەوەکی؛ کاتی بەیانی.

صبحگاهان / sobhgāhān/: [عربی/ فارسی] قید. بەیانی؛ سەر لە بەیانی؛ بەرەبەیان؛ بەیانیان؛ دەمدەمانی بەیانی.

صبحگاهی / sobhgāhî/: [عربی/ فارسی] صفت. بەیانیان؛ سەر لە بەیانیان؛ پێوەندیدار یان سەر بە سبحەوە ‹ورزش صبحگاهی: وەرزشی بەیانیان›.

صبر / sabr/: [عربی]/اسم. ۱. سەور؛ سەبر؛ کاری ڕاوەستان؛ وەستان و چاوەڕوانی تا کاتی شیاو ‹صبر کردم تا هوا کاملاً روشن شود: ڕاوەستام تا هەوا تەواو ڕوون بێتەوە› ۲. سەور؛ سەبر؛ نتم؛ پشوودرێژی؛ پشوو لەسەرخۆیی؛ خۆڕاگری؛ بێن‌فرەهی؛ پڕزوویی؛ پرزەداری؛ تەوات؛ تەوتین؛ دایاخ ‹صبر کن بزودی دردش ساکت می‌شود: سەورت هەبێ زوو ئێشەکەی دەسرەوێ› ۳. /فرهنگ‌مردم/ سەبر؛ سەور؛ یەک پژمە؛ بەرامبەر: جەخت ۴. قالی‌شاری؛ تالی‌شاری؛ هەزاوا؛ عەزاوا؛ ئەزوا؛ هەزوا؛ عەزوا؛ مور؛ گیایەکی سەلکداری گەلائەستووری قەراخ دڕکاویە، شیراوەیەکی تالی لێ دەردێ کە بۆ دەرمان دەشێ.

▣ **صبر ایوب**: /کنایی/ سەبری ئەیووب؛ تاقەت و پشوودرێژی زۆر.

⊡ **صبر آمدن**: سەبر هاتن؛ سەور هاتن؛ لە کاتی ئەنجامی کارێک، لە نەکاو تاقە پژمەیەک‌کردن (زۆرێک لەو کاتەدا یا کارەکە ناکەن یان ماوەیەک دەست ڕادەگرن) ‹خواستم بروم صبر آمد: ویستم بڕۆم سەبر هات›.

صبر داشتن: سەبر هەبوون؛ پشوودرێژ بوون؛ بە تاقەت بوون؛ پڕزوو بوون؛ دەرهەڵ نەبوون ‹کمی صبر داشته باش، خوب می‌شود: تۆزێ سەبرت هەبێ، چا دەبێ›.

صبر کردن: ڕاوەستان؛ وێسان؛ وێسیان؛ خۆگرتن؛ سەبر/ سەور کردن.

صبر کسی به سر آمدن: /ادبی/ تاقەتی کەسێک بڕان؛ ئۆقرە بۆ کەسێ نەمان؛ چی‌دی لەسەر ئەو دۆخە نەوەستان ‹صبرم به سر آمد، فریاد زدم و با مشت به در کوفتم: تاقەتم بڕا، هاوارم کرد و بە مشت لە دەرکەم دا›.

صبرزرد / sabrezard/: [عربی/ فارسی]/اسم. هەزاوا؛ عەزاوا؛ مۆر؛ تالیشاری؛ ژەقنەمووت ۱. /ـها/ گیایەکی تایبەتی ناوچەی گەرمیان، بە گەلای ئەستوور و کەتیرەدارەوە ۲. ناوی کەتیرەی گەلای ئەو گیایە.

صبغه / sebqe/: [عربی]/اسم. /ادبی/ بار؛ بۆن؛ تام؛ ڕەنگ ‹سخنانش اندکی صبغه‌ی تعصب داشت: وتەکانی تۆزێک بۆنی ڕکەی پێوەبوو›.

صبور / sabûr/: [عربی] صفت. /ادبی/ پڕزوو؛

بەبڕست؛ بە تابشت؛ بە تاقەت؛ پشوو لەسەرخۆ؛ بێن‌فرەه ؛ نەرموو؛ سەرەخۆ؛ کاوەخۆ؛ خۆڕاگر؛ بە گیر.

صبوری / sabûrî، ـها/: [عربی]/اسم. /ادبی/ پرزوویی؛ بە برستی؛ پشووولەسەرخۆیی؛ بێن‌فرەهی؛ سەرەخۆیی؛ کاوەخۆیی؛ سەبووری؛ دۆخ یان چۆنیەتی بەتاقەت و پشوودرێژ بوون.

صبه / sobbe/: [عربی] ☜ **مندایی-۱**

صبیه / sabîy(y)e، ـها/: [عربی]/اسم. /ادبی/ ۱. /نامتداول/ کیژۆلە؛ کچۆلە؛ کناچلێ؛ کچی کەمتەمەن و منداڵکار ۲. کچ؛ کەنیشک؛ کناچێ؛ کچکا؛ دوێت؛ دۆت؛ دۆتە؛ منداڵی مێوینەی کەسێک ‹این خانم صبیەی شماست؟: ئەم خانمە کچی ئێوەیە؟›.

صحابه / sahābe/: [عربی] ۱. جمعِ ☜ **صحابی** ۲. ☜ اصحاب رسول الله، **اصحاب**

صحابی / sahābî، صحابه؛ اصحاب/: [عربی]/اسم. سەحابی؛ یاران؛ هەر کام لەو کەسانەی کە لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام، ئیمانیان پێ‌هێنا و لە بەر دەستی بوون و ئەویش لەگەڵیان ڕاوێژی دەکرد.

صحاری / sahārî/: [عربی] جمعِ ☜ **صحرا**

صحاف / sahhāf، ـها؛ ـان/: [عربی]/اسم. جزوبەند؛ کەسێ کە کاری جزوبەندیە.

صحافی / sahhāfî/: [عربی]/اسم. جزوبەندی: ۱. کار و ڕەوتی دەستەکردن، برین، چەسپاندن، دوورین و بەرگ‌گرتنی پەڕەی کاغەز بۆ دروست‌کردنی دەفتەر و کتێب ‹جلد کتاب پارە شدە، باید صحافی شود: بەرگی کتێبەکە دڕاوە، دەبێ جزوبەندی بکرێ›. هەروەها: **صحافی‌شدن؛ صحافی‌کردن** ۲. /ـها/ کارگەی جزوبەندی ‹بردم صحافی گفتند یک هفتە کار دارد: بردم بۆ جزوبەندی، گوتیان حەفتەیەک کاری هەیە›.

صحبت / sohbat، ـها/: [عربی]/اسم. قسە؛ وت‌وویژ؛ وتە؛ گوتە؛ بێژە: ۱. کار یان ڕەوتی قسەکردن، بەتایبەت ئاخاوتنی چەن کەس پێکەوە ‹صحبت کردن: قسەکردن› ۲. باس؛ قسە و باس؛ گوڕ؛ بابەتی قسە لێکراو ‹صحبت بر سر پول است: قسە لەسەر پارەیە›.

◘ **صحبت به میان آمدن:** قسە هاتنە ئاراوە؛ قسە لێکران؛ وت‌وویژ لەمەڕ شتێکەوە کران ‹صحبت کتاب به میان آمد همه فریادشان بلند شد: قسەی کتێب هاتە ئاراوە، هەموو دەنگیان بەرزەوە بوو›.

هەروەها: **صحبت به میان آوردن**

صحبت چیزی/ کسی بودن: قسەی شتێ/ کەسێک بوون؛ باسی شتێ/ کەسێک بوون؛ لەمەڕ شتێ یان کەسێکەوە ئاخاڤتن ‹صحبت انتخابات بود، هر کسی چیزی می‌گفت: باسی هەڵبژاردن بوو، هەر کەسێ شتێکی دەگوت›.

هەروەها: **صحبت چیزی/ کسی شدن**

صحبت شدن: قسەکران؛ باس‌کران؛ وت‌وویژ بوون ‹دربارەی کار تو هم صحبت شد: لە مەڕ کاری تۆشەوە قسەکرا›.

صحبت کردن: قسەکردن؛ قسە/ قسێ کەردەی: ۱. باس‌کردن؛ وت‌وویژکردن ‹از خاطرات مدرسە صحبت کردیم: لە بیرەوەریەکانی قوتابخانە قسەمان کرد› ۲. پەیڤین؛ دوان ‹اصلاً با من صحبت نکرد: لەگەڵ مندا هیچ قسەی نەکرد›.

صحت / sehhat/: [عربی]/اسم. ۱. ڕاستی؛ ڕاسی؛ دروستی؛ درووسی؛ پاکی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕاست و دروست بوون ۲. تەندروستی؛ لەش‌ساغی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سەلامەت بوون.

◙ **صحت آب گرم:** عافیەت؛ ڕێز وشەی لە حەمام هاتنە دەر، واتا «بە هیوای لەش‌ساغی پاش حەمام‌کردنت».

صحت خواب: سێحەتی خەو؛ سەحەت خەو؛ ڕێز وشەی لە خەو هەستانەوە، بە واتای

«هیوادارم خەو ساغی بۆت هێنابێ».

صحت وسقم / sehhat-o-soqm/: [عربی]/اسم. ڕاست و درۆ؛ دروست یان نادروست بوونی بابەتێک ‹من از صحت‌وسقم موضوع چیزی نمی‌دانم: من لە ڕاست و درۆی بابەتەکە شتێک نازانم›.

صحرا / sahrā ، ـها؛ صحاری/: [عربی]/اسم. بیاوان؛ بیابان؛ بێروون؛ ڕووتەن؛ دەشت: ۱. چۆڵ؛ چۆل؛ چۆلگە؛ قووزی؛ سارا؛ وشکارۆ؛ گەوەر ۲. دەر؛ دەرەوەی دەڤەری تێدا ژیان.

▣ **صحرای کربلا**: *[کنایی]* بیاوان؛ جێگای دوور لە ئاو و ئاوەدانی ‹بابا تو ما را آوردی گردش یا صحرای کربلا؟: ئەرێ کاکە تۆ ئێمەت هێناوە بۆسەیران یان بیاوان؟›.

صحرای محشر: *[اسلام]* مەیدانی مەحشەر؛ سارای مەحشەر؛ بیاوانێکی پان و بەرین کە دەڵێن لە ڕۆژی مەحشەردا هەموو خەڵکی بۆ پێڕاگەیشتن بە کاری دنیایان تێیدا کۆ دەکەنەوە.

▣ **بە صحرای کربلا زدن**: *[مجازی]* کردنە باسی کەر و تێرەکە/ بەرەبۆر؛ بابەتی وتوویژگۆڕان و قسەی خۆکردن ‹بعد از آن زد بە صحرای کربلا و مسئلەی عزب بودنش را پیش کشید: پاش ئەوە کردیە باسی کەر و تیرەکە و قسەی سەڵت بوونی خۆی هێنایە ئاراوە›.

صحرائی / sahrā'î/: [عربی] ☜ **صحرایی**

صحراگرد / sahrāgard ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. بیاوانگەڕ؛ هەردەگێڵ؛ بە هۆگرەتی و خوو و خدەی بیابانگەڕیەوە. هەروەها: **صحراگردی**

صحرانشین / sahrānešîn ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. سارانشین: ۱. بیاوانگەڕ؛ هەردەگێڵ ۲. کۆچەر؛ دەشتەکی؛ چۆڵپەرست؛ چۆڵنشین؛ چۆڵمەن ۳. *[کنایی]* دێهاتی؛ لادێیی.

صحرانورد / sahrānavard ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. چۆڵەوان؛ بیاوانگەڕ؛ هەردەگێڵ؛ بە هۆگرەتی و خووی بیاوانگەردیەوە.

صحرانوردی / sahrānavardî ، ـها/: [عربی]/اسم. چۆڵەوانی؛ بیاوانگەڕی؛ هەردەگێڵی؛ کار یان ڕەوتی ڕێگە چوون لە دەشت و سارادا.

صحرایی / sahrāyî ، ـها/: [عربی] صفت. ۱. سارایی؛ دەشتەکی؛ پێوەندیدار یان سەر بە بیاوان ‹آب و هوای صحرایی: ئاو و هەوای سارایی› ۲. *[مجازی]* خۆڕسک؛ خۆڕست؛ خۆوەر؛ خۆدەر ‹گل صحرایی: گوڵی خۆرسک› ❋ **صحرائی**

صحف / sohof/: [عربی] جمع ☜ **صَحیفه**

صحن / sahn ، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. نێوگۆڕک؛ ناوگۆڕک؛ گۆڕک؛ گۆڕکە ‹صحن مجلس؛ صحن دادگاه: نیوگورکی کۆڕ؛ گورکی دادگا› ۲. نێوگۆڕک؛ ناوگۆڕک؛ حەوشەی بینای ئایینی ‹صحن مسجد: ناوگورکی مزگەوت› ۳. *[ادبی]* گۆڕەپان؛ تەختایی؛ پانایی؛ ڕاستایی؛ جێگەی بەربلاو ‹صحن باغ؛ صحن چمن: گورەپانی باخ؛ تەختایی چیمەن›.

صحنه / sahne ، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. شانۆ؛ نیار؛ پەهنەک؛ جێگایەک لە پێشەوەی تەلاری نومایش کە لە ڕووبەری زەوی بەرزترە و ئەکتەرەکان لەوێ کایە دەکەن ‹صحنەی نمایش: شانوی نومایش› ۲. شانۆ؛ وەها جێگایەک لە تەلاری مووسیقادا ۳. شانۆ؛ جێگەی بەرزی ناوەڕاستی سیرک ٤. گۆڕ؛ ناوگۆڕ؛ پەردە؛ بەشێ لە پەردەی شانۆ کە کەسانێک کاری تێدا دەکەن ٥. دیمەن؛ ڕوانگەیەکی ڕاستەکی یان خەیاڵی کە ڕووداوێک نیشان دەدا ‹پلیس برای تشریح حادثه، صحنەی قتل را بازسازی کرد: پولیس بۆ ڕاڤەکردنی کارەساتەکە، دیمەنی قەتڵەکەی دروست کردەوە› ٦. *[کنایی]* مەیدان؛ گۆڕەپان؛ جێگای هاتنە دیاری کار یان ڕووداوێک ‹صحنەی جنگ؛ صحنەی سیاست: گورەپانی شەڕ؛ مەیدانی سیاسەت›.

▣ **بە/ روی صحنه آمدن**: ۱. هاتنە سەر شانۆ؛ نومایش دران ‹هاملت بە صحنه آمد: هاملیت هاتە

سەر شانۆ› ٢. *[کنایی]* هاتنە پێشەوە؛ هاتنە ئاراوە؛ هاتنە کایەوە؛ وە پێش هاتن و کار یان چالاکی‌کردن ‹در همین هنگام دکتر مصدق به صحنه آمد و مردم را علیه قرارداد نفت شوراند: هەر لەم کاتەدا دوکتور موسەدیق هاتە کایەوە و خەڵکی دژ بە بڕیارنامەی نەوت هەڵخڕاند›.

هەروەها: **به/ روی صحنه آوردن/ بردن؛ به/ روی صحنه رفتن**

در صحنه بودن: ١. لە سەر شانۆ بوون؛ لە کاتی نومایش بوون ‹هنرپیشه‌ی اول هنوز در صحنه است: ئەکتەری هەوەڵ هێشتا لە سەر شانۆیە› ٢. *[کنایی]* لە سەر هەست بوون ‹اگر مردم در صحنه باشند کار به کودتا نمی‌کشد: ئەگەر خەڵک لە سەر هەست بن ئەنجامی کارەکە نابێتە کودەتا›.

صحنه‌آرا / sahneārā, -'ārā ، ـها؛ ـیان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* شانۆڕازێن؛ کەسێ کە کاری شانۆتەوزێنیە.

صحنه‌آرایی / sahneārāyî, -'ārāyî ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* شانۆڕازێنی؛ شانۆتەوزێنی؛ کار و ڕەوتی ڕازاندنەوەی شانۆی نومایش یان فیلم، وەک دانانی ئامێری پێویست لە جێی شیاودا.

صحنه‌سازی / sahneîsāzî ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* کاری وەدیهێنانی بار و دۆخێکی ناڕاست و درۆینە وەک شانۆی نومایش بۆ خەڵەتاندنی خەڵکی.

صحنه‌گردان / sahnegardān ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* ١. منشی صحنه ☜ **منشی** ٢. *[مجازی]* شانۆگێڕ؛ بەڕێوەبەری ڕەوتێکی نمایشی یان کارێکی (زۆرتر) نەشیاو ‹آن سال او صحنه‌گردان انتخابات بود: ئەو ساڵە ئەو شانۆگێڕی هەڵبژاردنەکان بوو›.

صحه / sehhe/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ١. واژۆ؛ نیشان؛ ئیمزا ‹نامه را به صحه‌ی ایشان رساندم: نامەکەم دا واژۆیان کرد› ٢. پەسند؛ کار یان ڕەوتی چەسپاندن؛ ئەرێ لێدان؛ گەواهی دان لە سەر ڕاستی شت یان بابەتێک.

▣ **صحه گذاشتن:** ١. واژۆکردن؛ ئیمزاکردن ٢. پەسند کردن؛ گەواهی دان؛ شایەتی دان؛ باوەڕ پێ کردن.

صحی / sehhî/: [عربی] *صفت. [قدیمی]* تەندروستی؛ ساغی؛ ساقی.

صحیح / sahîh/: [عربی] *صفت.* دروست؛ درووس؛ ڕاستەکی؛ دوغری؛ بێ‌لاری و خواری ‹فرمایش شما صحیح است: فەرمایشەکەتان دروستە›.

صحیح وسالم / sahîh-o-sālem/: [عربی] *صفت.* ساق‌وسەلیم: ١. ساغ؛ تەندروست؛ لەش‌ساغ ‹صحیح‌وسالم در برابرتان نشسته‌ام: ساق‌وسەلیم لە بەرامبەرتانەوە دانیشتووم› ٢. بێ‌کەمایەسی؛ بێ‌کەم و کورتی ‹این ساعت صحیح‌وسالم است و دارد کار می‌کند: ئەم کاتژمێرە ساق‌وسەلیمە و کار دەکا›.

صحیفه / sahîfe ، ـها؛ صُحُف/: [عربی] *اسم. [ادبی]* کتێب؛ پەرتووک.

صخره / saxre ، ـها/: [عربی] *اسم.* گاشە؛ گاشەبەرد؛ گابەرد؛ تاش؛ هێژک؛ کەت؛ کەفر؛ کەڤر؛ قەف؛ زاخۆر؛ ڕاز؛ زنار؛ ساغوورەک؛ کەمەرە؛ کەمور؛ کەنەک؛ تیشە؛ شاخ؛ ماوەزەرد؛ بەردی ڕژد و بلند.

صخره‌نورد / saxrenavard ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* ڕازەوان؛ شاخەوان؛ کەسێ کە بە شاخاندا هەڵدەچێ.

صد[1] / sad ، ـها/: *اسم.* سەد؛ سەت: ١. ژمارەی سەرەکی پاش نەوەد و نۆ، پێش سەد و یەک ٢. *[مجازی]* چەندیەتیەکی یەکجار زۆر ‹صد بار اگر توبه شکستی، بازآ !: سەد جاریش تۆبەت شکاند، هەر وەرەوە!›.

▣ **صد تا یک غاز:** *[مجازی]* سەلکە پیاز؛ گەلاچۆنەر؛ بەرگی چەوەندەر؛ پووش؛ مەراش؛ کاپەڕش؛ تەڕەتۆلە؛ دزگین؛ شتی بێ‌بایەخ و هیچ‌وپووچ ‹این حرفهای صد تا یک غاز به چه درد

من می‌خورد؟: ئەم قسە سەلکە بیازانە بە کاری چیم دێن؟›.

صد در صد: سەتاسەت؛ سەدی سەد؛ سەد و سەد؛ سەد لە سەد؛ تەواو؛ پاک ‹صد در صد درست است: سەتاسەت دروستە›.

صد دینار ☜ **صددیناری**

صد سال سیاه: *[مجازی]* هەرگیزای هەرگیز؛ قەت‌ـقەت؛ هەزار ساڵ؛ هیچ کاتێک ‹صد سال سیاه این کار را نمی‌کنم: هەرگیزای هەرگیز ئەم کارە ناکەم›.

▣ **صد تا کفن پوساندن:** *[مجازی]* پێشە بوونە خاک؛ ئێسک و پرووسک پوان؛ پێشە پوترکیان؛ پێشێ نەمەنەی؛ سەد جار مردن؛ زۆر لە مێژەوە مردن ‹او تا حالا صد تا کفن پوسانده: تا ئێستە پیشەی بووەتە خاک›.

صد[2]: *صفت.* سەد؛ سەت: ١. یەکێ زۆرتر لە نەوەد و نۆ دانە ٢. سەدەم؛ سەدەمین ‹من نفر صدم بودم: من سەدەم کەس بووم›.

صدا / sedā, sadā ، ـها/: [عربی]/اسم. دەنگ؛ دنگ؛ دەنگە؛ سەدا: ١. ئەوەی کە دەبیسرێ ‹چە صدایی بود؟: چ دەنگێک بوو؟› ٢. هەستێ کە لە دەزگای ژنەوایەوە بەدی‌دێ ‹گوشم صدا می‌کند: گوێم دەنگ دەداتەوە› ٣. *[فیزیک]* هەستێ کە بە هۆی کارکردنی پەردەی گوێی مرۆ بە هۆی لەرانەوەی هەوا بە فریکانسی ٢٠ تا ٢٠٠٠٠ هیرتز بەدی‌دێت ٤. هاتوچۆی میکانیکی ئامێرێک یان لەرەی بەشێک لە جەستەی گیانەوەرێ (وەک ژێی دەنگی)، کە ببیسرێت ٥. هەر کام لەو نیشانە و پیتانەی ئەلفوبێتکە کە لە کاتی دەربڕینیان لێو نابەسرێن و زمان بە دەم و ددانەوە نالکێ (وەک: ئـا، ئـە ؛ ئـۆ) ٦. *[مجازی]* گازی؛ گاسی؛ هاوار؛ قاوی بەرز، بەتایبەت بۆ بەرهەڵستی ‹آخر صدای مردم درآمد: ئاخری دەنگی خەڵکی دەرهات› ٧. *[مجازی]* چۆنیەتی دەنگ ‹صدای خوبی دارد: دەنگێکی چاکی هەیە› ٨. *[مجازی]* تۆڕی هەناردنی فریکانسی ڕادیۆیی ‹صدای ایران؛ صدای آمریکا: دەنگی ئێران؛ دەنگی ئەمریکا›.

▣ **صدای بلند:** دەنگی بەرز؛ دەنگی بەقەو؛ دەنگێک بە هێز و تیژی زۆرەوە کە چاک ببیسرێ.

صدای بم: دەنگی گڕ؛ دەنگێک بە فریکانسی کەمەوە (وەک دەنگی دەهۆڵ یان پیاو).

صدای تیز: دەنگی زیق؛ دەنگی زیقاوڵ؛ دەنگی بەرز و تیژ.

صدای خفه: دەنگی کپ؛ دەنگی کەم فریکانس و بێ‌ئاواز.

صدای دو رگه: دەنگی دووڕەگە؛ دەنگی نێر؛ دەنگی تێکەڵ لە دەنگی کوڕی مێرمنداڵ و پیاو (وەک دەنگی کوڕی تازەپێگەیشتوو).

صدای زیر: دەنگی زیل؛ دەنگی زیک؛ دەنگی تیژ؛ دەنگ بە فریکانسی زۆرەوە (وەک دەنگی زارۆ یان زۆرێک لە گۆرانی‌بێژانی ژن).

صدای کلفت: *[گفتاری]* دەنگی گڕ؛ دەنگێک بە فریکانسی کەمەوە (لەمەڕ مرۆوە).

صدای مخملی: *[مجازی]* دەنگی ساف؛ دەنگی نەرم؛ دەنگی خۆش و دڵنشین.

صدای نازک: *[گفتاری]* دەنگی زیل؛ دەنگ بە فریکانسی زۆرەوە (لەمەڕ مرۆوە).

▣ **صدا بلند شدن:** دەنگ بەرزەوە بوون: ١. دەنگ بەدیهاتن ‹صدای اذان بلند شد: دەنگی بانگ بەرزەوە بوو› ٢. بوونە قاڵ؛ بوون بە قرموقاڵ؛ هەرا و هوریا هەڵسان ‹ناگهان توی کوچه صدا بلند شد: لە نەکاو لە کۆڵانەوە بوو بە قاڵ›.

صدا به صدا نرسیدن: زەنا‌ـ زەنا بوون؛ دەنگ گوم بوون ‹توی آن شلوغی صدا به صدا نمی‌رسید: لەو هەرا و هوریایەدا دەنگ گوم دەبوو›.

صدا دادن: دەنگ دانەوە؛ دەنگ لێ بەرزبوونەوە؛ دەنگ بەدیهێنان ‹وقتی بمب

منفجر می‌شد، نمی‌دانی چه صدایی می‌داد!: کاتێ کە بومب دەتەقایەوە، نازانی چ دەنگێکی دەدایەوە!›.

صدا درآوردن: دەنگ دەرهێنان؛ دەنگ دەرهاوردن؛ بوونە هۆی بەدیهاتنی دەنگ ‹از خودش صداهای عجیب درمی‌آورد: دەنگی سەیری لە خۆوە دەردینا›.

صدا زدن: بانگ‌کردن؛ گازی‌کردن؛ گاسی‌کرن؛ قاوکردن؛ چڕین؛ چڕیەی ‹برادرم را صدا زدم، جواب نداد: براکەمم بانگ کرد، وەلامی نەداوە›.

صدا کردن: ١. بانگ‌کردن؛ گازی‌کردن؛ قاو کردن؛ چڕین ‹تاکسی صدا کردم: تاکسیم بانگ کرد› ٢. دەنگ دانەوە؛ دەنگ لێ‌هاتن؛ دەنگ دەرهاتن؛ دەنگەوەدەی ‹سینی از دستم افتاد بدجوری صدا کرد: سینیەکە لە دەستم داکەوت خراپ دەنگی‌دایەوە› ٣. *[مجازی]* دەنگ دانەوە؛ دەنگەوە دەی؛ بوونە هۆی سەرنج ڕاکێشان و وت‌وویژی خەڵکی ‹کارش خیلی صدا کرد: کارەکەی زۆر دەنگی دایەوە›.

صدای چیزی را درنیاوردن: *[مجازی]* پا بەسەردا ساوین؛ دەنگی شتێ دەرنەهێنان؛ بان چتێک نیانەوە؛ لە بارەی شتێکەوە هیچ بە کەسێک نەگوتن ‹پول آزاد را خورد و صدایش را هم در نیاورد: پارەی ئازادی خوارد و پاشی بەسەردا ساوی›.

صدای کسی از ته چاه درآمدن: *[کنایی]* بەحاڵ نووزەی کەسێ دەرهاتن؛ میزەی کەسێ هاتن؛ دەنگ ژار کەسێ هاتن؛ دەنگی کەسێک زۆر کز و لاواز بوون.

صدای کسی از جای گرم درآمدن: *[کنایی]* هەناسەی کەسێ لە جێگای گەرمەوە هاتنە دەر؛ هەناسەی کەسێ گەرم بوون؛ لە گیر و گرفت بێ‌خەبەر بوون ‹تو هم صدایت از جای گرم درمی‌آید، من پول برای این طور چیزها از کجا بیاورم؟: تۆیش هەناسەت لە جێگەی گەرمەوە دێتە دەرەوە، من پارەی ئەم شتانەم لە کوێ بوو؟›.

صدای کسی درنیامدن: دەنگی کەسێک دەرنەهاتن: ١. هیچ نەگوتن ٢. *[کنایی]* بەرهەڵستی نەکردن ‹چرا با این‌همه ظلم صدای کسی درنمی‌آید: بۆچی بەم هەموو ناحەقیە دەنگی کەس دەرنایەت›.

صدای کسی را درآوردن: *[مجازی]* دەنگی کەسێک دەرهێنان؛ دەنگ کەسێ دەرهاوردن؛ کەسێ وەڕەزکردن؛ بوونە هۆی تووڕەیی و بەرهەڵستی کەسێک ‹صد دفعه گفتم صدای من را در نیار: سەد جارم پێ‌گوتی دەنگم دەرمەهێنە›.

صدای کسی گرفتن: دەنگی کەسێک نووسان؛ دەنگی کەسێ گیران؛ دەنگوو یۆی گیریەی؛ بە هۆی ماندوویەتی یان نەخۆشی، دەنگی کەسێک باش دەرنەهاتن ‹چرا صدایت گرفته؟: بۆچی دەنگت نووساوە؟›.

به صدا درآمدن: هاتنە دەنگ؛ دەنگ لێوە هاتن؛ دەنگی شتێک بیسران ‹رأس ساعت ١٢، ناقوس به صدا درآمد: لەسەر کاتژمێری ١٢، ناقووسەکە هاتە دەنگ›.

ـ صدائی / sedā'î/: [عربی] ☜ **صدایی**

صدابر / sedābar/: [عربی/ فارسی]/اسم/ دەنگ‌بەرە؛ دەنگ‌بەر؛ میکرۆفون.

صدابرداری / sedābardārî/: [عربی/ فارسی]/اسم/ کار یان ڕەوتی تۆمارکردن؛ تۆماری دەنگگەلی بەرنامەیەک (وەک: فیلم، نومایشی ڕادیۆیی، بەرنامەی تەلەڤیزیۆن و...). هەروەها: **صدابردار**

صدابندی / sedābandî/: [عربی/ فارسی]/اسم/ کار یان ڕەوتی عایقکاری شتێ یان جێگایەک لە بەرانبەر دەنگەوە.

صداپیشه / sedāpîše/: [عربی/ فارسی]/اسم/ دووبلۆر؛ کەسێ کە بە جێگەی ئەکتەران قسەیان دەڵێتەوە.

صداخفه‌کن / sedāxafekon ، ـها/: [عربی

فارسی]/اسم. دەنگبڕ؛ ئامێرێک بۆ کەمکردنەوەی دەنگ ‹صدا خفه‌کن اگزوز: دەنگبڕی ئیگزوز›.

صدادار / sedādār/: [عربی/ فارسی] صفت. ۱. دەنگدار؛ بە دەنگ؛ بە دەنگی بەرزەوە ۲. ☜ حروف صدادار، **حرف**

صدارت / sedārat, sadārat/: [عربی]/اسم. /ادبی/ ۱. سەرۆکایەتی؛ سەرۆکی ۲. سەرۆکوەزیری.

صداع / sodā'/: [عربی]/اسم. /ادبی/ سەرئێشە؛ سەرێشە؛ سەرەئێشە؛ ژانە سەر.

صداق / sedāq, sadāq/: [عربی]/اسم. /فقه/ مارەیی؛ مارەبڕانە.

صداقت / sedāqat, sadāqat، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. ڕاستبێژی؛ ڕاستوێژی؛ ڕاستگۆیی؛ ڕاسواچی ۲. دروستکاری؛ درووسکاری؛ سەرڕاستی.

صداگذاری / sedāgozārî/: [عربی/ فارسی]/اسم. کار یان ڕەوتی دەنگ لە سەر دانان؛ تۆمار کردنی دەنگی پێویست لە سەر فیلم (وەک گفتوگۆ، مووسیقا، دەنگی شانۆ و...)

صداگیر / sedāgîr، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. دەنگبڕ؛ ئامێرێک بۆ کەمکردنەوە یان لە نێو بردنی دەنگەدەنگ.

ـ صدایی / sedāyî/: [عربی] پیواژه. ـ دەنگی؛ پێوەندیدار یان سەر بە دەنگەوە ‹آواز دوصدایی؛ همصدایی: ئاوازی دوودەنگی؛ هاودەنگی›: **صدائی**

صدبخشی / sadbaxšî/ ☜ درجه صدبخشی، **درجه**

صدد / sedad/: [عربی]/اسم. نیاز؛ ویست؛ خواز؛ وازی ئەنجامی کارێک ‹او در صدد شرکت در کنکور دانشگاه بود: بە نیازی بەشداری لە ئەزموونی زانستگادا بوو›.

⊡ **در صدد برآمدن:** ویستن؛ بە نیاز بوون.

در صدد بودن: گەرەک/ هەرەک بوون؛ بە نیاز بوون؛ خوازیار بوون؛ ویستن؛ گەرەک بیەی؛ نیاز بیەی ‹او در صدد بود مغازه باز کند: گەرەکی بوو دوکان دانێ›.

صددیناری / sad.dînārî/: [فارسی/ یونانی از لاتینی]/اسم. /گفتاری/ تاکەقەرانی؛ سەددیناری؛ دەشایی؛ پەنابا؛ پەناوا؛ سکەیەکی ئێرانی تا دەکانی ۱۳٤۰ی کۆچی ـ هەتاوی باو بوو، بەرامبەر بە یەک ڕیاڵ: **صنّاری؛ صنّار**

صدر / sadr/: [عربی]/اسم. /ادبی/ ۱. سەرۆک؛ سەرەک ‹صدر مائو: سەرۆک مائۆ› ۲. /نامتداول/ سینگ؛ سنگ؛ سینە ۳. ژوور؛ سەر؛ بان؛ باڵا ‹صدر مجلس؛ از صدر تا ذیل: ژووری کۆڕ؛ لە بان تا خوار› ٤. سەرەتا؛ هەوەڵ؛ دەسپێک ‹صدر اسلام: سەرەتای ئیسلام› ٥. /ادبیات/ سەدر؛ پاژی هەوەڵ لە باڵی یەکەمی هەر دێڕێک.

صدراعظم / sadr(e)a'zam، ـها/: [عربی]/اسم. سەرۆکوەزیر؛ سەرۆکوەزیران.

صدرنشین / sadrnešîn، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. /ادبی/ بالانشین: ۱. ژوورنشین ۲. /کنایی/ پلە بان؛ بە پلە و پایەی بەرزەوە ۳. خاوەن بانترین پلە و پایە ‹صدرنشین مسابقات: بالانشینی کێبەرکێکان›.

صدری[1] / sadrî/: [عربی]/اسم. سەدری؛ چەشنێ برنجی زۆر باشی ئێرانی.

صدری[2]: صفت. سنگی؛ سینگی؛ سەر بە سینەوە ‹آنژین صدری: بەرهەنگی سنگی›.

صدف / sadaf، ـها/: [عربی]/اسم. سەدەف؛ لەپکە؛ قاوغ؛ قالک؛ گوێماسیلە؛ گەوهەران؛ پۆشەنی قسڵی کە بڕێ دەریاژیان بۆ خۆپارێزی دەریدەدەن و بە ماسوولکەیەک لە ناوەوە دەلکن پێوە.

صدفی / sadafî/: [عربی] صفت. لەپکەیی؛ سەدەفی: ۱. چێکراو لە سەدەف ‹زیرسیگاری صدفی: ژێرسیگاری لەپکەیی› ۲. بە ڕەنگی بریقەدارەوە کە تیشک هەڵدەگەڕێنێتەوە ‹لاک صدفی: لاکی لەپکەیی› ۳. بە بیچمی سەدەف؛

وەکوو لەپکە.

صدق / sedq/: [عربی]/اسم. [ادبی] ۱. ڕاستی؛ ڕاسی ۲. دروستی؛ درووسی.

⊡ **صدق کردن:** دروست بوون؛ درووس بوون؛ ڕێک بیەی؛ دەرهاتن ‹این حکم دربارەی همه صدق می‌کند: ئەم بڕیارە لەمەڕ هەمووانەوە دروستە›.

صدقات / sadaqāt/: [عربی] جمعِ ☜ **صدقه**

صدقه / sadaqe، ـها؛ صدقات/: [عربی]/اسم. دەستاندە؛ سەدەقە؛ خێر؛ ماڵێ کە لە ڕێگەی خودا بە هەژاران دەدرێ ‹حالا که پولهایت پیدا شده بهتر است که صدقه بدهی: ئێستە کە پووڵەکانت دۆزرانەتەوە باشتر ئەوەیە دەستاندە بدەی›.

صدقه‌سری / sadaqesarî/: [عربی/ فارسی]/اسم. [مجازی] سەدەقەسەری؛ ساقەی‌سەر: ۱. بەلاگێڕەوە؛ بەلاگەردان؛ ئەوەی بە مرادی سەلامەت و بێ‌وەی بوونی کەسێ دەیگێڕنە دەوری سەریدا و دەیدەنە هەژارێ ۲. [گفتاری] ئەوەی کە بە خۆڕایی بە کەسێکی دەدەن.

⊡ **از صدقه‌ی سر کسی/ چیزی:** ساقەی سەر کەسێ/ شتێک؛ بە بۆنەی کەسێ/ شتێکەوە ‹از صدقه‌ی سر پولهای پدرم بود که توانستی صاحبخانه شوی: ساقەی سەر پووڵ و پارەی باوکم بوو توانیت بویتە خاوەن‌ماڵ›.

صدگان / sadgān/: اسم. سەدەکان؛ سێهەمین پلەی ژمارەگەلی سەرەکی.

صدم / sadom/: صفت. سەدەم: ۱. بە ڕیز، پلە یان ڕزنی سەدەوە ۲. دووهەمین پلەی دەیانە؛ دوای دەیەم.

صدمات / sadamāt/: [عربی] جمعِ ☜ **صدمه**

صدمه / sad(a)me، ـها؛ صدمات/: [عربی]/اسم. گەزن؛ گەزەن؛ تەگەرە؛ زیان؛ ئازار؛ نسکۆ؛ ئاسیو؛ ئاسیب.

⊡ **صدمه خوردن:** زیان لێکەوتن؛ گەزەن دیتن ‹من هم از تنبلی خودم صدمه خوردم: منیش لە ئەوەزەلی خۆمەوە زیانم لێکەوت›. هەروەها: **صدمه دیدن؛ صدمه زدن؛ صدمه داشتن**

صدمی / sadomî/: ضمیر. سەدەمی؛ ئەوەی لە پلە، ڕیز یان جێگەی سەدەمدایە.

صدمین / sadomîn/: صفت. سەدەمین؛ سەتەمین؛ بە ڕیز، پلە و ڕزنی سەدەمەوە.

صدور / sudûr, sodûr/: [عربی]/اسم. [ادبی] ۱. چۆنیەتی دەرهاتن؛ دەرچوون؛ بەرشیەی ‹صدور دستور: دەرهاتنی فرمان› ۲. کار یان ڕەوتی دەرکردن ‹صدور گواهینامه: دەرکردنی بروانامە›.

صدی / sadî، ـها/: اسم. [گفتاری] سەدی؛ سەد تمەنی؛ ئەسکەناسی یەکسەد تمەنی ‹دو تا صدی گذاشتم کف دستش و آمدم بیرون: دوو دانە سەدیم نایە لەپی دەستی و هاتمەوە دەرەوە›.

صدیق / seddîq/: [عربی] صفت. [ادبی] ۱. ڕاستبێژ؛ ڕاس‌وێژ؛ ڕاس‌واچ ۲. دروستکار؛ درووسکار؛ بێ‌خەوش؛ پاک.

صراحت / serāhat, sarāhat/: [عربی]/اسم. ڕاشکاوی: ۱. ڕاستە و ڕوو؛ بێ‌ڕووبینی؛ ڕاست و ڕەوانی؛ ڕاست و ڕووتی؛ ئاشکرایی و ڕوونی لە گوتنی مەبەستدا ‹با صراحت گفت که حاضر به همکاری نیست: بە ڕاشکاوی گوتی کە هاوکاری ناکا› ۲. ڕۆشنی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ئاشکرا بوون ‹صراحت لهجه: ڕوشنی قسە›.

صراحتاً / serāhatan, sarāhatan/: [عربی]/قید. بە ئاشکرا؛ ڕاست؛ بەپانی؛ بە ڕاشکاوی ‹صراحتاً مخالفت کرد؛ صراحتاً می‌گویم: بە ئاشکرا بەرهەڵستی کرد؛ بە ڕاشکاوی دەڵێم›.

صراحی / sorāhî، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. [ادبی] قەرابە؛ قوڕابە؛ گۆزەڵە؛ تۆنگ؛ دەفری شووشەیی بە ملی باریکەوە ۲. [معماری] ئەستوونەک؛ کۆڵەکەئاسای لە گەچ، سیمان، بەرد یان چێو بۆ جوانکاری کە لە پەنایەک لەبەر هێوان یان لە سەر ڕزنی پلە، مەعجەرەیەک ساز دەکەن.

صراط / serāt, sarāt/: [معرب از لاتینی] *اسم. [ادبی]* ڕێ؛ ڕێگە؛ ڕێگا؛ ڕا.
▣ **به هیچ صراطی مستقیم نبودن:** *[مجازی]* به هیچ شاتیمانێک ئیمان نەهێنان؛ به هیچ مەزەبێ مل نەدان؛ به هیچ شێوەیەک نەهاتنە سەر ڕێ ‹این همکار ما به هیچ صراطی مستقیم نیست: ئەم هاوکارەمان بە هیچ شایەتیمانێک ئیمان ناهێنێ›.

صراف / sarrāf، ـها؛ ـان/: [عربی] *اسم.* گوهێر؛ دراوگۆڕەوە؛ کەسێ کە کاری سەودای پارە و بەڵگەگەلی بایەخدار دەکا.

صرافت / serāfat/: [عربی] *اسم. [گفتاری]* ئاهەنگ؛ ئەندێشە و بیری ئەنجامدانی کارێک.
▣ **از صرافت افتادن:** *[مجازی]* پاشگەز بوونەوە/ کردنەوە؛ دەست هەڵگرتن؛ دەس کێشان؛ واز هێنان؛ واز هاوردن؛ لە بیر و نیازی خۆ بۆ ئەنجامدانی کارێک پەشیمان بوونەوە ‹می‌خواست برود کانادا، خیلی زود از صرافت افتاد: دەیەویست بروا بۆ کانادا، بەلام هەر زوو پاشگەزی کردەوە›. هەروەها: **از صرافت انداختن**
به صرافت افتادن: لێ بڕان؛ بیر و نیازی ئەنجامدانی کارێک کردن ‹یک روز به صرافت افتاد خانه‌اش را بفروشد و برود اروپا: ڕۆژێک لێی بڕا ماڵەکەی بفرۆشێت و بڕوا بۆ ئورووپا›. هەروەها: **به صرافت انداختن**

صرافی / sarrāfî/: [عربی] *اسم.* گوهێرک؛ پارەفرۆشی: ۱. کاری کڕین و فرۆشتنی دراو و بەڵگەی بەبایەخ ۲. *ـها/* دووکان و شوێنی کاری پارەفرۆش.

صرب / serb/: *اسم.* سیرب: ۱. *ـها/* هەر یەکە لە مەردمی ناوەکی سیربستان یان لە ڕەتەوەکانیان ۲. هۆزێ لە ڕەگەزی سلاوی باشووری کە بە زمانی سیرب و کرۆوات قسە دەکەن و شێوە نووسینیان سیریلیە.

صرب‌وکروات / serb-o-k(o)rovāt/: *اسم.* سیرب و کرۆوات؛ لە زمانگەلی سلاو، لە لقی زمانگەلی بالتو- سلاوی، لە دەستە زمانەکانی هیندو- ئورووپایی کە سیرب و کرۆواتەکانی گراقەی باڵکان پێی دەئاخێون.

صربی[1] / serbî/: *اسم.* سیربی؛ زمانی هۆزی سیرب.

صربی[2]: *صفت.* سیربی؛ سیربستانی؛ پێوەندیدار بە سیربستانەوە.

صرصر / sarsar/: [عربی] ☜ باد صرصر، **باد**

صرع / sar'/: [عربی] *اسم. [پزشکی]* فێ؛ پەرکەم؛ فەرکەم؛ خووداری؛ فێداری؛ خێ؛ تەپ؛ خوو؛ گەشکە؛ ئاهۆ؛ سا؛ ئیف؛ جۆرە ئاڵۆزیەکی جار و بارەیە لە مێشکدا بە هۆی خاڵی بوونەوەی نەگونجاوی پێلگەلی ئیلیکتریکی مێشک، کە هەمیشە لەگەڵ لێڵ بوونی ئاوەز و زۆر جار بزرکاوی لەشدایە.

صرعی / sar'î، ـها/: [عربی] *صفت.* خوودار؛ خێدار؛ فێدار؛ سادار؛ تووشی نەخۆشی فێ.

صرف / sarf/: [عربی] *اسم.* ۱. خەرج؛ مەزخ؛ کار یان ڕەوتی خەرج‌کردن یان خەرج بوون ‹صرف پول: خەرجی پارە› ۲. *[گفتاری]* قازانج؛ بەهرە؛ سوود؛ هاقل ‹این کار صرف ندارد: ئەم کارە قازانجی نیە› ۳. *[دستور]* کاری هەڵدان؛ بە کار هێنانی دارشتەکانی کار بە پێی کات و کەس (وەک یەکەم کەسی تاکی ڕابردوو) ٤. کاری خواردن و خواردنەوە ‹چای و شیرینی صرف شد: چا و شیرینی خورا›. هەروەها: **صرف شدن؛ صرف کردن**

صرف / serf/: [عربی] *صفت.* تەنیا؛ تەنها؛ بەس؛ خاڵی؛ بەبێ شتێکی تر ‹تعارف صرف: خولکی تەنیا›.

صرفاً / serfan/: [عربی] *قید.* تەنها؛ تەنیا؛ بەس؛ هەر؛ بەبێ هیچ شتێکی‌تر ‹صرفاً قصد داشت سر و گوشی آب بدهد: تەنها گەرەکی بوو گوێیەک هەڵخا›.

صرف‌نظر / sarfenazar/: [عربی] *اسم.* چاوپۆشی؛ چەم‌پۆشی؛ گوزەشت.

▣ **صرفنظر کردن:** چاو پۆشین؛ چاوپۆشی کردن؛ بووردن؛ هەڵبواردن ‹او از حق خودش صرفنظر کرد: لە مافی خۆی چاوپۆشی کرد›. هەروەها: **صرفنظر شدن**

صرفه / sarfe/: [عربی]/اسم. قازانج؛ سوود؛ بەهرە؛ باهر؛ کەڵک؛ هاقڵ.

▣ **با صرفه:** بە قازانج؛ شیاو و گونجاو دەگەڵ دەس پێوەگریدا ‹برای ما خرید کلی، باصرفه است: بۆ مە، سەندنی یەکجارەکی بەقازانجە›.

▣ **صرفه داشتن:** بە قازانج بوون: ۱. باش بوون ۲. بەکەڵک بوون؛ سوودمەن بوون. هەروەها: **صرفه کردن**

صرفه‌جو / sarfecû ، ـها؛ ـیان/: [عربی/ فارسی] صفت. دەس‌پێوەگر؛ هۆگر بە دەست بە شتەوەگرتن ‹هر قدر خودش ولخرج است، زنش صرفه جوست: هەرچیک خۆی هەڵەخەرجە، ژنەکەی دەس‌پێوەگرە›.

صرفه‌جویی / sarfecûyî ، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. دەس‌پێوەگری؛ قەگری؛ کاری دەست پێوەگرتن؛ گرتنەوە؛ کار و ڕەوتی سەرنج دان بۆ دروست خەرج‌کردن و هەروەها بەکاربردنی شتێک، بۆ بەرگری لە خەسار بوون و هەروەها بۆ کەڵک لێ‌وەرگرتنی باشتر و زۆرتر.

صره / sorre/: [عربی]/اسم. [قدیمی] هەمیان؛ تەکبەند؛ تەگەبەند؛ کیسەی پارە؛ پشتێندی لە مێشن بۆ پارە تێدا هەڵگرتن.

صریح[1] / sarîh/: [عربی] صفت. ئاشکرا؛ ئاشکار؛ ڕوون؛ دیار؛ سەراڤکی؛ ڕەپ و ڕاست؛ بێ دەروایسی؛ بە واتای دیار و ڕوونەوە ‹سخن صریح؛ انتقاد صریح: قسەی ڕوون؛ ڕەخنەی ئاشکرا›.

صریح[2]: قید. ئاشکرا؛ ئاشکار؛ ڕوون؛ بە ئاشکرا؛ بە ڕاشکاوی؛ پان‌بەپان ‹او حرفش را صریح گفت: ئاشکرا قسەی خۆی کرد›.

صریحاً / sarîhan/: [عربی] قید. بەڕاشکاوی؛ ئاشکرا؛ ئاشکار؛ بە ئاشکرا؛ سەراڤکی؛ ڕەپ و ڕاست؛ پان‌بەپان؛ ڕەپ و ڕەوان ‹این عمل را صریحاً محکوم کرد: ئەم کارەی بەڕاشکاوی تاوانبار کرد›.

صعب / sa'b/: [عربی] صفت. [ادبی] دژوار؛ دوژوار؛ دشوار؛ حاستەم؛ ئەستەم؛ گران؛ سەخت؛ چەتوون؛ ئارشە؛ ئاریشە؛ هەسەم؛ ئاسێ؛ هاسێ ‹کار صعب: کاری دژوار›.

صعب‌الحصول / sa'bolhusûl, -hosûl/: [عربی] صفت. [ادبی] دوورەدەست؛ دووردەس؛ بە هەلی دژوارەوە بۆ دەست‌کەوتن ‹چنین موفقیتی صعب‌الحصول است، ولی ارزش تلاش دارد: وەها سەرکەوتنێک دوورەدەستە، بەلام بۆ تێکۆشان دەشێ›.

صعب‌العبور / sa'bol'ubûr, -'obûr/: [عربی] صفت. [ادبی] سەخناخ؛ ساخناخ؛ سەختان؛ ڕژد؛ ئاستەنگ؛ بە ڕێگە بواری دژوارەوە ‹راههای صعب‌العبور کوهستانی: ڕێگە سەخناخەکانی کوێستان›.

صعب‌العلاج / sa'bol'alāc, -'elāc/: [عربی] صفت. [ادبی] ملتاف؛ گران؛ بێ‌دەرمان؛ دەردەگروو؛ بە هەل و چەلی کەم یان درێژخایێن بۆ دەرمان بوون ‹پژوهش برای درمان بیماریهای صعب‌العلاج: تۆژینەوە بۆ دەرمانی نەخۆشیگەلی ملتاف›.

صعب‌الوصول / sa'bolvusûl, -vosûl/: [عربی] صفت. [ادبی] دەس‌نەکەوت؛ دوور لە دەست؛ بە هەلی پێگەیشتنی دژوارەوە ‹غار در یک نقطەی صعب‌الوصول قرار دارد: ئەشکەوتەکە لە جێگایەکی دەس‌نەکەوتدایە›.

صعوبت / su'ûbat, so'ûbat/: [عربی]/اسم. [ادبی] دژواری؛ دوژواری؛ حاستەمی؛ ئەستەمی ‹به علت صعوبت کار، افراد کمی آن را می‌پذیرند: بە بۆنەی دژواری کارەکەوە، کەم کەس خۆی لێ دەدا›.

صعود / su'ûd, so'ûd /: [عربی] *اسم. [ادبی]* کار یان ڕەوتی هەڵچوون؛ هەلاچوون؛ چوونە سەر؛ هەور وەسەی؛ بەرەو سەرەوە ڕۆیشتن ‹محمد اوراز توانست بدون کپسول اکسیژن بە اورست صعود کند: موحەممەدی ئەوراز توانی بەبێ کەپسوولی ئوکسیژن بە ئیوریستدا هەڵچی›.

صعودی / su'ûdî, so'ûdî /: [عربی] *صفت. [ادبی]* هەلاچۆ؛ هەڵبڕ؛ بە تایبەتمەندی لە زیادکردندا بوون.

صعوه / sa've /: [عربی] *اسم.* فیسقە گولە؛ فیرنە گولە؛ کرکرک: ۱. تیرەیەک پەلەوەری وەک چۆلەکە، بە دەندووکی باریک و نووسکن، کە بە شێوەیەکی تایبەت بەڕێوە دەچن و کلک و باڵیان دەبزێون، زۆر توند و بە مەودای کورت دەفڕن ۲. هەریەکە لە پەلەوەرانی ئەو تیرە.

▣ **صعوەی کلاەدار**: مووتە؛ مەلێکی لە تیرەی فیسقەگولە بە دەنگێکی زۆر خۆشەوە.

صغار / seqār /: [عربی] جمع ☜ **صَغیر**

صغر / seqar /: [عربی] *اسم. [ادبی]* ۱. منداڵی؛ منالی؛ منداری؛ زارۆیی؛ زارۆڵەیی؛ وردساڵی؛ کەمتەمەنی ۲. چکۆلەیی؛ چکوولەیی؛ بچووکی؛ بووچکی؛ گچکەیی؛ گولالەیی.

▣ **صغر سن**: کەم تەمەنی؛ تەمەن کورتی.

صغرا / soqrā /: [عربی] *اسم.* ۱. *[منطق]* پێشەکیەک کە بناغەی مەبەستە و باسی لە سەر دەکرێ ۲. بچووکتر؛ چکۆلەتر؛ گچکەتر؛ گولالەتەر؛ وردیتەر.

▣ **صغرا و کبرا چیدن**: *[کنایی]* شێرێ لێرە و ڕێویەک لەوێ؛ ئەم بان و ئەو بان کردن؛ سێ و دوو/ شێتە و ژیرە هێنانەوە؛ وەکوو پێشەکی قسە و باسێک داهێنان بۆ چوونەوە سەر باسی مەبەستی سەرەکی.

صغیر / saqîr ، ـها؛ صغار /: [عربی] *صفت.* ۱. منداڵ؛ منال؛ مندار؛ زاوڵە؛ زارۆ؛ خاوەن تەمەنی کەمتر لە تەمەنی قانوونی ‹هنوز صغیر است: هێشتا منداڵە› ۲. *[فقه]* منداڵ؛ منال؛ مندار؛ زاوڵە؛ بە تەمەنێکی کەمتر لەوەی بەجێهێنانی ئەرکی دینی لە سەربێ ۳. وردساڵ؛ کەمتەمەن ‹فرزند صغیر: منداڵی وردساڵ› ٤. *[ادبی]* چکۆڵە؛ چکوولە؛ چووکە؛ بووچک؛ بچووک؛ گچکە؛ گولالە. بەرانبەر: **کبیر** ‹آسیای صغیر: ئاسیای چکۆلە›.

صغیره / saqîre /: [عربی] ☜ گناه صغیره، **گناه**

صف / saf(f) ، ـها؛ صفوف /: [عربی] *اسم.* سەف؛ سەفە؛ ڕاف؛ ڕیز؛ زنجیرە: ۱. سان؛ کۆمەڵێک لە شت یان کەسان کە زۆرتر بە شێوەی تەکووز لە تەنیشت یان پشتی یەکەوەن ‹صف اتوبوس؛ صف نان: سەفی ئۆتووبووس؛ ڕاقی نان› ۲. ڕزن؛ پێرە؛ هێڵێک کە بەم شێوە بەدیهاتووە ‹اول صف؛ آخر صف: سەرەتای سەف؛ ئاخری زنجیرە› ۳. *[مجازی]* پۆل؛ پێڕ؛ پێرە؛ گرۆ ‹او هم به صف مخالفان پیوست: ئەویش چووە پۆلی نەیارانەوە›.

▣ **صف بستن/ کشیدن**: ڕیز بەستن؛ ڕێچکە بەستن؛ قەتار بوون؛ قەتارە بەستن؛ سەف پێکەی؛ خێزەرە بەستن ‹بروید حیاط و صف ببندید: بڕۆنە حەوشەوە ڕیز ببەستن›.

به صف کردن: ڕیز کردن؛ بە شێوەی قەتارە دەرهێنان ‹همه را به صف کردند: هەموویان ڕیز کرد›.

صف‌آرایی / saf'ārāyî ، ـها /: [عربی/ فارسی] *اسم.* کار یان ڕەوتی ڕیز بەستن؛ بە قەتار بوون؛ ئامادە بوونی گرۆیەک بۆ ملە لەگەڵ گرۆیەکی‌تردا ‹دو تیم در برابر یکدیگر صف‌آرایی کردند: دوو تیم لە بەرانبەر یەکەوە ڕیزیان بەست›.

صفا / safā /: [عربی] *اسم.* سەفا: ۱. شەنگی؛ تەرچکی؛ پاراوی؛ گەشی؛ تەڕوبەری؛ تەڕی و تازەیی ‹آن روزها این باغ صفایی داشت: ئەو ڕۆژانە ئەم باخە سەفایەکی بوو› ۲. خاوێنی؛ دووری لە

پیسی و خەوشی ‹سر و صورت را صفا دادن: سەر و ریش سەفا دان› ۳. /مجازی/ هاودڵی؛ یەکدڵی؛ دۆستایەتی و یەکڕەنگی ‹آدم باصفا: مرۆی باسەفا›.

▣ **صفا آوردن:** سەفا هێنان؛ خۆشی هێنان؛ بوونە هۆی شایی و خوشی ‹خوش آمدید صفا آوردید: بە خێرێن سەفاتان هێنا›.

صفا دادن: /مجازی/ پاک و خاوێن کردنەوە؛ پاک و پوختەکەردەی ‹همە چیز را شست و رُفت و صفا داد: هەموو شتێکی شۆرد و گەسکیدا و پاک و خاوێن کردەوە›.

صفا داشتن: سەفا هەبوون؛ باسەفا بوون؛ خۆش و دلگر بوون ‹خانەشان خیلی صفا داشت: ماڵیان زۆر سەفای هەبوو›.

صفا کردن: /مجازی/ ۱. خۆش ڕابواردن؛ لە دۆخ یان جێگایەک کەیفکردن ‹آن شب خیلی صفا کردیم: ئەو شەوە زۆر خوشمان ڕابوارد› ۲. /نامتداول/ دلۆڤانی نیشاندان ‹صفا کردی کە اینجا خانە کردی: دلۆڤانیت نیشان دا هاتیە لامان›.

صفات / sefāt/: [عربی] جمعِ ☜ **صِفت**

صفاق / sefāq/: [عربی] /اسم. /کالبدشناسی/ چەقاڵتە؛ چەرمەچەقاڵتە؛ پەردەی تەنک و دوو تۆی ناوزگ کە هەناو و هەموو ئەندامانێ کە تێدایە دادەپۆشێ: **پردەی صفاق**

صفت / sefat ، ـها/: [عربی] /اسم. ۱. / صفات/ دانستە؛ چۆناوچۆنی؛ تایبەتی؛ گەوشت؛ چۆنیەتی یان نیشانەی شتێ یان کەسێک کە بەوەوە بکرێ ئەو شتە یان ئەو کەسە بناسرێ، ڕیزبەندی بۆ دانرێ یان لەمەڕیەوە دادوەری بکرێ ‹صفت ارثی؛ صفت اکتسابی: دانستەی میراتی؛ چۆناوچۆنی دەسکەوتی› ۲. / صفات/ خۆ؛ خوو؛ خدە؛ گەد ‹راستگویی صفت خوبی است: ڕاستبێژی خۆیەکی چاکە› ۳. /دستور/ ئاوەڵناو؛ ئاوڵناو؛ وشەیێ کە پێناسەی ناو دەکات و نیشاندەری چۆنیەتی یان چەندیەتیە ‹صفت مفعولی: ئاوەڵناوی بەرکاری›.

▣ **صفت ارثی** ☜ **صفت موروثی**

صفت اشارە: /دستور/ ئاوڵناوی ئاماژە؛ ئاوڵناوێک کە بە شتێ یان کەسێک ئاماژە دەکات (وەک: ئەم، ئەمە، ئەو).

صفت اکتسابی: /زیستشناسی/ دانستەی دەسکەوتی؛ تایبەتیەک کە بوونەوەرێک بۆی هەیە دوایی بە دەستی بێنێ. بەرانبەر: **صفت ذاتی**

صفت بارز: /زیستشناسی/ دانستەی دیار/ بەرچاو؛ تایبەتمەندیەک کە خوانەخوا خۆی دەردەخا. بەرانبەر: **صفت نهفتە**

صفت برتر ☜ **صفت تفضیلی**

صفت برترین ☜ **صفت عالی**

صفت بسیط: /دستور/ ئاوڵناوی سادە؛ ئاوڵناوێ کە لە وشەیەک دروست بووە (وەک: خراپ، باش، دروست).

صفت پرسشی: /دستور/ ئاوەڵناوی پرسیار؛ ئاوڵناوێ کە لەمەڕ شتێ یان کەسێکەوە دەپرسێ (وەک: چۆن؟، کامە؟).

صفت پیراجنسی ☜ **صفت ثانوی**

صفت تعجبی: /دستور/ ئاوەڵناوی سەرسووڕماوی؛ ئاوڵناوێ کە نیشانەی سەیر مان و سەمەرەیی بێت.

صفت تفضیلی: /دستور/ ئاوەڵناوی هەڤیازی؛ ئاوڵناوێ کە نیشانەی بانتری شتێک بە سەر شتێکی تر یان ئەوانیترە (وەک: باشتر، خراپتر): **صفت برتر**

صفت ثانوی: /زیستشناسی/ تایبەتمەندیەکی جەستەیی یان ئاکاری کە دوایی لە گیانداردا بەدی دێ (وەک: ڕیش دەرهێنانی پیاو): **صفت پیراجنسی**

صفت ثبوتی: /زیستشناسی/ تایبەتیەک کە لە کەس یان شتێکدا، هەمیشەییە (وەک: تەڕی

بۆ ئاو). بەرانبەر: **صفت سَلبی**

صفت جامد:/*دستور*/ ئاوەڵناوێک کە لە وشەیەکی تر نەگیرابێت (وەک: داخ، سارد). بەرانبەر: **صفت مشتق**

صفت ذاتی:/*زیست‌شناسی*/ دانستەیەک کە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ شتێکدایە (وەک: گیان بۆ زیندوو). بەرانبەر: **صفت اکتسابی**

صفت سَلبی: دانستەیەک کە نیشاندەری نەبوونی شتێکە (وەک نەزان، نەخوێندەوار). بەرانبەر: **صفت ثبوتی**

صفت شمارشی:/*دستور*/ ئاوەڵناوێ کە نیشانەی ژمارە یان جێگای کەس یان شتێکە (وەک پێنجەم، دەیەم).

صفت عالی:/*دستور*/ ئاوەڵناوێ کە خاوەنەکەی هەڤیازی بە سەر هەموو ئەوانیترەوەیە (وەک باشترین، خراپترین): **صفت برترین**

صفت فاعلی:/*دستور*/ ئاوەڵناوی کرۆکی؛ ئاوەڵناوێ کە نیشاندەری لێهاتووی جێبەجێ کردنی کارێکە لە لایەن خاوەنەکەیەوە (وەک سووتێنەر، کڕیار، باخەوان).

صفت مبهم:/*دستور*/ ئاوەڵناوی نەدیار؛ ئاوەڵناوێ کە نیشاندەری شت یان کەسێکی نەدیارە (وەک فلانی، کەسێک).

صفت مرکب:/*دستور*/ ئاوەڵناوی لێکدراو؛ ئاوەڵناوێ کە لە دوو یان چەند وشە بەدیهاتووە (وەک بەلەپا، تەردەست).

صفت مشبهه:/*دستور*/ ئاوەڵناوێ کە پایەدار یان درێژەدارە (وەک هێژا، توانا).

صفت مشتق:/*دستور*/ ئاوەڵناوێ کە لە وشەی‌تر وەرگیراوە (وەک نەزان، زانا، خوراو). بەرانبەر: **صفت جامد**

صفت مشخصه/ مُمیزە: تایبەتمەندی کەس یان شتێ کە بەوەوە بناسرێت (وەک: درێژ، کورت، زاڵ).

صفت مغلوب ☜ **صفت نهفته**

صفت مفعولی:/*دستور*/ ئاوەڵناوی بەرکاری؛ ئاوەڵناوێ کە نیشانەی کار یان کریانی دۆخێک بە سەر کەس یان شتێکەوەیە (وەک پساو، گیرۆدە).

صفت موروثی:/*زیست‌شناسی*/ دانستەیەک کە گیانەوەر لە پێشینانی خۆی وەریگرتووە: **صفت ارثی**. بەرانبەر: **صفت اکتسابی**

صفت نسبی:/*دستور*/ ئاوەڵناوێ کە سەبارەت بە کەس یان شتێکەوە بێت (وەک پیاوانە، ژنانە، بانەیی).

صفت نهفته:/*زیست‌شناسی*/ تایبەتمەندیەک کە لە کەس یان شتێکدا هەیە، بەلام خۆی دەرناخا: **صفت مغلوب**. بەرانبەر: **صفت بارز**

صفحات / safahāt/: [عربی]/*اسم*. ۱. جمعِ ☜ **صفحه** ۲. دەشت و دەر؛ بەر و بووم؛ کێو و دەشتی بەرین و بێ‌ئاقار ‹در تعطیلات عید به صفحات شمال رفته بودیم: لە نەورۆزدا چووبووین بۆ دەشت و دەری باکوور›.

صفحه / safhe، ـها/: [عربی]/*اسم*. سەفحە: ۱. / صفحات/ لاپەڕە؛ ڕووپەڕ؛ پەڕە؛ هەر یەکە لە دوو لای بەرگێکی کاغەز، مقەوا و وەکوو ئەوانە ‹صفحەی کاغذ؛ صفحەی کتاب: ڕووپەڕی کاغەز؛ پەڕەی کتێب› ۲. / صفحات/ لاپەڕە؛ پەڕە؛ ئەوەی لە سەر پەڕەیەکدا دەنووسرێ ‹یک صفحه از کتاب را خواندم: لاپەڕەیەک لە کتێبەکەم خوێندەوە› ۳. شاشە؛ ڕوو؛ بەری تەخت و لووس ‹صفحەی ساعت: سەفحەی کاتژمێر› ٤. /*هندسه*/ ڕووپەڕێکی تەختی بە بێ ئەستووراییی ٥. قەوارووک؛ سێلک؛ سەفحەی قەوانە؛ ئامێرێکی زۆرتر پلاستیکی (کاغەز یان کانزا) بۆ تۆمارکردنی دەنگ لە سەری.

▣ **صفحەی تصویر/ نمایش**: شاشە؛ سەفحەی کەرەستەیەکی دیمانەیی کە تێیدا وێنە یان نووسراوە لە خانگەلێکی ڕووندا دەبینرێن: **نماگر**

صفحه‌ی ساعت: شاشه‌ی کاتژمێر؛ ڕووپه‌ڕی به‌رووی سه‌عات که کات نیشان ده‌دا.
صفحه‌ی شطرنج: سه‌فحه‌ی شه‌ترەنج؛ ڕووپه‌ڕێکی ٦٤ خانی سپی و ڕه‌ش که له سه‌ریه‌وه شه‌ترەنج ده‌که‌ن.
صفحه‌ی شناسنامه: لاپه‌ڕه‌ی پێناسه؛ ڕووپه‌ڕێک له سه‌ره‌تای کتێبدا که ناو و نیشانی چاپه‌مه‌نی و به‌روار و ساڵ و شوێنی چاپه‌که‌ی و... تێدا نووسراوه.
صفحه‌ی عنوان: لاپه‌ڕه‌یه‌ک له ده‌سپێکی کتێبدا که ناوی کتێبه‌که‌ی تێدا نووسراوه.
▣ **صفحه پر کردن:** پڕکردنه‌وه؛ تۆمارکردن؛ هه‌ڵگرتنی ده‌نگ له سه‌ر ڕووپه‌ڕی گرامافون ‹چند صفحه از سید علی اصغر کردستانی پر کردند: چه‌ند قه‌وانیان له سه‌ی ئه‌سکه‌ر پڕکرده‌وه›.
صفحه‌آرایی / safhe'ārāyî ، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. کاری دانانی نووسراوه، وێنه، ژماره‌ی لاپه‌ڕه و ئاماده‌کردنی کتێب، ڕۆژنامه یان گۆڤار بۆ چاپ: **لیات**. هه‌روه‌ها: **صفحه‌آرا**
صفحه‌ای[1] / safhe'î/: [عربی] صفت. لاپه‌ڕه‌یی؛ ڕووپه‌ڕی؛ په‌ڕه‌یی؛ وه‌ک سه‌فحه ‹آنتن صفحه‌ای: ئانتینی په‌ڕه‌یی›.
صفحه‌ای[2]: قید. لاپه‌ڕه‌یه‌ک؛ ڕووپه‌ڕێک؛ په‌ڕه‌یێ؛ لاپه‌ڕێو؛ به پێی سه‌فحه ‹صفحه‌ای ۵۰۰ تومان برای پاکنویس می‌گرفت: لاپه‌ڕه‌یه‌ک ۵۰۰ تمه‌نی بۆ پاکنووس وه‌رده‌گرت›.
صفحه‌بندی / safhebandî/: [عربی/ فارسی] /اسم. کاری دانانی پیتی چاپی، سه‌رپه‌ڕه، ژماره‌ی لاپه‌ڕه، ژێرنووس، په‌راوێز و ... هه‌رکام له جێی خۆی و به‌ستنیان پێکه‌وه بۆ ئاماده‌ی چاپ بوون. هه‌روه‌ها: **صفحه‌بند**
صفحه‌کلید / safhekilîd, -kelîd ، ـها/: [عربی/ یونانی] /اسم. کیبۆرد؛ ئامێرێ له ده‌سگایه‌ک (وه‌ک که‌مپیوتر) بریتی له بڕێک دوگمه‌ی هه‌ڵوه‌ژێراو، که به گوشاردانی هه‌رکام کارێکی تایبه‌ت ئه‌نجام ده‌درێ: **کی‌بُرد**
صفر / safar/: [عربی] /اسم. سه‌فه‌ر؛ مانگی دووهه‌می ساڵی کۆچی ـ مانگی.
صفر / sefr/: [معرب از سنسکریت] /اسم. سفر؛ سیفر: ۱. /ـها/ نیشانه‌یه‌کی بیرکاری به شێوه‌ی «•» که نیشانده‌ری نه‌بوونی چه‌ندیه‌تیه‌که ۲. خاڵی که‌وتنه ڕێ له حه‌سێب‌کردن یان ئه‌ندازه‌گیریدا ‹نقطه‌ی صفر درجه‌ی هواسنج: خاڵی سیفری پله‌کی هه‌واپێو› ۳. که‌مترین نمره‌ی وانه‌یی که نیشانه‌ی لێنه‌هاتوویی قوتابیه له‌و کارانه‌ی که لێی خوازراوه ‹در شیمی صفر گرفتم: له کیمیادا سیفرم‌گرت› ٤. دۆخی نه‌بوون یان بێبار بوون ‹نتیجه‌ی مسابقه صفر بر صفر شد: ئاکامی کێبه‌رکێ سفر به سفر بوو›.
▣ **صفر مطلق** ☜ دمای صفر مطلق، **دما**
▣ **صفر دادن:** سیفردان؛ سفردان؛ به بۆنه‌ی نه‌بوونی پشک و شیاوی که‌مترین نمره به شتێ یان که‌سێک دان ‹به انشایم صفر دادند: به ئینشاکه‌م سیرفیان دا›.
صفر گرفتن: سیفر گرتن؛ به‌ده‌س‌هێنانی که‌مترین نمره یان پشک.
صفرا / safrā/: [عربی] /اسم. زه‌رداو؛ زه‌رتاڵ؛ کرانتی؛ تالاو؛ سه‌فرا؛ خه‌رداو؛ زێلک؛ تراوی زه‌ردی مه‌یله‌و سه‌وز، تاڵ که له جه‌رگه‌وه ده‌رژێته دوازده‌یینه.
صفرابر / safrābor ، ـها/: [عربی/ فارسی] صفت. زه‌رداوبڕ؛ که‌م‌که‌ره‌وه‌ی ده‌ڵانی زه‌رتاڵ.
صفراوی / safrāvî/: [عربی] صفت. ۱. زراوی؛ زه‌رداوی؛ زراقی؛ پێوه‌ندیدار به زه‌رتاڵه‌وه ۲. ڕمووزن؛ ڕمووزین؛ مه‌ڕه‌مووکه؛ مرداره‌وبووگ؛ له‌ڕ و لاواز، ڕه‌نگ زه‌رد، چه‌ماوه، ڕه‌ش‌بین و گرژ و مۆن.
صفراوی‌مزاج / safrāvîmezāc, -mazāc ، ـها/:

[عربی] صفت. ڕمووزین؛ ڕمووزن؛ مردارەو بووگ؛ مەڕمووکە؛ لەڕ و لاواز، گرژ و مۆن، زەرد هەڵگەڕاو، ڕەشبین و داچەکاو.

صفر کیلومتر / sefrkîlometr, -kîlûmetr/: [معرب/ فرانسوی] صفت. ۱. سفرکیلۆمیتر؛ وشک؛ تازە و نوێ؛ بەڕێوە نەچوو (سەبارەت بە ماشێن) ‹اتومبیل صفر کیلومتر: ماشێنی سفرکیلومیتر› ۲. /ها/ /مجازی/ بێئەزموون؛ کاڵ؛ کاڵ و کرچ ‹یک رییس صفرکیلومتر برایمان فرستادند که از هیچ خبر ندارد: بەرپرسێکی بێئەزموونیان بۆ ناردووین هەر تەقەی سەری دێ›.

صفوف / sufûf, sofûf/: [عربی] جمعِ ☜ **صَف**

صفه / soffe، ـها/: [عربی] /اسم/ /ادبی/ ۱. سەکۆ؛ دکە؛ دک؛ دەکە؛ خواجەنشین ۲. شانشین؛ باڵاخانە؛ ئۆدەی گەورە ۳. دالان؛ هەیوانی سەرداپۆشراو.

صفیر / safîr/: [عربی] /اسم/ فیشکە؛ گڕە؛ گڤە؛ هووڕە؛ لوورە؛ دەنگی بەرز و تیژ کە بە هۆی گوشاری نەکاوەوە لە هەوادا بەدی دێ ‹صفیر باد: صفیر گلوله: فیشکەی با؛ گڕەی گوللە›.

صقر / saqr، ـها/: [معرب از فارسی] /اسم/ هولیلک؛ سەقر؛ چەرخ؛ باڵداریکی ڕاوکەرە.

صلا / salā/: [عربی] /اسم/ /ادبی/ جاڕ؛ قاو؛ دەنگ؛ گاز؛ بانگ؛ هاواری بانگیشتن.

▣ **صلای عام**: جاڕی هەموانی؛ بانگی گشتی.

صلابت / salābat/: [عربی] /اسم/ /ادبی/ ۱. /نامتداول/ دژواری؛ سەختڵەتی ۲. دامەزراوی؛ پێوەجێیی؛ پتەوی؛ قایمی؛ گورخی.

صلابه / sollābe، ـها/: [از عربی] /اسم/ سێچوکڵە؛ قولاو؛ چنگەک؛ نهک؛ ئەو ئامێرە کە لە قەساوخانە گۆشتی پێدا هەڵدەواسن.

▣ **به صلابه کشیدن**: /کنایی/ لە دار قەواخ دان؛ کێشانە دار؛ چەرم دەق کردن؛ دار قەپان دان؛ لە بەر ئازاری ڕۆحی و جەستەیی زۆردا دانان ‹میخواهی به خاطر یک ساعت دیر آمدن او را به صلابه بکشم؟: دەتهەوێ بە بۆنەی سەعاتێک دێر هاتن لە دار قەواخی بدەم؟›.

صلات / salāt/: [عربی] /اسم/ نوێژ؛ نمێژ؛ مێژ؛ نڤێژ؛ نۆژ؛ نمێ؛ نما: **صلوة**

▣ **صلات ظهر**: بانگی نیوەڕۆ؛ کاتی نیوەڕۆ؛ قاوەتوو؛ نوێژ نیمەڕۆ ‹صلات ظهر است، تو تازه میخواهی صبحانه بخوری: بانگی نیوەڕۆیە، تازە دەتەوێ بەرقلیان بخۆی›.

صلاح / salāh/: [عربی] /اسم/ ۱. باشی؛ چاکی؛ خاسی؛ قەنجی؛ دۆخ یان چۆنیەتی لەبار و شیاو بوون ‹ما صلاح تو را میخواهیم: ئێمە باشی تۆمان دەوێ› ۲. قازانج؛ کەڵک ‹اگر بروی به صلاح توست: ئەگەر بڕۆی قازانجتە› ۳. بەرژەوەندی ‹صلاح ندید بروم: بەرژەوەندی تێدا نەبینی بڕۆم›.

▣ **صلاح بودن**: بە قازانج بوون؛ شیاو بوون؛ بەکەڵک بوون.

صلاح دانستن: باش زانین؛ چاک زانین؛ بە شیاو و سوودمەن زانین.

صلاح دیدن: باشتر بینین؛ چاتر بینین؛ خاستر دین؛ شیاو و بە قازانج دیتن.

صلاح کسی را خواستن: باشی/ چاکی کەسێک ویستن؛ خاسی کەسێ گەرەک بوون؛ خوازیاری قازانجی کەسێک بوون.

به صلاح کسی بودن: بۆ کەسێک چاک/ باش بوون؛ بە خێر و قازانجی کەسێک بوون.

صلاحاندیشی / salāhandîšî، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم/ کار و ڕەوتی بە باش زانین؛ تێڕامان و تێفکرین لەمەڕ کار و شێوازی دروست و بەهرەدارەوە ‹دوستان اینطور صلاحاندیشی کردند که فعلاً شرکت را تعطیل کنیم: دۆستان وایان بە باش زانی جاریٚ شیرکەت داخەین›: **صلاح و مصلحت** /گفتاری/

صلاح و مصلحت / salāh-o-maslahat/: [عربی]

☜ **صلاح‌اندیشی**

صلاحیت / salāhîyyat ، ـها/: [عربی]/اسم. لێوەشاوی؛ لێهاتوویی؛ هێژایی؛ شیاوی؛ دۆخی هەبوونی مەرج و تواناییگەلی پێویست بۆ ئەنجامدانی کارێک ‹کسی که برای صندوقداری آمده بود صلاحیت لازم را نداشت: ئەو کەسەی کە بۆ دەخڵداری هاتبوو لێوەشاوی پێویستی نەبوو›.
هەروەها: **صلاحیت داشتن**

صلب / solb/: [عربی] *صفت. [ادبی]* ۱. گت؛ سفت؛ تۆکمە؛ ڕەق؛ بە بیچمی خۆگرەوە کە هاسان نەچەمێتەوە ‹سنگ جسم صلب است: بەرد ماکێکی گتە› ۲. *[نامتداول]* پێوەجێ؛ قایم؛ گورخ؛ پتەو؛ پەیت.

صلبیه / solbîyye/: [عربی]/اسم. سپیێنەی چاو؛ چەرمێنەی چاو؛ بەشی لیفی، چڕ، سپی و بریقەداری چاو کە دەرەکی‌ترین پۆشەنی گۆی چاوە (بێجگە لە گلێنە).

صلح / solh/: [عربی]/اسم. ئاشتی؛ هاشتی: ۱. دۆخێک کە بە هۆی کۆتایی هاتن یان نەبوونی شەڕ و کێشەوە بەدی دێت ‹اینک اروپا در صلح به سر می‌برد: ئێستا ئورووپا لە ئاشتیدایە› ۲. تەنایی؛ تەناهی؛ تەبایی؛ کار یان ڕەوتی کۆتایی هێنان بە شەڕ و گەلش ‹سرانجام زن و شوهر با پادرمیانی همسایه‌ها صلح کردند: لە ئاکامدا ژن و شووەکە بە نێوانجیگەری دراوسێکان ئاشتییان کردەوە› ۳. *[حقوق]* کاری دەست‌کێشانی دادبەر یان خاوەن ماف لە مافی خۆی لە بایی شتێک یان هەر وا. هەروەها: **صلح شدن؛ صلح کردن**

صلحبان / solhbān ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. ئاشتیوان؛ پارێزەری ئاشتی.

صلحجو / solhcû ، ـها؛ ـیان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ئاشتیخواز؛ هێمنایەتی‌خواز؛ خوازیاری تەناهی و ئارامشت: **صلحخواه؛ صلحطلب**

صلحخواه / solhxāh/: [عربی/ فارسی] ☜ **صلحجو**

صلح‌طلب / solhtalab/: [عربی/ فارسی] ☜ **صلحجو**

صلوات / salavāt/: [عربی] *دعا.* سەلام؛ دروود؛ سەڵەوات؛ سەڵواتە؛ ڕستەی «اَللّهم صَلِّ عَلی محمّد و آلِ محمّد» بە مانای (دروود و سەلامی خودا لە سەر پێغەمبەر و بنەماڵەی).

▣ **صلوات ختم کردن**: سەڵەوات ناردن؛ سەڵەوات دان.

صلوات فرستادن: سەڵەوات ناردن: ۱. گوتنی سەڵەوات؛ سەڵوات دان ۲. *[مجازی]* بە وت‌وویژ (زۆرتر شەڕەقسە) کۆتایی هێنان ‹بس است دیگر، صلواتی بفرستید: بەسە ئیتر، سەڵەواتێک بنێرن›.

صلواتی / salavātî/: [عربی] *صفت.* ۱. سەڵەواتی؛ سەڵواتی؛ شیاوی سەڵەوات ‹پدر صلواتی: باوک سەڵەواتی› ۲. *[مجازی]* خۆڕایی؛ مفتە؛ مەجانی بەلام پێویست بە ناردنی سەڵەوات ‹در مناطق جنگی تلگراف صلواتی دایر شد: لە ناوچەگەلی شەڕدا تیلگرافی خۆڕایی دانرا›.

صلوة / salāt/: [عربی] ☜ **صلات**

صله / sele ، ـها/: [عربی]/اسم. خەڵاتی؛ ڕێزانە؛ شاباش؛ هبوودی؛ خەلات یان ماڵێک کە بە کەسێ دەدرێ.

▣ **صله‌ی رَحِم**: خزم‌دۆستی؛ مێرەوانی و دلۆڤانی لەگەڵ خزم و کەسان.

صلّی‌الله / sallallāh/: [عربی] *دعا. [مخفف]* دروودی خودا لە سەری.

صلیب / salîb ، ـها/: [معرب از آرامی]/اسم. خاچ؛ چەلیپا؛ چەلیپ؛ چەقر؛ سەلیب؛ چەپ و ڕاست: ۱. پێکهاتەیەک بریتی لە دوو تیری ڕاست و خەوتوو بە بیچمی «†» کە پێشووتر ڕوومیگەل بۆ سزادان و کوشتنی نەیارانیان کەڵکیان لێوەردەگرت ۲. پەیکەرێکی دروست‌کراوە بە بیچمی خاچ ‹در یک دست صلیب و در یک دست انجیل، وارد کلیسا شد: خاچ لە دەستێکی و ئینجیل

لەو دەستیدا، هاتە نێو کڵێسەوە› ۳. نەخشێ بە شێوەی چەپ و ڕاست ‹بە روی سینەاش صلیب کشید: لە سەر سینگی چەلیپای کێشا› ٤. /نجوم/ خاچی باشووری؛ وێنەیەکی گەردوونی گچکە بە گەلەک ڕووناکیەوە کە لە لەتەگۆی باشووریدایە و چوار ئەستێرە گەشەکەی وەک چەلیپا دەنوێنن: **صلیب جنوبی**

▣ **صلیب جنوبی** ☜ **صلیب ـ۴**

صلیب سرخ ☜ **صلیب‌سرخ**

صلیب شمالی ☜ **قو ـ۱**

⊡ **به صلیب کشیدن**: بە چوارمێخەدا کێشان؛ چوارنیخەکێشان؛ بە میخەوە کردنی دەست و پای کەسێک لە سەر خاچی هەڵدراو ‹عیسی را به صلیب کشیدند: عیسایان بە چوارمێخەدا کیشا›.

صلیب‌سرخ / salîbesorx/: [معرب/ فارسی]/اسم. خاچی سوور: ۱. نیشانەیەک بە شێوەی خاچ (+) بە ڕەنگی سوور کە هێمای ڕێکخراوەیەکی بەم ناوەیە ۲. ڕێخراوەیەکی جیهانی کە کاری یارمەتی گەیاندن بە گەزەنگازانی شەڕ یان تەگەرەی سروشتیە ۳. هەر یەکە لە لقگەلی ئەو ڕێخراوەیە.

صلیب‌شکسته / salîb(e)šekaste/: [معرب/ فارسی] /اسم. خاچی شکاو؛ نەخشێکی وەکوو خاچێکی بە دوو سەردا شکاو بەم شێوە 卐 کە لە نەخشگەلی جوانکاری هۆزگەلی کەونارادا زۆر باو بووە و لە دەکانی ۱۹۲۰ی زایینیدا بوو بە دروشمی نازیەکانی ئاڵمان.

صلیبی / salîbî/: [معرب] صفت. ۱. خاچی؛ سەلیبی؛ چەلیپایی؛ پێوەندیدار بە خاچەوە ۲. ـها؛ ـان//مجازی/ خاچپەرست.

صماخ / somāx/: [عربی]/اسم. پەردەی گوش ☜ **پرده**

صمغ / samq ، ـها/: [عربی]/اسم. جەوی؛ جەوگ؛ کەتیرە؛ هەنگویژە؛ هەنگوژە؛ زەمق؛ بەرەژ؛ گەرجن؛ ماکێکی لینجی بێبۆن و تامە لە قەد و لقی برێ درەخت و گیاوە دەگیردرێ، بە وشکی سفت و ڕەقە، بەڵام لە تەڕایی و ئاودا چەسپنە.

صمیم / samîm/: [عربی]/اسم. /ادبی/ ناخ؛ کانگا؛ ناوجەرگە؛ بەشی ناوکی و بێگەردی هەر شتێ کە لە نێوانیدایە و تێکەڵ بە هیچی‌تر نیە.

▣ **از صمیم قلب**: /مجازی/ لە ناخی دڵەوە؛ لە کانگای دڵەوە؛ لە قووڵایی دڵەوە.

صمیمانه[1] / samîmāne/: [عربی/ فارسی] صفت. گەرم؛ گوڕ؛ بێگەرد؛ گەرم و گوڕ؛ بەتین ‹دوستی صمیمانه: دۆستایەتی گەرم›.

صمیمانه[2]: قید. گەرم و گوڕ؛ بەتین؛ لە سەر مێرەوانی و هاودڵیەوە ‹او را صمیمانه در آغوش کشید: گەرموگوڕ گرتیە باوەشەوە›.

صمیمی / samîmî/: [عربی] صفت. یەکدڵ؛ هاودڵ؛ کۆک؛ جووت؛ نێوانخۆش؛ بەینخۆش ‹دوست صمیمی: دۆستی یەکدڵ›. هەروەها: **صمیمی بودن؛ صمیمی شدن**

صمیمیت / samîmîyyat ، ـها/: [عربی]/اسم. یەکدلی؛ هاودلی؛ هەڤڕەنگی؛ نێوانخۆشی؛ دۆخ یان چۆنیەتی نێوانخۆش و تەبا بوون ‹کاری کە کرد حاکی از صمیمیت بود: ئەو کارە کردی نیشاندەری یەکدلی بوو›.

صنار / sannār/ [فارسی/ یونانی از لاتینی] ☜ **صددینار**

▣ **صنار سه‌شاهی**: /گفتاری/ قەرە پووڵ؛ چوار قەران؛ پارەیەکی کەم و بێبایەخ ‹این صنار سەشاهی کە بە هیچ جای زندگی ما نمی‌رسد: ئەم چوارقەرانە خۆ بەش هیچێکمان ناکا›.

صناری / sannārî/ ☜ **صددیناری**

صناعات / sanā'āt, senā'āt/: [عربی] جمعِ ☜ **صناعت**

صناعت / sanā'at, senā'at ، ـها؛ صناعات/: [عربی] /اسم. /ادبی/ پیشە؛ پیشەسازی ‹گفت: من این

صناعت دانم: گوتی: من ئەم پیشە دەزانم›.
صنایع / sanāye'/: [عربی] جمعِ ☜ **صَنعَت**
▣ **صنایع دستی**: پیشەی دەسکرد: ۱. پیشەی وا کە لە دەستی مرۆ و ئامێر و ماشینی ساکار کەڵک وەردەگیردرێ ۲. بەرهەمی وەها پیشەگەلێک.
صنایع سبک: پیشەسازی سووک؛ دامەزراوە و ڕێخراوەگەلێک کە بەرهەمی سووک و چکۆلەیان هەیە.
صنایع سنگین: پیشەسازی قورس؛ دامەزراوە و کارخانەگەلی بەدیهێنانی بەرهەمی گەورە وقورس (وەک فڕۆکەسازی).
صنایع نظامی: پیشەسازی چەکداری؛ پیشەگەلێک کە بە دروستکردنی ئامێری شەڕەوە خەریکن.
صنج / senc/: [معرب از فارسی] ☜ **سِنج**
صندل / sandal/: /سم. ۱. /ـها/ [فرانسوی] قاپقاپ؛ قاپقاپە؛ سۆل؛ چەشنێ پێلاو بە تەختەیەک لە ژێر و سیرمێک لە سەرەوەی ۲. /ـها/ [معرب از سنسکریت] سەندەڵ؛ گینو؛ گێنۆ؛ درەختێ هیندی بە ڕەگ و ڕیشەی تاڵ‌ـتاڵ و گەڵای نووک‌تیژی بەرامبەر یەک و گوڵی بچووکی کۆمەڵ و هێشووی درێژ و دەنکی سەوزەوە کە بۆ دەرمانی نەخۆشی دڵ باشە ۳. چێوی ئەو دارە کە تویژی دەرەوەی سپی و ناوەکەی لیمۆیی ڕەنگ و قورستر و چڕترە و بۆنێکی توند و خۆشی هەیە و بەنرخە.
صندلی / sandalî ، ـها/: [معرب]/سم. سەندەڵی؛ سەنگەڵی: ۱. ئەسکەمل؛ ئەسکەملە؛ ئەسکەملی؛ چواربەن؛ چواربەندە؛ ڕوونشتەک؛ قورسی؛ کورسی؛ ئامێرێک بە پایەگەلێکەوە بۆ دانیشتنی یەک کەس بە سەریەوە ‹صندلی را پیش کشید و نشست: ئەسکەملەکەی هێنایە پێشەوە و لە سەری دانیشت› ۲. جێگای دانیشتن لە ناو ماشین، قەتار و وەک ئەوانەدا ‹صندلی مرا به یک نفر دیگر هم فروختەاند: سەندەڵیەکەی منیان بە کەسێکیتریش فرۆشتووە› ۳. *[مجازی]* پلە و پایە ‹طوری به صندلی ریاست چسبیده که انگار ارث پدرش است: وەها پاڵی داوە بە سەندەڵی سەرۆکایەتیەوە ئێژی میراتی باوکیەتی›.
▣ **صندلی الکتریکی**: ئەسکەملی ئیلکتریکی؛ چەشنێ چواربەندی کانزایی بۆ کوشتنی تاوانباران، کە ڕەوتی بەهێزی کارەبای تێ دەخرێ.
صندلی تاشو: چەشنێ ئەسکەمل کە پێیەکانی و جێ دانیشتنەکەی لە سەر یەک قەد دەبن و وێکڕا خڕ دەبێتەوە.
صندلی تحصیلی: جۆرێ سەندەڵی بە دەستەیێ پتر لە لای ڕاستەوە کە ڕووبەری سەرووی ئەو دەستەپانە و بە شێوەی مێزۆکەیێکە: **صندلی دستەدار**
صندلی چرخان: چەشنێ ئەسکەمل کە جێ دانیشتنەکەی لە سەر خولەکێک سووڕ دەخوا.
صندلی چرخدار: ئەسکەملی ڕەوڕەوەدار بۆ نەخۆشێ کە لە پێ‌کەوتووە.
صندلی دستەدار: ۱. چەشنێ ئەسکەمل کە لە لایەن ڕاست و چەپیەوە دەستەی هەیە و دەکرێ باسکی لە سەر دانێی ۲. ☜ **صندلی تحصیلی**
صندلی راحتی: جۆرێک ئەسکەمل بە نیشتنگە و جێ‌پاڵی نەرمەوە.
صندلی گردان: چەشنێ ئەسکەمل بە پایەی چەرخدارەوە بۆ گواستنەوە.
صندلی لهستانی: ئەسکەملی لەهیستانی؛ جۆرێ سەندەڵی چێوین بە نشینگەی خڕ و چوارپایەی باریکەوە.
صندوق / sandûq, sandoq ، ـها/: [معرب از فارسی]/سم. سنووق؛ سندووق؛ سنۆق:

۱. چەکمەزە؛ مەساهە ؛ مەساهە؛ خەزنە؛ مەحفەرە؛ جەعبەیەکی دەرگادار بۆ هەڵگرتنی شت یان پووڵ ‹صندوق لباس: سنووقی گنج؛ صندوق پول: سندووقی پارە› ۲. ڕێخراوەیەک بۆ پاشەکەوت، وام یان هورمی ماڵی ‹صندوق بازنشستگی؛ صندوق پس‌انداز: سندووقی وەنیشتەیی؛ سنووقی پاشەکەوت› ۳. شوێنی دان و گرتنی پارە لە ڕێخراوەیەکدا (وەک بانک) ‹پول را بدهید صندوق: پارەکە بدەن بە سنووق›.

▣ **صندوق پست**: سنووقی پۆست؛ سندووقێک کە نامەی پۆستی تێدەخەن.

صندوق پستی: سنووقی پۆستی؛ سنووقێک لە مەزرینگەی پۆستدا کە کارگێری پۆست، نامە گەیشتووەکانی بۆ تێدەخا تا خاوەن سندووق (کەس یان ڕێخراوەیەک) هەڵیگرێ.

صندوق رأی: سندووقی ڕا؛ سنووقی دەنگ؛ سنووقێک کە ئەوانەی کە دەنگ دەدەن، قاقەزی ڕای خۆیانی تێدەخەن.

صندوق صدقات: سندووقێک بۆ وەرگرتنی یارمەتی خەڵک لە جێگایەکی گشتی یان بوارگەیەکدا.

صندوق عقب: سنووقی دوا؛ جێگایەکی سندووق‌ئاسا لە پشتەوەی ماشێنی سواری، بۆ دانانی شتومەک.

صندوق نامه: سندووقی نامە؛ سنووقێک لە بەر ماڵدا بۆ تێخستنی نامەی گەیشتوو بۆ دانیشتوانی.

صندوق نسوز: سنووقی نەسووز/ نەسۆچ؛ سندووقێکی پۆلایی کە لە بەرامبەر گڕ و تینی ئاورەوە بەرگە دەگرێ.

صندوقچه / sandûqče, sandoq- ، ـها/: [معرب/ فارسی]/اسم. مجری؛ سنۆقڵە؛ سندووقی چکۆلە.

صندوقخانه / sandûqxāne, sandoq- ، ـها/: [معرب/ فارسی]/اسم. هێشخان؛ هێشخانە؛ پێشخان؛ وچخانە؛ هۆدە یان هەمارێکی چکۆلە لە ماڵ کە سندووق و جل‌وبەرگ و شتی بەبایەخی تێدا هەڵدەگرن.

صندوقدار / sandûqdār, sandoq- ، ـها؛ ـان/: [معرب/ فارسی]/اسم. دەخڵدار؛ سنووقدار: ۱. کەسێ کە بەرپرسی ئاگاداری لە پارە یان دەخڵی ڕێخراوەیەکە ۲. کەسێ کە لە فرۆشگەیێکدا، بایی شتومەکی فرۆشراو لە سەنیاران دەستێنێ.

صندوقداری / sandûqdārî, sandoq-/: [معرب/ فارسی]/اسم. دەخڵداری؛ سنووقداری؛ ئاگاداری لە پارەی ڕێخراوەیەک و دان و سانی پووڵ بەو کەسانەی کە لێی‌دەکەون.

صندوقه / sandûqe, sandoqe/: [معرب/ فارسی] /اسم. ۱. *[قدیمی]* پەراسووبەند؛ قەفسینگ؛ دەفەی سینگ؛ پەراسی ۲. *ـها/ [معماری]* دیواری ناوخاڵی؛ دیواری پووک.

صنع / son'/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* چێ؛ ساز؛ دروست؛ درووس؛ خەلق؛ بەدیهێنەری؛ داهێنەری؛ کار و ڕەوتی بەدیهێنان؛ سێوراندن؛ خولقاندن؛ چێ‌کرن.

صنعت / san'at/: [عربی]/اسم. پیشەسازی؛ کسب؛ کسپ؛ کسم؛ کرگار: ۱. *ـها؛ صنایع/* کاری بەرهەم‌هێنان کە بە شوێنگری لە ڕەوش، ئامۆژە و قانوونگەلی تایبەت بە خۆیەوە ئەنجام بدرێت ۲. شێوە و شێواز و بنەمای وەها کارێک ۳. کاری چێکراو بە ماشین و بە شێوەی گۆڕانی ماکی خاو بە پیتەوای دروست‌کراو.

صنعتدار / san'atdār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] /اسم. خاوەن‌پیشە؛ کەس یان گرۆی خاوەن ڕێخراوەگەلی پیشەیی (وەک هێڵی ئاسن، کارخانەی ماشین‌سازی و...).

صنعتکار / san'atkār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. *[گفتاری]* پیشەساز؛ کەسێ کە ژیانی بە پیشەسازی بەڕێوە دەچێ.

صنعتگر / san'atgar ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. پیشەساز: ۱. کەسێ کە لەگەڵ شێوە و شێواز و بنەماگەلی پیشەیەکدا ئاشنایە ۲. کەسێ کە بە کارێکی پیشەسازی ژیانی بەڕێوە دەچێ.

صنعتی / san'atî/: [عربی] صفت. پیشەسازی: ۱. سەر بە پیشەسازیەوە ‹ماشین‌آلات صنعتی: ماشینگەلی پیشەسازی› ۲. خاوەن پیشە، بەتایبەت پیشەیێک بە ماشینی پێشکەوتوو بەڕێوە بچێ ‹شهرک صنعتی: شارۆچکەی پیشەسازی›.

صنف / senf ، ـها؛ صنوف؛ اصناف/: [عربی]/اسم. پۆل؛ دەستە؛ بەرە؛ هاوپیشە؛ کۆمەڵێ لە ئەندامانی پیشەیەکی دیاریکراو ‹صنف نجار؛ صنف نانوا: پۆلی چێوتاش؛ دەستەی نانەوا›.

صنفی / senfî/: [عربی] صفت. هاوپیشەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە پیشەیەک ‹فعالیت صنفی: چالاکی هاوپیشەیی›.

صنم / sanam ، ـها؛ اصنام/: [عربی]/اسم. /ادبی/ بت؛ بوت؛ بتە؛ پت؛ پەیکەری مرۆ یان هەر شتێکی‌تر بە نیشانەی هێزی ئاسمانی.

صنوبر / senowbar, seno:bar ، ـها؛ ـان/: [معرب از یونانی]/اسم. نەوژ؛ نەوز؛ ناژین؛ ناز؛ ناژ؛ ناژوو؛ ناجوو؛ سنەوبەر؛ ناوی چەند جۆرە داری هەمیشە سەوزی سەردەسێرە بە گەشکەی خێراوە کە لە پیشەسازیدا لە چێوەکەی کەڵکی زۆر وەردەگرن.

صنوبری / senowbarî, seno:barî/: [معرب] صفت. نەوژی؛ ناژینی: ۱. سەر بە ناژینەوە ۲. وەکوو سنەوبەر.

صنوف / sunûf, sonûf/: [عربی] جمعِ ☜ **صِنف**

صواب / savāb ، ـها/: [عربی] صفت. /ادبی/ دروست؛ درووس؛ ڕاست؛ ڕاس. بەرانبەر: **خطا** ‹فکر صواب: بیری دروست›.

صوابدید / savābdîd/: [عربی/ فارسی]/اسم. پەسند: ۱. کاری لێکۆڵینەوە لە دروستی و نادروستی، چاکی یان خراپی کارێک ۲. بیر و بڕوایەک کە بەم شێوە بگوترێ.

صوب / sowb, so:b/: [عربی]/اسم. /نامتداول/ لا؛ لایەن؛ ئالی؛ سۆ؛ بەرەوگە؛ نک.

صوت / sowt, so:t ، ـها؛ اصوات/: [عربی]/اسم. دەنگ؛ دنگ: ۱. سەدا ۲. /فیزیک/ وزەیەکی میکانیکی کە بە گوشاری شەپۆلی پەیتا- پەیتای درێژ لە شوێنێکدا (وەک هەوا) بڵاو دەبێتەوە ۳. /دستور/ الف) وشەیەک کە خۆشحاڵی، تووڕەیی، سەرسووڕماوی، وەڕەزی و...ی بێژەر نیشان دەدا (وەک: بەهە، ئاخ، پەکوو ...) ب) وشەیەک کە نیشاندەری دەنگێکە (وەک جیزەجیز، تەقەتەق).

صوت‌شناسی / sowtšenāsî, so:t-/: [عربی/ فارسی]/اسم. دەنگ‌ناسی؛ زانستی لیکۆڵینەوە لە چێ‌کردن، وەرگرتن، ڕاگواستن و شوێنەمای دەنگ.

صوتی / sowtî, so:tî/: [عربی] صفت. دەنگدار: ۱. دەنگی؛ پێوەندیدار یان سەر بە دەنگەوە ‹ارتعاش صوتی: لەرەی دەنگی› ۲. بە دەنگەوە ‹بمب صوتی: بومبی دەنگدار›.

صور / sovar/: [عربی] جمعِ ☜ **صورت**

صور / sûr ، ـها/: [عربی]/اسم. /ادبی/ ۱. شەیپوور؛ بۆق؛ شووت؛ ئامرازی ئاگادارکردنی دەنگدار ۲. بۆری؛ بۆریە؛ کەڕەنا؛ تووتووک؛ مۆزیقا؛ سازێکی کانزایی گرۆڤەری درێژۆکەیە، بنەکەی هەراو دەبێتەوە، فووی پێدا دەکەن دەنگێکی گڕ و بەرزی لێ دێ.

▣ **صور اسرافیل**: سووری ئیسرافیل؛ شەیپوورێکە وەک دەڵێن لە ڕۆژی پەسڵاندا فریشتەیەک بە ناوی ئیسرافیل فوویەکی زۆر بە قەوەتی پێدا دەکا، هەموو مردووانی پێ زیندوو دەبنەوە.

صورت / sûrat/: [عربی]/اسم. ۱. /ـها/ دەم و چاو؛ دەمچەو؛ ڕوو؛ دیم؛ دیمەن؛ ڕوخسار؛ چار؛ چێرە؛

ڕی؛ ڕوە؛ ئەو بەشە لە سەری گیانەوەر بەتایبەت مرۆ کە دەم، چاو، گۆنا و لووت دەگریتەوە ٢. /ـها؛ صور/ شێوە؛ بیچم و پێکهاتەی شتێک کە لە ماکە خاوەکەی جویی دەکاتەوە ‹سنگ را بە صورت آدم در می‌آورد: بەردی بە شێوەی مرۆ دەردێنا› ٣. *[مجازی]* شێواز؛ دۆخ؛ بار ‹برخوردش صورت بسیار زنده‌ای داشت: جوولانەوەی شێوازێکی زۆر ناحەزی بوو› ٤. /ـها/ *[ریاضی]* سەر؛ سەری کەرت؛ بەشی سەرووی هێڵی کەرت. بەرامبەر: **مخرج** ٥. ڕواڵەت؛ بەشی دەرەوە و دیاری شتێک ‹صورت ماجرا این است، امّا حقیقت چیز دیگری است: ڕواڵەتی ڕووداوەکە ئەمەیە، بەڵام ڕاستیەکەی شتێکی ترە› ٦. /ـها/ سیایی؛ سیاهی؛ سیاهە؛ نووسراوەیەک کە چۆناوچۆنی کار یان ناو و نیشانی ماڵ یان کەسانێکی تێدا ڕاگەیەندراوە ‹صورت اموال: صورت دارایی: سیایی ماڵ؛ سیاهەی دارایی› ٧. / صوَر/ *[قدیمی]* وێنە؛ نیگار؛ سیما؛ بەتایبەت وێنەی چاری مرۆ ٨. *[مجازی]* بیچم؛ تەشک؛ تەژ ٩. سوورەت؛ سەر؛ وێنە لە وەرەقی کایەدا ١٠. نەقش؛ نەخش؛ شکڵ؛ بیچمی بە دەستکێشراو ١١. *[مجازی]* ڕوومەتی خوشیک؛ دیمەنی جوان ١٢. کەلەخ؛ پەیکەر؛ گۆڤدە ١٣. *[قدیمی]* بت؛ بوت.

◙ **صورت جلسه** ☜ **صورتجلسه**

صورت حساب ☜ **صورتحساب**

صورت ظاهر: ڕواڵەت؛ بیچم یان دۆخی دەرەوەیی ‹از صورت ظاهر نمی‌شود قضاوت کرد: ڕواڵەت شەرت نیە›.

صورت فلکی: *[نجوم]* وێنە؛ کۆمەڵەیەک لە ئەستێران کە بە پێی شێوەی ڕواڵەتیان بە شتێک چواون و بەو ناوە ناویان نراوە (وەک هەژدیها، سەگ، ورچ و...).

صورت مسأله: ئەوەی گرنگی بابەت و پرسی لە بارەوە ڕوون دەکاتەوە و پەرسڤی نیازە.

در صورتی کە: ١. هاتو؛ ئەگەر؛ ئەر؛ ئەگە؛ هەگە ‹در صورتی کە خواست برود، مانعی ندارد: هات و ویستی بڕوا، قەی ناکا› ٢. ئەگەرچی؛ کەچی؛ لە حاڵێکدا ‹نخواست بماند، در صورتی کە کار خوبی داشت: نەیویست بمێنێتەوە، ئەگەرچی کارێکی چاکیشی هەبوو›.

◙ **صورت برداشتن:** سیاهەگرتن؛ سیایی گرتن؛ نووسین و تەیارکردنی سیاهی لە شتانێک.

صورت پذیرفتن: *[ادبی]* ڕوودان؛ ئەنجام بوون؛ شەمیران؛ مەشان؛ قەدان؛ کودان؛ ئەنجامدران؛ بەگا ئامەی.

صورت خوبی/ خوشی نداشتن: *[مجازی]* جوان نەبوون؛ باش نەبوون؛ شیاو نەبوون؛ ناشیرین بوون (ی کار یان کردەوەیەک) ‹این موضوع را تمام کنید، صورت خوبی ندارد: ئەم بابەتە ببڕنەوە، جوان نیە›.

صورت خود را با سیلی سرخ کردن: *[کنایی]* لامل بە زیلە سوورەو کردن؛ کراس پشتەوڕوو کردن؛ بە تێکۆشان و ڕەنجی زۆر هەژاری و نەداری خۆ نیشان نەدان.

صورت دادن: ١. ئەنجامدان؛ قەدانەدن؛ کودانەدن؛ مەشاندن؛ شەمیراندن ‹کارش را صورت داد: کارەکەی ئەنجامدا› ٢. سیاهە دان؛ سیایی دان ‹صورت خرجهایی را کە کردە بود بە دستم داد: سیاهەی ئەو خەرجانەی کردبووی دا بە دەستمەوە›. هەروەها: **صورت گرفتن**

صورت‌برداری / sûratbardārî ، ـها: [عربی/ فارسی]/اسم. سیاهەگری؛ کار و ڕەوتی ڕیزکردنی پێڕستی یەکبەیەکی بەشگەلی کۆمەڵێک ‹صورت‌برداری از اموال شرکت: سیاهەگری لە دارایی شەریکە›.

صورتجلسات / sûratcalasāt/: [عربی] جمعِ ☜ **صورتجلسه**

صورتجلسه / sûrat(e)calase ، ـها؛ صورتجلسات/: [عربی]/اسم. نووسراوەیەک کە کورتەی ڕووداو یان

وت‌وویژی نێو دانیشتنێکی تێدا دەنووسن.

صورتحساب / sûrathesāb ، ـها/: [عربی]/اسم. نووسراوەیەک کە نرخی کالا و خزمەتگەلی سنراوی تێدا تۆمارکراوە.

صورت‌سازی / sûratsāzî ، ـها/: [عربی/ فارسی] اسم. ۱. [مجازی] بەڵگەتاشی؛ کارەڕەهاتی هەڵبەستنی بەڵگەی حەسابی ماڵی ‹کارپرداز ما دویست هزار تومان صورت‌سازی کرده بود: کارگێڕەکەمان دوو سەد هەزار تمەن بەڵگەتاشی کردبوو› ۲. [قدیمی] وێنەگەری؛ دیمەن‌کێشی؛ چارکێشی.

صورتک / sûratak ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. ماسک؛ ماسکە؛ پۆشەنێک بە بیچمی رووی مرۆڤ یان حەیوان، کە زۆرتر لە کارناواڵ و نومایشدا بە سەر و چاویەوە دەبەستن.

صورتگر / sûratgar ، ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. [ادبی] نیگارڤان؛ نیگارکێش؛ وێنەکێش؛ وێنەگەر؛ نەقاش، بەتایبەت نەققاشێ کە چێرەی مرۆ دەکێشێ.

صورتگری / sûratgarî ، ـها/: [عربی/ فارسی] صفت. [ادبی] وێنەکێشی؛ نیگارڤانی.

صورت‌مجلس / sûratmacles ، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. گوزارشی فەرمی سەبارەت بە رووداوێک ۲. نووسراوەیێ کە هەموو ڕووداوی نێو کۆڕێکی تێدا دەنووسن.

صورت‌وضعیت / sûratvaz'îyyat ، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. گوزارشێک لەمەڕ چۆنیەتی بەرەو پێش چوونی چالاکیەکی ساختومانی یان بەرهەمهێنەری ۲. نووسراوەیەک سەبارەت بە چۆنیەتی بار و دۆخی ڕێخراوەیەک.

صورتی[1] / sûratî ، ـها/: [عربی]/اسم. چێرەیی؛ چیرەیی؛ چێرە؛ حویل؛ کنووشک؛ کولکولی؛ پەمەیی؛ ئاڵی کاڵ؛ ئاڵی ئاچخ؛ ڕەنگی سووری کاڵ، تێکەڵێک لە سوور و سپی. هەروەها:

صورتی‌رنگ

صورتی[2]: صفت. چێرەیی؛ چیرەیی؛ چێرە؛ حویل؛ کنووشک؛ پەمەیی؛ دووی؛ بە ڕەنگی چێرەییەوە.

صوری / sûrî/: [عربی] صفت. ۱. سووری؛ پێوەندیدار بە ڕواڵەتەوە ‹منطق صوری: مەنتیقی سووری› ۲. پێوەندیدار بە ڕواڵەتەوە ‹تعارفات صوری: خولکی ڕواڵەتی› ۳. ناڕاستی؛ درۆیی؛ درۆیینە؛ نەبەڕاست ‹معاملەی صوری: سەودای ڕواڵەتی›.

صوفی / sûfî ، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. سۆفی؛ شوێنگری هەر یەکە لە ئایینگەلی سۆفیان.

صوفیانه[1] / sûfiyāne/: [عربی/ فارسی] صفت. سۆفیانە؛ وەک سۆفیگەل ‹زندگی صوفیانه: ژیانی سۆفیانە›.

صوفیانه[2]: قید. سۆفیانە؛ بە شێوەی سۆفیان ‹صوفیانه پشت پا به تعلقات دنیوی زد: سوفیانە پشتی لە بەندەواری دنیا کرد›.

صوفیگری / sûfîgarî/: [عربی/ فارسی]/اسم. سۆفیەتی؛ سۆفیگەری؛ ئامۆژەیەکی عیرفانی لە بارەی پەیوەندی خودا و مرۆڤ و ڕێگەی ناسینی خوداوە.

صوفیه / sûfîyye/: [عربی]/اسم. سۆفیان؛ سۆفیگەل؛ سۆفیێ؛ سۆفیەل؛ شوێنگرانی سۆفیەتی.

صولت / sowlat, so:lat/: [عربی]/اسم. [ادبی] ۱. شکۆ و گەورەیی؛ فەڕ و شکۆ؛ سام ۲. [قدیمی] سەختی؛ سەخڵەتی؛ سۆڵە؛ دژواری.

صومعه / sowme'e, so:me'e ، ـها/: [عربی] اسم. پەرستینگا؛ پەرستگا؛ بینایەک کە تەرکەدنیایان تێیدا دەژین ‹بیشتر صومعه‌های چینی و ژاپنی در کوهستانها ساخته شده است: زۆرتری پەرستینگاکانی چینی و ژاپۆنی لە چیادا کراونەتەوە›.

صهیونیست / sahyûnîst ، ـها/: [فرانسوی] صفت.

سەهیۆنیست؛ پەیڕەو یان شوێنگری سایۆنیسم.

صهیونیستی / sahyûnîstî/: [فرانسوی] *صفت.* سەهیۆنیستی؛ پێوەندیدار یان سەر بە سایۆنیسمەوە ‹حکومت صهیونیستی: دەسەلاتداری سەهیونیستی›.

صهیونیسم / sahyûnîsm/: [فرانسوی] *اسم.* سەهیۆنیسم؛ بزووتنەوەی ڕەگەزپەرستی جوولەکە بۆ پێکهێنان و پەرە پێدان بە وڵاتێکی یەهوودی لە فەلەستیندا.

صیاد / sayyād، ـها؛ ـان/: [عربی] *اسم.* ١. ماسیگر؛ ماسیگیر؛ ماسیڤان؛ ماساوگیر ٢. *[قدیمی]* نەچیروان؛ نێچیرڤان؛ نچیرڤان؛ ڕاویار؛ ڕاڤیار؛ ڕاوکەر؛ ڕاوچی؛ سەیڤان؛ سەیاد.

صیام / siyām/: [عربی] *اسم. [ادبی]* بەڕۆژوویی؛ ڕۆژگەوانی؛ ڕۆژیەوانی؛ ڕۆچەوانی؛ کاری ڕۆژووگرتن.

صیانت / siyānat/: [عربی] *اسم. [ادبی]* چاودێری؛ ئاگاداریێ؛ پاسەوانی؛ کەتوانی؛ کاری پاراستن ‹قرار است در راه صیانت از جان و مال مردم بکوشند: بڕیار وایە لە ڕێگەی چاودیری لە گیان وماڵی خەڵکی بکۆشن›.

صیت / seyt, sît/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ناوبانگ؛ دەنگان؛ ئاوازە؛ ناوداری ‹صیت شهامتش در همه جا پیچیده بود: ناوبانگی بوێری ئەو لە هەموو شوێنێکدا دەنگی دابۆوە›.

صیحه / seyhe/: [عربی] *اسم. [ادبی]* هاوار؛ هەرا؛ قاڵ؛ فەریا؛ داد.

صید / seyd/: [عربی] *اسم.* ڕاو؛ ڕاڤ؛ ڕاوە: ١. ڕاوەماسی؛ کار و ڕەوتی گرتن و ڕاوکردنی ئاوژی ‹صید ماهی: ڕاوی ماسی› ٢. *ـها/* ئەوەی لە ئاوژیان کە ڕاو دەکرێ ‹امسال صید خوب نبود: ئەوساڵ ڕاو باش نەبوو› ٣. *[قدیمی]* نەچیر؛ نێچیر؛ نچیر. هەروەها: **صید شدن؛ صید کردن**

صیغه / sîqe/: [عربی] *اسم.* ١. *[شیعه]* سیغە؛ سێغە؛ لفگری کاتی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ‹می‌گویند او را صیغه کرده است: دەڵێن سیغەی کردووە› ٢. *ـها/ [شیعه]* سیغە؛ سێغە؛ سیغەیی؛ ژنێ کە بە شێوەی کاتی مارەیان کردبێ ‹یعنی حاضر شده صیغه‌ی او بشود؟: یانی ملی داوە ببێتە سیغەی ئەو؟› ٣. *[اسلام]* وشە و زاراوەگەلێک کە گوتنی بۆ مارەکردن پێویستە ٤. *ـها/ [دستور]* پێکهاتە ‹صیغه‌ی ماضی: پێکهاتەی ڕابردوو› ☜ **ساخت ـ ۴**

▣ **صیغه شدن:** *[شیعه]* سیغە بوون؛ بوونە سیغە؛ بوونە هاوسەری کاتی پیاوێک.

صیغه کردن: *[شیعه]* سیغەکردن؛ کردنە سیغە؛ ژنێ بە هاوسەری کاتی خۆ دەرهێنان.

صیغه‌ای / sîqe'î/: [عربی/ فارسی] *صفت. [شیعه]* سیغەیی؛ سێغەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە سیغەوە. بەرانبەر: **عقدی** ‹زن صیغه‌ای ارث می‌برد؟: ژنی سیغەیی میراتی پێ دەگا؟›.

صیفی / seyfî، ـجات/: [عربی] *اسم.* شیناوەرد؛ تەڕەکاڵ؛ هەر یەکە لەو سەوزی و میوەیانە کە لە بێستان دەچێنرێن، زۆربەیان یەکساڵەن و زۆرتریش لە هاویناندا شین دەبن: **سیفی**

صیفی جات / seyfîcāt/: [عربی/ از عربی] جمعِ ☜ **صیفی**

صیفی کاری / seyfîkārî/: [عربی/ فارسی] *اسم.* تەڕەکاڵی: ١. شیناوەردی؛ بووسان‌کاڵی؛ کار و ڕەوتی تەڕەکاڵ کردن؛ کێڵان و چاندنی سەوزی و میوەی هاوینی ٢. *ـها/* بێستان؛ بێسان؛ کیار؛ زەوینێ کە تەڕەکاڵییان تێدا کردووە. هەروەها: **صیفی‌کار**

صیقل / seyqal/: [عربی] *اسم.* ساو؛ بریقە؛ بریکە؛ خۆڵماڵ؛ زای؛ کار یان ڕەوتی بریقەدارکردنی شتێک. هەروەها: **صیقل خوردن؛ صیقل دادن**

صیقلی / seyqalî/: [عربی] *صفت.* بریقەدار؛ بریکەدار؛ بە ڕوویەکی ساف و لووس بە بۆنەی ساوینی زۆرەوە.



ض / z/: حـرف. نیـشانەی هەژدەهـەمین پـیتی ئەلفوبێتکەی فارسی؛ ئەم پیتـە عەرەبیـە و لـە وشە ڕەگەز عەرەبیەکانی زمانی فارسیدا بە کـار دەڕوا و وەک «ز» دەخوێنرێتەوە.

ضـابط / zābet ، ـهـا؛ ـان؛ ـیـن/: [عربـی]/اسـم. کارگێـڕ؛ ڕێخـەر ‹ضـابط دادگـستری: کارگێـری دادپەروەری›.

ضـابطه / zābete ، ـهـا؛ ضـوابط/: [عربـی]/اسـم. حەساوکتـاو؛ ڕەوشـت و قانوونـێ کـە بـۆ ئەنجامدانی کارێک یان بەڕێوە بردنی شـوێنێک دانراوە.

ضـاد / zād/: [عربـی]/اسـم. نـاوی هەژدەهـەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی.

ضـارب / zāreb ، ـهـا؛ ـان؛ ـیـن/: [عربـی]/اسـم. لێدەر؛ قوتێن؛ دەسـتوەشـێن؛ ئـەوەی کـە لـە کەسـێ یـان شـتێکی داوە ‹ضـارب فـرار کـرد و تاکنون دستگیر نـشده است: لێدەرەکـە هـەڵات و تـا ئێستا نەگیراوە›.

ضـــاله / zālle/: [عربـی] صـفت. [ادبـی] لاڕێ؛ ڕێلـێون؛ گومـرە؛ گومـڕا؛ سـەر لـێ شـێواو؛ ڕێگـای ڕاسـت ونکـردوو ‹فرقـەی ضـاله: دەستەی لاڕێ›.

ضـامن / zāmen ، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. زامـن: ١. دەسـتەبەر؛ دەسـتوەر؛ دانەبـەر؛ بـەرعۆدە؛ کەسێ کە لـە لایـەن کەسـێکیتـرەوە بـڕیاری کارێک بدا ‹من ضامن می‌شوم بعد از این درسش را خوب بخواند: من دەبمە زامنـی لە ئێستاوە وانەکانی باش بخوێنێ› ٢. زوانـە یـان گیرەیـەک کـە لـە جووڵە و جێبەجێ بوونی تیکەیەک لە ئامێرێکدا بەرگری دەکا ‹ضامن تفنگ؛ ضـامن چاقو: زامنـی تفەنگ؛ زامنـی چەقۆ›.

⊡ **ضامن بهـشت و دوزخ کـسی نبـودن**: [کنایی] ئۆباڵـی کەسـێک وە ئەسـتۆ نـەبوون؛ بـە ئەسـتۆ نـەگرتنی ڕەوشـتی چاکـە یـان خراپـەی کەسـێک ‹آقاجـان بـە تـو چـە مربـوط اسـت! مگـر تـو ضـامن بهـشت و دوزخ مردمـی؟: کاکە گیان بـە تـۆ چـی! مەگـەر ئۆباڵـی مـەردم وە ئەستوی تویە؟›.

ضامن دادن: دەسـتەبەر دانـان؛ زامـن دانـان؛ کەسێک بە ناو دەستەبەر ناساندن.

ضامن شدن: دەسـتەبەر بـوون؛ زامـن بـوون؛ بڕیاری ئەنجامدانی کارێک لە لایەن کەسێکی دیکەوە.

ضـامندار / zāmendār/: [عربـی/ فارسـی] صـفت. زامنـدار؛ تایبەتمەنـدی شـتێ کـە زوانـە یـان گیرەیـەکی ببـێ بـۆ بـەرگری لـە بـزاوی نەویستراوی بەشـێ لـەو شـتە ‹چـاقوی ضـامندار: چەقۆی زامندار›.

ضایع / zāye'/: [عربی] *صفت.* خراپ؛ خراو؛ فیڕۆ؛ خەسار؛ زایە؛ بەترەف؛ بەتلاو؛ هەڕش؛ هەرز؛ هەدەر.

▣ **ضایع شدن:** مەرکین؛ خراپیان؛ لە کیس چوون؛ زایە بوون؛ بە فیڕۆ چوون؛ لە نێو چوون؛ ژ دەست چوون.

ضایع کردن: هەرماندن؛ هەرشاندن؛ مەرکاندن؛ مەزاختن؛ بە خەسار دان؛ خراپ کردن.

ضایعات / zāye'āt/: [عربی] /اسم. ۱. جمعِ ☜ **ضایعه** ۲. خەسارچوو؛ فەوتاو؛ لە کیس چووگ؛ لە دەس چووگ؛ خەراب بوو؛ ئەوەی کە خەسار بووە یان لە بەین چووە ‹ضایعات کاغذ: خەسارچووی کاغەز›.

ضایعه / zāye'e ، ـها؛ ضایعات/: [عربی] /اسم. ۱. کارەسات؛ کار و ڕەهات؛ کارەڕەهات؛ ڕووداوێ کە دەبێتە هۆی لە دەسدانی شتێکی پڕبایەخ ‹ضایعەی جانگداز: کارەساتی دڵتەزێن› ۲. زیان؛ خەسار؛ گەزن ‹ضایعەی سیل: زیانی لافاو›.

ضبط / zabt/: [عربی] /اسم. زەبت؛ زەوت: ۱. کار یان ڕەوتی گلدانەوە؛ دەست بە سەردا گرتن و ڕاگرتنی شتێک ‹محتویات جیب متهم را ضبط کردند: ناوەرۆکی گیرفانی تاوانبارەکەیان زەوت کرد› ۲. ڕاگری؛ هەڵگری ‹بیچارە نمی‌توانست ادرارش را ضبط کند: فەقیرە نەیدەتوانی میزی خۆی ڕاگری› ۳. تۆمار؛ کار یا ڕەوتی گواستنەوەی دەنگ یان وێنە بۆ سەر ڕووپەڕ، شریت، فیلم یان کەرستەیەک بۆ مانەوەی ٤. /ـها/ *[گفتاری]* زەفتە؛ شریتە؛ ئامرازی تۆمارکردنی دەنگ.

▣ **ضبط صوت** ☜ **ضبط‌صوت ــ۲**

ضبط مغناطیسی: تۆماری میغناتیسی؛ کار یان ڕەوتی تۆمارکردنی زانیاریگەل (بۆ کومپیۆتەر)، دەنگ یان بەرنامەیەکی تەلەڤیزیونی بە دروستکردنی نیشانە (سیگنال)ی مغناتیسی لە سەر شریت یان دیسکێک.

ضبط صوت / zabtesowt, -so:t/: [عربی] /اسم. ۱. کار و ڕەوتی تۆمارکردنی دەنگ ۲. /ـها/ شریتە؛ زەفتە؛ ئامرازی بڵاوکردنەوە و تۆمارکردنی دەنگ بەسەر نەوارەوە.

ضبط و ربط / zabt-o-rabt/: [عربی] /اسم. ڕێکوپێکی؛ تەکووزی؛ دوزەنە.

▣ **ضبط و ربط کردن:** بەڕێوە بردن؛ گەڕاندن؛ سامان‌دان؛ سەرپەرشتی کردن؛ ئەوەپەسارنەی ‹بە تنهایی همەی کارها را ضبط و ربط می‌کند: بە تاقی تەنی هەموو کارەکان بەڕێوە دەبا›.

ضبطی / zabtî/: [عربی] *صفت.* گیراو ‹حراج کالاهای ضبطی: هەڕاجی کالا گیراوەکان›.

ضجه / zacce ، ـها/: [عربی] /اسم. نالە؛ زەنازەنا؛ کارەکار؛ گوڕەگوڕ؛ کولسووز؛ کڕووزە و نووزە؛ کەوگری؛ شین و زاری بە دەنگی بەرز.

▣ **ضجه زدن:** کالین؛ زارین؛ زاریان؛ زمیهتن؛ زمین؛ زمایش؛ ڕۆ ــ ڕۆ کردن؛ بە دەنگی بەرز شین و شەپۆڕ کردن ‹دخترش طوری ضجه می‌زد کە دل آدم کباب می‌شد: کچەکەی وەها دەکالی دڵی بۆ دەهاتە سۆ›.

ضخامت / zexāmat, zaxāmat ، ـها/: [عربی] /اسم. ئەستووری؛ ستووری؛ کولوفتی؛ کلفتی؛ گازرە؛ گازەرە؛ گازارە ‹ضخامت میله را اندازه گرفت: ئەستووری میلەکەی پێوا›.

ضخیم / zaxîm/: [عربی] *صفت.* ئەستوور؛ ستوور؛ قۆڵ؛ قایم؛ کلفت؛ کولوفت؛ بە گازەرە؛ بە کۆتەرەی زۆرەوە ‹کتاب ضخیم؛ پارچەی ضخیم: کتێبی ئەستوور؛ پارچەی قایم›.

ضد[1] / zed(d) ، ـها؛ اضداد/: [عربی] *صفت.* دژ؛ دش؛

زوج: ١. نەیار ‹با خواهرشوهرش ضد است: دژی دوشەکەیە› ٢. ناتەبا؛ ناسازگار؛ دژوەر ‹نور و ظلمت ضد یکدیگرند: ڕووناکی و تاریکی دژی یەکن› ٣. *[ادبی]* دانستەی وشەیەک کە دوو واتای لێک ناتەبای هەبێ، وەک «قەفاندن» کە بە واتای «پەنا دان» و «پەنا نەدان»ە.

ضدـ[٢]: *پێشواژە.* دژەـ ؛ دژـ ؛ دژوەر؛ دژبەر: ١. بەرگر؛ پێشگر ‹ضدآب؛ ضدزنگ: دژەئاو؛ دژەژەنگ› ٢. ـ بڕ؛ لە نێو بەر ‹ضدتانک؛ ضددرد: دژەدەبابە؛ ئێش‌بڕ› ٣. نەیار؛ نەساز؛ ناکۆک؛ ناتەبا ‹ضدّ اجتماعی؛ ضدّ انقلاب: دژکۆمەڵگا؛ دژەشۆڕش›.

▣ **ضد آب**: دژەئاو؛ دژ بە ئاو؛ بە تایبەتمەندی خراپ نەبوون بە هۆی شێ یان ئاوەوە و هەروەها تێکەڵ نەبوون دەگەڵ ئاودا.

ضد اجتماعی: دژ بە کۆمەڵگا؛ دژکۆمەڵگا؛ دژە کۆمەڵ؛ زیاندار بۆ کۆمەڵگا یان ناتەبا دەگەڵیدا ‹رفتار ضد اجتماعی: ئاکاری دژ بە کۆمەڵگا›.

ضد حمله: بەرپەرچ؛ پەلاری بەرامبەر بە پەلاماری دژمن.

ضد درد: دژەژان؛ ئێش‌بڕ؛ ژان‌بڕ.

ضد زنگ: دژەژەنگ؛ بە تایبەتمەندی بەرگری لە ژەنگ بردن.

ضد عفونی: گەماربەری؛ کار و ڕەوتی پاکەوە کردن و لەناو بردنی پیسی و گەماری شتێ.

ضدعفونی کننده: پیسی‌بەر؛ گەماربەر؛ لەناو بەری پیسی و پۆخڵی.

ضد نور: ڕووبەنوور؛ بە شێوەیەک، لەبەر نووری بە قەوەت (وەک تاو) لێدان، تەنیا سێبەرێک ڕەش لە شتەکە دیاربێ.

ضد و نقیض ☜ **ضد و نقیض**

ضدّ و نقیض / zed-o-naqîz/: [عربی] *صفت.* دژ بە یەک؛ بە تایبەتمەندی چەند دیاردە لە ئاست یەکتریدا، کە بە هەبوونی یەکیان ئەوی دیکەیان نەتوانێ ببێ (وەک: شەو و ڕۆژ) ‹سخنان ضدّ و نقیض: قسەگەلی دژ بە یەک›.

ضدّیت / zeddîyyat، ـها/: [عربی] *اسم.* دژایەتی: ١. نەیاری؛ دژمنی؛ دوژمنی؛ دژمنایەتی ‹همیشه با او ضدیت می‌کرد: هەمیشە دەگەڵیدا دژایەتی دەکرد› ٢. بەرهەڵستی؛ ناتەبایی؛ ناکۆکی؛ نەسازی ‹ضدّیت نور و ظلمت یا گرما و سرما در ذات آنهاست: دژایەتی ڕۆشنایی و تاریکی یان گەرما و سەرما لە ناخیاندایە›.

ضرابخانه / zarrābxāne، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* شوێنێ کە سکە لێدەدەن؛ جێگایەک کە پارەی کانزایی تێدا دروست.

ضرایب / zarāyeb/: [عربی] جمعِ ☜ **ضریب**

ضرب / zarb/: [عربی] *اسم.* ١. *[ادبی]* کار یان ڕەوتی لێدان ‹ضرب و جرح: لێدان و بڕین› ٢. *[گفتاری]* زەرپ؛ وێکەوتی هێندێک بەهێز ‹با ضرب خورد به پیشانی‌ام: بە زەرپەوە کوتایە تەوێڵمدا› ٣. *[گفتاری]* زەبر؛ وزەیەک کە بۆ دابین‌کردنی ئامانجێک بە کار دەڕوا ‹به ضرب پول دیپلم گرفت: بە زەبری پارە دیپلۆمی گرت› ٤. *ـها/[موسیقی]* زەرب؛ تەپڵ؛ دمەک؛ لە سازە زەربیەکان بە وێنەی گۆزەیەکی گەورە، کە بنەکەی بە پێستێکی ناسک داپۆشراوە و بە پێدا ماڵینی ئەنگوست دەژەنرێ ٥. *ـها/[ریاضی]* لێکدان؛ یەکێک لە چوار کردەوەی سەرەکی لە بیرکاریدا (وەک: ٢٠=٥×٤) ٦. *[موسیقی]* زەرب؛ زەربەگەلی ئاهەنگین یان کارگەلی فیزیکی وەک یەک ‹آهنگ مارش دارای دو ضرب است و به آن دوضربی می‌گویند: ئاهەنگی مارش دوو زەربی هەیە و دووزەربی پێ دەڵێن› ٧. کار و ڕەوتی سکە لێدان؛ دروست‌کردنی پارەی کانزایی.

▣ **ضرب شست**: *[کنایی]* شەقەی قەڵماسک؛

کارێ کە بە مەبەستی خەسارگەیاندن بە کەسێک و نیشاندانی هێز و توان بێ.

ضرب و جرح ☜ **ضرب‌وجرح**

ضرب و شتم ☜ **ضرب‌وشتم**

▣ **ضرب چیزی را گرفتن:** بەر زەربی شتێ گرتن؛ لە تەوژم و گوشاری زەرپی شتێک کەم‌کردنەوە.

ضرب دیدن: زەرب دیتن؛ کوتیان؛ کوتریان؛ بە هۆی زەربەوە تووشی کوتراوی بوون ‹خوردم زمین و پایم ضرب دید: کەوتم و پێم زەربی دیت›.

ضرب کردن: ١. لێکدان؛ ئەنجامدانی کردەوەی زەرب ‹عددی را در عددی ضرب کردن: لێکدانی ژمارەیەک لە ژمارەیەکی‌تر› ٢. سکە لێدان؛ دروست کردنی پارەی کانزایی ‹بانک سکەهای ٥٠ تومانی ضرب کرده است: بانک سکەگەلی ٥٠ تمەنی لیداوە›. هەروەها: **ضرب شدن**

ضرب گرفتن: تەپڵ لێدان؛ بە لێدانی قامکان لە سەر شتێ، دەنگێ ئاهەنگین بەدیهێنان.

ضربات / zarabāt/: [عربی] ١. جمعِ ☜ **ضربه** ٢. جمعِ ☜ **ضَربت**

ضربان / zarābn/: [عربی]/اسم. تەپە؛ خورپە؛ کوتە؛ چڵ؛ چلک؛ پل؛ چۆناوچۆنی لێدانی پەیتا‌ـپەیتا و زۆر جاران بە مەوداگەلێکی کاتی و تەوژمی بەرامبەرەوە ‹ضربان قلب: تەپەی دڵ›.

ضرب‌الاجل / zarbol'acal ، ـها/: [عربی] /اسم. وادە؛ مۆڵەت؛ ماوەیەکی دیاریکراو کە پێویستە بەر لە دوایی هاتنی کارێک بە ئەنجام بگات ‹ادارەی دارایی برای پرداخت مالیات تا پایان تیرماه ضرب‌الاجل تعیین کرده است: مەزرینگەی دارایی بۆ دانی مالیات تا ئاخری پووشپەڕ وادەی داناوە›.

ضرب‌المثل / zarbolmasal ، ـها/: [عربی] /اسم. پەند؛ مەتەڵۆکە؛ قسەی نەستەق موچیاری یان وتەیەکی مانادار کە لە نێو خەڵکدا بۆتە باو ‹«سیلی نقد بە ز حلوای نسیە»، یک ضرب‌المثل است: «هەشت بێ لە مشت بێ، نەک نۆ بێ نەبێ»، پەندێکە›.

ضرباهنگ / zarbāhang ، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. ریتم؛ زەرب؛ کوتەی ئاهەنگ.

ضربت / zarbat ، ـها؛ ضربات/: [عربی] /اسم. زەربەت: ١. زەبر؛ زەرپان؛ لیخەک؛ دەرب؛ کار یان ڕەوتێ کە دەبێتە هۆی وێکەوتی کوت‌وپڕی بە تەوژمەوە ‹ضربت زدن: زەربەت لێدان› ٢. زام؛ شوێن؛ ئالگ؛ شوێنی لێدان ‹ضربت شمشیر؛ ضربت چاقو: زام شمشێر؛ شوێنی چەقۆ›.

▣ **ضربت خوردن:** زەربەت خواردن؛ زەبر لێکەوتن؛ کەوتنە بەر زەربەوە.

ضربت زدن: زەربەت لێدان؛ وەشاندن؛ گۆزانن؛ بە تەوژم لێدان ‹زدی ضربتی، ضربتی نوش کن!: زەربەتیکت وەشاند، سا یەکێ بگرە خۆت!›.

ضربتی / zarbatî/: [عربی] قید. [مجازی] گورچ‌وبڕ؛ گرچ‌وبڕ؛ دەم و دەست؛ بە پەلە و بێ خاوەخاو ‹برای ریشەکن کردن بیسوادی باید ضربتی عمل کرد: بۆ بنەبڕکردنی نەخوێندەواری دەبێ گورچ‌وبڕ کار بکرێ›.

ضربدر / zarbdar ، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. زەربدەر؛ چوارخاڵ؛ دوو کێڕی یەکتر بڕی وەک ئەم نیشانە: (×).

ضربدری / zarbdarî/: [عربی/ فارسی] صفت. زەربدەری؛ چوارخاڵی؛ خاوەن دۆخ یان چۆنیەتیەکی یەکتربڕ (وەکوو نیشانەی زەرب: ×).

ضربدیدگی / zarbdîdegî/: [عربی/ فارسی] /اسم. کوتراوی؛ کوتیاوی؛ کوتیاگی: ١. دۆخ یان چۆنیەتی کەوتنە بەر زەربەوە ٢. /ـها/ ئاسەواری

زەربــەت؛ شــوێنی زەربــە ‹بــر روی ســرش یــک ضربدیدگی وجود داشت: لە بان ســەریەوە کوتراویــەک هەبوو›.

ضربگیر / zarbgîr ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. دمەکژەن؛ زەربژەن؛ ژەنیاری زەرب.

ضرب‌وجرح / zarb-o-carh/: [عربی]/اسم. شــەل و پەت؛ شەل و کوت؛ کــار یــان ڕەوتی لێــدان و بریندارکردن؛ لێدان و زامار کردن.

ضرب‌وشــتم / zarb-o-šatm/: [عربــی]/اسم. کــار یان ڕەوتی لێدان وەبەر جنێودان.

ضربه / zarbe ، ـها؛ ضربات/: [عربــی]/اسم. زەرپ: ۱. زەربــە؛ زەربــەت؛ وێکــەوتی کــوت‌وپــڕ و هێندێک گومڕەی شــتێ دەگــەڵ شــتێکی‌تــردا ‹ضربەی چوب؛ ضربەی سنگ: زەربەی چێو؛ زەربــەی بەرد› ۲. [مجازی] تەوەرە؛ گرگاشە؛ لەتمە؛ کەت؛ ڕووداوی ناخۆش و دڵتەزین ‹مــرگ بــرادر بــرایش ضربەی ســختی بــود: مــەرگی براکــەی تەوەرەیــەکی گەورە بوو بۆی›.

◘ **ضربەی فنی** ☜ **ضربەفنّی**

ضــربەفنــی / zarbefanî/: [عربــی]/اسم. تــەختی زەوی: ۱. چۆنیــــەتی پــــشت دانــــە زەوی؛ حاڵــەتێک لــە زۆرانــدا کــە وەرزشــکار پــشتی هەڤــبەرەکەی لــە زەمــین بــدات ۳. حاڵــەتێ لە مــشتێندا کــە یــاریزان هەڤــبەرەکەی بخاتــە زەویــــن و ئــــەویش نــــەتوانێ لــــە وادەی دیاریکراودا هەڵسێتەوە.

ضربەگیر / zarbegîr ، ـها/: [عربــی/ فارسی]/اسم. زەربــەتگــر؛ زەربــەگیر؛ کەرەســــەیەک لــــە دەزگایەکدا بۆ لە ناو بــردنی ئاســەواری زەربــە و بەرگری لە خراوی.

ضربی[1] / zarbî ، ـها/: [عربی]/اسم. دمــەکژەن؛ زەربژەن.

ضربی[2]: صفت. زەربی: ۱. لــەبار بــۆ ژەنــدن بــە زەربــە (وەک زەرب، دمــەک، دەف، ســنج و...) ‹ســاز ضــربی: ســازی زەربی› ۲. بــە زەربــەوە ‹آهنــگ ضــربی: ئاهــەنگی زەربی› ۳. ســرمیچی وا کە لــە ئــاجۆر یــان بــەرد، بــە شــێوەی کــووڕ لێدراوە.

ضرر / zarar ، ـها/: [عربــی]/اسم. زیــان؛ خەســار؛ خوسار؛ زەهی؛ زەرەر؛ زەرەد.

◘ **ضرر دادن**: زەرەر دان؛ زیان دان؛ خەسار بــار هێنان ‹این کار بە جای سود، سالی یــک میلیــون ضرر می‌دهد: ئەم کارە بــە جێــی قــازانج، ساڵــێک یەک میلیۆن زەرەر دەدات›.

ضرر داشتن: زیــان هــەبوون؛ زەرەر هــەبوون؛ خراو بوون؛ زیاندار بوون ‹خربزه برایت ضرر دارد: کاڵەک بۆت زیانی هەیە›.

ضــرر دیــدن: زیــان لێکــەوتن؛ زیــان دیــتن؛ زەرەرکردن ‹از این کار ضرر می‌بینی، نکــن!: لــەم کارە زیانت لیدەکەوی، مەکە!›.

ضــرر زدن: زیــان‌گەیانــدن؛ زیــان لێــدان؛ زەرەرگەیاندن ‹سیگار به سلامت ما ضرر مــی‌زنــد: جگەرە زیان دەدا لە ساغیمان›. هەروەها: **ضــرر رساندن؛ ضرر کردن**

ضرور / zarûr/: [عربی] ☜ **ضروری**

ضــــرورت / zarûrat ، ـهــا/: [عربــــی]/اســــم. پێویستی؛ دۆخ یــان چۆنیــەتی پێویــست بــوون ‹ضــرورت توجــه بــه تربیــت صــحیح فرزنــدان: پێویــســتــی ســــەرنج دان بــــە پــــەروەردەکردنی دروستی منداڵان›.

◘ **ضرورت داشتن**: پێویست بوون؛ بە نیاز بــوون ‹حضور پزشک در آن موقع ضــرورت داشــت: بــوونی بژیشک لەو کاتەدا پێویست بوو›.

ضــــروری / zarûrî/: [عربــــی] صــفت. ۱. [ــهــا] پێویــــست؛ پێداویــــست؛ تــــەوزی ‹کمکهــای ضــروری بــە آسیب‌دیــدگان انجــام گرفــت: یارمــەتی پێویست بــە زیــان‌لێکــەوتوان گەیــشت› ۲. [ادبی] ناچار؛ ناعیلاج ‹چــو نتــوان بــه افــلاک دســت‌آختن/ ضروریــست بــا گردشــش ســاختن: ئەگــەر دەســت ناچێ فەلەک کــەوی‌کــەی/ ناچاری چۆنــت ســووڕ

دەدا، سوور بدەی›: **ضرور**

ضـــروریات / zarûrîyyāt/: [عربـــی]/اســـم. پێداویستیگەل؛ پێویستیگەل؛ ئـەوەی پێویـست بێ ‹ضروریات یک زنـدگی سالم: پێداویـستیگەلـی ژیانێکی پاک›.

ضـریب / zarîb ، ـهـا؛ ضـرایب/: [عربـی]/اسـم. بـــەرەنجام: ۱. *[ریاضـــی]* ژمـــارە، یـــان پیتگـەلێکی نـەگۆڕ کـە بـەر لـە ڕسـتەیەکی جەبری دەنووسرێ و دەبـێ لـەودا لێـک‌بـدرێ (وەک ژمـــارەی ۲، لــــە ڕســـتەی (x+y) ۲ دا) ۲. *[فیزیـک]* ژمـارە یـان چەندیەتیـەک کــە تایبەتمەندیـەکی دیـاریکراو لــە مـاک یـان دەزگایەکـدا نیـشان دەدا و لـە بـار و دۆخێکـی بـــەرچاودا ئەندازەکـــەی نـــەگۆڕە ‹ضـــریب حرارتی: بەر دنجامی گەرمی›.

ضـریح / zarîh ، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. شـباک؛ شـــەباک؛ قـــسن؛ خـــزن؛ سەرپۆشـــی بـــە پەنجـــەرەی ســـەر گـــۆڕی چاکـــان و پاکـــان ‹ضـــریح «پیرشـــالیار» در اورامـــان: شـــباکی «پیرشالیار» لە هەورامان›.

ضـریع / zarî'/: [عربـی]/اسـم. جۆرێـک شـانەی پەیوەنـدی کـە دەرەوەی هـەموو ئێـسقانەکانی لەش دادەپۆشێ و توانایی ئێسک‌سازیشی هەیە.

ضظغ / zazeq/: [عربی]/اسم. نـاوی هەشـتەمین گـرۆی پیتـەکانی ئەبجـەد ☜ حـساب ابجـد، **حساب**

ضـــعف / za'f ، ـهـا/: [عربـــی]/اســـم. لاوازی؛ کـــزی: ۱. بـــێ‌هێـــزی؛ خـــالیس؛ دۆخ یـــان چۆنیـــەتی نـــەبوونی توانـــایی پێویـــست ‹ضـعف بینـــایی؛ ضـــعف مـــدیریت: کـــزی بینـــایی؛ لاوازی بەڕێوەبەرایـــەتی› ۲. درزانـــــگ؛ چالەمـــــە؛ هەست‌کـردن بـە بـێ‌حالـی، ماندوویـەتی، بـێ قـەوەتی یـان سـەرگێژە بـە هـۆی ئـێش، نەخۆشـــی، برســـیەتی، یـــان ڕاچـــڵەکانەوە.

هەروەها: **ضعف داشتن؛ ضعف کردن**

ضعف ریال: *[کنایی]* دەسـتەنگی؛ بـێ‌پووڵـی؛ دەسکورتی ‹امسال به علت ضعف ریال برای بچه‌ها لبـاس عیـد نخریـدیم: ئەمـسالّ بـە هـۆی دەستەنگیـــەوە جـــل‌وبـــەرگی جـــەژنمان بـــۆ منداڵەکان نەکڕی›.

ضـعف / ze'f ، اضـعاف/: [عربـی]/اسـم. *[نامتـداول]* دووبەرابەری؛ دووئەوندەیی؛ دۆخ یان چۆنیـەتی دووبەرابەر بوون.

ضعفا / zo'afā/: [عربی]/اسم. هـەژاران؛ نـەداران؛ دەس‌تەنگان؛ دەس‌کورتیەل؛ بێ‌ئەنوایان ‹ضعفا از گرانی بیشتر آسیب می‌بینند: هەژاران لە گـرانی زۆرتـر زیان دەبینن›.

ضـــعیف / za'îf/: [عربـــی] صـــفت. ۱. ســـست؛ شـل؛ شـەویق؛ بـە پتەویـەکی زۆر کەمـەوە ‹این پایه‌ها ضعیف است و پـل را نگـه نمـی‌دارد: ئـەم کلانـــە ســـستـــن و پێـــڵەکە ڕانـــاگرن› ۲. کـــز؛ لاواز؛ کـەمهێـز ‹فکـر ضـعیف؛ نویـسندەی ضـعیف: بـیری کـز؛ نووسـەری لاواز› ۳. کـز؛ کـەم؛ بـە گوشـــار و تـــەوژمی هندکـــەوە ‹نـــور ضـــعیف: تیـــشکی کـــز› ٤. لـــان/ لاواز؛ کـــز؛ درزانـــگ؛ کـــەمهێـــز یـــان گـــەزنگاز ‹بـدن ضـعیف؛ صـدای ضـــعیف: لەشـــی لاواز؛ دەنگـــی کـــز› ۵. دەس‌تـــەنگ؛ دەس‌کـــورت؛ هـــەژار؛ نـــەدار؛ بـــێ‌ئـــەنوا ‹آدم ضـعیفی اسـت، قـدرت خریـد چنـین خانـــەای را نـــدارد: مرۆیـــەکی دەس‌تەنگـــە، دەســـەلاتی ســـەندنی وەهـــا خانوویـــەکی نیـــە›.

هەروەها: **ضعیف بودن؛ ضعیف شدن**

ضـعیف‌البنیـه / za'îfolbonye/: [عربـی] *صفت*. لاواز؛ لەڤاز؛ لەڕ؛ بێوەری لە لەش ساغی و هێزی پێویست.

ضـعیف‌الـنفس / za'îfonnafs/: [عربـی] *صفت*. بێ‌وره؛ کەمدڵ؛ وازوازی.

ضـعیف‌کـش / za'îfkoš ، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی] صفت. *[مجـازی]* بێدەس‌کوژ؛ بێکەس‌کوژ؛ خـاوەن خوو و خدە یان ئۆگرەتی بە ئـازاردانی کەسـانێ

که توانایی بەرهەڵستی و خۆپاراستنیان نیە.
هەروەها: **ضعیف‌کشی**

ضعیفه / za'îfe ، ـها/: [عربی]/اسم. *[کنایی، قدیمی]* زایفە؛ ئافرەت؛ ژن ‹ضعیفه! چادرت را جمع کن: زایفە! چارشێوەکەت کۆ وەکە›.

ضعیفی / za'îfî/: [عربی]/اسم. بێ‌هێزی؛ کزی؛ لاوازی؛ درژانگی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بێ قەوەت و لاواز بوون ‹از شدت ضعیفی نمی‌توانست از جایش بلند شود: لە بەر بێ‌هێزی زۆر نەیدەتوانی هەستێتەوە›.

ضغطه / zoqte/: [عربی]/اسم. *[پزشکی]* لێواوی؛ لێویاگی؛ شلەقیاگی؛ زیانی سەختی مێشکی کە دەبێتە هۆی تێکچوونی ئاوەز.

ضلالت / zalālat ، ـها/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* لاڕێیی؛ گومڕایی.

ضلع / zel' ، ـها/: [عربی]/اسم. لا: ۱. *[اضلاع]* *[هندسه]* پەل؛ ئالی؛ پاڵ؛ لەتە هێڵێ کە دەگەڵ لەتە هێڵێکی تردا سووچێک دروست دەکەن ۲. سنوور یان لایەکی پاڵدەستی شوێنێک ‹بازی در ضلع شرقی میدان ادامه داشت: یاریەکە لە لای ڕۆژهەلاتی مەیداندا درێژەی هەبوو›.

ـ ضلعی / zel'î/: [عربی] پیوازە. ـ لایی؛ ـ پەلی ‹چهارضلعی؛ چندضلعی: چوارلایی؛ چەندپەلی›.

ضمائر / zamā'er/: [عربی] ☜ **ضمایر**

ضمائم / zamā'em/: [عربی] ☜ **ضمایم**

ضماد / zamād, zemād ، ـها/: [عربی]/اسم. مەڵهەم؛ ئاوکوت؛ هەر یەکە لە دەواگەلی هەویرئاسا کە بۆ لابردنی ئێش یان کوتراوی، دەیخەنە سەر شوێنی ئێشەوە.

ضمان / zemān, zamān/: [عربی]/اسم. ۱. دەستەبەری؛ دەستەوەری؛ کار یان ڕەوتی دەستەبەر بوون ۲. وەخۆگرتوویی؛ وەئەستۆگری؛ کار و ڕەوتی وە ئەستۆگرتنی تاوانێ کە کەسێک بە کەسێکی تری گەیاندووە.

▣ **وجه ضمان** ☜ **وجه**

ضمانت / zemānat, zamānat/: [عربی]/اسم. ۱. دەستەبەری؛ دەستەوەری ‹حاضری ضمانت او را به عهده بگیری؟: ئامادەی دەستەبەری ئەو بگریتە ئەستۆ؟› ۲. /ـها/ دابین؛ کار یا ڕەوتی مسۆگەر کردن ‹من ضمانت می‌کنم: ئەمن دابینی دەکەم›.

▣ **ضمانت اجرا**: دەستەبەری بە ڕێوە چوون ‹ضمانت اجرای این قانون چیست؟: دەستەبەری بەڕیوە چوونی ئەم قانوونە چیە؟›.

▣ **ضمانت کردن**: وە ئەستۆگرتن؛ دەستەبەر کردن بۆ بەڕێوە چوونی بڕیارێ.

ضمانت‌نامه / zemānatnāme, zamānat- ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. دەستەبەرنامە؛ نووسراوەیەک کە بە پێی ئەوە کەس یان دامەزراوەیەک بەڕێوە چوونی کارێک وە ئەستۆ دەگرێ ‹ضمانت‌نامەی بانکی: دەستەبەرنامەی بانکی›.

ضمایر / zamāyer/: [عربی] جمعِ ☜ **ضمیر**: **ضمائر**

ضمایم / zamāyem/: [عربی] جمعِ ☜ **ضمیمه**: **ضمائم**

ضمن / zemn/: [عربی] حرف. دەگەڵ؛ لەگەڵ؛ لەتەک؛ وێڕا؛ هاوڕێ؛ لەل؛ پێڕا؛ چنی؛ چەنی؛ لە پاڵ؛ پێکرا؛ تێکرا؛ هاوکات و لە نێوان کارێک یان ڕووداوێکدا ‹ضمن کار؛ ضمن سلام: دەگەڵ کار؛ وێرای سەلام›.

ضمناً / zemnan/: [عربی] حرف. هەروەها؛ هەر بەم جۆرە؛ هەر بەم چەشنە؛ هەر پاسە ‹ضمناً آزاد هم قرار است بیاید: هەروەها ئازادیش بڕیارە بێت›.

ضمنی / zemnî/: [عربی] صفت. وێرایی؛ پێرایی؛ دانراو لە نێوان شتێکی دیکەدا

‹اشارەای ضمنی به طلبش کرد: ئاماژەیەکی ویرایی بە قەرزەکەی کرد›.

ضمه /zamme/: [عربی] ☜ **پیش**[1]

ضمیر /zamîr ، ـها؛ ضمایر/: [عربی]/اسم. ١. دەروون؛ بیر ‹ضمیر پاک؛ ضمیر روشن: دەروونی خاوێن؛ بیری ڕوون› ٢. هزر؛ بیر؛ هێزی زەینی، فیکری و مێشکی ٣. /دستور/ جێناو؛ ڕاناو؛ هێما بۆ ناو لە ڕێزماندا ‹ضمیر اشاره؛ ضمیر ملکی: جێناوی ئاماژە؛ جێناوی خاوەنداریەتی›.

◙ **ضمیر اشاره**: /دستور/ جێناوی ئاماژە؛ جێناوێ کە جێگای شتێک نیشان دەدا (وەک «این»، «آن»، بە مانای «ئەمە»، «ئەوە»).

ضمیر پرسشی: /دستور/ جێناوی پرسینەوە؛ جێناوێ کە لەمەڕ چۆنیەتی کەسێ یان شتێکەوە دەپرسێ (وەکوو «چه؟»، «کدام؟»، بە مانای «چی؟»، «کامە؟»).

ضمیر شخصی: /دستور/ جێناوی کەسی؛ جێناوێ کە دەپەرژێتە سەر یەکێک لە سێ کەسی تاک یان کۆ.

ضمیر مبهم: /دستور/ جێناوی نادیار؛ جێناوێ کە ئاماژەی بە کەسی نادیار یان نەناسراوە (وەکوو فلانی).

ضمیر متصل: /دستور/ جێناوی لکاو؛ جێناوێ کە لە ئاخری وشەوە دێت و پێوە دەلکێ (وەک «پدرم» یانێ «بابم»).

ضمیر مشترک: /دستور/ جێناوی هاوبەش؛ جێناوی ناوکۆ؛ جێناوێ کە بە جێی هەموو تاکەکان بە کار دەڕوا و دە فارسیدا سێ وشەن «خود؛ خویش؛ خویشتن».

ضمیر ملکی: /دستور/ جێناوی خاوەنداریەتی؛ هێمایێ کە نیشانەی بەندیواری شتێ یان کەسێک دەگەڵ شتێ یان کەسێکیتر دەگەیێنێت ‹در عبارت «دست من»، واژەی« من» ضمیر ملکی است: لە دەستەواژەی «دەستی من»دا، «من» جێناوی خاوەنداریەتیە›.

ضمیر منفصل: /دستور/ جێناوی جیاواز؛ جێناوی سەربەخۆ؛ جێناوێک کە جیاواز و سەربەخۆ بە کار دەچێ (وەکوو «آن» و «او» بە مانای «ئەوە» و «ئەو»).

ضمیر مؤنث: /دستور/ جێناوی مێوینە؛ پێتی ئاماژە بۆ مێوینە.

ضمیمه[1] /zamîme ، ـها؛ ضمایم/: [عربی]/اسم. پێوەست؛ پاشکۆ؛ پاشەر؛ پاشەڕۆ؛ شتێک بە پێکهاتە و کارکردی سەربەخۆ، کە هاوڕێ دەگەڵ شتێکیتر و زۆر جار وەک تەواوکەری ئەو شتەیە ‹این مقاله ضمیمه هم دارد: ئەم وتارە پێوەستیشی هەیە›.

ضمیمه[2]: صفت. پێوەست؛ لکاو؛ بە شێوەی هاوڕێ یان پێوەستکراو بە شتێکیترەوە ‹آنجا را ضمیمەی قلمرو خود کرد: ئەو شوێنەی پێوەستی خاکی خۆی کرد›.

ضنت /zennat, zannat/: [عربی]/اسم. /ادبی/ دەس‌ڕژدی؛ بەرچاوتەنگی؛ چاوچنۆکی؛ چاونەزێری ‹در بیان حقایق ضنت داشت: لە وتنەوەی ڕاستیدا دەس‌ڕژدی هەبوو›.

ضوابط /zavābet/: [عربی] جمعِ ☜ **ضابطه**

ضیا /ziyā/: [عربی]/اسم. /ادبی/ ڕۆشنی؛ ڕۆشنایی؛ ڕووناکی؛ ڕووناهی؛ ڕۆناهی؛ ڕووناکایی؛ ڕوونی.

ضیافت /ziyāfat ، ـها/: [عربی]/اسم. /ادبی/ میوانی؛ مێوانی؛ مێمانی ‹ضیافت شامی به افتخار مهمانان داده شد: شامێک میوانی بە شانازی میوانەکان درا›.

ضیق /zîq/: [عربی]/اسم. /ادبی/ تەنگی؛ کەمی؛ کورتی.

◙ **ضیق معاش**: تەنگی ژیان؛ دەستتەنگی؛ سەختی ژیان.

ضیق وقت: کەمی کات؛ کەمیوەخت؛ کورتی مەودا.



t/: حرف. نیشانەی نۆزدەهەمین پیتی
وبێتکەی فارسی؛ ئەم نیشانەیە عەرەبیە و
نە ڕەگەز عەرەبیەکانی زمانی فارسیدا بە
ەڕوا و وەک «ت» ئەخوێنرێتەوە.

tā/:[عربی]/سم. تا؛ تێی دەستەدار؛ ناوی
ەهەمین پیتی ئەلفوبێتکەی زمانی فارسی:
مؤلّف؛ طین

ای مؤلّف ☜ طا

ق النعل بالنعل / tābeqonna'lebenna'l/:
] صفت. دەقاودەق؛ جووت یەک؛ جفت یەک؛
تومت یەک؛ کوت یەک؛ عەین یەک؛
ومەین یۆ؛ هەر وەکوو یەک (وەکوو دوو
ی گۆڤارێک) ‹جملەهای هر دو کتاب طابق النعل
ل یکی بود: ڕستەگەلی هەر دوو کتێبەکە
دەقی یەکتر بوون›.

ارم / tārem, tāram/:/سم. ۱. خێوەت؛
مال ۲. ☜ تارمی

می / tāremî, tāramî/ ☜ تارمی

 / tās/ ☜ تاس

ک / tāsak ، ـها/: [معرب/ فارسی]/سم.
ولکە؛ جامۆلکە؛ جامۆڵە؛ تاسیلە؛ تاسوولکە؛
ی لەمس.

تاسک آبخوری: ترگار؛ ترار؛ بادی؛
خوەری؛ ئاوخواردنەوە.

طاس کباب / tāskabāb/: [معرب/ فارسی] ☜ **تاس کباب**

طاسی / tāsî/ ☜ **تاسی**

طاعات / tā'āt/: [عربی] جمعِ ☜ **طاعت**

طاعت / tā'at ، ـها؛ طاعات/: [عربی]/سم. /ادبی/ فەرمانبەری؛ تاعەت ‹طاعت از دست نیاید گنهی باید کرد: فەرمانبەری دەس نادا چش لە سووچێک›.

طاعون / tā'ûn/: [عربی]/سم. تاعوون؛ بامرنیّ؛ چاوەقوولە؛ چاوقوولکە؛ لاڕەشە؛ قڕان؛ نەخۆشینێکی گیرۆی مەترسیدارە هاوڕێ دەگەڵ یاو، پیسی خوێن، خوێنڕێژی بەربلاو لە ژێر پێست و شانەگەلی ژێرپێستی و جەرگ و دڵ.

▣ **طاعون گاوی**: قۆڕە؛ تاعوونی ڕەشەولاخ؛ گاقڕان؛ نەخۆشیەکی ویرووسی و چڵکی ئاژەڵە، بەتایبەت گا تووش دەبێ.

طاعون مرغ: سیپۆ؛ پۆپەڕەشە؛ مریکانە؛ دەردەمریشک.

طاغوت / tāqût ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. سەربزێو؛ کەسێ کە لە فەرمانی خودا سەرپێچی کردووە و بەرهەڵستی بووە ۲. /مجازی/ شای سەربزێو؛ شا یان حاکمی بێدین و باوەڕ.

طاغوتی / tāqûtî ، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. ۱. سەربزێوانە ۲. /مجازی/ تاغووتی؛ شادۆست

٣. *[مجازی]* شایانه؛ بە دەبدەبە و کەبکەبە ‹زندگی طاغوتی: ژیانی شایانە›.

طاغی / tāqî ، ـها؛ ـان/: [عربی] *صفت. [نامتداول]* یاخی؛ سەرکێش؛ کەڵەگا.

طاق / tāq/: [معرب از فارسی] ☜ **تاق**

طاقباز / tāqbāz/: [معرب/ فارسی] ☜ **تاقباز**

طاقت / tāqat/: [عربی] *اسم.* ١. تابشت؛ تاو؛ توان؛ تەشە؛ زۆخ؛ توانایی بەرگەگرتن لە بەر تەوژم و سەختڵەتیەوە ‹شتر جانور پرطاقتی است: وشتر گیاندارێکی بە تابشتە› ٢. تاقەت؛ بەرگە؛ وەرگە؛ وەرەقەت ‹کمی طاقت داشته باش!: هێندێ تاقەتت هەبێ!›.

▣ **طاقت آوردن:** تاقەت هێنان؛ تاو هاوردن؛ تاقەت گرتن؛ ددان بە خۆدا گرتن/ نیان ‹کمی طاقت بیار، الآن دکتر می‌آید: کەمێ تاقەت بینە، ئێستا دوکتور دێت›.

طاقت داشتن: بە تاقەت بوون؛ خۆگرتن؛ تابشت هەبوون؛ بەرگەگرتن؛ وەرگەگێرتەی ‹من طاقت دیدن این منظره را ندارم: من تاقەتی دیتنی ئەم دیمەنەم نیە›.

طاقت کسی طاق شدن: *[مجازی]* ورە بەردان؛ بێ‌تاقەت بوون؛ وەڕەز بوون؛ تاقەت لە لا نەمان؛ تاقەت لە کەسێ بڕیان؛ چیتر بەرگە نەگردن ‹دیگر طاقتم طاق شد و فریاد زدم: ئیتر ورەم بەردا و هاوارم کرد›.

طاقت فرسا / tāqatfarsā/: [عربی/ فارسی] *صفت.* پڕووکێنەر؛ زۆر سەخت و ئازاردەر؛ هۆی لە نێو چوونی توانایی بەرگەگردن و خۆ ڕاگرتن.

طاقچه / tāqče/: [معرب/ فارسی] ☜ **تاقچه**

طاقدیس / tāqdîs/: [معرب/ فارسی] *[زمین‌شناسی]* تاق‌تاقە؛ ڕەوەز؛ چینێ لە بەرد لە کێودا کە وەک تاقی لێ هاتووە.

طاقگان / tāqgān/: [معرب/ فارسی] ☜ **تاقگان**

طاقنما / tāqnemā/: [معرب/ فارسی] ☜ **تاقنما**

طاقه / tāqe ، ـها/: *اسم.* تاقە؛ یەکەی بەستەبەندی پارچە لە کارخانەدا بە شێوەی چوارگۆشەی درێژ (بە پێچەوانەی تۆپ کە بە شکڵی گرۆڤەرە).

طاقه‌فروشی / tāqefurûšî ، ـها/: *اسم.* تاقەفرۆشی؛ تاقەورەشی؛ سەرجەم فرۆشی پارچە بە شێوەی تاقە. هەروەها: **طاقه‌فروش**

طاقیه / tāqiye ، ـها/: [معرب از کردی] *اسم.* تاقیلە؛ تەقیلە؛ تاقیلێ؛ ئارەقچن؛ جۆرێ کڵاوی دەسچنە.

طالار / tālār/ ☜ **تالار**

طالب / tāleb ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* خوازیار؛ داواکار؛ خوازگار؛ خوازەر؛ خواستەر؛ داوخواز ‹طالب علم: خوازیاری زانست›.

▣ **طالب بودن:** خوازیار بوون؛ داواکار بوون. هەروەها: **طالب شدن**

طالبی / tālebî ، ـها/: [عربی] *اسم.* تالبی؛ تاڵبی؛ گرکە؛ تاڵکە؛ گەرمک؛ گەرمەک: ١. گیایێ ئالیکی لە تیرەی خەیار ٢. بەری ئەو گیایە کە لە کاڵەک ئەکا، بەڵام خڕ و بچووکترە، بە پێستێکی سەبز و زەرد و زرو و گۆشتی زەرد یان سەوزی ئاودارەوە کە شیرین و خۆراکیە.

طالع [1] / tāle'/: [عربی] *اسم.* چارەنووس؛ ناوچاو؛ بەخت؛ نگین؛ بەختە؛ هات؛ کابەشاک؛ تاڵە ‹طالع خوبی نداشت: چارەنووسێکی باشی نەبوو›.

طالع [2]: *صفت. [ادبی]* سەرهەڵدەر ‹خورشید طالع: خۆری سەرهەڵدەر›.

طالع‌بین / tāle'bîn ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* ئەستێرەگەڕ؛ بەختزان؛ کەسێ کە لە ئەستێران دەڕوانێ و چارەنووسی خەڵکی تێدا دەبینێ. هەروەها: **طالع‌بینی**

طاوس / tāvûs/: [معرب از آرامی] ☜ **تاووس**

طاووس / tāvûs/: [معرب از آرامی] ☜ **تاووس**

طاهر / tāher ، ـین/: [عربی] *صفت. [ادبی]* پاک؛

پاقژ؛ پاکژ؛ پاکش؛ خاوێن؛ پوخته؛ بژون.

طایر / tāyer/: [عربی]/اسم. ١. *[نجوم]* ☜ **قو ١**
٢. *[ادبی، نامتداول]* پەلەوەر؛ باڵندە؛ باڵنە؛ باڵدار؛ مەل؛ سر؛ فڕندە؛ پەڕندە؛ فڕنە؛ فڕا؛ باڵ گرەوە
٣. ☜ **تایر**

طایر / tāyer/: [انگلیسی] ☜ **تایر**

طایفه / tāyefe ، ـها/: [عربی]/اسم. ١. *[قدیمی]* بەرەباب؛ تیرە؛ خانەوادە؛ قەوم و قیلە ‹از طایفەی ما نیست: لە بەرەبابی ئێمە نیە› ٢. /طوایف/ تایفە؛ پەل؛ بەشێک لە خێڵ یان هۆز کە لە یەک شوێن و لەوەڕگە نیشتەجێ دەبن ٣. *[زیستشناسی]* تایفە؛ تاقمی سروشتی گیانداران بە پێناسەگەلی هاوبەشی و پێوەندی نزیکەوە (وەک تایفەی مێش).

طب / teb(b)/: [عربی]/اسم. بژیشکی؛ پزشکی.

▣ **طبّ بالینی:** ئەو بەشە لە زانست و پیشەی بژیشکی کە بریتیە لە چاو پێکەوتن و دەرمانی نەخۆش.

طبّ پیشگیری: ئەو بەشە لە زانست و چالاکیگەلی بژیشکی کە دەپەرژێتە سەر بەرگری لە پەیدا بوونی نەخۆشیگەل.

طبّ سوزنی: جۆرێک دەرمانی نەخۆشیگەل بە دەرزی چەقاندن لە خالگەلێکی دیاریکراو لە لەشی نەخۆشدا.

طبابت / tebābat, tabābat ، ـها/: [عربی]/اسم. بژیشکی؛ پزیشکی؛ کار و ڕەوتی دەرمان کردنی نەخۆشیگەل.

▣ **طبابت کردن:** بژیشکی کردن؛ دەرمان کردن؛ دەرمان کردنی نەخۆشان ‹خودت برای خودت طبابت نکن!: بە خۆتەوە بژیشکی مەکە!›.

طباخ / tabbāx ، ـها؛ ـان/: [عربی]/اسم. *[قدیمی]* چێشتچێ کر؛ چێشتلێنەر؛ شێوکەر؛ ئاشپەز.

طباخی / tabbāxî/: [عربی]/اسم. *[قدیمی]* ١. /ـها/ چێشتچێ کری؛ چێشتلێنەری؛ ئاشپەزی؛ شێوپەزی ٢. دووکانێک کە چێشتی لێنراوی تێدا دەفرۆشن ٣. /ـها/ سەروپێ؛ کەلەپاچەیی؛ شوێنی سەرەوپا فرۆشتن.

طباشیر / tabāšîr/: [معرب از فارسی] ☜ **تَباشیر**

طبال / tabbāl ، ـها؛ ـان/: [عربی]/اسم. تەپڵژەن؛ دەهۆڵلێدەر؛ دەوڵژەن؛ تەپڵ کوت؛ دەوڵ کوت.

طبایع / tabāye'/: [عربی] جمعِ ☜ **طبیعت**

طبخ / tabx/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* ١. کار و ڕەوتی کوڵان؛ کوڵیان؛ کەلان ‹طبخ غذا: کوڵانی چێشت› ٢. ئاشپەزی؛ لێنانی چێشت. هەروەها: **طبخ کردن**

طبری / tabarî/ ☜ **تبری**

طبع / tab'/: [عربی]/اسم. ١. /ـها/ سرشت؛ سروشت؛ تەبیات ٢. توانایی؛ لێهاتوویی؛ زۆخ ‹پدرم طبع شعر خوبی داشت: بابم توانایی شیعری باشی هەبوو› ٣. *[قدیمی]* چاپ.

طبع آزمایی / tab'āz(e)māyî ، ـها/: [عربی/فارسی]/اسم. کار و ڕەوتی تاقیکردنەوەی تواناییگەلی زەوقی و هونەری خۆ.

طبعاً / tab'an/: [عربی] قید. دیارە؛ وەک دیارە ‹طبعاً تا آن روز برمیگردد: دیارە تا ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە› ٢. بە پێی سروشت ‹طبعاً میافتد پایین: سروشتیە کە دەکەوێتە خوارەوە›.

طبق / tabaq ، ـها/: [معرب از فارسی]/اسم. تەبەک؛ تەوەق؛ تەبەق؛ تەباخ؛ شکەڤ؛ شکەڤک؛ شکەڤک؛ شەکەویک؛ شکۆک؛ ئەشکەفک؛ شکەفک؛ ئەشکەو؛ مزاخە؛ سووهین؛ بەرگەش؛ بەرکەش؛ سینی؛ خوان؛ خوانچە؛ تەخنک؛ خارووفک؛ لەنگەری؛ یالتەبەق؛ دەفری چێوینی تەخت و لێوارە کورت کە پیتەوای تێ دەچنن و لە سەر سەرەوە دەیبەن.

▣ **طبق زدن:** ١. تەقاندنەوە؛ تەقانن؛ تەقنەی؛ تەقنای؛ تەتەڵەکەردەی؛ تەتەڵەکردن؛ تەترەکردن؛ تەوەق کردن؛ لەنگەری کەردەی؛ هەڵتەکاندنی تەبەک بۆ هەلاوردنی بەرد و

قەسەڵ لە دەغڵ ۲. /مجازی/ پان‌پانۆکە کردن؛ پان‌پانۆکێ کردن؛ خۆ بە یەکتر ڕەحەت‌کردنی ژنان: **مُساحِقه**

در طبق اخلاص نهادن ☜ **در**[۲]

طبق / tebqe/: [عربی] حرف. بەپێ؛ پاو؛ بەرانبەر بە؛ هەمبەر بە ‹طبق قانون: بەپێی قانون›.

▣ **بر طبق**: بەرانبەر بە؛ بەرابەر بە؛ بە پێ؛ پاو ‹بر طبق دستور مافوق عمل کنید: بەرانبەر بە فەرمانی بالادەست کار بکەن›.

طبقات / tabaqāt/: [عربی] جمعِ ☜ **طبقه**

طبقاتی / tabaqātî/: [عربی] صفت. چینایەتی: ۱. پێوەندیدار یان سەر بە چینەوە ‹اختلاف طبقاتی: جیاوازی چینایەتی› ۲. نهۆمی؛ قاتی؛ خاوەنی چین و نهۆم ‹پارکینگ طبقاتی: پارکینگی نهۆمی›.

طبقدار / tabaqdār ، ـها؛ ـان/: [معرب/ فارسی] اسم. تەوەقدار؛ دەسفرۆش؛ کەسێ کە لە سەر تەوەق پیتەوا دەفرۆشێ.

طبق‌کش / tabaqkeš ، ـها؛ ـان/: [معرب/ فارسی] اسم. خوانچەبەر؛ تەوەق‌کێش؛ کەسێ کە خوانچە دەبا.

طبقه / tabaqe ، ـها؛ طبقات/: [عربی] اسم. ۱. قات؛ نهۆم؛ نوهۆم؛ نهام؛ نهوم؛ تەبەقە؛ ماخ؛ مەزەڵ؛ مەرتەبە؛ بۆشایی نێوان دوو میچ لە خانووبەرەیەکدا ‹ساختمان پنج طبقه: خانووی پێنج قاتی› ۲. چین؛ تاقمێکی گەورە لە خەڵک کە خاوەن دۆخ و قازانجگەلێکی ئابووری و ڕامیاری یەکسانن ‹طبقەی کارگر: چینی کرێکار› ۳. تەبەقە؛ نهۆم؛ قات؛ هەر یەکە لە رووپەڕگەلی قەفەسە و کەشاو و.. ٤. /زمین‌شناسی/ لۆ؛ توێژ؛ توێک؛ لە دابەشکراوەگەلی چکۆلەی خولی زەوین‌ناسی.

▣ **طبقەی آخر**: نهۆمی ئاخر؛ قاتی ئاخر؛ تەبەقەی ئاخر؛ بالاخانە؛ بانترین قات لە خانووبەرەیەکدا.

